دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان

ئادەم سمیث

سامانی نەتەوەکان

لە ئینگلیزییەوە: عوف عبدالرحمن عبدالله

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

سامانی نەتەوەکان

لێکۆڵینەوەیەك بۆ سروشت و
پرسەکانی سامانی نەتەوەکان

ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٨

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید

ناوی کتێب: سامانی نەتەوەکان

ناوی نووسەر: ئادەم سیمث

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عوف عبدالرحمن عبدالله

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

زنجیرە: (٤٧)

نۆرەی چاپ: ٢٠١٨

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٠,٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی ئاران

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٨٦)ی ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
facebook: Jamal Erfan's Library
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سالم
بەرامبەر ماکسی مۆڵ

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بەشێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تربێت.

ئادەم سمیث

سامانی نەتەوەکان

لێکۆڵینەوەیەك بۆ سروشت و
پرسەکانی سامانی نەتەوەکان

لە ئینگلیزییەوە:

عوف عبدالرحمن عبدالله

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

کتێبی:

The Wealth of Nations

Adam Smith

پێڕست

پێشەکی.......... ٧

بەرایی و پلانی کار.......... ٢٥

کتێبی یەکەم: هۆکارەکانی برەودان بە هێزە بەرهەمهێنەکانی کار، سیستمی دابەشکردنی.......... ٢٩

بەشی ١: دابەشکردنی کار.......... ٣٠

بەشی ٢: ئەو بنەمایەی هەلی دابەشکردنی کار دەڕەخسێنێت.......... ٣٩

بەشی ٣: پانتایی بازاڕ دابەشکردنی هێزی کار سنوردار دەکا.......... ٤٣

بەشی ٤: بنەوان و بەکارهێنانی دراو.......... ٤٧

بەشی ٥: نرخی ڕاستەقینە و نرخی هێمایی (ئیسمی) کالا، یان نرخ لەڕووی کار و نرخ.......... ٥٣

بەشی ٦: بەشە پێکهێنەرەکانی نرخی کالا.......... ٦٩

بەشی ٧: نرخی سروشتی و نرخی بازاڕی کالا.......... ٧٧

بەشی ٨: هەقدەستی (کرێ)ی کار.......... ٨٧

بەشی ٩: قازانجەکانی ماڵ.......... ١٠٩

بەشی ١٠: کرێ و قازانج لە بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی کار و ماڵ.......... ١١٩

بەشی ١١: موڵکانەی زەوی.......... ١٦٣

- باسێک لەمەڕ جیاوازییەکانی بەهای زیو لە ماوەی چوار سەدەی دواییدا.......... ١٩٤

نرخی گەنم.......... ٢٦٢

کتێبی دووەم: سروشت و کەڵەکەبوون و بەکارهێنانی ماڵ.......... ٢٧١

پێشەکی.......... ٢٧٢

بەشی ١: دابەشکردنی ماڵ.......... ٢٧٥

بەشی ٢: پارە وەک لقێکی تایبەتی ماڵی گشتیی کۆمەڵگە، یان خەرجیی پاراستنی.......... ٢٨٣

بەشی ٣: کەڵەکەبوونی سەرمایە، یان کاری بەرهەممهێن و بەرهەمنەهێن.......... ٣٢٥

بەشی ٤: ئەو ماڵەی بە سود و بەقەرز دەدرێ.......... ٣٤٣

بەشی ٥: بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە.......... ٣٥١

کتێبی سێیەم: پێشڤەچوونی جۆراوجۆری سامانی نەتەوە جیاجیاکان........................... ٣٦٧
بەشی ١: پێشڤەچوونی سروشتیی سامان.. ٣٦٨
بەشی ٢: هاننەدانی کشتوکاڵ لە دۆخی کۆنی ئەورووپای دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای.......... ٣٧٣
بەشی ٣: سەرهەڵدان و پێشکەوتنی شار و شارۆچکەکان لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای..... ٣٨٥
بەشی ٤: ڕۆڵی بازرگانیی شار لە پێشکەوتنی لادێدا.. ٣٩٥

کتێبی چوارەم: سیستمەکانی ئابووریی سیاسی.. ٤٠٧
بەشی ١: بنەمای سیستمی بازرگانی، یان بازرگانانە.. ٤٠٨
بەشی ٢: کۆتوبەندی سەر هاوردەکردن لەو وڵاتە بێگانانەوە کە دەکرێ ئەو جۆرە....... ٤٢٩
بەشی ٣: کۆتوبەندی نائاسایی سەر هاوردەکردنی نزیکەی هەموو جۆرە کاڵایەکی........ ٤٤٩
بەشی ٤: گێڕانەوەی باجەکان... ٤٧٥
بەشی ٥: بەخشیشی حکومەت... ٤٨١
بەشی ٦: پەیمانی بازرگانی.. ٥١٩
بەشی ٧: دامەزراندنی کۆلۆنی... ٥٣١
بەشی ٨: دەرەنجامی سیستمی بازرگانی... ٦١٣
بەشی ٩: سیستمە کشتوکاڵییەکان، یان سیستمەکانی ئابووریی سیاسی کە بەرهەمی..... ٦٣٣

کتێبی پێنجەم: داهاتی دەوڵەتی سەربەخۆ یان کۆمۆنوێڵس..................................... ٦٥٧
بەشی ١: خەرجییەکانی سەروەر یان کۆمۆنوێڵس.. ٦٥٨
بەشی ٢: سەرچاوەکانی داهاتی گشتیی کۆمەڵگە.. ٧٦٩
بەشی ٣: قەرزی گشتی.. ٨٥٧
پاشکۆ.. ٨٩٨

پێشەکی
ئادەم سمیث و سامانی نەتەوەکان

ئادەم سمیث (١٧٢٣-١٧٩٠) یەکێک لە گەشترین ئەستێرەکانی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەیەمی سکۆتلاند بوو. "لێکۆڵینەوەیەک بۆ سروشت و پرسی سامانی نەتەوەکان" گرنگترین کتێبی ئەو بوو. ئەم کتێبە جاری یەکەم لە ئاداری ١٧٧٦دا لە لەندەن چاپ کرا و هاوسەردەمانی سمیث بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرچوونی بوون. هەر کە بڵاوکرایەوە، "سامانی نەتەوەکان" بووە پرفرۆشترین کتێب. چاپی یەکەم زۆر بەخێرایی فرۆشرا و چاپەکانی تر بەدوایدا هاتن. لە ماوەی ژیانی سمیثدا، ئەم کتێبە پێنج چاپی ڕێگەپێدراوی هەبوو، چاپی شەشەمیش لە ١٧٩١دا بڵاو کرایەوە، واتە ساڵێک دوای مردنی سمیث. لە ماوەی ژیانی خۆیدا، سامانی نەتەوەکان وەرگێڕدرا بۆ زمانی دانمارکی، هۆڵاندی، فەرانسی، ئەڵمانی، ئیتالی و ئیسپانی و کورتکراوەیەکیشی بە زمانی سویدی دەرچوو. هەروەها لە سەدەی هەژدەیەمدا چاپی دزیاریی هەبوو، کە چەندانیان لە ئایرلاند ئەنجام دران (یەکەمیان لە دبلن بوو بەر لە کۆتای ساڵی ١٧٧٦) هەروەها لە ئەمەریکاش (لە فیلادلفیا لە ١٧٨٩دا، جارێکی تریش لە ١٧٩٦دا) کە لەوێ کتێبەکەی سمیث کاریگەرییەکی دیار و تایبەتی هەبوو، لەبەر ئەوەی لە سامانی نەتەوەکاندا کۆلۆنییەکانی ئەمەریکایی (ئەو ناوچانەی بریتانیا داگیری کردبوون- وەرگێڕ) بە بەربڵاوی وێنا کرابوون لە لایەک و، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی کتێبەکە لە ساڵانی شۆڕشی ئەمەریکادا (١٧٧٦-١٧٨٣) و دواتر بڵاو بووەوە. لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا سامانی نەتەوەکان بەگشت جیهاندا بڵاوبووەوە و وەرگێڕاوی چینی، فینلاندی، ژاپۆنی، ڕووسی و تورکی لەنێوان دەیانی تردا بڵاو بوونەوە.

ئێستا سامانی نەتەوەکانی سمیث، بە ئاسانی و وەک پێگەیەکی شایان بەخۆی، یەکێکە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان. بەگشتی وەک یەکەمین کتێبی سەردەمییانەی ئابووریی سیاسی ناسراوە و، تا بە ئەمڕۆ دەگات، بنەمایەک بۆ خوێندنی ئەو زانستە پێک دێنێت. بەڵام خۆی زۆر لەوەش زیاترە. چونکە شانبەشانی تاوتوێی گرنگ بۆ ئابووری و تیۆرییە سیاسییەکان، ئەو ڕێبازەی سەدەی هەژدەی سمیث بڕێکی گرنگی لە بیرکردنەوەی دروستی تێکەڵ بە بڕێکی زۆر لە مێژوو، فەلسەفە، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و کۆمەڵێک زانستی تر کردووە. کەمن ئەو دەقانەی بەئاشکرا ئەوەمان بیر دەخەنەوە کە ڕۆشنگەری تەنیا بە فێربوونی تیۆری ئەبستراکت و کتێبەوە پەیوەست نییە، بەڵکو ئەزموونێکی ژیان بوو، نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی لەخۆگرت کە تایبەت بوون بە باشترکردنی دۆخی مرۆڤ بەڕێگەی کردەنی و بۆ گەلانی ڕاستەقینە.

هەروەها گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین کە سامانی نەتەوەکان سەرسوڕهێنێکی یەکجارینە نەبوو و، بەرهەمی مێشکێکی مەزن نەبوو کە لە جوداییدا کار بکات. ڕاستە سمیث زۆربەی کات دوورەپەرێز بوو و هەندێک جار خۆی جودا دەکردەوە و، لە ناو بۆتەی مامۆستایەکی بیر-ڕۆیشتوودا دەژیا، تەنانەت دەگێڕنەوە جارێکیان بە جۆرێک بیری ڕۆیشتبوو ماوەی پانزە میل بە جلی خەوەوە لە ماڵی خۆی دوور کەوتبووەوە. بەڵام بیرۆکەکانی سمیث لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەوڵەمەندی ڕۆشنگەری سکۆتلاند دروست بوون. ئەو ئاگاداری نزیکەی هەموو گەورە بیرمەند و نووسەرانی ڕۆشنگەریی سکۆتلاند بوو لە فەیلەسوف و مێژووناس و پزیشک و جوگرافیاناس و هونەرمەند و ئەدیب و بازرگانان. لیستی ناوی ئەوان ئەم ناوانەی تێدایە، فرەنسیس هەچسن (١٦٩٤-١٧٤٦) مامۆستای بووە، هنری هومی کامیس (١٦٩٧-١٧٨٢) یەک جار سەرپەشتیاری بووە، کیمیاناس ویلیەم کولین (١٧١٠-١٧٩٠) پزیشکی بووە، هەروەها جۆزێف بلاک (١٧٢٨-١٧٩٩) کیمیاناس و ڕاوێژکاری کانزایی و، جەیمس هەتن (١٧٢٦-١٧٩٧) دامەزرێنەری جیۆلۆجیای سەردەمیانە و، جەیمس ئۆزواڵد (١٧١٥-١٧٦٩) ئەندام پەرلەمان و بازرگان و، ڕۆبەرت ئادەم (١٧٢٨-١٧٩٢) کە تەلارسازێکی ناودار و بیناسازێکی کارامە بووە، هەروەها پرۆفیسۆرانی ناودار: هیو بلەیر (١٧١٨-١٨٠٠)، ئادەم فێرگسن (١٧٢٣-١٨١٦)، جۆن میللەر (١٧٣٥-١٨٠٢) و، ویلیەم ڕۆبەرتسنی گەورە (١٧٢١-١٧٩٣). ئەوەی مایەی سەرنجە برادەرێ درێژخایان و نزیکی سمیثە لەگەڵ دیڤد هوم (١٧١١-١٧٧٦) و دواتر لەگەڵ بلاک و هەتن کە بوونە جێبەجێکاری ئەدەبێ ئەو. سمیث لە ١٧٥١ تا ١٧٦٢ لە گلاسکۆ ژیاوە و کاری کردووە، کە ئەو کات گلاسکۆ مەڵبەندی بازرگانیی سکۆتلاند بوو. لەوێ بووە ئەندامی یانەی ئابووریی سیاسی کە خاوەن بانک و بازرگانی ناودار کوێخا ئەندروو کۆچرەین (١٦٩٣-١٧٧٧) دایمەزراند بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، سامانی نەتەوەکان بەری مێشکێکی تایبەتە کە لە سەردەم و شوێنێکی تایبەتدا پێکهاتووە، بەڵام بە گشت پێوەرێک کارێکی ناوازەیە و تا ئەمڕۆ خوێندنەوەی پێویستیەکی بنەڕەتییە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێ شارەزایی باشتری لەسەر کلتوری بیرمەندیی ڕۆژئاوا هەبێت.

مێژووی تەواوی لەدایکبوونی ئادەم سمیث نەزانراوە. بەڵام لە پێنجی حوزەیرانی ١٧٢٣ لە شارۆچکەی کیرکالدی لە ڕۆژهەڵاتی سکۆتلاند، لەسەر کەناراوی فایف لە نێوان ناوەندی ئێدینبەرە لە باشورەوە و سانت ئەندرووز لە باکورەوە، تەعمید کراوە. باوکی سمیث، کە ناوی ئەویش ئادەم سمیث (١٦٧٩-١٧٢٣) بوو، بنووسی دادگەی سەربازیی سکۆتلاند بوو و لە ساڵی ١٧١٤ بەدواوە چاودێری گومرک بوو لە کیرکالدی. ئەو چەند مانگێک بەر لە لەدایکبوونی کوڕەکەی مرد. سمیث لەلایەن دایکیەوە، مارگریت دۆگلاس سمیث (١٦٩٤-١٧٨٤)، بەخێو کرا. فەیلەسوف دوگاڵد ستیوەرت (١٧٥٣-١٨٢٨) کە یەکێک

بــووه له قوتابيــانی ســميث و يەکەم کەس بــووه ژياننــامەی ســميثی نووســيوەتەوه له کتێبەکەيــدا "چيرۆکــی ژيــان و نووســينەکانی ئــادەم ســميث (١٧٩٤)" دەڵــێ که ســميث "له تەمەنی منداڵيدا جەستەيەکی لاواز و نەخۆشی هەبووه و، پێويستی به هەموو گرنگيپێدان و سۆزی دايکی هەبووه."

زۆر نــين ئەو ڕووداوانەی ســەردەمی منــداڵيی ســميث که وردەکاريەکانيــان زانــراون. ڕەنــگه هەر لەبەر ئەوەش بــێ که ڕووداوێکــی منــداڵيی ســميث بەشــێوەيەکی تــايبەت له مێــژووی ســميثدا چەســپيوه. له ســەردەمی ژياننــامەکەی ســتيوەرتەوه هــيچ يەکێــک له ژياننامەنووسـان بەرگەی نەگرتووه دووبـارەی نەکاتەوه، ئەويش چيرۆکی ڕفاندنيەتی له تەمەنی سێ ساڵيدا لەلايەن قەرجەکانەوه! ستيوەرت بەم شێوەيه دەيگێڕێتەوه:

"کاتێک تەمەنی له دەوروبەری سێ ســاڵيدا بــوو، تووشــی ڕووداوێــک هــات، ڕووداوێکــی ســەرنجڕاکێش که نــاکرێ له چيرۆکی ژيانێکی وا بەنرخ پشتگوێ بخرێ و باس نەکرێت. دايکی لەگەڵ خۆی بۆ ستراتدنری بەمەبەستی سەردانی دکتۆر دۆگلاسی خـاڵی بردی و، ڕۆژێک ئەو بەتەنيا لەبەر دەرگەی ماڵەکەدا گەمەی دەکرد لەلايەن هەندێ لەو بێلانانەی له سکۆتلاند پێيان دەڵێن "تينکەر = گەڕۆکەکان" (قەرەج) دەدزرێ. خۆشبەختانه خـاڵۆی زوو هەســتی به ديارنەمــانی کــرد و، لەبەر ئەوەی گــوێی لــێ بووبــوو که هەنــدێ بــێلانه بەوێــدا تێپەڕيــون، بــۆيه لەگەڵ ئەو هاوکــارانەی لەبەر دەســت بــوون کەوتــنه شــوێنيان هەتــا له دارستانی ليزلی گەيشتنه ســەريان. بەم شــێوەيه بــووه ئەو ئــامرازەی بليمەتێکی بــۆ جيهــان پاراســت، که نەک تەنيــا بــۆ فرەوانکردنــی ســنوورەکانی زانســت ئــامادە کرابــوو، بەڵکــو بــۆ ڕۆشنکردنەوه و چاکسازيش له سياسەتی بازرگانيی ئەوروپا".

هەنــدێ له ژياننامەنووســانی دواتــری ســميث، زيــاتر لەســەر ئەم ڕووداوه ڕۆيشــتوون. لەوانه و.ر. سکۆت، که ڕێگەی بەخۆی داوه گريمــانەی ئەوه بکــات "ئەم ڕووداوه، بەتــايبەتی بەستنەوەکەی، بەشێوەيەکی قووڵ پاڵەپەستۆ دەخــاتەی ســەر نەســتی (ســميث) و، وای لــێ دەکا بەردەوام ڕقی له هەموو پابەنديیەکی سەپێنراو بێ و حەزی له هەمــوو شــتێک بێ که ڕووی له ئازادی بێ". به گرنگيپێدانی کەمەوه، بەڵام به دڵنياييەوه مێژوونووســان دەڵێن که سميث له قوتابخانەی شارۆکەی کيرکالدی خوێندوويەتی، که بەڕێوەبەرەکەی ديڤد ميللەر بووه. له خوێندنی بنەماکانی زمانی لاتينی، مێژوو، ڕەوانبێژی و ماتماتيکدا، سميث ئاماژەی ئومێدبەخشــی پێشــان داوه. زۆر لەوانەی ســميثيان ناســيوه بەشــێوەيەکی تــايبەت باســی توانــای لەبەرکــردن لای ئەو دەکەن. له تشــرينی دووەمــی ١٧٣٧دا ســميثی تەمەن چــوارده ســاڵ چــووه زانکــۆی گلاســکۆ (له ســەدەی هەژدەدا نائاســايی نەبــوو مــرۆڤ لەو تەمەنەدا بچێته زانکۆ، بگره ديڤد هوم له تەمەنی يانزه ســاڵيدا چــووه زانکۆی ئێدينبەرەوه). بەوردی نەزانراوه ئەو وانانه چی بوون ئەو له زانکۆ دەيخوێندن، بەڵام پێدەچێ زمانەکانی لاتين و

گریک و لۆجیک و ماتماتیک و فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی مۆراڵی خوێندبێ. دیارترین مامۆستاکانی بریتی بوون لە رۆبەرت سیمسن (١٦٨٧-١٧٦٨) و فرەنسیس هەچسن (١٦٩٤-١٧٤٦). ئەوەی یەکەمیان کلاسیکناسێکی زۆر باش بوو و یەکەمین کەس بوو کە فیزیکی نیوتنی لە کۆلیجدا دەگوتەوە. هەچسن مامۆستای فەلسەفەی مۆراڵ بوو کە سمیث لە بارەیەوە دەڵێ "هەرگیز لەبیر ناکرێ". لە ساڵانی ١٧٢٩وە تا ١٧٤٦ خۆشەویستترین مامۆستا بوو بەلای فێرخوازانەوە، بەهۆی ئەو توانا سروشتییەی لە بواری وانەگوتنەوەدا هەیبوو لەلایەک، لەلایەکەی تریشەوە لەبەر هەڵسوکەوتی نەرم و نیانی و شێوازی مۆدێرنی لە وانەگوتنەوەدا کە لە ئینگلتەرە وەری گرتبوو. سمیث، وەک دواتر دەیبینین، لەگەڵ گشت لایەنەکانی تیۆریی هەچسن لەبارەی هەستی مۆراڵیەوە کۆک نەبوو، بگرە زیاتر لە بێرنارد ماندیڤیلەوە (١٦٧٠-١٧٣٣) نزیک بوو کە لەوانەیە لە سەروبەندی بەجێهێشتنی گلاسکۆدا ئەو کتێبەی ئەوی خوێندبێتەوە کە بە ناونیشانی "ئەفسانەی مێشهەنگ: یان، خراپەی تایبەت، قازانجی گشت (١٧١٤.)"

لە ساڵی ١٧٤٠دا، وەک وەرگری هاوکاریی سنێڵ - کە کورسیەکی خوێندنی تایبەت بوو بۆ فێرکردنی کوڕان بۆ کڵێسای ئوسقوفان، سمیث چووە کۆلیجی بالیۆل لە ئۆکسفۆرد. ئەو شەش ساڵ لە ئۆکسفۆرد مایەوە و لە ١٥ی ئابی ١٧٤٦دا ئەوێی بەجێ هێشت بەبێ ئەوەی بڕوانامە وەرگرێ و پێش ئەوەی هاوکارییەکەی سنێڵ کۆتایی پێ بێ. لەبارەی ژیانی سمیث لە ئۆکسفۆردیش زانیاریی زۆر دەست ناکەون و یادەوەرییەکانی لەبارەی زانکۆوە خۆش نەبوون. لەوانەیە ڕووبەڕووی هەستی دژەسکۆتلاندایی بووبێتەوە و، ئەوە زۆر خراپ کاری تێ کردبێ. بەڵام ئەوەی ڕوونە نرخاندنی ئەوە بۆ کەشی بیرمەندانەی ئەو دامەزراوەیە. لە یەکەم نامەی بەردەستدا کە سمیث لە ئۆکسفۆردەوە بۆ ویلیەم سمیثی ئامۆزای نووسیویەتی دەڵێ "هەر کەسێک بە خوێندنی زۆر لە ئۆکسفۆرد تەندروستیی خۆی بخاتە مەترسیەوە، ئەوە خۆی خەتابارە، تەنیا کاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ڕۆژانە دوو جاران بۆ نزاکردن بچین و هەفتانە دوو جاران بۆ خوێندنی وانە بچین". لە سامانی نەتەوەکانیشدا، لە باسی "خەرجیی دامەزراوەکانی فێرکردنی گەنجان"، ئەمەی گوتووە کە لەو کاتەوە زۆر جاران لێی وەرگیراوە: "لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، بە تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، بەشی زۆری مامۆستا گشتییەکان تەنانەت وازیان لە دیمەنەکانی وانەگوتنەوەش هێناوە. سمیث لە بالیۆلدا سوودی زۆری لە کتێبخانەکەی ئەوێ وەرگرت، بەڵام لە ١٧٤٦دا گەڕایەوە سکۆتلاند بەبێ ئەوەی پیشەیەکی دیاریکراوی لەلا گەڵاڵە بووبێ بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات.

بە هاتنی ساڵی ١٧٤٨، سمیث چووە ئێدینبەرە، مەڵبەندی ڕۆشنگەریی سکۆتلاند. ئەم گواستنەوەیە بەهۆی سەرپەرشتیاریی هنری هوم، لورد کامیس و، کەسانی ترەوە بوو کە

سپۆنسەریتیی زنجیرەیەک وانەی گشتیی سمیثیان کرد لەسەر ڕەوانبێژی و ئەدەبیات و زانست و ڕەنگە مێژوو و فەلسەفەش. ئەو وانانە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بۆیە بۆ ماوەی سێ زستانی یەک لەدوای یەک کاری دەست کەوت. دوای ئەوە، 'بوارەکانی یاسای مێژوویی (١٧٦١)'ی کامیس گەلێک هاوشێوەیی لەگەڵ زانستەکانی سمیث پێشان دا، لە ناویاندا تیۆریی 'چوار قۆناغ'ی پێشکەوتنی مێژوو، بەڵام دیار نییە کێ لە کێی وەرگرتووە. لەم سەروبەندەدا سمیث چاوی بە دێڤد هوم (١٧١١-١٧٧٦) کەوت.

هوم دوانزە ساڵ لە سمیث گەورەتر بوو و، 'وتاری سروشتی مرۆڤ (١٧٣٩-١٧٤٠)' و 'وتارەکان (١٧٤١ و ١٧٤٢)'ی مۆراڵی و سیاسیی بڵاو کردبووەوە. هوم ئەستێرەیەکی دیاری ڕوو لە گەشانەوە بوو لە ڕۆشنگەریی سکۆتلاندا و لەگەڵ بڵاوکردنەوەی 'وتارە سیاسییەکان (١٧٥٢)' جێی خۆی وەک یەکەمین خاوەن تیۆری و نووسەری ئابووریی سکۆتلاند چەسپاند. هوم ئەو کاتە بیری لە دانانی کتێبی 'مێژووی ئینگلتەرە (١٧٥٤-١٧٦٢)'ی چەند بەرگی کردبووەوە، کە کتێبێکی پرفرۆش بوو و سمیث لە سامانی نەتەوەکاندا چەندان جار لێی وەرگرتووە و ئاماژەی بۆ کردووە. کاریگەریی بیری هوم بەسەر پێشکەوتنی بیرکردنەوەکانی سمیث هاشا هەڵناگرێ. بۆ نموونە، تیۆرییەکەی سمیث لەبارەی وێناکردنەوە دەشێ بگێڕدرێتەوە بۆ نووسینەکانی هوم، هەروەها هەمان شت بۆ تیۆرییە ئابوورییەکانیشی ڕاستە. هەروەها سمیث پشتی بە بیرۆکەی هوم لەبارەی 'سۆز'ەوە بەستووە. هوم لە 'وتارەکان'دا نووسیویەتی کە سۆز 'وامان لێ دەکا لە خۆشیی هەموو کەسێکدا بەشدار ببین، ئەوەیە کە لەیەکترمان نزیک دەکاتەوە'. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە 'خۆشحاڵیی کەسێکی نامۆ، کە برادەریتیمان لەگەڵیدا نییە، تەنیا بەهۆی سۆزەوە دڵخۆشمان دەکا... لە هەر شوێنێکدا بابەتێک چاوەڕوانی لێ بکرێ کە خۆشحاڵی بەرهەم بهێنێ لە خاوەنەکەیدا، یان بە گوتنێکی تر، هۆکاری گونجاو بێ بۆ خۆشحاڵی، ئەوە بێگومان بینەرەکەش دڵخۆش دەکا، هۆکارەکەش سۆزێکی وردە بەرامبەر بە خاوەنەکەی". هەردووکیان لە خوێندنەوەی مۆنتیسک (١٦٨٩-١٧٥٥) زۆر فێر بوون و بنەمایەکی هاوبەشیان لەبارەی بیرکردنەوەی سیاسییەوە دامەزراند، لەو شوێنەی کە بە بازرگانییەوە پەیوەستە و، بە هەمان شێوە لە بینینی ئاراستەی فرەوانی مێژووییشدا. جەختکردنی سمیث لەسەر ئەوەی کە پێشکەوتنی پەیوەندیە بازرگانییەکانی جیهان لە سەدەکانی شانزە و هەڤدە و هەژدەدا وەک سیفەتی جیاکەرەوەی جیهانی سەردەمیانە، هەمان بۆچوونی هومە و، چەند سکۆتلاندیەکی تریش لەو ڕۆژگارەدا وا بیریان کردووەتەوە. کەشی ئێدینبەرە بۆ سمیث وزەبەخش بوو و، دەتوانین هەندێ لە یەکەمین بڵاوکراوەکانی بۆ ئەو ڕۆژانە بگێڕینەوە، کە ژمارەیەکی زۆریان بەبێ ناوی نووسەر بڵاو کراونەتەوە. بۆ نموونە، لە ١٧٤٨دا بەشداریی لە 'پێشەکییەک' بۆ 'هۆنراوەگەلێک لە بۆنەی

جیاجیا"دا کرد کە کۆمەڵە شیعرێکی ویلیەم هاملتنی بانگۆر بوو (شاعیرێکی یاقوبی "یەکێک لە شوێنکەوتەکانی شا جەیمسی دووەمی ئینگلتەرە" بوو و یەکێک لە دۆستانی کامیس بوو) و لەلایەن رۆبەرت و ئەندرو فاولیس لە گلاسکۆ چاپ کرا.

ساڵی ١٧٥١، سمیث وەک مامۆستای لۆجیک لە زانکۆی گلاسکۆ دامەزرا. ساڵێک پاش ئەوە پلەی مامۆستای فەلسەفەی مۆراڵی وەرگرت، ئەویش دوای ئەوەی مامۆستای ئەو بابەتە بەهۆی تێکچوونی تەندروستیەوە دەستی لەکار کێشایەوە. سمیث تا ساڵی ١٧٦٣ لەو پێگەیە مایەوە و لەو مێژووەوە تۆماس راید (١٧١٠-١٧٩٦) جێی ئەوی گرتەوە. لەڕێی ئەو تێبینیانەی فێرخوازان نووسیبوویان و، تەنیا لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا زیندوو کرانەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە وانەکانی سمیث فرەبابەت بوونە. هەروەها سمیث بەشداریکەرێکی بەگوڕ بوو لە کولتووری فرەوانی ئەدەبیاتی گلاسکۆدا. لە پاڵ یانەی ئابووریی سیاسیدا ئەندامی کۆمەڵەی ئەدەبی بوو کە گرووپێکی خاوەن ئامانجی گشتی بوو و گوێی بۆ گشت بابەتەکانی پەیوەست بە پێشهاتە نوێیەکان شل دەکرد، هەر لە دۆزینەوە کیمیاییەکانی بلاکەوە بگرە تا تیۆرییەکانی بەڵەکبوون بە تیشکی خۆر و، گفتوگۆ لەسەر کارە کۆن و سەردەمیانەکان و، تیۆرییە بایۆلۆجییەکان و بەلای کەمەوە یەکێک لە بابەتەکانی خۆی "لەبارەی بەهای ئازادیی ئابوورییەوە". ئەمەش ئەو مێژووەیە کە یەکەمین بڵاوکراوەی دیاری سمیثی بۆ دەگێڕینەوە.

لە ساڵی ١٧٥٥دا، دوو بابەتی لە "ئێدینبەرە ریڤیو"ی تەمەن کورتدا بڵاو کردەوە، کە بڵاوکراوەیەکی وەرزی بوو و ئەلیکزاندەر ویدەربێرن (١٧٣٣-١٨٠٥)ی برادەری سمیث بەرهەمی دەهێنا. یەکەمی ئەو دوو بابەتە پێداچوونەوەیەک بوو بۆ "فەرهەنگێکی زمانی ئینگلیزی"ی ساموئیل جۆنسن. ئەو پێداچوونەوەیە چەندان جار لە گۆڤارە وەرزییە ئەدەبیەکاندا بڵاو بووەوە و چەند بڕگەیەکی کەوتنە ناو "ئینسایکلۆپیدیا بریتانیکا". لە بابەتەکەی تریدا کە ناونیشانەکەی "پەیامێک بۆ نووسیارانی ئێدینبەرە ریڤیو" بوو، سمیث هانی نووسیارانی سکۆتلاندایی ئێدینبەرە ریڤیو دەدات بواری کارەکەیان فرەوانتر بکەن بەشێوەیەک بەرهەمە نوێیەکانی فەیلەسوفانی فرانسەیی ڕووماڵ بکەن وەک جۆرج لویس لیکلێرک، کۆنتی بوفۆن (١٧٠٧-١٧٨٨) و، جان-جاک رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) و ڤۆلتێر (١٦٩٤-١٧٧٨)- کە بابەتی هەموویان لە یانەی ئەدەبیاتدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرا- ئاماژەی بۆ ئەوەش دەکرد کە ئەمانە پێویستە گرنگیی زیاتریان پێ بدرێ. سمیث، هەرچەندە کارەکەی لە زانکۆی گلاسکۆدا ماندووبوونی زۆری دەویست، بەڵام ئەو ماوەیەی بەلاوە خۆش بوو کە لەوێ بەسەری برد. وا دەردەکەوێ فێرخوازەکانی ئەرک و ماندووبوونی ئەویان بەهەند هەڵگرتبێ، تەنانەت یەکێکیان لەبارەی "ڕەوانبێژیی بزێو و سەرپێیانەی" سمیثەوە نووسینی هەبوو. سمیث کە لە ڕوانگەی ساڵانی کۆتای تەمەنیەوە

دەڕوانێتە ئەو ماوەیەوە، دەڵێ: "ئەو سیانزە ساڵەی وەک ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە بەسەرم بـــردن، وەک بەســــوودترین مـــاوە لێیـــان دەڕوانـــم و، هەر لەبەر ئەوە خۆشـــترین و شــەرەفمەندانەترین مــاوەی تەمەنــی مــنن. ئێســتاش دوای بیســت و ســێ ســاڵ دابــڕان، کە هاوڕێیان و بەرگریکەرانم منیان بەشێوەیەکی گونجاو بەبیر دێتەوە، من ئەوەنـدە دڵخۆش دەکەن کە ناتوانم بەئاسانی بۆ ئێوەی دەربڕم."

یەکێک لە بەرهەمە نەمرەکانی ساڵانی گلاسکۆی سمیث دانـانی یەکەم کتێبی بـوو. لە ساڵی ١٧٥٩دا، سـمیث "تیـۆریی هەسـتە مۆراڵیەکـان"ی بڵاو کـردەوە، ئەویش کارێـک بـوو زۆربەی لە وانەکانی خۆیەوە لەبارەی ئاکارەوە هەڵێنجرابوو و سـەرنجێکی زۆری بەرەو لای کاریگەریی سۆز لەسـەر هەستی مۆراڵی بەکێش کرد. تیۆریی هەسـتە مۆراڵیەکان بـووە مایەی ناوبانگی نێودەوڵەتی بۆ سمیث. ئەو کتێبە تا سـاڵی ١٧٩٠، کە سـاڵی مردنـی سمیثە، شەش جاران چاپ کرا. هەروەها بۆ چەندان زمان وەرگێڕدرا و بەشێوەیەکی فرەوان بـڵاو بووەوە. لە هەندێ لایەندا، کتێبی یەکەمی سـمیث جیایە لەگەڵ سـامانی نەتەوەکـان، ئەمەش وای کرد گرووپێک لە زانایانی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە ناوی "کێشـەکەی ئادەم سمیث"ی لـێ بنێن. گرفتەکەش ئەمەیە کە سـمیث لە تیـۆریی هەسـتە مۆراڵیەکانـدا مەبەسـتی بـوو ئەوە پێشـان بـدات کە مرۆڤەکـان بەشـێوەیەکی سروشـتی چـاکن و، توانـای "بەسـۆزی"یان هەیە، ئەم توانایەشــە وامــان لــێ دەکـا "بچینە نــاو" مێشـکی کەسـێکی تـرەوە و هەروەهـا هەوڵـی دڵخۆشکردنی "بینەری بێلایەن" بدەین. هەموو ئەمە دیدێکی زۆر جیاوازە لەوەی تاکەکانی بزوێنراو لەڕێی خۆپەرستی و دەستکەوتی ماددیەوە هەیانە، کە هەنـدێک دەڵێن لە سـامانی نەتەوەکـانی سـمیثدا هەیە. تـوێژینەوەی نـوێ، لەڕێـی پێشـاندانی پێویسـتبوونی سـۆز لە سامانی نەتەوەکان، ئەو کێشەیە لەناو دەبا. مرۆڤ بگاتە هەر ئەنجامێک لەبـارەی "کێشـەی ئـادەم سـمیث"، پێویسـتە ئەوەی لەبیر نەچێ کە "تیـۆریی هەسـتە مۆراڵیەکـان" لە پشـتێنەی سامانی نەتەوەکانە، کە نابێ، بۆ زانینی هەمـوو ئەوەی سـمیث بـڕوای پـێ هەبـووە، بەتەنیا بخوێنرێتەوە.

بێگومـان کـارێکی بەسـوودە بـۆ خوێنـدنەوەی سـمیث لە خـاڵێکی سـەرەتاوە دەسـت پـێ نەکەی کە بەدوای نـاکۆکی لەنێـوان کارەکانیـدا بـگەڕێ، بەڵکـو لە یەکـانگیریەکی بـاڵای نێوانیانەوە دەسـت پـێ بکە. ئەمە دەکرێ ئەگەر سـامانی نەتەوەکـان تەنیـا وەک یەک لقـی کۆڵینەوەی سمیث لە سروشتی مرۆڤ ببینین. سـمیث وەک هەر یەکێکی تـر لە ڕۆشـنگەرە سکۆتلاندیەکان گرنگیی بە "زانستی مرۆڤ" دەدا. ئەوەتـا لە "تیـۆریی هەسـتە مۆراڵیەکان"دا "سۆز" و چۆنیەتیی کارکردنی لە مێشکی مرۆڤدا یەکێکە لە پرسـە بنەڕەتییەکان. سـمیث لە سامانی نەتەوەکاندا بۆچوونەکانی خۆی لەسـەر "خۆپەرستی" بنیـات دەنێ. چییە و چـۆن کـار دەکـا؟ لە "وتارێـک لەبـارەی فەلەکناسـییەوە"ی ئەودا- سـاڵی ١٧٩٥، دوای مردنـی ئەو

بڵاو کرایەوە- جەختکردنەکە لەسەر حەزی زانین (فزوڵ) و سەرسوڕمان و پێویستیی هێورکردنەوەی خەیاڵە. سمیث لەوێ نووسیویەتی کە مەبەستی وێناکردنی ئەو "بنەمایانە"یە کە "ڕێنیشاندەر و ئاراستەکەری تۆژینەوەی فەلسەفەیین". دوای بڵاوکردنەوەی سامانی نەتەوەکان، سمیث لە کارکردن لەسەر کتێبێکی بەرنیاز بەردەوام بوو، بابەتی ئەو کتێبە یاسا و حکومەت بوو. ئەو پرۆژەیە هەرگیز تەواو نەبوو و، سمیث داوای لە بلاک و هەتن کرد، کە جێبەجێکاری ئەدەبیی ئەو بوون، پاش مەرگی خۆی بیست و دوو بەرگ لە دەستنووسی ئەو کتێبە بسووتێنن، ئەوانیش ئەو کارەیان ئەنجام دا. بۆیە هەندێک ئاراستەی گشتگیری سیستمی سروشتی مرۆڤ لای سمیث هەتاهەتایە لای ئێمە بە ونی دەمێنن، هەرچەندە لەوانەیە هەندێک لەوانە لە "وانەگەلێکی زانستی"دا بوونیان هەبێ.

دوای ئەو سەرکەوتنەی "تیۆریی هەستە مۆراڵییەکان" بەدەستی هێنا، داوا لە سمیث کرا دەست لە کاری وانەگوتنەوە بکێشێتەوە و ببێ بە مامۆستای تایبەتی دۆقی بەکلەچ، زڕکوڕە هەژدە ساڵانەکەی چارلس تاونسێند و یەکێک لە گەورەترین خانەدانەکانی سکۆتلاند. ئەم دامەزراندنەی سمیث لە ١٧٦٣دا ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی سمیث بتوانێ سەفەر بکات و ژیانی خۆشتر ببێ، چونکە مووچەیەکی ساڵانەی زەبەلاحیان بۆ بڕیبووەوە، شانبەشانی مووچەیەکی خانەنشینی بەدرێژایی تەمەن بۆی. ئەو دووە دەستیان بەگەشتێکی ئەوروپایی کرد و ساڵ و نیوێک لە تۆلۆز مانەوەوە. دوای ئەوە بەردەوامییان بە گەشتەکەیان دا بەناو باشووری فرانسەدا و دوو مانگیشیان لە سویسرا بەسەر برد و کۆتایی گەشتەکەیان دە مانگ مانەوە لە پاریس بوو. بەهۆی پێگەی باشی هوم و کەسانی ترەوە، سمیث ئاشنایەتیی لەگەڵ ژمارەیەک ئەستێرەی گەشی ڕۆشنگەریی فرانسەیی پەیدا کرد. لە جنێڤ چاوی بە ڤۆلتێر کەوت، هەروەها لە پاریس چاوی بە ئینسایکلۆپیدیست و زانای ماتماتیک جان لا ڕۆند دالێمبێ (١٧١٧-١٧٨٣) و کەسانی تریش کەوت. بەهەمان گرنگییەوە تێکەڵی ئەوانە بوو کە سەر بەقوتابخانەی فیزیۆکرات (یان لا ئیکۆنۆمیستس، کە بەم ناوەش ناسرابوون)، لەوانە فرانسوا کویسنای (١٦٩٤-١٧٧٤) و ئان ڕۆبەرت جاک تورگۆ (١٧٢٧-١٧٨١). کویسنای و تورگۆ هەردووکیان دژ بە مۆرکانتالیزم بوون- کە سیاسەتی ئابووریی باوی ئەوروپا بوو لەو سەردەمەدا- و لایەنگری پشتیوانیی حکومەتی بوون بۆ بازرگان و بەرهەمهێنەکان. فیزیۆکراتەکان بەتایبەت جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە سامانی نەتەوەیی لەسەر بەهای بەرهەمی زەوی بنیات نراوە، کە بەشی هەرە زۆری لە کشتوکاڵەوە سەرچاوە دەگرێ. لە کاتی سەردانەکەی سمیثدا، تازە کویسنای "خشتەی ئابووری"ی (لە ١٧٥٨) بڵاو کردبووەوە و تورگۆ سەرقاڵی نووسینی "تێڕوانینگەلێک لە پێکهێنان و دابەشکردنی سامان"ـەکەی بوو. سمیث و قوتابیەکەی لە تشرینی دووەمی

١٧٦٦دا گەڕانەوە بریتانیا و سمیث (بە سندووقێکی پڕ لە کتێب و سەرێکی پڕ بیرۆکەی پێشکەوتنەوە) لە لەندەنەوە بەرەو کیرکالدی بەڕێ کەوت، کە لەوێ لەگەڵ دایکی نیشتەجێ بوو. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سمیث هەرگیز ژنی نەهێنا هەرچەندە پەیامەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژیانی خێزانی شتێک بووە ئەو بۆی پەرۆش بووە و چیرۆکی وا هەن باسی عیشقێکی رۆمانسی بەگوڕ دەکەن لە تەمەنێکی زوودا.

سامانی نەتەوەکان، بۆ دروستبوونی کاتێکی زۆری تێ چوو پێش ئەوەی لە ١٧٧٦دا بڵاو بکرێتەوە. لەوە دەچێ سمیث لەو ڕۆژانەوە کە لە ئێدینبەرە وانەی دەگوتەوە خەریکی پێکهێنانی بیرۆکە بووە لەبارەی ئەوەوە کە سامانی نەتەوەکان دەبێ چۆن بێ و، گومانی تێدا نییە لەو سەردەمەوە کە مامۆستا بوو لە گلاسکۆ خەریکی ئەو کارە بوو. بەڵام یەکەم ئاماژە بۆ پێکهاتەی کردەنیی ئەم کارە لە نامەیەکدا هاتووە کە سمیث لە پێنجی تەمموزی ١٧٦٤دا لە تولۆزەوە بۆ هومی ناردووە. سمیث نووسیویەتی: "بۆ کوشتنی کات دەستم بەنووسینی کتێبێک کردووە". بەڵام دیارە کاری جددیی لەم کتێبە لەدوای گەڕانەوەی لە گەشتە ئەورووپاییەکەیەوە بۆ کیرکالدی دەست پێکردووە. لەو قۆناخە زووەدا، سمیث چێژی لە پرۆسەی نووسین وەرگرتووە. لە حەوتی حوزەیرانی ١٧٦٧دا بۆ هومی نووسیوە "کاری من لێرەدا خوێندنە و نزیکەی مانگێکە بەقووڵی بەو کارەدا ڕۆچووم. ئەو کارەشی کە خۆمی پێ دڵخۆش دەکەم پیاسەی درێژ و بەتەنیایە لە کەناری دەریا. بەم جۆرە دەتوانی بزانی من چۆن کاتی خۆم بەسەر دەبەم. لەگەڵ ئەوەشدا بەش بەحاڵی خۆم هەست بە دڵخۆشی و ئارامی و قەناعەتێکی زۆر دەکەم. من هەرگیز لە هەموو ژیانی خۆمدا هەستم بەمە نەکردووە". لەگەڵ سەرەتای ساڵی ١٧٦٩دا، ئەو ئەرکە گەورەیەی بە سامانی نەتەوەکان خستبوویە سەر خۆی، زیاتر قورس دەبوو. لە کانوونی دووەمدا سمیث بۆ لۆرد هەیلزی نووسی کە "پلانەکانی لێکۆڵینەوە"کەی "کاتێکی زۆر کەمی بەتاڵ"یان بۆ هێشتووەتەوە و "لە چوونە پێشدا وەک تەونەکەی پێنێلۆپیان لێ هاتووە، بۆیە زۆر بە دەگمەن ئەگەری تەواوبوونیان دەبینم". دواتر کە سمیث ئاوڕی لەو ماوە قەرەباڵخەی نووسین و نووسینەوەی کتێبەکە دەداتەوە و بۆ برادەرێکی باس دەکا، دەڵێ: "کاتێک کە گەڕامەوە بۆ بریتانیا، چوومە شارۆکەیەکی بچووک لە سکۆتلاند، کە زێدی خۆمە و، لەوێ شەش ساڵی بەردەوام لە مەندی و تا ڕادەیەک لە بێکاریی تەواودا ژیام. لەو ماوەیەدا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی خۆم بە نووسینی لێکۆڵینەوەکەم لەمەڕ سامانی نەتەوەکانەوە ئاسوودە دەکرد"...

بە هاتنی پایزی ١٧٧٢ کۆتایی کارەکە خۆی دەرخست، یان سمیث وای دەبینی. لە سێی ئەیلوولدا بۆ ویلیەم پەلتینەیی نووسی "کتێبەکەم لەگەڵ سەرەتای ئەم زستانەدا بۆ چاپخانە ئامادە دەبوو، بەڵام ئەو ڕێگرییانەی لە بەشێکدا بەهۆی تەندروستیی خراپەوە و حەزی

پشوو و بیرکردنەوە لە تەنیا یەک شتێکەوە سەریان هەڵ دا"، وام لێ دەکەن "ناچار بم بڵاوکردنەوەکەی چەند مانگێک دوا بخەم". بە هاتنی ساڵی ١٧٧٣، هاوڕێیانی دەستیان دایە پاڵەپەستۆ خستنە سەری بۆ ئەوەی کارەکەی بە کۆتایی بگەیەنێ. لە دەی نیسان، هوم بۆی نووسی "چاوەڕوانی بینینت دەکەم بەم زووانە. ئەرێ تۆ سەرقاڵی ڕووخاندنی یان بنیاتنان؟" لە کۆتاییدا، لە نۆی ئاباری ١٧٧٥دا، سمیث توانیی وەڵامێک بۆ هوم بنووسێ، "لە کۆتای ئەم مانگە، یان لە سەرەتای مانگی داهاتوودا کتێبەکەم بۆ چاپخانە ڕەوانە دەکەم."

"لێکۆڵینەوەیەک بۆ سروشت و پرسەکانی سامانی نەتەوەکان"، جاری یەکەم لە نۆی ئاداری ١٧٧٦دا لە لەندەن بڵاو بووەوە. بریتی بوو لە کتێبێکی قەبە، دوو بەرگ لە قەبارەی بڕینی چارەکی و، نرخی ئەو چاپەی بە بۆردی شینی-خۆڵەمێشی بوو ١٦.١ پاوەن بوو و، نرخی چاپی هەڵپێچراو ٢.٢ پاوەن بوو، بڵاوکەرەوەکانی ویلیەم ستراهان و تۆماس کادێل بوون. چاپی دووەم دوو ساڵ دوای ئەوە هات، لە بیست و هەشتی شوباتی ١٧٧٨، دووبارە لە لەندەن دەرچوو و بەهەمان نرخ بوو. ساڵی ١٧٨٤ چاپێکی سێیەم ئامادەی چاپکردن بوو، بەڵام ئەم جارە بە سێ بەرگی قەبارە هەشتیەکی بوو، لەگەڵ "زیادکردن و ڕاستکردنەوەگەلێک"ی گرنگ و پێڕستێک (کە چەندان برادەری سمیث بۆ چاپەکانی پێشوو بەپێویستیان دەزانی). سمیث لە ڕاگەیاندنێک بۆ کتێبەکەدا ڕوونی کردەوە:

"چاپی یەکەمی ئەم کارە لە کۆتایی ساڵی ١٧٧٥ و سەرەتای ساڵی ١٧٧٦دا چاپ کرا. بۆیە لە زۆربەی شوێنەکانی ئەم کتێبەدا کە ئاماژە بۆ دۆخی ئێستای شتەکان دەکرێ، دەبێ ئەوە تێگەیشترێ کە باس لە دۆخی ئەو کاتەیان، یان کاتێکی کەمێک پێش ئەو کاتەیان، دەکرێ کە تیایدا من خەریکی نووسینی کتێبەکە بووم. بۆ ئەم چاپی سێیەمە، من چەندان شتم زیاد کردووە، بەتایبەتی بۆ ئەو بەشەی تایبەتە بە گێڕانەوەی باج و، ئەوەی تایبەتە بە بەخشیشی حکومەتەوە، هەروەها بەشێکی نوێ بەناونیشانی "دەرەنجامی سیستمی بازرگانی" و، بابەتێکی نوێم بۆ بەشی تایبەت بە تێچووەکانی سەروەری زیاد کردووە. لە هەموو ئەم زیادکردنانەشدا، "دۆخی ئێستای شتەکان" بەواتەی ئەو دۆخە دێ کە لە ساڵی ١٧٨٣ و سەرەتای ئەم ساڵی ١٧٨٤دا هەیانبوو."

ئەو دەستکارییانەی چاپی سێیەم وا بوون کە بڵاوکەرەوەکانی سمیث ئێستا بەناوێکی جیا "زیادکردن و ڕاستکردنەوەی چاپی یەکەم و دووەمی لێکۆڵینەوەیەک بۆ سروشت و پرسەکانی سامانی نەتەوەکانی دکتور سمیث" پێشکەشیان کرد. بەهاتنی ساڵی ١٧٨٦، چاپی چوارەمی سامانی نەتەوەکان بڵاو کرایەوە کە تیایدا سمیث دەڵێ "هیچ گۆڕانکارییەکم نەکردووە". ساڵی ١٧٨٩، چاپی پێنجەم دەرچوو. ئەم چاپە دواچاپ بوو کە سمیث بەچاپکراوی بینیی و، ئەم چاپەیە لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە.

پێشوازیی هاوسەردەم لە سامانی نەتەوەکان بابەتێکە هەندێک بگرەوبەردە هەڵدەگرێ. نامەکانی هاوڕێکانی سمیث ئەوپەڕی پیرۆزبایی لەخۆ دەگرن. لە بیست و سێی نیسانی ۱۷۷٦دا، هیو بلەیر بۆ سمیثی نووسیوە:

"من ناتوانم خۆم بگرم و پیرۆزبایی کتێبەکەت لێ نەکەم. من تازە خوێندنەوەیم تەواو کرد و، هەرچەندە بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێک بەر لە ئێستا بۆمت خوێندەوە و لەو گرنگیدانەت ئاگەدارم کە تۆ خۆت بۆ بابەتەکە تەرخان کردبوو، چاوەڕوانی زۆر بووم. بەڵام ددان بەوەدا دەنێم کە تۆ چاوەڕوانیەکانی منت تێپەڕاندووە".

ئەوەی بلەیر لە هەموو شتێک زیاتر نرخاندوویەتی، توانای سمیثە لە پێکهێنان و بەرنامەڕێژکردنی ئەو بابەتانەی کە پێشتر سەرەتایی بوون. سامانی نەتەوەکان ئەو شتانە روون و پوخت دەکاتەوە کە لە کارەکانی پێشوودا لە پشت جامەوە بەناڕوونی دەبینران. بلەیر گلەیی ئەوە دەکا چۆن "نووسەرە یەک لەدوای یەکەکان، سەبارەت ئەم بابەتانە جگە لەوەی منیان خستووەتە گێژاوەوە هیچیان نەکردووە. من دەستم لە گەیشتن بە بۆچوونی روون لەبارەیانەوە شوشتبووەوە". سمیث، لەلایەکەی ترەوە، بەڵگەیەکی سادەی پێشکەش کرد. "هەر بەشێک ڕێخۆشکەرە بۆ بەشێکی تر و، وردەوردە سیستەمەکە خۆی قوت دەکاتەوە. هەرگیز هیچ شتێک لە شێوازەکەی تۆ بۆ بابەتەکە گونجاوتر نەبووە، شێوازێک کە تا بڵێی ڕوون و دیارە، پڕە بەبێ ئەوەی زۆر بێ و، پڕ بەپێستی بابەتەکەیە". بلەیر بەم شێوەیە کۆتای بە هەڵسەنگاندنەکەی دێنێ: لە سامانی نەتەوەکاندا سمیث "یاسای بازرگانیی وڵاتانی" بەرهەم هێنا، سمیث "خزمەتێکی گەورەی جیهانی کرد" و "سەردەم زۆر قەرزاری" ئەوە.

کەسانی تر هەمان ئەو چۆنایەتیانەیان بەرز نرخاندووە و زۆربەی کات بەهەمان ئەو زمانە. جۆزێف بلاک باسی "سیستمی گشتگیری ئاوێتەی سۆزی دروست و ئازادانە"ی سمیثی کردووە. ویلیەم ڕۆبەرتسن دەڵێ: "من کە دەزانم چەند کات و گرنگیت بەم کارە داوە، ئاستی چاوەڕوانیی خۆم لەبارەیەوە زۆر بەرز کردەوە، بەڵام کارەکە زۆر ئەو چاوەڕوانیەی منی تێپەڕاند. تۆ یەکێک لە بەشە هەرە گرنگ و ئاڵۆزەکانی زانستی سیاسیت خستە ناو چوارچێوەی سیستمێکی ڕێکوپێکەوە و... من پێم وایە کتێبەکەی تۆ ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ گۆڕانکاریی تەواو لە چەندان بابەتی گرنگی" پەیوەست بە حکومەتی مەدەنی و ئابوورییەوە. ڕۆبەرتسن، وەک بلەیر، پێشبینی دەکا کتێبەکە "پێویستە ببێ بە یاسایەکی سیاسی یان بازرگانی بۆ گشت ئەورووپا و، زۆر جاران دەبێ پیاوانی کردە و خەیاڵاویش بگەڕێنەوە سەری و ڕاوێژی لێوە وەرگرن". ئادەم فێرگسن لەبارەی "ڕێز"ی خۆیەوە بۆ کارەکەی سمیث نووسیویەتی و ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە سمیث "بە دڵنیاییەوە دەرەقەتی ئەو بابەتانە هاتووە" کە لەبارەیانەوە نووسیویەتی.

لەوانەیە هیچ نرخاندنێک ئەوەندەی نرخاندنەکەی هوم لەلایەن سمیثەوە بە هەند وەرنەگیرابێ، هوم ئازیزترین برادەری بوو و لە نیسانی ١٧٧٦دا تەندروستیی بەخێرایی تێک دەچوو. هوم نووسیویەتی:

"دەسخۆش! زۆر جوانە! ئازیزم بەڕێز سمیث: من زۆر دڵخۆشم بە کارەکەت و، خوێندنەوەی بە وردی منی لە دۆخی دڵەڕاوکێیەکی مەزن ڕزگار کرد. کارێک بوو زۆر چاوەڕوان کرا، لەلایەن تۆوە و لەلایەن برادەرانتەوە و لەلایەن خەڵک بەگشتیەوە، بۆیە کاتێک کە بینیم لەرز گرتمی، بەڵام ئێستا زۆر ئاسوودەم".

هوم بەردەوام دەبێ و دەڵێ کتێبەکە "قووڵ و پتەو و پوختە و بەتێری لەڕێی ڕاستیی سەرنجڕاکێشەوە ڕوون کراوەتەوە، بەجۆرێک کە دەبێ... سەرنجی جەماوەر بەکێش بکا". مانگێک دوای ئەوە هوم بە دڵخۆشییەوە لە لەندەنەوە هەواڵی دا و نووسیی "بینیم شارەکە پڕە لە کتێبەکەی تۆ، ئەمەش نیشانەی پەسەندکردنی گشتیە". هوم چەند مانگێکی کەم دوای ئەوە، لە بیست و پێنجی ئابی ١٧٧٦دا مرد. نامەیەک کە سمیث دوای مەرگی هوم بۆ دۆستی هاوبەشیان ویلیەم ستراهانی بڵاوکەرەوە ناردبووی و، لە ١٧٧٧دا بڵاو کرایەوە، نامەکە خرابووە ناو کتێبی "ژیانی دێڤد هوم، ئێسکویر. نووسینی خۆی". کۆتایی نامەکە وێناکردنێکی کەسایەتیی هوم بوو، کە تەنیا دەربڕینی ڕێزی خۆی بۆ هوم نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتیتر دەربڕینی بینینی سمیث بوو بۆ سروشتی مرۆڤ:

"ئەوەتا برادەری هەرە نایاب و لەبیرنەچوومان مرد. بێگومان خەڵک سەبارەت بۆچوونە فەلسەفیەکانی ڕای جیایان هەیە، هەندێک پشتیوانییان دەکەن و هەندێک ڕەتیان دەکەنەوە، بەپێی گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ بۆچوونی ئەو خەڵکە. بەڵام سەبارەت کەسایەتی و ڕەوشتی ئەو، دەگمەنن ئەوانەی ڕای جیاوازیان هەبێ... بەگشتی من بەردەوام لە ماوەی ژیانی و دوای مردنیشی، ئەوم بە کەسێک داناوە کە ئەوەندەی سروشتی ناسکی مرۆڤ ڕێگەی دابێ، بەرەو بەرجەستەکردنی بیرۆکەی مرۆڤی تەواو دانا و چاکەکار دەچوو و لێی نزیک دەبووەوە".

دواتر، لە نامەیەکدا بۆ ئەندریاس هۆلت لەبارەی پێشوازیکرن لە سامانی نەتەوەکان، سمیث ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە لە کاتێکدا لە ڕۆژنامەکان "گاڵتەی جۆراوجۆری" پێ کرا، "بە هەموویان ئەوەندە دڵگران نەبووم چونکە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد. بەڵکو من لەو ڕووەوە خۆم زیاتر بە بەختیار دەزانم نەک پێچەوانەکەی". بێگومان، سمیث نووسیویەتی "تەنیا بۆ یەک لاپەڕەیەک، کە پێم وا بوو زۆر بێ زیانە، لەبارەی مەرگی برادەری کۆچکردوومان بەڕێز هوم نووسیبووم، دە ئەوەندەی ئەو هێرشە توندەی کردبوومە سەر گشت سیستمی بازرگانیی بریتانیای مەزن، هێرش کرایە سەرم".

هەڵسەنگاندنە گشتییەکانی تریش بۆ سامانی نەتەوەکان لە دەرەوەی سکۆتلاندەوە، بە هەمان شێوە پرشنگدار بوون. لە ڕانانەکەیدا لە "ئەنوەل ریجیستەر"ی ساڵی ١٧٧٦، ئێدمۆند بورک (١٧٢٩-١٧٩٧) نووسیبووی: "گەشەکردن و پووکانەوەی گەلان زۆر جاران بابەتی سەرسامکەر پێشکەش دەکەن و دەبنە مایەی گلەیی توندڕەو و وتاربێژەکان، هەندێ جاریش پێشبینیی سیاسی دەخەنە ڕوو. بەڵام بەدەگمەن لەلایەن فەیلەسوفانەوە لە هەموو هۆکار و ئاڵۆزییەکانیان کۆڵراوەتەوە". بورک، وەک ئەوانی تر ئاماژەی بۆ سروشتی سیستماتیکی ئەو کارە کردووە کە لەلایەن سمیثەوە پێشکەش کراوە. لە کاتێکدا کە فیزیۆکراتەکان دەرگەی ئەم بوارەیان کردەوە، "هیچ کارێک بەتەنیا لەناو ئەوانەدا دەرنەکەوت، بگرە هەموو ئەوانەی ئەوان بخەیتە سەر یەک کارێکی لێ دروست نابێ کە شایانی بەراورد بێ لەگەڵ ئەم بەرهەمەی ئێستا، لە ڕووی دانایی و چوونە ناو مێشکەوە و، مەودای بۆچوونەکان و، جیاکردنەوەی ورد و، بەیەکەوە گرێدان و بەستنەوەی لەجێی خۆی و سروشتی بەشەکانیەوە". بورک لەکۆتاییدا نووسیی: "شیکردنەوەیەکی تەواوی کۆمەڵگەیە، لە یەکەم سەرەتاییترین کاری سادەی دەستییەوە دەست پێ دەکا و، بە ڕیزبەندییەکی سادە و سروشتی بەرەو باڵاترین دەسکەوتەکانی هێزی ئاوەز بەرز دەبێتەوە. بەو شێوەیە نەک تەنیا پیشەکان و بازرگانی، بگرە دارایی و دادوەری و ڕێکخستنی گشتی و ئابووریی سوپاکان و سیستمی فێرکردن لەبەر چاو گیراون و خراونەتە بەر باسەوە. زۆربەی جارانیش بە قووڵی و هەموو جارێکیش وەک پێویست و بە شێوەیەکی ڕوون ئەو کارە کراوە. زۆر لە پێشبینییەکان نوێن و پێویستیان بە کاتە بۆ ئەوەی حوکمی دروست لەسەر ڕاستبوون و خۆڕاگرییان بدرێ."

دوای ئەوەی لەکۆتاییدا سامانی نەتەوەکانی بڵاو کردەوە، سمیث، کە لەوانەیە پێشبینیی کردبێ یان بەو هیوایەی لەوێ پۆستێک لە حکومەت دەستەبەر بکات، ماوەیەک لە لەندەن مایەوە. کارێکی بۆ دەرچوو بەڵام لە لەندەن نەبوو. لە سەرەتای ١٧٧٨دا، بەکڵەچ پۆستی ڕاسپێردراوی گومرک و کاروباری خوێی لە سکۆتلاند بۆ دابین کرد، ئەو پۆستەی سمیث لە ئێدنبەرە بوو و، بەو شێوەیە ئەو ساڵانەی مابووی تا کۆتایی ژیانی لەوێ مایەوە. سمیث بەشێوەیەکی ڕێک ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی گومرک دەبوو و کاری ئاسایی بەهاوکاری لەگەڵ خانەی گومرکدا بەڕێوە دەبرد. دایکی سمیث، کە لەگەڵ ئەودا هاتە پانمور هاوس، کە ماڵەکەی ئەو بوو لە کانۆنگەیت، بەر لەوەی بگاتە یادی نەوەت ساڵەی لەدایکبوونی لە ساڵی ١٧٨٤دا مرد. لە ساڵی ١٧٨٧دا، سمیث بۆ پۆستی سەرۆکی زانکۆی گلاسکۆ هەڵبژێردرا. لە هەمان ئەو ساڵانەدا سمیث بەردەوام بوو لە کارکردن لە ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەی دەقەکانی "تیۆریی هەستە مۆراڵیەکان" و "سامانی نەتەوەکان" بۆ هەر چاپێکی نوێ.

تەنیا وێنەگەلێکی سمیث کە دەستمان کەوتوون هی ساڵانی کۆتایی تەمەنین. باشترین وێنەکانی ئەوانەن لەلایەن جەیمس تاسی (١٧٣٥-١٧٩٩) نەخشسازی گەوهەر و پەیکەرتاشی سکۆتلاندیەوە بەرهەم هێنراون. تاسی لە ساڵی ١٧٨٧دا دوو تابلۆی نایابی سمیثی هەڵکۆڵی. یەکێکیان سمیث دەنوێنێ بەقژی دەستکردەوە کە ستایلی ئەو ڕۆژگارە بوو، ئەوەی تریش سمیث "بەشێوازی کۆن" پیشان دەدا، واتە بەشێوازی ڕۆمانی. کاریکارتێریستی ئێدنبەرە جۆن کەی (١٧٤٣-١٨٢٦) دوو جار وێنەی سمیثی کێشاوە، جارێک لە ١٧٨٧دا لە دیمەنێک کە تیایدا سمیث بەرەو خانەی گومرک دەچێ و جاری دووەم ساڵی ١٧٩٠ وەک "نووسەری سامانی نەتەوەکان" وێنای کردووە. دوو پۆرترێی تری سمیث هەن لەوە دەچێ پاش مردنی کێشرابن، لەلایەن هونەرمەندانی نادیارەوە، کە لەوە دەچێ ئەویان ناسیبێ. هەموو وێنەکانی دوای ئەمانەش لەم چەند وێنە کەمەوە وەرگیراون.

دوای مردنی سمیث لە هەڤدەی تەممووزی ١٧٩٠، سامانی نەتەوەکان لە بەکێشکردنی خوێنەر لە شوێنی جیاجیا و لە کاتی جیاجیادا بەردەوام بوو، کە سمیثیان بەشێوەی جۆراوجۆر دەخوێندەوە. یەکسەر دوای مردنی سمیث، سامانی نەتەوەکان بووە دەقی ناوەندیی شۆڕشی فڕانسە (١٧٨٩-١٧٩٩)، بۆ ئەو مەبەستەش وەرگێڕاوێکی چاپی چوارەم گشتێنرا کە جان ئەنتۆنی ڕۆشێ (١٧٤٥-١٧٩٤) لە پاریس بەرهەمی هێنابوو. هەروەها لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا بۆچوونەکانی سمیث لە بریتانیا بڵاو بوونەوە و خوێنەریان لە دەرەوەی بازنەی تەسکی ڕۆشنگەرانەوە بەکێش دەکرد. بەشێکی ئەم بڵاوبوونەوەیەش بۆ بڵاوکردنەوەی "شیکارییەکی تەواو یان کورتکراوەی لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر ئادەم سمیث لەبارەی سروشت و پرسەکانی سامانی نەتەوەکان" لە ساڵی ١٧٩٧ دەگەڕێتەوە. دوای ئەوە چەند چاپێکی هەرزانبایی کە ئاراستەی جەماوەری ئاسایی کرابوون دەرکەوتن، بەتایبەتی کاتێک کە "مافی فەخریی لەچاپدانەوە"ی کتێبەکە لە ١٨٠٤دا کۆتایی هات و وای لێ هات هەر بڵاوکەرەوەیەکی بریتانیایی بۆی هەبوو چاپێکی کتێبەکەی سمیث کە فرۆشتنەکەی مسۆگەر بێ بخاتە بازاڕەوە. لە هەمان کاتدا، جەماوەرێکی فێرخوازی جددی بۆ سامانی نەتەوەکان لە سەرتاسەری جیهان لە زیادبووندا بوو. ساڵی ١٨١٤، ئابووریناسی ئینگلیز دێڤد بوشانان یەکەم چاپی یەکلاکەرەوەی سامانی نەتەوەکانی بڵاو کردەوە. وەرگێڕانەکان و چاپەکان بەردەوامییان هەبوو و لەگەڵ هاتنی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە مێژوونووسی ئینگلیز هنری تۆماس بەکڵ بۆی هەبوو لە "مێژووی شارستانێتی لە ئینگلتەرا" بڵێ کە سامانی نەتەوەکان "لەوانەیە گرنگترین کتێب بێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نووسرابێ". بە هاتنی ئەو کاتە، ئەو "زانستە خەمناکە"ی سمیث ئەرکی زۆری بۆ دامەزراندنی کێشا، بەباشی بنیات نرابوو. سمیث بووە دانەری دانپێدانراوی ئابووریی

"دەست تێوەرنەدان". هەرچەندە فرانسەییەکان داهێنەری ئەم زاراو[illegible] هەرگیز بەکاری نەهێنابوو.

لە سالانی زۆر دواتردا، سمیث و سامانی نەتەوەکان بەشێوەیەکی ئاسا[illegible] سوودیان لە بەخششی خوێندن بینی. ئێستا نووسینەکانی سمیث بەئاسانی لە چاپی گلاسکۆی کارەکانی ئەودا دەست دەکەون. لەوێ ژمارەیەکی زۆر و چەندان بە[illegible] تێزی شیکار[illegible]ن و، ژیانێکی بیرمەندانە لەلایەن نیکۆلاس فیلیپسن و ژیاننامەیەکی یە[illegible]لایەن ئیان سیمپسن رۆسەوە بەم دوایییە چاپێکی نوێیان بۆ کرا. کارکردن لەسەر رۆشنگەریی سکۆتلاند ئادەم سمیثێکی راستتری پێشکەش بە ئێمە کرد. زانایانی سەردەم زیاتر روویان لەوەیە کە نابێ وەک پەیامبەری سیستمی ئابووریی بێ ئاکاری بازاری ئازادی سەرمایەداری سەیری سمیث بکرێ. بێگومان ئەو بێئاگا نەبووە لەو ئاکارە نەرێنییانەی کە رەنگە لە هێزەکانی بازاردا هەبن، یان لە ئەگەری لادان لە کاتی دابەشکردنی هێزی کار بۆ کارگەرگەلی تەنیا. ئەوەتا سمیث لە سامانی نەتەوەکاندا ئەوە دەخاتە روو:

"لە کاتی پێشکەوتن لە دابەشکردنی هێزی کاردا، خستنەسەرکاری بەشی زۆری ئەوانەی بە کارگەری دەژین، کە بەشی زۆری خەڵک پێک دێنن، دەیانخاتە چوارچێوەی تەسکی ژمارەیەک کردەوەگەلی زۆر سادەی کەمەوە. تەنیا یەک یان دوو کردەوە. بەلام تێگەیشتنەکانی بەشی زۆرتری خەڵک وەک پێویستییەک لەلایەن کارە ئاساییەکانیانەوە شێوە وەردەگرن. مرۆڤێک کە زۆربەی ژیانی خۆی لە ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی سادە بەسەر دەبا، کە کاریگەرییەکانیشیان هاوشێوە دەبن، لەوانەشە بەردەوام هەمان شت بن، یان زۆر لەیەک بچن، هیچ دەرفەتێکی نییە تێگەیشتنی خۆی پیادە بکات، یان داهێنان بکات، بۆ دۆزینەوەی هۆکارگەلێک بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگانەی هەرگیز نایەنە سەر رێی. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی خووی پیادەکردنی ئەو ئەرکانە لەدەست دەدات و بەشێوەیەکی گشتی تا ئەوپەڕی توانای مرۆڤ گەمژە و نەزان دەبێ".

بۆیە مایەی سەرسامی نییە کە بڕگەگەلی وەک ئەمە یارمەتیی کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) بدەن بۆ دروستکردنی بۆچوون لەبارەی دابڕینی هێزی کارەوە لەکاتی رەخنەگرتنی لە سیستمی سەرمایەدار. گشت ئەمانە ئەوەمان بیر دەخەنەوە کە ناوبانگی ئادەم سمیث لەگەڵ گۆڕانی کاتدا گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێ. ئادەم سمیثی وریایی جەماوەری و ئادەم سمیثی سامانی نەتەوەکان هەموو کاتێک هەمان کەس نین. زۆر رێگە هەن بۆ تێگەیشتن لە رێبازی سامانی نەتەوەکانی سمیث و، خوێنەرانی ئەو دەقەی لێرەدا چاپ کراوەتەوە خۆیان حوکم لەسەر وتەکانی سمیث دەدەن، بەهەمان شێوەی خوێنەرانی سەردەمانی پێشوو.

سمیث خۆی جۆرە رێبەرێک دەخاتە بەر دەستی خوێنەرانیەوە، ئەویش لەرێی "بەرایی و پلانی کارەکە"یەوە. لەوێ سمیث وەسفێکی ئامانجی خۆی لە هەر یەکێک لە کتێبەکانی

ئەم بەرگەدا کردووە. لە کتێبی یەکەمدا، "هۆکارەکانی برەودان بە هێزە بەرهەمهێنەکانی کار و، سیستمی دابەشکردنی سروشتیی بەرهەم لەنێوان چینە جیاجیاکانی خەڵکدا"، سمیث "بەرهەمی ساڵانەی هەر نەتەوەیەک" دەکاتە خاڵی دەسپێک. لە کاتێکدا "ڕێژەی نێوان ژمارەی ئەو کەسانەی کاری بەسوود دەکەن و ئەوانەی ئەو جۆرە کارە ناکەن" گرنگە بۆ دیاریکردنی بەرهەمی وڵاتێک، ئەو دەڵێ لەوەش گرنگتر "ئەو کارامەیی و لێهاتوویی و توانایە کە" هێزی کاری ئەو نەتەوەیە پێوەیان سەرقاڵ کراوە. سمیث دەڵێ کە لە گەلانی پێشکەوتووتردا (واتە ئەوانەی "شارستانی و گەشاوەن") تەنانەت ئەو کەسەی "لە نزمترین و هەژارترین ئاستدایە، ئەگەر دەستی خۆی بگرێتەوە و ڕەنج بدا، لەوانەیە لە پێداویستییەکان و حەسانەوە پشکێکی زۆرتر لە هەر کەسێکی ناشارستانی دەست بکەوێ".
دەقی سامانی نەتەوەکان ئەوە پیشان دەدات کە بەلای سمیثەوە دابەشکردنی کار کلیلی فرەوانکردنی مەودای بەرهەمهێنانە بۆ هەموو نەتەوەیەک. تا ئەمڕۆ، کتێبی یەکەم وەک باشترین بەشی ناسراوی کتێبەکەی سمیث ماوەتەوە. لەم کتێبەدا سمیث دەڵێ:

"کەس نەیدیوە سەگێک بەئاشکرا و بەمەبەست لەگەڵ سەگێکی تر ئێسکێک بە ئێسکێکی تر بگۆڕێتەوە. هەرگیز کەس بەر چاوی نەکەوتووە ئاژەڵێک بە هێما و بانگی سروشتی ئاماژە بۆ ئاژەڵێکی تر بکات و پێی بڵێ ئەمە هی منە و ئەوە هی تۆیە، من دەمەوێ ئەمەت بەرامبەر بەوە بدەمێ... بەڵام مرۆڤ کە تا ڕادەیەک هەلێکی جێگیرە بۆ هاوکاریکردنی برایەکانی و، چاوەڕوانی ئەوە نییە قازانجەکە تەنیا بۆ بەرامبەرەکەی بێ. ئەو کاتێک بەهێزە کە بتوانێ خۆشەویستیی خود لای ئەوانی تر بۆ قازانجی خۆی بەکار بهێنێ و، وایان تێ بگەیەنێ کە قازانجی ئەوانە ئەو شتەی بۆ بکەن لێیانی داوا دەکا. هەر یەکێک بیەوێ هەر جۆرە سەوداکردنێک لەگەڵ ئەوەی تردا بکات، ئەم پێشنیازەی بۆ دەکا".

سمیث بابەتەکە پوخت دەکاتەوە، "هەر پێشنیازێکی لەم جۆرە بەم واتەیە دێ: ئەوەم بدەرێ کە من دەمەوێ، تۆش ئەوەت دەست دەکەوێ کە خۆت دەتەوێ، بەم شێوەیەش ئێمە تا بکرێ گەورەترین بەشی ئەو شتەی پێویستمان پێیەتی لە یەکتری وەردەگرین". بەلای سمیثەوە کۆمەڵگەی شارستانی کۆمەڵگەیەکی بازرگانە.

لە کتێبی دووەمدا، "سروشت و کەڵەکەبوون و بەکارهێنانی ماڵ"، سمیث دەڵێ کە دوور لە "دۆخی کردەنیی کارامەیی و لێهاتوویی و توانای" هێزی کاری بەکارهاتووی هەر نەتەوەیەک، تەنیا شتی کاریگەر بریتییە لە "ڕێژەی نێوان ژمارەی ئەو کەسانەی کاری بەسوود دەکەن و ئەوانەی ئەو جۆرە کارە ناکەن". ئەوانەش کە کاری بەسوود دەکەن "لەگەڵ بڕی ماڵی سەرمایەدا گونجاو بن". بەڕای سمیث سامان وەک پێویست بە زێڕ و زیو نانرخێنرێ، وەک ئەوەی مەرکەنتەلیستەکانی ئەمڕۆ دەیبینن، بەڵکو سامان بە کاڵای بەسوود و کارامەیی بەرهەمهێنەکان دەپێورێ.

کتێبی سێیەم، "پێشڤەچوونی جۆراوجۆری سامانی نەتەوە جیاجیاکان"، باسێکی مێژوویی لەبارەی پلانی گەلانی جیاجیا بۆ بەکارهێنانی هێزی کار دەخاتە ڕوو. لەکاتێکدا سمیث بەدەگمەن ڕاستەوخۆ ئامانجەکانی بیری خۆی دەستنیشان دەکا، کتێبی سێیەم بەشێوەیەکی بەشەکی ئەوە دەکاتە ئامانج کە سمیث پێی وایە زێدەڕۆیی فیزیۆکراتەکانە سەبارەت سامانی کشتوکاڵ. سمیث تێبینیی ئەوە دەکا "لە سەردەمی ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕومانەوە، سیاسەتی ئەوروپایی زیاتر ڕووی لە پیشەسازی و بەرهەمهێنان و بازرگانی بووە"، کە چەقی هەموو ئەمانە لە شارەکاندا بووە، نەک ڕووی "لە کشتوکاڵ" بووبێ، کە پەیوەستە بە ناوچە گوندنشینەکانەوە.

کتێبی چوارەم، "سیستەمەکانی ئابووریی سیاسی"، پەیوەستە بە وێناکردنی ئەوەی سمیث وەک "تیۆرییە جیاجیاکانی ئابووریی سیاسی" دەیبینێ. ئەو بەبیرمان دێنێتەوە کە ئەم تیۆرییانە، "کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە، نەک تەنیا لەسەر بۆچوونەکانی خەڵک بەرامبەر بەفێربوون، بگرە لەسەر هەڵسوکەوتی گشتیی میران و دەوڵەتانی سەربەخۆش". ئێمە لەم بەشەشدا بەشێک لە ئامانجەکانی ئەومان لەلا ئاشکرایە. یەکێک لەو ئامانجانە، "لێکۆڵینەوەیەک بۆ بنەماکانی ئابووریی سیاسی (١٧٦٧)"ی سێر جەیمس ستیوەرت بوو. لەو بارەیەوە، سمیث لە سێی ئەیلوولی ١٧٧٢دا و لەو کاتەی کە خەریکی دانانی سامانی نەتەوەکان بوو، بۆ ویلیەم پەڵتینەیی نووسیوە کە "بەبێ هیچ ئاماژەکردنێک" بۆ پیاوەکە یان بۆ کتێبەکەی، "من پەسنی خۆم دەکەم بەوەی کە بەرامبەر هەر بنەمایەکی هەڵە لە کتێبەکەی ئەودا، لە کتێبەکەی خۆمدا بەڵگەیەکی ڕوون و ڕەوانی لەناوبەرم بۆ بۆچوونەکەی ئەو داناوە". هەروەها لە کتێبی چوارەمیشدا، یەکێک لە بەناوبانگترین بڕگەکانی سمیث سەبارەت کارکردن بۆ دۆزینەوەی "دەستێکی نادیار" هەیە. سمیث نووسیویەتی:

"هەر تاکێک بەردەوام وێڵە بەدوای دۆزینەوەی بەقازانجترین بەکارهێنانی ئەو سەرمایەیە کە لەژێر دەستیەتی. بێگومان ئەوەی ئەو لەبەر چاوی دەگرێ بەرژەوەندی و قازانجی خۆیەتی، نەک هی کۆمەڵگە. بەڵام، بێگومان و وەک حەتمیەتێک، لێکۆڵینەوەی ئەو لە قازانج و بەرژەوەندی خۆی، بەشێوەیەکی سرۆشتی بەرەو هەڵبژاردنی ئەو بەکارهێنانەی دەبا کە زۆرترین قازانجی بۆ کۆمەڵگە هەیە... ئەو بەتەنیا دەستکەوتی خۆی لا مەبەستە، بەمەش، وەک لە زۆر دۆخی تردا، دەستێکی نادیار، بەرەو کۆتاییەک کە بەهیچ شێوەیەک مەبەستی نەبووە، ئاراستەی دەکا".

لەکاتێکدا کە سمیث ڕەخنە لەو سیاسەتانەی حکومەت دەگرێ کە سیستەمی بازرگانی دەپارێزن و، لەلای خۆیەوە پشتیوانی لە بازرگانیی ئازاد دەکا، سنوورگەلێک بۆ ئەو ئازادییانە دەستنیشان دەکا و ئەرکی حوکمڕانان دەستنیشان دەکا.

له کتێبی پێنجەمدا، کە دواکتێبیشە، "داهاتی دەوڵەتی سەربەخۆ یان کۆمۆنویڵس"، سمیث جیاکاری لەنێوان "ئەو خەرجییانەی کە دەبێ لەرێی بەشداریی گشتیی هەموو کۆمەڵگەوە بدرێن" و "ئەوانەی (دەبێ) تەنیا لەلایەن بەشێکی دیاریکراوەوە بدرێن" دەکا. لێرەدا سمیث ئەو "هۆکارە جۆراوجۆرانە" دەژمێرێ و دەستنیشان دەکا کە "دەشێ بەهۆیانەوە هەموو کۆمەڵگە بەشدار بکرێ لەو خەرجییانەی بەسەر گشت کۆمەڵگەدا سەپاون". تیۆریی هاوسەردەمی باج لێرەوە سەر هەڵدەدا. لەکۆتاییدا سمیث دەچێتە سەر باسی "ئەو بیانوو و هۆکارانەی وایان لە نزیکەی گشت حکومەتەکانی سەردەم کردووە بەشێک لەم داهاتە بکەنە بارمتە، یان ئەو قەرزانە کەم بکەنەوە و، کاریگەریی ئەم قەرزانە لەسەر سامانی ڕاستەقینە و، بەرهەمی ساڵانەی زەوی و بەرهەمی کۆمەڵگە دیاری بکەن."

هاوسەردەمانی سمیث بە سروشتی سیستمایکی سامانی نەتەوەکان و ئەوەی لە "یاسای بازرگانیی گەلاندا" بینییان سەرسام بوون. مایەی سەرسوڕمان نییە کە تەنانەت ئابووریناسانی ئەمڕۆش هێشتا پێیان وایە کە سمیث خاڵی سەرەتای زانستەکەیانە. بەڵام پلانە سیستماتیکەکەی سمیث بەس نییە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێ بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تەمەندرێژی و فرەوانیی پەنابردنە بەر کارەکەی. گومانی تێدا نییە کە هەموو ئەو فێرخوازانەی دێنە سەر خوێندنی سامانی نەتەوەکان کتێبەکە لە بەرگەوە بۆ بەرگ ناخوێنن. سوپاس بۆ خودا، هەر کتێبێک تەنانەت هەر بەشێکی هەر کتێبێکی ئەم بەرهەمەی سمیث بەشێوەیەک داڕێژراوە کە خۆی لەخۆیدا یەکەیەکی سەربەخۆیە. خوێنەران دەتوانن ئەوەی دەیانەوێ هەڵبژێرن و هەڵگرنەوە و، لێی ورد ببنەوە. ئەوەی زۆرتر لای خوێنەرانی سامانی نەتەوەکان دەمێنێتەوە- چ خوێنەرانی هاوسەردەمی ئەو یان ئەوانەی سەردەمی ئێمە، ئەکادیمیەکان و خوێنەرانی ئاسایی- نموونە ورووژێن و بنەما نەگۆڕەکانی سمیثن و، وەسفی ریالیستی سمیث بۆ کارگەی دەمبوس بۆ نموونە، کە لە سەرەتای سامانی نەتەوەکاندا کردوویەتی، سادەیی جوانی دەستەواژەکانی سمیث، وەک "سیستمی سروشتیی ئازادی و دادوەریی تەواو"، دەربڕینی شیاوی گواستنەوە و چەسپبوونیانن لە بیری مرۆڤدا، وەک "لەناو هەموو جانتاکاندا، مرۆڤ سەختترینیانە بۆ گواستنەوە"، هەروەها بەهێزیی قسە نەستەقەکانی، وەک "گۆشتفرۆش و بیرەچی و نانەوا قازانجەکەیان لەوەدا نییە کە ئێمە چاوەڕوانی ژەمە نانێکین، بەڵکو لەوەدایە کە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوان دەکا"، هەروەها ئەو ڕوونکردنەوە زۆرانەی لە قوژبن و کەلەبەرەکانی ژیانی ڕۆژانەوە وەرگیراون. ئەمانە وایان کرد بەرهەمەکانی سمیث پڕفرۆشترینی سەدەی هەژدە بن و هەر لەبەر ئەوەشە سامانی نەتەوەکان ئەو بەرهەمە ئەدەبیە کلاسیکەیە کە خوێنەرانی ئەمڕۆ چێژی پڕ سوودی لێ وەردەگرن.

پێشەکی و پلانی کار

کاری ساڵانە (annual labour)ی هەموو نەتەوەیەک ئەو سندووقەیە (مایە یان سەرمایە)یە (fund) کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پێداویستی و شایستەکانی خۆشگوزەرانی (کەمالیات)، ئەو نەتەوەیە ساڵانە بەکاری دەبا، دابین دەکات و بەردەوام لە بەری ڕاستەوخۆی بەرهەمی ئەو نەتەوەیە و ئەوەی بەو بەرهەمە لە نەتەوەی تر دەکڕدرێ، پێک دێ.

بەو پێیە، ئەو بەرهەمە یان ئەوەی بەو بەرهەمە دەکڕدرێ، ڕێژەی ژمارەی ئەوانەی کە دەتوانن بەکاری بەرن بەرزتر یان نزمتر دەکا و، نەتەوەکە باشتر یان خراپتر هەلی ئەوەی دەبێ ئەو پێداویستی و شایستانە دابین بکات.

بەلام پێویستە ئەو ڕێژەیە بەگوێرەی دوو دۆخی جیا ڕێک بخرێ: یەکەم، لەڕێی شارەزایی و لێهاتوویی و لێکدانەوەی ئەو ڕێیەی ئەو بەرهەمەی بەگشتی تێدا بەکار دێ. دووەم: لەڕێی ڕێژەی نێوان ژمارەی ئەوانەی کاری بەسوود دەکەن و ژمارەی ئەوانەی ئەو جۆرە کارانە ناکەن. خاک و کەشوهەوا و پانتایی زەویی هەر نەتەوەیەک چەند بێ، دەبێ زۆری یان کەمیی بەرهەمی ساڵانەی لەو دۆخە دیاریکراوەدا لەسەر ئەم دوو مەرجە بنیات بنرێن.

لەوە دەچێ زۆری یان کەمیی ئەو خستنەڕووە (supply) زیاتر بە دۆخی یەکەمەوە پەیوەست بێ نەک ئەوەی دووەم. لەناو میللەتانی کێویی ڕاوچی و ماسیگرەکاندا، هەموو تاکێک کە توانای کارکردنی هەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکان کارێکی بەسوود دەکا و، هەوڵ دەدات و ئەوەندەی دەتوانێ پێداویستی و شایستەکانی خۆی و ئەو کەسانەی لە خێزانەکەی یان لە خێڵەکەی، ئەوەندە بەتەمەنن یان ئەوەندە منداڵن یان پەککەوتەن و، ناتوانن بۆ ڕاو و ماسیگرتن بچن، دابین بکات. ئەو نەتەوانە بە ئاستێکی زۆر خراپ هەژارن کە بەویستی خۆیان پێداویستیەکانیان کەم کردووەتەوە یان پێیان وایە کەمیان کردووەتەوە بۆ ئەو ئاستی وێرانکردنی ڕاستەوخۆ لە هەندێک جاراندا و، لە جارانی تردا بۆ دەستبەردار بوون لە منداڵە ساوایەکانیان، کەسە بەتەمەنەکانیان، و ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایانیان هەیە، تا ئەو کاتەی لە برسا دەمرن یان ئاژەڵی کێوی دەیانخوا. لە ناو گەلانی شارستانی و گەشەکردوودا، پێچەوانەی ئەمە دەبێ، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری

خەڵک بە هیچ جۆرێک کار ناکەن و، زۆر لەوانە دە هێندە بەرهەم بەکار دەبەن و، زۆر جاران سەد هێندەی کارگەران بەکاری دەبەن کار، بەکار دەبەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی کاری کۆمەڵگە بە تێکڕایی ئەوەندە زۆرە کە هەمووان بە تێری دەستیان دەکەوێ و، کارگەرێک تەنانەت ئەگەر لە نزمترین و هەژارترین ئاست بێ و، ئەگەر ڕەنجدەر و زەحمەتکێشیش بێ، ڕەنگە بەشێکی لە پێداویستی و هۆکارەکانی خۆشگوزەرانیی بەرکەوێ کە زۆر زیاترە لەوەی کەسێکی کێوی دەستی دەکەوێ.

هۆکارەکانی ئەم پێشکەوتنە، هێزە بەرهەمهێنەکانی کار و، سیستمن، کە بەهۆیانەوە بەرهەمەکەی بە شێوەیەکی سروشتی لە نێو چینە جیاجیاکان و ئاستە جیاجیاکانی خەڵکی کۆمەڵگەدا دابەش دەکرێن، ئەمەش بابەتی کتێبی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێ.

دۆخی ڕاستەقینەی کارامەیی و توانا و هەڵسەنگاندن بۆ کار لەلای هەر نەتەوەیەک هەر چییەک بێ، زۆری و کەمیی بەرهەمی ساڵانەی پێوە بەند دەبێ، تا ئەو دۆخە بەردەوامیی هەبێ و، بەپێی ڕێژەی نێوان ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە کاری سوودبەخش (useful labour) دەکەن و ژمارەی ئەوانەی ئەو جۆرە کارە ناکەن. بەمەش ژمارەی کارگەرانی بەسوود (useful) و بەرهەمهێن (productive) دەردەکەوێ، بە شێوەیەک کە لەگەڵ بڕی ئەو سەرمایەیەی بۆ بەگەڕخستنیان تەرخان کراوە و، بۆ ئەو ڕێگە دەستنیشانکراوەی کە سەرمایەکەی بۆ دەخرێتە گەڕەوە بەم شێوەیە. بۆیە کتێبی دووەم مامەڵە لەگەڵ سروشتی سەرمایە و ئەو شێوەیەی کە بەهۆیەوە وردەوردە کەڵەکە دەبێ و، بڕە جۆراوجۆرەکانی کاری جێبەجێکراو دەکا، بەپێی ڕێگە جۆراوجۆرەکانی بەگەڕخستنی.

ئەو گەلانەی ڕەنگە پێشکەوتنی باشیان بەدەست هێنابێ لەڕووی کارامەیی، لێهاتوویی و هەڵسەنگاندن، لە بەکارهێنانی کاردا، پلانی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە لە هەڵسوکەوتی گشتی و ئاراستەکانیدا. هەموو ئەو پلانانە بە شێوەیەکی یەکسان گونجاو نەبوونە بۆ زۆربوونی بەرهەم. سیاسەتی هەندێ نەتەوە هاندانی نائاسایی بۆ پیشەسازیی لادێ کردووە. هەندێکی تر ئەو هاندانەی ئاراستەی پیشەسازیی شاران کردووە. بە دەگمەن نەتەوە هەبووە بەشێوەیەکی یەکسان و بێلایەنانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ گشت جۆرە پیشەسازییەکاندا کردبێ. لە کاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانەوە، سیاسەتی ئەورووپا زیاتر ڕووی لە هونەر، پیشەسازی و بازرگانیی شاران بووە، نەک لە کشتوکاڵ کە

پیشەسازیی لادێیە. ئەو هەلومەرجانەی لەوە دەچن هۆکاری بەرهەمهێنان و دامەزراندنی ئەم سیاسەتە بن، لە کتێبی سێیەمدا ڕوون کراونەتەوە.

هەرچەندە لەوانەیە ئەم پلانە جۆراوجۆرانە سەرەتا بەهۆی بەرژەوەندی تایبەت و حوکمی پێشوەختی توێژی دیاریکراوی خەڵکەوە بەرهەم هاتبن، بەبێ گوێدان یان لەبەرچاوگرتنی ئاکام و پاشهاتەکانیان بەسەر بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگەدا. بەڵام بوونە مایەی ڕەخساندنی هەل بۆ تیۆریی جیاوازی ئابووریی سیاسی، کە هەندێکیان گرنگیی پیشەسازیی شارانیان زۆر گەورە و مەزن پێشان دا و هەندێکی تریان ئەو گرنگییەیان بە پیشەسازیی لادێ دا. ئەو تیۆرییانە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبوو، نە تەنیا بەسەر بۆچوونی خەڵکی خوێندەوارەوە، بەڵکو بەسەر هەڵسوکەوتی گشتیی میران و وڵاتانی سەربەخۆشدا. من لە کتێبی چوارەمدا، هەوڵم داوە بە تەواوترین شێوە، کە لە توانامدا بووە، ئەم تیۆرییە جیاجیایانە و، ئاسەوارە بنەڕەتییەکانیان بەسەر سەردەم و گەلانی جۆراوجۆرەوە، ڕوون بکەمەوە.

ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی داهاتی قەوارەی گەورەی خەڵک، یان ئەوەی بووەتە سروشتی ئەو سندووقانەی پارەدارکردن، لە سەردەم و گەلانی جیاجیاکاندا، بوونەتە مایەی دابینکردنی بەکاربردنی ساڵانەیان، بابەتی ئەم چوار کتێبەی یەکەمە. کتێبی پێنجەم کە دواکتێبە، مامەڵە لەگەڵ داهاتی وڵاتی خاوەن سەروەری یان کۆمۆنوێلسدا دەکا. لەم کتێبەدا هەوڵم داوە پێشانی بدەم، یەکەم، خەرجیی پێویست بۆ وڵاتی سەربەخۆ یان کۆمۆنوێلس چییە. کام لەو خەرجییانە پێویستە بە بەشداریی گشتیی هەموو کۆمەڵگە شانی بدرێتە بەر و، کامانەن ئەو خەرجییانەی دابینکرجیهانن دەکەوێتە سەر بەشێکی کۆمەڵگە یان بەشێکی دیاریکراوی ئەندامانی کۆمەڵگە. دووەم، ئەو شێوازە جیاجیایانە کامانەن کە بەهۆیانەوە وا لە هەموو کۆمەڵگە دەکرێ شان بداتە بەر خەرجیی ئێستای گشت کۆمەڵگەوە و، قازانج و ئاستەنگە بنەڕەتییەکانی هەر یەک لەو شێوازانە چین و، سێیەم و کۆتایی، پاڵنەر و هۆکارەکان چین کە وایان کردووە نزیکەی گشت حکومەتە سەردەمییەکان بەشێک لەو داهاتانە بارمتە (mortgage) بکەن، یان قەرز بکەن و، کاریگەریی ئەو قەرزانە لەسەر سامانی ڕاستەقینە و بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە چین.

کتێبی یەکەم

هۆکارەکانی برەودان بە هێزە بەرهەمهێنەکانی کار و سیستمی دابەشکردنی سروشتیی بەرهەم لەنێوان چینە جیاجیاکانی خەڵکدا

بەشی یەکەم
دابەشکردنی کار

لەوە دەچێ کە مەزنترین چاکسازی لە هێزە بەرهەمهێنەکانی کار و، گەورەترین بەشی کارامەیی و لێهاتوویی و هەڵسەنگاندن کە لە هەر شوێنێکدا کاری پێ ئاراستە بکرێ و پیادە بکرێ، کاریگەرییەکانی دابەشکردنی کار بێ.

دەکرێ بە ئاسانی لە کاریگەرییەکانی دابەشکردنی کار لە بواری کاری گشتیی کۆمەڵگەدا تێ بگەیشترێ، ئەگەر لەو شێوازە بڕوانین کە لە هەندێ پیشەسازیی دیاریکراودا کاری پێ دەکرێ. بە گشتی چاوەڕوان دەکرێ دیارترینیان ئەوە بێ کە لە پیشەسازییە کەمبایەخەکاندا (trifling) پەیڕەو دەکرێ، لەبەر ئەوە نا کە لە پیشەسازییە گرینگترەکاندا بەشێوەیەکی زیاتر پیادە دەکرێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە پیشەسازییە کەمنرخەکاندا خواستی کەمی ژمارەیەکی بچووکی خەڵک دابین دەکرێن، بۆیە پێویست دەکا ژمارەی گشتیی کارگەرانیش بچووک بێ و، ئەوانەی لە هەر لقێکی جیای کارەکەدا کار دەکەن، زۆربەی کات دەکرێ لە یەک کارگەدا کۆ بکرێنەوە و بە یەک جار و بەیەکەوە بخرێنە بەر چاوی چاودێرەوە. لە پیشەسازییە مەزنەکاندا، ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە ویستی زۆری بەشێکی گەورەی خەڵک دابین دەکەن و، ژمارەی کارگەران لە هەر لقێکی کارەکەدا ئەوەندە زۆرن کە ئاستەمە بە یەکەوە لە یەک کارگەدا کۆ بکرێنەوە. زۆر دەگمەنە کە کارگەرانی زیاتر لە یەک لق بە یەکەوە ببینین. بۆیە لای ئەم پیشەسازانە کار بەڕاستی دابەش دەکرێتە سەر بەشانی زیاتر لە بەشەکانی پیشەسازییە کەمنرخەکان، دابەشکردنەکەش زۆر بەرچاو نییە، بۆیە کەمتر هەستی پێ دەکرێ.

با نموونەیەک وەرگرین، لە پیشەسازییەکی زۆر کەمنرخدا، بەڵام کە دابەشکردنی کار تیایدا زۆر بەرچاوە، پیشەسازیی دروستکردنی دەرزی (دەمبوس)، ئەگەر کرێکارەکان شارەزاییان لەم پیشەسازییە نەبێ (کە دابەشکردنی کار کردیە بازرگانییەکی دیار)، هەروەها نەزانن ئامێرەکان بەکار بهێنن (کە ڕەنگە هەمان دابەشکردنی کار بووەتە مایەی داهێنانیان)، لەوانەیە بەو شارەزاییەوە بتوانن ڕۆژانە تەنیا یەک دەرزی دروست بکەن و، بێگومان ناتوانن بیست دانە دروست بکەن. بەڵام بەو شێوەیەی لە ئێستا بەدواوە ئەم پیشەیەی پێ ئەنجام دەدرێ، نەک تەنیا کارەکە هەمووی بازرگانییەکی تایبەتمەندە، بەڵکو

دابەش کراوەتە سەر چەند لقێک، کە گەورەترین بەشی هاوشێوەی بازرگانییە ناوازەکانە. پیاوێک تێلەکە دەردەهێنێ، یەکێکی تر ڕاستی دەکاتەوە، سێیەمیش دەیبڕێ، چوارەم نیشانی دەکا، پێنجەم لای سەرەوەی دەکوتێ بۆ ئەوەی سەرەکەی لێ گیر بکرێ، دروستکردنی سەرەکەشی دوو یان سێ پرۆسەی بەرچاو لەخۆ دەگرێ. دانانی سەرەکەش کارێکی تایبەتە، سپیکردنەوەی دەرزییەکانیش کارێکی تری تایبەتە، هەروەها لکاندنیان بە کاغەزیشەوە کارێکی ترە و، کاری گرینگی پیشەسازیی دروستکردنی دەرزی بەم شێوەیە، دابەش دەبێتە سەر نزیکەی هەژدە پرۆسەی جیا لە یەکتر، کە لە هەندێ کارگەدا هەموویان بە دەستی ڕووت ئەنجام دەدرێن، هەرچەندە لە هەندێ کارگەی تردا یەک کەس دوو یان سێ لەو پرۆسانە ئەنجام دەدا. من یەکێک لەم جۆرە کارگە بچووکانەم بینیوە کە تیایدا تەنیا دە کەس کاریان دەکرد و، هەندێک لەو پیاوانە بە تەنیا دوو یان سێ لەو پرۆسە جۆراوجۆرانەیان ئەنجام دەدا. هەرچەندە کارگەکەیان زۆر خراپ بوو، بەڵام ئامێری پێویستی باشیان هەبوو و، لە کاتی تەنگاویدا، لە توانایاندا هەبوو لە ڕۆژێکدا دانزە پاوەن دەرزی دروست بکەن. پاوەنێک نزیکەی چوار هەزار دەرزیی قەبارە مامناوەندی دەبێ. بەمەش ئەو دە کەسە دەیانتوانی ڕۆژانە نزیکەی چل و هەشت هەزار دەرزی دروست بکەن. واتە هەر یەکێکیان یەک لە دەی ئەو چل و هەشت هەزارە دروست دەکا، واتە چوار هەزار و هەشت سەد دانە لە ڕۆژێکدا. بەڵام ئەگەر هەر یەکێک لەوان بە تەنیا هەموو پرۆسەکە ئەنجام بدات و کەسیان شارەزاییان لەو پیشە ناوازەیەدا نەبێ، ئەوە هەر یەکێکیان ناتوانێ ڕۆژانە بیست دانە دروست بکات، بگرە لەوانەیە یەک دانەشی پێ دروست نەکرێ. بێگومان هەر یەکێکیان نە دوو سەد و چل و، بگرە نە چوار هەزار و هەشت سەدیشی پێ دروست دەکرێ بەبێ ئەو توانای کارکردنەی ئێستا، کە تەنیا بەرهەمی دابەشکردنی گونجاوی پرۆسەکانی کارکردنە.

لە گشت پیشە و کارەکانی تردا، کاریگەریی دابەشکردنی کار هەمان کاریگەریی سەر ئەم پیشەسازییە کەمنرخەیە، هەرچەندە لە زۆربەیاندا کار بەم شێوە فرەوانە دابەش ناکرێ و، ناشێ پرۆسەکانی کار ئەوەندە ورد بکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکردنی کار دەکرێ لە هەموو پیشەسازییەکدا هەبێ و ئەنجام بدرێ، بە شێوەیەکی هاوڕێژە لەگەڵ هێزە بەرهەمهێنەکانی کاردا. لەوە دەچێ کە جیاکردنەوەی پیشە و کارە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر، لەپێناو هەمان ئەم قازانجە بێ. ئەم جیاکردنەوەیە بە گشتی زیاترە لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی بەرزترین پلەن لە پیشەسازی و پێشکەوتندا. ئەوەی کاری تاکە کەسێکە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا، بە گشتی کاری چەند کەسێکە لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا.

له هەمـوو كـۆمەڵگەيەكی پێشـكەوتوودا، جووتيـار تەنيـا جووتيـارە و هيچـی تـر نيـيە، پيشـەوەريش پيشـەوەرە و هيچـی تـر نيـيە. كـاريش، بـۆ بەدەسـتهێنانی بەرهەم لە هەر پيشەسازييەكدا، پێويستە بەشيوەيەكی نيوە هەميشەيی بەسەر ژمارەيەكی زۆرتری دەستی كاردا دابەش دەكرێ. چەند پيشەی جياجيا لە هەر لقێكی پيشەسازيی كەتان و خوريدا كار دەكەن لە بەرهەمهێنـانی كەتـان و خـورييەوە، تـا نەرمكـردنەوە و ڕسـتنی كەتـان، يـان تـا خمچی و دروستكەری كوتاڵ! بێگومان سروشتی كشتوكاڵ ددان بەم هەموو دابەشكردنی كارەدا نانێ و، ددان بەو جياكردنەوە تەواوەی كارێك لە كارێكی تريشدا نـانێ وەك ئەوەی لە پيشەسـازيدا هەيە. ئەسـتەمە پيشـەی ئاژەڵـدار جيـابكرێتەوە لە پيشـەی جووتيارێـك كە گەنمەشـامی دەچێنـێ، وەك ئەوەی پيشـەی دارتـاش لە پيشـەی ئاسـنگەر جيـا دەكـرێتەوە. هەروەها ئەوەی كاری ڕستن دەكـا تـا ڕادەيەك لە جۆلا جيا دەكرێتەوە، بەڵام جووتيـار و ڕەنجـبەر و تـۆدەر و دروێنەكەرانـی گەنمەشـامی تـا ڕادەيەكـی زۆر هەمـان كـارن. هەر يەكێكيش لەم كارانە لە وەرزێكی دياريكراوی ساڵدا ئەنجام دەدرێ، بۆيە ئەستەمە كەسێك بەردەوام تەنيا يەكێك لەو كارانە بكات. ئەسـتەمبوونی جيـاكردنەوەی تەواو و يەكجـارەكی لەنێوان لقە جياجياكانی كار لە كشتوكاڵدا لەوانەيە هۆكـار بێ بۆ ئەوەی پێشكەوتنی هێزە بەرهەمهێنەكانی كار لەم پيشـەيەدا بەردەوام هاوشـانی پێشكەوتنەكانی بـواری پيشەسـازی نەبێ. بێگومان ئەو وڵاتانەی دەوڵەمەندترن، بە گشتی لە پێشەوەی گشت دراوسێكانيانن لە كشـتوكاڵ و لە پيشەسازيشـدا. بەڵام ئەوەی جيايـان دەكـاتەوە ئەوەيە كە لەمەی دواييـدا پێشكەوتووترن لەوەی پێشوو. زەوييەكانيان بە گشـتی باشـتر چێنراون و كـار و خەرجيی زياتريـان بـۆ تەرخـان كـراوە و، بەرهەميشـيان بە بەراورد لەگەڵ پانتـايی و بەپيتيـی سروشـتيی زەوييەكانيـان زۆرە. بەڵام ئەم باڵادەسـتييە لە بەرهەمـدا بەدەگـمەن زيـاترە لە ڕێـژەی باڵادەسـتيی كـار و خەرجـی. لە كشـتوكاڵ، كـار لە وڵاتـی دەوڵەمەنـد بەردەوام بەرهەمدارتر نييە لەوەی وڵاتانی هەژار، يان بەلای كەمەوە هەرگيز زۆر زۆرتـر نييە وەك ئەوەی لە بواری پيشەسازيدا هەيە. گەنمەشاميی وڵاتی دەوڵەمەند، بەردەوام، كە لە هەمـان ئاسـتی باشـيدايە، لە بـازاڕدا هەرزانتـر نييە لە گەنمەشـاميی وڵاتـانی هەژار. گەنمەشـاميی پۆلەندا، كە لە هەمان ئاستی باشيدايە، وەك گەنمەشاميی فڕانسە هەرزانە، هەرچەندە وڵاتی دووەم دەوڵەمەنـدتر و پێشـكەوتووترە. گەنمەشـاميی فڕانسـە، لە ناوچەكـانی بەرهەمهێنـی گەنمەشامی، لە هەمان ئاستی باشيدايە و، لە زۆربەی سـاڵان نرخەكەی نزيكە يـان هەمـان نرخـی گەنمەشـاميی ئينگلـتەرەيە، هەرچەنـدە لەڕووی دەوڵەمەنـدی و پێشـكەوتندا فڕانسـە ناگـاتە ئاسـتی ئينگلـتەرە. ناوچەكـانی بەرهەمهێنـی گەنمەشـامی لە ئينگلـتەرە بەشـێوەيەكی

باشتر لەوانەی فڕانسە کشتوکاڵیان تێدا دەکرێ و، دەگوترێ کە ناوچەکانی بەرهەمهێنی گەنمەشامی لە فڕانسە بەشێوەیەکی باشتر لەوانەی پۆلەندا کشتوکاڵیان تێدا دەکرێ. لەگەڵ ئەوەش وڵاتە هەژارەکە، کە لەڕووی کشتوکاڵەوە لە ئاستێکی نزمتردایە، تا ڕادەیەک لەتوانایدایە لەڕووی باشی و هەرزانیی گەنمەشامییەکەیەوە ململانێیان لەگەڵدا بکات، بەڵام دەتوانین بڵێین لەبواری پیشەسازیدا ئەمەی پێ ناکرێ، بەتایبەتی کاتێک کە بەڵای کەمەوە ئەو پیشەسازییانە لەگەڵ خاک و کەش و پێگەی وڵاتانی دەوڵەمەند گونجاو دەبن. ئاوریشمی فڕانسە باشتر و هەرزانترە لە هی ئینگلتەرە، لەبەر ئەوەی پیشەسازیی ئاوریشم، بەڵای کەمەوە لە سایەی بەرزبوونەوەی ئێستای باجی هاوردەکردنی ئاوریشمی خاوەوە، کە زۆر گونجاو نییە لەگەڵ کەشی ئینگلتەرە وەک گونجاویی لەگەڵ کەشی فڕانسەدا. بەڵام ئامێر و بەرهەمەکانی خوریی زبری ئینگلتەرە لە سەرووی ململانێوەن و بالاترن لەوانەی فڕانسە و، هەرزانتریشن لە کاتێکدا کە لە هەمان ئاستی باشیدان. لە پۆلەندا، کە دەگوترێ لە گشت جۆرە پیشەسازییەکاندا هەژارن، بڕێکی کەم پیشەسازیی خۆماڵیی سادەیان هەیە، کە هیچ وڵاتێک ناتوانێ دەستبەرداریان بێ.

ئەم زیادبوونە زۆرە لە بڕی ئیشدا(quantity of work) ، بەهۆی دابەشکردنی کارەوەیە، کە هەمان ژمارەی خەڵک دەتوانن ئەنجامی بدەن، بۆ سێ ڕاستیی جیاواز دەگەڕێتەوە. یەکەم، زیادکردنی کارامەیی لە هەر کارگەرێکدا، دووەم، کەمکردنەوەی ئەو کاتەی کە بەگشتی لە کاتی گواستنەوە لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر بەفیڕۆ دەدرێ، لە کۆتاییشدا، بۆ داهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ئامێر کە کار ئاسان دەکەن و ماوەکەی کەم دەکەنەوە و وا دەکەن یەک کەس کاری چەند کەسێک بکات.

یەکەم، زیادکردنی کارامەیی لە هەر کارگەرێکدا بێگومان دەبێتە مایەی زیادکردنی بڕی ئەو ئیشەی دەتوانێ ئەنجامی بدات و، دابەشکردنی کار لەڕێی کەمکردنەوەی ئەرکی هەر کەسێک بۆ یەک ئۆپەراسیۆنێکی دیاریکراو و، ئەو ئۆپەراسیۆنە کە دەبێتە تەنیا کاری ئەو لە ژیاندا، ئەوە بێگومان کارامەیی ئەو کارگەرە زیاتر دەکا. ئاسنگەرێکی ئاسایی، کە شارەزایە لە مامەڵەکردن بە چەکوشەوە، ئەگەر هەرگیز بزماری دروست نەکردبێ و، بەهۆی دۆخێکی دیاریکراوەوە ناچار بوو هەوڵی دروستکردنی بدا، دڵیام کە دەتوانێ ڕۆژانە زیاتر لە دوو سەد یان سێ سەد بزمار دروست بکات، بزمارەکانیشی زۆر خراپ دەبن. ئاسنگەرێکیش کە بزمار دروستک دەکا، بەڵام تەنیا کار و کارە بنەڕەتییەکەی بزمارسازی نییە، سەختە بتوانێ لە ڕۆژێکدا زیاتر لە هەشت سەد یان هەزار بزمار دروست بکات. گەلێ کوڕم بینیوە کە تەمەنیان لە خوار بیست ساڵانەوەیە و هەرگیز، جگە

لە دروستکردنی بزمار، هیچ کارێکی تریان نەکردبوو و، پسپۆڕی لەو بوارە وەردەگرن، هەر یەکێکیان دەتوانێ ڕۆژانەی زیاتر لە دوو هەزار و سێ سەد بزمار دروست بکات. هەرچەندە دروستکردنی بزمار، بە هیچ شێوەیەک یەکێک لە سادەترین ئۆپەراسیۆنەکان نییە. هەمان کەس، کار بە فوودانەکە دەکا و، وەجاخەکە بە گەرمی دەهێڵێتەوە و، ئاسنەکەی پێ گەرم دەکا و، هەموو بەشێکی بزمارەکە ڕێک دەخا: لە کاتی دروستکردنی سەری بزمارەکەشدا، ناچارە کەرەستەکانی بگۆڕێ. ئۆپەراسیۆنە جیاجیاکانی دروستکردنی دەرزییەک (دەمبوس)، یان دوگمەیەکی کانزایی، دابەش کراون، هەر یەکێکیشیان زۆر سادەترە و، ئەو کەسەی کە یەکێ لەو ئۆپەراسیۆنانە بووەتە کاری ژیانی، کارامەیی زۆر زیاتر دەبێ. خێرایی لە ئەنجامدانی هەندێ ئۆپەراسیۆنی یەکێک لەو پیشەسازییانە، زیاترە لەوەی لەلایەن کەسێکەوە کە هەرگیز چاوی پێیان نەکەوتبێ بەدی دێ.

دووەم، سوودی کەمکردنەوەی ئەو کاتەی کە بەگشتی لە کاتی گواستنەوە لە ئۆپەراسیۆنێکەوە بۆ یەکێکی تر بەفیڕۆ دەدرێ زۆر زیاترە لەوەی کە ئێمە بە یەکەمین تێڕوانین دەتوانین بیخەملێنین. ئەستەمە زۆر بە خێرایی لە کارێکەوە بچیتە سەر کارێکی تر کە لە شوێنێکی تر ئەنجام دەدرێ و بە ئامرازی تەواو جیاواز. جوڵایەک لە لادێ، کە کێڵگەیەکی بچووک دەچێنێ، کاتێکی زۆری پێ دەچێ بۆ ئەوەی لە لای ئامێری ڕستنەکەیەوە بچێتە باخەکەی و، لە باخەکەیەوە بگەڕێتەوە لای ئامێرەکەی. ئەگەر هەردوو کارەکە لە هەمان شوێندا ئەنجام بدرێن بێگومان بەفیڕۆچوونی کات زۆر کەمتر دەبێ. بەڵام تەنانەت لەو دۆخەشدا هەر کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێ. مرۆڤ بە گشتی پیاسەیەک لە کاتی گواستنەوە لە جۆرە کارێکەوە بۆ جۆرە کارێکی تر دەکا. کاتێکیش دەست بە کارێکی نوێ دەکا بە دەگمەن بەگوڕ و تینەوە دەستی پێ دەکا، وەک دەڵێن دڵی بۆی ناچێ و، بۆ ماوەیەک خۆی دەخافڵێنێ و، زیاتر خۆی بە شتی پڕوپووچەوە خەریک دەکا نەک کاری ڕژد. خووی پیاسەی نێوان دوو کارەکە و خۆخافڵاندن، کە بەشێوەیەکی سروشتی، یان وەک پێویستییەک لەلایەن هەر کارگەرێکی لادێوە کە ناچار دەبێ نیو سعات جارێک لە کارێکەوە بچێتە سەر کارێکی تر و ئامرازەکانی کارکردن بگۆڕێ و، ڕۆژانە جووڵەی دەستەکانی بە بیست شێوە بگۆڕێ، وای لێ دەکەن بەردەوام تەمبەڵ و سست بێ و، توانای کاری بەلەزی نەبێ، تەنانەت ئەگەر پێویستیش بێ. هەر بۆیە لە کارامەیی دوور دەکەوێتەوە و، ئەم پرسە بەردەوام و بەشێوەیەکی بەرچاو بڕی ئەو کارە کەم دەکاتەوە کە ئەو دەتوانێ ئەنجامی بدا.

سێیەم و کۆتایی، دەبێ هەموو کەسێک هەست بەوە بکات کە بەکارهێنانی ئامێری گونجاو چەند کار ئاسان دەکا و ماوەکەی کەم دەکاتەوە. پێویست ناکا نموونە بۆ ئەم مەبەستە بهێنمەوە. تەنیا ئەوە دەخەمە بەر چاو کە داهێنانی ئەم هەموو ئامێرە کە بەهۆیانەوە کار زۆر ئاسان دەبێتەوە و کورت دەکرێتەوە، لە بنەڕەتدا بۆ دابەشکردنی کار دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەگەری زۆرترە کە مرۆڤ ڕێگەی ئاسانتر و بەردەستتر بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێک، کاتێک کە هەموو بیریان ئاراستەی ئەو تەنیا ئامانجە دەکەن نەک لەو کاتەدا کە لەنێوان چەندان شتدا پەرت دەبێ. بەڵام لە ئەنجامی دابەشکردنی کار، هەموو جەختی هەر کەسێک بە شێوەیەکی سروشتی بەرەو یەک ئەمانجێکی زۆر سادە ئاراستە دەکرێ. بۆیە سروشتییە پێشبینی بکرێ کە یەکێک یان یەکێکی تر کە لە بەشێکی دیاریکراوی کاردا کار دەکەن، زۆری پێ ناچێ ئاسانترین و بەردەستترین ئامراز بدۆزێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی خۆی، لە هەر شوێنێکدا کە ئەو کارەی پێشکەوتن بخوازێ. بەشێکی زۆری ئەم ئامێرانە لەو پیشەسازییانەدا بەکار دێن کە تیایاندا کار زیاتر پێویستی بە دابەشکردنە، لە بنەڕەتدا داهێنانی کارگەری ئاساپین، کە هەر یەکێکیان سەرقاڵی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی ئاساییە و، ئەوە وای کرد بیریان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ئاسانتر و بەردەستتر بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەیان بچێ. هەر کەسێکیش زۆر سەردانی ئەو کارگانەی کردبێ ئەوە ئامێری زۆر جوانی پێشان دراوە کە لە داهێنانی ئەو جۆرە کارگەرانەیە و بۆ ئاسانکردن و خێراکردنی ئەو بەشە کارەی ئەنجامی دەدەن دایان هێناون. لە یەکەمین بزوێنەرە ئاگرینەکاندا، کوڕێک کارەکەی ئەوە بوو بە بەردەوامی هێڵی بەیەک بەستنەوەی بەشی کوڵاندن و سلندەرەکە بکاتەوە و دایخا، سلندەرەکەش لەگەڵ ئەو کردنەوە و داخستنەدا سەردەکەوت و دادەبەزی. یەکێک لەو کوڕانە، کە زۆر حەزی لە وازی بوو لەگەڵ هاوڕێکانی، تێبینیی کرد ئەگەر بێ و زنجیرێک بە دەسکی ئەو وەلفەوە ببەستێ کە ئەو هێڵی بەستنەوەیە دەکاتەوە و سەرەکەی تری زنجیرەکە بە جێیەکی دیاریکراوی ئامێرەکەوە ببەستێ، ئەوە پرۆسەی کردنەوە و داخستنەکە سەربەخۆ و بەبێ یارمەتیی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ و، بەو شێوەیە ئەمیش ئازاد دەبێ و بواری دەبێ لەگەڵ هاوەڵانی خۆیدا یاری بکات. یەکێک لە مەزنترین پێشکەوتنەکانی بەسەر ئەو ئامێرەدا هاتن، لە کاتی داهێنانیەوە، دۆزینەوەی کوڕێک بوو کە دەیویست کەمتر خۆی ماندوو بکات.

لەگەڵ ئەمەشدا، گشت داهێنانەکان لە ئامێردا، داهێنانی ئەو کەسانە نەبوون کە بواری بەکارهێنانی ئامێرەکانیان هەبووە. زۆر لە پێشکەوتنەکان بەرهەمی بلیمەتیی دروستکەرانی ئامێرەکان بوون، کاتێک کە دروستکردنیان بووە پیشە و بازرگانیەکی تایبەتمەند. هەندێ لە داهێنانەکانیش کاری ئەو کەسانە بوون کە پێیان دەڵێن فەیلەسووف و کەسانی خاوەن پێشبینی، کە بازرگانیی ئەوان ئەوەیە هیچ نەکەن جگە لە تێبینیکردنی هەموو شتێک و، بەو پێیە دەتوانن هێز و وزەی شتانی زۆر دوور لە یەکتر و لەیەکتر نەچوو بەیەکەوە کۆ بکەنەوە. لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، فەلسەفە یان پێشبینیکردن، وەک هەر کارێکی تر، دەبێتە کاری بنەڕەتی و تەنیا کاری گرووپێک لە هاووڵاتییان. ئەو کارەش وەک هەر کارێکی تر، دابەش دەکرێتە سەر ژمارەیەکی زۆر لق، کە هەر یەکێک لەو لقانە لەلایەن تیرەیەک یان جۆرێک لەو فەیلەسووفانەوە کاری تێدا دەکرێ. هەر لقێکی کارکردن لە فەلسەفە، هاوشێوەی هەر کارێکی تر، خەریکی زیادکردنی کارامەیی و گلدانەوەی کاتە. هەر کەسێک شارەزایی زیاتر لە لقەکەی خۆیدا بەدەست دێنێ، ئیشی زیاتر لەسەر گشت کارەکە دەکا و، بەو شارەزاییەی قەبارەی زانست بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکا.

زیادبوونی زۆری بەرهەم لە بوارە جیاجیاکاندا، بەری دابەشکردنی کارە، کە لەو کۆمەڵگانەی بەباشی بەڕێوە دەبرێن، خۆشگوزەرانی دەگاتە ناو نزمترین ئاستەکانی خەڵکەکەیان. هەر کارگەرێک بڕێکی زۆر ئیشی خۆی هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات و، زیاتر لەوەی کە بواری هەیە ئەنجامی بدا، بەمەش ئەو و گشت ئەو کارگەرانەی تەواو وەک ئەون، دەتوانن بڕێکی زیاتر لە کاڵاکانیان بگۆڕنەوە بە بڕێکی زیاتر کاڵا، یان پارە. ئەو کارگەرە بەرهەمی زۆر دابین دەکات، زیاتر لەوەی بتوانێ بەکاری بەرێ، بۆیە ئەو زۆریی بەرهەمە بەناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە بە گشت چینەکانیەوە.

تەماشای ناوماڵی کارگەرێکی ئاسایی یان کرێکارێکی ڕۆژانەی وڵاتێکی شارستانی و گەشەدار بکە، دەبینی ژمارەی ئەو خەڵکەی پیشەکانیان جیایە، تەنانەت ئەگەر بە بەشدارییەکی زۆر بچووک بێ لە دابینکردنی ئەو ناوماڵەدا، زۆر لەوە زیاتر کە پێشبینی دەکرێ. پاڵتۆیەکی خوری بۆ نموونە، کە کرێکارێکی بەڕۆژانە دەپۆشێ، هەرچەندە زبر و ناڕێک بێتە بەر چاو، بەرهەمی کاری هاوبەشی ژمارەیەکی زۆر کارگەرە. هەر لە شوانەوە بگرە تا شیکەرەوەی خوری، ئەوەی هەلاجی دەکا، خمچی، لێککەرەوە، ئەوەی دەیڕێسێ، تەونچی، ئەوەی دەیچنێ و، ژمارەیەکی زۆری تر، کە پێویستە هەموویان هونەرە جیاجیاکانی خۆیان ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە سادەیە بگاتە ئەنجام. دەبێ چەند

بـارهەڵگر و بازرگـان بەشـدار بـووبن لە گواسـتنەوەی کەرەسـتەکان لەلای یەکێـک لە پیشەوەرانەوە بۆ لای یەکێکی تر کە زۆربەی جار لە بەشی دوور لە یەکتری وڵاتدا دەژین. دەبێ چەند بازرگان و پیشەوەری گواستنەوە و، چەند دروستکەری کەشتی و چارۆکە و گوریس، کاریان کردبێ بۆ کۆکردنەوەی ئەو دەرمانانەی لەلایەن خمچییەوە بەکار دێن، کە زۆربەی کات لە دوورترین شوێنانی دنیاوە دێن! چ فرەجۆرییەکی کار دەبێ پێویست بێ بۆ بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی دەستی سادەترینی ئەو کارگەرانە! ئەمە ئەگەر هیچ نەڵێین لەبارەی ئەو ئامێرە ئاڵۆزانەی وەک کەشتیی کەشتیوانەکان و، ئاسیاوی خمچییەکان و، تەنانەت نەوڵی جۆلاکان، با تەنیا جۆراوجۆریی ئەو کارانە لەبەر چاو بگرین کە پێویستن بۆ دروستکردنی سادەترین ئامێر، برینگە، کە شوان خورییەکەی پێ دەبڕێ. کۆمپانیای دەرهێنانی کانزا، کۆمپانیای دروستکردنی کوورەی تواندنەوەی کانزای خاو، دارفرۆش، ئەوەی خەڵـووز دەسـووتێنێ بـۆ ئەوەی لە کـوورەی توانـدنەوەکەدا بەکـار بهێنـرێ، دروسـتکەری خشـت، وەسـتای دانـانی خشـت، ئەو کـارگەرانەی لە کـوورەدا کـار دەکەن، دروستکەری ئاسیاو، ئاسنگەر، دەبێ گشت ئەمانە کارە جۆراوجۆرەکانیان تێکەڵ بکەن بۆ دروسـتکردنی ئەو ئامێرە. ئەگەر بە هەمـان شـێوە لە پارچە جیاجیاکـانی بەرگ و کەلپەلی ناومـاڵی بکـۆڵینەوە، ئەو کراسـە کەتـانە سـادەیەی لەسـەر پێسـتەوە لەبەری دەکـا، ئەو پـێڵاوانەی پێیەکـانی دەپۆشـن، ئەو پـێخەفەی لەسـەر دەنـوێ، بەشـە جۆراوجۆرەکـانی پێخەفەکەی، دەروازەی ناندینەکەی کە خواردنی خۆی تێدا ئامادە دەکا، ئەو خەڵووزەی بۆ دروستکردنی خـواردن بەکـاری دێنـێ، کە لە هەنـاوی زەوییەوە دەردێ و لەوانەیە لەڕێی دووری دەریایی و وشکانییەوە بۆی بێ، هەموو کەرەستە و ئامـانی تری ناندینەکەی، مێز و چەقۆ و چنگاڵ، قاپی گڵین و مس کە تیایدا خواردن دادەنێ و دابەشیان دەکا، ئەو دەستە جۆراوجۆرانەی لە ئامادەکردنی نـانەکەی و بیرەکەیدا کـار دەکەن، جـامی پەنجەرەکانی کە لەڕێگەیانەوە گەرمی و ڕووناکی دێنە ژوورەوە و، ڕێ لە با و بـاران دەگرن، لەگەڵ گشـت ئەو زانین و پیشـانەی پێویسـتن بـۆ سـازدانی ئەو داهێنـانە جـوان و دڵخۆشـکەرە، کە بەبێ ئەو بە دەگمـەن خـانووی گونجـاو و لەبـار لەم بەشـەی بـاکوری زەوی دروسـت دەکـرا، شانبەشانی ئامرازەکانی کارگەرە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنی ئەم هۆیە جۆراوجۆرانەی خۆشـگوزەرانی، مـن دەڵـێم ئەگەر لە هەمـوو ئەو شـتانە ورد ببینـەوە و، بزانین چ جـۆرە کارێـک بەکـار هـاتووە لە هەر یەکێکیانـدا، دەبـێ ژێـر بـین و بـزانین کە بەبـێ یـارمەتی و

هاوئاهەنگیی هەزاران کەس، سادەترین کەس لە وڵاتێکی شارستانیدا، چەند بیرکردنەوەمان سـادە و سـاکار بـێ، خـاوەن مـاڵ و حـاڵی وەهـا نەدەبـوو. لەڕاسـتیدا، بێگومـان، ئەو خۆشگوزەرانییە لەڕادە بەدەرەی کە زۆر سادە و ئاسان دێتە بەر چاو و، لەوانەشە ڕاست بـێ، کەلپەلـی ناومـاڵی میرێکـی ئەوروپـایی زۆر جـاران گەلـێ لە سـەرووی کەلپەلـی پیشەوەرێک و جووتیارێکی زەحمەتکێشەوە نییە، لە کاتێکدا کەلپەلی ناوماڵی ئەمەی دوایی زۆر لە سەرووی کەلپەلی ناوماڵی پاشایەکی ئەفریقایە، کە خاوەنی ڕەهای ژیان و ئازادیی دە هەزار کەسی کێویی ڕووت و قووتە.

بەشی دووەم
ئەو بنەمایەی هەڵی دابەشکردنی کار دابین دەکا

دابەشکردنی کار، کە زۆر سوودی لێ وەردەگیرێ، لە بنەڕەتدا کاردانەوەی هیچ ژیرییەکی مرۆڤ نییە، کە پێشبینی دەکا و نیازی هەیە بوار بۆ خۆشگوزەرانیی گشتی بسازێنێ. ئەوە پێویستیی حەزێکە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە، هەرچەندە ئاکامەکانی لەسەر خۆ و قۆناخ بەقۆناخ دەردەکەون، حەزی بەدواداچوون، ئاڵوگۆر و، گۆڕینی شتێک بە شتێکی ترە.

جا ئەم حەزە یەکێک بێ لە بنەما ڕەسەنەکانی سروشتی مرۆڤ کە ناکرێ حسێبی زیاتری بۆ بکرێ، یان وەک زیاتر پێ دەچێ، ئاکامی پێویستی تواناکانی ئاوەز و گوتارە، کە بابەتی ئەم باسەمان نییە. لای هەموو کەسێک ئاشکرایە و، لە هیچ تیرەیەکی تری ئاژەڵدا نییە، کە نە بەم جۆرە گرێبەستە و نە بە هیچ جۆرە گرێبەستێکی تر ئاشنا نین. دوو تانجی بەدوای هەمان کەروێشکدا غار دەدەن، هەندێ جار وا دێنە بەر چاو کە لە نمایشێکدا ڕۆڵ دەگێڕن. هەر یەکێکیان بەلای هاوڕێکەیدا ڕاوی دەنێ، یان دەیەوێ ڕێگەی پێ بگرێ لەو کاتەدا کە هاوڕێکەی بەلای ئەودا ئاراستەی دەکا. بەڵام ئەمە ئەنجامی هیچ گرێبەستێک نییە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی هەڵکەوتەیی سۆزئامێزە بۆ هەمان مەبەست لە هەمان کاتدا. کەس هەرگیز نەیدیوە سەگێک مامەڵەیەک بکات و بە مەبەست ئێسکێک لەگەڵ سەگێکی تر بە ئێسکێکی تر بگۆڕێتەوە. هەرگیز کەس نەیبینیوە ئاژەڵێک بە ئاماژە و بانگی سروشتیانەی خۆی، ئاماژە بۆ ئاژەڵێکی تر بکات بۆ ئەوەی پێی بڵێ ئەمە هی منە و ئەوە هی تۆیە و، من خۆشحاڵ دەبم ئەمەت بدەمێ لە جیاتی ئەوە. کاتێک ئاژەڵێک دەیەوێ شتێک لە مرۆڤێک یان لە ئاژەڵێکی تر بسێنێ، هیچ هۆکارێکی قایلکردنی بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی هاوکاریی ئەوانە بەدەست بهێنێ کە پێویستی بە هاوکارییانە. تووتکە سەگێک دایکەکەی دەلاوێنێتەوە، سەگی سپانییل هەزاران هەوڵ دەدات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خاوەنەکەی لە کاتی نانخواردن، ئەگەر بیەوێ بەشی بدا. مرۆڤیش هەندێ جار ئەو هونەرانە لەگەڵ براکانی بەکار دەهێنێ و، کاتێک کە هیچ ئامرازێکی تری بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی وایان لێ بکات بە حەزی ئەو بکەن، هەوڵ دەدات بە هەموو جۆرێک لە مامەحەمەیی سۆزی باشیان بەلای خۆیدا بەکێش بکات. بەڵام کاتی بەدەستەوە نییە هەموو جارێک ئەو کارە بکات. لە کۆمەڵگەی شارستانیدا، ئەو بەردەوام پێویستی بە هاوکاری و یارمەتیی ژمارەیەکی زۆرە لەوان، لە کاتێکدا هەموو ژیانی تەنیا بەشی ئەوە دەکا

دۆستایەتیی ژمارەیەکی کەم بەدەست بهێنێ. نزیکەی هەموو ئاژەڵەکانی تر، هەر تاکێکیان کە دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، بەتەواوی سەربەخۆ دەبێ و، دۆخی سروشتیی بواری نادا هاوکاریی گیانلەبەرانی تر بکات. بەڵام مرۆڤ بەردەوام بواری ئەوەی هەیە یارمەتیی براکانی بدات و، کەمن ئەو جارانەی کە دەبێ چاوەڕێ بێ ئەو یارمەتییە تەنیا چاکەیەک بێ لەلایەن ئەوانەوە. ئەو هەلی سەرکەوتنی زیاتر دەبێ ئەگەر بتوانێ خۆشەویستیی ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێ و، پێشانیان بدات کە قازانجی ئەوان لەوەدایە ئەوەی بۆ بکەن کە لێیانی داوا دەکا. هەر کەسێک هەر جۆرە دەستەوارەیەک بۆ کەسێکی تر پێشنیاز بکات، دەبێ ئەمە بکات. ئەوەم پێ بدە کە دەمەوێ، تۆش ئەمەت دەست دەکەوێ کە دەتەوێ، ئەمە واتەی هەموو پێشنیازێکی لەم جۆرەیە و، بەم شێوەیە ئێمە زۆرترین ئەو شتانەی کە پێویستمانن لە یەکتری بەدەست دێنین. ئەوە چاکەی قەساب، بیرەفرۆش، یان نانەوا نییە کە وامان لێ دەکا چاوەڕێی ژەمە نانێکیان لێ بکەین، بگرە پاڵنەری ئەوان بەرژەوەندی خۆیانە. ئێمە خۆمان ناخەینە بەر ڕەحمەتی مرۆڤایەتیی ئەوانەوە، بەڵکو لەگەڵ خۆشەویستیی ئەوان بۆ خۆیان مامەڵە دەکەین و، هەرگیز باسی پێویستییەکانی خۆمانیان بۆ ناکەین بەڵکو باسی قازانجەکانیان دەکەین. سواڵکەر نەبێ، هیچ کەسێک بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە چاکەخوازیی هاووڵاتییانی نابەستێ. تەنانەت سواڵکەریش بەتەواوەتی پشتی پێ نابەستێ. بێگومان، چاکەی خەڵکی هاوسۆز، تەواوی پارەی پێویست بۆ ژیانی بۆ دابین دەکات. هەرچەندە ئەم بنەمایە لەکۆتاییدا هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین دەکات، بەڵام ئەگەر هەر خۆی بێ هەرگیز ناتوانێ دابینیان بکات یان دەستەبەریان بکات. بەشی هەرە زۆری ئەوەی دەستی دەکەوێ بەهەمان شێوازی کاری خەڵکی ترە، لەڕێی پەیماننامە و ئاڵوگۆڕ و کڕینەوەیە. بەو پارەیەی کەسێک بەوی دەبەخشێ خواردن دەکڕێ. ئەو جلە کۆنانەی یەکێکی تر پێی دەبەخشێ، بە جلەکۆنەی تریان دەگۆڕێتەوە کە بۆی گونجاو بن، یان بە شوێنی حەوانەوە یان بە خۆراک دەیانگۆڕێتەوە، یان بە پارەیان دەدات و بەهۆیەوە خواردن و پۆشاک و نشینگە بۆ خۆی دابین دەکات.

وەک چۆن لەڕێی گرێبەست، گۆڕینەوە و، کڕینەوە بەشی زۆری پێداویستییە هاوبەشەکانمان لە یەکتر دەست دەکەون، هەمان ئەو شێوەی ئاڵوگۆڕە دەبێتە مایەی دروستبوونی هەلی دابەشکردنی کار. لە خێڵێکی ڕاوچی، یان ئاژەڵداردا، وەک نموونە، کەسێکی دیاریکراو خێراتر و کارامەتر لە هەر کەسێکی تر تیر و کەوان دروست دەکا. ئەو زۆربەی کات، لەگەڵ هاوڕێکانی بە مالات یان مامزیان دەگۆڕێتەوە و، لەکۆتاییدا بۆی دەردەکەوێ کە بەم ڕێگەیە مالات و مامزی زیاتری دەست دەکەوێ لەوەی کە خۆی بۆ گرتن و ڕاوکردنیان بچێ. بەمەش، لەڕووی بەرژەوەندی خۆیەوە، دروستکردنی تیر و

کەوان دەبێتە پیشەی سەرەکیی ئەو کەسە و، دەبێتە جۆرێک لە بەرهەمهێنی چەک. کەسێکی تر کارامەیە لە دروستکردنی چوارچێوە و بان بۆ کۆخە بچووکەکانیان یان بۆ خانووە بزۆکەکانیان. ئەو ڕاهاتووە بەم شێوە سوود بە دراوسێکانی بگەیەنێ، ئەوانیش لە بەرامبەردا پاداشتی دەدەنێ بە مالات و مامز، تا لەکۆتاییدا بۆی دەردەکەوێ کە بەرژەوەندی ئەو لەوەدایە بەتەواوی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان بکات و، ببێتە جۆرێک لە دارتاشی خانوو. بەهەمان شێوە، کەسێکی سێیەم دەبێتە ئاسنگەر یان مسچی و، چوارەم دەبێ بە پێستەچی یان دروستکەری پۆشاک لە پێستە. بەم شێوەیە دەتوانن ئەوەی لە بەری دەستیان، لە پێویستیی خۆیان زیاترە بەپێی هەل بەو شتانەی کە بەرهەمی کاری کەسانی ترن بگۆڕنەوە، ئەمەش هانی هەموو کەسێک دەدات بۆ ئەوەی کارێکی دیاریکراو بۆ خۆی هەڵبژێرێ و، ڕوو لە برەودان بەو بەهرە و زیرەکییانە بکەن کە هەیانە و بەرەو ئەو پیشەیەیان ئاراستە بکەن کە هەیانە.

جیاوازیی بەهرەی سروشتی لای کەسانی جیاجیا، لەڕاستیدا کەمترە لەوەی کە ئێمە لێ بەئاگاین و، ئەو زیرەکییە جیاوازەی وا دەردەکەوێ کە خەڵکی خاوەن پیشەی جیاجیا جیا دەکاتەوە، لەو کاتەی کە دەبنە خاوەن پیشە، ئەوەندەی بەهۆی دابەشکردنی کارەوەیە ئەوەندە هۆکار نییە بۆ دابەشکردنی کار. جیاوازیی نێوان لەیەک نەچووترین کەسایەتییەکان، لەنێوان فەیلەسووفێک و کۆڵکێشێکی ئاسایی سەر شەقام، بۆ نموونە، لەوە ناچێ زۆربەی لە سروشتەوە بێ، بەڵکو لە هەڵسوکەوت و عورف و خوێندەوارییەوەیە. ئەوان کە هاتنە دنیاوە و، لە شەش یان هەشت ساڵی یەکەمی بوونیان، تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوە بوون و، نە دایک و باوکیان و نە هاوڕێیانی یاری جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێوانیاندا بەدی نەدەکرد. لەو تەمەنە، یان کەمێک دوای ئەوە، ئەوان لە پیشەی جیاواز کاریان کرد. جیاوازیی بەهرە لەوێ بەدواوە کەوتە بەر چاو و، فرەوانتر بوو، تا ئەو ئاستەی لەکۆتاییدا لەخۆباییبوونی فەیلەسووفەکە وا دەکا ددان بە هیچ لەیەکچوونێکی نێوانیاندا نەنێ. بەڵام بەبێ توانای گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردن، پێویستە هەموو مرۆڤێک خۆی گشت پێداویستییەکانی ژیانی خۆش و ئاسوودە کە دەیەوێ، دابین بکات. دەبێ هەمووان هەمان ئەرکەکان ئەنجام بدەن، هەمان کارەکان بکەن و، ئەو کات جیاوازی لە پیشەدا نامێنێ، کە تەنیا ئەوە هەلی پێشاندانی جیاوازیی بەهرە دابین دەکات.

وەک چۆن ئەم هەڵسوکەوتە جیاوازیی بەهرەکان دەهێنێتە کایەوە، کە زۆر دیارە لەنێوان پیاوانی خاوەن پیشەی جیادا، هەمان ئەم هەڵسوکەوتە وا دەکا ئەو جیاوازییە بەسوود بێ. گەلێ تیرەی ئاژەڵ کە لە هەمان جۆرن، لە سروشتەوە جیاوازیی زیاتریان لەڕووی ژیرییەوە وەرگرتووە، نەک لە پێشینەی نەریت و فێربوونەوە، وەک ئەوەی لە مرۆڤدا ڕوو دەدا. لەڕووی سروشتییەوە جیاوازیی فەیلەسوفێک لە دانایی و بەهرەداری

لەگەڵ کۆڵکێشێکی سەر شەقام، وەک جیاوازیی نێوان تانجیەک و سەگێکی جۆری ماستیف وایە، یان جیاوازیی تانجییەک و سەگێکی سپانیێل، یان جیاوازیی ئەمەی دوایی لەگەڵ سەگی شوانێک. ئەم جیاوازییەی نێوان تیرەکانی ئاژەڵان، هەرچەندە سەر بە یەک جۆرن، وای کردووە بەدەگمەن سوودیان بۆ یەکتری هەبێ. هێزی سەگی ماستیف، بەلای کەمەوە، لەلایەن خێرایی تانجییەوە، یان لەلایەن فێڵزانیی سەگی سپانیێلەوە، یان لەلایەن گوێڕایەڵیی سەگی شوانەوە، پشتیوانی ناکرێ. کاریگەریی ئەم ژیری و بەهرە جیاوازانە، لەبەر نەبوونی هێز یان توانای گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕە، بۆیە توانای ئەوەیان نییە کاڵایەکی گشتی بهێننە کایەوە و، بەلای کەمەوە، بەشدار نابن لە بەدەستهێنانی نشینگەیەکی باشتر و خۆشگوزەرانی بۆ جۆرەکەی خۆیان. هەر ئاژەڵێک ناچارە ژیانی خۆی دابین بکات و بەرگریی لێ بکات، بە جیا و بە تەنیا و، هیچ سوودێک نابینێ لەو جیاوازیی بەهرانەی سروشت هاوڕێکانی پێ جیا کردووەتەوە. لەنێو مرۆڤدا، ئەمە پێچەوانەیە، لێهاتووییە جیاجیاکان سوودیان بۆ ئەوانی تر هەیە، بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی خاوەن بەهرەکان، لەڕێی هەڵسوکەوتی گشتیی ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوەوە دەبن بە کاڵای گشتی، کە هەر مرۆڤێک دەتوانێ بەرهەمی بەهرەی کەسێکی تر بکڕێ.

بەشی سێیەم

پانتایی بازاڕ دابەشکردنی هێزی کار سنووردار دەکا

وەک چۆن هێزی ئاڵوگۆڕ (the power of exchanging) بوار بۆ دابەشکردنی کار دەڕەخسێنێ، بەهەمان شێوە پانتایی ئەم دابەشکردنە بەردەوام لەلایەن پانتایی ئەو هێزەوە سنووردار دەبێ، یان بە گوتەیەکی تر، لەلایەن پانتایی بازاڕەوە (extent of the market)سنووردار دەبێ. کاتێک کە بازاڕ زۆر بچووک دەبێ، هیچ کەسێک ئەو هاندەرەی نابێ بۆ ئەوەی خۆی بەتەواوی بۆ یەک کارێک تەرخان بکات، ئەویش لەبەر نەبوونی هێزی گۆڕینەوەی هەموو بەرهەمی زیادەی کارەکەی، کە زیاترە لە پێویستی بەکاربردنی خۆی، بە بەرهەمی زیادی کاری کەسانی تر.

هەندێک جۆر لە پیشەسازی هەن،تەنانەت لەجۆری ئاستنزم، کە جگەلەشاری گەورە،ناشێ لەهیچ شوێنێکی تر ئەنجامبدرێن. بۆنموونە،کۆڵکێشێک ناتوانی لەشوێنێکی تر کارونشینگەی هەبێ. گوند بۆ ئەو ژینگەیەکی زۆرتەنگەبەرە،بەڵام بازاڕێکی ئاسایی شار ئەوەندە فرەوانە بۆ ئەو کە هەمیشە کاری تێدا دەستبکەوێ . لە ماڵە تەنیاکان و گوندە زۆر بچووکەکان کە لە دەشتاییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، وەک لادێکانی بەرزاییەکانی سکۆتلاند، هەر جووتیارێک پێویستە قەساب بێ، نانەوا و دروستکەری بیرە بێ بۆ خێزانەکەی خۆی. لەدۆخی وەهادا، دەگمەنە پێشبینیی دەسکەوتنی ئاسنگەرێک، دارتاشێک یان بەننایەک بکرێ، کە ماوەی کەمتر لە بیست میل لە هاوپیشەکەی نزیک بێ. ئەو خێزانە پەرتوبڵاوانەی کە نزیکترینیان لەیەکتری هەشت یان دە میل لە یەکتر دوورن، پێویستە وردەکارییەکانی ئیشەکانیان بزانن، کە لە شوێنانی قەرەباڵختردا، بۆ ئەو کارانە داوای یارمەتیی ئەو پیشەوەرانە دەکرێ .. کارگەرانی لادێ زۆربەی جاران ناچارن خۆیان لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی پیشەسازیدا بگونجێنن، ئەوانەی لە یەکەوە نزیکن و هەمان جۆرە کەرەستەیان تێدا بەکار دێن. دارتاشێکی لادێ هەموو ئەو کارانە دەکا کە بە دار پێک دێن، ئاسنگەرێکی لادێش هەموو ئەو کارانە دەکا کە بە ئاسن دروست دەکرێن. دارتاش لەوێ تەنیا دارتاش نییە، بەڵکو دەرگە و پەنجەرە دروست دەکا، دۆڵاب دروست دەکا، پەیکەر و نەخشیش لەدار دروست دەکا، تایە دروست دەکا، گاسن دروست دەکا، عارەبانەش دروست دەکا. کارەکانی ئاسنگەر لەویش زۆرترن. ئەستەمە هەندێک پیشە لەوێ هەبن، وەک دروستکەری بزمار لە شوێنە دوورەدەستەکان و لە قووڵایی بەرزاییەکانی سکۆتلاند. ئەم کارگەرە ئەگەر ڕۆژانە هەزار بزمار دروست بکات و، لە ساڵێکدا ٣٠٠ ڕۆژی کارکردن

هەبن، ساڵانە ٣٠٠ هەزار بزمار دروست دەکا. بەڵام لە دۆخێکی وەهادا ئەستەمە لە ساڵێکدا هەزار بزمار ساخ بکاتەوە، کە بەرهەمی یەک ڕۆژ کارکردنە.

لەبەر ئەوەی کە بەهۆی گواستنەوەی ئاوییەوە (water-carriage) بازاڕێکی فرەوانتر بەڕووی گشت پیشەیەکدا کرایەوە، زیاتر لەوەی کە گواستنەوە لەڕێی وشکانییەوە (land-carriage)بەتەنیا بتوانێ دابینی بکات، بۆیە لەسەر کەناری دەریاکان و لێواری ئەو ڕووبارانەی بۆ کەشتییەوانی شیاون(navigable) ، بەشێوەیەکی سروشتی هەموو جۆرە پیشەسازییەک دابەش دەبێ و خۆی پێش دەخا و، گومانی تێدا نییە کە ئەو پێشکەوتنانە ماوەیەکی زۆریان دەوێ تا پەل بهاوێنە بەشەکانی ناوەوە و قووڵایی لادێ. عارەبانەیەک بە تایەی پانەوە، کە دوو کەس بەڕێوەی دەبەن و، هەشت ئەسپ ڕایدەکێشن، لە ماوەی شەش هەفتە هاتوچۆی نێوان لەندەن و ئێدنبەرە نزیکەی چوار تۆن کەلوپەل دەکێشێ. لە هەمان ئەو ماوەیەدا کەشتییەک کە شەش یان هەشت کەشتییەوان بەڕێوەی دەبەن و، لەنێوان بەندەرەکانی لەندەن و لەیتدا لە هاموشۆدایە، نزیکەی ٢٠٠ تۆن کەلوپەل دەهێنێ و دەبا. واتە شەش یان هەشت کەس، بە هاوکاریی گواستنەوە لەڕێی ئاوەوە، لە هەمان ماوەدا، ئەو برە کەلوپەلەی لەنێوان لەندەن و ئێدنبەرەدا دەیانهێنن و دەیانبەن، بارتەقای کاری پەنجا عارەبانەی تایە پان و سەد کەس و چوار سەد ئەسپن. بۆیە، دوو سەد تۆن کەلوپەل کە بە هەرزانترین ئامراز لەنێوان لەندەن و ئێدنبەرەدا دەهێنرێن و دەبرێن، پێویستیان بە خەرجیی سێ هەفتەی سەد کەس و، نزیکەی خەرجیی چوار سەد ئەسپ و پەنجا عارەبانەی گەورەیە. لە کاتێکدا بۆ گواستنەوەی ئەو برە کەلوپەلە لەڕێی ئاوەوە، خەرجیی شەش یان هەشت پیاوی دەوێ، لەگەڵ خەرجیی کەشتییەک کە دوو سەد تۆن بار دەکا، لەگەڵ بەهای مەترسیی زیاتر، یان جیاوازیی دڵنیایی لەنێوان گواستنەوە لە وشکانی و لە ئاودا. بۆیە، کاتێک هیچ پەیوەندیەک لەنێوان ئەم دوو شوێنەدا نییە، بە باربردنی وشکانی هیچ کەلپەلێک لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوەی تر ناگواسترێتەوە، ئەوانە نەبن کە نرخەکەیان زۆر بەرچاوە بە بەراورد لەگەڵ کێشەکەیان، ئەوانە بەشێکی کەم پێک دێنن لەو بازرگانییەی لەم کاتەدا لەنێوانیاندا بەڕێوە دەچێ و، لەکۆتاییدا دەبێتە بەشێکی بچووکی هاندانی پیشەسازیی هاوبەشیان. لەوانەیە لەنێوان بەشە لەیەکتر دوورەکانی جیهاندا بازرگانییەکی کەم لەم جۆرە هەبێ یان هەر نەبێ. چ کاڵایەک هەیە کە بەهاکەی خەرجیی گواستنەوەی لەڕێی وشکانییەوە لە لەندەنەوە بۆ کالکوتتا پڕ بکاتەوە؟ ئەگەر ئەو بەهایەشی هەبێ کە خەرجییەکە پڕ بکاتەوە، کاتێک کە بە خاکی گەلانی دواکەوتووی کێویدا تێپەڕ دەبێ چۆن دەکرێ بپارێزرێ؟ لەکاتێکدا کە حاڵی حازر بازرگانییەکی بەرچاو لەنێوان ئەم دوو شارەدا هەیە و، بازاڕی هاوبەش بۆ یەکتری دابین دەکەن و، ئەمەش هاندەری باشە بۆ پیشەسازیی هەردوو لا.

کەواتە، ئەمەیە قازانجەکانی گواستنەوەی ئاوی، بۆیە سروشتییە کە یەکەم پێشکەوتنی هونەر و پیشەسازی دەبێ لەو شوێنانە بێتە ئەنجامدان کە ئەم گونجاوییە دەرگەی هەموو جیهان دەکاتەوە بەڕووی بازارێکدا کە هەموو جۆرە کارێک بەرهەم دێنێ و، بەردەوام ئەم کارانە ماوەیەکی زۆریان پێ دەچێ پێش ئەوەی بگەنە بەشەکانی ناوەوەی وڵات. بەشەکانی ناوەوە ماوەیەکی زۆر هیچ بازاڕێکیان نەبوو بۆ بەشی هەرە زۆری کاڵاکانیان، ئەو ناوچانە نەبن کە دەورەیان داون و لە کەناری دەریان و ڕووبارەکانی شیاوی کەشتیەوانی جیایان دەکەنەوە. بۆیە مەودای بازاڕی ئەوان بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا پشت بە دەوڵەمەندی و ژمارەی دانیشتووانی لادێوە دەبەستێ و، لەکۆتاییدا پێشکەوتنیشیان بەندە بە پێشکەوتنی ئەو ناوچە لادێیانەوە. لە کۆلۆنییەکانی ئێمە لە باکوری ئەمەریکا، چاندن شانبەشانی کەناری دەریا یان ڕووبارەکانی شیاوی کەشتییەوانین و، دەگمەنە کە لە شوێنێکدا لە یەکێک لەو دووانە دوور کەوتبێتەوە.

ئەو نەتەوانەی کە بەپێی مێژووی تۆمارکراوەوە، دەردەکەوێ کە یەکەمن لە بواری بەشارستانیبووندا، ئەوانەن کە لەسەر کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست بوون. ئەو دەریایە کە تا ڕادەیەکی زۆر گەورەترین دەروازەی ناسراوە لە جیهاندا، هیچ هەڵکشان و داکشانی نییە و، شەپۆلەکانی تەنیا ئەوانەن کە بەهۆی با دروست دەبن، بۆیە بەهۆی ڕووی نەرمییەوە و، زۆریی دوورگەکانییەوە و، نزیکیی لە کەناراوە هاوسێکان، بەڕادەیەکی زۆر بۆ کەشتییەوانیی ساوای جیهان گونجاو بوو، لەو کاتەدا کە مرۆڤەکان بەهۆی نەزانی لەبارەی قیبلەنامەوە دەترسان لەوەی کەناراوەکان لەبەر چاویان ون ببن و، بەهۆی هەژاریی هونەری دروستکردنی کەشتییەوە خۆیان لە شەپۆلە سەرسەختەکانی زەریا بەدوور دەگرت. چوونە ئەودیوی ستوونەکانی هێرقل، کە بەواتەی گەشتکردن بۆ دەرەوەی تەنگەبەری تاریق دەهات، لە جیهانی کۆندا بە سەرسامکەرترین و مەترسیدارترین سەرکێشیی کەشتییەوانی دەهاتە ژماردن. ماوەیەکی زۆری پێ چوو پێش ئەوەی فینیقیەکان و قرتاجیەکان، کە کارامەترین کەشتییەوان و دروستکەری کەشتیی سەردەمی کۆن بوون، بوێرن ئەو هەوڵە بدەن.

لەنێو گشت وڵاتانی سەر کەناری دەریای ناوەڕاست، لەوە دەچێ میسر یەکەم وڵات بێ کە کشتوکاڵ یان پیشەسازیی بە ئاستێکی بەرچاو پێش بکەوێ. میسری سەروو چەند میلێکی کەم لە ژووررووی نیلەوەیە و، لە میسری خوارووا ئەو ڕووبارە مەزنە چەندان لقی لێ دەبێتەوە، کە بە یارمەتیی کارامەییەکی کەمەوە، لەوە دەچێ توانیبی پەیوەندییەک لەڕێی باربەریی ئاوییەوە دروست بکات، نەک تەنیا لەنێوان شارە گەورەکاندا، بەڵکو لەنێوان گشت ئەو گوندانەی قەبارەیەکی بەرچاویان هەیە و، تەنانەت لەنێوان زۆربەی کێڵگەکانی وڵاتدا. هەردوو ڕووباری ڕاین و ماس لە هۆڵاندی ئەمرۆدا هەمان ئەو ئەرکە

بەجێ دەگەیەنن. لەوە دەچێ فرەمەودایی و ئاسانیی ئەم کەشتییەوانییەی ناوەوەی وڵات یەکێک بن لە بنەماکانی پێشکەوتنی زووی میسر.

پێشکەوتنەکان لە کشتوکاڵ و پیشەسازیی سەردەمی زووی پارێزگەکانی بەنگال (ناوچەیەکی بەشی ڕۆژهەڵاتی نیوچە پارزەوینی هیندییە) و، هیندی ڕۆژهەڵات و، هەندێک لە پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی چین لەوە دەچێ هەمان هۆکاریان لە پشتەوە هەبووبێ. هەرچەندە مێژووی کۆنیان لەلایەن هیچ مێژوونووسێکی باوەڕپێکراوەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە. لە بەنگالدا، بە هەمان شێوەی نیل لە میسر، ڕووباری گانگ و چەندان ڕووباری تری گەورە چەند کەناڵێکی شیاوی کەشتییەوانییان پێک هێنا. لە پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی چینیش، چەندان ڕووبار بەهۆی لقی جیاجیاوە ژمارەیەکی زۆر کەناڵ پێک دێنن و بە بەستنیان بەیەکەوە کەشتییەوانییەکی ناوەوە دابین دەکەن، کە زۆر لەوەی نیل یان گانگ یان هەردووکیان بەیەکەوە فرەوانترە. مایەی تێبینییە کە نە میسرییە کۆنەکان و، نە هیندییەکان، نە چینییەکانیش هانی بازرگانیی دەرەکییان نەداوە، بگرە دەردەکەوێ کە دەوڵەمەندییەکەیان بەرهەمی ئەم کەشتییەوانییە ناوەخۆییە بووە.

هەموو بەشەکانی ناوەوەی ئەفریقا و ئەوانەی ئاسیا، کە ماوەیەکی زۆر لە دەریای ڕەش و دەریای قەزوینەوە دوورن و، سیتیای کۆن و، وڵاتی نوێی تاتار و سایبیریا، لەوە دەچێ لە گشت سەردەمەکاندا لە هەمان دۆخی کێویبوون و ناشارستانێتی بووبن کە ئێستا لە سایەیدا دەژین. دەریای تاتار بریتییە لە زەریای بەستوو کە بۆ کەشتییەوانی نەگونجاوە و، هەرچەندە هەندێک لە گەورەترین ڕووبارەکانی جیهان بەو وڵاتەدا تێپەڕ دەبن، بەڵام زۆر لەوە لەیەک دوورترن کە بەشی هەرە زۆریان بۆ کاری بازرگانی و گەیاندن بەکار بێن. لە ئەفریقاش هیچ دەروازەیەکی گەورە نییە وەک دەریای بالتیک و دەریای ئەدریاتیک لە ئەوروپا و، دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش لە ئەوروپا و ئاسیا و، کەنداوەکانی عارەب و فارس و هیند و بەنگال و سیام لە ئاسیا، بۆ ئەوەی بازرگانیی کەشتییەوانی لە بەشەکانی ناوەوەی ئەو پارزەوینە مەزنەدا بەڕێوە بچێ و: ڕووبارە گەورەکانی ئەفریقا زۆر دوورن لە یەکتری بەشێوەیەک کە یارمەتیی دروستبوونی کەشتییەوانییەکی بەرچاوی ناوخۆیی نادەن. بازرگانیی وڵاتێکیش لەڕێی ڕووبارێک کە لقی زۆری لێ نەبێتەوە و، پێش گەیشتنی بە دەریا بە خاکی وڵاتێکی تردا تێپەڕێ، هەرگیز ئەو هەژموونە بەرچاوەی نابێ. لەبەر ئەوەی بەردەوام دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی بە ناو خاکەکەیاندا تێپەڕ دەبێ و ئەو وڵاتانە دەبنە بەرەبەست لەنێوان ئەمان و دەریادا. کەشتییەوانی لە دانوب بۆ زۆربەی وڵاتانی باڤاریا و نەمسا و هەنگاریا سوودی نییە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئەگەر هاتبا و ڕووبارەکە هەمووی تا دەگاتە دەریای ڕەش لە خاکی یەکێک لەو وڵاتانە بووایە.

بەشی چوارەم
بنەوان و بەکارهێنانی دراو

کاتێک کە دابەشکردنی کار بە شێوەیەکی تەواو دامەزرا، بووە بەشێکی زۆر بچووکی ئەو ویستانەی مرۆڤ کە بەرهەمی کارەکەی دەتوانێ بیانخاتە ڕوو. مرۆڤ بەشی زۆری بەرهەمە زیادەکەی کاری خۆی کە لە پێویستیی خۆی زیاترە دەخاتە ڕوو و ئاڵوگۆڕی پێ دەکا لەگەڵ بەرهەمی کاری کەسانی تر کە بۆ ئەم گونجاون. بەم شێوەیە هەر کەسێک کە لەڕێی ئاڵوگۆڕەوە دەژی، دەبێتە بازرگان و، کۆمەڵگەش گەشە دەکا و بەڕاستی دەبێتە کۆمەڵگەیەکی بازرگانی.

بەڵام کە بۆ یەکەم جار دابەشکردنی کار هاتە کایەی بەکارهێنانەوە، ئەم هێزی ئاڵوگۆڕە لە ئۆپەراسیۆنەکانیدا زۆر جار تووشی کوێرەڕێ و شەرمەزاری دەبووەوە. بۆ نموونە کاتێک کەسێک زیاتر لە یەک کاڵای هەبووە و کەسێکی تر کەمی هەبووە. کە لەکۆتاییدا کەسی یەکەم، دوور لە زیادیی کاڵاکانی، خۆشحاڵ بووە بەوەی کاڵاکانی لە کۆڵ بکاتەوە و ئەوەی دووەم حەزی کردووە بیانکڕێ. بەڵام ئەگەر ئەوەی دوایی ئەو کاڵایەی نەبووبێ کە ئەوەی یەکەم پێویستی پێیەتی، نەدەکرا ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا ئەنجام بدرێ. گۆشتفرۆشەکە (butcher) ئەوەندە گۆشتی لە دوکانەکەیدا هەیە کە خۆی ناتوانێ بەکاری ببا و، بیرەچی (brewer) و نانەواکەش (baker) هەر یەکێکیان ئارەزووی هەیە بەشێک لەو گۆشتە بکڕێ. بەڵام ئەوان هیچیان نییە کە بە گۆشتەکەی بگۆڕنەوە، جگە لەو بەرهەمانەی کە هەر یەکێکیان هەیەتی و، گۆشتفرۆشەکە ئەوەندە بیرە و نانی هەیە کە لەو ئان و ساتەدا پێویستی پێیەتی. لەم دۆخەدا، ناشێ هیچ پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا بەڕێوە بچێ. ئەو ناتوانێ ببێ بە فرۆشیار بۆ ئەوان و ئەوانیش ناتوانن ببن بە کڕیاری ئەو. هەمووشیان بەیەکەوە ناتوانن خزمەت پێشکەش بە یەکتر بکەن. بۆ خۆلادان لە دۆخی وەها نەگونجاو، هەموو مرۆڤێکی ژیر لە گشت سەردەمەکانی کۆمەڵگەدا، دوای یەکەمین دروستبوونی دابەشکردنی کار، بەشێوەیەکی سروشتی شێوازێکی داهێناوە بۆ ئەوەی کاروباری خۆی بەڕێوە ببا کە بۆ خۆی پێوانەیی بێ، لەپاڵ پیشەسازییەکەی خۆیدا، بڕێکی دیاریکراو لەم یان لەو کاڵا، کە پێی وا بووە خەڵک لارییان نابێ لە گۆڕینەوەیان بە بەرهەمەکانی پیشەکانیان.

بەم شێوەیە بیر لە ژمارەیەکی زۆر کاڵا کراوەتەوە کە بۆ ئەم مەبەستە بەسوود بن. لە سەردەمانی کۆمەڵگەی سادەدا، دەگوترێ کە ماڵات ئامرازی گشتیی بازرگانی بووە و، بێگومان مایەی ئاسوودەیی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمانی کۆندا دەبینین کە

شتەکان بە ژمارەی ئەو ماڵاتە نرخێنراون کە پێیان هاتوونەتە گۆڕینەوە. بۆ نموونە هۆمەر دەڵێ کە بەهای قەڵغانەکەی دایۆمید نۆ گا بووە. بەڵام بەهای قەڵغانەکەی گڵاوکەس سەد گا بووە. هەروەها دەڵێن کە خوێ ئامرازی گشتیی نرخاندن بووە لە حەبەشە و، لە کەناراوەکانی هیند جۆرێک لە قاقڵەجنۆکە ئەو کارەی پێ کراوە و، لە نیوفاوندلاند ماسیی کۆدی وشککراوە و، لە ڤێرجینیا تووتن و، لە هەندێ کۆڵۆنییەکانی هیندی ڕۆژئاوامان شەکر، لە هەندی وڵاتی تر پێستەی خۆشەکراو و خۆشەنەکراو و، لەم سەردەمەشدا لە سکۆتلاند گوندێک هەیە کە وەک بیستوومە، تیایدا نائاسایی نییە کارگەرێک لەجیاتی پارە هەندێ بزمار لەگەڵ خۆیدا ببا بۆ دوکانی نانەوا یان بۆ مەیخانە.(alehouse)

بۆیە لە گشت وڵاتاندا، لەوە دەچێ مرۆڤەکان لەبەر چەندان هۆکاری بەهێز لەکۆتاییدا بڕیاری ئەمەیان دابێ، کە کانزا لە سەرووی هەموو کاڵایەکی ترەوەیە. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کانزا بە هەڵگرتن لە هەر کاڵایەکی تر کەمتر زیانی پێ دەگا و، بە دەگمەن لەناو دەچن و تێک دەچن، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە کانزا بەبێ ئەوەی زیانی پێ بگا توانای دابەشکردنی بەسەر هەر ژمارەیەکدا هەیە و، بە تواندنەوە ئەو بەشانە دووبارە بەیەکەوە کۆ دەکرێنەوە، ئەمەش سیفەتێکە کە لە هیچ کاڵایەکی تری تەمەنداردا نییە و، لە هەموو سیفەتێک زیاتر وایان لێ دەکا شیاوی ئەوە بن کە ببنە ئامرازی بازرگانی و ئاڵوویر. ئەو کەسەی، بۆ نموونە بیویستایە خوێ بکڕێ و لە بەرامبەردا جگە لە ماڵات هیچی نەبووایە، ناچار دەبوو بە یەک جار بایی بەهای یەک گای تەواو، یان یەک مەڕی تەواو، خوێ بکڕێ. دەگمەن بوو بتوانێ لەوە کەمتر بکڕێ، لەبەر ئەوەی ئەو کاڵایەی لە بەرامبەردا دەیدا نەدەبوو بەبێ زیان لەت بکرێ و، ئەگەر مەبەستی بووایە زیاتر بکڕێ، لەبەر هەمان هۆکار ناچار دەبوو بڕەکە دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندە بکات، چونکە ناچار دەبوو دوو یان سێ گا یان مەڕ بگۆڕێتەوە. ئەگەر لە جیاتی ئەو مەڕ و گایانە، ئەو کەسە کانزای هەبووایە بۆ ئاڵوگۆڕ، ئەو کات بە ئاسانی دەیتوانی کانزاکە دابەش بکات و چەندی پێویستە لە کاڵاکە بایی ئەوەندە کانزا بدا.

لەلایەن گەلانی جیاجیاوە، کانزای جیاجیا بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێنراون. بەکارهێنانی ئاسن لە بازرگانیدا باوترین بوو لەلای سپارتاییە کۆنەکان و، مس لەلای ڕۆمانیە کۆنەکان و، زێڕ و زیو لای گەلانی دەوڵەمەند و بازرگان.

لەوە دەچێ لە بنەڕەتدا ئەم کانزایانە لە شێوەی پارچەی خاو بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێنرابن، بەبێ ئەوەی هیچ مۆرێکیان لەسەر بێ یان کرابن بە پارچە دراو. بۆیە پیللینی بۆمان دەگێڕێتەوە کە بەپێی تیماوس کە مێژوونووسێکی کۆنە، تا سەردەمی سێرڤیۆس تۆلیەس ڕۆمانەکان هیچ دراوێکیان نەبووە و، پارچە مسی بێ مۆریان بۆ کڕینی

پێداویستییەکانیان بەکار هێناوە. بۆیە ئەو پارچە مسانە لەو سەردەمەدا ڕۆڵی پارەیان بینیوە.

بەکارهێنانی کانزاکان بەم شێوە خاوە دوو جۆر لەنگیی لێ کەوتووەتەوە: یەکەم کێشەی کێشیان و، دووەم، چۆنێتیی هەڵسەنگانجیهانن. لە دۆخی کانزا گرانبەهاکاندا، کاتێک کە جیاوازییەکی کەم جیاوازییەکی زۆر لە بەها دروست دەکا، تەنانەت کاری کێشان بە وردییەکی گونجاو، بەلای کەمەوە پێویستی بە پێوانە و توانای ورد هەیە. کێشانی زێڕ بەتایبەتی پرۆسەیەکە جۆرێک لە وردیی تێدایە. لە کانزا کەمنرخەکاندا، کە هەڵەیەکی کەم کاریگەریی کەمی دەبێ، بێگومان وردیی کەمتری دەوێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە کێشەی لێ دەبێتەوە، ئەگەر پیاوێکی هەژار بۆی بلوێ بایی بەهایەکی کەم کاڵا بکڕێ یان بفرۆشێ، پێویستە ئەو بڕە کەمە بپێوێ. پرۆسەی نرخاندنەکە هێشتا سەختترە و، وەڕسکەرترە و، چونکە پێویستە بەشێک لە کانزاکە لە بۆتەیەکدا بە توێنەرەوەی گونجاو بتاوێنرێتەوە، هەر ئەنجامێکیش لەو پرۆسەیە دەست بکەوێ ڕێک تەواو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پێش داهێنانی دراو، ئەگەر بەو پرۆسە بێزارکەر و سەختەدا نەچووبان، خەڵک بەردەوام فێڵیان لێ دەکرا و، لەجیاتی یەک پاوەن (یەکسانە بە ٤٥٣.٥٩ گرام- وەرگێڕ) زیوی خاوێن، یان مسی خاوێن، لەوانە بوو لە بەرامبەر کاڵاکانیاندا پێکهاتەیەکی قەڵب لە کانزای خراپ و هەرزانبایی وەرگرن، کە بەشێوەیەک ڕووکەشەکەیان دروست کرابوو هاوشێوەی ئەو کانزایانە بێ. بۆ ڕێگری لەم جۆرە دەستبڕییانە و، بۆ ئاسانکاری لە ئاڵوگۆڕکردن و، هاندانی هەموو جۆرەکانی پیشەسازی و بازرگانی، لە هەموو وڵاتەکاندا بەپێویست زانرا هەر پێشکەوتنێکی بەرچاو بەرەو چاکسازی بگیرێتە بەر، بۆ ئەوەی مۆرێکی گشتی دابنرێ لەسەر بڕی دیاریکراو لەم کانزا دیاریکراوانە کە لەو وڵاتانەدا بۆ کڕینی کاڵا بەکار دەهێنران. لێرەوە بناخەی دراوی بەپارەکراو (coined money)دەرکەوت و، ئەو نووسینگە گشتییانەی ئەم کارەیان دەکرد پێیان دەگوترا (مینت). ئەم دامەزراوانە بەتەواوی هاوسروشتی چاودێرانی جۆری خوری و ئەو کەسانەی مۆریان لە کوتاڵی خوری و کەتان دەدا، بوون. هەموویان مەبەستیان دڵنیابوون بوو لە مۆرێکی گشتی و، لە جۆر و یەکسانیی باشیی ئەو کاڵا جۆراوجۆرانەی بۆ بازار دەهێنران.

یەکەمین مۆری گشتی لەم جۆرە کە لە دراوە کانزاییە باوەکان دران، لە زۆر ڕووەوە لەوە دەچێ پێویستیان بە دڵنیابوون هەبووبێ، کە زۆر سەخت بوو و زۆر گرنگ بوو لێیان دڵنیا ببنەوە، باشی یان خاوێنیی کانزاکە و، وەک ئەو نیشانەی ئیستەرلینیەی لەم سەردەمەدا لەسەر پارچە و پانکی (plate) زیو دەدرێ، یان نیشانەی ئیسپانی کە هەندێ جار لە دارشتەی زێڕ دەدرێ، کە تەنیا لە دیوێکی پارچەکە دەدرێن و هەموو ڕووبەرەکەی ناپۆشن و، نیشانەی خاوێنیی کانزاکەن نەک کێشەکەی. ئەبراهام ئەو سەد شیکل (دراو یان

کێشێکی زیوە- وەرگێڕ) زیوە بۆ ئیفۆرن دەکێشێ کە قایل بووە لەبری کێڵگەکەی ماخپیلا بیداتێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەگوترێ کە پارەی ئێستای بازرگان هێشتا بە کێش وەردەگیرێ نەک بە گوتن، بە هەمان شێوەی داڕشتەی زێڕ و پارچە زیوی ئەم ڕۆژگارە. دەڵێن داهاتی پاشاکانی ساکسۆنی کۆن لە ئینگلتەرە، بە پارە نەدەدرا بەڵکو بە جۆر بوو، واتە هەموو جۆرە ئازووخە (provisions) و کەلوپەلێک. ویلیەمی داگیرکەر داهێنەری نەریتی وەرگرتنی داهات بوو بە پارە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارەیە بە کێشانە وەردەگیرا نەک بە ژمارە.

نەگونجان و سەختیی کێشانی ئەو کانزایانە بەوردی بوونە هۆی پەیدابوونی دراو کە لە هەردوو دیوەوە مۆری پێوە هەبوو و، مۆرەکە تەواوی هەردوو دیوی پارچە دراوەکەی دەپۆشی و هەندێ جار لێوارەکانیشی دادەپۆشی، بەو نیازەی ئەمە نەک تەنیا دڵنیایی بێ لە خاوێنیی کانزاکە، بگرە دڵنیایی بێ لە کێشەکەشی.

لەوە دەچێ ناوی بەش و پارچە جیاجیاکانی ئەو دراوانە لە بنەڕەتدا دەربڕینی کێش یان بڕی ئەو کانزایە بووبێ کە لە هەر پارچە دراوێکدا هەبووە. لە سەردەمی سێرڤیەس تەڵیەس، کە یەکەم کەس بوو دراوی لە ڕۆما داهێنا، یەک ڕۆمان یان پۆندۆ بریتی بووە لە یەک پاوەنی ڕۆمانی مسی باش. بە هەمان شێوەی دابەشکردنی پاوەنی تروای ئێمە، دابەش دەبووە سەر دوازدە ئۆنس، کە هەر یەکێکیان ئۆنسێکی تەواو مسی باشی لەخۆ دەگرت. پاوەنی ئیستەرلینی ئینگلیز، لە سەردەمی ئیدواردی یەکەم، یەک پاوەن، بە کێشی تاوەر (بۆیە وایان پێ دەگوت چونکە ستاندارەکەی لە تاوەری لەندەن پارێزراو بوو- وەرگێڕ)، زیوی تێدا هەبوو کە خاوێنییەکەی دیار بوو. لەوە دەچێ کە پاوەنی تاوەر شتێک لە پاوەنی ڕۆمانی زیاتر بووبێ و، کەمێک لە پاوەنی تروا کەمتر بووبێ. کە ئەمەی دواییان لە مینتی ئینگلتەرا بەکار نەدەهات تا هەژدەیەمینی هێنریی هەشتەم. لیرەی فرانسەیی لە سەردەمی شارلماندا یەک پاوەن، بە کێشی تروا، زیوێکی خاوێنی دیاریکراوی لەخۆ دەگرت. لەو سەردەمەدا هەموو گەلانی ئەورووپا ئاشنای ساخڵەمیی ترووای شامپەین بوون و، کێش و پێوانەکانی ئەوەندە ناوبانگیان هەبوو لە بازاڕدا کە هەمووان دەیانزانی و دەیانئرخاند. پاوەنی سکۆتلاندی، لە سەردەمی ئەلیکساندەری یەکەمەوە تا سەردەمی ڕۆبەرت برووس، پێک دەهات لە یەک پاوەن زیو کە هەمان کێش و خاوێنیی پاوەنە ئیستەرلینیەکەی ئینگلیزی هەبوو. پێنسی ئینگلیز و فرانسەیی و سکۆتلاندیش، هەموویان لە بنەڕەتدا کێشی یەک پێنسی تەواو زیویان هەبوو، کە یەک لە بیستی کێشی ئۆنسێکە و، یەک لە دوو سەد و چلی پاوەنێکە. لەوە دەچێ شیلین لە بنەڕەتدا بەشێک بووە لە کێشەکان. یەکێک لە یاسا کۆنەکانی هێنریی سێیەم دەڵێ کاتێک چارەکێ گەنم بە دوازدە شیلین بێ دەبێ نانێکی وەیستل کە بایی فارتینگێکە، کێشەکەی یازدە شیلین و چوار پێنس

بێ. لەوە دەچێ کە ڕێژەی نێوان شیلین و پێنس لەلایەک و، پاوەن لەلایەکی ترەوە، جێگیر و یەکانگیر نەبووبێ وەک ڕێژەی نێوان پێنس و پاوەن. لە سەردەمی نەوەی یەکەمی پاشاکانی فەرانسەدا، لە بۆنەی جیاجیادا دەردەکەوێ کە سو یان شیلینی فەرانسەیی پێک هاتووە لە پێنج، دوازدە، بیست و، چل پێنس. وا دیارە لە ناو ساکسۆنە کۆنەکاندا و لە یەک کاتدا شیلینێک تەنیا لە پێنج پێنس پێک هاتووە و، دوور نییە کە جیاوازیشی هەبووبێ وەک ئەوەی لای دراوسێکانیان، فەرەنگە کۆنەکان، هەبووە. لە ناو فەرانسەییەکان لە سەردەمی شارلمانەوە و، لە ناو ئینگلیز لە سەردەمی ویلیامی داگیرکەرەوە، لەوە دەچێ ڕێژەی نێوان پاوەن و شیلین و پێنس بە نەگۆڕی و هاوشێوەی سەردەمی ئێستامان مابێتەوە، هەرچەندە بەهای هەر یەکێکیان زۆر جیاواز بووە. چونکە من پێم وایە کە لە هەر وڵاتێکی جیهاندا تەماحکاری و نادادپەروەریی میران و وڵاتە سەربەخۆکان، قۆزتنەوەی متمانەی خەڵکی بەر دەستیان، بە پلەی جیاجیا بووەتە مایەی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو کانزایانەی لە دراوەکانیاندا هەبووە. ڕۆمانەکان لە سەردەمانی کۆتایی کۆمارەکەیاندا، کێشەکەیان کەم کردەوە بۆ یەک لە بیست و چوار، لە جیاتی یەک پاوەن و، وای لێ هات کێشەکەی ببێ بە تەنیا نیو پێنس و، پێنسیش تەنیا سێیەکی مایەوە. پاوەن و پێنسی سکۆتلاند بوونە یەک لە سی و شەش و، پاوەن و پێنسی فەرانسەیی بوونە نزیکەی یەک لە شەست و شەشی کێشە بنەڕەتییەکەیان. بەهۆی ئەم کارانەوە ئەو میر و وڵاتە سەربەخۆیانە دەیانتوانی بە ڕووکەش قەرزەکانیان بدەنەوە و بەڵێنەکانیان بەجێ بگەیەنن، بە بڕێکی کەم زیو، کەمتر لەوەی کە دەبوو بیدەن. بێگومان ئەمە تەنیا بە ڕووکەش بوو، لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا فێڵیان لە قەرزدەرەکان کرد و تەنیا بەشێک لە قەرزەکانیان دانەوە. بەمەش هەموو قەرزارەکانی تری وڵات سوودمەند بوون و، توانییان هەمان ئەو بڕە دراوە بدەنەوە کە لەسەریان بوو بەڵام تەنیا بە ناو، لەبەر ئەوەی قەرزە کۆنەکانیان بە دراوە نوێیە کەمبەهاکە دایەوە. ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە بۆ قەرزار گونجاو بوون و، بۆ قەرزدەرەکان ماڵوێرانکەر بوون و، هەندێ جار بوونە مایەی بەرهەمهێنانی شۆڕشێک لە سامانی تاکەکان و، کارەساتێکی گشتیی مەزن.

بەم شێوەیە پارە لە گشت وڵاتانی شارستانیدا بووە ئامرازی باوی بەڕێوەچوونی کاری بازرگانی، چونکە بەهۆیەوە هەموو جۆرە کاڵایەک دەهاتنە کڕین و فرۆشتن، یان گۆڕینەوە.

ئەو بنەمایانە چین کە مرۆڤ ڕەچاویان دەکا لە کاتی ئاڵوگۆڕکردن چ بە پارە یان بە کاڵا، من لێرەوە لێیان دەکۆڵمەوە. ئەم بنەمایانە ئەوە دیاری دەکەن کە پێی دەگوترێ

بەهای ڕێژەیی (relative value) یان بەهای گۆڕینەوەی (exchangeable value) کالا.

دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە وشەی بەها (value) دوو واتەی جیا لەیەکی هەیە و، هەندێ جار دەربڕینە لە سوودی شتێکی دیاریکراو و، هەندێ جاریش هێزی کڕینی کالای ترە کە هەبوونی ئەو شتە دەیگوازێتەوە. دەشێ بە یەکێکیان بڵێین "بەهای بەکارهێنان (value in use)"و، بەوەی تر بڵێین "بەهای گۆڕینەوە (value in exchange)". ئەو شتانەی بەهای بەکارهێنانیان زۆر بەرزە زۆربەی کات بەهای گۆڕینەوەیان کەمە یان هەر نییە، بە پێچەوانەشەوە، ئەو شتانەی زۆرترین بەهای گۆڕینەوەیان هەیە بەهای بەکارهێنانیان کەمە یان نییە. هیچ شتێک لە ئاو بەسوودتر نییە، بەڵام بەدەگمەن شتێکی پێ دەکڕێ، بەدەگمەن بە شتی تر دەگۆڕرێتەوە. ئەڵماس، بەپێچەوانەی ئاو، دەگمەنە بۆ هیچ بەکار بێ، بەڵام بەردەوام دەشێ بە بڕی زۆر لە کالای تر بگۆڕرێتەوە.

بۆ وردبوونەوە لەو بنەمایانەی کە بەهای گۆڕینەوەی کەلپەلەکان ڕێک دەخەن، هەوڵ دەدەم ئەمانە بخەمە ڕوو:

یەکەم، پێوەری ڕاستەقینەی ئەم بەهای گۆڕنەوەیە چییە، یان نرخی ڕاستەقینەی (real price)هەموو کەلپەلەکان لە کوێدایە.

دووەم، ئەو بەشە جیاجیایانە چین کە ئەم نرخە ڕاستەقینەیە پێک دێنن و دروستی دەکەن.

سێیەم و کۆتایی، ئەو دۆخە جیاجیایانە کە هەندێ جار هەندێک یان هەموو ئەو بەشە جیایانەی نرخ بەرز دەکەنەوە و، هەندێ جاریش دایاندەبەزێننە خوار ئاستی سروشتی یان ئاسایی خۆیان. یان، ئەو هۆکارانە چین کە هەندێ جار ڕێ لە نرخی بازاڕ (market price)دەگرن، کە نرخی ڕاستەقینەی کەلپەلەکانە، لەوەی بەتەواوی هاوشانی ئەو نرخەیان بن کە دەشێ پێی بڵێن نرخە سروشتییەکەیانە.(natural price)

تا ئەوپەڕی توانام هەوڵ دەدەم بەتەواوی و بەڕوونی ئەم سێ بابەتە لە سێ بەشەکەی داهاتوودا شی بکەمەوە، کە تیایاندا دەبێ زۆر بەڕژدی داوای پشوویەکی درێژ و هەستڕاگرتنی خوێنەر بکەم: پشوودرێژییەکەی بۆ ئەو وردەکارییانەی هەندێ جار لەوانەیە بە پێویست نەزانرێن و، هەستڕاگرتنەکەشی بۆ تێگەیشتنی ئەوەی لەوانەیە کە دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەی دەتوانم بیدەم، وا دەرکەوێ کە هێشتا ناڕوونی ماوە. من بەردەوام ئامادەم پێشوازی لەوە بکەم کە وەڕسکەر بم لەپێناو دڵنیابوون لەوەی کە ورد بم و، ئامادەم تا دەتوانم ئازار بچێژم بۆ ئەوەی کە ڕوون بم، بەڵام هەندێ بابەت هەر ناڕوونییەکیان پێوە دیار دەبێ چونکە سروشتەکەیان زۆر ناڕوونە.

بەشی پێنجەم
نرخی ڕاستەقینە و نرخی هێمایی کاڵا
یان نرخ لەڕووی کارەوە و نرخ لەڕووی پارەوە

دەوڵەمەندی و هەژاریی هەموو کەسێک پەیوەستە بە ڕادەی توانای ئەو کەسەوە بەندە لە دابینکردنی پێداویستییەکان، هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی و، ژیانی خۆشی مرۆڤانە. بەڵام دوای ئەوەی دابەشکردنی کار بەتەواوی جێگیر بوو، تەنیا بەشێکی بچووک لەمانە لەڕێی کاری مرۆڤ خۆیەوە دابین دەبوو. بەشە هەرە زۆرەکەیان دەبوو لەڕێی کاری کەسانی ترەوە بۆی دابین بین و، دەوڵەمەندی و هەژاری بەو برە کارەوە پەیوەست بوو کە توانای بەدەستهێنانی هەبوو، یان ئەوەی دەیتوانی بیکڕێ. بۆیە بەهای هەر کەلپەلێک بۆ ئەو کەسەی کە هەیەتی، یان بەکاری ناهێنێ، لە توانای گۆڕینەوەیدا بوو بە کەلپەلی تر و، یەکسان بوو بە بڕی ئەو کارەی ڕێگەی بۆ خۆش دەکا بیانکڕێ یان دەستی بکەون . بەمەش کار پێوانەی ڕاستەقینەی بەهای گۆڕینەوەی گشت کەلپەلێکە.

نرخی ڕاستەقینەی هەموو شتێک، هەموو شتێک بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ بەدەستی بهێنێ چەندی تێدەچێ، ئەو زەحمەتکێشان و ماندووبوونەیە کە لە بەدەستهێنانیدا دەیانکێشێ. هەر شتێک چەند بەهای هەیە بۆ ئەو کەسەی بەدەستی هێناوە و، کێ دەیەوێ لەکۆڵی بکاتەوە یان بە شتێکی تری بگۆڕێتەوە، ئەو زەحمەتکێشان و ماندووبوونەیە کە دەیەوێ بۆ خۆی گلی بداتەوە و، دەتوانێ بەسەر کەسانی تردا بیانسەپێنێ. ئەوەی بە پارە یان بە کاڵا چنگ دەکەوێ بە کار کڕدراوە، بایی ئەو ماندووبوونەی لەشمانە بۆ بەدەستهێنانیان. بێگومان پارە و کاڵای تر ئەو زەحمەتکێشانەمان بۆ دەگێڕنەوە. ئەوان بەهای بڕێکی دیاریکراوی کار لەخۆ دەگرن، کە بەوەی دەگۆڕینەوە کە چاوەڕوان دەکرێ لەو کاتەدا کە بەهای بڕێکی یەکسانی هەبێ. کار نرخی یەکەم بوو، پارەی بنەڕەتی بووە بۆ کڕینی هەموو شتێک. هەموو ئەوەی لە بنەڕەتدا سامانی جیهانی پێ کڕراوە زێڕ و زیو نەبوو، بەڵکو کار بووە و، بەهاکەی بۆ ئەوانەی هەیانبوو و ئەوانەی ئارەزووی گۆڕینەوەیان هەبوو بەرامبەر بە هەندێ بەرهەمی نوێ، بەتەواوی یەکسانە بە بڕی ئەو کارەی ڕێیان بۆ خۆش دەکا تاوەکو بیکڕن یان داوای بکەن.

وەک بەڕێز هۆبز دەڵێ، سامان دەسەڵاتە. بەڵام ئەو کەسەی کە سامانێکی زۆری هەیە یان سەرکەوتووە لە بەدەستهێنانی، مەرج نییە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی، یان مەدەنی یان سەربازیی هەبێ یان سەرکەوتوو بێ لە بەدەستهێنانیاندا. ڕەنگە سامانەکەی ئامرازی

بەدەستهێنانی هەردووکیانی بخاتە بەر دەست، بەڵام تەنیا هەبوونی سامان مەرج نییە هیچ یەکێکیانی بۆ دەستەبەر بکات. ئەو دەسەڵاتەی کە ڕاستەوخۆ بۆی فەراهەم دەبێ توانای کڕینە، زاڵبوونێکی دیاریکراوە بەسەر کاردا، یان بەسەر بەرهەمی کاردا، کە لە بازاڕدایە. زۆری و کەمیی سامانەکەی وابەستەیە بە ڕادەی ئەو دەسەڵاتەوە، یان بە بڕی کاری کەسانی ترەوە، یان کە هەمان شتە، بەرهەمی کاری کەسانی تر، ڕێی بۆ خۆش دەکا ئەوە بکڕێ کە دەیەوێ. بەهای گۆڕینەوەی هەموو شتێک دەبێ بەردەوام بەتەواوی یەکسان بێ لەگەڵ ئەو مەودایەی کە ئەم دەسەڵاتە بۆ خاوەنەکەی فەراهەمی دەکا.

ئەگەر چی کار پێوەری ڕاستەقینەی بەهای گۆڕینەوەی هەموو کەلپەلەکانە، بەڵام بەردەوام بەهاکانیان بەهۆیەوە دەستنیشان ناکرێن. سەختە ڕێژەی نێوان دوو بڕ کار دەستنیشان بکرێ. کاتی بەسەربراو لە ئەنجامدانی دوو جۆر کاردا بەردەوام ناکرێ بەتەنیا ئەو ڕێژەیەی پێ دەستنیشان بکرێ. ئاستە جیاکانی سەختیی کارەکان و، کارامەیی ئەنجامدانیانیش دەبێ ڕەچاو بگیرێن. لەوانەیە لە یەک سەعاتی کارێکی سەختدا کاری زیاتر بکرێ لەوەی لە دوو سەعاتی کارێکی ئاساندا ئەنجام دەدرێ، یان لە سەعاتێک ئەنجامدانی بازرگانییەکدا کە بۆ فێربوونی دەساڵی تێ چووە، کار زیاتر بێ لە یەک مانگ ئیشکردن لە پیشەیەکی ئاسایی و ڕووندا. بەڵام ئاسان نییە پێوەرێکی ورد بدۆزرێتەوە بۆ سەختی یان داهێنەری. لە ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمە جیاکانی جۆرە جیاجیاکانی کارێک بە هی کارێکی تر، بێگومان بە گشتی هەندێ چاوپۆشی بۆ هەردوو لایەن دەکرێ. هەرچەندە ئەمە بە هیچ پێوەرێکی ورد ڕێک نەخراوە، بەڵام سەوداکردن و مامەڵەی بازاڕ، بەپێی ئەو جۆرە یەکسانییە ناتەواوە کە تەواو دروست نییە، گونجاون بۆ ئەوەی کاری ڕۆژانە بەڕێوە بچن.

لەپاڵ ئەمەشدا، هەر کاڵایەک بەئاسانی ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێ و، لەگەڵ کاڵای تر، نەک لەگەڵ کار، بەراورد دەکرێ. بۆیە سروشتیترە کە بەهای گۆڕینەوەی بە بڕی کاڵایەکی تر بەراورد بکرێ، نەک بەو کارەی کە لەتوانایدایە بیکڕێ. بەشی هەرە زۆری خەڵکیش، باشتر تێ دەگەن کە بڕێک لە کاڵایەکی دیاریکراو چەندە، نەک لە بڕی کار چەندە. کە یەکێکیان شتێکی ڕوون و ئاساییە و ئەوەی تر تەنیا بیرۆکەیەکە ئەگەر چی بە باشیش ڕوون بکرێتەوە، هەر بە گشتی ئەوەندە سروشتی و ڕوون نابێ.

بەڵام کاتێ ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا بە کاڵا دەوەستێ و، پارە دەبێتە ئامرازی هاوبەشی بازرگانیکردن، هەموو کەلپەلێک ئاسانتر بە پارە دێتە گۆڕینەوە نەک بە کەلپەلێکی تر. بە دەگمەن قەساب گۆشتی گا یان مەڕ دەبا بۆ لای نانەوا یان بیرەچیەکە بۆ ئەوەی بە نان و بە بیرە بیانگۆڕێتەوە. ئەو بڕە پارەیەی لەوانە دەستی دەکەوێ پێی دەڵێ کە دەتوانێ چەند

نان و بیره بکڕێ. بۆیە سروشتیتر و ڕوونترە بۆ ئەو، بەهای ئەو کاڵایانە، کە دەیەوێ بیانگۆڕێتەوە، بە پارە بخەملێنێ، نەک بە نان و بیرە، کە ئەو کاڵایانەن کە دەتوانێ بیانگۆڕێتەوە بە هەبوونی کاڵایەکی تر لە ئارادا. با بڵێین ئەو گۆشتەی قەسابەکە هەیەتی پاوەنێکی بایی سێ یان چوار پێنسە، لە جیاتی ئەوەی بڵێین بایی سێ یان چوار پاوەن نانە، یان بایی سێ یان چوار چارەک بیرەی بچووکە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە بەهای گۆڕینەوەی هەر کەلوپەلێک ئاسانتر لەڕێی پارەوە دەستنیشان دەکرێ، نەک بڕی کار یان هەر کاڵایەک کە دەتوانرێ لەگەڵی بگۆڕرێتەوە.

زێڕ و زیو وەک هەر کەلوپەلێکی تر، بەهای جیاوازیان هەیە و، هەندێ جار گرانترن و جاری واش هەیە هەرزانترن، هەندێ جار کڕینیان ئاسانە و هەندێ جار سەختە. بڕی ئەو کارەی بڕێکی دیاریکراویان دەتوانێ بیکڕێ یان ببێتە خاوەنی، یان بڕی ئەو کاڵایانەی تر کە پێیان دەگۆڕرێنەوە، بەردەوام پشت دەبەستێ بە بەپیتی یان کەمبەرهەمیی کانەکانیانەوە، کە بە پێی کاتی ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕەکە دەزانرێ. دۆزینەوەی کانێکی زۆر لە ئەمەریکا، بەهای زێڕ و زیوی لە ئەوروپا لە سەدەی شازدەدا بەڕێژەی نزیکەی سێیەک دابەزاند. لەبەر ئەوەی دەرهێنانی ئەم کانزایانە لە کان و گەیانجیهانن بە بازاڕ کاری کەمتری دەوێ، ئەوانیش لەوێ کاری کەمتر بەدەست دێنن یان دەکڕن و، ئەم شۆڕشە لە بەهاکەیاندا کە ڕەنگە گەورەترین بێ، تەنیا شۆڕشێک نییە کە مێژوو هەندێ بایەخی پێ دابێ. بەڵام وەک پێوەرێک بۆ بڕ، وەک پێی سروشتی، بەژن، یان چنگ کە بەردەوام لە گۆڕاندان، هەرگیز نابێتە پێوەرێکی ورد بۆ بڕی شتەکان، بۆیە کەلوپەلێک کە بەردەوام بەهای خۆی دەگۆڕێ، هەرگیز ناشێ ببێتە پێوەر بۆ بەهای کەلوپەلەکانی تر. بڕگەلی یەکسانی کار، لە هەموو سەردەم و شوێنەکاندا، دەکرێ بگوترێ کە بۆ کەسی کارگەر هەمان بەهای هەیە. ئەو لە دۆخی ئاسایی تەندروستی، هێز و ورەیدا، لە ئاستی ئاسایی توانا و لێهاتویی خۆیدا، دەبێ بەردەوام دەستبەرداری هەمان بڕ ئیسراحەتی خۆی، ئازادیی خۆی و، خۆشحاڵیی خۆی بێ. ئەو نرخەی دەیدا دەبێ بەردەوام هەمان نرخ بێ، جا بڕی ئەو کاڵایانەی لە بەرامبەردا بەدەستیان دێنێ هەر چەندێک بێ. لەڕاستیدا، بەمانە هەندێ جار بڕێکی زیاتر دەکڕێ و هەندێ جاریش کەمتریان پێ دەکڕێ، بەڵام ئەوە بەهای ئەوانە کە گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێ، نەک بەهای ئەو کارەی دەیانکڕێ. لە گشت سەردەم و شوێنەکاندا دەگمەنە کە بەدەستهێنانی سەخت بێ، یان کاری زۆرتری بوێ بۆ بەدەستهێنانی و، ئەوەندە هەرزان بێ کە بە ئاسانی دەست بکەوێ، یان بە کارێکی زۆر کەم دەست بکەوێ. بۆیە کار بەتەنیا، کە هەرگیز بەهای ناگۆڕدرێ، بەتەنیا خۆی پێوەری

کۆتایی و ڕاستەقینەیە بۆ نرخاندن و بەراوردکردنی هەموو کەلپەلەکان لە گشت سەردەم و شوێنەکاندا. ئەو نرخی ڕاستەقینەیانە و پارە تەنیا نرخی هێماییانە (یان نرخی بەناو.(nominal price)

هەرچەندە بڕی یەکسانی کار بەردەوام بەهای یەکسانی کارگەریان هەیە، بەڵام بۆ کەسێک کە کاری پێ دەکا هەندێک جاران وای دەبینێ کە بەهای زۆرترە و هەندێ جاریش بەهاکەی پێ کەمتر دەبێ. ئەو جاری وا هەیە بە بڕێکی زۆرتر کاڵا دەیانکڕی و جاری تر بە کەمتر. بۆیە لە دۆخێکدا پێی گران و، لە دۆخێکی تردا هەرزان. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە کاڵاکانن کە جارێک هەرزان و جارێک گرانن.

لەبەر ئەمە، بەپێی ئەم هەستە باوە دەشێ بگوترێ کە کاریش وەک کەلپەل نرخی ڕاستەقینە و نرخی هێمایی هەیە. دەکرێ بگوترێ کە نرخە ڕاستەقینەکەی لەو پێداویستی و ئامرازانەی خۆشگوزەرانییە کە لە بەرامبەریدا دەدرێن و، نرخە هێماییەکەی لە بڕی پارەکەدایە. دەوڵەمەندی و هەژاریی کارگەر، باش پاداشتکردنی و خراپ پاداشتکردنی، بە بەراورد لەگەڵ نرخی ڕاستەقینەی کار نەک نرخە هێماییەکەی دەردەکەوێ.

جیاکردنەوەی نرخی ڕاستەقینە و هێمایی کەلپەل و کار بابەتێک نییە کە وابەستەی مەزەندەکردن بێ، بەڵکو لەوانەیە هەندێ جار سوودی زۆری لەڕووی کردەنییەوە هەبێ. هەمان نرخی ڕاستەقینە بەردەوام هەمان بەهای هەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان لە بەهای زێڕ و زیودا، هەمان نرخی هێمایی هەندێ جار بەهاگەلی جۆراوجۆری هەیە. بۆیە کاتێک کە موڵکێک دەفرۆشرێ بە مەرجی کرێیەکی بەردەوام (perpetual rent)، ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە ئەو کرێیە بەردەوام هەمان بەهای هەبێ، گرینگە بۆ ئەو خێزانەی ئەو مەرجەی لەپێناودا دانراوە کە بڕێکی دیاریکراوی پارە دەستنیشان نەکرابێ. لەم دۆخەدا بەهاکە بە دوو جۆری جیا لەیەکەوە وابەستە دەبێ: یەکەم، ئەو جۆرەی لە بڕی جیاجیای زێڕ و زیوی ناو دراوی هەمان کانزا لە کاتی جیاجیادا پەیدا دەبێ و، دووەم، ئەوەی لە بەهای جیاجیای بڕی یەکسانی زێڕ و زیو لە کاتی جیاجیادا دەردەکەوێ.

میران و وڵاتانی خاوەن سەروەری زۆر جار وایان پێشان داوە کە مەبەستیانە بە شێوەیەکی کاتی بڕی کانزای خاوێن لە دراوەکانیاندا کەم بکەنەوە، بەڵام بەدەگمەن ئارەزووی زیادکردنی ئەو بڕەیان پێشان داوە. بە بڕوای من، بڕی کانزا لە دراوەکانی گشت وڵاتاندا بەهۆی ئەم هەڵسوکەوتانەوە بەردەوام کەمی کردووە و بەدەگمەن زیادی کردووە. ئەمەش زۆربەی کات بەهای کرێی بەپارە کەم دەکاتەوە.

دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکا بووە هۆی دابەزاندنی بەهای زێڕ و زیو لە ئەورووپا. ئەم دابەزینە، بەگشتی چاوەڕوانکراوە، هەرچەندە من بەبێ بەڵگەی دیار دەڵێم کە وردەوردە بەردەوام دەبێ و لەوانەیە تا ماوەیەکی درێژیش. بەم پێیەش بەهۆی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەوە پێشبینیی دابەزینی بەهای پارەی کرێ دەکرێ نەک بەرزبوونەوەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ بدرێ، نەک بە بڕێکی دیاریکراوی دراوێکی دیاریکراو (بۆ نموونە بە زۆری پاوەنی ئیستەرلینی)، بەڵکو بە بڕێکی دیاریکراو ئۆنسی زیوی خاوێن یان جۆرە زیوێکی دیاریکراو.

ئەو کرێیانەی بە گەنمەشامی دەستنیشان کراون، زیاتر لەوانەی بە پارە دەستنیشان کراون، بەهای خۆیان پاراستووە، تەنانەت ئەگەر پارەکەش نەگۆڕ بێ. ئەلیزابێتی هەژدەیەمین، بڕیاری دا سێیەکی کرێی گرێبەستی کۆمەڵگەکان بە گەنمەشامی بێ، چ بە گەنمەشامی بدرێن یان بە نرخی ئەو کاتەی گەنمەشامی لە نزیکترین بازاڕی گشتیدا. بەقسەی دکتۆر بلاکستۆن، ئەو پارەیەی لەم کرێیەی بە گەنمەشامیە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا سێیەکی کرێکەیە، نزیکەی دوو ئەوەندەی دوو سێیەکەکەی تر دەبێ. بەم پێوانەیە بێ، کرێ کۆنەکانی کۆمەڵگەکان کە بە پارە بوو، دابەزیوە بۆ چواریەکی بەها کۆنەکانیان، یان کەمێک لە چواریەکی ئەو گەنمەشامیە زیاترە کە پێشتر پێی دەهات. بەڵام پارەی ئینگلیز لە سەردەمی فیلیپ و ماریەوە نەگۆڕاوە یان کەم گۆڕاوە و، هەمان ژمارە پاوەن، شیلین و پێنس نزیکەی هەمان بڕ زیوی خاوێنیان تێدایە. بۆیە بەهای کرێی کۆمەڵگەکان بە پارە شانبەشانی بەرزبوونەوەی بەهای زیو بەرز بووەتەوە.

کاتێک کە دابەزینی بەهای زیو کۆ دەبێتەوە لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕێژەکەی لە هەمان جۆر دراودا، زیانەکە زۆرتر دەبێ. لە سکۆتلاند، کە جۆری دراو لەچاو ئینگلتەرە زۆر دابەزی و، لە فرانسە لە سکۆتلاندیش زیاتر دابەزی، هەندێ لە کرێ کۆنەکان کە لە بنەڕەتدا بەهایان زۆر بوو، ئەوەندە دابەزین کە تا ڕادەیەک یەکسان بوون بە هیچ.

بڕی یەکسانی کار لە ماوەگەلی دوور لەیەک بە بڕی تا ڕادەیەک یەکسان لە گەنمەشامی دێنە کڕین، پارووی کارگەریش بەبڕی یەکسانی زێڕ و زیو، یان هەر کەلپەلێکی تر دێتە کڕین. واتە لە کاتی دوور لەیەک بڕی یەکسان لە گەنمەشامی نزیکەی هەمان بەهای ڕاستەقینەیان هەیە، یان خاوەنەکەیان دەتوانێ نزیکەی هەمان بڕ کاری خەڵکی تریان پێ بکڕێ یان بۆ خۆی دەستەبەریان بکات. من دەڵێم، هەمان ئەم شتە بۆ بڕگەلی یەکسان لە هەر کەلپەلێکی تریشدا زۆر لەمە نزیکە، چونکە بڕگەلی یەکسان لە گەنمەشامی سەداسەد ئەمە ناکەن. نانی کارگەر، یان نرخی ڕاستەقینەی کار، وەک ئەوەی

من لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە، لە هەلومەرجی جیاجیادا زۆر جیاوازە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە لە پێشکەوتندایە زۆر ئازادترە لە پێشڕەوی بەرەو خۆشگوزەرانی، وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوودا هەیە و، لە کۆمەڵگەیەکی چەقبەستووشدا ئازادترە لەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا هەیە کە لە پاشەکشەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا گشت کەلپەلەکانی تر لە هەر کاتێکی دیارکراودا بڕێکی زۆرتر یان کەمتر کار دەکڕن بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازووخەیەی لەو کاتەدا دەتوانێ بیکڕێ. بۆیە ئەو کرێیەی بە گەنمەشامی دەدرێ تەنیا پشت بە گۆڕانکاری لەو بڕە کارەی کە بڕێکی دیاریکراوی گەنمەشامی دەتوانێ بیکڕێ، دەبەستێ، زیاتر لە گۆڕانکارییەکانی بڕی ئەو گەنمەشامییەی بە بڕێکی دیاریکراو کەلپەل دێتە کڕین.

دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کە هەرچەندە بەهای ڕاستەقینەی کرێ بە گەنمەشامی، لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی تر دەگۆڕێ بە بەراورد لەگەڵ کرێ بە پارە کە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ. نرخی کار بە پارە، وەک لێرە بەدواوە ڕوونی دەکەمەوە، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر لەگەڵ گۆڕانی نرخی گەنمەشامی بە پارەدا ناگۆڕێ، بەڵام لەوە دەچێ لە هەموو شوێنێکدا، بەشێوەیەکی کاتی نا، بەڵکو وەک تێکڕا (average) و ئاسایی، وەک نرخی پێویست بۆ ژیان پەسەند بکرێ. نرخی تێکڕا یان ئاسایی گەنمەشامی، کە لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە، دووبارە لەڕێی بەهای زیو، دەوڵەمەندی و هەژاریی ئەو کانانەی ئەم کانزایە بۆ بازاڕ دابین دەکەن، یان لەڕێی بڕی ئەو کارەی دەبێ بکرێ و، ئینجا ئەو گەنمەشامییەی دەبێ بەکار ببرێ بۆ ئەوەی بڕێکی دیاریکراوی زیو بۆ بازاڕ بهێنرێ، ڕێک دەخرێ. بەڵام بەهای زیو، هەرچەندە کە هەندێ جار لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی تر جیاوازیی زۆری دەبێ، بە دەگمەن لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر ئەو جیاوازییەی دەبێ، بەڵکو بۆ نیو سەدە یان سەدەیەک وەک خۆی یان نزیک لە ئاستی خۆی دەمێنێتەوە. کەواتە لەوانەیە نرخی تێکڕا یان ئاسایی گەنمەشامی بۆ ماوەیەکی درێژ بە هەمان ئاست یان نزیک لە هەمان ئاست دەمێنێتەوە و، هاوشانی نرخی کار بە پارە وەک خۆیان دەمێننەوە و کۆمەڵگەش لە بوارەکانی تردا، بەم پێیە، لەسەر هەمان ئاست و دۆخ بەردەوام دەبێ. لەو نێوانەدا، لەوانەیە نرخی کاتی (temporary)یان هەلەکیی (occasional) گەنمەشامی لە ساڵێکدا ببێتە دووهێندەی ساڵی پێشتر. یان بە شێوەیەکی تر، بۆ نموونە نرخی یەک چارەکە پاوەن لە بیست و پێنج شیلینەوە بۆ پەنجا بەرز ببێتەوە. بەڵام کاتێک کە گەنمەشامی بەم نرخەی دوایی دەبێ، نەک تەنیا بەهای هێمایی، بگرە بەهای ڕاستەقینەی کرێ بە گەنمەشامی دەبێتە دوو

هێندەی بەهاکەی جارانی، یان دەتوانێ دوو ئەوەندە کار یان کەلپەلی تر دابین بکات. نرخی کار بە پارە شانبەشانی نرخی زۆربەی شتەکانی تر، بە هەمان شێوە لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا بەردەوامیی دەبێ.

لەبەر ئەوە، بەڕوونی دەردەکەوێ کە بەتەنیا کار گشتییە، هەروەها ئەو بەتەنیا پێوەری وردی بەهایە، یان تەنیا شتی ستانداره کە بەهۆیەوە دەتوانین لە گشت کاتەکان و گشت شوێنەکاندا بەهای شتە جیاجیاکانی پێ بەراورد بکەین. سەلمێنراوە کە ئێمە ناتوانین بەهای ڕاستەقینەی کەلپەلە جۆراوجۆرەکان لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەک لەڕێی ئەو بڕە زیوەوە بخەملێنین کە لە بەرامبەریاندا دەدرێ. هەروەها ناتوانین لەڕێی بڕی ساڵ بەساڵی گەنمەشامیشەوە بیخەملێنین. بەڵام لەڕێی کارەوە دەتوانین ئەمە بکەین، بە وردییەکی زۆرەوە هەردووکیان لەسەر ئاستی سەدە بەسەدە و ساڵ بەساڵ. لە ئاستی سەدە بەسەدە، گەنمەشامی پێوەرێکی باشترە لە زیو، بڕگەلی یەکسانی گەنمەشامی زیاتر لە زیو بڕی یەکسانی کار دابین دەکەن. بەڵام لە ئاستی ساڵ بەساڵ بە پێچەوانەیە، زیو پێوەرێکی باشترە لە گەنمەشامی، لەبەر ئەوەی بڕگەلی یەکسان لە زیو بڕی یەکسانی کار دابین دەکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ کڕێی بەردەوام، تەنانەت درێژخایانیش، لەوانەیە کارێکی بەسوود بێ ئەگەر جیاکاری لەنێوان نرخی ڕاستەقینە و نرخی هێماییدا بکرێ، ئەمە لە کڕین فرۆشتن و مامەڵە باو و ئاساییەکانی ژیانی مرۆڤدا پێویست نییە.

نرخی ڕاستەقینە و هێمایی هەموو کەلپەلەکان لە یەک کات و یەک شوێندا، بەتەواوی لەگەڵ یەکتردا گونجاون. بۆ نموونە چەند زیاتر یان کەمتر پارە بەدەست بهێنی بەرامبەر بە کەلپەلێک لە بازاڕی لەندەن ئەوەندە توانای کڕین یان بەدەستهێنانی کارت زیاتر یان کەمتر دەبێ. لەبەر ئەوە پارە لە هەمان کات و شوێندا پێوەری دروستی بەهای ئاڵوگۆڕی هەموو کەلپەلەکانە. بەڵام ئەمە تەنیا لە هەمان کات و هەمان شوێندا ڕاستە.

ئەگەرچی لە شوێنی دوور لەیەک بێ، ئەوە ڕێژەیەکی ڕێک (regular) لەنێوان نرخی ڕاستەقینەی کەلپەلەکان و نرخیان بە پارە نییە، بەڵام ئەو بازرگانەی کاڵا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەبا جگە لە نرخ بە پارە یان جیاوازیی ئەو بڕە زیوەی پێیانی کڕیوە، لە کاتی فرۆشتنیاندا هیچی تری بەدەستەوە نییە پشتی پێ ببەستێ. نیو ئۆنس زیو لە کانتۆنی چین لەوانەیە بڕی زۆرتر کار و پێداویستی و کەرەستەی خۆشگوزەرانیی زیاتر بکڕێ لەوەی بە یەک ئۆنس لە لەندەن دەیکڕێ. کەواتە ئەو کەلپەلەی لە کانتۆن بە نیو ئۆنس زیو دەفرۆشرێ لەوانەیە گرانتر بێ و گرنگتر بێ بۆ ئەو مرۆڤەی لەوێ خاوەنیەتی، زیاتر لەو

کەلپەلەی لە لەندەن بە یەک ئۆنسە بۆ کەسێک کە لە لەندەن خاوەنیەتی. ئەگەر بازرگانێکی لەندەن بتوانێ لە کانتۆن کەلپەلێک بە نیو ئۆنس زیو بکڕێ کە دەتوانێ لە لەندەن بە یەک ئۆنس بیفرۆشێ، ئەوە قازانجەکەی لە سەدا سەدە، هەر وەک ئەوەی کە یەک ئۆنس زیو لە لەندەن تەواو هەمان بەهای لە کانتۆندا هەبێ. بۆ ئەو هیچ گرنگ نییە کە نیو ئۆنس زیو لە کانتۆن کاری زیاتر و پێداویستی و ئامرازی خۆشگوزەرانیی زیاتری بۆ دەستەبەر بکات، زیاتر لەوەی یەک ئۆنس لە لەندەن بۆی دەستەبەر دەکا. یەک ئۆنس لە لەندەن دوو هێندەی هەموو ئەوانەی بۆ دەستەبەر دەکا کە نیو ئۆنس لەوێ بۆی دابین کردووە و، ئەمەش دەقاودەق ئەوەیە کە ئەو دەیەوێ.

هەر وەک ئەوەی نرخی هێمایی کاڵاکان یان نرخیان بە پارە، لەکۆتاییدا ژیری یان نەزانی لە کڕین و فرۆشتندا دەستنیشان دەکەن و، نزیکەی هەموو بازرگانیی ژیانی ڕۆژانە ڕێک دەخەن کە تیایاندا نرخ مەبەستە.

لە ئیشێکی لەم جۆرەدا لەوانەیە هەندێ جار بەراوردکردنی بەها ڕاستەقینە جۆراوجۆرەکانی کەلپەلێکی دیاریکراو لە کات و شوێنی جیاجیادا، یان لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتی بەسەر کاری خەڵکی تردا کە لەوانەیە، لە دۆخی جیاجیادا، بەوانە درابن کە خاوەنین، بەسوود بێ. ئێمە لەم دۆخەدا دەبێ بەراورد بکەین، نەک لەنێوان ئەو بڕە جۆراوجۆرانەی زیو کە بە گشتی فرۆشراون، بەڵکو لەنێوان بڕە جیاجیاکانی کار کە ئەو بڕە جۆراوجۆرانەی زیو کڕیویانە. بەڵام نرخی کار لە کات و شوێنی جیاجیادا دەگمەنە بەشێوەیەکی ورد بزانرێ. نرخی گەنمەشامیش کە بەشێوەیەکی ڕێک لە هەندێ شوێندا تۆمار کراون، بەگشتی باشتر زانراون و زیاتر لەلایەن مێژوونووسان و کەسانی ترەوە تێبینی کراون. بۆیە ئێمە بەگشتی دەبێ بەوە قایل ببین، نەک لەبەر ئەوەی بەردەوام هەمان ڕێژەیان لە بەرامبەر نرخی ئەو کاتەی کاردا هەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نزیکترین خەمڵاندنن بۆ ئەو ڕێژەیە. لێرە بەدواوە من چەندان بەراوردی لەو جۆرە دەکەم.

لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازیدا، نەتەوە بازرگانەکان بەلایانەوە گونجاو بوو کە کانزای جۆراوجۆر بکەن بە پارە، زێڕ بۆ ئەوەی نرخە گەورەکانی پێ بدەن، زیو بۆ نرخە مامناوەندەکان، مس یان هەندێ کانزای تری هەرزان بۆ ئەو نرخانەی کە نزمن. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ئەوان یەکێک لەو کانزایانەیان بە دیارتر داناوە لە دووانەکەی تر بۆ پێوانەی بەها و، ئەو بەباشتردانانە لەوە دەچێ بەگشتی بۆ ئەو کانزایە بێ کە جاری یەکەم وەک ئامرازی بازرگانی بەکاریان هێناوە. ئەوان کاتێک دەستیان بە بەکارهێنانی کردووە

وەک ستانداریک بۆ خۆیان کە هیچ پارەیەکی تریان نەبووە، بۆیە بەگشتی لەسەر ئەو کارەیان بەردەوام بوون تەنانەت لەو کاتانەشدا کە ئەو پێویستییە وەک خۆی نەمایەوە.

دەگوترێ کە ڕۆمانەکان، تا پێنج ساڵ پێش شەڕی یەکەمی پیونی (قرتاجەیی) (بە قسەی پللینی)، جگە لە مس هیچی تریان نەبووە وەک پارە بەکاری بهێنن، ئینجا دەستیان کرد بە بەکارهێنانی پارەی زیو. بۆیە وا دەردەکەوێ کە مس بەردەوامیی هەبووبێ وەک پێوانە بۆ بەها لەو کۆمارەدا. دەردەکەوێ کە گشت حیسابەکان و بەهای گشت خانووبەرەیەک لە ڕۆما، بە ئاس (As) یان بە سیستەری (sestertii) دەهاتە نرخاندن. ئاس بەردەوام دراوێکی مسین بوو. سیستەریش بریتی بوو لە دوو ئاس و نیو. هەرچەندە سیستەری لە بنەڕەتدا دراوێکی زیوین بوو، بەڵام بەهاکەی بە مس دەهاتە نرخاندن. لە ڕۆما هەر کەسێک قەرزێکی زۆری لەلا هەبووایە، دەیانگوت مسی زۆری خەڵکی لایە.

گەلانی باکور کە خۆیان لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان بنیات نا، لەوە دەچێ هەر لە سەرەتای نیشتەجێبوونیانەوە دراوی زیویان بەکار هێنابێ و، تا چەندان نەوەی دواتریش دراوی زێڕ یان مسیان نەبووە. دراوی زیو لە سەردەمی ساکسۆنەکاندا لە ئینگلتەرە هەبووە، بەڵام لە سەردەمی ئیدواردی سێیەمەوە هەندێ دراوی زێڕیان هەبووە و، تا سەردەمی جەیمسی یەکەمی بریتانیای مەزن دراوی مسیان بەهیچ جۆرێک نەبووە. بۆیە من بڕوام وایە لە ئینگلتەرە و لەبەر هەمان هۆ، کە لە وڵاتانی تری مۆدێرنی ئەورووپا هەیە، گشت حیسابەکان و بەهای گشت کاڵاکان و خانووبەرەکان بەشێوەیەکی گشتی بە زیو بەراورد دەکرێن و: کاتێک کە بمانەوێ باس لە بڕی سامانی کەسێک بکەین، کەم جار ئاماژە بۆ ژمارەی گینیەکان دەکەین، بەڵکو باسی ژمارەی ئەو پاوەنە ئیستەرلینیانە دەکەین کە دەخەمڵێنرێ بەو شتانەی دابێ.

من بڕوام وایە کە لە بنەواندا، لە هەموو وڵاتەکان، تەندەری یاسایی تەنیا لەڕێی دراوی کانزاییەوە بووە، کە بە پێوەر یان ستاندار بۆ بەها دەژمێردرێ. لە ئینگلتەرە زێڕ تا ماوەیەکی زۆری پاش بەدراوکردنیشی لە تەندەری یاساییدا بەکار نەدەهات. هیچ یاسایەک یان ڕاگەیەندراوێکی گشتی بەراوردی نێوان بەهای زێڕ و بەهای زیوی جێگیر نەکردبوو، بەڵکو ئەو بەراوردە بۆ بازاڕ بەجێ مابوو. ئەگەر قەرزارێک قەرزەکەی بە زێڕ بگەڕاندایەتەوە، ئەوە یان قەرزدەرەکە بەتەواوی ڕەتی دەکردەوە یان لەڕێی نرخاندنێکەوە کە هەردوو لا لەسەری ڕێک دەکەوتن وەری دەگرتەوە. لەم سەردەمەدا مس تەندەرێکی یاسایی نییە مەگەر لە گۆڕینەوە بە بچووکترین دراوی زیو. لەم دۆخەدا، جیاکردنەوەی

کانزاکان ستاندار بوو و، ئەوەی ستاندار نەبوو شتێک بوو کەمێک لە جیاکردنەوەی هێمایی زیاتر بوو.

لەگەڵ تێپەڕینی کات و، کە خەڵک وردەوردە ئاشنای بەکارهێنانی دراوە کانزاییە جیاجیاکان بوون و، لەکۆتاییدا زیاتر شارەزای بەراوردکردنی نێوان بەهاکانیان بوون، بڕوام وایە کە زۆربەی وڵاتان ڕێگەی ئاسانیان بۆ دڵنیابوون لەم بەراوردە دۆزییەوە و، بۆ نموونە بە یاسایەکی گشتی ڕایانگەیاند کە یەک گینی، بە فڵانە کێش و فڵانە خاوێنی، دەبێ بە بیست و یەک شیلین بگۆڕرێتەوە، یان تەندەرێکی یاساییە بۆ قەرزێک بەو بڕە. لەم دۆخەدا و، لە میانی بەردەوامیی کارکردن بە یەک ڕێژەی یاسایی لەم جۆرە، جیاکردنەوەی ئەو کانزایەی کە ستانداردەکەیە و، ئەوەی ستاندار نییە، کەمێک لە سەرووی جیاکردنەوەی هێماییەوە دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئاکامی هەر گۆڕانێک لەم ڕێژە بەیاساییکراوەدا جیاکردنەوەکە دەبێتە، یان بەلای کەمەوە لەوە دەچێ کە جارێکی تر ببێ بە شتێکی کەمێک لە هێمایی زیاتر. بۆ نموونە، ئەگەر بەهای یاسایی گینیەک بۆ بیست شیلین کەم کرایەوە، یان بۆ بیست و دوو شیلین، ئەوە هەموو حیسابەکان و پابەندییەکانی قەرزەکان بە زیو دەربڕینیان لێ دەکرێ، بەشی هەرە زۆری گەڕاندنەوەکان لە هەر یەکێک لەم دوو دۆخە بە هەمان بڕ پارەی زیوی پێشوو ئەنجام دەدرێ، لە دۆخێکدا زیاتر و لە دۆخەکەی تردا کەمتر دەبێ. زیو وا دەردەکەوێ کە بەهای لە زێڕ جێگیرتر بێ. زیو ئەگەری هەیە ببێتە پێوەری بەهای زێڕ، بەڵام زێڕ نابێتە پێوەری بەهای زیو. بەهای زێڕ پشت بەو بڕە زیوە دەبەستێ کە لە بریتیی دەدرێ، بەڵام بەهای زیو پشت بەو بڕە زێڕە نابەستێ کە پێی دەگۆڕرێتەوە. سەرلەبەری ئەم جیاوازییە بۆ نەریت دەگەڕێتەوە، کە تیایدا دەربڕین لە هەموو بڕێکی زۆر و کەمی پارە بە زیوە نەک بە دراوی زێڕ. یەکێک لە تێبینییەکانی بەڕێز درومۆند لەبارەی بیست و پێنج یان پەنجا گینی، دوای ئەم جۆرە گۆڕانە، دەڵێ کە هەر بە بیست و پێنج یان پەنجا گینی بە هەمان شێوەی جاران دەبێ، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەکی زۆر لە بڕی زیو. لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە تێبینییە، دەردەکەوێ کە بەهای زێڕ جێگیرترە لە بەهای زیو. زێڕ بەهای زیو دەپێوێ و، لەوە ناچێ کە زیو بەهای زێڕ بپێوێ. ئەگەر نەریتی دانەوەی نۆتەکان و، دەربڕینی دەستهاوێژی ڕێگەپێدان و پابەندیی تری پارە بەم شێوەیە، هەر کاتێک بووە گشتی، ئەو کات زێڕ نەک زیو دەبێتە ئەو کانزایەی کە پێوانەی بەهای پێ دەکرێ یان دەبێتە ستاندار بۆ دەستنیشانکردنی بەها.

لەڕاستیدا، لە کاتی بەردەوامبوونی هەر ڕێژەیەکی بەیاساییکراو لەنێوان بەهای دراوە کانزاییە جۆراوجۆرەکاندا، بەهای بەنرخترین کانزا بەهای هەموو دراوەکە ڕێک دەخا. دوانزە پێنسی مس نیو پاوەنی ئەڤەدیپوا (avoirdupois) مسی تێدایە، کە لە باشترین جۆرایەتی نییە کە پێشتر بەدراو کرابوو، بەدەگمەن حەوت پێنس زیو دەهێنێ. بەڵام بەپێی یاساکە، دوانزە لەم پێنسە بە یەک شیلین دەگۆڕرێتەوە، لە بازاڕ بایی یەک شیلینن و، یەک شیلین لە هەر کاتێکدا بەوەندەیە. تەنانەت پێش ئەو چاکسازییانەی دوایی لە دراوی زێڕی بریتانیای مەزن، زێڕ، ئەو بەشەی بەلای کەمەوە لە لەندەن و دەوروبەری بڵاو بووەوە، بە گشتی بەهاکەی هاتە خوار بەهای کێشە ستانداردەکەی بە بەراورد لەگەڵ بەشی زۆری زیو. لەگەڵ ئەوەشدا بیست و یەک شیلینی کۆن و شێواو بە یەک گینی دەهاتە ژماردن، کە ئەویش کۆن و شێواو بوو، بەڵام بە دەگمەن ئەوە زۆر بوو. ئەم یاسایانەی دوایی دراوی زێڕیان گەیاندەوە نزیک کێشە ستانداردەکەی کە دەکرێ دراوەکەی ئێستای هەر گەلێک و سیستمەکە، لە هیچ دەزگایەکی فەرمی بەبێ کێشان وەرنەگیرێ، بۆ پاراستنی ئەو دراوە تا ئەو کاتەی ئەم یاسایە لە واری جێبەجێکردندایە. هەمان دۆخی شڕ و کەمبەهای دراوی زیو وەک پێش چاکسازی لە دراوی زێڕدا بەردەوامیی هەبوو. بەڵام لە بازاڕدا هەر بیست و یەک شیلینی زیوی بەها دابەزیو بە یەک گینی لە دراوی زێڕی نایاب دەژمێررێ.
چاکسازی لە دراوی زێڕ بەشێوەیەکی بەرچاو بەهای ئەو دراوە زیوەی بەرز کردەوە کە پێی دەگۆڕرێ.

لە مینتی ئینگلیزدا یەک پاوەن کێش لە زێڕ دەبێتە چل و چوار و نیو پارچە دراو کە، هەر گینیەک بیست و یەک شیلینە، یەکسانە بە چل و شەش پاوەن و چواردە شیلین و شەش پێنس. یەک ئۆنس لەم جۆرە دراوە زێڕە، بەم شێوەیە، بایی سێ پاوەن و ١٧ شیلین و دە پێنس و نیوی ئیستەرلینی زیوە. لە ئینگلتەرە هیچ قەرزێک یان تێچوویەک بە دراو نادرێ و، ئەو کەسەی کە کێشی پاوەنێک یان کێشی ئۆنسێک دارشتەی زێڕی ستاندار بۆ مینت ببا، لە بەرامبەردا کێشی یەک پاوەن یان ئۆنس دراوی زێڕ وەردەگرێتەوە بەبێ کەمکردنەوە. بۆیە دەڵێن سێ پاوەن و حەڤدە شیلین و دە پێنس و نیو نرخی مینتە بۆ زێڕ لە ئینگلتەرە، یان ئەو بڕە دراوە زێڕەیە کە مینت لە بەرامبەر دارشتەی ستانداری زێڕ دەیدا.

پێش چاکسازی لە دراوی زێڕ، نرخی یەک ئۆنس لە دارشتەی ستانداری زێڕ لە بازاڕدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەرەو سێ پاوەن و ١٨ شیلینی ئیستەرلینی بەرز دەبووەوە و هەندێ جاریش بۆ سێ پاوەن و ١٩ شیلین و زۆربەی کاتیش چوار پاوەنی ئیستەرلینی

بوو. ئەو پارەیە، کە لەوانەیە بە دراوی کۆن و شڕی زێڕ بووبێ، بە دەگمەن زیاتر لە یەک ئۆنس زێڕی ستانداری تێدا هەبوو. لە کاتی چاکسازییەکانی دراوی زێڕەوە، بەدەگمەن نرخی یەک ئۆنس لە دارِشتەی ستانداری زێڕ لە بازاڕدا لە سێ پاوەن و ١٧ شیلینی ئیستەرلینی تێپەڕی کردووە. پێش چاکسازی لە دراوی زێڕدا، نرخی بازاڕ بەردەوام لە سەروو یان خوارووی نرخی مینت بوو. لە کاتی چاکسازییەکانەوە نرخی بازاڕ بەشێوەیەکی جێگیر لە خوارووی نرخی مینتەوەیە. بەڵام ئەو نرخی بازارە هەمان نرخە چ بە دراوی زێڕ بدرێ یان بە دراوی زیو. ئەو چاکسازییەی دوایی لە دراوی زێڕدا، نەک تەنیا بەهای دراوی زێڕی بەرز کردەوە، بەڵکو بەهەمان شێوە بەهای دراوی زیوی بەرامبەر بە دارِشتەی زێڕ بەرز کردەوە و، لەوانەیە بەرامبەر بە کەلپەلەکانی تریش هەمان کاریگەریی هەبووبێ. لەبەر ئەوەی کە نرخی بەشی هەرە زۆری کەلپەلەکانی تر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێ هۆکاری تر، کە بەهای هەر یەک لە دراوی زێڕ یان دراوی زیو لە بەرامبەریاندا لەوانەیە زۆر جێگیر و گونجاو نەبێ.

لە مینتی ئینگلیزیدا کێشی یەک پاوەن دارِشتەی (bullion) زیوی ستاندار بە پارە دەبێتە شەست و دوو شیلین، کە ئەوانیش یەک پاوەن زیوی ستانداریان تێدایە. بۆیە دەڵێن نرخی مینت بۆ یەک ئۆنس زیو پێنج شیلین و دوو پێنسە لە ئینگلتەرە، یان ئەوە ئەو بڕە دراوە زیوەیە کە مینت لە بەرامبەر دارِشتەی زیوی ستانداردا دەیدا. پێش چاکسازی لە دراوی زێڕدا، نرخی بازاڕ بۆ یەک ئۆنس زیوی ستاندار، لە دۆخی جیاجیادا، پێنج شیلین و چوار پێنس، پێنج شیلین و پێنج پێنس، پێنج شیلین و شەش پێنس، پێنج شیلن و حەوت پێنس و زۆربەی کات پێنج شیلین و هەشت پێنس بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دەچێ پێنج شیلین و حەوت پێنس باوترین نرخ بووبێ. لە کاتی چاکسازی لە دراوی زێڕەوە، نرخی بازاڕ بۆ دارِشتەی زیوی ستاندار دابەزی، هەندێ جار بۆ پێنج شیلین و سێ پێنس، پێنج شیلین و چوار پێنس و، پێنج شیلین و پێنج پێنس، کە بەدەگمەن ئەم نرخەی دوایی تێپەڕاند. هەرچەندە نرخی بازاڕ بۆ دارِشتەی زیو بەم شێوە بەرچاوە لە کاتی چاکسازییەکەی دراوی زێڕەوە دابەزی، بەڵام هەرگیز نرخی مینت بەم شێوەیە دانەبەزی.

ڕێژەی نێوان کانزا جیاجیاکان لە دراوی ئینگلیزیدا، وەک زیو زۆر لە بەهای خۆی زیاتری پێ درا، بۆیە زیو کەمتر لە بەهای خۆی پێ درا. لە بازاڕی ئەورووپا، لە دراوی فرانسە و هۆلاند، یەک ئۆنس زێڕی خاوێن (fine gold) بەرامبەرە لەگەڵ نزیکەی چواردە ئۆنس زیوی خاوێن. لە پارەی ئینگلیزیدا، بەرامبەر بە نزیکەی پانزە ئۆنس زیوی خاوێنە، واتە بەرامبەر بە بڕێکی زیاترە لە زیو، کە زیاترە لەو بەهایەی ئەورووپا بە گشتی بۆی

داناوە. بەڵام نرخی مس وەک پارچە مس، تەنانەت لە ئینگلتەرەش، بەهۆی نرخی بەرزی مس لە دراوی ئینگلیزدا بەرز نەبووەوە، بۆیە نرخی دارشتەی زیو بەهۆی ڕێژەی کەمیەوە لە دراوی ئینگلیزدا دانەبەزی. دارشتەی زیو هێشتا ڕێژەی شیاوی خۆی بەرامبەر بە زێڕ پاراستووە. لەبەر هەمان ئەو هۆیەی وای کردووە پارچەی مس ڕێژەی شیاوی خۆی بەرامبەر بە زیو بپارێزێ.

بەپێی چاکسازی لە دراوی زیو لە سەردەمی ویلیەمی سێیەمدا، نرخی دارشتەی زیو هێشتا بەردەوام تا ڕادەیەک لە سەرووی نرخی مینتەوەیە. بەڕێز لۆک ئەم نرخە بەرزە بۆ ڕێگەدان بە هەناردەکردنی دارشتەی زیو و ڕێگری لە هەناردەکردنی دراوی زیو دەگێڕێتەوە. ئەو گوتی ئەم ڕێپێدانە بە هەناردەکردن، وای کرد خواست لەسەر دارشتەی زیو زیاتر بێ لە خواست لەسەر دراوی زیو. بەڵام بێگومان ژمارەی ئەو خەڵکەی دراوی زیویان دەوێ بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە لە کڕین و فرۆشتن لە ناوەوەی وڵاتدا، زۆر زۆرترە لەوانەی دارشتەی زیویان دەوێ بۆ هەناردەکردن یان بۆ هەر بەکارهێنانێکی تر. ئێستا ڕێگەپێدانێکی هاوشێوە هەیە بۆ هەناردەکردنی دارشتەی زێڕ و، بەهەمان شێوە ڕێگری لە هەناردەکردنی دراوی زێڕ هەیە: لەگەڵ ئەوەشدا نرخی دارشتەی زێر بۆ خوارووی نرخی مینت دابەزی. بەڵام دراوی زیوی ئینگلیز ئەو کات، بەهەمان ئاستی ئێستا بوو، لە بەراورددا بەهای کەمتری بەرامبەر بە زێڕ بۆ دانرابوو و، دراوی زێڕ (کە ئەو کات لەوە نەدەچوو پێویستی بە هیچ چاکسازییەک هەبێ) کە ڕێک خرا، وەک ئێستا، خاوەن بەهای ڕاستەقینەی هەموو پارچە دراوەکە بوو. لەبەر ئەوەی چاکسازیی ئەوساکە لە دراوی زیودا نرخی دارشتەی زیوی بەرامبەر نرخی مینت کەم نەکردەوە، بۆیە چاوەڕوانکراو نییە چاکسازییە هاوشێوەکە، ئەمرۆ، ئەمە بکات.

کە دراوی زیو وەک دراوی زێڕ لە کێشە ستانداردەکەی خۆ نزیک خرایەوە، لەوانەیە گینیەک، بەگوێرەی ئەم ڕێژەیەی ئێستا ئەگەر بە دراوی زیو بگۆڕرێتەوە، زیاتر بکات لەوەی کە بە دارشتەی زیو بگۆڕرێتەوە. دراوی زیو کە کێشی ستانداری خۆی لەخۆ دەگرێ، لەم دۆخەدا قازانجە ئەگەر بتاوێنرێتەوە بۆ ئەوەی، یەکەم، دارشتەکە بە دراوی زێڕ بفرۆشرێ و دواتر ئەو دراوە زێڕە دراوی زیوی پێ بکڕێ و بەهەمان شێوە بتاوێنرێتەوە. گۆڕانکارییەکی کەم لە ڕێژەکەی ئێستادا لەوانەیە تەنیا ئامراز بێ بۆ ڕێگری لەم کارە نەگونجاوە.

لەوانەشە ئەم نەگونجاوییە کەمتر بێ ئەگەر زیو بە دراو ڕێژەیەکی زیاتر لە ڕێژەی گونجاوی بەرامبەر بە زێڕ بۆ دابنرایە، کە ئێستا ڕێژەکەی لە خوارەوەیە. لە پاڵ ئەوەشدا

و لە هەمان کاتدا مەرجی ئەوە هەبووایە کە جگە لە وردەی گینی نابێ زیو تەندەرێکی یاسایی بێ بۆ هیچ شتێکی تر، هەر وەک ئەوەی کە مس تەندەری یاسایی نییە بۆ هیچ شتێک جگە لەوەی کە وردەیە بۆ شیلین. لەم دۆخەدا هیچ قەرزدەرێک فێڵی لێ ناکرێ بەهۆی بەهای زۆری زیو لە دراودا و، وەک ئەوەی کە ئێستا هیچ قەرزدەرێک بەهۆی بەهای بەرزی مسەوە فێڵی لێ ناکرێ. بانکدارەکان تەنیا کەسانن کە بەدەستی ئەم یاسایەوە گرفتار دەبن. کە کاتی دێ، هەندێ جار هەوڵ دەدەن کات بەدەست بهێنن بەوەی بە دراوی شەش پێنسی پارەکە بدەنەوە و، ئەم یاسایە ڕێگەیان نادا ئەم ڕێگە شەرمئامێزە بۆ خۆدزینەوە لە دانەوەی ڕاستەوخۆی پارە بگرنە بەر. بۆیە ناچار دەبن بەردەوام لە گەنجینەکانیاندا پارەی زیاتریان هەبێ لەوەی کە ئێستا هەیانە و، بۆ ئەمەش بێگومان زێڕ نەگونجاوە بۆیان و لەهەمان کاتیشدا دڵنیاییەکی بەرچاوە بۆ قەرزدەرەکانیان.

سێ پاوەن و حەڤدە شیلین و دە پێنس و نیو (کە نرخی مینتە بۆ زێڕ) بێگومان، تەنانەت لەم دراوە زێڕە نایابەی ئێستاشماندا زیاتر لە یەک ئۆنس زێڕی ستانداری تێدا نییە، بۆیە لەوانەیە وا بیر بکرێتەوە کە دارشتەی ستانداری زیاتری پێ نەکڕێ. بەڵام زێڕی نێو دراو گونجاوترە لە زێڕی نێو دارشتە و، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ئینگلتەرە لەسکەدان (coinage) بە خۆڕاییە، بەڵام ئەو زێڕەی بە دارشتە بۆ مینت دەبرێ بەدەگمەن بە دراو بۆ خاوەنەکەی دەگێڕدرێتەوە بەبێ ئەوەی بۆ چەند هەفتەیەک دوا بخرێ. لەم خێراییەی ئێستای مینتدا، پێش چەند مانگێک دواخستن ناگێڕدرێتەوە. ئەو دواخستنە بەرامبەر بە ئەرکێکی کەمە و، وای پێشان دەدات کە زێڕ بە دراو کەمێک بەهادارترە لە بڕێکی یەکسانی زێڕ بە دارشتە. ئەگەر زیو لە دراوی ئینگلیزیدا بەپێی ڕێژەی گونجاوی بەرامبەر بە زێڕ بنرخێنرێ ئەوە نرخی دارشتەی زیو لەوانەیە دابەزێتە خوار نرخی مینت تەنانەت بەبێ هیچ چاکسازییەک لە دراوی زیودا. تەنانەت بەهای دراوی شڕ ئێستای زیو دەشێ بەپێی بەهای دراوی زێڕی نایاب کە دەکرێ پێی بگۆڕدرێتەوە، ڕێک بخرێ.

تێچوویەکی کەمی لەسکەدانی زێڕ و زیو لەوانەیە باڵادەستیی ئەم کانزایانە زیاتر بکات لە بڕێکی یەکسانی هەر یەکێکیان لە دارشتەدا. لەسکەدان لەم دۆخەدا بەهای کانزای بەدراوکراو زیاتر دەکا بە بەراورد لەگەڵ تێچووی ئەم ئەرکە بچووکەدا، لەبەر هەمان ئەو هۆیەی کە شێوە بەهای پلێتێک (plate) زیاد دەکا بە بەراورد لەگەڵ نرخی ئەو شێوەیە. باڵادەستیی دراو بەسەر دارشتەدا ڕێگر دەبێ لە تواندنەوەی دراو و، هەناردەکردنی سست دەکا. ئەگەر لەبەر هەر پێویستییەکی گشتی پێویست بوو دراو هەناردە بکرێ، ئەوە بە زووترین کات بەشی هەرە زۆری ئەو دراوە لەخۆیەوە دەگەڕێتەوە. لە دەرەوەی وڵات

تەنیا بەقەد کێشی خۆی دارِشتە دەکرێ. بەڵام لە نیشتماندا لە کێشی خۆی زیاتر دەکرێ. بۆیە قازانج لەوەدا دەبێ کە دووبارە بهێنرێتەوە نیشتمان. لە فرانسە، نرخی لە سەدا هەشت بۆ پرۆسەی لەسکەدان دانراوە و، دەڵێن کە دراوی فرانسەیی کە هەناردە دەکرێ لەخۆیەوە بۆ وڵات دەگەرێتەوە.

هەڵبەز و دابەزی جاربەجار لە نرخی بازارِی دارِشتەی زێرِ و زیو لەبەر هەمان هۆکاری سەرکەوتن و دابەزینی نرخی کەلوپەلەکانی ترە. لەدەستدانی بەردەوامی ئەم کانزایانە بەهۆی رِووداوی جۆراوجۆری دەریایی و زەمینی، لەناوچوونی بەردەوامیان بەهۆی رِووپۆشکردن و کوتینەوە، بەهۆی برِین و نەخشاندنەوە، بەهۆی بەکارهێنانەوە و، لە پلێتدا، لە هەموو ئەو وڵاتانە دەخوازێ، کە کانی خۆیان نییە بۆ دەرهێنانیان، بە بەردەوامی هاوردەیان بکەن بۆ پرِکردنەوەی ئەم لەناوچوون و فەوتانە. بازرگانانی هاوردەکار، وەک هەر بازرگانێکی تر، ئەوەندەی دەتوانن هەوڵ دەدەن ئەوەی هاوردەی دەکەن لەگەڵ خواستی هەنوکەییدا گونجاو بێ. بەو هەموو وریاییەشەوە جاری وا هەیە زیاتر یان کەمتر لە پێویست هاوردە دەکەن. کاتێک کە لە خواست زیاتر دارِشتە هاوردە دەکەن، بۆ ئەوەی تووشی مەترسی و خەرجیی دووبارە هەناردەکردنەوە نەبن، هەندێ جار خۆشحاڵ دەبن بەوەی بەشێکی بە نرخێکی کەمتر لە نرخی ئاسایی یان تێکرِا بفرۆشن. لەلایەکی ترەوە، کاتێک کە کەمتر لە خواست هاوردە دەکەن، شتێکی زیاتریان لەم نرخە دەست دەکەوێ. بەڵام کاتێک لەسایەی ئەم هەموو بەرزبوونەوە و دابەزینانەی جاروبار رِوو دەدەن، نرخی بازارِی زێرِ یان زیو بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بە جێگیری دەمێنێتەوە، چ لەرِووی بەرزی یان نزمیی نرخەوە، ئەوە هۆکارەکەی شتێکە کە لە دۆخی دراوەکەدایە، کە لەو ماوەیەدا وا دەکا بەهای ئەو دراوە زیاتر یان کەمتر بێ لە نرخی برِی ئەو کانزایەی کە دەبێ تیایدا هەبێ. جێگیری و سەقامگیریی ئەم رِێژەیە دەبێتە مایەی جێگیری و سەقامگیرییەکی رِێژەیی لە هۆکارەکەدا.

پارەی هەر وڵاتێکی دیاریکراو، لە هەر کات و شوێنێکی دیاریکراودا، زیاتر یان کەمتر پێوەرێکی وردە بۆ بەها بەپێی ئاستی هاوتابوونی دراوی ئەو کات و ساتە لەگەڵ ستاندارەکانی خۆیدا، یان تا چەند ئەو برِە پێویستەی زێرِی خاوێن یان زیوی خاوێنی تێدایە. بۆ نموونە، ئەگەر لە ئینگلتەرە چل و چوار گینی و نیو یەک پاوەنی تەواو زێرِی ستانداریان تێدا هەبێ، یان یانزە ئۆنس زێرِی خاوێن و یەک ئۆنس ماددەی تێکەڵکردن، ئەوە دراوی زێرِی ئینگلتەرە دەبێتە پێوەری وردی بەهای راستەقینەی کاڵاکان لە گشت کات و شوێنێک ئەوەندەی سروشتی شتەکە دیار بێ. بەڵام ئەگەر لەرِێی بەکارهێنان و

لێکخشانەوە، ئەو چل و چوار گینی و نیوە بەگشتی کەمتر لە یەک پاوەن زێڕی ستانداریان تێدا ما، هەرچەندە ئەو کەمبوونەوەیە لە هەندێ پارچدا زیاترە لە پارچەکانی تر، ئەوە پێوانی بەها پشت بەهەمان جۆر ناڕوونی دەبەستێ کە لە گشت کێشان و پێوانەکانی تردا بەگشتی بەدی دەکرێ، لەبەر ئەوەی کەم جار ئەمانە بەتەواوی وەک ئەو ستاندارەن کە بۆیان دانراوە، بۆیە بازرگان دەستکاریی نرخی کالاکانی دەکا بۆ ئەوەی تا دەتوانێ، بەگوێرەی تێکڕایەک، لەگەڵ ئەو کێش و پێوانانەدا بیگونجێنێ کە هەن نەک ئەوەی کە دەبێ هەبێ. لە ئەنجامی سەرلێشێوانێکی لەم جۆرە لە دراودا، دەبێ نرخی کالاکان بەهەمان شێوە ڕێک بخرێن، نەک لەسەر بنەمای بڕی ئەو زێڕ یان زیوە خاوێنەی کە دەبێ لە دراوەکاندا هەبێ، بەڵکو بەپێی تێکڕایەک کە لەڕێی ئەزموونەوە دەردێ.

لەڕێی نرخی کالاکان بە پارە، من تێ دەگەم کە دەبێ بەردەوام چاودێریی بڕی ئەو زێڕە یان زیوە خاوێنە بکرێ کە لە بەرامبەریدا فرۆشراون، بەبێ گوێدان بە جۆری دراوەکە. بۆ نموونە، من پێم وایە کە شەش شیلین و هەشت پێنسی سەردەمی ئیدواردی یەکەم، هەمان نرخی بەپارەی یەک پاوەنی ئیستەرلینی ئەم ڕۆژگارەمانی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی ئێمە بتوانین دەستنیشانی بکەین هەمان بڕ زیوی خاوێنی تێدایە.

بەشی شەشەم

بەشە پێکهێنەرەکانی نرخی کاڵا

لە سەردەمانی زوو و سادەی دۆخی کۆمەڵگەدا، بەر لە کەڵەکەبوونی کاڵا و دەستگرتن بەسەر زەویدا، لەوە دەچێ کە ڕێژەی نێوان بڕی کاری پێویست بۆ دەستەبەرکردنی شتە جیاجیاکان تەنیا مەرجێک بووە بۆ دانانی هەر یاسایەک بۆ ئاڵوگۆڕکردن بە شتەکان. بۆ نموونە، ئەگەر لەناو گەلێکی ڕاوچیدا ئەگەر کوشتنی ئاژەڵی قوندوس (شێوەی وەک سمۆرەیە و بە قەبارە وەک پشیلەیە) دوو هێندەی کوشتنی مامزێکی تێ بچێ، ئەوە یەک قوندوس بایی دوو مامز دەبێ یان بە دوو مامز دەگۆڕرێتەوە. سروشتییە ئەوەی کە بەرهەمی دوو ڕۆژ یان دوو سعات بێ، دەبێ نرخەکەی دوو هێندەی ئەو شتە بێ کە بەرهەمی یەک ڕۆژ یان یەک سعات کارە.

ئەگەر جۆرێک کار لە جۆرێکی تر سەختتر بێ، ئەوە سروشتییە کە جیاوازییەک بۆ ئەو سەختییە زیادە لەبەر چاو بگیرێ و، بەرهەمی یەک سعات کاری لەم جۆرە دەبێ بایی بەرهەمی دوو سعات لە کارەکەی تر بێ.

یان ئەگەر جۆرێک لە کار پێویستی بە ئاستێکی ناباوی لێهاتوویی و کارامەیی هەبوو، ئەوە ڕێزگرتنی خەڵک لەم جۆرە بەهرەیە، بەشێوەیەکی سروشتی بەها بە بەرهەمەکەی دەبەخشێ، زیاتر لەو بەهایەی ماوەی ئەنجامدانی کارەکە بە بەرهەمەکەی دەبەخشێ. ئەم جۆرە بەهرانە بەدەگمەن دەست دەکەون بەڵام لەڕێی ئەزموونکرجیهانن بۆ ماوەیەکی زۆر، ڕەنگە بەهای بەرزی بەرهەمەکانیان زیاتر نەبێ لە قەرەبوویەکی ئەو کات و کارەی بۆ بەدەستهێنانیان خەرج دەکرێن. لە دۆخی پێشکەوتووی کۆمەڵگەدا، نرخاندنی لەم جۆرە، بۆ سەختیی زۆر و شارەزایی زۆر، بەگشتی لەڕێی هەقدەستی کارەوە دەبێ و، لەوانەیە شتێک بەهەمان شێوە لە سەردەمانی پێشوو و سەرەتاییدا هەبووبێ.

لەم دۆخەی شتەکاندا، تەواوی بەرهەمی کار موڵکی کارگەرەکە دەبێ و، بڕی گشتیی کار بۆ بەدەستهێنان یان بەرهەمهێنانی کەلپەل تەنیا مەرجە کە بڕی ئاڵوگۆڕ ڕێک دەخا، کە بەگشتی کڕینە یان بەدەستهێنانە یان گۆڕینەوەیە.

هەر کە ماڵ (stock) لە دەستی کەسانێکی دیاریکراودا کەڵەکە بوو، هەندێکی بەشێوەیەکی سروشتی بۆ کاری خەڵکی پیشەوەر بەگەڕ دەخەن، کە کەرەستە و نشینگەیان بۆ دابین دەکەن بۆ ئەوەی قازانج یان لە فرۆشتنی کارەکەیان بەدەست بێنن،

یـان لەو بەهـایەی کـاری ئەوان بـۆ کەرەسـتەکانی زیـاد دەکـا. لەکـاتی ئـاڵوگۆڕکردن بە بەرهەمـی تەواوکـراودا بە پـارە یـان بە کـار یـان بە کـاڵای تـر، بەشـێوەیەک کە ڕەنـگە لە سەرووی ئەوە بێ کە بەشی دابینکردنی نرخی کەرەستەکان و هەقدەستی کارگەران بێ، هەندێ جـار دەبـێ ئەو زیـادەیە بە ئەنجامـدەری کـارەکە بـدرێ کە مـاڵی خـۆی لەم جـۆرە سەرکێشـیەدا دەخـاتە بەر مەترسییەوە. کەواتە، ئەو بەهـایەی کـارگەران بـۆ کەرەسـتەکانی زیـاد دەکەن، بەم شـێوە ئاسـانە خۆیـان بـۆ دوو بەش لەت دەکەن، کە بە یەکێکیـان هەقدەستی (wages) ئەوان دەدرێ و، بەشەکەی تر قـازانجی ئەو کەسـەیە کە کاریـان پێ دەکـا لە بەرامـبەر تەواوی مـاڵەکە لەو کەرەسـتە و هەقدەسـتانەی پێشـتر داویـانی. ئەو لەوانەیە بەلایەوە مەبەسـت نەبـێ کـار بەوان بکـات، تـا ئەو کـاتەی کە چـاوەڕوان دەکـا بە فرۆشتنی بەرهەمی ئەوان شتێکی زیاتری دەست بکەوێ، زیـاتر لەوەی مـاڵەکەی خـۆی بـۆ پڕ دەکـاتەوە و، هەروەهـا بەلایەوە مەبەسـت نییە مـاڵی زۆر بەکـار بێنـێ مەگەر ئەو کـاتە نەبێ کە بزانێ بەقەد ڕێژەی زیادکردنی ماڵە بەکارهاتووەکە زیاتری دەست دەکەوێ.

قازانجەکانی ماڵ، لەوانەیە تەنیا وەک ناوێکی تری هەقدەستی جۆرێکی دیاریکراوی کار بـێ، کـاری چـاودێری و ئاراسـتەکردن. بەڵام هەمـوو ئەوانە جیـاوازن، لەڕێـی بنەمـاگەلی جیاوازەوە ڕێک دەخرێن و، هیچ ڕێژەیەک زیاد ناکەن بۆ بڕ یان سـەختی یـان کـارامەیی ئەم کــاری چــاودێری و ئاراســتەکردنە. هەموویــان بەیەکەوە لەڕێــی بەهــای مــاڵی بەکارهاتووەوە ڕێـک دەخـرێن و، جیـاوازییەکە لە زۆری و کەمیـی بەهـای ئەو مـاڵەدایە. بـۆ نموونە، با وای دابنێین کە لە شوێنێکی دیاریکراودا قازانجی گشـتیی سـاڵانەی پیشەسـازیی ماڵ لەسەدا دەیە، دوو کارگەی جیا هەن لە یەکێکیاندا بیسـت کـارگەر کـار دەکەن و کرێـی ساڵانەیان پـازدە پـاوەنە، یـان سـاڵانە تێچـووی هەر یەکێـک لەو کارگـانە سـێ سـەد پـاوەنە. هەروەها، با وای دابنێن کە کەرستەی خراپ کە لە یەکێکیاندا بەکار دێ ساڵانە بایی حەوت سەد پاوەنە و، کەرەستەی باش کە لەوەی تریاندا بەکار دێ ساڵانە حەوت هەزاری دەوێ. بەم شـێوەیە ئەو سـەرمایەیەی سـاڵانە لە یەکێکیانـدا بەکـار دێ هەزار پـاوەنە، لە کاتێکـدا ئەوەی تـر سـەرمایەی بەکارهـاتووی سـاڵانەی حەوت هەزار و سـێ سـەد پـاوەنە. بەمەش، بەپێی ڕێژەی لەسەدا دە، خاوەن کار لە یەکێکیاندا ساڵانە چاوەڕوانی سـەد پاوەن قـازانج (profit)دەبێ، بەڵام ئەوەی تر سـاڵانە چاوی لە حەوت سـەد و سـی پـاوەن قـازانجە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە قازانجەکانیان زۆر جیاوازن لە یەکتری، کاری چـاودێری و ئاراسـتەکردن

له هەردووکیاندا هەمان کارە یان زۆر نزیکن له یەکتر. له گەلێ کاری گەورەدا نزیکەی هەموو ئەم جۆرە کارە لەلایەن بنووسێکی سەرەکی دەکرێ. لەوانەیە هەقدەستی ئەو دەربڕی بەهای ئەم کاری چاودێری و ئاراستەکردنە بێ. هەرچەندە له دیاریکردنی ئەو هەقدەستە بەگشتی، تەنیا کار و کارامەییەکەی لەبەرچاو ناگیرێن، بەڵکو ئەو متمانەیە لەبەرچاو دەگیرێ که پێی دراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێژەیەکی ڕێک لەو سەرمایەی چاودێریی بەڕێوەبردنەکەی دەکا بەو نادرێ و، خاوەنی ئەو سەرمایەیە هەرچەندە که هیچ کار ناکا، چاوەڕوانی ئەوە دەکا که قازانجەکە ڕێژەیەک له سەرمایەکەی بۆ بهێنێتەوە. لەبەر ئەوە، له نرخی کەلپەلەکاندا قازانج بەشێک دەبێ له پێکهاتەی گشتی جیا له هەقدەستی کار و لەڕێی بنەماگەلی تەواو جیاوازەوە ڕێک دەخرێ.

لەم دۆخەی شتەکاندا، هەموو بەرهەمی کار هەمیشە بۆ کارگەرەکە نییە. ئەو له زۆربەی دۆخەکاندا دەبێ لەگەڵ خاوەنی ماڵەکەدا، که بەگەڕی دەخا، هاوبەش بێ. نە بڕی ئەو کارەی که بەگشتی بەگەڕ دەخرێ له بەدەستهێنان یان بەرهەمهێنانی هەر کالایەک، تەنیا هەلومەرج نییە بۆ ڕێکخستنی ئەو بڕەی که بەگشتی پێویستە بیکڕێ یان بەردەستی بخا یان پێی بگۆڕێتەوە. ئاشکرایە که بڕێکی زیاتر، دەبێ بۆ قازانجی ئەو ماڵە بێ که پێشوەخت هەقدەست و پێداویستیەکانی کاریان پێ دابین کراوە.

هەر که هەموو زەویی هەر وڵاتێک بوو بە موڵکی تایبەت، خاوەن زەوییەکان، وەک هەر کەسێکی تر، حەز دەکەن لەو شوێنە دروونە بکەن که هەرگیز نەیانچاندووە و، تەنانەت داوای کرێی بەری سروشتیی زەوییەکانیش دەکەن. داری دارستانەکان، گیای مەزراکان و، بەرهەمە سروشتییەکانی زەوی، که کاتێک زەوییەکان موڵکی گشت بوون، بۆ کارگەر تەنیا ئەرکی کۆکردنەوەیانی تێ دەچوو، ئێستا دەبێ نرخێکی تری زیادکراوی بەرامبەردا بدا. ئەو ئێستا دەبێ پارە بەرامبەر مۆڵەتی کۆکردنەوەیان بدات و، دەبێ دەستبەرداری بەشێکی کاری خۆی بێ له کاتی کۆکردنەوە یان بەرهەمهێناندا. ئەم بەشە، یان، ئەوەی که نرخی ئەو بەشەیە، موڵکانەی زەوی و نرخی بەشی هەرە زۆری ئەو کەلپەلانەیە، سێیەکی پێکهاتەکەیە.

بەهای ڕاستەقینەی هەموو بەشە جیاجیاکانی نرخ، که دەبێ لەبەر چاو بگیرێن، لەڕێی بڕی ئەو کارەوە دەپێورێ که هەر یەکێکیان دەتوانێ بیکڕێ یان بەدەستی بهێنێ. کار نەک تەنیا بەهای ئەو بەشەی نرخ دەپێوێ که خۆی شی دەکاتەوە بۆ کار، بەڵکو ئەوەشی که خۆی شی دەکاتەوە بۆ کرێ و، ئەوەی خۆی بۆ قازانجیش شی دەکاتەوە.

له هەموو کۆمەڵگەیەکدا نرخی هەر کەلوپەلێک لەکۆتاییدا خۆی شی دەکاتەوە لە یەکێک یان یەکێکی تر، یان هەموو ئەم سێ بەشەدا و، لە هەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا، ئەم سێیە هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان پێکهێنەری نرخی بەشی هەرە زۆری کەلوپەلەکانن.

لە نرخی گەنمەشامیدا، وەک نموونە، یەک بەش کرێ بە خاوەن موڵک دەدا، بەشەکەی تر هەقدەستەکان یان بژێویی (maintenance) کارگەران و ماڵاتە کارگەرەکەی و، بەشی سێیەمیش قازانجی جووتیارە. ئەم سێ بەشە بەیەکەوە یەکسەر یان لەکۆتاییدا نرخی گشتیی گەنمەشامییەکە پێک دێنن. بەشێکی چوارەمیش هەیە، ئەوەیش لەوانەیە بەپێویست بزانرێ بۆ جێگرتنەوەی ماڵی جووتیار، یان بۆ پڕکردنەوەی لەناوچوون لە ماڵاتە کارگەرەکەی(labouring cattle) ، یان لەناوچوونی هەر کەرەستەیەکی تری کشتوکاڵکردن. بەڵام دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە نرخی هەر ئامرازێکی کشتوکاڵکردن، وەک ئەسپی کارکردن، خۆی لەخۆیدا لەناو ئەو سێ بەشەدایە. هەروەها کرێی ئەو زەوییەی لەسەری دەژی، ئەو کارەی دەیکا و دەیژێنێ و، قازانجەکانی ئەو جووتیارەی کە پێشوەخت کرێی زەوییەکە و هەقدەستی ئەم کارە دەدا. ئەگەر نرخی گەنمەشامییەکە، نرخ و بژێویی ئەسپەکە دابین بکات، ئەوە هەر نرخەکە یەکسەر یان لەکۆتاییدا خۆی بۆ هەمان ئەو سێ بەشە شی دەکاتەوە: کرێ، کار و، قازانج.

لە نرخی ئارد یان خۆراکدا، دەبێ بۆ نرخی گەنمەشامی قازانجی ئاشەوان و، هەقدەستی کرێکارەکانیشی زیاد بکەین. لە نرخی ناندا، قازانجی نانەوا و، هەقدەستی کرێکارەکانی. لە نرخی هەردووکیشیاندا، کاری گواستنەوەی گەنمەشامی لە نشینگەی جووتیارەوە بۆ ئاسیاو و، لەلای ڕەژووکەرەوە بۆ لای نانەوا، لەگەڵ قازانجی هەردووکیان کە پێشوەخت هەقدەستی کارەکەیان وەردەگرن.

نرخی کەتان خۆی بۆ هەمان ئەو سێ بەشە شی دەکاتەوە کە لە نرخی گەنمەشامیدا هەن. لە نرخی کوتاڵی کەتانیشدا دەبێ خۆی بۆ هەقدەستی کرێکاری وردکردنی کەتان و، ئەوەی دەیڕێسێ و، ئەوەی دەیچنێ و، ئەوەی سپیی دەکاتەوە و، هتد، لەگەڵ قازانجی هەموو ئەو خاوەن کارانە شی بکاتەوە.

هەر کەلوپەلێک کە پیشەسازیی زیاتری تێدا بکرێ، ئەو بەشەی نرخ کە خۆی شی دەکاتەوە بۆ هەقدەست و قازانج زۆرتر دەبێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی خۆی شی دەکاتەوە بۆ کرێ. لە پێشکەوتنی پیشەسازیدا، تەنیا ژمارەی قازانجەکان زیاد نابێ، بەڵکو

هەمـــوو ئەو قازانجـــانەی بەدوایـــدا دێـــن گەورەتـــرن لەوەی پێشـــتر. لەبەر ئەوەی ئەو سـەرمایەیەی کە لێیەوە هـاتووە دەبـێ بەردەوام زۆرتـر بـێ. ئەو سـەرمایەیەی کە، بـۆ نموونە، کارمەندانی چنین بەگەڕ دەخا دەبێ گەورەتر بێ لەوەی کارمەندانی ڕستن بەگەڕ دەخـا. لەبەر ئەوەی تەنیـا جێـی ئەو سـەرمایەیە و قازانجەکـانی نـاگرێتەوە، بەڵکـو لەپـاڵ ئەوەشـدا هەقدەسـتی کارمەنـدانی چنینیش دەدا. قازانجەکـانیش دەبـێ هەمیشـە بەشـێک لە سەرمایەکە لەخۆ بگرن.

لەگەڵ ئەوەشـدا، لە کـۆمەڵگە پێشـکەوتووترەکاندا، بەردەوام هەنـدێ کەلـپەل هەن کە نرخیان شی دەبێتەوە بۆ تەنیا دوو بەش، هەقدەستی کار و، قازانجی ماڵ. هەروەها هێشـتا ژمارەیەکی کەمتر هەیە کە هەمووی بەیەکەوە لە هەقدەستی کار پێک دێ. بۆ نمـوونە، لە نرخی ماسیی دەریادا یەک بەش پارەی کاری ڕاوکەر دەدات و، بەشەکەی تر قـازانجی ئەو سـەرمایەیە کە لە ڕاوەماسـیدا بەگەڕ خـراوە. بەدەگمەن کـرێ دەبێـتە بەشـێک لەو نـرخە، هەرچەندە کە هەندێ جار ئەمە ڕوو دەدا، وەک ئەوەی دوای ئەمە دەیـخەمە بەر چاو. ئەو بەشـــێوەیەکی تـــر، بەلای کەمەوە لە گەورەتـــرین بەشـــی ئەوروپـــا، لە ڕاوەماســـی لە ڕووبارەکاندا. ڕاوچییەکی سالمۆن کرێ دەدات و، ئەو کرێیە هەرچەندە ناشێ پێی بگـوترێ موڵکانەی زەوی، بەڵام بەشێکە لە نرخـی سـالمۆنەکە وەک هەقدەسـت و قـازانج. لە هەنـدێ بەشـی سـکۆتلاند هەنـدێ خەڵکـی هەژار کـاری کۆکردنەوە لە کەنـاری دەریـادا دەکەن، ئەو بڕە کەمەی بەردە جۆراوجۆرانە کۆ دەکەنەوە کە پێیـان دەگـوترێ .(Scotch Pebbles) ئەو نـــرخەی پێیـــان دەدرێ لەلایەن ئەوانەوە کە بەرد دەبـــڕنەوە، هەمـــووی هەقدەســـتی کارەکەیانە، نە کرێ و نە قازانج بەشێک نین لەو نرخە.

بەڵام تەواوی نرخی هەر کالایەک هێشتا دەبێ لەکۆتاییدا خۆی شی بکاتەوە بۆ بەشـێک یـان بەشـێکی تـر، یـان هەرسـێ ئەو بەشـانە. بەوەی هەر بەشـێکی کە دوای ئەوەی کرێـی زەویـی لـێ دەدرێ و، نرخـی هەمـوو ئەو کـارەی تیایـدا بەکـار هـاتووە، بـۆ ڕوانـدن و پیشەسازی و هێنانی بۆ بازاڕ، لێی دەربکرێ ئەوەی دەمێنێتەوە قازانج بێ بۆ کەسێک.

ئەگەر نرخ یـان بەهـای گۆڕینەوەی هەر کالایەکی دیاریکراو، بەتەنیـا وەربگیرێ، ئەوە خۆی شی دەکاتەوە بۆ یەکێک لەو سێ بەشە یان بۆ هەرسێکیان. بۆیە ئەوەی هـی هەمـوو ئەو کالایـانەیە کە تەواوی بەرهەمـی سـاڵانەی کـاری هەر وڵاتێـک پێـک دێـنن، بە تێکەڵـی وەربگیرێ، ئەوە دەبێ خۆی بۆ هەمان ئەو سێ بەشە شی بکاتەوە و، دابەش ببێ بەسـەر

دانیشتووانی جیاجیای وڵاتەکەدا، چ وەک هەقدەست بۆ کارەکانیان، یان وەک قازانجی ماڵەکانیان، یان وەک کرێ بۆ زەوییەکانیان. تەواوی ئەوەی سالآنە کۆ دەکرێتەوە یان بەرهەم دێ لەرێی کاری هەر کۆمەڵگەیەکەوە، یان ئەوەی لە هەمان ئەو بابەتەیە، تەواوی نرخەکەی، بەم شێوەیە لە بنەرەتدا دابەش دەبێ لەنێوان هەندێ لە ئەندامە جیاجیاکانی. هەقدەست، قازانج و، کرێ، سێ سەرچاوەی بنەرەتین بۆ هەموو داهاتێک وەک چۆن بنەرەتین بۆ هەموو بەهایەکی شیاوی گۆڕینەوە. هەموو داهاتێکی تریش لەکۆتاییدا لە یەکێک لەمانەوە دێ.

هەر کەسێک داهاتی خۆی لە سندووقێکی پارەدارکردنەوە بێ کە هی خۆی بێ، دەبێ ئەو داهاتە لە کار، یان لە ماڵ، یان لە زەویی خۆیەوە پەیدا بکات. ئەو داهاتەی لە کارەوە دێ کە پێی دەگوترێ هەقدەست. ئەوەی لە ماڵەکەوە دێ، لەرێی کەسێکەوە کە بەرێوەی دەبا یان بەگەڕی دەخا، پێی دەگوترێ قازانج. ئەوەی کە لە کەسێکەوە دێ کە خۆی بەگەڕی ناخا، بەڵکو بە کەسێکی تری دەدا، پێی دەگوترێ سوود (interest) یان بەکارهێنانی پارە (the use of the money). ئەوە ئەو قەرەبووکردنەوەیە کە قەرزار بە قەرزدەری دەدا، بەرامبەر بەو قازانجەی کە هەلی بەدەستهێنانی هەبووە لەرێی بەکارهێنانی پارەکەوە. دوور لەو قازانجەی بەشێوەیەکی سروشتی هی قەرزارەکەیە، کە خۆی لە قەرەی مەترسییەکە دەدات و خۆی تووشی کێشەی بەگەرخستنی دەکا، بەشێکی هی قەرزدەرەکەیە، کە هەلی بۆ دەرەخسێنێ ئەو قازانجە بکات. سوودی پارە بەردەوام داهاتێکە هەڵێنجراو، کە ئەگەر لەو قازانجە نەدرێ کە لە بەکارهێنانی پارەوە دێ، دەبێ لە سەرچاوەیەکی تری داهاتەوە بدرێ، مەگەر قەرزارەکە کەسێکی دەستبلاو بێ، کە قەرزێکی تر دەکا بۆ ئەوەی سوودی یەکەمیانی پێ بدا. ئەو داهاتەی بە گشتی هەمووی لە زەوییەوە دێ، پێی دەگوترێ کرێ و، بۆ خاوەنی زەوییەکەیە. داهاتی جووتیار بەشێوەیەکی بەشەکی لە کاری خۆیەوە دێ و بەشێکی لە ماڵەکەیەوە دێ. بۆ ئەو، زەوی تەنیا ئامرازێکە کە رێگەی پێ دەدات هەقدەستی کارەکەی بەدەست بێنێ و، قازانج لەو ماڵە بکات. هەموو باجەکان و داهاتێک کە لەسەریان بنیات نراوە، گشت مووچەکان، بە هەموو جۆرێکیانەوە، لەکۆتاییدا لە یەکێک لەو سێ سەرچاوە بنەرەتییەی داهاتەوە دێن و، یان راستەوخۆ یانیش لەرێی ناوەندگیرییەوە لە هەقدەستی کار یان قازانجی ماڵ یان کرێی زەوییەوە دەدرێن.

کاتێک ئەم سێ جۆرە جیاوازەی داهات سەر بە کەسانی جیا دەبن، ئەوە یەکسەر و بە ئاسانی جیا دەکرێنەوە، بەڵام کاتێک سەر بە یەک سەرچاوە دەبن، هەندێ جار تێکەڵ بەیەک دەبن، هیچ نەبێ لەڕووی دەربڕینی باوەوە.

کاتێک کە بەڕێزێک (A gentleman) بەشێک لە موڵکی خۆی دەچێنێ، دوای ئەوەی خەرجیی کشتوکاڵکردن دەدا، دەبێ کرێ بە خاوەن زەوی و قازانجی جووتیاریش بدا. بەڵام ئەو دەبێتە ئامانجی ئەوەی تەواوی دەسکەوت و قازانجەکەی هێمایی بێ و، بەم شێوەیە کرێکەش تێکەڵ بە دەسکەوت و قازانج دەکا، هیچ نەبێ لە دەربڕینی باودا. ئەمە دۆخی بەشی زۆری چێنەرەکانمانە لە ئەمەریکای باکور و هێندی ڕۆژئاوا. بەشی هەرە زۆریان کشتوکاڵ لە موڵکی خۆیاندا دەکەن و، بەو پێیە بەدەگمەن باسی کرێی باخێک دەبیستین، بەڵکو بەردەوام باس باسی قازانجەکەیەتی.

جووتیارانی ئاسایی بەدەگمەن چاودێر بۆ سەرپەرشتیی کارە ئاساییەکانی کێڵگە بەکار دێنن. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی بەشێکی زۆری کارەکانی کێڵگە بەدەستی خۆیان ئەنجام دەدەن، وەک جووت و چاندن و هتد. بۆیە، ئەوەی دوای کرێدان لەبەروبوومەکەیان دەمێنێتەوە، دەبێ نەک تەنیا جێی ئەو ماڵەیان بۆ بگرێتەوە لەگەڵ قازانجی ئاسایی خۆیان کە بەکاریان هێناوە بەڵکو هەقدەستی خۆشیان دابین بکات، وەک ڕەنجبەر و وەک چاودێریش. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی دوای کرێدان و هەڵگرتنەوەی ماڵەکە بۆیان دەمێنێتەوە، پێی دەگوترێ قازانج. کە هەقدەستی کار بێگومان بەشێکی پێک دێنێ. جووتیار بە گلدانەوەی ئەو هەقدەستانە، بێگومان دەبێتە خاوەنیان. بۆیە هەقدەست لەم دۆخەدا تێکەڵ بە قازانج دەبێ.

پیشەسازێکی سەربەخۆ، کە ئەوەندە ماڵی هەیە کەرەستەی پێ بکڕێ و خۆی بژێنێ تا ئەو کاتەی ئیشەکەی بەبازاڕ دەگەیەنێ، دەبێ هەقدەستی شاگردێکی بەردەستی وەستایەک بەدەست بهێنێ، لەگەڵ ئەو قازانجەی وەستا لەڕێی فرۆشتنی ئیشی شاگردەکەیەوە بەدەستی دێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو دەسکەوتەکانی، بەگشتی پێیان دەگوترێ قازانج و، هەقدەست لەم دۆخەدا تێکەڵ بە قازانج دەبێ.

باخەوانێک کە بەدەستی خۆی باخەکەی دەچێنێ، لە کەسی خۆیدا سێ کەسایەتیی جیاوازی خاوەن زەوی و باخەوان و کرێکار کۆ دەکاتەوە. بۆیە دەبێ بەرهەمی ئەو کرێی یەکەم و قازانجی دووەم و هەقدەستی سێیەمی بۆ دابین بکات. هەرچەندە ئەوە هەموو،

بەگشــتی بە بەری كــاری خــۆی دێــتە ژمــاردن. لەم دۆخەدا موڵكــانەی زەوی و قــازانج تێكهەڵكێش دەبن لەگەڵ هەقدەستدا.

وەک چۆن لە وڵاتێكی شارستانیدا، كەلپەلی كەم هەیە كە بەهـای گۆڕینەوەیان تەنیا لە كارەوە سەرچاوە بگرێ، كرێ و قازانج بەڕادەیەكی زۆر لە بەشێكی زۆریاندا بەشدارییان هەیە، بۆیە بەرهەمی ساڵانەی كار بەردەوام بەشی ئەوە دەكا بڕێكی زیاتر كار بكڕێ یان دەستەبەری بكات، زیاتر لەوەی بۆ كۆكردنەوە و ئامادەكردن و هێنانی ئەو بەرهەمە بۆ بازاڕ. ئەگەر پێویست بێ كۆمەڵگە ساڵانە هەموو ئەو كارەی دەتوانێ ساڵانە بیكڕێ بەگەڕ بخا، كە كار ساڵانە زۆر زیاد دەكا، ئەوە بەرهەمی هەموو ساڵێک لە ساڵی پێشتر زیاتر دەبێ. بەڵام لە هیچ وڵاتێكدا تەواوی بەرهەمی ساڵانە بۆ بژێویی پیشـەوەر بەكار ناهێنرێ. لە هەمـوو شـوێنێكدا كارنەكەر بەشـێكی زۆری بەكار دەبا و، بەپێی ڕێژەی جیاجیـا، كە ساڵانە بەسەر دوو تیرەی جیای خەڵكدا دابەش دەكرێ، بەهای ئاسایی یان تێكڕا دەبێ یان ساڵانە زیاد بكات، یان لە ساڵێكەوە بۆ ساڵێكی تر وەک خۆی بمێنێ.

بەشی حەوتەم
نرخی سروشتی و نرخی بازاڕیی کاڵا

لە هەر کۆمەڵگەیەک یان ناوچەیەکدا ڕێژەیەکی ئاسایی یان تێکڕای هەقدەست و قازانج هەیە، بۆ هەر کارێک یان ماڵێکی جیا. ئەم ڕێژەیە، وەک ئەوەی لێرە بەدواوە پێشانی دەدەم، بەشێوەیەکی سروشتی ڕێک دەخرێ، بەشێکی ئەو ڕێکخستنە لەڕێی هەلومەرجی گشتیی کۆمەڵگەوەیە، لەڕووی دەوڵەمەندی و هەژاری، پێشکەوتن، چەقبەستوویی، یان دارمانیەوە، بەشەکەی تری لەڕێی سروشتی تایبەتی هەر بەگەڕخستنێکەوەیە.

بەهەمان شێوە، لە هەر کۆمەڵگەیەک یان ناوچەیەک ڕێژەیەکی ئاسایی یان تێکڕا بۆ کرێ هەیە، وەک لەمەودوا دەیخەمە بەر چاو، بەشێکی لەڕێی هەلومەرجی گشتیی ئەو کۆمەڵگەیە یان ئەو ناوچەیەوە ڕێک دەخرێ کە زەوییە بەکرێدراوەکەی لێیە و، بەشەکەی تری لەڕێی بەپیتیی سروشتی یان چاککراوی زەوییەکەوە ڕێک دەخرێ.

ئەم ڕێژە ئاسایی یان تێکڕایە لەوانەیە بە ڕێژەی سروشتیی هەقدەست، قازانج و، کرێ بناسرێن لەو کات و شوێنەدا کە تیایاندا باون.

کاتێک کە کرێی کاڵایەک نە زیاترە و نە کەمترە لەوەی کە بەشی دابینکردنی موڵکانەی زەوی، هەقدەستی کار و، قازانجی ئەو ماڵەی کە خراوەتە گەڕ بۆ ئامادەکردن و هێنانی بۆ بازاڕ، بەگوێرەی ڕێژەی سروشتییان، ئەو کاتە دەشێ بگوترێ ئەو کاڵایە بە نرخی سروشتیی خۆی دەفرۆشرێ.

ئەو کاتە کاڵاکە بە دەستنیشانکراوی بەوەندە فرۆشراوە کە دەیهێنێ، یان بەوەندەی کەسەکەی بۆ بازاڕی هێناوە بەڕاستی خەرجی کردووە. هەرچەندە لە زمانی باودا ئەوەی پێی دەگوترێ تێچووی سەرەکیی هەر کاڵایەک قازانجی ئەو کەسە لەخۆ ناگرێ کە جارێکی تر دەیفرۆشێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە نرخێک فرۆشتیەوە کە قازانجی ئاسایی ناوچەکەی خۆی بۆ دەستەبەر نەکا، ئەوە لەو بازرگانییەدا زەرەمەندە. ئەگەر بە بەگەڕخستنی ماڵەکەی بە شێوەی تر لەوانەبوو ئەو قازانجە بکات. لەپاڵ ئەوەشدا، قازانجی ئەو داهاتەکەیەتی، ئەو سندووقی پارەدارکردنەیە کە بژێویی ئەو دابین دەکات. ئەو کاتێک کە کاڵاکان ئامادە دەکا و بۆ بازاڕیان دەبا، پێشوەخت هەقدەستی کرێکارەکانی دەدا، یان بژێویی ژیانیان دابین دەکات. بۆیە بەهەمان شێوەش پێشوەخت ژیانی خۆی دابین دەکات، کە بەگشتی گونجاوە لەگەڵ ئەو قازانجەدا کە لە فرۆشتنی کاڵاکان چاوەڕێی دەکا. بۆیە، تا

ئەو کاتەی ئەم قازانجەی بۆ دابین دەکەن ئەوان خەرجییەکەی نادەنەوە و، زۆر گونجاوە کە بگوترێ بەڕاستی لەسەری دەکەون.

بۆیە، هەرچەندە ئەو نرخەی کە ئەم قازانجەی بۆ دابین دەکات، بەردەوام کەمترین نرخ بێ کە لەوانەیە هەندێ جار فرۆشیار کاڵاکانی پێ بفرۆشێ، بەڵام کەمترین نرخە کە لەوانەیە ماوەیەکی زۆر پێیانی بفرۆشێ. بەلای کەمەوە لەو شوێنەدا کە ئازادیی تەواوی لێیە، یان چەندی بوێ دەتوانێ بازرگانییەکەی تێدا بگۆڕێ.

ئەو نرخەی بەکردەنی کە هەرکاڵایەکی بەگشتی پێ دەفرۆشرێ، پێی دەگوترێ نرخی بازاڕ. ئەویش لەوانەیە لە سەروو، یان خواروو، یان تەواو لەگەڵ نرخی سروشتیدا یەکسان بێ.

نرخی بازاڕ بۆ هەر کاڵایەکی دیاریکراو لەڕێی بەراوردی نێوان ئەو بڕەی بەڕاستی هێنراوەتە بازاڕ و، خواستی ئەوانەی ئارەزوو دەکەن نرخی سروشتیی کاڵاکە بدەن، یان بەهای تەواوی کرێ، کار و، قازانج، کە دەبێ بدرێ بۆ ئەوەی بهێنرێتە ئەوێ، بدەن ڕێک دەخرێ. ئەو خەڵکە دەکرێ پێیان بگوترێ خوازیاری کارا و، خواستەکەیان پێی بگوترێ خواستی کارا .(effectual demand) چونکە لەوانەیە بەشی کاراکردنی هێنانی کاڵاکە بێ بۆ بازاڕ. ئەمەیان جیایە لە خواستی ڕەها .(absolute demand) لەوانەیە بگوترێ کە پیاوێکی زۆر هەژار خواستی عارەبانەیەک و شەش ئەسپی هەیە. لەوانەیە ئەو حەز بکات هەیبێ. بەڵام ئەم خواستە خواستی کاریگەر نییە، تاوەکو شیاو نەبێ کاڵاکە بۆ تێرکردنی ئەو حەزە بهێنرێتە بازاڕ.

کاتێک بڕی هەر کاڵایەک کە دەهێنرێتە بازاڕ کەمتر بێ لە خواستی کاریگەر، هەموو ئەوانەی ئامادەن بەهای تەواوی ئەو کرێ و هەقدەست و قازانجە بدەن، کە پێویستە بۆ هێنانی بۆ ئەوێ بدرێ، ناتوانن ئەو بڕەیان دەست بکەوێ کە دەیانەوێ. جگە لەوەی کە هەندێ کەس هەموویان بەیەکەوە دەوێ، ئامادەن زیاتریشی پێ بدەن. یەکسەر کێبەرکێیەک لەنێوانیاندا دروست دەبێ و، نرخی بازاڕ، کەم یان زۆر، لە ئاست نرخی سروشتی بەرز دەبێتەوە، ئەویش بەگوێرەی زۆریی کورتهێنانەکە، یان دەوڵەمەندیی زۆری کێبەرکێکاران، کە سوربوون لەسەر کێبەرکێکە دەبزوێنێ. لەنێوان کێبەرکێکارانی هاوشان لەڕووی سامانەوە هەمان کورتهێنان بەگشتی، کەم تا زۆر، دەبێتە مایەی کێبەرکێیەکی ڕژد، ئەویش لەبەر ئەوەی کڕینی ئەو کاڵایە بەڕادەیەک لە ڕادەکان گرنگیی بۆ ئەوان هەیە. بەمەش نرخی پێداویستییەکانی ژیان لە کاتی گەمارۆدانی شارێک یان لە قاتوقڕیدا بەرز دەبێتەوە.

کاتێکیش ئەو بڕەی دەهێنرێتە بازاڕ لە خواستی کاریگەر زیاتر دەبێ، ناکرێ هەمووی بەو کەسانەی کە ئامادەن هەموو بەهای ئەو کرێ و هەقدەست و قازانجە بدەن کە پێویستە بدرێن بۆ گەیاندنی کالاکە بە بازاڕ، بفرۆشرێ. دەبێ بەشێکی بەو کەسانە بفرۆشرێ کە حەز دەکەن کەمتر بدەن و، ئەو نرخە نزمەی ئەوان دەیدەن نرخەکە بەگشتی کەم دەکاتەوە. نرخی بازاڕیش بەڕادەیەکی کەم یان زۆر دێتە خوار نرخی سروشتی، بەگوێرەی قەبارەی ئەو زیادەیە کێبەرکێی نێوان فرۆشیاران زیاد دەبێ، یان لەوانەیە کەمی و زۆریی گرنگییەکەی بۆ ئەوان وایان لێ بکات دەسبەرداری ئەو کالایە بن. هەمان ئەو زیادییەی هاوردەکردنی ئەو کالایانەی شیاوی لەناوچوونن، دەبێتە مایەی کێبەرکێی زیاتر، بەپێچەوانەی ئەو کالایانەی تەمەن درێژن. بۆ نموونە، لە هاوردەکردنی پرتەقالدا زیاترە لەوەی لە هاوردەکردنی ئاسندا هەیە.

کاتێک ئەو بڕەی بۆ بازاڕ هێنراوە تەنیا بەشی تێرکردنی خواستی کاریگەرە و، لەوە زیاتر نییە، بەشێوەیەکی سروشتی نرخی بازاڕ یان دەقاودەق وەک نرخی سروشتی دەبێ یان ئەوەندە لێیەوە نزیک دەبێ کە هەست بە جیاوازیی نێوانیان نەکرێ. بۆیە دەکرێ تەواوی بڕەکەی بەر دەست بەو نرخە بڕوا و، ناکرێ بە گرانتر بفرۆشرێ. کێبەرکێی نێوان کڕیار و فرۆشیارە جۆراوجۆرەکان ناچاریان دەکا هەموویان بەو نرخە قایل بن، بەلام ناچاری قایلبوون بە لەوە کەمتریان ناکا.

بڕی هەر کالایەک کە بۆ بازاڕ دەهێنرێ بەشێوەیەکی سروشتی خۆی لەگەل خواستی کاریگەردا دەگونجێنێ. ئەوە بەرژەوەندی هەموو ئەوانەیە کە زەوی، کار، یان مالی خۆیان بەگەڕ دەخەن بۆ هێنانی کالا بۆ بازاڕ، کە ئەو بڕە هەرگیز لە خواستی کاریگەر زیاتر نەبێ و، بەرژەوەندی هەموو خەلکانی ترە کە هەرگیز لەو خواستە کەمتر نەبێ.

هەر کاتێک کە لە خواستی کاریگەر زیاتر بێ، نرخی هەندێک لە بەشە پێکهێنەرەکانی نرخەکەی دادەبەزێتە خوار ئاستی سروشتی. ئەگەر ئەوە کرێ بگرێتەوە، ئەوە خاوەنی زەوییەکان ڕاستەوخۆ هان دەدرێن بۆ ئەوەی بەشێک لە زەوییەکانیان بکێشنەوە و، ئەگەر هەقدەست بگرێتەوە یان قازانج، ئەوە بەرژەوەندیی کرێکاران، یان خاوەن کارەکان، هانیان دەدات بەشێک لە کارەکانیان یان مالەکانیان لە بەکارهێنان بکێشنەوە. بەم شێوەیەش بە ماوەیەکی کورت ئەو بڕەی دێتە بازاڕ لەوەندە زیاتر نابێ کە بەشی تێرکردنی خواستی

کاریگەر بێ. هەموو بەشە جیاجیاکانی نرخەکەی بۆ ئاستی سروشتیی خۆیان بەرز دەبنەوە و، تەواوی نرخەکەشی بۆ ئاستی نرخی سروشتی بەرز دەبێتەوە.

ئەگەر بەپێچەوانە بوو، ئەو بڕەی هێنرایە بازاڕ لە کاتێک لە کاتەکاندا لە خواستی کاریگەر کەمتر بوو، دەبێ هەندێ لە بەشە پێکهێنەرەکانی نرخ بەرەو سەرووی ئاستی سروشتی بەرز ببنەوە. ئەگەر ئەو بەشە کرێ بێ، بەرژەوەندی هەموو خاوەن زەوییەکانی تر بەشێوەیەکی سروشتی هانیان دەدات زەویی زیاتر ئامادە بکەن بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کالایە، ئەگەریش هەقدەست یان قازانج بوو، بەرژەوەندی کرێکاران و مامەڵەکاران زوو هانیان دەدات کار و ماڵی زیاتر بخەنە کار بۆ ئامادەکردن و هێنانی بۆ بازاڕ. بەمەش ئەو بڕەی دەهێنرێتە ئەو زۆری پێ ناچێ دەگاتە ئاستی پڕکردنەوەی خواستی کاریگەر. هەموو بەشە جیاجیاکانی نرخەکە دوای ماوەیەکی کورت دادەبەزنەوە بۆ ئاستی سروشتیی خۆیان و، تەواوی نرخیش دادەبەزێتە ئاستی نرخی سروشتی.

کەواتە نرخی سروشتی، وەک هەبووە، چەقی نرخە، کە نرخی گشت کالاکان بە بەردەوامی بۆ لای خۆی بەکێش دەکا. لەوانەیە رووداوی جیاجیا لە هەندێ کاتدا بۆ ماوەیەکی بەرچاو نرخەکان لە سەرووی ئەوەوە بهێڵن و، هەندێ جاریش ناچاریان بکات تا ڕادەیەک دابەزنە خوار ئەوەوە. بەڵام ئاستەنگەکانی ڕێگر لە جێگیربوون و بەردەوامی لەو چەقەدا هەرچییەک بن، ئەوە نرخەکان بەردەوام بەرەو ئەو چەقە دەچنەوە.

بڕی تەواوی ئەو پیشەسازییەی ساڵانە دەخرێتە گەڕ بۆ هێنانی هەر کالایەک بۆ بازاڕ بەشێوەیەکی سروشتی خۆی لەگەڵ دۆخی خواستی کاریگەردا دەگونجێنێ. ئەو بەشێوەیەکی سروشتی مەبەستیەتی بەردەوام ئەو بڕە بهێنێتە ئەوێ کە دەقاودەق ئەو خواستە پڕ دەکاتەوە، نەک لەوە زیاتر.

بەڵام لە هەندێ بەگەڕخستندا هەمان بڕی پیشەسازی لە ساڵانی جیادا بڕی جیای کالا بەرهەم دێنێ، لە کاتێکدا هەندێکی تریان بەردەوام هەمان بڕ، یان بڕی زۆر نزیک لە یەک، بەرهەم دێنن. هەمان ژمارەی کرێکاران لە کشتوکاڵ، لە ساڵانی جیادا، بڕی زۆر جیاواز گەنمەشامی، شەراب، ڕۆن، بیرەی ڕەش، هتد، بەرهەم دێنن. بەڵام هەمان ژمارەی کرێکارانی ڕستن و چنین، هەموو ساڵێک هەمان بڕ یان بڕی زۆر نزیک لەیەک کوتاڵی کەتان و خوری بەرهەم دێنن. ئەوە تەنیا تێکڕای بەرهەمی جۆرە پیشەیەکە کە دەشێ بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ خواستی کاریگەردا بگونجێنرێ و، لە کاتێکدا کە بەرهەمی

ڕاستەقینە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر یان کەمتر لەو تێکڕایە دەبێ، ئەو برە کالآیەی بۆ بازاڕ دەهێنرێ هەندێ جار بەڕادەی بەرچاو زیاتر و هەندێ جار کەمترە لە خواستی کاریگەر. تەنانەت ئەگەر ئەو خواستە بەردەوام وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە نرخی بازاڕ ڕووبەڕووی هەڵبەز و دابەزی زۆر دەبێتەوە، هەندێ جار زۆر دێتە خوارەوە و هەندێ جاریش زۆر سەردەکەوێتە سەرەوەی نرخی سروشتی. لە هەندێ پیشەی تردا، بەرهەمی بڕی یەکسانی کار بەردەوام وەک خۆیەتی، یان زۆر لە ئاستێکەوە نزیکە، لەو کاتەدا ئەگەری زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بەتەواوی لەگەڵ خواستی کاریگەردا بگونجێ. بەم شێوەیە، ئەگەر خواست وەک خۆی مایەوە، لەوانەیە نرخی بازاڕی ئەو کالآیانەش وەک خۆی بمێنێتەوە و، یان هەموو بەیەکەوە، یان ئەوەندەی دەکرێ بەردەست بخرێ، لەگەڵ نرخی سروشتیدا هەمان شت دەبن. نرخی کوتاڵی کەتان و خوری لەبەر ئەوەی ناکەوێتە بەر کاریگەریی گۆڕانکاریی بەرچاو و زۆر، وەک ئەوەی لە نرخی گەنمەشامیدا ڕوو دەدا، ئەوە هەموو کەسێک بە ئەزموون نرخەکە دەزانێ. نرخی یەک جۆر کالآ تەنیا لەگەڵ گۆڕانکاریی خواست گۆڕانکاریی بەسەردا دێ: بەلآم نرخی ئەوانی تر نەک تەنیا لەگەڵ گۆڕانی خواست بەتەنیا، بگرە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوتر و گەورەترانەدا کە لە بڕی هێنراو بۆ بازاڕ بۆ پڕکردنەوەی ئەو خواستە ڕوو دەدەن.

هەڵبەز و دابەزی کاتەکی و بەردەوام لە نرخی بازاڕیی هەر کالآیەک بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو بەشانەی نرخەکەیەوە کە خۆیان بۆ هەقدەست و قازانج شی دەکەنەوە دەبەستێ. ئەو بەشەی خۆی بۆ کرێ شی دەکاتەوە کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو هەڵبەز و دابەزەوە. کرێیەک کە بە پارە بێ بە کەمترین شێوە ناکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕێژە یان بەهایەوە. کەچی ئەو کرێیەی بەشێکی ڕێژەیەک یان بڕێکی دیاریکراوە لە بەرهەمە خاوەکەوە، بێگومان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەهای سالآنە و هەموو هەڵبەز و دابەزە کاتەکی و بەردوامەکانی نرخی بازاڕیی ئەو بەرهەمە خاوە، بەلآم بەدەگمەن ئاستی سالآنەی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە. لە کاتی دانانی مەرجەکانی گرێبەستی بەکرێدانا، خاوەن زەوی و جووتیار هەوڵ دەدەن، بەگوێرەی باشترین مەزەندەی خۆیان، ئەو کرێیە بە نرخی تێکڕا یان ئاسایی بەرهەمەکەوە ببەستنەوە نەک بە نرخی بەردەوام یان کاتەکییەوە.

ئەم هەڵبەز و دابەزانە کار دەکەنە سەر بەها و نرخی هەقدەست یان قازانج، ئەویش بەهۆی زۆری یان کورتهێنانی کاڵا لە بازاڕەوە، یان بەهۆی هێزی کارەوە، بەهۆی ئەو ئیشەوە کە کراوە یان ئەوەی دەبێ بکرێ. پرسەیەکی گشتی نرخی کوتاڵی ڕەش کەم دەکاتەوە (کە نزیکەی هەموو کاتێک کورتهێنان لەم جۆرە ڕووداوەدا لە بازاڕ ڕوو دەدا) و، قازانجی ئەو بازرگانانە بەرز دەکاتەوە کە بڕێکی باشیان لێ هەیە. هیچ کاریگەریی لەسەر هەقدەستی کرێکارانی چنین نییە. بازاڕ لە کاڵادا کورتهێنانی هەیە، نەک لە هێزی کار، لەو ئیشەی کراوە نەک ئەوەی کە دەبێ بکرێ. هەقدەستی بەرگدرووەکان بەرز دەکاتەوە. لەمەدا بازاڕ لە هێزی کاردا کورتهێنانی هەیە. خواستێکی کاریگەر هەیە بۆ هێزی کاری زیاتر، بۆ ئەو ئیشەی کە دەبێ بکرێ نەک ئەوەی کراوە. نرخی دەزوو و کوتاڵی ڕەنگاوڕەنگ دادەبەزێنێ و، بەمەش قازانجی ئەو بازرگانانە کەم دەکاتەوە کە لەو کاڵایانە بڕی زۆریان هەیە. هەروەها هەقدەستی ئەو کرێکارانە دادەبەزێنێ کە ئەو جۆرە کاڵایە ئامادە دەکەن کە خواست لەسەریان بۆ ماوەی شەش مانگ یان ڕەنگە ساڵێک دەوەستێ. لێرەدا بازاڕ زیادەی لە کاڵا و لە کاریش دەبێ.

بەڵام هەرچەندە نرخی بازاڕی هەموو کاڵایەکی دیاریکراو، ئەگەر بشێ وا بڵێین، بەم شێوەیە بە بەردەوامی بەرەو نرخە سروشتییەکەی خۆی دەچێ، کەچی هەندێ جار ڕووداوی دیاریکراو، هەندێ جار هۆکاری سروشتی و، هەندێ جاریش یاسای دیاریکراوی پۆلیس، لەوانەیە بۆ زۆر کاڵا ببنە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕ و، بۆ ماوەیەکی زۆر، لەسەرووی نرخی سروشتییەوە بمێنێ.

کاتێک کە بەهۆی زیادبوونی خواستی کاریگەرەوە نرخی بازاڕی کاڵایەکی دیاریکراو بەشێوەیەکی بەرچاو لە نرخی سروشتی بەرزتر دەبێ، ئەوانەی ماڵی خۆیان لە بەردەستخستنی ئەو کاڵایە بۆ بازاڕ خستووەتە کار بەگشتی هەوڵ دەدەن ئەم گۆڕانکارییە پەردەپۆش بکەن. ئەگەر ئەم باسە زانرا و بەناو خەڵکدا بڵاو بووەوە، ئەوە قازانجی گەورەی ئەوان دنەی زۆر کەسانی تر دەدات بۆ ئەوەی ماڵی خۆیان بەو شێوەیە بخەنە گەڕ و بەوەش خواستی کاریگەر بەتەواوی تێر دەکرێ و نرخی بازاڕ زۆری پێ ناچێ تا ئاستی نرخی سروشتی دێتەوە خوارەوە و، لەوانەیە هەندێ جار دابەزێتە خوارتریش. ئەگەر بازاڕ زۆر لە نشینگەی ئەوانەوە دوور بێ کە کەلپەلی بەردەست دەخەن، لەوانەیە هەندێ جار ئەو نهێنییە بۆ چەند ساڵێک بپارێزن و، لەو ماوەیەدا ئەو قازانجە نائاسایە

بەدەست بهێنن بەبێ ئەوەی هیچ کێبەرکێکەری نوێ پەیدا ببن. بەڵام نهێنیی لەو جۆرە هەر دەبێ ئاشکرا بکرێ و دەگمەنە بۆ ماوەیەکی زۆر بە پەنهانی بهێڵرێتەوە و، قازانجی لەڕادە بەدەریش ماوەیەکی کەم زیاتر لە ماوەی شاردنەوەیان بەردەوامیی دەبێ.

نهێنییەکانی پیشەسازی شیاوی پاراستنن بۆ ماوەیەکی زیاتر لە نهێنییەکانی بازرگانی. ئەو خمچییەی کە ئامرازی نوێ دەدۆزێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی ڕەنگێکی دیاریکراو لەڕێی کەرەستەگەلێک کە نرخەکەیان نیوەی نرخی کەرەستە باوەکانە، لەوانەیە لەڕێی ڕێکخستنێکی باشی کارەکەیەوە بتوانێ بەدرێژایی ژیانی سوود لە قازانجی دۆزینەوەکەی وەرگرێ و، لەوانەشە وەک میراتییەک بۆ منداڵەکانی بەجێی بهێڵێ. دەسکەوتە نائاسابییەکانی لەو نرخە بەرزەوە دێن کە بەکاری تایبەتی ئەو دەدرێ. ئەوان بەدروستی لە هەقدەستی بەرزی کار پێک دێن. بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەموو بەشێکی ماڵەکەیدا دووبارە دەبنەوە و، کە تەواوی برەکەیان بەو پێیە ڕێژەیەکی دیاری لێیان لەخۆ گرتووە، بەگشتی بە قازانجی نائاسایی ماڵەکە دەژمێررێن.

ڕوونە کە ئەم جۆرە بەرەوپێشچوونانە لە نرخی بازاڕدا ئاسەواری ڕووداوگەلی دیاریکراون، کە بەهۆیانەوە لەوانەیە پرۆسەکە هەندێ جار چەند ساڵێک بەردەوامیی هەبێ.

هەندێ بەرهەمی سروشتی پێویستیان بە خاک و شوێنی تایبەت هەیە کە هەموو خاکی وڵاتێکی مەزن، کە گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانیان، لەوانەیە بەشی بەدەنگەوەچوونی خواستی کاریگەر نەکا. لەبەر ئەوە هەموو ئەو برەی بۆ بازاڕ دەهێنرێ، لەوانەیە بۆ ئەو کەسانە بچێ کە ئامادەن زیاتر لەوە بدەن کە، بەپێی نرخی سروشتییان، بەشی کرێی ئەو زەوییەیە کە بەرهەمیان دێنێ، هاوشان لەگەڵ هەقدەستی کار و، قازانجی ئەو ماڵەی کە بۆ ئامادەکردن و هێنانیان بۆ بازاڕ بەگەڕ دەخرێ. ئەو جۆرە کاڵایانە لەوانەیە بۆ ماوەی سەدەگەلێکی تەواو بەردەوام بەو نرخە بەرزە بفرۆشرێن و، لەم دۆخەدا ئەو بەشەی خۆی شی دەکاتەوە بۆ موڵکانەی زەوی ئەو بەشەیە کە بەگشتی لە ئاستی سروشتیی خۆی زیاتری پێ دەدرێ. ئەو کرێی زەوییەی کە ئەم جۆرە بەرهەمە ناوازە و بەهادارانە دەخەنە ڕوو، وەک کرێی هەندێ ڕەزی ترێ لە فرانسە کە خاوەن پێگە و خاکی نایابی بەختیارن، هیچ ڕێژەیەکی ڕێکخراو لەخۆ ناگرێ بە بەراورد لەگەڵ کرێی زەویی تری خاوەن هەمان پیت و چاندنی باش لە دەوروبەری ئەو زەوییە. هەقدەستی کار و قازانجی ئەو ماڵەی لە هێنانە بازاڕی ئەو جۆرە کاڵایانە، بەپێچەوانەوە، بەدەگمەن لە دەرەوەی ڕێژەی سروشتیی بەگەڕخستنی کار و ماڵن لە دەوروبەریاندا.

ڕوونه که ئەم جۆره بەرزییه له نرخی بازاڕدا ئاکامی هۆکاری سروشتییه که، لەوانەیه ببنه ڕێگر له بەردەم تێرکردنی خواستی کاریگەر و، بۆیه لەوانەیه هەتاهەتایه کاریگەرییان بەردەوام بن.

قۆرخکارییەک که بۆ تاکێک یان بۆ کۆمپانیایەکی بازرگانی ڕەخساوه، هەمان ئەو کاریگەرییەی هەیه که نهێنییەک له بازرگانی یان پیشەسازیدا هەیەتی. قۆرخکاران، لەڕێی بەردەوام هێشتنەوەی بازاڕ به تێرنەکراوی، به هەرگیز تێرنەکردنی خواستی کاریگەر، کاڵاکانیان به نرخێکی زۆر بەرزتر له نرخی سروشتییان دەفرۆشن و، دەسکەوتەکانیان، چ هەقدەست بن یان قازانج، زۆر زیاتر له ئاستی سروشتیی خۆیان زیاد دەکەن.

نرخی قۆرخکارانه له هەموو دۆخێکدا بەرزترینی ئەوانەیه که دەکرێ دەستەبەر بکرێن. نرخی سروشتی، یان نرخ لەسایەی کێبەرکێی ئازادانه، بەپێچەوانەوه، کەمترینی ئەوانەن که دەکرێ وەربگیرێن، بێگومان له هەموو دۆخێکدا وا نییه، بەڵام زۆربەی جاران وایه. یەکێکیان له گشت دۆخێکدا بەرزترینی ئەوانەیه که دەکرێ له کڕیاران دەربهێنرێ، یان ئەوەیه که چاوەڕوان دەکرێ قایل ببن بیدەن. ئەوەی تریان نزمترینی ئەوانەیه که فرۆشیاران دەتوانن بەدەستیان بهێنن و، لەهەمان کاتدا بەردەوامی به بازرگانییەکەی خۆیان بدەن.

دەسکەوته تایبەتەکانی کۆمپانیاکان، یاساکانی پیشەوەری و، گشت ئەو یاسایانەی، له هەندێ بەگەڕخستنی دیاریکراودا، کێبەرکێ قەتیس دەکەن لەنێوان ژمارەیەکی کەمیان، نەک لەنێوان ئەوانەی هەمان ئاراستەیان هەیه هەرچەنده له ئاستێکی کەمتردا بێ. ئەوان جۆرێکن له قۆرخکاریی گەورەکراو و، لەوانەیه بۆ چەند نەوەیەک بەردەوام بن و، له هەموو جۆرەکانی بەگەڕخستن، نرخی بازاڕی کاڵاگەلی دیاریکراو به بەرزی دەهێڵنەوه، له سەرووی نرخی سروشتی و، هەقدەستی کار و قازانجی ماڵی بەگەڕخراو تا ڕادەیەک لەسەرووی ئاستی سروشتی دەهێڵنەوه.

ئەم جۆره بەرزبوونەوانەی نرخی بازاڕ لەوانەیه تا ئەو کاتەی یاسا ئەو بوارەیان پێ بدات درێژه بکێشن.

نرخی بازاڕی هەر کاڵایەکی دیاریکراو، هەرچەنده لەوانەیه ماوەیەکی زۆر لەسەرەوه بێ، بەڵام بەدەگمەن ماوەیەکی زۆر به بەردەوامی له خوار نرخی سروشتیی خۆیدا دەمێنێتەوه. هەر بەشێکی کەمتر له ئاستی سروشتیی پێ بدرێ، ئەو کەسانەی بەرژەوەندییەکانیان ڕاستەوخۆ لێدەدرێ هەست به زیان دەکەن و، یەکسەر یان زەوییەکی

زۆر، یـان کـاریکی زۆر، یـان مـاڵێکی زۆر دەکێشـنەوە، بـۆ ئەوەی لەوێـدا بەگەڕ نەخـرێ، بەوەش وا دەکەن ئەو بڕەی دەهێنرێتە بازاڕ زیاتر نەبێ لەوەی بەشی تێرکردنی خواستی کـاریگەر دەکـا. بـۆیە نرخـی بـازاڕی زۆری پێ نـاچێ و بـۆ ئاسـتی نرخـی سروشـتی بەرز دەبێتەوە. ئەمە بەلای کەمەوە ئەو دۆخەیە کە لەسایەی ئازادیی تەواوەوە دەستەبەر دەبێ.

بێگومـان هەمـان ئەو یاسـایانەی پیشـەوەری و یاسـاکانی تـری کۆمپانیاکـان، کاتێـک پیشەسـاز لە خۆشـگوزەرانیدایە، یـارمەتیی کـارگەر دەدەن بـۆ ئەوەی بەڕادەیەکـی بـاش هەقدەستی خۆی زیاد بکات و بیگەیەنێتە سەرووی نرخە سروشتییەکەی، هەندێ جاریش کە پیشەسازییەکە نووچ دەدات ناچاری دەکەن ڕێگەیان پێ بدات بۆ ئاستێکی زۆر نزمتر لەو، کەمی بکەنەوە. وەک ئەوەی لە دۆخێکدا ئەوان کۆمەڵە کەسێک لە کاری خۆیان بەلاوە دەنـێن، لە یەکێکـی تـردا کـۆمەڵە کارێـک بەلاوە دەنـێن. لەگەڵ ئەوەشـدا کـاریگەریی ئەم یاسـایانە نزیـک نیـیە لە دابەزانـدنی بەردەوامـی هەقدەسـتی کـارگەر، وەک ئەوەی لە بەرزکردنەوەیان بۆ سەرووی ئاستە سروشتییەکانیانەوە نزیکە. کارکردن بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوانەیە بۆ چەند سەدەیەک بەردەوامیی هەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی تر لەوانەیە زیاتر لە تەمەنی هەندێ کارگەر زیاتر درێژە نەکێشێ، کە لە کاتی گەشـەی بازرگانییەکەدا بـۆی ئامـادە کـراون. کاتێـک کە ئەوان نـامێنن، ژمـارەی ئەوانەی دواتـر شـارەزای بازرگـانییەکەن بەشـێوەیەکی سروشـتی خـۆی لەگەڵ خواسـتی کـاریگەر دەگـونجێنێ. ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەبێ هاوشێوەی ئەوانەی هیندستان و میسری کۆن توند بێ (کە هەر کەسێک گرێدراوی بنەمایەکی ئاینی بوو و ناچاری دەکرد هەمان کاری باوکی بکاتەوە و، ئەگەر دەستبەرداری ئەو پیشەیە ببوایە و پیشەیەکی تری هەڵبژاردایە وەک پێشێلکردنی یەکێـک لە بـاڵاترین پیرۆزییەکـان بـوو)، ئەوەش لە هەر پیشـەیەکدا، بـۆ چەنـدان نەوەی نەپساوە، یان هەقدەستی کاری دادەبەزاند یان قازانجی ماڵەکەی دادەبەزاندە خوار ئاستی سروشتییەوە.

ئەمە هەموو ئەوەیە کە من بەپێویستم زانی بۆ ئێستا سەبارەت لادانەکانی، کاتی یان بەردەوامی نرخی بازاڕیی کاڵاکان لە نرخە سروشتییەکە، بخرێنە بەر چاو.

نرخـی سروشـتی خـۆی گـۆڕانی بەسـەردا دێ لەگەڵ گـۆڕانی ئاسـتی سروشـتیی هەر یەکێک لە بەشە پێکهێنەرەکانیدا، هەقدەست، قازانج و، کرێ و، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەم ئاسـتە بەگـوێرەی هەلـومەرجی خۆیـان، دەوڵەمەنـدی یـان هەژارییـان، پێشـکەوتنیان،

سەقامگیرییان، یان دارمانیان جیاوازیی تێدا دەبێ. من لە چوار بەشی داهاتوودا، هەوڵ دەدەم تا لە توانامدا هەبێ بەتەواوی و بەڕوونی، هۆکارەکانی ئەم جیاوازییانە بخەمە ڕوو.

یەکەم، هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە ئەو هەلومەرجانە چین کە بەشێوەیەکی سروشتی ئاستی هەقدەست دەستنیشان دەکەن و، چۆن ئەم هەلومەرجانە دەکەونە ژێر کاریگەریی دەوڵەمەندی یان هەژاری، پێشکەوتن، چەقبەستوویی، یان پاشەکشەی کۆمەڵگەوە.

دووەم، هەوڵ دەدەم ئەو هەلومەرجانە پێشان بدەم کە ئاستی قازانج دیاری دەکەن و، بە چ شێوەیەک ئەو هەلومەرجانە دەکەونە ژێر کاریگەریی هەمان ئەو جیاوازییانە لە دۆخی کۆمەڵگەدا.

هەرچەندە هەقدەست و قازانج بە پارە، لە بەگەڕخستنە جیاجیاکانی کار و ماڵدا زۆر جیاوازن، بەڵام هێشتا بەشێکی دیاریکراویان هەیە کە لەوە دەچێ بەهاوبەشی لە هەردوو هەقدەستی بەپارە لە هەموو بەگەڕخستنەکانی کار و، قازانج بەپارە لە بەگەڕخستنە جیاجیاکانی ماڵدا. لێرە بەدواوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم بەشە، بەشێوەیەکی بەشەکی وابەستەی سروشتی بەگەڕخستنە جیاجیاکانە و، بەشێکی تریشی وابەستەی یاسا و سیاسەتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیە لە بەڕێوەبردنی ئەو بەگەڕخستنانەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بەشە لە زۆر ڕووەوە پەیوەستە بە یاسا و سیاسەتەوە، لەوە دەچێ بە ئاستێکی کەمیش لەژێر کاریگەریی دۆخی دەوڵەمەندی یان هەژاری، پێشکەوتوویی، چەقبەستوویی، یان پاشەکشەی ئەو کۆمەڵگەیەدا بێ. بۆ ئەوەی لە گشت ئەو دۆخە جیایانەدا وەک خۆی یان زۆر نزیک لەو ئاستەی بمێنێتەوە. من بەپلەی سێیەم هەوڵ دەدەم ئەو هەلومەرجانە شی بکەمەوە کە ئەم بەشە ڕێک دەخەن.

لە پلەی چوارەم و دواپلەدا، هەوڵ دەدەم پێشانی بدەم ئەو هەلومەرجانە چین کە موڵکانەی زەوی ڕێک دەخەن و، دەبنە مایەی بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەی نرخی ڕاستەقینەی هەموو ئەو شتانەی بەرهەمیان دێنێ.

بەشی هەشتەم
هەقدەستی کار

بەرهەمی کار، پاداشتی سروشتی یان هەقدەستی کار دیاری دەکا.

لە دۆخی ڕەسەنی شتەکاندا، کە پێش دەستگرتن بەسەر زەوی و کەڵەکەکردنی ماڵ دێ، تەواوی بەرهەمی کار بۆ کارگەر بوو. ئەو نە خاوەن موڵک نە ئاغای هەبووە ببێتە هاوبەشی.

ئەگەر ئەو دۆخە بەردەوامیی هەبووایە، لەوانە بوو هەقدەستی کار زیادی بکردایە شانبەشانی ئەو هەموو چاکسازییە لە هێزە بەرهەمهێنەکانی (productive powers) کە دابەشکردنی کار هەلی بۆیان ڕەخساندووە. هەموو شتەکانیش وردەوردە هەرزان دەبوون. کاڵاکان بە بڕی کەمتری کار بەرهەم دەهاتن و، لە کاتێکدا کاڵاکان بە بڕی یەکسانی کار بەرهەم دێن ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی لەم دۆخە گۆڕانی بەخۆوە دەبینی، بەهەمان شێوە بە بەرهەمی بڕێکی کەمتر دەکڕران.

بەڵام هەرچەندە هەموو شتەکان لەوانەیە لەڕاستیدا هەرزانتر بن، بەڕواڵەت زۆر شت لەوانە بوو لەجاران گرانتر بن، یان بەبڕێکی زیاتر لە کاڵای تر بێنە گۆڕینەوە. بۆ نموونە با وای دابنێین کە بەشی زۆری بەگەڕخستنی هێزە بەرهەمهێنەکانی کار، دە ئەوەندە زیاد بوو، یان کاری یەک ڕۆژی کارگەرێک بڕی دە ئەوەندەی جاران ئیشی بەرهەم هێنا، بەڵام ئەوەی لە پیشەیەکی دیاریکراودا بەرەو پێش چووە، تەنیا بووەتە دوو هێندە، یان کاری ڕۆژانەی کارگەرێک تەنیا بڕی دوو ئەوەندەی جاران ئیشی بەرهەم هێناوە. لەکاتی گۆڕینەوەی بەرهەمی یەک ڕۆژی کار لە بەشی زۆری پیشەکاندا بەرامبەر بە یەک ڕۆژ کار لەم پیشە دیاریکراوە، دە ئەوەندەی بڕی جارانی کار تەنیا دوو ئەوەندەی بڕەکەی جارانێ پێ دەکڕێ. کەواتە هەر بڕێکی دیاریکراوی ئەمەیان، بۆ نموونە یەک پاوەن وا خۆی دەنوێنێ کە پێنج ئەوەندەی جاران گران بێ. بەڵام لەڕاستیدا دوو ئەوەندە هەرزانە. هەرچەندە بڕی پێنج ئەوەندەی جاران کاڵای بۆ کڕینی دەوێ، ئەو تەنیا بڕی نیو ئەوەندە کاری بۆ کڕین یان بەرهەمهێنانی پێویستە. بۆیە بەدەستهێنانەکەی دوو هێندەی جاران ئاسانە.

بەڵام ئەم دۆخە بنەڕەتییەی شتەکان، کە تیایدا کارگەر دەبووە خاوەنی هەموو بەرهەمی کارەکەی خۆی، نەدەکرا دوای یەکەمین دەرکەوتنی دەستگرتن بەسەر زەوی و کەڵەکەبوونی ماڵدا بەردەوام بێ. واتە ئەو ماوەیەکی زۆر پێش ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی

له هێزە بەرهەمهێنەکانی کاردا کران بەکۆتایی گەیشتبوو و، بەدواداچوونی زیاتر بۆ کاریگەرییەکانی بەسەر پاداشت یان هەقدەستی کارەوە بێهوودەیە.

هەر کە زەوی بووە موڵکی تایبەت، خاوەن موڵک داوای بەشێک لە نزیکەی گشت ئەو بەرهەمانە دەکا کە کارگەر لەو زەوییە بەرهەمیان دێنێ یان کۆیان دەکاتەوە. کرێی ئەو یەکەمین شتە لە بەرهەمی ئەو کارەی لە زەوییەکەدا بەگەڕ خراوە، دەردەهێنرێ.

بەدەگمەن ئەو کەسەی کار لە زەوییەکەدا دەکا، توانای ئەوەی دەبێ تا کاتی دروونە خۆی بژیێنێ. بەگشتی پێداویستییەکانی پێشوەخت لە ماڵی خاوەن کارەکە دابین دەکرێن، ئەو جووتیارەی بەگەڕی دەخا و، هیچ بەرژەوەندییەکی لە بەگەڕخستنی ئەودا نییە، ئەگەر چاوی لە بەشداری لە بەرهەمی کارەکەی ئەو نەبێ، یان ئەگەر نەیەوێ ماڵەکەی بە قازانجەوە پڕ ببێتەوە. ئەم قازانجە هەڵاوێردکردنێکی دووەمە لە بەرهەمی ئەو کارەی لە زەوییەکەدا بەگەڕ خراوە.

بەرهەمی نزیکەی گشت کارێک ڕووبەڕووی ئەم لێدەرکردنی قازانجە دەبێتەوە. لە هەموو پیشە و پیشەسازییەکاندا بەشی زۆری کارگەران پێویستیان بە خاوەن کارێک هەیە کە پێشوەخت کەرەستەی ئیشەکەیان بۆ دەستەبەر بکات، لەگەڵ هەقدەست و پێداویستییەکانیان تا ئەو کاتەی ئیشەکە تەواو دەبێ. ئەویش بەشدار دەبێ لە بەرهەمی کاری ئەوان، یان لەو بەهایەی کە بۆ ئەو کەرەستانەی زیاد دەکەن و، ئەم بەشدارییە قازانجەکەی ئەویش لەخۆ دەگرێ.

هەندێ جار، ڕوو دەدات کە کارگەرێکی تەنیا و سەربەخۆ ئەوەندە ماڵی هەیە کە بەشی کڕینی کەرەستەی کارەکەی بکات و، پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات تا ئەو کاتەی ئیشەکەی تەواو دەبێ. ئەو لە یەک کاتدا خاوەن کارە و کارگەریشە و، هەموو بەرهەمی کارەکەی بۆ خۆی دەبێ، یان هەموو ئەو بەهایە بۆ خۆی دەبێ کە بە کارەکەی بۆ کەرەستەکان زیاد دەبێ. ئەوە وەک باوە دوو داهاتی دیار لەخۆ دەگرێ، کە هی دوو کەسی جیان، قازانجی ماڵەکە و هەقدەستی کارەکە.

بەڵام ئەم جۆرە دۆخانە زۆر باو نین و، لە هەموو بەشێکی ئەورووپادا، بیست کارگەر لەبەر دەستی خاوەن کارێک، کەسێکی سەربەخۆدا، کار دەکەن و، هەقدەستی کار لە هەر شوێنێک وا دەبینرێ، وەک ئەوەی کە باوە، کاتێک کارگەرەکە یەک کەسە و، خاوەنی ماڵە بەگەڕخراوەکە کەسێکی ترە.

هەقدەستی باوی کار، لە هەموو شوێنێک بەندە بە گرێبەستێک کە لەنێوان دوو لا، کە بەهیچ شێوەیەک هەمان بەرژەوەندیان نییە. کارگەرەکان حەز دەکەن زۆرترین بەدەست بهێنن، خاوەن کاریش دەیەوێ تا پێی بکرێ کەم بدا. ئەوەی یەکەم چاوی لە زیادکردنی هەقدەستەکەیەتی، ئەوەی دووەم چاوی لە کەمکردنەوەی هەقدەستی کارە.

بەڵان کارێکی گران نییە پێشبینی بکرێ کام لەو دوو لایەنە دەبێ، لە هەموو دۆخێکی ئاساییدا، سوود لەو ڕێکنەکەوتنە ببینێ و ئەوەی دووەم ناچاری قایلبوون بە مەرجەکان بکات. خاوەن کارەکان لەبەر ئەوەی ژمارەیان کەمترە دەتوانن زۆر ئاسانتر گرد ببنەوە (combine)و، سەرەڕای ئەوەش یاسا ڕێگە دەدا، یان بەلای کەمەوە، ڕێگری لە گردبوونەوەیان ناگرێ، لەکاتێکدا کە گردبوونەوەی کارگەران قەدەخە دەکا. پەرلەمانی ئێمە هیچ بڕیارێکی دەرنەکردووە کە دژی گردبوونەوە بۆ کەمکردنەوەی نرخی کار بێ، بەڵام بڕیاری زۆری دژی گردبوونەوە بۆ زیادکردنی دەرکردووە. لە گشت ئەم جۆرە ناکۆکییانەدا خاوەن کارەکە دەتوانێ زیاتر خۆی ڕابگرێ. خاوەن موڵکێک، جووتیارێک، خاوەن کارێکی پیشەسازی، بازرگانێک، هەرچەندە یەک کارگەرێکیشی بەگەڕ نەخستبێ، بەگشتی دەتوانێ ساڵێک یان دووان بەو ماڵە بژی کە هەیەتی. زۆر کارگەر ناتوانێ هەفتەیەک بژی، کەمێکیان دەتوانن یەک مانگ بژین و، بەدەگمەنیش تیایاندا هەڵدەکەوێ کە بتوانێ ساڵێک بەبێ کارکردن بژی. لە مەودای دووردا ئەوەندەی کارگەر پێویستی بە خاوەن کارەکەی هەیە، خاوەن کاریش ئەوەندە پێویستی بەکارگەرەکەیە، بەڵام پێویستیی ئەم زۆر بەپەلە نییە.

دەڵێن زۆر کەم لەبارەی گردبوونەوەی خاوەن کارەکانەوە دەبیستین، بەڵام زۆر لەبارەی گردبوونەوەی کارگەران دەبیستین. بەڵام هەر کەسێک بەم پێیە وا بزانێ کە خاوەن کارەکان کەم کۆ دەبنەوە، ئەوە بێئاگایە لە جیهان و لە بابەتەکەش. خاوەن کارەکان بەردەوام و لە هەموو شوێنێک جۆرێک لە گردبوونەوەی واتەکی دەکەن، بەڵام بەردەوام و ڕێکخراو، بۆ ئەوەی هەقدەستی کار لە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی بەرزتر نەبێ. دەرچوون لەم یەکدەنگییە لە هەموو شوێنێکدا کارێکی ناباوە و، دەبێتە مایەی جۆرێک لە لۆمە بۆ خاوەن کارەکە لەنێوان دراوسێ و هاوشانەکانیدا. بێگومان بەدەگمەن لەبارەی ئەم کۆدەنگییەوە دەبیستین لەبەر ئەوەی کە باوە و، دەتوانین بڵێین کە ئەوە ئەو دۆخە سروشتییەی شتەکانە، کە پێشتر کەس نەیبیستووە. هەروەها خاوەن کارەکان هەندێ جار دەچنە نێو گردبوونەوەگەلی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی هەقدەستی کار تەنانەت بۆ خوار ئەو ئاستەش. ئەمەش بەردەوام بەوپەڕی بێدەنگی و نهێنی ئەنجام دەدرێ، تا ئەو کاتەی جێبەجێ دەکرێ و، کاتێک کە کارگەرەکان، وەک ئەوەی هەندێ جار دەیکەن، گازاندە دەکەن بەبێ بەرەنگاربوونەوە، هەرچەندە خەڵکی تریش هەست بە قورسیی ئەمە دەکەن بەڵام هەرگیز لێیان نابیسترێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە گردبوونەوانە زۆر جار لەلایەن گردبوونەوەیەکی دژبەری کارگەرانەوە بەرەنگاری دەکرێ، کە ئەوانیش هەندێ جار بەبێ هیچ وروژاندنێکی لەم جۆرە، بەڕێککەوتنی خۆیان بۆ زیادکردنی نرخی کارەکەیان گرد دەبنەوە. بانگەشەی باوی ئەمان هەندێ جار بریتییە لە نرخی بەرزی ئازووخە، هەندێ

جاریش ئەو قازانجە زۆرەیە کە خاوەن کارەکان لە کاری ئەوانی بەدەست دێنن. جا گردبوونەوەکانیان هێرشبەرانە بن یان بەرگریکارانە، بەردەوام زۆریان لەسەر دەبیسترێ. بۆ ئەوەی وا بکەن بڕیاری خێرا بدرێ، ئەوان بەردەوام پەنا دەبەنە بەر بەرزترین دەنگ و ژاوەژاو و، هەندێ جاریش زۆرترین توندوتیژی و تووڕەیی. ئەوان بێچارەن و بەگەمژەیی و ملهوڕیی مرۆڤی بێچارەوە هەڵسوکەوت دەکەن، کە یان دەبێ خۆیان تووشی برسییەتی بکەن، یان خاوەن کارەکان بترسێنن تاوەکو یەکسەر بەدەنگی داواکانیانەوە بێن. خاوەن کارەکان لەم جۆرە دۆخانەدا لە بەرەی خۆیانەوە دەکەونە هەمان دەنگەدەنگ و، واز ناهێنن لە هاوارکردن بۆ داوای یارمەتی لە دادوەریی شارستانی و، بەپەلە جێبەجێکردنی توندی ئەو یاسایانەی توندییەکی زۆریان تێدایە دژ بە گردبوونەوەی کارمەندان، کارگەران و پیشەوەران. بەمەش کارگەران بەدەگمەن هیچ قازانجێک لە توندوتیژیی ئەم گردبوونەوە پڕ هەرایە بەدەست دێنن، کە بەشێکی بەهۆی بڕیاری دادوەرەوە و، بەشێکی بەهۆی جێگیریی بالای خاوەن کارەکانەوە و، بەشێکی بەهۆی پێویستیی زۆربەی کارگەران بەو بژێوییەی ئێستا هەیە، بەگشتی ئەنجامەکەیان هیچ دەبێ و، دەبنە مایەی سزا و ماڵوێرانی بۆ سەرکردەکانیان.

خاوەن کارەکان، سەرباری ناکۆکییەکانیان لەگەڵ کرێکارەکانیان، بەگشتی دەبێ قازانج بکەن، بەڵام ئاستێکی نزمی دیاریکراو بۆ هەقدەستی ئاسایی هەیە کە لەوە دەچێ کەمکردنەوەی بۆ ماوەیەکی باش ئەستەم بێ، تەنانەت لە جۆرەکانی زۆر نزمی کاریشدا.

مرۆڤ دەبێ بەردەوام بەکاری خۆی بژی و، دەبێ هەقدەستەکەی بەلای کەمەوە بایی ژیانی بکات. ئەو هەقدەستە دەبێ لە زۆربەی جارەکاندا تا ڕادەیەک زیاتریش بێ، ئەگەر نا ئەستەم دەبێ کە مرۆڤ بتوانێ خێزانەکەی بەخێو بکات و، تۆی ئەو جۆرە کارگەرانە هەر لە نەوەی یەکەمەوە دەبڕێتەوە. بەم پێیەش لەوە دەچێ بەڕێز کانتیلەن پێی وا بێ کە نزمترین ئاستی کارگەرانی ئاسایی دەبێ لە هەموو شوێنێک بەلای کەمەوە دوو هێندەی بەشی بژێویی خۆیان دەست بکەوێ، بۆ ئەوەی بەوە و بەوەی تر بتوانن دوو منداڵ بەخێو بکەن، بەری کاری ژنەکە، بەو پێیەی کە پێویستە لای منداڵەکانی ئامادە بێ، چاوەڕوان دەکرێ کە لە بەشی خۆی زیاتر نەبێ. بەڵام نیوەی ئەو منداڵانەی لەدایک بوون، وەک ئەوەی ئاماری بۆ کراوە، بەر لەوەی بگەنە تەمەنی پیاوبوون دەمرن. لەبەر ئەوە هەژارترین کارگەرەکان، بەم پێیە، دەبێ بەیەکەوە هەوڵ بدەن بەلای کەمەوە چوار منداڵیان ببێ، بۆ ئەوەی دوانیان هەلی ئەوەیان هەبێ بگەن بەو تەمەنە. کەچی پێشبینی دەکرێ بژێویی پێویست بۆ چوار منداڵ یەکسان بێ بە نزیکەی پێویستیی یەک پیاو. کاری کۆیلەیەکی لەشساغ، هەمان ئەو نووسەرە دەڵێ، پێشبینی دەکرێ کە بایی دوو ئەوەندەی بژێوی خۆی بێ و، ئەو پێی وایە کە نابێ بەری کەمترین کار بایی کەمتر لە کاری

کۆیلەیەکی لەشساخ بێ. کەواتە بەلای کەمەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەوە دەچێ کە بۆ بەخێوکردنی خێزانێک بە دڵنیاییەوە دەبێ کاری مێرد و ژن بەیەکەوە، تەنانەت ئەگەر نزمترین جۆرە کاری ئاسایی بکەن، توانای دابینکردنی شتێکی زیاتر لەوەی هەبێ کە بەدەستنیشانکراوی بۆ ژیانی هەردووکیان پێویستە، بەڵام ئەوە دەبێ بە چ ڕێژەیەک بێ، ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە یان هەر یەکێکی تر، من ئەوەیان دیاری ناکەم.

لەگەڵ ئەوەشدا، دۆخگەلی دیاریکراو هەن، کە هەندێ جار بوار بە کارگەران دەدەن بتوانن هەقدەستی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو لەم ئاستە بەرزتر بکەن، دیاریشە کە کەمترینە بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤبوونی هاوبەش دەیخوازێ.

کاتێک لە هەر وڵاتێکدا کاتێک خواست لەسەر ئەو کەسانەی بە هەقدەست دەژین، کارگەران، شاگردان، کارمەندانی جۆراوجۆر، لە زیادبوونی بەردەوامدایە، کاتێک هەموو ساڵێک هەلی بەگەڕخستنی ژمارەیەکی زیاتر لەوەی ساڵی پێشتر کاریان دەکرد دابین دەبێ، کارگەران پێویستیان بە گردبوونەوە نابێ لەپێناو زیادکردنی هەقدەستەکانیان. کەمیی دەستی کار هەلی کێبەرکێ لەنێوان خاوەن کارەکاندا دروست دەکا، ئەوانیش بۆ بەدەستهێنانی کارگەر لەسەر یەکتر زیاد دەکەن و، خۆبەخشانە ئەو کۆدەنگییە سروشتییەی خاوەن کارەکان بۆ زیادنەکردنی هەقدەست دەشکێنن.

ئاشکرایە کە خواست لەسەر ئەو کەسانەی بە هەقدەست دەژین، زیاد نابێ بەبێ ئەوەی بەشێک بن لە زیادبوونی ئەو پارەیەی کە بۆ دابینکردنی هەقدەست تەرخان دەکرێ. ئەو پارەیە دوو جۆرە، یەکەمیان، ئەو داهاتەیە کە زیاترە و لەسەرووی ئەوەوەیە کە بۆ بژێوی پێویستە و، دووەم، ئەو ماڵەی کە زیاترە و لەسەرووی ئەو بڕەوەیە کە بۆ کارکردنی خاوەن کارەکان پێویستە.

کاتێک کە خاوەن موڵک، وەرگری ساڵانە، یان پیاوی پارەدار، داهاتێکی زیاتری دەبێ لەوەی کە پێی وایە بۆ بژێویی خێزانەکەی پێویستی پێیەتی، هەموو ئەو زیادەیە یان بەشێکی بۆ بەدەستهێنانی یەک خزمەتکارێکی ئاسایی یان زیاتر بەکار دێنێ. تا ئەو زیادەیەش زیاتر بێ ئەو ژمارەی ئەو خزمەتکارانە زیاتر دەکا.

کاتێک کارگەرێکی سەربەخۆ، وەک جۆلا یان پێڵاوساز، ماڵی زیاتری دەبێ لەوەی کە بۆ کڕینی کەرەستەکانی کارەکەی و، بۆ بژێویی خۆی تا ئەو کاتەی بەرهەمەکەی پێ دەگا، پێویستی پێیەتی، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی شاگردێک یان زیاتر بەو زیادەیە دەگرێ، بۆ ئەوەی قازانج لە کارکردنی ئەوان بکات. زیادبوونی ئەو زیادەیە، بەشێوەیەکی سروشتی وای لێ دەکا ژمارەی شاگردەکانی زیاد بکات.

لەبەر ئەوە، بێگومان خواست لەسەر ئەوانەی بە هەقدەست دەژین لەگەڵ زیادبوونی داهات و ماڵی هەر شوێنێکدا زیاتر دەبێ و، لەوانەیە بەبێ ئەوە زیاد نەکا. زیادبوونی

داهات و ماڵ زیادبوونی سامانی نەتەوەییە. بۆیە خواست لەسەر ئەوانەی بە هەقدەست دەژین لەگەڵ زیادبوونی سامانی نەتەوەییدا زیاتر دەبێ و، ناکرێ بەبێ ئەو زیاد ببێ.

ئەوە تەنیا مەزنیی کردەنیی سامانی نیشتمانی نییە، بەڵکو زیادبوونی بەردەوامیەتی، کە ڕێ بۆ زیادبوونی هەقدەستی کار خۆش دەکا. بەم پێیەش ئەوانە وڵاتانی دەوڵەمەند نین، بگرە وڵاتانی زیاتر گەشەکردوون، یان ئەوانەن کە خێراتر دەوڵەمەند دەبن، کە تیایاندا هەقدەستی کار بەرزترینە. لەم ڕۆژگارەدا، بێگومان ئینگلتەرە وڵاتێکە دەوڵەمەندتر لە هەر بەشێکی باکوری ئەمەریکا. بەڵام هەقدەستی کار لە باکوری ئەمەریکا زۆر بەرزترە لەوەی لە هەر شوێنێکی ئینگلتەرەدا هەیە. لە ویلایەتی نیویۆرک، کارگەرانی ئاسایی ڕۆژانە سێ شیلین و شەش پێنس وەردەگرن، کە یەکسانە بە دوو شیلینی ئیستەرلینی، دارتاشانی کەشتی دە شیلین و شەش پێنس پارە لەگەڵ نیو لیتر ڕەم وەردەگرن، کە هەمووی یەکسانە بە شەش شیلین و شەش پێنسی ئیستەرلینی، دارتاشانی خانوو و بیناسازان هەشت شیلین وەردەگرن کە یەکسانە بە چوار شیلین و شەش پێنسی ئیستەرلینی، شاگردانی بەرگدروو پێنج شیلین وەردەگرن کە یەکسانە بە نزیکەی دوو شیلین و دە پێنسی ئیستەرليني، ئەم نرخانە هەموویان بەرزترن لە نرخی لەندەن و، دەڵێن هەقدەست لە کۆلۆنییەکانی تریش بەهەمان ئاستی ئەوانەی نیویۆرک بەرزن. نرخی ئازووخە لە هەموو شوێنێکی باکوری ئەمەریکا زۆر نزمترە لە نرخەکانی ئینگلتەرە. بەهیچ شێوەیەک نەبوونی کالا لەوێ نەزانراوە. لە خراپترین وەرزەکاندا، ئەوان بەردەوام بەشی خۆیان هەیە، ئەگەرچی بۆ هەناردەکردن کەمیان هەبێ. لەبەر ئەوە، ئەگەر نرخی کار بەپارە لەوەی لە هەر شوێنێکی تری وڵاتی دایک زیاتر بێ، دەبێ نرخە ڕاستەقینەکەی، داوای ڕاستەقینە لەسەر پێداویستییەکان و کەرەستەکانی ژیانی کارگەران بەرزتر بێ لە زۆربەی بەشەکانیدا.

لەگەڵ ئەوەی کە باکوری ئەمەریکا ئەوەندەی ئینگلتەرە دەوڵەمەند نییە، گەشەدارترە و پێشڤەچووترە، بەخێراییەکی زیاتر بەرەو دەستگرتن بەسەر سامانی زیاتردا دەچێ. یەکلاکەرەوەترین هێما بۆ خۆشگوزەرانیی هەر وڵاتێک بریتییە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی. بوونی ئەو ژمارەیە بە دوو هێندە لە بریتانیای مەزن و زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپایی، پێش کەمتر لە پێنج سەد ساڵ چاوەڕوانکراو نییە. لە کۆلۆنییەکانی بریتانیا لە باکوری ئەمەریکا، دەرکەوتووە کە ژمارەی دانیشتووان لە ماوەی بیست تا بیست و پێنج ساڵدا ببێتە دوو بەرابەر. لەم ڕۆژگارەدا ئەو زیادبوونە لە بنەڕەتدا بەهۆی بەردەوامیی هاوردەکردنی دانیشتووانەوە نییە، بەڵکو لەبەر زۆر منداڵبوونیانە. دەڵێن ئەوانەی پیر دەبن پەنجا تا سەد، هەندێ جار زۆر لەوە زیاتر، نەوەی خۆیان دەبینن. لەوێ کار ئەوەندە پاداشتەکەی باشە کە خێزانی خاوەن منداڵی زۆر، لەجیاتی ئەوەی بار بێ، مایەی

دەوڵەمەندی و گەشەی دایک و باوکە. کاری هەر منداڵێک، پێش ئەوەی بتوانن ماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، بە نزیکەی سەد پاوەن دەسکەوت دەخەملێنرێ. بێوەژنێکی گەنج کە خاوەنی چوار یان پێنج منداڵی ورد بێ، کە لەناو چینی مامناوەندی یان خوارتری ئەوروپا، هەلی زۆر کەمی بۆ شووکردنێکی دووەم لەپێشە، لەوێ وەک سەرچاوەیەکی سامان دەبینرێ. بەهای منداڵەکان لە گشت هاندەرەکانی تری هاوژینی بەستن لەگەڵ ئەو ژنەدا گەورەترە. بۆیە نابێ بەلامانەوە سەیر بێ کە خەڵکی باکوری ئەمەریکا بەگشتی پێویست بێ زۆر بەگەنجی خێزان پێکەوە بنێن.

سەرباری ئەو زیادبوونە زۆرەی کە لە ئەنجامی زوو پێکهێنانی خێزانەوەیە، هێشتا گازاندەیەکی بەردەوام لە کەمیی هێزی کار لە باکوری ئەمەریکادا هەیە. خواست لەسەر کارگەران، ئەو پارانەی بۆ بژێوییان تەرخان کراون، لەوە دەچێ کە زیادبوونیان هێشتا لە توانای دۆزینەوەی کارگەر بۆ کارپێکرجیهانن خێراتر بێ.

لەگەڵ ئەوەی کە دەبێ سامانی وڵات زۆر مەزن بێ، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ جێگیر بێ، ئێمە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەقدەستی کار تیایدا بەرز ببینین. ئەو پارانەی بۆ دانی هەقدەست تەرخان کراون، داهات و ماڵی دانیشتووانی، لەوانەیە زۆرترین بن. بەڵام ئەگەر بۆ چەند سەدەیەک بەهەمان شێوە بەردەوام بن، یان زۆر نزیک بن لە هەمان شێوە، ژمارەی ئەو کارگەرانەی ساڵانە کاریان پێ دەکرێ لەوانەیە بەئاسانی ئەو ژمارەیە پڕ بکەنەوە کە لە ساڵی داهاتوودا پێویست دەبن، لەوانەشە لێی زیاد بن. لەوانەیە بەدەگمەن کورتهێنان لە دەستی کارکردندا هەبێ، خاوەن کارەکانیش پێویستیان بەوە نەبێ کێبەرکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانیان. ئەو دەستانە، بەپێچەوانەوە، لەم دۆخەدا، بەشێوەیەکی سروشتی زیاتر لە پێویستیی پیشەکەیان زیاد دەبن. کورتهێنانێکی جێگیر لە ئیش دروست دەبێ و، کارگەرەکان ناچار دەبن کێبەرکێ لەگەڵ یەکتردا بکەن بۆ ئەوەی ئیشیان دەست بکەوێ. ئەگەر لە وڵاتێکی وەهادا هەقدەستی کار لە پێویستیی بژێویی کارگەر زیاتر بێ و، بەخێوکردنی خێزانی بۆ فەراهەم بکات، کێبەرکێی نێوان کارگەران و بەرژەوەندی خاوەن کارەکان زوو دەبنە مایەی کەمکردنەوەیان بۆ نزمترین ئاستی گونجاو بۆ مرۆڤایەتی. چین ماوەیەکی زۆر یەکێک لە دەوڵەمەندترینەکان بوو، یەکێک لە بەپیتترین، خاوەن باشترین کشتوکاڵ، پیشەسازیترین و، قەرەباڵخترین وڵاتانی جیهان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دەچێ ماوەیەکی زۆر چەقبەستوو بووبێ. مارکۆ پۆلۆ کە پێش زیاتر لە پێنج سەد ساڵ سەردانی ئەوێی کردووە، وەسفی کشتوکاڵ، پیشەسازی و، قەرەباڵخیەکەی دەکا، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە گەشتیارانی ئەم سەردەمە وەسفیان دەکەن. لەوانەیە ئەوێ، تەنانەت ماوەیەکی زۆر پێش سەردەمی ئەویش، گەیشتبێتە ئاستی دەستبەسەرداگرتنی تەواوی ئەو سامانانەی کە سروشتی یاساکانی ڕێگەی خاوەنداریتییان دەدا. یادەوەریی هەموو

گەشتیاران، هەرچەندە لە هەندێ ڕووەوە جیاوازن، کۆکن لەسەر هەقدەستی نزمی کار و، ئەو سەختییەی ڕووبەڕووی کارگەر دەبێتەوە ئەگەر بیەوێ لە چین خێزانێک بەخێو بکات. ئەو قایلە بەوەی بە هەڵکەندنی زەوی بۆ ماوەی یەک ڕۆژی تەواو بایی کڕینی بڕێکی کەم برنجی دەست بکەوێ. دۆخی پیشەوەران، ئەگەر بکرێ، لەوەش خراپترە. ئەوان لەجیاتی ئەوەی بێ کار لە کارخانەکانیاندا پاڵ بدەنەوە و چاوەڕێی کڕیار بن، وەک ئەوەی لە ئەورووپا دەگوزەرێ، بەردەوام بەکەرەستەی تایبەت بە پیشەکەیانەوە بەدوای کاردا جادەکان دەگەڕێن، خزمەتگوزارییەکانی خۆیان دەخەنە بەر چاو، هەر وەک ئەوەی سواڵی ئیش بکەن. ئاستی هەژاریی چینەکانی خوارەوە لە چین زۆر لە ئاستی هەژارترین گەلانی ئەورووپا نزمترە. لە دەوروبەری کانتۆندا چەند سەد، وەک دەگوترێ، چەند هەزار خێزانێک نشینگەیان لەسەر زەویدا نییە، بەڵکو بە بەردەوامی لەناو بەلەمی بچووکی ڕاو لە ڕووبار و کەناڵەکاندا دەژین. ئەو پاروووە نانەی لەوێ دەستیان دەکەوێ زۆر بێئاستە بۆیە پەرۆشی دۆزینەوەی خراپترینی ئەو زبڵەن کە هەر کەشتییەکی ئەورووپایی فڕێی دەدا. هەر کەلاکێکی سەگ یان پشیلە، بۆ نموونە، تەنانەت ئەگەر نیوە بۆگەن و ڕزیویش بێ، لەلایەن ئەوانەوە وەک خواردنێکی زۆر تەندروستی گەلانی تر پێشوازیی لێ دەکرێ. ئەوەی هانی پێکەوەنانی خێزان لە چین دەدا، قازانجی منداڵ نییە، بەڵکو ئازادیی لەناوبرجیهاننە. لە هەموو شارە گەورەکاندا شەوانە چەندانیان لێ فڕێ دەدرێتە سەر شەقامەکان، یان وەک تووتکە سەگ لە ئاودا دەیانخنکێنن. دەگوترێ کە ئەم کارە قێزەونە کارێکی ئاشکرای هەندێ خەڵکە کە بژێوییان بەمە دابین دەکەن.

بەڵام چین هەرچەندە ئەگەر لەجێی خۆی چەقی بەستبێ، بەڵام بەرەو دواوە پاشەکشە ناکا. شارۆکەکانی لەلایەن دانیشتووانیانەوە چۆڵ نەکراون. ئەو زەوییانەی کە سەردەمانێک کشتوکاڵیان تێدا دەکرا، پشتگوێ نەخراون. لەبەر ئەوە دەبێ هەمان بڕ کاری ساڵانە، یان زۆر نزیک لەوە، بە بەردەوامی ئەنجام بدرێ و، ئەو پارانەی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارەن نابێ بەشێوەیەکی بەرچاو کەم ببنەوە. بۆیە نزمترین توێژی کارگەران دەبێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی بژێویی کەمیان، ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی جۆرەکەیان بەردەوامی پێ بدەن بۆ ئەوەی ژمارە باوەکەیان بەردەوام جێگیر بێ.

لە وڵاتێکی تردا، کە ئەو پارانەی بۆ بەردەوامیی کار تەرخان کراون بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە. هەموو ساڵێک خواست لەسەر کارگوزار و کارگەر، لە هەموو جۆرە ئیشێکدا، لە ساڵی پێشوو کەمتر دەبێ. زۆربەی ئەوانەی لەناو پیشە باڵاکاندا پەروەردە بوون، ناتوانن لە بواری کاری خۆیاندا کار بەدەست بهێنن، بەخۆشحاڵییەوە هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی کاری ئاست نزمتر. ئاستە نزمەکان، نەک تەنیا لەڕووی کارگەرانی خۆیانەوە زیادەیان دەبێ، بگرە بەهاتنی کارگەرانی زۆری ئاستەکانی تریش ئەو

زیادەیە دروست دەبێ و، کێبەرکێ بۆ بەدەستهێنانی ئیش زۆر گەورە دەبێ و، وا دەکا هەقدەستی کاری داماوترین و هەژارترینی کارگەران کەم ببێتەوە. زۆرێک لەوانە تەنانەت بەم مەرجە سەختانەش ناتوانن ئیش بەدەست بهێنن، بۆیە یان دەبێ لەبرسا بمرن، یان نانی خۆیان بە دەرۆزە یان بە خراپترین تاوانەکان پەیدا بکەن. نەبوونی، برسییەتی و، مەرگ باڵ بەسەر ئەم توێژەدا دەکێشن و، لەوانەوە بەرەو توێژەکانی سەرووتر هەڵدەکشێن، تاوەکو ژمارەی دانیشتووانی وڵات دەگاتە ئەو ئاستەی بەو داهات و ماڵەی کە ماون و، لەو وێرانکارییە ڕزگاریان بووە کە ئەوەی تری لەناو بردووە، بەئاسانی بژین. لەوانەیە ئەمە نزیک بێ لە دۆخی ئێستای بەنگال و، هەندێ لە نشینگە ئینگلیزییەکانی هیندی ڕۆژهەڵات. لە وڵاتێکی بەپیتدا کە پێشتر خەڵکێکی زۆر بەجێیان هێشتووە و، تیایدا نابێ دابینکردنی پارووی نان زۆر سەخت بێ و، لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی یەک ساڵ سێ سەد یان چوار سەد هەزار کەس لەبرسا بمرن، دەبێ لەوە دڵنیابین کە ئەو پارانەی بۆ ژیاندنی کارگەرانی هەژار تەرخان کراوە بەخێرایی کەم بوونەتەوە. جیاوازیی نێوان دانایی یاسای بریتانیا کە باکوری ئەمەریکا دەپارێزێ و حوکمڕانیی دەکا و، یاسای ئەو کۆمپانیا بازرگانییانەی لە هیندی ڕۆژهەڵاتدا خەریکی داپڵۆسین و چەوساندنەوەن، لەوانەیە بەهیچ شتێک وەک جیاوازیی نێوان دۆخی ئەو وڵاتانە دەربڕینی بۆ نەکرێ.

کەواتە پاداشتی زۆری کار وەک چۆن کاریگەرییەکی پێویستە، نیشانەیەکی سروشتیی زیادبوونی سامانی نەتەوەیە. لە لایەکی تریشەوە، کەمیی بژێویی کارگەری هەژار نیشانەی سروشتییە بۆ چەقبەستوویی و، لەبرسا مردن نیشانەی پاشەکشەی خێرایە.

لەوە دەچێ لەم سەردەمەدا هەقدەستی کار لە بریتانیای مەزن بەشێوەیەکی بەرچاو زیاترە لەو بڕەی کە پێویستە بۆ ئەوەی کارگەر بتوانێ خێزانی پێ بەڕێوە ببا. بۆ ئەوەی خۆمان لەبارەی ئەم خاڵە دڵنیا بکەین، پێویست ناکا بچینە نێو لێکدانەوەی بێزارکەر و گوماناوی بۆ ئەوەی بزانین کام بڕە پارە کەمترینە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمە ئەنجام بدا. گەلێ نیشانەی دیار هەن کە پێشانی دەدەن هەقدەستی کار لە هیچ شوێنێکی ئەم وڵاتەدا بەپێی ئەم کەمترین ئاستی گونجاوە بۆ ژیانی مرۆڤانە، ڕێک نەخراوە.

یەکەم، نزیکەی گشت بەشێکی بریتانیای مەزن جیایە لەوانی تر، تەنانەت سەبارەت کارە هەرە ئاستنزمەکان، هەقدەستی هاوین و زستانیش وەک یەک نین. بەردەوام هەقدەستی هاوین بەرزترە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تێچووی نائاسایی سووتەنی، خەرجیی خێزان لە زستاندا زیاترە. بەم شێوەیە، کاتێک هەقدەست بەرزترینە کە خەرجی نزمترینە، ڕوونە کە هەقدەست بەگوێرەی پێویستیی خەرجی ڕێک نەخراوە، بەڵکو بەگوێرەی بڕ و بەهای خەمڵێنراوی ئیش ڕێک خراوە. بۆیە بەدڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین، کارگەرێک ناچارە بەشێک لە هەقدەستی هاوینەی خۆی کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی خەرجیی

زستانی پێ پڕ بکاتەوە و، لە تەواوی ساڵدا هەقدەستەکەی لە خەرجیی پێویست بۆ تەواوی ساڵەکە زیاتر نابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆیلەیەک یان کەسێک کە ڕاستەوخۆ پشتی بەئێمە بەستووە لە دابینکردنی نانی ڕۆژانەیدا، بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێ. نانی ڕۆژانەی ئەو بەگوێرەی پێویستیی ڕۆژانەیەتی.

دووەم، لە بریتانیای مەزندا هەقدەستی کار پەیوەست نییە بە نرخی ئازووخەوە. کە لە هەموو شوێنێک لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک، بەڵکو زۆربەی جار لە مانگێکەوە بۆ مانگێک جیاوازن. بەڵام لەزۆربەی شوێنەکاندا نرخی کار بەپارە هەندێ جار بۆ ماوەی نیو سەدە وەک خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە ئەگەر لەو شوێنانەدا کارگەرانی هەژار بتوانن لە ساڵانی گرانیدا خێزانی خۆیان بژێنن، ئەوە دەبێ لە سەردەمی هەبوونیدا ئەوە بەئاسانی بکەن و لە سایەی هەرزانیی نائاساییدا خۆشگوزەران بن. گرانیی نرخی ئازووخە لەم دە ساڵەی دواییدا لە زۆربەی شوێنەکانی شانشیندا هاوشان نەبوو لەگەڵ بەرزبوونەوەیەکی گونجاو لە نرخی کار بەپارە. ئەمە بێگومان لە هەندێ شوێن ڕووی دا، بەڵام بەهۆی زیادبوونی خواست بوو بۆ کار، نەک بەهۆی نرخی ئازووخە.

سێیەم، کاتێک کە جیاوازی لە نرخی ئازووخە لەساڵێکەوە بۆ ساڵێک زۆر زیاترە لە جیاوازیی هەقدەستی کار، لەلایەکەی ترەوە، هەقدەستی کار لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازیی زیاتر لە جیاوازیی نرخی ئازووخە بەخۆیەوە دەبینێ. نرخی نان و گۆشت لە بەشی هەرە زۆری شانشینی یەکگرتوودا بەگشتی هەمان نرخن یان زۆر لەیەکەوە نزیکن. ئەمانە و زۆربەی ئەو شتانەی بەتاک دەفرۆشرێن، کە ئەو شێوازەیە کارگەرانی هەژار هەموو شتێکی پێ دەکڕن، بەگشتی لە شارە گەورەکاندا هەرزانترن وەک لە ناوچە لادێیە دوورەدەستەکاندا، دواتر هۆکاری ئەمە دەخەمە بەر چاو. بەڵام هەقدەستی کار لە شارە گەورەکان و دەوروبەریاندا بە ئەندازەی چارەک یان پێنج یەک، لەسەدا بیست و پێنج یان بیست، لەوانە بەرزترن کە لە دووریی چەند میلێکی کەم لەو شارانەوە دەدرێن. هەژدە پێنس کە لە لەندەن و دەوروبەری ڕۆژانەی کرێکارێکی ئاساییە نرخێکی کەم نییە بۆ کارەکەی. لە دووریی چەند میلێک ئەو هەقدەستە بۆ چواردە یان پانزە پێنس دادەبەزێ. لەوانەیە لە ئێدنبەرە و دەوروبەری، دە پێنس نرخێکی باش بێ. لە دووریی چەند میلێک بۆ هەشت پێنس دادەبەزێ، کە ئەمە نرخی باوی کاری ئاساییە لەزۆربەی ناوچە نەوییەکانی سکۆتلاند، کە لەوێ ئەو نرخە بەڕادەیەکی بەرچاو لە خوار نرخی ئینگلتەرەوەیە. ئەم جۆرە جیاوازییە لە نرخەکاندا، کە لەوە دەچێ بەردەوام ئەوە نەهێنێ کە مرۆڤ لەپێناو بەدەستهێنانیدا لە بازنەیەکەوە بۆ بازنەیەکی تر جێگۆڕکی بەخۆی بکات، بەشێوەیەکی پێویست دەبێتە مایەی گواستنەوەی کەلوپەلی زۆر، نەک تەنیا لە بازنەیەکەوە بۆ بازنەیەک بەڵکو لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری شانشین، بگرە لەمسەری جیهانشەوە بۆ ئەوسەری،

چـونکه زوو دادەبەزن و لە ئاسـتێک نزیـک دەبـنەوە. دوای هەمـوو ئەوەی کە لەبـارەی لاوازی و نـاجێگیریی سروشـتی مرۆڤ گوترا، ئەزمـوون ئاشـکرای دەکا کە مـرۆڤ لەنێو هەموو بارەکاندا سەختترینە بۆ گواسـتنەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر کارگەری هەژار بتوانێ لەو ناوچانەی شانشین کە نرخی کار تیایاندا نزمترینە، خێزانی خۆی بەخێو بکات، ئەوە لەو شوێنانەدا کە ئەو نرخە بەرزە لە خۆشگوزەرانیدا دەبێ.

چـوارەم، جیاوازییەکـان لە نرخـی کـاردا نەک تەنیـا بەپێـی شـوێن و کـات هـاوڕێی جیاوازییەکانی نرخی ئازووخە نین، بگرە تەواو پێچەوانەی ئەوانن.

دانەوێڵە، کە خۆراکی خەڵکی ئاساییە، لە سکۆتلاند گرانترن وەک لە ئینگلتەرە، لەکاتێکدا کە سکۆتلاند ساڵانە بڕێکی زۆری بۆ دێ. بەڵام گەنمەشامیی ئینگلیزی دەبێ لە سکۆتلاند، کە ئەو وڵاتەیە ئەو بەرهەمەی بـۆ دێ، بەگرانتـر لە ئینگلـتەرە، ئەو وڵاتەی لێـیەوە دێ، بفرۆشرێ و، بەگوێرەی بڕەکەی ناکرێ لە سکۆتلاند لە گەنمەشـامیی سکـۆتلاندی کە دێتە هەمان بازاڕ و کێبەرکێی لەگەڵدا دەکا بەگرانتر بفرۆشرێ. جۆری دانەوێڵە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەبڕی ئارد یان ئەو خۆراکەی لە ئاسیاودا لێی بەرهەم دێ دەبەستێ و، لەم ڕووەوە دانەوێـڵەی ئینگلیـزی زۆر لەسـەرووی دانەوێـڵە سـکۆتلاندییەکەوەیە کە، هەرچەندە بەدیمەن بەرچاوترە، یان بەگوێرەی قەبارەکەی، لەڕاستیدا بەگشتی هەرزانترە، یان بەگوێرەی جۆرەکەی، یان تەنانەت بەگوێرەی کێشەکەی. نرخی کار، بەپێچەوانەوە، لە ئینگلـتەرە گرانتـرە وەک لە سـکۆتلاند. بـۆیە ئەگەر کـارگەری هەژار بتـوانن لە بەشـێکی شانشینی یەکگرتوودا خێزان بەخێو بکەن، ئەوە دەبێ لە بەشەکەی تردا خۆشگوزەران بن. ئاردی شۆفان، بێگومان زۆرترین بەشی خۆراکی خەڵکی ئاسایی سکۆتلاند دابین دەکات، کە بەگشتی ئاستی نزمترە لەوەی دراوسێیەکانیان لە هەمان توێژ لە ئینگلتەرەدا. بەڵام ئەم جیاوازییە لە شێوازی ژیانیاندا هۆکار نییە، بەڵکو ئەوە کاریگەریی جیاوازیی هەقدەستە. لەگەڵ ئەوەشـدا، بەهـۆی خـراپ حـاڵیبوونێکی سـەیرەوە، زۆر جـاران بیسـتوومە کە ئەوە هۆکارەکەیە. کەسێک کە عارەبانەی هەیە لە کاتێکدا دراوسـێیەکەی بەپێ ڕێ دەکا، واتەی ئەوە نیـیە کە ئەم دەوڵەمەنـدە و ئەوەی تریـان هەژارە، بگـرە ئەمەیـان دەوڵەمەنـدە بـۆیە عارەبانەی هەیە و ئەوەی تر هەژارە بۆیە پیادەیە.

لەمـاوەی سـەدەی ڕابـردوودا، ئەگەر سـاڵ بەسـاڵ وەری بگـرین، دانەوێڵە لە هەردوو بەشەکەی شانشینی یەکگرتوو لە ئێستا گرانتر بووە. ئەمە ڕاستییەکە کە ئێستا بوار نییە گومـانی بخـرێتە سـەر و، ئەگەر شیاو بێ، بەڵگەی سـەلمێنەر ئەوەیە کە هێشـتا سـەبارەت سکۆتلاند زیاتر لەوەی سەبارەت ئینگلتەرە یەکلاکەرەوەیە. لە سکۆتلاند لەڕێی بەڵگەکانی یاسای دەستنیشانکردنی تێکڕای نرخی دانەوێڵەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ، بەگوێرەی دۆخی ڕاسـتەقینەی بـازاڕ، بۆ هەمـوو جـۆرە جیاجیاکانی دانەوێڵە لە هەر نـاوچەیەکی سـکۆتلاند،

نرخاندنی ساڵانە بە پشتبەستن بە سوێندخواردن دەکرێ. ئەگەر ئەم جۆرە بەڵگە ڕاستەوخۆیەش، بۆ سەلماندنی پێویستی بە هەر بەڵگەیەکی زیاتر بۆ دڵنیایی هەبێ، من پێم وایە ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە کە لە فەرانسەدا دەگوزەرا و، ڕەنگە لەزۆربەی بەشەکانی تری ئەورووپاش وا بێ. ئەوەندەی بە فەرانسەوە پەیوەست بێ ئەوە ڕوونترین سەلمێنەر هەیە. بەڵام هەرچەندە کە لە هەردوو بەشی شانشینی یەکگرتوودا دانەوێڵە تا ڕادەیەک لە سەدەی پێشوودا لە ئێستا گرانتر بووە، ئەوە بەهەمان شێوە بەڵگەنەویستە کە کار زۆر هەرزانتر بووە. واتە، ئەگەر کارگەری هەژار توانیبێتیان خێزانەکانیان بەخێو بکەن، ئەوە دەبێ ئێستە ئاسانتر ئەوەیان پێ بکرێ. لە سەدەی ڕابردوودا، باوترین هەقدەستی ڕۆژانەی کرێکاری ئاسایی لە بەشی هەرە زۆری سکۆتلاند هاوینان شەش پێنس بووە و زستانان پێنج پێنس بووە. هەفتانە سێ شیلین، کە نزیکەی هەمان نرخ تا ئێستا لە هەندێ بەشی بەرزاییەکان و دوورگەکانی ڕۆژئاوا بەردەوامن. لە بەشی هەرە زۆری لادێکانی نزمایی باوترین هەقدەستی کرێکاری ئاسایی ئێستا ڕۆژانە هەشت پێنسە، لە دەوروبەری ئێدینبەرە دە پێنس و هەندێ جار یەک شیلینە، لەو لادێیانەی لەسەر سنووری ئینگلتەرەدان، لەوانەیە بەهەمان حیسابی ئەو دەوروبەرە بێ و، لە چەند جێیەکی کەمی تر کە بەم دواییە بەرزبوونەوەی بەرچاویان لە خواست بۆ کار بەخۆوە دیوە، لە دەوروبەری گلاسکۆ، کارۆن، ئایرشایەر، هتد. لە ئینگلتەرە چاکسازی لە کشتوکاڵ، پیشەسازی و، بازرگانی زووتر لەوانەی سکۆتلاند دەستیان پێ کرد. خواست لەسەر کار، ئینجا نرخەکەی، دەبێ وەک پێویستییەک شانبەشانی ئەو چاکسازییانە بەرز بووبێتەوە. لە سەدەی ڕابردوودا و ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بەو پێیە هەقدەستی کار لە ئینگلتەرە بەرزتر بوو لەوەی سکۆتلاند. ئەوانیش لەو کاتەوە بەشێوەیەکی دیار بەرز بوونەوە، هەرچەندە بە پشتبەستن بە بەشی زۆری ئەو هەقدەستانەی لەوێ لە شوێنە جیاجیاکاندا دەدرێن، زۆر سەختترە بەدڵنیاییەوە بگوترێ چەندن. لە ساڵی ١٦١٤دا، کرێی سەربازێکی پیادە هەمان ئەو کرێیەی ئەم ڕۆژگارە بوو، ڕۆژانە هەشت پێنس بوو. ئەوان کاتێک کە دامەزران سروشتی بوو کرێیەکەیان لەڕێی کرێی باوی کارگەرانی ئاساییەوە ڕێک بخرێ، چونکە سەربازانی پیادە بەگشتی لە ڕیزەکانی ئەو توێژەوە دەهاتن. لۆرد هەیڵز، سەرۆکی دادوەران، کە لە سەردەمی چارلزی دووەمدا نووسیویەتی، حیسابی خەرجیی پێویستی خێزانی کارگەرێک کە لە شەش کەس پێک هاتبێ، باوک و دایک، دوو منداڵ کە دەتوانن هەندێ ئەرک ڕاپەڕێنن و، دوو منداڵ کە هیچیان پێ ناکرێ، دەکا و هەفتانە بە دە شیلین، یان ساڵانە بە بیست و شەش پاوەن دەیخەملێنێ. ئەگەر ئەوان نەتوانن بە کاری خۆیان ئەو پارەیە پەیدا بکەن، ئەوە پێی وایە کە دەبێ یان لەڕێگەی سواڵەوە یان بە دزیکردن پەیدای بکەن. لەوە دەچێ کە ئەو زۆر بە وردی بەو بابەتەدا ڕۆ چووە. لە ساڵی ١٦٨٨دا،

ڕێزدار گریگۆری کینگ، کە دکتۆر داڤینانت زۆر پەسنی تواناکانی لە زاستی ژمێریاریی سیاسیدا کردووە، داهاتی ئاسایی کارگەران و کارمەندانی دەرەکیی ژماردووە و بۆ هەر خێزانێک، بە گریمانەی ئەوەی دوای دەرهێنانی تێکڕا لە سێ کەس و نیو پێک هاتوو، بە پازدە پاوەن ساڵانە دیاریی کردووە. بۆیە حیسابەکانی ئەو، هەرچەندە بەڕواڵەت جیا بوون، لە بنەواندا زۆر لەوانەی دادوەر هەیلز نزیکن. هەردووکیان وایان داناوە کە خەرجیی هەفتانەی هەر تاکێک لە خێزانێکی لەو جۆرە نزیکەی بیست پێنس بێ. هەردوو داهات و خەرجیی ئەو جۆرە خێزانانە لەو کاتەوە لە بەشی هەرە زۆری شانشیندا زیادبوونێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، لە هەندێ شوێن زیادبوونەکە زۆر و لە هەندێ شوێن کەمترە، هەرچەندە دەگمەنە لە هیچ شوێنێک ئەوەندە زۆر بێ وەک هەندێک حیسابی هەقدەستەکانی ئێستای کار کە بەم دواییە خرانە بەر چاوی خەڵکەوە. دەبێ ئەوە بزانرێ کە ناکرێ بەوردی لە نرخی کار لە هیچ شوێنێکدا دڵنیا ببین، چونکە زۆر جار لەهەمان شوێن نرخی جیاجیا دەدرێن و بۆ هەمان جۆری کار، نەک لەبەر جیاوازی لە توانای کرێکارەکان بەڵکو بەگوێرەی دەستکراوەیی و دەستگیراوەیی خاوەن کارەکان. لەو شوێنەی کە هەقدەستەکان تیایدا بەیاسا ڕێک نەخراون، هەموو ئەوەی ئێمە دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە کە باوترینە و، پێدەچێ ئەزموون پێشانی بدات کە هەرگیز یاسا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکیان بخا، ئەگەر چی کە زۆر جاران بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ڕێکیانی خستووە. پاداشتی ڕاستەقینەی کار، بڕی ڕاستەقینەی پێداویستییەکان و هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی ئەوانەی دەکرێ لەڕێی کارەوە دەست بکەون، لەماوەی سەدەی ڕابردوودا بەشێوەیەک زیادیان کردووە کە لەوانەیە لە نرخەکانیان بە پارە زیاتر بێ. ئەوە تەنیا دانەوێڵە نییە کە تا ڕادەیەک هەرزانتر بووە، بەڵکو زۆر شتی تر کە زەحمەتکێشی هەژار کۆمەڵێ خواردنی گونجاو و تەندروستیان لێ دروست دەکا بەڕادەیەکی باش هەرزانتر بوون. بۆ نموونە پەتاتە، ئێستا لە بەشی هەرە زۆری شانشیندا، نرخەکەی نیوەی نرخی سی یان چل ساڵی بەر لەئێستایەتی. لەمەڕ شێلم، گێزەر، کەلەرم، کە پێشتر هەرگیز نەدەچێنران و ئێستا چانجیهانن باوە، دەشێ هەمان شت بگوترێ. هەموو بەرهەمەکانی باخیش بەگشت جۆرەکانیانەوە هەرزانترن. بەشی زۆری ئەو سێوە و تەنانەت ئەو پیازەشی لە سەدەی ڕابردوو لە بریتانیای مەزندا بەکار دەبران لە فلاندەرزەوە هاوردە دەکران. ئەو چاکسازییە مەزنانەی لە پیشەسازیی کوتاڵی کەتان و لۆکەدا کران بوونە مایەی ئەوەی کارگەران ئێستا بە جلوبەرگی هەرزانتر و باشتر خۆیان پۆشتە بکەن و، ئەوانەشی لە پیشەسازیی کانزادا کران بوونە مایەی ئەوەی کەرەستەی هەرزانتر و باشتری بازرگانییان بەدەستەوە بێ، هەروەها کردیاننە خاوەن کەلوپەلی گونجاو و پێویست بۆ ناوماڵەکانیان. سابوون، خوێ، مۆم، پێستە و، مەی، لەڕاستیدا

بەڕادەیەکی باش گرانتر بوون، بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەو باجانەوە کە خرانە سەریان. هەرچەندە ئەو بڕەی کارگەرانی هەژار لەم بابەتانە پێویستیانە زۆر کەمە، بەشێوەیەک کە بەرزبوونەوەی نرخەکانیان دابەزینی نرخی گەلێ شتی تر پڕ ناکاتەوە. گازاندەی گشتی ئەوەیە کە ئەم خۆشگوزەرانییە بالّی بەرەو نزمترین توێژەکانی خەڵک کێشاوە و، کارگەرانی هەژار ئێستا بەو خۆراک و پۆشاک و نشینگەیە قایل نین کە جاران هەیانبوو، ئەمەش ئەو بۆچوونەمان لا دروست دەکا کە ئەوە تەنیا نرخی کار بەپارە نییە، بگرە پاداشتە ڕاستەقینەکەیەتی، کە زیاد بووە.

ئایا دەبێ ئەم باشبوونەی هەلومەرجی توێژەکانی نزمی خەڵک بە قازانج یان بە زیان بۆ کۆمەڵگە بێتە ژماردن؟ لە یەکەم ڕوانینەوە لەوە دەچێ کە وەڵامەکە زۆر ئاسان بێ. خزمەتگوزاران، کریکاران و، کارگەران زۆرینەی زۆری هەموو کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێک دێنن. بەڵام ئەوەی هەلومەرجی زۆرینە باش دەکا هەرگیز ناکرێ بە زیان بۆ گشت بژمێررێ. هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێ بەدڵنیایی گەشەدار و کامەران بێ، کاتێک کە زۆرینەی زۆری ئەندامانی هەژار و داماو بن. ئەوە تەنیا یەکسانییە، جگە لەوەی ئەوانەی نان و پۆشاک و نشینگە بۆ هەموو خەڵک دابین دەکەن دەبێ بەشێکیان لە بەرهەمی کارەکانیان بۆ خۆیان بێ و خۆشیان نان و پۆشاک و نشینگەی گونجاویان هەبێ.

هەژاری، جگە لەوەی کە بێگومان مایەی بێهیواییە، بەردەوام ڕێگری هاوژینگرتن نییە. بگرە لەوە دەچێ هاندەری زاوزێش بێ. ژنێکی نیوە لەبرسا مردووی ناوچەی بەرزاییەکان زۆر جار زیاتر لە بیست منداڵی دەبێ، لەکاتێکدا کە خانمێکی ناسک و نازدار زۆر جار ناتوانێ منداڵێکی ببێ و، بە گشتی بە دوو یان سێ منداڵ پەکی دەکەوێ. نەزۆکی کە لەناو ژنانی خانەداندا زۆرە، لەناو ژنانی ئاستە نزمەکاندا دەگمەنە. ئاستی بەرز لە سێکسکردندا، لە کاتێکدا کە زیاتر هەستی خۆشحاڵی دەورووژێنێ، لەوە دەچێ کە بەردەوام ببێتە مایەی لاوازی و زۆربەی جاران تەواوی هێزی منداڵبوون لەناو دەبا.

هەژاری، هەرچەندە نابێتە ڕێگر لە منداڵبوون، بەڵام بەڕادەیەکی زۆر بۆ منداڵ ڕێزکردن گونجاو نییە. ڕووەکی ناسک بەرهەم دێنێ، بەڵام لە خاکێکی سارد و کەشێکی زۆر سەختدا، زۆر نابا سیس دەبێتەوە و دەمرێ. لە بەرزاییەکانی سکۆتلاند نباو نییە، زۆر جاریش بیستوومە، ئەو دایکەی بیست منداڵی بووە دووانیانی بۆ نەماوەتەوە. چەندان ئەفسەری بەئەزموون جەختیان بۆ من کردووە کە لە کاتی پێکەوەنانی فەوجەکانیانەوە، هەرگیز نەیانتوانیوە لە هەموو منداڵانی سەربازەکانیان تیمی دەهۆڵ و زوڕنا پێک بهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆرتریان بەدەگمەن جگە لە دەوروبەری سەربازگەکان لە هیچ شوێنێکی تر نابینرێن. وا دەردەکەوێ کە ژمارەیەکی زۆر کەمیان بگەنە تەمەنی سیانزە یان چواردە ساڵان. لە هەندێ شوێندا نیوەی ئەو منداڵانەی لەدایک دەبن پێش ئەوەی بگەنە

تەمەنـی چـوار سـاڵی دەمـرن، لە زۆر شـوێن پـێش تەمەنـی حەوت سـاڵی دەمـرن و، لە زۆربەی شوێنەکانیش پێش تەمەنی نۆ یان دە ساڵان دەمرن. بەڵام ئەم زۆریی مردنە، لە هەموو شوێنێکدا بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێو منداڵانی خەڵکی ئاساییدا هەیە، ئەو خەڵکەی نـاتوانن وەک خەڵکی ئاسـت بەرزتـر خزمەتـی منـداڵەکانیان بـکەن. ئەگەر چـی بەگشـتی هـاوژینگرتن لەناویانـدا منداڵی زیـاتر دەخـاتەوە وەک لەوەی لەنێو خەڵکی ئاسـت بەرزتـر، بەڵام ڕێژەیەکی کەمتری منداڵەکانیان دەگەنە قۆناخی پێگەیشتن. ڕێژەی مـردن لەنێو ئەو منـداڵانەی لە هەتیوخـانە و ئەوانەی کـۆمەڵە خێرخوازەکـان بەخێویـان دەکەن بەرزتـرە لە ڕێژەی مردنی منداڵانی خەڵکی ئاسایی.

گشت جۆرە ئاژەڵێک، بەشێوەیەکی سروشتی بەگوێرەی هۆکارەکانی ژیانیان زیاد دەبن و، هیچ جۆرێک نییە لەوە زیاتر زیاد بکات. بەڵام لە کۆمەڵگەی شارسـتانی و بەتەنیـا لەنێو توێژەکانی خوارەوەی خەڵک کەمیی بژێوی دەتوانێ سنوور بۆ زیادبوونی زیاتری جۆری مرۆڤ دابنێ و، لە هـیچ ڕێگەیەکەوە نـاتوانێ ئەمە بکات جگە لە لەنـاوبردنی بەشـی زۆری ئەو منداڵانەی کە بەرهەمی هاوژینگرتنی بەپیتی ئەوانە.

پاداشتی باشی کـار، لەڕێی تواناداركرجیهـانن بـۆ ئەوەی ژیـانی باشـتر بـۆ منداڵەکانیان فەراهەم بکەن و، لەکۆتاییدا ژمـارەیەکی زۆرتریـان پـێ بگەیەنـن، بەشـێوەیەکی سروشـتی ڕووو لە فرەوانکردنـی ئەم سـنوورانە دەکـا. هەروەهـا شـایانی تێبینیکـردنە کە بە نزیکتـرین شێوە ئەمە بە بەراورد لەگەڵ داواکارییەکانی خواست لەسـەر کـار، ئەنجـام دەدرێ. ئەگەر ئەو خواسـتە بە بەردەوامـی لە زیادبوونـدا بـێ، ئەوە بێگومـان دەبـێ پاداشـتی کـار بەم شێوەیە ببێتە هانـدەری هـاوژینگرتن و زیـادبوونی ژمـارەی کـارگەران، چـونکە پارەتییـان دەدات بۆ ئەوەی خواستی بەردەوام ڕوو لەزیادبوونی دانیشـتووانی بەردەوام زیـادکردوو، تێـر بـکەن. ئەگەر لە هەر کاتێکدا پاداشـت کەمتـر بـێ لەوەی کە مەرجە بـۆ ئەم مەبەسـتە، ئەوە زۆر نابا کورتهێنان لە دەستی کارگەر ئەم کارە دەکا و، ئەگەر لە هەر کاتێکدا زیـاتر بێ، ئەوە زیادبوونی لەڕادەبەدەریان زوو بۆ ئاستی پێویستیان کەم دەکاتەوە. لە یەکێ لەم دوو دۆخەدا بازاڕ کورتهێنانی کار بەخۆیەوە دەبینێ و، لە دۆخەکەی تردا زیادەیەکی زۆر بەخـۆیەوە دەبینـێ، کە دەبێـتە هـۆی گەڕانـدنەوەی نـرخ بـۆ ئەو ئاسـتەی کە هەلـومەرجی کـۆمەڵگە داوای دەکـا. لەم دۆخەی کە خواسـت لەسـەر پیـاوان، وەک هەر کەلوپەلێکـی تـر، ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی پیـاو دەسـەپێنێ، کە زۆر خـاو دەبێتەوە خێرای دەکا و، کە زۆر بەخێرایی بەرەو پێش دەچێ ڕایدەگرێ. ئەم خواسـتە ڕێکخەر و سنووردانەرە بـۆ دۆخـی زیادبوونی خەڵک لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا، لە باکوری ئەمەریکا، لە ئەوروپا و، لە چین، کە لە یەکەمیانـدا پـاڵی دەنـێ بـۆ ئەوەی زۆر خێـرا بـێ و، لە دووەمـدا خـاو و وردەوردە بەرەو پێش بچێ و، بەتەواوی لە سێیەمدا چەقبەستوو بێ.

وا باوه که نان و بەرگی کۆیله لەسەر خاوەنەکەی بێ، بەڵام هی خزمەتکارێکی ئازاد لەسەر خۆیەتی. هەرچەندە نان و بەرگی ئەمەی دواییش وەک ئەوەی تر لەسەر خاوەن کارەکەیەتی. ئەو هەقدەستانەی بە هەموو جۆرە شاگرد و خزمەتگوزارێک دەدرێن، دەبێ ئەوەندە هەبێ کە یارمەتیدەریان بێ بۆ بەردەوامیی تیرەی خزمەتگوزار و شاگردان بەگشتی، بەگوێرەی خواستی زیادکردوو، کەمکردوو، یان چەقبەستووی کۆمەڵگە دەیخوازێ. بەڵام هەرچەندە بەرگ و نانی خزمەتگوزاری ئازاد هەمان خەرجیی خاوەن کارەکەی هەیە، بەڵام زۆر کەمتر لە هی کۆیلەیەکی تێ دەچێ. ئەگەر شیاو بێ دەڵێم، ئەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ گۆڕین و چاککردنەوەی جلوبەرگی کۆیلەیەک، بەگشتی لەلایەن خاوەنێکی پشتگوێخەر یان چاودێرێکی گوێنەدەرەوە بەڕێوە دەبرێ. ئەوەی پیاوێکی ئازاد بۆ بەدیهێنانی هەمان شت، لەلایەن پیاوە ئازادەکە خۆیەوە ڕێک دەخرێ. ئەو ناجێگیرییانەی بەگشتی باڵ بەسەر ئابووریی دەوڵەمەندا دەکێشن، بەشێوەیەکی سروشتی لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا دەردەکەون: دەستگرتنەوەی توند گرنگیدانی قرچۆکانەی هەژاران بەشێوەیەکی سروشتی لە بەڕێوەبەرایەتییاندا جێگیرن. لەنێوان ئەم دوو جۆرە بەڕێوەبردنە، هەمان مەبەست لەوانەیە بۆ پێکانی، پێویستی بە ئاستی زۆر جیاوازی خەرجی هەبێ. بەم پێیە، من بڕوام وایە کە ئەزموونی هەموو سەردەم و نەتەوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو کارەی لەلایەن پیاوی ئازادەوە ئەنجام دەدرێ لەکۆتاییدا هەرزانترە لەوەی لەلایەن کۆیلەکانەوە ئەنجام دەدرێ. ئەمە تەنانەت لە بۆستن، نیویۆرک و، فیلادلفیا بەهەمان شێوەیە، سەرباری ئەوەی هەقدەستی کرێکاری ئاسایی لەوێ زۆر بەرزە.

کەواتە پاداشتی زۆری کار کە ڕەنگدانەوەی سامانی زۆرە، هۆکاریشە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان. گلەیی لەمە واتە شین بۆ کاریگەری و هۆکاری گەشانەی گشتیی زیاتر.

شایانی تێبینیکردنە، لەوانەیە لە دۆخێکی پێشکەوتوودا، کاتێک کۆمەڵگە لە پێشڕەوییە بەرەو دەستبەسەرداگرتن، زیاتر لەوەی کاتێک کە دەستی بەسەر تەواوی سامانەکانیدا گرت، هەلومەرجی کارگەرانی هەژار کە زۆرینەی خەڵکن، وا دەردەکەوێ کە کامەرانترین و خۆشحاڵترینە. دۆخی ئەمانە لە دۆخی چەقبەستوو سەختە و، لە دۆخی پاشەکشەکردوو داماوانەیە. دۆخی پێشکەوتوو لەڕاستیدا دۆخێکی کامەرانی و خۆشگوزەرانییە بۆ هەموو بەشێکی کۆمەڵگە. دۆخی چەقبەستوو بێزارکەرە و، دۆخی پاشەکشەکردوو خەمبارکەرە.

پاداشتی باشی کار، وەک چۆن هاندەری زیادبوونە، پیشەی خەڵکی ئاساییش زیاد دەکا. هەقدەستی کار هاندەری پیشەسازییە، کە وەک هەموو چۆرایەتیەکی تری مرۆڤ، چەند هاندانی هەبێ ئەوەندە چاکتر دەبێ. بژێویی زیاتر هێزی لەشی کارگەر زیاتر دەکا و، هیوای خۆشی باشترکردنی دۆخی ئەو و، کۆتاهاتنی ڕۆژەکانی بەخۆشی و دەوڵەمەندی،

هانی دەدات بۆ ئەوەی ئەو هێزەی تا ئەوپەڕی بخاتە گەڕ. کاتێک کە هەقدەست بەرزە، بەو پێیە دەبینین کارگەران چالاکترن، کۆڵنەدەرترن و، خێراترن لەو کاتانەی کە هەقدەست کەمە. بۆ نموونە لە ئینگلتەرە زیاتر لە سکۆتلاند، لە دەوروبەری شارە گەورەکان زیاتر لە دێهاتە دوورەدەستەکان. بێگومان هەندێ کارگەر ئەگەر بە چوار ڕۆژ بەشی خەرجیی هەفتەکە پەیدا بکەن، سێ ڕۆژەکەی تر پاڵ دەدەنەوە. بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک لای زۆرینە ڕوو نادا. بەپێچەوانەوە، کاتێک کە کارگەران بەباشی و بەحیسابی پارچە پاداشت وەردەگرن، زۆر خۆیان ماندوو دەکەن و، تەندروستی و بنیاتی لەشی خۆیان لە ماوەی ساڵانێکی کەمدا دەشێوێنن. دارتاشێک لە لەندەن و لە هەندێ شوێنی تریشدا، چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێ زیاتر لە هەشت ساڵ بە گوڕ و چالاکانە کاری خۆی ئەنجام بدا. شتێکی هاوشێوە لە زۆر پیشەی تردا ڕوو دەدا، کە تیایاندا کارگەر بەپێی پارچە هەقدەست وەردەگرن، وەک ئەوەی بەگشتی لە پیشەسازیدا هەیە و، تەنانەت لە کاری لادێشدا، لە هەر شوێنێکدا کە هەقدەست لە ئاستی ئاسایی بەرزترە. نزیکەی هەموو توێژی پیشەوەران ئامانجن بۆ پەککەوتنی نامۆ بەهۆی ئەنجامدانی پیشەکانیانەوە. راموزینی، کە پزیشکێکی ناسراوی ئیتالیاییە، کتێبێکی تایبەت بەم جۆرە نەخۆشییانەی نووسیوە. ئێمە سەربازەکانمان بە پیشەوەرترین خەڵکی خۆمان نازانین. بەڵام کاتێک کە سەربازان هەندێ کاری دیاریکراویان پێ ئەنجام دەدرێ و، بەپێی پارچە پارەی باشیان پێ دەدرێ، زۆربەی کات ئەفسەرەکانیان ناچار دەبن گرێبەست لەگەڵ بەڵێندەر ببەستن، بۆ ئەوەی نەهێڵن ڕۆژانە لە بڕێکی دیاریکراو زیاتر پارە پەیدا بکەن، کە بەگوێرەی ئاستی پارەپێدانیان دەستنیشان دەکرێ. تا کاتی ئەنجامدانی ئەو گرێبەستە، خۆپێشاندان لەبەردەم یەکتر و حەزی بەدەستهێنانی پارەی زیاتر بەڕادەیەکی زۆر وایان لێیان دەکرد کاری زۆر بکەن و، لەڕێی کاری زۆرەوە زیان بە تەندروستیی خۆیان بگەیەنن. زێدەڕەوی لە کارکردن لە چوار ڕۆژی هەفتەدا زۆربەی جاران هۆکار بوو بۆ بەدەستبەتاڵی لەماڵەوە کەوتن لە سێ ڕۆژەکەی تری هەفتەدا، ئەمە زۆر ڕووی دەدات و مایەی گازاندەی زۆر بوو. کاری مەزن، چ بە مێشک یان بە جەستە، کە چەند ڕۆژێکی دوابەدوای یەک بەردەوام دەبێ، بەشێوەیەکی سروشتی لای زۆربەی خەڵک دەبێتە هۆی حەزێکی مەزن بۆ حەسانەوە، کە ئەگەر هێز یان پێویستیی بەهێز ڕێگریی لێ نەکا، مرۆڤ بەرگەی ناگرێ. ئەوە بانگی سروشتە کە دەخوازێ لەڕێی کەمێک خاوبوونەوەوە هێور بکرێتەوە، هەندێ جار تەنیا بە حەسانەوە ئەمە دەستەبەر دەبێ، بەڵام هەندێ جاریش لەڕێی دوورکەوتنەوە و گوێنەدانەوە. ئەگەر بەدەنگیەوە نەچی، ئەوە زۆر جاران ئاکامەکەی ترسناک و، هەندێ جاریش کوشندەیە و، بەردەوام زوو یان درەنگ، دەبێتە مایەی پەککەوتنی کار. ئەگەر خاوەن کارەکان بەردەوام گوێ بۆ بانگی ئاوەز و مرۆڤایەتی شل بکەن، ئەوە زۆربەی

کات هەلی ئەوەیان دەبێ کارکردنی کارگەرەکانیان ڕێک بخەن لەجیاتی ئەوەی خێرای بکەن. من بڕوام وایە کە لە گشت جۆرە کارێکدا، ئەوە سەلمێنراوە کە ئەو کەسەی بەشێوەیەکی ڕێکی مامناوەند کارەکەی دەکا توانای بەردەوامبوونی هەیە و نەک تەنیا تەندروستیی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ دەپارێزێ بەڵکو، لەماوەی ساڵەکەدا، زۆرترین بڕی کار بەئەنجام دەگەیەنێ.

لە ساڵانی هەرزانیدا، وا دەردەکەوێ کە کارگەران بەگشتی تەمبەڵتر دەبن و، لەساڵانی گرانیدا چالاکتر لە کاتی ئاسایی دێنە بەر چاو. بۆیە دەرکەوتووە کە ڕۆزیی زۆر خاوکەرەوە و، هی کەمیش خێراکەرەوەی کارەکانیانە. زیادەیەکی کەم لە سەرووی ئاستی ئاساییەوە لەوانەی هەندێ کارگەر تەمبەڵ بکات، ئەمە زۆر مایەی گومانلێکردن نییە. بەڵام، کە دەبێ ئەو زیادبوونە ئەم کاریگەرییەی بەسەر زۆرینەدا هەبێ، یان خەڵک بەگشتی دەبێ لەو کاتانەدا کاری باشتر بکەن کە تێر نین، ئەو کاتانەی ڕەنجەڕۆن زیاتر لەو کاتانە کار بکەن کە دڵخۆشن، ئەو کاتانەی نەخۆشن زیاتر لەوەی بەگشتی تەندروستن، لەوە ناچێ ئەگەرێکی ڕاست بێ. دەبێ تێبینی بکرێ کە ساڵانی گرانی بەگشتی بۆ خەڵکی ئاسایی پڕ نەخۆشی و مەرگن و جگە لە کەمکردنەوەی بەرهەم هیچیان لێ ناکەوێتەوە.

لە ساڵانی هەبوونەییدا، زۆربەی جار خزمەتگوزارەکان خاوەن کارەکانیان بەجێ دێڵن و، پشت بەو بژێوییە دەبەستن کە لەڕێی کاری خۆیانەوە پەیدای دەکەن. بەڵام هەمان هەرزانیی ئازووخە، بەزیادکردنی ئەو پارەیەی بۆ ژیاندنی خزمەتگوزاران تەرخان کراوە، هانی خاوەنەکانیان دەدا، بەتایبەتی جووتیارەکان، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر بخەنە گەڕ. جووتیاران لەم جۆرە هەلومەرجانەدا پێشبینیی قازانجی زیاتر لە گەنمەشامیەکەیان دەکەن بە زیادکردنی ژمارەیەکی کەمی سەپان نەک فرۆشتنی بە نرخێکی کەم لە بازاڕدا. خواست لەسەر خزمەتگوزاران زیاد دەبێ، لەکاتێکدا کە ژمارەی ئەوانەی هەن بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئەو خواستە کەم دەکا. بەمەش نرخی کار زۆر جار لە ساڵانی هەرزانیدا بەرز دەبێتەوە.

لە ساڵانی قاتوقڕیدا، سەختی و دڵنیانەبوون لە بژێوی پاڵ بە هەموو ئەم جۆرە خەڵکەوە دەنێ بگەڕێنەوە بۆ خزمەتکردن. بەڵام نرخی بەرزی ئازووخە بە کەمبوونەوەی ئەو پارانەی بۆ ژیاندنی خزمەتگوزاران تەرخان کراوە، وا لە خاوەن کارەکان دەکا ژمارەیان کەم بکەنەوە نەک زیادی بکەن. هەروەها لە ساڵانی گرانیدا، زۆر جار کارگەرانی سەربەخۆی هەژار ئەو ماڵە کەمەی بۆ دابینکردنی کەرەستەی کاری خۆیان بەکاریان دەهێنا، دەیخۆن و ناچار دەبن ببنە شاگرد لەپێناو بژێویدا. خەڵکێکی زۆرتر کاریان دەوێ و بەئاسانی دەستیان ناکەوێ، زۆریان بەخۆشحاڵییەوە بە مەرجی نزمتر لە مەرجە ئاساییەکان قایل دەبن و، هەقدەستی خزمەتگوزار و شاگردەکان زۆربەی جار لە ساڵانی گرانیدا کەم دەبنەوە.

خاوەن کارەکان، بەگشت جۆرەکانیانەوە، زۆربەی جاران لە ساڵانی گرانی سەودای باشتر لەوەی ساڵانی هەرزانی لەگەڵ خزمەتگوزارەکانیاندا دەکەن و، لە ساڵانی گرانیدا خزمەتگوزارەکانیان باڵشکاوتر و پەیوەستتر دەبن پێیانەوە وەک لەوەی لە ساڵانی هەرزانیدا هەیە. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی، ساڵانی گرانییان بەلاوە باشترە بۆ پیشەسازییەکانیان. خاوەن موڵک و جووتیاران، سەرباری ئەمە، کە دوو گەورەترین توێژی خاوەن کارن، هۆکارێکی تر هەیە وایان لێ دەکا ساڵانی گرانییان پێ خۆشتر بێ. کرێی جۆرێکیان و قازانجی ئەوەی تریان بەڕادەیەکی زۆر پشت بە نرخی ئازووخە دەبەستن. هەرچەندە هیچ لەوە بێواتەتر نییە کە پیاوان کاتێک بۆ خۆیان کار دەکەن، کاری کەمتر بکەن لەوەی کە کاتێک بۆ خەڵکی تر کار دەکەن دەیکەن. کارگەرێکی هەژاری سەربەخۆ بەگشتی زەحمەتی زیاتر دەکێشێ لەوەی تەنانەت شاگردێک کە بە حیسابی پارچە کار دەکا دەیکێشێ. یەکێکیان هەموو بەرهەمی پیشەکەی بۆ خۆیەتی، ئەوەی تر لەگەڵ خاوەن کارەکەیدا بەشدارە. یەکێکیان، لە دۆخە سەربەخۆیەکەیدا، کەمتر دەکەوێتە بەر دنەدانی هاوبەشی خراپەوە، کە لە کارگە گەورەکاندا دەبێتە مایەی ڕووخاندنی ورە. ئاست بەرزیی کارگەری سەربەخۆ بەسەر ئەو خزمەتگوزارانەدا کە بە مانگانە یان ساڵانە بەکرێ گیراون، لەوە دەچێ هێشتا هەر مەزنتر بێ. ساڵانی هەرزانی ڕێژەی کارگەرانی سەربەخۆ بەرامبەر بە هەموو جۆرەکانی شاگرد و خزمەتگوزاران زیاد دەکەن و، ساڵانی گرانی ئەو ڕێژەیە کەم دەبێتەوە.

بەڕێز مێسەیەنس، کە نووسەرێکی فرانسەیی خاوەن زانیاری و داهێنەرە و، وەرگری تیلاسە لە هەڵبژاردنەکانی سانت ئێتێن، هەوڵ دەدات ئەوە پێشان بدات کە هەژارەکان لە ساڵانی گرانیدا کاری زیاتر دەکەن لەوەی لە ساڵانی گرانیدا دەیکەن، ئەوەشی لەڕێی بەراوردکردنی بڕ و بەهای ئەو کالایانەی لە دۆخی جیاجیای سێ کارگەی جیاوازدا، یەکێکیان کارگەی بەرهەمی خوریی زبرە لە ئێلبەف، یەکێکی تر کارگەی کەتانە و، ئەوەی تر کارگەی ئاوریشمە و، هەردووکیان سەر بە ناوچەی ڕوانن. لە نووسینەکانی ئەو، کە لەبەر تۆماری نووسینگەی گشتییەکان گیراونەتەوە، دەردەکەوێ کە بڕ و بەهای ئەو کالایانەی لەو سێ کارگەیەدا دروست دەکرێن بەگشتی لە ساڵانی هەرزانیدا زۆرتر بوونە وەک لە ساڵانی گرانی و، بەردەوام لەوپەڕی هەرزانیدا زۆرترین بوونە و، لەوپەڕی گرانیدا کەمترین بوونە. لەوە دەچێ هەرسێ کارگەکە چەقبەستوو بن، یان لەوانە بن کە بەرهەمیان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک جیاوازییەکی کەمیان بەخۆوە بینیوە و، بەگشتی نە پاشەکشە دەکەن و نە بەرەوپێش دەچن.

کارگەی کەتان لە سکۆتلاند و، کارگەی خوریی زبر لە وێست رایدینگی یۆرکشایەر، کارگەی گەشەکردوون، بەرهەمەکانیان سەرباری هەندێ جیاوازی لەڕووی بڕ و بەهاوە

ڕوو لە زیادبوونن. بەڵام بەوردبوونەوە لە ژمێرکارییە بڵاوکراوەکانیان لەبارەی بەرهەمی ساڵانەیانەوە، نەمتوانی تێبینیی ئەوە بکەم کە جیاوازییەکانیان هیچ پەیوەندییەکی واتەداریان بە گرانی و هەرزانیی وەرزەکانەوە هەبێ. لە ساڵی ١٧٤٠دا، کە گرانییەکی گەورە بوو، بەڕاستی دەردەکەوێ کە هەردوو کارگەکە نشوستی گەورەیان بەخۆوە دیوە. بەڵام لە ١٧٥٦دا، کە ئەویش ساڵی گرانییەکی گەورەیە، کارگەکەی سکۆتلاند پێشکەوتنی زیاتر لە ئاسایی ئەنجام دا. کارگەی یۆرکشایەر، بێگومان، نووچی دا و تا ساڵی ١٧٦٦، دوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای پوولی ئەمەریکایی(American Stamp Act) ، نەیتوانی بەرهەمی خۆی بگەیەنێتەوە ئاستی ساڵی ١٧٥٥. لەو ساڵە و ساڵی دوای ئەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو ئاستی پێشووی تێپەڕاند و، لەو کاتەوە لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە.

بەرهەمی هەموو ئەو کارگە گەورانەی کە بۆ فرۆشتنە لەدوور (distant sale) دەبێ پشت ببەستێ، بەڵام زۆر نا، بە گرانی یان هەرزانیی وەرزەکان لەو وڵاتانەی تیایدا بەرهەم دێ، وەک چۆن پشت دەبەستێ بەو هەلومەرجانەی کار دەکەنە سەر خواست لەو وڵاتانەی ئەو بەرهەمە بەکار دەبەن، وەک ئاشتی یان شەڕ، گەشەسەندن یان نووچدانی کارگە کێبەرکێکەرەکان و، دۆخی باش یان خراپی کڕیارە بنەڕەتییەکانی. هەروەها بەشێکی زۆری کاری سەرووئاسایی کە لەوانەیە لە ساڵانی هەرزانیدا ئەنجام بدرێ، هەرگیز لە تۆمارە گشتییەکانی کارگەکاندا تۆمار ناکرێ. ئەو پیاوە خزمەتگوزارانەی خاوەن کارەکانیان بەجێ دەهێڵن دەبنە کارگەری سەربەخۆ. ژنەکان دەگەڕێنەوە لای باوانیان و، بەگشتی خەریکی ڕستن دەبن بۆ دروستکردنی پۆشاکی خۆیان و خێزانەکانیان. تەنانەت کارگەرانی سەربەخۆش بەردەوام کار بۆ فرۆشتنی گشتی ناکەن، بەڵکو کار بۆ هەندێ لە دراوسێیەکانیان دەکەن بۆ بەکارهێنانی ناوماڵ. لەبەر ئەوە، بەرهەمی کاری ئەوان زۆر جار نابێتە ژمارە لەو تۆمارە گشتییانەی کە هەندێ جار بە خۆهەڵکێشانەوە بڵاو دەکرێنەوە و، زۆر جار بازرگان و کارگەکانمان بێهوودە وای پیشان دەدەن کە بەوە گەشەسەندن یان نشوستی مەزنترین ئیمپراتۆریاکان دەخەنە بەر چاو.

هەرچەندە جیاوازییەکانی نرخی کار، نەک تەنیا بەردەوام هاودەنگ نین لەگەڵ جیاوازی لە نرخی ئازووخە، بەڵام زۆر جار تەواو پێچەوانەیانن، بەم پێیەش نابێ ئێمە وای ببینین کە نرخی ئازووخە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نرخی کار نییە. نرخی کار بەپارە پێویستە لەبەر ڕۆشنایی دوو مەرجدا ڕێک بخرێ، خواست لەسەر کار و، نرخی پێداویستییەکانی ژیان و هۆکارەکای خۆشگوزەرانی. خواست لەسەر کار زیاد دەبی، چەق دەبەستێ، یان کەم دەبێتەوە، یان پێویستی بە زیادکردن، جێگیربوون، یان کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتووان، باڵ دەکێشێ بەسەر بڕی ئەو پێداویستییانەی ژیان و هۆکاری خۆشگوزەرانییانەی کە دەبێ بە کارگەران بدرێن و، نرخی کار بەپارە لەژێر کاریگەریی

ئەو پارەیەیە بۆ کڕینی ئەو بڕە پێویستە. بەڵام نرخی کار بەپارە هەندێ جار بەرزە لەکاتێکدا کە نرخی ئازووخە نزمە، ئەو نرخە هەر بە بەرزی دەمێنێتەوە، خواستیش وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر نرخی ئازووخە بەرز ببێتەوە.

لەبەر ئەوەی کە خواست بۆ کار لە ساڵانی هەرزانیی لەناکاو یان سەروو ئاساییدا زیاد دەبێ و، لە ساڵانی گرانیی لەناکاو یان سەروو ئاساییدا کەم دەبێتەوە، نرخی کار بەپارە لە یەکەمدا بەرز دەبێتەوە و لەوەی تردا نزم دەبێتەوە.

لە یەکێ لە ساڵانی هەرزانیی لەناکاو و سەروو ئاساییدا، ئەو پارەیەی بەدەستی زۆر لە خاوەن پیشەسازییەکانەوەیە بەشی ژیاندن و خستنە گەڕی مارەیەکی زۆرتر خەڵکی پیشەوەر دەکا، زیاتر لەوانەی ساڵی پێشتر کاریان بۆی دەکرد و، ئەم ژمارە سەروو ئاساییە بەردەوام بەردەست نییە. لەبەر ئەوە ئەم خاوەن کارانە کە کارگەری زیاتریان دەوێ دەکەونە کێبەرکێ بۆ بەدەستهێنانی کارگەران، ئەمەش هەندێ جار دەبێتە مایەی زیادبوونی نرخی ڕاستەقینە و نرخی بەپارەی کارەکەیان.

لە ساڵی گرانییەکی لەناکاو و سەروو ئاساییدا پێچەوانەی ئەمە ڕوو دەدا. ئەو پارانەی بۆ بەگەڕخستنی پیشەسازی تەرخان کراون، کەمترن لەوەی ساڵی پێشتر تەرخان کرابوون. ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک لەسەر کار دەردەکرێن، ئەوانیش کێبەرکێی یەکتری دەکەن، بۆ ئەوەی کار بەدەست بهێنن، ئەمەش هەندێ جار هەردوو نرخی ڕاستەقینە و بەپارەی کار نزم دەکەنەوە. لە ساڵی ١٧٤٠دا، کە ساڵی گرانییەکی نائاسایی بوو، خەڵکێکی زۆر ئامادە بوون تەنیا بەرامبەر بژێوی کار بکەن. لە ساڵانی دواتردا، کە ساڵانی هەرزانی بوون، دەسکەوتنی کارگەران و خزمەتگوزاران زۆر سەخت بوو.

نەبوونی لە ساڵێکی گرانیدا، لەڕێی کەمکردنەوەی خواست لەسەر کار، بەلای کەمکردنەوەی نرخی کاردا دەشکێتەوە، لە کاتێکدا کە نرخی بەرزی ئازووخە بەلای بەرزکردنەوەی نرخی کاردا دەشکێتەوە. هەبوونی لە ساڵێکی هەرزانیدا، بەپێچەوانەوە، لەڕێی زیادکردنی خواستەوە بەلای بەرزکردنەوەی نرخی کاردا دەشکێتەوە، لە کاتێکدا کە نزمبوونەوەی نرخی ئازووخە بەلای نزمکردنەوەیدا دەشکێتەوە. لە جیاوازییە ئاساییەکانی نرخی ئازووخەدا، وا دەردەکەوێ کە ئەم دوو هۆکارە دژبەرە ببنە مایەی هاوسەنگیی یەکتر، کە لەوانەیە ئەمە بەشێوەیەکی بەشەکی هۆکاری ئەوە بن کە هەقدەستی کار لە هەموو شوێنێکدا لە نرخی ئازووخە جێگیرتر و بەردەوامتر بێ.

زیادبوونی هەقدەستی کار دەبێ نرخی گەلێک کالا بەرز بکاتەوە، بەهۆی بەرزکردنەوەی ئەو بەشەی خۆی بۆ هەقدەست شی دەکاتەوە و، ڕووی لە کەمکردنەوەی بەکاربرجیهانن بێ لە ناوەوە و لە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ئەو هۆکارەی هەقدەستی کار بەرز دەکا، کە زیادبوونی ماڵە، حەزی لە زیادکردنی هێزە

بەرهەمهێنەکانیەتی و، لەوەی وا بکات کە بڕێکی کەمی کار بڕێکی زیاتر ئیش بەرهەم بهێنێ. ئەو خاوەن ماڵەی ژمارەیەکی زۆر کارگەری خستووەتە گەڕ، بێگومان بۆ بەرژەوەندی خۆی هەوڵ دەدات باشترین دابەشکردن و بەشکردنی بەگەڕخستن بکات، بۆ ئەوەی تا دەکرێ زۆرترین بڕی ئیش بەرهەم بهێنێ. لەبەر هەمان هۆ، هەوڵ دەدات باشترین ئامێریان بۆ دەستەبەر بکات، ئەوەندەی خۆی یان ئەوان بتوانن بیری لێ بکەنەوە. هەمان ئەوەی لەنێوان کارگەران لە شوێنێکی دیاریکراوی کارکردندا ڕوو دەدا، لەبەر هەمان هۆکار لەنێوان کارگەرانی ناو کۆمەڵگەیەکی گەورەدا ڕوو دەدا. چەند ژمارەیان زیاتر بێ، ئەوان بەشێوەیەکی سروشتی دابەش دەبنە سەر پۆل و لقە پۆلی جیاجیای کارکردن. مێشکگەلی زۆرتر سەرقاڵی داهێنانی گونجاوترین ئامێرەکانن بۆ ئەوەی کاری هەر پۆلێک لەو پۆلانە بکەن و، بۆیە لەوە دەچێ هەر بۆ ئەوەش ئەو داهێنانانە کرابن. لەبەر ئەوە کاڵای زۆر هەن کە، وەک ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانە، بە کاری زۆر کەمتر لە جاران بەرهەم دێن و بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کارە زیاتر قەرەبووکردنەوەی کەمبوونەوەی بڕەکەیەتی.

بەشی نۆیەم
قازانجەکانی ماڵ

بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی قازانجەکانی ماڵ پەیوەستن بەهەمان ئەو هۆکارەوە کە هەقدەستی کار بەرز و نزم دەکەنەوە، کە دۆخی زیادبوون یان کەمبوونی سامانی کۆمەڵگەیە. بەڵام کاریگەریی ئەم هۆکارە بەسەر هەر یەکێکیانەوە تەواو جیاوازە.

زیادبوونی ماڵ، کە هەقدەست زیاتر دەکا، ڕووی لە کەمکردنەوەی قازانجە. کاتێک کە ماڵی چەندان بازرگانی دەوڵەمەند دەچنە ناو هەمان بازرگانییەوە، بەشێوەیەکی سروشتی کێبەرکێی هاوبەشیان وا دەکا قازانج کەم ببێتەوە و، لە کاتێکدا کە زیادبوونێکی هاوشێوەی ماڵ لە بازرگانییە جیاجیاکانی هەمان کۆمەڵگەدا هەیە، هەمان کێبەرکێ دەبێ هەمان کاریگەریی بەسەر گشتیانەوە هەبێ.

وەک پێشتر تێبینی کرا، ئاسان نییە دڵنیا بی لە تێکڕای هەقدەستی کار، تەنانەت لە شوێنێکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراویشدا. تەنانەت لەم دۆخەشدا، ئێمە بەدەگمەن دەتوانین لە هەقدەستی باو زیاتر دەستنیشان بکەین. بەڵام ئەمە سەبارەت قازانجەکانی ماڵیش بەدەگمەن دەکرێ. قازانج ئەوەندە ناجێگیرە تەنانەت کەسێک کە بازرگانییەکی دیاریکراو دەکا ناتوانێ بەردەوام پێت ڕابگەیەنێ تێکڕای قازانجی ساڵانەی چەندە. قازانج تەنیا ناکەوێتە ژێر کاریگەریی هەموو گۆڕانکارییەک لە نرخی ئەو کاڵایانەی مامەڵەیان پێوە دەکا، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەمی و زۆریی سامانی کێبەرکەران و کڕیارەکانیشی و، هەزاران ڕووداوی تر کە لەوانەیە بەسەر کاڵاکاندا بێن لە کاتی گواستنەوەیان لەڕێی دەریایی و وشکانییەوە، یان لە کاتی کۆگەکرجیهانن لە کۆگەیەکدا. بۆیە قازانج نەک تەنیا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک، بگرە لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێک و زۆر جار لە سعاتێکەوە بۆ سعاتێکی تر گۆڕانکاریی بەسەردا دێ. بۆیە دڵنیابوون لە تێکڕای قازانجی هەموو بازرگانییەکان لە شانشینێکی مەزندا، دەبێ زۆر سەختتر بێ و، دیاریکردنی بە هەر پلەیەکی وردی لە سەردەمانی ڕابردوو، یان لە ڕابردوویەکی دووردا، دەبێ بەتەواوی ئەستەم بێ.

بەڵام هەرچەندە بە وردی دیاریکردنی ئەوەی کە تێکڕای قازانجی ماڵ چەندە، یان چەند بووە، لەم سەردەمە و سەردەمانی کۆندا، ئەستەمە، دەشێ لەڕێی سوودی پارەوە بیرۆکەیەکی لەبارەوە دروست بکرێ. دەبێ وەک بنەمایەک، هەر کاتێک بڕێکی زۆر قازانج لەڕێی بەکارهێنانی پارەوە بەدەست هات، ئەوە بەگشتی بڕێکی زۆر بۆ بەکارهێنانی دەدرێ و، چەند کەمی لێوە بێ، بەگشتی کەمی پێ دەدرێ. بۆیە بەم پێیە، وەک باوە، ئاستی

سوودی بازاڕ لە هەر وڵاتێکدا جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێ، دەبێ لەوە دڵنیابین کە قازانجی ئاسایی ماڵیش پێویستە شانبەشانی ئەو جیاوازییە جیاوازیی هەبێ، کە دابەزێ دابەزێ و کە بەرز بووەوە بەرز ببێتەوە. لەبەر ئەوە لەوانەیە پێشکەوتنی سوود بە هەندێ بیرۆکەمان، لەبارەی پێشکەوتنی قازانجەوە، بگەیەنێ.

لەگەڵ سی و حەوتەمینی هنریی هەشتەم، هەموو سوودەکانی سەرووی لەسەدا دە بە نایاسایی لەقەڵەم دران. وا دیارە کە بەر لەوە هەندێ جار لەوە زیاتر وەرگیراوە. لە سەردەمی ئێدواردی شەشەمدا تەوژمی ئاینی ڕێی لە گشت سوودێک گرت. ئەو ڕێگرییە، هەرچەندە وەک هەموو ڕێگرییەکانی لەو جۆرە، دەڵێن هیچ کاریگەرییەکی نەبووە و، لەوانەیە زیانی سووخواردن بەهۆیەوە زیادی کردبێ و کەمی نەکردبێ. یاسای بنەڕەتیی هینریی هەشتەم لە سیانزەیەمی ئیلیزابێتدا زیندوو کرایەوە و، دەوروبەری هەشت و دە لەسەد ئاستێکی یاسایی سوود بوون، تا بیست و یەکەمی جەیمسی یەکەم، کاتێک بە لەسەدا هەشت سنووردار کرا. پاش ماوەیەکی کەم و دوای نوێکردنەوەکە بۆ لەسەدا شەش کەم کرایەوە و، لەگەڵ دوازدەیەمینی شاژن ئان، بۆ لەسەدا پێنج کەم کرایەوە. وا دەردەکەوێ کە هەموو ئەم سیستەمە یاساییانە بەلێهاتوویەکی باشەوە داڕێژرابن. ئەو سیستمانە لەوە دەچێ کە دوای ئاستی بازاڕ کەوتبن و، پێشی نەکەوتوون. پێش دوایین شەڕ، حکومەت بەسوودی لەسەدا سێ قەرزی وەردەگرت و، خەڵکی خاوەن متمانەی باش لە پایتەخت و، گەلێ شوێنی تری شانشین، قەرزیان بەسوودی لەسەدا سێ و نیو و، چوار و، چوار و نیو وەردەگرت.

لە سەردەمی هینریی هەشتەمەوە، سامان و داهاتی وڵات لە پێشکەوتنی بەردەوامدان و، لە میانی ئەم پێشکەوتنەیاندا، وا دەردەکەوێ هەنگاوەکانیان وردەوردە خێراتر بووە و پاشەکشەیان نەکردووە. دەردەکەوێ کە ئەوان نەک هەر لە بەرەوپێشچوون بەردەوام بوون، بەڵکو خێراتر و خێراتر بوونە. هەقدەستی کار لە هەمان ئەو ماوەیەدا بە بەردەوامی زیادی کردووە و، قازانجی ماڵ لە بەشی زۆری لقە جیاجیاکانی بازرگانی و پیشەسازیدا کەمی کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە بازرگانییەک لە شارێکی گەورەدا، ماڵێکی زیاتر پێویستە لەوەی لە گوندەکاندا پێویست دەبێ. ئەو ماڵە زۆرەی لە هەر لقێکی بازرگانیدا بەکار دێ و، ژمارەی کێبەرکێکەرانی دەوڵەمەند بەگشت،ی قازانجی ئەوەی یەکەمیان لە قازانجی ئەوەی دوایی کەمتر کردووە. بەڵام هەقدەستی کار لە شارە گەورەکاندا بەگشتی بەرزترن لەوەی لە لادێیەکاندا هەیە. لە شارێکی گەشەکردوودا ژمارەی ئەو خەڵکەی ماڵی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی بەگەڕی بخەن ناتوانن ئەو ژمارە کارگەرانە بەدەست بهێنن کە بۆ ئەو مەبەستە دەیانەوێن و، لەبەر ئەوە دەکەونە کێبەرکێ

لەگەڵ یەکتـردا تـاوەکو تـا دەتـوانن کـارگەر پەیـدا بـکەن، ئەمەش هەقدەسـتی کـار بەرز دەکاتەوە و قازانجی مـاڵ کەم دەکاتەوە. لە نـاوچە دوورەدەسـتەکانی وڵاتدا زۆربەی کات ئەوەندە ماڵ لەبەردەستدا نییە کە بەشی خستنەسـەرکاری هەمـوو خەڵک بکات، بۆیە ئەو خەڵکە دەکەونە کێبەرکێی بۆ ئەوەی کـار بـکەن، ئەمەش هەقدەسـتی کـار کەم دەکـاتەوە و قازانجی مـاڵ بەرز دەکاتەوە.

لە سکۆتلاند، هەرچەندە ڕێژەی یاسایی سـوود (interest) هەمـان ڕێژەی ئینگلتەرەیە، بەڵام ڕێـژەی بـازار هەر بەرزتـرە. خەڵکـی خـاوەن باشـترین متمـانە بەدەگمەن دەتـوانن بەسوودی کەمتر لە لەسـەدا پێنج قەرز وەرگرن. تەنانەت بانکە تایبەتەکانی ئێدنبەرە لەسـەدا چوار لەسـەر کۆمپالەکانیـان (promissory notes) دەدەن، کە لەوانەیە دانـی هەمـوو یـان بەشێکی ئەو پارەیە بەگشتی خۆشحاڵانە خواستی لەسەرە. بانکە تایبەتەکان لە لەندەن هیچ سوودێک لەسـەر ئەو پارەیە نادەن کە لای خۆیان گیرسـاوەتەوە. کەمـن ئەو بازرگانییـانەی کە لە سـکۆتلاند بەمـاڵێکی کەمتر لەوە ئەنجام بـدرێن کە لە ئینگلـتەرە پێـی ئەنجـام دەدرێ. لەبەر ئەوە، دەبێ ڕێژەی ئاسایی قازانج تـا ڕادەیەک زیـاتر بـێ. تێبینیی ئەوەش کـراوە کە هەقدەستی کار لە سکۆتلاند نزمترە لەوەی لە ئینگلتەرەدا هەیە. وڵاتەکەش نەک تەنیا زۆر هەژارتـرە، بەڵکـو هەنگاوەکـانی بەرەو دۆخێکـی باشـتر، کە بەرەوپێشـچوونەکەی ڕوون و ئاشکرایە، لەوە دەچێ خاوتر و لەپاشتر بێ.

ڕێژەی یاسـایی سـوود لە فەرەنسـە لەم سـەدەیەی ئێسـتادا، بەردەوام بەگوێرەی ڕێژەی بازاڕ ڕێک نەخراوە. لە سـاڵی ١٧٢٠دا سـوود لە یەک لە بیسـتەوە بۆ یەک لە پەنجـا پێنس کەم کرایەوە، یان لە پێنجەوە لەسەدەوە بۆ دوو لەسەد کەم کرایەوە. لە ١٧٢٤دا بۆ یەک لە سی پێنس زیاد کرا، یان بۆ سێ و سێیەکێک لەسەد. لە ١٧٢٥دا دووبارە بۆ یەک لە بیست، یان لەسەدا پێنج، بەرز کرایەوە. لە سـاڵی ١٧٦٦دا لە سـەردەمی حکومەتی بەڕێز لاڤێردی بۆ یەک لە بیست و پێنج پێنس، یان لەسـەدا چوار، کەم کرایەوە. ئەببی تێرای، دوای ئەوە بۆ ڕێژەکەی جارانی، لەسـەدا پێنج، بەرزی کردەوە. هۆکاری پێشـبینیکراوی زۆربەی ئەم کەمکردنەوە توندانەی سوود ڕێخۆشکردن بوو بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی قەرزی گشتی، کە هەنـدێ جـار ئەو ئامـانجەی پێکـاوە. لەوانەیە ئێسـتا فەرەنسـە دەوڵەتێکـی وەک ئینگلـتەرە دەوڵەمەنـد نەبـێ و، سـەرباری ئەوەی کە ڕێـژەی یاسـایی سـوود لە فەرەنسـە زۆر جـاران لەوەی ئینگلـتەرە نزمتـر دەبـێ، ڕێـژەکە لە بـازاڕدا بەگشـتی بەرزتـرە، چـونکە لەوێ، وەک وڵاتـانی تـر، چەنـدان ڕێگەی ئـارام و ئاسـانیان بۆ خـۆدزینەوە لە یاسـا هەیە. مـن لەلایەن بازرگانـانی بریتانیـاییەوە کە بازرگانییـان لە هەردوو وڵاتدا کـردووە، دڵنیـا کـراومەتەوە کە قـازانجی بازرگـانی لە فەرەنسـە بەرزتـرە لەوانەی ئینگلـتەرە و، گومـانی تێـدا نیـیە کە بە پشتبەسـتن بەم حیسـابانە گەلـێ بریتانیـایی ئەوە هەڵـدەبژێرن کە لە وڵاتێکدا سـەرمایەی

خۆیان بخەنە گەڕ کە بازرگانی تیایدا شەرمەزارییە، نەک لە وڵاتێکدا کە بازرگانی زۆر ڕێزلێگیراوە. لە فڕانسە هەقدەستی کار لەوەی ئینگلتەرە نزمترە. کاتێک کە لە سکۆتلاندەوە بۆ ئینگلتەرە دەچی، ئەو جیاوازییەی کە لەوانەیە تێبینیی بکەی لە جلوبەرگ و دیمەنی خەڵکی ئاسایی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتەکەی تر بەباشی دەربڕین لە جیاوازیی نێوان دۆخیان دەکا. کاتێ کە تۆ لە فڕانسە دەگەڕێیتەوە جیاوازییەکە هێشتا گەورەترە. فڕانسە، هەرچەندە گومانی تێدا نییە کە زۆر لە سکۆتلاند دەوڵەمەندترە، لەوە ناچێ کە بە خێراییەکی زۆر بەرەو پێشەوە بچێ. بیرۆکەیەکی گشتی و باو لە وڵاتەکەدا هەیە کە دەڵێ وڵات بەرەو دواوە دەچێ، ئەم بیرۆکەیە، بەو شێوەیە، کە تەنانەت سەبارەت فڕانسەش لەجێی خۆی نییە، کەس نییە، کە ئێستا و بیست یان سیساڵی پێش ئێستای سکۆتلاندی بینیبێ، سەبارەت سکۆتلاند دڵی پێی خۆش بێ.

ویلایەتی هۆلاند، لەلایەکی ترەوە، بە بەراورد لەگەڵ پانتایی زەوییەکانی و ژمارەی دانیشتووانی، وڵاتێکە لە ئینگلتەرە دەوڵەمەندتر. حکومەت لەوێ قەرز بەڕێژەی سوودی لەسەدا دوو دەکا و، خەڵکی خاوەن متمانەی باش بەڕێژەی لەسەدا سێ قەرز دەکەن. دەڵێن هەقدەستی کار لە هۆلاند لەوەی ئینگلتەرە بەرزترە و، ئەوە ڕوونە کە خەڵکی هۆلاند بازرگانی بەقازانجێک دەکەن کە لە هی هەموو ئەورووپا کەمترە. هەندێ خەڵک وای پێشان دەدەن کە بازرگانی لە هۆلاند بەرەو نووچدانە و، لەوانەیە ئەمە لە هەندێ لقی بازرگانیدا وا بێ. بەڵام ئەم نیشانانە، بەڕوونی پێشانی دەدەن کە نووچدانێکی گشتی لەئارادا نییە. کاتێک کە قازانج کەم دەبێ، بازرگانان زۆر حەز دەکەن شین بگێڕن و بڵێن کە بازرگانی لەناو دەچێ، هەرچەندە کە کەمبوونەوەی قازانج کاریگەریی سروشتیی گەشە، یان بەگەڕخستنی ماڵێکی زیاتر لە پێشووە لە بازرگانیدا. لەماوەی شەڕی دواییندا، هۆلاند هەموو بازرگانیی گواستنەوەی فڕانسەی بۆ خۆی بردەوە و، تا ئێستا بەشێکی زۆری ئەو بازرگانییەیان بەدەستەوە ماوە. ئەو ماڵە زۆرەی کە لە سندووقەکانی پارەدارکردنی فڕانسەیی و ئینگلیزەکاندا هەیانە، دەگوترێ چل ملیۆنیان لەمەی دواییدا هەیە (هەر چەندە من گومانم هەیە کە ئەمە زێدەڕۆییەکی زۆری تێدا هەیە)، ئەو پارە زۆرانەی بە قەرز بە خەڵکی ئەو وڵاتانەیان داوە کە تیایاندا ڕێژەی سوود بەرزترە وەک لەوەی وڵاتەکەیان، بێگومان هەلی زیادبوونن بۆ ماڵەکەیان، یان نیشانەن بۆ ئەوەی زیادبوونەکە ئەوەندە زۆرە کە لە کاتی بەگەڕخستنی لە وڵاتەکەی خۆیاندا ئەو قازانجەی نابێ: بەڵام ئەمانە ئاماژە نین بۆ کەمبوونەوەی. سەرمایەی نەتەوەیەکی مەزنیش هاوشێوەی سەرمایەی ئەو کەسەیە، کە لە بازرگانییەکی دیاریکراوەوە بەدەستی هێناوە، بەڵام وای لێ هاتووە کە زیاتر ببێ لەوەی ئەو بازرگانییە بتوانێ لەخۆی بگرێ و، هێشتاش بازرگانییەکە لە زیادبوون بەردەوامە.

له کۆلۆنییەکانمان لە باکوری ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا، نەک تەنیا هەقدەستی کار، بەڵکو سوودی پارە و، لەکۆتاییدا قازانجی ماڵ، بەرزترن وەک لە ئینگلتەرە. لەو کۆلۆنییە جیاجیایانەدا هەردوو ڕێژەی یاسایی و بازاڕیی سوود لەنێوان شەش تا هەشت لەسەدن. هەرچەندە هەقدەستی بەرزی کار و قازانجی بەرزی ماڵ، شتگەلێکن لەوانەیە بەدەگمەن هاوشانی یەکتر بن، لە هەلومەرجی ناوازەی ئەو کۆلۆنییە نوێیانەدا نەبێ. کۆلۆنییەکی نوێ هەردەم بۆ ماوەیەک کورتهێنانی ماڵ بەخۆیەوە دەبینێ بە بەراورد لەگەڵ پانتایی خاکەکەیان، ژمارەی دانیشتووانیشیان کەمن بە بەراورد لەگەڵ پانتایی ماڵەکەیان، ئەم کورتهێنانانە زیاترن لەوانەی لە بەشی زۆری وڵاتانی تردا هەن. ئەوان زەوییان زیاترە لەوەی ماڵەکەیان بەشی چاندنی بکات. لەبەر ئەوە، ئەوەی هەیانە تەنیا بەپیتترین و باشترین پێگەکانی پێ دەچێنن، ئەو زەوییانەی نزیکی کەنار دەریا و لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکانی شیاوی کەشتیوانین. ئەو جۆرە زەوییانەش، زۆربەی کات بەنرخێکی نزمتر لە نرخی بەرهەمی سروشتیی خۆشیان دەکڕین. ئەو ماڵەی بەکار دێ بۆ کڕین و چاککردنی ئەو جۆرە زەوییانە دەبێ قازانجێکی زۆری لێ بکەوێتەوە و، لە دواییشدا بتوانرێ سوودێکی زۆری پێ بدرێ. کۆبوونەوەی خێرای قازانجەکە، ئەوەندە بەقازانجە کە یارمەتیی چێنەرەکە دەدات بۆ زیادکردنی خێرای ژمارەی دەستەکانی کار خێراتر لەوەی لە نشینگەیەکی نوێدا دەست دەکەوێ. بۆیە ئەوانەی دەتوانێ دەستەبەریان بکات بەباشی پاداشت دەکرێن. لەگەڵ فرەوانبوونی کۆلۆنییەکاندا، وردەوردە قازانجی ماڵ کەم دەبێتەوە. کاتێک کە بەپیتترین زەوی کە باشترین هەڵکەوتەیان هەیە دەستیان بەسەردا گیرا، قازانجی چاندنی زەوییەکانی تر کە لەڕووی پیت و هەڵکەوتەوە لەخوارەوەیانن کەمی کرد و، سوودی ماڵی بەکارهاتوو کەمتر دەبێ. بەو پێیە لەبەشی زۆری کۆلۆنییەکانماندا، هەردوو ڕێژەی یاسایی و بازاڕیی سوود بەشێوەیەکی بەرچاو لەم سەدەیەدا کەمیان کردووە. کە سامان و پێشکەوتن و دانیشتووان زیاد بوون، سوود کەمی کرد. هەقدەستی کار لەگەڵ قازانجی ماڵدا دانەبەزی. خواست بۆ کار لەگەڵ زیادبوونی ماڵدا، جا قازانجەکەی هەرچەند بێ، زیاد دەبێ و، دوای ئەمانە کەم دەبێتەوە و، ڕەنگە زیادبوونی ماڵ بەردەوامیی نەبێ بەڵام زیادبوونەکەی زۆر لە جارانی خێراتر دەبێ. لە وڵاتانی زەحمەتکێشدا پێشکەوتن لە بەدەستهێنانی سامان شانبەشانی زیادبوونی خەڵکی زەحمەتکێشە. بەگشتی ماڵێکی زۆر، ئەگەر قازانجی کەمیشی هەبێ، قازانجەکەی خێراتر لە ماڵێکی کەم بەقازانجی زۆر، زیاد دەبێ. وەک ئەو قسە نەستەقەی دەڵێ "پارە پارە ڕادەکێشێ". کاتێک کە تۆ پارەیەکی کەمت هەیە، زۆربەی کات ئاسانە کە پارەی زیاتر پەیدا بکەی. گرفتی هەرە گەورە ئەوەیە کە ئەو کەمە بەدەست بهێنی. بەشێوەیەکی بەشەکی پەیوەندیی نێوان زیادبوونی ماڵ و زیادبوونی پیشەسازی، یان زیادبوونی خواست لەسەر کاری بەسوودمان کردووەتەوە، بەڵام لێرە بەدواوە لە باسی کەڵەکەکردنی ماڵدا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

دەستگرتن بەسەر ناوچەگەلی نوێدا، یان بەسەر لقی نوێی بازرگانیدا، لەوانەیە هەندێ جار قازانجی ماڵ زیاد بکات و، لەگەڵ ئەوانیشدا سوودی پارە زیاد بکات، تەنانەت لە وڵاتێکدا کە پێشکەوتنی خێرا لە دەستگرتن بەسەر سامانەکاندا بەخۆیەوە دەبینێ. ئەو ماڵەی کە وڵاتەکە هەیەتی، کاتێک کە بەشی هەموو بازرگانییەکان ناکا، کە ئەم جۆرە دەستبەسەرداگرتنە دەیخاتە بەر دەستی ئەو خەڵکە جیاجیایەی بەسەریاندا دابەش دەبێ، دەدرێتە هەندێ لقی دیاریکراوی بازرگانی کە قازانجی زیاتریان هەیە. بەشێک لەوەی پێشتر لە بازرگانیی تردا بەکار دەخرا دەکێشرێتەوە و، بەرەو هەندێ لقی نوێ و قازانجدارتر ئاراستە دەکرێ. بۆیە لە هەموو ئەم بازرگانییە کۆنانەدا کێبەرکێ لەجاران کەمتر دەبێ. بازاڕیش کەمتر لە پێویستی تەواو، بە گەلێ جۆری کاڵا پڕ دەکرێ. بەمەش نرخ بەشێوەیەکی کەم یان زۆر بەرز دەبێتەوە و، دەبێتە مایەی قازانجی زیاتر بۆ ئەوانەی ئەو بازرگانییانە دەکەن، بۆیە ئەمانیش دەتوانن ماڵ بە سوودی زیاتر قەرز بکەن یان بە قەرز بدەن. تا ماوەیەکی دوای تەواوبوونی دوایین شەڕ، نەک تەنیا خەڵکی خاوەن باشترین متمانە، بگرە هەندێ لە گەورەترین کۆمپانیاکان لە لەندەن، بە گشتی بەرێژەی سوودی لەسەدا پێنج قەرزیان وەردەگرت، کە پێشتر ڕاهاتبوون لە چوار و چوار و نیو لەسەد زیاتر نەدەن. دەستگرتنی زۆر بەسەر زەوی و بازرگانیدا، لەڕێی دەستبەسەرداگرتنی کۆلۆنییەکانمانەوە لە باکوری ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا، بەباشی نوێنەرایەتیی ئەمە دەکەن، بەبێ پێشبینیکردنی هیچ کەمبوونەوەیەک لە ماڵی کۆمەڵگەدا. زیادکردنێکی زۆری بازرگانیی نوێ لەڕێی بەگەڕخستنی ماڵە کۆنەکەوە دەبێ ئەو بڕە کەم بکاتەوە کە لە ژمارەیەکی زۆری لقگەلی دیاریکراودا بەگەڕ خرابوو و، کێبەرکێ تیایاندا کەم دەبێتەوە، قازانجەکانیش دەبێ زیاتر بن. من لێرە بەدواوە هەلی ئەوەم دەبێ ئاماژە بۆ ئەو هۆکارانە بکەم کە وام لێ دەکەن بڕوا بهێنم بەوەی ماڵە سەرمایەکەی بریتانیای مەزن تەنانەت بەهۆی خەرجیی زۆری دوایین شەڕیشەوە کەمی نەکردووە.

هەرچەندە کەمبوونەوەی ماڵی سەرمایەی (capital stock) کۆمەڵگە، یان ئەو پارانەی بۆ بەڕێوەچوونی پیشەسازی تەرخان کراون، لەپاڵ کەمکردنەوەی هەقدەستی کار قازانجی ماڵ زیاد دەکەن و، لەکۆتاییدا سوودی پارە زیاد دەکەن. بە کەمکردنەوەی هەقدەستی کار، خاوەنانی ئەو ماڵەی لە کۆمەڵگەدا ماوە، دەتوانن کاڵاکانیان بە تێچوویەکی کەمتر لە جاران بگەیەننە بازاڕ و، بۆ تێرکردنی بازاڕ ماڵی کەمتر بەگەڕ دەخەن و، کاڵاکان بەگرانتر دەفرۆشن. کاڵاکانیان کەمتر لەسەریان دەکەون و زۆرتریان بۆ پەیدا دەکەن. لەبەر ئەوە، قازانجەکانیان لە هەردوو لاوە زیاد دەکەن و، دەتوانن سوودی زیاتر بەدەست بهێنن. ئەو سامانە زۆرانەی کە زۆر لەناکاو و زۆر بەئاسانی لە بەنگال و نشینگە بریتانیاییەکانی تری هیندی ڕۆژهەڵات بەدەست هاتن لەوانەیە دڵنیامان بکەنەوە لەوەی کە لەو وڵاتە وێرانانەدا،

کاتێک هەقدەستی کار زۆر نزم دەبێ قازانجی ماڵ زۆر بەرز دبێ. سوودی پارەش بەهەمان شێوەیە. لە بەنگال، پارە بە سوودی چل و پەنجا و شەست لەسەد بەقەرز بە چووتیاران دەدرێ و بەرهەمی داهاتوو دەکرێتە بارمتە (mortgaged) بۆ دانەوەی قەرزەکە. لەکاتێکدا کە ئەو قازانجانەی دەتوانن ئەم جۆرە سوودە دابین بکەن دەبێ نزیکەی هەموو کرێی خاوەن زەوی بخۆن، ئەم جۆرە سووخۆرییە (usury) زۆرە بەشی هەرە زۆری ئەو قازانجانە دەخۆن. پێش ئەوەی کۆماری رۆمان برووخێ، لەسایەی بەرەوەبردنی هەرەسهێناوی نێردە باڵاکاندا سووخۆرییەکی هاوشێوە باڵی بەسەر زۆربەی ویلایەتەکانیدا کێشابوو. برووتەسی پایەدار، وەک لە نامەکانی شیشرۆن دەردەکەوێ، لە قوبرس بەسوودی لەسەدا چل و هەشت پارەی بەقەرز دابوو.

لە ولاتێکدا کە تەواوی سامانی بەدەست هێناوە، کە خاک و کەش و هەڵکەوتەکەی، بە بەراورد لەگەڵ ولاتانی تردا، رێگەی بەدەستهێنانی بۆ خۆش کردووە و، لەبەر ئەوە لەوانەیە لەوە خێراتر بەرەو پێش نەچێ و، پاشەکشەش نەکا، لەوانەیە لەو ولاتەدا هەقدەستی کار و قازانجی ماڵ زۆر نزم بن. لە ولاتێکی پڕ دانیشتووان بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی زەوییەکەی دەتوانێ دابینی بکات یان ماڵەکەی دەتوانێ بەگەڕی بخا، کێبەرکێی لەسەر کارکردن بێگومان زۆر دەبێ تا ئەو ئاستەی هەقدەستی کار کەم دەکاتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە تەنیا بەشی ژیاندنی کارگەران بکات و، کە ولاتەکە دانیشتووانی زۆرن ناکرێ ژمارەیان زیاتر بکرێ. لە ولاتێکدا کە پڕە لە ماڵ بە بەراورد لەگەڵ هەموو ئەو بازرگانییانەی کە دەبێ ماڵیان تێدا بەگەڕ بخرێ، بڕی ئەو ماڵەی لە هەر لقێکی بازرگانیدا بەگەڕ دەخرێ ئەوەندەی سروشت و پانتایی ئەو بازرگانییە دەیخوازێ زۆرە. لەوێ کێبەرکێ لە هەموو شوێنێکدا زۆرە و لەکۆتاییدا قازانجی ئاسایی تا ئەوپەڕی کەمە.

بەلام لەوانەیە تا ئێستا هیچ ولاتێک نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی دەوڵەمەندی. لەوە دەچێ چین ماوەیەکی زۆر چەقبەستوو بووبێ و، لەوانەیە لەمێژ بێ ئەو تێرییە تەواوەی لە سامان بەدی هێنابێ، کە لەگەڵ سروشتی یاسا و رێساکانیدا گونجاوە. بەلام ئەو تەواوییە (complement)ڕەنگە زۆر کەمتر بێ، بەپێی یاسا و رێسای تر، لەوەی کە ڕەنگە سروشتی خاکەکەی، کەش و هەوای و، هەڵکەوتەکەی بیخوازن. ولاتێک کە بازرگانیی دەرەکی پشتگوێ دەخا یان بە بێبایەخی دەزانێ و، تەنیا لە یەک یان دوو بەندەری خۆی پێشوازی لە کەشتیی بیانی دەکا، ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ هەمان بڕی ئەو بازرگانییانەدا بکات کە یاسا و رێسای تر دەیانخوازن. هەروەها لە ولاتێکدا کە هەرچەندە دەوڵەمەندەکان یان خاوەن سەرمایە زۆرەکان لە ئارامییەکی باشدان، هەژارەکان و خاوەنی سەرمایە بچووکەکان بەدەگمەن ئەمەیان بۆ دەستەبەرە، بەڵکو بە بیانووی دادوەری لەوانەیە لە هەر کاتێکدا لەلایەن ماندەرینە -mandarin) یەکێکە لە نۆ پلەی باڵای خزمەتی مەدەنیی

ئیمپراتۆریـــای کــۆنی چــین- وەرگێــڕ) هەژارترەکــانەوە بــدرێنە بەر هێرشـــی تــالان و ڕووتکردنەوە، بڕی ئەو ماڵەی لە هەموو لقە جیاجیاکانی بازرگانییە باوەکانی ناو وڵاتدا بەگەڕ خراوە هەرگیز یەکسان نابێ لەگەڵ ئەوەی کە سروشت و پانتایی ئەو بازرگانیە دەیخوازێ. لە هەر لقێکی جیاوازدا، ستەمکردن لە هەژاران دەبێ پاوانکاریی دەوڵەمەندەکان دابمەزرێنێ، ئەو دەوڵەمەندانەی هەموو بازرگانییەکەیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە دەتوانن قـازانجی زۆر بـکەن. دەڵـێن بەو پێیە سـوودی بـاو لە چـین لەسـەدا دوانـزەیە و، قـازانجی ئاسایی ماڵ دەبێ بەشی دابینکردنی ئەو سوودە زۆرە بکات.

هەندێ جار کەلێنێک لە یاسا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی سوود بۆ سـەرووی ئەوەی دۆخـی وڵات، لە دەوڵەمەنـدی یـان هەژاری، دەیخـوازێ. کاتێـک کە یاسـا جێبەجێکردنـــی گرێبەســـتەکان ناســـەپێنێ، ئەوە قەرزارەکـــان دەخـــاتە هەمـــان ئاســـتی مایەپووچەکـان یـان ئەو خەڵـکەی متمانەیـان جێـی گومـانە لە وڵاتـانی باشـتر ڕێکخـراودا. دڵنیـانەبوون لەوەی پـارەکەی بەدەسـت دەهێنێـتەوە، وا لە قەرزدەر دەکـا پەنـا ببـاتە بەر هەمـان ئەو سـوودەی سـووخۆر لە مایەپووچـانی دەخـوازێ. لەنێـو گەلانـی بەرەبەریـدا ئەوانەی ویلایەتەکـانی ڕۆژئـاوای ئیمپراتۆریـای ڕۆمانیـان تەنیـووەوە، جێبەجێکردنـی گرێبەستەکان بۆ چەندان نەوە بۆ ویژدانی گرێبەستووەکان بەجێ هێشترابوو. بەدەگمەن ئەو دادگەیانەی پاشاکانیان دایانمەزراندبوون خۆیـان لەو بابەتـانە هەڵدەقورتاند. ئەو ڕێژە بەرزانەی ســوود کە لەو ســەردەمە کۆنــانەدا هەبــوون لەوانەیە لەبەر ئەم هۆکــارە بەو شێوەیە بەرز بووبن.

کاتێک کە یاسا تەواوی سوود یاساخ دەکا، ئەوە بەتەواوی ڕێی لێ ناگرێ. زۆر کەس پێویستە قەرز بکەن و، کەسیش بەبێ ئاوڕدانەوە لەم بەکارهێنانەی پارەکەی وەک پێویست قەرز نـادا، نەک لەبەر ئەوەی کە لەوانەیە بـۆ چـی بەکـار بهێنـرێ بەڵکـو لەبەر سـەختی و مەترسـیی خۆدزینەوە لە یاسـا. ڕێزدار مۆنتیسـک، پێـی وایە ڕێژەی بەرزی سـوود لەنـاو هەموو نەتەوە موحەمەدیەکان (مەبەست موسڵمانە) لەبەر هەژارییان نییە، بەڵکو بەشێکی لەبەر ئەمەیە و بەشـێکی لەبەر ســەختیی بەدەسـتهێنانەوەی پارەکانیـانە. دەبـێ نزمتـرین ڕێژەی ئاسـایی قـازانج بەردەوام بەڕادەیەک لەوە زیـاتر بـێ کە بەشـی پڕکـردنەوەی ئەو زیانـانە بکـات کە لە هەمـوو بەگەڕخسـتنێکی ماڵـدا بوونیـان هەیە. تەنیـا ئەم زیـادەیەش قـازانجی خـاوێن و ڕوونە. ئەوەی پێـی دەگـوترێ قـازانجی گشـتی زۆربەی جـار تەنیـا ئەم زیـادەیە نیـیە بەڵکـو ئەوەیە کە بـۆ پڕکـردنەوەی ئەم زیـانە نائاسـاییانە دادەنـرێ. ئەو سوودەی قەرزوەرگر دەتوانێ دابینی بکات بۆ دانەوەی قەرزەکە تەنیا بە بەراورد لەگەڵ قازانجی ڕوونە.(clear profit)

نزمترین ڕێژەی ئاسایی سوود، بەهەمان شێوە، دەبێ شتێک زیاتر بێ لەوەی بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی لاوەکی بۆ قەرزدەر دانراوە، تەنانەت بە وریاییەکی گونجاوەوە. ئەگەر لەوە زیاتر نەبێ ئەوە چاکەکاری یان برادەری دەشێ ببنە تەنیا پاڵنەری قەرزدان.

لە وڵاتێکدا کە تەواوی سامانی خۆی بەدەست هێناوە، کە بۆ هەموو لقێکی بازرگانی زۆرترین بڕ ماڵ هەیە تاوەکو تیایادا بەگەڕ بخرێ، کە ڕێژەی ئاسایی قازانج زۆر کەم دەبێ، ڕێژەی بازاڕیی ئەو سوودەی دەشێ لێی دەربکرێ ئەوەندە کەم دەبێ کە ئەستەمە کەس، جگە لە خەڵکی زۆر دەوڵەمەند، بە سوودی پارەکانیان بژین. هەموو ئەو خەڵکەی خاوەن سامانی کەم یان مامناوەندین ناچار دەبن خۆیان بە بەگەڕخستنی ماڵی خۆیانەوە ببەستنەوە. ئەو کات پێویست دەبێ هەر کەسێک ببێتە پیاوی کار، یان لە جۆرێک لە جۆرەکانی بازرگانیدا بەشدار ببێ. لەوە دەچێ کە ویلایەتی هۆلاند بەرەو ئەو دۆخە هەنگاو بنێ. لەوێ گونجاو نییە کە مرۆڤ پیاوی کار نەبێ. پێویستی وا لە نزیکەی هەموو کەسێک دەکا وا بێ و، نەریت ئەم شێوازە ڕێک دەخا. وەک چۆن مایەی گاڵتەجاڕییە مرۆڤ بەرگی لەبەر نەبێ، بەهەمان شێوە و بەپێوەرێک، مایەی گاڵتەجاڕییە بێکار بێ. وەک ئەوەی پیاوێکی سڤیل لە خێوەتگەیەک یان سەربازگەیەک سەری لێ دەشێوێ و، تا ڕادەیەک مەترسیی ئەوەی لەسەرە لەوێ سووکایەتیی پێ بکرێ، پیاوی بێکاریش لەناو پیاوانی خاوەن کاردا لە هەمان دۆخدایە.

لەوانەیە بەرزترین ڕێژەی ئاسایی قازانج وەک نرخی زۆرترین بەشی کەلپەل، هەموو ئەوەی بۆ موڵکانەی زەوی دەچێ، بخوا و، تەنیا ئەوەندە بهێڵێتەوە کە بەشی کاری ئامادەکردن و هێنانی بەرهەم بۆ بازاڕ بکات، بەگوێرەی کەمترین ڕێژە کە لە هەر شوێنێک دەکرێ بە کار بدرێ، تەنیا بژێویی ڕووتی کارگەر. کارگەران دەبێ بەردەوام لە کاتی کارکردندا بەشێوەیەک لەشێوەکان نان بدرێن، بەڵام دەکرێ خاوەن موڵک بەردەوام پارەی نەدرێتێ. قازانجەکانی ئەو بازرگانییەی کارمەندانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لە بەنگال ئەنجامی دەدەن ڕەنگە زۆر لەم ڕێژەیەوە دوور بن.

ڕێژەی سوودی بازاڕی بەشێوەیەکی ئاسایی، کە دەبێ بەرگەی ڕێژەی ئاسایی قازانجی ڕوون بگرێ، پێویستە لەگەڵ بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەی قازانجدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێ. سوودی دووسەرە لە بریتانیای مەزندا ئەوەیە کە بازرگانەکان بە قازانجی باش، مامناوەندی، گونجاو ناوی دەبەن، ئەو مەرجانەی من تێبینیم کردوون، واتەکەیان، جگە لە قازانجی ئاسایی یان باو هیچی تر نییە. لە وڵاتێکدا کە ڕێژەی ئاسایی قازانجی ڕوون هەشت یان دە لەسەدە، لەوانەیە گونجاو بێ نیوەی بۆ سوود بچێ، لە هەر شوێنێکدا کە بازرگانی بە پارەی قەرزکراو بەڕێوە بچێ. ماڵەکە لە ئەستۆی قەرزارەکەیە، کە وەک باوە، بۆ قەرزدەرەکەی دەگەڕێنێتەوە و، لەوانەیە لە زۆربەی بەشەکانی بازرگانیدا سوودی

چوار یان پێنج لەسەد بەشی قەرەبووکردنەوەی گرفتی بەگەڕخستنی ماڵەکە بکات. بەڵام بەراوردی نێوان سوود و قازانجی ڕوون لەوانەیە هەمان شت نەبێ لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی ئاسایی قازانج، یان بەرادەیەکی باش کەمترە، یان بەرادەیەکی باش زیاترە. ئەگەر بەرادەیەکی باش کەمتر بوو، ڕەنگە نیوەی بۆ سوود بڕوا و، ئەگەر بەرادەیەکی باش بەرزتر بوو لەوانەیە لە نیوە زیاتر بۆ سوود بڕوا. لەو وڵاتانەی کە بەخێرایی سامانەکانیان بەرەو پێشەوە دەچێ، ڕێژەی نزمی قازانج ڕەنگە، لە نرخی گەلێ کاڵادا، قەرەبووی هەقدەستی بەرزی کار بکاتەوە و، یارمەتیی ئەو وڵاتانە بدات تاوەکو بتوانن بەهەمان نرخی هەرزانی دراوسێیە دواکەوتووەکانیان بفرۆشن، کە لای ئەو دراوسێیانە لەوانەیە هەقدەستی کار کەمتر بێ. لەڕاستیدا قازانجی زۆر، نرخی کار زیاتر لە هەقدەستی کار بەرز دەکاتەوە. لە پیشەسازیی کەتاندا، بۆ نموونە، هەقدەستی کارگەرانی جۆراوجۆر، ئەوانەی کەتان دەشکێننەوە، دەیڕێسن، دەیچنن، هتد، دەبێ هەموویان ڕۆژانە دوو پێنس وەرگرن، ئەمە دەبێ نرخی هەر پارچە کەتانێک بەقەد ژمارەی ئەو خەڵکەی کاری لەسەر دەکەن، دوو پێنسی بەرز بکاتەوە، ئینجا ئەوە جارانی ژمارەی ڕۆژەکانی کە کاریان تێدا کراوە بکرێ. ئەو بەشەی نرخی کاڵاکە کە خۆی شی دەکاتەوە بۆ هەقدەست، لە قۆناخە جیاجیاکانی پیشەسازییەکەدا، دەبێ تەنیا بەڕێژەیەکی ژمارەیی لەگەڵ زیادبوونی هەقدەستەکاندا زیاد ببێ. بەڵام ئەگەر قازانجەکانی هەموو خاوەن کارانی ئەم خەڵکە کارگەرە پێویست بێ لەسەددا پێنج بەرز ببێتەوە، دەبێ ئەو بەشەی نرخی کاڵاکە کە خۆی شی دەکاتەوە بۆ قازانج لە قۆناخە جیاجیاکانی کاردا بەڕێژەیەکی جیۆمەتری بە بەراورد لەگەڵ بەرزبوونەوەی قازانج زیاد بکات. خاوەن کاری کوتینەوەی کەتان لە کاتی فرۆشتنی کەتانەکەی پێویستە لەسەددا پێنج بخاتە سەر تەواوی بەهای کەرەستە و هەقدەستەکانی بە کرێکارەکانی داون. خاوەن کاری کەتانڕێسەکە دەبێ لەسەددا پێنج زیادە بخاتە سەر ئەو نرخەی بە کەتانەکە و هەقدەستی کەتانڕێسەکەی داوە. هەروەها خاوەن کاری چنینەکە پێویستە لەسەددا پێنجێکی تر بخاتە سەر ئەو نرخەی بە کەتانە ڕێسراوەکە و هەقدەستی کارمەندی چنینەکەی داوە. لە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵادا بەرزبوونەوەی هەقدەست بەهەمان شێوازی سوودێکی سادە (simple interest) کار لە کەڵەکەبوونی قەرز دەکا. بەرزبوونەوەی قازانجیش وەک سوودی ئاڵۆز (compound interest) کار دەکا. بازرگانەکانمان و پیشەسازەکانمان زۆر گلەیی لە ئاسەواری خراپی هەقدەستی بەرز بەسەر بەرزبوونەوەی نرخدا دەکەن، کە لەکۆتاییدا فرۆشی کاڵاکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا کەم دەکەنەوە. ئەوان هیچ لەبارەی ئاسەواری خراپی قازانجی زۆرەوە ناڵێن. ئەوان بەرامبەر کاریگەریی زیانبەخشی دەسکەوتەکانی خۆیان بێدەنگن. ئەوان تەنیا بەرامبەر دەسکەوتی خەڵکی تر دێنە دەنگ.

بەشی دەیەم
کرێ و قازانج لە بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی کار و ماڵ

تەواوی قازانج و زیانەکانی بەگەڕخستنە جیاجیاکانی کار و ماڵ دەبێ، لە هەمان دەوروبەردا بن، یان بەتەواوی یەکسان بن، یان بە بەردەوامی بەرەو یەکسانی بچن. ئەگەر لەهەمان دەوروبەردا بوون و، پیشەیەک هەبوو کە بەشێوەیەکی بەرچاو، زۆر یان کەم، لەوانەی تر بەسوودتر بوو، ئەوە لەلایەکەوە خەڵکێکی زۆر لەوە کۆ دەبنەوە و، لەلایەکی تریشەوە زۆر پیشەی تر بەجێ دێڵن، بەمەش زۆری پێ ناچێ سوودی ئەم پیشەیە دەگەڕێتەوە ئاستی پیشەکانی تر. ئەمە بەلای کەمەوە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەیەکدا ڕوو دەدا، کە تیایدا شتەکان بۆ سروشتی خۆیان بەجێ ماون، کە ئازادییەکی تەواوی تێدایە و، هەر کەسێک تەواو ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو کارەی کە بۆ خۆی بەگونجاوی دەزانێ و چەندی پێ باش بێ پیشەی خۆی دەگۆڕێ. بەرژەوەندی هەر کەسێک وای لێ دەکا بەدوای سووددا بگەڕێ و، خۆی لە کاری بەزیان دوور بگرێ.

بێگومان هەقدەستی بەپارە و قازانج لە هەموو شوێنێکی ئەوروپا جیاوازیی زۆریان هەیە سەبارەت بەگەڕخستنە جیاوازەکانی کار و ماڵ. بەڵام بەشێکی ئەم جیاوازییە لە هەندێ هەلومەرجی بەگەڕخستنەکان خۆیانەوە سەرچاوە دەگرن، کە یان بەڕاستی و یان تەنیا بە بۆچوونی خەڵک، هەندێکیان پارەی کەمیان لێ بەدەست دێ و پارەی زۆر لەوانەی تر بەدەست دێن و، بەشێکی تریشی لە سیاسەتی ئەوروپاوە سەرچاوە دەگرێ، کە هەرگیز ئازادیی تەواو بە شتەکان نادا.

لەبەرچاوگرتنی تایبەتی ئەو هەلومەرجانە و ئەو سیاسەتە، ئەم بەشە بۆ دوو کەرت لەت دەکا.

کەرتی یەکەم
نایەکسانییەکانی لە سروشتی بەگەڕخستنەکانەوە سەرچاوە دەگرن

ئەم پێنجەی خوارەوە، ئەو هەلومەرجە بنەڕەتییانەن کە، ئەوەندەی توانای تێبینیکردنم هەبووە، مایەی دەسکەوتنی پارەی کەمن لە هەندێ بەگەڕخستنەکان و دەسکەوتنی پارەی زۆر لە هەندێکی ترن: یەکەم، پەسەندی و ناپەسەندیی بەگەڕخستنەکان خۆیان، دووەم، ئاسانی و هەرزانی، یان سەختی و گرانیی فێربوونیان، سێیەم، جێگیری و ناجێگیریی

بەگەڕخستن تیایاندا، چوارەم، کەمی یان زۆریی ئەو متمانەیەی کە دەبێ بەو کەسانە بدرێ کارەکە دەکەن و، پێنجەم، ئەگەر یان نەگەری سەرکەوتن تیایاندا.

یەکەم، هەقدەستی کار بەگوێرەی ئاسانی یان سەختی، خاوێنی یان پیسی، شەرەفمەندی یان ڕسوایی کارەکە، جیاوازیی تێ دەکەوێ. بەمەش لە زۆربەی شوێنەکاندا، بە ئەژمارکردنی خولی سالانە، شاگردێکی بەرگدروو لە شاگردێکی جۆلا کەمتری دەست دەکەوێ. کاری ئەو زۆر ئاسانترە. شاگردێکی جۆلا لە شاگردێکی ئاسنگەر کەمتری دەست دەکەوێ. کارەکەی بەردەوام ئاسانتر نییە، بەلام گەلێ خاوێنترە. شاگردێکی ئاسنگەر، ئەگەر چی کارەکەی داهێنانی تێدایە، بەدەگمەن لە دوازدە سعاتدا ئەوەندەی هەشت سعات کاری ڕەژووکەرێک، کە تەنیا کرێکارێکە، دەست دەکەوێ. کاری ئەوەیان نەک زۆر پیسترە، بەلام مەترسیی تێدا کەمترە لەبەر ڕۆشنایی ڕۆژ و لەسەر ڕووی زەوی ئەنجام دەدرێ. شەرەفمەندی بەشێکی زۆری پاداشتی پیشە شەرەفمەندانەکان پێک دێنێ. لەڕووی بەدەستهێنانی پارەوە، بەگشتی پارەکەیان ئەوەندە نییە، وەک ئەوەی هەوڵ دەدەم بیخەمە بەر چاوان. پیشەی ڕسوا بەپێچەوانەوەیە. پیشەی قەساب پیشەیەکی دڕندانە و قێزەونە، بەلام لە زۆربەی شوێنان بەقازانجترە لە زۆربەی پیشە باوەکان. بێزراوترینی ناو هەموو پیشەکان جەللادی گشتییە، کە بە بەراورد لەگەڵ بڕی کاری ئەنجامدراوی، هەقدەستەکەی لە هەموو پیشەیەکی تر، هەر چییەک بێ، زیاترە.

ڕاو و ڕاوەماسی، گرنگترین پیشەگەلی دۆخی سادە و خاوی کۆمەڵگەن، لە دۆخی پێشکەوتووی کۆمەڵگەدا بوونە پەسەندترین چێژوەرگرتن و، ئەوەی کاتی خۆی لەبەر ناچاری دەکرا، ئێستا بۆ خۆشی دەکرێ. لەبەر ئەوە، لە دۆخی پێشکەوتووی کۆمەڵگەدا، ئەوانەی پیشەیەکیان هەیە کە خەڵکی تر بۆ خۆشی ئەنجامی دەدەن، زۆر هەژارن. ڕاوچییانی ماسی لە سەردەمی تیۆکراتەوە ئەمە دۆخیانە. لە هەموو شوێنێکی بریتانیای مەزندا، ڕاوچیی بێ مۆڵەت کەسێکی زۆر هەژارە. لەو وڵاتانەی کە یاسا بەتوندی ڕێ لە ڕاوی بێ مۆڵەت دەگرێ، دۆخی ڕاوچییانی ڕێپێدراو زۆر باشتر نییە.

بەرامەی سروشتیی ئەم پیشانە وا دەکەن خەڵکێک دوایان بکەون زیاتر لەوەی خەڵکێک لەپاڵیاندا بحەسێنەوە و، بە بەرهەمی کارەکەیان، بە بەراورد لەگەڵ بڕەکەیدا کە بەردەوام زۆر هەرزانترە لەوەی، لە بازاڕدا، هیچ شتێکی جگە لە پارووە نانی هەژارانەی کارگەرانی پێ بێ.

ناپەسەندی و ڕسوایی بەهەمان شێوەی هەقدەستی کار، لەسەر قازانجی ماڵ ڕەنگدانەوەیان هەیە. خاوەنی مەیخانەیەک، کە هیچ کات خاوەنی ماڵەکەی خۆی نییە و ئامانجە بۆ دڕندەیی هەر سەرخۆشێک، بازرگانییەکەی نە پەسەندە و نە زۆر

شەرەفمەندانەیە. بەڵام دەگمەنە هیچ بازرگانییەکی باو هەبێ بە ماڵێکی وا کەم قازانجێکی وا گەورەی لێ بکەوێتەوە.

دووەم، هەقدەستی کار لەگەڵ ئاسانی و هەرزانی، یان سەختی و گرانیی فێربوونی پیشەکەدا دەگۆڕێ.

کاتێک کە ماکینەیەکی گرانبایی دادەمەزرێ، دەبێ ئەوە لەبەر چاو بێ کە ئەو کارە نائاساییەی پێش تێکچوونی ئەنجامی دەدا، بەلای کەمەوە و سەرباری قازانجە ئاساییەکان، جێی ئەو سەرمایەیە دەگرێتەوە کە بۆ دامەزراندنی خەرج کراوە. کەسێکیش کە کار و کاتێکی زۆری خەرج کردووە بۆ فێربوونی یەکێک لەو پیشانەی لێهاتوویی و شارەزایی سەرووئاساییان دەوێ، دەبێ لەگەڵ ئەم جۆرە ماکینە گرانباییانە بەراورد بکرێ. دەبێ چاوەڕوان بکرێ کە ئەو ئیشەی ئەو فێری دەبێ، کە هەقدەستەکەی لە سەرووی هەقدەستی باوی کرێکاری ئاساییە، هەموو خەرجییەکانی فێربوونەکەی بۆ پڕ بکاتەوە، لەگەڵ قازانجە ئاساییەکانی سەرمایەیەکی هاوتا لە بەهادا. هەروەها دەبێ ئەمە لە کاتێکی گونجاودا بکات، چونکە تەمەنی مرۆڤ مسۆگەر نییە چەند درێژ دەبێ، بەهەمان شێوەی مسۆگەرنەبوونی درێژیی تەمەنی ماکینەکە.

جیاوازیی نێوان هەقدەستی کرێکاری کارامە و کرێکارانی ئاسایی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە.

سیاسەتی ئەورووپا کاری هەموو میکانیک و پیشەوەر و پیشەسازان بەکارامە دەژمێرێ و، هەموو کارگەرانی لادێ بەکرێکاری ئاسایی دەژمێرێ. لەوە دەچێ چاوەڕوان بکرێ ئەوەی پێشوو سروشتێکی نیانتر و هەستیارتری لەوەی دوایی هەبێ. لەوانەیە لە هەندێ ڕووەوە وا بێ، بەڵام لە بەشی زۆریدا بەپێچەوانەوەیە، وەک ئەوەی هەوڵ دەدەم بەم نزیکانە بیخەمە بەر چاوان. لەبەر ئەوە یاسا و ڕێساکانی ئەورووپا، بۆ شیاندنی هەر کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، پێویستیی مەشقی پیشەیی دەسەپێنن، هەرچەندە توندیی ئەم سەپاندنە لە شوێنە جیاجیاکاندا جیاوایی هەیە. هەرچی ئەوەی ترە بە کراوەیی بۆ هەموو کەسێکی دەهێڵنەوە. لەماوەی مەشقە پیشەییەکەدا هەموو کاری کەسی مەشقکار بۆ خاوەن کارەکەیەتی. هەر لەو ماوەیەدا و لە گەلێ دۆخدا، ئەو دەبێ لەلایەن باوانیەوە یان کەسوکاریەوە نان بدرێ و، لە نزیکەی گشت دۆخەکاندا ئەوان پۆشاکی بۆ دابین دەکەن. هەروەها بەگشتی هەندێ پارە بە خاوەن کارەکەی دەدرێ لەبری فێرکردنی پیشەکە. ئەوانەی ناتوانن پارە بدەن کات دەدەن، یان زیاتر لە ماوەی باو پابەند دەبن، ئەم دیدە هەرچەندە بەردەوام بۆ خاوەن کار بەسوود نییە، بە لەبەرچاوگرتنی تەمبەڵیی مەشقکاران، بەڵام بەردەوام بۆ مەشقکار بێسوودە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، لە کاری لادێدا کاتێک کە کارگەر ئاسانترین کاری پێ دەکرێ، فێری سەختترین بەشەکانی پیشەکە دەبێ

و، کارەکەی خۆی لە قۆناخە جیاجیاکانی پیشەکەیدا پشتگیریی دەکا. بۆیە گونجاوە کە لە ئەوروپا هەقدەستی میکانیک و پیشەوەر و پیشەساز تا ڕادەیەک لە هەقدەستی کرێکاری ئاسایی زیاتر بێ. بەو پێیەش ئەوان وان و، دەسکەوتی بەرزیان لە زۆربەی شوێنەکاندا وا دەکا بە خەڵکێکی پایەدارتر ئەژمار بکرێن. بەڵام ئەم پایەبەرزییە بەگشتی زۆر کەمە، دەسکەوتی ڕۆژانە یان هەفتانەی شاگردێک لە ئاساییترین جۆرە پیشەدا، وەک کوتاڵی کەتان و خوریی ئاسایی، ئەگەر بەتێکڕا وەربگیرێ، لە زۆربەی شوێنەکاندا، زۆر بەکەمی لە هەقدەستی ڕۆژانەی کرێکارێکی ئاسایی زیاترە. لەڕاستیدا پیشەکەی ئەوان جێگیرتر و یەکڕەنگە و، بەرزیی دەسکەوتەکانیان، ئەگەر ساڵ هەمووی بەیەکەوە وەربگیرێ، لەوانەیە تاڕادەیەک زیاتر بێ. هەرچەندە بەئاشکرا دیار نییە لەوە زیاتر بێ کە بەشی قەرەبووکردنەوەی خەرجیی زیادی فێربوونی پیشەکەیان بکات.

خەرجیی فێربوونی شارەزاییە باڵاکان و پیشە ئازادەکان هێشتا بێزارکەرتر و گرانباییترە. لەبەر ئەوە قەرەبووی بەپارە بۆ نیگارکێش و پەیکەرتاش و پارێزەر و پزیشکان دەبێ زۆر تێروتەسەلتر بێ و، هەر وایشە.

لەوە دەچێ کە قازانجەکانی ماڵ زۆر بەکەمی بکەونە ژێر کاریگەریی ئاسانی یان سەختیی فێربوونی ئەو پیشەیەی تیایدا بەگەڕ دەخرێ. هەموو ئەو ڕێگە جۆراوجۆرانەی لە شارە گەورەکاندا ماڵیان تێدا بەگەڕ دەخرێ، لەوە دەچێ لەڕاستیدا ئاسانی و سەختیی فێربوونیان یەکسان بێ. هیچ لقێکی بازرگانیی ناوەخۆیی یان دەرەکی ناشێ بازرگانییەکی زۆر لەوەی تر ئاڵۆزتر بێ.

سێیەم، هەقدەستی کار لە پیشە جیاجیاکاندا بەگوێرەی جێگیری و ناجێگیریی پیشەکە دەگۆڕێ.

کارکردن لە هەندێ بازرگایدا زۆر جێگیرترە لەوەی لە هەندێکی تردا بەدی دەکرێ. لە بەشی زۆری پیشەسازییەکاندا، لەوانەیە شاگردێک لەوە دڵنیا بێ کە هەموو ڕۆژێکی ساڵ کاری دەبێ بۆ ئەوەی بیکا. بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەننایەک یان دیوارسازێک نە لەکاتی شەختە و سەرمای زۆر و نە لە کاتی ڕەشەبادا کاری پێ ناکرێ و، پیشەکەی لە هەموو کاتێکی تریشدا وابەستەی خواستی کڕیارەکانیەتی. کەواتە لەوانەیە زۆر جاران بێ کار بمێنێتەوە. بۆیە ئەوەی لەکاتی ئیشکردندا دەستی دەکەوێ، دەبێ نەک تەنیا بەشی ماوەی بێکارییەکەی بکات، بەڵکو دەبێ بەشی قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوانەش بکات کە تیایاندا دۆخ نەگونجاوە و، پێویستە بیر لە هاتنەپێشەوەیان بکرێتەوە. بەم پێیە، کە دەسکەوتی ئەژمارکراوی بەشی زۆری پیشەوەران لە ئاستی هەقدەستی ڕۆژانەی کارگەری ئاسایی نزیک دەبنەوە، ڕۆژانەی بیناسازەکان بەگشتی ئەوەندە و نیو تا دوو هێندەی ئەو ڕۆژانانەیە. کە کرێکاری ئاسایی هەفتانە چوار پێنج شیلینی دەست دەکەوێ، زۆربەی جار

بیناسـازەکان حەوت هەشـت شـیلینیان دەسـت دەکەوێ، کە ئەوەی یەکەم شەشـی دەسـت بکەوێ ئەوەی دوایـی نۆ و دەی دەسـت دەکەوێ و، کە یەکەم نـۆ و دەی دەسـت بکەوێ، وەک ئەوەی لە لەنـدەن هەیە، ئەوەی دوایـی بەگشـتی پـازدە و هەژدەی دەسـت دەکەوێ. هەرچەنـدە لەوە نـاچێ فێربـوونی هـیچ جـۆرە کارێـک کە پێویسـتی بەکـارامەیی هەیە، لە فێربـوونی بیناسـازی ئاسـانتر بـێ. دەڵـێن هەنـدێ جـار هاوینـان لە لەنـدەن، کارمەنـدانی کـارگێڕی وەک بیناسـاز کاریـان پـێ دەکـرێ. بـۆیە هەقدەسـتی زۆری ئەم کـارگەرانە بـۆ قەرەبووی کارامەییان نییە، بەڵکو بۆ قەرەبووکردنەوەی ناجێگیریی پیشەکەیانە.

دارتاشێکی ماڵان، وا دێتە بەر چاو، کە پیشـەیەکی ناسکتر و پڕکارامەییتری لە پیشـەی بیناسـازی هەبـێ. بەڵام لە هەنـدێ شـوێن نەک لە هەمـوو شـوێنێک، ڕۆژانەکەی تـاڕادەیەک کەمترە. چونکە پیشەکەی هەرچەندە پشت بە داوای ناوبەناوی کڕیارەکـان دەبەسـتێ، بەڵام بەتەواوی پشتیان پێ نابەستێ و، مەترسیی ئەوەی نییە کەش ڕێگەی کارکردنی لێ بگرێ.

کاتێک ئەو بازرگانییانەی بەگشتی هەلی کارکردنی جێگیر دابین دەکەن، لە شـوێنێکدا ئەوە نەکەن، هەقدەستی کارگەران بەردەوام بەڕادەیەکی باش بەرز دەبێتەوە بـۆ سـەرووی ئاسـتی ئاسـاییان بە بەراورد لەگەڵ کـاری ئاسـاییدا. لە لەنـدەن نـزیکەی گشـت شـاگردە کارامەکـان ڕۆژانە و هەفتـانە لەبەردەم ئەگەری بـانگکردن یـان ڕەوانەکـردنەوەن لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە، بەهەمان شـێوازی کارگەرانی ڕۆژانەی هەر شـوێنێکی تر. کەمترین ئاسـتی پیشـەوەران، شـاگردانی بەرگـدروو، بەو پێـیە ڕۆژانەی نیـو کـراون (نیـو کـراون دراوێکی بریتانیایە یەکسانە بە دوو شیلین و شـەش پێنس، یان یەک لە هەشتی پاوەنێک، ئەم دراوە سـاڵی ١٥٤٩ لە سـەردەمی ئێدواردی شەشـەمدا دەرچـوو- وەرگێڕ) بەدەسـت دێـنن، کەچـی ڕۆژانەی کـارگەری ئاسـایی هەقدەسـتەکەی هەژدە پێنسـە. لە شـارۆکە بچووکەکـان و گونـد و نـاوچە لادێیەکـان، زۆربەی جـاران بەدەگـمەن دەگـاتە نیـوەی هەقدەسـتی کـارگەری ئاسـایی، بەڵام لە لەنـدەن زۆربەی کـات چەنـدان هەفـتە بـێ کـار دەمێننەوە، بەتایبەتی لە هاویندا.

کاتێک کە نـاجێگیریی کار لەگەڵ سـەختیی کـارەکە، ناپەسـەندی و پیسـی، یەک دەگرن، ئەوە هەندێ جار دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی هەقدەستی ئاساییترین کار بەرەو سـەرووی کارامەترین پیشە. ڕەژووکەرێک کە بەپارچە کار دەکا، لە نیوکاسڵ، پێشبینی دەکرێ دوو ئەوەنـدەی هەقدەسـتی کـارگەرێکی ئاسـایی بەدەسـت بهێنـێ و، لە زۆر بەشـی سـکۆتلاند نـزیکەی سـێ ئەوەنـدەی هەقدەسـتی کـارگەرێکی ئاسـایی دەسـت دەکەوێ. ئەو هەقدەسـتە زۆرەی ئەو لە کۆبـوونەوەی سـەختی، ناپەسـەندی و، پیسـییە لە کارەکەیـدا. لەوانەشـە کارەکەی لەزۆر بۆنەدا، ئەوەندەی پێی خۆش بێ جێگیر بێ. کۆڵکێشی ڕەژوو، لە لەنـدەن کارێـک دەکەن کە لە سـەختی و ناپەسـەندی و پیسـیدا هاوشـێوەی کـاری ڕەژووکەرە و،

بەهۆی ناڕێکیی گەیشتنی ئەو کەشتییانەی خەڵووز بار دەکەن، بەشی زۆری کارەکەیان زۆر نـاجێگیرە. لەبەر ئەوە، ئەگەر ڕەژووکەران بەگشتی دوو هێندە و سێ هێندەی هەقدەستی کارگەری ئاسایی وەرگرن، نابێ سەیر بێ ئەگەر کوڵکێشی ڕەژوو چوار و پێنج هێندەی ئەو هەقدەستە وەرگرن. لەو پێشکەوتنەی چەند ساڵێکی کەم بەر لە ئێستا بەسەر دۆخی ئەواندا هات، دەرکەوت بەو هەقدەستەی ئەوسا پێیان دەدرا، ڕۆژانە لەنێوان شەش تا دە شیلینیان دەست دەکەوت. شەش شیلین نزیکەی چوار هێندەی هەقدەستی کرێکاری ئاساییە لە لەندەن و، لە هەموو بازرگانییەکی دیاریکراودا نزمترین دەسکەوتی گشتی هی ئەوانەیە کە ژمارەیان زۆرترینە. چەند ئەو دەسکەوتانە وەک زیادەڕەوی بێنە بەر چاو، ئەگەر زیاتر بن لەوەی بەشی قەرەبووکردنەوەی هەلومەرجی بازرگانییەکە، زۆری پێ ناچێ ژمارەی کێبەرکێکەران لەسەری زۆرتر دەبێ، لەو بازرگانییانەشدا کە دەسکەوتەکانیان هیچ شتێکی تایبەتیان تێدا نییە، زۆر زوو ژمارەیان بۆ کەمترین دادەبەزێ.

جێگیری یان ناجێگیریی بەگەڕخستنێک کار ناکاتە سەر قازانجە ئاساییەکانی ماڵ لە هیچ بازرگانییەکی دیاریکراودا. کاتێک کە بەگەڕخستنی ماڵەکە، بەشێوەیەکی جێگیر یان ناجێگیر، پشت بە بازرگانییەکە نەبەستێ، بەڵکو پشت بە بازرگانەکە ببەستێ.

چوارەم، هەقدەستی کار بەگوێرەی متمانەی زۆر یان کەم بە کارگەران جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێ.

هەقدەستی زێڕینگەر و خشڵساز لە هەموو شوێنێک لەسەرووی هەقدەستی زۆربەی کارگەرانی ترەوەن، نەک تەنیا بە بەراورد بەوانەی لە کارامەییدا یەکسانن، بگرە بەوانەش کە لە کارامەییدا زۆر لەسەروویانەوەن، ئەویش لەبەر ئەو کەرەستە گرانبەهایانەیە کە بەوان سپێردراون.

ئێمە تەندروستیی خۆمان بە پزیشک دەسپێرین: سامانی خۆمان و هەندێ جار ژیان و ناوبانگی خۆمان بە پارێزەر دەسپێرین. ئەم متمانەیە ناکرێ بەبێ ترس بدرێ بە کەسانێکی ئاست زۆر نزم یان زۆر لە خوارەوە. بۆیە دەبێ پاداشتەکەیان بەو شێوەیە بێ کە ئەو پێگەیەیان لە کۆمەڵگەدا بداتێ کە متمانەیەکی وا گرنگ دەیخوازێ. ماوەی زۆر و خەرجیی زۆر کە بۆ فێربوونیان خەرج دەکرێن، ئەگەر لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا کۆ بکرێنەوە بێگومان نرخی کارەکەیان بەرزتر دەکەن.

کاتێک کەسێک تەنیا ماڵی خۆی لە بازرگانییەکدا دەخاتە گەڕ، ئەوە هیچ متمانەیەکی تێدا نییە و، ئەو متمانەیەی لە خەڵکی تر بەدەستی دێنێ پشت بە سروشتی بازرگانییەکەی نابەستێ، بەڵکو پشت بە بینینی ئەوان بۆ سامانەکەی، ڕاستگۆییەکەی و کارامەیی ئەو

دەبەستێ. لەبەر ئەوە ئاستی جیاجیای قازانج لە لقە جۆراوجۆرەکانی بازرگانیدا، ناکرێ بەهۆی ئاستی جیاجیای متمانەوە بە بازرگانان بەرز ببێتەوە.

پێنجەم، هەقدەستی کار لە پیشەی جۆراوجۆردا بەگوێرەی ئەگەری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن تیایاندا جیاوازی بەخۆیانەوە دەبینن.

ئەگەری ئەوەی کەسێکی دیاریکراو لە هەرکاتێکدا شیاو بێ بۆ کارکردن لەو پیشەیەی فێری بووە لە کاری جیاجیادا جیاوازە. بەشی زۆری ئەوانەی لە میکانیک کار دەکەن زۆربەی کات سەرکەوتنیان مسۆگەرە، بەڵام ئەمە لە پیشە ئازادەکاندا زۆر نادیارە. کورەکەت لای دروستکەرێکی پێڵاو دابنێ وەک مەشقکار، بێگومان دەتوانێ فێری دروستکردنی جووتێک پێڵاو ببێ، بەڵام بۆ خوێندنی یاسای بنێری، ئەگەری ئەوەی بتوانێ شارەزاییەکی وەهای دەست بکەوێ کە بژێێ لە بیستا یەکە. لە تیروپشکێکی (یانصیب)ی تەواو دادوەرانەدا، ئەوانەی خەڵاتەکانیان بۆ دەردەچێ دەبێ هەموو ئەوەیان دەست بکەوێ کە خاوەنی بلیتە بەتاڵەکان دۆڕاندوویانە. لە پیشەیەک کە بیست کەس شکست دەخۆن و یەکێک سەردەکەوێ، ئەو یەکە دەبێ هەموو ئەوەی دەست بکەوێ کە دەبوو ئەو بیستە سەرنەکەوتووە دەستیان بکەوێ. ئەو ڕاوێژکارە یاساییەی کە لەوانەیە تەمەنی لە چل ساڵ نزیک بێ، دەست دەداتە کارێک لە بواری تایبەتمەندییەکەی خۆیدا، دەبێ قەرەبوو وەرگرێتەوە، نەک تەنیا بۆ خوێندنی بێزارکەر و گرانبایی، بەڵکو بۆ زیاتر لە بیست ڕاوێژکاری تر کە هەرگیز بواریان نابێ هیچ بەو تایبەتمەندییە بکەن. مووچەی ڕاوێژکاری یاسایی چەند لە هەندێ جاراندا بەشێوەیەکی لەڕادە بەدەر بەرز بێتە بەر چاو، هەرگیز قەرەبووی ئەوانە ناکاتەوە کە ئاماژەمان بۆیان کرد. حیسابی ئەوە بکە کە لەوانەیە ساڵانە لەلایەن گشت کارگەرانی جیاجیاوە لە هەر بازرگانییەکی ئاساییدا، وەک دروستکەری پێڵاو و جۆلا، لە شوێنێکی دیاریکراودا دەست بکەوێ و، ئەوەشی لەوانەیە خەرج بکرێ، بۆت دەردەکەوێ کە بڕە پارەی یەکەم بەگشتی زیاترە لەوەی دووەم. بەڵام هەمان ئەو حیسابە بۆ دەسکەوت و خەرجیی ڕاوێژکاران و فێرخوازانی یاسا بکەی، لە هەموو کونجێکی دادگەکان بۆت دەردەکەوێ کە دەسکەوتی ساڵانەیان ڕێژەیەکی زۆر کەمە لەبەرامبەر خەرجییەکانیان، ئەگەر چی یەکەمیانت پێ زۆرە و دووەمیانت پێ کەمە، کە پێویستە وا بێ. لەبەر ئەوە تیروپشک لە یاسادا زۆر دوورە لەوەی تیروپشکێکی تەواو دادوەرانە بێ و، ئەم پیشەیەش وەک پیشە ئازاد و پایەدارەکانی تر، لەڕووی بەدەستهێنانی پارەوە ناتوانێ قەرەبووی خەرجییەکانی خۆی بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، خاوەنی ئەو پیشانە، بەکاری تر بەردەوامی بە ئاستی خۆیان دەدەن و، سەرباری ئەم بێهیواییانە هەموو گیانە بەرز و ئازادەکان بەکۆمەڵ ڕوویان تێ دەکەن. دوو هۆکاری جیاواز پاڵنەرن بۆ ئەمە. یەکەم، حەز لە ناوبانگ دەرکردن کە لە هەر یەکێک لەو

پێشانەدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە و، دووەم، متمانەی سروشتی کە، زۆر یان کەم، لە هەر مرۆڤێکدا هەیە، نەک تەنیا بە تواناکانی خۆی، بگرە بە بەختی باشی خۆیشی.

باڵادەستبوون لە هەر پیشەیەکدا، کە کەمن ئەو بێئاستانەی بەو پلەیە دەگەن، نیشانەی یەکلاکەرەوەی بلیمەتی و بەهرەی نایابە. سەرسامیی خەڵک بەو توانا جیاوازانە بەردەوام بەشێکە لە پاداشتی خاوەنەکانیان، کەمی و زۆریشی بەندە بە نزمی و بەرزیی ئاستیەوە. لە پیشەی پزیشکیدا بەشێکی بەرچاوی پاداشتەکەیەتی، کە لەوانەیە لەوەی یاسا بەرزتر بێ، لە شیعر و فەلسەفەدا ئەو سەرسامییەی خەڵک پێیان نزیکەی هەموو پاداشتەکە پێک دێنێ.

هەنـــدێ بەهـــرەی زۆر پەســـەند و جـــوان هەن کە پیشـــەکە داوای جۆرێـــک لە سەرنجڕاکێشان بۆ ئەو بەهرانە دەکا، بەڵام کە مەبەست لەو بەهرانە بەکارهێنایان دەبێ بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوت، لەڕێی پاڵنەر یان ژێرییەوە، وەک جۆرێک لە لەشفرۆشیی گشتی سەیریان دەکرێ. لەبەر ئەوە دەبێ پاداشتی بەپارە بۆ ئەو کەسانەی بەو شێوەیە کار دەکەن، نەک تەنیا لەبری کات، کار و، خەرجیی بەدەستهێنانی کارامەییەکە بێ، بەڵکو لەبری ئەو ئابڕووچوونە بێ کە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی لەو کارەدا هەیە. پاداشتی زۆری نمایشکاران، گۆرانیبێژانی ئۆپرا، سەماکەرانی ئۆپرا، هتد، لەسەر بناخەی ئەم دوو بنەمایە بنیات نراون: دەگمەنی و جوانیی بەهرەکان و، بێئابڕوویی لە کارکرجیهانن بەم شێوەیە. شتێکی بێواتەیە کە لە یەکەم تەماشاکردنەوە پێویست بێ سووکایەتی بە کەسایەتییەکانیان بکەین، بەڵام بەوپەڕی دەستکراوەییەوە پاداشتاین بدەینێ. بەڵام کاتێک یەکێ لەمانە دەکەین پێویستە دووەمیشیان بکەین. هەر کاتێکیش ڕا یان دیدی گشتی بەرامبەر بەم جۆرە پیشانە گۆڕرا، ئەوە زۆری پێ ناچێ پاداشتە زۆرەکانیشیان نامێنێ. خەڵکێکی زیاتر ڕوویان تێ دەکەن و، کێبەرکێ نرخی کارەکە دادەبەزێنێ. ئەو جۆرە بەهرانە، هەرچەندە دوورە ببنە باو، هەرگیز بەو شێوەیەی لە خەیاڵی خەڵکە، دەگمەن نین. زۆر کەس بەهرەی تەواویان لەو ڕووەوە هەیە، بەڵام پێیان شەرمە سوودی لێ وەرگرن و، خەڵکێکی لەوان زیاتر توانـــای بەدەســـتهێنانی بەهرەکەیـــان هەیە ئەگەر ئەو بەهـــرەیە ببێـــتە شـــتێکی شەرەفمەندانە.

ئەو لـــووتبەرزییەی بەشـــی زۆری خەڵـــک بەهـــۆی توانـــا تایبەتەکانیـــانەوە هەیـــانە خراپەکـــارییەکی دێـــرینە، کە لەلایەن فەیلەســـوف و ئاکارناســـانی گشـــت ســـەردەمەکانەوە ئامـــاژەی بـــۆ کـــراوە. ئەو بـــڕوا بێـــواتەیەی ئەوان بە بەختـــی باشـــیان کەمتـــر مـــایەی سەرنجڕاکێشان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بکرێ وا بڵێین، هێشتا لەسەر ئاستی جیهاندا باوە. هیچ مرۆڤێک نییە لە ژیاندا بێ، تەندروستی و ئاسوودەییەکی باشی هەبێ، بەشێک لەمەی تێـدا نەبـێ. هەلـی دەســکەوت لەلایەن هەر کەســێکەوە، زۆر یـان کەم، بەرزتـر

دەنرخێنرێ و، هەلی لەدەستدانیش نزمتر و، دەگمەنە کەسێکی خاوەن تەندروستی و ئاسوودەیی باش لە بایەخی خۆی زیاتری پێ بدا.

سەرکەوتنی جیهانیی تیروپشک، بۆمانی ڕوون دەکاتەوە کە، چۆن هەلی دەسکەوت لە بایەخی خۆی زیاتری پێ دەدرێ. جیهان هەرگیز نەیدیوە و، هەرگیز نایبینێ، تیروپشکێکی تەواو دادوەرانە ئەنجام بدرێ، یان تیروپشکێک کە تیایدا هەموو دەسکەوتەکان قەرەبووی هەموو لەدەستدانەکان بکەنەوە، چونکە ئەگەر وا بێ، ئەوەی کارەکە دەکا هیچی بۆ نامێنێتەوە. لە دۆخی تیروپشکدا پسوولەکان لەڕاستیدا بایی ئەو نرخە نین کە بەشداربووە بنەڕەتییەکان پێیانی دەدەن و، ئینجا لە بازاڕدا بە پێشەکیی لەسەدا بیست، سی و، هەندێ جار چل دەفرۆشرێن. هیوای نەزۆکی بردنەوەی خەڵاتە گەورەکان تەنیا هۆیە بۆ ئەم خواستە لەسەریان. خەڵکی ساویلکە بەدەگمەن پێیان وایە کە گەمژەییە پارەیەکی کەم بدەی بۆ ئەوەی هەلی بەدەستهێنانی دە یان بیست هەزار پاوەنت هەبێ، هەرچەندە کە دەزانن ئەو پارە کەمەی دەیدەن لەوانەیە بەڕێژەی بیست یان سی لەسەد لە بەهای ئەو هەلە گرانترە. لە تیروپشکێکدا کە هیچ خەڵاتێکی لە بیست پاوەن زیاتر نەبێ، ئەگەر چی لە ڕووەکانی ترەوە زۆر لە تیروپشکە حکومەتییە باوەکان زیاتر لە دادوەریی تەواوەوە نزیک بێ، هەمان ئەو خواستە لەسەر بلیتەکانی نابێ. هەندێ خەڵک بۆ ئەوەی هەلی باشتری بردنەوەی خەڵاتە گەورەکانیان هەبێ، چەندان بلیت دەکڕن و، کەسانی تر بەشێکی بچووک لە ژمارەیەکی زۆرتر دەکڕن. هەرچەندە هیچ شتێک لەو گریمانە بیرکارییە چەسپاوتر نییە کە دەڵێ چەند سەرکێشی بەژمارەی زیاتری بلیتەوە بکەی ئەوەندە هەلی دۆڕاندنت زیاتر دەکەی. سەرکێشی بە هەموو بلیتەکان بردنەوەی تیروپشکەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە دۆڕاوی و، چەند ژمارەی بلیتەکانت زیاتر بن ئەوەندە ئەم دۆڕاندنە نزیکتر دەکەیتەوە.

زۆربەی جاران ئەگەری هەلی دۆڕاندن کەم دەبینرێ و، بەدەگمەن لە نرخی خۆی زیاتر حیسابی بۆ دەکرێ، ئەمە لە قازانجێکی زۆر مامناوەندی کۆمپانیاکانی دڵنیایی بۆمان ئاشکرا دەبێ. بۆ دڵنیایی، چ لە دژی ئاگر یان مەترسیی دەریا، هەر بازرگانییەک، زیادەی ئاسایی دڵنیایی دەبێ بەشی قەرەبووی زیانە ئاساییەکان بکات، بۆ ئەوەی خەرجیی کارگێڕیی پێ بدرێ و، بۆ ئەوەی قازانجێکی وەها دابین بکات، زیاتر لەوەی سەرمایەیەکی هاوتا ئەگەر لە هەر بازرگانییەکی ئاساییدا بەگەڕ بخرێ، دابینی دەکا. ئەو کەسەی جگە لەو برە پارەیە هیچ نەدا، بەدڵنیاییەوە زیاتر لە بەهای ڕاستەقینەی مەترسییەکە نادا، یان نزمترین نرخ کە گونجاوە بۆ زامنکردنی. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لەڕێی دڵنیاییەوە بڕێ پارەی کەمیان دەست کەوتووە، کەمن ئەوانەی سامانێکی زۆریان لێ چنگ کەوتبێ و، تەنیا بەم پێیە، وا دەردەکەوێ کە هاوسەنگیی ئاسایی قازانج و زیان لە یەکێ

لەو بازرگانییە ئاساییانەدا، کە خەڵکێکی زۆر لەڕێگەیانەوە سامانیان پێک هێناوە، لە یەکێکی تر بەسوودتر نییە. زیادەی دڵنیایی هەرچەندە بەگشتی مامناوەندییە، زۆر کەس زۆر گاڵتەیان بەو مەترسییانە دێ و ئەو زیادەیە نادەن. ئەگەر تێکڕای هەموو شانشینەکە وەرگرین، نۆزدە خانوو لەنێو بیست خانوو، یان تەنانەت نەوەت و نۆ خانوو لەنێو سەد خانوودا دژ بەئاگرکەوتنەوە دڵنیاییان بۆ نەکراوە. مەترسیی دەریا لەوە زیاترە بۆ بەشی هەرە زۆری خەڵک و، ڕێژەی ئەو کەشتییانەی دڵنیاییان بۆ کراوە بۆ ئەوانەی بۆیان نەکراوە لەوە زۆرترە. لەوانەیە هەندێ جار ئەمە بەبێ هیچ ملهوڕییەک بکرێ. کاتێک کۆمپانیایەکی گەورە، یان تەنانەت بازرگانێکی گەورە، بیست یان سی کەشتیی لەدەریادا هەیە، لەوانەیە، وایش بووە، دڵنیایی بۆ یەکتر بکەن. ئەو زیادەی دڵنیاییەی لە هەموویان بۆی دەمێنێتەوە لەوانەیە زیاتر بێ لەوەی قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لەگەڵ ڕەوتی ئاسایی هەلەکاندا یەک دەگرێتەوە. بەڵام پشتگوێخستنی دڵنیایی لەسەر گواستنەوەی بار بەهەمان شێوەی خانوو لە زۆربەی دۆخەکاندا ئەنجامی ئەم حیسابکردنە وردە نییە، بەڵکو ئەنجامی ملهوڕی و بێباکی و بەهەندهەڵنەگرتنی مەترسییەکەیە.

بەهەندهەڵنەگرتنی مەترسی و هیوای گریمانەیی بە سەرکەوتن، لە هیچ قۆناخێکی ژیاندا چالاکتر نین لەو تەمەنەی تیایدا گەنجەکان پیشەی خۆیانی تێدا دەستنیشان دەکەن. مەترسیی بەدبەختی لەو کاەدا ئەوەندە کەمە کە ناتوانێ هیوای بەختی باش، لەو کاتەی کە خەڵکی ئاسایی ئامادەن خۆیان بەسەرباز تۆمار دەکەن یان بچنە دەریا، هاوسەنگ بکات لەگەڵ سوربوونی ئەوانەی لە چینێکی باشترن لەسەر چوونە جیهانی ئەوەی کە پێی دەڵێن پیشە ئازادەکان.

ئەوەی کە سەربازێکی ئاسایی لەوانەیە لەدەستی بدات زۆر ئاشکرایە. بەڵام بەبێ گوێدان بە مەترسی، خۆبەخشانی گەنج هەرگیز بەو ئاسانییە لە سەرەتای شەڕێکی نوێ ناکرێنە سەرباز و، لەگەڵ ئەوەی کە هەلی وەرگرتنی پلە بۆ ئەوان زۆر دەگمەنە، کە ئەوان لە خەیاڵی گەنجانەی خۆیاندا وێنای هەزار هەلی بەدەستهێنانی ناوبانگ و شەرەف دەکەن، کە هەرگیز نایەنە دی. ئەم هیوا ڕۆمانسییانە تەواوی نرخی خوێنی ئەوان پێک دێنن. ئەوەی ئەوان وەری دەگرن کەمترە لەوەی کارگەری ئاسایی وەری دەگرێ و، لەکاتی خزمەتی ڕاستەقینەدا زۆر لەوان زیاتر ماندوو دەبن.

تیروپشکی (lottery) دەریا بەهەموویەوە لەوەی سوپا بێسوودتر نییە. کوڕی کارگەرێک یان پیشەوەرێکی متمانەدار زۆر جار بەڕەزامەندیی باوکی بۆ دەریا دەچێ، بەڵام ئەگەر وەک سەرباز خۆی تۆمار بکات، ئەوە زۆربەی کات بەبێ ئەو ڕەزامەندییە ئەمە دەکا. خەڵکی تر هەلێک لە بەدەستهێنانی شتێک لە بازرگانییەکی تردا دەبینن: خۆی نەبێ کەسی تر هیچ بەدەستهێنانێکی ئەو شتە، لەوەی تردا نابینێ. ئەدرمیراڵێکی مەزن

کەمتر لە جەنەراڵێکی مەزن سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ و، گەورەترین سەرکەوتن لە کاری دەریاوانیدا پەیمانی سامانی نایاب و ناوبانگی کەمتر دەدا، لەوەی سەرکەوتنێکی هاوشێوە لەسەر زەوی دەیدا. هەمان جیاوازی لە گشت ئاستەکانی خوارەوەی بەرزبوونەوەی پلە لە هەردوو بواردا هەیە. بەپێی یاسای پلەداری نەقیبێکی دەریاوانی بەرامبەر عەقیدێکی سوپایە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی ناو خەڵکدا بەو ناگا. لە کاتێکدا کە خەڵاتە گەورەکانی تیروپشک کەمترن، دەبێ ژمارەی خەڵاتە بچووکەکان زۆرتر بێ. لەبەر ئەوە کەشتییەوانی ئاسایی زۆرتر لە سەربازی ئاسایی سامان و پلەی دەست دەکەوێ و، هیوای بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتانە ئەو شتەیە کە لە بنەمادا ئەو پیشەیە پەسەندتر دەکا. سەرباری لێهاتوویی و کارامەییان کە زۆر بەرزترن لەوەی لە نزیکەی هەموو پیشەکانی تردا هەیە و، سەرباری ئەوەی هەموو ژیانیان سەختی و مەترسییە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو هەموو کارامەیی و لێهاتووییە و، لەبەرامبەر هەموو ئەو سەختی و مەترسییەدا، کاتێک کە لە دۆخی کەشتییەوانی ئاساییدا دەمێننەوە، بەدەگمەن قەرەبووەکەیان زیاترە لە خۆشیی ئەزموونکردنی یەکێکیان و سەرکەوتن بەسەر ئەوەی تریاندا. هەقدەستەکانیان لەوانەی کارگەری ئاسایی بەندەر زیاتر نییە، کە پێوەری ڕێکخستنی هەقدەستی دەریاوانانە. ئەوان کە بەردەوام لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێک لە هاموشۆدان، مانگانەی ئەوانەی گەشت لە بەندەرە جیاجیاکانەوە دەکەن لە بریتانیای مەزن نزیکەی پلەیەک لەسەرووی مانگانەی کارمەندانی ترە لەو شوێنە جیاجیایانەدا و، هەقدەست لەو بەندەرەی زۆرترین هاموشۆی لەسەرە، کە بەندەری لەندەنە، ڕێکخەری هەقدەستە لە هەموو بەندەرەکانی تر. لە لەندەن، هەقدەستی زۆرترین بەشی پلە جیاجیاکانی کارگەران نزیکەی دوو ئەوەندەی هاوپلەکانیانە لە ئێدینبەرە. بەڵام ئەو کەشتییەوانانەی لە بەندەری لەندەنەوە گەشت دەکەن بەدەگمەن مانگانەیان سێ یان چوار شیلین لە مانگانەی ئەوانە زیاترە کە لە بەندەری لەیتەوە گەشت دەکەن و، جیاوازییەکە زۆربەی کات زۆر نییە. لە کاتی ئاشتیدا، نرخ لە لەندەن مانگانە لە گینیەکەوە تا بیست و حەوت شیلینە. کارگەرێکی ئاسایی لە لەندەن، کە هەفتانە نۆ یان دە شیلینی هەیە، لە مانگێکدا نزیکەی چل تا چل و پێنج شیلینی هەیە. بێگومان، کەشتییەوان سەرباری مووچەکەی ئازووخەشی پێ دەدرێ. هەرچەندە بەهای ئەو ئازووخەیە لەوانەیە بەردەوام لە جیاوازیی مانگانەکەی ئەوان و مانگانەی کرێکاری ئاسایی زیاتر نەبێ و، ئەگەرچی هەندێ جار زیاترە، ئەو زیادەیە نابێتە دەسکەوتێکی دیار بۆ کەشتییەوانەکە لەبەر ئەوەی ناتوانێ ژنەکەی و خێزانەکەی تێدا بەشدار بکات، کە دەبێ لە ماڵەوە بە هەقدەستەکەی بەخێویان بکات.

مەترسی و دەربازبوونی بەزەحمەت لێیان لە ژیانێکی پڕ سەرکێشیدا، لەجیاتی ئەوەی گەنجانی لێ بسڵەمنەوە، زۆربەی جار لەوە دەچێ هاندەر بێ بۆ ئەوەی ئەو کارە

هەڵبژێرن. دایکێکی بەسۆز، لە ئاستەکانی خوارەوەی خەڵک، زۆر لەوە دەترسێ کوڕی خۆی بنێرێتە قوتابخانەی شارێک کە بەندەری هەبێ، نەبادا دیمەنی کەشتییەکان و گفتوگۆ و سەرکێشییەکانی کەشتییەوانان دنەی بدەن بۆ ئەوەی بچێتە دەریاوە. ئەگەری مەترسی، کە دەتوانین هیوا بخوازین لەڕێی ئازایەتی و بوێرییەوە خۆمانی لێ دوو بخەینەوە، ناپەسەند نییە بۆ ئێمە و، هەقدەستی کار لە هیچ پیشەیەک بەرز ناکاتەوە. دۆخەکە پێچەوانەیە لەو پیشانەدا کە ئازایەتی و بوێری پێویستییەکن ناکرێ خۆیان لێ بدزرێتەوە. لەو پیشانەی کە بەئازار و مەترسین، بەردەوام هەقدەست زۆر بەرزە. بەئازاربوونی کار جۆرێکە لە ناپەسەندی و، دەبێ کاریگەریی لەسەر هەقدەستی کار لەلایەن سەرۆکی گشتییەوە ئاستەکەی دەستنیشان بکرێ.

لە گشت بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی ماڵدا، ڕێژەی ئاسایی قازانج، زۆر تا کەم، شانبەشانی دڵنیایی یان نەبوونی دڵنیایی لە داهات، جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێ. بەگشتی نەبوونی دڵنیایی لەو پیشانەی ناوەوەی وڵاتدا کەمترە لەوانەی دەرەوە و، لە هەندێ لقی بازرگانیی دەرەکیدا کەمترن لە هەندێکی تریان، بۆ نموونە لە بازرگانی لەگەڵ باکوری ئەمەریکادا کەمترە لەوەی لەگەڵ جامایکایە. ڕێژەی ئاسایی قازانج بەردەوام، زۆر تا کەم، شانبەشانی مەترسی زیاد دەکا. بەڵام لەوە ناچێ بەهەمان ڕێژەی ئەو زیاد بکات، یان بۆ ئەوەی بەتەواوی قەرەبووی بکاتەوە. مایەپووچی لە بازرگانییە مەترسیدارەکاندا زۆر باوە. مەترسیدارترینی گشت بازرگانییەکان، کە قاچاخچیەتییە، هەرچەندە کاتێک کە سەرکێشییەکە سەردەکەوێ زۆر بەقازانجە، ڕێگەی مسۆگەری مایەپووچییە. هیوای سەرکەوتن لێرەشدا وەک هەر ئەگەرێکی تر کاریگەریی هەیە و، زۆر کەسی سەرکێش بۆ ئەم بازرگانییە مەترسیدارانە بەکێش دەکا، بەشێوەیەک کە کێبەرکێی نێوانیان قازانجەکەیان لەوە کەمتر دەکا کە بەشی قەرەبووکردنەوەی مەترسییەکە بکات. بۆ قەرەبووکردنەوەی تەواوی مەترسییەکە، پێویستە دەسکەوتە گشتییەکە بەرزتر و زیاتر لە قازانجەکانی ماڵ بێ، نەک تەنیا زیانی جاربەجارە پڕ بکاتەوە بەڵکو قازانجێکی زیاد دابین بکات بۆ سەرکێشانی خاوەن هەمان سروشتی قازانجی کۆمپانیاکانی دڵنیایی. ئەگەر دەسکەوتی گشتی بەشی هەموو ئەمانەی کرد، ئەوە مایەپووچی لێرەدا زۆرتر نابێ لەوەی لە بازرگانیەکانی تردا هەیە.

کەواتە لەو پێنج هەلومەرجەی هەقدەستی کار دەگۆڕن، تەنیا دووانیان کار دەکەنە سەر قازانجی ماڵ، پەسەندی و ناپەسەندیی بازرگانیەکە و، مەترسی و دڵنیایی لە کاتی ئەنجامدانی بازرگانییەکەدا. سەبارەت پەسەندی، جیاوازییەکی کەم هەیە یان هیچ جیاوازییەک نییە لە بەشی هەرەزۆری بەگەڕخستنەکانی ماڵدا، بەڵام جیاوازییەکە لە کار و لە قازانجی ئاسایی ماڵدایە، کە هەرچەندە لەگەڵ زیادبوونی مەترسیدا زیاتر دەبێ ئەو

زیادبوونە بەهەمان ڕێژەی زیادبوونی مەترسییەکە نییە. لەنێو هەموو ئەمانەدا، لەهەمان کۆمەڵگە یان ناوچە، دەبێ شوێنی ئاستی تێکڕا و ئاسایی قازانج بکەوێ لە بەگەڕخستنە جیاجیاکانی ماڵ، کە دەبێ زۆر نزیک بێ لە ئاستێک، زیاتر لەوەی لە هەقدەستی بەپارەی جۆرە جیاوازەکانی کاردایە. هەر وایشە. جیاوازی لەنێوان دەسکەوتی کارگەرێکی ئاسایی و ئەوەی پارێزەرێک یان پزیشکێکی باش کارکەردا، زۆربەی جار زۆر زیاترە لەوەی نێوان قازانجی ئاسایی دوو لقی جیای بازرگانی. هەروەها جیاوازیی ڕوونی قازانجی بازرگانییە جۆراوجۆرەکان، بەگشتی بەهەڵەداچوونێکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە بەردەوام ئەوەمان پێ جیا ناکرێتەوە کە پێویستە بە هەقدەست دابنرێ لەوەی دەبێ بەقازانج دابنرێ.

قازانجی دەرمانخانەکان بووە دەسکەوتی بێ هەوڵ، ئاماژەیە بۆ زیادەڕۆییەکی ناباو. بەڵام ئەم قازانجە زۆر گەورەیە، زۆربەی جاران جگە لە هەقدەستێکی گونجاوی کارەکە هیچی تر نییە. لێهاتوویی و توانای دەرمانساز زۆر نیانتر و وردترە لەوەی هەر پیشەوەرێکی تر لە هەر پیشەیەکدا و، ئەو متمانەیەی بەو دراوە زۆر گرنگترە. ئەو لە زۆربەی جاراندا پزیشکی هەژارانە و، هی دەوڵەمەندانیشە لەو کاتانەی کە دەرد مەترسییەکەی زۆر نییە. لەبەر ئەوە پاداشتەکەی پێویستە گونجاو بێ لەگەڵ تواناکانی و لەگەڵ ئەو متمانەیەی پێی دراوە و، بەهۆی ئەو نرخەوە بەرز بێتەوە کە دەرمانەکانی پێ دەفرۆشێ. بەڵام هەموو دەرمانەکانی دەرمانسازی پڕ ئیش لە بازاڕی گەورەی شارێکدا، کە لەساڵێکدا دەیانفرۆشێ، لەوانەیە زیاتر لە سی یان چل پاوەن زیاتر لەسەر خۆی بکەون. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو بە سێ سەد یان چوار سەد پاوەن بیانفرۆشێ، یان بەقازانجی لەسەدا هەزار بیانفرۆشێ، ئەمەش زۆربەی جاران لە هەقدەستی شایانی کارەکەی، کە لەسەری کەوتووە، زیاتر نییە، کە تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی وەری بگرێتەوە، لەڕێی نرخی دەرمانەکانیەوە. بەشی زۆری قازانجە ڕووکەشەکەی بریتییە لە هەقدەستی ڕاستەقینە، کە خۆی لەبەرگی قازانجدا دەنوێنێ.

لەشارێکی بچووکی خاوەن بەندەردا، دوکاندارێک (grocer) لەسەدا چل یان پەنجا قازانج لە ماڵێک دەکا کە بایی سەد پاوەنە، لەکاتێکدا کە بازرگانێکی گەورەی کۆفرۆش (wholesale merchant)لەهەمان شوێندا بەدەگمەن لەسەدا هەشت یان دە قازانج لەماڵێک دەکا کە بایی دە هەزارە. بازرگانیی دوکاندارەکە ڕەنگە بۆ دانیشتووان پێویست بێ و، بەرتەسکیی بازاڕەکە لەوانەیە بەشی بەگەڕخستنی سەرمایەیەکی گەورەتر لە بازرگانیدا نەکا. بەڵام پێویستە کەسەکە تەنیا بەبازرگانییەکەی نەژی، بەڵکو بەگونجاوی لەگەڵ ئەو توانایانە بژی کە دەیانخوازێ. ئەو لەپاڵ خاوەنداریی سەرمایەیەکی بچووک، دەبێ توانای خوێندن، نووسین و، ژمێریاریی هەبێ و، توانایەکی گونجاوی مامەڵەکردنی بە پەنجا یان شەست جۆری جیاجیای کاڵا، نرخەکانیان، جۆرەکانیان و، ئەو بازاڕانەی تیایاندا

هەرزانتـرن، هەبـێ. ئەو دەبێ بەکـورتی تەواوی ئەو زانیـارییەی هەبـێ کە بـۆ بازرگـانێکی گەورە پێویستن، کە ئەگەر نەبوونی سەرمایەی پێویست نەبێ، هیچ ڕێگەی لێ نەگرێ ببێ بەو بازرگانە. سی یان چل پاوەن سالانە ناشێ بەقەرەبوویەکی گەورەی کاری کەسێکی وا کـارامە بێتە ژمـاردن. دەرکردنـی ئەم هەقدەسـتە لە قـازانجی بەدیمەن زۆری مـاڵەکەی و، ئەوەی دەمێنێـتەوە لەوانەیە کەمێـک لە قـازانجی ئاسـایی مـاڵەکە زیـاتر بمێنێـتەوە. لەم دۆخەشدا بەشی هەرەزۆری قازانجی ڕووکەشیانە هەقدەستی ڕاستەقینەیە.

جیاوازیی نێوان قازانجی ڕووکەشیانەی بازرگانی بە تـاک (retail) و بازرگانی بە کۆ (wholesale)، لە پایتەختدا کەمترە لەوەی لە شارە بچووکەکان و گوندەکانی لادێدا هەیە. کاتێـک کە دە هەزار پـاوەن لە بازرگـانیی دوکانداریـدا بەگەڕ بخـرێ، هەقدەسـتی کـاری دوکاندارەکە تەنیا شتێکی کەم بۆ قازانجی ڕاستەقینەی مـاڵێکی زۆر زیاد دەکا. لەبەر ئەمە قـازانجی ڕووکەشـی تاکفرۆشـێکی دەوڵەمەند، لەوێدا زیـاتر لە ئاسـتی ئەوەی بازرگـانێکی کۆفرۆشەوە نزیکە. بەپێی ئەم حیسابەشە کە ئەو کالایانەی بەتاک دەفرۆشرێن بەگشتی لە پایتەختـدا هەرزانـن و بگـرە هەرزانتـرن لەوانەی لە شـارۆکە بچووکەکـان و گوندەکانـدا دەفرۆشـرێن. بـۆ نمـوونە، کالاکـانی دوکانـدار بەگشـتی زۆر هەرزانتـرن، زۆر جـار نـان و گۆشـت وەک یەک هەرزانـن. هێنـانی کـالای دوکانداری بـۆ شـاری گەورە هەمـان تێچـووی هێنـانی بـۆ گونـدی دەوێ، بەلام هێنـانی گەنمەشـامی و مـالات زۆرتـری تـێ دەچـێ، لەبەر ئەوەی بەشـــی زۆریـــان لە شـــوێنانی زۆر دوورەوە دەهێنـــرێن. لەبەر ئەوەی تێچـــووی سەرەکیی کالای دوکانداری، کە لە هەردوو شوێنەکەدا هەمـان تێچووە، بۆیە لەو شـوێنەدا کە قازانجی کەمتریان دەخرێتە سەر هەرزانتر دەبن. خەرجیی سـەرەکیی نـان و گۆشـت لە شاری گەورەدا زیاترە لەوەی لە گونددا تێی دەچێ و، لەبەر ئەوە، هەرچەندە کە قازانجەکە کەمتـرە بەلام بەردەوام لەوێ هەرزانتـر نـین بگـرە زۆربەی کـات وەک یەک هەرزانـن. لە بـابەتی وەک نـان و گۆشـت، هەمـان ئەو هۆکـارەی قـازانجی ڕووکەشـیانە کەم دەکـاتەوە، خەرجیی سـەرەکی بەرز دەکـاتەوە. بەرفرەوانیی بـازاڕ، بە لەبەرچـاوگرتنی بەگەڕخسـتنی ماڵی زۆرتر، قازانجی ڕووکەشـی کەم دەکاتەوە، بەلام بە پێویسـتبوونی هێنـانی کەلوپەل لە شـــوێنانی دوورتـــرەوە، تێچـــووی بنەڕەتـــی زیـــاتر دەکـــا. لە زۆربەی دۆخەکانـــدا، ئەم کەمبوونەوەیەی یەکێ و زیادبوونەی ئەوەی تر، وەک هاوسەنگی ڕاگرتنێکی یەکتری دێتە بەر چـاو، لەوانەشـە ئەمە هۆکـار بـێ بـۆ ئەوەی نرخـی گەنمەشـامی و مـالات بەگشـتی لە شوێنە جاجیاکانی شانشـیندا جیاوازیی زۆریـان هەبێ و، نرخـی نـان و گۆشـت لەزۆربەی شوێنەکانی شانشیندا زۆر لەیەکەوە نزیک بن.

هەرچەنـدە قـازانجی مـاڵ لە هەردوو بازرگـانیی بەتـاک و بەکـۆ بەگشـتی لە پایتەختـدا کەمترە وەک لە شارۆکە و لادێیەکاندا، بەلام زۆربەی جـاران لەوەی یەکەمدا لە سـەرەتای

بچووکەوە سامانی مەزن پێویستە و، ئەمەیان لەوەی دواییدا پێویستییەکی دەگمەنە. لە شارۆکە و گوندەکاندا، بەلەبەرچاوگرتنی بەرتەسکیی بازاڕەکان، بەردەوام ناشێ بازرگانی شانبەشانی زیادبوونی ماڵ زیاد بکرێ. بۆیە لەو شوێنانەدا، هەرچەندە کە لەوانەیە ئاستی قازانجی کەسێکی دیاریکراو زۆر بەرز بێ، بەڵام بڕەکە هەرگیز زۆر نابێ، حیسابی ساڵانەشیان بە هەمان شێوە زیاد نابێ. بەپێچەوانەشەوە، لە شارە گەورەکاندا، لەگەڵ زیادبوونی ماڵدا بواری فرەوانبوونی بازرگانی دەبێ و، متمانەی پیاوێکی کەمپارەی گەشەکردوو خێراتر لە زیادبوونی کاڵاکەی بەرز دەبێتەوە. بازرگانییەکەشی هاوشانی هەردووکیان بەرفرەوان دەبێ و، بڕی قازانجەکەی بەرێژەی فرەوانبوونی بازرگانییەکەی و، حیسابی ساڵانەی بەرێژەی بڕی قازانجەکەی زیاد دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، کەم جار ڕوو دەدات کە تەنانەت لە شارە گەورەکانیشدا سامانی زۆر لەرێی لقێکی بازرگانییەکی ڕێک، دامەزراو و، ناودارەوە دروست ببێ، بەڵکو لەئاکامی تەمەنی درێژی پیشەوەری، دەستگرتنەوە و، وریاییەوە ئەمە دەبێ. لەڕاستیدا هەندێ جار سامانی لەناکاو لەو شوێنانە دەست دەکەوێ، لەرێی ئەوەوە کە پێی دەگوترێ بازرگانیی جامبازی (trade of speculation). بازرگانی جامباز کار لە هیچ لقێکی ڕێکخراو، دامەزراو، یان ناسراوی بازرگانیدا ناکا. ئەو ئەمساڵ بازرگانی گەنمەشامییە و، ساڵی داهاتوو بازرگانی شەرابە و، ئینجا شەکر، یان تووتن، یان چای لە ساڵی دواتردا. ئەو دەچێتە ناو هەر بازرگانییەک کە پێشبینیی قازانجی زیاتر لە قازانجی ئاسایی تێدا بکات و، هەر کاتێکیش پێشبینیی کرد کە ئەو قازانجانە خەریکە بگەڕێنەوە بۆ ئاستی بازرگانییەکانی تر وازیان لێ دێنێ. بۆیە قازانج و زیانەکانی ئەو، هیچ ڕێژەیەکی ڕێکوپێکیان نییە بۆ بەراورد لەگەڵ لقێکی دامەزراوی دیاری بازرگانی. لەوانەیە هەندێ جار سەرکێشێکی دەبەنگ بە دوو یان سێ جامبازیی سەرکەوتوو سامانێکی زۆری دەست بکەوێ، بەڵام بەهەمان شێوەش لەوانەیە بە دوو یان سیانی سەرنەکەوتوو سامانێکی گەورە لەدەست بدا. ئەم بازرگانییە تەنیا لە شارە گەورەکاندا دەکرێ نەک لە شوێنانی تر. چونکە تەنیا لەشوێنانی خاوەن زۆرترین جووڵەی بازرگانی زۆرترین هەواڵ و دەنگوباسی لەبارەی کارە بازرگانییەکان و خواست و پێویستیەکانەوە دەست دەکەوێ.

ئەو پێنج هەلومەرجەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆیان کردووە، هەرچەندە کە دەبنە مایەی نایەکسانیی بەرچاو لە هەقدەستی کار و قازانجی ماڵ، نابنە مایەی هیچ جیاوازییەک لە کۆی سوود و زیانەکان، چ ڕاستەقینە بن یان گریمانەیی، لە بەگەڕخستنە جیاکانی هەر یەکێکیاندا. سروشتی ئەم هەلومەرجانە وایە کە قازانجێکی بەپارەی کەم لە هەندێکیاندا دروست دەکەن و، هاوسەنگییەکی گەورە لە هەندێکی تردا.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم یەکسانییە ڕوو بدات لە تەواوی سوود و زیانەکاندا، سێ شت داواکراون تەنانەت ئەگەر تەواوترین ئازادی لەئارادا بێ. یەکەم، بەگەڕخستنەکان پێویستە دیار بن و ماوەیەکی زۆر بێ لە ناوچەکەدا چەسپاو بن، دووەم، پێویستە لە دۆخی ئاسایی خۆیاندا بن، یان لەو دۆخەی کە پێی دەگوترێ دۆخی سروشتی، سێیەم، پێویستە تەنیا پیشە و، پیشەی سەرەکیی ئەوانە بن کە کاریان تێدا دەکەن.

یەکەم، یەکسانی تەنیا لەو بەگەڕخستانەدا دێتە دی کە ناسراون و ماوەیەکی زۆرە لە ناوچەکەدا دامەزراون.

لەکاتێکدا کە گشت هەلومەرجەکانی تر یەکسان بن، هەقدەست بەگشتی لە بازرگانیی نوێ بەرزترە لە هەقدەستی بازرگانیی کۆن. ئەگەر خاوەن پرۆژەیەک هەوڵ بدات پیشەیەکی نوێ دامەزرێنێ، پێویستە یەکەمین جار کارگەرانی خۆی لەڕێی هەقدەستی بەرزترەوە بەکێش بکات، بەرزتر لەوەی هەرگیز بتوانن لە پیشەکانی خۆیاندا بەدەستی بهێنن، یان زیاتر لەوەی سروشتی پیشەکەی دەیخوازێ و، پێویستە ماوەیەکی بەرچاو تێپەڕێ پێش ئەوەی سەرکێشیی کەمکردنەوەیان بۆ ئاستی ئاسایی ئەنجام بدا. ئەو بەرهەمانەی کە خواست لەسەریان بەتەواوی لە باوێتی و حەزەوە سەرچاوە دەگرن بە بەردەوامی دەگۆڕێن و، بەدەگمەن ماوەیەک بەردەوام دەبن کە بەشی ئەوە بکات بەهۆیەوە بە پیشەی لەکۆنەوە دامەزراو لەقەڵەم بدرێ. کارەکە پێچەوانەیە لەو پیشانەی خواست لەسەریان بەشێوەیەکی سەرەکی لە بەکارهێنان و پێویستبوونەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوان کەمتر دەکەونە بەر هەڕەشەی گۆڕانکارییەوە و، هەمان ئەو شێوازە یان پێکهاتەیە لەوانەیە چەند سەدەیەک بەبەردەوامی خواستیان لەسەر بێ. لەبەر ئەوە، هەقدەستی کار لەوانەیە لە جۆری یەکەمدا بەرزتر بن لە هەقدەستی ئەوەی دوایی. بێرمینگهام بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ پیشەگەلی لە جۆری یەکەم دەکا، شێفیلد لەگەڵ جۆری دووەم و، دەڵێن هەقدەستی کار لەو دوو شوێنە جیایە، لەگەڵ سروشتی پیشەکانیاندا گونجاوە.

دامەزراندنی هەر پیشەیەکی نوێ، لە هەر لقێکی نوێی بازرگانی، یان هەر شێوازێکی نوێی کشتوکاڵ، بەردەوام جامبازییەکە تیایدا خاوەن پرۆژە بەڵێنی قازانجی لەڕادەبەدەر بەخۆی دەدا. ئەو قازانجانە هەندێ جار گەلێ زۆرن و، هەندێ جاریش، بگرە زۆربەی جارەکان پێچەوانەیە، بەڵام بەگشتی هیچ بەراوردێکی ڕێکوپێک لەنێوان قازانجی ئەمانە و قازانجی بازرگانییە کۆنەکانی ناوچەکەدا نییە. ئەگەر پرۆژەکە سەرکەوێ، بەگشتی لەسەرەتادا زۆر بەرز دەبن. کاتێکیش کە بازرگانییەکە یان شێوازەکە بەتەواوی دامەزرا و ناسرا، کێبەرکێ قازانجەکان دادەبەزێنێتە ئاستی بازرگانییەکانی تر.

دووەم، تەنیا لە دۆخی ئاسایی، یان ئەوەی بەدۆخی سروشتیی ئەم بەگەڕخستنانە دادەنرێ، دەشێ ئەم یەکسانییە لە تەواوی سوود و زیانەکانی بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی کار و ماڵدا بێتە دی.

خواست لەسەر نزیکەی گشت جۆرە جیاجیاکانی کار هەندێ جار زۆرترە و هەندێ جار لە ئاستی ئاسایی کەمترە. لە یەکێ لەم دۆخانەدا سوودەکانی بەگەڕخستنەکە سەردەکەون بۆ سەروو و، لەدۆخەکەی تر دادەبەزنە خوارووی ئاستی ئاسایی. خواست لەسەر کار لەلادێ لە کاتی کۆکردنەوەی قەسەر و لەکاتی دروونە زۆرترە لەوەی لەبەشی هەرەزۆری ساڵدا هەیە و، هەقدەستیش لەگەڵ زیادبوونی خواستدا بەرز دەبێتەوە. لەکاتی شەڕدا، کاتێک کە چل یان پەنجا هەزار سەرباز ناچار دەکرێن دەستبەرداری کاری بازرگانی ببن و لەخزمەتی پاشادا بن، خواست لەسەر کەشتییەوان بۆ کارکردن لەسەر کەشتییە بازرگانییەکان زیاد دەبێ بەهۆی کەمبوونی ژمارەیان و، بەگوێرەی ئەو دۆخە هەقدەستی مانگانەیان بەگشتی لە یەک گینی و بیست و حەوت شیلینەوە بۆ سێ پاوەن و چل شیلین بەرز دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە لە بەگەڕخستنێکی ڕوو لە داڕووخاندا، گەلێ لە کارگەران لەجیاتی ئەوەی دەستبەرداری پیشە کۆنەکەیان بن، بەهەقدەستێکی کەم قایل دەبن کە لەگەڵ سروشتی پیشەکەیاندا گونجاو نییە.

گۆڕانکاریی قازانجی ماڵ وابەستەی گۆڕانکاریی نرخی ئەو کەلپەلانەیە کە کاریان لەسەر دەکا. کاتێ نرخی هەر یەکێک لەو کەلپەلانە بۆ سەرووی ئاستی ئاسایی یان تێکڕا بەرز دەبێتەوە، بەلای کەمەوە قازانجی بەشێک لەو ماڵەی بەگەڕ خراوە بۆ گەیاندنی بەبازاڕ، بۆ سەرووی ئاستی گونجاوی خۆی بەرز دەبێتەوە، ئەگەر نزم بووەوە ئەویش بۆ ژێر ئەو ئاستە نزم دەبێتەوە. هەموو کەلپەلەکان زۆر تا کەم ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی نرخ دەبنەوە، بەڵام هەندێکیان لە هەندێکیان زیاتر. لەگشت ئەو کەلپەلانەی کە بەرهەمی پیشەسازیی مرۆڤن، بڕی ئەو پیشەسازییەی ساڵانە بەگەڕ دەخرێ پێویستە لەڕێی خواستی ساڵانەوە ڕێک بخرێ، بەشێوەیەک کە تێکڕای بەرهەمی ساڵانە لەوانەیە، ئەوەندەی بکرێ، یەکسان بێ لەگەڵ تێکڕای بەکاربردنی ساڵانە. تێبینی کراوە کە لە هەندێ پیشەدا هەمان بڕی پیشەسازی بەردەوام هەمان بڕ، یان بڕێکی زۆر نزیک، لە بڕی کەلپەلەکان بەرهەم دێنێ. لە پیشەسازیی کەتان یان خوری، بۆ نموونە، هەمان ژمارەی دەستی کار ساڵانە بڕی زۆر لەیەک نزیک کوتاڵی کەتان و خوری دێننە بەرهەم. لەبەر ئەوە گۆڕانکاری لە نرخی بازاڕیی ئەو جۆرە کاڵایانە تەنیا دەشێ لەڕێی گۆڕانکاریی بەڕێککەوتی خواستەوە بەرز ببێتەوە. پرسەیەکی گشتی نرخی کوتاڵی ڕەش بەرز دەکاتەوە. بەڵام کە خواست لەسەر زۆربەی جۆرەکانی کوتاڵی ئاسایی کەتان و خوری تەواو وەک یەکە، نرخەکەش بەهەمان شێوەیە. هەندێ پیشەی تر هەن کە تیایاندا هەمان

بـڕی پیشەسـازی بەردەوام هەمـان بـڕ کـاڵا بەرهەم نـاهێنێ. بـۆ نمـوونە، هەمـان بـڕی پیشەسازی لە سـاڵانێکی جیاوازدا بڕی جیاجیای گەنمەشامی، شەراب، شەکر، تـووتن، هتـد، بەرهەم دێنن. بۆیە نرخـی ئەم جۆرە کەلـپەلانە، نەک تەنیـا لەگەڵ گۆڕانکـاری لە خواسـت، بگرە لەگەڵ گۆڕانکاریی زۆری بڕەکانیان گۆڕانکاریی بەسەردا دێ و، لەکۆتاییدا هەڵبەز و دابەزی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ. بۆیە دەبێ قازانجی هەندێ لە مامەڵەکاران هاوشانی نرخی کاڵاکـان هەڵـبەز و دابەز بـکەن. کارەکـانی بازرگـانێکی جامبـاز لە بنەڕەتـدا بەم جـۆرە کاڵایانەوە پەیوەستن. ئەوان کـاتێ پێشبینی دەکەن نرخەکانیـان ڕوویـان لە بەرزبوونەوەیە هەوڵ دەدەن بیانکڕن و، کە هەستیان کرد ڕوویان لە دابەزینە دیانفرۆشن.

سـێیەم، ئەم یەکسـانییە لە هەمـوو سـوود و کەموکوڕییەکـانی بەگەڕخسـتنە جۆراوجۆرەکـانی کـار و ماڵدا تەنیـا ئەو کـاتە دەبـێ کە تەنیـا کـاری ئەو کەسـانە بـن کە دیانکەن.

کاتێک کەسێک بژێویی خۆی لە یەک پیشەوە دابین دەکات، کە بەشـی هەرەزۆری کـاتی داگیـر ناکـا، ئەو کەسـە زۆربەی جـاران ئامـادەیە لەکـاتی دەسـتبەتاڵیدا کـارێکی تـر بە هەقدەستێکی کەمتر بکات، کە لەوانەیە لەگەڵ سروشتی پیشەکەیدا گونجاو نەبێ.

تـا ئێستا لە گەلـێ بەشـی سـکۆتلاند خەڵکێک هەن کە پێیـان دەگوترێ کۆخنشـینەکان (Cotters or Cottagers)، هەرچەندە کە پێش چەند سـاڵێک ژمارەیـان لە ئێسـتا زۆرتـر بوو. ئەمانە جۆرە خزمەتگوزارێکی دەرەکیی خـاوەن موڵـک و جووتیـارانن. پاداشـتی بـاوی ئەمانە کە لە خاوەن کارەکانیانی وەردگرن خـانوویەک، بـاخچەیەکی بچـووک بـۆ ئێنجـانەی سـەوزی، بـڕە گیـایەک کە بەشـی مانگـایەک بکـات و، لەوانەیە یەک یـان دوو ئەیکەر (یەک ئەیـکەر یەکسـانە بە ٤٠٤٧ مەتـر دووجـا- وەرگێـڕ) زەویـی کشـتوکاڵیی خـراپە. کاتێـک کە خاوەن کارەکانیان پێویستی بە کاری ئەوان دەبێ، سەرەڕای ئەو شـتانەی تر هەفتانە دوو قەزناخ ئاردی شۆفانیان دەداتێ، کە بایی شـەش پێنسـی ئیسـتەرلینیە. لە زۆربەی کاتەکـانی ساڵدا ئەو کۆخنشـینانە یـان کـاری کەمیـان هەیە یـانیش هـیچ کاریـان نییە و، چانـدنی ئەو زەوییە کەمەی بەردەستیان هەموو ئەو کاتە زیادەیەیان پڕ ناکاتەوە. کاتێک کە ئەو جـۆرە خەڵکە ژمارەیـان لە ئێسـتا زۆرتـر بـوو، ئامـادەبوون کـاتە زیـادەکەی خۆیـان بەرامـبەر بە شتێکی زۆر کەم بەهەر کەسێک ببەخشن و، بە هەقدەستی کەمتر لە کارگەرانی تر کاریـان دەکرد. پێدەچێ لە سـەردەمانی کۆنـدا لەو جـۆرە خەڵکە لە سەرتاسـەری ئەورووپـادا زۆر بـووبن. لەو وڵاتـانەی کشـتوکاڵیان لاوازە و دانیشـتووانیان کەمـن، بەشـی زۆری خـاوەن موڵکەکان و جووتیارەکان ناتوانن ژمارەیەکی زیاد لە دەستی کار بۆ خۆیـان دابین بکەن کە کاری لادێ لە وەرزێکی دیاریکراودا دەیخوازێ. قەرەبووی ڕۆژانە یـان هەفتـانەی ئەو جۆرە کارگەرانە لە خاوەن کارەکانیان وەردەگرت زۆربەی جار نرخـی تەواوی کارەکەیـان

نەبوو. نشینگە بچووکەکانیان بەشێکی بەرچاوی ئەو قەرەبووەی پێک دەهێنا. بەڵام لەوەدەچێ ئەو ڕۆژانەیە یان ئەو هەفتانەیە، لەلایەن گەلێ نووسەرەوە کە نرخی کار و ئازووخەیان لە سەردەمانی کۆندا کۆ کردووەتەوە و، دڵخۆشبوونە بەوەی هەردووکیان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش کەم بوون، بە نرخی تەواو دانرابێ.

زۆربەی جار بەرهەمی ئەو جۆرە کارانە هەرزانتر لە نرخی گونجاو لەگەڵ سروشتیاندا گەیشتووەتە بازاڕ. گۆرەوی لەزۆر بەشی سکۆتلاند بەهەرزانتر دەچنرێ لەوەی لە هەر شوێنێکی تر بەنەوڵ ئەو کارە دەکرێ. ئەو بەرهەمە هی ئیشی ئەو خزمەتگوزار و کارگەرانەیە کە بەشی بنەڕەتیی بژێوی خۆیان لە هەندێ پیشەی ترەوە دابین دەکەن. ساڵانە زیاتر لە هەزار جووت گۆرەویی سکۆتلاندی بۆ لەیت هاوردە دەکرێن، کە نرخی هەر جووتێک لەنێوان پێنج تا حەوت پێنسە. جەختم بۆ کراوە کە لە لێرویک، پایتەختە بچووکەکەی دوورگەکانی شێتلاند، ڕۆژانەی باوی کارگەرێکی ئاساییە. لەهەمان ئەو دوورگانەدا نرخی جووتێک گۆرەویی خوری یەک گینی و بەرەو ژوورە.

بەنی کەتان لە سکۆتلاند بە نزیکەی هەمان شێوە لەلایەن ئەو خزمەتگوزارانەوە دەڕێسرێ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کاری تر بەکرێ دەگیرێن. ئەوانەی هەوڵ دەدەن لەڕێی یەکێک لەو پیشانەوە بژێویی خۆیان دابین بکەن، زۆر کەمیان دەست دەکەوێ. لە زۆربەی ناوچەکانی سکۆتلاند ئەو ئافرەتەی بتوانێ هەفتانە بەڕستن بیست پێنسی دەست بکەوێ ئەوە بڕێسێکی باشە.

لەوڵاتانی دەوڵەمەندا بازاڕ بەگشتی ئەوەندە فرەوانە کە هیچ بازرگانییەک بەشی بەگەڕخستنی هەموو ئەو کار و ماڵە نەکا کە هەیە. دۆخی ژیانی ئەو جۆرە خەڵکەی کە بەئیشێک دەژین و لەهەمان کاتدا سوودێکی کەم لە ئیشێکی تر بەدەست دێنن، ئەو دۆخە بەشێوەیەکی سەرەکی لەوڵاتە هەژارەکاندا دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دۆخی ژیانەی کە جۆرێکە لەهەمان ئەو شێوەیە لە پایتەختی وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندا دەبینرێ. من لەو بڕوایەدام کە لە هەموو ئەورووپادا شارێک نییە کرێی خانوو تیایدا وەک لەندەن گران بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم کە لە هیچ پایتەختێکدا ئەپارتمانێک بەکەلوپەلی ناوماڵەوە ئەوەندە بە هەرزان بەکرێ نادرێ. نیشتەجێبوون لە لەندەن تەنیا زۆر لە پاریس هەرزانتر نییە، بەڵکو زۆر لە ئێدنبەرە هەرزانترە، ئەگەر نشینگەکە لەهەمان ئاستی باشیدا بێ و، ئەوەی کە نائاسایی دەردەکەوێ ئەوەیە کە گرانیی کرێی خانوو هۆکاری هەرزانیی نیشتەجێبوونە. گرانیی کرێی خانوو لە لەندەن تەنیا لەو هۆکارانەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەو کرێیە لە پایتەختەکانی تردا گران دەکەن، گرانیی کار، گرانیی هەموو کەرەستەکانی بیناسازی، کە بەگشتی پێویستە لەشوێنانی دوورەوە بهێنرێن و، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە گرانیی موڵکانەی زەوی دێ، هەموو خاوەن موڵکێک وەک قۆرخکار هەڵسوکەوت دەکا و، زۆربەی

جار لە شاردا داوای بەرزترین کری بۆ یەک ئەیکەر زەویی خراپ دەکا، کە بەرامبەر بە کرێی سەد ئەوەندە لە باشترین زەوییە لە لادێدا. بەڵکو سەرچاوەکەی لە بەشێکیدا هەڵسوکەوت و نەریتە سەیرەکانی خەڵکەکەیە، کە هەر سەرۆک خێزانێک ناچار دەکەن خانوویەکی تەواو لە بنەوە تا سەرەوە بەکرێ بگرێ. خانووی نیشتەجێبوون لە ئینگلتەرە واتە هەموو ئەو شتانەی کە لەژێر هەمان بنمیچدان. لە فڕانسە، سکۆتلاند و، گەلێ بەشی تری ئەوروپا، زۆربەی جار تەنیا بەواتەی تەنیا یەک نهۆم لە خانوویەک دێ. بازرگانێک لە لەندەن ناچارە خانوویەک بەتەواوی لەو بەشەی شاردا بەکرێ بگرێ کە کڕیارەکانی لێ دەژین. دوکانەکەی لە نهۆمی سەر زەوی دەبێ و خێزانەکەی لە نهۆمی سەرەوە دەنوون و، بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لە کرێی خانووەکە هەوڵ دەدات دوو نهۆمی ناوەڕاست بەکرێچی بەکرێ بدا. ئەو بەنیازە خێزانەکەی بەبازرگانییەکەی بژیێنێ نەک بەو کرێیە. کەچی لە پاریس ئێدنبەرە، ئەو خەڵکە نشینگە بەکرێ دەدەن بەگشتی هیچ هۆکارێکی تری بەدەستهێنانی بژێوییان نییە و پێویستە ئەو کرێیەی وەری دەگرن، نەک بەتەنیا کرێی خانووەکە پڕ بکاتەوە بەڵکو تەواوی خەرجیی خێزانەکەشیان دابین بکات.

کەرتی دووەم

نایەکسانییەکانی لە سیاسەتی ئەوروپاوە سەرچاوە دەگرن

کە ناتەواوی لە هەر یەکێک لەو سێ پێداویستییەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە دەرکەوت، پێویستە نایەکسانییەکان لە هەموو سوود و زیانی بەگەڕخستنە جیاجیاکانی کار و ماڵ، دەرکەون، تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە زۆرترین ئازادیی تەواویان تێدایە. بەڵام سیاسەتی ئەوروپا کە ئازادیی تەواوی بۆ شتەکان نەهێشتووە، دەبێتە مایەی دەرکەوتنی نایەکسانیی تری گرنگتر.

بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمە بەم سێ شێوەیەی داهاتوو دەکا. یەکەم، لەڕێی سنووردارکردنی کێبەرکێ لەهەندێ پیشەدا بۆ ژمارەیەکی کەمتر لەوەی کە ئەگەر وا نەبێ تیایدا دەبن، دووەم، بەزیادکردنی کێبەرکێ لەوانەی تردا بۆ سەرووی ئەوەی بەسروشتی دەبێ و، سێیەم، لەڕێی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئازادانەی کار و ماڵ، لەپیشەیەکەوە بۆ پیشەیەک و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێک.

یەکەم، سیاسەتی ئەوروپا نایەکسانییەکی گرنگ لە هەموو سوود و زیانەکانی بەگەڕخستنە جیاجیاکانی کار و ماڵ دروست دەکا، ئەویش لەڕێی سنووردارکردنی کێبەرکێ لە هەندێ پیشەدا بۆ ژمارەیەکی کەمتر لەوەی ئەگەر وا نەبێ تیایاندا دەبن.

سوودەکانی کە بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان قۆرخ کراون ئەو ئامرازە بنەڕەتییانەن کە بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێن.

قازانجی تایبەت بەبازرگانییەکی یەکگرتوو دەبێ ڕێگری لە کێبەرکێیەکە بکات، لەو شارەی تیایدا دامەزراوە، بۆ ئەوانەی لەبازرگانییەکەدا نین. فێربوونی پیشە لە شارەکەدا، لەژێر چاودێریی مامۆستایەکی شیاودا، بەگشتی داخوازیی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئازادییە. ئەو یاسایانەی کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەریان دەکەن، هەندێ جار ژمارەی ئەو فێرخوازانەی پیشەکە کە هەر مامۆستایەک بۆی هەیە فێریان بکات، دیاری دەکەن و، بەشێوەیەکی نزیکی بەردەوام ژمارەی ئەو ساڵانەش دیاری دەکەن کە هەر فێرخوازێکی پیشەکە بۆی هەیە پیشەکە ئەنجام بدا. مەبەستی هەردوو ئەو ڕێکخستنانە سنووردارکردنی کێبەرکێکەیە بۆ ژمارەیەکی کەمتر لەوەی کە ئەگەر سنووردارکردنەکە نەبێ دێنە ناو بازرگانییەکەوە. دەستنیشانکردنی ژمارەی فێرخوازانی پیشەکەش ڕاستەوخۆ سنوورداری دەکا. ماوەیەکی درێژی مەشقکردن لەسەر پیشەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سنوورداری دەکا، بەڵام بەشێوەیەکی کاریگەر ئەمە، بەزیادکردنی خەرجیی فێربوون ئەنجام دەدا.

لە شیفیڵد هیچ مامۆستایەکی چەقۆساز لە یەک کاتدا ناتوانێ زیاتر لە یەک مەشقکاری هەبێ، ئەمەش بەپێی یاسایەکی کۆمپانیا، کە کۆمپانیا زەبەلاحەکە دایڕشتووە. لە نۆرفیک و نۆریچ هیچ مامۆستایەکی جۆلایی بۆی نییە زیاتر لە دوو مەشقکاری هەبێ و، ئەوەی لاساری بکات دەبێ مانگانە پێنج پاوەن بە پاشا بدا. لە هیچ شوێنێکی ئینگلتەرە، یان لە کێڵگەکانی ئینگلیز، هیچ مامۆستایەکی کڵاوساز بۆی نییە زیاتر لە دوو مەشقکاری هەبێ، ئەوەیشی لاساری بکات مانگانە پێنج پاوەن تاوانەی لێ دەسێنرێ نیوەی بۆ پاشا و نیوەکەی تر بۆ ئەو کەسەی لە دادگەی تۆمارکردن داوای لەسەر تۆمار دەکا. هەردوو ئەم یاسایانە، لەگەڵ ئەوەی بەیاسایەکی گشتیی شانشین پەسەند کراون، ئاشکرایە کە بەهەمان گیانی ئەو کۆمپانیایە پەسەند کراون کە لە شیفیڵد دەریانی کردووە. جۆلاکانی ئاوریشم لە لەندەن لەڕووداوێکی دەگمەندا ساڵێک یەکیان گرت و یاسایەکیان دەرکرد کە هەموو مامۆستایەک پابەند دەکا بەوەی لە یەک کاتدا لە دوو مەشقکار زیاتری نەبێ. ئەم یاسایە پێویستی بەیاسایەکی تایبەتی پەرلەمان بوو بۆ ئەوەی هەڵوەشێتەوە.

وا دەردەکەوێ کە لە دێرزەمانەوە حەوت ساڵ، لە سەرتاسەری ئەورووپا، ئەو ماوە ئاسایییە بێ کە بۆ فێربوونی پیشە لەو بازرگانییانەدا کە کۆمپانیاکانی بوارەکەی یەکیان گرتووە. هەموو ئەو یەکگرتنی کۆمپانیایانە لە کۆندا پێیان دەگوترا یونیڤێرستی، کە ئەمە بەڕاستی گونجاوترین ناوی لاتینیە بۆ هەر گردبوونەوەیەکی لە هەر جۆرێک (واتەی وشە لاتینییەکە بریتییە لە: کۆمەڵەی مامۆستا و زانایان- وەرگێڕ). یونیڤێرستی ئاسنگەران، یونیڤێرستی بەرگدرووان، هتد، ئەو دەربڕینانەن کە زۆر جار لە پەیمانە کۆنەکانی شارە دێرینەکاندا دێنە بەر چاوانمان. کاتێک ئەم گردبوونەوە دیاریکراوانەی ئێستا بەشێوەیەکی

نـابەجێ پێیـان دەگـوترێ یونیڤێرسـتی بـۆ جـاری یەکەم دامەزران، ژمـارەی ئەو سـاڵانەی پێویست بوون بۆ فێربوون، بۆ ئەوەی پلەی مامۆسـتای پیشـە بەدەسـت بهێنرێ، بەڕوونـی دیـارە کە لەبەرگـرتنەوەی ماوەکـانی فێربـوونی پیشـە بـن لە بازرگـانییە ئاسـاییەکان، کە گردبـــوونەوەی خـــاوەن کارەکـــان تیایانـــدا کـــۆنترن. وەک چـــۆن حەوت ســـاڵ مەشـــق لەبەردەسـتی مامۆسـتایەکی شـیاو پێویسـت بـوو بـۆ ئەوەی کەسـێک ببـێ بەمامۆسـتا و، شـــارەزا لە بازرگـــانییەکی ئاســـاییدا، بەهەمـــان شـــێوە پێویســـتە کەســـێک حەوت ســـاڵ لەبەردەستی مامۆستایەکی شیاودا بخوێنێ بۆ ئەوەی ببێ بە مامۆستا یان دکتۆر (کە لە دێرزەمـانەوە وشـەی هـاوواتەن) لە پیشـە ئازادەکانـدا و، فێرخـواز یـان مەشـقکاری (کە ئەمانیش وشەی هاوواتەن لە بنەڕەتدا) هەبن و لەبەردەستی ئەو بخوێنن.

لە پێنجەمی ئیلیزابێتدا، ئەوەی پێی دەڵێن یاسـای بنەڕەتیی مەشقی پیشـەیی، دەرچوو، کە دەڵێ هیچ کەس نابێ بۆ داهـاتوو پەیڕەوی بازرگانییەک، پیشـەیەک، یان ڕێکخراوێکی پیشـەیی بکـات لەو کـاتەدا کە لە ئینگلـتەرە پەیـڕەو دەکرێ، مەگەر پێشـتر لایەنـی کەم بـۆ ماوەی حەوت ساڵ مەشقی لەسەر کردبێ و، ئەوەی پێشتر یاسـای کۆمپانیاکان بووە بۆ گەلێک گردبوونەوەی دیاریکراو لە ئینگلتەرە بووە یاسای گشتیی گشت ئەو بازرگانییـانەی لە شـارە بازاڕەکاندا (market towns) بەڕێوە دەچن. لەبەر ئەوەی دەربڕینەکانی یاسـا بنەڕەتییەکە زۆر گشتین و، بەڕوونی دیارە هەمـوو شانشینەکە دەگرێتەوە، بە لێکدانەوەی ئەوەی کاریگەرییەکەی بەشارە بازاڕەکـان سنووردار کـراوە، ئەوەی لـێ هەڵێنجراوە کە لە ناوچە گوندنشینەکاندا کەسێک بۆی هەیە چەنـد بازرگانییەکی جۆراوجۆر بکات ئەگەرچی بۆ هەر یەکێکیان حەوت ساڵ مەشقی نەکردبێ، ئەمە لەوانەیە لەگەڵ پێویستیی دانیشتووان و ژمارەی ئەو خەڵکەی زۆربەی جاران بەشـی تێرکردنـی هەر پیشـەیەک بە دەسـتی کـاری پێویست ناکا، گونجاو بێ.

لەڕێی لێکدانەوەیەکی پابەندانەی دەربڕینەکانیش، جێبەجێکردنی ئەم یاسا بنەڕەتییە بەو بازرگانییـانە سـنووردار کـرا، کە پـێش پێنجەمـی ئیلیزابێـت لە ئینگلـتەرە دامەزرابـوون و، هەرگیـز بەســەر ئەوانەدا نەســەپێنرا کە لەو کـاتە بەدواوە داهێنـران. ئەم سـنووردارکردنە هەلی بۆ چەندان جیاکاری ڕەخساند کە، کاتێک بە یاسای پۆلیس دەژمێررێن، تا خەیـاڵ بڕ دەکا گەمژانەن. بۆ نموونە، بڕیار دراوە کە دروستکەری عارەبانە نە خۆی بۆی هەیە و نە دەتوانێ شاگردێک بگرێ بۆ ئەوەی تایەی عارەبانەکانی بۆ دروست بکات، بگرە دەبـێ لە وەسـتایەکی دروسـتکردنی تـایە بیـانکڕێ، ئەم پیشـەیەی دوایـی پـێش پێنجەمـی ئیلیزابێت هەبـووە. بەڵام دروسـتکەرێکی تـایە کە هەرگیـز لەبەر دەسـتی دروسـتکەرێکی عارەبـانەدا مەشقی نەکردووە، دەتوانێ خۆی یان شاگردێک بگرێ و عارەبانە دروست بکەن، ئەو یاسا بنەڕەتییـە پیشــەی دروسـتکردنی عارەبـانە نـاگرێتەوە، لەبەر ئەوەی لەو کـاتەی یاسـاکە

دەرچوو ئەو پیشەیە لە ئینگلتەرە نەبوو. بەم پێیە ئەم یاسا بنەڕەتییە زۆربەی پیشەوەرانی مانچستەر، بێرمینگهام و، وولڤەهامپتن ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی پێش پێنجەمی ئیلیزابێت پیشەکانیان لە ئینگلتەرە بوونیان نەبوو.

لە فرانسە، ماوەی مەشقی پیشەیی لە شارێکەوە بۆ شارێک و، لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەک، جیاوازیی هەیە. لە پاریس زۆربەی پیشەکان پێنج ساڵ مەشقیان دەوێ، بەڵام بەرلەوەی هیچ کەسێک بە شیاو بۆ ئەنجامدانی پیشەکە وەک وەستا ددانی پێدا بنرێ، پێویستە، زۆربەیان، پێنج ساڵی تر وەک شاگرد کار بکەن. لە ماوەکەی دواییدا پێیان دەگوترێ هاوەڵی وەستا (لە بازاڕی ئێمە پێیان دەگوترێ "خەلفە"- وەرگێڕ) و، ماوەکەش پێی دەگوترێ هاوەڵێتی.

لە سکۆتلاند هیچ یاسایەکی گشتی نییە کە تەواوی ماوەی مەشقی پیشەیی ڕێک بخا. ماوەکە لەگەڵ جیاوازیی گردبوونەوەی کۆمپانیاکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا دێ. ئەگەر ماوەکە زۆر بێ، بەگشتی دەکرێ لەجیاتی بەشێکی ئەو ماوەیە تاوانەیەکی کەم بدرێ. لە زۆربەی شارەکانیشدا تاوانەیەکی کەم بەسە بۆ کڕینەوەی ئازادی لە هەر گردبوونەوەیەک. جۆلایانی کەتان و کوتاڵی جاو، کە پیشەوەری سەرەکین لە ناوچەکەدا، شانبەشانی پیشەوەرانی تری پەیوەست بەوانەوە، دروستکەرانی تایە، دروستکەرانی بەکرە، هتد، بۆیان هەیە بەبێ ئەوەی تاوانە بدەن لە گردبوونەوەی هەر شارێکدا کار بکەن. لە هەموو شارەکاندا گردبوونەوەکانی هەموو کەسانێک ئازادن لە فرۆشتنی گۆشت لە هەر ڕۆژێکی یاسایی هەفتەدا. لە سکۆتلاند بەگشتی ماوەی مەشقی پیشەیی سێ ساڵە، تەنانەت لە هەندێ بازرگانیی زۆر ناسکیشدا و، بەگشتی من نەمزانیوە لە هیچ وڵاتێکی ئەورووپا سەرکوتکاریی یاساکانی کۆمپانیا گردەوەبووەکان لەمە کەمتر بێ.

ئەو کەلپەلانەی هەر کەسێک لە کاری خۆیدا هەیەتی، کە بنەمای ڕەسەنی هەموو موڵکی ئەون، پیرۆزترین شتانێکن و دەستدرێژییان ناکرێتە سەر. لەم ڕووەوە مرۆڤی هەژار تەنیا هێز و کارامەیی دەستەکانی هەیە و، ڕێگری لە بەگەڕخستنی ئەو هێز و کارامەییەی دەستەکانی و، ڕێگری لە بەگەڕخستنی ئەو هێز و کارامەییە، بەو شێوەیەی کە خۆی پێی باشە و زیان بە دەوروبەری ناگەیەنێ، پێشێلکارییەکی ئاشکرای پیرۆزترین موڵکی ئەون. بگرە دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر ئازادیی دادپەروەرانەی کارگەرەکە و ئەوانەشی ڕەنگە بیانەوێ کاری بدەنێ. چونکە ڕێگری لەوەی کەسەکە ئەو کارە بکات کە بۆ خۆی بەگونجاوی دەزانێ، ڕێگریشە لەو کەسانەی تر لەوەی ئەو کەسە بەگەڕ بخەن لەو کارەی کە بەگونجاوی دەزانن. بڕیاردان بەسەر ئەوەی ئایا ئەو کەسە گونجاوە بۆ کارکردن لەوانەیە بکەوێتە دەستی ئەوانەی کاری دەدەنێ و بەو پێیەی بەرژەوەندی ئەوان

دەیخوازێ. نیگەرانیی دانەری یاساکە لەوەیە نەوەکو کەسی نەگونجاو بخەنە سەر کار، ئەوەندەی ڕووقایمانەیە ئەوەندەش سەرکوتکەرانەیە.

یاسای مەشقی پیشەیی درێژخایان هیچ دڵنیاییەک نادا بەوەی کارگەری نەگونجاو بەزۆری نەخرێتە بازاڕی گشتییەوە. کە ئەمە دەکرێ، ئەوە بەگشتی کاریگەریی فێڵکردنە، نەک بێتوانایی و، درێژترین ماوەی مەشقکاری هیچ دڵنیاییەک نادا لەدژی فێڵکردن. یاساگەلی تەواو جیاواز بۆ ڕێگری لەم پێشێلکارییە پێویستن. هێمای ئیستەرلینی لەسەر پلێتێک، مۆری سەر کوتاڵی کەتان و خوری، لە هەموو یاسایەکی مەشقی پیشەیی زیاتر دڵنیایی بە کڕیار دەدەن. کڕیار بەگشتی سەیری ئەمانە دەکا، بەلایەوە گرنگ نییە بپرسێ ئایا کارگەرەکە حەوت ساڵان مەشقی پیشەیی کردووە یان نا.

یاسای مەشقی درێژخایان حەزی ئەوەی نییە خەڵکێکی گەنج بۆ پیشەسازی دابین بکات. شاگردێک کە بە حیسابی پارچە کار دەکا ڕەنگە ببێ بە کارگەرێکی کارا، لەبەر ئەوەی قازانج لە هەموو زەحمەتکێشانێکی خۆی لەکارەکەیدا بەدەست دێنێ. مەشقکار ئەگەری ئەوەی هەیە ببێ بەکەسێکی تەمبەڵ و، نزیکەی بەردەوام وایە، لەبەر ئەوەی هیچ سوودێکی ڕاستەوخۆ لە زەحمەتکێشاندا نابینێ. لە پیشە ئاستنزمەکاندا، هەموو شیرینیی کار خۆی لە قەرەبووی کارەکەدا دەبینێتەوە. ئەوانەی لە دۆخێکدان کە بەزووترین کات شیرینییەکەی بەدەست بهێنن، ئەگەری ئەوە هەیە زووتر پیشەکەیان لەلا خۆشەویست ببێ و، زووتر ئاشنای خوو و نەریتی پیشەکە ببن. بەشێوەیەکی سروشتی گەنج لەو کارە دوور دەکەوێتەوە کە تا ماوەیەکی زۆر قازانجی لێ ناکا. ئەو کوڕانەی لە کۆمەڵە خێرخوازە گشتییەکان دەردەکرێن و دەخرێنە بەر مەشقی پیشەیی بەگشتی زیاتر لە ئاستی ئاسایی ژمارەی ساڵان مەشقیان پێ دەکرێ و، بەگشتی زۆر تەمەبەڵ و بێبەر دەبن.

لای پێشینان هەموو مەشقێکی پیشەیی بوونیان نەبوو. بەڵام لە هەموو یاسایەکی هاوسەردەمدا ئەرکی هەردوو لا، مامۆستا و مەشقکار، بڕگەی بەرچاویان بۆ تەرخان کراون. یاسای ڕۆمان بەتەواوی لەبارەیانەوە بێدەنگە. هیچ وشەیەکی گریک یان لاتین نازانم (بڕوام وایە کە بتوانم بوێرم بڵێم کە هەر بوونی نییە) بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکەیەی ئێستا ئێمە بەدەربڕینی "مەشقی پیشەیی"وە لکاندوومانە: خزمەتکارێک، بەو مەرجەی مامۆستاکە فێری پیشەکەی بکات، بەپیشەیەکی دیاریکراوەوە بۆ قازانجی مامۆستاکەی، بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو، پابەند دەکرێ.

مەشقی پیشەیی درێژخایان بەتەواوی پێویست نییە. ئەو هونەرانەی کە زۆر لەپیشە ئاساییەکان باڵاترن، وەک هونەری دروستکردنی کاتژمێر، هیچ پێویستییەکی ناڕوونیان تێدا نییە کە بۆ فێرکرجیهانن چەند ساڵێکی پێویست بێ. بێگومان یەکەمین داهێنانی ئەم ئامێرە جوانانە و، تەنانەت هەندێ لە کەرەستەکانی دروستکرجیهانن، بەدڵنیاییەوە بەری

بیرکردنەوەی قووڵ و ماوەیەکی زۆر بوونە و، جێی خۆیەتی بەیەکێک لە کامەرانترین هەوڵەکانی کارامەیی مرۆڤ دابنرێن. بەڵام کاتێک بەجوانی داهێنران و بەباشی لێیان تێگەیشترا، کە بکرێ بەتەواوی بۆ گەنجێک ڕوون بکرێتەوە چۆن کەرەستەکان بەکار بهێنێ و چۆن ماکینەکان دروست بکات، ئەوە زیاتر لە چەند وانەیەک بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمی ناوێ: تەنانەت لەوانەیە چەند ڕۆژێکی بەس بن. لە پیشە میکانیکیە باوەکاندا، تەنیا چەند ڕۆژێک بۆ فێربوونیان بەسە. بەڕاستی لێهاتوویی دەستی کار، تەنانەت لە پیشە ئاساییەکاندا، بەبێ مەشق و ئەزموونکردن دەست ناکەوێ. بەڵام گەنجێک بەوریایی و گرنگیپێدانێکی زیاترەوە هەوڵی فێربوون دەدا، ئەگەر لەسەرەتاوە وەک شاگردێک کار بکات و، ڕێژەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو کارە کەمەی دەتوانێ ئەنجامی بدات وەرگرێ و، ئەویش لەلای خۆیەوە پارەی ئەو شتانە بدات کە بەهۆی نەزانی و کەمئەزموونییەوە هەندێ جار بەفیڕۆیان دەدا. گومانی تێدا نییە کە فێربوون لەم ڕێگەیەوە بۆ ئەو گەنجە زۆر کاریگەرترە و، کەمتر بێزارکەر و خەرجیی کەمترە. مامۆستاکەی لەڕاستیدا زەرەرمەندە. ئەو هەقدەستی تەواوی حەوت ساڵی لە مەشقکارەکەی لەدەست دەچێ، کە ئێستا بۆی دەمێننەوە. لەکۆتاییدا لەوانەیە مەشقکارەکە خۆی ببێتە زەرەرمەند. لە پیشەیەکدا کە فێربوونی زۆر ئاسانە، ئەو کێبەرکێکاری زۆری دەبن و، هەقدەستەکەی لەو کاتەدا کە دەبێتە پیشەوەرێکی تەواو، کەمتر دەبن لەوەی ئێستا هەیەتی. هەمان ئەو زیادبوونی کێبەرکێیە قازانجی وەستاکان کەم دەکاتەوە شانبەشانی کەمکردنەوەی هەقدەستی کارگەرەکان. بازرگانییەکان، پیشەکان، سەندیکا پیشەییەکان، هەموویان زەرەرمەند دەبن. بەڵام خەڵکەکە سوودمەند دەبن، چونکە بەم شێوەیە بەرهەمی هەموو پیشەکان لەبازاڕدا هەرزانتر دەبن.

هەموو کۆمپانیا گەورەکان و کۆمەڵە کۆمپانیاکان و، بەشی زۆری یاساکانیان لەپێناو ڕێگری لەم دابەزینی نرخە و، لەکۆتاییدا ڕێگرتن لە دابەزینی هەقدەست و قازانجەکان، بەڕێگری لە کێبەرکێی ئازاد کە لەهەموو شتێک زیاتر ڕێخۆشکەرە بۆیان، داڕێژراون. بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەکی کۆمپانیاکان، لەزۆربەی بەشەکانی ئەوروپا، هیچ دەسەڵاتێک لە سەردەمانی کۆندا پێویست نەبوو، جگە لە گردبوونەوەی ناو ئەو شارانەی کە تیایاندا دروست دەبوون. لەڕاستیدا لە ئینگلتەرە، بۆ ئەم مەبەستە ڕێپێدانێکی شاهانەش پێویست بوو. بەڵام ئەم مافەی پاشا لەوە دەچێ زیاتر بۆ پارەبەردانەوە بێ لە بەرکەوتووانی، نەک بۆ بەرگری لە ئازادیی گشت لە بەرامبەر ئەو جۆرە قۆرخکارییە سەرکوتکارانەیە. چونکە بەرامبەر بە دانی بڕێک پارەی دیاریکراو وەک تاوانە، ئەو ڕێپێدانە ڕاستەوخۆ دەست دەکەوت و، هەر کاتێک پۆلێکی دیاریکراوی پیشەوەران یان بازرگانان بیریان لەوە بکردایەتەوە کە گونجاوە وەک گردبوونەوەیەک بەبێ ڕێپێدان کار بکەن، ئەو

زۆڵەگرووپانە، کە بەو ناتورەیە ناوزەد دەکران، هەموو جارێک لەو مافە بێبەش نەدەکران، بەڵکو ناچار دەکران تاوانەی سالانە بە پاشا بدەن بۆ بەدەستهێنانی ڕێپێدان بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکەیان. پشکنینی ڕاستەوخۆی هەموو کۆمەڵەکان و، ئەو یاسایانەی ئەو کۆمەلانە لەوانە بوو بەگونجاویان بزانن بۆ ئەوەی کارگێڕییەکانی خۆیان دایانرێژن، هەمووی بۆ کۆمەڵەی ئەو شارە دەگەڕانەوە کە تیایدا دامەزراون و، هەر بنەمایەک کە بەسەریاندا جێبەجێ دەکرا بەگشتی لەلایەن پاشاوە نەبوون، بگرە لەلایەن کۆمەڵەی گەورەترەوە بوون کە ئەم لقە کۆمەلانە تەنیا ئەندام یان بەشێک بوون لەوان.

کارگێڕیی کۆمەڵەکانی شارەکان هەمووی بەدەستی بازرگانان و پیشەوەرانەوە بوو و، بەرژەوەندی هەر پۆلێکی دیاریکراوی ئەوان ڕێگر بوو لەوەی بازاڕ، لەڕادەبەدەر ماڵی تێ بخرێ، وەک خۆیان دەڵێن، بەو جۆرە پیشەسازییەی ئەوان و، مەبەستیان بوو کورتهێنانی بەردەوام بمێنێتەوە. هەر پۆلێک پەرۆشی دارشتنی یاسای گونجاو بوون بۆ ئەم مەبەستە و، کە ڕێگەی ئەمەشیان پێ درابوو، بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەوە دەکرد پۆلەکانی تر هەمان هەنگاو بنێن. لەڕاستیدا و لەئاکامی ئەم جۆرە یاسایانە، هەر پۆلێک ناچار دەبوو کالای هەر پۆلێکی تری ناو شارەکەیان بەنرخێکی تاڕادەیەک گرانتر بکڕن لەو نرخانەی بەبێ ئەم یاسایانە هەبوون. بۆ قەرەبووی ئەمەش، هەلی ئەوەیان بۆ دابین بووبوو کە کالای خۆشیان بەگرانتر بفرۆشن، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆیان دەیانگوت پانی لە درێژی زیاتر بوو و، لەکاتی مامەڵەی نێوان پۆلە جیاجیاکانی شار بەیەکەوە، هیچ یەکێکیان بەپێی ئەو یاسایانە زەرەرمەند نەدەبوون. بەلام لە مامەڵەیان لەگەڵ لادێدا هەموویان براوەی گەورە بوون و، ئەم مامەڵەیەی دوایی هەموو ئەو بازرگانییە لەخۆ دەگرێ کە هەر شارێکی پێ دەوڵەمەند دەبێ.

هەموو شارێک تەواوی بژێویی خۆی و، تەواوی کەرەستەکانی پیشەسازییەکەی، لە لادێوە بەدەست دێنێ. پارەی هەموو ئەمانەش، بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوو ڕێگەوە دەدەن: یەکەم، بەشێک بەناردنەوەی ئەو کەرەستانەی لە لادێوە هاتوون و، لە شار لەڕێی پیشەسازییەوە دروست کراونەتەوە، کە نرخەکانیان بەهەقدەستی کارگەران و قازانجی خاوەن کارەکان یان بەگەڕخەرانی ڕاستەوخۆیانەوە زیاد کراون، دووەم، بەشێک بەناردنی کەرەستەی خاو و بەرهەمی پیشەسازیی ولاتانی تر، یان شوێنانی دووری هەمان ولات، کە بۆ شار هاوردە کراون و، لێرەشدا نرخی بنەڕەتیی ئەو کالایانە بەهەقدەستی باربەران یان کەشتییەوانان و، قازانجی بازرگانەکان زیاد دەبێ. ئەوەی لە بەشی یەکەمی ئەم بازرگانییە دەست دەکەوێ ئەو سوودە لەخۆ دەگرێ کە شار لەڕێی پیشەوەرانییەوە بەدەستی دێنێ و، بەوەی دووەمیش سوودی بازرگانیی ناوخۆیی و دەرەکی بەدەست دێنێ. هەقدەستی کارگەران و قازانجی ئەوانەی کاریان پێ دەکەن، هەموو ئەوە پێک دێنن

که لەو دوو ڕێگەیەوە بەدەست دێن. بۆیە هەر یاساگەلێک کە مەبەستیان زیادکردنی ئەو هەقدەست و قازانجانە بێ بۆ ئاستێکی بەرزتر، بەرزتر لەوەی بەبێ ئەو یاسایانە دێنە دی، لە هەوڵی ئەوەدان کە شار بتوانێ بەبڕێکی کەمتری کاری خۆی بەرهەمی بڕێکی زۆرتر کاری لادێ بکڕێ. ئەوان سوودێک بەبازرگان و پیشەوەرانی شار دەگەیەنن، زیاتر لەوەی خاوەن موڵک و جووتیاران و کارگەرانی لادێ و، ئەو یەکسانییە سروشتییە تێکدەشکێنن کە بەبێ ئەو یاسایانە لە بازرگانیی نێوان هەردوو لادا هەیە. تەواوی بەرهەمی ساڵانەی کاری کۆمەڵگە، ساڵانە لەنێوان ئەم دوو تاقمە جیایەی خەڵکدا دابەش دەبێ. لەڕێی ئەو یاسایانەوە بەشێکی زۆرتر بەر دانیشتووانی شار دەکەوێ، زیاتر لەوەی کە بەبێ ئەو یاسایانە بەریان دەکەوێ و، بەشێکی کەمتریش بەر گوندنشینان دەکەوێ.

ئەو نرخەی بەڕاستی شار ساڵانە بە ئازووخە و کەلوپەلی هاوردەکراو بۆ ناو شاری دەدا، بریتییە لەو بڕە بەرهەمە پیشەسازی و کاڵایانەی تری کە ساڵانە لەشارەوە هەناردە دەکرێن. چەند ئەمانەی دوایی بەگرانتر بفرۆشرێن، ئەوەندە ئەوانەی پێشوو هەرزانتر دەکڕدرێن. پیشەسازیی شار بەسوودتر و هی لادێ کەمسوودتر دەبن.

لە هەموو شوێنێکی ئەورووپا، بۆ پیشاندانی ئەوەی کە ئەو پیشەسازییەی لەشاردا بەڕێوە دەچێ بەسوودترە لەوەی لە لادێدا بەڕێوە دەچێ، بەبێ چوونە ناو هیچ لێکدانەوەیەکی وردەوە، بەیەک تێبینیی ڕوون و ئاشکرا خۆمان قایل دەکەین. لە هەر وڵاتێکی ئەورووپا بەلای کەمەوە، ئەگەر سەد کەس سامانی گەورەیان لە دەسپێکی بچووکەوە لەڕێی بازرگانی و پیشەوەرییەوە، کە کاری شارین، بەدەست هێنابێ، لەبەرامبەردا یەک کەس ئەوەی لەڕێی زیادکردنی بەرهەمی خاو و چاکسازی و چاندنی زەوی، کە کاری لادێیین، بەدەست هێناوە. کەواتە دەبێ پاداشتی پیشەسازی باشتر بێ، هەقدەستی کار و قازانجی ماڵ دەبێ بەشێوەیەکی بەرچاو لە دۆخێکیاندا لەوەی تر زیاتر بن. ماڵ و کاریش بەسروشت بەدوای بەسوودترین بەگەڕخستندا دەگەڕێن. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی تا پێیان بکرێ ڕوو لە شار دەکەن و لادێ چۆڵ دەکەن.

شارنشینان کە لە یەک شوێندا کۆ کراونەتەوە، بەئاسانی بەیەکەوە دەگونجێنرێن. بەم پێیەشە کە سادەترین پیشە لەوانەی لە شاردا هەن، لێرە یان لەوێ، گرد دەبنەوە و تەنانەت ئەگەر گردیش نەبنەوە، ئەوە گیانی گردبوونەوە و حەزنەکردن لە خەڵکی نامۆ بەپیشەکە، دوورخستنەوەی مەشقکاران، یان ئەوانەی دەیانەوێ نهێنیی پیشەکە بزانن، بەگشتی تیایاندا هەن و، زۆربەی جاران فێر دەکرێن، لەڕێی کۆمەڵەی خۆبەخش و ڕێککەوتننامەکانەوە، بۆ ئەوەی ڕێگری لەو کێبەرکێ ئازادە بگرن، کە ناتوانن لەڕێی یاسای کۆمپانیاوە قەدەخەی بکەن. ئەو پیشانەی بەژمارەیەکی کەمی دەستی کار بەڕێوە دەچن ئاسانتر دەچنە نێو ئەم جۆرە گردبوونەوانەوە. ڕەنگە تەنیا نێو دەستە شێکەرەوەی خوری

پێویست بن بۆ ئەوەی هەزار بڕێس و جۆڵا بەگەڕ بخەن. ئەگەر کۆک بن لەسەر ئەوەی مەشقکار وەرنەگرن، ئەوە نەک تەنیا پیشەکەیان زیاتر دەکەن، بگرە پیشەسازییەکە بچووک دەکەنەوە بۆ جۆرێک لە کۆیلایەتی بۆ خۆیان و، نرخی کاری خۆیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئاستێکی زۆر بەرزتر لە ئاستی سروشتی ئیشەکەیان.

لادێنشینان لە شوێنانی دوور لەیەک پەرتەوازەن، ناتوانن بەئاسانی بەیەکەوە کۆ ببنەوە. ئەوان نەک تەنیا هەرگیز گرد نەبوونەتەوە، بەڵکو گیانی گردبوونەوەشیان بەهیچ جۆرێک تێدا نییە. هەرگیز بیر لە مەشقی پیشەیی نەکراوەتەوە بۆ شیاندن بۆ کاری کشتوکاڵ، کە بازرگانییە مەزنەکەی لادێیە. هەروەها جگە لەوانەی پێیان دەگوترێ هونەری ورد و پیشەی ئازاد، هیچ بازرگانییەکیان نییە کە جۆرێکی باڵای زانین و ئەزموون بخوازێ. ئەو بەرگە کتێبە لەژماردن نەهاتووانەی بە هەموو زمانەکان لەبارەیەوە نووسراون لەوانەیە قایلمان بکەن بەوەی کە لەنێوان داناترین و زاناترین گەلاندا، هیچ جارێک بەبابەتێک نەهاتووەتە ژماردن کە تێگەیشتنی ئاسان بێ. لەنێو ئەو هەموو بەرگەدا هەوڵێکی بێهوودە دەدەین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی بەگەڕخستنە جیاجیا و ئاڵۆزەکانی، کە بەشێوەیەکی گشتی تەنانەت لەلایەن جووتیاری ئاساییەوە ئەنجام دەدرێن، چۆن بەشێوەیەکی سووک، تەنانەت نووسەرانی کەمبایەخی هەندێکیان، هەندێ جار قسەیان لەسەر کردووە. بەپێچەوانەشەوە، بەدەگمەن بازرگانییەکی میکانیکی هەیە کە هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی بەتەواوی و بەڕوونی لە نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی بچووکدا ڕوون نەکرێتەوە، هەروەها دەکرێ وشەی بە وێنە پێشاندراو ڕوونیان بکاتەوە. لە مێژووی هونەرەکاندا، کە ئێستا ئەکادیمیای فرانسەیی بۆ زانستەکان بڵاوی دەکاتەوە، زۆربەیان بەو شێوەیە ڕوون کراونەتەوە. جگە لەوەش ئاراستەی ئۆپەراسیۆنەکان، کە دەبێ لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک لە کەشدا و، لەگەڵ گەلێ ڕووداوی تردا، ئەوانیش بگۆڕدرێن، پێویستیان بەبڕیار و هەڵسەنگاندنی زۆر زیاتر هەیە لەوانەی کە بەردەوام هەمان یان زۆر نزیک لەهەمان شتیان دەوێ.

نەک تەنیا هونەری جوتیار، کە ئاراستەی گشتیی ئۆپەراسیۆنەکانی کشتوکاڵە، بگرە گەلێ لقی خوارووتری کاری لادێ پێویستیان بە زانین و ئەزموونی زۆر زیاترە لەوەی کە مەزنترین پیشەی میکانیکی دەیانخوازێ. ئەو کەسەی کارەکەی لەسەر مس و ئاسنە، کار بە ئامراز و کەرەستەگەلێک دەکا کە بەردەوام هەمان شێوەیان هەیە، یان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن. بەڵام ئەو کەسەی جووت دەکا بەکۆمەڵێک ئەسپ یان گا، کار بە ئامرازگەلێک دەکا کە بەردەوام تەندروستی، هێز و خوویان بەپێی هەڵکەوتەی جیاجیا لەگۆڕاندان. هەروەها هەلومەرجی کەرەستەکانی کاریان لەسەر دەکا، بەهەمان شێوەی گۆڕانکاری لە هەلومەرجی ئامرازەکانی کاریان پێ دەکا گۆڕانکاری بەخۆیانەوە دەبینن و،

هەردووکیشیان پێویستە بڕیار و هەڵسەنگاندنی زیاتر هەبن بۆ بەڕێوەبرجیهانن. جووتکارێکی ئاسایی، هەرچەندە بەگشتی بەنموونەی گەمژەیی و نەزانی دادەنرێ، بەدەگمەن لەم بڕیار و هەڵسەنگاندنانەدا هەڵە دەکا. ڕاستە ئەو کەمتر لە میکانیکێک کە لە شاردا دەژی، ئاشنایەتیی لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵگەییەکاندا هەیە. دەنگ و زمانی ئەو توندتر و سەختترن لەوەی ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا ڕانەهاتوون، تێیان بگەن. هەرچەندە تێگەیشتنی ئەو، کە وا گونجێنراوە کە ژمارەیەکی زۆرتر بابەت لەخۆ بگرێ، بەگشتی بەرزترە لە تێگەیشتنی ئەوەی تر، کە بەگشتی هەر لە بەیانییەوە تا شەو خەریکی جێبەجێکردنی تەنیا یەک یان دوو ئۆپەراسیۆنی زۆر سادەیە. ئەو کەسانەی بەهۆی بازرگانییەوە یان حەزی زانینەوە زۆرتر تێکەڵی هەردووکیان بوونە، باش دەزانن تا چەند خەڵکی ئاستە نزمەکانی لادێ، بەڕاستی خەڵکی شاریان تێپەڕاندووە. بەم پێیە، دەڵێن کە لە چین و هیندستان پایە و هەقدەستی کارگەرانی لادێ بەرزترن لەوانەی بەشی زۆری پیشەوەران و پیشەسازان. ڕەنگە لە هەموو شوێنێکیش وایان لێ بێ ئەگەر یاسای کۆمپانیا و گیانی گردبوونەوە ڕێگەیان لێ نەگرێ.

باڵادەستیی پیشەسازیی شاران بەسەر پیشەی لادێدا، لە هەموو شوێنێکی ئەوروپا، هەمووی بۆ گردبوونەوە و یاساکانی کۆمپانیاکان ناگەڕێتەوە. بەڵکو کۆمەڵێک یاسای تر هەن پشتیوانیی دەکەن. ئەو باجە زۆرەی دەخرێتە سەر دەستکردی بیانی و هەموو ئەو کاڵایانەی لەلایەن بازرگانی بیانییەوە هاوردە دەکرێن، هەموویان خزمەتی ئەم ڕێچکەیە دەکەن. یاساکانی کۆمپانیاکان هاوکاری شارنشینانن بۆ ئەوەی نرخەکانیان بەرز بکەنەوە، بەبێ ترس لەوەی بەهۆی کێبەرکێی ئازادی گوندنشینانەوە ئەو نرخانە دابەزن. یاسای تر بەهەمان شێوە لە کێبەرکێی ئازادی خەڵکی بیانی دەیانپارێزن. ئەو بەرزکردنەوەی نرخە لە هەردوو ڕێیەکەوە دێتە کایەوە، لەکۆتاییدا و لە هەموو شوێنێک خاوەن موڵک و جووتیار و کارگەرانی لادێ باجەکەی دەدەن، کە بەدەگمەن دژ بەدروستبوونی ئەو قۆرخکارییانە دەوەستنەوە. ئەوان بەگشتی نە حەز و نە توانای چوونە ناو گردبوونەوەیان هەیە و، زمانی لووس و چەقەچەقی بازرگان و پیشەسازان بەئاسانی قایلیان دەکەن بەوەی کە بەرژەوەندی تایبەتی بەشێکی و، بەرژەوەندی بەشێکی پەیوەستی کۆمەڵگە، بەرژەوەندی گشتیی هەموو کۆمەڵگەن.

لە بریتانیای مەزندا لەوە دەچێ باڵادەستیی پیشەسازیی شاران بەسەر ئەوەی لادێدا، لە پێشوودا لەوەی ئێستا زیاتر بووبێ. هەقدەستی کاری لادێ لەوەی کاری پیشەوەری نزیکتر دەبێتەوە و، قازانجی ماڵی بەگەڕخراو لە کشتوکاڵدا لەوەی ماڵی بازرگانی و پیشەسازی نزیکتر دەبێتەوە، لەوەی دەڵێن لە سەدەی ڕابردوو یان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هەبووە. دەکرێ ئەم گۆڕانکارییە بەئاکامێکی پێویست، هەرچەندە دواکەوتووە،

دابنرێ بۆ هاندانی نائاسایی زیادبوونی پیشەسازیی شارەکان. ماڵی کەڵەکە بوو لەو پیشەسازییانەدا کاتێکی بەسەردا هات کە توانای بەگەڕخستنی بەهەمان قازانجی کۆنیەوە، لەو جۆرە پیشەیەی تایبەتە بەخۆی، نەما. پیشەسازیش وەک هەر شتێکی تر سنووری خۆی هەیە و، زیادبوونی ماڵ، لەڕێی زیادکردنی کێبەرکێوە، بێگومان قازانج کەم دەکاتەوە. کەمبوونەوەی قازانج لە شاردا، بەرەو لادێ، پاڵ بەماڵەوە دەنێ، کە لەوێ لەڕێی دروستکردنی خواستی نوێ لەسەر کاری لادێ، وەک پێویستییەک نرخی ئەو کارە بەرز دەکاتەوە. ئینجا لەو کاتەدا، ئەگەر شیاو بێ وا بڵێم، خۆی بەسەر رووی زەویدا بڵاو دەکاتەوە و، بە بەگەڕخستن لە کشتوکاڵدا لەو بەشەی کە سەر بە لادێیە، لەسەر حیسابی ئەوەی کە زۆربەی لە بنەڕەتدا لە شار کۆ بووبووەوە. لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم پێشانی بدەم چۆن گەورەترین پێشکەوتنەکانی لادێ لە سەرتاسەری ئەورووپا قەرزاری ئەم جۆرە زیادبوونەی ئەو ماڵەیە کە لە بنەڕەتدا لە شارەکان کەڵەکە کران و، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدەم ئەوە بخەمە روو کە سەرباری ئەوەی هەندێ وڵات بەهۆی ئەم دۆخەوە بەشێوەیەکی بەرچاو دەوڵەمەند بوون، بەڵام ئەو دەوڵەمەندبوونە لەسەرخۆیە، مایەی دڵنیابوون نییە، بەچەندان رووداو دەشڵەژێ و، لە هەموو روویەکەوە پێچەوانەی سیستمی سروشت و ئاوەزە. لە هەردوو کتێبی چوارەم و پێنجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا تا پێم بکرێ هەوڵی روونکردنەوەی تەواوی ئەو بەرژەوەندی، حەز، یاسا و نەریتانەی هەلیان بۆ ئەمە رەخساندووە، دەدەم.

خەڵکی خاوەن هەمان پیشە بەدەگمەن یەک دەگرن، تەنانەت بۆ خۆشی و کات بەسەربردنیش کۆ نابنەوە، بەڵام گفتوگۆکانیان بە پیلانێک دژ بە گشت، یان بەڕێگەیەک بۆ بەرزکردنەوەی نرخ تەواو دەبن. لەڕاستیدا رێگری لەو جۆرە کۆبوونەوانە مەحاڵە، بەهیچ یاسایەکی شیاوی جێبەجێکردن، یان گونجاو لەگەڵ ئازادی و دادوەریدا. بەڵام هەرچەندە یاسا ناتوانێ رێ لە کۆبوونەوەی خەڵکی هاوپیشە بەیەکەوە بگرێ، نابێ هیچیش بکات بۆ رێخۆشکردن بۆ ئەم جۆرە گردبوونەوانە، نەک وا بکات کە بەپێویست بزانرێن.

یاسایەک کە خاوەنی هەمان پیشە لە شارێکی دیاریکراودا ناچار بکات ناو و شوێنی خۆیان لە تۆمارێکی گشتیدا تۆمار بکەن، رێخۆشکەری بۆ ئەو جۆرە گردبوونەوانە دەکا. ئەو تاکانەی لەوانەیە بەبێ ئەو هەرگیز یەکتریان نەناسیبێ، کۆ دەکاتەوە و، رێگە پێشانی هەر یەکێکیان دەدات بۆ ئەوەی هەموو هاوپیشەکانی بدۆزێتەوە.

یاسایەک کە وا دەکا هاوپیشەکان باجی خۆیان بدەن بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ هەژارەکانیان، نەخۆشەکانیان، بێوەژن و هەتیوەکانیان، لەڕێی دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا، کۆبوونەوەکانیان دەکاتە کارێکی پێویست.

بەدامەزراوەبــوون نەک تەنیــا ئەو کۆبــوونەوانە دەکــاتە کــارێکی پێویســت، بگــرە هەڵسوکەوتی زۆرینە دەکاتە پابەندکەر بۆ گشت. لە بازرگانییەکی ئازاددا گردبوونەوەیەکی کارا بەبێ ڕەزامەندیی هەموو تاکە بازرگانێک دانامەزرێ و، بەبێ بەردەوامیی دەستگرتنی هەر تـاکە بازرگانێک بەهەمـان بیرەوە بەردەوامیی نـابێ. زۆرینە لە کۆمپانیـایەک دەتـوانن یاسایەکی کۆمپانیا دەرکەن و سزای گونجاویش دابنێن، کە بۆ سنووردارکردنی کێبەرکێ کاراتر و جێگیرتر دەبێ لە بڕیاری هەر گردبوونەوەیەکی خۆبەخش.

پێشـاندانی ئەوەی کە گردبوونەوەی پیشـەوەران پێویسـتە بـۆ بەڕێوەبردنێکی باشـتری بازرگـانییەکە هـیچ بنەمـایەکی نیـیە. بنەمـای ڕاسـتەقینە و کـارا کە بەسـەر پیشـەوەرێکدا جێەجێ دەکرێ بنەمای گردبوونەوە نییە بەڵکو ئەوەیە کە کڕیار دەیسەپێنێ. ئەوە ترسـە لە لەدەسـتدانی پیشـەکەیان کە سـنوور بـۆ فێڵکرجیهـانن دادەنـێ و بێباکییەکەیـان ڕاسـت دەکاتەوە. گردبوونەوەیەکی تایبەت هێزی ئەم بنەمایە لاواز دەکا. دەستەیەکی دیاریکراوی پیشەوەران لەو کاتەدا دەبێ کار بکەن و، بهێڵرێ بەباشی یان بەخراپی هەڵسوکەوت بکەن. بەم پێیەشە کە لە گەلێ شـاری گەورەی خـاوەن گردبوونەوەی پیشـەیی، پیشـەوەری بـاش دەسـت نـاکەون، تەنـانەت لە هەنـدێ بازرگـانیی زۆر پێویسـتیشـدا. ئەگەر تـۆ مەبەسـتت بـێ کـارەکەت بەباشـی ئەنجـام بـدرێ، دەبـێ لە دەوربەری شـاردا ئەنجـام بـدرێ، کە هـیچ جیاکەرەوەیەکی تایبەتیان نییە و جگە لە کەسایەتیی خۆیان هیچ نییە پشتیان پێی قـایم بـێ و، ئەو کات دەبێ تا دەتوانی بەقاچاخ بیبەیتە ناو شار.

بەم شێوازە سیاسەتی ئەوروپا، لەڕێی سنووردارکردنی کێبەرکێ لە هەنـدێ پیشـەدا بـۆ کەمترین ژمـارە کە بەبـێ سـنووردارکردنەکە دەچـنە نـاو پیشـەکەوە، نایەکسـانییەکی زۆر گرنگ دروست دەکا لە تەواوی سوود و کەموکوڕیەکانی بەگەڕخستنە جیاجیاکانی کـار و ماڵدا.

دووەم، سیاســەتی ئەوروپـا بەزیـادکردنی کێبەرکـێ لە هەنـدێ پیشـەدا بـۆ سـەرووی ئاستی سروشتی، دەبێتە هۆکاری نایەکسانییەکی تر لە جۆرێکی پێچەوانە، لە گشـت سـوود و کەموکوڕییەکانی بەگەڕخستنە جیاجیاکانی کار و ماڵدا.

زۆر بەگرنگ زانراوە کە ژمارەیەکی گونجـاو لە خەڵکی گەنـج دەبـێ فێری پیشـەگەلێکی دیاریکراو بین، کە هەندێ جار گشت و هەندێ جاریش دڵسۆزیی دامەزرێنەرانی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە چەندان خەرجی، خەرجیی فێرکاری، پێشانگە، دیاری، هتد-یان دامەزراندووە، کە خەڵکی تـر بـۆ ئەم بازرگانییانە بەکێش دەکەن زیـاتر لەو خەڵکەی بەبێ ئەم هانـدەرانە شـوێنیان دەکەون. مـن بـڕوام وایە کە لە گشـت وڵاتـانی کریسـتیاندا، خەرجیـی فێرکردنـی زۆربەی زۆری پیـاوانی کڵێســا بەم شـێوەیە دەدرێــن. زۆر کەم لەوان تەواوی خوێنـدنی خـۆی لە گیرفـانی خـۆی دەدا. کەواتە، خوێنـدنی درێژخایـان، قـوڕس و، گرانبـایی ئەوانە،

بەردەوام پاداشتی گونجاویان بۆ دابین ناکا، کڵێساش پڕە لە خەڵکێک کە بۆ بەدەستهێنانی کار ئامادەن بەکەمتر لە پاداشتی ئەو جۆرە خوێندنە قایل ببن و، بەم شێوەیە کێبەرکێی نێوان هەزاران پاداشتی دەوڵەمەند لەناو دەبا. بێگومان گونجاو نابێ بەراوردی قەشە و شەماشە بەشاگردێکی بازرگانییەکی ئاسایی بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا شیاوە سروشتی مووچەی ئەوان بەهەمان سروشتی هەقدەستی شاگرد دابنرێ. ئەوان، هەرسێکیان، پارەیان دەدرێتێ لە بەرامبەر کارەکەیان و بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی لەوانەیە هەر یەکێکیان لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەی خۆی ئەنجامی دابێ. تا دوای ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەم، پێنج مێرک (پێوانەیەکی سەدەکانی ناوەڕاستە بۆ کانزا بەنرخەکان، یەکسانە بەنزیکەی هەشت ئۆنس. هەروەها دراوێکی سەدەکانی ناوەڕاستە و یەکسانە بەنزیکەی چواردە شیلین – وەرگێڕ)، کە بارتەقای دە پاوەنی ئەم سەردەمەی ئێمە زیوی تێدا هەبوو، مووچەی ئاسایی شەماشەیەک یان کاهینی ڕەعیەت بوو لە ئینگلتەرە، کە وەک دەبینین بەبڕیاری چەندان ئەنجومەنی نیشتمانیی جیاجیا ڕێک خراوە. لە هەمان ئەو ڕۆژگارانەدا، ڕۆژانەی وەستایەکی بیناساز چوار پێنس بووە، کە بارتەقای یەک شیلینی ئەم سەردەمە زیوی تێدا هەبوو و، ڕۆژانەی شاگردێکی بیناساز سێ پێنس بووە، کە بایی نۆ پێنسی ئێستا زیوی تێدا هەبووە. بۆیە بەگریمانەی ئەوەی کە ئەم دووانە بەردەوام کاریان هەبووە، هەقدەستی هەردووکیان زۆر زیاترە لەوەی شەماشە. هەقدەستی وەستای بیناساز بەگریمانەی ئەوەی سێیەکی ساڵ بێ کار بێ ڕێک یەکسانە بەوەی ئەو. لە دوانزەیەمین ساڵی حوکمڕانیی شاژن ئان، ڕاگەیەنرا کە "لەبەر پێویستی بەبژێویی پێویست و هاندەر بۆ شەماشەکان و، لەبەر ئەوەی شەماشەکان لە چەندان شوێندا پێداویستیی خۆیان دەست ناکەوێ، لەبەر ئەوە ئوسقوف مافی ئەوەی هەیە بەنووسراو و مۆری خۆی مووچەیەکی شیاو یان جێگرەوەیەکی مووچەیان بۆ دەستنیشان بکات کە ساڵانە لە پەنجا پاوەن زیاتر نەبێ و لە بیست کەمتر نەبێ". چل پاوەن ساڵانە لەم سەردەمەدا مووچەیەکی زۆر باشە بۆ شەماشەیەک و، سەباری ئەم یاسایەی پەرلەمان گەلێ شەماشە هەن ساڵانەیان لە بیست پاوەن کەمترە. هەندێ شاگردی دروستکەری پێڵاو لە لەندەن هەن ساڵانەیان چل پاوەنە و، بەدەگمەن پیشەوەر هەن لە هەر جۆرێک، لەو شارەدا ساڵانە زیاتر لە بیست پاوەنیان نەبێ. لەڕاستیدا ئەم بڕە پارەیەی دوایی زیاتر نییە لەوەی زۆربەی کات کارگەرانی ئاسایی لە ئەبرەشییەکانی لادێدا دەستیان دەکەوێ. هەر کاتێک یاسا هەوڵی ڕێکخستنی هەقدەستی پیشەوەرانی دابێ، بەردەوام لە هەوڵی کەمکردنەوەیان بووە نەک زیادکرجیهانن. بەڵام یاسا لە گەلێ بۆنەدا هەوڵی بەرزکردنەوەی مووچەی شەماشەکانی داوە و، بۆ پاراستنی پێگەی ئەبرەشییەکان، سەرپەرشتیارانی ئەبرەشییەکانی ناچار کردووە زیاتر لە پێویستیی ژیانی مەمرەومەژییان پێ بدات کە ڕەنگە خۆیان پێی

قایل بن. له هەردوو دۆخەکەشدا لەوە دەچێ کە یاسا کاریگەر نەبووبێ و، هەرگیز نەیتوانیوە مووچەی شەماشەکان زیاد بکات، یان مووچەی کارگەران دابەزێنێتە ئەو ئاستەی مەبەستی بووە، لەبەر ئەوەی هەرگیز نەیتوانیوە رێگە لە هیچ کامیان بگرێ و نەهێڵێ بەکەمتر لەوەی یاسا رێگەی پێ داوە قایل ببن، لەبەر دۆخی هەژارییان و زۆریی کێبەرکێکارانیان، یان رێگری لەوانی تر بکات بۆ ئەوەی زیاتر وەرنەگرن، لەبەر کێبەرکێی پێچەوانەی ئەوانەی چاوەڕوان دەکرێ قازانج یان کامەرانی لە بەگەڕخستنیان بەدەست دێن.

داهاتی زۆری کڵێسا و، پایە بەرزەکانی تری، پشتیوانی لە شەرەفی کڵێسا دەکەن، سەرباری هەلومەرجی ناهەمواری ئەندامانی ئاستی خوارەوەی. هەروەها ئەو رێزەی لە پیشەکە دەگیرێ، هەندێ قەرەبوو دەکاتەوە، تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە بەنزمترین ئاست قەرەبوو دەکرێنەوە. لە ئینگلتەرە و لە گشت وڵاتانی رۆمانی کاتۆلیکدا، تیروپشکی کڵێسا زۆر لە پێویست زیاتر بەسوودە. نموونەکانی کڵێساکانی سکۆتلاند، جنێڤ و، گەلێ کڵێسای پرۆتستانتی تر، رەنگە قایلمان بکەن بەوەی کە لە پیشەیەکی وەها متمانەداردا، کە فێربوونی وا بەئاسانی بەدەست بێ، هیوای پێگەی گونجاوتر ژمارەیەکی باش خەڵکی زانیار، شیاو و، بەرێز بۆ فەرمانە پیرۆزەکان بەکێش دەکەن.

لەو پیشانەی کە پێگەی ئاینییان نییە، وەک یاسا و پزیشکی، ئەگەر رێژەیەکی یەکسانی خەڵک لەسەر خەرجیی گشتی بیانخوێنن، ئەوە زۆری پێ ناچێ کێبەرکێ ئەوەندە زۆر دەبێ و دەبێتە مایەی داتەپینی زۆری پاداشتی بەپارەیان. رەنگە وای لێ بێ کە هیچ کەسێک بەشیاوی نەزانێ کوڕی خۆی بخاتە بەر خوێندنی هیچ کام لەو پیشانە ئەگەر خوێندنەکە لەسەر ئەرکی خۆی بێ. خەڵک بەتەواوی پشتیان تێ دەکا و بەجێیان دەهێڵێ بۆ ئەوانەی لەرێی بەخشینی گشتییەوە دەخوێنن، کە بەگشتی ژمارە و پێویستییان ناچاریان دەکا بەقەرەبووی زۆر کەم قایل بن، هەروەها تەواو پایەی پیشەکانی پارێزەری و پزیشکی کە ئێستا رێزلێگیراون نزم دەبێتەوە.

دۆخی ئەو رەگەزە بێبازاڕەی خەڵک، کە بە ئەهلی وشە ناسراون، ئەو دۆخە دەبێ کە لەکاتی بەدیهاتنی گریمانەکەی سەرەوە پارێزەران و پزیشکان خۆیانی تێدا دەبیننەوە. لە زۆربەی بەشەکانی ئەورووپا ئەوانە بۆ کڵێسا خوێندیان، بەڵام لەبەر هۆکاری جیاجیا رێگرییان لێ کرا و نەخرانە بەر فەرمانی پیرۆزەوە. ئەوانە بەگشتی لەسەر ئەرکی گشتی خوێنجیهانن تەواو کرد و، ژمارەیان لە هەموو شوێنێکدا ئەوەندە زۆرە کە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی نرخی کارەکانیان بۆ قەرەبوویەکی بێنرخ.

پێش داهێنانی هونەری چاپکردن، تەنیا بەگەڕخستنێکی تواناکانی پیاوێکی ئەهلی وشە ئەوە بوو کە ببێتە مامۆستای گشتی یان تایبەت، یان گەیاندنی ئەو زانستە سەرنجراکێش

و بەسوودەی بەدەستی هێناوە بەخەڵکی تر بوو: ئەمە بەدڵنیاییەوە پیشەیەکی شەرەفمەندانەتر، بەسوودتر و، بەگشتی تەنانەت بەقازانجترە لە پیشەی نووسین بۆ کتێبفرۆشێک، کە هونەری چاپکردن ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندووە. کات و خوێندن، زیرەکی، زانایی و، لێوەشاوەیی پێویست بۆ شیاندنی مامۆستایەکی دیاری زانستەکان، بەلای کەمەوە یەکسانن بەوەی بۆ باشترین پیادەکاری یاسا و پزیشکی پێویستن. بەڵام پاداشتی باوی مامۆستایەکی دیار بەهیچ شێوەیەک مایەی بەراوردکردن نییە لەگەڵ پاداشتی پارێزەرێک یان پزیشکێک، لەبەر ئەوەی بازرگانییەکەی ئەو قەرەباڵخە بەخەڵکی هەژار کە بەخەرجیی گشتی بۆ ئەو پیشەیە ئامادەکراون، لەکاتێکدا ئەوەی دووانەکەی تر لە دەستی کەسانێکی زۆر کەمدایە کە لەخۆیانەوە فێری ئەو پیشانە نەبوونە. بەڵام قەرەبووی باوی مامۆستایانی گشتی و تایبەت، کە بەدیمەن کەمە، بێگومان لەوەش کەمتر دەبوو کە هەیە، ئەگەر ئەو ئەهلی وشە هەژارترەی لەپێناو پاروووە نان دەنووسن لە بازاڕەکە دەرنەچوونایە. پێش داهێنانی هونەری چاپکردن، زانایەک و سواڵکەرێک زۆر لەیەک دەچوون. لەوە دەچوو کە کارگێڕانی زانکۆ جیاجیاکان، پێش ئەو سەردەمە، بڕوانامەیان بۆ سواڵکەری بەزانایان دابێ.

لە سەردەمانی دێرینی پێش دامەزراندنی ئەم جۆرە کۆمەڵە خێرخوازییانە بۆ ئەوەی خەڵکی هەژار پیشەی سوودبەخش فێر ببن، پاداشتی مامۆستایانی دیار زۆر زیاتر بوون. ئایزۆکرات، لەو وتارەی کە دەڵێن دژی سۆفستاییەکانە، لۆمەی مامۆستایانی سەردەمی خۆی دەکا بەوەی دژبەرییان تێدایە. "ئەوان نایابترین بەڵێن بەزانایانیان دەدەن و"، ئەو دەڵێ، "بەڵێن دەدەن کە فێریان بکەن دانا بن، کامەران بن و، دادوەر بن و، خزمەتێکی گرنگ بەرامبەر پاداشتێکی بێبەهای چوار یان پێنج مینا پێشکەش بکەن (دراوێکی کۆنی گریک و میسرییە، بەرامبەر بە نزیکەی چوار پاوەنە – وەرگێڕ). ئەوانەی دانایی فێری خەڵک دەکەن"، ئەو بەردەوام دەبێ، "پێویستە خۆیان دانا بن، بەڵام هەر کەسێک ئەم دەستەوارەیە بەو نرخە بفرۆشێ، بێگومان گەمژەیە". ئەو بێگومان لێرەدا مەبەستی نییە ئەو پاداشتە زیاد بکات و، دەبێ دڵنیا بین کە کەمتر نەبووە لەوەی کە نوێنەرایەتیی دەکا. چوار مینا یەکسان بوو بە سیانزە پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس: پێنج مینا یەکسانە بە شانزە پاوەن و سیانزە شیلین و چوار پێنس. هەندێ جار کەمتر لە زۆرترینی ئەم دوو بڕە پارەیە بەمامۆستایەکی دیاری ئەتینا نەدەدرا. ئایسوکرات خۆی لە هەر زانستخوازێک داوای دە مینای کرد، یان سی و سێ پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس. دەڵێن کاتێک کە لە ئەتینا وانەی دەگوتەوە، سەد زانستخوازی هەبووە. من وا تێ دەگەم لە یەک کاتدا وانەی بەو ژمارەیە گوتووەتەوە، یان ئەو ژمارەیە لە یەک کورسی وانەکانیدا بەشدار بوونە، کە ژمارەیەکی نائاسایی نییە بۆ شارێکی وا گەورە و

مامۆستایەکی وا بەناوبانگ، کە بالاترین زانستی ئەو سەردەمەی دەگوتەوە، ڕەوانبێژی. بەو پێیە ئەو لە هەر کۆرسێکی وانەکانی، هەزار مینای دەست کەوتووە، یان ٣٣٣٣ پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس. بەو پێیە و وەک پلوتارخ لە شوێنێکی تردا دەڵێ، هەزار مینا نرخی ئاسایی وانەگوتنەوەی ئەو بووە. گەلێک مامۆستای تری دیار لەو سەردەمانەدا سامانی گەورەیان بەدەست هێناوە. جۆرجیەس پەیکەرێکی پتەوی لەزێڕ وەک دیاری پێشکەشی پەرستگەی دیلفی کرد. پێم وایە کە نابێ پێشبینیی ئەوە بکەین کە بەقەبارەی ڕاستەقینە بووبێ. شێوازی ژیانی ئەو و هەروەها هیپیەس و پرۆتاگەرەس، کە دوو مامۆستای تری دیاری ئەو سەردەمە بوون، لەلایەن پلاتۆوە بە نایاب تا ئاستی خۆهەڵکێشان وەسف دەکرێ. هەروەها دەڵێن پلاتۆ خۆیشی ژیانێکی نایاب ژیاوە. ئەریستۆ دوای ئەوەی بووە مامۆستای ئەلێکساندەر و، بەتێروتەسەلی پاداشت کرا، وەک ئەوەی هەمووان لەسەری کۆکن، لەلایەن ئەلیکساندەر و فیلیپی باوکیشیەوە، گەڕایەوە بۆ ئەتینا بۆ ئەوەی دەست بەوانەگوتنەوە لە قوتابخانەکەی خۆیدا بکاتەوە. مامۆستایانی زانست لەو سەردەمانەدا کەمتر ناسراو بوون لەوەی کە پاش یەک دوو نەوە ناسران و، کێبەرکێی نێوانیان تاڕادەیەک نرخی کاری هەردوو لایان و سەرسامیی بەکەسایەتییان کەم کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دەچێ دیارترینیان خاوەنی پلەیەکی زۆر بەرزتر بن لەوەی هەر کەسێکی خاوەن هەمان پیشە لەم سەردەمەدا هەیەتی. ئەتینایی‌یەکان کارنیدسی ئەکادیمی و، دیۆجینی بەرگەگریان وەک باڵیۆزی فەرمی بۆ ڕۆما نارد و، هەرچەندە شارەکەیان دوای ئەوە مەزنایەتیی بەرەو ڕۆچوون چوو، بەڵام هەر وەک کۆمارێکی سەربەخۆی پایەدار مابووەوە. کارنیدسیش کە بەلەدایکبوون خەڵکی بابل بوو و، لە کاتێکدا کەس ئەوەندەی ئەتینایی‌یەکان پێی ناخۆش نەبوو خەڵکی بیانی پلەی فەرمی وەرگرن، وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن ئەوەوە ئاماژەیە بۆ پایەی زۆر بەرزی ئەو.

ئەم نایەکسانییە کە بۆ گشتە، ڕەنگە بەسوود بێ بۆ گشت زیاتر لەوەی زیانبەخش بێ. لەوانەیە تاڕادەیەک ئاستی مامۆستایەکی گشتی کەم بکاتەوە، بەڵام هەرزانبوونی فێربوونی ئەدەبیات بێگومان سوودێکە کە بەڕادەیەکی زۆر ئەم نەگونجاوییە کەمە لاسەنگ دەکا. خەڵکیش لەوانەیە قازانجی زیاتری لێ هەڵێنجن، ئەگەر یاسای ئەو قوتابخانە و کۆلیجانەی پرۆسەی فێرکرجیهانن تێدا بەڕێوە دەچێ، گونجاوتر بن لەوەی ئێستا لە زۆربەی بەشەکانی ئەوروپادا هەیە.

سێیەم، سیاسەتی ئەوروپا، بەلەنگەر دانان لەبەردەم جووڵەی ئازادی کار و ماڵ لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەک و، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک، لە هەندێ دۆخدا دەبێتە هۆی نەگونجاوییەکی زۆر لە تەواوی سوود و زیانەکانی بەگەڕخستنی جیاجیایاندا.

یاسای مەشقی پیشەیی ڕێگرە لە بەردەم جووڵەی ئازادی کار لە پیشەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، تەنانەت لە یەک شوێنیشدا. سوودە تایبەتەکانی گردبوونەوە پیشەییەکان ڕێگرە لە جووڵەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک، تەنانەت لە هەمان پیشەشدا.

زۆر جار کاتێک کە هەقدەستی زۆر بە پیشەوەرانی پیشەیەک دەدرێ، ئەوانەی پیشەیەکی تریان هەیە ناچار دەکرێن خۆیان بەکەمترین بژێوییەوە پابەند بکەن. ئەوەیان لە دۆخێکی پێشکەوتندایە و، بەهۆیەوە خواستی بەردەوامی بۆ دەستی کاری نوێ هەیە، ئەوەی تر لە دۆخی پووکانەوەیە و دەستی کاری زیادەی لە زۆربوونی بەردەوامە. ئەو دوو پیشەیە لەوانەیە هەندێ جار لە یەک شاردا بن و، هەندێ جار لە هەمان ناوچەدا بن، بەڵام ناتوانن کەمترین یارمەتی پێشکەشی یەکتر بکەن. یاسای مەشقی پیشەیی لەوانەیە لە دۆخێکدا ڕێگر بێ و، لەدۆخێکی تردا ئەو یاسایە و گردبوونەوەیەکی پیشەیی تایبەت، هەردووکیان بەیەکەوە ڕێگر دەبن. لە گەڵێ پیشەی جیاجیادا، کە دۆخەکە هاوشێوەیە، پیشەوەران دەتوانن بەئاسانی پیشەی خۆیان بەیەکێکی تر بگۆڕن، ئەگەر ئەو یاسا بێواتانە ڕێگرییان لێ نەکەن. هونەرەکانی چنینی کەتانی ئاسایی و ئاوریشمی ئاسایی، بۆ نموونە، نزیکەی تەواو هاوشێوەن. هونەرەکانی چنینی خوریی ئاسایی کەمێک جیاوازن، بەڵام جیاوازییەکە هەر ئەوەندەیە کە پیشەوەرێکی چنینی کەتان یان ئاوریشم بەچەند ڕۆژێکی کەم بەباشی شارەزاییان لێ پەیدا بکات. بۆیە ئەگەر هەر یەکێک لەو سێ پیشە سەرەکییە ڕووی لە کزی کرد، پیشەوەرەکانی دەتوانن سەرچاوەی داهات لە یەکێ لەو دووانەی تر، کە دۆخی باشترە بدۆزنەوە و، هەقدەستەکانیان نە لە پیشە گەشەکردووەکەدا زۆر بەرز دەبێتەوە و نە لە نووچخواردووەکەدا زۆر کەم دەبێتەوە. لە ئینگلتەرە، پیشەسازیی کەتان بەهۆی یاسایەکی دیاریکراوەوە بۆ هەموو کەسێک کراوەیە، بەڵام کەتان لە زۆربەی شوێنانی وڵاتدا بەڕێژەیەکی زۆر ناچێنرێ، بۆیە ناتوانێ سەرچاوەیەکی گشتی بۆ کارگەرانی پیشە نووچخواردووەکان دابین بکات، ئەوانەی لە هەر شوێنێکدا یاسای مەشقی پیشەیی پیادە دەکرێ هیچیان بەدەستەوە نییە، جگە لەوەی ڕوو لە کڵێسا بکەن یان وەک کارگەری ئاسایی کار بکەن، کە بەلای ئەوانەوە خراپترین و نەشیاوترینن بۆ هەر جۆرە پیشەیەکی هاوشێوەی ئەوەی خۆیان. بۆیە ئەوان بەگشتی ڕوو لە کڵێسا دەکەن.

هەر ئاستەنگێک لەبەردەم سووڕانەوەی (circulation) ئازادی کار لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەک، ئاستەنگە لەبەردەم سووڕانەوەی ئازادی ماڵیش، ئەو بڕە ماڵەی دەشێ لە هەر لقێکی بازرگانیدا بەگەڕ بخرێ تاڕادەیەکی زۆر پشتبەستووە بەو کارەوەی دەشێ لەوێدا بەگەڕ بخرێ. یاسای گردبوونەوە پیشەییەکان، لەمپەری کەمتر، لەوانەی دەیخاتە پێش سووڕانەوەی کار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، دەخاتە پێش سووڕانەوەی ئازادی ماڵ. لە هەموو شوێنێک ئاسانترە بۆ بازرگانی دارا سوود بەدەست بهێنێ لە بازرگانیکردن لە

گردبوونەوەی پیشەیی شارێک، ئاسانتر لەوەی کارگەرێکی نەدار بتوانێ کاری دەست بکەوێ.

من بڕوام وایە کە لە هەر بەشێکی ئەورووپا، ئەو لەمپەرانەی یاساکانی گردبوونەوەی پیشەیی دەیخەنە پێش سووڕانەوەی کار گشتین. ئەوەی لەڕێی یاساکانی هەژارانەوە (ئەو یاسایانەن کە بۆ پشتیوانیی هەژاران دەرچوون، بەشێوەیەکی بنەڕەتیش ئاراستەی کڵێساکان کرابوون، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەن و کاریان بۆ بدۆزنەوە و، لە سەدەی بیستدا پلانەکانی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی جێگەیانی گرتەوە – وەرگێڕ) پێی دراوە، ئەوەندەی من بزانم، لە ئینگلتەرەدا نامۆن. ئەو پێک هاتووە لەو سەختییەی دێتە سەر ڕێگەی پیاوێکی هەژار بۆ بەدەستهێنانی نشینگەیەک، یان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ نەدرێ پیشەی خۆی ئەنجام بدات لە هیچ شوێنێک جگە لەو شوێنەی خۆی تێیدا دەژی. یاساکانی گردبوونەوە پیشەییەکان تەنیا ڕێ لە سووڕانی ئازادانەی کاری پیشەوەران و پیشەسازان دەگرن. بەڵام سەختیی بەدەستهێنانی نشینگە ڕێ لە سووڕانی ئازادانەی کاری ئاساییش دەگرێ. لەوانەیە جێی خۆی بێ هەندێ باسی سەرهەڵدان، گەشەکردن و، دۆخی ئێستەی ئەم بشێوییە، کە ڕەنگە زۆرتر لە هەمووان لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی ئینگلتەرەدا بوونی هەبێ.

کاتێک کە بەهۆی ڕووخاندنی دێرەکانەوە هەژارەکان بێبەش کران لە خێرخوازیی ئەو ماڵە ئاینییانە، دوای هەندێ هەوڵێ ناکارا بۆ فریاکەوتنیان، بەهاتنی چل و سێیەمین ساڵی ئێلیزابێت، یاسایەک دەرچوو کە دەیگوت هەموو ئەبرەشیەیەک دەبێ پابەند بێ بە یارمەتیدانی هەژارانی خۆیەوە و، ئەوانەی سەرپەرشتیی هەژارەکان دەکەن ساڵانە دەستنیشان بکرێن و، لەگەڵ سەرپەرشتیارانی ڕێکخستنی کڵێسا، کار بۆ زیادکردنی ئەو برە پارانە بکەن کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراون.

ئەم یاسایە یارمەتیدانی هەژارانی هەر ئەبرەشیەیەکی بەسەر ئەبرەشیەکەدا سەپاند. ئینجا پرسیاری 'هەژاری هەر ئەبرەشیەیەک کێیە؟' بووە پرسیارێکی تارادەیەک گرنگ. تا لە ساڵانی سیازدەیەم و چواردەیەمی چارلزی دووەمدا، وەڵامی پرسیارەکە پاش کەمێک ناکۆکی دەستنیشان کرا و یاسایەک دەرچوو، بەوەی نیشتەجێبوون بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەبێ ئاستەنگ کەسەکە دەکاتە دانیشتووی سنووری ئەبرەشیەکە، بەڵام لەو ماوەیەدا مافی دوو لە دادوەرانی ئاشتیە، بەپشتبەستن بە سکاڵای سەرپەرشتیارانی کڵێسا یان چاودێرانی کەسە هەژارەکە، هەر دانیشتوویەکی نوێ بۆ سنووری ئەو ئەبرەشیەیە دەرکەن کە پێشتر بەشێوەیەکی یاسایی لەوێ نیشتەجێ بووە، مەگەر خانوویەکی بە دە پاوەن ساڵانە گرتبێ، یان دڵنیاییەکی هاوشێوە بەچۆڵکردنی ئەو شوێنە بداتە ئەو ئەبرەشیەیەی لێیەتی، بەو شێوەیەی دوو دادوەرەکە بەگونجاوی دەزانن.

لە ئەنجامی ئەم یاسایە، وەک دەگوترێ، هەندێ کردەوەی فێڵکردن ئەنجام دراون، کارمەندانی ئەبرەشیەکان هەندێ جار بەرتیلیان بەهەژارانی خۆیان دەدات تاوەکو بەدزییەوە بچنە سنووری ئەبرەشیەیەکی تر و، دوای مانەوەی بەدزییەوەی چل ڕۆژ لەوێ نشینگەیان دەست بکەوێ، بەرامبەر بەگەردن ئازایی لەو ئەبرەشیەیەی کە لێیەوە دەڕۆن. لەبەر ئەوە لە ساڵی یەکەمی جەیمسی دووەم یاسایەک دەرچوو، بەوەی ئەو چل ڕۆژ نیشتەجێبوونە بێ گرێیەی هەر کەسێک تەنیا لەو کاتەوە دەژمێررێ کە کەسەکە بەنووسراو ئاگەداری لە شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی دەداتە یەکێک لە سەرپەرشتیارانی کڵێسا یان چاودێرانی ئەو ئەبرەشیەیەی هاتووە لە سنوورەکەیدا نیشتەجێ ببێ.

بەڵام لەوە دەچێ کە کارمەندانی ئەبرەشیە، بەردەوام لەگەڵ ئەبرەشیەی خۆیاندا زیاتر لەوەی لەگەڵ ئەبرەشیەی تردا، دەستپاک نەبوونە و، هەندێ جار چاوپۆشییان لەو جۆرە سەرپێچییانە کردووە، ئاگەدارکردنەوەکەیان وەرگرتووە و، هیچ هەنگاوێکی پێویستیان نەگرتووەتە بەر. لەبەر ئەوەی چاوەڕوان دەکرا هەموو کەسێکی ئەبرەشیەکە بەرژەوەندێکی هەبێ لە ڕێگری لە گرانبوونی بارەکەیان بەو غەوارانە، لە ساڵی سێیەمی ویلیامی سێیەم یاسایەک دەرچوو بەوەی هەژمارکردنی ئەو نیشتەجێبوونە چل ڕۆژییە تەنیا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئاگەدارکردنەوەکە، لە یەکشەممەدا و لە کڵێسا و یەکسەر دوای سرووتی ئاینی، دەست پێ دەکا.

دوکتۆر بێرن دەڵێ، "سەرباری ئەوەش، ئەم جۆرە نیشتەجێبوونە، چل ڕۆژی بەردەوام لە پاش ڕاگەیاندنی ئاگەدارکردنەوە نووسراوەکەوە، زۆر بەدگمەن بەدەست دەهات و، دارشتنی یاساکە بۆ بەدەستهێنانی نشینگە نەبوو ئەوەندەی بۆ خودزینەوە بوو لە داڵدەدانیان، لەلایەن کەسانێکەوە کە بەدزییەوە هاتبوونە ناو سنووری ئەبرەشیەکەوە: چونکە پێشکەشکردنی ئاگەدارکردنەوەکە تەنیا دەسەڵاتی دوورخستنەوە بۆ ئەبرەشیەکە دابین دەکات. بەڵام ئەگەر دۆخی کەسێک جێی گومان بوو ئایا دەکرێ دەربکرێ یان ناکرێ، ئەوە پێشکەشکردنی ئاگەدارکردنەوە ئەبرەشیە ناچار دەکا بەبێ یەک و دوو ڕێگەی نیشتەجێبوونی پێ بدات و ماوەی چل ڕۆژ بەرگەی بگرێ، یان دەری بکات بۆ ئەوەی بەڕێگەی ڕاست کارەکە ئەنجام بدا."

لەبەر ئەوە، ئەم یاسایە وای کرد کە بەدەستهێنانی نشینگەیەکی نوێ بەڕێگە کۆنەکە، لەڕێی نیشتەجێبوونی چل ڕۆژییەوە، لەلایەن کەسێکی هەژارەوە لەکردن نەهاتوو بێ. بەڵام لەوە ناچێ کە بەتەواوی ڕێگر بێ لەوەی گشت خەڵکی یەک ئەبرەشیە نەتوانن بەدڵنیاییەوە خۆیان لە ناوچەی سەر بە ئەبرەشیەیەکی تر دامەزرێنن، یاساکە چوار ڕێگەی تری دەستنیشان کرد کە بەهۆیانەوە بەبێ پێشکەشکردن یان ڕاگەیاندنی هیچ

ئاگەدارکردنەوەیەک نشینگەیان پێ بەدەست دێ. یەکەمیان بریتی بوو لەوەی کەسەکە بەپێی ڕێژەکانی ئەبرەشیەکە باج بدا، دووەمیان ئەوەیە ئەو کەسە بۆ پێگەیەکی ساڵانەی ئەبرەشیەکە هەڵبژێررێ و ماوەی ساڵێک ئەرکەکەی بەجێ بگەیەنێ، سێیەم بەخزمەتکردنی مەشقی پیشەیی لە ئەبرەشیەکە، چوارەم بۆ ماوەی ساڵێک بەکرێ بگیرێ بۆ خزمەت لەوێ و خزمەتەکەی بەدرێژایی ساڵەکە بەردەوامیی هەبێ.

کەس ناتوانێ بەو دوو ڕێگەیەی یەکەم نشینگە بەدەست بهێنێ، ئەویش بەهۆی کردەوەی خەڵکی سەر بە ئەبرەشیەکە، کە باش ئاگەدارن لە ئاکامەکانی لەخۆگرتنی هاتوویەکی نوێ، کە جگە لە کاری خۆی هیچی نییە پشتی پێ ببەستێ، چ لەڕێی سەپاندنی باج بەپێی ڕێژەکانی ئەبرەشیەکە بەسەریدا، یان لەڕێی هەڵبژاردنیەوە بۆ پۆستێکی ئەبرەشیەکە.

هیچ کەسێکی خێزاندار بە دوو ڕێگەکەی دوایی نشینگەی دەست ناکەوێ. مەشقکار بەدەگمەن خێزاندارن و، یاسایەکی ڕوونیش دەڵێ خزمەتکاری خێزاندار کە بۆ ساڵێک بەکرێ گیرابێ نشینگەی نادرێتێ. کاریگەریی بنەڕەتیی دابینکردنی نشینگە لەڕێی خزمەتکردنەوە لە بەشی زۆریدا بۆ ڕەتکردنەوەی شێوازی کۆنی بەکرێگرتن بۆ ماوەی یەک ساڵ بووە، کە پێشتر لە ئینگلتەرە زۆر باو بوو، کە تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا، ئەگەر ڕێککەوتن لەسەر مەرجی دیاریکراو نەبێ، یاساکە هەموو خزمەتگوزارێک دەگرێتەوە کە بۆ یەک ساڵ بەکرێ گیراوە. بەڵام خاوەن کارەکان بەردەوام پێشوازی لەوە ناکەن نشینگە بۆ ئەو خزمەتگوزارانەیان دابین بکەن کە بەم شێوەیە بەکرێ گیراون و، خزمەتگوزارەکانیش بەردەوام پێشوازی لەم شێوەیەی بەکرێگرتن ناکەن، چونکە کاتێک هەموو دوانشینگەیەک هەموو ئەوەی پێشوو بەتاڵ دەکاتەوە، ئەوان ڕەنگە نشینگەکەی پێشوویان لە زێدی خۆیان لەدەست بدەن، کە نشینگەی باوان و کەسوکاریانە.

ئاشکرایە کە هیچ کارگەرێکی سەربەخۆ، چ کرێکار بێ یان پیشەوەر، ئەگەری ئەوە نییە نشینگەیەکی نوێی دەست بکەوێ نە بەمەشقی پیشەیی و نە بەخزمەتکاری. لەبەر ئەوە کاتێک کەسێکی لەم جۆرە پیشەکەی خۆی بۆ ئەبرەشیەیەکی نوێ دەگوازێتەوە، دەکەوێتە بەر هەڕەشەی دەرکردن، جا چەند لەشساغ و بەبەرهەم بێ، بەئارەزووی سەرپەرشتیاری کڵێسا یان چاودێرەکانی، مەگەر نشینگەیەک بە دە پاوەن ساڵانە بەکرێ بگرێ، کە مەحاڵە کەسێک هیچی نەبێ لە کارەکەی بەولاوە بۆ ئەوەی پێی بژێ، ئەمەی پێ بکرێ، یان دڵنیاییەکی وا بدات بۆ دەستبەردان لە ئەبرەشیەکە کە لەلایەن دوو دادوەری ئاشتییەوە بەگونجاو بزانرێ. لەڕاستیدا ئەو دڵنیاییەی ئەوان داوای دەکەن، هەمووی بۆ مەزەندەی ئەوان بەجێ دەمێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن داوای کەمتر لە سی پاوەن بکەن، ئەوە یاسایە و دەڵێ تەنانەت کڕینی موڵکێکی سەربەخۆ بەکەمتر لە سی پاوەن نشینگە بۆ هیچ

کەسێک دابین ناکا، چونکە بەشی دەستبەرداربوون لە ئەبرەشیە ناکا. ئەمەش دڵنیاییەکە بەدەگمەن کەسێک کە بەکاری خۆی بژی، دەتوانێ بیدا و، دڵنیایی زۆر لەوە زیاتر داوا دەکرێ.

بۆ بەدەستهێنانەوەی بەشێک لەو ئازادیی سوورانەوەی کارە کە ئەم یاسایانە بەتەواوی لەبەینیان بردووە، داهێنانی بڕوانامە ئەمەی لەئەستۆ گرت. بەهاتنی ساڵانی هەشتەم و نۆیەمی ویلیەمی سێیەم، یاسایەک دەرچوو بەوەی هەر کەسێک بڕوانامەیەک لەو ئەبرەشیەیەوە بهێنێ کە پێشتر بەشێوەیەکی یاسایی لێی نیشتەجێ بووە، لەلایەن سەرپەرشتیارانی کڵێسا و چاودێرانی هەژارانەوە دەرچووبێ و، دوو دادوەری ئاشتی ڕێگەیان پێ دابێ، ئەوە هەر ئەبرەشیەیەکی تر ناچار دەکا بەوەرگرتنی و، نابێتە ئامانجی دەرکردن تەنیا لەبەر ئەوەی گومانی لێ بکرێ کە ڕەنگبێ لە داهاتوودا تۆمەتی ئاراستە بکرێ، بەڵکو ئەو کاتە دەردەکرێ کە تۆمەتبار کرا و، ئەو کاتەش ئەو ئەبرەشیەیەی بڕوانامەکەی پێ داوە ناچار دەکرێ خەرجیی ژیان و دەرکردنیشی بدا. بۆ دڵنیاکردنەوەی تەواوی ئەو ئەبرەشیەیەی ئەو جۆرە پیاوە خاوەن بڕوانامەیە بۆ نیشتەجێبوون ڕووی تێ دەکا، هەمان یاسا ئەوەشی بۆ زیاد کرد کە ئەو کەسە هیچ نشینگەیەکی بەهیچ ڕێگەیەک دەست ناکەوێ جگە لە بەکرێگرتنی نشینگەیەک بەساڵانەی دە پاوەن، یان بەخزمەتگوزارییەک لەسەر ئەرکی خۆی لە پۆستێکی ساڵانەی ئەبرەشیەدا بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو و، لەکۆتاییدا نە بەئاگەدارکردنەوە، نەک بەخزمەت و نە بەمەشقی پیشەیی و نە بەدانی باجی ئەبرەشیە نشینگەی دەست ناکەوێ. هەر لە ساڵی دوازدەیەمی شاژن ئان، یاسای ژمارە ١، لە دەوروبەری ساڵی هەژدەیەمدا، ئەوەشی سەپاند کە نە خزمەتگوزاران و نە مەشقکارانی خاوەن ئەو جۆرە بڕوانامانە، هیچ نشینگەیەکی لەو ئەبرەشیەیەدا دەست ناکەوێ کە لەسایەی ئەو بڕوانامەیەوە تیایدا نیشتەجێیە.

ڕادەی بەدەستهێنانەوەی سووڕانی ئازادانەی، کار کە یاساکانی پێشوو لەناویان بردبوو، لەڕێی ئەم داهێنانەوە چەندە، ئەمەیان ڕەنگە لەڕێی ئەم تێبینییە وردەی دوکتۆر بێرنەوە لێی تێ بگەین، ئەو دەڵێ، "ئاشکرایە کە هۆکاری باشی ژێربەژێر هەن بۆ داواکردنی بڕوانامە لەو کەسانەی کە بۆ نیشتەجێبوون دێنە شوێنەکەی من، بەدەستنیشانکراوی، کە ئەو کەسانەی بەو بڕوانامانە نیشتەجێ دەبن نشینگەیان دەست دەکەوێ، نە لەڕێی مەشقی پیشەیی، نە بەخزمەتگوزاری، نە بەئاگەدارکردنەوە، نە بەدانی باج بەئەبرەشیە، ئەوانە ناتوانن نشینگە نە بۆ مەشقکار و نە بۆ خزمەتگوزار دابین بکەن، ئەگەر تۆمەتباریش کران ئەوە بەدڵنیاییەوە دەردەکرێن و، ئەبرەشیە پارەی دەرکرجیهانن و خەرجیی بژێوییان لەو ماوەیەدا وەردەگرێ و، ئەگەر نەخۆش کەوتن و نەتوانرا دەرکرێن، ئەو ئەبرەشیەیەی کە بڕوانامەی پێیان داوە دەبێ بەخێویان بکا: هیچ یەکێک

لەمـــانە بەبـــێ بڕوانـــامە نـــاکرێ. ئەم هۆکـــارانە بەشـــێوەیەکی ڕێژەیـــی وا دەکەن کە ئەبرەشـــیەکان لە دۆخـــی ئاســـاییدا بڕوانـــامە نەدەن، چـــونکە ئەگەر و نەگەری گەڕانەوەی کەســـانی بەڵگەپێـدراو یەکســـانن و، کە گەڕانەوە لە دۆخێکـی خراپتـردا دەژیـن". وا دیـارە مەبەستی ئەم تێبینییە ئەوەیە کە دەبێ بڕوانامە بە بەردەوامـی لەلایەن ئەبرەشـیەوە داوا بکـرێ، ئەگەر پیـــاوێکی هەژار بـــۆ نیشـــتەجێبوون هـــات و، دەبـــێ زۆر بەدەگـــمەن ئەو بڕوانامـانەیەی پێ بدرێ لەلایەن ئەو ئەبرەشـیەوە کە دەیەوێ بەجێی بهێڵێ. "لەم پرسـی بڕوانامانەدا جۆرە سـەختییەک هەیە"، هەمـان ئەو نووسـەرە دانـایە لە کتێبەکەیدا (مێژووی یاســـاکانی هەژاران) ئەمە دەڵـــێ، "بەوەی کارمەنـــدێکی ئەبرەشـــیە دەســـەڵاتی پـــێ دەدرێ پیاوێـــک بەنـــد بکـــات وەک بەنـــدکردن بەدرێژیـــی تەمەن، لەکاتێکـــدا کە لەوانەیە مـــایەی ئاسـوودەیی نەبێ بۆ ئەو پیاوە لەشـوێنێکدا بەردەوام بێ کە بووەتە هـۆی بەدبەختی و تیایدا نەیتوانیوە ئەوەی پێی دەگوترێ نشینگە، بەدەست بهێنێ، یان هەر سـوودێکی تر کە پێی وایە بەژیان لە شوێنێکی تردا دەستی دەکەوێ."

هەرچەنـدە بڕوانامەکـان هـیچ گەواهییەک لەخـۆ نـاگرن لەبـارەی ڕەوشـتی بەرزەوە و، جەخـــت لە هـــیچ شـــتێک نـــاکەنەوە ئەوەنـــدە نەبـــێ کە کەســـەکە مـــاوەیەکی زۆرە ســـەر بەئەبرەشـیەکەیە، هەمـووی لای کارمەنـدی ئەبرەشـیەکە دەمێنێـتەوە و خـۆی سەرپشـکە لەوەی بڕوانـامە بـدات یـان نـا. دوکتـۆر بێرن دەڵێ کە جارێکیـان فەرمـانێکی دادوەری بـاڵا گەیشت بۆ ناچارکردنی سەرپەرشتیارانی کڵێسا و چاودێران بۆ ئەوەی بڕوانـامەیەک مـۆر بـــکەن، بەڵام دادگەی شـــاهانە ئەو هەوڵەی ڕەتکـــردەوە بەبیـــانووی ئەوەی کە هەوڵێکـــی نامۆیە.

هەمـان ئەو نایەکسـانییەی نرخـی کـار کە زۆر جـاران لە ئینگلـتەرە لە شـوێنانێک بەدیـی دەکەیـن کە زۆر لە یەکتـرەوە دوور نـین ڕەنـگە بـۆ ئەو لەمـپەرانە بگەڕێـتەوە کە یاســـای نیشتەجێبوون لەبەردەم ئەو پیـاوە هەژارەی دادەنـێ کە بازرگانییەکەی خـۆی لە سـنووری ئەبرەشـیەیەکەوە بۆ یەکێکی تـر بەبێ بڕوانـامە دەگـوازێتەوە. لەڕاسـتیدا، پیـاوێکی سـەڵتی تەندروست و پیشەوەر، ڕەنگە هەندێ جار بەبێ بڕوانامە بەچاوقایمی نیشتەجێ بێ، بەڵام پیـــاوێکی خـــاوەن ژن و خێـــزان کە هەمـــان هەوڵ بـــدات ئەوە بەدڵنیـــاییەوە لە زۆربەی ئەبرەشـیەکان دەردەکـرێ و، ئەگەر پیـاوە سـەڵتەکە دوای ئەوە ژنـی هێنـا، ئەوە بەگشـتی دووچـاری دەرکـردن دەبێ. کەواتە کەمیی دەسـتی کـار لە ئەبرەشـیەیەکدا، نـاکرێ هەمـوو جارێک بە زیادەی یەکێکی تر پڕ بکرێتەوە، وەک ئەوەی بەردەوام لە سکۆتلاند دەگـوزەرێ و، من بڕوام وایە لە هەموو ئەو وڵاتانەشدا وایە کە نیشتەجێبوون سەخت نییە. لەو جـۆرە وڵاتـانەدا، ئەگەر چـی ڕەنـگە جاروبـار هەقدەسـت لە دەوروبەری شـارێکی گەورە کەمێـک بەرز ببێتەوە، یان لە هەر شوێنێکی تر کە خواستێکی سـەروو ئاسایی لەسـەر کار هەیە و،

لەگەڵ زیادبوونی دووری لەو شوێنانە وردە وردە نزم دەبێتەوە، تا دەگەڕێتەوە ئاستی گشتیی وڵاتەکە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ڕووبەڕووی ئەو جیاوازییە لەناکاو و بێ لێکدانەوانە لە هەقدەستی شوێنانی نزیکدا نەبووینەتەوە کە هەندێ جار لە ئینگلتەرە دەیانبینین، کە لەوێدا بۆ پیاوێکی هەژار بازدان بەسەر سنووری دەستکردی ئەبرەشیەیەکدا سەختترە لە پەڕینەوەی باڵێکی دەریا یان زنجیرە چیایەکی سەخت، کە ئەو سنوورە سروشتییانەن هەندێ جار دەبنە جیاکەرەوەی ڕوونی ئاستی جیاجیای هەقدەست لە وڵاتانی تردا.

دەرکردنی پیاوێک کە هیچ لاملییەکی نەکردووە، لەو ئەبرەشیەیەی بۆ نیشتەجێبوونی خۆی هەڵیبژاردووە پێشێلکارییەکی ڕوونی ئازادی و دادوەریی سروشتییە. خەڵکی ئاسایی ئینگلتەرە هەرچەندە زۆر مکوڕن لەسەر ئازادیی خۆیان، بەڵام وەک خەڵکی ئاسایی زۆربەی وڵاتانی تر هەرگیز بەدروستی لە ناوەرۆکی ئەو ئازادییە تێنەگەیشتوون، ئەوەتا ئێستا زیاتر لە سەدەیەکە خۆیان داوەتە دەستی ئەم ستەمەوە بەبێ ئەوەی چارەسەرێک هەبێ. هەرچەندە پیاوانی بیرمەند هەندێ جار گازاندەیان لە یاسای نیشتەجێبوون کردووە وەک گلەییەکی گشتی، بەڵام هەرگیز نەبووەتە بابەتی بگرەوبەردەیەکی میللیی گشتی، وەک ئەوەی لە دژی بیرخەرەوە گشتییەکان(general warrants) ، کە بێگومان کردەوەیەکی سەرکوتکارانەیە، بەڵام ئەوە نەبووەتە مایەی سەرکوتینەوەیەکی گشتی. ڕێگە بەخۆم دەدەم کە بڵێم بەدەگمەن پیاوێکی هەژار لە ئینگلتەرە دەست دەکەوێ کە تەمەنی چل ساڵ بێ و، لە بەشێکی ژیانیدا هەستی بەوە نەکردبێ کە زۆر دڕندانەتر لەوە ستەمی لێ کراوە لەلایەن ئەم یاسای نیشتەجێبوونە ناجۆرەوە.

ئەم بەشە دووروودرێژە بەتێبینیی ئەوە تەواو دەکەم، کە هەرچەندە لە دێرزەمانەوە ڕێکخستنی هەقدەستەکان باو بووە، یەکەم لەڕێی یاسا گشتییەکانی کە هەموو شانشینیان گرتووەتەوە و، دواتر لەڕێی فەرمانگەلی دیاریکراوی دادوەرانی ئاشتییەوە لە هەر وڵاتێکی دیاریکراودا، کە هەردوو ئەو کارانە ئێستا بەتێپەڕبوونی کات تەواو بەسەرچوون. "لەڕێی ئەزموونی زیاتر لە چوار سەد ساڵ"، دوکتۆر بێرن دەڵێ، "لەوە دەچێ هەموو هەوڵەکان وەلاوە نرابن بۆ ئەوەی یاساگەلی توند بێنە پێشەوە، کە لە سروشتیاندا دیارە توانای سنووردانانی تەواویان نییە، چونکە ئەگەر هەموو ئەو کەسانەی لە یەک جۆر پیشەدا کار دەکەن هەمان هەقدەست وەرگرن، هیچ کێبەرکێیەک دروست نابێ و، هیچ بوارێک نامێنێ بۆ پیشەسازی یان کارامەیی."

بەڵام تا ئێستا هەندێ یاسای دیاریکراوی پەرلەمان هەن، هێشتا هەوڵ دەدەن هەقدەست لە بازرگانیی دیاریکراو و لە شوێنانی دیاریکراودا ڕێک بخەن. بۆیە لە ساڵی هەشتەمی جۆرجی سێیەم، لە هەموو وەستاکانی بەرگدروو لە لەندەن و، تا ماوەی پێنج

میل لە دووریی ئەو شارە، لەژێر هەڕەشەی سزای توند، قەدەخە کرا ڕۆژانە زیاتر لە دوو شیلین و حەوت پێنس و نیو بە شاگردەکانیان بدەن و، لە شاگردەکانیش قەدەخە کرا لەوە زیاتر وەرگرن، تەنیا لە دۆخی تازیەباریی گشتی نەبێ. هەر کاتێکیش یاسادانەر هەوڵی ڕێکخستنی جیاوازیی نێوان وەستاکان و شاگردەکانیانی دابێ، ڕاوێژکارەکانی بۆ ئەو مەبەستە وەستاکان بوونە. لەبەر ئەوە، هەر کاتێک یاساکە لە بەرژەوەندی شاگردەکان بووبێ تەواو دادوەرانە و مافپەروەرانە بوونە، بەڵام هەندێ جار بەپێچەوانەوەیە و لە بەرژەوەندی وەستاکانە. بەم جۆرە، ئەو یاسایەی وەستای لە چەندان بازرگانیی جیاجیادا ناچار کردبێ هەقدەستی کارگەرەکانی بەپارە بدات نەک بەکاڵا ئەوە تەواو دادوەرانە و مافپەروەرانە بووە. ئەو یاسایە هیچ بارێکی گران ناخاتە ئەستۆی خاوەن کارەوە. تەنیا ناچاریان دەکا ئەو بەهایە بەپارە بدەن، کە دەیانویست بیدەن، بەڵام کاتێک بەکاڵا دەیاندا، بەردەوام بەڕاستی نەیاندەدا. ئەم یاسایە لە بەرژەوەندی کارگەرانە: بەڵام ئەوەی ساڵی هەشتەمینی جۆرجی سێیەم لە بەرژەوەندی خاوەن کارەکان بوو. کاتێک کە خاوەن کارەکان گرد دەبنەوە بۆ کەمکردنەوەی هەقدەستی کارگەرانیان، بەگشتی دەچنە نێو گرێبەستێک یان ڕێککەوتنێکی تایبەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە هەقدەستێکی دەستنیشانکراو نەدەن و ئەوەی زیاتر بدات سزایەکی بۆ دەستنیشان کراوە. کاتێک کە کارگەران بیانەوێ بچنە نێو گردبوونەوەیەکی پێچەوانەوە لە هەمان جۆری گردبوونەوەکەی ئەوان، بۆ ئەوەی قایل نەبن بەکەمتر لە هەقدەستێکی دەستنیشانکراو، یاسا زۆر بەتوندی سزایان دەدات و، ئەگەر یاسا بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات دەبێ بەهەمان شێوە بەرامبەر خاوەن کارەکانیش کاردانەوەی هەبێ. بەڵام ئەوەی هەشتەمی جۆرجی سێیەم لەڕێی یاساوە ئەوەی سەلماند کە خاوەن کارەکان هەندێ جار لەڕێی ئەو گردبوونەوانەوە هەوڵی دامەزرانجیهانن دەدا. گازاندەی کارگەرانیش لەوەی کە ئەو یاسایە بەتواناترین و کارامەترینیان لە هەمان پێگەی کرێکارێکی ئاساییدا دادەنێ تەواو لەجێی خۆیەتی.

هەروەها لە سەردەمانی دێرینیشدا ئاسایی بوو هەوڵ بۆ ڕێکخستنی قازانجی بازرگانان و مامەڵەکارانی تر بدرێ، لەڕێی دیاریکردنی نرخی ئازووخە و کاڵاکانی ترەوە. ئەوەندەی من زانیبم، دەستنیشانکردنی کێشی نان، تەنیا شتێکە کە لەو سەردەمانەوە ماوەتەوە. لە هەر شوێنێکدا گردبوونەوەی پیشەیی تایبەت هەبێ، ڕەنگە گونجاو بێ نرخی پێویستیی یەکەمی ژیان ڕێک بخرێ. بەڵام ئەگەر ئەو گردبوونەوەیە نەبێ، کێبەرکێ خۆی لە هەر دەستنیشانکردنێکی کێش باشتر ڕێکی دەخا. ئەو ڕێگەیەی لە سی و یەکەمینی جۆرجی دووەمدا بۆ جێگیرکردنی کێشی دەستنیشانکراوی نان دانرا لە سکۆتلاند، توانای جێبەجێکردنی نییە، ئەویش بەهۆی لەنگییەک لە یاساکەدا. جێبەجێکردنی ئەو یاسایە پشت بە نووسینگەی بنووسی بازاڕ دەبەستێ، کە لەوێ بوونی نییە. ئەو هەڵەیە تا سێیەمی

جۆرجی سێیەم بەبێ چارەسەر مایەوە. پێویستیی دەستنیشانکردنی کێش نەبووە مایەی نەگونجاوییەکی بەرچاو و، هەبوونی ئەو دەستنیشانکردنە لە چەند شوێنێکی کەمدا کە هێشتا بەردەوامیی هەیە، هیچ سوودێکی بەرچاوی لێ نەکەوتەوە. لە بەشی هەرە زۆری شارەکانی سکۆتلاند گردبوونەوەی نانەوایان هەیە کە داوای سوودی تایبەت بەخۆیان دەکەن، هەرچەندە زۆر بەتوندی چاودێری ناکرێن.

وەک تێبینی کراوە، هاوڕێژەیی نێوان ئاستە جیاکانی هەقدەست و قازانج لە بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی کار و ماڵ، لەوە ناچێ زۆر کاریان لێ بکرێ، لەڕێی دەوڵەمەندی یان هەژاری، دۆخی پێشکەوتن یان چەقبەستن یان پاشەکشەی کۆمەڵگەوە. ئەو جۆرە وەرچەرخانانە لە خۆشگوزەرانیی گشتیدا، کە کار دەکەنە سەر ئاستە گشتییەکانی هەقدەست و قازانج، دەبێ لەکۆتاییدا بەیەکسانی لە بەگەڕخستنە جیاکاندا کار بکەنە سەریان. بۆیە دەبێ هاوڕێژەیی نێوانیان وەکو خۆی بمێنێتەوە و، ناکرێ بەهیچ وەرچەرخانێکی وا بگۆڕرێ، بەلای کەمەوە نابێ گۆڕانەکە ماوەیەکی درێژ بوونی هەبێ.

بەشی یازدەیەم
موڵکانەی زەوی

کرێ، بەو نرخە دادەنرێ کە لەبری بەکارهێنانی زەوی دەدرێ، بەشێوەیەکی سروشتیش بەرزترینی ئەوەیە کە کرێچی دەتوانێ لە هەلومەرجی ڕاستەقینەی زەویدا بیدا. لەکاتی ڕێکخستنی گرێبەستی بەکرێداندا، خاوەن موڵک هەوڵ دەدات ئەو بەشەی بەری دەکەوێ لە بەرهەمەکە بەشی پاراستنی ئەو ماڵە بکات کە بەهۆیەوە تۆو دابین دەکات، هەقدەستی کار دەدات و، مالات دەکڕێ و بەخێو دەکا و کەرەستەکانی کشتوکاڵی پێ دەکڕێ، لەگەڵ قازانجی ئاسایی ماڵی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا. ئەمە بێگومان کەمترین بەشە کە کرێچی بتوانێ بۆ خۆی مسۆگەری بکات و زەرەرمەندیش نەبێ و، خاوەن موڵکیش بەدەگمەن لەوە زیاتری بۆ دەهێڵێتەوە. هەر بەشە بەرهەمێکیش، یان، کە هەمان شتە، هەر بەشە نرخێک کە لەو پشکە زیاتر بێ، ئەو بەشێوەیەکی سروشتی هەوڵ دەدات بۆ خۆی گلی بداتەوە وەک کرێ بۆ زەوییەکەی، کە ئاشکرایە ئەوە زۆرترینی ئەوەیە کە کرێچییەکە بەگوێرەی هەلومەرجی کردەنیی زەوییەکە دەتوانێ بیدا. لەڕاستیدا، هەندێ جار لێبوردەیی خاوەن موڵک، یان ڕاستتر، نەزانیی وای لێ دەکا بە کەمێک لەو پشکە کەمتر قایل ببێ و، لەوەش کەمتر نەزانیی کرێچییەکە وا دەکا شتێک لەوە زیاتر بدا، یان بە شتێکی کەمتر لە ئاستی ئاسایی قازانجی ماڵی کشتوکاڵی لە ناوچەکە قایل ببێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا دەشێ ئەو پشکە بەکرێی سروشتیی زەوی دابنرێ، یان بەو کرێیە دابنرێ کە بەشێوەیەکی سروشتی زۆربەی جار زەوییەکەی پێ دەدرێ.

ڕەنگە زۆر جاران وا بزانرێ کە موڵکانەی زەوی تەنیا قازانجێکی گونجاوی ئەو ماڵەیە کە خاوەن موڵک بۆ چاکسازیی زەوییەکەی خەرجی کردووە. لەڕاستیدا لەوانەیە ئەمە لە هەندێ دۆخدا وا بێ، بەڵام بەدەگمەن زیاترە لە بەشێکی. خاوەن موڵک تەنانەت داوای کرێی ئەو زەوییەش دەکا کە چاکی نەکردووە و، سوود یان قازانجی چاوەڕوانکراو لە خەرجیی چاکسازیی زەوی، بەگشتی زیادەیەکە دەخرێتە سەر کرێ بنەڕەتییەکە. هەروەها ئەو چاکسازییانە بەردەوام بە کەرەستەی خاوەن زەوی ناکرێن، بگرە هەندێ جار بەکەرەستەکانی کرێچییەکە دەکرێن. کەچی کاتێک کە گرێبەستی بەکرێدان نوێ دەکرێتەوە، خاوەن موڵک بەگشتی داوای زیادکردنی شیاوی ئەو چاکسازییە لە کرێیەکەدا دەکەن، وەک ئەوەی بەماڵی خۆیان چاکسازییەکانیان کردبێ.

جاری واش هەیە خاوەن موڵک داوای کرێ لەو شتانەش دەکا کە چاکسازییەکانی مرۆڤ دەستیان تێدا نییە. کێڵپ، جۆرە گیایەکی دەریاییە، کاتێک کە دەسووتێنرێ خوێیەکی

تفتی لێ بەرهەم دێ کە لە دروستکردنی شووشە، سابوون و، چەند مەبەستێکی تردا بەکار دێ. ئەو گیایە لە چەندان شوێنی بریتانیای مەزندا دەڕوێ، بەتایبەتی لە سکۆتلاند، لەسەر ئەو بەردانەی لە ئاستی بەرزترین ئاستی ئاون و ڕۆژانە دوو جار دەریا دایاندەپۆشێ و، بەمەش دیارە کە زیادکردنی ئەم گیایە هەرگیز دەستی مرۆڤی تێدا نییە. بەڵام ئەو خاوەن موڵکەی موڵکەکەی هاوسنووری کەناراوێکی کێڵپاوییە، وەک چۆن داوای کرێی کێڵگەی گەنمەشامییەکەی دەکا، داوای کرێ کێڵگەی کێڵپەکە دەکا.

دەریای دەوروبەری دوورگەی شێتلاند، زۆر لە ئاستی ئاسایی زیاتر ماسیی هەیە، کە بووەتە بەشێکی زۆر لە سەرچاوەی بژێوی دانیشتووان. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرهەمی ئاوەکە سوودمەند بن، دەبێ نشینگەیەکیان لە سەر زەویی نزیک ئاوەکە هەبێ. ئەو کرێیەی خاوەن موڵکەکە وەری دەگرێ هاوڕێژەیە، لەگەڵ ئەوە نا کە جووتیار لە زەوییەکە دەستی دەکەوێ، بەڵکو لەگەڵ هەردوو ئەوەی لە زەوی و دەریا دەستی دەکەون. بەشێکی بە ماسیی دەریا دەدرێ و، لە دۆخێکی کە کەم جاران ڕوو دەدەن کرێیەکە بەشێکی نرخی ئەو کەلپەلانەشی تێدایە کە لەوانەیە لەو ناوچەیە بدۆزرێنەوە.

کەواتە موڵکانەی زەوی، ئەو نرخەیە کە لەبری بەکارهێنانی زەویدا دەدرێ و، بەشێوەیەکی سروشتی نرخێکی قۆرخکارانەیە. کرێ بەهیچ جۆرێک هاوڕێژە نییە لەگەڵ ئەوەی خاوەن موڵک بۆ چاککردنی زەوییەکە خەرجی کردووە، یان ئەوەی دەتوانێ بیدا بۆ ئەوەی وەری بگرێ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە جووتیار دەتوانێ بیدا. تەنیا ئەو بەشانەی بەرهەمی زەوی کە دەکرێ بەگشتی بۆ بازاڕ ببرێن، نرخی ئاساییان، سەرباری قازانجی ئاساییان، بەشی جێگرتنەوەی ئەو ماڵە دەکا کە دەبێ لە برجیهانن بۆ بازاڕ بەگەڕ بخرێ. ئەگەر نرخی ئاسایی لەوە زۆرتر بێ، بەشێکی ئەو زیادەیە بەشێوەیەکی سروشتی بۆ موڵکانەی زەوی دەڕوا. ئەگەریش زیاتر نەبێ، سەرباری بردنی کاڵاکان بۆ بازاڕ، ئەوە ناتوانێ کرێ بە خاوەن موڵک بدا. بەشکردن و بەشنەکردنی نرخ پشت بە خواست دەبەستێ.

هەندێ بەشی بەرهەمی زەوی هەیە، کە دەبێ خواست لەسەریان ئەوەندە بێ کە نرخێک پەیدا بکات بەرزتر لەوەی بەشی برجیهانن بۆ بازاڕ بکات و، هەندێکی تریش هەیە لەوانەیە ئەم توانایەیان هەبێ یانیش نەیانبێ کە ئەو نرخە بەرزە دابین بکەن. ئەوەی یەکەم دەبێ بەردەوام کرێ بۆ خاوەن موڵک دابین بکات. ئەوەی دوایی هەندێ جار دابینی دەکا و، هەندێ جار نا، بەگوێرەی هەلومەرجی جیاجیا.

بۆیە دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە کرێ دەچێتە نێو پێکهاتەی نرخی کاڵاکان بەڕێگەیەکی جیا لەوەی هەقدەست و ماڵ ئەوە دەکەن. هەقدەست و قازانجی بەرز یان نزم هۆکارن بۆ نرخی بەرز یان نزم، بەڵام کرێی بەرز یان نزم کاریگەریی نرخە. ئەوە هەقدەست و

قازانجی بەرز یان نزمن کە دەبێ بدرێن بۆ گەیاندنی کاڵایەکی دیاریکراو بە بازاڕ و، نرخەکەی بەرز یان نزم دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی نرخەکە بەرزە یان نزم، زۆر زیاتر یان کەم زیاتر یان زیاتر نابێ لەوەی بەشی دابینکردنی ئەو هەقدەست و قازانجە بکات، بەوەش کرێیەکی بەرز یان نزم دابین دەکات یان هیچ کرێیەک دابین ناکا.

وردبوونەوەی تایبەت، یەکەم، لەو بەشانەی بەرهەمی زەوی کە بەردەوام هەندێ کرێ دابین دەکەن، دووەم، ئەوانەی ڕەنگە جاروبار کرێ دابین بکەن و جاروبارێکیش دابینی نەکەن و، سێیەم، ئەو جیاوازییانەی لە ماوەی جیاجیای چاکسازیدا بەشێوەیەکی سروشتی لە بەهای ڕێژەیی ئەم دوو جۆرە بەرهەمە سادانەدا ڕوو دەدەن، کاتێک کە هەردووکیان بەراورد دەکرێن لەگەڵ یەکتردا و لەگەڵ کاڵای دروستکراودا، ئەم بەشە بۆ سێ کەرت دابەش دەکەن.

کەرتی یەکەم

ئەو بەرهەمانەی زەوی کە بەردەوام کرێ دابین دەکەن

وەک چۆن مرۆڤەکان، هاوشێوەی ئاژەڵانی تر، بەشێوەیەکی سروشتی هاوڕێژە لەگەڵ بژێوییاندا زیاد دەبن، خۆراک بەردەوام، زۆر تا کەم، خواستی لەسەرە. ئەو بەردەوام دەتوانێ بڕێکی زۆر یان کەمی کار بکڕێ یان پەیدا بکات و، بەردەوام کەسێک دەست دەکەوێ کە ئامادەبێ شتێک بۆ بەدەستهێنانی بکات. لەڕاستیدا، بڕی ئەو کارەی خۆراک دەتوانێ بیکڕێ بەردەوام یەکسان نییە لەگەڵ ئەوەدا کە بتوانێ بەردەوامیی پێ بدا، ئەگەر بەباشترین شێوەی ئابووری بەڕێوە ببرێ، بەگوێرەی ئەو هەقدەستە بەرزەی هەندێ جار بەرامبەر بەکار دەدرێ. بەڵام بەردەوام دەتوانێ ئەو بڕە کارە بکڕێ کە دەتوانێ بەردەوامیی پێ بدا، بەپێی ئەو ئاستەی لەو ناوچەیەدا بەگشتی بەهۆیەوە بەردەوامی بەجۆری کارەکەی دەدرێ.

بەڵام زەوی، لە نزیکەی هەموو دۆخێکدا، بڕێک خۆراک بەرهەم دێنێ کە زیاترە لەوەی بەشی بەردەوامیدان بەگشت کاری پێویست بۆ بردنی بۆ بازاڕ دەکا، بەتێرترین ڕێگەی بەردەوامیدان بەکار. ئەوەی لەوەش زیادە، بەردەوام زیاترە لەوەی کە بەشی جێگرتنەوەی ئەو ماڵەی لە کارەکەدا بەگەڕ خراوە بکات، سەرباری قازانجەکەشی. لەبەر ئەوە بەردەوام شتێک دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی وەک کرێ بەخاوەن موڵک بدرێ.

زۆربەی ئەو زەوییە بۆڕە چۆڵانەی نەرویج و سکۆتلاند جۆرێک لەوەڕ بۆ ماڵات بەرهەم دەهێنن، کە زیادبوونی شیر بەهۆیەوە بەردەوام زیاترە، نەک تەنیا لەوەی بەردەوامی بە هەموو دەستی کاری پێویست بۆیان و دانی قازانجی ئاسایی بە جووتیار یان خاوەنی ماڵاتەکە، بەڵکو بەشی دابینکردنی کرێیەکی کەمیش بۆ خاوەن موڵکەکە دەکا.

کرێیەکە هاوڕێژە لەگەڵ باشیی ئەو لەوەڕگانەدا زیاد دەبێ. هەمان ئەو پانتایی زەوییە، نەک تەنیا ژمارەیەکی زیاتر مالات دەژیێنێ، بەڵکو کاتێ ئەو مالاتە دەئاخنرێتە پانتاییەکی بچووکتر، کاری کەمتر بۆ بەڕێوەبرجیهانن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان پێویست دەبێ. خاوەن موڵک لە هەردوو شێوازەکە سوودمەندە، بەزیادکردنی بەرهەم و بەکەمکردنەوەی ئەو کارەی کە هەر دەبێ هۆیەکانی بەردەوامییان بۆ دابین بکرێن.

موڵکانەی زەوی تەنیا بەهۆی بەپیتیی زەوییەکەوە، جا بەرهەمەکەی هەر چییەک بێ، جیاوازی بەخۆیەوە نابینێ، بەڵکو بەهۆی هەڵکەوتەکەشیەوە، جا بەپیتییەکەی هەر چەند بێ. زەویی دەوروبەری شار کرێیەکی زیاتر بەدەست دێنێ لەو زەوییەی کە دوورترە، ئەگەر ئاستی بەپیتییان یەکسان بێ. هەرچەندە بۆ چانجیهانن هیچ یەکێکیان کاری زیاتری ناوێ، بەلام خەرجیی گەیاندنی بەرهەمی زەوییە دوورەکە بەبازاڕ زۆرترە. لەبەر ئەوە، بەردەوامیدان بەبڕێکی زیاتری دەستی کار پێویست دەبێ، بەمەش ئەو زیادەیەی قازانجی جووتیار و کرێی خاوەن موڵکی لێ دەردێ کەم دەکا. بەلام لە بەشە دوورەکانی لادێ، ئاستی قازانج، وەک پێشتر ڕوون کراوەتەوە، بەگشتی زۆرترە لەوەی لە دەوروبەری شارێکی گەورەدا هەیە. بۆیە بەشێکی کەمتری ئەم زیادە کەمکردووە، دەبێ بۆ خاوەن موڵک بێ.

ڕێگەوبانی باش، کەناڵەکانی ئاو و، ڕووبارى شیاو بۆ کەشتییەوانی، بەهۆی کەمکردنەوەی خەرجیی گواستنەوەوە، بەشە دوورەکانی لادێ زیاتر لە ئاستی زەوییەکانی دەوروبەری شار نزیک دەکەنەوە. بەو پێیەش بێ، ئەمانە مەزنترینی هەموو چاکسازییەکانن. چونکە هانی کشتوکاڵکردن لە ناوچە دوورەدەستەکاندا دەدەن، کە دەبێ بەردەوام بەرفرەوانترین ناوچەکانی وڵات بن. ئەوانە بۆ شار بەسوودن، بەهۆی شکاندنی قۆرخکاریی لادێکانی دەوروبەری شار. ئەوانە تەنانەت بۆ ئەو بەشەی لادێش بەسوودن. لەگەڵ ئەوەی هەندێ کالای کێبەرکێکار دەخەنە بازاڕە کۆنەکەوە، چەندان بازاڕی نوێش بۆ بەرهەمەکانی دەکەنەوە. قۆرخکاری گەورەترین دوژمنی بەڕێوەبەرایەتیی باشە، بەلام هەرگیز ناتوانێ لە سایەی کێبەرکێی ئازاد و گشتگیردا بەشێوەیەکی گشتگیر دابمەزرێ، چونکە ئەو کێبەرکێیە هەموو کەسێک ناچار دەکا بۆ ئەوەی وەک بەرگرییەک لە خۆی کێبەرکێ بکات. زیاتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر نابێ کە هەندێ لادێی دەوروبەری لەندەن داوایەکیان ئاراستەی پەرلەمان کرد دژ بە دروستکردنی ڕێگەی خێرا و گەیانجیهانن بە ناوچە لادێیە زۆر دوورەکان. لە داواکەیاندا گوتیان کە هەرزانیی کار لەو لادێ دوورەدەستانەدا وا دەکا گیا و گەنمەشامیی خۆیان لە بازاڕی لەندەن بەنرخێکی هەرزانتر لەوەی خۆیان بفرۆشن و، بەوەش کرێیەکانی ئەمان کەم دەبێتەوە و، کشتوکاڵیان دادەتەپێ. بەلام لەو کاتەوە، کرێیەکانیان بەرز بوونەوە و کشتوکاڵیان پێش کەوت.

کێڵگەیەکی گەنمەشامیی ئاسایی لەڕووی پیتەوە بڕێکی زیاتر خۆراک بۆ مرۆڤ دابین دەکات لەوەی باشترین لەوەڕگە بەهەمان پانتایی دابینی دەکا. هەرچەندە چاندنەکەی کارێکی زۆر زیاتری پێویستە، بەڵام ئەو زیادەیەی دوای دەرکردنی بەهای تۆوەکە و ژیاندنی کارەکە دەمێنێتەوە، بەهەمان شێوە زۆر زیاترە. بۆیە ئەگەر چاوەڕوان بکرێ یەک پاوەن گۆشت بایی زیاتر لە یەک پاوەن نان بێ، ئەم زیادەیە کە زیاترە لە هەموو شوێنێکدا، بەهایەکی زیاتری دەبێ و، پارەیەکی زیاتر دابین دەکات بۆ قازانجی جووتیار و بۆ کرێی خاوەن موڵکیش. لەوە دەچێ هەر لە سەرەتا سادەکانی کشتوکاڵەوەش بەگشتی بەم شێوەیە بووبێ.

بەهای ڕێژەیی ئەم دوو جۆرە جیایەی خۆراک، نان و گۆشت، لە قۆناخە جیاجیاکانی کشتوکاڵدا زۆر جیاوازە. لە سەرەتا سادەکاندا، زەوییە چاکنەکراوەکان، کە ئەو کاتە زۆربەی وڵاتیان پێک دەهێنا، هەموویان بۆ لەوەڕاندنی ماڵات بوون. گۆشت لە نان زۆرتر بوو، لەبەر ئەوەش نان ئەو خۆراکە بوو کە زۆرترین کێبەرکێی لەسەر هەبوو و، لەئاکامدا بەرزترین نرخی بەدەست دەهێنا. لە بۆینس ئایرس، وەک ئۆلوا بەئێمەی گوت، چل پەنجا ساڵێک بەر لە ئێستا نرخی ئاسایی گایەکی دەستەبژێری ناو گاگەلێکی دوو سەد یان سێ سەد سەری، چوار ریاڵ بووە، کە دەکاتە بیست و یەک پێنس و نیوی ئیستەرلینی. ئەو هیچ لەبارەی نرخی نانەوە نالێ، ڕەنگە لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی لەو بارەیەوە نەبینیوە. ئەو دەڵێ، گایەک لەوێ تێچووەکەی کەمترە لەو کارەی بۆ گرتنی خەرج دەکرێ. بەڵام گەنمە شامی هەرگیز بەبێ کارێکی زۆر نایەتە بەرهەم و، لە لادێیەکی سەر کەناری ڕووباری پلەیت، کە ئەو کاتە ڕێگەی ڕاستەوخۆ بووە لە ئەورووپاوە بۆ کانەکانی زیوی پۆتۆسی، نرخی بەپارەی کار ناشێ زۆر هەرزان بێ. کارەکەش بەپێچەوانەیە کاتێک کشتوکاڵ لە زۆربەی ناوچەکانی تردا دەکرێ. کەواتە نان لەوێ لە گۆشت زۆرترە. کێبەرکێیەکە ئاراستەی خۆی دەگۆڕێ و، نرخی گۆشت لە نرخی نان بەرزتر دەبێ.

لەو زەوییانەی کە پاشکۆی کشتوکاڵن، زەویی چاکنەکراو بەشی دابینکردنی خواست لەسەر گۆشت ناکا. بەشێکی زۆر لە زەویی چێنراو دەبێ لە بەخێوکردن و قەڵەوکردنی ماڵاتدا بەگەڕ بخرێ، کە دەبێ نرخەکەی بەشی نەک تەنیا خەرجیی کاری پێویستیان بکات، بەڵکو بەشی ئەو کرێیەی بە خاوەن موڵک دەدرێ و ئەو قازانجەی جووتیار لەو زەوییەی دەکا بەجووتیاری، بکات. ئەو ماڵاتەی لە زەویی بۆڕدا بەخێو دەکرێ، کاتێک دەبرێتە هەمان بازاڕ، هاوڕێژە لەگەڵ کێش و باشییان بەهەمان نرخی ماڵاتی بەخێوکراو لە باشترین زەویی چاککراودا دەفرۆشرێن. قازانجی خاوەنەکانی ئەو زەوییە بۆڕانە لەوەدایە و، کرێی زەوییەکانیان هاوڕێژە لەگەڵ نرخی ماڵاتەکەیان بەرز دەکەنەوە. زیاتر لە سەدەیەکی بەر لە ئێستا نییە کە، لە گەلێ بەشی بەرزاییەکانی سکۆتلاند، گۆشت ئەوەندەی

نانی شۆفان هەرزان یان هەرزانتر بوو. یەکگرتنەکە بازاڕی ئینگلتەرەی بەڕووی مالاتی بەرزاییەکاندا کردەوە. ئێستا نرخی ئاساییان سێ ئەوەندەی نرخەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەن و، کرێی گەلێ مولکی بەرزاییەکان لە هەمان ماوەدا بووە سێ هێندە و چوار هێندە. لە نزیکەی هەموو بەشێکی بریتانیای مەزن یەک پاوەن لە باشترین گۆشت، لەم ڕۆژگارەماندا، بەگشتی بایی زیاتر لە دوو پاوەن باشترین نانی سپییە و، لەسالانی هاتدا هەندێ جار بایی سێ یان چوار پاوەنە.

لەبەر ئەوەیە، لە کاتی بەرەوپێشچوونی چاکسازییەکاندا، کرێ و قازانجی لەوەڕگەی جاکنەکراو تا ڕادەیەک لەڕێی کرێ و قازانجی چاککراوەکانەوە ڕێک دەخرێن و، ئەمانەی دوایش لەڕێی کرێ و قازانجی گەنمەشامییەوە ڕێک دەخرێن. گەنمەشامی بەرهەمێکی سالانەیە. گۆشت، بەرهەمێکە چوار یان پێنج سالی پێویستە تاوەکو پێ بگا. لەبەر ئەوە کاتێک کە یەک ئەیکەر زەوی بڕێکی جۆرە خۆراکێک بەرهەم دێنێ کەمتر لە جۆرێکی تر، دەبێ دابەزینی بڕەکە بە بەرزبوونەوەی نرخ قەرەبوو بکرێتەوە. ئەگەر زیاتر بێ لەوەی قەرەبوو کراوەتەوە، ئەوە زەویی زیاتری بە گەنمەشامی چێنراو دەکرێنە لەوەڕگە، ئەگەریش بەشی قەرەبووکردنەوەی نەکرد، ئەوە بەشێک لەوەی کە لەوەڕگە بوو دەکرێتەوە بە کێلگەی گەنمەشامی.

دەبێ بزانرێ کە ئەم یەکسانییە لەنێوان کرێ و قازانجی گیا و گەنمەشامیدا، لەنێوان ئەو زەوییەی بەرهەمە ڕاستەخۆکەی خۆراکی مالاتە و ئەوەی بەرهەمە ڕاستەوخۆکەی خۆراکی مرۆڤە، تەنیا لەڕێی زۆربەی زەویی چاککراوی ولاتێکی گەورەوە دێتە کایەوە. لە هەندێ هەلکەوتەی ناوخۆیی دیاریکراودا دۆخەکە پێچەوانەیە و کرێ و قازانجی گیا زۆر بەرزترن لەوەی کە دەکرێ لەڕێ گەنمەشامییەوە دەست بکەون.

بەم شێوەیە، لە دەوروبەری شارێکی گەورەدا، خواست لەسەر شیر و لەسەر ئالیکی بەرزەولاخ، بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری لە بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت دەکەن بە بەرزکردنەوەی بەهای گیا بۆ سەرووی ئەوەی دەشێ پێی بگوترێ هاوڕێژەیی ئاسایی لەگەل بەهای گەنمەشامی. ئاشکرایە کە ئەم سوودە خۆجێیە ناکرێ بۆ زەوییە دوورەدەستەکان بێ.

هەندێ جار، هەلومەرجی تایبەت دەبنە مایەی زیادبوونی دانیشتووان بەشێوەیەک کە هەموو ناوچەکە، وەک زەوییەکانی دەوروبەری شارە گەورەکە، بەشی دابینکردنی گیا و گەنمەشامیی پێویست بۆ بژێویی دانیشتووان نەکەن. بۆیە زەوییەکانیان، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی گیا، کە کالایەکە گواستنەوەی سەختە و، ناکرێ بە ئاسانی لە دوورەوە بهێنرێ، گەنمەشامیش، کە خۆراکە بۆ زۆرینەی خەلک، لە ولاتانی بێگانەوە هاوردە دەکرێ. ئێستا هۆلاند لەم دۆخەدایە و، لەوە دەچێ بەشی هەرە زۆری ئیتالیای

دێـرینیش، له سـەردەمی گەشـی ڕۆمانەکانـدا لەم دۆخە بـووبێ. وەک شیشـرۆن بۆمـان دەگێڕێتەوە، کـاتۆ گوتـوویەتی، یەکەمـین و بەقـازانجترین شـت لە بەڕێـوەبردنی مـوڵکێکی تـایبەت بـۆ ئەوە بـووە کە لەوەڕی بـاش دابـین بـکەی، دووەمـیش ئەوەیە کە بەپێـی توانـا لەوەڕی گونجـاو دابـین بـکەی، سـێیەمیش ئەوەیە بە خراپـی لەوەڕ دابـین بـکەی. ئینجـا جووتکردنی لە پلەی چـوارەمی سـوود و قازانجەکانـدا دانـاوە. لەڕاسـتیدا، جووتیـاری لەو بەشەی ئیتالیای کۆندا، کە لە دەوروبەری ڕۆمایە، دەبێ بەڕادەیەکی زۆر خەڵکی لێ سـارد کرابێتەوە لەڕێی دابەشـکردنی گەنمەشـامی، کە زۆر جـاران بەسـەر خەڵکدا یـان بەخـۆڕایی یـان بەنرخێکـی زۆر هەرزان دابەش کـراوە. ئەو گەنمەشـامییە لە نـاوچە داگیراوەکـانەوە دەهێنرا، کە تیایاندا زۆر لە خەڵک ناچار دەکران، لەجیاتی باج، لەسـەدا دەی بەرهەمەکەیـان بەنرخێکی دیـاریکراو، شـەش پێنس بۆ یەک پێک (یەکسـانە بە هەشـت چـارەک)، بە کۆمـار بـدەن. ئەم نـرخە کەمەی گەنمەشـامیی پێ بەسـەر خەڵکدا دابەش دەکرا، بێگومـان بـووەتە مایەی دابەزاندنی نرخی ئەوەی کە لە لاتیەم، یان نـاوچەی کۆنی ڕۆمـا، بۆ بـازاڕی کۆمـار دەهات و، هەروەها بووە مایەی ساردکردنەوەی خەڵک لە چاندنی لەو وڵاتەدا.

لە وڵاتێکی کراوەشـدا، کە بەرهەمـی سـەرەکی گەنمەشـامی بێ، پارچە زەوییەکی بـاش داخـراو کە بەگیـا چێنرابـێ، زۆربەی جـاران کرێـی زیـاتر لە کێڵگەیەکـی گەنمەشـامیی دەوروبەری دەکا. ئەو پارچە زەوییە بەشی بەخێوکردنی ئەو گاگەلە دەکا کە بۆ جـووت و چانـدنی گەنمەشـامییەکە بەکـار دێ و، بـۆیە لەم دۆخەدا کـرێ بەرزەکەی، لە بەهـای بەرهەمەکەی خـۆیەوە نـادرێ، ئەوەنـدەی لە بەرهەمـی ئەو کێڵگەی گەنمەشـامییانەوەیە کە بەهۆیەوە دەچێنرێ. هەر کاتێکیش ئەو زەوییـانەی دەوروبەری بەتەواوی بەسـەر خۆیانـدا دابخرێن، کرێیەکەی ئەمیش دادەبەزێ. لەوە دەچێ کرێی بەرزی ئێستای زەویی داخراو لە سـکۆتلاند لەبەر دەگمەنیـی زەویـی داخـراو بـێ و، لەوانەیە بەبـێ ئەو دەگمەنیـیە خـۆی ڕانەگرێ. سوودی داخستنی زەوی بۆ لەوەڕ، زیاترە لەوەی بۆ گەنمەشامی هەیەتی. لەوێدا تێچووی کاری گاوانی دەگەڕێتەوە، گاڕانەکەش بەهۆی نەبوونی بێزارکردن لەلایەن گـاوان یان سەگەکەیەوە، باشتر دەلەوەڕێ.

بەڵام لە هەر شـوێنێک، کە سـوودێکی خـۆجێیی لەم شـێوەیەی نەبـێ، کرێ و قـازانجی گەنمەشـامی، یـان هەر خـۆراکێکی تـری بـاو یـان خەڵکەکە، دەبێ بەشـێوەیەکی سروشـتی، بەگوێرەی ئەو زەوییەی بۆ بەرهەمهێنانی گونجاوە، کرێ و قازانجی لەوەڕگە ڕێک دەخا.

بەکارهێنانی گیای چێنراو، یان شێلم، گێزەر، کەلەم و، ئامرازی تر کە دەرکەوتووە وا دەکەن هەمان پانتایی زەوی بەهۆیانەوە لەوەڕ بۆ ماڵاتێکی زۆرتر دابین دەکات، لەوەی کە گیای سروشتی دەیکا، دەبێ چاوەڕوان بکرێ کە تاڕادەیەک لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا، ئەو باڵادەستییە کەم بکاتەوە کە بەشێوەیەکی سروشتی نرخی گۆشت دەخاتە سەرووی نرخی

نان. لەوەش دەچێ کە وای کردبێ و، هەندێ هۆکاریش بۆ چەسپاندنی ئەو بڕوایە هەن، بەلای کەمەوە لە بازاڕی لەندەن، کە ئێستا نرخی گۆشت بە بەراورد لەگەڵ نرخی نان بەڕادەیەکی باش کەمترە لەوەی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا هەبووە.

دوکتۆر بێرچ، لە پاشکۆی ژینامەی میر هنریدا، تۆمارێکی نرخی ئەو گۆشتەی خستووەتە بەر دەستمان کە میر کڕیویەتی. لەوێدا هاتووە کە چوار چارەک گۆشتی گایەکی شەش سەد پاوەنی زۆربەی جاران بە نۆ پاوەن و دە شیلین، یان نزیکەی ئەو پارەیە لەسەری وەستاوە، واتە هەر سەد پاوەنێک گۆشت بایی سێ و یەک شیلین و هەشت پێنس بووە. میر هنری لە شەشی تشرینی دووەمی ١٦١٢دا لە تەمەنی نۆزدەساڵیدا مردووە.

لە ئاداری ١٧٦٤دا، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان بۆ بەدواداچوونی هۆکارەکانی نرخی بەرزی ئازووخە لەو ڕۆژگارەدا پێک هێنراوە. ئەو کاتە، لەنێو کۆمەڵێ بەڵگەی تردا، بازرگانێکی ڤیرجینیا بەڵگەیەک دەخاتە دەستەوە، ئەو بۆ کەشتییەکانی بە بیست و چوار یان بیست و پێنج شیلین بۆ هەر تەغارێک (٥٠.٨ کیلۆگرام) گۆشتی گا دەکڕێ، کە پێی وایە ئەو نرخە نرخێکی ئاساییە، لە کاتێکدا لە ساڵانی گرانیدا هەمان کێش و هەمان جۆری بە بیست و حەوت شیلین کڕیوە. ئەم نرخە بەرزە لە ساڵی ١٧٦٤دا، چوار شیلین و هەشت پێنس لەو نرخە ئاساییە هەرزانترە کە میر هنری داویەتی و، دەبێ تێبینیی ئەوەش بکرێ کە تەنیا باشترین جۆری گۆشتی گا گونجاوە بۆ سوێرکردن بۆ ئەو جۆرە گەشتە درێژخایانانە.

ئەو نرخەی میر هنری داویەتی دەکاتە سێ پێنس و سێ چارەکە پێنس بۆ هەر پاوەنێک کێشی تەواوی لاشەکە، واتە گۆشتە باش و خراپەکە بەیەکەوە و، یەک پاوەن لە گۆشتە جیاکراوە و پارچەپارچەکراوەکە بە کەمتر لە چوار پێنس و نیو یان پێنج پێنس نەبووە.

لە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی پەرلەماندا، گەواهیدەران گوتوویانە کە یەک پاوەن گۆشتی هەڵبژاردە و پارچەپارچەکراو بە چوار پێنس و چوار پێنس و چارەک بە کڕیار فرۆشراوە و، تەواوی لاشە بەگشتی نرخی یەک پاوەنی لە حەوت فارتینگەوە تا دوو پێنس و نیو بووە و، لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا دەڵێن کە هەمان جۆر بەگشتی نیو پێنس لەوەی مانگی ئادار گرانترە. بەڵام هەر ئەم نرخە بەرزە بەڕادەیەکی باش هەرزانترە لە نرخی ئاسایی گۆشتی پارچەپارچەکراوی سەردەمی میر هنری.

لە دوازدە ساڵی سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، تێکڕای نرخی باشترین گەنم لە بازاڕی ویندسۆر بریتی بووە لە یەک پاوەن و هەژدە شیلین و سێ پێنس و شەشیەکی پێنسێک بۆ هەر چارەکێکی نۆ بوشڵی (بوشڵ= ٣٦.٤ لیتر) وینچستەر.

بەڵام لە دوازدە ساڵی پێش ساڵی ١٧٦٤دا، بەو ساڵەشەوە، نرخی تێکڕای هەمان کێشانەی باشترین گەنم، لە هەمان بازاڕدا، دوو پاوەن و یەک شیلین و نۆ پێنس و نیو بووە.

کەواتە، لە دوانزە ساڵی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، گەنم بەڕادەیەکی باش هەرزانتر بووە و، گۆشت بەڕادەیەکی باش گرانتر بووە، لەوەی دوانزە ساڵی پێش ساڵی ١٧٦٤، بەو ساڵەشەوە.

لە گشت وڵاتانی مەزندا بەشی زۆری زەویی چێنراو، بۆ بەرهەمهێنانی خۆراکی مرۆڤ یان بۆ بەرهەمهێنانی خۆراکی ماڵات، بەکار دێن. کرێ و قازانجی ئەوانیش کرێ و قازانجی هەموو زەوییە کشتوکاڵیەکانی تر ڕێک دەخەن. ئەگەر هەر بەرهەمێکی دیاریکراو کەمتر بەدەست بهێنێ، ئەوە هەر زوو زەوییەکە بۆ بەرهەمهێنانی گەنمەشامی یان لەوەڕ بەکار دەهێنرێ. ئەگەریش بەروبوومێک زیاتر بەدەست بهێنێ، ئەوە بەشێک لەو زەوییانەی بۆ گەنمەشامی یان لەوەڕ بەکار دێن، بۆ ئەو بەرهەمە تەرخان دەکرێ.

لەڕاستیدا ئەو بەروبوومانەی پێویستیان بە خەجییەکی بنەڕەتیی زۆرترە بۆ چاکسازی، یان خەرجییەکی ساڵانەی زیاتریان بۆ کشتوکاڵ پێویستە، بۆ ئەوەی زەوییەکەیان بۆ بسازێنرێ، بەگشتی وا دەردەکەون کە زیاتر بەدەست دەهێنن، یەکێکیان کرێی زیاتر و، ئەوەی تر قزانجی زیاتر لە گەنمەشامی یان لەوەڕ بەدەست بهێنێ. بەڵام ئەم باڵادەستییە بەدەگمەن زیاتر لە سوودێکی گونجاو یان قەرەبوویەکی گونجاوی خەرجییە زیادەکە دەکاتەوە.

لە باخچەیەکی هۆپ (جۆرە گیایەکی سەرخۆشکەرە)، بەروبوومێکی باخچە، یان بەروبوومێکی ناندین، هەردوو کرێی خاوەن موڵک و قازانجی جووتیار تیایدا بەگشتی لەوانەی کێڵگەی گەنمەشامی یان گیا زیاترە. بەڵام سازدانی زەوی بۆ ئەو بەروبوومە خەرجیی زیاتری دەوێ. بەوەش کرێیەکی زیاتر بۆ خاوەن موڵک دابین دەبێ. ئەمیش پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی وردتر و کارامەترە. بەهۆی ئەمەشەوە قازانجێکی زیاتر بە جووتیار دەگا. بەرهەمەکەش، بەلای کەمەوە بەرهەمی هۆپ و میوەی باخچە، زۆر ناجێگیرە. لەبەر ئەوە، نرخەکەی لەپاڵ قەرەبووکردنەوەی گشت زیانە لاوەکیەکان، پێویستە شتێکی هاوشێوەی قازانجی دڵنیایی بەدەست بهێنێ. هەلومەرجی باخچەکان کە بەگشتی ناجۆرن و، زۆربەی جاران مامناوەندن، لەوانەیە قایلمان بکەن بەوەی کارامەیی زۆریان، بەگشتی بەزیادەوە قەرەبوو ناکرێتەوە. هونەری خۆشی ئەوان لەلایەن گەلێک لە دەوڵەمەندەکانەوە بۆ خۆشی پراکتیزە دەکرێ، ئەگەر کەسێک بۆ قازانج ئەو کارە بکات سوودەکەی کەمە، چونکە ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی سروشتی چاوەڕوان دەکرێ

باشترین کڕیاریان بن خۆیان پێویستیی خۆیان لە گرانبایترین بەروبوومەکان بەرهەم دەهێنن.

ئەو سوودەی بەم جۆرە چاکسازییانە بەر خاوەن موڵک دەکەوێ، وا دەردەکەوێ کە زیاتر بێ لەوەی بەشی قەرەبووی خەرجیی بنەڕەتیی چاکسازییەکان دەکا. لە کشتوکاڵی کۆندا، دوای ڕەزی ترێ، باخچەیەکی ناندینی (kitchen garden) تێرئاو، ئەو بەشەی کێڵگە بوو کە چاوەڕوان دەکرا بەنرخترین بەروبووم بەرهەم بهێنێ. بەڵام دیمۆکریتەس، کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لەبارەی کشتوکاڵەوەی نووسیوە و، لەلایەن خەڵکی کۆنەوە بەباوکی ئەم هونەرە دادەنرێ، پێی وا بووە ئەوانەی باخچەیەکی داخراوی ناندینیان دابڕیوە کارێکی ژیرانەیان نەکردووە. ئەو گوتوویەتی، قازانجەکە قەرەبووی خەرجیی دیوارێکی بەردین و، ئەو خشتانەی (پێم وایە مەبەستی ئەو خشتەیە کە لەبەر هەتاو وشک دەکرێتەوە) لەبەر باران دەتوێنەوە و، ڕەشەبای زستان و، پێویستیی بەردەوامیی چاککردنەوەیان، ناکاتەوە. کۆلومێلا، کە ئەم بۆچوونەی دیمۆکریتەسی گواستووەتەوە، نکۆڵی لەمە ناکا، بەڵکو پێشنیازی دیواربەندێکی هەرزانتر دەکا بە تووترک و گوڵەباخ، کە دەڵێ لەڕێی ئەزموونەوە بەو چارەسەرە گەیشتووە و بۆی دەرکەوتووە کە دەبنە پەرژینێکی هەمیشەیی بەهێز، بەڵام لەوە دەچێ لە سەردەمی دیمۆکریتەسدا، بەربڵاو نەبووە. پالادیەس بۆچوونەکەی کۆلومێلا پەسەند دەکا، کە پێشتر ڤارۆ ئامۆژگاریی کردووە بەکار بهێنرێ. بەلەبەرچاوگرتنی هەڵسەنگاندنی ئەو چاکسازیکارە کۆنانە، لەوە دەچێ بەرهەمی باخچەیەکی ناندین کەمێک لەوە زیاتر بووە کە بەشی چاندنە ناباوەکە و خەرجیی ئاودێرییەکەی بکات، چونکە لەو وڵاتانەی زۆر لە هەتاوەوە نزیکن، ئەو کاتە وا بەباش دەزانرا و ئێستاش هەر وا بەباش دەزانرێ کە جۆگەیەکی ئاو لەبەر دەست بێ ئاوەکەی بگاتە هەر دالیایەکی ناو باخچەکە. ئێستا لە زۆرترین بەشەکانی ئەورووپا، خەڵک پێیان وایە کە باخچەیەکی ناندین شایانی زیاتر لەو پەرژینە نییە کە کۆلومێلا پێشنیازی کردبوو. لە بریتانیای مەزن و هەندێ وڵاتانی تری باکور، باشترین میوەکان بەبێ پشتیوانیی دیواربەندێک ناگەنە پلەی پێگەیشتنی تەواو. بۆیە نرخی ئەوان لەو جۆرە وڵاتانەدا پێویستە بەشی خەرجیی دروستکردنی نۆژەنکردنەوەی ئەو شتە بکات کە بەبێ ئەو پێی ناگا. زۆربەی جاران باخچەی ناندین بەدیواری میوە دەورە دراوە، بەمەش پەرژینێکی بە قازانج بۆ دەمێنێتەوە، کە بەدەگمەن بەروبوومەکەی پارەی دروستکردنی دەدەن.

ڕەزی ترێ، کاتێک بەباشی دەچێنرا و بەتەواوی دروست دەکرا، بەهادارترین بەشی کێڵگەی پێک دەهێنا، لەوە دەچێ ئەمە بنەمایەک بووبێ لە کشتوکاڵی کۆندا کە جێی گومان نەبووبێ، ئێستاش لە وڵاتانی بەرهەمهێنی شەرابدا ئەمە وایە. بەڵام ئایا چاندنی ڕەزی

نوێی ترێ بەسوودە، ئەمەیان مایەی ناکۆکی بووە لەنێوان جووتیارانی ئیتالیای کۆن، وەک لە کۆلومێلا تێ دەگەین. ئەو وەک عاشقێکی ڕاستەقینەی کشتوکاڵی ناوازە، لایەنداریی ڕەزی ترێ دەکا و، هەوڵ دەدات لەڕێی بەراوردکردنی قازانج و خەرجییەوە، ئەوە پیشان بدات کە بەسوودترین چاکسازییە. بەڵام ئەو جۆرە بەراوردکارییە لەنێوان قازانج و خەرجیی پرۆژە نوێیەکاندا بەگشتی زۆر هەڵەیە و، لە کشتوکاڵدا هەڵەکە لە هەمووی زیاترە. ئەگەر ئەو دەسکەوتەی بەڕاستی لەو جۆرە کێڵگانەدا دەست دەکەون بەتەواوی وەک ئەوە بن کە پێشبینی کراون، ئەو کاتە هیچ کێشەیەک نابێ. هەمان ئەم خاڵە زۆربەی جاران لەم ڕۆژگارەی ئێستادا مایەی مشتومڕە لە وڵاتانی بەرهەمهێنی شەرابدا. لەڕاستیدا نووسەرەکانیان لە بواری کشتوکاڵ و، ئەوانەی شەیدا و هاندەری کشتوکاڵی بەرزن، لەوە دەچێ بەگشتی وەک کۆلومێلا لایەنداری ڕەزی ترێ نەبن. لە فرانسە نیگەرانیی خاوەن ڕەزە کۆنەکانی ترێ و ڕێگرییان لە دروستکردنی ڕەزی نوێ، لەوە دەچێ لایەنداری بۆچوونی ئەوان بن و، ئاماژە بۆ هەستی ئەو کەسانە دەکەن کە شارەزاییان لەو جۆرە کشتوکاڵەدا هەیە کە ئێستا لەو وڵاتە زۆر بەقازانجترە لە هەر جۆرێکی تر. بەڵام لەهەمان کاتدا لەوە دەچێ ئاماژە بێ بۆ بۆچوونێکی تر، کە ئەم قازانجە بەرزە لەو یاسایانە تەمەن درێژتر نابن کە ئێستا چاندنی ئازادانەی ڕەزی ترێ سنووردار دەکەن. لە ساڵی ١٧٣١دا، توانییان بڕیارێکی ئەنجومەن بەدەست بهێنن بۆ قەدەخەکردنی چاندنی ڕەزی نوێی ترێ و نۆژەنکردنەوەی ڕەزە کۆنەکانیش، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ کاریان تێدا وەستاوە، بەبێ وەرگرتنی ڕێپێدانێکی تایبەت لە پاشا، کە تەنیا لەڕێی ئاگەدارکردنەوەی پارێزگاری پارێزگەکەوە دەدرێ و، لە ئاگەدارکردنەوەکەدا پارێزگار جەخت دەکا کە خۆی زەوییەکەی پشکنیوە و بۆ هیچ جۆرە چاندنێکی تر ناشێ. بیانوو بۆ ئەم بڕیارە کەمیی گەنمەشامی و لەوەڕ و، زۆریی شەراب بوو. بەڵام ئەگەر ئەو زۆرییە ڕاست بووبێ، ئەوە بەبێ هیچ بڕیارێکی ئەنجومەن دەبووە ڕێگر لە چاندنی ڕەزی نوێی ترێ، بەهۆی کەمبوونەوەی قازانجەکانی ئەم جۆرە کشتوکاڵە بۆ خوار ئاستی سروشتیی گەنمەشامی و لەوەڕ. سەبارەت گریمانەی کەمیی گەنمەشامی، کە بەهۆی زیادبوونی ڕەزەکانی ترێوە دروست بووە، گەنمەشامی لە هەموو شوێنێکی فرانسە، وەک بۆرگەندی و جییەنە و لانگدەکی سەروو، بەوریاییەکی زیاترەوە دەچێنرێ وەک لەوەی لە ناوچەکانی شەرابدا هەیە. ژمارەی زۆری ئەو دەستی کارانەی لە جۆرێکی کشتوکاڵدا بەگەڕ دەخرێن، بێگومان دەبێتە هاندەری ئەوەی تر، لەڕێی دابینکردنی بازاڕێکی ئامادە بۆ بەروبوومەکەی. بێگومان کەمکردنەوەی ژمارەی ئەوانەی دەتوانن بیکڕن بەشێوەیەکی ئومێدبەخش گونجاو نییە بۆ هاندانی چاندنی گەنمەشامی. ئەمە وەک ئەو سیاسەتەیە کە دەیەوێ لەڕێی ڕێگری لە پیشەسازییەوە پەرە بە کشتوکاڵ بدا.

کرێ و قازانجی ئەم بەروبوومانە کە یان پێویستیان بە خەرجییەکی بنەڕەتیی زۆرتر هەیە بۆ چاکسازی تاوەکو زەوییان بۆ بسازێنرێ، یان بە خەرجییەکی سالانەی زیاتر بۆ چانجیهانن، هەرچەندە زۆربەی کات زیاترن لە خەرجییەکانی گەنمەشامی و لەوەڕگە، بەلام تەنیا قەرەبووی ئەو خەرجییە سەروو ئاساییەیان پێ دەکرێتەوە، لەڕاستیدا لەڕێی کرێ و قازانجی ئەم بەروبوومە باوانەوە ڕێک دەخرێن.

لەڕاستیدا هەندێ جار ڕووی داوە، کە پانتایی ئەو زەوییەی دەشێ بۆ هەندێ بەروبوومی دیاریکراو بسازێنرێ، زۆر کەمتر بووە لەوەی بەشی تێرکردنی خواستی کاریگەر بکات. دەکرێ تەواوی بەرهەمەکە بدرێ بەوانەی کە ئامادەن شتێکی زیاتر، بەپێی ئاستە سروشتییەکان یان ئەو ئاستانەی لە زۆربەی بەشەکانی تری زەویی کشتوکاڵیدا هەن، لەوەی بەشی کرێ، هەقدەست و قازانجی پێویست بۆ ئامادەکردن و گەیاندنی بە بازاڕ دەکا بدەن. ئەو بەشە زیادەیەی نرخ کە دوای دەرهێنانی تەواوی خەرجیی چاکسازی و چاندن دەمێنێتەوە لەوانەیە بەگشتی، لەم دۆخە و، تەنیا لەم دۆخەدا، بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو زیادەیەی لە گەنمەشامی یان لە لەوەڕگەدا دەمێنێتەوە بەراورد ناکرێ، بگرە ڕەنگە لە نزیکەی هەموو پلەیەکدا لەو زیاتر بێ و، بەشی زۆری ئەم زیادییە بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە کرێ بۆ خاوەن موڵک.

بۆ نموونە، دەبێ بزانرێ کە ڕێژەی باو و سروشتیی نێوان کرێ و قازانجی شەراب و، ئەوانەی گەنمەشامی و لەوەڕگە، تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی کرێ و قازانجی ئەو ڕەزی ترێیانە دەبێ کە تەنیا شەرابی ئاسایی بەرهەم دەهێنن، ئەوەی کە دەکرێ لە نزیکەی هەموو شوێنێک بەرهەم بهێنرێ، لەبەر هەموو ڕووناکییەک، خاکی زبر، یان لماوی و، ئەوەی هیچی نییە بۆ پشتیوانی کردنی بەهێزی و توانای خۆی نەبێ. زەویی ئاسایی تەنیا لەگەڵ ئەم جۆرە ڕەزی ترێیە دەتوانێ بچێتە کێبەرکێوە، چونکە ڕوونە کە ناتوانێ کێبەرکێیی ئەوانە بکات کە جۆرایەتییەکی ناوازەیان هەیە.

ترێ لە هەر بەروبوومێک زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی جیاوازیی جۆری خاکەوە. لە هەندێ خاکەوە، جۆرە تام و بۆیەک بەدەست دێنێ، کە لە خاکی تردا بەهیچ شێوازێکی چاندن و پەروەردەکردن ئەوە دەست ناکەوێ. ئەم تام و بۆیە، چ ڕاستەقینە بێ یان خەیاڵی، هەندێ جار تایبەتە بە چەند ڕەزێکی کەمەوە، هەندێ جاریش باڵ دەکێشێ بەسەر بەشی زۆری ناوچەیەکی بچووکدا و، جاری تریش بەشێکی بەرچاوی ناوچەیەکی گەورە دەگرێتەوە. تەواوی بڕی ئەو جۆرە شەرابانەی دێنە بازاڕەوە، ناگاتە ئاستی پڕگردنەوەی خواستی کاریگەر، یان خواستی ئەوانەی کە ئامادەن تەواوی کرێ، قازانج و هەقدەستی پێویست بۆ ئامادەکردن و هێنانی بۆ ئەوێ بدەن، بەگوێرەی ئاستی ئاسایی، یان ئەو ئاستەی بەگشتی بۆ ڕەزی ئاسایی ترێ دەدرێ. لەبەر ئەوە، دەکرێ تەواوی بڕەکە بەوانە

بدرێ کە ئامادەن زیاتری پێ بدەن، ئەمەش دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی نرخیان بۆ سەرووی نرخی شەرابی ئاسایی. جیاوازیی زۆر یان کەم بەگوێرەی نایابی و دەگمەنبوونی شەرابەکان وا دەکا کێبەرکێی نێوان کڕیارەکان زۆر یان کەم جدیتر بێ. هەر چۆنێک بێ، بەشی زۆری بۆ کرێی خاوەن موڵک دەچێ. لەبەر ئەوەی ئەم ڕەزانە بەگشتی بەشێوەیەکی وردتر لە زۆربەی جۆرەکانی تر دەچێنرێن، لەوە ناچێ نرخی بەرزی شەرابەکە هۆکارێکی کاریگەر نەبێ بۆ ئەم چاندنە وردە. بەڵکو، لە بەرهەمێکی وا بەهاداردا، ئەو زیانەی بەهۆی کەمتەرخەمییەوە ڕوو دەدا، وا دەکا تەنانەت بێخەمترین کەس وریا ببێتەوە. بەشێکی کەمی ئەم نرخە بەرزە بەشی دابینکردنی هەقدەستی ئەو کارە نائاساییە دەکا کە لەم چاندنەدا بەگەڕ دەخرێ، لەگەڵ دابینکردنی قازانجی ئەو ماڵە نائاساییەی ئەو کارە دەخاتە گەڕ.

دەشێ کۆلۆنییەکانی شەکر کە وڵاتانی ئەوروپایی لە هیندی ڕۆژئاوا دەستیان بەسەردا گرتوون، لەگەڵ ئەم ڕەزە نایابانەی تریدا بەراورد بکرێن. تەواوی بەرهەمیان بەرامبەر بە خواستی ئەوروپا کورت دەهێنێ و، دەکرێ بەوانە بفرۆشرێن کە ئامادەن زیاتر لەوەی پێ بدەن کە بەشی دابینکردنی تەواوی کرێ، قازانج و هەقدەستی پێویست بۆ ئامادەکردن و گەیاندنی بە بازاڕ بدەن، بەگوێرەی ئەو ئاستەی بەگشتی بەرامبەر هەر بەرهەمێکی تری وەردەگرن. لە کۆچینی چیندا، وەک ئەوەی بەڕێز پواڤرە، کە چاودێرێکی وردی کشتوکاڵە لەو وڵاتەدا، بە ئێمەی گوتووە، بەگشتی، کەنتاڵێک باشترین شەکری سپی بە سێ قرووش، کە نزیکەی سیانزە شیلین و شەش پێنس پارەی ئێمەیە، دەفرۆشرێ. ئەوەی لەوێ پێی دەگوترێ کەنتاڵ کێشەکەی بەرامبەر سەد و پەنجا تا دوو سەد پاوەنی پاریسە، یان بە تێکڕایی سەد و هەفتا و پێنج پاوەنی پاریسە، ئەمەش نرخی سەد کێشانەی ئینگلیزی بۆ نزیکەی هەشت شیلینی ئیستەرلینی دادەبەزێنێ، کە ناکاتە چارەکێکی ئەوەی بە شەکری بۆر یان شەکری مەسکڤادا دەدرێ ئەوەی لە کۆلۆنیەکانی ئێمەوە هاوردە دەکرێ و، ناکاتە شەشیەکی ئەوەی بە باشترین شەکری سپی دەدرێ. بەشی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکانی کۆچینی چین بۆ بەرهەمهێنانی گەنمەشامی و برنجن، کە خۆراکی بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەن. ڕەنگە نرخەکانی گەنمەشامی، برنج و شەکر، بەڕێژە سروشتییەکان، یان ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی لە بەرهەمە جیاجیاکانی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا هەیە و، کە قەرەبووی خاوەن موڵک و جووتیار دەکەنەوە، زۆر نزیکن لەوەی لەڕێی خەرجیی بنەڕەتیی چاکسازیی زەوی و خەرجیی ساڵانەی چانجیهانن دەستنیشان دەکرێن. بەڵام لە کۆلۆنیاکانی شەکری ئێمەدا نرخی شەکر ئەو جۆرە بەراوردە لەگەڵ بەرهەمی کێڵگەیەکی برنج یان گەنمەشامی، نە لە ئەوروپا و نە لە ئەمەریکا، لەخۆ ناگرێ. بەگشتی دەڵێن کە چێنەرێکی شەکر چاوەڕوانی ئەوە دەکا ڕەم و دۆشاوەکەی تەواوی خەرجیی

چاندنەکەی بۆ دەستەبەر بکەن و، شەکرەکە بەتەواوی ببێتە قازانجێکی ڕووت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، کە من نامەوێ پشتڕاستی بکەمەوە، وەک ئەوە دەبێ کە چێنەرێکی گەنمەشامی چاوەڕوان بێ خەرجییەکەی بە توێکڵ و پووشی گەنمەشامییەکە پڕ بکاتەوە و، تەواوی دانەکە قازانجی ڕووت بێ. زۆر جاران دەبینین چەند کۆمەڵە بازرگانێک لە لەندەن یان هەر شارێکی تری بازرگانی زەویی چۆڵ لە کۆلۆنییەکانی شەکرماندا دەکڕن، کە بەنیازی قازانج دەیانەوێ لەڕێی بریکارەوە چاکیان بکەن و بیانچێنن، بەبێ گوێدان بە دووریی زۆری ئەو وڵاتانە و داهاتی نادیاری کارگێڕیی خراپی دادوەری لەو وڵاتانەدا. کەسیش بەم شێوازە هەوڵی چاککردن و چاندنی زەویی بەپیت لە سکۆتلاند، ئایرلاند، یان ناوچەکانی گەنمەشامی لە باکوری ئەمەریکا نادا، سەرباری ئەوەی کارگێڕیی دادوەری لەو وڵاتانەدا وا دەکا چاوەڕوانی داهاتی ڕێکوپێکتر بن.

لە ڤیرجینیا و مێریلاند، چاندنی تووتن پەسەندترە، لەبەر ئەوەی بەقازانجترە لە گەنمەشامی. ڕەنگە تووتن لە زۆربەی ناوچەکانی ئەوروپا بچێنرێ و بەبرشتیش بێ، بەڵام نزیکەی لە هەموو بەشێکی ئەوروپادا بابەتێکی سەرەکیی باج وەرگرتنە و، پێشبینی کراوە کە کۆکردنەوەی باج لە هەموو کێڵگەیەک کە ئەم ڕووەکەی تێدا چێنراوە کارێکی سەختتر دەبێ، لەوەی باجەکە لە کاتی هاوردەکردنیدا لە فەرمانگەی باجدا وەربگیرێ. بەم پێیە چاندنی تووتن بە بێواتەترین شێوە لە زۆربەی بەشەکانی ئەوروپا قەدەخە کراوە، کە ئەمەش بووەتە مایەی جۆرێک لە قۆرخکاری بە قازانجی ئەو وڵاتانەی ڕێگەیان پێ داوە و، کە ڤیرجینیا و مێریلاند زۆرترین تووتن بەرهەم دێنن زۆرترین سوودمەندن لەم قۆرخکارییە، هەرچەندە هەندێ کێبەرکێکاریان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا لەوە ناچێ چاندنی تووتن وەک چاندنی شەکر بەسوود بێ. من هەرگیز بەر گوێم نەکەوتووە هیچ تووتنێک بە سەرمایەی بازرگانانی دانیشتووی بریتانیای مەزن پێش خرابێ و چێنرابێ و، کۆلۆنییەکانی تووتنمان هیچ جۆرە چێنەرێکی دارای لەو بابەتەیان بۆمان نەناردووەتە نیشتمانەوە، لەکاتێکدا کە دەبینین زۆر لەوانە لە دوورگەکانی شەکرمانەوە دێن. سەرباری ئەوەی لەو کۆلۆنییانەدا چاندنی تووتن لە چاندنی گەنمەشامی لەپێشترە، بەڵام وا دەردەکەوێ کە خواستی کاریگەری ئەوروپا بۆ تووتن بەتەواوی پڕ ناکرێتەوە، ڕەنگە ئەمەیان لەوەی شەکر زیاتر وا بێ و، هەرچەندە لەوانەیە نرخی ئێستای تووتن زۆر لەوە زیاتر بێ کە تەواوی کرێ، هەقدەست و قازانجی پێویست بۆ ئامادەکردن و هێنانی بۆ بازاڕ دابین بکات، بەگوێرەی ئەو ئاستەی کە بەگشتی لە زەویی بەگەنمەشامی چێنراودا دەدرێ، نابێ زۆر زیاتر بێ لەوەی لە نرخی ئێستای شەکردا هەیە. بەو پێیە، چێنەرانی تووتنی ئێمە، کە هەمان ئەو ترسەیان لەو زیادبوونە زۆرە هەیە، کە خاوەنانی ڕەزە کۆنەکانی تری لە فرانسە لە زیادبوونی زۆری شەراب هەیانە. بەیاسایەکی ئەنجومەن چاندنی تووتنیان بە

شەش هەزار ڕووەک سنووردار کرد، بۆ هەر ڕەشپێستێک (نووسەر پێیان دەڵێ نیگرۆ، کە ئێستا بە دەربڕینێکی ڕاسیست دەژمێررێ، بەڵام دیارە لەو سەردەمەی ئەودا بەکارهێنانی ئاسایی بووە- وەرگێڕ) کە تەمەنی لەنێوان شازدە و شەست ساڵاندایە، کە چاوەڕوان دەکرێ هەزار کێشانەی تووتن بەرهەم بهێنن. ئەو جۆرە ڕەشپێستە، لە سەرووی ئەم بڕە تووتنەوە، وەک ئەوان حسێبیان کردووە، دەتوانێ چوار ئەیکەر گەنمەشامیی هێندی بەڕێوە ببا. بۆ ڕێگرتنیش لەوەی بازاڕ بکەوێتە ژێر باری ماڵی زیادەوە، هەندێ جار لە ساڵانی هاتدا، وەک ئەوەی دوکتۆر دۆگلاس (کە گومان هەیە لەوەی کەمزانیاری بێ) بەئێمەی ڕاگەیاندووە، بڕێکی دیاریکراوی تووتنی هەر ڕەشپێستێک دەسووتێنن، بەهەمان ئەو شێوازەی کە دەگوترێ هۆڵاندەییەکان لەگەڵ بەهاراتدا دەیکەن. ئەگەر ئامرازی وا توند بۆ ڕاگرتنی نرخی ئێستای تووتن پێویست بێ، ئەوە ڕەنگە باڵادەستیی سوودی چاندنی بەسەر سوودی چاندنی گەنمەشامیدا، ئەگەر هێشتا مابێ، زۆر بەردەوام نابێ.

بەم شێوەیە کرێی زەویی کشتوکاڵی، ئەوەی بەروبوومەکەی خۆراکی مرۆڤە، کرێی زۆربەی زۆری ئەو زەوییە چێنراوانەی تر ڕێک دەخا. هیچ بەرهەمێکی دیاریکراو ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ کەمتر لەو ئاستە دابین بکات، چونکە زەوییەکە یەکسەر بۆ بەکارهێنانێکی تر تەرخان دەکرێ. ئەگەر بەرهەمێکی دیاریکراویش، بەگشتی زیاتری دەستەبەر کرد، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو زەوییەی دەکرێ بۆی ساز بکرێ کەمترە لەوەی کە بتوانێ خواستی کاریگەر پڕ بکاتەوە.

لە ئەورووپا، گەنمەشامی بەرهەمی سەرەکیی زەوییە کە یەکسەر دەبێتە خۆراکی مرۆڤ. لەبەر ئەوە، جگە لە هەندێ دۆخی تایبەت، کرێی زەویی بەگەنمەشامی چێنراو پێوەرە بۆ هەموو زەوییە چێنراوەکانی تری ئەورووپا. بریتانیا پێویستی بەوە نییە ئیرەیی نە بەڕەزە ترێیەکانی فرانسە و نە بەباخەکانی زەیتوونی ئیتالیا، بێ. مەگەر لە هەندێ دۆخی تایبەت نەبێ، بەهای ئەمانە لەڕێی بەهای گەنمەشامییەوە ڕێک دەخرێ، کە بۆ ئەمەیان بەپیتیی بریتانیا هیچی کەمتر نییە لە هیچ یەکێک لەوانەی ئەو دوو وڵاتە.

ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا خۆراکی تەڕەی باو، یان لەپێشی، خەڵکی پێویست بێ لە ڕووەکێکەوە بەدەست بێ کە زۆربەی زەویی ئاسایی، بە هەمان ئاستی چاندن یان بەئاستگەلی زۆر نزیک لە یەکتر، بڕێکی زۆر زیاتر بەهەم بهێنن لەوەی بەپیترین زەویی بەگەنمەشامی چێنراو بەرهەمی دێنێ، کرێی خاوەن موڵک، یان بڕی زیادی خۆراک کە بۆ ئەو دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی پارەی کار دەدرێ و جێی ماڵی جووتیار پڕ دەکرێتەوە، شانبەشانی قازانجە ئاساییەکەی، گومانی تێدا نییە زۆر زیاتر دەبێ. ئەو ئاستەی کە بە گشتی کاری لەو وڵاتە پێ فەراهەم دەکرێ هەر چەندێک بێ، ئەم زیادە زۆرترە بەردەوام بڕێکی زۆرتری لێ فەراهەم دەکا و، لەکۆتاییدا وا دەکا خاوەن موڵک توانای کڕین یان

بەدەستهێنانی بڕێکی زیاتری دەبێ. بەهای ڕاستەقینەی کرێیەکەی، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆی، توانای ئەو لە بەدەستهێنانی پێویستییەکان و هۆکارەکانی خۆشگوزەرانیی ئەوانەی کاری خەڵکی تر بۆی دابین دەکەن، گومانی تێدا نییە کە زۆر زیاتر دەبن.

کێڵگەیەکی برنج گەلێ لە بەپیتترین کێڵگەی گەنمەشامی زیاتر خۆراک بەرهەم دێنێ. دەڵێن دوو بەر لە ساڵێکدا، هەر یەکێکیان سی تا شەست بوشڵ، بەرهەمی ئاسایی یەک ئەیکەرە. کەواتە، هەرچەندە چاندنەکەی کاری زیاتری دەوێ، زیادەیەکی زۆر زیاتر دوای دابینکردنی هەموو ئەو کارە دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە لەو وڵاتانەدا کە برنج خۆراکی باو و پەسەندتری خەڵکە و، چێنەرەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە چاندنی برنجدا کار دەکەن، بەشێکی زۆرتری ئەم زیادە زۆرترە دەبێ بۆ خاوەن موڵک بێ، زیاتر لەوەی لە وڵاتانی گەنمەشامیدا هەیە. لە کارۆلاینا، کە چێنەرەکان، هاوشێوەی کۆلۆنییەکانی تری بریتانیایی، بەگشتی جووتیاران و خاوەن موڵکەکان و، کە کرێ لەکۆتاییدا لەگەڵ قازانجدا دەگۆڕێ، چاندنی برنج بەقازانجترە لە چاندنی گەنمەشامی، سەرباری ئەوەی کێڵگەکانیان ساڵانە یەک بەربیان هەیە و، سەرباری ئەوەی کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوو و نەریتەکانی ئەورووپا، برنج خۆراکی سەرەکیی خەڵکەکە نییە.

کێڵگەیەکی باشی برنج لە گشت وەرزەکاندا زەلکاوێکە بە ئاو داپۆشراوە. ئەوە نە بۆ گەنمەشامی، نە بۆ لەوەڕگە، نە بۆ ڕەزی ترێ گونجاو نییە و بێگومان بۆ هیچ بەرهەمێکی تەڕەی بەسوود بۆ مرۆڤ گونجاو نییە و، ئەو زەوییانەی بۆ ئەو مەبەستانە گونجاون بۆ برنج گونجاو نین. بۆیە، تەنانەت لە وڵاتانی برنجیشدا، کرێی زەویی برنج ناشێ لەڕێی کرێی هیچ زەوییەکی تری کشتوکاڵییەوە ڕێک بخرێ، کە هەرگیز ناشێ بۆ ئەو مەبەستە بەکار بێ.

ئەو خۆراکەی لە کێڵگەیەکی پەتاتەدا بەرهەم دێ، وەک بڕ، کەمتر نییە لەوەی کێڵگەیەکی برنج بەرهەمی دێنێ و، زۆر زیاترە لەوەی کێڵگەیەکی گەنم بەرهەمی دێنێ. دوازدە هەزار کێشانەی پەتاتە لە یەک ئەیکەر زەویدا بەرهەمێکی زیاتر نییە لە دوو هەزار کێشانە گەنم. لەڕاستیدا، ئەو خۆراکەی لە هەر یەکێک لەم دوو ڕووەکە بەدەست دێ، هاوڕێژە نییە لەگەڵ کێشیان، ئەویش بەهۆی سروشتی ئاوداری پەتاتەوەیە. هەرچەندە ئەگەر وای دابنێین کە نیوەی کێشی ئەم ڕەگە ئاوە، کە ئەم حیسابە زۆر چاوتێرانەیە، هێشتا یەک ئەیکەر پەتاتە شەش هەزار کێشانە خۆراکی وشکەی تێدایە، واتە سێ ئەوەندەی ئەو بڕەی یەک ئەیکەر گەنم بەرهەمی دێنێ. خەرجیی چاندنی یەک ئەیکەر پەتاتە کەمترە لەوەی یەک ئەیکەر گەنم. بەبۆر بەجێهێشتنی زەوی پێش ئەوەی گەنمی تێدا بچێنرێ، بەگشتی زیاترە لەوەی قەرەبووی بژارکردن و چاندنی نائاسایی پەتاتە پێویستی

پێیەتی. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم ڕەگە لە هەر شوێنێکی ئەوروپا، وەک برنج لە وڵاتانی برنجدا، ببێ بە خۆراکی گشتی و لەپێشەوەی خەڵک، بەو پێیەش هەمان پانتایی ئەو زەوییانەی داگیر کرد کە گەنم و دانەوێڵەکانی تری خۆراکی مرۆڤ ئێستا داگیریان کردووە، ئەوە هەمان ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە خۆراکی ژمارەیەکی زۆرتر خەڵک و، ئەو کارگەرانەی بەگشتی بە پەتاتە نان دەدرێن، دەستەبەر دەکەن و، پاش پڕکردنەوەی ماڵ و بژێویی هەموو ئەو کارەی لە چاندنیدا بەکار هاتووە، زیادەیەکی زۆرتر دەمێنێتەوە. بەشێکی زۆرتریش لەم زیادەیە بۆ خاوەن موڵک دەچێ. ژمارەی دانیشتووان زیاد دەکا و، کرێ زۆر لە ئێستا بەرزتر دەبێ.

ئەو زەوییەی بۆ پەتاتە گونجاوە بۆ نزیکەی هەموو تەرەیەکی بەسوودی تر گونجاوە. ئەگەر هەمان ئەو پانتایی زەوییە داگیر بکات کە ئێستا گەنمەشامی داگیری کردووە، بەهەمان شێوە دەبێتە ڕێکخەر بۆ کرێی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی تر.

پێم گەیشتووە کە لە هەندێ بەشی لانکەشیر، نانی شۆفان زیاتر لە نانی گەنم خۆراکی پەسەندی خەڵکی کارگەرە و، زۆر جار بیستوومە کە هەمان شت لە سکۆتلاندیش هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، من لە ڕاستیی ئەمە بەگومانم. خەڵکی ئاسایی لە سکۆتلاند، کە شۆفان خۆراکیانە، بەگشتی نە ئەوەندە بەهێزن و نە ئەوەندەی هەمان توێژی خەڵک لە ئینگلتەرە، کە نانی گەنم خۆراکیانە، قۆزن. ئەوان نە بەو باشییە کار دەکەن و نە ئەوەندە تەندروست دێنە بەر چاو و، هەمان ئەو جیاوازییە لەنێوان خەڵکی پایەدارتر لە هەردوو وڵاتدا نییە، لەوە دەچێ ئەزموون ئاشکرای بکات کە خۆراکی خەڵکی ئاسایی لە سکۆتلاند ئەوەندەی خواردنی هەمان توێژ لە ئینگلتەرەی دراوسێیان بۆ مرۆڤ گونجاو نییە. بەڵام لەوە دەچێ سەبارەت بە پەتاتە دۆخەکە پێچەوانە بێ. کارمەندان، کۆڵکێشان و ئەوانەی خەڵووز لە تەنوور دەکەن لە لەندەن و، ژنانی بێبەخت کە بە لەشفرۆشی دەژین، ڕەنگە پیاوانی بەهێزتر و جوانترین ئافرەتەکانی توێژە باڵاکانی بریتانیا، کە دەگوترێ زۆربەیان لە توێژە نزمەکانی خەڵکی ئایرلاندن، کە بەگشتی ئەو ڕەگە خۆراکیانە. هیچ خۆراکێک ناتوانێ بەڵگەیەکی هاشاهەڵنەگرتر لەسەر جۆرایەتیی بەرزی خۆی، یان گونجاویی بێوێنەی بۆ تەندروستیی مرۆڤ پێشکەش بکات.

پاراستنی پەتاتە بەدرێژایی ساڵ کارێکی سەختە و، مەحاڵە وەک گەنمەشامی دوو سێ ساڵ لەسەر یەک، کۆگە بکرێ. ترس لەوەی نەتوانرێ پێش ئەوەی کەڕوو لێی بدات بفرۆشرێ خەڵک لە چاندنی سارد دەکاتەوە و، ڕەنگە ئاستەنگی سەرەکی بێ لەڕێگەی بوونی بەجێگرەوەی نان و خۆراکی سەرەکیی هەموو توێژەکانی خەڵک لە وڵاتێکی مەزندا.

کەرتی دووەم

ئەو بەرهەمانەی زەوی کە هەندێ جار کرێ دابین دەکەن و هەندێ جار نایکەن

لەوە دەچێ کە خۆراکی مرۆڤ تەنیا بەرهەمی زەوی بێ کە بەردەوام هەندێ کرێ بۆ خاوەن موڵک دەستەبەر دەکا. جۆرەکانی تری بەرهەم هەندێ جار دابینی دەکەن و هەندێ جاریش نایکەن، ئەویش بەپێی هەلومەرجی جیاجیاوە.

جلوبەرگ و نشینگە، دوای خۆراک، دوو پێویستیی مەزنی مرۆڤن.

زەوی لە دۆخی بنەڕەتیی چاکنەکراوی خۆیدا دەتوانێ کەرەستەکانی پۆشاک و نشینگە بۆ ژمارەیەکی زۆرتر خەڵک دابین بکات، زیاتر لەوەی خۆراکیان بۆ دابین دەکات. لە دۆخی چاککراویدا هەندێ جار دەتوانێ خۆراک بۆ ژمارەیەک خەڵک دەستەبەر بکات کە زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی دەتوانێ ئەو کەرەستانەیان بۆ دابین بکات، بەلای کەم بەو شێوەیەی ئەوان داوای دەکەن و ئامادەن پارەی پێ بدەن. کەواتە، لە دۆخێکدا بەردەوام زیادەیەکی زۆر لەو کەرەستانەدا هەیە کە زۆربەی جاران، بەم پێیە، بەهایان کەمە یان نییە. لە دۆخەکەی تردا زۆربەی جار کورتهێنان هەیە، کە دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی بەهایان. لە دۆخی یەکەمدا بەشێکی زۆریان وەک شتی بێسوود فڕێ دەدرێن و، نرخی ئەوەی لێیان بەکار دەهێنرێ تەنیا یەکسانە بە کارەکە و خەرجیی گونجانجیهانن بۆ بەکارهێنان و، بەمەش ناتوانن هیچ کرێیەک بۆ خاوەن موڵکەکە دابین بکەن. لە دۆخەکەی تردا هەموویان بەکار دێن و، زۆربەی جاران خواست بۆ زۆرتر لەوەی کە دەست دەکەوێ هەیە. بەردەوام کەسێک هەیە کە ئامادە بێ بە هەر بەشێکیان زیاتر لەوەی بەشی خەرجیی هێنانیان بۆ بازاڕ دەکا، بدا. لەبەر ئەوە، بەردەوام دەتوانن هەندێ کرێ بۆ خاوەن موڵک دابین بکەن.

پێستی ئاژەڵە گەورەکان کەسەرتەی بنەڕەتیی پۆشاک بوون. بۆیە، لەنێو گەلانی ڕاوچی و شوانکارەدا، کە خۆراکەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەیان تێدا هەبوو، هەموو مرۆڤێک لەگەڵ دابینکردنی خۆراکی خۆی کەرەستەی پۆشاکی زیاتر لە پێویستیی خۆی دەستەبەر دەکرد. ئەگەر بازرگانیی دەرەکی نەبوایە، بەشی زۆریان وەک شتی بێبەها فڕێ دەدران. ڕەنگە ئەمە دۆخی گەلانی ڕاوچیی باکوری ئەمەریکا بووبێ، پێش ئەوەی وڵاتەکەیان لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە بدۆزرێتەوە، کە ئێستا ئەو پێستە زیادەیەی هەیانە لەگەڵ ئەوانی دەگۆڕنەوە بە بەتانی و چەک و براندی، بەمەش بەهایەک بەو زیادەیە دەدرێ. لە دۆخی بازرگانیی ئێستای جیهانی ناسراودا، لەو بڕوایەدام کە کێویترین (نووسەر پێیان دەڵێ بەربەری) گەلان، کە خاوەنداریتیی زەوییان تێدا دروست بووبێ، هەندێ بازرگانیی دەرەکیی لەم جۆرەیان هەیە و، لە لای داراترین دراوسێیەکانیان جۆرە خواستێک بۆ هەموو ئەو کەرەستەی پۆشاکانە هەیە کە زەوییەکەیان بەرهەمی دێنێ

و، نـاتوانرێ لە وڵاتـی خۆیانـدا نە بـۆ پیشەسـازی و نە بـۆ بەکارهێنـان سـوودیان لـێ وەرگیرێ، بەمەش نرخەکانیان لە تێچوویان بەرزتر دەبێ و بۆ دراوسـێ دەوڵەمەندترەکان دەنێررێن. بەمەش، هەندێ کرێ بۆ خاوەن زەوی دەستەبەر دەبێ. کاتێک کە بەشی هەرە زۆری مـاڵاتی بەرزاییەکـان لەسـەر گردەکـانی خۆیـان بەکـار دەبـران، هەنـاردەکردنی پێستەکانیان بەرچاوترین بابەتی بازرگانیی ئەو ناوچەیە بوو و، ئەوەی لەبری ئەو پێستەیە وەردەگیرا هەندێ کرێی سەرباری بۆ زەویوزاری بەرزاییەکان دەستەبەر دەکرد. خوریی ئینگلـتەرە، کە لە سـەردەمانی کۆنـدا نەدەکـرا لە نـاوەخۆدا بەکـار ببـرێ و، نەدەکـرا لە پیشەسـازیی نـاوەخۆدا بەکـار ببـرێ، بـازاڕی لە وڵاتـانی دەوڵەمەنـدتر و پیشەسـازیتری فلاندەرزدا بۆ دۆزرایەوە و، نرخەکەی هەندێ جار کرێی ئەو زەوییەی دەستەبەر کرد کە بەرهەمی هێنـاوە. لەو وڵاتانەی لەڕووی کشتوکاڵەوە لەو سەردەمەدا لە ئینگلتەرە باشـتر نەبـوون، یـان لە ئێسـتای بەرزاییەکـانی سـکۆتلاند باشـتر نەبـوون و، هـیچ بازرگـانییەکی دەرەکییـان نەبـوو، کەرەسـتەکانی پۆشـاک بەشـێوەیەکی بەرچاو ئەوەنـدە زۆر دەبوون کە بەشێکی زۆریان دەبوو وەک شتی بێسـوود فرێ بدرێ و، هـیچ بەشـێکیان توانـای نەبـوو هیچ کرێیەک بۆ خاوەن موڵک دەستەبەر بکات.

کەرەسـتەی نشـینگە نـاکرێ بەردەوام وەک کەرەسـتەی پۆشـاک بـۆ شـوێنی زۆر دوور بگوازرێنەوە و، بە دەستوبردیش نابنە بابەت بۆ بازرگانیی دەرەکی. کاتێک لە وڵاتێکدا کە بەرهەمیـان دێنـێ زیـادەیەکی زۆر هەیە، زۆر جـار ڕوو دەدا، تەنـانەت لە دۆخـی ئێسـتای بازرگانیی جیهانشدا، ئەو کەرەستانە هیچ بەهایەکیان بۆ خـاوەن موڵـک نـابێ. کانێکی بەرد (مەقلەع) لە دەوروبەری لەندەن کرێیەکی باش دەستەبەر دەکا. لە زۆر بەشـی سکۆتلاند و وێلز هـیچ دەسـتەبەر ناکـا. داری بیناسـازی لە نـاوچەیەکی قەرەبـاڵخی خـاوەن کشـتوکاڵی باشدا بەهایەکی مەزنیان هەیە و، ئەو زەوییەی بەرهەمی دێنێ کرێیەکی بەرچاو دەستەبەر دەکا. بەڵام لە زۆر بەشـی بـاکوری ئەمەریکا خـاوەن زەوی زۆر خـۆی بە منەتبـاری هەر کەسـێک دەزانـێ کە زۆربەی دارە گەورەکـانی لەکـۆڵ بکـاتەوە. لە هەنـدێ بەشـەکانی بەرزاییەکـانی سـکۆتلاند تـوێکڵی دار تەنیـا بەشـی دارسـتانە، کە لەبەر نەبـوونی ڕێـگەی وشکانی و گواستنەوەی ئاوی، بتوانرێ بۆ بازاڕ بنێررێ. دارەکەش بەجێ دەمێنێ لەسـەر زەوی بۆ ئەوەی بڕزێ. کاتێک کەرەسـتەی بیناسـازی زۆر زیاد دەبن و، ئەو بەشـەیان کە بەکار دێ تەنیـا بـایی کـار و خەرجیی سـازدانی بۆ ئەو مەبەستە دەکا. هـیچ کرێیەک بۆ خاوەن موڵک دابین ناکا، کە ڕێگەی بەکارهێنانیان بە هەر کەسێک دەدات کە ئامادەیە شـان بداتە بەر ئەرکی داواکرجیهانن. لەگەڵ ئەوەشدا، خواستی گەلانی دەوڵەمەندتر هەندێ جـار یـارمەتیی دەدات بـۆ ئەوەی کرێیەکـی دەسـت بـکەوێ. دروسـتکردنی شـەقامەکانی لەنـدەن، یـارمەتیی خاوەنـانی هەنـدێ کـانی بەردی کەناراوەکـانی سـکۆتلاندی دا تـاوەکو کرێیـان لە

شتێک دەست بکەوێ کە هەرگیز کرێی بۆیان دابین نەکردبوو. دارستانەکانی نەرویج و کەناراوەکانی بەلتیک بازاڕێکیان لە گەلێ بەشی بریتانیای مەزندا دۆزییەوە کە لە وڵاتی خۆیاندا نەیانبوو و، بەوەش هەندێ کرێیان بۆ خاوەنەکانیان دابین کرد.

ئەو وڵاتانەی ژمارەی دانیشتووانیان هاوڕێژەی ژمارەی ئەو خەڵکە نییە کە بەروبوومەکەیان بەشی پۆشین و نیشتەجێکرجیهانن دەکا، بەڵکو هاوڕێژەیە لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی دەتوانن نانیان بدەن. کاتێک کە خۆراک دەستەبەر دەکرێ، دەسکەوتنی پۆشاک و نشینگەی پێویست ئاسان دەبێ. بەڵام هەرچەندە ئەمانە بەردەستن، لەوانەیە زۆربەی جار دەسکەوتنی خۆراک سەخت بێ. تەنانەت لە هەندێ شوێنی دەوڵەمەندی بریتانیاشدا ئەوەی کە پێی دەگوترێ خانوو، دەکرێ بە کاری یەک ڕۆژی یەک پیاو دروست بکرێ. سادەترین جۆرەکانی پۆشاک، کە پێستەی ئاژەڵە، پێویستیان بە هەندێ کاری زیاترە بۆ ئەوەی لەبەر بکرێن و بۆ بەکارهێنان ئامادە بکرێن. هەرچەندە کارێکی زۆریان پێویست نییە. لە نێو گەلانی کێوی و وەحشیدا، لەسەدا یەک یان کەمێک لەوە زیاتر لە کاری هەموو ساڵەکە بەشی دابینکردنی ئەو پۆشاک و نشینگانە ناکا کە زۆربەی خەڵک پێویستیان پێیانە. هەموو لەسەدا نەوەت و نۆیەکەی تر زۆربەی جاران تەنیا بەشی دابینکردنی خۆراکیان بۆ دەکەن.

بەڵام کاتێ چاکسازی و چاندنی زەوی دەبێ، کاری یەک خێزان دەتوانێ خۆراکی دوو خێزان دابین بکات، کاری نیوەی کۆمەڵگە بەشی هەموو کۆمەڵگە دابین دەکات. واتە، ئەو نیوەیەی تر، یان بەلای کەمەوە بەشی زۆری ئەو نیوەیە، دەکرێ لە دابینکردنی شتەکانی تردا بخرێتە گەڕ، یان بۆ دابینکردنی ویست و حەزەکانی تری مرۆڤ دەخرێنە گەڕ. پۆشاک و نشینگە، کەلپەلی ناوماڵ و، ئەوەی پێی دەگوترێ کەرەستە، بابەتگەلی پێویستی ئەو حەز و ویستانەن. پیاوی دەوڵەمەند لە دراوسێ هەژارەکەی زیاتر خواردن ناخوا. ڕەنگە لەڕووی چۆنایەتیەوە زۆر جیاواز بین و، بۆ هەڵبژاردن و ئامادەکردنی کار و هونەری زیاتری پێویست بێ، بەڵام لە ڕووی چەندایەتییەوە نزیکەی هەمان برە. بەڵام بەراوردی تەلارێکی فرەوان و دۆلابی زەبەلاحی دارین لەگەڵ کۆخەکە و کەلپەلی کەمی ئەوەی تر بکەی، تێ دەگەی کە جیاوازیی نێوان پۆشاکەکانیان، نشینگەکەیان و، کەلپەلی ماڵەوەیان، تا ڕادەیەکی زۆر لە چەندایەتی، وەک جۆرایەتی، زۆرن. حەزی خواردن لە هەر مرۆڤێکدا سنووردارە بە قەبارەی تەنگی گەدەی مرۆڤ، بەڵام حەزی خۆشگوزەرانی و جوانکاریی باڵەخانە، جلوبەرگ، کەرەستە و، کەلپەلی ماڵ لەوە ناچێ سنووری دیاریکراویان هەبێ. بۆیە ئەوانەی توانایان هەیە بۆ بەدەستهێنانی خۆراکی زیاتر لەوەی دەتوانن بەکاری بەرن، بەردەوام ئامادەن ئەو زیادەیە بگۆڕنەوە، یان، کە هەمان شتە، نرخەکەی بگۆڕنەوە بەو شتانەی تر. ئەوەی زیاترە لەوەی بەشی تێرکردنی حەزە سنووردارەکە، دەدرێ بەو حەزانەی کە ناتوانرێ تێر بکرێن، بەڵام هەموویان لەوە دەچێ بێ کۆتا بن. هەژارەکان، بۆ بەدەستهێنانی خۆراک، خۆیان دەخەنە خزمەت

دەستەبەرکردنی حەزەکانی دەوڵەمەندەکان و، بۆ بەدەستهێنانی زیاتر بێگومان کێبەرکێی یەکتر دەکەن لە هەرزانی و رێکوپێکیی ئیشەکانیاندا. ژمارەی کارگەران شانبەشانی زیادبوونی بڕی خۆراک زیاد دەبێ، یان شانبەشانی چاکسازی و چاندنی زیاتری زەوییەکاندا و، کاتێکیش سروشتی بازرگانییەکەیان ددان بەوپەڕی دابەشکردنی کاردا دەنێ، بڕی ئەو کەرەستانەی دەتوانن کاریان لەسەر بکەن زیاتر لە رێژەی زیادبوونی خۆیان زیاد دەکەن. لێرەشەوە خواستێک بۆ هەموو جۆرە کەرەستەیەک سەر هەڵ دەدات کە داهێنانی مرۆڤ بتوانێ بەگەڕی بخا، چ بەشێوەیەکی سوودبەخش یان وەک جوانکاری، لە بیناسازی، جلوبەرگ، کەرەستە، یان کەلپەلی ناوماڵ، بۆ ئەو بەرد و کانزایانەی لە ناو ناخی زەویدا هەن: کانزای گرانبایی و بەردی بەنرخ.

بەم شێوەیە، خۆراک تەنیا سەرچاوەی بنەڕەتیی کرێ نییە، بەڵکو هەموو بەشێکی تری بەرهەمی زەوی کە دواتر کرێ بەدەست بهێنێ ئەو بەشەی بەهای خۆی لە چاکسازی لە هێزەکانی کار لە بەرهەمهێنانی خۆراک بەهۆی چاکسازی و چاندنی زەوییەوە بەدەست دێنێ.

بەڵام، ئەم بەشانەی تری بەرهەمی زەوی کە دواتر کرێ دابین دەکەن، بەردەوام دابینی ناکەن. تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بەردەوام خواست لەسەریان ئەوەندە نییە کە ببێتە مایەی نرخێکی زۆر، کە پارەی کار و قازانجی ئاسایی و جێگرتنەوەی ئەو ماڵە بکات کە دەبێ بۆ گەیانجیهانن بە بازاڕ بخرێنە گەڕ. هەبوون و نەبوونی ئەو توانایە پەیوەستن بە هەلومەرجی جۆراوجۆرەوە.

بۆ نموونە، توانای کانێکی خەڵووز بۆ دابینکردنی کرێ لە بەشێکیدا پشت بە بەپیتیی کانەکەوە دەبەستێ و، لە بەشێکیدا پشت بە دۆخی کانەکەوە دەبەستێ.

بەگوێرەی زیاتر یان کەمتربوونی ئەو بڕە کانزایانەی بەهۆی بڕێکی دیاریکراوی کارەوە لە کانێک دەردەهێنرێ، لەوەی بەهەمان بڕە کار لە زۆربەی کانەکانی هاوشێوەی خۆی دەردەهێنرێ، دەکرێ بە هەر کانێک بگوترێ بەپیتە یان نەزۆکە.

هەندێ کانی خەڵووز کە بەشێوەیەکی گونجاو دۆخەکەیان رێک خراوە، بەڵام نەزۆکییان لەبەر چاو نەگیراوە، بەرهەمەکەیان خەرجییەکان پڕ ناکاتەوە. نە قازانج و نە کرێ دابین ناکەن.

هەندێک هەن بەرهەمەکەیان هەر ئەوەتا بەشی پارەدانی کار و قازانجی ئاسایی و پڕکردنەوەی ئەو ماڵەی تیایاندا بەکار براوە، دەکا. ئەوانە هەندێ قازانج بۆ ئەو کەسەی کارەکەی لەئەستۆ گرتووە دابین دەکەن، بەڵام هیچ کرێیەک بۆ خاوەن موڵک دەستەبەر ناکەن. تەنیا خاوەن موڵک دەتوانێ وایان لێ بکات بەسوود بن، بەوەی کە خۆی کارەکە لە ئەستۆ بگرێ و، قازانجی ئەو سەرمایەیە هەڵگرێتەوە کە خستوویەتە گەڕ. گەلێ کانی خەڵووز لە سکۆتلاند بەم شێوەیە گونجێنراون و، هیچ رێگەیەکی تر بۆ گونجانجیهانن نییە.

خاوەن موڵک ڕێگە بە هیچ کەسێکی تر نادا بەبێ کرێ کاریان تێدا بکات و، کەسیش ناتوانێ کرێ دابین بکات.

کانی تری خەڵووز لە هەمان وڵات، کە بەڕادەیەکی باش بەپیتن، دەکرێ بەگوێرەی دۆخەکەیان بگونجێنرێن. دەکرێ برە کانزایەک کە بەشی خەرجیی کارەکە بکات، لەڕێی برە کارێکی ئاسایی، یان تەنانەت کەمتر لە ئاسایی دەربهێنرێ. بەڵام لە ناوچەیەکی لادێیی ناوەوەی وڵات کە دانیشتووانی کەم بن و ڕێگەوبانی باش یان گواستنەوەی ئاویی باشی نەبێ، ئەم برە نافرۆشرێ.

خەڵووز وەک سووتەنی ئەوەندەی دار پەسەندکراو نییە: هەروەها دەڵێن کەمتر بەسوودە. بۆیە خەرجیی خەڵووز لەو شوێنەی تیایدا بەکار دەبرێ، دەبێ بەگشتی شتێک لەوەی دار کەمتر بێ.

نرخی داریش شانبەشانی دۆخی کشتوکاڵ، بەنزیکەی هەمان شێوەی ئەو دەگۆڕێ و، لەبەر هەمان هۆکارگەلیش، وەک نرخی ماڵاتە. لە سەرەتا سادەکانیدا بەشی زۆری هەر لادێیەک بە دارستان پۆشراوە، کە لەو کاتەدا تەنیا بارگرانییەکی بێ بەهایە بۆ خاوەن موڵک، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە بەو کەسەی دەدات کە دەیەوێ بیبڕێ. کە کشتوکاڵ پێش دەکەوێ، بەشێکی دارستانەکان بەهۆی کاری وەرزێرییەوە و، بەشێک بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ماڵات، لەناو دەچن. ئەمانە، هەرچەندە بەهەمان ئاستی گەنمەشامی زیاد ناکەن، کە هەمووی بەیەکەوە دەسکەوتی پیشەسازیی مرۆڤە، لەسایەی چاودێری و پاراستنی مرۆڤدا زیاد دەبن، کە لە وەرزی زۆری و هەرزانیدا ئەوە کۆگە دەکا کە لە وەرزی نەبوونی و گرانیدا دەیژیێنێ و، بەدرێژایی ساڵ خواردنی زۆریان دەداتێ، زۆرتر لەوەی سروشتی نەچێنراو پێشکەشی دەکا و، کە بەهۆی تێکشکاندنی دوژمنەکانیانەوە وا دەکا سوود لە هەموو ئەوەی سروشت پێشکەشی دەکا ببینن. کاتێک ڕێگە بە ماڵاتی لەژماردن نەهاتوو دەدرێ مل لە دارستانەکان بنێن، هەرچەندە دارە گەورەکان تێک ناشکێنن بەڵام ڕێگری لە گەشەی دارە ساوایەکان دەکەن، ئەمەش لە ماوەی سەدەیەک یان دوو سەدەدا تەواوی دارستان لەناو دەبا. ئینجا کەمبوونی دار نرخەکەی بەرز دەکاتەوە. بەمەش کرێیەکی باش دابین دەکات و هەندێ جار خاوەن موڵک بۆی دەردەکەوێ کە بەدەگمەن دەتوانێ زەوییەکەی لە شتێکی بەسوودتر لە بەرهەمهێنانی دار بەکار بهێنێ، کە بەهۆیەوە زۆریی قازانج قەرەبووی دواکەوتنی داهات دەکاتەوە. لەوە دەچێ کە ئێستا ئەمە دۆخی شتەکان بێ لە چەندان بەشی بریتانیای مەزندا، کە قازانجی بەرهەمهێنانی دار یەکسانە بە قازانجی هەریەک لە گەنمەشامی و لەوەڕگە. ئەو سوودەی خاون موڵک لە دار بەدەستی دێنێ لەوانەیە لە هەر شوێنێک، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی بەرچاو، زیاتر بێ لەو کرێیەی ئەمانە بۆی دابین دەکەن. لە لادێیەکی ناوەوەدا کە بەباشی کشتوکاڵ کراوە، زۆربەی جار

لەم کرێیە کەمتری بۆ دابین ناکا. لەسەر کەناری دەریای ناوچەیەکی باش چاککراو، ئەگەر خەڵووز بەئاسانی وەک سووتەنی بەکار بهێنرێ، ڕەنگە هەندێ جار هەرزانتر بێ دار بۆ بیناسازی لە وڵاتانی بیانیی خاوەن کشتوکاڵی کەمترەوە هاوردە بکرێ، لەوەی لە نیشتماندا پەروەردە بکرێن. شارە نوێیەکەی ئێدینبەرە، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بنیات نرا، ڕەنگە یەک چیلکەی داری سکۆتلاندی تێدا بەکار نەهاتبێ.

نرخی دار هەر چەند بێ، ئەگەر نرخی خەڵووز ئەوەندە بێ کە خەرجیی ئاگری دار و خەڵووز وەک یەک لێ بکات، ڕەنگە دڵنیا بین لەوەی لەو شوێنە و، لە سایەی ئەو هەلومەرجەدا، نرخی خەڵووز بەرزترین نرخیەتی. لەوە دەچێ دۆخەکە لە هەندێ بەشی ناوەوەی ئینگلتەرە بەم شێوەیە بێ، بەتایبەتی لە ئۆکسفۆردشێر، کە تیایدا باوە، تەنانەت لە ئاگری خەڵکی ئاساییشیدا، خەڵووز و دار تێکەڵ بکرێن و، خەرجیی ئەم دوو جۆرە سووتەنییە جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندا نابێ.

خەڵووز، لە وڵاتانی خەڵووزدا، لە زۆربەی شوێناندا لە ژێر ئەم بەرزترین نرخەیەتی. ئەگەر وا نەبێ، ناتوانن بەرگەی خەرجیی گواستنەوەی بۆ شوێنی دوور بگرن، چ لە ڕێی وشکانییەوە بێ یان لەڕێی ئاوەوە. بڕێکی کەمی لێ دەفرۆشرێ و، خاوەن کاری کانەکانی خەڵووز و خاوەن موڵکەکانیان بۆیان دەرکەوتووە کە بەرژەوەندییان لەوەدایە بڕێکی زۆر بە نرخێکی کەمێک زیاتر لە نزمترین نرخ بفرۆشن، نەوەکو بڕێکی کەم بە بەرزترین نرخ بفرۆشن. بەپیتترین کانی خەڵووزیش، نرخی خەڵووزی هەموو کانەکانی ناوچەکەی خۆی ڕێک دەخا. خاوەن موڵک و خاوەن کار، هەردووکیان بۆیان دەرکەوتووە کە، یەکێکیان دەتوانێ کرێیەکی زۆرتر بەدەست بهێنێ و، ئەوەی تر دەتوانێ قازانجێکی زیاتر بەدەست بهێنێ، لەڕێی فرۆشتنی بەکەمێک هەرزانتر لە دراوسێیەکانیان. هەر زوو، دراوسێیەکانیشیان ناچار دەبن بەهەمان ئەو نرخەی بفرۆشن، ئەگەر چی نەتوانن بەو باشییە دابینیان بکەن و، بەمەش بەردەوام ڕووی لە پووکانەوە دەبێ و، هەندێ جار هەردوو کرێ و قازانجی ئەوان لەگەڵ خۆیدا دەبا. هەندێ پیشە هەیە کە بەتەواوی دەستیان لێ بەردراوە، هەندێکی تر ناتوانن کرێ دابین بکەن و، تەنیا خاوەن موڵک دەتوانێ سوود لە ئەنجامدانیان بەدەست بهێنێ.

نزمترین نرخ کە بکرێ خەڵووزی پێ بفرۆشرێ بۆ ماوەیەکی بەرچاو، وەک هەر کاڵایەکی تر، ئەو نرخەیە کە تەنیا بەشی قازانجی ئاسایی و جێگرتنەوەی ئەو ماڵە دەکا کە بۆ گەیاندنی بە بازاڕ خراوەتە گەڕ. لەو کانی خەڵووزانەی کە خاوەن موڵک هیچ کرێیەکی لێیان دەست ناکەوێ و، یان دەبێ خۆی کارەکە بکات یانیش بەتەواوی دەستبەرداری ببێ، دەبێ نرخی خەڵووز بەگشتی لە دەوروبەری ئەم نرخە بێ.

کرێ، تەنانەت کە خەڵووزەکە بتوانێ دابینی بکات، بەگشتی بچووکترین بەشە لە نرخەکەی بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی بەشەکانی تری نرخی بەرهەمی خاوی زەوی. کرێی موڵکێکی سەر زەوی بەگشتی چاوەڕوان دەکرێ سێیەکی تەواوی بەرهەمەکەی بێ و، ئەمە بەگشتی کرێیەکی مسۆگەرە و دوورە لە ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە بەرهەم. لە کانەخەڵووزەکاندا پێنجیەکی تەواوی بەرهەم کرێیەکی زۆر زۆرە، دەیەک کرێی ئاساییە و، بەدەگمەن مسۆگەرە، بەڵکو پشتبەستووە بە ئەگەرەکانی گۆڕانی بەرهەمەوە. ئەمانە ئەوەندە زۆرن کە، لە ناوچەیەکدا کە دەستەوارەیەکی سی ساڵی بە نرخێکی مامناوەندی موڵکێکی سەر زەوی دادەنرێ، دەستەوارەیەکی دە ساڵی بە نرخێکی باشی کانێکی خەڵووز دادەنرێ.

بەهای کانی خەڵووز بۆ خاوەن موڵک زۆربەی جار پشتبەستووە بە هەڵکەوتەکەیەوە، وەک پشتبەستنی بە بەپیتییەوە. بەهای کانێکی کانزا زیاتر پشت بە بەپیتییەکەیەوە دەبەستێ و، کەمتر پشت بە هەڵکەوتەکەیەوە دەبەستێ. کانزایەکی زبر و، گرانباییتر، کاتێک لە خاوەکەی جیا دەکرێتەوە، ئەوەندە بەهادارە کە بەگشتی خەرجیی گواستنەوەی بۆ ماوەیەکی دوور پڕ بکاتەوە، لەڕێی وشکانی یان دەریاییەوە. بازاڕی ئەم کانزایانە تەنیا دەوروبەری کانەکە نییە، بگرە درێژە دەکێشێ بۆ هەموو جیهان. مسی یابان کاڵایەکی بازرگانییە لە ئەوروپا، ئاسنی ئیسپانیا لە بازاڕەکانی چیلی و پیرۆ بازرگانیی پێوە دەکرێ. زیوی پیرۆ ڕێی خۆی دەکاتەوە نەک تەنیا لە ئەوروپا بەڵکو لە ئەوروپاشەوە بەرەو چین دەڕوا.

نرخی خەڵووز لە ویستمۆرلاند و شرۆپشیر دەتوانێ کاریگەریی کەمی بەسەر نرخی خەڵووزی نیوکاسڵەوە هەبێ و، نرخەکەی لە لیۆنوا هیچ کاریگەرییەکی نابێ. بەرهەمی ئەو جۆرە کانە خەڵووزە دوورانە هەرگیز ناتوانن کێبەرکێی یەکتری بکەن. بەڵام بەرهەمی دوورترین کانەکانی کانزا زۆربەی جار کێبەرکێ دەکەن و، لەڕاستیدا بەگشتی دەیکەن. بۆیە، نرخی کانزای زبر و، لەوەش زیاتر کانزای گرانبایی، لە بەپیتترین کانەکانی جیهان، دەبێ زۆر یان کەم کار لە نرخی یەکتری بکەن. نرخی مس لە یابان دەبێ هەندێ کاریگەریی لەسەر نرخەکەی لە کانەکانی مسی ئەوروپا هەبێ. نرخی زیو لە پیرۆ، یان بڕی کار یان کاڵاکانی تر کە لەوێ دەکڕێن، دەبێ کاریگەریی لەسەر نرخەکەی، نەک تەنیا لە کانە زیوەکانی ئەوروپا، بگرە لەسەر ئەوانەی چینیشی هەبێ. دوای دۆزینەوەی کانەکانی پیرۆ، بەشێکی زۆری کانە زیوەکانی ئەوروپا بەڕەڵا کران. بەهاکەیان زۆر دابەزی تا وای لێ هات بەرهەمەکانیان بەشی بەگەڕخستنیان، یان دابینکردنی قازانجێک و پڕکردنەوەی خۆراک و بەرگ و نشینگە و پێداویستییەکانی تری خەرجکراو لە کارەکەی نەکرد. هەمان ئەم دۆخەش دوای دۆزینەوەی کانەکانی پۆتوسی، کانەکانی کوبا و سانت دۆمینگۆ و، تەنانەت کانە کۆنەکانی پیرۆشی گرتەوە.

کەواتە نرخی هەر کانزایەک لە هەموو کانێک، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەڕێی نرخی بەپیتترین کانی جیهانوە ڕێک دەخرێ، کە بەڕاستی ساز دراوە، ئەو نرخە لە بەشی زۆری کانەکاندا تەنیا خەرجیی کارکردن دابین دەکات و، بەدەگمەن دەتوانێ کرێیەکی زۆر بۆ خاوەن موڵک دەستەبەر بکات. بەم پێیە، لەوە دەچێ کرێ لە بەشی زۆری کانەکاندا تەنیا پشکێکی کەمی هەبێ لە نرخی کانزای زبر و لەوەش کەمتری لە نرخی کانزا گرانباییەکاندا هەیە. کار و قازانجیش گەورەترین پشکیان لەو نرخانەدا هەیە.

ڕەنگە شەشیەکی تەواوی بەرهەم کرێی تێکڕا بێ بۆ کانەکانی قسدیر (تەنەکە tin-لە کۆرنـواڵ کە بەپیتتـرین کـانن لە جیهانـدا، وەک ئەوەی قەشـەی بەڕێـز بـۆرلاک، جێگـری مەئموری کانەکانی قسدیر لە کۆرنواڵ، بەئێمەی ڕاگەیاندووە. ئەو دەڵێ، هەندێکیان زیاتر دابین دەکەن و، هەندێکیان زۆر دابین ناکەن. هەروەهـا شەشـیەکی تەواوی بەرهەم کرێی زۆر لە کانە زۆر بەپیتەکانی قۆرقۆشمە لە سکۆتلاند.

لە کانە زیوەکانی پیرۆ، فرایزەر و ئۆلۆا پێمـان دەڵێن، خـاوەن موڵـک زۆربەی جـاران هیچ شتێکی دیـاریکراو بۆ خـاوەن کـار دەستیشـان ناکـا، جگە لەوەی خـاوەکە لە ئاسیاوی خۆیدا دەهـاڕێ و نرخـی ئاسـایی هـاڕینەکەی بەپـارە یـان بە بەشـێک لە خـاوە هـاڕاوەکە وەدەگرێ. لەڕاستیدا تا ساڵی ١٧٣٦، باجی شای ئیسپانیا لەسـەر زیوی سـتاندار پێنجیەک بوو، کە تا ئەو کاتە بە کرێی ڕاستەقینەی بەشی زۆری کانەکانی زیو لە پیرۆ دادەنرا، کە دەوڵەمەنــدترین کــانی ناســراوی جیهــان بــوون. ئەگەر بــاج نەبــوایە ئەو پێنجــیەکە بەشێوەیەکی سروشتی بۆ خاوەن موڵک دەبوو و، لەوانەیە گەلێ کانیش خرانە کار، کە لەو کاتەدا نەدەکرا کار بکەن، لەبەر ئەوەی توانـای دابینکردنی ئەو باجەیان نەبوو. پێشـبینیی ئەوەش دەکرێ کە باجی دۆقی کۆرنواڵ لەسەر قسدیر زیاتر لە پێنج لەسەد یان بیستیەکی بەهـاکەی بـووبێ و، جـا هەر چەنـدێک بـووبێ ئەوە بەشـێوەیەکی سروشـتی ئەویـش بـۆ خاوەنی کانەکە بووە، لەو کاتەی کە قسدیر باجی لەسەر نەبووە. ئەگەر بێ و بیسـتیەک و شەشیەک کۆ بکەیتەوە، ئەوە بۆت دەردەکەوێ کە تێکڕای تەواوی کرێی کـانی قسـدیر لە کۆرنواڵ بەرامبەر تێکڕای تەواوی کرێی کانی زیو لە پیرۆ دوازدە بۆ سیازدە بووە. بەڵام ئێسـتا کانەکـانی زیـو لە پیـرۆ نـاتوانن تەنـانەت ئەو کـرێ کەمەش بـدەن و، بـاجی سـاڵی ١٧٣٦ی سـەر زیو لە پێنجیەکەوە بۆ دەیەک کەم کراوەتەوە. تەنـانەت ئەم بـاجەش لەسـەر زیو، بووەتە هاندەری بەقاچاخ بردنی، زیـاتر لەوەی بیسـتیەکی سـەر قسـدیر کردوویەتی. بەقاچاخ بردنی کاڵای گرانبـاییش ئاسـانترە لە بەقاچـاخ بردنـی کـاڵای قەبە. بەو شـێوەیەش، وەک دەڵێن، بـاجەکەی شـای ئیسـپانیا زۆر بە کەمـی دەدرا و، ئەوەی دۆقـی کۆرنـواڵ زۆر بەباشی دەدرا. کەواتە، ڕەنگە کرێ بەشێکی زۆرتری نرخی قسدیر پێک بهێنێ لە بەپیتترین کانەکـانی قسـدیردا زیـاتر لەوەی لە بەپیتتـرین کانەکـانی زیـودا پێکـی دەهێنـێ، لە جیهانـدا. دوای پڕکـردنەوەی ئەو مـاڵەی لە کـارکردنی ئەم کـانە جۆراوجـۆرانە، لەگەڵ قـازانجی

ئاسایی، ئەوەی زیاد دەبێ و بۆ خاوەن موڵک دەمێنێتەوە لەوە دەچێ لە کانزای زبر زۆرتر بێ لەوەی لە کانزای گرانبایی دەمێنێتەوە.
قازانجەکانی خاوەن کارەکان لە کانەکانی زیوی پیرۆ زۆر نین. هەمان ئەو نووسەرە بەڕێز و شارەزایانە پێمان ڕادەگەیەنن کە کاتێک هەر کەسێک بیەوێ کانێکی نوێ لە پیرۆ بخاتە کار، ئەوە لە هەموو شوێنێک وەک کەسێک سەیری دەکرێ کە بەرەو مایەپووچی و داڕمان دەچێ و، بەو پێیە هەمووان خۆیانی لێ بەدوور دەگرن. لەوە دەچێ کارکردن لە کانەکاندا لەوێ، وەک ئەوەی لێرەش دەبینرێ، جۆرێک بێ لە هەڵدانی تیروپشک، کە تیایدا خەڵاتەکان بۆشاییەکان پڕ ناکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس سەرکێشی دەکەن و سامانی خۆیان فڕێ دەدەنە ناو ئەو جۆرە پرۆژە سەرنەکەوتووانەوە.
لەو کاتەدا کە سەرووەر بەشێکی بەرچاوی داهاتەکانی بەرهەمی کانی زیو دەبا، یاسای پیرۆ هەموو هاندەرێکی بەردەست پێشکەش دەکا بۆ دۆزینەوە و کارپێکردنی کانی نوێ. هەر کەسێک کانێکی نوێ بدۆزێتەوە بۆی هەیە ٢٤٦ پێ بە درێژی بڕوا، بەگوێرەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئاراستەی دەمارەکە بێ و، نیوەی ئەو ماوەیەش بە پانی بڕوا. ئەو دەبێتە خاوەنی ئەو بەشەی کانەکە و، دەتوانێ بەبێ ئاگەدارکردنەوەی خاوەن موڵک کاری تێدا بکات. بەرژەوەندی دۆقی کۆرنواڵ هەلی دەرکردنی یاسایەکی دابین کردووە کە هاوشێوەی ئەوەی دۆقنشینە کۆنەکانە. لە زەویی بەربەرەڵا و بێ پەرژیندا، هەر کەسێک کانێکی قسدیر بدۆزێتەوە دەتوانێ سنووری تا ئاستێکی دیاریکراو بۆ خۆی دەستنیشان بکات، کە بەمە دەگوترێ سنووردانان بۆ کان. ئەو زەوییە پەرژینکراوە دەبێتە موڵکی ڕاستەقینەی کانەکە و، دەتوانێ خۆی کاری تێدا بکات، یان بە کرێ بە کەسێکی تری بدا، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی خاوەنی زەوییەکە، کە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بەرامبەر بەگەڕخستنی کانەکە شتێکی کەمی وەک دانان بە خاوەندارێتییەکەی پێ بدرێ. لە هەردوو یاساکەدا، مافی پیرۆزی خاوەنداری کراوەتە قوربانی بەرژەوەندی چاوەڕوانکراوی داهاتی گشتی.
هەمان هاندەر لە پیرۆ بۆ دۆزینەوە و بەگەڕخستنی کانی نوێی زێڕ هەیە. باجی شا لە زێڕ تەنیا بیستیەکی کانزا ستاندارەکەیە. پێشتر ئەو باجە پێنجیەک بوو، دواتر بوو بە دەیەک وەک زیو، بەڵام دەرکەوت کە ئەو کارە تەنانەت بەرگەی کەمترینی ئەو باجە ناگرێ. بەڵام هەمان ئەو نووسەرانە، فریزێر و ئۆلوا، دەڵێن ئەگەر بەدەگمەن کەسێک بدۆزێتەوە کە سامانی خۆی لە زیو پەیدا کردبێ، ئەوە دەگمەنترە کەسێکت دەست بکەوێ بە کانی زێڕ سامانێکی پێک هێنابێ. وا دیارە کە ئەم بیستیەکە هەموو ئەو کرێیە بێ کە لەلایەن بەشی زۆری کانەکانی زێڕ لە چیلی و پیرۆ دەدرێ. زێڕ زیاتر لە زیویش ئەگەری بەقاچاخ بردنی هەیە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بەهای ئەم کانزایە بە بەراورد لەگەڵ

قەبارەکەیدا زۆرە، بەڵکو بەهۆی ئەو شێوازە سەیرەی سروشت بەهۆیەوە بەرهەمی دەهێنێ. زۆر دەگمەنە زیو، وەک زۆربەی کانزاکانی تر، بەخاوێنی بدۆزرێتەوە، بەڵکو بەگشتی ئاوێتەی شتی ترە، کە ئەستەمە بەبڕگەلی وا جیا بکرێتەوە کە بتوانن خەرجییەکە پڕ بکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە پرۆسەی پڕ کار و بێزارکەری پێویستە کە تەنیا لە کارگەی تایبەت بەو مەبەستەدا ئەنجام دەدرێن و، ڕەنگە بکەونە بەر پشکنینی فەرمانبەرانی پاشاوە. زێڕ، بەپێچەوانەوە، نزیکەی هەموو جارێک بە خاوێنی دەدۆزرێتەوە. هەندێ جار هەندێ قەبارەی دیاریان هەیە و، تێکەڵ بە گەردی بچووکی لم و خاک و شتی ترە، کە بە پرۆسەی زۆر کەم و کورتخایان لێیان جیا دەکرێنەوە، کە دەکرێ لە هەر ماڵێکدا ئەنجام بدرێ لەلایەن کەسێکەوە کە بڕێکی کەم جیوەی هەبێ. بۆیە ئەگەر باجی شا لەسەر زیو بەخراپی بدرێ ئەوە لەسەر زێڕ زۆر لەوە خراپتر دەدرێ. کرێش دەبێ بەشێکی زۆر بچووکتر لە نرخی زێڕ پێک بهێنێ کەمتر لەوەی لە نرخی زیودا پێکی دەهێنێ.

نزمترین نرخ کە بکرێ کانزای گرانبایی پێ بفرۆشرێ، یان بچووکترین بڕی کاڵای تر کە دەکرێ بەو کانزایانەی بگۆڕڕێنەوە لە ماوەیەکی بەرچاودا، هەمان ئەو بنەمایانە ڕێکی دەخەن کە نزمترین نرخی ئاسایی هەموو کاڵایەکی تر دەچەسپێنن. ئەو ماڵەی بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێ بخرێتە گەڕ، ئەو خۆراک، پۆشاک و نشینگەیەی کە دەبێ بەگشتی بەگەڕ بخرێن بۆ هێنانیان لە کانەوە بۆ بازاڕ، دەستنیشانیان دەکەن. دەبێ بەلای کەمەوە بەشی پڕکردنەوەی ماڵی بەگەڕخراو و قازانجی ئاسایی بکەن.

بەڵام لەوە ناچێ بەرزترین نرخیان، جگە لە کەمی و زۆریی ڕاستەقینەی ئەو کانزایانە خۆیان، هیچ شتێکی تر دەستنیشانیان بکات. ئەم نرخانە ناکەونە ژێر کاریگەریی نرخی هیچ کاڵایەکی تر، وەک ئەوەی نرخی خەڵووز لەژێر کاریگەریی نرخی دارە، دوای ئەوەش هیچ کەمبوونەوەیەک لەوە زیاتر بەرزیان ناکاتەوە. دەگمەنبوونی زێڕ تا ئاستێکی دیاریکراو، وای لێ دەکا بچووکترین پارچە زێڕ لە ئەڵماس گرانبایتر بێ و، بە بڕێکی زۆرتر کاڵای تر بگۆڕڕێتەوە.

بەشێکی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر ئەم کانزایانە لەبەر تایبەتمەندییەکانیانە و بەشێکی تری لەبەر جوانییەکەیانە. جگە لە ئاسن، ئەوان لە هەموو کانزایەک بەسوودترن. چونکە ژەنگ ناگرن و لێڵ نابن، زۆر بەئاسانی بەپاکی ڕادەگیرێن و، کەلپەلی سەر مێز یان ناندین کە بەمانە دروست دەکرێن پەسەندترن. مەنجەڵێکی ئاو گەرمکردنی زیوین پاکترە لە یەکێک کە لە قوڕقوشم، مس، یان قسدیر دروست کرابێ، هەمان ئەم سیفەتە وا دەکا مەنجەڵێکی زێڕ لە یەکێکی زیویش باشتر بێ. لەگەڵ ئەوەشدا سیفەتی جیاکەرەوەی بنەڕەتییان جوانییەکەیانە، کە وایان لێ دەکا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ جوانکاریی جلوبەرگ و کەلپەلی ناوماڵ گونجاو بن. هیچ بۆیەیەک یان ڕەنگسازییەک وەک لەزێڕگرتن

شتەکان جوان ناکەن. دەگمەنبوونیشیان ئەوەندەی تر پشتیوانە بۆ بەهێزکردنی سیفەتی جوانییان. لای بەشی زۆری خەڵکی دەوڵەمەند ئامرازی سەرەکیی چێژوەرگرتنیان لە سامانەکانیان لە پێشاندانی ئەو سامانانەدا خۆی دەنوێنێ، ئەو پێشاندانەی بەدیدی ئەوان هیچ کاتێک ئەوەندە تەواو نابێ وەک ئەو کاتانەی خاوەندارێتی ئەو نیشانانەی دەوڵەمەندی پێشان دەدەن، کە جگە لە خۆیان کەس ناتوانێ ببێتە خاوەنیان. بەلای ئەوانەوە، سیفەتی جیاکەرەوەی هەر شتێک، بەسوود بێ یان جوان، ئەو کاتە زیاتر زەق دەردەکەوێ کە دەگمەن بێ، یان پێویستی بەکارێکی زۆر بێ بۆ کۆکردنەوەی بڕێکی بەرچاو لەو شتە، ئەو کارە زۆرەش تەنیا ئەوان دەتوانن پارەکەی بدەن. ئەوان ئامادەن ئەو جۆرە شتانە بە نرخی بەرزتر لە نرخی شتگەلی جوانتر و بەسوودتر لەوان، بەڵام باو، بکڕن. ئەم جۆرایەتییانەی سوودبەخشی و جوانی و دەگمەنی بنەماگەلی بنەڕەتیی نرخی بەرزی ئەو کانزایانەن، یان بڕی زۆری ئەو کاڵایانەی لە هەر شوێنێکدا بۆ گۆڕینەوە لە بەرامبەریان دەدرێن. ئەم بەهایە پێشتر و، جیا بوو، لە بەکارهێنانیان وەک دراو و، ئەو جۆرایەتییەی بۆ ئەم بەکارهێنانە بڕا بە بەریاندا. هەرچەندە ئەو بەکارهێنانە بووە مایەی خواستێکی نوێ لەسەریان و، لەڕێی کەمکردنەوەی ئەو بڕەی بۆ بەکارهێنانی تر لەبەر دەستاندا بوو، ڕەنگە لە دواتردا بەشداریی لە بەرزڕاگرتن یان بەرزکردنەوەی بەهایاندا کردبێ.

تەواوی خواست لەسەر بەردە گرانباییەکان لە جوانییەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو بەردانە لە جوانکاری بەولاوە هیچ سوودێکیان نییە و، دەگمەنبوونیشیان، یان سەختی و خەرجیی زۆری دەرهێنانیان لە کانەکاندا، پشتیوانییان لە سیفەتی جوانییەکەیان کردووە. هەقدەست و قازانجیان لە زۆربەی جارەکاندا نزیکەی هەموو نرخە بەرزەکانیان پێک دەهێنن. کرێ لێرەدا پشکێکی زۆر بچووکی هەیە. زۆربەی جارانیش پشکی نییە و، زۆربەی کانە بەپیتەکان هیچ کرێیەکی بەرچاو دەستەبەر ناکەن.

کاتێک کە تاڤەرنێری گەوهەرساز سەردانی کانەکانی ئەڵماسی گۆلکۆندا و ڤیزیاپۆری کرد، پێی گوترا کە سەردارانی وڵات، کە ئەو کانانە بۆ قازانجی ئەوان خرابوونە کار، فەرمانیان داوە هەموو کانەکان جگە لەوانەی گەورەترین و خاوێنترین بەرد بەرهەم دێنن، دابخرێن. لەوە دەچێ کارکردنی ئەوانەی تر هیچ سوودێکی بۆ خاوەنەکانیان نەبووبێ.

کاتێک کە نرخی کانزا گرانباییەکان و بەردە گرانباییەکان لە هەموو جیهاندا لەڕێی نرخەکانیان لە بەپیتترین کانەکان ڕێک دەخرا، ئەو کرێیەی کانەکان بۆ خاوەنەکانیان دابین دەکرد هاوڕێژە بوو لەگەڵ بەپیتیی ڕێژەییان نەک لەگەڵ بەپیتیی ڕەهایان، یان لەگەڵ باڵادەستییان بەسەر کانە هاوشێوەکانیاندا. ئەگەر کانی نوێ بدۆزرایەتەوە کە لە باڵادەستییان بەسەر ئەوانەی پۆتۆسیدا وەک باڵادەستیی کانەکانی پۆتۆسی بەسەر ئەوانەی ئەورووپا ببوایە، لەوانە بوو بەهای زیو زۆر دابەزیبا بەئاستێک کە وایان بکردایە

کانەکانی پۆتۆسی شایانی ئەوە نەبن کار بکەن. پێش دۆزینەوەی هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیایی، بەپیتترین کانەکانی ئەورووپا لەوانە بوو کرێیەکی زۆری هاوشێوەی دەوڵەمەندترین کانەکانی ئێستای پیرۆ بۆ خاوەنەکانیان دابین بکەن. هەرچەندە ئەوسا بڕی زیو کەمتر بوو، بەبڕی یەکسان لە کاڵای تر دەهاتە گۆڕینەوە و، لەوانە بوو پشکی خاوەن موڵک ئەوەی بۆ فەراهەم بکردایە کە بتوانێ بڕێکی یەکسان کار یان کەلپەل بکڕێ یان دەستەبەری بکات. لەوانە بوو بەهای بەرهەم و کرێ، ئەو داهاتە ڕاستەقینەیەی بۆ گشت و بۆ خاوەن موڵک دەستەبەریان دەکرد، وەک یەک بوونایە.

پڕبەرهەمترین کانەکان، چ ئەوانەی کانزا گرانبایییەکان و چ ئەوانەی بەردە گرانبایییەکان، کەمیان پێیە بۆ ئەوەی بۆ سامانی جیهانی زیاد بکەن. بەرهەمێک کە بەهاکەی بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەگمەنبوونیەوە هاتبێ، بێگومان هەر کاتێک کە زۆر بوو، ئەو بەهایە لەدەست دەدا. سینییەک یان هەر جوانکارییەکی ئاسایی جلوبەرگ یان کەلپەلی ناوماڵ، ڕەنگە بەهەمان بڕی کار، یان هەمان بڕ کاڵا، بکڕێ و، بەم شێوەیە تەنیا جیاکەرەوەی کە جیهان بتوانێ لەو زۆرییە بەدەستی بهێنێ، ئەو تەنیا سوودەی دەبێ.

لە موڵکی سەر زەویدا بەپێچەوانەیە. بەهای بەرهەمیان و کرێیان هاوڕێژەن لەگەڵ بەپیتیی ڕەهایان نەک لەگەڵ بەپیتیی ڕێژەییان. ئەو زەوییەی بڕێکی دیاریکراوی خۆراک، پۆشاک و نشینگە دابین دەکات، بەردەوام دەتوانێ هەمان ژمارەی خەڵک نان بدا، بپۆشێ و نشینگەیان بۆ دابین بکات. جا بەشی خاوەن موڵک هەر چەند بێ، بەردەوام توانایەکی ڕێژەیی بۆ دەستەبەرکردنی کاری ئەو خەڵکەی هەیە و، ئەو کاڵایانەی کە ئەو کارە دەتوانێ بۆی دابین بکات. بەهای چۆڵترین زەوی بەهۆی دراوسێیەتیی بەپیتترین زەوییەوە دانابەزێ. بگرە بەگشتی بەهاکەی زیاد دەبێ. ژمارەی زۆری ئەو خەڵکەی زەوییە بەپیتەکان دەیانژیێنن بازاڕ بۆ زۆر بەشی بەرهەمی زەوییە چۆڵەکە دەستەبەر دەکا، کە هەرگیز ئەو بازاڕە لەناو ئەوانەدا دەست ناکەوێ کە بەرهەمی زەوییە چۆڵەکە دەتوانێ بیانژیێنێ.

هەر زیادبوونێک لە بەرهەمهێنانی خۆراک لەلایەن زەویی بەپیتەوە، نەک تەنیا بەهای ئەو زەوییە زیاد دەکا کە چاکسازیی تێدا کراوە، بگرە بەهەمان شێوە بەشداری لە زیادبوونی بەهای چەندان زەویی تر دەکا لەڕێی داهێنانی خواستی نوێوە بۆ بەرهەمەکانیان. زۆربوونی خۆراک، کە بەهۆی چاکسازیی زەوییەوە دەبێ، دەبێتە مایەی ئەوەی شتی زیاد لەوەی کە دەتوانن بەکاری ببەن بکەونە بەر دەستی خەڵکەوە، ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ خواست لەسەر کانزای گرانبایی و بەردی گرانبایی، هەروەها خواست لەسەر هەر جوانکارییەکی تر لە جلوبەرگ، نشینگە و کەلپەل و کەرەستەی ناوماڵ دروست دەبێ. خۆراک تەنیا بەشێکی سەرەکیی سامانی جیهان نییە، بگرە زۆریی خۆراک بەشی سەرەکیی بەها بە گەلێ جۆری تری سامان دەبەخشێ. دانیشتووانی هەژاری کوبا و

سـانت دۆمینگـۆ، کاتێـک کە جـاری یەکەم لەلایەن ئیسـپانیاییەکانەوە دۆزرانەوە، کەمێـک پارچە زێڕیان وەک جوانکاری بۆ پرچیان و هەندێ بەشی جلوبەرگەکانیان بەکار دەهێنا. لەوە دەچوو بەهای ئەو زێڕە بەلای ئەوانەوە وەک بەهای هەر بەردێکی بچووکی لای ئێمە بێ کە شتێکیان لە جوانیی ئاسایی زیاترە و، پێیان وا بوو کە تەنیا شایانی هەڵگرتنەوە بن، نەک دەسـتیان پێـوە بگیـرێ و ئەگەر کەسـێک داوای کـرد پێـی نەدەن. هەر لەگەڵ یەکەم داواکـردن ئەوان بە میـوانە تازەکـانی خۆیانیـان دەدا، بەبـێ ئەوەی وای پێشـان بـدەن کە دیـــارییەکی بەهاداریـــان پێیـــان داوە. ئەوان تووشـــی سەرســـوڕمان بـــوون لەوەی ئیسپانیاییەکانیان دەبینی زۆر تامەزرۆی بەدەستهێنانیان بوون و، ئەوان هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو لەبارەی ئەوەوە کە لە هیچ شوێنێکدا وڵاتێک هەبێ کە زۆر لە خەڵکەکەی ئامـادە بن دەستبەرداری بڕێکی زۆری خۆراک ببن، کە لای ئەوان زۆر کەم بوو، بەرامبەر بە بڕێکی زۆر کەم لەو خشڵە بریسکەدارەی کە ئەوان بەخۆشحاڵییەوە ئامـادەن ئەوەنـدەی لـێ بـدەن کە ڕەنـگە بەشـی ژیانـدنی خێزانێکـی تەواو بـۆ چەنـدان سـاڵ بکـات. ئەگەر ئەوان لەوە تێگەیشتبان، ئەوکات پەرۆشیی ئیسپانیاییەکان نەدەبووە مایەی سەرسامکرجیهانن.

کەرتی سێیەم

جیاوازییەکان لە ڕێژەی نێوان بەهاکانی ئەو جۆرە بەرهەمەی بەردەوام کـرێ دابـین دەکات و بەهای ئەوەی جارناجارێك دابینی دەکا

زیـادبوونی زۆری خـۆراک، لە ئاکـامی زیـادبوونی چاکسـازی و چانـدن، پێویسـتە ببێتە مایەی زیادبوونی خواست لەسەر هەموو بەشێکی بەرهەمـی زەوی کە خۆراک نییە و، کە دەکـرێ بـۆ بەکارهێنـان یـان بـۆ جوانکـاری بەکـار بـێ. بـۆیە دەشـێ لە تەواوی پرۆسـەی چاکسازیدا چاوەڕوان بکرێ کە تەنیـا یەک جیـاوازی لە بەهـای شـیاوی بەراوردکردنـی ئەم دوو جۆرە بەرهەمە جیاوازەدا هەبێ. بەهای ئەو جۆرەی هەندێ جار کرێ دابین دەکـات و هەنـدێ جـار نایکـا، دەبـێ بەردەوام بەشـێوەیەکی هـاوڕێژە لەگەڵ بەهـای ئەو جـۆرەی بەردەوام کرێیەک دابین دەکات، زیاد ببێ. کە هـونەر و پیشەسازی پێش دەکەون، دەبێ خواست لەسەر کەرەستەکانی پۆشاک و نشینگە، شتە لە زەوی دەرهێنراوە بەسوودەکان، کانزا گرانبایی و بەردە گرانباییەکان دەبێ وردەوردە بەرەو زیادبوون بچێ، دەبێ پێ بەپێ بە بڕی زیاتر و زیـاتر خـۆراک بگـۆڕرێنەوە، یـان دەتـوانین بڵێین دەبێ بەرەبەرە گرانتـر و گرانتـر ببـێ. ئەمە دۆخـی زۆربەی ئەو شـتانەیە لە زۆربەی هەلەکانـدا و، دەبێـتە دۆخـی هەموویـان لە هەمـوو هەلێکـدا، ئەگەر ڕووداوگەلـی دیـاریکراو بەهـۆی هەنـدێ هەلەوە دابینکردنی هەندێکیانی بە ڕێژەیەکی زیاتر لە خواستەکە زیاد نەکرد.

بۆ نمـوونە، بەهـای کانێکی بەرد پێویسـتە لەگەڵ زیـادبوونی پێشـکەوتن و دانیشـتووانی نـاوچەکەی دەوروبەری زیـاد ببێ، بەتـایبەتی ئەگەر تەنیـا کـان بـێ لەو نـاوچەیەدا. بەڵام

بەهای کانێکی زیو، تەنانەت ئەگەر لە ماوەی هەزار میلی دەوروبەریشی کانی تر نەبێ، مەرج نییە لەگەڵ پێشکەوتنی ناوچەکەی دەوروبەریدا زیاد ببێ. بازاڕی بەرهەمی کانەبەردێک بەدەگمەن چەند میلێکی دەوروبەری خۆی تێدەپەڕێنێ و، خواستەکە دەبێ بەگشتی هاوڕێژەی پێشکەوتن و دانیشتووانی ناوچەیەکی بچووک بێ. بەڵام بازاڕی بەرهەمی کانێکی زیو ڕەنگە هەموو جیهانی ناسراو بگرێتەوە. بۆیە تا ئەو کاتەی جیهان بەگشتی لەڕووی پێشکەوتن و دانیشتووانەوە بەرەو پێش دەچێ، ڕەنگە خواست لەسەر زیو بەهیچ شێوەیەک بەپێشکەوتنی ناوچەیەکی فرەوانی دەوروبەری کانەکە زیاد نەکا. ئەگەر جیهانش بەگشتی پێش کەوت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا کانی تری نوێ دۆزرانەوە کە بەپیتتر بوون لە هەموو ئەوانەی پێشتر ناسرابوون، ئەو کات سەرباری زیادبوونی خواست لەسەر زیو بەرهەمهێنانەکەشی بەڕێژەیەکی زۆرتر زیادی کرد، ڕەنگە نرخە ڕاستەقینەکەی وردەوردە دابەزێ. کەواتە هەر بڕێکی دیاریکراو، بۆ نموونە کێشی یەک پاوەن، ڕەنگە وردەوردە بڕی کەمتر و کەمتری کار بکڕێ یان دەستەبەر بکات، یان بەبڕی کەمتر و کەمتر گەنمەشامی بگۆڕرێتەوە، کە بەشی سەرەکیی بژێویی کارگەرە.

بازاڕی گەورەی زیو بەشە بازرگانی و شارستانییەکەی جیهانیە.

ئەگەر لەڕێی پێشڤەچوونی گشتیی پێشکەوتنەوە خواست لەو بازاڕەدا بەرز ببێتەوە، لەهەمان کاتیشدا، خستنەبازاڕ بەهەمان ڕێژە زیادی نەکرد، بەهای زیو وردەوردە هاوڕێژە لەگەڵ بەهای گەنمەشامی بەرز دەبێتەوە. هەر بڕێکی زیو بەبڕی زیاتر و زیاتر گەنمەشامی دەگۆڕرێتەوە، یان بەدەربڕینێکی تر نرخی تێکڕای گەنمەشامی بەپارە وردەوردە هەرزانتر و هەرزانتر دەبێ.

ئەگەر بەپێچەوانەوە، خستنەڕوو بەهۆی ڕووداوێکەوە بۆ چەند ساڵێک زیاد بکات، بەڕێژەیەکی زیاتر لە خواست، کانزاکە وردەوردە هەرزانتر دەبێ، یان بەدەربڕینێکی تر نرخی تێکڕای گەنمەشامی بەپارە، سەرباری هەموو چاکسازییەکان، وردەوردە بەرزتر دەبێ.

بەڵام ئەگەر، لەلایەکی ترەوە، خستنەڕووی کانزاکە بەڕێژەیەکی نزیک لە زیادبوونی خواست زیاد بکات، ئەوە بەردەوام دەبێ لە کڕین یان گۆڕینەوە بەنزیکەی هەمان بڕ گەنمەشامی و، نرخی تێکڕای گەنمەشامی بەپارە، سەرباری هەموو چاکسازییەکان، نزیکی هەمان نرخ بمێنێتەوە.

لەوە دەچێ ئەم سێیە ئەگەری هەموو تێکهەڵکێشێکی ئەو ڕووداوانە بن، کە ڕەنگە لە بەرەوپێشچوونی چاکسازیدا ڕوو بدەن. لە ماوەی چوار سەدەی پێش ئەمڕۆ، ئەگەر بتوانین لەڕێی ڕووداوەکانی فرانسە و بریتانیای مەزنەوە هەڵسەنگانجیهانن بۆ بکەین، دەردەکەوێ کە هەر یەکێک لەم سێ تێکهەڵکێشە جیایە لە بازاڕەکانی ئەورووپا ڕووی داوە و، نزیکەی بەهەمان زنجیرەش کە من ڕیزبەندیم بۆیان کردووە.

باسێك لەمەڕ جیاوازییەكانی بەهای زیو
لە ماوەی چوار سەدەی دواییدا

ماوەی یەكەم

لە ساڵی ١٣٥٠دا و ماوەیەكی كەمی پێشتریش، لەوە دەچێ تێكڕای نرخی چارەكێك گەنم لە ئینگلتەرە بە كەمتر لە چوار ئۆنس زیو بەكێشی تاوەر دانراوە، كە نزیكەی بیست شیلین پارەی ئەمڕۆ بووە. وا دەردەكەوێ كە وردەوردە لەم نرخەوە دابەزیبێ تا گەیشتووەتە دوو ئۆنس زیو، نزیكەی دە شیلین پارەی ئەمڕۆمان، كە ئەو نرخەیە لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا دانراوە و، لەوە دەچێ ئەمە تا دەوروبەری ساڵی ١٥٧٠ بەردەوام بووبێ.

لە ١٣٥٠دا، بیست و پێنجەمی ئێدواردی سێیەم، ئەوەی بە "یاسای بنەڕەتیی كارگەران" ناسرا دەرچوو. لە دیباجەكەیدا گازاندەیەكی زۆر لە ڕووقایمیی خزمەتگوزاران دەكا، كە هەوڵیان داوە هەقدەستی خۆیان لەسەر خاوەن كارەكانیان زیاد بكەن. واتە، یاساكە هەموو خزمەتگوزار و كارگەران ملكەچ دەكا تاوەكو لە داهاتوودا بەهەمان هەقدەست و نان و بەرگ بەردەوام بن، كە لە بیستەمی پاشا و چوار ساڵی پێش ئەوەشدا هەیانبوو، بەم پێیەش ئەو گەنمەی لە چوارچێوەی نان و بەرگدا پێیان دەدرا، نەدەبوو هەر بوشڵێكی بایی زیاتر لە دە پێنس بێ و، بەردەوام خاوەن كار سەرپشك بوو لەوەی گەنمەكە یان پارەكەیان بداتێ. كەواتە، دە پێنس بۆ یەك بوشڵ، لە بیست و پێنجەمینی ئێدواردی سێیەم، بەنرخێكی زۆر گونجاوی گەنم دانراوە، چونكە پێویستی بەیاسایەك بووە بۆ ناچاركردنی خزمەتگوزارەكان بەوەی قایل بن بەگۆڕینەوەی نان و بەرگی ئاسایی خۆیان بەو نرخە، هەروەها لە دە ساڵی پێش ئەو مێژووەش، یان لە شازدەیەمینی پاشادا كە ئەو ماوەیەیە یاساكە ئاماژەی بۆ كردووە، بەنرخێكی گونجاو دانراوە. بەڵام لە شازدەیەمینی ئێدواردی سێیەمدا دە پێنس یەك ئۆنس زیوی، بەكێشانەی تاوەر، تێدا هەبووە، واتە یەكسان بووە بە شەش شیلین و هەشت پێنس پارەی ئەو ڕۆژگارە، كە نزیكەی بیست شیلینی ئەمڕۆیە، دەبێ ئەو نرخە بە نرخێكی گونجاو بۆ چارەكێكی هەشت بوشڵی دانرابێ.

ئەم یاسایە باشترین بەڵگەیەكە لەسەر ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا، ئەو نرخە بە نرخێكی گونجاوی دانەوێڵە زانراوە، لە هەندێ ساڵی دیاریكراودا كە مێژوونووسان و نووسەران لەبارەی گرانی و هەرزانیی نائاساییەوە تۆماریان كردووە و، بۆیە سەختە لەو ڕێگەیەوە بڕیار لەمەڕ نرخی ئاساییەوە بدرێ. لەپاڵ ئەوەشدا هۆكاری تر هەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕوا بكات كە لە سەرەتای سەدەی چواردەیەم و ماوەیەك پێشتریش نرخی گشتیی

چارەکێک گەنم لە چوار ئۆنس زیو کەمتر نەبووە و، نرخی دانەوێڵەکانی تریش هاوڕێژەی ئەمە بوونە.

لە ١٣٠٩دا، رالف دی بۆرن، سەرۆکی دێری سانت ئۆگەستین، کانتربێری، لە ڕۆژی دامەزراندنیدا خوانێکی ساز کرد، کە ویلیەم تۆرن دوایی لیستێکی پێشکەشی کرد سەبارەت کرێ و نرخی گەلێ شت. ئەوەی لەو خوانەدا بەکار برا بوو، یەکەم، ٥٣ چارەک گەنم، کە بایی ١٩ پاوەن بوون، یان هەر چارەکێکی بایی حەوت شیلین و دوو پێنس بوو، کە یەکسانە بە نزیکەی ٢١ شیلین و شەش پێنسی پارەی ئەمڕۆمان، دووەم، ٥٨ چارەک مۆڵت -malt) جۆ لەئاو دەکرێ لەناو بەرمیلی تایبەتدا تا ئەو کاتەی خەریکە بڕوێ، ئینجا وشک دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دواتر بکرێ بە بیرە- وەرگێڕ)، کە بایی ١٧ پاوەن و دە شیلین بوو، یان چارەکی بایی شەش شیلین بوو، کە نزیکەی ١٨ شیلینی ئێستا دەکا، سێیەم، ٢٠ چارەک شۆفان، کە بایی چوار پاوەن بوو، یان چارەکی بە چوار شیلین بوو، کە دەکاتە نزیکەی ١٢ شیلین بەپارەی ئێستامان. لێرەدا دەردەکەوێ کە نرخی مۆڵت و شۆفان بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی ئاساییان بەرامبەر بەنرخی گەنم گرانتر بووبن.

ئەم نرخانە لەبەر ئەوە تۆمار نەکراون کە بەشێوەیەکی سەرووئاسایی گرانن یان لەرادەبەدەر هەرزانن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو پارەیە بەو بڕە زۆرە دانەوێڵانە دراوە کە لە یەک خوانێکدا بەکار براون، کە لەبەر گەورەیی ناوبانگی دەرکردووە.

لە ١٢٦٢دا، پەنجا و یەکەمینی هنریی سێیەم، یاسایەکی کۆن زیندوو کرایەوە کە بە یاسای دەستنیشانکردنی کێشی نان و بیرە ناسراوە، پاشا لە دیباجەی ئەو یاسایەدا دەڵێ کە لە سەردەمی پێشینانی خۆی، کە ڕۆژگارێک پاشای ئینگلتەرە بوون، داڕێژراوە. ڕەنگە بەلای کەمەوە هی سەردەمی هنریی دووەمی باپیری بێ و، ڕەنگە هی سەردەمی داگیرکارییەکانی کۆن بێ. ئەو یاسایە نرخی نان بەپێی نرخی گەنم ڕێک دەخا، کە نرخی یەک چارەک لە یەک تا بیست شیلین بەپارەی ئەو ڕۆژگارە بێ. بەڵام یاساگەلی لەو جۆرە، بەگشتی چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێ کە بە یەک چاو ئاگەداری هەموو لادانەکان لە نرخی مامناوەندی بێ، ئەوانەی لە خوار ئەو نرخەوەن و ئەوانەشی لە سەرووی ئەو نرخەوەن. بۆیە لەکاتی دەرکردنی یاساکەدا دە شیلین، کە شەش ئۆنس زیوی بەپێوانەی تاوەر تێدایە، بەپێی ئەم پێشبینییە وەک نرخی مامناوەندی یەک چارەک گەنم دانرا و، ئەو نرخە تا پەنجا و یەکەمینی هنریی سێیەم بەردەوامیی هەبوو. بۆیە ئێمە هەڵەیەکی گەورە ناکەین، ئەگەر پێشبینی بکەین کە ئەو نرخە مامناوەندە کەمتر نەبوو لە سێیەکی بەرزترین نرخ کە ئەم یاسایە بۆ نانی داناوە، یان کەمتر نەبووە لە شەش شیلین و هەشت پێنس بەپارەی ئەو سەردەمە، کە چوار ئۆنس زیوی بەپێوانەی تاوەر تێدا هەبووە.

کەواتە لەڕێی ئەم ڕاستییە جیایانەوە، لەوە دەچێ ئێمە بیانووی ئەوەمان بەدەستەوە بێ کە بڵێین لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی چواردەدا و، بۆ ماوەیەکی باشی پێش ئەوە، تێکڕای نرخ، یان نرخی ئاسایی یەک چارەک گەنم، چاوەڕوان نەکراوە لە چوار ئۆنس زیو، بەپێوانەی تاوەر، کەمتر بێ.

لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی چواردەوە تاوەکو سەرەتای سەدەی شازدە، ئەوەی بە گونجاو و مامناوەندی دادەنرا وەک نرخی ئاسایی یان تێکڕای گەنم، لەوە دەچێ بەرەبەرە دابەزیبێ بۆ نیوەی ئەم نرخە، تا لەکۆتاییدا گەیشتە نزیکەی دوو ئۆنس زیو، بەپێوەری تاوەر، کە یەکسانە بەنزیکەی دە شیلین بەپارەی ئێستامان. تا دەوروبەری ساڵی ١٥٧٠ هەر بەم نرخە مەزەندە دەکرا.

لە کتێبی ماڵداریی هنری، ئیرلی پێنجەمی نۆرتیمبەرلاند، کە لە ١٥١٢دا دانرا، دوو نرخاندنی جیاواز بۆ گەنم هەیە. لە یەکێکیاندا چارەکی بە شەش شیلین و هەشت پێنس دانراوە، لەوەی تردا تەنیا بە پێنج شیلین و هەشت پێنس. لە ١٥١٢دا، شەش شیلین و هەشت پێنس تەنیا دوو ئۆنس زیو، بەپێوانەی تاوەر، بووە کە یەکسانە بەنزیکەی دە شیلین بەپارەی ئەم ڕۆژگارەمان.

لە بیست و پێنجەمینی ئێدواردی سێیەمەوە تا سەردەمی ئیلیزابێت، لە ماوەیەکدا کە زیاتر لە ٢٠٠ ساڵی خایاندووە، شەش شیلین و هەشت پێنس، وەک لە چەندان یاسای جیاجیادا دەرکەوتووە، بەردەوام نرخی مامناوەندی و گونجاو بووە، واتە نرخی ئاسایی و تێکڕای گەنم بووە. بەڵام ئەو برە زیوەی لەو برە پارەیەدا هەبووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، بەهۆی هەندێ گۆڕانکاری لە دراوەکەدا ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە. کەچی بەرزبوونەوەی بەهای زیو، لەوە دەچێ، تا ڕادەیەک قەرەبووی بڕی زیوی لە هەمان برە پارەدا کردووە بەجۆرێک کە یاسادانەر پێی وا بووە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە، کەمبوونەوەی بڕی زیوەکە، بێسوودە.

بۆیە لە ١٤٣٦دا، بڕیار درا کە دەکرێ گەنم بەبێ مۆڵەت هەنارده بکرێ، ئەگەر نرخەکەی دابەزییە شەش شیلین و هەشت پێنس و، لە ١٤٦٣دا بڕیار درا کە نابێ گەنم هاوردە بکرێ ئەگەر نرخی چارەکێکی لە سەرووی شەش شیلین و هەشت پێنس نەبوو. یاسادانەر پێی وا بوو کە کاتێک نرخەکە بەم شێوەیە نزم بوو ئەوە هەناردەکردن نەگونجاو نابێ، بەڵام ئەگەر بەرز بووەوە ئەوە ڕێگەدان بە هاوردەکردنی داناییە. کەواتە، شەش شیلین و هەشت پێنس کە هەمان برە زیوی ناو ١٢ شیلین و چوار پێنس پارەی ئەمڕۆمانی تێدایە (بەسێیەکێک کەمتر لەو بڕەی لە هەمان برە پارەدا لە سەردەمی ئێدواردی سێیەم هەبوو)، لەو سەردەمانەدا بە نرخی مامناوەندی و گونجاوی گەنم دانراوە.

له ١٥٥٤دا، له یەکەم و دووەمــی فیلیــپ و مــاری و، له ١٥٥٨، له یەکەمــی ئیلیزابیــت، هەناردەکردنی گەنم بەهەمان شێوە قەدەخە بوو، هەر کاتێک کە نرخی چارەکێک شەش شیلین و هەشت پێنسی تێپەڕاندبا، کە ئەو بڕە پارەیە لەو سەردەمەدا بایی دوو پێنس زیوی زیاتر لە هەمان بڕە پارەی ئێستای تێدا هەبووە. بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە بۆ ڕێگرتن لە هەنـاردەکردنی گەنـم تـا ئەو کـاتەی زۆر هەرزان دەبـێ، لەڕاسـتیدا، دەبـوو بەتەواوی قەدەخە بکـرێ. بـۆیە لە ١٥٦٢دا، پێنجەمـی ئیلیزابیـت، هەنـاردەکردنی گەنـم لە هەندێ بەنـدەری دیاریکراوەوە ڕێگەی پێ درا لە هەر کاتێکدا کە نرخی یەک چارەک دە شیلینی تێنەدەپەڕاند، کە ئەو پارەیە هەمان بڕ زیوی تێدا هەبوو کە ئێستا تێیدایە. ئەم نرخە لەم کاتەدا، بە نرخی مامناوەندی و گونجاوی گەنم دانرابوو. کە نزیکە لەو خەمڵاندنەی لە کتێبی نۆرتیمبەرلاند لە ساڵی ١٥١٢دا هەبوو.

لە فەرانسە نرخی تێکڕای دانەوێڵە، بەهەمان شێوە، لە کۆتای سەدەی پازدە و سـەرەتای سـەدەی شـازدەدا زۆر کەمتر بوو لە نرخی دوو سـەدەی پێش ئەوە، کە لەلایەن هەردوو بەڕێز دوپغێ دو سانت ماوغ و نووسـەری دانـای "لێکۆڵینەوە لەسـەر سیاسـەتی دانەوێڵە"، تێبینی کراوە. نـرخەکەی لە هەمـان ئەو مـاوەیەدا، ڕەنـگە بەهەمـان شـێوازی بەشـی زۆری ئەورووپا دابەزیبێ.

ئەم بەرزبــوونەوەیەی بەهــای زیــو بە بەراورد لەگەڵ بەهــای گەنمەشــامیدا، ڕەنــگە هەمووی بۆ زیادبوونی خواست لەسەر ئەو کانزایە بگەڕێتەوە، دوای زیادبوونی چاکسازی و کشتوکاڵ، لە کاتێکدا کە بەردەستبوونی کانزاکە وەک خۆی مابووەوە، یان، بەردەوامیی خواست بەهەمان ئاست، کە ڕەنگە بەتەواوی بۆ کەمبوونەوەی پێ بەپێی بەردەستبوون بگەڕێتەوە. بەشـی زۆری کانەکانی ئەو سـەردەمە لە جیهاندا ناسـرابوون تـا ئاسـتێکی زۆر خـاڵی بووبـوون و، بەوەش خەرجیی بەگەڕخسـتنیان زۆر زیـادی کـرد. یـان بەشـێوەیەکی بەشـەکی بـۆ هەلـومەرجی تـری جگە لەم دووە دەگەڕایەوە. لە کۆتـایی سـەدەی پـازدە و سەرەتای سەدەی شازدەدا، بەشی زۆری ئەورووپا بەرەو شێوازێکی جێگیرتری حکومەت هەنگـاوی دەنـا، جێگیرتـر لەوەی لە چەنـدان سـەردەمی پێشـوودا بەردەوامیـی هەبـوو. زیــادبوونی ئــارامی بەشــێوەیەکی سروشــتی دەبێــتە مــایەی زیــادبوونی پیشەســازی و پێشـکەوتن و، خواسـت لەسـەر کـانزا گرانبایيەکـان و لەسـەر کەلپەلـی خۆشـگوزەرانی و جوانکاریش بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ زیادبوونی سامانەکاندا زیاتر دەبێ. بەرهەمـی سـالانەی زیـاتر پێویسـتی بە بڕێکـی زۆرتـر دراو دەبـێ بـۆ ئـاڵوێرکردن پێـی، هەروەهـا ژمـارەیەکی زیـاتری خەڵکـی دەوڵەمەنـد پێویسـتیان بەبڕێکـی زیـاتر داڕشـتە و خشـڵی زیـو دەبێ. سروشتیشـە پێشـبینی بکـرێ کە بەشـێکی زۆرتـری ئەو کانـانەی جـاران زیویـان بـۆ

بازاڕەکانی ئەورووپا دابین دەکرد ڕەنگە بەڕادەیەکی زۆر خاڵی بووبن و، بەگەڕخستنیان گرانتر بووبێ. ژمارەیەکی زۆریان لە سەردەمی ڕۆمانەکانەوە کاریا دەکرد.

بەڵام بۆچوونی بەشی زۆری ئەوانەی لەسەر نرخی کەلپەلەکان لە سەردەمانی دێرینەوە نووسیویانە، هەر لە سەردەمی داگیرکردنەوە، ڕەنگە لە کاتی هێرشی یولیۆس سیزارەوە تا دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکا، بەهای زیو بەبەردەوامی لە کەمبوونەوەدا بووە. ئەم بۆچوونەی ئەوان لەوە دەچێ زادەی تێبینییەکانیان بێ لەسەر نرخی گەنم و هەندێ بەشی تری بەرهەمی خاوی زەوی، بەشێکیشی زادەی ئەو بۆچوونە باوە بوو کە دەڵێ بڕی زیو لە هەر وڵاتێکدا لەگەڵ زیادبوونی ساماندا زیاد دەبێ، بۆیە کە بڕەکەی زیاد بوو بەهاکەی کەم دەبێتەوە.

لەوە دەچێ لە تێبینییەکانیان لەسەر نرخەکانی گەنمەشامی، سێ هەلومەرجی جیا زۆربەی جاران ئەوانیان بەلاڕێدا بردبێ.

یەکەم، لە سەردەمانی کۆندا نزیکەی هەموو کرێیەک بە جۆر دراوە، واتە بڕێکی دیاریکراو گەنمەشامی، مالات، پەلەوەر، هتد. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ڕووی داوە کە خاوەن موڵک ئەوەی سەپاندووە کە مافی خۆیەتی بە جۆر یان بە بڕێک پارەی دیاریکراو، لەجیاتی جۆرەکە، داوای سالانەکەی لە کرێچی بکات. ئەوەی بەم شێوازە لەجیاتی جۆر کە بڕێکی دیاریکراوی پارە بوو لە سکۆتلاند پێی دەگوترا نرخی گۆڕینەوە (conversion price).

لەبەر ئەوەی بەردەوام خاوەن ماڵ سەرپشک بوو لەوەی مادده وەرگرێ یان نرخەکەی، بۆ پاراستنی کرێچی، پێویست بوو ئەو نرخی گۆڕینەوەیە کەمتر بێ، نەک زیاتر، لە تێکڕای نرخی بازاڕ. بەو پێیەش لە گەلێ شوێندا زۆر لە سەرووی نیوەی ئەم نرخە نییە. لە زۆربەی شوێنانی سکۆتلاند ئەم نەریتە هێشتا بەردەوامە لە بواری پەلەوەردا و، لە هەندێ شوێن لە مالاتدا. ڕەنگە بەردەوامیشی هەبوایە سەبارەت گەنمەشامی، ئەگەر یاسای نرخدانانی گشتی (public fiars) کۆتایی بۆ دانەنایە. ئەمانە نرخاندنی سالانەن بۆ بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی نرخی تێکڕای گشت جۆرە جیاوازەکانی دانەوێڵە و، هەموو جۆرە جیاوازەکانی هەر یەکێکیان بەگوێرەی نرخی ڕاستەقینەی بازاڕ لە هەر ناوچەیەکدا. ئەم یاسایە کە کرێچیی بەشێوەیەکی گونجاو دڵنیا کردەوە و، بۆ خاوەن موڵک گونجاوتر بوو، پێی دەڵێن کرێی گەنمەشامی(corn rent) ، زیاتر لەوەی کە لە نرخاندنی سالانەدا دەبێ. بەڵام ئەو نووسەرانەی نرخەکانی گەنمەشامییان لە سەردەمانی کۆن کۆ کردووەتەوە لەوە دەچێ بەهەڵەدا چووبن لە جیاکردنەوەی ئەوەی لە سکۆتلاند پێی دەڵێن نرخی گۆڕینەوەی لەوەی کە نرخی ڕاستەقینەی بازاڕە. فلیتوود ڕای دەگەیەنێ کە یەک جار ئەو هەڵەیەی کردووە. بەڵام کە ئەو کتێبەکەی خۆی دەنووسی، لەبەر هۆیەکی دیاریکراو، پێی وا نەبوو، تا دوای پانزە جار نووسینی ئەم نرخی

گۆڕینەوەیە، کە گونجاوە ئەوە ڕاگەیەنێ. نرخەکە هەشت شیلین بوو بۆ یەک چارەک گەنم. ئەم برە لە ١٤٢٣دا، ئەو ساڵەی کە ئەو لێیەوە دەست پێ دەکا، هەمان بڕە زیوی ناو ١٦ شیلینی پارەی ئێستامانی تێدا هەبوو. بەڵام لە ١٥٦٢دا، کە لەوێدا تەواوی دەکا، زیاتر لەوەی ئێستا لە هەمان بڕ پارەدا هەیە، تێدا نەبوو.

دووەم، ئەوان لەڕێی ئەو شێوازە ناجۆرەوە بەلاڕێدا براون کە هەندێ یاسای کۆنی دیاریکردنی کێش هەندێ جار لەلایەن کۆپیکەری تەوەزەلەوە نووسراونەتەوە، ڕەنگە هەندێ جاریش لەلایەن یاسادانەرەوە پێک هێنرابێ.

وا دەردەکەوێ کە دەسپێکی یاسا کۆنەکانی دیاریکردنی کێش بەردەوام بە جەختکردن لەسەر ئەوەی کە مەبەستە نرخی نان و بیرە، لەو کاتەدا کە نرخی گەنم و جۆ نزمترین بووە و، بەرەبەرە بەرەو پێش بچن بەرەو ئەو نرخەی کە مەبەستە، بەگوێرەی ئەوەی کە دەبێ نرخەکانی ئەم دوو جۆرە دانەوێڵەیە وردەوردە بەرز ببنەوە بۆ سەرووی ئەو نزمترین نرخە. بەڵام لەبەرگرەوەکانی (transcribers) ئەم یاسایانە لەوە دەچێ زۆربەی جاران پێیان وا بووە کە لەبەرگرتنەوەی سێ یان چوار یەکەم و نزمترین نرخەکان بەسە، بەمەش کاری خۆیان و حوکمەکانیان کەم کردووەتەوە. من وای بۆ دەچم کە ئەوەندە بەس بووە بۆ پێشاندانی ئەو ڕێژەیەی مەبەست بووە بۆ تێبینیکردنی هەموو نرخەکانی بەرزتر.

بەم شێوەیە لە یاسای دیاریکردنی کێشی نان و بیرەدا (the Assize of Bread and Ale)، لە پەنجا و یەکەمینی هنریی سێیەمدا، نرخی نان بەگوێرەی نرخە جیاکانی گەنم ڕێکخراوە، لە یەک شیلینەوە بۆ بیست شیلین بۆ هەر چارەکێک، بەپارەی ئەو سەردەمە. بەڵام لە دەستنووسەکانی پێش ئەوەی بەڕێز ڕەفهێد، کە هەموو نوسخە جیاکانی یاساکەیان لەسەر چاپ کراوە، لەبەرگرەوەکان هەرگیز لەم یاسایەدا زیاتر لە نرخی ١٢ شیلینیان نەنووسیوە. بۆیە گەلێ نووسەر، کە بەم نووسینەوە هەڵانە خەڵەتاون، بەشێوەیەکی سروشتی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە نرخی مامناوەندی، یان شەش شیلین بۆ هەر چارەکێک، کە یەکسانە بە نزیکەی ١٨ شیلینی ئەم سەردەمەمان، نرخی ئاسایی یان تێکڕایی گەنم بووە لەو کاتەدا.

لە یاسای سەرکۆنە و عارەبانەدا، کە لە نزیکەی هەمان کاتدا دەرچووە، نرخی بیرە بەگوێرەی هەر شەش پێنسێک بەرزبوونەوەی نرخی جۆ ڕێک خراوە، لە دوو شیلینەوە تا چوار شیلین بۆ هەر چارەکێک. بەڵام کە چوار شیلین بە بەرزترین نرخ دانەدەنرا کە زۆربەی جار لەو سەردەمەدا نرخی جۆی پێ دەگەیشت و، ئەو نرخانە تەنیا وەک نموونە هێنراونەتەوە بۆ ئەو ڕێژەیەی کە دەبێ لە هەموو نرخەکانی تردا لەبەر چاو بگیرێ، چ بەرزتر بن یان نزمتر، دەبێ لە وشەکانی کۆتایی یاساکە ئەمەیان هەڵێنجین، کە دەربڕینێکی

زۆر ناجۆره بەڵام واتەکەی تەواو ڕوونە: "نرخی بیره بەم شێوازه بەرز یان نزم دەبێتەوه بەگوێرەی هەر شەش پێنسێک بەرزبوونەوه یان دابەزینی نرخی جۆ". لە داڕشتنی ئەم یاسایەدا، لەوه دەچێ یاسادانەر خۆی کارەکەی، هاوشێوەی لەبەرگرەوەکان لە نووسینی ئەوانەی تردا، بەوردی نەکردووه.

لە دەستنووسێکی کۆنی "ڕیژیم ماجستاتەم"Regiam Majestatem - کە کتێبێکی کۆنی یاسای سکۆتلاندە، یاسایەکی دیاریکردنی کێش هەیە کە نرخی نانی بەگوێرەی هەموو نرخە جیاجیاکانی گەنم ڕێک خستووه، هەر لە ده پێنسەوه تا سێ شیلین بۆ هەر بۆڵێکی سکۆتلاندی(Scotch boll) ، کە یەکسانە بە نزیکەی نیو چارەکی ئینگلیزی. سێ شیلینی سکۆتلاندی لەو سەردەمەی مەزەندە دەکرێ ئەو یاسای دیاریکردنی کێشەی تێدا دەرچووه یەکسانە بە نزیکەی نۆ شیلینی ئیستەرلینی ئەمڕۆمان. لەوه دەچێ بەڕێز ڕەدیمان لەمەوه گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کە سێ شیلین بەرزترین نرخ بووه کە لەو سەردەمەدا گەنم پێی گەیشتبێ و، ده پێنس، یەک شیلین، یان ئەوپەڕی دوو شیلین، نرخە ئاساییەکان بوونە. بەڵام بە گەڕانەوه بۆ دەستنووسەکە زۆر بەڕوونی دیاره کە هەموو ئەو نرخانە تەنیا وەک نموونە دانراون بۆ ئەو ڕێژەیەی کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ لەنێوان نرخی گەنم و ناندا. دوایین وشەکانی یاساکە بریتین لە: "دەبێ دۆخەکانی تر بەگوێرەی ئەوەی کە لە سەرەوەدا نووسراوه بڕیاریان لەسەر بدرێ، بە لەبەرچاوگرتنی نرخی گەنمەشامی."

سێیەم، لەوه دەچێ کە جارێکی تر بەلاڕێدا براین، بەهۆی ئەو نرخە نزمەی کە هەندێ جار لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا گەنمی پێ فرۆشراوه و، وا تێگەیشتوون کە کەمترین نرخی ئەو سەردەمە زۆر کەمتر بووه لەوەی سەردەمانی دواتر، بەوەش دەبێ نرخی ئاساییش زۆر نزمتر بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە بۆیان دەرکەوتبێ کە لەو سەردەمە کۆنانەدا بەتەواوی بەرزتر بووه، وەک چۆن نزمترینەکە لە خوار ئەوەی سەردەمانی دواتر بووه. بۆیە لە ساڵی ١٢٧٠دا فلیتوود، دوو نرخ بۆ چارەکێک گەنم دەخاتە بەر دەستمان. یەکێکیان چوار پاوەن و شازده شیلینی پارەی ئەو سەردەمەیە، کە یەکسانە بە چوارده پاوەن و هەشت شیلینی پارەی ئێستامان، نرخەکەی تر شەش پاوەن و هەشت شیلینە، کە یەکسانە بە نۆزده پاوەن و چوار شیلینی پارەی ئێستامان. لە کۆتای سەدەی پازده، یان سەرەتای سەدەی شازدەدا هیچ نرخێکت چنگ ناکەوێ کە لە زێدەڕۆیی ئەم دوو نرخەوه نزیک بێ. نرخی گەنمەشامی، کە لە هەموو سەردەمێکدا گۆڕانی زۆر بەخۆیەوه دەبینێ، زۆربەی جار لەو کۆمەڵگە شڵەژاو و ناجێگیرانەدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێ، چونکە لەو کۆمەڵگەیانەدا هەموو دەستوەردانە بازرگانی و گەیاندنەکان ڕێگر دەبن لەوەی زۆریی بەرهەمی بەشێکی وڵات ببێتە مایەی پڕکردنەوەی کەمبوونی لە بەشێکی تری وڵاتدا. لە

دۆخـی بـێ سـەروبەری ئینگلـتەرەی ژێـر دەسـەڵاتی پلانتاجێنتەکـان، کە لە دەوروبەری سەدەی ناوەڕاستی سەدەی دوازدەوە تا کۆتای سەدەی پازدە حوکمیان گێڕا، ناوچەیەک بەرهەمی زۆر دەبوو، لە کاتێکدا کە ناوچەیەکی تر کە زۆر لەوەوە دوور نەبوو، بەهۆی هەندێ ڕووداوی وەرزەوە بەرهەمی لەناو دەچوو، یان بەهۆی دەستدرێژیی بارۆنێکی دراوسێوە، دەکەوتە ژێر مەترسیی تەواوی برسێتییەوە، بەڵام ئەگەر زەویی لۆردێکی نەیار بکەوتایەتە نێوانیانەوە، ئەوە ناوچەی یەکەم لە توانایدا نەبوو بچووکترین یارمەتیی ناوچەی دووەمی بدا. لە سایەی کارگێڕیی بەهێزی تیودەرەکاندا، کە لە بەشی کۆتای سەدەی پازدە و تەواوی سەدەی شازدەدا حوکمڕانیی ئینگلتەرەیان کرد، هیچ بارۆنێک ئەوەندە بەهێز نەبوو کە بوێرێ ئاسایشی گشتی بشڵەژێنێ.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر ئەو نرخانەی گەنم دەبینێ کە هی ماوەی نێوان ١٢٠٢ تا ١٥٧٩ن و لەلایەن فلیتوودەوە کۆ کراونەتەوە، بۆ پارەی ئەمڕۆ گۆڕاون و، بەپێی زنجیرەی کات دابەش کراونەتە سەر حەوت بەش کە هەر یەکێکیان دوازدە ساڵ لەخۆ دەگرێ. لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا تێکڕای نرخی ئەو دوازدە ساڵەی لەبەر دەستە. لەو ماوە درێژەدا، فلیتوود نەیتوانیوە زیاتر لە نرخەکانی هەشتا ساڵ کۆ بکاتەوە، بۆیە چوار ساڵی کەمە بۆ ئەوەی دوایین دوازدە ساڵ تەواو ببن. بۆیە من ناچار بووم لە تۆمارەکانی کۆلیجی ئیتۆنەوە، نرخەکانی ساڵانی ١٥٩٨، ١٥٩٩، ١٦٠٠ و ١٦٠١ دەربێنم و بۆی زیاد بکەم. ئەوە تەنیا زیادکردنێکە کە من خستوومەتە سەری. خوێنەر دەبینێ کە لە سەرەتای سەدەی سیانزەوە تا دوای ناوەڕاستی سەدەی شانزە، تێکڕای نرخی هەر دوازدە ساڵێک بەرەبەرە کەم دەبێتەوە تا لە سەروبەندی کۆتایی سەدەی شازدەدا دەست بە بەرزبوونەوە دەکاتەوە. لەڕاستیدا ئەو نرخانەی فلیتوود توانیویەتی کۆیان بکاتەوە، لەوە دەچێ بەشێوەیەکی سەرەکی زەقترینی نرخەکانن بەهۆی گرانی یان هەرزانیی نائاساییانەوە، هەروەها ناتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە لەو نرخانەوە دەست بکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بتوانن شتێک بسەلمێنن، ئەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە من هەوڵم دەدات پیشانی بدەم. لەوە دەچێ کە فلیتوود خۆیشی، هاوشێوەی زۆربەی نووسەرانی تر، بڕوای وا بووە کە لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەهای زیو، بەهۆی زۆربوونی بڕەکەیەوە، بە بەردەوامی ڕووی لە دابەزین بووە. ئەو نرخانەی گەنمەشامی کە خۆی کۆیانی کردووەتەوە بە دڵنیاییەوە لەگەڵ بۆچوونەکەیدا نین. ئەو نرخانە بەتەواوی بۆچوونی بەڕێز دوپڕێ دو ماوغ و، ئەوەی من هەوڵم دەدات ڕوونی بکەمەوە، پشتڕاست دەکەنەوە. فلیتوودی ئوسقوف و ڕێزدار دوپڕێ دو ماوغ دوو نووسەرن کە دیارە بە هەوڵ و دابڕانێکی زۆرەوە نرخی شتەکانیان لە سەردەمە کۆنەکاندا کۆ کردووەتەوە. سەیر لەوەدایە کە هەرچەندە بۆچوونەکانیان تەواو جیاوازن، ئەو ڕاستییانەی کۆیان

کردوونەتەوە سەبارەت نرخی گەنمەشامی بەلای کەمەوە، تا ڕادەیەکی زۆر تەواو وەک یەکن.

بەڵام ئەوەی کە داناترین نووسەرەکان کردوویانەتە بەڵگەی بەهای بەرزی زیو، لەو سەردەمە زۆر کۆنانەدا، لەبەرامبەر نرخی نزمی گەنمەشامییەوە وا نییە، ئەوەندەی لەبارەی هەندێ بەشی تری بەرهەمی خاوی زەوییەوە وایە. گوتراوە کە گەنمەشامی لەبەر ئەوەی جۆرێک لە پیشەسازیی لەگەڵدایە، لەو سەردەمە سادانەدا زۆر گرانتر بووە بە بەراورد لەگەڵ بەشی زۆری کاڵاکانی تر. من پێم وایە کە مەبەست لەمە بەشی زۆری کاڵا دروستنەکراوەکانە، وەک ماڵات، پەلەوەر، هەموو جۆرە نێچیرەکان، هتد. کە دەگوترێ لەو سەردەمانەدا ئەو شتانەی هەژاری و دواکەوتوویی بەدەستی دەهێنان، بەشێوەیەکی ڕێژەیی زۆر هەرزانتر بوون لە گەنمەشامی، ئەو گوتەیە بێگومان ڕاستە. بەڵام ئەو هەرزانییە ئاکامی بەهای بەرزی زیو نەبووە، بگرە لە بەهای نزمی ئەو کاڵایانەوە هاتووە. لەبەر ئەوە نەبوو کە لەو سەردەمانەدا زیو توانای کڕین یان دابینکردنی بڕێکی زیاتر کاری هەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە ئەو جۆرە کاڵایانە توانای کڕین یان دابینکردنی بڕێکی زۆر کەمتریان هەبووە لەوەی لە سەردەمانی هەبوونەیی و پێشکەوتندا هەیانبووە. بێگومان دەبێ زیو لە ئەمەریکای ئیسپانیایی هەرزانتر بێ لە ئەوروپا، لەو وڵاتەی تیایدا بەرهەم هێنراوە هەرزانتر بووە لەو وڵاتەی بۆی براوە، بەهۆی خەرجیی گواستنەوەی بەڕێی وشکانی یان دەریا و، بەهۆی بارکردن و دڵنیاییەوە. هەرچەندە ئۆڵوا بەئێمەی گوتووە کە چەند ساڵێکی کەم بەر لە ئێستا، ٢١ پێنس و نیوی ئیستەرلینی لە بۆینس ئایرس نرخی گایەکی ناو گاگەلێکی ٣٠٠ یان ٤٠٠ سەری بووە. بەڕێز بایرۆن بەئێمەی ڕاگەیاندووە کە نرخی ئەسپێکی باش لە پایتەختی چیلی ١٦ شیلینی ئیستەرلینی بووە. لە وڵاتێکدا کە بە سروشت بەپیتە، بەڵام بەشی هەرە زۆری کشتوکاڵ نەکراوە، ماڵات، پەلەوەر، هەموو جۆرە نێچیرێک و هتد لەبەر ئەوەی لەڕێی کارێکی زۆر کەمەوە دەست دەکەون، دەتوانن بڕێکی زۆر کەم شت بکڕن یان بەدەست بهێنن. نرخی نزمی بەپارە، کە لەوانەیە پێی بفرۆشرێن، بەڵگە نییە لەسەر زۆر بەرزیی بەهای ڕاستەقینەی زیو، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەهای ئەو کاڵایانە زۆر نزمە.

دەبێ بەردەوام ئەوە لەبیر نەچێ کە کار، نەک هیچ کاڵایەکی دیاریکراو یان دەستەیەک کاڵا، پێوانەی ڕاستەقینەی بەهای زیو و هەموو کاڵاکانی ترە.

لەو وڵاتانەی کە نزیکەی چۆڵن، یان دانیشتووانیان کەمن، ماڵات، پەلەوەر، هەموو جۆرە نێچیرێک، هتد لەبەر ئەوەی بەرهەمگەلی سادەی سروشتن، سروشت بەبڕی زۆر زیاتر لەوەی بەکاربردنی دانیشتووان دەیخوازێ بەرهەمیان دێنێ. لەو جۆرە دۆخەی کۆمەڵگەدا بەگشتی ئەوەی بەردەست دەبێ لە خواست زیاترە. بۆیە لە دۆخە جیاجیاکانی

کۆمەڵگەدا، لە قۆناخە جیاکانی پێشکەوتندا، ئەو جۆرە کالایانە نوێنەرایەتیی بڕگەلی زۆر جیای کار دەکەن یان هاوبەهایان دەبن.

لە هەموو دۆخێکی کۆمەڵگەدا، لە هەموو قۆناخێکی پێشکەوتندا، گەنمەشامی بەرهەمی پیشەسازیی مرۆڤە. بەڵام تێکرای بەرهەمی هەر جۆرە پیشەسازییەک بەردەوام گونجاوە، زۆر یان کەم، لەگەڵ تێکرای بەکاربردن، تێکرای بەردەستخستن لەگەڵ تێکرای خواستدا. سەرباری ئەوە لە هەموو قۆناخێکی جیای پێشکەوتندا، پەروەردەکردنی هەمان بڕ گەنمەشامی لە هەمان خاک و هەمان کەشدا، بە تێکڕا، نزیکەی هەمان بڕ کاریان پێویستە، یان بەهەمان شێوە، نرخی نزیکەی بڕگەلی یەکسان دێنن، زیادبوونی بەردەوامی هێزە بەرهەمهێنەکانی کار لە دۆخێکی گەشەکردووی چاندندا، زۆر یان کەم، هاوسەنگ دەبن لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی نرخی ماڵات، کە ئامرازی سەرەکیی کشتوکاڵن. بۆیە بەپێی گشت ئەم لێکدانەوانە، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی بڕگەلی یەکسانی گەنمەشامی، لە هەموو دۆخێکی کۆمەڵگەدا، لە هەموو قۆناخێکی پێشکەوتندا، زیاتر نوێنەرایەتی، یان هاوبەهای، بڕگەلی یەکسانی کارن نەک بڕگەلی یەکسانی هەر بەشێکی تری بەرهەمی خاوی زەوی. بەم پێیە، وەک پێشتر تێبینی کراوە، گەنمەشامی لە هەموو قۆناخە جیاکانی دەوڵەمەندی و پێشکەوتندا، پێوانەیەکی ڕاستتری بەهایە زیاتر لە هەر کالایەک یان دەستە کالایەکی تر. لەبەر ئەوە لە هەموو ئەم دۆخە جیایانەدا، لەڕێی بەراوردکردنی بە گەنمەشامی، نەک بە هەر کالایەک یان دەستە کالایەکی تر، دەتوانن باشتر بڕیار لەسەر بەهای ڕاستەقینەی زیو بدەین.

هەروەها گەنمەشامی، یان هەر شتێکی تر کە خۆراکی ڕووەکیی باو و ویستراوی خەڵک بێ، لە هەر وڵاتێکی شارستانیدا، بەشی سەرەکیی بژێویی کارگەران پێک دێنێ. وەک ئاکامێکی فرەوانبوونی کشتوکاڵ، زەویی هەر وڵاتێک بڕێک لە ڕووەک بەرهەم دێنێ کە زۆر زیاترە لە خۆراکی ئاژەڵ و، کارگەران لە هەموو شوێنێکدا بەشێوەیەکی سەرەکی بەو خۆراکە تەندروستانە دەژین کە هەرزانترین و زۆرترینن. گۆشت، جگە لە گەشەکردووترین وڵاتەکان، یان ئەو شوێنانەی تیایاندا کارگەران زۆر بەباشی پاداشت دەکرێن، بەشێکی زۆر کەم لە بژێوییان پێک دێنێ، پەلەوەر بەشێکی لەوەش بچووکتر پێک دێنێ و، نێچیرەکان هیچی پێک ناهێنن. لە فڕانسە، تەنانەت لە سکۆتلاندیش، کە کارگەر کەمێک باشتر لەوەی فڕانسە پاداشت دەکرێ، کارگەرانی هەژار بەدەگمەن گۆشت دەخۆن، مەگەر لە جەژنەکان و، بۆنە نائاساییەکانی تردا. لەبەر ئەوە نرخی کار بەپارە زۆر زیاتر پشت دەبەستێ بە تێکڕای نرخی بەپارەی گەنمەشامی، کە بژێویی کارگەرانە، لەوەی پشت بە گۆشت ببەستێ، یان بە هەر بەشێکی تری بەرهەمی خاوی زەوی. کەواتە بەهای ڕاستەقینەی زێڕ و زیو، ئەو بڕە ڕاستەقینەیەی کارە کە دەتوانن بیکڕن یان دەستەبەری

بـکەن، زۆرتـریش پشـت بە بـڕی ئەو گەنمەشـامییە دەبەسـتێ کە دەتـوانێ بیکـڕێ یـان دەستەبەری بکات، نەک بەو بڕی گۆشتی گۆشتە، یان هەر بەشێکی تری بەرهەمـی خـاوی زەوی، کە دەتوانێ بیکڕێ یان دەستەبەری بکات.

بەڵام ئەم جـۆرە تێبینـیە بچووکـانە لەسـەر نرخەکـانی گەنمەشـامی یـان کاڵاکـانی تـر، ئەگەری ئەوەیـان نیـیە کە ژمـارەیەکی زۆر نووسـەری ژیریـان بەلارێـدا بردبـێ، مەگەر لەهەمان کاتدا کەوتبنە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونە باوەی دەڵێ بڕی زیو لە هەر وڵاتێکدا بەشـێوەیەکی سروشـتی شانبەشـانی زۆربـوونی سـامان زۆر دەبـێ، بەمەش بەهـۆی زۆربـوونی بڕەوە بەهاکەی کەم دەبێتەوە. بەڵام وا دیـارە کە ئەم بۆچـوونە بەتەواوی بـێ بنەما بێ.

لەوانەیە بـڕی کـانزا گرانبایەکـان لە هەر وڵاتێکـدا لەبەر دوو هۆکـار زیـاد ببـێ: یـان، یەکەم، بەهـۆی زیـادبوونی ئەو کـانە بەپیتـانەی دەسـتەبەریان دەکەن، یـانیش، دووەم، بە زیـادبوونی سـامانی خەڵـک لەڕێـی زیـادبوونی بەرهەمـی کـاری سـاڵانەیانەوە. یەکەمـی ئەم دوو هۆیە، بێگومان، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهای کانزا گرانباییەکان، بەڵام دووەمیـان وا نییە.

کاتێک کانی بەپیتتر دەدۆزرێنەوە، بڕێکی زۆرتر کانزای گرانبایی بۆ بازاڕ دەهێنرێ و، لە کاتێکدا پێویستییەکانی ژیان و ئەو شتە گونجاوانەی پێویستە پێیان بگۆڕرێنەوە وەک پێشـووتر مـابن، بڕە یەکسـانەکانی کانزاکـان دەبـێ بە بـڕی کەمتـری کاڵاکـان بگـۆڕرێنەوە. کەواتە تا ئێستا، زیادبوونی بڕی ئەو کانزا گرانباییانە لە هەر وڵاتێکدا لە بەپیتیی زیادبووی کانەکانەوە بووبێ، ئەوە بێگومان بە کەمبوونەوەی بەهایانی لەگەڵدا دێ.

بەپێچەوانەشەوە، کە سامانی هەر وڵاتێک زیاد دەکا، کاتێک کە بەرهەمـی سـاڵانەی کـار تیایدا وردەوردە زیاتر و زیاتر دەبێ، بڕێکی زیاتری دراو پێویست دەبێ بۆ ئەوەی بڕێکی زیـاتر کـاڵا بسـووڕێنێ، هەروەهـا خەڵـکەکە، کاتێـک کە دەتـوانن دراو دابـین بـکەن، لەبەر ئەوەی کاڵای زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا بیدەن، ئەوە بەشێوەیەکی سروشـتی بـڕی زیـاتر و زیـاتر داڕشـتەی ئەو جـۆرە کانزایـانە دەکـڕن. بـڕی دراوەکەیـان لەبەر پێویستبوون زیاد دەبێ، بڕی داڕشتەکانیان بۆ پێشاندانی دەوڵەمەندی و خۆهەڵکێشان، یان لەبەر هەمـان هـۆ بـڕی پەیکەری جوانکاری و تـابلۆ و هەر شـتێکی تـری سـەرنجڕاکێش و جوان، ئەگەری زیادبوونیان لای ئەو خەڵکە هەیە. کە پاداشتی پەیکەرتاشان و نیگارکێشـان ئەگەری ئەوەی نییە لە کـاتی دەوڵەمەنـدی و خۆشـگوزەرانیدا کەمتـر بـێ لەوەی لە کـاتی هەژاری و نەبوونەییدا هەیە، ئەوە نرخی زێڕ و زیویش بەهەمان شێوە ئەگەری داکشـانیان نییە.

دۆزینەوەی لەناکاوی کانی بەپیتتر نرخی زێڕ و زیو دانابەزێنێ، چونکە بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ زیادبوونی سامانی هەر وڵاتێکدا ئەو نرخانە بەرز دەبنەوە، جا دۆخی کانەکان هەر چۆنێک بێ، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی لە گشت کاتێکدا نرخیان لە وڵاتی دەوڵەمەنددا بەرزترە لەوەی وڵاتی هەژار. زێڕ و زیو، وەک هەر کاڵایەکی تر، بەشێوەیەکی سروشتی بەدوای ئەو بازاڕەدا دەگەڕێن کە باشترین نرخیان پێ دەدات و، باشترین نرخیش بەگشتی لەو وڵاتە دەدرێ کە دەتوانێ دابینی بکات. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کار کۆتا نرخە بۆ هەموو شتێک و، لەو وڵاتانەی کە تیایاندا کار بەباشی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ، نرخی کار بەپارە هاوتاست دەبێ لەگەڵ نرخی بژێویی کارگەردا. بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی، زێڕ و زیو لە وڵاتێکی دەوڵەمەنددا بە بڕێکی زیاتر بژێوی دەگۆڕرێنەوە وەک لە وڵاتی هەژاردا، لە وڵاتێکدا کە کەرەستەی بژێویی زۆرتر بێ زیاتر دەکا لەوەی لە وڵاتێکی کە کەمی هەیە. ئەگەر دوو وڵات زۆر لە یەک دوور بن، لەوانەیە جیاوازییەکە زۆر بێ، چونکە هەرچەندە کانزاکان بە شێوەیەکی سروشتی لە بازاڕی خراپەوە بەرەو بازاڕی باشتر ڕا دەکەن، بەڵام لەوانەیە گواستنەوەیان بە بڕی زۆر کە وا بکات نرخیان لە هەردوو لا لە یەک ئاست بێ، سەخت بێ. بەڵام ئەگەر ئەو دوو وڵاتە نزیکی یەکتر بن، جیاوازییەکە کەمتر دەبێ و، لەوانەیە هەندێ جار بەدەگمەن هەستی پێ بکرێ، چونکە لەم دۆخەدا گواستنەوەی بڕی زۆر، ئاسان دەبێ. چین وڵاتێکە کە لە هەر بەشێکی ئەوروپا دەوڵەمەندترە و، جیاوازی لە نرخی کەرەستەکانی بژێوی لە چین و ئەوروپا زۆر زۆرە. برنج لە چین زۆر هەرزانترە لە گەنمی هەر شوێنێکی ئەوروپا. ئینگلتەرە زۆر لە سکۆتلاند دەوڵەمەندترە، بەڵام جیاوازیی نرخی گەنمەشامی بەپارە لەم دوو وڵاتەدا زۆر کەمە، هەر ئەوەتا هەستی پێ دەکرێ. بە لەبەرچاوگرتنی بڕ یان پێوانە بێ، گەنمەشامیی سکۆتلاند بەگشتی زۆر لەوەی ئینگلتەرە هەرزانترە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی جۆرەکەی، ئەوە بێگومان تا ڕادەیەک گرانترە. سکۆتلاندساڵانە کەرەستەی زۆری لە ئینگلتەرەوە بۆ دێ و، هەر کاڵایەک دەبێ لەو وڵاتەدا کە بۆی هاتووە تا ڕادەیەک گرانتر بێ لەوەی لێیەوە هاتووە. لەبەر ئەوە دەبێ گەنمەشامیی ئینگلیز لە سکۆتلاند گرانتر بێ وەک لە ئینگلتەرە، کەچی بە لەبەرچاوگرتنی جۆرەکەی، یان بڕ و باشیی ئاردەکەی کە لێی دروست دەکرێ، بەگشتی ناتوانرێ بەنرخێکی بەرزتر لە گەنمەشامییە سکۆتلاندیەکە بفرۆشرێ کە لە بازاڕدا کێبەرکێکاریەتی.

جاوازیی نرخی بە پارەی (money price) کار لە چین و لە ئەوروپا زۆر زیاتر لە جیاوازیی نێوان نرخی کەرەستەکانی بژێوییە بە پارە، لەبەر ئەوەی قەرەبووی ڕاستەقینەی کار لە ئەوروپا بەرزترە لەوەی چین، زۆربەی ئەوروپا لە دۆخی پێشکەوتندایە، لە کاتێکدا لەوە دەچێ چین لە دۆخی چەقبەستندا بێ. نرخی کار بەپارە لە سکۆتلاند نزمترە لەوەی

ئینگلتەرە، لەبەر ئەوەی قەرەبووی ڕاستەقینەی کار زۆر نزمترە، سکۆتلاند، هەرچەندە بەرەو زیادبوونی سامان هەنگاو دەنێ، بەڵام هەنگاوەکانی لەوانەی ئینگلتەرە زۆر خاوترن. زۆریی کۆچ لە سکۆتلاندەوە و، کەمیی لە ئینگلتەرەوە، بەتەواوی دەیسەلمێنێ کە خواست لەسەر کار لەو دوو وڵاتەدا زۆر جیاوازن لە یەکتر. دەبێ ئەوە لەبیر نەکرێ کە ڕێژەی نێوان قەرەبووی ڕاستەقینەی (real recompense) کار لە وڵاتە جیاجیاکاندا، بەشێوەیەکی سروشتی لەڕێی دەوڵەمەندی یان هەژاریی ڕاستەقینەیانەوە ڕێک ناخرێ، بەڵکو دۆخی پێشکەوتن، چەقبەستوویی، یان پاشەکشە ڕێکی دەخا.

زێڕ و زیو کە بەشێوەیەکی سروشتی لە وڵاتانی دەوڵەمەندتردا بەهایان زۆرترە، هەر بەشێوەیەکی سروشتیش لە وڵاتانی هەژارتردا کەمترین بەهایان هەیە. لە نێو خەڵکی کێویدا، کە هەژارترین نەتەوەکانن، دەگمەنە هیچ بەهایەکیان هەبێ.

بەردەوام گەنمەشامی لە شارە گەورەکاندا گرانترە لە بەشە دوورەدەستە لادێیەکان. بەڵام ئەمە کاردانەوەی هەرزانیی ڕاستەقینەی زیو نییە، بگرە لەبەر گرانیی ڕاستەقینەی گەنمەشامییە. هێنانی زیو بۆ شارە گەورەکان کاری کەمتر تێ ناچێ لە بردنی بۆ لادێ دوورەکان، بەڵام هێنانی گەنمەشامی کارێکی زۆر زۆرتری دەوێ.

لە هەندێ وڵاتی زۆر دەوڵەمەند و بازرگانیدا، وەک هۆڵاند و هەرێمی جەنەوە، گەنمەشامی گرانە لەبەر هەمان هۆی گرانیی لە شارە گەورەکاندا. ئەوان ئەوەندەی لێ بەرهەم ناهێنن کە بەشی دانیشتووانیان بکات. ئەوان لە پیشەسازی و کارامەیی پیشەوەران و پیشەسازانیاندا دەوڵەمەندن، لە هەموو جۆرێک ماکینەسازیدا کە دەتوانێ کار ئاسان و کورت بکاتەوە، لە باربەری (shipping) و، لە هەموو ئامرازەکانی تری بارکردن و بازرگانیدا، بەڵام ئەوان لە گەنمەشامیدا هەژارن، کە پێویستە لە وڵاتانی دوورەوە بۆیان بهێنرێ، بۆیە سەرباری نرخەکەی، دەبێ خەرجیی گواستنەوەی لەو وڵاتانەوە لەئەستۆ بگرن. هێنانی زیو بۆ ئەمستردام کاری کەمتری لە هێنانی بۆ دانتسیک تێ ناچێ، بەڵام هێنانی گەنمەشامی بڕێکی زۆر زیاتری تێ دەچێ. تێچووی ڕاستەقینەی زیو لە هەردوو شوێنەکەدا دەبێ نزیکەی هەمان تێچوو بێ، بەڵام دەبێ تێچووی گەنمەشامی زۆر جیاواز بێ. کەمکردنەوەی خۆشگوزەرانیی ڕاستەقینەی هۆڵاند یان هەرێمی جەنەوە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووان وەک خۆیەتی: کەمکردنەوەی توانای خۆتێرکرجیهاننە بەهاوردەکرد لە وڵاتانی دوورەوە، هەروەها نرخی گەنمەشامی، لەجیاتیئەوەی لەگەڵ کەمبوونەوەی بڕی زیویان کەم ببێتەوە، کە وەک پێویست هاوشانی ئەم لادانەیە چ وەک هۆکار یان وەک ئاکام، بەرەو ئاستی نرخی قاتوقڕی بەرز دەبێتەوە. کاتێک کە ئێمە لە شتە پێویستەکانمان کەم بێ دەبێ لە هەموو شتە زیادەکان دوورکەوینەوە، کە بەهایان لە کاتی هەبوون و خۆشیدا بەرز دەبێتەوە و، لە کاتی نەبوونی و هەژاریدا نزم دەبێتەوە. کە ئەمە سەبارەت

شته پێویستەکان پێچەوانە دەبێتەوە. نرخی ڕاستەقینەیان، ئەو برە کارەی دەتوانن بیکڕن یان دەستەبەری بکەن، لە کاتی هەژاری و نەبوونیدا بەرز دەبێتەوە و، لە کاتی هەبوونەیی و خۆشگوزەرانیدا کە بەردەوام ئەو شتانە زۆرن نزم دەبێتەوە، چونکە بەپێچەوانەوە زۆر و بەردەست نین. گەنمەشامی یەکێکە لە شتە پێویستەکان، زیو یەکێکە لە شتە زیادەکان.

لەبەر ئەوە، زیادبوونی بڕی کانزا گرانبایەکان هەر چەندێک بێ، کە لە ماوەی نێوان ناوەڕاستی سەدەی چواردە و ناوەڕاستی سەدەی شازدەدا، بەهۆی زیادبوونی سامان و پێشکەوتنەوە زیاد بوو، لەوە ناچێ نە لە بریتانیای مەزن و نە لە هیچ بەشێکی تری ئەوروپادا بەهاکەیان دابەزێنێ. کەواتە ئەگەر ئەوانەی نرخی شتەکانیان لە سەردەمانی کۆندا کۆ کردووەتەوە، لەم ماوەیەدا ئەوەیان بکردایە، ئەوە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئاکامەی کە بڵێن بەهای زیو دابەزیوە، بەهۆی هیچ تێبینییەکیان لەسەر نرخی گەنمەشامی یان هەر کاڵایەکی تر، هەروەها هۆکاری لەوەش کەمتریان بەدەستەوەیە بۆ پێشبینیکردنی زیادبوونی سامان و پێشکەوتن.

ماوەی دووەم

بەڵام چەند بۆچوونەکان، لە هەر کاتێکی پێشووتر جیاوازتر بن، لەبارەی ئەوەی سەبارەت پێشکەوتنی بەهای زیوەوە لەم ماوەیەی یەکەمدا، دروست بوون، ئەوە بەهەموویانەوە لە ماوەی دووەمدا پێیەوە پەیوەستن.

لە دەوروبەری ساڵی ١٥٧٠وە تا دەوروبەری ١٦٤٠، لە ماوەی نزیکەی هەفتا ساڵێکدا، جیاوازیی ڕێژەی نێوان بەهای زیو و بەهای گەنمەشامی تەواو بە پێچەوانەوە بەڕێوە چووە. زیو لەڕووی بەهای ڕاستەقینەوە دابەزی، یان بە بڕێکی کەمتر لە جاران کار دەگۆڕرێتەوە، نرخی هێمایی گەنمەشامیش بەرز بووەوە و، لە جیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی چارەکی گەنمەشامی بە نزیکەی دوو ئۆنس زیو بفرۆشرێ، یان بە نزیکەی دە شیلین پارەی ئێستامان، بە شەش و هەشت ئۆنس زیو دەفرۆشرێ، یان بە نزیکەی ٣٠ و ٤٠ شیلینی ئێستامان.

لەوە دەچێ دۆزینەوەی کانە بەپیتەکانی ئەمەریکا تەنیا هۆکاری ئەم دابەزینەی بەهای زیو بەرامبەر بە بەهای گەنمەشامی بێ. هەموو کەسێک بەهەمان ئەم شێوەیە لێکی داوەتەوە و، هیچ ناکۆکییەک نە لەسەر ڕاستییەکە خۆی و نە لەسەر هۆکارەکەی نەبووە. لەم ماوەیەدا، بەشی زۆری ئەوروپا لە پیشەسازی و پێشکەوتندا لە پێشڕەویدا بوو و، بەمەش دەبێ خواست لەسەر زیو زیادی بکردایە. بەڵام زیادبوونی خستنەڕووی زیو لەوە دەچێ خواستەکەی تێپەڕاندبێ، بۆیە بەهای کانزاکە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی. دەبێ تێبینیی ئەوەش بکرێ کە دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکا، لەوە ناچێ، تا پاش ساڵی ١٥٧٠،

هیچ کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر نرخی شتەکان لە ئینگلتەرەدا هەبووبێ. هەرچەندە کانەکانی پۆتۆسی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بوو دۆزرابوونەوە.

لە ساڵی ١٥٩٥ەوە تا ١٦٢٠، بە هەردوو ئەم ساڵانەشەوە، لەوە دەچێ نرخی تێکڕای چارەکێکی نۆ بوشڵیی باشترین گەنمی بازاڕی ویندسۆر، بەپێی تۆمارەکانی کۆلیجی ئیتۆن، دوو پاوەن و یەک شیلین و شەش پێنس و سێ چارەکە پێنس بووبێ. بە پشتگوێخستنی بەشێک و هەڵاوێردی نۆیەکێک، یان چوار شیلین و حەوت پێنس و سێیەکی پێنسێک، ئەوە نرخی یەک چارەکی هەشت بوشڵی دەبێتە یەک پاوەن و شازدە شیلین و دە پێنس و دوو سێیەکی پێنسێک. ئەگەر لەم برە پارەیەش جارێکی تر نۆیەکێک، یان چوار شیلین و یەک پێنس پشتگوێ بخەین و هەڵاوێرد بکەین، ئەویش لەبەر جیاوازیی نێوان نرخی باشترین گەنم و نرخی گەنمی مامناوەندی، نرخی گەنمی مامناوەندی دەبێتە نزیکەی یەک پاوەن و دوانزە شیلین و نۆ پێنس، یان نزیکەی سێیەکی یەک ئۆنس زیو.

لە ١٦٢١ەوە تا ١٦٣٦، بە هەردوو ساڵەکەوە، نرخی تێکڕای هەمان پێوانەی باشترین گەنم لە هەمان بازاڕدا، لە هەمان ئەو تۆمارانەشەوە، دوو پاوەن و دە شیلین بووە، دوای هەمان ئەو هەڵاوێردکردنانەی سەرەوە نرخی تێکڕای چارەکێکی هەشت بوشڵیی گەنمی مامناوەند دەبێتە یەک پاوەن و نۆزدە شیلین و شەش پێنس، یان نزیکەی حەوت ئۆنس و دوو سێیەکی ئۆنسێک زیو.

ماوەی سێیەم

لەنێوان ساڵانی ١٦٣٠ و ١٦٤٠، یان دەوروبەری ١٦٣٦، کاریگەریی دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکا لە کەمکردنەوەی بەهای زیو لەوە دەچێ تەواو بێ و، لەوە دەچێ بەهای ئەو کانزایە هەرگیز زیاتر دانەبەزیوە بە بەراورد لەگەڵ بەهای گەنمەشامی لەو کاتانەدا. لەوە دەچێ لە ماوەی ئەم سەدەیەدا کەمێک بەرز بووبێتەوە و، ڕەنگە ماوەیەکی پێش کۆتایی سەدەی ڕابردووش دەستی بەم بەرزبوونەوەی کردبێ.

لە ساڵی ١٦٣٧ەوە تا ١٧٠٠، بەهەردوو ساڵەکەشەوە، کە دەکەنە شەست و چوار ساڵی کۆتای سەدەی ڕابردوو، نرخی تێکڕای یەک چارەکی نۆ بوشڵیی باشترین گەنم لە بازاڕی ویندسۆر، لە هەمان تۆمارەکانەوە، دەردەکەوێ کە دوو پاوەن و یانزە شیلین و سێیەکی پێنسێک بووبێ، کە تەنیا یەک شیلین و سێیەکی پێنسێک لە نرخی ١٦ ساڵی پێشتر گرانتر بووە. بەڵام لە ماوەی ئەم ٦٤ ساڵەدا دوو ڕووداو هەبوون کە دەبێ بووبنە مایەی کەمبوونەوەیەکی زۆرتری گەنمەشامی بۆ کەمتر لەوەی لە وەرزەکانی تردا هەیە و، لەبەر ئەوە، دوور لە پێشبینیی هیچ کەمبوونەوەیەکی تر لە بەهای زیو، بوونە مایەی ئەو بەرزبوونەوە کەمەی نرخ.

یەکەمینی ئەم دوو ڕووداوە شەڕی ناوخۆ بوو، کە لەڕێی هاننەدانی چاندن و ڕاگرتنی بازرگانییەوە، بووە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی گەنمەشامی بۆ ئاستێکی زۆر بەرزتر لەوەی لە وەرزەکانی بێ شەڕدا هەبوو. ئەو زۆر یان کەم کاریگەریی خستە سەر هەموو بازاڕە جیاجیاکانی شانشین، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەریی لەسەر بازاڕەکانی دەوروبەری لەندەن هەبوو، کە پێویستیان بەوە بوو لەو دوورەوە پڕ کاڵا بکرێن. بەو شێوەیە، لەساڵی ١٦٤٨دا، نرخی باشترین گەنم لە بازاڕی ویندسۆر، لە هەمان ئەو تۆمارانە، دەردەکەوێ کە بە چوار پاوەن و پێنج شیلین بوو و، لە ١٦٤٩دا چارەکی نۆ بوشڵی بە چوار پاوەن بوو. زیادەکە لەم دوو ساڵەدا زیاتر لە دوو پاوەن و دە شیلین بوو. (نرخی تێکڕای شانزە ساڵی پێش ١٦٣٧) سێ پاوەن و پێنج شیلین بوو، کە ئەگەر بەسەر دوا ٦٤ ساڵی کۆتای سەدەدا دابەش بکرێ ئەوە تەنیا زۆر لەو تۆمارە نزیک دەبێتەوە و، لەو بەرزبوونەوە کەمەی نرخ کە لەوە دەچێ لەو ساڵانەدا هەبووبێ. ئەمانە هەرچەندە بەرزترینن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک تەنیا نرخی بەرز نین کە بەهۆی شەڕە ناوخۆییەکانەوە دەرکەوتبن.

ڕووداوی دووەم لە ئەنجامی بەخشیشی (bounty) هەناردەکردنی گەنمەشامییەوە بوو لە ساڵی ١٦٨٨دا. ئەو بەخشیشە، کە زۆر کەس پێیان وا بوو دەبێتە مایەی هاندانی چاندن ڕەنگە، لە مەودای دووری ساڵاندا، بووبێتە مایەی زۆریی بەرهەم و لە ئاکامدا هەرزانبوونی گەنمەشامی لە بازاڕەکانی ناوخۆدا، بەڕادەیەکی زیاتر لەوەی کە لە نەبوونی ئەو دۆخەدا هەرزان دەبوو. من لێرە بەدواوە تاوتوێی ئەوە دەکەم تا چەند ئەو بەخشیشە دەتوانێ ببێتە مایەی ئەو کاریگەرییە لە هەر کاتێکدا، ئێستاش تەنیا تێبینیی ئەوە دەکەم کە لەنێوان ١٦٨٨ و ١٧٠٠دا هیچ کاتێک ئەو جۆرە کاریگەرییەی بەرهەم نەهێناوە. لەو ماوە کورتەدا تەنیا کاریگەرییەک کە دەبێ هەبووبێتی، لەڕێی هاندانی هەناردەکردنی بەرهەمی زیادی هەر ساڵێک و، ڕێگری لەوەی زیادەی ساڵێک قەرەبووی کەمبوونی ساڵێکی تر بکات، نرخی لە بازاڕی ناوخۆدا بەرز کردووەتەوە. ئەو کەمبوونەی لە ساڵی ١٦٩٣وە تا ١٦٩٩، بەو دوو ساڵەشەوە، باڵی بەسەر ئینگلتەرەدا کێشا، هەرچەندە گومانی تێدا نییە کە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ نەهاتیی وەرز دەگەڕێتەوە و، باڵی بەسەر بەشێکی بەرچاوی ئەوروپادا کێشا، دەبێ تاڕادەیەک بەو بەخشیشە هان درابێ. لەبەر ئەوەش بوو کە لە ١٦٩٩دا هەناردەکردنی گەنمەشامی بۆ ماوەی نۆ مانگ قەدەخە کرا.

ڕووداوێکی سێیەمیش هەیە کە لە هەمان ئەو ماوەیەدا ڕووی دا، کە هەرچەندە نەبووە مایەی هیچ کەمبوونەوەیەکی گەنمەشامی، لەوانەیە نەبووبێتە مایەی هیچ زیادبوونێکی بڕی ڕاستەقینەی ئەو زیوەی پێی دەکڕا، بەڵام دەبێ بووبێتە مایەی هەندێ بەرزبوونەوە لە نرخە هێماییەکەیدا. ئەم ڕووداوە بریتی بوو لە بێبەهابوونی دراوی زیو بەهۆی کۆنی و

ڕزیـــنەوە. ئەم بەڵایە لە ســـەردەمی چارلســـی دووەمەوە دەســـتی پـــێ کـــرد و ڕووی لە زیادبوون کرد تا ساڵی ١٦٩٥، کە لەو کاتەدا، وەک لە بەڕێز لاونـدس تێگەیشـتووین، دراوە زیوەکەی مامەڵەی پێ دەکرا بە تێکڕا بەهاکەی بەڕێژەی لەسـەدا بیسـت و پێنج لە خـوار بەهـا سـتانداردەکەیەوە بـوو. بەڵام بـڕە پـارە هێمـاییەکەی کە نرخـی بـازاڕی هەر کـاڵایەکە لەڕێـی بـڕی زیـوەوە ڕێـک نەخـرا، کە بەپێـی سـتانداردەکە دەبـێ ئەو بـڕەی تێـدا هەبـێ، ئەوەندەی بەو بڕە ڕێک خرا کە بە ئەزمـوون دەرکەوت بەڕاسـتی لە دراوەکەدا هەیە. بۆیە ئەم بڕە پارە هێماییە کاتێک کە دراوەکە زیاتر ڕزیوە بەهۆی بەکارهێنانی زۆرەوە بەرزترە لەوەی کە دراوەکە بەهای ستانداری خۆی ماوە.

لە مـاوەی ئەم سـەدەیەدا، دراوی زیـو هـیچ کاتێـک ئەوەنـدەی ئێسـتا لە خـوار کێشـی سـتانداری خـۆیەوە نەبـووە. بەڵام سـەرباری ئەوەی زۆر شـێواوە، بەهـاکەی لەڕێـی ئەو دراوە زێڕەوە پارێزراوە کە پێی دەگۆڕرێتەوە. لەبەر ئەوە بەر لە دوایین لەسکەدانەوە (recoinage)، دراوی زێڕیش بەڕادەیەکی زۆر شێوابوو، کە لە زیـوەکە کەمتر بووبوو. بەپـێچەوانەوە لە ١٦٩٥دا، بەهـای دراوی زیـو لەلایەن دراوی زێـڕەوە نەدەپـارێزرا، یەک گینیی ئەو کاتە بەگشتی بە ٣٠ شیلین زیوی ڕزیوی کونکراو دەگۆڕرایەوە. پێش دوایین لەسکەدانەوەی زێڕ، نرخی یەک ئۆنس لە داڕشتەی زیو بەدەگمەن دەچووە سەرووی پێنج شیلین و حەوت پێنس، کە تەنیا پێنج پێنس لەسـەرووی نرخـی مینتەوەیە. بەڵام لە ١٦٩٥دا، نرخی گشتیی یەک ئۆنس لە داڕشتەی زیو شەش شیلین و پێنج پێنس بوو، کە پازدە پێنس لەسەرووی نرخی مینتەوەیە. بۆیە تەنانەت پێش دوایین لەسکەدانەوەی زێڕ، دراوی زێڕ و زیو هەردووکیان، کاتێک کە لەگەڵ داڕشتەی زیو بەراورد دەکرا، چاوەڕوان نەدەکرا کەمتر لە هەشـت لەسـەد لە خـوار نرخـی سـتانداری خـۆی بـێ. بەڵام لە سـەرەتای ئەم سـەدەیەدا، یەکسەر دوای لەسکەدانەوە مەزنەکەی سەردەمی شـا ویلیەم، بەشـی زۆری دراوی زیـوی بەردەست نزیکتر بووەوە لە کێشە ستانداردەکەی وەک لە ئێستا. لە ماوەی ئەم سەدەیەشدا، هیچ کارەساتێکی گشتیی مەزنی وەک شـەڕی نـاوخۆ نەبـووە، کە ببێتە مـایەی سسـتکردنی کشتوکاڵ یان وەستاندنی بازرگانیی ناوخۆیی لە وڵاتدا. هەروەهـا سـەرباری بەخشیشـەکە، کە لە بەشـی زۆری ئەم وڵاتەدا هەیە و، دەبـێ بەردەوام نرخـی گەنمەشـامی تـاڕادەیەک بەرزتـر بکـات لەوەی لە دۆخـی ڕاسـتەقینەی کشـتوکاڵدا دەبـێ، هێشـتا لەم سـەدەیەدا ئەو بەخشیشە تەواوی کاتی هەیە بۆ ئەوەی ئەو ئاکامە باشـانە بێنێتە کایەوە کە لە پێناویاندا دانراوە، بۆ ئەوەی هانی کشتوکاڵ بدات و بەو پێیەش بڕی گەنمەشامی لە بازاڕی نـاوخۆدا زیـاد بکـات، لەوانەشـە بەگـوێرەی بنەماکـانی سیسـتمێک کە دواتـر ڕوونـی دەکەمەوە و دەیخەمە بەر باسـەوە، چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە تاڕادەیەک نرخی ئەو کاڵایە لەلایەکەوە نـزم بکـاتەوە و لە لایەکـی تـرەوە بەرزی بکـاتەوە. خەڵکێکـی زۆر پێیـان وایە کە زیـاتری

کردووە. لە ٦٤ ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیەدا نرخی تێکڕای یەک چارەکی نۆ بوشڵیی باشترین گەنم لە بازاڕی ویندسۆر، بەپێی تۆمارەکانی کۆلیجی ئیتۆن، دوو پاوەن و شەش پێنس و نیو بووە، کە نزیکەی دە شیلین و شەش پێنس، یان زیاتر لە بیست و پێنج لەسەد هەرزانترە لە نرخی ٦٤ ساڵی کۆتای سەدەی ڕابردوو، هەروەها بە نزیکەی نۆ شیلین و شەش پێنس هەرزانترە لە نرخی شازدە ساڵی پێش ١٦٣٦، کاتێک کە چاوەڕوان دەکرا دۆزینەوەی کانە بەپیتەکانی ئەمەریکا کاریگەریی تەواوی خۆی هەبێ، هەروەها نزیکەی یەک شیلین هەرزانترە لەو نرخەی لە ٢٦ ساڵی پێش ١٦٢٠ هەیبوو، پێش ئەوەی چاوەڕوان بکرێ ئەو دۆزینەوەیە تەواوی کاریگەریی خۆی بخاتە ڕوو. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، نرخی تێکڕای گەنمی ئاست مامناوەندی، لە ٦٤ ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیە، بۆ یەک چارەکی هەشت بوشڵی نزیکەی ٣٢ شیلین بووە. لەبەر ئەوە، لەوە دەچێ لەم سەدەیەدا بەهای زیو تارادەیەک بە بەراورد لەگەڵ بەهای گەنمەشامی بەرز بووبێتەوە و، ڕەنگە ماوەیەک پێش کۆتای سەدەی ڕابردووە دەستی بەمە کردبێ.

لە ساڵی ١٦٨٧دا، نرخی چارەکێکی نۆ بوشڵیی باشترین گەنم لە بازاڕی ویندسۆر یەک پاوەن و پێنج شیلین و دوو پێنس بووە، کە نزمترین نرخە لە ساڵی ١٥٩٥وە.

لە ساڵی ١٦٨٨دا، بەڕێز گریگۆری کینگ، کە پیاوێکە ناوبانگی بە شارەزایی لەم جۆرە بابەتانە دەرکردووە، نرخی تێکڕای چێنەری گەنمی لە ساڵانی هاتی مامناوەندیدا خەمڵاندووە بە سێ شیلین و شەش پێنس بۆ هەر بوشڵێک، یان ٢٨ شیلین بۆ یەک چارەک. من وای تێ دەگەم کە نرخی چێنەر (grower) هەمان ئەو شتە بێ کە هەندێ جار پێی دەڵێن نرخی گرێبەست(contract price) ، یان ئەو نرخەیە کە جووتیار گرێبەستی لەسەر دەکا بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بڕێکی دیاریکراوی گەنمەشامی بە بازرگانێک بدا. ئەم جۆرە گرێبەستە جووتیار لە خەرجی و گرفتی بەبازاڕیکردن ڕزگار دەکا، بەڵام نرخی گرێبەست بەگشتی نزمترە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ تێکڕای نرخی بازاڕ بێ. بەڕێز کینگ پێی وا بووە کە ٢٨ شیلین بۆ هەر چارەکێک لەو کاتەدا نرخی ئاسایی گرێبەست بێ لە ساڵانی بەهاتی مامناوەندیدا. پێش ئەوەی گرانی بەهۆی وەرزی نەهاتی نائاسایی ڕوو بدا، من دڵنیام لەوەی، لە ساڵە ئاساییەکاندا ئەو نرخە نرخی ئاسایی گرێبەست بووە.

لە ساڵی ١٦٨٨دا، بەخشیشی پەرلەمان بۆ هەناردەکردن درا. پیاوە ڕێزدارەکانی وڵات، کە ئەو کات ڕێژەیان لەنێو یاسادانەراندا لە ئێستا زۆرتر بوو، هەستیان بەوە کرد کە نرخی گەنمەشامی بەپارە ڕووی لە دابەزینە. ئەو بەخشیشە ئامرازێک بوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دەستکرد نرخەکە بگاتەوە ئاستە بەرزەکەی کە زۆربەی جاران لە سەردەمانی چارلسی یەکەم و سێیەمدا پێی دەفرۆشرا. کەواتە دەبوو هەتا ئەو کاتە پیادە

بکرێ کە نرخی گەنم دەگاتە ٤٨ شیلین بۆ هەر چارەکێک، کە پێنج حەوتیەک لەو نرخە گرانترە کە بەڕێز کینگ بۆ ئەو ساڵەی مەزەندە کردووە وەک نرخی چێنەر لە سەردەمانی بەهاتی مامناوەندیدا. ئەگەر لێکدانەوەکانی ئەو شایانی هیچ بەشێکی ئەو ناوبانگە جیهانییە بن کە بەدەستیان هێناوە، ٤٨ شیلین بۆ چارەکێک نرخێک بووە، بەبێ هیچ ئامرازێکی وەک بەخشیشەکە، لەو کاتەدا چاوەڕوان نەکراو بووە، مەگەر لە ساڵانی نەهاتی نائاساییدا. بەڵام حکومەتی شا ویلیەم هێشتا بەتەواوی جێگیر نەبووبوو. بوار بۆ ڕەتکردنەوەی هیچ شتێکی ڕێزدارەکانی وڵات نەبوو، کە لە هەمان ئەو کاتەدا چاو لەسەر ئەوان بوو بۆ دامەزراندنی یەکەمین یاسای باجی ساڵانەی زەوی.

بۆیە بەهای زیو، بە بەراورد بە بەهای گەنمەشامی تارادەیەک پێش کۆتای سەدەی ڕابردوو بەرز بووەوە، هەروەها لەوە دەچێ ئەو بەرزبوونەوەیە لە بەشی زۆری ئەم سەدەیەشدا بەردەوامیی هەبووبێ، لە کاتێکدا کە دەبوو بەخشیشەکە ڕێگر بێ لەوەی ئەو بەرزبوونەوەیە ئەوەندە بەرچاو بێ کە بەبێ ئەو لە دۆخی ڕاستەقینەی کشتوکاڵدا هەبوو.

لە ساڵانی هاتدا، بەخشیشەکە بە هێنانەکایەی هەناردەکردنێکی زۆر، نرخی گەنمەشامیی بۆ ئاستێکی بەرزتر لەوەی لەو جۆرە ساڵانەدا بەبێ بەخشیشەکە پێی دەگەیشت بەرز کردەوە. هاندانی کشتوکاڵ، لەڕێی پاراستنی نرخی گەنمەشامی تەنانەت لە ساڵانی زۆر بەهاتیشدا، ئامانجی کۆتایی یاساکە بوو.

لە ساڵانی نەهاتیی زۆردا، بێ یەک و دوو بەخشیشەکە بەگشتی ڕادەگیرا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەندێ کاریگەریی بەسەر گەلێ لەو ساڵانەشدا دەبوو. ئەو هەناردەکردنە نائاساییەی ساڵانی بەهات، زۆربەی جاران دەبووە ڕێگر لەوەی بەرهەمی زۆری ساڵێکی بەهات کەمیی بەرهەمی ساڵێکی نەهات قەرەبوو بکاتەوە.

لەبەر ئەوە لە هەردوو ساڵانی بەهات و نەهاتیشدا، بەخشیشەکە نرخی گەنمەشامیی بۆ سەرووی نرخی سروشتیی گونجاو لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی کشتوکاڵدا بەرز دەکاتەوە. ئەگەر لە ماوەی ٦٤ ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، نرخی تێکڕا لەوەی ٦٤ ساڵی کۆتایی سەدەی ڕابردوو نزمتر بووبێ، ئەوە بەبێ ئەو بەخشیشە، دەبوو لە هەمان دۆخی کشتوکاڵدا زۆر زیاتر ئەو جیاوازییە بەخۆیەوە ببینێ.

بەڵام، دەکرێ بگوترێ، کە بەبێ بەخشیشەکە دۆخی کشتوکاڵ هەمان دۆخ نەدەبوو. من دواتر، کاتێک کە دێمە سەر باسی بەخشیشەکان، هەوڵ دەدەم کاریگەریی ئەم یاسایە لەسەر کشتوکاڵی وڵات ڕوون بکەمەوە. ئێستا تەنیا تێبینیی ئەوە دەخەمە ڕوو کە ئەم زیادبوونەی بەهای زیو، بە بەراورد لەگەڵ بەهای گەنمەشامی، بۆ ئینگلتەرە نامۆ نەبوو. لە فرانسەشدا، لەلایەن سێ کۆکەرەوەی زۆر ڕاستگۆ، ژیر وماندوونەناسی نرخەکانی گەنمەشامییەوە، بەڕێز دوپرێ دو ماوغ، بەڕێز میسۆنس و دانەری 'لێکۆڵینەوەیەک لەسەر

نرخی دانەوێڵەوە؛ تێبینیی ئەمە کراوە، لە هەمان ماوەدا و بە نزیکەی هەمان ئاستیش، بەڵام تا ساڵی ١٧٦٤ هەناردەکردنی دانەوێڵە لە فەرنسەدا بەیاسا قەدەخە بوو، هەروەها تارادەیەک سەختە پێشبینیی هەمان کەمبوونەوەی نرخ بکرێ کە لە وڵاتێکدا سەرباری ئەم قەدەخەکردنە ڕووی داوە، لە وڵاتێکی تردا لەڕێی هاندانی نائاسایی هەناردەکردنەوە ڕوو بدا.

بەڵکو لەوانەیە گونجاوتر بێ، ئەم جیاوازییە لە تێکڕای نرخی بەپارەی گەنمەشامی زیاتر وەک کاریگەریی هەندێ بەرزبوونەوەیەی پێبەپێی بەهای ڕاستەقینەی زیو لە بازاڕی ئەورووپا سەیر بکرێ نەک وەک کاریگەریی دابەزینێکی بەهای تێکڕای ڕاستەقینەی گەنمەشامی لێک بدرێتەوە. تێبینی کراوە کە گەنمەشامی لە ماوەگەلی دووردا پێوەرێکی وردتر بووە بۆ بەها، زیاتر لە زیو، یان ڕەنگە زیاتر لە هەر کاڵایەکی تر. کاتێک دوای دۆزینەوەی کانە بەپیتەکانی ئەمەریکا، نرخی گەنمەشامی بۆ سێ ئەوەندە و چوار ئەوەندەی نرخی بەپارەی بەرز بووەوە، ئەم گۆڕانکارییە بەشێوەیەکی جیهانی نەگێڕرایەوە بۆ هیچ زیادبوونێکی بەهای ڕاستەقینەی گەنمەشامی، بگرە بۆ دابەزینی بەهای ڕاستەقینەی زیو گێڕرایەوە. بۆیە ئەگەر لە ٦٤ ساڵی سەرەتای ئەم سەدەیەدا، تێکڕای نرخی گەنمەشامی بەپارە کەمێک دابەزیبێتە خوار نرخی بەشی زۆری سەدەی ڕابردوو، دەبێ بەهەمان شێوە ئەم گۆڕانکارییە بۆ دابەزینی بەهای ڕاستەقینەی گەنمەشامی نەگێڕینەوە، بگرە بۆ کەمێک بەرزبوونەوەی بەهای ڕاستەقینەی زیو لە بازاڕی ئەورووپای بگێڕینەوە.

نرخی بەرزی گەنمەشامی لەم دە دوازدە ساڵەی دواییدا، لەڕاستیدا بووە مایەی گومان لە بەردەوامبوونی دابەزینی بەهای ڕاستەقینەی زیو لە بازاڕی ئەورووپا. بەڵام لەوە دەچێ ئەم نرخە بەرزەی گەنمەشامی کاریگەریی نەگونجاویی نائاسایی وەرزەکان بێ و، لەبەر ئەوە دەبێ بە دۆخێکی هەمیشەیی نەیەتە ژماردن، بەڵکو وەک ڕووداوێکی کاتی سەیر بکرێ. وەرزەکان لەم دە دوانزە ساڵەی دواییدا لە زۆربەی بەشەکانی ئەورووپادا بەپێی پێویست نەبوون و، بشێوییەکانی پۆڵاند بەرادەیەکی زۆر کەمبوونی بەرهەمی لە هەموو ئەو وڵاتانەدا زیاد کرد، کە لە ساڵانی گرانیدا لەو بازاڕە پێویستیی خۆیان دەستەبەر دەکرد. بەڵام وەرزە نەهاتەکان ڕووداوی زۆر باو نین، بێگومان تاقانەش نین. هەروەها هەر کەسێک زۆر لە مێژووی نرخەکانی گەنمەشامی لە سەردەمانی پێشوودا ورد ببێتەوە دەتوانێ چەندان نموونەی تری هاوشێوەی دەست بکەوێ. لەگەڵ ئەمەشدا دە ساڵی نەهاتی نائاسایی لە دە ساڵی هاتی نائاسایی سەرسامکەرتر نین. نرخی نزمی گەنمەشامی لە ساڵی ١٧٤١وە تا ١٧٥٠، بەم دوو ساڵەشەوە، لەوانەیە زۆر بەباشی دژبەریی نرخی بەرزی بێ لەم هەشت یان دە ساڵەی دواییدا. لە ١٧٤١وە تا ١٧٥٠، تێکڕای نرخی یەک چارەکی هەشت بوشڵیی باشترین گەنم لە بازاڕی ویندسۆر، وەک لە تۆمارەکانی کۆلیجی ئیتۆندا

هەیە، تەنیا یەک پاوەن و ١٣ شیلین و نۆ پێنس و نیو بووە، کە نزیکەی شەش شیلین و سێ پێنس لە خوار تێکڕای نرخی ٦٤ ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیە بووە. تێکڕای نرخی یەک چارەکی هەشت بوشلیی گەنمی مامناوەندی بەم پێیە، بەگوێرەی هەمان تۆمار، لەو دە ساڵەدا تەنیا یەک پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس دەردەچێ.

بەڵام لەنێوان ١٧٤١وە تا ١٧٥٠دا، دەبێ بەخشیشەکە بووبێتە ڕێگر لە دابەزینی زۆری نرخی گەنمەشامی لە بازاڕی ناوخۆدا، کە دەبوو بەپێی سروشت دابەزێ. لەماوەی ئەم دە ساڵەدا بڕی هەموو ئەو دانەوێڵەیەی هەناردە کرا، وەک لە کتێبی خانەی باجدا هەیە، کەمتر نەبوو لە هەشت ملیۆن و ٢٩ هەزار و ١٥٦ چارەک و یەک بوشڵ. ئەو بەخششەی بەرامبەر بەمە درا یەک ملیۆن و ٥١٤ هەزار و ٩٦٢ پاوەن و ١٧ شیلین و چوار پێنس و نیو. لە ساڵی ١٧٤٩دا، بەڕێز پیلهام کە ئەو کاتە سەرۆک وەزیران بوو، تێبینییەکی دایە ئەنجوومەنی گشت بەوەی کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بڕە پارەیەکی لەڕادەبەدەر وەک بەخشیش بۆ هەناردەکردنی گەنمەشامی دراوە. ئەو هۆکاری باشی هەبوو بۆ ئەوەی ئەم تێبینییە ڕابگەیەنێ و، لە ساڵی دواتردا ڕەنگ بوو هۆکاری باشتریشی هەبێ. لەو تەنیا ساڵەدا ئەو بەخشیشەی درا کەمتر نەبوو لە ٣٢٤ هەزار پاوەن و دە شیلین و شەش پێس. پێویست ناکا ئاماژە بکرێ بۆ ئەوەی تا چەند ئەم هەناردەکردنە بەزۆرە نرخی گەنمەشامیی بەرزکردەوە بۆ سەرووی ئەوەی بەبێ ئەم بەخشیشە لە بازاڕی ناوخۆدا ڕووی دەدا.

لە کۆتای ئەو تۆمارانەی لە پاشکۆی ئەم بەشەدا هەن خوێنەر تۆمارێکی تایبەت بەم دە ساڵە دەبینێ کە لەوانەی تر جیا کراوەتەوە. لەوێشدا تۆماری جیای دە ساڵی پێشوو دەبینێ کە ئەویش تێکڕاکەی نزمە، هەرچەندە زۆر نزمتر نییە لە تێکڕای گشتیی ٦٤ ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ١٧٤٠ ساڵی نەهاتییەکی نائاسایی بوو. ئەو بیست ساڵەی پێش ١٧٥٠ دەشێ وەک دژبەری بیست ساڵی پێش ١٧٧٠ دابنرێن. لەکاتێکدا ئەوانەی پێشوو بەڕادەیەکی باش لە خوار تێکڕای گشتیی سەدەکە بوون، جگە لە یەک یان دوو ساڵی هەرزانی، وەک ساڵی ١٧٥٩ بۆ نموونە. ئەگەر ئەوەی پێشوو ئەوەندە لە خوار تێکڕای گشتی بووایە کە ئەوەی دوایی لە سەرووییەوە بوو، ئەوە لەوانەیە ناچار بووینایە بیخەینە ئەستۆی بەخشیشەکە. بەڵام گۆڕانەکە بەشێوەیەکی دیار لەناکاو بوو و نەدەکرا بدرێتە پاڵ هیچ گۆڕانکارییەک لە بەهای زیو، کە بەردەوام لەسەرخۆ و وردەوردە ڕوو دەدا. کاریگەریی لەناکاو تەنیا دەبێ بدرێتە پاڵ هۆکارێک کە بتوانێ لەناکاو کاری خۆی بکات، کە گۆڕانی لەناکاوی وەرزە.

لەڕاستیدا، نرخی بەپارەی کار لە بریتانیای مەزن، لەم سەدەیەدا بەرز بووەتەوە. بەڵام ئەمە لەوە دەچێ بەڕادەیەکی زۆر کاریگەریی کەمبوونەوەی بەهای زیو لە بازاڕی ئەورووپا

نەبێ، ئەوەندەی کاریگەریی زیادبوونی خواستە بۆ کار لە بریتانیای مەزندا. لە فەڕانسە، کە وڵاتێکی زۆر گەشەکردوو نییە، نرخی کار بەپارە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە، تێبینی کراوە کە وردەوردە لەگەڵ تێکڕای نرخی گەنمەشامی ڕووی لە کەمبوونەوە بووە. لە سەدەی ڕابردوو و لەم سەدەیەدا هەقدەستی ڕۆژانەی کارگەرێکی ئاسایی بە نزیکەی بیستیەکی تێکڕای نرخی یەک سێپتیر گەنم یەکخرابوو، کە پێوانەیەکە کەمێک لە چوار بوشڵی وینچستەر زیاترە. لە بریتانیای مەزندا قەرەبووی ڕاستەقینەی کار، وەک پێشان دراوە، کە بریتییە لە بڕە ڕاستەقینەکانی پێویستی و ئەوەی گونجاوە بۆ ژیان کە بە کارگەر دەدرێن، بەشێوەیەکی بەرچاو لەم سەدەیەدا زیادی کردووە. بەرزبوونەوەی نرخی بەپارە لەوە دەچێ لەبەر کاریگەریی کەمبوونەوەی بەهای زیو لە بازاڕی گشتیی ئەورووپا نەبێ، بەڵکو لەبەر زیادبوونی نرخی ڕاستەقینەی کار بێ لە بازاڕی بریتانیای مەزندا، ئەویش بەهۆی هەلومەرجی خۆشی وڵاتەکەوەیە.

ماوەیەک لەدوای یەکەمین دۆزینەوەی ئەمەریکا، فرۆشتنی زیو بەهەمان نرخ بەردەوام بوو، یان زۆر کەم نەبووەوە. قازانجی کانەکان بۆ ماوەیەک زۆر زۆر بوون و، زۆر لە سەرووی ئاستی سروشتییەوە بوون. ئەوانەی ئەو کانزایەیان بۆ ئەورووپا هاوردە کرد، زوو بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن تەواوی بڕی هاوردەکراوی ساڵانە بەو نرخە بەرزە بفرۆشن. وردەوردە زیو بە بڕی کەمتر و کەمتر کاڵا دەگۆڕرایەوە. نرخەکەی وردەوردە دابەزی تا گەیشتە نرخی سروشتیی خۆی، یان ئەوەی بەپێی ئاستە سروشتییەکانیان، تەنیا بەشی پارەدانی هەقدەستی کار، قازانجەکانی ماڵ و، موڵکانەی زەوی، کە دەبوو بدرێن بۆ ئەوەی لە کانەوە بهێنرێ بۆ بازاڕی دەکرد. لە بەشی زۆری کانەکانی زیوی پیرۆ، باجی شای ئیسپانیا، کە دەیەکی تەواوی بەرهەم بوو، تێبینی کراوە کە تەواوی موڵکانەی زەوی دەخوا. ئەم باجە لە بنەڕەتدا نیوە بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو بووە سێیەک، ئینجا پێنجیەک و، لەکۆتاییدا بووە دەیەک و ئەمەیان هێشتا بەردەوامە. لە بەشی هەرە زۆری کانە زیوەکانی پیرۆ، لەوە دەچێ کە ئەمە هەموو ئەوەیە کە دەمێنێتەوە دوای پڕکردنەوەی ماڵی خاوەنی کارەکە و، قازانجە ئاساییەکان و، لەوە دەچێ کە لە هەموو جیهاندا زانراو بێ کە ئەم قازانجانەی سەردەمێک زۆر بەرز بوون، ئێستا تا دەکرێ نزمن و، هەر بایی بەڕێوەبردنی کارەکەن.

باجی شای ئیسپانیا لە ساڵی ١٥٠٤دا کەم کرایەوە بۆ پێنجیەکی زیوی تۆمارکراو، واتە چل و یەک ساڵ پێش ١٥٤٥، کە مێژووی دۆزینەوەی کانەکانی پۆتۆسیە. لە ماوەی نەوەت ساڵدا، یان پێش ١٦٣٦، ئەو کانانە، کە بەپیتترینی ئەمەریکان، ئەوەندە کاتیان هەبوو کە بەشی بەرهەمهێنانی کاریگەریی تەواویانی دەکرد، یان بەشی کەمکردنەوەی بەهای زیویان لە بازاڕەکانی ئەورووپا تا نزمترین ئاستی دەکرد، لە کاتێکدا کە بەردەوام باجی شای

ئیسپانیایان دەدا. نەوەت ساڵ ماوەیەکە کە بەشی کەمکردنەوەی نرخی هەر کالایەک دەکا، کە قۆرخ نەکرابێ، تا دەگاتە نرخی سروشتیی خۆی، یان تا دەگاتە نزمترین نرخ، کە لە کاتێکدا باجێکی دیاریکراو دەدا، دەتوانێ بۆ ماوەیەکی بەرچاو بەسەریەکەوە بفرۆشرێ.

لەوانەیە نرخی زیو لە بازاڕی ئەوروپا زیاتر نزم بووبێتەوە و، لەوانەیە پێویست بووبێ باجی سەریشی کەم بکرێتەوە، نەک تەنیا بۆ دەیەک، وەک ئەوەی لە ۱۷۳٦دا ڕووی دا، بەڵکو بۆ بیستیەک، بەهەمان ئەو شێوازەی کە لەگەڵ زێڕ هەبوو، یان دەبوو بەشی زۆری کانەکانی ئەمەریکا کە ئێستا بێکەڵک بوون واز لە کارکردن بێنن. زیادبوونی پێبەپێی خواست لەسەر زیو، یان گەورەبوونی پێبەپێی بازاڕ بۆ بەرهەمی کانە زیوەکانی ئەمەریکا، لەوانەیە ئەو هۆکارە بن کە ڕێگەی ئەمەیان گرتووە و، نەک تەنیا بەهای زیویان لە بازاڕی ئەوروپا پاراستووە، بەڵکو تەنانەت تاڕادەیەک بەرزتریان کردووە لەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا هەبوو.

لە کاتی یەکەمین دۆزینەوەی ئەمەریکاوە، بازاڕی بەرهەمی کانە زیوەکانی وردەوردە فرەوانتر و فرەوانتر بووە.

یەکەم، بازاڕی ئەوروپا بەرەبەرە ڕووی لە فرەوانبوون دەکرد. لە کاتی دۆزینەوەی ئەمەریکاوە، بەشی زۆری ئەوروپا زیاتر پێشکەوت. ئینگلتەرە، هۆلاند، فەرانسە و، ئەڵمانیا، تەنانەت سوید، دانمارک و، ڕووسیاش، هەموویان بەشێوەیەکی بەرچاو لەڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازییەوە پێشکەوتن. ئیتالیا لەوە ناچێ پاشەکشەی کردبێ. دارمانی ئیتالیا پێش داگیرکردنی پیرۆ بوو. لەو کاتەوە لەوە دەچێ کەمێک بووژابێتەوە. ئیسپانیا و پۆتوگال لەڕاستیدا پێشبینی دەکرێ پاشەکشەیان کردبێ. بەڵام پۆرتوگال تەنیا بەشێکی زۆر بچووکی ئەوروپایە و، پاشەکشەی ئیسپانیاش بەو جۆرە نییە کە زۆر کەس دەیبینێ. لە سەرەتای سەدەی شازدەدا، ئیسپانیا وڵاتێکی زۆر هەژار بوو، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ فەرانسەش کە لەو کاتەوە زۆر پێشکەوتووە. ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم، کە زۆر گەشتی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا کرد، ئەوەی ڕاگەیاند کە هەموو شتێک لە فەرانسە زۆرە و، هەموو شتێک لە ئیسپانیا کەمە. زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ئەوروپا وەک پێویستییەک زیادبوونی پێبەپێی بڕی دراوی زیوی خواستووە بۆ مامەڵەکردن پێیەوە و، زیادبوونی ژمارەی کەسانی داراش زیادبوونی بڕی پلێت و جوانکارییە زیوینەکانیانی خواستووە.

دووەم، ئەمەریکا خۆی بازاڕێکی نوێیە بۆ بەرهەمی کانە زیوەکانی خۆی، هەروەها پێشکەوتنی لەڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازی و دانیشتووانەوە خێراترە لە زۆربەی وڵاتە گەشەکردووەکانی ئەوروپا، خواستی ئەمەریکا دەبێ زۆر خێراتر زیاد ببێ. هەموو کۆلۆنییە نوێیەکانی ئینگلیز بازاڕی تازەن، بەشێکیان بۆ دراو و بەشێکیان بۆ پلێت،

پێویستیان بە زیادکردنی بەردەوامی خستنەڕووی زیوە لە پارزەوینێکی گەورەدا کە هەرگیز لەوێ خواستی لەسەر نەبووە. هەروەها بەشی زۆری کۆلۆنییەکانی ئیسپانیا و پۆرتوگالیش بازاڕی نوێن. گرانادای نوێ، یوکاتان، پاراگوای و، برازیل، کە پێش دۆزینەوەیان لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە، خەڵکی کێوییان تێدا نیشتەجێ بوو، کە نە هونەر و نە کشتوکاڵیان نەبوو. ئێستا ئاستێکی بەرچاوی هەردووکیان بە هەموو ئەو وڵاتانە گەیشتووە. تەنانەت مەکسیک و پیرۆش، هەرچەندە ناکرێ بەتەواوی بە بازاڕی تازە ئەژمار بکرێن، بەڵام لەڕاستیدا بازاڕی زۆر ڕوو لە فرەوانبوونن زیاتر لەوەی لە هەر کاتێکی پێشوودا ئەوە ڕووی دابێ. دوای ئەو هەموو چیرۆکە سەرسامکەرەی لەبارەی دۆخی سەرسووڕێنەری ئەم وڵاتانە لە سەردەمانی کۆندا بڵاو بوونەوە، هەر کەسێک بە دیدێکی واقعبینانەوە مێژووی یەکەم دۆزینەوە و داگیرکرجیهانن بخوێنێتەوە، بێگومان بۆی ڕوون دەبێتەوە کە دانیشتووانیان لەڕووی هونەر، کشتوکاڵ و، بازرگانییەوە زۆر نەزانتر بوونە لە تاتارەکانی ئۆکرانیا لەم سەردەمەدا. تەنانەت پیرۆییەکان، کە شارستانیترینی ئەم دوو گەلەن، سەرباری ئەوەی زێڕ و زیویان وەک جوانکاری بەکار هێناوە، هیچ جۆرە دراوێکیان نییە. تەواوی بازرگانییان لەڕێی ئاڵوێرەوە بووە و، بەم پێیەش هیچ دابەشکردنێکی کار لەناویاندا بوونی نەبووە. ئەوانەی کشتوکاڵیان لە زەویدا دەکرد ناچار بوون خۆیان خانووەکانی خۆیان، کەلپەلی ناوماڵەکانیان، بەرگ و پۆشاکەکانیان، پێڵاوەکانیان و، کەرەستەکانی کشتوکاڵکرجیهانن دروست بکەن. ئەو پیشەوەرە کەمەی لەوێ هەبوون، وەک باس دەکرێ، سەر بە سەروەر، خانەدان و، کاهینەکان بوون و، ڕەنگە خزمەتکار و کۆیلەیان بووبن. هەموو هونەرە کۆنەکانی مەکسیک و پیرۆ هەرگیز تەنیا یەک بەرهەمی دروستکراویان بە ئەوروپا نەگەیاندووە. سوپاکانی ئیسپانیا، هەرچەندە بەدەگمەن لە پێنج سەد پیاو تێپەڕیان کردووە و، زۆربەی جاران نیوەی ئەم ژمارەیە نەبوون، نزیکەی لە هەموو شوێنێکدا سەختییەکی زۆریان ڕووبەڕوو بووەتەوە لە کڕینی کەرەستەکانی بژێویدا. ئەو برسێتییانەی کە دەگوترێ لە هەر شوێنێکی ئەوان ڕوویان تێ کردبێ ڕوویان داوە، لەو وڵاتانەشدا کە وا پێشان دەدرێ پڕ دانیشتووان و خاوەن کشتوکاڵی باش بووبن، بەڕوونی پیشانی دەدەن کە چیرۆکی پڕ دانیشتووانبوون و کشتوکاڵی باشیان تا ڕادەیەکی زۆر چیرۆکی ئەفسانەییە. کۆلۆنییە ئیسپانییەکان حکومەتێک بەڕێوەیان دەبا کە لە چەندان ڕووەوە مەیلی کشتوکاڵ، پێشکەوت و، نیشتەجێبوونیان لەوانەی کۆلۆنییەکانی ئینگلیز کەمترن. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە دەچێ پێشکەوتنیان لە هەموو ئەم بوارانەدا زۆر خێراتر بێ لەوەی لە هەر وڵاتێکی ئەوروپادا هەیە. زەویی بەپیت و کەشوهەوای خۆش، زۆری و هەرزانیی زەوی، کە دۆخی گشتین لە هەموو کۆلۆنییە نوێیەکاندا، لەوە دەچێ سیفەتگەلێک بن کە زۆر لە کەموکوڕییەکانی

حکومەتی مەدەنی پڕ بکەنەوە. فریزێر، کە لە ساڵی ١٧١٣دا سەردانی پیرۆی کردووە، دەڵی کە دانیشتووانی لیما بیست و پێنج تا بیست و هەشت هەزار دەبن. ئولوا، کە لە نێوان ١٧٤٠ و ١٧٤٦دا نیشتەجێی هەمان وڵات بووە، دەڵێ دانیشتووانی لە پەنجا هەزار زیاترن. جیاوازیی ژمارەکانیان لەبارەی دانیشتووانی چەندان شاری سەرەکیی تر لە چیلی و پیرۆ، نزیکەی هەمان شتە. هیچ هۆکارێکیش نییە وا بکات گومان بخرێتە سەر هەبوونی زانیاریی باش لەلای هەردووکیان. بۆیە ئەمە ئاماژەیە بۆ زیادبوونێک کە بەدەگمەن کەمترە لەوەی لە کۆلۆنییەکانی ئینگلیزدا هەیە. بۆیە ئەمەریکا بازاڕێکی نوێیە بۆ بەرهەمی کانە زیوەکانی خۆی، بەمەش خواست دەبێ زۆر خێراتر لەوەی وڵاتە گەشەکردووەکانی ئەورووپا زیاد بکات.

سێیەم، هیندی ڕۆژهەڵات بازاڕێکی ترە بۆ بەرهەمی کانە زیوەکانی ئەمەریکا و، بازاڕێکە لەوەتەی ئەو کانانە دۆزراونەتەوە، بەردەوام بڕی زیاتر و زیاتر زیوی بۆ خۆی بەکێش کردووە. لەو کاتەوە، بازرگانیی ڕاستەوخۆی نێوان ئەمەریکا و هیندی ڕۆژهەڵات، کە لەڕێی کەشتییەکانی ئەکاپولکۆوە بەڕێوە دەچوو، بە بەردەوامی زیادی دەکرد، هەروەها بەیەکگەیشتنی ناڕاستەوخۆش لەڕێی ئەورووپاوە خێراتر زیادی کردووە. لە سەدەی شانزەدا، پۆرتوگالییەکان تەنیا نەتەوەی ئەورووپایی بوون کە بازرگانییەکی ڕێکوپێکیان لەگەڵ هیندی ڕۆژهەڵات هەبوو. لە ساڵانی کۆتای ئەو سەدەیەدا، هۆڵاندەییەکان دەستیان کرد بە نیشتنە سەر ئەم قۆرخکارییە و، لە چەند ساڵێکی کەمدا لە نشینگە بنەڕەتییەکانیان لە هیند وەدەریان نان. لە بەشی زۆری سەدەی ڕابردوودا ئەم دوو نەتەوەیە بەشێکی بەرچاوی بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد، زیادبوونی بەردەوامی بازرگانیی هۆڵاندەییەکان زۆرترە لەوەی پۆرتوگالیەکان کە ڕووی لە کەمبوونەوە کرد. ئینگلیز و فرانسەییەکان لە سەدەی ڕابردوودا هەندێ بازرگانییان لەگەڵ هیند بەڕێوە برد، ئەو بازرگانییە لەم سەدەیەدا بەشێوەیەکی زۆر زیادی کرد. بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات لەلایەن سویدی و دانمارکییەکانەوە لەم سەدەیەدا دەستی پێ کرد. تەنانەت مۆسکەڤیەکانیش ئێستا بازرگانییەکی ڕێکوپێکیان لەگەڵ چیندا هەیە، لەڕێی جۆرێک کاروانەوە کە بەزەویی سایبیریا و تاتارەکاندا بەرەو پێکین دەڕۆن. بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات لەلایەن ئەم هەموو نەتەوەیەوە، ئەگەر ئەوەی فرانسەییەکانی لێ دەرکەین، کە ئەم شەڕەی دوایی لەناوی برد، بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام لە زیادبووندا بووە. زیادبوونی بەکاربردنی کاڵاکانی هیندی ڕۆژهەڵات لە ئەورووپا، لەوە دەچێ ئەوەندە زۆر بێ کە بەگەڕخستنی ڕوو لەزیادبوونیان دەستەبەر بکات. بۆ نموونە، چای، پێش ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، دەرمانێک بوو زۆر بەکەمی لە ئەورووپا بەکار دەهات. کەچی ئێستا ئەو بڕە چایەی ساڵانە لەلایەن کۆمپانیای ئینگلیزیی هیندی ڕۆژهەڵاتەوە هاوردە

دەکرێ، بۆ بەکارهێنان لەلایەن لادێیەکانەوە، زیاترە لە یەک ملیۆن و نیو لە ساڵێکدا و، تەنانەت ئەم بڕەش بەشیان ناکا. بڕێکی زۆری زیاتر بەردەوام بەقاچاخ بۆ وڵات دەهێنرێ لەڕێی بەندەرەکانی هۆڵاندەوە، لە گۆتنبۆرگی سویدەوە و، لە کەناراوەکانی فڕانسەشەوە، ئەوەندەی کۆمپانیای فڕانسەیی هیندی ڕۆژهەڵات لە گەشەدا بوو. بەکاربردنی پۆرسیلینی چین، بەهاراتی دوورگەکانی مەلوکە، کاڵاکانی بەنگال و، شتی لەژماردن نەهاتووی تر، بە ئاستی نزیک لەوە زیادیان کرد. بەم پێیە باربەریی کەشتییە ئەورووپاییەکانی لە بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات کاریان دەکرد، هیچ کاتێک لە سەدەی ڕابردوودا لەوانەیە لەوەی کۆمپانیای ئینگلیزی هیندی ڕۆژهەڵات زیاتر نەبووبێ، کە پێش کەمکردنەوەی باربردن لەلایەن ئەم کۆمپانیایەوە هەبوون.

بەڵام لە هیندی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتیش لە چین و هیندستان، بەهای کانزا گرانباییەکان، کاتێک کە ئەورووپاییەکان بۆ یەکەم جار دەستیان دایە بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە، زۆر بەرزتر بوو لەوەی لە ئەورووپا هەبوو و، تا ئێستاش هەر وایە. لە وڵاتانی برنج، کە بەگشتی دوو جار، هەندێ جاریش ساڵانە سێ جاران بەرهەمیان هەیە، زۆریی خۆراک دەبێ زۆر زۆرتر بێ لەوەی هیچ وڵاتێکی گەنمەشامیی خاوەن هەمان پانتایی هەیەتی. بەو پێیەش، ئەو وڵاتانە زۆر قەرەباڵخترن. هەروەها لەو وڵاتانەدا، دەوڵەمەند لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆر خۆراکی هەیە خەرجی بکات، چونکە لەوە زیاترە کە خۆی بەکاری ببا، ئامرازی ئەوەی بەدەستەوەیە کە بڕی زیاتر لە خەڵکی تر کار بکڕێ. بەو پێیەش، خەڵکی بەردەستی خانەدانێکی چین یان هیندستان، بە هەموو پێوەرێک، گەلێ زۆرتر و پرشنگدارترن لەوەی بە دەوری دەوڵەمەندترین کەسی ئەورووپاوە هەن. هەمان ئەو زیادەی خۆراکە کە لەبەر دەستیاندایە، وایان لێ دەکا بتوانن بڕێکی زۆرتری لێ بدەن بە هەموو ئەو بەرهەمە ناوازە و دەگمەنانەی سروشت زۆر بە کەمی بەرهەمیان دێنێ، وەک کانزا گرانباییەکان و بەردە گرانباییەکان، کە کەرەستەی مەزنی کێبەرکێی دەوڵەمەندین. بۆیە هەرچەندە ئەو کانانەی ئەم شتانە بۆ بازاڕی هیندی دابین دەکەن لەڕووی بەپیتییەوە وەک ئەوانەن بۆ بازاڕی ئەورووپایان دابین دەکەن، هێشتا لە هیند ئەو جۆرە کاڵایانە بڕێکی زیاتر خۆراکیان لەبەرامبەردا دەدرێ وەک لە ئەورووپا. بەڵام ئەو کانانەی کانزای گرانباییان بۆ بازاڕەکانی هیند دابین دەکرد بەڕادەیەکی باش کەمتر بەپیتن و، ئەوانەی بەردی گرانبایی بۆ دابین دەکەن زۆرتر بەپیتن، لەوانەی بۆ بازاڕەکانی ئەورووپایان دابین دەکەن. لەبەر ئەوە کانزا گرانباییەکان لە هیند، بەشێوەیەکی سروشتی، بە بڕێکی زیاتر بەردی گرانبایی و، بڕێکی زیاتر خۆراک دەگۆڕرێنەوە وەک لەوانەی ئەورووپا. نرخی ئەڵماس بەپارە، کە بەرزترینی زیادەکانە، تا ڕادەیەک نزمترە و، نرخی خۆراک، کە یەکەمینی گشت پێویستییەکانە، بەڕادەیەکی زۆر لە وڵاتێکدا نزمترە لەوەی وڵاتەکەی تر. بەڵام تێبینی کراوە کە نرخی ڕاستەقینەی کار، بڕی ڕاستەقینەی پێویستییەکانی ژیان کە بەکارگەر دەدرێن، لە

چین و هیندستان، کە دوو بازاڕی گەورەی هیندن، نزمترن لەوەی لە بەشی هەرە زۆری ئەوروپا. هەقدەستی کارگەر لەوێ بڕێکی کەمتر خۆراکی پێ دەکڕێ. هەروەها نرخی خۆراک بەپارە لە هیند زۆر لەوەی ئەوروپا نزمترە، نرخی کار بەپارە لەوێ لە دوو ڕووەوە کەمترە، بەو بڕە کەمەی خۆراک کە دەیکڕێ و، بە نرخی کەمی ئەو خۆراکەش. بەڵام لە وڵاتانی خاوەن هونەر و پیشەسازیی یەکساندا، نرخی بەپارەی بەشی زۆری پیشەکان هاوڕێژەی نرخی کار بەپارە. لە هونەری پیشەیی و پیشەسازیشدا، هەرچەندە چین و هیندستان لەخوارترن، بەڵام وا دێتە پێش چاو کە زۆر لە خوار هیچ بەشێکی ئەوروپا نەبن. کەواتە نرخی بەپارەی بەشی زۆری پیشەکان بەشێوەیەکی سروشتی لەو ئیمپراتۆریا مەزنانەدا زۆر لە خوارووی هەر شوێنێکی ئەوروپان. لە بەشی زۆری ئەوروپاش، خەرجیی گواستنەوەی وشکانی هەردوو نرخی ڕاستەقینە و هێمایی زۆربەی پیشەسازییەکان زۆر زیاد دەکەن. لەبەر ئەوەی کاری زیاتری تێ دەچێ و، بەو پێیە پارەی زیاتریشی تێ دەچێ، بۆ ئەوەی جاری یەکەم کەرەستەکان بهێنرێن، دوای ئەوەش بابەتە تەواو دروستکراوەکان ببرێن بۆ بازاڕ. لە چین و هیندستان، فرەوانی و جۆراوجۆریی کەشتییەوانیی ناوەوە بەشێکی زۆری ئەم کارەی کەم کردووەتەوە و، بەوەش پارەکەی کەم کردووەتەوە و، بەم شێوەیە هەردوو نرخی ڕاستەقینە و هێمایی بەشی هەرە زۆری پیشەکان کەم بوونەتەوە. بەگوێرەی گشت ئەم لێکدانەوانە، کانزا گرانبابییەکان بەردەوام و ئێستاش کاڵایەکی زۆر بەسوود دوور دەخەنەوە لەوەی لە ئەوروپاوە بۆ هیند ببرێ. بەدەگمەن کاڵایەک هەیە کە لەوێ نرخی باشتر بکات، یان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بڕی ئەو کار و کاڵایەی لە ئەوروپا تێی دەچێ، بڕێکی زیاتر کار و کاڵا لە هیند بکڕێ یان دەستەبەر بکات. هەروەها بەسوودتریشە کە لەوێ زیو هەڵگری نەک زێڕ، چونکە لە چین و لە زۆربەی بازاڕەکانی تری هیند، ڕێژەی نێوان زیوی خاوێن و زێڕ تەنیا دە، یان ئەوپەڕی دوازدە بۆ یەکە، لە کاتێکدا لە ئەوروپا چواردە یان پازدە بۆ یەکە. لە چین و زۆربەی بازاڕەکانی تری هیند، دە یان ئەوپەڕی دوانزە ئۆنس زیو یەک ئۆنس زێڕ دەکڕێ، ئەوە لە ئەوروپا چواردە یان پانزە ئۆنسی گەرەکە. لەبەر ئەوە لە باری بەشی زۆری کەشتییە ئەوروپاییەکانی بەرەو هیند دەڕۆن، زیو بەگشتی یەکێکە لە ماددە هەرە بەهادارەکان. زیو بەهادارترین شتە لەو کەشتییانەی ئەکاپولکۆ کە بۆ مانیلا گەشت دەکەن. لەوەدەچێ زیوی پارزەوینە تازەکە لەم ڕێیەوە یەکێک بێ لەو کاڵا بنەڕەتییانەی کە بازارگانیی نێوان بەشەکانی پارزەوینە کۆنەکەی پێ بەڕێوە دەچێ و، بەم هۆیەوە و بەڕادەیەکی زۆر، بەشە لەیەک دوورەکانی جیهان بەیەکەوە بەستراون.

بۆ تێرکردنی بازاڕێکی زۆر فرەوان، بڕی ئەو زیوەی ساڵانە لە کانەکانەوە دەهێنرێ دەبێ تەنیا بەشی پشتیوانیی زیادبوونی بەردەوامی هەردوو دراو و پلێتی پێویست لە هەموو وڵاتە گەشەکردووەکاندا نەکا، بەڵکو بەشی پڕکردنەوەی لەدەستچوونی بەردەوام و

بەکاربردنی ئەو زیوەش بکات کە لە هەموو ئەو وڵاتانەی ئەم کانزایەی تێدا بەکار دێ ڕوو دەدەن.

قەرەبووی بەکاربردنی بەردەوامی کانزا گرانبابیەکانی ناو دراو بەهۆی کۆنبوونەوە و، پلێتەکان بەهۆی کۆنبوون و پاککردنەوەوە، بەڕادەیەکی بەرچاوە و، لە کاڵاکانی کە بەکارهێنانیان زۆر فرەوان بووە، بەتەنیا پێویستی بە بەردەسخستنێکی ساڵانەی زۆر هەیە. بەکاربردنی ئەم کانزایانە لە هەندێ پیشەی دیاریکراودا، هەرچەندە لەوانەیە زۆرتر نەبێ لە تەواوی ئەم بەکاربردنە پێبەپێیە، بەرچاوترە، چونکە خێراترە. تەنیا لە پیشەسازییەکانی بێرمینگهام ئەو بڕە زێڕ و زیوەی ساڵانە لە زێڕکفتکردن و بەپلێتکردن بەکار دێ و، بەوەش جارێکی تر دوای ئەوە هەرگیز ئەو کانزایانە شێوەی خۆیان وەرناگرنەوە، وەک دەگوترێ زیاترە لە پەنجا هەزار پاوەنی ئیستەرلینی. لێرەوە ئێمە دەتوانین دیتنێک دروست بکەین لەسەر زۆریی بەکاربردنی ساڵانە لە بەشە جیاجیاکانی جیهان، چ بە پیشەی هاوشێوەی ئەوانەی بێرمینگهام یان بە کوتان، نەخشسازی، کەلپەلی زێڕ و زیو، زێڕکەفتکردنی کتێب، کەلپەلی ناوماڵ، هتد چەند زۆرە. هەروەها دەبێ بڕێکی زۆریش ساڵانە لە کاتی گواستنەوەی ئەم کانزایانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەڕێی دەریا و وشکانیشەوە لەناو بچێ. سەرباری ئەمە، زۆربەی حکومەتەکانی ئاسیا، ناسراوترین خەڵکی جیهانن لە شاردنەوەی گەنجینە لە ناو کوپە لە ژێر زەویدا، کە زۆربەی جاران ناونیشانی ئەو گەنجینانە بەمردنی ئەو کەسەی شاردوویانیەتەوە ون دەبن، کە ئەمەش دەبێتە مایەی لەناوچوونی بڕێکی زۆرتر.

بڕی ئەو زێڕ و زیوەی لە کادیز و لیشبۆن هاوردە دەکرێن (نەک تەنیا ئەوەی تۆمار دەکرێ، بگرە ئەوەشی چاوەڕوان دەکرێ بەقاچاخ ببرێ)، بەپێی باشترین خەمڵاندنەکان، ساڵانە نزیکەی شەش ملیۆنی ئیستەرلینی دەبێ.

بەقسەی بەڕێز میگینس، هاوردەکردنی ساڵانەی کانزا گرانبابیەکان بۆ ئیسپانیا، وەک تێکڕا لە شەش ساڵدا، لە ١٧٤٨ تا ١٧٥٣، بەو دوو ساڵەشەوە و، ئەوەی بۆ پۆرتوگال هاوردە دەکرێ، وەک تێکڕا لە حەوت ساڵدا، لە ١٧٤٧ تا ١٧٥٣، بەو دوو ساڵەشەوە، ١١٠١١٠٧ پاوەن زیو بوو و، ٢٩٩٤٠ پاوەن زێڕ بوو. زیوەکە بە پاوەنی ترۆی کە ٦٢ شیلینە، بایی ٣٤١٣٤٣١ پاوەن و ١٠ شیلینی ئیستەرلینییە. زێڕەکە، ئەگەر یەک پاوەنی ترۆی بە ٤٤ گینی و نیو بێ، دەکاتە بایی ٢٣٣٣٤٤٦ پاوەن و ١٤ شیلینی ئیستەرلینی. هەردووکیان بەیەکەوە بایی ٥٧٤٦٨٧٨ پاوەن و چوار شیلینی ئیستەرلینی. ئەو جەختمان بۆ دەکا کە ئەو بڕە هاوردەکراوەی تۆمار کراوە ڕێک ئەوەندەیە. ئەو وردەکاریمان پێ دەدات لەسەر ئەو شوێنە دیاریکراوانەی کە زێڕ و زیویان لێوە هێنراوە و، لەسەر بڕی تەواوی هەر کانزایەک، کە بەپێی تۆمارەکە هەر یەکێکیان دیارە. هەروەها بڕە کانزایەک

دەخاتە ڕوو کە بە مەزەندەی خۆی بەقاچاخ براوە. ئەزموونی زۆری ئەم بازرگانە دانایە وا دەکا بۆچوونەکەی سەنگی بەرچاوی خۆی هەبێ.

بەقسەی نووسەری لێهاتوو و، هەندێ جار، پڕ زانیاریی کتێبی "مێژووی فەلسەفی و سیاسیی جێگیربوونی ئەوروپاییەکان لە هەردوو هیندەکەدا"، هاوردەکردنی ساڵانەی تۆمارکراوی زێڕ و زیو بۆ ئیسپانیا، وەک تێکڕای یانزە ساڵ، لە ١٧٥٤وە تا ١٧٦٤، بەو دوو ساڵەشەوە، بایی ١٣٩٨٤١٨٥ و سێ چارەکە پیاستەری دە ریالی بووە. بەڵام ئەو پێی وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕەنگە بەقاچاخ برابێ، تەواوی هاوردەکردنی ساڵانە لەوانەیە گەیشتبێتە حەڤدە ملیۆن پیاستەر، کە ئەگەر هەر پیاستەرێک چوار شیلین و شەش پێنس بێ، ئەوە یەکسانە بە ٣٨٢٥٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینی. ئەو هەروەها وردەکاریی شوێنە دیاریکراوەکان دەخاتە ڕوو کە زێڕ و زیویان لێوە هێنراوە، لەگەڵ بڕە دیاریکراوەکانی هەر کانزایەک، کە لە تۆمارەکەدا هەمووی هاتووە. ئەو زانیاریشمان دەداتێ، بۆ ئەوەی ئەگەر بمانەوێ لەڕێی بڕی ئەو باجەی بە شای پۆرتوگال دراوە بزانین بڕی ئەو زێڕەی ساڵانە لە برازیلەوە بۆ لیشبۆن هاوردە کراوە، کە لەوە دەچێ، باجەکە پێنجیەکی کانزا ستاندەرەکە بێ، بەمەش دەتوانین بیخەملێنین کە بەهاکەی هەژدە ملیۆن کروزادۆ بووە، یان چل و پێنج ملیۆن لیرەی فرانسەیی، کە یەکسانە بە نزیکەی دوو ملیۆن ئیستەرلینی. بەڵام بە ئەژمارکردنی ئەوەی کە ڕەنگە بەقاچاخ برابێ، ئەو دەڵێ، دەبێ هەشتیەکێکی تر بخەینە سەر ئەو بڕە، یان ٢٥٠٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینیی بخەینە سەر، بەوەش تەواوی بڕەکە دەبێتە ٢٢٥٠٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینی. بەم پێیەش تەواوی هاوردەی ساڵانەی کانزا گرانباییەکان بۆ ئیسپانیا و پۆرتوگال دەکاتە نزیکەی ٦٠٧٥٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینی.

من دڵنیام کە چەندان حیسابی تری چەسپاو، هەرچەندە دەستنووسن، کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم بڕەی هاوردەکردنی ساڵانەیە وەک تێکڕا وەرگرن، نزیکەی شەش ملیۆن ئیستەرلینی، هەندێ جار شتێک زیاتر و هەندێ جار شتێک لەوە کەمتر دەبێ.

هاوردەکردنی ساڵانەی کانزا گرانباییەکان بۆ کادیز و لیشبۆن، لەڕاستیدا یەکسان نییە بە تەواوی بەرهەمی ساڵانەی کانەکانی ئەمەریکا. بەشێک لەو بەرهەمە، ساڵانە بە کەشتییەکانی ئەکاپولکا بۆ مانیلا دەچێ. بەشێکیش بەکار دێ لە بازرگانیی قاچاخچییەتی کە کۆلۆنییە ئیسپانیاییەکان لەگەڵ کۆلۆنییەکانی وڵاتانی تری ئەوروپایی ئەنجامی دەدەن. بەشێکی تریش، بێگومان لە وڵاتەکەدا دەمێنێتەوە. سەرباری ئەمەش، کانەکانی ئەمەریکا بەهیچ شێوەیەک تەنیا کانی زێڕ و زیوی جیهان نین. هەرچەندە کە بەپیترینیانن. دیارە کە بەرهەمی هەموو کانەکانی تری ناسراو ئەگەر لەگەڵ ئەوەی ئەماندا بەراورد بکرێن، شایانی باس نین. هەروەها بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکەیان، وەک ئاشکرایە، ساڵانە هاوردە دەکرێ بۆ کادیز و لیشبۆن. بەڵام ئەوەی بێرمینگهام بەتەنیا بەکاری دەبا، بەڕێژەی پەنجا هەزار پاوەن ساڵانە، یەکسانە بە یەک لە سەد و بیستی ئەم هاوردەکردنە

سالآنەیە ئەگەر بەرێژەی شەش ملیۆن سالآنە بێ. بۆیە تەواوی بەکاربردنی سالآنەی زێڕ و زیو لە هەموو ولآتە جیاجیاکانی جیهان، کە ئەم کانزایانەیان تێدا بەکار دێ، لەوانەیە نزیکەی یەکسان بێ بەتەواوی بەرهەمی سالآنە. ئەوەشی کە دەمێنێتەوە لەوانەیە هەر بەشی تێرکردنی خواستی ڕوو لەزیادبوونی هەموو ولآتانی گەشەکردوو بکات. تەنانەت لەوانەشە زۆر کورت بهێنن بەرامبەر بە خواستی کات و تا ڕادەیەک بۆ بەرزکردنەوەی نرخی ئەو کانزایانە لە بازاڕی ئەورووپاییدا.

بڕی ئەو مسە زەرد و ئاسنەی سالآنە لە کانەکانەوە بۆ بازاڕ دەهێنرێن، زۆر زۆرترە لەوەی بە بڕی زێڕ و زیوی بۆ بازاڕ هێنراو بەراورد بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەم پێیە، ناتوانین پێشبینی بکەین کە ئەم کانزا زبرانە، لەوانەیە ئەوەندە زیاد ببن، کە خواست تێپەڕێنن، یان بەرەبەرە هەرزانتر ببن. ئەی بۆ دەبێ پێشبینی بکەین کە کانزا گرانبایەکان وایان لێ بێ؟ لەڕاستیدا کانزا زبرەکان، هەرچەندە سەختترن، بۆ کاری سەختتر بەکار دێن و، لەبەر ئەوەی بەهاکەیان کەمترە، گرنگیی کەمتر بە پاراستنیان دەدرێ. بەلآم کانزا گرانبایەکان هیچ لەوەی ئێستایان نیانتر نابن، بەلآم لە گەڵێ ڕێگەوە دەکەونە بەر ئەگەری بزربوون، خەساربوون و، بەکاربردن.

نرخی گشت کانزاکان، هەرچەندە دەکەونە بەر گۆڕانکاریی خاو و پێبەپێ، کەمتر لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، لەوەی نرخی نزیکەی هەموو بەشێکی تری بەرهەمی خاوی زەوی بەخۆیەوە دەیبینێ. هەروەها نرخی کانزا گرانبایەکان کەمتر لە نرخی کانزا زبرەکان دەکەونە بەر گۆڕانکاریی لەناکاو. پتەویی کانزاکان بناخەی ئەم جێگیرییە نائاساییەی نرخیانە. ئەو گەنمەشامییەی پار هێنرایە بازاڕ زۆربەی یان هەمووی پێش کۆتایی ئەمساڵ لەناو دەچێ، بەلآم ئەو ئاسنەی کە دوو سەد یان سێ سەد ساڵ پێش ئێستا لە کانەکەوە هێنراوە ئێستاش شیاوی بەکارهێنانە و، ڕەنگە بەشێک لەو زێڕەی هێنراوە هی دوو هەزار یان سێ هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بێ. بڕە جیاجیاکانی گەنمەشامی، کە لە ساڵانی جیادا، دەبێ بەکاربردنی جیهان پڕ بکەنەوە، بەردەوام لەڕێژەدا نزیکن لە بەرهەمی هەر ساڵێک. بەلآم ڕێژەی نێوان بڕە جیاکانی ئاسن کە ڕەنگە لە دوو ساڵی جیادا بەکار بێن زۆر بەکەمی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ گۆڕانکارییەکی لەناکاو لە بەرهەمی کانەکانی ئاسن لەو دوو ساڵەدا. هەروەها ڕێژەی نێوان بڕەکانی زێڕ کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی جیاوازیی وەها لە بەرهەمی کانەکانی زێڕ. هەرچەندە بەرهەمی بەشی زۆری کانەکانی کانزا، ساڵ بەساڵ جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێ زیاتر لەوەی کێڵگەکانی گەنمەشامی بەخۆیانەوەی دەبینن، ئەو کاریگەرییەی ئەم جیاوازییانە لەسەر جۆرە کالآیەک هەیانە هەمان ئەو کاریگەرییە نییە کە لەسەر جۆرە کالآیەکی تر هەیانە.

جیاوازییەکانی ڕێژەی نێوان بەها تایبەتەکانی زێڕ و زیو

پێش دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکا، بەهای زێڕی خاوێن و زیوی خاوێن لە مینتە جیاکانی ئەوروپا بەڕێژەی یەک بە دە و یەک بە دوازدە ڕێک دەخرا. واتە، یەک ئۆنس زێڕی خاوێن چاوەڕوان دەکرا بایی دە تا دوانزە ئۆنس زیوی خاوێن بێ. لە نزیک ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، دووبارە ڕێک خرایەوە بەڕێژەی یەک بۆ چواردە و یەک بۆ پازدە. واتە یەک ئۆنس زێڕی خاوێن چاوەڕوان دەکرا بایی چواردە تا پازدە ئۆنس زیوی خاوێن بێ. بەهای هێمایی زێڕ بەرز بووەوە، یان ئەو بڕە زیوەی پێی دەدرا زیادی کرد. بەهای ڕاستەقینەی هەردوو کانزاکە دابەزی، یان ئەو بڕە کارەی دەیانتوانی بیکڕن کەمی کرد، بەڵام زیو لە زێڕ زیاتر دابەزی. هەرچەندە کانەکانی زێڕ و زیوی ئەمەریکا لەڕووی بەپیتییەوە هەموو ئەوانەیان تێپەڕاند کە پێشتر ناسرابوون، بەپیتیی کانەکانی زیو لەوە دەچێ بەشێوەیەکی ڕێژەیی هێشتا لەوەی کانەکانی زێڕ زیاتر بووبن.

ئەو بڕە زۆرانەی زیو کە ساڵانە لە ئەوروپاوە بۆ هیند بار دەکران، لە هەندێ نشینگەی ئینگلیزدا، وردەوردە بەهای کانزاکەیان بە بەراورد لەگەڵ بەهای زێڕدا کەم کردەوە. لە مینتی کەلکەتە یەک ئۆنس زێڕی خاوێن چاوەڕوان دەکرا بایی پانزە ئۆنس زیوی خاوێن بێ، لە ئەوروپاش بەهەمان شێوە بوو. لەوانەیە لە مینتدا بەهاکە زۆر بەرزتر لەوەی بازاڕی بەنگال هەڵی دەگرێ دیاری کرابێ. لە چین ڕێژەی نێوان زێڕ و زیو هێشتا یەک بە دە یان یەک بە دوازدەیە. لە یابان، وەک دەڵێن، یەک بە هەشتە.

ڕێژەی نێوان بڕەکانی زێڕ و زیو کە ساڵانە بۆ ئەوروپا هاوردە دەکرێن، بەپێی ئەوەی بەڕێز میگینس خستوویەتیە بەردەست، نزیکەی یەک بە بیست و دووە. واتە کە یەک ئۆنس زێڕ هاوردە کراوە، لە بەرامبەردا کەمێک زیاتر لە بیست و دوو ئۆنس زیو هاوردە کراوە. ئەو پێی وایە کە ئەو بڕە زۆرە زیوەی ساڵانە بۆ هیندی ڕۆژهەڵات ڕەوانە دەکرێ دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی بڕەکانی ئەو کانزایەی لە ئەوروپا دەمێنێتەوە بۆ ڕێژەی یەک بە چواردە یان پانزە، کە ڕێژەی بەهاکانیانە. لەوە دەچێ ئەو بڕوای وا بێ کە ڕێژەی نێوان بەهاکانیان، ئەگەر ئەو هەناردە زۆرەی زیو نەبێ، دەبێتە یەک بۆ بیست و دوو.

بەڵام ڕێژەی ئاسایی نێوان بەهای تایبەتی دوو کاڵا مەرج نییە هەمان ڕێژەی نێوان ئەو بڕانەیان بێ کە بەگشتی لە بازاڕدا هەن. نرخی گایەک، کە بە دە گینی دانراوە، نزیکەی شەست ئەوەندەی نرخی مەڕێکە، کە بە سێ شیلین و شەش پێنس دانراوە. بەڵام بێواتەیە ئەگەر لەمەوە بگەینە ئەو ئاکامەی کە بڵێین لە بەرامبەر هەر گایەک لە بازاڕدا شەست مەڕ هەیە، هەروەها بێواتەیە کە پێمان وا بێ لەبەر ئەوەی یەک ئۆنس زێڕ چواردە تا پانزە ئۆنس زیو دەکڕێ، ئەوە بەگشتی لە بازاڕدا چواردە یان پانزە ئۆنس زیو بەرامبەر بە هەر ئۆنسێک زێڕ هەیە.

لەوانەیە بڕی ئەو زیوەی بەگشتی لە بازاڕدا هەیە، بەڕێژە زۆر زیاتر بێ لە بڕی زێڕ، زیاتر لە ڕێژەی بڕێکی دیاریکراوی زێڕ بەرامبەر بە بڕێکی، یەکسان بەوەی هەیە، لە زیو. تەواوی بڕی کاڵایەکی هەرزان لە بازاڕدا تەنیا زۆرتر نییە، بەڵکو بەهاکەشی زۆرترە لە تەواوی بڕی کاڵایەکی گرانبایی. تەواوی بڕی ئەو نانەی ساڵانە دەهێنرێتە بازاڕەوە نەک تەنیا زۆرترە، بگرە بەهاکەشی زۆرترە لە تەواوی بڕی گۆشت، تەواوی بڕی گۆشتیش زۆرترە لە تەواوی بڕی پەلەوەر و، لە تەواوی بڕی باڵدارە کێوییەکان. کڕیارانی کاڵا هەرزانەکان گەلێ زۆرترن لەوانەی کاڵا گرانباییەکان دەکڕن، بەشێوەیەک نەک تەنیا بڕێکی زۆرتر، بگرە دەکرێ بەهایەکی زۆرتریش لە کاڵا هەرزانەکە بفرۆشرێ. لەبەر ئەوە، دەبێ تەواوی بڕی کاڵا هەرزانەکە بەگشتی لە ڕێژەدا بەرامبەر بە تەواوی بڕی کاڵا گرانەکە، زۆرتر بێ لە ڕێژەی بڕێکی دیاریکراوی کاڵا گرانەکە بەرامبەر بە بەهای هەمان بڕی هەرزانەکە. کاتێک کە ئێمە بەراورد لەنێوان کانزا گرانباییەکاندا دەکەین، زیو هەرزانە و زێڕ کاڵایەکی گرانە. بەشێوەیەکی سروشتی پێویستە ئەوەمان بەلاوە پەسەند بێ کە بەردەوام دەبێ لە بازاڕدا بڕێکی زۆرتر، بگرە بەهایەکی زۆرتر، زیو هەبێ زیاتر لەوانەی زێڕ. با هەر کەسێک کە لە هەردووکیان بڕی کەمی هەیە، بەراوردێک لەنێوان زیوەکەی و ئەو زێڕەی هەیەتی بکات، ئەو ڕەنگە بۆی دەرکەوێ کە نەک تەنیا بڕی ئەوەی یەکەم، بەڵکو بەهاکەشی، زۆر لە سەرووی ئەوانەی دووەمەوەن. هەروەها خەڵکێکی زۆر بڕێکی باش زیویان هەیە بەڵام هیچ زێڕیان نییە، ئەوانەشی کە زێڕیان هەیە زێڕەکەیان بەگشتی بەرگی کاتژمێر، قوتووی برنووتی و ئەو جۆرە شتانەی جوانکارییان هەیە، کە تەواوی بڕەکەیان بەهایەکی زۆر کەمی هەیە. لەڕاستیدا، هێزی زێڕ پشتیوانی گەورەی دراوی بریتانیایە، بەڵام ئەمە لە گشت وڵاتاندا وا نییە. لە دراوی هەندێ وڵاتدا بەهای هەردوو کانزاکە نزیکەی یەکسانە. لە دراوی سکۆتلاند، پێش ئەوەی لەگەڵ ئینگلتەرەدا یەک بگرن، زێڕ پشتیوانییەکی کەمی لێ دەکرد، هەرچەندە تا ڕادەیەک بەهێزی دەکرد، وەک لە تۆماری مینتەکاندا دەردەکەوێ. دراوی زۆربەی وڵاتان هێزی خۆیان لە زیوەوە وەردەگرن. لە فرانسە، گەورەترین بڕەکانی پارە بەگشتی بەم کانزایە دەدرێن و، لەوێ زۆر سەختە ئەوەندە زێڕت دەست بکەوێ کە زیاتر بێ لەوەی پێویست دەکا لە گیرفانتدا هەڵی بگری. بەڵام، بەهای بەرزی پلێتی زیو لە بەرامبەر پلێتی زێڕ، کە لە هەموو وڵاتاندا هەیە، زۆرترە لەوەی بەهێزیی دراوی زێڕ و باڵادەستیی بەسەر دراوی زیودا، کە لە هەندێ وڵاتدا هەیە، قەرەبوو بکاتەوە.

بەڵام کە لەڕوویەکەوە دەگوترێ زیو بەردەوام لە زێڕ هەرزانتر بووە و ڕەنگە بەردەوام وا بمێنێتەوە، لەوانەیە بۆچوونێکی تر هەبێ کە بتوانی بڵێ زێڕ تا ڕادەیەک لە زیو هەرزانترە، وەک ئەوەی لە دۆخی ئێستای بازاڕی ئیسپانیا هەیە. لەوانەیە بگوترێ کە

کاڵایەک گرانە یان هەرزانە، نەک تەنیا لەبەر زۆری یان کەمیی ڕەهای نرخە باوەکەی، بەڵکو بەو پێیەی کە ئەو نرخە زۆرترە یان کەمێک لە سەرووی ئەو نزمترین نرخەوەیە کە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی بەرچاوی بەردەوام بۆ بازاڕی بهێنێ. ئەم نرخە نزمە تەنیا دەتوانێ، لەگەڵ قازانجێکی مامناوەندی، جێی ئەو ماڵە بگرێتەوە کە بۆ گەیاندنی کاڵاکە بە بازاڕ بەگەڕ دەخرێ. ئەمە ئەو نرخەیە کە ناتوانێ هیچ بۆ خاوەن موڵک دابین بکات، کە کرێ هیچ بەشێکی پێک ناهێنێ، بەڵکو بەتەواوی خۆی بەسەر هەقدەست و قازانجدا دابەش دەکا. بەڵام لە دۆخی ئێستای بازاڕی ئیسپانیا، زێڕ لە زیو زیاتر لەم نزمترین نرخەوە نزیکە. باجی شای ئیسپانیا لەسەر زێڕ تەنیا بیستیەکی کانزا ستاندارەکەیە، یان لەسەدا پێنجیەتی، لەکاتێکدا باجەکەی لەسەر زیو دەیەکە، یان لەسەدا دەیە. ئەم باجانەش، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، تەواوی کرێی بەشی زۆری کانەکانی زێڕ و زیوی ئەمەریکای ئیسپانیایی لەخۆ دەگرن و، باجی سەر زێڕ خراپتر لە باجی سەر زیو دەدرێ. قازانجی ئەوانەی خاوەن کاری کانەکانی زێڕن، کە بەدەگمەن دەبنە خاوەن سامان، دەبێ بەگشتی کەمتر بێ لەوەی خاوەن کاری کانەکانی زیو. بۆیە نرخی زێڕی ئیسپانیا کە کرێی کەمتر و قازانجی کەمتر دابین دەکات، دەبێ لە بازاڕی ئیسپانیادا، بە بەراورد لەگەڵ نرخی زیو، کەمێک نزیکتر بێ لە نزمترین نرخێک کە دەتوانێ بۆ بازاڕی بهێنێ. کاتێک کە هەموو خەرجییەکان دەژمێررێن، وا دەردەکەوێ کە تەواوی بڕی یەک کانزا لە کاتی فرۆشتنیدا ناتوانێ وەک تەواوی بڕی ئەوەی تریان بەسوود بێ. لەڕاستیدا باجی شای پۆرتوگال لەسەر زێڕی برازیل هەمان باجی کۆنی شای ئیسپانیایە لەسەر زیوی مەکسیک و پیرۆ، یان پێنجیەکی کانزا ستاندارەکەیە. بۆیە ڕەنگە ڕوون نەبێ بەلای بازاڕی ئەوروپاوە ئایا تەواوی بڕی زێڕی ئەمەریکا بە نرخێکی نزیک لە نزمترین نرخ کە دەتوانێ بەوێی بگەیەنێ دێ، یان ئەوە زیوی ئەمەریکایە بەو نرخە دێ.

ڕەنگە نرخی ئەڵماس و بەردە گرانبایییەکانی تر هێشتا لە نرخی زێڕ زیاتر لە نزمترین نرخ، کە دەتوانێ بە بازاڕی بگەیەنێ، نزیک بێ.

هەرچەندە ئەگەری ئەوە لە ئارادە نییە کە هیچ بەشێکی هەر باجێک، کە تەنیا بەسەر گونجاوترین بابەت بۆ باج سەندندا نەسەپاوە، کە تەنیا بۆ خۆشی و زیادەڕۆییە، بەڵکو بەسەر ئەوەدا سەپێنراوە کە زۆرترین و گرنگترین داهات دابین دەکات، وەک باجی سەر زیو و، تا ئەو کاتەی بتوانرێ بدرێ لا نابرێ. بەڵام مەحاڵبوونی دانی ئەو باجە، کە لە ساڵی ١٧٣٦دا وای کرد کەم بکرێتەوە لە پێنجیەکەوە بۆ دەیەک، لەوانەیە بە تێپەڕینی کات وا بکات زیاتر کەم بکرێتەوە، بەهەمان ئەو شێوەیەی پێویستی کرد باجی سەر زێڕ بۆ بیستیەک کەم بکرێتەوە. کە خەرجیی کارکردنی کانەکانی زیوی ئەمەریکای ئیسپانیایی، وەک هەموو کانەکانی تر، بەرەبەرە زیاتر بوون، بەهۆی زیادبوونی ئەو قووڵاییەی

پێویست بوو پێی بگەن و، زیادبوونی خەرجیی دەرهێنانی ئاو و گەیاندنی هەوا بەو قووڵاییانە، هەموو ئەوانەشی لە دۆخی ئەم کانانەیان کۆڵیوەتەوە ددانیان بەمەدا ناوە.

ئەم هۆکارانە کە هاوشانی کەمیی ڕوو لە زیادبوونی زیون (کاتێک کە کۆکردنەوەی بڕێکی دیاریکراوی کاڵایەک سەختتر دەبێ و خەرجیی زیاتری پێویست دەبێ، دەتوانین بڵێین ئەم کاڵایە کەم بووەتەوە) دەبێ لە کاتی گونجاودا یەکێک لەم سێ ڕووداوانە بەرهەم بهێنن. زیادبوونی خەرجی دەبێ یان: یەکەم، بەتەواوی لەڕێی زیادبوونێکی هاوڕێژە لە نرخی کانزاکە پڕ بکرێتەوە، یان، دووەم، بەتەواوی لەڕێی کەمکردنەوەیەکی هاوڕێژە لە باجی سەر زیو پڕ بکرێتەوە، یان، سێیەم، بەشێکی لەڕێی یەکێک لەو دوو ئامرازە و، بەشێکی تری لەڕێی ئامرازەکەی ترەوە پڕ بکرێتەوە. ئەمەی سێیەم زۆر گونجاوە. کاتێک کە نرخی زێڕ لە بەرامبەر نرخی زیو بەرز بووەوە، سەرباری کەمبوونەوەی زۆری باجی سەر زێڕ، دەبێ زیویش نرخی خۆی هاوڕێژە لەگەڵ کار و کاڵاکان بەرز بکاتەوە، سەرباری کەمبوونەوەی یەکسان لە باجی سەر زیو.

ئەم کەمکردنەوە یەک لەدوای یەکانەی باج، هەرچەندە بەتەواوی نابنە ڕێگر، دەبێ کەم یان زۆر بەرزبوونەوەی بەهای زیو لە بازاڕی ئەورووپا دوا بخەن. بەهۆی ئەم جۆرە کەمکردنەوانەوە لەوانەیە چەندان کان بکەونە کارکردن کە پێشتر لەبەر ئەوەی توانای دابینکردنی باجە کۆنەکەیان نەبوو لەکار کەوتبوون، بەمەش دەبێ بڕی ئەو زیوەی ساڵانە بۆ بازاڕ دەهێنرا تا ڕادەیەک زیاد ببێ و، بەمەش بەهای هەر بڕێکی دیاریکراو تا ڕادەیەک کەمتر دەبێ لەوەی بەبێ ئەمانە هەبوو. لە ئەنجامی کەمکردنەوەکەی ساڵی ١٧٣٦، بەهای زیو لە بازاڕی ئەورووپا، هەرچەندە لەوە ناچێ لەم ڕۆژەدا کەمتر بێ لەوەی پێش ئەو کەمکردنەوەیە، لەوانەیە بەلای کەمەوە بە لەسەدا دە لەوە کەمتر دەبێ کە ئەگەر دادگەی ئیسپانیا مکوڕ بووایە لەسەر بەردەوامبوونی باجە کۆنەکە.

کاتێ کە سەرەڕای ئەم کەمکردنەوەیە، بەهای زیو لەم سەدەیە لە بازاڕی ئەورووپادا دەستی بە کەمێک بەرزبوونەوە کرد، ئەو ڕاستی و بەڵگانەی لە سەرەوە باس کران وا لە من دەکەن بڕوا بهێنم، یان گونجاوترە گومان ببەم، لەبەر ئەوەی باشترین بۆچوون کە بتوانم لەسەر ئەم بابەتەی دروست بکەم ناگاتە ئاستی ئەوەی پێی بگوترێ بڕوا. لەڕاستیدا، بەرزبوونەوەکە، ئەگەر بڵێین هەبووە، تا ئێستا زۆر کەم بووە بەشێوەیەک کە دوای هەموو ئەوەی گوترا لەوانەیە خەڵکانێکی زۆر لێی دڵنیا نەبن، نەک تەنیا لەوەی ئایا ئەمە بەڕاستی ڕووی داوە، بگرە لەوەی ئایا پێچەوانەکەی ڕووی نەداوە، یان ئایا بەهای زیو هێشتا لە بازاڕی ئەورووپا ڕووەو دابەزین ناچێ.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ تێبینی بکرێ، ئەو بڕە ساڵانەیەی زێڕ و زیو کە ئێمە پێشبینیی دەکەین هەر چەند بێ، دەبێ کاتێک هەبێ تیایدا بەکاربردنی ساڵانەی ئەم کانزایانە لەگەڵ

ئەو هـاوردەکردنی سـالانەیەدا یەکسـان بـێ. پێویسـتە لەگەڵ زۆربـوونی بڕەکەیانـدا بەکاربردنیشیان زیاد بکات، یان بەکاربرجیهانن بەڕێژەیەکی زیاتر بێ. کە بڕەکەیان زیادی کرد، بەهایان کەم دەبێتەوە. ئینجا زیاتر بەکار دەهێنرێن و کەمتر بایەخ بە پاراستنیان دەدرێ و، بەمەش ڕێژەی بەکاربرجیهانن لە ڕێژەی زیادبوونی بڕەکەیان زیاتر دەبێ. بۆیە دوای مـاوەیەکی دیـاریکراو، بەکـاربردنی سـالانەی ئەم کانزایـانە، بەم شـێوەیە، لەگەڵ هاوردەکردنی سالانەیان یەکسان دەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هاوردەکردنەکەیان لە زیادبوونی بەردەوامدا نییە، کە دۆخەکە لەم ڕۆژگارەماندا وا نییە.

کاتێک کە بەکـاربردنی سـالانە لەگەڵ هـاوردەکردنی سـالانەدا یەکسـان دەبـێ، ئەگەر هـاوردەکردنی سـالانە وردەوردە کەم ببێـتەوە، ڕەنـگە بـۆ مـاوەیەک بەکـاربردنی سـالانە هاوردەکردنی سالانە تێپەڕێنێ. ئینجا لەوانەیە بڕی ئەم کانزایانە وردەوردە و بێ ئەوەی هەسـتی پـێ بکـرێ کەم ببێـتەوە و، بەمەش وردەوردە و بـێ ئەوەی هەسـتی پـێ بکـرێ بەهایان بەرز دەبێتەوە، تا ئەو کاتەی دووبارە هاوردەکردنی سالانەیان جێگیر دەبێ، ئینجا بەکـاربردنی سـالانەیان وردەوردە و بـێ ئەوەی هەسـتی پـێ بکـرێ خـۆی لەگەڵ توانـای هاوردەکردنی سالانەدا دەگونجێنێ.

بنەماکانی ترس لە نزمبوونەوەی بەردەوامی بەهای زیو

زیادبوونی سامانی ئەوروپا و، ئەو بۆچوونە گشتییەی دەڵێ، تا بڕی کانزا بەهادارەکان و سـامان زیـاد بکەن، بەهاکانیـان لەگەڵ زیـادبوونی بڕەکانیـان ڕەنـگە وا لە خەڵکێکی زۆر بکات بڕوا بەوە بێنن کە بەهایان لە بازاڕی ئەورووپادا بەردەوام کەم دەبێتەوە. هەروەهـا زیادبوونی پێبەپێی نرخی گەلێ بەشی بەرهەمی خاوی زەوی لەوانەیە زیـاتر ئەم بۆچـوونە پشتڕاست بکاتەوە.

مـن هەوڵـم داوە پێشـانی بـدەم زیـادبوونی بـڕی کـانزا گرانباییەکـان، کە لە زیـادبوونی سـامانی هەر وڵاتـێکەوە سـەرچاوە دەگـرێ، نـابێتە مـایەی کەمکـردنەوەی بەهایـان. بەشـێوەیەکی سروشـتی، زێـڕ و زیـو ڕوو لە وڵاتـی دەوڵەمەنـد دەکەن، لەبەر هەمـان ئەو هۆیەی وا دەکا گەلێ کاڵای خۆشگوزەرانی و سەیر ڕوویان تێ بکەن، نەک لەبەر ئەوەی کە لە وڵاتانی هەژاردا هەرزانترن بەڵکو لەبەر ئەوەی گرانتـرن، یـان نرخـی باشـتریان پـێ دەدرێ. ئەوە بەرزیـی نـرخە کە بەکێشـیان دەکـا و، زۆری پـێ نـاچێ ئەو بەرزیـیە ڕادەوەستێ. ئینجا ئەوانیش چی تر ڕوو لەوێ ناکەن.

ئەگەر گەنمەشـامی و بەروبـوومی هاوشـێوەی وەلا بنێـی کە هاوشـانی پیشەسـازیی مـرۆڤ زیـاد دەکەن، هەمـوو جۆرەکـانی تـری بەرهەمـی خـاوی زەوی، مـاڵات، پەلەوەر، هەموو جۆرە نێچیرێک، کانزا و شتە بەسوودەکانی ناو زەوی، هتد لەگەڵ بەرەوپێشچوونی

سامانی کۆمەڵگە و پێشکەوتنیدا گران دەبن، کە من پێشتر هەوڵم داوە ئەمە ڕوون بکەمەوە. بۆیە، هەرچەندە ئەم جۆرە کاڵایانە، وایان لێ دێ بەبڕی زیاتر لە جاران زیو بگۆڕرێنەوە، بەڵام ئەم کاڵایانە بەڕاستی گرانتر بوونە، یان بڕێکی زیاتر لە جاران کار دەکرێن. ئەوە تەنیا نرخی هێماییان نییە، بگرە نرخی ڕاستەقینەیانە کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پێشکەوتندا بەرز دەبێتەوە. بەرزبوونەوەی نرخی هێماییان کاریگەریی بەرزبوونەوەی نرخی ڕاستەقینەیانە، نەک کاریگەریی دابەزینی بەهای زیو بێ.

کاریگەریی جۆراوجۆری پێشکەوتنی چاکسازیی زەوی لەسەر سێ پۆل بەرهەمی خاوی جیا

ئەم جۆرە جیایانەی بەرهەمی خاو دەکرێ بەسەر سێ پۆلدا دابەش بکرێن. یەکەمیان ئەوانە دەگرێتەوە کە بەدەگمەن هێزی پیشەسازیی مرۆڤ دەتوانێ بەهیچ شێوەیەک زیادیان بکات. دووەم، ئەوانەی دەکرێ هاوڕێژە لەگەڵ خواستدا زیاد بکرێن. سێیەم، ئەوانەی کاریگەریی پیشەسازی لەسەریان یان سنووردارە یان ناڕوونە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سامان و چاککردنی زەویدا، نرخی ڕاستەقینەی پۆلی یەکەم لەوانەیە بۆ هەر ئاستێکی زێدەڕۆیانە بەرز ببێتەوە و، ڕەنگە هیچ سنوورێکی بۆ نەبێ. نرخی ڕاستەقینەی پۆلی دووەم، هەرچەندە لەوانەیە زۆر بەرز ببێتەوە، بەڵام سنوورێکی دیاریکراوی هەیە کە ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر یەکەوە بیبەزێنێ. نرخی ڕاستەقینەی پۆلی سێیەم، هەرچەندە بەسروشت لە میانەی پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا مەیلی زیادبوونی هەیە، بەڵام لەوانەیە هەندێ جاران لە هەمان پلەی پێشکەوتندا دابەزێ، هەندێ جارانیش وەک خۆی دەمێنێتەوە و، هەندێ جاران زۆر یان کەم بەرز دەبێتەوە، بەگوێرەی ڕووداوگەلی جۆراوجۆری هاوشانی سەرکەوتنی کەم یان زۆری هەوڵەکانی پیشەسازیی مرۆڤ بۆ زیادکردنی ئەم پۆلە لە بەرهەمی خاو.

پۆلی یەکەم

پۆلی یەکەمی بەرهەمی خاو کە نرخیان لەگەڵ پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا بەرز دەبنەوە، ئەوەیە کە بەدەگمەن هێزی پیشەسازیی مرۆڤ بەهیچ جۆرێک زیادی دەکا. ئەو شتانە لەخۆ دەگرێ کە سروشت بەبڕی دیاریکراو بەرهەمیان دێنێ و، بەسروشت زۆر لەناو دەچن، بەم پێیەش مەحاڵە بەرهەمی چەند وەرزێک بەسەر یەکەوە کەڵەکە بکرێن. ئەمانە بەشی هەرە زۆری باڵدار و ماسییە دەگمەن و ناوازەکان، چەندان جۆری جیاجیای نێچیر، نزیکەی هەموو باڵدارە کێوییەکان، بەشێوەیەکی تایبەت هەموو باڵدارە کۆچەرەکان، هەروەها گەلێ شتی تریشن. کاتێک کە سامان و ئەو خۆشگوزەرانییەی بەدوایدا دێ زیاد

دەبن، خواست لەسەر ئەم شتانەش ڕوو لە زیادبوون دەکا و، هیچ هەوڵێکی پیشەسازیی مرۆڤ ناتوانێ بڕی بەردەست لەمانە لەوە زیاتر بکات کە پێش زیادبوونی خواست لەسەریان هەبووە. بۆیە بڕی ئەم جۆرە کاڵایانە وەک خۆی دەمێنێتەوە، یان نزیک لەو بڕە دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا کە کێبەرکێ لەسەر کڕینیان بە بەردەوامی زیاد دەبێ، بەمەش نرخیان تا ئەوپەڕی پلەکانی زێدەڕۆیی بەرز دەبنەوە و، لەوە ناچێ هیچ سنوورێکی دەستنیشانکراو بتوانێ سنوورداریان بکات. ئەگەر مریشکی کێوی ببێتە کەرەستەیەکی پایەدار و با بڵێین نرخی دانەیەکی بگاتە بیست گینی، ئەوە هیچ هەوڵێکی پیشەسازیی مرۆڤ ناتوانێ ژمارەی ئەوانەی بۆ بازاڕ دەهێنرێن لەو ژمارەیەی ئێستایان زیاتر بکات. ئەو نرخە بەرزەی ڕۆمانەکان، لەو کاتەی لە ترۆپکی مەزنێتیدا بوون، بە باڵدار و ماسیی دەگمەنیان دەدا، بە ئاسانی بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە. ئەم نرخانە لە ئەنجامی بەهای نزمی زیو لەو سەردەمە نەبوون، بەڵکو لەبەر بەهای بەرزی ئەو شتە دەگمەن و ناوازانە بوو کە پیشەسازیی مرۆڤ نەیدەتوانی لە کاتی خۆشیدا زیادیان بکات. بەهای ڕاستەقینەی زیو، ماوەیەک پێش و دوای ڕووخانی کۆمارەکە، بەرزتر بوو لەوەی ئێستا لە بەشی زۆری ئەورووپادا هەیە. سێ سیستری، کە یەکسانە بە نزیکەی شەش پێنسی ئیستەرلینی، ئەو نرخە بوو کە کۆمار بە یەک مۆدیەس یان پێک گەنمی دەیەکی سیسیلی دەدا. هەرچەندە لەوانەیە ئەم نرخە لە خوار نرخی بازاڕەوە بووبێ، لەبەر ئەوەی جووتیارانی سیسیلیایی ناچار بوون ئەم ڕێژەیە لە گەنمەکەیان وەک باج بدەن. لەبەر ئەوە، کاتێک کە ڕۆمانەکان توانییان گەنمەشامیی زیاتر لە بڕی ئەم دەیەکەی گەنم بەدەست بهێنن، ئەوان ناچار بوون بەرامبەر بەو زیادەیە پارەی زیاد بدەن و یەک پێک بە چوار سیستری، یان هەشت پێنسی ئیستەرلینی، بکڕن. هەروەها دەکرێ ئەمە بە نرخی گونجاو، یان نرخی ئاسایی یان تێکڕای گرێبەستی ئەو سەردەمە دابنرێ، کە دەکاتە بیست و یەک شیلین بۆ هەر چارەکێک. پێش ئەم ساڵانی نەهاتییەی دوایی، چارەکێک بە بیست و هەشت شیلین، نرخی ئاسایی گرێبەست بوو بۆ گەنمی ئینگلیز، کە لەڕووی جۆرایەتییەوە لە خوار گەنمی سیسیلیاوەیە و، بەگشتی لە بازاڕەکانی ئەورووپا بەنرخێکی کەمتر دەفرۆشرێ. بۆیە بەهای زیو، لەو سەردەمە کۆنانەدا، بۆ بەهای ئێستا دەبێ چوار بە سێ بێ، واتە، سێ ئۆنس زیوی ئەو سەردەمە هەمان بڕ کار و کاڵای کڕیوە کە چوار ئۆنس زیوی ئێستا دەیانکڕێ. کە لە کتێبەکەی پلینیدا دەخوێنینەوە کە سیۆس بلبلێکی وەک دیاری بۆ ژنە ئیمپراتۆر ئەگریپینا هێناوە، نرخەکەی شەش هەزار سیستری بووە، نزیکەی پەنجا پاوەن بەپارەی ئەمڕۆمان. هەروەها ئەسینیەس سیلەر یەک ماسیی سوڵتان ئیبراهیمی بە هەشت هەزار سیستری کڕیوە کە دەکاتە ٦٦ پاوەن و ١٣ شیلین و چوار پێنس پارەی ئەمڕۆ، زیادەڕۆیی لەم نرخانەدا، چەندە لە هەر کاتێک زیاتر سەرسامان دەکا، گونجاوە، هەرچەندە وا بۆ

ئێمه دەردەکەوێ کە نزیکەی سێیەکێک لەوەی لەڕاستیدا هەبووە کەمتر دێتە پێش چاومان. نرخی ڕاستەقینەیان، بڕی ئەو کار و نشینگەیەی بەرامبەر بەوان دەستیان لێ بەردراوە، نزیکەی سێیەکێک لە نرخی هێماییان زیاترە کە گونجاوە ئەمڕۆ دەری ببڕین. ئەوەی کە سیۆس بە بلبلێکی داوە دەتوانێ بایی ٦٦ پاوەن و ١٣ شیلین و چوار پێنسی ئەم سەردەمەمان کار و نشینگە دەستەبەر بکات. ئەوەشی ئەسینیەس سیلەر بە سوڵتان ئیبراهیمەکەی داوە دەتوانێ بایی ٨٨ پاوەن و نۆ شیلین و نیو پێنسی ئەم سەردەمەمان کار و نشینگە دەستەبەر بکات. ئەوەی بووە مایەی زێدەڕۆیی لەم نرخە بەرزانە، زۆریی زیو نەبوو، بەڵکو زۆریی ئەو کار و نشینگەیە بوو کە ڕۆمانەکان دەیانتوانی دەستبەرداریان بن، لەبەر ئەوەی لە پێوداویستیی بەکارهێنانی خۆیان زیاد بوون. ئەو بڕە زیوەی دەیانتوانی دەستبەرداری بن زۆر کەمتر بوو لەوەی هەمان بڕ کار و نشینگە لەم ڕۆژگارەماندا دەستەبەری دەکا.

پۆلی دووەم

پۆلی دووەمی بەرهەمی خاو کە نرخەکانیان لەگەڵ پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا بەرز دەبنەوە، ئەوانەن کە پیشەسازیی مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ زیادبوونی خواست زیادیان بکات. ئەم پۆلە ئەو ڕووەک و ئاژەڵە بەسوودانە دەگرێتەوە کە، لە وڵاتانی کشتوکاڵنەکراودا، سروشت ئەوەندە بە زۆری بەرهەمیان دێنێ کە بەهایان زۆر کەم بێ یان هەر نەبێ و، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کشتوکاڵدا ناچار دەکرێن جێ بۆ هەندێ بەرهەمی بەقازانجتر چۆڵ بکەن. لە میانی ماوەیەکی درێژی پێشکەوتن لە چاککردنی زەویدا بڕی ئەمانە بە بەردەوامی کەم دەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خواست لەسەریان بە بەردەوامی زیاتر دەبێ. لەبەر ئەوە، بەهای ڕاستەقینەیان، کە بڕی ڕاستەقینەی ئەو کارەیە دەیکڕن یان دەستەبەری دەکەن، پێبەپێ زیاتر دەبێ، تا لەکۆتاییدا ئەوەندە بەرز دەبێ کە بیانکاتە بەرهەمێکی بەقازانجتر لە هەر شتێکی تر کە پیشەسازیی مرۆڤ بتوانێ لە بەپیترین زەوی و بەباشترین شێوە چێنراو بەرهەمی بهێنێ. تا ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە نەتوانێ لەوە بەرزتر بێ. ئەگەر گەیشتە ئەو ئاستە، هەر زوو زەویی زیاتر و پیشەسازیی زیاتر بۆ زیادکردنی بڕەکەیان دەخرێتە گەڕ.

کاتێک کە نرخی ماڵات، وەک نموونە، زۆر بەرز دەبێتەوە و قازانجی بەکارهێنانی زەوی بۆ بەدەستهێنانی خۆراک بۆ ماڵات، بەهەمان شێوەی چاندنی بۆ بەدەستهێنانی خۆراک بۆ مرۆڤ بێ، بەڵام ناتوانێ لەوە بەرزتر بێ. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوە ببێ، ئەوە زوو زەویی زیاتری گەنمەشامی دەبنە لەوەڕگە. فرەوانبوونی کشتوکاڵکردن، بە کەمکردنەوەی بڕی لەوەڕگەی کێوی، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی ئەو گۆشتەی کە

لادێکان بە شێوەیەکی سروشتی بەبێ کار یان چاندن بەرهەمی دێنن و، بە زیادکردنی ژمارەی ئەوانەی گەنمەشامی، یان، گەنمیان بۆ هەمان شت هەیە، نرخی گەنمەشامی، بۆ ئەوەی لە بەرامبەریدا بدرێ، خواستەکە زیاتر دەکا. لەبەر ئەوەی نرخی گۆشت، بەو هۆیەشەوە نرخی مالات دەبێ پێبەپێی بەرز ببێتەوە تا ئەوەندە بەرز دەبێ قازانجی تەرخانکردنی بەپیترین و باش چێنراوترین زەوی بۆ دابینکردنی خۆراک بۆیان وەک قازانجی ئەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی گەنمەشامی تەرخان کراوە. بەڵام دەبێ بەردەوام ماوەیەک بەسەر پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا تێپەڕێ پێش ئەوەی چاندن ئەوەندە بەرفرەوان بێ کە نرخی مالات بۆ ئەو ئاستە بەرز بکاتەوە. تا ئەو بەرزبوونەوەیە بەدەست دەهێنێ، ئەوە ئەگەر وڵاتەکە بەرەوپێش بچێ، دەبێ نرخەکانیان لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدا بن. لەوانەیە هەندێ بەشی ئەوروپا هەبن کە تا ئێستا نرخی مالات تیایاندا ئەوەندە بەرز نەبووەتەوە. لە هیچ شوێنێکی سکۆتلاند، بەر لە یەکگرتن، بەم بەرزییە نەگەیشتووە. مالاتی سکۆتلاندی بەردەوام وابەستەی بازاڕی سکۆتلاند بوو، لە وڵاتێکدا کە بڕی زەویی شیاو تەنیا بۆ لەوەڕاندنی مالات ڕێژەکەی زۆر زیاتر بێ لەو زەوییانەی بۆ شتی تر شیاون، لەوانەیە بەدەگمەن بکرێ نرخەکەیان ئەوەندە بەرز ببێتەوە کە وا بکات زەوی بۆ دابینکردنی خۆراکی مالات تەرخان بکرێ. لە ئینگلتەرە نرخی مالات، وەک تێبینی کراوە، لەوە دەچێ لە دەوروبەری لەندەن لە دەوروبەری سەرەتای سەدەی ڕابردوودا بەم بەرزییە گەیشتبێ، بەڵام نرخەکە لە شوێنانی دوورتری لادێیەکان زۆر درەنگتر بەو ئاستە گەیشت. لەوانەیە لە هەندێک ئەو شوێنانە هێشتا بە کەمی گەیشتبنە ئەو ئاستە بەرزە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەناو هەموو ئەو بابەتانەی ئەم پۆلەی دووەمی بەرهەمی خاو پێک دێنن، لەوانەیە مالات یەکەم بێ کە نرخەکەی بەهۆی بەرەوپێشچوونی پێشکەوتنەوە بۆ ئەم ئاستە بەرز بووبێتەوە.

لەڕاستیدا، تا ئەو کاتەی نرخی مالات دەگاتە ئەو بەرزییە، لەوە دەچێ زۆر بە کەمی، لە زۆربەی زەوییەکاندا، تەنانەت لەو زەوییانەشی کە باشترین توانای کشتوکاڵکرجیهانن هەیە، کشتوکاڵ بە تەواوی بکرێ. هەروەها لە هەموو کێڵگەکانی دوور لە هەر شارێک بۆ ئەوەی زبڵی لێوە بهێنرێ، واتە لە بەشی زۆری هەر وڵاتێکی فرەوان، بڕی زەویی باش کشتوکاڵکراو دەبێ هاوڕێژە بێ لەگەڵ ئەو بڕە زبڵەی کە کێڵگەکە خۆی بەرهەمی دێنێ. ئەمەش لەلای خۆیەوە دەبێ هاوڕێژە بێ لەگەڵ بڕی ئەو مالاتەی کە تیایدا بەخێو دەکرێ. زەوییەکە یان لەو کاتەی مالاتەکە تیایدا دەلەوەڕێ زبڵڕێژ دەکرێ، یان کاتێک مالاتەکە لە تەوێڵەدا ئالیک دەدرێ و لەوێوە ڕیخەکەیان وەک زبڵ بۆ زەوییەکە دەبرێ. بەڵام تا ئەو کاتەی نرخی مالات بەشی کرێ و قازانجی زەوییە چێنراوەکە نەکا، جووتیار ناتوانێ لەسەر زەوییەکە بیانلەوەڕێنێ و، کەمتریش لە ناو تەوێڵەدا ئالیکیان دەدا. تەنیا لەڕێی

بەرهەمی زەویی چاککراو و کشتوکاڵکراوەوە دەتوانرێ ماڵات لە تەوێڵەدا ئالیک بدرێ. لەبەر ئەوەی کۆکردنەوەی بەرهەمی لاواز و پەرتەوازەی زەویی پشتگوێخراو و نەچێنراو پێویستی بە کارێکی زۆرە و خەرجییەکی زۆری تێ دەچێ. لەبەر ئەوە، ئەگەر نرخی ماڵات کاتێک کە ڕێیان پێ دەدرێ لە زەویی چاککراو و کشتوکاڵکراودا بلەوەڕێن بەشی دابینکردنی خەرجیی ئەو زەوییە نەکا، ئەوە ئەو نرخە کەمتر بەش دەکا ئەگەر پێویست بێ بەرهەمی زەوییەکە لەڕێی برێکی سەرباری کارەوە کۆ بکرێتەوە و بۆیان بهێنرێتە ناو تەوێڵەکانەوە. بۆیە لەم هەلومەرجانەدا، ناکرێ ماڵاتی زیاتر لەوەی بۆ جووت پێویستن لە تەوێڵەکاندا ئالیک بدرێن. ئەمانەش هەرگیز ناتوانن ئەوەندە زبڵ دابین بکەن کە هەموو زەوییەکە بە بەردەوامی لە دۆخێکی باشدا ڕاگرێ بۆ ئەوەی بۆ کشتوکاڵ شیاو بێ. کاتێکیش کە ئەو زبڵە بەشی هەموو کێڵگەکە نەکا، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی بۆ ئەو بەشانە تەرخان دەکرێ کە چانجیهانن بەسوودتر و ئاسانترە، کە بەپێترین یان لەوانەیە نزیکترینیان بن لە دەوروبەری کێڵگەکە. بەم شێوەیە، ئەمانە بەردەوام لە دۆخێکی باشدا دەهێڵرێنەوە و بۆ کشتوکاڵ شیاو دەبن. ئەوەی تر، کە بەشی زۆری زەوییەکەیە، بەجێ دەهێڵرێ وەک بۆڕ، کە بە دەگمەن هیچ بەرهەمێکی تری دەبێ جگە لە هەندێ لەوەڕی خراپ کە تەنیا بەشی زیندووڕاگرتنی ماڵاتێکی نیوە برسی دەکا، کێڵگەکە کورتهێنانێکی زۆری دەبێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بۆ چاندنی تەواوی پێویستە، پێویستییەکان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە ڕاستەقینەکەدا زۆرن. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەو زەوییە بۆڕە، دوای ئەوەی بەم شێوازە خراپە بۆ ماوەی شەش یان حەوت ساڵی دوابەدوای یەک لەوەڕی تێدا ئەنجام دەدرێ، دەشێ جووت بکرێ و ئەو کات لەوانەیە بەرهەمێک یان دوو بەرهەمی لاوازی شۆفان، یان هەندێ دانەوێڵەی خراپی هەبێ و، دووبارە بەتەواوی بێهێز دەبێتەوە و، دەبێ جارێکی تر پشووی پێ بدرێ و بکرێتەوە لەوەڕگە و ئینجا بەشێکی تری بکێڵرێ تا ئەویش هێزی لێ دەبڕێ و دیسان بەجێ دەهێڵرێ بۆ ئەوەی بحەسێتەوە. ئەمە پێش یەکگرتنەکە سیستمی بەڕێوەبردنی زەوی بوو لە زۆربەی لادێیە نەوییەکانی سکۆتلاند. ئەو بەشە زەوییانەی بە بەردەوامی باش زبڵ دەکران و لە دۆخێکی باشدا دەپارێزران بەدەگمەن لە سێیەک یان چارەکێکی هەموو زەویی کێڵگە زیاتر دەبوون، هەندێ جاریش کەمتر بوون لە پێنجیەک یان شەشیەکیش. ئەوەی تر هەرگیز زبڵ نەدەکرا، بەڵام ڕێژەیەک لەو بەشەی تر بەردەوام دەچێنرا و دەحەسێنرایەوە. ئاشکرایە لە سایەی ئەم سیستمەی بەڕێوەبردنەدا، تەنانەت ئەو بەشەی زەویی سکۆتلاند کە بۆ کشتوکاڵی باش شیاو بوو بەرهەمێکی کەمی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە دەکرا هەبێ. ئەم سیستمە هەرچەندە زۆر بێسوود بێتە بەر چاوان، نرخی نزمی ماڵات، بەر لە یەکگرتنەکە، هیچ ڕێگەیەکی تری نەهێشتبووەوە. ئەگەر سەرباری بەرزبوونەوەی بەرچاوی

نرخەکانیان، ئەم سیستمە هێشتا لە بەشێکی زۆری وڵاتدا بەردەوامیی هەبێ، ئەوە بێگومان هۆکارەکەی لە گەلێ شوێندا نەزانی و وابەستەبوونە بە نەریتە کۆنەکانەوە، بەڵام لە زۆربەی شوێنەکاندا ئەنجامی ڕێگریگەلێکە کە حەتمین و سروشتی شتەکانە کە دەبنە ڕێگر لە دامەزراندنی خێرا و دەستوبردی سیستمێکی باشتر: یەکەم، هەژاریی کرێچییەکان، کە نەیهێشتووە کاتی ئەوەیان هەبێ بڕێک ماڵاتیان هەبێ کە بەشی چاندنی تەواوتری زەوییەکانیان بکات، هەمان ئەو نرخە بەرزەی وا دەکا بەسوود بێ ماڵاتی زۆرتریان هەبێ وا دەکا بەزەحمەتتر بتوانن ئەو ماڵاتە زۆرەیان دەست بکەوێ و، دووەم، ئەو کاتەیان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی زەوییەکانیان وا لێ بکەن بۆ ڕاگرتنی ماڵاتی زۆرتر گونجاو بێ، ئەوە ئەگەر وای دابنێین کە دەتوانن ئەو ماڵاتە بەدەست بهێنن. زیادکردنی ماڵات و چاکسازیی زەوی دوو ڕووداون کە پێویستە شانبەشانی یەکتر پێش بکەون و، هیچ یەکێکیان ناتوانێ زۆر پێش ئەوەی تریان بکەوێ. بەبێ زیادکردنی ماڵات سەختە هیچ چاکسازییەک لە زەویدا بکرێ، بەڵام دەکرێ زیادبوونێکی کەمی ماڵات دوابەدوای زیادبوونێکی بەرچاوی چاکسازی لە زەویدا بێ. لەبەر ئەوەی ئەگەر پێچەوانەی ئەمە ڕوو بدات زەوی ناتوانێ ماڵاتەکە بژێنێ. ئەم ڕێگرە سروشتییانە لە دامەزراندنی سیستمێکی باشتر بەبێ دەستگرتنەوە و ئیشکردن بۆ ماوەیەکی زۆر لانابرێن و، لەوانەیە نیو سەدە یان سەدەیەکی تر پێویست بێ بۆ ئەوەی سیستمە کۆنەکە، کە خەریکە وردەوردە لەناو دەچێ، بەتەواوی لە گشت بەشەکانی وڵاتدا هەڵوەشێتەوە. لەوانەیە لەنێو هەموو ئەو سوودە بازرگانییانەی سکۆتلاند بە یەکگرتن لەگەڵ ئینگلتەرە بەدەستیانی هێنا، ئەم بەرزبوونەوەیەی نرخی ماڵات مەزنترینیان بێ. چونکە ئەمە تەنیا بەهای موڵکەکانی بەرزاییەکانی بەرز نەکردەوە، بەڵکو بووە هۆی پێشکەوتن لە نزماییەکانیشدا.

لە هەموو کۆڵۆنییە تازەکاندا بڕی زۆری زەویی بەیار، کە بۆ چەندان ساڵ جگە لە لەوەڕاندنی ماڵات بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکار نەدەهێنران، زۆری نەبرد ژمارەی ماڵاتی زۆر کرد و، لە هەموو شتێکدا هەرزانیی زۆر ئەنجامی زیادبوونی زۆریەتی. هەرچەندە هەموو ماڵاتی کۆڵۆنییەکانی ئەورووپایی لە ئەمەریکا لە بنەڕەتدا لە ئەورووپاوە بۆ ئەوێ برابوون، بەڵام لەوێ زۆر زوو بەخێرایی زیادیان کرد و، بەهایان زۆر کەم بووەوە، تەنانەت وای لێ هات ئەسپەکان بەڕەڵای ناو دارستانەکان بکرێن بەبێ ئەوەی بەلای خاوەنەکانیانەوە شایانی ئەوە بن کە بەدوایاندا بچن. دەبێ کاتێکی زۆر بەسەر ئەو کۆڵۆنییانەدا تێپەڕێ پێش ئەوەی لەوەڕاندنی ماڵات، بە بەرهەمی چێنراوی زەوی، قازانج بداتەوە. هەر ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی پێویستی بۆ زبڵ و ناهاوڕێژەیی نێوان ماڵاتی بەکارهێنراو لە کشتوکاڵ و ئەو زەوییەی مەبەستە کشتوکاڵی تێدا بکرێ، ببنە مایەی بەرهەمهێنانی سیستمێکی کشتوکاڵی کە جیاواز نەبێ لەوەی کە هێشتا لە گەلێ

بەشی سکۆتلاند پیادە دەکرێ. بەڕێز کالم، گەڕیدەی سویدی، کە باسی کشتوکاڵ لە هەندێ کۆلۆنییەکانی ئینگلیز لە باکوری ئەمەریکا دەکا، ئەوەی لە ساڵی ١٧٤٩دا بینیویەتی، تێبینیی ئەوە دەکا کە لەوێ بەپێی ئەو دۆخەی بینیویەتی زەحمەت بووە بۆی جێدەستی کەسایەتیی گەلی ئینگلیزیان پێوە ببینێ، کە گەلێکی زۆر لێهاتوون لە لقە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵدا. ئەو دەڵێ، ئەوان بەدەگمەن هیچ زبڵێک بۆ کێڵگەی گەنمەشامیەکانیان بەکار دێنن، کاتێکیش پارچە زەوییەک بەهۆی بەرهەمهێنانی بەردەوامەوە ماندوو دەبێ، پارچە زەوییەکی تری نوێ خاوێن دەکەنەوە و دەیچێنن و، کە ئەویش پەکی دەکەوێ، دەچنە سەر پارچەیەکی سێیەم. ماڵاتەکەیان بەڕەڵای ناو دارستانەکان و زەوییە کشتوکاڵنەکراوەکان دەکەن بۆ لەوەڕ، کە تیایاندا نیوە برسی دەمێنن، دوای ئەوەی لە کاتێکی زووی بەهاراندا پێش ئەوەی گیای وەرزی گوڵ بکات، یان تۆوەکەی بڵاو بکاتەوە، کە باشترین گیای سروشتین لەو بەشەی باکوری ئەمەریکادا، ماڵاتەکە هەمووی دەخۆن، ئەو گیایانە کاتێک کە یەکەم جار ئەوروپاییەکان لەوێ نیشتەجێ بوون زۆر بەچڕی دەڕوان و سێ تا چوار پێ بەرز دەبوونەوە. پارچەیەک زەوی، کە لەو کاتەی ئەو لەسەری نووسیوە، بەشی لەوەڕاندنی یەک مانگای نەکردووە، پێشتر بەشی لەوەڕاندنی چواری کردووە کە هەر یەکێکیان چوار ئەوەندەی ئەو مانگایەی ئێستا شیری داوە. بەبۆچوونی ئەو، هەژاریی لەوەڕگە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ماڵاتەکەیان، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەشێوەیەکی بەرچاو ئاستیان نزم بووەتەوە. لەوانەیە زۆر جیاواز نەبن لەو نەوە لاتەی کە سی یان چل ساڵ بەر لە ئێستا لە سکۆتلاند بڵاو بووبووەوە و، ئێستا لە زۆربەی نزماییەکانی وڵاتدا زۆر بەهێزتر بوونە، نەک بەهۆی گۆڕینی جۆرەکەیان بەڵکو بەهۆی شێوازی گونجاوی بەخێوکرجیهاننەوە لە هەندێ شوێن و، شێوازی باشتر لەوەڕانجیهاننەوە ئەمە ڕووی داوە.

هەرچەندە زۆری بەسەردا دەچێ لە پێشکەوتنی چاکسازیی زەوی پێش ئەوەی ماڵات بتوانێ نرخێک پەیدا بکات کە بەهۆیەوە چاندنی زەوی بەمەبەستی دابینکردنی ئالیک بۆیان قازانجدار بێ، بەڵام هێشتا لە هەموو ئەو بەشانەی ئەم پۆلەی دووەمی بەرهەمی خاو، لەوانەیە ماڵات یەکەمیان بێ کە ئەو نرخە پەیدا بکات. لەبەر ئەوەی لەوە دەچێ بەر لە بەدەستهێنانی ئەو نرخە مەحاڵ بێ ئەو پێشکەوتنە بگەیەنرێتە نزیک ئەو ئاستی کامڵبوونەی لە گەلێ بەشی ئەوروپادا پێی گەیشتووە.

وەک چۆن ماڵات لە یەکەمەکانە، گۆشتی ئاسک لە بەشەکانی دوایینی ئەم پۆلە بەرهەمە خاوانەیە کە دەتوانن ئەو نرخە بەدەست بهێنن. نرخی گۆشتی ئاسک لە بریتانیای مەزندا، چەند وا دەرکەوێ کە زیدەڕیی تێدا کراوە، نزیک نابێتەوە لەوەی بەشی قەرەبووکردنەوەی خەرجیی باخچەیەکی ئاسک بەخێوکردن بکات، وەک لای ئەو کەسانە

ڕوونه كه ئەزموونیـان له لەوەڕانـدنی ئاسـكدا هەیه. ئەگەر وا نەبـێ، ئەوە بەخێـوكردنی ئاسـك زوو دەبێـتە بـابەتێكی ئاسـایی جووتیـاری، هاوشـێوەی بەخێـوكردنی ئەو باڵـداره بچكۆلانەی پێیان دەگوترێ توردی لەلایەن ڕۆمـانە كۆنەكانەوە. ڤارۆ و كۆلمێلا جەختمـان بـۆ دەكەن كه بـابەتێكی زۆر بەقـازانج بـووە. دابەسـتینی ئۆرتـۆلان، ئەو باڵـداره كۆچەرەی بەلاوازی دەگـاته ولات، وەک دەگـوترێ له هەنـدێ بەشـی فرانسـەدا وایه. ئەگەر گۆشـتی ئاسک وەک شتێكی باو بمێنێتەوە و، سامان و خۆشگوزەرانیی بریتانیای مەزن وەک چەند جارێكی تر له ڕابردوودا بووە، زیاتر ببێ، ئەگەری زۆره كه نرخەكەی له ئێستا زیاتر بەرز ببێتەوە.

لەنێوان ئەو مـاوەیەی پێشـكەوتنی چـاككردنی زەویـدا كه تیایـدا نرخـی بـابەتێكی زۆر پێویسـتی وەک مـالات دەگـاته بەرزتـرین ئاسـت و، ئەوەی تیایـدا نرخـی بـابەتێكی خۆشگوزەرانیی وەک گۆشتی ئاسک دەگاته ئەو ئاستە، كاتێكی زۆر هەیه كه تیایدا گەلێ جۆری تـری بەرهەمـی خـاو دەگەنه بەرزتـرین نرخەكانیـان، هەنـدێكیان زوو و هەنـدێكیان درەنگتر بەگوێرەی هەلومەرجی جۆراوجۆر بەو نرخانه دەگەن.

بەم شێوەیه شتی زیادی كۆگه و تەوێڵەكان له هەر كێڵگەیەكدا ژمـارەیەكی دیـاریكراو پەلەوەر دەژیێنن. ئەم پەلەوەرانه كه ئەو شـتانه دەخـۆن، ئەگەر ئەوان نەیـانخۆن بەهەدەر دەچـن، ئەوان تەنیـا وا دەكەن هـیچ بەفیـڕۆ نەچـێ، هەروەهـا لەبەر ئەوەی بـۆ جووتیـار بەدەگمەن هیچیـان تـێ دەچـێ، ئەو دەتـوانێ بەرامـبەر به نرخێكـی زۆر كەم بیانفرۆشـێ. نزیكەی هەموو ئەوەی دەستی دەكەوێ دەسكەوتێكی ڕووته و، بەدەگمەن نرخیان ئەوەنده كەمه كه له بەخێوكرجیهانن بەو ژمارەیه ساردی بكاتەوە. بەلام لەو ولاتـانەی كشـتوكاڵیان كەمه و، بەو پێـیەش دانیشـتووانیان كەمه، پەلەوەریـش بەبـێ هـیچ خەرجیـیەک بەخێـو دەكـرێن، بەتەواوی بەشـی بەدەنگەوەچـوونی تەواوی خواسـت دەكەن. بـۆیه لەم دۆخەدا هێنـدەی گۆشـت، یـان هەر جـۆره خـۆراكێكی تـری ئـاژەڵی، هەرزانـن. بەلام تەواوی بـڕی پەلەوەر، كه بەم شێوازه بەبێ خەرجی له كێڵگەدا بەرهەم دەهێنرێ، دەبێ بەردەوام زۆر كەمتـر بـێ له تەواوی بـڕی ئەو گۆشـتەی كه بەهـۆیەوە بەخێـو كـراوە. لەو كاتانەشـدا كه سـامان و خۆشـگوزەرانی كەمـن، تەنیـا جیـاكەرەوەیەكی یەكسـانیان هەیه، بەردەوام شـتی هـاوبەش ویسـتراوتر دەبـێ. لەگەڵ زیـادبوونی سـامان و خۆشـگوزەرانیدا، له ئەنجـامی چاكسـازیی زەوی و كشـتوكاڵ، نرخـی پەلەوەر وردەورده بەرز دەبێـتەوە بـۆ سـەرووی نرخی گۆشت، تا لەكۆتاییدا وای لێ دێ چاندنی زەوی بۆ دابینكردنی خۆراک بۆیان قـازانج دەداتەوە. كـاتێكیش ئەو ئاسـته بەرزه بەدەسـت دێنـێ نـاتوانێ زیـاتر بەرز ببێتەوە. ئەگەر زیـاتر بەرز ببێتەوە، زەویـی زیـاتر بـۆ ئەم مەبەسـته تەرخـان دەكرێ. له گەلـێ پـارێزگەی فرانسـەدا، ئالیكـدانی پەلەوەر به یەكـێ له بـابەته زۆر گرنگەكـانی ئـابووریی لادێ دێـته

ژمـاردن و، ئەوەنـدە بەقـازانجە کە هـانی جووتیـاران بـدات بـۆ ئەوەی بڕێکـی زۆر گەنمەشامیی هیندی و گەنمی ڕەش بۆ ئەم مەبەستە بچێنن. هەندێ جاران، جووتیارێکی ئاسایی لەوێ ٤٠٠ باڵداری لە پەنای ماڵەکەیدا هەیە. لەوە دەچێ بەخێوکردنی پەلەوەر لە ئینگلتەرەدا زۆر کەم بێ، هەرچەندە بە بابەتێکی زۆر گرنگ دەژمێررێ. لەڕاستیدا پەلەوەر لە ئینگلتەرە زۆر گرانترن وەک لە فەڕەنسە، بەڵام ئینگلتەرە بڕی زۆری لە فەڕەنسەوە بۆ دێن. لە میانی پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا، ئەو ماوەیەی هەر خۆراکێکی ئاژەڵی تیایدا گرانترینە دەبێ بەشێوەیەکی سروشتی ئەو ماوەیە بێ، کە ڕاستەوخۆ پێش ئەوە دێ کە تیایدا خەڵک ڕوو دەکەنە چاندنی زەوی بۆ بەخێوکردنی ئەو ئاژەڵە. ماوەیەک بەر لەوەی ئەم کردەوەیە ببێ بە شتێکی گشتی، کەمبوون دەبێتە مایەی بەرزبکردنەوەی نرخ. دوای ئەوەی کە بووە گشتی، ئامرازی نوێی ئالیکدان دەدۆزرێنەوە، کە یارمەتیی جووتیار دەدەن بتوانێ لە هەمان بڕ زەویدا بڕێکی زۆرتر لە جۆرێکی دیاریکراوی خۆراکی ئاژەڵ دابین بکات. زۆربوونەکە نەک تەنیا ناچاری دەکا بە هەرزانتر بفرۆشێ، بەڵکو لە ئاکامی ئەم پێشکەوتنانەش دەتوانێ هەرزانتر بفرۆشێ. لەبەر ئەوەی ئەگەر نەتوانێ بفرۆشێ ئەو زۆرییە ماوەیەکی درێژ بەردەوامیی نابێ. لەوانەیە هەر بەم شێوەیەش پەیدابوونی وێنجە، شێلم، گێزەر، کەلەم، هتد، بەشداریی لە دابەزاندنی نرخی ئاسایی گۆشت لە بازاڕی لەندەندا کردبێ بۆ ئاستێکی کەمێک لە خوارەوەی ئاستی سەرەتای سەدەی ڕابردوو.

بەراز، کە خۆراکی خۆی لەناو پیسیدا دەدۆزێتەوە و بەگوڕ گەلێ شت لووش دەکا کە هەر ئاژەڵێکی تری بەسوود ڕەتی دەکاتەوە، هاوشێوەی پەلەوەر، لە بنەڕەتدا وەک "هیچ بەفیڕۆ مەدە" ڕادەگیرا. تا ئەو ئاستەی ژمارەی ئەم جۆرە ئاژەڵانەی کە دەکرێ بە خەرجییەکی کەم یان بەبێ خەرجی بەخێو بکرێن، بەتەواوی بەشی بەدەنگەوەچوونی خواست بکات، ئەم جۆرە گۆشتە بە نرخێکی زۆر نزمتر لەوانی تر دێتە بازاڕەوە. بەڵام کە خواست بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی ئەم بڕەی کە دابین دەکرێ و، پێویست دەبێ خۆراک بۆ ئالیکدان و دابەستینی بەراز دابین بکرێ، بەهەمان شێوەی ئالیکدان و دابەستانی ماڵاتی تر، نرخەکە بەرز دەبێتەوە و، هاوڕێژە لەگەڵ گۆشتەکانی تردا بەرزتر یان نزمتر دەبێ، بەگوێرەی سروشتی وڵاتەکە و، دۆخی کشتوکاڵەکەی، گرانی یان هەرزانیی خۆراکی بەراز لە چاو خۆراکی ئاژەڵانی تر. لە فەڕەنسە، وەک بەڕێز بەفن دەڵێ، نرخی گۆشتی بەراز نزیکی یەکسانە لەگەڵ نرخی گۆشتی گا. ئێستا لە زۆربەی بەشەکانی بریتانیای مەزندا تا ڕادەیەک گرانترە.

بەرزبـوونەوەی زۆری نرخـی هەریەک لە بەراز و پەلەوەر لەبریتانیـای مەزنـدا دەگەڕێنرێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی کۆخنشینان و دانیشتووانی بچووکی سەر خاک، کە ئەمە ڕووداوێک بوو لە هەموو بەشێکی ئەورووپا ڕاستەوخۆ دەکەوتە پێش چاکسازیی

زەوی و کشـــتوکاڵی باشـــترەوە، بەڵام لەهەمـــان کاتـــدا لەوانەیە بەشـــداریی هەبـــێ لە بەرزکردنەوەی نرخی ئەم بابەتانە بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک زووتر و خێراتر لەوەی بەبێ ئەم ڕووداوە دەهـاتە کـایەوە. لە کاتێکدا کە هەژارتـرین خێزانێـک دەتـوانێ بەبێ خەرجی پشیلەیەک یان سەگێک ڕاگرێ، بەهەمان شێوە هەژارترینی ئەوانەی زەوییان بەدەستەوەیە بەگشتی دەتوانن کەمێک پەلەوەر، یان ماڵۆسێک و چەند بەرازێک، بە خەرجییەکی زۆر کەم ڕاگـرن. بەرمـاوەی کەمـی سـەر خوانەکانیـان، ئـاوی شـیر، شـیری بـێ چەوری و، دۆیەکەیـان بەشـێک لە خـۆراکی ئەم ئـاژەڵانە دابـین دەکەن و، خۆشـیان ئەوەی تـری، لە کێڵگەکـانی دەوروبەر، بەبـێ زیـانی بەرچـاو بـۆ هـیچ کەسـێک، دەدۆزنەوە. بـۆیە، بە کەمبـوونەوەی ژمـارەی ئەم نیشـتەجێ بچووکـانە، بـڕی ئەم جـۆرە ئـازووخەیە، کە بە خەرجییەکی کەم یـان بەبێ خەرجـی بەرهەم دەهـاتن، بەڕادەیەکـی زۆر لەنـاو چـوون و، ئەمەش زوو یـان درەنـگ دەبێتە مـایەی بەرزبـوونەوەی نرخیـان. بەڵام لەگەڵ پێشـکەوتنی چاککردنی زەویدا، زوو یـان درەنـگ، دەبێ بەرز ببنەوە تـا بەرزترین ئاستێک کە توانـای بەرزبـوونەوەی هەبـێ، یـان بـۆ ئەو نـرخەی کە دەتـوانێ کـار و خەرجیـی چانـدنی ئەو زەویـیەی خۆراکیـان بـۆ دابـین دەکەن پـڕ بکـاتەوە وەک ئەوەی بەشـی زۆری زەویـی کشتوکاڵی دەیکا.

بازرگـانیی سـپیاتی، وەک بەخێـوکردنی بەراز و پەلەوەر، لە بنەڕەتـدا وەک کارێـک بـۆ بەهەدەرنەدانی هیچ شتێک بوو. ئەو ماڵاتەی لە کێڵگەدا بەخێو دەکرا شیری زیاتری لەوانە بەرهەم دەهێنا کە پێویست بوو بۆ بێچووەکانیان یان بۆ بەکاربردنی خێزانی جووتیارەکە و، زۆربەی ئەو بەرهەمە لە یەک وەرزی دیـاریکراودایە. بەڵام لەنێـو گشـت بەرهەمەکـانی زەویدا، شیر لە هەمووی زیاتر تێک دەچێ. لە وەرزی گەرمـا، کە شـیر زۆرتـرە، بەدەگمەن بۆ بیست و چوار سعات دەپارێزرێ. جووتیار لەڕێی دروستکردنی کەرەوە بەشێکی کەمـی بۆ ماوەی هەفتەیەک کۆگە دەکا: بە دروسـتکردنی کەرەی سـوێر یەک سـاڵ دەیپـارێزێ و، بە دروسـتکردنی پەنیـر بەشـێکی زیـاتری بـۆ چەنـد سـاڵێک دەپـارێزێ. بەشـێک لە هەمـوو ئەمانە بۆ بەکارهێنان لەلایەن خێزانەکەی خۆیەوە هەڵدەگیرێ. ئەوەی تر بـۆ بـازاڕ دەچێ، بۆ ئەوەی باشترین نرخی خۆی لەوێ بەدەست بهێنێ و، کەم جاران ئەو نـرخە ئەوەنـدە کەمە وا بکـات ئەوەی لەخـۆی و خێـزانەکەی زیـادە بـۆ بـازاڕی نەنێـرێ. لەڕاسـتیدا ئەگەر نـرخەکە زۆر نـزم بـوو، ئەوە سـپیاتییەکەی بە شـێوازێکی زۆر پـیس بەڕێـوە دەبـا و، کەم جاران بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەوە دەهێنێ ژوور یان باڵەخانەی بۆ تەرخـان بکـات، بەڵکو کارەکە لە نـاو دووکەڵ و پیسـی و نـاڕێکیی ناندینەکەیدا بەڕێوە دەبـا، وەک ئەوەی دۆخـی سپیاتیی نزیکەی هەموو جووتیارانی سکۆتلاند بوو لە سی یان چل ساڵی بەر لە ئەمڕۆ و، هێشتا دۆخی گەلێک لەوانە. هەمان ئەو هۆکارەی پێبەپێ نرخی گۆشـتی بەرز کـردەوە، کە

زیـــادبوونی خواســـته و، ئاكـــامی پێشـــكەوتنی وڵاتە، كەمبـــوونەوەی بـــڕی ئەوانەی بە خەرجییەكـی كەم یـان بێ خەرجـی ئالیـك دەدرێن، بەهەمـان شـێوە نرخـی سـپیاتی بەرز دەكـــاتەوە، كە نـــرخەكەی بەشـــێوەیەكی سروشـــتی ڕاســـتەوخۆ بەنرخـــی گۆشـــتەوە بەستراوەتەوە، یـان بە خەرجیی ئالیكدانی مـاڵاتەوە بەستراوەتەوە. زیـادبوونی نـرخ كـاری زیاتر و، گرنگیدان و خاوێنیی زیاتر دابین دەكات. سپیاتی زیاتر دەبێتە مـایەی بایەخپێدانی جووتیار و، پێبەپێی جۆری بەرهەمەكە باشتر دەبێ. لەكۆتاییدا نـرخ ئەوەندە بەرز دەبێتەوە كە وای لێ دێ شایانی تەرخانكردنی هەندێ بەپیتترین و باشتر كشتوكاڵكراوی زەوی بێ، بۆ ئالیكدانی مـاڵات تەنیا لەبەر سـپیاتیەكە، هەر كـاتێكیش گەیشـتە بەرزتـرین نـرخ نـاتوانێ بەرزتر ببێ. كـاتێكیش گەیشـتە بەرزتـرین نـرخ، هەر زوو زەویـی زیـاتر بۆ ئەم مەبەسـتە تەرخـــان دەكـرێ. لەوە دەچـــێ لە زۆربەی بەشـــەكانی ئینگلـــتەرە بەم بەرزتـــرین نـــرخە گەیشتبێ، بۆیە باشترین زەوی بەگشتی بەم شێوەیە بەكار دێ. ئەگەر دەوروبەری چەنـد شارێكی گەورەی كەم وەلاوە بنێی، لەوە دەچێ لە هیچ شوێنێكی سكۆتلاند، كە جووتیـاران زۆر بە كەمـی زەویـی بـاش بـۆ بەرهەمهێنـانی خـۆراك بـۆ مـاڵات تەنیـا لەبەر شـیرەكەی تەرخان دەكەن، بەم بەرزییە نەگەیشتبێ. نرخـی بەرهەمەكە هەرچەنـدە لەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا زۆر بەرز بـووەتەوە، لەوانەیە هێشـتا زۆر نزمتـر بـێ لەوەی كە ئەمەی لەپێنـاودا بكرێ. لەڕاستیدا نزمیی جۆرایەتی، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمـی سـپیاتیی ئینگلـتەرە، تەواو یەكسـانە لەگەڵ نزمیـی نـرخەكەدا. بەڵام لەوانەیە ئەم نـزمییە لە جۆرایەتیـدا زیـاتر بەهـۆی نزمیی نرخەوە بێ، نەك هۆكار بێ بۆ نزمیی نرخ. من وای دەبینم چەنـد جۆرایەتی باشـتر بێ، بەشی زۆری ئەوەی بۆ بـازاڕ دێ نـاتوانێ لەم هەلـومەرجەی ئێسـتادا بە نرخێكی لەوە باشتر بفرۆشرێ و، ئەو نرخەی ئێستا لەوانەیە نەتوانێ خەرجیی زەوی و كـاری پێویسـت بـۆ بەرهەمهێنـانی جۆرایەتییەكی باشـتر دابـین بكـات. لەگەڵ ئەوەی لە بەشـی هەرە زۆری ئینگلـتەرە، جیـا لە بەرزیـی نـرخ، سـپیاتی نـاتوانی بەكارهێنـانێكی بەقازانجتری زەوی پەیـدا بكات، كە قازانجەكەی لە چاندنی گەنمەشامی زیاتر بێ، یان لە دابەستانی ماڵات زیـاتر بێ، كە دوو بابەتی گرنگی كشتوكاڵن. لە بەشی هەرە زۆری سـكۆتلاند، تەنـانەت نـاتوانێ بەقەد ئەوانیش بەقازانج بێ.

ئاشكرایە كە زەویی هیچ وڵاتێك ناتوانێ بەتەواوی بچێنرێ و چاك بكرێ تا ئەو كـاتەی نرخـی هەمـوو بەرهەمێك، كە پیشەسـازیی مـرۆڤ ناچـارە بە پشتبەسـتن پێیـان زیـاد ببێ، ئەوەندە بەرز بكاتەوە تاوەكو بتوانێ خەرجیی تەواوی چاككردن و چاندن دابین بكـات. بۆ ئەوەی ئەمە بێـتە دی، دەبـێ نرخـی هەر بەرهەمێكـی دیـاریكراو بەش بكـات بـۆ، یەكەم، دابینكردنی كرێی زەویی گەنمەشـامیی بـاش، كە ڕێكخەری كرێی زۆرترین بەشـی زەوییە كشتوكاڵییەكانی ترە و، دووەم، دابینكردنی كـار و خەرجیی جووتیـار هاوشـێوەی ئەوانەی

بۆ زەویی گەنمەشامیی باش دەدرێن، یان بە وتەیەکی تر، بۆ جێگرتنەوەی قازانجی ئاسایی ئەوماڵەی بۆی بەگەڕ دەخا. بەرزبوونەوە لە نرخی هەر بەرهەمێکی دیاریکراودا دەبێ بەڕوونی پێش چاککردن و چاندنی ئەو زەوییە بێ کە بەرەو بەرهەمهێنانی دەچێ. دەسکەوت کۆتایی هەموو چاکسازییەکانە و، هیچ شتێک کە زیان ئەنجامی بێ یەکودوویەتی، ناتوانێ شایانی ئەو ناوە بێ. بەڵام دەبێ زیان ئەنجامی حەتمیی چاکسازیی زەوی بێ بۆ بەرهەمێک کە هەرگیز خەرجییەکەی خۆی دەر نەکا. ئەگەر چاککردن و کشتوکاڵی تەواوی وڵات، وەک ئەوەی هەیە، مەزنترینی سوودە گشتییەکان بن، ئەم بەرزبوونەوەی نرخەی هەموو جۆرە جیاکانی بەرهەمی خاو، لەجیاتی ئەوەی بە کارەساتێکی گشتی دابنرێ، بە پێشەکییەکی پێویست و هاوشانی گەورەترین سوودی گشتی دادەنرێ.

هەروەها ئەم بەرزبوونەوەیە لە نرخی هێمایی یان نرخی بەپارەی هەموو ئەم جۆرە جیایانەی بەرهەمی خاو کاریگەریی هیچ دابەزینێکی بەهای زیو نەبوون، بەڵکو کاریگەریی بەرزبوونەوەی نرخی ڕاستەقینەیانن. ئەوانە بوونە شایانی، نەک تەنیا بڕێکی زیاتری زیو، بەڵکو بڕێکی زیاتری کار و بژێوی بۆ گەیانجیهانن بە بازاڕ، بۆیە کە بۆ ئەوێ دەهێنرێن، بایی بڕێکی زۆرترن.

پۆلی سێیەم

پۆلی سێیەم و دواپۆلیی بەرهەمە خاوەکان، کە نرخیان بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا بەرز دەبێتەوە، ئەوانەن کە کاریگەریی پیشەسازیی مرۆڤ، لەسەر زیادکردنی بڕەکەیان یان سنووردارە یانیش ناڕوونە. هەرچەندە نرخی ڕاستەقینەی ئەم پۆلەی بەرهەمە خاوەکان، بەشێوەیەکی سروشتی مەیلی بەرزبوونەوەیان لە میانی پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا هەیە، بەڵام بەپێی ڕووداوگەلی جۆراوجۆر لەوانەیە هەوڵەکانی پیشەسازیی مرۆڤ بۆ زیادکردنی بڕەکانیان زۆر یان کەم سەرکەون، لەوانەشە هەندێ جار کەمیان بکەنەوە و، هەندێ جاریش لە قۆناخگەلی زۆر جیای پێشکەوتندا وەک خۆیان بمێننەوە و، جاری تریش زۆر تا کەم لە هەمان قۆناخدا زیاد بکەن.

هەندێ جۆرە بەرهەمی خاو هەن کە سروشت کردوویانی بە دەرهاویشتەی جۆرگەلی تر، واتە بڕی یەکێکیان کە هەر وڵاتێک دەتوانێ بەرهەمی بهێنێ وەک پێویستییەک لەلایەن بڕی ئەوەی تریانەوە سنووردار کراوە. بڕی خوری یان پێستەی خاو، بۆ نموونە، کە وڵاتێک دەتوانێ بەرهەمیان بهێنێ وەک پێویستییەک لەلایەن ژمارەی زۆر یان کەمی مەڕ و ماڵاتی ئەو وڵاتەوە سنووردار کراوە. دۆخی پێشکەوتنی، سروشتی کشتوکاڵەکەشی دووبارە ئەم ژمارەیە سنووردار دەکەن.

هەمان ئەو هۆکارانەی، لە میانی پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا، پێبەپێ نرخی گۆشت بەرز دەکەنەوە، هەمان کاریگەرییان لەسەر نرخی خوری و پێستەی خاو هەیە و، بەنزیکەی هەمان ڕێژەش بەرزیشیان دەکەنەوە. لەوانەیە لە سەرەتا سادەکانی پێشکەوتندا، بازاڕی ئەم کاڵایانەی دوایی، لەنێو سنوورگەلێکی تەنگی هاوشێوەی ئەوەی یەکەم قەتیس بووبێ. بەڵام فرەوانیی بازاڕی هەر یەک]کیان تەواو لەوەی تر جیایە.

بازاڕی گۆشت لە نزیکەی هەموو شوێنێکدا لەناو سنووری ئەو وڵاتەیە کە بەرهەمی دێنێ. ئایرلاند و هەندێ بەشی ئەمەریکای بریتانیایی لەڕاستیدا، بەشێکی زۆری بازرگانیی گۆشتی سوێرکراو بەڕێوە دەبەن، بەڵام من بڕوام وایە کە ئەوان تەنیا وڵاتێکن لە جیهانی بازرگانیدا کە ئەمە دەکەن، یان بەشێکی زۆری گۆشتیان بۆ وڵاتانی تر هەناردە دەکەن.

بازاڕی خوری و پێستەی خاو، لە سەرەتا سادەکانی پێشکەوتندا زۆر بەکەمی لەو وڵاتانەدا دەمێننەوە کە بەرهەمیان دێنن. ئەوان بە ئاسانی بۆ وڵاتانی دوور دەگوازرێنەوە، خوری بەبێ هیچ ئامادەکارییەک و، پێستەی خاو لەگەڵ هەندی ئامادەکاریی زۆر کەم دەگوازرێتەوە، لەبەر ئەوەش کە ئەمانە کەرەستەی گەلێ پیشەسازین، پیشەسازیی وڵاتانی تر لەوانەیە خواستێکیان لەسەر دروست بکەن، هەرچەندە پیشەسازیی ئەو وڵاتەی بەرهەمیان دێنێ هیچ خواستێکیان لەسەر دروست ناکەن.

لەو وڵاتانەی کە کشتوکاڵیان لاوازە و، بەو هۆیەشەوە دانیشتووانیان کەمن، نرخی خوری و پێستەی خاو بەردەوام بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە ڕێژەی تەواوی ئاژەڵانی هەیە، زیاتر لەوەی لەو وڵاتانەدا، کە لەڕووی چاکسازیی زەوی و دانیشتووانداه لەپێشترن، خواستی زیاتر لەسەر گۆشت هەیە. بەڕێز هیوم تێبینیی ئەوە دەکا کە لە سەردەمانی ساکسۆنەکاندا خورییەک دوو پێنجیەکی بەهای تەواوی مەڕەکەی هەبوو و، ئەمەش زۆر بەرزتر بوو لە ڕێژەی پێشبینیکراوی ئێستای. لە هەندێ پارێزگەی ئیسپانیا، جەختم بۆ کراوە، زۆربەی جاران مەڕەکە تەنیا لەبەر خورییەکەی و بەزەکەی دەکوژرێ. زۆربەی جاران لاشەکە لەسەر زەوی بەجێ دەهێڵرێ بۆ ئەوەی بڕزێ یان ئاژەڵ و باڵداری گۆشتخۆر بیخۆن. ئەگەر ئەمە لە ئیسپانیا جاروبار ڕوو بدات ئەوە لە چیلی، لە بۆینس ئایرس و، گەلێ بەشی تری ئەمەریکای ئیسپانیایی ڕوو دەدا، کە بەردەوام ماڵاتی شاخدار تەنیا بۆ پێستە و بەزەکەی دەکوژرێ. ئەمەش بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام لە هیسپانیۆلا ڕووی دەدا، لە کاتێکدا کە پڕ بوو لە چەتە دەریاییەکان، پێش ئەوەی لەلایەن جووتیارە فرانسەییەکانەوە ئاوەدان بکرێتەوە و پێش بخرێ (کە ئێستا درێژەی کێشاوە بەدەوری نزیکەی هەموو کەناراوەکانی نیوەی ڕۆژئاوای دوورگەکەدا) ئەوانیش هەمان بەهایان بۆ ماڵاتی ئیسپانیەکان دانابوو، کە ئەمە ئێستاش بەردەوامە، نەک تەنیا لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کەناراوەکەدا، بەڵکو لە تەواوی بەشە شاخاوییەکەی ناوەوەی وڵاتەکەشدا.

هەرچەنــدە لەگەڵ پێشــکەوتنی چاکســازیی زەوی و نیشــتەجێبووندا نرخــی تەواوی ئاژەڵەکە بەرز دەبێتەوە، بەڵام هێشتا نرخی لاشەکە لەوە دەچێ بەڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەم بەرزبوونەوەیەدا بێ، نەک بەرزبوونەوەی نرخی خوری و پێستەکە بێ. بازاڕی لاشــەکە، کە لە دۆخــی ســادەی کۆمەڵگەدا بەردەوام لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا قەتیس بوو کە بەرهەمی دەهێنا، دەبێ هاوڕێژە لەگەڵ پێشکەوتن و نیشتەجێبوونی ئەو وڵاتەدا فرەوان ببێ. بازاڕی خوری و پێستەی وڵاتێکی کێویش زۆربەی جار بەڕووی جیهانی بازرگانیدا دەکرێتەوە، بەڵام زۆر بە کەمی دەتوانێ بەهەمان ڕێژە گەورە ببێ. دۆخی تەواوی بازرگانیی جیهان کەم جاران دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنی وڵاتێکی دیاریکراوەوە، هەروەها بازاڕی ئەم جۆرە کاڵایانە لە دوای ئەو پێشکەوتنە یان وەک خۆی دەمێنێتەوە یان نزیکەی وەک پێش ئەو پێشکەوتنە دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دۆخی سروشتیی شتەکاندا دەبێ زیاتر بێ لەوەی کە گشتەکە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەدا تا ڕادەیەک فرەوانتر ببێ. ئەگەر پیشەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ئەم کاڵایانە کەرەستەیانن، لە وڵاتەکەدا گەشەیان کرد، بازاڕەکە هەرچەندە زۆر گەورە نابێ، بەڵام بەلای کەمەوە زیاتر لە جاران نزیکتر دەبێ لە شوێنی گەشەکردنەکە. هەروەها نرخی ئەم کەرەستانە لەوانەیە بەلای کەمەوە زیاد بێ، بەوەی بەردەوام خەرجیی گواستنەوەیان بۆ وڵاتانی دوور بووە. هەرچەندە ڕەنگە لەبەر ئەوە بە هەمان ڕێژەی گۆشت بەرز نەبێتەوە، دەبێ بەشێوەیەکی سروشتی تا ڕادەیەک بەرز ببێتەوە و، نابێ بەهیچ شێوەیەک نزم ببێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئینگلتەرە، جیا لە دۆخی گەشەکردووی پیشەسازیی خوری تیایدا، نرخی خوریی ئینگلیزی لە سەردەمی ئێدواردی سێیەمەوە زۆر دابەزیوە. چەندان تۆماری ڕەسەن هەن کە پێشان دەدەن لە سەردەمی ئەو میرەدا (تا ناوەڕاستی سەدەی چواردە، یان دەوروبەری ساڵی ١٣٣٩) ئەوەی بە نرخی مامناوەندی یان گونجاوی یەک تۆد، یان ٢٨ پاوەن خوریی ئینگلیزی دانراوە، کەمتر نەبوو لە دە شیلین پارەی ئەو ڕۆژگارە، کە ئەگەر یەک ئۆنس بیست پێنس بێ، شەش ئۆنس زیوی بە کێشانەی تاوەری تێدایە، کە یەکسانە بە نزیکەی ٣٠ شیلینی پارەی ئێستامان. لەم ڕۆژگارەدا، ٢١ شیلین بۆ یەک تۆد لەوانەیە بە نرخێکی باش بۆ خورییەکی زۆر باشی ئینگلیزی دابنرێ. نرخی خوری بەپارە، لە سەردەمی ئێدواردی سێیەمدا، بەرامبەر بە نرخی بەپارەی ئەم ڕۆژگارە، دە بۆ حەوتە. بەڵام بەرزیی نرخی ڕاستەقینەی هێشتا زۆرتر بوو. بەڕێژەی شەش شیلین و هەشت پێنس بۆ چارەکێک، لەو سەردەمە کۆنانەدا دە شیلین نرخی ١٢ بوشڵ گەنم بوو. بەڕێژەی ٢٨ شیلین بۆ چارەکێک، لەم سەردەمەی ئێستا نرخی تەنیا شەش بوشڵ ٢١ شیلینە. ڕێژەی نێوان نرخی ڕاستەقینەی سەردەمانی کۆن و سەردەمانی نوێدا، دوازدە بۆ شەشە، یان دوو بۆ یەکە. لەو سەردەمە کۆنانەدا یەک تۆد خوری دەیتوانی دوو ئەوەندەی ئێستا

بژێویی بکڕێ، بەمەش دوو ئەوەندە کاری دەکرێ، ئەگەر قەرەبووی ڕاستەقینەی کار لە هەردوو سەردەمدا هەمان نرخی بێ.

ئەم داکشانە لە هەردوو بەهای ڕاستەقینە و هێمایی خوریدا، هەرگیز نەدەبوو وەک ئەنجامی دۆخی سروشتیی شتەکان ڕوو بدا. بەم پێیەش کاریگەریی توندوتیژی و فێڵ بوو: یەکەم، قەدەخەکردنی ڕەهای هاوردەکردنی خوری لە ئینگلتەرەوە، دووەم، ڕێگەدان بە هاوردەکردنی بەبێ باج لە ئیسپانیاوە، سێیەم، قەدەخەکردنی هاوردەکردنی لە ئایرلاندەوە بۆ هیچ وڵاتێک جگە لە ئینگلتەرە. لە ئاکامی ئەم یاسایانە بازاڕی خوریی ئینگلیزی، لەجیاتی ئەوەی تا ڕادەیەک لە ئاکامی پێشکەوتنی ئینگلتەرە فرەوان ببێ، لە بازاڕی ناوخۆییدا قەتیس کرا، کە بازاڕێکە تیایدا ڕێگە بە خوریی چەندان وڵاتی تر دراوە بۆ ئەوەی کێبەرکێی لەگەڵدا بکات و، بەزۆر خوریی ئایرلاندە خراوەتە کێبەرکێ لەگەڵیدا. کە پیشەسازیی خوریی ئایرلاندەش بە تەواوی ئەوەندەی لەگەڵ مامەڵەی دادوەرانەدا گونجاو بێ بێهیوا کراوە، ئایرلاندەییەکان لە ناوخۆدا تەنیا پێیان دەکرێ بەشێکی کەمی خورییەکەیان بۆ پیشەسازی بەکار بهێنن و، بۆیە ناچارن بەشی هەرە زۆری بۆ بریتانیای مەزن بنێرن، کە تەنیا بازاڕە ڕێگەیان پێ دراوە بۆی بنێرن.

من نەمتوانی هیچ لەم تۆمارە ڕەسەنانە بدۆزمەوە کە پەیوەستن بە نرخی پێستەی خاوەوە لە سەردەمانی کۆندا. خوری بەردەوام، وەک پشتیوانی، بە پاشا دەدرا و، ئەو بەهایەی لەو پشتیوانییەدا بۆی دانراوە، تا ڕادەیەک بەلای کەمەوە، دڵنیامان دەکاتەوە نرخە ئاساییەکەی چەند بووە. بەڵام لەوە ناچێ ئەمە بۆ پێستەی خاو بەهەمان شێوە بووبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، فلیتوود، لە تۆمارێکی ساڵی ١٤٢٥وە، لە نێوان ئەوەی پێش بێرسیستەر ئۆکسفۆرد و یەکێک لە لیستەکانی، نرخەکانمان دەداتێ، بەلای کەمەوە ئەو نرخانەی لە هەلێکی دیاریکراودا باس کراون، واتە، پێنج پێستەی گا بە دوانزە شیلین، پێنج پێستەی مانگا بە حەوت شیلین و سێ پێنس، ٣٦ پێستەی مەڕی دوو ساڵە بە نۆ شیلین، ١٦ پێستەی گۆلک بە دوو شیلین. لە ١٤٢٥دا، دوانزە شیلین نزیکەی هەمان بڕ زیوی تێدا هەبوو کە لە ٢٤ شیلین پارەی ئەمڕۆدا هەیە. بۆیە پێستەی یەک گا لەو تۆمارەدا بەهای هەمان بڕ زیوی هەبووە کە لە چوار شیلیندا هەبووە، چوار لە پێنجی بەهای ئەم ڕۆژگارەمان. نرخە هێماییەکەی بەڕادەیەکی باش لەوەی ئێستا نزمتر بووە. بەڵام کە چارەکێک بە شەش شیلین و هەشت پێنس بووە، لەو کاتەدا ١٢ شیلین ١٤ بوشڵ و چوار پێنجیەکی بوشڵێک گەنمی پێ کڕاوە، کە بوشڵی بە سێ شیلین و شەش پێنس دەوەستێ و، بەپارەی ئەمڕۆمان ٥١ شیلین و چوار پێنس دەکا. کەواتە پێستی گایەک لەو سەردەمەدا توانیویەتی ئەوەندە گەنمەشامی بکڕێ کە ئەمڕۆ بایی دە شیلین و سێ پێنسە. بەهای ڕاستەقینەی یەکسان بووە بە دە شیلین و سێ پێنسی ئەمڕۆ. لەو سەردەمە کۆنانەدا،

کاتێک لە بەشی زۆری زستاندا ماڵات نیوە برسی بوو، ناتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە قەبارەیەکی زۆر گەورەیان هەبووبێ. پێستەی گایەک کە کێشەکەی چوار بەردی ١٦ پاوەنی ئەڤەدیپوا بووە لەم سەرەدەمەی ئێستادا بە خراپ نایەتە ژماردن. هەروەها لەوانەیە لەو سەردەمە کۆنانەشدا زۆر بە باش دانەنرابێ. بەڵام کە بەردێک بە نیو کراون بێ، کە ئێستا (شوباتی ١٧٧٣) من وا تێ دەگەم نرخێکی باوە، ئەو جۆرە پێستەیە ئێستا تەنیا دە شیلین دەکا. هەرچەندە کە ئێستا نرخە هێمایییەکەی بەرزترە لەوەی سەردەمانی زوو، نرخە ڕاستەقینەکەی، بڕی ڕاستەقینەی ئەو بژێوییەی پێی دەکڕێ یان دەستەبەری دەکا، تا ڕادەیەک نزمترە. نرخی پێستەی مانگا، وەک لە تۆماری سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە، نزیکە لە ڕێژەی باوی نرخی پێستەی گا. پێستەی مەڕ زۆر لە سەرووی ئەوەوەیە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە بە خورییەکەیانەوە فرۆشراون. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، نرخی پێستەی گۆلک زۆر نزمترە. لەو وڵاتانەی نرخی ماڵاتیان تێدا زۆر نزمە، ئەو گۆلکانەی بڕیار نییە بەخێو بکرێن بۆ ئەوەی ماڵات کەم نەبنەوە، بەگشتی بەساوایی دەکوژرێن، وەک ئەوەی ٢٠ یان ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە سکۆتلاند باو بوو. ئەم کردەوەیە ئەو شیرە گل دەداتەوە، کە نرخەکەیان پارەکەی دەر ناکا. لەبەر ئەوە پێستەکەیان بەڕادەیەکی کەم باشە.

نرخی پێستەی خاو، لە سەردەمی ئێستادا، بەڕادەیەکی باش نزمترە لە نرخی چەند ساڵێکی کەمی پێش ئێستا، لەوانەیە هۆکارەکە ئەوە بێ کە باج لەسەر پێستەی مۆرکراو لابرا و، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ڕێگە بە هاوردەکردنی پێستەی خاو لە ئایرلاندەوە دراوە و، هەڵگرتنی باج، کە لە ١٧٦٩دا ڕووی دا. ئەگەر تێکڕای تەواوی ئەم سەدەیە وەرگری، ئەوە نرخی ڕاستەقینەیان لەوانەیە تا ڕادەیەک لەوەی سەردەمانی کۆن بەرزتر بێ. سروشتی ئەم کاڵایە وا دەکا گواستنەوەی بۆ بازاڕی دوور، هاوشێوەی خوری، گونجاو نەبێ. ئەم بە مانەوە تێک دەچێ. پێستەی سوێرکراو بە ئاست نزمتر لە پێستەی تازە دادەنرێ و بە نرخێکی هەرزانتر دەفرۆشرێ. ئەم هەلومەرجە هەندێ مەیلی دابەزاندنی نرخی ئەو پێستە خاوەی هەیە کە لە وڵاتێکدا بەرهەم دێ پیشەسازیی پەیوەستی نییە و، ناچار دەبێ هەناردە بکرێ، هەروەها مەیلی بەرزکردنەوەی نرخی ئەو پێستە خاوەی هەیە کە لە وڵاتێکدا بەرهەم دێ پیشەسازیی پەیوەستی هەیە. دەبێ مەیلی دابەزاندنی نرخەکەی لە وڵاتێکی کێوی و بەرزکردنەوەی لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و پیشەسازدا هەبێ. بۆیە دەبێ هەندێ مەیلیشی هەبووبێ بۆ دابەزاندنی لە سەردەمانی کۆن و بەرزکردنەوەی لە سەردەمانی نوێدا. جگە لەمەش، پێستەچییەکانمان، وەک پۆشاک فرۆشانمان سەرکەوتوو نەبوون لە قایلکردنی ئاوەزی گەل بەوەی کە سەلامەتیی کۆمۆنوێلس پشت بە گەشەکردنی پیشەکەیانەوە دەبەستێ. لەبەر ئەوەش کەمتر بایەخیان پێ درا. هەناردەکردنی پێستەی خاو قەدەغە کرا و، بە زیاندار دانرا، بەڵام هاوردەکردنی لە وڵاتانی بێگانەوە باجی لەسەر

دانرا و، بەم پێیە ئەو باجە لەسەر ئەوەی ئایرلاند و کێڵگەکان لابرا (تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی پێنجساڵی)، لەگەڵ ئەوەشدا ئایرلاند بەوە نەوەستا کە پێستەی خاوی زیادی خۆی لە بازاڕەکانی بریتانیای مەزندا یان ئەوانەی پیشەسازیی پێستەچێتیی ناوخۆ کاریان لەسەر ناکا بفرۆشێ. پێستەی ماڵاتی ئاسایی تەنیا لەم چەند ساڵە کەمەدا خرایە ناو لیستی ئەو کەلوپەلانەی جگە لە وڵاتی دایک نابێ بۆ هیچ شوێنێک بنێررێن، لەم دۆخەشدا بازرگانیی ئایرلاند پاڵەپەستۆی نەخرایە سەر بۆ ئەوەی پشتگیریی پیشەسازیی بریتانیای مەزن بکات.

ئەو یاسایانە هەرچییەک بن کە مەیلی دابەزاندنی نرخی خوری یان پێستەی خاویان بۆ خوار نرخی سروشتی هەبێ، لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن کشتوکاڵدا، مەیلی بەرزکردنەوەی نرخی گۆشتیان دەبێ. نرخی ماڵاتی گەورە و بچووک، کە لە زەوییەکی چاککراو و چێنراودا بلەوەڕێن، دەبێ بەشی پڕکردنەوەی کرێی خاوەن زەوی و ئەو قازانجەی جووتیار لە زەویی چاککراو و چێنراو چاوەڕوانی دەکا، بکات. ئەگەر نا، ئەوە هەر زوو دەستبەرداری ڕاگرتنیان دەبن. لەبەر ئەوە هەر بەشێکی ئەم نرخە ئەگەر لەڕێی خوری و پێستەوە نەدرێ دەبێ لەڕێی لاشەوە بدرێ. ئەگەر نرخی یەکێکیان کەمی کرد دەبێ نرخی ئەوەی تریان زیاد بکرێ. بەلای خاوەن موڵک و جووتیارەوە گرنگ نییە ئەو نرخە چۆن دابەشی سەر بەشە جیاجیاکانی ئاژەڵەکە دەکرێ، مادام هەمووی بەوان دەدرێ. کەواتە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن کشتوکاڵدا، بەرژەوەندی ئەوان وەک خاوەن موڵک و جووتیار زۆر ناکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم جۆرە یاسایانەوە، هەرچەندە لەوانەیە بەرژەوەندیان وەک بەکاربەر بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئازووخەوە کاری لێ بکرێ. بەڵام لە وڵاتێکی دواکەوتوو و بێ کشتوکاڵدا کە زۆربەی زۆری زەوییەکانیان جگە لە لەوەڕاندنی ماڵات بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکار ناهێنرێن و، خوری و پێستە بەشی سەرەکیی بەهای ئەو ماڵاتە پێک دێنن، کارەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە. لەم دۆخەدا بەرژەوەندی ئەوان بەهۆی ئەم یاسایانەوە، وەک خاوەن موڵک و جووتیار زۆر بەقووڵی کاری تێ دەکرێ و، وەک بەکاربەریش زۆر بەکەمی کاری تێ دەکرێ. دابەزینی نرخی خوری و پێستە لەم دۆخەدا نابێتە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی لاشە، لەبەر ئەوەی بەشی زۆرتری ئەو زەوییانەی بۆ هیچ مەبەستێکی تر جگە لە لەوەڕاندنی ماڵات بەکار نایەن، خۆراک بۆ هەمان ژمارە دابین دەکەن. هەمان بڕ گۆشتیش بۆ بازاڕ هەر دێ. خواست لەسەری لە جاران زیاتر نابێ، واتە وەک خۆی دەمێنێتەوە. تەواوی نرخی ماڵات دادەبەزێ و، لەگەڵ ئەویشدا کرێی هەموو ئەو زەوییانە دادەبەزێ کە بەرهەمی سەرەکییان ماڵات بووە، کە دەکاتە بەشی زۆرتری زەویی وڵات. قەدەغەکردنی هەمیشەیی هەناردەکردنی خوری، کە بەگشتی، بەڵام بە هەڵە، دەدرێتە پاڵ ئێدواردی سێیەم، لەو جۆرە هەلومەرجەی

ولاتدا ڕووخێنەرترین یاسا بوو کە بیری لێ بکرێتەوە. ئەو یاسایە نەک تەنیا بەهای ڕاستەقینەی زۆرترین بەشی زەوییەکانی شانشینەکەی دابەزاند، بەڵکو بە کەمکردنەوەی نرخی گرنگترین جۆرەکانی ماڵاتی بچووک، پێشکەوتنی زۆر دواخست.

بەهۆی یەکگرتنیەوە لەگەڵ ئینگلتەرەدا، نرخی خوریی سکۆتلاند زۆر دابەزی، چونکە بەو یەکگرتنە لە بازاڕی گەورەی ئەوروپا دەرکرا و، وابەستەی بازاڕی بەرتەسکی بریتانیای مەزن بوو. بەهای بەشی زۆری زەویی لادێکانی باشووری سکۆتلاند، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لادێی مەڕدار بوون، کەوتە ژێر کاریگەریی زۆری ئەم ڕووداوەوە، نرخی گۆشت بەرز نەبووەوە تاوەکو بەتەواوی قەرەبووی دابەزینی نرخی خوری بکاتەوە.

لە کاتێکدا کە کاریگەریی پیشەسازیی مرۆڤ لەسەر بەرزکردنەوەی بڕی خوری یان پێستەی خاو سنووردارە، لەبەر ئەوەی پشت بە بەرهەمی ئەو ولاتە دەبەستێ کە تیایدایە، بۆیە ئەوەندەی پشت بە بەرهەمی ولاتانی تر ببەستێ، نارِوون دەبێ. تا ئێستاش زۆر پشت بەو بڕەی ئەوان بەرهەمی دێنن نابەستێ، بەو پێیەی ئەوان ئەو پیشەسازییەیان نییە، هەروەها بەگوێرەی ئەو کۆتانەی کە لەوانەیە بە گونجاویان بزانن یان نا، کە بەسەر هەناردەکردنی ئەم جۆرە بەرهەمە خاوەدا سەپێنراون. ئەم هەلومەرجانە، کە هەموویان جیان لە پیشەسازیی ناوخۆیی، وا دەکەن کاریگەریی هەوڵەکانی زۆر تا کەم نارِوون بن. لەبەر ئەوە، لە زیادکردنی ئەم جۆرە بەرهەمە خاوەدا، کاریگەریی پیشەسازیی مرۆڤ نەک تەنیا سنووردارە بەڵکو ڕوونیش نییە.

لە زیادکردنی جۆرێکی تری گرنگی بەرهەمی خاودا، بڕی ئەو ماسییەی بۆ بازاڕ دەهێنرێ، بەهەمان شێوە سنووردار و نادیارە. ئەو سنووردارکراوە بە هەڵکەوتەی خۆجێی ولاتەکە، بە نزیکی و دووریی پارێزگە جیاجیاکانی لە دەریاوە، بە ژمارەی دەریاچە و ڕووبارەکانی و، بەوەی کە ڕەنگە ناو بنری بەپیتی و نەزۆکیی دەریا، دەریاچە و، ڕووبارەکانی لەڕووی ئەم جۆرە بەرهەمە خاوەوە. کە ژمارەی دانیشتووان زیاد دەبێ، کە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری ولات زیاتر و زیاتر دەبێ، کڕیاری ماسی زیاتر دەبن و، ئەو کڕیارانەش، بڕێکی زۆر و جۆراوجۆر کاڵای تریان هەیە، یان، کە هەمان شتە، نرخی بڕێکی زۆر و جۆراوجۆر کاڵای تریان هەیە بۆ ئەوەی پێی بکڕن. بەگشتی مەحاڵە بازاڕێکی گەورە و فرەوان تێر بکەی، بەبێ بەگەڕخستنی بڕێک کاری زیاتر لەوەی بەکار خرابوو بۆ تێرکردنی خواستی بازاڕێکی بەرتەسک و داخراو. بازاڕێک کە لە خواست لەسەر تەنیا یەک هەزارەوە، بێتە سەر ئەوەی ساڵانە دە هەزار تۆن ماسی بخوازێ، تێر ناکرێ بەبێ بەگەڕخستنی بڕی دە ئەوەندەی جاران لە کار، کە پێشتر بەشی تێرکردنی دەکرد. هەروەها دەبێ لە دووریی زیاتر بەدوای ماسیدا بگەڕێن و، بەلەمی گەورەتر بەکار بهێنن و، ماکینەی گرانبایتر لە هەموو جۆرێکی کە بەکاریان دێنن، بخرێنە گەڕ. لەبەر ئەوە

نرخی ڕاستەقینەی ئەم کالآیە، بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ پێشکەوتندا بەرز دەبێتەوە. من بڕوام وایە کە ئەوەش کەم تا زۆر ڕووی داوە.

هەرچەنـدە سـەرکەوتنی ڕۆژێکـی دیـاریکراوی ڕاوەماسـی شـتێکە نادیـارە، بەڵام هەڵکەوتەی خۆجێی وڵات، کاریگەریی گشتیی پیشەسازی لەسەر هێنانی بڕێکی دیاریکراو ماسـی بـۆ بـازاڕ، ئەگەر مـاوەی سـاڵێک، یـان چەنـد سـاڵێک بەیەکەوە وەرگیـرێن، لەوانەیە جۆرێک دڵنیایی دروست بکات، کە بێگومان وایە. هەرچەندە کە زیاتر پشت بە هەڵکەوتەی خۆجێی وڵاتەوە دەبەستێ، زیاتر لە دۆخی سامان و پیشەسازیی وڵات، بەم پێیە لەوانەیە لە مـاوەگەلی جیاجیـای پێشـکەوتندا و لە وڵاتـانی جیاجیـادا هەمـان شـت بـێ و، لە هەمـان قۆناخیشدا جیاوازیی زۆری تێدا هەبێ. پەیوەندیی بە دۆخی پێشکەوتنەوە ڕوون نییە و، منیش لێرەدا باسی ئەم جۆرە نادیارە ناڕوونییە دەکەم.

کـاریگەریی پیشەسـازیی مـرۆڤ لە زیـادکردنی بـڕی کـانزای جۆراوجـۆر لە نـاخی زەوییەوە، بەتـایبەتی کانزا زۆر گرانبایەکان، لەوە نـاچێ سنووری هەبێ، بەڵام هەمـووی بەسەر یەکەوە ناڕوونە.

بـڕی ئەو کـانزا گرانبایانەی لە هەر وڵاتێکدا دەدۆزرێنەوە، هـیچ شـتێکی پەیوەست بە هەڵکەوتەی خۆجێییەوە، وەک بەپیتی و نەزۆکیی کانەکانی، سنووورداری ناکا. زۆر جاران ئەو کانزایانە لەو وڵاتانەدا زۆرن کە هیچ کانێکیان نییە. بڕی ئەو کانزایـانە لە هەر وڵاتێکدا لەوە دەچـێ پشـت بە دوو هەلـومەرجی جیـاوە ببەسـتێ: یەکەم، هێـزی کـڕین لەو وڵاتەدا، دۆخـی پیشەسـازی، بەرهەمـی سـاڵانەی زەوی و کـارەکەی، کە لە ئاکامـدا بەهۆیـانەوە دەتوانێ بڕی زۆر یان کەم کار و بژێوی بخاتە گەڕ بۆ هێنان و کڕینی ئەم شتە زیادانەی وەک زێڕ و زیو لە کانەکانی خۆی یان لە کانەکانی وڵاتـانی ترەوە و، دووەم، بەپیتی یـان نەزۆکیی ئەو کانانەی کە لە هەر کاتێکی دیاریکراودا ئەو جۆرە کانزایانە بۆ بازاڕی جیهان دابین دەکەن. بـڕی ئەو کانزایـانە لە دوورتـرین وڵاتـان لەو کانـانە، کەم تـا زۆر، دەکەوێتە ژێـر کـاریگەریی بەپیتـی و نەزۆکیـی ئەو کانـانە، بە لەبەرچـاوگرتنی ئاسـانی و هەرزانیـی گواستنەوەی ئەو کانزایانە، کە قەبارەیان کەمە و بەهایان زۆرە. بڕی ئەو کانزایانە لە چین و هیندستان، زۆر تا کەم بەندە بە فرەبەرهەمیی کانەکانی ئەمەریکاوە.

ئەوەنـدەی بـڕی ئەم کانزایـانە لە وڵاتێکـی دیـاریکراودا پشـت بە یەکەمـی ئەم دوو هەلـومەرجە ببەسـتێ (هێـزی کـڕین)، نرخـی ڕاستەقینەیان وەک نرخـی ڕاسـتەقینەی هەر بابەتێکی تری خۆشگوزەرانی و زیاد، شانبەشـانی سـامان و پێشـکەوتنی وڵاتەکە ڕووی لە بەرزبـوونەوە دەبـێ و، لەگەڵ هەژاری و نەبـوونەیی وڵاتەکەدا ڕوو لە نزمبـوونەوە دەکـا. ئەو وڵاتانەی بڕی زۆر کار و بژێوییـان هەیە کە لەخۆیـان زیادە، دەتوانن هەر بڕێک لەو

کانزایانه به بڕی زیاتر له کار و بژێوی، زیاتر لەو وڵاتانەی لەوان کەمتریان لێ زیادە، بکڕن.

ئەوەندەی بڕەکەیان له وڵاتێکی دیاریکراودا پشت بە دووەمی ئەو هەلومەرجانە ببەستێ (بەپیتی و نەزۆکیی ئەو کانانەی بۆ جیهانی بازرگانییان دابین دەکەن)، نرخی ڕاستەقینەیان، بڕی ڕاستەقینەی ئەو کار و بژێوییەی پێی دەکڕن یان دەگۆڕنەوە، بێگومان زۆر تا کەم هاوڕێژە لەگەڵ بەپیتیی ئەو کانانە دادەبەزێ و، هاوڕێژە لەگەڵ نەزۆکییان بەرز دەبێتەوە.

بەپیتی و نەزۆکیی کانەکان، کە لە هەر ماوەیەکی دیاریکراودا جیهانی بازرگانی تێر دەکەن، وەک ڕوونە هەلومەرجێکە کە ڕەنگە هیچ پەیوەندییەکی بە دۆخی پیشەسازیی وڵاتێکی دیاریکراوەوە نەبێ. تەنانەت لەوە دەچێ پەیوەندیی پێویستی بە دۆخی پیشەسازیی جیهان بەگشتی نەبێ. لەڕاستیدا کە هونەر و بازرگانییەکان وردەوردە خۆیان لە بەشگەلی زیاتری جیهاندا بڵاو دەکەنەوە و، گەڕان بەدوای کانی نوێدا لە ڕووبەرێکی فرەوانتردا دەبێ، لەوانەیە تا ڕادەیەک هەلێکی باشتریان بۆ سەرکەوتن هەبێ، لەوەی وابەستەی ڕووبەرێکی بەرتەسک بن. بەڵام دۆزینەوەی کانی نوێ، لە کاتێکدا کۆنەکان وردەوردە وشک دەکەن، بابەتێکە زۆر ناڕوونە و، هیچ کارامەییەک یان پیشەسازییەکی مرۆڤ ناتوانی لێی دڵنیا بێ. ئاشکرایە هەموو ئاماژەکان مایەی گومانن و، تەنیا دۆزینەوەی ڕاستەقینە و کارکردنی سەرکەوتووانەی کانێکی نوێ دەتوانێ ڕاستیی بەهاکەی، یان تەنانەت ڕاستیی هەبوونی بسەلمێنێ. لەم بەدواداچوونەدا لەوە ناچێ هیچ سنوورێکی دیاریکراو بۆ ئەگەری سەرکەوتن یان بێهیوایی پیشەسازیی مرۆڤ هەبێ. لە ماوەی یەک یان دوو سەدەدا، لەوانەیە کانی نوێ بدۆزرێنەوە کە بەپیتتر بن لە هەر کانێکی تری ناسراو، هەروەها ئەگەرەکە یەکسانە بۆ ئەوەی بەپیتترین کانی ناسراوی ئەو کاتە نەزۆکتر بێ لە نەزۆکترینی ئەوانەی پێش دۆزینەوەی ئەمەریکا کاریان دەکرد. ئەگەری ئەوەی هەر یەکێک لەم دووە ڕوو بدات گرنگیی بۆ سامان و گەشەکردنی ڕاستەقینەی جیهان، بەهای ڕاستەقینەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری مرۆڤ زۆر کەمە. بەها هێماییەکەی، بڕی ئەو زێڕ و زیوەی بەهۆیەوە دەکرێ دەربڕین لەم بەرهەمە ساڵانەیە بکرێ یان پیشان بدرێ، ئەوە بێگومان، زۆر جیاواز دەبێ، بەڵام بەهای ڕاستەقینە، بڕی ڕاستەقینەی ئەو کارەی دەتوانێ بیکڕێ یان دەستەبەری بکات، بەتەواوی هەمان شت دەبێ. لەوانەیە یەک شیلین لە دۆخێکدا نوێنەرایەتیی کارێک بکات کە لە یەک پێنسی ئێستا زیاتر نەبێ، هەروەها لەوانەیە یەک پێنس لە دۆخێکی تردا ئەوەندەی یەک شیلینی ئێستا بێ. بەڵام لە دۆخێکدا ئەوەی یەک شیلینی لە گیرفاندا هەیە دەوڵەمەندتر نییە لەوەی ئێستا یەک پێنسی هەیە و، لە دۆخەکەی تر ئەوەی یەک پێنسی لە گیرفانە

ئەوەندەی خاوەن شیلینێکی ئێستا دەوڵەمەند بێ. هەرزانی و زۆریی پلیتی زێڕ و زیو تەنیا سوود دەبێ کە جیهان لە دۆخی یەکەمی وەردەگرێ و، گرانی و کەمیی ئەم شتە بریسکەدارە زیادانە تەنیا زەرەرە لە دۆخی دووەمدا.

ئەنجامی باسی پەیوەست بە جیاوازی لە بەهای زیودا

لەوە دەچێ بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی نرخی بەپارەی شتەکانیان لە سەردەمە کۆنەکاندا کۆ کردووەتەوە، نرخی بەپارەی نزمی گەنمەشامی و، کاڵاکان بەگشتی، یان بە دەربڕینێکی تر، بەهای بەرزی زێڕ و زیویان بە بەڵگەیەک زانیبێ نەک تەنیا لەسەر دەگمەنیی ئەم کانزایانە، بگرە لەسەر هەژاری و دواکەوتوویی وڵاتەکە لەو کاتانەی ئەو نرخانە هەبوون. بیرۆکەکە پەیوەستە بە سیستمی ئابووریی سیاسییەوە کە دەوڵەمەندیی نیشتمانی لەڕێی زۆربوون و، هەژاریی نیشتمانی لەڕێی کەمیی زێڕ و زیوەوە پێشان دەدا، من هەوڵ دەدەم لە کتێبی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدرێژی ئەم سیستمە ڕوون بکەمەوە و تاوتوێی بکەم. لێرەدا تەنیا ئەو تێبینییە دەخەمە ڕوو کە بەهای بەرزی کانزا گرانبایەکان ناکرێ ببێتە بەڵگە لەسەر هەژاری یان دواکەوتوویی هیچ وڵاتێکی دیاریکراو، لەو کاتەدا کە ئەمە ڕوو دەدا. ئەوە تەنیا بەڵگەیە لەسەر نەزۆکیی ئەو کانانەی لەو سەردەمەدا ئەو کانزایانەیان بۆ بازرگانیی جیهان دەستەبەر دەکرد. وڵاتێکی هەژار کە ناتوانێ زیاتر بکڕێ، بەهەمان شێوە بە کەمی دەتوانێ زێڕ و زیو بە گرانتر لە وڵاتێکی دەوڵەمەند بکڕێ، هەروەها بەهای ئەو کانزایانە لەوە ناچێ لە وڵاتی یەکەمدا بەرزتر بێ لەوەی وڵاتی دووەم. لە چین، کە وڵاتێکە دەوڵەمەندتر لە هەر بەشێکی ئەوروپا، بەهای کانزا گرانباییەکان زۆر بەرزترە لەوەی هەر بەشێکی ئەوروپا. لەڕاستیدا، کە سامانی ئەوروپا بەشێوەیەکی بەرچاو لە کاتی دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکاوە زیادی کرد، بەهای زێڕ و زیو پێبەپێ نزم بووەوە. ئەم نزمبوونەوەیە لە بەهایاندا بەهۆی زیادبوونی سامانی ڕاستەقینەی ئەوروپاوە، بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار نەبوو، بەڵکو بەهۆی لەناکاو دۆزینەوەی کانی بەپیتتر لەوانەی پێشتر ناسرابوون، بوو. زیادبوونی بڕی زێڕ و زیو لە ئەوروپا و، زیادبوونی پیشەسازی و کشتوکاڵی، دوو ڕووداون کە سەرەڕای ئەوەی لە نزیکەی هەمان کاتدا بوون، بەڵام لە هۆکاری جیاجیاوە سەریان هەڵدا و، بەدەگمەن پەیوەندیی سروشتی لەنێوانیاندا هەبوو. یەکێکیان تەنیا لەبەر ڕووداوێک سەری هەڵدا، کە تیایدا نە بیرکردنەوە و دانایی و نە سیاسەت هیچ پشکێکیان نەبووە یان نابێ. ئەوەی تریان بەهۆی ڕووخانی سیستمی فیوداڵەوە بوو و، لە دامەزراندنی حکومەتێکەوە سەری هەڵدا کە تەنیا هاندەری پێویستی پێشکەش بە پیشەسازی کرد و، هەندێ دڵنیایی گونجاو لەوەی ئەو پیشەسازییە سوود لە بەرهەمی کاری خۆی دەبینێ. پۆڵاند، کە هێشتا سیستمی

فیودالّ تیایدا جێگیرە، لە هەمان دۆخی هەژاریی پێش دۆزینەوەی ئەمەریکایە. نرخی گەنمەشامی بەپارە، بەرز بووەوە، نرخی ڕاستەقینەی کانزا گرانباییەکان لە پۆڵاند دابەزی، بەهەمان شێوەی بەشەکانی تری ئەوروپا. کەواتە بڕەکانیان هاوشێوەی شوێنانی تر زیادیان کرد، بە ڕێژەیەکی نزیک لە هەمان ڕێژەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کارەکەی. ئەم زیادبوونەی بڕی ئەم کانزایانە لەوە ناچێ نە ئەو بەرهەمە ساڵانەیەی زیاد کردبێ و، نە پیشەسازی و کشتوکاڵی وڵاتی پێش خستبێ و، نە هەلومەرجی دانیشتووانی باش کردبێ. لەوانەیە ئیسپانیا و پۆرتوگال، کە خاوەندارێی کانەکان دەکەن، لە دوای پۆڵاند دوو هەژارترین وڵاتی ئەوروپا بن. پێویستە لە ئیسپانیا و پۆرتوگالدا، بەهای کانزا گرانباییەکان لە هەر شوێنێکی ئەوروپا زیاتر نزم ببێتەوە، لەبەر ئەوەی لەم دوو وڵاتەوە بۆ هەموو بەشەکانی تری ئەوروپا دەبرێن، نەک تەنیا لەڕێی بارکردن و دڵنیاییەوە، بگرە لەڕێی بەقاچاخبردنیشەوە، هەناردەکرجیهانن یان قەدەخەکراوە یان باجی لەسەرە. بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار، بڕی ئەم کانزایانە لەم وڵاتانەدا دەبێ لەوەی هەر بەشێکی تری ئەوروپا زیاتر بێ. بەڵام ئەم دوو وڵاتە هەژارترن لە زۆرترین بەشەکانی ئەوروپا. سەرباری هەڵوەشاندنەوەی سیتمی فیودالّ لە ئیسپانیا و پۆرتوگال، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون کە دۆخی خۆیان باشتر بکەن.

کە بەهای نزمی زێڕ و زیو بەڵگە نییە لەسەر دەوڵەمەندی و گەشەی ئەو وڵاتەی ئەوە تێدا ڕوو دەدا، بەهەمان شێوە بەهای بەرزیان، یان نرخی نزمی بەپارەی هەر کاڵایەک بەگشتی، یان گەنمەشامی بەتایبەتی، بەڵگە نییە لەسەر هەژاری و دواکەوتوویی ئەو وڵاتە.

بەڵام هەرچەندە نرخی نزمی بەپارەی هەر کاڵایەک بەگشتی، یان گەنمەشامی بەتایبەتی، بەڵگە نییە لەسەر هەژاری و دواکەوتوویی سەردەمەکان، بەراوردکردنی نرخی نزمی بەپارەی هەندێ جۆری دیاریکراوی کاڵاکان، وەک ماڵات، پەلەوەر، هەموو جۆرە نێچیرێک، هتد لەگەڵ نرخی گەنمەشامی لە هەموویان یەکلاکەرەوەترە. چونکە بەڕوونی ئەم شتانە پێشان دەدا: یەکەم، زۆرییان بە بەراورد لەگەڵ زۆریی گەنمەشامیدا، لە ئاکامیشدا بەرفرەوانیی ئەو زەوییەی داگیریان کردووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی گەنمەشامی داگیری کردووە و، دووەم، بەهای نزمی ئەو زەوییانە بە بەراورد لەگەڵ زەویی گەنمەشامی و، لە ئاکامدا دۆخی بێ کشتوکاڵ و پێشنەکەوتووی بەشی زۆری زەوییەکانی وڵات. بەڕوونی پێشانی دەدات کە ماڵ و دانیشتووانی وڵاتەکە ناتوانن لە ئاستی ئەو زەوییانە بن کە داگیریان کردوون وەک ئەوەی لە وڵاتانی شارستانیدا هەیە و، کۆمەڵگە لەو کاتەدا و لەو وڵاتەدا هێشتا لە قۆناخە سەرەتاییەکاندایە. لەڕێی نرخی بەرز یان نزمی بەپارەی هەر کاڵایەک بەگشتی، یان گەنمەشامی بەتایبەتی، تەنیا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو کانانەی لەو کاتەدا زێڕ و زیویان بۆ جیهانی بازرگانی دابین دەکرد

بەپیت یان نەزۆک بوون، نەک ئەوەمان بۆ دەرخەن کە ئەو وڵاتە دەوڵەمەندە یان هەژار. بەڵام لەڕێی نرخی بەرز یان نزمی بەپارەی هەندێ جۆری کاڵاکان بە بەراورد لەگەڵ نرخی ئەوانی تردا، دەتوانین، لەگەڵ هەندێ ئەگەردا کە لە دڵنیابوون نزیک دەبنەوە، بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو وڵاتە دەوڵەمەند یان هەژار بووە، زۆرترین بەشی زەوییەکانی چاکسازییان بۆ کراوە یان نەکراوە و، زۆر تا کەم لە دۆخێکی دواکەوتوو بووە، یان زۆر تا کەم لە دۆخێکی شارستانیدا بووە.

هەر بەرزبوونەوەیەک لە نرخی بەپارەی کاڵاکان کە بەتەواوی ئەنجامی کەمبوونەوەی بەهای زیو بووە، بەشێوەیەکی یەکسان کاریگەریی لەسەر هەموو کاڵاکان دەبێ و، نرخەکانیان لە هەموو شوێنێکدا بەڕێژەی سێیەک یان چواریەک یان پێنجیەک بەرز دەکاتەوە، بەگوێرەی ئەو ڕێژەیەی بەهای زیو لەدەستی داوە چ سێیەک یان چواریەک یان پێنجیەکی بەهاکەی پێشووی بێ. بەڵام زیادبوونی نرخی ئازووخە، کە بابەتی گەلێ لێکدانەوە و قسەوباسە، بە یەکسانی کار ناکاتە سەر هەموو جۆرەکانی ئازووخە. ئەگەر تێکڕای ماوەی ئەم سەدەیەی ئێستا وەرگرین، ئاشکرایە کە نرخی گەنمەشامی، تەنانەت بۆ ئەوانەشی پێیان وایە ئەم بەرزبوونەوەیە بەهۆی نزمبوونەوەی بەهای زیوە، کەمتر لە هەندێ جۆری تری ئازووخە بەرز بووەتەوە. بۆیە بەرزبوونەوەی نرخی ئەو جۆرانەی تری ئازووخە نابێ بەتەواوی بەهۆی دابەزینی بەهای زیوەوە بێ. دەبێ هەندێ هۆکاری تر لەبەرچاو بگیرێن و، ئەوانەی کە لە سەرەوە دەستنیشان کران، لەوانەیە بەبێ پەنابردن بۆ دابەزینی مەزەندەکراوی بەهای زیو، بەشێوەیەکی تێروتەسەل ئەم بەرزبوونەوەیە لە هەندێ جۆری دیاریکراوی ئازووخەدا ڕوون بکەنەوە کە نرخەکانیان بە بەراورد لەگەڵ نرخی گەنمەشامیدا بەڕاستی بەرز بوونەتەوە.

سەبارەت نرخی گەنمەشامی خۆی، لە ماوەی ٦٤ ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیەدا و، پێش ئەو ماوەیەی دوایی وەرزی خراپی نائاسایی، تا ڕادەیەک لە نرخەکانی ٦٤ ساڵی کۆتای سەردەی ڕابردوو نزمتر بوون. گەواهیدەری ئەم ڕاستییە تەنیا تۆمارەکانی بازاڕی ویندسۆر نین، بەڵکو تێکڕا گشتییەکانی نرخ لە هەموو کەرتە جیاجیاکانی سکۆتلاند و، تۆمارەکانی چەندان بازاڕی جۆراوجۆر لە فرانسەش، کە بە وردی و تەرخانبوونێکی زۆرەوە لەلایەن بەڕێز ماسانس و بەڕێز دوپغێ دو سانت ماوغەوە کۆ کراونەتەوە گەواهیدەری ئەمەن. بەڵگەکە زۆر لەوە تەواوترە کە لە دۆخێکی بە سروشت سەختدا چاوەڕێ بی لێی دڵنیا ببیتەوە.

سەبارەت گرانیی نرخی گەنمەشامی لە ماوەی ئەم دە یان دوانزە ساڵەی دواییدا، گونجاوە کە بیگێڕینەوە بۆ خراپیی وەزەکان، بەبێ ئەوەی پێشبینیی هیچ کەمبوونەوەیەک لە بەهای زیودا بکەین. کەواتە بیرۆکەی ئەوەی زیو بەردەوام لەڕووی بەهاوە بەرەو

دابەزینە، لەوە ناچێ لەسەر بنەمای هیچ تێبینییەکی باش دروست کرابێ، چ لەڕێی نرخەکانی گەنمەشامییەوە بێ یان نرخی ئازووخەی ترەوە.

لەوانەیە لەتواناندا هەبێ بگوترێ هەمان بڕی زیو لەم سەردەمەدا، بەگوێرەی ئەو تۆمارانەی لێرەدا خراونەتە بەر چاو، دەتوانێ بڕێکی زۆر کەمتر لە چەندان جۆری تری ئازووخە بکڕێ، لەوەی لە هەندێ بەشی سەدەی ڕابردوودا دەیکڕی و، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی بەرزبوونەوەیەکە لە بەهای ئەو کاڵایانە، یان دابەزینی بەهای زیوە، تەنیا جیاکردنەوەیەکی پووچ و بێواتە دەکەین، کە هیچ جۆرە خزمەتێک پێشکەش بە کەسێک ناکا کە تەنیا بڕێکی دیاریکراو زیوی هەیە بۆ ئەوەی بیباتە بازاڕ، یان داهاتێکی دیاریکراوی بە پارە هەیە. من بە دڵنیاییەوە بانگەشەی ئەوە ناکەم کە زانینی ئەم جیاکردنەوەیە یارمەتیی دەدات بۆ ئەوەی بە هەرزانتر شت بکڕێ. بەڵام لەوانەیە بەو لێکدانەوەیە بەتەواوی بێسوود بێ.

لەوانەیە بۆ گشت، هەندێ سوودی هەبێ، کە بەڵگەیەکی ئاسان پێشکەش بکەین لەسەر دۆخی گەشەداری وڵات. ئەگەر بەرزبوونەوەی نرخی هەندێ جۆری ئازووخە بەتەواوی بەهۆی دابەزینی بەهای زیوەوە بێ، ئەوە بەهۆی هەلومەرجێکە کە ئاماژە نین بۆ هیچ شتێک جگە لە بەپیتیی کانەکانی ئەمەریکا. سامانی ڕاستەقینەی وڵات، بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کارەکەی، لەوانەیە دوور لەم هەلومەرجە، یان بەرەبەرە بەرەو پووکانەوە بچێ، وەک پۆرتوگال و پۆڵاند، یانیش بەرەبەرە بەرەو پێش بچێ وەک زۆربەی بەشەکانی تری ئەورووپا. بەڵام ئەگەر بەرزبوونەوەی نرخی هەندێ جۆری ئازووخە بەهۆی بەرزبوونەوەیەک بێ لە بەهای ڕاستەقینەی ئەو زەوییەی بەرهەمیان دێنێ، بەرزبوونەوەی بەپیتییەکەیان، یان ئەنجامی پێشکەوتنی بەرفرەوانتر و کشتوکاڵی باشتر بێ کە وایان کردووە بۆ بەرهەمهێنانی گەنمەشامی گونجاو بن. بۆ هەلومەرجێک دەگەڕێتەوە کە بەڕوونترین شێوە ئاماژە بۆ دۆخی گەشەدار و پێشکەوتووی وڵات دەکا. زەوی تا ڕادەیەکی زۆر مەزنترین، گرنگترین و، بەردەوامترین سامانی هەر وڵاتێکی فرەوان لەخۆ دەگرێ. لەوانەیە بە دڵنیاییەوە هەندێ سوودی هەبێ، یان بەلای کەمەوە، لەوانەیە خەڵک قایل بکات بەوەی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر زیادبوونی بەهای مەزنترین، گرنگترین و، درێژخایانترین بەشی سامانەکەیان، بۆ ماوەیەکی زۆر.

هەروەها لەوانەیە هەندێ سوودی بۆ گشت هەبێ لە ڕێکخستنی پاداشتی بەپارەی هەندێ خزمەتگوزاری ئاستی خوارەوە. ئەگەر ئەم زیادەیە لە نرخی هەندێ جۆری ئازووخە بەهۆی دابەزینی بەهای زیوەوە بێ، پاداشتیان بەپارە، ئەگەر پێشتر زۆر نەبووبێ، بێگومان دەبێ هاوڕێژە لەگەڵ مەودای ئەو کەمبوونەوەیە زیاد ببێ. ئەگەر زیاد نەبێ، ئەوە قەرەبووی ڕاستەقینەیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم بەرزبوونەوەیەی نرخ بەهۆی بەرزبوونەوەی بەهاوە بێ، لە ئەنجامی زیادکردنی بەپیتیی

ئەو زەوییەی ئەو جۆرە ئازووخەیە بەرهەم دێنێ، جوانتر دەبێ بڕیار بدرێ بە چ ڕێژەیەک هەر پاداشتێکی بەپارە دەبێ زیاد بکرێ، یان ئایا پێویستی بە زیادکردن هەیە. ئاستی پێشکەوتن و کشتوکاڵ، کە دەبێ زۆر تا کەم، بە بەراورد لەگەڵ نرخی گەنمەشامیدا، هەموو جۆرەکانی خۆراکی ئاژەڵی زیاد دەکا، بەمەش، من لەو بڕوایەدام، هەموو جۆرە خۆراکە ڕووەکییەکان کەم دەکاتەوە. نرخی خۆراکی ئاژەڵی زیاد دەکا لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو زەوییەی بەرهەمی دێنێ بۆ بەرهەمهێنانی گەنمەشامی گونجێنراوە، دەبێ کرێ و قازانجی زەویی گەنمەشامی بۆ خاوەن موڵک و جووتیار دەستەبەر بکات. نرخی خۆراکی ڕووەکی کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی بە زیادکردنی بەپیتیی زەوی بەرهەمەکەی زیاد دەکا. چاکسازییەکانی کشتوکاڵیش گەلێ جۆر لە خۆراکی ڕووەکی بەرهەم دێنن کە پێویستیان بە زەویی کەمترە و لەوەی گەنمەشامی زیاتر کاریان پێویست نییە، زۆر بە هەرزانتریش دێنە بازاڕەوە. لەوانە پەتاتە و ئەوەی پێی دەگوترێ گەنمەشامیی هیندی، ڕەنگە دوو گرنگترین پێشکەوتن بن لە کشتوکاڵی ئەورووپادا، کە ئەورووپا خۆی بە فرەوانبوونی زۆری بازرگانی و دەریاوانی بەدەستیانی هێنا. هەروەها گەلێ جۆری خۆراکی ڕووەکی، کە لە دۆخی سەرەتایی کشتوکاڵدا تایبەت بوون بە باخچەی ناندین و، تەنیا بە خاکەناز دەچێنران، کەوتنە دۆخی پێشکەوتنەوە و لە کێڵگەدا چێنران و، گاسنیان بۆ بەکار هێنرا، لەوانە شێلم، گێزەر، کەلەم، هتد. بۆیە ئەگەر لە میانی پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا نرخی ڕاستەقینەی جۆرێک خۆراک بەرز بووەوە، نرخی یەکێکی تر دادەبەزێ و، وای لێ دێ کە دادوەرانە بێ بەرزبوونەوەی نرخی یەکێکیان قەرەبووی دابەزینی نرخی ئەوەی تر بکاتەوە. کاتێک کە نرخی گۆشت گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی (کە هەموو جۆرەکانی جگە لە گۆشتی بەراز لەوە دەچێ پێش زیاتر لە سەدەیەک لە بەشێکی زۆری ئینگلتەرە بەو ئاستە گەیشتبێ)، هەر زیادبوونێک کە دوای ئەوە بێ لە هەر جۆرە خۆراکێکی ئاژەڵیدا ناتوانێ کاریگەریی زۆری هەبێ لەسەر هەلومەرجی خەڵکی ئاستەکانی خوارەوە. هەلومەرجی هەژاران لە بەشێکی زۆری ئینگلتەرە ناکرێ ئەوەندە خراپ ببێ بەهۆی هیچ بەرزبوونەوەیەک لە نرخی پەلەوەر، ماسی، باڵداری کێوی، یان گۆشتی مامز، ئەوەندەی بە دابەزینی نرخی پەتاتە باش دەبێ.

لەم وەرزی نەهاتەدا نرخی بەرزی گەنمەشامی بێگومان هەژاران سەخڵەت دەکا. بەڵام لە کاتی هاتێکی گونجاودا، کە گەنمەشامی نرخی ئاسایی یان تێکڕای خۆی دەبێ، بەرزبوونەوەی سروشتیی نرخی هەر جۆرە بەرهەمێکی خاوی تر ئەوەندە کاریگەریی لەسەریان نابێ. لەوانەیە بەهۆی بەرزبوونەوەی دەسکردەوە، کە لە ئاکامی باجەوەیە، لە نرخی هەندێ کالای پیشەسازی، وەک نرخی خوێ، سابوون، پێستە، مۆم، مۆڵت و، بیرە و هتد، زیاتر گرفتار بین.

کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی چاکسازیی زەوی لەسەر نرخی ڕاستەقینەی کاڵا دروستکراوەکان

هەرچەندە کاریگەریی سروشتیی پێشکەوتن وردەوردە نرخی ڕاستەقینەی نزیکەی هەموو شتە دروستکراوەکان کەم دەکاتەوە. نرخی ڕاستەقینەی کارگەریی پیشەسازی، هەموویان بەبێ هەڵاوێردکردن، کەم دەبێتەوە. لە ئاکامی ماکینەسازیی باشتر، کارامەیی زیاتر و، دابەشکردنی شیاوتری کار، کە هەموویان دەرهاویشتەی سروشتیی پێشکەوتنن، بڕێکی زۆر کەمتر لە کار بۆ ئەنجامدانی هەر بەشێکی دیاریکراوی پیشە پێویست دەبێ و، هەرچەندە لە ئاکامی هەلومەرجی گەشەکردووی کۆمەڵگەدا، نرخی ڕاستەقینەی کار دەبێ زۆر بەرز ببێتەوە، بەڵام کەمبوونەوەی مەزنی بڕەکەی بەگشتی زۆر لەوە زیاترە کە قەرەبووی مەزنترین بەرزبوونەوە لە نرخ بکات.

لەڕاستیدا کەم پیشە هەن کە تیایاندا بەرزبوونەوەی پێویستی نرخی ڕاستەقینەی کەرەستەی خاو زیاتر بێ لەوەی قەرەبووی هەموو ئەو سوودانە بکاتەوە کە پێشکەوتن بۆ ئەنجامدانی پیشەکە پێشکەشیان دەکا. لە ئیشی دارتاشدا و، لە سادەترین جۆرە ئیشیدا، بەرزبوونەوەی پێویستی نرخی ڕاستەقینەی دار، بەهۆی چاکسازیی زەوی، زیاترە لەوەی قەرەبووی هەموو ئەو سوودانە بکات کە لە بەکارهێنای ماکینە، لە زۆرترین کارامەیی و، لە باشترین دابەشکردنی کارەوە بەدەست دێن.

بەڵام لە گشت دۆخەکانی کە تیایاندا نرخی ڕاستەقینەی کەرەستەی خاو بەرز نابێتەوە، یان زۆر بەرز نابێتەوە، نرخی ڕاستەقینەی کاڵای دروستکراو زۆر دادەبەزێ.

ئەم دابەزینەی نرخ، لەم سەدەیە و لە سەدەی پێشوودا، لەو پیشانەدا زۆر بەرچاو بوو کە کەرەستەکانیان زبرترین کانزا بوون. باشترین کاتژمێرێکی دەستی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو بە بیست پاوەن دەکڕرا، لەوانەیە ئێستا بە بیست شیلین بێ. لە ئیشی دروستکەری قفڵدا، کە هەموو شتێکیان لە زبرترین کانزا دروست دەکەن و، گشت ئەو کاڵایانەی بە ناوی کاڵای بێرمینگهام و شێفیلد ناسراون، لە هەمان ئەو ماوەیەدا، نزمبوونەوەیەکی زۆر لە نرخ بەرپا بوو، هەرچەندە هەمووی وەک ئەوەی دروستکردنی کاتژمێری دەستی زۆر نەبوون. بەڵام بایی ئەوەندە هەبوون کە کارگەرانی هەموو بەشەکانی تری ئەوروپا سەرسام بکات، ئەوانەی زۆر جاران ڕایانگەیاندووە کە ناتوانن بە دوو هێندە و تەنانەت سێ هێندەی ئەو نرخە ئیشێکی هاوشێوە بکەن. لەوانەیە هیچ پیشەیەک نەبێ کە تیایدا دابەشکردنی کار لەوە زیاتر بێ، یان ماکینە توانیبی زۆرترین پێشکەوتنی جۆراوجۆر بەرپا بکات، وەک ئەوانەی زبرترین کانزایان تێدا بەکار دێن.

لە هەمان ماوەدا، پیشەسازیی پۆشاک کەمبوونەوەیەکی زۆری لە نرخ بەخۆوە نەبینی. من لەوە دڵنیا کراومەتەوە کە نرخی کوتاڵێکی زۆر ناسک، بە پێچەوانەوە لە ماوەی ئەو ٢٥ یان ٣٠ ساڵەدا بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکەیدا کەمێک بەرز بووەتەوە، ئەویش وەک دەگوترێ بەهۆی بەرزبوونەوەیەکی زۆری نرخی کەرەستەکەیەوە بووە، کە هەمووی

خوریی ئیسپانیایی بوو. لەڕاستیدا دەڵێن کوتاڵی یۆرکشێر کە هەمووی خوریی ئینگلیزییە، لە مـــاوەی ئەم ســـەدەیەدا، زۆر دابەزیـــوە بە بەراورد لەگەڵ جۆرایەتییەکەیـــدا. بەڵام جۆرایەتی بـابەتێکە مشـتومڕی زۆر هەڵدەگرێ و مـن هەمـوو زانیـارییەکی لەم جـۆرە تـا رادەیەک بە گوماناوی دەبینم. لە پیشەسـازیی پۆشـاکدا، دابەشـکردنی کـار نزیکەی هەمـان ئەوەیە کە سەدەیەک بەر لە ئێستا هەبوو و، ئەو ماکینانەی تیایدا بەکار دێن زۆر جیاواز نـین. هەرچەنـدە لەوانەیە هەنـدێ پێشـکەوتنی بچـووک لە هەردوو لایەنەکەدا بـووبن، کە رەنگە بووبنە مایەی دابەزینێکی کەمی نرخ.

بەڵام دابەزینەکە کاتێک زەقتر و هاشاهەڵنەگرتر دەردەکەون کە بەراورد لەنێوان نرخی ئەم کاڵایـانە لەم سـەردەمەماندا لەگەڵ نرخیـان لە سـەردەمی دوورتـردا، نزیـک کۆتـایی سـەدەی پـازدە، دەکەیـن، کاتێـک کە کـار کەمتـر دابەش کرابـوو و، ئەو ماکینـانەی بەکـار دەهێنران ناتەواوتر بوون لەوانەی ئێستا.

لە سـاڵی ١٤٨٧دا، بە چوارەمینی هنریی حەوتەم بـوو، بڕیـار درا "هەر کەسـێک بە تـاک گەزێـک لە باشـترین کوتـاڵی سـووری خەتـخەت، یـان هەر کوتـاڵێکی تـری خەتـخەت لە باشـترین جـۆر بە زیـاتر لە ١٦ شـیلین بفرۆشـێ، ئەوە دەبـێ بەرامبەر بە هەر گەزێـک ٤٠ شـیلین تـاوانە بـدا". کەواتە ١٦ شـیلین نـزیکەی هەمـان بـڕ زیـوی تێدایە کە لە ٢٤ شـیلینی پـارەی ئێسـتاماندا هەیە، لەو سـەردەمەدا بە نرخێکی نەگونجـاو دانەدەنـرا بـۆ یەک گەز لە باشـترین کوتـاڵ، لەبەر ئەوەش کە ئەمە یاسـایەکە بـۆ سـنووردارکردنی خەرجـی، لەوانەیە ئەو جۆرە کوتاڵە بەشێوەیەکی باو بە زیاتر لەو نرخە فرۆشرابێ. ئێستا لەوانەیە یەک گینی بە بەرزترین نرخ بێتە دانان. بۆیە لەگەڵ ئەوەشـدا دەبێ جۆرایەتیی کوتـاڵەکە یەکسـان بێ و، ئەوەی ئەم ســـەردەمەمان ئەگەری زۆری هەیە باشـــتر بـێ، بەڵام تەنـــانەت لەگەڵ ئەم پێشبینییەشدا نرخی بەپارەی باشترین کوتاڵ لەوە دەچێ لە کۆتـایی سـەدەی پازدەوە زۆر نـزم بـووبێتەوە. بەڵام نـرخە ڕاسـتەقینەکەی زۆر لەوە زیـاتر کەم بـووەتەوە. ئەو کـاتە و مـاوەیەکی زۆری دوای ئەو کـاتەش، شـەش شـیلین و هەشـت پێـنس بە تێکـڕای نرخـی چارەکێک گەنـم دادەنـرا. واتە ١٦ شـیلین نرخـی دوو چـارەک و زیـاتر لە سـێ بوشـڵ گەنـم بووە. کە نرخی ئێستای یەک چارەک گەنم ٢٨ شیلینە، نرخی ڕاستەقینەی گەزێک کوتـاڵی باش لەو سەردەمانەدا دەبێ بەلای کەمەوە یەکسان بێ بە سـێ پـاوەن و شـەش شـیلین و شەش پێنس پارەی ئەمڕۆمان. ئەو کەسەی کڕیویەتی دەبێ دەستبەرداری دەستگەیشتن بە بڕێک کـار و بژێـوی بـێ کە یەکسـانە بەوەی ئەو بـڕە پـارەیە لەم ڕۆژگارەمانـدا دەتـوانێ بیانکڕێ.

کەمبـوونەوە لە نرخـی ڕاسـتەقینەی پیشەســازیی زبـر، هەرچەنـدە زۆرە، بەڵام وەک ئەوەی پیشەسازییە وردەکان زۆر نییە.

لە ساڵی ١٦٤٣دا، کە سێیەمی ئیدواردی چوارەمە، بڕیار درا "نە هیچ خزمەتگوزارێک لە کشـتوکاڵدا، نە هـیچ کـارگەرێکی ئاسـایی، نە هـیچ خزمەتگـوزارێکی پیشـەوەرێک کە لە

دەرەوەی شار یان شارۆکە نیشتەجێیە، بۆی نییە شتێک لەبەر بکات کە نرخی گەزێکی کوتاڵەکەی لە دوو شیلین زیاتر بێ". لە سێیەمینی ئێدواردی چوارەمدا دوو شیلین نزیکەی هەمان ئەو بڕە زیوەی تێدا هەبوو کە لە چوار شیلینی پارەی ئێستاماندا هەیە. بەڵام ئەو کوتاڵەی یۆرکشێر کە ئێستا گەزی بە چوار شیلینە زۆر باشترە لە هەر کوتاڵێک کە لەو سەردەمەدا بۆ پۆشاکی هەژارترینی خزمەتگوزارە ئاساییەکان دروست دەکرا. کەواتە تەنانەت نرخی بەپارەی پۆشاکەکانیان، لەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ جۆرایەتیدا، ئێستا کەمێک لەو سەردەمە کۆنانە هەرزانتر بێ. بە دڵنیاییەوە نرخە ڕاستەقینەکە زۆر هەرزانترە. ئەو کاتە دە پێنس بە نرخی مامناوەندی و گونجاوی یەک بوشڵ گەنم دادەنرا. کەواتە دوو شیلین نرخی دوو بوشڵ و نزیکەی دوو پێک گەنم بوو، کە لەم سەردەمەدا، بوشڵێک بە سێ شیلین و شەش پێنسە، دەبنە بایی هەشت شیلین و نۆ پێنس. بۆ یەک گەز لەو کوتاڵە، خزمەتگوزاری هەژار دەبوو دەستبەرداری هێزی کڕینی بڕێک بژێوی ببێ کە یەکسان بوو بەوەی هەشت شیلین و نۆ پێنسی پارەی ئەمڕۆمان دەتوانێ بیکڕێ. ئەمەش یاسایەکە بۆ سنووردارکردنی خەرجی، کە ڕێگەی زێدەڕۆیی لە هەژاران دەگرێ. بۆیە پۆشاکی ئەوان بەگشتی زیاتر گران بوو.

هەمان توێژی خەڵک، بەپێی هەمان یاسا، قەدەخە بوو گۆرەوییەک لەپێ بکەن کە نرخی جووتێکی لە ١٤ پێنس زیاتر بێ، کە یەکسانە بە نزیکەی ٢٨ پێنسی پارەی ئێستامان. بەڵام ١٤ پێنس لەو سەردەمەدا نرخی یەک بوشڵ و نزیکەی دوو پێک گەنم بوو، کە لەم ڕۆژگارەدا کاتێ نرخی یەک بوشڵ بە سێ شیلین و شەش پێنسە بایی پێنج شیلین و سێ پێنس دەبێ. ئێمە لەم ڕۆژگارەدا ئەمە بە نرخێکی زۆر بەرز بۆ جووتێک گۆرەوی، بۆ خزمەتگوزارێکی هەژارترین توێژ، دەزانین. هەرچەندە ئەو دەبوو لەو سەردەمانەدا ئەوەندە بدات کە بەڕاستی یەکسانە بەم نرخەیان.

لە سەردەمی ئێدواردی چوارەمدا، لەوە دەچێ هونەری گۆرەوی چنین لە هیچ شوێنێکی ئەورووپادا ناسراو نەبووبێ. گۆرەوییەکانیان بە کوتاڵی ئاسایی دروست دەکرد، لەوانەیە ئەوە یەکێک بێ لە هۆکارەکانی گرانیی نرخەکەی. وەک دەڵێن، یەکەمین کەس کە لە ئینگلتەرە گۆرەویی لەپێ کرد، شاژن ئەلیزابێت بووە. ئەو وەک دیارییەک لە باڵیۆزی ئیسپانیای وەرگرتبوو.

لە هەردوو پیشەسازیی زبر و ناسکی خوری، ئەو ماکینانەی بۆیان بەکار دەهێنران لەو سەردەمە کۆنانەدا زۆر لە چاو ئەوانەی ئێستاوە ناتەواو بوون. لەو کاتەوە سێ پێشکەوتنی سەرەکییان بەخۆوە بینیوە، هەروەها لەوانەیە چەندان پێشکەوتنی بچووکتریشیان بەخۆوە بینیوە کە سەختە ژمارە یان گرنگییان دەستنیشان بکرێن. ئەو سێ چاکسازییە سەرەکییە بریتین لە: یەکەم، گۆڕینی بەرد و تەشی بە چەرخی ڕستن، کە بەهۆیەوە هەمان بڕ کار زیاتر لە دوو هێندە ئیشی دەکرد. دووەم، بەکارهێنانی چەندان ئامێری کارا کە زۆر لە قۆناخەکانی پیشەکەیان ئاسان و کورت دەکردەوە وەک پێچانەوەی

خوری و پاککردنەوەی، یان ڕێکخستنی باشتری خورییەکە پێش ئەوەی بخرێتە سەر ئامێری چنین، کە پێش داهێنانی ئەم ماکینانە ئەو پرۆسانە زۆر بێزارکەر و دوورودرێژ بوون. سێیەم، بەکارهێنانی ئاسیاوی گووشین (fulling mill) بۆ ئەستوورکردنی کوتاڵ، لە جیاتی ئەوەی لە ئاودا بخوسێنرێ. لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەدا لە ئەوروپا نە ئاشی هەوایی و نە ئاشی ئاوی ناسراو نەبوون، هەروەها ئەوەندەی من زانیاریم هەبێ لە هیچ شوێنێکی ئەوروپای باکوری ئەلپدا ئەم ئاشانە ناسراو نەبوون. بەڵکو ماوەک پێش ئەوە بۆ ئیتالیا هێنرابوون.

لەوانەیە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجانە تا ڕادەیەک بۆمانی ڕوون بکەنەوە بۆچی نرخی ڕاستەقینەی پیشەسازیی زبر و ناسک ئەوەندە لەو سەردەمە کۆنانەدا لە نرخی ئێستایان بەرزتر بوو. لەو سەردەمانەدا کاری زیاتری دەویست بۆ ئەوەی بە بازاڕ بگەن. کاتێکیش بۆ بازاڕ دەهێنران، دەبوو بە نرخی بڕێکی زۆرتر لە کار بفرۆشرێن یان بگۆڕرێنەوە.

لەوانەیە پیشەسازیی زبری ئینگلتەرە، لەو سەردەمە کۆنانەدا، بەهەمان ئەو شێوازە بەڕێوە چووبێ کە بەردەوام لەو وڵاتانەدا هەن کە هونەر و پیشەسازییان لە قۆناخە سەرەتاییەکاندان. لەوانەیە پیشەسازییەکی ناوماڵ بووبێ، کە بەشە جیاجیاکانی کارەکە هەندێ جاران لەلایەن هەموو ئەندامانی خێزانەوە ئەنجام دراون. بەڵام کاتێک کردوویانە بە پیشە، کە هیچ کارێکی تر نەبووە بۆ ئەوەی بیکەن و، هەرگیز نەبووەتە ئەو پیشە سەرەکییەی کە زۆرترین بەشی بژێویی خۆیانی پێ دابین بکەن. ئەو ئیشەی بەم شێوازە کراوە، وەک تێبینی کراوە، بەردەوام هەرزانتر خراوەتە بازاڕەوە لەوانەی کە کارگەر بنەمای سەرەکی و تاقانەیان بووە. لەلایەکەی ترەوە، پیشەسازیی ورد و ناسک لەو سەردەمەدا لە ئینگلتەرە نەبووە، بەڵکو لەو وڵاتی دەوڵەمەند و بازرگانیی فلاندەرز کراوە و، ڕەنگە ئەو کاتە لەوێ بەهەمان شێوازی ئێستا ئەنجام درابن، لەلایەن خەڵکێکەوە کە تەواوی، یان بەشی سەرەکیی، بژێوییانی لەسەر بووە. هەروەها پیشەسازییەکە بیانی بووە و دەبوو باجی لەسەر بدرێ، هیچ نەبێ باجی کۆنی بارکردن و کێشانی لەسەر بووە، کە بە پاشا دراون. لەڕاستیدا ئەو باجە زۆر نەبووە. ئەو کاتە سیاسەتی ئەوروپا ئەوە نەبووە کە لەڕێی باجی زۆرەوە ڕێگری لە هاوردەکردنی بەرهەمی پیشەسازیی بیانی بگیرێ، بەڵکو باجەکە بۆ هاندانی بووە، بۆ ئەوەی بازرگانەکان بتوانن بە ئاسانترین ئاستی گونجاو دابینیان بکەن بۆ ئەو پیاوە مەزنانەی بۆ خۆشگوزەرانی ویستوویانن و، کە پیشەسازیی وڵاتی خۆیان ئەو بەرهەمانەی بۆیان دەستەبەر نەکردووە.

ڕەنگە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجانە بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆمانی ڕوون بکاتەوە بۆچی، لەو سەردەمە کۆنانەدا، نرخی ڕاستەقینەی پیشەسازیی زبر بە بەراورد لەگەڵ نرخی پیشەسازیی ورد و ناسک، زۆر کەمتر بووە لەوەی ئێستا هەیە.

کۆتایی ئەم بەشە

بەتێبینیکردنی ئەوەی هەموو چاکسازییەک لە هەلومەرجی کۆمەڵگە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، مەیلی بەرزکردنەوەی کرێی ڕاستەقینەی زەوی، زیادکردنی سامانی ڕاستەقینەی خاوەن موڵک، دەسەڵاتی بۆ کڕینی کار، یان بەرهەمی کاری خەڵکی تر دەکا، کۆتایی بەم بەشە زۆر درێژە دەهێنم.

بەرفرەوانبوونی پێشکەوتن و کشتوکاڵ مەیلی ڕاستەوخۆی ئەم بەرزکردنەوەیە دەکا. پشکی خاوەن موڵک لە بەرهەمدا بێگومان لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمەکەدا زیاتر دەبێ.

بەرزبوونەوەی نرخی ڕاستەقینەی ئەو بەشانەی بەرهەمی خاوی زەوی، کە بە پلەی یەکەم کاریگەریی فرەوانبوونی پێشکەوتنی چاکسازیی زەوی و کشتوکاڵە و، دوای ئەوە هۆکارن بۆ ئەوەی زیاتر بەرفرەوان ببن، بەرزبوونەوەی نرخی ماڵات بۆ نموونە مەیلی ئەوەی هەیە ڕاستەوخۆ موڵکانەی زەوی بەرز بکاتەوە و، بە ڕێژەیەکی تەنانەت بەرزتریش. بەهای ڕاستەقینەی پشکی خاوەن زەوی، توانای ڕاستەقینەی دەستەبەرکردنی کاری خەڵکی تر، تەنیا بەهای ڕاستەقینەی بەرهەم بەرز ناکاتەوە، بەڵکو ڕێژەی پشکی خۆشی بۆ تەواوی بەرهەم شانبەشانی ئەو بەرزبوونەوەیە بەرزتر دەبێ. بەرهەم، دوای بەرزبوونەوەی نرخە ڕاستەقینەکەی، پێویستی بە کاری زیاتر لە جاران هەیە بۆ کۆکردنەوەی. بۆیە ڕێژەیەکی بچووکتری بەشی قازانجی ئاسایی و جێگرتنەوەی ئەو ماڵەیە کارەکەی بەگەڕ خستووە، دەکا. لە ئاکامدا دەبێ ڕێژەیەکی زۆرتری بۆ خاوەن موڵک بچێ.

هەموو ئەم چاکسازییانە لە هێزە بەرهەمهێنەکانی کاردا، کە ڕاستەوخۆ مەیلی کەمکردنەوەی نرخی ڕاستەقینەی بەرهەمە پیشەسازییەکانیان هەیە، ناڕاستەوخۆ مەیلی بەرزکردنەوەی کرێی ڕاستەقینەی زەوی دەکەن. خاوەن موڵک ئەو بەشە زیادەی بەرهەمە خاوەکەی، کە زیاترە لەوەی بەکاری ببا، یان کە ئەمیش هەر هەمان شتە، نرخی ئەو بەشەی، بە بەرهەمی پیشەسازیی دەگۆڕێتەوە. هەر شتێکیش نرخی ڕاستەقینەی ئەمەی دوایی کەم بکاتەوە، ئەوەی یەکەمیان بەرز دەکاتەوە. بەمەش بڕێکی یەکسان لەوەی یەکەم یەکسان دەبێ بەبڕێکی زیاتر لەوەی دووەم و، خاوەن موڵک دەتوانێ بەو هۆیەوە بڕێکی زیاتر خۆشگوزەرانی و جوانکاری بکڕێ.

هەر زیـادبوونێکی سـامانی ڕاسـتەقینەی کـۆمەڵگە، هەر زیادبوونێـک لە بـڕی کـاری بەسـوود کە بەو سـامانە بخرێتە گەڕ، ناڕاسـتەوخۆ کرێـی ڕاسـتەقینەی زەوی زیـاد دەکـا. ڕێژەیەکـی دیـاریکراوی ئەم کـارە بەشـێوەیەکی سروشـتی بـۆ زەوی دەبـێ. ژمـارەیەکی زۆرتری خەڵک و ماڵات لە کشتوکاڵدا دەخرێنە گەڕ، بەرهەم لەگەڵ زیادبوونی ئەو ماڵەی بۆ بەرهەمهێنانی خراوەتە گەڕ زیاد دەبێ و، کرێش شانبەشانی بەرهەم زیاد دەبێ.

هەلومەرجی پێچەوانەی ئەمە، پشتگوێخستنی کشتوکاڵ و چاکسازی، دابەزینی نرخـی ڕاسـتەقینەی هەر بەشـێکی بەرهەمـی خـاوی زەوی، بەرزبـوونەوەی نرخـی ڕاسـتەقینەی بەرهەمە پیشەسـازییەکان بەهـۆی داڕمـانی هـونەری پیشـەیی و پیشەسـازییەوە، لەدەسـتچوونی سـامانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە، هەموویـان، لەلایەکـی تـرەوە، دەبـنە مـایەی کەمکـردنەوەی کرێـی ڕاسـتەقینە، کەمکـردنەوەی سـامانی ڕاسـتەقینەی خـاوەن موڵـک، پووکانەوەی هێزی کڕینی کار یان بەرهەمی کاری کەسانی تر.

تەواوی بەرهەمـی سـاڵانەی زەوی و کـاری هەمـوو وڵاتێـک، یـان کە هەمـان شـت دەگەیەنـێ، تەواوی نرخـی ئەو بەرهەمە سـاڵانەیە، بەشـێوەیەکی سروشـتی، وەک تێبینـی کراوە، خۆی دابەش دەکاتە سەر سێ بەش: موڵکانەی زەوی، هەقدەستی کار و، قازانجی مـاڵ و، دەبێتە داهـات بـۆ سـێ جـۆر خەڵکی جیـا لەیەکتر: ئەوانەی لەسـەر کـرێ دەژیـن، ئەوانەی لەسـەر هەقدەسـت دەژیـن و، ئەوانەی لەسـەر قـازانج دەژیـن. ئەمـانە سـێ تـوێژی گەورە و بنەڕەتـی و پێکهێـنەری هەمـوو کـۆمەڵگەیەکی شارسـتانین، کە داهـاتی ئەوان لەکۆتاییدا بۆ هەموو توێژەکانی تر دەچن.

لەوەی کە ئێستا گوترا، دەردەکەوێ کە بەرژەوەندیی تـوێژی یەکەمـی ئەم سـێ تـوێژە گەورەیە، بە توندی و جیانەکراوەیی بەندە بە بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگەوە. هاندان یـان ڕێگری لە یەکێکیـان، وەک پێویسـتییەک دەبێتە مـایەی هانـدان یـان ڕێگری لەوەی تریـان. کاتێک کە گشت گفتوگۆ لەسـەر هەر ڕێکخسـتنێکی بازرگانی یـان سیاسـەت دەکـا، خـاوەن موڵک ناتوانێ فەرامۆشی بکات، لە ڕوانگەی برەودان بە بەرژەوەندی توێژەکەی خۆیـانەوە، بەلای کەمەوە کاتێـک کە زانیـارییەکی گونجاویـان لەسـەر ئەو بەرژەوەنـدیە هەیە. ئەوان تەنیا توێژی نێو ئەو سێ توێژەن کە داهاتەکەیان نە کاری پێویستە و نە خزمەتکردن، بۆ ئەوەی بێتە دەسـتیان، وەک ئەوەی ئەو داهـاتە لەخـۆیەوە بـێ و دوور لە هەر پـلان یـان پرۆژەیەکی خۆیان. ئەو تەمبەڵییەی ئەوان کە کاریگەریی سروشتیی ئاسانی و مسـۆگەریی

دۆخەکەیانە، زۆر جاران وا دەکا نەک تەنیا بێئاگا بن، بەڵکو نەتوانن ئاوەزی پێویست بەکار بهێنن بۆ پێشبینیکردن و تێگەیشتنی ئاکامەکانی هەر یاسایەکی گشتی.

بەرژەوەندی توێژی دووەم، کە لەسەر هەقدەست دەژین، هاوشێوەی توێژی یەکەم. زۆر بەتوندی وابەستەی بەرژەوەندی کۆمەڵگەیە. هەقدەستی کارگەران، وەک پێشان دراوە، هەرگیز وەک کاتی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر کار بەرز نابێ، یان هاوشێوەی ئەو کاتەی کە هەموو ساڵێک بڕی بەگەڕخستنی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەبێ. کاتێک کە سامانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە چەق دەبەستێ، هەقدەستی ئەو زوو کەم دەبێتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە بەئاستەم بەشی بەخێوکردنی خێزان بکات، یان بەشی بەردەوامیدانی بە نەوەی کارگەران بکات. کە کۆمەڵگە پاشەکشە دەکا، هەقدەستەکەیان لەوەش زیاتر دادەبەزێ. لەوانەیە توێژی خاوەن موڵکەکان بەهۆی گەشەی کۆمەڵگەوە لە کارگەران زیاتریان دەست بکەوێ، بەڵام هیچ توێژێک ئەوەندەی ئەوان بەدەستی پاشەکشەی کۆمەڵگەوە ناناڵێ. بەڵام هەرچەندە بەرژەوەندی کارگەر زۆر پەیوەستە بە بەرژەوەندی کۆمەڵگەوە، ئەو ناتوانێ هەست بەو بەرژەوەندیە بکات یان لە وابەستەیی بە بەرژەوەندی خۆیەوە تێ بگا. دۆخی ئەو هیچ کاتێکی بەدەستەوە ناهێڵێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست و، ئاستی خوێندەواری و خووەکانی بەگشتی وای لێ دەکەن توانای بڕیاردانی نەبێ تەنانەت ئەگەر زانیاریی تەواویشی لەبەر دەستدا بێ. بۆیە لە گفتوگۆ گشتییەکاندا دەنگی ئەو بە کەمی دەبیسترێ یان کەمتر بایەخی پێ دەدرێ، مەگەر لە هەندێ هەلی تایبەت نەبێ، کاتێک کە دەنگەدەنگی ئەو دەبزوێ، بە پشتیوانیی خاوەن کارەکەی، بۆ خزمەتکردنی خۆی نا، بەڵکو بۆ خزمەتکردنی مەبەستەکانی خاوەن کارەکە.

خاوەن کارەکانی ئەو توێژی سێیەم پێک دێنن، کە ئەوانەن لەسەر قازانج دەژین. ئەوە ماڵە کە بەمەبەستی قازانج بەگەڕ دەخرێ و زۆرترین بەشی کاری بەسوودی هەر کۆمەڵگەیەک بەکار دێنێ. پلان و پرۆژەکانی بەگەڕخەرانی ماڵ گرنگترین ئۆپەراسیۆنەکانی کار ڕێک دەخەن و ئاراستەیان دەکەن و، قازانج خاڵی کۆتای چاوەڕوانکراوە لە هەموو ئەو پلان و پرۆژانە. بەڵام ئاستی قازانج وەک کرێ و هەقدەست نییە، لەوەی لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەدا بەرز ببێتەوە و لەگەڵ پاشەکشەیدا نزم ببێتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەو بەشێوەیەکی سروشتی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا کەمە و لە وڵاتە هەژارەکاندا زۆرە و، بەردەوام لەو وڵاتانەدا زۆرترە کە خێراتر بەرەو وێرانبوون دەچن. کەواتە بەرژەوەندیی ئەم توێژەی سێیەم، هەمان وابەستەیی بە بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگەوە نابەستێتەوە

وەک ئەوەی دووانەکەی تر. بازرگانان و خاوەن پیشەسازییەکان، لەم توێژەدا، دوو پۆل خەڵکن کە بەگشتی زۆرترین سەرمایە دەخەنە گەڕ و، لەڕێی سامانەکانیانەوە زۆرترین پشک لە سەرنجی گشتی بەلای خۆیاندا بەکێش دەکەن. لەبەر ئەوەی لە هەموو تەمەنیاندا خەریکی پلان و پرۆژەن، زۆربەی جاران توانای تێگەیشتنیان لە زۆرترین بەشی کەسایەتییە ڕێزدارەکانی کۆمەڵگە زیاترە. لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانیان، بەگشتی لە ئەنجامی ئەزموونی زیاترن لە بەرژەوەندی لقە تایبەتەکانی بازرگانییەکانیان، زیاتر لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە، بڕیارەکانیان تەنانەت کە بە بێلایەنییەکی زۆرەوە (کە لە هەموو جارێکدا وا نین) پێشکەش دەکرێن زۆرتر پشتیان پێ دەبەسترێ لەوەی ئەو دوو توێژەی پێشوو. بالادەستیی ئەوان لە ئاست ڕێزدارەکانی وڵات لەوەدا نییە کە زانینی زۆریان لەسەر بەرژەوەندی گشتی هەیە، بەڵکو لەوەدایە زانینی باشتریان لەسەر بەرژەوەندی خۆیان هەیە، زیاتر لەوەی ڕێزدارەکان لەم ڕووەوە هەیانە. لەڕێی ئەم زانینە بالادەستەوە لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کە زۆربەی جاران وا لە ڕێزدارەکان دەکەن بەسوود وەرگرتن لە جوامێرییان، دەستبەرداری بەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی گشتی ببن، بەوەی زۆر بەسادەیی بەلام بە شێوازێکی ڕاستگۆیانە وایان پیشان دەدەن کە بەرژەوەندی ئەوان، نەک ئەوەی خۆیان، بەرژەوەندی گشتییە. بەرژەوەندی بازرگانەکان لە هەر لقێکی بازرگانی یان پیشەسازیدا، بەردەوام لە هەندێ ڕووەوە جیایە، تەنانەت دژە، لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی. بەرژەوەندی بازرگانان بەردەوام لە فرەوانکردنی بازاڕ و بەرتەسککردنی کێبەرکێیە. لەوانەیە زۆر جاران فرەوانکردنی بازاڕ تا ڕادەیەک بەرژەوەندی گشتیی تێدا هەبێ، بەلام بەرتەسککردنی کێبەرکێ بەردەوام دژی ئەو بەرژەوەندییەیە و، تەنیا خزمەتی بازرگانان دەکا و، لەڕێی بەرزکردنەوەی قازانجەکانیان بۆ سەرووی ئاستە سرووشتییەکەیانەوە، توانای خۆڕێکخستنیان دەبێ لەپێناو سوودی خۆیان بۆ ئەوەی باجێکی بێواتە بخەنە سەر هاووڵاتییانی خۆیان. پێشنیازی هەر یاسایەک یان بڕیارێکی نوێی پەیوەست بە بازرگانی کە لەم توێژەوە بێ، دەبێ بەردەوام بە وریاییەکی زۆرەوە گوێی لێ بگیرێ و، نابێ هەرگیز پەسەند بکرێ پێش ئەوەی بەوردی و دوورودرێژی تاوتوێ بکرێ، نەک تەنیا بەوردترین شێوە بەڵکو بە پرگومانترین شێوەش. چونکە ئەو پێشنیازە لە توێژێکی خەڵکەوە هاتووە کە هەرگیز بەرژەوەندیان تەواو لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی نییە و، بەگشتی بەرژەوەندیان لە خەڵەتاندن و تەنانەت سەرکوتینەوەی بەرژەوەندی گشتیدایە و، بەو پێیەش لە زۆر هەلدا هەڵیان خەڵەتاندووە و سەریان کوتاوەتەوە.

نرخەکانی گەنم

تێکرای بە پارە لە هەمان ساڵدا			تێکرای نرخە جیاکانی هەمان ساڵ			نرخەکانی چارەکێک گەنم لە هەر ساڵێکدا			ساڵ
پێنس	شیلین	پاوەن	پێنس	شیلین	پاوەن	پێنس	شیلین	پاوەن	
			٠	١٦	١	٠	١٢	٠	١٢٠٢
						٠	١٢	٠	
٣		٢	٥	١٣		٤	١٣	٠	١٢٠٥
						٠	١٥	٠	
			٠	١٦	١	٠	١٢	٠	١٢٢٢
			٠	١٠	٠	٤	٣	٠	١٢٣٧
			٠	٦	٠	٠	٢	٠	١٢٤٣
			٠	٦	٠	٠	٢	٠	١٢٤٤
			٠	٨	٢	٠	١٦	٠	١٢٤٦
			٠	٠	٢	٥	١٣	٠	١٢٤٧
			٠	١٢	٣	٠	٤	٠	١٢٥٧
						٠	٠	٠	١٢٥٨
	١١	٢	٠	١٧		٠	١٥	٠	
						٠	١٦	٠	
						٠	١٦	٤	١٢٧٠
٠	١٦	١٦		١٢	٥	٠	٨	٦	
						٨	٢	٠	١٢٨٦
	٨	١	٤	٩		٠	١٦	٠	
٣	٩	٢٥	کۆی گشتی						
١.٢٥	٩	٢	تێکرا						
	١٠					٤	٣	٠	١٢٨٧
						٨	٠	٠	
						٠	١	٠	
						٤	١	٠	
						٦	١	٠	١٢٨٨
١.٢٥	٩	٠	٠.٢٥	٣		٨	١	٠	
						٢	٠		
						٤	٣		
						٤	٩		
						٠	١٢		
						٠	٦		
٤.٥	١٠	١	١.٥	١٠	٠	٠	٢		١٢٨٩
					٨	١٠	٠		
						٠	٠	١	

تێکرای بە پارە لەم سەردەمەدا تێکرای نرخە جیاکانی هەمان ساڵ نرخەکانی چارەکێک گەنم لە هەر ساڵێکدا ساڵ

پێنس شیلین پاوەن پێنس شیلین پاوەن پێنس شیلین پاوەن

١٢٩٠	٠	١٦	٠					٢	٨	٠
١٢٩٤	٠	١٦	٠					٢	٨	٠
١٣٠٢	٠	٤	٠					٠	١٢	٠
١٣٠٩	٠	٧	٢					١	١	٦
١٣١٥	١	٠	٠					٣	٠	٠
	١	٠	٠							
١٣١٦	١	١٠	٠	١	١٠	٦		٤	١١	٦
	١	١٢	٠							
	٢	٠	٠							
	٢	٤	٠							
	٠	١٤	٠							
١٣١٧	٢	١٣	٠	١	١٩	٦		٥	١٨	٦
	٤	٠	٠							
	٠	٦	٨							
١٣٣٦	٠	٢	٠		٦					
١٣٣٨	٠	٣	٤		١٠					
							کری گشتی	٢٣	٤	١١.٢٥
							تیکرا	١	١٨	٨
١٣٣٩	٠	٩	٠					٠	٧	٠
١٣٤٩	٠	٢	٠					٠	٥	٢
١٣٥٩	١	٦	٨					٣	٢	٢
١٣٦١	٠	٢	٠					٠	٤	٨
١٣٦٣	٠	١٥	٠					١	١٥	٠
١٣٦٩	١	٠	٠							
	١	٤	٠	١	٢			٢	٩	٤
١٣٧٩	٠	٤	٠					٠	٩	٤
١٣٨٧	٠	٢	٠					٠	٤	٨
	٠	١٣	٤							
١٣٩٠	٠	١٤	٠		١٤	٥		١	١٣	٧
	٠	١٦	٠							
١٤٠١	٠	١٦	٠					١	١٧	٤
١٤٠٧	٠	٤	٤.٢٥							
	٠	٣	٤		٣	١٠		٠	٨	١١
١٤١٦	٠	١٦	٠					١	١٢	٠
							کری گشتی	١٥	٩	٤
							تیکرا	١	٥	٩.٥
١٤٢٣		٨							١٦	
١٤٢٥		٤							٨	

تێکرای بە پارە لەم سەردەمەدا			تێکرای نرخە جیاکانی هەمان ساڵ			نرخی چارەکێک گەنم لە هەر ساڵێکدا			ساڵ
پێنس	شیلین	پاوەن	پێنس	شیلین	پاوەن	پێنس	شیلین	پاوەن	
٤	١٣	٢				٨	٦	١	١٤٣٤
٨	١٠	٠				٤	٥	٠	١٤٣٥
						٠	٠	١	١٤٣٦
٨	٦	٢	٤	٣	١	٨	٦	١	
٠	٨	٢				٠	٤	١	١٤٤٠
٤	٨	٠	٢	٤		٤	٤	٠	١٤٤٤
						٠	٤	٠	
٠	٩	٠				٦	٤	٠	١٤٤٥
٠	١٦	٠				٠	٨	٠	١٤٤٧
٤	١٣	٠				٨	٦	٠	١٤٤٨
٠	١٠	٠				٠	٥	٠	١٤٤٩
٠	١٦	٠				٠	٨	٠	١٤٥١
٤	١٥	١٢	کۆی گشتی						
٣.٥	١	١	تێکرا						
٨	١٠	٠				٤	٥	٠	١٤٥٣
٤	٢	٠				٢	١	٠	١٤٥٥
٤	١٥	١				٨	٧	٠	١٤٥٧
٠	١٠	٠				٠	٥	٠	١٤٥٩
٠	١٦	٠				٠	٨	٠	١٤٦٠
٨	٣	٠	١٠	١		٠	٢	٠	١٤٦٣
						٨	١	٠	
٠	١٠	٠				٨	٦	٠	١٤٦٤
٠	١٧	١				٠	٤	١	١٤٨٦
٠	٢	١				٨	١٤	٠	١٤٩١
٠	٦	٠				٠	٤	٠	١٤٩٤
٠	٥	٠				٤	٣	٠	١٤٩٥
٠	١١	١				٠	٠	١	١٤٩٧
٠	٩	٨	کۆی گشتی						
١	١٤	٠	تێکرا						
٠	٦	٠				٠	٤	٠	١٤٩٩
٦	٨	٠				٨	٥	٠	١٥٠٤
٠	١٠	١				٠	٠	١	١٥٢١
٠	٨	٠				٠	٨	٠	١٥٥١
٠	٨	٠				٠	٨	٠	١٥٥٣
٠	٨	٠				٠	٨	٠	١٥٥٤
٠	٨	٠				٠	٨	٠	١٥٥٥
٠	٨	٠				٠	٨	٠	١٥٥٦
							٨		

پنس	شیلین	پاوەن		پنس	شیلین	پاوەن	پنس	شیلین	پاوەن	ساڵ
تێکڕای بە پارە لەم سەردەمەدا				تێکڕای نرخە جیاکانی هەمان ساڵ			نرخی چارەکێک گەنم لە هەر ساڵێکدا			ساڵ
٨.٥	١٧	٠		٨.٥	١٧	٠	٠	٤	٠	١٥٥٧
							٠	٨	٠	
							٤	١٣	٢	
٠	٨	٠					٠	٨	٠	١٥٥٨
٠	٨	٠					٠	٨	٠	١٥٥٩
٠	٨	٠					٠	٨	٠	١٥٦٠
٢.٥	٠	٦	کۆی گشتی							
٠.٤١٦	١٠	٠	تێکڕا							
	٨						٠	٨	٠	١٥٦١
	٨						٠	٨	٠	١٥٦٢
							٠	١٦	٢	١٥٧٤
٠	٠	٢				٢	٠	٤	١	
٠	٤	٣					٠	٤	٣	١٥٨٧
٠	١٦	٢					٠	١٦	٢	١٥٩٤
٠	١٣	٢					٠	١٣	٢	١٥٩٥
٠	٠	٤					٠	٠	٤	١٥٩٦
							٠	٤	٥	١٥٩٧
٠	١٢	٤			١٢	٤	٠	٠	٤	
٨	١٦	٢					٨	١٦	٢	١٥٩٨
٨	١٩	١					٢	١٩	١	١٥٩٩
٨	١٧	١					٨	١٧	١	١٦٠٠
١٠	١٤	١					١٠	١٤	١	١٦٠١
٤	٩	٢٨	کۆی گشتی							
٠.٣٣	٧	٢	تێکڕا							

نرخی چارەکی تۆ بوشڵی باشترین یا نرخبەرزترین گەنم لە بازاڕی وینسور، لە جەژنی مژدەپێدان (دەکاتە ٢٥ی ئادار - وەرگێڕ) و جەژنی میشێل (دەکاتە ٢٩ی ئەیلوول- وەرگێڕ)، لە ساڵی ١٥٩٥ەوە تا ١٧٦٤، بەو دوو ساڵەشەوە نرخی هەر ساڵێک نرخی ناوەڕاستی نێوان بەرزترین نرخەکانی ئەو دوو ڕۆژەی بازاڕە. تێبینی: لە تۆمارەکەدا ساڵی ١٦٤٦ نەبوو و لە لایەن ئوسقوف فلیتوودەوە پڕ کراوەتەوە.

پنس	شیلین	پاوەن	ساڵ
٠	٠	٢	١٥٩٥
٠	٨	٢	١٥٩٦
٦	٩	٣	١٥٩٧
٨	١٦	٢	١٥٩٨
٢	١٩	١	١٥٩٩
٨	١٧	١	١٦٠٠
١٠	١٤	١	١٦٠١
٤	٩	١	١٦٠٢
٤	١٥	١	١٦٠٣
٨	١٠	١	١٦٠٤

سال	پاوند	شیلین	پنس
۱۶۰۵	۱	۱۵	۱۰
۱۶۰۶	۱	۱۳	۰
۱۶۰۷	۱	۱۶	۸
۱۶۰۸	۲	۱۶	۸
۱۶۰۹	۲	۱۰	۰
۱۶۱۰	۱	۱۵	۱۰
۱۶۱۱	۱	۱۸	۸
۱۶۱۲	۲	۲	۴
۱۶۱۳	۲	۸	۸
۱۶۱۴	۲	۱	۸.۵
۱۶۱۵	۱	۱۸	۸
۱۶۱۶	۲	۰	۴
۱۶۱۷	۲	۸	۸
۱۶۱۸	۲	۶	۸
۱۶۱۹	۱	۱۵	۴
۱۶۲۰	۱	۱۰	۴
مابقی ۳۶	۵۴	۰	۶.۵
تکرا	۲	۱	۶.۶۹
۱۶۲۱	۱	۱۰	۴
۱۶۲۲	۲	۱۸	۸
۱۶۲۳	۲	۱۲	۰
۱۶۲۴	۲	۸	۰
۱۶۲۵	۲	۱۲	۰
۱۶۲۶	۲	۹	۴
۱۶۲۷	۱	۱۶	۰
۱۶۲۸	۱	۸	۰
۱۶۲۹	۲	۲	۰

سال	پاوند	شیلین	پنس
۱۶۳۰	۲	۱۵	۸
۱۶۳۱	۳	۸	۰
۱۶۳۲	۲	۱۳	۴
۱۶۳۳	۲	۱۸	۰
۱۶۳۴	۲	۱۶	۰
۱۶۳۵	۲	۱۶	۰
۱۶۳۶	۲	۱۶	۸
مابقی ۱۶	۴۰	۰	
تکرا	۲	۱۰	
۱۶۳۷	۲	۱۳	۰
۱۶۳۸	۲	۱۷	۴
۱۶۳۹	۲	۴	۱۰

١٦٤٠	٢	٤	٨
١٦٤١	٢	٨	٠
١٦٤٢-٥٥	٠	٠	٠
١٦٤٦	٢	٨	٠
١٦٤٧	٣	١٣	٠
١٦٤٨	٤	٥	٠
١٦٤٩	٤	٠	٠
١٦٥٠	٣	١٦	٨
١٦٥١	٣	١٣	٤
١٦٥٢	٢	٩	٦
١٦٥٣	١	١٥	٦
١٦٥٤	١	٦	٠
١٦٥٥	١	١٣	٤
١٦٥٦	٢	٣	٠
١٦٥٧	٢	٦	٨
١٦٥٨	٣	٥	٠
١٦٥٩	٣	٦	٠
١٦٦٠	٢	١٦	٦
١٦٦١	٣	١٠	٠
١٦٦٢	٣	١٤	٠
١٦٦٣	٢	١٧	٠
١٦٦٤	٢	٠	٦
١٦٦٥	٢	٩	٤
١٦٦٦	١	١٦	٠
١٦٦٧	١	١٦	٠
١٦٦٨	٢	٠	٠
١٦٦٩	٢	٤	٤
١٦٧٠	٢	١	٨
١٦٧١	٢	٢	٠
سال	پاوند	شیلینگ	پنس
١٦٧٢	٢	١	٠
١٦٧٣	٢	٦	٨
١٦٧٤	٣	٨	٨
١٦٧٥	٣	٤	٨
١٦٧٦	١	١٨	٠
١٦٧٧	٢	٢	٠
١٦٧٨	٢	١٩	٠
١٦٧٩	٣	٠	٠
١٦٨٠	٢	٥	٠
١٦٨١	٢	٦	٨
١٦٨٢	٢	٤	٠
١٦٨٣	٢	٠	٠
١٦٨٤	٢	٤	٠
١٦٨٥	٢	٦	٨

گندم به چارک

پنس	شیلین	پاوند		سال
۰	۱٤	۱		۱٦۸٦
۲	٥	۱		۱٦۸۷
۰	٦	۲		۱٦۸۸
۰	۱۰	۱		۱٦۸۹
۸	۱٤	۱		۱٦۹۰
۰	۱٤	۱		۱٦۹۱
۸	٦	۲		۱٦۹۲
۸	۷	۳		۱٦۹۳
۰	٤	۳		۱٦۹٤
۰	۱۳	۲		۱٦۹٥
۰	۱۱	۳		۱٦۹٦
۰	۰	۳		۱٦۹۷
٤	۸	۳		۱٦۹۸
۰	٤	۳		۱٦۹۹
۰	۰	۲		۱۷۰۰
۸	۱	۱٥۳	٦۰	
۰.٦٦	۱۱	۲	تکرا	
۸	۱۷	۱		۱۷۰۱
٦	۹	۱		۱۷۰۲
۰	۱٦	۱		۱۷۰۳
٦	٦	۲		۱۷۰٤
۰	۱۰	۱		۱۷۰٥
۰	٦	۱		۱۷۰٦
٦	۸	۱		۱۷۰۷
٦	۱	۲		۱۷۰۸
پنس	شیلین	پاوند		سال
٦	۱۸	۳		۱۷۰۹
۰	۱۸	۳		۱۷۱۰
۰	۱٤	۲		۱۷۱۱
٤	٦	۲		۱۷۱۲
۰	۱۱	۲		۱۷۱۳
٤	۱۰	۲		۱۷۱٤
۰	۳	۲		۱۷۱٥
۰	۸	۲		۱۷۱٦
۸	٥	۲		۱۷۱۷
۱۰	۱۸	۱		۱۷۱۸
۰	۱٥	۱		۱۷۱۹
۰	۱۷	۱		۱۷۲۰
٦	۱۷	۱		۱۷۲۱
۰	۱٦	۱		۱۷۲۲
۸	۱٤	۱		۱۷۲۳

١٧٢٤		١	١٧	٠
١٧٢٥		٢	٨	٦
١٧٢٦		٢	٦	٠
١٧٢٧		٢	٢	٠
١٧٢٨		٢	١٤	٦
١٧٢٩		٢	٦	١٠
١٧٣٠		١	١٦	٦
١٧٣١		١	١٢	١٠
١٧٣٢		١	٦	٨
١٧٣٣		١	٨	٤
١٧٣٤		١	١٨	١٠
١٧٣٥		٢	٣	٠
١٧٣٦		٢	٠	٤
١٧٣٧		١	١٨	٠
١٧٣٨		١	١٥	٦
١٧٣٩		١	١٨	٦
١٧٤٠		٢	١٠	٨
١٧٤١		٢	٦	٨
١٧٤٢		١	١٤	٠
١٧٤٣		١	٤	١٠
١٧٤٤		١	٤	١٠
١٧٤٥		١	٧	٦
١٧٤٦		١	١٩	٠
١٧٤٧		١	١٤	١٠
١٧٤٨		١	١٧	٠
١٧٤٩		١	١٧	٠
١٧٥٠		١	١٢	٦
سال		پاوند	شیلین	پنس
١٧٥١		١	١٨	٦
١٧٥٢		٢	١	١٠
١٧٥٣		٢	٤	٨
١٧٥٤		١	١٣	٨
١٧٥٥		١	١٤	١٠
١٧٥٦		٢	٥	٣
١٧٥٧		٣	٠	٠
١٧٥٨		٢	١٠	٠
١٧٥٩		١	١٩	١٠
١٧٦٠		١	١٦	٦
١٧٦١		١	١٠	٣
١٧٦٢		١	١٩	٠
١٧٦٣		٢	٠	٩
١٧٦٤		٢	٦	٩
	٦٤	١٢٩	١٣	٦
	تیکرا	٢	٠	٦.٥٩

١٠	١٢	١		١٧٣١
٨	٦	١		١٧٣٢
٤	٨	١		١٧٣٣
١٠	١٨	١		١٧٣٤
٠	٣	٢		١٧٣٥
٤	٠	٢		١٧٣٦
٠	١٨	١		١٧٣٧
٦	١٥	١		١٧٣٨
٦	١٨	١		١٧٣٩
٨	١٠	٢		١٧٤٠
٨	١٢	١٨	١٠	
٣.٢	١٧	١	تيكا	
٨	٦	٢		١٧٤١
٠	١٤	١		١٧٤٢
١٠	٤	١		١٧٤٣
١٠	٤	١		١٧٤٤
٦	٧	١		١٧٤٥
٠	١٩	١		١٧٤٦
١٠	١٤	١		١٧٤٧
٠	١٧	١		١٧٤٨
٠	١٧	١		١٧٤٩
٦	١٢	١		١٧٥٠
٢	١٨	١٦	١٠	
٩.٨	١٣	١	تيكا	

کتێبی دووەم
سروشت و کەڵەکەبوون و
بەکارهێنانی ماڵ

پێشەکی

لە دۆخی سادەی کۆمەڵگەدا کاتێک کە هیچ دابەشکردنێکی کار لە ئارادا نییە، کە تیایدا بەدەگمەن ئاڵوویر هەیە و، هەموو کەسێک هەموو شتێک بۆ خۆی دابین دەکات، پێویست نییە هیچ ماڵێک کەڵەکە بکرێ یان کۆگە بکرێ بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا بازرگانیی پێوە بکرێ. هەر کەسێک هەوڵ دەدات بە پیشەسازیی خۆی ئەو شتانە دابین بکات کە پێویستی پێیان دەبێ. کە برسیی بوو، بۆ ڕاو ڕوو لە دارستان دەکا، کە بەرگەکەی بێکەڵک بوو، بەپێستی یەکەمین ئاژەڵی گەورە کە دەیکوژێ خۆی پۆشتە دەکاتەوە و، کە کۆخەکەی ڕووی لە ڕووخان بوو، ئەوەندەی لە توانایدا هەبێ بە نزیکترین دار و پووش چاکی دەکاتەوە.

بەڵام کاتێک کە دابەشکردنی کار بەتەواوی دێتە کایەوە، بەرهەمی کاری مرۆڤ دەتوانێ تەنیا بەشێکی کەمی پێویستییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە. زۆرترین بەشیان لەڕێی بەرهەمی کاری کەسانی ترەوە فەراهەم دەبن، کە ئەو بە بەرهەمی، یان کە هەمان شتە، بەنرخی بەرهەمی کارەکەی خۆی دەیانکڕێ. بەڵام تاوەکو بەرهەمی کارەکەی تەواو پێ نەگا و، بەڵکو نەفرۆشرێتیش، ئەم کڕینە ڕوو نادا. لەبەر ئەوە پێویستە ماڵێک لە کاڵای جۆراوجۆر کۆگە بکرێ بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک بیژیێنێ و، بابەت و کەرەستەکانی کارەکەی بۆ دابین بکات، تا ئەو کاتە دێتە پێشەوە، بەلای کەمەوە تا ئەو ڕووداوانە ڕوو دەدەن. جۆلایەک ناتوانێ بەتەواوی خۆی بۆ کارە ناوازەکەی تەرخان بکات، ئەگەر پێشتر لە شوێنێکدا ماڵێکی کۆگە نەکردبێ، چ لە لای خۆی یان لای کەسێکی تر، کە بەشی بژێویی بکات و، بابەت و کەرەستەکانی کارەکەی بۆ دابین بکات، تا ئەو کاتەی نەک تەنیا بەرهەمەکەی کامڵ دەبێ، بەڵکو تا ئەو کاتەی دەیفرۆشێ. ئەم کەڵەکەکردنە، بێگومان دەبێ ماوەیەکی باش پێش ئەوە بێ کە پیشەسازییەکەی دەخاتە گەڕ.

کاتێ کە ئەم کەڵەکەکردنی ماڵە، بەشێوەیەکی سروشتی، پێویست بێ پێش دابەشکردنی کار ڕوو بدا، دەکرێ کاریش، وەک چۆن ماڵ پێشوەخت زیاتر و زیاتر کەڵەکە کرا، زیاتر دابەش بکرێ. بڕی ئەو کەرەستانەی کە هەمان ژمارەی خەڵک دەتوانن ئیشی پێ بکەن، تا کار زیاتر دابەش بکرێ ئەویش بەڕێژەیەکی زۆرتر زیاد دەبێ. هەرچەندە ئەو ئۆپەراسیۆنانەی هەر کارگەرێک ئەنجامیان دەدات وردەوردە ئاسانتر دەبن، کۆمەڵێک

ئامێری جۆراوجۆری نوێ دادەهێنرێن بۆ ئاسانکردن و کورتکردنەوەی ئەو ئۆپەراسیۆنانە.
کەواتە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دابەشکردنی کاردا، بۆ ئەوەی کاری بەردەوام بۆ هەمان ژمارەی کارگەران هەبێ، بڕێکی یەکسان ماڵی ئازووخە و بڕێکی زۆرتر ماڵی بابەت و کەرەستە زیاتر لەوەی لە دۆخی سەرەتایی شتەکاندا پێویست بوو، دەبێ پێشوەخت کەڵەکە بکرێن. بەڵام ژمارەی کارگەران لە هەموو لقێکی بازرگانیدا لەگەڵ دابەشکردنی کار لەو لقەدا زیاتر دەبێ، یان زیاتر ئەوەیە کە زۆربوونی ژمارەیان یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی خۆیان بەم شێوەیە پۆلێن و دابەش بکەن.

وەک چۆن کەڵەکەکردنی پێشوەختی ماڵ پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەم چاکسازییە گەورەیە لە هێزی کاری بەرهەمهێنىدا، بەهەمان شێوە ئەو کەڵەکەکردنە بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە مایەی ئەم پێشکەوتنە. ئەو کەسەی ماڵی خۆی بۆ مانەوەی کار بەگەڕ دەخا، وەک پێویستییەک ئارەزوو دەکا بەشێوازێک بیخاتە گەڕ کە تا دەکرێ بڕێکی زۆر ئیشی پێ بەرهەم بهێنێ. بۆیە ئەو هەوڵ دەدا، گونجاوترین دابەشکردنی بەگەڕخستن لەنێو کارگەرەکانیدا بکات، شانبەشانی دابینکردنی باشترین ئەو ماکینانەی کە دەتوانێ دایانهێنێ یان بیانکڕێ. تواناکانی ئەو لە هەردوو ئەم بوارەدا هاوڕێژەی ئاستی ماڵەکەین، یان هاوڕێژەی ژمارەی ئەو کەسانەن کە بەو ماڵە دەتوانێ بیانخاتە گەڕ. لەبەر ئەوە بڕی پیشەسازی لە هەر وڵاتێکدا نەک تەنیا لەگەڵ زیادبوونی ئەو ماڵەی دەیخاتە گەڕ زیاد دەبێ، بەڵکو لەئاکامی ئەو زیادبوونە، هەمان بڕ پیشەسازی بڕێکی زیاتر ئیش بەرهەم دێنێ.

ئەمانە بەگشتی کاریگەرییەکانی زیادبوونی ماڵن لەسەر پیشەسازی و هێزە بەرهەمهێنەکانی.

لەم کتێبەی دادێ، هەوڵم داوە سروشتی ماڵ، کاریگەرییەکانی کەڵەکەکردنی لەسەر سەرمایە جۆراوجۆرەکان و، کاریگەرییەکانی بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەرمایانە ڕوون بکەمەوە. ئەم کتێبە بەسەر پێنج بەشدا دابەش بووە. لە بەشی یەکەمدا هەوڵم داوە ئەو بەشە یان لقە جۆراوجۆرانە بخەمە ڕوو کە ماڵ، چ ماڵی تاکەکان بێ یان ماڵی کۆمەڵگەیەکی گەورە، بەشێوەیەکی سروشتی خۆیان بەسەردا دابەش دەکا. لە بەشی دووەمدا هەوڵم داوە سروشت و کارکردنی پارە وەک لقێکی دیاریکراوی ماڵی گشتی

کۆمەڵگە ڕوون بکەمەوە. ئەو ماڵەی کەڵەکە دەبێ بۆ سەرمایەیەک، لەوانەیە لەلایەن ئەو کەسەوە بەگەڕ بخرێ کە خاوەنیەتی، یان لەوانەیە بە قەرز بە کەسێکی تر بدرێ. لە هەردوو بەشی سێیەم و چوارەمدا، هەوڵی تاوتوێکردنی شێوازی کارکردنیم لە هەردوو دۆخەکەدا داوە. بەشی پێنجەم، کە دوا بەشە، کار لەسەر ئەو کاریگەرییە جۆراوجۆرانە دەکا کە بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە ڕاستەوخۆ هەیانە لەسەر بڕی هەردوو پیشەسازیی نیشتمانی و بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار.

بەشی یەکەم
دابەشکردنی ماڵ

کاتێک کە ئەو ماڵەی بەدەستی کەسێکەوەیە تەنیا بەشی ژیاندنی خۆیەتی بۆ چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەکی کەم، ئەو مرۆڤە بەدەگمەن بیر لە بەدەستهێنانی هیچ داهاتێک لەو ماڵە دەکاتەوە. ئەو تا بکرێ بە دەستپێوەگرتنەوە بەکاری دەبا و، هەوڵ دەدات لەڕێی کارەکەیەوە شتێکی تر دەستەبەر بکات بەڵکو پێش ئەوەی هەمووی بەکار ببا جێی پڕ بکاتەوە. لەم دۆخەدا، داهاتی ئەو تەنیا لە کارەکەیەوە دێ. ئەمە دۆخی زۆرینەی کارگەرانی هەژاری هەموو وڵاتانە.

بەڵام لە کاتێکدا ئەوەندە ماڵی هەبێ کە چەند مانگێک یان ساڵانێک بیژیێنێ، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی هەوڵ دەدات لە زۆرترین بەشی ئەو ماڵە داهاتێک بۆ خۆی بەدەست بێنێ و، تەنیا بەشێکی کەمی گل دەداتەوە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆی خۆی تا ئەو کاتەی ئەو داهاتە دەست بە هاتن دەکا. بەم شێوەیە، تەواوی ماڵەکەی بۆ دوو بەش جیا دەبێتەوە. ئەو بەشەی کە چاوەڕوان دەکا ئەو داهاتەی بۆ بێنێ، کە پێی دەگوترێ سەرمایەکەی .(capital) بەشەکەی تریش ئەوەیە بەکاربردنی ڕاستەوخۆی دابین دەکات و، کە پێک دێ یان لە، یەکەم، ئەو بەشەی تەواوی ماڵەکەی کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەم مەبەستە گلی داوەتەوە، یان، دووەم، داهاتەکەی، جا لە هەر سەرچاوەیەکەوە بەدەست هاتبێ، کە وردەوردە بۆی دێ، یان، سێیەم، ئەو شتانەی ساڵانی پێشتر کڕراون و هێشتا بەتەواوی بەکار نەبراون، وەک پۆشاکی کۆگەکراو، کەلپەلی ناوماڵ و، شتی هاوشێوەی ئەمانە. ئەو ماڵەی مرۆڤ بەگشتی گلی دەدەنەوە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ لە یەکێ لەم جۆرە شتانە، یان هەموویان پێک دێ.

دوو ڕێگەی جیاواز هەن کە تیایاندا سەرمایە بەگەڕ دەخرێ بۆ ئەوەی داهات (revenue)یان قازانج (profit) بۆ بەگەڕخەرەکەی (employer) بەدەست بێنێ.

یەکەم، دەکرێ بەگەڕ بخرێ بۆ بەخێوکردن، دروستکردن، یان کڕینی کاڵاکان و، فرۆشتنەوەیان بە قازانجەوە. ئەو سەرمایەیەی بەم شێوازە بەگەڕ دەخرێ، لە کاتی مانەوەی لای خۆی، یان مانەوەی بەردەوامی بەهەمان شێوە، هیچ داهاتێک یان قازانجێکی بۆ بەگەڕخەرەکەی نابێ. کاڵاکانی بازرگانان هیچ داهاتێک یان قازانجێکی بۆ بەرهەم ناهێنن تا ئەو کاتەی بە پارە دەیانفرۆشێ و، پارەکەش تا ئەو کاتەی دووبارە بە کاڵای دەگۆڕێتەوە کەمی بۆ بەرهەم دێنێ. سەرمایەکەی بەردەوام لای خۆیەوە بەشێوەیەک

دەڕوا و، بە شێوەیەکی تر دەگەڕێتەوە لای خۆی و، تەنیا لەڕێی ئەم سووڕانەوەیەوە (circulation)، یان ئاڵوگۆڕی بەردەوامەوە، دەتوانێ قازانجی بۆ بەرهەم بهێنێ. لەبەر ئەوە، ئەو جۆرە سەرمایەیە، لەوانەیە زۆر گونجاو بێ پێی بگوترێ سەرمایەی سووڕاندن (circulating capital).

دووەم، لەوانەیە لە چاکسازی و پێشخستنی زەویدا بەگەڕ بخرێ، لە کڕینی ماکینە و ئامێری بەسوود بۆ پیشەوەری، یان لە شتی هاوشێوە کە بەبێ گۆڕینی خاوەنەکانیان، یان سووڕانی زیاتر، داهات یان قازانج بەدەست دێنن. لەبەر ئەمە، ئەم سەرمایانە لەوانەیە زۆر گونجاو بێ پێیان بگوترێ سەرمایەی جێگیر.(fixed capital)

پیشەگەلی جۆراوجۆر ڕێژەگەلی زۆر جیای نێوان سەرمایەی جێگیر و سەرمایەی سووڕاندنی بەگەڕخراو تیایاندا، دەخوازن.

سەرمایەی بازرگانێک، بۆ نموونە، هەر هەمووی سەرمایەیەکی سووڕاوە. ئەو بواری بۆ ماکینە و ئامێری پیشەوەری نییە، مەگەر دوکانەکەی، یان کۆگەکەی بەوە دابنرێن.

پێویستە بەشێکی سەرمایەی هەموو پیشەوەرێک یان پیشەسازێک لە ئامێرەکانی پیشەکەیدا جێگیر بێ. ئەم بەشە لە هەندێکیاندا زۆر بچووکە و لە هەندێکی تردا زۆر گەورەیە. وەستایەکی بەرگدروو جگە لە دەستەیەک دەرزی هیچ ئامێرێکی تری بۆ پیشەکەی نییە. ئەوەی وەستای پێڵاوساز کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی زۆر کەمە زۆر گرانباییە. ئەوانەی جۆڵا بەڕادەیەکی زۆر لەوانەی پێڵاوساز زۆرترن. زۆرترین بەشی سەرمایەی هەموو ئەم جۆرە وەستا پیشەوەرانە، سووڕاوە، لە هەقدەستی کارگەرەکانیانە، یان لە نرخی کەرەستەکانیانە و، لەڕێی نرخی بەرهەمی کارەکانیانەوە سەرمایەکەیان بە قازانجێکەوە بۆ دەگەڕێتەوە.

لە پیشەگەلی تردا، سەرمایەی جێگیری زیاتر پێویستە. لە کارگەیەکی گەورەی ئاسندا، بۆ نموونە، فڕنی تواندنەوەی خاوەکە، کوورەکەی، ئاسیاوی لەتکردن، کەرەستەگەلێکی پیشەکەن کە ناکرێ بەبێ خەرجییەکی زۆر قیت بکرێنەوە. لە کارەکانی خەڵووز و هەموو جۆرە کانەکان، ئەو ماکینانەی بۆ دەرهێنانی ئاو و کارەکانی تر زۆربەی جاران زۆر گرانترن.

ئەو بەشەی سەرمایەی جووتیار کە لە ئامێرەکانی کشتوکاڵدا بەگەڕی دەخا سەرمایەیەکی جێگیرە، ئەوەشی لە هەقدەست و بژێوی کارگەرەکانیدا بەگەڕی دەخا سەرمایەیەکی سووڕاوە. ئەو لە یەکێکیان قازانج بەدەست دێنێ بەوەی لەبەر دەستی خۆیدا بێ، لەوەی تریش بە دوورکەوتنەوە لێی قازانج بەدەست دێنێ. نرخ یان بەهای ماڵاتی کارگەر سەرمایەیەکی جێگیرە بەهەمان شێوەی ئامێرەکانی کشتوکاڵ. بژێویان

سەرمایەیەکی سووڕاوە بەهەمان شێوەی خزمەتگوزارە کارگەرەکان. جووتیارەکە قازانج لەوەوە بەدەست دێنێ کە ماڵاتی کارگەر لای خۆی بهێڵێتەوە و لە بژێوییان دوور بکەوێتەوە. هەردوو نرخ و بەهای بەخێوکردنی ئەو ماڵاتەی دەهێنرێن و قەڵەو دەکرێن، نەک بۆ کار، بەڵکو بۆ فرۆشتن، سەرمایەی سووڕاندنن. جووتیارەکە لە دوورکەوتنەوە لێیان قازانج بەدەست دێنێ. ڕانە مەڕێک یان گاگەلێک کە لە وڵاتێکی ئاژەڵداردا دەکڕرێن، نەک بۆ کارکردن یان بۆ فرۆشتن، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی قازانج لە خورییەکانیان، لە شیرەکانیان و، لە زیادبوونیان، سەرمایەیەکی جێگیرن. قازانج لە هێشتنەوەیاندایە. بژێوییان سەرمایەیەکی سووڕاوە. ئەو قازانجەی لێیەوە دێ و، دەگەڕێتەوە بە قازانجی خۆیان و قازانجی تەواوی نرخی ماڵاتەکە، لە نرخی خورییەکە، شیرەکە و، زیادبوونیانەوەیە. بەهای تەواوی تۆویش، سەرمایەیەکی جێگیرە. هەرچەندە لە هاموشۆدایە لەنێوان زەوی و کۆگەی دانەوێڵەدا، ئەو هەرگیز خاوەن کارەکەی ناگۆڕێ و، لەبەر ئەوە گونجاو نییە سووڕاو بێ. جووتیارەکە قازانجەکەی لە فرۆشتنیدا نییە بەڵکو لە زیادبوونیدایە.

ماڵی گشتیی هەر وڵاتێک یان کۆمەڵگەیەک هەمان ئەوەی هەموو دانیشتووانەکەی یان ئەندامەکانیەتی و، بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی خۆی بەسەر هەمان ئەو سێ بەشەدا دابەش دەکا، کە هەر یەکێکیان ئەرکی جیاواز و دیاریکراوی خۆی هەیە.

یەکەمیان، ئەو بەشەیە کە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل درابووەوە و، سیفەتە جیاکەرەوەکەی ئەوەیە کە هیچ داهات یان قازانجێک دەستەبەر ناکا. ئەمە پێک دێ لە خۆراک، پۆشاک، کەرەستەی ماڵ، هتد کە لەلایەن بەکاربەری دروستیانەوە کڕراون، بەڵام هێشتا بەتەواوی بەکار نەبراون. تەواوی ماڵی خانووی نیشتەجێبوونیش، کە لە کاتێکدا لە وڵاتدا هەیە، بەشێکە لەم بەشەی یەکەم. ئەو ماڵەی خراوەتە خانوویەک، ئەگەر بۆ ئەوە بێ کە ببێتە خانووی نیشتەجێبوونی خاوەنەکەی، لەو کاتەوە چی تر وەک سەرمایەیەک ڕۆڵ ناگێڕێ، یان هیچ داهاتێک بۆ خاوەنەکەی ناهێنێ. بەم شێوەیە، خانووی نیشتەجێبوون، هیچ بەشدارییەکی لە داهاتی دانیشتووانەکەیدا نییە و، هەرچەندە بێگومان زۆر بەسوودە بۆی، وەک ئەوەی پۆشاک و کەلپەلی ناوماڵ بەسوودن بۆی، کە بەشێکن لە خەرجییەکانی نەک لە داهاتەکەی. ئەگەر خانووەکە بۆ ئەوە بێ کە بە کرێ بە کرێچییەک بدرێ، ئەوە هەرچەندە خانووەکە هیچ بەرهەم ناهێنێ، بەڵام دەبێ کرێچییەکە بەردەوام کرێیەکە لە هەندێ داهاتی تر کە خۆی، چ لە کار یان ماڵ یان زەوی بەدەستی دێنێ، بیدا. بەمەش خانوویەک دەتوانێ داهات بۆ خاوەنەکەی بەدەست بێنێ و، ئەرکی سەرمایەیەکی بۆ جێبەجێ دەکا، بەڵام ناتوانێ هیچ شتێک پێشکەش بەگشت(public) بکات و، ناتوانێ وەک

سـەرمایەیەک بـێ بـۆ ئەو گشـتە و، تەواوی داهـاتی خەڵـک هەرگیـز تەنـانەت بە کەمتـرین ئاستیش بەهۆیەوە زیاد ناکا. پۆشاک و کەلپەلی ناومـاڵیش بەهەمـان شـێوە، هەندێ جـاران داهاتێک دێنن و، ڕۆڵی سەرمایە بۆ کەسانێکی دیاریکراو دەگێڕن. لەو وڵاتانەی خۆگۆڕین (تنکر masquerades-تیایانـدا بـاوە، بازرگـانییەکە کە بـۆ یەک شـەوێک جلوبەرگ بە خۆگۆڕەکان بەکرێ بدرێن. هەلاجەکان زۆر جاران کەلپەل بۆ مانگێک یـان سـاڵێک بەکرێ دەدەن. مردوونێژەکـان کەلپەلـی پرسـە بـۆ ڕۆژێـک و بـۆ هەفـتەیەک بەکـرێ دەدەن. زۆر خەڵک خانوو بە کەلپەلەوە بەکرێ دەدەن، نەک بـۆ ئەوەی تەنیا خـانووەکە بەکار بهێنرێ بەڵکو کەلپەلەکانیشی بەکار بهێنرێن. ئەو داهـاتەی لەم جۆرە شـتانەوە دێ دەبـێ بەردەوام لەکۆتاییدا لە داهـاتی سـەرچاوەی تـری داهـاتەوە دەربـێ. لەنێو هەمـوو بەشـەکانی مـاڵ (stock)، چ ماڵی تاک یـان مـاڵی کۆمەڵگە، کە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراونەتەوە، ئەوەی کە خراوەتە خانووەوە لە هەموویان خاوتر بەکار دەبرێ. ماڵێک لە پۆشاک لەوانەیە چەند سـاڵێک خـۆی ڕاگرێ، ماڵێـک لە کەلپەلی ناومـاڵ لەوانەیە نیـو سـەدە یـان سـەدەیەک، بەڵام مـاڵی خـانوو، ئەگەر بەباشـی بنیـات نرابـێ و بەباشـی خزمەت بکرێ، لەوانەیە چەنـد سەدەیەک خـۆی ڕاگرێ. هەرچەنـدە جیـاوازیی نێوان مـاوەی بەکـاربردنی تەواویـان زۆرە، بەڵام هەر لەڕاستیدا ماڵێکن بۆ بەکـاربردنی ڕاسـتەوخۆ گل دراونەتەوە، وەک پۆشـاک یـان کەلپەلی ناوماڵ.

دووەمی ئەو سێ بەشەی ماڵی گشتیی کۆمەڵگە (general stock of the society) خۆی بەسەریاندا دابەش دەکا، سەرمایەی جێگیرە، کە سیفەتی جیاکەرەوەی بریتییە لەوەی بەبێ سـوورانەوە یـان گـۆڕینی خاوەنەکـانی، داهـات یـان قـازانج دەسـتەبەر دەکـا. ئەمەیـان بەشێوەیەکی سـەرەکی ئەم چوار بابەتە لەخۆ دەگرێ:

یەکەم، هەموو ماکینە و ئامێرەکانی بازرگانی کە کار ئاسانتر و کورت دەکەنەوە.

دووەم، هەموو باڵەخانە بەسوودەکانی کە ئامرازن بۆ بەدەستهێنانی داهـات، نەک تەنیا بـۆ خاوەنەکانیـان کە بەکرێیـان دەدەن، بەڵکـو بـۆ ئەو کەسـانەی ئەو باڵەخانانەیـان بەدەسـتەوەیە و کرێیـان پـێ دەدەن، وەک دوکـان، کـۆگە، شـوێنی کـار، باڵەخانەکـانی نـاو کـێڵگە: تەوێـڵە، ئەمبـاری دانەوێـڵە، هتـد. ئەمـانە زۆر جیـان لە خـانووی تـایبەت بە نیشتەجێبوون. ئەم باڵەخانانە کەرەستەی بازرگانین و، دەکرێ بەو چاوە ببینرێن.

سـێیەم، چاککەرەوەکـانی زەوی، ئەوەی بەشـێوەیەکی قـازانجبەخش بەکـار هـاتووە لە پـاککردنەوە، وشـککردنەوە، زبڵکـردن و، گەیانـدنی بە ئاسـتێکی گونجـاوتر بـۆ جـووت و چاندن. کێڵگەیەکی چاککراو لەوانەیە زۆر گونجاو بێ، لە هەمان دیدەوە، وەک ئەو ماکینانە

ئەژمار بکرێ کە کار ئاسان و کورت دەکەنەوە و، بەهۆیانەوە سەرمایەی سووڕاندنی یەکسان دەتوانێ داهاتی زیاتر بۆ بەگەڕخەرەکەی بەدەست بهێنێ. کێڵگەیەکی چاککراو بەشێوەیەکی یەکسان بەسوودە و تەمەنی درێژترە لە هەر یەکێک لەو ماکینانە، زۆربەی جاران پێویستی بە چاککردنەوە نییە جگە لە بەسوودترین بەکارهێنانەکانی ئەو سەرمایەیەی جووتیار کە بۆ چاندنی بەگەڕ خراون.

چوارەم، توانا بەدەستهاتوو و بەسوودەکانی هەموو دانیشتووان یان ئەندامانی کۆمەڵگە. بەدەستهێنانی ئەو جۆرە کارامەییانە، بەژیاندنی بەدەستهێنەر لە ماوەی فێربوون، خوێندن، یان مەشقی پیشەییدا، بەردەوام خەرجییەکی ڕاستەقینەی تێ دەچێ، کە خۆی وەک خۆی سەرمایەیەکی جێگیر و بەرچاوە وەک هەبووە. ئەو کارامەییانە، کە بەشێک لە سامانەکەی پێک دێنن، هەمان شتن بۆ کۆمەڵگەکەیان. کارامەیی پیشەوتووی کارگەرێک لەوانەیە لەبەر هەمان ڕۆشنایی وەک ماکینە یان ئامێری بازرگانی سەیر بکرێ کە کار ئاسان و خێراتر دەکەن و، کە هەرچەندە خەرجییەکی دیاریکراوی هەیە، لەڕێی قازانجەوە ئەو خەرجییە پڕ دەکاتەوە.

سێیەم و دواییی ئەو سێ بەشەی ماڵی گشتیی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی سروشتی خۆی بەسەریاندا دابەش دەکا، سەرمایەی سووڕاندنە، کە سیفەتی جیاکەرەوەی ئەوەیە کە تەنیا لەڕێی سووڕانەوە یان گۆڕینی خاوەن کارەکانەوە داهات دابین دەکات. ئەمیش لە چوار بەش پێک دێ:

یەکەم، ئەو پارەیەی کە بەهۆیەوە هەموو سیانەکەی تر دەسووڕێنەوە و بەسەر بەکاربەرانی گونجاودا دابەش دەبن.

دووەم، ئەو ماڵەی لەو ئازووخانەیە کە لەبەر دەستی گۆشتفرۆش، شوانکارە، جووتیار، بازرگانی گەنمەشامی، بیرەفرۆش، هتد هەیە و بە فرۆشتنی چاوەڕوانی قازانج دەکرێ.

سێیەم، ئەو کەرەستانەی پۆشاک، کەلپەل و، بینا، چ هەموویان خاو بن، یان کەم تا زۆر کاری پیشەسازییان لەسەر کرابێ، کە هێشتا بەتەواوی نەچوونەتە سەر ئەو سێ شێوەیە، بەڵکو بەدەستی چێنەر، پیشەوەر، کوتاڵفرۆش و جلفرۆش و، خشتبڕانەوەن.

چوارەم، کە دواییینە، ئەو ئیشەی کراوە و تەواو بووە، بەڵام هێشتا بەدەستی بازرگان یان پیشەوەرەکەوەن و، نەڕۆیشتوون یان بەسەر بەکاربەری گونجاودا دابەش نەکراون، وەک ئەو ئیشە تەواوکراوەی زۆر جاران دەبینین لە دوکانی ئاسنگەرەکان، دارتاشەکان، زێڕنگەران، گەوهەرسازان، بازرگانانی چینیدا، هتد تەواو کراون. بەم شێوەیە سەرمایەی سووڕاندن، لە ئازووخە، کەرەستە و، ئیشی تەواوکراو لە گشت جۆرێک هەر یەکێکیان بە

دەستی بازرگانی خۆیەوەیە، هەروەها ئەو پارەیەی پێویستە بۆ سووڕاندن و دابەشکرجیهانن بەسەر ئەوانەدا کە لەکۆتاییدا بەکاریان دێنن (use) یان بەکاریان دەبەن (consume).

لەم چوار بەشە، سێ بەشیان- ئازووخە، کەرەستە و، ئیشی تەواوکراو- یان ساڵانە، یان لە ماوەی درێژتر یان کورتتر، بەشێوەیەکی ڕێک دەردەکرێن و، یان دەچنە سەر سەرمایەی جێگیر یان ئەو ماڵەی بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆیە.

هەر سەرمایەیەکی جێگیر لە بنەڕەتدا لە سەرمایەیەکی سووڕاندنەوە هاتووە و، پێویستی بە پشتیوانیی بەردەوامە لە سەرمایەی سووڕاندنەوە. هەموو ئامێر و ئامرازەکانی بازرگانی لە بنەڕەتدا لە سەرمایەیەکی سووڕاندنەوە هاتوون، کە دابینکەری ئەو کەرەستانەیە کە لێی دروستکراون و، بژێویی ئەو کارگەرانەی دروستیان کردوون. هەروەها پێویستیان بە سەرمایەیەکە لە هەمان جۆر بۆ ئەوەی بەردەوام چاک بکرێنەوە.

هیچ سەرمایەیەکی جێگیر ناتوانێ داهاتی هەبێ، مەگەر لەڕێی سەرمایەیەکی سووڕاندنەوە ئەمە بکات. بەسوودترین ماکینە و ئامێرەکانی بازرگانی هیچ بەرهەمێکیان نابێ بەبێ سەرمایەیەکی سووڕاندن کە ئەو کەرەستانەی کاریان پێ دەکەن و، بژێویی ئەو کارگەرانەی کاریان پێ دەکەن دابین بکات. زەوی، ئەگەرچی ساز درابێ، هیچ داهاتێکی نابێ بەبێ سەرمایەی سووڕاندن، کە ئەو کارگەرانە بژێنێ کە دەیچێنن و بەرهەمەکەی کۆ دەکەنەوە.

تەنیا ئامانج و کۆتا ئامانجی هەردوو سەرمایەی جێگیر و سووڕاندن پاراستن و زیادکردنی ئەو ماڵەیە کە دەشێ بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل بدرێتەوە. چونکە ئەوە ئەم ماڵەیە کە نانی خەڵک دەدات و پۆشتەیان دەکا و جێنشینیان دەکا. دەوڵەمەندی و هەژاریی خەڵک پشت بەستووە بە زۆری یان بڕی کۆگەکراوی ئەوەی ئەم دوو سەرمایەیە دەتوانن بیخەنە سەر ئەو ماڵەی بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراوەتەوە. بەشێکی زۆری سەرمایەی سووڕاندن بە بەردەوامی دەردەکرێ، بۆ ئەوەی لە دوو لقەکەی تری ماڵی گشتیی کۆمەڵگەدا دابنرێ، بۆیە ئەویش لەلای خۆیەوە پێویستی بە پڕکردنەوەی بەردەوام دەبێ، کە ئەگەر وا نەبێ زۆری پێ ناچێ و نامێنێ. ئەم پڕکەرەوانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە سێ سەرچاوەوە دێن: بەرهەمی زەوی، کانەکان و، ماسیگەکان (fisheries). ئەمانە بەردەوام ئازووخە و کەرەستە دەستەبەر دەکەن، کە دوای ئەوە هەندێکیان دەبنە ئیشی تەواوکراو و، بەهۆیانەوە جێی ئازووخە، کەرەستە و، ئیشی تەواوکراو پڕ دەکرێتەوە، بەردەوام لە سەرمایەی سووڕاندنەوە دەردەکرێن. لە کانەکانیشەوە ئەوەی پێویستە بۆ

هێشتەنەوە و زیادکردنی ئەو بەشەی لەپارە پێک دێ وەردەگیرێ. بۆیە لە دۆخی ئاسایی بازرگانیدا، ئەم بەشە، وەک بەشەکانی تر نییە کە هەر دەبێ لە ئەوەوە وەرگیرێن بۆ ئەوەی لە دوو لقەکەی تری ماڵی گشتیی کۆمەڵگەدا جێگیر بکرێن، ئەم دەبێ، وەک هەموو شتەکانی تر، لەکۆتاییدا خەرج بکرێ و بەکار بێ و، هەندێ جارانیش یان بزر دەبێ یان بۆ دەرەوە دەنێررێ، لەبەر ئەوە پڕکردنەوەی بەردەوامی دەوێ ئەگەر چی بە بڕی کەم بێ.

زەوی، کانەکان و، ماسیگەکان، بۆ سازدانیان هەردوو سەرمایەی جێگیر و سووڕانجیهانن دەوێ، بەرهەمەکەشیان بەقازانجەوە نەک تەنیا ئەم سەرمایانە پڕ دەکەنەوە بەڵکو هەموو ئەوانەی تریش لە کۆمەڵگەدا پڕ دەکەنەوە. بەم شێوەیە جووتیار ساڵانە، ئەو ئازووخانە بۆ پیشەوەر پڕ دەکاتەوە کە لە ساڵی ڕابردوودا بەکاریانی بردووە و، پیشەوەر ئەو ئیشە تەواوکراوانە بۆ جووتیار پڕ دەکاتەوە کە لە هەمان ئەو ماوەیەدا لەناوی بردووە یان شڕی کردووە. ئەمە ئەو ئاڵوگۆڕە ڕاستەقینەیەیە کە ساڵانە لە نێوان ئەم دوو پۆلە خەڵکەدا ئەنجام دەدرێ، هەرچەندە بەدەگمەن بەرهەمی خاوی یەکێکیان و بەرهەمی دەستکردی ئەوەی تریان ڕاستەوخۆ بەیەکتر دەگۆڕرێنەوە، لەبەر ئەوەی بەدەگمەن جووتیار گەنمەشامییەکەی و ماڵاتەکەی، کەتان و خورییەکەی، ڕاستەوخۆ بەهەمان ئەو کەسە دەفرۆشێ کە پۆشاک، کەلپەل و کەرەستەکانی کارکردنی پێویستی خۆی لێ دەکڕێ. ئەو بەرهەمە خاوەکەی خۆی بەپارە دەفرۆشێ، بەو پارەیەش دەتوانێ ئەو بەرهەمە دروستکراوانە بکڕێ کە دەتوانێ بیانکڕێ. تەنانەت زەویش، هیچ نەبێ بەشێوەیەکی بەشەکی، ئەو سەرمایانە پڕ دەکاتەوە کە ماسیگەکان و کانەکانیان پێ ساز دەدرێ. ئەوە بەرهەمی زەوییە کە ماسی لە ئاو دەردەکا و، ئەوە بەرهەمی سەر ڕووی زەوییە کە کانزاکانی ژێر زەوی دەردێنێ.

بەرهەمی زەوی، کان و، ماسیگەکان، کاتێک کە بەپیتیی سروشتییان یەکسان بێ، هاوڕێژە دەبێ لەگەڵ ئاست و بەکارهێنانی گونجاوی ئەو سەرمایانەی تیایاندا بەگەڕ خراون. کاتێک کە سەرمایەکان یەکسان دەبن و بەیەکسانیەکی باش بەکار دەهێنرێن، بەرهەمەکە هاوڕێژەی بەپیتیی سروشتییان دەبێ.

لە هەموو ئەو وڵاتانەی ئاسایشیان بەشێوەیەکی گونجاو پارێزراوە، هەموو کەسێک کە تێگەیشتنێکی ئاسایی هەبێ هەوڵ دەدات چەند ماڵی بەدەستەوەیە بیخاتە گەڕ بۆ خۆشگوزەرانیی ڕاستەوخۆ یانیش بۆ قازانجی داهاتوو. ئەگەر ماڵەکە بۆ خۆشگوزەرانیی ڕاستەوخۆ بەگەڕ خرا، ئەوە دەبێتە ماڵێک کە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراوەتەوە. بەڵام ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی قازانج لە داهاتوودا بەگەڕ خرا، ئەوە یان دەبێ ئەو قازانجە

کاتێک بەدەست بێنێ کە ماڵەکە لای خۆیەتی، یانیش کاتێک کە لای خۆی دەڕوا. لە یەکەمی ئەم دوو دۆخە سەرمایەیەکی جێگیرە و، لەوەی تریش سەرمایەیەکی سووڕاندنە. دەبێ ئەو کەسە تەواو شێت بێ کە، لە سایەی ئارامییەکی گونجاودا، هەموو ئەو ماڵەی لەبەر دەستیەتی، چ هی خۆی بێ یان لە کەسێکی تری قەرز کربێ، لە یەکێک لەم سێ ڕێگەیە بەگەڕ نەخا.

لەڕاستیدا، لەو وڵاتە داماوانەدا، کە تیایاندا خەڵک بە بەردەوامی لە توندوتیژیی ئەوانەی سەرووی خۆیان دەترسن، زۆربەی جاران بەشێکی زۆری ماڵەکەیان دەنێژن و دەشارنەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام لەبەر دەست بن و بتوانن لەگەڵ خۆیان هەڵی بگرن و بیبەنە شوێنێکی ئارام، ئەگەر هات و کەوتنە ژێر هەڕەشەی کارەساتێک لەوانەی هەست دەکەن بەردەوام ئەگەری قەومانیان هەیە. ئەمە وەک دەگوترێ کردارێکی باوە لە تورکیا، لە ئیندۆنیسیا و، من لەو بڕوایەدام کە لە سایەی زۆربەی حکومەتەکانی ئاسیادا ئەمە هەبێ. لەوە دەچێ لای پێشینانی ئێمەش لە ماوەی توندوتیژیی حکومەتە فیوداڵەکاندا، باو بووبێ. گەنجینەی نێژراو لەو سەردەمانەدا هیچ بەشێکی بچووک نەبوون لە داهاتی مەزنترین وڵاتە سەربەخۆکانی ئەورووپا. داهاتەکە لەو گەنجینانەدا بوو کاتێک لە ژێر زەوی دەدۆزرانەوە و کەس نەیدەتوانی هیچ مافێکی خۆی تیایاندا بسەلمێنێ. ئەمە لەو سەردەمانەدا بابەتێکی گرنگ بوو، چونکە بەردەوام بە موڵکی سەروەر (sovereign) دەژمێرران، نەک ئەو کەسەی دۆزیویەتەوە و، نە ئەوەشی خاوەنی موڵکەکە بوو، مەگەر ئەوەی دوایی بەپێی بەندێکی ڕوونی گرێبەستەوە ئەو مافەی بۆ بسەلمێنرایە. ئەو گەنجینەیە بەهەمان شێوەی کانەکانی زێڕ و زیو حیسابی بۆ دەکرا، کە بەبێ بەندێکی تایبەت لە گرێبەستەکەدا، هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا بخرێنە نێو بەخششی گشتیی زەوییەوە، ئەگەر چی کانەکانی قورقوشم، مس، قسدیر و، خەڵووز شتگەلێکی کەمبایەختر بوون.

بەشی دووەم
پارە وەك لقێکی تایبەتی ماڵی گشتیی کۆمەڵگە
یان خەرجیی پاراستنی سەرمایەی نیشتمانی

لە کتێبی یەکەمدا ئەوە پێشان درا، کە نرخی زۆرترین بەشی کاڵاکان خۆی شی دەکاتەوە بۆ سێ بەش، یەکێکیان هەقدەستی کار دەدا، یەکێکی تر قازانجی ماڵ و، ئەوەی سێیەم موڵکانەی زەوی، کە بەگەڕ خراون بۆ بەرهەمهێنان و برجیهانن بۆ بازاڕ: لەڕاستیدا، هەندێ کاڵا هەن کە نرخەکانیان لە دووان لەم بەشانە پێک دێن، هەقدەستی کار و قازانجی ماڵ. کەمێکیش هەن کە تەنیا یەک بەشن، هەقدەستی کار. بەڵام هەر دەبێ نرخی هەموو کاڵایەک خۆی بۆ یەکێک، یان دوو، یان هەرسێ بەشەکە شی بکاتەوە. هەر بەشێک کە نە بۆ کرێ و نە بۆ هەقدەست نەچێ، ئەوە دەبێتە قازانج بۆ کەسێک.

وەک تێبینی کراوە، کاتێک کە ئەمە دۆخەکە بێ، سەبارەت بە هەموو کاڵایەکی دیاریکراو، کە بەتەنیا وەرگیرێ، دەبێ سەبارەت هەموو کاڵاکانی کە تەواوی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری هەر وڵاتێک پێک دێنن کە ئاڵوزیی بەخۆوە بینیوە، وا بێ. تەواوی نرخ یان بەهای شیاوی ئاڵوگۆڕپێکردنی ئەو بەرهەمە ساڵانەیە دەبێ خۆی بۆ هەمان ئەو سێ بەشە شی بکاتەوە و، بەش بکرێ بەسەر دانیشتووانی جیاجیای وڵاتدا، چ بەشێوەی هەقدەست بۆ کارەکانیان، قازانج بۆ ماڵەکانیان، یان کرێ بۆ زەوییەکانیان.

بەڵام هەرچەندە کە تەواوی بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری هەر وڵاتێک دابەش دەبێ و دەبێتە داهاتێک بۆ دانیشتووانە جۆراوجۆرەکانی، هێشتا، وەک ئەوەی لە کرێی موڵکێکی تایبەتدا هەیە، ئێمە گشت کرێ و پوختەی کرێ لەیەک جیا دەکەینەوە، بەهەمان شێوەش لە داهاتی هەموو دانیشتووانی وڵاتێکی گەورەدا دەتوانین ئەمە بکەین.

گشت کرێی (gross rent) موڵکێکی تایبەت بریتییە لە هەموو ئەوەی لەلایەن جووتیارەوە دەدرێ، پوختەی کرێ(net rent) ، ئەوەیە کە بۆ خاوەن موڵک دەمێنێتەوە، دوای دەرکردنی خەرجیی بەڕێوەبردن، چاککردنەوە و، هەموو خەرجییە پێویستەکانی تر، یان ئەوەی، بەبێ زیانگەیاندن بە موڵکەکەی، دەتوانێ بیخاتە سەر ئەو ماڵەی بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراوەتەوە، یان بۆ ئەوەی لەسەر مێزەکەی، جوانکاریی ناوماڵەکەی و کەلوپەلەکانی، خۆشییە تایبەتەکانی خەرجی بکات. سامانی ڕاستەقینەی ئەو هاوڕێژەیە لەگەڵ کرێ پوختەکە نەک گشت کرێیەکە.

داهاتی گشتی هەموو دانیشتووانی وڵاتێکی گەورە تەواوی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کارەکەیان لەخۆ دەگرێ. پوختەی داهات، ئەوەی بۆیان دەمێنێتەوە دوای دەرکردنی

خەرجیی ڕاگرتنی- یەکەم، سەرمایەی جێگیریان و، دووەم، سەرمایەی سووڕانجیهانن، یان ئەوەی، بەبێ دەستبردن بۆ سەرمایەکەیان، دەتوانن بیخەنە ناو ئەو ماڵەیان کە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراونەتەوە، یان بۆ بژێویی خۆیان، پێویستییەکان و، خۆشگوزەرانیی خەرج دەکەن. سامانی ڕاستەقینەشیان هاوڕێژەیە لەگەڵ پوختەی داهاتیان نەک داهاتی گشتیان.

خەرجیی تەواوی ڕاگرتنی سەرمایەی جێگیر، بێگومان دەبێ لە پوختەی داهاتی کۆمەڵگە دەرکرێ. نە کەرەستە پێویستەکان بۆ پشتیوانیی ماکینە و ئامێری بەسوودی بازرگانی، باڵەخانە بەقازانجەکانیان، هتد، نە بەرهەمی کاری پێویست بۆ گۆڕینی ئەو کەرەستانە بۆ شێوەی گونجاو، هەرگیز هیچ بەشێکی پێک ناهێنن. لەڕاستیدا لەوانەیە نرخی ئەو کارە بەشێکی پێک بهێنێ، چونکە ئەو کارگەرانەی بەو شێوەیە بەگەڕ خراون ڕەنگە هەموو بەهای هەقدەستەکەیان بخەنە ناو ئەو ماڵەی بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراوەتەوە. بەڵام لە جۆرەکانی تری کاردا، هەردوو نرخ و بەرهەم دەبنە ماڵ، نرخ دەبێتە ماڵی کارگەران، بەرهەم دەبێتە ماڵی خەڵکی تر، کە بژێوییان، حەسانەوەیان و، خۆشحاڵییان لەڕێی کاری ئەو کارگەرانەوە زیاد بوونە.

مەبەستی سەرمایەی جێگیر زیادکردنی هێزە بەرهەمهێنەکانی کارە، یان وا بکات هەمان ژمارەی کارگەران بڕێکی زیاتر ئیش بکەن. لە کێڵگەیەکدا کە هەموو باڵەخانە، پەرژین، ئاوەڕۆ، گەیاندنە هتد پێویستەکان لە دۆخێکی تەواو باشدا بن، هەمان ژمارەی کارگەران و ماڵاتی کارگەر بەرهەمێکی زیاتریان دەبێ لەوەی زەوییەک بەهەمان پانتایی و باشیی یەکسان، کە ئەو پێویستییانەی بۆ دابین نەکراوە. لە پیشەسازیدا هەمان ژمارەی دەستی کارگەر، بەهاوکاریی باشترین ئامێرەکان، بڕێکی زۆر زیاتر کاڵا دروست دەکەن لەوانەی ئامێری ناتەواوی بازرگانییان لەبەر دەستدایە. ئەو خەرجییەی بەشێوەیەکی گونجاو دەخرێتە ناو سەرمایەیەکی جێگیرەوە، لە هەر جۆرێک بێ، بەردەوام بەقازانجێکی زۆر دەدرێتەوە و، بەرهەمی ساڵانە زیاد دەکا لەڕێی بەهایەکی زۆر زۆرتر لەوەی پشتیوانیی ئەم جۆرە چاکسازییانە دەیخوازێ. بەڵام ئەم پشتیوانییە هێشتا پێویستی بە ڕێژەیەکی دیاریکراوی ئەو بەرهەمە هەیە. بڕێکی دیاریکراو لە کەرەستە و، کاری ژمارەیەکی دیاریکراو لە کارگەران، کە دەشێ هەردووکیان ڕاستەوخۆ بخرێنە گەڕ بۆ زیادکردنی خۆراک، پۆشاک و، نشینگە، بژێوی و شتی بەسوود بۆ کۆمەڵگە، بەم شێوەیە بۆ بەگەڕخستنێکی تر دەگوازرێنەوە، کە لەڕاستیدا زۆر بەسوودە، بەڵام هێشتا لەمەیان جیایە. بەم پێیە هەموو ئەم جۆرە پێشکەوتنانە لە ماکینەکاندا، کە وایان کردووە هەمان ژمارەی کارگەران بڕێکی یەکسانی کار دەستەبەر دەکەن، بە ماکینەی هەرزانتر و سادەتر لەوانەی پێشوو، بەردەوام بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک بەسوودبەخش دادەنرێن. بڕێکی دیاریکراو لە

کەرەســتە و، کــاری ژمــارەیەکی دیــاریکراوی کــارگەران، کە پێشــتر بــۆ پشــتیوانیی ماکینەگەلێکی ئاڵۆزتر و گرانباییتر بەگەڕ خرابوون، دەتوانن دوای ئەمە بڕی ئەو ئیشـەی تەنیا ئەو ماکینانە یان هەر ماکینەیەکی تر بۆ ئەنجامدانی بەسوودن زیاتر بکەن. ئەوەی سەرپەرشتیی هەندێ پیشەسازیی مەزن دەکا کە ساڵانە هەزار دەخاتە گەڕ بۆ پاراستنی ماکینەکانی، ئەگەر بتوانێ ئەم خەرجییە بۆ ٥٠٠ کەم بکاتەوە ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی پێنج سەدەکەی تر لە کڕینی بڕێکی زیاتر کەرەستە بۆ ئیش پێکردن دەخاتە گەڕ لەڕێی ژمارەیەکی زیاتری کارگەرەوە. بۆیە بڕی ئەو ئیشـەی ماکینەکانی تەنیا بۆ جێبەجێکردنی بەسـوود بـوون، بەشـێوەیەکی سروشـتی زیـاد دەبـێ، شانبەشـانی هەمـوو ئەو سـوود و حەسانەوەیەی کۆمەڵگە لەو ئیشەوە بەدەستی دێنێ.

لەوانەیە زۆر گونجـاو بـێ خەرجیـی پاراسـتنی سـەرمایەی جێگیـر لە وڵاتێکـی مەزنـدا، لەگەڵ ئەو چـاککردنەوانەی لە مـوڵکێکی تایبەتـدا دەکـرێن، بەراورد بکـرێ. خەرجیـی ئەو چـاککردنەوانە لەوانەیە زۆر جـاران بـۆ پشـتیوانیی بەرهەمـی مـوڵکەکە پێویسـت بـن و، لە ئاکامدا بۆ پشتیوانیی هەردوو کرێی گشتی و کرێی پوختی خاوەن مـوڵکەکە پێویسـت بن. کاتێک لەڕێی ئاراستەی گونجاوتر، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی هیچ کەمبوونەوەیەکی بەرهەم، لەوانەیە چاککردنەکە کەم ببێتەوە، کرێی گشتی وەک خۆی یان بەلای کەمەوە وەکو پێشتر دەمێنێتەوە و، کرێی پوخت وەک پێویستییەک زیاد دەبێ.

بەڵام هەرچەنـدە بەو شـێوەیە تەواوی خەرجیـی پاراسـتنی سـەرمایەی جێگیـر، وەک پێویستییەک لە پوختەی داهـات دەردەکرێ، لە پاراسـتنی سـەرمایەی سووڕاندندا بەهەمـان شێوە نییە. لەو چـوار بەشـەی کە ئەم سـەرمایەیەی دوایـی پێـک دێـنن- پـارە، ئـازووخە، کەرەستە و، ئیشی تەواوکراو- وەک پێشتر خراوەتە ڕوو، سیانەکەی دوایی بەشێوەیەکی ڕێکخراو لێی دەردەکرێن و، یان دەخرێنە ناو سەرمایەی جێگیری کۆمەڵگە، یان ئەو ماڵەی کە بۆ بەکـاربردنی ڕاسـتەوخۆ گل دراوەتەوە. هەر بەشـێک لەو کـاڵای بەکاربردنـانە بـۆ پاراستنی سەرمایەکەی پێشوو بەگەڕ بخرێ، هەمووی بۆ ئەوەی دوایی دەچێ و، دەبێتە بەشـێک لە پوختەی داهـاتی کـۆمەڵگە. لەبەر ئەوە پاراسـتنی ئەو سـێ بەشـەی سـەرمایەی سـووڕاندن، هـیچ بەشـێکی بەرهەمـی سـاڵانە لە پـوختەی داهــاتی کـۆمەڵگە ناکێشـێتەوە، بەوەشەوە کە بۆ پاراستنی سەرمایەی جێگیر پێویستە.

سـەرمایەی سـووڕاندنی کـۆمەڵگەیەک لەم ڕووەوە لە سـەرمایەی سـووڕاندنی تاکێـک جیـایە. ئەوەی تـاکەکە بەتەواوی هەڵاوێـرد کـراوە لەوەی ببـێ بە هـیچ بەشـێکی داهـاتە پـوختەکەی خـۆی، کە پێویسـتە هەمـووی لەنـاو قازانجەکەیـدا بـێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەی سەرمایەی سووڕاندنی هەر تاکێک بەشێکە لەوەی کۆمەڵگەکەی، هەر بەو پێیە بەتەواوی هەڵاوێرد ناکرێ لەوەی ببێتە بەشێک لە پوختەی داهاتی کۆمەڵگە. هەرچەندە تەواوی ئەو

کاڵایانەی لە دوکانی بازرگانێکدان نابێ بەهیچ جۆرێک بخرێنە ناو ئەو ماڵەی بازرگانەکە کە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراوەتەوە، ئەو کاڵایانە ئەگەر هی ئەو خەڵکەی تر بن، کە داهاتیان لە سندووقی تری پارەدارکردنەوەیە، بەشێوەیەکی ڕێکخراو جێی بەهاکەیان بۆ ئەو بگرنەوە، شانبەشانی قازانجەکانی، بەبێ ئەوەی ببنە هۆی کەمکردنەوەی سەرمایەی ئەو یان ئەوان.

کەواتە پارە تەنیا بەشی سەرمایەی سووڕاندنی کۆمەڵگەیە، کە پاراستنی ڕەنگ نییە ببێتە هۆی هیچ کەمبوونەوەیەک لە پوختەی داهاتیان.

سەرمایەی جێگیر و ئەو بەشەی سەرمایەی سووڕاندن کە لە پارەدان، لە کاریگەرییان لەسەر داهاتی کۆمەڵگەدا، گەلێ هاوشێوەی یەکترن.

یەکەم، کە ئەو ماکینە و ئامێرانەی بازرگانی، هتد، پێویستیان بە خەرجییەکی دیاریکراو هەیە، سەرەتا بۆ دامەزرانجیهانن و دوای ئەوە بۆ پشتیوانیکرجیهانن، خەرجیی هەردووکیان هەرچەندە بەشێکە لە گشت، لە پوختەی داهاتی کۆمەڵگە دەردەچن، بۆیە ئەو ماڵەی کە پارەیە و لە هەر وڵاتێکدا دەسووڕێتەوە خەرجییەکی دیاریکراوی هەیە، یەکەم بۆ کۆکردنەوەی و، دوای ئەوە بۆ پشتیوانی کردنی، هەردوو خەرجییەکەش ئەگەرچی بەشێکن لە گشت، بەهەمان شێواز، لە پوختەی داهاتی کۆمەڵگە دەردەچن. بڕێکی دیاریکراوی کەرەستەی زۆر بەهادار، زێڕ و زیو و، کاری زۆر ناوازە، لەجیاتی زیادکردنی ماڵە گلدراوە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ، بژێوی، شتی گونجاو و، خۆشحاڵیی تاکەکان، بۆ پشتیوانیی ئەو ئامرازە مەزنە گرانباییەی بازرگانی بەگەڕ خراوە، کە بەهۆیەوە بژێوی، پێویستی و، خۆشحاڵی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەڕێژەی گونجاو بەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا دابەش دەکرێن.

دووەم، کاتێ ئەو ماکینە و ئامێرانەی بازرگانی، هتد، کە سەرمایەی جێگیری تاک یان کۆمەڵگە پێک دێنن، هیچ بەشێک نابن نە لە گشت داهات و نە لە پوختەی داهات، کەواتە پارە، بەو پێیەی کە تەواوی داهاتی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەسەر هەموو ئەندامە جیاجیاکانیدا لەڕێی ئەوەوە دابەش دەبێ، خۆی ناکاتە هیچ بەشێک لەو داهاتە. بازنەی مەزنی سووڕاندن، تەواو جیایە لە هەموو ئەو کاڵایانەی کە بەهۆیەوە دەسووڕێنەوە. لە حیسابکردنی گشت داهات یان پوختەی داهاتی هەر کۆمەڵگەیەک، دەبێ بەردەوام لە تەواوی سووڕاندنی ساڵانەی پارە و کاڵا، ئێمە تەواوی بەهای پارە دەرکەین، کە تەنیا یەک فارتینگیشی هەرگیز نابێتە بەشێک لە هیچ یەکێکیان.

ئەوە تەنیا ناڕوونیی زمانە کە وا دەکا ئەم دیدە وا دەرکەوێ کە یان جێی گومان بێ یانیش لەگەڵ خۆیدا دژبەر بێ. بەڵام کە بەشێوەیەکی گونجاو ڕوون دەکرێتەوە، ئەوە دەبێتە سەلمێنراوێک.

که باسی هەر بڕێکی دیاریکراوی پارە بکەین، هەندێ جار مەبەستمان هیچ نییە جگە لەو پارچە کانزایانەی پێکی دێنن، هەندێ جاریش ئاماژەی ناڕوون دەکەین بۆ ئەو کاڵایانەی پێی دەگۆڕرێنەوە، یان بۆ ئەو هێزی کڕینەی تیایدا هەیە. بەم شێوەیە، کە دەڵێین پارەی سووڕاوی ئینگلتەرە ١٨ ملیۆنە، مەبەستمان تەنیا پیشاندانی بڕی پارچە کانزاکانە، کە هەندێ نووسەر ژماردوویانە، یان زیاتر مەزەندەیان کردووە کە لەو وڵاتەدا لە سووڕانەوەدان. بەڵام کە دەڵێین پیاوێک بایی ٥٠ یان ١٠٠ پاوەنە لە ساڵێکدا، بەگشتی مەبەستمان تەنیا بڕی ئەو پارچە کانزایانە نییە کە ساڵانە وەریان دەگرێ، بەڵکو مەبەستمان بەهای ئەو کاڵایانەیە کە ساڵانە دەتوانێ بیانکڕێ یان بەکاریان ببا. ئێمە بە گشتی مەبەستمان ئەوەیە پیشانی بدەین کە شێوازی ژیانی چۆنە یان دەبێ چۆن بێ، یان بڕ و جۆری ئەو پێویستی و خۆشگوزەرانییانە پیشان بدەین کە دەتوانێ خۆیان پێ خەنی بکات.

کاتێک بە هەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو مەبەستمان تەنیا دەربڕینی بڕی ئەو پارچە کانزایانە نەبێ کە پێکی دێنن، بەڵکو مەبەستمان بێ ئاماژەیەکی شاراوە، بئاخنینە ناو واتەکە، بۆ ئەو کاڵایانەی کە پێی دەگۆڕرێنەوە، ئەو سامانە یان ئەو داهاتەی لەم دۆخەدا ئاماژەی بۆ دەکرێ، تەنیا یەکسانە بە یەکێک لەو دوو بەهایەی بە ناڕاستەوخۆ بەهەمان دەربڕین ئاماژەیان بۆ دەکرێ و، ئەوەی دوایی لەوەی یەکەم گونجاوترە، ئەوەی پارەکە بایی چەندە گونجاوترە لەوەی پارەکە.

ئەگەر هەفتانەی کەسێکی دیاریکراو یەک گینی بێ، ئەو لە ماوەی هەفتەیەکدا دەتوانێ بڕێکی دیاریکراو لە بژێوی، پێویستی و خۆشگوزەرانی بکڕێ. دەوڵەمەندیی ڕاستەقینەی هاوڕێژەیە لەگەڵ زۆری یان کەمیی ئەم بڕە و، ئەوە داهاتی ڕاستەقینەی هەفتانەیەتی. بێگومان داهاتی هەفتانەی یەکسان نییە بە گینیەکە و ئەوەی بەو گینیە دەکڕرێ، بەڵکو یەکسانە بە یەکێک لەو دوو بەها یەکسانە و، گونجاوترە یەکسان بێ بەوەی یەکەم زیاتر لەوەی یەکەم، گینیەکە بایی چەندە نەک گینیەکە خۆی.

ئەگەر هەفتانەی ئەو جۆرە کەسە بە زێڕ پێی نەدرا، بەڵکو بە کۆمپیالەیەکی یەک گینی بایی درا، بێگومان داهاتەکەی بەشێوەیەکی گونجاو لەو پارچە کاغەزەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە دەتوانێ لە بەرامبەریدا وەری بگرێ. لەوانەیە گینیەک وەک کۆمپیالەیەک ئەژمار بکرێ بۆ بڕێکی دیاریکراوی پێویستییەکان لەلایەن هەموو بازرگانانی ئەو ناوچەیەدا. داهاتی ئەو کەسەی ئەو گینیەی پێ دەدرێ، بەشێوەیەکی گونجاو لە پارچە زێڕەکەدا نییە، ئەوەندەی لەوەدایە کە دەتوانێ بەهۆیەوە بەدەستی بێنێ، یان ئەوەی دەتوانێ پێی بگۆڕێتەوە. ئەگەر بەهیچ نەگۆڕرێتەوە، ئەوە وەک کۆمپیالەی دەستی مایەپووچێکە، هیچ بەهایەکی نییە زیاتر لە بەهای پارچە کاغەزێکی بێسوود.

لەگەڵ ئەوەی داهاتی هەفتانە یان ساڵانەی دانیشتووانی جۆراوجۆری هەر وڵاتێک، بەهەمان شێوە، ڕەنگە و، لەڕاستیدا زۆربەی جاران بەپارە پێیان دەدرێ، بەڵام سامانی ڕاستەقینەیان، داهاتی ڕاستەقینەی هەفتانە یان ساڵانەیان بەیەکەوە، دەبێ بەردەوام هاوڕێژە بن لەگەڵ بڕی ئەو کاڵای بەکاربردنانەی هەموویان بەو پارەیەی دەکڕن. لەڕاستیدا تەواوی داهاتی هەموویان بەیەکەوە یەکسان نییە بە هەردوو پارەکە و کاڵاکانی بەکاربردن، بەڵکو تەنیا یەکسانە بە یەکێک لەو دوو بەهایە و، ئەوەی دووەم گونجاوترە لەوەی یەکەم بۆ ئەم مەبەستە.

کە ئێمە زۆر جاران بە ژمارەی ئەو پارچە کانزایانەی کەسێک ساڵانە وەریان دەگرێ دەربڕین لە داهاتەکەی دەکەین، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە بڕی ئەو پارچانە هێزی کڕین ڕێک دەخەن، یان بەهای ئەو کاڵایانە ڕێک دەخەن کە ئەو دەتوانێ ساڵانە بەکاریان ببا. بەڵام هێشتا ئێمە داهاتەکە بە هێزی کڕین یان بەکاربردن دادەنێین، نەک بەو پارچانەی دێنە دەستەوە.

بەڵام کە ئەمە تەواو ڕوونە تەنانەت بۆ تاکێکیش، ئەوە بۆ کۆمەڵگەیەک ڕوونترە. بڕی پارچە کانزاکانی ساڵانە بە کەسێک دەدرێن، زۆربەی جاران تەواو یەکسانن بە داهاتەکەی و، بەو پێیەش کورتترین و باشترین دەربڕینن بۆ بەهاکەی. بەڵام بڕی ئەو پارچە کانزایانەی لەناو کۆمەڵگەدا دەسووڕێنەوە هەرگیز ناکرێ لەگەڵ داهاتی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەدا یەکسان بێ. کاتێک کە ئەو گینیەی ئەمڕۆ هەفتانەی کەسێکە سبەی هەفتانەی کەسێکی ترە و، دووسبەی هی کەسێکی سێیەمە، بڕی ئەو پارچە کانزایانەی ساڵانە لەناو هەر وڵاتێکدا دەسووڕێنەوە دەبێ بەردەوام بەهایان کەمتر بێ لە تەواوی ئەو مووچە ساڵانەیەی بەپارە پێیان دەدرێ. بەڵام هێزی کڕین، یان ئەو کاڵایانەی، کە دەکرێ دوابەدوای یەک، بە تەواوی ئەو مووچانەی دوابەدوای یەک دەدرێن، بکڕدرێن، دەبێ بەردەوام بەهای ئەو مووچانەیان هەبێ، وەک چۆن بەهەمان شێوە داهاتی خەڵکی جۆراوجۆر کە وەریان دەگرن دەبێ وا بێ. کەواتە ئەو داهاتە ناکرێ لەو پارچە کانزایانەدا خۆی ببینێتەوە، کە بڕەکەیان زۆر کەمترە لە بەهاکەیان، بەڵکو خۆی لە هێزی کڕین، لەو کاڵایانەی دەتوانرێ دوابەدوای یەک، لە کاتی سووڕانەویان و دەستاودەستکرجیهانندا دەیکڕن، خۆی دەبینێتەوە.

کەواتە پارە، ئەو چەرخە مەزنەی سووڕاندن، ئەو ئامرازە مەزنەی بازرگانی، وەک هەموو ئامرازەکانی، هەرچەندە بەشێکە لە بەشێکی زۆر بەهاداری سەرمایەکە، بەشێک نییە لە داهاتی ئەو کۆمەڵگەیەی پارەکە هی ئەوە، هەروەها هەرچەندە ئەو پارچە کانزایانەی پارە پێک دێنن، لە ماوەی سووڕانی ساڵانەدا، داهات بەسەر خەڵکەکەدا دابەش

دەکەن هەر کەسە و بەو شێوەیەی گونجاوە خاوەنی بێ، بەڵام پارچەکان خۆیان نابنە بەشێک لە داهاتەکە.

سێیەم و کۆتایی، ماکینە و ئامێرەکانی بازرگانی هتد، کە سەرمایەی جێگیر پێک دێنن، هەمان هاوشێوەییان لەگەڵ ئەو بەشەی سەرمایەی سووڕاندندا هەیە کە لە پارە پێک دێ، هەموو دەستگرتنەوەیەک لە خەرجیی دامەزراندن و پشتیوانیی ئەم ماکینانە، کە هێزی بەرهەمهێنی کار کەم ناکاتەوە، پێشکەوتنێکە لە پوختەی داهاتی کۆمەڵگەدا، بۆیە هەر دەستگرتنەوەیەک لە خەرجیی کۆکردنەوە و پشتیوانیی ئەو بەشەی سەرمایەی سووڕاندن کە خۆی لەپارەدا دەبینێتەوە، پێشکەوتنێکە لە هەمان جۆر.

تەواو ڕوونە و، پێشتر بەشێوەیەکی بەشەکی ڕوون کراوەتەوە، بە چ شێوەیەک هەر دەستگرتنەوەیەک لە خەرجیی پشتیوانیکردنی سەرمایەی جێگیر پێشکەوتنێکە لە پوختەی داهاتی کۆمەڵگەدا. تەواوی سەرمایەی خاوەنی هەموو پیشەیەک دەبێ دابەش ببێ لەنێوان سەرمایە جێگیرەکەی و سەرمایەی سووڕاندنەکەی. لە کاتێکدا کە تەواوی سەرمایەکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر یەکەمیان بەشە بچووکەکەی بوو بێگومان ئەوەی تر بەشە گەورەکەی پێک دێنێ. سەرمایەی سووڕاندن کەرەستەکان و هەقدەستی کار دابین دەکات و پیشەکە دەجووڵێنێ. کەواتە هەر دەستگرتنەوەیەک لە خەرجیی پاراستنی سەرمایەی جێگیر، کە هێزی بەرهەمهێنی کار کەم نەکاتەوە، دەبێ ببێتە هۆی زیادکردنی ئەو دراوەی پیشەکە دەبزوێنێ و، لەکۆتاییدا بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار زیاد دەبێ، کە داهاتی ڕاستەقینەی هەموو کۆمەڵگەیەکە.

گۆڕینەوەی پارەی زێڕ و زیو بە پارەی کاغەز، دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی جێی ئامرازێکی زۆر گرانبایی بازرگانی بە یەکێک کە زۆر کەمتر خەرجیی تێ دەچێ و، هەندێ جاریش بەهەمان ئاست گونجاوە. ئینجا سووڕاندن بە چەرخێکی نوێ ئەنجام دەدرێ، کە بۆ دامەزراندن و پاراستنیشی خەرجیی کەمتر لەوەی یەکەمی پێویست دەبێ. بەڵام ئەم پرۆسەیە بە هەر شێوازێک بەڕێوە بچێ و، بە هەر شێوازێک مەیلی زیادکردنی گشت داهات یان پوختەی داهاتی کۆمەڵگە بکات، هەمووی بەسەر یەکەوە زۆر ڕوون نییە و، ڕەنگە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبێ.

چەندان جۆری جیاوازی پارەی کاغەز هەن، بەڵام ئەو دراوانەی بانکەکان و بانکداران مامەڵەیان پێوە دەکەن ناسراوترین جۆرەکانیانن و، لەوە دەچێ بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە باشترینیان بن.

کاتێک خەڵکی هەر وڵاتێکی دیاریکراو ئەو جۆرە متمانەیەیان بە سامان، ڕاستگۆیی و، دانایی بانکدارێکی دیاریکراو هەبێ، تا ئاستی بڕوابوون بەوەی ئەو هەموو دەمێک ئامادەیە لەگەڵ داواکردندا پارەکە بدات وەک چۆن لەوانەیە کۆمپیالە لە هەر کاتێکدا بخرێنە پێش

دەستی، ئەو کۆمپیالانە دەبنە دراوێکی هاوشێوەی دراوی زێڕ و زیو، بەگوێرەی متمانەبوون بەوەی ئەو جۆرە پارەیە لە هەر کاتێکدا بێ بۆ ئەوانە.

بانکدارێکی دیاریکراو تا ئاستی، دەبێ ئێمە پێشبینیی بکەین، سەد هەزار پاوەن کۆمپیالەی خۆی بە کڕیارەکانی دەدا. کە ئەم کۆمپیالانە وەک پارە کار بکەن، قەرزارەکانیشی هەمان ئەو سوودەی بۆ دابین دەکەن وەک ئەوەی پارەیەکی زۆری پێیان دابێ. ئەم سوودە سەرچاوەی دەسکەوتی ئەوە. هەرچەندە هەندێ لەو کۆمپیالانە چەندان جار دێنەوە لای بۆ ئەوەی پارەکەیان بدا، بەشێکیان بە مانگ و ساڵ بە بەردەوامی دەسووڕێنەوە. کە ئەویش بەگشتی لە سووڕانەوەدا تا ئاستی سەد هەزار پاوەن کۆمپیالەی هەیە، زۆربەی جاران لەوانەیە بیست هەزار پاوەنی زێڕ دەستمایەیەکی بەس بێ بۆ بەدەنگەوەچوونی داواکارییەکانی کە دێنە پێشەوە. واتە، ئەو بەو ئۆپەراسیۆنە وا دەکا بیست هەزار پاوەنی زێڕ یان زیو هەمان ڕۆڵی سەد هەزار ببینێ. هەمان ئەو ئاڵوگۆڕانە لەوانەیە بکرێن، هەمان بڕ کاڵای شیاوی بەکاربردن لەوانەیە بسووڕێن و بەسەر بەکاربەرانی گونجاودا دابەش ببن، لەڕێی کۆمپیالەکانی ئەوەوە، کە بەهاکەیان سەد هەزار پاوەنە، وەک ئەوەی بە بەهای سەد هەزار دراوی زێڕ و زیو دەکرێ. بەمەش هەشتا هەزار پاوەن زێڕ و زیو، دەکرێ بەم ڕێگەیە لە سووڕانی وڵاتەکە گل بدرێنەوە و، ئەگەر لە هەمان کاتدا ئۆپەراسیۆنی جۆراوجۆری هاوشێوە لەلایەن بانک و بانکدارەکانەوە بەڕێوە بچن، ئەوە تەواوی سووڕانەوەکە تەنیا بە پێنجیەکی ئەو زێڕ و زیوە بەڕێوە دەچێ کە بەبێ ئەم ئۆپەراسیۆنانە دەبوو هەبن.

با بۆ نموونە وای دابنێین کە تەواوی پارەی سووڕاوی وڵاتێکی دیاریکراو، لە کاتێکی دیاریکراودا، یەک ملیۆن ئیستەرلینیە، ئەو کاتە ئەو بڕە پارەیە تەواوی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵاتەکە دەسووڕێنێ. هەروەها با وای دابنێین کە ماوەیەک دوای ئەوە، بانک و بانکداری جۆراوجۆر کۆمپیالەیان دەرکرد، کە پارەکەی بە هەڵگری کۆمپیالەکە دەدرێ، بە ئاستی یەک ملیۆن و، لە قاسە جۆراوجۆرەکانیاندا دوو سەد هەزار پاوەنیان هێشتەوە بۆ بەدەنگەوەچوونی داواکارییە لەناکاوەکان. بەم شێوەیە هەشت سەد هەزار پاوەن زێڕ و زیو و، یەک ملیۆن بانکەنۆت، یان ملیۆنێک و هەشت سەد هەزار پاوەنی کاغەز و زێڕ و زیو بەیەکەوە لە سووڕانەوەدا دەبن. بەڵام بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات پێشتر پێویستی تەنیا بە یەک ملیۆن هەبوو بۆ سووڕاندن و دابەشکردنی بەسەر بەکاربەری گونجاوی خۆیدا و، بەرهەمی ساڵانە ناکرێ ڕاستوخۆ بەو ئۆپەراسیۆنانەی بانکەکان زیاد بکرێ. بۆیە یەک ملیۆن بەسە بۆ سووڕاندنی. ئەو کاڵایانەی دەکڕڕێن و دەفرۆشرێن هەر وەک جارانن، هەمان بڕە پارە بەشی کڕین و فرۆشتنیان دەکا. کەناڵی سووڕاندنەکە، ئەگەر ڕێگە هەبێ وا بڵێم، هەر وەک جاران

دەمێنێتەوە. ئێمە پێشبینیمان کرد کە یەک ملیۆن ئەو کەناڵە پڕ دەکاتەوە. بۆیە هەرچییەک بڕژێتە ناو ئەو کەناڵەوە زیاتر لەو بڕە پارەیە، ئەوە کەناڵەکە پێی ناسووڕێ، بەڵکو لە سەری دەڕژێ. کەچی یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار پاوەن خراونەتە کەناڵەکەوە. بۆیە دەبێ هەشت سەد هەزار پاوەنی لەسەر بڕژێ، کە ئەو بڕە پارە زیادەیە کە زیاترە لەوەی بشێ لە سووڕانەوە لە وڵاتەکەدا بەگەڕ بخرێ. بەڵام هەرچەندە ئەمە بڕە پارەیەکە کە نـاتوانرێ لە وڵاتـدا بەگەڕ بخـرێ و، زۆر لەوە بەهـادارترە کە بخەوێنـرێ. لەبەر ئەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێ، بۆ گەڕان بەدوای ئەو بەگەڕخستنە بەقازانجانەی لە ناوەوەدا دەست ناکەون. ئینجا ناکرێ کاغەزەکان ڕەوانەی دەرەوە بکرێن، لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی دوور لە بانکەکـانی لێیـانەوە دەرچـوون و، دوور لەو وڵاتەی تیایـدا یاسـا دانەوەی پارەکەیانی ڕێک خستووە، لەبری دراو وەرناگیرێن. کەواتە زێڕ و زیو، بایی هەشت سەد هەزار پـاوەن، بـۆ دەرەوە دەنێـررێن و، کەنـاڵی سـووڕاندنەوەکەی نـاوەوە بە بـایی یەک ملیۆن کاغەز پڕ دەکرێتەوە، لەجیاتی یەک ملیۆن لەو کانزایانەی پێشتر پڕیان دەکردەوە.

بەڵام هەرچەندە کە بڕێکی وا زۆر لە زێڕ و زیـو، بەم پێیە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێ، نـابێ وا تـێ بگەیـن کە لەبری هیچ ڕەوانەی دەرەوە دەکرێ، یان وا بزانین خاوەنەکانیان دەیـانکەنە دیـاری بـۆ گەلانـی بێگـانە. ئەوان بەم یـان بەو جـۆرە کـاڵای بیانییەکانیـانی دەگۆڕنەوە، بۆ تێرکردنی بەکاربردن لە وڵاتێکی تری بێگانە یان لە وڵاتەکەی خۆیان.

ئەگەر بۆ کڕینی کاڵا لە وڵاتێک خستیانە گەڕ، بەمەبەستی پڕکردنەوەی بەکاربردن لە وڵاتێکی تـردا، یـان بەوەی پێـی دەگـوترێ بازرگـانیی گواسـتنەوە، هەمـوو ئەو قـازانجەی بەدەستی دێنن دەچێتە سەر پوختەی داهاتی وڵاتەکەی خۆیان. ئەمەش وەک دراوی نوێیە، کە بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانییەکی نوێ پەیدا دەکرێ، بازرگانیی ناوخۆیی ئێستا بەکاغەز بەڕێوە دەچێ و، زێڕ و زیوەکە گواسـتراونەتەوە بۆ ئەوەی ئەم بازرگـانییە نوێیە پارەدار بکەن.

ئەگەر بـۆ کڕینـی کـاڵای بیـانی خسـتیانە گەڕ، بەمەبەسـتی پڕکـردنەوەی بەکـاربردنی نیشتمانی خۆیان، ئەوە یان، یەکەم، کاڵاگەلێک دەکڕن کە ڕێی تێ دەچێ خەڵکێکی تەمبەڵ کە هیچ بەرهەمیان نییە بەکاریان ببەن، وەک کڕینی شەرابی بیانی، ئاوریشمی بیانی، هتد، یـان، دووەم، مـاڵێکی سـەرباری پێ دەکڕن لە کەرەسـتە، ئـامراز و، ئـازووخە، بەمەبەسـتی ژیانـدن و بەگەڕخسـتنی ژمـارەیەکی زیـاتری خەڵکـی پیشەسـاز، کە بەقـازانجەوە بەهـای بەکاربردنی ساڵانەی خۆیان بەرهەم دێنن.

ئەوەندەی بەشێوازی یەکەم بەگەڕ بخرێن، دەبنە مایەی هاندانی زێدەڕۆیی، زیادبوونی خەرجی و بەکاربردن بەبێ زیادکردنی بەرهەم، یان بەبێ بنیاتنانی هیچ پارەدارکردنێکی بەردەوام بۆ پشتیوانیی ئەو خەرجییە و، بە هەموو شێوەیەک بۆ کۆمەڵگە زیانبەخش دەبێ.

ئەوەندەشی کە بەشێوەی دووەم بەگەڕ بخرێن، دەبنە مایەی هاندانی پیشەسازی و، هەرچەندە کە دەبێتە مایەی زیادکردنی بەکاربردن لە کۆمەڵگەدا، پارەدارکردنێکی بەردەوام بۆ پشتیوانیی ئەو بەکاربردنە دابین دەکات، ئەو خەڵکەی بەکاربەرن بەرهەمهێنیشن، بەقازانجەوە تەواوی بەهای ئەوەی بەکاری دەبەن بەرهەمی دێننەوە. گشت داهاتی کۆمەڵگەکە، بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار، ئەوەندەی تەواوی ئەو بەهایە زیاد دەبێ کە کاری ئەو کارگەرانە بۆ ئەو کەرەستانەی زیاد دەکا کە کاری لەسەر دەکەن، هەروەها پوختەی داهاتیان هێندەی ئەوەی لەم بەهایە دەمێنێتەوە، دوای دەرکردنی ئەوەی بۆ پشتیوانیی ئامێر و ئامرازەکانی بازرگانییەکەیان، دەمێنێتەوە.

بەگەڕخستنی زۆرترین بەشی ئەو زێڕ و زیوەی بەهۆی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بانکەکانەوە ناچار کراون بچنە دەرەوەی وڵات، لە کڕینی کاڵای بیانی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی، بۆ کڕینی کاڵاکانی ئەم جۆرەی دووەم بەگەڕ خراوە و دەبێ بەگەڕ بخرێ، نەک تەنیا گونجاوە بەڵکو ناکرێ خۆی لێ لابدرێ. ئەگەرچی لەوانەیە هەندێ کەس، هەندێک جاران، خەرجییەکانی خۆیان زۆر زیاد بکەن سەرباری ئەوەی داهاتەکانیان بەهیچ شێوەیەک زیاد نەبووە، دەتوانین دڵنیابین لەوەی هیچ پۆلێک یان توێژێکی خەڵک هەرگیز وا ناکەن، لەبەر ئەوەی، هەرچەندە بەردەوام بنەما هاوبەشەکانی ژیری هەڵسوکەوتی هەموو تاکێک بەڕێوە نابەن، بەڵام بەردەوام کاریگەرییان بەسەر هەڵسوکەوتی زۆرینەی هەموو پۆلێک یان توێژێکەوە هەیە. بەڵام داهاتی خەڵکی تەمبەڵ، ئەگەر بە پۆلێک یان توێژێکیان دابنێین، بە بچووکترین پلە، بەم ئۆپەراسیۆنە بانکییانە زیاد نابێ. بۆیە خەرجییەکانی ئەوان بەگشتی لەلایەن خۆیانەوە زیاد ناکرێ، هەرچەندە لەوانەیە داهاتی چەند تاکێکی کەمیان جاربەجار بەم شێوەیە زیاد ببێ. بۆیە خواستی ئەم خەڵکە تەمبەڵە بۆ کاڵای بیانی وەک خۆی یان نزیکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە و، لەو پارەیەی بەهۆی ئەم ئۆپەراسیۆنە بانکییانە ناچار کراوە بچێتە دەرەوە و بۆ کڕینی کاڵای بیانی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی تەرخان دەکرێ، بەشێکی زۆر کەمی بۆ کڕینی ئەو کاڵایانەی ئەمانە بەکاری دەبەن بەگەڕ دەخرێ. بەشێوەیەکی سروشتیش بەشە هەرە زۆرەکەی بۆ بەگەڕخستن لە پیشەسازیدا دەبێ نەک بۆ پاراستنی تەمبەڵی.

کاتێک کە حیسابی بڕی ئەو پیشەسازییە دەکەین کە سەرمایەی سووڕاندنی هەر کۆمەڵگەیەک بەگەڕی دەخا، دەبێ بەردەوام چاومان لەسەر ئەو بەشانە بێ کە لە ئازووخە و کەرەستە و ئیشی تەواوکراو پێک دێن، دەبێ بەردەوام ئەوانەی کە لە پارە و تەنیا ئەو سێیە دەسووڕێن بخرێنە لاوە. سێ شت بۆ بزواندنی پیشەسازی پێویستن، ئەو کەرەستەیەی ئیشی لەسەر دەکرێ، ئەو ئامراز و ئامێرانەی ئیشەکەیان پێ دەکرێ و، ئەو هەقدەستانە یان قەرەبووانەی کە ئیشەکەیان لەپێناودا دەکرێ. پارە نە ئەو کەرەستەیە

که ئیشی لەسەر دەکرێ، نە ئەو ئامراز و ئامێرانەیە کە ئیشەکەیان پێ دەکرێ و، هەرچەندە هەقدەستی کارگەران بەگشتی بەپارە دەدرێ، بەڵام لە پارە پێک نایە بەڵکو لە بەهای پارەکە پێک دێ، لە نرخی پارەکە پێک نایە بەڵکو لەوەی بەو پارەیە دێ پێک دێ.

بڕی ئەو پیشەسازییەی هەر سەرمایەیەک دەتوانێ بەگەڕی بخا، پێویستە یەکسان بێ بە ژمارەی ئەو کارگەرانەی ئەو سەرمایەیە دەتوانێ کەرەستە، ئامراز و بژێویی گونجاو لەگەڵ سروشتی ئیشەکەیان بۆ دەستەبەر بکات. لەوانەیە پارە بۆ کڕینی کەرەستە و ئامرازەکانی ئیشەکە، هەروەها بۆ ژیاندنی کارگەران پێویست بێ. بەڵام بڕی پیشەسازییەکە یەکسان نییە بە هەردوو ئەو پارەیەی کەرەستە و ئامراز و بژێوییەکە دەکڕێ لەگەڵ کەرەستە و ئامراز و بژێوییەکەی کڕراون، بەڵکو تەنیا یەکسانە بە بەهای یەکێکیان یان پارەکە یان شتەکان و، ئەمانەی دواییش لەوەی یەکەم گونجاوترن.

کاتێک کە پارەی کاغەز چووە جێی پارەی زێڕ و زیو، بڕی کەرەستەکان، ئامرازەکان و، بژێوی، کە تەواوی سەرمایەی سووڕاندن دابینیان دەکا، دەکرێ لەڕێی تەواوی بەهای ئەو زێڕ و زیوەی پێشتر بۆ کڕینیان بەکار دەهاتن، زیاد بکرێ. تەواوی بەهای ئەو بازنە گەورەیەی سووڕاندن و دابەشکردن چووە سەر ئەو کاڵایانەی کە بەهۆی ئەوەوە دەسووڕێن و دابەش دەکرێن. ئۆپەراسیۆنەکە، لە هەندێ ڕووەوە، هاوشێوەی ئەوەی خاوەنی هەندێ کاری گەورەیە کە لە ئاکامی هەندێ پێشکەوتنەوە لە ماکینەکان، دەستبەرداری ماکینە کۆنەکە دەبن و، جیاوازیی نێوان نرخەکەی و نرخی ماکینە نوێیەکان دەخەنە سەر سەرمایەی سووڕاندنەکەیان، بۆ پارەدارکردنی کەرەستەکان و هەقدەستی کارگەرەکانی.

لەوانەیە دەستنیشانکردنی ئەو ڕێژەیەی کە پارەی سووڕاوی هەر وڵاتێک دەیداتە تەواوی بەهای بەرهەمی ساڵانە و بەهۆیەوە دەسووڕێتەوە، مەحاڵ بێ. چەندان نووسەر ئەم ڕێژەیەیان بە پێنجیەک، دەیەک، بیستیەک و، سییەکی ئەو بەهایە دەستنیشان کردووە. بەڵام چەند ئەو ڕێژەیەی پارەی سووڕاو دەیخاتە سەر تەواوی بەرهەمی ساڵانە بچووک بێ، هەر بەشێکە و، زۆربەی جاران بەشێکی بچووکی ئەو بەرهەمەیە، بەردەوام بۆ پاراستنی پیشەسازی ئاراستە کراوە، دەبێ هەموو جارێک ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ ئەو بەشە زیاد بکات. بۆیە کە بەگۆڕینی بۆ کاغەز، ئەو زێڕ و زیوەی بۆ سووڕاندن پێویست بوون کەم کرانەوە، لەوانەیە بۆ پێنجیەکی بڕی پێشوویان، ئەگەر تەنیا بەهای گەورەترین بەشی چوار لە پێنجەکەی تر بخرێتە سەر ئەو دراوەی بۆ پاراستنی پیشەسازی دانراوە، دەبێ زیادەیەکی بەرچاو بێ بۆ بڕی ئەو پیشەسازییە و، لە ئاکامدا بۆ بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار.

ئۆپەراسیۆنێکی لەم جۆرە، لە ماوەی ئەم ٢٥ یان ٣٠ ساڵەدا، لە سکۆتلاند ئەنجام دراوە، لەڕێی دامەزراندنی کۆمپانیای بانکیی نوێ لە نزیکەی هەموو شارێکی گەورەدا و، تەنانەت لە هەندێ گوندی ناوچە لادێیەکانیش. کاریگەریی ئەمە تەواو ئەو کاریگەرییانەن کە لە سەرەوە باس کران. نزیکەی تەواوی بازرگانیی وڵاتەکە لەڕێی کاغەزەکانی ئەم کۆمپانیا بانکییە جۆراوجۆرانەوە بەڕێوە دەچێ، کە کڕین و پارەدان بە هەموو جۆرەکانیانەوە بەگشتی لەڕێیانەوە ئەنجام دەدرێن. زیو بەدەگمەن دەردەکەوێ مەگەر لە گۆڕینەوەی بانکەنۆتێکی ٢٠ شیلینی و، زێڕ لەویش دەگمەنتر. بەڵام هەرچەندە هەڵسوکەوتی ئەم کۆمپانیا جۆراوجۆرانە نەبووە مایەی ناقایلی و، بەو پێیە پێویستی بە یاسایەکی پەرلەمان بوو بۆ ڕێکخستنیان، وڵات سوودێکی بەرچاوی لە بازرگانییەکەیان وەرگرت. من بیستوومە کە بازرگانیی شاری گلاسکۆ، تەنیا لە ماوەی ١٥ ساڵی پاش یەکەمین دامەزراندنی بانکەکان لەوێ، بووە دوو هێندەی جاران و، بازرگانیی سکۆتلاند بووە چوار ئەوەندە لە کاتی دامەزراندنی دوو بانکی گشتییەوە لە ئێدنبەرە، کە یەکێکیان ناوی بانکی سکۆتلاندە و، بەبڕیارێکی پەرلەمان لە ١٦٩٥دا دامەزرا و، ئەوەی تر بانکی رۆیال (شاهانە) بەپەیمانێکی شاهانە لە ١٧٢٧دا دامەزرا. من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە دڵنیام لەوەی بازرگانیی سکۆتلاند بەگشتی یان ئەوەی شاری گلاسکۆ بەتایبەتی بەڕاستی لەو ماوە کورتەدا ئەوەندە زیاد بووە. ئەگەر هەر یەکێکیان بەو ئاستە زۆرە زیادی کردبێ، نابێ ئەم هۆکارە بەتەنیا ئەم کاریگەرییە زۆر گەورەیەی کردبێ. بەڵام گومانی تێدا نییە کە لەو ماوەیەدا بازرگانی و پیشەسازیی سکۆتلاند بەشێوەیەکی یەکجار زۆر زیادیان کردووە و بەشێکی زۆریشی بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە.

بەهای ئەو پارە زیوەی پێش یەکگرتنەکە، لە ساڵی ١٧٠٧دا، دەسووڕایەوە و ڕاستەوخۆ دوای یەکگرتنەکە خرایە بانکی سکۆتلاند بۆ ئەوەی دووبارە لەسکە بدرێتەوە، ٤١١١١٧ پاوەن و ١٠ شیلین و ٩ پێنسی ئیستەرلینی بوو. هیچ تۆمارێک بۆ دراوە زێڕەکە دەست نەکەوتووە، بەڵام تۆمارە کۆنەکانی مینتی سکۆتلاند پیشانی دەدەن کە بەهای ئەو زێڕەی ساڵانە لەسکە دەدرا کەمێک لەوەی زیو زیاتر بوو. ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک لەو کاتەدا هەبوون، کە بەهۆی جیاوازییەک لە پارەدانەوەوە، زیوەکەی خۆیان بۆ بانکی سکۆتلاند نەبرد و، هەروەها هەندێ دراوی ئینگلیزی هەبوو کە نەچوونە ناو ئەو تۆمارەوە. بۆیە تەواوی بەهای ئەو زێڕ و زیوەی پێش یەکگرتن لە سکۆتلاند دەسووڕانەوە، ناکرێ بە کەمتر لە یەک ملیۆن ئیستەرلینی بخەملێنرێ. کە ڕەنگە ئەمە نزیکەی هەموو سووڕانی ئەو وڵاتە بێ، لەبەر ئەوەی کە سووڕان لە بانکی سکۆتلاند، کە ئەو کاتە بێ ڕکابەر بوو، زۆر بووبێ، بەڵام لەوە دەچێ بەشێکی زۆر بچووکی گشت بووبێ. لەم ڕۆژگارەدا تەواوی سووڕان لە سکۆتلاند ناکرێ بە کەمتر لە دوو ملیۆن مەزەندە بکرێ، کە تیایدا ئەوەی زێڕ

و زیــوە لە نیــو ملیــۆن تێنــاپەڕێ. هەرچەنــدە زێــڕ و زیــوی ســووڕاو لە ســکۆتلاند کەمبــوونەوەیەکی بەرچاویــان لەم مــاوەیەدا بەخــۆوە بینــی، لەوە نــاچێ دەوڵەمەنــدیی ڕاســتەقینە و گەشــەی ئەم وڵاتە هــیچ کاریگەرییەکیــان لەســەر هەبــووبێ. بەپــێچەوانەوە، کشــتوکاڵ، پیشەســازی و بازرگــانیی ئەم وڵاتە، بەرهەمــی ســاڵانەی زەوی و کــار، بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بوونە.

دوورخســتنەوەی کۆمپیالەکــان لە ئــاڵوگۆڕ، بە وەرگــرتنەوەی پــارەی پێشــەکی بەر لە هاتنی وادەکەیان، بەشێوەیەکی سەرەکی وای لە زۆربەی بانک و بانکدارەکان کرد کۆمپیالە دەربکەن. ئەوان بەردەوام لە هەر بڕە پارەیەک کە پێشــەکی بیدەن، سوودە یاسـاییەکەیان دەبڕی کە دەبوو لە کاتی هاتنی وادەی شایستەدا بدرێ. کە وادەی شایســتەی کۆمپیـالەکە دەهــات، ئەوەی لە بــڕی دەدرا لەلایەن بــانکەوە، جێــی ئەوەی پــڕ دەکــردەوە کە بــانکەکە پێشــوەخت داویەتــی لەگەڵ قــازانجێکی ڕوونــی ســوودەکەدا. ئەو بانکــدارەی قەرز بە بازرگانەکە دەدا، زێڕ یان زیو لە کۆمپیالەکەی نابڕێ، بەڵکو بایی کۆمپیالەکەی لێ دەبڕێ، بەمەش دەتوانێ بڕێکی زیاتری لێ ببڕێ، بەهۆی تەواوی بەهـای کۆمپیالەکانەوە، کە ئەو بەپێــی شــارەزایی خــۆی دەزانــێ چــی لە ســووڕانەوەدا بــاوە. بەم شــێوەیە پــوختەی دەسکەوتەکەی لەو سوودە بڕە پارەیەکی زۆر دەبێ.

بازرگـانیی سـکۆتلاند، کە ئێسـتا زۆر گەورە نییە، لە کـاتی دامەزرانـدنی یەکەمـین دوو کۆمپانیـای بانکیـدا زۆر کەم بـوو و، ئەگەر ئەو کۆمپانیایـانە لە بازرگانییەکەیانـدا پشـتیان تەنیــا بە دابــڕین لە کۆمپیالەکــانی ئــاڵوگۆڕکردن بــۆ بازرگانییەکەیــان ببەســتایە، ئەوە بازرگانییەکەیان زۆر بەرتەسک دەبوو. بۆیە ئامرازێکی تریان داهێنا ئەویش دەرکردنـی کۆمپیالەی تایبەت بەخۆیان بوو، بە دانی ئەوەی پێیان دەگوت حیسابی پارەی حازردەست، کە لەڕێگەیەوە قەرزیان تا ئاستی بڕە پارەیەکی دیاریکراو (بۆ نموونە: دوو یان سێ هەزار پـاوەن) دەدات بە هەر تاکێک کە بیتوانیبـا دوو کەفیلـی متمـانەدار و خـاوەن مـوڵکی بـاش بهێنێ بۆ ئەوەی کەفالەتی بکەن، کە هەر پـارەیەک پێشــەکی پێی دەدرێ، لە چوارچێوەی ئەو قەرزەی پێی دراوە، لە کـاتی داواکردنەوەیدا بە سـوودە یاسـاییەکەیەوە بیداتەوە. مـن لەو بڕوایەدام، کە ئەم جۆرە قەرزانە بەگشتی لەلایەن هەمـوو بانـک و بانکدارەکانی گشـت بەشـەکانی جیهـانوە دەدرێن. بەڵام ئەوەنـدەی مـن بـزانم، ئەو مەرجە سـووکانەی کۆمپانیـا بانکییەکانی سـکۆتلاند بۆ پارەدانەوە پەسـەندیان کردبوون، کە نـامۆن لە بەشـەکانی تـری جیهاندا، لەوانەیە هۆکاری سەرەکی بن بۆ ئەو بازرگانییە گەورەیەی ئەم کۆمپانیایانە و بۆ ئەو قازانجە زۆرەی وڵات لەوانەوە بەدەستی هێنا.

هەرکەسێک قەرزێکی لەم جۆرەی ئەو کۆمپانیایانەی لەلا بووابە و، جێی متمانە بووایە، بۆ نموونە ئەگەر هەزار پاوەن قەرزی لەلا هەبووایە دەیتوانی بەش بەش پـارەکە بداتەوە،

هەر جارە و ٢٠ یان ٣٠ پاوەن، کۆمپانیاکەش لەگەڵ وەرگرتنی هەر یەکێک لەم بەشانە بەشێکی هاوڕێژەی سوودەکەی وەردەگرت، تاوەکو بەم شێوەیە لەگەڵ وەرگرتنەوەی تەواوی قەرزەکە تەواوی سوودەکەشی وەردەگرت. بۆیە گشت بازرگانەکان و نزیکەی هەموو پیاوانی بواری بازرگانی، پێیان گونجاو بوو ئەم جۆرە حیسابە حازردەستانەیان هەبێ و، بەم شێوەیە بازرگانیی ئەم کۆمپانیانەیان بەهێز دەکرد، بەوەی بێ یەکودوو لە هەموو دۆخێکدا کۆمپیالەکانی ئەوانیان وەردەگرت و، هانی هەموو کەسێکی خاوەن توانایان دەدات ئەمە بکات. بانکەکان، کاتێک کڕیارەکانیان داوای پارەیان لێیان دەکرد، بەگشتی کۆمپیالەکانیان پێیان دەدا. بازرگانەکان بۆ کڕینی کالاکانیان ئەم کۆمپیالانەیان بە پیشەوەران دەدا، ئەمانیش بۆ کڕینی کەرەستە و ئازووخە بە جووتیارانیان دەدا، جووتیارەکانیش لەبری کرێ بە خاوەن موڵکیان دەدا، ئەمانیش بۆ کڕینی ئازووخە و کەرەستەی خۆشگوزەرانی بە بازرگانانیان دەدات و، بازرگانەکانیش دووبارە بە بانکەکانیان دەدانەوە بۆ هاوسەنگکردنی حیسابە حازردەستەکانیان، یان بۆ دانەوەی قەرزەکانیان و، بەم شێوەیە نزیکەی هەموو بازرگانیی پارە لە وڵاتدا گواسترایەوە سەر بەکارهێنانی ئەم کۆمپیالانە. بەمەش بازرگانیی ئەو کۆمپانیایانە گەورە بووەوە.

لەڕێی ئەم حیسابە حازردەستانەوە هەموو بازرگانێک دەتوانێ، بەبێ ملهوڕی، بازرگانییەکی گەورەتر لەوەی جاران ئەنجام بدا. ئەگەر دوو بازرگان هەبن، یەکێک لە لەندەن و ئەوەی تریان لە ئێدنبەرە، کە هەمان بڕ ماڵیان لەهەمان لقی بازرگانی بەگەڕ خستووە، ئەوەی ئێدنبەرە بەبێ ملهوڕی دەتوانێ بازرگانییەکی گەورەتر ئەنجام بدات و ژمارەیەکی زۆرتر خەڵک بخاتە گەڕ لەوەی لەندەن. بازرگانەکەی لەندەن دەبێ بەردەوام بڕێک پارەی لەبەر دەست هەبێ، چ لە قاسەی خۆیدا یان لە قاسەی بانکدارەکانیدا کە هیچ سوودێکی لەسەر نادەنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ پارەی ئەو کالایانە بدات کە بە قەرز هێناویانی و بەردەوام لێی داوا دەکرێن. ئەگەر وای دابنێین کە بڕی ئاسایی ئەم پارەیە ٥٠٠ پاوەنە. ئەوە بەهای ئەو کالایانەی لە کۆگەکانی ئەودان دەبێ بەردەوام بایی ٥٠٠ پاوەن کەمتر لەوەی کە ئەگەر ناچاری دانانی ئەو پارەیە بەبێ بەگەڕخستن نەبووایە، تیایاندا دەبوون. با وای دابنێین کە بەگشتی هەموو ئەو کالایەی لەبەر دەستیەتی، یان ئەو کالایانەی کە ماڵەکەی بەر دەستی پێک دێنن، ساڵی یەک جار سەرف دەبن. ئەو کە ناچارە ئەو بڕە زۆرە پارەیە بەبێ بەگەڕخستن بهێڵێتەوە، دەبێ ساڵانە بایی ٥٠٠ پاوەن کەمتر کالا بفرۆشێ لەوەی کە ئەگەر ئەو پارەیەی نەخەواندایە دەیفرۆشت. قازانجی فرۆشتنی بایی ئەو ٥٠٠ پاوەنە کالا و بایی ئەو پارەیە خەڵکی بەگەڕخراو لە ئامادەکردنی کالاکانی بۆ بازاڕ، لە قازانجی ساڵانەی ئەو کەم دەبێتەوە. لە لایەکەی ترەوە، بازرگانەکەی ئێدنبەرە، هیچ پارەیەک بەبێ بەگەڕخستن ناهێڵێتەوە بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەو جۆرە داواکردنانە.

کاتێکیش کە داوای لێ دەکرێتەوە، لەڕێی حیسابە حازردەستەکەیەوە لە بانک، بەدەنگیانەوە دەچێ و، وردەوردە ئەو پارە قەرزرکراوە پڕ دەکاتەوە، بەو پارەیە یان بەو کاغەزانەی لە فرۆشتنی کالاکانیەوە بۆی دێ. بۆیە ئەو بەهەمان ماڵەوە کە لە هەموو کاتێکدا لە کۆگەکانیدایە، بەبێ ملهوڕی دەتوانێ زیاتر لەوەی بازرگانەکەی لەندەنی هەبێ، بەمەش دەتوانی هەم قازانجی زیاتر بکات بۆ خۆی و، هەم دەتوانێ ژمارەیەکی زیاتر خەڵکی پیشەوەر بەگەڕ بخا بۆ ئەوەی ئەو کالایانەی بۆ ئامادەی بازاڕ بکەن. ئەو سوودە گەورەیەی وڵاتیش لەم بازرگانییە بەدەستی دێنێ لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

خەرجکردنی کۆمپیالە وەک دێتە بەر چاو، ئاسانکارییەک بۆ بازرگانە ئینگلیزەکان دەڕەخسێنێ یەکسانە بە حیسابی حازردەستی بازرگانە سکۆتلاندییەکان. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە بازرگانە سکۆتلاندییەکان دەتوانن وەک بازرگانە ئینگلیزەکان کۆمپیالەکانیان خەرج بکەن و، سەرباری ئەوەش حیسابی حازردەستیان هەیە.

تەواوی پارەی کاغەزی جۆراوجۆری هەر وڵاتێک کە بەئاسانی دەسووڕێ، هەرگیز ناتوانێ لە بەهای ئەو زێڕ و زیوە زیاتر بێ کە بۆ ئەو شوێنە دەستەبەرن، یان (ئەو بازرگانییەی مەزەندە دەکرێ هەمان شت بێ) کە ئەگەر پارەی کاغەز نەبێ لەوێدا دەسووڕێن. بۆ نموونە، ئەگەر پارەی کاغەزی ٢٠ شیلینی بچووکترین دراوی کاغەزی سکۆتلاند بێ، ئەوە تەواوی ئەو جۆرە دراوە کە دەشێ بە ئاسانی لەوێدا بسووڕێ ناتوانێ زیاتر بێ لە بڕی ئەو زێڕ و زیوەی پێویست دەبن بۆ ئاڵوگۆڕی ساڵانەی بەهای ٢٠ شیلینیەکان و بەسەرەوە لە ناو وڵاتەکەدا. ئەگەر سووڕانی کاغەز لە هەر کاتێکدا زیاتر بێ لەو بڕە، کاتێک کە زیادەکە نە بۆ دەرەوە بچێ و نە لە سووڕانی ناو وڵاتدا بخرێتە گەڕ، دەبێ ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ بانکەکان بۆ ئەوەی بە زێڕ و زیو بگۆڕرێتەوە. ئینجا خەڵکێکی زۆر یەکسەر بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو کاغەزەی هەیانە زیاترە لەوەی پێویست بوو هەیانبێ بۆ ئەوەی لە ناوخۆدا بازرگانیی پێوە بکەن و، کاتێکیش کە نەتوانن بۆ دەرەوەی بنێرن، یەکسەر داوا لە بانکەکان دەکەن پارەکانیان بدەنەوە. هەر کاتێکیش ئەو هەموو کاغەزە زیادە بە زێڕ و زیو بگۆڕرێتەوە، ئەوان بەئاسانی ڕێگەیەک بۆ بەکارهێنانیان دەدۆزنەوە بەناردنە دەرەوەیان، بەڵام ئەگەر هەر بە کاغەزی بمێننەوە هیچ ڕێگەیەکیان پێ نادۆزرێتەوە. بۆیە ڕاستەوخۆ ڕوو لە بانکەکان دەکرێ بۆ وەرگرتنەوەی بەهای ئەو کاغەزە زیادانە و، ئەگەر بانکەکانیش سەختی یان دواکەتنێکیان لە دانەوەی پارەکان پێشان دا، ئەوە زیادەکە دەکەوێتە بەر مەترسییەوە.

خەرجییە ناباو و زیادەکانی لە هەر لقێکی بازرگانیدا هەن، وەک خەرجیی کرێی خانوو، هەقدەستی خزمەتکاران، بنووسەکان، ژمێریارەکان هتد، خەرجییە نامۆکان بۆ بانکێک بەشێوەیەکی سەرەکی خۆیان لە دوو بابەتدا دەبیننەوە: یەکەم، خەرجیی هێشتنەوەی

بەردەوامی بڕێکی زۆری پارە لە قاسەکانیاندا، بۆ ئەوەی هەموو دەمێ بتوانن بەدەنگ داوای پارەوە لەلایەن هەڵگرانی کۆمپیالەکانیەوە بچن، کە بانک سوودی ئەو پارەیەی لەدەست دەچێ و، دووەم، خەرجیی زوو پڕکردنەوەی ئەو قاسانە بەزووترین کات دوای بەتاڵبوونیان بەهۆی بەدەنگەوەچوونی ئەو داواکارییە لەناکاوانەوە.

کۆمپانیایەکی بانکی، کە کاغەزێکی زیاتر لەوەی دەکرێ لە سووڕانی وڵاتەکەدا بەگەڕ بخرێ دەردەکا و، ئەو زیادەیە بەردەوام بۆ خەرجکردن دەگەڕێتەوە بۆیان، ناچارە بڕی زێڕ و زیو زیاد بکات، کە دەبێ بەردەوام لە قاسەکانیاندا بن، نەک تەنیا هاوڕێژەی ئەو زیادە زۆرەی سووڕانیان، بەڵکو بەڕێژەیەکی زیاتر. کۆمپیالەکانیان زۆر خێراترن لەوەی هاوڕێژە بن لەگەڵ زیادبوونی بڕەکەیاندا. بۆیە ئەو جۆرە کۆمپانیایە ناچار دەبێ بابەتی یەکەمی خەرجیی خۆی زیاد بکات، نەک تەنیا هاوڕێژە لەگەڵ ئەم زیادە زۆرەکییەی بازرگانییەکەی، بەڵکو بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر.

قاسەکانی کۆمپانیایەکی لەم جۆرە، هەرچەندە کە دەبێ زۆر پڕتر بێ، هێشتا دەبێ خێراتر لەوەی کە بازرگانییەکەیان وابەستەی سنوورگەلێکی گونجاو بن، خۆیان بەتاڵ بکەن و، پێویستی بەماندووبوونێکی نەک تەنیا زیاتر، بەڵکو جێگیرتر و بێگرێتره بۆ پڕکردنەوەیان. هەروەها دراویش، کە بەم پێیە بەردەوام بەبڕی زیاتر لە قاسەکانیان دەردەچێ، ناکرێ لە سووڕانی ناو وڵاتەکەدا بەگەڕ بخرێ. ئەو دراوە جێی کاغەزێک پڕ دەکاتەوە کە لەو زۆرتر لە سووڕاندا بەگەڕ دەخرێ و، زیاتریشە لەوەی کە دەکرێ تیایدا بەگەڕ بخرێ. بەڵام کە نابێ ئەو دراوە بێکار بخەوێ، پێویستە بەشێوەیەک لە شێوەکان بنێررێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی بەگەڕخستنێکی بەقازانج بدۆزێتەوە کە لە ناوەوەی وڵاتدا نایدۆزێتەوە، هەروەها ئەم هەناردەکردنە بەردەوامەی زێڕ و زیو، لەپاڵ زیادکردنی سەختی، زیاتر هانی خەرجیی زیاتری بانکەکە دەدات بۆ بەدەستهێنانی زێڕ و زیوی نوێ بەمەبەستی پڕکردنەوەی قاسەکانی، کە زۆر بەخێرایی خۆیان بەتاڵ دەکەن. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە کۆمپانیایە دەبێ هاوڕێژە لەگەڵ ئەم زیادبوونە زۆرەکییەی بازرگانییەکەی، بابەتی دووەمی خەرجییەکەی زۆر لە بابەتی یەکەم زیاتر زیاد بکات.

با وای دابنێین کە هەموو کاغەزەکانی بانکێکی دیاریکراو، کە سووڕاندن لە وڵاتەکەدا دەتوانێ بەئاسانی هەڵیمژێ و بەگەڕی بخا، بەتەواوی چل هەزار پاوەنە و، بۆ بەدەنگەوەچوونی داواکارییەکانی دێنە پێشەوە، ئەم بانکە ناچارە هەموو کاتێک دە هەزار پاوەن زێڕ و زیو لە قاسەکانیدا هەبێ. ئەگەر ئەم بانکە هەوڵی دا ٤٤٠٠٠ پاوەن بسووڕێنێ، ئەو ٤٠٠٠ەی کە زیادە لەوەی سووڕاندن بتوانێ بە ئاسانی هەڵیمژێ و بەگەڕی بخا، هەر کە دەرچوون بۆی دەگەڕێنەوە. کەواتە بۆ بەدەنگەوەچوونی داواکارییەکان، دەبێ ئەم بانکە هەموو دەمێک نەک تەنیا ١١٠٠٠ پاوەن لە قاسەکانیدا هەبن،

بگرە دەبێ ١٤٠٠٠یان تێدا هەبێ. کەواتە بەو ٤٠٠٠ پاوەنەی لە سەرووی سووڕاندندان هیچ دەسکەوتێکی نابێ. هەروەها تەواوی تێچووی کۆکردنەوەی بەردەوامی ٤٠٠٠ پاوەن زێڕ و زیوی نابێ، کە بەردەوام هەر کە هاتنە ناو قاسەکانیەوە لێیان دەردەچنەوە.

ئەگەر هەر کۆمپانیایەکی بانکیی دیاریکراو بەردەوام لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی تێ بگا و ئاگەداری بێ، ئەوە هەرگیز لەخۆی زیاتر پارەی کاغەز لەو سووڕاندنە نائاخنێ. بەڵام هەموو کۆمپانیایەکی بانکی بەردەوام لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی تێ ناگا و ئاگەداری نابێ و، زۆر جار سووڕاندن بە پارەی کاغەز دەخنکێنرێ.

بەهۆی دەرچوواندنی بڕێکی یەکجار زۆر کاغەز، کە بەهۆیەوە زیادەکە بەردەوام دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی بە زێڕ و زیو بگۆڕرێتەوە، بانکی ئینگلتەرە چەندان ساڵی دوابەدوای یەک ناچار دەبوو ساڵانە ٨٠٠ هەزار تا یەک ملیۆن پاوەن، یان بەتێکڕای ٨٥٠ هەزار پاوەن ساڵانە، دراوی نوێی زێڕ لەسکە بدا. بۆ ئەم لەسکەدانە زۆرە بانکەکە (لە ئاکامی ئەو شێوان ڕزینەی لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی دراوی زێڕ و زیو هاتبوون) زۆر جاران ناچار بوو دارِشتەی زێڕ بە نرخی گرانی چوار پاوەن بۆ هەر ئۆنسێک بکڕێ، کە دوای ماوەیەکی کەم لە دەرچوونی، هەر ئۆنسێک دەبووە بایی سێ پاوەن و ١٧ شیلین و دە پێنس و نیو، بەم شێوەیەش بەهۆی لەسکەدانی بڕێکی زۆرەوە نزیکەی دوو تا سێ لەسەدی لەدەست دەدا. هەرچەندە بانکەکە هیچ قازانجێکی لەسکەدانی پارەی نەدەدا لەبەر ئەوەی حکومەت خەرجییەکەی لە ئەستۆ دەگرت، ئەم کرانەوەیەی حکومەت نەدەبووە مایەی ڕیگری لە خەرجییەکانی ئەو بانکە.

بانکە سکۆتلاندییەکان، لە ئاکامی زیادەیەکی هاوجۆردا، هەموویان ناچار بوون بە بەردەوامی بریکار لە لەندەن بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی پارە کۆ بکەنەوە، ئەوەش بە خەرجییەک کە کەم جاران دادەبەزییە خوار یەک و نیو یان دوو لەسەد. ئەو پارەیە بە عارەبانە دەنێررا و پاراستنی لەلایەن ئەوانەوە کە دەیانگواستەوە خەرجییەکی زیادەی بەڕێژەی سێ چارەک لەسەد، یان ١٥ شیلین بۆ هەر سەد پاوەنێک، دەخستە سەری. ئەو وەکیلانە لە توانایاندا نەبوو بەردەوام قاسەکانی خاوەن کارەکانیان بەهەمان خێرایی بەتاڵبوونیان پڕ بکەنەوە. لەو دۆخەدا سەرچاوەی بانکەکان ڕووی لە کۆمپیالەی هاوشێوەکانیان لە لەندەن دەکرد بۆ گۆڕینەوەی کۆمپیالەکان بە ئاستی ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستیان پێی بوو لەگەڵ سوود و دەلالەی تایبەت بەو بانکانە، ئەویش بەهۆی ئەو تەنگانەیەوە کە بەهۆی سووڕاندنی زیادەوە تێی کەوتن، هەندێ جاریش هیچیان بەدەستەوە نەبوو جگە لە ڕاکێشانی کۆمەڵە کۆمپیالەیەکی تر لە هەمان ئەو بانکانەوە یان لە بانکی تری هاوشێوەوە لە لەندەن و، هەمان ئەو بڕە پارەیە، یان ڕاستتر بڵێین کۆمپیالەی بەهەمان بڕە پارە، بەم شێوەیە هەندێ جاران دوو یان سێ گەشت دەکا،

قەرزار، بانک، دانی بەردەوامی سوود و دەلالانەی هەموو پارە کەڵەکە بووەکە. تەنانەت ئەم بانکە سکۆتلاندییانەش کە هەرگیز بەگەمژە نەزانراون، هەندێ جاران ناچار بوون پەنا ببەنە بەر ئەم سەرچاوە رووخێنەرە.

ئەو دراوە زێڕەی کە لەلایەن بانکی ئینگلتەرەوە، یان بانکەکانی سکۆتلاندە، لەبەرامبەر ئەو کاغەزانە دەدران کە زیاتر بوون لەوەی لە سووڕانی ناو وڵاتدا بەگەڕ بخرێن، کە بەهەمان شێوە زیاتر بوون لەوەی لەو سووڕانەدا بەگەڕ بخرێن، هەندێ جار لە شێوەی دراو بۆ دەرەوە دەنێرران، هەندێ جاریش دەتوێنرانەوە و لەشێوەی داڕشتە بۆ دەرەوە دەنێرران و، هەندێ جاریش دەتوێنرانەوە و بە نرخی گرانی چوار پاوەن بۆ هەر ئۆنسێک بە بانکی ئینگلتەرە دەفرۆشران. ئەوان نوێترین و قورسترین و باشترین پارچەگەلێک بوون کاتێک بەوردی لە دراوەکە دەردەهێنران و، یان بۆ دەرەوە ڕەوانە دەکران و یان دەتوێنرانەوە. لە ناوەوەدا و کاتێک هێشتا لەشێوەی دراو دەمانەوە، ئەو پارچە قورسانە لە سووکەکان زیاتر بەهایان نەبوو. بەڵام کاتێک دەنێررانە دەرەوە، یان لە ناوەوەی وڵاتدا دەتوێنرانەوە و دەکرانە داڕشتە، بەهایان بەرزتر دەبوون. بانکی ئینگلتەرە، دوور لە لەسکەدانی ساڵانەی گەورە، سەرسام بوو بەوەی کە بۆی دەرکەوت هەموو ساڵێک هەمان کەمیی دراوی ساڵی پێشووی دەبێ و، دوور لە بڕی زۆری دراوی باش و نوێ کە ساڵانە لەو بانکە دەردەچوو، دۆخی دراوەکە لەجیاتی ئەوەی باشتر و باشتر بێ، هەموو ساڵێک خراپتر و خراپتر دەبوو. ئەوان هەموو ساڵێک بۆیان دەردەکەوت کە لەژێر ئاستی پێویستی لەسکەدانن، بە نزیکەی هەمان ئەو بڕە زێڕەی ساڵی پێش ئەوە لەسکەیان داوە و، بەهۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی داڕشتەی زێڕ، لە ئاکامی شێوان و ڕزینی بەردەوامی دراوەکان، خەرجیی ئەم لەسکەدانە ساڵانەیە هەموو ساڵێک گرانتر دەبوو. دەبێ تێبینی بکرێ، کە بانکی ئینگلتەرە بە دابینکردنی دراو بۆ قاسەکانی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناچار بوو دراو بۆ تەواوی شانشینەکە دابین بکات، کە لە قاسەکانی ئەوەوە بەردەوام بەڕێگەی جۆراوجۆر دراوی بۆ دەچوو. بۆیە چەند دراو پێویست بووبێ بۆ پشتیوانیی ئەم سووڕانە لەڕادەبەدەرە لە هەردوو پارەی کاغەزی ئینگلیزی و سکۆتلاندی، چەند بۆشایی بەهۆی ئەم سووڕانە لەڕادەبەدەرە لە پارەی پێویست بۆ شانشینەکەدا دروست بووبێ، بانکی ئینگلتەرە ناچار بووە پڕیان بکاتەوە. بێگومان بانکەکانی سکۆتلاند بەهۆی ملهوڕی و گوێنەدانەوە، نرخێکی زۆریان دا. بەڵام بانکی ئینگلتەرە نرخێکی زۆری ملهوڕیی خۆی و ملهوڕیی گەورەتری نزیکەی هەموو بانکەکانی سکۆتلاندیشی دا.

زێدەڕۆیی هەندێ خاوەن پرۆژەی دەبەنگ لە هەردوو بەشی شانشینی یەکگرتوودا هۆکاری بنەڕەتیی ئەم سووڕاندنە لەڕادەبەدەرەی پارەی کاغەز بوو.

ئەوەی بانکێک دەتوانێ بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەشی هەر جۆرە بازرگانێک یان خاوەن کارێکی بکات، تەواوی ئەو سەرمایەیە نییە کە ئەو بازرگانیی پێوە دەکا، هیچ بەشێکی بەرچاوی ئەو سەرمایەیەش نییە. بەڵکو ئەو بەشەی سەرمایەکەیە کە بەبێ ئەو ناچار دەبێ بێکار لای خۆی بیهێڵێتەوە، ئامادە بۆ بەدەنگەوەچوونی هەر داوایەکی لەناکاو. ئەگەر ئەو پارە کاغەزەی بانک دەیدا هەرگیز لەم بەهایە زیاتر نەبێ، ئەوە هەرگیز ناتوانێ زیاتر بێ لە بەهای ئەو زێڕ و زیوەی کە ئەگەر پارەی کاغەز نەبوایە لە وڵاتدا دەسووڕا، بەمەش هەرگیز زیاتر نابێ لەو بڕەی کە سووڕان لە وڵاتدا دەتوانێ بەئاسانی هەڵیمژێ و بەگەڕی بخا.

کاتێک کە بانکێک کۆمپیالەیەکی ڕاستەقینە بە بازرگانێک دەدات کە قەرزدەرێکی ڕاستەقینە لە قەرزارێکی ڕاستەقینەی دەسێنێ و، هەر کە کاتی دانەوەی هات بەڕاستی لەلایەن ئەو قەرزارەوە دەدرێتەوە، ئەوە بانکەکە تەنیا بەشێکی ئەو بەهایەی دەداتەوە کە ئەگەر وا نەبێ ئەو بازرگانە ناچارە بەبێ بەگەڕخستن لای خۆی بیهێڵێتەوە تاوەکو بۆ بەدەنگەوەچوونی هەر داوایەکی لەناکاو ئامادە بێ. دانەوەی ئەو کۆمپیالەیە، کە کاتی دانەوەی دێ، بۆ بانکەکە جێی ئەوە دەگرێتەوە کە داویەتی، شانبەشانی سوودەکەی. قاسەکانی بانکەکە، ئەوەندەی لەگەڵ ئەم جۆرە کڕیارانە مامەڵە بکات، وەک گۆماوێک وان، کە هەرچەندە بەردەوام ڕووبارێکی لێ دەردەچێ، بەردەوام یەکێکی تری تێ دەڕژێ، کە تەواو یەکسانە بەوەی لێی دەرچووە، کە تەنانەت بەبێ هیچ خزمەتێک یان ئاگەداربوونێک ئەو گۆماوە بەردەوام وەک خۆی دەمێنێتەوە، یان نزیک لە پڕیی تەواو دەمێنێتەوە. پڕکردنەوەی قاسەی ئەو جۆرە بانکانە خەرجییەکی کەمی یان هیچ خەرجییەکی پێویست نابێ.

بازرگانێک بەبێ زێدەڕۆیی لە بازرگانیدا، لەوانەیە زۆربەی جاران بواری هەیە بڕە پارەیەکی ئامادەی هەبێ، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هیچ کۆمپیالەیەکی نییە بۆ ئەوەی خەرجی بکات. کاتێک کە بانکێک، لەپاڵ خەرجکردنی کۆمپیالەکانی، لەو حاڵەتانەدا ئەو بڕە پارانەی بەگوێرەی حیسابە حازردەستەکەی پێشوەخت پێ دەدات و، قایل دەبێ بەوەی بە زیاتر لەو پارەیەی لە فرۆشتنی کاڵاکانیەوە بۆی دێ لێی وەرگرێتەوە، بەپێی مەرجە ئاسانەکانی کۆمپانیاکانی بانکیی سکۆتلاند، ئەمە بەتەواوی دووری دەخاتەوە لەوەی ناچار بێ هیچ بەشێکی ماڵەکەی لای خۆی بەبێ بەگەڕخستن بهێڵێتەوە بۆ بەدەنگەوەچوونی داوای لەناکاو. کاتێک ئەم داوایانە ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەو دەتوانێ لەڕێی حیسابە حازردەستەکەیەوە بەدەنگیانەوە بچێ. بەڵام، دەبێ بەگرنگییەکی زۆرەوە تێبینیی ئەوە بکرێ کە، بانکەکە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە کڕیارانەدا، چ بۆ ماوەیەکی کورت (چوار، پێنج، شەش، یان هەشت مانگ) ئەو بڕە پارەیەی بەگشتی لێیان وەردەگرێتەوە،

تەواو یەکسانە، یان یەکسان نییە، بەو پارەیەی بەگشتی پێشوەخت بەوانی دەدا. ئەگەر لە ماوەیەکی وەها کورتدا، پارەی وەرگیراوە لە هەندێ کڕیاری دیاریکراو، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، تەواو یەکسان بێ بەوەی پێشوەخت دراوە، ئەوە بانکەکە دەتوانێ بەبێ کێشە و ترس لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە کڕیارانە بەردەوام بێ. هەرچەندە لەوانەیە ئەو رووبارەی لەم دۆخەدا بەردەوام لە قاسەکانی دەردەچێ زۆر گەورە بێ، دەبێ ئەو رووبارەی دەڕژێتە ناویان بەلای کەمەوەی ئەوەندەی ئەو گەورە بێ، بۆ ئەوەی بەبێ هیچ چاودێرییەک یان گرنگی پێدانی زیادە پڕ بن یان نزیکە پڕ بن، هەروەها بەدەگمەن پێویستیان بە خەرجییەکی نائاسایی بێ بۆ پڕکردنەوەیان. ئەگەر، بەپێچەوانەوە، بڕی پارەی وەرگیراوە لە کڕیارگەلێکی دیاریکراو بەگشتی زۆر کەمتر بوو لەوەی پێشوەخت پێیان دراوە، بەهیچ شێوەیەک بەبێ ترس مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کڕیارانە بەردەوام نابێ، بەلای کەمەوە ئەگەر بەردەوام بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. ئەو رووبارەی لەم دۆخەدا بەردەوام لە قاسەکانی بانکەکە دەردەچێ زۆر گەورەترە لەوەی بەردەوام دەڕژێتە ناویانەوە، بەمەش پڕکردنەوەیان خەرجی و ماندووبوونی زۆر و بەردەوامی دەوێ و، زۆری پێ ناچێ کە ئەو قاسانە تەواو پەکیان دەکەوێ.

کۆمپانیا بانکییەکانی سکۆتلاند تا ماوەیەکی زۆر، زۆر بەپارێز بوون لە داوای زۆر و رێکخراوی پارەدانەوە لە هەموو کڕیارەکانیان و، لەگەڵ هەموو کەسێکدا مامەڵەکردن، جا سامان و متمانەی ئەو کەسە هەر چۆنێک بووایە، کە توانای نەبووایە ئۆپەراسیۆنی زۆر و رێکخراو، بەگوتەی خۆیان، لەگەڵیاندا ئەنجام بدا. بەم وریاییە، لەپاڵ خۆلادان لە نزیکەی تەواوی خەرجییە نائاساییەکانی پڕکردنەوەی قاسەکانیان، دوو سوودی تری گەورەیان بەدەست هێنا.

یەکەم، لەڕێی ئەم وریاییەوە توانییان هەندێ حوکمی گونجاو بدەن لەسەر هەلومەرجی گەشەکردوو یان دارماوی قەرزارەکانیان، بەبێ ئەوەی ناچار بن بەدوای بەڵگەی تردا بگەڕێن جگە لەوەی تۆمارەکانی خۆیان پێیان دەڵێن، کەسەکان کە زۆربەی جاران رێکوپێکن یان نارێکن لە دانەوەی قەرزەکانیان، دەردەکەوێ لە گەشەکردن یان لە دارماندان. کەسێک کە پارەی خۆی بە قەرز بە نیو دەرزەن یان دەرزەنێک قەرزار دەدا، دەتوانێ خۆی یان وەکیلەکانی، چاودێریی و لێکۆڵینەوەی ورد و بەردەوامی هەڵسوکەوت و پێگەیان بکات. بەڵام کۆمپانیایەکی بانکی، کە لەوانەیە پارە بە ٥٠٠ کەسی جۆراوجۆر بدات و، کە بەردەوام سەرقاڵی زۆر شتی جیاوازە، لەوانەیە زانیاریی رێکخراوی لەسەر هەڵسوکەوت و هەلومەرجی بەشی زۆری قەرزارەکانی نەبێ، جگە لەوەی تۆمارەکانی خۆی پێشکەشی دەکەن. لەوانەیە کۆمپانیا بانکییەکانی سکۆتلاند، لە داواکردنی پارەدانەوەی زۆر و رێکوپێک لە هەموو کڕیارەکانیان، ئەم سوودەیان لەبەر چاو گرتبێ.

دووەم، بەم وریاییە خۆیان پاراست لە ئەگەری دەرچوواندنی کاغەزی زیاتر لەوەی سووڕاندن لە وڵاتدا دەتوانێ بەئاسانی هەڵیمژێ و بەگەڕی بخا. کە تێبینییان کرد لە ماوە ئاساییەکانی پارەدانەوەی کڕیارێکی دیاریکراودا بەردەوام تەواو یەکسان بووە لەگەڵ ئەوەی پێشوەخت پێیان داوە، دڵنیا بوون لەوەی ئەو پارە کاغەزەی پێشوەخت پێیان داوە هیچ کاتێک لەو برە زێڕ و زیوەی ناچارە بەبێ ئەو کاغەزانە لای خۆی بۆ بەدەنگەوەچوونی داواکاریی لەناکاو گلیان بداتەوە زیاتر نەبووە. لە ئاکامیشدا ئەو پارە کاغەزەی لەڕێی ئەوەوە دەیسووڕێنن هیچ کاتێک زیاتر نییە لە بڕی ئەو زێڕ و زیوەی کە لە کاتی نەبوونی پارەی کاغەزدا لە وڵاتدا دەسووڕێن. چەندبارەبوونەوە و ڕێکی و بڕی ئەو پارەیەی دەیداتەوە، بەباشی پێشانی دەدەن کە ئەو پارەیەی بەویان داوە لە هیچ کاتێکدا زیاتر نییە لەو بەشەی سەرمایەکەی کە بەبێ ئەوە دەبوو بۆ بەدەنگەوەچوونی داوا لەناکاوەکان لای خۆی بێکار گلی بداتەوە، واتە، بۆ هێشتنەوەی بەشەکەی تری سەرمایەکەی لە کاری بەردەوامدا. تەنیا ئەم بەشەی سەرمایەکەی، لە میانی ماوە ئاساییەکاندا، بەردەوام لەشێوەی پارە بۆ هەموو بازرگانێک دەگەڕێتەوە، جا پارەی کاغەز بێ یان کانزایی، بەردەوامیش بەهەمان شێوە لای ئەوەوە دەڕوا. ئەگەر قەرزەکانی بانک بەگشتی زیاتر بن لەو بەشەی سەرمایەکەی، بڕی ئاسایی پارەدانەوەکانی ناتوانن لەوە زیاتر بن، کە لە میانی ماوە ئاساییەکاندا یەکسانن بە بڕە ئاساییەکانی قەرزەکانیان. ئەو ڕووبارەی بەهۆی بازرگانییەکەیەوە بەردەوام دەڕژایە ناو قاسەکانی بانکەکەوە، ناتوانێ یەکسان بێ بەو ڕووبارەی لەڕێی هەمان ئەو مامەڵەکردنانەوە بەردەوام لێیان دەردەچوو. قەرزەکانی کاغەزی بانک، ئەگەر زیاتر بن لە بڕی ئەو زێڕ و زیوەی، بەبێ ئەو قەرزانە، دەبوو لای خۆی گلیان بداتەوە بۆ بەدەنگەوەچوونی داوا لەناکاوەکان، زوو وایان لێ دەهات زیاتر بن لە تەواوی بڕی ئەو زێڕ و زیوەی (ئەگەر وای دابنێین بازرگانییەکە هەر وەک خۆیەتی) لە کاتی نەبوونی پارەی کاغەزدا لە وڵاتدا دەسووڕان و، لە ئاکامدا زیاتر دەبن لەوەی سووڕاندن لە وڵاتدا بتوانێ بەئاسانی هەڵیانمژێ و بەگەڕیان بخا، هەروەها زیادەی ئەو کاغەزە زووبەزوو دەگەڕێتەوە لای بانکەکە بۆ ئەوەی بە زێڕ و زیوی بگۆڕێتەوە. بۆیە سوودی دووەم، لەگەڵ ئەوەی تەواو ڕاستەقینەیە، بەڵام هەموو کۆمپانیا بانکییەکانی سکۆتلاند وەک سوودەکەی یەکەم لێی تێ نەگەیشتوون.

کاتێک کە بەهۆی گونجاویی کۆمپیالەکان لە بەشێکدا و، بەهۆی حیسابە حازردەستەکان لە بەشێکی تردا، بتوانرێ بازرگانی جێی باوەڕ لە هەر وڵاتێکدا دوور بخرێنەوە لە گلدانەوەی هیچ بەشێکی ماڵەکەیان بەبێ بەگەڕخستن و، بەشێوەی پارەی ئامادە بۆ بەدەنگەوەچوونی هەر داوایەکی لەناکاو، ئەوە گونجاوە پێشبینیی هاوکاریی زیاتر نەکەن لە بانک و بانکدارەکانی، کە، کاتێک تا ئەو ئاستە ڕۆیشتن، ناتوانن، بەردەوام بە سوود و

سەلامەتییەوە، لەوە زیاتر بڕۆن. بانکێک ناتوانێ هاوشانی بەرژەوەندی خۆی، تەواوی یان تەنانەت بەشی زۆری ئەو سەرمایەی سووڕاندنەی بازرگانێک بازرگانیی پێوە دەکا بە قەرزی بداتێ، لەبەر ئەوەی، هەرچەندە ئەو سەرمایەیە بەردەوام لە شێوەی پارە دەگەڕێتەوە لای و، لای ئەوەوە دەڕوا، بەڵام هێشتا تەواوی ئەوەی دەگەڕێتەوە زۆر دوورە لە تەواوی ئەوەی دەڕوا و، بڕی پارەدانەوەکانی بازرگانەکە ناتوانێ یەکسان بێ لەگەڵ بڕی قەرزەکانی لە میانی ماوەگەلی ئاساییدا کە بانکەکە داویەتی، بەشێوەیەک کە بۆ بانکەکە بەسوود بێ. ئەگەری کەمتریش هەیە بۆ ئەوەی بانک هیچ بەشێکی بەرچاوی سەرمایەی جێگیر بەقەرز بدا، بۆ نموونە، بەشێک لەو سەرمایەیەی خاوەن پیشەیەکی ئاسنسازی کە لە دامەزراندنی کارگەکەی، خانەی تواندنەوە، خانەی کار، کۆگە، خانووی نیشتەجێبوونی کارگەران، هتد بەگەڕی دەخا، یان بەشێک لەو سەرمایەیەی خاوەن کاری کانێک بۆ لێدانی چاڵەکانی، دانانی ئامێرەکانی ئاو هەڵکێشان، دروستکردنی ڕێگە و ڕێڕەوی عارەبانە، هتد بەگەڕی دەخا، لەو سەرمایەیەی کەسێک بەگەڕی دەخا بۆ چاکسازیی زەوی، وشککردنەوەی، پەینکردن و جووتکردنی کێڵگەی بۆر و کشتوکاڵنەکراو، لە بنیاتنانی باڵەخانەکانی کێڵگە و هەموو پێویستییەکانی تەوێڵە، عەمبارەکان و هتد. بەردەوام و لە هەموو دۆخێکدا ئەوەی لە سەرمایەی جێگیرەوە دێتەوە دەست خاوترە لەوەی سەرمایەی سووڕاندن دێتەوە و، ئەم جۆرە خەرجییانە، تەنانەت کە بەوپەڕی وریایی و دانایییەوە خەرج دەکرێن پێش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بۆ خاوەن کارەکە ناگەڕێنەوە، ئەمەش ماوەیەکە زۆر زیاترە لەوەی بۆ سوودی بانک گونجاو بێ. گومانی تێدا نییە کە زۆربەی بازرگانان و خاوەن کارانی تر بەشێکی زۆری پرۆژەکانیان بە پارەی قەرزکراو بەڕێوە دەبەن. بەڵام بۆ ئەوەی مافی قەرزدەرەکانیان نەخورێ، پێویستە سەرمایەکەیان لەم حاڵەتەدا بەشی زامنکردنی، ئەگەر بتوانم وا بڵێم، سەرمایەی قەرزدەرەکان بکات، یان وا بکەن ئەو قەرزدەرانە زیانیان پێ نەگا، ئەگەر هات و سەرکەوتنی پرۆژەکان لەو ئاستەدا نەبوو کە خاوەنەکانیان پێشبینییان دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەم ئامادەکارییانەشدا، ئەو پارەیەی قەرز کراوە و، بڕیارە پاش چەند ساڵێک بدرێتەوە، نابێ لە بانک قەرز کرابێ، بەڵکو دەبێ بەپێی گرێبەست یان بارمتە لەو کەسانە وەرگیرابێ کە پێیان وایە دەتوانن بەسوودی پارەکانیان بژین بەبێ ئەوەی خۆیان بە بەگەڕخستنی سەرمایەکەوە ماندوو بکەن و، بەو پێیە پێیان خۆشە ئەو سەرمایەیە بە خەڵکی متمانەدار، کە لەوانەیە چەند ساڵێک لایان بمێنێتەوە، بە قەرز بدەن. لەڕاستیدا، بانکێک کە پارەی خۆی بەبێ خەرجیی کاغەزی مۆرکراو، یان کرێی پارێزەر بۆ ڕێکخستنی گرێبەست و بارمتە و، بە دانەوەی پارەکەی بە مەرجی ئاسان وەک کۆمپانیا بانکییەکانی سکۆتلاند قایل دەبێ، ئەوە بێگومان

قەرزدەرێکی زۆر گونجاو دەبێ بۆ ئەو بازرگان و خاوەن کارانە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم بازرگان و خاوەن کارانە قەرزاری زۆر نەگونجاو دەبن بۆ ئەو جۆرە بانکانە.

ئێستا زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە ئەو پارە کاغەزانەی کۆمپانیا بانکییە جۆراوجۆرەکانی سکۆتلاند دەریان کردووە تەواو یەکسانن، یان تا ڕادەیەک زیاتر یەکسانن، بەوەی سووڕاندن لە وڵاتدا دەتوانێ بە ئاسانی هەڵیمژێ و بەگەڕی بخا. بۆیە ئەو کۆمپانیایانە زۆر لەمێژە هەموو هاوکارییەکیان بەو بازرگان و خاوەن کارانەی تری سکۆتلاند پێشکەش کردووە کە لە توانای بانک و بانکچییەکاندا هەن، بەڵام بەردەوام لەگەڵ سوودی خۆیاندا ئەوەیان کردووە. ئەوان تەنانەت لەوەش زیاتریان پێشکەش کردووە. ئەوان کەمێک زێدەڕۆییان لە بازرگانیدا کردووە و، کەمێک زیانیان بەخۆیان گەیاندووە، یان هەر نەبێ قازانجی خۆیان کەم کردووەتەوە، کە لەم بازرگانییەدا هەرگیز لە زێدەڕۆیی لە بازرگانی جیا نابنەوە. ئەو بازرگان و خاوەن کارانەی تر کە یارمەتیی زۆریان لەلایەن بانک و بانکدارانەوە دراوە، چاویان لە زیاتر بووە. لەوە دەچێ بانکەکان پێیان وا بووبێ، کە دەتوانن قەرزەکانیان بەرفرەوان بکەن بۆ هەر بڕێکی خواستراو، بەبێ هیچ خەرجییەک جگە لە چەند بەندێک کاغەز. گلەییان لە بۆچوونی گرژ و گیانی نامەردانەی بەڕێوەبەرانی ئەم بانکانە هەبوو، لەسەر ئەوەی، وەک ئەوان گوتیان، ئامادە نەبوون شانبەشانی فرەوانبوونی بازرگانیی وڵات مەودای قەرزەکانیان فرەوانتر بکەن، بێگومان مەبەستیان ئەوە بوو کە لەگەڵ بەرفرەوانبوونی ئەو بازرگانییە پرۆژەکانی خۆشیان فرەوان بکەن بۆ ئاستێکی سەرووی ئەوەی کە خۆیان دەتوانن پێی بگەن، چ بە سەرمایەی خۆیان، یان بەوەی دەتوانن لە خەڵکی تر لەڕێی گرێبەست یان بارمتەوە قەرزی بکەن. لەوە دەچێ بانکەکان پێیان وا بووبێ، کە گرێبەستێکی شەرەفیان هەیە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکە و، بۆ ئەوەی هەموو ئەو سەرمایەیان پێ بدەن کە بۆ بازرگانی پێوەکردن دەیانەوێ. بەڵام بانکەکان بۆچوونێکی تریان هەبوو و، بەڕەتکردنەوەی زیادکردنی قەرزەکان، هەندێ لەو بازرگانانە ئامرازێکی تریان بەدەستەوە هەبوو، کە بۆ ماوەیەک، خزمەتی ئامانجەکەیانی کرد، تێچووەکەی زۆرتر بوو بەڵام وەک زیادکردنی قەرزی بانکەکان کاریگەر بوو. ئەو ئامرازە تەنیا بریتی بوو لە وەرچەرخان بەرەو نووسینی کۆمپیالە و دووبارە نووسینەوەی، ئەو وەرچەرخانەی کە بازرگانانی بەدبەخت هەندێ جار ڕووی تێ دەکەن کاتێک لەسەر لێواری مایەپووچیدان. کۆکردنەوەی پارە بەم شێوەیە لەمێژ بوو لە ئینگلتەرە باو بوو و، لە ماوەی شەڕی ڕابردوودا، کاتێک قازانجی زۆری بازرگانی دنەدەری زێدەڕۆیی بوو لە بازرگانیدا، وەک دەڵێن زۆر بەرفرەوان بوو. ئەم خووە لە ئینگلتەرەوە بۆ سکۆتلاند هێنرا، کە لەوێ بەگوێرەی بازرگانیی زۆر سنووردارەوە و، سەرمایەی زۆر ئاسایی وڵاتەکەوە، هەر زوو فرەوانبوونێکی زیاتر لەوەی ئینگلتەرەی بەخۆوە بینی.

نووسینی کۆمپیاله و دووباره نووسینەوەی، لەناو بازرگاناندا ئەوەندە باو بوو تا وای لێ هاتبوو وای ببینن پێویست ناکا هیچ حیسابێکی بۆ بکرێ. بەڵام بەم شێوەیە لەوانەیە بکەوێتە دەستی کەسانێکەوە کە بازرگان نین و، کاریگەریی ئەم کارە لەسەر بازرگانیی بانکداری لەوانەیە لەلای بازرگانان خۆشیانەوە ڕوون نەبێ، من ئەوەندەی پێم بکرێ هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە.

نەریتەکانی بازرگانان، کە لە سەردەمی یاسا دواکەوتووەکانی ئەورووپادا دامەزران و، بەسەر جێبەجێکردنی گرێبەستەکانیاندا نەسەپێنرابوون و، لەماوەی دوو سەدەی دواییدا خزانە نێو یاساکانی هەموو نەتەوەکانی ئەورووپاوە، ئەم جۆرە سوودە نائاساییەیان بۆ کۆمپیاله دەستەبەر کرد کە لە هەر پابەندییەکی تر زووتر پارەیان بۆ دەهات، بەتایبەتی کاتێک کە لە ماوەیەکی کورتی دوو یان سێ مانگی دوای ئەوە دەبوو بدرێ. ئەگەر کاتی دانەوەی کۆمپیالەکان هات و، ئەو کەسەی پارەکەی وەرگرتووە بەهەمان خێرایی وەرگرتنی نەیدایەوە، ئەوە مایەپووچ دەبێ. کۆمپیالەکە ئاشکرا دەکرێ و، دەگێڕرێتەوە لای ئەوەی نووسیویەتی و، ئەگەر یەکسەر پارەکەی نەدا، بەهەمان شێوە مایەپووچە. ئەگەر پێش ئەوەی بێتە لای ئەو کەسەی بۆ قبووڵکەری پارەدانەکەی نووسیوە، بەنێو دەستی چەندان کەسی تردا تێپەڕی، کە یەک لەدوای یەک ناوەڕۆکەکەیان بە یەکتر داوە، چ بە پارە یان بە کاڵا و، هەر یەکێکیان لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە ئەو ناوەڕۆکەی بەدەست گەیشتووە، هەمووشیان بە نووسینی ناوەکانیان لە پشتی کۆمپیالەکە، دانیان بەوەدا نا، ئەوە هەر یەکێک لەو دانپێدانەرانە بەرامبەر بە خاوەنی کۆمپیالەکە بەو ناوەڕۆکە قەرزارە و لەو ساتەوە مایەپووچ دەبێ. هەرچەندە کە کۆمپیالەنووس و وەرگرەکەی و دانپێدانەرەکانی، هەموویان وەکو کەس متمانەیان بەرگومان دەبێ، بەڵام هێشتا کورتیی ماوەکە جۆرە دڵنیاییەک بە خاوەنی کۆمپیالەکە دەدا. هەرچەندە هەموویان ئەگەری مایەپووچبوونیان هەیە، بەڵام ئەوە هەلێکە لە بەردەمیان ئەگەر هەموویان لە ماوەیەکی کورتدا وایان لێ بێ. گەشتیارێکی بێزار بەخۆی دەڵێ، خانووەکە ناجێگیرە و، زۆر خۆی ڕاناگرێ، بەڵام ئەوەش هەلێکە ئەگەر ئەمشەو بڕووخێ و، منیش ئەو سەرکێشییە دەکەم و ئەمشەو تێیدا دەنووم.

با وای دانێین، بازرگان (ئە) لە ئێدنبەرە کۆمپالەیەک لەسەر (ب) لە لەندەن دەنووسێ، کە دەبێ دوو مانگ دوای ئەو مێژووە بدرێ. لەڕاستیدا ب کە لە لەندەنە هیچ قەرزاری ئە نییە کە لە ئێدنبەرەیە، بەڵام قایل دەبێ بەوەی کۆمپیالەکەی ئە پەسەند بکات، بەو مەرجەی پێش هاتنی وادەی دانەوە ئەمیش لەسەر ئە لە ئێدنبەرە کۆمپالەیەک بە هەمان بڕ بنووسێ، لەگەڵ سوود و دەلالانەشدا، ئەم کۆمپیالەیەش لە ماوەی دوو مانگ لەو مێژووەوە دەبێ بدرێ. بەمەش ب پێش کۆتاهاتنی ماوەی دوو مانگی یەکەم کۆمپیالەیەک لەسەر ئە لە

ئێدنبەرە دەنووسێ، ئەمیش دووبارە پێش تەواوبوونی دوو مانگی دووەم کۆمپیالەیەکی تر لەسەر ب لە لەندەن دەنووسێ، کە پێویستە دوو مانگ پاش مێژووەکەی بدرێ و، پێش تەواوبوونی دوو مانگی سێیەم ب لە لەندەن کۆمپیالەیەک لەسەر ئە لە ئێدنبەرە دەنووسێتەوە ئەویش دەبێ لە ماوەی دوو مانگ دوای مێژووی نووسینەکەی بدرێ. هەندێ جار ئەم پرۆسەیە نەک تەنیا چەندان مانگ بگرە چەندان ساڵ بەردەوامیی دەبوو، کۆمپیالەکە بەردەوام بە گشت قازانج و دەڵاڵانەی کۆمپیالەکانی پێش خۆیەوە بۆ ئە لە ئێدنبەرە دەگەڕایەوە. سوودەکە ساڵانە پێنج لەسەد بوو و، دەڵاڵانەکەش هیچ کاتێک بۆ هەر وەرچەرخانێک لە نیو لەسەد کەمتر نەبوو. کە دەڵاڵانەکەش ساڵانە زیاتر لە شەش جار دووبارە دەبووەوە، ئینجا هەر برە پارەیەک کە ئە بەم شێوەیە پەیدای دەکرد ساڵانە شتێک لە هەشت لەسەد زیاتر خەرجیی دەبوو، جاری واش هەبوو زۆر زیاتر بوو، هەر کاتێک کە دەڵاڵانە زیادی بکردایە، یان ناچار بووایە سوودێکی تێکهەڵکێش لەسەر سوود و دەڵاڵانەی کۆمپیالەکانی پێشوو بدا. ئەم پرۆسەیە پێی دەگوترا زیادکردنی پارە لەڕێی سووڕاندنەوە.

لە وڵاتێکدا کە قازانجی ئاسایی ماڵ لە زۆرترین بەشی پرۆژەکانی بازرگانی، پێشبینی دەکرێ لەنێوان شەش و دە لەسەد بێ، دەبێ سووڕاندنێک هەبێ کە گەڕاوەی نەک تەنیا خەرجیی زۆری، کە بەهۆیەوەی پارەکە بۆ ئەنجامدانی قەرز کراوە بداتەوە، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا قازانجێکی زیادی بۆ خاوەن پرۆژەکە هەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ پرۆژەی گەورە و بەرفرەوان ئەنجام دراون و بۆ چەندان ساڵ بەبێ هیچ پارەدارکردنێکی تر بۆ پشتیوانییان جگە لەوەی بەم خەرجییە زۆرە دەکرا بەڕێوە چوون. بێگومان خاوەن پرۆژەکان تەنیا لە خەونە زێڕینەکانیاندا ئەو قازانجە زۆر و ڕوونەیان دەبینی. بەڵام کاتێک کە بەخەبەر دەهاتن، لە کاتی تەواوبوونی پرۆژەکانیان، یان لەو کاتەی چی تر توانایان نەدەما بەردەوامییان پێ بدەن، من لەو بڕوایەدام کە بەدەگمەن ئەو بەختە باشەیان دەبوو بەو قازانجانە بگەن.

ئەو کۆمپیالانەی ئە لە ئێدنبەرە لەسەر ب لە لەندەنی نووسیبوون، بەشێوەیەکی ڕێکخراو دوو مانگ بەر لە وادەکەیان لەڕێی بانکێک یان بانکدارێک لە ئێدنبەرە وردی دەکردەوە و، ئەو کۆمپیالانەشی ب لە لەندەن لەسەر ئە لە ئێدنبەرەی نووسبوون، لەڕێی بانکی ئینگلتەرە یان هەر بانکدارێکی تر لە لەندەن وردی دەکردەوە. ئەو پارەیەی لەبەرامبەر ئەم جۆرە کۆمپیالە سووڕاوانە هەرچییەک بێ، لە ئێدنبەرە بە کاغەزی بانکە سکۆتلاندییەکان دەدرا و، لە لەندەن، کە لە بانکی ئینگلتەرە ورد دەکرانەوە، بە کاغەزی ئەو بانکە دەدران. هەرچەندە ئەو کۆمپیالانەی بەم کاغەزە پێشوەخت دەدران هەموویان لەگەڵ هاتنی وادەکەیان زووبەزوو دەدرانەوە، بەڵام ئەو بەهایەی لەڕاستیدا پێشەکی دەدرا بەپێی

کۆمپیالەی یەکەم، هەرگیز بەڕاستی بۆ بانکەکانی کە داویانە نەدەگەڕایەوە، پێش ئەوەی کاتی دانەوەی کۆمپیالەکە بێ، بەردەوام کۆمپیالەیەکی تر بە بەهایەکی کەمێک زۆرتر لەوەی زوو دەدرایەوە دەنووسرا و، خەرجکردنی ئەم کۆمپیالەیەی دووەم پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەوەی یەکەم زوو بدرێتەوە. واتە ئەم پارەدانە هەمووی درۆیین بوو. ئەو ڕووبارەی، لەڕێی سووڕاندنی ئەم کۆمپیالانەوە، جارێک لە قاسەکانی بانکەکانەوە دەردەچوون، هەرگیز لەلایەن ڕووبارێکی ڕاستەقینەوە جێی پڕ نەدەکرایەوە.

ئەو کاغەزەی بەپێی ئەو کۆمپیالە سووڕاوانەوە دەردەچوو، لە هەر هەلێکدا، بەرامبەر تەواوی ئەو پارەیە بوو کە بۆ ئەنجامدانی هەندێ پرۆژەی گەورە و فرەوانی کشتوکاڵ، بازرگانی یان پیشەسازی دانرابوو و، نەک تەنیا بۆ ئەو بەشەی کە، ئەگەر پارەی کاغەز نەبووایە، خاوەن پرۆژەکە ناچار دەبوو، بەبێ بەگەڕخستن و وەک پارەیەکی ئامادە بۆ بەدەنگەوەچوونی هەر داوایەکی لەناکاو، لای خۆی گلی بداتەوە. لە ئاکامدا بەشی زۆری ئەم کاغەزە، زۆرتر بوو لە بەهای ئەو زێڕ و زیوەی لە وڵاتدا دەسووڕا، ئەگەر پارەی کاغەز نەبووایە. لەبەر ئەوە زۆرتر بوو لەوەی کە سووڕاندن لە وڵاتدا بتوانێ بەئاسانی هەڵیمژێ و بەگەڕی بخا و، بەم پێیە، ڕاستەوخۆ بۆ بانکەکان بگەڕێتەوە بۆ گۆڕینەوەی بە زێڕ و زیو، کە دەبوو ئەوەندەی لە توانایاندایە پەیدای بکەن. ئەوە سەرمایەیەک بوو کە ئەم خاوەن پرۆژانە زۆر زیرەکانە لەو بانکانەیان کێشایەوە، نەک تەنیا بەبێ ئەوەی بانکەکان پێی بزانن یان بەخۆشحاڵییەوە پێی قایل بن، بەڵکو هەندێ جار بەبێ ئەوەی هیچ گومانێکیان لەوە هەبێ کە خۆیان پێشوەخت داویانە.

کاتێک کە دوو کەس، کە بەردەوام کۆمپیالە لەسەر یەکتر دەنووسن و دەنووسنەوە، بەردەوام کۆمپیالەکانیان لای هەمان بانکدار ورد دەکەنەوە، بانکدارەکە ڕاستەوخۆ دەزانێ ئەوان خەریکی چین و، بەتەواوی لای ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان بازرگانییەک دەکەن بەو سەرمایەیەی ئەو پێیانی دەدا، نەک بە سەرمایەیەکی تر کە خۆیان خاوەنی بن. بەڵام زانینی ئەم بەو ئاسانییە نابێ ئەگەر ئەوان هەر جارە و کۆمپیالەکانیان لای بانکدارێک ورد بکەنەوە و، کاتێک کە هەموو جارێک هەمان ئەو دوو کەسە کۆمپیالە لەسەر یەکتر نەنووسن و نەنووسنەوە، بەڵکو هەندێ جار بە بازنەیەکی گەورەی خاوەن پرۆژەدا دەخولێتەوە، کە بە بەرژەوەندی خۆیانی دەزانن لەم شێوازەی بەدەستهێنانی پارەدا یارمەتیدەری یەکتر بن، کارەکە وای لێ دێ زۆر سەخت بێ کۆمپیالەیەکی ڕاستەقینە و یەکێکی درۆینەی پارە گۆڕینەوە لە یەکتر جیا بکرێنەوە، هەروەها جیاکردنەوە کۆمپیالەی قەرزارێکی ڕاستەقینە بۆ قەرزدەرێکی ڕاستەقینە لە کۆمپیالەیەک کە ڕەنگە جگە لەو بانکەی وردی دەکاتەوە هیچ قەرزدەرێکی ڕاستەقینەی نەبێ و هیچ قەرزارێکی ڕاستەقینەی تێدا نەبێ جگە لەو خاوەن پرۆژەیەی پارەکە بەکار دێنێ. تەنانەت ئەگەر بانکدارێک

ئەمەشی ئاشکرا کرد، ئەوە هەندێ جار زۆر درەنگ ئاشکرای دەکا و، لەوانەیە بۆی دەرکەوێ کە تا ئاستێکی زۆر کۆمپیالەی ئەو خاوەن پرۆژانەی گۆڕیوەتەوە بەپارە و، بەرەتکردنەوەی گۆڕینەوەی کۆمپیالەی تریان هەموویان مایەپووچ دەکا و، بەڕووخاندنی ئەو خۆشی دەڕووخێ. لەبەر ئەوە، لەپێناو بەرژەوەندی و سەلامەتیی خۆی، لەم دۆخە مەترسیدارەدا، بەپێویستی دەزانێ ماوەیەک بەردەوام بێ، وەک هەوڵێک بۆ پاشەکشەی پێبەپێ، بەمەش ڕۆژبەڕۆژ سەختیی خەرجکردن زیاتر و زیاتر دەبێ، لەڕووی پاڵنانی ئەو خاوەن پرۆژانە بەرەو دۆزینەوەی سەرچاوەی تر، چ بانکداری تر بن یان هەر ڕێگەیەکی تری پارە پەیداکردن بن، تاوەکو خۆی ئەوەندەی پێی دەکرێ بەزووترین کات لەو بازنەیە دەرچێ. ئەو سەختییانەی بەو پێیە هاتنە پێش لەلایەن بانکی ئینگلتەرە، بانکدارە سەرەکییەکانی لەندەن و، تەنانەت بانکە ورپاکانی سکۆتلاند، دوای ماوەیەک و کاتێک کە هەموویان زۆر لەو ڕووەوە تێ کەوتبوون، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خەرجکردنانە نەک تەنیا زۆرترین ئەم خاوەن پرۆژانەی ئاگەدارکردەوە بگرە زۆر تووڕەیانی کرد. تەنگانەی ئەوان کە ئەم دەستگرتنەوە وریا و پێویستەی بانکەکان هۆکاری ڕاستەوخۆیان بوون، بوونە تەنگانەی وڵاتەکە، وەک گوتیان هەمووی بەهۆی نەزانی، ترسنۆکی و هەڵسوکەوتی خراپی بانکەکانەوەیە، کە یارمەتیی گونجاویان پێشکەشی ئەم کارە بەهرەمەندانەی ئەو کەسانە نەکرد کە خۆیان بۆ جوانکردن و پێشخستن و دەوڵەمەنکردنی وڵات تەرخان کردووە. لەوە دەچێ ئەوان پێیان وا بێ کە ئەرکی بانکەکان ئەوەیە بۆ درێژترین ماوە زۆرترین بڕە پارە بدەن کە ئەوان دەیانەوێ بەقەرز وەری بگرن. بەڵام بانکەکان بە ڕەتکردنەوەی ئەم شێوازە و نەدانی قەرزی زیاتر بەوانەی کە زۆریان وەرگرتووە، تەنیا ڕێگەیان گرتووەتە بەر کە ئێستا بەردەستە بۆ ڕزگارکردنی متمانەی خۆیان و متمانەی گشتیی وڵات.

لە ناوجەرگەی ئەم ژاوەژاو و بشێوییەدا، بانکێکی نوێ لە سکۆتلاند دامەزرا بەمەبەستی خێرا سووککردنەوەی تەنگانەی وڵاتەکە. نەخشەکە چاوتێرانە بوو، بەڵام جێبەجێکردنەکەی ژیرانە بوو و، لەوە دەچێ بەباشی لە سروشت و هۆکارەکانی تەنگژەکەی مەبەست بوو چارەسەر بکرێ، حاڵی نەبووبن. ئەم بانکە دەسکراوەتر بوو لە هەر یەکێکی تر، لە هەردوو ڕووی دانانی حیسای حازردەست و، ورردکردنەوەی کۆمپیالەکانەوە. سەبارەت ئەمەی دوایی، لەوە دەچێ زۆر بەدەگمەن کۆمپیالە ڕاستەقینەکانی لە کۆمپیالەکانی سووڕاندن جیا کردبێتەوە، بەڵکو هەموویانی وەکو یەک خەرج کردووە. بنەمای ڕاگەیەنراوی ئەم بانکە بریتی بوو لەوەی، بە پشتبەستن بە هەر دڵنیاییەکی گونجاو، تەواوی ئەو سەرمایەیەی بۆ ئەم چاکسازییانە تەرخان کراوە کە گەڕانەوەیان زۆر خاو و دوورە، وەک چاکسازیی زەوی، بەقەرز بدا. تەنانەت دەگوترا کە

پشتیوانیی ئەم چاکسازییانە دەبێ ببێتە مەبەستی سەرەکیی ئەم مەبەستە گشتییانەی بۆی دامەزراون. بانکەکە لەڕێی پێشکەشکردنی حیسابی حازردەست و کۆمپیالەی خەرجکردن، بێگومان، بڕی زۆری بانکەنۆتی دەرکرد. بەڵام ئەو بانکەنۆتانە، کە زۆرترین بەشیان زیاتر بوو لەوەی سووڕاندن لە وڵاتدا بتوانێ بەئاسانی هەڵیمژێ و بەگەڕی بخا، هەر زوو دوای دەرچوونیان بۆ بانکەکە دەگەڕانەوە بەمەبەستی گۆڕینەوەیان بە زێڕ و زیو. قاسەکانی هەرگیز بەباشی پڕ نەبوون. ئەو سەرمایەیەی لەم بانکەدا بەشداریی هەبوو لە دوو جۆرە بەشدارییەوە، ١٦٠ هەزار پاوەن بوو، کە تەنیا لەسەدا هەشتای درابوو. ئەو بڕە دەبوو بە چەندان قیستی جیا بدرێ. بەشێکی زۆری خاوەنەکانی، کە قیستی یەکەمیان دا، حیسابێکی حازردەستیان لە بانکەکە کردەوە و، بەڕێوەبەرەکان کە پێیان وا بوو ناچارن بەهەمان کراوەیی مامەڵە لەگەڵ خاوەنەکانیاندا بکەن کە لەگەڵ خەڵکی تردا مامەڵەی پێ دەکەن، ڕێگەیان دا بەگوێرەی حیسابە حازردەستەکانیان ئەوەندە پارە قەرز بکەن کە لە قیستە یەک لەدوای یەکەکاندا دەیاندا. بۆیە ئەو پارەدانانە، ئەوەی لەو ساتەدا خرابووە ناو قاسەیەکەوەی دەردەکرد و دەیخستنە یەکێکی ترەوە. بەڵام ئەگەر هاتبا و لە هەر کاتێکدا قاسەکانی ئەو بانکە بەباشی پڕ ببوونایە، ئەوە سووڕاندنی لەڕادەبەدەر، زۆر خێراتر، بەتاڵی دەکردن لەوەی کە بەهیچ ئامرازێکی تر پڕ بکرێنەوە جگە لە کۆمپیالەنووسینی ڕووخێنەر لەسەر لەندەن و، کە کاتی دانەوەی کۆمپیالەکە دەهات، بیدەنەوە لەگەڵ سوود و دەڵاڵانە، لەڕێی کۆمپیالەیەکی تر لەسەر هەمان شوێن دەدرانەوە. قاسەکانی زۆر بە خراپی پڕ دەبوونەوە، دەڵێن کە لە چەند مانگێکی کەم لە پاش دەستکردن بەم بازرگانییە پەنایان بۆ ئەم ڕێگەچارەیە برد. موڵکەکانی خاوەنەکانی ئەم بانکە بایی چەندان ملیۆن بوون و، بەهۆی بەشدارییان لە گرێبەستی بنەڕەتیی بانکەکەدا، بەڕاستی بارمتە کران بۆ بەدەنگەوەچوونی پابەندییەکانیان. بەهۆی قەرزە زۆرەکەوە کە بارمتەیەکی زۆر دەیدایەوە، دوور لە هەڵسوکەوتی کراوەیان، توانیی بۆ زیاتر لە دوو ساڵ بازرگانییەکەی بەڕێوە ببا. کاتێکیش کە ناچار بوو کارەکەی ڕاگرێ، نزیکەی ٢٠٠ هەزار پاوەن بانکەنۆتی لە سووڕاندندا هەبوو. بۆ پشتیوانیی ئەم سووڕاندنە کە هەر لەگەڵ دەرچوونیاندا دەگەڕانەوە بۆ وەرگرتنەوە، بەردەوام بوون لە کۆمپیالە نووسین لەسەر لەندەن، کە ژمارە و بەهایان لە زیادبوونی بەردەوامدا بوون و، کە بانکەکە وەستا، لە سەرووی ٦٠٠ هەزار پاوەن بوو. بۆیە ئەم بانکە، لە ماوەیەکدا کە کەمێک دوو ساڵی تێپەڕاند، زیاتر لە ٨٠٠ هەزار پاوەن قەرزی بە خەڵک دا بە لەسەدا پێنج. بۆ ئەو ٢٠٠ هەزار پاوەنەی وەک بانکەنۆت دەیسووڕاند، ئەم لەسەدا پێنجە دەشێ بە سوودی ڕوون وەربگیرێ، بەبێ هیچ لێدەرکردنێکی تر جگە لە تێچووی بەڕێوەبردن. بەڵام لەسەر زیاتر لە ٦٠٠ هەزار پاوەن، کە بەردەوام کۆمپیالەی بۆیان لەسەر لەندەن دەنووسی، لەڕێی سوود و دەڵاڵانەوە زیاتر

له هەشت لەسەدی دەدات و، لە ئاکامدا زیاتر لە سێ لەسەدی زیاتر لە سێ چارەکی مامەڵەکانی زەرەری دەکرد.

لەوە دەچێ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم بانکە کاریگەرییان تەواو پێچەوانە بووبێ لەگەڵ ئەوەی مەبەست بوو لەلایەن ئەو کەسانەی پلانیان بۆ دانا و بەڕێوەیان برد. لەوە دەچێ مەبەستیان پشتگیریی پرۆژەی بەهەژموون بووبێ، کە ئەو کاتە لە گەلێ بەشی وڵاتدا بەڕێوە دەچوون و، لە هەمان کاتدا، لەڕێی بەکێشکردنی تەواوی بازرگانیی بانکەوە بۆ خۆیان، جێی هەموو بانکەکانی تری سکۆتلاند بگرنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئێدنبەرە دامەزرابوون، کە پاشەکشەیان لە وردکردنەوەی کۆمپیالەدا وەک جۆرە تاوانێک دەبینرا. بێگومان ئەم بانکە بووژانەوەیەکی کاتیی بۆ ئەو خاوەن پرۆژانە دەستەبەر کرد و، یارمەتییانی دا پرۆژەکانیان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ بەڕێوە ببەن، کە بەبێ ئەم بانکە ئەوەیان پێ نەدەکرا. بەڵام بەمە تەنیا زیاتر لە قەرزدا خنکاندیانی، بۆیە کە ڕووخان هاتە پێشەوە، بارەکە زۆر گرانتر بوو لەسەر ئەوان و لەسەر قەرزدەرەکانیشیان. بۆیە، ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم بانکە، لەجیاتی بووژاندنەوە، لەڕاستیدا، لە مەودای دووردا بووە مایەی زیادبوونی ئەو تەنگانەیەی ئەو خاوەن پرۆژانە بۆ خۆیان و بۆ وڵاتەکەیانیان هێنا. زۆر باشتر دەبوو بۆ ئەوان و بۆ قەرزدەرەکانیان و بۆ وڵاتەکەیان، کە زۆربەیان دوو ساڵ زووتر ناچار بوونایە ڕاوەستن، نەک ئەوەی کە ڕووی دا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بووژانەوە کاتییە، کە ئەو بانکە بۆ ئەو خاوەن پرۆژانەی دەستەبەر کرد، بووە مایەی بووژانەوەی ڕاستەقینە و بەردەوام بۆ بانکەکانی تری سکۆتلاند. هەموو ئەو بازرگانانەی سووڕاندنی ئەو کۆمپیالانە، کە بانکەکانی تر خۆیان لە خەرجکرجیهانن دەدزییەوە، سەرچاوەیەکی نوێیان لەم بانکە نوێیەدا دۆزییەوە، کە بە باوەشی کراوەوە پێشوازیی لێیان کرد. لەبەر ئەوە، ئەو بانکانەی تر، توانییان زۆر بەئاسانی لەو بازنە کوشندەیە دەرچن، کە ئەگەر وا نەبووایە، بەبێ زیانی گەورە لێی دەرنەدەچوون و، لەوانەش بوو تووشی هەندێ بێمتمانەییش ببن.

بۆیە لە مەودای دووردا، ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم بانکە تەنگژەی ڕاستەقینەی وڵاتیان قووڵتر کردەوە لە کاتێکدا مەبەست سووککردنەوەی بوو و، بەشێوەیەکی کاریگەر ڕکابەرانی خۆی لە تەنگانەیەکی گەورە ڕزگار کرد، لە کاتێکدا کە مەبەستی ئەوە بوو جێگەیان پێ چۆڵ بکات و خۆی جێیان بگرێتەوە.

لە سەرەتای پێکهێنانی ئەو بانکەدا، بۆچوونی هەندێ خەڵک ئەوە بوو کە چەند خێرا قاسەکانی بەتاڵ ببن، دەتوانێ بەئاسانی پڕیان بکاتەوە لەڕێی پەیداکردنی پارە بەهۆی دڵنیایی ئەوانەی کاغەزەکانی خۆی پێیان داوە. من بڕوام وایە، کە ئەزموون زوو قایلیانی کرد بەوەی ئەم شێوازەی پارە پەیداکردن زۆر خاوتر بوو لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستە و،

قاسـەکانیان کە لە بنەڕەتـدا بەکەمـی پڕبـوون و، زۆر خێـرا بەتـاڵبوون، نەتـوانرا بەهـیچ ڕێگەیەک پڕ بکرێنەوە جگە لە ڕێگەی ڕووخێنەری کۆمپیالە نووسین لەسەر لەندەن و، کە کاتی دانەوەیان دەهات، بە کۆمپیالەی تر لەسەر هەمان شوێن پڕیان دەکردەوە بەڵام بە سـوود و دەڵاڵانەی کەڵەکەبووەوە. هەرچەنـدە ئەوان توانییـان بەم شـێوەیە بەو خێراییەی دەیانویسـت پـارە زیـاد بـکەن، بەڵام لەجیـاتی بەدەسـتهێنانی قـازانج، لەگەڵ هەر ئۆپەراسـیۆنێکی لەم جۆرە زیانیـان بەر دەکەوت، بەوەش لە مەودای دووردا خۆیـان وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی ڕووخاند، هەرچەنـدە ئەو ڕووخـانە بەبێ ئەو کۆمپیالە نووسـین و دووبارە نووسینەوەیە وا خێرا نەدەبوو. ئەوان هیچیـان بە سـوودی ئەو کاغەزە بەدەسـت نەهێنا، کە زیاتر بوو لەوەی سووڕاندن لە وڵاتدا بتوانێ هەڵیمژێ و بەگەڕی بخـا و، هەر کە دەریان دەکردن ڕاستەوخۆ بۆیـان دەهـاتنەوە بۆ ئەوەی بە زێڕ و زیو بیانگۆڕنەوە و، بـۆ ئەو مەبەسـتە خۆیـان بە بەردەوامـی ناچـار بـوون قەرز بـکەن. بەپێچەوانەوە، تەواوی تێچووی ئەم قەرزکردنە، بەگەڕخستنی وەکیل بۆ چـاودێریی ئەو خەڵکانەی پارەیـان هەیە بەقەرزی بدەن، وتـووێژ لەگەڵ ئەو خەڵـکەدا و، دانـانی گرێبەسـت یـان پابەنـدیی گونجـاو، دەبـوو بکەونە سـەریان و زیـانێکی ڕوون بـوو بـۆ هاوسـەنگیی حیسـابەکانیان. پرۆسـەی پڕکـردنەوەی قاسـەکانیان بەم شـێوەیە، دەشـێ بەو پیـاوە بەراورد بکـرێ کە گۆمـاوێکی هەبوو و بەردەوام جۆگەیەکی لێ دەردەچوو و، هـیچ جۆگەیەک نەبوو بە بەردەوام پڕی بکاتەوە، بەڵام پێی وا بوو ئەگەر خەڵکێک بەکار بێنێ بۆ ئەوەی بەردەوام بچن بە سەتڵ لە بیرێک کە چەند میلێک دوور بوو ئاو بهێنن و پڕی بکەنەوە، پڕی دەکاتەوە.

ئەگەرچـی ئەم ئۆپەراسـیۆنە بـۆ بـانکەکە وەک کۆمپانیـایەکی بازرگـانی لەکردنهـاتوو و بەقـازانج بـوو، بەڵام لەوەدا کە وڵات سـوودی لـێ وەرگرێ وا نەبـوو، بگرە بەپێچەوانەوە، وڵات زیانی زۆری پێ گەیشت. ئەم ئۆپەراسیۆنە نەیتوانی بە نزمترین پلە ئەو پارەیە زیـاد بکات کە دەکرا بە قەرز بدرێ. ئەو تەنیا ئەم بانکەی گۆڕی بۆ جۆرێک لە نووسـینگەیەکی گشـتیی قەرزدان بۆ تەواوی وڵات. ئەوانەی دەیانویسـت قەرز بکەن دەبـوو ڕوو لەم بـانکە بکەن لەجیاتی ئەوەی ڕوو لەو کەسانە بکەن کە پارەی خۆیـان بە قەرز بە بـانکەکە دابـوو. بەڵام بانکێک کە قەرز بە ٥٠٠ کەسی جیاجیا بدا، کە بەڕێوەبەرانی زۆربەیان ناناسـن، لەوە ناچێ داناتر بێ لە هەڵبژاردنی قەرزارەکانی لە کەسێک کە قەرز بە ژمـارەیەکی کەم خەڵـک دەدات کە دەیانناسێ و، پێی وایە هەڵسوکەوتی چەسپاو و ڕێکیان هۆیەکی باشە بۆ ئەوەی متمانەیان پێ بکات. قەرزارانی ئەم بانکە ئەوەندەی زانیاریم لەسەر هەڵسـوکەوتیان دەسـت کەوتبێ، زۆربەیـان، خـاوەن پـرۆژەی خەیـاڵی بـوون، نووسـەر و نووسـەرەوەی کۆمپیـالە بـوون، کە ئەو پارانەیـان لە خەرجیی کـاری زێدەڕۆیانە بەگەڕ دەخسـت، کە بەهەمـوو ئەو یـارمەتییەوە کە دەکـرا پێشکەشـیان بکرێ، هەرگیز لە تواناییانـدا نەبوو ئەو پـرۆژانە تەواو

بـکەن و، ئەگەر تەواویـان بکـردایە هەرگیـز توانـای دانەوەی خەرجییەکـانی بەڕاسـتی خەرجیان کردبوویان نەبوو، ئەو پارەیەیان نەدەبوو ئەو برە کارە دابین بکەنەوە کە بۆیان خرابـووە گەڕ. قەرزاری دامەزراو و ڕێکـوپێکی کەسـانی ئاسـایی، بەپـێچەوانەوە، زیـاتر ئەگەری ئەوەیـان هەیە ئەو پـارەیەی قەرزیـان کـردووە لە کـاری گونجـاو لەگەڵ سەرمایەکەیاندا بەگەڕ بخەن و، کەمتر ڕوو لە شتی گەورە و سەیر بکەن و، کارەکانیان بەقازانج و چەسپاو دەبن و، چەندیان لێ خەرج بکەن هەر قازانجی زۆریان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانن برە کارێکی زیاتر لەوەی بۆیان بەگەڕ خراوە دەستەبەر بکەن. بۆیە سەرکەوتنی ئەم ئۆپەراسیۆنە بەبێ کەمترین زیادکردنی سەرمایەی وڵات، بەشێکی زۆری پرۆژە ژیرانە و بەقازانجەکانی بە پرۆژەی ملهوڕانە و بێقازانج گۆڕی.

بۆچـوونی بەڕێـز لـۆوی بەناوبانـگ ئەوە بـوو کە پیشەسـازیی سـکۆتلاند بەهـۆی پێویستبوون بە پارە بۆ بەگەڕخستن لاواز بوو. ئەو پێشبینیی کرد کە دامەزراندنی بانکێک لە جۆرێکی تـایبەت، کە بتوانێ بـایی بەهـای هەمـوو زەویـی وڵاتەکە کـاغەز دەربکـا، ئەم پێویستبوون بەپارەیە چارەسـەر دەکا. ئەو کە جاری یەکەم ئەم پرۆژەیەی خۆی خستە ڕوو، پەرلەمانی سکۆتلاند بەگونجاوی نەزانی پەسـەندی بکات. بەڵام دواتر لەگەڵ هەندێ دەسـکاریی دۆقـی ئۆرلیـانز، کە ئەو کـاتە جێنشـینی فڕانسـە بـوو، پەسـەند کـرا. بیـرۆکەی توانای زیادکردنی کاغەز بۆ نزیکەی هەر ئاستێک بنەمـای ڕاستەقینەی ئەو شتە بـوو کە پێـی دەگـوترا پـلانەکەی میسیسـپی، کە ڕەنـگە گرانبـاییترین پـرۆژەی هەردوو بـواری بانکسازی و بەگەڕخستنی ماڵ بێ کە جیهان بەخۆیەوە بینیبێتی. لەلایەن بەڕێز دو ڤێرنی، لە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کاردانەوە سیاسییەکان لەسەر بازرگانی و داراییەکانی بەڕێز دو تـۆت، کە مـن هیچیـان لەسـەر نـاڵێم، ئۆپەراسیۆنە جۆراوجۆرەکـانی ئەم پـلانە بەتەواوی، بەڕوونی و، بەوردی و ڕێکوپێکییەکی زۆرەوە خراونەتە ڕوو. بەڕێز لۆو خۆی، لە وتارێک لەمەڕ پارە و بازرگانی، کە جاری یەکەم پرۆژەکەی ڕاگەیاند لە سکۆتلاند بڵاوی کردەوە، ئەو بنەمایانەی ڕوون کردووەتەوە کە پلانەکەیـان لەسـەر دامەزراوە. ئەو بیرۆکە نایابانە، بەڵام خەیاڵییـانە، کە لەوێ و لە چەنـد ئیشـێکی تر لەسـەر هەمـان ئەو بنەمایـانە خـراونەتە ڕوو تا ئێستا بەردەوام کاریگەرییان بەسەر خەڵکێکی زۆرەوە هەیە و، ڕەنگە بەشـێوەیەکی بەشەکی، بەشدارییان هەبووبێ لەو زێدەڕۆییەی بانکسازی کە دوایی بوونە مایەی گازاندە لە سکۆتلاند و شوێنانی تردا.

بـانکی ئینگلـتەرە مەزنتـرین بـانکی سـووڕاندنە لە ئەوروپا. ئەو بـانکە بەپێـی یاسـایەکی پەرلەمـان، لە میانی پەیمانێک لەژێر مـۆری مەزن (Great Seal) لە ٢٧ی تەممـووزی ١٦٩٤دا، دامەزرا. لەو کـاتەدا قەرزێکـی ١٢٠٠٠٠٠ پـاوەنی بە حکـومەت دا بەرامـبەر سـاڵانەیەکی ١٠٠ هەزار پـاوەنی، یـان ٩٦٠٠٠ پـاوەن سـوودی سـاڵانە، بەڕێـژەی لەسـەدا

هەشت و، ٤٠٠٠ پاوەن ساڵانە بۆ خەرجییە کارگێڕییەکان. متمانەی ئەو حکومەتە نوێیە، کە شۆڕش دایمەزراندبوو، بەپێی ناچاربوونی بۆ قەرزکردن بەو سوودە، دەتوانین بڵێین لەوە دەچێ زۆر کەم بووبێ.

لە ١٦٩٧دا، ڕێگە بە بانکەکە درا سەرمایەی خۆی بە دابینکردنی ١٠٠١١٧١ پاوەن و دە شیلین زیاد بکات. بەمەش تەواوی سەرمایەکەی لەو کاتەدا بووە ٢٢٠١١٧١ پاوەن و دە شیلین. دەگوترێ کە ئەم زیادکردنە بۆ پشتیوانیی قەرزی گشتی بووە. لە ١٦٩٦دا، حیسابەکان بەڕێژەی چل، پەنجا و شەست لەسەدیان لێ دەدرا و بانکەنۆتەکانیش لەسەدا بیستیان لێ دەدرا. لەماوەی لەسکەدانە گەورەکەی زیودا، کە لەو ماوەیەدا بەڕێوە دەچوو، بانکەکە وای بەگونجاو زانی کۆمپیالەکانی بوەستێنێ، کە ئەمەش بووە مایەی کەوتنەبەر گومانەوە.

بەپێی بڕیاری حەوتەمی ئان، بانکەکە ٤٠٠٠٠٠ پاوەنی تری بە گەنجینەی دەوڵەت دا، بەمەش تەواوی ئەوەی بەقەرز بە حکومەتی دابوو بووە ١٦٠٠٠٠٠ پاوەن بەساڵانەی ٩٦٠٠٠ پاوەن سوود و ٤٠٠٠ پاوەن خەرجیی کارگێڕی. بۆیە لە ١٧٠٨دا، متمانەی حکومەت بەقەد متمانەی کەسانی تایبەت باش بوو، چونکە دەیتوانی بەڕێژەی لەسەدا شەش قەرز بکات کە ڕێژەی ئاسایی یاسایی و بازاڕیی ئەو ڕۆژگارە بوو. هەر بەپێی هەمان یاسا، بانکەکە کۆمپیالەکانی گەنجینەی حکومەتی بەبڕی ١٧٧٥٠٢٧ پاوەن و ١٧ شیلین و دە پێنس و نیو هەڵوەشاندەوە، بەسوودی لەسەدا شەش و، لە هەمان کاتدا ڕێگەی پێ درا بەشداریگەلێک وەرگرێ بۆ ئەوەی سەرمایەکەی بکاتە دوو هێندە. بۆیە لە ١٧٠٨دا، سەرمایەی بانکەکە بووە ٤٤٠٢٣٤٣ پاوەن. هەروەها بڕی ٣٣٧٥٠٢٧ پاوەن و ١٧ شیلین و دە پێنس و نیوی بەقەرز بە حکومەت دا.

لەڕێی بانگێک بۆ لەسەدا پازدە لە ١٧٠٩دا، پارەدانێک هەبوو کە بڕەکەی ٦٥٦٢٠٤ پاوەن و یەک شیلین و نۆ پێنس بوو و، بە یەکێکی تری لەسەدا دەیی لە ١٧١٠دا ٥٠١٤٤٨ پاوەن و ١٢ شیلین و ١١ پێنس هات. لە ئاکامی ئەم دوو بانگکردنە، سەرمایەی بانکەکە بووە ٥٥٥٩٩٩٥ پاوەن و ١٤ شیلین و هەشت پێنس.

بەپێی یاسایەکی سێیەمی جۆرجی یەکەم، بانکەکە نزیکەی بایی دوو ملیۆن کۆمپیالەی گەنجینەی دەوڵەتی بەتاڵ کرد. کەواتە ئەم جارە ٥٣٧٥٠٢٧ پاوەن و ١٧ شیلین و دە پێنسی بەحکومەت دا. بەپێی یاسایەکی هەشتەمی جۆرجی یەکەمیش، بانکەکە بایی ١٤ ملیۆن پاوەن ماڵی کۆمپانیای دەریای باشووری کڕی و، لە ١٧٢٢دا، لە ئاکامی ئەو بەشدارییانەی وەریانی گرت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو کڕینە ئەنجام بدا، سەرمایەکەی بەبڕی ٣٤٠٠٠٠٠ پاوەن زیاد بوو. بۆیە لەو کاتەدا بانکەکە ٩٣٧٥٠٢٧ پاوەن و ١٧ شیلین و دە پێنس و نیوی بەقەرز بە دەوڵەت دابوو و، سەرمایەکەی خۆی تەنیا ٨٩٥٩٩٩٥ پاوەن و ١٤

شیلین و هەشت پێنس بوو. لەبەر ئەمە بوو کە ئەو بڕەی بانکەکە بە دەوڵەتی دابوو و سوودی لەسەر وەردەگرت، بۆ یەکەم جار دەستی پێ کرد لە سەرمایەی خۆی تێپەڕێ، یان ئەو بڕەی وەک قازانج بە خاوەنانی ماڵی بانکەکەی دەدا، یان بە دەربڕینێکی تر، بانکەکە دەستی پێ کرد ببێتە خاوەنی سەرمایەیەکی دابەشنەبووی زیاتر لە سەرمایە دابەشبووەکەی. لەو کاتەشەوە بانکەکە سەرمایەیەکی دابەشنەبووی لەو جۆرەی هەیە. لە ١٧٤٦دا، بانکەکە لە کاتی جیاجیادا ١١٦٨٦٨٠٠ پاوەنی بە دەوڵەت دا و سەرمایە دابەشبووەکەی لەڕێی بانگ و بەشداربوونی جۆراوجۆرەوە بۆ ١٠٧٨٠٠٠٠ پاوەن زیاد بوو. دۆخی ئەم دوو بڕە پارەیە لەو کاتەوە بەردەوام بەهەمان ئەم شێوەیەیە. بەپێی یاسایەکی چوارەمی جۆرجی سێیەمیشەوە بانکەکە قایل بوو بۆ نوێکردنەوەی پەیمانەکەی ١١٠٠٠٠ پاوەن بە حکومەت بەبێ سوود و دانەوە بدا. بۆیە ئەم بڕە هیچ یەکێک لەو دووەی زیاد نەکرد.

داهاتەکانی بانکەکە لەسەردەمانی جیاجیادا و لەگەڵ جیاوازیی ئاستی سوودەکانی لەسەر ئەو پارەیەی بە دەوڵەتیان دەدا، هەروەها بەهۆی هەلومەرجی تریشەوە، جیاوازییان بەخۆوە دیوە. ئاستی ئەم سوودە بەرەبەرە لە لەسەدا هەشتەوە بۆ لەسەدا سێ دابەزی. لە چەند ساڵی دواییدا سوودی بانک بەرێژەی لەسەدا پێنج و نیو بوو.

جێگیریی بانکی ئینگلتەرە یەکسانە بەجێگیریی حکومەتی بریتانیا. هەموو ئەوەی بە قەرز بە دەوڵەتی داوە دەبێ پێش ئەوەی قەرزدەرەکانی زەرەر بکەن لەناو بچێ. هیچ کۆمپانیایەکی تری بانکی لە ئینگلتەرە بە بڕیاری پەرلەمان دانامەزرێ، یان لە زیاتر لە شەش ئەندام پێک نایە. ئەم بانکە وەک بانکێکی ئاسایی هەڵسوکەوت ناکا، بەڵکو وەک بزوێنەرێکی گەورەی دەوڵەت وایە. ئەو زۆرترین بەشی ساڵانەکانی قەرزدەرەکان بە دەوڵەت وەردەگرێ و دەیاندا، کۆمپیالەکانی گەنجینەی دەوڵەت دەسووڕێنێ و، بڕی ساڵانەی باجی زەوی و جۆ پێشەکی بە حکومەت دەدا، کە زۆر جار چەند ساڵێک دواتر دەدرێنەوە. لەم ئۆپەراسیۆنە جۆراوجۆرانەدا، هەندێ جار ئەرکی ئەم بانکە بەرامبەر بە دەوڵەت ناچاری دەکا، بەبێ ئەوەی هەڵەی بەڕێوەبەرانی بێ، پارەی کاغەزی لەڕادەبەدەر بخاتە سووڕانەوە. بەهەمان شێوە کۆمپیالەی بازرگانان خەرج دەکا و، لە چەند هەلێکی جۆراوجۆردا، پشتیوانیی قەرزی دامەزراوە سەرەکییەکانی کردووە، نەک تەنیا لە ئینگلتەرە، بگرە لە هامبۆرگ و هۆلاندیش. جارێکیان وەک دەڵێن لە ساڵی ١٧٦٣دا، لە ماوەی یەک هەفتەدا بۆ ئەم مەبەستە ١٦٠٠٠٠٠ پاوەنی داوە کە زۆربەی لەشێوەی دارشتەی زێڕ بووە. لەگەڵ ئەوەشدا من نە پشتیوانیی زۆریی بڕە پارەکە نە ئەوەی کەمیی ماوەکە دەکەم. لە هەندێ جاریشدا ئەم کۆمپانیا مەزنە لەبەر پێویستی تەنانەت خەرجکردنی شەش پێنسیشی کەم کردووەتەوە.

بەهـــۆی زیـــادکردنی ســــەرمایەی وڵاتەوە نیـــیە، بەڵکـــو بەهـــۆی چـــالاککردن و بەرهەمـــدارکردنی ئەو ســـەرمایەیەوە، کە زۆربەی ئۆپەراســـیۆنە ژیرانەکـــانی بانکـداری دەتوانن پیشەسازیی وڵات زیاد بکەن. ئەو بەشـەی سـەرمایەکەی، کە بازرگان ناچارە لای خۆی گلی بداتەوە بەبێ کار و بۆ ئەوەی ئامادەی بەدەنگەوەچوونی داوا لەناکاوەکان بێ، مـاڵێکی مـردووە کە چەنـد زۆر لەو دۆخەدا بمێنێ هـیچ بەرهەمێکی نە بـۆ خـۆی و نە بـۆ وڵات نـابێ. ئۆپەراسـیۆنە ژیرانەکـانی بانـک یـارمەتیی دەدەن ئەو مـاڵە مـردووە زینـدوو بکـاتەوە و بیکـاتە مـاڵێکی بەرهەمدار، بیکـاتە کەرەسـتە بـۆ ئـیش، ئـامێر بـۆ ئیشـپێکردن و، ئازووخە و بژێوی بۆ ئەوەی ئیشیان بۆ بکرێ، بیکـاتە ماڵێک کە بەرهەمی بۆ خۆی و بۆ وڵاتەکەی هەبێ. ئەو پارە زێڕ و زیوەی لە هەر وڵاتێکدا دەسووڕێ و، بەهۆیەوە بەرهەمی زەوی و کـار سـاڵانە دەسـووڕێ و بەسـەر بەکاربەرانی گونجـاودا دابەش دەبێ، بەهەمـان شـێوە هاوشـێوەی پـارەی ئامـادەی بەردەسـتی بازرگـانەکە هەمـووی مـاڵی مـردووە. ئەو پـارەیە بەشـێکی بەهـاداری سـەرمایەی وڵاتە و، هـیچ بەرهەمـی بـۆ وڵاتەکە نیـیە. ئۆپەراسیۆنگەلی ژیرانەی بانکداری، لەڕێی دانانی پارەی کاغەز لەجێی بەشێکی زۆری ئەو زێڕ و زیـوە، یـارمەتیی وڵات دەدەن بـۆ ئەوەی بەشـێکی زۆری ئەو مـاڵە مـردووە بکـاتە ماڵێکی زیندوو و بەرهەمدار، بیکاتە ماڵێک کە شتێک بۆ وڵات بەرهەم بێنێ. لەوانەیە جێی خۆی بێ پارەی زێڕ و زیوی سووڕاو لە هەر وڵاتێکدا بە ڕێگەیەکی خێرا بەراورد بکرێ، کە لە کاتێکدا هەمـوو گیا و گەنمەشـامیی وڵات دەسـووڕێنێ و بەرەو بـازاڕ دەیگـوازێتەوە، خۆی تەنیا بارێکیش لە هیچ یەکێکیان بەرهەم ناهێنێ. ئۆپەراسیۆنە ژیرانەکانی بانکداری، لەڕێـی خسـتنەڕووی، ئەگەر بتـوانم ئەم لێکچوواندنە بـکەم، جۆرێـک ڕێـگەی عارەبـانە لە هەوادا، یارمەتیی وڵات دەدات لە گۆڕینی بەشێکی زۆری ڕێگە خێراکانی، کە وای کردووە، گـۆڕینی بـۆ لەوەڕگەی بـاش و کـێڵگەی گەنمەشـامی و، بەوەش بڕێکـی زۆر بەرهەمـی سـاڵانەی زەوی و کـار زیـاد دەکـا. لەگەڵ ئەوەشـدا، پێویسـتە ڕابگەیەنـرێ کە بازرگـانی و پیشەسازیی وڵات، هەرچەندە کەمێک زیاد دەبن، بەڵام هەموویان سـەلامەت نـابن ئەگەر بە باڵی دیدالیانەی (Daedalian) پارەی کاغەزەوە هەڵواسرێن و بەسەر زەویی ڕەقی زێڕ و زیـوەوە بفـڕن. لە سـەرووی ئەو ڕووداوانەی بەهـۆی نەشـارەزایی ڕێبەرانـی ئەم پـارە کـاغەزەوە بەریـان دەکەون، دەکەونە بەر چەنـدانی تـر، کە هـیچ ژیـری و شـارەزاییەکی ڕێبەرەکان ناتوانن لێیان بپارێزن.

بۆ نموونە، شەڕێکی سەرنەکەوتوو کە تیایدا دوژمن دەست بەسـەر پایتەختدا بگرێ و، لە ئاکامدا ئەو گەنجینەیەی پشتی پارەی کاغەزی دەگرت بکەوێتە دەسـتی، دەبێتە مـایەی پاشـاگەردانییەکی زیـاتر لە وڵاتێکدا کە هەمـوو سـووڕاندن تیایـدا بەپارەی کـاغەز بەڕێـوە دەچێ، زیاتر لەوەی لە وڵاتێکدا دەقەومێ کە بەشی زۆری بە زێڕ و زیو بەڕێوە دەچێ. کە

ئـامرازی بـاوی بازرگـانی بەهـای خـۆی لەدەسـت دا، هـیچ ئاڵوگۆڕێـک نـاکرێ مەگەر بە گۆڕینەوە یـان بە قەرز. کە هەمـوو باجەکـان بەپارەی کـاغەز بـدرێن، میـر ئەوەنـدە پـارەی بەدەسـتەوە نـابێ نە بـۆ سـەربازەکانی و نە بـۆ پڕکردنـی کۆگەکـانی و، دۆخـی وڵات زۆر دژوارتـر دەبـێ لەوەی ئەگەر بەشـی زۆری سـووڕاندن بە زێـڕ و زیـو بـووایە. میرێـک کە بەردەوام پەرۆشی ئەوە بێ ئەوەی هەیەتی بەئاسـانی بەرگریی لـێ بکرێ، دەبێ بەم پێیە نەک تەنیا چاودێریی زێدەڕۆیی لە زیادبوونی ئەو پارە کاغەزە بکات کە ئەو بانکانە وێران دەکەن وا لێیـانەوە دەردەچـن، بەڵکـو دەبێ دژی ئەو زیـادکردنەش بـێ کە وا دەکـا بەشـی زۆری سووڕاندن لە وڵاتەکەی پێ پڕ بکەنەوە.

دەشـێ سـووڕاندن لە هەر وڵاتێکدا دابەشـی سـەر دوو لقی جیـاواز بکرێ: سـووڕاندنی نێوان بازرگانەکان خۆیان و، سووڕاندنی نێوان بازرگانان و بەکاربەران. هەرچەندە هەمـان پـارچەگەلی پـارە، چ کـاغەز یـان کـانزا، لەوانەیە هەنـدێ جـار لە یەکـێ لەم دوو سـووڕاندنە بەگەڕ بخرێ و هەنـدێ جـاران لەوەی تـردا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردووکیـان لە یەک کاتـدا بەڕێوە دەچن، هەر یەکێکیان پێویستی بە ماڵێکی دیاریکراو لە جۆرێـک لە جۆرەکـانی پـارە هەیە بـۆ ئەوەی بەڕێـوە بچـێ. بەهـای ئەو کاڵایـانەی لەنێـو بازرگـانە جۆراوجۆرەکانـدا دەسـووڕێن، هەرگیـز زیـاتر نـابێ لە بەهـای ئەوانەی لەنێـوان بازرگانـان و بەکاربەرانـدا دەسـووڕێن. ئەوەی بازرگـان دەیکـڕێ لەکۆتاییـدا بە بەکـاربەر دەفرۆشـرێ. سـووڕاندنی نێوان بازرگانان، لەبەر ئەوەی بە کۆ بەڕێوە دەچێ، بەگشتی بۆ هەر پرۆسـەیەکی کڕین و فرۆشتن پێویستی بە بڕێکی زۆر پارە دەبێ. بەپێچەوانەشەوە، ئەوەی لەنێوان بازرگانـان و بەکاربەران بەڕێوە دەچێ بەگشتی بەشێوەی تاک بەڕێوە دەچێ و، زۆربەی جـاران پـارەی کەمـی دەوێ، یەک شـیلین یـان تەنـانەت نیـو پێنس زۆربەی کـات بەشـی دەکـا. بەڵام بـڕە پارەی کەم خێراتر لە بڕی زۆر دەسووڕێ. یەک شیلین لە گینیەک زیـاتر خـاوەن دەگۆڕێ و، نیو پێنس لە شیلینێک زیاتر. هەرچەندە کڕینە ساڵانەکانی هەموو بەکاربەران، لەکۆتاییـدا لە بەهـا یەکسـانن بەوەی بازرگانـان، ئەوان بەگشـتی بەبـڕی زۆر بچـووکتر پـارە بەڕێـوە دەچن. هەمـان ئەو پارچـانە، لەڕێی سووڕاندنی خێراترەوە، دەبنە ئـامرازی گەلـێ کـڕین و فرۆشتنی زۆرتری ئەم یان ئەو جۆرە.

دەکرێ پارەی کاغەز بەشێوەیەک ڕێک بخرێ کە زۆر خـۆی لەگەڵ سـووڕاندنی نێـوان بازرگانـانی جۆراوجـۆر بگـونجێنێ، یـان بەهەمـان شـێوە بـاڵ بکێشـێتە نێـو بەشـێکی زۆری سـووڕاندنی نێـوان بازرگانـان و بەکـاربەران. ئەگەر بـانکەنۆت لە خـوار دە پـاوەنەوە نەسـووڕێ، وەک لە لەنـدەن وایە، پـارەی کـاغەز زیـاتر دەگـونجێ بـۆ سـووڕاندن لەنێـوان بازرگانانـدا. ئەگەر بـانکەنۆتێکی دە پـاوەنی بکەوێتە دەسـتی بەکـاربەرێکەوە، ئەو بەگشـتی ناچـارە لە یەکەم دوکـان کە بیەوێ بـایی پێنج شـیلین کـاڵا بکـڕێ وردی بکـاتەوە، بەمەش

دەگەڕێتەوە دەستی بازرگانێک پێش ئەوەی بەکاربەرەکە چلیەکی ئەو پارەیە خەرج بکات. کاتێک بانکەنۆتەکان بەپارەی زۆر بچووک دەردەچن وەک بیست شیلینی، وەک ئەوەی لە سکۆتلاند هەیە، ئەوە پارەی کاغەز باڵ دەکێشێ بۆ بەشێکی زۆری سووڕاندن لەنێوان بازرگانان و بەکاربەران. پێش بڕیارەکەی پەرلەمان، کە سووڕاندنی پارەی کاغەزی دە شیلینی و پێنج شیلینیی وەستاند، ئەو پارانە بەشێکی زۆری ئەو سووڕاندنەیان تەنیبووەوە. لە باکوری ئەمەریکا، پارەی کاغەز بەگشتی بە بڕی بچووکی یەک شیلینی دەردەچوون و، نزیکەی هەموو ئەو سووڕاندنە بەوان دەکرا. لە هەندێ دراوی کاغەزی یۆرکشایەر، تەنانەت شەش پێنسیش هەبوو.

کە ڕێگە بە بانکەنۆتی لەو جۆرە بڕە بچووکانە درا و بەگشتی کاریان پێ کرا، گەلێ خەڵکی ئاسایی توانییان و هان دران بۆ ئەوەی ببنە بانکساز. کەسێک کە کۆمپیالەکەی پێنج پاوەن بێ، یان تەنانەت بیست شیلین بێ، لەلایەن هەموو کەسێکەوە ڕەت دەکرێتەوە، کاتێک کە بە بڕێکی بچووکی وەک شەش پێنسی دەردەچێ بەبێ یەکودوو لێی وەردەگیرێ. بەڵام مایەپووچیی دووبارەبووەوەی ئەم بانکدارە لاوازانە لەوانەیە ببێتە مایەی زیانێکی زۆر گەورە و، هەندێ جار کارەساتی زۆر گەورە بۆ گەلێ خەڵکی هەژار کە پارەی کاغەزیان وەرگرتووە.

لەوانەبوو باشتر بێ، ئەگەر هیچ بانکەنۆتێکی بچووکتر لە پێنج پاوەن، لە هیچ شوێنێکی شانشینەکەدا دەرنەچووایە. ئەوکات لەوانە بوو پارەی کاغەز لە هەموو بەشێکی شانشیندا خۆی تەرخان کردبا بۆ سووڕاندن لەنێوان بازرگانە جیاجیاکان، بەئەندازەی ئەوەی ئێستا لە لەندەن هەیە، کە هیچ بانکەنۆتێکی کەمتر لە دە پاوەن دەرناچێ، پێنج پاوەن کە لە زۆربەی شوێنانی شانشینەکەدا بڕە پارەیەکە کە هەرچەندە کەمێک لە نیوەی ئەو بڕە کالایە زیاتر دەکڕێ، بە دەگمەن بە یەک جار خەرج دەکرێ، هاوشێوەی دە پاوەن لەناو گرانیی لەندەندا.

دەبێ تێبینی بکرێ، کە پارەی کاغەز ئەگەر زۆرتر بۆ سووڕاندنی نێوان بازرگانان و بازرگانان تەرخان بێ، وەک ئەوەی لەندەن، ئەوە بەردەوام زێڕ و زیوێکی زۆر هەیە. ئەگەر باڵیش بکێشێ بۆ بەشێکی گەورەی سووڕاندنی نێوان بازرگانان و بەکاربەران، وەک ئەوەی سکۆتلاند، کە لە باکوری ئەمەریکا هێشتا زۆرتریشە، ئەوە بە شێوەیەکی نزیکە تەواو زێڕ و زیو لە وڵات وەدەر دەنێ. بەمەش نزیکەی هەموو مامەڵە ئاساییەکانی بازرگانیی ناوخۆیی بەکاغەز بەڕێوە دەچێ. ڕێگری لە بانکەنۆتی دە شیلینی و پێنجی تا ڕادەیەک کەمیی زێڕ و زیوی لە سکۆتلاند بووژاندەوە و، ڕێگرتن لە بیست شیلینی کاغەز زیاتر لەوە دەیبووژێنێتەوە. دەڵێن کە ئەم کانزایانە لە ئەمەریکا، لەوەتەی هەندێ پارەی

کاغەز وەستێنراون، زیاد بوونە. بەهەمان شێوەش دەڵێن کە پێش دەرچوونی ئەم جۆرە دراوە زۆر زیاتر بوون.

هەرچەندە کە دەبێ پارەی کاغەز زیاتر خۆی بۆ سووڕاندنی نێوان بازرگانان و بازرگانان تەرخان بکرێ، بەڵام هێشتا بانکەکان و بانکسازان لەوانەیە بتوانن نزیکەی هەمان یارمەتی پێشکەشی پیشەسازی و بازرگانیی وڵات بکەن، وەک ئەوەی کاتێک پارەی کاغەز تەواوی سووڕاندنی پڕ کردبووەوە، دەیانکرد. پارەی ئامادەی بەردەست کە بازرگان ناچارە لای خۆی گلی بداتەوە بۆ بەدەنگەوەچوونی داوای لەناکاو، بەتەواوی تەرخانە بۆ سووڕاندنی نێوان خۆی و ئەو بازرگانانەی تر کە کاڵایان لێ دەکڕێ. ئەو هیچ هەلی ئەوەی نییە، هیچ پارەیەک لای خۆی گل بداتەوە بۆ سووڕاندنی نێوان خۆی و بەکاربەران، کە کڕیاری ئەون و، پارەی حازری بۆ دێنن، بەڵام لێی وەرناگرن. بۆیە هەرچەندە هیچ پارەیەکی کاغەز، ڕێگەی پێ نەدراوە دەربچێ مەگەر بەو بڕانە نەبێ کە بەزۆری تەرخانن بۆ سووڕاندنی نێوان بازرگانان و بازرگانان، بەڵام هێشتا بەوردکردنەوەی کۆمپیالەی ڕاستەقینە لە بەشێکدا و، بەقەرزدان بەگوێرەی حیسابە حازردەستەکان لە بەشێکی تردا، لەوانەیە هێشتا بانکەکان و بانکەسازەکان بتوانن بەشی زۆری ئەو بازرگانانە لە گلدانەوەی هیچ بەشێکی بەرچاوی پارە لەلای خۆیان، وەک پارەی بەگەڕنەخراو و ئامادە بۆ بەدەنگەوەچوونی داوای لەناکاو، قورتار بکەن. لەوانەیە ئەوان هێشتا بتوانن زۆرترین یارمەتی، کە لە توانای بانکەکان و بانکسازەکانە، بەشێوەیەکی گونجاو، بە هەموو جۆرە بازرگانێک بدەن.

دەشێ بگوترێ کە، ڕێگرتن لەوەی خەڵکی ئاسایی کۆمپیالە لەجیاتی پارە، چ زۆر بێ یان کەم، لە بانکسازێک وەرگرن لە کاتێکدا کە خۆیان ئارەزووی وەرگرتنیان بکەن، یان ڕێگری لەوەی بانکسازێک ئەو جۆرە سەنەدەیان بداتێ، لە کاتێکدا کە هەموو دراوسێکانی ئارەزووی وەرگرتنیان دەکەن، پێشێلکردنێکی ئاشکرای ئازادیی سروشتییە، کە ئەرکی یاسا پاراستنیەتی نەک دەستدرێژیکردنە سەری. بەڵام ئەم پەلکێشانەی ئازادیی سروشتیی هەندێ لە تاکەکان، کە لەوانەیە مەترسی بێ بۆ ئاسایشی تەواوی کۆمەڵگە، بەیاسای هەموو حکومەتەکان، ئازادترینیان و سەرکوتکەرترینیان، ڕێگریی لێ دەکرێ و دەبێ بکرێ. پابەندی بە دروستکردنی دیواری جیاکەرەوەی دوو لایەن، بۆ ڕێگری لە تەقەکردن لە یەکتر، پێشێلکارییەکە بۆ ئازادیی سروشتی کە تەواو هاوشێوەی ئەو یاسایانەی بازرگانیی بانکییە کە لێرەدا پێشنیاز کراون.

پارەیەکی کاغەز کە لە بانکەنۆت پێک دێ، لەلایەن خەڵکێکەوە دەرچووە کە باوەڕپێکراون، لە کاتی داواکردندا بەبێ مەرج پارەکەیان دەدرێ و، لەڕاستیدا بەردەوام یەکسەر پارەکەیان دەدرێ، لە هەموو ڕوویەکەوە لە بەهادا یەکسانن بە پارەی زێڕ و زیو،

کە زێڕ و زیو لە هەموو کاتێکدا پارەن. هەر شتێک بەم جۆرە کاغەزە، بکڕرێ یان بفرۆشرێ، دەبێ بەهەمان ئەو هەرزانییە بفرۆشرێ و بکڕرێ کە بەرامبەر بە زێڕ و زیون.

گوتراوە کە، زیادبوونی پارەی کاغەز بە زیادبوونی بڕەکەی و، لە ئاکامدا دابەزینی تەواوی بەهای دراوەکە، بێگومان نرخی کاڵاکان بەپارە نزم دەکاتەوە. بەڵام کە بڕی زێڕ و زیو، کە لە پارەوە وەردەگیرێن، بەردەوام یەکسانە بە بڕی ئەو کاغەزەی بۆی زیاد دەکرێ، پارەی کاغەز پێویست نییە بڕی تەواوی دراوەکە زیاد بکات. لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە تا ئەم ڕۆژگارە، هیچ کاتێک ئازووخە لە سکۆتلاند لە ساڵی ١٧٥٩ هەرزانتر نەبووە، هەرچەندە بەهۆی سووڕاندنی بانکەنۆتی دە شیلینی و پێنجی، پارەی کاغەز لەو وڵاتدا لە ئێستا زۆرتر بوو. ڕێژەی نێوان نرخی ئازووخە لە سکۆتلاند و نرخیان لە ئینگلتەرە، ئێستا، هەمان ڕێژەی پێش زۆربوونی کۆمپانیا بانکییەکانە لە سکۆتلاند. زۆربەی جاران، گەنمەشامی لە ئینگلتەرە وەک فەرانسە هەرزانە، لەگەڵ ئەوەی پارەی کاغەز لە ئینگلتەرە زۆرە و لە فەرانسە دەگمەنە. لە ١٧٥١ و ١٧٥٢دا، کاتێک بەڕێز هووم وتارە سیاسییەکانی خۆی بڵاو کردەوە و، هەر زوو دوای زیادبوونی زۆری پارەی کاغەز لە سکۆتلاند، بەرزبوونەوەیەکی گونجاو لە نرخی ئازووخەدا هەبوو، کە لەوانەیە بەهۆیی خراپیی وەرزەوە بووبێ نەک زۆربوونی پارەی کاغەز.

لەڕاستیدا، ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، لەو پارە کاغەزەی لە کۆمپیالەدایە، کە دانەوەی پارەکەی بەهەر شێوەیەک پەیوەستە بە نیازپاکیی ئەوانەی دەریان کردووە، یان بە ئەو مەرجەی کە هەڵگری کۆمپیالەکە لەوانەیە هەموو جارێک نەتوانێ جێبەجێی بکات، یان کە پارەدانەوەکەی پێش چەند ساڵێکی دیاریکراو فەراهەم نەبێ و، لەو ماوەیەدا هیچ سوودێکی لەسەر نییە. ئەم جۆرە پارە کاغەزە، بێگومان، بەهاکەی زۆر تا کەم لە خوار بەهای زێڕ و زیوە، ئەویش بەگوێرەی زۆری و کەمیی سەختی یان دڵنیانەبوون لە وەرگرتنی ڕاستەوخۆی پارەکە، یان بەگوێرەی دووری و نزیکیی کاتی خەرجکردنی پارەکە.

چەند ساڵێک پێش ئێستا بانکە جیاجیاکانی سکۆتلاند سەرقاڵی هێنانەناوەوەی بانکەنۆتەکانیان بوون، ئەو پرۆسەیە پێیان دەگوت بەندی هەڵبژاردەنی (Optional Clause)، کە تیایدا بەڵێنی خەرجکردنی پارەیان بە هەڵگرانی بانکەنۆتەکان دا، چ یەکسەر لە کاتی پێشکەشکردنی یان بەپێی بڕیاری کارگێڕان، شەش مانگ دوای پێشکەشکردنی، لەگەڵ سوودی یاسایی لەسەر ئەو شەش مانگە. هەندێ جار کارگێڕانی هەندێ لەو بانکانە سوودیان لەو بەندە هەڵبژاردەنییە وەرگرت و، هەندێ جار هەڕەشەیان لەوانە کرد کە داوای زێڕ و زیویان بەرامبەر ژمارەیەکی زۆر لەو کۆمپیالانە دەکرد، بەوەی کە سوود لەو بەندە وەردەگرن، مەگەر داواکارەکە بە بەشێکی داواکارییەکەیان قایل ببن. کۆمپیالەکانی ئەو کۆمپانیا بانکییانە لەو کاتەدا زۆرترین بەشی دراوی سکۆتلاندیان پێک

دەهێنا، کە ئەم دڵنیانەبوونە لە پارەدانەوە بەهایانی داگرتە خوار بەهای دراوی زێڕ و زیو.
لە ماوەی بەردەوامیی ئەم دەستدرێژییەدا (کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ١٧٦٢، ١٧٦٣ و، ١٧٦٤دا لە ترۆپکدا بوو) کاتێک کە ئاڵوگۆڕی نێوان لەندەن و کارلایڵ یەکسان بوو، ئەوەی نێوان لەندەن و دەمفریس هەندێ جار بە لەسەدا چوار دژ بە دەمفریس بوو، هەرچەندە کە ئەم شارۆکەیە سی میل لە کارلایڵ دوور نییە. بەڵام لە کارلایڵ، کۆمپیالەکان بە زێڕ و زیو دەدرانەوە، لە کاتێکدا لە دەمفریس بە بانکەنۆتی سکۆتلاندی دەدرانەوە و، نادڵنیایی لە گۆڕینەوەی ئەو بانکەنۆتانە بە دراوی زێڕ و زیو بەڕێژەی لەسەدا چوار دابەزییە خوار بەهای ئەو دراوە. هەمان یاسای پەرلەمان کە بانکەنۆتی دە شیلینی و پێنجیی وەستاند بەهەمان شێوە ئەم بەندە هەڵبژاردەنییەی وەستاند و، ئاڵوگۆڕی نێوان ئینگلتەرە و سکۆتلاندی گێڕایەوە ئاستە سروشتییەکەی خۆی، یان بۆ ئەو ئاستەی کە بازرگانی و حەواڵەکردن دەیانتوانی ئەنجامی بدەن.

لە دراوی کاغەزی یۆرکشایەر، پارەدانەوە بۆ بڕێکی وا بچووکی وەک شەش پێنس هەندێ جار پشتی دەبەست بەو مەرجەی هەڵگری کۆمپیالەکە وردەی یەک گینی بۆ ئەو کەسە بێنێ کە کۆمپیالەکەی دەرکردووە، کە مەرجێکی زۆر گرانە هەڵگری ئەو جۆرە کۆمپیالەیە پێی جێبەجێ بکرێ و، ئەمەش بەهای ئەو دراوەی بەرامبەر بەهای پارەی زێڕ و زیو کەم کردەوە. ئەو یاسایەی پەرلەمان بەو پێیە ڕایگەیاند کە ئەو جۆرە بەندە نایاساییە و کارپێکردنی وەستاند و، بەهەمان شێوەی ئەوەی لە سکۆتلاند هەبوو، هەموو ئەو کۆمپیالانەی، بەهەڵگریان دەدران و بەهایان لە خوار بیست شیلین بوو وەستێنران.

دراوە کاغەزەکانی باکوری ئەمەریکا پێک نەدەهاتن لە بانکەنۆتگەلێک کە، لە کاتی داواکردن بە هەڵگری بدرێ، بەڵکو پێک دەهاتن لە کاغەزی حکومەتی کە پێش تێپەڕینی چەند ساڵێک بەسەر دەرچوونیاندا خەرج نەدەکران، بەم شێوەیە حکومەتەکانی کۆلۆنییەکان هیچ سوودێکیان بە هەڵگری ئەو کاغەزە نەدەدا، ئەوان ڕایانگەیاند کە، لەڕاستیشدا وایان لێ کرد، دراوێکی یاساییە بۆ دانەوەی تەواوی ئەو بەهایەی پێی دەرچووە. بەڵام بۆ ئەوەی ئاسایشی کۆلۆنییەکە تەواو باش بێ، سەد پاوەن کە دوای پازدە ساڵ دەدرا، بۆ نموونە، لە وڵاتێکدا کە سوود تیایدا لەسەدا شەشە، کەمێک زیاتر لە چل پاوەن پارەی حازرەکیی دەکرد. ناچارکردنی قەرزدەر بۆ قبوولکردنی ئەمە وەک دانەوەیەکی تەواوی قەرزێکی سەد پاوەنی کە لەڕاستیدا بەپارەی حازرەکی دراوە، کردەوەیەکی ئەوەندە نادادپەروەرانەی توند بوو کە لەوانەیە بەدەگمەن هیچ حکومەتێکی هیچ وڵاتێک کە خۆی بەئازاد پیشان بدات هەوڵی ئەنجامدانی دابێ. ئەوە نیشانەی ڕوونە بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا وا بووە و، دوکتۆر دۆگلاسی ڕاستگۆ بۆمانی پشتڕاست کردووەتەوە، پلانێکی قەرزارە فێڵاوییەکان بووە بۆ خەڵەتاندنی قەرزدەرەکانیان. لەڕاستیدا

حکومەتی پێنسلڤانیا لە کاتی دەرکردنی یەکەم دراوی کاغەز لە ۱۷۲۲دا وای پێشان دا کە وا دەکا ئەم کاغەزە هەمان بەهای زێڕ و زیوی هەبێ، لەڕێی دانانی تاوانانە لەسەر ئەو کەسانەی نرخی جیاواز بۆ کاڵاکانیان دادەنێن لە کاتی فرۆشتنیان بە کاغەزێکی کۆلۆنی، جیاواز لە نرخەکەی کاتێ بە زێڕ و زیویان دەفرۆشن. ئەم یاسایەش بەهەمان ئاست ستەمکارانە بوو بەڵام کاریگەریی کەمتر بوو لەوەی کە بۆ پشتگیریی دانرابوو. یاسایەکی ئەرێنی بوو کە دەیتوانی یەک شیلین بکات بە هاوبەهایەکی یاسایی بۆ یەک گینی، چونکە لەوانەیە دادگە وا ئاراستە بکات کە ئەوەندە لە قەرزارەکە بسێنێ. بەڵام هیچ یاسایەکی ئەرێنی ناتوانێ کەسێک ناچار بکات کە کاڵا دەفرۆشێ و، ئازادە لەوەی بەدڵی خۆی بفرۆشێ یان نەفرۆشێ، یەک شیلین لە بەرامبەر یەک گینی وەرگرێ، وەک نرخ بۆ کاڵاکانی. دوور لە هەر یاسایەکی لەم جۆرە، لە میانی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ بریتانیای مەزندا دەرکەوت کە ۱۰۰ پاوەنی ئیستەرلینی هەندێ جار و لە هەندێ کۆلۆنیدا، یەکسانە بە ۱۳۰ پاوەن و، لە هەندێکی تردا یەکسانە بە بڕە پارەیەکی زۆری وەک ۱۱۰۰ پاوەن دراو، ئەم جیاوازیی بەهایە لە جیاوازیی نێوان بڕی پارەی کاغەزی کۆلۆنیە جیاجیاکانەوە سەرچاوەی گرتووە و، لە دووری و گونجاویی مەرجەکانی دوا وادەی دانەوەی قەرزەکەوە.

بۆیە، هیچ یاسایەک لەو یاسایەی پەرلەمان دادوەرانەتر نەبوو، کە زۆر نادادپەروەرانە لە کۆلۆنییەکاندا گازاندەی لێ دەکرا، کە ڕایگەیاند هیچ دراوێکی کاغەز کە لە ماوەی داهاتوودا لەوێ دەردەکرێ دراوێکی یاسایی نییە بۆ وەرگرتنەوەی پارەکەی.

پێنسلڤانیا بەردەوام میانڕۆتر بوو لە هەموو کۆلۆنییەکانی ترمان لە دەرکردنی پارەی کاغەزدا. بۆیە دەگوترێ کە دراوە کاغەزەکەی هەرگیز دانەبەزیوەتە خوار بەهای ئەو دراوە زێڕ و زیوەی پێش دەرچوونی ئەم دراوە کاغەزە دراوی کۆلۆنییەکە بوو. پێش ئەو دەرکردنی پارە کاغەزە، کۆلۆنییەکە پلەی دراوەکەی خۆی بەرز کردەوە و، لەڕێی یاسای ئەنجومەنەوە فەرمانی دا کە پێنج شیلینی ئیستەرلینی دەبێ لە کۆلۆنییەکە بە شەش شیلین و سێ پێنس بڕوا و، دواتر بووە شەش شیلین و هەشت پێنس. کەواتە، یەک پاوەن دراوی کۆلۆنییەکە، تەنانەت کە ئەو دراوە زێڕ و زیو بوو، بە زیاتر لە سی لەسەد لە ژێر بەهای پاوەنی ئیستەرلینی بوو و، کاتێک کە دراوەکە کرا بە کاغەز، بە دەگمەن بە زیاتر لە سی لەسەد لە ژێر ئەو بەهایەوە بوو. پێشاندانی بەرزکردنەوەی پلەی دراوەکە بۆ ڕێگری بوو لە هەناردەکردنی زێڕ و زیو، بەوەی وا بکەن بڕگەلی یەکسان لەم کانزایانە لە کۆلۆنییەکەدا بە پارەی زیاتر لەوە بفرۆشرێن کە لە وڵاتی دایکدا پێیان دەدرێ. بەڵام دەرکەوت کە نرخی هەموو کاڵاکانی لە وڵاتی دایکەوە دەهاتن، بە هاورێژەییەکی تەواو

لەگەڵ زیادکردنی پلەی دراوەکەی ئەوان زیادیان کرد، بۆیە زێڕ و زیوەکەیان لە هەموو کاتێک خێراتر هەنارده دەکران.

لە کاتی وەرگرتنی پارەی کاغەزی هەر کۆلۆنییەک وەک باجی خۆجێی، بە تەواوی ئەو بەهایەی پێی دەرچووە، بەهایەکی زیاتری لە بەهای خۆی وەردەگرت لە دووریی ڕاستەقینە یان چاوەڕوانکراوی دوا وادەی خەرجکردنی. ئەم بەها زیادەیە، زۆر تا کەم، لە سەرووی ئەوەوە بوو کە دەکرا بۆ دانی باج لەو کۆلۆنییەی دەری کردووە پیادە بکرێ. لە هەموو کۆلۆنییەکانیش زۆر لە سەرووی ئەوەوە بوو کە بەم شێوەیە دەکرا پیادە بکرێ.

میرێک کە دەبوو بڕیار بدات ڕێژەیەک لە باجەکانی بە پارەی کاغەز لە جۆرێکی دیاریکراو بدرێن، دەیتوانی بەهایەکی دیاریکراو بەم پارە کاغەزە بدا، تەنانەت ئەگەر ماوەی دوا وادەی دانەوەکەی بەتەواوی پشتبەستوو بێ بە ویستی ئەو میرە. ئەگەر ئەو بانکەی ئەو کاغەزەی دەرکردووە بەوریاییەوە وا بکات کە بەردەوام بڕەکەی کەمێک لە خوار ئەوەوە بێ کە بە ئاسانی لەم ڕێگەیەوە بەگەڕ بخرێ، خواست لەسەر ئەو کاغەزە لەوانەیە وای لێ بکات بەهای بالاتر بێ، یان لە بازاڕدا بە کەمێک زیاتر لەو بڕە زێڕ و زیوەی بەرامبەری دەرچووە بفرۆشرێ. هەندێ خەڵک ئەم شێوازەیان بە ئەجیۆ (عمولە یان دەلالانە)ی بانکی ئەمستردام داناسی، یان بە بالادەستیی پارەی بانک بەسەر دراودا، هەرچەندە کە ئەم پارەی بانکە، وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، ناکرێ بە ویستی خاوەنەکەی ببرێتە دەرەوەی بانک. زۆرترین بەشی کۆمپیالە بیانییەکان دەبێ بەپارەی بانک بدرێن، واتە بە گواستنەوەیەکی تۆمارەکانی بانکەکە و، بەڕێوەبەرانی بانکەکە، بەقسەی خۆیان، بەوریاییەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی تەواوی بڕی پارەی بانک بەردەوام لە خوار ئەوە بهێڵنەوە کە ئەم بەکارهێنانە بواری خواستی بۆ دەڕەخسێنێ. بەم پێیە، ئەوان دەڵێن، پارەی بانک بە زیادەوە دەفرۆشرێ، یان ئەجیۆیەکی چوار تا پێنج لەسەدی لە سەرووی هەمان بڕە پارەی هێمایی لە دراوی زێڕ و زیوی وڵات. بەڵام ئەم حیسابەی بانکی ئەمستردام لێرە بەدواوە دەردەکەوێ، تا ڕادەیەکی زۆر خەیاڵییە.

پارەیەکی کاغەز، کە بەهاکەی دادەبەزێتە خوار بەهای دراوی زێڕ و زیو نابێتە مایەی دابەزاندنی بەهای ئەم کانزایانە، یان وا بکات بڕی یەکسان لەوان بەرامبەر بە بڕی کەمتر لە هەر جۆرە کالایەک بگۆڕرێتەوە. ڕێژەی نێوان بەهای زێڕ و زیو و بەهای هەر جۆرە کالایەکی تر لە هەموو دۆخێکدا پشت بە سروشت یان بڕی هەر دراوێکی دیاریکراوی کاغەز نابەستێ، کە لەوانەیە لە هەر وڵاتێکی دیاریکراودا دراو بێ، بەڵکو پشت بە دەوڵەمەندی و هەژاریی ئەو کانانەوە دەبەستێ کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەم کانزایانە بۆ بازاڕی گەورەی بازرگانیی جیهان دابین دەکەن. پشت دەبەستێ بەڕێژەی نێوان بڕی

ئەو کارەی پێویستە بۆ هێنانی بڕێکی دیاریکراوی زێڕ و زیو بۆ بازاڕ و، بڕی ئەو کارەی پێویستە بۆ هێنانی هەر جۆرە کاڵایەکی تر بۆ ئەوێ.

ئەگەر ڕێگری لە بانکسازان بکرێ و نەهێڵرێ هیچ بانکەنۆتێکی سووڕاندن دەرکەن، یان بانکەنۆتی کە بە هەڵگرەکەی دەدرێ بە کەمتر لە بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەرکەن و، ئەگەر ناچار بکرێن بە پارەدانی ڕاستەوخۆ و بێ مەرج بەرامبەر بەو بانکەنۆتانە لەگەڵ پێشکەشکرجیهانن بە بانکەکە، ئەوە لەوانەیە بازرگانییەکەیان، لەگەڵ پاراستنی سەلامەتیی گشتی، لە هەموو ڕووەکانی ترەوە دەبێتە بازرگانییەکی تەواو ئازاد. ئەو زیادبوونەی دوایی کۆمپانیا بانکییەکان لە هەردوو بەشەکەی شانشینی یەکگرتوودا، ڕووداوێک بوو کە خەڵکێکی زۆری نیگەران کرد، لە جیاتی کەمکردنەوە، دڵنیایی گشتیی زیاد کرد. ئەم دۆخە هەموویان ناچار دەکا لە هەڵسوکەوتەکانیاندا وریاتر بن و، دراوەکانیان بۆ زیاتر لە ڕێژەی پێویستی پارەی بەردەستیان زیاد نەکەن، خۆیان لەو دۆخە خراپانە بەدوور بگرن کە بەهۆی ململانێی کێبەرکێکارانەوە بەردەوام ئەگەری ڕوودانیان هەیە. ئەمە سووڕاندنی هەر کۆمپانیایەک لەنێو بازنەیەکی بەرتەسکتردا قەتیس دەکا و، دراوەکانی سووڕاندنی ئەو کۆمپانیایانە بۆ ژمارەیەکی کەمتر کەم دەکاتەوە. بە دابەشکردنی تەواوی سووڕاندنەکە بەسەر ژمارەیەکی زۆرتری بەش، شکستخواردنی هەر کۆمپانیایەک، کە ڕووداوێکی وەک هەر ڕووداوێکی تر ئەگەرداره، ئاکام و کاریگەریی لەسەر گشت کەم دەبێ. ئەم کێبەرکێ ئازادەش، هەموو بانکسازان ناچار دەکا جوامێرانەتر مامەڵە لەگەڵ کڕیارەکانیاندا بکەن، نەبادا ئەوانەی کێبەرکێیان لەگەڵدا دەکەن لەدەستیانی دەرکەن. بەگشتی، ئەگەر هەر لقێکی بازرگانی، یان هەر بەشێکی کار، سوودی بۆ گشت هەبێ، بەردەوام کێبەرکێ تیایدا ئازادانەتر و گشتیتر دەبێ.

بەشی سێیەم
کەڵەکەبوونی سەرمایە، یان کاری بەرهەمهێن و بەرهەمنەهێن

جۆرێک کار هەیە کە بەها بۆ ئەو بابەتە زیاد دەکا کە بەکاری دێنێ، جۆرێکی تریش هەیە ئەم کاریگەرییەی نییە. جۆری یەکەم، دەشێ پێی بگوترێ بەرهەمهێن و، ئەوەی دوایی پێی بگوترێ کاری بەهەمنەهێن. بەم شێوەیە، کاری پیشەوەرێک بەگشتی بەهایەک بۆ ئەو کەرەستانە زیاد دەکا کە ئیشیان لەسەر دەکا، بۆ بژێویی خۆی و قازانجی خاوەن کارەکەی. بەپێچەوانەوە، کاری خزمەتکارێکی سادە هیچ بۆ بەها زیاد ناکا. هەرچەندە پیشەوەرەکە هەقدەستی خۆی لە خاوەن کارەکەی وەردەگرێ، بەڵام ئەو لەڕاستیدا هیچ تێچوویەکی بۆ ئەو نییە، چونکە ئەو هەقدەستانە لەڕێی بەهای زیادبووی ئەو بابەتەی کارەکەی لەسەر دەکرێ، بەگشتی لەگەڵ قازانجێک دێنەوە دەست. بەڵام بژێویی خزمەتکارێکی سادە هەرگیز نایەتەوە دەست. مرۆڤ لەڕێی بەگەڕخستنی ژمارەیەک پیشەوەرەوە دەوڵەمەند دەبێ، بەڵام بە بەخێوکردنی ژمارەیەک خزمەتکاری سادە هەژار دەبێ. هەرچەندە کاری ئەمانەی دوایی بەهای خۆی هەیە و هاوشێوەی ئەوەی پێشوو شایانی ئەو پاداشتەیە کە لەبری دەدرێ. بەڵام کاری پیشەوەر خۆی لە بابەتێکی دیاریکراو یان کاڵایەکی بەبازاڕدا دەچەسپێنێ و دەردەخا، کە بەلای کەمەوە دوای تەواوبوونی کارەکە بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە. ئەوە، وەک وا بووە، بڕێکی دیاریکراوی کارە کە دەکرێ بە ماڵ و کۆگە دەکرێ بۆ ئەوەی کەی پێویست بوو و لە هەلێکی تردا بەگەڕ بخرێ. ئەو بابەتە، یان کە هەمان شتە، نرخی ئەو بابەتە، دەتوانێ دواتر کە پێویست بوو بڕێک کار ببزوێنێ کە یەکسانە بەوەی لە بنەڕەتدا بەرهەمی هێناوە. کاری خزمەتکاری سادە، بەپێچەوانەوە، خۆی لە هیچ بابەتێکی دیاریکراو یان کاڵایەکی بەبازاڕدا ناچەسپێنێ و نانوێنێ. ئەو خزمەتەی ئەو، بەگشتی لە هەمان کاتی ئەنجامدانیدا دیار نامێنێ و، بەدەگمەن شوێنەوارێک یان بەهایەک لە پاش خۆی بەجێ دێڵێ کە دواتر بڕێکی یەکسان لە خزمەتگوزاری بەرهەم بهێنێ.

کاری هەندێ لە ڕێزدارترین توێژەکانی گۆمەڵگە، هاوشێوەی کاری خزمەتکارە سادەکان، هیچ بەهایەک بەرهەم ناهێنێ و، خۆی لە هیچ بابەتێکی بەردەوام یان کاڵایەکی بەبازاڕدا ناچەسپێنێ و نانوێنێ، کە دوای تەواوبوونی کارەکە بمێنێ و، دواتر بەهۆیەوە بڕێکی یەکسان لە کار بەرهەم بێ. سەروەری وڵات (پاشای وڵات)، بۆ نموونە، بەو هەموو

فەرمانبەرانەی دادوەری و ئەفسەرانەی شەڕەوە کە لەبەر دەستی ئەون، بەتەواوی سوپا و هێزی دەریاوانییەوە، کارگەری بەرهەمنەهێنن. ئەوان خزمەتکاری گەلن و، بە بەشێک لە بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازیی خەڵکی تر بەڕێوە دەچن. خزمەتی ئەوان، چەند شەرەفمەندانەیە، چەند بەسوودە، یان چەند پێویستە، هیچ بەرهەمێکی نییە کە دواتر هەمان بڕ خزمەتی لێ بەرهەم بێ. پاراستن، ئارامی و، بەرگری لە کۆمۆنوێڵس، کاریگەریی کاری ئەمساڵیان پاراستن، ئارامی و، بەرگری بۆ ساڵی داهاتوو ناکڕن. دەبێ هەندێ مەترسیدارترین و گرنگترین و، هەندێ بێنرخترین پیشەکانیش بچنە پاڵ ئەمانەوە، وەک: پیاوانی کڵێسا، پارێزەران، پزیشکان، ئەدیبان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، هەروەها یاریزانان، موهریجەکان، مۆزیسیانەکان، گۆرانیبێژانی ئۆپێرا، سەماکەرانی ئۆپێرا، هتد. کاری سادەترینی نێو ئەمانە بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، کە بەهەمان بنەماکانی ڕێکخستنی هەر جۆرە کارێکی تر ڕێک دەخرێ و، کاری پایەدارترین و بەسوودترینیشیان بەهەمان شێوە، بەڵام هیچ بەرهەمێکیان نییە کە دواتر بڕێکی یەکسان لەو کارە بکڕێ یان دەستەبەری بکات. نمایشی ئەکترێک، یان وتاری وتاربێژێک، یان ئاوازی موزیسیانێک، ئیشی هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرهەمهێنانیاندا لەبەین دەچن.

بژێویی کارگەرانی بەرهەمهێن و بەرهەمنەهێن و، ئەوانەشی کە هیچ کارێک ناکەن، بەیەکسانی لە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵاتەوەیە. ئەم بەرهەمە چەند زۆر بێ، هەرگیز ناکرێ بێکۆتایی بێ، بەڵکو دەبێ سنووری هەبێ. بەم پێیەش، ئەگەر ڕێژەیەکی کەمتر یان زیاتر لەم بەرهەمە لە هەر ساڵێکدا بۆ بژێویی دەستی بەرهەمنەهێن تەرخان کرا، ئەوە ڕێژەیەکی زیاتری ئەو بەرهەمە لە دۆخێکدا و کەمتری لە دۆخەکەی تردا بۆ دەستە بەرهەمهێنەکان دەمێنێتەوە و، بەرهەمی ساڵی دواتر بەپێی ئەو ڕێژەیە زیاتر یان کەمتر دەبێ. تەواوی بەرهەمی ساڵانە، ئەگەر بەرهەمی خۆڕسکی زەویی لێ دەرکەین، بەری کاری بەرهەمهێنە.

هەرچەندە تەواوی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵاتێک، بێگومان، لەکۆتاییدا بۆ تێرکردنی بەکاربردنی هەموو دانیشتووانی و، بۆ دەستەبەرکردنی داهاتێک بۆیان تەرخان دەکرێ، بەڵام کە ئەو بەرهەمە جاری یەکەم لە زەوییەوە یان لە دەستی کارگەرانی بەرهەمهێنەوە دێ، خۆی دابەشی دوو بەش دەکا. یەکێکیان، کە زۆربەی جاران زۆرترە، بەپلەی یەکەم بۆ جێگرتنەوەی سەرمایەیەکە یان نوێکردنەوەی ئازووخە، کەرەستە و ئیشی تەواوکراوە، کە لە سەرمایەیەک دەرهێنراون. بەشەکەی تر داهاتێکە یان بۆ خاوەنی ئەو سەرمایەیە، وەک قازانج بۆ ماڵەکەی، یان بۆ کەسێکی ترە، وەک کرێ بۆ زەوییەکەی. بۆیە یەک بەشی بەرهەمی زەوی جێی سەرمایەی جووتیارەکە پڕ دەکاتەوە، بەشەکەی تر بۆ قازانجەکەی و کرێی خاوەن زەوییە و، داهاتە بۆ هەردوو خاوەنی ئەو سەرمایەیە، لە

شێوەی قازانجی ماڵەکەی و، بۆ کەسێکی تر وەک کرێی زەوییەکەی. بەرهەمی کارگەیەکی گەورە، بە هەمان شێوە، بەشێکی کە بەردەوام گەورەترین بەشیەتی، بۆ جێگرتنەوەی سەرمایەی خاوەن ئیشەکەیە، بەشەکەی تریش قازانجە، کە دەبێتە داهات بۆ خاوەنی ئەو سەرمایەیە.

ئەو بەشەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری هەر وڵاتێک کە جێی سەرمایە پڕ دەکاتەوە هەرگیز ڕاستەوخۆ وەک بژێوی بۆ هیچ دەستێکی بەرهەمهێن بەگەڕ ناخرێ. ئەو بەشە تەنیا هەقدەستی کاری بەرهەمهێن دەدا. ئەو بەشەش کە ڕاستەوخۆ دەبێتە داهات، چ قازانج بێ یان کرێ، بەبێ جیاوازی دەستی بەرهەمهێن و بەرهەمنەهێن دەژێنێ.

مرۆڤ هەر بەشێکی ماڵەکەی وەک سەرمایە بەگەڕ بخا، ئەوە بەردەوام پێشبینی دەکا بەقازانجەوە پڕ ببێتەوە. بۆیە ئەو تەنیا بۆ ژیاندنی دەستی بەرهەمهێن بەگەڕی دەخا و، دوای ئەوەی وەک سەرمایە خزمەتی ئەو دەکا، بۆ ئەوانیش دەبێتە داهات. هەر کاتێک بەشێکی بۆ بژێویی هەر جۆرە دەستێکی بەرهەمنەهێن تەرخان کرد، ئەو بەشە لەو ساتەوە لە سەرمایەکەی دێتە دەر و، دەچێتە نێو ئەو ماڵەی بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ گل دراوەتەوە.

کارگەرانی بەرهەمنەهێن و ئەوانەی هیچ کارێک ناکەن، هەموویان بە داهات دەژێنرێن، یان، یەکەم، بەو بەشەی بەرهەمی ساڵانە کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە کە ببێتە داهاتی خەڵکێکی دیاریکراو، یان وەک موڵکانەی زەوی یانیش وەک قازانجی ماڵ، یان، دووەم، بەو بەشەی کە هەرچەندە لە بنەڕەتدا بۆ جێگرتنەوەی سەرمایە و تەنیا بۆ ژیاندنی کارگەرانی بەرهەمهێن تەرخان کراوە، بەڵام کە دەگاتە دەستیان ئەو بەشەی کە زیادە لە پێویست، لەوانەیە بۆ ژیاندنی دەستی بەرهەمهێن و بەرهەمنەهێن بەبێ جیاوازی تەرخان دەکرێ. بەمەش نەک تەنیا خاوەن موڵکێکی گەورە یان بازرگانێکی دەوڵەمەند، بگرە کارگەری ئاساییش، ئەگەر هەقدەستەکەی زۆر بێ، لەوانەیە خزمەتکارێکی سادە بگرێ، یان بچێ بۆ نمایشێکی بووکەڵە و، بەمەش بایی خۆی بەشدار دەبێ لە ژیاندنی دەستەیەک کارگەری بەرهەمنەهێندا، یان ڕەنگە هەندێ باج بدات و، بەوەش یارمەتیی ژیاندنی دەستەیەکی تر دەدا، کە بێگومان پایەدارتر و بەسوودترن، بەڵام وەک ئەوانەی پێشوو بەرهەمنەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ بەشێکی بەرهەمی ساڵانە کە لە بنەڕەتدا تەرخان کراوە بۆ جێگرتنەوەی سەرمایەیەک، هەرگیز بەرەو ژیاندنی دەستی بەرهەمنەهێن ئاراستە ناکرێ مەگەر دوای ئەوە نەبێ کە بە تەواوکەری کاری بەرهەمهێن دابنرێن، یان نیازی ئەوە هەبێ بەگەڕ بخرێن. دەبێ کارگەر هەقدەستی خۆی وەرگرتبێ لەو ئیشەی تەواو کراوە، پێش ئەوەی بتوانێ هیچ بەشێکیان بەم شێوەیە بەگەڕ بخا. ئەو بەشەش بەگشتی تەنیا بەشێکی بچووکە. تەنیا داهاتە یەدەگەکەیەتی، کە بەدەگمەن کارگەرانی بەرهەمهێن زۆریان لەوە

دەبێ. هەرچەندە ئەوان بەگشتی کەمێکیان هەیە و، بە باجدان، زۆریی ژمارەکەیان بەشێوەیەک لە شێوەکان قەرەبووی کەمیی بەشدارییەکەیان دەکاتەوە. لەبەر ئەوە، لە هەموو شوێنێکدا موڵکانەی زەوی و قازانجی ماڵ ئەو سەرچاوە سەرەکییانەن کە بژێویی دەستی بەرهەمنەهێنی لێ بەدەست دێ. ئەمانە دوو جۆر داهاتن کە بەگشتی خاوەنەکانیان زۆریان هەیە بۆ ئەوەی وەک یەدەگ داینێن. ئەمانە لەوانەیە بتوانن بەبێ جیاوازی بژێویی دەستی بەرهەمهێن و بەرهەمنەهێن دابین بکەن. لەوەش دەچێ کە جۆرە مەیلێکیان بەلای ئەمانەی دواییدا هەبێ. خەرجیی لۆردێکی مەزن بەگشتی بۆ ناندانی خەڵکی تەوەزەلە زیاتر لە خەڵکی ئیشکەر. بازرگانێکی دەوڵەمەند، هەرچەندە بە سەرمایەکەی تەنیا خەڵکی پیشەوەر دەژیێنێ، بەڵام بەو خەرجییەی لە داهاتەکەی دەری دەکا بەگشتی هەمان ئەو کەسانە نان دەخۆن کە لۆردە مەزنەکە نانیان دەدا.

کەواتە ڕێژەی نێوان دەستی بەرهەمهێن و دەستی بەرهەمنەهێن، تا ڕادەیەکی زۆر لە هەر وڵاتێکدا پەیوەستە بە ڕێژەی نێوان ئەو بەشەی بەرهەمی ساڵانە، کە، هەر کە لە زەوی یان لە دەستی کارگەرانی بەرهەمهێنەوە هات بۆ جێگرتنەوەی سەرمایەیەک تەرخان دەکرێ و، ئەو بەشەی کە داهاتە، چ وەک کرێ یان وەک قازانج. ئەم ڕێژەیە لەنێو وڵاتانی دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژاردا جیاوازیی زۆری هەیە.

بەم شێوەیە، لەم سەردەمەماندا و لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەوروپادا ڕێژەکە گەلێ زۆرە و، زۆر جاران زۆرترین بەشی بەرهەمی زەوی بۆ پڕکردنەوەی سەرمایەی جووتیاری دەوڵەمەند و سەربەخۆ تەرخانە، ئەو بەشەی تر قازانجەکەی و کرێی خاوەن موڵک دابین دەکات. بەڵام لە کۆندا، لە ماوەی باڵادەستیی حکومەتی فیودالّدا، بەشێکی زۆر کەمی بەرهەم بۆ پڕکردنەوەی ئەو سەرمایەیەی لە کشتوکاڵدا بەگەڕ خرابوو بەس بوو. ئەو بەشە بەگشتی ژمارەیەکی کەم ماڵاتی لاتی لەخۆ دەگرت، کە هەموویان بە بەرهەمی خۆڕسکی زەویی نەچێنراو دەژیان، بۆیە دەشێ بە بەشێک لە بەرهەمی خۆڕسک دابنرێ. ئەوەش بەگشتی بە موڵکی خاوەن موڵک دەژمێررا و، خۆی بەوانەی دەدات کە لەسەر زەوییەکەدان. هەموو بەرهەمەکەی تری زەویش هەر هی ئەو بوو، چ وەک کرێ بۆ زەوییەکە یان وەک قازانجی ئەو سەرمایە کەمە. ئەوانەی لەسەر زەوییەکە بوون بەگشتی کۆیلە بوون، کە خۆیان و کاریگەرییەکەشیان موڵکی ئەو بوون. ئەوانەشی کە کۆیلە نەبوون کرێچیی بەئارەزوو بوون و، هەرچەندە ئەو کرێیەی دەیاندا زۆربەی جاران هێمایی بوو و کەمێک لە کرێنەدان زیاتر بوو، بەڵام لەڕاستیدا هەموو بەرهەمی زەوییەکە بوو. سەردارەکەیان بەردەوام دەیتوانی لە کاتی ئاشتیدا کارەکەیان بەدەست بێنێ و لە کاتی شەڕدا خزمەتگوزارییەکانیان. لەگەڵ ئەوەی کەمێک دوور لە خانووەکەی ئەو دەژیان، بەڵام تەواو هاوشێوەی خزمەتکارانی ناو خانووەکەی وابەستەی ئەو بوون. تەواوی

بەرهەمی زەویەکە بێگومان موڵکی ئەو کەسە بوو کە دەتوانێ دەستبەرداری کار و خزمەتی هەموو ئەوانە ببێ کە دەیانژیێنێ. لە دۆخی ئێستای ئەوروپا، کەم جار پشکی خاوەن موڵک لە سێیەک زیاترە، هەندێ جاریش چواریەکی تەواوی بەرهەمی زەوی نابێ. هەرچەندە موڵکانەی زەوی لە هەموو بەشە پێشکەوتووەکانی وڵاتدا بووەتە سێ هێندە و چوار هێندەی ئەوەی سەردەمانی کۆن، هەروەها ئەم سێیەک و چواریەکی بەرهەمی ساڵانەیە لەوە دەچێ سێ هێندە و چوار هێندە زیاتر بێ لە تەواوی ئەوەی پێشوو. لە میانی پێشکەوتنی چاککردنی زەویدا، هەرچەندە کرێ هاوڕێژە لەگەڵ ئاستی ئەو پێشکەوتنە زیاد دەکا، بەڵام هاوڕێژە لەگەڵ بەرهەمی زەویدا کەم دەبێتەوە.

ئێستا لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەوروپا، سەرمایەگەلی گەورە لە بازرگانی و پیشەسازیدا بەگەڕ دەخرێن. لە دۆخی کۆندا، بازرگانییەکی کەم هەبوو و، هەندێ پیشەی ماڵیی سادە و زبر بەڕێوە دەچوون، ئەوانە پێویستیان بە سەرمایەی زۆر بچووک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوانە قازانجی زۆریان لێ کەوتبێتەوە. ڕێژەی سوود هیچ کاتێک لە دە لەسەد کەمتر نەبوو و، پێویست بوو قازانجەکانیان بەشی داپۆشینی ئەو سوودە زۆرە بکات. ئێستا ڕێژەی سوود لە بەشە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا هیچ کاتێک لەسەدا شەش تێناپەڕێنێ و، لە هەندێ شوێنی زۆر پێشکەوتوودا بۆ لەسەدا چوار و لەسەدا دوو دابەزیوە. ئەو بەشەی داهاتی دانیشتووان کە لە قازانجی ماڵەوە سەرچاوە دەگرێ بەردەوام لە وڵاتانی دەوڵەمەند زۆر زۆرترە لەوەی وڵاتانی هەژار، چونکە ماڵەکە زۆرترە: بەگشتی قازانج بە بەراورد لەگەڵ ماڵدا زۆر کەمە.

کەواتە، ئەو بەشەی بەرهەمی ساڵانە کە لەگەڵ هاتنی لە زەویەوە یان لە دەستی کارگەرانی بەرهەمهێنەوە، بۆ جێگرتنەوەی سەرمایەیەک تەرخان دەکرێ، لە وڵاتانی دەوڵەمەنددا نەک تەنیا زۆر لەوەی وڵاتانی هەژار زیاترە، بەڵکو ڕێژەیەکی زۆری ڕاستەوخۆ دەبێتە کرێ یان قازانج. ئەو پارەیەی بۆ بژێویی کاری بەرهەمهێنە، لەوەی یەکەمیاندا، تەنیا زۆرتر نییە لەوەی ئەوەی دووەم، بگرە بەشێکی زۆرتری، هەرچەندە بۆ بژێویی دەستی بەرهەمهێن و بەرهەمنەهێن تەرخانە، بەگشتی مەیلی ژیاندنی ئەمەی دوایی دەکا.

لەڕاستیدا، ڕێژەی نێوان ئەو برە پارە جیاوازانە، لە هەموو وڵاتێکدا، سروشتی گشتیی دانیشتووان پێشان دەدا، ئایا ڕوویان لە کارکردنە یان لە تەمبەڵی. ئێمە زۆر پیشەسازترین لە پێشینانمان، لەبەر ئەوەی لەم سەردەمەدا ئەو پارانەی تایبەت کراون بۆ بەڕێوەچوونی پیشەسازی ڕێژەیان زۆر زیاترە لەوەی کە ڕەنگە بۆ بەردەوامیدان بە تەمبەڵی تەرخان کرابن، لەوەی دوو یان سێ سەدە پێش ئێستا هەبوو. پێشینانمان تەمبەڵ بوون لەبەر ئەوەی پێویستیان بە هاندانی پێویست بەرەو پیشەسازی هەبوو. وەک پەندەکەش دەڵێ،

بەخـۆڕایی یـاری بـکەی نەوەکـو بەخـۆڕایی ئـیش بـکەی. ئەو شـارە بازرگـانی و پیشەسازییانەی خەڵکی ئاستەکانی خوارەوەیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێی بەگەڕخستنی سـەرمایەوە دەژین، ئەوان بەگشتی پیشەسـازن، دامەزراون و، گەشـەکردوون، وەک گەلێ شـاری ئینگلیـزان و زۆربەی شـارانی هۆڵانـد. ئەو شارانەشـی بەشـێوەیەکی سـەرەکی لە پەنـای بەردەوام یـان کـاتەکیی کۆشـکێکەوە پشـتیوانی دەکـرێن، خەڵکـی ئاسـتەکانی خوارەوەیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێی خەرجکردنی داهاتەوە دەژین، ئەوان بەگشتی تەمـبەڵ، خـوێڕو و، هەژارن، وەک ڕۆمـا، ڤێرسـای، کـۆمپین و، فۆنتێنبلـو. ئەگەر ڕوان و بۆردۆیـان لـێ دەرکەی، ئەوە لە هەمـوو شـارێکی پەرلەمـانیی فرانسـەدا بازرگـانی و پیشەسازی زۆر کەمن و، خەڵکی ئاستەکانی خوارەوە، پیرەکانیان لەسەر ئەرکی ئەندامانی دادگەی دادوەری دەژین و، ئەوانەی دێن لەبەردەمیـان خۆیـان بنوێنن بەگشتی تەمبەڵ و هەژارن. لەوە دەچێ بازرگانیی گەورەی ڕوان و بۆردۆ بەهۆی کاریگەریی پێگەکەیان بێ. ڕوان بەهـۆی پێگەکەیەوە بنکەی بازرگـانیی نزیکەی هەمـوو ئەو کاڵایـانەیە کە لە وڵاتـانی بیـانییەوە دێـن یـان لە پـارێزگە فرانسـەییەکانی سـەر دەریـاوە دێـن، بـۆ ئەوەی لە شـارە مەزنەکەی پاریس بەکار ببرێن. بۆردۆش بەهەمـان شـێوە بنکەی بازرگانیی ئەو شـەرابەیە کە لە کەناراوەکـانی گـارۆن و ئەو ڕووبـارانەی دەڕژێـنە نـاوی بەرهەم دێ و، یەکـێکە لە دەوڵەمەنـدترین ئەو شـوێنانەی شـەراب بەرهەم دێـنن لە هەمـوو جیهانـدا و، لەوە دەچـێ گونجاوترین شەراب بۆ هەناردەکرد، یان گونجاوترینیان بۆ گەلانی بیانی بەرهەم بێنێ. ئەم پـێگە بەسـوودە سـەرمایەیەکی زۆری بـۆ ئەو بەگەڕخسـتنەی دەسـتەبەری دەکـا بەکـێش کردووە و، بەگەڕخستنی ئەو سەرمایەیە هۆکاری گەشـەی پیشەسـازییە لەو دوو شـارەدا. لە شـارە پەرلەمانییەکانی فرانسـە، لەوە دەچێ سـەرمایەیەکی کەمێک زیـاتر لەوەی بەشـی بەرهەمهێنـانی پێویسـت بـۆ بەکـاربردن بەگەڕ خرابـێ، واتە کەمێـک زیـاتر لە کەمتـرین سـەرمایە کە بکرێ تیایاندا بەگەڕ بخرێ. ڕەنگە شیاو بێ هەمـان شـت لەبارەی پـاریس، مەدرید و، ڤیەنناشەوە بگوترێ. لەنێو ئەم سێ شارەدا، پاریس لە هەموویان پیشەسازیترە، بەڵام پاریس خۆی بازاڕی سەرەکیی هەموو ئەو پیشەسازییانەیە کە لە پـاریس دامەزراون و، بەکاربردنی خۆی ئامانجی سەرەکیی هەموو ئەو بازرگانییەیە کە خۆی بەڕێوەی دەبا. لەوانەیە لەنـدەن، لیشـبۆن و، کۆپنهـاگن تەنیـا سـێ شـاری ئەورووپـا بـن کە مەڵبەنـدی بەردەوامی شانشینێک بن و، لە هەمان کاتدا دەکرێ بە شاری بازرگانی دابنرێن، یان وەک شارگەلێک بژمێررێن کە بازرگانی تەنیا بۆ بەکاربردنی خۆیان ناکەن، بەڵکو بۆ بەکاربردنی شاران و وڵاتانی تریشی دەکەن. هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەم سێ شـارەش زۆر گونجاوە و، بەشێوەیەکی سروشتی شیاون بۆ ئەوەی ببنە بنکەی بازرگانی بۆ بەشێکی زۆری ئەو کاڵایـانەی لە شـوێنانی دوور بەکـار دەبرێن. لە شـارێکدا کە داهـاتێکی زۆر خەرج دەکرێ،

بەگەڕخستنی سەرمایەیەک بۆ هەر ئامانجێکی تر جگە لە دابینکردنی ئەوەی لەو شارەدا بەکار دەبرێ، لەوانەیە سەختتر بێ لەوەی لە هەر شارێکی تردا بکرێ، کە خەڵکی ئاستەکانی خوارەوەی هیچ بژێوییەکیان نییە جگە لەوەی لە بەگەڕخستنی ئەو جۆرە سەرمایەیە بەدەست دێ. لەوانەیە تەمبەڵیی زۆرترین بەشی ئەو خەڵکەی لەسەر خەرجیی داهات دەژین، پیشەسازیی ئەوانە تێک بدات کە دەیانەوێ بە بەگەڕخستنی سەرمایە بژین و، وا بکات بەگەڕخستنی سەرمایەیەک لەوێ سوودی کەمتر بێ لەوەی لە شوێنانی تر هەیە. پێش یەکگرتنەکە، بازرگانییەکی بچووک لە ئێدنبەرە هەبوو. کاتێک کە پەرلەمانی سکۆتلاند چی تر کۆبوونەوەی لەوێ ئەنجام نەدەدا، کاتێک کە چی تر پێویست نەبوو خانەدانانی سەرەکی و پیاوماقوڵانی سکۆتلاند لەوێ نیشتەجێ بن، بووە شارێکی خاوەن کەمێک بازرگانی و پیشەسازی. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نشینگەی دادگە سەرەکییەکانی دادوەری، ئەنجومەنەکانی گومرک و باج، هتد لە سکۆتلاند. بۆیە داهاتێکی زۆر تا ئێستا لەوێ خەرج دەکرێ. لەڕووی بازرگانی و پیشەسازییەوە زۆر لە خوار گلاسکۆوەیە، کە دانیشتووانەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێی بەگەڕخستنی سەرمایەوە دەژین. دانیشتووانی گوندێکی گەورە، وەک هەندێ جار تێبینی کراوە، دوای بەدەستهێنانی پێشکەوتنێکی بەرچاو لە پیشەوەریدا، ڕوویان لە تەمبەڵی و هەژاری کرد دوای ئەوەی لۆردێکی مەزن نشینگەی خۆی بردە ئەوێ.

لەوە دەچێ ڕێژەی نێوان سەرمایە و داهات، لە هەموو شوێنێکدا ڕێکخەری ڕێژەی نێوان پیشەسازی و تەمبەڵی بێ. لە هەر شوێنێکدا سەرمایە زاڵ بێ، پیشەسازی باڵادەست دەبێ، لە هەر شوێنێکیش داهات زاڵ بێ، تەمبەڵی باڵادەست دەبێ. کەواتە هەر زیادبوون یان کەمبوونێکی سەرمایە، بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە مایەی زیادبوون یان کەمبوونی بڕی ڕاستەقینەی پیشەسازی، ژمارەی دەستە بەرهەمهێنەکان و، لە ئاکامدا بەهای شیاوی ئاڵوگۆڕپێکردنی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات، سامانی ڕاستەقینە و داهاتی هەموو نیشتەجێیان.

سەرمایە بە دەستگرتنەوە زیاد دەبێ و، بە زێدەڕۆیی لە خەرجی و هەڵسوکەوتی نەشیاو کەم دەبێتەوە.

ئەوەی مرۆڤ لە داهاتی خۆی گلی دەداتەوە دەیخاتە سەر سەرمایەکەی، جا ئەگەر خۆی بەگەڕی بخا لە ڕاگرتنی ژمارەیەکی زیاتری دەستی بەرهەمهێن، یان وا بکات کەسێکی تر ئەوە بکات، قەرزی بە سوود بداتێ، واتە بەرامبەر بە بەشێک لە قازانجەکانی. کە سەرمایەی کەسێک بەوە زیاد ببێ کە لە داهاتی ساڵانەی یان لە دەسکەوتی ساڵانەی گلی دەداتەوە، سەرمایەی کۆمەڵگەش بەهەمان شێوەی زیادبوونی سەرمایەی ئەو تاکانەی کە پێکی دێنن، دەتوانێ سەرمایەی خۆی زیاتر بکات.

دەستگرتنەوە نەک پیشەسازی هۆکاری ڕاستەوخۆی زیادبوونی سەرمایەیە. پیشەسازی لەڕاستیدا، ئەو بابەتە دەخاتە بەر دەست کە دەستگرتنەوە کەڵەکەی دەکا. بەڵام پیشەسازی هەرچییەک پەیدا بکات، ئەگەر دەستگرتنەوە کۆی نەکاتەوە و کۆگەی نەکا، سەرمایەکە هەرگیز زیاتر نابێ.

دەستگرتنەوە، بەهۆی زیادکردنی ئەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ ژیاندنی دەستی بەرهەمهێن، ڕووی لە زیادکردنی ژمارەی ئەو دەستانەیە کە کارەکەیان بەها بۆ ئەو بابەتە زیاد دەکا کە ئیشی لەسەر دەکەن. بۆیە مەیلی زیادکردنی بەهای شیاوی ئاڵوگۆڕپێکردنی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات دەکا. ئەو بڕێکی سەرباری پیشەسازی دەبزوێنێ، کە بەهایەکی سەربار بە بەرهەمی ساڵانە دەدا.

ئەوەی ساڵانە کۆ دەکرێتەوە، بەهەمان شێوەی ڕێکخراو بەکار دەبرێ کە ساڵانە خەرج دەکرێ و، لە نزیکەی هەمان کاتیشدا، بەڵام لەلایەن دەستەیەکی تری خەڵکەوە بەکار دەبرێ. ئەو بەشەی داهاتی پیاوێکی دەوڵەمەند کە ساڵانە خەرجی دەکا لە زۆربەی دۆخەکاندا لەلایەن میوانی تەوەزەل و خزمەتکاری سادەوە بەکار دەبرێ، کە لە بەرامبەر ئەو بەکاربردنە هیچ لەپاش خۆیان بەجێ ناهێڵن. ئەو بەشەی کە ساڵانە کۆی دەکاتەوە، بۆ سوودوەرگرتن لە بەگەڕخستنی ڕاستەوخۆی وەک سەرمایە، بەهەمان شێوە بەکار دەبرێ و لە نزیکەی هەمان ماوەدا، بەڵام لەلایەن دەستەیەکی جیای خەڵکەوە، کارگەران، پیشەوەران و، پیشەسازان، کە بەهای بەکاربردنی ساڵانەیان بەقازانجەوە بەرهەم دێننەوە. با وای دابنێین کە داهاتی ئەو، بەپارە پێی دەدرێ. ئەو ئەگەر هەمووی خەرج بکات، ئەو خۆراک، پۆشاک و، نشینگەیەی بە هەمووی دەکڕرێ، لەنێو هەمان دەستەی پێشووی خەڵکدا دابەش دەبێ. ئەگەر بەشێکی گل دایەوە، ئەو بەشە بۆ سوودوەرگرتن لە بەگەڕخستنی ڕاستەوخۆی وەک سەرمایە لەلایەن خۆیەوە یان لەلایەن کەسانی ترەوە، ئەو خۆراک، پۆشاک و، نشینگەیەی کە لەوانەیە پێی بکڕرێ، بۆ ئەوەی دوایی گل دەدرێتەوە. بەکاربردنەکە هەمان شت دەبێ، بەڵام بەکاربەرەکان جیاواز دەبن.

ئەوەی کەسێکی دەستگیراوە ساڵانە کۆی دەکاتەوە، نەک تەنیا ژمارەیەکی زیاتری دەستی بەرهەمهێنی پێ دەژیێنێ، بۆ ئەو ساڵە یان بۆ ساڵی دوای ئەوە، بەڵکو، وەک دامەزرێنەرێکی کارگەیەکی گشتی، ئەو وەک سندووقێکی پارەدارکردنی بەردەوام بۆ ژیاندنی ژمارەیەکی یەکسان لە هەموو کاتێکی داهاتوودا دەبێ. تەرخانکردنی بەردەوام و مەبەست لەم سندووقە، لەڕاستیدا بەردەوام بە هیچ یاسایەکی ئەرێنی پارێزراو نییە، بە هیچ مافێکی چاودێری یان کردارێکی وەقفئامێز پارێزراو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بە بنەمایەکی زۆر بەهێز پارێزراوە، بەرژەوەندی ڕوون و ئاشکرای هەموو تاکێک کە ڕۆژێک لەڕۆژان پشکێکی لێی بەر دەکەوێ. هیچ بەشێکی لە داهاتوودا جگە لە ژیاندنی دەستی

بەرهەمهێن بەبێ هیچ زیانێک بۆ ئەو کەسەی کە، بەم شێوەیە ڕێگری دەکا لەوەی ئاراستەی گونجاوی خۆی بگرێتە بەر.

دەسبڵاو بەم شێوەیە ڕێی لێ دەگرێ. ئەو بە قەتیسکردنی خەرجییەکەی لەناو داهاتی خۆیدا سەرمایەکەی زەوت ناکا. وەک ئەو کەسەی ڕێگە لە داهاتی دامەزراوەیەکی ئاینی دەگرێ بۆ مەبەستی خراپ و، بەو پارەیە هەقدەستی تەمبەڵی دەدات بەو پارانەی باپیرانی بە قنجیقنجی کۆیان کردووەتەوە، وەک ئەوەی بۆ بەردەوامیدان بە پیشەسازی بێ. بە کەمکردنەوەی ئەو پارانەی بۆ بەگەڕخستنی کاری بەرهەمهێن تەرخان کراون، ئەو بێگومان، ئەوەندەی بەوەوە پەیوەست بێ، بڕی ئەو کارە کەم دەکاتەوە کە بەها بۆ ئەو بابەتە زیاد دەکا کە ئیشی لەسەر دەکا و، لە ئاکامدا، بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری تەواوی وڵات، کە سامان و داهاتی ڕاستەقینەی دانیشتووانیەتی، کەم دەکاتەوە. ئەگەر زێدەڕۆیی هەندێک بە دەستگرتنەوەی هەندێکی تر قەرەبوو نەبێتەوە، هەڵسوکەوتی هەر دەستبڵاوێک، بە نانداني تەمبەڵەکان لە نانی پیشەوەرەکان، نەک تەنیا خۆیان دەخاتە سواڵ، بگرە وڵاتیش تووشی هەژاری دەکا.

تەنانەت ئەگەر خەرجیی دەستبڵاوەکە هەمووی لە شتی دەستکردی ناوخۆیی بێ و، هیچ کاڵایەکی بیانیی تێدا نەبێ، ئەوە کاریگەریی لەسەر پارە بەرهەمهێنەکانی کۆمەڵگە هەر هەمان کاریگەری دەبێ. هەموو ساڵێک بڕێکی دیاریکراوی خۆراک و پۆشاک، کە دەبێ بەرهەمهێنەکانی پێ بژین، بۆ بەرهەمنەهێنەکان خەرج دەکرێ. بۆیە هەموو ساڵێک، هەندێ کەمبوونەوە دەبێ لەوەی، کە ئەگەر وا نەبێ، دەچووە سەر بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات.

لەڕاستیدا دەشێ بگوترێ، ئەم خەرجییە ئەگەر بە کاڵای بیانی نەبووایە و، نەبووایەتە مایەی هەناردەکردنی هیچ بڕێک زێڕ و زیو، ئەوە هەمان ئەو بڕە پارەیە لە وڵاتدا وەکو جاران دەمایەوە. بەڵام ئەگەر بڕی ئەو خۆراک و پۆشاکەی کە، بەو شێوەیە بەکار دەبرێ و بەرهەمنەهێنە، بەسەر دەستی بەرهەمهێندا دابەش دەبوو، دووبارە تەواوی بەهای بەکاربرجیهانن لەگەڵ قازانجێک بەرهەم دەهێنرانەوە. هەمان ئەو بڕە پارەیە، لەم دۆخەدا، وەک خۆی لە وڵاتدا دەمایەوە و، لەپاڵ ئەوەشدا بەرهەمهێنانەوەی بەهایەکی یەکسانی کاڵاکانی شیاوی بەکاربردن دەبوو. ئەو کات لەجیاتی یەک بەها دوو بەها دەبوون.

هەروەها، هەمان بڕ پارە، ناکرێ لە ماوەیەکی زۆر لە هیچ وڵاتێکدا بمێنێ کە بەهای بەرهەمی ساڵانەی کەم دەبێتەوە. تەنیا بەکارهێنانی پارەکە سووڕاندنی کاڵای شیاوی بەکاربردن دەبێ. بەهۆی ئەو پارەیەوە، ئازووخە و کەرەستە و ئیشی تەواوکراو، دەکڕێن و دەفرۆشرێن و، بەسەر بەکاربەری گونجاودا دابەش دەکرێن. کەواتە بڕی ئەو پارەیەی دەکرێ ساڵانە بەگەڕ بخرێ لە هەر وڵاتێکدا دەبێ لەڕێی بەهای ئەو کاڵایانەی شیاوی

بەکاربردنن و ساڵانە لە وڵاتدا دەسووڕێنەوە دیاری بکرێ. ئەمانە دەبێ پێک بێن لە بەرهەمی ڕاستەوخۆی زەوی و کاری وڵاتەکە خۆی، یان لە شتێک کە بە بەشێک لەو بەرهەمە بکڕێ. لەبەر ئەوە، بەهاکەی دەبێ لەگەڵ کەمبوونەوەی بەهای ئەو بەرهەمە کەم ببێتەوە و، لەگەڵ ئەویشدا بڕی ئەو پارەیەی کە لە سووڕانجیهانن بەگەڕ دەخرێ کەم دەبێتەوە. بەڵام ئەو پارەیەی بەهۆی ئەم کەمبوونە ساڵانەیەوە، ساڵانە فڕێ دەدرێتە دەرەوەی سووڕاندنی ناوەخۆیی، ڕێگەی پێ نادرێ بەبێ کار بمێنێتەوە. بەڵام کە هیچ بەگەڕخستنێکی لە ناوخۆدا نەبێ، ئەوە سەرباری هەموو یاساکان و قەدەخەکردنەکان، دەنێررێتە دەرەوەی وڵات و، بەگەڕ دەخرێ لە کڕینی کاڵای شیاوی بەکاربردن کە لە ناوخۆدا بەکار دێن. هەناردەکردنی ساڵانە بەم شێوەیە ماوەیەک بەردەوام دەبێ لەوەی شتێک بخاتە سەر بەکاربردنی ساڵانەی وڵات کە، زیاترە لە بەهای بەرهەمی ساڵانەی وڵاتەکە. ئەوەی لە ڕۆژگاری گەشەداری وڵاتدا لە بەرهەمی ساڵانەی گل دراوەتەوە و، لە کڕینی زێڕ و زیو بەگەڕ خراوە، بۆ ماوەیەکی کەم بەشدار دەبێ لە پشتیوانیی بەکاربردن لە ڕۆژگاری تەنگانەدا. هەناردەکردنی زێڕ و زیو لەم دۆخەدا، هۆکار نییە بگرە دەرهاویشتەی دارمانە و، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کەم، خراپیی ئەم دارمانە سووک بکاتەوە.

بەپێچەوانەشەوە، دەبێ بڕی پارە لە هەر وڵاتێکدا بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ زیادبوونی بەهای بەرهەمی ساڵانەدا زیاد ببێ. ئەگەر بەهای ئەو کاڵایانەی شیاوی بەکاربردنن و ساڵانە لەنێو کۆمەڵگەدا دەسووڕێن زیاد ببێ ئەوە پێویستی بە بڕێکی زیاتر پارە بۆ سووڕانجیهانن دەبێ. کەواتە بەشە زیادبووەکەی بەرهەم، بەشێوەیەکی سروشتی لە کڕین بەکار دەبرێ، لە هەر شوێنێکیش ئەمە ببێ، بڕە زیادبووەکەی زێڕ و زیوی پێویست، بۆ سووڕاندنی ئەوەی تر دەبێ. زیادبوونی ئەم کانزایانە لەم دۆخەدا دەبێتە کاریگەری، نەک هۆکار، بۆ گەشەی گشتی. لە هەموو شوێنێکیش زێڕ و زیو بەم شێوەیە دەکڕدرێن. خۆراک، پۆشاک و، نشینگە، داهات و بژێویی هەموو ئەوانەی کاریان یان ماڵیان لە هێنانیان لە کانەکانەوە بۆ بازاڕ بەگەڕ خراوە، ئەو نرخەیە کە لە پیرۆ وەک ئینگلتەرە پێیان دەدرێ. ئەو وڵاتەی دەتوانێ ئەم نرخە بدات هەرگیز ماوەیەکی زۆر بەبێ ئەو بڕەی ئەم کانزایانە نابێ کە دەتوانێ بەدەستی بهێنێ، هەروەها هیچ وڵاتێک هەرگیز ماوەیەکی زۆر ناتوانێ ئەو بڕەی هەبێ کە ناتوانێ بەدەستی بێنێ.

کەواتە، ئەو سامان و داهاتەی وڵاتێک، کە ئێمە پێشبینیی دەکەین، لە هەر چییەکدا بێ، چ لە بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کارەکەیدا بێ، وەک بۆچوونی ڕەوان بۆی دەچێ، یان لە بڕی کانزا گرانبایەکانی تیایدا دەسووڕێن، وەک بۆچوونی پووچ بۆی دەچێ، لە هەردوو بینین بۆ بابەتەکە، هەموو دەستبڵاوێک وەک دوژمنی گشت دەردەکەوێ و، هەموو کەسێکی دەستگیراوە کەسێکی بەسوودە بۆ گشت.

کاریگەرییەکـــانی هەڵســـوکەوتی نەشـــیاو، زۆربەی جـــاران وەک کاریگەرییەکـــانی دەســـتبڵاوین. هەمـــوو پرۆژەیەکـــی نادانـــا و ســـەرنەکەوتوو لە کشـــتوکاڵ، کـــان، ماســـیگە، بازرگانی، یـــان پیشـــەوەری، بەهەمـــان شـــێوە دەبێتە مـــایەی کەمکردنەوەی ئەو پارانەی بۆ بژێویی کـــاری بەرهەمهـــێن تەرخـــان کـــراون. لە هەمـــوو پرۆژەیەکـــی لەو جـــۆرە، هەرچەنـــدە ســـەرمایەکە تەنیـــا لەلایەن دەســـتی بەرهەمهێـــنەوە بەکـــار دەبـــرێ، بەڵام لەبەر شـــێوەی نادانایانەی بەگەڕخستنیان تەواوی بەهای ئەوەی بەکاریـــان بـــردووە، بەرهەم نـــاهێنن، دەبێ بەردەوام هەندێ کورتهێنان هەبێ، کە ئەگەر وا نەبێ دەبنە پارەی بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە.

لەڕاســـتیدا، بەدەگـــمەن ڕووی داوە هەڵـــومەرجی نەتەوەیەکـــی مەزن، بەڕادەیەکـــی زۆر کەوتبێتە ژێر کاریگەریی دەستبڵاوی یـــان هەڵسوکەوتی نەگونجاوی تاکەکـــان، دەستبڵاوی یـــان ملهـــوڕیی هەنـــدێک بەردەوام زۆرتـــرن لەوەی لەلایەن دەســـتگیراوی و هەڵســـوکەوتی باشی ئەوانی تر قەرەبوو بکرێنەوە.

ســـەبارەت دەســـتبڵاوی، بنەمـــای داواکردنـــی خەرجـــی بـــریتییە لە حەزی خۆشـــیی هەنووکەیی، کە هەرچەندە هەندێ جار توندوتیژە و زۆر سەختە ڕێگریی لـێ بکرێ، بەڵام بەگشـــتی هەنـــووکەییە و جاربەجـــار هەیە. بەڵام بنەمـــای پـــاڵنەری دەســـتگرتنەوە ئـــارەزووی باشـــترکردنی دۆخـــی ئێمەیە، ئەم حەزە هەرچەنـــدە هـــێمن و لەســـەرخۆیە بەگشـــتی، بەڵام لە سکی دایکمـــانەوە لەگەڵمـــانە و تـــا ئەو کـــاتەی دەچینە نـــاو گـــۆڕەوە لێمـــان جیـــا نـــابێتەوە. لە تەواوی ماوەی جیاکەرەوەی نێوان ئەو دوو ساتەدا، بەدەگمەن تەنیا ساتێکیش دەدۆزیتەوە کە تیایـــدا هـــیچ کەســـێک بە تەواوی بە هەڵـــومەرجی خـــۆی قایل بـێ و حەزی لە جۆرێـــک لە جۆرەکـــانی گـــۆڕین یـــان پێشـــکەوتن نەبـێ. زیـــادکردنی ســـامان ئەو ئـــامرازەیە کە زۆرتـــرین خەڵـــک پێیـــان وایە و دەخـــوازن دۆخـــی خۆیـــانی پـێ باشـــتر بکەن. ئەو بـــاوترین و دیـــارترین ئامرازە و، ئەگەرداترین ڕێگە بۆ زیـــادکردنی ســـامانەکانیان دەســـتگرتنەوە و کەڵەکەکردنـــی بەشـــێکە لەوەی دەســـتیان دەکەوێ، بەشـــێوەیەکی ڕێکخـــراو و ســـاڵانە، یـــان لەڕێـــی هەنـــدێ هەلی نائاساییەوە. بۆیە، هەرچەنـــدە بنەمای خەرجی نزیکەی لای هەمـــوو کەســـێک جاروبـــار زاڵە و، لای هەنـــدێکیان نـــزیکەی بەردەوام زاڵە، بەڵام لای زۆرتـــرین بەشـــی خەڵـــک، بە وەرگرتنـــی تێکڕای تەواوی شـــێوازی ژیانیـــان، دەردەکەوێ کە بنەمـــای دەســـتگرتنەوە نەک تەنیا باڵادەستە، بەڵکو زۆر باڵادەستە.

ســـەبارەت هەڵســـوکەوتی نەگونجـــاویش، ژمـــارەی پـــرۆژە دانـــا و ســـەرکەوتووەکان لە هەموو شوێنێکدا زۆر زۆرترە لە ژمارەی پرۆژە نادانا و سەرنەکەوتووەکان. دوای هەمـــوو گازانـــدەکانمان لە زۆریـــی مایەپووچبوونەکـــان، ئەو پیـــاوە خەمبـــارانەی تووشـــی ئەم بەدبەختییـــە بـــوونە تەنیـــا بەشـــێکی زۆر کەمـــی ئەوانەن کە بازرگـــانی و هەمـــوو جـــۆرە ئیشـــەکانی تـــر دەکەن، لەوانەیە لە هەزارا یەک بـــن. مـــایەپووچی لەوانەیە گەورەتـــرین

کارەسات بێ کە بەسەر کەسێکی بێتاواندا بێ. بۆیە زۆرترین بەشی خەڵک وەک پێویست خۆیانی لێ دەپارێزن. لەڕاستیدا، هەندێکیان خۆی لێ لانادەن، وەک ئەوەی هەندێک خۆیان لە سێدارە ناپارێزن.

وڵاتە گەورەکان هەرگیز بەهۆی تاکەکانەوە هەژار نابن، هەرچەندە هەندێ جار بەهۆی دەستبڵاوی و هەڵسوکەوتی نابەجێی گشتییەوە هەژار دەبن. هەموو داهاتی گشتی، یان نزیکەی هەمووی، لەزۆربەی وڵاتاندا بۆ بژێویی دەستی بەرهەمنەهێن بەگەڕ دەخرێ. ئەوانە ئەو خەڵکەن کە گردبوونەوەی زۆر، دامەزراوەی کڵێسایی گەورە، گەلەکەشتی و سوپا پێک دێنن کە لە کاتی ئاشتیدا هیچ بەرهەمێکیان نییە و، لە کاتی شەڕدا هیچ پێشکەش ناکەن کە قەرەبووی خەرجیی ژیانجیهانن بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر شەڕ بەردەوامیش بێ. ئەو خەڵکە، کە خۆیان هیچ بەرهەم ناهێنن، هەموویان بە بەرهەمی خەڵکی تری کارگەر دەژین. بۆیە کە ژمارەیان بۆ ئاستێکی ناپێویست زیاد دەکرێ، لەوانەیە لە ساڵێکدا بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمە بەکار ببەن، بەڕادەیەک کە ئەوەندەی لێ نەمێنێتەوە بەشی بژێویی کارگەرانی بەرهەمهێن بکات، ئەوانەی لە ساڵی دواتردا دووبارە بەرهەمی دەهێننەوە. بەمەش بەرهەمی ساڵی دواتر کەمتر دەبێ لە بەرهەمی ساڵی پێش خۆی و، هەمان ئەو نارێکییە بەردەوام دەبێ و، بەرهەمی ساڵی سێیەم لەوەی دووەمیش کەمتر دەبێ. ئەو دەستە بەرهەمنەهێنانە، دەبێ بەشێوەیەکی بەشەکی بە داهاتی یەدەگی خەڵک بژێینرێن، لەوانەیە بەشێکی زۆری تەواوی داهاتیان بەکار ببەن و، بەوەش ژمارەیەکی زۆر ناچار دەبن دەست بۆ سەرمایەکانیان ببەن و، ئەو پارانە بەکار ببەن کە بۆ دابینکردنی کاری بەرهەمهێنن، بەشێوەیەک کە هەموو دەستگرتنەوە و هەڵسوکەوتی باشی تاکەکان نەتوانێ قەرەبووی زیانەکە و کەمبوونەوەی بەرهەم بەهۆی ئەو زێدەڕۆییە توند و زۆرەکییەوە رووی داوە، بکەنەوە.

بەڵام ئەم دەستگردنەوە و باش هەڵسوکەوت کردنە، زۆربەی جاران وەک ئەزموون دەری دەخا، بەشی قەرەبووکردنەوەی دەستبڵاوی و هەڵسوکەوتی نارێکی تاکەکان و زێدەڕۆیی گشتیی حکومەتیش دەکا. هەوڵی یەکڕەنگ و بەردەوام و دوور لە دەستێوەردانی هەر کەسێک بۆ باشترکردنی هەلومەرجی خۆی، بناخەی ئەو بنەمایەیە کە دەوڵەمەندیی گشتی و نیشتمان، هاوشێوەی دەوڵەمەندیی تایبەتی، سەرچاوەی لێوە گرتووە، زۆربەی جاران، سەرباری هەردوو زێدەڕۆیی حکومەت و گەورەترین هەڵەکانی کارگێڕی، ئەوەندە بەهێزە کە پێشڤەچوونی سروشتیی شتەکان بەرەو پێشکەوتن دەپارێزێ. هاوشێوەی بنەمای نەزانراوی ژیانی ئاژەڵ، زۆر جار سەرباری نەخۆشی و دەرمانی کرچوکاڵی پزیشک، تەندروستی و چالاکی بۆ لەش دەگەڕێتەوە.

بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری هەر گەلێک، بەهیچ زیاد نابێ بەزیادکردنی ژمارەی کارگەرانی بەرهەمهێن یان هێزە بەرهەمهێنەکانی ئەو کارگەرانە نەبێ، کە پێشتر کاریان پێ دەکرا. ئاشکرایە کە ژمارەی کارگەرانی بەرهەمهێن هەرگیز بەبێ زیادکردنی سەرمایە یان ئەو پارەیەی بۆ بژێوییان تەرخان کراوە، زۆر زیاد نابێ. هێزی بەرهەمهێنانی هەمان ژمارەی کارگەرانیش زیاد نابێ، مەگەر لە ئاکامی هەندێ زیادکردن و پێشخستنی ئەو ماکینە و ئامێرانەوە نەبێ کە کارەکەیان ئاسانتر و کورت دەکەنەوە، یان دەبنە هۆی دابەشکردنی گونجاوتری بەگەڕخستن. لە هەر یەکێک لەم دوو دۆخە، بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام سەرمایەیەکی زیاتر پێویست دەبێ. ئەوە تەنیا سەرمایەی زیاترە کە خاوەنی هەر کارێک دەتوانێ بەهۆیەوە ماکینەی باشتر بۆ کارگەرەکانی دابین بکات یان بەگەڕخستن بەشێوەیەکی گونجاوتر لەنێوانیاندا دابەش بکات. کاتێک ئەو ئیشەی کە دەبێ بکرێ، لە چەند بەشێک پێک هاتبێ، بەگەڕخستنی هەر کەسێک بۆ ئەنجامدانی بەردەوامی یەکێکیان پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆرتر دەبێ لەوەی یەک کەس هەر جارە و لە بەشێکی ئیشەکە کار بکات. بۆیە کە بەراوردی نێوان دۆخی گەلێک لە دوو ماوەی جیادا دەکەین و، بۆمان دەردەکەوێ کە، بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری ئەو گەلە لە ماوەی دووەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەوەی ماوەی یەکەم زیاترە، زەوییەکانی باشتر چێنراون، پیشەسازییەکانی زیادیان کردووە و گەشەیان کردووە و، بازرگانییەکەی فرەوانتر بووە، دەبێ لەوە دڵنیابین کە سەرمایەکەی لە ماوەی نێوان ئەو دوو ماوەیەدا زیادی کردووە و، لەڕێی هەڵسوکەوتی گونجاوەوە ئەوەی زیادکراوە بۆ ئەو سەرمایەیە زیاتر بووە لەوەی چ بەهۆی هەڵسوکەوتی نابەجێی تاکەکانەوە یان دەستبڵاویی حکومەتەوە لێی دەرکراوە. بەڵام، لە سەردەمانی ئارامی و ئاشتیدا، ئێمە ئەمە لای نزیکەی هەموو گەلاندا تێبینی دەکەین، تەنانەت ئەوانەشی کە حکومەتی دانا و دەستگیراوەیان نییە. لەڕاستیدا، بۆ ئەوەی بڕیاری دروستمان هەبێ، دەبێ بەراوردی دۆخی وڵاتەکە لە ماوەگەلی تا ڕادەیەک دوور لە یەکتر بکەین. پێشکەوتن زۆربەی جاران بەهۆی خاوییەوە لە ماوەگەلی نزیک لە یەکتر زۆر کەم دیارە، مەگەر لە شکستی هەندێ لقی پیشەسازی یان لە هەندێ بەشی وڵاتەکە نەبێ کە هەندێ جار دەقەومن، لە کاتێکدا کە وڵات بەگشتی لە گەشەیەکی زۆردا دەبێ، ئەم شکستانە گومانی ئەوە دروست دەکەن لەوەی سامان و پیشەسازیی وڵات ڕوویان لە پووکانەوە بێ.

بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری ئینگلتەرە، بۆ نموونە، بەدڵنیاییەوە زۆر زیاترە لەوەی کە، کەمێک زیاتر لە سەدەیەک لەمەوبەر، لە کاتی گەڕانەوەی چارلزی دووەمدا هەبوو. هەرچەندە من لەو بڕوایەدام کە ئێستا خەڵکێکی کەم گومان لەمە دەکەن، بەڵام لەم ماوەیەدا بەدەگمەن پێنج ساڵ تێپەڕیون بەبێ بڵاوبوونەوە و نووسینی کتێبێک یان

کتێبۆکەیەک بەو توانایانە بۆ بەدەستهێنانی هەندێ دەسەڵات بەسەر خەڵکدا و، پێشاندانی ئەوەی کە سامانی گەل خێرا دەپووکێتەوە، وڵات چۆڵ دەبێ، کشتوکاڵ پشتگوێ دەخرێ، پیشەسازی لەناو دەچێ و، بازرگانی نییە. هەموو ئەو بڵاوکراوانەش کتێبۆکەی لایەنێک نەبوون، خراپەکار و زادەی درۆ و گەندەڵی نەبوون. زۆربەیان لەلایەن خەڵکی دەستەبژێر و زۆر رۆشنبیرەوە نووسرابوون، کە تەنیا ئەوەیان دەنووسی کە بڕوایان پێی هەیە و، لەبەر هیچ هۆکارێک نەیاندەنووسی جگە لەوەی کە بڕوایان پێی هەبوو.

بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری ئینگلتەرە، دیسان، بە دڵنیاییەوە لە کاتی گەڕانەوەی پاشایەتی زیاتر بوو لەوەی کە ڕەنگە سەد ساڵ بەر لەوە، لە کاتی دانیشتنی ئیلیزابێت لەسەر تەختی پاشایەتی هەبوو. لەو ماوەیەشدا، جێی خۆیەتی بڕوا بکەین کە، وڵات زۆر زیاتر لە پێشکەوتندا بەرەو پێش چوو بوو زیاتر لەوەی سەد ساڵ پێش ئەوە هەبوو، کە بەرەو نزیکبوونەوەی ئەنجومەنەکانی یۆرک و لانکستەر دەچوون. لەوانەیە، تەنانەت لە دۆخێکی باشتر لەوەی کاتی داگیرکاریی نۆرماندیەکان و، لە کاتی داگیرکاریەکەی نۆرماندیەکان باشتر بوو لەوەی کاتی بشێوییەکانی شانشینی ئەنگلۆ-ساکسۆن. تەنانەت لەو سەردەمە زووەشدا، بێگومان وڵاتێکی زۆر پێشکەوتووتر بوو لەوەی سەردەمی هێرشەکانی یولیۆس سیزار، کاتێک دانیشتووانەکە نزیکەی هەمان دۆخی خەڵکە کێوییەکانی باکوری ئەمەریکایان هەبوو.

بەڵام لە هەر یەکێک لەو ماوانەدا، نەک تەنیا زیادەڕۆیی لە خەرجیی تایبەت و گشتی، چەندان شەڕی پڕ خەرجی و ناپێویست، خراپ بەکارهێنانی زۆری بەرهەمی ساڵانە، لە بەکارهێنانی بۆ پاراستنی دەستی بەرهەمهێنەوە بۆ پاراستنی دەستی بەرهەمنەهێن، بەڵکو هەندێ جار بشێویی ئاشووبی مەدەنی، ئەم لەدەستچوونە ڕەهایە و لەناوبردنی ماڵ، ئەوەندەی پێشبینی بکرێ، نەک تەنیا بووە ڕێگر، وەک بوو، لە کەڵەکەبوونی سروشتیی سامانەکان، بەڵکو لە کۆتای ماوەکەدا وڵاتی هەژارتر لە سەرەتاکەی کرد. بەم شێوەیە لە خۆشترین و بەختیارترین ماوەکاندا، کە لە سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەتییەوە تێپەڕیون، چەند بشێوی و بەدبەختی ڕوویان داوە، کە پێشنەکەوتن و بگرە دارمانی تەواوی وڵاتیان لێ چاوەڕوان دەکران؟ ئاگر و تاعوونەکەی لەندەن، دووشەڕەکەی هۆڵاندییان، بشێوییەکانی شۆڕش، شەڕی ئایرلاند، چوار شەڕە فڕانسەییە بەخەرجییەکانی ١٦٨٨، ١٧٠٢، ١٧٤٢ و، ١٧٥٦ لەگەڵ دوو یاخیبوونەکەی ١٧١٥ و ١٧٤٥ . لەماوەی چوار شەڕە فڕانسەییەکەدا، نەتەوەکە زیاتر لە ١٤٥ ملیۆن قەرزی کرد، کە زیاترن لەوەی هەموو خەرجییە ساڵانە نائاساییەکانی ئەم شەڕانە بوونە هۆیان، بەڕادەیەک کە هەمووی کەمتر نەبوو لە ٢٠٠ ملیۆن. بەشێکی وا گەورەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات، لە کاتی شۆڕشەکەوە، لە بۆنەی جیاجیادا بەگەڕ خران بۆ هێشتنەوەی ژمارەیەکی

لەڕادەبەدەری دەستی بەرهەمنەهێن. بەڵام ئەگەر شەڕ نەبووایەتە مایەی ئەم ڕێڕەوەی ئەو سەرمایە زۆرەی بۆ ئاراستە کرا، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی زۆرترین بەشی بۆ پاراستنی دەستی بەرهەمهێن بەگەڕ دەخرا، کە کارەکەیان، بەقازانجێکەوە تەواوی بەهای ئەوەی بەکاریان بردبوو، پڕ دەکردەوە. بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات، بەو سەرمایەیە ساڵانە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەبوو و، زیادەی هەموو ساڵێکیش هێشتا بەرهەمی ساڵی دوای خۆی زیاتر دەکرد. خانووی زیاتر دروست دەکران، زەویی زیاتر چاک دەکران و، ئەوەشی پێشتر چاک کرابوو باشتر دەچێنران، پیشەسازیی زیاتر دادەمەزران و، ئەوانەشی پێشتر دامەزرابوون فرەوانتر دەبوون و، سامان و داهاتی ڕاستەقینەی وڵات هەرچییەک بووبن، بەهاتنی ئەو کاتە، زیاتر دەبوون، بەشێوەیەک کە تەنانەت زۆر ئاسان نییە بیری لێ بکەینەوە.

هەرچەندە بێگومان خەرجیی زیادی حکومەت بووە ڕێگر لە پێشکەوتنی سروشتیی ئینگلتەرە بەرەو سامان و پێشکەوتن، بەڵام نەیتوانی ڕایان بگرێ. بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کارەکەی، ئێستا زۆر زۆرترە لەوەی سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەتی یان شۆڕش. لەبەر ئەوە، ئەو سەرمایەیەی ساڵانە بەگەڕ دەخرا لە چاندنی ئەم زەوییە و، پاراستنی ئەم کارە، دەبێ بەهەمان شێوە زۆر زیاتر بێ. لە گەرمەی هەموو دەستبەسەرداگرتنەکانی حکومەتدا، ئەم سەرمایەیە بە بێدەنگی و وردەوردە لەڕێی دەستگرتنەوەی تایبەت و هەڵسوکەوتی باشی تاکەکانەوە، لەڕێی هەوڵی گشتگیر، بەردەوام و، بێ بڕانەوە بۆ باشترکردنی دۆخی خۆیانەوە، کەڵەکە کرا. ئەوە ئەم هەوڵەیە، کە یاسا دەیپارێزێ و ئازادیی پیادەکردنی ڕێگەی پێ دەدات بە بەسوودترین شێوە پیادە بکرێ، کە پێشکەوتنی ئینگلتەرەی بەرەو دەوڵەمەندی و پێشکەوتن لە نزیکەی هەموو ئەو ماوانەی پێشوودا پاراست و، هیوا دەخوازرێ لە سەردەمانی داهاتووشدا ئەمە بکات. هەرچەندە ئینگلتەرە هەرگیز حکومەتێکی زۆر دەستگرتووی نەبووە، بۆیە دەستگرتنەوە هەرگیز سیفەتی جیاکەرەوەی دانیشتووانەکەی نەبوو. بۆیە، بێچاوەڕوویی بووە، ئەگەر پاشا یان وەزیرەکان، وای پیشان بدەن کە چاودێریی ئابووریی خەڵک دەکەن و، سنوور بۆ خەرجییەکانیان دادەنێن، چ بە یاساگەلی سنووردارکەر، یان بە ڕێگری لە هاوردەکردنی شتی خۆشگوزەرانیی بیانی. ئەوان خۆیان بەردەوام و، بەبێ هەڵاوێردکردن، دەستبڵاوترینی ناو کۆمەڵگە بوون. ئەگەر تەماشای خەرجییەکانی خۆیان بکەن، ئەوە دەتوانن متمانە بە خەڵک و خەرجییەکانیان بکەن. ئەگەر دەستبڵاویی ئەوان وڵات نەڕووخێنێ، ئەوەی گەلەکەیان هەرگیز وا ناکا.

کە دەستگرتنەوە سەرمایەی گشتی زیاد بکات و دەستبڵاوی کەمی بکاتەوە، ئەوە هەڵسوکەوتی ئەوانەی خەرجییەکانیان تەواو یەکسانن بە داهاتەکانیان، بەبێ کەڵەکەکردن

یان زێدەڕۆیی، نە سەرمایە زیاد دەکەن و نە کەمی دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شێوەی خەرجی لە هەندێکی تر زیاتر لە گەشەی دەوڵەمەندیی گشتیدا بەشدار دەبن.

داهاتی تاکێک، یان لەو شتانە خەرج دەکرێ کە ڕاستەوخۆ بەکار دەبرێن و، لەمەیاندا خەرجیی ڕۆژێک هەرگیز خەرجیی ڕۆژێکی تر سووک ناکا یان پشتگیریی لێ ناکا، یانیش لە شتی تەمەن درێژتردا خەرج دەکرێ کە دەشێ کەڵەکە بکرێ و بەمەش خەرجیی هەر ڕۆژێک بەپێی هەڵبژاردنی ئەو تاکە خەرجیی ڕۆژی دوای خۆی سووک دەکاتەوە یان پشتیوانیی لێ دەکا. پیاوێکی خاوەن سامان، بۆ نموونە، لەوانەیە داهاتەکەی لە مێزێکی تێر و پڕ و، ژیاندنی ژمارەیەکی زۆر خزمەتکاری ئاسایی و، ژمارەیەکی زۆر سەگ و ئەسپ خەرج بکات، یانیش خۆی قایل دەکا بە مێزێکی ئاسایی و ژمارەیەکی کەمی ئەوانەی لێی دەخۆن، ئەو دەتوانێ زۆرترین بەش لە جوانکاریی خانووەکەی یان ڤیللاکەی لادێی، لە باڵەخانەی بەسوود یان هی جوانکاری، لە کەلپەلی بەسوود یان جوانکاری، لە کۆکردنەوەی کتێب، پەیکەر، تابلۆ، یان لە شتی هیچتر، متومورووی، گەوهەر، شتی جوانکاریی جۆراوجۆر، یان، کە ئەمەیان بێهوودەترە، لە پڕکردنی دۆلابێکی گەورە بە جلوبەرگی جوان، وەک ئەو وەزیرە خۆشەویستەی میرێکی مەزن کە چەند ساڵێک پێش ئێستا مرد. ئەگەر دوو پیاوی خاوەن سامانی یەکسان، داهاتەکانیان خەرج بکەن، یەکێکیان بە شێوەکەی یەکەم و، ئەوەی تر بەشێوەکەی دووەم، گەشەدارایی ئەوەیان کە خەرجییەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کاڵای تەمەن درێژن، بەردەوام لە زیادبووندا دەبێ، خەرجیی هەموو ڕۆژێکی بەشدارییەک دەکا لە پشتیوانی و زیادکردنی خەرجیی ڕۆژی دواتر. خەرجیی ئەوەی تریان، بەپێچەوانەوە، لە کۆتایی ماوەکەدا لەوەی سەرەتاکەی زیاتر نابێ. هەروەها ئەوەی یەکەم، لە کۆتای ماوەکە، دەوڵەمەندترینی ئەو دوو کەسە دەبێ. ئەو ماڵێکی لەو کاڵا جۆراوجۆرانە دەبێ، کە هەرچەندە بایی تێچووەکەی خۆیان نەبن، بەردەوام بایی شتێکن. هیچ ئاسەوارێک یان پاشماوەیەک لە خەرجیی ئەمەی دواییان نامێنێ و، کاریگەری دە یان بیست ساڵ دەستبڵاوی بەتەواوی هیچ دەبێ وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبێ.

یەکێک لە شێوەکانی خەرجی بۆ خۆشگوزەرانیی کەسێک لەوەی تریان خۆشتر دەبێ، بۆ گەلێکیش هەر بەهەمان شێوە دەبێ. خانووەکان، کەلپەلەکانیان، پۆشاکی کەسی دەوڵەمەند، لە ماوەیەکی کەمدا، بۆ خەڵکی ئاستەکانی خوارەوە یان ناوەڕاست بەسوود دەبن. ئەوان دەتوانن بیانکڕن کاتێ کە خەڵکی سەرووی خۆیان لێیان وەڕس دەبن و، بەمەش کاتێ ئەم شێوەی خەرجکردنە لای دەوڵەمەندەکان دەبێتە نەریت، وردەوردە کەلپەلی خەڵکەکە بەگشتی ڕوو لەباشبوون دەکا. لەو وڵاتانەی کە دەمێکە دەوڵەمەند بوون، زۆربەی جاران دەبینی خانوو و کەلپەلی خەڵکی ئاستەکانی خوارەوە تەواو باشن، بەڵام

ئەو جۆرە خەڵکە نە ئەو خانووانەیان بنیات ناوە و نە ئەو کەلوپەلانەیان بۆ خۆیان دروست کردووە. ئەوەی جاران جێی کۆبوونەوەی بنەماڵەی سیمۆر بوو، ئێستا بووەتە مەیخانەیەک لەسەر ڕێگەی بات. ئەو سیسەمەی جەیمسی یەکەمی بریتانیای مەزن ژنی لەسەر هێنا، کە شاژنەکەی لە دانمارکەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی وەک دیاریی سەروەرێک بۆ سەروەرێک، چەند ساڵێک پێش ئێستا بووبووە کەرەستەی جوانکاری لە مەیخانەیەک لە دەنفەرملاین. لە هەندێ شاری دێریندا کە یان ماوەیەکی زۆر چەقبەستوو بوونە، یان تا ڕادەیەک ڕوویان لە پاشەکشە کردووە، بەدەگمەن خانوویەک دەبینی کە لە بنەڕەتدا بۆ دانیشتووانی ئێستا دروست کرابێ. ئەگەر بچیتە ناو ئەو خانووانەش، زۆربەی جاران زۆر پارچە کەلوپەلی نایاب دەبینی، کە سەرباری ئەوەی کۆن بوونە هێشتا شیاوی بەکارهێنانن و دەستکارییەکی وا نەکراون. کۆشکی خانەدانان، ڤیللا سەرسوڕهێنەکان، کۆمەڵەی زۆری کتێب، پەیکەر، تابلۆ و شتی سەرسامکەری تر زۆربەی جاران مایەی جوانی و ڕێزن، نەک تەنیا بۆ ناوچەکەی خۆیان بەڵکو بۆ تەواوی وڵاتەکەیان. ڤێرسای جوانکاری و شانازییەکە بۆ فرانسە، ستۆو و ویڵتن هەمان شتن بۆ ئینگلتەرە. ئیتالیا هێشتا بە بەردەوامی پێشەنگە بەهۆی ژمارەی مۆنومێنتەکانی لەم جۆرەی، هەرچەندە ئەو سامانەی ئەوانی بەرهەم هێنا پووکاوەتەوە و، هەرچەندە ئەو بلیمەتییەی نەخشەیانی کێشا لەوە دەچێ بەهۆی نەمانی ئەو بەگەڕخستنەوە دارمابێ.

ئەو خەرجییەشی کە بۆ کەلوپەلی تەمەن درێژ دەچێ، گونجاوە، نەک تەنیا بۆ کەڵەکەکردن بگرە بۆ دەستگرتنەوەش. ئەگەر کەسێک لە هەر کاتێکدا فرەوانی کرد، ئەوە دەتوانێ بە ئاسانی ڕاستی بکاتەوە بەبێ ئەوەی بکەوێتە بەر لۆمەی خەڵکەوە. کەمکردنەوەی زۆری ژمارەی خزمەتکارانی، ڕێکخستنەوەی سەر مێزەکەی لە زێدەڕۆییەوە بۆ دەستگرتنەوە، کەمکردنەوەی ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی زۆریانی کردبوو، هەموو ئەمانە گۆڕانکاریگەلێکن ناکرێ دراوسێکانی هەستیان پێ نەکەن و، دەبنە جۆرێک لە دانانان بە هەڵسوکەوتی گەوجانەی پێشتر. بۆیە کەم لەوانەی کاتێک ئەوەندە بەدبەخت بوونە و زۆر ڕۆ چوونە لەو جۆرە خەرجییانەدا، دواتر ئازایەتیی ئەوەیان هەبووە کە چاکسازییان تێدا بکەن مەگەر دارمان و مایەپووچبوون ناچاریانی کردبێ. بەڵام ئەگەر کەسێک لە هەر کاتێکدا خەرجییەکی زۆر لە بنیاتنانی باڵەخانەیەکدا کردبێ، یان لە کڕینی کەلوپەل، کتێب، یان تابلۆ، گۆڕینی ئەو شێوازی هەڵسوکەوتە نابێتە ئاماژە بۆ ملهوڕیی پێش ئەو گۆڕانکارییە. ئەمانە شتگەلێکن کە زۆربەی جار خەرجیی پێشوو تیایاندا وا دەکا خەرجیی نوێ پێویست نەبێ و، ئەگەر مرۆڤیش ڕایانگرێ، وا دەردەکەوێ کە لەبەر ئەوەی حەزەکەی تێر کردووە وەستاوە، نەک لەبەر کورتهێنانی سامانەکەی.

هەروەها، خەرجیی دابینکردنی کاڵای تەمەن درێژ، بەگشتی دەبێتە هۆکاری بژێوی بۆ ژمارەیەکی زۆرتری خەڵک، زۆرتر لەوانەی بۆ زێدەڕۆیی لە خواردەیی بەگەڕ خراون. لە ۲۰۰ یان ۳۰۰ کێش ئازووخە، کە هەندێ جار لە ئاهەنگێکی گەورەدا خەرج دەکرێن، ڕەنگە نیوەی فڕێ بدرێتە زبڵدانەوە و، بەردەوام بڕێکی زۆری خەسار دەبێ. بەڵام ئەگەر خەرجیی ئەو ئاهەنگە بۆ بەگەڕخستنی وەستای بیناسازی، دارتاش، هەلاج، میکانیک، هتد، خەرج بکرێ، بڕێکی یەکسان لە ئازووخە بەسەر ژمارەیەکی زۆرتر خەڵکدا دابەش دەکرێ، کە بە پێنس دەیکڕن و بە پاوەن دەیکێشن و، تەنانەت یەک ئۆنسیشی لێ خەسار ناکەن و فڕێی نادەن. لەپاڵ ئەوەشدا، بەشێوازێک ئەو خەرجییە دەبێتە مایەی ژیانی دەستی بەرهەمهێن و لەوەی تردا بۆ دەستی بەرهەمنەهێن دەبێ. بەوەش، بە یەکێکیان بەهای شیاوی ئاڵوگۆڕی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات زیاد دەبێ و بەوەی تریان زیاد نابێ.

بەڵام نابێ بە هەموو ئەمانە وا لە من تێ بگەن کە مەبەستم ئەوەیە جۆرێک لە خەرجی بەردەوام ئاماژەیە بۆ گیانێکی کراوەتر یان جوامێرانەتر لەوەی تریان. کاتێک کە پیاوێکی دەوڵەمەند داهاتی خۆی بەشێوەیەکی سەرەکی لە میوانداری خەرج دەکا، لە بەشی زۆری ئەو داهاتە هاوبەشیی هاوڕێ و برادەرانی دەکا، بەڵام کاتێ بۆ کڕینی کەلوپەلی تەمەن درێژی تەرخان دەکا، زۆربەی جاران هەمووی بۆ خۆی خەرج دەکا و بەبێ بەرامبەر هیچ بە کەس نادا. بۆیە، ئەم جۆرەی دوایی خەرجی، بەتایبەتی کە ئاراستەی بابەتی پڕوپووچ دەکرێ، جوانکاریی وردی جلوبەرگ و کەلپەل، گەوهەر، خشڵ، زۆربەی جاران نەک تەنیا ئاماژەیە بۆ بێهوودەیی بەڵکو بۆ هەڵسوکەوتی نزم و خۆپەرستانە. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە، جۆرێک لە خەرجکردن کە بەردەوام دەبێتە مایەی جۆرێک لە کەڵەکەبوونی کاڵای بەهادار، پەسەندترە بۆ دەستگرتنەوەی تایبەت و لە ئاکامدا سەرمایەی گشتی زیاد دەکا و، لەبەر ئەوەی بژێویی دەستی بەرهەمهێن زیاتر لەوەی بەرهەمنەهێن دابین دەکات، زیاتر لە جۆرەکەی تر دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانیی گشتی.

بەشی چوارەم

ئەوماڵەی بە سوود بەقەرز دەدرێ

ئەو ماڵەی بە سوود بەقەرز دەدرێ، بەردەوام لەلایەن قەرزدەرەوە وەک سەرمایەیەک دێتە ژماردن. ئەو چاوەڕوانە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بۆی بگەڕێتەوە و، لە هەمان ئەو ماوەیەشدا ئەو کەسەی قەرزی لێی کردووە کرێیەکی ساڵانەی دیاریکراوی پێ بدات لە بەرامبەر بەکارهێنانی ئەو ماڵەدا. کەسی قەرزکەریش لەوانەیە ماڵەکە وەک سەرمایە بەکار بهێنێ یان وەک ماڵێکی گلدراوە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ. ئەگەر وەک سەرمایە بەکاری بێنێ، ئەوە بۆ ژیاندنی کارگەرانی بەرهەمهێن، کە بەهاکە لەگەڵ قازانجێک بەرهەم دێنن، بەگەڕی دەخا. بەم شێوەیە ئەو دەتوانێ، سەرمایەکە بەدەست بێنێتەوە و سوودەکەش بدات بەبێ ئەوەی پەنا بباتە بەر هیچ سەرچاوەیەکی تری داهات. ئەگەر وەک ماڵێکی گلدراوە بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ بەکاری بێنێ، ئەوە وەک کەسێکی گەوج هەڵسوکەوت دەکا و ئەوەی بڕیار بوو بۆ پشتیوانیی بەرهەمهێنان بێ، لە ژیاندی تەمبەڵەکاندا بەفیڕۆی دەدا. ئەو بەم شێوەیە، نە دەتوانێ سەرمایەکە بەدەست بێنێتەوە و نە سوودەکەی بدا، مەگەر پەنا بباتە بەر دەستدرێژکردن بۆ سەرچاوەی تری داهات، وەک موڵک یان موڵکانەی زەوی.

گومانی تێدا نییە کە ئەو ماڵەی بە سوود دەدرێ، هەندێ جار بە هەردوو شێوازەکە بەکار دێ، بەڵام زۆرەکەی بە شێوەکەی یەکەم و کەمەکەی بەشێوەکەی دووەم. ئەو کەسەی قەرز بۆ ئەوە دەکا کە خەرجی بکات هەر زوو دەڕووخێ و، بەگشتی ئەوەی قەرزیشی پێ داوە لەو گەمژەییە پەشیمان دەبێتەوە. کەواتە قەرزکردن یان قەرزدان بۆ ئەو جۆرە مەبەستە، لە هەموو دۆخێکدا، جگە لە سووخۆریی زۆر، دژ بە بەرژەوەندی هەردوو لایە و، هەرچەندە هەندێ جار خەڵک هەردووکیان دەکەن، بەڵام لەو ڕووەوە کە هەموو کەسێک بەرژەوەندی خۆی دەوێ، دەبێ لەوە دڵنیا بین کە بەو زۆرییە نیە کە هەندێ جار وای دەبینین. لە هەر دەوڵەمەندێکی ئاگەدار لەو دوو جۆرە خەڵکە بپرسی، بەشی زۆرتری ماڵی خۆی بەکێ بە قەرز دەدا، بەوانەی پێی وایە بەشێوەیەکی قازانجدار بەگەڕی دەخەن، یان بەوانەی پێی وایە بۆ ئەوەیانە بە تەمبەڵی خەرجی بکەن، پێکەنینی بە پرسیارەکەت دێ. بۆیە زۆربەی ئەوانەشی کە قەرز دەکەن، ئەگەرچی بەناوبانگترین خەڵکی دەستگیراوەی جیهان نین، بەڵام ژمارەی دەستگیراوە و پیشەسازەکان لە ناویاندا زۆر زۆرترە لە دەستبڵاو و تەمبەڵەکانیان.

تەنیا خەڵکێک کە بەگشتی قەرزیان پێ دەدرێ، بەبێ ئەوەی چاوەڕوان بکرێ بەشێوەیەکی قازانجدار بەکاری بهێنن، ڕێزدار و خانەدانەکانن کە بەرامبەر بە بارمتە قەرز دەکەن. تەنانەت ئەگەر بە دەگمەن تەنیا بۆ خەرجکردنیش قەرز بکەن. دەتوانین بڵێین، ئەوەی قەرزی دەکەن پێش ئەوەی قەرزی بکەن خەرجیان کردووە. ئەوان بەگشتی بڕێکی زۆر کاڵایان بەکار بردووە، کە بەقەرز لەلایەن دوکاندار و بازرگانانەوە پێیان دراوە، بۆیە بۆ دانەوەی ئەو قەرزانە ناچار بوونە بە سوودەوە قەرزی تر بکەن. ئەو سەرمایەیەی بەقەرز وەردەگیرێ ئەو سەرمایەیە پڕ دەکاتەوە کە ئەو دوکاندار و بازرگانانە داویانە و ڕێزدارەکان نەیانتوانیوە بە کرێی موڵکەکانیان پڕی بکەنەوە. ئەوە قەرز ناکرێ بۆ ئەوەی خەرج بکرێ بەڵکو بۆ قەرەبووی سەرمایەیەکە کە خەرج کراوە.

نزیکەی هەموو ئەو قەرزانەی بە سوودن بەپارە دەدرێن، یان بە کاغەز، یان بە زێڕ و زیو. بەڵام ئەوەی قەرزکەر بەڕاستی دەیەوێ و، ئەوەی قەرزدەر بەڕاستی پێی دەدا، پارە نییە، بەڵکو بەهای پارەکەیە، یان ئەو کاڵایانەن کە ئەو پارەیە دەتوانێ بیانکڕێ. ئەگەر ئەو وەک ماڵێک بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ بیەوێ، ئەوە تەنیا ئەو کاڵایانەن کە ئەو دەتوانێ لەو ماڵەدا دایاننێ. ئەگەر وەک سەرمایەیەک بۆ بەگەڕخستنی پیشەسازییەک بیەوێ، ئەو لەو کاڵایانە دەبێ کە بەهۆیانەوە ئامراز و کەرەستە و بژێویی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئیشەکە دەبێ. قەرزدەرەکە بەهۆی قەرزەکەوە، کە وایە، مافی خۆی وەک بەشێک لە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات دیاری دەکات کە بەگوێرەی حەزی قەرزارەکە بەگەڕ دەخرێ.

کەواتە، ئەو بڕە ماڵەی، یان وەک بەگشتی دەربڕینی لێ دەکرێ، ئەو بڕە پارەیەی دەکرێ لە هەر وڵاتێکدا بە سوود بەقەرز بدرێ، لەڕێی بەهای پارەکەوە ڕێک ناخرێ، چ کاغەز بێ یان دراوی کانزایی، کە ئامرازی قەرزە جۆراوجۆرەکانە لە وڵاتەکەدا، بەڵکو لەڕێی بەهای ئەو بەشەی بەرهەمی ساڵانەوە، هەر کە لە زەوییەوە یان لە دەستی کارگەرانی بەرهەمهێنەوە دێ، نەک تەنیا بۆ جێگرتنەوەی سەرمایەیەک، بەڵکو سەرمایەیەک کە خاوەنەکەی خۆی بە بەگەڕخستنیەوە سەرقاڵ ناکا. ئەو جۆرە سەرمایانە بەگشتی بە پارە دەدرێن و وەردەگیرێنەوە، سوودی پارەدار دەبێ. ئەم سوودە نەک تەنیا جیایە لە سوودی خاوەن زەوی، بەڵکو لە سوودی بازرگانی و پیشەسازیش جیایە، چونکە لەمانەی دواییدا خاوەن سەرمایەکان خۆیان سەرمایەکەیان بەگەڕ دەخەن. تەنانەت سوودی پارەدارانیش، لەگەڵ ئەوەی بە پارەیە، وەک بووە، بەڵام ئەوە کردەوەی دەستبەرداربوونەکەیە کە ئەو سەرمایەیە خاوەنەکەی خۆی بە بەگەڕخستنیەوە ماندوو ناکا، لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر دەگوازرێتەوە. لەوانەیە ئەو سەرمایانە لە نزیکەی هەموو ڕێژەیەکدا زۆرتر بن لەو پارەیەی کە ئامرازە بۆ گواستنەوەیان. هەمان ئەو پارچە

پارانە جار لەدوای جار بۆ چەندین قەرزی جۆراوجۆر بەکار دێن، هەر وەک چۆن بۆ چەندین کڕینی جۆراوجۆر بەکار دێن. بۆ نموونە (ئە) هەزار پاوەن بە قەرز بە (و) دەدات و، (و) ڕاستەوخۆ بایی هەزار پاوەن کالای لە (ب) پێ دەکڕێ. (ب) کە خۆی بواری گەیشتن بەو پارەیەی نییە، پارچەی هاوشێوە بەقەرز بە (خ) دەدات و، (خ)یش یەکسەر بایی هەزار پاوەنی تر کالا لە (ج) دەکڕێ. (ج) بەهەمان شێوە و لەبەر هەمان هۆ بەقەرز بە (ی)ی دەدا، ئەویش دیسان کالای لە (د) پێ دەکڕێ. بەم شێوەیە هەمان ئەو پارچانە، چ دراوی کانزایی یان کاغەز بن، لەوانەیە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا، ببنە ئامرازی سێ قەرزی جۆراوجۆر و سێ کڕینی جۆراوجۆر، کە بەهای هەر یەکێکیان یەکسانە بە بەهای تەواوی ئەو پارچانە. ئەوەی سێ پیاوی پارەدار (ئە، ب، ج) بە سێ قەرزاری (و، خ، ی)ی دەدەن هێزێکە ئەمانە شتی پێ دەکڕن. ئەم هێزە پێک دێ لە هەردوو بەها و بەکارهێنانی قەرزەکان. ئەو ماڵە لەلایەن سێ پارەدارەکەوە بەقەرز درا یەکسانە بە بەهای ئەو کالایانەی دەتوانێ بیکڕێ و، سێ ئەوەندەی ئەوەی ئەو پارەیەیە کە کڕینەکانی پێ ئەنجام دراوە. ئەگەر ئەو قەرزانە تەواو بەباشی پارێزران و، ئەو کالایانەی قەرزارە جیاجیاکان کڕییان بە شێوەیەک بەگەڕ بخرێن، کاتێک کە وادەی دانەوەیان هات، بەقازانجەوە بەهایەکی یەکسان لە دراوی کانزا یان کاغەز دەدەنەوە. کاتێک کە هەمان پارچەکانی پارە دەبنە ئامرازی قەرزی جۆراوجۆر بۆ سێ کەس، یان لەبەر هەمان هۆکار بە سێ ئەوەندەی بەهای خۆیان، بەهەمان شێوە جار لەدوای جار دەبنە ئامرازی قەرزدانەوە.

سەرمایەیەک کە بە سوود بەقەرز دەدرێ، بەم شێوەیە، دەشێ بە گواستنەوەی بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی ساڵانە لە قەرزدەرەوە بۆ قەرزوەرگر لەقەڵەم بدرێ، بەو مەرجەی کە قەرزوەرگر لە بەرامبەردا، لە ماوەی بەردەوامیی قەرزەکەدا، ساڵانە بەشێکی بچووکتر هەواڵەی قەرزدەرەکە بکات، کە پێی دەگوترێ سوود و، لە کۆتایی ماوەکەدا بەشێکی تری هەواڵە بکات کە لە زۆریدا یەکسانە بەوەی لە بنەڕەتدا گواسترایەوە لای، ئەمە پێی دەگوترێ قەرزدانەوە. هەرچەندە بەگشتی پارە، کاغەز بێ یان کانزا، ئامرازی گواستنەوەکەیە لە هەردوو بەشە بچووک و گەورەکەدا، بەلام پارەکە خۆی زۆر جیاوازە لەوەی بەهۆی ئەوەوە دەگوازرێتەوە.

لە هەر ولاتێکدا، هاوڕێژە لەگەڵ زیادبوونی ئەو بەشەی بەرهەمی ساڵانە کە، هەر بە هاتنی لە زەوییەوە یان لە دەستی کارگەرانی بەرهەمهێنەوە بۆ جێگرتنەوەی سەرمایە تەرخان دەکرێ، ئەوەی کە پێی دەگوترێ سوودی پارەدار بەشێوەیەکی سروشتی زیاد دەکا. زیادبوونی ئەو سەرمایانە کە خاوەنەکانیان ئارەزوو دەکەن داهاتیان لێیانەوە دەست بکەوێ، بەبێ ئەوەی خۆیان بە بەگەڕخستنیانەوە ماندوو بکەن، بەشێوەیەکی سروشتی

هاوشانی زیادبوونی گشتیی سەرمایەکان دەبێ، یان بە دەربڕینێکی تر، کە ماڵ زیاتر بوو، بڕی ئەو ماڵەی بە سوود بەقەرز دەدرێ زیاتر و زیاتر دەبێ.

لەگەڵ زیادبوونی ئەو ماڵەی بە سوود بەقەرز دەدرێ، سوودەکە، یان ئەو نرخەی لە بەرامبەر بەکارهێنانی ئەو ماڵە دەدرێ، کەم دەبێ، لەبەر هۆکارە گشتییەکانی نرخی بازاڕی شتەکان لەگەڵ زیادبوونی بڕەکانیاندا کەم ناکەنەوە، بەڵکو لەبەر هۆکاری تری تایبەت بەم بابەتە وا دەکەن. لە هەر وڵاتێکدا کە سەرمایەکان زیاد دەبن، ئەو قازانجانەی لە بەگەڕخستنیان دەست دەکەون کەم دەبنەوە. وردەوردە سەختتر دەبێ ئامرازێکی قازانجبەخش لەو وڵاتەدا بدۆزیتەوە بۆ بەگەڕخستنی هیچ سەرمایەیەکی نوێ. لەوێ، وەک ئاکامێک، کێبەرکێ لەنێوان سەرمایە جۆراوجۆرەکان دروست دەبێ، خاوەنی سەرمایەیەک هەوڵ دەدات دەستی بەو بەگەڕخستنە بگا کە یەکێکی تر دەستی بەسەردا گرتووە. بەڵام لە زۆربەی جارەکاندا ئەو ئاواتەخوازە ئەوەی تر تەنگاو بکات و پاڵی بنێتە دەرەوەی ئەو بەگەڕخستنە، تەنیا لەڕێی مامەڵەکردن بە مەرجی سووکترەوە. ئەو نابێ تەنیا ئەوەی مامەڵەی پێوە دەکا بە هەرزانتر بفرۆشێ، بەڵکو بۆ ئەوەی بیفرۆشێ، دەبێ هەندێ جار بە گرانتر بیکڕێ. خواست لەسەر کاری بەرهەمهێن، بە زیادبوونی ئەو پارانەی بۆ ڕاگرتنی ئەو کارە تەرخان کراون، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێ. کارگەران بە ئاسانی ئیشیان دەست دەکەوێ، بەڵام خاوەنی سەرمایەکان بە زەحمەت کارگەریان دەست دەکەوێ بۆ ئەوەی بەگەڕیان بخەن. کێبەرکێی ئەوان هەقدەست زیاد دەکا و قازانجی ماڵ کەم دەکاتەوە. بەڵام کە ئەو قازانجەی بە بەکارهێنانی سەرمایە بەم شێوازە کەم دەبێتەوە، کە وایە، لە هەردوو سەردا، ئەو نرخەی کە دەکرێ بە بەکارهێنانی سەرمایەکە بدرێ، کە بریتییە لە ڕێژەی سوود، دەبێ لەگەڵ ئەواندا کەم ببێتەوە.

بەڕێز لۆک، بەڕێز لۆو و، بەڕێز مۆنتیسک، هەروەها چەندان نووسەری تر، لەوە دەچێ وایان مەزەندە کردبێ کە زیادبوونی بڕی زێڕ و زیو، لە ئاکامی دۆزینەوەی هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیایی، هۆکاری ڕاستەقینەی نزمبوونەوەی ڕێژەی سوود بێ لە زۆربەی بەشەکانی ئەورووپا. ئەوان دەڵێن، ئەو کانزایانە لەبەر ئەوەی بەهای خۆیان کەم بووەوە، ئەوە پێویستە بەهای بەکارهێنانی هەر بەشێکی دیاریکراویشیان کەم ببێتەوە و، لە ئاکامدا ئەو نرخەشی پێیان دەدرێ کەم دەبێتەوە. ئەم بیرۆکەیە، کە لە یەکەم ساتدا ڕاست دێتە بەر چاو، تا ئەو ڕادەیەی بەڕێز هوم پێی وایە ئەوەندە تەواوە پێویست ناکا هیچی تری لەسەر بگوترێ. بەڵام ئەم بەڵگە کورت و ڕوونەی دادێ، ڕەنگە بەشێوەیەکی زۆر یەکلاکەرەوەتر هەڵەی ئەم بۆچوونە پێشان بدات کە لەوە دەچێ ئەو بەڕێزانەی بەلاڕێدا بردبێ.

پێش دۆزینەوەی هێندی ڕۆژئاوای ئیسپانیایی، لەسەدا دە ڕێژەی ئاسایی سوود بوو لە زۆربەی بەشەکانی ئەورووپادا. لەو کاتەوە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بۆ شەش، پێنج، چوار و، سێ لەسەد دابەزیوە. با وای دابنێین کە لە هەر وڵاتێکی دیاریکراودا بەهای زیو تەواو بەقەد دابەزینی ڕێژەی سوود دابەزیوە و، لەو وڵاتانەدا، بۆ نموونە، کە سوود لە دەوە بۆ پێنج لەسەد دابەزیوە ئێستا هەمان بڕە زیو نیوەی ئەو کاڵایانە دەکڕێ کە پێشتر دەیکڕی. من بڕوام وایە کە ئەم گریمانەیە، لە هیچ شوێنێکدا لەگەڵ ڕاستیدا یەک ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا گونجاوترینە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دەمانەوێ تاوتوێی بکەین، هەروەها بەپێی ئەم گریمانەیەش تەواو مەحاڵە کە دابەزینی بەهای زیو بتوانێ کەمترین کاریگەریی لەسەر دابەزاندنی ڕێژەی سوود هەبێ. ئەگەر ئێستا لەو وڵاتانەدا سەد پاوەن زیاتر لە بەهای پەنجا پاوەنی جارانیان نەبێ، ئەوە دەبێ ئێستا دە پاوەن زیاتر لە بەهای پێنج پاوەنی جارانی نەبێ. ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی دابەزینی بەهای سەرمایە هەرچییەک بن، دەبێ هەمان ئەو هۆکارانە بەهای سوودەکەشیان کەم کردبێتەوە و، بەهەمان ڕێژەش. بەڵام دەبێ سەرباری گۆڕان لە ڕێژەکەدا، ڕێژەی نێوان سەرمایە و سوود هەر وەک خۆی بمێنێتەوە. بەپێچەوانەشەوە، بەگۆڕانی ڕێژەکە، ڕێژەی نێوان ئەم دوو بەهایە گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێ. ئەگەر ئێستا سەد پاوەن بەهای زیاتر لە پەنجا پاوەنی نەبێ، ئەوە پێنج پاوەن بەهای زیاتر لە دوو پاوەن و دە شیلنی ئەوسای نابێ. کەواتە بە کەمکردنەوەی ڕێژەی سوود لە دەوە بۆ پێنج لەسەد، کە بەرامبەر بەکارهێنانی سەرمایەکەی دەدەین، کە نیوەی بەهاکەی جارانیەتی، سوودەکە بەرامبەر بە چارەکێکی بەهای سوودەکەی جاران دەبێ.

هەر زیادبوونێکی بڕی زیو، لە کاتێکدا بڕی ئەو کاڵایانەی بەو زیوە دەسووڕێن وەک خۆی بمێنێتەوە، هیچ کاریگەرییەکی نابێ جگە لە کەمکردنەوەی بەهای ئەو کانزایە. بەهای هێمایی هەموو جۆرە کاڵاکان زۆرتر دەبێ، بەڵام بەهای ڕاستەقینەیان دەقاودەق وەک جاران دەمێنێتەوە. ئەو کاڵایانە بە ژمارەیەکی زیاتر پارچە زیو دەگۆڕرێنەوە، بەڵام بڕی ئەو کارەی بەدەستی دەخەن، ژمارەی ئەو خەڵکەی دەتوانن بیانژێنن و بەگەڕیان بخەن، تەواو وەک خۆیان دەمێننەوە. سەرمایەی وڵاتیش وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ڕەنگە بڕێکی زیاتر پارچە زیو پێویست بن بۆ گواستنەوەی خاوەندارێی بەشێکی یەکسان لەو سەرمایەیە لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر. پرۆسەی گواستنەوەکە ئاڵۆز دەبێ، بەڵام ئەو شتەی دەگوازرێتەوە تەواو ئەوەیە کە پێشتر دەگوازرایەوە و، هەمان کاریگەرییەکانی جارانی دەبێ. لەبەر ئەوەشی ئەو پارانەی بۆ بژێویی کاری بەرهەمهێن وەک خۆیانن، خواستیش لەسەریان وەک خۆی دەمێنێتەوە. کەواتە، نرخەکەی یان هەقدەستەکان، ئەگەر چی لەڕووی هێماییەوە بەرزترن، بەڵام لەڕاستیدا هەمان ئەوەی جارانن. بە ژمارەیەکی

زیاتر پارچە زیو دەدرێن، بەڵام تەنیا هەمان بڕی جارانی کاڵا دەکڕن. قازانجەکانی ماڵ لە هەردوو ڕووی هێمایی و ڕاستەقینەوە وەکو خۆیان دەمێننەوە. هەقدەستی کار بەگشتی بەو بڕی زیوە دەپێورێ کە بە کارگەر دەدرێ. بۆیە کە ئەو بڕە زیادی کرد، وا دێتە بەر چاو کە هەقدەستەکە زیادی کردووە، هەندێ جاریش هیچی لە جاران زیاتر نییە. بەڵام قازانجی ماڵ بە ژمارەی ئەو پارچە زیوانە ناپێورێ کە دەدرێن، بەڵکو بە ڕێژەی ئەو پارچانە بۆ تەواوی سەرمایەی بەگەڕخراو دەپێورێ. بەم شێوەیە کە دەڵێن لە وڵاتێکی دیاریکراودا هەقدەستی ئاسایی هەفتانەی کارگەر پێنج شیلینە و، قازانجی ئاسایی ماڵ لەسەدا دەیە. ئەگەر تەواوی سەرمایەی وڵاتەکە وەکو جاران بێ، کێبەرکێی نێوان سەرمایە جۆراوجۆرەکانی تاکەکانی کە بەسەریاندا دابەش بوو، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەوان هەموویان بازرگانی بەهەمان سوود و زیانەوە دەکەن. بۆیە، ڕێژەی ئاسایی نێوان سەرمایە و قازانج وەک خۆی دەمێنێتەوە و، لە ئاکامدا سوودی ئاسایی پارە، ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی لەبری بەکارهێنانی پارە دەدرێ دەبێ بەگشتی لەڕێی ئەوەوە کە دەشێ لە بەکارهێنانەکە دەست بکەوێ، ڕێک دەخرێ.

هەر زیادەیەک لە بڕی ئەو کاڵایانەی ساڵانە لە وڵاتدا دەسووڕێن، لە کاتێکدا کە ئەو پارەیەی دەیانسووڕێنێ وەک خۆی مابێتەوە، بەپێچەوانەوە، دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی چەندان کاریگەریی گرنگ، سەرباری بەرزکردنەوەی بەهای پارەکە. سەرمایەی وڵاتەکە، ئەگەرچی لەوانەیە لەڕووی هێماییەوە وەکو خۆی مابێتەوە، لەڕاستیدا زیادی کردووە. لەوانەیە دەربڕین لێی بە هەمان بڕ پارە بەردەوام بێ، بەڵام بڕێکی زیاتر کار دەستەبەر دەکا. بڕی ئەو کارە بەرهەمهێنەی دەتوانێ بیژیێنێ و بەگەڕی بخا زیاتر دەبێ و، لە ئاکامدا خواست لەسەر ئەو کارە زیاد دەکا. هەقدەستی کاریش بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ زیادبوونی خواست زیاد دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا دێتە بەر چاو کە کەم بووەتەوە. لەوانەیە هەقدەست بە بڕێکی کەمتری پارە بدرێ، بەڵام ئەو بڕە کەمترە دەتوانێ بڕێکی زیاتر کاڵا بکڕێ، زیاتر لەوەی لە پێشوودا بڕێکی زیاتر دەیکڕی. قازانجی ماڵ بەڕاستی و بەدیمەن کەم دەبێتەوە. تەواوی سەرمایەی وڵات زیاد دەبێ و، کێبەرکێی نێوان سەرمایە جۆراوجۆرەکانی پێکی دێنن، بەشێوەیەکی سروشتی شانبەشانی ئەو زیاد دەبن. خاوەنانی ئەو سەرمایانە ناچار دەبن بە بەشێکی کەمتری بەرهەمی ئەو کارەی سەرمایەکانیان بەگەڕیان خستووە قایل بن. سوودی پارە، کە بەردەوام شانبەشانی قازانجی ماڵ ڕێ دەکا، لەوانەیە بەم شێوەیە زۆر کەم ببێتەوە، هەرچەندە بەهای پارە، یان بڕی ئەو کاڵایانەی هەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەتوانێ بیانکڕێ، زۆر زیاد دەبێ.

لە هەندێ وڵاتدا، سوودی پارە بە یاسا قەدەخە کراوە. بەڵام کە لە شوێنێکدا بەکارهێنانی پارە شتێکی لێ بەدەست بێ، دەبێ شتێک بەرامبەر بە بەکارهێناکەی بدرێ.

ئەزموون دەری خست کە ئەم یاسایە لەجیاتی ڕێگرتن لە سوودی پارە، خراپەکاریی سووخۆریی زیاد کرد، کە تیایدا قەرزار ناچارە نەک تەنیا بەرامبەر بەکارهێنانی پارەکە پارە بدا، بەڵکو بەرامبەر ئەو مەترسییەشی کە دەکەوێتە سەر قەرزدەرەکەی، کە بەرامبەرێک بۆ بەکارهێنانەکە وەردەگرێ. ئەگەر بتوانین بەم شێوەیە بڵێین، ئەو ناچارە دڵنیایی بە قەرزدەرەکە بەرامبەر بە سزای سووخۆری بدا.

لەو وڵاتانەی سوود ڕێگەپێدراوە، یاسا بۆ ڕێگری لە ستەمی سووخۆری، بەرزترین ڕێژەی سوودی دیاری کردووە کە سزای لەسەر نییە. ئەو ڕێژەیە دەبێ بەردەوام کەمێک لە سەرووی نزمترین نرخی بازاڕ بێ، یان ئەو نرخەی مسۆگەرترین کەسان بە گشتی لە بەرامبەر بەکارهێنانی پارە دەیدەن. ئەگەر ئەم ڕێژە یاساییە لە خوار نزمترین ڕێژەی بازاڕ بێ، وەک پێویستییەک کاریگەریی ئەم دیاریکردنە زۆر لەوەی قەدەخەکردنی تەواوی سوودەوە نزیک دەبێ. قەرزدەر پارەی خۆی بە کەمتر لەوە بە قەرز نادا کە شایانی بەکارهێنانی پارەکەیەتی و، قەرزاریش دەبێ قەرەبووی مەترسیی قبووڵکردنی تەواوی بەهای ئەو بەکارهێنانەی بۆ بکاتەوە. ئەگەر سوودەکە لەسەر کەمترین نرخی بازاڕ بچەسپێنرێ، ئەوە کەسانی ڕاستگۆ دەڕووخێنێ، کە ڕێز لە یاساکانی وڵاتەکەیان دەگرن، چونکە متمانەی ئەوان باشترین دڵنیایی دەستەبەر ناکا و، ناچار دەبن خۆیان بەدەست ستەمی سووخۆرانەوە بدەن. بەپێچەوانەشەوە، ئەوەی بریتانیای مەزن، کە پارە بەسوودی لەسەدا سێ بە حکومەت دەدرێ و، بە کەسانی متمانەدار بە لەسەدا چوار و چوار و نیو، ڕێژەی یاسایی ئێستا، لەسەدا پێنج لەوانەیە گونجاوترین بێ.

دەبێ تێبینیی ئەوەش بکرێ، ڕێژەی یاسایی ئەگەرچی دەبێ کەمێک بەرزتر بێ، پێویست نییە زۆر لە نزمترین ڕێژەی بازاڕ بەرزتر بێ. ئەگەر ڕێژەی یاسایی سوود لە بریتانیای مەزن، بۆ نموونە، لە ئاستێکی بەرزی وەک لەسەدا هەشت جێگیر بکرێ، ئەوە زۆرترین بەشی ئەو پارەیەی کە بەقەرز دەدرا، بەقەرز دەدرێتە خەڵکی زێدەڕۆ و پڕۆژەدارەکان کە تەنیا ئەوان ئامادەن ئەو سوودە زۆرە بدەن. خەڵکی سەنگین کە بەرامبەر بەکارهێنانی پارە زیاتر لە بەشێکی ئەوە نادەن کە پێیان وایە لە بەکارهێنانی پارەکە دەستیان دەکەوێ، خۆیان ناخەنە ناو ئەو کێبەرکێ سەرکێشەوە. بەم شێوەیەش، بەشێکی زۆری سەرمایەی وڵات ناکەوێتە ئەو دەستانەی ئەگەری زیاتر هەیە بەشێوەیەکی بەقازانج و بەسوود بەکاری بێنن و، دەکەوێتە دەستی ئەوانەی ئەگەر زۆرە لەناوی ببەن و بیفەوتێنن. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕێژەی یاسایی کەمێک لە سەرووی نزمترین ڕێژەی بازاڕ بچەسپێنرێ، خەڵکە سەنگینەکە، وەک قەرزوەرگر، دەکەونە پێش زێدەڕۆ و پڕۆژەدارەکان. ئەو کەسەی پارە بەقەرز دەدا، سوودێک لەوەی یەکەم وەردەگرێ کە لەوانەیە لەوەی دووەمی وەرگرێ، بەڵام پارەکەی لای ئەوانەی یەکەم پارێزراوترە. بەمەش

بەشێکی زۆری سەرمایەی وڵات دەکەوێتە ئەو دەستانەی ئەگەر زۆرە بەشێوەیەکی بەسوود بەگەڕی بخەن.

هیچ یاسایەک ناتوانێ ڕێژەی ئاسایی سوود دابەزێنێتە ژێر نزمترین ڕێژەی ئاسایی بازاڕ لە کاتی دارشتنی یاساکە. سەرباری مەرسومەکەی ساڵی ١٧٦٦، کە شای فرانسە هەوڵی دا بەهۆیەوە ڕێژەی سوود لە پێنجەوە بۆ چوار لەسەد کەم بکاتەوە، پارە لە فرانسە هەر بە سوودی لەسەدا پێنج بەقەرز دەدرا و، بە چەندان ڕێگەی جۆراوجۆر خەڵک خۆیان لە یاساکە دەدزییەوە.

دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە، نرخی ئاسایی زەوی لە بازاڕ لە هەموو شوێنێکدا، پشت بە ڕێژەی ئاسایی سوود لە بازاڕ دەبەستێ. ئەو کەسەی سەرمایەیەکی هەیە و دەخوازێ داهاتێکی لێ بەدەست بێنێ، بەبێ ئەوەی خۆی بە بەگەڕخستنیەوە سەرقاڵ بکات، بیر لەوە دەکاتەوە زەوییەکی پێ بکڕێ یان بەرامبەر بە سوودێک بەقەرزی بدا. دڵنیایی باڵادەستیی زەوی، شانبەشانی هەندێ سوودی تر کە لە نزیکەی هەموو شوێنێکدا ئەم جۆرە موڵکە هەیەتی، بەگشتی وای لێ دەکەن خۆی بە داهاتێکی کەمتری زەوی قایل بکات نەک سەرمایەکەی بەرامبەر بە سوود بەقەرز بدا. ئەم سوودانە قەرەبووکردنەوەی جیاوازییەکی دیاریکراوی داهاتی بۆ دەکەنەوە، بەڵام تەنیا قەرەبووی جیاوازییەکی دیاریکراو دەکەنەوە و، ئەگەر موڵکانەی زەوی زۆر کەمتر بوو لە سوودی پارە، ئەوە کەس زەوی ناکڕێ و، ئەمەش بەخێرایی نرخی زەوی کەم دەکاتەوە. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر سوودەکان زۆر زیاتر بوون لەوەی قەرەبووی جیاوازییەکە بکەنەوە، هەموو کەسێک زەوی دەکڕێ و، هەر زوو نرخی ئاسایی زەوی بەرز دەبێتەوە. کاتێک کە سوود لەسەدا دە بوو، بەگشتی زەوی بەرامبەر بە سوودی دە دوانزە ساڵ دەفرۆشرا. کاتێکیش سوود بۆ لەسەدا شەش، پێنج و، چوار دابەزی نرخی زەوی بەرز بووەوە بۆ سوودی ٢٠ و، ٢٥ ساڵ. ڕێژەی سوود لە بازاڕەکانی فرانسە بەرزترە لەوەی بازاڕەکانی ئینگلتەرە و، نرخی ئاسایی زەوی لەوێدا نزمترە. لە ئینگلتەرە زەوی بە گشتی بە سوودی ٣٠ ساڵ دەفرۆشرێ و، لە فرانسە بە سوودی ٢٠ ساڵ دەفرۆشرێ.

بەشی پێنجەم
بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە

هەرچەندە هەموو سەرمایەیەک تەنیا بۆ ژیاندنی کاری بەرهەمهێنە، بەلام بڕی ئەو کارەی سەرمایەگەلی یەکسان دەتوانن بیبزوێنن، بەگوێرەی جیاوازی لە بەگەڕخستنیان جیاوازیی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ، هاوشێوەی ئەوەی ئەو بەهایەی کە بەگەڕخستنیان بۆ بەرهەمی سالانەی زەوی و کاری ولات زیادی دەکا، دەیکا.

سەرمایەیەک دەکرێ بە چوار شێوەی جۆراوجۆر بەگەڕ بخرێ: یان، یەکەم، لە بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمە خاوەی سالانە بۆ بەکارهێنان و بەکاربردن لەلایەن کۆمەلگەوە پێویستە، یان، دووەم، دروستکردن و ئامادەکردنی ئەو بەرهەمە خاوە بۆ بەکارهێنان یان بەکاربردنی ڕاستەوخۆ، یان، سێیەم، گواستنەوەی بەرهەمی خاو یان دروستکراو لەو شوێنانەوە کە تیایاندا زۆرن بۆ ئەو شوێنانەی تیایاندا خواستیان لەسەرە، یان، چوارەم و کۆتایی، لە دابەشکردنی بەشگەلی دیاریکراو یەکێکیان بۆ بەشی بچووکی گونجاو لەگەل خواستی ئەوانەی دەیانەوێن. لەوەی یەکەمدا، سەرمایەی ئەو کەسانە بەگەڕ دەخرێ کە خەریکی چاککردن و چاندنی زەوی، کانەکان، یان ماسیگەکان، لە دووەمدا، سەرمایەی هەموو خاوەن پیشەکان، لە سێیەمدا، ئەوەی بازرگانانی کۆفرۆش (wholesale merchants)و، لە چوارەمدا، ئەوەی هەموو بازرگانانی تاکفرۆش .(retailers) سەختە بەگەڕخستنی سەرمایەیەک دەستنیشان بکرێ کە بە یەکێک لەم چوار ڕێگەیە نەبێ.

هەر یەکێک لەم چوار ڕێگەیەی بەگەڕخستن پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ هەبوون یان فرەوانبوونی سیانەکەی تر، یان بۆ بەرێوەچوونی ژیانی کۆمەلگە بەئاسانی.

تاوەکو سەرمایەیەک بۆ دابینکردنی بەرهەمی خاو بە ئاستێکی دیاریکراو بەگەڕ نەخرێ، نە هیچ پیشەسازی و نە هیچ بازرگانییەک بوونیان نابێ.

تاوەکو سەرمایەیەک بۆ دروستکردنی ئەو بەشەی بەرهەمی خاو کە پێویستی بە ئامادەکردنێکی باش هەیە پێش ئەوەی بۆ بەکارهێنان و بەکاربردن گونجاو بێ، بەگەڕ نەخرێ، یان هەرگیز بەرهەم نایە لەبەر ئەوەی خواستی لەسەر نابێ، یانیش ئەگەر خۆڕسکانە بەرهەم هێنرا هیچ بەهایەکی ئالوگۆڕپێکردنی نابێ و، ناتوانێ هیچ بخاتە سەر سامانی کۆمەلگە.

تاوەکو سەرمایەیەک بۆ گواستنەوەی بەرهەمی خاو یان دروستکراو لەو شوێنانەوە کە تیایاندا زۆرن بۆ ئەو شوێنانەی خواستیان لەسەرە بەگەڕ نەخرێ، ئەوە جگە لە پێویستیی ئەو ناوچەیەی تیایدا بەرهەم دەهێنرێن هیچی تریان لێ بەرهەم ناهێنرێ. سەرمایەی

بازرگان بەرهەمی زیادی شوێنێک بە بەرهەمی زیادی شوێنێکی تر دەگۆڕێتەوە و، بەمەش هانی پیشەسازیی هەردوو لا دەدات و خۆشگوزەرانیی هەردوو لا زیاد دەکا.

تاوەکو سەرمایەیەک بۆ لەتکردن و دابەشکردی بەشگەلی دیاریکراوی هەریەک لە بەرهەمی خاو و بەرهەمی دروستکراو بۆ بەشی بچووکی گونجاو لەگەڵ خواستی ئەوانەی دەیانەوێن بەگەڕ نەخرێ، هەموو کەسێک ناچار دەبێ بڕێکی زیاد لە پێویستی ڕاستەوخۆی خۆی کاڵا بکڕێ. ئەگەر بازرگانییەکی لەم جۆرە، وەک ئەوەی گۆشتفرۆش بۆ نموونە، بوونی نەبێ، هەر کەسێک ناچار دەبێ بە یەک جار گایەک یان مەڕێکی تەواو بکڕێ. ئەمە بەگشتی بۆ کەسی دەوڵەمەند گونجاو نییە، چ جای کەسێکی هەژار. ئەگەر پیشەوەرێکی هەژار ناچار بێ ئازووخەی مانگێک یان شەش مانگ بە یەک جار بکڕێ، ئەوە بەشێکی زۆری ئەو ماڵەی وەک سەرمایە بۆ پێداویستییەکانی پیشەکەی یان پڕکردنی دوکانەکەی لە کاڵا بەگەڕی دەخا و داهاتێکی بۆ دەستەبەر دەکا، بەناچاری دەخاتە ناو ئەو ماڵەی بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ تەرخانی کردووە و، هیچ داهاتێکی بۆ دەستەبەر ناکا. هیچ شتێک بۆ ئەم جۆرە خەڵکە گونجاو نییە ئەوەندەی ئەوەی کە بتوانێ ڕۆژانە، یان تەنانەت سات بەسات، ئەو شتانە بکڕێ کە پێویستی پێیانە. چونکە بەم شێوەیە دەتوانێ نزیکەی هەموو ماڵەکەی وەک سەرمایە بەکار بێنێ. ئەو بەمەیان دەتوانێ بەهای ئیشەکەی زیاد بکات، هەروەها قازانجەکەشی کە لەم ڕێیەوە دەستی دەکەوێ، زیاتر دەبێ لەوەی نرخی زیادەی قازانجی بازرگانی تاکفرۆش دەیخاتە سەر کاڵاکان قەرەبوو بکاتەوە. هەڵوێستی لایەندارانەی هەندێ نووسەری سیاسی دژ بە دوکانداران و بازرگانان بەتەواوی بێ بنەمایە. هەروەها دوورە لە پێویستیی باج خستنە سەریان و ڕێگری لە زیادبوونی ژمارەیان بۆ ئاستێک کە زیان بە گشت بگەیەنێ، ئەگەرچی ئەوان بەوە زیان بەیەکتر دەگەیەنن. بڕی کاڵاکانی بەقاڵی، بۆ نموونە، کە دەکرێ لە شارۆکەیەکدا بفرۆشرێن سنووردارە بە خواستی ئەو شارۆکەیە و دەوروبەرەکەی. بۆیە ئەو سەرمایەیەی دەکرێ لە بەقاڵیدا بەگەڕ بخرێ ناتوانێ ئەوە تێپەڕێنێ کە بۆ کڕینی ئەو بڕە پێویستە. ئەگەر ئەو سەرمایەیە لەنێوان دوو بەقاڵی جیادا دابەش ببێ، ئەوە کێبەرکێی نێوانیان وا دەکا هەر یەکێکیان هەرزانتر لەوە بفرۆشێ کە ئەگەر بەتەنیا بووایە و، ئەگەر لەنێوان بیست بەقاڵدا دابەش ببێ، ئەوە کێبەرکێ زۆر هەرزانتریان دەکا و، هەلی گردبوونەوەی بەقاڵەکان بەیەکەوە بۆ ئەوەی نرخ بەرز بکەنەوە زۆر کەمتر دەبێ. لەوانەیە کێبەرکێی نێوانیان ماڵی هەندێکیان بڕمێنێ، چاودێریی ئەمەش ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە و، دەشێ بەبێ ترس بدرێتە دەست بۆچوونی ئەوانەوە. ئەمە هەرگیز زیان نە بە بەکاربەر و نە بە بەرهەمهێن

ناگەیەنێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، وا دەکا تاکفرۆشان کاڵاکانیان بە هەرزانتر بفرۆشن و بە گرانتر بکڕن لەوەی بازرگانییەکە لەلایەن یەک یان دوو کەسەوە قۆرخ کرابێ. لەوانەیە هەندێکیان، هەندێ جار، کڕیارێکی لاواز بخەنە داوەوە بۆ ئەوەی شتێک بکڕێ کە هەرگیز نەیدەکڕی. بەڵام ئەم کارە خراپە ئەوەندە گرنگیی کەمە کە نابێتە مایەی تێبینیی گشتی و، پێویست نییە بە سنووردانان بۆ ژمارەکانیان ڕێگەی لێ بگیرێ. ئەوە زۆریی شوێنی بیرەفرۆشی نییە، ئەگەر بەرگومانترین نموونە بهێنینەوە، کە وا دەکا سەرخۆشی و ئالوودەبوون بە خواردنەوەوە لەناو خەڵکی ئاسایی بڵاو ببێتەوە، بەڵکو ئەو خووانە هۆکاری تریان هەیە و ئەو هۆکارانە وا دەکەن شوێنی بیرەفرۆشی زۆر بن.

ئەو کەسانەی سەرمایەکانیان بە یەکێک لەم چوار ڕێگەیە بەگەڕ خراوە، خۆیان کارگەری بەرهەمهێنن. کاری ئەوان، کاتێک بە دروستی ئاراستە دەکرێ، لەو بابەتەدا یان لەو کاڵایەی شیاوی بازرگانیپێکردنە کە ئیشی لەسەر دەکا خۆی دەچەسپێنێ و دەنوێنێ و، بەگشتی بەلای کەمەوە بەهای بژێوی و بەکاربردنی خۆیان بۆ نرخەکەی زیاد دەکا. قازانجەکانی جووتیار، پیشەوەر و، تاکفرۆش هەموویان لە نرخی ئەو کاڵایانەوە دێ کە دووانەکەی یەکەم بەرهەمیان دێنن و، ئەو دووانەی دوایش ئەو بەرهەمە دەکڕن و دەفرۆشن. بەڵام، سەرمایەگەلی یەکسان، کە بە هەر یەکێک لەو چوار ڕێیە بەگەڕ دەخرێن، ئەوە ڕاستەوخۆ بڕی جیاجیای کاری بەرهەمهێن دەبزوێنن و، هەروەها بەڕێژەگەلی جیاواز بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگەی خۆیان زیاد دەکەن.

سەرمایەی تاکفرۆشێک ئەوەی ئەو بازرگانە، لەگەڵ قازانجەکەیدا، پڕ دەکاتەوە کە کاڵاکانی لێ دەکڕێ و، بەوەش وای لێ دەکا بتوانێ بەردەوامی بە بازرگانییەکەی بدا. تاکفرۆشەکە خۆی تەنیا کارگەرێکی بەرهەمهێنە کە ئەو ڕاستەوخۆ بەگەڕی دەخا. قازانجەکەشی تەواوی ئەو بەهایە لەخۆ دەگرێ کە بەگەڕخستنی سەرمایەکەی ئەو بۆ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگەی زیاد دەکا.

سەرمایەی بازرگانێکی کۆفرۆش، جێی سەرمایەکانی ئەو جووتیار و پیشەوەرانە، بە قازانجەکانیانەوە، پڕ دەکاتەوە، کە ئەو بەرهەمە خاو و دروستکراوەیان لێ دەکڕێ کە خۆی مامەڵەیان پێوە دەکا و، بەم شێوەیە وایان لێ دەکا بتوانن بەردەوامی بە بازرگانییەکانیان بدەن. ئەو بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێی ئەم خزمەتگوزارییەوە ناڕاستەوخۆ پشتیوانیی کاری کۆمەڵگە و، زیادکردنی بەهای بەرهەمی ساڵانەی دەکا. هەروەها سەرمایەکەی ئەو کەشتییەوان و باربەرانە بەگەڕ دەخا کە کاڵاکانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازنەوە و، نرخی ئەو کاڵایانە بە بەهای هەقدەستی ئەوان،

نەک تەنیا بەوەی قازانجی خۆی، زیاد دەکا. ئەمە هەموو ئەو کارە بەرهەمهێنەیە کە ئەو ڕاستەوخۆ دەیبزوێنێ و هەموو ئەو بەهایەیە کە ڕاستەوخۆ بۆ بەرهەمی ساڵانەی زیاد دەکا. ئۆپەراسیۆنەکە لە هەردوو ئەم ڕووانەوە بە بڕێکی باش لە سەرووی ئەوەی سەرمایەی تاکفرۆشەکەوەیە.

بەشێک لە سەرمایەی خاوەن پیشەسازی وەک سەرمایەی جێگیر لە ئامێرەکانی پیشەکەیدا بەگەڕ دەخرێ و، بەقازانجەوە سەرمایەی هەندێ پیشەوەری تر پڕ دەکاتەوە کە لێیانی دەکڕێ. بەشێک لەم سەرمایەی سووڕاندنەی ئەو بۆ کڕینی کەرەستە بەگەڕ دەخرێ و، کە بەرهەمەکانیان دەکڕێ بەقازانجەوە جێی سەرمایەی جووتیار و خاوەن کان پڕ دەکاتەوە. بەڵام بەردەوام بەشێکی زۆری، چ بەشێوەیەکی ساڵانە بێ یان لە ماوەی کورتتردا، بەسەر ئەو پیشەوەرە جۆراوجۆرانەدا دابەش دەبێ کە ئەو بەگەڕیان دەخا. ئەو سەرمایەیە لەڕێی هەقدەستەکانیان زیاد دەکا و، لەڕێی قازانجی بابەتەکانیان تەواوی ماڵی هەقدەست، کەرەستە و، ئامێرەکانی بەکارهاتوو لە پیشەکەیاندا زیاد دەکا. واتە، ڕاستەوخۆ بڕێکی زۆرتری کاری بەرهەمهێن دەخاتە گەڕ و، بەهایەکی زۆرتر دەخاتە سەر بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە لەوەی سەرمایەیەکی یەکسان بە دەستی بازرگانێکی کۆفرۆش دەیخاتە سەری.

هیچ سەرمایەیەکی یەکسان، بڕە کارێکی بەرهەمهێنی زیاتر لەوە ناخاتە گەڕ کە سەرمایەی جووتیارێک دەیخاتە گەڕ. نەک تەنیا کرێکارە کارگەرەکانی، بەڵکو ماڵاتە کارگەرەکەشی، کارگەری بەرهەمهێنن. لە کشتوکاڵدا، سروشتیش شانبەشانی مرۆڤ کار دەکا و، هەرچەندە کاری سروشت تێچوویەکی نییە، بەڵام بەرهەمەکەی هاوشێوەی بەرهەمی بەخەرجیترین کارگەر بەهای هەیە. لەوە ناچێ گرنگترین ئۆپەراسیۆنەکانی کشتوکاڵ ئەوەندە مەبەستیان زیادکردنی بەپیتیی سروشت نییە، هەرچەندە زیادیشی دەکەن، ئەوەندەی مەبەستیانە بەرەو بەرهەمهێنانی بەقازانجترین ڕووەکەکانە بۆ مرۆڤ ئاراستەی بکەن. کێڵگەیەکی پڕ بەرهەم بە گوڵەکێویلە و تووترک ڕەنگە زۆربەی جاران بڕێکی ئەوەندە زۆر سەوزە بەرهەم بێنێ کە باشترین ڕەزی ترێ یان کێڵگەی گەنمەشامی بەرهەمی ناهێنێ. زۆربەی جاران چاندن و کێڵان بەپیتیی چالاکی سروشت ڕێک دەخەن دایناهێنن، هەروەها دوای هەموو کارەکەیان، بەردەوام جێبەجێکردنی بەشێکی زۆری ئیشەکە بۆ سروشت دەمێنێتەوە. کارگەران و ماڵاتی کارگەری بەگەڕخراو لە کشتوکاڵدا، نەک تەنیا وەک کارگەرانی پیشەوەر بەرهەمی یەکسان بە بەکاربردنی خۆیان یان بەو سەرمایەیەی بەگەڕیانی خستووە، بەقازانجی خاوەن کارەوە بەرهەم دێننەوە، بەڵکو

بەهایەکی زۆر زیاتر بەرهەم دێنن. زۆر زۆر زیاتر لە سەرمایەی جووتیارەکە و هەموو قازانجەکانی، ئەوان بەشێوەیەکی ڕێکیش کرێی خاوەن زەویش دابین دەکەن. ئەم کرێیە دەشێ بە بەرهەمی هێزەکانی سروشت دابنرێ، کە خاوەن موڵک بەکارهێنانەکەی ڕادەستی جووتیار کردووە. زۆری و کەمیی، وابەستەی ئاستی پێشبینیکراوی ئەو هێزانەیە، یان بە دەربڕینێکی تر، بەگوێرەی بەپیتیی سروشتی یان چاککراویی زەوییەکەیە. ئەوە ئیشی سروشتە کە دوای دەرکردن یان قەرەبووکردنەوەی هەموو شتێک کە بە ئیشی مرۆڤ دەژمێررێ، دەمێنێتەوە. زۆر بەدەگمەن لە چارەکێکی تەواوی بەرهەم کەمترە و، زۆربەی جاران لە سێیەکی ئەو بەرهەمە زیاترە. هیچ بڕێکی یەکسانی کاری بەرهەمهێنی بەکارهاتوو لە پیشەوەریدا ناتوانێ ئەو بەرهەمهێنانەوەیە ئەنجام بدا. لەوێدا سروشت هیچ ناکا، تەنیا مرۆڤ هەموو شتێک دەکا، هەروەها بەرهەمهێنانەوە دەبێ بەردەوام هاوڕێژە بێ لەگەڵ بەهێزیی ئەو توخمانەی دەبنە هۆکار بۆی. بۆیە، ئەو سەرمایەیەی لە کشتوکاڵدا بەگەڕ دەخرێ، نەک تەنیا بڕێکی زیاتر کاری بەرهەمهێن دەخاتە گەڕ کە زیاترە لەوەی سەرمایەی یەکسان لە پیشەوەریدا دەیکا، بەڵکو هاوڕێژە لەگەڵ بڕی ئەو کارە بەرهەمهێنەی بەگەڕی دەخا، بەهایەکی زۆرتر بۆ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات، بۆ سامانی ڕاستەقینە و داهاتی ڕاستەقینەی دانیشتووانەکەشی زیاد دەکا. لەنێو هەموو ئەو ڕێگەیانەی کە دەکرێ سەرمایەیان تێدا بەگەڕ بخرێ، تا ڕادەیەکی زۆر بەسوودترینیانە بۆ کۆمەڵگە.

ئەو سەرمایانەی لە کشتوکاڵ و لە بازرگانیی تاکفرۆشی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەگەڕ دەخرێن، دەبێ بەردەوام لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا جێگیر بن. بەگەڕخستنیان تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی خاڵێکی دیاریکراوە، کە کێڵگەیە و دووکانی تاکفرۆشەکەیە. هەروەها دەبێ بەگشتی، سەرباری هەندێ هەڵاوێردکاری، سەر بە ئەندامانی جێگیر لە کۆمەڵگەکە بن. سەرمایەی کۆفرۆش، بەپێچەوانەوە، لەوە ناچێ پێویستی بەوە بێ جێگیر بێ یان دانیشتووی شوێنێک بێ، بەڵکو دەبێ لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر لە هاموشۆدا بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بە هەرزانتر بکڕێ و بە گرانتر بفرۆشێ.

سەرمایەی پیشەساز، بێگومان دەبێ لەو شوێنە جێگیر بێ کە پیشەکەی تێدا بەڕێوە دەچێ، بەڵام ئەو شوێنە کوێیە، ئەوەیان پێویست نییە بەردەوام دەستنیشانکراو بێ. لەوانەیە زۆر جاران لە شوێنێکی دوور بێ لەو شوێنەی کەرەستەکانی تێدا بەرهەم دێن و لەو شوێنەشی کە بەرهەمی تەواوکراوی خۆی تێدا بەکار دەبرێ. لیۆن زۆر دوورە لەو شوێنانەی کەرەستەکانی پیشەوەریی بۆ دابین دەکەن و، لەو شوێنانەشی بەرهەمەکانی

بەکار دەبەن. خەڵکی ڕێکپۆش لە سیسیلی پۆشاکی ئاوریشمین لەبەر دەکەن کە لە وڵاتانی دوور دروست کراون، بەڵام لە کەرەستەیەک کە بەرهەمی خۆیانە. بەشێکی خوریی ئیسپانیا لە بریتانیای مەزندا پیشەسازی دەکرێن و بەشێک لەو پۆشاکانە دواتر بۆ ئیسپانیا دەنێررێنەوە.

ئەو بازرگانەی سەرمایەکەی بەرهەمی زیادەی هەر کۆمەڵگەیەک هەناردە دەکا زۆر گرنگ نییە ئەگەر خانەخوێ بێ یان بێگانە. ئەگەر بێگانە بێ، ژمارەی کارگەرە بەرهەمهێنەکانی دەبێ تەنیا یەک کەس کەمتر بێ لەوەی کە خانەخوێ بێ و، بەهای بەرهەمی ساڵانەیان بەقەد قازانجی ئەو تاکە کەسە کەم دەبێتەوە. ئەو کەشتییەوان و باربەرانەی ئەو بەگەڕیان دەخا جیاوازیی نییە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بن یان وڵاتەکەی ئەوان، یان وڵاتێکی سێیەم بن، بەهەمان شێوەش ئەگەر خۆی خانەخوێ بێ. سەرمایەی بێگانەیەک لەڕێی ئاڵوگۆڕکردنی بە شتێک کە لە ناوەوە خواستی لەسەر بێ هەمان ئەو بەهایە بە کاڵا زیادەکانیان دەبەخشێ کە سەرمایەی خانەخوێیەک پێیان دەبەخشێ. ئەو سەرمایەیە بەهەمان کاریگەری جێی سەرمایەی ئەو کەسە دەگرێتەوە کە زیادەکە بەرهەم دێنێ و، بەهەمان کاریگەری تواناداری دەکا بۆ بەردەوامیدان بە بازرگانییەکەی، ئەو خزمەتگوزارییەیە کە سەرمایەی بازرگانێکی کۆفرۆش بەشێوەیەکی سەرەکی لە پشتیوانیی کاری بەرهەمهێن و، لە زیادکردنی بەهای بەرهەمی ساڵانەی کۆمەڵگەکەی خۆی پێی بەشدار دەبێ.

بوونی سەرمایەی پیشەساز لە ناوەوەی وڵاتدا ئاکامی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. ئەو سەرمایەیە ژمارەیەکی زیاتر کاری بەرهەمهێن دەجووڵێنێ و، بەهایەکی زیاتر دەخاتە سەر بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە زۆر بەسوودتر بێ بۆ وڵاتەکە، ئەگەرچی لە ناوەوەیدا نیشتەجێ نەبێ. سەرمایەکانی پیشەسازانی بریتانیایی کە بەو کەتان و قەنەب (ڕووەکێکی پیشەسازییە لە پیشەسازیی دروستکردنی کوتاڵ بەکار دێ- وەرگێڕ) ئیش دەکەن کە ساڵانە لە کەناراوەکانی بەلتیکەوە هاوردە دەکرێن بەدڵنیاییەوە زۆر سوودبەخشن بۆ ئەو وڵاتانەی بەرهەمیان دێنن. ئەو کەرەستانە بەشێکن لە بەرهەمی زیادی ئەو وڵاتانە، کە ئەگەر ساڵانە بە شتێک ئاڵوگۆڕیان پێ نەکرێ کە خواستی لەسەرە، هیچ بەهایەکیان نابێ و، زۆر نابا بەرهەمهێنانیان ڕادەوەستێ. ئەو بازرگانانەی هەناردەیان دەکەن جێی سەرمایەی بەرهەمهێنەکانیان پڕ دەکەنەوە و، بەوەش هانیان دەدەن لە بەرهەمهێنان بەردەوام بن، پیشەسازە بریتانیاییەکانیش جێی سەرمایەی ئەو بازرگانانە پڕ دەکەنەوە.

وڵاتێـک بەهەمــان شـێوەی کەسـێک، لەوانەیە زۆر جـار ئەوەنـدە سـەرمایەی نەبـێ زەوییەکـانی چـاک بکـات و بیـانچێنێ، تەواوی بەرهەمـی خـاوی بەپیشەسـازی بکـات و ئامادەی بەکارهێنان و بەکاربردنی ڕاستەوخۆی بکات و، بەشە زیادەکەی بەرهەمـی خـاو یـان دروسـتکراو بگـوازێتەوە بـۆ ئەو بـازاڕە دوورانەی تیایانـدا دەکـرێ بە شـتێکیان بگۆڕێتەوە کە لە ناوەوە خواستی لەسـەرە. دانیشتووانی گەلێ بەشی جیاجیای بریتانیای مەزن ئەو سـەرمایەیان نییە کە بەشی چاککردن و چاندنی زەوییەکانیـان بکـات،، بەهـۆی نەبوونی سـەرمایەی پێویست بۆ پیشەسازی لە ناوخۆدا، بەشی زۆری خوریی لادێکانی باشووری سکۆتلاند، بۆ ماوەیەکی درێژ لە ڕێی وشکانییەوە و بەڕێگەی زۆر ناڕێکدا، بۆ ئیشی پیشەسازی لە یۆرکشایەر دەگوازرێتەوە. گەلێ شارۆکەی پیشەسازیی بچووک لە بریتانیای مەزندا هەن، کە دانیشتووانیان ئەو سـەرمایەیان نییە بەرهەمی پیشەسازییەکەی خۆیانی پێ بگوازنەوە بۆ بازاڕگەلی دوور کە تیایاندا خواستیان لەسـەرە و بەکار دەبرێن. ئەگەر لە ناویانـدا بازرگـان هەبن ئەوە لەڕاسـتیدا وەکیلی بازرگانانی دەوڵەمەنـدترن کە لە شارە بازرگانییە گەورەکاندا نیشتەجێن.

کە سـەرمایەی هەر وڵاتێک بەشی هەرسـێ ئەم مەبەسـتانە نەکـا، بڕی زۆرتـری کـاری بەرهەمهێنـی نـاوەوە هـاوڕێژە لەگەڵ بەگەڕخسـتنی زۆرتـرین بەشـی لە کشـتوکاڵدا، دەجووڵێنرێ، ئەو بەهایەشی بەگەڕخستنیان بۆ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە بەهەمـان شـێوە دەبـێ. دوای کشـتوکاڵ، ئەو سـەرمایەیە لە پیشەسـازیدا بەگەڕ دەخـرێ زۆرترین بڕ کاری بەرهەمهێن دەبزوێنێ و، زۆرترین بەها دەخـاتە سـەر بەرهەمـی سـاڵانە. ئەوەشی لە بازرگانیی هەناردەکردندا بەگەڕ دەخرێ لەنێو هەسێکیاندا کەمترین کاریگەریی هەیە.

لەڕاسـتیدا، ئەو وڵاتەی سـەرمایەی پێویسـتی بـۆ هەمـوو ئەم سـێ مەبەسـتە نەبـێ نەگەیشتووەتە ئەو پلەی دەوڵەمەندییەی وا دەردەکەوێ بەشێوەیەکی سروشـتی ڕووی لـێ کـردووە. بەڵام هەوڵـی پێشـوەخت لەگەڵ نەبـوونی سـەرمایەی پێویسـت، بـۆ ئەنجامـدانی هەرسێکیان، بێگومان کورتترین ڕێگەی بەردەم کۆمەڵگەیەک نییە، هەر وەک بۆ تاکێکیش وایە، بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی پێویست. سـەرمایەی هەمـوو تاکەکانی گەلێک بەهەمـان شێوەی سەرمایەی تاکێک سنووری خۆی هەیە و، تەنیا توانای ئەنجامدانی چەند ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە. سەرمایەی هەموو تاکەکانی گەلێک بەهەمان شێوەی سەرمایەی تاکێک، بە کەڵەکەکردن و زیادکردنی بەردەوامی هەر شتێکی کە لە داهـاتی خۆیـانی گل دەدەنەوە، زیاد دەکرێ. بۆیە، لەوانەیە خێراتر زیاد ببێ، ئەگەر بەو شێوەیە بەگەڕ بخرێ کە زۆرترین داهـات بـۆ هەمـوو دانیشـتووانی وڵاتەکە دەسـتەبەر بکـات، چـونکە ئەوان بەوە دەتـوانن

زۆرترین گلدانەوە بکەن. بەڵام داهاتی هەموو دانیشتووانی وڵاتێک هەر دەبێ هاورێژەی بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاریان بێ.

بەگەڕخستنی نزیکەی تەواوی سەرمایەکانی کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکانمان لە کشتوکاڵدا هۆکاری بنەڕەتیی پێشڤەچوونی خێرایان بوو بەرەو دەوڵەمەندیی زۆر. ئەوان هیچ پیشەسازییەکیان نەبوو، کە دەبێ هاوشانی پێشکەوتنی کشتوکاڵ بن، جگە لە پیشەی ماڵی و زبر و، ئیشی ژن و منداڵی هەموو خێزانێک. زۆرترین بەشی بازرگانیی هەناردەکردن و کەنار دەریاکانی ئەمەریکا بە سەرمایەی ئەو بازرگانانە بەڕێوە دەچوون کە نیشتەجێی بریتانیای مەزنن. تەنانەت ئەو دوکان و کۆگەیانەی هەندێ پارێزگە، بەتایبەتی ڤیرجینیا و مێریلاند، زۆربەی خاوەنەکانیان بازرگانی نیشتەجێی وڵاتی دایک بوون و، نموونەیەکی بازرگانیی تاکفرۆشین لە کۆمەڵگەیەکدا بە سەرمایەی خەڵکێک کە ئەندامی نیشتەجێی ئەو کۆمەڵگەیە نین. کاتێک کە ئەمەریکاییەکان، چ بە گردبوونەوە یان بە جۆرێکی تری توندوتیژی، ویستیان هاوردەکردنی بەرهەمی پیشەسازیی ئەورووپا ڕاگرن و، قۆرخکارییەک بۆ هاووڵاتییانی خۆیان ئەوانەی توانای دروستکردنی کاڵای هاوشێوەیان هەیە دەستەبەر بکەن، ڕووی بەشێکی زۆری سەرمایەکانیان لەو بەگەڕخستنە بکەن، لە جیاتی خێراکردنی زیادبوونی زیاتری بەهای بەرهەمی ساڵانەیان خاوتریان کردەوە و، لەجیاتی هاندانی پێشڤەچوونی وڵاتەکەیان بەرەو دەوڵەمەندی و مەزنێتیی ڕاستەقینە کۆسپیان خستە ڕێی. دۆخەکە لەمەش زیاتر تووشی ئەم شکستە دەبێ ئەگەر هەوڵ بدەن، بەهەمان شێوە، تەواوی بازرگانیی هەناردەکردن قۆرخ بکەن.

لەڕاستیدا ڕێچکەی گەشەی مرۆڤ، لەوە دەچێ بەدەگمەن ئەوەندە زۆر بەردەوامیی هەبووبێ تاوەکو وا بکات وڵاتێکی گەورە بتوانێ سەرمایەی پێویست بۆ هەرسێ ئەم مەبەستانە دەستەبەر بکات، مەگەر متمانە بەو تۆمارە سەرنجڕاکێشانەی سامان و چاندنی چین، میسری کۆن و، وڵاتی هیندستانی کۆن بکەین. تەنانەت ئەو سێ وڵاتەش، کە بەپێی گشت تۆمارەکان دەوڵەمەندترین وڵاتانێکن کە لە جیهان دەرکەوتوون، لە بنەڕەتدا بە باڵادەستی لە کشتوکاڵ و پیشەوەری ناوبانگیان دەرکردووە. لەوە ناچێ لە بازرگانیی دەرەکیدا باڵادەست بن. میسرییە کۆنەکان بەشێوەیەکی ئەفسانەیی خۆیان لە دەریا بەدوور دەگرت، نزیکەی هەمان ئەو ئەفسانانە لای هیندییەکان هەبوون و، چینییەکانیش هەرگیز لە بازرگانیی دەرەکیدا سەرکەوتوو نەبوون. بەشی زۆری بەرهەمی زیادی ئەم سێ وڵاتە لەوە دەچێ لەلایەن بێگانانەوە هەناردە کرابێ، کە لە بەرامبەردا شتێکی وایان دەدات کە لەو وڵاتانە خواستی لەسەر هەبێ، زۆربەی جارانیش زێڕ و زیو بوو.

ئیتر بەم شێوەیە، هەمان سەرمایە لە وڵاتێکدا برێکی زیاتر یان کەمتر کاری بەرهەمهێن بەگەڕ دەخا و، بەهای بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کارەکەی زیاد دەکا، بەگوێرەی ئەو ڕێژە جۆراوجۆرانەی بەگەڕ دەخرێن لە کشتوکاڵ، پیشەسازی و، بازرگانیی کۆفرۆشی.

هەموو بازرگانیی کۆفرۆشی، هەموو کڕینێک بۆ فرۆشتنەوەی بە کۆ، دەکرێ لە سێ جۆردا کورت بکرێتەوە. بازرگانیی ناوخۆیی، بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن و، بازرگانیی باربردن. بازرگانیی ناوخۆیی کار لەسەر کڕینی بەرهەمی پیشەسازیی وڵات لە بەشێکی وڵاتەکە و، فرۆشتنی لە بەشێکی تردا دەکا. هەردوو بازرگانیی ناوەوە و کەناراوەکان لەخۆ دەگرێ. بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن کاڵای بیانی دەکڕێ بۆ بەکاربردنی لە نیشتماندا. بازرگانیی باربردن گواستنەوەی کەلپەلی بازرگانیی وڵاتانی بێگانەیە، یان گواستنەوەی بەرهەمی یەکێکیانە بۆ یەکێکی تر.

ئەو سەرمایەیەی بەگەڕ خراوە لە کڕینی بەرهەمی پیشەسازیی وڵات لە بەشێکی وڵاتەکە و، فرۆشتنی لە بەشێکی تریدا، بەگشتی لەڕێی هەر یەکێک لەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانەوە دوو سەرمایەی جیاواز پڕ دەکاتەوە کە هەردووکیان لە کشتوکاڵ یان پیشەسازیی ئەو وڵاتەدا بەگەڕ خراون و، بەوەش وا دەکا توانای بەردەوامبوونیان لەو بەگەڕخستنەدا هەبێ. کاتێک لە شوێنی نیشتەجێبوونی بازرگانەکەوە بەهایەکی دیاریکراوی کاڵا دەنێرێ، بەگشتی لە بەرامبەردا بەلای کەمەوە بەهایەکی یەکسان کاڵا دەهێنێتەوە. کە هەردووکیان بەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆیی دەبن، ئەوە بە هەر یەکێک لەم ئۆپەراسیۆنانە دوو سەرمایەی جیا پڕ دەکاتەوە کە هەردووکیان لە پشتیوانیی کاری بەرهەمهێندا بەگەڕ خراون و، بەوەش وایان لێ دەکا بتوانن لەو پشتیوانییە بەردەوام بن. ئەو سەرمایەیەی بەرهەمی پیشەسازیی سکۆتلاندایی بۆ لەندەن دەنێرێ و، لەوێوە گەنمەشامی و بەرهەمی پیشەسازیی ئینگلیزی بۆ ئێدینبەرە دەهێنێتەوە، بە هەر یەکێک لەو ئۆپەراسیۆنانە جێی دوو سەرمایەی بریتانیایی پڕ دەکاتەوە کە لە کشتوکاڵ یان پیشەسازیی بریتانیای مەزندا بەگەڕ خراون.

ئەو سەرمایەیەی لە کڕینی کاڵای بیانی بۆ بەکاربردنی ناوخۆییدا بەگەڕ خراوە، کاتێک ئەم کڕینە بە بەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆیی ئەنجام دەدرێ، ئەمیش بە هەر ئۆپەراسیۆنێک، جێگەی دوو سەرمایەی جیا لەیەک پڕ دەکاتەوە، بەڵام تەنیا یەکێکیان بۆ پشتیوانیی پیشەسازیی ناوخۆ بەگەڕ خراوە. ئەو سەرمایەیەی کاڵای بریتانیایی بۆ پۆرتوگال دەنێرێ و، کاڵای پۆرتوگالی بۆ بریتانیای مەزن دەهێنێتەوە، بە هەر یەکێک لەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە جێی یەک سەرمایەی بریتانیایی دەگرێتەوە. ئەوەی تریان سەرمایەیەکی پۆرتوگالیە. بۆیە، هەرچەندە کە دەبێ ئەوەی لە بازرگانیی دەرەکی بۆ

بەکــاربردن دەکەوێــتەوە، بەهەمـــان خێرایــی بازرگــانیی نــاوخۆیی بەدەســت بــێ، ئەو سەرمایەیەی تێیدا بەگەڕ خراوە تەنیا نیوەی ئەو هاندانە دروست دەکا بۆ پیشەسازی یان بۆ کاری بەرهەمهێنی وڵاتەکە.

بەڵام بەدەگمەن داهاتەکانی بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن وەک بازرگانیی ناوخۆیی خێرا دەبێ. داهاتەکانی بازرگانیی ناوخۆیی بەگشتی پێش کۆتایی ساڵەکە دێن و، هەندێ جاریش ساڵانە سێ تا چوار جار دێنەوە. داهاتەکانی بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن بەدەگمەن پێش کۆتایی ساڵەکە دێن و، هەندێ جار پێش تێپەڕبوونی دوو یان سێ ساڵ نایەن. بۆیە، هەندێ جار سەرمایەیەکی بەگەڕخراو لە بازرگانیی ناوخۆییدا لەوانەیە دوازدە ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدا، یان دوانزە جار ناردن و هێنان ئەنجام بدا، پێش ئەوەی سەرمایەیەکی بەگەڕخراو لە بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن یەکێکی ئەنجام بدا. واتە، ئەگەر سەرمایەکان یەکسان بن، ئەوە یەکەمیان بیست و چوار ئەوەندەی ئەوەی دووەم هاندەر و پشتیوانی پێشکەش بە پیشەسازیی وڵاتەکە دەکا.

کــاڵا بیانییەکــانی بــۆ بەکــاربردنی نــاوخۆیین، لەوانەیە هەنــدێ جــار بە بەرهەمــی پیشەسازیی ناوخۆیی نەکڕرێن، بەڵکو کڕینیان بە کاڵای تری بیانی بێ. بەڵام ئەمانەی دوایی یان دەبێ ڕاستەوخۆ بە بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵی کڕرابن، یان بە شتێکی تر کە بەو بەرهەمە کڕراوە، ئەگەر دۆخی شەڕ و داگیرکاری بەلاوە نێین، کاڵای بیانی هەموو کاتێک بەرامبەر بە شتێک کە لە نیشتماندا بەرهەم هاتبێ دەست دەکەوێ، جا ڕاستەوخۆ بێ یان دوای دوو ئاڵوگۆڕی جیاجیا یان زیاتر. کەواتە کاریگەرییەکانی سەرمایەیەک کە لە بازرگــانیی دەرەکــی بــۆ بەکــاربردن بەم شــێوە پێچــاوپێچە بەگەڕ خرابــێ، لە هەمــوو ڕوویەکەوە، هەمان داهاتی ئەو سەرمایەیە دەبن کە لە ڕاستەوخۆترین بازرگانیی لە هەمان جۆردا بەگەڕ خراون، ئەوەندە نەبێ کە داهاتەکانی کۆتایی لەوە دەچێ هێشتا دوورتر بن، چونکە پشتبەستوون بە داهاتەکانی دوو یان سێ بازرگانیی تری جیا لەیەک. ئەگەر کەتان و قەنەبی ڕیگا بە تووتنی ڤیرجینیا بکڕرێن، کە ئەمیش بە بەرهەمی پیشەسازیی بریتانیا کڕراوە، بازرگانەکە دەبێ چاوەڕێی داهاتی دوو بازرگانیی دەرەکیی جیاواز بکات پێش ئەوەی بتوانێ هەمان سەرمایە بۆ کڕینەوەی بڕێکی هاوشێوە بەرهەمی پیشەسازیی بریتانیایی بەگەڕ بخا. ئەگەر تووتنەکەی ڤیرجینیا بە کاڵای بریتانیایی نەکڕرابێ و، بە شەکر و ڕەمی (rum) جامایکا کڕرابێ و ئەوانیش بەو بەرهەمە پیشەسازییانە کڕرابن، ئەوە دەبێ چاوەڕێی داهاتی سێ بازرگانیی تری دەرەکی بکات. ئەگەر ئەو دوو یان سێ بازرگانییە دەرەکییە جیا لەیەکە لەلایەن دوو یان سێ بازرگانی جیاوە ئەنجام دران کە، دووەمیان ئەو کاڵایانە دەکڕێ کە یەکەم هاوردەی کردووەن و، سێیەم ئەوانە دەکڕێ کە

دووەم هاوردەیانی کردووە، بۆ ئەوەی دووبارە هەناردە بکرێنەوە، لەڕاستیدا هەر بازرگانێک لەم حاڵەتەدا داهاتی بازرگانییەکەی خۆی خێراتر بەدەست دێنێ، بەڵام داهاتی کۆتایی تەواوی ئەو سەرمایەیەی لە بازرگانییەکەدا بەگەڕ خراوە لە هەموو کاتێک خاوتر دێ. ئەگەر تەواوی ئەو سەرمایەیەی لەم جۆرە بازرگانییە پێچاوپێچەدا (round-about trade)بەگەڕ خراوە هی یەک بازرگان بێ یان هی سێ بازرگان، ئەوە بۆ وڵات هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەگەرچی بۆ بازرگانانی دیاریکراو جیاوازیی هەیە. لە هەردوو دۆخەکەدا دەبێ بۆ گۆڕینەوەی بەهایەکی دیاریکراوی بەرهەمی پیشەسازیی بریتانیایی بە بڕێکی دیاریکراوی کەتان و قەنەب سەرمایەیەکی سێ هێندەی ئەوەی پێویستە بۆ ئەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان و کەتان و قەنەبەکە ڕاستەوخۆ بەیەکتری بگۆڕرێنەوە، بەگەڕ بخرێ. لەبەر ئەوە تەواوی سەرمایەی بەگەڕخراو لەم بازرگانییە دەرەکییە پێچاوپێچەی بۆ بەکاربردنەدا، بەگشتی هاندان و پشتیوانیی کەمتری بۆ کاری بەرهەمهێنی وڵات تێدایە، کەمتر لەوەی سەرمایەیەکی یەکسانی بەگەڕخراو لە بازرگانییەکی ڕاستەوخۆتری هەمان جۆردا هەیەتی.

ئەو کاڵا بیانییانەی کاڵای بیانییان بۆ بەکاربردن پێ کڕراوە هەرچییەک بن، ناتوانن ببنە مایەی هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی نە لە سروشتی بازرگانییەکە و نە لەو هاندان و پشتیوانییەی دەتوانێ لە کاری بەرهەمهێنی ئەو وڵاتەی بکات کە تیایدا ئەنجام دەدرێ. ئەگەر بۆ نموونە، بە زێڕی برازیل کڕرابن، یان بە زیوی پیرۆ، ئەو زێڕە یان ئەو زیوە، هاوشێوەی تووتنی ڤیرجینیا، دەبێ بە شتێک کڕرابن کە بەرهەمی پیشەسازیی وڵاتەکە بوونە یان بە شتێکی تری لەو جۆرە کڕراون. واتە، ئەوەندەی پەیوەندیی بە کاری بەرهەمهێنی وڵاتەکەوە هەبێ، بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن کاتێک بەهۆی زێڕ و زیوەوە بەڕێوە دەچێ هەمان سوود و زیانەکانی هەر بازرگانییەکی تری پێچاوپێچی دەرەکیی بۆ بەکاربردنی دەبێ و، بەهەمان خێرایی یان خاوی ئەو سەرمایەیە پڕ دەکاتەوە کە ڕاستەوخۆ بۆ پشتیوانیی ئەو کارە بەرهەمهێنە بەگەڕ خراوە. لەوە دەچێ یەک سوودی زیاتر لە هەر بازرگانییەکی پێچاوپێچی بیانی هەبێ. گواستنەوەی ئەو کانزایانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک، بەهۆی قەبارەی بچووک و بەهای زۆریانەوە، خەرجیی کەمتر لە نزیکەی هەموو کاڵایەکی تری یەکسان لە بەهادا. بارەکان زۆر بچووکترن و دڵنیاییەکەیان زۆرتر نییە، هەروەها کەمتر بەهۆی بارکردنەوە تێک دەچن. بڕێکی یەکسان لە کاڵای بیانی، لەوانەیە، بەهۆی تێکەڵبوونی زێڕ و زیو بە بازرگانییەکە، زۆربەی جاران بە بڕێکی کەمتری بەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆیی بکڕرێ. لەوانەیە خواستی وڵاتەکە، بەم شێوەیە، بەتێچوویەکی کەمتر لە هەر شێوەیەکی تر، تەواوتر تێر بکرێ. من لێرە بەدواوە تاوتوێی

ئەوە دەکەم ئایـا بە هانـاردەکردنی بەردەوامـی ئەم کانزایـانە، بە هـیچ شـێوەیەکی بازرگانییەکی لەم شێوەیە گەشە بەو وڵاتە دەکا کە تیایدا بەڕێوە دەچێ.

ئەو بەشـەی سـەرمایەی هەر وڵاتێـک کە لە بەڕێـوەبردنی ئەم بازرگـانییەدا بەگەڕ دەخرێ، هەمووی لە پشتیوانیی کاری بەرهەمهێنی ئەو وڵاتەوە ڕادەکێشرێ، بۆ پشـتیوانیی کاری بەرهەمهێنی هەندێ وڵاتی بێگانە. هەرچەنـدە ڕەنگە بە هەمـوو ئۆپەراسـیۆنێک جێی دوو سەرمایەی جیا پڕ بکاتەوە، بەڵام هیچ یەکێکیـان هی ئەو وڵاتە نەبێ. سـەرمایەی ئەو بازرگانە هۆڵاندەییەی گەنمەشامیی پۆڵاند بۆ پۆرتوگـال دەبا و، لەوێوە میوە و شـەرابی پۆرتوگـال بـۆ پۆڵانـد دەهێنـێ، بە هەر ئۆپەراسـیۆنێکی لەو جۆرە جێی دوو سـەرمایە پڕ دەکاتەوە، کە هیچ یەکێکیان لە پشتیوانیی کاری بەرهەمهێنی هۆڵاند بەگەڕ نەخراوە، بەڵکو یەکێکیـان پشـتیوانیی ئەوەی پۆڵانـد دەکـا و ئەوەی تـر هـی ئەوەی پۆرتوگـال. تەنیـا قازانجەکان بۆ هۆڵاند دەگەڕێنەوە و، بەهۆی ئەم بازرگانییەوە دەبنە بەشێک لە زیـادکردنی تەواوی بەرهەمی سـاڵانەی زەوی و کـاری وڵاتەکە. لەڕاسـتیدا، کاتێک بازرگـانیی باربردن هەر وڵاتێـک لەڕێـی کەشـتی و کەشـتییەوانانی وڵاتەکەوە بەڕێـوە دەچـێ، ئەو بەشـەی سەرمایەی بەگەڕخراو بۆ ئەو مەبەستە و کرێی گواستنەوەکە بەسەر ژمارەیەک کـارگەری بەرهەمهێنـی ئەو وڵاتەدا دابەش دەبـێ و دەیانخـاتە جـووڵە. نـزیکەی هەمـوو ئەو گەلانەی بەشێکی بەرچاویان لە بازرگانیی باربەریدا هەیە، لەڕاستیدا، بەم شێوەیە بەڕێوەی دەبەن. بازرگانییەکە ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، خەڵکی ئەو وڵاتە بـاربەری وڵاتـانی تـرن. بەڵام لەوە ناچێ بنەڕەتی بێ بۆ سروشتی ئەو بازرگانییە کە بەم شـێوەیە بێ. بۆ نمـوونە، لەوانەیە بازرگـانێکی هۆڵانـدەیی سـەرمایەی خـۆی لە گواسـتنەوەی کـاڵا بازرگانییەکـانی پۆڵانـد و پۆرتوگال بخاتە گەڕ، بەگواستنەوەی بەشێک لە بەرهەمی زیادی یەکێکیان بۆ ئەوەی تر، لە قووڵاییەکانی هۆڵاند نا، بەڵکو لەوانەی بریتانیا. لەوانەیە وا بزانرێ کە ئەو هەندێ جـاران ئەمە دەکا. بەڵام بەم پێیە، پێشبینی دەکرێ بازرگانیی باربەری سوودی زۆری بۆ وڵاتێکی وەک بریتانیـای مەزن هەبـێ، کە بەرگـری و تەنـاهیی پشتبەسـتووە بە ژمـارەی کەشـتییەوانەکانی و گەشـتە دەریاییەکـان. بەڵام هەمـان سـەرمایە دەتـوانێ ئەو ژمـارەی کەشتییەوان و کەشتییە بەگەڕ بخا، چ لە بازرگانیی دەرەوە بۆ بەکاربردن، یان تەنانەت لە بازرگانیی ناوخۆییدا، کاتێک کە ئەوەندەی دەکرێ بە بەلەمی کەنـاراوەکان ئەم بازرگـانییە ئەنجـام بـدرێ. ژمـارەی ئەو کەشـتییەوان و کەشـتییانەی کە سـەرمایەیەکی دیـاریکراو دەتوانێ بەگەڕیان بخا پشتبەستوو نییە بە سروشتی بازرگانییەکە، بەڵکو لە بەشێکیدا بە قەبارەی ئەو کاڵایـانە بە بەراورد لەگەڵ بەهاکەیـان و لە بەشـێکی تـردا بە دووریـی نێـوان

ئەو بەندەرانەی لێیانەوە و بۆیان دەیگوازنەوە، بەشێوەیەکی سەرەکیش بە یەکەمی ئەم دووانە. بازرگانیی خەڵووز لە نیوکاسڵەوە بۆ لەندەن، وەک نموونە، کەشتیی زیاتر لە هەر بازرگانییەکی باربەریی ئینگلتەرە بەگەڕ دەخا، ئەگەرچی بەندەرەکان زۆر لەیەکەوە دوور نین. کەواتە، بە هاندانی نائاسایی بەشی زۆری سەرمایەی هەر وڵاتێک بەرەو بازرگانیی باربەری، بۆ ئەوەی لە ئاستی سروشتی زیاتر بێ، بەردەوام نابێتە مایەی زیادبوونی کەشتییەوانیی ئەو وڵاتە.

سەرمایەی بەگەڕخراو لە بازرگانیی ناوخۆیی هەر وڵاتێکدا، بەگشتی هاندەر و پشتیوان دەبێ بۆ بڕێکی زیاتری کاری بەرهەمهێنی ئەو وڵاتە و، بەهای بەرهەمی ساڵانە زیاد دەکا بەزیاتر لەو سەرمایە یەکسانەی لە بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن بەگەڕ خراوە و، ئەو سەرمایەیەی لەم بازرگانییەی دواییدا بەگەڕ خراوە لە هەردوو ئەم ڕووانەوە سوودی زۆرترە لە سەرمایەیەکی یەکسان کە لە بازرگانیی باربردندا بەگەڕ خراوە. سامانەکان و، ئەوەندەی هێز پشت بە سامان دەبەستێ، هێزی هەر وڵاتێک دەبێ بەردەوام هاوڕێژەی بەهای بەرهەمی ساڵانەی بێ، ئەو پارەیەی لەکۆتاییدا هەموو باجەکانی پێ دەدرێ. بابەتی سەرەکیی ئابووریی سیاسیی هەر وڵاتێک زیادکردنی سامان و هێزی وڵاتەکەیە. بۆیە، نابێ نە یەکەمایەتی و نە باڵادەستی بە بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن بدرێ لە بەرامبەر بازرگانیی ناوخۆیی و، ناشبێ بازرگانیی باربردن لە سەرووی هیچ یەکێک لەو دووانە بێ. هەروەها نابێ بەشێکی زیاتر لە سەرمایەی وڵاتەکە پاڵ بنرێتە نێو هیچ یەکێک لەو دوو کەناڵەوە زیاتر لەوەی بەشێوەیەکی سروشتی لەخۆیەوە بۆیان دەچێ.

کاتێک کە بەرهەمی هەر لقێکی دیاریکراوی پیشەسازی زیاتر دەبێ لەوەی خواستی وڵاتەکە داوای دەکا، زیادەکە دەبێ بۆ دەرەوە ڕەوانە بکرێ و بە شتێک بگۆڕرێتەوە کە لە نیشتماندا خواستی لەسەرە. بەبێ ئەم جۆرە هەناردەکردنە بەشێک لە کاری بەرهەمهێنی وڵات ناچار دەبێ بوەستێ و، بەهای بەرهەمی ساڵانە کەم دەبێتەوە. زەوی و کاری بریتانیای مەزن بەشێوەیەکی گشتی گەنمەشامی، خوری و بەرهەمەکانی و، ئامێری زیاتر لەوە بەرهەم دێنن کە خواستی بازاڕی ناوخۆ دەیەوێ. بۆیە ئەو بەشە زیادەیەی ئەمانە، دەبێ ڕەوانەی دەرەوە بکرێ و، بە شتێک بگۆڕرێتەوە کە لە ناوخۆدا خواستی لەسەرە. تەنیا لەڕێی ئەم جۆرە هەناردەکردنەشەوە ئەو زیادەیە دەتوانێ بەهایەک بەدەست بهێنێ کە بەشی قەرەبووی کار و تێچووی بەرهەمهێنانی بکاتەوە. ناوچەکانی نزیک لە کەناری دەریاکان و لێواری ئەو ڕووبارانەی بۆ کەشتییەوانی شیاون، پێگەی بەسوودن بۆ پیشەسازی، تەنیا لەبەر ئەوەی ئاسانکاری دەکەن بۆ هەناردەکردن و ئاڵوگۆڕی ئەم جۆرە بەرهەمە زیادەیە بە شتی تر کە لەوێ خواستی زیاتریان لەسەرە.

کاتێک ئەو کالا بیانییانەی بەم شێوەیە بە بەرهەمی زیادی پیشەسازیی ناوخۆیی کڕراون لە خواستی بازاڕی ناوخۆیی زیاتر دەبن، ئەو بەشە زیادە یان دەبێ دووبارە ڕەوانەی دەرەوە بکرێ و بە شتێک بگۆڕرێتەوە کە لە ناوخۆدا خواستی زیاتری لەسەرە. سالانە نزیکەی ٩٦ هەزار بەرمیلی گەورەی دارینی تووتن لە ڤیرجینیا و مێریلاند بە بەشێک لە بەرهەمی زیادی پیشەسازیی بریتانیا دەکڕرێن. بەلام خواستی بریتانیای مەزن ئەم بڕەی ناوێ، بگرە ١٤ هەزار لەو بەرمیلانەی بەسن. ئەگەر ئەو ٨٢ هەزار بەرمیلەی ماون، ڕەوانەی دەرەوە نەکرێن و بە شتێک نەگۆڕرێنەوە کە لە ناوخۆدا خواستی لەسەرە، ئەوە دەبێ یەکسەر هاوردەکرجیهانن ڕابوەستێنرێ و، بەوەش کاری بەرهەمهێنی ئەو هەموو دانیشتووانەی بریتانیای مەزن، کە ئێستا کار بۆ ئامادەکردنی ئەو کالایانە دەکەن کە سالانە ئەو ٨٢ هەزار بەرمیلەی پێ دەکڕرێ، ڕادەوەستێ. ئەو کالایانە کە بەشێکن لە بەرهەمی سالانەی زەوی و کاری بریتانیای مەزن، کە لە ناوخۆدا بێبازاڕن، بێبەش دەبن لەو بازاڕەی لە دەرەوە هەیانە و، دەبێ بەرهەمهێنانیان بوەستێ. بۆیە لەوانەیە زۆربەی بازرگانیی پێچاوپێچی بەکاربردن، لە هەندێ دۆخدا بۆ پشتیوانیی کاری بەرهەمهێنی ولات و، بەهای بەرهەمی سالانەی زۆر پێویست بێ.

کاتێک کە سەرمایەی هەر ولاتێک زیاد دەبێ بۆ ئاستێک کە نەکرێ هەمووی بۆ دابینکردنی بەکاربردن و پشتیوانیی کاری بەرهەمهێنی ئەو ولاتە بەگەڕ بخرێ، بەشێوەیەکی سروشتی بەشە زیادەکە خۆی دەکوتێتە نێو بازرگانیی باربردنەوە و، بەگەڕ دەخرێ لە کارپێکردنی هەمان بوارەکان لە ولاتانی تردا. بازرگانیی باربردن کاریگەری و نیشانەی سروشتیی سامانی زۆری نیشتمانە، بەلام لەوە ناچێ هۆکاری سروشتی بێ بۆ ئەو زۆرییە. ئەو کەسانەی هەندێ هاندەری دیاریکراو وایان لێ دەکا بیخەنە پێشەوە، لەوە دەچێ کاریگەری و نیشانەکانیان لەگەل هۆکارەکە تێکەل کردبێ. هۆلاند، بە بەراورد لەگەل پانتایی زەوییەکەی و ژمارەی دانیشتووانی، دەولەمەندترین ولاتی ئەوروپایە، بەو پێیەش زۆرترین بەشی بازرگانیی باربردنی ئەوروپا ئەنجام دەدا. ئینگلتەرە، لەوانەیە دووەم دەولەمەندترین ولاتی ئەوروپا بێ، ئەویش بەهەمان شێوە مەزەندە دەکرێ بەشێکی زۆری ئەو بازرگانییە ئەنجام بدا، هەرچەندە ئەوەی بەگشتی بازرگانیی باربردنی ئینگلتەرەی پێوە دەکرێ، وەک دەرکەوتووە، جگە لە بازرگانیی دەرەکیی پێچاوپێچی بەکاربردن هیچی تر نییە. ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر، ئەو بازرگانییانەن کە کالاکانی هیندی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و، ئەوانەی ئەمەریکا، بۆ بازارە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا دەگوازنەوە. ئەو کالایانە بەگشتی، یان ڕاستەوخۆ بە بەرهەمی پیشەسازیی بریتانیا دەکڕرێن، یان بە شتی تر کە بەو بەرهەمە کڕراون و، داهاتی کۆتایی ئەو بازرگانییانە بەگشتی لە بریتانیای مەزندا

بەکار دەهێنرێن یان بەکار دەبرێن. ئەو بازرگانییەی لە ئاوە قووڵەکانی بریتانیا، لەنێوان بەندەرە جیاجیاکانی دەریای ناوەڕاست بەڕێوە دەچن و، هەندێ بازرگانیش لە هەمان جۆر لەلایەن بازرگانە بریتانیاییەکانەوە لەنێوان بەندەرە جیاجیاکانی هیند بەڕێوە دەچن، ڕەنگە لقە سەرەکییەکانی بازرگانیی باربردنی بریتانیای مەزن بن.

مەودای بازرگانیی ناوخۆیی و ئەو سەرمایەیەی دەکرێ تیایدا بەگەڕ بخرێ، وەک پێویستییەک لەلایەن بەهای بەرهەمی زیادی هەموو شوێنە دوورەکانی ناو وڵاتەوە، کە بواری گۆڕینەوەیان لەگەڵ بەرهەمی شوێنانی تردا هەیە، سنووردار دەکرێ. مەودای بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن، لەڕێی بەهای بەرهەمی زیادی تەواوی وڵاتەوە و ئەوەی بەو دەکڕێ، سنووردار دەکرێ. مەودای بازرگانیی باربەریش، سنووری نییە بە بەراورد لەگەڵ ئەو دووەی تردا و، توانای لەخۆگرتنی گەورەترین سەرمایەکانی هەیە.

لەبەرچاوگرتنی قازانجی تایبەتی خۆی تەنیا بزوێنەرە کە وا لە خاوەنی هەر سەرمایەیەک دەکا، سەرمایەکەی لە کشتوکاڵ، پیشەسازی، یان لە لقێکی بازرگانیی کۆفرۆشی یان تاکفرۆشی، بەگەڕ بخا. بڕە جۆراوجۆرەکانی کاری بەرهەمهێن کە لەوانەیە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە ببزوێنن و، بەها جۆراوجۆرەکانی کە ڕەنگە شتێک بۆ ئەو بەرهەمە زیاد بکەن، بەپێی بەگەڕخستنی سەرمایەکان لەم یان لەوەی تری ئەو ڕێگە جۆراوجۆرانەدا، هەرگیز بە بیری خاوەن سەرمایەکەدا تێپەڕ نەبوونە. بۆیە لەو وڵاتانەی کشتوکاڵ تیایاندا بەقازانجترینی هەموو بەگەڕخستنەکانە و، کشتوکاڵ و چاکسازیی زەوی نزیکترین ڕێگەن بەرەو سامانی زۆر، سەرمایەی تاکەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەشێوەیەک بەگەڕ دەخرێ کە بۆ هەموو کۆمەڵگە بەسوودترینە. لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دەچێ لە هەموو شوێنێکی ئەوروپا، قازانجەکانی کشتوکاڵ هیچیان لەوانەی بەگەڕخستنەکانی تر زیاتر نەبێ. لەڕاستیدا، پرۆژەدارەکان، لە هەموو کونجێکدا، لەم چەند ساڵەی دواییدا خەڵکیان بە نایابترین تۆمارەکانی قازانجی کشتوکاڵ و چاکسازیی زەوی سەرسام کرد. بەبێ ئەوەی هیچ خۆمان لە قەرەی شەنوکەوی ژمێریارییەکانیان بدەین، ڕەنگە تێبینییەکی زۆر سادە بەس بێ بۆ ئەوەی پێمان بڵێ ئەو ئەنجامانەی ئەوان باسیان دەکەن دروست نین. ڕۆژانە سامانی زۆر دەبینین کە لە ماوەی یەک ژیاندا بەدەست هاتوون، لەڕێی بازرگانی یان پیشەسازییەوە، زۆربەی جارانیش لە سەرمایەیەکی زۆر بچووکەوە و، هەندێ جار بەبێ سەرمایە پەیدا کراون. بەڵام لە هەموو ئەوروپا و بە درێژایی ئەم سەدەیە، تەنیا یەک سامانی هاوشێوە لەڕێی کشتوکاڵەوە و بەهەمان ماوە و، هەمان سەرمایە، پەیدا نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەموو وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا گەلێ زەویی باش هێشتا کشتوکاڵیان تێدا نەکراوە و، زۆرترین بەشی زەوییە کشتوکاڵییەکان

بەپێی توانای خۆیان چاک نەکراون. بۆیە کشتوکاڵ لە نزیکەی هەموو شوێنێکدا توانای لەخۆگرتنی سەرمایەیەکی زیاتر لەوەی تا ئێستا تیایدا بەگەڕ خراوە، هەیە. ئەو هەلومەرجانەی سیاسەتی ئەوروپا کە وایان کردووە ئەو بازرگانییانەی لە شارەکاندا بەڕێوە دەچن سوودی زۆرتریان هەبێ لەوانەی لە لادێکاندا بەڕێوە دەچن تاوەکو کەسانی ئاسایی زۆربەی جاران پێیان وا بێ کە بەرژەوەندیان لەوەدایە سەرمایەکانیان لە دوورترین بازرگانییەکانی باربەریی ئاسیا و ئەمەریکا بەگەڕ بخەن نەک لە چاککردن و چاندنی کێڵگە بەپیتەکانی خۆیان لە لادێیە نزیکەکاندا، من لەم دوو کتێبەی داهاتوودا، هەوڵ دەدەم بە درێژی ئەم بابەتە ڕوون بکەمەوە.

کتێبی سێیەم
پێشڤەچوونی جۆراوجۆری
سامانی نەتەوە جیاجیاکان

بەشی یەکەم
پێشڤەچوونی سروشتیی سامان

گەورەترین بازرگانی لە هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا ئەوەیە کە لەنێوان شارنشینان و گوندنشیناندا بەڕێوە دەچێ. ئەو بازرگانییە پێک دێ لە ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمی خاو بە بەرهەمی پیشەسازی، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان لەڕێی پارەوە بێ، یان هەر جۆرە کاغەزێک کە بەپارە دابنرێ. لادێ خۆراک و کەرەستەی پیشەسازی بۆ شار دابین دەکات. شاریش لە بەرامبەردا بەشێک لە بەرهەمی پیشەسازیی خۆی بۆ دانیشتووانی لادێ ڕەوانە دەکا. دەشێ بگوترێ شار، کە ناتوانێ و نەیتوانیوە هیچ خۆراکێک بۆ خۆی بەرهەم بهێنێ، تەواوی سامان و بژێویی خۆی لە لادێوە بەدەست دێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بەم پێیە مەزەندەی ئەوە بکەین کە دەسکەوتی شار زیان و لەدەستچوونە بۆ لادێ. دەسکەوتی هەردوو لا هاوبەشە و بەرامبەر بە یەکن و، دابەشکردنی کار لەم دۆخەدا، وەک هەر دۆخێکی تر بەسوودە بۆ هەموو کەسە جۆراوجۆرەکانی لە پیشە جیاجیاکاندا کار دەکەن کە کاریان بەسەردا دابەش بووە. دانیشتووانی لادێ بڕێکی زۆرتر کاڵای دروستکراو بە بەرهەمی بڕێکی زۆر کەمتری کاری خۆیان دەکڕن، کەمتر لەوەی ئەگەر خۆیان هەوڵی ئامادەکردنی ئەو کاڵایانەیان لەلای خۆیان بدایە. شار بازاڕێک دابین دەکات بۆ بەرهەمی زیادی لادێ، یان بۆ ئەوەی لە بژێویی چینەرەکان زیاترە و، لەو بازاڕەدا دانیشتووانی لادێ ئەو زیادەیە بە شتی تر دەگۆڕنەوە کە لای خۆیان خواستیان لەسەرە. چەند ژمارە و داهاتی دانیشتووانی شار زۆرتر بێ، ئەوەندە ئەو بازاڕە فرەوانتر دەبێ کە بۆ دانیشتووانی لادێی دەستەبەر دەکەن، بەردەوامیش سوودی بۆ ژمارەیەکی زۆرتر دەبێ. ئەو گەنمەشامییەی لە دووریی یەک میل لە شار دەڕوێ، لەوێ بەهەمان نرخی ئەوەی لە دووریی بیست میل دەڕوێ دەفرۆشرێ. بەڵام نرخی ئەم گەنمەشامییە بەگشتی تەنیا خەرجیی ڕواندن و هێنانی بۆ بازاڕ دەستەبەر ناکا، بگرە قازانجە ئاساییەکانی کشتوکاڵیش بۆ جووتیار دابین دەکات. لەبەر ئەوە، خاوەن موڵک و چینەرانی لادێ، کە لە دەوروبەری شارن، قازانجی زیاتر لە کشتوکاڵ دەکەن، بەرهەمەکەیان بەو نرخە دەفرۆشن کە تەواوی بەهای گواستنەوەی بەرهەمی هاتوو لە شوێنانی دوورەوەی تێدایە و، لەپاڵ ئەوەش تەواوی بەهای ئەو گواستنەوەیە لە نرخی ئەوەی کە دەیکڕن، هەیە. ئەگەر بەراوردی زەویی کشتوکاڵیی دەوروبەری هەر شارێکی گەورە لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەک لێیەوە دوورە بکەی، بەئاسانی بۆت ڕوون دەبێتەوە لادێ چەند قازانج لە بازرگانیی شار دەکا. لەنێو هەموو لێکدانەوە پووچەکانی پەیوەست بە بالانسی بازرگانی (the balance of

trade)، هەرگیز پێشان نەدراوە ئایا لادێ لە بازرگانی لەگەڵ شاردا زیانمەندە، یان شار زیانمەندە لە بازرگانی لەگەڵ ئەو لادێیەی دەیژیێنێ.

وەک چۆن بژێوی، بەپێی سروشتی شتەکان، پێش دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی دێ، بەهەمان شێوە ئەو پیشەسازییەی یەکەمیانی پێ دابین دەکرێ دەبێ پێش ئەوە بێ کە بەدەنگ ئەوەی دواییەوە دەچێ. کەواتە چاندن و چاککردنی زەویی لادێ، کە بژێوی دابین دەکات، دەبێ لەپێشتر بێ لە گەورەبوونی شار کە تەنیا ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی دابین دەکات. ئەوە تەنیا بەرهەمی زیادی لادێیە، یان ئەوەی لە بژێویی چێنەران زیادە، کە بژێویی شار لەخۆ دەگرێ، کە تەنیا بە زیادبوونی ئەو بەرهەمە زیادەیە دەتوانێ گەورە ببێ. لەڕاستیدا ڕەنگە شار بەردەوام تەواوی بژێویی خۆی لەو لادێیەی دەوروبەریەوە، یان تەنانەت لەو ناوچەیەشی کە سەر بەوێیە، دەستەبەر نەکا، بەڵکو لە لادێی زۆر دوورەوە دەستی بکەوێ، ئەمەش هەرچەندە لە یاسا گشتییەکە بەدەر نییە، دەبێتە هۆی جیاوازیی زۆر لە پێشڤەچوونی دەوڵەمەندی لە سەردەمانی جۆراوجۆر و لەنێو گەلانی جۆراوجۆردا.

ئەم جۆرە ڕێکخستنەی شتەکان کە بەگشتی پێویستی دەیسەپێنێ، هەرچەندە لە هەموو وڵاتێکی دیاریکراودا نییە، بەڵام لە هەموو وڵاتێکی دیاریکراودا، لەلایەن مەیلی سروشتیی مرۆڤەوە بەهێز دەکرێ. ئەگەر یاساکانی مرۆڤ شکست بەو مەیلە سروشتییانە بهێنن، شارەکان هەرگیز لەوە زیاتر زیاد نابن کە پێشکەوتن و چاندنی ئەو ناوچەیەی تێیدان پشتیوانیی دەکەن، تا ئەو کاتە، بەلای کەمەوە، کە تەواوی ئەو ناوچەیە کشتوکاڵ دەکرێ و پێش دەکەوێ. بەگوێرەی قازانجەگەلی یەکسان، یان نزیکە یەکسان، زۆربەی پیاوان سەرمایەکانی خۆیان بەگەڕ دەخەن لە چاکسازی و چاندنی زەوی زیاتر لەوەی لە پیشەسازی یان بازرگانیی دەرەکی بەگەڕی بخەن. ئەو پیاوەی سەرمایەی خۆی لە زەوی بەگەڕ دەخا سەرمایەکەی زیاتر لەبەر چاو و لەبەر دەستی خۆی دەبێ و، سامانەکەی کەمتر دەکەوێتە بەر ئەگەری ڕووداوی لەناکاو لەوەی سەرمایەی بازرگانێک بەریان دەکەوێ، کە زۆر جار ناچارە خۆی تووشیان بکات، نەک تەنیا بەهۆی با و شەپۆلەوە، بەڵکو بەهۆی هەڵە و نەزانیی مرۆڤیشەوە، کە لە وڵاتانی زۆر دوور قەرز بە کەسانێک دەدات کە ناتوانێ بە وردی کەسایەتی و پێگەیان هەڵسەنگێنێ. سەرمایەی خاوەن موڵک، بەپێچەوانەوە، کە لە چاککردنی زەوییەکەیدا جێگیرە، ئەوەندەی کاروباری مرۆڤ ڕێگە بدات مسۆگەرە. جوانیی لادێ و خۆشییەکانی ژیانی لادێ، ئەو ئارامییەی لێی چاوەڕوان دەکرێ و، ئەو شوێنەی نادادیی یاساکانی مرۆڤ نایشێوێنێ، ئەو سەربەخۆییەی بەڕاستی دەستەبەری دەکا، هەموویان هێزی بەکێشکردنن بۆ هەموو کەسێک و، کە چاندنی زەوی

یەکەمین ڕووگەی بنەڕەتیی مرۆڤە، بۆیە لە هەموو قۆناخێکی بوونیدا لەوە دەچێ مەیلی دەستگرتنی بەم پیشە سەرەتاییەوە هەبێ.

لەڕاستیدا بەبێ یارمەتیی پیشەوەران، چاندنی زەوی زۆر بە سەختی و بەئاستەنگی بەردەوامەوە ئەنجام دەدرێ. ئاسنگەران، دارتاشان، دروستکەرانی تایە و گاسن، بیناسازان، دیوارسازان، پێستەچییان، پێڵاودرووان و، بەرگدرووان خەڵکانێکن کە زۆربەی جاران جووتیار پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانیان دەبێ. ئەم پیشەوەرانەش، جاربەجار پێویستیان بە یارمەتیی یەکتر دەبێ و، کە شوێنی نیشتەجێبوونیان وەک ئەوەی جووتیاران نییە و، پەیوەستن بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، ئەوان بەشێوەیەکی سروشتی لە نزیکی یەکتر نیشتەجێن و، بەم شێوەیە نیشتەجێی شارێکی بچووک یان گوندێکن. گۆشتفرۆش، بیرەچی و، نانەواش زوو خۆیانیان پێ دەگەیەنن، لەگەڵ چەندان پیشەوەر و تاکفرۆشی تر، کە پێویستن یان بەسوودن بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان و، بەشدار دەبن لە گەورەترکردنی شاردا. دانیشتووانی شار و دانیشتووانی لادێ خزمەتکاری هاوبەشی یەکترن. شار پێشانگەیەک یان بازاڕێکی بەردەوامە و لادێنشینان پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی گۆڕینەوەی بەرهەمی خاویان بە بەرهەمی پیشەسازی. ئەوە ئەم بازرگانییەیە کە کەرەستەی ئیش و بابەتەکانی بژێوی بۆ شارنشینان دەستەبەر دەکا. بڕی ئەو ئیشە تەواوکراوەی بە گوندنشینانی دەفرۆشن بڕی ئەو کەرەستە و ئازووخەیە ڕێک دەخا کە دەیکڕن. کەواتە، نە کاری ئەوان و نە بژێوییان، زیاد نابن، مەگەر هاوڕێژە بن لەگەڵ زیادبوونی خواستی لادێ لەسەر ئیشی تەواوکراو و، ئەو خواستە تەنیا هاوڕێژە لەگەڵ فرەوانبوونی چاککردن و چاندنی زەویدا زیاد دەبێ. بۆیە ئەگەر مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی هەرگیز دەسکاریی ڕێڕەوی سروشتیی شتەکان نەکەن، سامانی ڕوو لەپێشکەوت و گەورەبوونی شارەکان، لە هەموو کۆمەڵگەیەکی سیاسی، وابەستەی یەکتر دەبن و، هاوڕێژەی چاککردن و چاندنی زەویی لادێ دەبن.

لە کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکامان، کە هێشتا زەویی کشتوکاڵنەکراو بەمەرجی سووک دەست دەکەون، هیچ پیشەوەرێک بۆ فرۆشی دوور لە هیچ شارێکیاندا جێگیر نەبوونە. کاتێک پیشەوەر کەمێک زیاتر ماڵی دەست دەکەوێ لەوەی پێویستە بۆ پیشەکەی بۆ تێرکردنی لادێکانی دەوروبەر، ئەو لە باکوری ئەمەریکا هەوڵ نادا پیشەسازییەک بۆ فرۆشی دوورتر دامەزرێنێ، بەڵکو بۆ کڕین و چاککردنی زەویی کشتوکاڵنەکراو تەرخانی دەکا. ئەو لە پیشەسازەوە دەبێ بە چێنەر و، نە هەقدەستی زۆر و نە بژێویی ئاسان کە ئەو وڵاتە بۆ پیشەوەری دەستەبەریان دەکا دنەی نادەن بۆ ئەوەی جگە لە خۆی بۆ کەسی تر ئیش بکات. ئەو هەست دەکا کە پیشەساز خزمەتکاری کڕیارەکانیەتی، ئەوانەی بژێویی لێیان دەست دەکەوێ، بەڵام چێنەرێک کە زەویی خۆی دەچێنێ و بژێویی پێویست لە کاری

خێزانەکەیەوە دەستەبەر دەکا، بەڕاستی کوێخای خۆیەتی و، سەربەخۆیە و منەتی بە هەموو جیهان نییە.

بەپێچەوانەوە، لەو وڵاتانەی نە زەویی کشتوکاڵنەکراو هەیە و، نە زەوی بە مەرجی سووک دەست دەکەوێ، هەموو پیشەوەرێک کە ماڵی زیاتری هەبێ لەوەی لە ئیشی جاربەجاری دەوروبەری خۆیدا بەگەڕی بخا هەوڵ دەدات ئیش بۆ فرۆشی دوورتر ئامادە بکات. ئاسنگەر جۆرە ئاسنێک ڕاست دەکاتەوە، جۆلا جۆرە کوتاڵێکی کەتان یان خوری بەرهەم دێنێ. ئەم پیشەوەرە جۆراوجۆرانە، لەگەڵ کاتدا وردەوردە زیاتر دابەش دەبن و، بە چەندان ڕێگە پێش دەکەون وئیشی وردتر دەکەن، کە لەوانەیە بە ئاسانی تێریان بکات و، بەوەش پێویستی بەرپوونکردنەوەی زیاتر نابێ.

لە کاتی گەڕان بەدوای بەگەڕخستنێکدا بۆ سەرمایە، پیشەوەران، بە قازانجی یەکسان یان نزیک لەوەوە، بەشێوەیەکی سروشتی بازرگانیی دەرەکیان پێ باشتر دەبێ، لەبەر هەمان ئەو هۆکارەی وا دەکا کشتوکاڵ بەشێوەیەکی سروشتی لە پیشەسازی ویستراوتر بێ. کە سەرمایەی خاوەن زەوی یان جووتیار پارێزراوتر بێ لەوەی پیشەوەر، سەرمایەی پیشەوەریش، کە بەردەوام لەبەر چاو و بەر دەستی خۆیەتی، پارێزراوترە لەوەی بازرگانێکی دەرەکی. لەڕاستیدا، لە هەموو سەردەمێکی هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بەشی زیادی هەردوو بەرهەمی خاو و دروستکراو، یان ئەو بەشەی لە ناوخۆدا خواستی لەسەر نییە، دەبێ ڕەوانەی دەرەوە بکرێ بۆ ئەوەی بە شتێک بگۆڕرێتەوە کە لە ناوخۆدا خواستێکی لەسەرە. بەڵام ئەو سەرمایەیەی ئەو بەرهەمە زیادەیە بۆ دەرەوە دەبا، خۆماڵییە یان بیانییە، ئەوە گرنگییەکی زۆر کەمی هەیە. ئەگەر کۆمەڵگە سەرمایەیەکی دەست نەکەوێ کە لە یەک کاتدا بەشی چاندنی هەموو زەوییەکانی و، پیشەسازیی تەواوی بەرهەمە خاوەکەی بە تەواوترین شێوە بکات، ئەوە زۆر بەسوود دەبێ کە بەرهەمە خاوەکەی لەلایەن سەرمایەیەکی بیانییەوە هەناردە بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ تەواوی ماڵی کۆمەڵگە لە بواری بەسوودتردا بەگەڕ بخرێ. سامانی میسری کۆن، چین و، هیندستان، زۆر بەڕوونی پیشانی دەدەن کە گەلێک دەتوانێ بەرزترین ئاستی دەوڵەمەندی بەدەست بهێنێ لە کاتێکدا کە بازرگانیی هەناردەکردنی لەلایەن بێگانەوە بەڕێوە دەچێ. پێشڤەچوونی کۆلۆنییەکانمان لە باکوری ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا زۆر خاوتر دەبوو ئەگەر جگە لە سەرمایەکانی خۆیان هیچ سەرمایەیەکی تر لە هەناردەکردنی بەرهەمی زیادیان بەگەڕ نەخرابا.

کەواتە بەگوێرەی ڕێڕەوی سروشتیی شتەکان، زۆرترین بەشی سەرمایەی هەموو کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوو، یەکەم، ڕووی لە کشتوکاڵە، ئینجا لە پیشەسازی و، لە دوای هەموویان ڕووی لە بازرگانیی دەرەکییە. ئەم ڕێکخستنەی شتەکان، بە بڕوای من، ئەوەندە سروشتییە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی خاوەن زەویی خۆیدا بەشێوەیەک لە شێوەکان

تێبینی کراوە. دەبێ بەشێک لە زەوییەکانیان پێش بنیاتنانی هەر شارێکی گەورە کشتوکاڵی تێدا کرابێ و، جۆرێک لە پیشەسازیی سادەی پیشەوەران لەو شارانەدا بەڕێوە چووبێ پێش ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کار لە بازرگانیی دەرەکیدا بکەن.

هەرچەندە کە دەبێ ئەم ڕێڕەوە سروشتییەی شتەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو کۆمەڵگەیەک لەم جۆرە هەبووبێ، بەڵام لە هەموو وڵاتە هاوسەردەمەکانی ئەوروپا، بە چەندان شێوە، ئەم ڕێڕەوە تەواو پێچەوانە کراوەتەوە. بازرگانیی دەرەکیی هەندێ لە شارەکانیان بووە مایەی باشترین پیشەسازییەکانیان، یان ئەو پیشەسازییانەی بۆ فرۆشی دوورەدەست گونجاون و، پیشەسازی و بازرگانیی دەرەکی بەیەکەوە بوونە هۆی لەدایکبوونی پێشکەوتنە بنەڕەتییەکانی کشتوکاڵ. ئەو داب و نەریتانەی سروشتی حکومەتە ڕەسەنەکانیان هێنایاننە کایەوە و، دوای گۆڕانکاریی زۆر لەو حکومەتانەش هەر مانەوە، وەک پێویستییەک بەرەو ئەم ڕێڕەوە ناسروشتی و پێچەوانەیە پاڵیان پێیانەوە نا.

بەشی دووەم
هاننەدانی کشتوکاڵ لە دۆخی کۆنی ئەوروپای دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان

کاتێـک کە گەلانـی ئەڵمـان و سـیدیایی دەسـتیان بەسـەر ناوچەکـانی ڕۆژئـاوای ئیمپراتۆریـای ڕۆمانـدا گـرت، ئەو بشـێوییانەی بەدوای ئەوەدا هـاتن زۆر گەورە بـوون و چەنـد سـەدەیەک درێژەیـان کێشـا. ڕاوڕووت و تونـدوتیژی لەلایەن کێوییەکـانەوە دژ بە دانیشتووانی دێرین بوونە مایەی وەستانی بازرگانیی نێوان شـار و لادێ. شـارەکان چۆڵ کـران و، لادێکـان بەبـێ کشـتوکاڵ مـانەوە و، ناوچەکـانی ڕۆژئـاوای ئەوروپـا، کە دەوڵەمەنـدییەکی بەرچاویـان لەسـایەی حـوکمڕانیی ئیمپراتۆریـای ڕۆمـان بەخـۆوە دیبـوو، نـوقمی نزمتـرین دۆخـی هەژاری و دواکەوتـوویی بـوون. لە میـانی بەردەوامیـی ئەو پاشاگەردانییانەدا، سەرکردە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئەو گەلانە زۆرترین بەشـی زەویی ئەو وڵاتانەیان بەدەست هێنا یان داگیریان کرد. بەشـێکی زۆریان کشتوکاڵنەکراو بوون، بەڵام هـیچ بەشـێکیان، کشـتوکاڵکراو و کشـتوکاڵنەکراو، بەبـێ خـاوەن نەمـایەوە. هەموویـان دەستیان بەسەردا گیرا و، زۆرترین بەشیان بۆ چەند خاوەنێکی کەم بوون.

ئەم دەستگرتنە بنەڕەتییە بەسـەر زەویـی کشـتوکاڵنەکراودا، ئەگەرچـی خراپەکارییەکی گەورە بوو، بەڵام لەوانە بوو کاتەکی بێ. ئەو زەوییانە لەوانەیە زۆریان بەسـەردا نەچووبێ و جارێکی تر دابەش کرابێتنەوە بۆ پارچەی بچووک چ بەهـۆی بۆمـانەوە (میراتگری) یـان لەڕێی گواستنەوەی خاوەندارییەوە. یاسـای براگەورە ڕێی لە دابەشـکردنی زەوی بەهـۆی بۆمانەوە دەگرت: داهێنانی یاسای میراتگران ڕێگەی لە لەتکرجیهانن بۆ پارچەی بچووک لەڕێی گواستنەوەی خاوەندارییەوە دەگرت.

کاتێک زەوی، وەک زیندەماڵ، تەنیا بە ئامرازی بژێوی و خۆشـحاڵی دابنرێ، یاسـای سروشتیی بۆمانەوە، هاوشێوەی زیندەماڵ بەسـەر منداڵانی خێزانەکەدا دابەشـی دەکا، کە پێشبینی دەکرێ بژێوی و خۆشگوزەرانیی هەموویـان لای باوکیـان یەکسـان بێ. ئەم یاسـا سروشتییەی میراتگری لای ڕۆمانەکانیش هەبوو، کە لە میراتی زەویدا هەر ئەوەندەی ئێمە لەبارەی زیندەماڵەوە، جیاوازییان لەنێوان گەورە و بچووک و، نێر و مێ دەکرد. بەڵام کە زەوی لەوە دەرچوو تەنیا ئامرازی بژێوی بێ و، بووە ئامرازی هێز و پارێزگاری، بەباشتر زانرا کە بەبێ دابەشکردن بۆ یەک کەسێک بمێنێتەوە. لەو سـەردەمی پاشـاگەردانییەدا هەر خـاوەن مـوڵکێکی گەورە میرێکـی بچکـۆلە بـوو. کرێچییەکـانی رەعیەتـی ئەو بـوون. خـۆی

دادوەریـان بـوو و، لە هەنـدێ ڕووەوە لە کـاتی ئاشـتیدا یاسـادانەریان بـوو و، لە شـەڕدا فەرماندەیان بوو. ئەو شەڕی بەگوێرەی دیدی خۆی بەرپا دەکرد و زۆربەی جاران دژ بە دراوسێکانی بوون، هەندێ جاریش دژی سەروەری خۆی بوو. بۆیە ئارامیی موڵکی جێگیر، ئەو پارێزگارییەیە کە خاوەنەکەی دەتوانێ بۆ ئەو کەسانەی تیایدا نیشتەجێن دابینی بکات، پشت بە گەورەیی موڵکەکە دەبەستێ. دابەشکردن بەواتەی وێرانکردنی مـوڵکەکە دەهـات، بەواتەی خسـتنەڕووی هەر بەشـێک بـۆ ئەوەی لەڕێـی دەسـتدرێژیی دراوسـێیەکانیەوە هێرشی بکرێتە سەر و قووت بدرێ. کەواتە یاسـای بـراگەورە کتوپڕ نەهـاتە کـایەوە، بگرە لەگەڵ تێپەڕبـوونی کـات، لەگەڵ بۆمـانەوەی موڵـک، لەبەر هەمـان ئەو هۆکـارەی کە ئەمەی بەهـۆوە لە شانشـینەکاندا پیـادە دەکرێ هـاتە کـایەوە، ئەگەرچـی لە یەکەمـین یاسـاکانیاندا بوونی نییە. بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و، لە ئاکامدا ئارامیی شانشـین، لەڕێـی دابەشـکردنەوە لاواز نەبن، دەبێ هەمـووی بەتەواوی بـۆ یەکێـک لە منداڵەکان بمێنێتەوە. ئەو منداڵەی ئەم یەکەمایەتییە گرنگەی پێ دەدرێ، دەبێ هەندێ ڕێکاری گشتی هەبن، تاوەکو لەسـەر بنەمای جیاکـاریی بەرگومـان نەبـن، بەڵکـو لەسـەر جیـاوازیی ڕوون و ئاشـکرا بـن و نەبنـە مـایەی نـاکۆکی. لەنێـو منـداڵانی هەمـان خێـزان، هـیچ جیـاوازییەکی دوور لە نـاکۆکی نییە، مەگەر جیـاوازیی ڕەگەز. نێـرینە لە هەمـوو جیهانـدا لە مێـینە لەپێشـترە و، کە هەمـوو منـداڵەکان لەمەدا یەکسان بن، ئەوە گەورەترینەکە پێش بچووکترەکـان دەکەوێ. ئەمەش سـەرچاوەی مافی براگەورە، یان ئەوەیە کە پێی دەڵێن جێنشینی ڕاستەوخۆ.

زۆربەی جـاران یاسـاکان بەردەوامییـان دەبـێ، تەنـانەت بـۆ مـاوەیەکی زۆر لەپـاش ئەو هەلومەرجەی بوونە هۆی دارشتنیان نامێنن. لە دۆخی ئێستای ئەوروپا، خاوەنی تەنیا یەک ئەیـکەر زەوی، هاوشـێوەی خـاوەنی سـەد هەزار ئەیـکەر، تەواو دڵنیـایە لە سـەلامەتیی موڵکەکەی. بەڵام هێشتا مـافی بـراگەورە حسـێبی بۆ دەکرێ و، وەک هەمـوو یاسـاکانی تـر گونجاوترینە بۆ پشتیوانیی شکۆی جیاکەرەوەی خێزان، لەوانەشە بۆ چەند سـەدەیەکی تـر بەردەوامیـی پـێ بـدرێ. لە هەمـوو ڕوویەکەوە، هـیچ شـتێک نییـە ئەوەنـدە پێچەوانەی بەرژەوەندی خێزانێکی فرەئەندام بێ بەقەد ئەو مافەی کە بۆ دەوڵەمەندکردنی یەک منداڵی خێزانەکە، هەموو منداڵەکانی تر بخاتە سواڵەوە.

ئاکـامی سروشـتیی یاسـای بـراگەورە ڕاگرتنـی دەسـتکاریی مـوڵکە. ئەو یاسـایە بـۆ پاراستنی میراتگرییەکی ڕاستەوخۆی دیاریکراو دارێژراوە، کە یاسـای براگەورە بۆ ئەو مەبەسـتە یەکەمـین جـار بیـرۆکەکەی پێشـکەش کـرد، مەبەسـت ڕێگـری بـوو لەوەی هـیچ بەشـێکی مـوڵکە بنەڕەتیـیەکە دەرنەچێـتە دەرەوە نە بە دیـاری، نە بە بەخشـین و نە بە گواستنەوەی خاوەنداری، هەروەهـا بە نەزانـی یـان لێقەومـانی هـیچ یەکێک لە خـاوەنە یەک لەدوای یەکەکانیشی دەرنەچێ. ئەمانە هەموویان لای ڕۆمانەکـان نەبـوون. نە جێگرتنەوە و

نه سپاردن هیچ هاوشێوەییەکیان لەگەڵ ڕاگرتنی گواستنەوەی موڵکداریدا نییە، ئەگەرچی هەندێ پارێزەری فرانسەیی پێیان باش بوو یاسای هاوسەردەم لە زمان و بەرگی یاسا کۆنەکان هەڵکێشن.

کاتێک موڵکەکان زەویی زۆریان هەبوو و هاوشێوەی میرنشینەکان بوون، لەوانەیە ڕاگرتنی گواستنەوەی موڵکداری نەگونجاو نەبووبێ. هاوشێوەی ئەوانەی پێیان دەگوترێ یاسا بنەڕەتییەکانی هەندێ پاشایەتی، لەوانەیە زۆربەی جاران ڕێگر دەبوون لەوەی ئارامیی هەزاران بکەونە بەر مەترسیی حەز یان زێدەڕۆیی یەک تاکە کەسێک. بەڵام لە دۆخی ئێستای ئەورووپا، کە موڵکی بچووک هاوشێوەی موڵکی گەورە ئارامیی خۆیان لەڕێی یاسای وڵاتەوە مسۆگەر دەکەن، هیچ شتێک لەو نەریتە کۆنانە بێواتەتر نییە. ئەوان هەموویان لەسەر بنەمای پووچترین گومانەکان داڕێژراون، ئەو گومانەی بەهۆیەوە هەموو نەوەیەکی دواتری خەڵک مافی یەکسانی نییە لە زەویدا و، لە هەموو ئەوەی هەیانە، بگرە موڵکی نەوەی ئێستا دەبێ بەگوێرەی حەزی مردووەکان سنووردار بکرێ و ڕێک بخرێ، ئەگەرچی ئەوانە ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا مردبن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری لە گواستنەوەی موڵکداری هێشتا لە زۆربەی ئەورووپا حسێبی بۆ دەکرێ، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە تیایاندا لەدایکبوون بەخانەدانی پێویستە بۆ سوودوەرگرتن لە شەرەفی مەدەنی یان سەربازی. بیرۆکەکە ئەوە بوو کە ڕێگری لە گواستنەوەی موڵکداری پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئیمتیازە تایبەتەی خانەدانی لە وەرگرتنی پلەی بەرز و پێگەی شەرفمەندانەی وڵاتەکانیان و، ئەم ڕێکارە نادادپەروەرانە هاووڵاتییانی لە یەک سوودوەرگرتنێک بێبەش کرد، نەبادا هەژاریی ئەوان بیکاتە مایەی گاڵەجاڕی، بۆیە وا بیر کرابووەوە کە گونجاوترە سوودی تر بۆ ئەوان بێ. لەڕاستیدا دەڵێن کە، یاسای گشتیی ئینگلتەرە، ڕقی لە بەردەوامیی هەتاهەتاییە و، بەو پێیە لەوێ سنووری زیاتری بۆ دانراوە وەک لە هەر پاشایەتییەکی تری ئەورووپایی، هەرچەندە ئینگلتەرە بەتەواوی لەوانە خاڵی نییە. ئێستا مەزەندە دەکرێ، لە سکۆتلاند زیاتر لە پێنجیەکێک، لەوانەشە زیاتر لە سێیەکێکی، هەموو زەوییەکانی وڵات لە ژێر ڕێگرییەکی توند لە گواستنەوەی موڵکداریدابن.

پانتایی زۆری زەوی، بەم شێوەیە، نەک تەنیا لەلایەن خێزانگەلی دیاریکراوەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵکو ئەگەری دابەشکردنەوەیان ئەوەندەی لەتوانادا هەبووە ڕێی لێ گیراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدەگمەن ڕوو دەدات خاوەنی موڵکێکی گەورە چاککەرەوەیەکی گەورەی زەوی بێ. لە سەردەمانی ناسەقامگیریدا کە مایەی لەدایکبوونی ئەم یاسا دواکەوتووانە بوون، خاوەن موڵکی زۆر وەک پێویست خەریکی بەرگریکردن لە موڵکەکانی

خۆی بوو، یان خەریکی فرەوانکردنی موڵک و دەسەڵاتی بەسەر دراوسێیەکانیەوە بوو. ئەو کاتی بەدەستەوە نەبوو بۆ ئەوەی خەریکی کشتوکاڵ یان چاکسازیی زەوی بێ. کاتێکیش کە داڕشتنی یاسا و سیستم ئەو کاتەی بۆی دەستەبەر کرد، ئەو زۆربەی کات پێویستی بە حەز و، نزیکەی بەردەوام پێویستی بە توانا هەبوو. ئەگەر خەرجییەکانی ناوماڵەکەی و خۆی یەکسان بوون یان زیاتر بوون لە داهاتەکەی، کە زۆربەی جاران وا بووە، ئەو هیچ ماڵێکی نەبوو بۆ ئەوەی بەم شێوازە بەکاری بهێنێ. ئەگەر ئەو شارەزایی لە ئابووریدا هەبووایە، بەگشتی بۆی دەردەکەوت کە قازانجی بەکارهێنانی ئەوەی ساڵانە کۆی دەکاتەوە لە کڕینی موڵکی تازە زیاترە لە قازانجی چاککردنی موڵکە کۆنەکەی خۆی. چاکسازیی زەوی بەقازانجەوە، وەک هەموو پرۆژەیەکی تری بازرگانی، پێویستی بە گرنگیدانێکی دیاریکراوە بە گلدانەوەی کەم و دەسکەوتی کەم، بەڵام ئەوەی کەسێک هەیە کە بۆ ئەوە لەدایک بووە دەوڵەمەند بێ، ئەگەر بە سروشتیش دەستگیراوە بێ، ئەوە بەدەگمەن دەکرێ. دۆخی ئەم جۆرە کەسە بەشێوەیەکی سروشتی وای لێ دەکا بەشدار بێ نەک ئەوە بڕازێنێتەوە کە خەیاڵی خۆشحاڵ دەکا و قازانجی نییە، کە هەلی قازانج زۆر کەمە. جوانیی پۆشاکەکەی، کەرەستەکانی، خانووەکەی، کەلپەلی ناوماڵەکەی، ئەو بابەتانەن کە لە منداڵییەوە فێر بووە خەمیان بخوا. گۆڕینی ئەو بیرکردنەوەیەی کە ئەم هەڵسوکەوتە بەسروشتی پێکی دێنێ، کاتێ بیر لە چاکسازیی زەوی دەکاتەوە لەگەڵی دەڕوا. ئەو جوانکاری بۆ ٤٠٠ یان ٥٠٠ ئەیکەری دەوروبەری خانووەکەی دەکا بە تێچوویەک کە دە هێندەی بەهای زەوییەکەیە لە پاش چاککردنەکاندا و، بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەر بیەوێ هەموو موڵکەکەی بەو شێوەیە چاک بکات، کە چێژ لە هیچ شێوازێکی تر وەرناگرێ، پێش ئەوەی دەیەکی زەوییەکەی چاک بکات تووشی مایەپووچی دەبێ. لە هەردوو بەشی شانشینی یەکگرتوودا تا ئێستا هەندێ موڵکی گەورە هەن کە لە سەردەمی پاشاگەردانیی فیوداڵەوە تا ئێستا بەدەستی هەمان خێزانگەلەوەن. ئەگەر بەراوردی نێوان دۆخی ئێستای ئەم موڵکانە لەگەڵ ئەوەی خاوەن موڵکە بچووکەکانی دەوروبەریاندا بکەی، پێویستیت بە هیچ نییە بۆ ئەوەی دڵنیا بی لەوەی ئەم موڵکە فرەوانانە بۆ چاککردن گونجاو نین.

ئەگەر پێشبینیی چاککردنی کەم لەم خاوەن موڵکە گەورانە بکرێ، ئەوە هێشتا هیوا بەوانەی دەستیان بەسەر ئەو زەوییانەدا گرتووە کەمە. لە دۆخی کۆنی ئەورووپادا، ئەوانەی لەو زەوییانەدا بوون کرێچیی بەویست (tenants at will) بوون. هەموویان یان نزیکەی هەموویان کۆیلە بوون، بەڵام کۆیلایەتییان لە جۆرێکی سووکتر بوو لەوەی لەنێو ڕۆمان و گریکی کۆن، یان تەنانەت کۆلۆنییەکانی هیندی ڕۆژئاوادا هەبوو. چاوەڕوان دەکرا ئەوان

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر موڵکی زەوی بن نەک خاوەنەکانیان. بۆیە دەکرا بە زەوییەکەوە، نەک بەجیا، بفرۆشرێن. ئەوان بۆیان هەبوو هاوژین بگرن، بەڵام بە ڕەزامەندیی خاوەنەکانیان و، دوای ئەوە خاوەنەکانیان بۆیان نەبوو ئەو هاوژینگیرییە بە فرۆشتنی پیاوەکە بە کەسێک و ژنەکە بە کەسێکی تر هەڵوەشێننەوە. ئەگەر ئەو یەکێکیانی پەک خستن یان کوشتی، جۆرە سزایەک دەدرا، هەرچەندە بەگشتی سزاکە سووک بوو. بەڵام بۆیان نەبوو ببنە خاوەن موڵک. ئەوەی هی ئەوان بوو، موڵکی خاوەنەکەیان بوو و، دەیتوانی بۆ خۆشی لێیانی بسێنێ. هەر کشتوکاڵێک یان چاکسازییەکی زەوی ئەو جۆرە کۆیلانە ئەنجامیان بدایە، ئەوە وەک ئەوە بوو خاوەنەکەیان ئەنجامی دابێ. ئەو خەرجییەکەی دەدا. تۆو، ماڵات و، ئامێرەکانی کشتوکاڵ هەموو هی ئەو بوون. بۆ قازانجی ئەو بوون. ئەو جۆرە کۆیلانە بۆیان نەبوو هیچیان هەبێ جگە لە بژێویی ڕۆژانەیان. بۆیە لەم دۆخەدا، گونجاو ئەوە بوو کە خاوەن موڵک خۆی لەسەر زەویی خۆی بێ و، لەڕێی کۆیلەکانیەوە کشتوکاڵ بکات. ئەم جۆرە کۆیلایەتییانە هێشتا لە ڕووسیا، پۆڵاند، هەنگاریا، بۆهیمیا، مۆراڤیا و، بەشەکانی تری ئەڵمانیا ماوە. تەنیا لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئەورووپا وردەوردە بەرەو نەمانی تەواو دەچێ.

بەڵام ئەگەر چاکسازیی گەورە بەدەگمەن لە خاوەن موڵکی گەورە چاوەڕان بکرێن، ئەوە دەبێ چاوەڕوانی کەمتر بکرێ کاتێک کە کۆیلەکانیان وەک کرێکار بەکار دێنن. من بروام وایە کە ئەزموونی هەموو سەردەمەکان و نەتەوەکان پێشانی دەدەن کە ئەو ئیشەی بە کۆیلە جێبەجێ دەکرێ، هەرچەندە وا دێتە پێش چاو کە بژێویی ئەو کۆیلانە تەنیا خەرجییەتی، لەکۆتاییدا لە هەموو ئیشێکی تر گرانتر دەردەچێ. کەسێک کە نەتوانێ هیچ موڵکێکی هەبێ، هیچ بەرژەوەندیەکی نابێ ئەوەندە نەبێ کە تا پێی دەکرێ زۆرتر بخوا و، کەمتر کار بکات. هەر ئیشێکی بیکا و لەوە زیاتر بێ کە بژێویی خۆی پێ بکرێ، تەنیا بە توندوتیژی دەکرێ لێی دەربێ، نەک بۆ بەرژەوەندی خۆی. لە ئیتالیای کۆندا، پللینی و کلۆمێلا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە، کاتێک کشتوکاڵی گەنمەشامی کەوتە ژێر دەستی کۆیلەکانەوە ئەو کشتوکاڵە داتەپی و، قازانجی بۆ خاوەنەکانی کەم بووەوە. لە گریکی کۆنی سەردەمی ئەریستۆش دۆخەکە زۆر لەوە باشتر نەبوو. کە باسی کۆمارە نموونەییەکەی لە یاساکانی ئەفلاتوندا وەسف کراوە، دەکرێ، بۆ ژیاندنی پێنج هەزار پیاوی بێکار (ژمارەی ئەو شەڕوانانەی بەپێویست زانراوە بۆ بەرگری لە کۆمارەکە) لەگەڵ ژنەکانیان و خزمەتکارەکانیان، وەک ئەو دەڵێ، پێویستی بە زەوییەکی بێسنوور لە ڕووی فرەوانی و بەپیتییەوە هەیە، هاوشێوەی دەشتەکانی بابل.

شانازیی مرۆڤ وای لێ دەکا حەز لە ستەم بکات و، هیچ شتێک ئەوەندە دڵگرانی ناکا وەک ناچاربوون بە نەرمی نواندن بەرامبەر بەوانەی لە خوار خۆیەوەن. بۆیە یاسا ڕێگە بە چی بدات و سروشتی ئیشەکە چەندی لێ بکەوێتەوە، بەلای ئەوەوە بەگشتی باشترە ئیش بە کۆیلە بکات نەک بە پیاوانی ئازاد. چاندنی شەکر و تووتن دەتوانێ خەرجیی کشتوکاڵی کۆیلە دابین بکات. لەوە دەچێ لەم ڕۆژگارەماندا، چاندنی گەنمەشامی ئەوەی پێ نەکرێ. لە کۆلۆنییەکانی ئینگلیز، کە بەرهەمی بنەڕەتییان گەنمەشامییە، زۆرترین بەشی ئیشەکە پیاوانی ئازاد ئەنجامی دەدەن. بڕیاری ئەم دواییەی کوەیکەرز لە پێنسلڤانیا بۆ ئازادکردنی کۆیلە ڕەشپێستەکان لەوانەیە قایلمان بکات بەوەی ژمارەیان گەلێ زۆر نییە. ئەگەر ئەوان بەشێکی بەرچاوی زەوییەکانیان پێک بهێنایە، هەرگیز ئەو جۆرە بڕیارە پەسەند نەدەکرا. لە کۆلۆنییەکانی شەکرمان، بەپێچەوانەوە، تەواوی ئیشەکە کۆیلە دەیکەن و، لە کۆلۆنییەکانی تووتنمان بەشێکی زۆر زۆری دەکەن. قازانجەکانی کێڵگەیەکی شەکر لە هەر یەکێک لە کۆلۆنییەکانی هیندی ڕۆژئاوامان بەگشتی گەلێ زۆرترە لەوانەی لە هەر کێڵگەیەکی (plantation)تری ناسراو چ لە ئەورووپا و چ لە ئەمەریکا. قازانجەکانی کێڵگەیەکی تووتنیش، ئەگەرچی لەوەی شەکر کەمترە، وەک تێبینی کراوە، لەوانەی گەنمەشامی بەرزترە. هەردووکیان دەتوانن خەرجیی کشتوکاڵی کۆیلە دابین بکەن، بەڵام شەکر لە تووتن باشتر دابینی دەکا. بەو پێیەش ژمارەی ڕەشپێستەکان لە کۆلۆنییەکانی شەکرمان گەلێ زۆرترە، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی سپیپێستەکان، لە کۆلۆنییەکانی تووتنمان.

چینەرە کۆیلەکانی سەردەمانی کۆن وردەوردە لەلایەن جۆرە جووتیارانێکەوە جێیان گیرایەوە کە ئێستا لە فەرەنسە پێیان دەڵێن میتەییغ (metayer). ئەمانە لە زمانی لاتیندا پێیان دەگوترێ کۆلۆنی پارتیاری (Coloni partiarii). ئەمانە ئەوەندە لەمێژە لە ئینگلتەرە نەماون، کە من هیچ ناوێکی ئینگلیزیی ئێستای ئەوان نازانم. خاوەن موڵک تۆو، ماڵات و، ئامرازەکانی کشتوکاڵ و، تەواوی ماڵیان بۆ دابین دەکات، بەکورتی، ئەوەی بۆ کشتوکاڵکردنی کێڵگە پێویستە. بەرهەمەکە بە یەکسانی لەنێوان خاوەن موڵک و جووتیارەکەدا دابەش دەکرا، دوای لادانی ئەوەی بەپێویست دەزانرا بۆ پاراستنی ماڵ، کە کاتێ جووتیارەکە وازی دەهێنا یان لە کێڵگەکە دەردەچوو، بۆ خاوەن موڵکەکە دەگەڕایەوە.

ئەو زەوییەی ئەم کرێچییانەی لەسەر بوو بەشێوەیەکی دروست کشتوکاڵ دەکرا لەسەر خەرجیی خاوەن موڵک، وەک ئەوەی کۆیلەی لەسەر بوو. بەڵام، جیاوازییەکی زۆر بنەڕەتی لەنێوانیاندا هەیە. ئەم جۆرە کرێچییانە لەبەر ئەوەی پیاوانی ئازادن، دەتوانن ببنە خاوەن موڵک و، بەشێکی بەرهەمی زەوییان هەیە، بەرژەوەندییەکی ئاشکرایان لەوەدایە کە

تەواوی بەرھەمەکە دەبێ تا لە تواناداپە زۆر بێ، بۆ ئەوەی بەشەکەی ئەمانیش زۆرتر بێ. بەپێچەوانەشەوە، کۆیلەیەک کە ناتوانێ جگە لە بژێویی خۆی خاوەنی هیچ بێ، بەدوای ئیسراحەتی خۆیدا دەگەڕێ بەوەی وا بکات بەرھەمی زەوی تا دەکرێ کەمتر لەو بژێوییە زیاتر بێ. لەوانەیە لە بەشێکدا بەھۆی لەبەرچاوگرتنی ئەم سوودەوە و، لە بەشێکی تردا بەھۆی لەبەرچاوگرتنی دەستدرێژییەکانی سەردارانیاوە، کە بەردەوام ئیرەیی بە لۆردە مەزنەکان دەبەن، وردەوردە لەڕێی دەسەڵاتەکانیانەوە ھانی خراپەکارانیان دەدات و، لەوە دەچێ لۆ ئەوەی ڕێگری لەم جۆرە کۆیلاتییە بکەن بۆ ئەوەی نارەحەت ببن، کە وردەوردە خاوەنداری لە سایەی خراپەکاریدا لە زۆرترین بەشی ئەوروپادا لەناو چوو. ھەرچەندە کات و شێوەی شۆڕشێکی وا گرنگ یەکێکن لە خاڵە ھەرە ناڕوونەکانی مێژووی نوێ. کڵێسای ڕۆما بانگەشەی ئەوە دەکا کە دەستێکی باڵای تیایدا ھەبووە و، ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە لە سەرەتای سەدەی دوازدەدا، ئەلیکزاندەری سێیەم پەیامێکی شاھانەی بڵاو کردەوە بەمەبەستی ئازادکردنی گشتیی کۆیلەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە دەچێ کە ئەوە زیاتر ئامۆژگارییەکی ئاینی بووبێ نەک یاسایەک و، پابەندبوونی ئایندارانی پێیەوە داواکراو بوو. کۆیلایەتی لە نزیکەی ھەموو جیھاندا بۆ چەندان سەدەی دوای ئەوە بەردەوامیی ھەبوو، تاوەکو وردەوردە لەڕێی ئۆپەراسیۆنی ھاوبەشی ئەو دوو بەرژەوەندییەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا ھەڵوەشایەوە، دوو بەرژەوەندییەکەش بەرژەوەندی خاوەن موڵکەکان بوو لەلایەک و، ئەوەی سەروەر بوو لە لایەکەی ترەوە. خراپەکارێک خرایە لاوە و، لە ھەمان کاتدا ڕێگە درا بەردەوام بێ لە دەستگرتن بەسەر زەوییەکەدا، بەڵام کە خۆی ھیچ ماڵێکی نەبوو، تەنیا لەڕێی ئەو ماڵەوە کشتوکاڵی پێ دەکرا کە خاوەن موڵک دەیخستە بەر دەستییەوە، واتە بووە ئەوەی فەرەنسییەکان پێی دەڵێن میتەیێغ.

بەڵام ھەرگیز بەرژەوەندی ئەم جۆرەی دوایی چێنەران نییە بەشێکی بچووکی ئەو ماڵەی لە بەشی خۆیان لە بەرھەمەکە گلیان داوەتەوە بۆ چاکسازیی زیاتر لە زەویدا خەرج بکەن، لەبەر ئەوەی لۆردەکە، کە ھیچی خەرج نەکردووە، نیوەی ھەموو بەرھەمێک بۆ خۆی دەبا. دەیەک، کە تەنیا دەیەکی بەرھەمەکەیە، دەرکەوت ڕێگرێکی زۆر گەورەی چاکسازییە. بۆیە، باجێک کە نیوەی بەرھەمەکە بێ دەبێ ڕێگرێکی کاریگەر بێ. لەوانەیە لە بەرژەوەندی میتەیێغ بێ کە تا دەکرێ بەرھەم لە زەوییەکە، بەو ماڵەی خاوەن موڵک دابینی دەکا، دەربھێنێ، بەڵام ھەرگیز لە بەرژەوەندی ئەو نییە ھیچ بەشێک لە ماڵی خۆی تێکەڵ بکات. لە فەرەنسە، کە پێنج بەش لە شەش بەشی ھەموو شانشینەکە، وەک دەڵێن، تا

ئێستا لەلای ئەم جۆرە چێنەرانەیە، خاوەن موڵکەکان گلەیی ئەوەیانە کە میتەییفەکانیان هەموو هەلێک دەقوزنەوە بۆ بەکارهێنانی مالاتی خاوەن موڵک، لە باربردندا زیاتر لەوەی لە کشتوکاڵدا بەکاریان بێنن، لەبەر ئەوەی لەوەیاندا تەواوی قازانجەکە بۆ خۆیانە و، لەوەی تر خاوەن موڵک هاوبەشیان دەبێ. ئەم جۆرە کرێچییانە هێشتا لە هەندێ بەشی سکۆتلاند بوونیان هەیە. ئەوان پێیان دەگوترێ کرێچیی "کەوانە ئاسن steel-bow-tenants". ئەو کرێچییە ئینگلیزە کۆنانە، کە گەورەبارۆن گیلبەرت و دکتۆر بلاکستۆن دەڵێن زیاتر وەکیلی خاوەن موڵکن نەک جووتیار.

جێی ئەم کرێچییانە لەلایەن جووتیارانەوە پڕ کرایەوە، ئەگەرچی ئەو پرۆسەیە زۆر بە خاوی بەڕێوە چوو، ئەمانە زەوی بەماڵی خۆیان دەچێنن و کرێیەکی دیاریکراو بەخاوەن موڵک دەدەن. کاتێک کە ئەم جووتیارانە گرێبەستێکی چەند ساڵەیان دەبێ، لەوانەیە هەندێ جار بە بەرژەوەندی بزانن کە بەشێک لە سەرمایەی خۆیان بۆ چاکترکردنی کێڵگە بەکار بهێنن، چونکە هەندێ جار پێشبینیی پڕکردنەوەی دەکەن، بەقازانجێکی زۆرەوە، پێش ئەوەی ماوەی گرێبەستەکەیان تەواو ببێ. هەبوونی زەوی لەبەر دەستی ئەم جۆرە جووتیارانە، لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر مەترسیدا بوو و هێشتا لە گەلێ بەشی ئەوروپادا وایە. چونکە لەوانەیە پێش بەسەرچوونی ماوەکەیان بەیاسایی لەلایەن کڕیارێکی نوێی زەوییەکەوە دەرکرێن. لە ئینگلتەرە تەنانەت بەهۆی گەشەیەکی گشتیی وەهمیشەوە دەرکراون. ئەگەر بە نایاسایی دەرکرێن، لەڕێی توندوتیژیی خاوەن موڵکەوە، ئەوەی بۆ قەرەبوو دەستیان دەکەوێ زۆر لە خوار پێویستەوەیە. قەرەبووەکە بەردەوام ناگاتە ئاستی ئەوەی کە زەوییەکەیان بەدەستەوە بێ، بەڵکو شتێکیان پێ دەدرێ کە بایی زیانە ڕاستەقینەکە نییە. تەنانەت لە ئینگلتەرە، ئەو وڵاتە ئەوروپاییەی بەردەوام تیایدا خاوەن کشتوکاڵ زۆر ڕێزلێگیراوە، دۆخەکە وا بوو، تا دەوروبەری چواردەیەمی هنریی حەوتەم کە یاسای وەدەرنان داهێنرا و بەهۆیەوە کرێچی نەک تەنیا کەرەستە لەناوچووەکان بگرە بەردەستخستنی زەویشی بۆ دەگەڕێتەوە و، تەنیا بەبڕیارێکی ناڕوونی یەک دانیشتنی دادگە یەکلا ناکرێتەوە. ئەم یاسایە وەک چارەسەرێکی کاریگەر بینرا کە، لە جێبەجێکردنی هاوسەردەمدا، کاتێک کە خاوەن موڵک داوای بەردەستخستنەوەی زەوی دەکا، بەدەگمەن پەنا بۆ ئەو یاسایە دەبا کە وەک خاوەن زەوی بەوەوە پەیوەستە، یاسای ماف یان یاسای چوونەژوورەوە، بەڵکو بەناوی کرێچییەکەیەوە بەپێی یاسای وەدەرنان داوا تۆمار دەکا. بۆیە لە ئینگلتەرە، تەناهیی کرێچی لەگەڵ ئەوەی خاوەن موڵک یەکسانن. جگە لەمە، گرێبەست بەدرێژایی تەمەن یان چل شیلین ساڵانە، لە ئینگلتەرە، خاوەندارییەکی بەخۆڕاییە و، کرێچی شیاوی دەنگدان بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان دەکا. لەبەر ئەوەش کە بەشێکی زۆری ئەوانەی زەوییان لەبەر دەستە خاوەنداریی بەخۆڕاییان هەیە، تەواوی ئەم

تـوێژە، بەهـۆی ئەو پـێگە سیاسـییەی بەدەسـتی دێنن، لای خـاوەن موڵکەکـان ڕێزیـان لـێ دەگیـرێ. مـن بـڕوام وایە کە، لە هـیچ شـوێنێکی ئەوروپـا، جگە لە ئینگلـتەرە، نمـوونەیەکی باڵەخـانەی کرێچـی لەسـەر زەوییەک نییە بەبێ گرێبەسـت و، متمـانەی هەبێ کە شـەرەفی خـاوەن مـوڵکەکەی هـیچ سـوودێک وەرنـاگرێ لە چاکسـازییەکی وا گرنـگ. ئەو یاسـا و نەریتانەی زۆر گونجاون بۆ ئەوانەی زەوییان بەدەستەوەیە لەوانەیە زیاتر بەشدار بن لەو مەزنایەتییەی ئێستای ئینگلتەرەدا زیاتر لە هەموو یاسا بازرگانییەکانیان کە شانازییان پێوە دەکەن.

ئەو یاسـایەی درێژتـرین گرێبەسـت مسـۆگەر دەکـا لەوانەی بەدوای خۆیـدا دێـن، ئەوەنـدەی مـن بزانم، تـایبەتە بە بریتانیـای مەزن. ئەو یاسـایە هەر زوو لە سـاڵی ١٤٤٩دا گەیشتە سکۆتلاند، یاسای جەیمسی دووەم بوو. کاریگەریی بەسوودی ئەو یاسـایە، لەگەڵ ئەوەشـدا، بە وەقفەکـان زۆر ڕێگریـی لـێ کـرا، میراتگرانـی خـاوەن وەقفەکـان کە بەگشـتی خۆیان بەدوور گرت لە ڕێگەدان بە هیچ گرێبەستێکی درێژخایانی چەندان سـاڵی، زۆربەی جـاران بـۆ زیـاتر لە یەک سـاڵ. یاسـایەکی دواتـری پەرلەمـان، لەم ڕووەوە، تـا ڕادەیەک کۆتەکانیـانی شـل کـردەوە، هەرچەنـدە هێشـتا زۆر تەنگن. لە سـکۆتلاند، لەپاڵ ئەمە، هـیچ خاوەن گرێبەستێک دەنگ بە ئەندام پەرلەمانێک نادا، بۆیە ئەوانەی زەوییـان بەدەسـتەوەیە بەم پێـیە لەلایەن خـاوەن موڵکەکـانەوە ڕێـزی کەمتریـان لـێ دەگیـرێ، وەک لەوەی لە ئینگلتەرە هەیە.

لە بەشـەکانی تـری ئەوروپـا، دوای ئەوەی بەگونجـاو زانـرا کرێچییەکـان بپـارێزرێن لە هەردوو میراتگرەکان و کڕیارەکان، مەرجی پاراستنیان بە مـاوەیەکی کورتەوە سنووردار کرابوو، لە فەرەنسە بۆ نموونە، ماوەکە نۆ ساڵ لە کـاتی دەسـتپێکردنی گرێبەستەکەوە بـوو. لەڕاسـتیدا، لەو وڵاتە دوایـی درێـژ کـرایەوە بـۆ ٢٧ سـاڵ، کە هێشـتا مـاوەیەکی کـورتە بـۆ هانـدانی کرێچـی بـۆ ئەوەی گرنگـترین چاکسـازییەکان ئەنجـام بـدا. خـاوەن زەوییەکـان لە کـۆنەوە خۆیـان لە هەمـوو بەشـێکی ئەوروپـا یاسـادانەر بـوون. بـۆیە ئەو یاسـایانەی پەیوەندییان بە زەوییەوە هەبووە هەموویان بەرژەوەندی خاوەنەکانیان لەبەر چاو گرتووە. ئەوان پێیـان وا بـوو کە لە بەرژەوەنـدی خـاوەن زەویـیە هـیچ گرێبەسـتێک کە یەکێـک لە پێشینانی ئەنجامیان داوە نابێ ڕێگەی ئەوەی لێ بگرێ کە، لە ماوەی درێژی چەند سـاڵێدا، سوود لە تەواوی بەهـای زەوییەکەی وەرگرێ. کەسـانی چاوچنۆک و ستەمکار بەردەوام کورتبینن و، پێشـبینیی ئەوەیـان نەکـرد تـا چەنـد ئەم یاسـایە دەبێتە کۆسـپ بـۆ چاکسـازیی زەوی و، لە مەودای دووردا زیان بە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خاوەن زەوی دەگەیەنێ.

جووتیارەکانیش، لەپاڵ ئەوەی کرێیان دەدا، لە کۆنەوە، پێشبینی دەکرا کە، ڕوو لە جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزاری بۆ خاوەن موڵک بکات، کە بەدەگمەن یان لە گرێبەستەکەدا دەستنیشان دەکران، یان بە یاسایەکی ورد ڕێک دەخران، بەڵکو بە بەکارهێنان و ڕاهاتنی ئەو ناوچە کشتوکاڵییە یان ئەو کەرتە ئەوانە دەکران. بۆیە ئەم خزمەتگوزارییانە، کە نزیکەی هەموویان بەزۆردارین، کرێچییەکەیان دەکردە ئامانجی گەلێ تەنگپێهەڵچنین. لە سکۆتلاند هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی بەوردی لە گرێبەستەکەدا دەستنیشان نەکراون، لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دۆخی ئەوانەی لەو وڵاتەدا زەوییان لەبەردەستە زۆر بەرەو باشی برد.

ئەو خزمەتگوزارییە گشتییانەی بەسەر ئەو کەسانەدا سەپێنرابوون کە زەوییان لەبەر دەستدا بوو، لە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان کەمتر زۆرداریيان تێدا نەبوو. دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگەوبان بەوان، بەبڕوای من بەردەوامیدانێکە بە کۆیلایەتی، لە هەموو شوێنێکدا، بەڵام بەپلەی جیاوازی سەرکوتینەوە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، تەنیا کاری زۆرەکی نییە. کاتێک کە سەربازانی پاشا، کاتێک کە بنەماڵەکەی، یان ئەفسەرەکانی، لە هەر جۆرێک بن، بە هەر بەشێکی وڵاتدا تێپەڕیبان، ئەو کەسەی زەویی بەدەستەوەیە ناچار بوو ئەسپ، عارەبانە و، ئازووخەیان بۆ دابین بکات، بە نرخێک کە بەرپرسی ئازووخە دەستنیشانی دەکرد. من بڕوام وایە کە بریتانیای مەزن تەنیا شانشینێکی ئەوروپایە کە بەتەواوی سەرکوتینەوەی ئازووخەی بەتەواوی وەلا ناوە. کە تا ئێستا لە فەرانسە و ئەڵمانیا ماوە.

باجە گشتییەکانی کە بەسەر ئەواندا سەپێنرابوون بەهەمان شێوەی خزمەتگوزارییەکان نارێک و سەرکوتکارانە بوون. لۆردە کۆنەکان، هەرچەندە زۆر پێیان ناخۆش بوو خۆیان هیچ یارمەتییەکی دارایی بە سەروەر بدەن، بەڵام بە ئاسانی قایل بوون سەرانە لەوانە بسێنن کە بە کرێچیی خۆیان ناویان دەبردن و، ئەوەندە زانیارییان نەبوو تاوەکو پێشبینیی ئەوە بکەن ئەمە چەند لەکۆتاییدا کاریگەریی بەسەر داهاتەکانیاندا دەبێ. ئەو "تایێ- tailleیەی تا ئێستا لە فەرانسە ماوە، دەشێ وەک نموونەیەک بۆ ئەو سەرانە کۆنانە بخرێتە ڕوو. ئەو باجێکە بەسەر قازانجە چاوەڕوانکراوەکانی جووتیاردا سەپێنراوە، کە لەڕێی ئەو ماڵەوەی لە کێڵگەدا هەیەتی دەخەملێنرێ. بۆیە، بەرژەوەندی ئەو لەوەدایە تا بکرێ ئەو ماڵە کەم دیار بێ و، لە ئاکامدا تا دەکرێ کەمتر لە چاندنی زەویدا بەگەڕ بخرێ و، هیچ لە چاککردنی بەکار نەهێنێ. ئەگەر هات و ماڵێک لە دەستی جووتیارێکی فەرانسەیی کەڵەکە بوو، ئەو سەرانەیەی بەسەریدا دەسەپێنرێ، نزیکەی یەکسانە بە قەدەخەکردنی هەتاهەتایی بەگەڕخستنی لە زەوییەکەدا. هەروەها ئەم باجە، دەبێتە مایەی شەرمەزاری بۆ ئەو کەسەی بەسەریدا دەسەپێ و، ئاستی دادەبەزێنێ، نەک تەنیا بۆ خوار تویژی

ڕێزدارەکان، بەڵکو بۆ خوار ئەوەی شارنشینێکی ئاسایی و هەر کەسێک زەویی یەکێکی تر بەکرێ بگرێ، بەسەریدا دەسەپێنرێ. هیچ ڕێزدارێک، تەنانەت هیچ کەسێکی ئاسایی کە ماڵی هەبێ. خۆی تووشی ئەم دابەزینی ئاستە ناکا. کەواتە ئەم باجە تەنیا نابێتە ڕێگر لە بەگەڕخستنی ئەو ماڵەی لە سەر زەویدا کەڵەکە کراوە، لە چاکسازیی زەوییەکەدا، بگرە ماڵێکی تریشی لێ دوور دەخاتەوە. دەیەک و پازدەیەکی کۆن، کە لە سەردەمانی پێشوو لە ئینگلتەرە باو بوون، لەوە دەچێ ئەوەندە کاریان لەسەر زەوی کردووە بۆ ئەوەی ببنە باجی هاوسروشتی سەرانە.

لەسایەی ئەم هەموو ورەشکێنییانەدا، دەکرێ تەنیا چاوەڕێی چاککردنی کەمی زەوی لەو کەسانە بکرێ کە زەوییەکەیان بەدەستەوەیە. ئەو تویژەی خەڵک، بە هەموو ئەو ئازادی و ئارامیەوە کە یاسا دەتوانێ بیانبەخشێ، دەبێ بەردەوام لە سایەی کەموکوڕیی زۆردا پێش بکەوێ. جووتیار، بە بەراورد لەگەڵ خاوەن زەوی، وەکو بازرگانێکە کە بەپارەی قەرزکراو بازرگانی بکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بازرگانی بە پارەی خۆی دەکا. لەوانەیە ماڵی هەردووکیان زیاد بکات، بەڵام ئەوەی یەکێکیان، بە هەمان هەڵسوکەوتی باشەوە، دەبێ بەردەوام هێواشتر لەوەی ئەوەی تریان زیاد ببێ، چونکە بەشێکی زۆر لە قازانجەکان لەلایەن سوودی قەرزەکەوە دەخورێن. ئەو زەوییانەی لەلایەن جووتیارەوە کشتوکاڵ دەکرێن، پێویستە بەهەمان شێوە و هەمان هەڵسوکەوتی باش، چاک بکرێن بەڵام خاوتر لەوانەی لەلایەن خاوەنەکانیانەوە کشتوکاڵ دەکرێن، چونکە ئەو بەشە زۆرەی بەرهەم کە کرێ دەیخوا، کاتێک کە جووتیار خۆی خاوەن زەوی بێ، دەتوانێ بۆ چاککردنی زیاتری زەوییەکەی بەکاری بهێنێ. جگە لەمەش پێگەی جووتیار، بە سروشت، لەوەی خاوەن زەوی نزمترە. لە زۆرترین بەشی ئەورووپا ئەوانەی زەوییان بەدەستە بە تویژێکی نزمی خەڵک دێنە ژماردن، تەنانەت بەرامبەر جۆری باشتری بازرگانان و میکانیکەکان و، لە هەموو ئەورووپاش نزمترن لە بازرگانی گەورە و خاوەن پیشەسازییەکان. بۆیە بەدەگمەن دەبینی پیاوێکی خاوەن ماڵێکی زۆر واز لە پایەی بەرزی خۆی بهێنێ و خۆی بخاتە پێگەیەکی نزمەوە. تەنانەت لە دۆخی ئێستای ئەورووپاش، ماڵی کەم لەوانەیە لە هەر پیشەیەکی ترەوە بۆ چاکسازیی زەوی لەڕێی جووتیارییەوە بچێ. ئەمە لەوانەیە زۆرتر لە بریتانیای مەزندا هەبێ وەک لە وڵاتانی تر، ئەگەرچی ئەو ماڵە زۆرەی لە هەندێ شوێندا لە کشتوکاڵ بەکار دێ بەگشتی لەڕێی کشتوکاڵەوە هاتووە، کە ڕەنگە ئەو بازرگانییە بێ کە بەخاوترین شێوە ماڵی زۆری لێ پەیدا دەبێ. دوای خاوەن زەوییە بچووکەکان، دەوڵەمەند و جووتیارە گەورەکان، لە هەموو وڵاتێکدا، چاکسازی بنەڕەتیی زەویین. لەوانەیە لە ئینگلتەرە ئەمانە زۆرتر بن لە هەر شانشینێکی تری

ئەوروپایی. لە حکومەتە کۆمارییەکانی هۆلاند و بێرن لە سویسرا، دەڵێن جووتیاران نزمتر نین لەوانەی ئینگلتەرە.

لە سەرووی هەموو ئەمەوە، سیاسەتی کۆنی ئەوروپا، گونجاو نەبوو بۆ چاکسازی و چاندنی زەوی، چ لەلایەن خاوەن زەوییەوە و چ لەلایەن جووتیارەوە، یەکەم، بەهۆی قەدەخەکردنی گشتیی هەناردەکردنی گەنمەشامی بەبێ مۆڵەتی تایبەت، کە لەوە دەچێ یاسایەکی گشتگیر بووبێ و، دووەم، بەهۆی ئەو کۆتانەی خرابوونە سەر بازرگانیی ناوخۆیی، نەک لەسەر گەنمەشامی بەتەنیا، بەڵکو لەسەر نزیکەی هەموو بەشێکی تری بەرهەمی کێڵگە، لەڕێی یاساگەلی بێواتەی دژ بە کڕیارانی بەکۆ، جامبازەکان، دەستپێشخەران و، لەڕێی سوودەکانی پێشانگە و بازاڕەکانەوە. هەروەها تێبینی کراوە کە چۆن قەدەخەکردنی هەناردەکردنی گەنمەشامی، هاوشان لەگەڵ هەندێ هاندەر بۆ هاوردەکردنی گەنمەشامیی بیانی، بووەتە کۆسپ لەبەردەم کشتوکاڵی ئیتالیای کۆن، کە بەشێوەیەکی سروشتی بەپیتترین وڵاتی ئەوروپایە و، لەو سەردەمەدا مەڵبەندی مەزنترین ئیمپراتۆریای جیهان بوو. چۆن ئەم کۆسپانەی بەردەم بازرگانیی ناوخۆیی بەم کاڵایە، شانبەشانی قەدەخەکردنی گشتیی هەناردەکردن، بوونەتە مایەی ساردبوونەوەی کشتوکاڵی وڵاتانی کەمتر بەپیت و خاوەن هەلومەرجی لاوازتر، لەوانەیە تێگەیشتنی زۆر ئاسان نەبێ.

بەشی سێیەم
سەرهەڵدان و پێشکەوتنی شار و شارۆکەکان
لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان

دانیشتووانی شار و شارۆکەکان، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان، زۆر لە لادێنشینان بەختەوەرتر نەبوون. لەڕاستیدا ئەوان لە توێژێکی خەڵک پێک هاتبوون زۆر جیاواز لە دانیشتووانی یەکەمی کۆمارە کۆنەکانی گریک و ئیتالیا. ئەمانەی دوایی بەشێوەیەکی سەرەکی پێک دەهاتن لە خاوەن زەوییەکان، کە لە بنەڕەتدا زەوییە گشتییەکانیان بەسەردا دابەش کرابوون و، پێیان باش بوو خانووەکانیان لە نزیکی یەکتر بنیات بنێن و، بە دیوار دەورەیان بدەن، بەمەبەستی بەرگریی هاوبەش لە خۆیان. بەپێچەوانەی ئەمەوە، پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان، وا دیارە خاوەن زەوییەکان بەگشتی لە قەڵای پارێزراوی ناو زەوییەکانی خۆیاندا ژیابن و، لەنێو کرێچی و خێزانەکانیاندا. دانیشتووانی شارۆکەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بازرگان و میکانیکەکان بوون، کە لەوە دەچێ لەو ڕۆژگارانەدا چەوساوە یان نزیک لەو دۆخە بووبن. ئەو ئیمتیازانەی دەبینین لە پەیمانە کۆنەکاندا بە دانیشتووانی هەندێ شاری سەرەکیی ئەورووپا درابوون، بەشێوەیەکی تێروتەسەل پیشانمانی دەدەن کە پێشتر ئەوان چی بوون. ئەو خەڵکەی ئەو ئیمتیازانەیان پێ درا، دەیانتوانی بەبێ ڕەزامەندیی لۆردەکانیان لەڕێی شووکردنەوە دەستبەرداری کچەکانیان بن، دوای مرجیهانن کاڵاکانیان بۆ منداڵەکانیان دەمایەوە لەجیاتی ئەوەی بۆ لۆردەکان بمێنێتەوە و، دەیانتوانی بەویستی خۆیان دەستبەرداری کاریگەرییەکانیان بن، بەڵام پێش ئەو ئیمتیازانە دەبوو یان بەتەواوی یان زۆر نزیک لە تەواوی، لەگەڵ ئەوانەی زەوییان بەدەستەوەیە لە وڵاتەکەدا، جووتیاری نیوەئازاد بن.

لەڕاستیدا وا دیارە کە زۆر هەژار بووبن، کۆمەڵە خەڵکێکی ئاست نزم، کە بەکاڵاکانیانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و، لە پێشانگەیەکەوە بۆ پێشانگەیەک، هاموشۆیان کردووە وەک فرۆشیاری گەڕۆک و دەستگێڕانی ئەم ڕۆژگارە. ئەو کاتە لە گشت وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپا، بەهەمان شێوەی گەلێ حکومەتی تاتار لە ئاسیای ئەمڕۆ، ئەو باجانەی لەو کەس و کاڵایانەی گەشتکەران دەستێنرا کە بەناو هەندێ موڵکی دیاریکراوی خاوەن موڵکەکاندا تێدەپەڕین، کە بەسەر هەندێ پردی دیاریکراودا دەڕۆیشتن، کاتێک کە کاڵاکانیان لە پێشانگەیەکەوە بۆ پێشانگەیەکی تر دەگواستەوە، کاتێک لەو پێشانگانەدا کۆشکێکیان دادەمەزراند بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان. ئەم باجە جۆراوجۆرانە لە

ئینگلتەرە بەناوی باجی تێپەڕین، باجی پرد، باجی پێشانگە و بازاڕ و، باجی کۆشکی فرۆشیاری بوون. هەندێ جار پاشا، هەندێ جار لۆردێکی مەزن، کە لە هەندێ هەلدا دەسەڵاتی دەبێ، بەخشینێکی گشتیی لەم باجانە بۆ بازرگانێک دەستەبەر دەکرد، لەبەر هۆیەکی وەک دراوسێیەتی. ئەو جۆرە بازرگانانە، ئەگەرچی لەڕووی ترەوە دۆخی کۆیلەیان هەیە یان زۆر نزیک لەو دۆخە، بەپێی ئەم ئیمتیازە بە بازرگانی ئازاد دەناسران. ئەوانیش لە بەرامبەردا جۆرە ساڵانەیەکیان بە پارێزەرانیان دەدا. لەو ڕۆژگارانەی پارێزبەندی بەدەگمەن بەبێ بەرامبەرێکی بەرچاو دەدران و، لەوانە بوو ئەو باجە وەک قەرەبوویەک بوونایە بۆ ئەوەی کە لەوانەیە گەورەکانیان لەدەستی بدەن بەهۆی بەخشینیان لە باجەکانی ترەوە. سەرەتا، ئەو ساڵانانە و ئەو بەخشینانە بەتەواوی وەک شتی کەسی دەردەکەوتن و تەنیا کاریگەرییان لەسەر هەندێ تاکی دیاریکراو هەبوو یان لە ماوەی ژیانیاندا یان بۆ خۆشحاڵیی پارێزەرانیان. لەو تۆمارە ناتەواوانەی تایبەت بە چەندان شارۆکەی ئینگلتەرە، کە لە کتێبی دۆمسدەی بڵاو کراونەتەوە، ئاماژەی زۆر هەیە بۆ ئەو باجەی هەندێ جار خەڵکی شارۆکەیەکی دیاریکراو داویانە، هەر یەکێکیان یان بۆ پاشا بووە یان بۆ لۆردێکی مەزن بووە بەرامبەر بەم جۆرە پارێزگارییە و، هەندێ جار بۆ بڕی گشتیی هەموو ئەو باجانە.

بەڵام چۆن دەستبەسەری لە بنەڕەتدا دۆخی دانیشتووانی شارۆکەکان بووە، وا دیارە کە ئەوان زۆر پێش ئەوانەی دەستیان بەسەر زەویی لادێدا گرتووە، گەیشتبوونە ئازادی و سەربەخۆیی. ئەو بەشەی داهاتی پاشا کە لەم جۆرە باجە ساڵانەیە سەرچاوە دەگرێ لە شارۆکەیەکی دیاریکراودا بەگشتی لە کێڵگە بۆ کرێی چەند ساڵێک بەکار دێ، هەندێ جار بۆ شەریفی (بەڕێوەبەری پۆلیس) کەرتەکە، هەندێ جار بۆ کەسانی تر. بۆرجوازیەکان خۆیان زۆربەی جاران ئەوەندە جێی متمانەن کە داهاتی لەم جۆرە کە لە شارۆکەی خۆیان پەیدا دەبێ و، بەیەکەوە و بەجیاجیا تەواوی کرێیەکە دەدەن، بە کێڵگەی بدەن. من بڕوام وایە کە بەجێهێشتنی کێڵگەیەک بەم شێوەیە بۆ ئابووریی باوی سەروەرانی هەموو وڵاتانی جیاجیای ئەورووپا، کە زۆربەی جاران تەواوی کۆشک و کێڵگەکانی خۆیان بۆ هەموو کرێچییەکانی ئەو کۆشک و کێڵگانە بەجێ دەهێشت، ئەوان بەیەکەوە و بەجیا تەواوی کرێیەکەیان دەدا، بەڵام لە بەرامبەردا ڕێگەیان دا بە کۆکردنەوەی بەشێوازی خۆیان، بۆ ئەوەی بیدەن بە گەنجینەی پاشا بە دەستی متمانەپێکراوانی خۆیان و، بەمەش هەموویان ئازاد بوون لە خراپەکاریی ئەفسەرانی پاشا- کە دۆخێکە لەو ڕۆژگارەدا زۆر گرنگ بوو.

سەرەتا کێڵگەی شارۆکە بەشێوەیەکی گونجاو بۆ بۆرجوازیەکان بەجێ هێڵران، بەهەمان ئەو شێوەیەی بۆ جووتیارانی تر بوو، تەنیا بۆ چەند ساڵێک. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، لەوە دەچێ بەوانی بدەن بەرامبەر بە باج، ئەمەیان هەتاهەتاییە، بەمەش کرێیەکی

دیـاریکراو گـل دەدرێـتەوە کە دوای ئەوە هەرگیـز زیـاد نـابێ. پـارەدان کە بەم شـێوەیە هەتاهەتایی دەبێ، لە بەرامبەریشـدا لێخۆشـبوونەکەی لە بەرامبەر ئەو بووە، بەشـێوەیەکی سروشتی دەبووە هەتاهەتایی. بەوەش لێخۆشبوونەکە چی تر کەسی نابێ و، ناکرێ دواتر وا سـەیر بکـرێ کە بـۆ تاکەکـانە وەک تـاک، بەڵکـو وەک بۆرجوازیەکـانی شـارۆکەیەکی دیـاریکراو، کە بەم پێیە پێـی دەگـوترا شـارۆکەیەکی ئـازاد، لەبەر هەمـان ئەو هـۆیەی کە ئەوانی کردە بۆجوازی ئازاد یان بازرگانی ئازاد.

شانبەشانی ئەم بەخششە، ئەو ئیمتیازانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا: دەسـتبەرداری کچانیان بن بە هاوژینگیری، منداڵەکانیان میراتگریان بن، بە ویستی خۆیـان دەسـتبەرداری کاریگەرییەکانیان بن، ئەمانە گشتیان بەگشتی بە بۆرجوازیەکانی ئەو شـارۆکەیە بەخشـران کە بەخششەکەی پێ درا. من لەوە دڵنیا نیم ئەگەر ئەو ئیمتیازانە پێش ئەوەی وایان لێ بێ شانبەشانی ئازادیی بازرگانی بە بۆرجوازی دیاریکراو، وەک تاک، دەدران یـان نـا. مـن پێم وایە کە ناشێ وا بووبێ، بەڵام ناتوانم هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ بخەمە ڕوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لەوانەیە ئەمـانە سـیفەتە بنەڕەتییەکانی خراپـی و کۆیلایەتی بن، کە بەو شـێوەیە لێی داماڵران، ئەوان ئێستا، بەڕاستی ئازادن بەو تێگەیشتنەی ئێمە ئەمڕۆ بۆ وشـەی ئازادی هەمانە.

ئەمـانە هەمـوو شـتێک نەبوون. ئەوان بەگشـتی لە هەمـان کاتـدا خۆیـان لە نـاو خەڵکـی ئاسایی یان کۆمەڵەدا دەبینییەوە بە ئیمتیازی هەبوونی دادوەر و ئەنجومەنی شـاری تایبەت بەخۆیان، کە بەهۆیەوە یاسـا بـۆ حکومەتی خۆیـان دەرکەن، دیوار بـۆ پارێزگـاریی خۆیـان دروسـت بـکەن و، کەمکـردنەوەی دانیشـتووانیان لەڕێـی جـۆرە دیسـپلینێکی سـەربازییەوە ناچاریان بکەن کاری چاودێری و پاراستن بکەن، واتە، پاسەوانی و بەرگری لەو دیـوارانە بـکەن دژ بە هێـرش و هەڵکوتینەسـەر بە شـەو و بە ڕۆژ. لە ئینگلـتەرە ئەوان بەگشـتی هەڵاوێـرد کرابـوون لە داواکـانی دادگە سـەدییەکان (کە سـاڵی ١٢ جـار کـۆ دەبـوونەوە) و دادگەکـانی نـاوچەیی (ئەوانەی تیـابەتن بە یەک یـان دوو نـاوچە) و، هەمـوو ئەو جـۆرە داوایانەی لەو شێوەیە کە لە ناویاندا سـەریان هەڵ دەدا، جگە لە داواکانی تـایبەت بە تـاج، هەموویان بۆ بڕیاری دادوەرانی خۆیان دەهێڵرانەوە. لە وڵاتانی گەورەتر و فرەوانتردا زۆر جاران دادوەری دەدرایە دەستی خۆیان.

لەوانەیە پێویست بووبێ وەک چۆن کێڵگەکان داهـاتی خۆیـان دەدرایە دەست، جۆرێـک دەسەڵاتیان بدرێتێ بۆ ناچارکردنی هاووڵاتییانیـان بـۆ ئەوەی پـارە بـدەن بـۆ شـارەکانیان. لەو سەردەمی پاشاگەردانییانەدا لەوانە بوو زۆر نەگونجاو بێ لێیانگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی دادوەری ڕوو لە هەر دادگەیەکی تر بکەن. بەڵام دەبێ نائاسایی بێ کە سەروەرانی هەموو وڵاتە جیاجیاکـانی ئەورووپا بەم شـێوەیە ئەوەیـان بە کرێیەکـی دیـاریکراو گۆڕیـوەتەوە، کە

هەرگیز ئەوەندە زیاد نەبووە کۆ بکرێتەوە، لەو لقەی داهات کە لەوانەیە لەنێو هەموو ئەوانەی تێردا ئەگەری پێشکەوتنی لەڕێی سروشتییەوە هەبووە بەبێ خەرجی یان چاولێبوون. هەروەها لەپاڵ ئەمەدا دەبوو خۆبەخشانە ڕێگە بە سەرهەڵدانی کۆمارگەلی سەربەخۆ لەناوجەرگەی موڵکەکانی خۆیاندا بدەن.

بۆ تێگەیشتن لەمە پێویستە لەبیرت بێ کە لەو ڕۆژگارەدا سەروەری هیچ وڵاتێک لە ئەورووپا نەیدەتوانی، سەرباری فرەوانیی موڵکەکەی، بەرگری لە لاوازترین بەشی خەڵکەکەی بکات دژ بە سەرکوتینەوە لەلایەن لۆردە گەورەکانەوە. ئەوانەی یاسا توانای پاراستنیانی نەبوو و خۆشیان ئەوەندە بەهێز نەبوون بەرگری لەخۆیان بکەن، ناچار دەبوون بۆ پاراستن پەنا ببەنە بەر لۆردێکی گەورە یان بەوەی ببنە کۆیلە یان خزمەتکاری ئەو، یانیش بخزێنە نێو هاوبەندییەکی بەرگریی هاوبەش لەپێناو پاراستنی یەکتر. شارنشینان و بۆرجوازەکان، ئەگەر وەک تاک تەماشا بکرێن، هیچ هێزێکیان بۆ بەرگری لە خۆیان نەبوو، بەڵکو بە چوونە نێو هاوبەندیی بەرگریی هاوبەش لەگەڵ دراوسێکانیان، دەیانتوانی بەرگرییەکی بەرچاو پێک بهێنن. لۆردەکان بەچاوی سووک سەیری بۆرجوازیەکانیان دەکرد، لەبەر ئەوەی بە پۆلێکی تری جیایان دەژماردن، وەک بەشێک لە کۆیلەی ئازادکراویان دەبینین، کە جۆرێکی جیان لەوان. سامانی بۆرجوازیەکان بەردەوام جێگەی ئیرەیی و تووڕەیی ئەوان بوون و، لە هەموو هەلێکدا بێبەزەییانە لێیان بەتاڵان دەبردن. بۆرجوازیەکانیش بەسروشت ڕق و ترسیان لەوان هەبوو. پاشاش ڕق و ترسی لەوان هەبوو، بەڵام هەرچەندە هاووڵاتییانی بەلاوە بێنرخ بوو، هیچ هۆکارێک نەبوو وای لێ بکات ڕق و ترسی لە بۆرجوازەکان هەبێ. کەواتە، بەرژەوەندی هاوبەش پاڵنەریان بوو بۆ پشتیوانیی پاشا و، پاڵنەری پاشا بوو بۆ پشتیوانیی ئەوان دژ بە لۆردەکان. ئەوان دوژمنی دوژمنی ئەو بوون و، بەرژەوەندی ئەو لەوەدا بوو کە تا دەتوانێ ئەوان پارێزراو و سەربەخۆ لەو دوژمنانە ڕاگرێ. لەڕێی دەستەبەرکردنی دادوەر لە خۆیان، ئیمتیازی دارشتنی یاسا بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان، دروستکردنی دیوار بۆ بەرگری لە خۆیان و، چرکردنەوەی هەموو دانیشتووان لە سایەی جۆرە دیسپلینێکی سەربازیدا، پاشا هەموو هۆکارەکانی ئارامی و سەربەخۆیی بارۆنەکانی، کە لە دەسەڵاتی ئەودا بوون، بەوان دا. بەبێ دامەزراندنی هەندێ حکومەتی ڕێکخراوی لەم جۆرە، بەبێ هەندێ دەسەڵات بۆ ناچارکردنی دانیشتووان تاوەکو بەگوێرەی پلان یان سیستمی دیاریکراو هەڵسوکەوت بکەن، هیچ هاوبەندییەکی ئارەزوومەندانەی بەرگریی هاوبەش ناتوانێ ئارامیی بەردەوامیان بۆ دابین بکات و ناشتوانێ پشتیوانییەکی بەرچاو پێشکەش بە پاشا بکات. کاتێک بەرامبەر بە باجێک کێڵگەیەکی شارۆکەکەی خۆیان دەداتێ، ئەوەیان لێ دەستێنێ کە حەزی دەکرد بۆ دۆستەکانی بێ، ئەگەر شیاو بێ وا بڵێین، بۆ هاوپەیمانەکانی بێ، هەموو بنەماکانی

ئیرەیی و گومان کە ئەگەر دوای ئەوە ئەوانی پێ سەرکوت بکردایە، زیادکردنی کرێی کێڵگەی شارۆکەکەیان یان بە بەخشینیان بە جووتیاری تر بوون.

ئەو میرانەی لە خراپترین هەلومەرجدا لەگەڵ بارۆنەکانیان دەژیان لەوە دەچێ بەم بەخشینانەیان بۆ ئەم جۆرە بۆجوازیانە، ئازادتر بوون. شا جۆنی ئینگلتەرە، بۆ نموونە، لەوە دەچێ چاوتێرترین بەخشندە بووبێ بۆ شارۆکەکانی. لویسی یەکەمی فرانسە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر بارۆنەکانیەوە نەما. لە نزیک کۆتای سەردەمی حوکمڕانییەکەیدا، کە دواتر بە لویسە قەڵەو ناو دەبرا، بەقسەی باوکە دانیال، ڕاوێژی بە ئوسقوفەکانی موڵکە شاهانەکان کرد سەبارەت گونجاوترین ڕێگەکانی ڕێگری لە زێدەڕۆیی لۆردە گەورەکان. ئامۆژگاریی ئەوان دوو پێشنیازی جیا لەیەکیان لەخۆ گرت. یەکێکیان ئەوە بوو سیستمێکی نوێ بۆ دادوەری دامەزرێنێ، بە دامەزراندنی دادوەران و ئەنجومەنی شار لە هەر شارۆکەیەکی گەورەی موڵکەکەیدا. ئەوەی تر پێکهێنانی هێزێکی چەکداری نوێ بوو، بەوەی دانیشتووانی ئەو شارۆکانە بخاتە ژێر فەرماندەیی دادوەرانی خۆیان، بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا بەهاواری پاشاوە بچن. بەگوتەی ئاسەوارناسانی فرانسەیی، لەو کاتەوە دامەزراوەکانی دادوەری و ئەنجومەنەکانی شار لە فرانسەدا هەن. لە سەردەمە تاریکەکانی میرانی ماڵی سوابیا زۆرترین بەشی شارۆکە ئازادەکانی ئەڵمانیا یەکەمین بەخششەکانی ئیمتیازەکانی خۆیان کەوتنە دەست و، هاوبەندیی بەناوبانگی هانزەکان کارا بوو.

لەوە دەچێ میلیشاکانی شارەکان لەو ڕۆژگارەدا، لە خوار میلیشیای لادێیەکان نەبووبێ، چونکە دەیانتوانی خێراتر لەکاتی ڕووداوی لەناکاو کۆ ببنەوە، زۆربەی جارانیش لە کاتی کێشە لەگەڵ لۆردەکانی دەوروبەر دەستپێشخەر بوون. لە وڵاتانی وەک ئیتالیا و سویسرا، کە لەبەر دووری لە مەڵبەندی سەرەکیی حکومەت، بەهێزیی سروشتیی ناوچە لادێیەکە خۆی، یان لەبەر هۆکاری تر، سەروەر تەواوی دەسەڵاتی خۆی لەدەست دابوو، شارەکان پێبەپێ دەبوونە کۆماری سەربەخۆ و، هێرشی سەربازییان دەکردە سەر هەموو خانەدانانی دەوروبەریان، ناچاریان دەکردن قەڵاکانیان بڕووخێنن و وەک خەڵکی تری ئاشتیخواز لە شار بژین. ئەمە مێژووی کورتی کۆماری بێرن و چەندان شاری تری سویسرایە. ئەگەر ڤینیسیای لێ دەرکەی، کە ئەو شارە مێژووەکەی تا ڕادەیەک جیاوازە، مێژووی هەموو کۆمارە دیارەکانی ئیتالیایە، کە ژمارەیەکی زۆریان لە ماوەی نێوان کۆتایی سەدەی دوازدە و سەرەتای شازدەدا سەریان هەڵدا و لەناو چوون.

لە وڵاتانی وەک فرانسە و ئینگلتەرە، کە تیایاندا دەسەڵاتی سەروەر، ئەگەرچی زۆر جار تەواو کەم دەبووەوە، هەرگیز بەتەواوی تێک نەشکا، شارەکان بواریان نەبوو تەواو سەربەخۆ بین. بەڵام ئەوەندە گەورە بوون کە سەروەر بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان نەتوانێ باجیان بەسەردا بسەپێنێ، هەروەها کرێی ناوبراوی کێڵگەش. بۆیە داوایان لێ دەکرا

نـوێنەر بـۆ ئەنجـومەنی گشـتیی ولاّتـانی شانشـین ڕەوانە بـکەن، بـۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ پیاوانی ئاینی و بارۆنەکان لەسەر پێشکەشکردنی هاوکاریی نائاسـایی، لە کاتی پێویسـتیی بەپەلە، بۆ پاشـا ڕێک بکەون. لەبەر ئەوەشـی کە ئەوان زیـاتر لایەنـی دەسـەلاّتی پاشـایان دەگـرت، لەوە دەچـێ هەنـدێ جـار نوێنەرەکانیـان لەلایەن پاشـاوە، لەو کۆبـوونەوانەدا، بـۆ هاوسـەنگکردنی دسـەلاّتی لۆردە گەورەکـان بەکـار هێنرابن. ئەمەش بناخەی نـوێنەرایەتیی شارەکانە لە ئەنجومەنە گشتییەکانی هەموو شانشینە مەزنەکانی ئەورووپا.

سیستم و حـوکمڕانیی بـاش، هاوشـان لەگەڵ ئـازادی و ئـارامیی تاکەکـان، بەم پێیە، لەو کاتەدا لە شارەکان دامەزران کە ئەوانەی لە لادێکاندا زەوییان بەدەستەوە بـوو کەوتنە بەر هەمـوو جـۆرە تونـدوتیژییەک. بەڵام ئەو پیـاوانە لەو دۆخـی بێبەرگـرییەدا، بەشـێوەیەکی سروشـتی خۆیـان بە بژێـویی پێویسـت پڕچەک کـرد، چـونکە لەوانە بـوو ئەگەر زیاتریـان هەبووایە تەنیا هانی ستەمکارانیان دەدات زیاتر سـەریان بکوتنەوە. بەپێچەوانەشەوە، کاتێک دڵنیـابن لەوەی سـوود لە بەری ئیشـەکەیان دەبیـنن، بەشـێوەیەکی سروشـتی هەوڵـی چـاکترکردنی هەلـومەرجی خۆیـان دەدەن و، نەک تەنیـا پێویسـتییەکان بەڵکـو هەوڵـی بەدەسـتهێنانی کەرەسـتەکانی خۆشـکردنی ژیـانیش دەدەن. بـۆیە ئەو پیشەسـازییەی ئامـانجەکەی شـتێکی زیـاترە لە بژێویی پێویست، زۆر بەر لەوەی لەلایەن ئەوانەی زەویـی لادێکانیان بەدەستەوەیە، لە شـارەکاندا پیادە دەکرا. ئەگەر چێنەرێکی هەژار، سـەرکوتکراو بەهۆی کۆیلایەتیەوە، هەندێ ماڵی لا کەڵەکە بـوو، ئەوە بەسروشـت و زۆر بەوریاییەوە لە خـاوەن مـوڵکەکەی دەشـارێتەوە، چـونکە ئەگەر وا نەکـا دەبێتە مـوڵکی ئەو و، ئینجـا ئەم هەژارە لە یەکەمین هەلدا بەرەو شار ڕادەکا. یاسـا لەو کاتەدا زۆر لێبـوردە بـوو بەرامبەر شارنشـــینان و، ئـــارەزووی زۆری کەمکـــردنەوەی دەســـەلاّتی لۆردەکـــانی بەســـەر لادێنشینەکانەوە دەکرد، بۆیە ئەگەر توانیبـای مـاوەی سـاڵێک خـۆی لە دەسـتی خـاوەنەکەی بشارێتەوە، هەتاهەتایە ئازاد دەبوو. بۆیە هەر ماڵێک لای بەشـە پیشـەوەرەکەی لادێنشـینان کۆ ببوایەتەوە، بەشێوەیەکی سروشتی لە شارەکاندا پەناگەی دەست دەکەوت چونکە لەوێ نوای ئارام تەنیا بۆ ئەو کەسە هەبوو کە ماڵەکەی هەیە.

ڕاستە کە شارنشینان لەکۆتاییدا بژێوی خۆیان و، کەرەسـتە و بابەتەکانی پیشـەسازیی خۆیان بەردەوام لە لادێوە دەست دەکەوت. بەڵام خەڵکی ئەو شارانەی لەسـەر کەنار دەریا یان لێواری ڕووبارە شیاوەکان بۆ کەشتیوانی، زۆر ناچار نەبوون ئەو شـتانە لە لادێکانی دەوروبەر بەدەسـت بهێـنن. ئەوان بـوارێکی فرەوانتریـان لەپـێش بـوو و، دەیـانتوانی لە دوورتـــرین قوژبنەکـــانی جیهـــانوە پەیـــدایان بـــکەن، چ بەگۆڕینەوەیـــان بە بەرهەمـــی دروستکراوی پیشەسازیی خۆیان، یان بەبینینی ڕۆڵی پێگەی گواستنەوەی نێوان وڵاتـانی دوور و گـۆڕینەوەی بەرهەمـی وڵاتێـک بە بەرهەمـی وڵاتـانی تـر. شـارێک دەتـوانێ بەم

شـێوەیە سـامانێکی زۆر دروسـت بکـات و گەشـە بکـات، لە کاتێکـدا نەک تەنیـا لادێـی دەوروبەری، بگرە هەموو ئەوانەی بازرگانییان لەگەڵدا دەکا هەژار و برسـین. هەر یەکێک لەو لادێیانە، ئەگەر بەتەنیا وەرگیرێ، دەتوانێ تەنیا بەشێکی کەمی بژێوی یان کاری پێ بدا، بەڵام هەموویان بەیەکەوە دەتوانن برێکی زۆری بژێوی لەگەڵ برێکی زۆری کاری پێ بدەن. بەڵام لەنێو بازنەی تەنگی بازرگانیی ئەو سەردەمانەدا، لادێی دەوڵەمەند و پیشـەوەر هەبـوون. ئیمپراتۆریـای گریـک بەو شـێوەیە دەژیـا، هەروەهـا عارەبەکـانی سـەردەمی عەباسیەکانیش. میسـریش تـا ئەو کـاتەی تورکەکـان هێرشـیان بـۆ بـرد وا بـوو، هەروەهـا هەندێ بەشـی کەنـاراوی بەربەرەکـان و، هەمـوو ئەو پارێزگە ئیسـپانیاییانەی ئەمەویەکانی حوکمڕانییان دەکردن.

لەوە دەچـێ شـارەکانی ئیتالیـا یەکەم شـارەکانی ئەوروپـا بـن کە لەڕێـی بازرگـانییەوە بەشـێوەیەکی بەرچـاو دەوڵەمەنـد بـووبن. ئیتالیـا دەکەوێـتە چەقـی بەشـە پێشـکەوتوو و شارستانییەکەی ئەو سـەردەمەی جیهان. شەڕەکانی خاچییەکانیش، سەرباری ئەوەی بوونە مایەی بەفیرۆدانی ماڵی زۆر و لەناوبردنی دانیشتووان و، بەڕادەیەکی زۆریش ڕێگر بـوون لە پێشـکەوتنی زۆرتـرین بەشـی ئەوروپـا، یارمەتیـدەری باشـی پێشـکەوتنی هەنـدێ شـاری ئیتالیـا بـوون. ئەو سـوپا مەزنـانەی لە هەمـوو شـوێنەکەوە کەوتبـوونە ڕێ بـۆ هێرشـکردنە سـەر زەویـی پیـرۆز هانـدەرێکی سەرووئاسـایی بـوون بـۆ بـاربەریی دەریـایی لە ڤینیسـیا، جەنەوا و، پیزا، هەندێ جار بە گواستنەوەیان بۆ ئەوێ و بەردەوام بەدابینکردنـی ئـازووخە بۆیان. ئەگەر بشێ وا دەربڕینی لێ بکرێ، ئەوان کۆگەی ئازووخەی ئەو سـوپایانە بـوون، هەروەهـا ئەو هەڵچـوونە وێرانکەرە کە هەرگیـز جـاری تـر ئەوروپـای نەگرتبـووەوە بـووە سەرچاوەی دەوڵەمەندیی ئەو کۆمارانە.

دانیشتووانی شارە بازرگانییەکان، بەهاوردەکردنی بەرهەمی پیشەسازیی پێشکەوتوو و جوانکاریی گرانبایی لە وڵاتانی دەوڵەمەندترەوە، هەندێ ئاوی لەخۆباییبوونی خاوەن موڵکە گەورەکانیان دەدا، ئەوانەی بەپەرۆشەوە ئەو شـتانەیان بەرامبەر بەبڕی زۆر لە بەرهەمـی خـاوی زەوییەکـانی خۆیـان دەکـڕی. بـۆیە، بازرگـانیی بەشـێکی زۆری ئەوروپـا لەو سەردەمانەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی پێک دەهات لە گۆڕینەوەی بەرهەمی خاوی خۆیان بە بەرهەمـی پیشەسـازیی گەلانـی شارسـتانیتر. بـۆیە خـوریی ئینگلـتەرە بەکـار دەهـات بـۆ گۆڕینەوە بە شەرابی فڕانسە و جلوبەرگی نایابی فلاندەرز، بەهەمان شێوەش گەنمەشامیی پۆڵانـد ئەمـڕۆ بە شـەراب و براندیی فڕانسـە و ئاوریشـم و مەخمەڵـی فڕانسـە و ئیتالیـا دەگۆڕرێتەوە.

بەم شێوەیە تامێکی بەرهەمی پیشەسازیی وردتر و پێشکەوتووتر لەلایەن بازرگانـانی بیانییەوە پێشکەشی ئەو وڵاتانە کرا کە ئەو جۆرە ئیشانەیان تێدا بەرێوە نەدەچوون. بەڵام

کاتێ ئەو تامە بڵاو بووەوە و وای لێ هات خواستی زۆری لەسەر هەبێ، بازرگانەکان بۆ ئەوەی خەرجیی گواستنەوەکەیان بۆ بگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی سروشتی هەوڵیان دا پیشەسازیی هاوشێوە لە وڵاتی خۆیاندا بنیات بنێن. بنج و بناوانی یەکەمین پیشەسازی بۆ فرۆشتن لە دوور، لەوە دەچێ لێرەوە لە پارێزگەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپای دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان دامەزرابێ. دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێ کە هیچ وڵاتێکی گەورە نەیتوانیوە و ناتوانێ بەبێ هەبوونی جۆرە پیشەسازییەک تیایدا بژی، کاتێکیش کە دەگوترێ وڵاتێکی لەو جۆرە پیشەسازیی نییە، دەبێ تێبگەین کە مەبەست ئەوەیە ئەو پیشەسازییە ورد و پێشکەوتووانەی نییە کە بۆ فرۆشتنی دوور بەکەڵک دێن. لە هەموو وڵاتێکی گەورە هەردوو پۆشاک و کەلپەلی ناوماڵی زۆرترین بەشی خەڵک بەرهەمی پیشەسازیی خۆیانە. ئەمە زۆرتر دۆخی ئەو وڵاتە هەژارانەیە کە بەگشتی پێیان دەگوترێ پیشەسازییان نییە نەک ئەو وڵاتە دەوڵەمەندانەی کە دەگوترێ زۆریان هەیە. لەمانەی دواییدا، بەگشتی بۆت دەردەکەوێ کە هەردوو پۆشاک و کەلپەلی ناوماڵی نزمترین ئاستی خەڵک، زۆربەیان بەرهەمی بیانین زیاتر لەوەی ئەوانەی یەکەم.

لەوە دەچێ ئەو پیشەسازییانەی بۆ فرۆشتن لەدوور گونجاون بە دوو ڕێگەی جیاواز بچنە وڵاتانی جۆراوجۆر.

هەندێ جار بەو ڕێگەیەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا دەهێنران، لەڕێی ئۆپەراسیۆنی سەختەوە، ئەگەر بشێ وا بڵێین، ماڵی بازرگان و خاوەن کاری زۆر کە بۆ لاساییکردنەوەی هەندێ بەرهەمی بیانی لە هەمان جۆر دایانمەزراندن. لەبەر ئەوەی، ئەو جۆرە پیشەسازییانە دەرهاویشتەی بازرگانیی دەرەکین و، لەوە دەچێ بەرهەمی کۆنی ئاوریشم، مەخمەڵ و، کوتاڵی نەخشین بێ کە لە سەدەی سێزدەدا لە لوکا گەشەی کرد. لەو کاتەوە لەڕێی تاوانکارییەکێک لە پاڵەوانە ماکیاڤیلیانەکان، کاستروچیۆ کاستراچانیەوە دوور خرانەوە. لە ١٣١٠، ٩٠٠ خێزان لە لوکا وەدەرنران، ٣١ بەرەو ڤینیسیا و، لەوێ پێشنیازی دامەزراندنی پیشەسازیی ئاوریشمیان کرد. پێشنیازەکەیان پەسەند کرا، گەلێ ئیمتیازیان پێ درا و بە ٣٠٠ پیشەوەرەوە دەستیان بە کارەکەیان کرد. لەوە دەچێ ئەوە ئەو پیشەسازیی جلوبەرگی باشە بێ کە لە کۆنەوە لە فلاندەرز گەشەی کرد و، هەمان پیشەسازیی ئێستای ئاوریشمی لیۆن و سپیتافیڵدزە. ئەو پیشەسازییانەی بەو شێوەیە دەستیان پێ کرد بەگشتی کاریان بە کەرەستەی بیانی دەکرد، لەبەر ئەوەی لاساییکەرەوەی پیشەسازیی بیانی بوون. کاتێک کە یەکەم جار پیشەسازیی ڤینیسیا دەستی پێ کرد، هەموو کەرەستەکان لە سیسیل و لیڤانتەوە دەهێنران. پیشەسازییە کۆنترەکەی لوکاش بەهەمان شێوە بە کەرەستەی بیانی ئەنجام دەدرا. لەوە ناچێ چاندنی دارتوو و پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشم لە بەشەکانی باکوری ئیتالیا پێش سەدەی

شازدە بڵاو بوویێتەوە. ئەو هونەرانە تا سەردەمی چارلسی نۆیەم نەگەیشتنە فرانسە. پیشەسازیی فلاندەرز بەشێوەیەکی سەرەکی بە خوریی ئیسپانیا و ئینگلتەرە بەڕێوە دەچوو. خوریی ئیسپانیا تەنیا کەرەستەی یەکەم پیشەسازیی خوری لە ئینگلتەرە نەبوو، بەڵکو یەکەم بوو کە بۆ فرۆشتن لە دوور بگونجێ. ئەمڕۆ زیاتر لە نیوەی کەرەستەی پیشەسازیی لیۆن ئاوریشمی بیانییە، کە یەکەم جار ئەو پیشەسازییە دامەزرا تەواوی کەرەستەکەی یان نزیکەی هەمووی لەو جۆرە بوو. کەرەستەی پیشەسازیی سپیتافیڵدز هەموو دەمێک بەرهەمی ئینگلتەرە بووە. مەڵبەندی ئەم جۆرە پیشەسازیيانە، لەبەر ئەوەی بەگشتی لەڕێی بەرنامە و پرۆژەی چەند تاکێکەوە بووە، هەندێ جاران لە شارێکی دەریایی و هەندێ جار لە شارۆکەیەکی ناوەوە دادەمەزران، بەپێی بەرژەوەندی، بڕیار، یان حەزی دەستنیشانکردنی ئەو شوێنە.

لە کاتی تردا، پیشەسازان بۆ فرۆشتن لە دوور بەشێوەیەکی سروشتی پێش دەکەوتن و، وەک ئەوەی خۆڕسک بن، لەڕێی پێشکەوتنی وردەوردەی ئەو پیشەسازییە زبر و ماڵییانەوە کە پێویست بوو لە هەژارترین و سەرەتاییترین وڵاتانیشدا ئەنجام بدرێن. ئەو جۆرە پیشەسازییانە بە کەرەستەگەلێک بەڕێوە دەچوون کە بەرهەمی وڵاتەکە بوون و، لەوە دەچێ زۆربەی جاران یەکەم پێشکەوتنیان لەو لادێیانەی ناوەوە بووبێ، بێگومان پێشکەوتنەکە زۆر مەزن نەبوو، بەڵام زۆر لە کەنار دەریاوە و، هەندێ جار لە هەموو ڕێگەیەکی گواستنەوەی ئاوی دوور بوو. لادێیەکی ناوەوە، بەشێوەیەکی سروشتی بەپیتە و بەئاسانی کشتوکاڵ دەکرێ و، بە لەبەرچاوگرتنی خەرجیی گواستنەوە لە وشکانیدا و، نەگونجان بۆ کەشتییەوانیی ڕووباران، لەوانەیە زۆر جار سەخت بووبێ بەرهەمە زیادەکە ڕەوانەی دەرەوە بکرێ. لەبەر ئەوە، بەرهەمی زۆر کەرەستەکان هەرزان دەبوو و، هانی ژمارەیەکی زۆر پیشەوەری دەدات لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بن، کە بۆیان دەردەکەوێ لەوێدا پیشەسازییەکەیان دەتوانێ زۆرترین پێویستیی ژیانیان بۆ دابین بکات زیاتر لە هەر شوێنێکی تر. ئەوان ئیش بەو کەرەستە پیشەسازییانە دەکەن کە زەوی بەرهەمیان دێنێ و، ئیشی تەواوکراویان، یان نرخی ئەو ئیشە بە کەرەستەی زیاتر و ئازووخە دەدەن. ئەوان بەهایەکی نوێ بەو بەشە زیادەی بەهەمی خاو دەدەن لەڕێی گلدانەوەی خەرجیی گواستنەوەیان بۆ کەناراو یان بۆ بازاڕێکی دوور و، لە بەرامبەردا شتێک بە چێنەران دەدەن کە بەسوودە یان گونجاوە بۆیان بە مەرجی ئاسانتر لەوەی پێشتر دەستیان دەکەوت. چێنەرەکان نرخی باشتریان دەست دەکەوت بۆ بەرهەمە زیادەکانیان و، دەیانتوانی بە هەرزانتر شتی تری خۆشگوزەرانی بکڕن. ئەوان بەمە هان دەدران و توانایان پەیدا دەکرد بۆ زیادکردنی بەرهەمی زیادە بە چاکسازیی زیاتر و کشتوکاڵی باشتری زەوی. هەروەها کە بەپیتیی زەوییەکە بووە مایەی لەدایکبوونی پیشەسازییەکە،

پێشکەوتنی پیشەسازییەکە ڕەنگدانەوەی زەوی بوو و بەپیتیی زەوییەکەی زیاتر دەکرد. سەرەتا پیشەسازییەکە بەرهەمی خۆی بە دەوروبەر دەدات و، دواتر کە ئیشەکەیان پێش دەکەوت و چاکتر دەبوو، دەگەیشتنە بازاڕی دوورتر. لەبەر ئەوە، نە بەرهەمی خاو و نە تەنانەت پیشەسازیی زبر، بەبێ سەختییەکی زۆر، پشتیوانیی خەرجیی گواستنەوەی زۆری وشکانییان نەدەکرد، بەڵام پیشەسازیی چاک و پێشکەوتوو ئەوەی پێ دەکرێ. زۆربەی جاران قەبارەیەکی بچووک نرخی بڕێکی گەورەی بەرهەمی خاو لەخۆ دەگرێ. بۆ نموونە، پارچەیەک کوتاڵی نایاب، کە کێشەکەی تەنیا هەشتا پاوەنە، نەک تەنیا نرخی هەشتا پاوەن خوری لەخۆ دەگرێ، بگرە هەندێ جار نرخی هەزار کێش گەنمەشامی لەخۆ دەگرێ، لەگەڵ بژێویی خەڵکی ئیشکەری جۆراوجۆر و بەگەڕخەرانی ڕاستەوخۆشیان. ئەو گەنمەشامییەی بەسەختی بۆ دەرەوە دەبرێ، بە شێوەی خۆی، بەم ڕێگەیە لەشێوەی بەرهەمی پیشەسازیی تەواوکراو هەنارده دەکرێ و، بەئاسانی بۆ دوورترین قوژبنەکانی جیهان هەنارده دەکرێ. پیشەسازیی لیدز، هالیفاکس، شیفیلد، بیرمینگهام و وولڤەرهامپتن بەم ڕێگەیە بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی دەکرد، وەک ئەوەی خۆڕسک بێ. ئەم جۆرە پیشەسازییانە لە کشتوکاڵەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە مێژووی هاوسەردەمی ئەورووپا، فرەوانبوون و پێشکەوتنیان بەگشتی دوای ئەوەی ئەوانە دێ کە لە بازرگانیی دەرەکییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئینگلتەرە لە بواری پیشەسازیی کوتاڵی نایابی لە خوریی ئیسپانیا دروستکراودا، نزیکەی سەد ساڵ پێش هەموو ئەوانەی لەو شوێنانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە بۆ فرۆشتن لە دەرەوە گونجاو بن، پێگەی دیاری هەبوو. فرەوانبوون و پێشکەوتنی ئەمانەی دواتر تەنیا وەک ئاکامی فرەوانبوون و پێشکەوتنی کشتوکاڵ بوون کە دوایین و گرنگترین کاریگەریی بازرگانیی دەرەکییە و، ئەو پیشەسازییانەیە کە لەڕێی ئەو بازرگانییەوە خرانە ڕوو و، لە ئێستاوە دەست بەڕوونکردنەوەی ئەمە دەکەم.

بەشی چوارەم
ڕۆڵی بازرگانیی شاران لە پێشکەوتنی لادێدا

زیادبوون و سامانەکانی بازرگانی و پیشەسازیی شاران بە سێ شێوە بەشدارییان لە پێشکەوتن و کشتوکاڵی ئەو لادێیانەدا کرد کە سەر بەوان بوون.

یەکەم، بە دابینکردنی بازاڕێکی گەورە و ئامادە بۆ بەرهەمی خاوی لادێ، هانی کشتوکاڵ و پێشکەوتنی زیاتری لادێکانیان دا. ئەم سوودە تایبەت نەبوو بەو لادێیانەی شارەکان لەنێویاندان، بەڵکو زۆر تا کەم باڵی کێشا بەرەو هەموو ئەو لادێیانەی مامەڵەیان لەگەڵیاندا دەکرد. ئەوان بازاڕێکیان بۆ بەشێک لە بەرهەمی خاو یان دروستکراویان بۆ هەموو ئەو لادێیانە دەستەبەر کرد و، لە ئاکامدا جۆرە هاندەرێک بوون بۆ پیشەسازی و پێشکەوتنی هەموویان. بەڵام لادێی خۆیان، لەبەر ئەوەی بەدەوریانەوە بوون، زۆرترین سوودیان لەم بازارە بەدەست هێنا. بەرهەمی خاویان خەرجیی کەمتری گواستنەوە دەچووە سەری، بازرگانەکان نرخی باشتریان بە چێنەرەکان دەدات و، ئەگەرچی لە چاو بەرهەمی شوێنە دوورەکان، بە هەرزانترین نرخ بە بەکاربەرانیان دەدا.

دووەم، ئەو سامانەی دەستی شارنشینان دەکەوت زۆربەی جاران بۆ کڕینی ئەو زەوییانە بەکار دەهات کە بۆ فرۆشتن بوون، کە زۆربەی جاران بەشی زۆری ئەو زەوییانە کشتوکاڵنەکراو بوون. بازرگانان بەردەوام چاویان لەوەیە ببنە ڕێزداری لادێ و، کە ئەوە بەدی دێنن، ئەوان بەگشتی باشترین چاکسازن. بازرگان ڕاهاتووە کە پارەی خۆی بەشێوەیەکی سەرەکی لە پرۆژەی بەقازانج بەگەڕ بخا، بەڵام ڕێزدارێکی لادێ ڕاهاتووە پارەی خۆی تەنیا بۆ خەرجکردن تەرخان بکات. ئەوەی یەکەم زۆر جار دەبینێ پارەکەی دەڕوا و دووبارە بەقازانجەوە بۆی دەگەڕێتەوە. ئەوەی تر، هەر کە لەگەڵ پارەکەی لە یەکتر جیا بوونەوە زۆر دەگمەنە چاوەڕوانی ئەوە بێ جارێکی تر چاوی پێی بکەوێتەوە. ئەم دوو خووە جیاوازە، بەشێوەیەکی سروشتی، کار دەکەنە سەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان لە هەموو بازرگانییەکدا. بازرگانێک بەگشتی لە ئیشکردندا بوێرە، ڕێزداری لادێ بەگشتی خاوەن ئیشێکی نەوێرە. ئەوەی یەکەمیان ناترسێ لەوەی بە یەک جار سەرمایەیەکی زۆر بۆ چاکسازیی زەوییەکەی بەکار بهێنێ ئەگەر پێی وا بێ هاوڕێژەی خەرجییەکەی زیادبوونێکی بەها بەدی دێنێ. ئەوەی تر، ئەگەر سەرمایەیەکی بەدەستەوە هەبێ، کە ئەم دۆخە بەردەوام نییە، بەدەگمەن ئەو سەرکێشییە دەکا و بەم شێوەیە بەکاری دێنێ. ئەگەر هیچ چاکسازییەک بکات، ئەوە بەگشتی بە سەرمایەکەی ناکا، بەڵکو بەوەی دەکا کە لە داهاتی ساڵانەی خۆی گلی داوەتەوە. هەر کەسێک لە شارۆکەیەکی بازرگانیدا

بژی کە لەنێو ناوچەیەکی لادێی چاکنەکراودا بێ، دەبێ زۆر جار تێبینیی ئەوە بکات کە ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بازرگانەکان بەم شێوەیە ئەنجامیان دەدەن زۆر بوێرانەترن لەوانەی ڕێزدارە لادێییەکان. لەپاڵ ئەوەشدا، خووەکان، ئابووری و گرنگیپێدانی داهێنەرانەی سروشتیی بازرگان لە بازرگانیدا، وای لێ دەکەن بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکی چاکسازی، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بە قازانجەوە، گونجاوتر بێ.

سێیەم و کۆتایی، بازرگانی و پیشەسازی وردەوردە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی باش دادەهێنن و، لەگەڵ ئەمانەشدا ئازادی و ئارامی بۆ تاکەکان، لەنێو لادێنشیناندا، کە پێشتر لە دۆخی شەڕی نزیکە بەردەوامدا بوون لەگەڵ دراوسێکانیان و، سەرشۆڕ پشتبەستوو بە خەڵکانی سەرووی خۆیان بوون. ئەمە هەرچەندە کەم تێبینی کراوە، تا ئێستا گرنگترینی هەموو کاریگەرییەکانە. ئەوەندەی من ئاگەدار بم، بەڕێز هوم تەنیا نووسەرە کە تا ئێستا ئەم تێبینییەی کردووە.

لادێیەک کە نە بازرگانیی دەرەکی، نە هیچ پیشەسازییەکی وردی هەبێ، خاوەن زەوییەکی گەورە کە هیچی نەبێ بتوانێ زۆرترین بەشی بەرهەمی زەوییەکانی، کە زۆر زیاترن لە بژێویی چێنەرەکانی، ئاڵوگۆڕ پێ بکات، تەواوی ئەو بەرهەمە بۆ میوانداریی لادێیانە بەکار دێنێ. ئەگەر ئەم بەرهەمە زیادە بەشی بژێویی سەد یان هەزار کەس بکات، ئەو ناتوانێ لە هیچ شتێکی تر جگە لە ژیاندنی ئەو سەد یان هەزار کەسەدا بەکاری بهێنێ. بۆیە ئەو هەموو کاتێک بە ژمارەیەکی زۆر خزمەتکار و دەستوپێوەند دەورە دراوە، کە بایی ئەو نانەی دەیخۆن بەرهەمیان نییە، ئەمانە لەبەر جوامێریی ئەو نان دەخۆن و، وەک چۆن سەرباز گوێڕایەڵی ئەو میرەیە کە پارەی پێ دەدات ئەمانیش دەبێ گوێڕایەڵی ئەو بن. پێش فرەوانبوونی بازرگانی و پیشەسازیی ئەوروپا، میوانداری و چاوتێریی دەوڵەمەندان و، پیاوماقووڵان، هەر لە سەرووەرەوە تا بچووکترین بارۆن، هەموو ئەوەیان تێپەڕاندبوو کە ئێمە ئەمڕۆ بتوانین بەئاسانی بیرۆکەیەکی لەسەر هەڵچنین. هۆڵی وێسمنستەر ژووری نانخواردنی ویلیەم روفوس بوو و، لەوانەیە زۆر جاران بەشی هەموو دەستوپێوەندەکانی ئەوی نەکردبێ. یەکێ لە شتە نایابەکانی تۆماس بیکیت ئەوە بووە کە زەویی هۆڵەکەی بە پووشی خاوێن یان زەل ڕاخستبوو، تاوەکو ئەگەر شاسوار و دەرەبەگەکانی هاوڕێی لەسەر کورسی جێیان نەبووەوە، بەبێ ئەوەی جلوبەرگی گرانبایییان پیس ببێ بۆ نانخواردن لەسەر زەوی دابنیشن. دەڵێن ئێرلی مەزنی وارویک ڕۆژانە لە باخە جیاجیاکانی خۆیدا میوانداریی ۳۰ هەزار کەسی کردووە، بەڵام ئەگەرچی ئەم ژمارەیە لەوانەیە زێدەڕۆیی تێدا کرابێ، بایی ئەوەندە زۆر بووە کە بتوانرێ ئەوەندە زیاد بکرێ. میوانداریی لەم جۆرە چەندساڵێک پێش ئێستا، کە زۆر دوور نین، لە گەلێ بەشی بەرزایییەکانی سکۆتلاند بوونیان هەبوو. لەوەش دەچێ کە باو بووبێ لەناو هەموو ئەو گەلانەی

بازرگانی و پیشەسازییان کەم بووە. دکتۆر پۆکۆک دەڵێ، "من سەرخێڵێکی عارەبم بینی لە شەقامەکانی شارۆکەیەکدا نانی ئەوانەی دەدات کە بۆ فرۆشتنی ماڵات هاتبوون و، هەموو ڕێبوارەکانی بانگهێشت دەکرد بە سواڵکەرەکانیشەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵی دانیشن و بەشداریی خوانەکەی بکەن."

ئەوانەی زەوییان بەدەستەوە بوو لە هەموو ڕوویەکەوە هاوشێوەی خزمەتکارەکان بە خاوەن زەوییە گەورەکان پشتبەستوو بوون. تەنانەت ئەوانەشی لە دۆخی خراپی وەک ئەوەی کرێچییەکان نەبوون، کە کرێیەکیان دەدات بەهیچ شێوەیەک هاوسەنگ نەبوو لەگەڵ ئەو بژێوییەی زەوییەکە بۆانی دابین دەکرد. یەک کراون، نیو کراون، مەڕێک، بەرخێک، چەند ساڵێک پێش ئێستا لە بەرزاییەکانی سکۆتلاند کرێی ئەو زەوییانە بوون کە یەک خێزانیان دەژیاند. لە هەندێ شوێندا تا ئەمڕۆ هەر وایە، پارە لەم ڕۆژگارەدا ناتوانێ لەوێ بڕێکی زیاتر کاڵا لەوەی شوێنانی تر بکڕێ. لە ناوچەیەکی لادێدا، کە دەبێ بەرهەمی زیادی موڵکێکی گەورە لە ناو موڵکەکە خۆی بەکار ببرێ، زۆربەی جار گونجاوترە بۆ خاوەن موڵکەکە ئەو بەشە لە شوێنێکی کەمێک دووری خانووەکەی بەکار ببرێ بەڵام ئەوانەی بەکاری دەبەن هاوشێوەی کەسوکاری یان خزمەتکارە ئاساییەکانی بەوەوە پشتبەستوو بن. ئەو بەم شێوەیە لە شەرمەزاریی هاوڕێی زۆر یان خێزانی زۆر ڕزگاری دەبێ. کرێچییەکی بە ویست، کە ئەوەندە زەوییە بەکار دێنێ بەشی بژێویی خێزانەکەی بکات، بەرامبەر بە کەمێک زیاتر لە کرێی دەستبەرداری، هاوشێوەی خزمەتکار یان کۆیلە پشتبەستووە بە خاوەن زەوییەکە و دەبێ گوێڕایەڵی بێ. ئەم جۆرە خاوەن زەوییە، وەک چۆن لە خانووی خۆیدا نانی خزمەتکار و کۆیلەکان دەدا، لە خانووی خۆیان نانی کرێچییەکانی دەدا. بژێویی هەردووکیان لە جوامێریی ئەوەوەیە و، بەردەوامیشی بەندە بە ڕەزامەندیی ئەوەوە.

ئەو دەسەڵاتەی لە دۆخێکی وەهادا خاوەن موڵکی گەورە بەسەر کرێچی و خزمەتگارەکانیەوە هەیەتی، ئەو بناخەیە پێک دێنێ کە دەسەڵاتی بارۆنە کۆنەکانی لەسەر بنیات نراوە. ئەوان لە ئاشتیدا دەبوون بە دادوەر و، لە شەڕدا دەبوون بە فەرماندەی هەموو ئەواەی لەسەر موڵکەکانیان دەژین. ئەوان دەیانتوانی لە ناو موڵکی خۆیاندا ئارامی ڕاگرن و یاسا جێبەجێ بکەن، چونکە هەر یەکێکیان لەوێ دەیتوانی تەواوی هێزی گشت دانیشتووان دژ بە نادادوەریی هەر کەسێک بجووڵێنێ. هیچ کەسی تر ئەو دەسەڵاتەیان نەبوو کە بەشی ئەمە بکات. پاشا بۆ خۆی ئەم دەسەڵاتەی نەبوو. لەو سەردەمە کۆنانەدا، ئەو لە دەستڕۆیشتن لە ناو مەملەکەتی خۆیدا کەمێک لە خاوەن موڵکێکی گەورە زیاتر بوو و، خاوەن موڵکە گەورەکان ڕێزیان دەگرت بەمەبەستی بەرگریی گشتی دژ بە دوژمنی هاوبەش. ئەگەر پاشا ویستبای بەزۆر قەرزێکی بچووک لەنێو زەویی خاوەن موڵکێکی

گەورە وەرگـرێتەوە، کە دانیشـتووانەکەی چەکـدار بـوون و ڕێـک خرابـوون بـۆ ئەوەی شانبەشـانی یەک بووەسـتن، پاشـا ئەگەر بەگوێرەی دەسـەڵاتی خـۆی ئەو هەوڵەی بـدایە، لەوانە بـوو ئەوەنـدەی هەوڵـی شـەڕێکی نـاوخۆ لەسـەری بکەوتـایە. لەبەر ئەوە ناچـار بـوو دەستبەرداری بەڕێوەبردنی دادوەری بێ لە بەشی زۆری لادێ بۆ ئەم خـاوەن موڵکانە کە دەیانتوانی بەڕێوەی ببەن، هەروەها لەبەر هەمـان هـۆ ناچـار بـوو فەرماندەیی میلیشـیاکانی لادێ بۆ ئەوانە جێ بهێڵێ کە میلیشیاکان بەقسەیان دەکەن.

هەڵەیە ئەگەر پێـت وا بـێ ئەو دەسـەڵاتە دادوەریـیە ناوچەییـانە لە بنەڕەتـدا لە یاسـای فیوداڵەوە سەرچاوەیان گرتووە. نەک تەنیا بالاترین دەسەڵاتی دادوەریی مەدەنـی و تـاوان، بگرە دەسـەڵاتی کۆکردنەوەی هێز، لەسکەدانی پارە و، تەنانەت دارشـتنی یاسـای حکومـەتی ناوخۆیی بۆ گەلی خۆیان، هەموو ئەمانە تەنانەت چەند سەدەیەک پێش ئەوەی نـاوی یاسـا فیوداڵەکان لە ئەورووپا ناسراو بێ مافگەلێک بوون بۆ خاوەن موڵکە گەورەکان. لەوە دەچێ دەسـەڵات و دەسـەڵاتی دادوەریـی لۆردەکـانی ساکسـۆن لە ئینگلـتەرە پـێش داگیرکـردن ئەوەندەی دەسەڵاتی لۆردەکانی نۆرمان لەدوای داگیرکردنەکە زۆر بووبن. کەچی مەزەندە دەکرێ کە یاسـای فیـوداڵ تـا دوای داگیرکـردنەکە نەبووبێتە یاسـایەکی بـاو لە ئینگلـتەرە. گومـانهەڵگر نییە کە دەسـەڵات و دەسـەڵاتی دادوەریـی زۆر فرەوانـی لـۆردە گەورەکـانی فرانسـە زۆر پـێش گەیشـتنی یاسـای فیـوداڵ بەو وڵاتە، هەبـووە. ئەو دەسـەڵاتانە و ئەو دەسـەڵاتە دادوەریـیە هەموویـان وەک پێویسـتێک لە دۆخـی موڵکەکـان و ئەو نەریتـانەی وەسـف کـران سـەرچاوەیان گرتبـوو. بەبـێ گەڕانەوە بـۆ مێـژووی دووری شانشـینەکانی فرانسەیی و ئینگلیزی، دەتوانین لە سەردەمانی درەنگتردا چەندان بەڵگە بدۆزینەوە لەسـەر ئەوەی ئەو جۆرە کاریگەرییانە دەبێ بەردەوام لەو جۆرە هۆکارانەوە سـەر هەڵدەن. سـێ سـاڵ نـابێ بەڕێـز کـامیرۆنی لۆشـیل، کە ڕێزدارێکـی لۆشـاباری سـکۆتلاندە، بەبـێ هـیچ بەڵگەنامەیەکی یاسایی، بەبێ ئەوەی ئەوە بێ کە جاران پێـی دەگوترا لـۆردی پاشـایەتی، تەنـانەت بەبێ ئەوەی سـەرۆکی کرێچییـانیش بـێ، بەڵکو تەنیـا لەبەر ئەوەی پیـاوی دۆقـی ئارگایـل بـوو و، بەبـێ ئەوەی دادوەری ئاشـتی بـێ، سـەرباری هەمـوو ئەوانە، بـالاترین دەسـەڵاتی دادوەری تـاوانی بەسـەر خەڵـکەکەی خۆیـدا پیـادە دەکـرد. دەڵـێن کە ئەوەی بەشـێوەیەکی زۆر دادپەروەرانە کـردووە، ئەگەرچـی بەبـێ هـیچ گوێـدانێک بە کـردارە ڕواڵەتییەکانی یاساکانی دادوەری و، ئەگەری ئەوە هەیە کە دۆخی ئەو کاتەی ئەو بەشـەی وڵات پـاڵی بەوەوە نـابێ لەپێنـاو پاراسـتنی ئاشـتیی کـۆمەڵگەدا ئەو دەسـەڵاتەی گـرتبێتە دەسـت. ئەو ڕێـزدارە کە هـیچ کاتێـک کرێـی سـاڵانەی زەوییـەکەی لە ٥٠٠ پـاوەن زیـاتر نەدەبوو، لە ساڵی ١٧٤٥دا ٨٠٠ کەسی خۆی لە یاخیبوونێکدا بەشدار کرد.

دەرکەوتنی یاسای فیودالّ، لەوانەیە بە هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتی ئەو لۆردە گەورانە دابنرێ. ئەو یاسایە ملکەچییەکی ڕێکخراوی دامەزراند، هاوشان لەگەڵ زنجیرەیەکی درێژی خزمەتگوزاری و ئەرک، هەر لە پاشاوە تا بچووکترین خاوەن موڵک. لە خاوەن موڵکە بچووکەکانەوە، کرێ، لەگەڵ بەڕێوەبردنی زەوییەکانەوە، کەوتە دەستی سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆ و، لە ئاکامدا، لە خاوەن موڵکە گەورەکانەوە کەوتە دەستی پاشا، کە بەرپرس بوو لە ژیاندن و فێرکردنی قوتابییان و، بە دەسەڵاتەکەی وەک پاسەوانێک، چاوەڕوان دەکرا مافی دەست لێ بەردانی بەهۆی هاوژینگرتنەوە هەبێ، کە ئەو نەریتە لەگەڵ پێگەی ئەودا نەگونجاو نەبوو. بەڵام هەرچەندە ئەو یاسایە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی پاشا بوو و، بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی خاوەن موڵکە گەورەکان بوو، نەیتوانی سیستم و کارگێڕییەکی باش لەنێو دانیشتووانی وڵاتدا دامەزرێنێ، لەبەر ئەوەی نەیتوانی بەشێوەیەکی کارا دۆخی موڵکەکان و نەریتەکانیان، کە بووبوونە مایەی بشێوێ، بگۆڕێ. دەسەڵاتی حکومەت، هەر وەکو جاران، زۆر لاواز لەدەستی ئەندامانی سەرەوە و زۆر بەهێز لەدەستی ئەندامانی خوارەوەی مایەوە و، هێزی لەڕادەبەدەری ئەوانەی خوارەوە بووە مایەی لاوازیی سەرەوە. دوای دەرچوونی یاسای فیودالّ، پاشا وەکو جاران توانای ڕێگریی لە خراپەکاری و توندوتیژیی لۆردە گەورەکانی نەبوو. ئەوان بەردەوام بوون لە هەڵگیرساندنی شەڕ بەپێی لێکدانەوەی خۆیان و، بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام دژ بە یەکتر و، زۆربەی جاران لە دژی پاشا، هەروەها لادێیە بەربەرەڵاکان بەردەوام شانۆیەک بوون بۆ توندوتیژی، ڕاوڕووت و، پاشاگەردانی.

بەڵام ئەوەی توندوتیژیی دامەزراوە فیوداڵەکان کاری تێ نەدەکرد، لەڕێی بێدەنگی و بێباکیی ئۆپەراسیۆنەکانی بازرگانیی دەرەکی و پیشەسازییەوە وردەوردە هاتە کایەوە. ئەمانە وردەوردە شتێکیان دایە دەستی خاوەن موڵکە گەورەکانەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمی زیادی زەوییەکانیانی پێ بگۆڕنەوە و، خۆیانیش بەکاری ببەن بەبێ ئەوەی نە کرێچییەکانیان و نە خزمەتکارەکانیان هاوبەشیان بن. لەوە دەچێ لە هەموو سەردەمێکی ئەم جیهانیەدا وتەی خۆپەرستانە و باوی ئەوانەی لەنێو مرۆڤاندا دەستڕۆیشتوو بوونە بریتی بووە لە "هەموو شتێک بۆ خۆمان و هیچ بۆ خەڵکی تر". بۆیە هەر کە ڕێگەیەکیان دۆزیبێتەوە بۆ ئەوەی خۆیان تەواوی بەهای کرێ بەکار بەرن، بیری ئەوەیان نەبووە کەسی تری تێدا هاوبەش بکەن. لەوانەیە بژێوی، یان کە هەمان شتە، نرخی بژێویی ساڵانەی هەزار کەسیان، بەوەش تەواوی ئەو کێش و دەسەڵاتەی ئەو نرخە پێیانی داوە، بە جووتێک گیرەی (buckles) ئەڵماس، یان بە شتێکی پووچی بێسوود گۆڕیبێتەوە. بەڵام ئەو جووتە گیرەیە تەنیا بۆ خۆیان بوو و هیچ مرۆڤێکی تر هیچ بەشێکی تیایاندا نەبوو، لە کاتێکدا کە لە شێوە کۆنەکەی خەرجکردندا، دەبوو بەلای کەمەوە هەزار کەسی تری تێدا

پشکدار بکەن. بەلێکدانەوەی پەسەندی، ئەم جیاوازییە زۆر یەکلاکەرەوە بوو بۆ تێرکردنی منداڵانەترین و خۆپەرستانەترین و نزمترین حەز، وردەوردە تەواوی هێز و دەسەڵاتی خۆیان دانا.

وڵاتێک کە بازرگانیی دەرەکیی نەبێ، پیشەسازییەکی باشی نەبێ، کەسێک کە ساڵانە دە هەزاری هەبێ ناتوانێ داهاتەکەی لە هیچ شتێک بەکار بێنێ جگە لە بەخێوکردنی هەزار خێزان، کە هەموویان لەژێر فەرمانی ئەو دەبن. لە دۆخی ئێستای ئەوروپادا، پیاوێک ساڵانە دە هەزاری هەبێ دەتوانێ تەواوی داهاتەکەی، بەگشتیش وا دەکەن، خەرج بکات بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیست کەس بژێنێ، یان بتوانێ زیاتر لە بیست پیادە بخاتە ژێر فەرمانی خۆی. لەوانەیە ناڕاستەوخۆ ژمارەیەکی زۆر یان تەنانەت زیاتری خەڵک بژێنێ لەوەی بەشێوازە کۆنەکەی خەرجی دەیژیاندن. لەبەر ئەوەی بڕی ئەو پیشەسازییە گرانباییەی تەواوی داهاتی خۆی پێ دەگۆڕێتەوە زۆر کەمە، ژمارەی ئەو پیشەوەرانەی لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دەبێ تەواو زۆر بن. نرخی زۆری ئەو کاڵایانە بەگشتی، بەهۆی هەقدەستی کارەکەیان و قازانجی هەموو بەگەڕخەرانی ڕاستەوخۆیانە. کەسێک کە ئەو نرخە دەدا، ناڕاستەوخۆ هەموو ئەو هەقدەست و قازانجانە دەدا، واتە ناڕاستەوخۆ بەشدارە لە ژیاندنی پیشەوەران و بەگەڕخەرانیان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەگشتی، تەنیا بە بەشێکی کەمی هەر یەکێکیان بەشدارە، لەوانەیە تەنیا بە دەیەکێکی بەشدار بێ، زۆر جاران لەسەدا یەکیش نییە و، جاری وا هەیە لەهەزارا یەک نابێ، تەنانەت جاری وا هەیە لەدە هەزارا یەکی تەواوی بژێویی ساڵانەیان نییە. بۆیە، هەرچەندە کە ئەو لە ژیاندنی هەموویاندا بەشدارە، بەڵام هەموویان زۆر تا کەم وابەستەی ئەو نین، چونکە بەگشتی دەتوانن بەبێ ئەو خۆیان بژێنن.

کاتێک خاوەن موڵکە گەورەکان کرێیەکەی خۆیان لە ژیاندنی کرێچی و خزمەتکارەکانیاندا خەرج دەکەن، هەر یەکێکیان بەتەواوی کرێچی و خزمەتکارەکانی خۆی بەخێو دەکا. بەڵام کاتێک لە ژیاندنی بازرگان و پیشەوەراندا خەرجی دەکەن، لەوانەیە ئەگەر هەموویان بەیەکەوە بژمێرین، ڕەنگە ئەگەر خەرجیی لەدەستچووی میوانداریش بژمێرین، ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە خەڵک بژێنن وەک لەوەی جاران دەیانژیاندن. بەڵام هەر یەکێکیان، ئەگەر بە تەنیا وەری بگرین، تەنیا بە بەشێکی کەمی بژێویی ئەو ژمارە زۆرە بەشدار دەبێ. هەر بازرگانێک یان پیشەسازێک بژێویی خۆی تەنیا لە یەک کڕیارەوە بەدەست ناهێنێ بگرە لە سەد یان هەزار کڕیاری بەدەست دێنێ. بۆیە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەو پەیوەستە بە هەموویانەوە، واتە بەتەواوی بەهیچ یەکێکیانەوە بەتەنیا پەیوەست نییە.

خەرجیی کەسیی خاوەن موڵکێکی گەورە کە بەم شێوەیە وردەوردە زیاد دەبێ، مەحاڵە هاوشانی ئەوە ژمارەی خزمەتکارانی وردوردە کەم نەکاتەوە تا ئەو ئاستەی لەکۆتاییدا هەموویان مەرەخەس دەکا. هەمان هۆ وردەوردە بەرەو ئەوەیان ببا کە دەستبەرداری ئەو کرێچییانەیان بن کە زیادن. کێڵگەکان گەورەتر دەبن و، ئەوانەی زەوییان بەدەستەوەیە بەبێ گوێدان بە گازاندە لە کەمبوونەوەی دانیشتووانیان، ژمارەیان کەم دەبێتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە بۆ کشتوکاڵکردن پێویستە، بەگوێرەی دۆخی ناتەواوی کشتوکاڵ و چاکسازیی زەوی لەو رۆژگارەدا. بە دوورخستنەوەی ئەو زکانەی پێویست نین و، بە دەرهێنانی تەواوی بەهای کێڵگە لە جووتیار، زیادەیەکی زۆر، یان کە هەمان شتە، نرخی زیادەیەکی زۆرتر، دەستی خاوەن موڵک دەکەوت، کە زووبەزوو بازرگان و پیشەسازان رێگەیەکیان بۆی دابین دەکرد بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بۆ خۆی خەرجی بکات بەهەمان شێوەی خەرجکردنی بەشەکانی تری. هەمان هۆکار بەردەوام کار دەکا و دەیەوێ کرێ زیاتر بکات بۆ زیاتر لەوەی زەوییەکانی، لەو دۆخەی پێشکەوتنیاندا، دەتوانن دەستەبەری بکەن. لەوانەیە کرێچییەکانی تەنیا بە یەک مەرج بەمە قایل ببن، ئەویش مسۆگەریی مانەوەیانە لەسەر ئەو زەوییە بۆ ماوەی چەند ساڵێک کە بتوانن تیایاندا بەقازانجەوە ئەوە پڕ بکەنەوەی کە لە چاککردنی زەوییەکەدا خەرجیان کردووە. حەزی زۆری خاوەن موڵکەکان لە خۆدەرخست وای لێیان کرد بەم مەرجە قایل بین و، ئەوەش بووە سەرچاوە و بناخەی گرێبەستە درێژخایانەکان.

کرێچییەکی بەویست (بێ گرێبەست)، کە تەواوی بەهای زەوییەکە دەدا، بەتەواوی پشتبەستوو نییە بە خاوەن موڵکەکە. ئەو سوودە داراییانەی لە یەکتری وەردەگرن هاوبەش و یەکسانن و، ئەم جۆرە کرێچییە نە ژیانی خۆی و نە خزمەتگوزارییەکانی ناخاتە خزمەتی خاوەن موڵکەکەوە. بەڵام ئەو کرێچییەی گرێبەستی چەند ساڵەی هەیە، بەتەواوی سەربەخۆیە، هەروەها نابێ خاوەن موڵکەکەی چاوەڕوانی خزمەتگوزاریی بێواتەی لێ بکات بەدەر لەوەی بەئاشکرا لە گرێبەستەکەدا هاتووە یان بە نەریت و یاسای باوی وڵات بەسەریدا دەسەپێنرێ.

کرێچییەکان کە بەم شێوەیە سەربەخۆ بوون و، خزمەتکارەکان دوور خرانەوە، خاوەن موڵکە گەورەکان چی تر نەیانتوانی دەست لە ڕێڕەوی ڕێکخراوی دادوەری وەردەن، یان ئارامیی وڵات بشێوێنن. ئەوان کە مافی سروشتیی خۆیان فرۆشت، نەک وەک ئیسۆی کوڕی ئسحاق کە لە سەردەمی گرانی و برسییەتیدا بە قاپێک شۆربا، بەڵکو لە سەردەمی زێدەڕۆیی دەوڵەمەندیدا بە متوموورووویان دا، کە تەنیا بۆ یاریکردنی منداڵن نەک بۆ مەبەستی پیاوانە، وەک هەر بۆرجوازیەک یان بازرگانێکی شار کاریگەرییان کەمەوە بوو.

حکـــومەتێکی ڕێکوپێـــک لە لادێ و لە شـــاردا دامەزرا، کەس دەســـەڵاتی وای نیـــیە کە ئۆپەراسیۆنەکانی کەسێکی تر تێک بدا.

لەوانەیە ئەمە پەیوەندی بەم بابەتەوە نەبێ، بەڵام من ناتوانم ئاماژەی بۆ نەکەم، خێزانە هەرە دێرینەکـان، کە بـۆ چەنـدان نەوەی دوابەدوای یەک مـوڵکێکی زۆریـان بەدەسـتەوە هەبووە و لە باوکەوە بۆ کوڕ ماوەتەوە، لە وڵاتە بازرگانییەکاندا زۆر کەمن. بەپێچەوانەوە، ئەو وڵاتانەی بازرگانیی کەمیان هەیە، وەک ویڵز یان بەرزاییەکانی سکۆتلاند، زۆریـان لەم جـۆرە خێزانـانە هەیە. مێژووەکـانی عـارەب لەوە دەچـێ پـڕ بـن لەو زنجیـرە خێزانـانە و، مێژوونامەیەک هەیە تاتار خان نووسیویەتی و بۆ چەندان زمانی ئەورووپایی وەرگێڕراوە و بەدەگمەن لەم زنجیرە خێزانانە بەولاوە شتی تری تێدایە، ئەمـانەش بەڵگەن لەسـەر ئەوەی ئەو خێـزانە دێرینـانە لەنێـو ئەو گەلانەدا زۆرن. لەو وڵاتـانەدا کە پیـاوی دەوڵەمەنـد داهاتەکەی تەنیا بۆ ژیاندنی زۆرترین خەڵک بەکار دەهێنێ، ئەوە ئەگەری تەواوبوونی نییە و، چاکەی ئەو بەدەگمەن دەگاتە ئاستی خراپەی هەوڵدان بـۆ ژیانـدنی خەڵکێکی زیـاتر لەوەی دەتوانێ بیانژیێنێ. بەڵام لەو شوێنانەی دەتوانێ زۆرترینی داهاتەکە بۆ خۆی خەرج بکات، زۆربەی جاران خەرجییەکەی سنووری نابێ، چونکە زۆربەی جاران سنووری بۆ خۆپەرسـتی و خـۆبەزلزانیی خـۆی نییە. لەبەر ئەوە، لە وڵاتـانی بازرگانیـدا، سـامانەکان، سەرباری توندترین یاساکان بۆ ڕێگری لە بەهەدەردانیان، بەدەگمەن ماوەیەکی زۆر لای هەمـان خێزان دەمێننەوە. بەپێچەوانەوە، لەنێو گەلانی سادەدا، زۆربەی جاران بەبێ ئەو یاسـایانەی هەر دەمێنـنەوە، لەنێـو گەلانـی شـوانکارەدا، وەک تاتـار و عـارەب، سروشـتی موڵکەکانیان، کە شیاوی بەکاربردنن، وا دەکا هەموو جۆرە یاسایەکی لەو جۆرە مەحاڵ بێ.

گرنگترین شۆڕش بۆ خۆشحاڵیی خەڵک، بەم ڕێگەیە، لەلایەن دوو پۆل خەڵکەوە هاتە کـایەوە، کە کەمتـرین ئـارەزووی خزمەتکردنـی گشـتیان نەبـوو. تێرکردنـی خـۆبەزلزانیی منداڵانە تەنیا پاڵنەری خاوەن موڵکە گەورەکان بـوو. بازرگـان و پیشەسـازانیش، بەئاسـتێک کە کەمتر مایەی گاڵتەجاڕییە، تەنیا لە سۆنگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە کاریـان کـرد و، بۆ ئەوەی بنەمای دەستگێڕانەیان پیادە بکەن کە بریتی بوو لە بەدەستهێنانی پێنسێک لە هەر شـوێنێک کە پێنسـی تێدا دەسـت بـکەوێ. بەڵام هـیچ یەکێـک لەمـانە نە ئـاگەدار بـوو و نە پێشبینیی ئەو شۆڕشە گەورەیەی دەکرد کە گەمژەیی یەکێکیان و پیشەسازیی ئەوەی تر وردەوردە دەبنە هۆکار بۆی.

ئیتـر بەو شـێوەیە، لە زۆرتـرین بەشـی ئەورووپـا، شـارە بازرگـانی و پیشەسـازییەکان لەجیاتی ئەوەی ببنە دەرهاویشتە بوونە هۆکاری پێشکەوتن و کشتوکاڵی لادێیەکان.

ئەم سیستمە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی سیستمە سروشتییەکە بوو، زۆر خاو و ناڕوون بوو. بەراوردێکی پێشڤەچوونی خاوی وڵاتانی ئەوروپا کە زۆربەی سامانیان پشتی بە بازرگانی و پیشەسازییەکانیانەوە بەستووە، لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکاماندا بکە کە کشتوکاڵ بناخەی هەموو سامانەکانیانە. لە زۆرترین بەشی ئەوروپادا چاوەڕوان ناکرێ ژمارەی دانیشتووان لە ماوەی کەمتر لە ٥٠٠ ساڵ ببنە دوو هێندە. لە زۆربەی کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکاماندا، دەرکەوتووە کە ئەو ژمارەیە لە ماوەی ٢٠ و ٢٥ ساڵدا بووەتە دوو هێندە. لە ئەوروپا، یاسای کوڕەگەورە و، بەردەوامیی هەتاهەتایی جۆراوجۆر، دەبنە هۆکاری ڕێگری لە دابەشبوونی موڵکە گەورەکان و ڕێگری لە زیادبوونی خاوەن موڵکە بچووکەکان. خاوەن موڵکێکی بچووک، کە ئاگەداری هەموو بستێکی موڵکەکەیەتی و هەموو بەشێکی بچووکی بەکاریگەر دەزانێ، بەتایبەتی ئەگەر موڵکەکە زۆر بچووک بێ، بەشێوەیەکی سروشتی هان دەدرێ و، تەنیا خۆشی لە کشتوکاڵ نابینێ بگرە شەیدای دەبێ، بۆیە ئەم خاوەن موڵکە بچووکە بەگشتی تێکۆشەرترین و زیرەکترین و سەرکەوترینی چاکسازانە. هەروەها هەمان ئەو یاسایانە، زەوییەکی زۆریان لەدەرەوەی ئەو بازاڕانەدا هێشتەوە کە تیایاندا سەرمایە بۆ کڕینی زەوی زیاترن لە زەویی بۆ فرۆشتن، بەمەش ئەوەی دەفرۆشرا بەردەوام بە نرخی قۆرخکارانە دەفرۆشرا. کرێی ئەو زەوییانە هەرگیز سوودی ئەو پارەیەی دەستەبەر نەدەکرد کە زەوییەکەی پێ کڕراوە و، جگە لەوەش خەرجیی چاککردن و باج و شتی تریشی دەهاتە سەر کە ئەو پارەیەی بە سوود دەدرێ هیچ یەکێک لەو خەرجییانەی نییە. بۆ سەرمایەیەکی بچووک، کڕینی زەوی لە هەر شوێنێکی ئەوروپادا بێقازانجترین بەگەڕخستنە. لەڕاستیدا، بەهۆی باڵادستیی زەوی لەڕووی دڵنیاییەوە، کەسێک لە دۆخێکی مامناوەندیدا، کاتێک کە خانەنشین دەبێ، هەندێ جار ئەوە هەڵدەبژێرێ کە سەرمایە بچووکەکەی بدات بە زەوی. هەروەها پیاوێکی پیشەوەر، کە داهاتەکەی لە سەرچاوەیەکی ترەوە دێ، زۆر جار حەز دەکا ئەوەی کۆی کردووەتەوە بەهەمان ئەم ڕێگەیە بپارێزێ. بەڵام گەنجێک کە لەجیاتی ئەوەی ڕوو لە بازرگانییەک یان پیشەیەک بکات، دەبێ سەرمایەیەکی ٢٠٠ یان ٣٠٠ هەزار پاوەنی بخاتە گەڕ بۆ کڕین و کشتوکاڵکردنی پارچە زەوییەکی بچووک، بێگومان لەوانەیە چاوەڕوانی ژیانێکی زۆر کامەران و، زۆر سەربەخۆیانە بکات، بەڵام دەبێ هەتاهەتا ماڵئاوایی لە هەموو هیوایەکی بەدەستهێنانی سامانێکی گەورە یان سەرکەوتنێکی گەورە بکات، کە بە بەگەڕخستنی جۆراوجۆری ماڵەکەی لەوانەیە وەک خەڵکی تر هەمان هەلی بۆ بەدەستهێنانی هەبێ. هەروەها ئەو جۆرە کەسە، هەرچەندە ناتوانێ چاوی لەوە بێ ببێتە موڵکدار، زۆر جار پێی کەمێتییە ببێت بە جووتیار. بۆیە پانتاییەکی کەمی زەوی، کە دەخرێتە بازاڕەوە و، نرخی بەرزی ئەوەی

هێنراوەتە ئەوێ، ڕێگر دەبن لەوەی سەرمایە گەورەکان لە کشتوکاڵ و چاککردنی ئەو زەوییانە بەکار بهێنرێن. بەپێچەوانەوە، لە باکوری ئەمەریکا، پەنجا یان شەست پاوەن زۆر جار بە ماڵێکی گونجاو بۆ دەستپێکردن بە چاندن دادەنرێ. کڕین و چاککردنی زەویی کشتوکاڵنەکراو، وەکو یەک، بەقازانجترین بەکارهێنانی بچووکترین و گەورەترین سەرمایەکانە و، نزیکترین ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی سامان و سەرکەوتن لەو وڵاتەدا. لەڕاستیدا ئەو جۆرە زەوییە لە باکوری ئەمەریکا نزیکەی بەخۆڕاییە، یان بە نرخێکە زۆر لە خوار بەهای بەرهەمی سروشتییەوە- کە ئەمە لە ئەوروپا مەحاڵە، یان، لە هەر شوێنێکی تر کە هەموو زەوییەکانی لەمێژە بوونەتە موڵکی تایبەت. ئەگەر موڵکی بەزەوی، بە یەکسانی دوای مەرگی هەر موڵکدارێک، کە خێزانێکی گەورەی لەپاش بەجێ ماوە، بەسەر منداڵەکانیدا دابەش بکرێ، ئەو موڵکە بەگشتی دەفرۆشرێ. بەوەش زەویی زیاتر دەکەوێتە بازاڕەوە و چی تر ناکرێ بە نرخی قۆرخکارانە بفرۆشرێ. ئینجا موڵکانەی زەوی نزیک دەبێتەوە لەوەی بتوانێ سوودی ئەو پارەیەی پێی کڕراوە دەستەبەر بکات و، لەوانەیە سامانێکی بچووک کە بۆ کڕینی زەوی بەکار هێنراوە وەک بەکارهێنانی بە هەر شێوەیەکی تر بەقازانج بێ.

ئینگلتەرە، بەگوێرەی بەپیتیی سروشتیی خاکەکەی و، بەپێی فرەوانیی کەناراوەکانی بە بەراورد لەگەڵ پانتایی تەواوی وڵاتەکە و، ئەو هەموو ڕووبارەی شیاوی کەشتییەوانین کە بەناو وڵاتەکەدا تێپەڕ دەبن و گواستنەوەی ئاوی بۆ زۆربەی بەشەکانی ناوەوەی وڵات دابین دەکەن، لەوانەیە سروشت وەک هەر وڵاتێکی گەورەی ئەوروپا بۆ ئەوەی گونجاندبێ کە ببێتە مەڵبەندی بازرگانیی دەرەکی، پیشەسازی بۆ فرۆشی دوور و، هەموو ئەو پێشکەوتنانەی بەهۆی ئەم هۆکارانەوە دێنە کایەوە. لە سەرەتای سەردەمی حوکمڕانیی ئیلیزابێتیشەوە، یاسادانەری ئینگلیز بەشێوەیەکی سەیر چاوی لە سوودەکانی بازرگانی و پیشەسازییە و، لەڕاستیدا هیچ وڵاتێک نییە لە ئەوروپا، بە هۆڵاندیشەوە، کە یاساکانی بەتەواوی لایەنداری ئەم جۆرە پیشەیە بێ. بەم پێیە بازرگانی و پیشەسازی بەردەوام لەو ماوەیەدا لە پێشکەوتندا بوون. بێگومان کشتوکاڵ و پێشکەوتنی لادێش وردەوردە پێش دەکەوتن، بەڵام لەوە دەچێ خاوتر بووبێ و، بە ماوەک لەدواوە بێ، پێشکەوتنی خێرا بۆ بازرگانی و پیشەسازی بووە. زۆرترین بەشی وڵاتیش، دەبێ پێش سەردەمی ئیلیزابێت پێش کەوتبێ و، بەشێکی زۆریشی هێشتا کشتوکاڵنەرکاوە و، کشتوکاڵی بەشی زۆرتری لەخوار ئەوەوەیە کە دەبێ هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا یاسای ئینگلتەرە، نەک تەنیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووی لە پاراستنی بازرگانییە، بەڵکو لەڕێی گەلێ هاندانی ڕاستەوخۆوە ئەمەی کردووە. جگە لە سەردەمی نەبوونی، هەناردەکردنی گەنمەشامی تەنیا ئازاد نەبوو، بەڵکو لەڕێی بەخشینێکەوە هان دراوە. لە سەردەمانی هەبوونی مامناوەندیدا، هاوردەکردنی

گەنمەشامیی بیانی بە باجگەلێک بارگاوی کراوە کە نزیکن لە قەدەخەکردنی. هاوردەکردنی مالاتی زیندوو، جگە لە ئایرلاندەوە، هەموو کاتێک قەدەخەیە و، تەنیا بەم دواییانەش لەوێوە ڕێگەی پێ درا. کەواتە ئەوانەی کشتوکاڵی زەوی دەکەن، قۆرخکارییەک لە دژی لادێنشینەکانیان پیادە دەکەن لە دوو گەورەترین و گرنگترین بابەتەکانی بەرهەمی زەوی، کە نان و گۆشتن. ئەم هاندانانە کە هەرچەندە لە بنی بنەوەن، لەوانەیە هەموویان وەهم بن و، لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم بەلای کەمەوە وەک پێویست نیازی باشی یاسادانەران بەرامبەر کشتوکاڵ بخەمە ڕوو. بەڵام ئەوەی زۆر لە هەموویان گرنگترە، ئەوانەی لە ئینگلتەرە زەوییان بەدەستەوەیە ئەوەندەی یاسا لە توانایدا هەیە لە تەناهی و سەربەخۆیی و ڕێزدار بن. لەبەر ئەوە لە هیچ وڵاتێکدا کە مافی براگەورەی تێدا بەرپا دەکرێ، کە دەیەک دەدات و، کە بەردەوامێتی، ئەگەرچی دژبەری ڕۆحی یاساش بێ، لە هەندێ دۆخدا ددانیان پێدا بنرێ، دەتوانێ لە ئینگلتەرە زیاتر هانی کشتوکاڵ بدا. بەڵام سەرباری هەموو شتێک ئەمە دۆخی کشتوکاڵەکەیەتی. ئەگەر یاسا هانی ڕاستەوخۆی کشتوکاڵی نەدابا لەگەڵ ئەوەی ناڕاستەوخۆ لە پێشکەوتنی بازرگانییەوە دێ و، ئەگەر ئەوانەی زەوییان بەدەستەوەیە لە هەمان دۆخی هاوشێوەکانیان لە زۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپا بمانایەتەوە، چی ڕووی دەدا؟ ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ بەسەر دەستپێکی سەردەمی ئیلیزابێتدا تێپەڕیوە، کە ماوەیەکی زۆر درێژە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی گەشەی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی بەرگەی دەگرێ.

لەوە دەچێ فرانسە نزیکەی سەدەیەک پێش ئەوەی ئینگلتەرە بە وڵاتێکی بازرگانی بناسرێ، دەستێکی باڵای لە بازرگانیی دەرەکیدا هەبووە. گەلەکەشتیی فرانسە زۆر گەورە بوو، بەگوێرەی دیدی ئەو سەردەمە، پێش ئەوەی چارلی هەشتەم هەڵمەت بۆ ناپۆلی ببا. لەگەڵ ئەوەشدا کشتوکاڵ و پێشکەوتنی فرانسە، بەتەواوی، لە خوار ئەوەی ئینگلتەرەوەیە. یاسای وڵاتەکە هەرگیز بەهەمان شێوە هانی ڕاستەوخۆی کشتوکاڵی نەداوە.

بازرگانیی دەرەکیی ئیسپانیا و پۆرتوگال بۆ بەشەکانی تری ئەورووپا، ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی بە کەشتیی بیانی بەڕێوە دەچێ، زۆر بەرفرەوانە. ئەوەی لەگەڵ کۆلۆنییەکانی خۆیانە بە کەشتیی خۆیان ئەنجام دەدرێ و، زۆر گەورەترە، بەهۆی سامانی زۆر و بەرفرەوانیی ئەو کۆلۆنییانەوە. بەڵام هەرگیز نەبووە مایەی پیشەسازی بۆ فرۆشتنی لە دوور لەم وڵاتانەدا و، بەشی زۆری هەردووکیان هێشتا کشتوکاڵنەکراون. بازرگانیی دەرەکیی پۆرتوگال کۆنترە لەوەی هەر وڵاتێکی گەورەی ئەورووپا، جگە لە ئیتالیا.

ئیتالیا تەنیا وڵاتی گەورەی ئەورووپایە کە لەوە دەچێ بەهۆی بازرگانیی دەرەکی و پیشەسازی بۆ فرۆشتنی دوورەوە کشتوکاڵ کراوە و پێش کەوتووە. پێش هەڵمەتەکەی

چارلزی هەشتەم، بەقسەی گوچیاردین، کشتوکاڵی ناوچە شاخاوی و کوّسارەکانی ئیتالیا کەمتر نەبوو لەوەی دەشتەکان و بەشە هەرە بەپیتەکانی ولات. هەڵکەوتەی گونجاوی ولاتەکە و، ژمارەی زۆری ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەی ئەو کاتە لەخۆی دەگرتن، لەونەیە بەشدارییەکی کەمیان لەم کشتوکاڵە گشتگیرەدا نەکردبێ. هەروەها مەحاڵ نییە، دوور لەم دەربڕینە گشتییەی داناترین و بەپارێزترین مێژووناسی هاوسەردەم، کە لەڕووی کشتوکاڵەوە ئیتالیا لەو کاتەدا لە ئێستای ئینگلتەرە پێشکەوتووتر نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەو سەرمایەیەی لە بازرگانی و پیشەسازییەوە دەستی هەر ولاتێک دەکەوێ زۆر ناجێگیرە و مایەی دڵنیایی نییە تا ئەو کاتەی بەشێکی لەڕێی کشتوکاڵ و چاککردنی زەوییەوە جێگیر و مسۆگەر دەکرێ. ئەو گوتەیە زۆر جێی خۆیەتی، کە بازرگانێک مەرج نییە هاوولاتیی هیچ ولاتێکی دیاریکراو بێ. بەرادەیەکی زۆر بۆ ئەو جیاوازیی نییە بازرگانییەکەی لە کوێ بەڕێوە دەچێ و، تووڕەییەکی بچووکیش لەوانەیە وای لێ بکات سەرمایەکەی، هاوشان لەگەڵ هەموو ئەو پیشەسازییەی پشتیوانیی دەکا، لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر بگوازێتەوە. ناکرێ بگوترێ کە هیچ بەشێکی سەرمایەکەی ئەو هی ولاتێکی دیاریکراوە، تا ئەو کاتەی بەسەر ڕووی ولاتێکدا پەرت دەبێ، چ لە شێوەی باڵەخانە یان لە چاکسازیی درێژخایانی زەویدا بێ. هیچ ئاسەوارێکی ئەو سامانە گەورەیەی دەگوترێ بەشی زۆری شارۆکەکانی هانز هەیانبووە نەماوە، مەگەر لە مێژووە ناڕوونەکانی سەدەکانی سیانزە و چواردەدا. تەنانەت ڕوون نییە ئەگەر هەندێکیان هەبووبن یان ئەو شارانەی ناوە لاتینییەکانیان باس کراوە لە کوێی ئەورووپان. بەلام سەرباری دۆخی خراپی ئیتالیا کە لە کۆتای سەدەی پازدە و سەرەتای سەدەی شازدە بەشێوەیەکی بەرچاو بازرگانی و پیشەسازیی شارەکانی لۆمباردی و توسکانییان کەم کردەوە، ئەو ولاتانە هێشتا لە ڕیزی قەرەباڵغترین و خاوەن باشترین کشتوکاڵن لە ئەورووپادا. شەڕە ناوخۆییەکانی فلاندەرز و، ئەو حکومەتەی ئیسپانیا کە بەدوایاندا هات، بازرگانیی دوور خستەوە لە ئەنتوێرپ، گێنت و، بێرگس. بەلام هێشتا فلاندەرز یەکێکە لە دەوڵەمەندترین، باشتر کشتوکاڵکراو و، قەرەباڵغترین ناوچەکانی ئەورووپا. شۆڕشە ئاساییەکانی شەڕ و حکومەت بەئاسانی سەرچاوەکانی ئەو سامانە وشک دەکەنەوە کە تەنیا لە بازرگانییەوەیە. ئەو سامانەی سەرچاوەکەی پێشکەوتنی کشتوکاڵە تەمەنی درێژترە و تەنانەت بە توندترین ئاڵۆزییەکانی بەتالانبردن لەلایەن ناحەزان و گەلانی وەحشییەوە کە سەدەیەک یان دوو سەدە بەردەوامییان هەبێ، کە ماوەیەک پێش و دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا ڕوویان دا، تێک ناشکێ.

کتێبی چوارەم

سیستمەکانی
ئابووریی سیاسی

پێشەکی

ئـابووریی سیاسـی، یەکـێکە لە لقەکـانی زانسـتی پیـاوی دەوڵەت یـان یاسـادانەر، دوو بابەتی جیا لەیەک دەخاتە ڕوو: یەکەم، دابینکردنـی سـامانێکی زۆر یـان بژێوی بۆ خەڵک، یان لەوەش گونجاوتر یارمەتیدانیانە بۆ ئەوەی ئەو جۆرە داهاتە یـان بژێوییە بۆ خۆیـان دابـین بـکەن و، دووەم، دابینکردنـی داهاتێـک بـۆ دەوڵەت یـان بـۆ کۆمۆنـوێڵس کە بەشـی خزمەگوزاریی گشتی بکات. کار بۆ دەوڵەمەندکردنی خەڵک و سەروەر بەیەکەوە دەکا.

ئەوەنـدەی پەیوەسـت بـێ بە دەوڵەمەنـدکردنی خەڵـکەوە، پێشـڤەچوونی جۆراوجـۆری دەوڵەمەندی لە سـەردەم و گەلانی جۆراوجۆر هەلیان بۆ دوو سیسـتمی جیای ئـابووریی سیاسـی دەسـتەبەر کـردووە. یەکێکیـان دەشـێ پێـی بگـوترێ سیسـتمی بازرگـانی (the system of commerce)، ئەوەی تر سیسـتمی کشـتوکاڵی (the system of agriculture). مـن هەوڵ دەدەم، ئەوەنـدەی بتـوانم، هەردووکیـان بە تێروتەسـەلی و بە ڕوونـی هەردووکیـان ڕوون بـکەمەوە و، لە سیسـتمی بازرگـانییەوە دەسـت پـێ دەکەم. ئەمەیان سیستمی هاوسـەردەمە و، لە وڵاتی ئێمە و لە سـەردەمی ئێمەدا باشتر هـاتووەتە تێگەیشتن.

بەشی یەکەم

بنەمای سیستمی بازرگانی، یان بازرگانانە

ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ سامان لە پارە پێک دێ، زێڕ یان زیو، بیرۆکەیەکی باوە و بەشێوەیەکی سروشتی لە ئەرکی دووسەرەی پارەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک ئامرازێک بۆ بازرگانی و وەک پێوەرێک بۆ بەها. لە ڕووی ئەوەوە کە ئامرازی بازرگانییە، کاتێک کە پارەمان هەیە دەتوانین ڕاستەوخۆ هەر شتێکی تر، کە هەلی بەدەستهێنانیمان هەیە، بەدەست بێنین. هەموو دەمێک بۆمان دەردەکەوێ کە پرسی گەورە، بەدەستهێنانی پارەیە. کاتێک کە بەدەست دێ، هیچ سەختییەک لەڕێی هیچ کڕینێکی دواتر نامێنێ. لە ڕووی ئەوەوە کە پێوەری بەهایە، ئێمە هەموو کاڵایەکی تر بە بڕی ئەو پارەیە هەڵدەسەنگێنین کە پێی دەگۆڕرێتەوە. لەبارەی پیاوێکی دەوڵەمەندەوە دەڵێین کە شایانی زۆرە و، لەبارەی هەژارێکەوە دەڵێین کە شایانی پارەیەکی زۆر کەمە. پیاوێکی دەستگرتوو، یان پیاوێک مەبەستی بێ دەوڵەمەند ببێ، پێی دەڵێن پارەی خۆش دەوێ و، ئەوەی بێباکە، دەستکراوەیە، یان چاوتێرە، پێی دەڵێن گوێی بە پارە نادا. دەوڵەمەندبوون بەدەستهێنانی پارەیە و، بەکورتی سامان و پارە لە زمانی سادەدا، لە هەموو ڕوویەکەوە بە هاوواتە دەزانرێن.

وڵاتێکی دەوڵەمەند، بەهەمان شێوەی پیاوی دەوڵەمەند، پێشبینیی ئەوەی بۆ دەکرێ کە وڵاتی پارەزۆری بێ و، کەڵەکەکردنی زێڕ و زیو لە هەر وڵاتێکدا بە کورتترین ڕێگەی دەوڵەمەندکردنی دێتە بەر چاو. بۆ ماوەیەکی کورتی پاش دۆزینەوەی ئەمەریکا، یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئیسپانیاییەکان، کاتێک کە گەیشتنە کەناراوێکی نەناسراو، بۆ ئەوە بوو بزانن لەو دەوروبەرەدا دەتوانن زێڕ یان زیو بدۆزنەوە. بەو زانیارییانەی لەو ڕووەوە پێیان دەگەیشت، بڕیاریان دەدات ئایا ئەوە دێنێ لەوێ نیشتەجێ ببن، یان ئایا وڵاتەکە ئەوە دێنێ داگیری بکەن. پلانۆ کارپینۆ، ئەو قەشەیەی لەلایەن شای فڕانسەوە وەک باڵیۆز نێررایە لای یەکێک لە کوڕەکانی جەنگیز خانی بەناوبانگ، دەڵێ تاتارەکان زۆر پرسیاریان لێی دەکرد ئایا لە شانشینی فڕانسەدا مەڕ و ماڵاتی زۆر هەیە. ئەو پرسیارەی ئەوان هەمان مەبەستی ئەو پرسیارەی ئیسپانیاییەکانی هەبوو. دەیانویست بزانن ئایا ئەو وڵاتە ئەوەندە دەوڵەمەندە کە شایانی داگیرکردن بێ. لای تاتارەکان، وەک هەر گەلێکی ئاژەڵدار، کە بەگشتی لەبارەی بەکارهێنانی پارەوە نەزانن، ماڵات ئامرازی بازرگانی و پێوەری بەهایە. بۆیە سامان بەلای ئەوانەوە، لە ماڵات پێک دێ، وەک چۆن لای ئیسپانیاییەکان لە زێڕ و

زیو پێک دێ. لەنێوان ئەو دوو بیرۆکەیەدا، لەوانەیە ئەوەی تاتارەکان لە ڕاستییەوە نزیکتر بێ.

بەڕێز لۆک ئاماژە بۆ جیاکارییەک لەنێوان پارە و کاڵاکانی تری شیاوی گواستنەوە دەکا. ئەو دەڵێ، هەموو ئەو کاڵایانەی تری کە دەگوازرێنەوە خاوەن سروشتێکی بەکاربردنن کە هەر سامانێکی لەوان پێک بێن زۆر پشتی پێ نابەسترێ و، هەر وڵاتێک لە ساڵێکدا بڕێکی زۆری لێیان هەبێ، ئەگەر هەناردەی نەکا، تەنیا بەهۆی تێکچوون و زێدەڕۆیی تیایاندا بۆ ساڵی دواتر زۆر پێویستی پێیان دەبێ. پارە بەپێچەوانەی ئەو کاڵایانەوە، هاوڕێیەکی جێگیرە، کە هەرچەندە گەشت دەکا لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر، بەڵام ئەگەر ڕێی ئەو گەشتەی لێ بگیرێ بۆ دەرەوەی وڵات، لەوە ناچێ تێک بچێ و بەکار ببرێ. واتە، زێڕ و زیو، بەقسەی ئەو، پتەوترین و زۆرترین بەشی سامانی بەبزاوتی گەلێکە و، بۆ زیادکردنی ئەم کانزایانە، ئەو پێی وایە، بەو پێیە، دەبێ بابەتی سەرەکیی ئابووریی سیاسی بن.

خەڵکانێکی تر دەڵێن ئەگەر بتوانرێ گەلێک لە تەواوی جیهان جیا بکرێتەوە، ئەوە ئەو پارەیەی تیایدا لە سووڕاندایە، چەند بێ یان چەند کەم بێ هیچ کاریگەرییەکی نابێ. ئەو کاڵایانەی بەکار دەبرێن و بەهۆی ئەم پارەیەوە دەسووڕێن تەنیا بەرامبەر ژمارەیەکی زۆرتر یان کەمتر لە پارچەکانی پارە دێنە گۆڕینەوە، بەڵام سامان یان هەژاریی ڕاستەقینەی وڵاتەکە، بەلای ئەوانەوە، هەمووی پشت بە زۆری یان کەمیی ئەو کاڵای بەکاربردنانە دەبەستن. ئەوان پێیان وایە، کە پێچەوانەی ئەمە ڕاستە بۆ ئەو وڵاتانەی پەیوەندییان لەگەڵ گەلانی بێگانەدا هەیە و، ناچارن شەڕی دەرەکی بکەن و، گەلەکەشتی و سوپا لە وڵاتانی دوور ڕاگرن. ئەوان دەڵێن، کە ئەمە تەنیا بە ناردنی پارە بۆ دەرەوە پارەی ئەو شتانە دەدرێ، هەروەها گەلێک ناتوانێ پارەیەکی زۆر ڕەوانەی دەرەوە بکات ئەگەر لە ناوخۆدا بڕێکی زۆری نەبێ. بۆیە هەر گەلێکی لەو جۆرە، پێویستە لە کاتی ئاشتیدا هەوڵی کەڵەکەکردنی زێڕ و زیو بدا، تاوەکو لە کاتی پێویستدا ئەوەندەی هەبێ بەشی بەردەوامیدان بە شەڕی دەرەکی بکات.

لە ئاکامی ئەم بیرۆکە باوانە، هەموو گەلانی جۆراوجۆری ئەورووپا، ئەگەرچی بە کەمیش بێ، لە هەموو هۆکارێکی بەردەستیان کۆڵیوەتەوە بۆ کەڵەکەکردنی زێڕ و زیو، هەر یەکە و لە وڵاتی خۆیدا. ئیسپانیا و پۆرتوگال، خاوەنی ئەو کانانەن کە ئەو کانزایانە بۆ ئەورووپا دابین دەکەن، یان هەناردەکردنی ئەو کانزایانەیان لە ژێر هەڕەشەی قورسترین سزا قەدەخە کردووە، یانیش باجێکی قورسیان خستووەتە سەر هەناردەکرجیهانن. لەوە دەچێ باجی هاوشێوە لە کۆنەوە بەشێک بووبێ لە سیاسەتی زۆربەی گەلانی ئەورووپایی. تەنانەت لەو شوێنانەشدا بەر چاومان دەکەوێ کە کەمترین پێشبینیی دەکەین، لە هەندێ

یاسای کۆنی پەرلەمانی سکۆتلاند، لەڕێی سزای قورسەوە گواستنەوەی زێڕ و زیوی بۆ دەرەوەی شانشینەکە قەدەخە کردووە. سیاسەتی هاوشێوەی ئەمە لە کۆنەوە لە فرانسە و ئینگلتەرەدا پیادە کراوە.

کاتێک ئەو وڵاتانە بوونە وڵاتی بازرگانی، بازرگانەکان زۆر جاران پێیان وا بوو کە ئەم قەدەخەکردنە زۆر بێزارکەرە. ئەوان زۆربەی جاران دەیانتوانی بە زێڕ و زیو پرۆسەی کڕینی زۆر بەسوودتر ئەنجام بدەن بۆ کڕینی ئەو کاڵا بیانییانەی کە دەیانویستن، چ بۆ هاوردەکردن بۆ وڵاتی خۆیان، یان بۆ گواستنەوەیان بۆ وڵاتانی تری بێگانە. بۆیە ناڕەزاییان دژ بەم قەدەخەکردنە پێشان دا و ڕایانگەیاند کە زیان بە بازرگانی دەگەیەنێ.

ئەوان ڕایانگەیاند کە، یەکەم، هەناردەکردنی زێڕ و زیو بەمەبەستی کڕینی کاڵای بیانی، بەردەوام نابێتە مایەی کەمکردنەوەی ئەو کانزایانە لە شانشینەکەدا. بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەوانەیە زۆربەی جاران ئەو بڕە زیاتر بکات، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بەکاربردنی کاڵای بیانی لە وڵاتدا زیاد نەکا، لەوانەیە ئەو کاڵایانە دووبارە هەناردە بکرێنەوە بۆ وڵاتانی بێگانە و، لەوێ بە قازانجی زۆرەوە بفرۆشرێن، بەوەش ڕەنگە گەنجینەی زیاتر لەوەی بۆ کڕینیان ڕەوانەی دەرەوە کراوە بێتەوە ناو وڵاتەکە. بەڕێز مون ئەم ئۆپەراسیۆنی بازرگانییە دەرەکییە لەگەڵ کاتی تۆودان و دروونە لە کشتوکاڵدا بەراورد دەکا. ئەو دەڵێ، "ئەگەر ئێمە تەنیا هەڵسوکەوتی جووتیار لە کاتی تۆوداندا ببینین، کاتێک بڕێکی زۆر گەنمەشامیی باش بەناو زەویدا دەوەشێنێ، ئەوە لە جیاتی ئەوەی بە جووتیاری دابنێین وەک شێت دێتە بەر چاومان. بەڵام کە کاری ئەو لە کاتی دروونەدا لەبەر چاو دەگرین، کە کۆتای هەوڵ و تێکۆشانەکەیەتی، بایەخ و بەرهەمی زۆری ئەو هەڵسوکەوتانەی پێشوومان بۆ دەردەکەون."

ئەوان ڕایانگەیاند کە، دووەم، ئەم قەدەخەکردنە ناتوانێ ڕێگری لە هەناردەکردنی زێڕ و زیو بکات، لەبەر ئەوەی قەبارەیان لەچاو بەهاکەیان زۆر بچووکە، زۆر بەئاسانی بەقاچاخ بۆ دەرەوە دەبرێن. ئەو هەناردەکردنەش تەنیا لەڕێی وریایی گونجاوەوە ڕێی لێ دەگیرێ، ئەوەی ناویان لێ نا باڵانسی بازرگانی. چونکە کە بەهای هەناردەکاریی وڵات لە هاوردەکارییەکەی زیاتر بوو، باڵانسێک بەم پێیە لە وڵاتانی بیانییەوە دێ، کە دەبێ بە زێڕ و زیو بدرێ و، بەوەش بڕی ئەم کانزایانە لە شانشینەکە زیاد دەکا. بەڵام کاتێک کە بەهای هاوردەکردن لەوەی هەناردەکردن زیاتر بوو، باڵانسێکی پێچەوانە بەم پێیە بۆ وڵاتانی بیانی دەچێ، کە ئەمیش دەبێ بەهەمان شێوە بدرێ و، بڕی ئەو کانزایانە کەم دەکاتەوە. لەم دۆخەشدا ئەگەر قەدەخەکردن نەتوانێ ڕێگری لە هاناردەکردنی ئەو کانزایانە بکات، تەنیا مەترسیدارتری دەکا، خەرجیی ئەو پرۆسەیەش زیاتر دەکا. ئەو کاتە، پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن لە دژی ئەو وڵاتە دەشکێتەوە کە باڵانس قەرزارە، زیاتر لەوەی لە کاتی

نەبـــوونی ئەو قەدەخەكـــردنەدا هەیە، ئەو بازرگـــانەی كۆمەڵێـــك شـــتی بە قەرز لە وڵاتە بێگانەكە كڕیوە ناچارە پارەی ئەو بانكدارە بداتەوە كە لێی وەرگرتووە، نەک بە مەترسـیی سروشـتییەوە، بگـرە بە كێشــە و خەرجیـی زۆرتـری نـاردنی پـارە بـۆ ئەو وڵاتەوە، كە قەدەخەكردنەكە هەموو مەترسییەكان زیاتر دەكا. چەند ئاڵوگۆڕكردن لە دژی وڵاتێک بێ، ئەوەنـدەش باڵانسـی بازرگـانی لە دژی دەبێ، بەهـای پـارەی ئەو وڵاتە بە بەراورد لەگەڵ پارەی ئەو وڵاتەی قەرزاریەتی كەم دەبێ. ئەگەر ئاڵوگۆڕكردن لەنێوان ئینگلتەرە و هۆڵاند، وەک نمـوونەیەک، لەسـەدا پێنج دژی ئینگلـتەرە بـوو، ئەوە لە ئینگلـتەرە ١٠٥ ئـۆنس زیـو پێویست دەبن بۆ كڕینی كۆمپیالەی قەرزێكی ١٠٠ ئۆنس بایی لە هۆڵاند: واتە ١٠٥ ئۆنس زیو لە ئینگلـتەرە بەهـای تەنیـا ١٠٠ ئۆنسـی لە هۆڵاند دەبێ و، تەنیـا بـایی ئەو بـڕە كـاڵای هۆڵانـد دەكـڕێ، بەپێچەوانەشـەوە، ١٠٠ ئـۆنس زیـو لە هۆڵانـد بـایی ١٠٥ ئـۆنس دەبـێ لە ئینگلتەرە و بایی ئەو بڕە كاڵای ئینگلیزی دەكڕێ: بەمەش كاڵاكانی ئینگلیزی كە بە هۆڵاند دەفرۆشـرێن هەرزانتـر دەفرۆشـرێن و، كـاڵای هۆڵانـد، بەهـۆی جیـاوازیی گـۆڕینەوەوە، بە گرانتر بە ئینگلیزەكـان دەفرۆشـرێن، بەمەش پـارەیەكی زۆر كەمتری هۆڵاند بۆ ئینگلـتەرە بەكێش دەكرێ و، بڕێكـی زۆرتـر پـارەی ئینگلیـز بـۆ هۆڵانـد دەچـێ. لەبەر ئەوە باڵانسـی بازرگانی زۆر دژی ئینگلتەرە دەبێ و، پێویست بە هەنـاردەكردنی باڵانسـێكی زۆری زێڕ و زیو بۆ هۆڵاند دەكا.

ئەم بەڵگانە لە بەشـێكیاندا پتەون و لە بەشـێكی تریانـدا بـێ بنەمـان. ئەوەنـدەی جەخـت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە هەناردەكردنی زێڕ و زیو لە بازرگانیدا لەوانەیە زۆربەی جار بۆ وڵات بەسـوود بێ، پتەون. هەروەهـا پتەوەن بەوەی جەخـت دەكەنە سـەر ئەوەی كە هـیچ قەدەخەكردنێک نابێتە مایەی ڕێگری لە هەناردەكرجیهانن، لەو كاتانەدا كە خەڵک پێیـان وا بـێ بە هەناردەكرجیهـانن سـوودمەند دەبـن. بەڵام قسـەكانیان ئەو كـاتە بـێ بنەمـان، كە گریمــانەی ئەوە دەكەن كە، ڕێگـرتن لە گڵـدانەوە یـان لە زیـادكردنی بـڕی ئەم كانزایـانە پێویستی بە وریایی زیاتری حكومەت هەیە وەک گڵدانەوە و زیادكردنی هەر كاڵایەكی تری بەسـوود، كە ئـازادیی بازرگـانی، بەبـێ مەبەسـتیش، هەر بەپێـی پێویسـت دابینیـان دەكـا. هەروەها لەوانەیە لەوەشدا بێ بنەما بن، كاتێک جەخت دەكەنە سەر ئەوەی نرخی بەرزی ئاڵوگۆڕ وەک پێویستییەک ئەوە زیاد دەكا كە پێی دەڵێن باڵانسی بازرگانیی نەگونجاو، یان دەبێتە هۆی هەناردەكردنی بڕێكی زیاتری زێڕ و زیو. لەڕاستیدا، نرخی بەرز زۆر نـاجۆرە بۆ ئەو بازرگانانەی پارەیان هەیە بیدەن بە وڵاتـانی بێگـانە. ئەوان زۆر گرانتر پارەی ئەو كۆمپیالەیەیان داوە كە بانكداران لەو وڵاتـانەدا پێیان داون. لەگەڵ ئەوەی ئەو مەترسییەی لە قەدەخەكـردنەكەوە سـەرچاوە دەگـرێ لەوانەیە ببێـتە مـایەی خەرجیـی نائاسـایی بـۆ بانكـداران، مەرج نیـیە كە ئەوە ببێـتە هـۆی بـردنە دەرەوەی پـارە لە وڵاتەوە. هەمـوو ئەو

خەرجییە بەگشتی لە وڵاتدا دەبن، لە بەقاچاخ بردنە دەرەوەی پارە لە وڵاتەوە و، بەدەگمەن دەبنە هۆی هەناردەکردنی تەنیا شەش پێنسییەکیش زیاتر لەوەی هاوتای بڕە پارەکەیە. نرخی بەرزی گۆڕینەوەش بەشێوەیەکی سروشتی هانی بازرگانان دەدات بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن هەناردەکردنەکانیان نزیک بن لەوەی هاوسەنگی هاوردەکانیان بێ، بۆ ئەوەی تا دەکرێ کەمترین بڕە پارە بەو نرخە بەرزە بگۆڕنەوە. نرخی بەرزی گۆڕینەوە، لەپاڵ ئەوەشدا، دەبێ وەک باجێک کاری پێ بکرێ، بۆ بەرزکردنەوەی نرخی کاڵای بیانی و، دواتریش کەمکردنەوەی بەکاربرجیهانن. کەواتە، ڕووی لەوە نابێ ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن باڵانسی نەخوازراوی بازرگانی بەرز بکاتەوە بەڵکو نزمی دەکاتەوە و، لە ئاکامدا هەناردەکردنی زێڕ و زیو کەم دەکاتەوە.

ئەم بەڵگەهێنانەوانە، ئەو خەڵکەیان قایل کرد کە پێشکەشیان کرابوون. بەڵگەهێنانەوەکە لەلایەن بازرگانانەوە پێشکەشی پەرلەمانتاران و ئەنجومەنانی میران کران، پێشکەشی خانەدانان و ڕێزدارانی وڵات کران، لەلایەن کەسانێکەوە کە دەبێ لە بازرگانی تێگەیشتبن پێشکەش بەوانە کرا کە پێیان وا بوو هیچ زانیارییەکیان لەبارەی ئەو بابەتەوە نییە. ئەزموون ئەوەی پێشانی خانەدانان و ڕێزداران داوە، هەروەها پێشانی بازرگانانیشی داوە، کە ئەوە بازرگانیی دەرەکییە وڵاتی دەوڵەمەند کردووە، بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەک، ئەوە هیچ یەکێکیان بەباشی سەری لێ دەرناکا. بازرگانان بەتەواوی دەیانزانی چۆن خۆیانی دەوڵەمەند کردووە. چونکە پیشەکەیان ئەوە بوو کە بیزانن. بەڵام ئەوەی کە بە چ ڕێگەیەک وڵاتی دەوڵەمەند کردووە، ئەوەیان پەیوەندیی بەوانەوە نەبوو. ئەم بابەتە هەرگیز لەلایەن ئەوانەوە بایەخی پێ نەدراوە مەگەر ئەو کاتە نەبێ کە دوایان لە وڵاتەکەیان کردووە گۆڕانکاری لەو یاسایانە بکات کە بە بازرگانیی دەرەکییەوە پەیوەستن. ئەو کاتە پێویست بووە شتێک لەبارەی کاریگەرییە بەسوودەکانی بازرگانیی دەرەکی بکەن و، لەسەر ئەو شێوەیەی کە لەڕێی یاساکانی ئەو کاتە ڕێگەی لەو کاریگەرییانە گرتووە شتێک بڵێن. بۆ ئەو دادوەرانەی کە دەبوو بڕیار لەو بارەیەوە بدەن ئەو قسانەی ئەوان پڕ بەپێستی بابەتەکە بوون، کاتێکیش کە پێیان گوترا بازرگانیی دەرەکی پارە بۆ وڵات دێنێ، بەڵام یاساکان دەبنە کۆسپ بۆ هێنانی پارەی زۆر. ئیتر ئەو بیانووانە ئەو کاریگەرییانەیان بوو کە لێیان دەویستران. قەدەخەکردنی هەناردەکردنی زێڕ و زیو لە فەرەنسە و ئینگلتەرەدا تەنیا پارەی ئەو وڵاتانەی دەگرتەوە. هەناردەکردنی پارەی بیانی و داڕشتەی زێڕ و زیو، ئازاد بوو. لە هۆڵاند و، لە هەندێ شوێنی تر، ئەو ئازادییە تەنانەت باڵی بۆ پارەی وڵاتەکەش کێشا. چاوی حکومەت ڕووی لە چاودێریی هەناردەکردنی زێڕ و زیو وەرگێڕا بەرەو چاودێریی باڵانسی بازرگانی وەک تەنیا هۆکارێک بۆ هەر زیادبوونێک یان کەمبوونەوەیەکی ئەو کانزایانە. ڕووی لە چاودێرییەکی بێئاکام وەرگێڕا بەرەو یەکێکی

ئالۆزتر، وردتر، بەڵام بەهەمان ئاست نەزۆک. ناونیشانی کتێبەکەی مون، "گەنجینەی ئینگلتەرە لە بازرگانیی دەرەکیدا"، بووە بناخەیەکی بنەڕەتی لە ئابووریی سیاسیدا، نەک تەنیا لە ئینگلتەرە، بەڵکو لە هەموو وڵاتە بازرگانییەکانی تریشدا. بازرگانیی ناوخۆیی، کە گرنگترینە، ئەو بازرگانییەیە کە بەهۆیەوە هەمان سەرمایە گەورەترین داهات دەستەبەر دەکا و، گەورەترین بەگەڕخستن بۆ خەڵکی وڵاتەکە دێنێتە کایەوە، تەنیا بە پاشکۆی بازرگانیی دەرەکی هاتە ژماردن. دەیانگوت، ئەو بازرگانییە نە پارە دێنێتە ناو وڵاتەوە و نە هیچ پارەیەک دەباتە دەرەوەی. بۆیە وڵاتەکە هەرگیز بەو بازرگانییە نە دەوڵەمەندتر و نە هەژارتر دەبێ، مەگەر گەشەکردن یان پووکانەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بازرگانیی دەرەکی هەبێ.

وڵاتێک کە کانی خۆی نەبێ، بێگومان دەبێ زێڕ و زیوی خۆی لە وڵاتانی بێگانەوە بهێنێ بەهەمان شێوەی ئەو وڵاتەی ڕەزی تریی نییە شەراب بۆ خۆی دێنێ. هەرچەندە لەوە ناچێ کە پێویست بێ حکومەت زیاتر ڕووی لە بابەتێک بێ زیاتر لە بابەتەکەی تر. هەر وڵاتێک کە توانای پێویستی هەبێ بۆ کڕینی شەراب بەردەوام ئەو شەرابەی دەبێ کە دەستی دەکەوێ و، وڵاتێکیش توانای کڕینی زێڕ و زیوی هەبێ هەرگیز لەم کانزایانە بێبەش نابێ. ئەمانە وەک کاڵاکانی تر دەبێ بە نرخێکی دیاریکراو بکڕرێن و، وەک چۆن خۆیان دەبنە نرخ بۆ هەموو کاڵایەکی تر، هەموو کاڵایەکی تریش دەبێتە نرخ بۆ ئەم کانزایانە. ئێمە بە ئارامییەکی تەواوەوە متمانەمان بەوە هەیە کە ئازادیی بازرگانی، بەبێ هیچ گوێپێدانێکی حکومەت، بەردەوام ئەو شەرابەمان بۆ دابین دەکات کە دەمانەوێ: بۆیە دەتوانین بەهەمان ئارامییەوە متمانەمان هەبێ کە بەردەوام ئەو زێڕ و زیوەشمان بۆ دابین دەکات کە دەتوانین بیکڕین یان لە سووڕاندنی کاڵاکانمان یان لە بەکارهێنانی تردا بەگەڕی بخەین.

بڕی هەر کاڵایەک کە پیشەسازیی مرۆڤ دەتوانێ بیکڕێ یان بەرهەمی بهێنێ، بەشێوەیەکی سروشتی لە هەموو وڵاتێکدا، بەگوێرەی خواستی کاریگەر خۆی ڕێک دەخا، یان بەگوێرەی خواستی ئەوانەی ئامادەن تەواوی ئەو کرێ، کار و، قازانجانە بدەن کە پێویستە بۆ ئامادەکردن و هێنانیان بۆ بازاڕ بدرێن. بەڵام هیچ کاڵایەک ئەوەندەی زێڕ و زیو بە ئاسانی و بە وردی خۆی بەگوێرەی ئەم خواستە کاریگەرە ڕێک ناخا، چونکە بە پشتبەستن بە قەبارەی بچووک و بەهای زۆری ئەم کانزایانەوە گواستنەوەی هیچ کاڵایەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەک گواستنەوەی ئەمانە ئاسان نییە، گواستنەوەیان لەو شوێنانەوە کە تیایاندا هەرزانن بۆ ئەوانەی تیایاندا گرانن، لەو شوێنانەوە کە تیایاندا زیادن بۆ ئەوانەی لە بەرامبەر خواستی کاریگەردا کورتهێنانیان هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر لە ئینگلتەرە خواستێکی کاریگەر بۆ بڕێکی زیاتری زێڕ هەبێ، چەند بەلەمێک دەتوانن لە

لیشبۆنەوە یان لە هەر شوێنێکی ترەوە کە لێی هەبێ، پەنجا تۆن زێڕ بهێنێ، کە دەکرێ لەسکە بدرێ و بکرێتە زیاتر لە پەنجا ملیۆن گینی. بەڵام ئەگەر خواستێکی کاریگەر بۆ هەمان بەها دانەوێڵە هەبێ، ئەوە ئەگەر نرخی تۆنێکی پێنج گینی بێ، بارکردنی یەک ملیۆن تۆن یان هەزار کەشتی، کە هەر یەکێکیان هەزار تۆنی بار کردبێ، پێویستن بۆ هێنانی. بەم جۆرە، تەواوی هێزی دەریاوانیی ئینگلتەرە بەشی هێنانی ئەم بارە ناکا.

کاتێک کە بڕی زێڕ و زیوی هاوردەکراو بۆ وڵاتێک خواستی کاریگەر تێدەپەڕێنێ، هیچ چاوکراوەییەکی حکومەت ناتوانێ ڕێگە لە هەناردەکردنەوەیان بگرێ. هەموو یاسا توندوتیژەکانی ئیسپانیا و پۆرتوگال ناتوانن ئەو زێڕ و زیوەی هەیانە لە ناوخۆی وڵاتەکانیاندا بهێڵنەوە. هاوردەکردنی بەردەوام لە پیرۆ و برازیلەوە لە سەرووی خواستی کاریگەری ئەم وڵاتانەیە و، نرخی ئەم کانزایانەیان تێدا دادەبەزێنێتە خوار نرخی وڵاتانی دەوروبەر. ئەگەر بەپێچەوانەوە، بڕی ئەم کانزایانە لە وڵاتێکی دیاریکراودا کورتهێنانی هەبوو لە بەرامبەر خواستی کاریگەردا و، نرخیانی بۆ سەرووی ئەوەی وڵاتانی دەوروبەر بەرز کردەوە، پێویست ناکا حکومەت خۆی بە هاوردەکرجیهاننەوە ماندوو بکات. ئەگەر پێویست بێ حکومەت خۆی بە ڕێگری لە هاوردەکرجیهاننەوە سەرقاڵ بکات، ئەوە ناتوانێ ئەوە بەکارایی ئەنجام بدا. ئەم کانزایانە، کە ئیسپارتەییەکان توانییان بیانکڕن، هەموو ئەو کۆسپانەیان تێپەڕاند کە یاساکانی لایکەرگەس بۆ ڕێگرتن لە هێنانیان بۆ ناو لاسدیمن دایاننابوون. گشت یاسا توندوتیژەکانی گومرک ناتوانن ڕێگە لە هاوردەکردنی چای کۆمپانیاکانی هیندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵاند و گۆتنبێرگ بگرن، لەبەر ئەوەی کەمێک هەرزانترن لەوانەی کۆمپانیا بریتانیاییەکە. یەک پاوەن چا، کە قەبارەکەی نزیکەی سەد هێندەی قەبارەی بەرزترین نرخیەتی بە زیو، کە بەگشتی شازدە شیلین زیوە و، دوو هەزار هێندەی هەمان نرخە بە زێڕ و، لە ئاکامدا بەقاچاخبردنیشی چەندان هێندە سەختترە.

لەوانەیە ئاسانیی گواستنەوەی زێڕ و زیو لە شوێنانێکەوە کە تیایاندا زۆرن بۆ ئەو شوێنانەی تیایاندا خواستیان لەسەرە بەشێک بێ لەو هۆکارانەی وا دەکەن نرخی ئەم کانزایانە لە هەڵبەز و دابەزی بەردەوامدا نەبن، وەک نرخی زۆربەی کاڵاکانی تر، کە پێیان لەو کاتانەدا کە لە بازاڕدا زیاد یان کەم دەبن، قەبارەی گەورەیان ڕێگرە لە جێگۆڕکێکردنی ئاسان. لەڕاستیدا نرخی ئەم کانزایانە، بەتەواوی لە گۆڕانکاری بەدوور نین، بەڵام گۆڕانکاری تیایاندا خاوە، وردەوردە دەبێ و، یەکانگیرە. بۆ نموونە، لە ئەورووپا پێشبینی کراوە، هەرچەندە لەسەر بنەمایەکی بەهێز نییە، کە لەوانەیە بەدرێژایی ئەم سەدەیە و سەدەی ڕابردوو بەهای ئەم کانزایانە بەردەوام، وردەوردە، ڕووی لە دابەزین بووە، بەهۆی هاوردەکردنی بەردەوامەوە لە هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیاییەوە. بەڵام گۆڕانی لەناکاوی نرخی زێڕ و زیو، بۆ ئەوەی نرخی بەپارەی هەموو کاڵاکانی تر، بە یەک جار

بەشـێوەیەکی دیـار و بەرچـاو بەرز ببێـتەوە یـان دابەزێ، پێویسـتی بە شۆڕشـێکە لە بازرگانیدا وەک ئەوەی دۆزینەوەی ئەمەریکا بووە هۆکار بۆی.

دوور لە هەموو ئەمانە، ئەگەر زێڕ و زیو لە هەر کاتێکدا کورتهێنانیان لە وڵاتێکدا هەبێ کە بتوانێ بیانکڕێ، ئەوە ڕێگەچارەی زۆر هەن بۆ پڕکردنەوەی جێگەیان زیاتر لەوانەی جێی هەر کـاڵایەکی تـر پـڕ دەکەنەوە. ئەگەر کەرەسـتەکانی پیشەسـازی کەم بـن، دەبـێ پیشەسـازی بوەستێ. ئەگەر ئـازووخە کەم بـن، دەبێ خەڵـک برسـی بن. بەڵام ئەگەر پـارە کەم بێ، ئـاڵوگۆڕ جێی پڕ دەکـاتەوە، ئەگەر بە کەموکوڕیشـەوە بێ. کـڕین و فرۆشـتن بە قەرز و، مامەڵەکـارانی جۆراوجـۆر، بەشـێوەیەکی مانگـانە یـان سـاڵانە، لەگەڵ یەکتـردا قەرەبووی قەرزەکانیان دەکەنەوە و پڕیان دەکەنەوە بەڵام بە ناتەواوی. پارەیەکی کـاغەزی بەباشی ڕێکخراو، جێی پڕ دەکـاتەوە، نەک تەنیا بەبێ کەموکوڕی، بەڵکو هەندێ جار بە هەندێ سوودیشەوە. بۆیە، بە هەمـوو پێوەرێک، هیچ کاتێک چـاودێریی حکومەت ئەوەندە بێسوود بەکار نەهاتووە وەک ئەوەی ئاراستەی پاراستن یان زیادکردنی بڕی پـارەی وڵات کراوە.

لەگەڵ ئەوەشـدا، هـیچ گازانـدەیەک لە نـاو کۆمەڵگەدا وەک گازانـدە لە کەمیـی پـارە زۆر نییە. پـارە، وەک شـەراب، دەبێ بەردەوام کەم بێ بـۆ ئەوانەی نـاتوانن بیکـڕن و ئەوانەی نـاتوانن قەرزی بکەن. ئەوانەی هەر یەکێک لەو دووەیـان پێ بکـرێ، بەدەگمەن پـارە یـان شەرابیان لێ دەبڕێ. بەڵام ئەم گازانـدەیە لە کەمیی پـارە بەردەوام پەیوەسـت بە کەسـانی جلشڕ و دەستبڵاو نییە. هەندێ جـار گشـتییە لە تەواوی شـارێکی بازرگانیـدا و لە لادێکـانی دەوروبەریـدا. زێـدەڕۆیی لە بازرگانیـدا هۆکـاری گشـتیی ئەمەیە. پیـاوانی سـەنگین، کە بازرگانییەکەیـان هـاوڕێژەی سـەرمایەکانیان نییە، لەوانەیە نەتـوانن پـارە بکـڕن و نەتـوانن قەرزیشـی بکەن، هاوشـێوەی ئەو دەسـتبڵاوانەی خەرجییەکانیـان هـاوڕێژەی داهاتەکانیـان نەبـووە. پـێش ئەوەی پرۆژەکانیـان بتـوانن پـارە بهێـنن، ماڵەکەیـان ڕۆیشـتووە و، قەرزەکەشیان لەگەڵی. ئەوان بۆ قەرزکردنی پارە ڕوو لە هەموو شوێنێک دەکەن و، هەموو کەسـێک پێیـان دەڵـێ کە نییەتـی بیانـداتێ. تەنـانەت ئەم گازانـدە گشـتییە لە کەمیـی پـارە بەردەوام نیشـانەی ئەوە نییـە کە ژمـارەی ئاسـایی پـارچە زێـڕ و زیوەکـان لە وڵاتـدا لە سووڕاندن نین، بەڵکو زۆر خەڵـک ئەو پارچانەیان پێویستە و لە بەرامبەردا هیچیان نییە بیـدەن. کاتێـک قازانجەکـانی بازرگـانی لە قـازانجی ئاسـایی زۆرتـر دەبـێ، زێـدەڕۆیی لە بازرگـانی دەبێـتە هەڵەیەکـی گشـتی لەلایەن مامەڵەکـارانی گەورە و بچووکیشـەوە. ئەوان بەردەوام پارەی زیاتر لە ئاسایی ڕەوانەی دەرەوە ناکەن، بەڵکو بە قەرز، لە نـاوەوە و لە دەرەوە، بڕێکی ئاسایی کاڵا دەکڕن، کە بۆ بـازاڕی دووری دەنێرن بەو هیوایەی داهـاتەکە پێش وادەی دانەوەی قەرزەکە بۆیان بێتەوە. وادەی دانەوەکە پێش هـاتنی داهـاتەکە دێ و،

ئەوان هیچیان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی پارەی پێ بکڕن یان دڵنیایی پێەو بە قەرزدەرەکە بدەن. ئەوە هیچ بەهۆی کەمیی زێڕ و زیوەوە نییە، بەڵکو ئەو سەختییەیە کە لە قەرزکردن ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە و، بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان ڕووبەڕووی قەرزدەرەکانیان دەبێتەوە و، دەبنە مایەی گازاندەی گشتی لە کەمیی پارە.

کارێکی پووچە ئەگەر بە ڕژدی هەوڵ بدەی بیسەلمێنی کە سامان پارە نییە، یان زێڕ و زیو نییە، بەڵکو ئەوەیە کە بە پارە دەکڕێ و، پارە تەنیا بۆ کڕین بەهادارە. بێگومان پارە بەردەوام بەشێکی سەرمایەی نیشتمانییە، بەڵام ئەوە پێشان دراوە کە بەگشتی تەنیا بەشێکی بچووکیەتی و، بەردەوام بێقازانجرین بەشیەتی.

لەبەر ئەوە نییە کە سامان بەشێوەیەکی سەرەکیتر لە پارە پێک دێ نەک لە کاڵاکان، بازرگان پێی ئاسانترە کاڵا بەپارە بکڕێ نەک پارە بە کاڵا بکڕێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە پارە ئامرازی ناسراو و دامەزراوی بازرگانییە، کە ڕاستەوخۆ هەموو شتێکی پێ دەگۆڕرێتەوە، بەڵام بەردەوام بەهەمان شێوەی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە هەموو شتێک وەرناگیرێ. سەرباری ئەمەش، زۆرترین بەشی کاڵاکان لە پارە زیاتر تێک دەچن و، بازرگان لەوانەیە بەهێشتنەوەیان زیانی زیاتری پێ بگا. کاتێکیش کاڵاکانی لەبەر دەستن، ئەو زیاتر ڕووبەڕووی داواکردنی پارە دەبێتەوە کە ناتوانێ وەک ئەو کاتە بیانداتەوە کە نرخی ئەو کاڵایانە لە قاسەکەیدان. لەسەر هەموو ئەمەشەوە قازانجەکەی زۆر ڕاستەوخۆتر لە فرۆشتنەوە دێ نەک لە کڕین و، بەپێی هەموو ئەمانە ئەو بەگشتی زۆر زیاتر ڕژدە لەسەر ئەوەی کاڵاکانی بەپارە بگۆڕێتەوە زیاتر لەوەی پارەکەی بە کاڵا بگۆڕێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی بازرگانێکی دیاریکراو، کە کاڵایەکی زۆری لە کۆگەکانیدا هەیە، لەوانەیە هەندێ جار ماڵی وێران بێ بەوەی کە نەتوانێ لە کاتی خۆیدا بیانفرۆشی، ئەگەر ئەوە لەئارادا نییە کە گەلێک یان وڵاتێک ڕووبەڕووی ڕووداوی هاوشێوەی بێ. تەواوی سەرمایەی بازرگانێک زۆر جاران لە کاڵای ڕوو لە خراپبوون پێک دێ، کە دەیەوێ پارەیان پێ بکڕێ. بەڵام ئەوە تەنیا بەشێکی زۆر بچووکە لە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵاتێک کە هەرگیز ناکرێ بۆ کڕینی زێڕ و زیو لە دراوسێیەکان بەکار بێ. بەشە هەرە زۆرەکە لەناوخۆدا دەسووڕێ و بەکار دەبرێ و، زیادەکەی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێ، زۆرترین بەش بەگشتی بۆ کڕینی کاڵای تری بیانی تەرخانە. بۆیە هەرچەندە زێڕ و زیو بەگۆڕینەوە بەو کاڵایانەی بۆ کڕینیان تەرخان کراون دەست ناکەون، وڵات ماڵوێران نابێ. لەڕاستیدا، لەوانەیە هەندێ زیان بکات و هەندێ نارەحەتی بچێژێ و، ناچار بێ پەنا بباتە بەر هەندێ ئامرازی جۆراوجۆر بۆ پڕکردنەوەی جێی پارە. وا باوە کە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار، هەمان یان نزیک لە هەمان بەرهەم دەبێ، لەبەر ئەوەی هەمان، یان نزیک لە هەمان سەرمایەی شیاوی بەکاربردنی بۆ بەکار دێ. هەروەها کە

کاڵاکان بەردەوام بەو خێراییەی پارە کاڵا دێنن، پارە ناهێننە دەستەوە، بەڵام لە مەودای دووردا کاڵاکان زیاتر پارە ڕادەکێشن لەوەی پارە ئەوان ڕادەکێشی. کاڵاکان چەندان مەبەستی تر لە بەکارهێنانیان هەیە جگە لە کڕینی پارە، بەڵام پارە تەنیا کاڵای پێ دەکڕدرێ و هیچ ئەرکێکی تری نییە. بۆیە دەبێ پارە بەدوای کاڵادا ڕابکا، بەڵام کاڵا بەدوای پارەدا ڕاناکا. کەسێک کە دەکڕێ، بەردەوام مەبەستی فرۆشتنەوە نییە، بەڵکو زۆربەی جاران بۆ بەکاربردن دەکڕێ، بەڵام ئەوەی دەفرۆشێ بەردەوام مەبەستیەتی بکڕێتەوە. یەکێکیان لەوانەیە زۆربەی جاران تەواوی ئیشەکەی خۆی ئەنجام دابێ، بەڵام ئەوەی تر هەرگیز زیاتر لە نیوەی ئەنجام نادا. خەڵک پارەیان لەبەر پارە ناوێ، بەڵکو بۆ ئەوەیانە کڕینی پێ ئەنجام بدەن.

دەڵێن کاڵای شیاوی بەکاربردن زوو تێک دەچن، بەڵام زێڕ و زیو بەسروشت تەمەنیان درێژە و، ئەگەر بەهۆی هەناردەکردنی بەردەوامەوە نەبێ، ئەوە دوای ئەوە، زیادەیەکی ناقۆلا لە سامانی ڕاستەقینەی وڵاتدا دەبێ. بۆیە وا دێتە بەر چاو کە هیچ شتێک ناتوانێ هێندەی بازرگانیی ئەم کاڵا تەمەن درێژانە بە کاڵای شیاوی لەناوچوون بگۆڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمان وا نییە ئەو بازرگانییە نەگونجاو بێ کە ئامانی ئینگلتەرە بە شەرابی فرانسە دەگۆڕێتەوە، ئامان کاڵای تەمەندرێژن و، ئەگەر ئەم هەناردەکردنە بەردەوامە نەبووایە، ئەوە لەدوای ئەوە کەڵەکە دەبوون و، دەبوونە مایەی زیادبوونێکی سەرسوڕهێنەر لە قاپ و مەنجەڵەکانی وڵات. بەڵام زوو دەردەکەوێ کە ژمارەی ئەم جۆرە قاپوقاچاخە لە هەموو وڵاتێکدا بەو بەکارهێنانە سنووردارن کە بۆیان دەگونجێ، نەگونجاو دەبێ ئەگەر زیاد لە پێویستی ئامادەکردنی خواردن قاپ و قابلەمە هەبن و، ئەگەر بڕی ئەو خواردنانە زیاد ببێ، ژمارەی قاپ و مەنجەڵیش ڕاستەوخۆ زیاد دەبێ، بەشێک لەو بڕە زیادبووەی ئەو خۆراکە بۆ کڕینیان تەرخان دەکرێ، یان بۆ ژیاندنی ژمارەیەکی زیاتری ئیشکەر کە دروستیان دەکەن. دەبێ دەستبەجێ دەرکەوێ کە بڕی زێڕ و زیو لە هەر وڵاتێکدا سنووردار کراوە بەو بەکارهێنانەی ئەم کانزایانە هەیانە، کە بەکارهێنانیان لە سووڕاندنی کاڵایە وەک دراو و، دەستەبەر کردنی جۆرێک لە کەلپەلی ناومال لەشێوەی پلێت، کە بڕی دراو لە هەر وڵاتێکدا لەڕێی بەهای ئەو کاڵایانەوە دەستنیشان دەکرێ کە بڕیارە لەڕێی ئەو دراوەوە بسووڕێن: کە بەهای ئەو کاڵایانە زیاتر بوو ڕاستەوخۆ بۆ کڕینی بڕێکی زیاتر لەو دراوەی بۆ سووڕانجیهانن پێویستە بەشێکی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێ: بڕی پلێت لەڕێی ژمارە و سامانی ئەو خێزانانەوە ڕێک دەخرێ کە خۆهەڵکێشان بەو جوانکارییە هەڵدەبژێرن: زیادبوونی ژمارە و سامانی ئەو خێزانانە و تەرخانکردنی بەشێکی ئەو سامانە زیادبووە بۆ کڕینی بڕێکی زیاتر لەو پلێتانە تەرخان دەکرێ: هەوڵدان بۆ زیادکردنی سامانی هەر وڵاتێک چ بە هێنان یان بە گلدانەوەی بڕێکی

ناپێویست لە زێڕ و زیو بێواتەیە وەک هەوڵی زیادکردنی دڵخۆشیی خێزانێکە لەڕێی ناچارکرجیهانن بەوەی بڕێکی ناپێویستی کەلپەلی ناندین گل بدەنەوە. خەرجیی کڕینی ئەو ئامانە ناپێویستانە لەچیاتی زیادکردنی خۆشگوزەرانییان باشیی ئازووخەکانیان کەم دەکاتەوە، بەهەمان شێوە کڕینی زێڕ و زیوی ناپێویست دەبێ لە هەموو وڵاتێکدا ببێتە مایەی کەمکردنەوەی ئەو سامانەی خۆراک، پۆشاک و، نشینگە دەستەبەر دەکا، ئەوەی کە خەڵک دەژیێنێ بەگەڕ دەخا. دەبێ ئەوە لەبیر نەکرێ کە زێڕ و زیو، چ لەشێوەی دراو یان پلێت، کەلپەلێکن وەک کەلپەلی ناندین. بەکارهێنانیان زیاد ببێ، ئەو کاڵا بەکاربراوانە زیاد دەکا کە دەبێ بەهۆی ئەوانەوە بسووڕێن، بەڕێوە ببرێن و، ئامادە بکرێن و، بێگومان بڕەکە زیاد دەبێ، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەی لەڕێی هۆکاری نائاساییەوە بڕەکە زیاد بکەی، ئەوە بێگومان بەکارهێنان و تەنانەت بڕەکەش کەم دەکەیتەوە، کە ناکرێ هەرگیز لەم کانزایانە لە پێویستیی بەکارهێنان زیاتر بن. ئەگەر هەر کاتێک لەو بڕە زیاتر کەڵەکە کرا، گواستنەوەیان زۆر ئاسانە و، زیانی مانەوەیان بەبێ کار زۆر زۆرە، کە هیچ یاسایەک بەهۆیەوە ڕێ لە ناردنەدەرەوەی ڕاستەوخۆیان ناگرێ.

هەموو دەمێک پێویست نییە زێڕ و زیو کەڵەکە بکرێن بۆ ئەوەی وڵات بتوانێ شەڕی دەرەکی بکات و، گەلەکەشتی و سوپا لە وڵاتانی دوور بەخێو بکات. بەخێوکردنی گەلەکەشتی و سوپا بە زێڕ و زیو نابێ بەڵکو بە کاڵای بەکاربردن دەبێ. ئەو گەلەی توانای هەبێ بە بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازیی ناوخۆیی، بە داهاتی ساڵانەی زەوی و کاری خۆی و، ماڵی بەکاربردن، ئەو کاڵای بەکاربردنانە لەو وڵاتە دوورانە بکڕێ، دەتوانێ شەڕی دەرەکی لەوێ بەرپا بکات.

گەلێک دەتوانێ بە سێ ڕێگەی جۆراوجۆر مووچە و ئازووخەی سوپای دوورەوڵات بکڕێ: بەناردنە دەرەوەی، یەکەم، بەشێک لە زێڕ و زیوی کەڵەکەبووی خۆی، یان، دووەم، بەشێکی بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازییەکەی، یان، کە دوایینە، بەشێکی بەرهەمی خاوی ساڵانەی خۆی.

ئەو زێڕ و زیوەی گونجاوە بە کەڵەکەبوو یان کۆگەکراو لە هەر وڵاتێکدا بزانرێ، دەبێ بۆ سێ بەشی جیا لەیەک جیا بکرێتەوە: یەکەم، پارەی سووڕاندن، دووەم، پلێتی خێزانەکان و، لە کۆتاییدا، ئەو پارەیەی کە لەوانەیە بۆ چەندان ساڵ بەهۆی دەستگرتنەوەوە کۆ کرابێتەوە و لە گەنجینەی میردا قایم کرابێ.

بەدەگمەن دەکرێ بەشێک لە پارەی سووڕاندنی وڵات گل بدرێتەوە، چونکە ئەو پارەیە بەدەگمەن زیاد دەبێ. بەهای ئەو کاڵایانەی ساڵانە دەکڕێن و دەفرۆشرێن لە هەر وڵاتێکدا بڕێکی دیاریکراو پارەیان بۆ سووڕاندن و دابەشکرجیهانن بەسەر بەکاربەری گونجاودا پێویستە و، ناکرێ بەکارهێنانی زیاتر لەوەی هەبێ. کەناڵی سووڕاندن وەک پێویستییەک

بره پارەیەک بۆ خۆی بەکێش دەکا کە بەشی پڕکردنی خۆی بێ و، هەرگیز لەوەی زیاتر وەرناگرێ. بەڵام بەگشتی شتێک لە دۆخی شەڕی دەرەکیدا لەم کەناڵە دەردەهێنرێ. بەهۆی بەخێوکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک لە دەرەوە، ژمارەیەکی کەمتر خەڵک لە ناوەوەدا بەخێو دەکرێ. کاڵای کەمتر لەوێ دەسووڕێ و، پارەی کەمتر بۆ سووڕانجیهانن پێویست دەبێ. بڕێکی زیاتر لە بڕی ئاسایی پارەی کاغەز، بەجۆرێک لە جۆرەکان، وەک نۆتەکانی گەنجینە، کۆمپالەکانی دەریاوانی و، کۆمپیالەکانی بانک لە ئینگلتەرە، بەگشتی لە دۆخی هاوشێوەدا دەرچوون و، بە پڕکردنەوەی شوێنی زێڕ و زیوی سووڕاندن، هەل بۆ ناردنی بڕێکی زیاتریان بۆ دەرەوە دەڕەخسێنن. بەڵام هەموو ئەمانە تەنیا سەرچاوەیەکی هەژارترن بۆ لەوەی بتوانن خەرجیی بەڕێوەبردنی شەڕێکی دەرەکیی خاوەن خەرجیی زۆر بۆ ماوەی چەند ساڵێک دابین بکەن.

تواندنەوەی پلێتەکانی تایبەت بە خێزانەکان لە هەموو دۆخەکاندا دەرکەوتووە کە گونجاو نییە. فڕانسەییەکان لە سەرەتای دوایین شەڕدا، سوودێکی زۆریان لەم ئامرازە نەبینی چونکە دەبوو قەرەبووی زیانی دەوڵەمەندان بکەنەوە.

گەنجینە کەڵەکەبووەکانی میر، لە سەردەمانی پێشوودا، سەرچاوەیەکی گەورەتر و درێژخایانتر بوون. بەڵام ئێستا، ئەگەر پاشای پروسیا بخەیتە لاوە، کەڵەکەکردنی گەنجینە لەوە ناچێ بەشێک لە سیاسەتی میرانی ئەورووپا بێ.

سندووقەکانی پارەدارکردن کە شەڕە دەرەکییەکانی ئەم سەدەیەیان بەڕێوە بردووە، کە بەخەرجیترین شەڕن لە مێژوودا، لەوە دەچێ بەکەمترین ئاست پشتیان بە هەناردەکردنی پارەی سووڕاندن، یان پلێتی خێزانەکان، یان گەنجینەی میران بەستبێ. دواشەڕی فڕانسە زیاتر لە ٩٠ ملیۆن لەسەر بریتانیای مەزن کەوت، کە نەک تەنیا ٧٥ ملیۆن قەرزی نوێ، بگرە ئەو دوو شیلینەشی کە بۆ هەر پاوەنێک باجی زەوی زیاد کرا و، ئەوەی ساڵانە لە سندووقی قەرزدانەوە قەرز دەکرا. زیاتر لە دوو سێیەکی ئەم خەرجییە لە وڵاتانی دوور دانرا، لە ئەڵمانیا، پۆرتوگال، ئەمەریکا، بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست، لە هیندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. پاشاکانی ئینگلتەرە گەنجینەی کەڵەکەکراویان نەبوو. هەرگیز نەمانبیستووە بڕێکی نائاسایی پلێت بتاوێنرێتەوە. چاوەڕوان نەدەکرا زێڕ و زیوی سووڕاندن لە وڵاتدا لە ١٨ ملیۆن زیاتر بێ. بەڵام لە کاتی دوایین لەسکەدانی زێڕەوە، لەوە دەچێ بە بڕێکی باش دابەزیبێ. کەواتە، با وای دابنێین، کە بەپێی زێدەڕۆترین خەمڵاندن، کە لە بیرمە بیستوومە یان بینیومە، زێڕ و زیو بەیەکەوە ٣٠ ملیۆن بن. ئەگەر ئەو شەڕە بەپارەی خۆمان بەڕێوە چووبێ، دەبێ تەواوی پارەکەمان تەنانەت بەم خەمڵاندنەش، ڕەوانەی دەرەوە کرابێ و کە گەڕاوەتەوە، لە ماوەی شەش حەوت ساڵدا بووەتە دوو هێندە. ئەگەر ئەم گریمانەیە بکرێ، ئەوە یەکلاکەرەوەترین بەڵگە بەدەستەوە دەدات بۆ

پێشاندانی ئەوەی کە پێویست نییە حکومەت خەمی کۆکردنەوەی پارەی هەبێ، چونکە بەپێی ئەم گریمانەیە تەواوی پارەی وڵات دەبێ چووبێتە دەرەوە و گەڕابێتەوە، لە دوو جاری جیاوازدا و لە ماوەیەکی کورتدا، بەبێ ئەوەی کەس ئاگەداری ئەو ڕووداوە بێ. بەڵام لەم ماوەیەدا هەرگیز کەناڵی سووڕاندن وا دەرنەکەوتووە کە بەشێوەیەکی بەدەر لە ئاسایی بەتاڵ بووبێ. خەڵکێکی کەم پارەیان ویستووە و توانیویانە بیدەن. لەڕاستیدا قازانجەکانی بازرگانیی دەرەکی لە تەواوی ماوەی شەڕدا زۆر زۆرتر بووە لە قازانجی ئاسایی، بەتایبەتیش لە سەروبەندی کۆتایی شەڕەکەدا. ئەمە بووە هۆی، بەردەوامیش دەبێتە هۆی، بازرگانییەکی بەگشتی سەرووئاسایی لە هەموو بەشەکانی بریتانیای مەزندا و، هەر ئەمەش بووە هۆی گازاندەی باو لە کەمیی پارە، کە بەردەوام شانبەشانی بازرگانیی زیاد لە ئاساییەوە دێ. خەڵکێکی زۆر پارەیان دەویست، کە نە توانای کڕینیان هەبوو، نە توانای قەرزکردن و، لەبەر ئەوەی قەرزارەکان بەزەحمەت قەرزیان پێ دەکرا، قەرزدەرەکانیش سەخت بوو قەرزەکان وەرگرنەوە. بەڵام زێڕ و زیو بەگشتی بەهای خۆیان هەبوو بۆ ئەوانەی پێیان دەکرا بۆ بەدەستهێنانیان ئەو بەهایە بدەن.

لەبەر ئەوە، تێچووی لەڕادەبەدەری دوایین شەڕ، نابێ بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەناردەکردنی زێڕ و زیوەوە بەڵکو لەڕێی هەناردەکردنی کاڵای جۆراوجۆری بریتانیاوە دابین کرابێ. کاتێک کە حکومەت، یان ئەوانەی بۆ حکومەت کاریان دەکرد، گرێبەستی لەگەڵ بازرگانێکدا دەبەست بۆ هەواڵەکردنی پارە بۆ وڵاتێکی بێگانە، بازرگانەکە هەوڵی دەدات هاوتا بیانییەکەی ئەو پارەیە بدا، چونکە بەو پارەیە کۆمپیالەی دابوو، بۆ ئەم مەبەستەش لە جیاتی زێڕ و زیو کاڵای تری هەناردە دەکرد. ئەگەر لەو وڵاتەدا خواست لەسەر کاڵاکانی بریتانیای مەزن نەبووایە، بازرگانەکە هەوڵی دەدات ئەو کاڵایانە بۆ وڵاتێکی تر هەناردە بکات و، لەوێ کۆمپیالەیەک لەسەر وڵاتەکەی تر بکڕێ. گواستنەوەی کاڵا، کە بۆ بازاڕ گونجاو بن، بەردەوام قازانجی زۆری دەبێ، لە کاتێکدا کە گواستنەوەی زێڕ و زیو بەدەگمەن قازانجێکی دەبێ. کاتێک کە ئەم کاڵایانە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن بۆ کڕینی کاڵای بیانی، بازرگان قازانج دەکا، قازانجەکەی لە کڕینەکەدا نییە بەڵکو لە فرۆشتنی ئەو کاڵایانەیە کە دەیانهێنێتەوە. بەڵام کە تەنیا بۆ دانەوەی قەرزێک ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن، ئەو لە بەرامبەردا هیچ ناهێنێتەوە و، لە ئاکامدا هیچ قازانجێک ناکا. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی پەنا دەباتە بەر داهێنانی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک کە بەهۆیەوە قەرزە بیانییەکانی بە هەناردەکردنی کاڵا نەک بە هەناردەکردنی زێڕ و زیو بداتەوە. بڕی زۆری کاڵای بریتانیایی هەناردەکراو بۆ دەرەوە لە سەردەمی ئەو شەڕەی دواییدا، بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا هیچ هاوردە بکرێ، لەلایەن نووسەری 'دۆخی ئێستای نەتەوە'وە بە ڕێکوپێکی خراوەتە ڕوو.

جگە لەو سێ شێوەیەی زێڕ و زیو کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، لە هەموو ولاتێکی بازرگانیی گەورەدا بڕێکی باش دارشتە (bullion) هەن کە بۆ مەبەستی بازرگانیی دەرەکی هاوردە و هەناردە دەکرێن. ئەم دارشتانە، کە لەنێو ولاتانی بازرگانیدا دەسووڕێنەوە بەهەمان شێوەی سووڕاندنی دراوی نیشتمانی لەنێو هەر ولاتێکدا، دەشێ وەک پارەی کۆماری مەزنی بازرگانی سەیر بکرێن. دراوی نیشتمانی لەڕێی ئەو کالایانەوە دەجوولێ و ئاراستە دەکرێ کە لەناو هەر ولاتێکدا دەسووڕێن، پارەی کۆماری بازرگانیش (mercantile republic)لەڕێی ئەو کالایانەوە دەچوولێ و ئاراستە دەکرێ کە لەنێوان ولاتانی جۆراوجۆردا دەسووڕێن. هەردووکیان بۆ ئاسانکردنی ئالوگۆڕ بەکار دێن، یەکێکیان لەنێوان تاکەکانی هەمان ولات و، ئەوەی تر لەنێوان ولاتانی جۆراوجۆردا. بەشێک لەم پارەیەی کۆماری مەزنی بازرگانی لەوانەیە، بەشێوەیەکی گونجاو، بۆ بەڕێوەبردنی دوایین شەڕ بەکار هێنرابێ. لە ماوەی شەڕێکی گشتیدا، سروشتییە پێشبینی بکرێ کە بزاوێک و ئاراستەیەکی بەسەردا سەپێنرابێ، جیا لەوانەی لە کاتی ئاشتیدا بەشێوەیەکی ئاسایی کاری تێ دەکەن، بەمەش زۆرتر لە دەوری مەلبەندی شەڕ دەسووڕێ و، زیاتر بۆ کڕین لەوێ و لە ولاتانی دەوروبەری بەکار دێ، بۆ مووچە و ئازووخەی سوپا جۆراوجۆرەکان. بەلام ئەو پارەیەی کۆماری بازرگانی کە سالانە بریتانیای مەزن بەم شێوەیە بەکاری هێناوە هەر چەند بووبێ، دەبێ سالانە یان بە کالای بریتانیایی یان بە شتێکی تر کە بەو کالایانە کڕاوە، کڕابێ، ئەمەش دیسان دەمانباتەوە بۆ لای کالاکان، بەرهەمی سالانەی زەوی و کاری ولات، وەک دوا سەرچاوەیەک کە یارمەتیدەرمان بووە بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکە. بێگومان سروشتییە کە پێشبینی بکەین خەرجییەکی سالانەی زۆر دەبێ کەوتبێتە سەر بەرهەمی مەزنی سالانە. خەرجییەکانی سالی ١٧٦١ بۆ نموونە، زیاتر لە ١٩ ملیۆن بوون. هیچ کەلەکەکردنێک نییە بتوانێ پشتیوانیی ئەم خەرجییە زۆرە بکات. تەنانەت هیچ بەرهەمێکی زێڕ و زیوی سالانەش ناتوانێ پشتیوانیی بکات. تەواوی ئەو زێڕ و زیوەی سالانە بۆ ئیسپانیا و پۆرتوگال هاوردە کراون، بەپێی باشترین تۆمارەکان، بەگشتی زۆر لە ١٦ ملیۆن ئیستەرلینی زیاتر نەبووە، کە لە هەندێ سالاندا بەئاستەم بەشی خەرجیی چوار مانگی دوایین شەڕی کردووە.

ئەو کالایانەی گونجاوترینن بۆ گواستنەوە بۆ ولاتانی دوور، بەمەبەستی کڕینی مووچە و ئازووخەی سوپایەک، یان بەشێک لە پارەی کۆماری بازرگانی بۆ بەکارهێنانی لە کڕینی ئەو مووچە و ئازووخانە، لەوە دەچێ ناسکترین و پێشکەوتووترین بەرهەمە پیشەسازییەکان بن. ئەوانە بەهایەکی زۆریان لە قەبارەیەکی کەمدا هەیە و، بەمەش بە تێچووی کەم بۆ دوورییەکی زۆر هەناردە دەکرێن. ولاتێک کە پیشەسازییەکەی سالانە

بڕێکی زۆری زیادی لەم بەرهەمە پیشەسازییانە هەبێ، کە سروشتییە هەناردەی وڵاتانی بێگانە بکرێن، دەتوانێ بۆ چەند ساڵێک شەڕێکی دەرەکیی زۆر بەخەرجیی پێ بەڕێوە ببا بەبێ ئەوەی ناچار بێ بڕێکی زۆر زێڕ و زیو هەناردە بکات، یان ئەو بڕەی هەبێ بۆ هەنـــاردەکردن. بێگومـــان لەم دۆخەدا دەبـــێ بەشـــێکی زۆری زیـــادەی ســـاڵانەی پیشەسازییەکەی هەناردە بکرێ بەبێ ئەوەی هیچ بۆ ناو وڵات بهێنێتەوە، هەرچەندە بۆ بازرگانەکەی دەهێنێتەوە، حکومەت لیستی قەرزەکانی بازرگانەکە لەسەر وڵاتە بیانییەکان دەکڕێتەوە بۆ ئەوەی لەوێ مووچە و ئازووخەی سوپایان پێ بکڕێ. بەڵام لەوانەیە هێشتا بەشـێکی ئەو زیـادەیە شـتێک بـۆ وڵات بهێنێـتەوە. پیشەسـازییەکان، لە کـاتی شـەڕدا، پێویستییان بەو شتانە دوو هێندەی لێ دێ، یەکەم بۆ ئەوەی کاڵایان لێ دروست بکەن بۆ هەناردەکردن بۆ ئەوەی ئەو کۆمپیالانەی سەر وڵاتانی بێگانەی پێ وەرگرن و بە مووچە و ئازووخەی سوپای بدەن و، دووەم، بۆ دروستکردنی ئەوانەی پێویستن بۆ کڕینی ئەو شتەنای دێنەوە بۆ وڵات و لە ناوخۆدا بەکار دەبرێن. کەواتە لە گەرمەی ڕووخێنەرترین شەڕی دەرەکیدا، لەوانەیە زۆرترین بەشی پیشەسازی زۆر جاران گەشەی زۆر بکات و، بەپێچەوانەشەوە، لەوانەیە لە کاتی ئاشتیدا پاشەکشە بکەن. لەوانەیە لە گەرمەی کاولکاری لە وڵاتەکەیاندا گەشە بکەن و، لە کاتی گەڕانەوەی گەشەکردن بۆ وڵات دەست بەپاشەکشە بکەن. ڕەنگە دۆخی جیای گەلێ لقی جۆراوجۆری پیشەسازیی بریتانیا لە ماوەی دوایین شەڕ و، ماوەیەکیش دوای ئاشتی، باشترین ڕوونکردنەوە بن بۆ ئەوەی کە لێرەدا گوتراوە.

هیچ شەڕێکی دەرەکی بەخەرجیی زۆر و ماوەی درێژەوە ناکرێ وەکو پێویست لەڕێی هەناردەکردنی بەرهەمی خاوی زەوییەوە بەڕێوە ببرێ. تێچووی نارجیهانن بۆ وڵاتێکی بێگانە کە لەوانەیە تیایدا مووچە و ئازووخەی سوپا بکڕن زۆر زۆرە. کەمن ئەو وڵاتانەی کە ئەوەندە بەرهەمی خاویان هەیە زیاد بێ لەوەی بەشی بژێویی دانیشتووانیان بکات. بۆیە بۆ ناردنە دەرەوەی بڕێکی زۆر لەم بەرهەمانە، دەبێ بەشێک لە بژێویی گەلی خۆشیان بنێرنە دەرەوە. بەڵام لە هەناردەکردنی کاڵای پیشەسازی دۆخەکە پێچەوانەیە. بژێویی ئەو خەڵکەی کار لەو پیشەسازییانەدا دەکەن لە ناوەوەی وڵات دەمێنێتەوە و، تەنیا ئەوەی لە ئیشەکەیان زیادە هەناردە دەکرێ. زۆر جاران بەڕێز هوم ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە پاشا کۆنەکانی ئینگلتەرە لە توانایاندا نەبووە شەڕی درێژخایان بەڕێوە ببەن. ئینگلیز لەو سەردەمانەدا، جگە لە بەرهەمی خاوی زەوی، هیچیان نەبووە مووچە و ئازووخەی سوپاکانیانی لە وڵاتانی بێگانە پێ بکڕن، ئەو بەرهەمە خاوەش ئەوەندە زۆر نەبووە کە بەشێکی زیاد لە بەکاربردنی ناوخۆیی لێ گل بدەنەوە، هەروەها پیشەسازییەکی کەمی سادەیان هەبووە، کە ئەویش وەک بەرهەمە خاوەکە تێچووی گواستنەوەی زۆر بووە. ئەم بێتوانایییە لە کەمیی پارەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هۆکارەکەی کەمیی پیشەسازیی

ورد و پێشکەوتوو بووە. کڕین و فرۆشتن لە ئینگلتەرە ئەو کاتە، وەکو ئێستا، بەپارە بەڕێوە چووە. بڕی پارەی سووڕاو دەبێ هەمان ڕێژەی خولقاندبێ لەگەڵ ژمارە و بەهای کڕین و فرۆشتنەکانی لەو کاتەدا بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دراون، کە ئێستاش هەر هەمان شت ڕوو دەدا، یان دەبوو ڕێژەیەکی زیاتر دروست بکات لەبەر ئەوەی ئەو کاتە پارەی کاغەز نەبوو، کە ئێستا جێی بەشێکی زۆری بەکارهێنانی زێڕ و زیوی گرتووەتەوە. لەنێو ئەو گەلانەدا کە بەکەمی ئاشنای بازرگانی و پیشەسازین، سەروەر لە کاتی نائاساییدا، بەدەگمەن دەتوانێ یارمەتییەکی بەرچاو لە میللەتەکەی بەدەست بهێنێ، لەبەر هۆکارگەلێک کە لێرە بەدواوە ڕوونیان دەکەینەوە. لەبەر ئەوە، لەو جۆرە وڵاتانەدا ئەو هەوڵ دەدات گەنجینەیەک کەڵەکە بکات، وەک تەنیا سەرچاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە لەناکاوانە. جیا لەو جۆرە پێویستییەش، ئەو لە دۆخی وەهادا بەشێوەیەکی سروشتی دەبێ بۆ خۆبەدوور گرتن لەو پێویستبوونە دەست بگرێتەوە بۆ ئەوەی سامان کەڵەکە بکات. لەو دۆخە سادەیەدا، تەنانەت خەرجیی سەروەریش بە خۆبەزلزانی بەرەو جوانکاریی زیادە ئاراستە ناکرێ، بەڵکو خەرجییەکان وەک هاندان بۆ کرێچییەکانی و میوانداریی ئەوانەی وابەستەی ئەون بەکار دێ. بەڵام هاندان و میوانداری کەم جار دەبنە مایەی زێدەڕۆیی، کە خۆبەزلزانی بەردەوام ئەوە دەکا. بەو پێیە هەموو سەرخێڵێکی تاتار گەنجینەیەکی هەبوو. گەنجینەی مازێپا، سەرخێڵی قوزاقەکان لە ئۆکرانیا، هاوپەیمانی ناوداری چارلزی دوازدەیەم، وەک باس دەکرێ گەلێ زۆر بووە. پاشا فرانسەییەکان لە بنەماڵەی میرۆڤینگیان هەموویان خاوەن گەنجینە بوون. کاتێک کە شانشینەکەی خۆیان بەسەر منداڵەکانیاندا دابەش کرد، گەنجینەکانیشیان دابەش کرد. میرانی ساکسۆن و، یەکەمین پاشاکانی دوای هەڵمەتی داگیرکاری، لەوە دەچێ ئەوانیش گەنجینەی کەڵەکەکراویان هەبووبێ. هەموو سەردەمێکی نوێی حوکمڕانی بەگشتی لە سەرەتادا بۆ دەستبەسەرداگرتنی گەنجینەی پاشای پێشوو بووە، وەک بنەڕەتیترین ئامرازی چەسپاندنی حوکمی داهاتوو. سەروەر لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و خاوەن بازرگانی هەمان پێویستییان بە کەڵەکەکردنی گەنجینە نییە، لەبەر ئەوەی بەگشتی دەتوانن یارمەتیی سەرووئاسایی لەکاتی ڕووداوی نائاساییدا لە میللەتەکەیان بەدەست بهێنن. بەهەمان شێوە ئامادەیی کەمتریشیان بۆ ئەمە هەیە. ئەوان بەشێوەیەکی سروشتی، بگرە وەک پێویستییەک، پابەندی نەریتی باوی سەردەمەکەیان دەبن و، خەرجییەکانیان لەڕێی هەمان ئەو زێدەڕۆییەوە ئاراستە دەکرێ کە ئەوەی خاوەن موڵکە گەورەکانی وڵاتەکەیان ئاراستە دەکا. نەگونجاویی بریقەداریی باڵەخانەکانیان ڕۆژبەڕۆژ بەرەو نەمان دەچێ و بارەگایان گەشەدارتر دەبێ و، ئەو خەرجییەی لەوە دەکرێ تەنیا نابێتە ڕێگر لە کەڵەکەکردنی گەنجینە، بەڵکو زۆربەی جاران دەست بەسەر ئەو پارانەدا دەگرێ کە بۆ خەرجیی پێویستتر تەرخان کراون. ئەوەی

دیرسیلليدا لەبارەی باڵەخانەی شای فارسەوە گوتوویەتی ڕەنگە بۆ ئەوەی چەندان میری ئەورووپایی ڕاست بێ، کە دیویەتی زۆر سەرسامکەرن بەڵام کەم بەهێزن و، خزمەتکاری زۆریان هەبووە و سەربازی کەم.

هاوردەکردنی زێڕ و زیو سەرەکی نییە، ئەو قازانجەشی وڵات لە تەنیا بازرگانیی خۆی دەستی دەکەوێ لەوە کەمترە. ئەو شوێنانەی بازرگانیی دەرەکییان لەنێواندا بەڕێوە دەچێ، هەموویـان دوو قـازانجی جیـا لەیەکیـان دەسـت دەکەوێ. ئەو بازرگـانییە بەشـی زیـادەی بەرهەمـی زەوی و کاریـان بۆ دەرەوە دەبـا و، لە بەرامـبەردا شـتێکیان بۆ دەهێنێتەوە کە خواسـتی لەسـەرە. ئەو بازرگـانییە بەهـایەک دەبەخشـێ بە بەرهەمـی زیادەیـان، لەڕێـی گۆڕینەوەیـان بە شـتی تـر، کە لەوانەیە بەشـێکی پێداویسـتییەکانیان تێـر بکـات و، خۆشگوزەرانییان زیاتر بکات. بەهۆی بازرگانیی دەرەکییەوە بەرتەسکیی بازاڕی نـاوخۆ نابێتە ڕێگر لە دابەشکردنی کار لە هیچ لقێکی هونەر یـان پیشەسازی تـاوەکو بەتەواوترین شێوە ئەنجام بدرێ. بە کردنەوەی بازاڕێکی فرەوانتر بۆ هەموو بەشێکی بەرهەمی کاریان، لەوانەیە زیاتر لەوەی بەکاربردنی ناوخۆیی بێ، ئەمەش هانیان دەدات هێزە بەرهەمهێنەکان پێش بخەن و، بەرهەمی ساڵانەیان تا ئەوپەڕی زیاتر بکەن و، بەوەش داهاتی ڕاستەقینە و سامانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە زیاد دەبن. ئەم خزمەتگوزارییە مەزن و گرنگانەی بازرگانیی دەرەکی بەردەوام پێشکەش بە هەموو ئەو وڵاتانە دەکرێن کە ئەو بازرگانییانەیان لەنێواندا هەیە. گشـتیان قـازانجی زۆری لـێ دەکەن، ئەگەرچـی ئەو وڵاتەی بازرگـانەکەی تێـدا نیشتەجێیە زۆرترین قازانج دەکا، لەبەر ئەوەی ئەو زیاتر لەبیری تێرکردنی ویستەکانیەتی و، زیادەکانی بۆ دەرەوە دەبا، زیاتر لەوەی لە وڵاتانی تردا دەیکا. بێگومـان هـاوردەکردنی زێڕ و زیـو بـۆ ئەو وڵاتـانەی کە کانیـان نییە و لەوانەیە پێویسـتیان بەم کانزایـانە هەبـێ، بەشێکە لە بازرگانیی دەرەکی. بەڵام کەمبایەخترین بەشیەتی. ئەو وڵاتەی کە بازرگـانیی دەرەکیی تەنیا لەم بوارەدا بێ، بەدەگمەن لە سەدەیەکدا یەک کەشتیی تەواوی لێ بار دەکا.

دۆزینـەوەی ئەمەریکـا بەهـۆی هـاوردەکردنی زێـڕ و زیـوەوە نەبـووە مـایەی دەوڵەمەنـدکردنی ئەورووپـا. بەهـۆی بەپیتیـی کانەکـانی ئەمەریکـاوە، ئەم کانزایـانە هەرزان بوون. یەک پانکێک (پلێتێک) ئەمڕۆ بە سێیەکی ئەو گەنمەشـامییە، یـان سێیەکی ئەو کـارە دەکڕی کە لە سـەدەی پازدەدا پێت دەکڕی. بە هەمـان تێچووی سـاڵانەی کـار و کـاڵاوە، ئێستا ئەورووپا دەتوانێ ساڵانە نزیکەی سێ هێندە پانک بکڕێ کە لەو ڕۆژگارەدا دەیکڕی. بەڵام کە کـاڵایەک بە سـێیەکی نـرخە بـاوەکەی دەفرۆشـرێ، نەک تەنیـا ئەوانەی پێشـتر کڕیبوویـان دەتـوانن سـێ هێنـدەی بڕەکەی جـاران بکڕن، بگـرە ئاسـتەکە دابەزیـوەتە ئەو ڕادەیەی ژمارەیەکی زۆرتر کڕیاری هەبێ، لەوانەیە کڕیارەکانی بووبنە دە هێندە یان زیاتر لە بیسـت هێنـدەی ژمـارەکەی جارانیـان. بـۆیە لەوانەیە ئێسـتا لە ئەورووپـا نەک تەنیـا سـێ

هێندەی جاران، بەڵکو ڕەنگە زیاتر لە بیست یان سی هێندەی جاران پانک هەبن، کە بەبێ دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکا، تەنانەت لە دۆخی ئێستای پێشکەوتنیشیاندا، ئەوە ڕووی نەدەدا. گومانی تێدا نییە کە ئەورووپا دەسکەوتی باشی هەبوو، ئەگەرچی لەڕاستیدا زۆر کەمبایەخ بوو. هەرزانبوونی زێڕ و زیو وا دەکا ئەم کانزایانە کەمتر لە جاران گونجاو بن بۆ ئەوەی ئەرکی پارە بەجێ بگەیەنن. چونکە بۆ ئەوەی هەمان کڕینی جاران ئەنجام بدەی دەبێ خۆت بە بڕێکی زیاتر لەم کانزایانە بار بکەی و، هەڵگرتنی شیلینێک لە گیرفاندا وەک ئەوەیە جاران دەنکە بڕوێشێکت لە گیرفان بووبێ. ئاسان نییە بڵێی کامیان بێواتەترە، ئەم نەگونجاوییە یان گونجاوییە پێچەوانەکەی. هیچ یەکێکیان توانای نەبوو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە دۆخی ئەورووپادا بکات. بەڵام گومانی تێدا نییە کە دۆزینەوەی ئەمەریکا بەڕاستی بنەڕەتیترین گۆڕانکاریی هێنایە کایەوە. ئەو بە کردنەوەی بازاڕێکی نوێی لەبننەهاتوو بۆ هەموو کاڵاکانی ئەورووپا، هەلی بۆ دابەشکردنی نوێی کار و پێشکەوتنی هونەر دەستەبەر کرد، کە بازنەی تەنگی بازرگانیی کۆن هەرگیز ئەمەی پێ نەدەکرا بەهۆی نەبوونی بازاڕێک کە زۆرترین بەشی بەرهەمیان لەخۆ بگرێ. هێزە بەرهەمهێنەکانی کار چاکسازییان بەخۆوە بینی و، بەرهەمیان لە هەموو وڵاتانی ئەورووپا زیادی کرد و، لەگەڵ ئەمەدا داهات و سامانی ڕاستەقینەی دانیشتووانیش زیاد بوون. نزیکەی هەموو کاڵاکانی ئەورووپا بۆ ئەمەریکا نوێ بوون و، زۆربەی ئەوانەی ئەمەریکاش بۆ ئەورووپا نوێ بوون. لەبەر ئەوە دەستەیەکی نوێی ئاڵوگۆڕکردن هاتە کایەوە کە پێشتر بیری لێ نەکرابووەوە و، وەک چۆن سوودی بۆ پارزەوینە نوێیەکە هەبوو بەدڵنیاییەوە بۆ پارزەوینە پیرەکەش بەسوود بوو. نادادوەریی وەحشیگەرانەی ئەورووپاییەکان بووە ڕووداوێک، کە دەبوو قازانجی بۆ هەمووان هەبێ، کەچی بۆ گەلێ لەو وڵاتە بەدبەختانە وێرانکەر و ڕووخێنەر بوو.

دۆزینەوەی ڕێگەیەکی پەڕینەوە بەرەو هیندی ڕۆژهەڵات لەڕێی بەرزایی هیوای باش، کە لە نزیکەی هەمان ماوە بوو، بوارێکی فرەوانتری لەڕووی بازرگانیی دەرەکیدا کردەوە کە تەنانەت لەوەی ئەمەریکا فرەوانتر بوو، ئەگەرچی دوورتر بوو. لە ئەمەریکا تەنیا دوو گەل هەبوون، کە تا ڕادەیەکی لە کێوی باشتر بوون و، هەر بە دۆزینەوەی ئەمەریکا لەناوبران. ئەوانەی تر تەنیا خەڵکێکی کێوی بوون. بەڵام لە ئیمپراتۆریاکانی چین، هیندستان، ژاپۆن، هەروەها چەندانی تر لە هیندی ڕۆژهەڵات، ئەگەرچی کانی زێڕ و زیوی بەپیتتریان نەبوو، لە هەموو ڕوویەکی ترەوە دەوڵەمەندتر بوون، خاوەن کشتوکاڵی باشتر بوون و، لە هەموو هونەر و پیشەسازییەکاندا پێشکەوتووتر بوون لە مەکسیک و پیرۆ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بڕوا بکەین بەو تۆمارە پڕ زێدەڕۆییانەی نووسەرانی ئیسپانیایی لەبارەی دۆخی پێشووی ئەو ئیمپراتۆریایانە، هەرچەندە کە بەڕوونی شایانی بڕواپێکردن

نین. بەڵام گەلانی دەوڵەمەند و پێشکەوتوو بەردەوام بە گرانتر لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەکەن، وەک لەوەی لەگەڵ کێوی و دواکەوتووەکاندا دەیکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەورووپا سوودی کەمتری لە بازرگانی لەگەڵ هیندی ڕۆژهەڵات بینی، لەوەی لەگەڵ ئەمەریکا بینیی. پۆرتوگالییەکان ماوەی نزیکەی یەک سەدە بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵاتیان قۆرخ کردبوو و، گەلانی تری ئەورووپا تەنیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێی ئەوانەوە دەیانتوانی کاڵا ڕەوانەی ئەوێ بکەن یان لەوێوە بهێنن. کاتێک هۆڵاندەییەکان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، دەستیان کرد بە باڵکێشان بەسەریاندا، تەواوی بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵاتیان لە دەستی کۆمپانیایەکدا کۆ کردەوە. ئینگلیز، فرانسەیی، سوێد و، دانمارکییەکانیش هەمان شێوازی ئەوانیان گرتە بەر، بۆیە هیچ گەلێکی مەزنی ئەورووپا هەرگیز نەیتوانی سوود لە بازرگانیی ئازاد لەگەڵ هیندی ڕۆژئاوا ببینێ. پێویست ناکا هیچ هۆکارێکی تر دیاری بکرێ بۆ ئەوەی پیشانی بدات بۆچی لە کاتێکدا کە لەنێوان نزیکەی هەموو گەلانی ئەورووپا و کۆلۆنییەکانیاندا بۆ هەموو تاکێک دەرگەی ئەو بازرگانییە کراوە بوو، ئەو بازرگانییە لەگەڵ ئەمەریکا بەسوود نەبوو. ئیمتیازە تایبەتەکانی ئەم کۆمپانیایانەی هیندی ڕۆژهەڵات، سامانی زۆریان، خزمەتگوزاری و پاراستنیان لەلایەن حکومەتەکانیانەوە، وایان کرد ئیرەیی زۆریان پێ ببرێ. ئەو ئیرەییە زۆربەی جاران بازرگانییەکەیانی وەک کارێکی خراپ پیشان دەدا، بەهۆی ئەو برە زۆرانەی زیو کە هەموو ساڵێک هەناردەیان دەکرد لەو وڵاتانەوە کە کاریان تێدا دەکرد. لایەنە پەیوەندیدارەکان وەڵامیان ئەوە بوو کە، بەهۆی ئەم هەناردەکردنە بەردەوامەی زیوەوە، لەوانەیە ئەورووپا بەگشتی هەژار بکەن، بەڵام ئەو وڵاتەی کارەکەیان تێدا دەکرد نا، چونکە بە هەناردەکردنی بەشێک لەوەی دەهاتەوە بۆ وڵاتانی تری ئەورووپا، ساڵانە بڕێکی زۆر زیاتر لەو کانزایەیان دەهێنایە دەرەوە. هەردوو ناڕەزایی دەربڕینەکە و وەڵامەکە لە بیرکردنەوەی گشتیدا جێی خۆیان کردەوە. من هەردووکیانم خستە بەر باسەوە، بۆیە پێویست نییە زیاتر لەسەریان بڕۆین. بەهۆی هەناردەی ساڵانەی زیو بۆ هیندی ڕۆژهەڵات، لەوانەیە پانک تا ڕادەیەک لە ئەورووپا گرانتر بووبێ لەوەی کە بەبێ ئەو هەناردەکردنە دەبوو و، زیوی لەسکەدراو لەوانەیە بڕی زۆرتر کار و کاڵاش بکڕێ. یەکەمی ئەم دوو کاریگەرییە زیانێکی زۆر بچووکە، ئەوەی دووەمیش سوودێکی زۆر کەمە. هەردووکیشیان ئەوە ناهێنن خەڵکیان پێوە سەرقاڵ ببن. بازرگانی بۆ هیندی ڕۆژهەڵات، لەڕێی کردنەوەی بازاڕێک بۆ کاڵاکانی ئەورووپا، یان، کە نزیکەی هەمان شتە، بۆ ئەو زێڕ و زیوەی بەو کاڵایانە دەکڕران، دەبێ ڕووی لەوە بێ بەرهەمهێنانی ساڵانەی کاڵا ئەورووپاییەکان زیاد بکەن و، لە ئاکامدا سامان و داهاتی ڕاستەقینەی ئەورووپا زیاد بکەن. ئەگەر ئەوەشی نەکردبێ هۆکارەکەی لەوانەیە ئەو کۆسپانە بن کە لە هەموو شوێنێکدا خراونەتە سەر ڕێی کار.

من پێم وا بوو کە گرنگە، ئەگەرچی لەوانەیە وەڕسکەر بێ، بەدرێژی باسی ئەو بیرۆکە گشتییە بکەم کە دەڵێ سامان بریتییە لە پارە، یان لە زێڕ و زیو. وەک من تێبینیم کردووە، پارە ئەو زمانە هاوبەشەیە، کە زۆربەی جار دەربڕینە لە سامان و، ئەم ناڕوونییە لە دەربڕین وای کردووە بیرۆکەکە ئاشنایەتی پەیدا بکات تەنانەت ئەوانەشی کە دڵنیان لەوەی بیرۆکەیەکی پووچە پێیان وایە گونجاوە بۆ ئەوەی بنەماکانی خۆیان لەبیر ببەنەوە و، لە میانی بیرکردنەوەدا وەک ڕاستییەکی هاشاهەڵنەگر وەرگیرێ. هەندێ لە باشترین نووسەرانی ئینگلیز لە بواری بازرگانیدا، نووسیویانە کە سامانی وڵاتێک پێک دێ، نەک تەنیا لە زێڕ و زیوەکەی، بەڵکو لە زەوییەکانی، خانووەکانی و، کاڵاکانی بەرکاربردنیشی بە هەموو جۆرەکانیانەوە. بەڵام لە میانی بیرکردنەوە لۆجیکیەکانیاندا، لەوە دەچێ زەوییەکان، خانووەکان و، کاڵاکانی بەکاربرجیهانن لە یادگەی خۆیان هێنابێتە دەرەوە و، ڕێڕەوی بەڵگەهێنانەوەیان زۆر جاران بەرەو ئەوەیان دەبا کە پێشبینی بکەن هەموو سامان لە زێڕ و زیودایە و، زیادکردنی ئەو کانزایانە ئامانجێکی مەزنی پیشەسازی و بازرگانیی نیشتمانییە.

بەڵام ئەو دوو بنەمایە دامەزران، کە سامان پێک دێ لە زێڕ و زیو و، کە ئەم کانزایانە، لەڕێی باڵانسی بازرگانییەوە، یان لەڕێی هەناردەکردنی بەهایەکی زیاتر لەوەی هاوردە دەکرێ، دەکرێ تەنیا بۆ ناو وڵاتێک بهێنرێن کە کانی نییە. وەک پێویستییەک ئامانجێکی گرنگی ئابووریی سیاسی، دەبێتە ئەوەی تا دەکرێ هاوردەکردنی کاڵای بیانی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی کەم بکرێتەوە و، تا دەکرێ هەناردەکردنی بەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆیی زیاد بکرێ. کەواتە دوو بزوێنەری گەورەی دەوڵەمەندکردنی وڵات، بریتی بوون لە ڕێگری و بەندکردنی هاوردەکردن و، هاندانی هەناردەکردن.

ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر هاوردەکردن دانران، دوو جۆر بوون.

یەکەم، کۆت و بەندی سەر هاوردەکردنی ئەو جۆرە کاڵا بیانییانەی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیین و دەکرێ لە ناوەوە بەرهەم بهێنرێن، جا لە هەر وڵاتێکەوە هاوردە بکرێن.

دووەم، کۆت و بەندی سەر نزیکەی هەموو جۆرە کاڵایەکی ئەو وڵاتانەی کە پێشبینی دەکرێ باڵانسی بازرگانی لەگەڵیاندا بەزیان بێ.

هەندێ جار ئەم کۆت و بەندانە باجی زۆر لەخۆ دەگرن و، هەندێ جاریش قەدەخەکردنی تەواو.

هەناردەکردن هەندێ جار لەڕێی گێڕانەوەی باجەکان، هەندێ جاریش لەڕێی بەخشیشی حکومەتەوە، جاری تریش لەڕێی پەیمانی بازرگانیی بەسوودەوە لەگەڵ دەوڵەتە بێگانەکان و، هەندێ جار بە دامەزراندنی کۆلۆنی لە وڵاتانی دوورەوە، هان دەدرێ.

گێڕانەوەی باجەکان لە دوو بۆنەی جیاوازدا دەبوو. کاتێک کە بەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆیی باجی لەسەر دەبوو، زۆربەی جاران یان تەواوی باجەکە یان بەشێکی لەگەڵ هەناردەکردنی ئەو بەرهەمە دەگێڕرایەوە و، کاتێکیش کاڵای بیانی کە باجی لەسەر بوو هاوردە دەکران بۆ ئەوەی دووبارە هەنارده بکرێنەوە، یان تەواوی باجەکە یان بەشێکی، هەندێ جار، لەگەڵ هەناردەکردنەوەیاندا دەگێڕرایەوە.

بەخشیشەکانی حکومەت بۆ هاندانی هەندێ لە پیشەسازییەکان لە سەرەتایاندا دەدران، یان بەو جۆره پیشەسازییانە دەدران کە پێشبینی دەکرا شایانی پشتگیری بن.

لەڕێی پەیماننامە بەسوودەکانی بازرگانییەوە، ئیمتیازی تایبەت لە هەندێ وڵاتی بێگانە بۆ کاڵا و بازرگانانی وڵات دەبوون، زیاتر لەوانەی بە وڵاتانی تر دەدران.

لەڕێی دامەزراندنی دامەزراوی کۆڵۆنییەکان لە وڵاتانی دووردا، نەک تەنیا ئیمتیازی تایبەت، بگرە زۆربەی جاران مافی قۆرخکاری بە کاڵا و بازرگانانی ئەو وڵاتە دەدرا کە کۆڵۆنییەکەی دامەزراندووە.

ئەو دوو جۆره کۆت و بەندەی سەر هاوردەکردن کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، هاوشان لەگەڵ ئەم چوار جۆره هاندانەی هەناردەکردن، شەش ئامرازی بنەڕەتی بوون کە سیستمی بازرگانی پێشنیازی کردبوون بۆ زیادکردنی بڕی زێڕ و زیو لە هەر وڵاتێکدا، لەڕێی وەرگێڕانی بالانسی بازرگانی بەلای خۆیدا. من بۆ هەر یەکێک لەمانە بەشێک تەرخان دەکەم و، بەبێ ئەوەی زۆر گوێ بەوە بدەم کە پێشبینی دەکرێ پارە بۆ ناو وڵات بهێنن، بەشێوەیەکی سەرەکی تاوتوێی کاریگەریی پێشبینیکراوی هەر یەکێکیان لەسەر بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازیی وڵاتەکە دەکەم. بەگوێرەی مەیلیان بۆ زیادکردن یان کەمکردنی بەهای ئەم بەرهەمە ساڵانەیە، بەڕوونی پێویستە مەیلیان بەلای زیادکردن یان کەمکردنەوەی سامان و داهاتی ڕاستەقینەی وڵاتەکەدا هەبێ.

بەشی دووەم
کۆت و بەندی سەر هاوردەکردن لەو وڵاتە بێگانانەوە کە دەکرێ ئەو جۆرە کاڵایانەیان لە ناوخۆدا بەرهەم بهێنرێن

بەهـۆی کـۆتکردنەوە، چ لەڕێـی بـاجی زۆرەوە یـان قەدەخەکردنـی تەواوەوە، هـاوردەکردنی ئەو جـۆرە کاڵایـانە لە وڵاتـانی بێگـانەوە، کە دەکـرێ لە نـاوخۆدا بەرهەم بهێنـرێن، قـۆرخکردنی بـازاڕی نـاوخۆیی زۆر تـا کەم بـۆ ئەو پیشەسـازییە نـاوخۆییەی لە بەرهەمهێنانیانـدا بەگەڕ خـراوە مسـۆگەر دەبـێ. بەمەش بەقەدەخەکردنـی هـاوردەکردنی مـاڵاتی زیندوو یـان گۆشـتی سـوێرکراو لە وڵاتانی بێگانەوە خـاوەن ماڵاتەکانی بریتانیـای مەزن دڵنیـا دەبـن لە قـۆرخکردنی بـازاڕی نـاوخۆ بـۆ گۆشـتی خۆیـان. بـاجی زۆری سـەر هـاوردەکردنی گەنمەشـامی، کە لە کـاتی هـاتی مامناوەندیـدا بەرز دەبێـتەوە بـۆ ئاسـتی قەدەخەکـردن، سـوودێکی هاوشـێوە بەوانە دەگەیەنـێ کە ئەو کـاڵایە بەرهەم دەهێـنن. قەدەخەکردنـی هـاوردەکردنی بەرهەمـی خـوریی بیـانی بەهەمـان ئاسـت لە خـزمەت پیشەسـازانی خـورییە. پیشەسـازیی ئاوریشـم، ئەگەرچـی هەمـووی پشتبەسـتووە بە کەسـەرتەی بیـانی، بەم دوایـیە کەمێـک سـوودمەند بـوو. پیشەسـازیی کەتـان تـا ئێسـتا سوودمەند نەبووە، بەڵام هەنگاوی گەورە دەنێ بەرەو سوودمەندبوون. گەلێ جۆری تری پیشەسـازان، بەهەمـان شـێوە، کە لە بریتانیـای مەزنـدا دەسـت دەکەون، یـان بەتەواوی یـان نزیـک لەوە، قۆرخکاریـیـان بـۆ هاووڵاتییـانی خۆیـان هەیە. ئەو کـاڵا جۆراوجـۆرانەی کە هاوردەکرجیهانن بۆ ناو بریتانیای مەزن، یان بەتەواوی، یان لە هەلومەرجی دیاریکراودا، قەدەخەیە، زۆر زیاترن لەوەی لەلایەن ئەوانەوە، کە باش ئاگەداری یاسـاکانی بـاج نین، بە ئاسانی گومانیان بخرێتە سەر.

گومـان لەوەدا نیـیە کە ئەم قۆرخکـاریی بـازاڕی نـاوخۆیە زۆربەی جـاران هانـدەری گەورەیە بـۆ ئەو جـۆرە دیـاریکراوانەی پیشەسازی کە قۆرخکـارییەکە دەکەن و، زۆربەی جاران دەبێتە مایەی ڕووتێکردنی بەشێکی زۆرتری کار و ماڵی کۆمەڵگە لەو پیشەسـازییە، کە بەبێ ئەو قۆرخکارییە نـابێ. بەڵام ئایـا پیشەسـازیی گشـتیی کۆمەڵگە زیـاد دەکـا، یـان بەرەو ئاراستەیەکی سوودبەخشی دەبا، ئەمەیان بەتەواوی ڕوون نییە.

پیشەسـازیی گشـتیی کـۆمەڵگە هەرگیـز نـاتوانێ زیـاتر بـێ لەوەی کە سـەرمایەی کۆمەڵگەکە دەتوانێ بەگەڕی بخا. وەک چۆن ژمـارەی ئەو کارگەرانەی کە دەکرێ لەلایەن کەسێکەوە بەگەڕ بخرێن ئیش بە بەشێک لە سەرمایەی ئەو کەسـە دەکەن، بەهەمـان شـێوە ژمارەی ئەوانەی دەکرێ بە بەردەوامی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی گەورەوە کاریـان پێ بکرێ دەبێ ئیش بە بەشـێکی دیاریکراوی تەواوی سـەرمایەی ئەو کۆمەڵگەیە بکەن و،

هەرگیز ناتوانن ئەو بەشە تێپەڕێنن. هیچ ڕێکخستنێکی بازرگانی ناتوانی بڕی پیشەسازیی هیچ کۆمەڵگەیەک زیاد بکات بۆ زیاتر لەوەی کە سەرمایەکەی دەتوانێ بەڕێوەی ببا. ئەو ڕێکخستنە تەنیا دەتوانێ ڕووی بەشێکی بەرەو ئاراستەیەک وەرگێڕێ کە بەبێ ئەو ڕێکخستنە لەوانەیە نەکرێ، هەروەها بەهیچ شێوەیەک دڵنیایی نییە بۆ ئەوەی ئەو ئاراستە دەستکردە بەسوودتر بێ بۆ کۆمەڵگە لەو ئاراستەیەی لەخۆیەوە وەری گرتبوو.

هەموو تاکێک بەردەوام بەدوای بەسوودترین بەگەڕخستندا دەگەڕێ بۆ ئەو سەرمایەیەی لەبەر دەستیەتی. لەڕاستیدا ئەوە سوودی خۆیەتی، نەک سوودی کۆمەڵگە، کە لەبەر چاوی دەگرێ. بەڵام کۆڵینەوە لە سوودی خۆی بەشێوەیەکی سروشتی و، زیاتر وەک پێویستیەک، پاڵی پێوە دەنێ بۆ پەسەندکردنی ئەو بەگەڕخستنەی کە بەسوودترینە بۆ کۆمەڵگە.

یەکەم، هەموو تاکێک هەوڵ دەدات سەرمایەکەی لە نزیکترین شوێن لە نیشتمانەکەی خۆی بەگەڕ بخا و، لە ئاکامدا تا دەکرێ پشتیوانیی پیشەسازیی خۆماڵی دەکا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەردەوام بەو شێوەیە قازانجی ماڵەکەی ئاسایی بێ، یان زۆر لە قازانجی ئاسایی کەمتر نەبێ.

بۆیە، ئەگەر قازانجەکان یەکسان بن یان نزیکە یەکسان، هەموو بازرگانێکی کۆفرۆش بەشێوەیەکی سروشتی بازرگانیی ناوخۆیی لە بازرگانی دەرەکیی بەکاربردن پێ پەسەندترە و، بازرگانی دەرەکیی بەکاربردنی لە بازرگانیی باربەری پێ پەسەندترە. لە بازرگانیی ناوخۆییدا هەرگیز سەرمایەکەی ئەوەندە لەبەر چاوی ون نابێ وەک ئەوەی زۆربەی جاران لە بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردندا هەیە. ئەو باشتر کەسایەتی و پێگەی ئەو کەسانە دەزانێ کە متمانەی پێیانە و، ئەگەر هات و خەڵەتێنرا، باشتر شارەزای یاساکانی وڵاتەکەیە و دەزانێ بەکامەیان داوای قەرەبوو بکات. لە بازرگانیی باربەریدا، سەرمایەی بازرگانەکە، دابەش بووە لەنێوان دوو وڵاتی بێگانەدا و، وەک پێویستییەک هەرگیز هیچ بەشێکی نایەتەوە نیشتمان، یان ناکەوێتە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆ یان بەردەستی خۆیەوە. ئەو سەرمایەیەی بازرگانێکی ئەمستردام لە گواستنەوەی گەنمەشامی لە کونیگسبێرگەوە بۆ لیشبۆن بەگەڕی دەخا و، لە لیشبۆنەوە میوە و شەراب بۆ کونیگسبێرگ دەگوازێتەوە، دەبێ بەگشتی نیوەی لە کونیگسبێرگ بێ و نیوەکەی تری لە لیشبۆن بێ. هیچ بەشێکی هەرگیز پێویست نییە بێتە ئەمستردام. نشینگەی سروشتیی ئەم جۆرە بازرگانە یان دەبێ لە کونیگسبێرگ بێ یان لە لیشبۆن و، تەنیا لە هەندێ هەلومەرجی زۆر تایبەتدا پێی پەسەند دەبێ لە ئەمستردام نیشتەجێ ببێ. بەڵام ئەو ناڕەحەتییەی بەهۆی دووریی لە سەرمایەکەیەوە هەستی پێ دەکا، وای لێ دەکا بەگشتی بەشێک کە خۆی دیاریی دەکا لە کاڵاکانی کونیگسبێرگ بۆ بازاڕی لیشبۆن بهێنێ و،

بەشێک کە خۆی دیاریی دەکا لە کاڵاکانی لیشبۆن بۆ بازاڕی کونیگسبێرگ، بۆ ئەمستردام بیا: هەرچەندە کە ئەمە ناچاری دەکا دوو جار خەرجی بدات بۆ بارکردن و داگرتنی ئەو بەشانە، هەروەها ناچاری دەکا هەندێ باج و گومرکیش بدا، بەڵام لەپێناو بەردەستخستنی بەردەوامی بەشێک لە سەرمایەکەی، ئەو بەخۆشحاڵییەوە ئەو خەرجییە زیادانە دەدا: بەهەمان ئەم شێوەیەش هەموو وڵاتێک کە بەشێکی زۆر بازرگانیی بارەبەریی هەیە بەردەوام دەبێتە بنکەیەکی بازرگانی، یان بازاڕێکی گشتی بۆ کاڵای وڵاتانی جۆراوجۆر کە بازرگانییەکەیان بەڕێوە دەبا. بازرگان بۆ گلدانەوەی تێچووی بارکردن و داگرتنێکی دووەم، بەردەوام هەوڵ دەدات تا پێی دەکرێ کاڵای هەموو ئەو وڵاتە جۆراوجۆرانە لە بازاڕی ناوخۆدا بفرۆشێ و، بەمەش ئەوەندەی دەتوانێ، بازرگانیی باربەری بۆ بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردن دەگۆڕێ. بەهەمان شێوە، بازرگانێک کە بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردن دەکا، کاتێک کاڵا بۆ بازاڕی بیانی کۆ دەکاتەوە، بەردەوام خۆشحاڵ دەبێ تا پێی بکرێ زۆرترین بەشی ئەو کاڵایانە، بەهەمان قازانج یان بە نزیک لەو، لە ناوخۆدا بفرۆشێ. ئەو بەوە خۆی لە مەترسی و کێشمەکێشی هەناردەکردن بەدوور دەگرێ، کاتێک ئەوەندەی پێی بکرێ بازرگانییە دەرەکییەکەی بەکاربردنی بە بازرگانیی ناوخۆیی بگۆڕێ. بەم شێوەیە نیشتمان ئەو چەقەیە، ئەگەر شیاو بێ وا بڵێم، کە سەرمایەی هەموو تاکەکانی هەر وڵاتێک بە بەردەوامی لەدەوری دەسووڕێن و، هەموویان بەردەوام مەیلیان لایەتی، ئەگەرچی بەهۆی هۆکارگەلی دیاریکراوەوە لەوانەیە هەندێ جار لێی دوور بخرێنەوە بەرەو بەگەڕخستنی دوورتر. بەڵام وەک پێشان درا، سەرمایەیەک کە لە بازرگانیی ناوخۆدا بەگەڕ خراوە، وەک پێویستییەک بڕێکی زۆرتری پیشەسازیی خۆماڵی دەجووڵێنێ و، داهات و بەگەڕخستن بۆ ژمارەیەکی زۆرتری دانیشتووانی وڵات دەستەبەر دەکا، زیاتر لە هەر سەرمایەیەک کە لە بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردندا بەگەڕ خراوە و: سەرمایەیەکی بەگەڕخراو لە بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردن هەمان ئیمتیازی بەسەر سەرمایەیەکی یەکسانەوە هەیە کە لە بازرگانیی باربەریدا بەگەڕ خراوە. بۆیە هەموو تاکێک، لە کاتی یەکسانبوونی قازانجەکان یان تەنیا نزیکیی قازانجەکانیشدا بەشێوەیەکی سروشتی ڕووی لەوەیە سەرمایەی خۆی بەو شێوەیە بەگەڕ بخا کە زۆرترین پشتیوانیی پیشەسازیی خۆماڵی دەکا و، داهات و کارکردن بۆ زۆرترین ژمارە لە دانیشتووانی وڵاتەکەی خۆی دابین دەکات.

دووەم، هەر تاکێک کە سەرمایەی خۆی لە پشتیوانیی پیشەسازیی خۆماڵیدا بەگەڕ بخا، وەک پێویستییەک هەوڵ دەدات بەشێوەیەک ئەو پیشەسازییە ئاراستە بکات کە بەرهەمەکەی زۆرترین بەهای هەبێ.

بەرهەمی پیشەسازی ئەوەیە کە بۆ ئەو بابەتە یان ئەو کەرەستانەی زیاد دەکا کە کاریان لەسەر دەکا. هاوڕێژە لەگەڵ زۆری یان کەمیی بەهای ئەو بەرهەمە، قازانجی بەگەڕخەریش زیاد و کەم دەبێ. بەڵام ئەوە تەنیا بۆ قازانجە کە مرۆڤ سەرمایەی خۆی بۆ پشتیوانیی پیشەسازی بەگەڕ دەخا، بەوەش بەردەوام هەوڵ دەدات لەو پیشەسازییەدا بەگەڕی بخا کە لەوە دەچێ بەرهەمەکەی زۆرترین بەهای هەبێ، یان بە زۆرترین بڕ پارە یان کاڵای تر بگۆڕرێتەوە.

بەڵام بەرهەمی ساڵانەی هەر کۆمەڵگەیەک بەردەوام تەواو یەکسانە بە بەهای ئاڵوگۆڕکردنی تەواوی بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازی، یان تەواو یەکسانە لەگەڵ بەهای ئەو ئاڵوگۆڕەدا. کەواتە کاتێک هەموو تاکێک تا پێی بکرێ هەوڵ بدات بۆ ئەوەی سەرمایەی خۆی لە پیشەسازیی خۆماڵیدا بەگەڕ بخا و، بەوەش ئەو پیشەسازییە ئاراستە بکات بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی زۆرترین بەهای هەبێ. هەموو تاکێک وەک پێویستیەک کار بۆ ئەوە دەکا داهاتی ساڵانەی کۆمەڵگە تا دەکرێ زۆر بێ. لەڕاستیدا ئەو تاکە بەگشتی نە مەبەستیەتی پاڵپشتیی بەرژەوەندیی گشتی بکات و، نە ئاگای لەوەیە خۆی چەند پاڵپشتی ئەو بەرژەوەندیەیە. ئەو بە پەسەندکردنی پیشەسازیی خۆماڵی بەسەر بیانییەکەدا، مەبەستی ئارامیی تایبەتی خۆیەتی، بە ئاراستەکردنی ئەو پیشەسازیەش بەشێوەیەک کە بەرهەمەکەی زۆرترین بەهای هەبێ، مەبەستی تەنیا دەسکەوتی خۆیەتی و، ئەو بەمە، وەک چەندان حاڵەتی تر، لەڕێی دەستێکی نادیارەوە ئاراستە دەکرێ بەرەو پاڵپشتیی کۆتاییەک کە هەرگیز بەشێک لە مەبەستی ئەو نەبووە. ئەوەش بۆ کۆمەڵگە خراپ نییە کە مەبەستی ئەو نەبووە. ئەو بە پابەندبوون بە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیەوە زۆربەی جاران کاریگەرتر پاڵپشتیی بەرژەوەندیی کۆمەڵگە دەکا، لەوەی بەڕاستی مەبەستی بێ پاڵپشتیی بکات. من هەرگیز نەمزانیوە ئەوانەی بازرگانی بۆ چاکەی گشتی دەکەن لەو زیاتر چاکەیان هەبێ. لەڕاستیدا ئەم مەبەستە زۆر باو نییە لەنێو بازرگاناندا و تەنیا چەند وشەیەکی کەم بەسن بۆ ئەوەی لێی دوور بکەونەوە.

جۆری ئەو پیشەسازییە ناوخۆییە چییە کە سەرمایەکەی ئەو دەتوانێ بەگەڕی بخا و، ئەو بەرهەمە کامەیە کە زۆرترین بەهای دەبێ، ئاشکرایە کە هەموو تاکێک لە پێگەی خۆجێیی خۆیەوە دەتوانێ باشتر لە هەر پیاوێکی دەوڵەت یان یاسادانەرێک ئەو بڕیارە بدا. پیاوی دەوڵەت، کە دەبێ هەوڵ بدات خەڵکی ئاسایی بەرەو ئەو ئاراستەیە ببا کە دەبێ سەرمایەی خۆیانی تێدا بەگەڕ بخەن، نەک تەنیا خۆی بە بابەتی تری ناپێویستەوە سەرقاڵ دەکا، بەڵکو ئەوە گریمانەی دەسەڵاتێکە کە ناشێ بەسەلامەتی نە بە تاکە کەسێک و نە بە ئەنجومەنێک، جا هەر چییەک بن، بسپێررێ و، کە لە هیچ شوێنێکدا ئەوەندە مەترسیدار نییە ئەوەندەی بەدەستی گەمژەیەکەوە بێ کە پێی وا بێ شایان بەو دەسەڵاتەیە.

سپاردنی قۆرخکاریی بازاڕی ناوخۆ بە بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵی، لە هەر هونەرێک یان پیشەسازییەک، بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆ ئەوەی خەڵک ئاراستە بکرێن بۆ ئەو ڕێگەیەی کە دەبێ سەرمایەکەیانی تێدا بەگەڕ بخەن و، لە نزیکەی هەموو دۆخەکاندا دەبێ ڕێکخستنێکی بێسوود یان بەزیان بێ. ئەگەر بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵی وەک ئەوەی پیشەسازیی بیانی هەرزان بخرێتە بازاڕەوە ئەوە ئاشکرایە کە ڕێکخستنەکە بێسوودە. ئەگەر نەتوانێ ئەمە بکات، ئەوە بەگشتی زیانبەخش دەبێ. ئەوە قسەی هەموو سەرۆک خێزانێکی دانایە، کە ئەو شتە لە ماڵەوە دروست نەکەن کە تێچووی دروستکردنەکەی لە تێچووی کڕینەکەی زیاتر بێ. بەرگدروو هەوڵ نادا پێڵاو بۆ خۆی دروست بکات، بەڵکو لە پێڵاودرووی دەکڕێ. پێڵاودرووش هەوڵ نادا جلوبەرگی خۆی دروست بکات، بەڵکو بۆ دروستکرجیهانن بەرگدروویەک بەکار دێنێ. جووتیار هەوڵی دروستکردنی هیچ یەکێکیان نادا، بگرە پیشەوەران بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێنێ. هەموویان بە بەرژەوەندی خۆیانی دەزانن کە تەواوی پیشەسازیی خۆیان بەکار بهێنن بەڕێگەیەک کە سوودێکی زیاتری لەوەی دراوسێکانیانی هەیە و، بە بەشێکی بەرهەمەکەیان، یان کە هەمان شتە، بە نرخی بەشێکی، هەر شتێکی تر بکڕن کە بۆیان دەگونجێ.

ئەوەی لە بەڕێوەبردنی خێزانێکدا داناییە، بەدەگمەن لە بەڕێوەبردنی شانشینێکی مەزندا گەمژەیی دەبێ. ئەگەر وڵاتێکی بێگانە بتوانێ کاڵایەکمان بە هەرزانتر لەوەی خۆمان دەتوانین دروستی بکەین بۆ دابین بکات، باشتر وایە لێی بکڕین بە بەشێک لە بەرهەمی پیشەسازیی خۆمان بەشێوەیەک کە هەندێ سوودی هەبێ. پیشەسازیی گشتیی وڵات، کە بەردەوام هاوڕێژەیە لەگەڵ ئەو سەرمایەیەی بەگەڕی دەخا، ئەو کاتە کەم نابێتەوە، واتە زیاتر لەوەی ئەو پیشەوەرانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد کەم نابێتەوە، بەڵکو دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بە زۆرترین سوودەوە بەگەڕ بخرێ. بێگومان ئەو کاتەی بەرەو ئامانجێک ئاراستە دەکرێ کە بە هەرزانتر دەیکڕین وەک لەوەی دروستی بکەین، زۆرترین سوودی نابێ. بەدڵنیاییەوە بەهای بەرهەمی ساڵانەی، زۆر تا کەم، کەم دەبێتەوە ئەگەر ڕووی لە بەرهەمهێنانی کاڵای بەهادارترەوە وەرگێڕین بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای تر. بەپێی ئەو گریمانەیە، ئەو کاڵایە دەشێ بە هەرزانتر لە وڵاتانی بێگانە بکڕێ لەوەی لە ناوخۆدا بەرهەم بهێنرێ. کەواتە دەکرێ بە تەنیا بەشێک لەو کاڵایانە، یان، کە هەمان شتە، تەنیا بەشێک لە نرخی ئەو کاڵایانە بکڕێ کە پیشەسازی بە سەرمایەیەکی یەکسان لە نیشتماندا بەرهەمی دێنێ، ئەگەر بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوە بچێ. لەبەر ئەوە، پیشەسازیی وڵات بەم شێوەیە دوور خراوەتەوە لە بەگەڕخستنێکی بەسوودی زۆر یان کەم و، بەهای

ئاڵوگۆڕ پێکردن، کە لە جیاتی ئەوەی زیاد بکات، بەگوێرەی مەبەستی یاسادانەر، بەهۆی هەر یاسایەکی لەم جۆرەوە کەم دەبێتەوە.

لەڕاستیدا، لەڕێی ئەم یاسا ڕێکخەرانەوە، لەوانەیە هەندێ جار بەرهەمێکی پیشەسازیی دیاریکراو زووتر دەست بکەوێ و، دوای ماوەیەکی دیاریکراو هەرزان یان هەرزانتر لەوەی وڵاتی بێگانە لە ناوخۆدا دروست بکرێ. بەڵام بەم شێوەیە پیشەسازیی کۆمەڵگە لەوانەیە بەسوودیکەوە زووتر بەرەو ڕێڕەوێکی دیاریکراو ببرێ، کە بە هیچ شێوەیەک دوای ئەوە کۆی گشتیی پارە، چ ئەوەی پیشەسازییەکە، یان ئەوەی داهاتەکەی، بەو جۆرە یاسایانە زیاد ناکرێ. پیشەسازیی کۆمەڵگە تەنیا هاوڕێژە لەگەڵ سەرمایەکەیدا زیاد دەبێ و، سەرمایەکەی تەنیا هاوڕێژە لەگەڵ ئەوەی دەکرێ لە داهاتەکەی گل بدرێتەوە زیاد دەبێ. بەڵام کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەر یاسایەکی لەو شێوەیە داهاتەکەی کەم دەکاتەوە و، ئەوەشی داهاتەکەی کەم بکاتەوە بێگومان سەرمایەکەی زیاتر ناکا لەوەی لێگەڕێی سەرمایە و پیشەسازی خۆیان ڕێچکەی سروشتییانەی بەگەڕخستنی خۆیان بدۆزنەوە.

کە کۆمەڵگە لەبەر نەبوونی ئەم جۆرە یاسایانە هەرگیز نابێ بەرهەمە پیشەسازییە پێشبینیکراوەکە بەدەست بێنێ، بەو پێیەش بێگومان لە هیچ ماوەیەکی تەمەنیدا هەژارترین نابێ. لە هەر ماوەیەکی تەمەنیدا تەواوی سەرمایە و پیشەسازییەکەی لەوانەیە هەر کار بکەن، ئەگەرچی لەسەر ئامانجی جیاواز، بەو شێوەیەی کە بەسوودترینە لەو کاتەدا. لە هەموو ماوەیەکدا لەوانەیە داهاتەکەی زۆرترین داهات بێ کە ئەو سەرمایەیە پێی پەیدا بکرێ و، لەوانەیە سەرمایەکە و داهاتەکە هەردووکیان بەزۆرترین خێرایی زیاد ببن.

ئەو سیفەتە جیاکەرەوانەی وا دەکەن وڵاتێک لەوەی تر باڵادەستتر بێ لە بەرهەمهێنانی کاڵای دیاریکراودا هەندێ جار زۆر زەق و گەورەن کە هەموو جیهان ددانی پێدا دەنێ کە ملمڵانێکردن لەگەڵ ئەو وڵاتە لەو بوارەدا بێهوودەیە. دەکرێ بە بەکارهێنانی شووشە، پەناگەی گەرم و، دیواری گەرم، ترێی زۆر باش لە سکۆتلاند پەروەردە بکرێ و، شەرابی زۆر باشیشیان لێ دروست بکرێ بە نزیکەی سی هێندەی تێچووی هێنانی ئەو شەرابەی لە هەمان ئاستی باشیدایە لە وڵاتانی ترەوە. ئایا ئەو یاسایە ژیرانەیە کە هاوردەکردنی هەموو شەرابێکی بیانی قەدەغە دەکا تەنیا بۆ هاندانی دروستکردنی کلارێت (شەرابی سووری بۆردۆ) و شەرابی بێرگەندی لە سکۆتلاند؟ بەڵام ئەگەر پووچییەکی ئاشکرا لەوەدا هەبێ کە ڕووی سی هێندەی ئەوەی پێویستە بۆ کڕینی هەمان بڕ کاڵای ویستراو سەرمایە و پیشەسازیی وڵات بخەیتە گەڕ، دەبێ پووچییەکیش هەبێ، هەرچەندە ئەوەندە زەق نییە، بەڵام دەقاودەق هەمان جۆرە، کە تەنانەت ڕووی سییەکێک یان لەسێیەکدا یەکێکی سەرمایە و پیشەسازی بەرەو ئەم جۆرە بەگەڕخستنە وەرگێڕی. لێرەدا هیچ کاریگەرییەکی نییە ئەگەر ئەو سیفەتە جیاکەرەوانەی وڵاتان سروشتی بن یان بەدەستهاتوو. ئەوەندەی

وڵاتێک هەبێ و وڵاتێکی تر نەبێ، بەردەوام ئەوەی نییەتی سوودمەندە لە کڕینی لەوەی تر نەک لە دروستکردنی لەلایەن خۆیەوە. ئەو سیفەتەی پیشەوەرێک هەیەتی و ئەوەی دراوسێی نییەتی و پیشەیەکی تری هەیە بەدەستهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان پێیان بەسوودترە لە یەکتری بکڕن نەک هەوڵی دروستکردنی ئەو شتە بدەن کە پەیوەندی بە پیشەکەیانەوە نییە.

بازرگانان و پیشەسازان ئەو کەسانەن کە زۆرترین سوود لەو قۆرخکارییانەی بازاڕی ناوخۆ وەردەگرن. قەدەخەکردنی هاوردەکردنی ماڵاتی بیانی و، گۆشتی سوێرکراو، لەگەڵ باجی زۆری سەر گەنمەشامیی بیانی، کە لە وەرزی بەهاتی مامناوەندیدا دەبێتە قەدەخەکردن، بەسوودن بۆ ئاژەڵدار و جووتیارانی بریتانیای مەزن ئەوەندەی یاساگەلی هەمان جۆر لە سوودی بازرگانان و پیشەسازانن. بەرهەمە پیشەسازییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی باشترین جۆرن، ئاسانتر لە گەنمەشامی و ماڵات لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگوازرێنەوە. بەو پێیە بازرگانیی دەرەکی بەشێوەیەکی سەرەکی لە هێنان و بردنی بەرهەمی پیشەسازیدا کار دەکا. لە بەرهەمی پیشەسازیدا، سوودێکی کەم وا لە بێگانان دەکا تەنانەت لە بازاڕی خۆماندا بە هەرزانتر بفرۆشن. بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە لەگەڵ بەرهەمی خاوی زەویدا بکەن دەبێ قازانجەکە گەلێ زۆر بێ. ئەگەر ڕێگە بە هاوردەکردنی ئازادانەی بەرهەمی پیشەسازیی بیانی بدرێ، لەوانەیە گەلێ بەرهەمی خۆماڵی ڕووبەڕووی گرفت ببنەوە و، لەوانەیە هەندێکیان دووچاری داڕمانی تەواو ببن و، بەشێکی زۆری ئەو ماڵ و پیشەسازییەی ئێستا تیایاندا بەگەڕ خراوە بەناچاری بەگەڕخستنی تر دەدۆزنەوە. بەڵام ئازادترین هاوردەکردنی بەرهەمی خاوی زەوی ئەم جۆرە کاریگەرییەی لەسەر کشتوکاڵی وڵات نابێ.

ئەگەر هاوردەکردنی ماڵاتی بیانی، بۆ نموونە، لە هەموو کاتێک ئازادتر کرا، ئەوەندە کەم هاوردە دەکرێ کە کاریگەریی لەسەر بازرگانیی ئاژەڵداریی بریتانیای مەزن کەم بێ. ماڵاتی زیندوو لەوانەیە تەنیا کاڵایەک بێ کە تێچووی گواستنەوەی لەڕێی دەریاوە زیاتر بێ لە تێچووی گواستنەوەی لەڕێی وشکانییەوە. لە وشکانیدا ماڵات خۆی خۆی بەرەو بازاڕ هەڵدەگرێ. لە دەریادا، نەک تەنیا ماڵاتەکە، بەڵکو ئالیک و ئاویشیان، دەبێ بەتێچوویەکی زۆر و بەشێوەیەکی کەمتر لە پێویست بار بکرێن. لەڕاستیدا ئەو دەریا کورتەی نێوان ئایرلاند و بریتانیای مەزن وا دەکا هاوردەکردنی ماڵات لە ئایرلاندەوە ئاسانتر بێ. بەڵام هەرچەندە ئەو هاوردنە ئازادەیان، کە بەم دواییە بەشێوەیەکی کاتی ڕێگەی پێ درا، گەشەی کرد، نەیتوانی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرژەوەندی ئاژەڵدارانی بریتانیای مەزن هەبێ. ئەو بەشانەی بریتانیای مەزن کە هاوسنووری دەریای

ئایرلاندن هەموویان لادێی ئاژەڵدارین. ماڵاتی ئایرلاند هەرگیز ناکرێ بۆ بەکارهێنانی ئەوان هاوردە بکرێ، بەڵکو دەبێ بەناو ئەو ناوچە لادێیە فرەوانانەدا لێیانخوڕن، بەخەرجی و زیانێک کە کەم نین، تا دەگەنە بازاڕی گونجاوی خۆیان. ماڵاتی قەڵەو ناکرێ بۆ ماوەیەکی دوور لێیخوڕن. لەبەر ئەوە تەنیا ماڵاتی لەڕ هاوردە دەکرێ و، ئەم جۆرە هاوردەکردنەش تێکهەڵکێش دەبێ لەگەڵ بەرژەوەندی لادێیەکانی لەوەڕاندن یان دابەستندا، کە بە کەمکردنەوەی نرخی ماڵاتی لەڕ سوودمەنتر دەبن، بەڵام تەنیا لادێیەکانی دابەستین سوودمەند دەبن. ژمارەی کەمی ئەو ماڵاتە ئایرلاندییەی لە کاتی ڕێگەدان بە هاوردەکرجیهاننەوە هاتوون، لەگەڵ ئەو نرخە باشەی تا ئێستا ماڵاتی لەڕی پێ دەفرۆشرێ، لەوە دەچێ پێشاندەری ئەوە بن کە لادێکانی دابەستینی ماڵات لە بریتانیای مەزندا هەرگیز لەوە زیاتر ناکەونە ژێر کاریگەریی هاوردەکردنی ماڵاتی ئایرلاندەوە. لەڕاستیدا، دەڵێن کە خەڵکی ئاسایی ئایرلاند هەندێ جار بە توندی دژی هەناردەکردنی ماڵاتەکەیان بوون. بەڵام ئەگەر هەناردەکەران هیچ سوودێکی گەورەیان لە بەردەوامیی ئەو بازرگانییەدا هەبووایە، دەیانتوانی زۆر بە ئاسانی، کاتێک کە یاسا پشتگیرییانی دەکرد، ئەو ناڕەزاییە بێ سەروبەرە سەرکوت بکەن.

لادێکانی لەوەڕاندن و دابەستین، لەپاڵ ئەمەدا، دەبێ بەردەوام بە بەرزترین ئاست چاک بکرێن، لە کاتێکدا کە لادێکانی دابەستین بەگشتی کشتوکاڵنەکراون. نرخی بەرزی ماڵاتی لەڕ، بە زیادکردنی بەهای زەویی کشتوکاڵنەکراو، وەک بەخشیشێکە بەرامبەر بە چاکسازیی زەوی. بۆ ناوچەیەکی لادێ کە هەمووی بەباشی چاککراوە، بەسوودتر دەبێ ئەگەر ماڵاتی لەڕ هاوردە بکات نەک دایانبەستێ. بەو پێیە، ناوچەی هۆڵاند وەک دەڵێن ئێستا ئەمە پیادە دەکا. چیاکانی سکۆتلاند، وێڵز و نۆرتمبەرلاند، لەڕاستیدا ناوچەگەلێکی لادێن کە چاککردنی زۆر هەڵناگرن و، لەوە دەچێ سروشت وەک لادێی پەروەردەکردنی ماڵات لە بریتانیای مەزن دەستنیشانیانی کردبێ. ئازادترین هاوردەکردنی ماڵاتی بیانی هیچ کاریگەرییەکی تری نییە جگە لە ڕێگری لەوەی لادێکانی پەروەردەی ماڵات سوود لە زیادبوونی دانیشتووان و چاکسازیی بەشەکانی تری شانشینەکە وەرگرن، بە زیادکردنی نرخەکانیان بۆ ئاستێکی زۆر بەرز و، بە سەپاندنی باجێکی ڕاستەقینە بەسەر هەموو بەشە چاککراو و کشتوکاڵکراوەکانی وڵاتدا.

ئازادترین هاوردەکردنی گۆشتی سوێرکراو، بە هەمان شێوەی ماڵاتی زیندوو، دەتوانێ کەمترین کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندی ئاژەڵدارانی بریتانیای مەزن هەبێ. گۆشتی سوێرکراو تەنیا کاڵایەکی قەبارە گەورە نییە، بەڵکو کە لەگەڵ گۆشتی تازەدا بەراورد دەکرێ، کاڵایەکە بە خراپترین جۆر و، کار و خەرجیی زۆریشی تێ دەچێ، نرخی

بەرزتریشە. لەبەر ئەوە هەرگیز ناتوانێ بکەوێتە کێبەرکێ لەگەڵ گۆشتی تازە، ئەگەرچی دەتوانێ کێبەرکێی گۆشتی سوێرکراوی وڵات بکات. ئەم گۆشتە سوێرکراوە وەک ئازووخە بۆ کەشتییەکان لە گەشتی دوور و بەکارهێنانی هاوشێوە بەکار دێ، بەڵام هەرگیز نابێتە بەشێکی بەرچاوی خۆراکی خەڵک. ئەو برە کەمەی گۆشتی سوێرکراو کە لە ئایرلاندەوە هاوردە دەکرێ، لەوەتەی هاوردەکردنی ئازاد کراوە، بەڵگەیەکی ئەزموونکراوە بۆ ئەوەی کە هیچ شتێک لە ئارادا نییە کە ئاژەڵدارەکانمان لێی بترسن. لەوە ناچێ نرخی گۆشت لای گۆشتفرۆشەکانمان بەهۆی ئەوەوە هیچ کاریگەرییەکی دیاری کرابێتە سەر.

تەنانەت هاوردەکردنی ئازادانەی گەنمەشامیش کاریگەرییەکی کەمی لەسەر بەرژەوەندی جووتیارانی بریتانیای مەزن دەبێ. گەنمەشامی کاڵایەکە قەبارەی گەلێ زۆرترە لە گۆشت. یەک پاوەن گەنم بە یەک پێنس، ئەوەندەی یەک پاوەن گۆشت بە چوار پێنس گرانە. بڕی کەمی ئەو گەنمەشامییە بیانییەی هاوردە کراوە، تەنانەت لە کاتی گەورەترین نەهاتدا، دەتوانێ جووتیارانمان دڵنیا بکاتەوە لەوەی هیچ نییە لێی بترسن تەنانەت لە کاتی ئازادترین هاوردەکردنیشدا. تێکڕای بڕی هاوردەکراو، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک، بەپێی نووسەری بەزانیاریی "وتەگەلێک لەبارەی بازرگانیی گەنمەشامییەوە"، تەنیا ٢٣ هەزار و ٧٢٨ چارەک لە هەموو دانەوێڵەکان بووە و، زیاتر نییە لە یەک لە ٥٧٠ی بەکاربردنی ساڵانە. بەڵام کاتێک بەخشیشی حکومەت لەسەر گەنمەشامی دەبێتە مایەی هەناردەکردنی زیاتر لە ساڵانی هاتدا، لە ئاکامدا دەبێتە مایەی هاوردەکردنی زیاتر لە ساڵانی نەهاتدا. ئەمە وای کردووە زیادەی بەرهەمی ساڵی هات کورتهێنانی ساڵی نەهات پڕ نەکاتەوە و، کە وەک پێویست تێکڕای بڕی هەناردەکراو زیاد دەبێ بەهۆیەوە، دەبێ بەهەمان شێوە تێکڕای بڕی هاوردەکراویش زیاد ببێ. ئەگەر بەخشیشی حکومەت نەبووایە، کەمترین گەنمەشامی هەناردە دەکرا، بۆیە لەوانەیە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر کەمتر لەوەی ئێستا هاوردە بکرێ. بازرگانانی گەنمەشامی، ئەوانەی گەنمەشامی لەنێوان بریتانیای مەزن و وڵاتانی بیگانەدا دەهێنن و دەگوازنەوە کاری کەمتریان دەبوو و، لەوانەیە تووشی کێشە ببن، بەڵام ڕێزدارانی وڵات و جووتیاران زۆر کەم تووشی کێشە دەبوون. من تێبینیم کردووە کە ئەوانە بازرگانانی گەنمەشامین، نەک ڕێزداران و جووتیاران، زۆر ڕژدن لەسەر نوێکردنەوە و بەردەوامیدان بەو بەخشیشەی حکوومەت.

ڕێزدارانی لادێ و جووتیاران، بەهۆی شەرەفمەندییانەوە، لەنێو گشت خەڵکدا، کەمترین هەواداری ڕۆحی چەپەڵی قۆرخکارین. خاوەنی پیشەسازییەکی گەورە هەندێ جار دڵی دەلەرزێ ئەگەر لەماوەی بیست میلی دەوروبەری ئەودا ئیشێکی تر لە جۆری ئیشەکەی خۆی دابمەزرێ. خاوەنی پیشەسازیی خوریی هۆڵاندەیی لە ئەبیڤیل ئەوەی چەسپاند کە نابێ لە ماوەی ٣٠ فەرسەخ (یەک فەرسەخ نزیکەی سێ میل و نیوە- وەرگێڕ) لە

دەوروبەری شارەکە هیچ ئیشێک لە هەمان جۆر هەبێ. جووتیاران و ڕێزدارانی لادێ، بەپێچەوانەوە، بەگشتی زیاتر مەیلی هاندان نەک ڕێگری لە کشتوکاڵ و چاککردنی کێڵگە و موڵکەکانی دراوسێکانیان دەکەن. ئەوان وەک زۆرترین بەشی پیشەسازان نین کە نهێنییان هەبێ، بگرە زۆر حەز دەکەن تێکەڵی دراوسێکانیان بن و هەر ئەزموونێکی نوێ کە بەلایانەوە بەسوودە بەوانی بگەیەنن. ڕێزداران و جووتیارانی لادێ، کە بەسەر بەشە جیاجیاکانی لادێدا دابەش بوونە، ناتوانن بەئاسانی گرد ببنەوە هاوشێوەی بازرگانان و پیشەسازان کە لە شارەکاندا کۆ بوونەتەوە و، ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕۆحی گردبوونەوەی تایبەتدا هەیە کە بەسەریاندا زاڵە و، بەشێوەیەکی سروشتی هەوڵ دەدەن هەمان ئەو ئیمتیازە تایبەتانە لە لادێنشینەکان وەرگرن کە بەگشتی دژ بە دانیشتووانی شارەکانی خۆیان بەکاریان دێنن. بەو پێیە لەوە دەچێ کە ئەوان داهێنەری بنەڕەتیی ئەو کۆت و بەندانەی سەر هاوردەکردنی کاڵای بیانی بن بۆ ئەوەی قۆرخکردنی بازاڕی ناوخۆ بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. لەوانەیە ئەوە لاساییکردنەوەیەک بووبێ لەلایەن ئەمانەوە و، بۆ ئەوە بێ خۆیان بگەیەننە ئاستی ئەوانەی، ئەوان بۆیان دەرکەوت، کە مەبەستیان بوو ستەمیان لێ بکەن، وەک ئەوەی کە ڕێزداران و جووتیارانی بریتانیای مەزن تا ڕادەیەک ئەو جوامێرییەیان لەبیر چووە کە بۆ پێگەی ئەوان سروشتییە و داوای ئیمتیازی تایبەتیان کردووە بۆ ئەوەی گەنمەشامی و گۆشت بۆ هاووڵاتییانیان دابین بکەن. لەوانەیە ئەوان زۆریان پێ نەچووبێ بۆ ئەوەی بۆیان دەرکەوێ کە لەوانەیە بە ئازادیی بازرگانی بەرژەوەندی ئەوان دەکەوێتە بەر مەترسی نەک ئەوەی ئەو خەڵکەی ئەمان لاساییان دەکەنەوە.

قەدەخەکردنی هاوردەکردنی گەنمەشامی و ماڵاتی بیانی بە یاسایەکی هەمیشەیی لەڕاستیدا بریتییە لە بەیاساییکردنی ئەوەی دانیشتووان و پیشەسازیی وڵات نابێ هیچ کاتێک لەوە زیاتر بێ کە بەرهەمی خاوی خاکی وڵات دەتوانێ دەستەبەری بکات.

لێرەدا لەوە دەچێ دوو پرس هەبن کە بەگشتی وا دەکەن بارگرانکردنی بەرهەمی پیشەسازیی بیانی سوودی بۆ هاندانی پیشەسازیی خۆماڵی هەبێ.

یەکەم ئەوەیە، کاتێک جۆرێکی دیاریکراوی پیشەسازی پێویست دەبێ بۆ بەرگری لە وڵات. بۆ نموونە، بەرگری لە بریتانیای مەزن گەلێ پشتبەستووە بە ژمارەی کەشتیوانان و باربەریی دەریایی. لەبەر ئەوە، یاسای دەریاوانی (The Act of Navigation) زۆر بە گونجاوی هەوڵی داوە لە هەندێ دۆخدا کەشتیوانان و باربەرانی بریتانیای مەزن هەندێ بازرگانیی وڵاتەکەیان قۆرخ بکەن، لەڕێی قەدەخەکردنی یەکجارەکی و لە هەندێ دۆخی

تردا لەڕێی سەپاندنی باجی زۆر قورس بەسەر باربەریی وڵاتانی بێگانەدا. ئەمەی دادێ خاڵە بنەڕەتییەکانی ئەم یاسایەن:

یەکەم، هەموو ئەو کەشتییانەی خاوەنەکانیان و سێ چارەکی کەشتیوانەکانیان هاووڵاتیی بریتانیا نین قەدەخەیە بازرگانی لەگەڵ نشینگە و کێڵگەکانی بریتانیایی بکەن، یان لە بازرگانیی کەناراوەکانی بریتانیای مەزندا بەکار بێن و، سزاکەیان دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکە و بارەکەیەتی.

دووەم، کۆمەڵێکی زۆر و جۆراوجۆری قەبارە گەورەی بابەتەکانی هاوردەکردن تەنیا بۆ ناو بریتانیای مەزن دێن، یان بەو کەشتییانەی کە لەسەرەوە وەسف کراون، یان بە کەشتیی ئەو وڵاتەی ئەو کاڵایانەی تێدا کڕاوە و، خاوەنەکانیان، سەرکارەکانیان و، سێ چارەکی کەشتیوانانیان خەڵکی ئەو وڵاتەن بەدیاریکراوی و، کاتێک تەنانەت بەم کەشتییانەی دوایی هاوردە دەکرێن، دەکەونە بەر باجێکی دووسەرەی بیانییانەوە. ئەگەر بە کەشتیی هەر وڵاتێکی تریش هاوردە بکرێن ئەوە سزاکەی دەستبەسەرداگرتنی کەشتی و کاڵاکانە. کاتێک کە ئەم یاسایە دارێژرا، هۆڵاندییەکان وەک ئێستایان، گەورە بارەبەری ئەوروپا بوون و، بەم یاسایە بەتەواوی دوورخرانەوە لەوەی باربەری بریتانیای مەزن بن، یان کاڵامان لە هیچ وڵاتێکی تری ئەوروپاوە بۆ هاوردە بکەن.

سێیەم، هاوردەکردنی گەلێ بابەتی جۆراوجۆری خاوەن قەبارەی گەورەی هاوردەکردن قەدەخە کرا، تەنانەت بە کەشتیی بریتانیاش، قەدەخە کرا لە هیچ وڵاتێکەوە هاوردە بکرێن، ئەوانە نەبێ کە تیایاندا بەرهەم دێن، سزاکەش دەستبەسەرداگرتنی کەشتی و بارەکەی بوو. هەروەها ئەم یاسایە لەوانەیە دژ بە هۆڵاندییەکان بووبێ. هۆڵاند ئەو کاتە، وەک ئێستا، بنکەی مەزنی بازرگانیی هەموو کاڵا ئەوروپاییەکان بوو و، لەڕێی ئەم یاسایەوە کەشتییەکانی بریتانیا ڕێیان لێ گیرا لەوەی کاڵای هیچ وڵاتێکی تر لە هۆڵاند بار بکەن.

چوارەم، هەموو جۆرە ماسییەکی سوێرکراو، باڵی نەهەنگ، ئێسکی نەهەنگ، ڕۆن و، چەوریی کە لەسەر کەشتیی بریتانیایی نەگیراون و خۆشە نەکراون، کاتێک کە بۆ بریتانیای مەزن هاوردە دەکرێن، باجی دووسەرەی بیانییان دەخرێتە سەر. هۆڵاندییەکان، کە ئێستا ڕاوچیی بنەڕەتین، ئەو کاتە تەنیا ڕاوچیی ماسی بوون لە ئەوروپا، کە هەوڵیان دەدات ماسی بۆ گەلانی تر دابین بکەن. لەڕێی ئەم یاسایەوە بارێکی گران خرایە سەر ئەوەی بۆ بریتانیای مەزنی دابین دەکەن.

کاتێک کە یاسای دەریاوانی دارێژرا، ئەگەرچی ئینگلتەرە و هۆڵاند بەڕاستی لە شەڕدا نەبوون، توندترین دژایەتی کەوتە نێوان ئەو دوو وڵاتەوە. ئەوە لە ماوەی حوکمڕانیی پەرلەمانی لۆنگ دەستی پێ کرد، کە یەکەم جار چوارچێوەی ئەم یاسایەی دارشت و،

زۆری پێ نەچوو پەرەی سەند لە کاتی شەڕەکانی هۆلاندەییەکان لەنێوان جێنشین و چالزی دووەم. لەبەر ئەوە، مەحاڵ نییە کە هەندێ لایەنی ئەم یاسا بەناوبانگە لە دژایەتیی نەتەوەییەوە سەرچاوەیان گرتبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە ژیرانەن وەک ئەوەی لەلایەن داناترین دانایانەوە داڕێژرابێ. دژایەتیی نەتەوەیی لەو سەردەمە دیاریکراوەدا ئاراستەی هەمان ئامانج کرابوو کە ژیرترین دانایی دەستنیشانی کردبێ، ئەویش کەمکردنەوەی هێزی دەریاوانیی هۆلاند بوو، کە تەنیا هێزی دەریاوانی بوو کە مەترسی بخاتە سەر ئارامیی ئینگلتەرە.

یاسای دەریاوانی لە بەرژەوەندی بازرگانیی دەرەکیدا نییە، یان گەشەی ئەو زیادەیەی لەوەوە سەر هەڵدەدا. بەرژەوەندی نەتەوەیەک لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تردا، وەک ئەوەی بازرگانێکە لەگەڵ خەڵکی تردا کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا، بۆ کڕین بە هەرزانترین نرخ و فرۆشتن بە گرانترین ئەو نرخەی لە توانادایە. بەڵام ئەگەری زیاتر ئەوەیە کاتێک بە هەرزان بکڕێ کە تەواوترین ئازادیی بازرگانی هانی هەموو گەلان دەدات بۆ ئەوەی کاڵاکانیانی بۆ بهێنن کە بواری فرۆشتنیان هەیە و، لەبەر هەمان هۆ، ئەگەری زۆرتر هەیە گران بفرۆشرێن، کاتێک کە بازاڕەکانی بەو شێوەیە پڕ دەبن بە گەورەترین ژمارەی کڕیاران. ڕاستە یاسای دەریاوانی هیچ کۆتێک ناخاتە سەر ئەو کەشتییە بیانییانەی دێن بۆ هەناردەکردنی بەرهەمی پیشەسازیی بریتانیایی. تەنانەت باجە کۆنەکانی بێگانان، کە لەسەر هەموو ئەو کاڵایانە بوون کە هەناردە دەکران و ئەوانەشی کە هاوردە دەکران، لەڕێی چەندان یاسای دواترەوە، لە بەشێکی زۆرتری بابەتەکانی هەناردەکردن وەردەگیران. بەڵام ئەگەر بیانییەکان، چ لەڕێی قەدەغەکردنەوەکانەوە و چ لەڕێی باجەکانەوە، ڕێگەی هاتن بۆ فرۆشتنیان لێ گیرا، ئەوان ناتوانن بەردەوام بتوانن بۆ کڕین بێن، لەبەر ئەوەی هاتن بەبێ بار، وا دەکا ئەو بارەیان لەدەست بچێ کە لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ بریتانیای مەزنی دێنن. بۆیە بە کەمبوونەوەی ژمارەی فرۆشیاران، وەک پێویستییەک ژمارەی کڕیارانیش کەم دەکەینەوە و، بەوەش نەک تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە کاڵای بیانی بەگرانتر بکڕین، بەڵکو کاڵای خۆشمان بە هەرزانتر دەفرۆشین لەوەی ئەگەر ئازادییەکی تەواوتری بازرگانی هەبێ. بەڵام کە بەرگری گرنگترە لە دەوڵەمەندی، یاسای دەریاوانی، لەوانەیە داناترین یاساکانی بازرگانیی ئینگلتەرە بێ.

پرسی دووەم، کە بەگشتی بەوە بەسوود دەبێ کە هەندێک پیشەسازیی بیانی بارگران بکات لەپێناو هاندانی پیشەسازیی خۆماڵیدا، کاتێک کە باجێکی کەم دەخرێتە سەر بەرهەمی ئەمەی دوایی. لەم دۆخەدا، لەوە دەچێ گونجاو بێ باجی یەکسان بخرێتە سەر بەرهەمی هاوشێوەی ئەوەی یەکەم. ئەمە نە بازاڕی ناوخۆ بۆ پیشەسازیی خۆماڵی قۆرخ دەکا و، نە ماڵ و کارێکی زۆرتری وڵات بەرەو بەگەڕخستنێکی دیاریکراو ئاراستە دەکا، زیاتر لەوەی

بەشێوەیەکی ئاسایی بەو ئاراستەیەدا دەچێ. ئەوە تەنیا ڕێگری دەکا لەوەی هیچ بەشێک کە بەشێوەیەکی سروشتی بۆ ئەو ئاراستەیە دەچوو بۆ ئەوەی بەهۆی باجەوە لەو ڕێڕەوە لانەدا بەرەو ئاراستەیەکی کەمتر سروشتی و، وا دەکا کێبەرکێی نێوان پیشەسازیی بیانی و خۆماڵی، دوای باجەکە، وەکو جارانی لێ بێتەوە. لە بریتانیای مەزندا، کاتێک ئەو جۆرە باجە دەخرێتە سەر بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵی، بەشێوەیەکی ئاسایی لەهەمان کاتدا، بۆ وەستاندنی گازاندەی بەدەنگەدەنگی بازرگان و پیشەسازانمان لەوەی کە لای خۆمان هەرزانتر دەفرۆشرێن، بۆ ئەوەی باجێکی قورستر بخرێتە سەر هاوردەکردنی هەموو کاڵایەکی بیانیی لەهەمان ئەو جۆرە.

ئەم سنووردارکردنەی دووەمەی ئازادیی بازرگانی، بەبۆچوونی هەندێ خەڵک، دەبێ لە هەندێ جاراندا زیاتر بکرێ لەوەی بەوردی کاڵا بیانییەکان بکاتە ئامانج کە دەتوانن کێبەرکێ لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە لە ناوەوەدا باجیان خراوەتە سەر. کاتێک کە پێویستییەکانی ژیان لە هەر وڵاتێکدا باج کران، گونجاو دەبێ، نەک تەنیا باج بخرێتە سەر پێویستییە هاوشێوەکانی کە لە وڵاتانی ترەوە هاوردە دەکرێن، بەڵکو هەموو جۆرە کاڵا بیانییەکانی کە دەتوانن کێبەرکێی هەر کاڵایەک بکەن کە لە ناوخۆدا بەرهەم دێن دەبێ باجیان بخرێتە سەر. ئەوان دەڵێن، لە ئاکامی ئەو جۆرە باجانە وەک پێویستییەک بژێوی گرانتر دەبێ و، نرخی بژێویی کارگەران دەبێ بەردەوام بەرز ببێتەوە. لەبەر ئەوە، هەموو کاڵایەک کە بەرهەمی پیشەسازیی ناوخۆیە، ئەگەرچی خۆی ڕاستەوخۆ باجی ناچێتە سەر، لە ئاکامی ئەو جۆرە باجانە گرانتر دەبێ، چونکە ئەو کارەی بەرهەمی دێنێ گرانتر دەبێ. کەواتە ئەم جۆرە باجانە، ئەوان دەڵێن، بەڕاستی لەگەڵ باجی سەر هەموو کاڵایەک کە لە ناوخۆدا بەرهەم دێ یەکسان دەبن. لەبەر ئەوە بۆ پیشەسازیی خۆماڵی و پیشەسازیی بیانی بخرێنە یەک ئاست، ئەوان پێیان وایە کە، پێویستە هەندێ باج بخەنە سەر هەموو کاڵایەکی بیانی کە یەکسان بێ بەو هاندانەی نرخی کاڵا خۆماڵییەکانی کە دەتوانن کێبەرکێیان لەگەڵدا بکەن.

ئایا ئەو باجانەی لەسەر پێویستییەکانی ژیانن، وەک ئەوانەی لە بریتانیای مەزن خراونەتە سەر سابون، خوێ، پێستە، مۆم، هتد، وەک پێویستییەک نرخی کار بەرز دەکەنەوە و، لە ئاکامدا نرخی هەموو کاڵاکانی تر بەرز دەکەنەوە، ئەمەیان لێرە بەدواوە کاتێک کە دێمە سەر باسی باجەکان شیی دەکەمەوە. بەڵام ئەگەر وای دابنێین لە هەمان کاتدا، کە ئەو کاریگەرییەیان دەبێ و، بێگومان دەیانبێ، ئەم بەرزکردنە گشتییەی نرخی هەموو کاڵاکان، لە ئاکامدا نرخی کاریش، بابەتێکە کە لەم دوو ڕووە جیاوازەی داهاتووەوە

جیا دەبێ لەوەی کالایەکی دیاریکراو کە نرخەکەی بەهۆی باجێکی دیاریکراوەوە کە ڕاستەوخۆ بەسەریدا سەپێنراوە بەرز دەبێتەوە.

یەکەم، لەوانەیە بەردەوام و بە وردییەکی زۆرەوە دیار بێ کە نرخی ئەو جۆرە کالایە بەهۆی ئەو جۆرە باجەوە بەرز دەبێتەوە، بەڵام تا چەند بەرزبوونەوەی گشتیی نرخی کار، لەوانەیە کار بکاتە سەر هەر کالایەکی جیاواز کە ئەو کارەی بۆ بەگەڕ خراوە، هەرگیز بە وردییەکی گونجاوەوە دیار نییە. بۆیە مەحاڵە بەراوردێکی ورد لەنێوان باجی سەر هەر کالایەکی بیانی و ئەو زیادبوونە لە نرخی هەر کالایەکی خۆماڵی بکرێ.

دووەم، باجەکانی سەر کالاکانی پێویست بۆ ژیان، هاوشێوەی خاکی هەژار و کەشی خراپ، نزیکەی هەمان کاریگەرییان لەسەر هەلومەرجی خەڵک هەیە. ئازووخە بەهەمان شێوە گرانتر دەبن ئەگەر بۆ بەرهەمهێنانیان پێویستیان بە کار و خەرجیی سەرووئاسایی هەبێ. وەک چۆن کەمیی سروشتی لە خاک و کەشوهەواوە سەرچاوە دەگرێ، کەمیی دەسکرد بەهەمان شێوە، لەم جۆرە باجانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر لێیان بگەڕێن، ئەوەندەی دەتوانن، پیشەسازییەکەیان لەگەڵ دۆخی خۆیان بگونجێنن و، ئەو بەگەڕخستنانە بدۆزنەوە کە، دوور لە هەلومەرجی نەگونجاویان، لەوانەیە هەندێ سوودیان لە بازاڕی ناوخۆیی یان دەرەکیدا هەبێ، ئەوەیە کە لە هەردوو دۆخدا بەڕوونی لەقازانجی ئەوان دەبن. سەپاندنی باجی نوێ بەسەریاندا، چونکە بە باج بارگران کراون و، چونکە پێویستییەکانی ژیان زۆر بە گران دەکڕن و، ئەگەر وایان لێ بکرێ بەهەمان شێوە بەشی زۆری کالاکانی تر بە گرانتر بکڕن، ئەمە بێگومان پووچترین ڕێگەیە بۆ هەموارکردن.

ئەو جۆرە باجانە، کاتێک بۆ ئاستێکی دیاریکراو بەرز دەکرێنەوە، نەهامەتییەکن هاوشێوەی نەزۆکیی زەوی و بێبارانی وایە و، لە دەوڵەمەندترین و پیشەسازیترین وڵاتانیش کە بەگشتی تیایاندا سەپێنراون، هەر هەمان شتن. هیچ وڵاتێکی تر ناتوانێ بەرگەی ئەم کارەساتە گەورەیە بگرێ. کاتێک کە تەنیا لەشە بەهێزەکان دەتوانن لەسایەی برسییەتییەکی توندا بژین و تەندروست بن، بەهەمان شێوە گەلانیش، تەنیا ئەوانەی لە هەموو جۆرە پیشەسازییەکدا گەورەترین توانای سروشتی و بەدەستهاتوویان هەیە، دەتوانن لەسایەی ئەم باجانەدا بژین و گەشە بکەن. هۆڵاند ئەو وڵاتەی ئەورووپایە کە زۆرترینی هەیە و، بەهۆی هەلومەرجی تایبەتەوە لە گەشەی بەردەوامدایە، نەک بەهۆی ئەوانەوە، وەک پووچترین پێشبینییەکان دەیبینن، بەڵکو سەرباری ئەوان ئەو گەشەیە دەکا.

دوو پرس هەن کە بەگشتی تیایاندا سوودبەخشە هەندێ بارگرانی بخرێتە سەر پیشەسازیی بیانی بەمەبەستی هاندانی پیشەسازیی خۆماڵی، دووانی تریش هەن کە لەوانەیە هەندێ جاران مایەی بگرەوبەردە بن، لە یەکێکیاندا، تا چەند بەردەوامبوون لە

هاوردەکردنی ئازادانەی کالاگەلی دیاریکراوی بیانی گونجاوە، لەوەی تریشدا، چ شێوازێک گونجاوە بۆ گەڕانەوە بۆ هاوردەکردنی ئازادانە دوای ئەوەی ماوەیەک بوو وەستێنرابوو.

ئەو پرسەی کە لەوانەیە شتێکی تێدا بێتە مایەی بگرەوبەردە لەسەر ئەوەی چەند بەردەوامیی هاوردەکردنی ئازادی کالای دیاریکراوی بیانی باشە، کاتێک گەلێکی بێگانە بە باجی قورس هاوردەکردنی هەندێ بەرهەمی پیشەسازیمان بۆ ولاتەکەی خۆیان سنووردار دەکا یان قەدەخە دەکا. لەم دۆخەدا تۆڵە بەشێوەیەکی سروشتی خۆی دەسەپێنێ و، دەگوترێ کە دەبێ ئێمەش باج و قەدەخەکردنی هاوشێوە بەسەر هاوردەکردنی هەندێک یان هەموو بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئەواندا بۆ ولاتی خۆمان بسەپێنین. بەدەگمەن گەلان لەم جۆرە تۆڵەکردنەوەیە دەستیان کورتە. فڕانسەییەکان بەشێوەیەکی تایبەت پێشەنگ بوون لەوەی بۆ هاندانی پیشەسازیی خۆیان کۆت و بەند بخەنە سەر هاوردەکردنی ئەو کالا بیانییانەی کە کێبەرکێیان لەگەڵدا دەکەن. بەشێکی زۆری سیاسەتی بەڕێز کۆلبێرت لەمە پێک دەهات، بەدەر لە توانا مەزنەکانی، لەوە دەچێ لەم پرسەدا کەوتبێتە ژێر کاریگەریی بەڵگەهێنانەوەی بازرگانان و پیشەسازان، کە بەردەوام داوای قۆرخکاری دەکەن دژ بە هاوولاتییانی خۆیان. ئێستا بۆچوونی زۆربەی ڕۆشنبیرانی فڕانسە وایە کە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو لەم ڕووەوە بۆ ولاتەکەی بەسوود نەبوون. ئەو وەزیرە لەڕێی تاریفەی ١٦٦٧وە، باجی زۆر قورسی خستە سەر ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی پیشەسازیی بیانی. بەهۆی ڕەتکردنەوەی سووککردنەوەی ئەو باجانە لەسەر هۆلاندەییەکان، ئەوانیش لە ١٦٧١دا هاوردەکردنی شەراب، براندی و، بەرهەمە پیشەسازییەکانی فڕانسەیان قەدەخە کرد. لەوە دەچێ شەڕی ساڵی ١٦٧٢ لە بەشێکیدا بەهۆی ئەو ناکۆکییە بازرگانییانەوە سەری هەڵدابێ. ئاشتییەکەی نایمێگخن لە ساڵی ١٦٧٨دا کۆتایی پێ هێنا لەڕێی سووککردنەوەی هەندێ لەو باجانە لەسەر هۆلاندەییەکان و، ئەوانیش لە بەرامبەردا قەدەخەکردنەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوە. لە دەوروبەری هەمان ئەو کاتە بوو کە فڕانسەیی و ئینگلیزەکان دەستیان دایە سەرکوتینەوەی پیشەسازیی یەکتر، لەڕێی باج و قەدەخەکردنی هاوشێوەوە، کە لەوە دەچێ فڕانسەییەکان هەنگاوی یەکەمیان لەو ڕووەوە نابێ. گیانی دژایەتیی نێوان ئەو دوو گەلە ئاو درا و ڕێگەی گرت لەوەی هیچ یەکێکیان دۆخەکە هێور بکاتەوە. لە ساڵی ١٦٨٧دا ئینگلیزەکان هاوردەکردنی کوتاڵی بۆنلەیسیان قەدەخە کرد، کە بەرهەمی پیشەسازیی فلاندەرزە. حکومەتی ئەو کاتەی ئەوێ، کە ئیسپانیاییەکان تیایدا بالادەست بوون، لە بەرامبەردا هاوردەکردنی بەرهەمی خوریی ئینگلیزی قەدەخە کرد. لە ساڵی ١٧٠٠دا، قەدەخەکردن لەسەر هاوردەکردنی بۆنلەیس بۆ ئینگلتەرە هەڵگیرا، بەو مەرجەی هاوردەکردنی بەرهەمی خوریی ئینگلیز بۆ فلاندەرز وەک جاری جارانی لێ بکرێتەوە.

لەوانەیە ئەم جۆرە تۆڵەسەندنەوەیە سیاسەتێکی باش بێ، کاتێک کە لەوانەیە ببێتە هۆی لادانی ئەو باجە زۆرانە یان قەدەخەکردنانەنی گازاندەیان لەدەست دەکرێ. ژیانەوەی بازاڕێکی گەورەی بیانی بەگشتی زیاترە لەوەی قەرەبووی زیانێکی کاتیی پارەدانی زۆر، بۆ ماوەیەکی کورت، بە هەندێ جۆری کاڵای دەگەیەنێ. بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئایا ئەو جۆرە تۆڵەسەندنەوەیە ئەگەر هەیە کاریگەرییەکی وەها بەرهەم بهێنێ، لەوانەیە زۆر پەیوەندیی بە زانستی یاسادانەرەوە نەبێ، کە دەبێ گفتوگۆکانی لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکاندا بێ کە بەردەوام وەک خۆیانن، ئەوەندەی پەیوەندیی بە لێهاتوویی ئەو ئاژەڵە دڵڕەش و فێڵبازەوە هەیە، کە پێی دەڵێن پیاوی دەوڵەت یان سیاسەتوان، کە ڕاوێژەکانی لەڕێی گۆڕانکارییە هەنووکەییەکانەوە ئاراستە دەکرێن. ئەگەر هیچ ئەگەرێک نەبێ کە هیچ هەڵوەشاندنەوەیەکی لەو جۆرە بەدەست بێ، لەوە دەچێ ئامرازێکیی خراپی قەرەبووکردنەوەی زیانی چەند پۆلێکی دیاریکراوی گەلەکەمان، زیانی تر بگەیەنێ، نەک تەنیا بەو پۆلانە بەڵکو بە هەموو پۆلەکانی گەل. کاتێک دراوسێکانمان هەندێ بەرهەمی پیشەسازیمان قەدەخە دەکەن، ئێمە بەگشتی، نەک تەنیا هەمان ئەو کاڵایە، لەبەر ئەوەی کاریگەریی زۆری لەسەریان نابێ، بەڵکو چەند بەرهەمێکی تریش لە بەرهەمی پیشەسازیی ئەوان قەدەخە دەکەین. بێگومان لەوانەیە ئەمە ببێتە هاندەر بۆ پۆلێک لە پیشەوەرانی خۆمان و، لەڕێی دوورخستنەوەی هەندێ لە ململانێکەرانیان، لەوانەیە توانای ئەوەیان بخەینە بەر دەست کە نرخی خۆیان لە بازاڕی ناوخۆیی بەرز بکەنەوە. بەڵام ئەو پیشەوەرانە کە بەدەست قەدەخەکردنی دراوسێکانمانەوە ناڵاندیان سوود لە قەدەخەکردنی ئێمە وەرناگرن. بەپێچەوانەوە، ئەوان و نزیکەی هەموو پۆلەکانی تری هاووڵاتییانمان بەوە ناچار دەبن پارەی زیاتر بە کاڵاگەلی دیاریکراو بدەن. بۆیە هەموو یاسایەکی لەو جۆرە باجێکی ڕاستەقینە بەسەر تەواوی وڵاتدا دەسەپێنێ، کە لە قازانجی پۆلێکی دیاریکراوی پیشەوەراندا نییە بەهۆی قەدەخەکردنەکەی دراوسێکەمانەوە زیانیان پێ گەیشت، بەڵکو خزمەتی هەندێ پۆلی تر دەکەن.

لە پرسی ئایا تا چەند یان بە چ شێوەیەک گونجاوە هاوردەکردنی کاڵا بیانییەکان بگەڕێنەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک وەستابوون، کە هەندێ جار لەوانەیە بابەتی بگرەوبەردە بریتی بێ لەوەی کاتێک کە بەرهەمی پیشەسازیی دیاریکراو، بەهۆی باجی زۆرەوە یان قەدەخەکردنی هەموو ئەو کاڵا بیانییانەی کە لەوانەیە کێبەرکێیان لەگەڵدا بکەن، ژمارەیەکی زۆر دەست دەخەنە گەڕ. مرۆڤدۆستی لەوانەیە لێرەدا ئەوە بخوازێ ئەو ئازادیی بازرگانییە تەنیا بە هەنگاوی خاو و بە وریاییەکی زۆرەوە بگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو

باجە قورسانە و ئەو قەدەخەکردنانە بە یەک جار هەڵگیرێن، کاڵای بیانیی هەرزان لە هەمان جۆر لەوانەیە زۆر بەخێرایی بڕژێنە ناو بازاڕی خۆماڵییەوە و یەکسەر هەزاران لە خەڵکی خۆمان لە ئیش و هۆکارەکانی خۆیان بێبەش دەبن. ئەو پاشاگەردانییەی ئەمە دەبێتە هۆکار بۆی بێگومان لەوانەیە زۆر گەورە بێ. بەڵام، لە گشت ئەگەرەکاندا، زۆر کەمتر دەبێ لەوەی بەگشتی پێشبینی دەکرا، لەبەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە:

یەکەم، گشت ئەو بەرهەمە پیشەسازییانەی، کە بەگشتی بەشێکیان بەبێ بەخشیشی حکومەت هەناردەی وڵاتانی تری ئەورووپا دەکران، زۆر کەم دەکەونە ژێر کاریگەریی ئازادترین هاوردەکردنی کاڵا بیانییەکان. ئەو بەرهەمە پیشەسازییانە دەبێ لە دەرەوە بە هەرزانتر لە هەر کاڵایەکی بیانیی هاوجۆر و هاوشێوە بفرۆشرێن و، لە ئاکامدا دەبێ لە نیشتماندا هەرزانتر بفرۆشرێن. بۆیە هێشتا هەر دەتوانن بەسەر بازاڕی خۆماڵیدا زاڵ بن و، ئەگەرچی لەوانەیە کەسێکی بەپۆز هەندێ جار دەستکردی بیانیی پێ باشتر بێ تەنیا لەبەر ئەوەی بیانییە، زیاتر لە کاڵای هەرزانتر و باشتری هاوجۆری خۆماڵی، ئەم گەمژەییە لەوانەیە، بەشێوەیەکی سروشتی، مەودای کەم بێ و نەتوانێ کاریگەرییەکی گەورەی هەبێ لەسەر بەگەڕخستنی گشتیی خەڵک. بەڵام بەشێکی زۆری لقە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمی خوریمان، پێستەی خۆشەکراومان و، ئامێرەکانمان، ساڵانە بۆ وڵاتانی تری ئەورووپا بەبێ هیچ بەخشیشێکی حکومەت هەنارده دەکرێن و، ئەمانەش ئەو پیشەسازییانەن کە زۆرترین ژمارەی دەست بەگەڕ دەخەن. لەوانەیە پیشەسازیی ئاوریشم زۆرترین زیانی بەهۆی ئەم ئازادیی بازرگانییەوە بەرکەوێ و، دوای ئەویش پیشەسازیی کەتان دێ، ئەگەرچی ئەمەی دووەم زۆر کەمتر لەوەی یەکەمی بەر دەکەوێ.

دووەم، هەرچەندە کە بەهۆی گێڕانەوەی ئازادیی بازرگانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە یەک جار ئیشی ئاسایی خۆیان و ئامرازی بژێوییان لەدەست دەدەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێ بێبەشبوونی ئەوان لە کار و بژێوی بەدوای خۆیدا بهێنێ. بەهۆی کەمکردنەوەی سوپا و هێزی دەریاوانی، لە پاش دوایین شەڕ، زیاتر لە سەد هەزار سەرباز و دەریاوان، کە ژمارەیەکە یەکسانە بە ژمارەی ئەوانەی لە مەزنترین پیشەسازیدا کار دەکەن، هەموویان بە یەک جار لەسەر کاری ئاسایی خۆیان لادران، بەڵام، ئەگەرچی بێگومان زیانیان لێ کەوت، لەگەڵ ئەوەشدا بێبەش نەبوون لە هەموو کار و بژێوییەک. لەوانەیە زۆرترین بەشی ئەو دەریاوانانە، وردەوردە ئەوەندەی هەلیان بۆ ڕەخسا خۆیان خزاندە ناو بازرگانییەوە و، هەر لەو کاتەدا، ئەوان و سەربازەکان لەناو زۆرینەی خەڵکدا توانەوە و لە چەندان پیشەی جۆراوجۆردا کاریان دەست کەوت. ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە لە دۆخی زیاتر لە سەد هەزار کەس، کە هەموویان ئاشنای چەکداری بوون و، چەندانیان

ئاشـنای تـاڵان و بـڕۆ بـوون، نەبـووە مـایەی گرژییەکـی زۆر و، هـیچ پاشـاگەردانییەکی بەرچاوی لێ نەکەوتەوە. بەدەگمەن ئەوە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی کەسانی بێلانە لە هیچ شـوێنێکدا، تەنانەت ئەوەنـدەی مـن ئاگەدار بـم هەقدەسـتی کاریش لە هیچ پیشـەیەکدا کەمی نەکرد، مەگەر ئەوانەی دەریاوانانی بواری بازرگانی نەبێ. بەڵام ئەگەر ئێمە بەراورد لەنێـوان هەڵسـوکەوتی سـەربازێک و هەر جـۆرە پیشەسـازێکدا بکەیـن، دەبینـین ئەوەی ئەمانەی دوایی هاوشێوەی ئەوەی ئەوانەی یەکەم وا ناکەن کە نەگونجاو بن بۆ کارکردن لە پیشـەیەکی نوێـدا. پیشەسـاز وا ڕاهـاتووە بەردەوام تەنیـا لەڕێـی کـارەکەیەوە بەدوای بژێویی خۆیدا بگەڕێ، سەرباز چاوەڕوانە لەڕێی مووچەکەیەوە بەدەستی بهێنێ. یەکێکیان ئاشـنای کـارکردن و پیشەسـازییە، ئەوەی تـر ئاشـنای تەمبەڵـی و دەسـبڵاوییە. بەڵام بەدڵنیاییەوە گۆڕینی ئاراستەی پیشەسازی لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر، ئاسـانترە لە گۆڕان لە تەمبەڵی و دەستبڵاوییەوە بۆ شتی تر. هەروەهـا تێبینی کراوە کە بۆ زۆرترین بەشـی پیشەسـازییەکان پیشـەی لاوەکـی هەن کە لە سروشـتدا هاوشـێوەن و پیشـەوەر بەئاسـانی دەتوانێ پیشەی خۆی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تریـان بگۆڕێ. زۆرترین بەشـی ئەو جۆرە پیشـــەوەرانەش هەنـــدێ جـــار لە کـــاری لادێ بەگەڕ خـــراون. ئەو مـــاڵەی پێشـــتر لە پیشەسازییەکدا بەگەڕی خستوون هێشتا لە وڵاتدا ماوە و دەتوانێ ژمـارەیەکی یەکسـان لە خەڵک بەڕێگەیەکی تر بەگەڕ بخا. کە سـەرمایەی وڵات وەک خـۆی مـابێ، خواست لەسـەر کـار بەهەمـان شـێوە وەک خـۆی دەمێنـێ، یـان نزیـک لە ئاسـتی خـۆی دەبێ، ئەگەرچـی لە شوێنی تر بێ و بۆ پیشەی جیاواز بێ. لەڕاسـتیدا کـاتێ سـەرباز و دەریاوانـان لە خزمەتـی پاشا دوور خـرانەوە، ئازاد بوون لەوەی هەر کارێکی تر بکەن، لە هەر شـارۆکەیەک یـان شوێنێکی بریتانیای مەزن یان ئایرلاند. ئەو ئازادییە سروشـتییەی کـارکردن لە هەر جۆرە پیشـەیەکدا کە پێیـان خۆشـە، کە بۆ هەمـوو ڕەعیەتـی خـاوەن شـکۆیە، بەهەمـان شـێوە بۆ سـەربازان و دەریاوانانیشـە، واتە تێکشـکاندنی ئیمتیـازە تایبەتەکـانی گردبوونەوەکـان و، هەڵوەشاندنەوەی یاسای مەشقی پیشەیی، کە هەردووکیان پێشێلکردنی ئازادیی سروشـتی بـوون و، سـەرباری ئەمـانەش، هەڵوەشـاندنەوەی یاسـای نیشـتەجێبوون وای کـرد کاتێـک پیشـەوەرێکی هەژار کە لە کارێـک دەرکـرا چ لە پیشـەیەک یـان لە شـوێنێک، بـۆی هەیە بەدوای پیشـەیەکی تـر یـان شـوێنێکی تـردا بـگەڕێ بەبـێ تـرس لە تاوانبـارکردن یـان لە دەرکردن و، نە خەڵک بەگشتی و نە تاکەکان چی تر، زیاتر لە سەربازەکان، زیانی زۆریـان پێ ناگا بەهۆی نەمانی هەندێ پۆلی دیاریکراوی پیشەسازییەوە. بێگومـان پیشەسـازانمان

چاکەیان بۆ وڵاتەکەیان هەیە، بەڵام هەرگیز زیاتر نییە لەوەی ئەو کەسانەی بە خوێنی خۆیان بەرگریی لێ دەکەن و، شایانی مامەڵەی باشتر لەوان نین.

لەڕاستیدا چاوەڕوانکردنی گەڕاندنەوەی تەواوی ئازادیی بازرگانی لە بریتانیای مەزندا، هاوشێوەی چاوەڕوانکردنی دامەزراندنی ئۆشینا یان یوتۆپیایەک، پووچە. نەک تەنیا حوکمی پێشوەختەی کۆمەڵ، بەڵکو لەوە نەبەزتر، بەرژەوەندی تایبەتی تاکێکی زۆر، دژی ئەمەیە. ئەگەر ئەفسەرانی سوپا بەهەمان گوڕ و یەکدەنگییەوە دژی کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانیان بوەستایەن، وەک ئەوەی خاوەن پیشەسازییەکان دژی هەموو یاسایەک کە ئەگەری زیادکردنی ململانێکەرانیانی لە بازاڕ لێ دەکرا کردیان، ئەوانەی یەکەم سەربازەکانی خۆیان بەهەمان شێوەی ئەوانەی دووەم کرێکارانی خۆیان تاو دا، بجووڵاندایە، بۆ ئەوەی بە توندوتیژی و تووڕەییەوە هێرش بکەن و پێشنیازکەرانی ئەو جۆرە یاسایە قایل بکەن، ئەوە کەمکردنەوەی سوپا مەترسیدار دەبوو وەک مەترسیی هەوڵی کەمکردنەوەی هیچ لایەنێکی ئەو قۆرخکارییەی پیشەسازانمان لە دژی ئێمە بەدەستیان هێناوە. ئەم قۆرخکارییە ئەوەندە هەندێ تیرەی دیاریکراوی ئەوانی زیاد کرد کە، وەک سوپایەکی نیزامیی زەبەلاح، لە بەرامبەر حکومەتدا گەورە بوون و، لە چەند بۆنەیەکدا دەسەڵاتی یاسادانانیان دەترساند. ئەندامێکی پەرلەمان کە پشتیوانیی هەموو پێشنیازێکی بەهێزکردنی ئەم قۆرخکارییە دەکا، دڵنیایە لەوەی نەک تەنیا وەک شارەزایەک لە بازرگانی ناوبانگ دەردەکا، بەڵکو دەبێتە خاوەن جەماوەرێکی گەورە و دەسەڵات لەنێوان پۆلێکی خەڵکیشدا کە ژمارە و سامانی زۆریان گرنگییەکی زۆریان پێ دەدەن. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر دژیان بێ و ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێ کە ڕێگریيان لێ بکات، ئەوە نە دانپێدانراوترین ڕاستگۆیی، نە بەرزترین توێژ، نە زۆرترین خزمەتگوزاریی گشتی ناتوانن لە مامەڵەی خراپ و ناوزڕاندن و سووکایەتیپێکردن و، هەندێ جار لە مەترسیی ڕاستەقینەی سەرچاوەگرتوو لە تووڕەیی بێچاووڕووانەی قۆرخکارە تووڕە و هیوابڕاوەکان، نایپارێزن.

ئەگەر خاوەنی پیشەسازییەکی گەورە، لەناکاو بەهۆی بازاڕە ناوخۆییەکانەوە ڕووبەڕووی کێبەرکێی بێگانان کرایەوە، ناچار ببێ دەست لە بازرگانییەکەی خۆی بەردا، ئەوە ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبێتەوە. لەوانەیە ئەو بەشەی سەرمایەکەی کە بۆ کڕینی کەرەستە و هەقدەستی کارگەرەکانی تەرخانی دەکرد، بەبێ ئاستەنگێکی زۆر، ڕێگەی تر بۆ بەکارهێنانی بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو بەشەی کە لە کارگەدا جێگیرە و، ئامێر و کەلوپەلی پیشەسازییە، بەدەگمەن بەبێ زیانی زۆر لەکۆڵ دەبێتەوە. لەبەر ئەوە دادوەری دەخوازێ

که گۆڕانکاریی لەم جۆرە هەرگیز لەناکاو نەبێ، بەڵکو لەسەرخۆ و وردەوردە و، دوای ماوەیەکی زۆر لە ئاگەدارکردنەوە بێ. یاسادانەر، لەو شوێنەدا کە دەکرێ بەردەوام گفتوگۆکانی بەرەوڕووی ئاراستە بکات، بە پێداگریی بەدەنگەدەنگی بەرژەوەندی بەشەکی نا، بەڵکو بە بینینێکی فرەوانی بۆ بەرژەوەندی گشتی، دەبێ بەم پێیە، تەواو وریا بێ نەبادا قۆرخکارییەکی نوێ لەم جۆرە بێتە کایەوە و، نە ئەو قۆرخکارییانەشی کە هەن فرەوانتر بن. هەموو یاسایەکی لەم جۆرە دەبێتە مایەی دروستبوونی جۆرێک لە پاشاگەردانیی ڕاستەقینە لە دامەزراوەی دەوڵەتدا، کە دواتر ڕاستکردنەوەی بەبێ پاشاگەردانییەکی تر کارێکی سەخت دەبێ.

کاتێک کە دەچمە سەر باسی باجەکان، باسی ئەوە دەکەم تا چەند گونجاوە باج بخرێتە سەر کاڵای بیانی، نەک بۆ ڕێگری لە هاوردەکرجیهانن، بەڵکو بۆ پەیداکردنی داهات بۆ حکومەت. ئەو باجانەی بەمەبەستی ڕێگری، یان تەنانەت کەمکردنەوەی هاوردەکردنن، بێگومان هاوشێوەی باجەکانی سەر ئازادیی بازرگانی ڕووخێنەرن.

بەشی سێیەم
کۆت و بەندی نائاسایی سەر هاوردەکردنی نزیکەی هەموو جۆرە کالآیەکی ئەو وڵاتانەی کە پێشبینی دەکرێ بالآنسی بازرگانی لەگەڵیاندا زیانبەخش بێ

کەرتی یەکەم
نەگونجاویی ئەو کۆت و بەندانە تەنانەت لەسەر بنەمای سیستمی بازرگانیش

سەپاندنی کۆت و بەندی نائاسایی بەسەر ئەو وڵاتانەدا کە هاوردەکردنی نزیکەی هەموو جۆرە کالآیەکیان پێشبینیی ئەوەی لێ دەکرێ لەڕووی بالآنسی بازرگانییەوە زیانبەخش بێ، دووەمین ڕێگەیە کە سیستمی بازرگانی پێشبینی دەکا بەهۆیەوە بڕی زێڕ و زیو زیاد ببێ. بەم شێوەیە لە بریتانیای مەزن، لەوانەیە گیای سیسیلیا بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی هاوردە بکرێ بەرامبەر بە باجی دیاریکراو. بەڵام قەدەخەیە کوتاڵ و گیای فرانسە هاوردە بکرێن، بۆ بەندەری لەندەن نەبێ، کە لەوێ بۆ هەناردەکردن کۆگە دەکرێن. باجی زۆرتر بەسەر شەرابی فرانسەییدا سەپێنراوە زیاتر لەوەی بەسەر شەرابی پۆرتوگالی، یان لەڕاستیدا هەر وڵاتێکی تردا، سەپێنراوە. لەڕێی ئەوەوە کە بە باجی ١٦٩٢ ناسراوە، دەبێ لەسەدا بیست و پێنجی نرخ یان بەها وەک باج لەسەر هەموو کالآیەکی فرانسەیی بدرێ، لە کاتێکدا باجی سەر کالآی وڵاتانی تر، یان بەشی زۆریان، زۆر لەوە کەمترن و بەدەگمەن لە لەسەدا پێنج زیاترن. لەڕاستیدا شەراب، براندی، خوێ و سرکەی فرانسەیی هەڵاوێرد کراون، ئەم کالآیانە باجی تری قورسیان لەسەرە بەپێی یاسای تر، یان بەپێی برگەی تایبەت لەم یاسایەدا. لە ساڵی ١٦٩٦دا، باجێکی تری لەسەدا بیست و پێنجی، پێیان وا بوو ئەوەی یەکەم بەس نییە بۆ ورەشکاندن، زیاد کرا و خرایە سەر هەموو کالآیەکی فرانسەیی، جگە لە براندی و، هاوکات باجێکی بیست و پێنج پاوەنی خرایە سەر هەر تۆنێک شەرابی فرانسەیی و، یەکێکی پانزە پاوەنی خرایە سەر هەر تۆنێک سرکەی فرانسەیی. کالآکانی فرانسەیی هەرگیز لە یارمەتییە گشتییەکان، یان باجە لەسەدا پێنجییەکان نەبەخشران، کە بەسەر هەمووان‌دا سەپێنرابوون، یان بەسەر زۆربەی ئەو کالآیانەدا سەپێنرابوون کە لە کتێبی نرخەکاندا ناویان هاتووە. ئەگەر لێکیان بدەینەوە دەکرێ، پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕەی ئێستا، لەسەدا هەفتا و پێنج بە کەمترین باجی سەر

زۆربەی ئەو کاڵایـانە دابنێـین کە لەسـەر بەرهەم یـان شـتی دروسـتکراوی فڕانسـەییدا هەبوون. ئەم باجانە لەسەر زۆربەی کاڵاکان یەکسان بوو بە قەدەخەکردن. من بڕوام وایە کە فڕانسەییەکانیش لەلای خۆیانەوە بەهەمان گرژییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کاڵا و بەرهەمە پیشەسـازییەکانی ئـێمەدا کـردووە، هەرچەنـدە زانیـاریی تەواوم لەبەر دەسـت نیـیە لەو ڕووەوە. ئەو کـۆت و بەنـدە هاوبەشـانە کۆتاییـان بە نـزیکەی هەمـوو بازرگـانییەکی دادوەرانەی نێـوان ئەم دوو گەلە هێنـا و، ئێسـتا قاچاخچییەکـان هاوردەکـاری بنەڕەتیـی کاڵاکانی بریتانیان بۆ فڕانسە، یان کاڵاکانی فڕانسە بۆ بریتانیای مەزنن. ئەو بنەمایانەی من لە بەشـی پێشـوودا تـاوتوێم کـردن، سـەرچاوەیان لە بەرژەوەنـدی تـایبەت و ڕۆحـی قۆرخکـارییەوە گرتبـوو، ئەمانەشـی لەم بەشـەدا تاوتوێیـان دەکەم، سـەرچاوەکەیان دەمارگیری و دوژمنداریی نەتەوەییە. بەو پێیە و، وەک پێشبینی دەکرێ، زۆر نالۆجیکیترن. ئەوانە، تەنانەت بەپێی بنەماکانی سیستمی بازرگانیش، هەر وان.

یەکەم، ئەگەرچی گومانی تێدا نەبوو لە بازرگانیی ئازادی نێوان فڕانسە و ئینگلتەرەدا، بـۆ نمـوونە، باڵانسـەکە بەلای فڕانسـەدا دەشـکێتەوە، بەڵام ئەوە بەهـیچ شـێوەیەک ئەوە ناگەیەنێ کە بەردەوامیی ئەو بازرگانییە سوودی بۆ ئینگلتەرە نابێ، یان باڵانسـی گشـتیی بازرگانییەکەی تەواو دژ بەو دەشکێتەوە. ئەگەر شەرابی فڕانسە لەوەی پۆرتوگال باشتر و هەرزانتر بێ، یان کوتاڵی کەتانی لەوەی ئەڵمانیا باشتر و هەرزانتر بێ، ئەوە بۆ بریتانیای مەزن بەسوودترە شـەراب و کەتـانی بیانی لە فڕانسـە بکڕێ نەک لە پۆرتوگـال و ئەڵمانیـا. ئەگەرچی بەو شـێوەیە بەهـای هـاوردەکردنی سـاڵانە لە فڕانسـەوە زۆر زیـاتر دەبـێ، بەڵام بەهـای تەواوی هـاوردەکردنی سـاڵانە کەم دەبێـتەوە، لەبەر ئەوەی هەمـان بـڕ لە کـاڵای فڕانسـەیی هەرزانترە لەوەی دوو وڵاتەکەی تر. دۆخەکە بەم شێوەیە دەبێ، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو کاڵا فڕانسـەییانەی هاوردە دەکرێن لە بریتانیای مەزندا بەکار ببرێن.

بەڵام، دووەم، لەوانەیە بەشـێکی زۆریـان دووبـارە هەنـاردە بکرێن بـۆ وڵاتـانی تـر، کە لەوێ بەقازانجەوە دەفرۆشرێن و، لەوانەیە داهاتێکیان لێ بکەوێتەوە لە بەهادا یەکسـان بێ بە تێچووی هەموو کاڵا فڕانسەییە هاوردەکراوەکان. ئەوەی زۆر جاران لەبارەی بازرگانیی هینـدی ڕۆژهەڵاتەوە دەگـوترێ لەوانەیە لەبـارەی فڕانسەشـەوە ڕاسـت بـێ. کە هەرچەنـدە زۆرتـرین بەشـی کاڵاکـانی هینـدی ڕۆژهەڵات بە زێـڕ و زیـو دەکـڕدرێن، دووبـارە هەناردەکردنی بەشێکیان بۆ وڵاتانی تر زێڕ و زیوی زیاتر لەوە دەهێنێتەوە کە بە هەمووی دراون. یەکێک لە گرنگترین لقەکانی بازرگانیی هۆڵاند، لەم سـەردەمەدا، بریتییە لە بردنی کـاڵای فڕانسـە بـۆ وڵاتـانی تـری ئەورووپـا. هەنـدێ لەو شـەرابە فڕانسـەییەی لە بریتانیـای

مەزندا دەخورێتەوە بەدزییەوە لە هۆلاند و زیلاندەوە هاوردە دەکرێ. ئەگەر بازرگانییەکی ئازاد لەنێوان فرانسە و ئینگلتەرەدا هەبووایە، یان ئەگەر کالای فرانسەیی بەرامبەر بە هەمان باجی سەر کالای تری ولاتانی ئەورووپا هاوردە بکرایە، بۆ ئەوەی هەناردە بکرێنەوە، لەوانە بوو ئینگلتەرە پشکێکی هەبووایە لە بازرگانییەک کە دیارە بۆ هۆلاند بەسوودە.

سێیەم و کۆتایی، هیچ پێوەرێکی دیاریکراو نییە دیاریی بکات ئەوەی کە پێی دەڵێن بالانسی نێوان دوو ولات، بە کام لادا دەشکێتەوە، یان کامیان زۆرترین بەها هەناردە دەکا. دەمارگیریی نەتەوەیی و دوژمنایەتی، کە پاڵنەرەکەیان بەگشتی بەرژەوەندی تایبەتی هەندێ بازرگانە، ئەو بنەمایانەن کە بەگشتی هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکان ئاراستە دەکەن. بەلام دوو پێوەر هەن کە زۆربەی جاران لەم دۆخانەدا داوا کراون، تۆمارەکانی خانەی گومرک و ڕێڕەوی ئالوگۆڕکردن. من بڕوام وایە تۆمارەکانی خانەی گومرک، کە ئێستا بەگشتی ددانپێدانراون، پێوەرێکی زۆر ناڕوونن، لەبەر نەبوونی وردی لە خەملاندن، کە بەهۆیانەوە بەشی زۆری کالاکان هەڵسەنگانجیهانن بۆ دەکرێ. لەوانەیە ڕێڕەوی ئالوگۆڕکردنیش بەهەمان شێوە بێ.

کاتێک کە ئالوگۆڕی نێوان دوو شوێن، وەک لەندەن و پاریس، یەکسان دەبێ، دەگوترێ ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی قەرزەکانی لەندەن لەسەر پاریس بە قەرزەکانی پاریس لەسەر لەندەن قەرەبوو دەکرێنەوە. بەپێچەوانەشەوە، کاتێک کە زیادەیەک لە لەندەن بۆ قەرزێک لەسەر پاریس دەدرێ، دەگوترێ کە ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی قەرزەکانی لەندەن لەسەر پاریس قەرەبووی قەرزەکانی پاریس لەسەر لەندەن ناکەنەوە و، پێویستە ئەو بالانسە بە پارە بۆ شوێنی دووەم ڕەوانە بکرێ، لەبەر مەترسی و گرفت و تێچووی ئەو هەناردەکردنەش، پێویستە زیادەیەک داوا بکرێ و بدرێ. بەلام دەڵێن دۆخی ئاسایی قەرز و متمانە لەنێوان ئەو دوو شارەدا پێویستە ڕێک بخرێ، لەڕێی ڕێڕەوی ئاسایی مامەڵەکانیان بەیەکەوە. کاتێک کە هیچ یەکێکیان ئەوەندە لەوەی ترەوە هاوردە ناکا کە بۆی هەناردە دەکا، قەرز و متمانەکانی هەر یەکێکیان لەوانەیە قەرەبووی یەکتر بکەنەوە. بەلام کاتێک یەکێکیان بڕێکی زیاتر لەوەی ترەوە هاوردە بکات زیاتر لەوەی بۆی هەناردە دەکا، ئەوەی یەکەم بەبڕێکی زیاتر لەوەی دووەم قەرزاری دەبێ و، پێویست دەبێ پارە لەو شوێنەوە ڕەوانە بکرێ کە قەرزەکانی لە متمانەکەی زیاترن. لەبەر ئەوە، ڕێڕەوی ئاسایی ئالوگۆڕ، دەبێتە ئاماژەیەک بۆ دۆخی ئاسایی قەرز و متمانە لەنێوان دوو شوێندا، دەبێ

بەهەمان شێوەش ببێتە ئاماژە بۆ دۆخی ئاسایی هەنارده و هاوردەیان، کە ئەمانە وەکو پێویستییەک ئەو دۆخە ڕێک دەخەن.

هەرچەندە کە دەبێ دۆخی ئاسایی ئاڵوگۆڕ ڕێگەی پێ بدرێ ببێتە ئاماژەیەکی گونجاو بۆ دۆخی ئاسایی قەرز و متمانە لەنێوان هەر دوو شوێنێکدا، ئەوە لەوێوە نییە کە باڵانسی بازرگـــانی لە بەرژەوەنـــدی ئەو شـــوێنەیە کە دۆخـــی ئاســـایی قەرز و متمـــانە لە بەرژەوەنـدیەتی. دۆخـی ئاسـایی قەرز و متمـانە لەنێـوان هەر دوو شـوێنێکدا بەردەوام بەتەواوی لەڕێـی دۆخـی ئاسـایی مامەڵەکانیـان بەیەکەوە ڕێـک نەخـراوە، بەڵکـو زۆرتـر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی مامەڵەی هەر یەکێکیان لەگەڵ شوێنانی تر. بۆ نموونە، ئەگەر باو بێ بۆ بازرگانانی ئینگلتەرە ئەو کاڵایانەی لە هـامبۆرگ، دانزیـگ، ریگـا، هتـد دەیـانکڕن بە کۆمپیالە لەسەر هۆڵاند بیانکڕن، ئەوە دۆخی ئاسـایی قەرز و متمانەی نێوان ئینگلتەرە و هۆڵاند بەتەواوی لەڕێی دۆخی ئاسایی مامەڵەکانی ئەو دوو وڵاتە بەیەکەوە ڕێک ناخرێ، بەڵکـو دەکەونە بەر کـاریگەریی مامەڵەکـانی ئینگلـتەرە لەگەڵ شـوێنانی تـردا. لەوانەیە ئینگلتەرە ناچار ببێ ساڵانە پارە بۆ هۆڵاند بنێرێ، ئەگەرچی هەناردەی ساڵانەی بۆ ئەو وڵاتە لەوانەیە زۆر زیاتر بێ لە بەهای ساڵانەی هاوردەکانی لەوێوە و، هەرچەندە ئەوەی پێی دەڵێن باڵانسی بازرگانی زۆر لە بەرژەوەندی ئینگلتەرە بێ.

هەروەها، بەو شێوەیەی کە تا ئێستا یەکسانیی ئاڵوگۆڕکردنی پێ ژمێرراوە، دۆخی ئاسایی ئاڵوگۆڕ ناتوانێ ئاماژەیەکی گونجاو پێشکەش بکات کە دۆخی ئاسایی قەرز و متمانە لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتە دەبێ کە لەوە دەچێ، یان پێشبینی دەکرێ، دۆخی ئاسایی ئاڵوگۆڕ لە بەرژەوەندی ئەو بێ، یان بە دەربڕینێکی تر، لەوانەیە ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە و، لەڕاستیدا، زۆربەی جاران زۆر جیاواز بێ لەوەی دەژمێررێ، کە لە ڕێرەی ئەوەی تردا ناکرێ هیچ ئەنجامێکی لێ بەدەست بێ کە لە زۆر ڕووەوە پەیوەندیی بەوەی ئەوەی یەکەمەوە هەبێ.

کاتێک کە بڕە پارەیەک لە ئینگلتەرە دەدرێ، بەپێی ستاندارەکانی مینتی ئینگلیزی، ژمارەیەکی دیاریکراو ئۆنسی زیوی خاوێن لەخۆی دەگرێ، تۆ لە بەرامبەردا کۆمپیالەیەک وەردەگرێ بەو پارەیەی کە دەبێ لە فەرانسە بدرێ، کە بەپێی ستاندارەکانی مینتی فەرانسەیی، ژمارەیەکی یەکسان ئۆنس زیوی خاوێنی تێدایە، دەڵێن کە ئاڵوگۆڕ لەنێوان ئینگلتەرە و فەرانسە یەکسانە. کاتێک کە زیاتر دەدەی، پێشبینی دەکرێ کە تۆ زیادەیەک بدەی، دەڵێن کە ئاڵوگۆڕ دژ بە ئینگلتەرە لە بەرژەوەندی فەرانسەیە. کاتێکیش کەمتر دەدەی،

پێشبینی دەکرێ زیادەیەک وەرگری، دەڵێن ئاڵوگۆڕ دژی فڕانسەیە و لە بەرژەوەندی ئینگلتەرەیە.

بەڵام، یەکەم، ناتوانین بەردەوام لەڕێی ستانداری مینتەکانی خۆیانەوە حوکم لەسەر بەهای پارەی وڵاتانی جیاجیا بدەین. هەندێ لەو پارانە زۆر تا کەم شڕ بوونە، تێک چوونە و، بەهایان دابەزیوە و چووەتە خوار بەها ستاندارەکەوە. بەڵام بەهای دراوی کانزایی ئێستای هەموو وڵاتێک، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی تر، هاوڕێژە نییە لەگەڵ بڕی ئەو زیوە خاوێنەی کە دەبێ تیایدا بێ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە بەڕاستی تیایەتی. پێش چاککردنی دراوی زیوینمان لە سەردەمی شا ویلیەم، وا باو بوو ئاڵوگۆڕی نێوان ئینگلتەرە و هۆڵاند، بەپێی ستانداری مینتەکانیان بێ و، لەسەدا بیست و پێنج دژ بە ئینگلتەرە بوو. بەهای دراوی ئێستای ئینگلتەرە، وەک لە بەڕێز لاوندزەوە حاڵی دەبین، ئەو کاتە زیاتر لە لەسەدا بیست و پێنج لە خوار بەها ستانداردەکەیەوە بوو. بۆیە ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە، لەوانەیە لەو کاتەشدا لە بەرژەوەندی ئینگلتەرە بووبێ، ئەگەرچی ئاڵوگۆڕی حسێبکراو زۆر لە دژی نەبووە، ژمارەیەکی کەمتر ئۆنسی زیوی خاوێن کە بەڕاستی لە ئینگلتەرە درابێ لەوانەیە کۆمپیالەیەکی پێ کڕابێ بە ژمارەیەکی زیاتر ئۆنسی زیوی خاوێن کە دەبێ لە هۆڵاند بدرێن و، ئەو کەسەی پێشبینی دەکرا زیادە بدات لەڕاستیدا زیادە وەردەگرێ. دراوی فڕانسەیی، پێش چاکسازییەکەی دوایی دراوی زێڕی ئینگلتەرە، کەمتر لەوەی ئینگلتەرە ڕزیبوو و، لەوانەیە بە لەسەدا دوو یان سێ لە ستاندارەکەی خۆی نزیک بووبێ. بۆیە، ئەگەر ئاڵوگۆڕ لەگەڵ فڕانسە حسێب بکرێ، تەنیا دوو یان سێ لەسەد دژ بە ئینگلتەرە بووبێ، لەوانەیە ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە دژی ئەو بووبێ. لە کاتی چاککردنەوەی دراوی زێڕ، ئاڵوگۆڕەکە بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرژەوەندی ئینگلتەرە، دژ بە فڕانسە بووە.

دووەم، لە هەندێ وڵاتدا، تێچووی لەسکەدان لەسەر حکومەتە، لە هەندێکی تر، لەسەر خەڵکی ئاساییە ئەوانەی دارشتەکانیان بۆ مینت دەبەن و، حکومەت تەنانەت قازانجیش لەو لەسکەدانە دەکا. لە ئینگلتەرە، ئەرکەکە لەسەر حکومەتە و، ئەگەر تۆ کێشی یەک پاوەن زیوی ستاندار بۆ مینت ببەی، لە بەرامبەردا بیست و شەش شیلن وەردەگری، کە کێشی یەک پاوەن زیوی ستانداری تێدایە. لە فڕانسە باجێکی لەسەدا هەشتی لە بەرامبەر لەسکەدانەکە دەبڕن، کە نەک تێچووەکەی بگرە داهاتێکی کەمیشی بۆ حکومەت تێدایە. لە ئینگلتەرە، کە لەسکەدان هیچی تێ ناچێ، دراوی ئێستا هەرگیز ناتوانێ بەهادارتر بێ لە بڕی ئەو دارشتەیەی کە بەڕاستی تێیدایە. لە فڕانسە، پیشەگەری، کە تۆ پارەی بۆ دەدەی، بەهایەک بەهەمان شێوە دەخاتە سەر پانکە دەسیکردەکان. لەبەر ئەوە، بڕێک پارەی فڕانسەیی، کە کێشێکی دیاریکراو زیوی خاوێنی تێدایە، دەبێ دارشتە یان کاڵای زیاتری

پێویست بێ، بۆ ئەوەی بکرێ. کەواتە هەرچەندە دراوی ئێستای هەردوو وڵات، وەکو یەک نزیک لە ستاندارەکانی مینتەکانیان بن، بڕێک پارەی ئینگلیزی ناتوانێ بەئاسانی بڕێک پارەی فرانسەیی بکڕێ کە هەمان ژمارە ئۆنسی زیوی خاوێنی تێدایە، لە ئاکامیشدا ناتوانێ کۆمپیالەیەکی قەرز لەسەر فرانسە بکڕێ بەو بڕە. ئەگەر بۆ کۆمپیالەیەکی لەو جۆرە پارەی زیاتر لەوە نەدرێ کە قەرەبووی تێچووی لەسکەدانی پارەی فرانسە بکاتەوە، لەوانەیە ئاڵوگۆڕی راستەقینە لەنێوان دوو وڵاتەکەدا یەکسان بێ، لەوانەیە قەرز و متمانەکانیان بە هاوبەشی قەرەبووی یەکتر بکەنەوە، لە کاتێکدا کە ئاڵوگۆری حسێبکراو زۆر لە بەرژەوەندی فرانسە بێ. ئەگەر لەمە کەمتر بدرێ، لەوانەیە ئاڵوگۆڕی راستەقینە لە بەرژەوەندی ئینگلتەرە بێ، لە کاتێکدا کە حسێبکراوەکە لە بەرژەوەندی فرانسە بووە.

سێیەم و کۆتایی، لە هەندێ شوێندا، وەک ئەمستردام، هامبۆرگ، ڤینیسیا، هتد کۆمپیالەی بیانی بەوە دەدرێ کە پێی دەڵێن پارەی بانک، لە کاتێکدا لە شوێنانی تر، وەک لەندەن، لیشبۆن، ئەنتوێرپ، لیگهۆرن، هتد، بە پارەی ئاسایی ئەو وڵاتە دەدرێن. ئەوەی پێی دەڵێن پارەی بانک بەردەوام بەهایان زیاترە لە هەمان بڕە پارەی هێمایی بەهەمان دراو. هەزار گیڵدەر لە بانکی ئەمستردام، بۆ نموونە، بەهایان زیاترە لە هەزار گیڵدەر بە دراوی ئەمستردام. ئەو جیاوازییەی نێوانیان پێی دەگوترێ دەڵاڵانەی بانک، کە لە ئەمستردام، بەگشتی نزیکەی لەسەدا پێنجە. ئەگەر وای دابنێین کە پارەی ئێستای هەردوو وڵات نزیکەی یەکسانن بە ستانداری مینتەکانیان و، یەکێکیان کۆمپیالە بیانییەکان بەم پارە ئاساییە دەدا، ئەوەی تریش بە پارەی بانک دەیدا، ئاشکرایە کە ئاڵوگۆڕی حسێبکراو لەوانەیە لە بەرژەوەندی ئەوەیان بێ کە بە پارەی بانک دەیدا، ئەگەرچی ئاڵوگۆڕی راستەقینە دەبێ لە بەرژەوەندی ئەوەیان بێ کە بە پارەی ئێستا دەیدا، لەبەر هەمان هۆ ئاڵوگۆڕی حسێبکراو لەوانەیە لە بەرژەوەندی ئەوەیان بێ کە بە پارەی باشتر دەیدا، یان بە پارەیەک دەیدا کە نزیکە لە ستاندارەکەی خۆی، هەرچەندە کە دەبێ ئاڵوگۆڕی راستەقینە لە بەرژەوەندی ئەوەیان بێ کە بە پارەی خراپتر دەیدا. ئاڵوگۆڕی حسێبکراو، پێش دوایین چاککردنەوەی پارەی زێڕ، بەگشتی دژی لەندەن بوو لەگەڵ ئەمستردام، هامبۆرگ، ڤینیسیا، و، من بڕوام وایە، لەگەڵ هەموو ئەو شوێنانەی تر کە بەوە دەیدەن کە پێی دەڵێن پارەی بانک. بەڵام، بەهیچ شێوەیەک، ئاڵوگۆڕی راستەقینە لە دژی ئەو نەبوو. لە کاتی چاککردنەوەی دراوی زێڕەوە، تەنانەت لەگەڵ ئەو شوێنانەشدا لە بەرژەوەندی لەندەن بوو. ئاڵوگۆڕی حسێبکراو بەگشتی لە بەرژەوەندی لەندەن بوو لەگەڵ لیشبۆن، ئەنتوێرپ، لیگهۆرن و، ئەگەر فرانسەی لێ دەرکەی، من بڕوام وایە لەگەڵ زۆربەی بەشەکانی تری ئەورووپاش کە بە پارەی ئاسایی دەیدەن، هەروەها لەوانەیە ئاڵوگۆڕی راستەقینەش بەم شێوەیە بووبێ.

بابەتێکی پەیوەست بە بانکەکانی سپاردن، بەتایبەتی ئەوەی ئەمستردام

پارەی دەوڵەتێکی مەزنی وەک فڕانسە یان ئینگلتەرە، بە گشتی لە نزیکەی هەموو دراوە کانزاییەکانی پێک دێ. لەبەر ئەوە، ئەگەر ئەو پارەیە، هەر کاتێک ڕزی، شکا، یان بەهای دابەزییە خوار بەهای ستانداری خۆی، دەوڵەت لەڕێی چاکسازییەکی دراوەکەیەوە دەتوانێ کاریگەرانە دووبارە پارەکەی خۆی بنیات بنێتەوە. بەڵام پارەی وڵاتێکی بچووک، جەنەوا یان هامبۆرگ، بەدەگمەن دەتوانێ هەموو دراوە کانزاییەکانی خۆی لەخۆ بگرێ، بەڵکو دەبێ بەزۆری لە دراوی هەموو وڵاتانی دراوسێ کە هاووڵاتییانی لە تێکەڵاویی بەردەوامن لەگەڵیاندا پێکی بهێنێ. بۆیە، ئەم جۆرە وڵاتانە، ناتوانن بەردەوام لەڕێی پێکهێنانەوەی دراوی خۆیانەوە، پارەی خۆیان چاک بکەنەوە. ئەگەر لیستی گۆڕینەوەی بیانی بەم پارەیە بدرێ، بەهای ناڕوونی هەر بڕە پارەیەک، کە بەسروشت ناڕوونە، بەردەوام گۆڕینەوەکە لە دژی ئەو دەوڵەتە دەشکێنێتەوە، چونکە پارەکەی لە وڵاتانی بێگانەدا بەردەوام بەهای لەخۆی کەمتری پێ دەدرێ.

بۆ پینەکردنی ئەم زیانەی لە کاتی ئاڵوگۆڕی بێسووددا بازرگانەکانیان دەکاتە ئامانج، ئەو وڵاتە بچووکانە، کاتێک کە بیانەوێ سوود لە بازرگانی وەرگرن، زۆربەی جاران یاسا دەردەکەن بۆ ئەوەی کۆمپیالەکانی بیانی نابێ بە پارەی باو بدرێنەوە، بگرە بە داواکردنێکیان یان بەگواستنەوەیان لە ڕێی تۆماری بانکێکی دیاریکراوەوە، کە لەسەر متمانە دامەزراوە و، دەوڵەت پارێزگاریی لێ دەکا، ئەم بانکە بەردەوام پابەندە بەوەی، بەپارەی باش و ڕاستەقینە، بەپێی ستاندارەکانی دەوڵەتەکە پارەکان بداتەوە. لەوە دەچێ بانکەکانی ڤینیسیا، جەنەوا، ئەمستردام، هامبۆرگ و، نورمبێرگ لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم بنەمایە دامەزرابن، هەرچەندە هەندێکیان دواتر ملیان دایە بەر مەبەستی تر. پارەی ئەو جۆرە بانکانە کە باشترن لە پارەی گشتیی وڵات، وەک پێویستییەک دەڵاڵانەیەکیان لەسەرە، کە بەپێی زۆری و کەمیی دابەزینی پارە گشتییەکە بۆ خوار ستاندارەکانی دەوڵەت کەم و زیاد دەبێ. بۆ نموونە، دەڵاڵانەی بانکی هامبۆرگ، کە بەگشتی وەک دەڵێن لەسەدا چواردە بووە، جیاوازیی پێشبینیکراوی نێوان پارەی ستانداری باشی دەوڵەتەکە و، ئەو پارە ڕزیو و تێکشکاوەیە کە لە وڵاتانی دراوسێوە دەهاتنە ناو وڵاتەکەوە.

پێش ساڵی ١٦٠٩، بڕی زۆری پارەی ڕزیو و تێکشکاو کە بەهۆی بازرگانیی فرەوانی ئەمستردامەوە لە هەموو بەشێکی ئەورووپاوە دەهێنرانە ئەوێ، بەهای پارەی ئەمستردام بەڕێژەی لەسەدا نۆ دابەزییە ژێر بەهای پارەی باش و نوێی مینتەوە. ئەو جۆرە پارەیە هەر کە دەردەکەوت یان دەتوێنرایەوە یان بۆ دەرەوە دەبرا، وەک بەردەوام لەو

هەلومەرجانەدا ڕوو دەدا. ئەو بازرگانانەی پارەی زۆریان هەبوو، بەردەوام پارەیەکی باشیان لەبەر دەستدا نەبوو کە بەشی دانەوەی کۆمپیالەکانیان بکات و، بەهای ئەو کۆمپیالانە، سەرباری چەندان یاسای ڕێگر لەوە، زۆر ناڕوون دەبوو.

بۆ چارەسەری ئەم ناڕێکییە، لە ساڵی ١٦٠٩دا بانکێک دامەزرا کە شارەکە دڵنیایی بۆ دەستەبەر دەکرد. ئەم بانکە دراوی بیانی و، دراوی سووک و ڕزیوی وڵاتەکەی بە بەهای ڕاستەقینەی پارەی باشی ستانداری وڵات وەردەگرت، تەنیا پارەی تێچووی لەسکەدانەوەی لێ دەبڕی لەگەڵ تێچووی تری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی خۆی. بانکەکە بەرامبەر ئەو بەهایەی دوای ئەو بڕینە دەمایەوە قەرزێکی لە تۆمارەکانی خۆی دەدا. قەرزەکە پێی دەگوترا پارەی بانک، کە پارەک بوو تەواو پابەندی ستاندارەکانی مینت بوو و، بەردەوام هەمان بەهای ڕاستەقینەی هەبوو و، لە ناوەڕۆکدا لە پارەی بەردەست بەهادارتر بوو. لە هەمان کاتدا بڕیاری دا، کە هەموو کۆمپیالەکانی لەسەر ئەمستردامن و بەهایان لە ٦٠٠ گیلدەر و بەرەو سەرەوەیە بە پارەی بانک بدرێنەوە، ئەمەش بە یەک جار هەموو ناڕوونیی بەهای لیستەکانی نەهێشت. لە ئاکامی ئەم یاسایە، هەموو بازرگانێک ناچار بوو حیسابێکی لە بانکەکەدا هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەهۆیەوە پارەی کۆمپیالەکانی بیانیی خۆی بداتەوە، ئەمەش بووە مایەی خواستێکی دیاریکراو لەسەر پارەی بانک.

پارەی بانک، لە سەرووی باڵادەستیی بەرامبەر بە پارە و، ئەو بەها زیادەیەی ئەم خواستە پێی دەدا، هەندێ سیفەتی باشی تریشی هەیە. ئەو پارەیە پارێزراوە لە سووتان، دزین و، ڕووداوگەلی تر. شاری ئەمستردام پێیەوە پابەندە. دەتوانرێ بە گواستنەوەی سادە، بەبێ ژماردن یان مەترسیی گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بدرێ. لە ئاکامی ئەم هەموو سیفەتانە، لەوە دەچێ لە سەرەتاوە دەڵاڵانەی هەبێ و، بەگشتی باوەڕێکی وا هەیە کە هەموو ئەو پارەیەی لە بنەڕەتدا لە بانک دانراوە ڕێگە دراوە لەوێ بمێنێتەوە، کەسیش داوای دانەوەی قەرزێک ناکا کە بتوانێ لە بازاڕدا بە زیادەوە بیفرۆشێ. بە داواکردنی پارەدانەوە لە بانکەکە، خاوەنی متمانە بانکییەکە ئەم زیادەیە لەدەست دەدا. وەک چۆن شیلینێکی نوێی مینت لە بازاڕدا لەوە زیاتر کاڵا ناکڕێ کە شیلینێکی شڕی ئاسایی دەیکڕێ، پارەی باش و ڕاستەقینە کە لەوانەیە لە قاسەی بانکەکە دەرکرێ و بکەوێتە دەستی کەسێکی ئاساییەوە و، تێکەڵ بە پارەی ئاسایی وڵات بکرێ، بەهای لەو پارەیە زیاتر نییە و لەوانەیە بەئاسانی لێی جیا نەکرێتەوە. کاتێک کە هێشتا لەناو قاسەکاندا بوو، باڵادەستیی دیار و مسۆگەر بوو. کاتێک کە کەوتە ناو پارەی خەڵکی ئاسایی، ناکرێ ئەو باڵادەستییەی بەبێ گرفت مسۆگەر بکرێ ئەوە ئەگەر شایانی ئەوە بێ. هەروەها، کە لە قاسەی بانک دێتە دەرەوە، هەموو سیفەتەکانی تری پارەی بانک لەدەست دەدا: مسۆگەربوونەکەی، گواستنەوە ئاسانەکەی، بەکارهێنانی بۆ دانەوەی کۆمپیالە بیانییەکان.

سەرباری هەموو ئەمە، ناکرێ بەبێ ئەوەی پێشوەخت پارەی هەڵگرتنەکەی بدرێ، بهێنرێتە دەرەوەی ئەو قاسانەوە.

ئەو سپاردانەی دراو، یان ئەو سپاردانەی کە بانک پابەندە بەوەی بە دراو بیانداتەوە، سەرمایەی بنەڕەتیی بانک پێک دێنن، یان تەواوی بەهای ئەوەی پارەی بانک نوێنەرایەتیی دەکا پێک دێنن. ئێستا پێشبینی دەکرێ کە تەنیا بەشێکی کەمی پێک بهێنن. بۆ ئاسانکردنی بازرگانی بە دارِشتە، بانکەکە لەم هەموو ساڵانەدا قەرزی لە تۆمارەکانی خۆی لەسەر بنەمای سپاردەکانی دارِشتەی زێڕ و زیو داوە. ئەو قەرزە بەگشتی نزیکەی لەسەدا پێنج لە خوار نرخی مینتە بۆ ئەو دارِشتانە. بانکەکە لەهەمان کاتدا ئەوە دەدات کە پێی دەگوترێ بلیت، کە بەهۆیەوە کەسی خاوەن سپاردە یان هەڵگری بلیتەکە دەتوانێ لە هەر کاتێک لە ماوەی شەش مانگ دارِشتەکە دەربێنێتەوە، بەرامبەر بەوەی بڕە پارەیەک بۆ بانکەکە بگوازێتەوە کە یەکسان بێ بەوەی قەرزەکەی پێ لە تۆمارەکانی بانکەکە، لە کاتی سپاردنەکەدا، وەرگرتووە و، ئەگەر سپاردەکە زیو بێ بەرامبەر بە لەسەدا چارەکێک لەبری هەڵگرتنی و، لەسەدا نیو ئەگەر سپاردەکە بەزێڕ بێ. بەڵام لەهەمان کاتدا ڕایدەگەیەنێ کە، لە کاتی دواکەوتنی ئەم جۆرە پارەدانە، یان کۆتاهاتنی ئەو ماوەیە، سپاردەکە دەبێتە موڵکی بانک بەو نرخەی کە لە بەرامبەری وەرگیراوە، یان کە قەرزی لە تۆمارەکانی گواستنەوە پێ وەرگیراوە. ئەوەی بەم شێوەیە لە بری هەڵگرتنی سپاردەکە دەدرێ دەشێ وەک کرێی کۆگە دابنرێ و، گەلێ هۆکاری جۆراوجۆر خراونەتە ڕوو بۆ ئەوەی کرێی کۆگە بۆ زێڕ ئەوەندە لە کرێی کۆگەکردنی زیو گرانتر بێ. دەڵێن کە دڵنیابوون لە خاوێنیی زێڕ سەختترە لە دڵنیابوون لەوەی زیو. فێڵکردن لە زێڕ ئاسانترە و، دەبێتە مایەی زیانی زیاتر لە کانزا گرانبایترەکەدا. هەروەها، زیو لەبەر ئەوەی کە کانزای ستانداره، دەڵێن دەوڵەت زیاتر هانی سپاردنی زیو دەدات نەک زێڕ.

سپاردنی دارِشتە زۆرتر لەو کاتانەدا دەبێ کە نرخەکەیان تا ڕادەیەک لە ئاستی ئاسایی کەمتر دەبێ، هەروەها کاتێک کە نرخەکەیان بەرز دەبێتەوە دەکێشرێنەوە. لە هۆڵاند، بەگشتی نرخی بازاڕیی دارِشتە بەرزترە لە نرخی مینت، لەبەر هەمان ئەو هۆیەی کە لە ئینگلتەرە پێش چاککردنی دراو وا بوو. جیاوازییەکە وەک دەڵێن بەگشتی لەنێوان شەش تا شازدە ستایڤەرە بۆ هەر مارکێک، یان هەشت ئۆنس زیو کە یانزە بەشی خاوێنە و بەشێکی ئاوێتەیە. نرخی بانک یان ئەو قەرزەی بانک بەرامبەر بە سپاردنی ئەو جۆرە زیوەی دەدات (کاتێ بە دراوی بیانی دەبێ، کە خاوێنییەکەی دیار و مسۆگەر بێ، وەک دۆلاری مەکسیکی) ٢٢ گیلدەرە بۆ هەر مارکێک. نرخی مینت نزیکەی ٢٣ گیلدەرە و، نرخی

بازاڕ لەنێوان ٢٣ گیڵدەر و شەش ستایڤەر و ٢٣ گیڵدەر و ١٦ ستایڤەرە، یان لەنێوان دوو تا سێ لەسەد لە نرخی مینت بەرزترە*. ڕێژەکانی نێوان نرخی بانک، نرخی مینت و، نرخی بازاڕیی دارشتەی زێڕیش لەمەوە نزیکن. کەسێک دەتوانێ بلیتەکەی خۆی بەرامبەر بە جیاوازیی نێوان نرخی دارشتە لە مینت و نرخی لە بازاڕ بفرۆشێ. بلیتێکی بە دارشتە، نزیکەی بەردەوام بەهایەکی هەیە و، بەدەگمەن ڕوو دەدا، کەسێک وا بکات ماوەی بلیتەکەی بەسەر بچێ، یان دارشتەکەی بەو نرخەی وەرگیراوە بکەوێتە دەستی بانکەوە، بە وەرنەگرتنەوەی پێش کۆتایی شەش مانگەکە یان بە پشتگوێخستنی دانی چارەکێک یان نیو لەسەدا بۆ وەرگرتنی بلیتێکی تر بۆ شەش مانگی تر. بەڵام ئەمە هەرچەندە ڕوودانی دەگمەنە، دەڵێن هەندێ جار ڕووی داوە و، زیاتر لە زێڕ وەک لە زیودا، بەهۆی کرێی بەرزتری کۆگەکردنی کانزا گرانباییترەکە.

***ئەمەی خوارەوە ئەو نرخانەن کە بانکی ئەمستردام ئێستا (ئەیلوولی ١٧٧٥) دارشتە و دراوی جۆراوجۆریان لە بەرامبەردا وەردەگرێ:**

زیو
دۆلاری مەکسیکی
کراونی فەڕانسەیی
دراوی زیوی ئینگلیزی ٢٢ گیڵدەر بۆ یەک مارک
دۆلاری مەکسیکی/ دراوی نوێ ١٠ ٢١
دەکەتوون ٣
دۆلاری ریکس ٨ ٢

قاڵبی (bar) زیو کە ١١ لە ١٢ زیوی خاوێنە و ٢١ بۆ مارکێکە و، بەم ڕێژەیە تا دەگاتە یەک لە چوار زیوی خاوێن، پێنج گیڵدەری پێ دەدرێ.
قاڵبی خاوێن ٢٣ بەمارکێکە.

زێڕ
دراوی پۆرتوگال
گینی
لویس دۆرسی نوێ ٣١٠ بۆ مارکێک
دیتۆی کۆن ٣٠٠
دەکاتی نوێ ٨ ١٩ ٤ بۆ دەکاتێک

قاڵب یان دارشتەی زێڕ بەپێی خاوێنییەکەی بەراورد دەکرێ لەگەڵ ئەو دراوە بیانییانەی سەرەوە. بۆ قاڵبی خاوێن بانک ٣٤٠ بۆ هەر مارکێک دەدا. بەڵام بەگشتی شتێکی زیاتر بەو دراوە دەدرێ کە خاوێنییەکەی زانراوە، لەوەی بە قاڵبی زێڕ و زیو دەدرێ کە خاوێنییەکەیان مسۆگەر نییە مەگەر بەپرۆسەی تواندنەوە و پێوانە دیاری بکرێ.

ئەو کەسەی لەڕێی سپاردنی دارشتە بە بانک متمانەی بانکی و بلیت وەردەگرێ، بە متمانە بانکییەکەی لە کاتی خۆیدا کۆمپیالەکەی دەداتەوە و، بلیتەکەی بەپێی بۆچوونی خۆی لەمەڕ بەرزبوونەوە یان دابەزینی نرخی دارشتە دەفرۆشێ یان دەیهێڵێتەوە. بلیتەکە و متمانە بانکییەکە بەدەگمەن بۆ ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە دەمێننەوە و، ڕەنگ نییە ئەوە بێ. ئەو کەسەی بلیتی هەیە و دەیەوێ دارشتەکانی بکێشێتەوە، بەردەوام متمانەی بانکیی زۆری دەست دەکەون، یان پارەی بانک بۆ ئەوەی بە نرخی ئاسایی بیانکڕێتەوە و، ئەوەی پارەی بانکی هەیە و دەیەوێ دارشتە بکێشێتە دەرەوە، بەردەوام بلیتی دەست دەکەوێ.

ئەو کەسانەی خاوەن متمانەی بانکین و، ئەوانەی بلیتیان پێیە، دوو جۆری جیاوازی قەرزدەرن لە بەرامبەر بانکدا. هەڵگری بلیت ناتوانێ دارشتە ڕاکێشێ بەبێ ئەوەی بڕێک پارەی بانکی بە بانک بداتەوە کە یەکسانە بەو نرخەی دارشتەکانی پێ وەرگیراون. ئەگەر خۆی پارەی بانکی نەبوو، دەبێ لەوانەی بکڕێ کە هەیانە. خاوەنی پارەی بانک ناتوانێ دارشتە ڕاکێشێ بەبێ ئەوەی بایی ئەو بڕەی دەیەوێ بلیت بە بانکەکە بدا. ئەگەر بلیتی نەبێ، دەبێ لەوانەی بکڕێ کە هەیانە. ئەو کەسەی بلیتێکی لەلایە، کاتێک کە پارەی بانک دەکڕێ، هێزی ڕاکێشانی بڕێک دارشتە دەکڕێ، کە نرخی مینتەکەی لەسەدا پێنج لە نرخی بانک بەرزترە. واتە دەڵاڵانەی لەسەدا پێنج کە ئەو بەگشتی لە بەرامبەردا دەیدا، بەرامبەر بە بەهایەکی خەیاڵی نییە بەڵکو بەرامبەر بە بەهایەکی ڕاستەقینە دەیدا. خاوەنی پارەی بانک، کاتێک بلیتێک دەکڕێ، هێزی دەرکردنە دەرەوەی بڕێک قاڵب دەکڕێ کە نرخە بازاڕییەکەی بەگشتی بەڕێژەی لەسەدا دوو تا سێ لەسەرووی نرخی مینتەوەیە. بۆیە ئەو نرخەی پێی دەدا، بەهەمان شێوە بە بەهایەکی ڕاستەقینەی دەدا. نرخی بلیتەکە و، نرخی پارەکەی بانک، لەنێوان خۆیاندا بەها یان نرخی تەواوی دارشتە پێک دێنن.

لەبەرامبەر سپاردەی دراوی وڵات، بانک بەهەمان شێوە بلیت و متمانەی بانکی دەدا، بەڵام زۆربەی جاران ئەو بلیتانە بێبەهان و، لە بازاڕدا هیچ نرخێک ناکەن. بۆ نموونە، لە بەرامبەر دەکەتون، کە پارەیەکە سێ گیلدەر و سێ سترایڤ دەکا، بانک تەنیا متمانەیەکی

سێ گیڵدەری دەدا، یان لەسەدا پێنج کەمتر لە بەهای خۆی. بەهەمان شێوە بلیتێک دەدا، بەهۆیەوە هەڵگرەکەی دەتوانێ تا شەش مانگ لە هەر کاتێکدا ئەو ژمارە دەکەتونەی سپێرراوە بکێشێتەوە، لەبەرامبەر چارەکێک لەسەد وەک کرێی پاراستنی. زۆربەی جاران ئەو بلیتە لە بازاڕدا پارە ناکا. سێ گیلدەر پارەی بانک بەگشتی لە بازاڕدا سێ گیڵدەر و سێ ستراێف دەکا کە تەواوی بەهای دەکەتونەکەیە، ئەگەر لە بانک بکێشرێتەوە، دەبێ لەبری پاراستنی لەوێدا لەسەدا چارەکێک بدرێ، کە تەنیا زیانە لە هەڵگری بلیتەکە دەکەوێ. لەبەر ئەوەش کە دەلالانەی بانک ئێستا بەگشتی نزیکەی لەسەدا پێنجە زۆربەی جاران لێ دەگەڕێن ماوەی ئەو جۆرە بلیتانە بەسەر بچێ، یان وەک خۆیان دەڵێن بکەوێتە لای بانکەوە. ئەو بلیتانەی بەرامبەر سپاردنی دۆکەتی زێڕ دەدرێن زیاتر لێیان دەگەڕێن بەسەر بچن، بەهۆی کرێی بەرزتری کۆگەکردنەوە، یان ئەو لەسەدا نیوەی لەبری پاراستنیان دەدرێ پێش ئەوەی بتوانرێ وەربگیرێتەوە. ئەو لەسەدا پێنجەشی بانک دەستی دەکەوێ، کاتێک کە لێدەگەڕێن سپاردەی بە دراو یان داڕشتە بکەوێتە لایەوە، لەوانەیە بە کرێی کۆگەکردنی هەمیشەیی ئەو جۆرە سپاردەیە دابنرێ.

بڕی ئەو پارانەیەی بانک کە بلیتەکانیان ماوەیان بەسەر چووە پێویستە گەلێ زۆر بن. دەبێ تەواوی سەرمایە بنەڕەتییەکەی بانکەکە بگرێتەوە، کە پێشبینی دەکرێ لە سەرەتای سپارجیهاننەوە لەوێ بەجێ مابن و، کەس نە خەمی نوێکردنەوەی بلیتەکەیەتی و نە بردنەوەی سپاردەکەی، چونکە لەبەر ئەو هۆکارانەی باس کران، ناتوانێ بەبێ زیان هیچ یەکێکیان بکات. بەڵام ئەو برە هەرچەندێک بێ، ڕێژەکەی بەرامبەر بە هەموو پارەی بانک چاوەڕوان دەکرێ زۆر کەم بێ. بانکی ئەمستردام لەم ساڵانەی دواییدا کۆگەیەکی مەزنی داڕشتەکانی ئەوروپا بوو، کە بەدەگمەن دەهێڵرا ماوەی بلیتەکانی بەسەر بچێ، یان وەک دەڵێن بکەونە لای بانکەوە. هەروەها پێشبینی دەکرێ بڕێکی زۆر زیاتر پارەی بانک یان متمانە لەسەر تۆمارەکانی بانک لەو ساڵانەدا لەم ڕێیەوە دروست بوونە کە مامەڵەکەران بە داڕشتە بەردەوام دروستیان دەکەن و ڕایاندەکێشنەوە.

بەبێ بلیت ناکرێ هیچ داوایەک لە بانک بکرێ. بچووکترین تەنی پارەی بانک، کە بلیتەکانی ماوەیان بەسەر چووە، تێکەڵ دەکرێ لەگەڵ گەورەترین تەن کە هێشتا کاری پێ دەکرێ، بۆ ئەوەی هەرچەندە کە لەوانەیە بڕێکی زۆری پارەی بانک هەبێ بەبێ بلیت، هیچ بڕێکی دیاریکراو نییە کە ئەگەری داواکردنەوەی نەبێ. ناشێ بانک بەرامبەر بە یەک شت قەرزاری دوو کەس بێ و، خاوەنی پارەی بانک ئەگەر بلیتی نەبێ ناتوانێ داوا لە بانک بکات بیداتەوە بەبێ ئەوەی بلیت بکڕێ. لە کاتی ئاسایی و ئارامدا، سەخت نییە بە نرخی

بـازاڕ یەکێکـی دەسـت بـکەوێ، کە بەگشـتی هاوتـای ئەو نـرخە بـێ کە دراوەکە یـان دارشتەکەی لە بانک دەری دەکا بۆی دەستەبەر دەکا.

لەوانەیە لە کاتی کارەساتێکی گشتیدا وا نەبێ، بۆ نموونە لە کاتی هەڵمەتێکی سەربازیدا وەک ئەوەی فرانسـەییەکان لە سالّی ١٦٧٢دا. لەو کاتانەدا هەمـوو خـاوەن پـارەیەکی بانـک پەرۆشە بۆ کێشانەوەی ئەوەی لە بانکدا هەیەتی، بۆ ئەوەی لای خـۆی هەڵیگرێ، بەمەش خواسـت لەسـەر بلیتەکـان لەوانەیە نرخەکانیـان زۆر بەرز بکـاتەوە. هەڵگـری ئەو بلیتـانە لەوانەیە بەهۆی پێشبینییەوە، لەجیاتی لەسەدا دوو یـان سـێ، داوای نیوەی پـارە بـانکییەکە بکات کە متمانەی پێ وەرگیراوە بەرامبەر ئەو سـپاردانەی بلیتەکانیان پێ دراوە. دوژمـن، کە ئـاگەدار بـوو لەوەی چـی لە بـانکەکەدا هەیە، لەوانەیە ئەویـش کرِیبێتنـی، بـۆ ئەوەی رێ بگـرێ لە چـوونەدەرەوەی ئەو گەنجینـەیە. لەم دۆخە لەناکـاوانەدا، پێشـبینی دەکـرێ کە بـانکەکە یاسـا ئاسـاییەکانی خـۆی بشـکێنێ و پـارە بەوانە بـدات کە تەنیـا هەڵگـری بلیـتن. هەڵگرانی بلیتەکان، کە پارەی بانکیان نییە، دەبێ لەنێوان دوو تـا سـێ لەسـەدی بەهـای ئەو سپاردانە وەرگرنەوە کە بلیتەکانیان پێ وەرگیراوە. بۆیە بـانکەکە، وەک دەڵێن، لەم دۆخەدا سڵ ناکا لە دانەوەی تەواوی بەهای ئەوەی خاوەن پارە بانکییەکان کە نەیـانتوانیوە بلیتیـان هەبێ و لە تۆمارەکانیاندا متمانەیان پێ دراوە، چ بەپارە یان بە دارشتە. لە هەمـان کاتیشـدا دوو تا سێ لەسەد بەوانە دەداتەوە کە بلیتیان هەیە و پارەی بانکیان نییە، کە ئەوە تەواوی ئەو بەهایەیە لەم جۆرە دۆخەدا پێشبینی دەکرێ دادوەرانە پێیان بدرێتەوە.

تەنـانەت لە کـاتە ئاسـاییی و ئارامەکانیشـدا بەرژەوەنـدی هەڵگرانـی بلیـت لەوەدایە دەڵاڵانەکە کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی یان بە هەرزانتر پارەی بانک بکڕن (لە ئاکامیشدا ئەو دارشتانە بکڕن کە دواتر بلیتەکانیان بەهۆیانەوە توانای ئەوەیان پێ دەدات لە بانک دەریان بهێـنن)، یـانیش بلیتەکانیـان زۆر بە گرانتـر بەوانە بفرۆشـن کە پـارەی بانکیـان هەیە و، دەیانەوێ دارشتە دەرکەنە دەرەوە. نرخی بلیت بەگشتی یەکسانە بە جیاوازیی نێوان نرخی بـازاڕ و نرخـی پـارەی بانـک و، نرخـی ئەو دراوە یـان ئەو دارشـتەیەی بلیـتەکەی لە بەرامبەردا دراوە. بەپێچەوانەوە، بەرژەوەندی خـاوەنی پارەی بانـک لەوەدایە کە دەڵاڵانە زیـاتر ببـێ، بـۆ ئەوەی یـان پـارە بانکییەکەیـان بەگرانتـر بفرۆشـن، یـان بلیتەکـان زۆر بەهەرزانتر بکڕن. بۆ ڕێگری لە فرتوفێڵی بازرگانیکردن بەپشـک کە بەهۆی ئەم دژبەریی بەرژەوەندیانەوە هەلی بۆ دەڕەخسێ، بانکەکە لەم ساڵانەی دواییدا بڕیاری دا لە هەمـوو کاتێکـدا پـارەی بانـک بە پـارە بفرۆشـێ، بە دەڵاڵانەیەکـی لەسـەدا پێنجـی و، دووبـارە بە دەڵاڵانەیەکی لەسەدا چواری بیانکڕێتەوە و، ڕێژەی نێوان نرخی بازاڕی پارەی بـانکی و

پارەی ئاسایی لە هەموو کاتێک زۆر نزیک بکاتەوە لە ڕێژەی نێوان بەها بنەڕەتییەکانیان. پێش ئەوەی ئەم بڕیارە بدرێ، نرخی بازاڕی پارەی بانک هەندێ جار تا ئاستی دەلالانەیەکی لەسەدا نۆیی بەرز دەبووەوە و، هەندێ جار تا ئاستی یەکسانبوون دادەبەزی، بەگوێرەی کاریگەریی بەرژەوەندیە دژەکان لەسەر بازاڕ.

بانکی ئەمستردام هیچ بەشێکی ئەوەی پێی سپێردراوە بە قەرز نادا، بەڵکو لەبەرامبەر هەر گیلدەرێک کە لە تۆمارەکانیەوە متمانەی پێ داوە، بەهای گیلدەرێک لە سپاردنگەکانی خۆیدا چ بە پارە یان بە دارشتە گل دەداتەوە. لە سپاردنگەکانیدا هەموو ئەو پارە یان دارشتانە دەهێڵێتەوە کە لە بەرامبەریاندا بلیتی کارا هەن، چونکە لە هەموو کاتێکدا ئەگەری داواکردنەوەیان هەیە و، لەڕاستیدا بەردەوام لێیانەوە دەڕۆن و بۆیان دەگەڕێنەوە. بەڵام ئایا هەمان ئەو شتە سەبارەت ئەو بەشەی سەرمایەکەی دەکا کە لەمێژە ماوەی بلیتەکانی لە بەرامبەریاندا وەرگیراون بەسەر چووە، کە لە کاتی ئاسایی و ئارامیدا ناشێ داوا بکرێتەوە و، لەڕاستیدا ئەگەر هەیە هەتاهەتایە، یان تاوەکو دەوڵەتانی ناوچە یەکگرتووەکان مابن، لەوێ بمێننەوە. لەگەڵ ئەوەی لە ئەمستردام تەواوی متمانە بە هەموو گیلدەرێک هەیە، کە وەک پارەی بانک لە سووڕاندایە، دەبێ بەرامبەر ئەو گیلدەرە لە گەنجینەی بانکدا هاوتاکەی بە زێڕ یان بە زیو هەبێ. شارەکەش گەرەنتیی هەبوونی ئەوە دەکا. بانکەکە لەلایەن چوار کارگێڕەوە بەڕێوە دەبرێ کە ساڵانە دەگۆڕرێن. هەموو دەستەیەکی نوێی کارگێڕان سەردانی گەنجینەکە دەکەن و لەگەڵ تۆمارەکاندا بەراوردی دەکەن و، بەرامبەر بە سوێندخواردن وەریان دەگرن و بەهەمان ڕژدیی توندەوە دەیاندەنەوە بە دەستەی دوای خۆیان. لەو وڵاتە پابەند و ئایندارەدا سوێند شتێک نییە پشتگوێ بخرێ. تەنیا ئاڵوگۆڕی لەم شێوەیە بەسە بۆ دڵنیایی لەبەرامبەر هەر هەڵسوکەوتێک کە نەکرێ ڕاگەیەنرێ. لەنێو هەموو ئەو شۆڕشانەی حکومەتی ئەمستردامیان گۆڕیوە، لایەنی سەرکەوتوو هیچ کاتێک پێشینانی خۆی بە خراپەکاری لە بەڕێوەبردنی بانکەکە تۆمەتبار نەکردووە. هیچ شتێک ناتوانێ زیاتر کاریگەریی بەسەر ناوبانگ و سامانی لایەنی لە دەسەلات لادراوەوە هەبێ و، ئەگەر ئەو جۆرە تۆمەتە پشتڕاست بکرایەتەوە، ئێمەش بە دڵنیاییەوە پێمان دەگەیشت. لە ساڵی ١٦٧٢دا، کاتێک کە پاشای فەرانسەیی لە ئوتریش بوو، بانکی ئەمستردام ئەوەندە دەستوبرد پارەی دا کەهیچ گومانی لەسەر دەستپاکیی ئەو بانکە بەرامبەر بە پابەندییەکانی خۆی نەهێشتەوە. هەندێک لەو پارچانەی ئەو کاتە لە سپاردنگەکانیەوە هێنرانە دەرەوە لەوە دەچوو بەو ئاگرە سووتابن کە ماوەیەکی کەم دوای

دامەزراندنی بانکەکە لە شارەکە کەوتبووەوە. بۆیە لەوە دەچێ ئەو پارچانە لەو کاتەوە هەر لەو شوێنەدا مابنەوە.

ئەو گەنجینەیەی لەو بانکەدا هەیە، ماوەیەکی زۆر پرسیارێک بوو مایەی سەرقاڵیی لێکدانەوەی خەڵکی پەرۆشی ئەو بابەتە بوو. بەڵام لەو بارەیەوە جگە لە گومان هیچی تر دەست ناکەوێ. بەگشتی مەزەندە دەکرێ نزیکەی ٢٠٠٠ کەس حیسابیان لەو بانکەدا هەبێ، ئەگەر وای دابنێین کە هەر یەکێکیان بایی ١٥٠٠ پاوەنی ئیستەرلینی لە حیسابەکەیدا هەبێ (کە زۆرە)، تەواوی بڕی پارەی بانکەکە و، لە ئاکامدا گەنجینەی بانکەکە، نزیکەی سێ ملیۆن ئیستەرلینی دەبێ، یان ئەگەر هەر پاوەنێک ١١ گیڵدەر بێ، ئەوە ٣٣ ملیۆن گیڵدەرە، کە پارەیەکی گەلێ زۆرە و دەتوانێ سووڕاندنی زۆر فرەوان ئەنجام بدا، بەڵام زۆر کەمتر لەو بۆچوونانەی خەڵک لەبارەی ئەو گەنجینەیەوە دروستیان کردووە.

شاری ئەمستردام داهاتێکی باشی لەو بانکەوە بۆ دێ. سەرباری ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا وەک کرێی کۆگە، هەموو کەسێک بۆ یەکەمین کردنەوەی حیساب لە بانکەکە، باجێک دەدات کە دە گیڵدەرە و، بۆ هەر حیسابێکی نوێی دوای ئەوە سێ گیڵدەر و سێ ستایڤەر دەدا. بۆ هەموو گواستنەوەیەک دوو ستایڤەر و، ئەگەر گواستنەوەکە لە ٣٠٠ گیڵدەر کەمتر بوو، شەش ستایڤەر دەدات بەمەبەستی ڕێگری لە زیادبوونی دەستەوارەی بچووک. ئەو کەسەی دوو جار لە ساڵێکدا باڵانسکردنەوەی حیسابەکە پشتگوێ بخا، ٢٥ گیڵدەر لەدەست دەدا. ئەوەی داوای گواستنەوەی زیاتر لە حیسابەکەی خۆی بکات، لەبەرامبەر ئەو زیادەیە ناچارە لەسەدا سێیەک بدات و، داواکەی لە دەستەوارەکەدا دەستنیشان دەکرێ. هەروەها پێشبینی دەکرێ کە بانکەکەش قازانجێکی زۆر لە فرۆشتنی ئەو پارە بیانییانە یان ئەو داڕشتانەی بەهۆی بەسەرچوونی ماوەی بلیتەکانیان، بەردەوام دەهێڵرێنەوە تا ئەو کاتەی بەسوودێکەوە بفرۆشرێن. هەروەها بانکەکە قازانج لە فرۆشتنی پارەی بانکی بە دەڵاڵانەی لەسەدا پێنج و کڕینەوەی بە لەسەدا چوار دەست دەکەوێ. ئەم دەسکەوتە جۆراوجۆرانە، زیاترن لەوەی پێویستە مووچەی فەرمانبەران و، خەرجییەکانی کارگێڕییان پێ بدرێ. چاوەڕوان دەکرێ تەنیا ئەوەی بۆ هەڵگرتنی داڕشتە لەبەرامبەر بلیتدا دەدرێ، داهاتێکی ساڵانەی گونجاو بێ و، لە نێوان ١٥٠ هەزار تا ٢٠٠ هەزار گیڵدەر بێ. لەگەڵ ئەوەشدا قازانجی گشتی نەک داهات، ئامانجی بنەڕەتیی ئەم دامەزراوەیە بوو. ئامانجەکە سووککردنەوەی باری ئەو بازرگانانە بوو کە بەهۆی ئاڵوگۆڕی نەگونجاوەوە زیانیان پێ دەگەیشت. ئەو داهاتە لەبەر چاو نەگیرابوو و، لەوانەیە وەک شتێکی لاوەکی بووبێ. ئێستاش کاتی ئەوەیە لەم بابەتە درێژە دەرچین، کە من خستمە ڕوو بەمەبەستی

ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی وایان کردووە کە ئاڵوگۆڕی نێوان ئەو وڵاتانەی لەڕێی پارەی بانکەوە بەڕێوەی دەبەن، بەقازانجترە لەوەی نێوان ئەو وڵاتانەی بە پارەی ئاسایی بەڕێوەی دەبەن. ئەوانەی یەکەم جۆرە پارەیەک دەدەن کە بەردەوام بەهای ڕاستەقینەی وەکو خۆیەتی و، تەواو گونجاوە لەگەڵ ستاندارەکانی مینتە پەیوەندیدارەکاندا. ئەمەی دووەمیان مامەڵە بەجۆرە پارەیەک دەکا کە بەردەوام بەهای ڕاستەقینەی لەگۆڕاندایە و، بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام، کەم تا زۆر، لەخوار ستاندارەوەیە.

کەرتی دووەم
نەگونجاویی ئەو کۆت و بەندە سەربارانە بەپێی بنەماگەلی تر

لە کەرتی ڕابردووی ئەم بەشەدا، من هەوڵم دا ئەوە پیشان بدەم کە، تەنانەت بەگوێرەی بنەماکانی سیستمی ئابووریش، سەپاندنی کۆت و بەندی سەربار بەسەر هاوردەکردنی کالا لەو وڵاتانەوە کە پێشبینی دەکرێ بالانسی بازرگانییان بەزیان بێ، پێویست نییە.

بەڵام هیچ شتێک نییە لە تەواوی بیرۆکەی بالانسی بازرگانی بێهوودەتر بێ، کە نەک تەنیا ئەم کۆت و بەندانە، بگرە نزیکەی هەموو یاساکانی تری بازرگانی بە پشتبەستن بەو دامەزراون. کاتێک کە دوو شوێن بازرگانی لەگەڵ یەکتردا دەکەن، ئەم بیرۆکەیە پێشبینی دەکا، ئەگەر بالانسەکە تەنانەت، وا بوو کە هیچ یەکێکیان نە زیان بکات و نە دەسکەوتی هەبێ، بەڵکو ئەگەر کەمێک بەلای یەکێکیاندا شکایەوە، ئەوە بەگوێرەی لادان لە هاوسەنگیی تەواو، یەکێکیان زەرەرمەند و ئەوەی تر سوودمەند دەبێ.

هەردوو پێشبینییەکە هەڵەن. من لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە ئەو بازرگانییەی کە بە بەخشیشی حکومەت و قۆرخکاری بسەپێنرێ لەوانەیە و بەگشتی بێسوودە بۆ ئەو وڵاتەی کە بۆ خزمەتی ئەو سەپێنراوە. بەڵام ئەو بازرگانییە دوور لە سەپاندن و کۆت و بەند، بەشێوەیەکی سروشتی و ڕێکوپێک لەنێوان دوو شوێندا بەڕێوە دەچێ بەردەوام بەسوودە، ئەگەرچی بەیەکسانی بۆ هەردوو لا بەسوود نەبێ.

من پێم وایە کە سوود و دەسکەوت، زیادبوونی بڕی زێڕ و زیو نییە، بەڵکو زیادبوونی بەهای ئاڵوگۆڕی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات، یان زیادبوونی داهاتی ساڵانەی تاکەکانی وڵاتە.

ئەگەر ئەم بالانسە و، ئەگەر بازرگانیی نێوان دوو شوێن هەموو ئاڵوگۆڕی بەرهەمی خۆماڵییان بگرێتەوە، ئەوە ئەوان هەموو جارێک، نەک هەردووکیان دەسکەوتیان دەبێ،

بەڵکـو وەکـو یەک دەسـکەوتیان دەبـێ، یـان دەسـکەوتەکانیان نزیـک لەیەک دەبـن، هەر یەکێکیان لەم بارەدا بازاڕ بۆ بەشێک لە بەرهەمی زیادی ئەوەی تر دەستەبەر دەکا، هەر یەکێکیان ئەو سەرمایەیە پڕ دەکاتەوە کە بۆ ئامادەکردنی ئەو بەشە زیادەیەی بەرهەمی ئەوەی تر بۆ بازاڕ تەرخان کراوە و، دابەش کراوە و داهات و بژێویی بۆ ژمارەیەک لە دانیشـتووانی خـۆی دابـین کـردووە. بەمەش بەشـێک لە دانیشـتووانی هەر یەکێکیـان، ناڕاسـتەوخۆ داهـات و بژێـویی لەوەی تـر دەسـت دەکەوێ. هەروەهـا کاتێـک کاڵاکـان ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ، پێشبینی دەکرێ بەهای یەکسانیان هەبێ، بۆیە هەردوو سـەرمایەی بەگەڕخـراو لە بازرگـانییەکەدا، زۆربەی جـاران، یەکسـانن یـان نـزیکە یەکسـانن، هەروەهـا هەردووکیان کە بەگەڕخراون بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای خۆماڵیی هەردوو وڵات، دابەشکردنی داهـات و بژێوییـان بەسـەر هاووڵاتییـانی هەردوو لایانـدا یەکسـان دەبـێ، یـان نزیـک لە یەکسان دەبێ. زیادبوون و کەمبوونی ئەم داهات و بژێوییە، کە بەهاوبەشی دابین دەکرێن، هاوڕێژەیە لەگەڵ فرەوانیی مامەڵەکانیاندا. بۆ نموونە، ئەگەر ئەمـانە سـاڵانە گەیشتنە سـەد هەزار پاوەن، یان ملیۆنێک، لە هەر لایەکدا، ئەوە هەر یەکێکیان بۆ دانیشتووانی ئەوەی تر، سەد هەزار یان ملیۆنێک داهاتی ساڵانە، دەستەبەر دەکا.

ئەگەر سروشتی بازرگانییەکەیان وا بوو کە یەکێکیان تەنیا کاڵای خۆماڵی بۆ ئەوەی تر هەنارده بکات و لەبەرامبەردا تەنیا کاڵای بیانیی بۆ بێتەوە، بـاڵانس لەم دۆخەدا چاوەڕوان دەکـرێ کـاڵا لەبەرامـبەر کـاڵا بـدرێ. لەم دۆخەدا هەردووکیـان دەسـکەوتیان دەبـێ، بەڵام دەسـکەوتەکانیان یەکسـان نـابن، هەروەهـا دانیشـتووانی ئەو وڵاتەی تەنیـا کـاڵای خۆمـاڵیی هەنـاردە کـردووە زۆرتـرین داهـات لەو بازرگـانییەوە بەدەسـت دێـنن. ئەگەر، بـۆ نمـوونە، ئینگلتەرە لە فرانسـەوە تەنیا کاڵای خۆماڵیی ئەو وڵاتە هاوردە بکات و، خۆی هیچ کاڵایەکی خۆی نەبێ کە لەوێ خواستیان لەسەر هەبێ، ئەوە دەبێ سـاڵانە لەبەرامبەردا بڕێکی زۆر کاڵای بیانییان بۆ ڕەوانە بکات، وای دادەنێین کە تووتن و کـاڵای هینـدی ڕۆژهەڵاتیـان بۆ ڕەوانە دەکـا. ئەم بازرگـانییە ئەگەرچـی هەنـدێ داهـات بـۆ دانیشـتووانی هەردوو وڵات دەسـتەبەر دەکا، بەڵام زۆرتـر بـۆ دانیشـتووانی فرانسـەی دابین دەکات نەک دانیشـتووانی ئینگلتەرە. تەواوی ئەو سەرمایە فرانسەییەی ساڵانە لەو بازرگانییەدا بەگەڕ دەخرێ بەسەر خەڵکـی فرانسـەدا دابەش دەبـێ. بەڵام تەنیـا بەشـێک لەو سـەرمایە ئینگلیـزییەی بـۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی کاڵای بیانییان پێ دەکڕێ سـاڵانە بەسـەر خەڵکی ئینگلتەرەدا دابەش دەبێ. بەشـی زۆری ئەو سـەرمایەیە، ئەو سـەمایەیە پڕ دەکـاتەوە کە لە ڤیرجینیـا و

هیندسـتان و چینـدا بەگەڕ خـراون و، داهـات و بژێـوی بـۆ خەڵكـی ئەو وڵاتە دوورانە دەسـتەبەر دەكـا. ئەگەر سـەرمایەكان یەكسـان بـن، یـان نـزیكە یەكسـان، ئەوە ئەم بەگەڕخستنەی سەرمایەی فرانسەیی زۆر داهاتی خەڵكی فرانسە زیاد دەكا زیاتر لەوەی كە داهـاتی خەڵكـی ئینگلـتەرە زیـاد دەكـا. لەم دۆخەدا فرانسـە بازرگـانییەكی دەرەكیـی ڕاستەوخۆی كاڵای بەكاربردن لەگەڵ ئینگلتەرە ئەنجام دەدا، بەڵام ئینگلتەرە بازرگانییەكی پێچاوپێچ لەگەڵ فرانسەدا ئەنجام دەدا. كاریگەریی جیاوازی سەرمایەیەكی بەگەڕخراو لە بازرگـانییەكی دەرەكیـی ڕاسـتەوخۆی كـاڵای بەكـاربردن، لەگەڵ یەكێكـی بەگەڕخـراو لە بازرگانییەكی دەرەكیی پێچاوپێچدا، پێشتر ڕوون كراوەتەوە.

لەوانەیە لەنێوان هـیچ دوو وڵاتێكدا بازرگـانییەك نەبـێ كە تەنیـا لە ئـاڵوگۆڕی كـاڵای خۆماڵیی هەردوو لا پێك بێ، یان كاڵای خۆماڵیی لایەك و كاڵای بیانی لەلایەكەی ترەوە. نـزیكەی هەمـوو وڵاتـان بەشـێك كـاڵای خۆمـاڵی و بەشـێك كـاڵای بیـانی لەگەڵ یەكتـردا دەگۆڕنەوە. بەڵام ئەو وڵاتەی بەشـی زۆری بـارە ڕەوانەكراوەكانی كـاڵای خۆمـاڵی بـن و بەشی كەمیان كاڵای بیانی بن، بەردەوام دەبێتە سوودمەندی سەرەكی لەو بازرگانییە.

ئەگەر ئینگلتەرە لەبەرامبەر ئەو كاڵایانەی ساڵانە لە فرانسەیان هـاوردە دەكـا، تووتن و كاڵای هیندی ڕۆژهەڵات ڕەوانە نەكـا، بەڵكو زێڕ و زیـو بدا، لەم دۆخەدا پێشـبینی دەكرێ باڵانس نارێك بێ، كاڵا بەكـاڵا نـاگۆڕدرێتەوە، بەڵكو بە زێڕ و زیـو. بەڵام بازرگـانییەكە لەم دۆخەشـدا، وەك ئەوەی پێشـوو، هەنـدێ داهـات بـۆ دانیشـتووانی هەردوو وڵات دەسـتەبەر دەكا، بەڵام زۆرترەكە بۆ خەڵكی فرانسە دەبێ نەك خەڵكی ئینگلتەرە. ئەو سـەرمایەیەی بـۆ بەرهەمهێنانی ئەو كـاڵا ئینگلیزییانەی زێڕ و زیویـان كڕیـوە، بەسـەر خەڵكێكـی دیـاریكراودا دابەش دەبـێ و داهاتیـان بـۆ دێنـێ، واتە جێـی خـۆی پـڕ دەكـاتەوە و بەردەوامـی بە بەگەڕخستنەكەی دەدا. تەواوی سەرمایەی ئینگلتەرە بەهۆی هەناردەكردنی زێڕ و زیـوەوە، لەجیـاتی بەهـایەكی یەكسـان لە كـاڵای تـر، چیتـر كەم نـابێتەوە. بەپێچەوانەوە، لە زۆربەی جارەكانـدا ئەو سـەرمایەیە زیـاد دەكـا. هـیچ كـاڵایەك هەنـاردەی دەرەوە نـاكرێ مەگەر پێشبینیی ئەوە نەكرێ كە لەدەرەوەدا خواستێكی زۆری لەسـەرە زیاتر لەوەی لە نـاوخۆدا لەسـەریەتی و، بەمەش چـاوەڕوان دەكـرێ بەهـای لە نـاوەوە بەرزتـر بـێ لەوەی ئەو كاڵایانەی هـاوردە كراون. ئەگەر ئەو تووتنەی لە ئینگلتەرە تەنیا بـایی سـەد هەزار پـاوەن بێ، كە نێررایە فرانسە لەو شـەراب بكڕێ، ئەو شـەرابە لە ئینگلتەرە بـایی ١١٠ هەزار بێ، ئەوە ئەم ئـاڵوگۆڕە دە هەزاری بـۆ سـەرمایەكەی زیـاد كـردووە. ئەگەر بـایی سـەد هەزار

پاوەن زێڕی ئینگلیزی، بەهەمان شێوە، شەرابی فرانسەیی پێ بکڕێ و، ئەو شەرابە لە ئینگلتەرە بایی ١١٠ هەزار بێ، ئەوە ئەم ئاڵوگۆڕە دە هەزاری بۆ سەرمایەی ئینگلتەرە زیاد کردووە. کاتێک کە بازرگانێک بایی ١١٠ هەزار پاوەن شەرابی لە ژێرزەمینەکەیدا هەیە دەوڵەمەندترە لەو بازرگانەی بایی سەد هەزار تووتنی لە کۆگەکەیدا هەیە، بەهەمان شێوە دەوڵەمەندتریشە لەو کەسەی بایی سەد هەزار زێڕی لە قاسەکەیدا هەیە. ئەم دەتوانێ بڕێکی زۆرتر پیشەسازی ببزوێنێ و، داهات و بژێوی و کار بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لەوەی ئەو دووانەی تر دەستەبەر بکات. بەڵام سەرمایەی وڵات یەکسانە بە سەرمایەکانی هەموو دانیشتووانی جۆراوجۆری وڵاتەکە و، بڕی ئەو پیشەسازییەی دەکرێ ساڵانە لەو وڵاتەدا بەڕێوە ببرێ یەکسانە بەوەی هەموو ئەو سەرمایانە دەتوانن بەڕێوەی ببەن. لەبەر ئەوە، هەردوو سەرمایەی وڵات و بڕی ئەو پیشەسازییەی دەکرێ ساڵانە بەڕێوە ببرێ، پێویستە بەگشتی لەڕێی ئەم ئاڵوگۆڕەوە زیاد ببن. لەڕاستیدا بەسوودتر دەبێ بۆ ئینگلتەرە شەرابی فرانسە بە ئامێر و کوتاڵی خۆی بکڕێ نەک بە تووتنی ڤێرجینیا یان بە زێڕ و زیوی برازیل و پیرۆ. بازرگانییەکی دەرەکیی ڕاستەوخۆی بەکاربردن بەردەوام بەسوودترە لە یەکێکی بەپێچاوپێچ. بەڵام بازرگانیی پێچاوپێچی بەکاربردن، بەهۆی زێڕ و زیوەوە، کەمسوودتر نییە لە هیچ جۆرێکی تری ئەو بازرگانییە. نە پێشبینی دەکرێ ئەو وڵاتەی کانی نییە بەم جۆرە هەناردەکردنە لە زێڕ و زیو خاڵی بکرێ و، نە ئەو وڵاتەی تووتن ناچێنێ بە هەناردەکردنەکەی لەو ڕووەکە خاڵی دەبێ. چونکە هەر وڵاتێک توانای کڕینی تووتنی هەبێ هەرگیز بۆی دانامێنێ و، ئەوەشی توانای کڕینی زێڕ و زیوی هەبێ بۆ ئەو کانزایانە دانامێنێ.

دەڵێن ئەو بازرگانییەی پیشەوەرێک لەگەڵ بیرەفرۆشێکدا ئەنجامی دەدات زیانمەندە. هەروەها ئەو بازرگانییەی وڵاتێکی پیشەسازی بەسروشتی لەگەڵ وڵاتێکی بەرهەمهێنی شەرابدا دەیکا هاوشێوەی ئەوەیە. من لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێم، مەرج نییە بازرگانی لە خانەیەکی بیرەفرۆشیدا بەزیان بشکێتەوە. ئەو بازرگانییە بەسروشتی خۆی هاوشێوەی هەر بازرگانییەکی تر بەسوودە، ئەگەرچی کەمێک زیاتر ئەگەری زیانی هەبێ. ئیشی بیرەفرۆشێک، یان تەنانەت کۆفرۆشێکی خواردنەوە کهولیەکان، وەک پێویستییەک بەشێکن لە کار وەکو هەر بەشێکی تر. بەگشتی بەسوودترە بۆ پیشەوەرێک کە ئەو بڕە بیرەیە بکڕێ کە دەتوانێ بیکڕێ، نەوەکو خۆی بچێ دروستی بکات و، ئەگەر پیشەوەرەکە هەژار

بوو، ئەوە بەسوودترە بڕی کەم لە کۆفرۆش بکڕێ نەوەکو بچێ بڕی زۆر لە دروستکەری بیرە بکڕێ. بێگومان لەوانەیە زۆر لە هەر یەکێکیان بکڕێ، زۆرتر لەوەی دەتوانێ لە مامەڵەکارانی دەوروبەری خۆی بیکڕێ. بەسوودە بۆ ژمارەی زۆری پیشەوەران، هەموو ئەم بازرگانییانە ئازاد بن، ئەگەرچی لەوانەیە ئەم ئازادییە لە زۆربەیاندا پێشێل بکرێ، بەڵام لەوانەیە پێشێلکارییەکە لە یەکێکیاندا زۆرتر بێ لە یەکێکی تر. ئەگەرچی، لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە تاکەکان هەندێ جار بەزێدەڕۆیی لە بەکاربردنی ئەو خواردنەوانەدا سامانەکەی خۆیان لەناو ببەن، ئەم مەترسییە لەوە ناچێ لەسەر گەلێک هەبێ. ئەگەرچی لە زۆر وڵاتدا خەڵکانێک هەن زیاتر لەوەی دەتوانن بەدەستی بهێنن لەم خواردنەوانەدا خەرج دەکەن، بەڵام گەلێ لەوانە زۆرتر هەن کە کەمتر خەرج دەکەن. هەروەها شایانی ئاماژەکردنە کە ئەگەر ڕاوێژ بە شارەزایان بکەین، لەوە دەچێ هەرزانیی شەراب هۆکار بێ، نەک تەنیا بۆ خواردنەوە، بەڵکو بۆ میانڕۆیی. دانیشتووانی وڵاتانی بەرهەمهێنی شەراب بەگشتی میانڕۆترین خەڵکی ئەورووپان لەم ڕووەوە، تەماشای ئیسپانیاییەکان، ئیتالییەکان و، دانیشتووانی باشووری فرانسە بکە. بەدەگمەن خەڵک بەوە تاوانبار دەکرێ کە لە ڕۆژانەی خۆی زیاتری بەکار هێنابێ. بەپێچەوانەوە، لەو وڵاتانەی بەهۆی گەرمی یان ساردیی زۆرەوە ترێ بەرهەم ناهێنن و، شەراب کەم و گرانە، خواردنەوە خوویەکی باوە، وەک لەنێو گەلانی باکور و هەموو ئەوانەی لەنێو ناوچەکانی هێڵی یەکسانین و ڕەشپێستەکان، بۆ نموونە ئەوانەی لە کەناراوی گینیادان. کاتێک کە فەوجێکی فرانسەیی لە ناوچەکانی باکورەوە دێن، کە لەوێ شەراب تا ڕادەیەک گرانترە، بۆ ئەوەی لە باشوور جێگیر ببن، کە شەرابی تێدا هەرزانە، من زۆر جاران بیستوومە کە سەربازەکان سەرەتا هەرزانی و جۆری باشی شەراب سەرسامیان دەکەن، بەڵام دوای چەند مانگێک مانەوە، زۆربەیان هاوشێوەی دانیشتووانی ناوچەکە هاوسەنگیی خۆیان ڕادەگرن. ئەگەر باجی سەر شەرابی بیانی و، سەر بیرە و مۆڵت بە یەک جار هەڵگیرێن، لەوانەیە بەهەمان شێوە وا بکات بریتانیای مەزن بەگشتی و، بە شێوەیەکی کاتی، ڕوو لە خواردنەوە بکەن و بەزۆریش خەڵکی ئاستەکانی مامناوەندی و خوارەوە ئەمە دەکەن، بەڵام زۆر نابا خەڵکەکە ڕوو لە جێگیرییەکی بەردەوام دەکەنەوە. ئێستا خواردنەوەی زۆر لەناو خەڵکی پایەدار، یان ئەوانەی بەئاسانی گرانترین خواردنەوەیان پێ دەستەبەر دەکرێ، باو نییە. بە دەگمەن کەسێکی ڕێزدار لەنێوانماندا بەسەرخۆشی بینراوە. هەروەها، کۆت و بەندەکانی سەر

بازرگانیی شەراب لە بریتانیای مەزندا، لەوە ناچێ بۆ ئەوە بن کە خەڵک، ئەگەر بتوانم وا بڵێم، نەچنە مەیخانەوە، ئەوەندەی بۆ ڕێگرییە لەوەی بچنە ئەو شوێنانەی دەتوانن تیایاندا باشترین و هەرزانترین خواردنەوە بکڕن. ئەوان هانی بازرگانیی شەرابی پۆرتوگال دەدەن و ڕێگری لەوەی فرانسە دەکەن. لەڕاستیدا دەگوترێ کە پۆرتوگالیەکان، کڕیاری باشتری بەرهەمە پیشەسازییەکانمانن نەک فرانسەییەکان و، لەبەر ئەوە دەبێ ئەوان هان بدرێن. چونکە ئەوان کاڵای خۆیان بە ئێمە دەدەن ئێمەش کاڵای خۆمانیان دەدەینێ. بەم شێوەیە هونەرەکانی دزەکردنی بازرگانانی ئاست نزم کاریان کردە سەر نەگۆڕە سیاسییەکانی ئیمپراتۆریایەکی مەزن: چونکە ئەوانە ئاستنزمترین بازرگانەکانن کە یاسایەک دروست دەکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی کڕیارانی خۆیان بگرێتەوە. بازرگانی گەورە بەردەوام لە کوێ هەرزانتر و باشتر بێ لەوێ کاڵای خۆی دەکڕێ، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە بەرژەوەندیەکی بچووکی لەو جۆرە.

بەڵام بەهۆی ئەم جۆرە بۆچوونانەوە، وا لە گەلان گەیەنراوە کە بەرژەوەندیان لەوەدایە هەموو دراوسێکانیان بخەنە سواڵ. وا لە هەموو گەلێک کرا بە چاوی خراپەکارانەوە سەیری گەشەی هەموو ئەو نەتەوانە بکات کە بازرگانییان لەگەڵدا دەکا و، پێی وا بێ قازانجی ئەوان زیانی خۆیەتی. بازرگانی لە نێوان گەلان، هەروەها لەنێوان تاکەکانیشدا، کە دەبووایە ببێتە هاوبەندی یەکێتی و دۆستایەتی، بووە سەرچاوەیەکی بەپیتی ناکۆکی و دژایەتی. حەزە ناجێگیرەکانی پاشا و وەزیرەکان، لەم سەدەیە و لە سەدەی پێشوودا، بۆ حەسانەوەی ئەوروپا کوشندەتر بوون لە ئیرەیی بێ ئارامی بازرگانان و پیشەسازان. توندوتیژی و نادادوەریی حوکمڕانانی مرۆڤایەتی خراپەکارییەکی کۆنە، کە من دەترسم زۆر سەخت بێ سروشتی مرۆڤ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام چاوبرسیەتی، گیانی قۆرخکاریی بازرگانان و پیشەسازان، کە نە حوکمڕانی مرۆڤایەتین و نە دەبنە حوکمڕان، ئەگەرچی لەوانەیە نەکرێ ڕاست بکرێنەوە، بەڵام ڕەنگە زۆر بەئاسانی ڕێگری لە ئارامیی کەس نەگرێ، خۆیان نەبێ.

بێگومان ئەوە گیانی قۆرخکاری بوو کە لە بنەڕەتدا ئەم بیرەی داهێنا و بڵاوی کردەوە. ئەوانەشی یەکەم جار باسیان لێوە کرد بەهیچ شێوەیەک ئەوەندە گێل نەبوون وەک ئەوانەی بڕوایان پێ کرد. لە هەموو وڵاتێکدا بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک لە کڕینی هەر شتێکدایە کە دەیانەوێ و، بە هەرزانترین نرخ، لەوانەی کە دەیفرۆشن. بابەتەکە ئەوەندە

ڕوونە کە لەوە دەچێ پێویست بەوە نەکا بسەلمێنرێ. هەرگیز ناکرێ گومان لەوە بکرێ کە بەلگەهێنانەوەی بازرگانان و پیشەسازان کە هەستی گشتیی مرۆڤایەتیی شێواند. بەرژەوەندی ئەوان، بەم پێیە، ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی زۆرینەی خەلکە. وەک چۆن بەرژەوەندی خەلکی ئازادی گردبوونەوەیەک ڕێگرە لەوەی دانیشتووانی تر، جگە لە خۆیان هیچ پیشەوەرێکی تر بەکار بهێنن. بەهەمان شێوە بەرژەوەندی بازرگانان و پیشەسازانی هەر ولاتێکیش لەوەدایە کە قۆرخکارییەک لە بازاڕی خۆمالی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. لێرەوە، لە بریتانیای مەزن و، لە زۆربەی ولاتانی تری ئەورووپا، باجی نائاسایی لەسەر نزیکەی هەموو ئەو کالایانە دانراوە کە لەلایەن بازرگانی بیانییەوە هاوردە دەکرێن. لێرەوە، باجی زۆر و ڕێگری لە هەموو بەرهەمە پیشەسازییەکانی کە دەتوانن کێبەرکێی ئەوانەی خۆمان بکەن هاتووەتە کایەوە. هەر لێرەشەوە، کۆت و بەندی نائاسایی خراونەتە سەر هاوردەکردنی نزیکەی هەموو کالاکانی ئەو ولاتانەی پێشبینی دەکرێ بالانسی بازرگانی لەگەلیاندا بەزیان بێ. واتە، هاوردەکردن لەوانەی کە دژایەتیی نەتەوەییان لە دژ هەلگیرسێنراوە.

بەلام سامانی گەلێکی دراوسێ، ئەگەرچی لە شەڕ و لە سیاسەتدا مەترسیدارە، بەلام لە بازرگانیدا بێگومان بەسوودە. لە دۆخی دوژمنایەتیدا لەوانەیە یارمەتیی دوژمنانمان بدات بۆ ئەوەی هێزی دەریاوانی و سوپای بالادەستتر لەوانەی ئێمەیان هەبێ، بەلام لە دۆخی ئاشتی و لە بازرگانیدا دەبێ بەهەمان شێوە وایان لێ بکات بتوانن بەهای ئالوگۆڕ لەگەل ئێمەدا زیاد بکەن و بازاڕی باشتر دەستەبەر بکەن، چ بۆ بەرهەمی ڕاستەوخۆی پیشەسازیی خۆمان یان بۆ ئەو کالایانەی بەو بەرهەمە کڕراون. وەک چۆن پیاوێکی دەولەمەند لەوانەیە، باشتر لە کەسێکی هەژار، کڕیاری خەلکی پیشەوەری دەوروبەری خۆی بێ، گەلی دەولەمەندیش بەهەمان شێوەیە. لەڕاستیدا، پیاوێکی دەولەمەند کە خۆی پیشەساز بێ، مەترسییە بۆ ئەو دراوسێیانەی کە لە هەمان بواردان. بەلام هەموو ئەوەی لە دەوروبەرەکە ماوەتەوە، کە زۆرترینن، قازانج لەو بازاڕە باشە دەکەن کە خەرجیی ئەو بۆیانی دابین دەکات. ئەوان تەنانەت قازانج لە هەرزانفرۆشیی پیشەوەرە هەژارەکان دەکەن کە بەهەمان شێوە مامەلە لەگەل ئەودا دەکەن. پیشەسازانی گەلێکی دەولەمەند، بەهەمان شێوە، لەوانەیە بێگومان ڕکابەری زۆر مەترسیدار بن بۆ ئەوانەی گەلانی دراوسێ. بەلام هەر ئەم کێبەرکێیە بەسوودە بۆ زۆرینەی خەلک، ئەوانەی سەرباری هەموو شتێک قازانج

لەو بازارە باشە دەکەن کە خەرجیی زۆری ئەو جۆرە گەلە بە هەموو جۆرێک بۆیانی دەستەبەر دەکا. ئەو خەڵکە ئاساییەی دەیانەوێ دەوڵەمەند ببن، هەرگیز بیر لە ناوچە دوور و هەژارەکانی وڵات ناکەنەوە، بەڵکو پەنا دەبەنە بەر پایتەخت یان هەندێ شاری بازرگانیی گەورە. ئەوان دەزانن لەو شوێنانەی سامانێکی بچووک لە سووڕاندایە، کەمیان دەست دەکەوێ، بەڵام لەو شوێنانەی سامانی زۆر دەبزوێ لەوانەیە بەشێکیان بەرکەوێ. هەمان بیرۆکە کە بەم شێوەیە بیری کەسێک یان دە یان بیست کەس ئاراستە دەکا، بڕیاردانی یەک یان دە یان بیست ملیۆن کەس ڕێک دەخا و، وا دەکا تەواوی نەتەوەیەک سامانی دراوسێکان وەک هۆکارێک یان هەلێک بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی ببینێ. ئەو گەلەی خۆی بە بازرگانیی دەرەکی دەوڵەمەند دەکا، بێگومان ئەو لە کاتی دەوڵەمەندبوونی دراوسێکانیاندا زیاتر دەوڵەمەند دەبێ. بێگومان گەلێکی مەزنیش کە دراوسێکانی لە هەموو لایەکەوە ڕەوەندی کێوی و هەژار بن لەوانەیە، سامان لەڕێی کشتوکاڵ و بازرگانیی ناوخۆییەوە خۆی دەوڵەمەند بکات، نەک لەڕێی بازرگانیی دەرەکییەوە. لەوە دەچێ کە بەم شێوەیە میسرییە کۆنەکان و چینییە هاوسەردەمەکان سامانی زۆری خۆیان بەدەست هێنابێ. دەڵێن کە میسرییە کۆنەکان بازرگانیی دەرەکییان پشتگوێ خستووە و، ئاشکرایە کە چینییە هاوسەردەمەکان زۆر ئەو پیشەیەیان بەسووک زانیوە و، بەدەگمەن بیریان لەوە کردووەتەوە بە پارێزگاریی یاسا پایەداری بکەن. بنەما نوێیەکانی بازرگانیی دەرەکی، لەڕێی بەئامانجگرتنی برسیکردنی هەموو دراوسێکانمانەوە، ئەوەندەی ئەوەیان پێ بکرێ، وا دەکەن ئەو بازرگانییە پووچ و بێزراو بکەن.

لە ئاکامی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا، بازرگانیی نێوان فڕانسە و ئینگلتەرە، لە هەردوو وڵاتدا بووە ئامانجی گەلێ ڕێگری و کۆت و بەند. بەڵام ئەگەر ئەم دوو وڵاتە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خۆیان لەبەر چاو بگرتایە، دوور لە ئیرەیی بازرگانانە یان دژایەتیی نەتەوەیی، لەوانە بوو بازرگانیی فڕانسە بۆ بریتانیای مەزن لەوەی هەر وڵاتێکی تر بەسوودتر بووایە و، لەبەر هەمان هۆ ئەوەی بریتانیای مەزنیش بەهەمان شێوە دەبوو بۆ فڕانسە. فڕانسە نزیکترین دراوسێی بریتانیای مەزنە. لە بازرگانیی نێوان کەناراوەکانی باشووری ئینگلتەرە و کەناراوەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوای فڕانسەدا، داهاتە پێشبینیکراوەکان، بەهەمان شێوەی ئەوانەی بازرگانیی ناوخۆ، ساڵانە چوار، پێنج، یان شەش جار دەهاتنە دەست. بۆیە ئەو سەرمایەیەی لە هەر یەکێک لەم دوو وڵاتە لەو بازرگانییەدا بەکار بخرایە بڕی

پیشەسازیی چوار، یان پێنج، یان شەش هێندە دەجوولاند و، بۆ چوار یان پێنج یان شەش هێندە خەڵک کار و بژێویی دابین دەکرد، کە سەرمایەیەکی یەکسان لە زۆربەی لقەکانی تری بازرگانیی دەرەکیدا دەتوانێ دابینیان بکات. هاتوچۆ لەنێوان دوورترین بەشەکانی فەڕانسە و بریتانیای مەزندا بەلای کەمەوە ساڵی جارێک دەبوو و، تەنانەت ئەم بازرگانییەش هیچ نەبێ سوودەکەی یەکسانە بەوەی زۆرترین بەشی لقەکانی تری بازرگانییە دەرەکییە ئەوروپاییەکان. ئەمە بەلای کەمەوە سێ هێندەی بەسوودترین بازرگانییە لەگەڵ کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکامان، کە بەدەگمەن داهاتەکانیان بە کەمتر لە سێ ساڵان دەێنەوە و، زۆربەی جاران زیاتر لە چوار یان پێنج ساڵیان دەوێ. سەرباری ئەمە، پێشبینی دەکرێ دانیشتووانی فەڕانسە ٢٤ ملیۆن بن. دانیشتووانی کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکامان هەرگیز پێشبینی نەکراوە لە سێ ملیۆن زیاتر بن. هەروەها فەڕانسە وڵاتێکی دەوڵەمەندترە لە باکوری ئەمەریکا، ئەگەرچی بەهۆی دابەشکردنی نایەکسانی سامانەوە، هەژاری و سواڵکەری لە یەکێکیاندا زۆرترە لەوەی تر. لەبەر ئەوە، فەڕانسە لەتوانایدایە بازارێک دەستەبەر بکات هەشت هێندە فرەوانتر بێ و، بە لەبەرچاوگرتنی زۆریی هاتوچۆکان، بیست و چوار هێندە بەسوودتر دەبێ لەوەی کۆلۆنییەکانمان لە باکوری ئەمەریکا، لە هەر کاتێکدا دەستەبەری دەکەن. بازرگانیی بریتانیای مەزنیش بەهەمان شێوە بۆ فەڕانسە بەسوود دەبێ و، هاوڕێژە لەگەڵ سامان و ژمارەی دانیشتووان و نزیکیی دوو وڵاتەکە، ئەو سوودە هەمان باڵادەستیی بەسەر ئەوەدا هەیە کە فەڕانسە لەگەڵ کۆلۆنییەکانی خۆیدا ئەنجامی دەدا. ئەمە ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە لەنێوان ئەو بازرگانییەی دانایانی هەردوو وڵات بەربەستی دەخەنە بەر و، ئەوەی کە هانی دەدەن.

بەڵام هەمان ئەو هەلومەرجانەی وا دەکەن بازرگانییەکی کراوە و ئازاد لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا ئەوەندە بەسوود بێ، بوونە ئاستەنگی سەرەکیی سەر ڕێی ئەو بازرگانییە. ئەوان کە دراوسێن، وەک پێویستییەک دەبێ دوژمن بن و، سامان و هێزی هەر یەکێکیان بەو حیسابە دەبێتە ئاستەنگ بۆ ئەوەی تر. ئەوەی کە سوودی دۆستایەتیی نەتەوەکان زیاتر دەکا ئاگری توندبوونی دوژمنایەتیی نەتەوەیی گەرم دەکا. ئەوان هەردووکیان نەتەوەی دەوڵەمەند و پیشەسازن و، بازرگان و پیشەسازانی هەردوو لا لە کێبەرکێی کارامەیی و چالاکیی بازرگان و پیشەسازانی ئەوەی تر تۆقیون. ئیرەیی بازرگانانە لەوپەڕیەتی و، بەهۆی دوژمنایەتیی نەتەوەییەوە گڕی سەندووە. بازرگانانی هەردوو وڵات بە متمانەیەکی سۆزدارانەی درۆیینەوە، بەهۆی باڵانسی نارێکی بازرگانییەوە، کە وای

پێشان دەدەن بەرهەمی حەتمیی بازرگانییەکی بێسنوورە لەگەڵ ئەوەی تردا، مالۆیرانیی هەردووکیانیان ڕاگەیاندووە.

هیچ وڵاتێکی بازرگانی لە ئەورووپا نییە کە زۆر جاران مامۆستایانی ئەم سیستەمە، بەهۆی بالانسی ناڕێکی بازرگانییەوە، پێشبینیی مالۆیرانییان نەکردبێ. بەڵام، دوای ئەو هەموو دڵەڕاوکێیە بەگوڕە، دوای ئەو هەموو هەوڵە نەزۆکانەی نزیکەی هەموو گەلانی بازرگان بۆ ئەوەی ئەو بالانسە بەلای خۆیاندا بشکێننەوە دژ بە دراوسێکانیان، لەوە ناچێ هیچ گەلێکی ئەورووپا لە هیچ ڕوویەکەوە بەم هۆیەوە برسی بووبێ. بەپێچەوانەوە، هەموو شار و وڵاتێک، هاوڕێیە لەگەڵ هەبوونی بەندەری کراوە بەڕووی هەموو گەلاندا، لەجیاتی ئەوەی بەم بازرگانییە ئازادە تووشی داڕمان بن، وەک ئەوەی بنەماکانی سیستمی بازرگانی پاڵمان پێوە دەنێن بۆ ئەوەی پێشبینیی بکەین، پێی دەوڵەمەند بوون. ئەگەرچی لەڕاستیدا لە ئەورووپا شارانێکی کەم هەن کە لە هەندێ ڕووەوە شایانی ئەوەن پێیان بگوترێ بەندەری ئازاد، هیچ وڵاتێک نییە شایانی ئەو ناوە بێ. لەوانەیە هۆڵاند لەو کەسایەتییە نزیکتر بێ، ئەگەرچی هێشتا زۆر لێیەوە دوورە. هەروەها ئەوە ئاشکرا کراوە کە هۆڵاند نەک تەنیا هەموو سامانی خۆی، بگرە زۆربەی بژێویی پێویستیشی لەڕێی بازرگانیی دەرەکییەوە بەدەست دێنێ.

لەڕاستیدا بالانسێکی تر هەیە، پێشتر ڕوون کراوەتەوە و، زۆر جیاوازە لە بالانسی بازرگانی و، کە بەگوێرەی ئەرێنی بوون یان نەرێنی بوونیەوە، وەک پێویستییەک دەبێتە هۆی گەشەکردن یان پاشەکشەی هەر نەتەوەیەک. ئەویش بالانسی بەرهەم و بەکاربردنی ساڵانەیە. ئەگەر بەهای شیاوی ئاڵوگۆڕپێکردنی بەرهەمی ساڵانە، زیاتر بێ لە بەکاربردنی ساڵانە، دەبێ سەرمایەی کۆمەڵگە ساڵانە هاوڕێژە لەگەڵ ئەو زیادەیە زیاد بکات. لەم دۆخەدا کۆمەڵگە لە چوارچێوەی داهاتی خۆیدا دەژی و، ئەوەی ساڵانە لە داهاتی خۆی گلی دەداتەوە دەچێتە سەر سەرمایەکەی و، بۆ بەرهەمی ساڵانەی زیاتر بەگەڕ دەخرێ. ئەگەر بەپێچەوانەوە بەهای ئاڵوگۆڕپێکردنی بەرهەمی ساڵانە کەمتر بێ لە بەکاربردنی ساڵانە، ئەوە دەبێ سەرمایەی کۆمەڵگە هاوڕێژە لەگەڵ ئەو کورتهێنانە کەم ببێتەوە. لەم دۆخەدا، خەرجیی کۆمەڵگە لە داهاتەکەی زیاترە و، وەک پێویستییەک لە سەرمایەکەی دەخوا. بۆیە سەرمایەکەی وەک پێویستییەک دەپووکێتەوە و، بەهای شیاوی ئاڵوگۆڕپێکردنی بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازییەکەشی دەپووکێتەوە.

ئەم بالانسی بەرهەم و بەکاربردنە تەواو جیاوازە لەوەی پێی دەڵێن بالانسی بازرگانی. ئەمە لەوانەیە لەنێو نەتەوەیەکدا ڕوو بدات کە بازرگانیی دەرەکیی نەبێ، بەڵام تەواو لە هەموو جیهان دابڕاو بێ. لەوانەیە هەموو گۆی زەوی بگرێتەوە، کە سامانەکەی، دانیشتووانی، پێشکەوتنی یان وردەوردە زیاد بکەن، یانیش وردەوردە بپووکێنەوە.

دەبێ بالانسی بەرهەم و بەکاربردنی گەلێک بەردەوام لە بەرژەوەندی ئەو گەلە بێ، ئەگەرچی ئەوەی پێی دەگوترێ بالانسی بازرگانی بەگشتی دژی بێ. لەوانەیە گەلێک بۆ ماوەی نیو سەدە بەهای هاوردەکاریی لە بەهای هەناردەکاریی زۆرتر بێ. لەوانەشە لەو ماوەیەدا ئەو زێڕ و زیوەی دێنە ناو وڵاتەکەیەوە ڕاستەوخۆ بنێررێنەوە دەرەوە. لەوانەیە دراوی سووڕاوی وردەوردە برزێ و، پارەی کاغەزی جۆراوجۆر بۆ جێگرتنەوەی بخرێنە ڕوو و، تەنانەت قەرزەکانیش، کە لەگەڵ ئەو گەلانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا، گرێبەستی لەسەریان کردووە، لەوانەیە وردەوردە زیاتر ببن و، هەروەها سامانی ڕاستەقینەی، بەهای ئاڵوگۆڕپێکردنی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری ئەو وڵاتە لەوانەیە لە هەمان ماوەدا، بەرێژەیەکی زیاتر زیاد بکات. دۆخی کۆڵۆنییەکانی باکوری ئەمەریکامان و، دۆخی ئەو بازرگانییەی لەگەڵ بریتانیای مەزندا دەیکەن، پێش بشێوییەکانی ئێستا، لەوانەیە بەڵگە بن لەسەر ئەوەی کە ئەمە ئەگەرێکی مەحاڵ نییە.

بەشی چوارەم
گێڕانەوەی باجەکان

بازرگانان و پیشەسازان تەنیا بە قۆرخکاریی بازاڕی ناوخۆ قایل نابن، بگرە ئارەزووی قۆرخکردنی فرۆشتنی فرەوانتری کالاکانیان لە دەرەوەش دەکەن. ولاتەکەیان دەسەلاتی بەسەر گەلانی بێگانەدا نییە و بەدەگمەن دەتوانێ قۆرخکاریی ئەوێیان بۆ دەستەبەر بکا. بۆیە ئەوان بەگشتی ناچارن بە داواکردنی هاندان بۆ هەناردەکردن قایل ببن.

یەکێک لەو هاندانانە ئەوەیە کە پێی دەڵێن گێڕانەوەی باجەکان (Drawbacks) و لەوە دەچێ لۆجیکیانەترینیان بێ. بازرگان کە بتوانێ لەڕێی هەناردەکردنەوە، هەموو یان بەشێک لەو باجە دەرەکییانە یان ناوخۆییانەی سەر بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵی وەرگرێتەوە، دەتوانێ ئەوەندە کالا هەنادە بکا کە لە کاتی نەبوونی هیچ باجێکدا دەتوانێ هەناردەیان بکا. مەبەستی ئەم هاندانە ئەوە نییە بەشێکی زیاتری سەرمایەی ولات بەرەو جۆرێکی دیاریکراو لە بەگەڕخستن پاڵ پێوە بنێ، بەڵکو تەنیا مەبەست ئەوەیە ڕێگری لەوە بکا کە باج ببێتە ڕێگر یان کەمکەرەوەی بەشێک لەو بەگەڕخستنانە. مەبەست هەڵگێرانەوەی ئەو بالانسە نییە کە بەشێوەیەکی سروشتی لەنێوان بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵکو ڕێگرییە لەوەی باج بە ئاراستەیەکی تردا ببیا. مەبەستیان لە زۆربەی دۆخەکاندا ڕووخاندن نییە، بەڵکو پاراستنی ئەوەیە کە لە زۆربەی دۆخەکاندا پاراستنی پێویستە، ئەویش دابەشکردن و دابەشبوونی سروشتیی کارە لە کۆمەڵگەدا.

دەکرێ هەمان شت لەبارەی گێڕانەوەی باجی سەر ئەو کالا بیانییە هاوردەکراوانە بگوترێ کە دووبارە هەناردە دەکرێنەوە، کە لە بریتانیای مەزندا زۆرترین بەشی باج بەشێوەیەکی گشتی دەخرێتە سەر هاوردەکردن. لەڕێی دووەم یاسا لەوانەی خراونەتە پاڵ ئەو یاسایەی پەرلەمان کە ئێستا پێی دەگوترێ پاڵپشتیی کۆن(Old Subsidy)، هەموو بازرگانێک، ئینگلیز بێ یان بێگانە، بۆی هەبوو نیوەی ئەو باجە لە بەرامبەر دا وەرگرێتەوە. بازرگانە ئینگلیزەکە بەو مەرجەی لە ماوەی ١٢ مانگ هەناردەی بکاتەوە. بازرگانی بیانی بەو مەرجەی لە ماوەی نۆ مانگدا هەناردەی بکاتەوە. شەراب، کشمیش و، ئاوریشمی کارپێکراو لەم یاسایە بەدەر بوون لەبەر ئەوەی ئاسانکاریی تری بەسوودتریان بۆ کرابوو. ئەو باجانەی لەڕێی ئەم یاسایەی پەرلەمانەوە سەپێنرابوون، کە ئەو کاتە تەنیا باج بوون

لەسەر هاوردەکردنی کاڵای بیانی. ئەو ماوەیەی کە تیایدا دەتوانرا داوای وەرگرتنەوەی ئەم باجانە و باجی تر بکرێ دواتر بۆ سێ ساڵ درێژ کرانەوە (لەڕێی حەوتەمی جۆرجەوە، بڕگەی ١٠).

ئەو باجانەی لە کاتی یاسای پاڵپشتیی کۆنەوە سەپێنرابوون، زۆربەیان، بەتەواوی لەڕێی هەناردەکردنەوە وەردەگیرانەوە. بەڵام ئەم یاسا گشتییە، کۆمەڵێکی زۆر هەڵاوێردکردنی تێدا هەبوو و، بیرۆکەی گێڕانەوەی باج بووە بابەتێکی زۆر سادەتر لەوەی لە یەکەمین یاسادا هاتبوو.

بۆ هەناردەکردنی هەندێ کاڵای بیانی، کە پێشبینی دەکرا بڕی هاوردەکراویان زۆر لە پێویستیی بەکاربردنی ناوخۆیی زیاتر بێ، تەواوی باجەکان دەدرانەوە، تەنانەت بەبێ گلدانەوەی ئەو نیوەیەی لە پاڵپشتییە کۆنەکەدا هەبوو. پێش شۆڕشەکەی کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکامان، ئێمە تەواوی تووتنی مێریلاند و ڤیرجینیامان قۆرخ کردبوو. ئێمە نزیکەی ٩٦ هەزار بەرمیلی گەورەمان هاوردە دەکرد و، بەکاربردنی ناوخۆیی ١٤ هەزاری تێپەڕ نەدەکرد. وەک ئاسانکارییەک بۆ ئەو هەناردەکردنە پێویستە، بۆ ئەوەی بڕە زیادەکە لەکۆڵ بکەینەوە، تەواوی باجەکان دەدرانەوە، بەو مەرجەی هەناردەکردنەکە لە ماوەی سێ ساڵدا ئەنجام بدرێ.

ئێمە هێشتا، ئەگەرچی بەتەواوی نییە بەڵام نزیکە لێیەوە، شەکری دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوای خۆمان قۆرخ کردووە. ئەگەر شەکرەکە لە ماوەی یەک ساڵدا هەنارده بکرێ ئەوە تەواوی باجی هاوردەکردنەکە دەدرێتەوە و، ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵدا هەنارده بکرێ تەواوی باجەکە، جگە لە نیوەکەی پاڵپشتیی کۆن، کە تا ئێستا بەسەر هەناردەکردنی زۆربەی کاڵاکاندا جێبەجێ دەکرێ، دەدرێتەوە. ئەگەرچی هاوردەکردنی شەکر زۆر زیاترە لەوەی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی پێویستە، زیادەکە کەم نییە بە بەراورد لەگەڵ زیادەی تووتندا.

هەندێ کاڵا، بەتایبەتی ئەوانەی ئامانجی ئیرەیی پیشەسازانمانن، هاوردەکردنیان بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی قەدەخەیە. بەڵام بەرامبەر بە باجی دیاریکراو، دەکرێ بەمەبەستی هەناردەکردنەوە هاوردە بکرێن و کۆگە بکرێن. بەڵام هیچ بەشێک لەو باجە، بۆ ئەم جۆرە هەناردەکردنە ناگەڕێتەوە. لەوە دەچێ، پیشەسازانمان پێیان ناخۆش بێ تەنانەت ئەم هاوردەکردنە سنووردارکراوەش هان بدرێ و، دەترسن لەوەی بەشێک لەو کاڵایانە

بەدزییەوە لە کۆگەکان دەرچن و، بکەونە کێبەرکێ لەگەڵ کاڵاکانی خۆیان. تەنیا لە سایەی ئەم یاسایانەدا ئێمە دەتوانین ئاوریشمی ئیشپێکردن، کوتاڵ و گیای فرانسە، کوتاڵی لۆکەی بۆیەکراو یان لەچاپدراو یان ڕەنگکراو هتد هاوردە بکەین.

ئێمە تەنانەت ئامادە نیین ببینە باربەر بۆ کاڵا فرانسەییەکان و، پێمان خۆشە ئەو قازانجە لەدەست بدەین بەڵام ئەوان، کە ئێمە بەدوژمنیان دەزانین، لەڕێی ئێمەوە سوودمەند نەبن. بۆیە نەک تەنیا نیوەکەی پاڵپشتیی کۆن، بەڵکو لەسەدا بیست و پێنجەکەی دووەمیش لە کاتی هەناردەکردنی هەموو کاڵایەکی فرانسەیی نادرێنەوە.

لەڕێی یاسای چوارەمی پاشکۆی پاڵپشتیی کۆنەوە، لەبەرامبەر هەناردەکردنی هەموو شەرابێک، ڕێگە بە گێڕانەوەی زیاتر لە نیوەی ئەو باجانە دراوە، کە ئەو کاتە لەبەرامبەر هاوردەکردنیان دەدران. لەوانەیە مەبەستی یاسادانەران لەو کاتەدا ئەوە بووبێ کە هاندانێکی زیاتر لە ئاسایی پێشکەش بە بازرگانیی شەراب بکەن. زۆر باجی تریش، چ ئەوانەی لەو کاتەدا سەپێنرابوون یان ئاکامی پاڵپشتیی کۆن بوون- کە پێیان دەگوترێ باجی سەربار، پاڵپشتیی نوێ(New Subsidy) ، پاڵپشتیی سێیەک و دوو سێیەک، باجی ١٦٩٢، پارەدان لەسەر شەراب، ڕێگە درا بەتەواوی لە کاتی هەناردەکردندا وەرگیرێنەوە. بەڵام هەموو ئەم باجانە، جگە لە باجی سەربار و ئەوەی ١٦٩٢، کە لە کاتی هاوردەکردندا بەپارە دەدران، سوودەکەیان خەرجییەک بوو کە وای دەکرد بازرگانیکردن بەم بابەتە چاوەڕوانی قازانجی لێ نەکرێ. بۆیە تەنیا بەشێک لەو باجەی پێی دەگوترا باجی شەراب و، هیچ بەشێک لەو ٢٥ پاوەنەی لەسەر هەر تۆنێک شەرابی فرانسەیی بوو، یان ئەو باجانەی لە ١٧٤٥ و ١٧٦٣ و ١٧٧٨دا سەپێنرابوون، بەرامبەر بە هەناردەکردن نەدەگێڕرانەوە. دوو باجە لەسەدا پێنجییەکەی ١٧٧٩ و ١٧٨١، لەسەر هەموو باجەکانی پێشووی گومرک، ڕێگەپێدراو بوون لەبەرامبەر هەناردەکردنی هەموو کاڵاکانی تردا بگێڕرێنەوە، هەروەها لەبەرامبەر هەناردەکردنی شەرابیش. ڕێگە درا بە گێڕانەوەی تەواوی ئەم باجەی دوایی، ئەوەی ١٧٨٠، کە بەتایبەتی بەسەر شەرابدا سەپێنرا، ئەمەش وەک پاشگەزبوونەوەیەک بوو دوای ئەوەی ئەو هەموو باجە قورسە ئەگەری زۆریان هەبوو وا بکەن تەنیا یەک تۆن شەراب هەنارده نەکرێ. ئەم یاسایانە لە هەموو ئەو شوێنانەدا جێبەجێ دەکران کە هەناردەکردن تیایاندا یاسایی بوو، جگە لە کۆلۆنییە بریتانیاییەکان لە ئەمەریکا.

پازدەیەمینی چالزی دووەم، کە ناو نرا یاسایەک بۆ هاندانی بازرگانی (An Act for the Encouragement of Trade)، قۆرخکراریی بریتانیای مەزنی بەسەر دابینکردنی هەموو کاڵایەکی ئەوروپاییدا، بەشەرابیشەوە، بۆ کۆلۆنییەکان سەپاند. لە وڵاتێکی خاوەن کەناراوی فرەوانی وەک کۆلۆنییەکانمان لە باکوری ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا، بەردەوام دەسەڵاتمان زۆر لاواز بوو، بۆیە ڕێگە بە دانیشتووان درا بە کەشتیی خۆیان کاڵای ڕیزبەندنەکراوی خۆیان، سەرەتا بۆ هەموو بەشێکی ئەورووپای باشووری کەیپ فینیستری ببەن، نەدەکرا ئەم قۆرخکارییە بەشێوەیەکی زۆر ڕاگیرێ. لەوانە بوو لە هەموو کاتێکدا ڕێگەیان دەست بکەوێ بۆ هێنانەوەی هەندێ بار لەو وڵاتانەوە کە ڕێگەیان پێ درابوو باریان بۆ ببەن. بەڵام لەوە دەچێ بۆیان سەخت بووبێ بەهۆی ئەو باجە زۆرەی بەسەریاندا دەسەپێنرا، شەرابی ئەوروپایی هاوردە بکەن و، بەتایبەتی نەیاندەتوانی لە بریتانیای مەزنەوە هاوردەی بکەن، کە بەشێکی زۆریان لەبەرامبەر هەناردەکردندا گێڕانەوەیان نەبوو. شەرابی دوورگەی مادیریا کە کاڵایەکی ئەوروپایی نەبوو، دەتوانرا ڕاستەوخۆ بۆ ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا هاوردە بکرێ، کە وڵاتگەلێکن خاوەنی کاڵای زۆری ڕیزبەندنەکراون و بازرگانییەکی ئازادیان لەگەڵ دوورگەی مادیریا دەکرد. لەوانەیە ئەم هەلومەرجە بووبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی شەرابی مادیریا، کە ئەفسەرانمان لە سەرەتای شەڕدا، کە لە ساڵی ١٧٥٥دا دەستی پێ کرد، لە کۆلۆنییەکانماندا بەدییان کرد و بۆ نیشتمان لەگەڵ خۆیاندا هێنایانەوە، کە پێشتر لای خۆمان باو نەبوو. لەگەڵ تەواوبوونی شەڕ لە ١٧٦٣دا، (بەیاسای چوارەمی جۆرجی سێیەم) هەموو باجەکان، جگە لە سێ پاوەن و دە شیلین، ڕێگەی گێڕانەوەیان پێ درا لەبەرامبەر هەناردەکردنی هەموو شەرابێک، شەرابی فرانسەیی نەبێ، بۆ کۆلۆنییەکانمان بەمەبەستی بازرگانی و بەکاربردن. ماوەی نێوان ئەم ئاسانکارییە و شۆڕشی کۆلۆنییەکانی ئەمەریکای باکورمان زۆر کورتتر بوو لەوەی هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر نەریتەکانی ئەو وڵاتانەدا بهێنێ.

هەمان ئەو یاسایە، کە بەهۆی گێڕانەوەی باجی سەر هەموو شەرابێک، جگە لە شەرابی فرانسەیی، لەقازانجی کۆلۆنییەکان بوو زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر. لەبەرامبەر هەناردەکردنی زۆرترین بەشی کاڵاکان بۆ وڵاتانی تر، نیوەی پشتیوانیی کۆن دەگێڕرایەوە. بەڵام ئەم یاسایە بڕیاری دا کە نابێ هیچ بەشێکی باجی سەر هیچ کاڵایەکی بەرهەمی چاندن یان پیشەسازیی ئەوروپا یان هیندی ڕۆژهەڵات، جگە لە شەراب و کوتاڵی لۆکەی سپی و مۆزلین، کە بۆ کۆلۆنییەکان هەناردە دەکرێن بگەڕێنرێتەوە.

لەوانەیە گێڕانەوەی باج لە بنەڕەتدا بۆ هاندانی بەڕێوەچوونی بازرگانیی باربەری بووبێ، کە کرێی کەشتییەکان تیایدا زۆربەی جاران لەلایەن بیانییانەوە بە پارە دەدران و، چاوەڕوان دەکرا ئامرازێکی باش بێ بۆ هێنانی زێڕ و زیو بۆ وڵات. بەڵام بازرگانیی باربەری پێویستی بە هاندان نییە، هەرچەندە پاڵنەر بۆ ئەم یاسایانە زۆر گەمژانە بوو، یاساکە خۆی گونجاو دێتە پێش چاو. ئەو گێڕانەوەی باجە ناتوانێ بەشێکی زیاتری سەرمایەی وڵات، زیاتر لەوەی خۆی لە کاتی نەبوونی باجدا لەم بازرگانییەدا بەکار دەهات، پاڵ بنێتە ناو ئەم بازرگانییەوە. ئەمانە تەنیا دەبنە ڕێگر لە بەجێهێشتنی یەکجارەکییان بەهۆی ئەو باجانەوە، مەبەستەکە زیادکردنیان نییە، بەڵکو بەئازادی هێشتنەوەیانە وەک هەر بازرگانییەکی تر. ئەم بازرگانییە سەرچاوەیەکی باشە بۆ بەگەڕخستنی ئەو سەرمایانەی بواری بەگەڕخستنیان نە لە کشتوکاڵ و نە لە پیشەسازیی وڵاتدا نییە، چ لە بازرگانیی ناوخۆیی بێ یان لە بازرگانیی دەرەکی بۆ بەکاربردن بێ. داهاتی گومرک، لەجیاتی ئەوەی زیانی پێ بگا لەڕێی ئەو بەشە باجەی نادرێتەوە قازانج لە گێڕانەوەی باج دەکا. ئەگەر هیچ باجێک نەدرێتەوە، بەدەگمەن ئەو کاڵا بیانییانەی باجیان لەسەر دەدرێ هەناردە دەکرێن، لە ئاکامدا لەبەر نەبوونی بازاڕ، هاوردەش ناکرێن. بەو شێوەیەش هەرگیز ئەو باجەی نادرێتەوە، نادرێ.

لەوە دەچێ ئەم هۆکارانە بەس بن وەک پاکانە و پیشاندانی گونجاویی گێڕانەوەی باج، هەرچەندە تەواوی باجی سەر بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵی یان کاڵای بیانی، بەردەوام لەبەرامبەر هەناردەکردندا دەگێڕرێنەوە. لەڕاستیدا، لەم دۆخەدا داهاتی باج زیانێکی کەمی بەر دەکەوێ و، داهاتی گومرک زیانی زیاتری بەر دەکەوێ. بەڵام باڵانسی سروشتیی پیشەسازی، دابەشکردنی سروشتیی کار، کە بەردەوام زۆر و کەم بەهۆی ئەم جۆرە باجانەوە دەشڵەژێ، لەڕێی ئەم جۆرە یاسایانەوە تا ڕادەیەک جێگیر دەبنەوە.

ئەم هۆکارانە بیانوو دێننەوە بۆ گێڕانەوەی باج تەنیا لەبەرامبەر هەناردەکردن بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەموویان بیانین و سەربەخۆن، نەک بۆ ئەو وڵاتانەی بازرگان و پیشەسازانمان قۆرخیان کردوون. بۆ نموونە، گێڕانەوەی باج لەبەرامبەر هەناردەکردنی کاڵای ئەوروپایی بۆ کۆلۆنییەکانمان لە ئەمەریکا بەردەوام نابێتە مایەی هەناردەکردنێکی زیاتر لەوەی بەبێ گێڕانەوەی باج هەبووە. بەهۆی قۆرخکارییەکەی بازرگان و پیشەسازانمانەوە، لەوانەیە زۆربەی جاران هەمان بڕ کاڵا بۆ ئەوێ ڕەوانە بکرێ، ئەگەر

هیچ باجێکیش نەگەڕێنرێتەوە. کەواتە گێڕانەوەی باج، بەبێ ئەوەی دۆخی بازرگانی بگۆڕێ یان زیاتری بکا، زۆربەی جاران جگە لە زیان بۆ داهاتی باج و گومرک هیچی لێ ناکەوێتەوە. تا چەند ئەم جۆرە گێڕانەوەیەی باج گونجاوە، وەک هاندان بۆ پیشەسازیی کۆلۆنییەکانمان، یان تا چەند بەسوودە بۆ وڵاتی دایک کە ببەخشرێن لەو باجانەی هاوڕێیانیان دەیدەن، ئەمانە لێرە بەدواوە کە دەچمە سەر باسی کۆلۆنییەکان، دەردەکەون.

بەڵام دەبێ بەردەوام لەوە تێ بگەین کە گێڕانەوەی باجەکان تەنیا لەو دۆخانەدا بەسوودە کە ئەو کاڵایانەی بۆ هەناردەکردنن و باجەکەیان بۆ گێڕراوەتەوە بەڕاستی بۆ وڵاتێکی بیانی هەنارده بکرێن، نەک بەدزییەوە بۆ وڵاتەکەی خۆمان هاوردە بکرێنەوە. چونکە هەندێک گێڕانەوەی باج، بەتایبەتی لەسەر تووتن، زۆر جاران بەم شێوەیە پێشێل کراون و، بواریان بۆ فێڵکاری ڕەخساندووە کە بۆ داهات و بۆ بازرگانانی ڕاستگۆ، وەکو یەک زیانیان هەبووە.

بەشی پێنجەم
بەخشیشی حکوومەت

بەخشیشەکانی حکوومەت لە بریتانیای مەزن بۆ هاوردەکردن، زۆربەی جاران بەهۆی داواکردنەوە دەدرێن و هەندێ جاریش بە بەرهەمی هەندێ لقی دیاریکراوی پیشەسازیی خۆماڵی دەدرێن. بەهۆی ئەم بەخشیشانەوە بازرگانان و پیشەسازانمان، وەک ئەوەی پێشانی دەدەن، دەتوانن کاڵای خۆیان هەزان وەکو، یان هەرزانتر لە، کاڵا ململانێکەرەکان لە بازاڕە بیانییەکاندا دەفرۆشن. دەڵێن کە بەم شێوەیە بڕێکی زیاتر هەنارده دەکرێ و، لە ئاکامدا باڵانسی بازرگانی زیاتر بەلای وڵاتی ئێمەدا دەشکێتەوە. ئێمە ناتوانین قۆرخکاریی بازاڕی بیانی، هاوشێوەی بازاڕی ناوخۆیی، بۆ پیشەوەرانمان دەستەبەر بکەین. هەروەها ناتوانین بێگانان ناچار بکەین کاڵاکانی ئەوان بکڕن وەک چۆن هاووڵاتییانی خۆمان ناچار دەکەین. بۆیە باشترین ڕێگەی دوای ئەمەش، وەک بۆی چوونە، ئەوەیە کە بۆ کڕین پارەیان بدەینێ. بەم شێوەیە سیستمی بازرگانی پێشبینیی دەوڵەمەندکردنی هەموو وڵات دەکا و، لەڕێی باڵانسی بازرگانییەوە پارە دەخاتە گیرفانی هەموومانەوە.

کاتێک ڕێگە بە بەخشیشی حکوومەت دراوە، کە بدرێ بەو لقانەی بازرگانی کە ناتوانن بەبێ ئەو بەخشیشە بەڕێوە بچن. بەڵام هەموو لقێکی بازرگانی کە تیایدا بازرگان بتوانێ کاڵاکانی بەنرخێک بفرۆشێ قازانجی ماڵەکەی و تەواوی سەرمایە بەکارهاتووەکەی لە ئامادەکردنی ئەو کاڵایانە و ناردنیان بۆ بازاڕی بۆ پڕ بکاتەوە، دەکرێ بەبێ بەخشیشی حکوومەت بەڕێوە بچێ. هەموو لقێکی لەم جۆرە بێگومان هاوئاستە لەگەڵ گشت لقەکانی تری بازرگانی کە بەبێ بەخشیش بەڕێوە دەچن و، بۆیە ناکرێ یەکێکیان بەخشیش وەرگرێ و ئەوانەی تر نا. تەنیا ئەو بازرگانییانە پێویستیان بە بەخشیشە کە تیایاندا بازرگانەکە ناچارە کاڵاکانی بەنرخێک بفرۆشێ سەرمایەکەی و قازانجە ئاساییەکەی بۆ پڕ نەکاتەوە، یان ناچار بێ بە نرخێکی کەمتر لە تێچووی ڕاستەقینەی ناردنیان بۆ بازاڕ بفرۆشێ. بەخشیشی حکوومەت بۆ قەرەبووی ئەو زیانە دەدرێ و، بۆ هاندانی بەردەوامبوونی، یان لەوانەیە بۆ دەستپێکردنی بازرگانییەک، کە پێشبینی دەکرێ تێچووەکەی لە داهاتەکەی زیاتر بێ، کە دەستپێکردنی هەر ئۆپەراسیۆنێکی بەشێک لە سەرمایەی بەگەڕخراو بۆی بخوا و، سروشتەکەی وایە کە ئەگەر هەموو بازرگانییەکانی تر هاوشێوەی ئەو بن، زۆری پێ ناچێ هیچ سەرمایەیەک لە وڵاتدا ناهێڵنەوە.

دەبێ تێبینی بکرێ کە تەنیا ئەو بازرگانییانەی لەڕێی بەخشیشی حکوومەتەوە بەڕێوە دەچن، ئەوانەن کە لەنێوان دوو وڵاتدا بۆ ماوەیەکی زۆر بەڕێوە دەچن، بەشێوەیەک کە بەردەوام دەبێ یەکێکیان زیانمەند بێ، یان کاڵاکانی بەکەمتر لە تێچووی ڕاستەقینەی ناردنیان بۆ بازاڕ بفرۆشێ. بەڵام ئەگەر بەخشیشەکە ئەو زیانەی بازرگانەکە لە نرخی کاڵاکاندا دەیکا قەرەبوو نەکاتەوە، ئەوە بەرژەوەندی بازرگانەکە بەزوویی ناچاری دەکا ماڵەکەی بەشێوەیەکی تر بەگەڕ بخا، یان بازرگانییەک بدۆزێتەوە کە تیایدا نرخی کاڵاکانی قازانجی ئاسایی و سەرمایەی بەگەڕخراو لە ناردنیان بۆ بازاڕی بۆ پڕ بکاتەوە. کاریگەریی بەخشیش وەک هەر ئامرازێکی تری سیستمی بازرگانی، تەنیا ئەوەیە بەرەو کەناڵێکی کەمسوودتر لەوەی بەسروشتی ڕووی تێ دەکا، پاڵ بە بازرگانیی وڵاتەوە بنێ.

نووسەری بلیمەت و بەزانیاریی "وتەگەلێک لەبارەی بازرگانیی گەنمەشامییەوە"، زۆر بەڕوونی پیشانی داوە کە، لەو کاتەوەی بەخشیشی حکوومەت بۆ هەناردەکردنی گەنمەشامی هاتووەتە کایەوە، نرخی گەنمەشامیی هەناردەکراو، کە بەشێوەیەکی مامناوەندیی زۆر گونجاو خەملێنراوە، زیاتر بووە لە نرخی گەنمەشامیی هاوردەکراو، کە بەرز خەملێنراوە، بەبڕێکی زۆر زیاتر لە تەواوی ئەو بەخشیشانەی لەو ماوەیەدا بۆی دراون. ئەو پێی وایە کە ئەمە، بەپێی بنەما دروستەکانی سیستمی بازرگانی، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی ئەم بازرگانییە زۆرەکییەی گەنمەشامی بۆ گەل بەسوودە. بەهای هەناردەکردن زیاتر بێ لەوەی هاوردەکردن، بە بڕە پارەیەکی زۆرتر لە تەواوی ئەو تێچووە سەرووئاساییەی گشت دەیدا بۆ ئەوەی هەناردە بکرێ. ئەو ئەوەی لەبەر چاو نەگرتووە کە ئەو تێچووە نائاساییە، یان ئەو بەخشیشەی حکوومەت، بچووکترین بەشی ئەو خەرجییەیە کە کۆمەڵگە بەڕاستی بەرامبەر بەو هەناردەکردنەی دەدا. دەبێ ئەو سەرمایەیەش لەبەر چاو بگیرێ کە جووتیار بۆ پێگەیاندنی گەنمەشامییەکە بەگەڕی دەخا. تا ئەو کاتەی کە نرخی گەنمەشامیی فرۆشراو لە بازاڕی بێگانەدا، نەک تەنیا بەخشیشەکە، بەڵکو ئەم سەرمایەیە، لەگەڵ قازانجی ئاسایی ماڵەکە پڕ نەکاتەوە، کۆمەڵگە زەرەرمەندە، یان ئەوە ماڵی نیشتمانییە کە زۆر لەکورتی دەدا.

دەڵێن کە تێکڕای نرخی گەنمەشامی، لەوەتەی بەخشیشی حکوومەت هەیە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. من پێشتر هەوڵم داوە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتای سەدەی ڕابردوو، نرخی تێکڕای گەنمەشامی کەمێک دابەزی و ئەو دابەزینە بەدرێژایی ٦٤ ساڵی ئەم سەدەیە بەردەوام بووە. بەڵام ئەم ڕووداوە، ئەگەر ئەوەندەی من بڕوام هەیە ڕاستەقینە بێ، دەبێ سەرباری بەخشیشی حکوومەتیش بوونی هەبێ و، ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە کە بەهۆیەوە ڕووی دابێ. ئەوە لە فڕانسە، هاوشێوەی ئینگلتەرە، ڕووی داوە، ئەگەرچی لە فڕانسەدا تا ساڵی ١٧٦٤ بەخشیشی حکوومەت نەبوو

و، هەناردەکردنی گەنمەشامی بەگشتی قەدەخە بوو. بۆیە لەوانەیە ئەم دابەزینە پێبەپێیەی تێکڕای نرخی دانەوێڵە، لەکۆتاییدا بەهۆی هیچ یاسایەکەوە نەبێ، بەڵکو بەهۆی بەرزبوونەوەی پێبەپێ و کەمی بەهای ڕاستەقینەی زیوەوە بێ کە لە کتێبی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵم دا پیشانی بدەم چۆن بەگشتی لە بازاڕی ئەورووپا لەم سەدەیەدا ڕووی دا. لەوە دەچێ بەتەواوی مەحاڵ بێ بەخشیشی حکوومەت هیچ بەشدارییەکی لە نزمبوونەوەی نرخی دانەوێڵەد کردبێ.

لە ساڵانی هاتدا، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، بەخشیشی حکوومەت، بە دەستەبەرکردنی هەناردەکردنی نائاسایی، وەک پێویستییەک نرخی گەنمەشامیی لە بازاڕی ناوخۆدا بەرزتر ڕاگرتووە لەوەی کە بەشێوەیەکی سروشتی بەرەوڕووی شۆڕ دەبووەوە. ئەمە ئامانجی ڕاگەیەنراوی یاساکە بوو. لە ساڵانی قاتیدا، ئەگەرچی بەخشیشەکە زۆربەی جاران دەوەستێنرا، بەڵام هەناردەکردنی زۆر کە ئاکامی بەخشیشەکە بوو لە ساڵانی هاتدا زۆر یان کەم ڕێگر دەبوو لەوەی زۆریی بەرهەمی ساڵێک کەمیی ئەوەی ساڵەکەی تر پڕ بکاتەوە. بۆیە، لە هەردوو ساڵانی هات و ساڵانی نەهاتدا، بەخشیشەکە نرخی بەپارەی گەنمەشامی لە بازاڕی ناوخۆ بڕێک بەرزتر دەکا لەوەی لە کاتی نەبوونی بەخشیشەکەدا دەبێ.

سەبارەت ئەوەش کە لە دۆخی کردەنیی کشتوکاڵدا بەخشیش دەبێ وەک پێویستییەک ئەم ڕووگەیەی هەبێ، من پێم وا نییە کە دوو کەسی ژیر لەسەر ئەمە ناکۆک بن. بەڵام گەلێ خەڵک وا بیریان کردووەتەوە کە بەخشیش هانی کشتوکاڵ دەدا و، بە دوو ڕێگەی جیاواز، یەکەم، بە کردنەوەی بازاڕی بیانیی فرەوانتر بۆ گەنمەشامیی جووتیار، ئەوان پێیان وایە کە، خواستی لەسەر زیاد دەکا و لە ئاکامدا بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە زیاد دەبێ و، دووەم، بە مسۆگەرکردنی نرخێکی باشتر بۆی، باشتر لەوەی لە دۆخی کردەنیی کشتوکاڵدا چاوەڕوانیەتی، ئەوان پێشبینی دەکەن کە، هانی کشتوکاڵکردن دەدا. ئەم هاندانە دووانەیە، بەبۆچوونی ئەوان، لە مەودای دووری چەندان ساڵەدا، بوار دەڕەخسێنێ بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنانی گەنمەشامی بەشێوەیەک کە نرخی لە بازاڕی ناوخۆدا بەجۆرێک دادەبەزێنێ زیاتر لەوەی بەخشیشەکە بتوانێ ئەوەندە بەرزی بکاتەوە، ئەمەش لە دۆخی کردەنیی کشتوکاڵدا لەوانەیە لە کۆتایی ئەو ماوەیەدا ڕوو بدا.

لە وەڵامدا دەڵێم، هەر فرەوانبوونێکی بازاڕی بیانی بەهۆی بەخشیشی حکوومەتەوە، لە هەر ساڵێکدا، دەبێ بەتەواوی بکەوێتە سەر ئەرکی بازاڕی ناوخۆ. وەک چۆن هەر بوشێلێک گەنمەشامی کە بەهۆی بەخشیشەوە هەناردە دەکرێ و، بەبێ بەخشیشی حکوومەت هەناردە نەدەکرا، لە بازاڕی ناوخۆ دەمایەوە و بەکاربردنی ئەو کاڵایەی زیاد دەکرد و نرخەکەی نزم دەکردەوە. دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێ کە بەخشیشی حکوومەت بۆ

گەنمەشامی، هاوشێوەی هەر بەخشیشێکی تر بۆ هەناردەکردن، دوو باجی جیاواز بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ: یەکەم، ئەو باجەی ناچارن تیایدا بەشدار بن بۆ ئەوەی بەخشیشەکە بدرێ و، دووەم، ئەو باجەی بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکە لە بازاڕی ناوخۆدا دێتە کایەوە و، کە کاتێک تەواوی خەڵک کڕیاری گەنمەشامین، دەبێ بۆ ئەم کاڵا دیاریکراوە لەلایەن هەموو خەڵکەوە بدرێ. بۆیە، لەم کاڵا دیاریکراوەدا ئەم باجەی دووەم قورسترینی هەردووکیانە. با وای دابنێین، کە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، بەخشیشی پێنج شیلینی لەسەر هەناردەکردنی چارەکێک گەنم تەنیا شەش پێنس بۆ هەر بوشڵێک، یان چوار شیلین بۆ هەر چارەکێک نرخی کاڵاکە لە بازاڕی ناوخۆ بەرز دەکاتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو نرخەی بەبێ بەخشیشەکە دەیبوو، لە دۆخی کردەنیی بەرهەمەکەدا. تەنانەت بەپێی ئەم گریمانە زۆر گونجاوەش، هەموو خەڵک، لەو باجەی بەخشیشە پێنج شیلینییەکە بۆ هەر چارەکێک گەنمی هەناردەکراو بەشدار دەبن، دەبێ چوار شیلینی تریش بۆ هەر چارەکێک گەنم کە خۆیان بەکاری دەبەن، بدەن. بەڵام، بەگوێرەی نووسەری بلیمەت و بەزانیاریی "وتەگەلێک لەبارەی بازرگانیی گەنمەشامییەوە"، ڕێژەی تێکڕای گەنمەشامیی هەناردەکراو بۆ تێکڕای ئەوەی لە ناوەوەدا بەکار براوە زیاتر نییە لە یەک بۆ ۳۱. بۆیە بۆ هەر پێنج شیلینێک کە پێی بەشدار دەبن لە دانی باجی یەکەم، دەبێ بە شەش پاوەن و چوار شیلین لە دانی باجی دووەمدا بەشدار بن. بەمەش باجێکی زۆر قورس بۆ یەکەم پێویستیی ژیان یان ئەوەتا بژێویی کارگەرانی هەژار کەم دەکاتەوە، یان دەبێ ببێتە هۆی زیادکردنی هەقدەستیان بەپارە بەشێوەیەکی هاوڕێژە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی بەپارەی بژێوییان. ئەوەندەی بەشێوەی یەکەم بەڕێوە بچێ، دەبێ توانای کارگەرانی هەژار بۆ فێرکردن و بەخێوکردنی منداڵەکانیان کەم ببێتەوە و، ئەمەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ژمارەی دانیشتووانی وڵات. ئەوەندەشی بەشێوەی دووەم بێ، ئەوە توانای بەگەڕخەرانی هەژاران کەم دەبێتەوە و ناتوانن ئەو ژمارە زۆرەی پێش ئەو دۆخە بەگەڕ بخەن و، بەمەش پیشەسازیی وڵات سنووردار دەبێ. بۆیە ئەو هەناردەکردنە نائاساییەی گەنمەشامی، کە بەهۆی بەخشیشەوەیە، لە هەموو ساڵێکدا ئەوەندەی بازاڕ و بەکاربردنی بیانی فرەوان دەکاتەوە ئەوەندەش بازاڕ و بەکاربردنی ناوخۆیی بەرتەسک دەکا، بەڵام بە سنووردارکردنی ژمارەی دانیشتووان و پیشەسازیی وڵات، ئاراستەی کۆتایی ڕێگری و سنووردارکردنی فرەوانبوونی وردەوردەی بازاڕی ناوخۆ دەبێ، بەم پێیەش، لە مەودای دووردا، لەجیاتی زیادکردنی بازاڕ و بەکاربردنی گەنمەشامی کەمی دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم زیادبوونەی نرخی بەپارەی گەنمەشامی، وا دەبینرا کە لەڕێی بەقازانجترکردنی ئەو کاڵایەوە قازانجی زیاتری بۆ جووتیارەکە دەبێ و، زیاتر هانی بەرهەمهێنانی دەدا.

لە وەڵامـدا دەڵـێم، لەوانەیە دۆخەکە بەم شـێوەیە بـێ ئەگەر کـاریگەریی بەخشیشـەکە بریتی بێ لە بەرزکردنەوەی نرخی ڕاستەقینەی گەنمەشامی، یان تواناداركردنی جووتیار بۆ ئەوەی، بەبڕێکی یەکسانی گەنمەشامی، ژمارەیەکی زۆرتر کارگەر بەهەمان شێوە بخاتە گەڕ، چ زۆر یـان مامناوەنـدی یـان کەم، کە بەگشـتی لە نـاوچەکەی خۆیـدا بـاوە. بەڵام نە بەخشیش و نە هیچ یاسایەکی تری مرۆڤ ناتوانن ئەو جۆرە کاریگەرییەیان هەبێ. ئەوەی بەڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەخشیشی حکوومەتەوە، نرخی بەپارەیە نەک نرخی ڕاستەقینە. هەروەها هەرچەندە ئەو باجەی یاساکە بەسەر هەموو خەڵکدا دەیسەپێنێ لەوانەیە زۆر بـاری ئەو خەڵکەی کە دەیـدەن گـران بکـا، سـوودێکی زۆر کەمیشـی بـۆ ئەو کەسانە هەیە کە بەخشیشەکە وەردەگرن.

کـاریگەریی ڕاستەقینەی بەخشیشی حکـوومەت زۆر بەهـای ڕاسـتەقینەی گەنمەشـامی بەرز ناکاتەوە بۆ ئەوەی بەهـای ڕاستەقینەی زیو کەم بکاتەوە، یـان وا بکـا هەمـان بڕ بە بڕێکی کەمتـر، نەک تەنیـا لە گەنمەشـامی بەڵکو لە هەمـوو کـاڵایەکی دەسـکردی خۆمـاڵی، بگۆڕرێتەوە، چـونکە نرخـی بەپـارەی گەنمەشـامی نرخـی بەپـارەی هەمـوو کاڵاکـانی تـری دەسکردی خۆماڵی ڕێک دەخا.

ئەو، نرخـی بەپـارەی کـار ڕێـک دەخـا، کە بەردەوام دەبـێ ئەوەنـدە بـێ کە بەهـۆیەوە کـارگەر بتـوانێ بڕێـک گەنمەشـامی بکڕێ کە خـۆی و خێزانەکەی بژێێنـێ چ بە تێـری یـان بەشێوەیەکی مامناوەندی یان بە هەژاری کە تیایدا هەلومەرجی پێشکەوتوو، چەقبەسـتوو، یان دارماوی کۆمەڵگە کە بەگەڕخەرەکەی ناچار دەکا تیایدا بیژێێنێ.

ئەو، نرخی بەپارەی هەموو بەشەکانی تری بەرهەمی خاوی زەویش ڕێـک دەخـا، کە لە هەموو قۆناخێکی پێشکەوتندا، دەبێ ڕێژەیەکی دیاریکراوی بەرامبەر بە نرخی گەنمەشامیی هەبێ، ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە لە ماوەی جیاجیادا جیاوازە. بۆ نموونە، نرخی بەپارەی گیـا و زەل، گۆشت، ئەسپ و، ئالیکی ئەسپ، باربەریی وشـکانی، یـان زۆرتـرین بەشـی بازرگـانیی لادێ ڕێک دەخا.

لەڕێی ڕێکخستنی نرخـی بەپارەی هەمـوو بەشـەکانی تـری بەرهەمـی خـاوی زەوییەوە، نرخی بەپارەی کەرەستەکانی نزیکەی هەموو پیشەسازییەک ڕێک دەخا. لەڕێی ڕێکخسـتنی نرخـی بەپـارەی کـارەوە نرخـی بەپـارەی دروسـتکردنی هـونەر و پیشەسـازی ڕێـک دەخـا. هەروەها بەڕێکخستنی هەردووکیان، نرخی تەواوی پیشەسازی ڕێک دەخا. نرخی بەپارەی کار و، هەموو شتێک کە بەرهەمی زەوی یـان کـارە، دەبـێ هـاوڕێژە لەگەڵ نرخـی بەپـارەی گەنمەشامی بەرز یان نزم ببێتەوە.

لەبەر ئەوە، ئەگەرچـی لە ئاکـامی بەخشیشـی حکـوومەت، دەبـێ جووتیـار بتـوانێ یەک بوشڵ گەنمەشامییەکەی بە چوار شیلین بفرۆشـێ لەجیـاتی سـێ شـیلین و شـەش پێنس و،

کرێیەکی هاوڕێژەی ئەم بەرزبوونەوەیەی نرخی بەپارەی بەرهەمەکەی بە خاوەن موڵک بدا، بەڵام ئەگەر، لە ئاکامی ئەم بەرزبوونەوەیەی نرخی گەنمەشامی، چوار شیلین نەتوانێ لە هیچ جۆرە بەرهەمێکی دەسکردی خۆماڵی، زیاتر لەوە بکڕێ کە جاران بە سێ شیلین و شەش پێنس دەکڕرا، ئەوە نە هەلومەرجی جووتیارەکە و نە ئەوەی خاوەن موڵک بەهۆی ئەم گۆڕانکارییەوە باشتر نابن. جووتیارەکە ناتوانێ کشتوکاڵی باشتر بکا، خاوەن موڵک ناتوانێ باشتر بژی. لەوانەیە ئەم بەرزبوونەوەیەی نرخی گەنمەشامی کەمێک لە کڕینی کاڵای بیانیدا بەسوود بێ. لە کڕینی کاڵای دەسکردی خۆماڵیدا هیچ سوودێکی نابێ. کە نزیکەی هەموو خەرجیی جووتیار و، بەشی زۆری خەرجیی خاوەن موڵک، بۆ کاڵای دەسکردی خۆماڵییە.

دابەزینی بەهای زیو کە کاریگەریی بەپێتیی کانەکانە و، بەشێوەیەکی یەکسان یان نزیکە یەکسان کاریگەریی هەیە لەسەر زۆرترین بەشی دنیای بازرگانیدا، بابەتێکە کە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو ئاکامی کەمی لێ دەکەوێتەوە. زیادبوونی هەموو نرخێکی بەپارە، ئەگەرچی بەڕاستی ئەوانە دەوڵەمەندتر ناکا کە وەری دەگرن، بەڕاستی هەژارتریان دەکا. پلێتێک بەڕاستی هەرزانتر دەبێ و، هەموو شتێکی تر وەکو خۆی و بەهەمان نرخی ڕاستەقینەی جاران دەمێننەوە.

بەڵام دابەزینی بەهای زیو کە، کاریگەریی دۆخی تایبەت یان باری سیاسیی وڵاتێکی دیاریکراو بێ و تەنیا لەو وڵاتە ڕوو بدا، کاریگەریی زۆر گەورەی دەبێ کە لەجیاتی ئەوەی هیچ کەسێک دەوڵەمەندتر بکا، بەڕاستی هەمووان هەژارتر دەکا. بەرزبوونەوەی نرخی بەپارەی گشت کاڵاکان، کە لەم دۆخەدا تایبەت بەو وڵاتە دەبێ، بەشێوەیەک لە شێوەکان هەموو جۆرە پیشەسازییەکی کە لەو وڵاتە بەڕێوە دەچێ سست دەکا و، گەلانی بێگانە بەهۆی دەستکەوتنی نزیکەی هەموو جۆرە کاڵایەک بەرامبەر بڕێکی کەمتر زیو دەتوانن ئەو کاڵایانە، نەک تەنیا لە بازاڕی بیانیدا بەڵکو لە بازاڕی ناوخۆییش، هەرزانفرۆشیان بکەن.

ئەمە دۆخی تایبەت بە ئیسپانیا و پۆرتوگالە کە خاوەن کانەکان زێڕ و زیو بەسەر هەموو وڵاتانی تری ئەورووپادا دابەش دەکەن. لەبەر ئەوە، ئەم کانزایانە لە ئیسپانیا و پۆرتوگالدا دەبێ هەرزانتر بن لە هەر بەشێکی تری ئەورووپا. ئەو جیاوازیی نرخە هەرچەندە لە تێچووی گواستنەوە و دڵنیایی زیاتر نابێ و، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی کەم و بەهای زۆری ئەم کانزایانە، تێچووی گواستنەوەیان زۆر نابێ و دڵنیاییشیان وەکو ئەوەی هەر بەهایەکی یەکسانی کاڵایەکی ترە. لەبەر ئەوە، لەوانەیە ئیسپانیا و پۆرتوگال زیانی کەمیان بەهۆی ئەو دۆخە تایبەتەی خۆیانەوە پێ بگا، ئەگەر خۆیان لەڕێی سیاسەتەکانیانەوە زیانەکە زیاد نەکەن.

ئیسپانیا لەڕێی باجەوە و، پۆرتوگال لەڕێی قەدەخەکردنی هەناردەکردنی زێڕ و زیوەوە، تێچووی بەقاچاخبردنیان خستە سەر ئەو کانزایانە و، بەهۆی ئەو هەموو تێچووەوە بەهایانیان لە وڵاتانی تردا زۆر لە بەهای خۆیان بەرزتر کرد. کاتێک کە بەنداوێک لە بەردەم چەمێکدا دروست دەکەی، هەر کە بەنداوەکە پڕ بوو، ئەوەندە ئاوی لەسەر دەڕوا وەک ئەوەی کە هیچ بەنداوێک بوونی نەبێ. قەدەخەکردنی هەناردەکردن ناتوانێ بڕێکی زێڕ و زیو لە ئیسپانیا و پۆرتوگال گلداتەوە کە زیاتر بێ لەوەی دەتوانن بەگەڕی بخەن، یان لەوەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاریان ڕێگەیان دەدا بەگەڕی بخەن، لە دراو، پلێت، زێرکەفتکردن و، خشڵی تری زێڕ و زیو. کاتێک کە بوونە خاوەنی ئەو برە، بەنداوەکە پڕ دەبێ و، تەواوی ئەو ڕووبارەی دەڕژێتە ناوی دەبێ لەسەری بڕژێ. بەو پێیەش هەناردەکردنی ساڵانەی زێڕ و زیو لە ئیسپانیا و پۆرتوگالەوە، بەهەموو پێوەرێک، سەرباری ئەو کۆت و بەندانە، زۆر نزیکە لەوەی لەگەڵ تەواوی هاوردەکاریی ساڵانەدا یەکسان بێ. بەڵام، هاوشێوەی ئاوەکە، دەبێ بەردەوام لەودیوی بەنداوەکەوە لەوەی جاران قووڵتر بێ، بۆیە بڕی ئەو زێڕ و زیوەی ئەو کۆت و بەندانە لە ئیسپانیا و پۆرتوگال گلیان دەدەنەوە، دەبێ بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاریان، زیاتر بێ لەوەی لە وڵاتانی تردا دەست دەکەوێ. چەند دەروازەی بەنداوەکە بەرزتر و بەهێزتر بێ، ئەوەندە جیاوازیی نێوان قووڵیی ئاوەکە لە پێش و پاشی زیاتر دەبێ. چەند باج بەرزتر بێ، ئەوەندە سزاکانی ڕاگرتنی قەدەخەکردنەکە توندتر دەبن، ئەوەندە پۆلیسی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسا چاوکراوەتر و توندتر دەبن، هەروەها دەبێ جیاوازیی نێوان ڕێژەی زێڕ و زیو و بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری ئیسپانیا و پۆرتوگال لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی تردا زیاتر بێ. بەو پێیە دەڵێن کە زۆر زۆرە و، زۆربەی جاران دبینی پلێتێکی زۆر لە ماڵاندا هەن کە لە وڵاتانی تردا شتێک نییە گونجاو یان هاوتای ئەم جۆرە پرشنگدارییە بن. هەرزانیی زێڕ و زیو، یان ئەوەی کە هەمان شتە، گرانیی هەموو کاڵایەک، کە وەک پێویستییەک کاریگەریی ئەم زۆرییەی کانزا گرانبایەکانە، کشتوکاڵ و پیشەسازیی ئیسپانیا و پۆرتوگال سست دەکاتەوە و، وا دەکا وڵاتانی بێگانە بتوانن گەلێ جۆری بەرهەمی خاو و نزیکەی هەموو جۆرە بەرهەمێکی پیشەسازییان بۆ دابین بکەن، لە بەرامبەر بڕێکی کەمتر زێڕ و زیو، کەمتر لە تێچووی ئەو بەرهەمانە ئەگەر بێ و خۆیان بەرهەمیان بێنن. باج و قەدەخەکردن بە دوو شێوەی جیاوز کاری خۆیان دەکەن. ئەوان تەنیا زۆر بەهای کانزا گرانبایەکان لە ئیسپانیا و پۆرتوگال کەم ناکەنەوە، بەڵکو لەڕێی گلدانەوەی بڕێکی دیاریکراو لەم کانزایانە، کە ئەگەر وا نەبێ بۆ وڵاتانی تر دەچن، بەهایان لەو وڵاتانەی تر تا ڕادەیەک بەرزتر ڕادەگرن لەوەی بەبێ ئەو دەبێ و، بەمەش قازانجێکی دووقات بە بازرگانیی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئیسپانیا و پۆرتوگال دەگەیەنن. ئەگەر

دەروازەکانی بەنداوەکە بکەیتەوە، ئاوێکی کەمتر لەسەرەوە دەبێ و زۆرتر لە خوارەوەی بەنداوەکە دەبێ و، زۆری پێ ناچێ ئاستی ئاو لە هەردوو دیودا یەکسان دەبێ. ئەگەر بە باج و قەدەخەکردنیش هەڵگری بڕی زێڕ و زیو بەڕادەیەکی زۆر لە ئیسپانیا و پۆرتوگال کەم ببنەوە و، لە وڵاتانی تردا زیاد بن و، بەهای ئەم کانزایانە، ڕێژەیان بەرامبەر بە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار زۆری پێ ناچێ لە هەموو لایەکدا دەگاتە، یان نزیک دەبێتەوە لە یەک ئاست. ئەو زیانەی بەهۆی ئەم هەناردەکردنەی زێڕ و زیوەوە بەر ئیسپانیا و پۆرتوگال دەکەوێ هەمووی زیانی هێمایی و خەیاڵی دەبێ. بەهای هێمایی کاڵاکانیان و، ئەوەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاریان، دادەبەزن و، بە بڕی کەمتر لە جاران زێڕ و زیو دەربڕین یان نوێنەرایەتی دەکرێن و، بەشی ژیاندن و دەستەبەرکردن و، بەگەڕخستنی هەمان بڕ کار دەکەن. کە بەهای هێمایی کاڵاکانیان دابەزی، بەهای ڕاستەقینەی ئەو زێڕ و زیوەی ماویانە بەرز دەبێتەوە و، بڕی کەمتر لەم کانزایانە هەمان ئەرکی بازرگانی و سووڕاندنی بڕی زۆری پێشوو بەجێ دەگەیەنن. ئەو زێڕ و زیوەی دەچنە دەرەوە بەخۆڕایی ناچنە دەرەوە، بگرە لە بەرامبەردا بایی بەهایەکی یەکسان کاڵای جۆراوجۆر دێننەوە. ئەو کاڵایانەش، تەنیا بابەتی خۆشحاڵی و خۆشگوزەرانی نابن بۆ ئەوەی خەڵکی تەمبەڵ بەکاریان ببەن، خەڵکێک کە لەبەرامبەر ئەو بەکاربردنە هیچ بەرهەم ناهێنن. سامان و داهاتی ڕاستەقینەی خەڵکی تەمبەڵ بەهۆی ئەو هەناردەکردنە نائاساییەی زێڕ و زیوەوە زیاد نابن، هەروەها بەکاربردنیشیان بەو ڕێگەیە زیاتر نابێ. لەوانەیە زۆرترین بەشی ئەو کاڵایانە و، بە دڵنیاییەوە بەشێکیان، بریتی بێ لە کەرەستە و ئامێر و ئازووخە بۆ بەگەڕخستن و ژیاندنی خەڵکی پیشەسازی، کە دووبارە بەقازانجەوە تەواوی بەهای بەکاربردنی خۆیان بەرهەم دێننەوە. بەم شێوەیە بەشێک لە ماڵی مردووی کۆمەڵگە زیندوو دەبێتەوە و، بڕێکی زۆرتر لە پێشوو پیشەسازی دەبزوێنێ. ڕاستەوخۆ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاریان کەمێک زیاد دەبێ و، لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، لەوانەیە زۆر زیاد ببێ. پیشەسازییان بەم شێوەیە قورتار دەبێ لەو بارە زۆر گرانەی ئێستا لە ژێریدا کار دەکا.

بەخشیشی حکوومەت لەبەرامبەر هەناردەکردنی گەنمەشامی، تەواو بەهەمان شێوازی ئەم سیاسەتە پووچەی ئیسپانیا و پۆرتوگال کار دەکا. دۆخی کردەنیی کشتوکاڵ هەرچۆنێک بێ، گەنمەشامییەکەمان تا ڕادەیەک لە بازاڕی ناوخۆدا گرانتر دەکا و، لە بازاڕی بیانیدا هەرزانتری دەکا. کاتێکیش کە تێکڕای نرخی بەپارەی گەنمەشامی زۆر تا کەم نرخی هەموو کاڵاکان ڕێک دەخا، ئەوە لە یەکێکیاندا بەهای زیو زۆر دادەبەزێنێ و، لەوەی تریان کەمێک بەرزی دەکاتەوە. وا لە بیانییان دەکا، بەتایبەتی هۆڵاندییەکان، نەک تەنیا بتوانن گەنمەشامیی ئێمە بە هەرزانتر لەوەی لە نەبوونی ئەو بەخشیشەدا هەیە

بخۆن، بەڵکو هەندێ جار هەرزانتر لەوەی خەڵکی خۆمان پێیان دەکرێ بیخۆن، وەک چۆن سێر ماتیو دیکەر جەختمان بۆ دەکا. ئەو بەخشیشە ڕێ لە پیشەوەرانمان دەگرێ کاڵای خۆیان بەرامبەر برێکی کەمتر دابین بکەن و، وا دەکا هۆڵاندەییەکان بە برێکی کەمتر دەستیان بکەوێ. تا ڕادەیەک بەرهەمی پیشەسازیی خۆمان لە هەموو بازاڕێکدا گرانتر دەکا و، ئەوەی ئەوان تا ڕادەیەک هەرزانتر دەکا و، لە ئاکامدا پیشەسازیی ئەوان دووقاتی ئەوەی ئێمە سوودمەند دەبێ.

بەخشیشی حکوومەت کە لە بازاڕی ناوخۆدا نرخی هێمایی گەنمەشامیی خۆمان لە نرخی ڕاستەقینەی بەرزتر دەکاتەوە، کە نەک بڕی ئەو کارەی برێکی دیاریکراوی گەنمەشامی دەیڕێنێ و بەگەڕی دەخا، بەڵکو تەنیا بڕی ئەو زیوە زیاد دەکا کە پێی دەگۆڕرێتەوە، بەمەش پیشەسازیمان سست دەکا بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتێکی بەرچاوی نە جووتیارانمان و نە ڕێزدارەکانمان بکا. لەڕاستیدا کەمێک پارەی زیاتر دەخاتە گیرفانی هەردووکیانەوە و، سەخت دەبێ زۆربەیان بەوە قایل بکەی کە ئەمە خزمەتێکی گەورەی پێشکەشیان نەکردووە. بەڵام ئەگەر ئەو پارەیە لەڕووی بەهاوە داتەپێ، لەڕووی بڕی ئەو کار و ئازووخە و هەموو جۆرە کاڵای دەسکردی خۆماڵییەوە کە دەتوانێ بیانکڕێ، بڕەکەی چەند زیاد دەبێ ئەوە زیادبوونی خزمەتگوزارییەکەی کەمێک لە هێمایی و خەیاڵی زیاتر دەبێ.

لەوانەیە لە هەموو کۆمۆنوێڵتدا تەنیا دەستەیەکی خەڵک هەبن کە بەخشیشەکە خزمەتی بەرچاویانی کردبێ یان لەوانەیە بیکا. ئەوانە بازرگانی گەنمەشامی بوون، هەناردەکار و هاوردەکاری گەنمەشامی بوون. لە ساڵانی هاتدا بەخشیشەکە دەبووە هۆی هەناردەکردنێکی زیاتر لە ئاسایی و، بە ڕێگری لەوەی زۆریی بەرهەمی ساڵێک، قاتیی ساڵێکی تر پڕ بێتەوە، لە ساڵانی قاتیدا دەبووە هۆی هاوردەکردنی زیاتر لە ئاسایی. لە هەردوو ساڵەکاندا کاری بازرگانانی گەنمەشامیی زیاتر دەکرد و، لە ساڵانی قاتیدا تەنیا توانای هاوردەکردنی برێکی زۆرتری بۆیان دەستەبەر نەدەکرد بگرە یارمەتیی دەدان بە نرخێکی باشتریش بیفرۆشن و، لە ئاکامدا قازانجی زۆریان دەکرد. بەو پێیە، تێبینیم کردووە، کە ئەو دەستە خەڵکە زۆر بەگوڕەوە لە خەمی بەردەوامی یان نوێکردنەوەی بەخشیشەکەن.

ڕێزدارانی لادێکانمان، کاتێک ئەو باجە زۆرانەیان بەسەر هاوردەکردنی گەنمەشامیی بیانیدا سەپاند، کە لە سەردەمانی هاتی مامناوەندیدا دەگەیشتنە ئاستی قەدەخەکردن و، ئەو بەخشیشەیان داهێنا، لەوە دەچێ لاسایی هەڵسوکەوتی پیشەسازانمانیان کردبێتەوە. بە یەک یاسایەک، ئەوان قۆرخکاریی بازاڕی ناوخۆیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد و، بە یاساکەی تر هەوڵیان دا ڕێ لەوە بگرن کە هەرگیز ئەو بازاڕە بە کاڵاکانی خۆیان زیاد پڕ

نەکرێ. بە هەردوو یاساکەش هەوڵیان دا بەهای ڕاستەقینەی زیاد بکەن، بەهەمان ئەو شێوەیەی پیشەسازانمان کردوویانە، کە لەڕێی یاساگەلی هاوشێوەوە بەهای ڕاستەقینەی گەلێ جۆری جیاوازی کالآی پیشەسازییان بەرز کردەوە. لەوانەیە ئەوان گوێیان نەدابێتە جیاوازیی زۆر و بنەڕەتیی سروشتیی نێوان گەنمەشامی و نزیکەی هەموو جۆرە کالآیەکی تر. کاتێک بەهۆی قۆرخکاریی بازاڕی ناوخۆوە، یان بەهۆی بەخشیشێکی حکوومەت لەپای هەناردەکردن، وا دەکەی پیشەسازانی خوری و کەتانی ئێمە بەرهەمەکانیان بە نرخێکی تا ڕادەیەک باشتر بفرۆشن، ئەوە نەک تەنیا نرخی هێمایی بگرە نرخی ڕاستەقینەی ئەو کالآیانە بەرز دەکەیتەوە. تۆ وایان لێ دەکەی یەکسان بن بە بڕێکی زۆرتر لە کار و بژێوی، تەنیا قازانجی هێماییان بەرز ناکەیتەوە بگرە قازانجی ڕاستەقینە، سامان و داهاتی ڕاستەقینەی ئەو پیشەسازانە بەرز دەکەیتەوە و، وا دەکەی بتوانن خۆیان ژیانێکی باشتر بژین یان بڕێکی زیاتر کار لە پیشەسازییەکەیاندا بەگەڕ بخەن. تۆ بەشێوەیەکی ڕاستەقینە هانی ئەم پیشەسازانە دەدەی و، بڕێکی زۆرتری پیشەسازیی وڵات ئاراستەی لای ئەوان دەکەی. بەڵام کاتێک لەڕێی ئەم جۆرە یاسایانەوە نرخی هێمایی یان نرخی بەپارەی گەنمەشامی بەرز دەکەیتەوە، بەها ڕاستەقینەکەی بەرز ناکەیتەوە. تۆ سامان زیاد ناکەی، داهاتی ڕاستەقینەی جووتیار یان ڕێزدارانی لادێ زیاد ناکەی. تۆ هانی چاندنی گەنمەشامی نادەی چونکە وا ناکەی بتوانن کارگەری زیاتر بژێنن و بەگەڕیان بخەن لە چاندنیدا. سروشت بەهایەکی ڕاستەقینەی بە گەنمەشامی داوە کە تەنیا بە گۆڕینی نرخی بەپارەی ناگۆڕدرێ. هیچ بەخشیشێک بۆ هەناردەکردن، هیچ قۆرخکارییەکی بازاڕی ناوخۆ، ناتوانن ئەو بەهایە زیاد بکەن. ئازادترین کێبەرکێش کەمی ناکاتەوە. لە سەرتاسەری دنیا بەگشتی ئەو بەهایە یەکسانە بە بڕی ئەو کارەی دەتوانێ دەستەبەری بکا و، لە هەموو شوێنێکی دیاریکراویشدا یەکسانە بە بڕی ئەو کارەی دەتوانێ بیژێنێ بەو شێوە تێروتەسەلە، مامناوەندییە، یان هەژارانەیەی لەو شوێنەدا بۆ ژیانی کارگەر باوە. کوتاڵی خوری یان کەتان ئەو کالآیانە نین کە بەها ڕێک بخەن و لەڕێی ئەوانەوە بەهای ڕاستەقینەی هەموو کالآیەکی تر بەشێوەی کۆتایی پێوانە بکرێ و دەستنیشان بکرێ، بەڵکو ئەوە گەنمەشامییە ئەمانە دەکا. بەهای ڕاستەقینەی هەموو کالآیەکی تر لەکۆتاییدا بە ڕێژەی نرخی تێکڕایان بۆ نرخی تێکڕای گەنمەشامی دەپێورێ و دەستنیشان دەکرێ. بەهای ڕاستەقینەی گەنمەشامی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی تێکڕای نرخی بەپارەیدا، کە هەندێ جار لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەک ڕوو دەدا، ناگۆڕدرێ. ئەوە بەهای ڕاستەقینەی زیوە کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا دەگۆڕدرێ.

بەخشیشی حکوومەت لەپای هەناردەکردنی هەر کالآیەکی دەسکردی خۆماڵی، یەکەم، ڕووبەڕووی ئەو ڕەتکردنەوە گشتییەی لەوانەیە بەرامبەر هەموو بیانووە جۆراوجۆرەکانی

سیستمی بازرگانییە ببێتەوە. ڕەتکردنەوەی پاڵنانی بەشێک لە پیشەسازیی وڵات بەرەو کەناڵێک کە سوودی کەمترە لەوەی ئەگەر لێیگەڕێین خۆی بەرەو ئەوێ دەچێ. دووەم، ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەی تایبەت بە پاڵنانی، نەک تەنیا بەرەو کەناڵێک کە سوودی کەمترە بگرە بەرەو کەناڵێک کە بەڕاستی بێسوودە. چونکە هەر بازرگانییەک کە بەبێ بەخشیشی حکوومەت نەتوانێ خۆی بەڕێوە ببا ئەوە بێگومان بازرگانییەکی شکستخواردووە. بەخشیش بۆ هەناردەکردنی گەنمەشامی ڕووبەڕووی ئەم ڕەتکردنەوەیەش دەبێتەوە، کە لە هیچ ڕوویەکەوە چاندنی ئەو کاڵا دیاریکراوە زیاد نەکەی کە دەتەوێ هانی بەرهەمهێنانی بدەی. بۆیە کاتێک کە ڕێزدارانی لادێمان داوای ئەو بەخشیشەیان کرد، ئەگەرچی لاسایی بازرگان و پیشەسازانیان دەکردەوە، بەڵام کارەکەیان بە تێگەیشتنێکی باشەوە بۆ ئەو بەرژەوەندیە تایبەتە نەبوو، کە هەڵسوکەوتی ئەو دوو توێژەی تری خەڵک ئاراستە دەکا. ئەوان بارێکی زۆر گرانیان خستە سەر شانی داهاتی گشتی. باجێکی گرانیان خستە سەر تەواوی خەڵک. بەڵام هەرگیز بەشێوەیەکی بەرچاو بەهای کاڵاکەی خۆیان بەرز نەکردەوە. هەروەها لەڕێی کەمێک دابەزاندنی بەهای زیوەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان سستییان خستە نێو پیشەسازیی گشتیی وڵاتەوە و، لەجیاتی بەرەوپێشچوون، کەم یان زۆر پاشەکشەیان بە چاککردنی زەوییەکانی خۆیان کرد، کە پشتی بە پیشەسازیی گشتیی وڵات بەستووە.

بۆ هاندانی بەرهەمهێنانی هەر کاڵایەک، لەوانەیە مرۆڤ پێی وا بێ کە بەخشیشێک بۆ بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆتری دەبێ لەوەی کە بەخشیشەکە بۆ هەناردەکردنی بێ. هەروەها ئەو بەخشیشە تەنیا یەک باجێک بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ، کە تەنیا بەشدارییە لە دانی ئەو بەخشیشە. ئەمە لەجیاتی ئەوەی نرخی کاڵاکە لە بازاڕی ناوخۆدا بەرز بکاتەوە، نزمی دەکاتەوە و، بەمەش لەجیاتی سەپاندنی باجێکی تر بەسەر خەڵکدا، لەوانەیە بەلای کەمەوە و بەشێوەیەکی بەشەکی قەرەبووی ئەوەیان بۆ بکاتەوە کە جاری یەکەم داویانە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەدەگمەن بەخشیش بۆ بەرهەمهێنان دراوە. ئەو بڕیارە پێشوەختانەی سیستمی بازرگانی، وایان کردووە ئێمە بڕوا بکەین کە سامانی نەتەوەیی خێراتر لەڕێی هەناردەکردنەوە زیاد دەبێ نەک لەڕێی بەرهەمهێنانەوە. بۆیە، وەک ئامرازی ڕاستەوخۆتۆی هێنانی پارە بۆ ناو وڵات، زیاتر پەسەند کراوە. هەروەها گوتراوە کە بەخشیش بۆ بەرهەمهێنان، بە ئەزموون دەرکەوتووە کە زیاتر لە بەخشیش هەناردەکردن فێڵی تێدا دەکرێ. من نازانم ئەمەیان تا چەند ڕاستە. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە بەخشیشەکانی هەناردەکردن بەهۆی چەندان مەبەستی فێڵاوییەوە پێشێلکارییان تێدا کراوە. بەڵام لە بەرژەوەندی بازرگانان و پیشەسازان نییە، کە گەورە داهێنەری ئەم هەموو بیانووانەن، کاڵاکانیان لە بازاڕی ناوخۆدا کەڵەکە ببن، کە بەخشیشی بەرهەمهێنان لەوانەیە

هەندێ جاران ئەمە بکا. بەخشیشی هەناردەکردن کە هاوکاریان دەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بەشە زیادەکە ڕەوانەی دەرەوە بکەن و، نرخی ئەوەی لە بازاڕی ناوخۆ ماوەتەوە بەرز بکەنەوە، بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێ لە زۆربوونی کالا لە ناوخۆدا دەگرێ. بۆیە لەنێو هەموو بیانووەکانی سیستمی بازرگانی، ئەمەیان خۆشەویستترینە بەلایانەوە. من زانیومە کە خاوەنانی هەندێ ئیشی دیاریکراو لەنێو خۆیاندا پێک هاتوون لەسەر ئەوەی بەخشیشێک لە گیرفانی خۆیان بدەن بەرامبەر بە هەناردەکردنی ڕێژەیەک لەو کالایانەی مامەڵەیان پێوە دەکەن. ئەم شێوازە سەرکەوتوو بوو لەوەی نرخی کالاکانیان بۆ زیاتر لە دوو هێندە لە بازاڕی ناوخۆدا بەرز بینەوە، سەرباری زیادەیەکی زۆر لە بەرهەمدا. کاریگەریی بەخشیش لەسەر گەنمەشامی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن جیاواز دەبوو ئەگەر نرخی بەپارەی ئەو کالایەی نزم بکردایەتەوە.

بەلام شتێکی وەکو بەخشیشی بەرهەمهێنان، لە هەندێ بۆنەی دیاریکراودا دراوە. بەخشیشی بار کە بە ماسیگەکانی هیرینگی سپی (جۆرە ماسییەکە) و حوت دەدرێن لەوانەیە بە شتێکی لەم جۆرە بژمێررێن. دەکرێ پێشبینی بکرێ کە ڕاستەوخۆ نرخی کالاکان لە بازاڕی ناوخۆدا هەرزانتر بکەن. بەلام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کاریگەرییان لەڕووی ترەوە هاوشێوەی بەخشیشی هەناردەکردنە. چونکە بەهۆی ئەم بەخشیشەوە بەشێک لە سامانی ولات لە هێنانی هەندێ کالا بۆ بازاڕ بەگەڕ دەخرێ، کە نرخی ئەو کالایانە تێچوو و قازانجی ئاسایی ماڵەکە پڕ ناکاتەوە.

بەلام ئەگەرچی بەخشیشی بار کە بەو ماسیگانە دەدرێ بەشداری لە زیادبوونی دەوڵەمەندیی ولاتدا ناکا، لەوانەیە وا ببینرێ کە بەشداری لە بەرگریدا دەکا، لەڕێی زیادکردنی ژمارەی دەریاوانان و کەشتیوانییەوە. ئەمە لەوانەیە هەندێ جاران لەڕێی ئەم جۆرە بەخشیشانەوە بکرێ و بە تێچوویەکی زۆر کەمتر لە بەخێوکردنی هێزێکی دەریاوانیی نیزامیی گەورە. ئەگەر بکرێ وا بڵێم، بەهەمان شێوەی سوپایەکی نیزامی.

بەلام سەرباری ئەم بۆچوونە پەسەندانە، ئەم لێدانەوانەی خوارەوە وام لێ دەکەن بگەمە ئەوەی کە یاسادانەر بە پێشکەشکردنی ئەم بەخشیشانە باری زۆر گرانی سەپاندووە.

یەکەم، بەخشیشی بەلەمی ڕاوی هیرینگ، زۆر دێتە پێش چاو.

لە سەرەتای وەرزی زستانەی ١٧٧١ی ڕاوە ماسییەوە تا کۆتای وەرزی زستانەی ١٧٨١، بەخشیشی بار (tonnage bounty) بۆ بەلەمی ڕاوی هیرینگ، بۆ هەر تۆنێک سی شیلین بووە. لە ماوەی ئەو یازدە ساڵەدا تەواوی ئەو بەرمیلانەی لەلایەن بەلەمی ڕاوی هیرینگەوە لە سکۆتلاند ڕاو کران ٣٧٨٣٤٧ بوون. ئەو هیرینگەی لە دەریادا ڕاو دەکرێ و چاک دەکرێ پێی دەگوترێ ستیکی دەریا .(sea-sticks) بۆ ئەوەی بکرێن بەوەی بە

هیرینگی بازرگانی (merchantable herring) ناسراوە، پێویستە دەستە دەستە خوێی زیاتریان پێوە بکرێ و، لەم دۆخەدا مەزەندە دەکرێ هەر سێ بەرمیلێکی ستیکی دەریا بپەستریێنەوە بۆ دوو بەرمیل هیرینگی بازرگانی. بۆیە، بەم پێیە ژمارەی بەرمیلەکانی هیرینگی بازرگانی کە لەو یازدە ساڵەدا ڕاو کراون دەبێتە ٢٥٢٢٣١ بەرمیل و سێیەکی بەرمیلێک. لەو یازدە ساڵەدا ئەو بەخشیشی بارەی دراوە دەبێتە ١٥٥٤٦٣ پاوەن و ١١ شیلین، یان بۆ هەر بەرمیلێک ستیکی دەریا هەشت شیلین و دوو پێنس و نیو بووە و بۆ هەر بەرمیلێکی هیرینگی بازرگانی ١٢ شیلین و سێ پێنس و سێ چارەکە پێنس بووە.

ئەو خوێیەی ئەو هیرینگانەی پێ خۆشە کراوە هەندێ جار خوێی سکۆتلاند بووە و هەندێ جارانیش خوێی بیانی، کە هەردووکیان بەبێ باج بە خۆشەکەرانی ماسی دەدران. ئێستا باجی سەر خوێی سکۆتلاند بۆ هەر بوشڵێک یەک شیلین و شەش پێنسە و، ئەوەی سەر خوێی بیانی دە شیلینە. وا مەزەندە دەکرێ کە هەر بەرمیلێک هیرینگ پێویستی بە نزیکەی یەک بوشڵ و چارەکە بوشڵێک خوێی بیانی هەبێ. لە خوێی سکۆتلاندیش مەزەندە دەکرێ تێکڕا دوو بوشڵی بوێ. ئەگەر هیرینگەکە بەمەبەستی هەناردەکردن بهێنرێ، هیچ بەشێکی ئەم باجە نادرێ. ئەگەر بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی بێ، هیرینگەکە چ بە خوێی بیانی یان بە خوێی سکۆتلاند خۆشە کرابێ، لەسەر هەر بەرمیلێک تەنیا یەک شیلین باجی بۆ دەدرێ. ئەوە باجی کۆنی سکۆتلاند بوو بۆ هەر بوشڵێک، کە پێشبینی دەکرێ بەلای کەمەوە یەک بوشڵ خوێ بۆ خۆشەکردنی یەک بەرمیل هیرینگ پێویست بێ. لە سکۆتلاند خوێی بیانی زۆر بەکەمی بەکار دێ بۆ هیچ مەبەستێک خۆشەکردنی ماسی نەبێ. بەڵام لە پێنجی نیسانی ١٧٧١وە تا پێنجی نیسانی ١٧٨٢، بڕی ئەو خوێیەی هاوردە کراوە ٩٣٦٩٧٤ بوشڵ بووە، کە هەر بوشڵێک بە ٨٤ پاوەن بووە. بڕی خوێی سکۆتلاند کە بە خۆشەکەرانی ماسی دراوە، زیاتر نەبووە لە ١٦٨٢٢٦ بوشڵ و هەر بوشڵێک تەنیا بە ٥٦ پاوەن. بۆیە وا دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی خوێی بیانی لە ماسیگەکاندا بەکار دێ. بۆ هەر بەرمیلێک هیرینگ کە هەنارده کراوە، دوو شیلین و هەشت پێنس بەخشیش هەبووە. هەروەها زیاتر لە دوو سێیەکی باری بەلەمی ڕاوی هیرینگەکان هەناردە کراوە. ئەگەر هەموو ئەمانە بخەینە پاڵ یەکەوە دەبینی کە لەو یانزە ساڵەا هەر بەرمیلێک لە باری بەلەمی ڕاوی هیرینگ، کە لە کاتی هەناردەکردندا بە خوێی سکۆتلاند خۆشە کرابێ، یەک پاوەن و حەوت شیلین و پێنج پێنس و سێ چارەکە پێنس لەسەر حکوومەت کەوتووە. کاتێکیش بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی هێنراوە ١٤ شیلین و سێ پێنس و سێ چارەکە پێنس لەسەری کەوتووە. هەروەها هەر بەرمیلێک کە بە خوێی بیانی خۆشە کرابێ، لە کاتی

هەناردەکردندا یەک پاوەن و حەوت شیلین و پێنج پێنس و سێ چارەکە پێنس وەستاوە و، کە بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی بووە یەک پاوەن و سێ شیلین و نۆ پێنس و سێ چارەکە پێنس وەستاوە. نرخی یەک بەرمیل هیرینگی بازرگانیی باش لەنێوان ١٧ تا ٢٤ و ٢٥ شیلین دەبێ، بە تێکڕایی نزیکەی یەک گینیە.

دووەم، بەخشیشی ماسیگەی هیرینگی سپی بەخشیشێکی بارە و، هاوڕێژەیە لەگەڵ باری کەشتیدا نەک لەگەڵ کۆشش و سەرکەوتوویی لە ماسیگەدا. هەروەها، لەوە دەترسم کە، زۆر باو بووبێ بەلەمەکان تەنیا بۆ بەدەستهێنانی بەخشیشەکە گونجاو بووبن، نەک بۆ ماسی. لە ساڵی ١٧٥٩دا کە بەخشیشەکە بۆ هەر تۆنێک پەنجا شیلین بوو، تەواوی بەلەمەکانی ڕاوەماسیی سکۆتلاند تەنیا چوار بەرمیل ستیکی دەریایان هێنا بوو. لەو ساڵەدا هەر بەرمیلێک ستیکی دەریا لەلایەن حکوومەتەوە ١١٣ پاوەن و ١٥ شیلین بەخشیشی پێ درا، هەر بەرمیلێک هیرینگی بازرگانیش ١٥٩ پاوەن و حەوت شیلین و شەش پێنسی پێ دراوە.

سێیەم، ئەو شێوازەی ڕاوەماسی کە ئەم بەخشیشی بارەی لە ماسیگەی هیرینگی سپی پێ درابوو (بە بەلەم یان بەلەمی پان کە بیست تا هەشتا تۆن باریان دەبرد) لەوە دەچێ ئەوەندەی لەگەڵ هەڵکەوتەی هۆڵاند گونجاو بووە، ئەوەندە لەگەڵ ئەوەی سکۆتلاند گونجاو نەبووبێ. هۆڵاند زۆر دوورە لەو دەریایانەوە کە بە لانەی بنەڕەتیی هیرینگ ناسراون و، لەبەر ئەوە تەنیا لەڕێی بەلەمی پانەوە دەتوانێ ئەو پیشەیە ئەنجام بدا، کە دەتوانن ئاو و ئازووخەی پێویست بۆ گەشتێکی دووری دەریایی هەڵگرن. بەڵام هایبرایدس یان دوورگەکانی ڕۆژئاوا، دوورگەکانی شێتلاند و، کەناراوەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوای سکۆتلاند، ئەو ناوچانەی بەشێوەیەکی سەرەکی ڕاوی هیرینگیان تیادا دەکرێ، لە هەموو شوێنێکەوە لەگەڵ باڵەکانی دەریادا، کە بە قووڵاییەکی زۆر دێنە ناو وشکانییەوە و بە زمانی خۆجێی پێیان دەڵێن لۆجەکانی دەریا(sea-lochs) ، یەکتری دەبڕن و، هیرینگ لە کاتی هاتنیان بۆ ئەو دەریایانە پەنایان بۆ دەبەن. بەڵام من دڵنیا کراومەتەوە، کە هاتنی ئەم جۆرە و گەلێ جۆری تری ماسی بۆ ئەو شوێنانە ڕێک و بەردەوام نییە. لەبەر ئەوە، لەوە دەچێ ڕاوەماسی بە بەلەمی بچووک گونجاوترین شێوازی ڕاوەماسی بێ لەگەڵ هەڵکەوتەی سکۆتلاند، ڕاوچییەکان هەر کە ماسییەکانیان ڕاو کرد دەیانگەیەننە کەناراوەکان، بۆ ئەوەی خۆشە بکرێن یان بە تازەیی بەکار ببرێن. بەڵام ئەو بەخشیشە زۆرە هاندەرەی ٣٠ شیلین بۆ هەر تۆنێک کە بە بەلەمی ڕاو دەدرێ ڕاو بە بەلەمی بچووک سست دەکا، کە ئەم بەخشیشەی پێ نادرێ و ناتوانێ ماسیی خۆشەکراوی خۆی

بەهەمان ئەو مەرجانە بباتە بازاڕ. بەو پێیە ڕاو بە بەلەمی بچووک، کە پێش ئەو بەخشیشە گەلێ زۆر بوو و، وەک دەڵێن ژمارەیەکی زۆر دەریاوانی بەگەڕ خستبوو و لە ڕاو بە بەلەمی ڕاوی گەورە هیچی کەمتر نەبوو، ئێستا نزیکەی بەتەواوی پووکاوەتەوە. بەڵام لەبارەی ئەو ڕاوەماسییە فرەوانەی پێشووەوە کە ئێستە لەناو چووە، دەبێ ئەوە بدرکێنم کە ناتوانم زۆر بەوردی قسەی لەسەر بکەم. چونکە کە هیچ بەخشیشێک بۆ ئەو جۆرە ڕاوە ماسییە نەدەدرا هیچ تۆمارێک لەبارەیەوە لەلایەن فەرمانبەرانی گومرک یان باجی خوێوە تۆمار نەکراون.

چوارەم، لە زۆر بەشی سکۆتلاند و، لە وەرزی دیاریکراوی ساڵدا، هیرینگ بەشێکی بەرچاوی خۆراکی خەڵکە. بەخشیشێک کە مەبەستە لە بازاڕی ناوەوە نرخیان هەرزان بکا، لەوانەیە بەڕادەیەکی زۆر بەشداری لە کەمکردنەوەی باری سەر شانی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییانمان بکا، کە هەلومەرجیان بە هیچ شێوەیەک باش نییە. بەڵام بەخشیشی بەلەمی هیرینگ لەم جۆرە ئامانجە باشەدا بەشدار نابێ. ڕاوەماسیی بەلەمی بچووکی ڕووخاند، کە باشترین هۆکار بوو بۆ تێرکردنی بازاڕی ناوخۆ، و بەخشیشێکی زیاتری دوو شیلین و هەشت پێنسی بۆ هەر بەرمیلێک بۆ هەناردەکردن زۆرترین بەش، دوو لە سێی بەرهەمی بەلەمی ماسیگە بۆ دەرەوە، لەخۆ دەگرێ. سی چل ساڵ بەر لە ئێستا، پێش بەخشیشی بەلەمی ڕاو، وەک جەختم بۆ کراوە، پانزە شیلین بۆ بەرمیلێک نرخی باوی هیرینگی سپی بوو. دە پازدە ساڵێک بەر لە ئێستا، پێش تێکچوونی تەواوی ڕاوەماسی بە بەلەمی بچووک، دەڵێن کە نرخی بەرمیلێک لەنێوان حەڤدە و بیست شیلیندا بووە. لەم پێنج ساڵەی دواییدا، تێکڕای نرخی بەرمیلێک بیست و پێنج شیلین بوو. بەڵام ئەم نرخە بەرزە لەوانەیە بۆ قاتیی ڕاستەقینەی هیرینگ لە کەناراوی سکۆتلاند بگەڕێتەوە. هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە بەرمیلەکەش لەگەڵ هیرینگەکە دەفرۆشرا و نرخەکەی لەناو ئەو نرخانەی پێشتر بوو و، لە سەرەتای شەڕی ئەمەریکاوە نرخەکەی بەرز بووەوە بۆ دوو هێندە، یان لە نزیکەی سێ شیلینەوە بۆ نزیکەی شەش شیلین. بەهەمان شێوە، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە ئەو نرخانەی سەردەمانی کۆن کە وەریانم گرتووە بەهیچ جۆرێک یەکانگیر و گونجاو نین و، پیاوێکی پیری ورد و بەئەزموون جەختی بۆ من کردەوە کە پێش پەنجا ساڵ، یەک گینی نرخی باوی بەرمیلێک هیرینگی بازرگانیی باش بووە و، منیش پێم وایە کە هێشتا ئەو نرخە بە نرخی تێکڕا دەژمێررێ. هەرچەندە من پێم وایە کە هەموو تۆمارەکان کۆکن لەسەر ئەوەی بەخشیشی بەلەمی ڕاو نرخەکانی بازاڕی ناوخۆی دانەبەزاندووە.

کاتێک کە بەڕێوەبەرانی ماسیگەکان، دوای ئەوەی ئەو جۆرە بەخشیشە باشانەیان بەسەردا باری، بەردەوام بوون لەوەی کاڵاکەیان بەهەمان، یان زیاتر لەو نرخە بەرزە بفرۆشن کە پێشتر لەگەڵی ڕاهاتبوون و، پێشبینی دەکرێ قازانجەکانیان زۆر زۆر بووبێ، هەروەها لەوانەیە قازانجەکانی هەندێ تاکیش بەهەمان شێوە بووبن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەگشتی مافی تەواوی خۆمە بڕوام وا بێ کە بابەتەکە بەپێچەوانەوە بووبێ. کاریگەریی باوی ئەو جۆرە بەخشیشانە بۆ هاندانی خاوەن کاری هەڵەشە بووە بۆ سەرکێشی لە بازرگانییەکدا کە لێی تێ ناگەن و، ئەوەی بەهۆی گوێنەدان و نەزانییەوە لەدەستیان دەچێ زیاترە لەوەی قەرەبووی هەموو ئەوە بکاتەوە کە لەڕێی ئەوپەڕی بەخشندەیی حکوومەتەوە قەرەبوو بکرێتەوە. لە ساڵی ١٧٥٠دا، لەڕێی هەمان یاساوە، کە یەکەم جار بەخشیشێکی سێ شیلینیی بۆ هەر تۆنێک دا وەک هاندانی ماسیگەکانی هیرینگی سپی (بیست و سێیەمی جۆرجی دووەم)، کۆمپانیایەکی هاوپشک دەرکەوت، کە سەرمایەکەی ٥٠٠ هەزار پاوەن بوو و، پشکدارانی (سەرباری هاندانەکانی تر، ئەو بەخشیشەی بار کە ئاماژەمان بۆ کرد، بەخشیشی هەناردەکردن کە دوو شیلین و هەشت پێنس بوو بۆ هەر بەرمیلێک، هەردوو خوێی بریتانیایی و بیانیی بەبێ باج پێ دەگەیشت) لە ماوەی چواردە ساڵدا، لە بەرامبەر هەر سەد پاوەنێک کە وەک پشک دایان، ساڵانە سێ پاوەنیان هەبوو، کە لە وەرگری گشتیی گومرک هەر نیو ساڵێک جارێک نیوەیان وەردەگرت. سەرباری ئەوەش، ئەم کۆمپانیا گەورەیە، کە بارەگای سەرەکیی بەڕێوەبەر و کارگێڕانی دەبوو لە لەندەن بێ، مافی یاسایی پێ درا کە چەندان لقی ڕاوەماسیی لە بەندەرە جۆراوجۆرەکانی شانشینەکەدا هەبێ، بەو مەرجەی پشکدارییەک لە سەرمایەی هەر یەکێکیاندا هەبێ کەمتر لە دە هەزار پاوەن نەبێ، کە خۆی بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنەکەی هەڵگرێ و، قازانج و زیانی بۆ خۆی بێ. هەمان ساڵانە و، هەمان هاندەری جۆراوجۆر پێشکەش بە بازرگانیی ئەو لقانە دەکرا، وەک ئەوەی پێشکەش بە کۆمپانیا مەزنەکە دەکران. پشکدارییەکەی کۆمپانیا گەورەکە زوو پڕ کرایەوە و، چەندان لقی لە بەندەرە جۆراوجۆرەکانی شانشینەکەدا کرانەوە. لەگەڵ هەموو ئەو هاندانانەدا، نزیکەی هەموو ئەو کۆمپانیا جۆراوجۆرانە، گەورەکە و بچووکەکان، یان هەموو یان بەشی زۆری سەرمایەکانی خۆیان لەدەست دا. ئێستا تاکوتەرا ئاسەواری هەندێکیان ماوە و، ڕاوی هیرینگی سپی بەتەواوی یان نزیک لە تەواو لەلایەن کەسانی سەرکێشەوە بەڕێوە دەچێ.

لەڕاستیدا، ئەگەر هیچ بەرهەمێکی پیشەسازیی دیاریکراو بۆ بەرگری لە کۆمەڵگە پێویست بێ، لەوانەیە هەموو دەمێک ژیری نەبێ بۆ دابینکردنی پشت بە دراوسێکانمان

ببەستین. هەروەها ئەگەر ئەو پیشەسازییە بەبێ ئەوە نەتوانرێ لە ناوخۆدا پشتی بگیرێ، ئەوە نەگونجاو نییە ئەگەر باج لە هەموو لقەکانی تری پیشەسازی وەرگیرێ بۆ پشتیوانیی ئەو. بەخشیشەکانی هەناردەکردنی چارۆکەی کەشتیی دروستکراوی بریتانیا و بارووتی دروستکراوی بریتانیا، لەوانەیە هەردووکیان بەپێی ئەم بنەمایە پاساویان هەبێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی بەدەگمەن گونجاوە کە باج لە پیشەسازیی زۆرینەی خەڵک وەرگری بۆ ئەوەی پشتیوانیی پیشەسازیی پۆلێکی دیاریکراوی پیشەسازان بکەی، دەشێ لەسایەی گەشەیەکی زۆردا، کاتێک کە گشت داهاتێکی دەست بکەوێ زیاتر لەوەی بزانێ چیی پێ بکا، لەوانەیە هاوشێوەی هەر خەرجییەکی تری پووچ، ئەو جۆرە بەخشیشەش بۆ پیشەسازییەکی دیاریکراو سروشتی بێ. لە خەرجیی گشتی، هەروەها لە خەرجییە تایبەتەکانیشدا، سامانی زۆر لەوانەیە زۆر جاران بکرێتە بیانووی گەمژەیی. بەڵام بێگومان بەردەوامیی ئەو خەرجییانە لە کاتی تەنگانەی گشتیدا، گێلیی ئاسایی تێدەپەڕێنێ.

ئەوەی کە پێی دەڵێن بەخشیش، هەندێ جار گێڕانەوەی باجە و هیچی تر و، لە ئاکامدا ناکەوێتە بەر هەمان ئەو ڕەتکردنەوانەی ڕووبەڕووی بەخشیش دەکرێنەوە. بۆ نموونە، دەکرێ بەخشیشی هەناردەکردنی شەکری سپی بە گێڕانەوەی ئەو باجانە دابنرێ، کە لە شەکری بۆر و شەکری مۆسکۆڤەیی هاوردەکراو، کە شەکری سپییان لێ دروست دەکرێ، وەردەگیرێن. بەخشیشی ئاوریشمی دروستکراوی هەناردەکراو، گێڕانەوەیەکی ئەو باجانەیە کە لە ئاوریشمی خاو و ڕێسراوی هاوردەکراو وەردەگیرێن. بەخشیشی بارووتی هەناردەکراو، گێڕانەوەی باجی سەر گۆگرد و نیتراتی هاوردەکراوە. لە زمانی گومرکدا، ئەم پارەدانەوەیە تەنیا ئەو کاتە پێی دەگوترێ گێڕانەوەی باج، کە کاڵاکە بە شێوەی هاوردەکراوی خۆی هەناردە بکرێتەوە. بەڵام کاتێک کە کاڵاکە لەڕێی پیشەسازییەوە ناوێکی تری لێ نرا، ئەوە دەبێتە بەخشیشی حکوومەت.

ئەو خەڵاتانەی کۆمەڵگە بەو هونەرمەند و پیشەسازانەی دەدا کە لە پیشەی تایبەتی خۆیاندا سەرکەوتوون، ڕووبەڕووی هەمان ئەو ڕەتکردنەوانە نابنەوە کە ڕووبەڕووی بەخشیش دەکرێنەوە. ئەوانە لەڕێی هاندانی توانا و لێهاتوویی نائاساییەوە، وا دەکەن کێبەرکێی نێوان پیشەوەران لە پیشەکانی خۆیاندا تا ئەوپەڕی بەکار بهێنرێ و، ئەوەندە زۆریش نین کە بەشێکی زۆری سەرمایەی وڵات زیاد لە پێویست بە ئاراستەیەکدا بچێ. مەبەست لەو خەڵاتانە وەرگێڕانی بالانسی سروشتیی بەگەڕخستن نییە، بەڵکو ئەوەیە کە تا دەکرێ ئەو ئیشەی کراوە تەواوتر بێ. جگە لەمەش، تێچووی خەڵات زۆر کەمە و، ئەوەی بەخشیش زۆرە. بەخشیشی گەنمەشامی بەتەنیا هەندێ جار زیاتر لە ۳۰۰ هەزار پاوەن لەسەر کۆمەڵگە کەوتووە.

لەبارەی بازرگانیی گەنمەشامی و یاساکانی پەیوەست بە گەنمەشامییەوە

ناتوانم کۆتایی بەم بەشەی پەیوەست بە بەخشینی حکوومەت بێنم بەبێ ئاماژەکردن بۆ نابەجێیی ئەوەی هەموو هەڵسەنگاندنە باشەکانی ئەو یاسایەی بەخشیش بۆ هەناردەکردنی گەنمەشامی و، سیستمی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە. وردبوونەوەیەکی تایبەت لە سروشتی بازرگانیی گەنمەشامی و یاسا بریتانیاییە بنەڕەتییەکانی پەیوەندیدار بەوانەوە، بە تێروتەسەلی ڕاستیی ئەم بۆچوونە پیشان دەدا. گرینگیی بابەتەکەش پاساو بۆ ئەم لەسەرڕۆیشتنە درێژە دێنێتەوە.

بازرگانیی گەنمەشامی لە چوار لقی جیاواز پێک دێ، ئەگەرچی هەندێ جار هەمان کەس گشتیان ئەنجام دەدا، بەڵام بەپێی سروشتی خۆیان هەر یەکێکیان بازرگانییەکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیە. ئەوان بریتین لە، یەکەم، بازرگانیی بازرگانی ناوەوە، دووەم، بازرگانیی ئەوەی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی، هاوردەی دەکا، سێیەم، ئەوەی ئەو بازرگانەی بەرهەمی ناوخۆیی، بۆ بەکاربردن لە دەرەوە هەناردە دەکا و، چوارەم، ئەوەی بازرگانی باربەری، یان هاوردەکاری گەنمەشامی بۆ دووبارە هەناردەکردنەوە.

-1بەرژەوەندی بازرگانی ناوەوەی وڵات و بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک، ئەگەرچی لەگەڵ یەکەم ڕوانیندا زۆر دژ بەیەک دەردەکەون، تەنانەت لە ساڵانی قاتیی زۆریشدا تەواو هەمان شتن. بەرژەوەندی ئەو لەوەدایە نرخی گەنمەشامییەکەی ئەوەندەی قاتیی ڕاستەقینە داوای دەکا بەرز بکاتەوە و، هەرگیز لە بەرژەوەندی ئەودا نییە لەوە بەرزتری بکا. بە بەرزکردنەوەی نرخەکە بەکاربردن سست دەکا و، زۆر یان کەم پاڵ بە هەموو خەڵکەوە، بەتایبەتی توێژەکانی خوارەوەی خەڵک، بەرەو دەسگرتنەوە و خۆبەڕێوەبردنی باش دەنێ. ئەگەر ئەو لەڕێی بەرزکردنی زۆری نرخەوە بەکاربردنی ئەوەندە سست و کەم کردەوە کە خستنەڕوو لەو وەرزەدا زیاتر ببێ لە بەکاربردنی وەرزەکە و، بۆ ماوەیەکی دوای بەرهەمی داهاتوو مایەوە، ئەوە بەئاگر یاری دەکا، نەک لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری گەنمەشامییەکەی لەبەر هۆکاری سروشتی دەفەوتێ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ناچار دەبێ ئەوەی ماویەتی زۆر بە هەرزانتر لەو نرخە بفرۆشێ کە چەند مانگێک پێشتر بۆی دەکرد. ئەگەر نرخەکەی بەشێوەیەک بەرز کردەوە کە لە بەکاربردنی کەم ڕێگر بێ و ئەوەی خراوەتە ڕوو لە بەکاربردنی وەرزەکە کەمتر بێ، ئەوە نەک تەنیا ئەو بەشە قازانجە لەدەست دەدا کە ئەگەر وای نەکردایە دەستی دەکەوت، بەڵکو خەڵکەکە وا لێ دەکا پێش کۆتایی وەرزەکە بەدەستی نەبوونی کاڵاکەوە بناڵن و، لەجیاتی ئەوەی بەگرانتر بیکڕن تووشی برسێتی ببن. بەرژەوەندی خەڵک لەوەیە بەکاربردنی ڕۆژانە، هەفتانە و، مانگانەیان هاوڕێژە بێ لەگەڵ خستنەڕووی وەرزەکەدا. بەرژەوەندی بازرگانی ناوخۆیی

گەنمەشامیش هەر هەمان شتە. ئەگەر ئەو بتوانێ بەپێی ئەو ڕێژەیە بیخاتە ڕوو، ئەوە ڕەنگە هەموو گەنمەشامییەکەی بە بەرزترین نرخ بفرۆشێ و، زۆرترین قازانج بکا. هەروەها ئاگاداربوونی ئەو لە دۆخی بەرهەمەکە و، لە فرۆشی ڕۆژانە، هەفتانە و، مانگانەی خۆی یارمەتیی دەدا بڕیاری دروست بدا، لەبارەی ئەوەی بەڕاستی بەم شێوەیە بەدەستی ئەوان دەگا. بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خەڵک، ئەو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەلایەن بەرژەوەندی خۆیەوە ئاراستە دەکرێ، تەنانەت لەساڵانی قاتیشدا، بەهەمان ئەو شێوازەی کەشتییەوانێکی کارامە لەگەڵ کەسانی بەردەستی خۆیدا مامەڵە دەکا. کاتێک کە پێشبینی دەکا ئازووخەکە خەریکە کورت دێنێ ئەویش بەردەستخستن کەم دەکاتەوە. هەرچەندە بەهۆی وریاییەوە هەندێ جار دەبێ ئەمە بکا بەبێ ئەوەی پێویست بێ، بەڵام ئەو دۆخە خراپەی لەوانەیە کەشتیوانانی بەر دەستی بەو هۆیەوە بەدەستیەوە بناڵێن زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو مەترسی، ناخۆشی و، وێرانییەی لەوانەیە هەندێ جار بەهۆی دەستگرتنەوەی کەمترەوە تووشی ببن. لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار بەهەمان شێوە بەهۆی دەستگرتنەوەوە، بازرگانی ناوخۆیی گەنمەشامی دەبێ نرخەکە بەرزتر بکا لەوەی نەهاتیی وەرزەکە دەیخوازێ، بەڵام هەموو ئەو تەنگانەیەی بەهۆی ئەمەوە تووشی خەڵک دەبێ، لە قاتوقڕیی کۆتایی وەرزەکە ڕزگاریان دەکا کە بەهۆی دەستبڵاوی لە سەرەتای وەرزەکەدا لەوانەبوو تووشی ببن. لەوانەشە بازرگانەکە خۆی بەدەستی ئەم دەستگرتنەوە زیادەوە بناڵێ، نەک تەنیا لەڕێی تووڕەیی گشتی لە دژی، بەڵکو، هەرچەندە دەبێ لە ئاسەواری ئەو تووڕەییە خۆی بپارێزێ، ئەو بەهۆی ئەو برە گەنمەشامییەوە کە لای دەمێنێتەوە لە کۆتای وەرزەکەدا و، ئەگەر وەرزی دواتر باش بوو، دەبێ بە هەرزانتر بیفرۆشێ، تووشی گرفت دەبێ.

لەڕاستیدا، ئەگەر کۆمەڵەیەکی گەورەی بازرگانان بتوانن تەواوی بەرهەمی وڵاتێکی فرەوان بخەنە بەر دەستی خۆیانەوە، لەوانەیە بەرژەوەندیان لەوەدا بێ کە هاوشێوەی مامەڵەی هۆڵاندەییەکان لەگەڵ بەهاراتی دوورگەکانی مەڵوکە (Moluccas) مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و، بەشێکی زۆری بفەوتێنن یان فڕی بدەن بۆ ئەوەی نرخی ئەوەی ماوە وەکو خۆی بمێنێتەوە. بەڵام ئەمە بەدەگمەن لەکردن دێ، تەنانەت بە زەبری یاساش ناکرێ ئەو قۆرخکارییە بەرفرەوانە سەبارەت گەنمەشامی بسەپێنرێ و، لە هەر شوێنێکدا یاسا بازرگانی بەئازادی بهێڵێتەوە، گەنمەشامی لەنێو گشت کاڵاکاندا کەمترینی ئەوانەیە کە هەندێ سەرمایەی گەورە، لەڕێی کڕینی زۆرترین بەشیەوە، بتوانن دەستی بەسەردا بگرن یان قۆرخی بکەن. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بەهاکەی گەلێ زۆرترە لەوەی سەرمایەی چەند

کەسێک بتوانن بیکڕن، بەڵکو ئەگەر وایشی دابنێین دەتوانن بیکڕن، ئەوە شێوەی بەرهەمهێنانەکەی وا دەکا ئەم کڕینە لەکردنەهاتوو بێ. وەک چۆن گەنمەشامی لە هەموو وڵاتێکی شارستانیدا ئەو کاڵایەیە کە زۆرترین بەکاربردنی ساڵانەی هەیە، ساڵانە بڕێکی زۆر پیشەسازی لە بەرهەمهێنانی گەنمەشامیدا بەکار دێ زیاتر لە هەر کاڵایەکی تر. هەروەها کاتێک کە لە زەوییەوە دەردەچێ پێویستە لەنێوان ژمارەیەک خاوەندا دابەش بکرێ زیاتر لە خاوەنانی هەر کاڵایەکی تر. ئەم خاوەنانە هیچ کاتێک ناکرێ لە یەک شوێنێکدا کۆ بکرێنەوە، وەک کۆکردنەوەی ژمارەیەک پیشەسازی سەربەخۆ، بەڵکو وەک پێویستییەک بەهەموو شوێنێکی وڵاتدا بڵاو بوونەتەوە. ئەم خاوەنە یەکەمانە، یان ڕاستەوخۆ بەرهەمەکە دەخەنە بەر دەستی بەکاربەرانی دەوروبەری خۆیان، یان دەیخەنە بەر دەستی بازرگانی ناوخۆیی تر و ئەوان دەیخەنە بەر دەستی ئەو بەکاربەرانە. کەواتە بازرگانانی ناوخۆیی گەنمەشامی، بە جووتیار و نانەواوە، وەک پێویستییەک ژمارەیان زۆرترە لە بازرگانانی هەر کاڵایەکی تر، ئەمە و بڵاوبوونەوەی فرەوانیان وا دەکا کە مەحاڵ بێ بتوانن لە یەک گردبوونەوەی گشتیدا کۆ ببنەوە. لەبەر ئەوە، ئەگەر لە ساڵێکی نەهاتدا، یەکێکیان بۆی دەرکەوێ کە بڕێک گەنمەشامیی لەبەر دەستە زۆر زیاترە لەوەی بە نرخی ئەو ڕۆژە بتوانێ بەدەستی بێنێ، ئەوە هیوا دەخوازێ بتوانێ پێش کۆتای وەرزەکە لەکۆڵی خۆی بکاتەوە، ئەو بیر لەوە ناکاتەوە لەسەر حسێبی زیانی خۆی و، تەنیا بۆ قازانجی کێبەرکێکاران و ناحەزانی خۆی، ئەو نرخە بە بەرزی بهێڵێتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ نرخەکە دادەبەزێنێ بۆ ئەوەی پێش پێگەیشتنی بەرهەمی نوێ ئەو گەنمەشامییەی هەیەتی لە کۆڵی ببێتەوە. هەمان پاڵنەر و هەمان بەرژەوەندی کە شێوەی هەڵسوکەتی هەر بازرگانێک ڕێک دەخەن، ئەوەی ئەوانەی تریش ڕێک دەخەن و، بەگشتی هەموویان ناچار دەکەن گەنمەشامییەکەیان بەو نرخە بفرۆشن کە، بەپێی باشترین هەڵسەنگاندنی ئەوان، گونجاوترینە لەگەڵ کەمی یان زۆریی بەرهەمی وەرزەکەدا.

من بڕوام وایە کە هەر کەسێک بەوردی تێبینیی مێژووی گرانی و برسێتی لە هەر شوێنێکی ئەورووپا بکا، چ لەم سەدەیە یان لە سەدەکانی پێشووتردا، کە تۆماری وردمان بۆ چەندانیان هەیە، بۆی دەردەکەوێ کە هەرگیز گرانی بەهۆی گردبوونەوەی بازرگانانی ناوخۆی گەنمەشامی یان هیچ هۆکارێکی تر نەبووە جگە لە نەهاتیی ڕاستەقینە، کە لەوانەیە هەندێ جاران و لە هەندێ شوێنی دیاریکراودا بەهۆی زیانەکانی شەڕەوە بووبێ، بەڵام زۆرترینی جارەکان هۆکارەکە خراپیی وەرزەکە بووە و، برسێتیش هەرگیز هۆکاری تری

نەبووە جگە لە توندوتیژی حکوومەت لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئاسەوارە خراپەکانی گرانی، لەڕێی ئامرازی نەگونجاوەوە.

لە وڵاتێکی فرەوانی گەنمەشامیدا، کە بازرگانی و گەیاندنی ئازادانە لەنێوان هەموو بەشەکانیدا هەبێ، ئەو قاتوقڕییانەی بەهۆی خراپترین وەرزەکانەوە دێنە کایەوە هەرگیز ناتوانن ببنە هۆی برسێتی و، کەمترین بەرهەمیش، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێک و دوور لە دەستبلاوی بەڕێوە ببرێ دەتوانێ هەمان ژمارەی خەڵک بژیێنێ کە لە ساڵانی هاتدا بڕێکی گونجاوی بەرهەمەکە دەیانژیێنێ. خراپترین وەرزەکان بۆ بەرهەم بریتین لە وشکەساڵی یان بارانی لەڕادەبەدەر زۆر. بەڵام کە گەنمەشامی بە یەکسانی لە زەوییە بەرز و نزمەکاندا دەڕوێ، لەو زەوییانەدا کە زیاد ئاودار دەبن و لەوانەشی کە زیاد وشک دەبن، ئەوە وشکی یان لافاو، کاتێک زیان بە لایەکیان دەگەیەنن بۆ لایەکەی تر بەسوود دەبن. بەم شێوەیە، هەرچەندە لە وەرزی لافاو و لە وەرزی وشکەساڵیدا بەرهەم لە ساڵی ئاسایی کەمتر دەبێ، بەڵام ئەوەی لە بەشێکی وڵاتدا دەفەوتێ لە بەشەکەی تر قەرەبوو دەکرێتەوە. لە وڵاتانی برنجدا، کە بەرهەمەکە نەک تەنیا پێویستی بە خاکێکی زۆر تەڕە بەڵکو لە هەندێ ماوەی گەشەیدا دەبێ ژێرئاو بخرێ، کاریگەریی وشکەساڵی زۆر خراپتر دەبێ. بەڵام تەنانەت لەو وڵاتانەشدا لەوانەیە بەدەگمەن نەهاتی بتوانێ ببێتە مایەی برسێتییەکی گشتی، ئەگەر حکوومەت ڕێگە بە بازرگانییەکی ئازاد بدا. لەوانەیە وشکەساڵییەکەی بەنگال، کە چەند ساڵێک پێش ئێستا ڕووی دا، بووبێتە مایەی گرانییەکی زۆر. هەندێ یاسای نەگونجاو و، هەندێ کۆت و بەندی نادانایانە کە لەلایەن کارمەندانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتەوە بەسەر بازرگانیی برنجدا سەپێنران، ڕەنگە بەشدار بووبن لەوەی گرانییەکە ببێتە برسێتی.

کاتێک کە حکوومەت، بۆ چارەسەرکردنی زیانەکانی گرانی، فەرمان بە بازرگانان بدا گەنمەشامییەکەیان بەو نرخە بفرۆشن کە پێی وایە گونجاوە، ئەوە یان وا دەکا کاڵاکەیان نەهێننە بازاڕ، ئەمەش هەندێ جار تەنانەت لە سەرەتای وەرزەکەوە برسێتیی لێ دەکەوێتەوە. یان ئەگەر هێنایانە بازاڕەوە، ئەوە خەڵک دەتوانن و، هان دەدرێن بڕی زیاتر بەشێوەیەکی خێراتر بەکار بەرن و ئەوەش پێش کۆتایی وەرزەکە دەبێتە هۆی برسێتی. بازرگانیی بێسنوور و کۆتنەکراوی گەنمەشامی، تەنیا و باشترین ڕێگرێکی کارایە لە زیانەکانی گرانی، چونکە ئەو زیانانە چارەسەریان نییە بەڵام دەکرێ سووک بکرێنەوە. هیچ بازرگانییەک لەم بازرگانییە زیاتر شایانی پاراستنی تەواو لەلایەن یاساوە نییە و، هیچ بازرگانییەک لەم بازرگانییە زیاتر نایخوازێ، چونکە هیچ بازرگانییەکی تر ئەوەندە ئەگەری کەوتنە بەر ڕقی جەماوەری نییە.

له سالانی نەهاتدا توێژەکانی خوارەوەی خەڵک ئۆباڵی نەهامەتییەکەیان دەخەنە ئەستۆی چاوبرسییەتیی بازرگانی گەنمەشامی، ئەمیش دەبێتە ئامانجی ڕق و تووڕەیی ئەو خەڵکە. بۆیە ئەو لەجیاتی ئەوەی قازانج لەو هەلە بکا، زۆربەی جاران دەکەوێتە بەر مەترسیی داڕمان و، مەترسیی ئەوەی کۆگەکانی بکەونە بەر شالاوی تالان و تێکدان لەلایەن ئەو خەڵکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانی گەنمەشامی لەو سالانی نەهاتەدا چاوی لەوەیە قازانجی بنەڕەتیی خۆی بەدەست بێنێ. ئەو بەگشتی گرێبەستی لەگەڵ هەندێ جووتیاردا هەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو بڕێکی دیاریکراوی گەنمەشامیی بەنرخێکی دیاریکراو بدەنێ. لەم گرێبەستانەدا نرخ بەپێی پێشبینییەک دیاری دەکرێ کە گونجاو و مامناوەندی بێ، واتە نرخی ئاسایی یان تێکڕا بێ، کە پێش سالانی نەهاتی ئەم دواییە ٢٨ شیلین بوو بۆ هەر چارەکێک گەنم و، بۆ دانەوێڵەکانی تریش هاوڕێژە لەگەڵ ئەم نرخە، نرخ دادەنرا. لەبەر ئەوە، لە سالانی نەهاتدا، بازرگانی گەنمەشامی بەشێکی زۆری گەنمەشامییەکەی بە نرخێکی ئاسایی دەکڕێ و بەنرخێکی زۆر بەرزتر دەیفرۆشێ. ئەم قازانجە سەرووئاساییە کە، تەنیا دەیگەیەنێتە ئاستێکی گونجاو بەرامبەر بە بازرگانییەکانی تر و، تەنیا قەرەبووی زیانەکانی جارانی تری بۆ دەکاتەوە، بەهۆی سروشتی کالاکە خۆیەوە کە کالایەکی ناسکە و تێک دەچێ، هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە نرخەکەی لە هەڵبەزودابەزی چاوەڕواننەکراودایە، ئەم ڕاستییە لەوە دەچێ بەس بێ بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە بەدەگمەن سامانی زۆر لەڕێی ئەم بازرگانییەوە بەدەست دێ. هەروەها ڕقی جەماوەری، کە لە سالانی نەهاتدا دروست دەبێ، ئەوانەی تەنیا سالانێکن کە لەوانەیە پڕ قازانج بن، خەڵکی خاوەن کەسایەتی و سامان لەم بازرگانییە دوور دەخاتەوە و بۆ دەستەیەکی تری بازرگانانی ئاستی نزمی بەجێ دێڵن. هەروەها ئاشەوانان، نانەوایان، عەلافەکان و، کارگەکانی دانەوێڵە لەگەڵ ژمارەیەک بێچارەی تر، نزیکەی هەموو ئەوانەن کە لەنێوان بەرهەمهێن و بەکاربەری ئەو کالایەدا گیر دەخۆن.

سیاسەتی کۆنی ئەورووپا، لەجیاتی کەمکردنەوەی ئەم ڕقە جەماوەرییە دژ بە بازرگانییەکی وا بەسوود بۆ کۆمەڵگە، لەوە دەچێ بەپێچەوانەوە ڕێگەی پێ دابێ و هانی دابێ. لە پێنجەم و شەشەمی ئێدواردی شەشەمدا بڕیار درا هەر کەسێک گەنمەشامی یان دانەوێڵە بەمەبەستی فرۆشتنەوە بکڕێ، بە سەرپێچیکەری یاسا دەژمێررێ و، ئەگەر یەکەم جاری بێ دوو مانگ بەند دەکرێ و بەهای گەنمەشامییەکەی لێ دەسێنرێ و، ئەگەر جاری دووەمی بێ، شەش مانگ دەگیرێ و دوو هێندەی ئەو بەهایەی لێ دەسێنرێ و، لە جاری سێیەمدا ئەوەندەی پاشا ئارەزوو بکا لە زیندان قایم دەکرێ و هەرچی کالا و زیندەماڵی

هەیە دەستیان بەسەردا دەگیرێ. سیاسەتی کۆنی زۆربەی بەشەکانی تری ئەوروپا لەمەی ئینگلتەرە باشتر نەبوون.

لەوە دەچێ پێشینانمان پێیان وا بووبێ کە خەڵک گەنمەشامی لە جووتیارەکە بە هەرزانتر دەکڕن لەوەی لە بازرگانی گەنمەشامییەکە، کە ئەوان ترسیان هەبوو داوای نرخی زۆر لەوە بەرزتر بکا کە بە جووتیارەکەی داوە و، قازانجێکی زۆر بۆ خۆی بداتە لاوە. کەواتە، ئەوان هەوڵیان داوە ئەم بازرگانییە بەتەواوی لەناو بەرن. تەنانەت هەوڵیشیان داوە ئەوەندەی لەتوانادا هەبێ نەهێڵن هیچ کەسێک بکەوێتە نێوان جووتیار و بەکاربەرەوە، ئەمەش واتەی سەپاندنی گەلێ کۆت و بەند بوو بەسەر بازرگانیی ئەوانەی پێیان دەگوترا کیدەر (kidders) یان گوێزەرەوەی گەنمەشامی، کە بازرگانییەکە هیچ کەسێک بۆی نەبوو بەبێ ڕێگەپێدانێک کە دڵنیایی دەدا ئەو کەسە ڕاستگۆیە و لە مامەڵەدا ڕاستە، ئەنجامی بدا. بەپێی یاساکەی ئێدواردی شەشەم، پەسەندکردنی سێ دادوەری ئاشتەوایی بۆ بەخشینی ئەم ڕێگەپێدانە پێویست بوو. بەڵام دواتر ئەم کۆت و بەندەش لەبەر نەگونجاوی و، بە یاسایەکی ئیلیزابێت، ئیمتیازی بەخشینی درا بە دادگە چارەکییەکان (کە دادگەی ناوخۆیی بوون لە ئینگلتەرە و ساڵانە چوار دانیشتنیان هەبوو- وەرگێڕ.)

سیاسەتی کۆنی ئەوروپا هەوڵی داوە بەم شێوەیە کشتوکاڵ، کە بازرگانیی سەرەکیی لادێیە، لەڕێی بۆچوونی جیا لەوانەی تایبەتن بە پیشەسازی، کە بازرگانیی سەرەکیی شارە، ڕێک بخا. ئەو سیاسەتە، کە هیچ کڕیارێکی بۆ جووتیار نەهێشتەوە جگە لە بەکاربەری ڕاستەوخۆ یان بریکارە ڕاستەوخۆکانیان، کە کیدەر و گوێزەرەوەی گەنمەشامین، هەوڵی دەدا ناچاری بکا بۆ ئەوەی خۆی بازرگانی بکا، نەک تەنیا جووتیارییەکە، بگرە بازرگانی گەنمەشامی بەتاک و بەکۆ هەر خۆی بێ. بەپێچەوانەشەوە، لە چەندان دۆخدا قەدەخەی دەکرد پیشەساز خۆی کاری دوکانداری بکا، یان کاڵاکانی خۆی بەتاک بفرۆشێ. ئەو لەڕێی یاسایەکەوە مەبەستی بوو بەرژەوەندی گشتی پشتئەستوور بکا، یان گەنمەشامی هەرزان بکا، بەڵام لەوانەیە بەبێ ئەوەی خۆی تێ بگا ئەوە چۆن دەکرێ. بەیاساکەی تریش مەبەستی بوو پشتیوانیی بەرژەوەندی توێژێکی دیاریکراوی خەڵک بکا، کە دوکاندارەکانن، کە پێشبینی دەکرا پیشەسازەکان ئەو کاڵایانە زۆر هەرزانتر بفرۆشن بەجۆرێک کە ئەگەر ڕێگەیان پێ بدرێ بەتاک بفرۆشن، پیشەی دوکانداران لەناو دەچێ.

بەڵام پیشەساز، ئەگەر ڕێگەی پێ بدرایە دوکانی هەبێ و کاڵای خۆی بەتاک بفرۆشێ، نەیدەتوانی بەهەرزانتر لە دوکاندارێکی ئاسایی بیفرۆشێ. ئەو هەر بەشێکی سەرمایەکەی خۆی بخستایەتە دوکانەکەیەوە، پێویست بوو لەوەی بکێشێتەوە کە بۆ پیشەسازییەکەی

تەرخانی کردووە. ئەو بۆ ئەوەی بازرگانییەکەی خۆی لە ئاستێکدا بەرامبەر بەوەی خەڵکی تر ڕابگرێ، پێویست بوو قازانجی پیشەساز لە بەشێکی سەرمایەکەی بکا و، قازانجی دوکاندار لە بەشەکەی تری بکا. بۆ نموونە، با وای دابنێین، لەو شارەدا کە ئەو تێیدا دەژی، قازانجی ئاسایی ماڵی پیشەسازی و دوکانداری لەسەدا دە بێ، ئەو پێویستە لەم دۆخەدا لەسەدا بیست قازانج لە هەر پارچە کاڵایەکی خۆی بکا کە لە دوکانەکەیدا دەیفرۆشێ. ئەو کە لە کۆگەی خۆی دەیانهێنێتە دەرەوە و بۆ دوکانەکەیان دەبا، پێویستە بەو نرخە بیانخەمڵێنێ کە بە بازرگانێک یان بە دوکاندارێکی دەفرۆشێ، کە بە کۆ دەیانکڕێ. ئەگەر بەهەرزانتر بیانخەمڵێنێ، ئەوە ئەو بەشە قازانجەی لەدەست دەچێ کە لە سەرمایەی پیشەسازییەکەی دەستی دەکەوێ. دوایی کە لە دوکانەکەیدا دەیانفرۆشێ، ئەگەر بە نرخی دوکانداران نەیانفرۆشێ، قازانجی سەرمایەی دوکانداریيەکە لەدەست دەدا. بۆیە، ئەگەرچی لەوانەیە وا بێتە پێش چاو کە ئەو قازانجێکی دوو هێندە دەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کاڵایانە بەشێکن لە دوو سەرمایەی جیا لەیەکتری، ئەو تەنیا یەک قازانج لە تەواوی ئەو سەرمایەیەی بۆ بەکار هاتووە، بەدەست دێنێ، ئەگەر قازانجەکەی لەوە کەمتر بێ ئەوە زەرەمەند دەبێ، یان تەواوی سەرمایەکەی بەهەمان شێوەی بەسوود وەکو زۆرترین بەشی دراوسێکانی بەگەڕ نەخستووە.

ئەوەی بۆ پیشەساز قەدەغە بوو، دابەشکردنی سەرمایەکەی بوو بەسەر دوو بەگەڕخستنی جیاوازدا، گڵدانەوەی بەشێکی لە کۆگەی دانەوێڵە و خەرماندا بۆ تێرکردنی خواستی لەناکاوی بازاڕ و، بەکارهێنانی ئەوەی تری لە چاندنی زەویدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەنجامدانیان بەسەر جووتیاردا سەپێنرابوو. بەڵام بۆی نەبوو ئەم بەشەی دوایی بۆ بەدەستهێنانی کەمتر لە قازانجی ئاسایی ماڵی جووتیاری بەکار بێنێ، بەوەش نەیدەتوانی ئەو بەشەی یەکەم بۆ کەمتر لە قازانجی ئاسایی ماڵی بازرگانی بەکار بێنێ. جا ئەو ماڵەی بەڕاستی بازرگانیی گەنمەشامیی پێ دەکرا هی ئەو کەسە بێ کە پێی دەڵێن جووتیار، یان هی ئەوە بێ کە پێی دەڵێن بازرگانی گەنمەشامی، ئەوە لە هەردوو دۆخدا قازانجێکی یەکسان خواستراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکە بەرامبەر بەو جۆرە بەگەڕخستنە، بۆ ئەوەی بازرگانییەکەی لە ئاستی بازرگانییەکانی تردا بێ و، بۆ ئەوەی ڕێ بگیرێ لەوەی هەر کە توانیی بازرگانییەکەی بگۆڕێ. لەبەر ئەوە، ئەو جووتیاری کە ناچار کراوە بازرگانیی بازرگانی گەنمەشامی بخاتە ئەستۆی خۆی، ناتوانێ گەنمەشامییەکەی هەرزانتر لەوەی هیچ بازرگانێکی تری گەنمەشامی بفرۆشێ کاتێک کە هەلومەرجی کێبەرکێی ئازاد ناچاری ئەوەی دەکا.

ئەو بازرگـانەی دەتـوانێ تەواوی مـاڵی خـۆی لە یەک لقـی بازرگانیـدا بەگەڕ بخـا، سـوودەکەی هاوشـێوەی ئەوەی پیشـەوەرێکە کە تەواوی کـاری خـۆی لە یەک دانە ئۆپەراسیۆندا بەکار دێنێ. چونکە، وەک چۆن ئەمەی دوایی کارامەییەک بەدەست دێنێ، کە بەهۆیەوە بەهەمـان ئەو دوو دەسـتەی خـۆی، بڕێکـی زیـاتر ئیش بکـا، ئەوەی یەکەمیش شێوازێکی ئاسان و بەردەست پەیدا دەکا بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانییەکەی و، بۆ کڕین و لەکـۆڵکردنەوەی کاڵاکـانی بەشـێوەیەک کە بەهەمـان سـەرمایە بڕێکـی زیـاتری بازرگـانی بەڕێوە ببا. وەک چۆن یەکێکیان بەگشتی دەتوانێ ئیشەکەی خۆی زۆر بەهەرزانتر ئەنجام بدا، ئەوەی تریش بەگشتی دەتوانێ کاڵاکانی هەرزانتر بخاتە ڕوو لەوەی کە ماڵ و زانایی خۆی لە کۆمەڵێ بابەتی جۆراوجۆردا بەکار بهێنێ. زۆربەی پیشەسـازان نـاتوانن کاڵاکانی خۆیان بەتاک وەک دوکاندارێکی وریا بەهەرزان بفرۆشـن، کە تەنیا بازرگـانیی ئەو بریتییە لە کڕینیـان بە کـۆ و فرۆشـتنیان بە تـاک. زۆربەی جووتیـاران هێشـتا ڕانەهـاتوون لەگەڵ ئەوەی گەنمەشامیی خۆیان بە تاک بفرۆشن، بۆ ئەوەی بیخەنە بەر دەستی شارنشینان، کە لەوانەیە چوار پێنج میلێک لێیانەوە دوور بن، وەک ئەوەی بازرگانێکی کارامە و چالاکی گەنمەشامی دەیکا، کە تەنیا پیشـەی ئەو کڕینـی گەنمەشـامییە بە کۆ و کۆکردنەوەیەتی لە کۆگەی گەورەدا و دواتر فرۆشتنیەتی بە تاک.

ئەو یاسایەی قەدەخەی کردووە پیشەسازێک بازرگانیی دوکاندارێک ئەنجام بدا، هەوڵی داوە وا بکا ئەم بەشـەی بەگەڕخستنی ماڵ خێراتر بەڕێوە بچێ. ئەو یاسایەشـی جووتیـاری ناچـار کـردووە بازرگـانیی بازرگـانی گەنمەشـامی ئەنجـام بـدا، هەوڵـی داوە ڕێگە لە خێـرا بەڕێوەچوونی ئەو بازرگانییە بگرێ. هەردوو یاسـاکە بەڕوونـی دژ و پێشـێلکەری ئـازادیی سروشـتین و، بەو پێـیەش نـادادوەرانەن. هەروەهـا هەردووکیـان ئەوەنـدەی نـادادوەرن ئەوەندەش نادانان. بەرژەوەندی هەموو کۆمەڵگەیەک لەوەدایە ئەم جۆرە شـتانە نە بەزۆر بسەپێنرێن و نە ڕێگەیـان لـێ بگیرێ. ئەو کەسـەی بەچەنـد ڕێگەیەکـی زیـاتر لەوەی دۆخـی خـۆی ناچـاری دەکـا، کـار یـان مـاڵی خـۆی بەگەڕ دەخـا، هەرگیـز نـاتوانێ لەڕێـی هەرزانفرۆشـتنەوە زیـان بە دراوسـێکانی بگەیەنـێ. ئەو ڕەنـگە زیـان بەخـۆی بگەیەنـێ و، بەگشتی وا دەکا. وەکو دەشڵێن ئەوەی سەر بە هەموو کونێکدا بکا سەر لەهیچیان دەرناکا. بەڵام دەبـێ یاسـا بەردەوام لەوەدا متمـانەی بە خەڵـک هەبـێ کە ئاگایـان لە بەرژەوەنـدی خۆیـان دەبـێ و، ئەوان لە پـێگەی خـۆجێی خۆیـانەوە بەگشـتی لە یاسـادانەران باشـتر بەرژەوەندی خۆیان هەڵدەسـەنگێنن. بەڵام ئەو یاسـایەی جووتیاری ناچار کرد بازرگانیی بازرگانی گەنمەشامی ئەنجام بدا زیاندارترینی ئەو دوو یاسایە بوو.

ئەو تەنیا ڕێی لەو دابەشکردنەی بەگەڕخستنی ماڵ نەگرت کە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک بەسوودە، بگرە ڕێگر بوو لە چاککردن و کشتوکاڵکردنی زەویش. کە جووتیاری ناچار کردن لە جیاتی یەک بازرگانی دووان ئەنجام بدا، جووتیارەکەی ناچار کرد سەرمایەی خۆی بکاتە دوو بەشەوە، کە تەنیا دەتوانێ یەکێکیان لە کشتوکاڵدا بەگەڕ بخا. بەڵام ئەگەر ئەو ئازاد بێ لەوەی هەموو بەرهەمەکەی هەر کە پێگەیشت بە بازرگانێکی گەنمەشامی بفرۆشێ، لەوانەیە تەواوی سەرمایەکەی ڕاستەوخۆ بۆ زەوییەکە بگەڕێتەوە و، بۆ کڕینی ماڵات و، بەکرێگرتنی خزمەتکار بەکار دێ، لەپێناو باشتر چاککردن و چاندنی زەوییەکەدا. بەڵام کە ناچار بوو گەنمەشامییەکەی بەتاک بفرۆشێ، ناچار دەبێ بەشێکی زۆری سەرمایەکەی لە ئەمبارەکان و خەرمانەکاندا بەدرێژایی ساڵ بهێڵێتەوە و، لەبەر ئەوە ناتوانێ بەهەمان سەرمایەوە ئەو چاندنە باشە ئەنجام بدا. بۆیە، ئەم یاسایە ڕێگر بوو لە چاکسازیی زەوی و، لەجیاتی هەرزانکردنی گەنمەشامی، وای کرد کەم ببێتەوە و لەئاکامدا گرانتریش ببێ.

دوای پیشەی جووتیار، پیشەی بازرگانی گەنمەشامی لەڕاستیدا ئەو پیشەیەیە کە ئەگەر وەکو پێویست بپارێزرێ و هان بدرێ دەستێکی باڵای لە زیادکردنی گەنمەشامیدا دەبێ. بەهەمان ئەو شێوەیەی بازرگانی کۆفرۆش پشتیوانیی پیشەسازی دەکا، ئەمیش پشتیوانیی پیشەی جووتیارەکە دەکا.

بازرگانی کۆفرۆش بە دەستەبەرکردنی بازاڕێکی حازردەست بۆ پیشەسازەکە، بەوەی هەر لەگەڵ دروستکردنی کاڵاکەی لێی بکڕێ و، هەندێ جاریش تەنانەت پێش ئەوەی دروستی بکا پێشوەخت پارەکەی دەداتێ، یارمەتیی پیشەسازەکە دەدا بۆ ئەوەی بەردەوام تەواوی سەرمایەکەی و، هەندێ جار زیاتر لە تەواوی سەرمایەکەی بەدەستەوە بێ و بەردەوام لە پیشەسازییەکەیدا بەگەڕی بخا و، بەمەش بڕێکی زیاتر کاڵا دروست دەکا لەوەی کە خۆی ناچار بێ ڕاستەوخۆ بە بەکاربەری بفرۆشێ یان تەنانەت بە تاکفرۆشانیشی بفرۆشێ. لەبەر ئەوەشی کە سەرمایەی بازرگانی کۆفرۆش بەگشتی بەشی پڕکردنەوەی سەرمایەی چەند پیشەسازێک دەکا، ئەم تێکەڵییەی ئەو و ئەوان سەرنجی خاوەن سەرمایەی گەورە ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی خاوەنانی ژمارەیەکی زۆر سەرمایەی بچووک بکا دژ بەو زیان و لێقەومانانەی ئەگەر ئەو پشتیوانییە نەبێ ماڵوێرانکەرن.

بەگشتی، تێکەڵییەکی لەهەمان شێوە لەنێوان جووتیار و بازرگانی گەنمەشامیدا دروست بووە، کە کاریگەریی بەقازانجی بۆ جووتیارەکان هەیە. ئەوان دەتوانن تەواوی

سەرمایەکانیان لەلا بمێنێتەوە و تەنانەت لە تەواوی سەرمایەکەش زیاتر و، بەردەوام لە کشتوکاڵدا بەکاری بێنن. لە کاتی هەر ئەگەرێکیش کە کار دەکاتە سەر پیشەکەیان، ئەوان لە کڕیارە ئاساییەکەی خۆیاندا، کە بازرگانی دەوڵەمەندی گەنمەشامییە، ئەو کەسە دەبیننەوە کە بەرژەوەندی لەوەدایە پشتیوانییان بکا و، توانای پشتیوانیکردیشیانی هەیە و، وەک ئێستا ناچار نابن بەتەواوی پشت بە دڵفرەوانیی خاوەن موڵکەکەیان ببەستن، یان چاوەڕێی بەزەیی سەرکارەکەی بن. کە بکرێ، لەوانەشە نەکرێ، ئەم تێکەڵییە گشتی بێ و، هەمووان بەیەکەوە تەواوی ماڵی جووتیاری لە شانشینەکەدا تەنیا بەرەو چاندنی زەوی ببەن کە ئەرکی گونجاوی ئەو ماڵەیە و، لە هەموو ئەو بەکارهێنانانەی تری بکێشنەوە کە ئێستا ڕووی لێیان کردووە و، ئەگەر بکرێ پشتیوانی و یارمەتیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم ماڵە زۆرە بدرێ، بۆ ئەوەی بەیەک جار ماڵێکی تری هاوئاست لە زۆریدا بخرێتە ڕوو، لەوانەیە زۆر ئاسان نەبێ پێشبینیی گەورەیی و فرەوانی و خێرایی ئەو پێشکەوتنە بکەین کە ئەم گۆڕینی هەلومەرجە لە تەواوی وڵاتدا بەرهەمی دێنێ.

بۆیە، دەستوورەکەی ئێدواردی شەشەم، کە ئەوەندەی پێی کراوە هەبوونی کەسێکی لەنێوان جووتیار و بەکاربەردا قەدەخە کردووە، هەوڵی لەناوبردنی بازرگانییەکی داوە کە ئەنجامدانی ئازادانەی نەک تەنیا باشترین ئازارشکێنە بۆ ناڕەحەتییەکانی کەمیی بەرهەم لە گرانیدا، بەڵکو باشترین ڕێگرە لە کەوتنەوەی کارەسات بەو هۆیەوە: لەدوای پیشەی جووتیارەوە هیچ پیشەیەکی تر هێندەی پیشەی بازرگانی گەنمەشامی لە چاندنی گەنمەشامیدا بەشداریی نییە.

توندیی ئەم یاسایە دواتر کەم کرایەوە، لەڕێی چەند یاسایەکی دوابەدوای یەکەوە کە ڕێگەیان بە کۆکردنەوەی گەنمەشامی دا لەو کاتانەدا کە نرخی چارەکێک گەنم زیاتر نەبێ لە ٢٠، ٢٤، ٣٢ و، ٤٠ شیلین. لە کۆتاییشدا، لەگەڵ پازدەیەمینی چارلزی دووەم، کە ڕاگەیەنرا کۆکردنەوە یان کڕینی گەنمەشامی بۆ فرۆشتنەوەی ئەوەندەی نرخی چارەکی گەنم ٤٨ شیلینی تێنەپەڕاندبێ و، نرخی دانەوێڵەی تر هاوڕێژەی ئەمە بێ، بۆ هەموو کەسێک جگە لە قۆرخکاران، ئەوانەی لە ماوەی سێ مانگدا لەهەمان بازاڕ نایفرۆشنەوە، ڕێگەپێدراوە. هەموو ئەو ئازادییەی بازرگانی ناوخۆیی گەنمەشامی هەیەتی لەسەر ئەم یاسایە بنیات نراوە. یاسای دوانزەیەمینی ئەم پاشایەی ئێستا، کە نزیکەی هەموو یاسا کۆنەکانی دژ بە کۆکەرەوە و قۆرخکارەکانی هەڵوەشاندووەتەوە، ئەم مەرجە ڕێگرەی ئەم یاسایەی هەڵنەوەشاندووەتەوە و، تا ئێستاش هەر کاری پێ دەکرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم یاسایە بەپێی هەندێ پێوەر ڕێگە بە دوو بۆچوونی پێشوەختەی بێ بنەما دەدا. یەکەمیان، پێشبینی دەکا ئەگەر نرخی چارەکی گەنم بەرز ببێتەوە بۆ ٤٨ شیلین و، نرخی دانەوێڵەکانی تر هاوڕێژەی بن، ئەوە کۆکردنەوەی گەنمەشامی زیان بەخەڵک دەگەیەنێ. بەڵام بەپێی ئەوەی پێشتر گوترا، ئاشکرایە کە ئەگەر نرخی گەنمەشامی هەر چەندێک بێ ناشێ ئەوەندە کۆ بکرێتەوە کە زیان بە خەڵک بگەیەنێ و، سەرباری ئەوەی ٤٨ شیلین بۆ یەک چارەک نرخێکی بەرزە، بەڵام لە ساڵانی قاتیدا نرخێکە کە یەکسەر لەدوای دروونەدا دێتە کایەوە، کاتێک کە ناکرێ هیچ بەشێکی بەرهەمی نوێی پێ بفرۆشرێ و مەحاڵ دەبێ بۆ کەسی نەزانیش کە پێشبینیی کۆکردنەوەی بەشێوەیەکی زیانگەیێن بە خەڵک بکا.

دووەم، پێشبینی دەکا کە نرخێک هەیە لەوێوە لەوانەیە قۆرخکاری لە گەنمەشامیدا دروست بکا، واتە بکڕێ بۆ ئەوەی زووبەزوو لە هەمان بازاڕدا بفرۆشرێتەوە و، زیان بەخەڵک بگەیەنێ. بەڵام ئەگەر بازرگانێک گەنمەشامی بکڕێ، چ بۆ بازاڕێکی دیاریکراو بچێ یان لە بازاڕێکی دیاریکراو بێ، بۆ ئەوەی زووبەزوو لەهەمان بازاڕدا بیفرۆشێتەوە، هۆکارەکە دەبێ ئەوە بێ کە ئەو پێی وایە بازاڕەکە ناتوانێ لە تەواوی وەرزەکەدا بەتێری لەو بەرهەمە پڕ ببێ و، لەبەر ئەوەی نرخەکە ئەگەری بەرزبوونەوەی خێرای دەبێ. ئەگەر لێکدانەوەکەی لەمەدا هەڵە بێ و، ئەگەر نرخەکە بەرز نەبووەوە، ئەو نەک تەنیا تەواوی قازانجی ئەو ماڵەی بەم شێوەیە بەگەڕی خستووە لەدەست دەدا، بەڵکو بەشێکی ماڵەکەشی لەدەست دەچێ، بەهۆی خەرجی و لەدەستچوونەکانی هاوشانی کۆگەکردن و پارێزگاریی گەنمەشامین. کەواتە ئەو زیان بەخۆی دەگەیەنێ، زۆر زیاتر لەوەی بەو خەڵکەی دەگەیەنێ کە ڕێگەیان پێ نادا کاڵاکە لەو ڕۆژەی بازاڕدا بۆ خۆیان بەردەست بخەن. ئەگەر لێکدانەوەکەی ڕاست دەرچوو، ئەو لەجیاتی ئەوەی زیان بە زۆرینەی خەڵک بگەیەنێ، خزمەتێکی زۆر گرینگیان پێ دەگەیەنێ. بەوەی کە ئاسەواری خراپی گرانییان زووتر دەخاتە بەر چاو، ڕێگە دەگرێ لەوەی درەنگ و زیاتر هەست بەو ئاسەوارانە بکەن، ئەگەر بێ و هەرزانیی نرخ هانیان بدا بۆ بەکاربردنی خێراتر لەوەی لەگەڵ نەهاتیی وەرزەکەدا گونجاوە. کە قاتییەکە ڕاستەقینە دەبێ، باشترین شت بۆ خەڵک بکرێ ئەوەیە ئاسەواری خراپ بەیەکسانی بەسەر هەموو مانگ و هەفتە و ڕۆژەکانی ئەو ساڵەدا دابەش بکرێن. بەرژەوەندی بازرگانی گەنمەشامی پاڵی پێوە دەنێ بەرێکترین شێوە کە لەتوانایدا هەبێ ئەم کارە بەوردی بکا. هیچ کەسێکی تریش نە ئەو بەرژەوەندییەی هەیە و نە ئەو زانیارییەی هەیە و نە ئەو توانایەی هەیە کە وەکو ئەو بەوردی ئەنجامی بدا و، دەبێ ئەم

ئۆپەراسیۆنە هەرە گرینگەی بازرگانی بەتەواوی بەو بسپێررێ، یان، بەدەربڕینێکی تر، ئەوەندەی بازرگانیی گەنمەشامی بە تێرکردنی بازاڕی ناوخۆوە پەیوەستە، دەبێ بەئازادی بهێڵرێتەوە.

دەشێ ترسی جەماوەری لە کۆکردنەوە و قۆرخکاری لەگەڵ ترس و نیگەرانیی جەماوەر لە جادوو بەراورد بکرێ. جادووگەرانی بەدبەخت کە بەم تۆمەتەی دوایی تۆمەتبار دەکرێن زۆر بێتاوانتر نەبوون لەو بەدبەختییانەی دەدرێنە پاڵ ئەوانەی بەوەی یەکەم تۆمەتبار کراون. ئەو یاسایەی کۆتایی بە هەموو داوایەک لە دژی جادووگەری دێنێ، ئەوەی توانای هەر پیاوێک بۆ ڕازیکردنی خراپەکاریی خۆی بەتۆمەتبارکردنی دراوسێیەکەی بە تاوانێکی خەیاڵی دوور خستەوە، لەوە دەچێ بەدوورخستنەوەی ئەو هۆکارەی هانیانی داوە و پشتیوانییانی کردووە، کاریگەرانە کۆتایی بەو ترس و بیرەبیرە هێنابێ. ئەو یاسایەی دەبێ تەواوی ئازادی بۆ بازرگانیی ناوخۆیی گەنمەشامی بێنێ لەوانەیە بۆ کۆتاییهێنان بەو ترسە جەماوەرییانە لە کۆکردنەوە و قۆرخکردن، کاریگەر بێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، پازدەیەمی چارلزی دووەم بەهەموو کەموکوڕییەکانیەوە، لەوانەیە زیاتر لە بەردەستخستنی زۆر بۆ بازاڕی ناوخۆ و، زیادکردنی کشتوکاڵدا بەشدار بووبێ، زیاتر لە هەر یاسایەکی کتێبی یاساکان. ئەم یاسایە بوو کە تەواوی ئازادیی بە بازرگانیی ناوخۆیی گەنمەشامی دا و لە هەموو کاتێک زیاتر پاراستی. هەروەها بەهۆیەوە تێرکردنی بازاڕی ناوخۆ و، بەرژەوەندی کشتوکاڵ، کاریگەرانەتر لەڕێی بازرگانیی ناوخۆوە زیاتر لە بازرگانییەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردن، برەویان پێ درا.

ڕێژەی نێوان بڕی تێکڕای هەموو ئەو جۆرە دانەوێڵانەی بۆ بریتانیایی مەزن هاوردە کراون بۆ بڕی تێکڕای هەموو ئەو جۆرە دانەوێڵانەی بەکار براون، کە لەلایەن نووسەری "وتەگەلێک لەبارەی بازرگانیی گەنمەشامییەوە" حسێب کراوە، زیاتر نییە لە یەک بۆ پێنج سەد و هەفتا. بۆیە بۆ تێرکردنی بازاڕی ناوخۆیی، دەبێ گرینگیی بازرگانیی ناوخۆیی پێنج سەد و هەفتا بۆ یەک بێ.

تێکڕای بڕی هەموو جۆرە دانەوێڵەکانی لە بریتانیای مەزنەوە هەناردە کراون، بەپێی هەمان نووسەر، زیاتر نییە لە یەک بەش لە ۳۱ بەشی بەرهەمی ساڵانە. بۆیە بۆ هاندانی کشتوکاڵ لەڕێی دەستەبەرکردنی بازاڕێک بۆ بەرهەمی خۆماڵی، دەبێ گرینگیی بازرگانیی ناوخۆیی بەرامبەر بەوەی هەناردەکردن بەو ڕێژەیە بێ.

من زۆر بڕوام بە حیسابەکانی بیرکاریی سیاسی نییە. تەنیا بۆ ئەوە ئاماژەیان بۆ دەکەم تاوەکو پیشانی بدەم کە لە بۆچوونی زۆربەی کەسانی دانا و خاوەن ئەزموونندا،

چەند کاریگەریی بازرگانیی دەرەکیی گەنمەشامی کەمترە لەوەی بازرگانییە ناوخۆییەکەی. هەرزانیی زۆری گەنمەشامی لەو ساڵانەی یەکسەر پێش دامەزراندنی بەخشیشی حکوومەت هاتن، لەوانەیە بەجۆرێک لە جۆرەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ کاری ئەم یاسایەی چارلزی دووەم، کە نزیکەی ٢٥ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەرچووە و، ماوەی تەواوی پێویستی لەبەردەمدا هەبووە بۆ ئەوەی کاری خۆی بکا.

چەند وشەیەکی زۆر کەم بەباشی دەتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە کە من دەمەوێ لەبارەی سێ لقەکەی تری بازرگانیی گەنمەشامییەوە بیڵێم.

٢ -بازرگانیی ئەو بازرگانەی گەنمەشامیی بیانی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی هاوردە دەکا، بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری لە بەردەستخستنی ڕاستەوخۆی لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا دەکا و، دەبێ ڕاستەوخۆ بۆ زۆرینەی خەڵک قازانج بداتەوە. لەڕاستیدا، ئەو ڕووی لە دابەزاندنێکی کەمی تێکڕای نرخی بەپارەی گەنمەشامییە، بەڵام بەهای ڕاستەقینەی دانابەزێنێ، یان بڕی ئەو کارە کەم ناکاتەوە کە دەتوانێ بیژێنێ. ئەگەر هاوردەکردن لە هەموو سەردەمێکدا ئازاد بووایە، لەوانە بوو جووتیاران و ڕێزدارانی لادێیەکانمان، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، پارەی کەمتریان لە گەنمەشامییەکەیان دەست کەوتبا کەمتر لەوەی ئێستا، کە هاوردەکردن لە زۆربەی کاتەکاندا قەدەخەیە. بەڵام ئەو پارەیەی دەستیان دەکەوت بەهای زیاتر دەبوو و، کاڵای زیاتری لە هەموو جۆرێک دەکڕێ و، کاری زیاتری بەگەڕ دەخست. بەمەش سامانی ڕاستەقینەیان، داهاتی ڕاستەقینەیان، هەمان ئەوە دەبوو کە ئێستا هەیە، ئەگەرچی لەوانە بوو بەبڕی کەمتری زێڕ و زیو دەربڕینیان لێ بکرێ. هەروەها هەرگیز توانا و هاندانیان بۆ کشتوکاڵکردنی گەنمەشامی لەدەست نەدەدا وەک ئەوەی ئێستا هەیە. بەپێچەوانەوە، کە بەرزبوونەوەی بەهای ڕاستەقینەی زیو، لەئاکامی دابەزینی نرخی بەپارەی گەنمەشامی، کەمێک نرخی بەپارەی هەموو کاڵاکانی دادەبەزاند، هەندێ ئیمتیازی بە پیشەسازیی وڵات لە بازاڕە بیانییەکان دەدا و، بەوەش هانی ئەو بازرگانییەی دەدا و زیاتری دەکرد. بەڵام دەبێ مەودای بازاڕی ناوخۆ بۆ گەنمەشامی لە ئاستی پیشەسازیی گشتیی ئەو وڵاتە بێ کە تیایدا بەرهەم دەهێنرێ، یان هاوڕێژەی ژمارەی ئەوانە بێ کە شتێکی تر بەرهەم دێنن و، بەوەش شتێکی تریان هەیە، یان، کە هەمان شتە، نرخی شتێکی تریان هەیە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەر گەنمەشامییەکە بیدەن. بەڵام بازاڕی ناوخۆیی لە هەموو وڵاتێکدا، کە نزیکترین و گونجاوترینە، بەهەمان شێوە مەزنترین و گرینگترین بازاڕی گەنمەشامییە. بۆیە بەرزبوونەوەی نرخی ڕاستەقینەی زیو،

مەزنترین و گرینگترین بازاڕی گەنمەشامی گەورەتر دەکا و، لەجیاتی سستکردن، هانی چاندنی دەدا.

بە بیست و دووەمی چارلزی دووەم، هاوردەکردنی گەنم، لە هەر کاتێکدا کە نرخی چارەکێکی لە بازاڕی ناوخۆدا لە ٥٣ شیلین و چوار پێنس تێپەڕ نەکا، بۆ هەر چارەکێک ١٦ شیلین باجی دەخرایە سەر و، هەر کاتێکیش نرخەکەی لە چوار پاوەن تێپەڕی نەکردبا باجێکی هەشت شیلینیی دەخرایە سەر. ئەو نرخەی یەکەم، لەماوەی زیاتر لە سەدەیەکی ڕابردوودا تەنیا لە کاتی قاتیی زۆردا بوونی هەبوو، ئەوەی دووەمیش، ئەوەندەی من بزانم، هەرگیز بوونی نەبووە. بەڵام تا ئەو کاتەی گەنم دەگەیشتە ئەم نرخەی دوایی، باجێکی زۆری لەسەر هەبوو و، تا ئەو کاتەشی دەگەیشتە ئەوەی یەکەم، باجێکی لەسەر بوو کە لە قەدەخەکردنەوە نزیک بوو. هاوردەکردنی جۆرەکانی تری دانەوێڵە بە تاریفە کۆت و بەند دەکرا و، بە باجی هاوڕێژەی بەهای دانەوێڵەکە و، هەموویانیش زۆر بوون. یاساکانی دواتریش هێشتا ئەو باجانەیان بەرزتر کرد.

پێش سیانزەیەمینی ئەم پاشایەی ئێستا، ئەم باجانە بۆ دانەوێڵە جۆراوجۆرەکان دەدران:

دانەوێڵە	باج	باج	باج
فاسولیا	تا چارەکی بە ٢٨ شیلین	١٩ شیلین و ١٠ پێنس	دوای ئەوە تا ٤٠ شیلن
	١٦ شیلین و ٨ پێنس دوای ئەوە١٢ پێنس		
جۆ	تا چارەکی بە ٢٨ شیلین	١٩ شیلین و ١٠ پێنس	دوای ئەوە تا ٣٢ شیلن
	١٦ شیلین دوای ئەوە١٢ پێنس		
هاوردەکردنی مۆڵت قەدەخە بوو			
شۆفان	تا چارەکی بە ١٦ شیلین	٥ شیلین و ١٠ پێنس	٩.٥ پێنس
بەزالیا	تا چارەکی بە ٤٠ شیلین	١٦ شیلین و ١٠ پێنس	
	٩.٧٥ پێنس		
جەودار	تا چارەکی بە ٣٦ شیلین	١٩ شیلین و ١٠ پێنس	تا ٤٠ شیلین ١٦ شیلین و
٨ پێنس	دوای ئەوە١٢ پێنس		
گەنم	تا چارەکی بە ٤٤ شیلین	٢١ شیلین و ١٠ پێنس	تا ٥٣ شیلین و ٤ پێنس
	١٧ شیلین دوای ئەوە٨ شیلین		
	تا ٤ پاوەن و دوای ئەوە	نزیکەی یەک شیلین و ٤ پێنس	
گەنمی ڕەش	تا چارەکی بە ٣٢ شیلین	١٦ شیلین	

ئەم باجە جۆراوجۆرانە بەشێکیان لە ٩٢وەمینی چارلزی دووەمدا سەپێنران لەجیاتی پاڵپشتییە کۆنەکە، بەشێکیشیان لەڕێی پاڵپشتیی نوێوە، لەڕێی پاڵپشتیی سێیەکێک و دوو سێیەکەوە و، لەڕێی پاڵپشتیی ١٧٤٧وە.

ئەو تەنگانەیەی سالانی قاتی، جێبەجێکردنی توندی یاساکان، لەوانەیە لەسەر شانی هاووڵاتییان زۆر گران بووبن. بەڵام لەو جۆرە دۆخانەدا، جێبەجێکردنیان بەگشتی لەڕێی یاسای کاتییەوە دەوەستێنرا و، ئەو یاسا کاتییانە ڕێگەیان بە هاوردەکردنی گەنمی بیانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەدا. پێویستیی ئەو یاسا کاتییانە بەباشی نەگونجاویی یاسا گشتییەکە پێشان دەدا.

ئەم کۆت و بەندانەی سەر هاوردەکردن، ئەگەرچی هی پێش بەخشیشن، بەهەمان گیانەوە داڕێژراون، بەهەمان ئەو بنەمایانەوە کە دواتر ئەو یاسایەیان داڕشت. ئەم کۆت و بەندانەی سەر هاوردەکردن و هەندێکی تری هاوشێوەیان چەند زیانبەخش بوون، لە پاش ئەو یاسایە بوون بەپێویستی. لەو کاتانەی گەنم چارەکی بە کەمتر لە ٤٨ شیلین یان کەمێک سەرووتر بوو، دەکرا گەنمەشامیی بیانی بەبێ باج یان بەرامبەر باجێکی زۆر کەم هاوردە بکرێ و، دەکرا ئەو گەنمەشامییە بە سوودوەرگرتن لە بەخشیشەکە دووبارە هەنارده بکرێتەوە، کە ئەمە دەبووە مایەی زیانی زۆر بۆ داهاتی گشتی و، لادانی تەواو لە یاساکە، کە ئامانجی ئەوەیە بازاڕی بەرهەمی خۆماڵی فرەوان بکا، نەک ئەوەی بەرهەمی بیانی.

٣ -بازرگانیی بازرگانی هەناردەکەری گەنمەشامی بۆ بەکاربردنی بیانی بێگومان بەشداریی ڕاستەوخۆی لە تێرکردنی بازاڕی ناوخۆییدا نییە. بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو بەشدارییە دەکا. ئەو خستنەڕووە لە هەر سەرچاوەیەکەوە هاتبێ، چ لە بەرهەمی ناوخۆوە بێ یان هاوردەکردن لە دەرەوە، تاوەکو ئەو گەنمەشامییەی بەرهەم دێ یان بۆ ناوەوەی وڵات هاوردە دەکرێ، زیاتر نەبێ لەوەی لە بازاڕی ناوخۆدا بەکار دەبرێ، هەرگیز خستنەڕوو لە بازاڕی ناوخۆدا گەلێ زۆر نابێ. بەڵام تاوەکو زیادەکە لە هەموو دۆخە ئاساییەکاندا هەناردە نەکرێ، چێنەران دەترسن لەوەی زیاتر بچێنن و، هاوردەکاران هەرگیز هاوردەی زیاتر ناکەن لەوەی بازاڕی ناوخۆ تەنیا بۆ بەکاربردن پێویستی پێیەتی. بازاڕ بەدەگمەن زیاد بارگاوی دەکرێ، بەڵکو بەگشتی لە کورتهێناندا دەبێ، ئەو خەڵکەی پیشەیان تێرکردنی بازاڕە ترس دەیانگرێ لەوەی کاڵاکانیان لە دەستی خۆیاندا بمێننەوە. قەدەخەکردنەکە پێشکەوتن و کشتوکاڵی وڵات لە سنووری

بەدەنگەوەچوونی خواستی دانیشتووانیدا قەتیس دەکا. ئازادیی هەناردەکردن یارمەتیی فرەوانبوونی چاندن بۆ تێرکردنی گەلانی تر دەدا.

دوازدەیەمینی چارلزی دووەم، ڕێگە بە هەناردەکردنی گەنمەشامی درا لەو کاتانەدا کە نرخی چارەکی گەنم لە ٤٠ شیلین زیاتر نەبێ و نرخی دانەوێڵەکانی تر هاوڕێژەی ئەوە بێ. لەگەڵ پازدەیەمینی هەمان ئەو میرەدا، ئەم ئازادییە بەرفرەوان کرا تا ئەو ئاستەی نرخی چارەکی گەنم لە ٤٨ شیلین تێپەڕ دەکا و، لە بیست و دووەمیدا، تا هەموو نرخێکی بەرزتر. لەڕاستیدا باجی پاوەنانە(poundage)، لەسەر ئەم هاوردەکردنانە بە پاشا دەدرا. بەڵام لە کتێبی تاریفەکاندا هەموو دانەوێڵەکان تاریفەی کەمیان بۆ دانرابوو، کە ئەم پاوەنانەیە بۆ چارەکی گەنم تەنیا یەک شیلین بوو و بۆ چارەکی شۆفان چوار پێنس و بۆ هەموو دانەوێڵەکانی تر تەنیا شەش پێنس بۆ هەر چارەکێکە. لەگەڵ یەکەمی ویلیەم و ماری، ئەو یاسایەی بەخشیشی هێنایە کایەوە، ئەم باجە بچووکە بەکردەنی ئەو کاتە دەبڕرا کە نرخی گەنم ٤٨ شیلینی بۆ هەر چارەکێک تێپەڕ نەدەکرد و، بە ١١ و ١٢ی ویلیەمی سێیەم، لە هەموو نرخەکانی سەرووتر دەبڕرا.

بازرگانیی بازرگانی هەناردەکەر، بەم شێوەیە تەنیا لەڕێی بەخشیشەوە هان نەدەدرا، بەڵکو لەوەی بازرگانی ناوخۆیی ئازادتر دەبوو. بەپێی دوایینی ئەم یاسایانەوە، گەنمەشامی دەکرێ بۆ هەناردەکردن بە هەر نرخێک بکڕرێ و کۆ بکرێتەوە، بەڵام نابێ بۆ بازاڕی ناوخۆیی کۆ بکرێتەوە مەگەر لەو کاتانەدا نەبێ کە نرخی چارەکێکی لە ٤٨ شیلین زیاتر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرژەوەندی بازرگانی ناوخۆیی، وەک پێشتر خراوەتە ڕوو، هەرگیز دژی بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک نابێ. بەڵام بەرژەوەندی هاوردەکەر لەوانەیە و، بگرە بەڕاستی هەندێ جاران دژیەتی. ئەگەر لەو کاتەی وڵاتەکەی خۆی گرفتاری گرانی بووە و، وڵاتێکی دراوسێ تووشی برسییەتی بووبوو، لەوانەیە بەرژەوەندی ئەو لەوەدا بێ گەنمەشامی بۆ ئەو وڵاتەی دوایی ببا بەبڕی وا زۆر کە گرانی لە وڵاتەکەی خۆیدا زیاتر بکەن. خستنەڕووی زۆر لە بازاڕی ناوخۆدا ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەم یاسایانە نەبوو، بەڵکو بەناوی ئەوەوەی کە هانی کشتوکاڵ دەدەن، مەبەست زیادکردنی نرخی بەپارەی گەنمەشامی بوو بۆ هەر ئاستێکی کە پێیان بکرێ و، بەمەش تا دەکرێ دەبنە مایەی گرانیی بەردەوام لە بازاڕی ناوخۆدا. بەهۆی سستکردنی هاوردەکردنەوە، خستنەڕوو لەو بازاڕەدا، تەنانەت لە سەردەمانی نەهاتیشدا، تەنیا لەڕێی بەرهەمی ناوخۆییەوە بوو. بەهاندانی هەناردەکردنیش، کاتێک کە نرخ بەرز دەبێتەوە بۆ ٤٨ شیلین بۆ یەک چارەکێک، تەنانەت لە کاتی نەهاتیی زۆریشدا، ڕێگە بە بازاڕ نەدەدرا سوود لە تەواوی بەرهەم ببینێ.

یاسا کاتییەکان، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەناردەکردنی گەنمەشامییان قەدەخە دەکرد و، باجی سەر هاوردەکردنیان لادەبرد، کە ئەو ڕێگەیانە بوون بریتانیای مەزن زۆر جاران ناچار دەبوو بیانگرێتە بەر، نەگونجاویی سیستەمە گشتییەکەیان پیشان دەدەن. ئەگەر ئەو سیستەمە باش بووایە ناچار نەدەبوو ئەوەندە جارە پشتی لێ بکا.

ئەگەر هەموو وڵاتان سیستەمی لیبراڵی هەناردەکردن و هاوردەکردنی ئازادانە بگرنە بەر، وڵاتانی جیاجیا، کە پارزەوینێکی گەورەیان بەسەردا دابەش بووە، هاوشێوەی پارێزگەکانی یەک ئیمپراتۆریای گەورە جیاوازییان لەنێواندا دەبوو. چۆن لەنێوان پارێزگە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆریایەکی گەورە بازرگانیی ئازادی ناوخۆیی، لەڕووی ژیری و ئەزموونەوە، وەک تەنیا باشترین هێورکەرەوەی گرانی و بگرە باشترین ڕێگر لە برسییەتی دەردەکەوێ، ئازادیی هەناردەکردن و هاوردەکردن لەنێوان وڵاتانی جۆراوجۆردا کە پارزەوینەکەیان بەسەردا دابەش بووە، هەمان کارگەریی دەبێ. پارزەوین چەند گەورەتر بێ و گەیاندن لەناو بەشە جۆراوجۆرەکانیدا ئاسانتر بێ، لە هەردوو ڕێگەی وشکانی و ئاوەوە، ئەوەندە هەر بەشێکی کەمتر ڕووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە و، قاتی لە هەر وڵاتێکدا ئاسانتر لەڕێی بەرهەمی زۆری یەکێکی ترەوە چارەسەر دەکرێ. بەڵام کەمن ئەو وڵاتانەی ئەم سیستەمە لیبرالەیان پەیڕەو کردووە. ئازادیی بازرگانیی گەنمەشامی لە نزیکەی هەموو شوێنێکدا، زۆر و کەم، کۆت و بەند کراوە و، لە زۆربەی وڵاتاندا بە یاساگەلی پووچ سنووردار کراوە، کە زۆربەی جاران دەبنە مایەی زیادکردنی نەهامەتیی گرانی و، گرانییەکە دەکەنە برسییەتییەکی کارەساتبار. ڕەنگە زۆربەی جاران خواستی ئەو وڵاتانە لەسەر گەنمەشامی گەلێ زۆر و بەپەلە بێ کە وڵاتێکی بچووکی دراوسێیان، ئەگەر لای ئەویش گرانی بێ، نەوێرێ سەرکێشی بکا و گەنمەشامییان بەردەست بخا و خۆی بداتە دەستی مەترسیی برسییەتییەوە. کەواتە سیاسەتی خراپی وڵاتێک لەوانەیە بەجۆرێک لە جۆرکان وا بکا دامەزراندنی سیاسەتێکی باش لە وڵاتێکی تردا ببێتە ملهوڕی و مەترسی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئازادیی بێسنووری هەناردەکردن، بۆ وڵاتانی گەورە مەترسیی کەمتر دەبێ، چونکە لەوێ بەرهەم زۆرترە و لەوانەیە کەم جاران بەردەستخستن بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بڕە گەنمەشامییەی هەناردە دەکرێ. لە کانتۆنی سویسرا، یان لە وڵاتێکی بچووکی ئیتالیاییدا، لەوانەیە هەندێ جار پێویست بکا هەناردەکردنی گەنمەشامی سنووری بۆ دابنرێ. لە وڵاتانی مەزنی وەک فڕانسە و ئینگلتەرەدا ئەوە دەگمەنە. هەروەها ڕێگری لەوەی جووتیارێک کاڵای خۆی لە هەموو کاتێکدا بۆ باشترین بازاڕ بنێرێ، قوربانیدانە بە یاساکانی دادوەری لەپێناو بیرۆکەی سوودی گشتیدا، لەپێناو هەندێ بۆچوونی دەوڵەتدا،

بڕیارێکی دەسەڵاتی یاسادانەر کە دەبێ تەنیا لە کاتی پێویستیی زۆردا جێبەجێ بکرێ. ئەو نرخەی لە سنووریدا هەناردەکردن قەدەخەیە، ئەگەر هەرگیز قەدەخەکردن پێویست بێ، بەردەوام دەبێ نرخێکی زۆر بەرز بێ.

دەکرێ یاساکانی پەیوەست بە گەنمەشامی لە هەموو شوێنێکدا بە یاساکانی پەیوەست بەئاینەوە بەراورد بکرێن. خەڵک زۆر گرینگی بەو شتانە دەدەن کە پەیوەندییان بە بژێوییانەوە لەم ژیانەدا هەیە، یان بە بەختیارییانەوە لە ژیانی داهاتوودا هەیە، حکوومەتیش بۆ ئەوەی بڕیارە پێشوەختەکانیان جێبەجێ بکا و ئارامیی گشتی ڕاگرێ ئەو سیستمە دادەڕێژێ کە ئەوان پەسەندی دەکەن. بەم پێیە بێ، لەوانەیە ئێمە هەرگیز بۆ ئەم دوو بابەتە سەرەکییە سیستمێکی گونجاو نەدۆزینەوە.

٤ -بازرگانیی باربردن، یان ئەوەی گەنمەشامیی بیانی هاوردە دەکا بۆ ئەوەی هەناردەی بکاتەوە، بەشدارە لە بەردەستخستنی زۆر لە بازاڕی ناوخۆدا. هەرچەندە بێگومان فرۆشتنی گەنمەشامی لەم بازارە ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەم بازرگانییە نییە. بەڵام بەگشتی ئەوەی پێ پەسەندە و، تەنانەت بەرامبەر پارەیەکی زۆر کەمتر لەوەی چاوەڕوان دەکا لە بازاڕی بیانیدا دەستی بکەوێ، چونکە بەمەیان خەرجیی بارکردن و داگرتن و باربردن و دڵنیایی بۆ دەگەڕێتەوە. دانیشتووانی ئەو وڵاتەی، بەهۆی بازرگانیی باربردنەوە، دەبێتە کۆگە بۆ بەردەستخستنی کاڵا بۆ وڵاتانی تر بەدەگمەن تووشی نەبوونی ئەو کاڵایانە دەبن. هەرچەندە بازرگانیی باربردن لەوانەیە بەشداریی هەبێ لە دابەزاندنی تێکڕای نرخی بەپارەی گەنمەشامی لە بازاڕی ناوخۆدا، بەڵام بەوە بەهای ڕاستەقینەی کەم ناکاتەوە. بەڵکو تەنیا بەڕادەیەکی کەم بەهای ڕاستەقینەی زیو بەرز دەکاتەوە.

بازرگانیی باربەری لە هەموو دۆخە ئاساییەکاندا لە بریتانیای مەزندا لەڕێی باجی زۆری سەر هاوردەکردنی گەنمەشامیی بیانییەوە، کە زۆربەی زۆری گێڕانەوەی بۆ نەبوو، قەدەخە بوو و، لە دۆخە نائاساییەکاندا، کە نەهاتی وای دەکرد پێویست بێ هەندێ لەو باجانە لەڕێی یاسای کاتییەوە هەڵپەسێررێن، هەناردەکردن بە بەردەوامی قەدەخە بوو. بۆیە، لەڕێی ئەم سیستمەی یاساکانەوە بازرگانیی باربەری، لەڕاستیدا، لە هەموو کاتێکدا قەدەخەکراو بوو.

لەبەر ئەوە، ئەم سیستمی یاسایانە، کە پەیوەستن بە دانانی بەخشیشەوە لەوە ناچێ شایانی هیچ پیاهەڵدانێک بن لەوەی لەبارەیانەوە گوتراوە. پێشکەوتن و گەشەی بریتانیا کە زۆر جاران بەم یاسایانەوە گرێ دەدران، لەوانەیە زۆر بە ئاسانی بدرێنە پاڵ هۆکاری ترەوە. ئەو تەناهییەی یاساکانی بریتانیای مەزن بۆ هەموو کەسێکی دەستەبەر دەکەن

تاوەکو سوود لە بەری کاری خۆی ببینێ، بەتەنیا بەسە بۆ ئەوەی وا لە هەر وڵاتێک بکا گەشە بکا، سەرباری هەبوونی ئەم یاسایانە و بیست یاسای تری پووچی بازرگانی. ئەم تەناهی و ئارامییە بەهۆی شۆڕشەوە تەواوتر کران، کە لە کاتێکی زۆر نزیکی دانانی بەخشیشەکە ڕووی دا. هەوڵی سروشتییانەی هەر تاکێک بۆ چاکترکردنی دۆخی خۆی، کاتێک کە هاوشانی ئازادی و ئارامی دەبێ، ئەوەندە بنەمایەکی بەهێزە کە بەتەنیا و بەبێ هیچ یارمەتییەک، نەک تەنیا دەتوانێ کۆمەڵگەکەی بەرەو دەوڵەمەندی ببا، بەڵکو دەتوانێ بەسەر سەد کۆسپدا زاڵ ببێ کە گەمژەیی یاساکانی مرۆڤ خستوویاننەتە سەر ڕێی ئۆپەراسیۆنەکانیەوە. ئەگەرچی کاریگەریی ئەم ئاستەنگانە بەردەوام، زۆر یان کەم، یان دەستدرێژی دەکەنە سەر ئازادییەکەیەوە، یانیش لە ئارامییەکەی کەم دەکەنەوە. پیشەسازی لە بریتانیای مەزندا تەواو ئارامە و، ئەگەرچی هێشتا ماویەتی تەواو ئازاد بێ، بەڵام ئازادترە لە هەر بەشێکی تری ئەورووپا.

هەرچەندە سەردەمی گەشە و پێشکەوتنی مەزنی بریتانیای مەزن پاش ئەو سیستمی یاسایانە هات کە پەیوەستن بە بەخشیشی حکوومەتەوە، نابێ ئێمە بەو پێیە بەو یاسایانەوە بیانبەستینەوە. هەروەها ئەوان پاش قەرزی نیشتمانیش هاتن. بەڵام بە دڵنیایی تەواوە قەرزی نیشتمانی هۆکار نەبوو بۆیان.

ئەگەرچی سیستمی یاساکانی پەیوەست بە بەخشیشەکەوە بەدروستی هەمان مەیلی سیاسەتی ئیسپانیا و پۆرتوگالیان هەیە، بۆ کەمکردنەوەیەکی کەمی بەهای کانزا گرانبایییەکان لەو وڵاتەدا کە تیایدا پیادە دەکرێن، بەڵام هێشتا بریتانیای مەزن بەدڵنیاییەوە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی ئەورووپا، لە کاتێکدا کە لەوانەیە ئیسپانیا و پۆرتوگال لەنێو هەژارترینەکاندا بن. ئەم جیاوازیی دۆخە لەوانەیە بەئاسانی بدرێتە پاڵ دوو هۆکاری جیاوازەوە. یەکەم، باجی ئیسپانیا، قەدەخەکردنی هەناردەکردنی زێڕ و زیو لە پۆرتوگال و، پۆلیسی وریای چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە، دەبێ لە دوو وڵاتی زۆر هەژاردا، کە لەنێوانیاندا ساڵانە زیاتر لە شەش ملیۆن ئیستەرلینی هاوردەکردن هەیە، نەک تەنیا زۆر ڕاستەوخۆتر کار بکەن، بەڵکو بەزۆرداری نرخی ئەو کانزایانە نزم بکەنەوە، زیاتر لەوەی یاساکانی گەنمەشامیی بریتانیای مەزن پێیان دەکرێ. دووەم، ئەو یاسا خراپانەی ئەو وڵاتانە هاوسەنگ نەکراون بە ئازادی و ئارامیی گشتیی هاووڵاتییان. پیشەسازی لەوێ نە ئازادە و نە ئارامە و، حکوومەتە مەدەنی و ئاینییەکانی هەردوو ئیسپانیا و پۆرتوگال لەو جۆرەن کە تەنیا بۆ بەردەوامیدان بە دۆخی هەژارییان گونجاون، ئەگەرچی بەشی زۆری یاساکانی بازرگانییان لە دانابیدا بەهەمان شێوە پووچ و گەمژانەن.

سیانزەیەمینی ئەم پاشایەی ئێستا، لەوە دەچێ سیستمێکی نوێی دارشتبێ بۆ یاساکانی گەنمەشامی کە لە گەلێ ڕووەوە باشترە لە کۆنەکە، بەڵام لە یەک دوو ڕووەوە ئەو باشە نییە.

بەم یاسایە، باجی زۆری سەر هاوردەکردن بۆ بەکاربردنی ناوخۆ لەگەڵ گەیشتنی نرخی چارەکێک گەنمی مامناوەندی بە ٤٨ شیلین و، ئەوەی جەودار و فاسولیا و بەزالیا بە ٣٢ شیلین و، ئەوەی جۆ بە ٢٤ شیلین و، ئەوەی شۆفان بە ١٦ شیلین هەڵدەگیرێن و، لەجیاتی ئەوان باجێکی کەمی شەش پێنسی بەسەر چارەکی گەنمدا و، بەهەمان ڕێژە بەسەر دانەوێڵەکانی تردا سەپێنراوە. ئەوەندەی پەیوەستە بە هەموو ئەم جۆرە جیاوازانەی دانەوێڵەوە، بەڵام بەتایبەتی بە گەنمەوە، بازاڕی ناوخۆ بەڕووی بەرهەمی بیانیدا کراوەیە و بە نرخگەلی زۆر کەمتر لە جاران.

بەپێی هەمان یاسا، بەخشیشی کۆنی پێنج شیلینی بۆ هەناردەکردنی گەنم، لەگەڵ گەیشتنی نرخی چارەکێکی بە ٤٤ شیلین، لەجیاتی ٤٨ شیلین، دەوەستێ. بەخشیشی دوو شیلین و شەش پێنس بۆ هەناردەکردنی جۆ لەگەڵ گەیشتنی نرخەکەی بە ٢٢ شیلین، لەجیاتی ٢٤ شیلینەکەی جاران، دەوەستێ. دوو شیلین و شەش پێنسەکەی هەناردەکردنی ئاردی شۆفان لەگەڵ گەیشتنی نرخەکەی بە ١٤ شیلین، لەجیاتی ١٥، دەوەستێ. بەخشیشی جەودار لە سێ شیلین و شەش پێنسەوە بۆ تەنیا سێ شیلین دابەزی و، لەگەڵ گەیشتنی نرخەکەی بە ٢٨ شیلین لەجیاتی ٣٢ شیلینی جاران دەوەستێ. ئەگەر بەخشیشەکان، وەک ئەوەی من هەوڵم داوە بیسەلمێنم، بێسوود و نەگونجاو بن، ئەوە زۆر زوو دەوەستن و، چەند کەمتر بن ئەوەندە باشتر دەبێ.

هەمان یاسا، لەگەڵ نزمترین نرخدا، ڕێگە دەدا گەنمەشامی هاوردە بکرێ، بۆ ئەوەی دووبارە بەبێ باج هەناردە بکرێتەوە، بەو مەرجەی لە کۆگەیەکدا دابنرێ کە قفڵی هاوبەشی پاشا و هاوردەکەرەکەی پێوە بێ. لەڕاستیدا ئەم ئازادییە زیاتر لە ٢٥ بەندەری جۆراوجۆری بریتانیای مەزن ناگرێتەوە. ئەوانە بەندەری سەرەکین و، لەوانەیە کۆگەی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە لە زۆربەی بەندەرەکانی تردا نەبن.

بەڵام ئەم یاسایە لەوە دەچێ کە پێشکەوتنێک بێ لەچاو سیستمە کۆنەکەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەمان ئەم یاسایە بەخشیشێکی دوو شیلین بۆ هەر چارەکێک لەبری هەناردەکردنی جەودار دەدا لە هەر کاتێکدا کە نرخەکە ١٤ شیلین تێپەڕێنێ. پێش ئەمەش هیچ بەخشیشێک بۆ هەناردەکردنی ئەم دانەوێڵەیە نەدراوە، هەر نەبێ زیاتر لەوەی بە بەزالیا یان بە فاسولیا دەدرێ، پێی نەداروە.

هەروەهـــا بەهەمـــان ئەم یاســـایە هەنـــاردەکردنی گەنـــم قەدەخەیە لەو کـــاتەوەی کە نرخەکەی بەرز دەبێتەوە بۆ ٤٤ شیلین بۆ هەر چارەکێک و، لە شۆفاندا کە بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٨ شیلین و، لە جۆ بۆ ٢٢ شیلین و، لە جەودار کە بۆ ١٤ شیلین بەرز دەبێتەوە. ئەم هەمـوو نرخـانە وا دەردەکەون کە گشـتیان زۆر نـزم بـن و، لەوە دەچـێ نەگونجـاو بـێ، سـەرباری ئەوەی لە قەدەخەکردنـی هەنـاردەکردن بەپێـی ئەم نـرخە دیـاریکراوانە کە بەخشیشـیان لەسـەر دەدرێ، ئەو بەخشیشـەی بـۆ سـەپاندنی بـوو کەم بـووەتەوە. ئەو بەخشیشـە دەبـێ بە نرخێکی هەرزانتـر بکێشـرێتەوە، یـان دەبـێ هەنـاردەکردن بە نرخـی بەرزتر ڕێگەی پێ بدرێ.

لەبەر ئەوە، وا دەردەکەوێ کە ئەم یاسایە لە خوار سیستمە کۆنەکەوە بێ. هەرچەندە، بە هەمـوو کەموکوڕییەکـانیەوە، دەتـوانین ئەوەی لەبـارەوە بڵێـین کە لەبـارەی یاسـاکانی سۆلۆنەوە گوتراون، کە هەرچەندە خۆی لەخۆیدا باشترین نییە، بەڵام باشـترینی ئەوانەیە کە بەرژەوەنـدیەکان و حەزەکـانی سـەردەم ڕێگەیـان پـێ دەدا. لەوانەشـە لە کـاتی خۆیـدا ئامادەکارییەک بێ بۆ یەکێکی باشتر.

بەشی شەشەم
پەیمانی بازرگانی

کاتێک کە گەلێک لەڕێی پەیمانێکەوە یان خۆی پابەند دەکا بە ڕێگەدان بە کاڵاگەلی وڵاتێکی بیانی، کە هاتنی لە هەموو وڵاتانی ترەوە قەدەخە کردووە، بۆ ناو وڵاتەکەی، یان خۆی پابەند دەکا بە هەڵاوێردکردنی کاڵاکانی وڵاتێک لەو باجانەی بەسەر کاڵای هەموو وڵاتانی تریدا سەپاندووە، ئەو وڵاتە، یان بەلای کەمەوە بازرگانان و پیشەسازانی ئەو وڵاتە، کە بازرگانییان زۆر پەسەند کراوە، دەبێ وەک پێویستییەک سوودی زۆر لەو پەیمانە وەرگرن. ئەو بازرگان و پیشەسازانە جۆرە قۆرخکارییەک لەو وڵاتەدا، کە بەو شێوەیە لەگەڵیاندا میهرەبانە، بەدەست دێنن. ئەو وڵاتە دەبێتە بازاڕێکی فرەوانتر و بەسوودتر بۆ کاڵاکانیان. زۆر فرەوانتر، لەبەر ئەوەی کاڵاکانی وڵاتانی تر یان دوور خراونەتەوە یان باجی قورسیان لەسەرە، ئەم بەشێکی زۆری ئەوەی ئەوان دەبا. زۆر بەسوودترە، چونکە بازرگانانی وڵاتی پەسەندکراو، جۆرە قۆرخکارییەکیان لەوێ هەیە، کە بەهۆیەوە کاڵاکانی خۆیان بە نرخێکی باشتر دەکڕن لەوەی بکەونە بەر کێبەرکێی ئازادانەی هەموو گەلانی تر.

بەڵام ئەگەرچی ئەم پەیمانانە لەوانەیە بۆ بازرگانان و پیشەسازانی وڵاتی پەسەندکراو بەسوود بن، وەک پێویستییەک بۆ ئەوانەی وڵاتی پەسەندکەر باش نین. بەو شێوەیە قۆرخکاری دژ بە ئەوان بە گەلێکی بێگانە دراوە. ئەوانیش دەبێ زۆربەی جاران کاڵای بیانی بەگرانتر بکڕن لەوەی کە لە کاتی هەبوونی کێبەرکێی ئازادانەی وڵاتانی تردا دەبوو. ئەو بەشەی بەرهەمی گەلێکی وا، کە کاڵای بیانیی پێ دەکڕێ دەبێ لە ئاکامدا بە هەرزانتر بفرۆشرێ، چونکە کە دوو شت ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ، ئەوە هەرزانیی یەکێکیان بەدوادا دێ، یان گرانیی ئەوەی تری بەدوادا دێ. کەواتە، بەهای ئاڵوگۆڕی بەرهەمی ساڵانەی لەوە دەچێ بەهۆی هەر پەیمانێکی لەم جۆرە کەم ببێتەوە. بەڵام ئەم کەمبوونەوەیە بەدەگمەن دەبێتە زیانێکی کارا، بەڵکو تەنیا ئەو دەستکەوتانە کەم دەکاتەوە کە بەبێ پەیمانەکە دەست دەکەون. هەرچەندە لەوانەیە کاڵاکانی بە هەرزانتر بفرۆشێ، بەڵام لەوانە نییە بە هەرزانتر لە تێچووی خۆیان بیانفرۆشێ. هەروەها، وەک پرسی بەخشیشی حکوومەت، بە نرخێکی نادا کە سەرمایەی بەکارهێنراو لە هێنانی بۆ بازاڕ و قازانجی ئاسایی ماڵی بۆ پڕ نەکاتەوە. چونکە ئەگەر وا بێ بازرگانییەکە درێژە ناکێشێ. لەبەر ئەوە، تەنانەت دەوڵەتی

پەسەندکەریش لەم بازرگانییە دەستکەوتی دەبێ، ئەگەرچی کەمتر لەوەی لەگەڵ هەبوونی کێبەرکێی ئازاددا دەیبوو.

لەگەڵ ئەوەدا، هەندێ پەیمانی بازرگانی لەسەر بنەمای تری جیاواز لەمانە، پێشبینی دەکرێ زۆر بەسوود بن. هەندێ وڵاتی بازرگانیش جاری وا هەبووە قۆرخکاریی لەم جۆرەی کاڵای دیاریکراوی گەلێکی بیانیی لە دژی خۆی بەدەستەوە داوە، چونکە پێشبینیی کردووە کە لە تەواوی بازرگانیی نێوانیاندا، ساڵانە زیاتر دەفرۆشێ لەوەی دەیکڕێ و، ساڵانە باڵانسێکی زێڕ و زیوی بۆ دەگەڕێتەوە. بەپێی ئەم بنەمایەش بوو کە پەیمانی بازرگانیی نێوان ئینگلتەرە و پۆرتوگال لە ساڵی ١٧٠٣دا لەلایەن بەڕێز میتوین بەسترا، پەسنی زۆر کرا. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕاوی ئەو پەیمانەیە کە تەنیا لە سێ مادده پێک هاتووە:

ماددەی یەکەم: خاوەن شکۆی پیرۆزی پۆرتوگال بە ناوی خۆیەوە و بەناوی جێنشینەکانیەوە، بەڵێن دەدا لێرەوە و هەتاهەتایە ڕێگە بە کوتاڵی خوری، پۆشاک و، تەواوی بەرهەمەکانی خوریی بریتانیایی بدا، وەکو جاری جاران، بێنە ناو پۆرتوگال، تا ئەو کاتەی بە یاسا قەدەخە دەکرێن، بەڵام بەم مەرجە:

ماددەی دووەم: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەن شکۆی پیرۆزی شاهانەی بریتانیای مەزن، بە ناوی خۆی و بە ناوی جێنشینەکانیەوە، لە ئێستاوە هەتاهەتایە پابەند دەبێ بەوەی ڕێگە بە شەرابی پۆرتوگال دەدا بێتە ناو بریتانیاوە. بەمەش لە هیچ کاتێکدا، چ ئاشتی بێ یان شەڕ لەنێوان شانشینەکانی بریتانیا و فرانسەدا، هیچ شتێکی زیاتر بۆ ئەو شەرابانە داوا نەکرێ بەناوی گومرک یان باج، یان هەر ناونیشانێکی ترەوە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، چ هاوردە بکرێنە ناو بریتانیای مەزنەوە بە بەرمیلی گەورە، یان هەر جۆرە بەرمیلێکی تر، جگە لەوەی بۆ هەمان بڕ یان پێوانەی شەرابی فرانسە داوا کراوە، کە بڕینی یان ڕەتکردنەوەی سێیەکێکی گومرکەکە یان باجەکەیە. لە هەر کاتێکیشدا کە ئەم بڕینە یان ڕەتکردنەوەیە، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بەهەر جۆرێک هەوڵی بۆ درا یان داوا کرا، ئەوە مافی دادوەرانە و یاسایی خاوەن شکۆی پیرۆزی شاهانەی پۆرتوگالە جارێکی تر کوتاڵی خوری و بەرهەمەکانی تری خوریی بریتانیا قەدەخە بکا.

ماددەی سێیەم: لۆردە هەرە بەڕێزەکان، سەرپشککراوەکان، بەڵێن دەدەن و ئەوە دەخەنە ئەستۆی خۆیان کە سەروەرانی لەسەرەوە ناوبراویان ئەم پەیمانناماەیە پەسەند دەکەن و، لەماوەی دوو مانگدا ئەو پەسەندنامانە دەگۆڕرێنەوە*.

لەڕێی ئەم پەیمانەوە، تاجی پۆرتوگال پابەندە، خوریی ئینگلیز بەهەمان شێوەی پێش قەدەخکردنی پەسەند بکا، واتە ئەو باجانە بەرز نەکا کە پێشتر لەسەریان هەبوون. بەڵام پابەند ناکرێ بەوەی باشتر لە کاڵای هەر وڵاتێکی تر، وەک فرانسە یان هۆڵاند بۆ نموونە، حسێبیان بکا. تاجی بریتانیاش، لەبەرامبەردا، پابەند دەبێ بە پەسەندکردنی شەرابی پۆرتوگال بەرامبەر بە دوو سێیەکی ئەو باجەی بەرامبەر بە شەرابی فرانسە، ئەو شەرابەی لەوانەیە کێبەرکێی لەگەڵدا بکا، دەدرێ. کەواتە تا ئێرە، ئەم پەیمانە بۆ پۆرتوگال بەسوودە و بۆ بریتانیای مەزن وا نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەک پارچەیەکی نایابی سیاسەتی بازرگانیی ئینگلتەرە سەیر کرا. پۆرتوگال ساڵانە بڕێک زێڕی لە برازیلەوە بۆ دێ کە زیاترە لەوەی بتوانێ بەکاری بێنێ لە بازرگانیی ناوخۆیدا چ لەشێوەی دراو یان لەشێوە پلێتدا. ئەو زیادەیە زۆر بەهادارترە لەوەی بەناکارایی لە قاسەکاندا بکەوێ و، کە لە ناوخۆدا بازاڕێکی بەسوودی بۆ دەست ناکەوێ، پێویستە، سەرباری هەر قەدەخەکردنێک، بنێرڕێتە دەرەوە و، بە شتێک ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ کە لە ناوەوەدا بازاڕێکی بەسوودتری هەیە. پشکێکی زۆری ساڵانە بۆ ئینگلتەرە دێ، لە بەرامبەردا یان کاڵای ئینگلیزی یان کاڵای وڵاتانی تری ئەوروپا، لەڕێی ئینگلتەرەوە، وەردەگیرێن. بەڕێز بارێتی زانیویەتی کە بەلەمی باری هەفتانە لە لیشبۆنەوە، هەموو هەفتەیەک، زیاتر لە پەنجا هەزار پاوەنی زێڕی بۆ ئینگلتەرە هێناوە. ئەم بڕە لەوانەیە زێدەڕۆیی بێ. کە ساڵانە دەکاتە دوو ملیۆن و ٦٠٠ هەزار پاوەن، کە زیاترە لەوەی پێشبینی دەکرێ برازیل بتوانێ بەردەستی بخا.

بازرگانانمان، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، خۆشییان بە تاجی پۆرتوگال نەدەهات. هەندێ ئیمتیازیان پێ درا، بەڵام بەپێی پەیمانەکە نا بەڵکو بە بەخشیشێکی بێبەرامبەر لەلایەن ئەو تاجەوە، بێگومان دوای داواکاریی خۆیان، کە لەوانەیە بەرامبەر بە خزمەتی گەورەتر بن، بەرگری و پاراستن، لەلایەن تاجی بریتانیای مەزنەوە شکێنرا یان کۆتایی پێ هێنرا. کەواتە، ئەو خەڵکە زیاتر گرینگییان بە پەسنی بازرگانیی پۆرتوگال دەدا، نەوەک بە شتێکی کەمسوود وەک ئەوەی بەگشتی دەبینرا، پێشان بدرێ. ئەوان وایان پێشان دەدا کە ئەو بڕە زۆرترەی، نزیکەی هەموو ئەو هاوردە ساڵانەیەی زێڕ، بۆ بریتانیا نییە بگرە بۆ وڵاتانی تری ئەوروپایە و، ئەو بەروبووم و شەرابانەی پۆرتوگال کە ساڵانە هاوردە دەکرانە بریتانیای مەزن نزیک بوون لەوەی قەرەبووی بەهای ئەو کاڵا بریتانییانە بکەنەوە کە بۆ ئەوێ ڕەوانە دەکران.

لەگەڵی ئەوەشدا، با وای دابنێین، کە هەمووی بۆ بریتانیای مەزن بووە و، زۆرتر بووە لەوەی بەرێز بارێتی مەزەندەی کردووە، ئەم بازرگانییە بەو پێیە بەسوودتر نییە لە هەر یەکێکی تر کە، بەرامبەر هەمان بەهای بۆ دەرەوە نێرراودا، بەهایەکی یەکسان لە کاڵای بەکاربردنمان بۆ هاتووە.

ئەوە تەنیا بەشێکی بچووکە لەم هاوردەکردنەی کە، دەکرێ پێشبینی بکرێ، وەک زیادەیەکی ساڵانە بەکار هاتووە بۆ پلێت یان بۆ دراوی شانشینەکە. هەموو ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێ ڕەوانەی دەرەوە بکرێ بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ لەگەڵ ئەو کاڵای بەکاربردنانەی ڕاستەوخۆ بە بەرهەمی پیشەسازیی ئینگلیز دەکڕڕێن، ئەمە بۆ ئینگلتەرە بەسوودتر دەبێ لەوەی لە یەکەمەوە زێڕی پۆرتوگالیان پێ بکڕڕێ و، دوای ئەوە بەزێڕەکە کاڵای بەکاربردن بکڕێ. بازرگانییەکی ڕاستەوخۆی دەرەکیی کاڵای بەکاربردن بەردەوام بەسوودترە لە بازرگانییەکی پێچاوپێچ. هەروەها هێنانی هەمان بەها لە کاڵای بیانی بۆ بازاڕی ناوخۆ، پێویستی بە سەرمایەیەکی بچووکترە لە شێوازێکدا وەک لە شێوازەکەی تر. بۆیە، ئەگەر بەشێکی کەمتری پیشەسازییەکەی بەکار هێنرا بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای پڕ بەپێستی بازاڕی پۆرتوگال و، بەشێکی زۆرتر بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی بۆ بازاڕەکانی تر گونجاوە، کە ئەو کاڵای بەکاربردنانەی لە بازاڕی بریتانیای مەزندا خواستیان لەسەرە دەست دەکەون، ئەمە بۆ ئینگلتەرە بەسوودتر دەبێ. بەم شێوەیە، بۆ کڕینی هەردوو ئەو زێڕەی بۆ بەکارهێنانی خۆی پێویستی پێیەتی و کاڵاکانی بەکاربردنیش، سەرمایەیەکی زۆر کەمتر لەوەی ئێستا بەکار دێنێ. واتە سەرمایەیەکی یەدەگی دەبێ، بۆ ئەوەی بۆ مەبەستی تر بەکاری بێنێ، وەک هاندانی زیادکردنی بڕی پیشەسازی و، زیادکردنی بەرهەمی ساڵانە.

ئەگەر بێ و بریتانیا بەتەواوی لە بازرگانیی پۆرتوگال هەڵاوێرد بکرێ، ئەوە سەختییەکی کەمی دێتە ڕێ لە کڕینی ئەو زێڕەی ساڵانە پێویستی پێیەتی، چ بۆ پلێت بێ یان بۆ دراو، یانیش بۆ بازرگانیی دەرەکی. زێڕ وەک هەموو کاڵایەکی تر، بەردەوام لە شوێنێک لە شوێنەکاندا بە بەهای خۆی دەستی ئەوانە دەکەوێ کە ئەو بەهایەیان هەیە لە بەرامبەردا بیدەن. سەرباری ئەوەش، زیادەی ساڵانەی زێڕی پۆرتوگال، هەر بۆ دەرەوە دەچێ و، ئەگەر بریتانیای مەزنیش نەیباتە دەرەوە، ئەوە وڵاتێکی تر ئەو کارە دەکا، کە بەخۆشحاڵییەوە بە نرخی خۆی دەیفرۆشێتەوە، بەهەمان ئەو شێوەیەی بریتانیای مەزن ئێستا دەیکا. لەڕاستیدا، ئێمە وەک دەستی یەکەم زێڕی پۆرتوگال دەکڕین، لە کاتێکدا ئەگەر لە هەر وڵاتێکی تری بکڕین، جگە لە ئیسپانیا، لە دەستی دووەمی دەکڕین و، ڕەنگە کەمێک

بەگرانتـر بیکـڕین. بەڵام ئەم جیـاوازییە بەدڵنیـاییەوە ئەوە نـاهێنێ ببێـتە مـایەی سـەرنجی گشتی.

دەڵێن نزیکەی هەموو زێڕی ئێمە لە پۆرتوگالەوە دێ. باڵانسـی بازرگانی لەگەڵ گەلانـی تردا یان دژی ئێمەیە یان زۆر بەلای ئێمەدا ناشکێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ، ئێمە چەند زێڕی زیاتر لە وڵاتێکەوە هـاوردە بکەیـن، ئەوەنـدە لە وڵاتـانی تـرەوە کەمتر هـاوردە دەکەین. خواستی کاریگەر لەسەر زێڕ، وەک خواستی کاریگەری سەر هەموو کاڵایەکی تر، لە گشـت وڵاتێکـدا سـنووردارە بە بڕێکـی دەستنیشـانکراو. ئەگەر نـۆ لە دەی ئەو بـڕە لە وڵاتێکەوە هاوردە بکرێ، یەک لە دە دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە هەموو وڵاتانی ترەوە هاوردە بکرێ. ساڵانە لە وڵاتانی دیـاریکراوەوە، چەنـد زێـڕی زیـاد لە پێویسـت بـۆ پلێت و بۆ دراو هـاوردە بکـرێ، ئەو زیـادەیە دەبـێ بـۆ وڵاتـانی تـر هەنـاردە بکـرێتەوە و، چەنـد زیـاتر ئەو ئامـانجە نەگونجـاوەی سیاسـەتی هاوسـەردەم، باڵانسـی بازرگـانی، وا دەرکەوێ کە بەلای ئێمەدا شکاوەتەوە لەگەڵ هەندێ وڵاتدا، بایی ئەوەنـدە دژ بە ئێمە دەردەکەوێ لە بەرامبەر گەلێ وڵاتی تردا.

لەگەڵ ئەوەشدا، فەرانسە و ئیسپانیا، لە کۆتـایی ئەو شـەڕەی دواییدا، بە پشتبەسـتن بەم بیـرۆکە بێـواتەیەی دەڵـێ ئینگلـتەرە نـاتوانێ بەبـێ بازرگـانیی پۆرتوگـال بـژی، داوایـان لە پاشای پۆرتوگال کرد هەمـوو کەشتییەکانی بریتانیـا لە بەنـدەرەکانی خـۆی دەر بکـا و، بـۆ ئەوەی ئەو دوورخسـتنەوانە بەئـارامی بەڕێـوە بچـن، پێشـوازی لە یەکەی سـەربازیی فەرانسـەیی و ئیسـپانی بکـا. ئەگەر پاشـای پۆرتوگـال ئەم داوا شـەرمهێنەی کـوڕە خەزوورەکەی، شـای ئیسـانیای، جێبەجێ بکردایە، بریتانیـا لە نـاڕەحەتییەک ڕزگـاری دەبـوو کە گەورەتـر بـوو لە لەدەسـتدانی بازرگـانییەکەی پۆرتوگـال، ئەویـش ئەرکـی پشـتیوانیی هاوپەیمانێکی زۆر لاواز بوو، کە خۆی هیچی نەبوو بۆ بەرگری لە خۆی کە ئەگەر هەموو هێزی ئینگلتەرە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێ، ئەوە ئاستەمە بتوانێ بەرامبەر هەڵمەتێکی تر بەرگریی لـێ بکـا. بێگومـان لەدەسـتدانی بازرگانیی پۆرتوگال بازرگانانی سـەرقاڵی ئەو بازرگـانییەی دەشـێواند، کە لەوانە بـوو بـۆ مـاوەی یەک دوو سـاڵێک ئامرازێـک بـۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان بدۆزنەوە کە هەمان سوودی بۆیان هەبێ و، لەوانەیە ئەمەش هەموو ئەو ناڕەحەتییە بێ کە لەم پارچە بەرچاوەی سیاسەتی بازرگانییەوە تووشی بێ.

هاوردەکردنی ساڵانەی زۆری زێڕ و زیو نە بۆ بەپلێتکردنە و نە بۆ بەدراوکردنە بەڵکو بۆ بازرگانیی دەرەکییە. دەکرێ بازرگـانییەکی پێچـاوپێچی دەرەکیی بەکـاربردن لەڕێی ئەم کانزایانەوە بەڕێوە بچێ بەسوودتر لەوەی بە نزیکەی هەمـوو کاڵاکانی تر بەڕێوە دەچێ.

لەبەر ئەوەی ئـامرازی جیهـانیی بازرگـانین، خێراتـر لە بەرامـبەر هەمـوو کـاڵایەکی تـر وەردەگیـرێن و، بەهـۆی قەبـارەی بچـووک و بەهـای زۆریـانەوە، گواسـتنەوە و هێنـان و بردنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک تێچووی کەمترە لەوەی نزیکەی هەموو کەلوپەلێکی تری بازرگـانی و، بەگواسـتنەوە بەهـایەکی زۆر کەم لەدەسـت دەدەن. بـۆیە، لەنێـو هەمـوو ئەو کەلـوپەلانەی لە وڵاتێکی بیانیـدا دەکـڕدرێن، تەنیـا بـۆ ئەوەی بفرۆشـرێنەوە یـان دووبـارە بە کـاڵای تـری وڵاتێکـی تـر بگـۆڕرێنەوە، هـیچ یەکێکیـان وەک زێـڕ و زیـو بـۆ ئەم مەبەسـتە گونجـاو نـین. سـوودی بنەڕەتیـی بازرگـانیی پۆرتوگـاڵ بـریتییە لە ئاسـانکردنی هەمـوو بازرگـانییە دەرەکیـیە پێچاوپێچەکـانی بەکـاربردن بـۆ بریتانیـای مەزن و، ئەم سـوودە ئەگەرچی سەرەکی نییە بەڵام بێگومان سوودێکی گەورەیە.

ئەو خستنەسـەرە سـاڵانەیەی، گونجاوە پێشبینی بکرێ، لە پلێتەکان یان لە دراوەکانی شانشینەکەدا، لەوانەیە تەنیا هاوردەکردنێکی ساڵانەی زۆر کەمی زێڕ و زیو بەشی بکا و، ئەگەر بازرگانیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ پۆرتوگالدا نەبێ، بەردەوام ئەو بڕە کەمەمـان لێرە یان لەوێ دەست دەکەوێ.

هەرچەنـدە پیشـەی زێـڕنگەری لە بریتانیـای مەزنـدا زۆرە، بەڵام بەشـی زۆری پلێـتە نوێیەکـان لە پلێتی کۆنی تـوێنراوەوە دروسـت دەکـرێن، بەمەش خستنەسـەری سـاڵانە بـۆ هەموو پلێتی شانشینەکە زۆر نابێ و، تەنیا پێویستی بە هاوردەکردنێکی ساڵانەی کەمە.

سەبارەت دراویش، بابەتەکە بەهەمان شێوەیە. بە بڕوای من کەس تەسەوری ئەوە ناکا کە تەنـانەت زۆرتـرین بەشـی لەسـکەدانی سـاڵانە لە مـاوەی ١٠ سـاڵ بەیەکەوە، پـێش چاکسـازییەکانی ئەم دواییە لە دراوی زێڕدا، سـاڵانە دەگـاتە زیـاتر لە ٨٠٠ هەزار پـاوەنی زێڕ، پێشتر خستنەسەری ساڵانە بووە بۆ سەر پارەی شانشینەکە. لە وڵاتێکدا کە خەرجیی لەسکەدان لەسـەر حکوومەت بێ، بەهای دراو تەنانەت کە کێشی تەواوی ستانداری زێڕ و زیوی تێدا هەبێ، هەرگیز زیاتر نابێ لە بڕی یەکسـانی بەدراونەکراو لەو کانزایانە. چونکە کڕینی بڕێک زێڕ و زیوی لەسکەنەدراوی یەکسـان لە بڕدا بەو کانزایانەی لە دراودا هەن، تەنیا پێویستی بە چوونە مینت و، ڕەنگە چەند هەفتەیەک دواخسـتن بێ. بەڵام لە هەمـوو وڵاتێکدا، بەشی زۆری دراوی ئێستا بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام کەم و زۆر تێک دەچـێ، یـان لە ئاسـتی سـتانداری خـۆی نـامێنێ. لە بریتانیـای مەزنـدا، پـێش دوایـین چاکسـازی، بەشێکی زۆری وا بوو، دراوی زێڕ بەڕێژەی زیاتر لە لەسەدا دوو و، دراوی زیو بەڕێژەی زیاتر لە لەسەدا شەش لە خوار کێشی ستانداری خۆیانەوە بوون. بەڵام ئەگەر ٤٤ گینی و نیو، تەواوی کێشـی سـتانداری خۆیـان زێڕیـان تێدا هەبێ، کە یەک پـاوەن زێـڕە، دەتـوانن

کەمێک زیاتر لە یەک پاوەن زێڕی بەپارەنەکراو بکڕن، ٤٤ گینی و نیو کە بەشێکی کێشی خۆیان لەدەست دابێ ناتوانن یەک پاوەن زێڕی بەدراونەکراو بکڕن و دەبێ شتێکیان بخرێتە سەر بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکەیان. بۆیە نرخی ئێستای دارشتەی زێڕ لە بازاڕدا، لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ نرخی مینت یەک بێ، یان ٤٦ پاوەن و ١٤ شیلین و شەش پێنس بێ، ٤٧ پاوەن و ١٤ شیلین بوو و هەندێ جارانیش نزیکەی ٤٨ پاوەن بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک کە زۆرترین بەشی دراو، لەم دۆخەی ئاست نزمیدا بوو، ٤٤ گینی و نیو، کە تازە لە مینت دەردەچوو، لە بازاڕدا نەیدەتوانی بڕێک کاڵای زیاتر لە هیچ گینییەکی تری ئاسایی بکڕێ، چونکە کە دەچوونە قاسەی بازرگانانەوە، لەگەڵ پارەی تردا تێکەڵ دەبوون و، ماندووبوونی جیاکردنەوەیان ئەوەی نەدەهێنا. وەک هەر گینییەکی تر، بایی زیاتر لە ٤٦ پاوەن و ١٤ شیلین و شەش پێنس زیاتر نەبوون. بەڵام کە فڕێ بدرانایە ناو مەنجەڵی تواندنەوەوە، بەبێ لەدەستدانێکی بەرچاو، یەک پاوەن زێڕی ستانداریان لێ بەرهەم دەهات، کە دەتوانرا لە هەموو کاتێکدا بە ٤٧ پاوەن و ١٤ شیلین تا ٤٨ پاوەن زێڕ یان زیو بفرۆشرێ. بۆیە قازانجێکی ڕوون لە تواندنەوەی دراودا هەبوو و، ئەو کارە یەکسەر دەکرا، چونکە حکوومەت هیچ ڕێگرییەکی لەوە نەدەکرد. بەم پێیە، ئۆپەراسیۆنەکانی مینت، تا ڕادەیەک هاوشێوەی تەونی پینیلۆپ بوو، ئەوەی بەڕۆژ دەیچنی بەشەو شی دەبووەوە. مینت ئەوەندەی سەقاڵی پڕکردنەوەی جێی ئەو بەشە باشترینەی دراو بوو کە ڕۆژانە دەتوێنرایەوە، ئەوەندە سەرقاڵی زیادکردنی بڕی دراوەکە نەبوو.

لەو شوێنانەی خەڵکی ئاسایی زێڕ و زیوی خۆیان بۆ مینت دەبەن و، خۆیان خەرجیی لەسکەدانەکەی دەدەن، ئەوە بەهای ئەو کانزایانە زیاد دەبێ، بەهەمان شێوەی ئیشکردن لەسەر پلێتەکان بەهایانی زیاد دەکرد. بەوەش زێڕ و زیوی بەدراوکراو بەهایان لەوانە زیاتر بوو کە نەکراونەتە دراو. لەسکەدانی دراو، ئەگەر تێچووی زۆر نەبێ، ئەوە تەواوی بەهای باجی لەسکەدانەکە بۆ دارشتەکە زیاد دەکا، چونکە کە حکوومەت لە هەموو شوێنێکدا ئیمتیازی تایبەتی لەسکەدانی هەیە، هیچ دراوێک ناتوانێ بە هەرزانتر لەوەی حکوومەت بەگونجاوی دەزانێ، بکەوێتە بازاڕەوە. ئەگەر باجی لەسکەدانی پارەکە گەلێ زۆر بێ، واتە زۆر لە سەرووی بەهای ڕاستەقینەی کار و خەرجیی پێویست بۆ لەسکەدان بێ، لەسکەدەری ساختە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەهۆی جیاوازیی زۆری نێوان بەهای دارشتە و بەهای دراوەکەوە هان دەدرێن بڕێکی زۆر پارەی قەڵب بخەنە ڕوو بەشێوەیەک کە بەهای پارە حکوومەتییەکە کەم ببێتەوە. لە فڕانسە، هەرچەندە باجی لەسکەدانی پارە لەسەدا هەشتە، هیچ شتێکی نابەجێی لەم جۆرە بەشێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵنەداوە.

ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی ساختەکاری دراو دەبنەوە لە هەموو لایەکەوەن، ئەگەر خۆی لەو وڵاتە بێ کە ساختەکاری لە پارەکەیدا دەکا ڕووبەڕووی خۆی دەبنەوە و، کاتێک کە خۆی لە وڵاتێکی بێگانە بێ ڕووبەڕووی وەکیل و هەواڵدەرەکانی دەبنەوە، ئەو مەترسییانە گەلێ زۆرترن لەوەی مرۆڤ لەپێناو قازانجێکی لەسەدا شەش یان حەوتێک خۆی بخاتە بەر مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەیانەوە.

لە فڕانسە، باجی لەسکەدانی پارە، بەهای دراوەکە بەرزتر دەکا بە بەراورد لەگەڵ بڕی ئەو زێڕە خاوێنەی کە تێیدا هەیە. بۆیە بە مەرسومێکی کانوونی دووەمی ١٧٢٦، نرخی مینتی هەشت ئۆنسی پاریسی زێڕی خاوێنی عەیار ٢٤ جێگیر کرا بە ٧٤٠ لیرە و نۆ سوو و یەک دنیەر و یەک لە یازدەی دنیەرێک. دراوی زێڕی فڕانسە، ڕێگەدانێکی بۆ ڕاستکردنەوەی مینت دەستەبەر کردبوو و، ٢١ قیرات و سێ چارەکە قیراتێک زێڕی خاوێن و دوو قیرات و چارەکێک ئاوێتەی تێدا هەبوو. بۆیە لە فڕانسەدا ئەم زێڕە ستانداراە بەدراو دەکرا و دەبووە ٣٠ دراوی سەردەمی لویسی سێزدەیەم کە هەر یەکێکیان ٢٤ لیرە بوو، یان دەکرایە ٧٢٠ لیرە. لەبەر ئەوە، لەسکەدان دەبووە مایەی زیادکردنی بەهای داڕشتەی زێڕی ستاندار بە جیاوازیی نێوان ٦٧١ لیرە و ١٠ دنیەر و ٧٢٠ لیرە، یان ٤٨ لیرە و ١٩ سوو و دوو دنیەر.

باجی لەسکەدانی پارە لە گەلێ دۆخدا، هەموو قازانجی تواندنەوەی دراوە نوێیەکەی دەبرد و، لە گشت دۆخەکاندا قازانجی ئەو تواندنەوەیەی کەم دەکردەوە. سەرچاوەی بەردەوامی ئەو قازانجە جیاوازیی نێوان بڕی ئەو داڕشتەیەیە کە دەبێ لە دراوی ئاساییدا هەبێ و، ئەوەیە کە بەڕاستی تێیدا هەیە. ئەگەر ئەو جیاوازییە یەکسان بێ لەگەڵ باجی لەسکەدانی پارەدا، نە قازانج دەبێ و نە زەرەر. ئەگەر لە باجی لەسکەدانی پارەکە زیاتر بێ ئەوە قازانجێکی کەم دەبێ، بەڵام کەمتر لەوەی کە باجی لەسکەدانی پارە نەبێ. پێش ئەم چاکسازییەی دوایی لە دراوی زێڕدا، ئەگەر بۆ نموونە باجێکی لەسەدا پێنج بۆ لەسکەدانی پارە هەبووایە، ئەوە تواندنەوەی دراوی زێڕ بەڕێژەی لەسەدا سێ زەرەری دەکرد. ئەگەر باجی لەسکەدانی پارەکە لەسەدا دوو بووایە ئەوە نە قازانجی دەبوو نە زەرەر. ئەگەر باجی لەسکەدانی پارەکە لەسەدا یەک بووایە ئەوە قازانجەکە تەنیا لەسەدا یەک دەبوو. بۆیە لە هەر شوێنێکدا پارە بە ژمارە وەرگیرایە نەک بە کێشانە، باجی لەسکەدانی پارە دەبووە کاریگەرترین ڕێگر بۆ تواندنەوەی دراوەکە و، لەبەر هەمان هۆ دەبووە ڕێگر لە هەناردەکردنی. ئەوە باشترین و قورسترین پارچەکانن کە بەگشتی دەتوێنرێنەوە یان هەنارده دەکرێن، چونکە باشترین قازانج لەوانە دەکرێ.

یاسای هاندانی لەسکەدان، بە هەڵگرتنی باج لەسەری، یەکەمین جار لە سەردەمی چارلزی دووەمدا دەرچوو و، دوای ئەو لەڕێی درێژکردنەوەی جیاجیاوە بەردەوامیی پێ درا، تا لە ساڵی ١٧٦٩دا بووە هەتاهەتایی. بانکی ئینگلتەرە، بۆ پڕکردنەوەی قاسەکانیان بە پارە، زۆر جار ناچار دەبوون دارشتە بۆ مینت ببەن و، پێیان وا بوو کە لە بەرژەوەندی ئەوانە تێچووی لەسکەدان لەسەر حکوومەت بێ نەک لەسەر خۆیان. لەوانەیە، بەدەر لە رێکەوپێکیی ئەم کۆمپانیا مەزنە، حکوومەت بەوە قایل بووبێ کە ئەم یاسایە بکاتە هەتاهەتایی. بەڵام ئەگەر نەریتی کێشانەی زێڕ چی تر بەکار نەیە، کە زۆر نزیکە بەهۆی نەگونجاوییەوە، دراوی زێڕی ئینگلتەرە بە ژمارە وەردەگیرێ، بەهەمان شێوەی پێش دوایین لەسکەدانەوەی، لەوانەیە ئەم کۆمپانیا مەزنە، بۆیان دەرکەوێ کە لەمەدا، هاوشێوەی چەندانی تر، لەڕووی بەرژەوەندی خۆیانەوە کەم بەهەڵەدا نەچوونە.

پێش دوایین لەسکەدانەوە، کاتێک کە دراوی زێڕ لە ئینگلتەرە بەرێژەی لەسەدا دوو لە خوار کێشی ستانداری خۆیەوە بوو، لەبەر ئەوەی باجی لەسکەدانی لەسەر نەبوو، بەرێژەی لەسەدا دوو لەخوار بەهای ئەو برە دارشتەی زێڕە بوو کە دەبوو تیایدا هەبێ. بۆیە، کە ئەم کۆمپانیا مەزنە، دارشتەی زێڕی کڕی بۆ ئەوەی بیکاتە دراو، ناچار بوون لەسەدا دوو زیاتر لەو بەهایە بدەن کە دوای لەسکەدانی دەیکا. بەڵام ئەگەر باجێکی لەسەدا دوو بۆ لەسکەدان هەبووایە، ئەوە دراوی ئاسایی زێڕ، ئەگەرچی بەرێژەی لەسەدا دوو لە خوارووی کێشی ستانداری خۆیەوەیە، بەهایەکی یەکسانی لەگەڵ بەهای ئەو برە زێڕە ستاندارەی دەبوو کە دەبوو تیایدا هەبێ. لێرەدا بەهای جوانکارییەکە قەرەبووی کەمیی کێشی دەکردەوە. ئەوان لەراستیدا هەر باجی لەسکەدانەکەیان دەدا، کە لەسەدا دوو بوو، چونکە زیانی ئەوان لە تەواوی پرۆسەی گۆڕینەکە لەسەدا دوو بوو کە بەتەواوی هەمان شتە.

ئەگەر باجی لەسکەدان، لەسەدا پێنج بووایە و دراوی زێڕ تەنیا لەسەدا دوو لە خوار کێشە ستاندارەکەی بووایە، لەم دۆخەدا بانک لەسەدا سێی نرخی دارشتەکەی دەست دەکەوت، بەڵام کە دەبوو لەسەدا پێنج وەک باجی لەسکەدان بدەن، ئەوە زەرەرەکەیان لە تەواوی پرۆسەکەدا، بەم شێوەیە، دەقاودەق لەسەدا دوو دەبوو.

ئەگەر باجی لەسکەدانەکە تەنیا لەسەدا یەک بووایە و دراوی زێڕ بە لەسەدا دوو لە خوار کێشی ستانداریەوە بووایە، بانکەکە لەم دۆخەدا تەنیا بەرێژەی لەسەدا یەکی نرخی دارشتەکە زەرەری دەکرد. بەڵام کە ئەوان باجێکی لەسەدا یەکی لەسکەدانیان هەبوو، ئەوە

له هەموو پرۆسەی گۆڕینەکەدا بەهەمان شێوەی گشت دۆخەکانی تر، لەسەدا دوو زەرەریان دەکرد.

ئەگەر باجێکی گونجاوی لەسکەدان هەبێ، لەهەمان کاتیشدا دراوەکە تەواوی کێشە ستاندارەکە لەخۆ بگرێ، وەک ئەوەی لە کاتی دوایین لەسکەدانەوە هەیە، بانکەکە هەرچەندێک لە باجی لەسکەدانەکە لەدەست بدا، ئەوەندە لە نرخی داڕشتەکە قازانج دەکا. هەروەها هەرچەندێک لە نرخی داڕشتەکە سوودمەند بێ، ئەوەندەی لە باجی لەسکەدانەکە لەدەست دەچێ. واتە، نە دەستکەوتیان دەبێ و نە زیان لە تەواوی پرۆسەی گۆڕینەکەدا و، لەم دۆخە وەک هەموو دۆخەکانی پێشوو، لەو دۆخەدا دەبن کە هیچ باجێکی لەسکەدانی تێدا نییە.

کاتێک کە باجی سەر کاڵاکان ئەوەندە گونجاوە کە هانی بەقاچاخبردن نادا، ئەو بازرگانەی مامەڵەیان پێوە دەکا، ئەگەرچی پێشوەخت دەیاندا، بەشێوەیەکی شایان باجەکە نادا، وەک ئەوەی لەڕێی نرخی کاڵاکەوە وەری دەگرێتەوە. باج لەکۆتاییدا لەلایەن دوایین کڕیار یان بەکاربەرەوە دەدرێ. بەڵام پارە کاڵایەکە کە هەموو کەسێک بازرگانیی پێوە دەکا. کەس ئەگەر بۆ فرۆشتنەوە نەبێ نایکڕێ و، سەبارەت بەو لە دۆخی ئاساییدا دوایین کڕیار یان بەکاربەر بوونی نییە. بۆیە کە باجی لەسکەدان ئەوەندە گونجاو بێ کە هانی دروستکردنی پارەی قەڵب نەدا، هەرچەندە هەموو کەسێک باجەکە دەدا، لەکۆتاییدا کەسیان نایدا، چونکە گشت کەسێک لە بەهای پێشوەختەی دراوەکەدا وەری دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوە، باجێکی گونجاوی لەسکەدان، لە هیچ دۆخێکدا خەرجیی بانک یان خەرجیی هیچ کەسێکی ئاسایی زیاتر ناکا کە داڕشتەی خۆیان بۆ مینت دەبەن بۆ ئەوەی بیکەنە دراو و، داواکردنی باجی لەسکەدان لە هیچ دۆخێکدا نابێتە مایەی کەمکردنەوەی. باجی لەسکەدان هەبێ یان نەبێ، ئەگەر دراوەکە تەواوی کێشی ستاندار لەخۆ بگرێ، خەرجییەکانی لەسکەدان بۆ هەموو کەسێک هیچن و، ئەگەر لەو کێشە کەمتر بێ ئەوە لەسکەدانەکە بەردەوام هێندەی ئەو جیاوازییەی نێوان بڕی داڕشتەکە کە دەبوو لە دراوەکەدا هەبێ و ئەوەی بەدروستی تێیدایەی تێ دەچێ.

بەم شێوەیە، کاتێک کە حکوومەت خەرجیی لەسکەدان لە ئەستۆ دەگرێ، نەک تەنیا خەرجییەکی کەمی دەکەوێتە سەر، بەڵکو کەمێک داهاتیش کە دەکرا بە باجێکی گونجاو بەدەستی بێنێ لەدەست دەچێ. هەروەها نە بانک و نە هیچ کەسێکی ئاسایی بەکەمترین پلە قازانج لەم بەشە بێسوودەی جوامێریی گشتی بەدەست ناهێنن.

بەڵام، لەوانەیە کارگێڕانی بانک ئامادە نەبن سەپاندنی باجێکی لەسکەدان بەسەر دەسەڵاتێکی سووڕاندندا بسەپێنرێ کە چاوەڕوانی هیچ دەستکەوتێکی لێ ناکەن، بەڵکو تەنیا وای دەردەخا کە لە زیان دەیانپارێزێ. لە دۆخی ئێستای زێڕ و زیودا کە هێشتا وەرگرتنیان بە کێشانەیە، بێگومان هیچیان لەو جۆرە گۆڕانکارییە دەست ناکەوێ. بەڵام ئەگەر نەریتی کێشانی دراوی زێڕ هیچ کاتێک خراپ بەکار هات، کە زۆر لەوە دەچێ ببێ و، ئەگەر دراوی زێڕ کەوتە ئەو دۆخی دابەزینی بەهایەی کە پێش دوایین لەسکەدانەوەدا هەبوو، دەستکەوتەکە یان گونجاوترە بگوترێ ئەوەی بۆ بانک دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی سەپاندنی باجێکی لەسکەدان، لەوانەیە گەلێ زۆر بێ. بانکی ئینگلتەرە تەنیا کۆمپانیایە کە بڕی زۆر داڕشتە بۆ مینت ڕەوانە دەکا و، ئەرکی لەسکەدانەکە بەتەواوی، یان نزیک لە تەواوی، دەکەوێتە ئەستۆی خۆیەوە. ئەگەر ئەم لەسکەدانە ساڵانەیە تەنیا بۆ چاککردنەوەی پێویستی کورتهێنان و تێکچوون و ڕزینی دراو بێ، ئەوە بەدەگمەن لە پەنجا هەزار یان ئەوپەڕی لە سەد هەزار پاوەن زیاتر لەسکە دەدا. بەڵام کە دراوەکە دادەبەزێتە خوار کێشی ستانداری خۆی، پێویستە لەسکەدانی ساڵانە، سەرباری ئەمە، ئەو بۆشاییە گەورانەش پڕ بکاتەوە کە هەناردەکردن و مەنجەڵەکانی تواندنەوەوە لە دراوی ئێستادا دروستیان دەکەن. هەر بەم پێیە بوو کە لەم دە دوانزە ساڵەی ڕاستەوخۆ پێش دوایین چاکسازیی دراوی زێڕ هاتن، تێکڕای لەسکەدانی ساڵانە زیاتر بوو لە ٨٥٠ هەزار پاوەن. بەڵام ئەگەر باجێکی لەسکەدان هەبووایە، بەڕێژەی لەسەدا چوار یان پێنجی دراوی زێڕ، لەوانە بوو کە تەنانەت لەو دۆخەی ئەوساشدا، کۆتاییەکی کاریگەری بسەپاندایە بەسەر هەردوو بازرگانیی هەناردەکردن و تواندنەوەی ئەو پارەیەدا. بانکەکە لەجیاتی ئەوەی لەسەدا دوو و نیوی داڕشتەکەی لەدەست بچێ کە دەکرایە ٨٥٠ هەزار پاوەن، یان کەمبوونەوەی ٢١٢٥٠ پاوەنی پڕ دەکردەوە، لەوانە بوو دەیەکێکی ئەو کەمبوونەوەیەی پڕ بکردایەتەوە.

ئەو داهاتەی پەرلەمان بۆ لەئەستۆگرتنی لەسکەدانی دراو تەرخانی کردووە، ساڵانە تەنیا ١٤٠٠ پاوەنە و، تێچووی ڕاستەقینە لەسەر حکوومەت، یان مووچەی کارمەندانی مینت، وەک جەختم بۆ کراوەتەوە، لە دۆخە ئاساییەکاندا لە نیوەی ئەو بڕە پارەیە زیاتر نییە. ئەوەی لەو بڕە پارە کەمە دەمێنێتەوە، یان تەنانەت دەستکەوتەکانی تری زۆر لەوە زیاتر نین و، کە لەوانەیە وا بزانرێ زۆرن، شایانی گرینگپێدانی ڕژدی حکوومەت نین. بەڵام گێڕانەوەی ١٨ یان ٢٠ هەزار پاوەن ساڵانە لە کاتی ڕووداوێکی نەگونجاودا، کە

پێشتر زۆر جاران ڕووی داوە و، لەوانەیە دووبارە ببێتەوە، بابەتێکە شایانی گرینگیپێدانی ڕژدە تەنانەت لەلایەن کۆمپانیایەکی گەورەی وەک بانکی ئینگلتەرەشەوە.

لەوانە بوو گونجاوتر بێ کە هەندێ لەم سەرنج و تێبینییانەی پێشەوە، لەو بەشانەی کتێبی یەکەمدا هاتبان کە باسی بنەما و بەکارهێنانی پارە و، جیاوازیی نێوان نرخی ڕاستەقینە و هێمایی کاڵاکان دەکەن. بەلام کە ڕەگوڕیشەی یاسای هاندانی لەسکەدان لەو بانگەشە پووچانەوەیە کە سیستمی بازرگانی خستوویانیەتە ڕوو، من پێم باش بوو بۆ ئەم بەشەیان هەڵگرم. هیچ شتێک گونجاوتر نییە لەگەڵ گیانی ئەو سیستمە زیاتر لە جۆرە بەخشیشێک کە لەسەر بەرهەمهێنانی پارە بدرێ، کە ئەو شتەیە ئەو سیستمە پێی وایە سامانی هەموو گەلێک پێک دێنێ. بەلای ئەوەوە یەکێکیشە لە ئامرازە زۆر خۆشەویستەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی وڵات.

بەشی حەوتەم
دامەزراندنی کۆلۆنی

کەرتی یەکەم
پاڵنەرەکانی دامەزراندنی کۆلۆنیی نوێ

ئەو بەرژەوەندیەی بووە هۆی یەکەمین جێگیربوونی کۆلۆنییە ئەوروپاییەکان لە ئەمەریکا و لە هیندی ڕۆژئاوا بەتەواوی هێندەی پاڵنەرەکانی دامەزراندنی گریک و ڕۆمای کۆن ڕوون و دیار نییە.

هەموو دەوڵەتێکی کۆنی یۆنان، هەر یەکێکیان ناوچەیەکی زۆر بچووکی بەدەستەوە بوو و، کاتێک کە ژمارەی خەڵک لە هەر یەکێکیان لەوە زیاتر دەبوو کە لەو ناوچەیەدا جێیان ببێتەوە، بۆ نیشتەجێبوون لە بەشێکی دووری دنیادا، بەشێکیان دەنارد بۆ گەڕان بەدوای شوێنێکی تردا. ئەو دراوسێیە شەڕخوازانەی لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دابوون، وایان دەکرد سەخت بێ هیچ یەکێکیان لەلای خۆیەوە ناوچەکەی خۆی فرەوان بکا. کۆلۆنییەکانی دوریان (Dorians) بەشێوەیەکی سەرەکی ڕوویان لە ئیتالیا و سیسیلیا کرد، کە لە ماوەکانی پێش دامەزراندنی ڕۆما، گەلانی کێوی و ناشارستانییان تێدا ئاکنجی بوون: ئەو ئایۆنی (Ionians) و ئیۆلییانە(Aeolians) ، کە دوو خێڵی گەورەی گریک بوون، ڕوویان کردە ئاسیای بچووک و دوورگەکانی دەریای ئیجە، کە لەوە دەچێ دانیشتووانیان لە هەمان دۆخی دانیشتووانی سیسیلیا و ئیتالیا بووبن. شاری دایک، هەرچەندە کۆلۆنییەکانی بە منداڵی خۆی دادەنا، لە هەموو کاتەکاندا مافی خزمەتی گەورە و یارمەتییان هەبوو و، لەبەرامبەردا گەلێ مەمنوون و قەرزارباریان بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە منداڵی ئازاد دادەنران و شارە دایکەکە وای پێشان دەدا کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ یان باڵادەستیی بەسەریانەوە نییە. کۆلۆنییەکە خۆی شێوازی حکوومەتی خۆی دیاری دەکرد، یاسای خۆی دادەڕشت، دادوەرانی خۆی هەڵدەبژارد و، ئاشتی و شەڕی لەگەڵ دراوسێکانی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەرپا دەکرد، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەستخۆشی و ڕەزامەندیی شاری دایک بکا. هیچ شتێک لەمە ڕوونتر و دیارتر نەبوو لەو بەرژەوەندیەی هەر دامەزراوەیەکی وای ئاراستە دەکرد.

ڕۆما وەکو زۆربەی کۆمارە کۆنەکانی تر، لە بنەڕتدا لەسەر یاسای کشتوکاڵی دامەزرابوو، کە زەویی گشتی بەڕێژەی دیاریکراو لەنێوان ئەو هاووڵاتییانەدا، کە دەوڵەتەکە پێک دێنن، دابەش کرابوو. ڕێڕەوی کاروباری مرۆڤان لەڕێی خێزانداری، جێگرتنەوە و،

دابڕانەوە ئەم دابەشکردنە بنەڕەتییەی شێواند و، زۆربەی جاران ئەو زەوییانەی تەرخان بوون بۆ ژیاندنی چەندان خێزانی جۆراوجۆر، دەکەوتنە دەستی تاکە کەسێکەوە. بۆ چارەسەری ئەم بشێوییە، کە پێشبینی دەکرا وا بێ، یاسایەک داڕێژرا کە بڕی ئەو زەوییەی هەر هاوولاتییەک دەتوانێ هەیبێ، بە ٥٠٠ جەگیرا، کە نزیکەی ٣٥٠ ئەیکەری ئینگلیزی دەبێ، سنووردار کرد. بەڵام ئەم یاسایە، وەک ئەوەی خوێندوومانەتەوە تەنیا یەک یان دوو جاران جێبەجێ کرا و، یان پشتگوێ خرا یان خۆی لێ دەدزرایەوە و، نایەکسانی لە سامانەکاندا بەردەوام بەرەو زیادبوون دەچوو. زۆرترین بەشی هاوولاتییان زەوییان نەبوو و، داب و نەریتەکانی ئەو سەردەمانە وایان دەکرد سەخت بێ بۆ پیاوێکی ئازاد بەبێ ئەوەی زەویی هەبێ بتوانێ دەست بە سەربەخۆیی خۆیەوە بگرێ. لەم سەردەمەی ئێمەدا، هەرچەندە پیاوی هەژار زەویی خۆی نییە، ئەگەر کەمێک ماڵی هەبێ دەتوانێ کشتوکاڵ لە زەویی کەسێکی تردا بکا، یان بازرگانییەکی تاکفرۆشی ئەنجام بدا و، ئەگەر هیچ ماڵیشی نەبێ دەتوانێ کارێکی دەست بکەوێ چ وەک کارگەری لادێ یان شاگردی پیشەوەرێک. بەڵام لەنێو ڕۆمانی کۆندا هەموو زەویی کەسی دەوڵەمەند لەلایەن کۆیلەکانەوە کشتوکاڵ دەکرا، کە ئیشیان لەژێر سەرپەرشتیی چاودێرێکدا دەکرد کە ئەویش کۆیلە بوو، بۆیە کەسێکی ئازادی هەژار هەلی زۆر کەم بوو لەوەی وەک جووتیار یان وەک ڕەنجدەر کار بکا. هەموو بازرگانی و پیشەسازییەکانیش، تەنانەت بازرگانیی تاکفرۆشیش لەلایەن کۆیلەی پیاوە دەوڵەمەندەکانەوە ئەنجام دەدران بۆ قازانجی خاوەنەکانیان، کە سامان و دەسەڵات و پارێزگارییان وایان دەکرد پیاوێکی ئازادی هەژار نەتوانێ کێبەرکێیان بکا. لەبەر ئەوە، ئەو هاوولاتییانەی زەوییان نەبوو، بەدەگمەن هیچ هۆکارێکی تری ژیانیان هەبوو جگە لە بەخشیشی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنە ساڵانەکان. پارێزەرانی مافی خەڵک، کە ئەو توانایەیان هەبوو بیری خەڵک دژی دەوڵەمەندان پیاوگەورەکان ببزوێنن، دابەشکردنی دێرینی زەوییان لەبیر بوو و، ئەو یاسایەیان خستە ڕوو کە ئەم جۆرە موڵکدارییەی سنووردار کرد وەک یاسایەکی بنەڕەتی بۆ کۆمار. خەڵکەکە کەوتنە هەرا و، دەتوانین بڕوا بکەین کە دەوڵەمەند و پیاوە گەورەکان، بەتەواوی مکوڕ بن لەسەر ئەوەی هیچ بەشێکی زەویی خۆیانیان نەدەنێ. بۆیە، بۆ دڵنیاکردنەوەیان، زۆربەی جاران پێشنیازیان دەکرد بیاننێرنە کۆڵۆنییەکی نوێ. بەڵام دەسەڵاتی ڕۆما، تەنانەت لەو جۆرە بۆنانەشدا، ئامادە نەبوو، هاوولاتییانی خۆی بۆ گەڕان بەدوای چارەنووسی خۆیاندا بەرەڵای ئەو دنیا فرەوانە بکا، ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێ، بەبێ ئەوەی بزانێ لەکوێ دەگیرسێنەوە. ئەو بەگشتی ئەو ناوچانەی ئیتالیای بۆیان دەستنیشان کرد کە داگیری کردبوون و، لە ناو پاوانی کۆمارەکەدا بوون، ئەوان هەرگیز نەیانتوانی دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بێنن، بەڵکو لە باشترین دۆخیاندا جۆرێک لە گردبوونەوە بوون،

که هەرچەندە دەسەڵاتی دارشتنی یاسای تایبەت بە کارگێڕیی خۆیان هەبوو، بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی ڕاستکردنەوە و دادوەری و یاسادانانی شاری دایک بوون. دەردانی ئەم جۆرە کۆلۆنییە نەک تەنیا خەڵکەکەی هێور کرد، بەڵکو زۆربەی جاران جۆرە پێگەیەکی پارێزوانیشی دروست کرد لە ناوچەیەکی تازە داگیرکراودا، کە گوێڕایەڵیی بەبێ ئەو پێگانە جێی متمانە نییە. بۆیە، کۆلۆنییەکی رۆمانی، چ لەڕووی سروشتی دروستبوونیەوە یان ئەو پاڵنەرانەوە کە دروستیان کرد، بەتەواوی لە کۆلۆنییەکی گریک جیاواز بوو. بەم پێیەش وشەکانی زمانە ڕەسەنەکان ئاماژەن بۆ ئەم جیاوازییانەی دامەزراندن و، واتەی جیاوازیان هەیە. وشەی (کۆلۆنیا(Colonia-ی لاتین بەسادەیی بەواتەی کێڵگە دێ. بەپێچەوانەشەوە، وشەی (ئەپۆیکیا(apoikia-ی گریک بەواتەی جیابوونەوەی نشینگە، جیابوونەوە لە نیشتمان، دەرچوون لە ماڵەوە دێ. بەڵام هەرچەندە کۆلۆنییەکانی رۆمان لە گەلێ ڕووەوە لەوانەی گریک جیاواز بوون، ئەو بەرژەوەندیەی بووە مایەی دامەزراندنیان وەکو یەک ڕوون و دیار بوو. هەردوو دامەزراوەکە لە بنەڕەتەوە لە پێویستیی حەتمییەوە، یان لە سوودی ڕوون و ئاشکراوە سەرچاوەیان گرتووە.

دامەزراندنی کۆلۆنییە ئەوروپاییەکان لە ئەمەریکا و هیندی رۆژئاوا لە پێویستییەوە سەرچاوەی نەگرتووە و، ئەگەرچی ئەو سوودەی لێیان وەرگیرا گەلێ زۆر بوو، هەمووی بەیەکەوە زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە. لە سەرەتای دامەزراندنیاندا تێ نەگەیشترا و، پاڵنەر نەبوو بۆ ئەو دامەزراندنە یان بۆ ئەو دۆزینەوانەی بوونە هۆی دامەزراندنەکە و، سروشت و مەودا و سنوورەکانی ئەو سوودانە لەوانەیە تا ئەمڕۆش تێ نەگەیشترابن.

ڤینیسیاییەکان، لە سەدەکانی چواردە و پازدەدا، بازرگانییەکی زۆر بەسوودیان بە بەهارات و کاڵاکانی تری هیندی رۆژهەڵات کرد، کە بەناو وڵاتانی تری ئەورووپادا بڵاویان کردنەوە. ئەوان بەشێوەیەکی سەرەکی لە میسریان دەکڕی، کە ئەو کاتە لەژێر دەسەڵاتی مەملوکەکانی دوژمنی تورک بوو، کە ڤینیسیاییەکانیش دوژمنیان بوون. ئەم بەرژەوەندیە هاوبەشە، بەیارمەتیی پارەی ڤینیسیا، جۆرە پەیوەندییەکی دروست کرد و قۆرخکاریی ئەو بازرگانییەی دایە ڤینیسیاییەکان.

قازانجی زۆری ڤینیسیاییەکان دنەی تەماحکاریی پۆرتوگالییەکانی دا. ئەوان لە میانی سەدەی پازدەدا هەوڵیان دەدا ڕێگەیەکی دەریایی بدۆزنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی مەراکشییەکان عاج و تۆزی زێڕیان، لەڕێی بیابانەوە، لێیان دەهێنا. ئەوان دوورگەکانی مادێرا، کەناری، ئازۆر، کەیپ دو ڤێغدی و، کەناراوەکانی گینیا، لوانگۆ، کۆنگۆ، ئەنگۆلا و بینگوێلا و، لەکۆتاییدا سەری هیوای چاکیان دۆزییەوە. ئەوان زۆر بەهیوابوون لە ڕێڕەوە بەقازانجەکەیاندا هاوبەشیی ڤینیسیاییەکان بکەن و، ئەم دۆزینەوەیەی دوایی ئاسۆیەکی بەڕووی بەدیهاتنی ئەو هیوایەدا کردەوە. لە ساڵی ١٤٩٧دا، ڤاسکۆ دی گاما، بە چوار

کەشتییەوە گەشتێکی لە لیشبۆنەوە دەست پێکرد و، دوای ١١ مانگ گەشتی دەریایی گەیشتە کەناراوەکانی هیندستان و، بەمەش زنجیرە دۆزینەوەیەکی تەواو کرد کە بەجێگیرییەکی بەردەوامەوە ماوەی یەک سەدە، بە هەندێ وەستانی کەمەوە، بەڕێوە چوو.

چەند ساڵێکی کەمی پێش ئەمە، لە کاتێکدا کە چاوەڕوانییەکانی ئەورووپا لەبارەی پرۆژەکانی پۆرتوگالییەکانەوە بەبیرەبیر بوون و، سەرکەوتنیان جێی گومان بوون، کەشتیوانێکی جەنەوایی پرۆژەیەکی بوێرانەتری بۆ گەشتی دەریایی بەرەو هیندی رۆژهەڵات، بەرۆژئاوادا، پێک هێنا. ئەو کاتە لە ئەورووپا هەڵکەوتەی ئەو وڵاتانە بەتەواوی زانراو نەبوو. ئەو چەند گەڕیدە ئەورووپاییە کەمەی لەوێ بووبوون ماوەکانیان زۆر زیاد پێشان دابوو، لەوانەیە لەبەر سادەیی و نەزانی ئەمەیان کردبێ و، ئەو ماوەیەی بەڕاستی زۆر دوور بوو، بۆ ئەو کەسانەی نازانن بیپێون وەک بێکۆتایی دێنە بەر چاو. یان لەوانەیە بۆ زیادکردنی سەرنجراکێشان بەلای سەرکێشییەکانیاندا کە تیایاندا سەردانی شوێنی زۆر دوور لە ئەورووپایان کردووە ئەوەیان کردبێ. کۆلۆمبەس زۆر بەوردی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێیەکە چەند لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دوورتر بێ، ئەوەندە لەلای ڕۆژئاواوە کورتتر دەبێ. لەبەر ئەوە، پێشنیازی کرد ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر، کە کورتتر و مسۆگەرترە و، بەختی باش بوو کە توانیی ئیزابێلای قشتالەی بە ئەگەری سەرکەوتنی پرۆژەکەی قایل کرد. ئەو لە مانگی ئابی ١٤٩٢، لە بەندەری پالۆسەوە (Palos) کەوتە ڕێ، کە پێش نزیکەی پێنج ساڵ نێردەکەی ڤاسکۆ دی گاما لەوێوە پۆرتوگالی بەجێ هێشت و، دوای گەشتێکی دوو یان سێ مانگی، هەندێک لە دوورگە بچووکەکانی باهاما یان لوسیانی دۆزییەوە و، دوای ئەوان دوورگەی گەورەی سانت دۆمینگۆی دۆزییەوە.

بەڵام ئەو وڵاتانەی لەلایەن کۆلۆمبەسەوە دۆزرانەوە، لەم گەشتە و گەشتەکانی دواتریدا، لەوانە نەدەچوون کە ئەو بۆیان دەگەڕا. لەجیاتی سامان و کشتوکاڵ و دانیشتووانی زۆری چین و هیندستان، ئەو لە سانت دۆمینگۆ و هەموو شوێنەکانی تری دنیای نوێدا کە سەردانیانی کرد، هیچی نەدۆزییەوە جگە لە وڵاتێکی تەواو بەدارستان داپۆشراو، کشتوکاڵنەکراو، کە دانیشتووانەکەی هەندێ تیرەی کێویی ڕووت و داماو بوون. ئەو زۆر ئامادە نەبوو بڕوا بەوە بکا کە ئەمانە جیان لەو وڵاتانەی مارکۆ پۆلۆ، یەکەمین ئەورووپایی کە سەردانی چین یان هیندی ڕۆژهەڵاتی کردووە یان بەلای کەمەوە وەسفێکی بۆیان بەجێ هێشتووە، باسیانی کردووە و زۆر بەکەمی لەوان دەچوون، وەک لێکچوونی نێوان ناوی سیباو(Cibao) ، کە چیایەکە لە سانت دۆمینگۆ، لەگەڵ ناوی سیپانگۆ (Cipango)کە مارکۆ پۆلۆ ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم لێکچوونە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو بگەڕێتەوە لای بۆچوونە پێشوەختەکەی کە حەزی لێ بوو، هەرچەندە پێچەوانە بوو لەگەڵ ڕوونترینی بەڵگەکاندا. ئەو لە نامەکانیدا بۆ فێردیناند و ئیزابێلا، ناوی لەو وڵاتانەی

دۆزیبوویانیەوەی نابوو هیندەکان .(Indies) ئەو خۆشحاڵ بوو بەوەی گومانی نەبوو کە ئەوانە درێژەپێدەری ئەوانەن کە مارکۆ پۆلۆ وەسفیانی کردووە و، کە زۆر لە ڕووباری گانگ یان لەو وڵاتانەی ئیسکەندەر داگیریانی کرد، دوور نین. تەنانەت کە لە کۆتاییشدا بۆی دەرکەوت کە ئەم وڵاتانە جیاوازن، هەر بەوە دڵی خۆی دەدایەوە کە لەو وڵاتە دەوڵەمەندانەوە زۆر دوور نین و، بۆیە لە گەشتێکی دواتردا چوو بۆیان بگەڕێ و، لەگەڵ کەناراوەکانی تێرا فریما بەرەو بەرزەخی دارین چوو.

لە ئاکامی ئەم هەڵەیەی کۆلۆمبەس ناوی هیند لەو کاتەوە بەو وڵاتە بەدبەختانەوە نووسا و، کاتێک لەکۆتاییدا بەڕوونی دەرکەوت کە ئەم هیندە تازەیە تەواو لە هیندی کۆن جیایە، ئەوەی یەکەم ناو نرا هیندی ڕۆژئاوا، بۆ جیاکردنەوەی لەوەی دوایی، کە پێی دەگوترا هیندی ڕۆژهەڵات.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەلای کۆلۆمبەسەوە گرینگ بوو کە ئەو وڵاتانەی ئەو دۆزیویانیەتیەوە، هەرچییەک بن، وەک ئاکامی مەزن پێشکەش بە کۆشکی ئیسپانیا بکرێن و، ئەوەی سامانی ڕاستەقینەی هەر وڵاتێکی لێ پێک دەهات، بەرهەمی ئاژەڵ و ڕووەکەکانی خاکەکەی، لەو کاتەدا شتێکی وا نەبوون ئەو پێشکەشکردنەیان پشتڕاست بکاتەوە.

کۆری(Cori) ، کە ئاژەڵێک بوو لەنێوان جرج و کەروێشک و، بەڕێز بەفن پێی وا بوو هاوشێوەی ئەپیریا(Aperea) ی برازیلە، گەورەترین ئاژەڵی چوارپێ بوو لە سانت دۆمینگۆ. ئەم جۆرانەش هەرگیز لەوە نەدەچوو ژمارەیان زۆر بێ و، دەڵێن سەگ و پشیلەی ئیسپانیاییەکان لەمێژ بوو بەتەواوی لەناویان بردبوون، هاوشێوەی هەندێ تیرەی تری بەقەبارە بچووکتر. ئەمانە هەموویان لەگەڵ خشۆکێکی گەورە، کە پێی دەگوترا ئیڤانا یان ئیگوانا، بەشی بنەڕەتیی خۆراکی ئاژەڵیی بەرهەمهێنراوی ئەو خاکە بوون.

خۆراکی ڕووەکیی دانیشتووان، گەرچی لەبەر نەبوونی پیشەسازی ئەوەندە زۆر نەبوو، ئەویش هەر کەم بوو. ئەو خۆراکە ڕووەکییە پێک دەهات لە گەنمەشامیی هیندی، پەتاتەی جۆراوجۆر، مۆز، هتد، کە ڕووەکگەلێک بوون ئەورووپا ئاشنایەتیی لەگەڵیاندا نەبوو و، لەبەر ئەوە بەنرخ نەبوون بەلایانەوە، یان چاوەڕوان نەدەکرا هاوشێوەی دانەوێڵە ببنە خۆراکی سەرەکی و چاندنیان لەو ڕۆژگارەدا لەو بەشەی دنیا بیری لێ نەدەکرایەوە.

لەڕاستیدا لۆکە، کەرەستەی پیشەسازییەکی گرینگی خستە ڕوو و، لەو کاتەدا بۆ ئەورووپاییەکان بەهادارترین بەرهەمی ڕووەکیی ئەو دوورگانە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی سەدەی پازدەدا کوتاڵی مۆزلین و کاڵا لۆکەییەکانی تری هیندی ڕۆژهەڵات لە هەموو شوێنێکی ئەورووپا نرخدارتر تەماشایان دەکرا. کەواتە ئەم بەرهەمەش لەو کاتەدا وەک ئاکامێکی مەزنی ئەو دۆزینەوانە نەهاتە بەر چاوی ئەورووپاییەکان.

نەدۆزینەوەی هیچ شتێک جگە لە ئاژەڵ یان ڕووەک لەو وڵاتە تازە دۆزراوانەدا کە پاساو بێ بۆ پێشاندانی سوودی دۆزینەوەیان، وایان کرد کۆلۆمبەس ڕووی بەرەو کانزاکانیان وەرگێڕێ و، بە دەوڵەمەندیی بەرهەمی ئەم شانشینەی سێیەم خۆی بادا و وای زانی کە قەرەبووی کرچوکاڵیی دوو شانشینەکەی تری بۆ کراوەتەوە. ئەو پارچە زێڕە بچووکانەی دانیشتووان جلوبەرگی خۆیان پێ دەڕازاندنەوە و، زانیاریی پێ درابوو کە زۆربەی جاران لەو جۆگە و سێلاوانەدا دەدۆزرێنەوە کە لە چیاکانەوە شۆڕ دەبنەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی قایلی بکەن بەوەی ئەو چیایانە پڕن لە دەوڵەمەندترین کانەکانی زێڕ. لەبەر ئەوە، سانت دۆمینگۆ وەک وڵاتێکی دەوڵەمەند بە زێڕ خرایە ڕوو و، بەو پێیە (بەگوێرەی پیاهەڵدانەکانی ئێستا نا، بەڵکو ئەوانەی ئەو سەردەمەش) بە سەرچاوەیەکی لەبننەهاتووی سامانی ڕاستەقینە بۆ تاج و شانشینی ئیسپانیا دانرا. کاتێک کە کۆلۆمبەس لە یەکەم گەشتی خۆی گەڕایەوە، وەکو پاڵەوان پێشکەشی سەروەرانی قشتالە و ئاراگۆن کرا، ئەو بەرهەمانەی ئەو وڵاتانەی دۆزیبوویانیەوە لە پێش خۆیەوە لە کەژاوەیەکی فەرمیدا گەیشتن. تەنیا بەشی بەهاداری ئەو بەرهەمانە خۆیان لە هەندێ پارچەی خشڵ و بازن و جوانکاریی تری لەزێڕ دروستکراو بوون، لەگەڵ چەند بالەیەک پەموو. ئەوانەی تر، شتی سەرسوڕهێنی هەرزانبایی بوون، هەندێ قامیشی قەبارە نائاسایی، هەندێ باڵدار کە پەڕی ڕەنگاوڕەنگی جوانیان هەبوو و، هەندێ پێستی وشککراوەی تیمساحی زەبەلاح و مەناتی (ئاژەڵێکی دەریاییە- وەرگێڕ)، لە پێش هەمووشیانەوە شەش یان حەوت لە دانیشتووانی ڕەسەنی بەدبەخت دەڕۆیشتن، کە یەکڕەنگی و هاوشێوەییان جدیەتی خۆنواندنەکەی زیاتر کرد.

لە ئاکامی ئەو خستنەڕووەی کۆلۆمبەس، ئەنجومەنی قشتالە بڕیاری دا دەست بەسەر ئەو وڵاتانەدا بگیری کە ئاشکرایە دانیشتووانەکانیان ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ئامانجی ئایندارانەی بەکریستیانکردنیان کردە پاساوی ستەمکاریی پرۆژەکەیان. بەڵام تەنیا پاڵنەرێک کە هانیانی دا ئەمە بکەن دۆزینەوەی گەنجینەکانی زێڕ بوو و، بۆ ئەوەی ئەم پاڵنەرە بایەخی زیاتری پێ بدرێ، کۆلۆمبەس پێشنیازی کرد کە نیوەی ئەو زێڕ و زیوەی لەوێ دەدۆزرێنەوە بۆ تاج بن. ئەنجومەنیش ئەو پێشنیازەی پەسەند کرد.

لەبەر ئەوەی هەموو، یان زۆرترین بەشی، ئەو زێڕەی سەرکێشەکانی سەرەتا بۆ ئەوروپایان هاوردە کرد، بەشێوازی ئاسانی تاڵانکردنی خەڵکە ڕەسەنە بێبەرگرییەکە دەست دەکەوت، زۆر سەخت نەبوو باجێکی وا قورسی بۆ بدرێ. بەڵام کاتێک کە دانیشتووانی ڕەسەن تەواو ڕووت کرانەوە و هیچیان نەما، کە ئەمە لە سانت دۆمینگۆ و هەموو ئەو وڵاتانەی تر کە لەلایەن کۆلۆمبەسەوە دۆزرانەوە شەش تا هەشت ساڵی

خایاند و، بۆ بەدەستهێنانی زیاتر، پێویست بوو لە کانەکاندا بەدوایدا بگەڕێن، بە هیچ جۆرێک توانای دانی ئەو باجە نەما. دەڵێن سەپاندنی توندی ئەو باجە بووە مایەی دەستبەردانی یەکجارەکی لە کانەکانی سانت دۆمینگۆ، کە لەو کاتەوە کارا نەکراون. ئەو باجە زۆری نەبرد بۆ سێیەک کەم کرایەوە و، ئینجا بۆ پێنجیەک و، دواتر بۆ دەیەک و، لەکۆتاییدا بۆ بیستیەکی تەواوی بەرهەمی کانەکانی زێڕ. باجی سەر زیو بۆ ماوەیەکی زۆر هەر پێنجیەکی تەواوی بەرهەم بوو. ئەویش لەم سەدەیەدا بۆ دەیەک کەم کرایەوە. بەڵام لەوە ناچێ یەکەمین سەرکێشەکان زۆر بایەخیان بە زیو دابێ. بەلای ئەوانەوە هیچ شتێک ئەوەندەی زێڕ بەهادار و شایانی گرینگیپێدان نەبووە.

لەوە دەچێ هەموو سەرکێشییەکانی تری ئیسپانیاییەکان، لە پاش ئەوەی کۆلۆمبەس، هەمان پاڵنەریان لەپشت بووبێ. ئەوە تینوویەتیی پیرۆز بۆ زێڕ بوو کە پاڵی بە ئۆییدا، نیکویسا و، ڤاسکۆ نوگنس دی بالبواوە نا بەرەو بەرزەخی داریەن بچن و، پاڵی بە کۆرتێزەوە نا بەرەو مەکسیک و، ئالماگرۆ و پیتزارۆ بەرەو چیلی و پیرۆ. کاتێک کە ئەم سەرکێشانە دەگەیشتنە هەر کەناراوێکی نەناسراو، بەردەوام یەکەمین ئەرکیان گەڕان بوو بەدوای زێڕدا و، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەو بارەیەوە دەستیان دەکەوت بڕیاری ڕۆیشتن یان جێگیربوونیان لەو وڵاتانە دەدا.

بەڵام لەنێو هەموو ئەم پرۆژە بەخەرجی و ناڕوونانەدا، کە مایەپووچییان بۆ زۆربەی ئەوانە هێنا کە تێیانەوە گلان، ڕووخێنەرترینیان گەڕان بەدوای کانەکانی زیو و زێڕ بوون. ئەوانە لەوانەیە بێسوودترین هەڵدانی تیروپشک بن لە دنیادا، یان ئەوانەی دەستکەوتی ئەو کەسانەی تیری خەڵاتیان ڕادەکێشا زۆر کەمتر بوون لەوانەی تیرە بەتاڵەکانیان ڕادەکێشا، چونکە خەڵاتەکان کەم بوون و بەتاڵەکان زۆر بوون، نرخی ئاسایی یەک تیریش تەواوی سامانی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو. پرۆژەکانی کانلێدان، لەجیاتی ئەوەی ئەو سەرمایەیە پڕ بکەنەوە کە تیایاندا بەگەڕ خراوە، لەگەڵ قازانجی ئاسایی ماڵەکە، بەگشتی سەرمایە و قازانجەکەشیان لووش دەدا. بۆیە لەنێو هەموو پرۆژەکاندا، ئەم پرۆژانە کە حەزیان لە زیادکردنی سەرمایەی وڵاتەکەیان بوو، کەمترینی ئەوانەن کە بیر لە هاندانیان بکرێتەوە، یان بەشێکی زیاتری سەرمایەیان بۆ ئاراستە بکرێ، زیاتر لەوەی بەئاسایی ڕوویان تێ دەکەن. خاوەنی ئەم پرۆژانە تەنیا بڕوایان بە بەختی باش هەیە، کە کەمترین ئەگەری سەرکەوتن لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

بەڵام سەرباری ئەوەی کە هەڵسەنگاندنی ژیرانە و بەئەزموون بۆ ئەم پرۆژانە بەردەوام لە قازانجیان نییە، چاوچنۆکیی مرۆڤ بەردەوام پێچەوانەی ئەو هەڵسەنگاندنانە کار دەکا. هەمان ئەو سۆزەی کە بیرۆکەی پووچی بەردی فەیلەسوفانی پێشکەشی خەڵکێکی زۆر کرد، بیرۆکەی بەهەمان ئاست پووچی کانی پڕ زێڕ و زیوی پێشکەش بە خەڵکێکی تر کرد.

ئەوان ئەوەیان لەبەر چاو نەگرت کە بەهای ئەم کانزایانە، لە هەموو سەردەم و ولاتێکدا، بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەیە کە سروشت زۆر بە زەحمەت و بە بڕی زۆر کەم و خەرجی و کاری زۆر بۆ دەرهێنانیان، ئەم کانزایانە دەخاتە بەر دەست. ئەوان خۆیان بەوە خەڵەتاندبوو کە لەوانەیە لە گەلێ شوێندا ڕەگی گەورە و زۆری ئەم کانزایانە هەبن وەک ئەوانەی قوڕقوشم یان مس یان قسدیر یان ئاسن کە زۆر جاران دەدۆزرێنەوە. خەونەکەی سێر والتەر رالی بە شارێکی زێڕین و ولاتی ئێلدۆرادۆوە، لەوانەیە قایلمان بکا بەوەی تەنانەت پیاوانی داناش دوور نین لەم جۆرە وڕێنە سەیرانە. دوای زیاتر لە سەد ساڵ پاش مردنی ئەو پیاوە مەزنە، گومیلای عیسایی هێشتا بڕوای وا بوو کە ئەو ولاتە نایابە ڕاستە و، زۆر بە گەرمی ئەوەی دەربڕی و، دەوێرم ڕاستگۆیانە بڵێم، ئەو چەند خۆشحاڵ دەبێ تیشکی ڕووناکیی ئینجیل بەو خەڵکە بگەیەنێ کە لەوانەیە زۆر بەباشی پاداشتی ماندووبوونی نێردە تەبشیریەکەیان بکەن.

لەو ولاتانەدا کە ئیسپانیاییەکان یەکەم جار دۆزییانیانەوە، ئێستا هیچ کانێکی ناسراوی زێڕ یان زیو نییە کە شایانی بەگەڕخستن بێ. بڕی ئەو کانزایانە کە دەگوترێ سەرکێشە یەکەمەکان لەوێ دۆزیویانەتەوە لەوانەیە زێدەڕۆیی زۆری تێدا کرابێ، هاوشێوەی بەپیتیی ئەو کانانەی کە ڕاستەوخۆ دوای دۆزینەوەیان پەکیان کەوت. بەلام، ئەوەی ئەو سەرکێشانە باسی دۆزینەوەیان کردبوو، بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە چەخماخەی گڕسەندنی تەماحی گشت هاوولاتییانیان. هەموو ئیسپانیاییەک کە بەرەو ئەمەریکا سواری کەشتی دەبوو چاوەڕێی دەکرد ئێلدۆرادۆیەک بدۆزێتەوە. بەختیش لێرەدا ڕۆڵێکی گێڕا کە لە هەلی زۆر کەمی تردا گێڕاویەتی. ئەو بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی نواند لە هەندێ هیوای لایەنگرانیدا و، لە دۆزینەوە و دەستبەسەرداگرتنی مەکسیک و پیرۆ (کە یەکێکیان دوای ٣٠ ساڵ و ئەوەی تر دوای ٤٠ ساڵ لە یەکەمین هەڵمەتی کۆلۆمبەس ڕووی دا)، ئەو شتێکی خستە بەر دەستیان کە زۆر جیاواز نەبوو لەو کانزا بەهادارە زۆرەی بەدوایدا دەگەڕان.

بەو شێوەیە، پڕۆژەیەکی بازرگانی بەرەو هیندی ڕۆژهەلات، هەلی یەکەمین دۆزینەوەی هیندی ڕۆژئاوای ڕەخساند. پڕۆژەیەکی داگیرکاریش هەلی دامەزرانی ئیسپانیاییەکانی لەو ولاتە تازە دۆزراوانەدا ڕەخساند. ئەو پاڵنەرەی هانیانی دا بۆ ئەو داگیرکارییە پڕۆژەیەکی کانی زێڕ و زیو بوو و، ڕێککەوتێک کە دانایی هیچ مرۆڤێک پێشبینیی نەدەکرد، ئەو پڕۆژەیەی گۆڕی بۆ یەکێکی زۆر سەرکەوتووتر لەوەی خاوەنەکانی پێشبینییان دەکرد.

یەکەمین سەرکێشەکانی هەموو گەلانی ئەورووپا کە هەوڵی نیشتەجێبوونیان لە ئەمەریکا دەدا، بەهۆی هەمان بینینگەلی وەهمیەوە لاسایی کرانەوە، بەلام وەک یەک سەرکەوتوو نەبوون. سەد ساڵ بەسەر یەکەمین نیشتەجێبوون لە برازیلدا تێپەڕی پێش ئەوەی هیچ کانێکی زیو، زێڕ، یان ئەڵماس لەوێ بدۆزرێتەوە. تا ئێستاش هیچ یەکێک لە کۆلۆنییەکانی

ئینگلیـز، فرانســەیی، هۆلانـدی و، دانمـارکی نەدۆزراوەتەوە، بەلای کەمەوە هـیچ یەکێـک نەدۆزراوەتەوە کە ئێستا شایانی ئەوە بێ ئیشی تێدا بکرێ. یەکەمین نیشتەجێ ئینگلیزەکان لە ئەمەریکـای بـاکوردا، پێشـنیازیان کـرد پێنجیەکـی هەمـو ئەو زێـڕ و زیـوەی لەوێ دەیـدۆزنەوە بە پاشـا بـدەن، وەک هانـدەرێک بـۆ ئەوەی ئەو مـۆڵەتەی پـێ وەرگـرن. لەو مۆڵەتـانەی بـۆ سـێر والـتەر رالـی، بـۆ کۆمپانیاکـانی لەنـدەن و پلایمـۆت، بـۆ ئەنجـومەنی پلایمۆت، هتد ئەم پێنجیەکە بۆ تاج پارێزراوە. ئەو نیشتەجێ یەکەمانە بەهیوای دۆزینەوەی کـانی زێـڕ و زیـو، چـوونە پـاڵ دۆزیـنەوەی ڕێڕەوێکـی بـاکوری ڕۆژئـاوا بەرەو هینـدی ڕۆژهەلات. بەلام لەوێش لە هەردوو ڕووەوە هەر تووشی نائومێدی بوون.

کەرتی دووەم

هۆکارەکانی گەشەی کۆلۆنییە نوێیەکان

کۆلۆنیی گەلێکی شارستانی کە دەست دەگرێ بەسـەر ولاتێکی چۆلدا، یان ولاتێک کە دانیشتووانی کەم بن و خەڵکە ڕەسـەنەکەی بەئاسـانی جێی نیشـتەجێ نوێیەکان بکەنەوە، خێراتر لە کۆمەڵگەکانی تری مرۆڤ بەرەو دەوڵەمەندی و مەزنایەتی هەنگاو دەنێ.

کۆلۆنیسـتەکان لەگەڵ خۆیاندا زانسـتێکی کشـتوکاڵ و ژمـارەیەک هـونەری تـری بـالای بەسوودیان برد، کە ئەگەر لەخۆیانەوە لەنێو گەلانی کێویدا گەشە بکەن پێویستیان بە چەند سـەدەیەک دەبـێ. هەروەهـا لەگەڵ خۆیانـدا نەریتـی ڕیزبەنـدیی سـەر و پاشـکۆ، هەنـدێ بیرۆکەی حکوومەتە ڕێکخراوەکانی ولاتـانی خۆیـان، سیسـتمی ئەو یاسـایانەی پشـتیوانیی دەکەن و، کـارگێڕییەکی ڕێکخـراوی دادوەرییـان لەگەڵ خۆیانـدا بـرد و، بەشـێوەیەکی سروشـتی شـتێکی هاوشـێوەیان لە نشـینگە نوێیەکەیانـدا دامەزرانـد. لە کاتێکـدا کە پێشـڤەچوونی سروشـتیی یاسـا و حکـوومەت لای گەلانـی کێویـدا هێشـتا خـاوترە لە پێشڤەچوونی هونەر و پیشەکان. دوای ئەوەی یاسا و حکوومەت بەو شێوەیە دامەزران کە پێویستە بۆ پاراستنیان. هەموو کۆلۆنیستێک ئەوەندە زەویی وەرگرت کە زیاتر بێ لەوەی ئەگەری چاندنی لەلایەن ئەوەوە هەبێ. ئەو کرێی نەبوو و، بەدەگمەن هیچ باجێک هەبوو بیدا. هیچ خاوەن مولکێک لە بەرهەمەکەدا هاوبەشیی ناکا و، پشـکی سـەروەریش بەگشتی شـایانی بـاس نییە. ئەو هەمـوو پـاڵنەرێکی هەیە بـۆ ئەوەی زۆرتـرین بەرهەمـی هەبێ، کە نزیکەی هەمووی بۆ خۆیەتی. بەلام بەگشتی زەوییەکەی زۆر فرەوانترە لەوەی کە ئەو بە هەموو پیشەسازیی خۆیەوە و، بە هەموو پیشەسازیی ئەو خەڵکەوە کە دەتوانێ بەگەڕیان بخا، بەدەگمەن دەتوانێ دەیەکی ئەو بەرهەمەی هەبێ کە لە توانای زەوییەکەدایە. بۆیە ئەو بەپەرۆشـە بـۆ ئەوەی لە هەمـوو قـوژبنێکەوە کـارگەر پەیـدا بکـا و، تێروتەسـەلترین هەقدەسـتیان بـداتێ. بەلام ئەو هەقدەسـتە زۆرانە، شانبەشـانی زۆری و هەرزانیـی زەوی،

زوو وایان دەکرد ئەو کارگەرانە بەجێی بهێڵن بۆ ئەوەی خۆیان ببن بەخاوەن موڵک و، ئەوانیش هەقدەستی زۆر بە کارگەرانی تر بدەن، کە ئەوانیش زووبەزوو لەبەر هەمان هۆ بەجێیان دەهێڵن. هەقدەستی زۆری کار دەبێتە هاندەر بۆ هاوژینگیری. منداڵەکان لە کاتی کۆرپەییدا خۆراکی باشیان دەبێ و باش چاودێری دەکرێن و، کە گەورە دەبن، بەهای کارەکەیان زۆر زیاترە لەوەی کە دەیانژیێنێ. لە قۆناخی پێگەیشتندا، نرخی بەرزی کار و، نرخی نزمی زەوی، یارمەتییان دەدا بە هەمان شێوەی پێشووی باوکانیان خۆیان دامەزرێنن.

لە وڵاتانی تردا، کرێ و قازانج هەقدەست دەخۆن و، دوو پلەی بەرزتری خەڵک سەری پلەکەی خوارەوە دەکوتنەوە. بەڵام لە کۆلۆنییە نوێیەکاندا بەرژەوەندی ئەو دوو پلە بەرزترە ناچاریان دەکا بە جوامێری و مرۆڤینی مامەڵە لەگەڵ ئەوەی خوارەوەدا بکەن، هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی کە ئەوەی خوارەوە کۆیلە نییە. زەویی بۆڕی بەسروشت زۆر بەپیت زۆر هەرزانە. زیادبوونی داهات کە خاوەن زەوییەکە، کە بەردەوام خۆی خاوەنی ئیشەکەشە، لە چاککردنیان چاوەڕوانی دەکا قازانجی ئەو لەخۆ دەگرێ و، لەو هەلومەرجەدا بەگشتی گەلێ زۆرە. بەڵام ئەو قازانجە زۆرە بەبێ بەگەڕخستنی کاری خەڵکی تر لە پاککردنەوە و کشتوکاڵکردنی زەوییەکەدا نایەتە دەست و، ناهاوڕێژەیی نێوان فرەوانیی زۆری زەوی و ژمارەی کەمی خەڵک، کە بەسەر کۆلۆنییە نوێیەکاندا زاڵە، بەدەستهێنانی ئەو کارە بۆ ئەو سەخت دەکا. لەبەر ئەوە، لەسەر هەقدەست قسە ناکا و پێشوازی لە بەگەڕخستنی کار بە هەر نرخێک دەکا. هەقدەستی زۆری کار هانی زیادبوونی دانیشتووان دەدا. هەرزانی و زۆریی زەویی باش هانی چاککردنیان دەدا و یارمەتی خاوەن زەوی دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو هەقدەستە زۆرانە بدا. ئەو هەقدەستانە تەواوی نرخی زەوییەکە لەخۆ دەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەقدەستی کار دادەنرێن، ئەوان وەک نرخ بۆ شتێکی زۆر بەهادار بە کەم دادەنرێن. ئەوەی هانی زیادبوون و پێشکەوتنی دانیشتووان بدا هانی زیادبوون و پێشکەوتنی سامانی ڕاستەقینە و گەورەیی ئەو سامانە دەدا.

پێشڤەچوونی گەلێ کۆلۆنیی کۆنی گریک بەرەو سامان و گەورەیی، بەم پێیە، لەوە دەچێ زۆر خێرا بووبێ. لە ماوەی یەک یان دوو سەدەدا زۆر لەوان کەوتنە ململانێ، بگرە تەنانەت باڵادەستی بەسەر شارە دایکەکانیاندا. سیراکوز و ئەگریجێنتەم لە سیسیلیا، تارێنتەم و بۆکری لە ئیتالیا، ئیفیسەس و میلیتەس لە ئاسیای بچووک، بەهەموو پێوەرێک وا دەردەکەون کە هەر هیچ نەبێ یەکسانن بە هەر شارێکی کۆنی گریک. ئەگەرچی لە دامەزراندنا لەپێشترن، بەڵام لەڕووی هەموو هونەرەکان، فەلسەفە، شیعر و، ڕەوانبێژی وا دەردەکەوێ کە وەک هەر شوێنێکی تری وڵاتی دایک لەمێژ بێ دامەزرابن و پێش کەوتبن.

قوتابخانەکانی دوو کۆنترین فەیلەسوفی گریک، تالیس و فیتاگۆرس، لە گریکی کۆن دانەمەزراون، بەڵکو یەکێکیان لە کۆلۆنییەکی ئاسیایی و ئەوەی تریان لە یەکێکی ئیتالیاییدا دامەزرا. هەموو ئەم کۆلۆنییانە لە وڵاتانێک دامەزران کە دانیشتووانیان کێوی بوون و، بەئاسانی جێیان بۆ نیشتەجێی نوێ کردەوە. ئەوان زەویی باشیان زۆر بوو و، لەبەر ئەوەی بەتەواوی لە شاری دایک جیا و سەربەخۆ بوون، لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و بڕیاردان لەسەر ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندیاندا گونجاوە ئازاد بوون.

مێژووی کۆلۆنییەکانی رۆمان بەهیچ شێوەیەک زۆر گەش نەبوو. لەڕاستیدا هەندێکیان، وەک فلۆرانس، لە ماوەی چەند نەوەیەکدا و، دوای ڕووخانی شاری دایک، گەشەیان کرد و بوونە دەوڵەتی گەورە. بەڵام لەوە ناچێ پێشکەوتنی هیچ یەکێکیان زۆر خێرا بووبێ. ئەوان هەموویان لەسەر خاکی داگیرکراو دامەزران، کە لە زۆربەی دۆخەکاندا، پێشتر پڕ لە دانیشتووان بوون. ئەو زەوییەی بە هەر کۆلۆنیستێک دەدرا کەم جاران زۆر بوو و، کۆلۆنییەکە سەربەخۆ نەبوو، ئەوان ئازادیی بەردەوامیان نەبوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و بەو شێوەیەی بە بەرژەوەندی خۆیانی دەزانن.

لەڕووی زۆریی زەویی باشەوە، کۆلۆنییە ئەوروپاییەکانی کە لە ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا دامەزران لەوانەی یۆنانی کۆن دەچن و، بگرە بەڕادەیەکی زۆر تێیان دەپەڕێنن. لە وابەستەبوون بە دەوڵەتی دایکەوە، لەوانەی رۆمای کۆن دەچن، بەڵام دووریی زۆریان لە ئەوروپا کاریگەریی ئەو وابەستەبوونەی کەم یان زۆر سووک کردەوە. هەڵکەوتەی ئەوان کەمتر خستیانیە ژێر چاو و کەمتر خستیانیە ژێر دەسەڵاتی وڵاتی دایکەوە. لە بەدواداچوونی بەرژەوەندی خۆیان بەو شێوەیەی خۆیان هەڵی دەبژێرن، لە زۆربەی بۆنەکاندا هەڵسوکەتیان چاوپۆشیی لێ دەکرا، یان لەبەر ئاگالێنەبوون یان لەبەر تێنەگەیشتنی ئەوروپا لێیان. هەروەها لە هەندێ جاراندا دووریی ماوەی نێوانیان ڕێگر بوو لەوەی بەری لێ بگیرێ. تەنانەت حکوومەتی دڕ و توندی ئیسپانیا لە چەندان بۆنەدا، لە ترسی سەرهەڵدانی گشتی، ناچار بوو بەو فەرمانانەیدا کە بە حکوومەتی کۆلۆنییەکانی خۆی دابوو، بچێتەوە یان سووکیان بکاتەوە. پێشکەوتنی گشت کۆلۆنییەکانی ئەوروپاییەکان لە سامان، دانیشتووان و، پێشکەوتندا، بەم پێیە گەلێ زۆر بوو.

تاجی ئیسپانیا لەڕێی ئەو پشکەی لە زێڕ و زیو هەیبوو، هەر لە کاتی دامەزراندنیانەوە، داهاتێکی لە کۆلۆنییەکانی خۆی بەدەست دەهێنا. ئەو داهاتەش سروشتەکەی وا بوو کە سەرنجی چاوچنۆکیی مرۆڤ بەکێش بکا و وای لێ بکا چاوەڕوانی لەوە زیاتر بێ. لەبەر ئەوە کۆلۆنییە ئیسپانیاییەکان، هەر لە ساتی دامەزراندنیانەوە، سەرنجێکی زۆری وڵاتی دایکیان بۆ خۆیان بەکێش کرد، لەکاتێکدا ئەوانەی گەلانی تری ئەوروپایی بۆ ماوەی زۆر و بەڕادەی زۆر تووشی پشتگوێخستن هاتن. لەوانەیە ئەوانەی یەکەم لە ئاکامی ئەم

گرینگیپێــدانه بــوو که زۆر باشــتر گەشــەیان نەکــرد، ئەوانەی دوایــیش بەهــۆی ئەو پشتگوێخســتنەوە کەمتــر گەشــەیان نەکــرد. هــاوڕێژە لەگەڵ فرەوانیــی ئەو وڵاتەی کە بەشـێوەیەک لە شـێوەکان بەدەسـتیانەوە بـوو، کۆلـۆنییە ئیسـپانیاییەکان دانیشـتووان و گەشـەکردنیان کەمتـرە لە نـزیکەی هەمـوو ئەوانەی گەلانـی تـری ئەورووپـایی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پێشـڤەچوونی کۆلۆنییەکـانی ئیسـپانیا لەڕووی دانیشـتووان و پێشـکەوتنەوە زۆر خێرا و زۆر مەزن بوو. ئۆلوا دەڵێ شاری لیما کە لەگەڵ داگیرکردنەکەدا دامەزرا، پێش ۳۰ ساڵ ژمارەی دانیشتووانی ٥٠ هەزار بووە. کویتۆ، کە تەنیا گوندێکی بچووکی هیندیان بوو، هەمان نووسەر دەڵێ کە لە سەردەمی ئەودا هەمان ژمارەی دانیشتووانی هەبووە. گیمیلی کاریری، کە وەک دەڵێن خۆی بەگەڕیدە پێشان داوە، بەڵام لەسەر هەموو شوێنێک زانیاریی زۆر باشی نووسیوە، دەڵێ ژمارەی دانیشتووانی شاری مەکسیکۆ ۱۰۰ هەزارە، کە ژمارەیەکە سەربارى زێدەڕۆیی نووسەرانی ئیسپانیا، لەوانەیە پێنج هێندەی ژمارەی دانیشتووانی بێ لە سەردەمی مۆنتیزوما. ئەم ژمارانە زۆر زیاترن لە ژمارەی دانیشتووانی بۆستن، نیویۆرک و، فێلادلفیا، کە سێ گەورەترین شارن لە کۆلۆنییەکانی ئینگلیز. پێش داگیرکاری لەلایەن ئیسپانیاوە نە لە مەکسیک و نە لە پیرۆ ماڵاتی گونجاو بۆ ڕاکێشانی بار نەبوو. تەنیا ئاژەڵێک کە باریان پێ دەبرد لاما بوو و، ئەویش لەو ڕووەوە زۆر لە کەری ئاسایی لاوازتر بوو. گاسن لای ئەوان نەناسراو بوو. نەیاندەزانی ئاسن بەکار بێنن. هیچ دراوێکیان نەبوو و، هیچ ئامرازێکی دامەزراویان بۆ بازرگانی نەبوو. بازرگانیی ئەوان لەڕێی ئاڵوگۆڕکردنەوە بەڕێوە دەچوو. ئامێری بنەڕەتیی کشتوکاڵیان جۆرە خاکەنازێکی دارین بوو. بەردی تیژیان وەک چەقۆ و تەور بەکار دەهێنا، ئێسکی ماسی و ئێسکی باریک و ڕەقی ئاژەڵی تریان وەک دەرزی بەکار دەهێنا و دروومانیان پێیان دەکرد و، لەوە دەچێ ئەمـانە کەرەسـتەی بنەڕەتیی بازرگانییـان بـووبن. لەو جـۆرە هەلـومەرجەدا، لەوە دەچـێ مەحاڵ بێ هیچ یەکێک لەو ئیمپراتۆریایانە وەکو ئێستا پێشکەوتوو یان کشتوکاڵکراو بن، کە ئێستا هەموو جۆرە ماڵاتێکی ئەورووپاییان بۆ دەستەبەر کراوە و، ئاسن بەکار دێنن و، گاسـنیان هەیە و، گەلـێ پیشــەی ئەورووپاییــان پــێ گەیەنــراوە. بەڵام زۆریــی ژمــارەی دانیشتووانی هەر وڵاتێک پێویستە هاوڕێژە بێ لەگەڵ ئاستی پێشکەوتن و کشتوکاڵی ئەو وڵاتەدا. ســەرباری لەنــاوبردنی وەحشــییانەی دانیشــتووانی ڕەســەنیان، کە دوابەدوای داگیرکارییەکە هـات، لەوانەیە ئەو دوو ئیمپراتۆریـا مەزنە ئێسـتا دانیشـتووانیان لە هەمـوو کـاتێکی تـر زۆرتـر بـێ و، بێگومـان خەڵکەکە زۆر جیـاوازن. مـن پـێم وایە کە دەبـێ ددان بەوەدا بنرێ کە ئێستا کریۆلە (creoles = خەڵکی دووڕەگی ئەورووپایی و ڕەشپێست- وەرگێڕ) ئیسپانیاییەکان زۆرترن لە گەلێ ڕووەوە لە هیندیە کۆنەکان.

دوای نشـینگەکانی ئیسـپانیاییەکان، دانیشـتووانی ئەوانەی پۆرتوگالییەکـان لە برازیـل کـۆنترین گەلانـی ئەوروپـایین لە ئەمەریکـا. بەڵام کە مـاوەیەکی زۆر دوای یەکەمـین دۆزینەوەیان نە کانی زێڕ و نە کانی زیو لەوێ نەدۆزرانەوە و، کە بەو پێیە داهاتی کەم بۆ تـاج دەگەڕایەوە یـان هیچی بـۆ نەدەگەڕایەوە، بـۆ مـاوەیەکی زۆر پشـتگوێ خـران و، لەو مـاوەی پشتگوێخسـتنەدا گەشـەیان کـرد و بـوونە کۆلـۆنیی مەزن و بەهێـز. کاتێـک کە پۆرتوگـال لەژێـر دەسـەڵاتی ئیسـپانیا بـوو، برازیـل کەوتە بەر هێرشـی هۆڵانـدەییەکان، کە حەوت لەو چواردە ناوچەیەی برازیلیان بەسەردا دابەش کراون کەوتنە دەسـتیانەوە. ئەوان پێشـبینییان دەکـرد کە زۆری پێ نەچێ حەوتەکەی تـریش بـخەنە ژێـر ڕکێفی خۆیـانەوە، کاتێک کە پۆرتوگـال بەگەیشـتنی بنەمـاڵەی براگـانزا بە کورسـیی حـوکمڕانی سـەربەخۆیی خـۆی بەدەسـت هێنـایەوە. هۆڵانـدەییەکان، وەک دوژمنـی ئیسـپانیاییەکان، بـوونە دۆسـتی پۆرتوگالییەکـان کە ئەوانـیش دوژمنـی ئیسـپانیاییەکان بـوون. لەبەر ئەوە ڕێککەوتـن ئەو بەشەی برازیل، کە داگیریان نەکردبوو، بۆ پاشای پۆرتوگال بەجێ بێڵن، کە قایل بـوو ئەو بەشـەی داگیریـان کـردووە بـۆ ئەوان بەجـێ بێڵـێ، وەک بابەتێـک کە شـایانی نـاکۆکی نەبـێ لەنێوان دوو هاوپەیمانی وا باشدا. زۆری نەبرد حکوومەتی هۆڵاند کەوتە سـەرکوتینەوەی کۆلۆنیستە پۆرتوگالییەکان، کە لەجیاتی ئەوەی خۆیان سەقاڵی گازاندەکردن بکەن، چەکیان لە دژی سـەروەرانی نوێیـان هەڵگرت و، بەئـازایەتی و بڕیـاری خۆیـان و، بە دەسـتێکەڵیی، بێگومان ژێربەژێری، وڵاتی دایکەوە، ئەوانیان لە برازیل دەرکرد. بۆیە، هۆڵاندەییەکان، کە بۆیان دەرکەوت مەحاڵە هیچ بەشێکی وڵاتەکە بـۆ خـۆیـان گل بـدەنەوە، قایل بـوون بەوەی بەتەواوی بـۆ تـاجی پۆرتوگـالی بگەڕێننەوە. دەڵـێن کە لەم کۆلـۆنییەدا ٦٠٠ هەزار کەس هەبوون، چ پۆرتوگالی یان لە نەوەی پۆرتوگالییەکان، کریۆل، مەلاتۆز (خەڵکێکی دووڕەگی سپی و ڕەش، بەتایبەتی ئەوانەی یەکێک لە دایک و باوکیان سپییە و ئەوەی تریـان ڕەشـە) و، ڕەگەزێکـی تـێکەڵەی پۆرتوگـالی و برازیلـی. هـیچ کۆلـۆنییەک لە ئەمەریکـا نیـیە کە چاوەڕوان بکرێ ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەی وەچەی ئەوروپاییەکان بن.

لە بەرەبەری کۆتایی سەدەی پازدە و لە بەشی زۆری شـازدەدا، ئیسپانیا و پۆرتوگـال دوو هێزە دەریاییە مەزنەکەی ئۆقیانووس بوون، بازرگانیی ڤینیسیاش بۆیە بەرەو هەمـوو بەشـێکی ئەوروپـا پەلـی هاویشـت چـونکە کەشـتییەکانی بەدەگـمەن لە دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت بەولاوە دەڕۆیشـتن. ئیسـپانیاییەکان لەبەرامـبەر چـاکەی یەکەمـین دۆزینـەوە، داوای هەموو ئەمەریکایان بۆ خۆیان کرد، بەڵام نەیانتوانی ڕێ لە هێزێکی دەریـایی مەزنـی وەک ئەوەی پۆرتوگال بگرن و نەهێڵن لە برازیل بگیرسێتەوە، کە لەو کـاتەدا تەنیـا ناویـان بەس بوو بۆ ئەوەی زۆربەی گەلانی تری ئەوروپا نەوێرن لە هیچ شوێنێکی ئەو پارزەوینە گەورەیەدا جێگیر بـبن. فڕانسـەییەکان، کە هەوڵیـان دا لە فلۆریـدا جێگیـر بـبن، هەموویـان

لەلایەن ئیسپانیاییەکانەوە کوژران. بەڵام لاوازبوونی هێزی دەریایی ئەم گەلەی دوایی، دوای شکستخواردن یان لەبارچوونی ئەوەی پێیان دەگوت ئەرمادای نەبەز، لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەدا، توانای ڕێگرییان لە نیشتەجێبوونی گەلانی تری ئەورووپا نەما. لەبەر ئەوە لە ماوەی سەدەی هەڤدەدا، ئینگلیز، فرانسەیی، هۆڵاندەیی، دانمارکی و سویدی، کە هەموویان گەلی مەزن بوون و بەندەریان لەسەر ئۆقیانووس نەبوو، هەوڵیان دا هەندێ نشینگەیان لە دنیای نوێدا هەبێ.

سویدییەکان خۆیان لە نیوجێرسی جێگیر کرد و، ژمارەی ئەو خێزانە سویدییانەی ئێستاش لەوێ دەبینرێن ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم کۆلۆنییە ئەگەر وڵاتی دایک پارێزگاریی بکردایە، گەشەی دەکرد. بەڵام کە لەلایەن سویدەوە پشتگوێ خرا، زۆری پێ نەچوو لەلایەن کۆلۆنیی نیویۆرکی سەر بە هۆڵاندەوە قووت درا و، دوایی لەساڵی ١٦٧٤دا کەوتە ژێر دەستی ئینگلیزەکانەوە.

دوورگە بچووکەکانی سانت تۆماس و سانتا کروز تەنیا ناوچەی دنیای نوێن کە بەدەستی دانمارکییەکانەوە بوون. ئەم نشینگە بچووکانەش، حکوومەتی کۆمپانیایەکی قۆرخکار بەڕێوەی دەبردن، کە تەنیا خۆی مافی کڕینی بەرهەمی زیادی کۆلۆنیستەکان و، خستنەڕووی کالاکانی وڵاتانی تری هەبوو، کە ئەوان دەیانویست و، بەوەش لە هەردوو کڕین و فرۆشتنەکانیاندا، نەک تەنیا دەسەڵاتی سەرکوتینەوە، بەڵکو دنەدەری زۆریان بۆ ئەوە هەبوو. حکوومەتی کۆمپانیای قۆرخکار، لەوانەیە خراپترینی هەموو جۆرە حکوومەتێک بێ لە هەر وڵاتێکدا. بەڵام نەیتوانی پێشڤەچوونی ئەو کۆلۆنییانە بەتەواوی ڕاگرێ، ئەگەرچی خاو و لاوازی کردبوو. دوایین پاشای دانمارک ئەو کۆمپانیایەی هەڵوەشاندەوە و، لەو کاتەوە ئەو کۆلۆنییانە گەشەی زۆریان کرد.

نشینگەکانی هۆڵاندەییەکان لە هیندی ڕۆژئاوادا، هاوشێوەی ئەوانەی هیندی ڕۆژهەڵات، لە بنەڕەتدا خرانە ژێر حوکمی کۆمپانیایەکی قۆرخکار. بۆیە پێشڤەچوونی هەندێکیان، ئەگەرچی زۆر بوو بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نزیکەی هەر وڵاتێکی تر کە دەمێک بوو ئاوەدان و دامەزراو بوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی کۆلۆنییە نوێیەکان سست و لاواز بوو. کۆلۆنیی سورینام، ئەگەرچی زۆر گەورەیە بەڵام تاکو ئێستا ئاستی لە خوارەوەی ئاستی زۆربەی کۆلۆنییەکانی شەکری گەلانی تری ئەورووپاوەیە. کۆلۆنیی نۆڤا بێلجیا (نیدەرلاندی نوێ)، کە ئێستا دابەش بووەتە سەر دوو پارێزگەی نیویۆرک و نیوجێرسی، هەرچەندە لە ژێر سایەی حکوومەتی هۆڵاند مایەوە، لەوانەیە زۆر گەورە ببێ. زۆری و هەرزانیی زەویی باش دوو هۆکاری بەهێزن بۆ گەشەکردن، کە خراپترین حکوومەتیش بەدەگمەن دەتوانێ تەواوی کاریگەرییان بخاتە ژێر ڕکێفەوە. هەروەها دووریی زۆر لە وڵاتی دایک یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی کۆلۆنیستەکان بتوانن، کەم و زۆر،

لەڕێی قاچاخەوە، خۆیان لەو قۆرخکارییە بدزنەوە کە بەسەریاندا سەپێنرابوو. ئێستا کۆمپانیاکە ڕێگە بە هەموو کەشتییەکانی هۆلاند دەدا بازرگانی لەگەڵ سورینام ئەنجام بدەن و بەرامبەر لەسەدا دوو و نیوی بەهای بارەکانیان مۆڵەتیان پێ دەدرێ و، کۆمپانیاکە تەنیا قۆرخکاریی تەواوی بازرگانیی نێوان ئەفریقا و ئەمەریکای بۆ خۆی هێشتووەتەوە، کە نزیکەی هەمووی بریتییە لە بازرگانی بە کۆیلە. ئەم شلکردنی ئیمتیازە قۆرخکارییانە لەوانەیە هۆکاری سەرەکی بێ بۆ ئەو گەشەیەی ئێستا ئەو کۆلۆنییە بەخۆیەوە دەیبینێ. کوراسۆ و یوستاچیا، دوو دوورگەی سەرەکیی سەر بە هۆلاندن، بەندەری ئازاد و کراوەن بە ڕووی کەشتیی هەموو وڵاتاندا و، ئەم ئازادییە لە نێو کۆلۆنیگەلی باشتر کە بەندەرەکانیان بە ڕووی کەشتیی تەنیا یەک وڵاتدا کراوەن، هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ گەشەکردنی ئەم دوو دوورگە ڕووت و وشکە.

کۆلۆنیی فرانسەیی کەنەدا، لە بەشی زۆری سەدەی ڕابردوودا و، لە بەشێکی ئەم سەدەیەدا، لە سایەی حوکمڕانیی کۆمپانیایەکی قۆرخکاردا بوو. لەسایەی کارگێڕییەکی وەها ناجۆردا پێشڤەچوونی زۆر سست بوو بەبەراورد لەگەڵ کۆلۆنییە نوێیەکاندا، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی کۆمپانیاکە بەڕووخانی ئەوەی بە پلانی میسیسیپی ناسرابوو، پێشڤەچوونەکە خێرا بوو. کاتێک کە ئەو وڵاتە کەوتە دەستی ئینگلیزەوە، بۆیان دەرکەوت ژمارەی دانیشتووانەکەی دوو هێندەی ئەوەیە کە باوە شارلیڤوا پێش بیست سی ساڵێک باسی کردبوو. ئەو عیسایییە بەهەموو وڵاتەکەدا گەڕابوو و، هیچ بەرژەوەندیەکی نەبوو لەوەی ژمارەکە کەمتر پێشان بدا.

کۆلۆنیی فرانسەیی سانت دۆمینگۆ لەلایەن چەتە دەریایی و لەیاسا دەرچووەکانەوە دامەزرا، کە بۆ ماوەیەکی زۆر پێویستیان بە بەرگریی فرانسە نەبوو و دانیان بە دەسەڵاتەکەشیدا نەنا، کاتێکیش کە دز و ڕێگرەکانی باندیتی بوونە هاووڵاتی و ددانیان بەو دەسەڵاتەدا نا، پێویست بوو بۆ ماوەیەکی زۆر بە نەرمییەکی زۆرەوە ئەو دەسەڵاتە پیادە بکرێ. لەو ماوەیەدا دانیشتووان و پێشکەوتنی ئەو کۆلۆنییە زۆر بەخێرایی زیاد بوون. تەنانەت ستەمی کۆمپانیا قۆرخکارەکە، کە ماوەیەک بەسەر ئەو و کۆلۆنییەکانی تری فرانسەدا سەپێنرا، ئەگەرچی بێگومان بووە مایەی دواکەوتنی، بەڵام نەیتوانی بەتەواوی پێشڤەچوونەکەی بوەستێنێ. هەر زوو دوای نەمانی سەرکووتینەوە لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە، گەشەی بۆ گەڕایەوە. ئەو کۆلۆنییە ئێستا گرینگترین کۆلۆنیی شەکرە لە هیندی ڕۆژئاوادا و، دەڵێن بەرهەمەکەی لە بەرهەمی گشت کۆلۆنییەکانی ئینگلیز بەیەکەوە زۆرترە. کۆلۆنییەکانی تری شەکری فرانسەش بەگشتی زۆر گەشەکردوون.

بەڵام هیچ کۆلۆنییەک پێشڤەچوونەکەی خێراتر نییە لەوەی کۆلۆنییەکانی ئینگلیز لە باکوری ئەمەریکا.

لەوە دەچێ، زەویی باشی زۆر و، ئازادی لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بە ئارەزووی خۆیان، دوو هۆکاری سەرەکیی گەشەی هەموو کۆلۆنییە نوێیەکان بن.

هەرچەندە بێگومان زەویی باشی کۆلۆنییە ئینگلیزییەکان لە باکوری ئەمەریکا هێندەی ئەوانەی ئیسپانیایی و پۆرتوگالییەکان زۆر نین و، لەوانەی کە پێش دوایین شەڕ بەدەستی فەرەنسییەکانەوە بوون باشتر نین، بەڵام دامەزراوە سیاسییەکانی ئینگلیز لەوانەی ئەو سێ گەلە گونجاوتر بوون بۆ پێشکەوتن و کشتوکاڵکردنی ئەو زەوییە.

یەکەم، دەستبەسەرداگرتنی زەویی کشتوکاڵنەکراو، هەرچەندە بەهیچ شێوەیەک بەتەواوی ڕێی لێ نەگیرابوو، لە کۆلۆنییەکانی ئینگلیزدا کۆت و بەندی زیاتری لەسەر هەبوو. یاسای کۆلۆنی هەموو خاوەن زەوییەکی ناچار دەکرد لە ماوەیەکی دیاریکراودا ڕێژەیەکی دیاریکراوی زەوییەکەی چاک بکا و کشتوکاڵی تێدا بکا، ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەو زەوییانە بە زەویی بێخاوەن لەقەڵەم دەدرێن و دەشێ بە هەر کەسێکی تر بدرێن. ئەمە هەرچەندە زۆر بەتوندی جێبەجێ نەکرا، بەڵام بایی خۆی کاریگەریی هەبوو.

دووەم، لە ویلایەتی پێنسلڤانیا، مافی کوڕەگەورە بوونی نییە و، زەوی وەک هەر زیندەماڵێک بەیەکسانی بەسەر منداڵانی خێزانەکەدا دابەش دەکرێ. تەنیا لە سێ پارێزگەی نیو ئینگلاند کوڕی گەورە، وەک ئەوەی لە یاسای مووسایدا هەیە، بەشەکەی دووبەرابەری منداڵەکانی تر بوو. بۆیە لەم پارێزگانەدا، لەوانەیە ئەو زەوییە زۆرەی یەک کەس دەستی بەسەریاندا گرتووە، لە ماوەی یەک یان دوو نەوەدا، دووبارە بەشێوەیەکی گونجاو دابەش بکرێتەوە. لەڕاستیدا، لە کۆلۆنییەکانی تری ئینگلیزدا، مافی کوڕەگەورە پیادە دەکرێ، بەهەمان شێوەی یاسای ئینگلتەرە. بەڵام لە هەموو کۆلۆنییەکانی ئینگلیزدا خاوەنداریی زەوی، کە هەمووی بەخۆڕایی بوو، گۆڕینی ئاسان بوو و، خاوەنی زەوی چۆنی بە بەرژەوەندی خۆی زانیبا بەزووترین کات زۆرترین بەشی خاوەندارییەکەی دەگۆڕی و تەنیا بەشێکی کەمی بۆ خۆی دەهێشتەوە. لە کۆلۆنییەکانی ئیسپانیا و پۆرتوگالدا، ئەوەی پێی دەگوترا مافی ماجۆرازۆ پیادە دەکرا کە مافی میراتگریی زەویی زۆری بەو کەسە دەدا کە ناسناوێکی شەرەفمەندایەتیی هەبوو. هەموو ئەو زەوییانە بۆ یەک کەس دەبوون و، ئەو کەسە مافی دەستکاریی خاوەنێتییانی نەبوو. کۆلۆنییەکانی فەرەنسە، لە میراتگریی زەویدا لەژێر کاریگەریی نەریتەکانی پاریسدا بوون، کە زیاتر لە یاسای ئینگلتەرە لە بەرژەوەندی منداڵە بچووکەکاندا بوو. بەڵام لە کۆلۆنییەکانی فەرەنسەدا، ئەگەر زەوییەک بە موڵکداریی خانەدانانە هی شاسوارێک یان ئەمەکدارێک بووایە و خاوەنداریی بگۆڕرایە ئەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مافی وەرگرتنەوەی هەبوو، چ لەلایەن میراتگرێکی پایەدارەکەوە یان میراتگری خێزانەکەیەوە. هەموو موڵکە گەورەکانی وڵاتیش

لەلایەن خانەدانانەوە خاوەنداری دەکران و، ئەمەش تەگەرە بوو بۆ گۆڕینی خاوەنداری. بەڵام لە کۆلۆنییەکی نوێدا، موڵکێکی گەورە لەوانەیە لەڕێی گۆڕینی خاوەندارییەوە، خێراتر لە میراتگری، دابەش بکرێ. زۆری و هەرزانیی زەویی باش، هۆکاری سەرەکین بۆ گەشەی خێرای کۆلۆنییە نوێیەکان. بەڵام دەستبەسەرداگرتنی زەوی، ئەم زۆری و هەرزانییە لەناو دەبا. هەروەها، دەستبەسەرداگرتنی زەوی گەورەترین کۆسپە لەبەردەم چاککردنی. بەڵام ئەو کارەی زەوی چاک دەکا و کشتوکاڵی دەکا بەهادارترین بەرهەم پێشکەشی کۆمەڵگە دەکا. بەرهەمی کار، لەم دۆخەدا، نەک تەنیا هەقدەستەکەی و قازانجی ئاسایی ئەو ماڵەی بەگەڕی دەخا دابین دەکا، بەڵکو کرێی زێیەکەشی کە کاری لەسەر دەکا، دابین دەکا. لەبەر ئەوە، کار لە کۆلۆنییەکانی ئینگلیز، کە لە چاککردن و کشتوکاڵکردنی زەویدا بەگەڕ خراوە، لەوانەیە بەرهەمێکی مەزنتر و بەهادارتر لەوەی ئەوانەی سێ نەتەوەکەی تر بەردەست بخا، کە بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەوە، کاریان کەمە و زۆر ڕووی لە بەگەڕخستنی ترە.

سێیەم، لەوە ناچێ کار لە کۆلۆنییەکانی ئینگلیز بەرهەمی زیاتر و بەهادارتری هەبێ، ئەگەر لەبەر سەپاندنی باجی گونجاو بەسەریاندا، بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمە نەبێتە هی خۆیان و، ئەوانیش ڕێژەیەکی زیاتری لێ گلدەنەوە و لە بەگەڕخستنی برێکی زیاتری کاردا بەکاری بێنن. کۆلۆنیستە ئینگلیزەکان تا ئێستا هەرگیز بەشدارییان لە بەرگریی وڵاتی دایکدا نەبووە، لە پشتیوانیی حکوومەتی مەدەنیشدا نەیانبووە. بەپێچەوانەوە، ئەوان خۆیان نزیکەی بەتەواوی لەسەر ئەرکی وڵاتی دایک بەرگرییان لێ دەکرێ. بەڵام خەرجیی گەلەکەشتی و سوپاکان لە هەموو ڕوویەکەوە زۆرترە لە خەرجیی حکوومەتی مەدەنی. خەرجیی حکوومەتە مەدەنییەکانی خۆیانیش بەردەوام زۆر ئاسایی بوون. ئەوان بەگشتی بریتی بوون لە مووچەی پارێزگار، دادوەر و، هەندێ فەرمانبەری تری پۆلیس و، خەرجیی هەندێ ئیشی گشتیی تری بەسوود. خەرجیی دامەزراوەی مەدەنیی کەنداوی ماساشوسێتس، پێش بشێوییەکانی ئێستا، لە ساڵێکدا تەنیا ١٨ هەزار پاوەن بوو. ئەوەی هەر یەکێک لە نیوهامشایەر و ڕۆدئایلاند تەنیا ٣٥٠٠ پاوەن بوو، ئەوەی کنتاکی ٤٠٠٠ پاوەن بوو، ئەوەی هەریەک لە نیویۆرک و پێنسلڤانیا ٤٥٠٠ پاوەن بوو، نیوجێرسی ١٢٠٠ پاوەن، هەر یەکێک لە ڤیرجینیا و کارۆلاینا ٨٠٠٠ پاوەن بوو. بەشێکی دامەزراوەی مەدەنیی نۆڤا سکۆچیا و جۆرجیا بە بەخشیشێکی ساڵانە لەلایەن پەرلەمانەوە پشتیوانی دەکران. بەڵام سەرباری ئەوە، نۆڤا سکۆچیا ساڵانە نزیکەی ٧٠٠٠ پاوەنی بە خەرجیی گشتیی کۆلۆنییەکە دەدا و، جۆرجیا ساڵانە نزیکەی ٢٥٠٠ی بۆ ئەو مەبەستە دەدا. بەکورتی، هەموو دامەزراوە مەدەنییە جۆراوجۆرەکان لە باکوری ئەمەریکا، جگە لە مێریلاند و کارۆلاینای باکور، کە تۆمارێکی وردیان لێ وەرنەگیراوە، پێش بشێوییەکانی

ئێستا، ساڵانە زیاتر لە ٦٤٧٠٠ پاوەنیان لە دانیشتووان نەسەندووە، ئەمەش نموونەیەکی هەرگیز لەیادنەچووە بۆ کەمیی خەرجیی سێ ملیۆن کەس کە تەنیا حوکمڕانی ناکرێن بەڵکو حوکمڕانییەکی باش دەکرێن. لەڕاستیدا، گرینگترین بەشی خەرجیی حکوومەت، کە بەرگری و پاراستنە، بەردەوام لەسەر وڵاتی دایک بووە. ئەو ئاهەنگانەشی حکوومەتی مەدەنی لە کۆلۆنییەکان دەیانگێڕا، بۆ پێشوازی لە حاکمی نوێ، کردنەوەی ئەنجومەنی نوێ، هتد، هەرچەندە تەواو گونجاو بوون، دوور بوون لە هەر خەرجییەکی گرانبایی بۆ خۆدەرخستن. کارگێڕیی کڵێساش بەهەمان شێوە دەستگیراوە بوو. دەیەک بوونی نەبوو، هەروەها پیاوە ئاینیەکانیان ژمارەیان زۆر نەبوو و، یان بە مووچەی گونجاو دەژیان یان بە بەشداریی خۆبەخشانەی خەڵک. دەسەڵاتی ئیسپانیا و پۆرتوگاڵ، بەپێچەوانەی ئەوەوە، هەندێ پشتیوانییان لە باجی سەر کۆلۆنییەکانیان بەدەست دەهێنا. فرانسە، هەرگیز داهاتێکی زۆری لە کۆلۆنییەکانی بەدەست نەهێنا، ئەو باجانەشی لەوانی دەسەند بەگشتی بۆ خۆیانی خەرج دەکرد. بەڵام حکوومەتی کۆلۆنیی هەرسێ ئەم وڵاتانە، خەرجیی زۆری ئاهەنگێڕانی هەبوو. بۆ نموونە ئەو پارەیەی بۆ پێشوازی لە والیی نوێی پیرۆ خەرج دەکرا، زۆربەی جاران لەژماردننەهاتوو بوو. ئەم ئاهەنگانە تەنیا باجی ڕاستەقینە نەبوون کە کۆلۆنیستە دەوڵەمەندەکان لەو بۆنانەدا دەیاندا، بەڵکو بوونە مایەی بڵاوکردنەوەی نەریتی لووتبەرزی و خۆهەڵکێشان لە گشت بۆنەکانی تریشدا. ئەمانە تەنیا باجی کاتەکیی مەترسیدار نەبوون، بەڵکو بەشدارییان لە بنیاتنانی باجی هاوشێوەی هەتاهەتایی مەترسیدارتر کرد، باجە وێرانکەرەکانی خۆشگوزەرانی و دەسبڵاویی کەسی. لە کۆلۆنییەکانی ئەو سێ وڵاتەدا حکوومەتی کڵێسایی زۆر سەرکوتکەر بوو. لە هەموویاندا دەیەک وەردەگیرا و، لە کۆلۆنییەکانی ئیسپانیا و پۆرتوگالدا زۆر بەتوندی دەسەپێنرا. هەروەها هەموویان بەدەستی ژمارەیەکی زۆر راهبی سواڵکەرەوە دادوبێدادیان بوو، کە سواڵکەرییەکەیان نەک تەنیا ڕێگەپێدراو بوو بەڵکو لەلایەن ئاینەوە پشتیوانیلێکراو بوو و، بووبووە باجێکی پڕ مەترسی بۆ هەژاران، کە پێیان وابوو ئەوە ئەرکێکی ئاینییە و هەر دەبێ بیدەن و، نەدانی سەرپێچییەکی گەورەی ئاینە. سەرباری ئەمە، پیاوانی ئاینی، لە هەموویاندا، دەستیان بەسەر زۆرترین زەویدا گرتووە.

چوارەم، بۆ لەکۆڵکردنەوەی بەرهەمی زیاد، یان ئەوەی پێیان بەکارنابرێ، کۆلۆنییەکانی ئینگلیز زۆر دەستکراوەتر بوون و، ڕێگەی بازاڕێکی فرەوانیان لە پێشدا کراوە بوو، زیاتر لە کۆلۆنیی هەر گەلێکی تری ئەوروپایی. هەموو گەلێکی ئەوروپا هەوڵی کەم و زۆری دەدا بۆ ئەوەی بازرگانیی کۆلۆنییەکانی بۆ خۆی قۆرخ بکا و، بۆ ئەو مەبەستەش، ڕێی لە کەشتییەکانی وڵاتانی تر دەگرت تاوەکو بازرگانییان لەگەڵدا نەکەن و، هاوردەکردنی کاڵای

ئەوروپایی لە هەموو وڵاتێکەوە قەدەخە دەکرد. بەڵام پیادەکردنی ئەم قۆرخکارییە لەلایەن وڵاتە جیاجیاکانەوە شێوازی جۆراوجۆری هەبوو.

هەندێ وڵات تەواوی بازرگانیی کۆلۆنییەکانی خۆی بە کۆمپانیایەکی قۆرخکار سپاردبوو، کە هەموو کۆلۆنیستەکان ناچار دەکران ئەو کاڵا ئەوروپاییانەی دەیانەوێن لەو بکڕن و، تەواوی بەرهەمی زیادی خۆیان بەو بفرۆشن. بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایانەش تەنیا لەوەدا نەبوو کە تا پێیان بکرێ ئەوانەی یەکەم بەگرانترین نرخ بفرۆشن و ئەوانەی دوایی بەهەرزانترین نرخ بکڕن، بەڵکو لەوەی دوایی بەو نرخە هەرزانەش هەر ئەوەندەیان دەکڕی کە لە ئەوروپا بە گرانترین نرخی بفرۆشن. بەرژەوەندی ئەوان تەنیا لەوەدا نەبوو کە لە هەموو هەلێکدا بەهای بەرهەمی زیادی کۆلۆنییەکە کەم بکەنەوە، بەڵکو لە گەلێ هەلدا ببنە ڕێگر و کەمکەرەوەی زیادبوونی سروشتیشیان. لەنێو هەموو ئەو ڕێیانەی دەگیرێنە بەر بۆ ڕێگری لە گەشەی سروشتیی کۆلۆنییەکان، ئەوەی کۆمپانیا قۆرخکارەکان بەکارترینیانە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمە سیاسەتی هۆلاند بوو، بەڵام کۆمپانیاکەیان لەم سەدەیەدا، لە گەلێ ڕووەوە دەسبەرداری پیادەکردنی ئیمتیازی قۆرخکارانەی خۆی بوو. ئەمە سیاسەتی دانمارکیش بوو تا سەردەمی حوکمڕانیی پاشای کۆچکردوویان. جاروبار سیاسەتی فرانسەش بوو، لەم دواییەشدا، لە ساڵی ١٧٥٥وە دوای ئەوەی هەموو وڵاتانی تر بەهۆی بێهوودەییەوە وازیان لێ هێنا بووە سیاسەتی پۆرتوگال لە دوو پارێزگەی سەرەکیی برازیلدا، فێرنامبوکو و مارانۆن.

وڵاتانی تر بەبێ دامەزراندنی کۆمپانیای قۆرخکار، تەواوی بازرگانیی کۆلۆنییەکانی خۆیان لە بەندەرێکی دیاریکراوی وڵاتی دایکدا قەتیس کرد، لەوێوە هیچ کەشتییەک گەشتی نەدەکرد، مەگەر لەگەڵ گەلەکەشتی و لە وەرزێکی دیاریکراوی ساڵدا، یان ئەگەر بەتەنیا بەپێی مۆڵەتی تایبەت گەشتی بکردایە، دەبوو پارەیەکی زۆر لەبری ئەو مۆڵەتە بدا. لەڕاستیدا، ئەم سیاسەتە دەرگەی بازرگانیی کۆلۆنییەکانی بۆ هەموو خەڵکی ڕەسەنی وڵاتی دایک کردەوە، بەو مەرجەی لە بەندەرە دیاریکراوەکەوە بێ و، لە وەرزە دیاریکراوەکەدا بێ و، بە کەشتیی گونجاو بێ. بەڵام کە بازرگانانی جۆراوجۆر ماڵی خۆیان خستە سەر یەک بۆ ئەوەی بۆ کەشتییە ڕێگەپێدراوەکان گونجاو بن، بۆیان دەرکەوت کە کارکردن بەیەکەوە لە بەرژەوەندی ئەوانە و، ئەو بازرگانییەی بەو شێوەیە بەڕێوە دەچوو وەکو پێویست لەسەر هەمان بنەماکانی کاری کۆمپانیای قۆرخکار بوو. قازانجی گشت ئەو بازرگانانە وەک یەک زۆر و سەرکوتکارانە بوون. خستنەڕوو لە کۆلۆنییەکاندا زۆر کەم بوو و، ناچار دەبوون زۆر بەگران بکڕن و، زۆر بەهەرزان بفرۆشن. بەڵام ئەمە تا ئەم ساڵانەی دوایی سیاسەتی ئیسپانیا و، نرخی هەموو کاڵا ئەوروپاییەکان بوو، کە دەڵێن لە هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیدا زۆر بوون. ئۆلوا بۆمان دەگێڕێتەوە کە، لە کویتۆ یەک پاوەن

ئاسن بە چوار شیلین و شەش پێنس و یەک پاوەن پۆلا بە شەش شیلین و نۆ پێنسی ئیستەرلینی بووە. بەلام ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کڕینی کالای ئەوروپایی بووە کە کۆلۆنییەکان لە کالای خۆیان جیایان کردوونەتەوە. لەبەر ئەوە، ئەوان چەند زۆریان بە یەکێکیان داوە، ئەوەندە کەمیان بەوەی تر وەرگرتووە و، گرانیی یەکێکیان هەمان شت بووە بۆ هەرزانیی ئەوەی تریان. سیاسەتی پۆرتوگال لەم بارەیەوە هەمان سیاسەتی کۆنی ئیسپانیا بووە لەگەڵ گشت کۆلۆنییەکانی خۆی، جگە لە فێرنامبوکۆ و مارانیۆن و، لەگەڵ ئەمانەدا لە کاتێکی دواتردا سیاسەتێکی خراپتری بەرپا کردووە.

ولاتانی تر لێگەڕاون بازرگانیی کۆلۆنییەکانیان ئازاد بێ بۆ هەموو هاوولاتییانیان، ئەوانەی لە هەر بەندەرێکی ولاتی دایکەوە ئەو کارەیان کردووە و، بواریان نەبووە بۆ وەرگرتنی هیچ مۆڵەتێک جگە لە نووسراوەکانی خانەی گومرک. لەم دۆخەدا، ژمارە و پەرتبوونی بازرگانە جۆراوجۆرەکان وایان کردووە مەحاڵ بێ بتوانن بچنە چوارچێوەی گردبوونەوەیەکی گشتی و، کێبەرکێی نێوانیان بەس بووە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدا قازانجی لەڕادەبەدەر بکەن. لەسایەی سیاسەتێکی وەها ئازاددا کۆلۆنییەکان توانای ئەوەیان پەیدا کرد کە بە نرخی گونجاو بەرهەمی خۆیان بفرۆشن و کالای ئەوروپایی بکڕن. بەلام لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیای پلایمۆتەوە، کاتێک کە کۆلۆنییەکانمان هێشتا ساوا بوون، بەردەوام ئەمە سیاسەتی ئینگلتەرە بووە. هەروەها بەگشتی سیاسەتی فەرانسەش بوو و، لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی لە ئینگلتەرە بە کۆمپانیای میسیسیپی ناسراوە، بەیەکانگیری وای لێ هات. بۆیە قازانجەکانی ئەو بازرگانییەی، فەرانسە و ئینگلتەرە لەگەڵ کۆلۆنییەکانی خۆیاندا ئەنجامیان دەدا، بێگومان تا ڕادەیەک بەرزتر بووە لەوەی لە کاتی هەبوونی کێبەرکێیی ئازادانە بۆ گشت ولاتاندا دەبوو و، نرخی کالای ئەوروپایی زۆر بەرز نەبوو لە زۆرترین بەشەکانی کۆلۆنییەکانی هەر یەکێک لەم دوو ولاتەدا.

لە کاتی هەناردەکردنی بەرهەمی زیادی خۆیاندا، کۆلۆنییەکانی بریتانیای مەزن لە هەندێ کالای دیاریکراودا وابەستەی بازاڕی ولاتی دایک کراون. ئەو کالایانە لە یاسای دەریاوانیدا ڕیزبەند کراون و لە هەندێ یاسای تری دوای ئەویشدا، بەم پێیە پێیان دەگوترا کالا ڕیزبەندکراوەکان (enumerated commodities). کالاکانی تریش پێیان دەگوترا کالا ڕیزبەندنەکراوەکان (non- enumerated commodities) و، دەکرا ڕاستەوخۆ هەناردەی ولاتانی تر بکرێن بەو مەرجەی بە کەشتیی بریتانیایی یان کەشتیی کێڵگە (مەبەست کێڵگەکانی چاندنی کۆلۆنیستەکانە لە دنیای تازەدا) هەناردە بکرێن، کە خاوەنەکانیان و سێ چارەکی کەشتیوانەکانیان هاوولاتیی بریتانیا بن.

لەنێو کـاڵا ڕیزبەندنەکراوەکانـدا هەنـدێ بەرهەمـی زۆر گرینگـی ئەمەریکـا و هینـدی ڕۆژئـاوا هەبوون: هەمـوو جۆرە دانەوێڵەیەک، دار، گۆشـتی سـوێرکراو، ماسـی، شـەکر و، ڕەم.

بەسروشت، دانەوێڵە بـابەتی یەکەم و بنەڕەتیی کشتوکاڵی هەمـوو کۆلۆنییە نوێیەکـان بوو. ئەم یاسایە کە ڕێگەی داوە پێیان بازاڕی فرەوانتری بۆ پەیدا بکەن، هانیانی داوە بۆ ئەوەی ئەم کشتوکاڵە فرەوانتر بکەن لە بەکاربردنی ولاتێک کە دانیشتووانی کەم بن و، بۆ ئەوەی پێشـوەخت بژێـوییەکی شـایان بـۆ دانیشـتووانێکی بەردەوام ڕوو لە زیـادبوون دەستەبەر بکەن.

ولاتێک کە بە دارسـتان داپۆشـرابێ و، لە ئاکامی ئەوەدا دار بەهـای زۆر کەم بـێ یـان هەر نەیبێ، تێچووی خـاوێنکردنەوەی زەوی لەو دارسـتانانە گەورەترین ئاسـتەنگی سـەر ڕێی چاککردنی زەوییە. کە بازاڕێکی زۆر فرەوان بۆ داری ئەو کۆلۆنییانە بەردەست بخرێ لەلایەن ئەو یاسـایەوە، ئەوە هەوڵێکـی یاسـاکەیە بـۆ ئاسـانکردنی پێشـکەوتن لەڕێـی بەرزکردنەوەی نرخی کـاڵایەک کە ئەگەر وا نەبێ بەهـای زۆر کەمە و، بەمەش وایـان لـێ دەکا قازانج لە شتێک بکەن کە بەبێ ئەوە تەنیا تێچووی دەبێ.

لە ولاتێکدا کە نیـوەی لە دانیشـتووان چـۆڵ بـێ و نیـوەی کشـتوکاڵ نەکرابـێ، مـالات بەسروشت زیاتر لە بەکاربردنی دانیشتووان زیاد دەبن و، بەو پێیە بەهایان کەم دەبێ یـان نـامێنێ. بەلام وەک پێشـتر پێشـان دراوە، پێویسـتە نرخـی مـالات بە پلەیەک هـاوڕێژە بـێ لەگەڵ نرخـی گەنمەشـامی پێش ئەوەی بەشـی زۆری زەویـی هەر ولاتێک چـاک بکـرێ. بە ڕێگەدان بەوەی مالاتی ئەمەریکایی، بە هەموو شێوەیەکیان، مردوو یان زیندوو، بـازاڕێکی زۆر فرەوانیـان هەبـێ، یاسـاکە هەوڵ دەدا بەهـای کـالایەک بەرز بکـاتەوە کە نرخـی بەرز گرینگییەکی بنەڕەتیی بۆ پێشکەوتنی هەیە. بەلام کاریگەرییە باشەکانی ئەم ئازادییە، لەڕێـی چوارەمینی جۆرجی سێیەمەوە تـا ڕادەیەک کەمبوونەوە، کە پێسـتە و چەرمـی خسـتە نێو کالا ڕیزبەندکراوەکان و، بەوەش بەهای مالاتی ئەمەریکایی کەم کردەوە.

زیـادکردنی هێـزی بـاربەری و کەشـتییەوانیی بریتانیـای مەزن، بە فرەوانکردنـی ماسیگەکانی کۆلۆنییەکانمان، یەکێک بوو لەو مەبەستانەی لەوە دەچـێ یاسـادانەر بەردەوام لەبەر چـاوی گرتبـێ. ئەو ماسـیگانە، بەم پێیە، هەمـوو ئەو هاندەرانەیان هەبـوو کە ئـازادی پێیـانی دەدا و، لەبەر ئەوە گەشـەیان کـرد. ماسـیگەی نیوئینگلانـد بەتـایبەتی، پـێش بشێوییەکانی ئەم دواییە، یەکێک بوو لە گرینگترین ماسیگەکانی دنیا. ڕاوگەی حووت، جیا لە بەخششێکی لەڕادەبەدەر، لە بریتانیای مەزندا ئەنجامێکی کەمی هەبـوو کە بە بۆچـوونی خەڵکێکی زۆر (کە من ئەوە پشتڕاست نـاکەمەوە) تەواوی بەرهەمەکەی زۆر لە بەهـای ئەو بەخشیشـانە زیـاتر نەبوو کە سـالانە پێـی دەدران و، لە نیوئینگلانـد تـا ڕادەیەک بەبـێ هـیچ

بەخشیشێک بەڕێوە دەچوو. ماسی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی کە خەڵکی باکوری ئەمەریکا لەگەڵ ئیسپانیا، پۆرتوگال و، ناوچەی دەریای ناوەڕاستدا بازرگانییان پێوە دەکرد.

شەکر لە بنەڕەتدا کالایەکی ڕیزبەندکراو بوو، کە تەنیا دەکرا بۆ بریتانیای مەزن هەنارده بکرێ. بەڵام لە ١٧٣١دا و لەسەر داوای شاندێکی بەرهەمهێنانی شەکر، ڕێگە بە هەناردەکردنی بۆ هەموو بەشێکی دنیا درا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆت و بەندەکانی ئەم ئازادییە، شانبەشانی نرخی بەرزی شەکر لە بریتانیای مەزن، تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەیان لە کاریگەریی ئازادییەکە گرت. تا ئێستا بریتانیای مەزن و کۆلۆنییەکانی، نزیکەی تەنیا بازاڕن بۆ هەموو ئەو شەکرەی لە کێڵگە بریتانیاییەکاندا بەرهەم دێن. بەکاربردنی شەکر بەخێراییەکی وەها زیاد دەبێ کە، سەرباری زیادبوونی پێشکەوتنی جامایکا، هەروەها دوورگەکانی سیدید، هاوردەکردنی شەکر لە ماوەی بیست ساڵدا گەلێ زیادی کردووە و، وەک دەڵێن هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی بیانی ئەوەندە لە جاران زیاتر نەبووە.

ڕەم بابەتێکی گرینگی ئەو بازرگانییەیە کە ئەمەریکاییەکان لەگەڵ کەناراوی ئەفریقا ئەنجامی دەدەن، کە لەوسەرەوە کۆیلەی ڕەشپێستی لەبەرامبەر دێننەوە.

ئەگەر تەواوی بەرهەمی زیادی ئەمەریکا لە گشت جۆرە دانەوێڵەکان و، گۆشتی سوێرکراو و، ماسی بخرێنە ناو ڕیزبەندکراوەکانەوە و، بەوەش بەناچاری بپەسترێنە بازاڕی بریتانیای مەزن، ئەوە زۆر تێکەڵاوی بەرهەمی پیشەسازیی خەڵکی لای خۆمان دەبن. لەوانەیە لەبەر هیچ هۆیەک نەبێ کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی ئەمەریکاوە هەبێ، مەگەر ئیرەیی بەم جۆرە تێکەڵبوونەی ئەو کالا گرینگانە، کە وا بکا بخرێنە دەرەوەی کالا ڕیزبەندکراوەکان، سەرباری ئەوەش هاوردەکردنی هەموو دانەوێڵەیەک، برنج نەبێ، لەگەڵ گۆشتی سوێرکراو بۆ بریتانیای مەزن لە دۆخی ئاساییدا قەدەغە بکرێ.

کالا ڕیزبەندنەکراوەکان، لە بنەڕەتدا دەکرێ بۆ هەموو شوێنێکی دنیا هەنارده بکرێن. دار و برنج، کە ماوەیەک لە کالا ڕیزبەندکراوەکان بوون، کاتێک دواتر کە کرانە دەرەوە، وەک چۆن ڕوویان لە بازاڕی ئەوروپا کرد، بەهەمان شێوە ڕوویان لە وڵاتانی باشووری کەیپ فینیستری کرد. بە شەشەمی جۆرجی سێیەم، هەموو ئەو کالایانەی ڕیزبەندنەکراو بوون کەوتنە ژێر کۆت و بەندی هاوشێوەوە. ئەو بەشانەی ئەوروپا کە دەکەونە باشووری کەیپ فینیستری وڵاتی پیشەساز نین و، ئیرەییمان بەوە دەهات کە کەشتییەکانی کۆلۆنی لەوێوە ئەو بەرهەمە پیشەسازییانەیان دەبردەوە کە پەیوەندییان بە پیشەسازیی ئێمەوە هەبوو.

کالا ڕیزبەندکراوەکان دوو جۆرن، یەکەم، ئەوانەی بەرهەمی تایبەت بە ئەمەریکان، یان ناکرێ لە وڵاتی دایکدا بەرهەم بهێنرێن، یان هیچ نەبێ بەرهەم نەهێنراون. لەوانە، دۆشاو،

قاوە، کاکاو، تووتن، بیبەر، زەنجەفیل، باڵی حوت، ئاوریشمی خاو، پەموو، خوری، بیڤەر (ئاژەڵێکە لە شێوەی سمۆرە بەڵام گەورەترە) و ئاژەڵە فەروودارەکانی تری ئەمەریکا، ئیندیگۆ (گیایەکە خمچی بۆ ڕەنگکردن بەکاری دێنن)، فوستیک و داری تری ڕەنگکردن. دووەم، ئەوانەی بەرهەم تایبەت بەئەمەریکا نین، بەڵکو لە وڵاتی دایکدا بەرهەم دێن یان دەشێ بەرهەم بهێنرێن، ئەگەرچی بەو بڕە زۆرانە نا کە زۆرترین خواستی تێر بکا، بەڵکو لە وڵاتانی ترەوە بۆی دابین دەکرێن. لەمانە: گشت کەلپەلەکانی کۆگەی دەریاوانی، ستوونە جۆراوجۆرەکانی کەشتی، قەتران، زفت و، تێرپێنتین، ئاسن، مسی خاو، پێستە و چەرم و، مرواری. زۆرترین هاوردەکردنی جۆری یەکەمی ئەم کاڵایانە نابێتە ڕێگری گەشەکردن یان تێکەڵی هیچ بەرهەمێکی وڵاتی دایک نابن. چاوەڕوان دەکرا لەڕێی تایبەتکردنیان بە بازاڕی خۆماڵییەوە، بازرگانانمان نەک تەنیا بتوانن هەرزانتر لە کۆلۆنییەکان بیانکڕن و دواتر بەقازانجی باشتر لە نیشتمان بیانفرۆشنەوە، بەڵکو بەهۆیانەوە بازرگانییەکی باربەری لەنێوان کۆلۆنییەکان و وڵاتانی بیانیدا دامەزرێنن، کە بەهۆیەوە بریتانیای مەزن ببێتە ناوەند یان مەڵبەندی بازرگانی، وەک وڵاتێکی ئەوروپایی کە یەکەم جار ئەو کاڵایانە بۆ ئەو هاوردە دەکرێن. هاوردەکردنی جۆری دووەمی ئەو کاڵایانەش، پێشبینی دەکرا کە بشێ بەو شێوەیە ڕێک بخرێ، کە تێکەڵی فرۆشتنی کاڵا هاوشێوەکانیان نەبن کە لە نیشتماندا بەرهەم دێن و، بگرە تێکەڵ بەوانەش نەبن کە لە وڵاتانی بیانییەوە هاوردە دەکرێن، چونکە لەڕێی باجی گونجاوەوە، دەکرێ کەمێک گرانتر بکرێن لەوانەی پێشوو و، گرانتریش بن لەوانەی دوایی. کەواتە، تایبەتکردنی ئەو جۆرە کاڵایانە بە بازاڕی ناوخۆ، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا نەک تەنیا بەرهەمی بریتانیای مەزن سست بکا، بەڵکو بەرهەمی هەندێ وڵاتی بیانیش سست بکا کە وا دەبینرا بالانسی بازرگانی لەگەڵیاندا بەلای بریتانیای مەزندا نییە.

قەدەخەکردنی هەناردەکردنی ستوونە جۆراوجۆرەکانی کەشتی، قەتران، زفت و، تێرپێنتین بۆ هیچ وڵاتێک جگە لە بریتانیای مەزن، بەسروشت دەبێتە مایەی دابەزینی نرخی دار لە کۆلۆنییەکان و، زیادکردنی خەرجیی خاوێنکردنەوەی زەوییەکانیان، کە ئاستەنگی سەرەکیی بەردەم چاککردنیانە. بەڵام لە سەروبەندی سەرەتای ئەم سەدەیەدا، لە ساڵی ١٧٠٣دا، کۆمپانیای قەتران و زفتی سویدی هەوڵی دا نرخی کاڵاکانی بۆ بریتانیای مەزن بەرز بکاتەوە، بە قەدەخەکردنی هەناردەکردنیان، مەگەر بە کەشتییەکانی خۆیان، بە نرخی خۆیان و، بەو بڕانەی خۆیان بەگونجاویان دەزانن. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەم بەشەی سیاسەتی بازرگانی و، بۆ ئەوەی تا دەتوانێ خۆی سەربەخۆ بهێڵێتەوە، نەک تەنیا بەرامبەر بە سوید بەڵکو بەرامبەر هەموو هێزەکانی تری باکور، بریتانیای مەزن بەخشیشێکی حکوومەتیی دا لەبەرامبەر هاوردەکردنی کەلپەلی کۆگەی دەریاوانی لە

ئەمەریکــاوە و، ئەم بەخشیشــە بــووە مــایەی بەرزکــردنەوەی نرخــی دار لە ئەمەریکــا بەڕێژەیەکی زیاتر لەوەی پابەندکردن بە بازاڕی ناوخۆییەوە کەمی دەکردەوە و، هەردوو یاسا لە یەک کاتدا دەرچوون و کاریگەرییەکەیان زیاتر هاندەرانە بوو نەک سستکەرەوە بۆ خاوێنکردنەوەی زەوی لە ئەمەریکا.

ئاسنیش لەنێو کالا ڕیزبەندکراوەکاندا بوو، بەڵام کە لە ئەمەریکاوە هاوردە دەکرا لە باجێکی زۆر هەڵاوێرد دەکرا، کە ئەگەر لە وڵاتی ترەوە هاوردە بکرایە دەخرانە سەری، بەشێکی ئەم یاسایە هانی دامەزراندنی فڕنی ئاسنی لە ئەمەریکا دەدا، زیاتر لەو بەشەی ئەم کــارەی سســت دەکــرد. هــیچ پیشــەیەک نیــیە ئەوەنــدەی ئەو فڕنــانە ببێــتە مــایەی بەکاربردنی وا زۆری دار، یان بەشداری لە پاککردنەوەی ئەو لادێیانە بکا کە بەزۆری ئەو دارانەیان تێدا ڕواون.

مەیلــی هەنــدێ لەم یاســایانە بەلای بەرزکــردنەوەی بەهــای دار لە ئەمەریکــادا و، بەو هۆیەوە پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ پاککردنەوەی زەوی، لەوانەیە لەلایەن یاسادانەرەوە نە مەبەست بووبێ نە مایەی تێگەیشتن بووبێ. بەڵام هەرچەندە کاریگەریی بەسوودیان لەم ڕووەوە خۆڕســک بــوو، ئەمە بەواتەی ئەوە نــایە کە ئەو کاریگەرییــانە ڕاســتەقینە نەبوون.

تەواوتــرین ئــازادیی بازرگــانی لەنێــوان کۆلـۆنییە بریتانیاییەکــانی ئەمەریکــا و هینــدی ڕۆژئاوا ڕێگەی پێ دراوە، لەڕووی کالا ڕیزبەندکراوەکان و ڕیزبەندنەکراوەکانیشــەوە. ئەو کۆلۆنییــانە ئێســتا ژمــارەی دانیشــتووان و گەشــەیان زیادیــان کــردووە و هەر یەکێکیــان لەوانەی تــردا بــازاڕێکی مەزن و فــرەوان بــۆ هەمــوو بەشــێکی بەرهەمــی خــۆی دەبینــێ. هەموویان، ئەگەر بەیەکەوە وەرگیرێن، بازاڕێکی ناوخۆیی گەورەن بۆ بەرهەمی یەکتر.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەخشندەیی ئینگلتەرە بەرامبەر بە کۆلۆنییەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی کورت کرابووەوە لەوەی پەیوەستە بە بازاڕەوە بۆ بەرهەمەکانیان، چ بەرهەمی خاو یان ئەوەی قۆنــاخی یەکەمــی پیشەســازیی بڕیوە. بازرگانــان و پیشەســازانی بریتانیــای مەزن، قۆنــاخە پێشــکەوتووترەکان و وردترەکــانی پیشەســازییان، تەنــانەت ئەوانەی بەرهەمــی کۆلۆنییەکانیشیان بۆ خۆیان گل دابووەوە و، ئەو بیرۆکەیە بەسەر یاسادانەرانیشدا زاڵ بوو و ڕێگرییان لە دامەزراندنی پیشەسازی لە کۆلۆنییەکان دەکرد، هەندێ جار لەڕێی باجی زۆرەوە و، هەندێ جاریش بە قەدەغەکردنی ڕەها.

بــۆ نمــوونە، لە کاتێکدا شــەکری مەســکۆفادۆی کۆلـۆنییە بریتانیاییەکــان لە بەرامــبەر هاوردەکردنی هەر سەد کێشێک تەنیا شەش شیلین و چوار پێنسی بۆ دەدرێ، شەکری سپی یەک پاوەن و یەک شیلین و یەک پێنسی بۆ دەدرێ. کاتێک کە ئەم باجە زۆرانە سەپێنران، بریتانیای مەزن تەنیا بازاڕ بوو و، ئێستاش بازاڕی سەرەکییە کە شەکری

کۆلۆنییە بریتانیاییەکانی بۆ هەناردە دەکریّ. ئەو باجانە لە ئاستی قەدەخەکردن بوون، لە سەرەتای سازدانی شەکر بۆ هەر بازاڕێکی بیانی و، ئێستا کە بۆ بازاڕ ئامادە دەکریّ، لەوانەیە زیاتر لە نۆ لە دەی تەواوی بەرهەمەکە ببەن. بەم پێیە، پیشەسازیی شەکر ئەگەرچی لە هەموو کۆلۆنییەکانی شەکری فرانسەدا گەشەی کرد، بە کەمی لە هیچ کام لە کۆلۆنییەکانی ئینگلتەرە جێی خۆی کردووەتەوە، جگە لە بازاڕی کۆلۆنییەکان خۆیان. کاتێک کە گرینادا بەدەستی فرانسەییەکانەوە بوو کارگەی خاوێنکردنەوەی شەکری لێ بوو، کە بەلای کەمەوە شەکری خاوێنی بۆ نزیکەی هەموو کۆلۆنییەک دابین دەکرد. لەو کاتەوەش کە کەوتە دەستی ئینگلیزەوە نزیکەی هەموو ئەو ئیشانەی لەو جۆرە بوون هەڵگەڕانەوە و، ئێستا، تشرینی یەکەمی ١٧٧٣، من لەوە دڵنیا کراومەتەوە کە تەنیا دوو یان سێ دانە لە دوورگەکەدا ماونەتەوە. بەڵام ئێستا کە نەرمی نواندنێک لەلایەن خانەی گومرکەوە هەیە، شەکر ئەگەر لە کڵۆوە بکریّ بە شەکری هاڕراو، بەگشتی وەک مەسکڤادۆ هاوردە دەکریّ.

لە کاتێکدا کە بریتانیای مەزن هانی پیشەسازیی ئاسنی لە ئەمەریکا دەدا، لەڕێی هەڵاوێردکردنی لەو باجانەی بەسەر کاڵای هاوشێوەدا سەپێنراون کە لە هەر وڵاتێکی ترەوە هاوردە دەکرێن، قەدەغەکردنێکی ڕەهای بەسەر بنیاتنانی فرنی پۆڵا لە کۆلۆنییەکی ئەمەریکادا سەپاندووە. ئەو، ڕێگە نادا کۆلۆنیستەکانی بە پیشەسازیی وا وردەوە ماندوو بین، تەنانەت ئەگەر بۆ بەکاربردنی خۆشیان بێ. بەڵام جەخت دەکاتە سەر ئەوەی بازرگان و پیشەسازانی خۆی هەر کاتێک بۆیان لوا هەموو کاڵاکانی لەو جۆرە بکڕن.

بریتانیای مەزن هەناردەکردنی کڵاو، خوری، کاڵای لەخوری دروستکراو، بەرهەمی ئەمەریکای لە پارێزگەیەکەوە بۆ پارێزگەیەکی تر لەڕێی ئاوەوە قەدەغە کرد و، تەنانەت لەڕێی وشکانیشەوە چ لەسەر پشتی ئەسپ یان بە عارەبانە. ئەم یاسایە کاریگەرانە ڕێگرە لە دامەزراندنی هەر پیشەسازییەکی هەر یەکێک لەو کاڵایانە بۆ فرۆشتن لە دوور و، پیشەسازیی کۆلۆنیستەکانی خۆی لە پیشەسازیی زبر و خۆجێیی وەک ئەوەی کە بەگشتی خێزانێک بۆ بەکارهێنانی خۆی دروستی دەکا یان بۆ هەندێ دراوسێ لە هەمان پارێزگەدا، قەتیس دەکا.

بەڵام ڕێگری لەوەی گەلێکی مەزن هەموو ئەوانە دروست بکا کە دەتوانێ دروستیان بکا لە هەموو بەشێکی بەرهەمی خۆی، یان لە بەگەڕخستنی ماڵ و پیشەسازیی خۆی بەو شێوەیەی بۆ خۆی بەباشی دەزانێ، پێشێلکارییەکی ڕوونە بۆ پیرۆزترین مافەکانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو قەدەخکردنانە چەند ستەمکارانە بوون، بەڵام بۆ کۆلۆنییەکان زۆر ئازاردەر نەبوون. زەوی هێشتا زۆر هەرزانە و، لە ئاکامدا کار لای ئەوان زۆر گرانە، بەشێوەیەک کە دەتوانن نزیکەی هەموو بەرهەمێکی پیشەسازیی باشتر و پێشکەوتووتر بە

هەرزانتر لەوەی خۆیان دەتوانن دروستی بکەن، لە وڵاتی دایکەوە هاوردە بکەن. بۆیە ئەگەرچی لێیان قەدەخە نەکراوە ئەو جۆرە پیشەسازییانە دامەزرێنن، دۆخی پێشکەوتنی ئێستایان ئەوەندەی بە بەرژەوەندی خۆیانەوە پەیوەستە، لەوانەیە ڕێگر بووبێ لەوەی ئەوە بکەن. لە دۆخی ئێستای پێشکەوتنیاندا لەوانەیە ئەو قەدەخەکردنانە بەبێ ئەوەی کار بکەنە سەر پیشەسازییەکەیان، یان ڕێگر بن لە هیچ بەگەڕخستنێک کە بەبێ ئەوان خۆی بەرەو لای دەچوو، تەنیا هێمای کۆیلایەتین و بەسەریاندا سەپێنراون بەبێ هیچ هۆکارێکی قایلکەر، جگە ئیرەیی بێبنەمای بازرگانان و پیشەسازانی وڵاتی دایک. لە دۆخێکی پێشکەوتووتردا ڕەنگە بەڕاستی سەرکوتکەرانە بن و مایەی قبووڵکردن نەبن.

بریتانیای مەزنیش، کە گرینگترین بەرهەمەکانی کۆلۆنییەکانی لە بازاڕی خۆیدا قەتیس دەکا، بۆ قەرەبووکردنەوەیان، سوودێکی ئەو بازارە بە هەندێکیان دەدا، هەندێ جار بە سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر کاڵا هاوشێوەکانیاندا لە کاتی هاوردەکردنیان لە وڵاتانی ترەوە و، هەندێ جار بە پێشکەشکردنی بەخشیشی حکوومەت لە کاتی هاوردەکردنیان لە کۆلۆنییەکانەوە. بەڕێگەی یەکەم لە بازاڕی ناوخۆدا ئیمتیاز بە شەکر و تووتن و ئاسنی کۆلۆنییەکانی خۆی دەدا و، بەوەی دووەم بە ئاوریشمی خاو و قەنەب و کەتان و ئیندیگۆ و کەرەستەکانی پیشەسازیی دەریاوانی و داری خانووکردنیانی دەدا. ئەم ڕێگەیەی دووەمی هاندانی بەرهەمی کۆلۆنییەکان لەڕێی بەخشیش بۆ هاوردەکردنیانەوە، ئەوەندەی من زانیومە، تایبەتە بە بریتانیای مەزن. ئەوەی یەکەم وا نییە. پۆرتوگال بەوە ناوەستێ کە باجی بەرزتر بخاتە سەر هاوردەکردنی تووتن لە وڵاتانی ترەوە، بەڵکو لەژێر فشاری توندترین سزادا قەدەخەی دەکا.

سەبارەت هاوردەکردنی کاڵا لە ئەورووپاوە، ئینگلتەرە بەهەمان شێوە جوامێرانەتر لە هەر وڵاتێکی تر مامەڵەی لەگەڵ کۆلۆنییەکانی خۆیدا کردووە.

بریتانیای مەزن لە بەشێکی، نزیکەی نیوە بە بەردەوامی، بەگشتیش زیاتر و، هەندێ جاران لە هەموو باجی سەر هاوردەکردنی کاڵای بیانی خۆش دەبێ، بەرامبەر بە هەناردەکردنەوەیان بۆ هەر وڵاتێکی تری بیانی. ئاشکرایە کە هیچ وڵاتێکی بیانیی سەربەخۆ پێشوازی لەو کاڵایانە ناکا ئەگەر بەو باجە قورسانە بارگاوی کرابن کە دەخرێنە سەر نزیکەی گشت ئەو کاڵا بیانییانەی هاوردەی بریتانیای مەزن دەکرێن. بۆیە، تاوەکو بەشێک لەو باجانە لە بەرامبەر هەناردەکردنەوە نەدرێنەوە، کۆتایی بە بازرگانیی باربەری دێ، کە بازرگانییەکە بەلای سیستمی بازرگانییەوە زۆر پەسەندە.

بەڵام کۆلۆنییەکانمان بەهیچ شێوەیەک وڵاتی بیانیی سەربەخۆ نین و، بریتانیای مەزن کە مافی قۆرخکردنی بەردەستخستنی هەموو کاڵا ئەورووپاییەکانی بۆ ئەوان بۆ خۆی گل داوەتەوە، لەوانەیە ناچاریان بکا (بەهەمان ئەو شێوەیەی وڵاتانی تر لەگەڵ کۆلۆنییەکانی

خۆیاندا کردوویانە) بۆ ئەوەی پێشوازی لەو کاڵایانە بکەن، کە بارگاوی کراون بە هەموو ئەو باجانەی بە وڵاتی دایکیان داوە. بەڵام بەپێچەوانەوە، تا ساڵی ١٧٦٣ و، لەڕاستیدا بە چوارەمینی جۆرجی سێیەم، ئەو جوامێرییە بەڕادەیەکی باش کز بوو و، بڕیار درا کە، "هیچ بەشێکی ئەو باجەی پێی دەگوترێ پاڵپشتیی کۆن، لەسەر هیچ کاڵایەکی چاندن، یان بەرهەمی پیشەسازیی ئەوروپایی یان هیندی، کە لەم شانشینەوە هەناردەی هەر کۆلۆنییەکی بریتانیا لە ئەمەریکا دەکرێ نادرێتەوە، جگە لە شەراب، کالیکۆی سپی (کوتاڵێکی لۆکەیە) و مۆزلین". پێش ئەم یاسایە، گەلێ جۆری کاڵای بیانی هەبوون کە لەوانە بوو لە کۆلۆنییەکان بەهەرزانتر لە وڵاتی دایک بکڕێن و، لەوانەیە هەندێکیان تا ئێستاش وا بن.

دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێ کە، لەبارەی زۆرترین یاساکانی پەیوەست بە بازرگانیی کۆلۆنییەکانەوە، بازرگانەکان ڕاوێژکاری بنەڕەتی بوون. بۆیە نابێ بەلامانەوە سەیر بێ، ئەگەر لە زۆربەیاندا بەرژەوەندی ئەوان زیاتر لە بەرژەوەندی کۆلۆنییەکان و وڵاتی دایکیش لەبەر چاو گیرابێ. لە ئیمتیازی تایبەتی ئەوان بۆ بەردەستخستنی هەموو کاڵاکانی پێویست بۆ کۆلۆنییەکان لە ئەوروپاوە و، کڕینی بەرهەمی زیادی ئەوان بە ئەندازەیەک کە کار نەکاتە سەر هیچ بازرگانییەکی ئەوان لە نیشتماندا، بەرژەوەندی کۆلۆنییەکان بەقوربانی بەرژەوەندی بازرگانەکان کرا. بە وەرگرتنەوەی باجەکان لە بەرامبەر هەناردەکردنەوەی بەشی زۆری کاڵاکانی ئەوروپا و هیندی ڕۆژهەڵات بۆ کۆلۆنییەکان هاوشێوەی هەناردەکردنەوەیان بۆ هەر وڵاتێکی سەربەخۆ، بەرژەوەندی وڵاتی دایک کرایە قوربانی بەرژەوەندی ئەوان، تەنانەت بەپێی بیرۆکەکانی بازرگانیش بەرامبەر بەو بەرژەوەندیانە. لەبەر بەرژەوەندی بازرگانەکان بوو کە تا بکرێ کەمتر بەو کاڵا بیانییانە بدەن کە بۆ کۆلۆنییەکانیان ناردووە و، لە ئاکامدا، تا دەکرێ زۆرترینی ئەو باجەی پێشتر بۆ هاوردەکردنیان بۆ بریتانیای مەزن داویانە، وەرگرنەوە. بەمەش دەتوانن لە کۆلۆنییەکاندا هەمان بڕ کاڵا بە قازانجی زۆر زیاتر بفرۆشن، یان بڕێکی زۆرتر بەهەمان قازانجەوە بفرۆشن و، لەئاکامدا بەم ڕێیە یان بەوەی تر شتێکیان دەست بکەوێ. بەهەمان شێوە قازانجی کۆلۆنییەکان لەوەدا بوو کە هەموو ئەو جۆرە کاڵایانە تا دەکرێ بە هەرزانتر و بە بڕی زۆرتر بکڕن. بەڵام ئەمە هەموو جارێک لە بەرژەوەندی وڵاتی دایک نییە. لەوانەیە ئەو زۆربەی جاران لەڕووی داهاتەوە زەرەر بکا، بەوەی بەشێکی زۆری ئەو باجانەی بۆ هاوردەکردنی ئەو کاڵایانە دراون بگێڕێتەوە و، لەڕووی بەرهەمی پیشەسازیی خۆیەوە بە هەرزانفرۆشتنیان لە بازاڕی کۆلۆنییەکاندا، لەئاکامی مەرجە سووکەکانی کە بەهۆیانەوە بەرهەمە پیشەسازییە بیانییەکان بەیارمەتیی ئەو گێڕانەوەی باجانەوە بۆ ئەوێ

دەبرێن. پێشڤەچوونی پیشەسازیی کەتان لە بریتانیای مەزندا، وەک دەڵێن، بەگشتی بەهۆی گێڕانەوەی باج لەبەرامبەر هەناردەکردنەوەی کەتانی ئەڵمانیا بۆ کۆلۆنییەکانی ئەمەریکا، بەڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی کردووە.

بەڵام هەرچەندە سیاسەتی بریتانیای مەزن سەبارەت بازرگانیی کۆلۆنییەکانی زادەی هەمان ڕۆحی بازرگانیی وڵاتانی تر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی کەمتر لە سیاسەتی ئەوانی تر داخراو و ستەمکارانە بوو.

کۆلۆنیستە ئینگلیزەکان لە هەموو شتێکدا، جگە لە بازرگانیی دەرەکی، بەتەواوی ئازاد بوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بەو شێوەیەی خۆیان هەڵیان دەبژارد. ئەو ئازادییە لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسان بوو بەوەی هاووڵاتییانیان لە نیشتماندا و، بەهەمان شێوە مسۆگەر بوو، بەهۆی ئەنجومەنێکی نوێنەرانی خەڵکەوە، کە خۆی بە خاوەنی تاقانەی سەپاندنی باج دەزانی بۆ پشتیوانیی حکوومەتی کۆلۆنی. دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کپ کردبوو و، نە سادەترین و نە درندەترین کۆلۆنیست، ئەوەندەی گوێڕایەڵی یاسا بێ، هیچ نییە کە بیترسێنێ، نە لە حکوومەت و نە لە هیچ بەرپرسێکی مەدەنی یان سەربازیی پارێزگەکەی. ئەگەرچی ئەنجومەنەکانی کۆلۆنییەکان، هاوشێوەی ئەنجومەنی گشت لە ئینگلتەرە، بەردەوام نوێنەری یەکسانی خەڵک نەبوون، بەڵام زۆر لەو کەسایەتییەوە نزیکن، هەروەها کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەو ئامرازانەی بەدەستەوە نەبوو کە بە لاڕێیاندا ببا، یان بەهۆی ئەو پشتیوانییەوە کە لە وڵاتی دایکەوە وەری دەگرت، پێویستی بەوە نەبوو، ئەوان بەگشتی زیاتر لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی دەنگدەرانیاندا بوون. ئەو ئەنجومەنانەی کە، لە یاسادانەرانی کۆلۆنییەکاندا، هاوشێوەی ئەنجوومەنی لۆردانی بریتانیای مەزن بوون، لە خانەدانانی بەبنەماڵە پێک نەهاتبوون. لە هەندێ کۆلۆنیدا، وەک لە سێ حکوومەتی نیوئینگلاند، دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنانە لەلایەن پاشاوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە هەڵدەبژێرران. لە هیچ کۆلۆنییەکی ئینگلیزیدا خانەدانیی بۆماوەیی نەبوو. لەڕاستیدا، لە هەموویاندا، وەک هەموو وڵاتێکی سەربەخۆ، کوڕی بنەماڵەیەکی دێرینی کۆلۆنی ڕێزی زیاتری هەیە لە تازەباوێک ئەگەرچی خاوەنی توانا و سامانی یەکسان بن. بەڵام ئەو تەنیا ئەو کاتە ڕێزدارتر دەبێ کە خاوەنی هیچ ئیمتیازێکی بێزارکەر بۆ دراوسێکانی نەبێ. پێش سەرهەڵدانی ئەم بشێوییانەی ئێستا، ئەنجومەنی کۆلۆنییەکان تەنیا خاوەن دەسەڵاتی یاسادانان نەبوون بگرە دەسەڵاتی جێبەجێکەریش بوون. لە کنتاکی و ڕۆدئایلاند، ئەوان حاکمیان هەڵدەبژارد. لە کۆلۆنییەکانی تردا فەرمانبەری داهاتیان دادەمەزراند، بۆ کۆکردنەوەی ئەو باجانەی لەلایەن ئەنجومەنەکانیانەوە دەسەپێنران، ئەو فەرمانبەرانەی بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەو بابەتە بوون. واتە، لەنێوان کۆلۆنیستە ئینگلیزەکاندا یەکسانییەکی زیاتر هەیە لەوەی لەنێوان

دانیشتووانی وڵاتی دایکدا هەیە. هەڵسوکەوتی ئەوان زیاتر کۆمارییە و، حکوومەتەکانی سێ پارێزگەی نیوئینگلاند بەتایبەتی، کۆماریترینیان بوون.

حکوومەتە ڕەهاکانی ئیسپانیا، پۆرتوگال و، فرانسە، بەپێچەوانەوە، لە کۆلۆنییەکانیاندا هەن. هەروەها دەسەڵاتی بەر دەستیان کە ئەو حکوومەتانە بەگشتی بە هەموو فەرمانبەرە ئاست نزمەکانی خۆیان دەدان، بەهۆی دووریی زۆریانەوە، بەسروشت زۆر توندتر لە ئاسایی پیادە دەکران. لەسایەی هەموو حکوومەتێکی ڕەهادا ئەو ئازادییەی لە پایتەختدا هەیە زیاترە لەوەی هەر بەشێکی تری وڵات. سەروەر خۆی، هەرگیز نە بەرژەوەندی و نە ئارەزووی هەیە ڕێ لە دادوەری بگرێ، یان زۆربەی خەڵک سەرکوت بکا. بوونی ئەو لە پایتەختدا زۆر یان کەم فەرمانبەرە بچووکەکانی لغاو کردووە، کە ئەوان لە پارێزگە دوورەکاندا، کە دەنگ و گلەیی خەڵک لەوێوە کەمتر بە سەروەر دەگا، بێباکانە خراپەکاریی خۆیان دەکەن. بەڵام کۆلۆنییە ئەوروپاییەکان لە ئەمەریکا زۆر دوورتر لە دوورترین پارێزگەی مەزنترین ئیمپراتۆریا کە پێشتر ناسرابێ. حکوومەتی کۆلۆنییە ئینگلیزییەکان، لەوانەیە تەنیا بن، لە سەرەتای دەسپێکی دنیاوە، کە ئارامیی تایبەت بە دانیشتووانی ئەو پارێزگە زۆر دوورانە ببەخشن. لەگەڵ ئەوەشدا، کارگێڕیی کۆلۆنییە فرانسەییەکان بەردەوام پابەندی نیانی و ڕێکوپێکیی زیاتر لە ئیسپانیایی و پۆتوگالییەکان بوون. ئەم باڵاییە لە هەڵسوکەوتدا گونجاوە لەگەڵ کەسایەتیی گەلی فرانسەیی و لەگەڵ سروشتی حکوومەتەکەیان، کە کەسایەتیی هەر نەتەوەیەک پێک دێنێ، کە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا توندوتیژە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بریتانیای مەزن، کە یاسایی و ئازادە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی ئیسپانیا و پۆرتوگالدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، باڵایی سیاسەتی ئینگلیز بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێشڤەچوونی کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکادا خۆی دەنوێنێ. پێشڤەچوونی کۆلۆنییەکانی شەکری فرانسە، بەلای کەمەوە یەکسانە، لەوانەشە لە بەشی زۆری کۆلۆنییەکانی ئینگلتەرە بەرزتر بێ و، کۆلۆنییەکانی شەکری ئینگلتەرە حکوومەتی ئازادی هاوشێوەی کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکای ئەویان هەیە. بەڵام کۆلۆنییەکانی شەکری فرانسە ڕێگرییان لێ نەکراوە شەکری خاوێن بەرهەم بێنن، وەک ئەو ڕێگرییەی لەوانەی ئینگلتەرە دەکرێ، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر، زیرەکیی حکوومەتەکەیان بەسروشت بەڕێوەبردنێکی باشتری بۆ کۆیلە ڕەشپێستەکانیان داهێناوە.

لە هەموو کۆلۆنییەکانی ئەوروپاییدا، چاندنی قامیشی شەکر (sugar-cane) لەلایەن کۆیلە ڕەشپێستەکانەوە بەڕێوە دەچێ. چونکە وایان پێشبینی کردووە کە بنیاتی لەشی ئەوانەی لە کەشی فێنکی ئەوروپا لەدایک بوونە، ناتوانێ بەرگەی کاری هەڵکەندنی زەوی لەژێر تیشکی سووتێنەری هەتاوی هیندی ڕۆژئاوا ناگرێ و، چاندنی قامیشی شەکر، بەو

شێوەیەی ئێستا بەڕێوە دەبرێ، سەرلەبەری کاری دەستییە، ئەگەرچی زۆر کەس پێیان وایە کە دەشێ گاسنی تێدا بەکار بێ و سوودی زۆریشی دەبێ. بەڵام کە قازانج و سەرکەوتنی ئەو چاندنەی بە بەکارهێنانی مالآت دەکرێ، زۆر پشتبەستووە بە بەڕێوەبردنی باشی ئەو مالآتەوە، بەهەمان شێوە قازانج و سەرکەوتنی ئەوەی بە بەکارهێنانی کۆیلە دەکرێ، دەبێ پشت بە بەڕێوەبردنی باشی ئەو کۆیلانەوە ببەستێ. هەروەها من پێم وایە بەهۆی بەڕێوەبردنی باشی کۆیلەکانیانەوە، چێنەرە فرانسەییەکان بەگشتی بالآدەسترن لە ئینگلیزەکان. یاسا، ئەوەندەی پارێزگارییەکی لاواز لە کۆیلە دژ بە توندوتیژیی خاوەنەکەی پێشکەش دەکا، ئەگەری هەیە بەشێوەیەکی باشتر لە کۆلۆنییەکدا پیادە بکرێ کە حکوومەتەکەی بە ڕادەیەکی زۆر توندە، باشتر لەوانەی تەواو ئازادن، پیادە بکرێ. لە هەموو ولآتێکدا کە یاسای ناحەزی کۆیلایەتیی هەیە، دادوەر لەو کاتەدا کە کۆیلەکان دەپارێزێ، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەست لە بەڕێوەبردنی موڵکی تایبەتی خاوەنەکەیان وەردەدا و، لە ولآتێکی ئازاددا، کە خاوەنەکە ڕەنگە ئەندام بێ لە ئەنجومەنی کۆلۆنییەکەدا، یان دەنگدەر بێ بە یەکێک لەو ئەندامانە، ناوێرێ ئەمە بکا، مەگەر بە وریاییەکی زۆرەوە. ئەو ڕێزەی ئەو دادوەرە ناچارە لە خاوەنەکەی بگرێ وا دەکا پاراستنی کۆیلەکە سەختتر بێ. بەڵام لە ولآتێکدا کە حکوومەتەکەی بەڕادەیەکی زۆر سەرکوتکەرە و، ئاساییە دادوەر دەست بخاتە تەنانەت بەڕێوەبردنی موڵکی تایبەتی تاکەکانیشەوە و، لەوانەیە ئەگەر بەگوێرەی حەزی ئەو بەڕێوەی نەبەن نامەی مۆرکراویان (lettre de cachet-نامەیەکە مۆری فەرمیی لەسەرە، لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیی فرانسە، بەهۆی ئەو نامەیەوە خەڵک بەبێ دادگەییکردنی لە زیندان قایم دەکران- وەرگێڕ) بۆ بنێرێ، بۆ ئەو زۆر ئاسانترە هەندێک پارێزگاری لە کۆیلەکە بکا و، مرۆڤایەتیی ئاسایی بەسروشت بەرەو ئەوە پاڵی دەنێ. پارێزگاریی دادوەر وا دەکا بەکەمزانینی کۆیلەکە لەلایەن خاوەنەکەیەوە کەم بێ و، هانی دەدا ڕێزی بگرێ و، مامەڵەی باشتری لەگەڵدا بکا. بەکارهێنانی نەرمونیانی نەک تەنیا وا دەکا کۆیلەکە دڵسۆزتر بێ، بەڵکو زیرەکتر دەبێ و، بەمەش لە دوو ڕووەوە بەسوودتر دەبێ. ئەو بەرەو پێش دەچێ بەرەو دۆخی خزمەتکارێکی ئازاد و، لەوانەیە دەسپاکتر بێ و زیاتر ئاگای لە بەرژەوەندی خاوەنەکەی بێ، کە ئەمانە سیفەتگەلی باشی پەیوەست بە خزمەتکاری ئازادن، بەڵام هەرگیز سیفەتی کۆیلەیەک نین کە وەک کۆیلەی هەر ولآتێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ کە تیایدا خاوەنەکە بەتەواوی ئازاد و پارێزراوە.

باشتربوونی دۆخی کۆیله لەسایەی حکوومەتی سەرکوتکەر زیاتر لەوەی لەسایەی حکوومەتی ئازاددا هەیە، بەبڕوای من، مێژووی هەموو سەردەم و گەلان پشتڕاستی دەکەنەوە. لە مێژووی رۆمان، بۆ یەکەم جار دەخوێنینەوە کە دادوەر لەسایەی ئیمپراتۆرەکاندا بۆ پاراستنی کۆیلە لە توندوتیژیی خاوەنەکەی دێتە مەیدانەوە. کاتێک کە ڤیدیەس پۆلیۆ، بەئامادەبوونی ئۆگەستەس، فەرمان دەدا یەکێک لە کۆیلەکانی، کە هەڵەیەکی بچووکی کردووە، لەتوپەت بکرێ و فڕێ بدرێتە نێو حەوزی ماسییەکانیەوە، بۆ ئەوەی ببێتە خۆراک بۆ ماسییەکان، ئیمپراتۆر بەتووڕەییەوە فەرمانی پێ دەدا نەک تەنیا ئەو کۆیلەیە بەڵکو هەموو کۆیلەکانی ئازاد بکا. لە سەردەمی کۆماردا دادوەر دەسەڵاتی پاراستنی کۆیلەی نەبوو و، دەسەڵاتی سزادانی خاوەن کۆیلەشی لەوە کەمتر بوو.

دەبێ تێبینی بکرێ کە ئەو ماڵەی کۆلۆنییەکانی شەکری فرانسەی پێش خست، بەتایبەتی کۆلۆنیی گەورەی سانت دۆمینگۆ، تەواو بەهۆی چاکسازیی زەوی و کشتوکاڵکردنی پێبەپێی ئەو کۆلۆنییانەوە بەدەست هات. نزیکەی تەواوی ئەو ماڵە بەرهەمی خاک و پیشەسازیی ئەو کۆلۆنییانە بوو، یان، کە هەمان شتە، نرخی ئەو بەرهەمە بوو کە وردەوردە لەڕێی بەڕێوەبردنی باشەوە کەڵەکە بوو و، بەگەڕ خرا بۆ دەستەبەرکردنی بەرهەمی زیاتر. بەڵام ئەو ماڵەی کۆلۆنییەکانی شەکری ئینگلتەرەی پێش خشت و کشتوکاڵ کرد، بەهیچ شێوەیەک بەتەواوی بەرهەمی زەوی و پیشەسازیی کۆلۆنیستەکان نەبوو. گەشەی کۆلۆنییەکانی شەکری ئینگلیز، بەشێکی زۆری بۆ سامانە زۆرەکانی ئینگلتەرە دەگەڕێتەوە، کە ئەگەر بتوانین وا بڵێین، بەشێکی بەسەر ئەو کۆلۆنییانەدا ڕژا. بەڵام گەشەی کۆلۆنییەکانی شەکری فرانسە بەتەواوی بۆ هەڵسوکەوتی گونجاوی کۆلۆنیستەکان دەگەڕێتەوە، کە دەبێ بەو هۆیەوە بە ڕادەیەک لە هەڵسوکەوتی کۆلۆنیستە ئینگلیزەکان بالاتر بووبێ. ئەم بالادەستییەش لە هیچ شتێکدا وەک بەڕێوەبردنی باشی کۆیلەکان بەڕوونی دیار نەبوو.

ئەمانە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا بوو سەبارەت کۆلۆنییەکانیان.

کەواتە، سیاسەتی ئەورووپا، زۆر کەمی هەیە کە شانازیی پێوە بکا، چ لەڕووی دامەزراندنی بنەڕەتیی کۆلۆنییەکان، یان ئەوەندەی بە حکوومەتە ناوخۆییەکانیانەوە پەیوەست بێ، لە گەشەی کۆلۆنییەکانی ئەمەریکا کە بەدوایدا هات.

لەوە دەچێ گەمژەیی و ستەمکاریی ئەو بنەمایانە بن کە باڵیان بەسەر دامەزراندنی ئەو کۆلۆنییانەدا کێشابوو و ئاراستەیان دەکرد. گەمژەیی وێڵبوون بەدوای کانی زێڕ و زیودا و، ستەمکاری لە ئارەزووی دەستبەسەرداگرتنی وڵاتێکدا کە خەڵکە ڕەسەنە بێوەیەکەی، کە

هەرگیز ئازاری خەڵکی ئەوروپایان نەداوە، بە تەواوی میهرەبانی و میواندۆستییەوە پێشوازییان لە یەکەمین سەرکێشەکان کرد.
لەڕاستیدا، ئەو سەرکێشانە(adventurers) ، کە هەندێ دامەزراوەی دواتریان پێک هێنا، هەندێ پاڵنەری داناتر و مایەی ستایشیان خستە پاڵ پرۆژەی خەیاڵاویی دۆزینەوەی کانەکانی زێڕ و زیو. بەڵام ئەو پاڵنەرانەش شانازیی زۆر کەم بوون بۆ سیاسەتی ئەوروپا.
پیوریتانە ئینگلیزەکان(Puritans) ، کە لە نیشتماندا کۆت کرابوون، لەپێناو ئازادیدا بەرەو ئەمەریکا رایان کرد و، لەوێ حکوومەتی نیوئینگلاندیان دامەزراند. کاتولیکە ئینگلیزەکانیش، کە ڕووبەڕووی ستەمی زیاتر بووبوونەوە، حکوومەتی مێریلاندیان پێک هێنا، کوەیکەرەکان (Quakers) ئەوەی پێنسلڤانیایان دامەزراند. جووەکانی پۆرتوگال، کە دادگەکانی پشکنین (Inquisition) سەریانی دەکوتییەوە، لە سامانەکانیان داماڵران و بۆ برازیل دوور خرانەوە، بوونە نموونەی جۆرێک لە ڕێکخستن و پیشەسازی لەنێو ئەو تاوانکار و لەشفرۆشە دوورخراوانەی کە ئەو کۆلۆنییەیان تەنیبووەوە و، فێری چاندنی قامیشی شەکریان کردن. لە هەموو ئەو هەلە جۆراوجۆرانەدا، ئەوە دانایی و سیاسەت نەبوو، بەڵکو ناڕێکی و ستەمکاریی حکوومەتەکانی ئەوروپا بوو ئەمەریکای پڕ لە خەڵک و کشتوکاڵ کرد.
حکوومەتە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا ئەوەندەی لە نەخشەکێشان بۆ دروستکردنی ئەو دامەزراوانە بەتوانا بوون، ئەوەندە لە کاراکردنیاندا دەستیان نەبوو. داگیرکردنی مەکسیک پرۆژەی ئەنجومەنی ئیسپانیا نەبوو، بەڵکو پرۆژەی حاکمێکی کوبا بوو. کاراکردنەکەشی بەهۆی گیانی ئەو سەرکێشە ئازایەوە بوو کە کارەکەی پێ سپێررا، کە سەرباری هەموو شتێک کە ئەو حاکمە، کە زوو لە متمانەکردن بەو کەسە پەشیمان بووەوە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کارە پێی کرا. داگیرکەرانی چیلی و پیرۆ و، نزیکەی هەموو نشینگە ئیسپانیاییەکانی پارزەوینی ئەمەریکا، هیچ هاندەرێکی گشتییان لەگەڵ خۆیاندا پێ نەبوو، جگە لە ڕێگەدان بە دروستکردنی نشینگە و داگیرکاری بەناوی شای ئیسپانیاوە. ئەو سەرکێشییانە هەموویان بە هەوڵ و خەرجیی سەرکێشەکان خۆیان بوون. ئەوانەی ئینگلتەرە بەشدارییەکی کەمیان کرد لە کاراکردنی هەندێ لە گرینگترین کۆلۆنییەکانیان لە باکوری ئەمەریکا.
کاتێک کە ئەو دامەزراوانە کارا بوون و ئەوەندە گەورە بوون کە سەرنجی وڵاتی دایک ڕاکێشن، یەکەمین یاسا کە وڵاتی دایک بۆ ئەوانی دارشت بۆ ئەوە بوو قۆرخکاریی بازاڕەکانیان بۆ خۆی مسۆگەر بکا و، دەست بەسەر بازاڕەکانیاندا بگرێ و، بازاڕی خۆی لەسەر ئەرکی ئەوان فرەوانتر بکا و، لە ئاکامدا گەشەی ئەوان خاوتر و سستتر بکا لەجیاتی ئەوەی خێراتری بکا. ئەو ڕێیانەی ئەم قۆرخکارییەیان تێدا پیادە کران،

بنەڕەتیترین جیاوازیی سیاسەتی وڵاتانی ئەوروپایی بەرامبەر بە کۆلۆنییەکانیان لەخۆ دەگرن. باشترینی ئەو سیاسەتانە، کە ئەوەی ئینگلتەرەیە، تەنیا کەمێک لەوانەی تر کەمتر نائازادانە و سەرکوتکارانەیە.

کەواتە، سیاسەتی ئەوروپا بە چ شێوەیەک بەشدار بوو لە یەکەمین دامەزراندن، یان لە مەزنێتیی ئێستای کۆلۆنییەکان لە ئەمەریکا؟ بە یەک شێوە و، تەنیا بە یەک شێوە، ئەو سیاسەتە بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو. دایکێکی مەزن !(Magna virum Mater) بوو، ئەو پیاوانەی پەروەردە و ساز کرد کە توانییان ئەو کارە مەزنانە بکەن و، توانییان بناخەکانی ئیمپراتۆریایەکی وا گەورە دابنێن و، هیچ بەشێکی تری دنیا نییە کە بتوانێ، یان توانیبێتی، پیاوانی لەو جۆرە دروست بکا. کۆلۆنییەکان قەرزاری سیاسەتی ئەوروپان، بە فێربوون و بیری مەزنی دامەزرێنەرە چالاک و دەسپێشخەرەکانی و، هەندێ لە مەزنترین و گرینگترینیان، ئەوەندەی بە حکوومەتە ناوخۆییەکانیانەوە پەیوەست بێ، جگە لەوە بە هیچ شتێک قەرزاری نین.

کەرتی سێیەم

ئەو سوودانەی ئەوروپا بەدەستیانی هێنا لە دۆزینەوەی ئەمەریکا و، دۆزینەوەی ڕێگەی هیندی ڕۆژهەڵات لەڕێی سەری هیوای چاکەوە

ئەو سوودانەی کۆلۆنییەکانی ئەمەریکا لە سیاسەتی ئەوروپایان بەدەست هێنا.

ئەو سوودانە چین کە ئەوروپا لە دۆزینەوە و بەکۆلۆنیکردنی ئەمەریکاوە بەدەستی هێنا؟

دەشێ ئەو سوودانە دابەش بکرێن بۆ، یەکەم، ئەو سوودە گشتییانەی کە ئەوروپا، ئەگەر بە یەک وڵاتی گەورە دابنرێ، لەم ڕووداوە گەورانەوە بەدەستی هێناوە، و، دووەم، سوودە تایبەتەکانی هەر وڵاتێکی کۆلۆنیگر لەو کۆلۆنییانەی بەتایبەتی سەر بە خۆین و، لە ئاکامی دەسەڵاتی بەسەر ئەو کۆلۆنییانەدا، بەدەستیانی هێناوە.

ئەو سوودە گشتییانەی ئەوروپا، ئەگەر وەک یەک وڵاتی گەورە سەیر بکرێ، لە دۆزینەوە و بەکۆلۆنیکردنی ئەمەریکاوە بەدەستیانی هێناوە، بریتین لە، یەکەم، زیادبوونی خۆشییەکانی و، دووەم، زیادبوونی پیشەسازییەکەی.

بەرهەمی زیادی ئەمەریکا، کە بۆ ئەوروپا هاوردە دەکرێ، کۆمەڵێک کاڵا بەردەستی دانیشتووانی ئەم پارزەوینە گەورەیە دەخا کە ئەگەر وا نەبووایە، دەستیان نەدەکەوتن، هەندێک لەو کاڵایانە بۆ بەکارهێنان و ژیان، هەندێکیان بۆ دڵخۆشی و، هەندێک وەک جوانکاری و، بەمەش لە زیادکردنی خۆشحاڵییاندا بەشدار دەبوون.

دۆزینەوە و بەکۆلۆنیکردنی ئەمەریکا، بەشداریان لە زیادکردنی پیشەسازیدا کرد، یەکەم، لە هەموو ئەو ولاتاندا کە بازرگانیی ڕاستەخۆیان لەگەڵدا کرد، وەک ئیسپانیا، پۆرتوگال، فرانسە و، ئینگلتەرە، دووەم، لە هەموو ئەو ولاتانەی کە بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بازرگانییان لەگەڵدا بکەن، کە لەڕێی ولاتانی ترەوە، کالای بەرهەمهێنراوی خۆیان ڕەوانەی ئەوێ دەکرد، وەک فلاندەرزی نەمسا و، هەندێ هەرێمی ئەلمانیا، کە لەڕێی ئەو ولاتانەی ئاماژەیان بۆ کرا بڕی زۆر کەتان و کالای تریان ڕەوانەی ئەوێ دەکرد. هەموو ئەو جۆرە ولاتانە بازاڕی فرەوانتریان بۆ بەرهەمی زیادی خۆیان دەستکەوت و، لە ئاکامدا هان دران بڕی ئەو کالایانە زیاتر بکەن.

بەلام ئایا دەبێ ئەو ڕووداوە مەزنانە، بەهەمان شێوە، بەشدارییان لە هاندانی پیشەسازییی ولاتانی وەک هەنگاریا و پۆلاند کردبێ، کە لەوانەیە هەرگیز یەک دانە کالاشیان لە بەرهەمی خۆیان بۆ ئەمەریکا ڕەوانە نەکردبێ، لەوانەیە ئەمە بەتەواوی ڕوون نەبێ. هەروەها ناکرێ گومان لەو بەشدارییە بکرێ و ڕەت بکرێتەوە. هەندێ بەشی بەرهەمی ئەمەریکا لە هەنگاریا و پۆلاند بەکار براون و، هەندێ خواست هەیە لەسەر شەکر، چۆکولات و، تووتنی ئەو بەشە نوێیەی دنیا. بەلام ئەو کالایانە پێویستە بە شتێک بێنە کڕین کە یان بەرهەمی پیشەسازیی هەنگاریا و پۆلاندە، یان بە شتگەلێک کە بە بەشێک لەو بەرهەمە کڕراون. کالاکانی ئەمەریکا بەهای نوێن، یان نیمچە نوێن، کە هاتوونەتە هەنگاریا و پۆلاند بۆ گۆڕینەوەیان لەوێ بە بەرهەمی زیادی ئەو ولاتانە. بە گواستنەوەیان بۆ ئەوێ بازاڕی نوێ و فرەوانتریان بۆ ئەو بەرهەمە زیادەیە دەستەبەر کردووە. بەهای ئەو زیادەیەیان بەرز کردووەتەوە و بەوەش بەشدارییان لە هاندانی زیادکردنی کردووە. ئەگەرچی لەوانەیە هیچ بەشێکی ئەو زیادەیە بۆ ئەمەریکا نەبرێ، بەلام بۆ ولاتانی تر دەبرێن کە بە بەشێک لە پشکی خۆیان لە بەرهەمی زیادی ئەمەریکا دەیکڕن و، لەوانەیە بەهۆی سووڕاندنی ئەو بازرگانییەی کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی زیادی ئەمەریکا خستیە جووڵە، بازاڕێک بدۆزێتەوە.

تەنانەت لەوانەیە ئەم ڕووداوە مەزنانە بەشدارییان لە زیادکردنی چێژوەرگرتنیش کردبێ و، بەشدارییان لە زیادکردنی پیشەسازیی ئەو ولاتانەش کردبێ کە نەک هەرگیز هیچ کالایەکیان بۆ ئەمەریکا ڕەوانە نەکردووە، بەڵکو هەرگیز هیچ کالایەکی ئەمەریکاشیان بۆ نەچووە. تەنانەت ئەو جۆرە ولاتانەش لەوانەیە بڕی زیاتر کالای تریان لە ولاتانەوە بەدەست هێنابێ کە بەرهەمی زیادەیان لەڕێی بازرگانیی ئەمەریکاییەوە زیادی کردووە. ئەو زیادبوونە زۆرە دەبێ وەک پێویستییەک چێژوەرگرتنی ئەوانی زیاتر کردبێ، بەهەمان شێوەش دەبێ پیشەسازیی ئەوانی زیاتر کردبێ. دەبێ کۆمەڵێک شتی نوێ لە هەر جۆرێک بێ، خرابێتە بەر دەستیان بۆ ئەوەی بە بەرهەمی زیادی ئەو پیشەسازییە بگۆڕرێتەوە.

دەبێ بازاڕێکی فرەوانتر خوڵقێنرابێ بۆ ئەو بەرهەمە زیادەیە بەجۆرێک کە بەهاکەی زیاد کردووە و، لە ئاکامدا هانی زیادکردنی پیشەسازییەکەی داوە. باڕستەی ئەو کاڵایانەیساڵانە فڕێ دراونەتە ناو بازنەی گەورەی بازرگانیی ئەوروپاییەوە و، لەڕێی شۆڕشە جۆراوجۆرەکانیەوە کە ساڵانە دابەش کراونەتە سەر وڵاتانی جۆراوجۆری بەشداربوو تیایدا، دەبێ تەواوی بەرهەمی زیادی ئەمەریکای زیاد کردبێ. بۆیە، بەشێکی گەورەتری ئەم باڕستە گەورەیە، لەوە دەچێ کەوتبێتە لای هەر یەکێک لەو وڵاتانە، چێژوەرگرتنیانی زیاتر کردووە و پیشەسازیشیانی زیاد کردووە.

بازرگانیی قۆرخکارانەی وڵاتی دایک ڕووی لە کەمکردنەوەی چێژوەرگرتن و پیشەسازیی ئەو وڵاتانەیە بەگشتی و، کۆلۆنییەکانی ئەمەریکایی بەتایبەتی، یان، بەلای کەمەوە، کەمکردنەوەیان بۆ خوار ئەوەی کە ئەگەر وا نەبێ بەرەو ئەو ئاستە زیاد دەبن. ئەو قۆرخکارییە بارێکی گرانە خراوەتە سەر چالاکیی ئەو سەرچاوە مەزنانەی کە بەشێکی زۆری ئیشوکاری مرۆڤن. ئەو قۆرخکارییە بە گرانکردنی بەرهەمی کۆلۆنییەکە لە هەموو وڵاتانی تردا، بەکاربردنی ئەو بەرهەمە کەم دەکاتەوە و، بەو شێوەیە پیشەسازیی کۆلۆنییەکان دەپووکێنێتەوە و، چێژ و پیشەسازیی گشت وڵاتانی تریش کەم دەکاتەوە، ئەوانەی کاتێ لەبەرامبەردا زۆر بدەن چێژ کەمتر وەردەگرن و، کە بەرامبەر بەرهەمەکەشیان کەمتریان دەست بکەوێ کەمتر بەرهەم دێنن. بەگرانکردنی بەرهەمی گشت وڵاتانی تر لە کۆلۆنییەکاندا، بە هەمان شێوە پیشەسازیی هەموو ئەو وڵاتانە و، چێژ و پیشەسازیی کۆلۆنییەکان دەپووکێنێتەوە. ئەو قۆرخکارییە بەربەستێکە، لەپێناو دەستکەوتی پێشبینیکراوی چەند وڵاتێکی کەمدا، خۆشحاڵی و پیشەسازیی هەموو وڵاتەکانی تر دەشێوێنێ و بارگران دەکا، بەڵام ئەمە زیاتر دژ بە کۆلۆنییەکان دەکرا تا بە وڵاتانی تر دەگا. ئەو نەک تەنیا، ئەوەندەی پێی بکرێ، هەموو وڵاتانی تر لە بازاڕێکی دیاریکراو دەر دەکا، بەڵکو ئەوەندەی پێی بکرێ کۆلۆنییەکان لە یەک بازاڕێکدا قەتیس دەکا و، جیاوازییەکەش زۆرە لەنێوان ئەوەی تەنیا لە یەک بازاڕ دوور بخرێی، لە کاتێکدا کە گشت بازاڕەکانی ترت بەڕوودا کراوە بن و، ئەوەی کە لە تەنیا یەک بازاڕێکدا قەتیس بکرێی و گشت بازاڕەکانی ترت بەڕوودا داخراو بن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمی زیادی کۆلۆنییەکان سەرچاوەی بنەڕەتییە بۆ ئەو چێژ و پیشەسازییەی ئەوروپا لە دۆزینەوە و بەکۆلۆنیکردنی ئەمەریکاوە بەدەستیانی هێناوە و، قۆرخکردنی بازرگانی لەلایەن وڵاتی دایکەوە وا دەکا ئەم سەرچاوەیە کەمبەرهەمتر بێ لەوەی کە بەبێ قۆرخکاری دەبێ.

ئەو ئیمتیازە تایبەتەی هەر وڵاتێکی داگیرکەر لە کۆلۆنییەکەی خۆی دەستی دەکەوێ، دوو جۆری جیاوازی هەیە، یەکەم، ئیمتیازە گشتییەکانی هەموو ئیمپراتۆریایەک، کە لە هەموو ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆی وەری دەگرێ و، دووەم، ئەو ئیمتیازە ناوازانەی

کە پێشبینی دەکرێ بەرهەمی ئەو ناوچە خاوەن سروشتە ناوازانە، وەک کۆلۆنییە ئەوروپاییەکانی ئەمەریکا، بەرهەمی بێنن.

ئەو ئیمتیازە گشتییانەی هەموو ئیمپراتۆریایەک لە هەموو ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا وەریان دەگرێ بریتین لە، یەکەم، ئەو هێزە سەربازییەی بۆ بەرگریکردنی دەستەبەر دەبێ و، دووەم، ئەو داهاتەی بۆ پشتیوانیی حکوومەتی مەدەنی دەستەبەری دەکا. کۆلۆنییەکانی گریک هەندێ جار هێزی سەربازییان دابین دەکرد بەڵام بەدەگمەن داهاتیان هەبوو. ئەوان بەگشتی هاوپەیمانی گریک بوون لە شەڕدا و، بەدەگمەن لە ئاشتیدا رەعیەتی ئەو بوون.

کۆلۆنییەکانی ئەوروپاییەکان لە ئەمەریکا هەرگیز هێزی سەربازییان بۆ بەرگری دابین نەکردووە. هێزی سەربازیی ئەوان هەرگیز بەشی بەرگریکردن لەخۆیانی نەکردووە و، لە شەڕە جۆروجۆرەکانی وڵاتانی دایکدا، بەرگری لە کۆلۆنییەکان مایەی سەرقاڵییەکی زۆر بووە بۆ هێزی سەربازیی ئەو وڵاتانە. بۆیە، لەم ڕووەوە، هەموو کۆلۆنییەکانی ئەوروپا، بەبێ جیاوازی، مایەی لاوازکردن نەوەکو بەهێزکردنی وڵاتە دایکەکانیان بوون.

تەنیا کۆلۆنییەکانی ئیسپانیا و پۆرتوگال، بەداهات هەندێ بەشدارییان لە بەرگریی وڵاتی دایکدا، یان لە پشتیوانیی حکوومەتی مەدەنیدا هەبووە. ئەو باجانەی لە کۆلۆنییەکانی وڵاتانی ئەوروپا کۆ کراونەتەوە، بەتایبەتی لەوانەی ئینگلتەرە، بەدەگمەن یەکسان بوونە بەو خەرجییانەی لە کاتی ئاشتیدا بۆیان خەرج کراوە و، هەرگیز بەشی خەرجییەکانی سەردەمی شەڕیان نەکردووە. بۆیە، ئەو جۆرە کۆلۆنییانە، بۆ وڵاتە دایکەکانیان، سەرچاوەیەک بوون بۆ خەرجی نەک بۆ داهات.

ئەو سوودانەی کۆلۆنییەکان بۆ وڵاتانی دایکیان هەیانبووە هەموویان پێک هاتوون لەو ئیمتیازە ناوازانەی کە لە سروشتی ناوازەی کۆلۆنییەکانی ئەوروپایی لە ئەمریکا چاوەڕوان کراون و، لەو بازرگانییە قۆرخکارانەیەی کە تەنیا سەرچاوە بوونە بۆ ئەو سوودە ناوازانە.

لە ئاکامی ئەو بازرگانییە قۆرخکارەدا، هەموو ئەو بەشە زیادەی بەرهەمی کۆلۆنییە ئینگلیزییەکان، بۆ نموونە، کە بە کاڵای ڕیزبەندکراو ناسراون و، جگە لە ئینگلتەرە ڕەوانەی هیچ وڵاتێکی تر نەکراون. وڵاتانی تر دەبوو دواتر لەویان بکڕن. بۆیە دەبێ ئەو کاڵایانە لە ئینگلتەرە لە هەموو وڵاتێکی تر هەرزانتر بن و، دەبێ بەشداریی زیاتر لە زیادکردنی چێژوەرگرتنی ئینگلتەرەدا بکەن، زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر. هەروەها دەبێ زیاتر بەشدار بن لە هاندانی پیشەسازیی ئینگلتەرەدا. دەبێ ئینگلتەرە لەبەرامبەر هەموو بەشە زیادەکانی بەرهەمی ئەو کاڵا ڕیزبەندکراوانە، نرخی باشتری دەسکەوێ، باشتر لەوەی هەر وڵاتێک دەتوانێ بۆ بەشە هاوشێوەکانی ئەوانەی خۆیان بەدەستی بێنێ. بۆ نموونە، پیشەسازانی

ئینگلتەرە، بڕێکی زۆرتر شەکر و تووتنی کۆلۆنییەکانی ئینگلتەرە دەکڕن، زۆرتر لەوەی پیشەسازانی هاوشێوەیان لە ولاتانی تر دەتوانن بیانکڕن. بۆیە، تا ئێستا، کە بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئینگلتەرە و ئەوانەی ولاتانی تر بە شەکر و تووتنی کۆلۆنییەکانی ئینگلیز دەگۆڕرێنەوە، ئەم بالادەستییەی نرخ هاندەری ئەوەی یەکەم بووە، زیاتر لەوەی لەم هەلومەرجەدا هانی ئەوەی دوایی داوە. بازرگانیی قۆرخکراوی کۆلۆنییەکان، کە چێژ و پیشەسازیی ولاتانی تر کە ئەو بازرگانییانەیان بەدەستەوە نییە، کەم دەکاتەوە یان بەلای کەمەوە دەیخاتە خوار ئەوەی کە ئەگەر وا نەبووایە دەبوو، ئیمتیازێکی بەرچاوە بۆ ئەو ولاتانەی هەیانە لەبارمبەر ئەوانەی تردا.

بەلام ئەم سوودە، لەوانەیە تەنیا ئەوە بێ کە پێی دەگوترێ سوودی ڕێژەیی و، ڕەها نەبووە. هەروەها لەڕێی پالەپەستۆخستنە سەر پیشەسازی و بەرهەمی ولاتانی تر، بالادەستی بەو ولاتە دەدا کە هەیەتی، نەک لەڕێی پەیداکردنیەوە لە دۆخی بازرگانیی ئازاددا.

بۆ نموونە، تووتنی مێریلاند و ڤیرجینیا، لەڕێی قۆرخکارییی ئینگلتەرەوە، هەرزانتر بۆ ئینگلتەرە دەچێ وەک لە فرانسە، کە ئینگلتەرە بەشێکی زۆری پێ دەفرۆشێ. بەلام ئەگەر لە هەموو کاتێکدا ڕێگەی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ مێریلاند و ڤیرجینیا بۆ فرانسە و ولاتانی تری ئەورووپا والا بێ، لەوانەیە تووتنی ئەم کۆلۆنییانە، لەو کاتەدا، هەرزانتر لە ئێستا، نەک تەنیا بۆ ئەو ولاتانە بەلکو بۆ ئینگلتەرەش بچێ. بەرهەمی تووتن، لە ئاکامی هەبوونی بازاڕێکی فرەوانتر لەوەی هەیەتی، لەوانەبوو لەم کاتەدا، زیاتر زیادی بکردایە و بەجۆرێک کە قازانجەکانی کێڵگەکانی تووتنی کەم بکردایەتەوە بۆ ئاستی سروشتی لەگەڵ ئاستی کێڵگەکانی گەنمەشامی، کە مەزەندە دەکرێ ئەوانیش هێشتا لەو ئاستە بەرزتر بن. لەوانەیە نرخی تووتن، لەو کاتەدا، دابەزیبایەتە خوار ئەوەی ئێستای. بڕێکی یەکسانی کالای ئینگلتەرە یان ئەو ولاتانەی تر کە لەوانەیە لە مێریلاند و ڤیرجینیا بڕێکی زیاتر تووتنیان بکڕن، کە ئێستا دەتوانن بیکڕن و، لە ئاکامدا لەوێ بەنرخێکی باشتر دەفرۆشرێ. بۆیە، تا ئێستا ئەو گیایە، دەتوانێ بەهۆی هەرزانی و زۆرییەکەیەوە، چێژ زیاد بکا و پیشەسازیی ئینگلتەرە یان هەر ولاتێکی تر زیاتر بکا، لەوانەیە لەگەڵ هەبوونی بازرگانیی ئازاددا، هەردوو ئەم کاریگەرییەی بە ئاستێکی بەرزتر هەبێ لەوەی ئێستا هەیەتی. لەڕاستیدا، ئینگلتەرە لەو دۆخەدا هیچ ئیمتیازێکی بەسەر ولاتانی ترەوە نابێ. لەوانەیە تووتنی کۆلۆنییەکانی خۆی کەمێک بە هەرزانتر بکڕێ و، لەئاکامدا هەندێ کالای خۆی بەگرانتر لەوەی بەکردەنی دەیکا بفرۆشێ. بەلام نە ئەوەیانی بەهەرزانتر کڕیوە و نە ئەوەی تریانی بەگرانتر فرۆشتووە لەوەی کە ولاتێکی تر لەوانەیە بیکا. ئەو لەوانەیە ئیمتیازێکی ڕەهای بەدەست هێنابێ، بەلام بەدڵنیاییەوە ئیمتیازێکی ڕێژەیی لەدەست داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازە ڕێژەییە لە بازرگانیی کۆلۆنیدا، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خراپەکاری دوورخستنەوەی، تا پێی دەکرێ، وڵاتانی تر لەوەی بەشیان تیایدا هەبێ، گەلێ هۆکاری ئەگەردار هەن بۆ بڕواهێنان بەوەی کە ئینگلتەرە نەک تەنیا قوربانیی بە بەشێک لەو ئیمتیازە ڕەهایەی داوە کە خۆی، وەک هەر وڵاتێکی تر، لەوانە بوو لەو بازرگانییە بەدەستی بێنێ، بەڵکو خۆی کردە ئامانج بۆ زەرەرمەندییەکی ڕەها و ڕێژەییش لە نزیکەی گشت لقەکانی تری بازرگانیدا.

کاتێک کە ئینگلتەرە، لەڕێی یاسای دەریاوانییەوە، قۆرخکاریی بازرگانیی کۆلۆنیی بۆ خۆی گل دایەوە، ئەو سەرمایە بیانییانەی پێشتر تیایدا بەگەڕ خرابوون وەک پێویستییەک لەو بازرگانییە کشانەوە. سەرمایەی ئینگلیز، کە پێشتر بەشێکی ئەو بازرگانییەی لەئەستۆ گرتبوو، ئێستا هەمووی کەوتە ئەستۆ. ئەو سەرمایەیەی پێشتر بەشێک لەو کاڵایانەی کۆلۆنییەکانی بەردەست دەخست کە خواستیان بۆیان هەبوو، ئێستا دەبێ هەموویان بەردەست بخا. بەڵام ناتوانێ هەمووی بەردەست بخا و، ئەو کاڵایانەی پێشتر بەهۆیانەوە ئەو خواستەی بەردەست دەخست زۆر گران دەفرۆشران. ئەو سەرمایەیەی پێشتر تەنیا بەشێکی بەرهەمی زیادی کۆلۆنییەکانی دەکڕی ئێستا دەبێ بۆ کڕینی هەموو ئەو زیادەیە بەگەڕ بخرێ. بەڵام ناتوانێ هەمووی بە نرخێکی نزیک لە نرخە کۆنەکە بکڕێ، بۆیە تەنیا زۆر هەرزانیانی کرد. لە بەگەڕخستنی سەرمایەی بازرگانێکدا کە زۆر بەگران بفرۆشێ و زۆر بەهەرزان بکڕێ، دەبێ قازانج گەلێ زۆر بێ و، دەبێ زۆر لە سەرووی ئاستی ئاسایی قازانج بێ لە هەر لقێکی تری بازرگانیدا. ئەم باڵادەستییەی قازانج لە بازرگانیی کۆلۆنیدا سەخت نەبوو بەلایەوە بەشێک لە سەرمایە لە لقەکانی تری بازرگانییەوە بۆ خۆی بەکێش بکا، کە پێشتر لەو لقانەدا بەگەڕ خرابوو. بەڵام ئەم لادانەی سەرمایە، کە دەبێ وردەوردە کێبەرکێی نێوان سەرمایەکان لە بازرگانیی کۆلۆنیدا زیاد بکا، دەبێ وردەوردە کێبەرکێ لە هەموو لقەکانی تری بازرگانی کەم بکاتەوە. هەروەها کە وردەوردە قازانجی یەکێکیان کەم دەکاتەوە، دەبێ وردەوردە قازانجی ئەوەی تر زیاد بکا، تا ئەو کاتەی قازانجی هەموویان دەگەنە ئاستێکی نوێ، جیاواز و کەمێک بەرزتر لەوەی پێشتر هەبوو.

ئەم کاریگەرییە دووسەرەیەی بەکێشکردنی سەرمایە لە هەموو لقەکانی ترەوە و، کەمێک بەرزکردنەوەی ئاستی قازانج بۆ سەرووی ئەوەی جارانی هەموو بازرگانییەکانی تر، تەنیا بەرهەمی یەکەمین سەپاندنی قۆرخکاری نەبوو، بگرە لەو کاتەوە بەردەوامیی هەیە.

یەکەم، ئەم قۆرخکارییە بەردەوام سەرمایە لە بازرگانییەکانی ترەوە دەکێشێتەوە بۆ ئەوەی لە بازرگانیی کۆلۆنییەکاندا بەگەڕ بخرێ.

ئەگەرچی سامانی بریتانیای مەزن لە کاتی دەرچوونی یاسای دەریاوانییەوە، زۆر زیادی کردووە، بێگومان زیادبوونەکەی بەهەمان ڕێژەی زیادبوونی سامانی کۆلۆنییەکان نەبووە. بازرگانیی دەرەکیی هەموو وڵاتێک، بەسروشت هاوڕێژە لەگەڵ سامانەکەیدا زیاد دەکا، بەرهەمی زیادەی، هاوڕێژە لەگەڵ تەواوی بەرهەمەکەیدا زیاد دەبێ، بریتانیای مەزنیش کە هەموو ئەوەی پێی دەگوترێ بازرگانیی دەرەکیی کۆلۆنییەکانە، بۆ خۆی گل داوەتەوە و، سەرمایەکەی بەهەمان ڕێژەی فرەوانبوونی بازرگانییەکە زیاد نەبووە، ناتوانێ بەردەوام ئەو بازرگانییە بەڕێوە ببا بەبێ ئەوەی بەردەوام هەندێ لە سەرمایەی لقەکانی تری بازرگانیی بۆ بکێشێتەوە، کە پێشتر لەو لقانەدا بەگەڕ خرابوون، شانبەشانی گلدانەوەی بەشێکی زۆر لەوەی جاران بۆیان دەچوو. بەو پێیە، لە کاتی دەرچوونی یاسای دەریاوانییەوە، بازرگانیی کۆلۆنی لە زیادبوونی بەردەوامە، لەکاتێکدا کە گەلێ لقی تری بازرگانیی دەرەکی، بەتایبەتی بۆ بەشەکانی تری ئەوروپا، لە داکشانی بەردەوامدان. ئەو بەرهەمە پیشەسازییانەمان کە بۆ فرۆشتنی دەرەوەن، لەجیاتی ئەوەی بگونجێنرێن، وەک ئەوەی پێش یاسای دەریاوانی، بۆ بازارە دراوسێکانی ئەوروپا، یان دوورتر لەوە بۆ بازاڕی وڵاتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست، بەشی زۆریان بۆ بازاڕێکی دوورتر ئامادە کران کە بازاڕی کۆلۆنییەکانە، ئەو بازاڕەی کە قۆرخیان کردووە، نەک ئەو بازاڕانەی کێبەرکێکەریان تیایاندا هەیە. هۆکارەکانی پووکانەوەی لقەکانی تری بازرگانیی دەرەکی، کە سێر ماتیو دیکەر و نووسەرانی تر لەنێو گومرک و ڕەسم و باجە نەگونجاوەکان، نرخی بەرزی کار، زیادبوونی خۆشگوزەرانی، هتد، بەدوایاندا گەڕاون، لەوانەیە هەموویان لە گەشەی لەڕادەبەدەری بازرگانیی کۆلۆنییەکاندا بدۆزرێنەوە. سەرمایەی بازرگانیی بریتانیای مەزن، ئەگەرچی زۆرە، بەڵام بێسنوور نییە و، هەرچەندە لە کاتی دەرچوونی یاسای دەریاوانییەوە زۆر زیادی کردووە، بەڵام هێشتا بەهەمان ڕێژەی بازرگانیی کۆلۆنییەکان زیادی نەکردووە، ئەو بازرگانییەی لەوانەیە بەڕێوەچوونی بەبێ کێشانەوەی هەندێ بەشی ئەو سەرمایەیە لە لقەکانی تری بازرگانی لەکردننەهاتوو بێ، لە ئاکامیشدا بەبێ هەندێ پووکانەوەی ئەو لقانەی بازرگانی نەبووە.

دەبێ تێبینیی ئەوەش بکرێ کە، ئینگلتەرە وڵاتێکی بازرگانیی مەزن بوو، سەرمایەی بازرگانیی زۆر مەزن بوو و لەوە دەچێ هێشتا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر و زیاتر بێ، نەک تەنیا پێش ئەوەی یاسای دەریاوانی قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییەکانی بەسەپێنێ، بەڵکو پێش ئەوەش کە ئەو بازرگانییە وا زۆر ببێ. لە شەڕی هۆڵاندەییەکاندا، لە سەردەمی حکوومەتەکەی کرۆموێڵ، هێزی دەریاوانیی ئینگلتەرە باڵادەستتر بوو لەوەی هۆڵاند. هەروەها لەو شەڕەی کە لە سەرەتای سەردەمی چارلزی دووەم سەری هەڵدا، یەکسان بوو، لەوانەشە باڵادەست بووبێ بەسەر هەردوو هێزی دەریایی یەکگرتووی فڕانسە و

هۆڵانددا. ڕەنگە ئێستا باڵادەستییەکەی بەدەگمەن زیاتر بێ، بەلای کەمەوە لەو کاتەدا کە هێزی دەریایی هۆڵاندەیی هەمان بڕ بازرگانیی هۆڵاندی لەئەستۆ گرتبێ کە ئەوسا لەئەستۆی گرتبوو. بەڵام ئەو هێزە دەریاییە گەورەیە، لە هیچ یەکێک لەو شەڕانەدا، بەهۆی یاسای دەریاوانییەوە وا گەورە نەبوو. لە شەڕی یەکەمیاندا، تازە پلانڕێژی بۆ ئەو یاسایە کرابوو و، هەرچەندە پێش هەڵگیرسانی ئەوەی دووەمیان یاساکە لەلایەن دەسەڵاتی یاساییەوە بەتەواوی دەرچوو، بەڵام هێشتا کاریگەرییەکی بەرچاوی بەرهەم نەهێنابوو و، کەمترین بەشی هەبوو لە دامەزراندنی قۆرخکردنی بازرگانیی کۆڵۆنییەکاندا. کۆڵۆنییەکان و بازرگانییەکەیان، لەو ڕۆژگارەدا، بە بەراورد لەگەڵ ئێستایاندا بایەخێکیان نەبوو. دوورگەی جامایکا بیابانێک بوو، دانیشتووانی کەم و، کەمتر کشتوکاڵ کرابوو. نیویۆرک و نیوجێرسی بەدەستی هۆڵاندەییەکانەوە بوون، نیوەی سانت کریستۆفەر بەدەستی فڕانسەییەکانەوە بوو، هەردوو کارۆلاینا، پێنسلڤانیا، جۆرجیا و، نۆڤا سکۆچیا کشتوکاڵیان نەبوو. ڤیرجینیا، مێریلاند و، نیوئینگلاند کشتوکاڵ کرابوون و، ئەگەرچی کۆڵۆنیی گەشەکردوو بوون، بەڵام لەوانەیە لەو کاتەدا هێشتا، نە لە ئەورووپا و نە لە ئەمەریکا، یەک کەسێک نەبووبێ پێشبینی بکا ئەو پێشڤەچوونە خێرایە بەخۆیانەوە ببینن لەڕووی سامان، دانیشتووان و، پێشکەوتندا. بەکورتی، دوورگەی باربادۆس تەنیا کۆڵۆنیی بریتانیا بوو کە لەو کاتەدا شتێکی هەبووبێ بەوەی ئێستای بچێ. بازرگانیی کۆڵۆنییەکان، کە بەهۆیانەوە، تەنانەت ماوەیەکیش دوای یاسای دەریاوانیی ئینگلتەرە سوودی کەمی لەو یاسایە بینی (یاسای دەریاوانی تا چەند ساڵێکی دوای دەرچوونی بەڕژدی پیادە نەکرا)، ئەو یاسایە لەو کاتەدا نەبووە هۆی بازرگانییەکی زۆر بۆ ئینگلتەرە و، بازرگانییەکەش پشتیوان نەبوو بۆ هێزێکی دەریاوانیی گەورە. ئەو بازرگانییەی ئەو کاتە پشتیوانیی هێزی گەورەی دەریاوانیی دەکرد بازرگانیی ئەورووپا و وڵاتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست بوو. بەڵام ئەو پشکەی ئێستا بریتانیای مەزن لەو بازرگانییە بەدەستی دێنێ ناتوانێ پشتیوانیی هیچ جۆرە هێزێکی دەریاوانیی وا گەورە ناکا. ئەگەر بازرگانیی کۆڵۆنییەکان بۆ هەموو وڵاتان ئازاد بووایە، هەر پشکێکی بەر بریتانیای مەزن بکەوتایە و، کە لەوانەبوو پشکەکەی گەلێ گەورە بووایە، هەمووی دەبووە زیادەیەک بۆ سەر ئەو بازرگانییە گەورەیە کە پێشتر هەیبوو. لەئاکامی قۆرخکارییەکە، زیادبوونی بازرگانیی کۆڵۆنی نەبووە مایەی زیادبوونێکی سەربار بۆ ئەو بازرگانییەی پێشتر هەیبوو، چونکە ئاراستەی بازارگانیی پێشووی خۆی گۆڕی.

دووەم، ئەم قۆرخکارییە وەک پێویستییەک بەشدار بوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی قازانج لە هەموو لقەکانی بازرگانیی بریتانیاییدا، زیاتر لەوەی ئەو کاتە دەبوو کە هەموو وڵاتانی تر ڕێی بازرگانیی ئازادانەیان لەگەڵ کۆڵۆنییە بریتانیاییەکاندا بۆ کراوە بووایە.

قۆرخکاریی بازرگانیی کۆلۆنی، کە وەک پێویستییەک بەشێکی زۆرتری سەرمایەی بریتانیای مەزنی بەرەو ئەو بازرگانییە بەکێش کرد، زیاتر لەوەی کە بەشێوەیەکی سروشتی دەبوو، بە دوورخستنەوەی گشت سەرمایە بیانییەکان بەناچاری، تەواوی ئەو برە سەرمایەیەی کەم کرەوە کە لەو بازرگانییەدا بەگەڕ خرابوون بۆ خوار ئاستی سروشتیی کاتی بازرگانیی ئازاد. بەڵام بە کەمکردنەوەی کێبەرکێی سەرمایەکان لەو لقەی بازرگانیدا، ئاستی قازانجی لەو لقە بەرز کردەوە. هەروەها بە کەمکردنەوەی کێبەرکێی سەرمایە بریتانیاییەکان لە هەموو لقەکانی تری بازرگانیشدا، ئاستی قازانجی بریتانیایی لە هەموو ئەو لقانەدا بەرز کردەوە. دۆخ و بەرفرەوانیی سەرمایەی بازرگانیی بریتانیای مەزن، لە هەر ماوەیەکی دیاریکراودا، لە کاتی پێڕەوکردنی یاسای دەریاوانییەوە، هەرچییەک بووبێ، پێویستە قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییەکان، لە ماوەی بەردەوامیی ئەو دۆخەدا، ئاستی ئاسایی قازانجی بریتانیای بەرزتر کردبێ لەو ئاستەی بەبێ ئەو قۆرخکارییە لەو لقە و لە لقەکانی تری بازرگانییەکانی تری بریتانیاییدا دەست دەکەوت. ئەگەر لە کاتی پێڕەوکردنی یاسای دەریاوانییەوە، ئاستی ئاسایی قازانجی بریتانیا بەرادەیەکی زۆر کەمی بکردایە، وەک ئەوەی بەدڵنیاییەوە ڕووی داوە، پێویست بوو هێشتا زیاتر کەم بکا، ئەگەر قۆرخکاری بەپێی ئەو یاسایە بە بەرزی نەیهێشتایەتەوە.

بەڵام ئەوەی ئاستی ئاسایی قازانج لە هەر وڵاتێکدا بەرز دەکاتەوە، زیاتر لەوەی کە دەبێ، هەرچییەک بێ، ئەوە بێگومان لە هەموو لقێکی بازرگانیدا کە قۆرخی نەکردووە، وڵاتەکە تووشی زیانی ڕەها و ڕێژەیی دەکا.

وڵاتەکە تووشی زیانی ڕەها دەبێ، چونکە بازرگانەکانی ناتوانن لەو لقانەی بازرگانیدا ئەو قازانجە زۆرە بەدەست بهێنن، بەبێ ئەوەی ئەو کاڵا بیانییانەی هاوردەی وڵاتی خۆیانی دەکەن و ئەو کاڵا خۆماڵییانەی هەناردەی وڵاتانی بێگانەیان دەکەن، بەگرانتر بفرۆشن لەوەی لە نەبوونی ئەو دۆخەدا دەیکەن. بەمەش وڵاتی خۆیان دەبێ بەگرانتر بکڕێ و بەگرانتر بفرۆشێ، دەبێ کەمتر بکڕێ و کەمتر بفرۆشێ، لەوەی بەبێ ئەو دۆخە دەیکا.

وڵات تووشی زیانی ڕێژەیی دەکا، چونکە لەو جۆرە لقانەی بازرگانیدا وڵاتانی تر، کە تووشی ئەو جۆرە زیانە ڕەهایە نەبوونە، دەخاتە زۆر سەرووتر یان زۆر خوارووتری ئەو پێگەیەی بەبێ ئەم دۆخە بەرامبەر وڵاتەکە هەیانبوو. بەمەش وا دەکا، بە بەراورد لەگەڵ دەستکەوت و بەرهەمی خۆی زۆرتریان دەسکەوێ و زۆرتر بەرهەم بێنن. باڵادەستیی ئەوان زیاتر دەکا، یان ئاستی نزمی ئەوان بەرزتر دەکا، لەوەی بەبێ ئەم دۆخە هەیانبوو، یارمەتیی بازرگانانی وڵاتانی تر دەدا لە بازاڕە بیانییەکاندا کاڵایان بە هەرزانتر لەوانەی

ئەم بفرۆشن و، تێی هەڵدەنە دەرەوەی نزیکەی هەموو لقەکانی تری بازرگانی کە قۆرخیانی نەکردووە.

زۆر جاران بازرگانانمان گلەیی لە هەقدەستی بەرهەمە پیشەسازییە بریتانیاییەکان دەکەن، وەک هۆکار بۆ دابەزینی نرخی ئەو بەرهەمانە لە بازاڕە بیانییەکاندا، بەڵام خۆیان لەئاست قازانجی زۆری ماڵەکانیان بێدەنگن. ئەوان گلەیی لە دەستکەوتی زۆری خەڵکی تر دەکەن، بەڵام هیچ لەبارەی دەستکەوتی زۆری خۆیان ناڵێن. لەگەڵ ئەوەشدا قازانجە زۆرەکانی ماڵی بریتانیایی لەوانەیە لە زۆر دۆخدا و، هەندێ جار زۆرتر، بەشدارییان هەبێ لە بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا پیشەسازییەکانی بریتانیاییەکاندا، زیاتر لەوەی کە هەقدەستی کاری بریتانیا لەو بوارەدا بەشداریی هەیە.

بەم شێوەیە مرۆڤ مافی خۆیەتی بڵێ، سەرمایەی بریتانیای مەزن کێشراوەتەوە و بەشێوەیەکی بەشەکی لە زۆربەی لقە جیاجیاکانی بازرگانیی دەرەکی، کە قۆرخیانی نەکردووە، بەتایبەتیش لە بازرگانیی ئەورووپا و، لە بازرگانیی وڵاتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست، دەرچووە.

ئەو سەرمایەیە بەشێوەیەکی بەشەکی بەهۆی قازانجی زۆری بازرگانیی کۆڵۆنییەکانەوە، لەئاکامی زیادبوونی ئەو بازرگانییە، لەو لقانەی تری بازرگانی کشاوەتەوە. هەروەها بەهۆی کەمبوونەوەی ساڵبەساڵی ئەو سەرمایەیەوە کە لەو لقانەدا بەگەڕ دەخرا، کشاوەتەوە.

بەشێکی کشانەوەکەشی بەهۆی ئەو سوودەوە بووە کە ئاستی بەرزی قازانج لە بریتانیای مەزندا وای کردووە لە هەموو ئەو لقانەی بازرگانی، کە قۆرخیانی نەکردووە، بۆ وڵاتانی تر بچێ.

وەک چۆن قۆرخکردنی بازرگانیی کۆڵۆنییەکان بەشێکی سەرمایەی لەو لقانەی تری کێشاوەتەوە، کە ئەگەر وا نەبووایە تیایاندا بەگەڕ دەخرا، گەلێ سەرمایەی بیانیی پاڵناوەتە نێو ئەو لقانەوە، کە ئەگەر بەهۆی دوورخستنەوەیان لە بازرگانیی کۆڵۆنییەکانەوە نەبووایە هەرگیز ڕوویان لەو لقانە نەدەکرد. کێبەرکاریی سەرمایەی بریتانیایی لەو لقانەی تری بازرگانیدا کەم کردەوە و، بەمەش ئاستی قازانجی بریتانیای لەجاران بەرزتر کردەوە. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، کێبەرکاریی سەرمایە بیانییەکانی زیاتر کرد و، ئاستی قازانجی بیانیی نزمتر کردەوە لەوەی کە بەبێ ئەمە دەبوو. بە هەردوو ڕێگەکە، بریتانیای مەزن لە گشت لقەکانی تری بازرگانیدا تووشی زیان بوو.

لەوانەیە شیاو بێ بگوترێ کە، هەرچەندە بازرگانیی کۆڵۆنی بۆ بریتانیای مەزن لە هەر بازرگانییەکی تر بەسوودترە و، قۆرخکاری برێکی زیاتر سەرمایەی بریتانیای مەزنی ئاراستەی ئەو بازرگانییە کردووە، زیاتر لەوەی بەبێ قۆرخکارییەکە هەبوو، ئەو

سـەرمایەیە ڕووی لە بەگەڕخسـتنێک کـرد کە بـۆ وڵات لە هەمـوو بازرگـانییەکی تـر بەسوودترە.

بەسـوودترین بەگەڕخسـتنی هەر سـەرمایەیەکی وڵات ئەوەیە کە لەو وڵاتەدا زۆرتـرین کـاری بەرهەمهـێن دەژیێنـێ و، بەرهەمـی سـاڵانەی زەوی و کـاری ئەو وڵاتە بەزۆرتـرین شـێوە زیـاد دەکـا. بەڵام ئەو بـڕە کـارە بەرهەمهێنەی (productive labour) هەر سـەرمایەیەک لە بازرگـانیی دەرەکیـی بەکاربردنـدا بەگەڕی دەخـا، وەک ئەوەی لە کتێبـی دووەمدا خراوەتە ڕوو، تەواو هاوڕێژەی مەودای داهاتەکەیەتی. هەزار پاوەن سەرمایە، بۆ نموونە، کە لە بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردندا بەگەڕ خراوە، کە داهـاتەکەی بەشـێوەیەکی ڕێـک سـاڵانە دێـتە دەسـتەوە، دەتـوانێ لە وڵاتەکەی خۆیـدا بڕێـک کـاری بەرهەمهـێن بەبەردەوامی بەگەڕ بخا کە یەکسانە بەوەی هەزار پاوەن دەتوانێ لەوێدا ماوەی یەک سـاڵ بیژیێنێ. ئەگەر داهاتەکە ساڵی دوو یان سێ جار هاتە دەست، دەتوانێ لە وڵاتەکەی خۆیـدا بڕێک کاری بەرهەمهێن بەبەردەوامی بەگەڕ بخـا کە یەکسـانە بەوەی دوو یـان سـێ هەزار پاوەن دەتوانێ لەوێدا ماوەی یەک ساڵ بیژیێنێ. بازرگانییەکی دەرەکیی بەکاربردن لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێدا، بەم پێیە، بەگشتی زۆر بەسوودترە لە یەکێک کە لەگەڵ وڵاتێکی دووردا ئەنجـام دەدرێ و، لەبەر هەمـان هۆکـاریش، بازرگـانییەکی بەکـاربردنی ڕاسـتەوخۆ، وەک ئەوەی لە کتێبی دووەمـدا خـراوەتە ڕوو، بەگشـتی بەسـوودترە لە بازرگانییەکی پێچـاوپێچ (round-about).

بەڵام قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنی، ئەوەندەی کاری لەسەر بەگەڕخستنی سـەرمایەی بریتانیـای مەزن کـرد، لە هەمـوو دۆخەکانـدا بەشـێکی لەو سـەرمایەیە ناچـار کـرد لە بازرگـانیی بەکـاربردن لەگەڵ وڵاتێکـی دراوسـێوە، ڕووی خـۆی وەرچەرخێنـێ بەرەو بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی دوور، و، زۆر جار لە بازرگانییەکی دەرەکیی ڕاستەوخۆوە بەرەو بازرگانییەکی دەرەکیی پێچاوپێچ بچێ.

یەکەم، قۆرخکـاریی بازرگـانیی کۆلـۆنی لە هەمـوو دۆخەکانـدا بەشـێکی سـەرمایەی بریتانیـای مەزنـی ناچـار کـرد لە بازرگـانیی بەکـاربردن لەگەڵ وڵاتێکـی دراوسـێوە ڕووی خۆی وەرچەرخێنێ بەرەو بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی دوورتر.

لە هەموو دۆخەکاندا، ئەو قۆرخکارییە بەشێکی سـەرمایەی ناچار کرد کە لە بازرگانی لەگەڵ ئەوروپا و، لەگەڵ وڵاتانی دەوری دەریای ناوەڕاست، ڕووی وەرگێڕێ بەرەو ناوچە دوورەکـانی ئەمەریکـا و هینـدی ڕۆژئـاوا، کە گەڕانەوەی داهـات لەوانەوە زۆر دووبـارە نابێتەوە، نەک تەنیا بەهۆی دوورییەوە، بەڵکو بەهـۆی هەلـومەرجی تـایبەتی ئەو وڵاتـانەوە. کۆلۆنییە نوێیەکان، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بەردەوام کورتهێنانیـان هەیە. سەرمایەکە بەردەوام زۆر کەمتـرە لەوەی بە سـوود و قـازانجێکی زۆرەوە لە پێشـکەوتن و چانـدنی

لەنێو ئەو کاڵا ڕیزبەندکراوانەی جگە لە بریتانیای مەزن ناکرێ بۆ هیچ بازاڕێک ڕەوانە بکرێن، چەندان کاڵا هەن کە بڕەکەیان زۆر زیاترە لە بەکاربردنی بریتانیای مەزن و، لەبەر ئەوە، بەشێکیان دەبێ هەناردەی وڵاتانی تر بکرێ. ئەمەش بەبێ پاڵنانی بەشێکی سەرمایەی بریتانیای مەزن بەرەو بازرگانییەکی دەرەکیی پێچاوپێچی بەکاربردن، لەکردن نایە. بۆ نموونە، مێریلاند و ڤیرجینیا ساڵانە نزیکەی ٩٦ هەزار بەرمیلی گەورە تووتن بۆ بریتانیای مەزن دەنێرن و، وەک دەڵێن ئەوەی بریتانیای مەزن بەکاری دەبا لە ١٤ هەزار بەرمیل زیاتر نییە. لەبەر ئەوە، پێویستە نزیکەی ٨٢ هەزار بەرمیلەکەی تر هەناردەی وڵاتانی تر بکرێ، بۆ فرانسە، هۆڵاند و، وڵاتانی دەوری بالتیک و دەریای ناوەڕاست. بەڵام ئەو بەشەی سەرمایەی بریتانیای مەزن کە ئەو ٨٢ هەزار بەرمیلە گەورەیە بۆ بریتانیای مەزن دێنێ، ئەوەی لەوێوە هەناردەی دەکاتەوە بۆ وڵاتانی تر و، ئەوەی لەو وڵاتانەی ترەوە یان کاڵا یان پارە لەبەرامبەر ئەو تووتنە بۆ بریتانیای مەزن دێنێتەوە، لە بازرگانییەکی دەرەکیی پێچاوپێچی بەکاربردندا بەگەڕ خراوە و، بۆ لەکۆڵکردنەوەی ئەم زیادە زۆرە ناچار کراوە ڕوو لەم بەگەڕخستنە بکا. ئەگەر بمانەوێ ئەو ساڵانە بژمێرین کە پێویستن بۆ گەڕانەوەی ئەم سەرمایەیە بۆ بریتانیای مەزن، پێویستە ئەو ساڵانەی پێویستن بۆ گەڕانەوەی لە ئەمەریکاوە لەگەڵ ئەو ساڵانەی پێویستن بۆ گەڕانەوەی لەو وڵاتانەی ترەوە، کۆ بکەینەوە. ئەگەر لە بازرگانیی دەرەکیی ڕاستەوخۆی بەکاربردندا، لەگەڵ ئەمەریکا، تەواوی سەرمایەی بەگەڕخراو لە ماوەی کەمتر لە سێ یان چوار ساڵدا نەگەڕێتەوە، تەواوی ئەو سەرمایەیەی لەم بازرگانییە پێچاوپێچەدا بەگەڕ خراوە پێش چوار یان پێنج ساڵ ناگەڕێتەوە. ئەگەر یەکێک لەم بازرگانییانە مایەی بەردەوامیی تەنیا سێیەک یان چارەکێکی ئەو پیشەسازییە ناوخۆییە بێ کە سەرمایەکەی ساڵی جارێک دەگەڕێتەوە، ئەوەی تریان دەتوانێ بەگەڕخستنی بەردەوام تەنیا بۆ چارەکێک یان پێنجیەکێکی ئەو بازرگانییە دابین بکا. لە هەندێ بەندەری دەرەکیدا قەرز بەگشتی بەو هاوتا بیانییانە دەدرێ کە تووتنیان بۆ هەنارده دەکرێ. لەڕاستیدا، لە بەندەری لەندەن وا باوە بە پارەی حازر بفرۆشرێ. یاساکە بریتییە لە: بکێشە و پارەکەی بدە. بۆیە لە بەندەری لەندەن، گەڕانەوەی کۆتایی تەواوی بازرگانیی پێچاوپێچ دوورترە لە گەڕانەوەی لە ئەمەریکاوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ماوەیەی کاڵاکانی تیادا لە کۆگە دەمێننەوە، کە لەوانەیە هەندێ جار ماوەیەکی تەواو درێژ لەوێ بمێننەوە. بەڵام ئەگەر کۆڵۆنییەکان پابەند نەبن بەوەی تووتنی خۆیان لە بازاڕی بریتانیای مەزندا بفرۆشن، ئەوە ڕەنگە بڕێکی کەم زیاتر لەوەی بۆ بەکاربردنی ناوخۆییمان پێویستە بۆ ئێمە بێ. ئەو کاڵایانەی ئێستا بریتانیای مەزن بۆ بەکاربردنی خۆی دەیانکڕێ، لەگەڵ ئەو زیادە زۆرەی تووتن کە بۆ وڵاتانی تری هەنارده دەکا، لەم دۆخەدا لەوانەیە بە بەرهەمی ڕاستەوخۆی پیشەسازیی خۆی بیانکڕێ، یان بە بەشێک لە

بەرهەمە پیشەسازییەکانی. ئەو بەرهەمانە لەجیاتی ئەوەی نزیکەی بۆ یەک بازاڕی گەورە بەتەواوی گونجێنرابن، لەوانەیە بگونجێنرێن بۆ ژمارەیەکی زۆر بازاڕی بچووک. لەجیاتی یەک بازرگانیی بەکاربردنی دەرەکیی پێچاوپێچی گەورە، بریتانیای مەزن لەوانە بوو ژمارەیەکی زۆر بازرگانیی دەرەکیی ڕاستەوخۆی بچووک لە هەمان جۆر ئەنجام بدا. بەپێی گەڕانەوەی زۆر، بەشێک، لەوانەشە تەنیا بەشێکی بچووک، ڕەنگە لە سێیەکێ یان چارەکی ئەو سەرمایەیە زیاتر نەبێ کە ئێستا ئەو بازرگانییە گەورە پێچاوپێچەی پێ بەڕێوە دەچێ، بەس بێ بۆ بەڕێوەچوونی هەموو ئەو بازرگانییە ڕاستەوخۆیە بچووکانە، لەوانەش بوو بەردەوامی بە بڕێکی یەکسانی پیشەسازیی بریتانیایی بدا و، بەهەمان ئاست پشتیوانیی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری بریتانیای مەزن بکا. بەم شێوەیە، هەموو ئامانجەکانی ئەم بازرگانییە بە سەرمایەیەکی بچووکتر دەپێکران و، سەرمایەیەکی یەدەگی زۆر دەمایەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تر: بۆ چاکسازیی زەوی، زیادکردنی بەرهەمی پیشەسازی و، فرەوانکردنی بازرگانیی بریتانیای مەزن، چوونە ناو کێبەرکێوە لەگەڵ سەرمایە بریتانیاییەکانی تر کە بەشێوەی جۆراوجۆر بەگەڕ خراون، کەمکردنەوەی ڕێژەی قازانج لە هەموویاندا و، بەو شێوەیەش لە گشتیاندا بریتانیای مەزن لە هەموو وڵاتان باڵادەستتر دەبێ، باڵادەستتر لەوەی کە ئێستا هەیە.

هەروەها قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییەکان بەشێکی سەرمایەی بریتانیای مەزنی لە هەموو بازرگانییە دەرەکییەکانی بەکاربردنەوە کێشاوەتەوە بۆ بازرگانیی باربەری (carrying trade)و، لەئاکامدا لە پشتیوانیی زۆر یان کەمی پیشەسازیی بریتانیای مەزنەوە بۆ بەگەڕخستن لە پشتیوانیی پیشەسازیی کۆلۆنییەکان لە بەشێکیدا و، پشتیوانیی پیشەسازیی هەندێ وڵاتی تر لە بەشێکی تریدا.

بۆ نموونە، ئەو کاڵایانەی ساڵانە بەو زیادە زۆرە، ٨٢ هەزار بەرمیلی گەورە تووتن دەکڕرێن، کە ساڵانە لە بریتانیای مەزنەوە هەناردە دەکرێتەوە، هەموویان لە بریتانیای مەزندا بەکار نابرێن. بەشێکیان، کەتانی ئەڵمان و هۆڵاند، بۆ نموونە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆلۆنییەکان بۆ بەکاربردنی تایبەتی خۆیان. بەڵام ئەو بەشەی سەرمایەی بریتانیای مەزن کە ئەو تووتنەی کریوە کە کەتانەکەی پێ کڕراوە، بەناچاری لە پشتیوانیی پیشەسازیی بریتانیای مەزن کێشراوەتەوە بۆ ئەوەی لە پشتیوانیی: پیشەسازیی کۆلۆنییەکان لە بەشێکیدا و، لە بەشێکی تریدا لە پشتیوانیی پیشەسازیی ئەو وڵاتانەی تر کە بەرامبەر بە تووتنەکە بەرهەمی پیشەسازیی خۆیان داوە، بەگەڕ بخرێ.

سەرباری ئەمە، قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییەکان، بە ناچارکردنی ڕێژەیەکی زیاتری سەرمایەی بریتانیای مەزن، زیاتر لەوەی بەشێوەیەکی سروشتی دەبێ، بۆ ئەوەی بەرەوڕووی بچێ، لەوە دەچێ تەواوی ئەو باڵانسە سروشتییەی تێک دابێ کە بەبێ ئەو

لەنێوان لقە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیی بریتانیای مەزندا دروست دەبوو. پیشەسازیی بریتانیای مەزن لەجیاتی ئەوەی بگونجێ بۆ ژمارەیەکی زۆر بازاڕی بچووک، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ یەک بازاڕی گەورە لەقاڵب درا. بازرگانییەکەی، لەجیاتی ئەوەی لە ژمارەیەکی زۆر کەناڵی بچووکدا بەڕێوە بچێ، وای لێ کرا بەشێوەیەکی سەرەکی ڕوو لە تاکە کەناڵێکی گەورە بکا. بەڵام تەواوی سیستمی پیشەسازی و بازرگانییەکەی بەو شێوەیە کەمتر ئارام بوو، تەواوی دۆخی قەوارە سیاسییەکەی کەمتر تەندروست بوو لەوەی بەبێ ئەم هەنگاوە دەبوو. بریتانیای مەزن لە دۆخی ئێستایدا لە یەکێک لەو قەوارە ناساخانە دەچێ کە هەندێ بەشی گرینگی لەڕادەبەدەر گەورە بووە و، بەو پێیە، لەوانەیە تووشی گەلێ ڕووداوی ناجۆر ببێ کە لە قەوارە ساخ و ڕێکوپێکترەکاندا دەگمەنن. وەستانێکی کەمی ئەو خوێنبەرە گەورەیەی کە بەشێوەیەکی دەسکرد زیاد لەتوانای خۆی بار کراوە و، کە ڕێژەیەکی ناسروشتیی پیشەسازی و بازرگانیی وڵاتی خراوەتە سەر بۆ ئەوەی بیسووڕێنێ، ئەگەری زۆری هەیە ببێتە هۆکاری مەترسیدارترین کێشە بۆ تەواوی قەبارە سیاسییەکە. بەو پێیە، لێکترازانێکی چاوەڕوانکراو لەگەڵ کۆلۆنییەکاندا، زەبرێکی بەهێزی ئاراستەی خەڵکی بریتانیای مەزن کرد، کە تۆقێنەرترە لە ئەرمادای ئیسپانیا، یان لە هێرشێکی داگیرکەرانەی فرانسە. ئەو ترسە بوو، چ لەسەر بنەمای پتەو بێ یان فشۆڵ، کە وای کرد یاسای پوول هەڵوەشێنرێتەوە، کە بەلای کەمەوە لەنێو بازرگانەکاندا، باو بوو. بە وەدەرنانی تەواو لە بازاڕی کۆلۆنی، کە بڕیار بوو چەند ساڵێکی کەم بەردەوامیی هەبێ، وای کرد بەشی زۆری بازرگانەکانمان پێشبینیی وەستانی تەواوی ئەو بازرگانییە بکەن، بەشی زۆری خاوەن پیشەسازییەکانمان پێشبینیی داڕمانی تەواوی پیشەسازییەکانیان کرد و، بەشی زۆری کارگەرانمان پێشبینیی کۆتایی بەگەڕخستنی خۆیان کرد. پێشبینیی ئەوە دەکرێ کە دابڕانێکی لەم جۆرە لەگەڵ هەر یەکێک لە دراوسێکانمان لە پارزەوینەکەدا، ببێتە مایەی وەستان یان ڕێگری لە بەگەڕخستنی هەندێ لەو پۆلە جۆراوجۆرانەی خەڵک، بەڵام پێشبینی ناکرێ ئەو هەستە گشتییە بورووژێنێ. ئەو خوێنەی لە خوێنبەرێکی بچووکدا لەسووڕان دەکەوێ، بەئاسانی ڕێی خۆی بەرەو خوێنبەرێکی گەورەتر دەکاتەوە بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی نەساخییەکی ترسناک، بەڵام کە سووڕانی خوێن لە شاخوێنبەرێکدا دەوەستێ ئەوە ڕاستەوخۆ جەڵتە، وەستانی سووڕی خوێن، یان مردن دەبنە ئاکامی حەتمی. ئەگەر تەنیا یەکێک لەو پیشەسازییە زۆر زیادکردووانە، کە لەڕێی بەخشیش یان قۆرخکاریی بازاڕی ناوخۆ یان بازاڕی کۆلۆنییەوە بەشێوەیەکی دەسکرد بۆ ئاستێکی ناسروشتی زیادیان کردووە، هەڵوەستەیەکی بچووکی کرد یان کۆسپێک ڕایگرت، ئەوە زۆربەی جاران دەبێتە مایەی یاخیبوون و پاشاگەردانی و هەڕەشە لە حکوومەت و تەنانەت گفتوگۆکانی یاسادانەرانیش دەشڵەژێنێ. بۆیە دەبێ شڵەژان و پاشاگەردانی لە

ئاکامی وەستانی لەناکاو و یەکجارەکیی بەگەڕخستنی بەشێکی ئەوەندە زۆری پیشەسازییە سەرەکییەکانمان چەند گەورە بێ.

هەندێ دەستشلکردنی ئاسایی و وردەوردە لەو یاسایانەی مافی قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییەکانیان بە بریتانیای مەزن داوە، تا ئەو کاتەی بەڕادەیەکی زۆر ئازاد دەبێ، لەوە دەچێ تەنیا ڕێگە بێ کە بتوانێ، لە هەموو کاتێکی داهاتوودا، لەو مەترسییە ڕزگاری بکا، کە وای لێ دەکا یان تەنانەت ناچاری دەکا بەشێک لە سەرمایەی خۆی لەو بەگەڕخستنە نائاساییە زیادبووە بکێشێتەوە و، ئەگەرچی بەقازانجی کەمتریشەوە بێ، ڕووی بکاتە بەگەڕخستنی تر. هەروەها بە کەمکردنەوەی یەکێک لە لقەکانی بازرگانییەکەی و وردوردە زیادکردنی ئەوانی تری، دەتوانێ پلەبەپلە ئەو ڕێژە سروشتی و تەندروست و گونجاوە بەدەست بێنێ کە ئازادی بەرپای دەکا و تەنیا ئازادیی تەواو دەیپارێزێ. کرانەوەی لەناکاوی بازرگانیی کۆلۆنی بەڕووی گشت وڵاتاندا نەک تەنیا دەبێتە هۆی زیانێکی کاتی، بەڵکو دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی گەورەی بەردەوامی ئەو پیشەسازی و سەرمایانەی ئێستا تیایدا بەگەڕ خراون. لەوانەیە لەدەسدانی لەناکاوی بەگەڕخستنی تەنانەت ئەو کەشتییانەی ئەو ٨٢ هەزار بەرمیلە گەورە تووتنەی لە سەرووی بەکاربردنی بریتانیای مەزنەوەن، بەتەنیا زیانێکی زۆر بەرچاو بێ. زیانەکانی هەموو ڕێساکانی سیستمی بازرگانی بەم شێوەیەن. ئەوان تەنیا نابنە مایەی نەخۆشی بۆ قەوارەی سیاسیی دەوڵەت، بگرە دەبنە مایەی نەخۆشیی بێچارەسەر، چارەسەریشیان گەر هەبێ، بەلای کەمەوە تا ماوەیەک، بەبێ زیانی تری گەورەتر نابن. بۆیە، ئەو شێوازەی کە دەبێ بازرگانیی کۆلۆنی بەهۆیەوە پێبەپێ ڕوو لە کرانەوە بکا، ئەو کۆت و بەندانە کامانەن کە دەبێ یەکەم جار لابرێن و ئەوانە کامانەن کە دەبێ لە کۆتاییدا لابرێن، یان ئەو سیستمە سروشتییە کامەیە کە دەبێ بەهۆیەوە وردورردە ئازادیی تەواو و دادوەری بگەڕێنەوە، دەبێ هەموو ئەمانە بۆ دانایی پیاوانی دەوڵەت و یاسادانەرانی داهات بەجێ بێڵین بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدەن.

پێنج ڕووداوی جیاجیا، کە پێشبینی نەکراون و بیریان لێ نەکراوەتەوە، کە زۆر خۆشبەختانە ڕێگر بوون لەوەی بریتانیای مەزن ئەو هەستە بکا، کە بەگشتی چاوەڕوان دەکرا هەیبێ، بەرامبەر ئەو وەدەرنانە تەواوەی ساڵێکە هەیە (لە یەکی کانوونی یەکەمی ١٧٧٤وە) لە لقێکی زۆر گرینگی بازرگانیی کۆلۆنی، کە بازرگانیی ١٢ پارێزگەی هاوبەند لە باکوری ئەمەریکایە. یەکەم، ئەو کۆلۆنییانە، بە خۆئامادەکردن بۆ ڕێککەوتنی هاوردەنەکردنەکەیان، بریتانیای مەزنیان لە هەموو ئەو کاڵایانەی بۆ بازاڕەکەیان گونجاو بوو داماڵی، دووەم، خواستی سەرووئاسایی لەسەر گەلەکەشتیی ئیسپانیایی لەم ساڵەدا، ئەڵمانیا و باکوری ئەوروپایان لە گەلێ کاڵا داماڵی، بەتایبەتی کەتان، کە تەنانەت لە بازاڕی

بریتانیاشدا کێبەرکێکەری بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتانیای مەزن بوون، سێیەم، ئاشتیی نێوان ڕووسیا و تورکیا هەلی خواستێکی سەرووئاسایی لە بازاڕی تورکیادا ڕەخساند، کە لە کاتی گرفتاریی وڵاتەکە و ئەو کاتەی گەلەکەشتیی ڕووس بەناو کۆمەڵە دوورگەکاندا دەگەڕان، زۆر بەخراپی تێر دەکرا، چوارەم، خواستی باکوری ئەوروپا لەسەر بەرهەمی پیشەسازیی بریتانیا لە ماوەی ڕابردوودا ساڵ بەساڵ زیاد دەبوو، پێنجەم، جیابوونەوە و هێوربوونەوەی پۆڵاند، بە کرانەوەی بازاڕی ئەو وڵاتە گەورەیە، ئەمساڵ خواستێکی سەروو ئاسایی بۆ خواستی ڕوو لە زیادبوونی باکور زیاد کرد. هەموو ئەم ڕووداوانە، جگە لە چوارەمیان، بە سروشتی کاتەکی و لەناکاویان و، وەدەرنان لە لقێکی زۆر گرینگی بازرگانیی کۆلۆنی، ئەگەر بەدەبەختانە زیاتر درێژەیان هەبێ، لەوانەیە ببنە مایەی ناخۆشیی زیاتر. بەڵام ئەو ناخۆشییە ئەگەر وردەوردە دروست ببێ کەمتر هەست بە قورساییەکەی دەکرێ لەوەی لەناکاو و بە یەک جار بێ. هەروەها، لەهەمان کاتدا، پیشەسازی و سەرمایەی وڵات دەتوانن بەگەڕخستنی نوێ و ئاراستەی نوێ بدۆزنەوە بۆ ڕێگری لەوەی ئەم ناخۆشییە بگاتە ئاستێکی بەرزی بەرچاو.

لەبەر ئەوە، قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنی، کە تا ئێستا بەشێکی زۆرتری سەرمایەی بریتانیای مەزنی ئاراستەی ئەو بازرگانییە کردووە، کە بەبێ ئەو قۆرخکارییە وا نەدەبوو، لە هەموو دۆخەکاندا سەرمایەی بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دوور خستووەتەوە بەرەو بازرگانییەک لەگەڵ وڵاتێکی دوورتر، لە گەلێ دۆخدا، لە بازرگانییەکی دەرەکیی ڕاستەوخۆ بۆ بەکاربردنەوە بۆ بازرگانییەکی پێچاوپێچ گواستوویەتیەوە، لە هەندێ دۆخیشدا، لە هەموو بازرگانییەکی دەرەکییەوە بۆ بازرگانییەکی باربەری گواستوویەتیەوە. کەواتە، لە گشت دۆخەکاندا، لە ئاراستەیەکەوە کە تیایدا بڕێکی زۆرتر کاری بەرهەمهێنی دەژیاند بۆ یەکێکی گواستووەوە کە بڕێکی زۆر کەمتر لەو کارە دەژیێنێ. سەرباری ئەوە، لەڕێی گونجاندنی بەشێکی ئەوەندە زۆری پیشەسازی و بازرگانیی بریتانیای مەزن بۆ تەنیا یەک بازاڕی دیاریکراو، وای کردووە تەواوی ئەو پیشەسازی و بازرگانییە ناجێگیرتر بێ و نائارامتر بێ لەوەی لە دۆخی گونجاندنیان بۆ ژمارەیەک بازاڕی جۆراوجۆر بەرپا دەبوو.

دەبێ بەوریاییەوە کاریگەرییەکانی بازرگانیی کۆلۆنی لە کاریگەرییەکانی قۆرخکردنی ئەو بازرگانییە جیا بکەینەوە. ئەوەی یەکەمیان بەردەوام و وەک پێویستییەک بەقازانجە، ئەوەی دووەم بەردەوام و وەک پێویستییەک زیانبەخشە. بەڵام ئەوەی یەکەم ئەوەندە بەسوودە، ئەگەر قۆرخیش بکرێ، سەرباری زیانەکانی قۆرخکاری، هێشتا بەگشتی بەقازانج دەبێ و، زۆریش بەقازانج دەبێ، هەرچەندە قازانجەکانی کەمتر دەبن لەوەی کە بەبێ قۆرخکاری هەن.

کاریگەریی بازرگانیی کۆلۆنی لە دۆخی سروشتی و ئازاددا ئەوەیە کە بازاڕێکی گەورە، ئەگەرچی دووریش بێ، بۆ ئەو بەشە بەرهەمە پیشەسازییەی بریتانیا کە زیاترە لە خواستی بازاڕە نزیکەکان، ئەوانەی ئەورووپا و وڵاتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست، دەستەبەر دەکا. لە دۆخی سروشتی و ئازاددا، بازرگانیی کۆلۆنییەکان، بەبێ ئەوەی هیچ بەشێکی ئەو بەرهەمانە لەو بازاڕانە بکێشێتەوە کە هەرگیز بۆیان نەهاتوون، هانی بریتانیای مەزن دەدا بۆ ئەوەی بەردەوام بەرهەمی زیادی خۆی زیاتر بکا، لەڕێی پێشکەشکردنی بەردەوامی کاڵای نوێ بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بێنە گۆڕینەوە. لە دۆخی سروشتی و ئازاددا، بازرگانیی کۆلۆنییەکان رووی لەوەیە کە بڕی کاری بەرهەمهێن لە بریتانیای مەزندا زیاد بکا، بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ئاراستەی پێشووی کاری بەرهەمهێنی ئەوێ بگۆڕێ. لە دۆخی سروشتی و ئازادی بازرگانیی کۆلۆنییەکاندا، کێبەرکێی نێوان هەموو وڵاتانی تر رێگر دەبێ لە بەرزبوونەوەی ئاستی قازانجەکان بۆ سەرووی ئاستی ئاسایی، چ لە بازاڕە نوێیەکان یان لە بەگەڕخستنە نوێیەکاندا. بازاڕە نوێیەکە بەبێ ئەوەی هیچ لە بازاڕە کۆنەکە بکێشێتەوە، ئەگەر بشێ بەم شێوەیە دەربڕینی لێ بکرێ، بەرهەمێکی نوێ دەخوڵقێنێ بۆ پڕکردنەوەی خۆی و، ئەو بەرهەمە نوێیە سەرمایەیەکی نوێ پێک دێنێ بۆ بەڕێوەبردنی بەگەڕخستنە نوێیەکە، کە بەهەمان شێوە هیچ لە سەرمایە کۆنەکە ناکێشێتەوە.

قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنی، بەپێچەوانەوە، بە نەهێشتنی کێبەرکێی وڵاتانی تر و، لە ئاکامیشدا بە زیادکردنی رێژەی قازانجی هەردوو بازاڕە نوێیەکە و بەگەڕخستنە نوێیەکە، بەرهەم لە بازاڕە کۆنەکە دەکێشێتەوە و سەرمایە لە بەگەڕخستنە کۆنەکە دەکێشێتەوە. زیادکردنی بەشی خۆمان لە بازرگانیی کۆلۆنیدا بۆ ئاستێکی زیاتر لەوەی بەبێ قۆرخکاری پێی دەگا، ئامانجی ڕاگەیەنراوی قۆرخکارییە. ئەگەر پشکی ئێمە لەو بازرگانییە زیاتر نەبێ لەوەی کە بەبێ ئەم قۆرخکارییە هەبوو، ئەوە هیچ بیانوویەک نییە بۆ بنیاتنانی قۆرخکارییەکە. بەڵام ئەوەی بەشێکی زیاتری سەرمایەی وڵاتێک، زیاتر لە رێژەی ئاسایی، ئاراستەی لقێکی بازرگانی بکا کە گەڕانەوەی خاوترە و دوورترە لە زۆربەی بازرگانییەکانی تر، دەبێ تەواوی بڕی ئەو کارە بەرهەمهێنەی لەوێ دەژیێنرێ و تەواوی بەرهەمی ساڵانەوی زەوی و کاری ئەو وڵاتە کەمتر لە ئاسایی بکا. ئەمە داهاتی دانیشتووانی ئەو وڵاتە نزم دەکا بۆ خوار ئەو ئاستەی بە سروشت بۆی بەرز دەبووەوە و، توانای کۆکردنەوەی ماڵیان کەم دەکاتەوە. لە هەموو کاتێکیشدا نەک تەنیا دەبێتە رێگر لەوەی سەرمایەکەیان ئەو ژمارە گەورەیەی کاری بەرهەمهێن بژیێنێ کە بەبێ ئەمە دەیژیاند، بەڵکو رێگری لە خێرایی ئاسایی ئەو سەرمایەیە دەکا و، لە ئاکامدا رێگر دەبێ لە ژیاندنی ژمارەیەکی زیاتری کاری بەرهەمهێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەریی سروشتیی باشی بازرگانیی کۆلۆنی لەوە زیاترە کە بۆ بریتانیای مەزن باڵانسی کاریگەرییە خراپەکانی قۆرخکاری ڕاگری، لەبەر ئەوە قۆرخکاری و تەواوی ئەو بازرگانییە، بەم شێوەیەی ئێستای بەڕێوەچوونی، نەک تەنیا بەسوودە، بگرە زۆر بەسوودە. ئەو بازاڕە تازەیە و ئەو بەگەڕخستنە نوێیەی دەرگەیان لەڕێی بازرگانیی کۆلۆنییەوە کرایەوە، زۆر فرەوانترن لەو بەشەی بازاڕی کۆن و ئەو بەگەڕخستنە کۆنەی بەهۆی قۆرخکارییەوە لەدەست دراون. دەتوانین بڵێین کە، ئەو بەرهەمە تازەیە و ئەو سەرمایە نوێیەی بەهۆی بازرگانیی کۆلۆنییەوە خوڵقێنراون، لە بریتانیای مەزندا بڕێکی زیاتر کاری بەرهەمهێن دەژێێنن، زیاتر لەوەی کە بەهۆی لادانی سەرمایە لە بازرگانییەکانی ترەوە کە داهاتیان خێراتر دەگەڕایەوە لەکار کەوتبوون. بەڵام ئەگەر بازرگانیی کۆلۆنی، تەنانەت بەم شێوەیەی ئێستای بەڕێوەبردنیشی، زۆر بۆ بریتانیای مەزن بەسوود بێ، ئەوە بەهۆی قۆرخکارییەکەوە نییە، بگرە سەرباری قۆرخکارییەکەش هەر بەسوودە.

بازرگانیی کۆلۆنی زیاتر بازاڕی نوێی بۆ بەرهەمی پیشەسازی، نەک بەرهەمی خاوی ئەورووپا، کردووەتەوە. کشتوکاڵ پیشەی گونجاوی گشت کۆلۆنییە تازەکانە، پیشەیەکە کە بەهۆی هەرزانیی زەوی گەلێ لە هەر پیشەیەکی تر بەسوودترە. لەبەر ئەوە، لە بەرهەمی خاوی زەوی زۆریان هەیە و، لە جیاتی ئەوەی ئەو بەرهەمانە لە وڵاتانی ترەوە هاوردە بکەن، بەگشتی زیادەیەکی زۆریان هەیە بۆ هەناردەکردن. لە کۆلۆنییە نوێیەکاندا، کشتوکاڵ یان دەست لە بەگەڕخستنەکانی ترەوە بۆ لای خۆی بەکێش دەکا، یان ناهێڵێ دەستەکانی خۆی بەرەو هیچ بەگەڕخستنێکی تر بچن. دەستێکی کەم هەیە بۆ پیشە پێویستەکان و هیچ دەستێک بۆ پیشە لاوەکی و جوانکارییەکان نییە. ئەوان بۆیان دەرکەوتووە کە کڕینی، نەک دروستکردنی، هەردوو ئەو جۆرە بەرهەمانە هەرزانتر لەسەریان دەکەوێ. بازرگانیی کۆلۆنی لەڕێی هاندانی بەرهەمی پیشەسازیی ئەورووپاوە، ناڕاستەوخۆ هانی کشتوکاڵەکەیان دەدا. بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئەورووپا، کە ئەو بازرگانییە بەگەڕی دەخا، بازاڕێکی نوێ پێک دێنن بۆ بەرهەمی زەوی، بەم شێوەیەش بەسوودترینی هەموو بازاڕەکان، کە بازاڕی ناوخۆی گەنمەشامی و ماڵاتە، بازاڕی نان و گۆشتی ئەورووپایە، بەهۆی بازرگانی بەرەو ئەمەریکا زۆر فرەوان دەبێ.

بەڵام قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییە پڕ دانیشتووان و گەشەکردووەکان بەتەنیا بەشی دامەزراندن، یان تەنانەت بەشی بەردەوامیدان بە بەرهەمە پیشەسازییەکانی هیچ وڵاتێک ناکەن، نموونەکانی ئیسپانیا و پۆرتوگالیش بەباشی ئەمەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. ئیسپانیا و پۆرتوگال پێش ئەوەی هیچ کۆلۆنییەکی گەورەی بەرچاویان هەبێ پیشەساز بوون. لەو

کاتەوەی بوونەتە خاوەنی دەوڵەمەندترین و بەپیتترین کۆلۆنییەکانی دنیا، دەستیان لە پیشەسازی بەر بووە.

لە ئیسپانیا و پۆرتوگالدا، لەبەر هۆکارگەلی تر، کاریگەریی خراپی قۆرخکاری زیاتر بوو و، بەڵکو بەسەر کاریگەرییە باشە سروشتییەکانی بازرگانیی کۆلۆنیشدا زاڵ بوو. ئەو هۆکارانە لەوە دەچێ قۆرخکاریی تری لە جۆری تر بن. دابەزاندنی بەهای زێڕ و زیو بۆ خوار ئەوەی لە زۆربەی ولاتاندا هەیە. دەرکردن لە بازاڕە بیانییەکان بەهۆی باجی نەگونجاوی سەر هەناردەکردن و، بەرتەسککردنی بازاڕی ناوخۆیی بە باجی نەگونجاوتر لەسەر گواستنەوەی کاڵا لە بەشێکی ولاتەوە بۆ بەشێکی تری. بەلام، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، بەڕێوەبردنی نارێک و لایەنداری دادوەری بوو، کە زۆربەی جاران پارێزەری قەرزاری دەوڵەمەند و بەهێز بووە و نەیهێشتووە قەرزدەرە زیانلێکەوتووەکەی داوای لێ بکاتەوە، کە وای کردووە بەشە پیشەسازەکەی گەل بترسێ لە ئامادەکردنی کاڵا بۆ بەکاربردنی ئەو خەڵکە دەسرۆیشتووانەی کە پیشەسازەکان ناوێرن کاڵاکانیان بەقەرز نەدەنێ و، کە دەیاندەنێ دڵنیا نین لەوەی قەرزەکە وەردەگرنەوە.

لە ئینگلتەرە، بەپێچەوانەوە، کاریگەریی باشی بازرگانیی کۆلۆنییەکان، بەیارمەتیی هۆکاری تر، تا ڕادەیەکی زۆر بالادەست بوون بەسەر کاریگەرییە خراپەکانی قۆرخکاریدا. لەوە دەچێ ئەم هۆکارانە بریتی بن لە: ئازادیی بازرگانی بەگشتی، کە سەرباری کۆت و بەندەکان، بەلای کەمەوە یەکسانە، لەوانەیە باڵدەستیش بێ، بەسەر ئەوەی لە هەر ولاتێکی تردا هەیە. ئازادیی هەناردەکردنی بەبێ باجی نزیکەی هەموو جۆرە کاڵایەکی بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵی بۆ نزیکەی هەموو ولاتانی بیانی. هەروەها، کە لەوانەیە گرینگتریش بێ، ئازادیی بێسنووری گواستنەوەی ئەو کاڵایانە لەنێوان بەشەکانی ولاتەکەماندا بەبێ ئەوەی لەبری ئەو گواستنەوەیەدا هیچ بەهیچ دەزگەیەکی گشتی بدا، بەبێ ئەوەی هیچ گومان و پرسیاری لەسەر هەبێ. بەلام لەسەرووی گشتیانەوە، ئەو بەڕێوەبردنە یەکسان و بێلایەنەی دادوەری دێ، کە وا دەکا مافەکانی ئاساییترین هاولاتیی بریتانیا وەک ئەوەی مەزنترینیان ڕێزی لێ بگیرێ و، بەپاراستنی بەری ڕەنجی هەمووان، کاریگەرترین هاندەرە بۆ هەموو جۆرە پیشەسازییەک.

بەلام ئەگەر بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتانیای مەزن، لەلایەن بازرگانیی کۆلۆنییەوە پێش خران، وەک ئەوەی کراوە، ئەوە ئەو پێشکەوتنە بەهۆی قۆرخکارییەکەوە نییە بەڵکو سەرەڕای قۆرخکارییەکەیە. کاریگەریی قۆرخکارییەکە بڕی زیاد نەکردووە، بەڵکو جۆر و شێوەی بەشێکی بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتانیای مەزنی زیاد کردووە و، لەگەڵ بازاڕێکدا گونجاندوویانی کە دوورە و داهاتەکەی درەنگ دێتەوە، لە کاتێکدا کە پێشتر ئەو کاڵایانە بۆ بازاڕێکی نزیک بوون و داهاتەکەیان خێرا دەهاتەوە. لەئاکامدا، وای کرد

بەشێکی سەرمایەی بریتانیای مەزنی لە بەگەڕخستنێکەوە کە بەردەوامیی بە بڕێکی زۆرتری پیشەسازی دەدا، بۆ یەکێک گواستەوە کە بەردەوامی بە ژمارەیەکی کەمتر دەدا و، بەوەش لەجیاتی زیادکردنی پیشەسازی، پیشەسازیی بریتانیای مەزنی کەم کردەوە.

لەبەر ئەوە، قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنی وەک هەر ئامرازێکی ناجۆر و خراپەکارانەی سیستمی ئابووری، پیشەسازیی هەموو وڵاتانی تر کەم دەکاتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکیش ئەوەی کۆلۆنییەکان کەم دەکاتەوە، بەبێ هیچ زیادکردنێکی پیشەسازیی ئەو وڵاتەی کە قۆرخکارییەکەی لەپێناودا دامەزراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پیشەسازیی ئەویش کەم کردووەتەوە.

قۆرخکارییەکە، رێگە نادا سەرمایەی ئەو وڵاتانە، جا لە هەر کاتێکدا و هەر چەندێک بێ، بڕێکی زۆری کاری بەرهەمهێن بژێنێ، کە بەبێ ئەو دەیژیاند و، هەروەها رێگەی نادا داهاتێکی زۆر بۆ دانیشتووانی پیشەوەر دەستەبەر بکا کە بەبێ ئەو دەستەبەری دەکرد. بەڵام کە سەرمایە تەنیا لەرێی گلدانەوە لە داهات زیاد ببێ، قۆرخکاری رێگری لە بەدەستهاتنی ئەو داهاتە زۆرە دەکا کە بەبێ ئەو هەبوو، لە ئاکامیشدا رێگری لە ژیاندنی بڕێکی زۆرتری کاری بەرهەمهێن و داهاتی زیاتر بۆ دانیشتووانی پیشەسازی وڵات دەکا. بەمەش قۆرخکاری سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهات، کە هەقدەستە، لە هەموو کاتێکدا لەوە کەمتر دەکا کە بەبێ ئەو هەبووە.

قۆرخکاری بە بەرزکردنەوەی قازانجی بازرگانی، دەبێتە هۆی سستبوونی چاکسازیی زەوی. قازانجی چاکسازیی زەوی پشت دەبەستێ بە جیاوازیی نێوان بەرهەمی کردەنیی زەوی و، ئەو بەرهەمەی کە بەهۆی بەگەڕخستنی سەرمایەیەک پێی دەگا. ئەگەر ئەو جیاوازییە قازانجی زیاتر بێ لەو قازانجەی سەرمایەیەکی یەکسان لە کاتی بەگەڕخستنی لە بازرگانیدا بەدەستی دێنێ، ئەوە چاکسازیی زەوی سەرمایە لە هەموو بەگەڕخستنە بازرگانییەکانەوە بۆ لای خۆی بەکێش دەکا. ئەگەر قازانجەکەی کەمتر بوو، ئەوە بەگەڕخستنە بازرگانییەکان سەرمایەی چاکسازیی زەوی بۆ خۆیان رادەکێشن. بۆیە، هەر شتێک قازانجی بازرگانی زیاتر بکا، ئەوە یان باڵادەستیی قازانجی چاکسازیی زەوی کەم دەکاتەوە، یان نزمییەکەی زیاتر دەکا و، لە یەکێک لەم دوو دۆخەدا رێگر دەبێ لەوەی سەرمایە بەرەو چاککردن بچێ، لە دۆخەکەی تریش سەرمایەی لێوە دەکێشێتەوە. قۆرخکاری بە کەمکردنەوەی چاکسازیی زەوی، سەرچاوەیەکی تری سەرەکیی داهات پەک دەخا، کە کرێی زەوییە. هەروەها بە بەرزکردنەوەی ئاستی قازانج، قۆرخکاری ئاستی سوود لە بازاڕ بەرزتر دەکا لەوەی بەبێ ئەو هەبوو. بەڵام نرخی زەوی بە بەراورد لەگەڵ ئەو کرێیەی بەدەستی دێنێ، لەگەڵ بەرزبوونەوەی سوود نزم دەبێتەوە. لەبەر ئەوە، قۆرخکاری لە دوو سەرەوە زیان بە بەرژەوەندی خاوەن موڵک دەگەیەنێ، بەرێگری لە

زیادبوونی سروشتیی، یەکەم، کرێیەکەی و، دووەم، نرخی زەوییەکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەو کرێیەی دابینی دەکا.

لەڕاستیدا، قۆرخکاری ئاستی قازانجی بازرگانی بەرز دەکا و، بەوەش تا ڕادایەک دەستکەوتی بازرگانانمان زیاتر دەکا. بەڵام وەک چۆن ڕێگرە لە زیادبوونی سروشتیی سەرمایە، مەیلی زیاتر بەلای کەمکردن نەک زیادکردنی تەواوی بڕی ئەو داهاتەیە کە دانیشتووانی وڵات لە قازانجی ماڵ بەدەستی دێنن. بەگشتی قازانجێکی کەمی سەرمایەیەکی زۆر کە داهاتێکی زۆرتری هەیە لە قازانجی زۆری سەرمایەیەکی کەم. قۆرخکاری ئاستی قازانج بەرز دەکاتەوە، بەڵام ڕێگرە لەوەی بڕە پارەی قازانج بەرزتر بێ لەوەی کە بەبێ ئەو دەبوو.

قۆرخکاری، هەموو سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات، هەقدەستی کار، موڵکانەی زەوی و، قازانجی ماڵ، کەمتر دەکا لەوەی بەبێ ئەو هەبوون. بۆ زیادکردنی بەرژەوەندی بچووکی پۆلێکی بچووکی خەڵکی وڵاتێک، زیان بە بەرژەوەندی هەموو پۆلەکانی تری خەڵکی ئەو وڵاتە و، هەموو خەڵکی گشت وڵاتانی تریش دەگەیەنێ.

قۆرخکاری تەنیا لەڕێی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایی قازانجەوە، قازانجێکی بە پۆلێکی دیاریکراوی خەڵک گەیاندووە یان لەوانەیە بیگەیەنێ. بەڵام سەرباری گشت کاریگەرییە خراپەکانی بۆ وڵات بەگشتی، کە وەک ئاکامی ئاستی بەرزی قازانج ئاماژەیان بۆ کراوە، کاریگەرییەک هەیە کوشندەتر لە گشت ئەمانە بەیەکەوە، ئەگەر بەپێی ئەزموون هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین پەیوەندییەکی لەپچڕانەهاتووی لەگەڵیدا هەیە. لەوە دەچێ ئاستی بەرزی قازانج لە هەموو شوێنێکدا ڕووخێنەر بێ بۆ ئەو دەستگرتنەوەیەی لە هەلومەرجی تردا سیفەتێکی سروشتیی کەسایەتیی بازرگانە. کاتێک کە قازانجی زۆر دەبێ لەوانەیە خەرجیی زیاد بکا کە لەگەڵ دۆخەکەیدا گونجاو بێ. بەڵام خاوەنانی سەرمایەی بازرگانیی گەورە وەک پێویستییەک پێشەوا و ئاراستەکەری تەواوی پیشەسازیی هەر وڵاتێکن و، ئەوان کاریگەریی زۆریان هەیە بەسەر هەڵسوکەوتی بەشە پیشەسازییەکە، زیاتر لە هەر خەڵکێکی تر. کارگەرێک کە خاوەن کارەکەی ورد و دەستگیراوە بێ، ئەگەری زۆر هەیە خۆیشی وا بێ، بەڵام ئەگەر خاوەن کارەکەی بەرەڵا و بێسەروبەر بێ، ئەو خزمەتکارە ئیشی خۆی بەو شێوەیە ڕێک دەخا کە خاوەن کارەکەی ئاراستەی دەکا، ژیانی خۆیشی بەهەمان شێوە ڕێک دەخا. بەم جۆرە کەڵەکەکردن لە دەستی هەموو ئەوانەدا ڕێی لێ دەگیرێ کە بەسروشت مەیلی زیاتری کەڵەکەکردن دەکەن و، ئەو سندووقی پارەدارکردنانەی بۆ ژیاندنی کاری بەرهەمهێنن هیچ زیادەیەکیان لە داهاتی ئەوانەوە بۆ نایە کە بەسروشت زیادیان دەکەن. سەرمایەی وڵات، لەجیاتی ئەوەی زیاد بکا، وردەوردە کەم دەبێتەوە و، بڕی ئەو کارە بەرهەمهێنەی پێی دەژیێنرێ ڕۆژبەڕۆژ کەم دەبێتەوە.

قـازانجی زۆری بازرگانـانی کـادیز و لیشـبۆن سـەرمایەی ئیسـپانیا و پۆرتوگالیـان زیـاد کـردووە؟ ئایـا هەژارییـان کەم کـردووەتەوە؟ ئایـا پیشەسـازیی لاوازی ئەم دوو وڵاتە هەژارەیان بەهێز کردووە؟ زمانی خەرجیی بازرگانیی ئەم دوو شـارە بازرگانییە دەڵێ کە، دوور لە زیـادکردنی سـەرمایەی گشـتیی وڵات، لەوە دەچێ بەدەگمەن بەشـی هێشـتنەوەی ئەو سـەرمایانە بکا کە پێیان پەیدا کراون. ئەگەر بشێ وا بڵێم، سـەرمایەی بیـانی رۆژانە زۆرتر خۆیان دەئاخننە بازرگانیی کادز و لیشبۆن. بۆ دەرکردنی ئەو سـەرمایە بیانییانە لە بازرگـانییەک کە سـەرمایەی خۆیـان رۆژبەرۆژ زیـاتر تیایـدا کـورت دێنێ، ئیسـپانیایی و پۆرتوگالیەکان هەموو رۆژێک هەوڵ دەدەن زیاتر قۆرخکارییە بێواتەکەیان راست بکەنەوە. کە بەراوردی نێوان هەڵسوکەوتی بازرگانانەی کادیز و لیشبۆن لەگەڵ ئەوانەی ئەمستردام بـکەی، بـۆت دەردەکەوێ چـۆن هەڵسـوکەوت و کەسـایەتیی بازرگانـان دەکەونە ژێـر کاریگەریی بەرزی و نزمیی قازانجی مـاڵ. لەراسـتیدا، بازرگانانی لەندەن، هێشـتا بەگشـتی نەبـوونەتە ئەو لـۆردە گەورانە وەک ئەوانەی کـادیز و لیشـبۆن، بەڵام هـیچ کـام لەوان بەگشـتی بۆرجـوازی وریـا و دەسـتگیراوە نین وەک ئەوانەی ئەمسـتردام. لەگەڵ ئەوەشـدا چـاوەڕوان دەکـرێ زۆر لەمـان لە بەشـی زۆری ئەوانەی یەکەم دەوڵەمەنـدتر بـن و، ئەوەندەی زۆربەی ئەوانەی دوایی دەوڵەمەند نەبن. کەچی ئاستی قازانجیان بەگشتی زۆر کەمتـرە لەوانەی یەکەم و، زۆر بەرزتـرە لەوەی ئەوانەی دووایـی. تـۆنی ئاسـایی خەرجـی لەوە دەچێ لە هەمـوو شـوێنێکدا، نەک بەگوێرەی توانـای راسـتەقینەی خەرجکردن، بەڵکو بەگـوێرەی ئاسـانیی چـاوەڕوانکراوی بەدەسـتهێنانی پـارە بـۆ ئەوەی خەرج بکـرێ، رێـک بخرێ.

بەم شێوەیە تەنیا سوودی قۆرخکاری بۆ تەنیا پۆلێک لە خەڵک، بە چەندان رێگە زیـان بە بەرژەوەندی گشتیی وڵات دەگەیەنێ.

دامەزراندنی ئیمپراتۆریایەکی مەزن تەنیا لەپێناو پەروەردەکردنی گەلێکی بەکـاربەر، لە یەکەم بینینەوە وا دەردەکەوێ کە پرۆژەیەکە تەنیا بۆ گەلێکی دوکاندار گونجـاو بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پرۆژەیە بەتەواوی بۆ گەلێکی دوکاندا نەگونجاوە، بەڵکو بەزۆری بـۆ گەلێک گونجاوە کە حکوومەتەکەی لەژێر کاریگەریی دوکانداران بێ. ئەو جـۆرە پیاوانەی دەوڵەت و، تەنیا ئەو جۆرە، دەتوانن خۆیان بەوە قایل بکەن کە سـوودێک لە بەگەڕخسـتنی سـەر و ماڵی هاووڵاتییانیان لە دامەزراندنی ئەو جۆرە ئیمپراتۆریایە بەدەست دێنن. بە دوکاندارێک بڵێ، "خـانووبەرەیەکی باشـم بـۆ بکـڕە و، منیش بەردەوام کوتـاڵی خـۆم لە دوکـانەکەی تـۆ دەکڕم، لەگەڵ ئەوەشدا شتێک زیاتریان پێ دەدەم لەوەی لە دوکانەکانی تر دەیدەم" و، ئیتر بە هەڵەداوان پێشوازی لە پێشنیازەکەت ناکا. بەڵام ئەگەر کەسێکی تر ئەو خـانووبەرەیەت بۆ بکڕێ، دوکاندارەکە زیـاتر مەجبوری پێشنیازەکەت دەبێ ئەگەر بتوانێ وا بکـا هەمـوو

کوتاڵەکانت لە دوکـانەکەی ئەو بکـڕی. ئینگلـتەرە، بـۆ ئەو هاووڵاتییـانەی کە لە نیشـتماندا هەستیان بە ناڕەحەتی دەکرد، خانووبەرەی لە وڵاتێکی دوور کڕی. لەڕاستیدا نرخەکە زۆر کەم بوو و، لەجیاتی کڕینی ٣٠ سـاڵی، کە نرخـی ئاسایی زەوییە لەم سـەردەمەدا، نـرخەکە کەمێـک زیـاتر بـوو لە خەرجیـی کەرەسـتە جۆراوجۆرەکـانی یەکەمـین دۆزینەوەیـان، هەواڵزانینـی کەناراوەکـان و، دەسـتگرتنی هێمـایی بەسـەر وڵاتەکە. زەوییەکە بـاش و زۆر فرەوان بوو و، چاندنیش بنـاخەی باشـی هەبوو بۆ ئەوەی ئیشـی لەسـەر بکرێ و، کە بۆ ماوەیەک ئازاد بوون لە فرۆشتنی بەرهەمیان لەو شوێنەی کە ئارەزووی دەکەن، لە ماوەی کەمێـک زیـاتر لە ٣٠ یـان ٤٠ سـاڵدا (لەنێـوان ١٦٢٠ و ١٦٦٠دا) ژمـارەیەکی زۆر و گەشـەکردووی خەڵـک کە دوکانـداران و بازرگانـانی تـری ئینگلـتەرە هیواخـواز بـوون بـۆ خۆیان قۆرخیان بکەن، چوونە ئەوێ. بۆیە بەبێ ئەوەی وای پێشان بدەن کە هـیچ بەشێکی نرخی بنەڕەتیی کڕینەکەیان داوە، یان خەرجییەکانی دواتری چاککردنیـان داوە، داوایەکیـان ئاراسـتەی پەرلەمـان کـردووە بەڵکـو وا بکـا هەمـوو چێنەرانـی ئەمەریکـا لە داهـاتوودا وابەسـتەی بـازاڕی ئەوان بکـرێن، یەکەم، بـۆ ئەوەی هەمـوو ئەو شـتانەی لە ئەورووپـا دەیـانەوێ لەمـانی بکـڕن، دووەم، هەمـوو ئەو بەشـانەی بەرهەمـی خۆیـان کە لەوانەیە بازرگان کڕینیـان بەگونجـاو بزانن، بەمـانی بفرۆشـن. چونکە پێیان گونجـاو نەبوو هەمـوو بەشێکی بکڕن. هەندێ بەش کە بۆ ئینگلـتەرە هـاوردە دەکران تێکەڵـی و ئاڵۆزییـان لەگەڵ بازرگانیی تردا بەرپا دەکرد کە ئەوان خۆیـان لە نیشـتماندا کاریـان تێدا دەکرد. بۆیە، ئەو بەشە دیاریکراوانە کە پێیان باش بوو کۆلۆنیستەکە لەو شـوێنە بیانفرۆشـێ کە دوورترینـی باشترینە و، بەو پێیە پێشنیازیان کرد کە بازاڕیان سنووردار بکرێ بەو وڵاتـانەی دەکەونە باشـووری کەیـپ فینیسـتری. بـڕگەیەک لە یاسـا بەناوبـانگەکەی دەریـاوانی ئەم پێشـنیازە بەڕاستی دوکاندارانەیەی کردە یاسا.

ئیتر تـا ئەو کـاتە مـانەوەی ئەم قۆرخکـارییە بـووە ئامـانجی سـەرەکی، یـان گونجـاوترە بگوترێ تەنیا و کۆتا ئامانجی دەسەڵاتی بریتانیای مەزن بەسەر کۆلۆنییەکانیەوە ئەو بوو. چاوەڕوان دەکرا کە بازرگانیی قۆرخکراو گەورەترین سوودی بۆ ئەو پارێزگانە تێدا هەبێ، کە هێشـتا نە داهـات و نە هێـزی سـەربازییان دەسـتەبەر نەکـردووە بـۆ پشـتیوانی لە حکوومەتی مەدەنی، یان بۆ بەرگری لە وڵاتی دایک. قۆرخکـارییەکە هێمـای پاشکۆیەتییە و، تا ئێستا تەنیا بەرهەمە کە لەو پاشـکۆیەتییە بەدەسـت هـاتووە. ئەو خەرجییـانەی تـا ئێستا بریتانیای مەزن بۆ هێشتنەوەی ئەو پاشکۆیەتییە کردوویانی، هەموویـان لەڕاستیدا لەپێناو پشـتیوانیی ئەو قۆرخکارییە بـوون. خەرجیی بەدیهێنـانی ئاسـتی ئاسـایی بۆ کۆلۆنییەکان، پێش ئەو بشێوییانەی ئێستا، بریتی بوون لە مووچەی ٢٠ فەوجی پیادە، خەرجیی تۆپخـانە، کۆگە و ئازووخەی سەرووئاسایی کە پێویسـت بـوون بۆیـان، هەروەهـا خەرجیی هێزێکی

دەریـــایی زۆر گەورە کە بەردەوام لە ئامادەباشـــیدا بـــوو، بـــۆ پاســـکردنی کەشـــتیی قاچاخچییـانی وڵاتـانی تـر و پاراسـتنی کەنـاراوی زۆر فرەوانـی ئەمەریکـای بـاکور و، دوورگەکـانی هینـدی ڕۆژئاوامـان. تەواوی خەرجیی سـەپاندنی ئەم ئاشـتییە بارێـک بـوو بەسـەر داهـاتی بریتانیـای مەزنەوە و، لە هەمـان کاتـدا بچـووکترین بەش بـوو لە تێچـووی کۆلۆنییەکان بۆ وڵاتی دایک. ئەگەر تەواوی برەکە بزانین، دەبێ سوودی ئەو پارانە بخەینە سـەر خەرجیـی سـاڵانەی سـەپاندنی ئەم ئاشـتییە، کە لە ئاکـامی دانـانی کۆلۆنییەکـان بە بەشـێک لە پارێزگەکـانی خـۆی، بریتانیـای مەزن لە چەنـدان بـۆنەدا بـۆ بەرگـری لەوان خەرجیـانی کـردووە. بەشـێوەیەکی تـایبەتیش دەبـێ تەواوی خەرجیـی دوایـین شـەڕ و، بەشێکی زۆری شەڕی پێش ئەویش، بخەینە سەری. تەواوی ئەو شـەڕەی دوایی شـەڕی کۆلۆنییەکان بوو و، تەواوی خەرجییەکەی، لە هەر بەشێکی دنیادا خەرج کرابێ، لە ئەڵمانیا یان لە هیندی ڕۆژهەڵات، دەبێ بخرێتە ئەستۆی کۆلۆنییەکانەوە. ئەو خەرجییە زیاتر لە ٩٠ ملیۆن ئیستەرلینی بوو، کە نەک تەنیا قەرزە نوێیەکەی لەخۆ دەگرت، بگرە ئەو باجە دوو شـیلینیەی خـرایە سـەر هەر پاوەنێـک بـاجی زەوی و، ئەو پـارەیەی سـاڵانە لە سـندووقی دابەزاندنیش قەرز دەکرا. شەڕی ئیسپانیا، کە لە ١٧٣٩ دەستی پێ کرد، لە بنەڕەتدا شـەڕی کۆلـۆنی بـوو. ئامـانجی سـەرەکیی ڕێگـری بـوو لە پشـکنینی ئەو کەشـتییانەی کۆلـۆنی کە بازرگانیی قاچاخیان لەگەڵ کۆلۆنییەکانی ئیسپانیا دەکرد. تەواوی ئەم خەرجییە لەڕاستیدا بەخشیشێک بوو کە لەپێناو پشتیوانیی قۆرخکاریدا درا. ئامانجە ڕاگەیەنراوەکە بریتی بـوو لە هانــدانی بەرهەمـــی پیشەســـازی و، زیـــادکردنی بازرگـــانیی بریتانیـــای مەزن. بەڵام کـاریگەرییە ڕاسـتەقینەکەی بریتـی بـوو لە زیـادکردنی ئاسـتی قـازانجی بازرگـانی و، یارمەتیـدانی بازرگانانمـان بـۆ ئەوەی ڕووی بەشـێکی زۆرتـری سـەرمایەکانیان لە لقێکـی بازرگانی بکەن کە داهـاتەکەی خـاوتر و دوورتـرە لەوەی هەر لقێکی تری بازرگـانی. دوو ڕووداو کە ئەگەر بەخشـیش توانـــای ڕێگریکردنیـــانی هەبـــووایە، شـــایانی ئەوە بـــوون بەخشیشەکەیان بۆ بدرێ.

لەبەر ئەوە، بریتانیـــای مەزن لە ســـایەی ئەم سیســـتمە ئیـداریییەی ئێســـتادا، جـگە لە زەرەرمەندی هیچی تری لە دەستگرتن بەسەر کۆلۆنییەکاندا بەدەست نەهێناوە.

ئەوەی دەڵێ کە دەبێ بریتانیای مەزن خۆبەخشـانە دەسـتبەرداری هەمـوو دەسـەڵاتێک بەسـەر کۆلۆنییەکـانی خـۆی ببـێ و، لێیـان گەڕێ بـۆ ئەوەی خۆیـان دادوەرانـی خۆیـان هەڵبژێرن، یاسای خۆیان دابڕێژن و، چۆنی بەباش دەزانن بەو شێوەیە شەڕ و ئاشتی بەرپا بکەن، ئەوە پێشـنیازی ڕێگەیەک دەکـا کە هەرگیـز لەلایەن هـیچ وڵاتێکی ئەم دنیـایەوە نە کراوە و نە دەکرێ. هیچ دەوڵەتێک خۆبەخشـانە دەسـبەرداری پـارێزگەیەکی خـۆی نـابێ، ئەگەر حـوکمڕانیی ئەو پـارێزگەیە پڕ کێشـە و سـەختیش بـێ و داهاتیشـی زۆر کەم بێ بە

بەراورد لەگەڵ خەرجییەکانی. ئەو جۆرە قوربانیدانانە، ئەگەرچی لەڕووی بەرژەوەندیەوە پەسەند بن، بەردەوام ڕووشێنەری شکۆی هەموو دەوڵەتێکن و، ئاکامە گەورەترەکەشی لەوانەیە بریتی بێ لەوەی ئەوان بەردەوام پێچەوانەی بەرژەوەندی تایبەتی لایەنی حوکمڕان بن، کە بەو هۆیەوە بێبەش دەبن لە گەلێ شوێنی حەسانەوە و قازانج، لە گەلێ هەلی بەدەستهێنانی سامان و ئیمتیاز، کە بەدەستەوەبوونی بەکێشەترین ناوچە، کە بۆ زۆربەی خەڵک زیانبەخشە، زۆربەی جاران بۆ ئەوانی دەستەبەر دەکا. خەیاڵاویترین کەس بەدەگمەن دەتوانێ پێشنیازی ڕێگەیەکی لەم شێوەیە بکا و هیوایەکی جدیی هەبێ بۆ ئەوەی بگیرێتە بەر. بەڵام ئەگەر بگیرێتە بەر، ئەوە بریتانیای مەزن نەک یەکسەر لە تەواوی خەرجیی ساڵانەی چەسپاندنی ئاشتی لە کۆلۆنییەکان ڕزگاری دەبێ، بەڵکو لەوانەیە پەیمانێکی بازرگانییان لەگەڵدا ببەستێ کە بازرگانییەکی ئازادی بۆ مسۆگەر بکا، بەسوودتر بۆ زۆرینەی خەڵک، هەرچەندە بۆ بازرگانان سوودی لەو قۆرخکارییەی ئێستا کەمتر دەبێ. بەم جیاکردنەوەیەی دۆستە باشەکان، خۆشەویستیی سروشتیی کۆلۆنییەکان بۆ وڵاتی دایک، کە لەوانەیە، ناکۆکییەکانی ئەم دواییەمان کوژاندبێتیەوە، خێرا دەژێتەوە. لەوانەیە دووری بخاتەوە، نەک تەنیا بۆ ڕێزگرتن، بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی تەواو، لەو پەیمانە بازرگانییەی کە لە کاتی ڕۆیشتنمان پێی گەیشتین، بەڵکو لە کاتی شەڕیش هاوشێوەی بواری بازرگانی لای ئێمە دەگرن و، لەجیاتی ئەوەی مایەی ناکۆکی و کێشە بن دەبنە هاوپەیمانی دڵسۆز، خۆشەویست و، جوامێری ئێمە. لەلایەکەوە سۆزی باوکانە و، لەلایەکی ترەوە ڕێز، لەوانەیە لەنێوان بریتانیای مەزن و کۆلۆنییەکانی بژێتەوە، هاوشێوەی ئەوەی نێوان گریکی کۆن و شارە دایکەکانی لێیانەوە هاتبوون.

بۆ ئەوەی هەر پارێزگەیەک بۆ ئەو ئیمپراتۆریایەی سەر بەوە بەسوود بێ، دەبێ لە کاتی ئاشتیدا داهاتێک بۆ گشت دابین بکا کە نەک تەنیا بەشی تەواوی خەرجیی دامەزراندنی ئاشتیی خۆی بکا، بەڵکو بەپێی پشکی خۆی بەشداری لە پشتیوانیی حکوومەتی گشتیی ئیمپراتۆریاکەشدا بکا. هەموو پارێزگەیەک، وەک پێویستییەک، دەبێ زۆر یان کەم بەشداری لە خەرجیی گشتیی حکوومەتدا بکا. لەبەر ئەوە، ئەگەر پارێزگەیەکی دیاریکراو بە پشکی خۆی لەو خەرجییە بەشدار نەبوو، ئەوە دەبێ بارێکی نادادوەرانە بخرێتە ئەستۆی بەشێکی تری ئیمپراتۆریاکە. داهاتی سەرووئاساییش، کە هەر پارێزگەیەک لە کاتی شەڕدا پێشکەش بە گشتی دەکا، دەبێ گونجاو بێ بۆ لەئەستۆگرتنی ڕێژەیەکی داهاتی سەرووئاسایی تەواوی ئیمپراتۆریاکە کە هەمان ڕێژەی ئاسایی کاتی ئاشتییە. ئەگەر نە داهاتی ئاسایی و نە داهاتی سەرووئاسایی بریتانیای مەزن لە کۆلۆنییەکانیەوە، ئەو ڕێژەیەی تەواوی داهاتی ئیمپراتۆریای بریتانیایی لەئەستۆ نەگرن، ئەوە یەکسەر دەستبەرداریان دەبێ. لەڕاستیدا، پێشبینی کرابوو کە قۆرخکاری لەڕێی

زیادکردنی داهاتی کەسیی خەڵکی بریتانیای مەزن و، بەوەی وا بکا بتوانن باجی زیاتر بدەن، قەرەبووی کەمیی داهاتی گشتیی کۆلۆنییەکان بکاتەوە. بەڵام ئەم قۆرخکارییە، وەک هەوڵم دا پیشانی بدەم، هەرچەندە باجێکی زۆری خستە سەر کۆلۆنییەکان، هەرچەندە لەوانەیە داهاتی پۆلێکی دیاریکراوی خەڵکی بریتانیای مەزنی زیاد کردبێ، لەجیاتی زیادکردن، داهاتی زۆربەی خەڵکی کەم کردەوە. لەئاکامیشدا لەجیاتی زیادکردن، توانای باجدانی لای زۆرینەی خەڵک کەم کردەوە. هەروەها، ئەو خەڵکەی قۆرخکارییەکە داهاتیانی زیاد کرد، پۆلێکی دیاریکراو پێک دێنن، کە بەتەواوی مەحاڵە زیاتر لە باجی پۆلەکانی تر بدەن و، نادانایییە هەوڵ بدرێ لەوە زیاتر باجیان لێ بسێنرێ، وەک لە کتێبی داهاتوودا هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدەم. بۆیە، هیچ سەرچاوەیەکی دیاریکراو نییە کە ئەم پۆلە خەڵکە دابینی بکەن.

دەکرێ کۆلۆنییەکان لەلایەن ئەنجوومەنەکانیانەوە باجیان لێ بسێنرێ، یان لەڕێی پەرلەمانی بریتانیای مەزنەوە.

لەوە ناچێ کە ئەنجوومەنەکانی کۆلۆنی ئەوەندە ڕێکخراو بن کە بتوانن داهاتێکی وا بەسەر دەنگدەرانیاندا بسەپێنن، کە نەک تەنیا لە هەموو کاتێکدا بەشی ڕاگرتنی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانیان بکەن، بەڵکو بەشی گونجاوی خۆشیانی لێ بە حکوومەتی گشتیی ئیمپراتۆریای بریتانیا بدەن. پەرلەمانی ئینگلتەرە، سەرباری ئەوەی کە خرایە ژێر چاودێریی سەروەرەوە، ئینجا ماوەیەکی زۆری پێ چوو پێش ئەوەی بگاتە سیستمێکی ڕێکخراوی لەم شێوەیە، یان بتوانێ ئەوەندە دەستکەوتی هەبێ کە پشتیوانیی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی وڵاتەکەی خۆی بکا. تەنیا لەڕێی دابەشکردنی بەشێکی زۆری پۆستەکان بەسەر ئەندامانی دیاریکراوی پەرلەماندا، یان بە ڕێکخستنی ئەو پۆستانەی لەم دامەزراوە مەدەنی و سەربازییانەوە سەرچاوە دەگرن، سیستمی بەڕێوەبردنەی پەرلەمانی ئینگلتەرە دامەزرا. بەڵام دووریی ئەنجومەنەکانی کۆلۆنی لە چاوی سەروەر، ژمارەیان، دۆخی پەرتبوویان و، یاسا جۆراوجۆرەکانیان، وا دەکەن زۆر سەخت بێ بەهەمان شێوە ڕێک بخرێن، تەنانەت ئەگەر سەروەر هەموو ئامرازەکانی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەشی لەبەر دەست بن. ئەو ئامرازانەش بەردەست نین. تەواو مەحاڵە ئەو جۆرە پشکەی پۆستەکان یان ڕێکخستنی ئەو پۆستانەی لە حکوومەتی گشتیی ئیمپراتۆریای بریتانیا بەسەر هەموو ئەندامانی دیاری هەموو ئەنجوومەنەکانی کۆلۆنیدا دابەش بکرێ، وەک چۆن مەحاڵە وایان لێ بکرێ دەسبەرداری جەماوەریبوونی خۆیان بن و باج لە دەنگدەرانیان بسێنن بۆ پشتیوانیی ئەو حکوومەتە گشتییە، کە نزیکەی هەموو دەستکەوتەکانیان بەسەر خەڵکێکدا دابەش دەکا کە بەوان نامۆن. سەرباری نەزانی لە بەڕێوەبردندا، سەبارەت گرینگیی ڕێژەیی ئەندامە جیاجیاکانی ئەو ئەنجومەنە جۆراوجۆرانە، ئەو خراپەکارییانەی زۆر جار

ڕوو دەدەن، ئەو هەڵانەی کە دەبێ بەردەوام بکرێن لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕێکخستنیان بەم شێوەیە، لەوە دەچێ وا بکەن ئەم جۆرە سیستمی بەڕێوەبردنە بۆ ئەوان بەتەواوی لەکردن نەهاتوو بێ.

جگە لەمە، ئەنجوومەنەکانی کۆلۆنی ناکرێ چاوەڕوانی بڕیاری گونجاویان لێ بکرێ لەبارەی ئەوەی کە پێویستە بۆ بەرگری و پشتیوانیی تەواوی ئیمپراتۆریاکە. گرینگیدان بەو بەرگری و پشتیوانییە کاری ئەوان نییە. ئەوە ئیشی ئەوان نییە و، ئەوان هیچ ئامرازێکی ڕێکخراوی زانیارییان لەم بارەیەوە نییە. ئەنجومەنی پارێزگە، هاوشێوەی ئەنجومەنی کڵێسا، لەوانەیە بڕیاری زۆر گونجاو لەبارەی ناوچەکەی خۆیەوە بدا، بەڵام ئامرازی گونجاوی بەدەستەوە نییە بۆ بڕیاردان لەبارەی کاروباری تەواوی ئیمپراتۆریاکەوە. تەنانەت ناتوانن بڕیاری گونجاو لەبارەی ئەو بەشەوە بدەن کە دەبێ پارێزگەکەی خۆیان بە تەواوی ئیمپراتۆریاکەی بدا، یان لەبارەی ئاستی ڕێژەیی سامانەکەی و گرینگیی بە بەراورد لەگەڵ پارێزگەکانی تر، چونکە ئەو پارێزگانەی تر لە ژێر چاودێری و وردبینیی ئەنجومەنی پارێزگەیەکی دیاریکراودا نین. ئەوەی بۆ بەرگری و پشتیوانیی تەواوی ئیمپراتۆریا پێویستە و، هەر بەشێک دەبێ بە چ ڕێژەیەک بەشدار بێ، تەنیا لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە بڕیاری لێ دەدرێ کە چاودێری و تێبینیی کاروباری تەواوی ئیمپراتۆریاکە دەکا.

بەو پێیە، پێشنیاز کراوە کە پێویستە کۆلۆنییەکان باجیان بەسەردا بسەپێنرێ، پەرلەمانی بریتانیای مەزن بڕە پارەیەک دیاری بکا کە هەر کۆلۆنییەک بیدا و، ئەنجومەنی پارێزگە ئەو ڕێگەیە دەستنیشان بکا کە گونجاوترینە لەگەڵ هەلومەرجی پارێزگەکە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو پارەیە. بەم شێوەیە ئەوەی بە تەواوی ئیمپراتۆریاوە پەیوەستە لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ کە چاودێری و تێبینیی کاروباری تەواوی ئیمپراتۆریاکە دەکا و، کاروباری ناوچەیی هەر کۆلۆنییەکیش لەلایەن ئەنجومەنی خۆیەوە ڕێک دەخرێ. هەرچەندە لەم دۆخەدا، کۆلۆنییەکان هیچ نوێنەرایەتییەکیان لە پەرلەمانی بریتانیاییدا نابێ، بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین لەڕێی ئەزموونەوە بڕیار بدەین، ئەوە هیچ ئەگەرێک نییە بۆ ئەوەی ئەو پارانەی پەرلەمان دەیانسەپێنێ نەگونجاو بن. لە هیچ بۆنەیەکدا ڕووی نەداوە کە پەرلەمانی ئینگلتەرە بچووکترین هەنگاوی نابێ بۆ گرانکردنی باری ئەو بەشانەی ئیمپراتۆریاکە کە لە پەرلەماندا نوێنەرایەتی ناکرێن. دوورگەکانی گێرنسی و جێرسی کە هیچ ئامرازێکیان بەدەستەوە نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان، کەمترین باجیان لەسەرە بە بەراورد لەگەڵ هەر بەشێکی تری بریتانیای مەزن. پەرلەمان کە هەوڵی پیادەکردنی مافی خۆی دەدا، جا ئەو مافە بنەمای پتەوی هەبێ یان لاواز، لە سەپاندنی باج بەسەر کۆلۆنییەکاندا، هەرگیز داوای شتێکی لێیان نەکردووە کە

تەنــانەت نــزیکیش بــێ لە ڕێژەیەکــی دادوەرانە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی هاوولاتییــانی هاوشێوەی ئەوان، لە نیشتماندا، دەیدەن. سەرباری ئەوە، ئەگەر بەشداریی کۆلۆنییەکان هاوڕێژە لەگەڵ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی باجی زەوی بەرز و نرم ببێ، ئەوە پەرلەمان ناتوانێ، بەبێ ئەوەی لەهەمان کاتدا باج بەسەر دەنگدەرانی خۆیدا بسەپێنێ، باجیان لێ وەرگــرێ و، بەمەش ڕەنــگە لەم دۆخەدا کۆلۆنییەکــان بەشــێوەیەک نوێنەرایەتییــان لە پەرلەماندا هەبێ.

نموونەی ئەو ئیمپراتۆریایانە کەم نین کە تیایاندا هەموو پارێزگە جۆراوجۆرەکان باجیان لێ ناسێنرێ، ئەگەر ڕێگەی ئەم دەربڕینەم پێ بدرێ، وەک یەک پارچە. بەڵکو سەروەر بڕیار لەسەر ئەو بڕە دەدا کە هەر پارێزگەیەک دەبێ بیدا و، لە هەندێ پارێزگەشدا خۆی بەو شێوەیەی پێی باشە بڕیاری چۆنیەتیی دانان و کۆکردنەوەی باج دەدا، لە هەندێکی تریشیاندا ئەو ئەرکە بۆ حکوومەتی پارێزگەکە بەجێ دێڵێ. لە هەندێ پارێزگەی فڕانسە، پاشا تەنیا ئەو باجانە ناسەپێنێ کە بەگونجاویان دەزانێ، بەڵکو ڕێگەی هەڵسەنگاندن و کۆکردنەوەشیان بەو شێوەیەی خۆی پێی باشە دەستنیشان دەکا. لە هەندێکی تریشیان تەنیا داوای بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەکا و شێوەی هەڵسەنگاندن و کۆکردنەوەکەی بۆ خۆیان بەجێ دێڵێ. بەگوێرەی پلانی سەپاندنی باج بەسەر کۆلۆنییەکاندا، هەڵوێستی پەرلەمانی بریتانیای مەزن بەرامبەر ئەنجومەنەکانی کۆلۆنی نزیکەی هەمان هەڵوێستی پاشای فڕانسە دەبێ بەرامبەر حکوومەتی ئەو پارێزگانەی هێشتا ئیمتیازی خاوەندارێتی حکوومەتی تایبەت بەخۆیان هەیە، پارێزگەکانی فڕانسە وا دادەنرێن کە بە باشترین شێوە حوکمڕانی دەکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆلۆنییەکان بەگوێرەی ئەم پلانە هیچ هۆکارێکیان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی بترسن لەوەی ئەو بەشەی خراوەتە ئەستۆیان هیچ کاتێک زیاتر بێ لە بەشی گونجاو بۆ هاوولاتییانیان لە نیشتماندا. بریتانیای مەزن لەوانەیە ئەو هۆکارەی هەبێ بۆ ئەوەی بترسێ لەوەی ئەوان هەرگیز ئەو بەشە نەدەن کە گونجاوە. پەرلەمانی بریتانیای مەزن بۆ ماوەیەکی کە ڕابورد هەمان ئەو دەسەڵاتە دامەزراوەی بەسەر کۆلۆنییەکانەوە نەبوو، کە پاشای فڕانسە بەسەر ئەو پارێزگە فڕانسەییانەوە هەیبوو کە حکوومەتی خۆیان هەیە. ئەگەر ئەنجومەنی کۆلۆنییەکان بەشێوەیەکی زۆر باش ڕێک نەخرابن (و، تاوەکو کارامەتر نەبن لەوەی تا ئێستا هەبووە، لەوش ناچێ ئەمە ببێ) ئەوە بروبیانووی زۆریان هەیە بیاندۆزێتەوە بۆ خۆدزینەوە یان ڕەتکردنەوەی گونجاوترین داواکاریی پەرلەمان. شەڕێک لەگەڵ فڕانسە بەرپا دەبێ، ئێمەش پێشبینی دەکەین کە ڕاستەوخۆ پێویستە دە ملیۆن دەستەبەر بکرێ بۆ بەرگری لە مەڵبەندی ئیمپراتۆریاکە. ئەو پارەیە دەبێ لە سندووقێکی پارەدارکردنی سەر بە پەرلەمان قەرز بکرێ، کە تەرخانە بۆ ئەوەی

سوودەکانی پێ بدرێ. پەرلەمان پێشنیاز دەکا بەشێک لە پارەی ئەم سندووقە لەڕێی باجی سەپێنراو بەسەر بریتانیای مەزنەوە دابین بکرێ، بەشێکیش لەوەی لە ئەنجومەنی کۆڵۆنییە جیاجیاکانی ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا داوا بکرێ. ئایا خەڵک یەکسەر پارەی خۆیان بە قەرزی سندووقێک دەدا، کە بەشێکی پشت بە میزاجی باشی ئەو ئەنجومەنانە دەبەستێ، کە دوورن لە چەقی شەڕەکە و، هەندێ جار، لەوانەیە پێیان وا بێ کە پەیوەندی بەوانەوە نییە؟ سندووقێکی لەم جۆرە، لەوانەیە ئەو پارەیە بێ کە وەک باج لە بریتانیای مەزندا سەپێنراوە و هیچی تر. تەواوی قورسایی قەرزەکەی بۆ شەڕ کراوە بەم شێوەیە، وەک تا ئێستا ڕووی داوە، دەکەوێتە سەر بریتانیای مەزن، دەکەوێتە سەر بەشێکی ئیمپراتۆریاکە نەک هەمووی. لەوانەیە لەوەتەی دنیا هەیە، بریتانیای مەزن تەنیا دەوڵەت بێ کە بە فرەوانکردنی ئیمپراتۆریاکەی خۆی، تەنیا خەرجییەکانی زیاتر کردووە، بەبێ ئەوەی بۆ جارێکیش سەرچاوەکانی داهاتی زیاد بکا. دەوڵەتانی تر بەگشتی باری خۆیان سووک دەکەن و قورسترین بەشی باری خەرجیی بەرگری لە ئیمپراتۆریاکە دەخەنە سەر ڕەعیەتەکانیان و ئەو پارێزگانەی سەر بەوانن. بریتانیای مەزن تا ئێستا باری ڕەعیەت و پارێزگەکانی ژێر دەستی خۆی سووک کردووە و تەواوی خەرجییەکەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە. بۆ ئەوەی بریتانیای مەزن بخرێتە ئاستێکی یەکسان لەگەڵ کۆڵۆنییەکانی، کە تا ئێستا یاسا پێی وا بووە ڕەعیەت و ژێردەستەن، لەوە دەچێ پێویست بێ بەپێی پلانی باج وەرگرتن لێیان، لەڕێی خواستی پەرلەمانەوە، پەرلەمان هەندێ ئامرازی لەبەر دەست هەبێ بۆ ئەوەی وا بکا داواکانی ڕاستەوخۆ کارا بن، ئەگەر ئەنجومەنی کۆڵۆنی هەوڵی خۆدزینەوە یان ڕەتکردنەوەی دا. بەڵام ئەم ئامرازانە چین، ئەوە ڕوونکردنەوەی زۆر ئاسان نییە و، تا ئێستا نەخراوەتە ڕوو.

ئەگەر پەرلەمانی بریتانیای مەزن، لە یەک کاتدا، مافی تەواوی سەپاندنی باجی بەسەر کۆڵۆنییەکاندا هەبێ، تەنانەت بەبێ پەسەندکردنی ئەنجومەنەکانیشیان، گرینگیی ئەو ئەنجومەنانە لەو ساتەوەختەوە کۆتایی پێ دێ و، لەگەڵ ئەویشدا، ڕۆڵ و گرینگیی گشت پیاوە ناودارەکانی ئەمەریکای بریتانیاییش کۆتاییان پێ دێ. مرۆڤ بەپێی ئەو گرینگییەی پێی دەدرێ حەز لە بەشداری لە ڕێکخستنی کاروباری گشتی دەکا. جێگیری و درێژەکێشانی هەموو سیستمێکی حکوومەتی ئازاد پشت بەو دەسەڵاتە دەبەستێ کە بەشی زۆری پیاوانی ناودار، ئەریستۆکراسی سروشتیی هەر وڵاتێک، هەیانە و بەهۆیەوە پارێزگاری و بەرگری لە گرینگیی خۆیان دەکەن. تەواوی گەمەی جیاکاری و تەماحکاریی ناوخۆیی لەو هێرشانەی ئەم پیاوانە دەیکەنە سەر گرینگیی یەکتر و، تیایاندا بەرگری لە گرینگیی خۆیان دەکەن، پێک دێن. پیاوانی ناوداری ئەمەریکا، وەک ئەوانەی هەر وڵاتێکی تر، حەز دەکەن پارێزگاری لە گرینگیی خۆیان بکەن. ئەوان هەست دەکەن، یان خەیاڵ

دەکەن، کە ئەگەر ئەنجومەنەکانیان، کە بەشانازییەوە پێیان دەڵێن پەرلەمان و، لە دەسەڵاتداریدا بە هاوتای پەرلەمانی بریتانیای مەزنیان دەزانن، ئاستیان کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی ببنە کارگێڕییەک یان فەرمانگەی جێبەجێکەری سەر بەو پەرلەمانە، ئەوە بەشێکی زۆری گرینگیی خۆیان لەدەست دەدەن. بۆیە، ئەوەیان ڕەت کردەوە کە لەسەر داوای پەرلەمان باج بدەن و، وەک هەر پیاوانێکی تری چاو لە گەورەیی و خاوەن ورەی بەرز، هەڵکێشانی شمشێریان بۆ بەرگری لە گرینگیی خۆیان هەڵبژارد.

لە سەروبەندی لاوازبوونی کۆماری ڕۆماندا، هاوپەیمانانی ڕۆما، کە ئەرکی سەرەکیی بەرگرییان لە دەوڵەتەکە و فرەوانکردنی ئیمپراتۆریاکەیان لە ئەستۆ گرتبوو، داوای هەموو ئیمتیازەکانی هاووڵاتییە ڕۆمانەکانیان کرد. کە ئەو داوایەیان ڕەت کرایەوە، شەڕی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا. لە ماوەی ئەو شەڕەدا، ڕۆما یەک لەدوای یەک ئەو ئیمتیازانەی بەوان دا و، هاوڕێژە لەگەڵیاندا خۆیان لە کۆنفیدراڵیی گشتی دوور خستەوە. پەرلەمانی بریتانیای مەزن جەختی کردە سەر وەرگرتنی باج لە کۆلۆنییەکان و، ئەوانیش سەپاندنی باجیان لەلایەن پەرلەمانێکەوە کە نوێنەرانی ئەوانی تێدا نییە ڕەتکردەوە. ئەگەر بۆ هەر کۆلۆنییەک کە خۆی لە کۆنفیدراڵیی گشتی بەدوور دەگرێ، بریتانیای مەزن ژمارەیەک نوێنەر هاوڕێژە لەگەڵ بەشدارییان لە داهاتی گشتیی ئیمپراتۆریاکە دابنێ، لە ئاکامی ئەوەشدا هەمان ئەو باجانە بخرێنە سەری و، بۆ قەرەبووی ئەوە ددان بەهەمان ئازادیی بازرگانیدا بنێ کە هاووڵاتییان لە نیشتماندا هەیانە، ژمارەی نوێنەرانیان هاوڕێژە لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارییان زیاد ببێ، ئامرازێکی نوێی بەدەستهێنانی گرینگی، بابەتێکی نوێ و سەرسامکەرتری تموحەکان دەخرێتە پێش کەسە ناودارەکانی هەر کۆلۆنییەک. لەجیاتی هەوڵی بەدەستهێنانی خەڵاتی بچووکی ئەوەی دەکرێ پێی بگوترێ دەستکەوتی بچووکی کۆمەڵگەی کۆلۆنی، لەوانەیە ئەو کاتە هیوایان هەبێ، بەپێی بڕوای سروشتیی مرۆڤ بە تواناکانی خۆی، خەڵاتی مەزن بەدەست بێنن کە هەندێ جار لە چەرخی تیروپشکی مەزنی سیاسەتی بریتانیاوە لەوانەیە بۆیان دەرچێ. تا ئەو کاتەی ئەم ئامرازە یان ئامرازی تر بەدەست دێ و، کە هیچ یەکێکی وەها ڕوون لە ئاسۆدا دیار نییە، بۆ پاراستنی گرینگی و ڕازیکردنی تموحی پیاوانی ناوداری ئەمەریکا، لەوە ناچێ هەرگیز لەخۆیانەوە خۆیان بدەنە دەستمان، ئێمەش دەبێ چاوەڕێی ئەوە بین کە خوێن بڕژێ بۆ ئەوەی ناچاری ئەوەیان بکەین و، هەر دڵۆپێک لەو خوێنە، لەو کەسانە دەچۆڕێ کە، یان ئەوانەی دەخوازین، هاووڵاتیی ئێمە بن. ئەوانەی پێیان وایە کە کۆلۆنییەکانمان بەئاسانی لەڕێی هێزەوە دەستەمۆ دەبن، زۆر لاوازن. ئەو کەسانەی ئێستا بڕیار بەدەستن لەوەی پێی دەڵێن کۆنگرێسی پارزەوین(Continental Congress) ، لەم ساتەدا لە ناخی خۆیاندا هەست بە گرینگییەک دەکەن، کە لەوانەیە مەزنترین کەسانێک لە ئەوروپا بەدەگمەن هەستی پێ

بکەن. دوکاندار، بازرگان و، پارێزەران بوونە پیاوی دەوڵەت و یاسادانەر و، خەریکی داهێنانی شێوازێکی نوێی حکوومەتن بۆ ئیمپراتۆریایەکی بەرفرەوان، کە پێیان وایە دەبێتە یەکێک لە مەزنترین و بەهێزترینی ئەوانەی لە دنیادا دەرکەوتوون. پێنج سەد کەسی جۆراوجۆر کە بەشێوەی جۆراوجۆر ڕاستەوخۆ بۆ کۆنگرێسی پارزەوین کار دەکەن، لەوانەیە پێنج سەد هەزار لەژێر دەستی ئەو پێنج سەدە کار بکەن، هەموویان بەهەمان شێوە هەست بە زیادبوونی ڕێژەیی گرینگیی خۆیان دەکەن. نزیکەی هەموو تاکێک لە لایەنی حوکمڕان لە ئەمەریکا، ئێستا بەخەیاڵی خۆی، پێگەیەکی هەیە کە بەرزترە نەک تەنیا لەو پێگەیەی پێشتر هەیبوو، بەڵکو بەرزتر لەوەی هەرگیز چاوەڕوانی دەکرد، تا ئەو کاتەش کە تموحێکی نوێ دەخرێتە پێش ئەو یان پێشەواکانی، ئەگەر ڕۆحی ئاسایی مرۆڤی هەبێ، ئەو ئامادەیە بۆ ئەم پێگەیەی ئێستای خۆی بەکوشت بدا.

گوتەیەکی سەرۆک ئینۆو (Henaut) هەیە دەڵێ کە ئێستا بەخۆشحاڵییەوە تۆماری گەلێ سەودای بچووکی لیگ (Ligue) دەخوێنینەوە، کە لە کاتی ڕوودانیان لەوانەیە زۆر بە هەواڵی گرینگ نەزانرابن. بەڵام هەر پیاوێک لەو کاتەدا، ئەو دەڵێ، خۆی بەوە قایل کردبوو کە گرینگییەکی هەیە. هەروەها یادەوەریی لەژماردن نەهاتوو کە لەو کاتانەوە بۆمان ماونەتەوە، بەشی هەرە زۆریان، لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون کە چێژیان لە تۆمارکردن و گەورەکردنەوەی ڕووداوەکان وەردەگرت، ئەوان بەشان و باڵی خۆیاندا هەڵدەدا، ئەوان ئەکتەری گەورە بوون. چۆن شاری پاریس بەرگریی لەخۆی کرد، ئەو شارە پشتیوانیی چ قاتوقڕییەکی سەختی کرد لەجیاتی ملدان بۆ باشترین و دواتر خۆشەویسترین پاشای فرانسەیی، هەمووی ڕوونە. زۆرترین بەشی هاووڵاتییان، یان ئەوانەی حوکمڕانیی زۆرترین بەشیان دەکردن، شەڕیان لەپێناو بەرگری لە گرینگیی خۆیان کرد، کە پێیان وا بوو هەر کاتێک حکوومەتە کۆنەکە دامەزرێتەوە، کۆتایی پێ دێ. کۆلۆنییەکانمان تا ئەو کاتەی بە یەکگرتنێک قایل دەبن، ئەگەر زۆرە کە بەرگری لەخۆیان بکەن دژ بە هەموو وڵاتانی دایک، بەرگرییەکی توندی هاوشێوەی ئەوەی پاریس دژ بە باشترین پاشا کردی.

بیرۆکەی نوێنەرایەتی لە سەردەمانی کۆندا نەبوو. کاتێک خەڵکی دەوڵەتێک بە مافی هاووڵاتیبوون لە دەوڵەتێکی تر قایل دەبوون، ئەوان هیچ ئامرازێکی تری ئەزموونکردنی ئەو مافەیان نەبوو جگە لەوەی بچنە ناو قەوارەیەک بۆ دەنگدان و گفتوگۆ لەگەڵ گەلی ئەو دەوڵەتەی تر. قایلبوونی بەشی زۆری دانیشتووانی ئیتالیا بە ئیمتیازەکانی هاووڵاتییانی ڕۆمان، بەتەواوی کۆماری ڕۆمانی ڕووخاند. ئیتر توانای جیاکردنەوە نەما لەنێوان ئەوەی کە هاووڵاتیی ڕۆمان بوو و ئەوەی ئەو هاووڵاتییە نەبوو. هیچ خێڵێک نەیدەزانی ئەندامەکانی کێن. هەر هەرچی و پەرچییەک، لەوانە بوو، بەشدار بێ لە ئەنجومەنەکانی

گەلدا، لەوانە بوو کاروباری هاووڵاتییانی ڕاستەقینە بڕانێ و، بڕیار لەبارەی کاروباری کۆمارەوە بدا، وەک ئەوەی کە خۆی هاووڵاتیی ڕاستەقینە بێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمەریکا پەنجا یان شەست نوێنەر بۆ پەرلەمان بنێرێ، دەرگەوانی خانەی گشت House of Commons) بەئاسانی دەتوانێ ئەوانەی ئەندامن جیا بکاتەوە لەوانەی کە ئەندام نین. بۆیە، ئەگەرچی دەستووری ڕۆمان بەهۆی یەکگرتنی ڕۆما لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئیتالیا، تێکچوو، کەمترین ئەگەر لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی دەستووری بریتانیا بەهۆی یەکگرتنی بریتانیای مەزن لەگەڵ کۆلۆنییەکانی زیانی پێ بگا. ئەو دەستوورە، بەپێچەوانەوە، بەو یەکگرتنە تەواو دەکرێ و لەوە دەچێ بەبێ ئەو ناتەواو بێ. ئەو ئەنجومەنەی گفتوگۆ و بڕیار لەبارەی کاروباری هەموو بەشێکی ئیمپراتۆریاکە دەدا، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو زانیاریی لەبەر دەستدا هەبێ، بێگومان دەبێ نوێنەرانی هەموو بەشێکی ئیمپراتۆریاکە لەخۆ بگرێ. بەڵام من وای نابینم کە ئەو یەکگرتنە زوو کارا بکرێ، یان زەحمەتی و سەختی لە کاتی جێبەجێکردنیدا دەرنەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا، نەمبیستووە کە هیچ لەو ئاستەنگانە وا دەرکەوێ کە زاڵبوون بەسەریدا لەکردن نەهاتوو بێ. سەختییە سەرەکییەکان بەهۆی سروشتی شتەکانەوە سەر هەڵنادەن، بەڵکو بەهۆی بڕیاری پێشوەخت و بۆچوونەکانی خەڵک لەمبەر و ئەوبەری ئۆقیانووسی ئەتلەنتییەوە سەر هەڵدەدەن.

ئێمە لەمبەری ئاوەکەوە، دەترسین نەوەکو ژمارەی زۆری نوێنەرانی ئەمەریکایی بالانسی دەستوور لار بکەن و، یان زۆر دەسەڵاتی تاج لە دیوێک زیاد بکەن، یان هێزی دیموکراسی لە دیوەکەی تر زیاد بکەن. بەڵام ئەگەر ژمارەی نوێنەرە ئەمەریکاییەکان هاوڕێژە بێ لەگەڵ بەرهەمی سیستمی باجی ئەمەریکایی، ئەوە ژمارەی ئەو خەڵکەی دەبێ بەڕێوە ببرێن تەواو بەهەمان ڕێژەی ئامرازەکانی بەڕێوەبردنیان زیاد دەبێ. هەروەها ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی ژمارەی ئەو خەڵکەش کە دەبێ بەڕێوە ببرێن. بەشە پاشایەتییەکە و بەشە دیموکراتەکە، دوای یەکگرتن، وەکو جاران تەواو بەهەمان پلەی هێزی ڕێژەیی بەرامبەر بە یەکتر دەوەستن.

خەڵکی ئەوبەری ئاوەکە دەترسن نەوەکو دوورییان لە مەڵبەندی حکوومەت تووشی کۆمەڵێک ستەمیان بکا. بەڵام نوێنەرانیان لە پەرلەمان، کە دەبێ لە سەرەتاوە زۆر بن، بەئاسانی دەتوانن لە هەموو ستەمێک بیانپارێزن. دووری ناتوانێ بەڕادەیەکی زۆر وابەستەبوونی نوێنەران بە دەنگدەرانیانەوە کەم بکاتەوە و، نوێنەر بەردەوام هەست دەکا بۆ ئەو کورسییەی لە پەرلەمان هەیەتی و هەموو ئەوەی بەهۆیەوە بەدەستی هێناوە قەرزاری نیازی باشی دەنگدەرە. بۆیە، بەرژەوەندی یەکەمیان لەوەدا دەبێ کە گەشە بەو نیازە باشە بدا لەڕێی گلەییکردنەوە، بە هەموو دەسەڵاتی ئەندامێکی دەستەی

یاسادانەرەوە، ڕێ بگرێ لە گشت خراپەکارییەکانی بەرپرسانی مەدەنی و سەربازی کە لەوانەیە لەو بەشە دوورانەی ئیمپراتۆریاکەدا تاوانێکیان کردبێ. هەروەها دووریی ئەمەریکا لە مەڵبەندی حکوومەتەوە، وا لە خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتە دەکا بە هەندێ هۆکارەوە خۆیان بەوە قایل بکەن کە ئەمە ماوەیەکی زۆر بەردەوامیی نابێ. تا ئێستا پێشکەوتنی خێرای ئەو وڵاتە لەڕووی سامان، دانیشتووان و، پێشکەوتنەوە، لە ماوەی کەمێک زیاتر لە یەک سەدە زیاتر، لەوانەیە بەرهەمی ئەمەریکاییەکان لە سیستمی باجی بریتانیا زیاتر بکا. ئەو کاتە، مەڵبەندی ئیمپراتۆریاکە بەشێوەیەکی سروشتی خۆی بۆ ئەو بەشەی ئیمپراتۆریاکە دەگوازێتەوە کە پشکداریی زیاترە لە بەرگریی گشتی و پشتیوانیی هەموو ئیمپراتۆریاکەدا.

دۆزینەوەی ئەمەریکا و، دۆزینەوەی ڕێگەی هیندی ڕۆژهەڵات لە سەری هیوای چاکەوە، دوو مەزنترین و گرینگترین ڕووداون کە لە مێژووی مرۆڤدا تۆمار کراون. ئاکامەکانیشیان زۆر مەزن بوون. بەڵام لە ماوەی کورتی نێوان دوو سێ سەدەدا کە بەسەر ئەو دۆزینەوانەدا تێپەڕین، مەحاڵە تەواوی مەودای ئاکامەکانیان بینرابن. ئەو قازانجانە چین یان ئەو زیانانە چین کە لێرە بەدواوە بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە بەر مرۆڤایەتی دەکەون، ئاوەزی مرۆڤ ناتوانێ پێشبینییان بکا. بەشێوەیەک لە شێوەکان، لەڕێی یەکگرتنی دوورترین بەشەکانی دنیاوە، لەڕێی پڕکردنەوەی خواستەکانی یەکترەوە، بۆ زیادکردنی سوودمەندبوونی یەکتر و، بۆ هاندانی پیشەسازیی یەکتر، لەوە دەچێ ئاراستەی گشتییان سوودبەخش بێ. بەڵام بۆ خەڵکی ڕەسەنی هەردوو هیندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەموو دەستکەوتە بازرگانییەکانی کە لەو ڕووداوانە کەوتنەوە بەهۆی زیانە گەورەکانیانەوە کەم بوون و لەناو چوون. هەرچەندە، لەوە دەچێ زیانەکان بەهۆی ڕێککەوتەوە بووبن نەک بەهۆی سروشتی ئەو ڕووداوانە خۆیانەوە بن. لەو کاتە دیاریکراوەدا کە ئەو دۆزینەوانە تیایاندا ڕوویان دا، باڵادەستیی هێز لەلایەنی ئەوروپاییەکانەوە ئەوەندە زۆر بوو کە یارمەتییانی دا بتوانن هەموو جۆرە خراپەکارییەک بکەن و لە سزای هەموو ستەمێک لەو وڵاتە دوورانە دەرباز ببن. لەوانەیە لێرە بەدواوە، خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتانە بەهێزتر ببن، یان ئەوروپاییەکان لاوازتر ببن و، ڕەنگە دانیشتووانی هەموو کونجێکی دنیا بەو یەکسانییە بگەن لە ئازایەتی و لە هێزدا، کە تەنیا بەهۆی مەترسیی هاوبەشەوە، بتوانن بەسەر ستەمی وڵاتانی سەربەخۆدا زاڵ ببن و جۆرێک لە ڕێز بۆ مافی یەکتر بنیات بنێن. بەڵام لەوە ناچێ هیچ شتێک هێندەی ئاڵوگۆڕی هاوبەشی زانین و هەموو جۆرە پێشکەوتنێک کە بازرگانییەکی فرەوانی نێوان هەموو وڵاتان بەشێوەیەکی سروشتی، یان وەک پێویستییەک لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ، ئەو یەکسانیی هێزە دروست بکا.

لەم کاتەدا، یەکێک لە کاریگەرییە سەرەکییەکانی ئەو دۆزینەوانە بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی سیستمی بازرگانی بۆ ئاستێکی مەزن و پرشنگدار کە هەرگیز بەبێ ئەوان پێی نەدەگەیشت. ئامانجی ئەم سیستمە دەوڵەمەندکردنی دەوڵەتێکی مەزنە لەڕێی بازرگانی و پیشەسازییەوە نەک لەڕێی چاککردن و کشتوکاڵکردنی زەوییەوە، بە پیشەسازیی شاران نەک بە پیشەسازیی لادێ. بەڵام لە ئاکامی ئەم دۆزینەوانە، شارە بازرگانییەکانی ئەورووپا، لەجیاتی ئەوەی تەنیا بۆ بەشێکی بچووکی دنیا (ئەو بەشەی ئەورووپا کە ڕووی لە ئۆقیانووسی ئەتلەنتییە و، ئەو وڵاتانەی دەکەونە دەوروبەری دەریاکانی بەلتیک و ناوەڕاست) کاڵا دروست بکەن و بگوازنەوە، ئێستا کاڵا بۆ چێنەرانی گەشەکردوو و لەژماردننەهاتووی ئەمەریکا دروست دەکەن و دەگوازنەوە و، لە هەندێ ڕووەوە بۆ نزیکەی گشت گەلانی جۆراوجۆری ئاسیا، ئەفریقا و، ئەمەریکایان دروست دەکەن و دەگوازنەوە. دوو دنیای نوێ بەڕووی پیشەسازییەکانیاندا کرانەوە، هەر یەکێکیان زۆر گەورەتر و فرەوانترە لە دنیا کۆنەکە و، بازاڕی یەکێک لەوان ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبێ.

ئەو وڵاتانەی دەستیان بەسەر کۆلۆنییەکانی ئەمەریکادا گرت و، ئەوانەی ڕاستەوخۆ بازرگانی لەگەڵ هیندی ڕۆژهەڵاتدا دەکەن، لەڕاستیدا تەواوی خێروخۆشیی ئەم بازرگانییە گەورەیەیان بۆ خۆیان بردووە. بەڵام وڵاتانی تر، سەرباری کۆت و بەندی ئازاردەر لەلایەن ئەوانەوە کە دەیانویست دووریان بخەنەوە، زۆربەی جاران دەستکەوتی باشیان هەیە. کۆلۆنییەکانی ئیسپانیا و پۆرتوگال، بۆ نموونە، هاندەری ڕاستەقینەی زیاتری وڵاتانی تر بوون، نەک ئیسپانیا و پۆرتوگال. وەک دەڵێن، هەرچەندە بڕەکە پشتڕاست ناکەمەوە، تەنیا لە بابەتی کەتاندا، بەکاربردنی ئەو بابەتە لەلایەن کۆلۆنییەکانەوە گەیشتووەتە سێ ملیۆن ئیستەرلینی لە ساڵێکدا. بەڵام نزیکەی هەموو ئەم بڕە زۆرە بەکاربراوە لەلایەن فرانسە، فلاندەرز، هۆلاند و، ئەڵمانیا بەردەست خراوە. ئیسپانیا و پۆرتوگال تەنیا بەشێکی زۆر کەمیان خستووەتە بەر دەست. ئەو سەرمایەیەی ئەم بڕە زۆرەی کەتان بۆ کۆلۆنییەکان دابین دەکا ساڵانە دابەش دەبێ و، داهات دابین دەکا، بۆ هاووڵاتییانی ئەو وڵاتانەی تر. تەنیا قازانجەکانی لە ئیسپانیا و پۆرتوگال خەرج دەکرێن، لەوێش پشتیوانیی دەوڵەمەندیی بازرگانانی کادیز و لیشبۆن دەکەن.

ئەو یاسایانەشی هەر وڵاتێک هەوڵ دەدا بەهۆیانەوە قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییەکانی خۆی بۆ خۆی مسۆگەر بکا، زۆربەی جاران بەزیانترن بۆ ئەو وڵاتەی لەپێناوی دانراون نەک ئەو وڵاتانەی لەدژیان دانراون. ستەمی نادادوەرانەی پیشەسازیی وڵاتانی تر هەڵدەگەڕێتەوە، ئەگەر بشێ وا بڵێم، بەسەر ستەمکارەکاندا و، زیاتر لە پیشەسازیی وڵاتانی تر پیشەسازیی ئەوان تێکدەشکێنێ. بۆ نموونە، بەهۆی ئەو یاسایانەوە بازرگانی هامبۆرگ دەبێ ئەو کەتانەی دایناوو بۆ بازاڕی ئەمەریکای بنێرێ، بۆ لەندەنی

بنێرێ و، لەوێوە تووتن بۆ بازاڕی ئەڵمانیا بهێنێتەوە، چونکە ناتوانێ ئەوەی یەکەم ڕاستەوخۆ بۆ ئەمەریکا ڕەوانە بکا و ئەوەی دووەم ڕاستەوخۆ لەوێوە بهێنێ. ئەو بەهۆی ئەم کۆتەوە ڕەنگە ناچار بێ یەکێک لە کاڵاکان کەمێک بەهەرزانتر بفرۆشێ و، ئەوەی تر کەمێک بەگرانتر بکڕێ و، ڕێگەی قازانجەکەشی کەمێک بەهۆی ئەم کۆتەوە کورتتر دەبێ. بەڵام، لەم بازرگانییەی نێوان هامبۆرگ و لەندەن، ئەو بەدڵنیاییەوە داهاتەکانی سەرمایەکەی زۆر خێراتر بۆ دەگەڕێتەوە لەوەی بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمەریکادا بکا، هەرچەندە کە دەبێ پێشبینی بکەین، کە بەهیچ شێوەیەک پارەدانی ئەمەریکا وەک ئەوەی لەندەن ڕێکوپێک نییە. لەبەر ئەوە، بەم بازرگانییەی کە ئەو یاسایانە بازرگانەکەی هامبۆرگیان پێوە پابەند کردووە، سەرمایەکەی دەتوانێ بڕێکی زیاتری پیشەسازیی ئەڵمانیا بەردەوام بەگەڕ بخا، زیاتر لەوەی بەهۆی ئەو بازرگانییەی لێی دوورخراوەتەوە دەیکرد. بۆیە، هەرچەندە یەکێک لە بەگەڕخستنەکان بەلای ئەوەوە لەوەی تر بەقازانجتر بوو، بەڵام بۆ وڵاتەکەی کەمتر بەقازانج بوو. دۆخەکە بۆ ئەو بەگەڕخستنەی کە قۆرخکارییەکە بەشێوەیەکی سروشتی بەکێشی دەکا، تەواو پێچەوانەیە، ئەگەر بتوانم وا بڵێم، بۆ سەرمایەی بازرگانەکەی لەندەن. لەوانەیە ئەو بەگەڕخستنە بۆ ئەو بەقازانجتر بێ لە زۆربەی بەگەڕخستنەکانی تر، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی خاویی گەڕانەوەی داهات، ناتوانێ بۆ وڵاتەکەی بەقازانجتر بێ.

کەواتە، دوای هەموو هەوڵە ستەمکارانەکانی هەموو وڵاتێکی ئەوروپایی بۆ بەدەستهێنانی تەواوی سوودەکانی بازرگانی لەگەڵ کۆلۆنییەکانی خۆی، هیچ وڵاتێک نەیتوانی هیچ شتێک بەدەست بهێنێ جگە لە خەرجیی پشتیوانیی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرەی بەسەریدا سەپاندوویەتی لە کاتی ئاشتیدا و، خەرجیی بەرگری لەو دەسەڵاتە لە کاتی شەڕدا. هەر وڵاتێک بەتەنیا تەواوی ئەو زیانانەی هەڵگرتەوە کە بەهۆی دەستگرتن بەسەر ئەو کۆلۆنییانەدا دروست بوون. هەمووشیان ناچار بوون سوودەکانی بازرگانییەکانیان لەگەڵ چەندان وڵاتی تردا بەش بکەن.

لە یەکەم چرکەساتدا، قۆرخکاریی بازرگانیی زۆری ئەمەریکا بێگومان بەشێوەیەکی سروشتی وا دێتە بەر چاو کە بەهادارترین دەستکەوتێک بێ. چاوی تانەلەسەری مەستی تەماح، بەسروشت لەنێو گەرمەی ململانێی سیاسەت و شەڕ ئەم قۆرخکارییە وا پێشان دەدا کە شایانی ئەوەیە شەڕی لەسەر بکرێ. بەڵام سەرنجراکێشیی بابەتەکە، بازرگانییە زەبەلاحەکە، خۆی وا دەکا قۆرخکاریی بازرگانییەکە زیانبەخش بێ، یان وا دەکا بەگەڕخستنێک بێ بەسروشت کەمتر لە زۆربەی بەگەڕخستنەکانی تر بۆ وڵاتەکە بەسوود بێ، چونکە ئەو بەگەڕخستنە بەشی زۆری سەرمایەی وڵات هەڵدەلووشێ کە زیاترە لەوەی بەشێوە سروشتییەکە ڕووی تێ دەکرد.

وەک لە کتێبی دووەمدا خراوەتە ڕوو، ماڵی بازرگانیی هەر وڵاتێک، ئەگەر شیاو بێ وا بڵێم، بەشێوەیەکی سروشتی بەدوای ئەو بەگەڕخستنەدا دەگەڕێ کە بۆ وڵات بەسوودترە. ئەگەر لە بازرگانیی باربەریدا بەگەڕ خرابێ، وڵاتەکەی خۆی دەبێتە مەڵبەندی بازرگانی (emporium)بۆ کاڵاکانی هەموو ئەو وڵاتانەی ئەو ماڵە بازرگانییەکەیان بەڕێوە دەبا. بەڵام خاوەنی ئەو ماڵە، بێگومان حەز دەکا زۆرترین بەشی ئەو کاڵایانە لە نیشتماندا ساخ بکاتەوە. ئەو بەو شێوەیە ئەرک، مەترسی و خەرجیی هەناردەکردنیان لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە و، بەو پێیە خۆشحاڵ دەبێ لە نیشتماندا بیانفرۆشێ، نەک بە نرخێکی کەمتر، بگرە بە قازانجێکی کەمتریش لەوەی لەوانەیە بە ناردنیان بۆ دەرەوە دەستی بکەوێ. لەبەر ئەوە، ئەو بەسروشت هەوڵ دەدا، ئەوەندەی پێی دەکرێ، بازرگانیی باربەرییەکەی بکاتە بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردن. هەروەها کاتێک ماڵەکەی لە بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردن بەگەڕ خراوە، لەبەر هەمان هۆکار، خۆشحاڵ دەبێ تا پێی دەکرێ زۆرترین بەشی ئەو کاڵا خۆماڵییانەی بۆ هەناردەکردن بۆ بازاڕی بیانی کۆیانی کردووەتەوە، لە نیشتماندا ساخ بکاتەوە، بەمەش ئەوەندەی پێی دەکرێ هەوڵ دەدا بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردنەکەی بۆ بازرگانیی ناوخۆیی بگۆڕێ. ماڵی بازرگانیی هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی سروشتی بەم شێوەیە ڕووی لە بەگەڕخستنی نزیکە و خۆی لە بەگەڕخستنی دوور لادەدا. بەشێوەیەکی سروشتی مەیلی ئەو بەگەڕخستنانەی هەیە کە هاتنەوەی دەستکەوتی زۆرە و، خۆی دوور دەخاتەوە لەوەی دوورە و خاوە. بەشێوەیەکی سروشتی مەیلی ئەو بەگەڕخستنەی هەیە کە دەتوانێ زۆرترین بڕ کاری بەرهەمهێنی وڵاتەکەی خۆی، یان ئەو وڵاتەی خاوەنەکەی تێدا نیشتەجێیە، بژێنێ و دوور دەکەوێتەوە لەوانەی بڕی کەمتر دەژێنن. بەشێوەیەکی سروشتی مەیلی ئەو بەگەڕخستنەی هەیە کە لە دۆخی ئاساییدا زۆرترین سوودی هەیە و، خۆی دوور دەخاتەوە لەوەی لە دۆخی ئاساییدا کەمترین سوودی بۆ وڵاتەکە هەیە.

بەڵام ئەگەر هەر یەکێک لەو بەگەڕخستنە دوورانە، کە لە دۆخی ئاساییدا سوودیان بۆ وڵاتەکە کەمترە، قازانجەکەی تا ڕادەیەک بەرز بووەوە بۆ سەرووی ئەوەی بەشی هاوسەنگکردنی لەگەڵ ئەو لەپێشەوەبوونە سروشتییەی بەگەڕخستنی نزیکدا بکا، ئەوە ئەم باڵادەستییەی قازانج ماڵ لە بەگەڕخستنە نزیکەکانەوە بەکێش دەکا، تا ئەو کاتەی قازانجەکانی هەمووان دەگەڕێنەوە بۆ ئاستی گونجاوی خۆیان. بەڵام ئەم باڵادەستیی قازانجە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە هەلومەرجی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا، ئەو بەگەڕخستنە دوورانە هەندێ جار بە بەراورد لەگەڵ بەگەڕخستنەکانی تر کورتهێنانیان دەبێ و، ئەو ماڵەی کۆمەڵگە بەباشترین شێوە دابەش نەبووە لەنێوان بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکاندا. بەڵگەشە لەسەر ئەوەی شتێک یان بەهەرزانتر کڕاوە یان بەگرانتر فرۆشراوە لەوەی کە دەبوو ببێ و، پۆلێکی دیاریکراوی هاووڵاتییان، زۆر یان کەم، ستەمی لێ کراوە لەڕێی

پارەدانی زیاتر، یان وەرگرتنی کەمتر، لەوەی کە گونجاوە بۆ ئەو یەکسانییەی پێویستە بێتە کایەوە و، کە بە سروشت لەنێوان هەموو توێژە جۆراوجۆرەکاندا جێی خۆی دەکاتەوە. ئەگەرچی ئەو برە کارە بەرهەمهێنەی هەمان سەرمایە لە بەگەڕخستنێکی نزیکدا دەیژیێنێ هەرگیز یەکسان نییە لەگەڵ ئەوەی لە بەگەڕخستنێکی دووردا دەیژیێنێ، بەڵام بەگەڕخستنی دوور هاوشێوەی بەگەڕخستنی نزیک بۆ خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە پێویستە. لەوانەیە ئەو کاڵایانەی بەگەڕخستنی دوور مامەڵەیان پێوە دەکا پێویست بن بۆ بەرێوەچوونی گەلێ بەگەڕخستنی نزیک. بەڵام ئەگەر قازانجی ئەوانەی مامەڵە بەو جۆرە کاڵایانەوە دەکەن لە ئاستی گونجاویان بەرزتر بێ، ئەوە ئەو کاڵایانە گرانتر لە پێویست دەفرۆشرێن، یان بە کەمێک لە سەروو نرخی سروشتییان و، هەموو ئەوانەی لە بەگەڕخستنە نزیکەکاندان، زۆر و کەم، بەهۆی ئەو نرخە بەرزەوە ستەمیان لێ دەکرێ. لەبەر ئەوە، بەرژەوەندییەکانی ئەوان، لەم دۆخەدا وا دەخوازن کە هەندێ ماڵ لەو بەگەڕخستنە نزیکانە بکشێنەوە و، ڕوو لە بەگەڕخستنە دوورەکە بکەن، بۆ کەمکردنەوەی قازانجەکانی تا ئاستی گونجاو و، دابەزاندنی نرخی ئەو کاڵایانەی مامەڵەیان پێوە دەکا بۆ نرخی سروشتی. لەم دۆخە نائاساییەدا، بەرژەوەندی گشتی ئەوە دەخوازێ کە هەندێ ماڵ لەو بەگەڕخستنانە بکشێتەوە، کە لە دۆخی ئاساییدا بەسوودتر بوو و، ڕوویان لەو بەگەڕخستنانە بکرێ کە لە دۆخی ئاساییدا کەمتر بەسوود بوون بۆ گشت و، لەم دۆخە نائاساییەدا بەرژەوەندی سروشتی و حەزی سروشتیی مرۆڤ، وەک ئەوەی لە هەموو دۆخێکی ئاساییدا هەیە تەواو هاوشانی بەرژەوەندی گشتییە و، بەرەو کێشانەوەی ماڵیان دەبا، لە بەرگەڕخستنە نزیکەکەوە، بەرەو بەگەڕخستنە دوورەکە.

بەم شێوەیە بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی تاکەکان بەشێوەیەکی سروشتی وایان لێ دەکا ماڵی خۆیان بە ئاراستەی ئەو بەگەڕخستنانە ببەن کە لە دۆخی سروشتیدا بەسوودترینن بۆ کۆمەڵگە. بەڵام ئەگەر بەهۆی ئەم ڕەپێشدانە سروشتییەوە ماڵێکی زۆریان بەرەو ئەو بەگەڕخستنە برد، ئەوە داڕووخانی قازانج لەو بەگەڕخستنانە و بەرزبوونەوەی لە گشت ئەوانەی تردا، ڕاستەوخۆ وایان لێ دەکا ئەم دابەشکردنە هەڵەیە بگۆڕن. کەواتە، بەبێ هیچ دەستوەردانێک لەلایەن یاساوە، بەرژەوەندی و حەزەکانی مرۆڤەکان، بەسروشت ئاراستەیان دەکەن بۆ ئەوەی تا زووە ماڵی هەموو کۆمەڵگەیەک لەنێوان بەگەڕخستنە جۆراوجۆرەکاندا دابەش بکەن، بەو ڕێژەیەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگەدا گونجاوترینە.

هەموو یاسا جۆراوجۆرەکانی سیستمی بازرگانی، وەک پێویستییەک، زۆر و کەم ڕێگری لەم دابەشکردنە سروشتی و بەسوودەی ماڵ دەگرن. بەڵام ئەوانەی تایبەتن بە بازرگانیی ئەمەریکا و هیندی ڕۆژهەڵاتەوە لەوانەی تر زیاتر ئەمە دەکەن، لەوانەیە بەهۆی

ئەوەوە بێ کە بازرگانی لەگەڵ ئەم دوو پارزەوینە مەزنەدا ماڵی زیاتر لە هەر لقێکی بازرگانی هەڵدەلووشێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو یاسایانەی ئەم ڕێگرییانە بۆ ئەم دوو لقە بازرگانییە دروست دەکەن هەمان شت نین. قۆرخکاری بزوێنەری مەزنی هەردووکیانە، بەڵام جۆرەکەی لە هەر یەکێکیاندا جیاوازە. لەڕاستیدا قۆرخکاری بە هەموو شێوەیەکی، تاکە بزوێنەری سیستمی بازرگانییە.

لە بازرگانی بەرەو ئەمەریکادا، هەموو وڵاتێک هەوڵ دەدا، لەڕێی دوورخستنەوەی هەموو وڵاتانی تر لە هەر بازرگانییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کۆلۆنییانەدا، تا پێی دەکرێ هەموو بازاڕەکانی کۆلۆنییەکانی بۆ خۆی بن. لە زۆرترین بەشی سەدەی شازدەدا، پۆرتوگالیەکان هەوڵیان دا بەهەمان ئەو شێوەیە بازرگانی بەرەو هیندی ڕۆژهەڵات ڕێک بخەن، بە بانگەشەی ئەوەی تەنیا خۆیان، بەو پێیەی کە خۆیان یەکەم بوونە لە دۆزینەوەی ڕێگە بۆ ئەوێ، مافی کەشتیوانییان لە دەریاکانی هیند هەیە. هۆڵاندییەکان تا ئێستاش هەموو وڵاتانی تری ئەوروپایی لە دوورگەکانی بەهاراتیان دوور دەخەنەوە. ئاشکرایە کە ئەم جۆرە قۆرخکارییانە دژ بە هەموو وڵاتانی تری ئەوروپایی بوون، کە نەک تەنیا لە بازرگانییەک دوور خرانەوە کە لەوانە بوو قایلیان بکا بەوەی بەشێکی ماڵی خۆیانی ئاراستە بکەن، بەڵکو ناچار کراون ئەو کاڵایانەی ئەو بازرگانییە مامەڵەیان پێوە دەکا، تا ڕادەیەک لەوە بەگرانتر بکڕن کە خۆیان لەڕێی بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە بەرهەمیان دێنن دەیانکڕی.

بەڵام لە کاتی دارمانی هێزی پۆرتوگالەوە، هیچ وڵاتێکی ئەوروپایی بانگەشەی قۆرخکردنی مافی کەشتیوانیی لە دەریاکانی هیند نەکردووە، کە ئێستا بەندەرە سەرەکییەکانیان بەڕووی کەشتیی هەموو وڵاتانی ئەوروپادا کراوەن. بەڵام، جگە لە پۆرتوگال و، فەرانسەش لەم ساڵانەی دواییدا، بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات لە هەموو وڵاتێکی ئەوروپا بۆ کۆمپانیایەکی دیاریکراو سنووردار کراوە. ئەم جۆرە قۆرخکارییانە بەشێوەیەک دامەزراوە کە دژی هەمان ئەو وڵاتەیە کە دایمەزراندووە. بەپێی ئەم قۆرخکارییە، زۆرترین بەشی وڵاتەکە نەک تەنیا لە بازرگانییەک دوور خراوەتەوە کە ڕەنگە قایلی بکا بەشێک لە ماڵی خۆی بەرەو ئەو ئاراستە بکا، بگرە ناچاری دەکا ئەو کاڵایانەی ئەو بازرگانییە مامەڵەیان پێوە دەکا بەگرانتر بکڕێ لەوەی لە کاتی کرانەوە و ئازادیی ئەو بازرگانییەدا دەیکڕی. بۆ نموونە، لە کاتی دامەزراندنی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزییەوە، دانیشتووانی تری ئینگلتەرە، جگە لەوەی لەم بازرگانییە دوور خراونەتەوە، دەبێ لە بەرامبەر ئەو کاڵایانەی هیندی ڕۆژهەڵات کە بەکاریان دەبەن، نەک

تەنیا هەموو ئەو قازانجە سەرووئاساییانە بدەن کە کۆمپانیاکە بەهۆی قۆرخکاریی بازرگانییەکەوە کردوویەتی، بەڵکو دەبێ پارەی هەموو ئەو زیان و لەدەستدانە سەرووئاساییانەش بدا کە ئاکامی فێڵ و مامەڵەی خراپن، کە سیفەتی چەسپاوی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمپانیایەکی وا زەبەلاح دروستیان دەکا. لەبەر ئەوە، بێواتەیی ئەم جۆرەی دووەمی قۆرخکاری زۆر ڕوونترە لەوەی جۆرەکەی یەکەم.

هەردوو جۆرەکەی قۆرخکاری، زۆر و کەم، ڕێگری لە دابەشبوونی سروشتیی ماڵی کۆمەڵگە دەگرن، بەڵام ڕێگرییەکە بەردەوام بەهەمان شێوە نییە.

قۆرخکارییەکانی جۆری یەکەم بەردەوام بەشێکی زیاتری ماڵی کۆمەڵگە، زیاتر لەوەی بازرگانییەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەکێشی دەکا، بەرەو ئەو بازرگانییە دیاریکراوەی دایمەزراندووە بەکێش دەکا.

جۆری دووەمی قۆرخکاری لەوانەیە، بەپێی هەلومەرجی جیاجیا، هەندێ جار ماڵ بەرەو ئەو بازرگانییە دیاریکراوەی دایمەزراندووە بەکێش بکا و، هەندێ جاریش لەو بازرگانییەی دوور بخاتەوە. لە وڵاتانی هەژاردا، بەشێوەیەکی سروشتی ماڵێکی، زیاتر لەوەی بەسروشت ڕووی تێ دەکا، بۆ بەکێش دەکا. لە وڵاتانی دەوڵەمەنددا، بەشێوەیەکی سروشتی بەشێکی زۆری ئەو ماڵەی لێ دوور دەخاتەوە کە بەبێ ئەو ڕووی لێ دەکا.

بۆ نموونە، وڵاتانی هەژاری وەک سوید و دانمارک، لەوانەیە هەرگیز تەنیا یەک کەشتی بۆ هیندی ڕۆژهەڵات نەنێرن ئەگەر ئەو بازرگانییە بۆ کۆمپانیایەک قۆرخ نەکرێ. دامەزراندنی ئەو جۆرە کۆمپانیایە وەک پێویستییەک هانی سەرکێشییان دەدا. قۆرخکارییەکە لە کێبەرکێکەرانی بازاڕی ناوخۆیی دەیانپارێزێ و، لە بازاڕە بیانییەکانیشدا هەمان هەلی بازرگانانی گشت وڵاتانیان هەیە. قۆرخکارییەکە لە قازانجی گەورەی بڕی زۆری کالا و، لەوەی کە بڕی زۆر قازانجی زۆر دەکا، دڵنیایان دەکا. بەبێ ئەم هاندانە سەرووئاساییە، بازرگانانی هەژاری ئەو جۆرە وڵاتە هەژارانە، لەوانەیە هەرگیز بیریان لە سەرکێشی بە سەرمایە بچووکەکانیان نەکردایەتەوە لە سەرکێشییەکی زۆر دوور و ناڕوونی وەک بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات.

وڵاتانی دەوڵەمەندی وەک هۆڵاند، بەپێچەوانەوە، ئەگەری زۆرە لە دۆخی بازرگانیی ئازاددا گەلێ کەشتیی زیاتر، لەوەی ڕەوانەیان دەکا، بەرەو هیندی ڕۆژهەڵات ڕەوانە بکا. لەوانەیە ماڵی سنوورداری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵاندەیی گەلێ سەرمایەی بازرگانیی گەورە لەو بازرگانییە دوور بخاتەوە، کە ئەگەر وا نەبووایە تیایدا بەگەڕ دەخران. سەرمایەی بازرگانیی هۆڵاند ئەوەندە زۆرە کە بەردەوام لەسەری دەڕژێ، هەندێ

جار بەرەو سندووقە گشتییەکانی وڵاتانی بیانی، هەندێ جار دەبنە قەرز بۆ بازرگانان و سەرکێشانی وڵاتانی بیانی، هەندێ جار بۆ بازرگانانی دەرەکیی پێچاوپێچی بەکاربردن و، هەندێ جار بۆ بازرگانیی باربردن. هەموو بەگەڕخستنە نزیکەکان بەتەواوی پڕن، هەموو سەرمایەیەک تا ئەو ڕادەیەی قازانجی گونجاویان هەبێ تیایاندا بەگەڕ خراون، ئینجا وەک پێویستییەک سەرمایەی هۆڵاند ڕوو لە دوورترین بەگەڕخستنەکان دەکا. بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات ئەگەر تەواو ئازاد بووایە، لەوانە بوو زۆرترین بەشی ئەم سەرمایە زۆرەی بۆ خۆی بەکێش بکردایە. هیندی ڕۆژهەڵات بازاڕێک بۆ بەرهەمی پیشەسازیی ئەورووپا و هەروەها بۆ زێڕ و زیو و گەلێ بەرهەمی تری ئەمەریکا بەردەست دەخا، کە زۆر گەورەتر و فرەوانترە لە هەردوو بازاڕی ئەورووپا و ئەمەریکا بەیەکەوە.

گومانی تێدا نییە کە هەر شێوانێکی دابەشکردنی سروشتیی ماڵ زیان بەو کۆمەڵگەیە دەگەیەنێ کە ئەو شێواوییە بەخۆیەوە دەبینێ، جا شێوانەکە بەهۆی دوورخستنەوەی ئەو ماڵە بێ لە بازرگانییەکی دیاریکراو کە لە کاتی ئاساییدا بۆی دەچوو، یان بەهۆی بەکێشکردنی ماڵێک بۆ بازرگانییەکی دیاریکراو کە لە کاتی ئاساییدا بۆی نەدەچوو. ئەگەر بازرگانیی هۆڵاند بەرەو هیندی ڕۆژهەڵات، بەبێ کۆمپانیایەکی قۆرخکەر، گەورەتر بێ لەوەی کە هەیە، دەبێ ئەو وڵاتە بەهۆی دوورخستنەوەی بەشێکی سەرمایەکەی لەو بەگەڕخستنەی کە بۆی گونجاو بوو، تووشی زیان ببێ. بەهەمان شێوە، ئەگەر بازرگانیی سوید و دانمارک بەرەو هیندی ڕۆژهەڵات، بەبێ کۆمپانیایەکی قۆرخکەر، کەمتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە، یان کە ئەگەری زۆرترە، هەر نامێنێ، دەبێ ئەم دوو وڵاتەش بەهەمان شێوە زیانی گەورەیان لێ بکەوێ لەو بەشەی سەرمایەکەیان کە لە بەگەڕخستنێکدایە، کەم یان زۆر، بۆ هەلومەرجی ئێستایان نەگونجاوە. لەوانەیە باشتربێ بۆیان، لەم هەلومەرجەی ئێستادا، کاڵای هیندی ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی تر بکڕن، ئەگەرچی کەمێک بەگرانتر بیانکڕن، لەوەی بەشێکی وا زۆری سەرمایە بچووکەکەیان بخەنە بازرگانییەکی ئەوەندە دوورەوە، کە هاتنەوەی زۆر خاوە و، ئەو سەرمایەیە لە نیشتماندا دەتوانێ بڕێکی زۆر کەمی کاری بەرهەمهێن بژیێنێ، لە کاتێکدا کە کاری بەرهەمهێن زۆر پێویستە و، کەم کراوە و زۆر ماوە بۆ ئەوەی بکرێ.

بۆیە، هەرچەندە کە بەبێ کۆمپانیایەکی قۆرخکار، وڵاتێکی دیاریکراو ناتوانێ بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیندی ڕۆژهەڵات بەڕێوە ببا، دامەزراندنی ئەم جۆرە کۆمپانیایە لەوێ لەمەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بگرە لەوەوە کە ئەو جۆرە وڵاتە لەم هەلومەرجەدا ناتوانێ بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیندی ڕۆژهەڵات بەڕێوە ببا. ئەزموونی پۆرتوگال

بەتێروتەسەلی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم جۆرە کۆمپانیایانە پێویستیی گشتی نین بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات، کە ئەو وڵاتە زیاتر لە یەک سەدە بەبێ هیچ کۆمپانیایەکی قۆرخکەر تەواوی ئەو بازرگانییەی بەڕێوە برد.

دەڵێن کە هیچ بازرگانێک ناتوانێ ئەوەندە سەرمایەی هەبێ کە بەشی ڕاگرتنی بریکار لە هەموو بەندەرە جیاکانی هیندی ڕۆژهەڵات بکا، بۆ ئەوەی کاڵا بۆ کەشتییانە دابین بکەن کە جاروبار بۆ ئەوێیان دەنێرێ، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەو توانایەی نەبێ، ئەوە سەختیی دۆزینەوەی بارێک لەوانەیە زۆربەی جاران ببێتە مایەی ئەوەی کەشتییەکانی وەرزێکی گەڕانەوە لەدەست بدەن و، خەرجیی ئەو جۆرە دواکەوتنە درێژخایانە نەک تەنیا سەری قازانجی سەرکێشییەکە دەخوا، بگرە زۆربەی جاران دەبێتە هۆی زیانی زۆر گەورە. ئەم بیانوو هێنانەوەیە، ئەگەر هیچ شتێک بسەلمێنێ، ئەوە دەسەلمێنێ کە هیچ لقێکی مەزنی بازرگانی بەبێ کۆمپانیایەکی قۆرخکەر بەڕێوە ناچێ، کە پێچەوانەی ئەزموونی هەموو وڵاتانە. هیچ لقێکی گەورەی بازرگانی نییە کە سەرمایەی یەک بازرگان بەشی بەڕێوەبردنی ئەو هەموو بەشانە بکا، کە دەبێ بۆ بەڕێوەچوونی ئەو لقە بەڕێوە ببرێن. بەڵام کاتێک کە وڵاتێک بۆ هەر لقێکی گەورەی بازرگانی ئامادە دەبێ، هەندێ بازرگان بەشێوەیەکی سروشتی ڕووی سەرمایەی خۆیان بەرەو لقە سەرەکییەکە وەردەگێڕن و، هەندێکی تریان بەرەو بەشەکانی ئەو لقە و، هەروەها هەرچەندە لقە جۆراوجۆرەکان بەم شێوەیە بەڕێوە دەچن، بەڵام زۆر بەدەگمەن ڕوو دەدا کە هەموویان بە سەرمایەی یەک بازرگان بەڕێوە بچن. بۆیە، ئەگەر وڵاتێک بۆ بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات ئامادە بێ، ئەوە بەشێکی دیاریکراوی سەرمایەکەی بەشێوەیەکی سروشتی خۆی بەسەر لقە جۆراوجۆرەکانی ئەو بازرگانییەدا دابەش دەکا. هەندێ لە بازرگانانی ئەو وڵاتە وای دەبینن کە بەرژەوەندیان دەخوازێ لە هیندی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بن و، سەرمایەی خۆیان لەوێ لە دەستەبەرکردنی کاڵا بۆ ئەو کەشتییانەی لەلایەن بازرگانانی تری نیشتەجێی ئەورووپاوە ڕەوانە دەکرێن، بەگەڕ بخەن. ئەو نشینگانەی وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپا لە هیندی ڕۆژهەڵاتدا بەدەستیان هێناون، ئەگەر لەو کۆمپانیا قۆرخکارانە بسێنرێن کە ئێستا سەر بەوانن و خراونەتە ژێر پارێزگاریی ڕاستەوخۆی سەروەرەوە، ئەو نشینگانە ئارام و بەردەست دەبن بەلای کەمەوە بۆ بازرگانانی ئەو وڵاتانەی کە نشینگەکان سەر بەوانن. ئەگەر لە هەر کاتێکی دیاریکراودا ئەو بەشەی سەرمایەی هەر وڵاتێک کە لەخۆیەوە مەیلی هەیە، ئەگەر بشێ وا بڵێم، بەرەو بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات بچێ، بەشی بەڕێوەبردنی هەموو لقەکانی ئەو بازرگانییەی نەکرد، ئەوە دبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە لەو کاتە

دیاریکراوەدا ئەو وڵاتە بۆ ئەو بازرگانییە ئامادە نەبووە و، باشترە تا ماوەیەک ئەگەر بە نرخی بەرزتریش بێ کاڵاکانی هیندی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی تری ئەوروپایی بکڕێ، نەک ڕاستەوخۆ بچێ لە هیندی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ خۆی هاوردەیان بکا. ئەوەی کە لەوانەیە بەهۆی ئەو نرخە بەرزانەی ئەو کاڵایانە لەدەستی بدا بەدەگمەن دەگاتە ئاستی ئەو زیانەی بەهۆی سەرقاڵکردنی بەشێکی زۆری سەرمایەکەی و دوورخستنەوەی، لە بەگەڕخستنی لە بازرگانیی ڕاستەوخۆی هیندی ڕۆژهەڵات زۆر پێویستتر، یان زۆر بەسوودتر، یان زۆر گونجاوترە لەگەڵ هەلومەرج و دۆخی خۆی، لێی دەکەوێ.

ئەگەرچی ئەوروپاییەکان گەلێ نشینگەیان لە هەردوو کەناراوەکانی ئەفریقا و هیندی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، بەڵام هێشتا لەو وڵاتانەدا کۆلۆنیی پڕدانیشتووان و گەشەداری وەک ئەوانەی دوورگە و پارزەوینی ئەمەریکایان دانەمەزراندووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفریقا هاوشێوەی هەموو ئەو وڵاتانەی ناوی گشتیی هیندی ڕۆژهەڵاتیان بەسەردا بڕاوە، دانیشتووانەکەی گەلانێکی کێوین. بەڵام ئەو گەلانە بەهیچ جۆرێک وەک ئەمەریکاییە داماو و بێدەسەڵاتەکان لاواز و بێدیفاع نەبوون و، هاوڕێژەی بەپێتیی سروشتیی ئەو وڵاتانەی تیایاندا نیشتەجێ بوون ژمارەیان زۆر زۆرتر بوو. کێویترین گەلانی ئەفریقا و هیندی ڕۆژهەڵات شوانکارە بوون، تەنانەت هۆتنتەتەکانیش وا بوون. بەڵام خەڵکی ڕەسەنی هەر بەشێکی ئەمەریکا، جگە لە مەکسیک و پیرۆ، تەنیا ڕاوچی بوون و، جیاوازیی زۆرە لە ژمارەی ئەو شوانکارانە و ئەو ڕاوچییانەی کە هەمان پانتایی زەوییەک کە بەهەمان ئاست بەپیت بێ دەتوانێ بیانژیێنێ. لەبەر ئەوە، لە ئەفریقا و هیندی ڕۆژهەڵات، سەختتر بوو خەڵکە ڕەسەنەکە لە شوێنی خۆیان دەرکرێن و، کێڵگەکانی ئەوروپاییەکان فرەوان بکرێن بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری زەویی دانیشتووانی ڕەسەن بگرنەوە. هەروەها ئاوەزی کۆمپانیا قۆرخکارەکان، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کۆلۆنی دروست بکەن و لەوانەیە ئەمە هۆکاری سەرەکیی ئەو پێشڤەچوونە کەمە بێ کە لە هیندی ڕۆژهەڵاتدا بەدەستیان هێنا. پۆرتوگالییەکان بازرگانییان لەگەڵ ئەفریقا و هیندی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو بەبێ ئەوەی کۆمپانیای قۆرخکاریان هەبێ و، نشینگەکانیان لە کۆنگۆ، ئەنگۆلا و، بینگۆلا لەسەر کەناراوی ئەفریقا و، لە گوا لە هیندی ڕۆژهەڵات، ئەگەرچی زۆریان بەدەستی خورافە و هەموو جۆرە بەڕێوەبردنێکی خراپەوە کێشا، بەڵام کەمێک هاوشێوەی کۆلۆنییەکانی ئەمەریکان و، بەشێوەیەکی بەشەکی دانیشتووانەکانیان ئەو پۆرتوگالییانەن کە چەند نەوەیەکە لەوێ نیشتەجێن. نشینگەکانی هۆڵاندییەکان لە سەری هیوای چاک و لە باتاڤیا، ئێستا گەورەترین کۆلۆنین کە ئەوروپاییەکان لە ئەفریقا یان لە هیندی

ڕۆژهەڵاتدا بنیاتیان نابێ و، هەردوو ئەم نشینگەیە بەختێکی ناوازەیان بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەیانەوە هەیە. خەڵکێک لە سەری هیوای چاک دەژیان کە لەڕووی کێوییەتییەوە نزیکەی هاوشێوەی ئەمەریکاییە ڕەسەنەکان بوون و توانای بەرگرییان لە خۆیان نەبوو. جگە لەمە، ئەگەر شیاو بێ وا دەربڕینی بۆ بکرێ، جێی حەسانەوە بوو لە ناوەڕاستی ڕێگەی نێوان ئەوروپا و هیندی ڕۆژهەڵات، کە نزیکەی هەموو کەشتییەکی ئەوروپایی ماوەیەک لەوێ پشووی دەدا، لە کاتی ڕۆیشتن و لە هاتنەوەشدا. بەردەستخستنی هەموو جۆرە ئازووخەیەکی تازە و میوە و هەندێ جار شەراب بۆ ئەو کەشتییانە، بەتەنیا بازاڕێکی فرەوانی دابین دەکرد بۆ بەرهەمی زیادی کۆلۆنیستەکان. کە سەری هیوای چاک لە ناوەڕاستی ڕێی نێوان ئەوروپا و هەموو بەشێکی هیندی ڕۆژهەڵاتە، باتاڤیا لە ناوەندی وڵاتە سەرەکییەکانی هیندی ڕۆژهەڵاتە. دەکەوێتە سەر ڕێگەی قەرەباڵخی هیندستان بەرەو چین و یابان و، بەڕاستی نزیکەی لە ناوەڕاستی ڕێیەکەیە. هەروەها نزیکەی هەموو کەشتییەک کە لە ئەوروپاوە بۆ چین بچێ لە باتاڤیا لادەدا و، سەرباری ئەوەش بازاڕی ناوەندی و سەرەکیی ئەو بازرگانییەیە کە پێی دەڵێن بازرگانیی لادێی هیندی ڕۆژهەڵات، نەک تەنیا لەو بەشەی لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە بەڕێوە دەچێ، بەڵکو لەو بەشەشی کە هیندییە ڕەسەنەکان خۆیان بەڕێوەی دەبەن و، کەشتییەکانی دانیشتووانی چین و یابان، تەنکوین، مالاکا، کۆچین چین و، دوورگەی سولاویسی، زۆر جاران لە بەندەرەکانیدا دەبینران. ئەم پێگە بەسوودانە وایان کرد ئەو دوو کۆلۆنییە بتوانن بەسەر هەموو ئەو ئاستەنگانەدا زاڵ بن کە ئاوەزی سەرکوتکەرانەی کۆمپانیایەکی قۆرخکار دەیتوانی بیخاتە سەر ڕێی گەشەکردنیان. یارمەتیی باتاڤیایان دا تەنانەت بەسەر زیانەکانی کەشی ناهەمواریشدا زاڵ بێ.

کۆمپانیاکانی ئینگلیز و هۆلاندەیی، ئەگەرچی هیچ کۆلۆنییەکی گەورەیان دانەمەزراندووە، جگە لەو دووانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، ناوچەگەلی فرەوانیان لە هیندی ڕۆژهەڵات داگیر کرد. بەڵام بەهۆی شێوازی حوکمڕانیکردنیان بۆ ئەو خەڵکەی تازە کەوتبوونە ژێر دەستیان، ئاوەزی سروشتیی کۆمپانیایەکی قۆرخکار زۆر بەڕوونی خۆی پیشان دا. دەگێڕنەوە کە، لە دوورگەکانی بەهاراتی هۆلاندەییان، لە ساڵانی هاتی زۆردا، هەموو ئەو بەهاراتەی پێیان وابوو لەو بڕە زیاترە کە لە ئەوروپا ساخ دەبێتەوە، دەسووتێنران. لەو دوورگانەدا کە نشینگەیان تیایاندا نییە، پاداشتی باش بەوانە دەدەن کە گوڵی ناسک و گەڵای سەوزی مێخەک و گوێزی بەبۆن (nutmeg) کە لەوێ خۆڕسک دەڕوێن، کۆ دەکەنەوە، بەڵام دەڵێن کە سیاسەتی وەحشیگەرانە ئێستا نزیکەی هەموو ئەو

ڕووەکانەی هەڵکەندووە. تەنانەت لەو دوورگانەشی کە نشینگەیان تیایاندا هەیە، دەگوترێ کە لەوێشدا ژمارەی ئەو ڕووەکانەیان زۆر کەم کردووەتەوە. ئەوان پێیان وا بوو ئەگەر بەرهەمی دوورگەکانیان زیاتر بێ لەوەی بۆ بازاڕەکانیان گونجاوە، لەوانەیە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەوێ ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بەشێکی بە وڵاتانی تر بگەیەنن. بۆیە بەبۆچوونی ئەوان باشترین ڕێگە بۆ مسۆگەرکردنی قۆرخکارییەکەیان ئەوە بوو ڕێگە نەدەن لەوەندە زیاتر بڕوێ کە خۆیان بۆ بازاڕی دەبەن. لەڕێی هونەری جۆراوجۆری سەرکوتینەوەوە توانییان ژمارەی دانیشتووانی مالاکاکان بۆ نزیکەی ئەو ژمارەیە کەم بکەنەوە کە بەشی بەردەستخستنی ئازووخەی تازە و پێویستییەکانی تری ژیان بۆ سەربازگە نارێکەکانیان بکەن و، بۆ کەشتییەکانیشیان کە جاروبار بۆ باری بەهارات بۆ ئەوێ دێن. بەڵام دەگوترێ کە لە سایەی حکومەتی پۆرتوگالییەکاندا، ئەو دوورگانە بەشێوەیەکی باش بەدانیشتووان ئاوەدان بوون. کۆمپانیا ئینگلیزییەکە هێشتا ئەو کاتەی بەدەستەوە نەبووە لە بەنگال سیستمێکی ڕووخێنەری لەم شێوەیە دامەزرێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، پلانی حکوومەتەکەیان دەقاودەق هەمان ئاراستەی هەبوو. من دڵنیام لەوەی کە ناباو نەبوو، بۆ سەرۆک(chief) ، واتە بنووسی یەکەمی کارگەیەک، فەرمان بە جووتیار بدا کە کێڵگەیەکی دەوڵەمەندی خەشخاش بکێڵێ و برنج یان هەر دانەوێڵەیەکی تری تێدا تۆو بکا. بەدیمەن بۆ ئەوەی بەسەر کەمیی ئازووخەدا زاڵ ببێ، بەڵام هۆکاری ڕاستەقینە بریتییە لەوەی هەلێک بۆ ئەو سەرۆکە بڕەخسێ تاوەکو بڕێکی زۆر خەشخاش بە نرخێکی باشتر بفرۆشێ و، لەو بوارەدا دەستی باڵای هەبێ. جاری تریش هەبووە، فەرمانەکە بەپێچەوانەوە دراوە و، کێڵگەیەکی دەوڵەمەندی برنج یان دانەوێڵەی تر کێڵراوە، بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش بکرێ بۆ چاندنی خەشخاش، چونکە سەرۆکەکە پێشبینیی کردووە قازانجی سەرووئاسایی لە خەشخاش بەدەست دێ. لە چەندان بۆنەدا کارمەندانی کۆمپانیاکە هەوڵیان داوە خۆیان گرینگترین لقەکانی بازرگانی، نەک تەنیا بازرگانیی دەرەکی بگرە بازرگانیی ناوخۆییش، بۆ بەرژەوەندی قۆرخ بکەن. ئەگەر ڕێگەیان بدرایە بەردەوام بن، ئەوە مەحاڵ بوو جارناجارێک هەوڵ نەدەن بۆ سنووردارکردنی بەرهەمهێنانی هەندێ بابەتی دیاریکراو و بەو شێوەیە قۆرخکارییەکەیان بۆ خۆیان زەوت دەکرد، نەک تەنیا لەڕووی ئەو بڕەوە کە خۆیان دەتوانن بیکڕن، بەڵکو ئەوەشی کە پێشبینییان دەکرد بەو نرخەی خۆیان پێیان باشە بیفرۆشن. لە ماوەی سەدەیەک یان دوواندا، سیاسەتی کۆمپانیا ئینگلیزییەکە، بەم شێوەیە، لەوانە بوو بەتەواوی وەک ئەوەی هۆڵاندەییەکە ڕووخێنەر ببێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ شتێک هێندەی ئەم پلانە ڕووخێنەرە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی کۆمپانیاکان نابێ، کە خۆیان بە سەروەری ئەو وڵاتانە دەزانن کە داگیریان کردوون. لە نزیکەی هەموو وڵاتاندا داهاتی سەروەر لە داهاتی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیە، تا داهاتی خەڵک زۆرتر بێ، بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاریان زیاتر دەبێ و، داهاتی زۆرتر بۆ سەروەر دەچێ. لەبەر ئەوە، بەرژەوەندی سەروەر لەوەدایە کە تا دەکرێ بەرهەمی ساڵانە زیاتر بێ. بەڵام ئەگەر ئەمە بەرژەوەندی هەموو سەروەرێک بێ، ئەوە بەشێوەیەکی تایبەت بەرژەوەندی ئەوەیانە کە، وەک سەروەری بەنگال، داهاتەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی لە کرێی زەوییەوە سەرچاوە دەگرێ. پێویستە ئەو کرێیە هاوڕێژە بێ لەگەڵ بڕ و بەهای بەرهەمەکە و، هەردووکیان دەبێ پشت بە فرەوانیی بازاڕ ببەستن. بڕەکە بەردەوام، زۆر یان کەم، گونجاو دەبێ لەگەڵ بەکاربردنی تەواوی ئەوانەی دەتوانن پارەکەی بدەن و، ئەو نرخەی کە ئەوان دەیدەن بەردەوام هاوڕێژە دەبێ لەگەڵ حەزی کێبەرکێ لەنێوانیاندا. بۆیە بەرژەوەندی ئەو جۆرە سەروەرە لەوەدایە کە فرەوانترین بازاڕ بۆ بەرهەمی وڵاتەکەی بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە بە تەواوترین ئازادیی بازرگانی بدا، بۆ ئەوەی تا دەکرێ ژمارە و کێبەرکێی کڕیاران زیاد بکا و، بەم پێیەش دەبێ نەک تەنیا دەسبەرداری گشت قۆرخکارییەکان ببێ، بەڵکو دەبێ دەسبەرداری گشت گواستنەوەکانی بەرهەمی خۆماڵی لە بەشێکی وڵاتەوە بۆ بەشەکەی تری ببێ، بەپێی هەناردەکردن بۆ وڵاتانی بیانی، یان بەپێی هاوردەکردنی هەر جۆرە کاڵایەک کە دەکرێ پێیان بگۆڕرێنەوە. بەم شێوەیە ئەگەری زۆر هەیە بڕ و بەهای بەرهەم زیاد بکرێ و، لەئاکامدا بەشی ئەویش، یان داهاتەکەی، زیاتر دەبێ.

بەڵام لەوە دەچێ کۆمپانیایەکی بازرگانان، تەنانەت پاش ئەوەشی کە دەبێتە سەروەر، نەتوانێ خۆی بەسەروەر بژمێرێ. ئەوان هێشتا بازرگانی، یان کڕین لەپێناو فرۆشتندا، بە کاری سەرەکیی خۆیان دەزانن و، لەڕێی بێواتەییەکی سەیرەوە کەسایەتیی سەروەر تەنیا بە پاشکۆیەکی کەسایەتیی بازرگان دەزانن، وەک شتێک کە دەبێ پاشکۆیەتیی بکا، یان بەهۆیەوە بتوانن لە هیند بەهەرزانتر بکڕن و، بەقازانجێکی باشتر لە ئەورووپا بفرۆشن. ئەوان بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەن تا پێیان بکرێ هەموو کێبەرکێیەک لە بازاڕی ئەو وڵاتانە دوور بخەنەوە کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانییانەوە و، لە ئاکامدا بەلای کەمەوە بەشێکی بەرهەمی زیادی ئەو وڵاتانە کەم بکەنەوە بۆ ئەو ئاستەی کە تەنیا بەشی بەردەستخستنی خواستی خۆیان بکا، یان بۆ ئەو ئاستەی پێشبینی دەکەن لە ئەورووپا بەو قازانجە بفرۆشرێ کە ئەوان بەگونجاوی دەزانن. خووە بازرگانانەکانیان بەم شێوەیە

ئاراسـتەیان دەکەن، بـۆ ئەوەی لە هەمـوو هەلێکـی ئاسـاییدا قـازانجی کەم و کـاتیی قۆرخکارانەیـان پێ پەسـەندتر بێ لە داهـاتی زۆر و هەمیشـەیی سـەروەرانە و، وردەوردە بەرەو ئەوەیـان دەبەن کە هاوشـێوەی مـامەڵەی هۆڵانـدەییەکان لەگەڵ (مەڵـۆکە)دا مـامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکەن کە لەژێر حوکمڕانییانن. ئەگەر کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات وەک سـەروەر دابنـرێ، ئەوە بەرژەوەنـدی لەوەدایە کە ئەو کـاڵا ئەوروپاییـانەی بـۆ نـاوچە هیندییەکانی بەر دەستیان دەهێنرێن تا بکرێ بەهەرزان بفرۆشرێن و، ئەو کاڵا هیندییانەی لەوێوە دەهێنرێن تا بکرێ باشترین نرخ بکەن، یان تا بکرێ بەگران بفرۆشرێن. بەڵام وەک بازرگان، بەرژەوەندیان لە پێچەوانەی ئەمەدایە. وەک سـەروەر، بەرژەوەندیان دەقاودەق بەرژەوەنـدی ئەو وڵاتەیە کە حـوکمڕانیی دەکەن. وەک بازرگـان، بەرژەوەنـدیان ڕێـک پێچەوانەی ئەو بەرژەوەندیەیە.

بەڵام ئاوەزی ئەو جۆرە حکوومەتە، تەنانەت لەڕووی ئەوەوە کە بە ئاراستەی ئەوەوە لە ئەورووپا پەیوەستە، بەم شێوەیە لە بنەڕەتەوە و ڕەنگە بەشێوەیەکی لەچارەسـەرنەهاتوو هەڵەیە، ئـاوەزی بەڕێـوەبردنی هینـد لەمەش زیـاتر هەڵەیە. ئەو بەڕێـوەبەرایەتییە لە ئەنجومەنێکی بازرگانان پێک هاتووە، کە بێگومـان پیشـەیەکە مـایەی ڕێزە، بەڵام پیشـەیەکە کە هـیچ وڵاتێـک نیـیە لە دنیـادا کە، هاوشـانی ئەو جـۆرە دەسـەڵاتە، بەڕێـوە ببـا کە بە سروشت سەری خەڵک دەکوتێتەوە و، بەبێ هێز داوای ملکەچکردنیان لێ دەکا. ئەو جۆرە ئەنجـومەنە تەنیـا لەڕێـی ئەو هێـزە سـەربازییەوە کە هـاوەڵیی دەکـا دەتـوانێ داوای ئەو ملکەچکردنە بکا و، بۆیە وەک پێویستییەک حکوومەتەکەی سەربازی و سـەرکوتکەر دەبێ. کـاری گونجـاو بـۆ ئەوان کـاری بازرگـانییە. کارەکەیـان ئەوەیە بەپێـی لێکدانەوەی خـاوەن کارەکانیان ئەو کاڵا ئەوروپاییانەی دراونەتە لایان بفرۆشن و، لە بەرامـبەردا کـاڵای هینـدی بۆ بازاڕی ئەورووپا بکڕن. یەکێکیـان تـا پێیـان بکرێ بەگـران بفرۆشـن و ئەوەی تـریش تـا پێیان بکرێ بەهەرزان بکڕن و، لەئاکامدا تا پێیان بکرێ گشت ململانێکەرانیـان لەو بـازاڕە، کە دوکانی ئەوانی لێیە، وەدەرنێن. کەواتە ئاوەزی بەڕێوەبردنەکە ئەوەندەی بە بازرگـانیی کۆمپانیاکەوە پەیوەست بێ، هەمان ئەوەی ئەو ئاراستەیەیە. مەبەسـتیەتی حکوومەت بکـاتە پاشـکۆیەک بـۆ بەرژەوەنـدی قۆرخکـاری و، لە ئاکامـدا بەلای کەمەوە ڕێگری لە گەشـەی سروشتیی هەندێ بەشـی بەرهەمـی زیادی ئەو وڵاتە بکـا تـاوەکو دادەبەزێتە ئەو ئاسـتەی تەنیا بەشی بەدەنگەوەچوونی خواستی کۆمپانیاکە دەکا.

هەروەها، هەموو ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتییەکە کەم و زۆر بازرگانی بـۆ خۆیـان دەکەن و، نـاکرێ ڕێ لەمە بگیرێ. هـیچ شـتێک گەمژانەتـر نیـیە لەوەی چـاوەڕوان بـی بنووسـانی

خــانەیەکی گەورەی ژمێریــاری لە دووریــی دە هەزار میــل و، تەواو دوور لە چــاوی چاودێران، بە فەرمانێکی سادەی خاوەن کارەکانیـان، دەست لە ئەنجامدانی هەموو جۆرە بازرگانییەکی تـایبەت بەخۆیـان هەڵگرن و بەیەکجـاری دەسـبەرداری هەمـوو هیـوایەکی بەدەستهێنانی سامان بن، کە ئامرازەکانیـان لەبەر دەسـتانە و، بەو مـووچە ئاسـاییانە قایل بن کە خاوەن کارەکانیان دەیاندەنێ و، کە هەرچەندە ئاسـایین بەدەگمەن شانبەشانی ئەو قـازانجە ڕاسـتەقینەیەن، کە بەشـێوەیەکی ئاسـایی زۆرە و، بازرگـانیی کۆمپانیـاکە دەتـوانێ بەدەسـتی بێنـێ و، ئەگەری زیادکردنیـان هەیە. لەم جـۆرە هەلـومەرجەدا، ڕێگـری لەوەی کارمەندانی کۆمپانیـاکە بازرگـانیی تـایبەت بەخۆیـان بـکەن بەدەگمەن هـیچ کـاریگەرییەکی دەبێ بەدەر لەوەی وا بکا فەرمـانبەرە باڵاکان، بەبیـانووی جێبەجێکردنی فەرمـانی خـاوەن کارەکانیـان، سـەری فەرمـانبەرە بچووکەکـان بکـوتنەوە کە بەدەبختـی خسـتوویانیەتە بەر شــاڵاوی تــووڕەیی ئەوانەوە. کارمەنــدەکان بەسروشــت هەوڵــی دامەزرانــدنی هەمــان قۆرخکـاری، هاوشـێوەی بازرگـانیی گشـتیی کۆمپانیـاکە، بـۆ بازرگـانیی تـایبەت بەخۆیـان دەدەن. ئەگەر بتـوانن بەئـارەزووی خۆیـان کـار بـکەن، ئەوە بە ئاشـکرا و ڕاسـتەوخۆ ئەو قۆرخکـارییە دادەمەزرێـنن، لەڕێـی قەدەخەکردنـی بازرگـانیکردنی هەمـوو خەڵکـی تـر بەو بابەتـانەی ئەمـان بـۆ مـامەڵەپێکردن دەستنیشـانیان کـردوون، لەوانەیە ئەم ڕێـگەیە بـۆ دامەزراندنی، باشترین بێ و کەمترین ستەمکاری لەخۆی بگرێ. بەڵام ئەگەر بە فەرمانێک لە ئەورووپاوە ڕێی ئەمەیان لێ گیرا، ئەوە سەرباری بڕیـارەکە، هەوڵ دەدەن قۆرخکـارییەک لە هەمـان جـۆر، بە دزییەوە و بە ناڕاسـتەوخۆ، دامەزرێـنن بەشـێوەیەک کە بـۆ وڵاتەکە ڕووخێنەرتــر دەبــێ. ئەو کــاتە تەواوی دەســەڵاتی حکــوومەت بەکــار دێــنن و، ڕێــگە لە بەڕێـوەبەرایەتیی دادوەری دەگـرن، بـۆ بێزارکـردن و ڕووخانـدنی ئەوانەی لە هەر لقێکـی بازرگانیـدا دێنە سـەر ڕێگەیـان و، ئەمە لەوانەیە لەڕێـی بریکـارەوە، بەدزییەوە یـان بەلای کەمەوە بەشـێوەیەک کە ئاشـکرا نەبێ، ئەنجـام بـدەن. بەڵام بازرگـانیی تـایبەتی کارمەنـدان بەشـێوەیەکی سروشـتی بـاڵ دەکێشـێ بەرەو مەودایەکـی فرەوانتـری بـابەتی جۆراوجـۆر، فرەوانتر لەوەی بازرگانیی گشتیی کۆمپانیاکە دەیـانگرێتەوە. بازرگـانیی گشـتیی کۆمپانیـاکە تەنیـا بازرگـانی لەگەڵ ئەورووپـا و بەشـێک لە بازرگـانیی دەرەکیـی وڵاتەکە لەخـۆ دەگـرێ. بەڵام بازرگــانیی تــایبەتی کارمەنــدان لەوانەیە هەمــوو لقەکــانی بازرگــانیی نــاوخۆیی و دەرەکیــی وڵات بگــرێتەوە. قۆرخکــاریی کۆمپانیــا لەوانەیە بەتەنیــا ڕێگــری لە گەشــەی سروشـتیی بەشـێکی بەرهەمـی زیـاد بگـرێ کە، لە دۆخـی بازرگـانیی ئـازاددا، بـۆ ئەورووپـا هەناردە دەکرێ. قۆرخکاریی کارمەندان ڕێگری لە گەشەی سروشتیی هەموو بەشێکی ئەو

بەرهەمانە دەگرێ کە مامەڵەیان پێوە دەکەن، کە بۆ بەکاربردنی ناوخۆیین و ئەوانەشی کە بۆ هەناردەکردنن، لە ئاکامیشدا کشتوکاڵی تەواوی وڵات کەم دەکەنەوە و، ژمارەی دانیشتووانیشی کەم دەبێتەوە. ئەو مەیلی کەمکردنەوەی بڕی هەموو جۆرە بەرهەمێکی هەیە، تەنانەت ئەوانەشی کە بۆ ژیان پێویستن، لە هەر کاتێکدا کە کارمەندانی کۆمپانیاکە بڕیاریان دا مامەڵەیان پێوە بکەن، بۆ ئەو ئاستەی کە ئەم کارمەندانە داتوانن بیکڕن و چاوەڕوانی فرۆشتنی بن بەو قازانجەی کە خۆیان پێیان خۆشە.

هەروەها سروشتی پێگەی کارمەندەکان وا دەکا زیاتر ڕوویان لە توندڕەوی بێ بەرامبەر بە بەرژەوەندی خۆیان دژ بە بەرژەوەندی ئەو وڵاتەی حوکمڕانیی دەکەن، زیاتر لە توندڕەویی خاوەن کارەکانیان لە پشتیوانیی بەرژەوەندیەکانیان. وڵاتەکە سەر بە خاوەن کارەکانیانە و، ئەوانیش ناتوانن کەمێک حیساب بۆ بەرژەوەندی ئەو بکەن کە سەر بەوانە. بەڵام وڵاتەکە سەر بە کارمەندەکان نییە. بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خاوەن کارەکانیان، ئەگەر بتوانن تێی بگەن، هەمان بەرژەوەندی وڵاتەکەیە و، بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی نەزانینی ئەمە و ستەمکاریی بازرگانییەوە سەری دەکوتنەوە. بەڵام بەرژەوەندی ڕاستەقینەی کارمەندان بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەی وڵاتدا هەمان شت نییە و، باشترین زانیاریی تەواو کۆتایی بە سەرکوتینەوە لەلایەن ئەوانەوە ناهێنێ. بەو پێیە، ئەو بڕیارانەی لە ئەوروپاوە بۆیان دەچن، ئەگەرچی زۆربەی جاران لاوازن، زۆربەی جاران واتەی باشیان هەیە. ئەوانەی کارمەندان لە هیند دەریان دەکەن تێگەیشتووانەترن بەڵام کەمتر نیازی باشیان تێدایە. ئەم حکوومەتە تەنیا حکوومەتێکە کە هەموو ئەندامێکی بەڕێوەبەری هیوا دەخوازێ لە وڵاتەکە بچێتە دەرەوە و، لە ئاکامدا بەزووترین کاتی کاری بەحکوومەتەکە نەمێنێ و، لەڕووی بەرژەوەندی ئەوەوە هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەگەر ڕۆژێک دوای ئەوەی کە وڵاتەکەی بەجێ هێشت و هەموو سامانەکەی خۆی بردەوە، وڵاتەکە بە تەواوی بەهۆی بوومەلەرزەوە داتەپێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، من بەو شتانەی لێرەدا گوتوومە، مەبەستم نییە هیچ ناشیرینییەک بدەمە پاڵ کەسایەتیی گشتیی کارمەندانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات و، کەمتریش لەوە مەبەستم کەسێتیی تایبەتییان بووە. ئەوە سیستمەکەی حکوومەتە، ئەو دۆخەی کە ئەوانی تێدا دانراوە، کە من گلەییان لێ دەکەم، نەک کەسایەتیی ئەو کەسانەی لەو دۆخەدا هەڵسوکەوتیان کردووە. هەڵسوکەوتی ئەوان بەپێی سروشتی دۆخەکە ئاراستە کراوە و، ئەوانەشی دژی ئەوان دەنگیان بەرز کردەوە، ئەگەر خۆیان بوونایە لەوە باشتر هەڵسوکەوتیان نەدەکرد. لە شەڕ و گفتوگۆدا، ئەنجومەنەکانی مەدراس و کەلکوتە لە

چەندان بۆنەدا خۆیان پابەندی بڕیار و داناییەکی یەکلاکەرەوە کرد کە مایەی شەرەفمەندی بوو ئەگەر لە ئەنجومەنی پیرانی رۆما لە باشترین ڕۆژانی کۆمارەکەدا ئەوە بکرایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە بۆ کاری تر پەروەردە کرابوون، کە زۆر دوور بوون لە شەڕ و سیاسەت. بەڵام تەنیا پێگەکەیان، دوور لە خوێندەواری، ئەزموون، یان تەنانەت نموونەش، لەوە دەچێ بە یەک جار ئەو هەموو توانا گەورەیەی تیایاندا دروست کردبێ کە پێویست بوون و، ئیلهامبەخشیان بوو بۆ ئەوەی ئەو توانا و ڕەوشتانەیان هەبن کە تەنانەت خۆشیان نەیاندەزانی کە هەیانە. لەبەر ئەوە، ئەگەر لە هەندێ بۆنەدا، هەندێ کاری جوامێرانەیان کردبێ کە لێیان چاوەڕوانکراو نەبوونە، ئەوە سەرسام نابین ئەگەر لە هەڵوێستی تردا شتی وایان کردبێ جیا لەو سروشتە.

بۆیە، ئەم جۆرە کۆمپانیا قۆرخکارانە، بەهەموو جۆرێک بەزیان و بێزارکەرن، بەشێوەیەکی بەردەوام، زۆر یان کەم، زیانیان بۆ ئەو وڵاتانە هەیە کە تیایاندا دەمەزراون و، ڕووخێنەرن بۆ ئەو وڵاتانەی بەدبەختی دەیانخاتە ژێر حوکمی ئەوانەوە.

بەشی هەشتەم
دەرەنجامی سیستمی بازرگانی

ئەگەرچی هاندانی هەناردەکردن و سستکردنی هاوردەکردن دوو بزوێنەری گەورەن کە سیستمی بازرگانی پێشنیازیان دەکا بۆ دەوڵەمەندکردنی هەر وڵاتێک، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بە هەندێ کاڵای دیاریکراوەوە هەبێ لەوە دەچێ کارەکە بەپێچەوانەوە بەڕێوە بچێ: هەناردەکردن سست بکا و هانی هاوردەکردن بدا. لەگەڵ ئەوەشدا وای پێشان دەدا کە بەردەوام ئامانجی کۆتایی هەمان شتە، دەوڵەمەنکردنی وڵات لەڕێی باڵانسێکی بەسوودی بازرگانییەوە. ئەو بۆیە ڕێ لە هەناردەکردنی کەرەستەکانی پیشەسازی و ئامرازەکانی بازرگانی دەگرێ، تاوەکو سوودێک بە پیشەوەرانی خۆمان بگەیەنێ و، یارمەتییان بدا کاڵای وڵاتانی تر لە گشت بازاڕە بیانییەکاندا هەرزانفرۆش بکەن و، بەم شێوە ڕێگرییە، هەناردەکردنی کاڵایەکی کەم، کە نرخیان بەرز نییە، هەل بۆ هەناردەکردنی زیاتر و بەهادارتری ئەوانی تر دەڕەخسێنێ. ئەو هانی هاوردەکردنی کەرەستەکانی پیشەسازی دەدا بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە بتوانن بەهەرزانتر ئیش بەو کەرەستانە بکەن و، بەوەش ڕێ دەگرێ لە هاوردەکردنی زۆرتر و بەهادارتری کاڵای پیشەسازی. من هیچ هاندانێکم بۆ هاوردەکردنی کەرەستەکانی بازرگانی بەر چاو نەکەوتووە، بەلای کەمەوە لە تۆماری یاساکانماندا. کاتێک کە بەرهەمی پیشەسازی تا ئاستێکی بەرز پێشکەوت، دروستکردنی کەرەستەکانی بازرگانی خۆی لەخۆیدا دەبێتە بابەتی ژمارەیەکی زۆری بەرهەمە پیشەسازییە زۆر گرینگەکان. هەر هاندانێکی تایبەتی هاوردەکردنی ئەم جۆرە کەرەستانە بەڕادەیەکی زۆر تێکهەڵکێشی بەرژەوەندی ئەو بەرهەمە پیشەسازییانە دەبێ. بۆیە ئەو جۆرە هاوردەکردنە، لەجیاتی ئەوەی هان بدرێ، زۆر جاران قەدەخە کراوە. لەبەر ئەمە بوو هاوردەکردنی شانەی خوری، جگە لەوەی لە ئایرلاندەوە هاوردە دەکرێ، وەک کاڵای تێکشکاو یان وەکو دیاری، لەڕێی سێیەمی ئێدواردی چوارەمەوە قەدەخە کرا، ئەو قەدەخەکردنەش بە ٣٩یەمینی ئیلیزابێت نوێ کرایەوە و، لەڕێی یاساکانی ترەوە بەردەوامیی پێ درا و بووە هەتاهەتایی.

هەندێ جار هاوردەکردنی کەرەستەکانی پیشەسازی بە هەڵاوێردکردنیان لە باجدان، کە بەسەر بابەتەکانی تردا سەپێنراون و، هەندێ جاران لەڕێی بەخشیشی حکوومەتەوە، هان دەدرێ.

هاوردەکردنی خوریی مەڕ لە چەندان وڵاتی جیاجیاوە، لۆکە لە هەموو وڵاتێکەوە، کەتانی خاو، بەشی زۆری دەرمانی خمچییەتی، بەشی زۆری پێستەی خاو لە ئایرلاند یان

له کۆلۆنییە بریتانیاییەکانەوە، پێستەی فەقمە لە ماسیگەی گرینلاندی بریتانیاییەوە، ئاسنی خاو و شیش لە کۆلۆنییەکانی بریتانیاوە، هەروەها چەندان کەرەستەی تری پیشەسازی، بە بەخشین لە باج هان دران، بەو مەرجەی بەشێوەی گونجاو لە خانەی گومرکەوە بێنە ژوورەوە. لەوانەیە بەرژەوەندی تایبەتی بازرگانان و پیشەسازانمان ئەم لێخۆشبوونەیان لە یاسادانەران، هەروەها لە زۆربەی یاساکانی تری بازرگانیمان، بەدەست هێنابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، تەواو دادوەرانە و لەجێی خۆیانن و، ئەگەر بتوانرێ شانبەشانی پێویستییەکانی دەوڵەت بن، لەوانەیە فرەوان بینەوە بۆ ئەوەی هەموو کەرەستەکانی تری پیشەسازی بگرنەوە، لەو کاتەشدا جەماوەر سوودمەند دەبێ.

بەڵام، تەماحکاریی پیشەسازە گەورەکانمان لە هەندێ دۆخدا ئەم لێخۆشبوونانەیان فرەوان کردووەتەوە بەڕادەیەکی زۆر زیاتر لەوەی کە بشێ بە کەرەستەی خاوی ئیشەکانیان بێتە ژماردن. بە بیست و چوارەمی جۆرجی سێیەم، باجێکی کەمی یەک پێنسی بۆ هەر پاوەنێک خرایە سەر هاوردەکردنی ڕێسی کەتانی بۆر، لەجیاتی ئەو باجە زۆرەی پێشتر لەسەری بوو، کە شەش پێنس بوو بۆ هەر پاوەنێک لەسەر چارۆکەی کەشتی، یەک شیلین بۆ پاوەنێک لە کوتاڵی فرانسەیی و هۆلاندەیی و، دوو پاوەن و ١٣ شیلین و چوار پێنس بۆ هەر تەغارێک داری تەنوب (spruce) یان ڕێسی مەسکۆڤیا. بەڵام پیشەسازانمان ماوەیەکی زۆر بەو کەمکردنەوەیە قایل نەبوون. بە بیست و نۆی هەمان پاشا، هەمان ئەو یاسایەی بەخشیشی لەبری هەناردەکردنی کەتانی بریتانیا و ئایرلاند دەدا، بەو مەرجەی نرخی هەر گەزێکیان لە ١٨ پێنس زیاتر نەبێ، تەنانەت ئەم باجە کەمەی سەر هاوردەکردنی ڕێسی کەتان هەڵگیرا. بەڵام بەو ئۆپەراسیۆنە جۆراوجۆرانەی پێویستن بۆ ئامادەکردنی ڕێسی کەتان، بەشێکی زۆرتری پیشەسازی کەوتە گەڕ لەوەی لە ئاکامی ئامادەکردنی کوتاڵی کەتان لە ڕێسی کەتانەوە پەیدا بووبوو. ئەگەر هیچ لەبارەی پیشەسازیی کەتان و چێنەرانی کەتانەوە نەڵێین، ئەوە سێ یان چوار بڕێسی کەتان پێویستن بۆ ئەوەی جۆلایەک بتوانێ بە بەردەوامی کار بکا و، زیاتر لە چوار لەپێنجی تەواوی بڕی کاری پێویست بۆ ئامادەکردنی کوتاڵی کەتان لە ڕستنی کەتاندا بەگەڕ دەخرێن، بەڵام بڕێسانی ئێمە خەڵکێکی هەژارن، بەگشتی ئەو ژنانەن بە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا بڵاو بوونەتەوە، بەبێ هیچ پشتیوانی یان پارێزگارییەک. بەرهەمهێنە گەورەکانمان، قازانجەکانیان لە ئیشی تەواوکراوی جۆلاکان بەدەست دێنن، نەک لە فرۆشتنی ئیشی ئەم بڕێسانەوە. کە بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە بەرهەمە پیشەسازییە تەواوکراوەکە بە گرانترین نرخ بفرۆشن، بەهەمان شێوە لەوەشدایە کە

کەرەستەکانی ئەو پیشەسازییە تا دەکرێ بەهەرزان بکڕن. بە بەدەستهێنانی بەخشیش لە یاسادانەرەوە، لەسەر هەناردەکردنی کەتانی خۆیان و، سەپاندنی باجی زۆر لەسەر هاوردەکردنی هەموو کەتانێکی بیانی و، قەدەخەکردنی تەواوی بەکاربردنی هەندێ جۆری کەتانی فرانسەیی لە ناوخۆدا، ئەوان هەوڵ دەدەن کاڵاکانیان ئەوەندەی بکرێ بەگران بفرۆشن. بەهاندانی هاوردەکردنی ڕیسی کەتانی بیانی و، کێبەرکێ پێکردنیان لەگەڵ ئەوەی خەڵکی خۆمان دروستی دەکەن، هەوڵ دەدەن ئیشی بڕیسە هەژارەکان تا دەکرێ بەهەرزانتر بکڕن. ئەوان بەمە نیازیان ئەوەیە هەقدەستی جۆلای خۆمان وەک دەستکەوتی بڕیسە هەژارەکانمان کەم بکەنەوە و، ئەمە بەهیچ جۆرێک بۆ قازانجی ئەو پیشەوەرە نییە کە هەوڵ دەدەن نرخی ئیشە تەواوکراوەکەی بەرز بکەنەوە یان نرخی کەرەستە خاوەکانی کەم بکەنەوە. ئەوە ئەو پیشەسازییەی بۆ قازانجی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانە بەڕێوە دەبرێ، کە لە بنەڕەتدا لەلایەن یاسای بازرگانیمانەوە هان دەدرێ. ئەوەشی کە بۆ قازانجی هەژاران بەڕێوە دەچێ زۆربەی زۆری جاران یان پشتگوێ دەخرێ یان دەچەوسێنرێتەوە.

هەردوو بەخشیشی هەناردەکردنی کەتان و، بەخشینی ڕیسی بیانی لە باج، کە بڕیار بوو تەنیا بۆ ماوەی ١٥ ساڵان کاریان پێ بکرێ، لەڕێی دوو درێژکردنەوەوە درێژەیان پێ درا، بۆ ئەوەی بە کۆتایی ئەو خولەی پەلەمان کە ڕاستەوخۆ دوای ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٨٦ دێ، تەواو بێ.

ئەو هاندانەی لەڕێی بەخشیشی حکوومەتەوە بۆ هاوردەکردنی کەرەستەکانی پیشەسازی بوو، بەشێوەیەکی بنەڕەتی تایبەت بوو بەوانەی وەک ئەوانەن کە لە کێڵگەکانی ئەمەریکامانەوە هاوردە دەکرێن.

یەکەمین بەخشیشەکانی لەم جۆرە ئەوانە بوون کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لەبری هاوردەکردنی کەلپەلی دەریاوانی (naval stores) لە ئەمەریکاوە دران. ئەو کەلپەلانە بریتی بوون لە دار بۆ دینگەی ڕاگرتنی چارۆکە، داری دارەڕای کەشتی، قەنەب، قەتران، زفت و، ترپنتین. لەگەڵ ئەوەشدا بەخشیشی یەک پاوەن بۆ یەک تۆن داری دینگە و، شەش پاوەن بۆ تۆنێک قەنەب، فرەوان کرانەوە بۆ ئەوەی هاوردەکردنی ئەو بابەتانە لە سکۆتلاندەوە بۆ ئینگلتەرە بگرنەوە. هەردوو ئەو بەخشیشە بەبێ گۆڕانکاری بەهەمان ڕێژە بەردەوام بوون، تا هەر یەکێکیان بەتەنیا کۆتایی پێ هێنرا، ئەوەی قەنەب لە یەکی کانوونی دووەمی ١٧٤١دا و، ئەوەی دارەکە لە کۆتایی ئەو خولەی پەرلەمان کە ڕاستەوخۆ دوای ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٨١ هات.

بەخشیشەکانی سەر قەتران و زفت و ڕۆنی ترپنتین لە ماوەی بەردەوامییاندا کەم بوونەوە و، چەندان گۆڕانکارییان بەخۆوە بینی. لە بنەڕەتدا ئەوەی بۆ قەتران دەدرا چوار پاوەن بوو بۆ هەر تۆنێک، ئەوەی زفت هەمان شت بوو و، ئەوەی ترپنتین سێ پاوەن بوو بۆ یەک تۆن. بەخشیشی چوار پاوەن بۆ یەک تۆن قەتران دواتر تایبەت کرا بەو قەترانەی بەشێوەیەکی دیاریکراو خاوێن کراوەتەوە، بەخشیششی ئەو قەترانە باش و خاوێن و شیاوی بازرگانیپێکردنەش کەم کرایەوە بۆ دوو پاوەن و چوار شیلین بۆ هەر تۆنێک. بەخشیشی زفتیش بەهەمان شێوە کەم کرایەوە بۆ یەک پاوەن و، ئەوەی ترپنتین بۆ یەک پاوەن و دە شیلین بۆ هەر تۆنێک کەم کرایەوە.

بەخشیشی دووەم لەبری هاوردەکردنی هەموو کەرەستەیەکی پیشەسازی بوو، بەپێی کات و، لە بیست و یەکەمی جۆرجی دووەمەوە درا، بەرامبەر بە هاوردەکردنی ئیندیگۆ (ڕووەکێکی هاوشێوەی پاقلەمەنییە و لە خمچییەتیدا بۆ ڕەنگردن بە ڕەنگی نیلی بەکار دێ - وەرگێڕ) لە کێڵگەکانی بریتانیاییەوە دەدرا. کاتێک کە ئیندیگۆی ئەو کێڵگانە نرخی سێ چارەکی باشترین ئیندیگۆی فرانسە بوو، بەم یاسایە بەخشیشێکی شەش پێنسی لەبری هەر پاوەنێکی دەدرا. ئەم بەخشیشە وەک زۆربەی ئەوانەی تر، تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو درا، چەندان جار درێژکردنەوەی بەخۆوە دی، بەڵام بۆ چوار پێنس بۆ هەر پاوەنێک کەم کرایەوە. ئینجا ڕێگەی کۆتاپێهێنانی پێ درا لەگەڵ کۆتایی ئەو خولە پەرلەمانییەی دوای ٢٥ی ئاداری ١٧٨١ هات.

سێیەم بەخشیشی لەم جۆرە (زۆربەی لە دەوروبەری ئەو کاتەدا بوو کە دەستمان کرد بەوەی هەندێ جار لە کۆلۆنییەکانی ئەمەریکامان نزیک ببینەوە و هەندێ جار بەگژیاندا بچینەوە) بە چوارەمی جۆرجی سێیەم بەرامبەر هاوردەکردنی قەنەب یان کەتانی خاو لە کێڵگەکانی بریتانیای مەزن دەدرا. ئەم بەخشیشە بۆ ماوەی ٢١ ساڵ درا، لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٦٤وە تا ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٨٥. لە حەوت ساڵی یەکەمدا، بۆ هەر تۆنێک هەشت پاوەن دەدرا و، لە حەوت ساڵی دووەمدا شەش پاوەن و، لە حەوت ساڵی سێیەمدا چوار پاوەن درا. ئەم بەخشیشە سکۆتلاندی نەگرتەوە، کە کەشوهەواکەی (هەرچەندە هەندێ جار قەنەبی بە بڕی کەم لێ شین دەبوو و بە جۆرایەتییەکی خراپ) زۆر بۆ ئەو بەرهەمە گونجاو نەبوو. ئەو جۆرە بەخشیشە بۆ هاوردەکردنی کەتانی سکۆتلاندی بۆ ئینگلتەرە دەبووە مایەی سستییەکی زۆر بۆ بەرهەمی ناوخۆیی بەشی باشووری شانشینی یەکگرتوو.

بەخشیشی چوارەم لەم جۆرە بەخشیشانە ئەوە بوو کە بە پێنجەمی جۆرجی سێیەم لەبری هاوردەکردنی دار بوو لە ئەمەریکاوە. ئەو بەخشیشە بۆ ماوەی نۆ ساڵ درا، لە

یەکی کانوونی دووەمی ١٧٦٦ەوە تاوەکو یەکی کانوونی دووەمی ١٧٧٥. لە سێ ساڵی یەکەمی ئەو ماوەیەدا بە هەر ١٢٠ بەستەیەکی باش یەک پاوەن دەدرا و، بۆ هەر بارێک کە پەنجا پێی سێجا لە داری چوارگۆشە ١٢ شیلین دەدرا. لە سێ ساڵی دووەمدا بۆ بەستەکان ١٥ شیلین دەدرا و، بۆ دارە چوارگۆشەکان هەشت شیلین دەدرا. لە سێ ساڵی دواییشدا بۆ بەستەکە دە شیلین دەدرا و، بۆ داری چوارگۆشە پێنج شیلین دەدرا.

بەخشیشی پێنجەمی لەم جۆرە بە نۆیەمی جۆرجی سێیەم درا، لەبری هاوردەکردنی ئاوریشمی خاو لە کێڵگەکانی بریتانیاوە. ئەم بەخشیشە بۆ ماوەی ٢١ ساڵ درا، لە یەکی کانوونی دووەمی ١٧٧٠ەوە تا یەکی کانوونی دووەمی ١٧٩١. لە حەوت ساڵی یەکەمدا بۆ بەهای هەر سەد پاوەنێک ٢٥ پاوەن دەدرا، لە حەوت ساڵی دووەم و سێیەمدا بووە ١٥ پاوەن. پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشم و ئامادەکردنی ئاوریشم، پێویستیان بە کاری زۆر هەیە و، کاریش لە ئەمەریکا ئەوەندە گرانە تەنانەت ئەم بەخشیشە زۆرە، وەک زانیومە، لەوە ناچێ هیچ کاریگەرییەکی بەرهەم هێنابێ.

بەخشیشی شەشەمی لەم جۆرە، بە دووەمی جۆرجی سێیەم درا، لەبری هاوردەکردنی لوولە و بەرمیل و داری دروستکردنی بەرمیل و سەرقاپی بەرمیل لە کێڵگەکانی بریتانیاوە. ماوەی نۆ ساڵ بەردەوامیی هەبوو، لە یەکی کانوونی دووەمی ١٧٧٢ەوە تاوەکو یەکی کانوونی دووەمی ١٧٨١. لە سێ ساڵی یەکەمدا شەش پاوەن لەبری بڕێکی دیاریکراوی هەر یەکێکیان دەدرا، لە سێ ساڵی دووەمدا چوار پاوەن بوو و، لە سێ ساڵی سێیەمدا دوو پاوەن.

بەخشیشی حەوتەم و دوابەخشیشی لەم جۆرە، بەنۆزدەیەمینی جۆرجی سێیەم، لەبری هاوردەکردنی قەنەب لە ئایرلاندەوە بوو. بەهەمان شێوەی بەخشیشەکەی هاوردەکردنی قەنەب و کەتانی خاو لە ئەمەریکاوە، ماوەی ٢١ ساڵ درا، لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٧٧٩ تا ٢٤ی حوزەیرانی ١٨٠٠. ئەم ماوەیە بەهەمان شێوە دابەش بووە سەر سێ ماوەی حەوت ساڵی و، لە هەر یەکێکیاندا ئاستی بەخشیشەکەی ئایرلاند وەک ئەوەی ئەمەریکا بوو. بەڵام، ئەم وەک بەخشیشە ئەمەریکاییەکە کەتانی خاوی نەگرتەوە. بەوەش لەوانە بوو بووبووایەتە گەورەترین لەمپەر لە بەردەم چاندنی ئەو ڕووەکە لە بریتانیای مەزندا. کاتێک کە ئەم بەخشیشەی دوایی درا، یاسادانەرانی بریتانیایی و ئایرلاندەیی هەر هێندەی بریتانیاییەکان و ئەمەریکاییەکان لە پێشوودا بەیەکەوە گونجاو بوون. بەڵام هیوا هەیە کە ئەم بەخشیشە بۆ ئایرلاند باشتر بێ لەوەی بە ئەمەریکا درا.

هەمان ئەو کاڵایانەی کە ئێمە بۆ هاوردەکردنیان لە ئەمەریکاوە بەخشیشمان دەدا، کاتێک کە لە وڵاتانی ترەوە هاوردە دەکران باجی زۆریان دەخرایە سەر. بەرژەوەندی

کۆلۆنییەکانی ئەمەریکامان وەک بەرژەوەندی وڵاتی دایک تەماشا دەکرا. سامانی ئەوان بە سامانی ئێمە دەژمێررا. دەگوترا کە هەر پارەیەک بۆ ئەوان ڕەوانە بکرێ لەڕێی باڵانسی بازرگانییەوە بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە و، ئێمە بایی کەمترین پارە هەژار نابین لەڕێی ئەو خەرجییەوە کە بۆ ئەوانی خەرج دەکەین. ئەوان بە هەموو شێوەیەک هی خۆمان بوون و، ئەو خەرجییە خەرجییەک بوو بۆ چاککردنی موڵکی خۆمان و بۆ بەگەڕخستنی بەقازانجی خەڵکی خۆمان بوو. من لێرەدا پێم وایە کە پێویست نییە هیچی زیاتر بگوترێ بۆ ئاشکراکردنی گەمژەیی سیستمێک کە ئەزموونە کوشندەکەی ئێستا بەتەواوی ئاشکرا بووە. ئەگەر کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکانمان بەڕاستی بەشێک لە بریتانیای مەزن بوونایە، لەوانە بوو ئەو بەخشیشانە بە بەخشیش لەبری بەرهەم بژمێررێن و، هێشتاش مایەی هەموو ئەو ڕەتکردنەوانە بوون کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە بەخشیشانە دەکرێنەوە.

هەناردەکردنی کەرەستەی پیشەسازی هەندێ جار بە قەدەخەکردنی ڕەها و هەندێ جاران بە باجی زۆر ڕێگریی لێ دەکرێ.

پیشەسازانی خوریمان لە هەموو پۆلە پیشەسازێکی تر سەرکەوتووتر بوون لەوەی یاسادانەرانمان بەوە قایل بکەن کە گەشەی وڵاتەکەمان پەیوەستە بە سەرکەوتن و فرەوانبوونی پیشەسازییەکەی ئەوانەوە. ئەوان تەنیا قۆرخکارییەکیان بەدەست نەهێنا دژ بە بەکاربەران لەڕێی سەپاندنی قەدەخەکردنێکی ڕەهای هاوردەکردنی کوتاڵی خوری لە هەر وڵاتێکی بێگانەوە، بەڵکو قۆرخکارییەکی تریشیان بەدەست هێنا دژ بە مەڕداران و بەرهەمهێنەرانی خوری لەڕێی قەدەخەکردنێکی هاوشێوە بۆ هەناردەکردنی مەڕی زیندوو و خوری. توندیی گەلێ لەو یاسایانەی بۆ مسۆگەرکردنی داهات دەرچوون بووە مایەی گلەیی، وەک سەپاندنی سزای قورس بەرامبەر هەندێ هەڵسوکەوت کە تاوان نەبوون و، بوونە پێشینە بۆ ئەوەی لە یاسای دواتردا بە تاوان بێنە ژماردن. بەڵام ئەو بوێرییە دەکەم و جەخت دەکەم کە توندترین یاساکانی داهاتمان، زۆر نەرم و نیانن بە بەراورد لەگەڵ هەندێ لەوانەی بەهۆی پاڵەپەستۆی بازرگان و پیشەسازانمانەوە لە یاسادانەران دەرهێنراون بۆ پشتیوانیی قۆرخکارییە سەرکوتکارە بێهوودەکانمان. ئەم یاسایانە دەشێ، وەک یاساکانی دراکۆ، لەبارەیانەوە بگوترێ کە بەخوێن نووسراون.

بە هەشتەمی ئیلیزابێت، هەناردەکەری مەڕ، بەرخ، یان بەران، لەگەڵ یەکەم پێشێلکردن بە شێوەیەکی هەتاهەتایی دەست بەسەر هەموو کاڵاکەیدا دەگیرا و خۆی یەک ساڵێک بەند دەکرا و، دوای ئەوە لە ڕۆژی بازاڕی شاردا لە بازاڕدا دەستی چەپیان دەبڕی و هەڵیاندەواسی. ئەگەر جاری دووەم ئەو سەرپێچییەی بکردایە بە تاوانکار لەقەڵەم دەدرا و، بەو پێیە سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرا. لەوە دەچێ مەبەستی ئەم یاسایە ڕێگرتن

بووبێ لەوەی تیرەی مەڕی ئێمە بە وڵاتانی بێگانەدا بڵاو ببێتەوە. بە ١٣ و ١٤ی چارلزی دووەم، هەناردەکردنی خوری بەتاوان لەقەڵەم درا و هەناردەکەرەکە ڕووبەڕووی هەمان ئەو سزا و دەستبەسەرداگرتنانە دەبووەوە.

لەپێناو شکۆی مرۆڤپەروەریی نیشتمانیدا، دەبێ هیواخواز بین کە هیچ یەکێک لەو سزایانە هەرگیز جێبەجێ نەکرابێ. بەڵام ئەوەی یەکەمیان، ئەوەندەی من بزانم، هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵنەوەشاوەتەوە و، لەوە دەچێ سێرجنت هاوکنز تا ئێستا بە کارپێکراوی دابنێ. بەڵام لەوانەیە بتوانین وای دابنێین کە لەڕووی کردەنییەوە، بە ١٢مینی چارلزی دووەم، هەڵوەشاوەتەوە کە بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا بیڵێ، هەموو ئەو سزایانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە یاسای پێشوو سەپاندوویانی و سزای نوێ دەسەپێنێ، کە ئەمانەن، تاوانەی ٢٠ شیلین لەبری هەر مەڕێک کە هەناردە کرابێ یان هەوڵی هەناردەکردنی درابێ، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی مەڕەکان و پشکی خاوەنەکەیان لە کەشتییەکە. ئەم بەشەی دووەمیان بەڕوونی لەڕێی حەوتەم و هەشتەمی ویلیەمی سێیەمەوە هەڵوەشایەوە کە لە بڕگەی چوارەمدا دەڵێ، "ئەو یاسایەی ١٣ و ١٤ی شا چارلزی دووەم، کە دژی هەناردەکردنی خورییە، لەنێو ئەو شتانەی تری یاسا ناوبراوەکە ئاماژەی بۆیان کردووە و، بەتاوانیان دەزانێ. کە بەهۆی توندیی سزاکە ڕاونانی سەرپێچیکەران سست بوو. بۆیە بەو دەسەڵاتەی پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، بەشی زۆری ئەو یاسا ناوبراوە کە پەیوەندیی بە بەتاوانزانینی ئەو کردەوانەوە هەیە، ڕەت دەکرێنەوە و پووچەڵ دەکرێنەوە."

بەڵام سزاکان، چ ئەوانەی بەم یاسا میانڕەوە، یان بە یاساکەی پێشوو سەپێنرابوون، بەم یاسایە ڕەت نەکرانەوە و، هێشتا بایی خۆیان توندن. هەروەها لەپاڵ دەستبەسەرداگرتنی کاڵاکان، هەناردەکەر دەبوو تاوانی سێ شیلین بۆ هەر پاوەنێک کێشی خوری کە هەناردەی کردووە یان هەوڵی هەناردەکردنی داوە بدا، کە دەکاتە نزیکەی چوار یان پێنج هێندەی بەهاکە. هەر بازرگانێک یان هەر کەسێک بەم تاوانە تاوانبار کرابێ قەرزی نادرێتێ و ئەگەر حیسابی لای بریکارێک یان کەسێک هەبێ، پەکی دەخرێ. جا سامانەکەی هەر چەندێک بێ، ئەگەر بتوانێ یان نەتوانێ ئەو تاوانە زۆرە بدا، یاساکە کار بۆ ئەوە دەکا بەتەواوی بیڕووخێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی مۆراڵی بەشی هەرە زۆری خەڵک هێشتا وەک ئەوەی داهێنەرانی ئەم یاسایە دانەتەپیوە، تاوەکو ئێستا نەمبیستووە هیچ سوودێک لەم بڕگەیە وەرگیرابێ. ئەگەر کەسی تاوانبارکراو بەم سەرپێچییە نەتوانێ تاوانەکەی لە ماوەی سێ مانگی پاش دەرچوونی حوکمەکەدا بدا، ئەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ دوور دەخرێتەوە و، ئەگەر پێش تەواوبوونی ئەو ماوەیە بگەڕێتەوە، وەک تاوانبار سزا دەدرێ. خاوەنی کەشتییەکە، ئەگەر لەم سەرپێچییە ئاگەدار بێ، دەست بەسەر هەموو

بووبێ لەوەی تیرەی مەڕی ئێمە بە وڵاتانی بێگانەدا بڵاو ببێتەوە. بە ١٣ و ١٤ی چارلزی دووەم، هەناردەکردنی خوری بەتاوان لەقەڵەم درا و هەناردەکەرەکە ڕووبەڕووی هەمان ئەو سزا و دەستبەسەرداگرتنانە دەبووەوە.

لەپێناو شکۆی مرۆڤپەروەریی نیشتمانیدا، دەبێ هیواخواز بین کە هیچ یەکێک لەو سزایانە هەرگیز جێبەجێ نەکرابێ. بەڵام ئەوەی یەکەمیان، ئەوەندەی من بزانم، هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵنەوەشاوەتەوە و، لەوە دەچێ سێرجنت هاوکنز تا ئێستا بە کارپێکراوی دابنێ. بەڵام لەوانەیە بتوانین وای دابنێین کە لەڕووی کردەنییەوە، بە ١٢مینی چارلزی دووەم، هەڵوەشاوەتەوە کە بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا بڵێ، هەموو ئەو سزایانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە یاسای پێشوو سەپاندوویانی و سزای نوێ دەسەپێنێ، کە ئەمانەن، تاوانەی ٢٠ شیلین لەبری هەر مەڕێک کە هەناردە کرابێ یان هەوڵی هەناردەکردنی درابێ، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی مەڕەکان و پشکی خاوەنەکەیان لە کەشتییەکە. ئەم بەشەی دووەمیان بەڕوونی لەڕێی حەوتەم و هەشتەمی ویلیەمی سێیەمەوە هەڵوەشایەوە کە لە بڕگەی چوارەمدا دەڵێ، "ئەو یاسایەی ١٣ و ١٤ی شا چارلزی دووەم، کە دژی هەناردەکردنی خورییە، لەنێو ئەو شتانەی تری یاسا ناوبراوەکە ئاماژەی بۆیان کردووە و، بەتاوانیان دەزانێ. کە بەهۆی توندیی سزاکە ڕاونانی سەرپێچیکەران سست بوو. بۆیە بەو دەسەڵاتەی پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، بەشی زۆری ئەو یاسا ناوبراوە کە پەیوەندیی بە بەتاوانزانینی ئەو کردەوانەوە هەیە، ڕەت دەکرێنەوە و پووچەڵ دەکرێنەوە."

بەڵام سزاکان، چ ئەوانەی بەم یاسا میانڕەوە، یان بە یاساکەی پێشوو سەپێنرابوون، بەم یاسایە ڕەت نەکرانەوە و، هێشتا بایی خۆیان توندن. هەروەها لەپاڵ دەستبەسەرداگرتنی کاڵاکان، هەناردەکەر دەبوو تاوانی سێ شیلین بۆ هەر پاوەنێک کێشی خوری کە هەناردەی کردووە یان هەوڵی هەناردەکردنی داوە بدا، کە دەکاتە نزیکەی چوار یان پێنج هێندەی بەهاکە. هەر بازرگانێک یان هەر کەسێک بەم تاوانە تاوانبار کرابێ قەرزی نادرێتێ و ئەگەر حیسابی لای بریکارێک یان کەسێک هەبێ، پەکی دەخرێ. جا سامانەکەی هەر چەندێک بێ، ئەگەر بتوانێ یان نەتوانێ ئەو تاوانە زۆرە بدا، یاساکە کار بۆ ئەوە دەکا بەتەواوی بیرووخێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی مۆراڵی بەشی هەرە زۆری خەڵک هێشتا وەک ئەوەی داهێنەرانی ئەم یاسایە دانەتەپیوە، تاوەکو ئێستا نەمبیستووە هیچ سوودێک لەم بڕگەیە وەرگیرابێ. ئەگەر کەسی تاوانبارکراو بەم سەرپێچییە نەتوانێ تاوانەکەی لە ماوەی سێ مانگی پاش دەرچوونی حوکمەکەدا بدا، ئەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ دوور دەخرێتەوە و، ئەگەر پێش تەواوبوونی ئەو ماوەیە بگەڕێتەوە، وەک تاوانبار سزا دەدرێ. خاوەنی کەشتییەکە، ئەگەر لەم سەرپێچییە ئاگەدار بێ، دەست بەسەر هەموو

کالا و کەلپەلی ناو کەشتییەکەیدا دەگیرێ. کەشتیوانی سەرەکی و کەشتیوانەکانی تر، کە لەم سەرپێچییە ئاگەدار بن، دەست بەسەر هەموو کەلپەلەکانیاندا دەگیرێ و، سێ مانگ بەند دەکرێن. بەپێی یاسایەکی دوای ئەوە، کەشتیوانە سەرەکییەکە شەش مانگ بەند دەکرێ.

لەپێناو ڕێگری لە هەناردەکردن، تەواوی بازرگانیی ناوخۆیی خوری خرایە ژێر کۆت و بەندی زۆر قورس و سەرکوتکەرەوە. نابێ خوری بخرێتە نا هیچ سندووق، بەرمیل، قەفەسێک، یان هەر شتێکی تر کە لەخۆی بگرێ، بەڵکو دەبێ تەنیا لە باڵەی چەرمدا یان بەستەی کوتاڵدا بێ، کە لە دەرەوە لێی نووسرابێ خوری یان یام(yam) ، بە پیتی گەورە کە درێژییەکەیان لە سێ ئینچ کەمتر نەبێ، ئەگەر نا بارەکە دەستی بەسەردا دەگیرێ و بۆ هەر پاوەنێک لە کێشەکەی سێ شیلین تاوانە وەردەگیرێ کە خاوەنەکەی یان باربەرەکە دەیدا. ئەو بارە ناکرێ لەسەر پشتی ئەسپ یان عارەبانە بێ، یان لەسەر زەوی لەماوەی پێنج میل لە کەنار دەریاوە ببرێ، بەڵکو دەبێ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاتوچۆی پێ بکرێ و، تاوانەکەی بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی ماڵەکە و ئەسپەکان و عارەبانەکە. بۆ بارێکی سەد پاوەنی لە نزیک کەناری دەریا، کە خوریی لێوە بار دەکرێ یان هەناردە دەکرێ، بیست پاوەندا دەدا، ئەگەر بەهای خورییەکە لە دە پاوەن کەمتر بێ و، ئەگەر بەهاکە زیاتر بێ، ئەوە سێ هێندەی ئەو بەهایە لەگەڵ سێ هێندەی تێچووەکە دەبێ لە ماوەی یەک ساڵدا بدرێ. ئەگەر کەسێکیش کەمتر لەو تاوانەیەی دا ئەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەند دەکرێ. ئەم یاسایانە لە هەموو شانشینەکەدا پیادە دەکران.

لە کەرتەکانی کێنت و سەسێکس، کۆت و بەندەکان هێشتا بێزارکەرتر بوون. هەر خاوەن خورییەک لە ماوەی دە میل لە کەنار دەریاوە دەبێ نووسراوێکی پێ بدرێ، دوای سێ ڕۆژ لە بڕینەوە پێشکەشی نزیکترین ئەفسەری گومرکی بکا و تیایدا ژمارەی خورییەکان و ئەو شوێنانەی لێی کۆگە کراون دیاری بکرێن. پێش ئەوەشی کە هیچ بەشێکی لابدا دەبێ ئاگەدارییەک بدا بە ژمارە و کێشی خورییەکان و ناو و ناونیشانی ئەو کەسەی پێی فرۆشراون و، ئەو شوێنەی نیاز وایە بۆی ببرێن. هیچ کەسێک لەماوەی ١٥ میل لە دەریاوە، لەو کەرتە ناوبراوانەدا، ناتوانێ هیچ خورییەک بکڕێ پێش ئەوەی بەڵێن بە پاشا بدا کە هیچ بەشێک لەو خورییەی بەم شێوەیە دەیکڕێ بەهیچ کەسێک لە ماوەی ١٥ میل لە دەریاوە نەفرۆشێ. ئەگەر لەو کەرتانەدا بڕە خورییەک دۆزرایەوە کە بەرەو لای دەریا بچێ، ئەگەر بەو شێوەیەی باسکرا نەهاتبێ و زامن نەکرابێ، دەستی بەسەردا دەگیرێ و سەرپێچیکەرەکە بۆ هەر پاوەنێک لە کێشەکەی سێ شیلین تاوانە دەدا. ئەگەر کەسێک بەو شێوەیەی باس کرا هیچ خورییەک بهێنێتە ماوەی ١٥ میل لە دەریاوە، دەبێ بگیرێ و دەستی بەسەردا بگیرێ و ئەگەر دوای ئەو گرتنە هەرکەسێک داوای بکا دەبێ

گەنجینە دڵنیا بکاتەوە لەوەی ئەگەر درایە دادگە سێ هێندەی تێچووەکە بدا، سەرباری تاوانەکانی تر.

کاتێک کە ئەم جۆرە کۆت و بەندانە بەسەر بازرگانیی ناوخۆییدا بسەپێنرێن، دەتوانین لەوە دڵنیا ببین کە بازرگانیی کەنار دەریا ناکرێ زۆر ئازاد بێ. هەر خاوەن خورییەک کە خورییەکەی بگوازێتەوە، یان بیبێتە هۆی گواستنەوەی، بۆ هەر بەندەرێک یان شوێنێکی سەر دەریا، بەمەبەستی گواستنەوەی لەوێوە، لەڕێی دەریاوە، بۆ هەر شوێنێک یان بەندەرێکی سەر دەریا، دەبێ یەکەم شت ڕێگەپێدانێکی هاتنە ژوورەوە لەو بەندەرە بکا کە بەنیازە بۆی بگوازێتەوە و تیایدا کێش و نیشانەکان و ژمارەی بەستەکان دیاری کرابن، پێش ئەوەی هەمان شت لە دووریی پێنج میل لەو بەندەرەوە بهێنێ و، ئەگەر وا نەکا ماڵەکە و ئەسپەکان و عارەبانەکان و بارەکانی تر دەستیان بەسەردا دەگیرێ و، هەموو ئەو سزایانەش دەدرێ کە یاساکانی دژ بە هەناردەکردن سەپاندوویانە. بەڵام ئەم یاسایە (یەکەمی ویلیەمی سێیەم) زۆر دەستکراوەیە تا ئەو ڕادەیەی ڕایدەگەیەنێ کە، "ئەمە نابێ ببێتە ڕێگر لەوەی هیچ کەسێک خوری لە شوێنی بڕینەوەوە بۆ ماڵی خۆی بگوازێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ماوەی پێنج میل لە دەریاوە بێ، بەو مەرجەی لە ماوەی دە ڕۆژ لە بڕینەوەوە ئەمە بکا و، پێش ئەوەی خورییەکە لابەرێ نزیکترین ئەفسەری گومرک ئاگەدار بکاتەوە لە ژمارەی تەواوی خورییەکان و شوێنی هەڵگرتنیان و، نابێ ماڵەکە لابەرێ بەبێ پشتڕاستکردنەوەی ئەو جۆرە ئەفسەرە و، ئاگەدارکردنەوەی لەو نیازە بە سێ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی. "دەبێ بەڵگە هەبێ بۆ ئەوەی ئەو خورییە لەڕێی کەناراوەوە دەچێتە بەندەرێکی دیاریکراو و، ئەگەر هیچ بەشێکی خورییەکە بەبێ ئامادەبوونی ئەفسەرێک داگیرێ، نەک تەنیا خورییەکە دەستی بەسەردا دەگیرێ، بگرە تاوانەی سێ شیلین بۆ هەر پاوەنێک کێش دەدرێ.

پیشەسازانی خوریمان، بۆ ئەوەی پاساو بۆ داواکردنی ئەو کۆت و بەند و یاسا سەرووئاساییانە بهێننەوە، بەدڵنیاییەوە جەخت دەکەن کە خوریی ئینگلیزی جۆرایەتییەکی ناوازەی هەیە، بالاتر لە خوریی هەر وڵاتێکی تر، کە خوریی وڵاتانی تر ناتوانن بەبێ تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەو هیچ کارێکی پیشەسازییان لەسەر بکرێ، کە کوتاڵی باش بەبێ ئەو دروست ناکرێ، کە لەبەر ئەوە ئەگەر هەناردەکردنی بەتەواوی ڕێی لێ بگیرێ، ئینگلتەرە دەتوانێ نزیکەی گشت بازرگانیی خوریی دنیا قۆرخ بکا. بەم شێوەیەش، کاتێک کە هیچ ململانێکەری نەبێ، دەتوانێ بەو نرخەی خۆی ئارەزووی لێیە بفرۆشێ و، لە ماوەیەکی کورتدا لەڕێی بەسوودترین بالانسی بازرگانییەوە (balance of trade) سامانێکی سەرسوڕهێنەر بەدەست دێنێ. ئەم بۆچوونە، وەک هەر بۆچوونێکی تر کە لەلایەن

کالا و کەلپەلی ناو کەشتییەکەیدا دەگیرێ. کەشتیوانی سەرەکی و کەشتیوانەکانی تر، کە لەم سەرپێچییە ئاگەدار بن، دەست بەسەر هەموو کەلپەلەکانیاندا دەگیرێ و، سێ مانگ بەند دەکرێن. بەپێی یاسایەکی دوای ئەوە، کەشتیوانە سەرەکییەکە شەش مانگ بەند دەکرێ.

لەپێناو ڕێگری لە هەناردەکردن، تەواوی بازرگانیی ناوخۆیی خوری خرایە ژێر کۆت و بەندی زۆر قورس و سەرکوتکەرەوە. نابێ خوری بخرێتە نا هیچ سندووق، بەرمیل، قەفەسێک، یان هەر شتێکی تر کە لەخۆی بگرێ، بەڵکو دەبێ تەنیا لە باڵەی چەرمدا یان بەستەی کوتاڵدا بێ، کە لە دەرەوە لێی نووسرابێ خوری یان یام(yam) ، بە پیتی گەورە کە درێژییەکەیان لە سێ ئینچ کەمتر نەبێ، ئەگەر نا بارەکە دەستی بەسەردا دەگیرێ و بۆ هەر پاوەنێک لە کێشەکەی سێ شیلین تاوانە وەردەگیرێ کە خاوەنەکەی یان باربەرەکە دەیدا. ئەو بارە ناکرێ لەسەر پشتی ئەسپ یان عارەبانە بێ، یان لەسەر زەوی لەماوەی پێنج میل لە کەنار دەریاوە ببرێ، بەڵکو دەبێ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاتوچۆی پێ بکرێ و، تاوانەکەی بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی ماڵەکە و ئەسپەکان و عارەبانەکە. بۆ بارێکی سەد پاوەنی لە نزیک کەناری دەریا، کە خوریی لێوە بار دەکرێ یان هەناردە دەکرێ، بیست پاوەندا دەدا، ئەگەر بەهای خورییەکە لە دە پاوەن کەمتر بێ و، ئەگەر بەهاکە زیاتر بێ، ئەوە سێ هێندەی ئەو بەهایە لەگەڵ سێ هێندەی تێچووەکە دەبێ لە ماوەی یەک ساڵدا بدرێ. ئەگەر کەسێکیش کەمتر لەو تاوانەیەی دا ئەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەند دەکرێ. ئەم یاسایانە لە هەموو شانشینەکەدا پیادە دەکران.

لە کەرتەکانی کێنت و سەسێکس، کۆت و بەندەکان هێشتا بێزارکەرتر بوون. هەر خاوەن خورییەک لە ماوەی دە میل لە کەنار دەریاوە دەبێ نووسراوێکی پێ بدرێ، دوای سێ ڕۆژ لە بڕینەوە پێشکەشی نزیکترین ئەفسەری گومرکی بکا و تیایدا ژمارەی خورییەکان و ئەو شوێنانەی لێی کۆگە کراون دیاری بکرێن. پێش ئەوەشی کە هیچ بەشێکی لابدا دەبێ ئاگەدارییەک بدا بە ژمارە و کێشی خورییەکان و ناو و ناونیشانی ئەو کەسەی پێی فرۆشراون و، ئەو شوێنەی نیاز وایە بۆی ببرێن. هیچ کەسێک لەماوەی ١٥ میل لە دەریاوە، لەو کەرتە ناوبراوانەدا، ناتوانێ هیچ خورییەک بکڕێ پێش ئەوەی بەڵێن بە پاشا بدا کە هیچ بەشێک لەو خورییەی بەم شێوەیە دەیکڕێ بەهیچ کەسێک لە ماوەی ١٥ میل لە دەریاوە نەفرۆشێ. ئەگەر لەو کەرتانەدا بڕە خورییەک دۆزرایەوە کە بەرەو لای دەریا بچێ، ئەگەر بەو شێوەیەی باسکرا نەهاتبێ و زامن نەکرابێ، دەستی بەسەردا دەگیرێ و سەرپێچیکەرەکە بۆ هەر پاوەنێک لە کێشەکەی سێ شیلین تاوانە دەدا. ئەگەر کەسێک بەو شێوەیەی باس کرا هیچ خورییەک بهێنێتە ماوەی ١٥ میل لە دەریاوە، دەبێ بگیرێ و دەستی بەسەردا بگیرێ و ئەگەر دوای ئەو گرتنە هەرکەسێک داوای بکا دەبێ

گەنجینە دڵنیا بکاتەوە لەوەی ئەگەر درایە دادگە سێ هێندەی تێچووەکە بدا، سەرباری تاوانەکانی تر.

کاتێک کە ئەم جۆرە کۆت و بەندانە بەسەر بازرگانیی ناوخۆییدا بسەپێنرێن، دەتوانین لەوە دڵنیا ببین کە بازرگانیی کەنار دەریا ناکرێ زۆر ئازاد بێ. هەر خاوەن خورییەک کە خورییەکەی بگوازێتەوە، یان ببێتە هۆی گواستنەوەی، بۆ هەر بەندەرێک یان شوێنێکی سەر دەریا، بەمەبەستی گواستنەوەی لەوێوە، لەڕێی دەریاوە، بۆ هەر شوێنێک یان بەندەرێکی سەر دەریا، دەبێ یەکەم شت ڕێگەپێدانێکی هاتنە ژوورەوە لەو بەندەرە بکا کە بەنیازە بۆی بگوازێتەوە و تیایدا کێش و نیشانەکان و ژمارەی بەستەکان دیاری کرابن، پێش ئەوەی هەمان شت لە دووریی پێنج میل لەو بەندەرەوە بهێنێ و، ئەگەر وا نەکاماڵەکە و ئەسپەکان و عارەبانەکان و بارەکانی تر دەستیان بەسەردا دەگیرێ و، هەموو ئەو سزایانەش دەدرێ کە یاساکانی دژ بە هەناردەکردن سەپاندوویانە. بەڵام ئەم یاسایە (یەکەمی ویلیەمی سێیەم) زۆر دەستکراوەیە تا ئەو ڕادەیەی ڕایدەگەیەنێ کە، "ئەمە نابێ ببێتە ڕێگر لەوەی هیچ کەسێک خوری لە شوێنی بڕینەوەوە بۆ ماڵی خۆی بگوازێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ماوەی پێنج میل لە دەریاوە بێ، بەو مەرجەی لە ماوەی دە ڕۆژ لە بڕینەوەوە ئەمە بکا و، پێش ئەوەی خورییەکە لابەرێ نزیکترین ئەفسەری گومرک ئاگەدار بکاتەوە لە ژمارەی تەواوی خورییەکان و شوێنی هەڵگرتنیان و، نابێ ماڵەکە لابەرێ بەبێ پشتڕاستکردنەوەی ئەو جۆرە ئەفسەرە و، ئاگەدارکردنەوەی لەو نیازە بە سێ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی. "دەبێ بەڵگە هەبێ بۆ ئەوەی ئەو خورییە لەڕێی کەناراوەوە دەچێتە بەندەرێکی دیاریکراو و، ئەگەر هیچ بەشێکی خورییەکە بەبێ ئامادەبوونی ئەفسەرێک داگیرێ، نەک تەنیا خورییەکە دەستی بەسەردا دەگیرێ، بگرە تاوانەی سێ شیلین بۆ هەر پاوەنێک کێش دەدرێ.

پیشەسازانی خوریمان، بۆ ئەوەی پاساو بۆ داواکردنی ئەو کۆت و بەند و یاسا سەرووئاساییانە بهێننەوە، بەدڵنیاییەوە جەخت دەکەن کە خوریی ئینگلیزی جۆرایەتییەکی ناوازەی هەیە، بالاتر لە خوریی هەر وڵاتێکی تر، کە خوریی وڵاتانی تر ناتوانن بەبێ تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەو هیچ کارێکی پیشەسازییان لەسەر بکرێ، کە کوتاڵی باش بەبێ ئەو دروست ناکرێ، کە لەبەر ئەوە ئەگەر هەناردەکردنی بەتەواوی ڕێی لێ بگیرێ، ئینگلتەرە دەتوانێ نزیکەی گشت بازرگانیی خوریی دنیا قۆرخ بکا. بەم شێوەیەش، کاتێک کە هیچ ململانێکەری نەبێ، دەتوانێ بەو نرخەی خۆی ئارەزووی لێیە بفرۆشێ و، لە ماوەیەکی کورتدا لەڕێی بەسوودترین بالانسی بازرگانییەوە (balance of trade) سامانێکی سەرسوڕهێنەر بەدەست دێنێ. ئەم بۆچوونە، وەک هەر بۆچوونێکی تر کە لەلایەن

ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکەوە جەختی لێ دەکرێتەوە، بەردەوام بوو و ئێستاش لەلای ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکەوە –نزیکەی هەموو ئەوانەی شارەزاییان لە بازرگانیی خوری نییە یان ئەوانەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەم بوارەیان نەکردووە- جێی متمانەیە. بەڵام، تەواو هەڵەیە کە خوریی ئینگلیزی بە هیچ جۆرێک بۆ دروستکردنی کوتاڵی ناسک پێویستە و بگرە بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەو مەبەستە گونجاو نییە. کوتاڵی ناسک بەتەواوی لە خوریی ئیسپانیایی دروست دەکرێ. خوریی ئینگلیزی بەبێ تێکەڵکردن لەگەڵ خوریی ئیسپانیایی تەنانەت شیاو نییە بۆ چوونە کێبەرکێوە، بەبێ ئەوەی پێکهاتەی کوتاڵەکە تێک بدا یان ئاستەکەی نزم بکاتەوە.

لە کەرتی ڕابردووی ئەم کارەدا پیشان دراوە کە کاریگەریی ئەم یاسایانە نزمکردنەوەی نرخی خوریی ئینگلیزی بووە، نەک بۆ خوار ئەوەی بە سروشت لەم کاتەدا دەبوو، بەڵکو زۆر بۆ خوار ئەوەی لەڕاستیدا لە سەردەمی ئێدواردی سێیەمدا هەبوو. دەڵێن نرخی خوریی سکۆتلاند، کاتێک کە بەهۆی یەکگرتنەوە کەوتە ژێر کاریگەریی ئەم یاسایانەوە، دابەزییە نزیکەی نیوەی نرخی پێشووی. نووسەری وردەکار و زانای "یادەوەرییەکانی خوری"، قەشەی ڕێزدار جۆن سمیت، تێبینیی کردووە کە نرخی باشترین خوریی ئینگلیزی لە ئینگلتەرە بەگشتی لەخوار نرخی خراپترین جۆرەکانی خورییە لە بازاڕی ئەمستردام. ئامانجی ڕاگەیەنراوی ئەو یاسایانە بریتی بوو لە دابەزاندنی نرخی ئەم کاڵایە بۆ خوار ئەوەی دەشێ پێی بگوترێ نرخی سروشتی یان گونجاو و، لەوە دەچێ کە بەشێوەیەکی هاشاهەڵنەگر ئەو کاریگەرییەیان هەبووبێ کە لێیان چاوەڕوان دەکرا.

ڕەنگە بۆچوونێکیش هەبێ کە پێی وا بێ ئەم دابەزاندنی نرخە، لەڕێی سستکردنی بەرهەمهێنانی خورییەوە، دەبێ بەڕادەیەکی زۆر بەرهەمی ساڵانەی ئەم کاڵایەی کەم کردبێتەوە، ئەگەرچی داینەبەزاندووەتە خوار ئەوەی پێشتر هەبوو، بەڵام دایبەزاندووەتە خوار ئەوەی لە دۆخی ئێستای شتەکاندا لەوانەبوو هەبێ، ئەگەر بازاڕێکی ئازاد هەبووایە و ڕێگەی گەیشتنی بە نرخی سروشتی و گونجاو بدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، من ناچارم بگەمە ئەو بڕوایەی کە بڕی بەرهەمی ساڵانە، هەرچەندە لەوانەیە کەمێک وا بووبێ، زۆر نەدەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەم یاسایانەوە. بەرهەمهێنانی خوری ئامانجی سەرەکی نییە لەو مەڕەی جووتیار پیشەسازی و ماڵی خۆی تێدا بەگەڕ دەخا. ئەو ئەوەندەی چاوەڕوانی قازانجە لە لاشەی ئاژەڵەکە، ئەوەندە چاوەڕوانی قازانج نییە لە خورییەکەی، هەروەها نرخی ئاسایی یان تێکرای لاشەکە لە گەلێ دۆخدا کورتهێنانی نرخی تێکڕا یان ئاسایی خورییەکەشی بۆ پڕ دەکاتەوە. لە کەرتی پێشووی ئەم کارەدا تێبینی کراوە کە، "هەر یاسایەک مەبەستی بێ نرخی خوری یان پێستەی خاو دابەزێنێتە خوار ئەوەی بەسروشت

دەبێ، لە ناوچەیەکی چاککراو و کشتوکاڵکراودا پێویستە مەیلی بەرزکردنەوەی نرخی گۆشتی هەبێ. نرخی ماڵاتی گەورە و بچووک کاتێ لە زەویی چاککراو و کشتوکاڵکراودا دەلەوەڕێنرێن پێویستە ئەو کرێیەی خاوەن موڵک و، ئەو قازانجەی جووتیار بدا کە لە زەویی چاککراو و کشتوکاڵکراو چاوەڕوانی دەکەن. ئەگەر ئەمە نەبێ، ئەوانیش چی تر نایانلەوەڕێنن. لەبەر ئەوە، هەر بەشێکی ئەم نرخە، ئەگەر لەڕێی خوری و پێستەوە نەدرێ پێویستە لەڕێی لاشەوە بدرێ. چەند نرخی کەمتر بە یەکێکیان بدرێ، دەبێ ئەوەندە نرخی زیاتر بەوەی تریان بدرێ. بەلای خاوەن موڵک و جووتیارەوە جیاوازیی نییە ئەم نرخە بە چ شێوەیەک بەسەر بەشە جیاجیاکانی ئاژەڵەکەدا دابەش دەبێ، بەو مەرجەی هەموو نرخەکە بەوان بدرێ. بۆیە، لە ناوچەیەکی چاککراو و کشتوکاڵکراودا، ئەم جۆرە یاسایانە ناتوانن کاریگەریی زۆریان لەسەر بەرژەوەندی خاوەن موڵک و جووتیارەکان هەبێ، ئەگەرچی بەرژەوەندیان وەک بەکاربەر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی نرخی ئازووخەوە*. لەبەر ئەوە، بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، لەوە ناچێ دابەزینی نرخی خوری، لە هیچ ناوچەیەکی چاککراو و کشتوکاڵکراودا، ببێتە مایەی هیچ کەمکردنەوەیەکی بەرهەمی ساڵانەی ئەو کاڵایە، مەگەر بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی گۆشتی مەڕەوە کەمێک خواست لەسەری دابەزێ و لەئاکامدا بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە گۆشتە کەم بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەرییەکەی، تەنانەت بەم ڕێگەیەش زۆر نابێ.

هەرچەندە کاریگەرییەکەی لەسەر بڕی بەرهەمی ساڵانە لەوانەیە زۆر نەبێ، بەڵام لەوانەیە کاریگەریی لەسەر جۆرایەتی گەلێ زۆر بێ. دابەزینی جۆرایەتیی خوریی ئینگلیزی، ئەگەر بۆ خوار ئەو ئاستە نەبێ کە لە سەردەمانی پێشوودا هەیبوو، بۆ خوار ئەوەیە کە بەسروشت لە دۆخی ئێستای پێشکەوتن و کشتوکاڵدا دەبوو هەیبێ، کە دەکرێ پێشبینی بکرێ ئەم دابەزینە هاوڕێژەی دابەزینی نرخەکەی بێ. جۆرایەتی پشت بە ڕەسەنی ئاژەڵەکە، بە لەوەڕەکەی و، بە پەروەردە و خاوێنیی مەڕەکە، لە تەواوی ماوەی گەشەی خورییەکەدا دەبەستێ، گرینگیدان بەم خاڵانە، وەک پێشبینی دەکرێ، ناشێ زیاتر بێ لەو قەرەبووەی نرخی خورییەکە بۆ کار و خەرجیی ئەو گرینگیدانە دەیکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕوو دەدا کە باشیی خورییەکە بەڕادەیەکی زۆر پەیوەست بێ بە تەندروستی، گەشە و، قەبارەی ئاژەڵەکەوە، هەمان ئەو گرینگیدانەی بە چاککردنی لاشە دەدرێ، لە هەندێ ڕووەوە، بەسە بۆ چاککردنی خورییەکە. دوور لە دابەزینی نرخەکەی، دەگوترێ کە خوریی ئینگلیزی لە ماوەی ئەم سەدەیەدا بەڕادەیەکی زۆر چاکتر بووە. لەوانە بوو، ئەگەر نرخەکەی بەرزتر بووایە ئەو چاکبوونەش زیاتر بووایە. بەڵام نزمیی نرخەکە، ئەگەرچی ئاستەنگ بووە، بەڵام بەتەواوی ڕێگریی لە چاکبوونەکە نەکردووە.

لەبەر ئەوە، لەوە نـاچێ توندیی ئەو یاسـایانە، وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکـرا، کـاری کردبێتە سەر بڕ و جۆری بەرهەمی ساڵانەی خوری (هەرچەندە من پێم وایە کاریگەریی لەسەر جۆر زۆر زیاتر بووە لەوەی لەسەر بڕ هەیبووە). بەرژەوەندی بەرهەمهێنەرانی خوری، ئەگەرچی بەڕادەیەک زیانی پێ گەیشتووە، لەوە دەچێ، ئەگەر بەگشتی وەریگرین، لەوە کەمتر بووە کە چاوەڕوان کرابوو.

بەڵام ئەم ڕاستییانە نابنە پاساو بۆ قەدەخەکردنی ڕەهای هەناردەکردنی خوری. بەڵکو پاسـاون بـۆ سـەپاندنی بـاجێکی گونجـاو بەسـەر ئەو هەنـاردەکردنەدا. زیانگەیانـدن بە بەرژەوەندی هەر توێژێکی خەڵک، تەنیا بۆ برەودان بە بەرژەوەندی توێژێکی تر، بەئاشکرا دژە لەگەڵ دادوەری و مـامەڵەی یەکسـان، کە پێویسـتە سـەروەر بەرامـبەر بە هەمـوو ڕەعـیەتەکەی پیادەیـان بکـا. قەدەخەکـردنەکەش بەدڵنیـاییەوە زیـان بە بەرژەوەنـدی بەرهەمهێنەرانی خوری دەگەیەنێ، تەنیا لەپێناو برەودان بە بەرژەوەندی پیشەسازان.

هەموو توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک پابەندن بە بەشداری لە پشتیوانیکردنی سەروەر یان کۆمۆنوێلت. باجێکی پێنج، یان تەنانەت دە شیلینی لەسەر هەناردەکردنی هەر تۆنێک خـوری داهـاتێکی بـاش بـۆ سـەروەر دابـین دەکـا. ئەمە کەمتـر لە قەدەخەکـردن زیـان بە بەرژەوەندی بەرهەمهێنەران دەگەیەنێ، چونکە نرخی خوری زۆر دانابەزێنێ. سـوودێکی باشـیش بە پیشەسـاز دەگەیەنـێ، چـونکە هەرچەنـدە خـوری بەو نـرخە هەرزانەی کـاتی قەدەخەکـردن نـاکڕێ، بەڵام هێشـتا بەلای کەمەوە بە پێـنج یـان دە شـیلین لە پیشەسـازی بیانی هەرزانتر دەیکڕێ، جگە لەوەی تێچووی باربەری و دڵنیایی بۆ دەمێنێتەوە کە ئەوەی تر دەبێ بیاندا. ئەمە بەدەگمەن داهاتێکی زۆر بۆ سەروەر دەستەبەر دەکا و لەهەمان کاتدا کەمترین زیان بە هەر کەسێکی تر دەگەیەنێ.

قەدەخەکـردن، سـەرباری هەمـوو ئەو سـزایانەی پاسـەوانیی لـێ دەکەن، ڕێـگە لە هەناردەکردنی خوری ناگرێ. ئاشکرایە کە بە بڕی زۆر هەناردە دەکرێ. جیاوازیی زۆری نێـوان نرخـی بـازاڕی نـاوخۆ و نرخـی بـازاڕی دەرەوە هانـدەرە بـۆ بەقاچـاخ بردنـی، بەشـێوەیەک کە هەمـوو توندییەکانی یاسـا نەتـوانن ڕێگەی لـێ بگـرن. ئەم هەنـاردەکردنە نایاساییە جگە لە قاچاخچییەکان بۆ کەس بەسوود نییە. هەناردەکردنێکی یاسـایی کە بـاجی لەسـەر بـێ، لەڕێـی دەسـتەبەرکردنی داهاتێـک بـۆ سـەروەر و، دەسـتەبەرکردنی بـواری سەپاندنی هەندێ باجی تریش، کە ڕەنگە قورستر بن و بێزارکەرتر بن، لەوانەیە بۆ هەمـوو ڕەعیەتی جۆراوجۆری دەوڵەت بەسوودتر بن.

هەناردەکردنی خۆڵی خۆڵی ڕەنگبەر (fuller's earth) یان قوڕی ڕەنگبەر (fuller's clay)، کە بەپێویسـت دەزانـرێ بـۆ ئامـادەکردن و خـاوێنکردنەوەی بەرهەمـی پیشەسـازیی

خوری، ئەویش خراوەتە بەر هەمان سزاکانی سەر هەناردەکردنی خوری. تەنانەت قوڕی قلیانی تووتنیش، ئەگەرچی جیایە لە قوڕی ڕەنگبەر، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوشێوەیەتی و، لەبەر ئەوەی هەندێ جار قوڕی ڕەنگبەر بە قوڕی قلیان هەناردە دەکرێ، هەمان قەدەخەکردن و سزا دەیگرێتەوە.

بە ١٣ و ١٤می چارلزی دووەم، هەناردەکردنی نەک تەنیا پێستەی خاو، بەڵکو پێستەی خۆشەکراویش قەدەخە کرا، جگە لەوەی لەسەر شێوەی پۆتین، پێڵاو یان نەعلە و، یاسا قۆرخکاریی بۆ دروستکەرانی پۆتین و پێڵاوی خۆمان دەستەبەر کرد، نەک دژ بە ئاژەڵداران، بەڵکو دژ بە پێستەچییەکانمانیش. بەپێی یاساکانی دواتر، پێستەچییەکانمان توانییان خۆیان لەو قۆرخکارییە هەڵاوێرد بکەن بەرامبەر بە باجێکی کەمی تەنیا یەک شیلین بۆ هەر تەغارێک پێستەی خۆشەکراو، کە کێشەکەی ١١٢ پاوەنە. هەروەها گێرانەوەیەکی باجیان بەدەست هێنا، بە ڕێژەی دوو سێیەکی باجی سەر کاڵاکەیان تەنانەت لە کاتی هەناردەکردنی بەبێ هیچ پیشەسازییەکی زیاتر لە خۆشەکردن. هەموو بەرهەمە پیشەسازییەکانی پێستە بەبێ باج دەکرا هەناردە بکرێن و، هەناردەکەر، سەرباری ئەوەش، تەواوی ڕەسمەکانی بۆ دەگەڕایەوە. بەڵام ئاژەڵدارەکانمان هێشتا لەژێر باری قۆرخکارییە کۆنەکەدان. ئاژەڵداران بەوەی دوورن لە یەکتر و، بە هەموو کونجێکی وڵاتدا بڵاوەیان لێ کردووە، ناتوانن بەبێ سەختییەکی زۆر گرد ببنەوە و داوای سەپاندنی قۆرخکاری بەسەر هاووڵاتییانی خۆیاندا بکەن، یان داوای هەڵاوێردکردنی خۆیان بکەن لەوەی لەلایەن خەڵکی ترەوە بەسەریاندا سەپێنراوە. هەموو جۆرە پیشەسازەکان، بەهۆی ئەوەی بە ژمارەی زۆر لە هەموو شارێکی گەورەدا کۆ بوونەتەوە، بەئاسانی ئەمانەیان پێ دەکرێ. تەنانەت هەناردەکردنی قۆچی ماڵاتیش قەدەخەیە و، بەم پێیە تەنیا دوو بازرگانیی بێبەهای هۆرنەر و دروستکەری شانە قۆرخکارییەکیان بەدەست هێناوە دژ بە ئاژەڵداران.

کۆت و بەندەکان، چ لەڕێی قەدەخەکردنەوە یان لەڕێی باجەوە، بۆ هەناردەکردنی ئەو کاڵایانەی بەشێوەیەکی بەشەکی، نەک بەتەواوی، کاری پیشەسازییان لەسەر کراوە، بۆ پیشەسازیی پێستە نامۆ نین. تا ئەو کاتەی شتێک مابێ بکرێ بۆ ئەوەی کاڵاکە بۆ بەکارهێنان و بەکاربردنی ڕاستەوخۆ ئامادە بێ، پیشەسازانمان پێیان وایە کە دەبێ خۆیان ئەو شتە بکەن. هەناردەکردنی دەزوو و داوی خوریش قەدەخەیە و هەمان سزاکانی هەناردەکردنی خورییان لەسەرە. تەنانەت هەناردەکردنی کوتاڵی سپیش باجێکی لەسەرە و، خەمچییەکانمان قۆرخکارییەکیان دژ بە کوتاڵفرۆشان بەدەست هێناوە. کوتاڵفرۆشەکانمان توانای ئەوەیان هەبوو دژ بەم قۆرخکارییە بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام زۆربەی

کوتاڵفرۆشـــە ســـەرەکییەکانمان خمچـین. هەنـاردەکردنی بەرگـی کـاتژمێری دەسـتی و کاتژمێری دیوار و پلێتی ناو ئەو کاتژمێرانە قەدەخە کرا. لەوە دەچێ کاتژمێرسازەکانمان پێیان ناخۆش بێ نرخی ئەم پیشەوەرییانە بەهۆی کێبەرکێوە لەسەریان بەرز بکرێ.

هەنـدێ یاسـای کـۆنی ئێـدواردی سـێیەم، هنریـی هەشـتەم و، ئێـدواردی شەشـەم، هەناردەکردنی هەموو کانزایەکیان قەدەخە کردووە. ئەو قەدەخەکردنە تەنیا قورقۆشم و قسدیر ناگرێتەوە، لەوانەیە لەبەر زۆریی ئەم دوو کانزایە بێ. لە کاتێکدا کە هەناردەکردن بەشێکی زۆری بازرگانیی شانشینەکەی لەو ڕۆژگارەدا پێک دەهێنا. بۆ هاندانی بازرگانیی کـان، پێنجەمـی ویلـیەم و مـاری، کـانزای ئاسـن و مـس و زبڵـی کـانزا، ئەگەر لە خـاوی بریتانیایی دروست کرابێ، لەو قەدەخەکردنە هەڵاوێرد کران. دواتر بە نۆیەم و دەیەمی ویلیەمی سێیەم ڕێگە بە هەناردەکردنی هەموو جۆرە شیشێکی مسی بیانی و بریتانیایی درا. هەناردەکردنی مسی زەرد، یان ئەوەی پێی دەگوترێ کانزای تفەنگ، کانزای زەنگ و، کانزای پارە، کە پیشەسازی نەکرابێ تا ئێستا قەدەخەیە. بەرهەمە پیشەسازییەکانی مسی زەرد بە هەموو جۆرێکیانەوە بەبێ باج هەنارده دەکرێن.

هەناردەکردنی کەرەستەکانی پیشەسازی، کە هەموویان قەدەخە نین، لە گەڵێ دۆخدا باجی زۆریان لەسەرە.

بەهەشتەمی جۆرجی یەکەم، باجی سەر هەناردەکردنی هەموو کاڵایەک کە بەرهەم یان بەرهەمی پیشەسازیی بریتانیای مەزن بێ، کە یاساکانی پێشتر باجیان خستبێتە سەری، هەڵگیرا. بەڵام هەڵگرتنی باجەکە ئەم کاڵایانەی نەگرتەوە: شـەب (گـۆگرداتی ئەلەمنیـۆم پۆتاسیۆم)، قورقۆشم، قورقۆشمی خاو، قسدیر، پێستەی خۆشەکراو، زاجی سەوز (جۆرە کریستالێکی سەوزە لە گۆگرداتی ئاسن)، خەڵوون، خوری شیکراوە، کوتاڵی خوریی سپی، لازۆردی کاڵامینتـارس، هەمـوو جـۆرە پێسـتەیەک، کەتیـرە، تـووک یـان خـوریی ئـاژەڵی بچـووک، خـوریی کەروێشـکی کێـوی، هەمـوو جـۆرە تووکێـک، ئەسـپ و، یەکە ئۆکسـیدی قورقۆشم (لە پیشەسـازیی شووشـە و سـیرامیکدا بەکار دێ). ئەگەر ئەم کاڵایانە ئەسپیان لێ دەرکەین، هەموو ئەوانەی تر یان کەرەستەی پیشەسازین، یان بەرهەمی تەواونەکراوی پیشەسـازین (کە دەکرێ بە کەرەسـتە بـۆ پیشەسـازیی زیـاتر دابنـرێن)، یـان کەرەسـتەی بازرگـانین. ئەم یاسـایە، ئەم بابەتـانەی خسـتووەتە ژێـر بـاجە کۆنەکـانەوە کە پێشـتر لەسەریان نەبووە، پشتیوانیی کۆن (old subsidy) و لەسەدا یەک و بۆ دەرەوە.

بەهەمان یاسا، گشت باجەکانی سەر هاوردەکردنی ژمارەیەکی زۆر دەرمانی بیانی بۆ بەکارهێنـانی خمچییـان لادران. لەگەڵ ئەوەشـدا، بـاجێکی دیـاریکراو خـرایە سـەر

هەناردەکردنی هەر یەکێکیان، هەرچەندە لەڕاستیدا باجی زۆر قورس نەبوون. لەوە دەچێ خمچییەکانمان لەو کاتەدا کە پێیان وا بوو بەرژەوەندیان لە هاوردەکردنی ئەو دەرمانانەدایە، بە هەڵاوێردکردنیان لە هەموو باجێک، پێیان وا بوو کە بەرژەوەندیشیان لەوەدایە کە کەمێک ڕێگری لە هەناردەکردنیان بکەن. بەڵام، تەماحکاری کە پێشنیازی ئەم بەشە دیارەی کارامەیی بازرگانیی کرد، زۆر لەوە دەچێ لەم ئامانجەی خۆی تووشی نائومێدیی کردبێ. ئەو وەک پێویستییەک ڕێنوێنیی هاوردەکارانی کرد بۆ ئەوەی وریاتر بن تاوەکو هاوردەکردنەکەیان لەوە زیاتر نەبێ کە بازاڕی ناوخۆیی تێر دەکا. بازاڕی ناوخۆیی لە هەموو کاتەکاندا ئەگەری تێرنەکردنی هەبوو، کاڵاکان لە هەموو کاتەکاندا لەوێ کەمێک گرانتر بوو لەو کاتانەی کە تیایاندا هەناردەکردن بەهەمان شێوەی هاوردەکردن ئازاد بوو.

بەو یاسایەی لەسەروە ئاماژەی بۆ کراوە، بنێشتی سینیگا، یان بنێشتی عارەب، کە یەکێک بوو لە دەرمانە ڕیزبەندکراوەکانی خمچییەتی، دەشێ بەبێ باج هاوردە بکرێ. بەڵام لەڕاستیدا باجێکی پاوەنانەی لەسەر بوو، کە تەنیا سێ پێنسە بۆ هەر تەغارێک لە کاتی هەناردەکردنەوەیاندا. لەو کاتەدا، فەرانسە بازرگانییەکی قۆرخکارانەی هەبوو لەو وڵاتەی کە زۆرترینی ئەم دەرمانە بەرهەم دێنێ، کە دەکەوێتە نزیکی سەنگال. بازاڕی بریتانیاش نەدەکرا بە ئاسانی لەڕێی هاوردەکردنی ڕاستەوخۆوە لە شوێنی بەرهەمهێنانەکەیەوە تێر بکرێ. لەبەر ئەوە، بە ٢٥ـەمینی جۆرجی دووەم، ڕێگە درا بە هاوردەکردنی بنێشتی سینیگا (بەپێچەوانەی ئاراستەی گشتیی یاسای دەریاوانی) لە هەر شوێنێکی ئەورووپاوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەستی یاساکە هاندانی ئەم جۆرە بازرگانییە نەبوو، بۆیە بەپێچەوانەی بنەما گشتییەکانی سیاسەتی بازرگانیی ئینگلتەرە، باجێکی دە شیلینیی بەسەر هاوردەکردنی هەر تەغارێکدا سەپاند و، هیچ بەشێکی ئەم باجە دواتر بەهۆی هەناردەکردنەوەوە نەدەدرایەوە. ئەو شەڕە سەرکەوتووەی لە ساڵی ١٧٥٥دا کۆتایی هات هەمان بازرگانیی قۆرخکارانەی، پێشتر فەرانسە هەیبوو، لەو وڵاتانە بۆ بریتانیای مەزن فەراهەم کرد. هەر کە ئاشتی بەرپا بوو، پیشەسازانمان هەوڵیان دا سوود لەم ئیمتیازە وەرگرن و، قۆرخکارییەک بۆ خۆیان دامەزرێنن دژ بە بەرهەمهێن و هاوردەکارانی ئەم کاڵایە. بە پێنجەمی جۆرجی سێیەم، هەناردەکردنی بنێشتی سینیگا لە ناوچەکانی سەر بە خاوەن شکۆ لە ئەفریقا بۆ بریتانیای مەزن قۆرخ کرا و، هەموو ئەو کۆت و بەندانە، یاسا، دەستبەسەرداگرتن و، سزایانەی بەسەردا سەپێنران کە بەسەر کاڵا ڕیزبەندکراوەکاندا لە کۆلۆنییەکانی بریتانیایی لە ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوادا سەپێنرابوون. لەڕاستیدا، هەناردەکردنیان باجێکی بچووکی

شەش پێنس بۆ هەر تەغارێکیان خرایە سەر، بەڵام هەناردەکردنەوەیان باجی زۆری یەک پاوەن و دە شیلین بۆ یەک تەغاری بەسەردا سەپێنرا. مەبەستی پیشەسازانمان ئەوە بوو کە تەواوی بەرهەمی ئەو وڵاتانە دەبێ بۆ بریتانیای مەزن هاوردە بکرێ و، بۆ ئەوەی کە خۆیان بتوانن بەو نرخەی خۆیان بیکڕن، هیچ بەشێکیشی جارێکی تر هەنارده نەکرێ مەگەر بە خەرجییەک کە ڕێگری لە هەناردەکردن بکا. بەڵام تەماحکاریی ئەوان بەم پێیە، هەر وەک لە گەلێ هەلی تردا، خۆی لە مەبەستەکەی خۆی نائومێد کرد. ئەم باجە زۆرە هاندەرێک بوو بۆ بەقاچاخبردن بەشێوەیەک کە بڕێکی زۆری ئەم کاڵایە لەوانەیە بەدزییەوە بۆ هەموو پیشەسازانی وڵاتانی ئەورووپا هەنارده بکرێ، بەتایبەتی بۆ هۆڵاند، نەک تەنیا لە بریتانیای مەزنەوە، بەڵکو لە ئەفریقاشەوە. بەم پێیە، بە ١٤مینی جۆرجی سێیەم، ئەم باجە لەسەر هەناردەکردن بۆ پێنج شیلین بۆ هەر تەغارێک کەم کرایەوە.

لە کتێبی نرخەکاندا، کە بەگوێرەی پشتیوانیی کۆن کۆ کراونەتەوە، نرخی پێستەی قوندوس بە شەش شیلین و هەشت پێنس خەمڵێنراوە و، پشتیوانی و تێچووەکان، کە پێش ساڵی ١٧٢٢ لەسەر هەناردەکردنی دانراوە گەیشتنە پێنجیەکی نرخەکە، یان شەش پێنس بۆ هەر پێستەیەک، کە هەمووی جگە لە نیوەی پشتیوانییە کۆنەکە تەنیا دوو پێنس دەبێ و، لە کاتی هەناردەکردندا دەگەڕێنرایەوە. ئەم باجەی سەر هاوردەکردنی کەرەستەیەکی ئەوەندە گرینگی پیشەسازی بە باجێکی بەرز دەژمێررا و، لە ساڵی ١٧٢٢دا کەم کرایەوە بۆ دوو شیلین و شەش پێنس کە باجی سەر هاوردەکردنی بۆ شەش پێنس کەم کردەوە و، تەنیا نیوەی لە کاتی هەناردەکردندا دەگەڕێنرایەوە. هەمان ئەو شەڕە سەرکەوتووە بەرهەمهێنترین وڵاتی لەڕووی قوندوسەوە خستە ژێر ڕکێفی بریتانیای مەزن و، لەبەر ئەوەی پێستەی قوندوس لە ناو کاڵا ڕیزبەندکراوەکانە، هاوردەکردنی لە ئەمەریکاوە لە بازاڕی بریتانیای مەزن قەتیس کرا. بازرگانانمان زوو وایان زانی سوود لەو هەلومەرجە وەردەگرن و، لە ساڵی ١٧٦٤دا باجی سەر هاوردەکردنی پێستەی قوندوس کەم کرایەوە بۆ یەک پێنس، بەڵام باجی سەر هەناردەکردنی بۆ حەوت پێنس بۆ هەر پێستەیەک بەرز کرایەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گەڕاندنەوەیەکی باج لە بەرامبەر هاوردەکردنی هەبێ. هەمان ئەو یاسایە باجێکی ١٨ پێنس بۆ پاوەنێکی بەسەر هەناردەکردنی تووکی قوندوس، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە باجی سەر هاوردەکردنی ئەو کاڵایە کاتێک لەلایەن بریتانیاییەکانەوە بە باربەریی بریتانیایی هاوردە دەکرا، لەو کاتەدا باجی سەر هەر پارچەیەکی چوار یان پێنج پێنس بوو.

خەڵووز دەکرێ وەک کەرەستەیەکی پیشەسازی و ئامرازێکی بازرگانی ئەژمار بکرێ. بەو پێیە باجی قورس بەسەر هەناردەکردنیدا سەپێنرا، کە ئێستا (ساڵی ١٧٨٣) زیاتر لە پێنج شیلینە بۆ هەر تۆنێک، یان زیاتر لە ١٥ شیلینە بۆ هەر چاڵدرنێک (پێوانەیەکی قەبارەی وشکە لەنێوان ٣٢ تا ٧٢ بوشڵ دەبێ) بەپێوانەی نیوکاسل، کە لە زۆربەی دۆخەکاندا زیاترە لە بەهای بنەڕەتیی کاڵاکە لە چاڵی خەڵووزدا، یان تەنانەت لە بەندەری باربردن بۆ هەناردەکردندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەناردەکردنی ئامرازی بازرگانی، کە وای پێ دەگوترێ، بەگشتی سنووردار کراوە، نەک لەڕێی باجی زۆرەوە، بەڵکو لەڕێی قەدەخەکردنی ڕەهاوە. بەمەش بە حەوتەم و هەشتەمی ویلیەمی سێیەم، هەناردەکردنی چوارچێوە یان ئامێری چنینی دەسکێش و گۆرەوی قەدەخە کران و سزاکەی تەنیا دەستبەسەرداگرتنی ئەو چوارچێوە و ئامێرانە نەبوو کە هەنارده دەکران، یان هەوڵی هەناردەکردنیان دەدرا، بەڵکو ٤٠ پاوەن و نیو بۆ پاشا وەردەگیرا و ئەوەندەش بۆ ئەو کەسەی زمانی لەو کردەوەیە دەدا یان داوای لەسەر تۆمار دەکرد. بەهەمان شێوە، بە ١٤مینی جۆرجی سێیەم، هەناردەکردنی ئامرازەکانی پیشەسازییەکانی لۆکە، کەتان، خوری و، ئاوریشم بۆ بەشە بیانییەکان قەدەخە کرا و، سزاکەی نەک تەنیا دەستبەسەرداگرتنی ئەو ئامرازانە بوو، بەڵکو ٢٠٠ پاوەنیش بوو لەلایەن ئەو کەسەوە دەدرا کە سەرپێچییەکەی کردووە و، ٢٠٠ی تریش ئەو کەشتیوانە دەیدا کە بەئاگەدارییی خۆی ئەو کەلپەلانە لە کەشتییەکەی بار دەکران.

کاتێک کە ئەم سزا قورسانە بەسەر هەناردەکردنی ئەو ئامرازە جێگیرانەی بازرگانیدا سەپێنران، پێشبینی نەدەکرا ڕێگە بە ئامرازە بزێوەکان، پیشەوەرەکان، بدرێ ئازادانە ئەمسەر و ئەوسەر بکەن. بەو پێیەش، بە پێنجەمی جۆرجی یەکەم، هەر کەسێک بە دەنەدانی پیشەوەرێک، یان هەر پیشەسازێکی بریتانیای مەزن، بۆ چوون بۆ وڵاتێکی بیانی، بۆ ئەوەی پیشەکەی خۆی پیادە بکا یان خەڵکی فێر بکا، تاوانبار بکرایە، ئەگەر جاری یەکەمی بووایە تاوانەیەکی لێ دەسێنرا کە لە ١٠٠ پاوەن زیاتر نەبێ لەگەڵ بەندکردن بۆ ماوەی سێ مانگ یان تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەدا، لە دووەم جاردا تاوانەکەی لەلایەن دادگەوە دەستنیشان دەکرا و ١٢ مانگ و، تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەدا بەند دەکرا. بە ٢٣مینی جۆرجی دووەم، ئەو سزایە لە جاری یەکەم بووە ٥٠٠ پاوەن بۆ هەر پیشەوەرێک و بەندکردنی ١٢ مانگ و، تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەدا، لە جاری دووەمیشدا، تاوانەکە ١٠٠٠ پاوەن و بەندکردنی دوو ساڵ و، تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەدا.

به یەکەمی ئەم دوو یاسایە، ئەگەر بسەلمێنرایە کەسێک هانی پیشەوەرێکی داوە، یان پیشەوەرێک بەڵێنی داوە، بچێتە وڵاتێکی بێگانە بۆ ئەو مەبەستەی ئاماژەی بۆ کرا، ئەو پیشەوەرە دەبێ لەبەردەم دادگە دڵنیایی بدا کە ناچێتە ئەودیوی دەریاوە و، لەوانەبوو بەند بکرێ تا ئەو کاتەی ئەو بەڵێنەی دەدا.

ئەگەر پیشەوەرەکە بچووایەتە ئەودیوی دەریاوە و، لە وڵاتێکی بێگانەدا پیشەکەی خۆی بەرپا بکردایە یان خەڵکی فێر بکردایە، لەلایەن یەکێ لە وەزیران یان ڕاوێژکارانی خاوەن شکۆ لە دەرەوە، یان یەکێک لە ڕازگرەکانی خاوەن شکۆوە ئاگەدار دەکرایەوە کە ئەگەر لە ماوەی شەش مانگ لە دوای ئەو ئاگەدارکردنەوەیەوە نەگەڕێتەوە ئەم شانشینە و، لەو کاتەوە بە بەردەوامی لەوێ نەمێنێتەوە و نیشتەجێ نەبێ، ئەوە لەو کاتەوە لە وەرگرتنی هەر میراتییەک لەم شانشینەدا بێبەش دەبێ و، بۆی نییە ببێتە بەرپرس یان بەڕێوەبەری هیچ کەسێک، یان هیچ زەوییەکی لە شانشینەکەدا هەبێ بە میراتی یان بە وەسیەت یان بە کڕین. هەروەها پاشا دەستی بەسەر هەموو زەوی و کەلپەل و زیندەماڵی ئەودا دەگرت و، وەک بێگانە لە هەموو ڕوویەکەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و، پارێزگاریی پاشای لەسەر هەڵدەگیرا.

پێم وایە کە پێویست ناکا ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی ئەم یاسایە تا چ ئاستێک ئازادیی ئەو تاکە پێشێل دەکا، کە ئێمە پێمان خۆشە زۆر جەخت لەسەر ئەو مافە بکا. بەڵام لەم دۆخەدا بەئاشکرا دەکرێتە قوربانیی بەرژەوەندی پووچی بازرگان و پیشەسازانمان.

پاڵنەری جوانی هەموو ئەم یاسایانە فرەوانکردنی بواری پیشەسازییەکانمانە، نەک بە پێشخستنیان، بەڵکو بە سەرکوتینەوەی پیشەسازییەکانی دراوسێکانمان و، تا بکرێ بە کۆتاییهێنان بە کێبەرکێی بێزارکەری ئەو جۆرە کێبەرکێکەرە بێزراو و نەویستراوانە.

گەورە پیشەسازانمان پێیان وایە کە وا باشە خۆیان کارامەیی گشت هاووڵاتییانی خۆیان قۆرخ بکەن. هەرچەندە لە هەندێ پیشەدا ژمارەی ئەو مەشقکارانەیان سنووردار کردووە کە بۆیان هەیە لە یەک کاتدا مەشق بکەن و، ماوەی درێژی مەشقیان لە هەموو پیشەیەکدا سەپاندووە، وەک هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی شارەزایی لە پیشەکانیاندا لە کەمترین ژمارەدا. ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا پێیان ناخۆشە هیچ بەشێک لەم ژمارە کەمەش بچێتە دەرەوە و بێگانەکان فێر بکا.

بەکاربردن (Consumption) تەنیا ئامانج و کۆتا ئامانجی هەموو بەرهەمێکە. بەرژەوەندی بەرهەمهێنیش دەبێ تەنیا ئەو کاتە بێتە دی کە بەرهەمەکە بۆ بەرژەوەندی بەکاربەر پێویست بێ. ئەم بیرۆکەیە زۆر بەباشی خۆی دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەک کە هەوڵدان بۆ سەلماندنی بێواتە دەبێ. بەڵام لە سیستمی بازرگانیدا، نزیکەی بەردەوام،

بەرژەوەندی بەکاربەر بەقوربانی بەرژەوەندی بەرهەمهێن دەکرێ. لەوەش دەچێ کە لەم سیستمە بەرهەم، نەک بەکاربردن، ئامانجی کۆتایی و مەبەستی هەموو پیشەسازییەک و بازرگانییەک بێ.

لەو کۆت و بەندانەی سەر هاوردەکردنی هەموو کاڵایەکی بیانی، کە کێبەرکێی بەرهەم و پیشەسازیی خۆمان دەکەن، بەئاشکرا بەرژەوەندی بەکاربەر دەکرێتە قوربانی بۆ بەرژەوەندی بەرهەمهێن. ئەمە هەمووی قازانجە بۆ ئەوەی دوایی، کاتێک کە ئەوەی یەکەم ناچار دەکرێ ئەو بەرزبوونەوەی نرخەی ئەم قۆرخکارییە نزیکەی بەردەوام دروستی دەکا، بدا.

ئەو بەخشیشانەی بۆ هەناردەکردنی هەندێ بەرهەمی بەرهەمهێن دەدرێن، بەتەواوی لە قازانجی بەرهەمهێنەکەن. بەکاربەری خۆماڵیش ناچارە، یەکەم، باجی پێویست بۆ دانی ئەو بەخشیشانە بدا و، دووەم، باجی زیاتری پێویست بۆ بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکە لە بازاڕی خۆماڵیدا بدا.

بەهۆی پەیمانی بەناوبانگی بازرگانی لەگەڵ پۆرتوگالدا، کە لەڕێی باجی قورسەوە ڕێگە بە بەکاربەر نادا کاڵایەک، لە وڵاتێکی دراوسێ بکڕێ، کە کەشوهەوای خۆمان بەرهەمی ناهێنێ، بەڵکو ناچاری دەکا ئەو کاڵایە لە وڵاتێکی دوور بکڕێ، هەرچەندە ئەگەر کاڵای وڵاتە دوورەکە لەڕووی جۆرایەتییەوە خراپتر بێ لەوەی وڵاتە نزیکەکە. بەکاربەری ناوخۆیی ناچارە بەم زیانە قایل بێ لەپێناو ئەوەی بەرهەمهێنەکە بتوانێ هەندێ بەرهەمی خۆی بە سوودی زیاتر لەوەی بەبێ ئەمە بەدەستی دێنێ، بۆ وڵاتە دوورەکە هاوردە بکا. هەروەها بەکاربەر ناچارە هەر نرخێکی بەرز بدا بە هەمان بەرهەمەکانی ئەو هەناردەکردنە زۆرەکییە لە بازاڕی ناوخۆدا.

بەڵام لە سیستمی ئەو یاسایانەی بۆ بەڕێوەبردنی کۆڵۆنییەکانمان لە ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوادا داڕێژران، بەرژەوەندی بەکاربەر لە نیشتماندا کرایە قوربانی بەرژەوەندی بەرهەمهێن، بەشێوەیەکی زۆر زیاتر لەوەی لە هەموو یاسا بازرگانییەکانی ترماندا هەبووە. ئیمپراتۆریایەکی مەزن تەنیا لەبەر تاکە ئامانجێک دامەزرا، دروستکردنی گەلێک لە کڕیاران کە ناچارن لە دوکانەکانی بەرهەمهێنە جۆراوجۆرەکانمان هەموو ئەو کاڵایانە بکڕن کە ئەو دوکانانە دەتوانن دابینیان بکەن. لەپێناو ئەو زیادکردنە کەمەی نرخ کە لەوانەیە ئەم قۆرخکارییە پێشکەشی بەرهەمهێنەکانمانی بکا، بەکاربەرانی نیشتمان تەواوی خەرجیی ژیاندن و پاراستنی ئەو ئیمپراتۆریایەیان خرایە ئەستۆ. بۆ ئەم مەبەستە و، تەنیا بۆ ئەم مەبەستە، لەو دوو شەڕەی دواییدا، زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن خەرج کران و قەرزێکی نوێی زیاتر لە ١٧٠ ملیۆن هاتە سەر ئەوانەی لە شەڕەکانی تردا بۆ هەمان مەبەست خەرج کران.

تەنیا سوودی سەر ئەو قەرزانە نەک تەنیا زیاترە لەو قازانجە سەرووئاساییەی کە لەوانەیە پێشان بدرێ کە بەهۆی قۆرخکاریی بازرگانیی کۆلۆنییەوە بەدەست هاتووە، بەڵکو زیاترە لە تەواوی بەهای ئەو بازرگانییە، یان لە تەواوی بەهای ئەو کاڵایانەی وەک تێکڕا ساڵانە هەناردەی کۆلۆنییەکان دەکرێ.

سەخت نییە بزانی داهێنەر و داڕێژەرانی تەواوی ئەم سیستمە بازرگانییە کێ بوون. دەتوانین بەبڕواوە بڵێین ئەو بەکاربەرانە نەبوون، کە بەرژەوەندیەکانیان بەتەواوی پشتگوێ خراون، بەڵکو ئەو بەرهەمهێنانەن کە بەوردی و وریاییەوە چاودێریی بەرژەوەندیەکانیان کراوە و، لەنێو ئەم گرووپەی دواییشدا بازرگان و پیشەسازەکانمان ئەندازیاری سەرەکی بوون. لەو یاسا بازرگانییانەی لەم بەشەدا ئاماژەیان بۆ کرا، بەرژەوەندی پیشەسازانمان زۆر بەباشی لەبەر چاو گیراوە و، بەرژەوەندی هەندێ بەرهەمهێن زیاتر لەوەی بەکاربەران کراونەتە قوربانی ئەوەی پیشەسازەکان.

بەشی نۆیەم
سیستمە کشتوکاڵییەکان، یان سیستمەکانی ئابووریی سیاسی کە بەرهەمی زەوی وەك سەرچاوەی تەنیا یان سەرەکیی داهات و سامانی هەموو وڵاتێك دەخەنە ڕوو

سیستمە کشتوکاڵییەکانی ئابووریی سیاسی پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زۆر نییە وەک ئەوەی پێم وا بوو کە بۆ سیستمی بازرگانی پێویستە.

ئەو سیستمەی بەرهەمی زەوی بە تاقە داهات و سامانی وڵات دەزانێ، ئەوەندەی من بزانم، هەرگیز لەلایەن هیچ گەلێکەوە پیادە نەکراوە و، ئێستا تەنیا لە گفتوگۆکانی نێوان هەندێ پیاوانی خوێندەوار و داهێنەری فرانسەدا باس دەکرێ. بۆیە بێگومان جێی خۆی نییە بە درێژی باسی هەڵەکانی سیستمێک بکەین کە هەرگیز زیانی بە هیچ بەشێکی دنیا نەگەیاندووە و، لەوانەیە هەرگیز ئەوە نەکا. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵ دەدەم، ئەوەندەی بتوانم، بەڕوونی هێڵە سەرەکییەکانی ئەم سیستمە زۆر لێهاتووە بخەمە ڕوو.

بەڕێز کۆلبێر، وەزیرە ناودارەکەی لویسی چواردە، پیاوێکی ڕاستگۆ و مایەی متمانە بوو، خاوەنی پیشەسازیی گەورە و زانیاریی ورد بوو، شارەزایی و توانایەکی زۆری لە وردبینیی تۆمارە گشتییەکاندا هەبوو و، بەکورتی خاوەنی بڕێک توانا بوو کە گونجاو بوون بۆ خستنەڕووی ئامراز و ڕێکخستنی باش بۆ کۆکردنەوە و خەرجکردنی داهاتی گشتی. ئەو وەزیرە بەداخەوە خۆی بە سیستمی بازرگانییەوە پابەند کردبوو، بە سروشت و ناوەڕۆکی سیستمێکی سنووردارکردن و ڕێکخستنەوە و، کە بەدەگمەن نەگونجاوە لەگەڵ پیاوێکی بازرگانی بارگران و کۆڵنەدەر، کە ڕاهاتووە لەگەڵ ڕێکخستنی بەشە جیاجیاکانی فەرمانگە گشتییەکان و، دامەزراندنی پشکنین و زاڵگە بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان بە کەشی گونجاوی خۆیەوە ببەستێتەوە. ئەو هەوڵی دا پیشەسازی و بازرگانیی وڵاتێکی مەزن بەهەمان شێوازی ئەو بەشانەی فەرمانگە گشتییەکان ڕێک بخا. هەروەها لەجیاتی ڕێگەدان بە هەموو کەسێک بۆ ئەوەی بەشێوازی خۆی بکەوێتە دوای بەرژەوەندی خۆیەوە، بە پلانی ئازادەنەی یەکسانی، ئازادی و، دادوەری، ئەو ئیمتیازی سەرووئاسایی بە هەندێ لقی پیشەسازی دا، لە کاتێکدا هەندێکی تریانی خستە ژێر باری ئاستەگی سەرووئاساییەوە. ئەو وەک وەزیرە ئەورووپاییەکانی تر، هانی پیشەسازیی شاری نەدا بەشێوەیەکی زیاتر لەوەی لادێ، بەڵکو بۆ پشتیوانیی پیشەسازیی شاران، ئامادە بوو ئەوەی لادێ کەم و نزم بکاتەوە. لەپێناو هەرزانکردنی ئازووخە بۆ شارنشینان و، بەوەش هاندانی پیشەسازی و بازرگانیی دەرەکی، تەواوی هەناردەکردنی گەنمەشامیی قەدەخە

کرد و، بەوەش تەواوی گوندنشینانی لە بازاڕی دەرەکی بۆ گرینگترین بەشی بەرهەمی پیشەسازییەکەیان دوور خستەوە. ئەم قەدەخەکردنە، لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی لەڕێی باسا خۆجێیە کۆنەکانی فرانسەوە بەسەر گواستنەوەی گەنمەشامیدا لە پارێزگەیەکەوە بۆ پارێزگەیەکی تر سەپێنراون، تا دەگاتە باجە ستەمکار و سووکایەتیپێکەرەکانی بەسەر چێنەراندا لە نزیکەی گشت پارێزگەکاندا سەپێنراون، کشتوکاڵی ئەو وڵاتەیان زۆر سست کرد و ئاستیان دابەزاندە خوار ئەو دۆخەوە کە، بەشێوەیەکی سروشتی، بەهۆی خاکی زۆر بەپیت و کەشی زۆر گونجاوی وڵاتەکەوە، بۆی بەرز دەبووەوە. ئەم دۆخی سستکردن و دابەزاندنی ئاستە، زۆر و کەم، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا هەستی پێ کرا و، گەلێ لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی کران. دەرکەوت کە یەکێک لەو هۆکارانە ئەو یەکەمایەتییەیە کە لەلایەن دامەزراوەکانی بەڕێز کۆلبێرەوە، لەسەر حیسابی پیشەسازیی لادێ بە پیشەسازیی شار دراوە.

پەندەکە دەڵێ ئەگەر دارەکە لەلایەکەوە زۆر چەمایەوە، بۆ ڕاستکردنەوەی پێویستە بەقەد ئەوەی تر بیچەمێنیتەوە. ئەو فەیلەسوفە فرانسەییانەی پێشنیازی ئەو سیستەمەیان کرد کە پیشەسازی وەک تەنیا سەرچاوەی داهات و سامانی هەر وڵاتێک دەخاتە ڕوو، لەوە دەچێ بیرۆکەی ئەم پەندەیان کردووەتە بنەما و، کە لە پلانەکەی بەڕێز کۆلبێرت پیشەسازیی شاران لە بەهای خۆی زیاتری پێ دراوە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بە پیشەسازیی لادێ دراوە، بۆیە لە سیستەمەکەیاندا بەهای کەمتری پێ دراوە.

ئەوان، توێژە جیاجیاکانی خەڵک بەپێی پێشبینیی بەشدارییان لە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵاتدا، دابەش کردە سەر سێ پۆل. پۆلی یەکەم خاوەن زەوییەکانن. پۆلی دووەم، پۆلی چێنەرەکان، جووتیاران و کارگەرانی لادێن، کە شەرەفی ئەوەیان هەیە پۆلە بەرهەمهێنەکە بن. پۆلی سێیەم، پیشەوەران و پیشەساز و بازرگانانن، کە هەوڵ دەدەن شەرمەزاریی ئەوەیان بخەنە ئەستۆ کە بارگرانین و بێبەرن.

پۆلی خاوەن زەوییەکان بەشداری لە بەرهەمی ساڵانەدا دەکەن لەڕێی ئەو خەرجییەی جاروبار بۆ چاکسازیی زەوی دەیکەن، ئەو باڵەخانانەی بنیاتیان دەنێن، ئەو جۆگە و ئاوەڕۆیانەی دروستیان دەکەن و، ئەو چاکسازییانەی تر، یارمەتیی چێنەران دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن، بەهەمان سەرمایە، بەرهەمێکی زۆرتر بێننە کایەوە و لە ئاکامدا کرێیەکی زۆرتر بدەن. ئەو کرێ پێشوەختە، دەکرێ بە سوود یان بە قازانج بژمێررێ بۆ خاوەن زەوییەکە لەبری ئەو خەرجییە یان ئەو سەرمایەیەی ئەو بەم شێوەیە لە چاککردنی زەویدا بەگەڕی خستووە. ئەو جۆرە خەرجییانە لەم سیستەمەدا پێیان دەگوترێ خەرجییەکانی زەوی.(dépenses foncières)

بەشداریی چینەرەکان یان جووتیارەکان لە بەرهەمی ساڵانەدا لەڕێی ئەوەوەیە کە لەم باسایەدا پێی دەگوترێ خەرجییە بنەڕەتییەکان و خەرجییە ساڵانەکان (dépenses primitives et dépenses annuelles)کە بۆ چاندنی زەوی خەرج دەکرێن. خەرجییە بنەڕەتییەکان پێک دێن لە کەرەستەکانی چاندن، ماڵات، بنەتۆو و، بژێویی خێزانی جووتیارەکە، خزمەتکارەکان و، ماڵاتەکە، بەلای کەمەوە بۆ بەشێکی زۆری ساڵی یەکەمی بەدەستهێنانی زەوییەکە، یان تا ئەو کاتەی جووتیارەکە شتێکی لە زەوییەکەوە بۆ دێ. خەرجیی ساڵانە پێک دێ لە بنەتۆو، لە خەرجیی ئامرازەکانی کشتوکاڵکردن و، لە بژێویی ساڵانەی خزمەتکاران و ماڵاتی جووتیار و، بژێویی خێزانەکەشی ئەوەندەی کە بەشێکیان بە کرێکاری کشتوکاڵ بژمێررێن. ئەو بەشەی بەرهەمی زەوی کە دوای دانی موڵکانەی زەوی بۆی دەمێنێتەوە، دەبێ بەش بکا بۆ، یەکەم، پڕکردنەوەی تەواوی خەرجییە بنەڕەتییەکان و قازانجی ئاسایی ماڵ، لەماوەیەکی کورتدا، بەلای کەمەوە لەو ماوەیەی کە زەوییەکەی بەدەستەوەیە و، دووەم، ساڵانە تەواوی خەرجییە ساڵانەکەی بۆ پڕ بکاتەوە، شانبەشانی قازانجی ساڵانەی ماڵەکە. ئەو دوو جۆرە خەرجییە، دوو سەرمایەن کە جووتیار لە کشتوکاڵکردندا بەگەڕیان دەخا، تا ئەو کاتەشی بەڕێکی شانبەشانی قازانجێکی گونجاو بۆی نەگەڕێنەوە، ناتوانێ بەگەڕخستنەکەی بگەیەنێتە ئاستی بەگەڕخستنەکانی تر، بەڵکو لەڕووی بەرژەوەندی خۆیەوە دەبێ بەزووترین کات لێی دوور بکەوێتەوە و بەدوای یەکێکی تردا بگەڕێ. ئەو بەشەی بەرهەمی زەوی کە پێویستە بۆ ئەوەی جووتیار بتوانێ بەردەوامی بە بازرگانییەکەی بدا دەبێ بە سندووقێکی پارەدارکردنی پیرۆز بۆ کشتوکاڵکردن دابنرێ، کە ئەگەر خاوەن موڵک سەرپێچیی کرد، ئەوە بەرهەمی زەوییەکەی خۆی کەم دەکاتەوە و، لە چەند ساڵێکی کەمدا، نەک جووتیارەکە توانای ئەو کرێ سەختەی نامێنێ، بەڵکو توانای ئەو کرێ ئاساییەشی نامێنێ کە بەبێ ئەو پێشێلکارییە بۆ زەوییەکەی وەری دەگرت. ئەو کرێیەی بەشێوەیەکی گونجاو بۆ خاوەن موڵکە زیاتر نییە لەو بەرهەمە پوختەی لە پاش ئەوەی بەتەواوترین شێوە هەموو خەرجییە پێویستییەکانی کە پێشتر بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی تەواو یان گشتی دراون، دەمێنێتەوە. ئەوە بەهۆی کاری چینەرەکانەوەیە کە هەموو ئەم خەرجییە پێویستانە بەزیادەوە دەدرێن و، بەرهەمێکی پوختی لەم جۆرە بەردەست دەخا کە ئەم توێژەی خەڵک لەم سیستەمەدا بەشێوەیەکی ناوازە بە ناوی شکۆمەندانەی توێژی بەرهەمهێن جیا دەکاتەوە. خەرجیی بنەڕەتی و ساڵانەی ئەوان، لەبەر هەمان هۆکار و لەم سیستەمەدا، پێیان دەگوترێ خەرجیی بەرهەمهێن، چونکە سەرباری پڕکردنەوەی بەهای خۆیان دەبنە مایەی بەرهەمهێنانەوەی ساڵانەی ئەم بەرهەمە پوختە.

خەرجیی زەوی، کە ئەمە ناوەکەیانە، یان ئەوەی خاوەن موڵک بۆ چاکسازیی زەوی خەرجی دەکا، لەم سیستمەدا، بە ناوی خەرجیی بەرهەمهێن، ڕێزیان لێ نراوە. تاوەکو تەواوی ئەو خەرجییانە، شانبەشانی قازانجی ئاسایی ماڵەکەی لەڕێی کرێی پێشوەختەی زەوییەکەیەوە بۆی دەگەڕێنەوە، دەبێ ئەو کرێ پێشوەختە بە پیرۆز بزانرێ و مایەی دەستکاری نەبێ، لەلایەن کڵێسا و لەلایەن پاشاوە، هەروەها نابێ نە دەیەکی کڵێسا و نە باجی بخرێنە سەر. ئەگەر نا، لەڕێی هاننەدانی چاککردنی زەوییەوە کڵێسا دەبێتە هۆکاری هاننەدانی زیادبوونی دەیەکەکەی خۆی لە داهاتوودا و پاشا دەبێتە هۆکاری هاننەدانی زیادبوونی باجەکانی خۆی لە داهاتوودا. لەبەر ئەوە لە دۆخی باش ڕێکخراوی شتەکاندا، ئەم خەرجییانەی زەوی سەرەڕای بەرهەمهێنانەوەی خۆیان بەتەواوترین شێوە دوای ماوەیەکی دیاریکراو دەبنە مایەی بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمێکی پوخت، لەم سیستمەدا بە خەرجیی بەرهەمهێن دێنە ژماردن.

لەگەڵ ئەوەشدا، خەرجییەکانی زەوی لەلایەن خاوەن موڵکەوە شانبەشانی خەرجییە بنەڕەتی و ساڵانەکانی جووتیار، تەنیا سێ جۆری خەرجین کە لەم سیستمەدا بە بەرهەمهێن دەژمێررێن. هەموو خەرجییەکانی تر و هەموو توێژەکانی تری خەڵک، تەنانەت ئەوانەشی لە تێگەیشتنی باوی خەڵکدا بە بەرهەمهێنترین دەژمێررێن، لەم شێوە لێکدانەوەیەی شتەکاندا بەتەواوی بە نەزۆک و بێبەرهەم پێشان دەدرێن.

پیشەوەران و پیشەسازان بەشێوەیەکی تایبەت، کە پیشەی ئەوان لە تێگەیشتنی باوی خەڵکدا بەڕادەیەکی زۆر بەهای بەرهەمی خاوی زەوی زیاد دەکا، لەم سیستمەدا وەک توێژێکی نەزۆک و بێبەر لەقەڵەم دەدرێن. دەگوترێ کە کاری ئەوان تەنیا ئەو ماڵە پڕ دەکاتەوە کە بەگەڕیانی خستووە، شانبەشانی قازانجی ئاسایی. کە ماڵ لەو کەرەستە، ئامراز و، هەقدەستە پێک دێ کە لەلایەن بەگەڕخەرەکەیانەوە دابین کراون و، سندووقی پارەدارکردنی بەگەڕخستن و ژیاندنیانە. قازانجەکانیشی سندووقی پارەدارکردنی بژێویی بەگەڕخەرەکەیانە. بەگەڕخەرەکەیان، کە ماڵی کەرەستە، ئامراز و، هەقدەستی پێویست بۆ بەگەڕخستنیان پێ دەدا، بەو شێوەیە ئەوەیان پێ دەدا کە بۆ بژێویی خۆی پێویستە و، ئەو بژێوییە بەگشتی هاوڕێژەی ئەو قازانجەیە کە پێشبینی دەکا لەڕێی نرخی ئیشەکەیانەوە بەدەست بێ. تا ئەو کاتەی نرخەکە ئەو بژێوییەی بۆ پڕ دەکاتەوە کە پێشوەخت بۆ خۆی داویەتی لەگەڵ ئەو کەرەستە و ئامراز و هەقدەستانەی بە کارگەرەکانی داوە، ئاشکرایە کە تەواوی ئەو تێچووەی بۆ نەگەڕاوەتەوە کە داویەتی. لەبەر ئەوە، قازانجەکانی ماڵی پیشەسازی هاوشێوەی موڵکانەی زەوی نین و نابنە ئەو بەرهەمە پوختەی کە دوای پڕکردنەوەی تەواوی خەرجییەکان دەمێنێتەوە. ماڵی جووتیار قازانجێکی بۆ بەرهەم دێنێ وەک ئەوەی پیشەسازە سەرەکییەکە و، بەهەمان شێوە کرێیەک بۆ کەسێکی تر بەرهەم

دێنــێ، کە مـــاڵی پیشەســـازە ســـەرەکییەکە ئەمەیـــان بەرهەم نـــاهێنێ. لەبەر ئەوە، ئەو خەرجییەی بۆ بەگەڕخستن و ژیاندنی پیشەوەران و پیشەسازان دراوە، ئەگەر بتوانین وا بڵێین، هیچ ناکا جگە لە بەردەوامیدان بە بەهاکەی خۆی و، هیچ بەهایەکی نوێ بەرهەم ناهێنێ. بۆیە هەمووی بەسەر یەکەوە خەرجییەکی ڕووتەڵە و بێبەرە. بەپێچەوانەشەوە، ئەو خەرجییەی بۆ بەگەڕخستنی جووتیار و کارگەرانی لادێیە، سەرباری بەردەوامیدان بە بوونی بەهای خۆیان، بەهایەکی نوێ بەرهەم دێنن، کە کرێی خاوەن موڵکە. لەبەر ئەوەش خەرجییەکی بەرهەمهێنە.

ماڵی بازرگانیش بەهەمان شێوەی ماڵی پیشەسازی بێبەر و وشکە. ئەمیش تەنیا بەردەوامـی بە بـوونی بەهـاکەی خـۆی دەدا و هـیچ بەهـایەکی نـوێ بەرهەم نـاهێنێ. قازانجەکانیشـی تەنیـا پڕکـردنەوەی ئەو بژێـوییەن کە بەگەڕخەرەکە پێشـەکی لەو کـاتەی بەگەڕی خستووە، یان تا ئەو کاتەی بۆی دەگەڕێنەوە، بەخۆی داوە. ئەوان تەنیا بەشێکی ئەو خەرجییە دەدەنەوە کە پێویستە بۆ بەگەڕخستنی بدرێن.

هەرگیـز کـاری پیشـەوەران و پیشەسـازان هـیچ بـۆ بەهـای تەواوی بـڕی سـاڵانەی بەرهەمی خاوی زەوی زیاد ناکا. ئەو کارە لەڕاستیدا بەهایەکی زۆر بۆ هەندێ بەشی ئەو بەرهەمە زیاد دەکا. بەڵام لەهەمان کاتدا بەکاربردنی بەشەکانی تر کە دەبێتە هۆکار بۆی، تەواو یەکسانە بەو بەهـایەی بۆ ئەو بەشانەی زیاد کردووە، بۆیە لە هیچ کاتێکدا بەهـای تەواوی بـڕەکە بەهـۆی ئەو کـارەوە کەمتـرین زیـادبوون بەخـۆیەوە نـابینێ. کەسـێک کە خەریکی چنینی دانتێلی جووتێک کڵۆشی ناسکە، بۆ نموونە، هەندێ جار بەهای کەتانێکی یەک پێنسی بۆ ٣٠ پاوەنی ئیستەرلینی بەرز دەکاتەوە. بەڵام هەرچەندە لە یەکەم ڕوانینەوە وا دێتە بەر چاو کە بەهـای ئەو بەرهەمە خـاوەی نـزیکەی ٧٢٠٠ جـار بەرز کـردووەتەوە، ئەو لەڕاستیدا هیچی بۆ بەهـای تەواوی بڕی سـاڵانەی بەرهەمە خـاوەکە زیاد نەکردووە. چنینی ئەو دانتێلە کاری دوو ساڵی ئەوی تێ چووە. ئەو ٣٠ پاوەنەی لە کاتی تەواوبوونی کارەکەدا بەدەستی دێنێ زیاتر نییە لە پڕکردنەوەی ئەو بژێوییەی پێشوەخت لە ماوەی ئەو دوو سـاڵەدا بەردەسـتی خـۆی خسـتووە. ئەو بەهـایەی بە کـاری ڕۆژانە یـان مانگـانە یـان ساڵانە بۆ کەتانەکەی زیاد کردووە زیاتر نییە لەوەی بەکاربردنی خۆی لەو ڕۆژە، مـانگە، یـان سـاڵەدا پڕ دەکـاتەوە. بـۆیە هـیچ کاتێـک، ئەو هـیچ بـۆ بەهـای تەواوی بـڕی سـاڵانەی بەرهەمی خاوی زەوی زیاد ناکا: ئەو بەشـەی ئەو بەرهەمەی ئەو بەردەوام بەکاری دەبا یەکسانە بەو بەهایەی ئەو بەردەوام بەرهەمی دێنێ. هەژاریی زۆری بەشی زۆری ئەوانەی لەم پیشە گرانباییانەدا بەگەڕ خراون لەوانەیە قایلمان بکا بەوەی کە نرخی ئیشـەکەیان لە دۆخە ئاسـاییەکاندا زیـاتر نییە لە بەهـای بژێوییـان. ئەمە پێچەوانەی ئیشـی جووتیـاران و کـارگەرانی لادێـیە. کرێـی خـاوەن موڵـک بەهــایەکە کە لە دۆخە ئاســاییەکاندا بەردەوام

بەرهەمی دێنێ، سەرباری پڕکردنەوەی نزیکەی تەواوی هەموو بەکاربردنەکە، تەواوی ئەو خەرجییەی بۆ بەگەڕخستن و بژێویی هەردوو کارگەران و بەگەڕخەرەکەیان خەرج کراوە.

تەنیا لەڕێی دەستگرتنەوەوە، پیشەوەر و پیشەساز و بازرگان دەتوانن داهات و سامانی کۆمەڵگەکەیان زیاد بکەن، یان وەک ئەوەی لەم سیستەمەدا هەیە، دەتوانن ئەمە لەڕێی دەمگرتنەوەوە بکەن، واتە خۆیان لە بەشێکی ئەو پارەیە بێبەش بکەن کە بۆ بژێویی خۆیان دانراوە. ئەوان ساڵانە هیچ لەو پارەیە بەرهەم ناهێننەوە. مەگەر ساڵانە بەشێکی لێ کۆ بکەنەوە، مەگەر ساڵانە خۆیان لە بەکارهێنانی بەشێکی بێبەش بکەن، ئەگینا داهات و سامانی کۆمەڵگەکەیان هەرگیز بە کەمترین پلە لەڕێی پیشەسازییەکەیانەوە زیاد ناکا. جووتیاران و کارگەرانی لادێ، بەپێچەوانەوە، دەتوانن سوود لە تەواوی ئەو پارەیە وەرگرن کە بۆ بژێوییان دەستنیشان کراوە و، لە هەمان کاتیشدا داهات و سامانی کۆمەڵگەکەشیان زیاد بکەن. پیشەسازییەکەی ئەوان، سەرباری ئەوەی بۆ بژێویی ئەوان تەرخان کراوە، ساڵانە بەرهەمێکی پوخت بەردەست دەخا، کە زیادبوونی دەبێتە مایەی زیادکردنی داهات و سامانی کۆمەڵگەکەیان. بۆیە وڵاتانی وەک فرانسە و ئینگلتەرە، کە بەرادەیەکی زۆر خاوەن زەوی و جووتیاریان هەیە، دەتوانن بەو پیشەسازییە دەوڵەمەند ببن و چێژی لێ وەرگرن. بەپێچەوانەی ئەوانیشەوە، وڵاتانی وەک هۆڵاند و هامبۆرگ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە بازرگان و پیشەوەر و پیشەساز پێک دێن، تەنیا لەڕێی دەستگرتنەوە و دەمگرتنەوەوە دەتوانن دەوڵەمەند ببن. وەک چۆن دۆخی بەرژەوەندی وڵاتان زۆر جیاوازییان لەنێواندا هەیە، بەهەمان شێوە جیاوازی لەنێوان کەسایەتیی خەڵکدا هەیە، لەو وڵاتانەی لە جۆری یەکەمن، سنگفرەوانی و ڕاستگۆیی و خۆشمەحشەری بەسروشت بەشێکن لە کەسایەتیی گشتییان، لەوانەی دووەمدا بەرچاوتەنگی و نزمی و خۆپەرستی، لە هەموو خۆشی و چێژە کۆمەڵایەتییەکان دووریان دەخەنەوە.

توێژی بەرهەمنەهێن، کە توێژی بازرگان و پیشەوەر و پیشەسازانە، لەسەر ئەرکی دوو توێژەکەی تر دەژین و بەگەڕ دەخرێن، توێژی خاوەن زەوییەکان و توێژی جووتیاران. ئەوان کەرەستەی ئیش و پارەی بژێوی بۆ ئەو توێژە دەستەبەر دەکەن، لەڕێی ئەو گەنمەشامی و ماڵاتەوە کە لە کاتی بەگەڕخستنی لەو ئیشەدا بەکاریان دەبەن. خاوەن زەوی و جووتیاران لە کۆتاییدا هەقدەستی هەموو کارگەرانی توێژی بەرهەمنەهێن دەدەن و، قازانجی هەموو بەگەڕخەرانیشیان دەدەن. ئەو کارگەرانە و بەگەڕخەرانیان، لەڕاستیدا خزمەتکاری خاوەن زەوی و جووتیارەکانن. ئەوانە خزمەتکارانێکن کە بەبێ دەرگە ئیش دەکەن، لە کاتێکدا کە خزمەتکاری ئاسایی لە پشتی دەرگەوە ئیش دەکا. بەڵام هەردووکیان، وەکو یەک، لەلایەن هەمان سەردارانەوە بەخێو دەکرێن. کاری هەردوو لایان

بەرهەمنەهێنە. هیچ بۆ بەهای بڕی تەواوی بەرهەمی خاوی زەوی زیاد ناکا. بەڵکو لەجیاتی زیادکردنی بەهای تەواوی بڕەکە، بار و خەرجییەکەی لێ دەردەکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، توێژی بەرهەمنەهێن نەک تەنیا بەسوودە، بەڵکو زۆر بەسوودە بۆ دوو توێژەکەی تر. بەهۆی پیشەی بازرگانان، پیشەوەران و پیشەسازانەوە، خاوەن زەوی و جووتیاران دەتوانن کالای بیانی و بەرهەمی پیشەسازیی وڵاتی خۆیان بکڕن، بەبڕێکی کەمتری کاری خۆیان، کەمتر لەوەی ناچار دەبن بە شڵەژاوی و ناکارامەیی هەوڵی هاوردەکردنی یان هەوڵی دروستکردنی بۆ بەکارهێنانی خۆیان بدەن. بەهۆی توێژی بەرهەمنەهێنەوە، چێنەران لە گەلێ خەم دوور دەخرێنەوە کە کاتێک پێیانەوە سەرقاڵ دەبن لە کشتوکاڵکردنی زەوی دووریان دەخەنەوە. ئەو باڵادەستیی بەرهەمەی بەهۆی ئەم سەرقاڵنەبوونەوە دروست دەبێ، بەشی تەواوی ئەو خەرجییە دەکا کە بەهۆی بژێوی و بەگەڕخستنی توێژە بەهەمنەهێنەکەوە دەکەوێتە سەر خاوەن زەوییەکانەوە یان دەکەوێتە سەر خۆیانەوە. پیشەسازیی بازرگان، پیشەوەر و، پیشەسازان، ئەگەرچی بەسروشت بەتەواوی بەرهەمنەهێنن، بەلام لەم ڕێگەیەوە ناڕاستەوخۆ بەشداری لە زیادکردنی بەرهەمی زەویدا دەکەن. ئەوانە هێزی بەرهەمهێنی کاری بەرهەمهێن زیاد دەکەن، بەوەی ئازادی دەکەن بۆ ئەوەی بەتەواوی خۆی بۆ بەگەڕخستنە دروستەکەی تەرخان ببێ، کە کشتوکاڵکردنی زەوییە. زۆربەی جاریش گاسن لەڕێی کاری دوورترین کەس لە جووتەوە، جووتکردن ئاسانتر و باشتر دەکا.

هەرگیز نابێ بەرژەوەندی خاوەن زەوی و چێنەران بەهیچ جۆرێک ڕێگر بێ لە پیشەسازیی بازرگانان، پیشەوەران و پیشەسازان. چەند ئازادیی ئەم توێژە بەرهەمنەهێنە زۆر بێ، ئەوەندە کێبەرکێ لە بازرگانییە جۆراوجۆرەکانیاندا زۆرتر دەبێ و، دوو توێژەکەی تر کالای بیانی و بەرهەمی پیشەسازیی وڵاتەکەی خۆیان هەرزانتر دەست دەکەوێ.

هەرگیز بەرژەوەندی توێژی بەرهەمنەهێن لە سەرکوتینەوەی بەرژەوەندی دوو توێژەکەی تردا نییە. ئەوە بەرهەمی زیادی زەوییە، یان ئەوەی دوای دەرکردنی بژێویی، یەکەم، چێنەران و دوای ئەوە خاوەن زەوییەکان دەمێنێتەوە، کە دەبێتە مایەی ژیاندن و بەگەڕخستنی توێژی بەرهەمنەهێن. تا ئەو زیادەیە زۆرتر بێ، بژێوی و بەگەڕخستنی ئەم توێژە زیاتر دەبێ. دامەزراندنی دادوەریی تەواو، ئازادیی تەواو و، یەکسانیی تەواو ئەو نهێنییە سادەیە کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەرزترین ئاستی گەشەی هەرسێ توێژەکە مسۆگەر دەکا.

بازرگانان، پیشەوەران و پیشەسازانی وڵاتانی بازرگانی، وەک هۆڵاند و هامبۆرگ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم توێژە بەرهەمنەهێنە پێک دێنن، بەهەمان شێوە لەسەر ئەرکی

خاوەن و چێنەرانی زەوی دەژین و بەگەڕ دەخرێن. تەنیا جیاوازییەک ئەوەیە کە بەشی زۆری خاوەن زەوی و چێنەران لە نەگونجاوترین دووری لەو بازرگانان، پیشەوەران و، پیشەسازانە جێیان کراوەتەوە کە ئەوان کەرەستەی ئیشیان بۆ دابین دەکەن و بژێوییان بۆ دەستەبەر دەکەن- کە دانیشتووانی وڵاتانی ترن و رەعیەتی حکوومەتانی ترن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جۆرە وڵاتە بازرگانییانە نەک تەنیا بەسوودن، بگرە زۆر بەسوودن بۆ دانیشتووانی ئەو وڵاتانەی تر. ئەوان بەشێوەیەک لە شێوەکان جێگەی ئەو بازرگان، پیشەوەر و، پیشەسازانەیان بۆ پڕ دەکەنەوە کە دەبوو لە وڵاتەکەی خۆیاندا هەبن، بەڵام بەهۆی کورتهێنانێک لە سیاسەتدا لە نیشتماندا دەست ناکەون.

هەرگیز بەرژەوەندی ئەو وڵاتە بەزەوییانەدا نییە، ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێ، کە تەگەرە یان کۆسپ بخەنە سەر ڕێی پیشەسازیی ئەو جۆرە وڵاتە بازرگانییانە، لەڕێی سەپاندنی باج بەسەر بازرگانییەکانیاندا، یان بەسەر ئەو کاڵایانەدا کە دەیانخەنە ڕوو. ئەو جۆرە باجانە بە گرانکردنی ئەو کاڵایانە، لەوانەیە تەنیا بەهای بەرهەمی زیادەی زەویی خۆیان دابەزێنێ کە بەهۆیانەوە، یان ئەوەی کە هەمان شتە، بەهۆی نرخەکانیانەوە ئەو کاڵایانە دەکڕێن. ئەو باجانە تەنیا دەبنە مایەی ڕێگرین لە زیادبوونی ئەو بەرهەمە زیادە و، لەئاکامدا ڕێ لە چاککردن و چاندنی زەوییەکەیان دەگرن. بەپێچەوانەشەوە، کاریگەرترین هۆکار بۆ بەرزکردنەوەی بەهای ئەو بەرهەمە زیادە، بۆ هاندانی زیادبوونی و، لەئاکامدا چاککردن و کشتوکاڵکردنی زەوییەکەیان لەوەدا دەبێ کە ڕێگە بە ئازادییەکی تەواوی بازرگانیی ئەو وڵاتە بازرگانانە بدەن.

ئەم ئازادییە تەواوەی بازرگانی تەنانەت دەبێتە کاریگەرترین ڕێگەش بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا ئەو بازرگان، پیشەوەر و، پیشەسازانەیان بخاتە بەر دەست کە لە نیشتماندا پێویستیان پێیانە و، بە باشترین و بەسوودترین شێوە گرینگترین بۆشاییان بۆ پڕ بکەنەوە، کە لەوێ هەستی پێ دەکەن.

زیادبوونی بەردەوامی بەرهەمی زیادی زەوییەکەیان، لە کاتی خۆیدا، سەرمایەیەکی زۆرتر دەخوڵقێنێ، زیاتر لەوەی دەکرێ بە ئاستی ئاسایی قازانجی چاککردن و کشتوکاڵکردنی زەوی بەگەڕ بخرێ. بەشی زیادیشی، بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی بەرەو بەگەڕخستنی پیشەوەران و پیشەسازانی نیشتمان وەرگێڕێ. بەڵام ئەو پیشەوەر و پیشەسازانە، کە لە نیشتماندا کەرەستەی ئیشەکەیان و سندووقی پارەدارکردنی بژێویی خۆیان دەست بکەوێ، لەوانەیە ڕاستەوخۆ و تەنانەت بە هونەر و لێهاتوویی کەمتریشەوە بتوانن بە هەمان هەرزانی هاوشێوەی پیشەوەر و پیشەسازانی ئەو وڵاتە بازرگانانە ئیش بکەن کە دەبێ هەردووکیان لە دوورییەکی زۆرەوە بهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی کورتهێنان لە هونەر و کارامەیی، لەوانەیە بۆ ماوەیەک نەتوانن بەو هەرزانییە ئیش بکەن،

بەڵام کە لە نیشتماندا بازاڕیان دەست بکەوێ، لەوانەیە بتوانن ئیشی خۆیانی تێدا بەهەمان هەرزانیی ئیشی پیشەوەران و پیشەسازانی ئەو وڵاتە بازرگانییانە بفرۆشن کە ناکرێ لەو دووریـیە زۆرەوە بـۆ ئەو بـازاڕە بهێنـرێن و، کە هـونەر و کارامەییـان پـێش کەوتـن، لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن بە هەرزانتر بیانفرۆشن. کەواتە، پیشەوەران و پیشەسازانی ئەو وڵاتە بازرگانییانە ڕاستەوخۆ لە بازاڕی ئەو وڵاتە بەزەوییانەدا کێبەرکێیان لەگەڵدا دەکرێ و، هەر زوو هەرزانفرۆش دەکرێن و بەتەواوی لەو بازاڕە دەردەکرێن. هەرزانیی بەرهەمە پیشەســـازییەکانی ئەو وڵاتە بەزەوییـــانە، بەهـــۆی پێشـــکەوتنی پێبەپێـــی هـــونەر و کارامەییەکانیان، لە کاتی خۆیدا، وا دەکا فرۆشیان بەرفرەوان بێ و بازاڕی ناوخۆیی ڕەت بـدا و، بـۆ چەنـدین بـازاڕی بیـانی ببـرێن، کە لەوێـش بەهەمـان شـێوە وردەوردە گەلـێ بەرهەمی پیشەسازیی وڵاتە بازرگانییەکان وەدەر دەنێن.

ئەم زیادبوونە بەردەوامەی هەردوو بەرهەمی خـاو و بەرهەمـی پیشەسازیی ئەو وڵاتە بەزەوییانە لە کاتی گونجاوی خۆیدا سەرمایەیەکی زیاتر دەخوڵقێنێ لەوەی، کە بە ئاسـتی ئاسایی قازانج، لە کشتوکاڵ یان لە پیشەسازیدا بەگەڕ دەخرێ. ئەم زیادبوونی سـەرمایەیە بەشێوەیەکی سروشتی ڕوو لە بازرگانیی دەرەکی دەکا و، بەگەڕ دەخرێ لە هەناردەکرنی ئەو بەشـانەی بەرهەمـی خـاو و بەرهەمـی پیشەسـازیی وڵاتەکە، کە لە خواسـتی بـازاڕی ناوخۆیی زیادن، بۆ وڵاتانی بیانی. بازرگانەکانی وڵاتی بەزەوی لە هەناردەکردنی بەرهەمی وڵاتەکەی خۆیانـدا هەمـان ئیمتیازیـان بەسـەر بازرگانـانی وڵاتـانی بازرگانیـدا دەبـێ کە پیشەوەران و پیشەسازانیان بەسـەر پیشـەوەر و پیشەسـازانی وڵاتـانی لەم جۆرەیـان هەیە، ئیمتیـازی دەسـتکەوتنی ئەو بـارە و ئەو کۆگە و ئەو ئازووخـانە لە نـاوخۆدا کە ئەوانـی تـر ناچـار بـوون لە دوور بەدوایاندا بگەڕێـن. کەواتە، بە هەبـوونی هـونەر و کـارامەیی کەم لە دەریاوانیدا، ئەوان دەتوانن ئەو بـارانە لە بـازاڕە بیانییەکانـدا بەهەمـان شـێوەی بازرگانـانی وڵاتـانی بازرگـانی بفرۆشـن، بە هـونەر و کـارامەیی یەکسانیشـەوە دەتـوانن بە هەرزانتـر بیانفرۆشن. لەبەر ئەوە زوو دەتوانن کێبەرکێی وڵاتانی بازرگانی بکەن لەم لقەی بازرگانیی دەرەکیدا و، لە کاتی گونجاودا بەتەواوی وەدەریان بنێن.

لەبەر ئەوە، ئەم سیسـتمە ئـازاد و جـوامێرانەیە، بەسـوودترین ئـامرازە کە بەهـۆیەوە وڵاتێکی بەزەوی دەتـوانێ پیشـەوەر، پیشەسـاز و، بازرگـانی خـۆی پەروەردە بکـا تـاوەکو تەواوی ئازادیی بازرگانیی پیشەوەر، پیشەساز و، بازرگانانی هەمـوو وڵاتـانی تـر بەدەسـت بێنن. بەم شێوەیەش بەهای بەرهەمی زیادی زەویی خۆی بەرز دەکاتەوە، کە بەردەوامیـی ئەو زیـادبوونە وردەوردە سـندووقێکی پـارەدارکردن دادەمەزرێنـێ، کە لە کـاتی گونجـاودا وەک پێویسـتییەک هەمـوو ئەو پیشـەوەر، پیشەسـاز و، بازرگـانانەی بەردەسـتن بەدەسـت بێنێ.

کـــاتێکیش کە بەپـــێچەوانەوە، وڵاتێکـــی بەزەوی لەڕێـــی بـــاجی زۆر یـــان لەڕێـــی قەدەخەکردنەوە سەری بازرگانیی وڵاتانی تر دەکوتێتەوە، ئەوە وەک پێویستییەک بە دوو شێوە زیان بە بەرژەوەندی خۆی دەگەیەنێ. یەکەم، بە بەرزکردنەوەی نرخی هەموو کاڵا بیانییەکانی گشت جۆرەکانی پیشەسازی، وەک پێویستییەک بەهـای ڕاستەقینەی بەرهەمی زیادی زەویی خۆی دادەبەزێنێ، کە بەهـۆیەوە یان بەهـۆی نرخەکەیەوە، کە هەمـان شتە، ئەو کـاڵا و بەرهەمە پیشەسـازییە بیانییـانە دەکـڕێ. دووەم، بە دەسـتەبەرکردنی جـۆرە قۆرخکارییەک بۆ بازرگان، پیشـەوەر و، پیشەسـازانی خۆی، ئاستی قازانجی بازرگانی و پیشەسازی هاوڕێژە لەگەڵ قازانجی کشتوکاڵ بەرز دەکاتەوە و، لەئاکامدا یان بەشێک لە سەرمایەی کشتوکاڵ دەکێشێتەوە کە پێشتر لە کشتوکاڵدا بەگەڕ خرابوو، یان ڕێگری لەوە دەکا بەشێکی سەرمایە کە بەبێ ئەو بۆ کشتوکاڵ دەچوو، بۆی بچێ. کەواتە ئەم سیاسـەتە بە دوو ڕێگەی جیـاواز کشـتوکاڵ سسـت دەکا، یەکەم، بە دابەزانـدنی بەهـای ڕاسـتەقینەی بەرهەمەکەی و، بەمەش ئاسـتی قـازانجی کەم دەکـاتەوە و، دووەم، بە بەرزکـردنەوەی ئاستی قازانجی هەموو بەگەڕخستنەکانی تر. کشـتوکاڵ کەمسـوودتر دەبێ و، بازرگانی و پیشەسـازی بەسـوودتر دەبن لەوەی کە بەبێ ئەم سیاسـەتە هەبـوون، هەمـوو کەسـێکیش بەهـۆی بەرژەوەنـدی تـایبەتی خـۆیەوە دنە دەدرێ بـۆ ئەوەی، ئەوەنـدەی پێـی بکـرێ، سەرمایە و پیشەسازیی خۆی لە یەکەم بەگەڕخستنەوە بەرەو ئەوەی تر بگوازێتەوە.

ئەگەرچی لەڕێی ئەم سیاسـەتە سـەرکوتکارەوە، وڵاتێکی بەزەوی دەتوانێ تـا ڕادەیەک خێراتر پیشـەوەر و پیشەسـاز و بازرگانی خۆی پەروەردە بکـا، خێراتر لەوەی کە لەڕێی ئازادیی بازرگانییەوە دەیکرد، کە ئەمەش بابەتێکە گومانی کەمی لەسەر نییە- بەڵام، ئەگەر دەربڕینەکە ڕاسـت بێ، پێشـوەخت پەروەردەیـان بکـا و بەر لەوە خـۆی بەتەواوی بـۆ ئەو دۆخە ئامـادە بـێ. بە پێگەیانـدنی خێـرای جۆرێـک لە پیشەسـازی، سـەری یەکێکـی تـر دەکوتێتەوە کە بەهادارترە. بە پەروەردەکردنی خێرای جۆرێک لە پیشەسازی کە تەنیا ئەو مـاڵە پـڕ دەکـاتەوە کە بەگەڕی دەخـا، لەگەڵ قـازانجی ئاسـاییدا، سـەری جـۆرێکی تـر دەکوتێتەوە کە سەرەڕای پڕکردنەوەی ماڵەکە بەقازانجەوە، بەرهەمێکی پوخت دەستەبەر دەکا، کرێیەک بۆ خاوەن موڵک. لەڕێی هاندانی خێرای ئەو کارەوە کە بەتەواوی نەزۆک و بەرهەمنەهێنە، سەری کاری بەرهەمهێن دەکوتێتەوە.

بەم پێیە، بڕی تەواوی بەرهەمی زەوی بە هەر شێوەیەک لەنێوان ئەو سێ توێژەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە دابەش بکرێ و، بە هەر شێوەیەک کاری توێژی بەرهەمنەهێن لە بەهـای بەکاربردنی خۆی زیاتر پڕ نەکاتەوە، بەبێ ئەوەی لە هـیچ ڕوویەکەوە بەهـای بڕی تەواو زیاتر بکا، بەپێی ئەم سیستمە، لەلایەن بەڕێز کێنەی(Quesnai) ، نووسـەری بەهـرەدار و وردی ئەم سیسـتمەوە، لەڕێـی هەنـدێ شـێوەی ماتمـاتیکییەوە خـراونەتە ڕوو.

شێوەی یەکەم، کە لەڕێی بالاییەوە بەشێوەیەکی ناوازە لەژێر ناوی خشتەی ئابووریدا (Economical Table)جیای دەکاتەوە، ئەو شێوازە دەخاتە ڕوو کە بەهۆیەوە پێشبینیی دابەشکردنەکە لەسایەی تەواوترین ئازادیدا دەکا و بەوەش ئەوپەری گەشەسەندن هەیە- لە دۆخێکدا کە بەرهەمی ساڵانە دەتوانێ زۆرترین بەرهەمی پوخت دابین بکا و، هەموو توێژێک بەشی گونجاوی خۆی لە تەواوی بەرهەمی ساڵانەی بەر دەکەوێ. هەندێ شێوازی لاوەکیش ئەو شێوەیە پێشان دەدەن کە ئەو تیایدا پێشبینیی دابەشکردنەکە لە چەند دۆخێکی جۆراوجۆری ڕێگری و ڕێکخستندا دەکا، کە تیایاندا توێژی خاوەن زەوی یان توێژی بێبەر و بەرهەمنەهێن زیاتر لە توێژی چینەرانیان بەر دەکەوێ و، یەکێک لەو توێژانە، زۆر یان کەم، دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەو بەشەی کە گونجاو وا بوو بۆ ئەم توێژە بەرهەمهێنە بێ. هەر یەکێک لەم جۆرە دەستدرێژییە، هەر پێشێلکارییەک بۆ ئەو دابەشکردنە سروشتییە، کە تەواوترین ئازادی دەستەبەری دەکا، دەبێ بەگوێرەی ئەم سیستمە وەک پێویستییەک، زۆر یان کەم، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک بەها و تەواوی بڕی بەرهەمی ساڵانە کەم بکاتەوە و، دەبێ وەک پێویستییەک ببێتە مایەی وردەوردە پاشەکشەی سامان و داهاتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکە. پاشکشەیەک کە خێراییەکەی بەگوێرەی ئاستی ئەو دەستدرێژییە کەم یان زۆر دەبێ، بەگوێرەی ئاستی پێشێلکاریی دابەشکردنە سروشتییەکەی تەواترین ئازادی دەستەبەری دەکرد. ئەم حیسابانەی دوایی ئاستە جۆراوجۆرەکانی پاشەکشە پێشان دەدەن، کە بەگوێرەی ئەم سیستمە هاوشانی ئاستە جیاجیاکانی پێشێلکاریی ئەو دابەشکردنە سروشتییەن.

لەوە دەچێ هەندێ پزیشکی پێشبینیکەر وای بۆ چووبن کە تەندروستیی لەشی مرۆڤ دەکرێ تەنیا لەڕێی یەک ڕیجیمی وردی سیستمی خۆراک و وەرزشەوە بپارێزرێ، کە بچووکترین پێشێلکاریی ئەو ڕیجیمە دەبێتە مایەی ئاستێک لە نەخۆشی یان تێکچوونی تەندروستی، هاوڕێژە لەگەڵ ئاستی ئەو پێشێلکارییە. بەڵام ئەزموون پێشانی دەدا کە لەشی مرۆڤ زۆربەی جاران تەواوترین دۆخی تەندروستی لەسایەی ژمارەیەکی زۆری ڕیجیمدا دەپارێزێ، تەنانەت لەسایەی ئەوانەشدا کە بەگشتی بۆچوونەکە وایە کە دوورن لەوەی تەواو تەندروستانە بن. بەڵام لەوە دەچێ دۆخی تەندروستی لەشی مرۆڤ، خۆی لەخۆیدا هەندێ پارێزگاریی بنەڕەتیی تێدا هەبێ، کە دەتوانن بە چەندان شێوە ڕێگری بکەن، یان کاریگەرییەکانی خراپترین ڕیجیم ڕاست بکەنەوە. بەڕێز کێنەی، کە خۆی پزیشکە و، پزیشکێکی زۆر دووربینە، لەوە دەچێ بیرۆکەیەکی هاوشێوەی زۆر بەلاوە پەسەند بووبێ کە بەهەمان شێوە بە قەوارەی سیاسییەوە پەیوەستە و، وای بۆ چووە کە تەنیا لەسایەی سیستمێکی وردەوە گەشە دەکا، کە ڕیجیمی ئازادیی تەواو و دادوەریی تەواوە. لەوە دەچێ کە ئەو، ئەوەی لەبەر چاو نەگرتبێ کە لە قەوارەی سیاسیدا هەوڵی

سروشتیی بەردەوامی هەر کەسێک بۆ ئەوەی دۆخی خۆی باشتر بکا، باشترین پارێزەرە کە دەتوانێ بە چەندان شێوە رێگری بکا و، کاریگەرییە خراپەکانی ئابووریی سیاسی راست بکاتەوە. ئەو ئابوورییە سیاسییە، ئەگەرچی بێگومان، زۆر یان کەم رێگرە، بەردەوام ناتوانێ بەتەواوی پێشکەوتنی سروشتیی ولاتێک بەرەو سامان و گەشە بوەستێنێ و، کەمتر دەتوانێ پاشەکشەی پێ بکا. ئەگەر ولاتێک نەتوانێ بەبێ ئازادیی تەواو و دادوەریی تەواو گەشە بکا، ئەوە لە دنیادا یەک ولات نابێ کە بتوانێ گەشە بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە قەبارەی سیاسیدا خۆشبەختانە دانایی سروشتی بوارێکی فرەوانی دروست کردووە بۆ سارێژکردنی گەلێ کاریگەریی خراپی گەمژەیی و نادادیی مرۆڤ، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لەشی مرۆڤ چارەسەری کاریگەرییەکانی تەمبەڵی و زێدەڕۆیی مرۆڤ سارێژ دەکا.

لەوە دەچێ هەڵەی سەرەکیی ئەم سیستمە لەوەدایە کە توێژی پیشەوەران، پیشەسازان و بازرگانان وا پیشان دەدا کە بەتەواوی نەزۆک و بەرهەمنەهێنن. ئەم تێبینییانەی خوارەوە لەوانەیە نەگونجاویی ئەم پیشاندانە روون بکەنەوە.

یەکەم، بەدڵنیاییەوە ئەم توێژە، ساڵانە بەهای بەکاربردنی ساڵانەی خۆی بەرهەم دێنێتەوە و، بەلای کەمەوە بەردەوامی دەدا بە بوونی ئەو ماڵە یان ئەو سەرمایەیەی دەیژیێنێ و بەگەڕی دەخا. تەنیا بەم پێیەش ناوزەدکردنی بە نەزۆک و بەرهەمنەهێن زۆر نەگونجاوە بۆی. ئێمە نابێ بە هاوژینگیرییەک بڵێین بێبەر یان بەرهەمنەهێن ئەگەر هات و تەنیا یەک کوڕ و یەک کچی لێ کەوتەوە بۆ ئەوەی شوێنی باوک و دایکیان پڕ بکەنەوە، ئەگەرچی ژمارەی مرۆڤی زیاد نەکردبێ و تەنیا بەردەوامیی بە جۆرەکە وەک خۆی دابێ. لەڕاستیدا جووتیاران و کارگەرانی لادێ، سەرباری ئەو ماڵەی دەیانژیێنێ و بەگەڕیان دەخا، ساڵانە بەرهەمێکی پوخت بەرهەم دێننەوە، کرێیەک بۆ خاوەن موڵک. وەک هاوژینگیرییەک کە سێ منداڵی لێ بکەوێتەوە، بەرهەمهێنترە لەوەی تەنیا دوو منداڵی خستووەتەوە، بۆیە کاری جووتیار و کارگەرانی لادێ بەدڵنیاییەوە بەرهەمهێنترە لەوەی بازرگانان، پیشەوەران و، پیشەسازان. بەڵام بەرهەمی زۆرتری توێژێک ئەوە ناگەیەنێ کە توێژەکەی تر بێبەر و بەرهەمنەهێنە.

دووەم، لەوە دەچێ کە بەم پێیە، تەواو نەگونجاو بێ پیشەوەران و پیشەسازان و بازرگانان بە یەک چاو لەگەڵ خزمەتکاری ئاسایی سەیر بکرێن. کاری ئەو خزمەتکارە بەردەوامی بە بوونی ئەو سندووقی پارەدارکردنە نادا کە دەیژیێنێ و بەگەڕی دەخا. تەواوی بژێوی و بەگەڕخستنی خزمەتکار لەسەر ئەرکی سەردارەکەیەتی و، ئەو ئیشەی دەیکا بە سروشت خەرجییەکەی پڕ ناکاتەوە. ئەو ئیشەی بریتییە لە خزمەتێک کە بەگشتی لەگەڵ ئەنجامدانیدا لەناو دەچێ و خۆی ناچەسپێنێ یان نانوێنێ لە شێوەی کاڵایەکدا کە بتوانێ جێی بەهای هەقدەست و بژێوییەکەی بگرێتەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، کاری

پیشەوەر، پیشەساز و، بازرگان بەسروشت خۆی دەچەسپێنێ و لە کاڵایەکی شیاوی بازاڕاندندا خۆی دەنوێنێ. بەم پێیەش، لەو بەشەدا کە باسی کاری بەرهەمهێن و کاری بەرهەمنەهێنم کردووە، پیشەوەران، پیشەسازان و، بازرگانانم وەک کارگەری بەرهەمهێن پۆلێن کردووە و، خزمەتکاری ئاساییم وەک کارگەری بێبەر و بەرهەمنەهێن پۆلێن کردووە.

سێیەم، لەوە دەچێ کە گریمانەیەکی نەگونجاو بێ بڵێی کاری پیشەوەر، پیشەساز و، بازرگان داهاتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە زیاد ناکەن. ئەگەرچی دەبێ پێشبینی بکەین، بۆ نموونە، وەک ئەوەی لەم سیستمەدا پێشبینی کراوە، کە بەهای بەکاربردنی ڕۆژانە، مانگانە و، ساڵانەی بەکاربردنی ئەم توێژە تەواو لەگەڵ بەرهەمی ڕۆژانە، مانگانە و، ساڵانەیاندا یەکسانە، بەڵام ئەمە هێشتا ئەوە ناگەیەنێ کە کارەکەی هیچ ناخاتە سەر داهاتی ڕاستەقینە، سەر بەهای ڕاستەقینەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە. بۆ نموونە، پیشەوەرێک کە لە شەش مانگی یەکەمی دوای دروونەدا بایی دە پاوەن ئیش ئەنجام بدا، ئەگەرچی لە هەمان ئەو ماوەیەدا بایی دە پاوەن گەنمەشامی و پێویستیی تر بەکار بەرێ، هێشتا لەڕاستیدا بەهای دە پاوەنی بۆ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە زیاد کردووە. ئەو لە کاتێکدا لە نیو ساڵدا داهاتێکی بایی دە پاوەن لە گەنمەشامی و پێویستیی تر بەکار دەبا، بڕێکی یەکسان بەهای ئیشی بەرهەم هێناوە کە توانای کڕینی بڕێکی یەکسان بە داهاتی نیو ساڵی هەیە، چ بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی تر. کەواتە بەهای ئەوەی بەکار براوە و بەرهەم هێنراوە لە شەش مانگدا یەکسانن، نەک بە دە پاوەن، بەڵکو بە ٢٠ پاوەن. لەڕاستیدا دەکرێ زیاتر لەوەی بایی دە پاوەنە لەم بەهایە لە هیچ ساتەوەختێکدا بوونی نەبێ. بەڵام ئەو گەنمەشامی و پێویستییانەی تر کە بایی دە پاوەنن و ئەو پیشەوەرە بەکاریانی بردووە، ئەگەر لەلایەن سەربازێکەوە یان خزمەتکارێکی ئاساییەوە بەکار ببرایە، بەهای ئەو بەشەی بەرهەمی ساڵانە کە لە کۆتایی شەش مانگەکەدا بوونی دەبێ، دە پاوەن کەمتر دەبوو لەوەی کە بەهۆی کاری پیشەوەرەکەوە هەیە. ئەگەرچی بەهای ئەوەی پیشەوەرەکە بەرهەمی هێناوە، نابێ لە هیچ ساتەوەختێکدا چاوەڕوان بکرێ زیاتر بێ لە بەهای ئەوەی بەکاری دەبا، بەڵام لە هەموو ساتێکدا ئەو بەهای کاڵایانەی بەڕاستی لە بازاڕدا بوونیان هەیە، بەهۆی ئەوەوەی ئەو بەرهەمی دێنێ، زیاترە لەوەی بەبێ ئەو دەبوو.

کاتێک کە خاوەنانی ئەم سیستمە جەخت دەکەن لەوەی بەکاربردنی پیشەوەر، پیشەساز و، بازرگان یەکسانە بە بەهای ئەوەی بەرهەمی دێنن، لەوانەیە مەبەستیان ئەوە بێ کە لە داهاتەکەیان زیاتر نییە، یان ئەو پارەیەی کە بۆ بەکاربردنی ئەوان تەرخان کراوە، یەکسانە بە داهاتەکەیان. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر دەربڕینیان بکردایە و،

تەنیا جەختیان لەوە بکردایە کە داهاتی ئەم توێژە یەکسان بووە لەگەڵ بەهای ئەوەی بەرهەمیان هێناوە، لەوانە بوو یەکسەر بۆ خوێنەر ڕوون بووایەتەوە کە ئەوەی بە سروشت لەم داهاتە گل دراوەتەوە دەبێ وەک پێویستییەک، زۆر یان کەم، سامانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە زیاد بکا. لەبەر ئەوە، بۆ ئەوەی شتێک وەک بەڵگە دروست ببێ، پێویست بوو بەو شێوەیە دەربڕین لە خۆیان بکەن کە کردیان، ئەم بەڵگەیەش هەرچەندە پێشبینیی شتەکان بەو شێوەیە دەکا کە بەڕاستی ئەگەر هەیە وا بن، نابێتە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە.

چوارەم، جووتیاران و کارگەرانی لادێ ناتوانن بەبێ دەستگرتنەوە هیچی تر بۆ داهاتی ڕاستەقینە زیاد بکەن، کە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگەیە، زیاتر لەوەی پیشەوەران، پیشەسازان و، بازرگانان دەتوانن بیکەن. بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری هەر کۆمەڵگەیەک تەنیا بە دوو ڕێگە زیاد دەبێ، یان، یەکەم، بە پێشخستنی هێزی بەرهەمهێنی ئەو کارە سوودبەخشەی بەکردەنی دەیڕێێنی، یان، دووەم، بە زیادکردنی بڕی ئەو کارە.

پێشکەوتن لە هێزە بەرهەمهێنەکانی کاری بەسووددا، پشت دەبەستێ بە، یەکەم، پێشکەوتنی توانای کارگەرەوە و، دووەم، بەو ئامێرانەی ئیشیان پێ دەکا. بەڵام کاری پیشەوەر و پیشەساز، توانای دابەشبوونی زیاتری هەیە و، کاری هەر کارگەرێک بۆ زۆرترین سادەیی لە ئەنجامداندا کەم کراوەتەوە زیاتر لەوەی لە کاری جووتیار و کارگەرانی لادێدا هەیە، بۆیە توانای ئەو هەردوو جۆرە بۆ پێشکەوتن لە ئاستێکی بەرزتردایە. لەبەر ئەمە، لەم ڕووەوە، توێژی چینەران هیچ جۆرە ئیمتیازێکی بەسەر پیشەوەر و پیشەسازانەوە نییە.

زیادبوونی بڕی کاری بەسوودی بەکردەنی بەگەڕ خراو لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەبێ بەتەواوی پشت بە زیادبوونی ئەو سەرمایەیەی بەگەڕی دەخا ببەستێ و، زیادبوونی ئەو سەرمایەیەش دەبێ تەواو یەکسان بێ لەگەڵ بڕی گلدانەوە لە داهات، چ لەلایەن کەسانی دیاریکراوەوە کە بەگەڕخستنی ئەو سەرمایەیە ڕێک دەخەن و ئاراستەی دەکەن و، چ لەلایەن کەسانی ترەوە کە بە قەرز پێیانی دەدەن. ئەگەر پیشەوەران، پیشەسازان و، بازرگانان، وەک ئەوەی پێدەچێ ئەم یاسایە پێشبینیی بکا، بەشێوەیەکی سروشتی زیاتر لە خاوەن زەوی و جووتیاران ڕوویان لە دەستگرتنەوە و گلدانەوە بێ، ئەوە تا ئێرە ئەگەری ئەوە هەیە بڕی کاری بەسوودی بەگەڕ خراو لە کۆمەڵگەکەیاندا زیاتر زیاد بکەن و، لەئاکامدا داهاتی ڕاستەقینە، داهاتی ساڵانەی زەوی و کار، زیاد بکەن.

پێنجەم و کۆتایی، هەرچەندە داهاتی دانیشتووانی هەر وڵاتێک چاوەڕوان دەکرا، وەک ئەوەی ڕەنگە یاساکە پێشبینیی بکا، تەواوی بڕی ئەو بژێوییە لەخۆ بگرێ کە

پیشەسازییەکانیان دەتوانن بۆیانی بەرهەم بێنن، بەڵام تەنانەت بەپێی ئەم پێشبینییەش، داهاتی وڵاتێکی بازرگانی و پیشەسازی، ئەگەر شتەکانی تر یەکسان بن، دەبێ بەردەوام لە داهاتی وڵاتێک زیاتر بێ کە بازرگانی و پیشەسازیی نییە. لەڕێی بازرگانی و پیشەسازییەوە، دەکرێ ساڵانە بڕێکی زۆرتر بژێوی هاوردە بکرێ بۆ وڵاتێکی دیاریکراو، زیاتر لەوەی زەوییەکانی خۆی لە دۆخی کردەنیی کشتوکاڵیدا دەتوانێ دابینی بکا. دانیشتووانی شارێک، هەرچەندە زۆربەی جار هیچ زەوییەکی خۆیان بەدەستەوە نییە، بەڵام بە پیشەسازیی خۆیان بڕێک بەرهەمی خاوی زەویی خەڵکی تر بۆ خۆیان بەکێش دەکەن و، نەک تەنیا کەرەستەی ئیش، بگرە بژێویی خۆشیانی پێ دابین دەکەن. شار بۆ ئەو لادێیەی دراوسێیەتی هاوشێوەی دەوڵەتێک یان وڵاتێکی سەربەخۆیە بۆ دەوڵەت یان وڵاتانی تری سەربەخۆ. هەر بەم شێوەیە هۆڵاند بەشێکی زۆری بژێویی خۆی لە وڵاتانی ترەوە، مالاتی زیندوو لە هۆڵشتاین و یوتلاند و، گەنمەشامی لە نزیکەی هەموو وڵاتانی ئەوروپاوە، بەدەست دێنێ. بڕێکی کەمی بەرهەمی پیشەسازی بڕێکی زۆر بەرهەمی خاو دەکڕێ. لەبەر ئەوە، وڵاتێکی بازرگانی یان پیشەسازی بەشێوەیەکی سروشتی بە بەشێکی کەمی بەرهەمی پیشەسازیی خۆی بڕێکی زۆر بەرهەمی خاوی وڵاتانی تر دەکڕێ، لە کاتێکدا، بەپێچەوانەی ئەمەوە، وڵاتێکی بێ بازرگانی و پیشەسازی بەگشتی ناچارە بە بەشێکی زۆری بەرهەمی خاوی خۆی، بەشێکی زۆر کەمی بەرهەمی پیشەسازیی وڵاتانی تر بکڕێ. یەکێکیان بژێوی و پێویستیی بەشێکی زۆر کەم هەنارده دەکا و بژێوی و پێویستیی ژمارەیەکی زۆر هاوردە دەکا. ئەوەی تر پێویستی و بژێویی ژمارەیەکی زۆر هەنارده دەکا و تەنیا پێویستی و بژێویی ژمارەیەکی زۆر کەم هاوردە دەکا. دانیشتووانی یەکێکیان دەبێ بەردەوام بڕێکی زیاتر بژێوییان لەبەر دەستدا بێ زیاتر لەوەی زەویی خۆیان لە دۆخی کردەنیی کشتوکاڵدا دابینی دەکا. دانیشتووانی ئەوەی تر دەبێ بەردەوام بڕێکی کەمتریان لەبەر دەست هەبێ.

بەڵام ئەم سیستمە، بەهەموو کەموکوڕییەکانیەوە، لەوانەیە نزیکترین مەزەندە بێ لە ڕاستی، کە لەبارەی ئابووریی سیاسییەوە بڵاو کرابێتەوە و، بەو پێیە شایانی ئەوەیە هەر کەسێک کە بیەوێ بەوردی تاوتوێی بنەماکانی ئەو زانستە زۆر گرینگە بکا، لەبەر چاوی بگرێ. هەرچەندە کاری بەگەڕخراو لە زەویدا بە تەنیا کاری بەرهەمهێن دەزانێ، بەڵام ئەو بیرۆکانەی کە دەیانچەسپێنێ زۆر تەنگ و سنووردارن، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێ سامانی گەلان لە سامانە لە بەکاربردن نەهاتووەکانی پارە پێک نایە، بەڵکو لەو کاڵایانەی بەکاربردن پێک دێ کە ساڵانە لەڕێی کاری کۆمەڵگەوە بەرهەم دەهێنرێنەوە و، لەوەشدا کە ئازادیی تەواو وەک تەنیا ڕێگەی کاریگەر پێشان دەدا بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمهێنانەوە ساڵانەیە زۆرترین بێ، لەوە دەچێ ڕێبازەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە تا ئەوپەڕی بەخشندە

و لیبـراڵ بـن. شـوێنکەوتووانی گەلـێ زۆرن و، شـانازی بە ناکۆکییەکـانی دەکەن و، لەوە دەچێ تێگەیشـتبن لەوەی چی لە سـەرووی توانـای تێگەیشـتنی خەڵکی ئاسـاییەوەیە، ئەو ناکۆکییانەی سەبارەت سروشتی بەرهەمنەهێنی کاری پیشەساز لەوە ناچێ بووبنە مـایەی زیـادکردنی هەوادارانـی. ئەوان لە چەنـد سـاڵێکی ڕابـردوودا گرووپێکـی گەورە بـوون لە کۆمـاری فڕانسـەدا بە نـاوی "ئیکۆنۆمیسـتەکان "The Economists-ناسـرابوون. بەدڵنیاییەوە بەرهەمەکانی ئەوان هەندێ خزمەتیان بە وڵاتەکەیان کرد، نەک تەنیا بەوەی گەلێ بابەتیـان کـردە بـابەتی گفتوگـۆی گشـتی کە پێشـتر هەرگیـز بە تێروتەسـەلی بـاس نەکرابوون، بەڵکو بە کـاریگەری خسـتنە سـەر کـارگێڕیی گشـتی لەبـارەی هەندێ بـابەتی بەسـوود بـۆ کشـتوکاڵ. لەئاکـامی دەربـڕین و بۆچوونەکـانی ئەوان بـوو کە کشـتوکاڵ لە فڕانسەدا لە گەلێ ستەم ڕزگاری بوو کە پێشتر پێیانەوە دەیناڵاند. مـاوەی گرێبەسـت، کە دژی هەموو کڕیارێک یان خاوەنێکی داهاتووی زەوی بوو، لە نۆ ساڵەوە بۆ ٢٧ ساڵ درێژ کرایەوە. کۆت و بەندە خۆجێیە کۆنەکانی سـەر گواسـتنەوەی گەنمەشـامی لە پارێزگەیەکی شانشـینەکەوە بـۆ یەکێکـی تـر بەتەواوی هەڵگیـران و، ئـازادیی هەنـاردەکردنی بـۆ هەمـوو وڵاتانی بیانی بووە یاسای گشتیی شانشینەکە لە هەموو دۆخێکی ئاسـاییدا. ئەم گرووپە لە ئیشـەکانی خۆیاندا، کە گەلێ زۆرن و، تەنیا مـامەڵە لەگەڵ ئەوەدا نـاکەن کە شـایانی نـاوی ئـابووریی سیاسـییە، یـان لەگەڵ سروشـت و هۆکارەکـانی سـامانی گەلان، بەڵکـو لەگەڵ هەموو لقێکی سیستمی حکوومەتی مەدەنیدا مامەڵە دەکەن و، لە هەموویاندا بەبێ دوودڵـی و بەبێ جیاوازییەکی بەرچاو شوێنکەوتەی بەڕێز کێنی بـوون. بەم پێیە جیـاوازییەکی کەم هەیە لە بەشـی زۆری بەرهەمەکانیانـدا. دیـارترین و باشـترین بەرهەمـی پەیوەسـت بەم ڕێبازە لە کتێبێکی بچووکدایە بەڕێز میرسـیێ دو لا غیڤییێغ(Mercier de la Riviere) ، کە مـاوەیەک حـاکمی مارتینیک بـوو، نووسـیویەتی بەناونیشـانی "ڕێکخسـتنی سروشـتی و بنەڕەتیـی زانسـتە سیاسـییەکان". سەرسـامیی تەواوی ئەم گرووپە بە سـەردارەکەیان، کە خۆی پیاوێکی زۆر خۆبەکەمزان و سادە بوو، کەمتر نییە لە سەرسامیی هیچ فەیلەسوفێکی کۆن بە دانەری سیستمەکەی. "لەوەتەی دنیا هەیە"، نووسەری بەتوانا و بەڕێز، مـارکیز دو میرابـو (Marquis de Mirabeau) دەڵـێ، "سـێ داهێنـانی مەزن بـوونە بنەمـای جێگیربوونی زانستە سیاسییەکان، دوور لە هەر داهێنانێکی تر کە دەوڵەمەندیانیان کرد و جوانکارییان بۆیان کرد. یەکەمیان، داهێنـانی نووسـینە، کە بەتەنیا ئەو هێزی بە سروشـتی مـرۆڤ بەخشـی بـۆ ئەوەی یاسـاکانی، گرێبەسـتەکانی، تۆمـاری ڕووداوەکـانی و، دۆزینەوەکـانی بەبـێ دەسـتکاری بگـوازێتەوە. دووەمیـان داهێنـانی پـارەیە، کە ئـامرازی پێکەوەبەستنی هەموو پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە شارسـتانییەکانە. سـێیەمیش خشـتەی ئـابوورییە، کە بەرهەمـی دوانەکەی تـرە و، تەواوکەری هەردووکیـانە لەڕێـی تەواوکردنـی

بابەتەکەوە. دۆزینەوەی مەزنی سەردەمی ئێمەیە، بەڵام نەوەکانی داهاتوومان بەرەکەی دەخۆن."

ئابووریی سیاسیی گەلانی ئەورووپای هاوچەرخ زیاتر لایەنداری بەرهەمی پیشەسازی و بازرگانیی دەرەکییە، پیشەسازیی شاران، زیاتر لە کشتوکاڵ، پیشەسازیی لادێ. بۆیە گەلانی تر پلانێکی جیاوازیان پیادە کرد، کە زیاتر لایەنداری کشتوکاڵ بوو نەک پیشەسازی و بازرگانیی دەرەکی.

سیاسەتی چین، کشتوکاڵی لە هەموو بەگەڕخستنێک بەلاوە پەسەندترە. دەڵێن کە لە چین دۆخی کارگەرێک ئەوەندە بالاترە لە دۆخی پیشەوەرێک، بەقەد ئەوەی پیشەوەر لە زۆربەی شوێنانی ئەورووپا بالاترە لەوەی کارگەر. لە چین ئامانجی گەورەی هەر کەسێک ئەوەیە کەمێک زەویی بەدەستەوە هەبێ، چ بە موڵکایەتی یان بە گرێبەستی کرێ. دەشڵێن کە مەرجەکانی گرێبەستی بەکرێدان لەوێ زۆر گونجاون و، تەواو مایەی ئارامین بۆ کرێچییەکان. خەڵکی چین بایەخێکی کەم بە بازرگانیی دەرەکی دەدەن. "بازرگانییە لاتەکەت!" ئەو دەربڕینە بوو کە ماندەرینەکانی (Mandarin) پێکین بەکاریان دەهێنا بۆ باسی بازرگانی لە کاتی قسەکردن لەگەڵ بەڕێز دی لانگ(de Lange) ی نێردەی ڕووسیا. خەڵکی چین خۆیان، لەگەڵ یابان نەبێ، یان بازرگانییەکی دەرەکیی کەم یان هیچ بازرگانییەکی دەرەکی ئەنجام نادەن و، تەنیا یەک یان دوو بەندەری شانشینەکەیان پێشوازی لە کەشتیی گەلانی بیانی دەکەن. لەبەر ئەوە بازرگانیی دەرەکی لە چین بە هەموو شێوەیەک لە تەنگترین بازنەدا قەتیس کراوە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی، ئەگەر ئازادیی زیاتر هەبووایە، چ بۆ کەشتییەکانی خۆیان یان بۆ ئەوانەی گەلانی بێگانە، بە سروشت فرەوان دەبوو.

بەرهەمە پیشەسازییەکان، کە قەبارەیان بچووکە و بەهایەکی زۆریان هەیە، بەو پێیەش خەرجیی گواستنەوەیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر لە خەرجیی گواستنەوەی کەرەستەی خاو کەمتر دەبێ و، لە نزیکەی هەموو وڵاتانیش بڕبڕەی پشتی بازرگانیی دەرەکین. ئەو وڵاتانەی بازرگانییان بەرتەسکترە و کەمتر لە چین بۆ بازرگانی گونجاون، بەگشتی پێویستیان بە پشتیوانیی بازرگانیی دەرەکی هەیە. بەبێ هەبوونی بازاڕێکی بیانیی فرەوان ئەوان ناتوانن بەباشی گەشە بکەن، چ لەو وڵاتانەی پانتاییان کەمە و تەنیا بازاڕێکی ناوخۆیی بەرتەسکی پێ دەستەبەر دەکرێ، یان لەو وڵاتانەی گەیاندن لەنێوان پارێزگە جیاکانیاندا سەختە بەجۆرێک کە ڕێگر بێ لەوەی کالای بەشێکی وڵاتەکە لە تەواوی بازاڕی ناوخۆی وڵاتەکە سوودمەند بێ. نابێ لەبیر بکرێ کە تەواویی پیشەسازی بەتەواوی بە دابەشکردنی کارەوە پشتبەستووە و، وەک پێشتر پیشان درا، ئەو ئاستەی دابەشکردنی کار لە هەر پیشەسازییەک پێی دەگا، لەلایەن فرەوانیی بازاڕەوە ڕێک دەخرێ.

بەڵام فرەوانیی ئیمپراتۆریای چین، ژمارەی زۆری دانیشتووان، هەمەجۆریتیی کەشوهەواکەی و، لە ئاکامی ئەوەدا هەمەجۆریی بەرهەمەکانی پارێزگە جۆراوجۆرەکانی و گەیاندنی ئاسان لەڕێی ئاوەوە لەنێوان زۆربەی زۆریاندا، وایان کردووە بازاڕی ناوخۆیی ئەوەندە فرەوان بێ کە بەشی پشتیوانیی پیشەسازیی زۆر مەزن بکا و، ببێتە مایەی دابەشکردنی زۆری کار. لەوانەیە فرەوانیی بازاڕی ناوخۆیی چین هیچی کەمتر نەبێ لە هەموو بازاڕەکانی ئەوروپا بەیەکەوە. بازرگانییەکی دەرەکیی فرەوانتر، کە بازاڕی بیانیی هەموو دنیا دەخاتە سەر ئەم بازاڕە خۆماڵییە- بەتایبەتی ئەگەر بەشێکی بەرچاوی ئەم بازرگانییە بە کەشتیی چینی ئەنجام بدرێ- لەوانەیە بەدەگمەن لە زیادکردنی زۆری پیشەسازیی چین شکست بێنێ. لەڕێی دەریاوانییەکی فرەوانترەوە، چینییەکان بەشێوەیەکی سروشتی فێری هونەری بەکارهێنان و دروستکردنی هەموو ئەو ماکینە جۆراوجۆرانە دەبن کە لە وڵاتانی تردا بەکار دێن، شانبەشانی پێشکەوتنەکانی تری هونەر و پیشەسازی لە هەموو بەشەکانی دنیا. ئەوان بەپێی پلانی ئێستایان هەلێکی کەمیان بۆ ئەمە هەیە، ئەوەندە نەبێ لەگەڵ یابانیەکاندا هەیانە.

سیاسەتی میسری کۆنیش، سیاسەتی حکوومەتی جینتو (Gentoo) لە هیندستانیش، لەوە دەچێ کشتوکاڵیان لە هەموو بەگەڕخستنەکانی تر پێ پەسەندتر بووبێ.

لە میسری کۆن و هیندستاندا تەواوی خەڵک دابەش کرابوونە سەر تایەفە یان تیرەی جۆراوجۆر، هەر یەکێکیان، لە باوکەوە بۆ کوڕ، بۆ کارێک یان پۆلە کارێکی دیاریکراو تەرخان کرابوون. کوڕی کاهنێک دەبووە کاهن، کوڕی سەربازێک دەبووە سەرباز، کوڕی کارگەرێک دەبووە کارگەر، کوڕی جۆڵایەک دەبووە جۆڵا، کوڕی بەرگدرووێک دەبووە بەرگدروو، هتد. لە هەردوو ئەو وڵاتانەدا تیرەی جووتیاران و کارگەران لە تیرەکانی بازرگان و پیشەسازان پایەدارتر بوون.

حکوومەتی هەردوو وڵات بەشێوەیەکی تایبەت گرینگییان بە بەرژەوەندی کشتوکاڵ دەدا. ئەو ئیشانەی لەلایەن سەروەرانی کۆنی میسرەوە بنیات نرابوون بۆ دابەشکردنی ئاوی نیل لە سەردەمانی کۆندا بەناوبانگ بوون و، پاشماوەی هەندێکیان تا ئێستا بۆ گەشتیاران مایەی سەرسامین. ئیشی هاوشێوە کە لەلایەن سەروەرانی کۆنی هیندستانەوە بنیات نرابوون بۆ دابەشکردنی گونجاوی ئاوی گانگ (Ganges) و چەندان ڕووباری تر، ئەگەرچی ناوبانگیان کەمترە، لەوە دەچێ لە مەزنایەتیدا هاوشێوەیان بن. هەردوو وڵات ئەگەرچی جاروبار تووشی گرانی بوون، بەڵام لەڕووی بەپیتیی زۆرەوە بەناوبانگ بوون. ئەوان هەرچەندە لەڕووی دانیشتووانەوە قەرەباڵغ بوون، لە ساڵانی هاتی ئاساییدا، توانای هەناردەکردنی بڕی زۆری دانەوێڵەیان بۆ وڵاتانی دراوسێ هەبوو.

میسرییە کۆنەکان بەشێوەیەکی ئەفسانەیی خۆیان لە دەریا بەدوور دەگرت و، هاوشێوەی ئاینی جینتو ڕێگەیان بە شوێنکەوتووانیان نەدەدا ئاگر لەسەر ئاو بکەنەوە و، بەو پێیە بۆیان نەبوو هیچ خۆراکێک لەسەر ئاو ئامادە بکەن، بەمەش هەموو گەشتێکی دووری دەریاییان لێ قەدەخە بوو. میسرییەکان و هیندستانییەکان هەردووکیان نزیکەی بەتەواوی پشتیان بە دەریاوانیی گەلانی تر دەبەست بۆ هەناردەکردنی بەرهەمی زیادی خۆیان و، ئەم پشتبەستووییە، کە بازاڕیانی بەرتەسک دەکرد، بووە مایەی هاننەدانی زیادکردنی بەرهەم. هەروەها ڕێگریشی دەکرد لە بەرهەمی پیشەسازی زیاتر لەوەی ڕێگریی لە گرینگترین بەشەکانی بەرهەمی خاوی زەوی دەکرد. یەک تەنیا پێڵاودرووییەک ساڵانە زیاتر لە ۳۰۰ جووت پێڵاو دروست دەکا و، خێزانەکەی لەوانەیە شەش جووت بەکار بێنن. لەبەر ئەوە ئەگەر بەلای کەمەوە پەنجا خێزانی موشتەریی نەبێ، ناتوانێ تەواوی بەرهەمی کارەکەی خۆی لەکۆڵ بکاتەوە. زۆرترین ژمارەی توێژی پیشەوەران، لە وڵاتێکی گەورەدا، بەدەگمەن دەتوانن یەک لە پەنجا یان یەک لە سەدی خێزانەکان بکەنە کڕیاری خۆیان. بەڵام لە وڵاتانی گەورەی وەک فرانسە و ئینگلتەرە، ژمارەی ئەو خەڵکەی لە کشتوکاڵدا کار دەکەن لەلایەن هەندێ نووسەرەوە بە نیوەی و هەندێکی تر بە سێیەکی و، ئەوەندەی من بزانم، هیچیان بە لە پێنجیەکی ژمارەی دانیشتووانی وڵات کەمتریان نەخەملاندووە. بەڵام کە بەرهەمی کشتوکاڵی فرانسە و ئینگلتەرە، بەشی زۆریان، لە ناوخۆدا بەکار براوە، هەر کەسێکیش کە تیایدا کاری کردووە بەپێی ئەم لێکدانەوانە بێ، پێویستی بە کەمێک زیاتر لە یەک، دوو، یان ئەوپەڕی، بە چوار لەو خێزانانە هەیە بۆ ئەوەی تەواوی بەرهەمی کاری خۆیان بەسەردا ساخ بکاتەوە. لەبەر ئەوە کشتوکاڵ دەتوانێ، لەسایەی هاننەدانی بازاڕێکی بەرتەسکدا، لە هەموو پیشەسازییەک زیاتر پشتیوانیی خۆی بکا. لەڕاستیدا، لە هەردوو میسر و هیندستانی کۆندا بەرتەسکیی بازاڕی بیانی بەشێوەیەک لە شێوەکان لەڕێی کۆمەڵی کەشتیوانیی ناوخۆییەوە قەرەبوو دەکرایەوە، کە بە بەسوودترین شێوە تەواوی بازاڕی ناوخۆییان بۆ هەموو بەشێکی بەرهەمی هەموو پارێزگە جیاجیاکانی ئەو وڵاتانە کردبووەوە. فرەوانیی زۆری هیندستانیش وای کردبوو بازاڕی ناوخۆیی زۆر فرەوان بێ و، بەشی پشتیوانیی ژمارەیەکی زۆری پیشەسازیی جۆراوجۆر بکا. بەڵام پانتایی کەمی میسری کۆن، کە هەرگیز بەقەد ئینگلتەرە نەبووە، دەبێ لە هەموو کاتەکاندا بازاڕی ناوخۆیی بەرتەسکتر بکا لەوەی پشتیوانیی هیچ پیشەسازییەکی جۆراوجۆری زۆر بکا. بەو پێیە بەنگال، ئەو پارێزگەیەی هیندستان کە بەگشتی زۆرترین بڕ برنج هەناردە دەکا، بەردەوام شوێنێکی دیار بوو بۆ هەناردەکردنی چەندان جۆری زۆری پیشەسازی زیاتر لە دانەوێڵەکەی خۆی. میسری کۆن، بەپێچەوانەوە، ئەگەرچی هەندێ بەرهەمی پیشەسازیی هەناردە دەکرد،

بەتـایبەتی کەتـانی بـاش، لەگەڵ هەنـدێ کـاڵای تـر، بەردەوام لەڕووی هەنـاردەکردنی دانەوێڵەوە بەناوبانگ بـوو. ئەو بـۆ مـاوەیەکی زۆر سـەرچاوەی دانەوێڵەی ئیمپراتۆریـای رۆمان بوو.

سـەروەرانی چـین و میسـری کـۆن و ئەو شانشـینە جۆراوجـۆرانەی لە سـەردەمانی جیاجیـادا هیندسـتانیان بەسـەردا دابەش دەبـوو، بەردەوام تەواوی یـان زۆرتـرین بەشـی، داهـاتی خۆیـان لە داهـاتی هەندێ بـاجی زەوی یـان موڵکانەی زەوی بەدەسـت دەهێنـا. ئەم باجی زەوییە یان کرێی زەوییە، وەک دەیەکەکە کڵێسـای ئەورووپا، لە رێژەیەکی دیـاریکراو پێک دەهـات، وەک دەگـوترێ، پێنجیەکی بەرهەمـی زەوی بـوو و، یـان لەشـێوەی جـۆر یـان لەشێوەی پارە دەدرا، بەپێی خەمڵاندنێکی دیـاریکراو و، کە لە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێک لەگەڵ گۆڕانی بەرهەمدا دەگۆڕرا. بۆیە سروشـتی بـوو کە سـەروەرانی ئەو وڵاتـانە بەشـێوەیەکی تایبەت گرینگی بە بەرژەوەندیەکانی کشـتوکاڵ بدەن، کە زیادبوون و کەمبوونی سـاڵانەی داهاتی خۆیان ڕاستەوخۆ بە گەشەکردن یان پاشەکشەی ئەوەوە بەند بوو.

سیاسـەتی کۆمـارە کۆنەکـانی گریـک و، ئەوانەی رۆمـا، هەرچەنـدە رێـزی زیاتریـان لە کشـتوکاڵ دەگـرت وەک لە پیشەسـازی و بازرگـانیی دەرەکـی، بەڵام لەوە دەچـێ ئەوانەی دواییان سست کردبێ زیاتر لەوەی مەبەستیان بووبێ هانی ئەوەی یەکەمیان بدەن.

لە گەلێ دەوڵەتی کۆنی گریکدا، بازرگانیی دەرەکی بەتەواوی قەدەغە بوو و، لە گەلێکی تریانـدا بەگەڕخسـتنی پیشـەوەران و پیشەسـازان بە زیـانبەخش بـۆ هێـز و توانـای لەشـی مـرۆڤ دەژمێـررا، لەبەر ئەوەی وایـان دەکـرد مـرۆڤ نەتـوانێ ئەو مەشـقە سـەربازی و جمناسـتیکیانە ئەنجـام بـدا کە هەوڵـی دروسـتکردنی لەشـی بەهێـزی مـرۆڤ دەدەن و، بەم شێوەیە مرۆڤەکە بێکەڵک دەبێ بۆ کاری سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی شەڕ. ئەم جـۆرە پیشـانە وا سـەیر دەکـران کە تەنیـا بـۆ کـۆیلە گونجـاون و، قەدەغە بـوو هاووڵاتییـانی ئازادی دەوڵەت ئەو پیشـانەیان هەبێ. تەنانەت لەو دەوڵەتانەشـی ئەم جـۆرە قەدەغەکردنەیـان تێدا بەرپا نەبـوو، وەک رۆمـا و ئەتینـا، زۆربەی خەڵـک لەو بازرگانییـانە دوور بـوون کە، ئێسـتا بەگشـتی لەلایەن ئاسـتەکانی خـوارەوەی خەڵکی شـارانەوە ئەنجـام دەدرێن. ئەو جـۆرە بازرگانییـانە، لە ئەتینـا و رۆمـا، هەموویـان لەلایەن کۆیلەی خەڵکـانی دەوڵەمەندەوە ئەنجـام دەدران، کە بـۆ بەرژەوەنـدی سـەردارەکانیان ئەو ئیشـانەیان دەکـرد، کە سامان، دەسەڵات و پارێزبەندییان وایان کردبـوو مەحـاڵ بێ هەژارێکی ئازاد بـازاڕ بـۆ ئیشی خۆی بدۆزێتەوە، کاتێک کە کێبەرکێی ئیشـی کۆیلەی دەوڵەمەندەکانی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشـدا، کۆیلەکـان بەدەگمەن داهێنەر بـوون و، هەمـوو گرینگتـرین پێشـکەوتنەکان چ لە ماکینەسازیدا یان لە ڕێکخستن و دابەشکردنی ئیشدا کە کاریان ئاسان و کورت دەکردەوە، لەلایەن خەڵکی ئازادەوە دەدۆزرانەوە. ئەگەر کۆیلەیەک هەر جۆرە چاکسـازییەکی پێشـنیاز

بکردایە، سەردارەکەی زۆر ئارەزووی دەکرد ئەو پێشنیازە وەک پێشنیازێکی تەمبەڵانە و، وەک حەزێک بۆ کەمکردنەوەی کارەکەی لەسەر ئەرکی سەردارەکە، وەرگرێ. کۆیلە داماوەکە لەجیاتی پاداشت، لەوانە بوو سەرکۆنە بکرێ و هەندێ جاریش سزا دەدرا. بۆیە، لەو پیشەسازییانەی لەلایەن کۆیلەوە ئەنجام دەدران، دەبوو بەگشتی کاری زۆرتر بەگەڕ بخرێ بۆ ئەنجامدانی بڕێکی یەکسان لەو ئیشەی کە کەسێکی ئازاد ئەنجامی دەدا. بەو پێیە، دەبوو ئیشی یەکەمیان بەگشتی گرانبایتر بێ لە ئیشی ئەوەی دواییان. ڕێزدار مۆنتیسک (Montesquieu) ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە کانەکانی هەنگاریا هەرچەندە دەوڵەمەندتر نەبوون، بەردەوام بە خەرجییەکی کەمتر ئیشیان دەکرد و، بەوەش قازانجیان زیاتر بوو لە کانەکانی تورکەکانی دراوسێیان. کانە تورکیاییەکان کۆیلە ئیشی تیایاندا دەکرد و، دەست و بازووی ئەو کۆیلانە تەنیا ماکینەگەلێک بوون کە تورکەکان بیریان لە بەگەڕخستنیان دەکردەوە. کانەکانی هەنگارياییەکان خەڵکی ئازاد ئیشیان پێیان دەکرد، کە ماکینەی زۆریان تیایاندا بەگەڕ دەخست بۆ ئاسانکردن و کورتکردنەوەی کارەکەیان. لەو زانیارییە کەمەوە کە لەبارەی نرخی بەرهەمی پیشەسازیی سەردەمانی گریک و ڕۆمانەکان هەن، دەردەکەوێ کە باشترینیان زۆر گران بوون. ئاوریشم بە کێشی خۆی لە زێڕ دەفرۆشرا. لەڕاستیدا، ئەو ئاوریشمە لەو کاتانەدا بەرهەمی پیشەسازیی ئەورووپا نەبوو و، لەبەر ئەوەی هەمووی لە هیندی ڕۆژهەڵاتەوە دەهات، لەوانەیە گواستنەوەی بۆ ئەو ماوە دوورە لەڕوویەکەوە هۆکاری بەرزبوونی نرخەکەی بووبێ. وەک دەگێڕنەوە، ئەو نرخەی خانمێک هەندێ جاران بە پارچەیەک کەتانی زۆر باشی دەدا، بەهەمان شێوە زێدەڕۆیی تێدا هەبووە و، کەتان یان بەرهەمی پیشەسازیی ئەورووپا یان میسر بوو کە دوورترە، بەڵام ئەم نرخە زۆرە دەکرێ تەنیا بۆ خەرجیی زۆری ئەو کارە بگەڕێتەوە کە تیایدا بەگەڕ دەخرا و، خەرجیی ئەو کارەش تەنیا بەهۆی خراپیی ئەو ئامێرانەوە بوو کە بەکاریان دەهێنا. نرخی بەرهەمەکانی خوریش، هەرچەندە گەلێ زۆر نەبوو، لەوە دەچێ زۆر لە نرخی ئێستا بەرزتر بووبێ. پلینی (Pliny) بۆمان دەگێڕێتەوە کە هەندێ کوتاڵ، کە بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕەنگ کرابوون، سەد دیناریان (denarii) تێ دەچوو، یان سێ پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس بۆ هەر پاوەنێک کێش. ئەوانەی تر کە بەشێوەی تر ڕەنگ کرابوون بۆ یەک پاوەن کێش هەزار دیناریان تێ دەچوو، یان ٣٣ پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس. دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە یەک پاوەنی ڕۆمانی تەنیا ١٢ ئۆنسی ئەڤادیپوای (avoirdupois) لەخۆ دەگرت. لەڕاستیدا لەوە دەچێ ئەم نرخە بەرزە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بۆیەکە بگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر لە بنەڕەتدا کوتاڵەکان خۆیان لەوانەی ئێستا گرانتر نەبوونایە، لەوە ناچێ هیچ بۆیەیەکی زۆر گرانبایی ئەوەندە نرخیان بەرز بکاتەوە. جیاوازیی ڕێژە لەنێوان بەهای شتەکانی جوانکاری و پێویستییەکان گەلێ

زۆر دەبێ. ئەو نرخەی تریکلیناریا(Triclinaria) ، کە جۆرە سەرینێکی خورییە یان پشتییەکە بۆ پاڵدانەوە کە لەسەر قەنەفە دادەنرێ، هەمان نووسەر ئاماژەی بۆی کردووە لەوە دەرچووە کە مایەی بڕواپێکردن نەبێ، دەڵێن کە هەندێکیان بایی زیاتر لە ٣٠ هەزار و هەندێکیان بایی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار پاوەن بووە. ئەم نرخە بەرزەش نەگوتراوە کە بەهۆی ڕەنگەردنەوە بووە. لە جلوبەرگی خەڵکی پایەدار، لە هەردوو ڕەگەز لەوە دەچێ جیاوازییەکان زۆر کەمتر بن، دکتۆر ئاربتنۆت (Doctor Arbuthnot) ئاماژە بۆ کاتی کۆنتر لەوانەی ئێستا دەکا و، ئەو جیاوازییە کەمەی لە پەیکەرە کۆنەکاندا دەیبینین، جەخت لە تێبینییەکەی دەکا. ئەو لەمەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە جلوبەرگیان بەگشتی لەوانەی ئێمە هەرزانتر بووە، بەڵام لەوە ناچێ ئەو ئەنجامە هیچی بەدوادا هاتبێ. کاتێک کە جلوبەرگ زۆر گران بێ، دەبێ جۆرەکانی کەم بن. بەڵام کاتێ بەهۆی چاکسازی لە هێزە بەرهەمهێنەکانی هونەری پیشەسازیدا، خەرجیی هەر جۆرە پۆشاکێک زۆر گونجاو دەبێ، ئەوە بە سروشت جۆرەکانی زۆر دەبن. کاتێکیش دەوڵەمەندەکان ناتوانن لەڕێی جلوبەرگەوە خۆیان جیا بکەنەوە، بەسروشت هەوڵ دەدەن ئەمە لەڕێی زۆری و هەمەجۆریی جلوبەرگەوە بکەن.

گەورەترین و گرینگترین لقی بازرگانیی هەر وڵاتێک، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، ئەوەیە کە لەنێوان شارنشینان و لادێنشیناندا ئەنجام دەدرێ. شارنشینان لە لادێوە ئەو بەرهەمە خاوانە بەدەست دێنن کە کەرەستەن بۆ ئیشەکانیان و بابەتی بژێوین بۆ خۆیان و، لەبەرامبەر ئەو بەرهەمە خاوەدا ڕێژەیەکی دیاریکراوی بەرهەمی پیشەسازی و ئامادە بۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ بۆ لادێ دەنێرن. ئەو بازرگانییەی نێوان ئەم دوو پۆلە جیاوازەی خەڵک لە کۆتاییدا لە بڕێکی دیاریکراوی بەرهەمی خاو پێک دێ کە بە بڕێکی دیاریکراو بەرهەمی پیشەسازی دەگۆڕڕێتەوە. ئەمەی دوایی چەند گران بێ ئەوەی پێشوو هەرزان دەبێ و، هەر شتێک نرخی بەرهەمی پیشەسازی بەرز بکاتەوە نرخی بەرهەمی خاوی زەوی کەم دەکاتەوە و، بەمەش کشتوکاڵ سست دەکا. چەند بڕی ئەو بەرهەمە پیشەسازییەی بە بڕێکی بەرهەمی خاو، یان بە نرخی ئەو بەرهەمە خاوە، دەگۆڕڕێتەوە کەم بێ، بەهای ئاڵوگۆڕپێکردنی ئەو بڕەی بەرهەمە خاوە کەم دەبێتەوە، هاندان بۆ خاوەن موڵک بۆ ئەوەی بڕەکەی لەڕێی چاکسازیی زەوی، یان هاندان بۆ جووتیار بۆ ئەوەی لەڕێی کشتوکاڵەوە زیادی بکا، کەم دەبێتەوە. هەروەها هەر شتێک لە هەر وڵاتێکدا ژمارەی پیشەوەران و پیشەسازان کەم بکاتەوە، بازاڕی ناوخۆیی بچووک دەکاتەوە، کە گرینگترین بازاڕی بەرهەمی خاوە و، بەمەش زیاتر کشتوکاڵ سست دەکا.

لەبەر ئەوە، ئەو سیستەمانە کە کشتوکاڵیان بەلاوە پەسەندترە لە هەموو بەگەڕخستنەکانی تر، بۆ ئەوەی کشتوکاڵ بەهێز بکەن، کۆت و بەند بەسەر

پیشەسازییەکان و بازرگانیی دەرەکیدا دەسەپێنن و، تا کۆتایی دژ بە ئامانجەکەی خۆیان دەجووڵێنەوە و، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە پیشەیە سست دەکەن کە مەبەستیانە بەهێزی بکەن. ئەوان تەنانەت لە سیستمی بازرگانیشدا زیاتر دژ بەو ئامانجەن. ئەو سیستمە، بە هاندانی پیشەسازی و بازرگانیی دەرەکی زیاتر لە هاندانی کشتوکاڵ، بەشێکی دیاریکراوی سەرمایەی کۆمەڵگە لە پشتیوانیی جۆرە پیشەسازییەکی بەسوودترەوە بەرەو پشتیوانیی پیشەسازییەکی کەمسوودتر دەبا. بەڵام هێشتا بەڕاستی و لە کۆتاییدا هانی ئەو جۆرە پیشەسازییە دەدا کە مەبەستیەتی. ئەو سیستمە کشتوکاڵییانە، بەپێچەوانەوە، بەڕاستی و لە کۆتاییدا ئەو پیشەسازییەی بەلایانەوە پەسەندە سست دەکەن.

بەم شێوەیە هەموو سیستمێک کە هەوڵ دەدا لەڕێی هاندانی سەرووئاساییەوە بەشێکی زیاتری سەرمایەی کۆمەڵگە، زیاتر لە ئاستی سروشتی، بەرەو جۆرە پیشەسازییەکی دیاریکراو ئاراستە بکا، یان لەڕێی کۆت و بەندی سەرووئاساییەوە بەشێکی ئەو سەرمایەیە لە پیشەسازییەکی دیاریکراو بکێشێتەوە کە بە سروشت تیایدا بەگەڕ دەخرا، لەڕاستیدا دژایەتیی ئەو ئامانجە مەزنە دەکا کە مەبەستیەتی پێشی بخا. ئەو لەجیاتی ئەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەرەو دەوڵەمەندی و مەزنایەتیی ڕاستەقینە خێرا بکا پاشەکشەی پێ دەکا و، لەجیاتی بەهای ڕاستەقینەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کار زیاد بکا، کەمی دەکاتەوە.

هەموو سیستمەکانی هاندان یان ڕێگری، بەم شێوەیە، بەتەواوی سیستمی ڕوون و سادەی ئازادیی سروشتی بەلاوە دەنێن. هەموو کەسێک، ئەوەندەی یاساکانی دادوەری پێشێل نەکا، تەواو ئازادە لەوەی بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ بەدوای بەرژەوەندی خۆیەوە بێ و، پیشەسازی و سەرمایەی خۆی بخاتە کێبەرکێ لەگەڵ ئەوانەی کەسانی تر. سەروەر، لە کاتی هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەوەی بەردەوام تووشی وەهمی دەکا و، ئەنجامدانی گونجاوی ئەوەی ژیری یان زانایی هیچ مرۆڤێک ناتوانێ ئەنجامی بدا، بەتەواوی لە ئەرکی خۆی دادەماڵرێ، ئەرکی سەرپەرشتیی پیشەسازیی خەڵکی ئاسایی و ئاراستەکردنی بەرەو بەگەڕخستنی گونجاوتر بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە. بەپێی سیستمی ئازادیی سروشتی، سەروەر تەنیا سێ ئەرکی هەیە جێبەجێیان بکا، لەڕاستیدا سێ ئەرکی زۆر گرینگ بەڵام ڕوون بۆ تێگەیشتنی گشتی: یەکەم، ئەرکی پاراستنی کۆمەڵگە لە توندوتیژی و هێرشی کۆمەڵگە سەربەخۆکانی تر، دووەم، ئەرکی پاراستنی، تا ئەوپەڕی توانا، هەموو تاکێکی کۆمەڵگە لە نادادوەری و سەرکوتینەوەی هەر ئەندامێکی تری ئەو کۆمەڵگەیە، یان ئەرکی دامەزراندنی کارگێڕییەکی ڕاستەقینەی دادوەری و، سێیەم، ئەرکی دامەزراندن و هێشتنەوەی ئیشی گشتیی دیاریکراو و دامەزراوەی گشتیی دیاریکراو کە هەرگیز نابێ دامەزراندن و درێژەپێدانیان تەنیا لە بەرژەوەندی تاکێک یان ژمارەیەکی

کەمی تاکەکان بێ. چونکە قازانجەکەیان هەرگیز ناتوانێ ئەو خەرجییە بۆ ئەو تاکە یان ئەو تاکانە بگەڕێنێتەوە، ئەگەرچی لەوانەیە زۆر زیاتر لە دانەوەیان پێشکەش بە کۆمەڵگە بکا.

ئەنجامدانی گونجاوی ئەم ئەرکانەی سەروەر وەک پێویستییەک خەرجییەکی دەوێ و، ئەو خەرجییەش لەلای خۆیەوە وەک پێویستی داهاتێکی دەوێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی بکا. لەبەر ئەوە، لە کتێبی داهاتوودا هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە: یەکەم، خەرجییە پێویستەکانی سەروەر یان کۆمۆنوێڵت کامانەن و، کامیان دەبێ بە بەشداریی گشتیی هەموو کۆمەڵگە بدرێ و، کامیان بە بەشداریی بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بدرێ، یان لەلایەن هەندێ ئەندامی دیاریکراوی کۆمەڵگەوە بدرێ، دووەم، ئەو ئامرازە جۆراوجۆرانە کامانەن کە هەموو کۆمەڵگە بەشدار دەکەن لە دابینکردنی ئەو خەرجییانەی پێویستە هەموو کۆمەڵگە بیاندا و، سوود و زیانەکانی هەر یەکێک لەو ئامرازانە چییە و، سێیەم، ئەو هۆ و هۆکارانە چین کە هانی نزیکەی هەموو حکوومەتەکانی سەردەمیان داوە بۆ ئەوەی بەشێک لەم داهاتە بەبارمتە بگرن، یان قەرز بکەن و، کاریگەریی ئەم قەرزانە لەسەر سامانی ڕاستەقینە، بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە، چی بوون. لەبەر ئەمە، ئەم کتێبەی دادێ بەشێوەیەکی سروشتی بۆ سێ بەش دابەش دەبێ.

کتێبی پێنجەم
داهاتی سەروەر یان کۆمۆنوێڵت

بەشی یەکەم
خەرجییەکانی سەروەر یان کۆمۆنوێلت

کەرتی یەکەم: خەرجیی بەرگری

یەکەمین ئەرکی سەروەر، کە پاراستنی کۆمەڵگەیە لە دەستدرێژی و هێرشی کۆمەڵگە سەربەخۆکانی تر، تەنیا لەڕێی هێزێکی سوپاییەوە ئەنجام دەدرێ. بەڵام هەردوو خەرجیی ئامادەکردنی ئەو سوپایە لە کاتی ئاشتی و، بەکارهێنانی لە کاتی شەڕدا، لە دۆخە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا و، لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی پێشکەوتندا، زۆر جیاوازن. لەنێو گەلانی ڕاوچیدا، کە نزمترین و کێویترین دۆخی کۆمەڵگەیە، وەک ئەوەی بینیمان لەنێو خێڵە ڕەسەنەکانی باکوری ئەمەریکا، هەر پیاوێک چەند ڕاوچییە ئەوەندە شەڕوانە. کاتێک کە بۆ شەڕ دەچێ، چ بۆ بەرگری بێ لە کۆمەڵگەکەی یان بۆ تۆڵەی ئەو زیانانە بێ کە کۆمەڵگەیەکی تر بەکۆمەڵگەکەی ئەوی گەیاندوون، ئەو لەڕێی کاری خۆیەوە، وەک ئەو کاتانەی لە ماڵەوەیە، خۆی بەڕێوە دەبا. کۆمەڵگەکەشی، کە لەو دۆخەدا وەک پێویست سەروەری نییە و کۆمۆنوێڵتیش نییە، هیچ جۆرە خەرجییەکی ناکەوێتە سەر، نە بۆ ئامادەکردنی بۆ مەیدانی شەڕ و نە بۆ بەڕێوەبردنی لەو کاتەی لە مەیدانی شەڕدایە.

لەنێو کۆمەڵگەی شوانکارەدا، کە دۆخێکی پێشکەوتووتری کۆمەڵگەیە، وەک ئەوەی لەنێو تاتار و عارەبەکاندا بینیومانە، بەهەمان شێوە هەموو پیاوێک شەڕوانێکە. ئەو جۆرە گەلانە بە گشتی نشینگەی جێگیریان نییە، بەڵکو یان لە ڕەشماڵ یان لە جۆرە عارەبانەیەکی داپۆشراودا، کە گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئاسانە، ژیان بەسەر دەبەن. تەواوی خێڵ یان گەلەکە بەپێی وەرزەکانی ساڵ و هەلومەرجی تر شوێنی خۆیان دەگۆڕن. کاتێک ڕانەمەڕ و گاڕانەکانیان لەوەڕی بەشێکی وڵاتەکە دەخۆن، بەرەو بەشێکی تر دەڕۆن و، لەوێشەوە بۆ بەشێکی سێیەم. لە وەرزە وشکەکاندا بەرەو لێواری ڕووبارەکان شۆڕ دەبنەوە و، لە وەزرە تەڕەکاندا بەرەو بەرزاییەکان هەڵدەکشێن. کاتێک کە گەلێکی لەو جۆرە بۆ شەڕ دەچێ، شەڕوانەکان متمانە بەوە ناکەن بەرگری لە ڕانەمەڕ و گاڕانەکانیان بە پیر و منداڵ و ژنەکانیان بسپێرن و، پیرەپیاو و ژن و منداڵەکانیان بەبێ بەرگری و بەبێ بژێوی لە دوای خۆیانەوە بەجێ ناهێڵن. تەواوی گەلەکە، کە لەگەڵ ژیانی گەڕۆکی لە کاتی ئاشتیدا ڕاهاتوون، بەئاسانی لە کاتی شەڕدا مەیدان دەگرن. جا ئەگەر وەک سوپایەک پێشڕەوی بکەن یان وەک کۆمەڵە شوانێک لە گەڕاندا بن، شێوازی ژیانەکەیان نزیکەی هەمان شێواز دەبێ، هەرچەندە مەبەستەکە تەواو جیاوازە. بۆیە هەموویان بەیەکەوە بۆ

شـەڕ دەچـن و، هەر کەسـێک ئەوەی لە توانایـدا بـێ دەیکـا. لەنێـو تاتارەکـان، تەنـانەت ژنەکـانیش زۆربەی جـاران شـەڕ دەکەن. ئەگەر سـەر کەوتـن، ئەوە هەمـوو شـتێکی خـێڵە نەیـارەکە دەبێتە خەڵاتـی سـەرکەوتنیان. بەڵام ئەگەر ژێر کەوتن، هەمـوو شـتێک لەدەسـت دەدەن، نەک تەنیا ڕانەمەڕ و گاڕانەکانیان، بگرە ژن و منداڵەکانیشیان دەبنە دەستکەوت بۆ سەرکەوتووەکە. تەنانەت بەشـی زۆری ڕزگاربووانیش ناچار دەبن لەپێناو بژێویدا خۆیـان بەدەستەوە بدەن. ئەوانەی تریش بەگشتی لە بیاباندا ون دەبن و لەناو دەچن.

لە ژیانی ئاساییدا، ڕاهێنانە ئاسـاییەکانی تاتارێک یـان عارەبێک بریتین لە ئامـادەکردنی تەواوی بـۆ شـەڕ. غـاردان، زۆران، شـەڕە تـێلا، ڕم هاویشـتن، تیـر تێگـرتن، هتـد وازیـیە ئاساییەکانی ئەمانەن کە لە شوێنە کراوەکاندا دەژین و، هەموویان وێنەی شەڕن. کاتێک کە تاتارێک یان عارەبێک بەڕاستی بۆ شەڕ دەچێ، بژێویی لەسەر ڕانەمەڕ و گـاڕانەکەیەتی کە وەک ڕۆژانـی ئاشـتی لەگەڵ خۆیـدان. سـەرخێڵەکەی یـان سـەروەرەکەی، هـیچ خەرجییەکـی ئامـادەکردنی ئەم بـۆ شـەڕ نـادا و، کـاتێکیش کە لە مەیـدانی شـەڕدایە هەلـی تـاڵانی تەنیـا خەڵاتێکە کە چاوەڕوانی بکا یان داوای بکا.

بەدەگمەن سـوپایەکی ڕاوچییـان لە ۲۰۰ یـان ۳۰۰ کەسـێک زیـاتر دەبـێ. ئەو پـارووە نادیـارەی ڕاو بەدەسـتیەوە دەدا، بەدەگـمەن بەشـی ئەوە دەکـا ژمـارەیەکی وا زۆر بـۆ ماوەیەکی بەرچاو کۆ ببنەوە. بەپێچەوانەوە، لەوانەیە سوپایەکی شوانکارەکان هەندێ جار بگاتە ۲۰۰ یان ۳۰۰ هەزار. ئەوەندەی هیچ شـتێک پێشـڕەوییان ڕانەوەسـتێنێ و، ئەوەنـدەی بتـوانن بـڕۆن لە نـاوچەیەکەوە کە لەوەڕەکەیـان خـواردووە، بـۆ نـاوچەیەکی تـر کە هێشـتا نەخـوراوە، لەوە دەچـێ بەدەگمەن سنوورێک بـۆ ژمـارەی ئەوانە هەبـێ کە بەیەکەوە ڕەو دەکەن. هەرگیز گەلێکی ڕاوچی نـاتوانێ هێندەی گەلێکی شارسـتانیی دراوسـێی بەهێز بێ. بەڵام لەوانەیە گەلێکی شـوانکارە بەهێزتـر بێ. هـیچ شـتێک هێندەی شـەڕێکی هیندیەکان لە بـاکوری ئەمەریکـا بێزراوتـر نـابێ. بەپێچەوانەشـەوە، هـیچ شـتێک نـاتوانێ تۆقێنەرتر بێ لە هێرشە زۆرەکانی تاتـار لە ئاسـیادا. کە تیۆسـیدیدس (Thucydides) پێی وایە ئەوروپا و ئاسیا ناتوانن بەرگەی یەکگرتوویی سیتیەکان (Scythians) بگرن، ئەو بۆچوونەی لەڕێی ئەزمـوونی هەمـوو سـەردەمەکانەوە پشتڕاسـت کرایەوە. دانیشـتووانی دەشـتاییە فرەوان و بێبەرگرییەکـانی سـیتیا و تاتـار زۆربەی جـاران لە ژێـر سـایەی سـەرکردەی کۆمەڵێک یـان خێڵێکـی سـەرکەوتوودا یەکیـان دەگـرت و، بەردەوام وێرانکاریەکـانی ئاسـیا نیشـانەی یەکێتییەکەیـان بـوون. دانیشـتووانی بیابـانە سـەختەکانی نیوەدوورگەی عارەبـان، کە گەلە گەورەکەی تری شوانکارەکانە، تەنیا یەک جار یەکیان گرت، ئەویش لەسایەی محەمەد و جێنشـینە ڕاستەوخۆکانی دوای خـۆی. یەکگرتنەکەیـان کە زیـاتر کـاریگەریی خـوێنگەرمیی ئـاینی بـوو نەک داگیرکـاری، هەمـان نیشـانەگەلی بەجـێ هێشـت. ئەگەر گەلانـی ڕاوچیـی

ئەمەریکا ڕۆژێک لە ڕۆژان ببوونایەتە شوانکارە، ئەوە ناوچەکانیان لە ئێستا زیاتر دەبوونە مەترسی بۆ کۆلۆنیە ئەوروپاییەکان.

لە دۆخێکی پێشکەوتووتری کۆمەڵگەدا، لەنێو گەلانی کشتوکاڵی کە بازرگانییەکی دەرەکیی کەمیان هەیە و، هیچ پیشەسازییەکیان نییە جگە لەو پیشەسازییە زبر و ماڵییانەی نزیکەی هەموو خێزانێک بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان ئامادەیان دەکەن، بەهەمان شێوە، هەموو پیاوێک یان شەڕوانە و یان بەئاسانی دەبێتە شەڕوان. ئەوانەی بەگشتی لەڕێی کشتوکاڵەوە دەژین بەگشتی زۆربەی کاتی خۆیان لە شوێنی کراوەدا بەسەر دەبەن، بەبەر هەموو سەختییەکانی وەرزەکانەوە. سەختیی ژیانی ئاساییان بۆ ماندوویەتیی شەڕ ئامادەیان دەکا، کە پێویستییەکانی ئیشی هەندێکیان هێندەی شەڕ سەختن. ئەو کەسەی ئیشەکەی هەڵکەندنی جۆگە و چاڵێدانە بۆ کارکردن لە خەندەقەکاندا ئامادەی دەکا و، بۆ قایمکردنی دەوری خێوەتگەیەک ئامادەی دەکا وەک چۆن پەرژین بۆ کێڵگەیەک دروست دەکا. کاتبەسەربردنی ئاسایی ئەم پیاوە کشتوکاڵییانە هاوشێوەی ئەوەی شوانکارەکانە و، بەهەمان شێوە وێنەی شەڕن. بەڵام ئەمانەی کشتوکاڵ دەکەن کاتی کەمتری بەتاڵیان بەدەستەوەیە لەوەی شوانکارەکان، ئەوان زۆر بەم کاتە بەتاڵانەوە سەرقاڵ نین. ئەوان سەربازن، بەڵام سەربازی زۆر شارەزا نین لە ئەزموونندا. بەڵام ئامادەکردنی ئەوان بۆ مەیدانی شەڕ، بەدەگمەن خەرجی دەخاتە ئەستۆی سەروەر یان کۆمۆنوێڵتەوە.

کشتوکاڵ، تەنانەت لە سادەترین و نزمترین دۆخی خۆیدا، پێشبینیی نشینگەیەک دەکا، جۆرە نشینگەیەکی جێگیر کە ناکرێ بەبێ زیانی زۆر دەستی لێ بەردرێ. بۆیە کاتێک گەلێک لە پیاوانی کشتوکاڵی پێک دێ، بۆ شەڕ دەچێ، تەواوی خەڵک ناتوانن بەیەکەوە بۆ مەیدانی شەڕ بچن. بەلای کەمەوە دەبێ پیاوە پیرەکان، ژنان و منداڵان، لە ماڵەوە بمێننەوە و چاویان لە نشینگەکەیان بێ. بەڵام ئەو پیاوانەی لە تەمەنی سەربازیدان، دەبێ بۆ مەیدان بچن، و، لە گەلانی بچووکی لەم جۆرە ئەمە زۆربەی جاران ڕوو دەدا. لە ناو هەر گەلێکدا پێشبینی دەکرێ ئەو پیاوانەی لە تەمەنی خزمەتی سەربازیدان چارەک یان پێنجیەکی تەواوی خەڵکەکە پێک بهێنن. ئەگەر هەڵمەتە سەربازییەکە دوای کاتی تووکردن دەست پێ بکا و پێش دروونە کۆتایی پێ بێ، جووتیارەکە و کارگەرە بنەڕەتییەکانی دەتوانن بەبێ زیانێکی زۆر بەشدار بین. ئەو بڕوای وایە کە ئەو کارەی دەبێ لەو نێوانەدا بکرێ بەباشی لەلایەن پیرەپیاو، ژن و، منداڵەکانەوە دەکرێ. بۆیە ئەو پێی ناخۆش نابێ بەبێ بەرامبەر لە هەڵمەتێکی کورتخایاندا بەشداری بکا و، زۆربەی جاران بۆ سەروەر یان کۆمۆنوێڵت تێچووی ئامادەکردنی بۆ مەیدانی شەڕ هەر ئەوەندەی بژێوییەکەی دەبێ. هاووڵاتییانی دەوڵەتە جیاجیاکانی گریکی کۆن لەوە دەچێ، تا پاش شەڕی دووەمی فارس، بەم شێوەیە خزمەتیان کردبێ، هەروەها خەڵکی پیلۆپۆنس (Peloponnesus) تا پاش شەڕی

پیلۆپۆنس. توسیدیدس ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە پیلۆپۆنسیەکان بەگشتی لە هاویندا مەیدانیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە ماڵەوە بۆ دروونە. گەلی ڕۆمان لەسایەی پاشاکانیان و، لە سەردەمانی سەرەتای کۆمارەکەیاندا، بەهەمان شێوە خزمەتی سەربازییان ئەنجام دەدا. پێش ئابلووقەکەی ڤێی (Veii) ئەوانەی لە ماڵەوە مابوون دەستیان بە بەشداری کرد لە ژیاندنی ئەوانەی بۆ شەڕ دەچوون. لە پاشایەتییەکانی ئەوروپاییدا، کە لەسەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆریای رۆمان دامەزران، پێش و ماوەیەک پاش دارشتنی ئەوەی شایانە پێی بگوترێ یاسای فیودالّ، لۆردە گەورەکان، بە هەموو ئەوانەوە کە ڕاستەوخۆ بەوانەوە پەیوەستن، لەسەر ئەرکی خۆیان خزمەتی تاجیان دەکرد. لە مەیداندا، بەهەمان شێوازی ناوخۆ، ئەوان خۆیان بە داهاتی خۆیان دەژیاند و، بەبێ هیچ مووچەیەک یان پارەیەک کە پاشا لەو هەلە تایبەتەدا پێیانی بدا.

لە دۆخێکی پێشکەوتووتری کۆمەڵگەدا، دوو هۆکاری جیاواز وایان کرد کە دابینکردنی بژێویی ئەو کەسانەی لە مەیدانی شەڕن لەلایەن خۆیانەوە مەحالّ بێ. ئەو دوو هۆکارە بریتین لە، پێشکەوتنی پیشەسازی و، پێشکەوتنی هونەری شەڕ.

هەرچەندە کە دەبێ جووتیار لە هەڵمەتێکدا بەکار بهێنرێ، بەو مەرجەی کە دوای تۆوکردن دەست پێ بکا و پێش دروونە تەواو ببێ، کە دابڕینی لە کارەکەی لەو ماوەیەدا بەردەوام نابێتە مایەی کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی داهاتەکەی. بەبێ ڕاوەستاندنی کارەکەی، سروشت خۆی زۆرترین بەشی ئەو کارە دەکا کە ماوە بکرێ. بەلاّم هەر ساتێک پیشەوەرێک، ئاسنگەرێک، دارتاشێک، یان جۆلاّیەک، بۆ نموونە، دەست لە کارەکەی هەڵگرێ، تەنیا سەرچاوەی داهاتی ئەو بەتەواوی وشک دەبێ. سروشت هیچی بۆ ناکا، دەبێ خۆی هەموو شتێک بکا. بۆیە کاتێک کە ئەو دەچێتە مەیدان بۆ بەرگری لە کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی هیچی نییە خۆی پێ بژێنێ، پێویستە کۆمەڵ ئەو بژێنێ. بەلاّم لە ولاّتێکدا کە زۆرینەی دانیشتووانی پیشەوەر و پیشەسازن، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی بۆ شەڕ دەچن دەبێ لەم پۆلانە بن و، لەبەر ئەوە دەبێ ئەوەندەی ئەوان ئەو خزمەتە دەکەن لەلایەن کۆمەڵەوە بژێنرێن.

کاتێک کە هونەری شەڕیش وردەوردە گەشەی کرد بۆ ئەوەی ببێ بە زانستێکی زۆر بەوردەکاری و ئاڵۆز، کاتێک کە نەتوانرێ ڕووداوەکانی شەڕ سنووردار بکرێن، وەک ئەوەی لە قۆناخە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەدا دەکرا، بە یەک ڕووبەڕووبوونەوە یان پێکدادانی نارێکخراو، بەڵکو کاتێک شەڕ بەگشتی بەچەندان هەڵمەتی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێ، هەر یەکێکیشیان بەشی زۆری ساڵ داگیر دەکا، ئەوە بەگشتی پێویست دەبێ کۆمەڵگە بژێویی ئەوانە دابین بکا کە لە شەڕدا خزمەتی دەکەن، بەلای کەمەوە لەو کاتانەدا کە لەناو شەڕدان. پیشەی ئەوانەی بۆ شەڕ دەچن، لە کاتی ئاشتیدا هەرچییەک بێ، ئەو

خزمەتە زۆر سەخت و بەخەرجی دەبێ بۆیان و بارێکی قورس دەخاتە سەر شانیان. بەو پێیە، لەدوای شەڕی دووەمی فارسەوە، وا دیارە کە زۆربەی سوپاکانی ئەتینا بەگشتی لە شەڕوانی کرێگرتە پێک هاتن، لەڕاستیدا بەشێکی کەمیان هاوولاتی بوون، بەلام بەشێکیشیان بێگانە بوون، هەمووشیان لەسەر ئەرکی کۆمەڵگە بەکری گیرابوون. لە سەردەمی گەمارۆدانەکەی ڤییوە، سوپاکانی ڕۆما لە بەرامبەر خزمەت لەو ماوەیەی لە مەیدانی شەڕدا دەمانەوە مووچەیان هەبوو. لەسایەی حکوومەتە فیودالەکانیش سوپاکانی لۆردەکان و نزیکەکانیان، دوای ماوەیەکی کەم، بەگشتی بەپارە دەگۆڕرانەوە، کە بەکار دەهات بۆ ژیاندنی ئەوانەی لەجیاتییان خزمەتیان دەکرد.

ژمارەی ئەوانەی دەتوانن بۆ شەڕ بچن، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی تەواوی خەڵک، دەبێ لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا کەمتر بێ لەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان. لە کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا، کە سەربازەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە بەخێو دەکرێن کە سەرباز نین، ژمارەی سەرباز هەرگیز ناتوانێ لەوە تێپەڕ بکا کە ئەوانی تر دەتوانن بیانژیێنن. لە دەوڵەتە بچووکە کشتوکاڵییەکانی گریکی کۆن، چواریەک یان پێنجیەکی تەواوی خەڵک خۆیان بە سەرباز دەزانی و، دەڵێن هەندێ جار هەموو ئەوانە لە مەیدانی شەڕ دەبوون. لەنێو گەلانی شارستانیی ئەورووپای هاوسەردەمدا، بەگشتی بەشێکی دانیشتووانی هەر ولاتێک کە لەسەدا یەک زیاتر نییە، دەکرێ بەسەرباز بگیرێن بەبێ ئەوەی ئەو ولاتە شەکەت بکەن کە خەرجییان دەدا.

لەوە ناچێ خەرجیی ئامادەکردنی سوپا بۆ مەیدان لای هیچ گەلێک ئەوەندە زیاد بووبێ، تاوەکو پاش ماوەیەکی زۆری ژیاندنی لە مەیدانی شەڕدا بکەوێتە سەر سەرۆەر یان کۆمۆنوێلت. لە هەموو کۆمارە جۆراوجۆرەکانی گریکی کۆندا، دەوڵەت بەسەر هەموو هاوولاتییەکی ئازاددا ئەوەی سەپاندبوو کە مەشقی سەربازی بەشێک لە پەروەردە و فێرکردنی بێ. لەوە دەچێ لە هەموو شارێکدا مەیدانێکی گشتی هەبووبێ، کە تیایدا لەسایەی پارێزوانیی دادوەری گشتی گەنجەکان مەشقە جۆراوجۆرەکانی سەربازییان لەلایەن مامۆستای جۆراوجۆرەوە پێ دەکرا. تەنیا خەرجییەکی هەر دەوڵەتێکی گریک بۆ ئامادەکردنی هاوولاتییانی بۆ شەڕ لەم دامەزراوە سادەیەدا بوو. لە رۆمای کۆندا مەشقەکانی کەمپەس ماریتیەس (Campus Martius) لەگەڵ مەشقەکانی جیمنازیەمی (Gymnasium)گریکی کۆندا هەمان ئەو ئەرکەیان جێبەجێ دەکرد. لەسایەی حکوومەتە فیودالەکاندا، ئەو ڕێورەسمە گشتییە زۆرانەی هاوولاتییانی هەموو ناوچەیەک دەبوو مەشقی تیرهاوێژی و ژمارەیەکی تری مەشقی سەربازی بکەن، هەمان مەبەستیان دەپێکا، بەلام لەوە ناچێ زۆر بەباشی جێبەجێی بکەن. لەوە دەچێ یان لەبەر بەرژەوەندی ئەفسەرەکانی ئەو کارەیان پێ سپێررابوو یان لەبەر هۆکاری تر، بەگشتی پشتگوێ خرابن.

لەگەڵ پێشکەوتنی هەموو ئەو حکوومەتانە، لەوە دەچێ مەشقی سەربازی وردەوردە لەناو زۆرینەی خەڵکدا نەمابێ.

لە کۆمارەکانی گریکی کۆن و رۆما، لە تەواوی ماوەی بوونیاندا و، لەسایەی حکوومەتە فیوداڵەکان، بۆ ماوەیەکی زۆری دوای یەکەمین دروستبوونیان، بازرگانیی سەربازێک بازرگانییەکی جیاواز و جیا نەبوو، کە ببێتە تەنیا پیشەی، یان پیشەی بنەڕەتیی پۆلێک لە هاووڵاتییان. هەموو رەعیەتەکانی دەوڵەت، بازرگانی یان پیشەی ئاساییان هەبووە کە پێی ژیاون، جا هەرچییەک بوو بێ، خۆیان لە دۆخی ئاساییدا بەگونجاو دەزانی بۆ ئەزموونکردنی بازرگانیی سەربازی و، لە دۆخە نائاساییەکانیشدا خۆیان بەپابەند بەو ئەرکەوە دەزانی.

بەڵام هونەری شەڕ، کە پایەدارترینی هەموو هونەرەکانە، لەگەڵ پێشڤەچوون لە پێشکەوتنیدا دەبێتە یەکێک لە ئاڵۆزترین هونەرەکان. دۆخی هونەری میکانیک، وەک هەندێ هونەری تر، کە وەک پێویستییەک وابەستەی ئەون، ئەو ئاستە دەستنیشان دەکا کە لە کاتێکی دیاریکراودا دەتوانێ بیگاتێ. بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئاستەی تەواوی، پێویستە ببێتە تەنیا پیشەی پۆلێکی دیاریکراوی هاووڵاتییان، یان ببێتە پیشەی بنەڕەتییان و، دابەشکردنی کار بەهەمان شێوە بۆ پێشکەوتنی پێویستە، وەک چۆن بۆ هەموو هونەرێکی تر پێویستە. دابەشکردنی کار لە هونەرەکانی تردا بەشێوەیەکی سروشتی لەڕێی لێهاتوویی تاکەکانەوە دێتە کایەوە، کە بۆیان دەردەکەوێ بەرژەوەندی تایبەتیان لەڕێی پابەندییان بە پیشەیەکی دیاریکراوەوە پێش دەکەوێ نەک لەڕێی ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر پیشەوە. بەڵام ئەوە تەنیا لێهاتوویی دەوڵەتە کە دەتوانێ ئیشی سەرباز بکاتە بازرگانییەکی دیاریکراوی جیاواز و دوور لە هەموو ئەوانەی تر. هاووڵاتییەکی ئاسایی، لە سەردەمی ئاشتیی جێگیردا و، بەبێ هیچ هاندانێکی دیاریکراو لەلایەن کۆمەڵەوە، دەبێ بەشی زۆری کاتی خۆی لە مەشقی سەربازیدا بەسەر ببا، بێگومان لەوانەیە، ئاستی خۆی تیایاندا زۆر پێش بخا و، خۆشی زۆر خۆشحاڵ بکا، بەڵام بێگومان پاڵپشتیی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ناکا. ئەوە تەنیا لێهاتوویی دەوڵەتە کە دەتوانێ وا بکا بەرژەوەندی ئەو کەسە لەوەدا بێ کە زۆرترین کاتی خۆی بەو پیشەیە بدا و، دەوڵەتەکان بەردەوام ئەوەندە لێهاتوو نین، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەکەونە هەلومەرجێک، کە تیایاندا پاراستنی مانەوەیان دەخوازێ ئەو لێهاتووییەیان هەبێ.

شوانێک کاتی بەتاڵی زۆری بەدەستەوەیە، جووتیارێک لە دۆخی سادەی کشتوکاڵدا هەندێ کاتی بەدەستەوەیە، پیشەوەرێک یان پیشەسازێک هیچ کاتێکیان بەدەستەوە نییە. ئەوەی یەکەم دەتوانێ، بەبێ هیچ زیانێک، کاتێکی زۆر بۆ مەشقی سەربازی تەرخان بکا، ئەوەی دووەم دەتوانێ بەشێکی کەم تەرخان بکا، بەڵام ئەوەی دوایی ناتوانێ بەبێ هەندێ

زیان تەنانەت یەک سعاتیشی بۆ تەرخان بکا و، گرینگیدانی بە بەرژەوەندی خۆی وای لێ دەکا بەتەواوی پشتگوێی بخا. ئەم پێشکەوتنانە لە کشتوکاڵیشدا، کە پێشڤەچوونی پیشەسازی وەک پێویستییەک هێنایانیە کایەوە، هاوشێوەی پیشەوەران کاتێکی زیادی کەمی بەدەستی جووتیارەکەوە هێشتەوە. مەشقی سەربازی لەلایەن لادێنشینانەوە، هاوشێوەی شارنشینان، پشتگوێ خرا و، زۆربەی خەڵک بەرەو ئەوە دەچن بەتەواوی حەزیان لەشەڕ نەبێ. ئەو سامانە، لە هەمان کاتدا، کە بەردەوام دوابەدوای پێشکەوتنەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا دێ و، لەڕاستیدا جگە لە بەرهەمی کەڵەکەکراوی ئەو پێشکەوتنانە هیچی تر نییە، دەبێتە هۆکاری داگیرکاریی دراوسێکانیان. گەلێکی پیشەساز و، بەو پێیە دەوڵەمەند، لەنێو هەموو گەلاندا زیاتر ئەگەری کەوتنە بەر هێرشی هەیە و، ئەگەر دەوڵەت هەندێ هەنگاو بۆ بەرگری لە کۆمەڵگە نەنێ، خووی سروشتیی خەڵکەکە وا دەکا هەموویان توانای بەرگرییان لە خۆیان نەبێ.

لەو هەلومەرجانەدا لەوە دەچێ تەنیا دوو ڕێگە هەبن کە بەهۆیانەوە دەوڵەت بتوانێ ئازووخەیەکی گونجاوی بۆ بەرگری لە کۆمەڵگە هەبێ.

دەوڵەت دەتوانێ یان، یەکەم، لەڕێی سیاسەتێکی زۆر توندەوە و، سەرباری تەواوی مەیل بەلای بەرژەوەندی، ژیری و، بۆچوونەکانی گەل، ئەزموونی مەشقی سەربازی بسەپێنێ و، هەموو هاوولاتییەک لە تەمەنی سەربازیدا، یان ژمارەیەکیان، ناچار بکا بەشێوەیەک لە شێوەکان بچنە ڕیزی کاری سەربازی، سەرباری هەر بازرگانییەک یان پیشەیەکی تر کە هەیانە.

یان، دووەم، بە هێشتنەوە و بەگەڕخستنی ژمارەیەکی دیاریکراوی هاوولاتییان بۆ ئەزموونی بەردەوامی مەشقی سەربازی، لەوانەیە پیشەی سەربازی بکاتە بازرگانییەکی تایبەت، کە لە هەموو ئەوانەی تر جیا و سەربەخۆ بێ.

ئەگەر دەوڵەت پەنا بباتە بەر ڕێگەی یەکەم، ئەوە بە هێزە سەربازییەکەی دەگوترێ میلیشیا (militia). ئەگەر پەنا بباتە بەر دووەمیان بەهێزە سەربازییەکەی دەگوترێ سوپای نیزامی (standing army). ئەزموونکردنی مەشقی سەربازی تەنیا بنەمای پیشەی سەربازیی ئەو سوپا نیزامییانەیە و، ئەو بژێوی یان مووچەیەی دەوڵەت پێیانی دەدا سەرچاوەی بنەڕەتی و ئاسایی بژێوییانە. ئەزموونکردنی مەشقی سەربازی تەنیا پیشەیەکی کاتیی سەربازانی میلیشیایە و، لەڕێی پیشەی ترەوە بژێویی بنەڕەتی و ئاسایی خۆیان دەستەبەر دەکەن. لەنێو میلیشیادا کەسایەتیی کارگەر، پیشەوەر، یان بازرگان زاڵە بەسەر کەسایەتیی سەربازیدا. لە سوپای نیزامیدا کەسایەتیی سەربازی زاڵە بەسەر هەموو کەسایەتییەکی تردا و، ئەم خاڵە جیاکەرەوەیە لەوە دەچێ جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان ئەم دوو جۆرە هێزە سەربازییە جیاوازە بێ.

میلیشیا چەندان جۆری جیاوازن. لە هەندێ وڵاتدا تەنیا ئەو هاووڵاتییانەی تەرخانن بۆ بەرگـری لە دەوڵەت مەشــق دەکەن، بەبــێ ئەوەی، ئەگەر بکـرێ وا بڵــێم، سیســتمێکی توندوتۆڵیان هەبێ، واتە بەبێ ئەوەی دابەش بکرێنە سـەر بەشگەلی جیا لەیەک و دیاری سـەربازی، کە هەر یەکێکیـان مەشـقەکانی خۆی لەژێر سەرپەرشـتی ئەفسـەری گونجـاو و بەردەوامـی خۆیـدا ئەنجـام بـدا. لە کۆمـارە کۆنەکـانی گریـک و رۆمـا، هەر هـاووڵاتییەک، ئەوەندەی لە ماڵەوە دەبوو، لەوە دەچێ مەشـقەکانی خۆی کردبێ چ بەجیا و بەتەنیـا، یـان لەگەڵ ئەو هاوتایانەی کە لێیانەوە نزیک بـوو و، وابەسـتەی هیچ ڕێکخستنێکی سـەربازی نەبـوون تـا ئەو کـاتەی بانـگ دەکـران بـۆ ئەوەی بچـنە مەیـدانی شـەڕ. لە وڵاتـانی تـردا، میلیشیاکان تەنیا مەشقیان نەدەکرد، بەڵکو ڕێک دەخران. لە ئینگلتەرە، لە سویسـرا و، لەو بڕوایەدام، لە هەموو وڵاتانی تری ئەورووپای هاوچەرخدا کە هێزێکی سـەربازیی ناتەواوی لەم جۆرە دامەزراوە، هەموو ئەندامێکی میلیشیا، تەنانەت لە کاتی ئاشتیشـدا، پەیوەسـتە بە پێکهاتەیەکی سەربازییەوە، کە مەشقەکانی خۆی لەژێر چاودێریی ئەفسـەری دیاریکراو و بەردەوامی خۆیدا ئەنجام دەدا.

پـێش داهێنـانی چەکـی ئـاگردار، ئەو سـوپایە باڵادەسـت دەبـوو کە سـەربازەکانی، هەر یەکێکیان بەتەنیا، لە بەکارهێنانی بازووەکانیاندا لێهاتووتر و کارامەتر بوون. هێز و توانـای جەستەیی باڵاترین ئەنجامیان لێ دەکەوتەوە و، بەگشتی ئاراستەی شەڕیان دیـاری دەکرد. بەڵام ئەو لێهــاتوویی و کــارامەییە لە بەکارهێنــانی هێــزی لەشــدا، بەهەمــان شــێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمڕۆ، تەنیا بە ئەزمـوون دروسـت دەبـن، نەک لە پێکهـاتەی گەورەدا، بەڵکو هەر کەسێک بەتەنیا، لە فێرگەی تایبەتدا، لەژێر سـەرپەرشتیی مامۆسـتایەکی تـایبەت، یـان لەگەڵ هاوتـا و هـاوڕێ دیاریکراوەکانی. لە کـاتی داهێنانی چەکـی ئاگردارەوە، هێز و توانـای جەسـتەیی، یـان تەنـانەت لێهـاتوویی و کـارامەیی لە بەکارهێنـانی چەکـی دەسـتی، ئەگەرچـی بـێ کـاریگەری نـین، بەڵام ئاکـامی کەمتریـان لـێ دەکەونەوە. سروشـتی چەک، هەرچەندە بە هیچ جۆرێک هاوشـانی کەسـی لێهاتوو نییە، لە هەمـوو کاتێک زیـاتر لەوەوە نـزیکە. گریمـانەی ئەوە دەکـرێ کە تەنیـا مەشـقی بەکـۆمەڵ بەس بـێ بـۆ بەدەسـتهێنانی کارامەیی و لێهاتوویی پێویست بۆ بەکارهێنانیان.

لە سوپا هاوچەرخەکاندا، ڕێکخراوی، سیستم و، گوێڕایەڵیی دەستوبرد بۆ فەرماندەکان، بۆ دیاریکردنی ئەنجامی شـەڕ، زۆر گرینگترن لە کـارامەیی و لێهـاتوویی سـەربازەکان لە بەکارهێنـانی چەکەکانیـان. بەڵام دەنگـی چەکـی ئـاگردار و دووکەڵ و مەرگـی نادیـار کە مـرۆڤ لە هەمـوو چرکەسـاتێکدا بە کەوتـنە بەر گـولله تـۆپ چـاوەڕوانیەتی و، زۆر جـار تەنـانەت پـێش ئەوەی شـەڕەکە بەتەواوی دەسـت پـێ بکـا، ئەمـانە هەموویـان ئاسـتەنگن و بەدیهێنانی پلەیەکی بەرچاو لەو ڕێکوپێکی، سیسـتم و گـوێڕایەڵییە دەسـتوبردە، تەنانەت لە

سەرەتای شەڕێکی هاوسەردەمدا، سەخت دەکەن. لە شەڕە کۆنەکاندا جگە لەو دەنگانەی لە مرۆڤەوە بوون هیچ دەنگی تر نەدەهاتن، هیچ دووکەڵێک بوونی نەبوو، هیچ هۆکارێکی نەبینراو بۆ برینداری یان مەرگ نەبوون. هەموو پیاوێک، تا ئەو کاتەی چەکێکی کوشندە لێی نزیک دەبووەوە، بەڕوونی دەیبینی کە چەکی وا لە نزیکی نییە. لەو جۆرە هەلومەرجەدا و، لەناو سەربازگەلێک کە متمانەیەکیان بە لێهاتوویی و کارامەیی خۆیان لە بەکارهێنانی چەکەکانیاندا هەبێ، ئاسانتر بوو کە جۆرێک لە ڕێکخراوی و سیستم ڕاگیرێ، نەک تەنیا لە سەرەتای شەڕدا بەڵکو لە تەواوی ماوەی شەڕێکی کۆندا و، تا ئەو کاتەی یەکێک لە دوو سوپاکە تەواو دەدۆڕا. بەڵام ڕێکخراوی و سیستەم و گوێڕایەڵیی دەستوبرد بۆ فەرمانەکان تەنیا لای ئەو سەربازانە بەدی دەکرێن کە بە کۆمەڵ و پێکهاتەی گەورە مەشق دەکەن.

میلیشیایەک، بە هەر شێوەیەک ڕێک بخرێ و پابەند بکرێ یان مەشقی پێ بکرێ، بەردەوام ئاستی پابەندی و مەشقی لە خوار ئاستی سوپای نیزامییەوە دەبن.

ئەو سەربازەی لە هەفتەیەکدا یان لە مانگێکدا تەنیا یەک جار مەشقی پێ دەکرێ، هەرگیز ناتوانێ وەک ئەوانەی ڕۆژانە یان ڕۆژنارۆژێک مەشق دەکەن شارەزای بەکارهێنانی چەکەکانی بێ، ئەگەرچی ئەم هەلومەرجە لەوانەیە کاریگەریی زۆری لەم سەردەمەدا نەبێ وەک ئەوەی لە کۆندا هەیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا باڵادەستیی ددانپێدانراوی هێزەکانی پرووسیا، وەک دەڵێن، تا ڕادەیەکی زۆر بۆ شارەزایی باڵایان لە مەشقەکانیان دەگەڕێتەوە، ئەمەش قایلمان دەکا بەوەی کە تەنانەت ئێستاش مەشقکردن ئاکامی زۆر گەورەی دەبێ.

ئەو سەربازانەی پابەندن بەوەی هەفتەی جارێک یان مانگی جارێک گوێڕایەڵی ئەفسەرەکەیان بن، لە هەموو کاتەکانی تردا ئازادن لەوەی خۆیان کاروباری خۆیان ڕێک بخەن، بەبێ ئەوەی بکەونە بەر پرسیاری ئەوەوە، هەرگیز وەک کاتی ئامادەیی ئەو لە وریاییدا نین، هەرگیز لە ئامادەیی بەردەوام نین بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان، لەگەڵ ئەوانەی تەواوی ژیان و هەڵسوکەوتیان ڕۆژانە لەلایەن ئەوەوە ئاراستە دەکرێن و، ئەوانەی ڕۆژانە بە فەرمانی ئەو هەڵدەستن و دەخەون، یان بەلای کەمەوە بۆ مۆڵگەکانیان دەچنەوە. لەڕووی ئەوەوە کە پێی دەگوترێ دیسپلین، یان نەریتی گوێڕایەڵیی دەستوربرد، میلیشیا زۆر لە خوار سوپای نیزامییەوەیە، بەڵام لەڕووی ئەوەوە کە پێی دەڵێن مەشقی دەستی یان بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی چەکەکانیان وا نییە. بەڵام لە شەڕە هاوچەرخەکاندا گوێڕایەڵیی دەستوبرد و ڕاستەوخۆ کاریگەریی زۆر زۆرترە لە باڵادەستی لە بەکارهێنانی چەکدا.

ئەو میلیشیایانەی، هاوشێوەی میلیشیاکانی تاتار یان عارەبن، کە لە شەڕدا لەژێر فەرمانی ئەو سەرخێڵانەیانن کە ڕاهاتوون لە کاتی ئاشتیدا گوێڕایەڵیان بکەن، تا ڕادەیەکی زۆر باشترینن. ئەوان لە ڕووی ڕێزگرتن لە فەرماندەکانیان و گوێڕایەڵیی دەستوبردەوە، هەڵسوکەوتیان زۆر لە سوپای نیزامییەوە نزیکە. میلیشیای بەرزاییەکان، کە لەژێر فەرماندەیی سەرخێڵەکانیان بوون، سیفەتی نزیک لەوانەیان هەبوو. بەرزایینشینەکان، کۆچەر نەبوون، بەڵکو مەڕداری جێگیر بوون و نشینگەی جێگیریان هەبوو و، لە کاتی ئاشتیدا خوویان بەوەوە نەگرتبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک دوای سەرخێڵەکانیان بکەون، بۆیە لە کاتی شەڕدا کەمتر ئامادە بوون بۆ شوێنی زۆر دوور دوایان بکەون، یان بۆ ماوەیەکی زۆر لە مەیدانی شەڕدا بمێننەوە. هەر کە تالانییەکیان دەست بکەوتایە زۆر پەرۆشی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەبوون و، دەسەڵاتی سەرخێڵەکە کەم جاران بایی ئەوەندە هەبوو ڕێیان لێ بگرێ. لەڕووی گوێڕایەڵییەوە زۆر لە خوار تاتار و عارەبەکان بوون. هەروەها کە بەرزایینشینەکان بەهۆی جێگیربوونیانەوە کاتی کەمتریان لە دەرەوە بەسەر دەبرد، بەردەوام کەمتر خوویان بە مەشقی سەربازییەوە گرتبوو و، شارەزاییان لە بەکارهێنانی چەک لەوەی تاتار و عارەبەکان کەمتر بوو.

پێویستە تێبینی بکرێ کە هەر میلیشیایەک، کە لە چەندین هەڵمەتی سەربازی لە مەیدانی شەڕ بوو، لە هەموو ڕوویەکەوە وەک سوپای نیزامیی لێ دێ. سەربازەکان ڕۆژانە مەشقیان لەسەر بەکارهێنانی چەکەکانیان پێ دەکرێ، و، بەردەوام لەژێر فەرمانی ئەفسەرەکانیان دەبن، گوێڕایەڵیی دەستبەجێی ناو سوپای نیزامی دەبێتە خوو لای ئەوانیش. ئەوان پێشتر بە گرینگییەکی کەمتر دەیانڕوانییە چوونە مەیدانەوە. دوای ئەوەی لە چەند هەڵمەتێکی سەربازیدا لە مەیدانی شەڕ ئامادە دەبن، لە هەموو ڕوویەکەوە دەبنە سوپایەکی نیزامی. ئەگەر شەڕی ئەمەریکا بە هەڵمەتێکی سەربازیی تردا تێپەڕی بکردایە، میلیشیای ئەمەریکایی لە هەموو ڕوویەکەوە شانی لە شانی سوپایەکی نیزامی دەدا بەهۆی ئەو توانایەی، لە دوایین شەڕدا، دەرکەوت کە هیچ نەبێ کەمتر نەبوو لە توانای بوێرترین شەڕوانانی کۆنی فرانسەیی و ئیسپانی.

ئەم جیاوازییە کە لە هەموو قۆناخەکانی مێژوودا هەبووە، باشترین بەڵگەیە لەسەر باڵادەستیی سوپایەکی نیزامیی باش ڕێکخراو لەهەمبەر میلیشیایەکدا.

یەکێک لە یەکەمین سوپا نیزامییەکانی کە ئێمە تۆمارێکی دیارمان لەبارەیانەوە لەبەر دەستە، لە مێژوویەکی باش تۆمارکراودا، سوپاکەی فیلیپی ماسیدۆنیایە (Philip of Macedon). شەڕە زۆرەکانی ئەو لەگەڵ تراسی(Thracians) ، ئیلیری(Illyrians) ، تیسالی (Thessalians) و، هەندێ شاری یۆنانیی دەوروبەری ماسیدۆنیا، وردەوردە هێزە سەربازییەکانی ئەویان، کە لە سەرەتادا میلیشیا بوون، لەگەڵ دیسپلینی سوپایەکی

نیزامیدا ڕاهێنا. ئەو کاتانەی کە ئەو لە ئاشتیدا دەبوو، کە زۆر دەگمەن بوون و، هەرگیز درێژخایان نەدەبوون، زۆر ڕژد بوو لەسەر ئەوەی ئەو سوپایە هەڵنەوەشێتەوە. لەڕاستیدا، دوای ململانێی توندوتیژ و درێژخایان، دەبەزی و سەر دەکەوت بەسەر میلیشیا ئازا و باش مەشقدراوەکانی کۆمارە بنەڕەتییەکانی گریکدا. دوای ئەوە، بەئاسانی لە سوپای بوودەڵە و کەممەشقی ئیمپراتۆریای مەزنی فارسی بردەوە. ڕووخانی کۆمارەکانی گریک و ئیمپراتۆریای فارس ئاکامی بالادەستیی سوپایەکی نیزامی بوو لە بەرامبەر هەموو جۆرە میلیشیایەک. ئەمە یەکەمین شۆڕشی مەزنە لە کاروباری مرۆڤدا کە مێژوو بەباشی و ڕوونی تۆماری کردووە.

ڕووخانی قرتاج و، لە ئاکامدا سەرهەڵدانی ڕۆما، لەم ڕووەوە دووەمە. دەکرێ هەموو جیاوازییەکان لە سامانی ئەم دوو کۆمارە بەناوبانگەدا زۆر بەباشی لەڕێی هەمان هۆکارەوە وێنا بکرێن.

لە کاتی تەواوبوونی شەڕی یەکەمی قرتاجەوە تاوەکو سەرەتای شەڕی دووەمیان، سوپاکانی قرتاج بە بەردەوامی لە مەیدانی شەڕدا بوون و، لەژێر فەرمانی سێ جەنەراڵی مەزندا بوون کە لە فەرمانداریدا دوابەدوای یەک هاتن: هامیلکار(Hamilcar) ، هاسدروبالی (Hasdrubal) زاوای و، هانیبالی (Hannibal) کوڕی، یەکەم بۆ تەمێکردنی کۆیلە یاخیبووەکان، دوای ئەوە ملکەچکردنی ئەو نەتەوە ئەفریقاییانەی شۆڕشیان هەڵگیرساندبوو و، لە کۆتاییدا، بۆ هێرشکردنە سەر شانشینی مەزنی ئیسپانیا و داگیرکردنی. ئەو سوپایەی هانیبال لە ئیسپانیاوە بەرەو ئیتالیای برد، وەک پێویستییەک وردەوردە، هاوشێوەی سوپایەکی نیزامی، لەو شەڕە جۆراوجۆرانە دسپلینی تەواوی تێدا بەرپا بوو. لەو ماوەیەدا، ڕۆمانەکان ئەگەرچی لە دۆخی ئاشتیی تەواودا نەبوون، بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ شەڕێکیان نەکرد کە ئاکامی گەورەی لێ بکەوێتەوە و، بەگشتی دەڵێن کە دسپلینی سوپاکەیان بەڕادەیەکی زۆر شلیی تێ کەوت. سوپاکانی ڕۆمان کە هانیبال لە تریبیا(Trebia) ، تراسیمین (Thrasymenus) و، کان (Cannae) ڕووبەڕوویان بووەوە میلیشیا بوون لە بەرامبەر سوپا نیزامیەکەی ئەودا. لەوانەشە ئەم هەلومەرجە، لە هەموو هەلومەرجێکی تر زیاتر ڕۆڵی لە دیاریکردنی ئەنجامی ئەو شەڕانەدا هەبووبێ.

ئەو سوپا نیزامیەی هانیبال لەپاش خۆی لە ئیسپانیای بەجێ هێشت، هەمان ئەو بالادەستییەیان لەهەمبەر ئەو میلیشیایانەدا هەبوو کە ڕۆمانەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناردبوویانن و، لە چەند ساڵێکی کەمدا، لەژێر فەرماندەیی براکەی، هاسدروبالی بچووک، بەشێوەیەکی نزیکە تەواو لە وڵاتەکە وەدەر نران.

هانیبال لە نیشتمانەوە یارمەتیی کەمی پێ دەگەیشت. میلیشیاکانی ڕۆمان، بەهۆی بەردەوام مانەوەیان لە مەیدانی شەڕدا، لە هەردوو لایەنی شەڕ و دسپلینەوە بەرەوپێش

دەچوون و دەبوونە سوپایەکی نیزامیی باش مەشقپێکراو و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ باڵادەستیی هانیبال کزتر دەبوو. هاسدوربال بڕیاری دا کە پێویست دەکا تەواوی، یان نزیکەی تەواوی ئەو سوپا نیزامیەی لە ئیسپانیا فەرمانداریی دەکرد، بەرەو ئیتالیا بۆ یارمەتیدانی براکەی ببا. دەڵێن کە لەم پێشڕەوییەدا لەلایەن ڕێنیشاندەرەکانیەوە بەلاڕێدا براوە و، لە وڵاتێکدا کە نەیزانیوە کوێیە، لەلایەن سوپایەکی تری نیزامیەوە هێرش کراوەتە سەری و، سوپا هێرشبەرەکە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوتای سوپای ئەو بووە و بگرە باڵادەستتریش بووە و، بەو شێوەیە بەتەواوی بەزێنراوە.

کاتێک کە هاسدروبال ئیسپانیای بەجێ هێشت، سکیپیۆ(Scipio) ی مەزن لە بەرامبەر خۆیدا جگە لە میلیشیایەکی لەوەی خۆی لاوازتر کەسی نەدی. ئیتر هێرشی کردە سەر ئەو میلیشیایە و بەزاندی و، لەمیانی شەڕدا، میلیشیاکەی ئەو وەک پێویستییەک بووە سوپایەکی نیزامیی خاوەن دسپلین و مەشقپێکراو. ئەو سوپا نیزامیە دواتر برایە ئەفریقا و، لەوێ لەبەرامبەر خۆیدا جگە لە میلیشیا هیچی تری نەدی. بۆ پاراستنی قرتاج پێویست بوو سوپا نیزامیەکەی هانیبال بکێشرێتە دواوە. میلیشیا نائومێد و دۆڕاوە ئەفریقاییەکان خۆیان دایە پاڵی و، لە شەڕی زاما(Zama) ، بەشی زۆری هێزەکانی هانیبالیان پێک هێنابوو. ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژەش چارەنووسی دوو کۆماری دژبەری دیاری کرد.

لە کۆتایی شەڕی دووەمی قرتاجەکانەوە تا ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان، سوپاکانی ڕۆما لە هەموو ڕوویەکەوە سوپای نیزامی بوون. سوپای نیزامیی ماسیدۆنیا هەندێ خۆی لەبەرامبەر هێزەکانیاندا ڕاگرت. لەوپەڕی مەزنێتییاندا دوو شەڕی گەورە و، سێ ڕووبەڕووبوونەوەی قورسیان پێویست بوو بۆ ملکەچکردنی ئەو شانشینە بچووکە، کە ئەگەر بوودەڵەیی دوایین پاشایان نەبووایە داگیرکردنی زۆر سەختتر دەبوو. میلیشیاکانی گشت وڵاتانی شارستانی لە جیهانی کۆندا، ئەوانەی گریک، سوریا، میسر، تەنیا بەرگرییەکی لاوازیان لە بەرامبەر سوپا نیزامییەکانی ڕۆما نواند. میلیشیاکانی هەندێ گەلی وەحشی بەرگریی باشتریان لە خۆیان کرد. میلیشیاکانی سیستییەکان یان تاتارەکان، کە میتریدات (Mithridates) لە باکوری دەریای ڕەش و دەریای قەزوینەوە هێنابوویانی، درترین ئەو دوژمنانە بوون کە ڕۆمانەکان لەدوای دووەمین شەڕی قرتاجەوە ڕووبەڕوویان بوونەوە. میلیشیا پەرتی (Parthian) و جێرمانەکانیش، بەردەوام بەرچاو بوون و، لە چەندان هەلدا سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر سوپاکانی ڕۆماندا بەدەست هێنا. بەڵام بەگشتی و، لەو کاتەی سوپاکانی ڕۆمان فەرماندەیی باش دەکران، لەوە دەچێ زۆر باڵادەستتر بووبن. ئەگەر ڕۆمانەکانیش تا سەر لە پێشڕەوی لە پەرتیا و جەرمانستاندا بەردەوام نەبووبن، ئەوە لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە پێیان وا بووە پێویست نییە ئەو دوو وڵاتە کێوییە بخەنە سەر ئیمپراتۆریاکەی خۆیان، کە خۆی لەخۆیدا زۆر گەورە بوو.

وا دەردەکەوێ کە پەرتییە کۆنەکان نەتەوەیەک بووبن بە بنج و بنەوان سینتی یان تاتار و، بەردەوام شتێکی زۆریان لە خوو و نەریتی باوانیان هەڵگرتبێ. جەرمانە کۆنەکانیش، هاوشێوەی سینتی و تاتارەکان، نەتەوەیەکی شوانکارەی ڕەوەند بوون، کە لە شەڕدا هەمان ئەو سەرخێڵانەی لە کاتی ئاشتیدا شوێنکەوتەیان بوون، فەرماندەییانیان دەکرد. میلیشیاکانیان تەواو لە جۆری میلیشیاکانی سینتی یان تاتارەکان بوون و، لەوانەیە بنج و بنەوانیشیان بچێتەوە سەر ئەوان.

گەلێ هۆکار بەشدارییان لە شلبوونی دیسپلینی سوپاکانی ڕۆماندا هەبوو. لەوانەیە توندترینیشیان یەکێک لەم هۆکارانە بووبێ. لە ڕۆژگاری مەزنایەتییاندا، کاتێک لەوە نەدەچوو هیچ دوژمنێک بتوانێ بەرامبەریان بوەستێتەوە، قەڵغانە قورسەکانیان وەک بارێکی گرانی بێسوود خستە لاوە، مەشقە قورسەکانیان پشتگوێ خست، وەک ئەوەی ماندووبوونێکی بێهوودە بن. هەروەها، لەسایەی حوکمڕانیی ئیمپراتۆرە ڕۆمانەکاندا، سوپا نیزامییەکانی ڕۆما، بەتایبەتی ئەوانەی چاودێریی سنوورەکانی جەرمان و پانۆنیایان دەکرد، بوونە مەترسی بۆ سەر سەردارانی خۆیان و زۆر جاران جەنەراڵەکانی خۆیان لە دژی ئەوان دەخستە ڕووبەڕووبوونەوە. هەندێ نووسەر، دایۆکلیسیان(Dioclesian) ، لە هەندێکی تری گواستووەتەوە کە، کۆنستانتین، بۆ ئەوەی هەژموونی ئەو سوپایانە کەم بکاتەوە، لەو سنوورانەوە کێشایانیەوە، کە پێشتر لەوێ بەژمارەی زۆر لە مۆڵگەکاندا هەبوون، بەگشتی لە هەر مۆڵگەیەکدا دوو یان سێ فەیلەق هەبوون و، دابەشیانی کردە سەر یەکەگەلی بچووک لە شارۆکە جۆراوجۆرەکاندا و، هەر لەوێ مانەوە و بەدەگمەن مەگەر لە کاتی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی دەرەکی دەجوولێنران. ئەو یەکە سەربازییە بچووکانە کە بنکەکانیان لە شارە بازرگانی و پیشەسازییەکاندا بوو و بەدەگمەن لەوێ دەردەچوون، بوونە بازرگان و پیشەوەر و پیشەساز. کەسایەتیی سڤیل بەسەر کەسایەتییە سەربازییەکەیاندا زاڵ بوو و، سوپا نیزامییەکانی ڕۆما وردەوردە ئاستیان دابەزی و بوونە میلیشیای گەندەڵ و پشتگوێخراو و بێ دسپلین، کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیا جەرمانی و سینتیەکانیان نەما و، ئەوانیش زوو هێرشیان کردە سەر بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریاکە. ئیمپراتۆرەکانیش، تەنیا لەڕێی بەکرێ گرتنی میلیشیای نەتەوەی ترەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، توانییان ماوەیەک بەرگری لە خۆیان بکەن. ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆژئاوا سێیەم گەورەترین شۆڕش بوو لە مرۆڤایەتیدا کە مێژووی کۆن تۆماری باش و وردی لەبارەیەوە پاراستووە. هۆکارەکەی باڵادەستیی لەڕادەبەدەری میلیشیایەکی کێوی بەسەر میلیشیایەکی شارستانیدا بوو، کە بەهۆیەوە میلیشیای نەتەوەیەکی شوانکارە بەسەر میلیشیای نەتەوەیەکی جووتیار و پیشەوەر و پیشەسازاندا سەرکەوت. ئەو سەرکەوتنانەی میلیشیاکان بەدەستیان هێنا بەگشتی بەسەر

سوپاگەلی نیزامیدا نەبوون، بگرە بەسەر میلیشیاگەلێکدا بوون کە لەڕووی مەشق و دسپلینەوە لە خوار خۆیانەوە بوون. سەرکەوتنەکانی میلیشیا گریکەکان بەسەر میلیشیاکانی ئیمپراتۆریای فارس و، دواتریش ئەوانەی میلیشیاکانی سویسرا بەسەر نەمسایییە بۆرگۆندییەکانیشدا هەمان شێوەیان هەبوو.

هێزی سەربازیی نەتەوە جەرمانی و سینتیەکان کە خۆیان لەسەر پاشماوەی وێرانەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆژئاوا دامەزراندبوو ماوەیەک هەمان جۆری نشینگە ڕەسەنەکانی خۆیان لە نشینگە نوێیەکاندا بەرپا کرد. میلیشیایەکی شوانکارە و جووتیار بوون، کە لە کاتی شەڕدا، لەژێر فەرماندەیی هەمان ئەو سەرخێڵەی لە ئاشتیدا گوێڕایەڵی بوون دەچوونە مەیدانی شەڕەوە. لەبەر ئەوە وەکو پێویست مەشقپێکراو و بەدسپلین بوون. بەڵام کاتێک کە هونەر و پیشەسازی پێش کەوتن، وردەوردە دەسەڵاتی ئەو سەرخێڵانە پووکایەوە و، زۆربەی خەڵک کاتی کەمتریان بەدەستەوە ما بۆ ئەوەی مەشقی سەربازیی تێدا بکەن. بۆیە هەردوو دسپلین و مەشقی میلیشیاکانی فیوداڵ وردەوردە دارمان و، وردەوردە سوپاگەلی نیزامی هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی شوێنیان بگرنەوە. هەروەها کاتێک کە گەلێکی شارستانی ئامرازی سوپای نیزامیی گرتە بەر، هەموو گەلانی دراوسێی وەک پێویستییەک دەبوو شوێنپێی ئەو هەڵگرنەوە. هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە ئارامیی ئەوان لە گرتنەبەری ئەو ڕێگەیەدایە و، میلیشیاکانیان توانای بەرەنگاربوونەوەی سوپایەکی لەو جۆرەیان نییە.

سەربازانی سوپایەکی نیزامی، ئەگەرچی لەوانەیە هەرگیز دوژمنێکیان نەدیبێ، بەڵام زۆربەی جاران وا دەردەکەوت کە تەواوی ئازایەتیی هێزی قاڵبووی شەڕیان هەیە و هەر کە چوونە مەیدان دەتوانن ڕووبەڕووی سەرسەختترین و بەمەشقترینیان ببنەوە. لە ساڵی ١٧٥٦دا، کاتێک کە سوپای ڕووسیا ڕووی لە پۆڵاند کرد، لەوە نەدەچوو ئازایەتی و بوێریی سەربازانی ڕووس لەوەی پرووسیاییەکان کەمتر بێ، کە ئەمانەی دوایی بە سەرسەختترین و پرمەشقترین هێزی قاڵبووی شەڕ لە ئەورووپا دەهاتنە ژماردن. بەڵام ئیمپراتۆریای ڕووسیا، پێش ئەوە نزیکەی بیست ساڵ لە ئاشتییەکی سەقامگیردا بوو و، لەو کاتەدا تەنیا ژمارەیەکی کەم سەربازی هەبوو کە هەرگیز چاویان بە دوژمنێک کەوتبێ. کاتێک لە ساڵی ١٧٣٩دا شەڕی ئیسپانیا هەڵگیرسا، ئینگلتەرە پێش ئەوە نزیکەی ٢٨ ساڵ لە ئاشتییەکی جێگیردا بوو. بەڵام ئازایەتیی سەربازانی ئینگلتەرە هەرگیز بەهۆی ئەو ئاشتییەوە سست نەبووبوو و، لە هێرشەکەی سەر قرتاج، کە یەکەم هێرشی ئەو شەڕە ناجۆرە بوو، ئەوەی بەڕوونی پێشان دا. لەوانەیە لە ماوەی درێژی ئاشتیدا، جەنەراڵەکان شارەزاییەکانی خۆیان لەبیر بچێتەوە، بەڵام کە سوپایەکی نیزامیی باش ڕێکخراو هەبێ، لەوە ناچێ سەربازەکان ئازایی و دلێریی خۆیان لەبیر بکەن.

کاتێک کە گەلێکی شارستانی بۆ بەرگری لە خۆی پشت بە میلیشیایەک دەبەستێ، بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە گەلێکی کێویی دەوروبەری داگیری بکا. داگیرکردنی زۆری وڵاتانی شارستانی لە ئاسیا لەلایەن تاتارەکانەوە زۆر بەڕوونی ئەم باڵادەستییە سروشتییەی میلیشیای کێوی بەسەر میلیشیای گەلێکی شارستانیدا پیشان دەدەن. سوپایەکی نیزامی باش ڕێکخراو باڵادەستە لە بەرامبەر هەموو میلیشیایەکدا. ئەو جۆرە سوپایە، بەوەی کە باشتر لەلایەن گەلێکی گەشەدار و شارستانییەوە بەخێو دەکرێ، بەتەنیا دەتوانێ بەرگری لەو گەلە بکا دژ بە پەلاماری دراوسێیەکی هەژاری کێوی. لەبەر ئەوە، تەنیا بەهۆی سوپایەکی نیزامییەوە شارستانێتیی هەر وڵاتێک بەردەوامیی پێ دەدرێت و بۆ ماوەیەکی درێژ دەپارێزرێ.

وەک چۆن تەنیا لەڕێی سوپایەکی نیزامیی ڕێکخراوەوە بەرگری لە وڵاتێکی شارستانی دەکرێ، هەر بەهۆی ئەو جۆرە سوپایەشەوە وڵاتێکی کێوی لەناکاو و بەشێوەیەکی گونجاو بەرەو شارستانیبوون دەبرێ. سوپایەکی نیزامی بە هێزێکەوە کە بەری ناگیرێ، یاسای سەروەرەکەی لە ناوچە دوورەدەستەکانی ئیمپراتۆریایەکدا جێگیر دەکا و، حکوومەتێکی تا ڕادەیەک ڕێکوپێک لەو شوێنانە دەستەبەر دەکا کە نییانە. هەر کەسێک بە وردی تاوتوێی ئەو پێشکەوتنانە بکا، کە پیتەری مەزن لە ئیمپراتۆریای ڕووسیا هێنایانیە دی، بۆی دەردەکەوێ کە نزیکەی هەموویان دەڕژێنە خانەی دامەزراندنی سوپایەکی نیزامیی ڕێکخراوەوە. ئەو جۆرە سوپایە ئامرازی جێبەجێکردن و پاراستنی هەموو یاساکانن. ئاستی سەقامگیریی سیستم و ئاشتیی ناوخۆیی ئەو ئیمپراتۆریایە لەو ڕۆژەوە بۆ دەسەڵاتی سوپا دەگەڕێتەوە.

پیاوانی خاوەن بیروباوەڕی کۆماری ئیرەییان بە سوپای نیزامی دەهات و بە مەترسییان دەزانی بۆ ئازادی. ئەمە بەدڵنیاییەوە وایە ئەگەر بەرژەوەندی جەنەراڵەکان و ئەفسەرانی خواروو وەک پێویستییەک گرێدراوی پشتیوانیکردنی دەستووری دەوڵەت نەبن. سوپای نیزامیی سیزار (Caesar) کۆماری ڕۆمانی ڕووخاند. سوپای نیزامی کرۆموێل (Cromwell)پەرلەمانی لۆنگی (Long) وەدەر نا. بەڵام کاتێک کە سەروەر خۆی جەنەراڵ بێ و، توێژی خانەدان و ڕێزدارانی وڵات ئەفسەرانی سەرەکیی سوپا بن، کاتێک کە هێزی سوپا لەژێر فەرماندەیی ئەو کەسانەدا بێ کە بەرژەوەندیان لە پشتیوانیی دەسەڵاتی مەدەنیدا بێ، لەبەر ئەوەی خۆیان گەورەترین پشکیان لەو دەسەڵاتەدا هەیە، هەرگیز سوپایەکی نیزامی ناتوانێ ببێتە مەترسی بۆ ئازادی. بەپێچەوانەوە، لەوانەیە لە هەندێ دۆخدا ببێتە پشتیوانی ئازادی. ئەو تەناهییەی بۆ سەروەر دەستەبەری دەکا، وا دەکا ئەو ئیرەییە وەرسکەرە پێویست نەبێ، کە لە هەندێ کۆماری هاوسەردەمدا لەوە دەچێ چاودێریی وردترین ڕێوشوێنەکان بکا و، بەردەوام بۆ تێکدانی ئارامیی هەموو

ولاتێک ئامادە بێ. کاتێک کە تەناهیی دادوەری، ئەگەرچی لەلایەن خەڵکە بنەڕەتییەکەی ولاتەوە پشتیوانی دەکرێ، بەهۆی هەموو نارەزاییەکی میللییەوە لە مەترسیدا بێ، کاتێک کە بشێوییەکی بچووک بتوانێ لە چەند سعاتێکدا شۆڕش بەرپا بکا، دەبێ تەواوی دەسەڵاتی حکوومەت بخرێتە گەڕ بۆ سەرکوتینەوە و سزادانی هەموو بۆڵە و گازاندەیەک لێی. بەپێچەوانەوە، بۆ سەروەرێک کە هەست بەوە بکا پشتیوانی دەکرێ، نەک تەنیا لەلایەن ئەریستۆکراتیی سروشتیی ولاتەوە، بگرە لەلایەن سوپایەکی نیزامیی رێکخراویشەوە، ئەوە درندەترین و بێبنەماترین و ڕووقایمترین بەگژداچوونەوەی زۆر کەم دەیشڵەژێنن. ئەو دەتوانێ زۆر بە سەلامەتی لێیان خۆش بێ یان پشتگوێیان بخا و، متمانەی ئەو بە باڵادەستیی خۆی وای لێ دەکا ئەمە بکا. ئەو ئاستەی ئازادی کە لە بەرەڵایی نزیک دەبێتەوە تەنیا لەو ولاتانەدا ڕێی پێ دەدرێ کە سەروەری ولات بە سوپایەکی نیزامیی ڕێکخراو پارێزراوە. تەنیا لەو جۆرە ولاتانەشدا تەناهیی گشتی پێویستی بەوە نییە پشت بە هێزێکی بەردەستی خۆی ببەستێ بۆ سەکوتینەوەی ئەم جۆرە بەرەڵاییەی ئەو ئازادییە زۆرە.

لەبەر ئەوە، ئەرکی یەکەمی سەروەر، کە بەرگرییە لە کۆمەڵگە دژ بە توندوتیژی و نادادوەریی کۆمەڵگە سەربەخۆکانی تر، وردەوردە پەرە دەسێنێ و لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەڕووی شارستانییەوە تێچووی زیاتر دەبێ. هێزی سەربازیی کۆمەڵگە، کە لە بنەڕەتدا هیچ خەرجییەکی لەسەر سەروەر نییە، نە لە کاتی و ئاشتی و نە لە کاتی شەڕدا، دەبێ لەگەڵ پێشڤەچوونی پێشکەوتندا، یەکەم جار لەلایەن ئەوەوە بەخێو بکرێ لە کاتی شەڕدا و، دوایی تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا هەر دەبێ ئەو بەخێوی بکا.

گۆڕانکاریی گەورە لە هونەری شەڕدا کە بەهۆی داهێنانی چەکی ئاگردارەوە هاتە کایەوە زیاتر خەرجیی مەشق و دسپلینی هەر ژمارەیەکی دیاریکراوی سەربازانی لە کاتی ئاشتی و، بەگەڕخستنیان لە کاتی شەڕدا، زیاد کرد. تێچووی چەکەکانیان و تەقەمەنییەکانیان زیادی کرد. تفەنگ ئامێرێکە گرانتر لە ڕمێک یان لە کەوانێک و تیرەکانی، تۆپێک یان هاوەنێک گرانترن لە مەنجەنیقێکی بەردهاوێژ یان ئاگرهاوێژ. ئەو بارووتەی کە لە نمایشێکی سەربازیی نوێدا بەکار دێ گەڕانەوەی نییە و تێچووەکەی گەلێ زۆرە. ئەو ڕم و تیرانەی کە لە نمایشە کۆنەکاندا دەهاوێژران زۆر بە ئاسانی کۆ دەکرانەوە و، لەپاڵ ئەوەشدا زۆر هەرزان بوون. تۆپ و هاوەن نەک تەنیا زۆر گرانبایترن لە مەنجەنیق، بەڵکو خەرجیشیان زۆرترە، نەک تەنیا بۆ سازدانیان بۆ مەیدانی شەڕ، بگرە لە کاتی گواستنەوەشیان بۆ ئەوێ. کاتێک کە تۆپهاوێشتنی هاوسەردەم زۆر باڵادەستترە لەوەی کۆن، زۆر سەختتریش بووە و، لە ئاکامدا قایمکردنی شارێک بۆ ئەوەی چەند هەفتەیەک بەرگەی هێرشی ئەو تۆپخانەیە بگرێ خەرجییەکی گەلێ زۆرتری دەوێ. لەم سەردەمەدا

زۆر هۆکـاری جۆراوجـۆر هەن کە بەشـدارن لەوەی بەرگریکـردن لە کـۆمەڵگە خەرجیـی زیـاتری بـوێ. کـاریگەریی حەتمیـی پێشـڤەچوونی سروشـتیی پێشـکەوتن، لەم ڕووەوە، بەڕادەیەکی بەرچاو لەلایەن شۆڕشێکی گەورەوە لە هونەری شەڕ زیاتر کران، کە داهێنانی بەرێکەوتی باروت هەلی بۆ ڕەخساند.

لە شەڕی هاوسەردەمدا، تێچووی زۆری چەکی ئاگردار لە بەرژەوەندی ئەو گەلەیە کە باشتر ئەو تێچووەی پێ دەستەبەر دەکرێ و، لە ئاکامدا گەلی دەوڵەمەند و شارستانی بەسەر گەلی هەژار و کێویدا سـەر دەخا. لە سەردەمانی کۆندا سەخت بوو بۆ گەلانی دەوڵەمەند و شارستانی بەرگری لە خۆیان بکەن دژ بە گەلانی هەژار و دواکەوتوو. لەم سـەردەمەدا گەلانـی هەژار و دواکەوتـوو خۆیـان لە بەرامـبەر گەلانـی دەوڵەمەنـد و پێشکەوتوو ڕاناگرن. داهێنانی چەکی ئاگردار، داهێنانێکە سەرەتا وا دەردەکەوێ کە زۆر بەزیان بێ، بەڵام بێگومان لە بەرژەوەندی بەردەوامی و فرەوانبوونی شارستانێتیدایە.

کەرتی دووەم: خەرجیی دادوەری

ئەرکـی دووەمـی سـەرووەر ئەوەیە ئەوەنـدەی دەکـرێ هەمـوو ئەنـدامێکی کـۆمەڵگە لە نادادوەری و لە سەرکوتینەوەی ئەندامێکی تری کۆمەڵگە بپارێزێ، یان ئەرکی دامەزراندنی بەڕێـوەبەرایەتییەکی ڕێکـوپێکی دادوەری، پێویسـتی بە پـلەی جۆراوجـۆری خەرجیـیە لە قۆناخە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.

لەنێـو گەلانـی ڕاوچیـدا، کە خاوەنـداری بەدەگـمەن هەیە، یـان بەلای کەمەوە هـیچ خاوەندارییەک نییە بەهاکەی لە کاری دوو یان سێ ڕۆژ زیاتر بێ، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی دادوەری یـان بەڕێـوەبەرایەتییەکی دادوەری نییە. ئەو کەسـانەی خـاوەنی هـیچ نـین تەنیـا دەتـوانن وەکـو کەس یـان وەکـو ناوبانـگ زیـان بەیەکـتری بگەیەنن. بەڵام کاتێک کەسـێک کەسێکی تر دەکوژێ یان بریندار دەکا یـان لێی دەدا یـان نـاوزڕاوی دەکا، ئەوەی زیـانی لـێ کەوتـووە زەرەرمەنـد دەبـێ و ئەوەی تـر هـیچ سـوودێکی پـێ ناگـا. ئەمە پێچەوانەی زیانگەیانـدنە بە خاوەنـدارێتی. لەوێـدا ئەوەی زیـان بەوەی تـر دەگەیەنـێ بـایی ئەو زیـانە قازانج دەکا. ئیرەیی، ڕق، یان ناحەزی تەنیا پاڵنەرن بۆ ئەوەی کەسێک زیان بە کەسـێکی تر یان بە ناوبانگی بگەیەنێ. بەڵام زۆرینەی خەڵک زۆربەی جاران لەژێر کاریگەریی ئەو پاڵنەرانە نین و، تەنیا خراپترینیان جاروبار دەکەونە ژێر ئەو کاریگەرییەوە. لەبەر ئەوەش کە بەدەنگەوەچـوونی ئەو پـاڵنەرانە، چەنـد بەلای هەنـدێ کەسـایەتییەوە پەسـەند بـن، هـیچ سوودێکی ڕاستەقینە یان بەردەوامیان نییە، زۆربەی خەڵک بەهـۆی پێشـبینیکردنی ئەمەوە خۆیانی لـێ دوور دەگرن. خەڵـک دەتـوانن بەیەکەوە لە ئاسـتێکی گونجـاوی تەناهیـدا بژین، تەنـانەت بەبـێ هەبـوونی دادوەرییەکـی سـڤیل بـۆ پاراسـتنیان لە نـادادوەریی ئەو پـاڵنەرانە.

بەڵام چاوبرسییەتی و چاوتێبڕینی سامان، لەلایەن ئەو هەژارانەی ڕقیان لە کارکردنە و حەزیان لە تەوەزەلی و ئیسراحەتە، هاندەرن بۆ هێرشکردنە سەر موڵکی کەسانی تر، لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمانەدا حەز و ئارەزوو جێگیرن و، لەوەش زیاتر کاریگەرییان بەسەریانەوە هەیە. لە هەر شوێنێکدا موڵکی زۆرتر هەبێ نایەکسانی زۆرتر دەبێ. لە بەرامبەر یەک کەسی دەوڵەمەند بەلای کەمەوە ٥٠٠ هەژار هەن و، دەوڵەمەندیی کەمینە هەژاریی زۆرینەی لەگەڵدایە. سامانی دەوڵەمەندان دەبێتە مایەی تووڕەیی هەژارەکان، کە زۆربەی جاران نەبوونی و ئیرەیی پاڵیان پێوە دەنێن هێرش بکەنە سەر موڵکی دەوڵەمەندەکە. تەنیا لەسایەی دادوەرییەکی سڤیلدا خاوەنی موڵکێکی زۆر، کە بە کاری چەندان ساڵ بەدەست هاتووە، یان بە کاری چەندان نەوەی دوابەدوای یەک، دەتوانێ شەوێک بێخەم بنوێ. ئەو بەردەوام بەدوژمنی نەناس دەورە دراوە، کە هەرچەندە ئەو هەراسانی نەکردوون، هەرگیز ناتوانێ ڕازییان بکا و، تەنیا دەستی بەهێزی دادوەری سڤیل دەتوانێ لە نادادوەریی ئەوانی بپارێزێ و سزای دەستدرێژیکەران بدا. بۆیە خاوەندارێتی موڵکی گرانبایی و فرەوان پێویستی بە دامەزراندنی حکوومەتی مەدەنی هەیە. لەو شوێنانەشی هیچ خاوەندارییەک نییە، یان بەلای کەمەوە زیاتر لە بەهای کاری دوو یان سێ ڕۆژ نییە، حکوومەتی مەدەنی پێویست نییە.

حکوومەتی مەدەنی چاوەڕوانی جۆرێک لە پابەندییە. بەڵام کە پێویستی بۆ هەبوونی حکوومەتێکی مەدەنی، شانبەشانی زیادبوونی خاوەندارێتی موڵکی بەهادار وردەوردە زیاتر دەبێ، ئەو هۆکارە بنەڕەتییانەی بەشێوەیەکی سروشتی پابەندبوون بەرهەم دێنن، لەگەڵ گەشەی موڵکی بەهاداردا وردەوردە زیاتر دەبن.

ئەو هۆکارانە یان ئەو هەلومەرجانەی بەشێوەیەکی سروشتی پابەندبوون دروست دەکەن، یان بەشێوەیەکی سروشتی و پێش هەر یاسایەکی مەدەنی، وا دەکەن کەسانێک زاڵ بن بەسەر براکانی خۆیاندا، لەوە دەچێ بە ژمارە چوار دانە بن.

یەکەمی ئەو هۆکارانە یان ئەو هەلومەرجانە، باڵادەستییە لە توانا کەسییەکاندا، وەکو هێز، جوانی و، گونجاویی لەش. دانایی و ڕەوشتی بەرز. ژیری، دادوەری، سەقامگیری و میانڕۆیی ئاوەز. تواناکانی لەش، ئەگەر تواناکانی ئاوەز پشتیوانیان نەبن، دەسەڵاتێکی کەم بۆ ماوەیەکی کورت بەسەر کۆمەڵگەدا دابین دەکەن. پیاوێکی بەهێز، کە تەنیا پشت بە هێزی لەش ببەستێ، دەتوانێ دوو کەسی لاواز ناچار بکا ملکەچی ببن. تەنیا تواناکانی ئاوەز دەتوانن دەسەڵاتێکی زۆر گەورە دەستەبەر بکەن. ئەوان کە توانای نەبینراون، بەردەوام مایەی مشتومڕن. هیچ کۆمەڵگەیەک، کێوی یان شارستانی، پێیان باش نەبووە بنەماکانی پێشەوایەتیی پۆلێک و پاشکۆیەتی بۆی، لەسەر ئەم توانا نەبینراوانە بنیات بنێن. بەڵکو لەسەر شتی ڕوونتر و سادەتر بنیاتیان ناون.

دووەمی ئەم هۆکارانە یان هەلومەرجانە، بالادەستیی تەمەنە. پیاوێکی پیر، بەهۆی تەمەنیەوە، بەو مەرجەی تەمەن وای لێ نەکردبێ شتەکان تێکەڵ بکا، لە هەموو شوێنێکدا لە گەنجێکی هەمان پۆل، سامان و، توانا زیاتر ڕێزی بگیرێ. لەنێو گەلانی ڕاوچیدا، وەک خێڵە ڕەسەنەکانی باکوری ئەمەریکا، تەمەن، تەنیا بنەمایە بۆ دەستنیشانکردنی پایە و پێشەوایەتی. لەنێو ئەواندا، باوک پلەیەکی لەپێشەوەیە، برا هاوپلەن، کوڕ پلەی نزمترە. لەنێو گەلانی دەوڵەمەندتر و شارستانیتردا، تەمەن پلەی ئەو کەسە لەنێوان ئەوانەدا ڕێک دەخا کە لە ڕووەکانی ترەوە یەکسانن و، لەبەر ئەوە هیچی تر نییە لە ناویاندا پلەی پێ دەستنیشان بکەن. لەنێوان برا و لەنێوان خوشک، بەردەوام بەتەمەنترینیان پلەی پێشەوایەتی وەردەگرێ و، هەروەها میراتگریی موڵک و هەر شتێکی تری باوان کە شیاوی دابەشکردن نین و دەبێ تەنیا بۆ یەک کەس بن، بۆ ئەو دەبن. تەمەن توانایەکی ڕوون و سادەیە کە هیچ ناکۆکیی لەسەر نییە.

سێیەمی ئەو هۆکارانە، یان هەلومەرجانە، بالادەستییە بەهۆی سامانەوە. هەرچەندە دەسەڵاتی سامان لە هەموو قۆناخەکانی کۆمەڵگەدا گەورەیە، بەڵام لەوانەیە گەورەتر بێ، لە سادەترین قۆناخەکانی کۆمەڵگەدا کە ددان بە هەموو جیاوازییەکی بەرچاوی ساماندا دەنێ. سەرخێڵێکی تاتار، کە مالات و ماڵەکەی ئەوەندە هەن هەزار پیاویان پێ بژیێنێ، ناتوانێ ئەو سامانە زۆرە لە هیچ شتێکدا بخاتە گەڕ لە بەخێوکردنی ئەو هەزار پیاوە نەبێ. دۆخی سادەی کۆمەڵگەکە هیچ بەرهەمێکی پیشەسازی یان هیچ خشڵ و کەرەستەی جوانکاریی تێدا نییە کە ئەو بتوانێ بەشێک لە بەرهەمە خاوەکەی خۆی پێ بگۆڕێتەوە کە بۆ بەکاربردنی خۆی زیادە. بۆیە ئەو هەزار پیاوەی کە ئەو بەخێویان دەکا، بەتەواوی لە ژیانی خۆیاندا وابەستەی ئەون و، پێویستە لە شەڕدا گوێڕایەڵیی بکەن و لە ئاشتیدا فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن. ئەو وەکو پێویستییەک فەرماندەی سەربازی و دادوەری ئەوانە و، سەرخێڵییەکەی ئاکامێکی پێویستی بالادەستیی سامانەکەیەتی. لە کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند و شارستانیدا، لەوانەیە پیاوێکی خاوەن سامانێکی زۆر لەوە زیاتری هەبێ بەڵام ناتوانی فەرمانداریی دە پیاوان بکا. هەرچەندە لەوانەیە بەرهەمی موڵکەکەی بەشی ژیاندن و، ڕەنگە ژیاندنی تەواوی زیاتر لە هەزار کەس بکا، بەڵام کە ئەو خەڵکە پارەی هەموو شتێک دەدەن کە لەوەوە وەری دەگرن، کە ئەو هیچ شتێک بە کەس نادا بەبێ ئەوەی بەرامبەرێکی یەکسان وەرگرێ، بەدەگمەن کەسێک هەیە وا بزانێ کە بەتەواوی پشتبەستووە بەوەوە و، دەسەڵاتی ئەو تەنیا چەند خزمەتکارێکی سادە دەگرێتەوە. بەڵام دەسەڵاتی سامان گەلێ زۆرە، تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند و شارستانیشدا. ئەو دەسەڵاتە زۆرترە لە دەسەڵاتی تەمەن یان توانای کەسی، بەشێوەیەک کە مایەی گازاندەی بەردەوام بووە لە هەموو قۆناخێکی کۆمەڵگەدا، کاتێک کە کۆمەڵگە ددانی بە نایەکسانییەکی

زۆر لە ساماندا ناوە. قۆناخی یەکەمی کۆمەڵگە، کە قۆناخی ڕاوچیەتییە، ددان بەو جۆرە نایەکسانییەدا نانێ. هەژاریی سەرتاسەری یەکسانیی سەرتاسەریی بنیات ناوە و، باڵادەستیی تەمەن یان توانا کەسییەکانیش لاوازن، بەڵام تەنیا بنەمای دەسەڵات و پاشکۆیەتین. بۆیە لەو سەردەمەدا دەسەڵات یان پاشکۆیەتی، یان کەم بوونە یان هەر نەبوونە. قۆناخی دووەم، قۆناخی شوانکارەیی، ددان بە نایەکسانیی زۆر لە ساماندا دەنێ و، هیچ قۆناخێک ئەوەندە باڵادەستیی سامان ئەو دەسەڵاتە زۆرەی بە خاوەن سامان نەداوە. بەوەش لە هیچ قۆناخێکدا، وەک ئەم قۆناخە دەسەڵات و پاشکۆیەتی بەتەواوی دامەزراو نین. دەسەڵاتی شەریفێکی عارەب (مەبەست شێخی عارەبانە- وەرگێڕ) گەلێ زۆرە و، دەسەڵاتی خانێکی تاتار بەتەواوی توند و یەکلاکەرەوەیە.

چوارەمی ئەو هۆکارانە یان هەلومەرجانە باڵادەستیی زێدە (مەبەست خانەدانییە). باڵادەستیی زێد پێشبینیی باڵادەستییەکی دێرینی سامانە لە خێزانی ئەو کەسەی بانگەشەی دەکا. هەموو خێزانەکان وەک یەک دێرینن و، پێشینانی میر ئەگەرچی لەوانەیە ناسراوتر بن، ناشێ بەژمارە لەوانەی سواڵکەرێک زۆرتر بن. کۆنیی خێزان لە هەموو شوێنێکدا، یان بەواتەی کۆنیی سامان، یان مەزنایەتیە کە لەسەر بنەمای سامان یان شانبەشانی سامان دێ. مەزنایەتیی تازەباو لە هەموو شوێنێکدا وەک مەزنایەتیی دێرین بەڕێز نییە. ڕق لە داگیرکەر و خۆشەویستی بۆ بنەماڵەیەکی شاهانەی دێرین، بەڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای بێزکردنەوەی سروشتیی خەڵکە لەوەی یەکەم و ڕێزگرتنیان لەوەی دووەم بنیات نراون. وەک چۆن ئەفسەرێکی سوپا بەبێ دوودڵی پابەندی ئەو دەسەڵاتەی سەرووی خۆیەتی کە بەردەوام سەرکردایەتیی کردووە، بەڵام بەرگەی ئەوە ناگرێ کەسێکی لەو کەمتر لەسەروویەوە بێ، بەهەمان شێوە خەڵک بەئاسانی گوێڕایەڵی بنەماڵەیەک دەبن کە بەردەوام سەروەری خۆیان و پێشینانیان بوونە، بەڵام کاتێک بنەماڵەیەکی تر کە هەرگیز بەگەورەیان نەزانیون هەوڵی خۆسەپاندن بەسەر خەڵکەکەدا بدەن، ئەو خەڵکە لەبەر توورەیی گڕ دەگرن.

باڵادەستیی زێد، کە ئەنجامی نایەکسانییە لە سامان، لەنێو گەلانی ڕاوچیدا جێی نابێتەوە، لەنێو ئەواندا لەبەر ئەوەی هەموویان لە ساماندا یەکسانن، دەبێ بەهەمان شێوە لەڕووی زێدەوەش زۆر لە یەکسانبوونەوە نزیک بن. لەڕاستیدا، کوڕی پیاوێکی دانا و ئازا، تەنانەت لەنێو ئەوانیشدا، کەمێک ڕێزی زیاترە لە کەسێک کە خاوەنی هەمان تواناگەل بێ بەڵام کوڕی پیاوێکی گێل و ترسنۆک بێ. بەڵام، جیاوازییەکە گەلێ زۆر نییە و، بەبڕوای من هەرگیز خێزانێکی مەزن نەبووە کە گەورەییەکەی تەنیا بەهۆی دانایی و چاکەخوازییەوە بێ.

باڵادەستی بەهۆی زێد، نەک تەنیا لەوانەیە، بەڵکو بەردەوام لەنێو گەلانی شوانکارەدا بوونی هەیە. ئەو گەلانە بەردەوام بە هەموو جۆرە شتێکی پەیوەست بە خۆشگوزەرانییەوە نامۆن و، بەدەگمەن دەتوانرێ سامانی زۆر لەڕێی زێدەڕۆیی لە خەرجیدا لەناو ببرێ. بەو پێیە، هیچ گەلێک نییە بەهۆی بنەچەوە و باوانی خانەدان و ناودارەوە ڕێز لە خێزانگەلێک بگرێ، چونکە لە هیچ گەلێکدا سامانی ئەو جۆرە خێزانانە تا سەر بەردەوامیی نابێ.

ئاشکرایە کە لەدایکبوون و سامان دوو هەلومەرجن، کە بەشێوەیەکی سەرەکی کەسێک دەخەنە سەرووی کەسێکی ترەوە. ئەمانە دوو سەرچاوەی مەزنی جیاکردنەوەی کەسین و، لەبەر ئەوە لەنێو خەڵکدا هۆکاری سەرەکین کە بەشێوەیەکی سروشتی دەسەڵات و پاشکۆیەتییان لەسەر بنیات دەنرێ. لەنێو گەلانی شوانکارەدا، هەردوو ئەم هۆکارە بەتەواوی توانای خۆیان کاران. شوان یان گاوانی مەزن لەبەر سامانە زۆرەکەی و، ژمارەی زۆری ئەوانەی بۆ بژێوی وابەستەی ئەون، ڕێزی لێ دەگیرێ، هەروەها بەهۆی خانەدانیی بنەماڵەکەیەوە ڕێزی لێ دەگیرێ و، لەبەر پرشنگداریی دێرینی بنەماڵەکەیەوە دەسەڵاتێکی سروشتیی بەسەر هەموو شوان و گاوانەکانی ئاستە نزمەکانی تیرەکەی یان خێڵەکەیدا هەیە. ئەو دەتوانێ فەرماندەیی هێزی یەکگرتووی ژمارەیەکی زۆرتری خەڵک بکا، زیاتر لەوەی هەر یەکێکی تر دەتوانێ بیکا. لە کاتی شەڕدا هەموویان بەسروشت دەچنە ژێر ئاڵای ئەوەوە، زیاتر لە هەر کەسێکی تر و، بەم شێوەیە لەدایکبوون (خانەدانی) و سامانەکەی جۆرە دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری پێ دەدەن. هەروەها بە فەرماندەیی ژمارەیەکی زۆری هێزی یەکگرتوو، زیاتر لەوەی هەر کەسێکی تر بتوانێ فەرماندەیی بکا، ئەو باشتر دەتوانێ هەر کەسێک، کە زیانی بە کەسێکی تر گەیاندبێ، ناچار بکا قەرەبووی بکاتەوە. بۆیە ئەو، ئەو کەسەیە کە خەڵکی بێدەسەڵات بۆ بەرگری لە خۆیان بەشێوەیەکی سروشتی پەنا بۆ لای دەبەن. بەشێوەیەکی سروشتی گازاندە و شکایەت ڕوویان لەو دەبێ و، تێکەڵبوونی ئەو لەو دۆخانەدا کێشەکە بەشێوەیەکی ئاسانتر لەوەی کەسێکی تر بێتە ناوەوە، چارەسەر دەکا. لەبەر ئەمانە، خانەدانی و سامانی ئەم جۆرە دەسەڵاتێکی دادوەریشی پێ دەدەن.

لە سەردەمی شوانکارەییدا، کە قۆناخی دووەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، نایەکسانی لە ساماندا سەر هەڵدەدا و، جۆرێک دەسەڵات و پاشکۆیەتی لەنێو خەڵکدا دێتە کایەوە کە پێشتر بوونیان نەبووە. ئەم قۆناخە بەم شێوەیە جۆرێک لە حکوومەتی مەدەنی دێنێتە بەرهەم کە بەشێوەیەکی هاشاهەڵنەگر بۆ پاراستنی پێویستە، هەروەها لەوە دەچێ ئەمە بەشێوەیەکی سروشتی بکا و، تەنانەت دوور لەوەی کە پێویستییەکە. لەبەرچاوگرتنی ئەم پێویستییە بێگومان دواتر دێ، بۆ ئەوەی لە بەردەوامیدان و پاراستنی ئەو دەسەڵات و پاشکۆیەتییەدا بەشدار بێ. دەوڵەمەندەکان بەشێوەیەکی تایبەت، وەک پێویستییەک گرینگی

به پشـتیوانیکردنی ئەو جـۆرە شـتانە دەدەن کە بەدەسـتهێنانی ئیمتیازەکـانی خۆیـان بـۆ مسۆگەر دەکەن. کەسانی خاوەن سامانی کەمتر گرد دەبنەوە بۆ بەرگری لەوانەی سـامانی زۆرتریـان هەیە تـاوەکو مـوڵکی خۆیـان بەدەسـتەوە بمێنـێ، بـۆ ئەوەی ئەوانەی سـامانی زۆرتریـان هەیە گـرد ببـنەوە و بەرگـری لەوان بـکەن تـاوەکو مـوڵکی خۆیـان بەدەسـتەوە بمێنێ. هەموو شوانکارە و گاوانەکانی خوارووتر هەست دەکەن بەوەی ئارامیی ڕانەمەڕ و گاڕانەکانیان پشتبەستووە بە ئارامیی ئەوانەی شوانکارە و گاوانە گەورەترەکانەوە، هەست دەکەن کە مـانەوەی دەسـەڵاتی بچـووکی خۆیـان پەیوەسـتە بە مـانەوەی دەسـەڵاتی گەورەتری ئەوان. ئەوان جۆرە خانەدانییەکی کەمیان هەیە، کە هەست دەکەن بەرپرسن لە بەرگـری لە موڵـک و پشـتیوانی لە دەسـەڵاتی سـەروەرە بچووکەکەیـان بـۆ ئەوەی بتـوانێ بەرگری لە موڵکەکانیـان بکـا و پشـتیوانی لە دەسـەڵاتیان بکـا. حکوومەتی مەدەنـی تـا ئەو ئاستەی بۆ پاراستنی موڵک دامەزرابێ، لەڕاستیدا بۆ بەرگری لە دەوڵەمەند دژ بە هەژاران دامەزراوە، یان بەرگری لەوانەی موڵکێکی کەمیان هەیە دژ بەوانەی هیچ موڵکێکیان نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەسـەڵاتی دادوەریـی ئەو جۆرە سـەروەرە، دوور لەوەی ببێتە هۆکـار بـۆ خەرجـی، تـا مـاوەیەکی زۆر سـەرچاوەیەکی داهـات بـوو بـۆی. ئەو کەسـانەی بـۆ بەدەستهێنانی دادوەری ڕوویان لەو دەکرد ئامادەبوون لەبەرامبەردا پارە بدەن و، هەرگیـز هـیچ داواکـارییەک بەبێ ئەوەی دیـارییەکی لەگەڵـدا بێ پێشـکەش نەدەکرا. کە دەسـەڵاتی سەروەر بەتەواوی چەسپا، هەر کەسێک تاوانبار بووایە، دوای ئەوەی ناچار دەکرا لایەنـی بەرامبەری ڕازی بکا، بەهەمان شێوە ناچار دەکرا تـاوانەیەک (غـرامە) بە سـەروەر بدا. ئەو کەسەی کێشەی دروست بکردایە، مـایەی بشـێوی بووایە، ئارامیی پاشـای خـاوەن شـکۆی تێک بدایە، دەبوو تاوانەیەک بدا. لە حکوومەتەکانی تاتار لە ئاسیا، حکوومەتەکانی ئەورووپا کە لەلایەن گەلانی جەرمـان و سـینتیاییەکانی، کە تەختـی ئیمپراتۆریـای ڕۆمانیـان وەرگیـرا، دامەزرابوون، بەڕێوەبردنی دادوەری سـەرچاوەیەکی گەورەی داهـات بوو، بـۆ سـەروەر و بـۆ گشـت سـەرۆک یـان لۆردەکـانی خـوار ئەو، کە لە سـایەی ئەودا جـۆرە دادوەرییەکیـان بەڕێوە دەبرد، چ بەسـەر خێڵێـک یـان تیرەیەکـی دیـاریکراودا، یـان بەسـەر نـاوچەیەک یـان پارێزگەیەکدا. لە بنەڕەتدا سەروەر و ئەو سـەرۆکەی خـوار ئەو، خۆیـان کـاری دادوەرییـان ئەنجام دەدا. بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە گونجاوە ئەو ئەرکە بە جێگرەوەیەک بسـپێرن چ مەئمور بێ یان دادوەر. بەڵام ئەم جێگرەوەیە دەبوو قازانجەکانی دادوەری بۆ ئەو کەسە تۆمـار بکـا کە ئەمـی لەجێی خـۆی دانـاوە. هەر کەسـێک ئەو ڕێنوێنییـانە بخـوێنێتەوە کە لە سـەردەمی هنریـی دووەمـدا بە دادوەرانـی بازنەکـان دراون، بـۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دادوەرانە جۆرە وەکیلێکی گەڕۆک بوونە، کە بۆ ئەمسەر و ئەوسەری وڵات ڕەوانە کراون بەمەبەسـتی کـۆکردنەوەی هەنـدێ لقـی دیـاریکراوی داهاتەکـانی پاشـا. لەو سـەردەمانەدا

بەڕێوەبەرایەتیی دادوەری تەنیا داهاتێکی دیاریکراوی بۆ سەروەر دەستەبەر نەدەکرد، بەڵکو بەدەستهێنانی ئەو داهاتانە یەکێک لە سوودە سەرەکییەکان بوو کە ئەو پێشنیازی بەدەستهێنانیانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی دادوەرییەوە کردبوو.

ئەم پلانە بۆ تەرخانکردنی بەڕێوەبەرایەتیی دادوەری بۆ بەدەستهێنانی داهات، بەدەگمەن ڕووی دەدا کە نەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی پێشێلکاریی گەورە. ئەو کەسەی بە دیارییەکی گەورەوە داوای دادوەریی بکردایە ئەگەری هەبوو کەمێک دادوەریی زیاتر بەدەست بێنێ، لەکاتێکدا ئەوەی دیارییەکەی بچووک بوو شتێک کەمتر دادوەریی بۆ فەراهەم دەبوو. زۆر جارانیش دادوەری دوادەخرا بەمەبەستی دووبارەبوونەوەی ئەو دیارییە. هەروەها ئەو تاوانەیەی دەبوو کەسی شکایەتلێکراو بیدا، زۆر جاران پاڵنەری بەهێز بوو بۆ تاوانبارکردنی، ئەگەرچی لە ڕاستیدا وا نەبووبێ. مێژووی کۆنی هەموو وڵاتێکی ئەورووپا گەواهیدەرە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە ناباو نەبوونە.

کاتێک کە سەروەر یان سەرۆک خۆی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی دادوەری بووە، دیار نییە چەند ئەو جۆرە پێشێلکارییانەی ئەنجام داوە، چونکە کەس لەسەرووی ئەوەوە نەبووە کە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ داوای نووسینی تۆمارێکی لێ بکا. بەڵام کە بەڕێوەبەری دادوەری مەئمور بووە، هەندێ جار پێداچوونەوە هەبووە. ئەگەر مەئمورەکە بۆ قازانجی خۆی نادادوەرییەکی کردبێ، سەروەر خۆی سزای داوە، یان ناچاری کردووە هەڵەکە ڕاست بکاتەوە. بەڵام ئەگەر نادادوەرییەکە بۆ قازانجی سەروەرەکەی بووبێ، ئەوە مەحاڵ بووە پێداچوونەوەی بۆ بکرێ و وەک ئەوە بووە کە سەروەر خۆی ئەو کارەی کردبێ. لە هەموو حکوومەتە کێوییەکاندا، لە هەموو حکوومەتە کۆنەکانی ئەورووپا، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان بنیات نران، لەوە دەچێ بۆ ماوەیەکی درێژ بەڕێوەبردنی دادوەری زۆر گەندەڵ بووبێ، تەنانەت لە سایەی باشترین پاشاکانیشدا و، لە سایەی پاشا خراپترەکاندا زۆر خراپتر بووە.

لەنێو گەلانی شوانکارەدا، کە سەروەر یان سەرۆک گەورەترین شوان یان گاوانی تیرە یان خێڵەکەیە، ئەو بەهەمان شێوە دەژی کە شوێنکەوتە یان ڕەعیەتەکەی پێی دەژین، بە زیادکردنی ڕانەمەڕ یان گاڕانەکەی. لەنێو گەلانی کشتوکاڵیدا کە تازە لە دۆخی شوانکارەیی دەرچوونە و، زۆر لەو دۆخە پێشکەوتووتر نین، وەک دۆخی خێڵە گریکەکان لە دەوروبەری سەردەمی شەڕی ترۆی (تەروادە Trojan)-و، پێشینانی جێرمان و سێنتاییمان لە سەرەتای نیشتەجێبوونیان لە وێرانەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆژئاواییدا، سەروەر یان سەرۆک، بەهەمان شێوە، تەنیا گەورەترین خاوەن زەوی بوو و، بەهەمان شێوەی خاوەن زەوییەکانی تر بە داهاتێک دەژیا کە لە موڵکەکەی خۆیەوە بەدەستی دەهێنا، یان لەوەی کە لە ئەورووپای هاوسەردەمدا پێی دەگوترێ موڵکی تاج. ڕەعیەتەکەی

له دۆخی ئاساییدا، هیچ بەشدارییەکیان لە پشتیوانیی ئەودا نەدەکرد، ئەوەندە نەبێ کە بۆ پاراستنیان لە ستەمی هاوتایانی خۆیان پێویستیان بە دەسەڵاتی ئەو دەبوو. ئەو دیارییانەی لەو جۆرە دۆخانەدا بۆی دەهاتن تەواوی داهاتە ئاساییەکە بوون، تەواوی ئەو پاداشتانەی جگە لە هەندێ رووداوی سەرووئاسایی، بەهۆی دەسەڵاتی ئەو بەسەریانەوە بۆی دەهاتن. کاتێک ئاگامەمنون(Agamemnon) ، لە هۆمیرۆس، لە بەرامبەر دۆستایەتیدا پێشنیازی پاشایەتیی حەوت شاری گریک بۆ ئەخیلێس (Achilles) دەکا، کە تەنیا سوودێکیان ئەوەیە بە خەڵات رێزی لێ دەگرن. ئەوەندەی ئەو خەڵاتانە، ئەوەندەی پاداشتەکانی دادوەری، یان ئەوەی دەشێ پێی بگوترێ رەسمی دادگە، بەم شێوەیە تەواوی داهاتی سەروەر لە پاشایەتییەکەی پێک بێنن، نابێ چاوەڕوان بکرێ، تەنانەت ناکرێ شایانی پێشبینیکردن بێ کە بە یەکجاری دەسبەرداریان بێ. لەوانەیە و، زۆربەی جاران پێشبینی کراوە کە دەبێ رێکیان بخا و مسۆگەریان بکا. بەڵام دوای ئەوەی رێک خران و مسۆگەر کران، چۆن رێ لە کەسێک دەگیرێ کە تەواو بەدەسەڵات بوو لەوەی دەسەڵاتەکانی فرەوانتر بکا بۆ ئەودیوی ئەو یاسایانە، ئەوە هێشتا کارێکی زۆر سەختە، ئەگەر مەحاڵ نەبێ. کەواتە لەماوەی بەردەوامبوونی ئەم دۆخەدا گەندەڵیی دادوەری، کە بەسروشت ئەنجامی سروشتی ستەمکارانە و ناڕوونی ئەو خەڵاتانەیە، بەدەگمەن چارەسەرێکی کاریگەری دەبێ.

بەڵام کاتێک لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، بەشێوەیەکی سەرەکیش بەردەوامیی زیادبوونی تێچووەکانی بەرگری لە وڵات دژ بە هێرشی وڵاتانی تر، موڵکی تایبەتی سەروەر بەشی دابینکردنی خەرجیی سەروەری ناکا و، کە پێویست دەبێ خەڵک لەپێناو ئارامیی خۆیان لەو خەرجییەدا، لەرێی باجی جۆراوجۆرەوە، بەشداری بکەن، لەوە دەچێ زۆر باو بێ ئەو دیارییانەی باس کران، کە بە بەڕێوەبەرایەتیی دادوەری دەدران، چی تر و لەژێر هیچ ناونیشانێک لەلایەن سەروەرەوە، یان مەئمور و وەکیلەکانی، کە دادوەرەکانن وەرنەگیرێن. لەوە دەچێ پێشبینی کرابێ کە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو دیارییانە لە رێکخستن و مسۆگەرکردنیان ئاسانتر بێ. مووچەی جێگیر بۆ دادوەرەکان دەستنیشان کران، کە پێشبینی دەکرا قەرەبووی لەدەستدانی بەشی ئەوان لە پاداشتی کۆنی دادوەری بکاتەوە، وەک چۆن باجەکان زیاتر بوون لەوەی قەرەبووی لە دەستدانیان بۆ سەروەر بکەنەوە. بەو شێوەیە شیاو بوو بگوترێ کە دادوەری بەبێ بەرامبەر بەڕێوە دەچێ.

لەگەڵ ئەوەشدا دادوەری، لەڕاستیدا هەرگیز لە هیچ وڵاتێکدا بێ بەرامبەر نەبوو. پارێزەران بەلای کەمەوە، دەبێ بەردەوام لەلایەن لایەنەکانەوە پارەیان پێ بدرێ و، ئەگەر پارەیان پێ نەدرێ ئەوە ئەرکەکەیان وەک پێویست ئەنجام نادەن. ئەو رەسمانەی ساڵانە لە هەموو دادگەیەکدا بە پارێزەران دەدرێن، زیاترن لەو مووچانەی بە دادوەرەکان

دەدرێن. هەلومەرجی ئەو مووچانەی لەلایەن تاجەوە دەدران بەهیچ شێوەیەک ناتوانن تێچووی پێویستی کۆمەڵەی یاسایی زۆر کەم بکەنەوە. بەڵام ئەوەندە زۆر تێچووەکانیان کەم نەکردەوە کە بتوانن ڕێگری لە گەندەڵیی دادوەری بکەن، وەک قەدەخەکردنی وەرگرتنی هیچ دیارییەک یان ڕەسمێک لەلایەن دادوەرانەوە.

پلەی دادوەر خۆی لەخۆیدا زۆر بەرێزە کە وا داکا خەڵک بە وەرگرتنی خۆشحاڵ بن، ئەگەرچی پاداشتەکەی زۆر کەم بێ. پلەی نزمتری دادوەری ئاشتی، ئەگەرچی کێشەی زۆرە و، زۆربەی جاران هیچ پاداشتێکی نییە، جێی چاوتێبڕینی زۆرترینی ڕێزدارانی ئێمەیە. مووچەکانی دادوەرە جۆراوجۆرەکان، بەرز و نزمیان، لەگەڵ تەواوی تێچووی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی دادوەری، تەنانەت کە لەڕووی داراییشەوە بەباشی بەڕێوە نەبرێ، لە هەموو وڵاتانی شارستانیدا تەنیا بەشێکی کەمی خەرجییەکانی حکوومەت پێک دێنن.

هەروەها تەواوی خەرجیی دادوەری لەوانەیە بە ئاسانی لەڕێی ڕەسمی دادگەوە بدرێ و، بەبێ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی دادوەری تووشی مەترسیی ڕاستەقینەی گەندەڵی ببێ، لەوانەشە داهاتی گشتی بەم شێوەیە لە بارگرانییەکی دیاریکراو ڕزگاری ببێ، ئەگەرچی زۆر کەمیش بێ. سەختە ڕەسمی دادگە بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێک بخرێ لە کاتێکدا کەسێکی بەدەسەڵاتی وەک سەروەر پشکی تیایدا هەبێ و، بەشێکی زۆری داهاتی خۆی لێوە بەدەست بێنێ. زۆر ئاسانیشە ئەمە بکرێ لەو کاتەدا کە دادوەر کەسی سەرەکی بێ کە قازانجی لێ دەکا. یاسا بەئاسانی دەتوانێ دادوەر ناچار بکا ڕێز لەو ڕێکخستنە بگرێ، هەرچەندە بەردەوام ناتوانێ وا لە سەروەر بکا ڕێزی لێ بگرێ. کە ڕەسمی دادگە بەوردی ڕێک بخرێ و مسۆگەر بکرێ، کە هەمووی، لە ماوەیەکی دیاریکراوی هەموو پرۆسەیەکدا، بە یەک جار بدرێتە دەستی ژمێریار یان وەرگر، بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوەوە بە ڕێژەی دیاری ڕاگەیەنراو بەسەر دادوەرەکاندا، دوای بڕیاردان لە پرۆسەکە دابەش بکرێ، نەک تا ئەو کاتەی بڕیار دەدرێ، ئەو کاتە لەوە دەچێ چی تر مەترسیی گەندەڵی، زیاتر نەبێ لەو کاتەی کە تیایدا ئەو جۆرە ڕەسمانە بەتەواوی قەدەخە دەکرێن. ئەو ڕەسمانە، بەبێ ئەوەی ببنە مایەی زیادبوونێکی زۆری خەرجیی بەرزکردنەوەی داوا، دەکرێ وایان لێ بکرێ بەشی تەواوی تێچووی دادوەری بکەن. کە تا کاتی تەواوبوونی داواکە ئەو ڕەسمانە نەدرێن، لەوانەیە ببنە هاندەر بۆ دادگە تاوەکو جدیتر بێ لە لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەری. ئەو دادگانەی ژمارەیەکی زۆر دادوەریان هەیە، بە هاوڕێژەکردنی پشکی هەر دادوەرێک لەگەڵ ژمارەی ئەو سەعات و ڕۆژانەی تیایاندا سەرقاڵی کۆڵینەوە لە داواکە بووە، چ لە دادگە یان لە لیژنەیەکی سەر بە دادگەکە، دەکرێ ئەو ڕەسمانە هاندەر بن بۆ

ئەوەی هەموو دادوەرێک ڕژدتر کار بکا. خزمەتگوزارییە گشتییەکان هەرگیز لەوە باشتر ئەنجام نادرێن کە پاداشتەکانیان دوای تەواوبوونیان بدرێ و، هاوڕێژەی ڕژدی لە ئەنجامدانیان بێ. لە پەرلەمانە جۆراوجۆرەکانی فرانسەدا، ڕەسمی دادگە زۆرترین بەشی پاداشتی دادوەران پێک دێنێ. دوای هەموو لێدەرکردنەکان، ئەو مووچە پوختەی لەلایەن تاجەوە بە ڕاوێژکارێک یان دادوەرێک لە پەرلەمانی تولوز دەدرێ، کە لە پلە و پایەدا دووەمین پەرلەمانی شانشینەکەیە، تەنیا ۱۵۰ لیرەیە، نزیکەی شەش پاوەن و ۱۱ شیلینی ئیستەرلینییە لە ساڵێکدا. نزیکەی حەوت ساڵ بەر لە ئێستا ئەو بڕە پارەیە هاوتای هەقدەستی ساڵانەی کرێکارێکی ئاسایی بوو. هەروەها، دابەشکردنی ئەم ڕەسمانە بەپێی ڕژدیی دادوەرەکەیە. دادوەرێکی ڕژد داهاتێکی باش، ئەگەرچی مامناوەندی، لەڕێی پۆستەکەیەوە بەدەست دێنێ، بەڵام دادوەرێکی تەوەزەل تەنیا کەمێک لە مووچەکەی زیاتری پێ دەبڕێ. لەوانەیە ئەو پەرلەمانانە لە زۆر ڕووەوە دادگەی تەواو گونجاو نەبن، بەڵام هەرگیز بە گەندەڵی تۆمەتبار نەکراون و، لەوە دەچێ هەرگیز گومانی گەندەڵییان لێ نەکرابێ.

لەوە دەچێ ڕەسمی دادگە لە بنەڕەتدا پشتیوانی سەرەکیی دادگە جۆراوجۆرەکانی ئینگلتەرە بووبن. هەر دادگەیەک هەوڵی داوە ئەوەندەی پێی بکرێ بازاڕی خۆی گەرمتر بکا و بەو پێیەش ئامادە بوو پێشوازی لە زۆر داوا بکا کە لە بنەڕەتدا بەتایبەتمەندیی ئەوەوە پەیوەست نەبوون. دادگەی ئەنجومەنی شا، کە تایبەتە بە پرسەکانی تاوان، داوای مەدەنیی وەردەگرت، داواکار دەیگوت کە داوالەسەر، لەو ڕووەوەی دادوەرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکا، تاوانبارە بە دەستدرێژی بەسەر موڵکی کەسی تردا یان سەرپێچیکەرە. دادگەی گەنجینە، کە تایبەتە بە کۆکردنەوەی داهاتی شا و، سەپاندنی ئەو دانەوەی ئەو قەرزانەی دەبێ بە پاشا بدرێنەوە، ئێشی لەسەر هەموو داوایەک دەکرد کە پەیوەندی بە قەرزەوە هەبووایە، داواکار دەیگوت کە بۆیە ناتوانێ قەرزی شا بداتەوە، چونکە داوالەسەر قەرزەکەی ناداتەوە. لە ئاکامی ئەم جۆرە بابەتانە، وای لێ هات لە زۆر پرسدا، لایەنەکانی خۆیان بڕیار بدەن پرسەکەیان بخەنە پێش کام دادگە و، هەموو دادگەیەکیش لەڕێی ئاستی بەرز و دەستپاکییەوە هەوڵی دەدا زۆرترین پرس بۆ خۆی بەکێش بکا. یاسای سەرنجڕاکێشی ئێستای دادگەکانی ئینگلتەرە، لە بنەڕەتدا ئامرازێک بوو، لەڕێی ئەم ململانێیەوە دروست بوو کە لە کۆنەوە لە نێوان دادوەرەکانیدا هەبوو، هەر دادوەرێک هەوڵی داوە لە دادگەکەی خۆیدا خێراترین و کاریگەرترین چارەسەری یاسایی بۆ هەموو جۆرە نادادییەک پێشکەش بکا. دادگەکان سەرەتا تەنیا تاوانەیان لەسەر پابەندنەبوون بە گرێبەستەکان دادەنا. دادگەی باڵا، وەک دادگەی ویژدان، سەرەتا ئەرکی

سەپاندنی جێبەجێکردنی دیاریکراوی گرێبەستەکانی گرتبووە ئەستۆ. کاتێک کە پێشێلکردنی گرێبەست بە نەدانی پارە بوو، زیانەکە بە سەپاندنی پارەدان قەرەبوو دەکرایەوە، کە قەرەبووەکە هاوسەنگ دەبوو لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستنیشانکراوی ڕێککەوتنەکە. لەبەر ئەوە، لەو دۆخانەدا چارەسەری دادگە بەس بوو. بەڵام لە دۆخی تردا بەس نەبوو. کاتێک کرێچی داوای لەسەر لۆردەکەی تۆمار دەکرد بەوەی نادادوەرانە لە شوێنە بەکرێگیراوەکە دەری کردووە، ئەو قەرەبووی زیانەی وەری دەگرت بەهیچ شێوەیەک هاوتای بەدەستەوەبوونی زەوی نەدەبوو. بۆیە، لەو جۆرە دۆخانەدا، بۆ ماوەیەک، هەمووان دەچوونە دادگەی باڵا، ئەمەش زیانێکی کەم نەبوو بۆ دادگە ئاساییەکان. دادگەکان، وەک دەگوترێ، هەوڵیان دا ئەو جۆرە پرسانە بۆ خۆیان بەکێش بکەنەوە و، شتێکی دەستکردیان داهێنا بەناوی فەرمانی دەرکردن (Writ of Ejectment) کە کاریگەرترین چارەسەر بوو بۆ دەرکردنی نادادوەرانە یان ستەمکارانە لە زەوی.

هەر دادگەیەک دەبوو ڕەسمێکی پوول بۆ کرداره یاساییەکانی هەر دادگەیەکی دیاریکراو کۆ بکاتەوە و، بۆ ژیاندنی دادوەران و فەرمانبەرانی خۆی، کە لەوانە بوو بەو ڕێگەیە داهاتێک دەستەبەر بکا بەشی تێچووی بەڕێوەبردنی دادوەری بکا بەبێ ئەوەی هیچ بارگرانییەک بخاتە سەر داهاتی گشتیی کۆمەڵگە. لەڕاستیدا لەوانەیە دادوەران لەم دۆخەدا بکەونە ژێر کاریگەریی هەوڵی زیادکردنی بێپاساوی هەنگاوەکانی هەر پرسێک، بۆ ئەوەی تا بکرێ بەرهەمی ڕەسمی پوول زیاتر بکەن. ئەوە ئەو نەریتە بوو کە لە ئەورووپای هاوسەردەمدا لە زۆربەی دۆخەکاندا پارەدان بە پارێزەر و بنووسی دادگەی ڕێک دەخست، کە پارەدانەکە بەپێی ژمارەی ئەو لاپەڕانە بوو کە دەیاننووسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دادگە داوای دەکرد کە هەر لاپەڕەیەک لە ژمارەیەکی زۆر دێر پێک بێ و هەر دێرێکیش لە ژمارەیەک وشەی زۆر. بۆ زیادکردنی پارەکەیان، پارێزەر و بنووسان پەنایان دەبردە بەر درێژدادڕی و بەکارهێنانی وشەی زیاد لە پێویست تاوەکو، بەبۆچوونی من، زمانی یاسایان لە هەموو دادگەیەکی ئەورووپا تێک دا. دنەدەری هاوشێوەش لەوانەیە بووبێتە مایەی تێکدانی بەڕێوەچوونی کارە یاساییەکان.

بەڵام چ بەڕێوەبەرایەتیی دادوەری بەو شێوەیە دروست کرابێ کە خۆی خەرجیی خۆی دابین بکا، یان بژێویی دادوەران بە مووچەی جێگیر بێ کە لە سندووقی تری پارەدارکردنەوە بۆیان دەستەبەر بکرێ، لەوە ناچێ بۆ کەسێک یان کەسانێک کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان بەدەستەوەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سندووقە، یان بۆ دانی ئەو مووچانە، گرینگ بێ. لەوانەیە ئەو سندووقی پارەدارکردنە لە کرێی موڵکی بەزەوییەوە بێ و، بەڕێوەبردنی هەر موڵکێک بەو دادگەیە دەسپێررێ کە بژێویی لەسەریەتی. لەوانەشە ئەو

سندووقە لە سوودی برە پارەیەکەوە بێ، کە لەوانەیە بەقەرزدانی ئەو پارەیە بەهەمان شێوە بەو دادگەیە بسپێرێ کە بژێویی لەسەریەتی. بەشێک، گەرچی لەڕاستیدا زۆر کەمە، لە مووچەی دادوەرانی دادگەی تاوانەکان لە سکۆتلاند لە سوودی بڕێک پارەوە دابین دەکرێ. بەلام لەوە دەچێ ناجێگیریی ئەو جۆرە پارەدارکردنە، وای لێ بکا گونجاو نەبێ بۆ ژیاندنی دامەزراوەیەکی لەم جۆرە کە مەبەستە هەتاهەتایە بەردەوامیی هەبێ.

لەوە دەچێ جیاکردنەوەی دەسەلاتی دادوەری لە دەسەلاتی جێبەجێکردن لە بنەڕەتدا ئاکامی زۆربوونی مامەلەی ناو کۆمەلگە بێ، کە ئەمیش لەئاکامی پێشکەوتنی کۆمەلگەیە. بەڕێوەبردنی دادوەری بووە ئەرکێکی قورس و ئالۆزی وا کە چاودێریی تەواوی ئەو کەسانەی پێویستە کە ئەرکەکەیان پێ سپێرراوە. ئەو کەسەی دەسەلاتی جێبەجێکردنی پێ سپێرراوە کاتی بەدەستەوە نییە بۆ ئامادەبوون لە کاتی بڕیاردان لە پرسە تایبەتەکان، لەبەر ئەوە بۆ ئەم مەبەستە جێگرێک دامەزراوە تاوەکو لەجیاتی ئەو بڕیاری لەسەر بدا. لە کاتی پێشڤەچوونی مەزنیی ڕۆماندا، کونسول زۆر بە بابەتە سیاسییەکانی دەولەتەوە سەرقال بوو کە ماوەی نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دادوەری. بۆیە، پرایتۆر (دادوەرێک-praetor) دامزرێنرا بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو بەڕێوەی ببا. لەگەل گەشەی شانشینە ئەوروپاییەکاندا، کە لەسەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆمان دامەزران، سەروەر و لۆردە مەزنەکان بەگشتی بەڕێوەبردنی دادوەرییان وەک ئەرکێکی قورس، زۆر بچووک دەهاتە بەر چاو، کە شایانی ئەوە نەبێ خۆیانی بدەنە بەر. لەبەر ئەوە، ئەوان بەگشتی خۆیان لەو ئەرکە بەدوور دەگرت و جێگر یان مەئمور یان دادوەریان بۆ ئەو مەبەستە دادەنا.

کاتێک کە دەسەلاتی دادوەری و دەسەلاتی جێبەجێکردن یەک دەگرن، بەدەگمەن ڕوو دەدا کە زۆربەی جاران دادوەری نەکرێتە قوربانی ئەوەی ڕووقایمانە پێی دەلێن سیاسەت. ئەو کەسانەی بەرژەوەندی گەورەی ولاتیان پێ سپێرراوە لەوانەیە، بەبێ هیچ ڕوانگەیەکی خراپ، هەندێ جار بەپێویستی بزانن مافی تاکەکان بەقوربانی ئەو بەرژەوەندیانە بکرێن. بەلام ئازادیی هەموو تاکێک و، هەستکردنی ئەو تاکە بە ئارامی، پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی دەستپاکانەی دادوەرییەوە. بۆ ئەوەی وا بکرێ کە هەر تاکێک هەست بە ئارامیی تەواو بکا لەوەی هەموو ئەو مافانە بەدەست دێنێ کە هی خۆین، ئەوە نەک تەنیا پێویستە دەسەلاتی دادوەری لە دەسەلاتی جێبەجێکردن جیا بکرێتەوە، بەلکو دەبێ تا دەکرێ سەربەخۆ بێ و دوور لەو دەسەلاتە بێ. نابێ ئەو دەسەلاتە بتوانێ بە ئارەزووی خۆی دادوەرێک لە پۆستەکەی خۆی لابەرێ. نابێ مووچەی دادوەر پشت بە ڕێکخستن و نیازی باش و تەنانەت ئابووریی باشی ئەو دەسەلاتە ببەستێ.

کەرتی سێیەم

خەرجیی ئیشی گشتی و دامەزراوە گشتییەکان

سێیەم و دوائەرکی سەروەر یان کۆمۆنوێڵت بریتییە لە دامەزراندن و بەردەوامیدان بەو دامەزراوە گشتی و ئیشە گشتییانەی کە، بەسروشت قازانجەکانیان هەرگیز خەرجیی هیچ تاکێک یان چەند تاکێکی کەم پڕ ناکاتەوە و، لەبەر ئەوە نابێ چاوەڕوان بکرێ کە تاکێک یان چەند تاکێکی کەم بیر لە دامەزراندن یان بەردەوامیپێدانیان بکەنەوە. هەروەها ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، لە سەردەمە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا، پێویستی بە پلەی جۆراوجۆری خەرجی هەیە.

دوای ئەو دامەزراوە گشتییانە و ئەو ئیشە گشتییانەی پێویستن بۆ بەرگری لە کۆمەڵگە و، بەڕێوەبردنی دادوەری، کە ئاماژەمان بۆ هەردووکیان کرد، ئیش و دامەزراوەکانی تری لەم جۆرە دێن، کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوانەن ئاسانکاری بۆ بازرگانیی کۆمەڵگە دەکەن و ئەوانەی پشتیوانیی ئامۆژگاریکردنی خەڵک دەکەن. ئەو دامەزراوانەی ڕێنیشاندەریی خەڵک دەکەن دوو جۆرن: ئەوانەی بۆ فێرکردنی گەنجانن و، ئەوانەی بۆ ڕێنوێنیکردنی خەڵکن لە هەموو تەمەنێک. لەبەرچاوگرتنی شێوەی خەرجیی ئەو جۆرە جیاوازانەی خەڵک، ئیش و، دامەزراوە کە دەکرێ بەگونجاوترین شێوە بدرێ، ئەم کەرتەی سێیەم دابەش دەکاتە سەر سێ بابەتی جیا لەیەک.

بابەتی یەکەم

ئەو ئیشە گشتی و دامەزراوانەی ئاسانکاری پێشکەشی بازرگانیی کۆمەڵگە دەکەن و یەکەمی ئەوانەی پێویستن بۆ ئاسانکاریی بازرگانی بەگشتی

دامەزراندن و بەردەوامیدان بە ئیشی گشتیی ئاسانکەری بازرگانیی هەر وڵاتێک، وەک ڕێگەوبانی باش، پرد، کەناڵی کەشتیوانی، میناکان، هتد، پێویستیان بە ئاستی جۆراوجۆری خەرجییە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە. خەرجیی دروستکردن و بەردەوامیدان بە ڕێگەی گشتیی هەر وڵاتێک دەبێ لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵاتەکەدا، یان لەگەڵ بڕ و کێشی ئەو کاڵایانەی پێویست دەکا بەو ڕێیانە بار بکرێن و بگوازرێنەوە، زیاتر ببێ. بەهێزیی پردێک دەبێ گونجاو بێ لەگەڵ کێش و ژمارەی ئەو عارەبانانەی پێشبینی دەکرێ بەسەریدا تێپەڕن. قووڵی و بڕی ئاوی کەناڵێکی گونجاو بۆ کەشتیوانی دەبێ هاوڕێژە بن لەگەڵ ژمارە و کێشی ئەو بەلەمانەی کە لەوانەیە باریان تێدا بگوازنەوە، مەودای بەندەرێک دەبێ گونجاو بێ بۆ ژمارەی ئەو باربەرانەی لەوانەیە لە پاڵیدا لەنگەر بگرن.

لەوە ناچێ کە پێویست بێ خەرجیی ئەو ئیشە گشتییانە لە داهاتی گشتی بدرێن، کە لە زۆربەی وڵاتاندا ئەرکی کۆکردنەوە و خەرجکردنیان لەسەر شانی دەسەڵاتی جێبەجێکارە. بەشی زۆری ئەو ئیچە گشتییانە لەوانەیە بە ئاسانی بەشێوەیەک ڕێک بخرێن کە داهاتێک دابین بکەن کە خەرجیی خۆیان دەستەبەر بکا، بەبێ ئەوەی هیچ بارگرانییەک بخەنە سەر داهاتی گشتیی کۆمەڵگە.

ڕێگەیەکی دەرەکی، پردێک، کەناڵێکی کەشتیوانی، بۆ نموونە، لەوانەیە لە زۆربەی دۆخەکاندا بەڕەسمێکی بچووکی سەر ئەو عارەبانانەی بەکاریان دێنن دروست بکرێن و بپارێزرێن، بەندەرێک بە باجێکی مامناوەندی لەسەر ئەو بارانەی لەوێدا دادەگیرێن و بار دەکرێن ئەمەی بۆ دەستەبەر دەکرێ. لەسکەدان، کە ئامرازێکی تری ئاسانکارییە بۆ بازرگانی، لە گەلێ وڵاتدا نەک تەنیا خۆی خەرجیی خۆی دابین دەکا، بەڵکو داهاتێکی کەم یان قازانجێکی لەسکەدان بۆ سەروەر دابین دەکا. فەرمانگەی پۆستە، دامەزراوەیەکی ترە کە بۆ هەمان مەبەستە، سەرباری دابینکردنی خەرجیی خۆی، لە نزیکەی هەموو وڵاتاندا داهاتێکی زۆر بۆ سەروەر دابین دەکا.

کاتێک کە عارەبانەیەک بەسەر ڕێگەیەکی دەرەکی یان پردێکدا تێپەڕ دەبێ، ڕەسمێک دەدا کە هاوڕێژەیە لەگەڵ بارەکەیدا، ئەوە پارەی بەردەوامیدان بەو ئیشە گشتییە دەدا کە یەکسانە بەو خراپبوونەی بووەتە هۆ بۆی. لەوە دەچێ بەدەگمەن بشێ ڕێگەیەکی گونجاوتر بۆ پاراستنی ئەم جۆرە ئیشانە داهێنرێ. ئەم باجە یان ئەم ڕەسمە، ئەگەرچی لەلایەن باربەرەکەوە دەدرێ، لە کۆتاییدا لەلایەن بەکاربەوە دەدرێ، کە بەردەوام لەڕێی نرخی کاڵاکانەوە دەخرێتە ئەستۆی. هەرچەندە خەرجیی بار، بەهۆی ئەم ئیشانەوە زۆر کەم دەبێتەوە، سەرباری ئەو ڕەسمەش هێشتا بۆ بەکاربەر هەرزانتر دەبێ، کە بەبێ ئەمە دەبوو، چونکە نرخەکانیان ئەوەندەی بە ڕەسمەکە بەرز دەبێتەوە ئەوەندە لەڕێی هەرزانیی باربەرییەوە نزم دەبێتەوە. لەبەر ئەوە، ئەو کەسەی لە کۆتاییدا ئەم باجە دەدا لەڕێی ئەم خزمەتەوە، ئەوەی دەستی دەکەوێ زیاترە لەوەی بە پارەدان بە خزمەتگوزارییەکە لەدەستی دەدا. لەڕاستیدا ئەو ناچارە تەنیا دەستبەرداری بەشێکی دەستکەوتەکە بێ تاوەکو ئەوەی تر بەدەست بێنێ. لەوە دەچێ مەحاڵ بێ شێوازێکی گونجاوتر بۆ زیادکردنی باجێک بیری لێ بکرێتەوە.

کاتێک کە ڕەسمی خۆشگوزەرانیی سەر عارەبانەی داخراو، عارەبانەی بەکورسیی پان، هتد تا ڕادەیەک بە بەراورد لەگەڵ کێشیاندا بەرزترە لەوەی سەر ئەو عارەبانانەی شتی پێویست دەگوازنەوە، وەک عارەبانەی بار، بەمە تەمبەڵی و خۆبەزلزانیی دەوڵەمەندان ناچار دەکرێن بەشێوەیەکی ئاسان بەشداری لە کارئاسانی بۆ هەژاران بکەن، بەوەی گواستنەوەی کاڵا قورسەکان بۆ بەشە جیاجیاکانی وڵات هەرزانتر بکرێ.

که بەم شێوەیە ڕێگە دەرەکییەکان و پردەکان، لەڕێی ئەو بازرگانییەوە کە بەهۆیانەوە دەگوازرێتەوە، دروست دەکرێن و بەردەوامییان پێ دەدرێ، ئەوانە تەنیا لەو شوێنانە دروست دەکرێن کە ئەو بازرگانییە پێویستی پێیان دەبێ و، لەئاکامدا لەو شوێنانە دەبن کە بۆ ئەو بازرگانییە گونجاون. تێچووەکانیشیان، باشی و، فرەوانییان دەبێ لەگەڵ ئەوەدا گونجاو بن کە ئەو بازرگانییە دەتوانێ بیدا. کەواتە دەبێ بەو شێوەیە دروست بکرێن کە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو بازرگانییانە. ناکرێ ڕێگەیەکی دەرەکیی نایاب لە ناوچەیەکی بیاباندا دروست بکرێ کە بازرگانییەکی زۆر کەمی هەبێ یان هەر نەیبێ، یان تەنیا لەبەر ئەوە دروست بکرێ کە بۆ ڤیلایەکی لادێی حاکمی پارێزگەکە، یان لۆردێکی گەورە، دەچێ. ناشێ پردێکی گەورە لە شوێنێکی سەر ڕووبارێک دروست بکرێ کە کەس بەسەریدا تێناپەڕێ، یان تەنیا بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە جوان بکا کە لە پەنجەرەی کۆشکێکی ئەو دەوروبەرەوە دەبینرێ، کە ئەم شتانە لەو وڵاتانەدا دەکرێن کە ئەم جۆرە ئیشانە تیایاندا بەداهاتی تر دەکرێن نەک بەوەی کە خۆیان دەتوانن دابینیان بکەن.

لە چەندان بەشی جیاجیای ئەوروپا، باجی بار لە کەناڵەکاندا بۆ هەندێ کەسە، کە بەرژەوەندی تایبەتیان ناچاریان دەکا ئاگەداری ئەو کەناڵانە بن. ئەگەر ئەو کەناڵانە بەشێوەی گونجاو نەپارێزرێن ئەوە کەشتیوانی تیایاندا دەوەستێ و، لەگەڵ ئەودا تەواوی ئەو قازانجەی لەڕێی ئەو ڕەسمانەوە دەستیان دەکەوێ دەوەستێ. ئەگەر ئەو ڕەسمانە بخرێنە ژێر دەسەڵاتی سپێرراوانێکەوە کە خۆیان هیچ بەرژەوەندیان تیایاندا نەبێ، ئەوە لەوانەیە زۆر گرینگی بە پاراستنی ئەو ئیشە نەدەن کە مایەی ئەو ڕەسمانەن. خەرجیی کەناڵی لۆنگدۆک لەلایەن شای فرانسە و پارێزگەکەوە دەگاتە ١٣ ملیۆن لیرە (کاتێک کە یەک مارکی زیو ٢٨ لیرە بوو، کە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا بەهای پارەی فرانسە بوو) دەیکردە نزیکەی ٩٠٠ هەزار پاوەنی ئیستەرلینی. کاتێک کە ئەو کارە مەزنە تەواو کرا، دەرکەوت کە گونجاوترین ڕێگە بۆ پاراستن و چاککردنی بەردەوامی، پێشکەشکردنی پاداشتێکە لە شێوەی ڕەسم بە ئەندازیار ریکێ (Riquet) کە نەخشەکێش و ئەنجامدەری ئیشەکە بوو. ئەو ڕەسمانە ئێستا موڵکێکی زۆر گەورەی لقە جیاجیاکانی بنەماڵەی ئەو ڕێزدارەن، کە بەو جۆرە بەرژەوەندیەکی گەورەیان لە ئیشی چاککردنی بەردەوامی ئەو کەناڵەدایە. بەڵام ئەگەر بەڕێوەبردنی ئەو ڕەسمانە لەلایەن سپێرراوانێکەوە بووایە، کە ئەو بەرژەوەندیەیان تیایدا نەبووایە، ئەوە لەوانە بوو لە خەرجیی جوانکاریی ناپێویستدا بەفیڕۆیان بدایە و، ڕێگەیان بدایە هەندێ گرینگترین بەشی ئیشەکە تێک بچێ.

ڕەسمی چاککردنی ڕێگەی دەرەکی ناشێ بەبێ ترس بکرێنە موڵکی تایبەت. ڕێگەیەکی دەرەکی ئەگەر بەتەواویش پشتگوێ بخرێ، بەتەواوی نابێتە ڕێگەیەک کە تێپەڕین پیایدا مەحاڵ بێ، هەرچەندە ئەمە لە کەناڵی ئاویدا ڕوو دەدا. بۆیە، ئەوانەی دەبنە خاوەنی

ڕەسمی سەر ڕێگەی دەرەکی دەتوانن بەتەواوی چاککردنی ڕێگەکە پشتگوێ بخەن و لە کۆکردنەوەی ڕەسمەکەش بەردەوام بن. بۆیە گونجاوترە ڕەسمی پاراستنی ئەو جۆرە ئیشە لەلایەن سپێرراو یان باوەڕپێکراوانەوە بەڕێوە بچێ.

لە بریتانیای مەزندا، ئەو پێشێلکارییانەی لەلایەن ئەم باوەڕپێکراوانەوە لە بەڕێوەبردنی ئەم ڕەسمانەدا ئەنجام دەدران، مایەی گلەیی بوون. دەگوترێ کە لە گەلێ بازگەی (turnpikes)سەر ڕێگە دەرەکییەکان ئەو پارەیەی وەردەگیرا زیاتر بوو لە دوو هێندەی ئەوەی بەشی باشترین ئەنجامدانی ئەو ئیشەی دەکرد کە بە خراپترین شێوە ئەنجام دەدرا و، هەندێ جار هەر ئەنجام نەدەدرا. دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە سیستمی چاککردنی ڕێگەوبانی دەرەکی لەڕێی ئەم جۆرە ڕەسمەوە، تەمەنی زۆر درێژ نییە. بۆیە نابێ بەلامانەوە سەیر بێ ئەگەر بەو تەواوییە ئەنجام نەدرێ کە لەوە دەچێ شیاوی ئەنجامدان بێ. ئەگەر زۆربەی جاران خەڵکی نزم و نەگونجاو وەک باوەڕپێکراو دابنرێن و، ئەگەر دامەزراوەی پشکنین و ژمێریاری هێشتا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتیان و کەمکردنەوەی ڕەسمەکان بۆ ئەو ئاستەی بەشی ئەنجامدانی ئیشەکە بکا دانەمەزرابن، ئەوە نوێیەتیی ئەم دامەزراوەیە دەبێتە بیانوو بۆ ئەو کەموکورتییە کە چاوەڕوان دەکرێ، وردەوردە لەڕێی دانایی پەرلەمانەوە و لە کاتی خۆیدا چارەسەر بکرێ.

چاوەڕوان دەکرێ ئەو پارەیەی لە بازگە جۆراوجۆرەکان لە بریتانیای مەزندا کۆ دەکرێتەوە، زۆر زیاتر بێ لەوەی بۆ چاککردنی ئەو ڕێیانە پێویستە و، لەڕێی دەستگرتنەوەی گونجاوەوە دەشێ بەشێکی وای لێ گل بدرێتەوە کە تەنانەت لەلایەن هەندێ وەزیرەوە بە سەرچاوەیەکی زۆر گەورە دانراوە بۆ ئەوەی جاروبار پێویستییەکانی دەوڵەتی پێ دابین بکرێن. دەڵێن کە حکوومەت، لەڕێی بەڕێوەبردنی بازگە لەلایەن خۆیەوە و، بە بەکارهێنانی سەرباز بۆ ئەم کارە بەرامبەر بە سەرمووچەیەکی کەم، دەیتوانی ڕێگەکان بەشێوەیەکی باشتر و بە خەرجییەکی کەمتر بپارێزێ لەوەی کە لەڕێی باوەڕپێکراوانەوە دەیکا، کە کارگەریان نییە ئیشیان پێ بکەن، ئەوانە نەبن کە تەواوی بژێوییان لەسەر هەقدەستەکانیانە. پێشبینی کراوە کە داهاتێکی زۆر، لەوانەیە نیو ملیۆن بێ، ڕەنگە بەم شێوەیە بەدەست بێ، بەبێ ئەوەی هیچ بارگرانییەکی بۆ خەڵک تێدا هەبێ و، دەکرێ بازگەی سەر ڕێگە دەرەکییەکان، بە هەمان شێوەی ئێستای فەرمانگەکانی پۆستە، بەشداری لە دابینکردنی خەرجیی گشتیی دەوڵەتدا بکەن.

من گومانم لەوە نییە کە بەم شێوەیە داهاتێکی باش دەست دەکەوێ، ئەگەرچی نزیک نابێتەوە لەوەی خاوەن پرۆژەکانی، کە پێشنیازی ئەم پلانەیان کردووە پێشبینییان کردبوو. بەڵام لەوە دەچێ پلانەکە خۆشی مایەی چەندان ڕەخنەی زۆر گرینگ بێ.

یەکەم، ئەگەر ئەو ڕەسمانەی لە بازگەکاندا کۆ دەکرێنەوە بە یەکێک لە سەرچاوەکانی دەستەبەرکردنی خەرجیی دەوڵەت بێنە ژماردن، بەدڵنیاییەوە دەبێ شانبەشانی زیادبوونی ئەو خەرجییانە زیاد بکرێن. لەبەر ئەوە، بەپێی سیاسەتی بریتانیای مەزن، لەوانەیە زۆر بە خێرایی زیاد بکرێن. ئاسانیی بەدەستهێنانی داهاتێکی زۆر لەم ڕەسمانە لەوانەیە هانی ئیدارەی دەوڵەت بدا بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوەیە چەندبارە بکاتەوە. ئەگەرچی لەوانەیە جێی گومانێکی زۆر بێ، کە هیچ ئابوورییەک بتوانێ نیو ملیۆن لەم ڕەسمانەی ئێستا گل بداتەوە، ئەوە دەگمەنە بکرێ، بە دوو هێندە لێکردنیان، یەک ملیۆن گل بدرێتەوە و، دوو ملیۆن ئەگەر بکرێن بە سێ هێندە. ئەم داهاتە زۆرەش لەوانەیە بەبێ دامەزراندنی تەنیا یەک فەرمانبەری نوێ بۆ کۆکردنەوە و وەرگرتنی، کۆ بکرێتەوە. بەڵام کە ڕەسمی بازگەکان بەم شێوەیە بەردەوام زیاد بکرێن، ئەوە لەجیاتی ئاسانکردنی بازرگانیی ناوخۆ، وەک ئەوەی ئێستا هەیە، هەر زوو دەبێتە بارێکی زۆر گران بەسەریەوە. هەر زوو خەرجیی گواستنەوەی کاڵا قورسەکان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تری وڵات ئەوەندە زۆر دەبێ، کە لەئاکامدا بازاڕی هەموو ئەو کاڵایانە زووبەزوو بەرتەسک دەبێ و بەرهەمهێنانیان سست دەبێ و، گرینگترین لقەکانی پیشەسازیی ناوخۆیی وڵات تەواو لەناو دەچن.

دووەم، باجێک لەسەر عارەبانە کە هاوڕێژە بێ لەگەڵ کێشدا، ئەگەرچی باجێکە کاتێک تەنیا بەمەستی چاککردنی ڕێگەوبان دەسەپێنرێ زۆر دادوەرانەیە، کە بۆ مەستی تر، یان بۆ دەستەبەرکردنی خەرجیی دەوڵەت دەسەپێنرێ زۆر نادادوەرانەیە. کاتێک کە تەنیا بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە دەبێ، هەر عارەبانەیەک تەواو ئەوەندە دەدا کە خۆی بووەتە هۆی تێکدانی ڕێگەوبانەکان. بەڵام کاتێک کە بۆ مەبەستی ترە، چاوەڕوان دەکرێ هەموو عارەبانەیەک لەوە زیاتر بدا کە خۆی تێکی دەدا و، لە خستنە بەردەستی هەندێ خەرجیی تری دەوڵەتدا بەشدار دەبێ.

بەڵام کە ڕەسمی بازگە نرخی کاڵاکان هاوڕێژە لەگەڵ کێشەکانیان، نەک بەهاکانیان، بەرز دەکاتەوە، ئەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن بەکاربەرانی کاڵای هەرزانبایی و قورسەوە دەدرێ نەک بەکاربەرانی کاڵای گرانبایی و سووکەڵەوە. بۆیە، ئەم باجە مەبەستی دابین کردنی هەر خەرجییەکی دەوڵەت بێ، ئەو خەرجییە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەرکی هەژاران بەردەست دەخرێ، نەک دەوڵەمەندان، لەسەر ئەرکی ئەوانەی کەمترین توانای دابینکردنی ئەو خەرجییانەیان هەیە، نەک ئەوانەی توانای باشیان لەو ڕووەوە هەیە.

سێیەم، ئەگەر لە هەر کاتێکدا حکوومەت چاککردنی ڕێگەوبانی دەرەوە پشتگوێ بخا، ئەوە زۆر لە ئێستا سەختتر دەبێ هیچ ڕەسمێک لەو بازگانەدا بسەپێنێ. بەو شێوەیە

داهاتێکی زۆر لە خەڵک کۆ دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی بۆ تەنیا مەبەستی کۆکردنەوەی بەکار بهێنرێ. ئەگەر ئێستا هەژاری و نەداریی باوەڕپێکراوەکانی بازگەکانی سەر ڕێگە، هەندێ جار وا بکەن کەسەخت بێ ناچاریان بکەی بۆ ئەوەی هەڵەی خۆیان ڕاست بکەنەوە، ئەوە سامان و گەورەییان، دە هێندە ئەمە سەختتر دەکا.

لە فڕانسەدا، ئەو سندووقی پارەدارکردنانەی بۆ چاککردنی ڕێگەوبانی دەرەوە تەرخان کرابوون، لەژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی جێبەجێکاردا بوون. ئەو سندووقانە بەشێوەیەکی بەشەکی کاری چەند ڕۆژێکی دیاریکراوی خەڵکی لادێ لەخۆ دەگرن، کە لە زۆربەی بەشەکانی ئەوروپا ناچار دەکرێن ئەو ڕێگە دەرەکییانە چاک بکەن و، بەشێکی تری ئەو بەشەی داهاتی گشتیی دەوڵەتە، کە شا بڕیار دەدا لە خەرجیی تری خۆیەوە بیانگێڕێتەوە.

بەپێی یاسای کۆنی فڕانسە، هەروەها یاساکانی زۆربەی بەشەکانی تری ئەوروپا، کاری خەڵکی لادێ لەژێر سەرپەرشتیی دادوەرێکی خۆجێی یان ناوچەیی دەبێ، کە ڕاستەوخۆ بە ئەنجومەنی پاشاوە پەیوەست نییە. بەڵام کاری خەڵکەکە و، هەر سندووقێکی تر کە پاشا بۆ چاککردنی ڕێگەی دەرەکی تەرخانی دەکا، بەتەواوی لەلایەن سەرەپەرشتیارەوە بەڕێوە دەبرێن، کە فەرمانبەرێکە لەلایەن ئەنجومەنی پاشاوە دادەمەزرێ و لادەدرێ و، فەرمان لەو ئەنجومەنەوە وەردەگرێ و، پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵدا هەیە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تاکڕەویدا، وردەوردە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەموو دەسەڵاتەکانی تری ناو دەوڵەت دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و، دەست بەسەر بەڕێوەبردنی هەموو لقێکی داهاتدا دەگرێ، جا ئەو داهاتە بۆ هەر مەبەستێکی گشتی بێ. لە فڕانسەدا، ڕێگە مەزنەکانی پۆستە، ئەو ڕێیانەی شارە سەرەکییەکانی شانشینەکە بەیەک دەگەیەنن، بەگشتی بەشێوەیەکی باش دەپارێزرێن و، لە هەندێ پارێزگەدا لەوانەی بەشی زۆری ڕێگە سەرەکییەکانی ئینگلتەرە باشترن. بەڵام ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ڕێگە یەکتربڕەکان، واتە بەشی زۆری ڕێیەکانی لادێ بەتەواوی پشتگوێ خراون و، لە هەندێ شوێناندا بەهیچ شێوەیەک عارەبانەی قورس ناتوانێ بەسەریاندا بڕوا. تەنانەت لە هەندێ شوێندا هاتوچۆ بەسەریاندا بەسەر پشتی ئەسپیشەوە مەترسیدارە و، تەنیا هێستر بۆ ئەو ڕێیانە گونجاوە. وەزیرێکی خۆپەسەندی دادگەیەکی خۆهەڵکێش لەوانەیە زۆربەی جار خۆشحاڵ بێ بە ئەنجامدانی ئیشێکی نایاب، وەک ڕێگەیەکی دەرەکیی مەزن، کە زۆربەی جار بە بناخەیەکی خانەدانی دەزانرێ، کە چەپڵەلێدان بۆی نەک تەنیا خۆبەزلزانیی تێر دەکا، بەڵکو پشتیوانیی بەرژەوەندی ئەو لەو دادگەیەدا دەکا. بەڵام ئەنجامدانی چەندان ئیشی بچووک، کە هیچ یەکێکیان دەرکەوتنی زۆری تێدا نییە، یان سەرنجی هیچ ڕێبوارێک ڕاناکێشێ و، بەکورتی، جگە لە سوودی زۆری ڕێگەکە هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، ئیشێکە لە هەموو ڕوویەکەوە

بـۆ ئەو جـۆرە دادوەرە مەزنە جێـی بـایەخ و سـەرنج نیـیە. بـۆیە، لەسـایەی ئەو جـۆرە ئیدارەیەدا نزیکەی هەموو جاران ئەو جۆرە ئیشانە بەتەواوی پشتگوێ دەخرێن.

لە چین و، چەندان حکوومەتی تری ئاسیادا، دەسەڵاتی جێبەجێکەر خۆی بە بەرپرس دەزانـێ لە چاککردنی ڕێگە دەرەکییەکان و پاراستنی کەناڵەکانی کەشتیوانی. لەنێو ئەو ڕێنوێنییانەی بە حاکمی هەر پارێزگەیەک دەدرێن، وەک دەڵێن، ئەم ئامانجانە بەردەوام ئاماژەیان بۆ دەکرێن و، حوکمی دادگە لەسەر ئاستی هەڵسوکەوتیشی زۆر پەیوەستە بەو گرینگییەی کە بەم بەشەی ڕێنوێنییەکانی داوە. بەو پێیە، دەگوترێ کە ئەم لقەی ڕێکخستنی گشتیی کۆمەڵگە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، بەتایبەتی لە چین، گرینگیی زۆریان پێ دراوە، کە لەو وڵاتانەدا ڕێگەی دەرەکی زۆرترن و کەناڵەکانی کەشتیوانی زۆر زیاترن لەوانەی لە ئەورووپادا هەن. بەڵام باسی ئەو ئیشانە، بەگشتی لەڕێی گەشتیاری لاواز و سەرسامەوە، زۆربەی جارانیش لەلایەن مـژدەبەرە (missionaries) گەمـژە و درۆزنەکانەوە بـۆ ئەورووپا دەگوازرانەوە. ئەگەر چاوی داناتر لێیان ورد بووبووایەتە و، ئەگەر باسەکانیان لەلایەن گەواهیدەری ڕاستگۆترەوە باس بکرایەن، لەوانە بوو ئەوەندە سەرسامکەر نەیەنە بەر چاو. ئەو باسەی بێرنیێ(Bernier) ، لەمەڕ هەندێ ئیشی لەم جۆرە لە هیندستان زۆر کورت دێنێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی گەشتیارانی تر دەیگێڕنەوە، کە لەو زیاتر بەو شتانە سەرسام بوون. هەروەها لەوانەیە، لەو وڵاتانەدا، هاوشێوەی فڕانسە، ڕێگەوبانی مەزن، هۆکاری مەزنـی گەیانـدن، بـابەتی گفتوگـۆ بـوون لە دادگە و لە پایتەختدا و، لەبەر ئەوە لەبەر چاو گیراون و ئەوانی تر پشتگوێ خراون. سەرباری ئەمە، لە چین و لە هیندستان و، چەندان حکوومەتی تری ئاسیا، نزیکەی تەواوی داهاتی سەروەر لە باجی زەوی یان لە کرێی زەوییەوەیە، کە شانبەشانی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی بەرزی و نزمـی بەخـۆیەوە دەبینـێ. بـۆیە گەورەتـرین بەرژەوەنـدی سـەروەر، کە داهـاتەکەیەتی، لەم جـۆرە وڵاتـانەدا وەک پێویـست و ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتە بە چانـدنی زەوییەوە، بە زۆریی بەرهەمیەوە و، بە نرخی بەرهەمەکەیەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تا بکرێ ئەو بەرهەمە زۆر و بەهادار بێ، پێویستە بازاڕێکی بۆ دەستەبەر بکرێ کە تا بکرێ فرەوانتر بێ و، لەئاکامدا پێویستە گەیاندنی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵات ئازادترین و ئاسانترین و هەرزانترین بن، ئەمەش تەنیا بە باشترین ڕێگەوبانی دەرەکی و باشترین کەناڵەکانی کەشتیوانی بەردەست دەبێ. بەڵام داهاتی سەروەر لە هیچ بەشێکی ئەورووپا، بەشێوەیەکی سەرەکی لە باجی زەوی یان لە کرێی زەوییەوە نییە. بەڵام لەوانەیە لە هەموو شانشینە مەزنەکانی ئەورووپا، بەشی زۆری ئەو داهاتە لە کۆتاییدا پشت بە بەرهەمی زەوی ببەستێ، بەڵام ئەو پشتبەستنە نە ئەوەندە ڕاستەوخۆیە و نە ئەوەندە ئاشکرایە. لەبەر ئەوە، سەروەر لە ئەورووپا هەست بەوە ناکا کە پێویستە ڕاستەوخۆ ئیش

بۆ زیادکردنی هەردوو بڕ و بەهای بەرهەمی زەوی بکا، یان لەڕێی پاراستنی ڕێگەوبان و کەناڵی باشەوە فرەوانترین بازاڕ بۆ ئەو بەرهەمە دەستەبەر بکا. بۆیە، هەرچەندە ئەو بۆچوونەی من لەوانەیە گومانی کەم هەڵنەگرێ، بەڵام ڕاستە کە لە هەندێ بەشی ئاسیادا ئەم لقەی خزمەتگوزاریی گشتی بەشێوەیەکی زۆر گونجاو لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکەرەوە ڕێک خراوە، کە لەسایەی دۆخی ئێستادا کەمترین ئەگەر نییە دەسەڵاتی جێبەجێکەر لە ئەورووپا بتوانێ بەو ڕێکوپێکییە ڕێکی بخا.

ئەو ئیشە گشتییانە سروشتیان وایە کە نەتوانن هیچ داهاتێک بۆ بەردەوامیدان بەخۆیان بەدەست بێنن، بەڵام بەهۆی سوودیان بۆ هەندێ شوێن یان ناوچەی دیاریکراو، بەردەوامی و پاراستنیان بەردەوام لەڕێی داهاتێکی خۆجێ یان ناوچەیی، بە سەرپەرشتیی کارگێڕییەکی خۆجێ یان ناوچەیی دەبێ، نەک بە داهاتی گشتیی دەوڵەت، کە دەبێ بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکەرەوە بەڕێوە ببرێ. کاتێک کە شەقامەکانی لەندەن لەسەر ئەرکی گەنجینە ڕۆشن بکرێنەوە و ڕێک بخرێن، ئایا ئەگەری هەیە وەکو ئێستا بەباشی ڕۆشن بکرێنەوە و ڕێک بخرێن، یان تەنانەت بەو تێچووە کەمەی ئێستا بن؟ جگە لەوە، خەرجییەکە لەجیاتی ئەوەی لەڕێی باجێکی خۆجێ لەسەر دانیشتووانی هەر شەقامێک، ڕەعیەتی کڵێسایەک، یان خەڵکی گەڕەکێکی لەندەنەوە دەستەبەر بکرێ، لەم دۆخەدا دەبێ لە داهاتی گشتیی دەوڵەت دەرکرێ و لەئاکامدا بە باجێکی سەر هەموو دانیشتووانی شانشینەکە دەستەبەر دەکرێ، کە زۆربەیان هیچ سوودێک لە ڕۆشنکردنەوە و ڕێکخستنی شەقامێکی لەندەن نابینن.

ئەو پێشێلکارییانەی هەندێ جاران دزە دەکەنە نێو ئیدارەی خۆجێ یان ناوچەیی داهاتێکی، خۆجێ یان ناوچەیی، چەند زۆر بێنە بەر چاوان، لەڕاستیدا لە نزیکەی هەموو جارەکاندا زۆر بێبەهان ئەگەر لەگەڵ ئەوانەی باون لە ئیدارە و خەرجیی داهاتی ئیمپراتۆریایەکی مەزندا بەراورد بکرێن. جگە لەمەش، چارەسەرکردنی ئەوان زۆر ئاسانترە. لەسایەی ئیدارەی خۆجێ یان ناوچەیی دادوەریی ئاشتی لە بریتانیای مەزندا، ئەو شەش ڕۆژ کارەی کە خەڵکی لادێ ناچارن بە چاککردنی ڕێگەی دەرەکیی بدەن، بەردەوام بە وردی پیادە ناکرێ، بەڵکو بەدەگمەن بەزۆر یان سەرکوتینەوە دەسەپێنرێ. لە فرانسە، لەسایەی ئیدارەی سەرپەرشتیارەکاندا جێبەجێکردنەکە بەردەوام دانایانە نەبوو و، زۆربەی جاران بەوپەڕی توندی و سەرکوتینەوە دەسەپێنرا. ئەم ئیشە زۆرەملێیە (بێگار) یەکێکە لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی زۆرداری، بەدەستی ئەو ئەفسەرانەوە لە کاتی سزادانی هەر ڕەعیەتێک یان کۆمەڵە خەڵکێک کە بەدبەختی دەیانخاتە بەر شاڵاوی تووڕەییانەوە.

ئەو ئیشە گشتی و دامەزراوانەی بۆ ئاسانکاریی هەندێ لقی دیاریکراوی بازرگانی پێویستن

ئامانجی ئەو ئیشە گشتی و دامەزراوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، ئاسانکارییە بۆ بازرگانی بەگشتی. بەڵام بۆ ئاسانکردنی هەندێ لقی دیاریکراوی بازرگانی، ژمارەیەک دامەزراوە پێویستن، کە ئەوانیش پێویستیان بە خەرجیی نائاسایی تایبەت هەیە.

هەندێ لقی دیاریکراوی بازرگانی، کە لەگەڵ گەلانی وەحشی و ناشارستانیدا ئەنجام دەدرێن، پێویستیان بە پارێزگاریی سەرووئاسایی هەیە. کۆگەیەکی ئاسایی یان خانەیەکی ژمێریاری، دەتوانن ئارامییەکی کەم بە کاڵای ئەو بازرگانانە ببەخشن کە بازرگانی لەگەڵ کەناری رۆژئاوای ئەفریقادا دەکەن. بۆ پاراستنی ئەو کاڵایانە لە خەڵکە رەسەنە وەحشییەکە، دەبێ ئەو شوێنەی لێی دادەنرێن بەشێوەیەک لە شێوەکان دیواربەند کرابێ. چاوەڕوان دەکرا بشێوییەکانی حکوومەتی هیندستان ببنە مایەی دروستکردنی ئەو جۆرە پارێزبەندییانە، تەنانەت لەنێو خەڵکێکی نەرم و نیاندا و، بە بیانووی پاراستنی سەر و ماڵی خۆیان بوو لە توندوتیژی، کە رێگە بە کۆمپانیاکانی ئینگلیزی و فرانسەیی هیندی رۆژهەڵات درا یەکەمین قەڵاکانیان لەو وڵاتەدا قیت بکەنەوە. لەنێو گەلانی تردا، کە حکوومەتە بەهێزەکانیان ناهێڵن هیچ بێگانەیەک قەڵا لەسەر زەویی ئەواندا دروست بکا، لەوانەیە پێویست بێ باڵیۆز، وەزیر، یان کۆنسوڵ هەبن کە بەپێی نەریتەکانی خۆیان بڕیار لەبارەی ناکۆکییەکانی نێوان هاووڵاتییانی خۆیان و، ناکۆکییەکانیان لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە بدەن، بەو پێیەی کەسایەتیی گشتیی ئەو دەسەڵاتی زیاتری دەبێ بۆ دەستەبەرکردنی پارێزگاریی بەهێز بۆیان، بەهێزتر لەوەی کەسێک دەتوانێ وەکو تاک دەستەبەری بکا. بەرژەوەندییە بازرگانییەکان بەردەوام وایان کردووە باڵیۆز لە وڵاتانی بیانیدا هەبێ، لە کاتێکدا مەبەستەکانی شەر یان هاوپەیمانی ئەوەیان نەخواستووە. بازرگانیی کۆمپانیای تورکیا بۆ یەکەم جار بووە مایەی دامەزراندنی باڵیۆزێک لە کۆنستانتینۆپل (ئیستانبول). یەکەمین باڵوێزانی ئینگلیز بۆ رووسیا بەهۆی بەرژەوەندی بازرگانییەوە سەریان هەڵدا. تێکەڵاویی بەردەوامی نێوان خەڵکی وڵاتانی جۆراوجۆری ئەوروپا بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەوە بوونە مایەی سەرهەڵدانی نەریتی هەبوونی باڵیۆز یان وەزیرانێک کە بەردەوام لە وڵاتانی دراوسێدا نیشتەجێ ببن، تەنانەت لە سەردەمی ئاشتیشدا. ئەم نەریتە کە لە سەردەمانی کۆندا نەبوو، لەوە ناچێ کۆنتر بێ لە کۆتایی سەدەی پازدە یان سەرەتای سەدەی شازدە. کەواتە کۆنتر نییە لەو رۆژگارەی تیایاندا بازرگانی بۆ یەکەم جار دەستی بە فرەوانبوون کرد بەرەو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و، کاتێک بۆ یەکەم جار ئەو وڵاتانە بەرژەوەندیەکانی خۆیان خستە بەر چاویانەوە.

لەوە ناچێ کە گونجاو بێ خەرجیی سەرووئاسایی پاراستنی هەر لقێکی دیاریکراوی بازرگانی بە باجێکی مامناوەندی سەر ئەو لقە دیاریکراوە دەستەبەر بکرێ، بۆ نموونە، بە ڕەسمێکی مامناوەندی کە لەلایەن ئەو بازرگانانەوە بدرێ کە یەکەم جاریانە بێنە ناو ئەو لقە بازرگانییەوە، یان، کە هەمان شتە، بە باجێکی دیاریکراوی لەسەدا هەندێک لەسەر ئەو کالایانەی هاوردەیان دەکەنە ناوەوە، یان هەناردەیان دەکەنە دەرەوەی ئەو ولاتانەی بازرگانییەکەیان تێدا دەکرێ. پاراستنی بازرگانی بەگشتی، لە چەتەی دەریایی و لادەران لە یاسا، وەک دەڵێن یەکەم هۆکار بووە کە هەلی بۆ باجەکانی گومرک ڕەخساندووە. بەلام، ئەگەر بەگونجاو بزانرێ باجێکی گشتی بەسەر بازرگانیدا بسەپێنرێ، بۆ دابینکردنی خەرجیی پاراستنی بازرگانی بەگشتی، ئەوە دەبێ گونجاو بێ باجێکی دیاریکراو بەسەر لقێکی دیاریکراوی بازرگانیدا بسەپێنرێ بۆ دابینکردنی خەرجیی سەرووئاسایی پاراستنی ئەو لقە.

بەردەوام پاراستنی بازرگانی بەگشتی بە ئەرکێکی بنەڕەتیی بەرگری لە کۆمۆنوێڵت زانراوە و، بەو پێیە، بە بەشێکی پێویستی ئەرکی دەسەلاتی جێبەجێکەر زانراوە. لەبەر ئەوە بەردەوام کۆکردنەوە و سەپاندنی باجە گشتییەکانی گومرک بۆ ئەو دەسەلاتە بەجێ هێشتراوە. بەلام پاراستنی هەر لقێکی دیاریکراوی بازرگانی بەشێکە لە پاراستنی گشتیی بازرگانی و، ئەگەر ولاتان بەردەوام بەیاسا بڕیاریان دا باجی دیاریکراو بۆ ئەو جۆرە پاراستنە دیاریکراوە کۆ بکەنەوە، ئەوە دەبێ بەردەوام بۆ ئەوە لێیگەڕێن کە وازیان لێ بهێنرێ. بەلام لەم ڕووەوە، وەک لە چەندان رووی ترەوە، ولاتان لەمەدا بەردەوام نەدەبوون و، لە بەشی زۆری ولاتە بازرگانییەکانی ئەورووپادا، کۆمپانیاگەلی دیاریکراوی بازرگانان توانایان هەبوو یاسادانەران قایل بکەن بەوەی خۆیان ئەم بەشەی باجی سەروەر بدەن، لەگەڵ هەموو ئەو دەسەلاتانەشدا کە وەک پێویستییەک پێیەوە گرێدراون.

ئەم کۆمپانیایانە هەرچەندە کە لەوانەیە لە سەرەتای دەرکەوتنی هەندێ لقی بازرگانیدا بەسوود بووبن، بەوەی لەسەر ئەرکی خۆیان ئەزموونێکیان دروست کردبێ کە ڕەنگە دەوڵەت بە دانایی نەزانیوە، ئەم کۆمپانیایانە لە مەودای دووردا دەرکەوت بەگشتی وەرسکەر یان بێسوودن و، یان خراپ بەڕێوە براون یان بازرگانییەکەیان سنووردار کردووە.

کاتێک کە ئەم کۆمپانیانە بە ماڵێکی هاوبەش بازرگانییان نەکردووە، بەڵکو ناچار بوونە هەر کەسێکی شیاو بەرامبەر بە ئابوونەیەکی دیاریکراو و، ئامادەیی پابەندبوون بە ڕێساکانی کۆمپانیاکە، بکەن بە ئەندام و، هەر ئەندامێک بە ماڵی خۆی بازرگانیی کردووە و خۆی بەرپرسیاریی بەرامبەر مەترسییەکان لەئەستۆ گرتووە، ئەم کۆمپانیایانە پێیان دەگوترا کۆمپانیای ڕێکخراو .(regulated companies) کاتێکیش کە بازرگانییان بە

ماڵی هاوبەش کردووە، قازانجی هەر ئەندامێک هاوڕێژە لەگەڵ پشکی خۆی لە ماڵەکە بووە، بەکۆمپانیاکە گوتراوە کۆمپانیای پشکی هاوبەش .(joint stock companies) ئەم جۆرە کۆمپانیانە، ڕێکخراو یان پشکی هاوبەش، هەندێ جار ئیمتیازی تایبەت بەخۆیان هەبووە و هەندێ جار ئەوەیان نەبووە.

کۆمپانیا ڕێکخراوەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، هاوشێوەی گردبوونەوەکانی بازرگانین کە لە شار و شارۆکەکانی گشت وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپا باون و، جۆرێکن لە قۆرخکاریی فرەوانکراو لەهەمان جۆر. کە هیچ دانیشتوویەکی شار نەتوانێ بازرگانییەکی کۆکراوە لە گردبوونەوەیەکدا ئەنجام بدا بەبێ ئەوەی سەرەتا ئازادیی خۆی لەناو گردبوونەوەکەدا بەدەست بێنێ، لە زۆربەی دۆخەکاندا هیچ هاووڵاتییەکی دەوڵەت ناتوانێ بەشێوەیەکی یاسایی لە هیچ لقێکی بازرگانیی دەرەکیدا ئیش بکا، کە کۆمپانیایەکی ڕێکخراوی بۆ دامەزرابێ، بەبێ ئەوەی سەرەتا ببێتە ئەندام لەو کۆمپانیایەدا. توندیی کەم و زۆری قۆرخکارییەکە بەگوێرەی مەرجەکانی وەرگرتن لە کۆمپانیاکەدا سەختییان زۆر و کەم دەبێ و، بەگوێرەی زۆری و کەمیی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکەش کەم و زیاد دەبێ، یان بەگوێرەی کەم و زۆریی دەسەڵاتیان لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە بەو شێوەیەی زۆرترین بەشی بازرگانییەکە بۆ خۆیان و دۆستانیان بێ. لە کۆنترین کۆمپانیا ڕێکخراوەکاندا ئیمتیازی مەشقی پیشەسازی هاوشێوەی ئەوەی گردبوونەوەکانی تر بوو و، ئەو کەسەی ماوەی مەشقەکەی خۆی لای ئەندامێکی کۆمپانیا تەواو دەکرد دەیتوانی خۆی ببێتە ئەندامی کۆمپانیاکە، بەبێ ئەوەی ئابوونەی ئەندامێتی بدا، یان بەوەی ئابوونەیەکی زۆر کەمتر لەوەی خەڵکی تر بدا. گیانی باوی گردبوونەوە، لە هەر شوێنێکدا کە یاسا سنوورداری نەکا، لە هەموو کۆمپانیا ڕێکخراوەکاندا خۆی دەنوێنێ. کاتێک کە ڕێگەیان پێ بدرێ بەگوێرەی ئاوەزی خۆیان بجووڵێنەوە، ئەوان بەردەوام بۆ ئەوەی تا دەکرێ کێبەرکێ لەنێوان کەمترین ژمارەی کەساندا سنووردار بکەن، هەوڵ دەدەن بازرگانییەکە بە چەندان ڕێکخستن بارگران بکەن. کاتێکیش کە یاسا ڕێی ئەمەی لێیان گرت، هەموویان بوونە شتی بێسوود و نەگونجاو.

کۆمپانیا ڕێکخراوەکانی بازرگانیی دەرەکی کە ئێستا لە بریتانیای مەزندا هەن کۆمپانیا کۆنەکانی بازرگانە سەرکێشەکانن، ئێستا بەگشتی پێیان دەڵێن کۆمپانیای هامبۆرگ، کۆمپانیای ڕووسیا، کۆمپانیای ئیستلاند، کۆمپانیای تورکیا و، کۆمپانیای ئەفریقایی.

دەڵێن ئێستا مەرجەکانی ئەندامێتی لە کۆمپانیای هامبورگ تەواو ئاسانن و، بەڕێوەبەرانی یان دەسەڵاتیان نییە بازرگانییەکە بە هیچ ئاستەنگێک یان ڕێکخستنێک بارگران بکەن، یان، بەلای کەمەوە بەم دواییە ئەو دەسەڵاتەیان پیادە نەکردووە. بابەتەکە بەردەوام بەم شێوەیە نەبووە. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا، ئابوونەی

ئەندامێتی ٥٠ پاوەن بوو و، هەندێ جار ١٠٠ بوو و، دەڵێن کە هەڵسوکەوتی کۆمپانیاکە زۆر سەرکوتکەرانە بوو. لە ساڵی ١٦٤٣، لە ١٦٤٥ و، لە ١٦٦١دا، جلفرۆشان و بازرگانانی ئازادی رۆژئاوای ئینگلتەرە لە پەرلەمان شکایەتیان لێیان کرد لەسەر ئەوەی وەک قۆرخکار بازرگانییەکەیان بەرتەسک کردووەتەوە و سەری پیشەسازانی وڵات دەکوتنەوە. ئەگەرچی ئەو شکایەتکارییانە بوونە مایەی دەرچوونی یاسایەکی پەرلەمان، بەڵام بایی ئەوەندە کۆمپانیاکانیان ترساند تاوەکو ناچار بوون هەڵسوکەوتیان بگۆڕن. لەو کاتەوە، بەلای کەمەوە، هیچ گلەییەکیان لێ نەکرا. بە دەیەم و یازدەیەمی ویلیەمی سێیەم، ئابوونەی ئەندامێتیی کۆمپانیای رووسیا کەم کرایەوە بۆ پێنج پاوەن و، بە بیست و پێنجەمینی چارلزی دووەم، ئابوونەی ئەندامێتیی کۆمپانیای ئیستلاند بووە ٤٠ شیلین، لە کاتێکدا کە لەهەمان کاتدا، سوید و دانمارک و نەرویج، هەموو وڵاتانی باکوری بەلتیک، لە پەیمانی قۆرخکارییەکەیان هەڵاوێرد کران. هەڵسوکەوتی ئەو کۆمپانیایانە لەوە دەچێ بووبنە مایەی دەرچوونی ئەم دوو یاسایەی پەرلەمان. پێش ئەو دەمە، سێر جوسایە چایلد (Sir Josiah Child) هەردوو ئەمانە و کۆمپانیای هامبۆرگی وەک زۆر سەرکوتکار پێشان دا و، ئۆباڵی ئاستی نزمی بازرگانیی ئێمەی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا، وەک لە پەیماننامەکانیانەوە دەردەکەوێ، خستە ئەستۆی بەڕێوەبردنیانەوە. بەڵام ئەگەرچی لەم رۆژگارەدا لەوانەیە ئەو جۆرە کۆمپانیایانە زۆر سەرکوتکەر نەبن، بەڵام هەموویان بەتەواوی بێسوودن. لەڕاستیدا لەوانەیە تەنیا بێسوود بوون، باشترین پیاهەڵدان بێ بۆ کۆمپانیایەکی رێکخراو و، لەوە دەچێ هەرسێ ئەو کۆمپانیایەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، لە دۆخی ئێستایاندا شایانی ئەو پیاهەڵدانە بن.

ئابوونەی ئەندامێتی لە کۆمپانیای تورکیا، پێشتر ٢٥ پاوەن بوو بۆ هەر کەسێک کە تەمەنی لە خوارووی ٢٦ سالان بێ و، ٥٠ پاوەن بۆ ئەوانەی تەمەنیان لەوە زیاترە. کە جگە لە بازرگان کەس نەدەکرایە ئەندام، ئەمەش بەربەستێک بوو بۆ دوورخستنەوەی هەموو دوکاندار و تاکفرۆشان. لەڕێی یاسایەکی کۆمپانیاوە، هیچ بەرهەمێکی پیشەسازیی بریتانیایی بۆ تورکیا هەنارده نەدەکرا مەگەر بە کەشتیی گشتیی کۆمپانیاکە و، کە ئەو کەشتییانە بەردەوام لە بەندەری لەندەنەوە بەڕێ دەکەوتن، ئەم ئاستەنگە بازرگانییەکەی وابەستەی ئەو بەندەرە گرانبایە کرد، لەگەڵ ئەو بازرگانانەی کە لە لەندەن و دەوروبەریدا دەژیان. لەڕێی یاسایەکی تری کۆمپانیاوە، هیچ کەسێک کە لە ماوەی ٢٠ میل لە دووریی لەندەندا بژی و، دەسبەرداری شارەکە نەبێ، نابێتە ئەندام، ئاستەنگێکی تر خرایە پاڵ ئەوەی پێشوو، هەمووانی دوورخستەوە، پیاوانی ئازادی لەندەنی نەبن. لەبەر ئەوەی کاتی بارکردن و بەڕێکەوتنی ئەو کەشتییە گشتییانە بەتەواوی بەدەستی بەڕێوەبەرانەوە بوو، ئەوان بەئاسانی دەیانتوانی بە کاڵای خۆیان و دۆستانیان پڕیان بکەن، ئەوانی تریش

دوورخەنەوە، بەو بیانووەی درەنگ داواکانیان پێشکەش کردووە. بۆیە لەم دۆخەدا، ئەم کۆمپانیایە لە هەموو ڕوویەکەوە قۆرخکارێکی توند و ستەمکار بوو. ئەو پێشێلکارییانە بوونە هۆی یاسای بیست و شەشەمینی جۆرجی دووەم، کە ئابوونەی ئەندامێتیی بۆ هەموو کەسێک بۆ ٢٠ پاوەن کەم کردوەوە، دوور لە جیاوازیی تەمەن یان هەر ڕێگرێکی تر، چ بۆ بازرگانێکی سادە یان یەکێکی لەندەنیی ئازاد و، گشت ئەو کەسانەی ئازادکرد، لەوەی لە هەر بەندەرێکی بریتانیای مەزنەوە بۆ هەر بەندەرێکی تورکیا، هەموو کاڵایەکی بریتانیایی هەنارده بکەن کە هەناردەکردنیان قەدەخە نییە و، لەوێوە هەموو کاڵایەکی تورکیایی هاوردە بکەن کە هاوردەکردنیان قەدەخە نییە، لە بەرامبەر باجی گشتیی گومرک و باجە دیاریکراوەکانی تایبەت بە دابینکردنی خەرجییەکانی کۆمپانیا و، لەهەمان کاتدا، دەبێ ددان بە دەسەڵاتی یاسایی باڵیۆز و کونسوڵەکانی بریتانیای نیشتەجێ لە تورکیادا بنێ و، بەو یاسایانەی کۆمپانیاشدا کە بە شێوەیەکی یاسایی دەردەچن. بۆ ڕێگری لە هەر پێشێلکارییەک لەڕێی ئەو یاسایانەی کۆمپانیاوە، هەمان ئەو یاسایە بڕیاری دا کە، هەر حەوت ئەندامێکی کۆمپانیا خۆیان بە ستەملێکراو بەهۆی یاسایەکی کۆمپانیاوە بزانن، کە دوای ئەم یاسایە دەرچووە، دەتوانن داوا پێشکەشی ئەنجوومەنی بازرگانی و کێڵگەکان بکەن (ئەو دەسەڵاتە ئێستا لای کۆمیتەیەکی سەر بە ئەنجومەنی شاژنە)، بەو مەرجەی ئەو داوایە لە ماوەی ١٢ مانگی دوای دەرچوونی یاساکەی کۆمپانیا بەرز بکرێتەوە، هەروەها ئەگەر هات و حەوت ئەندام پێیان وا بوو کە بە هۆی هەر یاسایەکی کۆمپانیاوە کە پێش ئەم یاسایە دەرچووە ستەمیان لێ کراوە، بۆیان هەیە داوایەکی هاوشێوە بەرز بکەنەوە، بەو مەرجەی داواکەیان لە ماوەی ١٢ مانگ لە دەرچوونی ئەم یاسایەوە بەرز بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە ئەزموونی یەک ساڵ بەس نەبێ بۆ ئەوەی ئاراستەی خراپی یاسایەکی کۆمپانیا بۆ هەموو ئەندامانی کۆمپانیایەکی مەزن ئاشکرا ببێ و، ئەگەر زۆر لەوان دوای ئەو ساڵە ئەوە ئاراستە خراپەیان بۆ دەرکەوت، ئەوە نە ئەنجومەنی بازرگانی و نە کۆمیتەکەی ئەنجومەن، ناتوانن هیچ قەرەبوویەکیان بۆ بکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئامانجی زۆرترین بەشی یاساکانی کۆمپانیای، هەموو کۆمپانیا ڕێکخراوەکان و، هەموو کۆمپانیاکانی تریش، زۆرتر بۆ سەرکوتینەوەی ئەوانە نین کە ئەندامی خۆیانن، بەڵکو بۆ ڕێگرین لەوەی کەسانی تر ببنە ئەندام، کە ئەمەش تەنیا لەڕێی ئابوونەی زۆرەوە ناکرێ، بەڵکو لەڕێی گەلێ ئامرازی ترەوە ئەنجام دەدرێ. چاوی جێگیری ئەم جۆرە کۆمپانیایانە بەردەوام ڕووی لەوەیە تا دەکرێ بەرزترین ئاستی قازانج بەدەست بێنێ، بازاڕی ئەو کاڵایانەی هەناردەیان دەکا و ئەوانەشی کە هاوردەیان دەکا تا بکرێ بە کەمی تێر بکرێن، ئەمەش تەنیا لەڕێی سنووردارکردنی کێبەرکێوە دەبێ، یان لەڕێی ڕێگری لەوەی سەرکێشی تر بێنە ناو بازرگانییەکەوە. تەنانەت ئابوونەیەکی ٢٠ پاوەنی، ئەگەرچی ڕەنگە

بەس نەبێ بۆ ئەوەی کەسێک، کە نیازی هەیە لەو بازرگانییەدا بەردەوام بێ، لە چوونە ناو بازرگانیی تورکیا پاشگەز بکاتەوە، لەوانەیە بەس بێ بۆ دوورخستنەوەی جامبازێک کە مەبەستیەتی یەک جار ئەو سەرکێشییە بکا. لە هەموو بازرگانییەکدا، بازرگانە دامەزراوە ڕێکخراوەکان، ئەگەرچی لە کۆمپانیایەکیشدا کۆ نەبنەوە، بەسروشت لەسەر بەرزکردنەوەی قازانج کۆکن، کە لە هەموو کاتێکدا بەهیچ شێوەیەک ناهێڵن دابەزێتە خوار ئاستی گونجاوی خۆی، وەک ئەوەی جاروبار بەهۆی دەرکەوتنی جامبازێکی سەرکێشەوە ڕوو دەدا. بازرگانیی تورکیا، ئەگەرچی لەڕێی ئەم یاسایەوە تا ڕادەیەک کرایەوە، هێشتا لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە بە بازرگانییەکی تەواو ئازاد ناژمێررێ. کۆمپانیای تورکیا لە دابینکردنی بژێویی باڵیۆزێک و دوو کۆنسوڵدا بەشدارە، کە دەبێ هاوشێوەی وەزیرانی تر، دەوڵەت تەواوی بژێوییان دابین بکا و، بازرگانییەکەش دەبێ بەڕووی هەموو ڕەعیەتی خاوەن شکۆدا کراوە بێ. باجە جۆراوجۆرەکانی کە لەلایەن کۆمپانیاوە بۆ ئەم مەبەستە و هەر مەبەستێکی تری گردبوونەوە کۆ دەکرێنەوە، لەوانەیە داهاتێکی لێ بکەوێتەوە زیاتر لەوەی دەوڵەت دەتوانێ بەهۆیەوە بژێویی ئەو جۆرە وەزیرانە دابین بکا.

سێر جوسایە چایڵد تێبینیی ئەوەی کردووە کە، کۆمپانیا ڕێکخراوەکان ئەگەرچی زۆربەی جاران پشتیوانیی وەزیرە گشتییەکانیان کردووە، هەرگیز بژێویی قەڵایەک یان حامیەیەکیان لەو وڵاتانەدا، کە بازرگانییان تیایاندا دەکرد دابین نەکردووە، لە کاتێکدا کە کۆمپانیاکانی پشکی هاوبەش زۆر جاران ئەمەیان کردووە. تێبینیی ئەوەشی کردووە کە لەڕاستیدا ئەوەی یەکەم زۆر بۆ ئەم مەبەستە نەگونجاوە. یەکەم، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیایەکی ڕێکخراو هیچ بەرژەوەندیەکیان لە گەشەکردنی بازرگانیی گشتیی کۆمپانیاکەدا نییە، کە ئەم قەڵا و حامیانەی لەپێناودا بەخێو دەکرێن. لەوانەیە زۆربەی جاران پاشەکشەی ئەو بازرگانییە گشتییە بۆ بازرگانیی تایبەتی ئەوان بەسوود بێ، چونکە بە کەمبوونەوەی ژمارەی کێبەرکێکەران ئەمان دەتوانن بە هەرزانتر بکڕن و بە گرانتر بفرۆشن. بەپێچەوانەوە، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەش تەنیا پشکی خۆیان لەو قازانجانە وەردەگرن کە لەو ماڵە هاوبەشەی بەڕێوەی دەبەن دەکرێ، هیچ بازرگانییەکی تایبەت بەخۆیان نییە کە بەرژەوەندیەکەی لەوەی بازرگانییە گشتییەکەی کۆمپانیاکە جیا بکرێتەوە. بەرژەوەندی تایبەتی ئەوان پەیوەستە بە گەشەی بازرگانییە گشتییەکەی کۆمپانیاکەوە و، بە مانەوەی ئەو قەڵا و حامیانەی بۆ بەرگریکردن لێی پێویستن. لەبەر ئەوە، ئەگەری زۆرترە ئەوان بەردەوام و بەوردی ئاگایان لەوە بێ کە ئەو مانەوەیە پێویستە. دووەم، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای پشکی هاوبەش بەردەوام سەرمایەی گەورە، پشکە هاوبەشەکانی کۆمپانیاکە، بەڕێوە دەبەن کە لەوانەیە زۆربەی جاران بتوانن بەشێکی بەگونجاوی لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی ئەو قەڵا و حامیە پێویستانەدا بەگەڕ

بخەن. بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆمپانیایەکی ڕێکخراو، سەرمایەیەکی گشتی بەڕێوە نابەن، هیچ سندووقێکی تری پارەدارکردنیان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بەگەڕی بخەن جگە لەو داهاتە لابەلایەی لە ئابوونەی ئەندامێتییەوە و، لە باجەکانی گردبوونەوە کە بەسەر بازرگانیی کۆمپانیادا سەپێنراون، دەستیان دەکەوێ. بۆیە ئەگەرچی هەمان بەرژەوەندیان لە هەبوونی ئەو جۆرە قەڵا و حامیانەدا هەیە، بەدەگمەن دەتوانن چاویان لێیان بێ. بژێویی وەزیرێکی گشتی کە بەدەگمەن گرینگیپێدانی دەوێ و، تەنیا خەرجییەکی مامناوەندی و سنووردارى هەیە، گونجاوترە بۆ سروشت و تواناکانی کۆمپانیایەکی ڕێکخراو.

لە ساڵی ١٧٥٠دا، بە ماوەیەکی زۆر دوای سێر جوسایە چایڵد، کۆمپانیایەکی ڕێکخراو دامەزرا، ئەو کۆمپانیایەی ئێستای بازرگانەکانی بازرگانی لەگەڵ ئەفریقا، کە بەئاشکرا لەسەرەتاوە ئەرکی بژێویی هەموو قەڵا و حامیەکانی بریتانیای نێوان کەیپ بلانک و سەری هیوای چاکی خرایە ئەستۆ و، دواتر هی ئەوانەی نێوان کەیپ رووژ و سەری هیوای چاکیشیان خرایە سەر. لەوە دەچێ ئەو یاسایەی ئەم کۆمپانیایەی دامەزراند (بیست و سێیەمی جۆرجی دووەم) دوو ئامانجی جیا لەیەکی لەبەر چاو گرتبێ، یەکەم، سنووردارکردنی کاریگەرانەی گیانی سەرکوتکار و قۆرخکارانەی سروشتیی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا ڕێکخراوەکان و، دووەم، ناچارکردنیان، بەو ئاستەی لە توانادا هەیە، بەوەی چاویان لە بژێویی قەڵا و حامیەکان بێ، کە بەلای ئەوانەوە سروشتی نییە.

بەمەبەستی بەدیهێنانی یەکەمی ئەم ئامانجانە، ئابوونەی ئەندامێتی بە ٤٠ شیلین سنووردار کرا. قەدەخە کرا کۆمپانیاکانی بازرگانی، کە بە تواناکانی گردبوونەوەیان، یان بەماڵێکی هاوبەش، بازرگانی دەکەن، پارە بەپێی ڕەسمێکی گشتی قەرز بکەن، یان هیچ کۆت و بەندێک بخەنە سەر ئەو بازرگانییەی دەشێ لە هەموو شوێنێکدا بەئازادی ئەنجام بدرێ و، لەلایەن هەموو ڕەعیەتەکانی بریتانیای مەزنەوە کە ئابوونەکە دەدەن. بەڕێوەبەرایەتیی ئەو کۆمپانیایە لیژنەیەکە لە نۆ کەس پێک هاتووە و لە لەندەن کۆ دەبنەوە و، ساڵانە لەلایەن پیاوانی ئازادی کۆمپانیا لە لەندەن، برستڵ و، لیڤەرپوول دەستنیشان دەکرێن، کە لە هەر یەکێک لەو شوێنانە سێ کەس دەستنیشان دەکرێن. هیچ ئەندامێکی ئەو لیژنەیە زیاتر لە سێ ساڵی پێکەوە لەو پۆستە نابێ. هیچ ئەندامێکی لیژنە لەلایەن ئەنجومەنی بازرگانی و کێڵگەوە لانادرێ، کە ئێستا لیژنەی ئەنجومەنە، بەبێ ئەوەی گوێ لە بەرگریی بگیرێ. لیژنەکە نابێ ڕەشپێست لە ئەفریقاوە هەناردە بکا، یان هیچ کالایەکی ئەفریقا بۆ بریتانیای مەزن هاوردە بکا. بەڵام کە ئەوان بەرپرسن لە ژیاندنی قەڵا و حامیەکان، دەتوانن بۆ ئەو مەبەستە هەموو جۆرە کالایەک لە بریتانیای مەزنەوە بۆ ئەفریقا هەناردە بکەن. جگە لەو پارانەی لە کۆمپانیا وەریان دەگرن، بڕە پارەیەکیان لەبەر دەستە کە نابێ

له ٨٠٠ پاوەن زیاتر بێ، وەک مووچە بۆ بنووس و بریکارەکانیان لە لەندەن، بریستڵ و، لیڤەرپوول و، کرێی خانووی بارەگەکەیان لە لەندەن و، هەموو خەرجییەکانی بەڕێوەبردن، دەڵاڵانە و، ئاژانس لە ئینگلتەرە. ئەوەی لەو بڕە پارەیە دەمێنێتەوە، دوای دابینکردنی گشت خەرجییەکان، دەتوانن لەنێوان خۆیاندا دابەشی بکەن، وەک قەرەبوویەک بۆ ماندووبوونیان و بەو شـێوەیەی بەگونجـاوی دەزانـن. بەم پێکهـاتەیە، لەوانەیە چـاوەڕوان بکـرێ کە قۆرخکاری بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێگەی لێ بگیرێ و، مەبەستی یەکەم وەک پێویست بپێکرێ. بەڵام لەوە دەچێ بە چوارەمی جۆرجی سێیەم، قەڵای سەنیگال بە هەموو وابەستەییەکانیەوە، لەلایەن بازرگانانی بازرگانیی ئەفریقاوە دەستەبەر کرابێ، بەڵام لە ساڵی دوای ئەوەدا، نەک تەنیا سەنیگال و وابەستەکانی، بەڵکو تەواوی کەناراوەکە لە بەندەری سالییەوە، لە باشووری باربەری، تا کەیپ رووژ، لە دەستی ئەو کۆمپانیایە دەرکران و، ڕادەستی تاج کرا و، ڕاگەیەنرا کە بازرگانی بۆ ئەوێ بۆ هەموو رەعیەتی خاوەن شکۆ ئازادە. گومانی ئەوە لە کۆمپانیا کرا کە بازرگانییەکەی سنووردار کردبێ و، جۆرە قۆرخکارییەکی نەشیاوی دامەزراندبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسان نییە بڕوا بکەین کە لەسایەی ڕێکخستنەکانی بیست و سێیەمینی جۆرجی دووەمدا، توانیبیان ئەمە بکەن. لە گفتوگۆ چاپکراوەکانی خانەی گشتدا، کە بەردەوام تۆماری ڕاستی نین، تێبینیم کردووە کە ئەم تۆمەتانەیان دراوەتە پاڵ. ئەندامانی لیژنە نۆ کەسییەکە، لەبەر ئەوەی هەموویان بازرگـانن و، بەڕێـوەبەر و کـارگێڕن، قەڵا و نشـینگە جۆراوجۆرەکانیـان، هەموویـان وابەستەی ئەوانن، لەوە ناچێ ئەمانەی دوایی تەواو ئاگەدار بن لەوەی کە ئەوانەی پێشوو بە بارگە و دەڵاڵانەکانیان قۆرخکارییەکی ڕاستەقینەیان دامەزراندبێ.

بـۆ دووەمـی ئەم مەبەسـتانە، ژیانـدنی قەڵا و حامیەکـان، لەلایەن پەرلەمـانەوە بـڕە پارەیەکی ساڵانەیان بۆ تەرخان کرا، بەگشتی نزیکەی ١٣ هەزار پاوەن بوو. لیژنەکە بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە ئەم پارەیە بەکار بێنێ، ناچار کرا ساڵانە حیسابەکانی بخاتە بەر دەسـتی بـارۆنی گەنجینـەی شـاهانەوە و، ئەویـش دوای ئەوە بیانخـاتە بەر چـاوی پەرلەمانەوە. بەڵام پەرلەمان، کە گرینگییەکی کەمی بە چۆنێتیی خەرجکردنی ملیۆنان پاوەن دەدا، لەوە نـاچێ گرینگـی بە ١٣ هەزارێکـی سـاڵانە بـدا و، بـارۆنی گەنجینەی شـاهانەش، بەهۆی ئاستی پیشەیی و خوێندەوارییەوە، لەوە ناچێ ئەوەندە لێهاتوو بێ کە لە خەرجیی گونجاو بۆ قەڵا و حامیەکـان ورد ببێتەوە. لەڕاستیدا، کاپتنەکانی هێزی دەریـایی خـاوەن شـکۆ، یـان هەر لیژنەیەکـی ئەفسـەران، کە لەلایەن ئەنجـومەنی ئەدمیـراڵانەوە دامەزرێ، لەوانەیە بتوانن لە دۆخی قەڵا و حامیەکان بکۆڵنەوە و، ڕاپۆرتی خۆیـان بۆ ئەو ئەنجومەنە بەرز بکەنەوە. بەڵام لەوە دەچێ ئەو ئەنجومەنە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نە بەو لیژنەیەوە و، نە بە هـیچ دەسـەڵاتێکەوە هەبـێ کە لێکـۆڵینەوە لە هەڵسـوکەوتیان بکـا. هەروەهـا

کاپتنەکـانی هێـزی دەریـایی خـاوەن شـکۆ، چـاوەڕوانی ئەوەیـان لـێ نـاکرێ بەردەوام شارەزاییان لە زانستی دامەزراندنی قەڵادا هەبێ. لادانی کەسێک لە پۆستێک کە دەتوانێ تەنیا سێ ساڵ تیایدا بمێنێتەوە و، مووچە یاساییەکەی لەو ماوەیەدا زۆر کەم بێ، لەوە دەچێ ئەوپەڕی سزا بێ بۆ ئەندامێکی لیژنە کە ئەگەری هەڵەکردنی هەیە، جگە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، یان دزی کردن، لە پارەی گشتی یان لە پارەی کۆمپانیا. ترسیش لەو سـزایە هەرگیـز نـابێتە پـاڵنەرێکی گونجـاو بـۆ ئەوەی کەسـەکە بەردەوام و بەوردی ئاگەداری بازرگانییەک بێ کە بەرژەوەندییەکی تیایدا نییە بۆ ڕەچاوکردنی. لیژنەکە بەوە تۆمەتبار کراوە کە خشت و بەردی لە ئینگلتەرەوە ناردووە بۆ چاککردنەوەی قەڵای کەیپ کۆسـت لە کەنـاراوی گینیـا، کە ئیشـێکە پەرلەمـان چەند جارێک پـارەی سەرووئاسـایی پێ داوە. هەروەها دەڵێن کە ئەو خشت و بەردانە کە بە گەشتێکی دوور نێرراون، لە جۆرێکی خراپ بوونە بەشێوەیەک کە پێویستە ئەو دیوارانەی بەوان چاک کراونەتەوە سەرلەنوێ لە بناخەوە دروست بکرێنەوە. ئەو قەڵا و حامیانەی باکوری کەیپ رووژ تەنیا لەسەر ئەرکی دەوڵەت بەردەوامییان پێ نادرێ، بەڵکو لەسەر ئەرکی کارگێڕیی دەسەڵاتی جێبەجێکەر و، ئاسان نییە پێشبینی بکەی ئەو هۆکارە باشە چییە کە وای کردووە ئەوانەی باشووری ئەو کەیپە کە بەلای کەمەوە بەشێکیان لەسەر ئەرکی حکوومەت بەردەوامییان پێ دەدرێ، بە کارگێڕییەکی جیاواز بسپێررێن. مەبەستی بنەڕەتیی بوونی حامیەکانی گیبرالتار (جەبەل تـاریق) و مینۆرکـا بریتـی بـوو لە پاراسـتنی بازرگـانیی دەریـای ناوەڕاسـت و، بژێـوی و کـارگێڕیی ئەو حامییـانە بەردەوام، بەشـێوەیەک زۆر گونجـاو، بە دەسـەڵاتی جێبەجـێکەر سـپێررابوو، نەوەکـو بە کۆمپانیـای تورکیـا. باڵادەسـتیی ئەو دەسـەڵاتە، بەڕادەیەکـی زۆر شـانازی و کەرامەتـی ئەو دەسـەڵاتەی لەخـۆ دەگـرت. لەوەش نـاچێ نەتـوانێ ئاگـای لە بەرگریکـردن لەو باڵادەسـتییە نەبـێ. لەئاکامـدا حامیەکـانی گیبرالتـار و مینۆرکـا هەرگیـز پشتگوێ نەخران، ئەگەرچی مینۆرکا دوو جار دەستی بەسـەردا گیرا و، لەوانەیە ئێسـتا بۆ هەتاهەتایە لەدەست چووبێ، بەڵام ئەو کارەساتە هەرگیز نەدرایە پاڵ هیچ پشتگوێخستنێک لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ وا لە من تێ بگەن کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە هیچ یەکێک لەو حامیە گرانباییانە لە هیچ کاتێکدا و، تەنانەت بە کەمترین ئاستیش، پێویست بوونە بۆ ئەو مەبەستەی لە بنەڕەتدا لەپێناویدا لە شانشینی ئیسپانیا دابڕاون. لەوانەیە ئەو دابڕینانە هەرگیز خزمەتی مەبەستە بنەڕەتییەکەیان نەکردبێ و، تەنیا ئینگلتەرەیان لە ئیسپانیای هاوپەیمانی سروشتیی خۆی، کە پاشای ئیسپانیایە دابڕیوە و، هەردوو لقی سەرەکیی خانەی بۆربۆنی لە هاوپەیمانییەکی توند و بەردەوام یەکخستووە، لە کاتێکدا پەیوەندیی خوێن لەنێوانیاندا هەرگیز ئەوەی پێ نەکرابوو.

کۆمپانیاکانی پشکی هاوبەش، کە لەڕێی پەیمانی شاهانەوە، یان بڕیاری پەرلەمانەوە دامەزراون، لە گەلێ ڕووەوە، نەک تەنیا لە کۆمپانیا ڕێکخراوەکان جیان، بەڵکو لە هاوبەشییە تایبەتەکانیش جیان.

یەکەم، لە هاوبەشییە تایبەتەکاندا، هیچ هاوبەشێک، بەبێ ڕەزامەندیی هاوبەشەکەی، ناتوانێ پشکی خۆی بۆ کەسێکی تر بگوازێتەوە، یان ئەندامێکی نوێ بۆ کۆمپانیاکە زیاد بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ئەندامێک دەتوانێ، لەڕێی ئاگەدارکردنەوەیەکی گونجاوەوە، لە هاوبەشییەکە بکشێتەوە و، داوای پشکی خۆی لە ماڵە هاوبەشەکە لەوانی تر بکا. لە کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەشدا، بەپێچەوانەیە، هیچ ئەندامێک بۆی نییە داوای پشکی خۆی لە کۆمپانیاکە بکاتەوە، بەڵام هەموو ئەندامێک دەتوانێ بەبێ ڕەزامەندیی ئەوانی تر پشکی خۆی بە کەسێکی تر بدا و، بەمەش ئەندامێکی نوێ بۆ کۆمپانیاکە زیاد دەکا. بەهای پشکێک لە پشکی هاوبەشدا بەردەوام ئەو نرخەیە کە لە بازاڕ دەیکا، ئەمەش بەڕێژەیەک یان زیاتر یان کەمتر دەبێ، لەو بڕە پارەیەی خاوەنەکەی لە ماڵی کۆمپانیاکەدا هەیەتی.

دووەم، لە هاوبەشیی تایبەتدا، هەر بەشدارێک بەگوێرەی تەواوی سامانەکەی پابەندە بەو قەرزانەوە کە کۆمپانیاکە کردوویەتی. لە کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەشدا، بەپێچەوانەیە، هەر پشکدارێک بەگوێرەی پشکەکەی بەو قەرزەوە پابەند دەبێ.

بازرگانیی کۆمپانیای پشکی هاوبەش بەردەوام لەلایەن ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەرانەوە ڕێک دەخرێ. لەڕاستیدا، زۆربەی جاران ئەم ئەنجومەنە، لە چەندان ڕووەوە لەلایەن ئەنجومەنێکی گشتیی خاوەن پشکەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. بەڵام بەشی زۆری ئەو خاوەن پشکانە بەدەگمەن پیشانی دەدەن کە هیچ لە بازرگانیی کۆمپانیاکە دەزانن و، کاتێک کە گیانی باڵباڵێن بەسەریاندا زاڵ نابێ، کەسیان گوێ بەوە نادەن و، بەقایلبوونەوە قازانجە نیو ساڵی یان ساڵانەکانیان وەردەگرن، بەو شێوەیەی بەڕێوەبەران بەڕاستی دەزانن. ئەم دوورکەوتنەوە یەکجارەکییە لە کێشە و مەترسی، لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراودا، هانی خەڵکێکی زۆر دەدا سەرکێشی بکەن لە کۆمپانیاکانی پشکی هاوبەشدا، کە بەهیچ شێوەیەک ئامادە نین سامانی خۆیان لە هاوبەشییەکی تایبەتدا بخەنە مەترسییەوە. لەبەر ئەمە، ئەم جۆرە کۆمپانیانە، بەگشتی لە هاوبەشییە تایبەتەکان زیاتر ماڵ بۆ خۆیان بەکێش دەکەن. ماڵی بازرگانیی کۆمپانیای دەریای باشوور، لە یەک کاتدا، زیاتر لە ٣٣ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار پاوەن بوو. سەرمایەی دابەشکراوی بانکی ئینگلتەرە، ئێستا، ١٠ ملیۆن و ٧٨٠ هەزار پاوەنە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێوەبەرانی ئەم جۆرە کۆمپانیانە، کە زیاتر بەڕێوەبەری پارەی خەڵکی ترن نەک پارەی خۆیان، چاوەڕوان ناکرێ بەو وردی و وریاییەوە چاودێریی پارەکە بکەن، کە زۆربەی جاران لە خاوەن پشکەکانی هاوبەشییە تایبەتەکاندا بەدی دەکرێن. ئەوان وەکو سەرکاری پیاوانی دەوڵەمەند، لەوانەیە بەدواداچوونی هەندێ

شتی بچووک بەشایانی پلە و پایەی سەردارانیان نەزانن و، بەئاسانی ڕێگە بەخۆیان بدەن پشتگوێیان بخەن. کەواتە پشتگوێخستن و دەستبڵاوی دەبێ بەردەوام، زۆر و کەم، باڵ بەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم جۆرە کۆمپانیانەدا بکێشن. بەم پێیە کۆمپانیاکانی پشکی هاوبەش بۆ بازرگانیی دەرەکی بەدەگمەن دەتوانن کێبەرکێ لەگەڵ هاوبەشییە تایبەتەکاندا بکەن. لەئاکامدا، بەدەگمەن بەبێ ئیمتیازی تایبەتن و، زۆربەی جاران لەمەدا سەرکەوتوو نەبوونە. بەبێ ئیمتیازی تایبەت ئەمان بەگشتی بازرگانییەکە خراپ بەڕێوە دەبەن. بە ئیمتیازی تایبەتەوە خراپ بەڕێوەی دەبەن و دەستی بەسەردا دەگرن.

کۆمپانیای شاهانەی ئەفریقایی، کە پێشینەی کۆمپانیای ئەفریقایی ئێستایە، لەڕێی پەیمانێکەوە ئیمتیازی تایبەتی هەبوو، بەڵام کە ئەو پەیمانە بە بڕیاری پەرلەمان پەسەند نەکرا، بازرگانییەکە لەئاکامی جاڕی مافەکاندا، هەر زوو لەدوای شۆڕش، بەڕووی هەموو ڕەعیەتی خاوەن شکۆدا کرایەوە. کۆمپانیای کەنداوی هەدسن، بەپێی مافە یاساییەکانی، لەهەمان دۆخی کۆمپانیای شاهانەی ئەفریقاییە. پەیمانە تایبەتەکەیان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکرا. کۆمپانیای دەریای باشوور، ئەوەندەی وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی بەردەوام بوو، ئیمتیازێکی تایبەتی هەبوو کە بە بڕیاری پەرلەمان پەسەند کرابوو، وەک ئەوەی ئێستای کۆمپانیای یەکگرتووی بازرگانان لە هیندی ڕۆژهەڵاتدا بازرگانی دەکا.

زۆری پێ نەچوو کۆمپانیای شاهانەی ئەفریقایی بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ کێبەرکێی هاوبەشە تایبەتەکان بکا، کە سەرباری جاڕی مافەکان، ماوەیەک لە بانگهێشتکردنی کەسانی لاوەکی و، لەم جۆرە سەرکوتینەوەیەدا بەردەوام بوو. بەڵام لە ساڵی ١٦٩٨دا، سەرکێشە تایبەتەکان بوونە ئامانجی باجێکی لەسەدا دەیی لەسەر نزیکەی هەموو لقەکانی بازرگانییەکەیان، بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمپانیاکەوە لە بەخێوکردنی قەڵا و حامیەکاندا خەرج بکرێ. بەڵام سەرباری ئەو باجە قورسە، هێشتا کۆمپانیاکە نەیتوانی کێبەرکێکە بکا. ماڵ و متمانەی کۆمپانیاکە وردەوردە کەم بوونەوە. لە ساڵی ١٧١٢دا، قەرزەکانی کۆمپانیا ئەوەندە زۆر بوون کە بەپێویست زانرا بڕیارێک لە پەرلەمانەوە دەرچێ بۆ ئەوەی خۆیان و قەرزدەرەکانیان بپارێزێ. ئەوە بوو بڕیار درا دوو لە سێی قەرزدەرەکان، دەبێ بە ژمارە و بە بەها ئەوانی تر ببەستنەوە، لەڕووی ئەو ماوەیەوە کە دەبێ بە کۆمپانیا بدرێ بۆ ئەوەی قەرزەکان بداتەوە و، لەڕووی هەر ڕێککەوتنێکی تریشەوە کە لەوانەیە بەگونجاو زانرابێ لەبارەی قەرزەکانەوە لەگەڵیاندا بکرێ. لە ساڵی ١٧٣٠دا، کاروباریان زۆر شپرزە بوون بەشێوەیەک کە بەتەواوی توانای ژیاندنی قەڵا و حامیەکانیان نەمابوو، کە تەنیا مەبەست و بیانووی دامەزرانیان بوو. لەو ساڵەشەوە تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی تەواویان، پەرلەمان پێی باش بوو ئەو دە هەزارە ساڵانەیەی بۆ ئەو مەبەستە بوو هەر بدرێ. لە ساڵی ١٧٣٢دا، دوای چەندان ساڵ زیانمەندی لە بازرگانیی بردنی ڕەشپێست بۆ هیندی

ڕۆژئاوا، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە بە یەکجاری دەستی لێ هەڵگرن، ئەو ڕەشپێستانەی لە کەنـاراوەکەدا کڕیبوویـانن بەو بازرگانـانە بفرۆشـن کە بـۆ ئەمەریکایـان دەبەن و، کارمەنـدانیان لە بەشـەکانی نـاوەوەی ئەفریقـا لە بازرگانییەکـانی تـۆزی زێـڕ، ددانـی فیـل، دەرمـانی خمچییەتـی، هتـد بەگەڕ بـخەن. بەڵام سـەرکەوتنیان لەم بازرگـانییە زۆر لە سەرکەوتنیان لە بازرگانییە بەرفرەوانەکەی پێشوو بەرتەسکتر بوو. کاروباریان وردەوردە ڕوویـان لە نەمـان بوو، تـاوەکو لە کۆتاییدا، کە لە هەمـوو ڕوویەکەوە مـایەپووچ بـوون، بە بڕیاری پەرلەمان هەڵوەشێنرانەوە و، قەڵا و حامیەکانیان بە کۆمپانیای ڕێکخراوی ئێستای بازرگانـانی بازرگـانی بـۆ ئەفریقـا سـپێرران. پـێش دروسـتبوونی کۆمپانیـای شـاهانەی ئەفریقـایی، سـێ کۆمپانیـای پشـکی هـاوبەش هەبـوون کە دوابەدوای یەک بـۆ بازرگـانیی ئەفریقـا دامەزران. هەموویـان سـەرنەکەوتوو بـوون. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەموویـان پەیمـانی تایبەتیان هەبوو، کە هەرچەندە پەرلەمان پەسەندیانی نەکردبوو، لەو ڕۆژگارەدا چاوەڕوان دەکرا ئیمتیازێکی تایبەتی ڕاستەقینە بەدەست بێنن.

کۆمپانیای کەنداوی هەدسن، پێش نەهامەتییەکانی دوایین شەڕ، لە کۆمپانیـای شـاهانەی ئەفریقایی بەختیارتر بوو. خەرجییە پێویستەکانی زۆر کەمتر بوون. تەواوی ژمـارەی ئەو خەڵکەی بەخێویـانی دەکرد لە نشینگە جۆراوجۆرەکاندا، کە بۆ ڕێـز نـاوی قەڵایـان لێیـان نابوو، وەک دەگوترێ لە ١٢٠ کەس زیاتر نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ژمارەیە بەس بووە بۆ ئەوەی باری کەوڵ و کاڵاکانی تری پێویست بۆ بارکردنی کەشتییەکانیان ئامادە بکەن، کە بەگوێرەی سەهۆڵەکەیان، بەدەگمەن زیاتر لە شـەش یـان هەشـت هەفتە لەو دەریایانەدا دەمێننەوە. ئەم ئیمتیـازەی هەبـوونی بـاری ئامـادە، لەوانە نەبـوو سـەرکێشـە تایبەتەکـان بـۆ چەندان ساڵیش دەستیان کەوتبێ و، بەبێ هەبوونیشیان لەوە ناچێ بازرگانیکردن لەگەڵ کەنداوی هەدسن لەکردن بێ. سەرمایەی مامناوەندیی کۆمپانیاکە، کە دەڵێن لە ١١٠ هەزار پاوەن زیاتر نەبووە، لەوانەیە جگە لەوەی کە بەشـی کـردووە، وای کـردووە بتوانن دەست بگرن بەسەر تەواوی، یان نزیکەی تەواوی، بازرگانی و بەرهەمی زیادی ئەو وڵاتە دامـاوە، کە لە پەیمانەکەیانەوە تێ دەگەین. بەو پێیە هیچ سەرکێشێک هەوڵی نەداوە لە بازرگـانیی ئەو وڵاتەدا کێبەرکێیان لەگەڵدا بکا. کەواتە، ئەم کۆمپانیایە بەردەوام لەڕاستیدا بازرگـانیی تـایبەتی کـردووە، هەرچەنـدە کە لەوانەیە بە یاسـا ئەو مـافەی نەبووبێ. سـەرباری هەمـوو ئەمانەش، دەڵێن ئەو سـەرمایە مامناوەندیەی ئەم کۆمپانیایە بەسەر ژمـارەیەکی زۆر کەمـی خاوەن ماڵدا دابەش بووبوو. بەڵام کۆمپانیـایەکی پشـکی هـاوبەش کە لە ژمـارەیەکی کەمـی خاوەن مـاڵان پێک دێ، بە سـەرمایەیەکی مامناوەندیەوە، زۆر لە سروشـتی هاوبەشییەکی تایبەت نزیک دەبێتەوە و، لەوانەیە بتوانێ هەمان ئاستی وریایی و ئاگەداریی هەبێ. کەواتە نابێ بەلامانەوە سەیر بێ ئەگەر، لە ئاکامی ئەم ئیمتیازە جۆراوجۆرانە، کۆمپانیای کەنداوی

هەدسن، پێش دوایین شەڕ، توانیی زۆر سەرکەوتووانە بازرگانییەکەی خۆی بەڕێوە ببا. بەڵام لەوە ناچێ هەرگیز قازانجەکانی لەوە نزیک بووبێتنەوە کە بەڕێز دۆبسی کۆچکردوو مەزەندەی کردووە. نووسەرێکی سەنگینتر و داناتر، بەڕێز ئەندەرسن، نووسەری "ئەنجامەکانی مێژوویی و کرۆنۆلۆجیایی بازرگانی"، زۆر لەجێی خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە بەپێی وردبوونەوە لە تۆمارەکانی هەنارده و هاوردەکردنیان بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەیەکەوە، کە بەڕێز دۆبس خۆی خستوویانیەتە ڕوو و، لەبەرچاوگرتنی گونجاو بۆ زیان و خەرجییە سەرووئاساییەکانیان، لەوە ناچێ قازانجەکانیان شایانی ئیرەیی بن و، نەیانتوانیوە زۆر قازانجە ئاساییەکانی بازرگانی تێپەڕێنن، ئەگەر هەرگیز تێیانپەڕاندبێ.

کۆمپانیای دەریای باشوور هیچ کاتێک قەڵا یان حامیەی نەبووە بۆ ئەوەی بەخێویان بکا و، لەبەر ئەوە بەتەواوی دوور بووە لە خەرجییەکی زۆر گەورە کە کۆمپانیاکانی تری پشکی هاوبەشی بازرگانیی دەرەکی گرفتاری بووبوون. بۆیە، بەشێوەیەکی سروشتی چاوەڕوان دەکرا، گەمژەیی، پشتگوێخستن و، دەستبڵاوی باڵ بەسەر تەواوی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمپانیاکەدا بکێشن. تەڵەکەبازی و زێدەڕۆیی لە پڕۆژەکانی ئیشپێکردنی ماڵەکەیاندا زۆر ئاشکرا بوون و، باسکردنیان لە دەرەوەی ئەم بابەتەیە. پڕۆژە بازرگانییەکانیشیان لەوانە باشتر بەڕێوە نەدەچوون. یەکەم کاری بازرگانییان بەردەستخستنی ڕەشپێست بوو بۆ هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیایی، کە (لەئاکامی ئەوەی بە دەستەوارەی ئەسێنتۆ ناسرابوو و لەڕێی پەیمانی ئوتریشەوە بەدەستیان هێنا) ئیمتیازی تایبەتیان بەدەست هێنابوو. بەڵام کە چاوەڕوان نەدەکرا قازانجی زیاتر لەو بازرگانییە بەدەست بێ، هەردوو کۆمپانیا پۆرتوگالی و فرانسەییەکەی کە پێش ئەمان بەهەمان ئەو مەرجانە بازرگانییەکەیان کردبوو و، لەبەر ئەوەی بەهۆیەوە تووشی شکست بووبوون، وەک قەرەبوویەک ڕێگەیان پێ درابوو ساڵانە بە یەک کەشتی بە بارێکی دیاریکراوەوە بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیاییدا بکەن. دەڵێن کە لە نێوان دە گەشت لەو گەشتە ساڵانانەی ڕێگەیان پێ درابوو، ئەوان لە یەکێکیان دەستکەوتی زۆریان بوو، ئەوەی ڕۆیال کارۆلاین لە ١٧٣١دا و، لە نزیکەی هەموو گەشتەکانی تر، زۆر یان کەم، زەرەرمەند بوون. دەڵاڵ و بریکارەکانیان ئەو سەرکەوتنە لاوازەیان دایە پاڵ ستەم و سەرکوتینەوەی حکوومەتی ئیسپانیاوە، بەڵام لەوانەیە لە بنەڕەتدا بەهۆی دەستبڵاوی و دزیکردنی ئەو دەڵاڵ و بریکارانە خۆیانەوە بووبێ، کە دەڵێن هەندێکیان تەنانەت لە ماوەی یەک ساڵێکدا بوونە خاوەنی سامانی زۆر. لە ساڵی ١٧٣٤دا، کۆمپانیاکە داوای لە پاشا کرد بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو بار و بازرگانییەی کەشتییە ساڵانەکەیان بێ، لەبەر ئەو قازانجە کەمەی لێی دەکەوتەوە و، بە وەرگرتنی شتێکی هاوتای ئەوە لە ئیسپانیا قایل بێ.

لە ساڵی ١٧٢٤دا، ئەم کۆمپانیایە ڕاوگەی حووتی بەڕێوە دەبرد. لەڕاستیدا، بۆ ئەمەیان قۆرخکارییان نەبوو، بەڵام ئەوەندەی ئەوان ئەم ئیشەیان دەکرد لەوە نەدەچوو هیچ بریتانیاییەکی تر ئیشەکەی کردبێ. لەنێو هەشت گەشتی کەشتییەکانیان بۆ گرینلاند، لە یەکێکیاندا خاوەن دەستکەوت بوون و، لە هەموو ئەوانەی تردا زەرەرمەند بوون. دوای گەشتی هەشتەم و دواگەشتیان، کاتێک کە کەشتی، کۆگە و، کەلپەلەکانی خۆیان فرۆشت، بۆیان دەرکەوت کە تەواوی زیانەکانیان لەم لقەی بازرگانییەدا، بە سەرمایە و سوودەکانیشەوە، گەیشتە زیاتر لە ٢٣٧ هەزار پاوەن.

لە ساڵی ١٧٢٢دا، ئەم کۆمپانیایە داوای لە پەرلەمان کرد ڕێگەی بدا سەرمایە زۆرەکەی، کە زیاتر لە ٣٣ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار پاوەن بوو، کە هەمووی بە قەرز بە حکوومەت درابوو، بۆ دوو بەش دابەش بکرێ: نیوەی یان زیاتر لە ١٦ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار پاوەن، لەگەڵ ساڵانەکانی تری حکوومەت هاوتا بکرێ و، نەخرێتە بەر قەرزەکانیەوە، یان ئەو زیانانەوە کە بەری کەوتوون، لەلایەن ئەو پرۆژە بازرگانییانەوە کە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا کەوتبوونە دوایانەوە، نیوەکەی تر وەکو جاران وەکو ماڵی بازرگانی بمێنێتەوە و، بکەوێتە بەر قەرز و زیانەکانەوە. ئەو داوایە بەتەواوی شایانی ئەوە بوو پەسەند نەکرێ. لە ساڵی ١٧٣٣دا، جارێکی تر داوا پێشکەشی پەرلەمان کرایەوە بۆ ئەوەی سێ چارەکی ماڵی بازرگانییەکەیان بکرێتەوە ماڵی ساڵانە و، تەنیا یەک چارەکی وەک ماڵی بازرگانی بمێنێتەوە، یان بۆ قەرەبووی ئەو زیانانە بێ کە بەهۆی بەڕێوەبردنی خراپی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکەوە لێی کەوتوون. لەو کاتەدا، هەردوو ماڵی ساڵانە و بازرگانییان بە بڕی دوو ملیۆن بۆ هەر یەکێکیان کەمی کردبوو، بەهۆی چەندان پارەدانەوەی جۆراوجۆری حکوومەتەوە، بەمەش ئەو چارەکە تەنیا ٣٦٦٢٧٨٤ پاوەن و هەشت شیلین و شەش پێنس بوو. لە ساڵی ١٧٤٨دا، هەموو داوای کۆمپانیاکە لەسەر شای ئیسپانیا، لەئاکامی دەستەوارەکەی ئەسینتۆ کە بە پەیمانی ئێکس لا شوپێل، بەوە درا کە پێشبینی دەکرا هاوتای بێ. کۆتاییەک بۆ بازرگانیی کۆمپانیا لەگەڵ هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیایی دانرا، ئەوەی لە ماڵی بازرگانییان مابووەوە کرا بە ساڵانە و، کۆمپانیاکە لە هیچ ڕوویەکەوە چی تر وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی نەما.

پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێ کە ئەو بازرگانییەی کۆمپانیای دەریای باشوور بە کەشتییە ساڵانەکەی ئەنجامی دەدا، تەنیا بازرگانییەک بوو کە چاوەڕوان دەکرا قازانجێکی زۆری لێ بکەن، لەوێدا بەبێ کێبەرکێکەر نەبوون، نە لە بازاڕی دەرەوە و نە لە بازاڕی ناوخۆدا. لە کەرتاج، پۆرتۆ بێلۆ و، لا ڤێرا کروز دەبوو کێبەرکێی بازرگانە ئیسپانیاییەکان بکەن، کە لە کادیزەوە بۆ ئەو بازاڕانە، هەمان جۆرە کاڵاکانی ئەوروپایان بە کەشتییەکانیان دەهێنا و، لە ئینگلتەرە کێبەرکێی بازرگانە ئینگلیزەکانیان دەکرد کە لە کادیزەوە هەمان

کاڵاکانی هیندی ڕۆژئاوای ئیسپانیاییان دەهێنا. کاڵاکانی بازرگانە ئیسپانیایی و ئینگلیزەکان، لەڕاستیدا باجی زۆرتریان لەسەر بوو. بەڵام ئەو زیانانەی بەهۆی پشتگوێخستن و دەستبڵاوی و، گەندەڵیی کارمەندانی کۆمپانیاوە دروست دەبوون باجێکی زۆر لەو هەموو باجانە گرانتر بوون. لەوە دەچێ سەرکەوتنی کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەش لە هەر لقێکی بازرگانیی دەرەکی، لە کاتی هەبوونی کێبەرکێی کراوە و دادوەرانە لەلایەن سەرکێشەکانەوە، لەوە دەچێ پێچەوانە بێ لەگەڵ هەموو ئەزموونەکاندا.

کۆمپانیای کۆنی ئینگلیزیی هیندی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٦٠٠دا بە ئیمتیازێک لەلایەن شاژن ئەلیزابێتەوە دامەزرا. لە ١٢ گەشتی یەکەمی کۆمپانیاکە بۆ هیند، لەوە دەچێ وەک کۆمپانیایەکی ڕێکخراو بازرگانییان کردبێ، بە ماڵی جیا لەیەک، ئەگەرچی بە کەشتیی هاوبەشی کۆمپانیا کرا. لە ساڵی ١٦١٢دا، لە پشکی هاوبەشدا یەکیان گرت. ئیمتیازەکەیان تایبەت بوو و، ئەگەرچی بە بڕیاری پەرلەمان پەسەند نەکرا، لەو ڕۆژگارەدا چاوەڕوان دەکرا ببێتە ئیمتیازێکی تایبەت. لەبەر ئەوە، بۆ ماوەی چەندان ساڵ لەلایەن کەسانی لایدەوە بێزار نەکران. سەرمایەکەیان، کە هەرگیز لە ٧٤٤ هەزار پاوەن زیاتر نەبوو و، هەر پشکێکی پەنجا پاوەن بوو، سەرمایەیەکی زۆر زۆر نەبوو، هەروەها مامەڵەکانیشیان زۆر گەورە نەبوون، تاوەکو بینە مایەی پشتگوێخستن و زێدەڕۆیی زۆر، یان ببنە سایە بۆ گەندەڵیی زۆر. سەرباری هەندێ زەرەری زۆر، کە بەشێکیان بەهۆی خراپەکاریی کۆمپانیای هۆڵاندیی هیندی ڕۆژهەڵاتەوە بوو و، بەشێکیان بەهۆی ڕووداوی ترەوە بوو، بۆ ماوەی چەندان ساڵ بازرگانییەکی سەرکەوتوویان بەڕێوە برد. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، کاتێک بنەماکانی ئازادی زیاتر ڕوون بوونەوە، ڕۆژبەڕۆژ توانای ئیمتیازێکی شاهانە، کە پەرلەمان پەسەندی نەکردبوو، لە بەدەستهێنانی ئیمتیازێکی تایبەت بەرگومانتر دەبوو. بڕیارەکانی دادگەی دادوەری لەبارەی ئەم پرسەوە یەکانگیر نەبوون، بەڵکو لەگەڵ دەسەڵاتی حکوومەت و میزاجی ڕۆژگاردا گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات. لایدەی زیاتریان لێ کۆ بوونەوە و، لە سەروبەندی کۆتایی حوکمی چارلزی دووەمدا و، لە تەواوی ماوەی حوکمڕانیی جەیمسی دووەم و بەشێکی ماوەی حوکمڕانیی ویلیەمی سێیەمدا، کۆمپانیاکەیان خستە تەنگانەیەکی گەورەوە. لە ساڵی ١٦٩٨دا، پێشنیازێک بۆ پەرلەمان کرا بەوەی دوو ملیۆن بە سوودی لەسەدا هەشت بە حکوومەت بدەن، بەو مەرجەی بەشداران بە ئیمتیازی تایبەتەوە بچنە ناو کۆمپانیایەکی نوێی هیندی ڕۆژهەڵاتەوە. کۆمپانیای کۆنی هیندی ڕۆژهەڵات ٧٠٠ هەزار پاوەنی خستە ڕوو، کە نزیکەی بڕی سەرمایەکەی بوو بەرامبەر بە سوودێکی لەسەدا چوار بەهەمان مەرجەکان. بەڵام ئەوە لە کاتێکدا بوو کە تیایدا دۆخی قەرزی گشتی، گونجاوتر بوو بۆ ئەوەی حکوومەت دوو ملیۆن و ٨٠٠ هەزار بە سوودی لەسەدا هەشت قەرز بکا نەک ٧٠٠ هەزار پاوەن بەسوودی لەسەدا چوار.

پێشنیازەکەی بەشداره نوێیەکان پەسەند کرا و، لەئاکامدا کۆمپانیای نوێی هیندی ڕۆژهەڵات دامەزرا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمپانیا کۆنەکەی هیندی ڕۆژهەڵات، مافی بەردەوامیی لە بازرگانیدا تا ساڵی ١٧٠١ هەبوو. ئەوان لەهەمان کاتدا، بەناوی گەنجینەوانەکەیانەوە، زۆر شارەزایانە، بە ٣١٥ هەزار پاوەن بەشدارییان لەماڵی کۆمپانیا نوێیەکەدا کرد. بەهۆی پشتگوێخستنێکی دەربڕینەوە لە یاساکەی پەرلەمان، کە بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵاتی چەسپاند بۆ بەشداران لەم دوو ملیۆنەدا، دیار نەبوو کە هەموویان ناچارن لە پشکی هاوبەشدا یەک بگرن. ژمارەیەکی کەم بازرگان، کە بەشدارییەکەیان تەنیا ٧٢٠٠ پاوەن بوو، جەختیان کردە سەر ئیمتیازی بازرگانیکردن بەجیا بە ماڵەکەی خۆیان و لەسەر بەرپرسیارەتیی خۆیان. کۆمپانیای کۆنی هیندی ڕۆژهەڵات مافی بازرگانیی بەجیای بە ماڵە کۆنەکەی تا ساڵی ١٧٠١ هەبوو و، بەهەمان شێوە، پێش ئەو ماوەیە و دوای ئەویش، مافێکیان هەبوو، هاوشێوەی بازرگانانی سەربەخۆ، بازرگانییەکی جیا بەو ٣١٥ هەزار پاوەنە بکەن کە پشکدارییان پێوە کردبوو لە ماڵی کۆمپانیا نوێیەکەدا. کێبەرکێی دوو کۆمپانیاکە لەگەڵ بازرگانەکان و، لەگەڵ یەکتریدا، وەک دەڵێن هەردووکیانی وەک یەک ڕووخاند. لە هەلێکی دواتردا، لە ساڵی ١٧٣٠، کاتێک پێشنیازێک بۆ پەرلەمان کرا بۆ ئەوەی بازرگانییەکە بدرێتە دەستی کۆمپانیایەکی ڕێکخراوەوە و، بەو پێیەش بەشێوەیەک لە شێوەکان کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات خرایە ڕووبەڕووبوونەوە دژ بەم پێشنیازە، کە بە دەربڕینی زۆر بەهێز دەربڕینی لەوە دەکرد، کە ئەو کاتە بە کاریگەریی خراپی ئەو کێبەرکێیە دەزانرا. ئەوان گوتیان کە ئەمە لە هیند نرخی کاڵاکانی زۆر بەرز کردەوە بەشێوەیەک کە شیاوی کڕین نەمان و، لە ئینگلتەرە، بە پڕکردنی بازاڕ، نرخەکانی ئەوەندە نزم کردەوە کە قازانجیان تێدا نەما. گومان لەوەدا نییە کە بەهۆی بەردەستخستنێکی گەلێ زۆرتر، کە بووە مایەی سوود و خۆشی بۆ خەڵک، نرخی کاڵا هیندیەکان لە بازاڕی ئینگلتەرە زۆر دابەزی، بەڵام ئەگەری زۆر نییە بۆ ئەوەی نرخی لە بازاڕەکانی هیند زۆر بەرز کردبێتەوە، چونکە هەموو ئەو خواستە سەرووئاساییە کە بەهۆی ئەو کێبەرکێیەوە هاتە کایەوە تەنیا یەک دڵۆپێک بوو لە زەریای بازرگانیی هیند. هەروەها، زیادبوونی خواست، ئەگەرچی لە سەرەتادا لەوانەیە کەمێک نرخی کاڵاکان بەرز بکاتەوە، هەرگیز ڕێگر نابێ لەوەی دواتر نزم ببنەوە. ئەو هانی بەرهەمهێنان دەدا و، بەوەش کێبەرکێی نێوان بەرهەمهێنەکان زیاتر دەبێ و، ئەوانیش بۆ نزمکردنەوەی نرخ لەسەر یەکتر، دەست بۆ دابەشکردنی نوێی کار و پێشخستنی نوێی هونەرەکان دەبەن، بەشێوەیەک کە هەرگیز، ئەگەر وا نەدەبوو، بیری لێ نەدەکرایەوە. ئەو کاریگەرییە خراپەی کۆمپانیاکە گازاندەی لێ دەکرد بریتی بوو لە هەرزانیی بەکاربردن و هاندانی بەرهەمهێنان، کە بەهێزکردنی ئەم دوو کاریگەرییە بەشێوەیەکی تایبەت بەرزترین ئامانجی ئابووریی سیاسین. لەگەڵ

ئەوەشدا، ئەو کێبەرکێیەی ئەوان ئەو ڕۆڵە خراپەیان پێوە لکاند، ڕێگەی بەردەوامیی زۆری پێ نەدرا. لە ساڵی ١٧٠٢دا، دوو کۆمپانیاکە لەڕێی لایەنێکی سێیەمەوە یەکیان گرت، ئەو لایەنە سێیەمە شاژن بوو و، لە ١٧٠٨دا، بەبڕیارێکی پەرلەمان بەتەواوی بوون بە یەک کۆمپانیا بەو ناوەی ئێستایان کۆمپانیای یەکگرتووی بازرگانانی بازرگانیی هیندی ڕۆژهەڵات. بە شایان زانرا بڕگەیەک لەم یاسایەدا هەبێ کە ڕێگە بە بازرگانی سەربەخۆ بدا کە تاوەکو میشێلماس (جەژنی سانت میشێل لە ٢٩ی ئەیلوول)ی ١٧١١ لە بازرگانییەکەیاندا بەردەوام بن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی بە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا دا، لە ماوەی سێ ساڵدا جێی سەرمایە بچووکە ٧٢٠٠ پاوەنەکەیان پڕ بکەنەوە و، بەو شێوەیە تەواوی ماڵی کۆمپانیاکە بکەنە پشکی هاوبەش. بە هەمان بڕیار، سەرمایەی کۆمپانیاکە لە ئاکامی قەرزێکی نوێ بۆ حکوومەت لە دوو ملیۆنەوە بۆ سێ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار پاوەن زیاد کرا. لە ساڵی ١٧٤٣دا، کۆمپانیاکە ملیۆنێکی تری بە حکوومەت دا. بەڵام ئەم ملیۆنە لەڕێی بانگەوازێک بۆ خاوەن پشکەکانەوە نەهات، بەڵکو بەرهەمی فرۆشتنی ساڵانەکان و سەنەدی قەرزەکان بوو، ماڵەکەی بەوە زیاد نەکرد کە خاوەنەکانی بتوانن داوای بەشی لێ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ماڵەی زیاد کرد کە بازرگانییان پێوە دەکرد، بەشێوەیەک کە لەگەڵ سێ ملیۆن و ٢٠٠ هەزارەکە شیاوی زیان و قەرز بێ، لەو کاتەدا کە کۆمپانیا بەدواداچوون بۆ پڕۆژە بازرگانییەکانی دەکا. لە ساڵی ١٧٠٨وە، یان بەلای کەمەوە لە ١٧١١وە، کە لە هەموو کێبەرکێکەران ڕزگاری بوو و، بەتەواوی بازرگانیی ئینگلیزی لەگەڵ هیندی ڕۆژهەڵات قۆرخ کرد، بازرگانییەکی سەرکەوتووی بەڕێوە برد و، لەو قازانجانەی بەدەستی دەهێنا بەشێکی مامناوەندیی بە خاوەن پشکەکان دەدا. لە ماوەی شەڕی فرانسەدا، کە لە ١٧٤١ دەستی پێکرد، تەماحی بەڕێز دوپلێکس، حاکمی فرانسەیی پۆندیچێری، کە ئەوانی تووشی شەڕەکانی کارناتیک و سیاسەتەکانی میرانی هیندی کرد. دوای چەند ئاماژەیەکی سەرکەوتن، ئامارەی یەکسانی دۆڕان دەرکەوتن و، لە کۆتاییدا مادراسیان لەدەست دا، کە لەو کاتەدا نشینگەی سەرەکیی ئەوان بوو لە هیند. ئەوێیان لەڕێی پەیمانی ئێکس لا شاپێل وەرگرتەوە و، لەوە دەچێ لەو کاتەدا گیانی شەڕ و داگیرکاری باڵی بەسەر کارمەندانیان لە هیندا کێشابێ و، لەو کاتەوە هەرگیز بەریانی نەدا. لە ماوەی شەڕەکەی فرانسەدا کە لە ١٧٥٥دا دەستی پێکرد، چەکەکانیان شانبەشانی ئەوانەی بریتانیای مەزن وەستان. بەرگرییان لە مادراس کرد و، پۆندیچێرییان گرت و، کالکوتتایان گرتەوە و، داهاتەکانی ناوچەیەکی فرەوانی دەوڵەمەندیان بەدەست هێنا، کە ئەو کاتە دەیانگوت ساڵانە سێ ملیۆن دەبێ. ئەو داهاتە چەندان ساڵ بەدەستیانەوە ما، بەڵام لە ساڵی ١٧٦٧دا، حکوومەت داوای ئەو ناوچانە و داهاتەکانیانی کرد، بەو پێیەی کە سەر بەتاجن و، کۆمپانیاکە وەک قەرەبوو قایل بوو ساڵانە ٤٠٠ هەزار پاوەن بە حکوومەت بدا.

ئەوان پێش ئەوە وردەوردە قازانجەکانیان بە نزیکەی لەسەدا شەش تا دە بەرز کردەوە، واتە، سەرمایە سێ ملیۆن و ٢٠٠ هەزارەکەیان بە بڕی ١٢٨ هەزار پاوەن زیاد کرد، یان لە ١٩٢ هەزارەوە بۆ ٣٢٠ هەزار پاوەن ساڵانە. ئەوان لەو کاتەدا هەوڵیان دەدا هێشتا زیاتری بکەن، بۆ لەسەدا دوازدە و نیو، کە وای دەکرد ئەوەی ساڵانە بە خاوەن پشکەکان دەدرا یەکسان بێ بەوەی قایل بوون ساڵانە بە حکوومەتی بدەن، کە ساڵانە ٤٠٠ هەزار پاوەن بوو.

بەڵام لەو دوو ساڵەدا کە بڕیار بوو ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ حکوومەتدا بچێتە واری جێبەجێکردنەوە، لەڕێی دوو بڕیاری پەرلەمانەوە ڕێگەی زیادکردنی قازانجەکانیان لێ گیرا، مەبەستی ئەو دوو بڕیارە ئەوە بوو وا بکا زووتر قەرزەکانیان بدەنەوە، کە لەو کاتەدا بە شەش یان حەوت ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی مەزەندە دەکران. لە ساڵی ١٧٦٩دا، ڕێککەوتنەکەیان بۆ پێنج ساڵی تر لەگەڵ حکوومەتدا نوێ کردەوە و، بەپێی ڕێککەوتنەکە دەبوو لەو ماوەیەدا وردەوردە قازانجەکەیان بۆ لەسەدا دوازدە و نیو بەرز بکەنەوە، بەڵام هەرگیز زیاتر لە لەسەدا یەک لە هەر ساڵێکدا بەرزیان نەکردەوە. بۆیە، ئەو زیادکردنی قازانجە، کە گەیشتە ئەوپەڕی بەرزی، توانیی پارەدانی ساڵانە، بە خاوەن پشکەکان و حکوومەت بەیەکەوە، تەنیا بە بڕی ٦٠٨ هەزار پاوەن زیاتر لەوەی پێش دەستبەسەرداگرتنی ئەو زەوییانە زیاد بکا. داهاتی تەواوی چاوەڕوانکراو لە دەستبەسەرداگرتنی ئەو زەوییانە دەبوو ئەوەندە بێ کە ئاماژەی بۆ کرا و، لەڕێی تۆمارێکەوە کە کرودنن ئیست ئێندیامان لە ١٧٦٨دا هێنای، داهاتی پوخت، دوور لە هەموو لێدەرکردنەکان و ڕەسمە سەربازییەکان، دوو ملیۆن و ٤٨ هەزار و ٤٧ پاوەن بوو. دەشڵێن کە لەو کاتەدا داهاتێکی تریشیان هەبووە، بەشێکی لە زەوییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لەو باجانەوە بووە کە بەسەر نشینگە جۆراوجۆرەکاندا سەپێنراون، ئەو داهاتە ٤٣٩ هەزار پاوەن بووە. قازانجی بازرگانییەکەشیان، بەپێی ئەو بەڵگانەی سەرۆکەکەیان خستیە بەر دەستی خانەی گشتەوە، لەم کاتەدا بەلای کەمەوە ساڵانە ٤٠٠ هەزار پاوەنە، بەقسەی ژمێریارەکەیان بەلای کەمەوە ٥٠٠ هەزار، ئەگەر بەگوێرەی کەمترینیان بێ، ئەوە یەکسانە بە بەرزترین ئەو قازانجەی بە خاوەن پشکەکان دەدرا. بێگومان دەبێ داهاتێکی وا گەورە ٦٠٨ هەزار پاوەنی بۆ پارەدانە ساڵانەکانیان زیاد کردبێ و، لە هەمان کاتدا سندووقێکی دابەزاندنی گەورەی هێشتبێتەوە کە بەشی کەمکردنەوەی خێرای قەرزەکانیان بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ساڵی ١٧٧٣دا، لەجیاتی ئەوەی قەرزەکانیان کەم ببنەوە، زیادیان کردبوو بەهۆی دواکەوتنی ئەو ٤٠٠ هەزار پاوەنەی کە بە گەنجینەیان دەدا و، باجێکی تری خانەی گومرک نەدرابوو، قەرزێکی زۆر بە پارە لە بانک وەرگیرابوو، چەند کۆمپالەیەکیان لە هیند لەسەر بوو کە بەشێوەیەکی

هەرەمەکی وەرگیرابوون، تا گەیشتبوونە ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار پاوەن. ئەو تەنگانەیەی کەڵەکەبوونی ئەم قەرزانە بەسەریاندا هێنای، ناچاریانی کرد نەک تەنیا قازانجەکان بۆ لەسەدا شەش کەم بکەنەوە، بەڵکو دەست لە دامێنی حکوومەت وەربێنن و بپاڕێنەوە بۆ، یەکەم، ئازادکردنیان لەوەی ئەو ٤٠٠ هەزارە ساڵانەیە بدەن کە لەسەری رێک کەوتبوون و، دووەم، قەرزێک بە ملیۆنێک و ٤٠٠ هەزار وەرگرن، بۆ ئەوەی لە مایەپووچبوونی ڕاستەوخۆ ڕزگاریان ببێ. لەوە دەچێ کە زیادبوونی زۆری سامانەکەیان تەنیا بووەتە مایەی بیانوودان بە کارمەندانیان بۆ ئەوەی زێدەڕۆیی لە خەرجیدا بکەن و، سایەیەکی بۆ گەندەڵیی زیاتر دابین کرد، زیاتر لەوەی لەگەڵ زیادبوونی سامانەکەدا هاوڕێژە بێ. هەڵسوکەوتی کارمەندانیان لە هیند و، دۆخی گشتیی کاروباریان لە هیند و لە ئەورووپا، بوونە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی پەرلەمان، لە ئاکامدا چەند گۆڕانکارییەکی زۆر گرینگ لە بنیاتی ئیدارەکەیان کرا، لە ناوخۆ و لە دەرەوە. لە هیند، نشینگە سەرەکییەکانیان لە مادراس، بۆمبەی و، کالکوتتە، کە پێشتر جیابوون لە یەکتر، خرانە ژێر دەسەلاتی حاکمێکی گشتی، بەیارمەتیی ئەنجومەنێک لە چوار ڕاوێژکار، پەرلەمان پێشنیازکردنی یەکەم حاکم و ئەنجومەنی لەم جۆرەی بۆ خۆی گلدایەوە، بارەگەی ئەم حاکم و ئەنجومەنە لە کالکوتتە دەبوو، ئەو شارەی ئێستا وەک مادراسی جارانی لێ هاتووە و، گرینگترین نشینگەی ئینگلیزە لە هیند. دادگەی سەرۆکی شارەوانیی کالکوتتە کە لە بنەڕەتدا بۆ پرسە بازرگانییەکان بوو کە لە شارەکە و دەوروبەری سەریان هەڵدەدا، وردەوردە دەسەلاتی دادوەریی خۆی فرەوان کردەوە بۆ ئەوەی هەموو ئیمپراتۆریاکە بگرێتەوە. ئێستا دووبارە بەرتەسک کرایەوە بۆ ئەوەی تەنیا ئەو ڕۆڵەی هەبێ کە لە بنەڕەتدا بۆی دامەزرا. لەجیاتی ئەو دادگەیەکی باڵا دامەزرا، پێک دەهات لە سەرۆکێکی دادوەران و سێ دادوەر کە لەلایەن تاجەوە دەستنیشان دەکران. لە ئەورووپا، پێویستیی شایستەبوونی خاوەن پشک بۆ دەنگدان لە ئەنجومەنی گشتیی کۆمپانیادا لە ٥٠٠ پاوەنەوە، کە نرخی بنەڕەتیی پشکێک بوو لە ماڵی کۆمپانیاکە، بەرز کرایەوە بۆ یەک هەزار پاوەن. هەروەها بۆ ئەوەی بەم شایستەبوونە بتوانێ دەنگ بدا، ڕاگەیەنرا کە پێویستە ئەگەر خۆی کڕیبێتی، بە میراتی بۆی نەمابێتەوە، بەلای کەمەوە ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیبێ، نەک شەش مانگ وەک ئەوەی جاران داواکراو بوو. ئەنجومەنەکە کە لە ٢٤ بەڕێوەبەر پێک دێ جاران بەشێوەیەکی ساڵانە هەڵدەبژێررا، بەڵام ئێستا بڕیار وایە هەر بەڕێوەبەرێک، لە داهاتوودا، بۆ چوار ساڵ هەڵبژێررێ، بەڵام ساڵانە بەشێوەی سووڕاندن شەش لەو بەڕێوەبەرانە پۆستەکە بەجێ دێڵن و، نابێ بۆ هەڵبژاردنی شەش بەڕێوەبەرە نوێیەکەی ساڵی داهاتوو هەڵبژێررێنەوە. لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە، چاوەڕوان دەکرا ئەنجومەنەکانی خاوەن پشکەکان و بەڕێوەبەران، مەردانەتر و ڕێکوپێکتر لەوەی جاران هەبوو هەڵسوکەوت بکەن. بەڵام لەوە دەچێ مەحاڵ

بێ هیچ گۆڕانکارییەک وا بکا ئەم ئەنجومەنانە، لە هیچ ڕووییەکەوە، بۆ بەڕێوەبەرێتی گونجاو بن، یان لە حکوومەتی ئیمپراتۆریایەکی مەزندا بەشدار بن، چونکە زۆربەی ئەندامانیان پێویست بوو بەردەوام بەرژەوەندی کەمیان لە گەشەکردنی ئەو ئیمپراتۆریایەدا هەیە، کە ناتوانێ وایان لێ بکا بەرژدی خەمی گەشەپێدانیان بێ. زۆر جار پیاوێکی خاوەن سامانی زۆر، هەندێ جاریش خاوەن سامانی کەم، ئامادەیە بایی هەزار پاوەن پشکی هیند بکڕێ تەنیا لەپێناو ئەو دەسەڵاتەی لە مافی دەنگدان لە ئەنجومەنی خاوەن پشکەکان، چاوەڕوانی دەکا. ئەو بەمە پشک بەدەست دێنێ، بەبێ ئەوەی دەستی لە تالانییەکەدا هەبێ، بەڵام دەستی لە دەستنیشانکردنی تالانکەرانی هینددا دەبێ، کە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانن، هەرچەندە ئەو دەستنیشانکردنە زۆر و کەم لەژێر دەسەڵاتی خاوەن پشکەکان دەبێ، کە نەکِ تەنیا ئەو بەڕێوەبەرانە هەڵدەبژێرن، بەڵکو هەندێ جار دەستنیشانکردنی کارمەندانیان لە هیند ڕەت دەکەنەوە. ئەو بەو مەرجەی کە چەند ساڵێکی کەم ئەم دەسەڵاتەی هەبێ و دواتر ئەو مافە بە هەندێ دۆستی خۆی بدا، زۆربەی جاران بەکەمی گوێ بە داهات دەدا، یان تەنانەت بە بەهای ئەو پشکەی دەنگی ئەوی لەسەر بنیات نراوە. ئەو هەرگیز گوێ نادا بە گەشەی ئەو ئیمپراتۆریا مەزنە، کە لە سایەی ئەودا ئەو دەنگدانە پشکی پێ دەدا. هەرگیز سەروەرانێک نەبوونە، یان سروشتی شتەکان وا ناکەن ببێ، کە وا بەتەواوی بەلایانەوە جیاوازیی نەبێ، ڕەعیەتەکەیان دڵخۆشن یان خەمبار، موڵکەکەیان پێشکەوتووە یان بەرەڵا کراوە، بەڕێوەبەرایەتییەکەیان مایەی شانازییە یان شەرمەزاری، وەک ئەوەی زۆربەی خاوەن پشکەکانی ئەم جۆرە کۆمپانیا بازرگانییە. هەروەها ئەم گوێنەدانە ئەگەری زیادبوونی لە کەمبوونەوەی زیاتر بوو، بەهۆی هەندێ یاسای نوێوە کە لەئاکامی لێکۆڵینەوەکەی پەرلەمان دەرچوون. بۆ نموونە، بڕیارێکی خانەی گشت، ڕایگەیاند کە هەر کاتێک حکوومەت ملیۆن و ٤٠٠ هەزار پاوەنەکەی بە کۆمپانیاکە دا و، قەرزەکانی کۆمپانیا بۆ ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار کەم کرانەوە ئەو کاتە، نەک پێش ئەو کاتە، دەتوانن لەسەدا هەشتی سەرمایەکەیان دابەش بکەن و، ئەوەی لە داهاتەکەیان و قازانجی پوختیان لە نیشتمان دەمێنێتەوە دەبێ بکرێتە چوار بەش: سێ بەشیان ڕادەستی گەنجینە بکرێن بۆ بەکارهێنانی گشتی و، بەشی چوارەمیان بخرێتە سندووقێکەوە چ بۆ زیاتر کەمکردنەوەی قەرزەکانیان، یان بۆ ئەو خەرجییە لەناکاوانەی دێنە سەر ڕێی ئیشی کۆمپانیاکە. بەڵام ئەگەر حاکم و سەروەرانی کۆمپانیا خراپ بوونایە، لەو کاتەدا کە داهات و قازانجی پوختیان بۆ خۆیان بوون و لەبەر دەستی خۆیان بوون، بێگومان لەوە باشتر نەدەبوون کە سێ چارەکیان بۆ خەڵکی تر بێ و، چارەکەکەی تر ئەگەرچی بۆ سوودی کۆمپانیایە، بەڵام لەژێر چاودێریی پشکنین و پەسەندکردنی کەسانی تردا بێ.

لەوانەیە کۆمپانیـاکە پێـی خۆشـتر بـێ کە کارمەنـدان و پەیوەسـتەکانیان خۆشـی لە زەرەرمەنـدی یـان قـازانج لە دزینـی ئەوە بـکەن، کە دوای دابەشـکردنی قـازانجە لەسـەدا هەشتە پێشنیازکراوەکە دەمێنێتەوە، نەوەکو ئەو زیادەیە بکەوێتە دەستی کۆمەڵە خەڵکێک کە بە هەر پێوەرێـک لەوان جـودان. لەوانەیە بەرژەوەنـدی ئەو کارمەنـد و پەیوەسـتانەیان بەسەر ئەنجومەنی خاوەن پشکەکاندا زاڵ بێ، کە هەندێ جار دەستبەرداریان دەبن بۆ پشتیوانیی داهێنەرانی تالانی کە پێشێلکاریی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتەکەیان کردووە. لەگەڵ زۆریـنەی خـاوەن پشـکەکاندا، تەنـانەت پشـتیوانیی دەسـەڵاتی ئەنجـومەنەکەی خۆشـیان لەوانەیە هەندێ جار هیچی لێ نەکەوێتەوە جگە لە پشتیوانیی ئەوانەی ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە بوونەتەوە.

یاسـاکانی سـاڵی ١٧٧٣، کۆتاییـان بە نارێکییەکـانی ئیدارەی کۆمپانیـاکە لە هینـد نەهێنـا. لەگەڵ ئەوەشــدا، لە مــاوەیەکی هەڵســوکەوتی باشــدا، زیــاتر لە ســێ ملیــۆن پــاوەنی ئیستەرلینییان بۆ گەنجینە لە کالکوتتە کۆ کردەوە. سەرباری ئەوەی کە لەپاشان دەسەڵاتی خۆیان، یان دەستی تالانیی خۆیان، درێژ کردەوە بۆ ناوچەیەکی فرەوان کە دەوڵەمەندترین و بەپیتترین ناوچەکانی هیند بوو، بەڵام هەموویان بەفیڕۆ دا و وێرانیان کرد. ئەوان بۆیـان دەرکەوت کە ئامـادە نین هێرشـەکەی حەیدەر عەلـی ڕاگرن یـان بەرەنگـاری ببنەوە و، لە ئاکامی ئەو سەرگەردانییە، کۆمپانیاکە ئێستا (١٧٨٤) لەوپەڕی تەنگانەدایە و، بۆ ڕێگری لە مـایەپووچیی ڕاسـتەوخۆ، جـارێکی تـر پەنـای بـردەوە بەر پـاڕانەوە و داوای یـارمەتی لە حکوومەت. لەلایەن لایەنە جۆراوجۆرەکانی پەرلەمانەوە پلانی جۆراوجۆر پێشـنیاز کراون بەمەبەستی ڕێکخستنی باشتری کاروبارەکانی. لەوەش دەچێ هەمـوو پێشـنیازەکان کۆک بن لەسـەر خۆلادان لەوەی کە بەردەوام زۆر ڕوون بـوو، کە شـیاوی بەڕێوەبردنی مـوڵکە ناوچەییەکانی خۆی نییە. لەوە دەچێ کۆمپانیاکە خۆشی دەدانی بە بێتوانـایی خۆیـدا نـابێ و، لەوە دەچێ، بەم پێیە، پێی خۆش بێ ئەو موڵکانە ڕادەستی حکوومەت بکا.

مـافی هەبـوونی قەڵا و حـامیە لە وڵاتـانی دوور و وەحشـیدا بێگومـان وابەسـتەی مـافی بەرپـاکردنی ئاشـتی و شـەڕە لەو وڵاتـانەدا. کۆمپانیاکـانی پشـکی هـاوبەش، کە یەکـێ لەو مافانەیان هەبوو بەردەوام ئەوەی تریان پیادە دەکرد و، زۆربەی جاران بەئاشکرا ئەوەیـان بەڕوودا دەدرا. ئەزموونەکـانی ئەم دواییەش بەڕوونـی پیشـانی دەدەن چەنـد سـتەمکارانە، بەحەزەوە و، بەتوندی ئەوەیان پیادە کردووە.

کاتێک کە کۆمەڵێک لە بازرگانـان، لەسـەر ئەرک و بەرپرسیاریی خۆیـان، بازرگانییەکی نــوێ لەگەڵ وڵاتێکــی دوور و دواکەوتــوو بنیــات دەنــێن، لەوانەیە نەگونجــاو نەبــێ لە کۆمپانیـایەکی پشـکی هاوبەشـدا کـۆ بکـرێنەوە و، لە کـاتی سـەرکەوتنیاندا قۆرخکـاریی بازرگانییەکەیـان بـۆ چەنـد سـاڵێک پـێ بـدرێ. ئەمە ئاسـانترین و سروشـتیترین ڕێگەیە کە

بەهـۆیەوە دەوڵەت قەرەبـووی ئەو تـاقیکردنەوە مەترسـیدارەیان بـۆ بکـاتەوە، کە دواتـر کۆمەڵگە سـوودی لـێ وەردەگرێ. قۆرخکـارییەکی کـاتیی لەم جۆرە لەوانەیە بیـانووەکەی هەمان ئەو بنەمایانە بێ کە قۆرخکاریی هاوشـێوە بە داهێنەری مـاکینەیەک دەدرێ، یـان بە نووسەری کتێبێکی نوێ دەدرێ. بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی مـاوەکەی، دەبـێ قۆرخکـارییەکە سـنووردار بکـرێ، قەڵا و حامیەکـان، ئەگەر بەپێویسـت زانـرا هەبـن، دەبـێ ڕادەسـتی حکـوومەت بکـرێنەوە و، بەهاکەیـان بە کۆمپانیـاکە بـدرێتەوە و، بازرگـانییەکە بـۆ هەمـوو ڕەعیەتـی دەوڵەتەکە دەسـتەبەر بـێ. بە قۆرخکـاریی بەردەوام، هەمـوو ڕەعیەتـی دەوڵەت باجێکی بێواتە بە دوو ڕێگەی جیاواز دەدەن: یەکەم، لەڕێی نرخی بەرزی کاڵاکانەوە، کە لە دۆخـی بازرگـانیی ئـازاددا لەوانەیە زۆر هەرزانتـر بـن و، دووەم، بە دوورخسـتنەوەی یەکجارییان لە لقێکی بازرگانی کە لەوانەیە بۆ زۆر کەس گونجاو و بەسوود بێ کاری تێدا بکەن. هەروەها ئەوان لەپێناو بێبەهاترین ئامانج بەم شێوەیە باجیان لێ دەسێنرێ. کە تەنیا تواناداركردنی کۆمپانیاکەیە بۆ ئەوەی پشتیوانیی پشتگوێخەری، دەسـتبڵاوی و، گەنـدەڵیی کارمەندانی بکـا، کە هەڵسوکەوتی نارێکیـان بەدەگمەن قازانجێک بە کۆمپانیـاکە دەگەیەنـێ زیاتر لە ئاستی ئاسایی قـازانجە بازرگـانییەکەی، ئەگەر بێ و ئەو بازرگـانییە ئـازاد بـێ و، زۆربەی جاران قازانجەکە زۆر دادەبەزێنێتە خوار ئەو ئاستە ئاسـاییە. لەگەڵ ئەوەشـدا، بە ئەزمـوون دەرکەوتـووە کە کۆمپانیـایەکی پشـکی هـاوبەش بەبـێ قۆرخکـاری نـاتوانێ مـاوەیەکی زۆر لقێکـی بازرگـانیی دەرەکـی بەڕێـوە ببـا. کـڕین لە بازاڕێـک، بەمەبەسـتی فرۆشتنەوە بەقازانجەوە، لە بازاڕێکی تردا، کاتێک کە کێبەرکێکەر لە هەردووکیاندا زۆر بن، پێویست دەکا نەک تەنیا جیاوازیی جاربەجار لە خواست لەبەر چـاو بگیـرێ تیایـدا، بەڵکو جیـاوازیی زۆرتـر و زیـاتری کێبەرکـێ، یـان لەو بەردەستخسـتنەی کە لەوانەیە خواسـت لەلایەن خەڵکی ترەوە پڕ بکاتەوە و، گونجاندنی لێهاتوویی و بڕیاردان لەسەر بڕ و جۆری کـاڵا جۆراوجۆرەکـان لەگەڵ هەمـوو ئەم هەلومەرجانەدا، جۆرێکە لە ململانـێ کە بەردەوام ئۆپەراسیۆنەکانی لەگۆڕاندان و، بەدەگمەن بەشـێوەیەکی گونجـاو مـامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ بەبـێ ئەم جـۆرە وریـایی و ئـاگەدارییەوە، کە چـاوەڕواننەکراوە مـاوەیەکی زۆر لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەشەوە بەردەوامییان پێ بدرێ. کۆمپانیـای هینـدی ڕۆژهەڵات، بەپێـی ڕزگـارکردنی سـندووقەکانی پارەدارکردنیـان و، تەواوبـوونی مـاوەی ئیمتیازی تایبەتیان، بەگوێرەی بڕیاری پەرلەمـان، مافی بەردەوامبوونی گردبوونەوەی بە ماڵێکی هاوبەشەوە هەیە و، مافی بازرگانیکردنی بە توانای گردبوونەوەی خۆی لە هینـدی ڕۆژهەڵاتـدا هەیە شانبەشـانی هاووڵاتییـانی تـری خـۆی. بەڵام لەم دۆخەدا، لێهـاتوویی و وریـایی بـاڵاتری سەرکێشـە سـەربەخۆکان، بەپێی هەمـوو ئەگەرەکان، زوو لەم بازرگـانییە وەڕسـی دەکەن.

ئـاب مـۆغێلی، نووســەرێکی دیـاری فەرەنسـەیی زۆر شـارەزایە لە بـواری ئـابووریی سیاسیدا، لیستێک بە ٥٥ کۆمپانیای پشکی هاوبەشی بازرگانیی دەرەکی دەخاتە ڕوو کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا لە سـالی ١٦٠٠وە دامەزراون و، بەقسـەی ئەو هەموویـان سـەرباری ئەوەی ئیمتیـازی تایبەتیـان هەبـوو بەهـۆی بەڕێـوەبردنی خـراپەوە شکسـتیان خوارد. ئەو تەنیا سەبارەت بە مێژووی دووان یان سیانیان بەهەڵەدا چووە، کە کۆمپانیای پشـکی هـاوبەش نەبوون و شکستیان نەهێنـا. بەڵام لەبەرامبەردا، گەلێ کۆمپانیـای پشـکی هاوبەش هەن کە شکستیان خوارد و ئەو پشتگوێیانی خستووە.

تەنیا بازرگانیگەلێک کە لەوە دەچێ کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەش بتوانێ بەبێ ئیمتیازی تـایبەت سـەرکەوتووانە بەڕێوەیـان ببـا، ئەوانەن کە هەمـوو ئۆپەراسـیۆنەکانیان دەتـوانن لەوەدا کۆ بکرێنەوە کە پێی دەگوترێ ڕۆتین(Routine) ، یان لە یەکانگیرییەکی شێواز کە جیاوازیی زۆر کەم یان هیچ جیاوازییەکیان تێدا نییە. لەنێو ئەم جۆرە بازرگانییانە، یەکەم، بازرگـانیی بانکسـازی، دووەم، بازرگـانیی دڵنیـایی لە ئـاگر و لە مەترسـیی دەریـا و دەستبەسـەرداگرتن لە کـاتی شـەڕدا، سێیەم، بازرگـانیی دروسـتکردن و بەردەوامیدان بە بڕین یان کردنەوەی کەناڵی کەشتیوانی و، چوارەم، بازرگانیی هاوشێوەی هێنـانی ئاو بۆ شارێکی گەورە.

هەرچەنـدە بنەماکـانی بازرگـانیی بانکـداری تـا ڕادەیەک سـەخت دێـنە بەر چـاو، ئەزمـوونکرد دەتـوانێ بنەمـای تونـدیان بـۆ داڕێـژێ. دوورکەوتـنەوە لەم بنەمایـانە لە هەر کاتێکدا، لە ئاکامی هەندێ پێشبینیی قازانجی سەرووئاسـایی، نزیکەی هەمـوو جارێـک زۆر مەترسـیدار دەبـێ و، زۆربەی جـاران کوشـندەیە بـۆ ئەو کۆمپانیـا بانکدارییەی ئەو هەوڵە دەدا. بەڵام پێکهـاتەی کۆمپانیاکـانی پشـکی هـاوبەش بەگشـتی، زیـاتر لە هاوبەشـییە تایبەتەکان، بنەما جێگیرەکان توندوتۆڵتر دەکەن. لەبەر ئەوە، لەوە دەچێ ئەم کۆمپانیایانە زۆر بۆ ئەم بازرگانییە گونجاو بن. بەم پێیە، کۆمپانیا سەرەکییەکانی بانکداری لە ئەوروپا کۆمپانیای پشکی هاوبەشـن، زۆربەشـیان بازرگانییەکە زۆر سـەرکەوتووانە بەڕێوە دەبەن بەبێ ئەوەی ئیمتیازی تایبەتیان هەبێ. بـانکی ئینگلـتەرە هیچ ئیمتیـازێکی تـایبەتی نییە جگە لەوەی کە هیچ کۆمپانیـایەکی تری بانکداری لە ئینگلـتەرە لە شـەش کەس زیـاتر پێک نـایە. دوو بانکەکەی ئێدنبەرە کۆمپانیای پشکی هاوبەشن و هیچ ئیمتیازێکی تایبەتیان نییە.

بەهـــای مەترســـی لە ئـــاگر، یـــان لە زیـــان بەهـــۆی دەریـــاوە، یـــان بەهـــۆی دەستبەسـەرداگرتنەوە، هەرچەنـدە ئەگەری ئەوە نیـیە کە دەقـاودەق بژمێـررێن، بەڵام بە خەمڵاندنی گشتی بە ڕادەیەک لە بنەمـا و شـێوازێکی ورددا کـورت دەکرێنەوە. لەبەر ئەوە، بازرگـانیی دڵنیـایی، لەوە دەچـێ سـەرکەوتووانە لەلایەن کۆمپانیـایەکی پشـکی هاوبەشـەوە

بەبێ هیچ ئیمتیازێکی تایبەت بەڕێوە ببرێ. نە کۆمپانیای دڵنیایی لەندەن و نە کۆمپانیای شاهانەی دڵنیایی ئاڵوگۆڕ، ئەم جۆرە ئیمتیازەیان نییە.

کاتێک کە بڕینێک یان کەناڵێکی کەشتیوانی دروست دەکرێن، بەڕێوەبردنیان سادە و ئاسان دەبێ و، دەشێ لە بنەما و شێوازی ورددا کورت بکرێنەوە. تەنانەت دروستکردنیشیان بەهەمان شێوەیە چونکە دەکرێ گرێبەستیان لەسەر بکرێ لەگەڵ ئەنجامدەرانی کارەکە بۆ ئەوەندە میلە و ئەوەندە بەربەستە. دەکرێ هەمان شت لەبارەی کەناڵێکەوە یان بۆڕییەکی گەورەوە بگوترێ کە ئاو بۆ شارێکی گەورە دەبەن. لەبەر ئەمە، ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە لەلایەن کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەشەوە بەبێ هیچ ئیمتیازێکی تایبەت، دەشێ زۆر سەرکەوتووانە بێ.

بەڵام، دامەزراندنی کۆمپانیایەکی پشکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی هەر ئیشێک، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەگەر هەیە ئەو کۆمپانیایە ئیشەکە سەرکەوتووانە ئەنجام بدا، یان بۆ هەڵاویردکردنی پۆلە مامەڵەکەرێکی دیاریکراو لە هەندێ یاسای گشتی کە بەسەر هەموو دراوسێکانیاندا جێبەجێ دەکرێن، تەنیا لەبەر ئەوەی لەوانەیە بتوانن گەشە بکەن ئەگەر ئەم هەڵاویردکردنەیان بۆ بکرێ، بێگومان مایەی پەسەندکردن نییە. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە دامەزراوەیە بەتەواوی گونجاو بێ، لەگەڵ هەلومەرجی کورتکردنەوە لە بنەما و شێوازی ورددا، دەبێ دوو مەرجی تر هەبن. یەکەم، دەبێ زۆر ڕوون بێ کە ئەنجامدانی ئیشەکە سوودی زۆرتر و گشتیتری لە زۆربەی بەشەکانی بازرگانییە باوەکان هەبێ و، دووەم، دەبێ سەرمایەیەکی زیاتری بوێ لەوەی هاوبەشییەکی تایبەت بەئاسانی پێی دەستەبەر بکرێ. ئەگەر سەرمایەیەکی مامناوەندی بەش بکا، سوودی گەورەی جێبەجێکردنەکە نابێتە هۆیەکی گونجاو بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەش، چونکە لەم دۆخەدا، خواست لەسەر ئەوەی دەبوو بەرهەمی بێنێ ڕاستەوخۆ و بەئاسانی لەلایەن سەرکێشی سەربەخۆوە بەردەست دەخرێ. ئەم چوار بازرگانییەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، هەردوو ئەو مەرجەیان تێدایە.

لە کتێبی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، سوودی گەورە و گشتیی بازرگانیی بانکسازی، ئەگەر ژیرانە بەڕێوە ببرێ، بەتەواوی ڕوون کراوەتەوە. بەڵام بانکێکی گشتی بۆ پشتیوانیی متمانەی گشتییە و، بۆ ئەوەیە لە هەندێ دۆخی لەناکاودا تەواوی بەرهەمی باجێک بە حکوومەت بدا، کە لەوانەیە بگاتە چەندان ملیۆن، ئەویش بە ساڵێک یان بە دوو ساڵ پێش ئەوەی کە داهاتەکە بێ، کە ئەمەش پێویستی بە سەرمایەیەکە گەورەتر لەوەی هیچ هاوبەشییەکی تایبەت بتوانێ بەئاسانی کۆی بکاتەوە.

بازرگانیی دڵنیایی، ئارامییەکی زۆر بە سامانی تاکەکان دەدا و، لەڕێی دابەشکردنی ئەو زیانە، کە بۆ تاک ڕووخێنەرە، بەسەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا، وا دەکا زۆر سووک و

ئاسـان بکەوێـتە سـەر شـانی تەواوی کـۆمەڵگە. بەلام بـۆ ئەوەی دڵنیـایی بـدەن، پێویسـتە دڵنیاکەرەوەکان سەرمایەیەکی زۆر گەورەیان هەبێ. پێش دامەزراندنی دوو کۆمپانیاکەی پشکی هاوبەش بۆ دڵنیایی لە لەندەن، دەڵێن لیستێک خراوەتە بەر دەستی بریکاری گشتی کە ١٥٠ دڵنیـاکەرەوەی تـاکی لەخـۆ گرتـووە لەوانەی لە مـاوەی چەنـد سـاڵێکی کەمـدا شکستیان خواردبوو.

بڕین و کەناڵەکـانی کەشـتیوانی و، ئەو ئیشـانەی هەنـدێ جـار بـۆ دابینکردنـی ئـاو بـۆ شارێکی گەورە پێویستن، سوودی زۆر گەورە و گشتییان هەیە، لەهەمان کاتیشدا ڕوون و ئاشـکرایە کە زۆربەی جـاران خەرجیـی زۆریـان دەوێ زیـاتر لەوەی بە سـامانی تـاکە کەسەکان پڕ بکرێتەوە.

جگە لەو چوار بازرگانییەی لە سـەرەوە ئاماژەیـان بۆ کراوە، مـن نەمتوانی هیچی تر بـدۆزمەوە کە ئەو سـێ مەرجەی تێـدا هەبـێ کە پێویسـتن بـۆ ئەوەی دامەزرانـدنی کۆمپانیایەکی پشکی هاوبەش بەگونجاو پێشان بدەن. کۆمپانیای مسی ئینگلیزی لە لەندەن، کۆمپانیـای توانـدنەوەی قورقوشـم، کۆمپانیـای هـاڕینی شووشـە، تەنـانەت بیـانووی هـیچ سوودێکی نە گەورە و نە تایبەت لەو مەبەسـتەدا نییە کە هەوڵـی بۆ دەدەن، لەوەش نـاچێ هەوڵـدان بـۆ ئەو مەبەسـتە هـیچ خەرجییەکـی بـوێ کە لەگەڵ سـامانی چەنـد کەسـێکدا نەگونجاو بێ. مـن نـاڵێم کە دەزانـم ئەو بازرگـانییەی ئەو کۆمپانیایـانە دەیکەن شـیاوە بـۆ ئەوەی بچـووک بکـرێتەوە بەڕادەیەک کە بـۆ بەڕێـوەبردنی کۆمپانیـایەکی پشـکی هـاوبەش بگونجێ، یان ئایا ئەوان هیچ هۆکارێک هەیە پاڵیان پێوە بنێ بۆ ئەوەی خۆیان بە قازانجە سەرووئاساییەکانیانەوە بادەن. کۆمپانیای سەرکێشـەکانی کـان زۆر لەمێژ بـوو مـایەپووچ بووبوو. بەشێک لە پشکەکانی کۆمپانیای کەتانی بریتانیایی لە ئێدنبەرە ئێستا زۆر لە خوار ئاستە دیاریکراوەکەوە دەفرۆشرێن، ئەگەرچی لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەمەی کردووە. ئەو کۆمپانیایـانەی پشـکی هـاوبەش کە بـۆ مەبەسـتی گشـتیی پشـتگیریی هەنـدێ پیشەسـازی دامەزراون، جـگە لەوەی کاروبـاری خۆیـان بە خراپـی بەڕێـوە بـردووە، مـاڵی گشـتیی کۆمەڵگەیـان کەم کـردووەتەوە و، کەم جـار هەبـووە زیانیـان لە سـوودیان زیـاتر نەبـووبێ. سـەرباری نیـازە باشـەکانیان، مەیلـی بەڕێوەبەرانیـان بەلای هەنـدێ لقـی دیـاریکراوی پیشەسازیدا ڕێی لە خاوەن کارەکان شێواند و وای کرد ببێتە مایەی سستی لە لقەکانی تر و، وەک پێویستییەک ئەو ڕێژە سروشتییەی تێک شکاند کە بەبێ ئەم دەستوەردانە لەنێوان پیشەسـازیی ژیـرانە و قازانجـدا دەبـوو و، بـۆ پیشەسـازیی گشـتیی ولات گەورەتـرین و کاراترین هاندەر دەبوو.

بابەتی دووەم

خەرجیی دامەزراوەکانی فێرکاریی گەنجان

لەوانەیە دامەزراوەکانی فێرکاریی گەنجان، بەهەمان شێوە، ئەوەندە داهاتیان هەبێ کە بەشی خەرجییەکانی خۆیان بکا. ئەو ئابوونەیە کە فێرخواز بە مامۆستاکەی دەدا، بەسروشت داهاتێکی لەم جۆرەی تێدایە.

تەنانەت ئەگەر پاداشتی مامۆستاکە هەمووی لەم داهاتە سروشتییەوە نەهات، ئەوە هەر پێویست نییە لە داهاتی گشتیی کۆمەڵگە دەرکرێ، کە لە زۆربەی وڵاتاندا ئەرکی کۆکردنەوە و خەرجکردنی تایبەتن بە دەسەڵاتی جێبەجێکەرەوە. بەو پێیە، لە زۆرترین بەشی ئەوروپا بەخششەکان بۆ خوێندنگە و کۆلیجەکان یان هیچ بارێک ناخەنە سەر داهاتی گشتی، یان تەنیا بارێکی کەمی دەخەنە سەر. لە هەموو شوێنێکدا ئەو خەرجییانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە داهاتی خۆجێییەوە دێن، لە کرێی هەندێ موڵکی زەوییەوە، یان لە هەندێ پارەی تەرخانکراوەوە کە دەخرێنە بەر دەستی کەسانی متمانەدار بۆ ئەم مەبەستە، هەندێ جاریش پاشا خۆی دابینیان دەکا و، هەندێ جار کەسێکی بەخشندە دەیدا.

ئایا ئەو ئەوقافە گشتییانە بەگشتی لە بەهێزکردنی کۆتایی دامەزراوەکەدا بەشدارییان کرد؟ هانی کۆڵنەدان و باشکردنی تواناکانی مامۆستاکانیان دا؟ ڕێڕەوی خوێندنیان بەرەو ئامانجێک برد کە لەو ئامانجانەی بەسروشت بەرەوڕوویان دەچوو بەسوودتر بن بۆ تاک و بۆ گشت؟ لەوە دەچێ زۆر سەخت بێ بەلای کەمەوە وەڵامێکی گونجاوی هەر یەکێک لەم پرسیارانە بدەیتەوە.

لە هەر پیشەیەکدا، کۆششی زۆربەی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن بەردەوام هاوڕێژەیە لەگەڵ ئەو پێویستیەی وای کردووە ئەو ئەرکە بکێشن. ئەم پێویستییە زۆرترە لای ئەو کەسانەی کە ئەو مووچەیەی لەبەرامبەردا وەری دەگرن تەنیا سەرچاوەیەکە کە چاوەڕوانی هاتنی سامان، یان داهات و بژێویی خۆیانی لێوە دەکەن. ئەوان بۆ بەدەستهێنانی ئەو سامانە، یان تەنانەت بۆ دەستکەوتنی ئەو بژێوییە، دەبێ لە ماوەی یەک ساڵدا، بڕێکی دیاریکراوی ئیش کە بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، ئەنجام بدەن. ئەگەر کێبەرکێش ئازاد بێ، ئەوە ململانێی نێوان کێبەرکێکەران کە هەوڵ دەدەن یەکتری بخەنە دەرەوەی ئیشەکە، هەموو کەسێک ناچار دەکا هەوڵ بدا ئیشی خۆی بەوردی ئەنجام بدا. گەورەیی ئەو ئامانجانەی بە سەرکەوتن لە هەندێ پیشەدا بەدەست دێن، لەوانەیە کۆمەڵە کەسێک هان بدا بە گیان و ویستێکی سەرووئاساییەوە تێبکۆشن. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی گەورە پێویست نین بۆ ئەوەی ببنە مایەی زۆرترین تێکۆشان. ململانێ و خۆهەڵکێشان بەسەر یەکتردا، تەنانەت لە پیشە کەمبایەخەکاندا دەبنە مایەی نایابی، بەئامانجگرتنی حەزێک، زۆربەی جاران دەبێتە هۆی زۆرترین کۆشش. ئامانجە گەورەکان، بەپێچەوانەوە،

ئەگەر بەتەنیا خۆیان بن و پێویستی پشتیوانییان نەکا، بەدەگمەن دەبنە مایەی کۆششێکی زۆر. لە ئینگلتەرە، سەرکەوتن لە پیشەی یاسادا دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ ئامانجی زۆر گەورە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە بە دەوڵەمەندی لەدایک بوون، لەم وڵاتەدا، لەو پیشەیە گەیشتبنە پلەی بەرز!

وەقفی قوتابخانە و کۆلیجەکان، کەم و زۆر، پێویستیی دابڕان بۆ ئیشەکەیان لای مامۆستایان کەم کردەوە. بژێویی مامۆستایان لە مووچەکانیانەوەیە، ئەوانیش ئاشکرایە کە لە سندووقێکی پارەدارکردنەوە دێن کە هیچ پەیوەندی بە سەرکەوتن و ناوبانگیانەوە، لە پیشەکەیاندا نییە.

لە هەندێ زانکۆدا، مووچە تەنیا بەشێکە و، زۆربەی جاران تەنیا بەشێکی بچووکە، لە کرێی مامۆستایان، کە بەشی زۆری لە پاداشت یان کرێی فێرخوازەکانیەوە دێ. پێویستیی سەرقاڵبوون بە کارەکەیانەوە، کە بەردەوام زۆر یان کەم، کەم دەبێتەوە، لەم هەلومەرجەدا بەتەواوی بەلاوە نانرێ. ناوبانگی پیشەکەی هێشتا تا ڕادەیەک بەلایەوە گرینگە و، هێشتا تا ڕادەیەک پشتبەستووە بە خۆشەویستی، منەتباری و، ڕاپۆرتی باشی ئەوانەی لە وانەکانیدا ئامادە بوونە و، ئەو هەستە باشانەی لەوانەیە بەهیچ ڕێگەیەک دەستی نەکەون ئەگەر خۆی شایستە نەبێ، واتە بەو توانا و کۆڵنەدانەی هەر بەشێکی ئەرکەکەی خۆی پێ جێبەجێ دەکا.

لە زانکۆی تردا قەدەخەیە مامۆستا هیچ ڕێزلێنانێک یان کرێیەک لە فێرخوازانیان وەرگرن و، مووچەکانیان تەواوی ئەو داهاتە پێک دێنن کە لە پۆستەکەی خۆیانەوە بەدەستی دێنن. لەم دۆخەدا، بەرژەوەندی مامۆستا ڕاستەوخۆ دژە لەگەڵ ئەرکەکەیدا. بەرژەوەندی هەموو کەسێک لەوەدایە ئەوەندەی پێی دەکرێ بەخۆشی بژی و، ئەگەر مووچەکەی تەواو هەمان شت بێ، ئەگەر ئەرکێکی قورس جێبەجێ بکا یان نەیکا، ئەوە بێگومان لە بەرژەوەندیەتی، ئەگەر بە شێوە سادەکە لە بەرژەوەندی بڕوانین، یان بەتەواوی ئەرکەکەی پشتگوێ بخا، یان، ئەگەر لەژێر دەسەلاتێکدا بێ کە ناچاری بکا وا نەکا، تا ئەو دەسەلاتە ڕێگەی بدا ئەرکەکە بە نارێکی ئەنجام دەدا. ئەگەر ئەو بەسروشت چالاک بێ و کاری خۆی خۆش بوێ، لە بەرژەوەندی ئەوە ئەو چالاکییە بە هەر شێوەیەکی تر بەکار بێنێ کە هەندێ سوودی پێ بگەیەنێ، نەک لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا بەگەڕی بخا کە هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێ.

ئەگەر ئەو دەسەلاتەی ئەوی لەژێرە، لەو کۆمپانیایە، ئەو کۆلیجە، یان ئەو زانکۆیەیە کە خۆی ئەندامە تیایدا و، کە بەشی زۆری ئەندامانی تر، وەک خۆی، کەسانێکن یان مامۆستان یان دەبێ ببنە مامۆستا، لەوانەیە ببنە هۆکارێکی گشتی بۆ ئەوەی یارمەتیی یەکتری بدەن و، هەموو کەسێک قایل بێ بەوەی دراوسێکەی ئەرکی خۆی پشتگوێ بخا،

بەو مەرجەی ئەمیش بتوانێ ئەوەی خۆی پشتگوێ بخا. لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، بەشی زۆری مامۆستا گشتییەکان، لەم چەند ساڵەدا، تەنانەت دەستبەرداری ئەوەش بوونە کە وای پێشان بدەن وانە دەڵێنەوە.

ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی ئەوی لەژێرە، لەو قەوارەیەی کە خۆی ئەندامە تیایدا زۆر نەبێ، وەک ئەوەی هەندێ کەسانی تری لاوەکی —ئوسقوفی ئەبرەشیە، بۆ نموونە، حاکمی پارێزگە، یان تەنانەت وەزیرێکی دەوڵەت، ئەوە بێگومان لەم دۆخەدا لەوە ناچێ بە پشتگوێخستنی تەواوی ئەرکەکەی زیانی لێ بکەوێ. بەڵام، هەموو ئەوەی ئەم کەسانەی سەرووتر دەتوانن لەگەڵ ئەودا بیکەن، تەنیا ئەوەندەیە کە ناچاری بکەن چەند سعاتێکی دیاریکراو لەسەر فێرخوازەکانی بوەستێ، واتە، هەفتانە یان ساڵانە ژمارەیەکی دیاریکراو وانە بڵێتەوە. بەڵام ئەو وانانە چۆن دەبن، ئەوە هێشتا دەکەوێتە سەر ڕژدیی مامۆستاکە و، ئەو ڕژدییەش هاوڕێژە دەبێ لەگەڵ پاڵنەرەکانی مامۆستاکە بۆ وتنەوەیان. هەروەها ئەگەر هەیە بڕیارێکی دەرەکیی لەم جۆرە، بە نەزانی و سۆزەوە ئەنجام بدرێ. ئەو بە سروشت ورد نییە و ڕێژەییە و، ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن، نە خۆیان ئامادەی وانەکانی ئەو مامۆستایە دەبن و، نە ئەگەر هەیە لەو زانستە تێ بگەن کە مامۆستاکە دەیڵێتەوە، بۆیە بەدەگمەن دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن. هەروها بەهۆی لووتبەرزیی پۆستەکانیانەوە زۆر جاران گوێ بەوە نادەن چۆن ئەنجامی دەدەن و، ئەگەری زۆر هەیە سەرکۆنەی بکەن یان لە پۆستەکەی دەری بکەن، بەبێ هیچ هۆیەکی دادپەروەرانە. ئەو کەسەی دەکەوێتە ژێر ئەم جۆرە دەسەڵاتەوە زۆری پێ ناچێ ئاستی نزم دەبێتەوە و، لەجیاتی ئەوەی ببێتە بەڕێزترین کەس، دەبێتە یەکێک لە بێئاسترین کەسەکانی ناو کۆمەڵگە. تەنیا بەهۆی پارێزگارییەکی بەهێزەوە ئەو دەتوانێ خۆی لەم بەکارهێنانە خراپە بپارێزێ کە بەردەوام ڕووبەڕووی دەبێتەوە و، ئەگەر زۆرە ئەم پارێزگارییە بەدەست بێنێ، نەک لەڕێی توانا یان تێکۆشان لە پیشەکەی، بەڵکو لەڕێی خۆگونجاندن لەگەڵ ویستی ئەوانەی سەرووی خۆیەوە و، ئامادەیی بەردەوام بۆ ئەوەی لەپێناو ئەو ویستەدا قوربانی بە مافەکان و بەرژەوەندی و شەرەفی ئەو دەزگایەی تیایدا ئەندامە بدا. هەر کەسێک ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆیەکی فرانسەییدا ئیشی کردبێ، بواری ئەوەی هەبووە ئەم کاریگەرییانە تێبینی بکا کە ئەنجامی سروشتیی دەسەڵاتێکی بێویژدان و سەیری لەم جۆرەن.

هەر شتێک ژمارەیەکی دیاریکراوی فێرخوازانی کۆلیجێک یان زانکۆیەک ناچار بکا گوێ بە توانا و ناوبانگی مامۆستاکانیان نەدەن، زۆر یان کەم پێویستبوونی ئەو توانا و ناوبانگە کەم دەکاتەوە.

ئیمتیازەکانی دەرچووانی بواری هونەر، یاسا، فیزیک و، ئیلاهیات، کاتێک تەنیا بە مانەوە بۆ چەند ساڵێکی دەستنیشانکراو لە زانکۆیەکی دیاریکراو بڕوانامە بەدەست دێنن، ژمارەیەک لەو فێرخوازانە ناچار دەکا گوێ بە توانا و ناوبانگی مامۆستاکان نەدەن. ئیمتیازەکانی دەرچووان جۆرێکن لە یاسای مەشقی پیشەیی لەسەر هونەرەکان یان پیشەسازییەکان.

دامەزراوە خێرخوازەکانی بەخشینی خوێندن، هاوکاری بۆ خوێندن، هتد، وەک پێویستییەک ژمارەیەک فێرخواز بە هەندێ کۆلیجی دیاریکراوەوە دەبەستنەوە، تەواو دوور لە لێهاتوویی ئەو کۆلیجانە. ئەگەر فێرخوازان لەڕێی ئەو دامەزراوە خێرخوازانەوە ئازاد بن لە هەڵبژاردنی کۆلیجەکان، ئەوە حەزیان لە باشترینیان دەبێ، ئەو جۆرە ئازادییە لەوانەیە بەشداری لە هاندانی هەندێ کێبەرکێ لەنێوان کۆلیجەکاندا بکا. بەپێچەوانەوە، یاسایەک کە قەدەخەی کردووە تەنانەت ئەندامانی سەربەخۆی هەر کۆلیجێک کۆلیجەکە بەجێ بێڵن و بچنە کۆلیجێکی تر، بەبێ ئەوەی پرسیاریان لێ بکرێ لەبەر چی ئەو شوێنە بەجێ دێڵن، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو کێبەرکێیە خامۆش دەکا.

ئەگەر لە هەر کۆلیجێک وانەبێژ یان مامۆستا، کە فێرخواز فێری هەموو هونەرەکان دەکەن، لەلایەن فێرخوازەکەوە دەستنیشان نەکرێن، بەڵکو لەلایەن سەرۆکی کۆلیجەکەوە دەستنیشان بکرێن و، ئەگەر لەم دۆخی پشتگوێخستنەدا، بێتوانایی یان بەکارهێنانی خراپ هەبێ، ڕێگە بە فێرخوازەکە نەدرێ بیگۆڕێ، ئەم یاسایە نەک تەنیا کێبەرکێی نێوان وانەبێژانی هەمان کۆلیج خامۆش دەکا، بەڵکو پێویستیی تێکۆشان و ئاگەداربوون لە فێرخوازانیان، زیاتر خامۆش دەکا. ئەو جۆرە مامۆستایانە، ئەگەرچی پارەی باشیان لەلایەن فێرخوازانیانەوە پێ دەدرێ، لەوانەیە هاوشێوەی ئەوانەی کە فێرخوازان هیچیان پێ نادەن، یان ئەوانەی جگە لە مووچەکانیان هیچ پاداشتێک وەرناگرن، فێرخوازان فەرامۆش بکەن.

ئەگەر بە هەڵکەوت مامۆستا پیاوێکی بەهەست بوو، مایەی دڵخۆشیی نابێ کە لەوە ئاگەدار بێ، کاتێک وانە بە فێرخوازان دەڵێتەوە باسی شتێکی بێواتە دەکا، یان کەمێک لە بێواتە باشتربێ. هەروەها، مایەی دڵگرانی دەبێ تێبینیی ئەوە بکا کە بەشی زۆری فێرخوازانی لە وانەکانی ئامادە نابن، یان ئامادە دەبن و گوێ بە وانەکانی نادەن و گاڵتەیان پێیان دێ. لەبەر ئەوە، ئەگەر ناچار بوو وانە بە ژمارەیەکی دیاریکراو فێرخواز بڵێتەوە، ئەوە تەنیا ئەم پاڵنەرانە، بەبێ هیچ بەرژەوەندیەکی تر لەوانەیە وای لێ بکەن وانەی باش بڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە گەلێ بیانوو هەبن ئەو هاندەرانەی کۆشش سارد بکەنەوە. مامۆستاکە لەجیاتی ئەوەی خۆی ئەو زانستە بۆ فێرخوازەکانی شی بکاتەوە کە دەبێ پێیانی بڵێتەوە، لەوانەیە کتێبێکیان لەبارەی ئەو زانستە بۆ بخوێنێتەوە تەنانەت ئەگەر

کتێبەکە بە زمانێکی بیانی یان مردوو نووسرابێ و، بۆیانی وەرگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆیان، یان لەوەش کەمتر خۆی ماندوو بکا و وا بکا ئەوان بۆ ئەوی وەرگێڕن و، جاروبار تێبینییەکی لەسەر بدا و، خۆی بەوە بخەڵەتێنێ گوایە وانە دەڵێتەوە. کەمترین ئاستی زانین و شارەزایی بەسە بۆ ئەوەی بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی گاڵتەجاری، یان شتێکی گەمژانە یان بێواتە بڵێتەوە، ئەم ئیشە بکا. لەهەمان کاتدا، لەوانەیە دسپلینی کۆلیجەکە یارمەتیی بدا فێرخوازانی ناچاری ئامادەبوونی ئەم وانە ساختانە ببن و، گەنجاوترین و بەڕێزترین هەڵسوکەوت لە ماوەی ئیشکردنیدا نمایش بکا.

بەگشتی، دسپلینی کۆلیج و زانکۆکان نمایشئامێزن و، بۆ بەرژەوەندی فێرخوازان نین، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی، یان گونجاوترە بڵێین، بۆ خۆشحاڵیی مامۆستایانن. لە هەموو دۆخەکاندا، ئامانجیان سەپاندنی دەسەڵاتی مامۆستایە، بەبێ گوێدان بەوەی ئەرکی خۆی پشتگوێ دەخا یان ئەنجامی دەدا، بۆ ناچارکردنی فێرخوازانە بۆ ئەوەی وای پیشان بدەن کە ئەو بەوپەڕی کۆشش و تواناوە ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ دەکا. لەوە دەچێ بۆ ئەوە بن ئەوپەڕی دانایی و جوامێریی یەکێکیان و، ئەوپەڕی لاوازی و گەمژەیی ئەوەی تر، بسەلمێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر مامۆستایان بەڕاستی ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، بڕوا ناکەم بە هیچ شێوەیەک، زۆرترین بەشی فێرخوازان، هیچ کاتێک ئەرکی خۆیان فەرامۆش بکەن. هەرگیز هیچ دسپلینێک پێویست نییە بۆ ئامادەبوون لەو وانانەدا کە بەڕاستی شایانی ئامادەبوونن، وەک ئەمە بەڕوونی لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە وانەی لەو جۆرەیان تێدا دەگوترێتەوە، دیارە. بێگومان، زۆرلێکردن و کوتکردن، تا ڕادەیەک پێویستن بۆ ناچارکردنی منداڵان بۆ ئەوەی لەو بەشانەی فێربووندا ئامادە بن کە بەپێویست دەزانرێ لە سەرەتای ژیانیاندا بەدەستیان بێنن، بەڵام دوای تەمەنی ١٢ یان ١٣ ساڵان، بەو مەرجەی مامۆستا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکا، زۆرکردن و کوتکردن بەدەگمەن پێویست دەبن بۆ بەڕێوەچوونی هیچ بەشێکی پرۆسەی فێربوون. جوامێریی بەشی زۆری گەنجان لەوەدایە، کە سەرباری پشتگوێخستن یان سووکایەتیپێکردنی مامۆستاکەیان، ئەگەر بێ و هەندێ ڕژدی پیشان بدا لەو بابەتانەی سوودیان بۆیان هەیە، ئەوان بەگشتی لە هەڵەکانی کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی دەبوورن و، هەندێ جار بەشێکی زۆری گوێنەدانی ئەو بە ئەرکەکەی پەردەپۆش دەکەن.

دەبێ تێبینی بکرێ کە، ئەو بەشانەی فێربوون، کە هیچ دامەزراوەیەکی گشتی بۆ فێرکردنیان نییە، بەگشتی بەباشترین شێوە دەگوترێنەوە. کاتێک کە گەنجێک بۆ فێرگەیەکی سەما یان شمشێربازی دەچێ، لەڕاستیدا بەردەوام زۆر بەباشی فێری شمشێربازی یان سەماکردن نابێ، بەڵام بەدەگمەن ئەگەری ئەوە هەیە کە فێریان نەبێ. کاریگەرییە باشەکانی فێرگەی ئەسپسواری زۆر ڕوون نین. خەرجیی فێرگەی ئەسپسواری گەلێ

زۆره، که له زۆربەی شوێنەکان دامەزراوەی گشتییە. سێ بەشی هەره گرینگی فێربوونی ئەدەبیات، خوێندن، نووسین و، ژمێریاری، بەردەوام باوترین له خوێندنگە تایبەتەکان زیاتر له گشتییەکان و، بەدەگمەن کەس هەیە نەتوانێ بەپێی پێویست بەدەستیان بێنێ.

له ئینگلتەرە گەندەڵی له خوێندنگە گشتییەکان زۆر کەمترە لەوەی زانکۆکان. له خوێندنگەکان گەنجان فێر دەکرێن، یان بەلای کەمەوە لەوانەیە فێری زمانەکانی گریک و لاتین بکرێن، واتە، هەر شتێک کە مامۆستاکان وای پێشان بدەن کە دەیڵێنەوە، یان ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ بیڵێنەوە. له زانکۆکان، گەنجان نە فێری ئەو زانستانە دەکرێن کە بڕیارە ئەو قەوارانە فێریانی بکەن، نە دەتوانن بەردەوام ئامرازی گونجاو بۆ فێربوونیان دەست بکەوێ. پاداشتی بەڕێوەبەری خوێندنگە له زۆربەی دۆخەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی و نزیکەی بەتەواوی، پشتبەستووە بە ڕەسمەکان یان ڕێزلێنانەکانی فێرخوازەکانی. خوێندنگەکان هیچ ئیمتیازێکی تایبەتیان نییە. بۆ بەدەستهێنانی شەرەفی دەرچوون، پێویست نییە کەسێک بڕوانامەیەک بهێنێ کە گەواهی بدا ئەوەندە ساڵە لە خوێندنگەیەکی گشتی خوێندوویەتی. ئەگەر بە تاقیکردنەوە دەرکەوت لەوە تێگەیشتووە کە لەوێ دەگوترێتەوە، لێی ناپرسن لە کوێ ئەو شتانە فێر بووە.

لەوانەیە بگوترێ کە ئەو بەشانەی خوێندن کە بەگشتی لە زانکۆکاندا دەگوترێنەوە، زۆر بەباشی نەگوتراونەتەوە. بەڵام ئەگەر ئەو دامەزراوانە نەبن، ئەوە هەرگیز نەدەگوترانەوە و، تاکەکان و گشت تا ڕادەیەکی زۆر بەدەستی نەبوونی ئەو بەشە گرینگانەی فێربوونەوە دەیانناڵاند.

زانکۆکانی ئێستای ئەوروپا، بەشی زۆریان، لە بنەڕەتدا گردبوونەوەی سەر بە کڵێسا بوون، بۆ ئەوە دامەزران کە پیاوانی کڵێسا فێر بکەن. ئەوان بە فەرمانی پاپا دامەزران و، لەبەر ئەوە بەتەواوی لە سایەی پارێزگاریی ڕاستەوخۆی ئەودا بوون، مامۆستایان یان فێرخوازانیان، هەموویان بە پیاوی ئاینی ناو دەبران، واتە، هەڵاوێرد کرابوون لە دەسەڵاتی دادوەریی مەدەنیی ئەو وڵاتانەی زانکۆکانیان تێدابوون و، لەژێر حوکمی دادگە کڵێساییەکاندا بوون. ئەوەی لە بەشی زۆری ئەو زانکۆیانەدا دەگوترایەوە بۆ کۆتایی دامەزراوەکانیان گونجاو بوو، چ لاهوت، یان ئەو شتانەی تەنیا ڕێخۆشکەر بوون بۆ چوونە ناو زانستی لاهوت.

کاتێک کە کریستیانێتی بۆ جاری یەکەم بە یاسا چەسپێنرا، زمانێکی لاتینی شڕ بووە زمانی تەواوی بەشی ڕۆژئاوای ئەوروپا. بەو پێیەش، سرووتەکانی کڵێسا و، وەرگێڕراوی ئینجیل کە لە کڵێساکاندا دەخوێنرانەوە، بەو لاتینیە شڕە بوون، واتە، بە زمانی باوی وڵات بوون. دوای دەرکەوتنی گەلانی بەربەری ئەوانەی ئیمپراتۆریای ڕۆمانیان ڕووخاند، وردەوردە زمانی لاتین لەوە نەدەرچوو کە زمانی هیچ بەشێکی ئەوروپا بێ. بەڵام

بەپیرۆززانینی لەلایەن خەڵکەوە، بەشێوەیەکی سروشتی وای کرد تا ماوەیەکی زۆری دوای دەرکەوتنیان فۆرم و دابە ئاینییەکان وەک خۆیان بمێننەوە. لەبەر ئەوە، هەرچەندە لاتینی چی تر لە هیچ شوێنێک زۆربەی خەڵک تێی نەدەگەیشت، هێشتاش تەواوی سرووتەکانی کڵێسا هەر بەو زمانە ئەنجام دەدران. بەم شێوەیە، دوو زمانی جیاواز لە ئەوروپا دامەزران، بەهەمان شێوەی میسری کۆن، زمانی کاهینەکان و زمانی خەڵک، زمانێکی پیرۆز و زمانێکی ئاسایی، زمانێکی فێرکاری و زمانێکی دوور لە فێرکاری. بەڵام پێویست بوو پیاوانی ئاینی شتێک لەو زمانە پیرۆز و فێرکارییە تێ بگەن کە دەبوو بەکاری بێنن و، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە زمانی لاتینی بووە بەشێکی سەرەکیی خوێندن لە زانکۆ.

دۆخەکە بۆ زمانی گریک یان عبری بەم جۆرە نەبوو. مەرسوومە پارێزراوەکانی کڵێسا وەرگێڕانی لاتینیی ئینجلیان لەخۆ دەگرت، کە پێی دەگوترا ڤوڵگەیتی لاتینی (Latin Vulgate)، بۆ ئەوەی هاوتای ئیلهامی خوایی بن و، دەسەڵاتی یەکسانیان لەگەڵ دەقە ڕەسەنە گریکی و عبریەکاندا هەبێ. لەبەر ئەوە، کاتێک کە زانینی ئەو دوو زمانە پێویستییەک نەبوو بۆ پیاوانی کڵێسا، تا ماوەیەکی زۆر خوێندنیان بەشێکی پێویست نەبوو لە خوێندنی باو لە زانکۆدا. دڵنیا کراومەتەوە کە، هەندێ زانکۆی ئیسپانیایی هەن، خوێندنی زمانی گریک تیایاندا هەرگیز بەشێک نەبووە و نییە لەو خوێندنە. یەکەمین چاکسازەکان پێیان وا بوو کە زمانی گریکی پەیمانی نوێ (New Testament) و، تەنانەت عبریی پەیمانی کۆن (Old Testament) باشترە لە وەرگێڕاوی ڤوڵگەیت، کە لەوانەیە وردەوردە دەستکاری کرابێ بۆ ئەوەی لەگەڵ بیری کڵێسای کاتۆلیکدا بگونجێنرێ. لەبەر ئەوەش، خۆیان تەرخان کرد بۆ ئاشکراکردنی هەڵەی زۆری ئەو وەرگێڕانە، ئەمەش پیاوانی ئاینیی کاتۆلیکی ناچار کرد بەرگری بکەن و ڕوونکردنەوە بدەن. بەڵام ئەمە بەبێ هەندێ شارەزایی لە زمانە ڕەسەنەکان بەباشی ئەنجام نادرێ، بۆیە وردەوردە خوێندنی ئەو زمانانە خزایە نێو خوێندنی زۆربەی زانکۆکانەوە، چ ئەوانەی کە پێشوازییان لە بیری چاکسازی (Reformation) دەکرد یان ئەوانەی کە دژی بوون. زمانی گریک پەیوەندیی بە هەموو بەشێکی ئەو خوێندنە کلاسیکەوە هەبوو کە، هەرچەندە لە سەرەتادا لەلایەن کاتۆلیکەکان و ئیتالیاییەکانەوە دامەزرا، لە دەوروبەری هەمان ئەو کاتەدا چووە ناو بیری چاکسازییەوە. بۆیە، لە زۆربەی زانکۆکاندا ئەو زمانە، هەر کە فێرخواز کەمێک لە لاتینی پێش دەکەوت، پێش خوێندنی فەلسەفە دەگوترایەوە. زمانی عبری کە هیچ پەیوەندیی بە فێربوونی کلاسیکەوە نەبوو و، جگە لە کتێبی پیرۆز(Holy Scriptures) ، زمانی هیچ کتێبێکی بەهادار نەبوو، بۆیە خوێندنی ئەم زمانە تا دوای خوێندنی فەلسەفە و، ئەو کاتەی فێرخواز دەچووە ناو خوێندنی لاهوت، دەستی پێ نەدەکرد.

له بنەڕەتدا یەکەمین بنەماکانی زمانەکانی گریک و لاتین لە زانکۆکان دەگوترانەوە و، لە هەندێ زانکۆ تا ئێستاش هەر وایە. لە زانکۆکانی تردا، پێشبینی دەکرێ فێرخواز دەبێ پێشتر بەلای کەمەوە سەرەتاکانی یەکێک یان هەردوو زمانەکەی وەرگرتبێ، کە خوێندنیان لە هەموو شوێنێکدا بەشێکی زۆر لە خوێندنی زانکۆ پێک دێنێ.

فەلسەفەی کۆنی گریک دابەش کراوەتە سەر سێ لقی مەزن: فیزیک، یان فەلسەفەی سروشتی، ئێتیک، یان فەلسەفەی ئاکار و، لۆجیک. ئەم دابەشکردنە گشتییە لەوە دەچێ بەتەواوی لەگەڵ سروشتی شتەکاندا گونجاو بێ.

دیاردەی مەزنی سروشت – شۆڕشەکانی تەنە ئاسمانییەکان، ڕۆژگیران، کلکدارەکان، هەورەتریشقە، بروسک و، ڕووداوە نائاساییەکانی تر، نەوەکان، ژیان، گەشە و، لەناوچوونی ڕووەک و ئاژەڵان – ئەو بابەتانەن کە مایەی سەرسوڕمانن، بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی لەلای مرۆڤ مایەی حەزی لێکۆڵینەوەن لە هۆکارەکانیان. لە سەرەتادا ئەفسانەکان هەوڵی تێرکردنی ئەم حەزی زانینەیان داوە، بەوەی هەموو ئەم دیاردە سەرسامکەرانەیان بۆ کاری ڕاستەوخۆی بریکارانی خواکان گەڕاندووەتەوە. دوای ئەوە، فەلسەفە هەوڵی داوە هۆکاری ناسراوتریان بۆ بخاتە ڕوو، یان ئەو هۆکارانە بخاتە ڕوو کە مرۆڤ زیاتر ئاشنایەتیی لەگەڵیاندا هەیە، زیاتر لە بریکارانی خواکان. کە ئەم دیاردە گەورانە یەکەمینی ئەو شتانە بوون حەزی زانینیان لای مرۆڤ هان دا، بۆیە ئەو زانستەی وای پێشان داوە کە ڕوونیان دەکاتەوە، دەبێ بە سروشت ببێتە یەکەمین ئەو لقانەی فەلسەفە کە دامەزران. بەو پێیە یەکەمین ئەو فەیلەسوفانەی، کە مێژوو هیچ تۆمارێکیانی پاراستبێ، لەوە دەچێ فەیلەسوفە سروشتییەکان بن.

لە هەموو سەردەمێک و هەموو وڵاتێکی دنیادا، دەبێ مرۆڤ کەسایەتی، نەخشە و، کاری یەکتریان زانیبێ و، دەبێ گەلێ بنەما و چەسپاوەکانی بەناوبانگی هەڵسوکەوتی ژیانی مرۆڤ لەڕێی ڕێککەوتنی گشتییەوە دامەزرابن و پەسەند کرابن. لەگەڵ دەرکەوتنی نووسیندا، پیاوانی دانا، یان ئەوانەی خۆیان وا پێشان داوە، بە سروشت هەوڵیان داوە ژمارەی ئەو چەسپاوە دامەزراو و ڕێزلێگراوانە زیاتر بکەن و، هەستی خۆیان بەرامبەر بە گونجاو و نەگونجاوەکانیان دەربڕن، هەندێ جار ئەمەیان بە دەستکردترین شێوازی ئەپۆلۆگ -apologues) ئەفسانەی خاوەن مەبەستی ئاکاری)، وەک ئەوانەی پێیان دەگوترێ ئەفسانەی ئیزۆپ(Aesop) ، هەندێ جاریش بە شێوازی ئاسانتری ئەپۆتیگم -apophthegms)وتەی کورت)، یان قسەی نەستەق، وەک پەندەکانی سلێمان، دێرە شیعرەکانی تیۆگنیس و فۆسیلیدس و، بەشێک لە کارەکانی هسیۆد. لەوانەیە ئەمە ماوەیەکی زۆر بەردەوامیی هەبووبێ تەنیا بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو چەسپاوانەی دانایی و ئاکار، بەبێ ئەوەی تەنانەت هەوڵی ڕێکخستنیان بە شێوازێکی دیار یان میتۆدی بدرێ،

لەوەش کەمتر بۆ ئەوەی بەیەکەوەیان ببەستن لەڕێی یەک بنەما یان زیاتر کە هەموویانی لێوە هەڵێنجرابن، وەک کاریگەرییەکانی هۆکارە سروشتییەکانیان. جوانیی ڕێکخستنی سیستماتیکیی تێبینییە جیاوازەکانی پەیوەست بە هەندێ بنەمای گشتییەوە، بۆ یەکەم جار لە نووسینە سادەکانی ئەو سەردەمە کۆنانەدا بەرامبەر بە سیستمی فەلسەفەی سروشتی بینراون. دواتر هەندێ شتی لە هەمان جۆر لە بواری ئاکاردا هەوڵیان بۆ درا. چەسپاوەکانی ژیانی ئاسایی بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک سیستماتیک ڕێک خران و، لە هەندێ بنەمای گشتیدا بەیەکەوە گرێ دران، بەهەمان شێوەی هەوڵی ڕێکخستن و بەیەکەوە بەستنی دیاردە سروشتییەکان. ئەو زانستەی هەوڵی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو بنەما پەیوەستانەی دا ئەوەیە کە گونجاوە پێی بگوترێ فەلسەفەی ئاکاری.

گەلێ نووسەر سیستمی جیاجیایان خستە ڕوو بۆ هەردوو فەلسەفەی سروشت و ئاکار. بەڵام ئەو بەڵگانەی بۆ پشتیوانیی ئەم سیستمە جۆراوجۆرانەیان هێنانەوە، لەبەر ئەوەی بەردەوام خۆپێشاندان بوون، زۆربەی جاران و لە باشترین دۆخەکانیاندا ئەگەری زۆر لاواز بوون و، هەندێ جار تەنیا خۆخەڵەتاندن (سۆفستایەتی) بوون، کە هیچ بنەمایەکیان نەبوو جگە لە نەگونجاوی و ناڕوونیی زمانی هاوبەش. سیستمە مەزندەکەرەکان لە هەموو سەردەمەکانی دنیادا لەبەر هۆکاری زۆر لاواز پەسەند کران، بۆ دیاریکردنی حوکمی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست بەشێوەیەک کە کەمترین بەرژەوەندی تێدا هەبێ. سۆفستایەتیی زۆر بەدەگمەن کاریگەریی لەسەر بۆچوونی مرۆڤ هەبووە، مەگەر لە بابەتەکانی فەلسەفە و مەزندەکردن نەبێ، لەمانەشدا زۆربەی جاران زۆرترین کاریگەریی هەبووە. خاوەنەکانی هەر سیستمێکی فەلسەفەی سروشت و ئاکار، بەشێوەیەکی سروشتی هەوڵیان داوە لاوازیی ئەو بەڵگانە ئاشکرا بکەن کە دژی سیستمەکەی خۆیان بوون. لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگانەدا، ئەوان بەناچاری جیاوازیی نێوان بەڵگەی ئەگەردار و بەڵگەی سەلمێنراویان لەبەر چاو گرتووە، لە نێوان ئەوانەدا کە بەهەڵەدا چوونە و ئەوانەی یەکلاکەرەوەن. لۆجیکیش، یان زانستی بنەما گشتییەکانی بیرکردنەوەی باش و خراپ، وەک پێویستییەک لەنێو ئەو تێبینییانەوە سەری هەڵدا کە ئەم جۆرە وردبینییە هەلی بۆ ڕەخساند. ئەگەرچی ئەو لە بنەڕتدا لە دوای فیزیک (physics)و ئیتیک (ethics) هات، ئەو بەگشتی، لە هەموویان نا، بەڵام لە زۆربەی خوێندنگە کۆنەکانی فەلسەفەدا پێش هەر یەکێک لەم دوو زانستە دەخوێنرا. لەوە دەچێ لەبەر ئەوە بە فێرخوازان وترابێتەوە، تاوەکو لە جیاوازیی نێوان بیرکردنەوەی باش و خراپ تێ بگەن، پێش ئەوەی بەرەو بیرکردنەوە لە بابەتگەلی زۆر گرینگ بچن.

ئەم دابەشکردنە کۆنەی فەلسەفە بۆ سێ بەش کە لە زۆربەی زانکۆکانی ئەورووپادا پەیڕەو دەکرا، گۆڕرا بۆ دابەشکردنێکی تر بۆ پێنج بەش.

له فەلسەفەی کۆندا، هەموو ئەوەی سەبارەت سروشت دەگوترایەوە چ لەبارەی ئاوەزی مرۆڤەوە یان لەبارەی پەرستراوەوە(Deity) ، بەشێک لە سیستمی فیزیک بوو. ئەو بونەوەرانە، جەوهەرەکەیان بە هەر شتێک بزانرایە، بەشێک بوون لە سیستمی مەزنی بوون و، بەشی بەرهەمهێنی گرینگترین کاریگەرییەکان بوون. ئاوەزی مرۆڤ بگەیشتایەتە هەر ئەنجامێک یان مەزەندەیەک لەبارەیانەوە، دوو بەشی پێک دەهێنا، ئەگەرچی گومان لەوەدا نییە کە دوو بەشی زۆر گرینگ بوون، لەو زانستەی باسی لە بنەڕەت و شۆڕشەکانی سیستمی مەزنی بوونەوەر دەکرد. بەڵام لە زانکۆکانی ئەوروپا، کە فەلسەفە تەنیا وەک پاشکۆی لاهوت (theology) دەگوترایەوە، سروشتی بوو کە زیاتر خۆی لەم دوو بەشەدا ببینێتەوە، نەک لە هیچ بەشێکی تری زانستدا. ئەمانە وردەوردە فرەوانتر بوون و، دابەش بوونە سەر بەشانی تری بچووکتر، تا لە کۆتاییدا گەیشتە ئەوەی باوەڕی ڕۆح، کە ناکرێ زۆری لەبارەوە بزانرێ، هاوشێوەی باوەڕی تەنەکان، کە دەکرێ زۆری لەبارەوە بزانرێ، ڕووبەرێکی زۆر لە سیستمی فەلسەفە داگیر بکا. ئەو باوەڕانەی پەیوەست بوون بەم دوو بابەتەوە وەک دوو زانستی جیاواز سەیریان دەکرا. میتافیزیک (Metaphysics)یان نیوماتیک (Pneumatics) خرانە بەرامبەر فیزکەوە و، نەک تەنیا بە بالاتر هاتنە ژماردن، بەڵکو، لەبەر هۆکاری دیاریکراوی پیشەیی، وەک زانستی بەسوودتر دەبینران. بابەتی گونجاوی تاقیکردنەوە و تێبینیکردن، کە بابەتێک بوو تیایدا وردبینیی گەلێ دۆزینەوەی بەسوودی لێ دەکەوتەوە، بەشێوەیەکی نزیکە تەواو پشتگوێ خرا. ئەو بابەتەی دوای چەند ڕاستییەکی کەمی زۆر سادە و نزیکە ڕوون، وردبونەوەی باش تیایدا هیچی ئاشکرا نەدەکرد جگە لە ناڕوونی و گومان و، لە ئاکامدا جگە لە قسەی زل و سۆفستایەتی هیچی بەرهەم نەدەهێنا، زۆر بە باشی چەسپێنرا.

کاتێک کە ئەم دوو زانستە بەم شێوەیە ڕووبەڕووی یەکتر کرانەوە، بەشێوەیەکی سروشتی، بەراوردکردنیان بووە مایەی لەدایکبوونی زانستێکی سێیەم، ئەوەی پێی گوترا زانستی بوون (ئۆنتۆلۆجی(Ontology- یان ئەو زانستەی مامەڵەی لەگەڵ ئەو سیفەتانەدا دەکرد کە لەنێوان ئەو دوو بابەتە یان ئەو دوو زانستەدا هاوبەش بوون. بەڵام کە هۆنینەوەی قسە و سۆفستایەت بەشی زۆری میتافیزیک یان نیوماتیکی خوێندنگەکانیان پێک دەهێنا، تەواوی ئەم زانستە ناجێگیرەی ئۆنتۆلۆجیایان پێک دەهێنا، کە زۆر جار بەمیش دەگوترا میتافیزیک.

ئەو مەبەستەی چاوەڕوان دەکرا فەلسەفەی کۆنی ئاکار لێی بکۆڵێتەوە ئەوە بوو خۆشحاڵی و تەواویی (perfection) پیاو، نەک وەکو تاکێک، بەڵکو وەکو ئەندامی خێزانێک، دەوڵەتێک، یان کۆمەڵگەی مەزنی مرۆڤایەتی لە چیدایە. لەو فەلسەفەیەدا، ئەرکەکانی ژیانی مرۆڤ وەک پاشکۆی خۆشحاڵی و تەواویی ژیانی مرۆڤ سەیر دەکران.

بەلام کاتێک فەلسەفەی ئاکار، هاوشێوەی فەلسەفەی سروشتی، تەنیا وەک پاشکۆی لاهوت گوترانەوە، ئەرکەکانی ژیانی مرۆڤ بەشێوەیەکی سەرەکی وەک پاشکۆی ژیانێک سەیر کران کە لە داهاتوودا دێ. لە فەلسەفەی کۆندا تەواویی چاکە وەک پێویستییەک بەرهەمهێن بوو، بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدا، بەرهەمەکەشی خۆشیی تەواو بوو لەم ژیانەدا. لە فەلسەفەی نوێدا زۆربەی جاران بەگشتی، یان نزیکەی هەموو جارێک، وا پیشان دەدرا کە لەگەڵ خۆشیی ئەم ژیانەدا دژبەرە و، بەهەشت تەنیا بە تۆبەکاری و دوورکەوتنەوە لە خۆشییەکانی ئەم ژیانە، بە خۆبێبەشکردن و خۆبچووککردنەوەی راهیبەکان، بەدەست دێ نەک بە هەڵسوکەوتی تێروتەسەل و بەجۆشوخرۆش. سۆفستایەتی و بێنیازبوون، لە زۆربەی دۆخەکاندا، بەشی زۆری فەلسەفەی ئاکاریان لە خوێندنگەکاندا پێک دەهێنا. بەمەش گرینگترینی هەموو لقە جیاوازەکانی فەلسەفە بووە شێواوترینیان.

کەواتە ئەمە دۆخی باوی فێرکاریی فەلسەفە بوو لە بەشی زۆری زانکۆکانی ئەوروپا. یەکەم شت لۆجیک دەخوێنرا، ئۆنتۆلۆجی دووەم بوو، نیوماتۆلۆجی کە باوەڕی پەیوەست بە ڕۆحی مرۆڤ و پەرستراوی لەخۆ دەگرت سێیەم بوو و، چوارەمیش سیستمێکی ناپەسەندی فەلسەفەی ئاکار بوو کە ڕاستەوخۆ وابەستە بوو بە باوەڕەکانی نیوماتۆلۆجی و، نەمریی ڕۆحی مرۆڤ و، ئەو پاداشت و سزایانەی لە ژیانی داهاتوودا بەهۆی دادوەریی پەرستراوەوە دەبن، لە کۆتایی خوێندندا فیزیک بەشێوەیەکی کورت و ڕووکەش دەخوێنرا.

مەبەستی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی زانکۆکانی ئەوروپا لە شێوازی خوێندنی کۆنی فەلسەفەدا ئەنجامیان دا، فێرکردنی پیاوانی ئاینی بوو و، ئەوە بوو کە ببنە پێشەکییەکی گونجاوتر بۆ خوێندنی لاهوت. بەلام ئەو برە زیادکراوەی قسەزانی و سۆفستایەتی، سۆفستایەتی و ئاکاری خۆنەویستی، کە ئەم گۆڕانکارییانە هێنایانە ناو خوێندنەوە، بێگومان وایان نەکرد گونجاوتر بێ بۆ خوێندنی ڕێزداران یان پیاوانی دنیایی، یان گونجاوتر بۆ پێشکەوتن لە تێگەیشتن یان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە.

ئەم بەرنامەیەی خوێندنی فەلسەفە تا ئێستا لە زۆربەی زانکۆکانی ئەوروپا پیادە دەکرێ، بەڕژدییەکی کەمتر یان زیاترەوە، بەپێی بەرنامەی هەر زانکۆیەک، کە وا دەکا ئەو ڕژدییە لای مامۆستایانی زیاتر یان کەمتر بێ. لە هەندێ لە دەوڵەمەندترین و پارەدارکراوترین زانکۆکاندا، وانەبێژان هەندێ بەشی پەرتوبلاو و پارچەی ئەم بەرنامە شڕەی خوێندن دەڵێنەوە و، ئەمانەش بابەتەکە بە پشتگوێخستنێکی زۆر و ڕووکەشانە دەڵێنەوە.

پێشکەوتنە سەردەمیانەکان لە گەلێ لقی جۆراوجۆری فەلسەفەدا، زۆربەیان، لە زانکۆکاندا بەرهەم نەهاتوون، ئەگەرچی بێگومان هەندێکیان لەوێوە سەریان هەڵداوە. تەنانەت زۆربەی زانکۆکان زۆر ڕوویان لەم پێشکەوتنانە نەبوو و، زۆر لەو کۆمەڵگە

خوێندەوارانە ئەوەیان هەڵبژارد بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو خۆیان بمێننەوە و، بوونە پەناگە بۆ ئەو سیستمە هەڵوەشاوانە و ئەو بیرە کۆنە دەمارگیرانە دوای ئەوەی لە هەموو کونجێکی دنیادا بێزران و دوور خرانەوە. بەگشتی، دەوڵەمەندترین و پارەدارکراوترین زانکۆکان خاوترین بوون لە پەیڕەوکردنی ئەم پێشکەوتنانە و، دوورترینیان بوون لە گۆڕینی پلانە چەسپاوەکانی خوێندن. ئەو پێشکەوتنانە، ئاسانتر لەلایەن هەژارترین زانکۆکانەوە پەیڕەو کران، کە تیایاندا مامۆستاکان بۆ بژێویی خۆیان زیاتر پشتیان بە ناوبانگی خۆیان دەبەست و ناچار بوون گرینگیی زیاتر بە بیرکردنەوەی ئێستای دنیا بدەن.

لەگەڵ ئەوەی کە خوێندنگە و زانکۆ گشتییەکانی ئەورووپا لە بنەڕەتدا بۆ فێرکردنی پیشەیەکی دیاریکراو بوون، کە پیشەی پیاوانی کڵێسایە و، ئەگەرچی بەردەوام تێ نەدەکۆشان بۆ ڕێنوێنیکردنی فێرخوازانیان تەنانەت لەڕووی ئەو زانستانەوە کە بۆ ئەو پیشەیە پێویست بوون، بەڵام وردەوردە فێرکردنی نزیکەی زۆرینەی خەڵکیان بەلای خۆیاندا بەکێش کرد، بەتایبەتی نزیکەی هەموو ڕێزداران و پیاوانی خاوەن سامان. لەوە دەچێ باشترین ڕێگە بۆ بەسەربردنی بەسوودی ماوەی درێژی نێوان منداڵی و ئەو ماوەیەی ژیان کە تیایدا مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕژد دەست دەکا بە بازرگانیی ڕاستەقینەی دنیایی، ئەو بازرگانییەی لە پاشماوەی ژیانیدا ئەنجامی دەدا، خوێندن بێ. ئەگەرچی لەوە نەدەچوو بەشی زۆری ئەوەی لە خوێندنگە و زانکۆکاندا دەگوترایەوە، گونجاوترین ئامادەکاری بن بۆ ئەو بازرگانییە.

ڕۆژ بەڕۆژ ناردنی گەنجان لە ئینگلتەرەوە بۆ وڵاتانی بیانی، ڕاستەوخۆ دوای دەرچوون لە خوێندنگە و بەبێ ئەوەی بۆ هیچ زانکۆیەکیان بنێرن، دەبووە باو. دەڵێن کە گەنجانی ئێمە لە کاتی گەڕانەوەیاندا پێشکەوتووتر دەبوون. گەنجێک کە لە تەمەنی هەڤدە یان هەژدەدا بۆ دەرەوەی وڵات دەچێ و، لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا بۆ نیشتمان دەگەڕێتەوە، سێ یان چوار ساڵ لەو تەمەنە گەورەتر دەبێ کە تیایدا ڕۆیشت و، زۆر ئەستەمە لەو سێ یان چوار ساڵەدا پێشکەوتنێکی باش بەخۆوە نەبینێ. ئەو لە ماوەی گەشتەکەیدا هەندێ زانیاری لە یەک یان دوو زمانی بیانیدا بەدەست دێنێ، هەرچەندە ئەو زانیارییانە بەشی قسەکردن یان نووسینی شایستە بەو زمانانە ناکەن. لە ڕووی ترەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان لووتبەرزترە، ناپابەندترە، بەرەڵاترە و، نەگونجاوترە بۆ هیچ خوێندنێک یان بازرگانییەک کە ئەگەر لە نیشتمان بمایەتەوە بەباشی و لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵی دەگونجا. بە گەشتکردن لەو تەمەنە زۆر بچووکەدا، بە بەسەربردنی بێهوودەی گرینگترین ساڵانی ژیانی، دوور لە چاودێریی باوان و کەسوکاری، هەموو ئەو خووە بەسوودانەی لە بەشی سەرەتای خوێندندا ڕەنگ بوو تیایدا دروست ببن، لەجیاتی ئەوەی

بژیێنرێنەوە و بچەسپێن، یان لاواز دەبن یان لەناو دەچن. هیچ شتێک ئەوەندەی ئەو متمانە نەبوونەی زانکۆکان خۆیان تووشی کرد هانی ئەم ئەزموونە پووچەی گەشتکردنی لەو قۆناخە زووەی تەمەندا نەدا. باوکێک کە کوڕەکەی بۆ دەرەوەی وڵات ڕەوانە دەکا، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەک خۆی ڕزگار دەکا لە ناخۆشیی هەبوونی کوڕێکی بێکار و پشتکوێخراو کە بە بەر چاویەوە دەڕووخێ.

ئەمە بەرهەمی هەندێ لە دامەزراوە هاوسەردەمەکانی خوێندن بوو.

لەوانەیە پلانی جۆراوجۆر و دامەزراوەی جۆراوجۆری خوێندن لە سەردەمانی تر و لەنێو گەلانی تردا سەر هەڵدەن.

لە کۆمارە کۆنەکانی گریکدا، هەموو هاووڵاتییەکی ئازاد، لەژێر چاودێریی دادوەری گشتیدا، فێری مەشقی جمناستیک و موزیک دەکرا. مەبەست لە مەشقی جمناستیک بەهێزکردنی لەشی بوو، زیادکردنی ئازایەتیی بوو و، ئامادەکردنی بوو بۆ ماندوویەتی و مەترسییەکانی شەڕ و، میلیشیای گریک لە هەموو ڕوویەکەوە یەکێک بوو لە باشترینی ئەو میلیشیایانەی لە هەر کاتێکدا لە دنیادا بوونیان هەبووە، ئەم بەشەی فێرکاریی گشتیش بۆ ئەوە بوو بە تەواوی ئەو مەبەستە بێتە دی. بە بەشەکەی تری فێرکاریی گشتی، موزیک، چاوەڕوان دەکرا، بەلای کەمی لەلایەن فەیلەسوفان و مێژووناسانەوە کە تۆماری ئەو دامەزراوانەیان بە ئێمە گەیاندووە، ئاوەزی ئەو هاووڵاتییە مرۆڤانە بکرێ، هەڵسوکەوتی نەرم بکرێنەوە و، ڕووی لە ئەنجامدانی هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانی ژیانی گشتی و تایبەت بکرێ.

لە ڕۆمای کۆن، مەشقەکانی مەیدانی مارت (Campus Martius) بۆ هەمان مەبەستەکانی مەشقی جمناستکی گریکی کۆن ئەنجام دەدران و، لەوە دەچێ بەهەمان ئاستی باش ئەو ئەرکەیان بەجێ گەیاندبێ. بەڵام لای ڕۆمانەکان هیچ شتێکی هاوتای فێرکردنی موزیکی گریکەکان بوونی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاکاری ڕۆمانەکان لە هەردوو ژیانی تایبەت و گشتیدا، لەوە دەچێ نەک تەنیا یەکسان بووبن، بگرە بە تەواوی لە بەشێکی زۆردا باڵاتر بوون لەوانەی گریکەکان. لە ڕووی باڵادەستییان لە ژیانی تایبەتدا گەواهیدانی پۆلیبیەس و دایۆنیسی هالیکارناسۆس، کە دوو نووسەری شارەزای هەردوو گەلەکە بوون و، تەواوی ئاراستەی مێژووی گریک و ڕۆمان گەواهیدەرە لەسەر باڵادەستیی ئاکاری ڕۆمانەکان. وا دیارە کە هەڵسوکەوتی گونجاو لەنێوان لایەنە کێبەرکێکارەکان سەرەکیترین نیشانەی ئاکاری گشتیی خەڵکی ئازاد بن. بەڵام کێبەرکێی گریکەکان نزیکەی بەردەوام توندوتیژ و خوێنڕێژانە بوون، لە کاتێکدا کە تا سەردەمی گراکی(Gracchi) ، هەرگیز لە هیچ کێبەرکێیەکی ڕۆمانەکاندا خوێن نەڕژاوە و، لە کاتی گراکیەوە دەشێ کۆماری ڕۆمان بە هەڵوەشاوە دابنرێ. لەبەر ئەوە، سەرباری دەسەڵاتی زۆر پایەداری ئەفلاتون، ئەرستۆ

و، پۆلیبیەس و، سەرباری ئەو پاساوە بەهێزانەی بەڕێز مونتکیو هەوڵ دەدا لەڕێیانەوە پشتیوانیی ئەو دەسەڵاتە بکا، لەوە دەچێ خوێندنی موزیک لای گریکەکان ئاکاریانی چاک نەکردبێ، چونکە ڕۆمانەکان بەبێ ئەو خوێندنەش ئاکاریان بەرزتر بوون. ڕێزگرتنی ئەو دانا کۆنانە لە دامەزراوەکانی باپیرانیان لەوانەیە وای کردبێ لە سەردەمانی کۆنی ئەو کۆمەڵگانەوە تا ئەو کاتەی گەیشتنە پلەیەکی بەرزی پێشکەوتن، بەردەوامیدان بە نەریتە کۆنەکانیان بەبێ دەستکاری، تەنیا لەبەر ئەوەی نەریتی دێرینن، بە دانایی سیاسی بزانن. موزیک و سەما مایەی دڵخۆشیی نزیکەی هەموو گەلانی کێوین و، دەستکەوتی مەزنن کە چاوەڕوان دەکرێ گونجاو بن بۆ ئەوەی هەر کەسێک کۆمەڵگەی خۆی بەهۆیانەوە دڵخۆش بکا. ئەمە تا ئێستاش لەنێو ڕەشپێستەکانی کەناراوی ئەفریقا هەر وایە. ئەمە لە ناو کێڵتە (Celts)کۆنەکاندا، لە ناو سکەندیناڤیاییە کۆنەکاندا و، ئەوەندەی لە هۆمیرۆسەوە پێمان گەیشتبێ، لە نێو گریکە کۆنەکاندا لە سەردەمانی پێش شەڕی ترۆی، وا بووە. کاتێک کە خێڵە گریکەکان کۆمارگەلی بچووکیان بۆ خۆیان پێک هێنا، سروشتی بوو کە خوێندنی ئەو دەستکەوتانە بۆ ماوەیەکی زۆر بەشێک بێ لە پەروەردەی باوی خەڵک.

ئەو مامۆستایانەی گەنجانیان فێر دەکرد، چ لە بواری موزیک یان لە مەشقی سەربازی، لەوە ناچێ هیچیان لە دەوڵەت وەرگرتبێ، یان تەنانەت لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزرابن، نە لە ڕۆما و نە لە ئەتینا، ئەو کۆمارەی گریک کە زۆرترین زانیاریمان لەسەر یاسا و نەریتەکانی هەیە. دەوڵەت داوای دەکرد هەموو هاوولاتییەکی ئازاد خۆی ساز بدا بۆ بەرگری لە دەوڵەت لە کاتی شەڕدا و، بەو پێیە، دەبێ مەشقی سەربازی بکا. بەڵام ئەوەی بۆ هاوولاتییەکە بەجێ هێشتووە، کە مامۆستا بۆ ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە و، لەوە دەچێ هیچی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان نەکردبێ جگە لە مەیدانێکی گشتی یان شوێنێک بۆ مەشق و ئەنجامدانی مەشقەکانی.

لە سەردەمانی زووی کۆمارەکانی گریک و ڕۆماندا، لەوە دەچێ بەشەکانی تری فێرکاری بریتی بووبن لە فێرکردنی خوێندن، نووسین و، ژمێریاری بەگوێرەی ئاستی ئەو کاتەی بیرکاری. وا دیارە کە هاوولاتییانی دەوڵەمەندتر ئەم دەستکەوتانەیان هەبووبێ، لەڕێی پەروەردەکاری ناو ماڵەوە، کە بەگشتی یان کۆیلە بوو یان کەسێکی ئازادکراو بوو و، هاوولاتییانی هەژارتر لە قوتابخانەکانی ئەو مامۆستایانەدا فێر دەبوون کە وانەگوتنەوەیان بە کرێ کردبووە بازرگانییەک. بەڵام ئەم بەشانەی فێرکردن بەتەواوی بۆ دایک و باوک یان سەرپەرشتیارانی هەر تاکێک بەجێ هێڵرابوون. وا دەرناکەوێ کە هەرگیز دەوڵەت لێکۆڵینەوە یان ڕێنوێنیی بۆ ئەم بابەتە هەبووبێ. لەڕاستیدا، یاسایەکی سۆلۆن ئەو منداڵانەی لە بەخێوکردنی ئەو دایک و باوکانە دەبەخشی، کە خەمی ئەوەیان نەخواردبوو فێری پیشەیەک یان بازرگانییەکیان بکەن.

لەگەڵ پێشکەوتندا، کاتێک کە فەیلەسوف و ڕەوانبێژان دەرکەوتن، باشترین جۆرەکانی خەڵک منداڵانی خۆیان بۆ قوتابخانەکانی ئەو فەیلەسوف و ڕەوانبێژانە دەنارد بۆ ئەوەی فێری ئەو زانستە سەردەمییانە ببن. بەڵام ئەو خوێندنگانە لەلایەن کۆمەڵگەوە پشتیوانییان نەبوو. بەڵکو بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا چاوپۆشییان لە هەبوونیان دەکرا. خواست لەسەر فەلسەفە و ڕەوانبێژی تا ماوەیەکی زۆر ئەوەندە کەم بوو، یەکەمین مامۆستایانی هەر یەکێکیان نەیاندەتوانی کاری بەردەوام لە هیچ شارێکدا پەیدا بکەن، بەڵکو ناچار بوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک گەشت بکەن. ژیانی زینۆی ئیلیا، پرۆتاگۆراس، جۆرجیەس، هیپیەس و، زۆری تر بەم شێوەیە بەڕێوە چوو. لەگەڵ زیادبوونی خواستدا خوێندنگەکانی فەلسەفە و ڕەوانبێژی، جاری یەکەم لە ئەتینا و دواتر لە چەندان شاری تردا جێگیر بوون. لەگەڵ ئەوەشدا لەوە ناچێ دەوڵەت بە هیچ شێوەیەک هانیانی دابێ جگە لە تەرخانکردنی شوێنی دیاریکراو بۆ فێرکردن تیایاندا، ئەمەش هەندێ جار لەلایەن کەسانەوە دەبەخشرا. وا دیارە کە دەوڵەت ئەکادیمیای بۆ ئەفلاتون و، هۆڵی بۆنەکانی بۆ ئەرستۆ و، بەرهەیوانی بۆ زینۆی سیتا، دامەزرێنەری بەرگەگرەکان(Stoics) ، تەرخان کردبێ. بەڵام ئەپیکور باخچەکانی خۆی کردە قوتابخانەی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا تا دەوروبەری سەردەمی مارکەس ئەنتۆنیەس، لەوە ناچێ هیچ مامۆستایەک مووچەی لە کۆمەڵگە وەرگرتبێ، یان هیچ پاداشتێکی لە ڕێزلێنان یان ڕەسمی فێرخوازانیەوە هەبووبێ. ئەو بەخشیشەی ئەو ئیمپراتۆرە فەیلەسوفە، وەک لە لوسیانمان زانیوە، بە یەکێک لە مامۆستایانی فەلسەفەی داوە لەوانەیە لە ماوەی ژیانی ئەو زیاتر بەردەوامیی نەبووبێ. هیچ شتێکی هاوتای ئیمتیازەکانی تەواورکردنی خوێندن نەبوو و، پێویست نەبوو لە خوێندنگەیەک بی بۆ ئەوەی مۆڵەتی ئەنجامدانی پیشەیەک یان بازرگانییەکی دیاریکراوت پێ بدرێ. ئەگەر سوودی کەسی، فێرخوازی بۆ ئەوان بەکێش نەکردایە، هیچ یاسایەک نە کەسی ناچار دەکرد لایان بخوێنێ و نە کەسیشی لەسەر چوون بۆ لای ئەوان خەڵات دەکرد. مامۆستایان هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر فێرخوازەکاندا نەبوو، جگە لە دەسەڵاتی سروشتیی ڕێزگرتنی قوتابی لەو کەسانەی بەشێکی فێرکردنی ئەوانیان پێ سپێرراوە.

لە ڕۆما، خوێندنی یاسای مەدەنی بەشێک بوو لە خوێندن، بەڵام زۆربەی خەڵک نا، بەڵکو هەندێ خێزانی دیاریکراو دەیانخوێند. ئەو گەنجانەی حەزیان دەکرد شارەزایی لە یاسادا پەیدا بکەن، هیچ خوێندنگەیەکی گشتی نەبوو ڕووی لێ بکەن و، هیچ ئامرازێکی تریان بۆ ئەم خوێندنە بەدەستەوە نەبوو جگە لە هاوڕێیەتیکردنی زیاتری ئەو خزم و دۆستانەیان کە پێشبینی دەکرا لێی تێگەیشتبن. جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە، هەرچەندە یاساکانی دوازدە خشتە، گەلێک لەوان، لەبەر یاساکانی کۆمارەکانی گریک گیراونەتەوە، بەڵام لەوە ناچێ هیچ کاتێک یاسا لە هیچ کۆمارێکی گریکدا ئەوەندە پەرەی

سەندبێ تا ببێ بە زانستێک. لە رۆما زوو بوو بە زانست و، ناوبانگی باشی بۆ ئەو هاوولاتییانە دروست کرد کە لێی تێگەیشتبوون. لە کۆمارەکانی گریکی کۆن، بەتایبەتی لە ئەتینا، دادگە ئاساییەکانی دادوەری چەندان کۆمەڵە خەڵکیان بەشێوەیەکی بێ سەروبەر تێدا هەبوو، کە زۆربەی جاران بە هەڕەمەکی یان بە جەنجاڵیی گیانی لایەنداری بڕیاریان دەدا. کاتێک کە شەرمەزاریی بڕیاری نادادوەرانە بەسەر ٥٠٠، ١٠٠٠، یان ١٥٠٠ کەسدا (کە هەندێ دادگە زۆر قەرەباڵغ بوون) دابەش دەبێ، هیچ تاکێک بارێکی قورسی ئەو شەرمەزارییەی ناکەوێتە سەر. لە رۆما، بەپێچەوانەوە، دادگە بنەڕەتییەکان یان لە یەک دادوەر یان لە ژمارەیەکی کەم دادوەران پێک دەهاتن، کە کەسایەتییان، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی بەردەوام لەناو خەڵکدا دیار بوون، رێگەی نەدەدا بڕیاری ملهوڕانە یان نادادپەروەرانە بدەن. لەو پرسانەدا کە گومانــاوی بوون، بەهۆی نیگەرانییان بۆ دوورکەوتنەوە لە لۆمە، ئەوان بەسروشت هەوڵیان دەدا خۆیان لە پەنای نموونە یان پێشینەی دادوەرانی پێش خۆیان، لە هەمان دادگە یان لە دادگەی تر، پەنا بدەن. ئەم وردییە لە ئەنجامدان لە پێشینەدا وای کرد یاسای رۆمان بچێتە چوارچێوەی ئەو سیستمە رێکە کە دواتر بە ئێمە گەیشت و، ئەو جۆرە وردبوونەوەیە کاریگەریی هاوشێوەی لەسەر یاساکانی هەموو ئەو ولاتانە هەبوو کە تیایاندا پیادە دەکرا. بالادەستیی کەسایەتیی رۆمان بەسەر ئەوەی گریکدا، کە زۆر لەلایەن پۆلیبیەس و دیۆنیسەسی هالیکارناسەسەوە ئاماژەی بۆ کراوە، لەوانەیە زیاتر بۆ رێکخستنی باشتری دادگەکانی دادوەرییانەوە بێ، زیاتر لەوەی بەهۆی هەر هەلومەرجێکی تر بێ کە ئەو نووسەرانە خستوویانەتە ڕوو. وەک دەڵێن رۆمان بەشێوەیەکی تایبەت بە پابەندبوونی لەڕادەبەدەر بە سوێندەکانیانەوە ناسرابوون. بەلام ئەو کەسانەی سوێند تەنیا لە بەردەم دادگەیەکی رژد و بەزانیاری دەخۆن، بەسروشت نیگەرانتر دەبن لەوەی سوێندیان لەسەری خواردووە، زیاتر لەوانەی سوێند لە بەردەم کۆبوونەوەیەکی نارێکدا دەخۆن.

توانا سەربازی و مەدەنییەکانی گریک و رۆمان بەلای کەمەوە یەکسان بوونە بەوانەی هەر ولاتێکی هاوسەردەم. لەوانەشە حەزەکانمان زێدەڕۆیی لە پیاهەڵدانیاندا بکەن. بەلام جگە لەوەی پەیوەندی بە مەشقی سەربازییەوە هەیە، لەوە ناچێ لە هیچ خاڵێکدا دۆخەکە بتوانێ ئەو توانا مەزنانە دروست بکا، چونکە من ناتوانم بڕوا بکەم کە فێرکردنی موزیک لای گریکەکان کاریگەرییەکی زۆری لە پێکهێنانیاندا هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتووە کە لەوانەیە مامۆستایان هەبووە بۆ ئەوەی باشترین خەڵکی نێو ئەو گەلانە فێری هەموو هونەر و زانستێک بکەن کە هەلومەرجی کۆمەڵگەکەیان بەپێویستی داناوە یان بە گونجاوی زانیوە فێریان ببن. خواست لەسەر ئەم جۆرە فێرکارییە بەردەوام بەرهەمی خۆی دەبێ – توانای بەخشینی و، ئەو لاساییکردنەوەی کە ناشێ کێبەرکێیەکی کۆتنەکراو هانی نەدا، کە

لەوە دەچێ ئەمانە ئەو توانایەیان گەیاندبێتە بەرزترین پلەی تەواوی. وا دەردەکەوێ کە، لەو گرینگیپێدانەی فەیلەسوفە کۆنەکان پەرۆشی بوون، لەو دەسەڵاتەی بەسەر بۆچوون و بنەماکانی گوێگرانیانەوە هەیانبوو، لەو توانایەی لە گۆڕین و ئاراستەکردنی شێوە و کەسایەتیی هەڵسوکەوت و گفتوگۆی ئەو گوێگرانەدا هەیانبوو، دەردەکەوێ کە زۆر لە هەر مامۆستایەکی هاوسەردەم باڵادەستتر بووبن. لە سەردەمی نوێدا، کۆششی مامۆستایانی گشتی زۆر یان کەم بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە شێواوە کە سەرکەوتن و ناوبانگیان کەم و زۆر لە پیشەکەیان جیا دەکاتەوە. مووچەکانیشیان، وای لە مامۆستایانی تایبەت کردووە کە کێبەرکێیان لەگەڵدا دەکەن، بکەونە دۆخی ئەو بازرگانەی بەبێ بەخشیشی حکوومەت هەوڵ دەدا بازرگانی بکا و کێبەرکێ لەگەڵ بازرگانێکی گەورە بکا. ئەگەر کاڵاکەی بە نرخێکی نزیک لەوەی ئەو بفرۆشێ، ناتوانێ هەمان قازانج بەدەست بێنێ و، ئەگەر مایەپووچ نەبێ و نەڕووخێ بەلای کەمەوە کاڵاکانی هەڕاج دەکا. ئەگەر هەوڵیش بدا زۆر بە گرانتر بیانفرۆشێ، ئەوە کڕیاری ئەوەندە کەم دەبن کە بارەکەی ڕاست نەکەنەوە. سەرباری ئەوە ئیمتیازەکانی تەواوکردنی خوێندن، لە زۆربەی وڵاتاندا پێویستن، یان بەلای کەمەوە زۆر باشن، بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی پیشەکانیان بەفێربوونن، واتە بەشی زۆری ئەوانەی بواری خوێندنیان بۆ فێربوون هەیە. بەڵام دەکرێ ئەو ئیمتیازانە لەڕێی بەشداری لە وانەکانی مامۆستایانی گشتییەوە بەدەست بێن. وردترین ئامادەبوونی بەتواناترین وانەگوتنەوەی هەر مامۆستایەکی تایبەت ناتوانێ بەردەوام وا بکا خواستیان لەسەر بێ. ئەم هۆکارە جیاجیایانە وا دەکەن مامۆستای تایبەتی هەر یەکێک لەو زانستانەی لە زانکۆکانی هاوسەردەمدا دەگوترێنەوە، بەگشتی وەک ئەوانەی نزمترین پیاوانی خوێندەوار سەیر بکرێن. کەسێک کە خاوەن توانای ڕاستەقینە بێ، بەدەگمەن دەتوانێ بەگەڕخستنێکی سەرشۆڕانەتر یان بێقازانجتر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕوویان تێ بکا. وەقفی قوتابخانە و کۆلیجەکان، بەم شێوەیە، نەک تەنیا کۆششی مامۆستایانی گشتیی شێواند بەڵکو وای کرد مەحاڵ بێ لەلای مامۆستایانی تایبەتیش دەست بکەوێ.

ئەگەر دامەزراوەی فێرکاریی گشتی نەبن، هیچ سیستمێک، هیچ زانستێک، ناخوێنرێ ئەگەر خواستی لەسەر نەبێ یان هەلومەرجی سەردەم وا نەکا پێویست یان گونجاو یان بەلای کەمەوە خوازراو بن. مامۆستایەکی تایبەت هەرگیز خۆی لە گوتنەوەی سیستمێکی پەرپووت و کۆنی زانستدا نابینێتەوە، یان لە زانستێکدا کە هەمووان پێیان وایە کۆمەڵێ سۆفستاییتی و بێواتەیی بێسوود و زۆربلێیە. ئەو جۆرە سیستمە، ئەو جۆرە زانستە، ناتوانن لە هیچ شوێنێکدا بەردەوام بن جگە لەو کۆمەڵگە شێواوانەی خوێندن کە گەشە و داهاتیان بە پلەیەکی زۆر پەیوەندی بە ناوبانگیانەوە نییە و بەتەواوی پەیوەندی بە پیشەکەیانەوە نییە. لەو شوێنانەی دامەزراوەی گشتیی فێرکاری بوونیان نییە، کەسێکی

ڕێزدار دوای ئەوەی تەواوترین بەرنامەی خوێندنی سەردەمی خۆی تێدەپەڕێنێ، ناتوانێ بەشێوەیەک بێتە ناو دنیاوە کە بەتەواوی بێئاگا بێ لە هەموو بابەتە باوەکانی گفتوگۆی نێو ڕێزداران و پیاوانی دنیا.

هیچ دامەزراوەیەکی فێرکاریی گشتی بۆ ژنان نییە و، بەم پێیە هیچ شتێکی بێسوود، بێواتە، یان خەیاڵی لە بەرنامەی باوی فێرکردنیاندا بوونی نییە. ئەوان ئەو شتانە دەخوێنن کە باوانیان یان سەرپەرشتانیان فێربوونیان بە پێویست یان بە سوودبەخش دەزانن و، هیچی تر ناخوێنن. هەموو بەشێکی فێرکردنی ئەوان بەڕوونی ئامانجێکی بەسوودی هەیە، چ بۆ برەودان بە سەرنجڕاکێشیی سروشتیی کەسایەتییان، یان بۆ گونجاندنی ئاوەزیان بۆ خۆپارێزی، خۆگونجاندن، دەست و داوێن پاکی و، ئابووری، بۆ ئەوەی گونجاو بن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن خێزان و، لەو کاتەدا وەکو پێویست هەڵسوکەوت بکەن. ژن لە هەموو قۆناخێکی ژیانیدا هەست بە گونجاوی یان سوودی هەموو بەشێکی خوێندنەکەی دەکا. لە کاتێکدا بەدەگمەن پیاوێک، لە هیچ بەشێکی ژیانیدا، سوود لە هەندێ قورسترین و بێزارکەرتین بەشەکانی خوێندنی خۆی دەبینێ.

لەبەر ئەوە، لەوانەیە پرسیار بکرێ، ئایا پێویستە کۆمەڵگە گوێ بە فێرکاریی خەڵک نەدا؟ یان ئەگەر پێویست بێ گوێی پێ بدا، ئەو بەشە جۆراوجۆرانەی خوێندن کە دەبێ خەڵکی جۆراوجۆر بیانخوێنن کامانەن؟ و دەبێ ئەوانە بە چ شێوەیەک بگوترێنەوە؟ هەندێ دۆخی کۆمەڵگە وەک پێویستییەک بەشی زۆری تاکەکان ڕووبەڕووی هەندێ دۆخ دەکەنەوە وەک ئەوەی بە سروشت تیایاندا پێک بێن، بەبێ بایەخپێدانی حکوومەت، نزیکەی هەموو توانا و چاکەکانی ئەو دۆخە دەیانخوازێ پێک دێن. لە هەندێ دۆخی تری کۆمەڵگەدا تاکەکان ناخرێنە ئەو جۆرە دۆخەوە و پێویستە حکوومەت بایەخیان پێ بدا بۆ ڕێگری لە گەندەڵی و خراپەکاریی تەواوی بەشی زۆری خەڵک.

لە کاتی پێشکەوتنی دابەشکردنی کاردا، بەگەڕخستنی زۆربەی ئەوانەی کە بە کارکردن دەژین، واتە، بەشی زۆری خەڵک، لە ژمارەیەکی کەمی ئۆپەراسیۆنی زۆر سادەدا خۆیان دەبیننەوە، زۆربەی جاران تەنیا لە یەک یان دوو ئۆپەراسیۆندا. بەڵام تێگەیشتنەکانی زۆربەی خەڵک وەک پێویست لەڕێی بەگەڕخستنەکانیانەوە پێک دێن. ئەو پیاوەی تەواوی ژیانی لە ئەنجامدانی چەند ئۆپەراسیۆنێکی کەمی سادەدا بەسەر دەبا، کە بەردەوام کاریگەرییەکانیان هاوشێوەن، بواری فرەوانکردنی تێگەیشتنەکانی خۆی نابێ یان بواری نابێ توانای داهێنان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکانی لابردنی ئاستەنگەکانی کە هەرگیز نایەنە پێشی بەکار بێنێ. لەبەر ئەوە، ئەو بەشێوەیەکی سروشتی خووی ئەو فرەوانبوونە لەدەست دەدا و، بەگشتی دەبێتە گەمژەترین و نەفامترین مرۆڤ. متبوونی ئاوەزی وای لێ دەکا نەک تەنیا نەتوانێ بەرگەی هیچ گفتوگۆیەکی عەقڵانی بگرێ، بەڵکو لە هیچ

بۆچوونێکی جوامێرانە، خانەدانانە، یان بەخششێک تێ ناگا و، لەئاکامدا ناتوانێ بڕیاری گونجاو لەسەر گەلێ ئەرکی ئاسایی ژیانی تایبەت بدا. لە بڕیاردان سەبارەت بەرژەوەندیە گەورە و فرەوانەکانی وڵاتەکەشی بەتەواوی بێتوانا دەبێ، تا ئەرکی قورسی گۆڕینی بۆ دۆخی پێچەوانە لە ئەستۆ نەگیرێ، لە کاتی شەڕیشدا توانای بەرگریی لە وڵاتەکەی نابێ. شێوازی یەکڕەنگی ژیانە چەقبەستووەکەی، بەسروشت بوێری لە هزری ئەودا دەشێوێنێ و، وای لێ دەکا بێز لە ژیانی ناڕێک، نادیار و، پڕ سەرکێشیی سەرباز بکاتەوە. ئەو شێوازە تەنانەت چالاکیی لەشیشی دەشێوێنێ و، وای لێ دەکا نەتوانێ هێزی خۆی چالاکانە و ماندوونەناسانە لە هیچ بەگەڕخستنێکدا بەکار بێنێ ئەوە نەبێ کە لەسەری ڕاهاتووە. لێهاتویی ئەو لەو بازرگانییە تایبەتەی خۆیدا، بەم شێوەیە، لەوە دەچێ لەسەر حسێبی چاکەکانی بیرمەندی، کۆمەڵایەتی و، سەربازانەی خۆی بێ. بەڵام ئەمە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و شارستانیدا ئەو دۆخەیە کە کارگەرانی هەژار، واتە، زۆربەی خەڵکی تێکەوتووە، مەگەر حکوومەت ئەرکی ڕێگریکردن لەمە بگرێتە ئەستۆ.

دۆخەکە لە کۆمەڵگە وەحشییەکاندا پێچەوانەیە، وەک کۆمەڵگەکانی ڕاوچییان، شوانکارەکان و، تەنانەت وەرزێڕەکانیش لە دۆخی سادەی کشتوکاڵدا، کە پێش دەرکەوتنی پیشەسازی و فرەوانبوونی بازرگانیی دەرەکی هەن. لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا پیشەی جۆراوجۆری هەر پیاوێک بوارەکانی ئیشکردنی فرەوان دەکەن و دنەی تواناکانی داهێنانی دەدەن لەپێناو لابردنی ئەو ئاستەنگانەی بەردەوام دێنە کایەوە. داهێنان بەزیندوویی دەمێنێتەوە و، ئاوەز ناکەوێتە ئەو دۆخەی تەمبەڵییە خەواڵووەی لەوە دەچێ لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا تێگەیشتنی نزیکەی هەموو خەڵکی ئاستەکانی خوارەوەی سڕ کردووە. لەم کۆمەڵگە وەحشییانەدا، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، هەموو پیاوێک شەڕوانە. هەموو پیاوێک، لەڕێی بڕیاری گونجاو لەبارەی بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەیەوە و هەڵسوکەوتی ئەوانەوە کە بەڕێوەی دەبەن، بەشێوەیەک لە شێوەکان پیاوی دەوڵەتە. سەرکردەکانیان تا چ ئاستێک لە ئاشتیدا دادوەری باشن، یان لە شەڕدا فەرماندەی باشن، بەلای هەموو تاکێکیانەوە تەواو ڕوونە. لەڕاستیدا، لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا، هیچ کەسێک ناتوانێ تەواوی ئەو تێگەیشتنە پێشکەوتوو و چاکەی هەبێ کە هەندێ جار هەندێ پیاوانی کۆمەڵگە پێشکەووترەکان هەیانە. ئەگەرچی لە کۆمەڵگەیەکی سادەدا بڕێکی باش جۆراوجۆریتی لە پیشەی هەموو تاکێکدا هەیە، ئەو برە زۆرە لە پیشەکانی تەواوی کۆمەڵگەکەدا نییە. هەموو پیاوێک، نزیکەی هەموو شتێک دەکا، یان دەتوانێ ئەوە بکا، کە هەر پیاوێکی تر دەیکا، یان دەتوانێ بیکا. هەموو پیاوێک زانیاری، توانا و، داهێنەرییەکی زۆری هەیە، بەڵام بەدەگمەن کەس بە ئاستێکی بەرز ئەوانەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئاستەی بەگشتی بەدەست دێ، بەگشتی بەشی ئەنجامدانی تەواوی بازرگانیی سادەی کۆمەڵگە دەکا. لە دەوڵەتێکی

شارستانیدا، بەپێچەوانەوە، ئەگەرچی هەمەجۆریتی لە ئیشەکانی زۆربەی تاکەکاندا کەمە، نزیکەی هەمەجۆرییەکی بێکۆتایی لە ئیشەکانی تەواوی کۆمەڵگەدا هەیە. ئەم ئیشە جۆراوجۆرانە نزیکەی هەمەجۆرییەکی بێکۆتایی ئامانجەکان بۆ ئەو کەمە دەخەنە ڕوو، کە لەبەر ئەوەی خۆیان پەیوەستی هیچ ئیشێکی دیاریکراو نین، مەیلی ئەوەیان هەیە کە لە ئیشەکانی خەڵکی تر بکۆڵنەوە. بیرکردنەوەی ئەو هەموو جۆرە ئامانجانە وەک پێویستییەک ئاوەزیان بە بەراورد و کۆکردنەوەی بێکۆتایی سەرقاڵ دەکا و، بەڕادەیەکی سەرووئاسایی وا لە تێگەیشتنەکانیان دەکا، ورد و گشتگیر بن. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەم کەمە لە هەندێ پێگەی دیاریکراودا دادەنرێن، ئەگەرچی مایەی شانازین بۆ خۆیان، بەڵام بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی باش و خۆشحاڵیی کۆمەڵگەکەیاندا زۆر کەمە. سەرباری توانای مەزنی ئەو کەمە، هەموو بەشە باڵاترەکانی کەسایەتیی مرۆڤ لەوانەیە بەڕادەیەکی زۆر لە قەوارەی گەورەی خەڵکدا خەفە بن و بکوژێنەوە.

لەوانەیە فێرکردنی خەڵکی ئاسایی لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی و بازرگانیدا پێویستی زیاتری بە چاودێریی گشت هەبێ، زیاتر لەوەی هی خەڵکانی توێژێک یان خاوەن سامانێکی دیاریکراو پێویستیەتی. خەڵکانی هەندێ توێژ یان خاوەن سامانی دیاریکراو بەگشتی هەژدە یان نۆزدە ساڵی تەمەنیان بەڕێوە دەبەن پێش ئەوەی بچنە سەر ئیش، پیشە، یان بازرگانییەکی دیاریکراو کە پێیان وایە بەهۆیەوە خۆیان لە دنیادا جیا دەکەنەوە. ئەوان پێش ئەوە، تەواوی کاتیان بەدەستەوەیە بۆ بەدەستهێنانی، یان بەلای کەمەوە گونجاندنی خۆیان بۆ ئەوەی دواتر، ئەو تەواوییە بەدەست بێنن کە وا دەکا شایانی ڕێزی گشتی بن. باوانیان یان سەرپەرشتیارانیان بەگشتی تەواو پەرۆشن بۆ ئەوەی ئەوان بەو شێوەیە ئامادە بن و، لە زۆربەی دۆخەکاندا ئامادەن خەرجیی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بدەن. ئەگەر ئەوان بەردەوام وەکو پێویست فێر نەبن، بەدەگمەن لەبەر نەبوونی خەرجیی فێرکردنیانە، بەڵکو لەبەر خەرجکردنی نەگونجاوی ئەو خەرجییەیە. بەدەگمەن لەبەر نەبوونی مامۆستایە، بەڵکو لەبەر پشتگوێخستن و بێتوانایی ئەو مامۆستایانەیە کە هەن و، لەبەر سەختی یان زیاتر مەحاڵبوونی دۆزینەوەی هی ترە لەم دۆخەی ئێستای شتەکاندا. بەگەڕخستنەکانیش، کە خەڵکی سەر بە هەندێ توێژ یان سامان زۆربەی ژیانی خۆیانی تیادا بەسەر دەبەن، هاوشێوەی ئەوانەی خەڵکی ئاسایی، ئاسان و یەکڕەنگ نین. نزیکەی هەموویان ئاڵۆزن و، زیاتر ئیش، بە سەر دەکەن نەک بە دەستەکان. تێگەیشتنەکانی ئەوانەی ئەم ئیشانە دەکەن لەبەر نەبوونی جووڵە سڕ نابن. هەروەها، ئیشەکانی خەڵکی هەندێ توێژ یان سامان، بەدەگمەن لە بەیانییەوە تا شەو وەڕسیان دەکەن. ئەوان بە گشتی بڕێکی باش کاتیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی لە هەموو لقێکی زانستی بەسوود یان

جوانکاری که لەوانەیە بناخەکەیان دانابێ، یان ئەوانەی کە لە کاتێکی زووتری ژیانیاندا تامێکیان کردووە، تەواو بکەن.

بابەتەکە بۆ خەڵکی ئاسایی جیاوازە. ئەوان کاتی کەمیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بۆ خوێندن گلی بدەنەوە. باوانیان بەدەگمەن دەتوانن تەنانەت لە کاتی منداڵیشدا بەخێویان بکەن. هەر کە توانییان ئیش بکەن، دەبێ بچنە سەر ئیشێکەوە کە بتوانن لەڕێیەوە بژێویی خۆیان بەدەست بێنن. بازرگانییەکەش بەگشتی زۆر سادە و یەکڕەنگە کە مەشقێکی کەم بە تێگەیشتنیان دەکا، لە هەمان کاتیشدا، کارەکەیان بەردەوام و قورسە، بەشێوەیەک کاتی زیادە و ئارەزووی زۆر کەمیان دەبێ بۆ ئەوەی شتێکی تر بکەن یان تەنانەت بیر لە کردنی بکەنەوە.

بەڵام هەرچەندە خەڵکی ئاسایی لە کۆمەڵگەی شارستانیدا ناتوانن وەک خەڵکی هەندێ توێژ و سامان بنەڕەتیترین بەشەکانی خوێندن بخوێنن، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندن، نووسین و، ژمێریاری دەشێ لە سەرەتاکانی ژیاندا بەدەست بێن، بەشێوەیەک کە تەنانەت زۆربەی ئەوانەی دەبێ بۆ نزمترین ئیشەکان ئامادە بکرێن کاتی ئەوەیان دەبێ پێش چوونە سەر ئەو ئیشانە بەدەستیان بێنن. کۆمەڵگە دەتوانێ بە خەرجییەکی زۆر کەم ئاسانکاری بکا، هانیان بدا و، تەنانەت نزیکەی هەموو خەڵک ناچار بکا بۆ ئەوەی بەشە هەرە سەرەکییەکانی خوێندن بەدەست بێنن.

کۆمەڵگە دەتوانێ ئاسانکاری بۆ ئەمە بکا لەڕێی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی بچووکی ئەبرەشیە یان ناوچەیی، کە تیایدا منداڵەکان بەرامبەر پاداشتێکی گونجاو کە تەنانەت کارگەرێکی ئاسایی پێی بدرێ فێر بکرێن، بەشێکی مووچەی مامۆستاکەش، نەک هەمووی، لەلایەن کۆمەڵگەوە بدرێ، چونکە ئەگەر هەمووی بێ، یان تەنانەت بەشە سەرەکییەکەشی بێ، زۆر نابا فێری پشتگوێخستنی ئیشەکەی دەبێ. لە سکۆتلاند، دامەزراندنی ئەو قوتابخانەی ئەبرەشیانە نزیکەی هەموو خەڵکی ئاسایی فێری خوێندن کرد و، بەشێکی زۆریانی فێری نووسین و ژمێریاریش کرد. لە ئینگلتەرە قوتابخانە خێرخوازییەکان کاریگەرییەکی هاوشێوەیان هەبوو، ئەگەرچی زۆر گشتگیر نەبوو، چونکە ئەو جۆرە دامەزراوەیە گشتگیر نییە. ئەگەر لەو قوتابخانە بچووکانەدا، ئەو کتێبانەی بەهۆیانەوە منداڵان فێری خوێندن دەکرێن، کەمێک فێرکاریتر بن لەوەی هەیە و، ئەگەر لەجیاتی کەمێک لاتینی، کە هەندێ جار بە منداڵانی خەڵکی ئاسایی دەگوترێتەوە، کە بەدەگمەن سوودی بۆیان هەیە، هەندێ فێرکاریی لەبارەی ئەندازەسازی و میکانیک لەخۆ بگرن، ئەو فێرکارییە ئەدەبییەی ئەم توێژەی خەڵک لەوانەبوو تا ئەوپەڕی تەواو بێ. بەدەگمەن ئیشی ئاسایی هەیە هەندێ هەلی بەکارهێنانی بنەماکانی ئەندازەسازی و میکانیک لەخۆ نەگرێ و، ئەوەش

وردەوردە دەبێتە مایەی بەکارهێنان و بەرەوپێشچوونی خەڵکی سادە لەبارەی ئەم بناخانەوە، کە دەروازەی پێویستی باڵاترین و بەسوودترین زانستەکانن.

کۆمەڵگە دەتوانێ لەڕێی پاداشتی بچووک و، نیشانەی سەرکەوتنەوە، بە منداڵانی سەرکەوتووی خەڵکی ئاسایی، هانیان بدا بۆ ئەوەی بنەڕەتیترین بەشەکانی خوێندن بەدەست بێنن.

کۆمەڵگە دەتوانێ بەدەستهێنانی بنەڕەتیترین بەشەکانی خوێندن بەسەر هەموو خەڵکدا بسەپێنێ، بەوەی هەموو پیاوێک ناچار بکا بچێتە تاقیکردنەوەیەکەوە پێش ئەوەی لە هیچ گردبوونەوەیەکدا ئازادی بەدەست بێنێ، یان پێش ئەوەی بتوانێ هیچ ئیشێکی لە گردبوونەوەیەکی گوند یان شاردا دەست بکەوێ.

بەم شێوەیە، بە ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی مەشقی سەربازی و جمناستیک، بە هاندانی ئەم مەشقە و، تەنانەت بە سەپاندنیشی بەسەر هەموو خەڵکدا، کە کۆمارەکانی گریک و ڕۆمان گیانی سەربازییان لای هاووڵاتییانی خۆیان پاراست. ئەوان ئاسانکارییان بۆ ئەم مەشقانە کرد لەڕێی دەستنیشانکردنی شوێنی دیاریکراو بۆ فێربوون و ئەنجامدانیان و، بەوەی کە ئیمتیازی وانەگوتنەوەیان لەو شوێنانەدا بە هەندێ مامۆستای دیاریکراو بەخشی. ئەو مامۆستایانە لەوە ناچێ مووچە یان ئیمتیازی تایبەتیان لە هەر جۆرێک هەبووبێ. هەموو پاداشتی ئەوان بریتی بووە لەوەی لە فێرخوازەکانیانەوە دەستیان دەکەوت و، هاووڵاتییەک کە مەشقەکانی لە جیمناسیایەکی گشتیدا فێر دەبوو هیچ ئیمتیازێکی یاسایی بەسەر ئەو هاووڵاتییەوە نەبوو کە بەتایبەتی خۆی فێر دەکرد، بەو مەرجەی ئەمەی دوایی وەکو ئەو بەباشی فێریان ببووایە. ئەو کۆمارانە لەڕێی بەخشینی هەندێ پاداشت و هێمای سەرکەوتن بەوانەی سەرکەوتووتر بوون، هانی ئەو مەشقانەیان دەدا. بەدەستهێنانی خەڵات لە یارییە ئۆلیمپی، بەرزەخی(Isthmian) ، یان نیمییەکان (Nemaean)، نەک تەنیا خۆی کە ئەو سەرکەوتنەی بەدەست هێناوە، بەڵکو خێزانەکەی و خێڵەکەشی ناوبانگیان بەرز دەبووەوە. پابەندیی هەموو هاووڵاتییەک بەوەی کە هەر کاتێک داوا کرا، چەند ساڵێک لە سوپاکانی کۆماردا خزمەت بکا، پێویستی فێربوونی ئەو مەشقانەی دەسەپاند، کە بەبێ ئەوان بۆ ئەو خزمەتە نەشیاو دەبوو.

پێشکەوتنی چاککردنی مەشقە سەربازییەکان، تا ئەو کاتەی حکوومەت پشتیوانییان لێ دەکا، وردەوردە بەرەو نەمانە و، لەگەڵ ئەویشدا گیانی سەربازانەی زۆرینەی خەڵک دەپووکێتەوە، ئەورووپای سەردەمیش باشترین نموونەی ئەمەیە. بەڵام ئاسایشی هەر کۆمەڵگەیەک زۆر یان کەم پشتبەستووە بە گیانی سەربازیی زۆرینەی خەڵکەوە. لەڕاستیدا، لەم سەردەمانەی ئێستادا تەنیا گیانی سەربازانە بەبێ پشتیوانیی سوپایەکی نیزامیی بەدسپلین، ڕەنگە بەس نەبێ بۆ بەرگری و پاراستنی ئاسایشی هیچ کۆمەڵگەیەک. بەڵام لە

هەر شوێنێکدا هەموو هاوولاتییەک گیانی سەربازانەی هەبێ، بێگومان سوپایەکی نیزامیی بچووکتر پێویست دەبێ. هەروەها، ئەو گیانە وەک پێویستیەک مەترسیی ڕاستەقینە یان خەیاڵیی ئەو ئازادییە کەم دەکاتەوە کە بەگشتی لە سوپای نیزامی وەردەگیرێ. ئەو کە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا لە دژی دوژمنی دەرەکی ئاسان دەکا، بەهەمان ئاست دەبێتە ڕێگریش ئەگەر هات و بەداخەوە، ئاراستەی قەوارەی دەوڵەت کرا.

لەوە دەچێ دامەزراوە کۆنەکانی گریک و ڕۆمان زۆر کاریگەرتر بووبن لە پاراستنی گیانی سەربازانە لای زۆرینەی خەڵک زیاتر لەو دامەزراوانەی ئێستا پێیان دەگوترێ میلیشیا. ئەوان زۆر سادەتر بوون. لەگەڵ دامەزراندنیان خۆیان بەڕێوە دەبرد و، پێویستیان بە چاولێبوونێکی کەم، یان هەر پێویستیان بە چاولێبوونی حکوومەت بۆ مانەوەیان بەوپەڕی بەهێزییەوە نەدەبوو، لە کاتێکدا میلیشیایەکی هاوسەردەم، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مامناوەندی خۆی بەڕێوە ببا، ڕێکخستنە ئاڵۆزەکانی پێویستیان بە چاولێبوونی بەردەوام و قورسی حکوومەت هەیە، کە بەبێ ئەو چاولێبوونە بێکەڵک دەبن و لەناو دەچن. هەروەها، کاریگەریی دامەزراوە کۆنەکان زۆر گشتگیرتر بوون. لەڕێی ئەوانەوە تەواوی خەڵک فێری بەکارهێنانی چەک دەبوون. لەکاتێکدا، بەهۆی یاساکانی هەر میلیشیایەکی هاوسەردەم، تەنیا بەشێکی زۆر کەمیان لەوانەیە بەم شێوەیە فێر بکرێن، جگە لە میلیشیاکانی سویسرا. بەڵام پیاوی ترسنۆک، ئەوەی ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکا یان تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە، ئاشکرایە کە بەشێکی سەرەکیی کەسایەتیی پیاوی کەمە. ئەو ئەوەندە ناتەواوە لەڕووی ئاوەز و جەستەوە، کە یان ئەندامێکی سەرەکیی لەشی نییە، یان توانای بەکارهێنانی ئەو ئەندامانەی نییە. دیارە کە لە هەردوو ڕووەوە داماوە، چونکە شادی و ناشادی، کە جێگەیان لە مێشکدایە، زیاتر پەیوەستن بە لەشساخی و نەخۆشییەوە، دۆخی ناتەواو و تەواوی مێشک لەمەدا ڕۆڵی لە تەواوی و ناتەواویی جەستە زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا گیانی سەربازیی خەڵک بێسوود بوو لە ئاست بەرگریکردن لە کۆمەڵگە، چونکە هێشتا ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەو کورتهێنانی مێشکە، شێواوی و، خراپی کە ترسنۆکی ئاوێتەیان دەبێ، لەناو زۆرینەی خەڵکدا شایانی ئاوڕدانەوەی ڕژدترە لەلایەن حکوومەتەوە، بەهەمان شێوەی پێویستی بە ئاوڕدانەوەی ڕژد بۆ ڕێگری لە گەڕی یان هەر نەخۆشییەکی تری خراپ و درم، ئەگەرچی کوشندە و مەترسیداریش نەبێ، چونکە ئەو جۆرە ئاوڕدانەوەیە لەوانەیە هیچ سوودێک بە کۆمەڵگە نەگەیەنێ جگە لە ڕێگری لە خراپەیەکی گشتیی گەورە.

دەشێ هەمان شت لەبارەی نەخوێندەواریی گشتی و گەمژەییەوە بگوترێ کە لە کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا زۆربەی جاران لەوە دەچێ تێگەیشتنی هەموو توێژی نزمی خەڵک سڕ بکا. پیاوێک کە نەتوانێ توانا هزرییەکانی مرۆڤ بەکار بێنێ، ئەگەر شیاو بێ وا

بلێم، له ترسنۆکێک بێزرختره و، لەرووی بەشێکی زۆر سەرەکیتری کەسایەتیی سروشتی مرۆڤانەوە شێواوتر و پەککەوتووترە. ئەگەر دەوڵەت هیچ قازانجێک لە فێرکردنی توێژە نزمەکانی خەڵک بەدەست نەهێنێ، بەڵام هێشتا مانەوەی هەموویان بە نەخوێندەواری مایەی سەرنجە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەت سوودی کەمی لە فێرکردنیان دەست ناکەوێ. ئەوان چەند خوێندەوارتر بن، ئەوەندە کەمتر دەبنە نێچیری وەهم و ئەفسانە، کە زۆربەی جاران لەنێو گەلانی نەخوێندەواردا دەبنە هۆکاری مەترسیدارترین بشێوییەکان. سەرباری ئەوە، گەلێ خوێندەوار و رۆشنبیر بەردەوام گونجاوتر و رێکخراوترن لە گەلێ نەخوێندەوار و گەمژە. ئەوان، هەر تاکێکیان لەلای خۆیەوە، هەست دەکەن بەرێزترن و ئەگەری زیاتر هەیە سەرکردە شەرعییەکانیان رێزیان لێ بگرن و، لەبەر ئەوە زیاتر رێز لەو سەرکردانەیان دەگرن. ئەوان زیاتر ئەگەر هەیە ئەزموون بکەن و، توانای زیاتریان بۆ وردبوونەوە هەیە لە گازاندەی لایەنەکان و ئاژاوەگێڕەکان و، بەو پێیە، کەمتر بەلارێدا دەبرێن بەرەو بەرەنگاربوونەوەی وەحشییانە و ناپێویستی هەڵسوکەوتەکانی حکوومەت. لە وڵاتانی ئازاددا، کە سەلامەتیی حکوومەت زۆر پشتبەستووە بە بڕیاری گونجاوی خەڵک لەسەر هەڵسوکەوتەکانی، بێگومان زۆر گرینگە بەلای ئەو خەڵکەوە بڕیاری هەڵەشە و سۆزدارانە لەو بارەیەوە نەدەن.

بابەتی سێیەم

خەرجیی دامەزراوەکانی ڕێنوێنیی تەمەنە جیاوازەکانی خەڵک

ئەو دامەزراوانەی ڕێنوێنیی خەڵک، لە هەموو تەمەنەکاندا، دەکەن، بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لەو دامەزراوانەی بۆ ڕێنوێنیی ئاینی دروست کراون. ئەمانە جۆرە ڕێنوێنییەکن کە ئامانجەکەیان ئاراستەکردنی خەڵک نییە بۆ ئەوەی ببنە هاووڵاتیی باش لەم دنیایەدا، ئەوەندەی مەبەستیانە بۆ ژیانێکی تر و باشتر لە داهاتوودا ئامادەیان بکەن. مامۆستایانی ئەو بیرەی ئەم ڕێنوێنییانە لەخۆ دەگرێ، هاوشێوەی مامۆستایانی تر، بۆ بژێویی خۆیان یان دەبێ بەتەواوی پشت ببەستن بە بەخششی گوێگرانیان، یان لە سندووقێکی پارەدارکردنی راکێشن کە یاسای وڵاتەکەیان ڕێگەیان پێ دەدا. وەک موڵکێکی زەوی، دەیەکی کڵێسا یان باجی زەوی، مووچەیەکی دیاریکراو یان پاداشتێک. کۆششی ئەوان، گوڕ و پیشەی ئەوان، لەوە دەچێ لە دۆخەکەی یەکەمدا زۆر زیاتر بن لەوانی دۆخەکەی دوایی. لەم ڕووەوە مامۆستایانی ئاینە نوێیەکان بەردەوام سوودێکی زۆریان هەیە بۆ هێرشکردنە سەر سیستەمە کۆن و دامەزراوەکانی تیایاندا پیاوانی ئاینی، لەبەر داهاتەکانی پێگەکانیان، ئاگایان لە جۆشدانی بڕوا و دڵسۆزی لەناو زۆربەی خەڵکدا نەماوە و، خۆیان بەدەستی تەمبەڵییەوە داوە و وایان لێ هاتووە نەتوانن هیچ وزەیەک بخەنە گەڕ

تەنانەت لەپێناو بەرگری لە دامەزراوەکەی خۆشیاندا. پیاوانی ئاینێکی دامەزراو و بەهرەدار زۆربەی جاران دەبنە پیاوانی فێرخوازی و درەوشانەوە و، هەموو چاکەکانی ڕێزدارانیان دەبێ، یان ئەو چاکانەیان دەبێ کە بیانکەنە ڕێزدار: بەڵام وردەوردە چاک و خراپی ئەو توانایانە لەدەست دەدەن کە دەسەڵاتیانی بەسەر توێژەکانی خوارەوەدا سەپاندووە. ئەم جۆرە پیاوە ئاینییانە، کاتێک کە لەلایەن دەستەیەکی میللیی ئاژاوە، ئەگەر نەزان و گەمژەش بن، هێرشیان کرایە سەر هەستیان کرد کە بەتەواوی بێبەرگرین وەک گەلانی تەمبەڵ و تەوەزەل و تێری بەشەکانی باشووری ئاسیا، کاتێک کە کەوتنە بەر هێرشی تاتارە چوست و چالاک و برسییەکانی باکور. ئەو جۆرە پیاوە ئاینییە، لە کاتی تەنگاوییەکی لەو جۆرە هیچ سەرچاوەیەکی نییە جگە لەوەی داوا لە دادوەری مەدەنی بکا تاوەکو نەیارەکانی تێک بشکێنێ یان دەریان بکا، بەو پێیەی کە ئاشتیی گشتی تێک دەدەن. هەر بەم شێوەیەش بوو کە پیاوانی ئاینیی ڕۆمی کاتۆلیک داوایان لە دادوەری مەدەنی کرد سەری پرۆتستانتەکان بکوتێتەوە و، کڵێسای ئینگلتەرە داوای داپڵۆسینی جیاخوازەکانی کرد و، بەگشتی هەموو تایەفەیەکی ئاینی ئەگەر سەدەیەک یان دوان لەسایەی دامەزراوەی یاساییدا بحەسێتەوە، ئەوە توانای هیچ بەرگرییەکی بەهێزی لە خۆی نامێنێ، دژ بە هەر تایەفەیەکی نوێ کە بڕیار بدا هێرش بکاتە سەر بیر و باوەڕ و دسپلینەکانی. لەم جۆرە دۆخانەدا، لەوانەیە ئیمتیازی خوێندەواری و نووسینی باش هەندێ جار لە بەرژەوەندی کڵێسا دامەزراوەکەدا بن. بەڵام هونەرەکانی بەدەستهێنانی جەماوەر و خەڵکی هەڵگەڕاوە، بەردەوام لە بەرژەوەندی ئەوانەیە کە دژبەرین. لە ئینگلتەرە ئەو هونەرانە ماوەیەکی زۆر پشتگوێ خران لەلایەن ئەو پیاوە ئاینییانەوە کە وەقفی باشیان هەبوو لە کڵێسا دامەزراوەکەدا و، ئێستا بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن جیابووەکان و میتۆدییەکانەوە کشتوکاڵ دەکرێن. بەڵام ئازووخەی جیا لە گەلێ شوێنان بۆ مامۆستایانی جیابووەوە لەڕێی بەشداربووانی خۆبەخشەوە و، مافی متمانە و، خۆدزینەوە لە یاساوە دابین دەکران، لەوە دەچێ گەلێ جاران گوڕی ئەو مامۆستایانەیان کەم کردبێتەوە. گەلێ لەوان زۆر فێر بوون و، کارامەییان بەدەست هێنا و بوونە پیاوانی جێی ڕێز، بەڵام بەگشتی وەک بانگخوازی میللی نەمان. میتۆدیستەکان بەبێ ئەوەی نیوەی زانایی جیابووەکانیان هەبێ، زۆر لەوان بەبازاڕترن.

لە کڵێسای ڕۆما، پیشەسازی و دڵگەرمیی پیاوە ئاینییە بچووکەکان ئەو پاڵنەرە بەهێزەیان بەزیندوویی هێشتووەتەوە، زیاتر لەوەی لە هەر کڵێسایەکی دامەزراوی پرۆتستانتدا هەیە. گەلێ لە پیاوە ئاینییە بیرتەسکەکان، بەشێکی زۆری بژێویی خۆیان لەو قوربانییانە (خێرات) بەدەست دێنن کە خەڵک پێشکەشیان دەکەن، ئەمەش سەرچاوەیەکی داهاتە کە هەلی زۆری پێشکەوتنیان بۆ دەستەبەر دەکا. توێژی سواڵکەران تەواوی بژێویی

خۆیان لەو قوربانییانەوە بەدەست دێنن. ئەوان وەک سوارە و پیادەی هەندێ سوپا، ئەگەر تالانی نەبێ هیچیان پێ نادرێ. پیاوە ئاینییە کەللەپوتەکان هاوشێوەی ئەو مامۆستایانەن کە بەشێکی پاداشتەکانیان پەیوەستە بە مووچەکانیانەوە و، بەشەکەی تر بەو ڕەسم و خەڵاتانەوەی لە فێرخوازانیانی وەردەگرن و، ئەمانە دەبێ بەردەوام، کەم و زۆر، پشتبەستوو بن بە پیشەسازی و ناوبانگیانەوە. توێژی سواڵکەران هاوشێوەی ئەو مامۆستایانەن کە بژێوییان بەتەواوی پشتبەستووە بە پیشەکەیانەوە. لەبەر ئەوە، ئەوان ناچارن هەموو هونەرێک بەکار بێنن بۆ ئەوەی بتوانن سۆزی خەڵکی ئاسایی بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. دامەزراندنی دوو توێژی گەورەی سانت دۆمینیک و سانت فرانسیس، وەک ئەوەی لەلایەن میکیاڤیلەوە ئاماژەی بۆ کراوە، لە سەدەکانی سێزدە و چواردەدا، باوەڕ و دڵسۆزیی کڵێسای کاتۆلیکی ژیاندەوە. لەو وڵاتانەی کە ڕۆمی کاتۆلیکن، گیانی دڵسۆزی بەتەواوی لەلایەن راهیبەکان و پیاوە ئاینییە کەللەپووتەکانەوە پشتیوانی دەکرێ. کەسایەتییە مەزنەکانی کڵێسا، بە.هەموو داهێنانەکانی ڕێزداران و پیاوانی دنیاوە و، هەندێ جار بەوانەی پیاوانی فێرخوازیشەوە، بە وریاییەوە لە هەوڵی پاراستنی دسپلینی پێویستی کەسانی خوارووی خۆیاندان، بەڵام بەدەگمەن خۆیان بە ڕێنوێنیکردنی خەڵکەوە سەرقاڵ دەکەن.

"زۆربەی هونەر و پیشەکانی دەوڵەتێک"، دیارترین فەیلەسوف و مێژووناسی ئەم سەردەمە دەڵێ، "سروشتیان وایە، لە کاتێکدا کە پشتیوانیی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە دەکەن، بەسوودن و مایەی پەسەندکردنی هەندێ تاکن و، لەو دۆخەدا یاسای بەردەوامی دادوەر، جگە لە دەرکەوتنی یەکەمی هەر هونەرێک، ئەوەیە کە پیشەکە خۆی بۆ خۆی بەجێ بهێڵرێ و متمانە بە هاندانی ئەو تاکانە بکرێ کە سوودەکانی دەچننەوە. هونەرمەندەکان کە دەبینن قازانجەکانیان بە پەسەندکردنی کڕیارەکانیان زیاتر دەبن، تا پێیان بکرێ برەو بە توانا و بەهرەی خۆیان دەدەن و، ئەگەر بەهۆی دەستێوەردانەوە دۆخەکە نەشڵەژێ، بەردەوام و لە هەموو کاتەکاندا کاڵاکە نزیکەی هاوڕێژەی خواست دەبێ.

"بەڵام هەندێ بانگەشە هەیە، کە هەرچەندە بەسوودن و تەنانەت لە دۆخێکدا پێویستیشن، هیچ سوودێک یان خۆشییەک بۆ هیچ تاکێک ناهێنن و، دەسەڵاتی باڵا ناچارە هەڵسوکەوتی خۆی بەشێوەیەک بگۆڕێ کە لەگەڵ هێشتنەوەی ئەو پیشانەدا گونجاو بێ. دەبێ بە ئاشکرا هانیان بدا بۆ ئەوەی بمێننەوە و، دەبێ کار لەدژی ئەو پشتگوێخستنە بکا کە بە سروشت ڕووبەڕووی دەبنەوە، چ بە لکاندنی شکۆیەکی تایبەت بەو پیشانەوە، بە دامەزراندنی پاشکۆیەتییەک و پشتبەستوویەکی توند لە توێژەکاندا، یان بە هەندێ ڕێگەی

تر. ئەو کەسانەی لە بوارەکانی دارایی، گەلەکەشتی و، دادوەریدا کار دەکەن، نموونەی ئەم توێژەی خەڵکن.

"ڕەنگە سروشتی بێ لە یەکەم ڕوانینەوە وا بیر بکرێتەوە بۆ پیاوانی کڵێسا کە سەر بە توێژی یەکەمن، هەروەها دادوەران و پزیشکان، گەر ئازادی بە تاکەکانیان بدرێ، کە بە باوەڕی خۆیانەوە پابەندن، سوود یان دڵنەوایی لە خزمەت و یارمەتییە ڕۆحییەکانیان ببینن. گومانی تێدا نییە کە پیشە و سوربوونیان لەسەری لەڕێی هاندەرێکی ترەوە پاڵپشتی دەکرێن و، کارامەییان لە ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی خەڵکدا، دەبێ ڕۆژبەڕۆژ شانبەشانی ئەزموون، خوێندن و، ئاگەداربوون لێی زیاتر بێ.

"بەڵام ئەگەر زیاتر لە نزیکەوە لە بابەتەکە بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم کۆشش و گرینگیپێدانەی پیاوانی ئاینی ئەوەیە کە هەموو یاسادانەرێکی دانا لێی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی ڕێی لێ بگرێ. چونکە لە هەر ئاینێکدا جگە لە ڕاستەکە زۆر خراپەکارانەیە و، تەنانەت بە چاندنی تێکەڵەیەکی بەهێزی ئەفسانە، گەمژەیی و، وەهم، مەیلێکی سروشتیی بۆ ڕێگری لە ڕاستی هەیە. هەموو هەڵسوکەوتێکی خێوئامێز، بۆ ئەوەی خۆی بکاتە گرانبایترین و پیرۆزترین لەبەر چاوی خزمەتکارانی، بەرەو توندترین بێزاندنی هەموو تایەفەکانی تر پاڵیان پێوە دەنێ و، بەردەوام هەوڵ دەدا، لەڕێی هەندێ داهێنانەوە گوێگرانی خۆی لەخۆیدا بتاوێنێتەوە. هیچ گوێ بە ڕاستی، ئاکار، یان ڕاستگۆیی لە بیرەباوەڕەکاندا نادرێ. هەموو باوەڕێک دەگیرێتە بەر کە بە باشترین شێوە لەگەڵ کارکردنە سەر مرۆڤدا بگونجێ. کڕیاران لەڕێی پیشەسازیی نوێوە بەرەو هەر کۆبوونەوەیەکی نهێنی بەکێش دەکرێن و کار لەسەر سۆز و سادەیی خەڵک دەکرێ. لە کۆتاییشدا، دادوەری مەدەنی بۆی دەردەکەوێ کە، لە ڕزگارکردنی دامەزراوەیەکی چەسپاوی کاهینەکاندا، نرخێکی زۆری داوە و، لەڕاستیدا گونجاوترین و بەسوودترین پێکهاتن کە لەگەڵ ڕێنوێنیکەرە ڕۆحییەکاندا بیکا بریتییە لە هاندانی تەمبەڵیی ئەوان لەڕێی تەرخانکردنی مووچەی ئاشکراوە بۆ پیشەکانیان و، وا بکا ئەو مووچانە ئەوەندە زۆر بن کە وایان لێ بکا چالاکتر بن لەوەی تەنیا کار لەسەر ڕێگری لە رەعیەتی خۆیان بکەن نەبادا بەدوای لەوەرگەی تردا بگەڕێن. بەم شێوەیەک دامەزراوە کڵێساییەکان، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا لە دیدی ئاینییەوە سەریان هەڵدا، بۆ بەرژەوەندیە سیاسییەکانی کۆمەڵگە سوودیان دەبێ".

بەڵام کاریگەرییە باش یان خراپەکانی دەستکەوتی سەربەخۆی پیاوانی ئاینی هەرچییەک بن، بەدەگمەن لە ڕوانگەی ئەو کاریگەرییانەوە پێیان دراون. سەردەمانی ململانێی توندی ئاینی بەگشتی ئەو کاتانەن کە ناکۆکیی توندی سیاسی بەخۆوە دەبینن. لەو هەلانەدا، هەر لایەنێکی سیاسی بۆی دەرکەوتووە، یان پێی وا بووە، کە بەرژەوەندی

ئەو لە خۆبەستنەوە بە یەکێک لە تایەفە ئاینییە ملاملانێکەرەکاندایە. بەڵام ئەمە تەنیا بە لەخۆگرتن، یان بەلای کەمەوە بە پەسەندکردنی، بۆچوونەکانی ئەو تایەفەیەوە دەبێ. ئەو تایەفەیەش کە بەختی باشی وای کردووە بە لایەنە براوەکەوە پەیوەست بووە، وەک پێویستییەک پشکی لە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکەیدا دەبێ، کە پەسەندکردن و پشتیوانیی ئەو، زۆری پێ ناچێ، نەیارانی دەمکوت و سەرکوت دەکا. ئەو نەیارانە بەگشتی خۆیان بە دوژمنی لایەنە سەرکەوتووەکەوە گرێ داوە و، بەمەش بوونەتە دوژمنی ئەو لایەنە. پیاوانی ئاینیی ئەم تایەفە دیاریکراوە دەبنە پاڵەوانی مەیدانەکە و، دەسەڵاتیان بەسەر بەشی زۆری خەڵکدا، وا دەکا سەرانی لایەنەکەی خۆیان بترسێنن و بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و، دادوەری مەدەنی ناچار دەکەن ڕێز لە ڕا و بۆچوونەکانیان بگرێ. لەم دۆخەدا یەکەمین داواکارییان ئەوەیە دژبەرانیان سەرکوت و دەمکوت بکرێن و، دووەمیان ئەوەیە کە داهاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان تەرخان بکرێ. لەبەر ئەوەش کە بەگشتی بەشدارییەکی باشیان لە سەرکەوتنەکەدا هەبووە، بۆیە ئاساییە بەشێکیان لە تاڵانییەکەشدا هەبێ. سەرباری ئەمە، ئەوان لە ملکەچیی گەل دڵنیا نین، کە پشتبەستووە بە ئارەزووی بەدەستهێنانی بژێوییەوە. لەبەر ئەوە، کاتێک ئەم داواکارییانە دەخەنە ڕوو، خەمی خۆشحاڵی و خۆشگوزەرانیی خۆیانە، بەبێ ئەوەی گوێ بدەن بەو کاریگەرییانەی کە ڕەنگە بیانخەنە سەر کارایی و دەسەڵاتی تایەفەکەیان. دادوەری مەدەنی، کە دەتوانێ مل بە داواکانیان بدا، تەنیا بەوەی شتێکیان بداتێ کە داینابوو بۆ خۆی ببا، یان بۆ خۆی بهێڵێتەوە، بەدەگمەن حەزی دەکرد ئەو داوایانە جێبەجێ بکا. بەڵام بەردەوام پێویستی ناچاری دەکا لە کۆتاییدا خۆی بەدەستەوە بدا، هەرچەندە زۆربەی جاران پاش چەندان دواخستن، خۆدزینەوە و بیانووی لاواز ئینجا ئەمە دەکا.

بەڵام ئەگەر سیاسەت هەرگیز داوای یارمەتیی ئاین نەکا، لایەنی سەرکەوتوو کە سەرکەوتن بەدەست دێنێ بۆچوونەکانی تایەفەیک زیاتر لە تایەفەیەکی تر ناگرێتە خۆی، ئەو لەوانەیە بە یەکسانی و بەبێ لایەنداری لەگەڵ هەموو تایەفەکاندا مامەڵە بکا و، ڕێگە بە هەموو کەسێک بدا راهبی خۆی و ئاینی خۆی بەو شێوەیە هەڵبژێرێ کە خۆی بەباشی دەزانێ. گومانی تێدا نییە، کە بەم شێوەیە گەلێ تایەفەی ئاینی لەخۆی کۆ دەکاتەوە. لەوانەیە هەموو کۆمەڵەیەکی جیاواز تایەفەیەکی بچووک بۆ خۆیان پێک بێنن، یان هەندێ بۆچوونی سەیری تایبەت بە خۆیان هەبێ. بێگومان هەموو مامۆستایەک هەست دەکا کە زۆر پێویستە ئەوپەڕی کۆشش بکا و هەموو هونەرێک بەکار بێنێ بۆ ئەوەی شوێنکەوتووەکانی بمێننەوە و ژمارەیان زیاد بکا. بەڵام کە هەموو مامۆستایەک هەست بە هەمان پێویستی بکا، سەرکەوتنی هیچ مامۆستایەک، یان تایەفەیەکی مامۆستایان، زۆر گەورە نابێ. گوڕ و تینی زۆر و چالاکی مامۆستایانی ئاین کاتێک مەترسیدار و کێشەدار

دەبـێ، ئەگەر تەنیـا یەک تـایەفەی ڕێپێـدراو لە کـۆمەڵگەدا هەبـێ، یـان ئەگەر تەواوی کۆمەڵگەیەکی گەورە دابەش بووبێتە سەر دوو یان سێ تایەفەی گەورە، مامۆستایانی هەر یەکێکیان هاوئاهەنگ و، لەسایەی دسپلینێکی ڕێکخراو و وابەستەییدا ئیش بکەن. بەڵام ئەو گوڕ و تینە بێزیان دەبێ کاتێک کە کۆمەڵگە دابەش دەبێتە سەر دوو سەد یان سێ سەد تایەفەی بچووک، یان لەوانەیە دابەش بێتە سەر هەزار تایەفەی بچووک، کە هیچ یەکێکیان ئەوەندە گەورە نابێ کە ئارامیی گشتی بشڵەژێنێ. مامۆستایانی هەر تایەفەیەک کە دەبینن لە هەمـوو لایەکەوە بە نەیـار نەک بە دۆسـت، دەورە دراون، ناچـار دەبـن فێـری ئەو ڕاستگۆیی و نەرمـڕۆییە ببن کە بەدەگمەن لە مامۆسـتایانی تـایەفە گەورەکانـدا هەیە، کە بۆچوونەکانیـان بە پشـتیوانیی دادوەری مەدەنـی، لەلایەن نـزیکەی هەمـوو دانیشـتووانی شانشین یان ئیمپراتوریا فرەوانەکانەوە ڕێزیان لێ دەگیرێ و، لە دەوروبەری خۆیاندا لە پاشـکۆ و شـوێنکەوتوو و هەوادار بەولاوە هـیچ نـابینن. مامۆسـتایانی هەر تـایەفەیەکی بچووک، کە خۆیان نزیکەی بە تەنیا دەبیننەوە، ناچارن ڕێز لە مامۆستایانی نزیکەی هەموو تـایەفەیەکی تـر بگرن و، ئەو سازشـانەیان لەگەڵـدا دەکەن کە هەردوو لا پێیـان خـۆش و پەسەندە، کە لەوانەیە بـاوەڕی زۆربەیـان بگەیەنێتە ئاستی ئاینی خـاوێن و ژیرانەی دوور لەو پـووچی و جـادووگەری و کەللەڕەقیەی تێکەڵـی بـووە، وەک ئەوەی دانایـانی هەمـوو سـەردەمانی دنیا ئاواتەخوازی دامەزراندنی بوونە، بەڵام ئەم جۆرە یاسا دانراوە هێشتا هەرگیز دانەمەزراوە و، ڕەنگە هەرگیز لە هیچ وڵاتێکدا دانەمەزرێ، چونکە بە دیدی ئاین، یاسـای دانـراو بەردەوام زۆر یـان کەم لەژێـر کـاریگەریی ئەفسـانە و جـۆش و خرۆشـی میللیـدایە. ئەم پـلانەی حکـوومەتی کڵێسـایی، یـان گونجـاوتر وایە حکـوومەتی ناکڵێسـایی، ئەوەیە کە تایەفە پێی دەگوت سـەربەخۆکان، کە تـایەفەیەکە گوڕێکی زۆر کێوییـانەی هەیە و، لە سەروبەندی کۆتای شەڕی ناوخۆدا، لە ئینگلتەرە پێشنیازی پێکهێنانی کرا. ئەگەر ئەو تـایەفەیە دابمەزرایە، هەرچەنـدە بنـاخەیەکی زۆر نافەلسـەفیانەی هەبوو، لەوانە بـوو ئێسـتا ببووایەتە فەلسـەفیترین ئاراسـتەی بـاش و میانڕەو بەرامبەر بە هەمـوو جۆرە بنەمـایەکی ئـاینی. تـایەفەکە لە پێنسلڤانیا دامەزرا، کە لەوێ هەرچەنـدە کوەیکەرەکـان ژمارەیـان گەلـێ زۆر بوو، یاساکە هیچ تایەفەیەکی بەپێش ئەوەی تر نەدا و، دەڵێن لەوێ ئەو ئاراسـتە بـاش و میانڕەوە فەلسەفیەی دامەزراندووە.

هەرچەنـدە ئەم مـامەڵە یەکسـانە نـابێتە بەرهەمهێنـی ئەو ئاراسـتە بـاش و میـانڕەوە لە هەمـوو، یـان تەنـانەت زۆرینـەی تـایەفە ئاینییەکـانی وڵاتێکـی دیـاریکراو، بەڵام هێشـتا کە ژمارەی ئەو تایەفانە وەک پێویست زۆرە و، هەر یەکێکیان لەکۆتاییدا ئەوەندە بچووکە کە نەتـوانێ ئـارامیی گشـتی بشـێوێنێ، گـوڕ و تینـی لەڕادەبەدەری هەر یەکێکیـان بـۆ بۆچوونەکـانی خـۆی نـاتوانێ بیکـاتە بەرهەمهێنـی کـاریگەریی زۆر بەزیـان، بەڵکـو

بەپێچەوانەوە، دەبێتە بەرهەمهێنی گەلێ کاریگەریی باش و، ئەگەر حکوومەت بەتەواوی بڕیاری دابێ لێیانگەڕێ بۆ خۆیان و ناچاریان بکا هەر یەکێکیان دەست لەوانەی تر وەرنەدا، ئەوە تەنیا مەترسییەکی بچووک هەیە لەوەی لەخۆیانەوە ئەوەندە خێرا لەت نەبن کە بەزووترین کات ژمارەیان وەکو پێویست زۆر بێ.

لە هەموو کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کە جیاوازیی نێوان توێژەکانی بەتەواوی دامەزراوە، بەردەوام دوو پلان یان سیستمی ئاکاری جیاواز هەن کە لە یەک کاتدا دەگەڕێن، کە دەکرێ بە یەکێکیان بگوترێ سیستمی توند یان داخراو و، بەوەی تر بڵێین سیستمی لیبراڵ، یان ئەگەر پێتان خۆش بێ، بەرەڵا. ئەوەی پێشوو جێی خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکی ئاساییە و، ئەوەی دواییش وا باوە زیاتر لەلایەن خەڵکی پایەدارەوە پەسەندە و پەیڕەو دەکرێ. ئەو پلەی سەرکۆنەکردنە کە پێویستە بەرامبەر بە خراپەکاریی سووکی، ئەو خراپانەی کە لەوانەیە بەهۆی گەشەی زۆرەوە دەرکەون و، ئەوانەی لە زێدەڕۆیی لە خۆشی و کەیفخۆشییەوەن، لەوە دەچێ جیاکەرەوەی سەرەکیی نێوان ئەم دوو پلانە یان سیستمە دژە بێ. لە سیستمی لیبراڵ، یان بەرەڵادا، خۆشگوزەرانی، گەشی و، تەنانەت خۆشیی بێسنوور، گەڕان بەدوای چێژ و خۆشیدا، داوێنپیسی، بەلای کەم لای یەکێک لە ڕەگەزەکان، هتد، بەو مەرجەی هاوشانی بەرەڵایی گەورە نەبن و نەبنە مایەی خراپە و ستەم، بە گشتی بە ئاسانی تێدەپەڕن و، بەئاسانی لێیان دەبوورن. لە سیستمە داخراوەکەدا، بەپێچەوانەیە، ئەو جۆرە زێدەڕۆییانە مایەی ئەوپەڕی قێز و بێزن. خراپەی گاڵتەجاڕی بەردەوام بۆ خەڵکی سادە ڕووخێنەرە و، گوێنەدان و بەفیڕۆدانی یەک هەفتە زۆربەی کات بەسە بۆ ئەوەی زەحمەتکێشێکی هەژار هەتاهەتایە پاشەکشە پێ بکا و، بەهۆی بێهیواییەوە بەرەو تاوانی گەورەتر پاڵی پێوە بنێن. لەبەر ئەوە داناترین و باشترین خەڵکی ئاسایی، بەردەوام تا ئەوپەڕی قێز و نەفرەت لەو زێدەڕۆییانە دەکەن، کە ئەزموونی خۆیان پێیان دەڵێ ڕاستەوخۆ کوشندەن بۆ خەڵکێک کە هەلومەرجی ئەوانی هەبێ. بەپێچەوانەی ئەمەوە، ژیانی بێسەروبەر و زێدەڕۆیانە بەردەوام نابێتە مایەی ڕووخانی کەسێکی باڵادەست و، خەڵکی ئەو توێژە زۆر ڕوویان لەو خۆشییانەی ژیانە وەک یەکێک لە سوودەکانی سامانەکانیان و، پێیان وایە ئازادیی ئەنجامدانیان بەبێ لۆمە و گلەیی یەکێکە لە ئیمتیازەکانی پێگەکەیان. لەبەر ئەوە، لەنێو خەڵکی توێژی خۆیان ئەو زێدەڕۆییانە بێزاری و لۆمەکردنێکی کەمیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە یان هەر هیچیان بەرامبەر ناکرێ.

نزیکەی هەموو ئاینەکان لەنێو خەڵکی ئاساییدا دەرکەوتوون، بەگشتیش یەکەمین و هەروەها زۆرترین شوێنکەوتووانیان لەوانن. بەو پێیە سیستمی داخراوی ئاکار، کە بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام لەلایەن ئەو تایەفانەوە پەیڕەو کراوە، ژمارەیەکی زۆر

کەمیان نەبێ. ئەمە ئەو سیستمە بوو کە باشترین بوو بۆ ئەوەی پێشکەشی ئەو توێژەی بکەن کە سەرەتا پلانی چاکسازیی پێشوەختەیان ئاراستەیان کردبوو. زۆر لەوانە، ڕەنگە زۆرترینیان، هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی داوە لەڕێی پابەندی بەم سیستمە داخراوەوە و، پاڵنانی بەرەو ئاستێک لە گەمژەیی و زێدەڕۆیی، ئەم توندییە زیادەش زۆربەی جاران لای خەڵکە ئاساییەکە لە هەموو شتێک زیاتر مایەی ڕێز و بەرزڕاگرتنیان بووە.

پیاوێکی خاوەن پایە و سامان، بەهۆی پێگەکەیەوە کەسێکی دیاری کۆمەڵگەیەکی گەورەیە، کە ئاگایان لە هەموو وردەکارییەکانی هەڵسوکەوتیەتی و، بەو پێیە دەبێ خۆشی ئاگای لێیان بێ. دەسەڵات و ڕێزی ئەو زۆر پشتبەستوون بەو ڕێزەی لە کۆمەڵگەدا لێی دەگیرێ. ئەو ناوێرێ هیچ شتێک بکا کە ناوبانگی بزڕێنێ و، ناچارە بەتوندی دەست بەو جۆرە توندەی ئاکارەوە بگرێ، چ لیبراڵ بێ یان داخراو، کە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگە بۆ کەسانی لە ئاست و پایەی ئەودا داینـاوە گونجـاوە. پیاوێـک کە لە ئاسـتێکی نزمـدا بـێ، بەپێچەوانەوە، کەسێکی دیار نییە لە کۆمەڵگەیەکی گەورەدا، لەوانەیە ئەگەر لە گوندێکدا بژی خەڵک چاودێریی هەڵسوکەوتی بکەن و ناچاری بکەن خۆشی چاودێرییان بکا. لەم دۆخە و، تەنیا لەم دۆخەدا، لەوانەیە کەسایەتییەکی هەبێ و پێویستی بە پاراستن بێ. بەڵام هەر کە چووە شارێکی گەورەوە، لە نەناسی و سێبەردا ون دەبێ. هیچ کەسێک گوێ بە هەڵسوکەوتی ئەو نادا و، لەبەر ئەوە ئەگەر زۆرە خۆشی گوێیان پێ نەدا و، ڕێگە بەخۆی بدا کەمێک دەستبڵاو بێ و هەندێ هەڵسوکەوتی سووک بکا. ئەو لەسایەی ئەم نادیارییەوە هەرگیز کاریگەر نییە و هەرگیز سەرنجی کۆمەڵگەکە بەلای خۆیدا ڕاناکێشێ، وەک ئەو کاتەی کە ئەندامە لە تایەفەیەکی ئاینیی بچووکدا. ئیتر لەو ساتەوە، کەمێک ڕێز بەدەست دێنێ کە پێشتر نەیبوو. هەموو براکانی لە تایەفەکەدا، لەپێناو متمانەی تایەفەکە، گرینگی بە چاودێریکردنی هەڵسوکەوتەکانی دەدەن و، ئەگەر بووە هۆی هەر ئابڕووچوونێک، ئەگەر زۆر لەو ئاکارە داخراوانە لایدا، نزیکەی هەموو جارێک داوا لە یەکتر دەکەن، سزا بدرێ، سزاکەش بەردەوام سزایەکی زۆر توندە، کە دەرکردنە لە تایەفەکە. بەو پێیە، لە تایەفە ئاینییە بچووکەکاندا، ئاکاری خەڵکی ئاسایی نزیکەی هەموو دەمێ ڕێکخراون، بەگشتی زۆر ڕێکخراوترن لەوەی لە کڵێسا دامەزراوەکاندا هەیە. ئاکارەکانی ئەو تایەفە بچووکانە، زۆربەی جاران بەشێوەیەکی زێدەڕۆیانە توند و ناکۆمەڵایەتین.

دوو چارەسەری زۆر ئاسان و کاریگەر هەن، کە بەهۆی کارکردنی پێکەوەیان دەوڵەت بەبێ توندوتیژی دەتوانێ هەموو توندوتیژییەکی ناکۆمەڵایەتی یان ناپەسەند لە ئاکاری گشت تایەفە بچووکەکانی وڵات ڕاست بکاتەوە.

یەکەمی ئەم چارەسەرانە خوێندنی زانست و فەلسەفەیە، کە دەوڵەت دەتوانێ بەناو هەموو خەڵکی توێژەکانی ناوەڕاست و سەروو ناوەڕاستدا بڵاوی بکاتەوە، نەک بەوەی

مووچە بە مامۆستایان بدا بۆ ئەوەی تەمبەڵ و پشتگوێخەر بن، بەڵکو بە دامەزراندنی جۆرە تاقیکردنەوەیەک تەنانەت لە زانستە باڵا و سەختترەکانیشدا، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بەر لەوەی هیچ پیشەیەکی سەربەخۆ، یان پێش ئەوەی بپاڵێورێ بۆ وەرگرتنی پۆستێکی شکۆمەندانەی متمانە یان قازانج، ئەزموون بکا بەو تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕێ. ئەگەر دەوڵەت پێویستبوونی خوێندن بەسەر ئەم جۆرە خەڵکەدا بسەپێنێ، بواری ئەوە نامێنێ خۆی بە دابینکردنی مامۆستای گونجاو بۆیان سەرقاڵ بکا. ئەوان هەر زوو مامۆستای باشتر لەوانەی کە دەوڵەت دەتوانێ دابینیان بکا، بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. زانست باشترین دەرمانە بۆ ژەهری توندڕەوی و ئەفسانە و، کاتێک کە توێژە باڵاکان دژ بەو ژەهرە پارێزراو بن، توێژەکانی خوارەوەش زۆر ئەگەری تووشبوونیان نابێ.

دووەمی ئەم چارەسەرانە زۆری و خۆشیی لادانە گشتییەکانە. دەوڵەت، بەهاندان، واتە ئەوەی کە ئازادیی تەواو بە هەموو ئەوانە بدا کە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا هەوڵ دەدەن بەبێ ئابڕووچوون و خراپەکاری خەڵکی تر دڵخۆش بکەن بە نیگارکێشان، شیعر، موزیک، سەما، بە هەموو جۆرە نواندن و نمایشە دراماییەکان، بە ئاسانی لە بەشێکی زۆریاندا حەزی ڕەشبینی و خەمبارانە، کە نزیکەی بەردەوام لەڕێی ئەفسانە و تەوژمی میللییەوە ئاو دەدرێن، لەناو دەبا. لادانی میللی بەردەوام بابەتی ترس و ڕقی هەموو توندەڕەوەکانی بانگەشەکەر بۆ تووڕەیی میللی بووە. ئەو خۆشی و گەشییانەی ئەو لادانانە بەرهەمیان دێنن هەموویان دژ بەو کەللەپووتییەن کە ئەوان مەبەستیانە، یان بەباشترین شێوە دەتوانن کاریان لەسەر بکەن. لەپاڵ ئەوەشدا، نمایشی درامایی زۆربەی جاران فێڵەکانیان دەخەنە بەر چاوی کۆمەڵگە و، هەندێ جار دەیانکەنە مایەی گاڵتەجاڕی لای کۆمەڵگە، بەو پێیەش لە هەموو لادانەکان زیاتر ئامانجی دوورخستنەوەی نامۆن.

لە وڵاتێکدا کە مامۆستایانی هیچ ئاینێک لە بەردەم یاسا لە مامۆستایانی ئاینەکانی تر پەسەندتر نین، پێویست نییە هیچ یەکێکیان بەشێوەیەکی تایبەت یان ڕاستەوخۆ پشتبەستوو بێ بە سەروەر یان بە دەسەڵاتی جێبەجێکەر، یان شتێکی پێ بکرێ بۆ دامەزراندن یان لەکارخستنیان. لەم جۆرە دۆخەدا، ئەو بواری ئەوەی نابێ هیچ گرینگییەک بەوان بدا، ئەوەندە نەبێ ئاشتیی نێوانیان بپارێزێ بەهەمان شێوەی پاراستنی ئاشتیی نێوان ڕەعیەتەکانی تری، واتە، ڕێگری بکا لەوەی پێشێلکاری بەرامبەر یەکتر بکەن یان سەری یەکتر بکوتنەوە. بەڵام دۆخەکە تەواو پێچەوانەیە لەو وڵاتانەدا کە ئاینێکی دامەزراو یان حوکمڕانیان هەیە. لەم دۆخەدا سەروەر هەرگیز جێگیر نابێ تا ئەو کاتەی بەڕادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر زۆرترین مامۆستایانی ئەو ئاینە دەبێ.

پیاوانی ئاینیی کڵێسایەکی زۆر دامەزراو، دامەزراوەیەکی مەزن پێک دێنن. ئەوان دەتوانن بە هاوئاهەنگی کار بکەن و، ئەوەندەی لە ژێر سەرکردایەتیی یەک کەسدا بن، بە

یەک پلان و یەک گیان بەدواداچوون بۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەن و، زۆربەی جارانیش لە سایەی ئەم جۆرە ئاراستەیەدا کار دەکەن. بەرژەوەندی ئەوان وەک قەوارەیەکی دامەزراو هەرگیز هەمان بەرژەوەندی سەروەر نییە و، هەندێ جار تەواو دژ بەوەی ئەوە. بەرژەوەندی بالای ئەوان مانەوەی دەسەڵاتیانە بەسەر خەڵکدا و، ئەم دەسەڵاتە پشتبەستووە بە دڵنیایی و گرینگیی پێشبینیکراوی تەواوی ئەو بیرە کە چەسپاندوویانە و، بە پێویستیی پێشبینیکراوی گرتنەبەری هەموو بەشێکی بەبڕوایەکی نەستییەوە، بۆ خۆلادان لە داماویی هەتاهەتایی. ئەگەر سەروەر ئەوەندە گێل بێ کە وا دەرکەوێ گاڵتە بە پووچترین بەشی باوەڕەکەیان دەکا یان گومانی لێ هەیە، یان لەڕووی مرۆڤپەروەرییەوە هەوڵ بدا ئەوانە بپارێزێ کە یەکێک لەم کارانە دەکەن، ئەوە شکۆی پارێزراوی پیاوانی ئاینی کە بەهیچ شێوەیەک پشتبەستوو نییە بەوەوە ڕاستەوخۆ دژی دەوەستێتەوە و بە کەسێکی پیشێلکار دەیناسێنێ و، هەموو تیرۆری ئاینیی بەسەردا جێبەجێ دەکەن، تاوەکو خەڵک ناچار بکەن لایەنداریی بگوازنەوە بۆ میرێکی تری ئاینداتر و گوێڕایەڵتر. ئەگەر ئەو دژی بیانووەکانیان یان دژی دزینی دەسەڵات لەلایەن ئەوانەوە بوەستێتەوە، ئەوە هەمان مەترسیی لەسەر دەبێ. ئەو میرەی بوێرێ بەم شێوەیە لە کڵێسا یاخی ببێ، جگە لەم تاوانی یاخیبوونە، بەگشتی تاوانی سەرباری ئیلحادی دەدرێتە پاڵ، بەبێ گوێدان بە ڕەتکردنەوەی سەنگینی بۆچوونەکانیان و گوێڕایەڵیی بێنرخ بۆ هەموو ئەو بڕوایانەی کە پێی وایە گونجاوە بۆیانی ڕوون بکاتەوە. ئەو ترسەی ئەمە دەیخاتە ڕوو لە هەموو ترسێک زیاترە. کاتێک کە مامۆستایانی ڕێپێدراوی ئاین بۆچوونی ڕووخێنەری دژ بە دەسەڵاتی سەروەر بەناو زۆرینەی خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە، تەنیا لەڕێی توندوتیژییەوە، یان هێزی سوپایەکی نیزامییەوە، دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ. تەنانەت سوپای نیزامیش لەم دۆخەدا ناتوانێ ئارامییەکی بەردەوامی بۆ دەستەبەر بکا، چونکە ئەگەر سەربازەکان بیانی نەبن، کە بەدەگمەن وایە، بەڵکو لە زۆرینەی خەڵکەکە بن، کە بەردەوام وایە، ئەوانیش زۆری پێ ناچێ بەم بیروباوەڕە دەشێوێنرێن. ئەو شۆڕشانەی ئاژاوەگێڕیی پیاوانی ئاینیی گریک بەردەوام لە کۆنستانتینۆپۆل هەڵیان دەگیرساند، بەدرێژایی تەمەنی ئیمپراتۆریا ڕۆژهەڵاتییەکە، ئەو گرژییانەی ئاژاوەگێڕیی پیاوانی ئاینیی ڕۆمان بەردەوام لە هەموو بەشێکی ئەوروپا دروستیان دەکرد، بە باشی پیشانی دەدەن کە چۆن جێلەقی و نائارامی دۆخی بەردەوامی ئەو سەروەرەن کە ئامرازی گونجاوی نییە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر پیاوانیی ئاینیی ئاینێکی دامەزراو و حوکمڕانی وڵاتەکەیدا.

بابەتەکانی باوەڕ، هاوشێوەی هەموو بابەتێکی تری ڕۆحی، زۆر ئاشکرایە کە بەشێک نین لە دەسەڵاتی دنیایی سەروەر، کە سەرباری ئەوەی زۆر گونجاون بۆ پاراستنی، بەدەگمەن چاوەڕوان دەکرێ ئەمە بۆ ئاراستەکردنی خەڵک بکەن. لەبەر ئەوە، ئەوەندەی

بەم بابەتانەوە پەیوەست بێ، دەسەڵاتی ئەو بەدەگمەن بۆ ئەوە گونجاوە هاوسەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی یەکگرتووی پیاوانی ئاینیی کڵێسایەکی دامەزراو دروست بکا. ئارامیی گشتی و ئاسایشی تایبەتی خۆی، لەوانەیە زۆر جاران پشتبەستوو بن بە باوەڕگەلێک کە لەوانەیە ئەوان پێیان وا بێ گونجاوە لەبارەی ئەو بابەتانەوە بانگەشەیان بۆ بکەن. کە ئەو بەدەگمەن دەتوانێ بە قورساییەک و دەسەڵاتێکی گونجاوەوە، بەرەنگاری بڕیارەکانیان ببێتەوە، پێویستە کە بتوانێ کاریگەریی بەسەریانەوە هەبێ و، تەنیا لەڕێی ترس و چاوەڕوانییەکانی سەرنجراکێش بەلای زۆربەی تاکەکانی ئەو توێژەوە، دەتوانێ ئەم کاریگەرییەی هەبێ. ئەو ترس و چاوەڕوانییانە لەوانەیە بریتی بن لە ترسی بێبەشکردنیان یان هەر سزایەکی تر و، چاوەڕوانکردنی نزیکبوونەوەی زیاتر.

لە هەموو کڵێساکانی کریستیان پلەوپایەی پیاوانی ئاینی جۆرێکن لە موڵکداریی ئازاد، نەک تەنیا لە ماوەی خۆشیدا، بەڵکو بەدرێژایی تەمەن و هەڵسوکەوتی باش. ئەگەر بتوانن لە سەردەمێکی مەترسیداردا بیانهێڵنەوە و، بەهۆی کەمترین تووڕەیی سەروەر یان وەزیرەکانی لەدەستیان بدەن، لەوانەیە مەحاڵ بێ بتوانن بە بەردەوامی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکدا بهێڵنەوە و، کە ئەو کاتە بە بەکرێگیراوی پاشکۆی کۆشکیان دەزانن، کە بەبێ پاراستنی ئاسایشیان لەلایەن ئەوەوە هیچ متمانەیەکیان نابێ. بەڵام ئەگەر سەروەر بەشێوەیەکی ناڕێک و، لەڕێی توندوتیژییەوە هەوڵی دا ژمارەیەک قەشە لە موڵکە ئازادەکانیان بێبەش بکا، بەبیانووی بڵاوکردنەوەی باوەڕێکی مایەی لەتبوون و هاندان بە تەوژمێکی نائاساییەوە، ئەوە بەم سەرکوتینەوەیە، تەنیا ئەوان و باوەڕەکەیان دە هێندە دەناسێنێ و، بەوەش دە هێندە دەبنە مایەی کێشە و مەترسی، زیاتر لە جاران. ترس لە نزیکەی هەموو دۆخێکدا ئامرازێکی خراپی دەستی حکوومەتە و، هەرگیز نابێ بەرامبەر بە هیچ توێژێکی خەڵک بەکار بێ، بەتایبەتی بەرامبەر بەوانەی مەیلی سەربەخۆییان هەیە. هەوڵی ترساندنی ئەوان تەنیا وروژاندنی ئارەزووی خراپەکارییان و، چەسپاندنیان لە بەرەیەکی دژدا کە ئەگەر بەنەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ لەوانەیە نەرم ببنەوە یان هەر واز لە بەرهەڵستکاری بێنن. بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن حکوومەتی فرانسەیی بۆ ناچارکردنی هەموو پەرلەمانەکانیان، یان دادگەکانی دادوەریی سەروەر، بۆ ئەوەی هەموو فەرمانە ناباوەکان تۆمار بکەن، بەدەگمەن سەرکەوتوو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە مرۆڤ پێی وا بێ کە ئەو ئامرازانەی بەکارهێنانیان باو بوو، بەندکردنی هەموو ئەندامە سەرسەختەکان، بەس بووبێ بۆ ناچارکردنیان. میرانی بنەماڵەی ستیوارت هەندێ جار هەمان ڕێگەیان گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر هەندێ ئەندامی پەرلەمانی ئینگلتەرە و، بەگشتی بۆیان دەرکەوتووە کە بێسوود بووە. ئێستا پەرلەمانی ئینگلتەرە بەشێوەیەکی تر بەڕێوە دەچێ و، تاقیکردنەوەیەکی زۆر بچووک لەلایەن دۆقی شوازۆل،

که نزیکەی دوازدە ساڵ پێشتر لەسەر پەرلەمانی پاریس ئەنجامی دا، پێشانی دا کە دەکرێ هەمــوو پەرلەمانەکـانی فرانســە زۆر ئاســانتر بەهەمــان ئەو شــێوەیە دەســتەمۆ بکــرێن. تاقیکردنەوەکە بەردەوام نەبوو. هەرچەندە دەستەمۆکردن و قایلکردن بەردەوام ئاسـانترین و ســەلامەتترین ئــامرازن بەدەســتی حکــوومەتەوە، هێــز و تونــدوتیژی خراپتــرین و مەترسیدارترین، بەڵام ئەوە سروشتی بەدکاری مرۆڤە کە بەردەوام خۆی لە بەکارهێنانی ئامرازە باشـەکە دوور دەگرێ، مەگەر ئەو کـاتە نەبـێ کە نـاتوانێ، یـان نـاوێرێ، ئـامرازە خراپەکە بەکار بێنێ. حکوومەتی فرانسە دەیتوانی و دەیوێرا هێز بەکار بێنێ و، لەبەر ئەوە خۆی دوور گرت لە دەستەمۆکردن و قایلکردن. بەڵام بە بڕوای مـن، لە ئەزموونی هەمـوو سەردەمانەوە وا دەردەکەوێ کە هیچ توێژێکی خەڵک نییە، وەک پیاوانی ئایینی کڵێسـایەکی دامەزراو بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لە دژیان مەترسیدار و بگرە تەواو ڕووخێنەر بێ. مافەکـان، ئیمتیازەکـان، ئـازادیی کەسـیی هەر تـاکێکی سـەر بە کڵێسـا کە پەیوەندیی باشـی لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆیدا هەیە، تەنانەت لە ملهوڕترین حکوومەتەکاندا، زۆر ڕێزلێگیراوتـرن لەوانەی هەر کەسێکی تر لە توێژ و ئاستێکی دەوڵەمەندیی نزیک لەوانەوە. ئەمە لە هەمـوو پۆلێنکردنێکی حوکمی ڕەهادا وایە، هەر لە حکوومەتە نەرم و نیانەکەی پاریسەوە تا دەگاتە حکــوومەتە تونــدوتیژ و تــۆقێنەرەکەی کۆنســتانتینۆپۆل (ئیســتانبوڵ). بەڵام ئەگەرچــی بەدەگمەن ئەم تـوێژە ناچار دەکرێن، دەکرێ وەک هەر خەڵکێکی تـر بەئاسـانی دەسـتەمۆ بکـرێن و، لەوە دەچـێ ئاسایشـی سـەروەر، هەروەهـا ئـارامیی گشـتی، تـا ڕادەیەکـی زۆر پشتبەســتوو بــن بە ئامرازەکــانی دەســتەمۆکردنی ئەمــانە و، لەوە دەچــێ ئەو ئــامرازانە ئەوەیان تێدا بێ کە ئەو پەسەندیان بکا.

لە یاسای کۆنی کڵێسای کریستیاندا، ئوسقوفی هەر ئەبرەشیەیەک لەلایەن پیاوانی ئایینی و خەڵکـی شــارە کڵێســاییەکەوە هەڵــدەبژێررا. ئەو مــافی هەڵبــژاردنە لای خەڵــکەکە زۆر درێــژەی نەکێشـا و، لەو مـاوەیەدا کە مافەکەیـان هەبـوو، نـزیکەی هەمـوو جارێـک لەژێـر کاریگەریی پیـاوە ئایینییەکاندا، کە لەم جۆرە بابەتە ڕۆحییانەدا ڕێنیشـاندەری سروشـتییان بوون، هەڵسوکەوتیان دەکرد. پیاوە ئایینییەکان زوو لە کێشـەی دەستەمۆکردنی ئەو خەڵـکە ئـاگەدار بـوونەوە و، بەلایـانەوە ئاسـانتر وا بـوو کە خۆیـان ئوسـقوفی خۆیـان هەڵبژێـرن. سەرۆکی دێریش، بەلای کەمەوە لە زۆربەی دێرەکاندا، بەهەمـان شێوە لەلایەن ڕاهبەکانی دێرەکەوە هەڵدەبژێررا. پلە نزمترەکانی کڵێسـایی لە نـاو ئەبرەشـیەدا لەلایەن ئوسـقوفەوە دەستنیشان دەکران، بەپێی بۆچوونی ئەو. بەم شێوەیە، هەموو دامەزراندنەکانی نـاو کڵێسـا بەدەســتی کڵێســا خــۆیەوە بــوون. ســەروەر، ئەگەرچــی لەوانەیە لەو هەڵبژاردنــانەدا کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی هەبووبێ و، ئەگەرچی ئاسایی بووە هەندێ جار پرس و ڕای لەسـەر ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنەکە وەرگیـرا بـن، هـیچ ئـامرازێکی ڕاسـتەوخۆی بەدەسـتەوە

نەبووە کە بەشی دەستەمۆکردنی پیاوانی ئاینی بکا. ئامانج و تەماحی پیاوی ئاینی بەسروشت بەرەو لای کۆمەڵەکەی دەبا نەک سەروەر، چونکە تەنیا لەو کۆمەڵەدا چاوەڕوانی پلە و پایەیە.

لە زۆرترین بەشی ئەوروپا، پاپا وردوردە پلەدانانی نزیکەی هەموو ئەبرەشیە و دێرەکانی، یان ئەوانەی پێیان دەگوترا پلەکانی ئەنجومەن، بۆ خۆی کێشایەوە و، دوای ئەوە بە کۆمەڵێ پیلان و بیانوو پلە و پایە نزمترەکانی بەشی زۆری ئەبرەشیەکانی بۆ خۆی برد و، شتێکی کەمی بۆ دەسەلاتی ئوسقوفەکان هێشتەوە کە هەر ئەوەندە بێ بۆ پێگە و دەسەلاتیان گونجاو بێ. بەهۆی ئەم ڕێکخستنەوە دۆخی سەروەر لە جاران خراپتر بوو. پیاوانی ئاینیی ولاتانی جۆراوجۆری ئەوروپا هەموویان لە جۆرە سوپایەکی ڕۆحیدا کۆ کرانەوە، لەڕاستیدا بەسەر هەموو کونجێکدا دابەش بوون، بەلام ئێستا هەموو جوولە و ئۆپەراسیۆنەکانیان لەلایەن یەک سەرەوە ئاراستە دەکرا و، لەسەر یەک پلانی یەکگرتوو دەڕۆیشتن. پیاوانی ئاینیی هەر ولاتێک دەکرا بە مەفرەزەیەکی ئەو سوپایە دابنرێن، یان دەکرا ئۆپەراسیۆنەکانیان بە ئاسانی لەلایەن هەموو مەفرەزەکانی ترەوە کە بە ولاتانی دەوروبەردا بلاوەیان کردووە پشتگیری و پشتیوانی بکرێن. هەر مەفرەزەیەک نەک تەنیا پەیوەست نەبوو بە سەروەری ئەو ولاتەی کە لەنگەری لێ گرتبوو و، لەلایەن ئەوەوە بەخێو دەکرا، بەڵکو پەیوەست بوو بە سەروەرێکی بیانییەوە، کە دەیتوانی لە هەر کاتێکدا ڕووی چەکەکانی لە سەروەری ئەو ولاتە دیاریکراوە بکا و، بە چەکی مەفرەزەکانی تر پشتیوانیی بکا.

ئەو چەکانە زۆر زەبەلاحتر بوون لەوەی کە دەکرێ مەزەندە بکرێ. لە دۆخی کۆنی ئەوروپادا، پێش دامەزراندنی هونەر و پیشەسازییەکان، سامانی پیاوانی ئاینی هەمان دەسەلاتی بەسەر خەڵکی ئاساییدا بەوان دەدا، کە گەورە بارۆنەکان بەسەر خزمەتکار و کرێچی و ڕەنجبەرانی خۆیاندا هەیانبوو. لە موڵکە بەزەوییە زۆرەکاندا، کە گوناهباران لە میران و خەڵکانی تر بە کڵێسایان بەخشیون، هاوشێوەی گەورە بارۆنەکان و بۆ هەمان مەبەست دەسەلاتی دادوەرییان دامەزراندبوو. لەو موڵکە بەزەوییە زۆرانەدا، پیاوە ئاینییەکان، یان سەرکارەکانیان، دەتوانن بەئاسانی ئاشتی بپارێزن بەبێ یارمەتیی شا یان هەر کەسێکی تر و، نە شا و نە هیچ کەسێکی تر ناتوانێ بەبێ پشتیوانی و یارمەتیی پیاوانی ئاینی ئاشتی بپارێزێ. لەبەر ئەوە دەسەلاتە دادوەرییەکەی پیاوانی ئاینی لە شوێنی دەسەلاتدارییان یان لە باخەکانیان، یەکسان بوو بە دەسەلاتێکی سەربەخۆ و، بە یەکسانی وەک دەسەلاتی دادگەکانی شا تایبەت بوون، وەکو ئەوانەی لۆردە دنیاییەکان. کرێچییەکانی پیاوانی ئاینی، وەکو کرێچیی گەورە بارۆنەکان، نزیکەی هەموویان کرێچیی بەویست بوون، بەتەواوی پێوەست بوون بە لۆردە ڕاستەوخۆکانیان و، بەو پێیە دەکرێ

بەخۆشحاڵییەوە بانگیان بکەن بۆ شەڕ لە هەر شەڕێکدا کە پیاوانی ئاینی پێیان وابێ دەبێ بیکەن. پیاوانی ئاینی سەرباری کرێی ئەو موڵکانە، دەیەکی کڵێسا وەردەگرن، کە بەشێکی زۆرە لە کرێی هەموو موڵکەکانی تری هەموو شانشینێکی ئەوروپا. ئەو داهاتەی لەم دوو جۆرە کرێیەوە دێ، بەشی زۆری، بە جۆر دەدرێ، بە گەنمەشامی، شەراب، ماڵات، پەلەوەر، هتد. بڕەکان زۆر زیاتر بوون لەوەی پیاوانی ئاینی خۆیان بتوانن بەکاری ببەن و، نە هونەر هەبوو و نە پیشەسازی بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە زیادەی پێ بگۆڕنەوە. پیاوانی ئاینی نەیاندەتوانی بەهیچ ڕێگەیەکی تر سوود لەم زیادە زۆرە ببینن جگە لە بەگەڕخستنیان، وەک چۆن گەورە بارۆنەکان بەرهەمی زیادی خۆیان بەگەڕ دەخست، لە میوانداریی پڕ زێدەڕۆیی و، کاری خێرخوازیی بەرفرەواندا. بەو پێیە میوانداری و خێرخوازیی پیاوانی ئاینیی کۆن، وەک دەڵێن، زۆر زۆر بوون. ئەوان تەنیا هەموو هەژارانی هەموو شانشینێکیان نەدەژیاند، بەڵکو گەلێ شاسوار و ڕێزدار هیچ بژێوییەکی تریان نەبوو جگە لە هاموشۆ لە دێرێکەوە بۆ دێرێک بەناوی خواپەرستییەوە و، لەڕاستیدا بۆ ئەوە بوو نان لەسەر خوانی پیاوانی ئاینیدا بخۆن. خزمەتکارانی هەندێ ئوسقوفی دیاریکراو زۆر جاران ژمارەیان لەوانەی مەزنترین پیێرەکان (تیرەیەکی خانەدان بوون هاوتای دۆقەکان) زۆرتر بوون و، خزمەتکارانی هەموو پیاوانی ئاینی ئەگەر بەیەکەوە ئەژمار کرابان، لەوانە بوو ژمارەیان زۆر زیاتر بێ لەوانەی پیێرەکان. بەردەوام یەکگرتووییەک لەنێوان پیاوانی ئاینیدا هەبوو کە لە نێوان پیێرەکاندا نەبوو. ئەوانەی یەکەم بە دسپلین و پاشکۆیەتی لە ژێر دەسەڵاتی پاپا ڕێکخرابوون. ئەوانەی دوایی ئەو دسپلین و پاشکۆیەتییەیان نەبوو، بەڵکو زۆربەی جاران ئیرەییان بەیەکتر و بە شا دەبرد. بۆیە ئەگەر ژمارەی کرێچی و خزمەتکارانی پیاوانی ئاینی هەموو بەیەکەوە کەمتریش بووبن لەوانەی پیێرە مەزنەکان و، ژمارەی کرێچییانیان کەمتر بووبن، بەڵام یەکگرتووییان وای دەکرد مەزنتر بن. میوانداری و خێرخوازیی پیاوانی ئاینی، نەک تەنیا هێزێکی دنیایی زۆری بۆیان فەراهەم دەکرد، بەڵکو قورسایی چەکە ڕۆحییەکانیشیانیان زیاتر دەکرد. ئەو چاکەکارییانە دەبوونە مایەی زۆرترین ڕێز و بەپیرۆززانینی زیاتریان لەنێو هەموو توێژەکانی خوارەوەی خەڵکدا، کە زۆربەیان بە بەردەوامی و، نزیکەی هەموویان جاربەجار، نانی ئەوانیان دەخوارد. هەموو شتێکی پەیوەست بەم توێژە خاوەن جەماوەرە، موڵکەکانیان، ئیمتیازەکانیان، بیروباوەڕیان، وەک پێویستییەک بەپیرۆز دەهاتنە بەر چاوی خەڵکی ئاسایی و، هەر دەستدرێژییەک بۆ سەریان، چ ڕاستەقینە بووایە یان هێمایی، بە ئەوپەڕی خراپەکاری و لە ئاین دەرچوون دەزانرا. لەم جۆرە هەلومەرجەدا، ئەگەر زۆربەی جاران بەلای سەروەرەوە سەخت بووبێ بەرەنگاریی هاوپەیمانییەکی ژمارەیەکی کەمی خانەدانان بکا، نابێ بەلامانەوە سەیر بێ ئەگەر بۆمان دەرکەوێ بەرەنگاربوونەوەی هێزی یەکگرتووی پیاوانی ئاینیی وڵاتەکەی، کە

لەلایەن ئەوەی پیاوانی ئاینیی ولاتانی دەوروبەرەوە پشتیوانی دەکرا، زۆر سەختتر بێ. لەم هەلومەرجەدا ئەوەی مایەیی سەرسوڕمان بێ ئەوە نییە کە ئەو هەندێ جاران ناچار بووە مل کەچ بکا، بەڵکو سەیرەکە ئەوەیە کە هەرگیز بتوانێ بەرەنگاری بکا.

ئیمتیازی پیاوی ئاینی لەو سەردەمە کۆنانەدا (کە بەلای ئێمەوە، کە لەم کاتەدا دەژیین، بێهوودە دیارە)، بریتی بوو لە هەڵاویردکردنی تەواویان لە دەسەڵاتی دادوەریی سیکیولار، بۆ نموونە، یان ئەوەی لە ئینگلتەرە پێی دەگوترا سوودی پیاوی ئاینی، کە دەرهاویشتەی سروشتی یان ڕاستتر پێویستی ئەم دۆخە بوو. دەبێ چەند مەترسیدار بووبێ بۆ سەروەر، ئەگەر هەوڵی سزادانی قەشەیەکی دابێ لەسەر هەر تاوانێک، ئەگەر بەتەنیا تویژەکەی خۆی بیپاراستایە و، بەڵگەی پێویستی بۆ تاوانبارکردنی پیاوێکی وا پیرۆزی پێشکەش نەکردایە، یان سزاکە زۆر قورس بووایە بۆ کەسێک کە ئاین پیرۆزی کردووە؟ لەم جۆرە دۆخەدا سەروەر هیچی پێ نەدەکرا باشتر لەوەی لێگەڕێ ئەو قەشەیە لەلایەن دادگەی کڵێساوە دادگەیی بکرێ، کە لەبەر شکۆی تویژەکەیان، پەرۆش بوون بۆ ئەوەی تا دەکرێ ڕێگری لەوە بکەن ئەندامێکیان تاوانی گەورە ئەنجام بدا، یان ببێتە مایەی ئابڕووچوونێک کە لەناو خەڵکدا مایەی بێزراوی بێ.

لەو دۆخەی لە سەدەکانی دە، یازدە، دوازدە و، سێزدە و ماوەیەک پێش ئەوە و ماوەیەک دوای ئەوە، لە بەشی زۆری ئەوروپادا باڵی بەسەر شتەکاندا کێشابوو، ڕەنگ بێ قەوارەی کڵێسای ڕۆما بە بەهێزترین گردبوونەوە بژمێررێ لە دژی دەسەڵات و ئاسایشی حکوومەتی مەدەنی، هەروەها دژی ئازادی، ئاوەز و، خۆشحاڵیی مرۆڤایەتی، کە تەنیا لەسایەی حکوومەتێکی مەدەنیدا گەشە دەکەن کە بتوانێ بیانپارێزێ. لەو قەوارەیەدا، زۆرترین ئەفسانە و وەهمەکان بەشێوەیەک، لەلایەن بەرژەوەندی تایبەتی ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە، پشتیوانییان لێ دەکرا، کە دوور بوون لە مەترسیی هەر هێرشێکی ئاوەزی مرۆڤ، چونکە ئەگەرچی ئاوەزی مرۆڤ دەیتوانی، تەنانەت لای خەڵکی سادەش، پەردە لەسەر هەندێ وەهم و ئەفسانە لابەرێ، هەرگیز نەیدەتوانی پەیوەندییان لەگەڵ بەرژەوەندیە تایبەتەکاندا هەڵوەشێنێتەوە. ئەگەر ئەم قەوارەیە، جگە لە هەوڵی لاوازی ئاوەزی مرۆڤ، تووشی هێرشی هیچ دوژمنێکی تر نەبووایەتەوە، ئەوە هەتاهەتایە دەمایەوە. بەڵام ئەو تەونە مەزن و باش چنراوە، کە هەموو دانایی و چاکەی مرۆڤ نەیتوانی بیهەژێنێ، بەڕادەیەکی زۆر کەمترش هەڵیگیرێتەوە، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سروشتیی شتەکاندا، یەکەم جار لاواز بوو و، دوای ئەوە بەشێکی تێک شکا و، لەوە دەچێ ئێستا، لە ماوەی چەند سەدەیەکی تری کەمدا، بڕووخێ و بەتەواوی ببێتە وێرانە.

پێشکەوتنی پێبەپێی هونەرەکان، پیشەسازی و، بازرگانی، کە هۆکاری ڕووخانی بارۆنە مەزنەکان بوو، بەهەمان شێوە، لە زۆرترین بەشی ئەوروپادا، تەواوی دەسەڵاتی دنیایی پیاوانی ئاینیی ڕووخاند. پیاوانی ئاینی، هاوشێوەی گەورە بارۆنەکان، لە بەرهەمەکانی

هونەر پیشەسازی و، بازرگانیدا شتێکیان دۆزییەوە کە بتوانن بەرهەمی خاوی خۆیانی پێ بگۆڕنەوە و، بەوەش ڕێگەیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی تەواوی داهاتەکانی خۆیان بۆ خۆیان خەرج بکەن، بەبێ ئەوەی بەشێکی زۆریان بە خەڵکی تر بدەن. وردەوردە ئیشە خێرخوازییەکانیان بەرتەسک بوونەوە، میوانداریيەکانیان کەمتر بەربەرەڵا یان کەمتر زێدەڕۆییان تێدا دەکرا. لەئاکامدا ژمارەی خزمەتکارانیان ڕووی لە کەمی کرد و، تا ڕادەیەک تەواو بەرەو نەمان چوون. پیاوانی ئاینیش، هاوشێوەی گەورە بارۆنەکان، حەزیان کرد کرێی باشتر بەرامبەر موڵکە زەویدارەکانیان وەرگرن، بۆ ئەوەی خەرجی بکەن، وەکو ئەوان، لە تێرکردنی لووتبەرزی و گەمژەییاندا. بەڵام ئەم زیادکردنی کرێیانە تەنیا بە گرێبەست لەگەڵ کرێچییەکانیاندا دەست دەکەوتن، کە بەو شێوەیە تا ڕادەیەکی زۆر کرێچییەکان سەربەخۆ دەبوون. پەیوەندییەکانی بەرژەوەندی کە خەڵکی ئاستەکانی خوارەوەیان بە پیاوانی ئاینییەوە دەبەستەوە، بەم شێوەیە، وردەوردە پچڕان و هەڵوەشانەوە. تەنانەت لەو پەیوەندییانە خێراتر پچڕان و هەڵوەشانەوە کە هەمان ئەو توێژانەی خەڵکیان بە گەورە بارۆنەکان دەبەستەوە، چونکە زۆربەی زۆری زەویوزاری کڵێسا زۆر بچووکتر بوون لە موڵکەکانی گەورە بارۆنەکان و، ئەو کەسەی ئەو زەوییەی بەدەستەوە دەبوو زووتر دەیتوانی تەواوی داهاتەکەی بۆ خۆی خەرج بکا. لە بەشی زۆری سەدەکانی چواردە و پازدەدا دەسەڵاتی گەورە بارۆنەکان، لە زۆرترین بەشی ئەورووپادا، لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. بەڵام دەسەڵاتی دنیایی پیاوانی ئاینی، ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسەر زۆرترینی خەڵکەوە هەیانبوو، زۆر پووکابووەوە. دەسەڵاتی کڵێسا لەو کاتەدا، بە ئاستێکی زۆر نزیک لەوە، لە بەشی زۆری ئەورووپا دابەزیبووە ئەوەی کە لە دەسەڵاتی ڕۆحییەوە سەرچاوە دەگرێ و، تەنانەت دەسەڵاتە ڕۆحییەکە زۆر لاواز بووبوو لەبەر ئەوەی چیتر لەلایەن کاری خێرخوازی و میوانداریی پیاوانی ئاینییەوە پشتیوانی نەدەکرا. چیتر توێژی نزمی خەڵک، وەکو جاران، ئەو کۆمەڵە پیاوە ئاینییەیان وەک سووککەرەوەی خەمەکانیان و، کەمکەرەوەی دەستکورتییان نەدەبینی. بەپێچەوانەوە، بەهۆی لووتبەرزی و خۆشگوزەرانی و خەرجیی پیاوانی دەوڵەمەندی ئاینییەوە، کە ئەوەی جاران بە ماڵی هەژاران دەزانرا، بۆ خۆیان خەرجیان دەکرد، ئەوان بووبوونە مایەی بێزلێکردنەوەی ئەو خەڵکە.

لەم دۆخەدا، سەروەرانی دەوڵەتە جیاجیاکانی ئەورووپا هەوڵیان دا ئەو دەسەڵاتەی خۆیان بگەڕێننەوە، کە ڕۆژێک لەڕۆژان بەسەر دەسەڵاتە گەورەکانی کڵێساوە هەیانبوو، بەوەی کە مافی کۆنی هەڵبژاردنی ئوسقوف بۆ سەرۆکی کاهنان و پیاوانی ئەبرەشیە بگەڕێننەوە و، مافی هەڵبژاردنی سەرۆکی دێر بۆ ڕاهبەکانی هەر دێرێک بگەڕێننەوە. دووبارە دامەزراندنەوەی ئەم سیستمە نوێیە ئامانجی گەلێ یاسا بوون کە لە سەدەی چواردەدا لە ئینگلتەرە دەرچوون، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەگوترا یاسای جێگرانی ئوسقوف

و، ئەوەی سزای پراگماتیک کە لە سەدەی پازدەدا لە فرانسە دەرچوو. بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە شیاوی ئەنجامدان بێ، پێویست بوو سەروەر پێشوەخت ڕێگەی پێ بدا و دواتر کەسە هەڵبژێرراوەکە پەسەند بکا و، ئەگەرچی بڕیار بوو هەڵبژاردنەکە ئازادانە بێ، بەڵام ئەو ئامرازی ناڕاستەوخۆی هەبوو، بەهۆی پێگەکەیەوە، کە یارمەتیی بدەن بۆ ئەوەی کاریگەریی بەسەر پیاوانی ئاینیی وڵاتەکەیەوە هەبێ. یاسای تری هاومەبەست لە بەشەکانی تری ئەوروپا داڕێژران. بەڵام لەوە دەچێ کاریگەریی دەسەڵاتی پاپا بەسەر پلە بەرزەکانی کڵێسادا، پێش چاکسازی(Reformation) ، بەگشتی نەمابێ، وەک ئەوەی لە فرانسە و ئینگلتەرەدا هەبوو. بەپێی ڕێککەوتنی پاپایی لە سەدەی شازدەدا، شای فرانسە مافی تەواوی پاڵاوتنی بۆ هەموو پلە بەرزەکان، یان ئەوەی پێی دەگوترا ئەنجومەنی کڵێسایی کڵێسای گالیکانی وەرگرت.

لە کاتی دەرچوونی یاسای سزای پراگماتیک و ڕێککەوتنەکەی پاپا، پیاوانی ئاینیی فرانسە بەگشتی کەمتر لە پیاوانی ئاینیی هەر وڵاتێکی تری کاتولیک گوێیان بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی پاپا دەدا. لە هەموو ناکۆکییەکانی نێوان سەروەر و پاپادا، بەشێوەیەکی نزیکە بەردەوام لای ئەوەی یەکەمیان دەگرت. ئەم سەربەخۆییەی پیاوانی ئاینیی فرانسە لە ئەنجومەنی ڕۆما، لەوە دەچێ لە بنەڕەتدا بە سزای پراگماتیک و ڕێککەوتنەکەی پاپاوە پشتی بەستبێ. لە سەردەمانی زووتری پاشایەتیدا، وا دەردەکەوێ کە پیاوانی ئاینیی فرانسە لەوانەی هەر وڵاتێکی تر زیاتر پابەندی پاپا بووبن. کاتێک کە ڕۆبەرت، دووەمین میری بنەماڵەی کاپیتان، ستەمکارانە لەلایەن ئەنجومەنی ڕۆماوە دەرکرا، دەڵێن کە خزمەتکارەکانی خۆی ئەو خواردنانەی سەر مێزەکەی ئەویان بۆ سەگ فڕێ دا و ڕەتیان کردەوە شتێک بخۆن کە ئەگەر هەیە دەستی کەسێکی بەرکەوتبێ لە دۆخی ئەودا. ئەگەری زۆرە پیاوانی ئاینیی وڵاتەکەی خۆی ئەو خزمەتکارانەیان فێر کردبێ وا بکەن.

داوای دەسەڵات بەسەر پێگە باڵاکانی کڵێسادا، داوایەک بوو کە ئەنجومەنی ڕۆما بۆ ڕەتکردنەوەی، زۆر جاران تەختی گەورەترین پاشاکانی دنیای کریستیانی هەژاندووە و، هەندێ جاریش تەختیانی وەرگێڕاوە، لە گەڵێ بەشی جیاجیای ئەوروپا، بەم شێوەیە سنووردار یان لاواز کرا، یان بەتەواوی نەما، تەنانەت پێش سەردەمی چاکسازیش. کە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی بەسەر خەڵکەوە کەمی کرد، دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر پیاوانی ئاینییەوە زیاتر بوو. بەو شێوەیە، پیاوانی ئاینی دەسەڵاتیان کەمتر بوو و، توانای شڵەژاندنی دەوڵەتیشیان کەمتر بوو.

دەسەڵاتی کڵێسای ڕۆما لەم دۆخە لاوازەدا بوو کاتێک کە چاکسازی لە ئەڵمانیا لەدایک بوو و، زووبەزوو بە هەموو بەشێکی ئەوروپادا بڵاو بووەوە. لە هەموو لایەکەوە بە جۆشی بەرزی میللییەوە پێشوازی لە باوەڕە نوێیەکە کرا. ئەوان بەتەواوی ئەو گوڕەوە بەگشتی هاوشێوەی گیانی حزبی کاتێک کە هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتێکی دامەزراو، بڵاو

بوونەوە. مامۆستایانی ئەم بیر و باوەڕە، هەرچەندە لەوانەیە لەڕووی تەرەوە زاناتر نەبن لەوانەی بەرگرییان لە کڵێسا دامەزراوەکە دەکرد، بەڵام بەگشتی شارەزایی باشتریان هەبوو لەسەر مێژووی کڵێسا و، بنەچە و پێشکەوتنی ئەو سیستمی بۆچوونەی دەسەڵاتی کڵێسای لەسەر دامەزرا و، لە نزیکەی هەموو ناکۆکییەکدا باڵادەستتر بوون. دنیانەویستی لە هەڵسوکەوتەکانیاندا وای کرد دەسەڵات بەسەر خەڵکە ئاساییەکەدا پەیدا بکەن، ئەو هەڵسوکەوتانە جیاوازیی ڕێکخراویی توندی ئەمانی لەگەڵ ژیانی بەڕەڵایانەی زۆربەی پیاوە ئایینییەکانیان پیشان دەدا. هەروەها ئاستی ئەوان لە هونەرەکانی تێکەڵبوون بە خەڵک و بەکێشکردنیان بۆ ڕیزەکانی خۆیان بەرزتر بوو لەوەی نەیارەکانیان، کە هونەرگەلێک بوون کورە نازدارەکانی کڵێسا لەمێژ بوو پشتگوێیان خستبوون، چونکە بەلای ئەوانەوە زۆر بێسوود بوون. شێوازی بیرکردنەوەی باوەڕە نوێیەکە لە هەندێک خەڵکیان نزیک کردەوە و، تازەیی ئەو باوەڕە لە خەڵکێکی زۆری نزیک کردەوە، ڕق و بێزکردنەوە لە پیاوانی ئایینی کۆن لە ژمارەیەکی زۆرتری نزیک کردەوە، بەڵام جۆش و خرۆش و توندڕۆیی، ئەگەرچی بەزۆری زبر و دڕبوون، ئەو گوتارەی بیرەکەی لە نزیکەی هەموو شوێنێکدا پێ دەچەسپێنرا، بیرەکەی بە زۆرترین ژمارەی خەڵک گەیاند.

سەرکەوتنی بیروباوەڕی نوێ لە نزیکەی هەموو شوێنێکدا گەلێ گەورە بوو کە بەهۆیەوە ئەو میرانەی لەو کاتەدا پەیوەندییان لەگەڵ ئەنجومەنی ڕۆما خراپ بوو، توانییان لە ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیاندا ئەو کڵێسایە هەڵگێڕنەوە کە، لەبەر ئەوەی ڕێز و حورمەتی خۆی لای توێژەکانی خوارەوەی خەڵک لەدەست دابوو، بەدەگمەن توانیی بەرگری لە خۆی بکا. کڵێسای ڕۆما هەندێ لە میرانی بەشە بچووکترەکانی باکوری ئەڵمانیای تووڕە کرد، کە لەوانەیە بە نەگونجاویانی زانیبێ. لەبەر ئەوە، ئەوان بە گشتی چاکسازییان لە ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیاندا دامەزراند. ستەمکاریی کریستیانی دووەم و ترۆل، سەرۆکی ئوسقوفانی ئوپسالا، یارمەتیی گوستاڤوس ڤاسای دا بۆ ئەوەی لە سوید دەریان بکا. پاپا و سەرۆکی ئوسقوفان ستەمکارییان بەلاوە پەسەند بوو و، گوستاڤوس ڤاسا توانیی بەبێ هیچ سەختییەک چاکسازی لە سوید دامەزرێنێ. کریستیانی دووەم دواتر لەسەر تەختی دانمارکیش لادرا، کە لەوێش وەک سوید بەهۆی هەڵسوکەوتیەوە بێزرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاپا هێشتا ئەوی بەلاوە پەسەند بوو و، فریدریکی هۆڵشتاین کە لە جێی ئەو هاتە سەر تەخت تۆڵەی خۆی بە گرتنەبەری ڕێگەی گوستاڤوس ڤاسا کردەوە. دادوەرانی بێرن و زوریخ کە ململانێیەکی تایبەتیان لەگەڵ پاپا نەبوو، زۆر بە ئاسانی چاکسازییان لە کانتۆنەکانی خۆیاندا دامەزراند، کە پێشتر لەوێ هەندێ لە پیاوانی ئاینی بە فرتوفێڵی کەمێک لە ئاسایی زیاتر، تەواوی تیرەکەیان کرێت و ڕسوا کردبوو.

لەو دۆخە هەستیاوەدا، ئەنجومەنی پاپا هەوڵی پێویستی دەدا بۆ پەیداکردنی دۆستایەتیی سەروەرانی بەهێزی فرانسە و ئیسپانیا، کە ئەمەی دوایی لەو کاتەدا

ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو. بەیارمەتیی ئەوان، هەرچەندە بەبێ سەختیی زۆر و خوێنڕێژیی زۆرترەوە نەبوو، توانیی یان بەتەواوی، یان بەڕادەیەکی زۆر، ڕێ لە پێشکەوتنی چاکسازی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا بگرێ. هەروەها تەواو ئەگەری ئەوە هەبوو دڵی شای ئینگلتەرە نەرم بکا. بەڵام لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا، ئەوە نەدەبوو بەبێ سووکایەتیکردن بە پاشایەکی گەورەتر، چارلزی پێنجەم، شای ئیسپانیا و ئیمپراتۆری ئەڵمانیا. لە ئاکامدا، هنریی هەشتەم، هەرچەندە خۆی باوەڕی بە بەشی زۆری بیری چاکسازی نەهێنابوو، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەرفرەوانی ئەو بیرە، توانیی سەری هەموو دێرەکان بکوتێتەوە و دەسەڵاتی کڵێسای ڕۆما لە ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیدا هەڵوەشێنێتەوە. هەرچەندە دەیتوانی زیاتر لەوە بکا، بەڵام هەر ئەوەندەی کرد و، جۆرێک ئارامیی بە سەرکردەکانی چاکسازی بەخشی کە دەستیان بەسەر حکوومەتدا گرت، لە سەردەمی کوڕەکەی و جێگرەوەکەیدا و، بەبێ ئاستەنگ ئەو ئیشەیان تەواو کرد کە هنریی هەشتەم دەستی پێ کرد.

لە هەندێ وڵاتی وەکو سکۆتلاند، کە حکوومەتیان لاواز و ناجەماوەری بوو و، تەواو چەسپاو نەبوو، چاکسازی ئەوەندە بەهێز بوو کە توانیی نەک تەنیا کڵێسا بەڵکو ئەو دەوڵەتەشی کە هەوڵی پشتیوانیی کڵێسای دا، هەڵگێڕێتەوە.

لە نێو شوێنکەوتووانی چاکسازیدا کە بە هەموو وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپادا بڵاو بووبوونەوە، ئەنجومەنێکی گشتی نەبوو وەک ئەنجومەنەکەی ڕۆما، یان ئەنجوومەنێکی جیهانی کە بتوانێ چارەسەری هەموو جیاوازییەکانیان بکا و، بە دەسەڵاتێکی یەکلاکەرەوەوە سنووری وردی باوەڕەکەیان بۆ دەستنیشان بکا. لەبەر ئەوە، کاتێک کە شوێنکەوتووانی چاکسازی لە وڵاتێکدا، ناکۆکییەکیان لەگەڵ برایانیان لە وڵاتێکی تردا دەبێ، چونکە دادوەرێک نییە ڕووی لێ بکەن، لەوانەیە ناکۆکییەکە هەرگیز یەکلا نەبێتەوە و، گەلێ شتی وا لەنێوانیاندا ڕوویان دا. ئەو ناکۆکییانەی پەیوەندیداربوون بە بەڕێوەبردنی کڵێسا و، مافی پلە کڵێساییەکان، پەیوەستترینیان بوون بە ئاشتی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. بەمەش بوونە هۆی لەدایکبوونی دوو تایەفەی سەرەکی لەنێوان شوێنکەوتووانی چاکسازیدا، لوتەریەکان (Lutheran) و کالڤنیەکان(Calvinistic) ، کە تەنیا دوو تایەفەی نێوانیانن کە باوەڕ و دسپلینەکانیان لە شوێنێکی ئەورووپادا بە یاسا دامەزراین.

شوێنکەوتووانی لوتەر، شانبەشانی ئەوەی پێی دەگوترا کڵێسای ئینگلتەرە، زۆر و کەم حکوومەتێکی ئوسقوفانیان دروست کرد، کە ڕیزبەندیی نێوان پیاوانی ئایینی دەستنیشان کرد، دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی هەموو ئەبرەشیە و پێگەکانی ئەنجومەنی کڵێسای بە سەرەوەر دا، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا و، سەروەری کردە سەرۆکی ڕاستەقینەی

کڵێسا و، بەبێ ئەوەی ئوسقوف لە مافی دەستنیشانکردنی پلە بچووکەکانی ناو ئەبرەشیەکەی خۆی بێبەش بکا و، تەنانەت لەو پلانەشدا مافی سەروەر و پیرەکانیان فەرامۆش نەکرد. ئەم سیستمەی حکوومەترانیی کڵێسا لە سەرەتاوە بۆ ئاشتی و سیستمی باش و، گوێڕایەڵی بۆ سەروەری مەدەنی گونجاو بوو. بەمەش هەرگیز نەبووە مایەی هیچ گێرەشێوێنی و سەرگەردانییەکی مەدەنی لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی تیایدا دامەزرا. کڵێسای ئینگلتەرە بەتایبەتی بەردەوام، هۆکاری باشیشی بۆ ئەمە هەبوو، خۆی بەوە دەنرخاند کە زۆر پابەندی بنەماکانیەتی. لە سایەی ئەم جۆرە حوکمەدا پیاوانی ئاینی هەوڵیان دەدا خۆیان نزیک بکەنەوە لە سەروەر، لە مەڵبەندی حوکمڕانی و، خانەدان و ڕێزدارانی وڵات، کە چاوەڕوان بوون بەهۆی دەسەڵاتی ئەوانەوە بچنە پێشەوە. بێگومان ئەوان هەندێ جار بە پەسنکردنیان لەم سەرپەرشتانە نزیک دەبوونەوە، بەڵام زۆر جاریش بە چەسپاندنی هەموو ئەو هونەرانەی کە شایانن و، مایەی ڕێزی توێژی باڵا و دەوڵەمەندن، لەڕێی شارەزاییانەوە لە لقە جۆراوجۆرەکانی فێربوونی بەسوود و جوانکاری، بە لێبووردەیی گونجاوی هەڵسوکەوتیان، بە گاڵتەوگەپی کۆمەڵایەتی لە قسەکانیاندا و، بە دەربڕینی بێزکردنەوە لە دنیانەویستیی بێواتە و درۆیینی توندڕەوەکان، بۆ ئەوەی خۆیان بە پیرۆز پیشان بدەن. بەڵام ئەم جۆرە پیاوە ئاینییە بە نزیکبوونەوەیان لە توێژە باڵاکان ئەگەری زۆر هەیە ئاگایان لە دەسەڵات بەسەر توێژە نزمەکان نەمێنێ. ئەمان لەلایەن ئەوانەی باڵادەستن گوێیان لێ دەگیرێ و ڕێزیان دەگیرێ، بەڵام لە بەردەم ئەوانەی خوارەوەدا زۆربەی جار بێتوانان لە بەرگریی کارا و قایلکردنی ئەو جۆرە گوێگرانە، باوەڕی واقعی و میانڕۆیان دژە لەگەڵ ئەو هەوادارانەی جەهالەت کە بڕیار دەدەن هێرش بکەنە سەریان.

شوێنکەوتووانی زوینگلی، یان ڕاستتر شوێنکەوتووانی کالڤن، بەپێچەوانەوە، ڕوویان لە ڕەعیەتی هەموو ئەبرەشیەیەک بوو، هەر کاتێک کڵێسا چۆڵ بووبووایە مافی هەڵبژاردنی قەشەی خۆیان پێیان دەدا و لە هەمان کاتدا یەکسانییەکی تەواویان لەنێوان پیاوانی ئاینیدا چەسپاند. بەشی پێشووی ئەم سیستمە، ئەوەندەی کارا بوو، لەوە دەچێ جگە لە پاشاگەردانی هیچی بەرهەم نەهێنابێ و، بووە مایەی شێواندنی ئاکاری خەڵک و پیاوانی ئاینیش. بەشەکەی دواییش هەرگیز هیچ کاریگەرییەکی نەبوو ئەوەندە نەبێ کە تەواو پەسەند بوو.

ئەوەندەی ڕەعیەتی هەر ئەبرەشیەیەک مافی هەڵبژاردنی قەشەی خۆیان هەبوو، نزیکەی هەموو جارەکان لە ژێر کاریگەریی پیاوانی ئاینیدا هەڵسوکەوتیان دەکرد و، بەگشتی زۆر ناکۆک و توندڕەوانە ئەوەیان دەکرد. پیاوانی ئاینی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەو هەڵبژاردنانەدا بپارێزن، زۆربەیان بوون بە، یان کران بە کەسی توندڕۆ و، هانی توندڕۆییان لەنێو خەڵکدا دەدا و، زۆربەی جاران توندڕۆترین پاڵێوراویان ڕەپێش

دەخست. نزیکەی هەموو جارێکیش بابەتی بچووکی وەک دامەزراندنی کاهنێکی ئەبرەشیە مایەی توندوتیژی دەبوو، نەک تەنیا لە یەک ئەبرەشیەدا، بەڵکو لە تەواوی ئەبرەشیەکانی دەوروبەریشدا کە بەدەگمەن خۆیان لەو بگرەوبەردەیە دوور دەگرت. ئەگەر ئەبرەشیەکە لە شارێکی گەورە بووایە، ئەوە تەواوی دانیشتووانی بۆ دوو بەش لەت دەکرد و، ئەگەر ئەو شارە خۆی وەک کۆمارێکی بچووک بنواندایە، یان شاری سەرەکی یان پایتەختی کۆمارێکی بچووک بووایە، وەک زۆربەی شارە گەورەکانی سویسرا و هۆڵاند، هەموو ناکۆکییەکی بچووکی لەم جۆرە، سەرباری هاندانی دژایەتیی گرووپەکانی تر، مەترسیی لەتبوونێکی نوێی کڵێسا و دەرکەوتنی گرووپێکی نوێی دەخستەوە. لەبەر ئەوە، لەو کۆمارە بچووکانەدا، دادوەر زوو بۆی دەرکەوت کە پێویستە لەپێناو پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵگەدا، مافی خستنەڕووی کاندید بۆ ئەو پۆستە چۆڵانە بۆ خۆی گل بداتەوە. سکۆتلاند، کە فرەوانترین وڵاتە ئەو شێوازەی حکوومەتی کڵێسای پیرانی (Presbyterian) تێدا دامەزرابوو، مافەکانی چاودێریی دامەزراندن بە بڕیارێکی ئەنجومەنی پیرانی کڵێسا لە سەرەتای حوکمڕانیی ویلیەمی سێیەم هەڵوەشایەوە. ئەو بڕیارە بەلای کەمەوە دەسەڵاتی بە هەندێ پۆلی دیاریکراوی رەعیەتی هەر ئەبرەشیەیەک دا، بەرامبەر بە نرخێکی کەم، مافی هەڵبژاردنی قەشەی خۆیان بکڕن. ئەم یاسایە ماوەی ۲۲ ساڵ کاری پێ کرا، بەڵام بە دەیەمی شاژن ئان هەڵوەشێنرایەوە، بە بیانووی ئەو بشێوی و پاشاگەردانییانەی ئەو شێوازە گشتییەی هەڵبژاردن لە نزیکەی هەموو شوێنێکدا دروستی دەکا. بەڵام لە وڵاتێکی فرەوانی وەک سکۆتلاند ئەگەری ئەوە نەبوو بشێوی لە ئەبرەشیەیەکی دوور کار بکاتە سەر حکوومەت، هاوشێوەی ئەوەی لە وڵاتێکی بچووکتردا ڕوو دەدا. دەیەمی شاژن ئان، مافی چاودێریی وەرگرتەوە. بەڵام هەرچەندە لە سکۆتلاند یاسا پۆست بەبێ جیاوازی بەو کەسە دەدا کە چاودێر دەیخاتە ڕوو، هێشتا هەندێ جار کڵێسا (لەبەر ئەوەی لەم ڕووەوە بڕیارەکانی یەکانگیر نەبوون) داوای جۆرە پەسەندکردنێکی خەڵکی دەکرد پێش ئەوەی بڕیار لەسەر ئەو پاڵێوراوە بدا، کە پێی دەگوترا دڵنەوایی، یان مافی بڕیاردانی کڵێسایی لە ئەبرەشیەکەدا. هەندێ جار بەلای کەمەوە، بەهۆی نیگەرانی لە زیانگەیاندن بە ئاشتیی ئەبرەشیە، بڕیارەکە تا یەکلاکردنەوەی ئەو دڵنەوایییە دوا دەخرا. دەستوەردانی تایبەتی هەندێ پیاوانی ئاینیی دەوروبەر، هەندێ جاران بۆ بەدەستهێنانی، بەڵام زۆربەی جاران بۆ ڕێگری، لەم بڕیارە و، ئەو هونەرە باوانەی چەسپاندبوویانن بۆ ئەوەی بەهۆیانەوە بتوانن لەو دۆخانەدا دەستوەردان بکەن، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بن بۆ زیندووڕاگرتنی پاشماوەکانی گیانی توندڕەویی پێشوو، چ لە پیاوانی ئاینی یان لای خەڵکی سکۆتلاند.

ئەو یەکسانییەی شێوازی بەڕێوەبەریی کڵێسا لەلایەن پیرانەوە، لەنێوان پیاوانی ئاینیدا دایمەزراند، پێک دێ لە، یەکەم، یەکسانیی دەسەڵات یان پێگەی کڵێسایی، دووەم، یەکسانیی پۆستەکانیان. لە هەموو کڵێساکانی پیراندا یەکسانیی دەسەڵات تەواوە، یەکسانیی پۆست

ناتەواوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازیی نێوان پۆستێک و پۆستێکی تر ئەوەندە کەمە کە بەدەگمەن وا دەکا خاونی پۆستە بچووکەکە خۆی بۆ سەرپەرشتیارەکەی بچووک بکاتەوە تاوەکو پۆستێکی باشتری دەست بکەوێ. لە هەموو کڵێساکانی پیراندا کە مافەکانی سەرپەرشتیاری بەوردی دەستنیشان کراون، پیاوی ئاینیی دامەزراو بە بالاترین و باشترین هونەرەکان هەوڵی بەدەستهێنانی سوودێک لەوانەی سەرووی خۆیەوە دەدا، بە خوێندن، بە رێکوپێکیی هەڵسوکەوت و، دڵسۆزی و کۆشش لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا. تەنانەت زۆر جاران سەرپەرشتانیان گلەیی لە گیانی سەربەخۆییان دەکەن، کە بە بێئەمەکی بۆ چاکەکانی پێشووی دەزانن، بەڵام کە لە خراپترین دۆخدا، بەدەگمەن زیاترن لە گوێنەدانی سروشتی بەوەی چاوەڕوانی چاکەی زیاتر بکەن. لەوانەیە بەدەگمەن لە هیچ شوێنێکی تری ئەوروپادا، کەسانی خوێندەوارتر، گونجاوتر، سەربەخۆتر و، بەڕێزتر لە پیاوانی ئاینیی کڵێساکانی پیرانی هۆڵاند، جەنەوا، سویسرا و سکۆتلاند بدۆزرێنەوە.

کە پۆستەکانی کڵێسایی هەموویان نزیکە یەکسان بن، هیچ کامێکیان زۆر بالا نابێ و، ئەم میانڕەویی پۆستانە، بێگومان کاریگەریی پەسەندی دەبێ. هیچ شتێک لە ئاکاری نموونەیی زیاتر شکۆ بە مرۆڤێکی خاوەن سامانێکی کەم نابەخشێ. خراپەکارییەکانی لووتبەرزی و بەربەرەڵایی بۆ ئەو ڕووخێنەرترینن، وەک چۆن بۆ خەڵکی ئاسایی بەهەمان شێوەن. کەواتە، ئەو لە هەڵسوکەوتی خۆیدا ناچارە پەیڕەویی ئەو سیستمی ئاکارە بکا کە لای خەڵکی ئاسایی زۆرترین ڕێزی لێ دەگیرێ. ئەو بەو پلانەی ژیان کە بەرژەوەندی و پێگەکەی بەرەو ئەوی ئاراستە دەکەن، ڕێز و خۆشەویستی بەدەست دێنێ. خەڵکی ئاسایی بەو میهرەبانییەوە لێی دەڕوانن، کە ئێمە بەسروشت لەو کەسە دەڕوانین کە لە دۆخی ئێمەوە نزیکە، بەڵام پێمان وایە کە دەبێ لەوە بەرزتر بێ. میهرەبانیی ئەوانیش بەسروشت دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی میهرەبانیی ئەو. ئەو پەرۆشی ڕێنوێنیکردنیان دەبێ و، حەز لە یارمەتیدان و فریاکەوتنیان دەکا. ئەو تەنانەت ڕقی لەو بڕیارە پێشوەختانەی خەڵک نابێ کە بڕیارە بۆ ئەو گونجاو بن و، هەرگیز بە لووتبەرزییەوە ڕووبەڕوویان نابێتەوە، کە زۆر جاران لای کەسایەتییە خۆبەزلزانەکانی کڵێسا پارەدارەکاندا بەدی دەکەین. پیاوانی ئاینیی کڵێساکانی پیران، بەو پێیە کاریگەریی زۆرتریان هەیە لەسەر مێشکی خەڵکی ئاسایی، زیاتر لە پیاوانی ئاینیی سەر بە هەرکڵێسایەکی تری دمەزراو. لەبەر ئەمە تەنیا لە وڵاتانی کڵێساکانی پیراندا نابینین خەڵکی ئاسایی بەبێ زۆرلێکردن ڕوو لە کڵێسایەکی دامەزراو بکەن.

لەو وڵاتانەی کە زۆربەی وەقفەکانی کڵێسا تیایاندا ئاساییین، پۆستێک لە زانکۆیەکدا بەگشتی دامەزراوترە لە پۆستێکی کڵێسا. لەم دۆخەدا، زانکۆکان ئەندامانی خۆیان لە پیاوانی سەر بەکڵێسای وڵاتەوە دێنن و هەڵدەبژێرن، کە لە هەموو وڵاتێکدا زۆرترین پیاوانی خوێندەواریان تێدایە. بەڵام بەپێچەوانەوە، لەو وڵاتانەدا کە وەقفەکانی کڵێسا زۆر

گەورەن، بەسروشت بەشی زۆری پیاوانی خوێندەواری بەرچاوی زانکۆ بۆ خۆیان بەکێش دەکەن، کە سەرپەرشتیار بۆ خۆیان دەدۆزنەوە تاوەکو لە کڵێسا وەرگیرێن. لە دۆخی یەکەمدا دەبینین کە زانکۆکان پڕن لە دیارترین پیاوانی خوێندەواری وڵات. لەمەی دواییدا، لەوانەیە کەم پیاوی دیاریان تێدا بدۆزینەوە و، ئەو ژمارە کەمش گەنجترین ئەندامانی کۆمەڵگەن، کە لەوانەیە پێش ئەوەی ئەزموون و زانیاریی پێویست بەدەست بێنن لەوێ بکێشرێنەوە. بەڕێز دو ڤۆلتێر، تێبینیی کردووە، باوە پۆری، ئەو عیسایییەی زۆر لە دنیای خوێندەواریدا دیار نەبوو، تەنیا مامۆستایەک بووە لە فڕانسە کە نووسینەکانی شایانی خوێندنەوە بن. لە وڵاتێکدا کە بەرهەمهێنی ژمارەیەکی زۆر خوێندەواری دیارە، دەبێ سەیر بێ کە بەدەگمەن یەکێکیان بدۆزیتەوە مامۆستای زانکۆ بێ. گاسندی بەناوبانگ، لە سەرەتای ژیانیدا مامۆستا بوو لە زانکۆی ئێکس. هەر لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژی بلیمەتییدا، پێیان ڕاگەیاند کە ئەگەر بچێتە کڵێسا بژێوییەکی زۆر ئاسانتر و زۆرتری دەست دەکەوێ، شانبەشانی پێگەیەکی باشتر بۆ بەردەوامیدان بە لێکۆڵینەوەکانی و، ئەویش یەکسەر بەقسەی ئەو ئامۆژگارییەی کرد. من پێم وایە تێبینییەکەی بەڕێز دو ڤۆلتێر تەنیا بۆ فڕانسە ڕاست نییە، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی ڕۆمی کاتۆلیک وایە. ئێمە بەدەگمەن لە هیچ یەکێکیاندا پیاوێکی خوێندەواری دیار دەبینین مامۆستای زانکۆ بێ، بێگومان جگە لەوانەی مامۆستای یاسا و فیزیکن، کە لەوە ناچێ کڵێسا ئەوانی بوێ. دوای کڵێسای ڕۆما، کڵێسای ئینگلتەرە دەوڵەمەندترین و پارەدارکراوترین کڵێسای دنیای کریستیانێتییە. بەو پێیەش، کڵێسا لە ئینگلتەرە بەردەوام زانکۆ لە باشترین و بەتواناترین ئەندامانی خاڵی دەکا و، لەوێش وەک هەر وڵاتێکی ڕۆمی کاتۆلیک بەدەگمەن وانەبێژێکی کۆنی کۆلیج دەدۆزیتەوە کە لە ئەورووپا وەک خوێندەوارێک دیار و ناسراو بێ. بەپێچەوانەشەوە، لە جەنەوا، لە کانتۆنە پرۆتستانتەکانی سویسرا، لە ویلایەتە پرۆتستانتەکانی ئەڵمانیا، لە هۆڵاند، لە سکۆتلاند، لە سوید، لە دانمارک، دیارترین پیاوانی خوێندەواری وڵات، بێگومان هەموویان نا، بەڵام زۆرترینیان، مامۆستای زانکۆن. لەم وڵاتانەدا، زانکۆکان بەردەوام کڵێساکان لە دیارترین پیاوانی خوێندەوار چۆڵ دەکەن. لەوانەیە جێی خۆی بێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، لەکاتێکدا کە، ئەگەر وا بێتە بەر چاومان شاعیران، کەمێک لە وتاربێژان و، کەمێک لە مێژووناسان، بەشی زۆری پیاوانی خوێندەواری دیاری گریک و ڕۆمان، مامۆستای گشتی یان تایبەتی فەلسەفە یان ڕەوانبێژی بوون. ئەم تێبینییە لە سەردەمی لیسیەس و ئایسۆکرات، ئەفلاتون و ئەرستۆوە تا سەردەمی پلوتارخ و ئیپیکتیتس، سویتۆنیەس و کوینتیلیەن، ڕاست بووە. لەڕاستیدا، سەپاندنی وانەگوتنەوەی ساڵ لەدوای ساڵ لە یەک لقێکی دیاریکراوی زانست بەسەر کەسێکدا، لەوە دەچێ کاریگەرترین ئامراز بێ بۆ ئەوەی ئەو کەسە ببێتە مامۆستای تەواوی ئەو بابەتە. ئەو کە ناچار بێ هەموو ساڵێک بەسەر هەمان بابەتدا بچێتەوە، ئەگەر

بۆ هیچ شتێک باش بێ، وەک پێویستییەک لە چەند ساڵێکی کەمدا زانیارییەکی باش لەبارەی هەموو بەشێکی ئەو بابەتەوە بەدەست دێنێ و، ئەگەر لە ساڵێکدا بەهۆی پەلەکردنەوە بۆچوونێکی لەسەر خاڵێک دەربڕی، کاتێک ساڵی دواتر لە میانی وانەکانیدا بەسەر ئەو خاڵەدا چووەوە، لەوانەیە ئەو بۆچوونەی ڕاست بکاتەوە. ئەگەر بوون بە مامۆستای زانست پیشەی سروشتیی پیاوێکی خوێندەواری ئاسایی بێ، ئەوە ئەگەری زۆر هەیە کە فێرکردن بیکاتە پیاوێکی خاوەن تێگەیشتن و زانیاریی دامەزراو. ئاستی مامناوەندی وەقفەکانی کڵێسا بەسروشت بەشی زۆری پیاوانی خوێندەوار، لەو وڵاتەدا کە ئەوە دۆخەکەیەتی، بەرەو پیشەیەک بەکێش دەکا کە بۆ کۆمەڵگە بەسوودترە و، لە هەمان کاتدا، باشترین هەلی فێربوونە کە ئەو پیاوانە بتوانن دەستیان بکەوێ. ئەمە وا دەکا فێربوونی ئەوان تا دەکرێ پتەوتر و بەسوودتر بێ.

دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێ کە ئەو بەشانەی داهاتی کڵێسایەکی دامەزراو، کە چاوەڕوان دەکرێ لە هەندێ زەوی و باخەوە بێ، لقێکە لە داهاتی گشتیی دەوڵەت کە بەم شێوەیە بۆ مەبەستێک تەرخان کراوە دوور لە بەرگری لە دەوڵەتەکە. دەیەک، بۆ نموونە، باجێکی ڕاستەقینەی سەر زەوییە، کە لە دەسەڵاتی خاوەنی زەوییەکە دەردەکرێ بۆ ئەوەی بەشداریی پێ بکرێ لە بەرگری لە وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا، موڵکانەی زەوی، بە قسەی هەندێک، تەنیا سندووقی پارەدارکردنە و، بە قسەی هەندێکی تر، سندووقێکی سەرەکییە، کە بەهۆیەوە هەموو شانشینە گەورەکان لەکۆتاییدا خەرجییەکانی دەوڵەتی پێ دابین دەکەن. ئاشکرایە چەند زیاتر لە پارەی ئەو سندووقانە بە کڵێسا بدرێ، ئەوەندە کەمتر بۆ دەوڵەت دەمێنێتەوە. دەکرێ وەک سەلمێنراوێک بگوترێ کە ئەگەر هەموو شتەکانی تر یەکسان بن، چەند کڵێسا دەوڵەمەندتر بێ، پێویستە یان سەروەر لەلایەک، یان خەڵک لەلایەکەی ترەوە هەژارتر بن و، لە هەموو دۆخەکاندا، توانای دەوڵەت بۆ بەرگری لە خۆی کەمتر دەبێ. لە گەلێ وڵاتی پرۆتستانت، بەتایبەتی لە کانتۆنە پرۆتستانتەکانی سویسرا، ئەو داهاتەی لە کۆندا بۆ کڵێسای ڕۆمی کاتولیک بوو، دەیەک لەگەڵ زەوییەکانی کڵێسا، دەرکەوت کە سندووقێکی پارەدارکردنە، نەک تەنیا بەشی مووچەی تێروتەسەلی پیاوە ئایینییە دامەزراوەکان دەکا، بەڵکو بە خستنەسەرێکی کەمەوە یان بەبێ ئەوەی هیچی بخرێتە سەر، بەشی هەموو خەرجییەکانی تری دەوڵەت دەکا. دادوەرانی کانتۆنی بەهێزی بێرن، بە شێوەیەکی تایبەت، بەوەی لەم سندووقە کۆ کراوەتەوە بڕە پارەیەکی یەکجار زۆریان کەڵەکە کردووە، کە پێشبینی دەکرێ چەندان ملیۆن بێ، بەشێکیان لە گەنجینەیەکی گشتیدا داناوە و، بەشێکیان بە سوود داوە بەوەی ئێمە پێی دەڵێین سندووقە گشتییەکانی گەلانی قەرزاری ئەوروپا، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوانەی فەرانسە و بریتانیای مەزن. من نازانم خەرجیی کڵێسای بێرن، یان هەر کانتۆنێکی پرۆتستانتی تر چەندە. لە تۆمارێکی زۆر

ورد دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٧٥٥دا تەواوی داهاتی پیاوانی ئاینیی کڵێسای سکۆتلاند، بەوەی زەوییەکانی کڵێسا و، کرێی خانووەکانیانەوە، بەگوێرەی مەزەندەیەکی باش تەنیا ٦٨٥١٤ پاوەن و یەک شیلین و پێنج پێنس و نیو بووە. ئەم داهاتە مامناوەندییە، ژیانێکی شیاو بۆ ٩٤٤ کاهن دەستەبەر دەکا. تەواوی خەرجیی کڵێساکە بە خەرجیی دروستکردن و چاککردنەوە کڵێساکان و، خانووی کاهنەکانەوە، چاوەڕوان ناکرێ ساڵانە لە ٨٠ یان ٨٥ هەزار پاوەن زیاتر بێ. دەوڵەمەندترین کڵێسا لە دنیای کریستیانێتیدا، باشتر یەکانگیریی باوەڕ، گوڕی خواپەرستی، گیانی سیستم، ڕێکخراوی و، ئاکاری پابەند لەنێو زۆرینەی خەڵکدا، زیاتر ناپارێزێ لەوەی کڵێسای کەمدەرامەتی سکۆتلاند دەیکا. هەموو ئەو کاریگەرییە باشە مەدەنی و ئاینییانەی لە کڵێسایەکی دامەزراو چاوەڕوانکراون، ئەم کڵێسایە بەرهەمیان دێنێ. بەشی زۆری کڵێسا پرۆتستانتەکانی سویسرا، کە بەگشتی لە کڵێسای سکۆتلاند پارەدارتر نین، ئەم کاریگەرییانە بە ئاستی بەرزتر بەرهەم دێنن. لە بەشی زۆری کانتۆنە پرۆتستانتەکان تەنیا یەک کەس نادۆزرێتەوە کە جەخت نەکا لەسەر ئەوەی سەر بە کڵێسا دامەزراوەکەیە. لەڕاستیدا، ئەگەر بڵێ کە شتێکی ترە، یاسا ناچاری دەکا کانتۆنەکە بەجێ بهێڵێ. بەڵام یاسایەکی وا توند، یان ڕاستتر وا ستەمکار، هەرگیز شیاوی جێبەجێکردن نەدەبوو بەبێ ئەوەی پێشوەخت پیاوانی ئاینی تەواوی خەڵکیان بۆ لای کڵێسا دامەزراوەکە بەکێش نەکردبێ، جگە لە هەندێ تاک کە بەدەنگیانەوە نەچوون. بەو پێیە، لە هەندێ بەشی سویسرا کە بەهۆی یەکگرتنی جاربەجاری ناوچەکانی پرۆتستانت و ڕۆمی کاتۆلیک، بەکێشکردنەکە زۆر تەواو نییە، هەردوو ئاینەکە تەنیا ڕێگەپێدراو نین، بەڵکو بەپێی یاسا دامەزراون.

ئەنجامدانی باشی هەر ئیشێک لەوە دەچێ پێویستی بەوە هەبێ پاداشتەکەی یان قەرەبووەکەی، ئەوەندەی بکرێ، هاوڕێژەی سروشتی ئیشەکە بێ. ئەگەر هەر ئیشێک پارەی کەمتری پێ بدرێ، ئەگەری زۆر هەیە بناڵێ بەدەستی ئاستی خراپ و بێتوانایی زۆربەی ئەوانەوە کە تیایدا بەگەڕ خراون. ئەگەر پارەکەی زۆرتر بێ، ئەگەر هەیە، زیاتر بەدەستی نەزانی و تەمبەڵییەوە بناڵێ. پیاوێک کە داهاتێکی زۆری هەبێ، جا پیشەکەی هەرچییەک بێ، وا بیر دەکاتەوە کە ناچارە وەک ئەوانەی تری خاوەن داهاتی زۆر بژی و، بەشێکی زۆری کاتی خۆی بە ئاهەنگ و خۆشی و خەرجکردنی پارە بەسەر بەرێ. بەڵام بۆ قەشەیەک ئەم جۆرە شێوازەی ژیان نەک تەنیا ئەو کاتەی لێ دەسێنێ کە دەبێ لە ئەرکەکانی چالاکییەکەیدا خەرجی بکا، بەڵکو لەبەر چاوی خەڵکی ئاساییدا بەشێوەیەکی نزیکە تەواو پیرۆزیی کەسایەتییەکەی تێک دەشکێنێ، کە تەنیا ئەو وای لێ دەکا بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بە کێش و دەسەڵاتێکی گونجاوەوە ئەنجام بدا.

کەرتی چوارەم

خەرجیی پشتیوانیی سەروەریی سەروەر

سـەربارى ئەو خەرجییـانەی پێوەیسـتن بـۆ ئەوەی سـەروەر بتـوانێ ئەرکە جۆراوجۆرەکـانی خـۆی بەجـێ بگەیەنـێ، خەرجییەکـی تـر پێویسـتە بـۆ پشـتیوانیی سـەروەرییەکەی. ئەم خەرجییە لە قۆنـاخە جۆراوجۆرەکـانی پێشـکەوتن و لەگەڵ شـێوازە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتدا گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ.

لە کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەنـد و پێشـکەوتوودا، کە هەمـوو توێژەکـانی خەڵـک ڕۆژبەڕۆژ خانووەکانیان، کەلپەلی ناوماڵیان، خوانەکانیان، جلوبەرگیان و، جوانکارییەکانیـان گرانبـاییتر دەبـن، نـاکرێ چـاوەڕوانی ئەوە بـی کە سـەروەر بەتەنیـا خـۆی دژەبـاو بـێ. بـۆیە ئەو، بەسروشـت یـان لەبەر پێویسـت، هەمـوو شـتەکانی گرانبـاییتر دەبـن. لەوە دەچـێ شـکۆ وا بخوازێ کە ئەوە بکا.

کە شکۆ و پێگەی پاشایەک بۆ سـەرووتر لە ڕەعیەتـی خـۆی بەرزی بکەنەوە، زیـاتر لە سەرۆکی دادوەرانی هەر کۆمارێک لە هاووڵاتییان بەرزترە، خەرجییەکی زۆر بۆ پاڵپشـتیی شـکۆیان پێویسـت دەبێ. ئێمە بەسروشـت چـاوەڕوانین کۆشـکی پاشـایەک نایـابتر بـێ لە کۆشکی دادوەری یەکەم یان حاکمی شارێک.

دەرەنجام

خەرجیی بەرگری لە کۆمەڵگە و، پشـتیوانیی شـکۆی سـەرۆکی دادوەران، هەردووکیـان بۆ قازانجی گشتیی تەواوی کۆمەڵگەن. بۆیە گونجاوە ئەو خەرجییانە بە بەشداریی گشـتیی تەواوی کۆمەڵگە بن، هەموو ئەندامان ئەوەندەی دەکرێ بەڕێژەیەکی نزیک لە تواناییانەوە بەشداری بکەن.

گومانی تێدا نییە کە لەوانەیە خەرجیی بەڕێوەبەرایەتیی دادوەریش بە خەرجییەک بـۆ سـوودی هەمـوو کـۆمەڵگە لەقەڵەم بدرێ. بـۆیە گونجـاوە کە ئەو خەرجییە بە بەشـداریی گشـت کـۆمەڵگە بـدرێ. بەڵام ئەو کەسـانەی کە بـوونە هـۆی ئەم خەرجییە ئەوانەن کە، بەهۆی شێوەیەک لە شـێوەکانی ستەمەوە، پێویسـتیان بە دادوەری و پاراسـتنی دادگەکـانی دادوەری بـێ. ئەو کەسانەشـی ڕاسـتەوخۆ سـوودمەندترینن لەم خەرجییـە ئەوانەن کە دادگەکانی دادوەری یان مافەکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە یان مافەکانیـان دەپارێزن. لەبەر ئەوە دەکرێ خەرجیی بەڕێوەبردنی دادوەری زۆر بەگونجاوی لەڕێی بەشداریی تـایبەتی یەکێک لەم دوو جۆرە خەڵکە یـان هەردووکیـانەوە بدرێ، بەپێی ویسـتی هەلومەرجە جیاجیاکان،

واتە، لەڕێی ڕەسمی دادگەوە بیدەن. پێویست ناکا پەنا بۆ بەشداریی گشتیی تەواوی کۆمەڵگە ببرێ، مەگەر بۆ ئەو تاوانکارانەی کە خاوەنی هیچ موڵک و پارەیەک نین ئەو ڕەسمانەی پێ بدەن.

ئەو خەرجییە خۆجێی یان ناوچەییانەی سوودەکانیان خۆجێین یان ناوچەیین (بۆ نموونە، خەرجیی پۆلیسی شارۆکەیەک یان پارێزگەیەکی دیاریکراو) دەبێ بە داهاتێکی خۆجێی یان ناوچەیی بدرێن و، نابێ ببنە بار بەسەر داهاتی گشتیی کۆمەڵگەکەوە. ئەوە نادادوەرییە کە هەموو کۆمەڵگە بەشداری لە خەرجییەکدا بکا کە سوودەکەی تەرخانە بۆ بەشێکی کۆمەڵگە.

گومانی تێدا نییە کە خەرجیی پاراستنی ڕێگەی باش و گەیاندن بەسوودە بۆ تەواوی کۆمەڵگە و، لەبەر ئەوە دەکرێ بەبێ هیچ نادادوەرییەک لەڕێی بەشداریی گشتیی تەواوی کۆمەڵگەوە بدرێ. بەڵام ئەم خەرجییە ڕاستەوخۆتر سوودی بۆ ئەوانە هەیە کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک گەشت دەکەن یان کاڵا دەگوازنەوە و، ئەوانەشی کە ئەو کاڵانە بەکار دەبەن. ڕەسمەکانی بازگە (turnpike tolls) لە ئینگلتەرە و ئەو باجانەی لە وڵاتانی تردا پێیان دەگوترێ پیگ(peages) ، هەمووی دەخەنە سەر ئەم دوو پۆلە خەڵکە و، بەمەش داهاتی گشتی لە بارێکی گران ڕزگار دەکەن.

خەرجیی دامەزراوەکانی فێرکاری و ڕێنوێنیی ئاینیش بەهەمان شێوە، گومانی تێدا نییە کە بۆ تەواوی کۆمەڵگە بەسوودن و، لەبەر ئەوە دەکرێ بەبێ نادادوەری لەڕێی بەشداریی گشتیی تەواوی کۆمەڵگەوە بدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێ بەهەمان شێوەی گونجاو و تەنانەت بە هەندێ سوودیشەوە، ئەم خەرجییە بەتەواوی لەلایەن ئەوانەوە بدرێ کە سوودی ڕاستەوخۆ لەو جۆرە فێرکردن و ڕێنوێنییانە وەردەگرن، یان بە بەشداریی خۆبەخشانەی ئەو کەسانە بدرێ کە پێیان وایە بواریان بۆ یەکێکیان هەیە.

کاتێک کە ئەو دامەزراوە یان ئیشە گشتییانە کە بۆ تەواوی کۆمەڵگە بەسوودن، لەلایەن ئەو ئەندامە دیاریکراوانەی کۆمەڵگەوە کە سوودمەندی ڕاستەوخۆن لێیان، یان ناکرێ بە تەواوی بەردەوامییان پێ بدرێ، یان بەتەواوی بەردەوامییان پێ نادرێ، دەبێ لە زۆربەی جاراندا کورتهێنانەکە بە بەشداریی گشتیی تەواوی کۆمەڵگە پڕ بکرێتەوە. داهاتی گشتیی کۆمەڵگە، سەرباری دابینکردنی خەرجیی بەرگری لە کۆمەڵگە و، پشتیوانیی شکۆی سەرۆکی دادوەران، پێویستە کورتهێنانی گەلێ لقی دیاریکراوی داهات پڕ بکاتەوە. من لەم بەشەی دادێ هەوڵ دەدەم سەرچاوەی ئەم داهاتە گشتییە ڕوون بکەمەوە.

بەشی دووەم
سەرچاوەکانی داهاتی گشتیی کۆمەڵگە

ئەو داهاتەی کە خەرجیی بەرگری لە کۆمەڵگە و پشتیوانیی کەسایەتی و پێگەی دادوەری باڵا و، هەروەها هەموو خەرجییە پێویستەکانی تری حکوومەت کە دەستووری دەوڵەت هیچ داهاتێکی بۆیان تەرخان نەکردووە، دەگرێتە ئەستۆی خۆی، دەکرێ لەم رێیانەوە دەستەبەر بکرێ، یەکەم، لە سندووقێکی پارەدارکردنەوە کە تایبەت بێ بە سەرەوەر یان بە کۆمۆنوێڵت و، کە پەیوەندی بە داهاتی خەڵکەوە نییە، یان، دووەم، لە داهاتی خەڵکەوە.

کەرتی یەکەم
ئەو سندووقانە یان ئەو سەرچاوەی داهاتانەی تایبەت بە سەرەوەر یان بە کۆمۆنوێڵتن

پێویستە ئەو سندووقی پارەدارکردنانە یان ئەو سەرچاوەی داهاتانەی کە تایبەت بە سەرەوەر یان بە کۆمۆنوێڵتن، لە ماڵ یان لە زەوی پێک هاتبن.

سەروەر، وەک هەر خاوەن ماڵێکی تر، دەتوانێ داهاتێکی لە ماڵەکەی دەست بکەوێ، چ بەوەی خۆی بەگەڕی بخا، یان لەڕێی بەقەرزدانەوە. داهاتی ئەو لە دۆخێکدا قازانجە، لە دۆخەکەی تردا سوودە.

داهاتی سەرخێڵێکی تاتار یان عارەب بریتییە لە قازانج. لە شیر و لە زیادبوونی مەڕ و مالاتەکەیەوە دێ، کە خۆی زۆر کارایانە لە بەڕێوەبردنیان گلاوە و، خۆی شوان یان گاوانی سەرەکیی ناو تیرەکەی یان خێڵەکەیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم دۆخە سەرەتایی و زۆر سادەیەی حکوومەتی مەدەنیدایە، تەنیا ئەو قازانجە بەشی سەرەکیی داهاتی گشتیی دەوڵەتێکی شانشین پێک دێنێ.

هەندێ جاران، کۆمارە بچووکەکان داهاتی بەرچاویان لە قازانجی پرۆژە بازرگانییەکان بەدەست هێناوە. دەڵێن کە کۆماری هامبۆرگ ئەمە لەڕێی قازانجی ژێرزەوینێکی شەراب و دوکانێکی دەرمانسازەوە دەکا. بەڵام دەبێ دەوڵەت زۆر گەورە نەبێ بۆ ئەوەی سەروەر کاتی بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانیی شەراب یان دەرمانسازی هەبێ. بۆ وڵاتانی گەورەتر، قازانجی بانکێکی گشتی سەرچاوەی داهاتە. ئەمە تەنیا لە هامبۆرگ وا نەبوو، بەڵکو لە ڤینیسیا و ئەمستردامیش وا بوو. هەندێ خەڵک پێیان وا بوو کە داهاتێکی لەم جۆرە کەمتر نییە لەوەی سەرنجی ئیمپراتۆریایەکی گەورەی وەک بریتانیای مەزن ڕابکێشێ. ئەگەر وای

دابنێین کە داهاتی بانکی ئینگلتەرە لەسەدا پێنج و نیوە و سەرمایەکەی ١٠ ملیۆن و ٧٨٠ هەزار پاوەنە، ئەوە داهاتی پوختی ساڵانەی، دوای دەرکردنی تێچووی بەڕێوەبردنی، دەبێ وەک دەگوترێ ٥٩٢٩٠٠ پاوەن بێ. ئەگەر بێ و حکوومەت ئەو سەرمایەیە بەقەرز وەرگرێ، بە سوودی لەسەدا سێ و، بەڕێوەبردنی بانکەکە بەدەستی خۆیەوە بگرێ، لەوانەیە قازانجێکی ڕوون بکا کە ساڵانە ٢٦٩٥٠٠ پاوەن بێ. ئەزموون دەری خستووە کە ئیدارەی ڕێکوپێک و وریا و دەستگیراوەی ئەو جۆرە دامەزراوە ئەریستۆکراسیە وەک ئەوانەی ڤینیسیا و ئەمستردام زۆر گونجاوە بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی بازرگانیی لەو جۆرە. بەڵام حکوومەتێکی وەک ئەوەی ئینگلتەرە کە هەر چاکەیەکی هەبێ، هەرگیز بە ئابووریی باش ناوبانگی دەرنەکردووە، لە کاتی ئاشتیدا بەگشتی خەریکی خەرجیی زۆر و تەمبەڵی و گوێنەدانی سروشتیی شاهانە بووە و، لە کاتی شەڕدا بەردەوام خەرجیی زۆری بێ سەروبەری کردووە وەک ئەوەی خەریکە دیموکراتەکانی تێکەون- ئەم حکوومەتە ناکرێ بەبێ ترس بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە بدرێتە دەستی، بۆ ئەو مەبەستە.

فەرمانگەی پۆستە بەڕاستی پرۆژەیەکی بازرگانییە. حکوومەت خەرجیی دامەزراندنی نووسینگە جۆراوجۆرەکان و، کڕین و بەکرێگرتنی ئەسپ و عارەبانەی پێویست دەدا و، لەڕێی باجەکانی سەر ئەو کەلوپەلانەی دەگوازرێنەوە، خەرجییەکەی بەقازانجێکی زۆرەوە بۆ دەگەڕێتەوە. من لەو بڕوایەدام کە، ئەمە تەنیا پرۆژەی بازرگانیی سەرکەوتووە کە لەلایەن هەموو جۆرە حکوومەتێکەوە ئەنجام بدرێ. ئەو سەرمایەیەی دەدرێ گەلێ زۆر نییە. بازرگانییەکە هیچی نهێنیی تێدا نییە. داهاتەکان تەنیا مسۆگەر نین، بگرە ڕاستەوخۆن.

لەگەڵ ئەوەشدا، میرەکان زۆر جاران لە گەلێ پرۆژەی بازرگانیی تر ئاڵاون و، وەک کەسانی ئاسایی، ویستوویانە لەڕێی سەرکێشی لە لقە بازرگانییە باوەکانەوە سامانەکانی خۆیان زیاد بکەن. ئەوان بەدەگمەن لەمەدا سەرکەوتوون. ئەو دەستبڵاوییەی بەردەوام کاروباری میرانی پێ بەڕێوە دەبرێ وا دەکا مەحاڵ بێ لەوەدا سەرکەوتوو بن. بریکارانی میرانیش کە وا دەزانن سامانی سەردارەکەیان لەبن نایە، گوێ نادەن بەوەی بە چ نرخێک دەکڕن، گوێ نادەن بەوەی بە چ نرخێک دەفرۆشن، گوێ نادەن بەوەی گواستنەوەی کاڵاکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر چەند خەرجیی دەوێ. ئەم بریکارانە کە زۆربەی کات وەک میرێک بە دەستبڵاوی دەژین و، هەندێ جاران سەرباری دەستبڵاوی و لەڕێی ئامرازی گونجاو بۆ پێکەوەنانی سامان بۆ خۆیان، ئەوەندەی میرێک سامانیان دەبێ. لەبەر ئەوە بوو، وەک ماکیاڤیل بۆمان دەگێڕێتەوە، وەکیلەکانی لۆرێنزۆی میدیسیس، نەک میرێکی خاوەن توانای کەم، بازرگانیی ئەویان بەڕێوە دەبرد. کۆماری فلۆرانس گەلێ جار ناچار بوو ئەو قەرزانە بداتەوە کە بەهۆی زیادەڕۆیی ئەوانەوە تووشیان هات. بەو پێیە، بۆی دەرکەوت کە وا باشە دەستبەرداری کاری بازرگانی ببێ، ئەو بازرگانییەی لە

بنەڕەتدا مایەی پێکهێنانی سەرمایەی خێزانەکەیان بوو و، لە بەشی دوایی ژیانیدا ئەوەی لەو سامانە مابووەوە لەگەڵ ئەو داهاتەی لە دەوڵەتەوە بۆی دەهات، هەردووکیانی لە پرۆژە و خەرجیی گونجاو لەگەڵ پێگەی خۆیدا بەگەڕ خست.

لەوە ناچێ هیچ دوو کەسایەتییەک هێندەی کەسایەتیی بازرگان و سەروەر بەیەکەوە نەگونجاو بن. ئەگەر گیانی بازرگانانەی کۆمپانیای ئینگلیزیی هیندی ڕۆژهەڵات وای کردبێ سەروەری زۆر خراپ بن، گیانی سەروەرایەتی لەوە دەچێ بەهەمان پلە ئەوانی کردبێتە بازرگانی خراپ. کاتێک کە ئەوان تەنیا بازرگان بوون، بازرگانییەکەی خۆیان سەرکەوتووانە بەڕێوە برد و، توانییان بە قازانجەکانیان قازانجێکی گونجاو بە خاوەنانی ماڵەکەیان بدەن. لەو کاتەوەی کە بوونە سەروەر، بەو داهاتەوە کە دەگوترێ لە بنەڕەتدا لە سێ ملیۆن ئیستەرلینی زیاتر بوو، ناچار بوون بۆ یارمەتیی حکوومەت بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە مایەپووچیی ڕاستەوخۆ ڕزگار بکەن. لە دۆخی پێشوویاندا، کارمەندانیان لە هیند خۆیان بە بنووسی بازرگان دەزانی، بەڵام لەم دۆخەی ئێستایاندا، کارمەندەکانیان خۆیان بە وەزیری سەروەر دەزانن.

لەوانەیە دەوڵەتێک، هەندێ جاران، بەشێک لە داهاتی گشتیی خۆی لە سوودی پارەوە، هاوشێوەی ئەو قازانجەی لە ماڵەوە دێ، بەدەست بێنێ. ئەگەر گەنجینەیەکی کۆ کردەوە، دەتوانێ بەشێکی ئەو گەنجینەیە، بەقەرز بە دەوڵەتێکی بیانی یان بە ڕەعیەتی خۆی بدا.

کانتۆنی بێرن داهاتێکی زۆر لەڕێی بەقەرزدانی بەشێکی گەنجینەکەی خۆی بە وڵاتانی بیانی بەدەست دێنێ، واتە، بەوەی بیخاتە سندووقەکانی پارەدارکردنی وڵاتە قەرزارە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپاوە، بەتایبەتی ئەوانەی فەرەنسە و ئینگلتەرە. ئاسایشی ئەم داهاتە دەبێ پشتبەستوو بێ بە، یەک، ئاسایشی ئەو سندووقانەوە کە تیایاندایە، یان بڕوای باشی ئەو حکوومەتەی بەڕێوەیان دەبا و، دووەم، دڵنیایی لە، یان ئەگەری بەردەوامیی ئاشتی لەگەڵ وڵاتە قەرزارەکە. لە کاتی شەڕدا، یەکەمین کردەوەی دوژمنکارانەی وڵاتە قەرزارەکە بریتی دەبێ لە دەستبەسەرداگرتنی سندووقەکانی قەرزدەرەکەدا. ئەم سیاسەتی بەقەرزدانی پارە بە دەوڵەتانی بێگانە، ئەوەندەی من ئاگەدار بم، تایبەتە بە کانتۆنی بێرن.

شاری هامبۆرگ جۆرە بارمتەخانەیەکی گشتیی دامەزراند، کە بەرامبەر بە بارمتە پارەی بە ڕەعیەتی دەوڵەت بە سوودی لەسەدا شەش دەدا. ئەم بارمتەخانەیە کە ناویان ناوە لۆمبارد (Lombard) داهاتێک بە دەوڵەت دەدا، وەک دەگوترێ ١٥٠ هەزار کراونە، کە ئەگەر کراونێک بە چوار شیلین و شەش پێنس بێ، دەکاتە ٣٣٧٥٠ پاوەنی ئیستەرلینی.

حکوومەتی پێنسلڤانیا، بەبێ ئەوەی گەنجینەیەک کەڵەکە بکا، شێوازێکی قەرزدانی بە ڕەعیەتی خۆی داهێنا، بێگومان بە پارە نا، بەڵکو بە هاوتای پارە. بەوەی بە سوود و، بەرامبەر دڵنیایی زەوییەک کە بەهاکەی دوو هێندە بێ، کۆمپیالەی قەرزی پازدە ساڵەی

دەدا، کە هاوشـێوەی بـانکەنۆت لەو مـاوەیەدا شـیاوی دەستاودەسـتپێکردن بـوو و، بە بڕیارێکی ئەنجومەن ڕایگەیاند کە مامەڵەکردن پێی لەنێوان دانیشتووانی پارێزگە جیاکاندا یاساییە، ئەمە داهاتێکی مامناوەندیی هەبوو، کە وردەوردە زیاد بوو و توانیی خەرجییەکی سـاڵانەی ٤٥٠٠ پـاوەن بـدا، کە تەواوی خەرجیی ئاسـایی ئەو حکـوومەتە دەسـتگرتوو و ڕێکخراوەیە. پێویستە سەرکەوتنی ئامرازێکی لەم شێوەیە پشت بە سێ هەلومەرج ببەستێ، یەکەم، بە خواست لەسـەر ئامرازێکی تـری بازرگانی جگە لە پارەی زێڕ و زیو، یان بە خواست لەسەر بڕێکی وەهای ماڵی بەکاربردن کە پێویستی بە ناردنی بەشێکی زۆرتری پارەی زێڕ و زیـو بـۆ دەرەوەی وڵات بـۆ کڕینـی هەبێ، دووەم، بە متمانەی باشـی ئەو حکوومەتەی ئەم شێوازەی بەکار هێناوە و، سێیەم، بە میانڕەوی لە بەکارهێنانیدا، تەواوی بەهای ئەو کۆمپیالانە هەرگیز زیاتر نەبێ لە بەهـای ئەو پارەی زێڕ و زیوە کە پێویست بـوون بـۆ سـووڕاندنیان لە کـاتی نەبـوونی ئەو کۆمپـیالانەدا. هەمـان ئـامراز لە دۆخـی جۆراوجۆر لەلایەن چەندان کۆڵۆنیی ئەمەریکاییەوە بەکار هێنرا، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەم میانڕەوییەوە، زۆربەیان بوونە مایەی بشێویی زیاتر نەک هێوربوونەوە.

دۆخی ناجێگیر و شیاوی تێکچوونی پشک و متمانە، وایان لێ دەکا مایەی متمانە نەبن وەک سـندووقی بنەڕەتیـی پـارەدارکردن بـۆ ئەو داهـاتە مسۆگەر، جێگیـر و بەردەوامەی دەتوانێ دڵنیایی و شکۆ بە حکوومەت بدا. حکوومەتی گەلێک کە گەورە نەبێ و لە دۆخی شـوانکارە پێشـکەوتووتر بێ لەوە نـاچێ هەرگیـز بەشـی زۆری داهـاتی گشـتیی خـۆی لەم جۆرە سەرچاوانەوە بەدەست هێنابێ.

زەوی سندووقێکی پارەدارکردنی بەسروشت جێگیرتر و بەردەوامترە و، بەم پێیە کرێی زەوییە گشتییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی گشتیی گەلێ وڵاتـی گەورە بوون، کە بە مـاوەیەکی زۆر دۆخـی شـوانکارەییان تێپەڕانـدووە. کۆمـارە کۆنەکـانی گریـک و ئیتالیـا، ماوەیەکی زۆر، زۆرترین داهاتی خۆیان کە خەرجییە پێویستەکانی کۆمۆنوێڵتیـان لـێ دەدا، لە بەرهەم یان کرێی زەویی گشـتییەوە بەدەسـت دەهێنا. کرێی زەوییەکانی سـەر بە تـاج، ماوەیەکی زۆر، زۆرترین بەشی داهاتی سەروەرانی کۆنی ئەورووپای پێک دەهێنا.

شـەڕ و ئامادەکـاری بـۆ شـەڕ، دوو هەلـومەرجن کە لەم سـەردەمەدا دەبـنە مـایەی زۆرترین خەرجیی پێویستی هەموو دەوڵەتە گەورەکان. بەڵام لە کۆمارە کۆنەکانی گریک و ئیتالیا هەموو هاووڵاتییەک سەربازێک بوو، کە خزمەتی سەربازیی دەکرد و خۆی لەسـەر ئەرکـی خـۆی بـۆ ئەو خـزمەتە سـاز دەدا. بـۆیە هـیچ یەکێـک لەم دووە نەدەبـووە مـایەی خەرجییەکی زۆر لەلایەن دەوڵەتەوە. کرێی موڵکێک بەزەوییەکی مامناوەندییەوە لەوانەیە بەتەواوی بەشی هەموو خەرجییە پێویستەکانی تری حکوومەت بکا.

لە شانشینە کۆنەکانی ئەورووپادا، شێواز و نەریتەکانی سەردەمەکان وەکو پێویست زۆرینەی خەڵکیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد و، کاتێک کە دەچوونە مەیدان، بەپێی دۆخی پێگەی فیودالّیان، یان لەسەر ئەرکی خۆیان یان لەسەر ئەرکی لۆردە ڕاستەوخۆکانیان دەژیێنران، بەبێ ئەوەی هیچ ئەرکێکی نوێ بخەنە ئەستۆی سەروەر. خەرجییەکانی تری حکوومەت، زۆربەیان مامناوەندی بوون. بەڕێوەبەرایەتیی دادوەری، وەک پێشانمان دا، لەجیاتی ئەوەی ببێتە مایەی خەرجی، بووبووە سەرچاوەی داهات. کاری خەڵکی لادێ، لە سێ ڕۆژی پێش دروونە و سێ ڕۆژی دوای دروونە، بە سندووقێکی پارەدارکردن دەزانرا کە بەش بکا بۆ دروستکردن و پاراستنی پرد و ڕێگەوبانی دەرەکی و ئیشی تری گشتی کە پێشبینی دەکرا بازرگانیی ئەوێ بیانخوازێ. لەو ڕۆژگارەدا لەوە دەچێ خەرجیی سەرەکیی سەروەر پێک هاتبێ لە بەخێوکردنی خێزانەکەی خۆی و ئەوانەی لە ماڵەکەیدا بوون. بەوەش فەرمانبەرانی ناو ماڵەکەی گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت بوون. لۆردی گەنجینە کرێیەکانی وەردەگرت. لۆردی کارگێڕ و لۆردی یاوەر ئاگەداری خەرجیی خێزانەکەی دەبوون. چاودێریی تەوێڵەکانیشی بە لۆردی پۆلیس و لۆردی هێزە چەکدارەکان سپێررابوو. خانووەکانی هەموویان لەشێوەی قەڵا دروست کرابوون و، لەوە دەچێ دیواربەندە سەرەکییەکانی ئەو بن. ئەوانەی ئەو خانووانە یان ئەو قەڵایانەیان بەڕێوە دەبرد وەک جۆرە حاکمێکی سەربازی بوون. لەوە دەچوو کە ئەوان تەنیا ئەفسەرانێکی سەربازی بن کە لە کاتی ئاشتیدا پێویست بن. لەم هەلومەرجەدا، لەوانەیە کرێی موڵکێکی بەزەویی زۆر لە دۆخی ئاساییدا، بەتێری بەشی هەموو خەرجییە پێویستەکانی حکوومەت بکا.

لە دۆخی ئێستای زۆربەی شانشینە شارستانییەکانی ئەورووپا، کرێی هەموو زەوییەکانی وڵات، ئەگەر بەشێوەیەک بەڕێوە ببرێن وەک ئەوەی هەموویان موڵکی یەک خاوەن بن، بەدەگمەن دەگاتە ئاستی ئەو داهاتە ئاساییەی تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا لە خەڵکی کۆ دەکەنەوە. داهاتی ئاسایی بریتانیای مەزن، بۆ نموونە، کە نەک تەنیا بۆ ئەوەی خەرجیی ئێستای ساڵەکە بدا، بەڵکو بۆ ئەوەی سوودی قەرزە گشتییەکان بدا و، بەشێک لە سەرمایەی ئەو قەرزانە کەم بکاتەوە، سالانە لە دە ملیۆن زیاترە. بەلام باجی زەوی، کە چوار شیلینە لە پاوەنێکدا، سالانە ناگاتە دوو ملیۆن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم باجەی زەوی، کە ئەمە ناویەتی، چاوەڕوان دەکرێ نەک بەتەنیا پێنجیەکی کرێی هەموو زەوی بێ، بەڵکو ئەوەی هەموو خانووەکان و، سوودی هەموو سەرمایەی ماڵی بریتانیای مەزن بێ، تەنیا ئەو بەشەی نەبێ کە بە گشت دەدرێ یان وەک ماڵی کشتوکاڵ بۆ کشتوکاڵکردنی زەوی بەگەڕ دەخرێ. بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەم باجە لە کرێی خانوو و سوودی ماڵی سەرمایەوە دێ. باجی زەویی شاری لەندەن، بۆ نموونە، کە چوار شیلینە بۆ هەر پاوەنێک،

دەگاتە ١٢٢٣٩٩ پاوەن و شەش شیلین و حەوت پێنس. ئەوەی وێستمنستەر ٦٣٠٩٢ پاوەن و یەک شیلین و پێنج پێنس. ئەوەی کۆشکەکانی وایتهۆل و سانت جەیمس ٣٠٧٥٤ پاوەن و شەش شیلین و سێ پێنس. ڕێژەیەکی دیاریکراوی باجی زەوی بەهەمان شێوە لەسەر هەموو ئەو شار و شارۆکانەیە کە شانشینەکە پێک دێنن و، هەموویان، یان لە کرێی خانووەوە دێن، یان لە سوودی ماڵی بازرگانی و سەرمایەوە دێن. لەبەر ئەوە، بەگوێرەی ئەو بینەینەی بریتانیای مەزن بۆ باجی زەوی، هەموو ئەو داهاتەی لە کرێی گشت زەوییەکان، لە کرێی گشت خانووەکان و، لە سوودی ماڵی سەرمایەوەن، ئەو بەشە نەبێ کە بە قەرز بە گشت دراوە، یان لە کشتوکاڵکردنی زەویدا بەگەڕ خراوە، زیاتر نییە لە دە ملیۆن ئیستەرلینی لە ساڵێکدا، کە ئەو داهاتە ئاساییەیە حکوومەت لە کاتی ئاشتیدا لە خەڵکی دەسێنێ. بێگومان ئەو خەملاندنەی بریتانیای مەزن بۆ باجی زەوی، ئەگەر تێکڕای تەواوی شانشینەکە وەرگرین، زۆر کەمترە لە بەها ڕاستەقینەکە، هەرچەندە دەڵێن لە لادێ و ناوچەگەلی دیاریکراودا زۆر لەو بەهایەوە نزیکە. کرێی زەوییەکان بەتەنیا، بەتایبەتی کرێی خانووەکان و سوودی ماڵ، لەلایەن زۆر کەسانەوە بە بیست ملیۆن مەزەندە کراوە، ئەم مەزەندەکردنە تا ڕادەیەکی زۆر هەڕەمەکییە و، من پێم وایە کە لەوانەیە چەند لە سەرووی ڕاستییەوەیە ئەوەندەش لە ژێریەوەیە. بەڵام، ئەگەر زەوییەکانی بریتانیای مەزن لەم دۆخەی ئێستای چاندنیاندا، ساڵانە کرێیەکی زیاتر لە بیست ملیۆنیان نەبێ، ئەوە نیوەی ئەوە نییە، بگرە چارەکی ئەوە نییە، کە ئەگەر هەموویان یەک خاوەنیان هەبێ و، پشتگوێ خرابن و، زۆر خراپ لەلایەن وەکیل و سەرکارەکانیەوە بەڕێوە ببرێن، دەستەبەری دەکەن. ئەگەر زەوییەکانی سەر بە تاجی بریتانیای مەزن لەوە فرەوانتر بن، ئەگەر هەیە هێشتا خراپتر بەڕێوە ببرێن.

ئەو داهاتەی زۆرینەی خەڵک لە زەوییەوە بەدەستی دێنن هاوڕێژەی کرێ نییە، بەڵکو هاوڕێژەی بەرهەمی زەوییەکەیە. تەواوی بەرهەمی ساڵانەی زەویی هەر وڵاتێک، ئەگەر ئەوەی لێ دەرکەین کە بۆ بنەتۆو هەڵدەگیرێ، یان ساڵانە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە بەکار دەبرێ، یان بە شتی تر دەگۆڕرێنەوە کە ئەوان بەکاری دەبەن. ئەوەی بەرهەمی زەوی کەم دەکاتەوە بۆ خوار ئەوەی کە دەبێ هەبێ، داهاتی زۆرینەی خەڵک هێشتا زیاتر لە داهاتی خاوەنانی زەوی کەم دەکاتەوە. موڵکانەی زەوی، ئەو بەشەی بەرهەم کە هی خاوەنی زەوییەکەیە، بە دەگمەن لە هیچ شوێنێکی بریتانیای مەزندا چاوەڕوان دەکرێ لە سێیەکی تەواوی بەرهەمەکە زیاتر بێ. ئەگەر ئەو زەوییەی لە دۆخێکی کشتوکاڵکردندا ساڵانە دە ملیۆن ئیستەرلینی کرێی هەبێ، لە دۆخێکی تریشدا بیست ملیۆن، کرێیەکەش لە هەردوو دۆخەکەدا، سێیەکی بەرهەمەکە بێ، ئەوە داهاتی خاوەنەکانی لە بەرهەمە کەمەکە ساڵانە دە ملیۆن لەوەی تر کەمتر دەبێ، بەڵام داهاتی زۆرینەی خەڵکەکە ساڵانە ٣٠ ملیۆن

کەمتـر دەبـێ، بە لێـدەرکردنی ئەوەی بـۆ بنەتـۆو پێویسـتە. ژمـارەی دانیشـتووانی وڵات، ئەوەنـدەی ئەو ژمـارەیەی، ئەو ٣٠ ملیـۆنە، بە لێـدەرکردنی بەردەوامـی بنەتـۆوەکە، بەپێـی شـێوەی دیـاریکراوی ژیـان و خەرجیـی تـوێژە جیاجیاکـانی ئەو خەڵکەی ئەوەی مـاوەتەوە بەسـەریاندا دابەش دەبێ، دەیانژیێنێ، کەم دەبێتەوە.

هەرچەندە ئێستا لە ئەوروپا، هیچ دەوڵەتێک نییە ،هەر جۆریک بێ، کە زۆرترین بەشـی داهـاتی گشـتی لە کرێـی زەویگەلێکەوە بەدەست بێنێ کە مـوڵکی دەوڵەتن، بەڵام هێشتا لە هەموو شـانشینە گەورەکـانی ئەوروپـادا گەلێ زەوی هەن کە سـەر بە تـاجن. ئەو زەوییـانە بەگشتی دارستانن و، دارسـتانی وەهـان کە تیایانـدا چەنـدان میـل دەبڕی بەبـێ ئەوەی یەک دار ببینی، کە ئەمە جگە لە بەفیڕۆدان و لەدەستدانی بەرهەم و دانیشتووان هیچـی تـر نییە. لە هەمـوو شانشـینێکی گەورەی ئەوروپـادا، فرۆشـتنی زەوییەکـانی تـاج بڕە پـارەیەکی زۆر بەرهەم دێنێ، کە ئەگەر بۆ دانەوەی قەرزی گشتی بەکار بێ داهاتێکی گەلێ زۆرتـر لەوەی ئەم زەوییـانە بـۆ تاجیـان دابـین کـردووە، لە بەبـارمتەگرتن ڕزگـار دەکـا. لە وڵاتێکـدا کە زەوییەکـان، زۆر بەباشـی چـاک کرابن و کشـتوکاڵ کرابن و، لە کـاتی فرۆشـتندا کرێیەکـی زۆر بکا هاوشێوەی ئەوەی بە ئاسانی لێیانەوە بەدەست دێ، بە گشتی بە کرێنی ٣٠ سـاڵی دەفرۆشـرێ، زەویـی چـاکنەکراو، کشـتوکاڵنەکراو و، کەمکرێـی تـاج چـاوەڕوان دەکـرێ بە کرێی ٤٠، ٥٠، یان ٦٠ سـاڵ بفرۆشـرێن. تاج دەتوانێ ڕاستەوخۆ سوود لەو داهاتە وەرگرێ کە ئەم نرخە بەرزە لە بەبارمتەگرتن ڕزگاری دەکا. ئەگەری ئەوەش هەیە لە چەند سـاڵێکی کەمدا داهاتێکی تریشی بۆ بێ. کاتێک کە زەوییەکانی تـاج دەبنە مـوڵکی تـایبەت، لە مـاوەی چەنـد سـاڵێکی کەمـدا بەباشـی چـاک دەکـرێن و بەباشـی کشـتوکاڵ دەکـرێن. زیـادبوونی بەرهەمیـان، دانیشـتووانی وڵاتـیش زیـاد دەکـا لەڕێـی زیـادبوونی داهـات و بەکـاربردنی خەڵـکەوە. ئەو داهاتەشـی تـاج لە بـاجی گـومرک و ڕەسـمەکانەوە بەدەسـتی دێنـێ، لەگەڵ زیادبوونی داهات و بەکاربردنی خەڵکدا زیاد دەبن.

ئەو داهاتانەی تاج، لە هەر شانشـینێکی شـارستانیدا لە زەوییەکـانی تـاج بەدەسـتی دێنێ، هەرچەنـد وا دەردەکەوێ هـیچ تێچـوویەک نەخەنە سـەر تاکەکـان، لەڕاسـتیدا، زیـاتر لە هەر داهاتێکی یەکسان کە بۆ تـاج دەچـێ، بـاری کۆمەڵگە گرانتر دەکەن. لە هەمـوو دۆخەکانـدا، بەرژەوەندی کۆمەڵگە لەوەدایە ئەم داهاتەی تاج بە داهاتێکی تری یەکسان بگۆڕرێ و، ئەو زەوییـانە بەسـەر خەڵکدا دابەش بکرێ، کە هـیچ ڕێگەیەک بۆ بەدیهێنـانی ئەم مەبەسـتە لە فرۆشتنی ئاشکرایان باشتر نییە.

ئەو زەوییـانەی بـۆ خۆشـحاڵی و خۆشـگوزەرانین – پـارک، بـاخچە، سـەیرانگە، هتـد، کۆمەڵە موڵکێکن کە لە هەمـوو شـوێنێکدا بە هۆکـاری خەرجـی دادەنرێن، نەک سـەرچاوەی

داهـات – لەوە دەچـێ کە تەنیـا زەویگەلێک بـن، کە پێویسـت بکـا لە شانشـینێکی گەورە و شارستانیدا، سەر بە تاج بن.

کەواتە، مـاڵی گشـتی و زەویـی گشـتی، ئەو دوو سـەرچاوەیەی داهـات کە لەوانەیە بەتـایبەتی سـەر بە سـەروەر یـان کۆمۆنویڵـت بـن، هەردووکیـان سـندووقی نەگونجـاون و بەشی دابینکردنی خەرجیی پێویستی هیچ دەوڵەتێکی گەورە و شارسـتانی نـاکەن، ئەوەنـدە دەمێنێ کە بەشی زۆری ئەم خەرجییە لەڕێی باجی جۆراوجۆرەوە دابین بکرێ، خەڵک بە بەشـێکی داهـاتی تـایبەتی خۆیـان بەشـداری لە پێکهێنـانی داهـاتی گشـتیی سـەروەر یـان کۆمۆنویڵتدا بکەن.

کەرتی دووەم: باجەکان

داهـاتی تـایبەتی تاکەکـان، وەک لە کتێبی یەکەمـی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خـراوەتە ڕوو، لە کۆتاییدا لەڕێی سێ سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بەدەست دێ: کرێ، قازانج و، هەقدەست. لەکۆتاییشدا دەبێ باج لە یەکێک لەم سێ سـەرچاوە جیایانەوە بدرێ، یـان لە هەرسـێکیان بەبێ جیاوازی بسێنرێ. من هەوڵ دەدەم باشترین تۆمـار کە بتـوانم، بـخەمە ڕوو لەبـارەی، یەکەم، ئەو باجانەی مەبەستە بکەونە سـەر کرێ، دووەم، ئەوانەی مەبەسـتە بخـرێنە سـەر قازانج، سـێیەم، ئەوانەی مەبەسـتە بخـرێنە سـەر هەقدەسـت و، چـوارەم، ئەوانەی مەبەسـتە بەبێ جیاوازی بخرێنە سەر ئەو سێ سەرچاوە جیاوازەی داهاتی تایبەتەوە. باسـی تـایبەت لە هەر یەکێک لەم چوار جۆرەی باج، کەرتی دووەمی ئەم بەشە لەت دەکا و دەیکاتە چوار بـابەتەوە، کە سـیانیان پێویسـتیان بە دابەشـکردنی زیـاتریش هەیە. لەم هەڵسـەنگاندنەوە دەردەکەوێ کە گەلێـک لەو باجـانە لە کۆتاییـدا لەو سـندووقی پـارەدارکردنە یـان لەو سەرچاوەی داهاتەوە نادرێن کە مەبەست بوو بخرێنە سەریان.

پـێش ئەوەی بچـمە سـەر تـاوتوێکردنی بـاجە دیاریکراوەکـانەوە، پێویسـتە ئەم چـوار گریمانە جێگیرە لەبارەی باجەوە بەگشتی بخەمە ڕوو:

١ -دەبێ ڕەعیەتـی هەمـوو دەوڵەتێک لە پشـتیوانیی حکوومەتەکەیاندا بەشـداری بکەن بەشـێوەیەک کە تـا دەکـرێ هـاوڕێژەی تواناکـانی خۆیـان بـێ، واتە، هـاوڕێژە لەگەڵ ئەو داهاتەی لەسایەی پارێزگاریی دەوڵەتەکەیاندا بەدەستی دێنن. خەرجییەکانی حکوومەت بۆ تاکەکـانی وڵاتێکـی گەورە هاوشـێوەی خەرجیـی بەڕێـوەبردنی کـرێچییە هاوبەشـەکانی مـوڵکێکی گەورەن، کە ناچارن هەر یەکێکیـان هـاوڕێژە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆی لەو موڵکەدا تیایاندا بەشداری بکا. لەبەرچاوگرتن یان پشتگوێخستنی ئەم تێگەیشتنە، ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە پێی دەڵێن یەکسانی یان نایەکسانیی باج وەرگرتن. دەبێ بە یەکجـاری بۆ هەمـووی تێبینیی ئەوە بکرێ کە ئەو بـاجەی لە کۆتاییـدا دەکەوێتە سـەر تەنیـا یەکێک لەو

سێ جۆره داهاتەی له سەرەوه ئاماژەیان بۆ کرا، وەک پێویستییەک نایەکسانه لەبەر ئەوەی کاریگەریی بەسەر ئەو دووانەی ترەوه نییه. لەم تاوتوێکردنەی دادێی باجه جۆراوجۆرەکاندا، من هەوڵ دەدەم زیاتر ئەم جۆره نایەکسانییه بخەمه ڕوو، بەڵام له زۆربەی دۆخەکاندا، تێبینییەکانم لەو نایەکسانییەدا کورت دەکەمەوه که بەشێوەیەکی تایبەت نایەکسانانه دەخرێته سەر ئەو داهاته تایبەتەی که کەوتووەته ژێر کاریگەریی باجەکەوه.

٢ -ئەو باجەی هەموو تاکێک پابەنده بەوەی بیدا دەبێ دیار بێ، نەک هەڕەمەکی. دەبێ کاتی باجدانەکه، شێوەکەی، ئەو بڕەی دەبێ بدرێ، هەموویان دیار و ڕوون بن بەلای بەشدارەکەوه و، بەلای هەموو کەسێکەوه. ئەگەر وا نەبێ، هەموو کەسێک که باجی لەسەره، زۆر یان کەم، دەکەوێته ژێر دەسەڵاتی کۆکەرەوەی باجەکەوه، که دەتوانێ باجەکه لەسەر هەر بەشدارێکی ناحەز زیاد بکا، یان سەودای لەسەر بکا بەوەی له زیادکردنی بیترسێنێ بۆ ئەوەی دیارییەک یان پێداویستییەکی بۆ خۆی لێ بسێنێ. ناڕوونیی سیستمی باج هانی هەڵسوکەوتی نەگونجاو دەدا و پەسەندی گەندەڵیی توێژێکی خەڵک دەکا که بەسروشت باو نییه، تەنانەت ئەگەر ئەو خەڵکه لووتبەرز و گەندەڵیش نەبن. دیاربوونی ئەوەی هەر کەسێک، له باجدا، دەیدا، بابەتێکی زۆر گرینگه که ئاستێکی زۆری نایەکسانی، که بڕوام وایه ئەزموونی هەموو گەلان دەری خستووه، هێندەی ئاستێکی زۆر کەمی ناڕوونی له خراپەوه نزیک نییه.

٣ -دەبێ هەموو باجێک له کاتی دیاریکراوی خۆیدا وەرگیرێ، یان بەشێوەیەک که گونجاوترین بێ بۆ ئەوەی بەشدارەکه باجەکەی تێدا بدا. باجێکی سەر موڵکانەی زەوی یان خانوو، که له هەمان ئەو کاتەدا بدرێ که ئەو کرێیانەی تێدا دەدرێن، لەو کاتەدا کۆ دەکرێتەوه که ئەگەر زۆره بۆ بەشدارەکه گونجاو بێ باجەکەی تێدا بدا، یان، لەو کاتەدا که ئەگەر زۆره توانای باجدانی تیایدا هەبێ. باجەکانی سەر کاڵاکانی بەکاربردنی هاوشێوەی کاڵاکانی خۆشگوزەرانی له کۆتاییدا لەلایەن بەکاربەرەوه دەدرێن و، بەگشتی بەشێوەیەک دەدرێن که بۆ ئەو گونجاوه. ئەو کەم کەم لەگەڵ کڕینی کاڵاکاندا ئەو باجانه دەدا. که ئەو له کڕین و نەکڕیندا بەو شێوەیەی خۆی پێی خۆشه ئازاده، ئەوه هەڵەی خۆیەتی ئەگەر بەهۆی ئەو جۆره باجانەوه تووشی زیانی گەوره هات.

٤ -دەبێ هەر باجێک بەشێوەیەک بێ که تا دەکرێ زیاتر لەوەی دەچێته گەنجینەی دەوڵەتەوه له گیرفانی خەڵک دەر بکا و له دەرەوەی گیرفانیاندا بیهێڵێتەوه. باجێک بەم چوار ڕێگەیه لەوانەیه زۆر زیاتر لەوەی بۆ گەنجینەی گشتیی دەهێنێ له گیرفانی خەڵک دەر بکا و له دەرەوەی گیرفانیانی بهێڵێتەوه. یەکەم، لەوانەیه کۆکردنەوەی باجەکان ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری بوێ، که ڕەنگه مووچەکانیان بەشی زۆری بەرهەمی باجەکه بخۆن و، که

سەرمووچەکانیان باجێکی زیاتر بخاتە سەر خەڵکەکەوە. دووەم، لەوانەیە تەگەرە بخاتە سەر ڕێی پیشەسازیی خەڵکەکە و، سستیان بکا لە کارکردن لە هەندێ لقی دیاریکراوی بازرگانی کە دەکرێ بژێوی و بەگەڕخستن بۆ خەڵکێکی زۆر دابین بکەن. لە کاتێکدا خەڵک ناچار دەکا باج بدەن، لەوانەیە هەندێ سندووقی پارەدارکردن کەم بکاتەوە یان تێک بدا، کە یارمەتییان دەدەن بە ئاسانی بیاندەن. سێیەم، لەڕێی دەستبەسەرداگرتن و سزای ترەوە، کە بەسەر ئەو داماوانەدا دەسەپێنرێن کە هەوڵی خۆدزینەوەیان لە باجدان داوە، لەوانەیە زۆربەی جاران ئەو خەڵکە ماڵوێران بکا و، کۆتایی بەو سوودە بێنێ کە لەڕێی بەگەڕخستنی سەرمایەکانی ئەو تاکانەوە بە کۆمەڵگە دەگەیشت. باجی نادانایانە هاندەرێکی باشە بۆ قاچاخچییەتی. بۆیە دەبێ سزای قاچاخچییەتی هاوڕێژە لەگەڵ ئەو هاندەرە بەرز ببێتەوە. یاسا، بەپێچەوانەی هەموو بنەما ئاساییەکانی دادوەری، یەکەم جار هاندەرەکە دروست دەکا، ئینجا سزای ئەوانە دەدا خۆی بۆ شل دەکەن و، بەگشتی هاوڕێژە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی کە دەخوازن سزاکە سووک بکرێ، کە هاندەری ئەنجامدانی تاوانەکەیە، سزاکە زیاد دەکا. چوارەم، کە خەڵک دەکاتە ئامانجی سەردانی زۆر و پشکنینی وەرسکەری باجگرەکان، لەوانەیە تووشی کێشەی زۆر نەخوازراو، تووڕەیی و، سەرکوتینەوەیان بکا و، ئەگەرچی تووڕەیی خەرجیی نییە، بەڵام بێگومان یەکسانە بەو خەرجییەی کە مرۆڤ ئامادەیە بۆ ڕزگاربوون لێی بیدا. باجەکان بە یەکێک لەم چوار ڕێگەیە زۆربەی جاران زیاتر لەوەی سوودیان بۆ سەروەر هەیە، باری خەڵک گران دەکەن.

دادوەریی ڕوون و سوودی ئەم چەسپاوانەی پێشوو، وایان کردووە زۆرتر یان کەمتر پێویستیان بە تێبینیی هەموو وڵاتان بێ. هەموو وڵاتان بەوپەڕی توانایان هەوڵیان داوە وا بکەن تا دەکرێ باجەکانیان یەکسان بن بەوەی دەکرێ بدرێ، ئەوەندە دیار بن کە بۆ بەشدابوو گونجاو بن، لە هەردوو ڕووی کات و شێوەی دانیان و، هاوڕێژە بن لەگەڵ ئەو داهاتەی بۆ میری دێنن و، کەمترین بارگرانی بن بۆ خەڵک. ئەم بەرچاوخستنە کورتەی دێ بۆ هەندێ باجی سەرەکی کە لە سەردەمانی جیاجیا و وڵاتانی جۆراوجۆردا هەن، پێشانی دەدا کە هەوڵی هەموو وڵاتان لەم ڕووەوە وەکو یەک سەرکەوتوو نەبوون.

بابەتی یەکەم: باجی کرێ باجی موڵکانەی زەوی

باجی سەر موڵکانەی زەوی لەوانەیە هەر ناوچەیەک کرێیەکی دیاریکراو بخەملێنێ، کە بەپێی یاسایەکی دیاریکراوی کڵێسا دەسەپێنرێ و، ئەو خەملاندنە دواتر ناکرێ بگۆڕرێ، یان بەشێوەیەک بسەپێنرێ کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی موڵکانەی زەوی بگۆڕرێ و، لەگەڵ هەڵبەز و دابەزی گەشە و داکشانی کشتوکاڵەکەیدا، هەڵبەز و دابەز بکا.

باجێکی زەوی، وەک ئەوەی بریتانیای مەزن، لە هەر ناوچەیەکدا بەپێی ڕێسایەکی دیاریکراوی نەگۆڕ سەپێنراوە، ئەگەرچی لە کاتی یەکەمین سەپاندنیدا یەکسان بووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا نایەکسانی ڕووی تێ کردووە، بەهۆی ئاستی جیاجیای پێشخستن یان پشتگوێخستنی کشتوکاڵ لە بەشە جیاجیاکانی وڵاتەکەدا. لە ئینگلتەرە، ئەو نرخاندنەی کە بەهۆیەوە باجی زەوی لە ناوچە و ئەبرەشیە جۆراوجۆرەکاندا دەسەپێنرا و بەپێی چوارەمی ویلیەم و ماری دانرابوو هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە زۆر نایەکسان بوو. لەبەر ئەوە، ئەم باجە کە یەکەمینی چوار چەسپاوەکەی سەرەوەی پێشێل دەکرد. تەواو گونجاو بوو لەگەڵ سێ چەسپاوەکەی تردا. باجەکە بەتەواوی دیارە. کاتی باجدانەکە، کە هەمان کاتی کرێدانە، زۆر گونجاوە بۆ بەشداربووەکە و، هەرچەندە لە هەموو دۆخەکاندا خاوەن موڵک بەشدرابووە ڕاستەقینەکەیە، بەگشتی باجەکە لەلایەن کرێچییەکەوە دەدرێ، کە خاوەن موڵک ناچارە بڕی باجەکەی لە کرێکە بۆ ببڕێ. ئەم باجە لەلایەن ژمارەیەکی کەمتر فەرمانبەرەوە کۆ دەکرێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو باجانەی نزیکەی هەمان داهاتیان هەیە. کە باجی هەر ناوچەیەکیش شانبەشانی بەرزبوونەوەی کرێ بەرز نابێتەوە، سەروەر هاوبەشی خاوەن موڵک نییە لە قازانجی چاککردنی زەویدا. لەڕاستیدا هەندێ جار ئەو چاککردنانە دەبنە هۆی ڕزگارکردنی خاوەن زەوییەکانی تری ناوچەکە لە باج. بەڵام زیادکردنی باجەکە کە هەندێ جار لەسەر هەندێ موڵکی دیاریکراو دەبێ، بەردەوام زۆر کەمترە لەوەی ئەو چاککردنانە سست بکا، بەرهەمی زەویش دانابەزێنێتە خوار ئەوەی بەبێ ئەم زیادکردنە بۆی زیاد دەبوو. کە هیچ مەیلێکی کەمکردنەوەی بڕی نییە، ناتوانێ مەیلی بەرزکردنەوەی نرخی ئەو بەرهەمەی هەبێ. ئەو نابێتە ڕێگر لە پیشەسازیی خەڵک. جگە لە ناچاری بۆ ئەوەی باجەکە بدەن، هیچ ناڕەحەتییەکی تر بۆ خاوەن موڵکەکان دروست ناکا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئیمتیازەی خاوەن موڵک لە بەردەوامیی نەگۆڕی ئەو نرخاندنەوە بەدەستی دێنێ کە هەموو زەوییەکانی بریتانیای مەزنی پێ خراونەتە ژێر باجی زەوییەوە، لە بنەڕەتدا بەهۆی هەندێ هەلومەرجەوەیە کە هەمووی لە سروشتی باجەکە دوورن.

بەشێکی بۆ ئەو گەشەکردنە زۆرە دەگەڕێتەوە کە نزیکەی هەموو بەشێکی وڵاتەکەی گرتووەتەوە، کرێی نزیکەی هەموو موڵکەکانی بریتانیای مەزن، لەو کاتەوەی کە ئەم نرخاندنە دامەزراوە، بەردەوام ڕووی لە زیادبوون بوو و، بەدەگمەن هیچ دابەزینێکی بەخۆوە دیوە. لەبەر ئەوە، خاوەن موڵکەکان ئەو جیاوازییەیان بەدەست هێناوە کە لەنێوان ئەو باجەدا هەیە کە ئێستا بۆ کرێی موڵکەکانیان دەیدەن و، ئەوەی بەڕاستی بەپێی نرخاندنە کۆنەکە دەیدەن. ئەگەر دۆخی وڵاتەکە جیاواز بووایە، ئەگەر کرێ وردوردە لەئاکامی پاشەکشەی کشتوکاڵ ڕووی لە کەمبوونەوە بووایە، ئەوە هەموو خاوەن

موڵکەکان ئەم جیاوازییەیان لەدەست دەدا. لەو دۆخەی لە کاتی شۆڕشەکەوە هاتە کایەوە، جێگیریی نرخاندن بۆ خاوەن موڵکەکان بەسوود بوو و بۆ سەروەر بەزیان بوو. لە دۆخێکی جیاوازدا، لەوانە بوو بۆ سەروەر بەسوود بێ و بۆ خاوەن موڵک بەزیان بێ.

کە باج بە پارە بدرێ، نرخاندنی زەویش بە پارە دەربڕینی لێ دەکرێ. لە کاتی دامەزراندنی ئەم نرخاندنەوە بەهای زیو تا ڕادەیەکی زۆر یەکانگیر بووە و، هیچ گۆڕانکارییەک لە ستانداری پارە نە لە کێش و نە لە خاوێنییدا نەکراوە. ئەگەر بەهای زیو زۆر زیادی بکردایە، وەک ئەوەی پێدەچێ لە دوو سەدەی پێش دۆزینەوەی کانەکانی ئەمەریکا ڕووی دابێ، جێگیریی نرخاندن لەوانە بوو زۆر ستەمکارانە بێ بۆ خاوەن موڵک. ئەگەر بەهای زیو زۆر دابەزینی بەخۆوە دیتبا، وەک ئەوەی بەلای کەمەوە لە سەدەیەکی دوای دۆزینەوەی ئەو کانانەدا ڕووی دا، هەمان جێگیریی نرخاندن بەڕادەیەکی زۆر ئەم لقەی داهاتی سەروەری کەم دەکردەوە. ئەگەر گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ستانداری پارەدا بکرایە، چ بە کەمکردنەوەی هەمان بڕ زیو بۆ هێمایەکی کەمتر، یان بە بەرزکردنەوەی بۆ سەرووتر، بۆ نموونە، ئەگەر یەک ئۆنس زیو لەجیاتی ئەوەی بکرێ بە پێنج شیلین و دوو پێنس، بکرایە بە پارچە دراوگەلێک کە هێمایان زۆر بچووکە وەک دوو شیلین و حەوت پێنس، یان بە پارچەگەلێک کە هێمای بەرزتریان هەیە وەک دە شیلین و چوار پێنس، ئەوە لە دۆخێکدا زیانی بە داهاتی خاوەن موڵک دەگەیان و، لە دۆخەکەی تردا زیانی بە داهاتی سەروەر دەگەیاند.

کەواتە لە هەلومەرجی کەمێک جیاواز لەوەی بە کردەنی هەیە، ئەم جێگیریی نرخاندنە لەوانە بوو زیانێکی گەورە بێ، بۆ بەشداربووان، یان بۆ کۆمۆنوێڵت. بەڵام، دەبێ ئەم هەلومەرجانە بە تێپەڕبوونی کات، لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا، دروست ببن. بەڵام ئەگەرچی ئیمپراتۆریاکان، وەک هەموو ئیشەکانی تری مرۆڤ، ڕوو لە نەمانن، هێشتا هەموو ئیمپراتۆریایەک لە هەوڵی مانەوەی هەتاهەتاییە. لەبەر ئەوە هەموو دەستوورێک کە هەوڵ دەدرێ هاوشێوەی ئیمپراتۆریاکە بەردەوامیی هەبێ، دەبێ گونجاو بێ، نەک تەنیا بۆ هەلومەرجێکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ هەموو هەلومەرجێک، یان نابێ بۆ ئەو هەلومەرجانە بێ کە کاتین یان جاروبار یان بە هەڵکەوت دێنە کایەوە، بەڵکو بۆ ئەوانە بێ پێویستن و بەردەوام هەمان شتن.

باجێکی سەر زەوی کە لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەک لە کرێدا دەگۆڕدرێ، یان بەگوێرەی پێشکەوتن و دواکەوتنی کشتوکاڵ بەرز و نزم دەبێتەوە، لەلایەن ئەو تایەفە پیاوە خوێندەوارانەی فرانسەوە کە بەخۆیان دەڵێن ئیکۆنۆمیستەکان وەک دادوەرانەترینی هەموو باجەکان پێشنیاز کراوە. ئەوان پێیان وایە کە هەموو باجەکان لە کۆتاییدا دەکەونە سەر موڵکانەی زەوی و، بۆیە دەبێ دادوەرانە بخرێنە سەر ئەو سندووقی پارەدارکردنەی کە لە

کۆتاییدا دەبێ بیاندا. لەوەدا کە هەموو باجەکان دەبێ تا دەکرێ دادوەرانە بکەونە سەر ئەو سندووقەی لە کۆتاییدا بیدا، ئەوان تەواو ڕاستن. بەڵام بەبێ چوونە ناو مشتومڕی بێزارکەر لەسەر بەڵگە میتافیزیکیەکانی پشتیوانیی تیۆرییە دانایەکەیان، لەوە دەچێ بەگونجاوی لەڕێی ئەم پێداچوونەوەیەی داهاتووەوە دەرکەوێ ئەو باجانە کامانەن کە لە کۆتاییدا دەکەونە سەر مولکانەی زەوی و، ئەوانە کامانەن کە دەکەونە سەر سندووقی تری پارەدارکردن.

لە خاکی ڤینیسیا هەموو زەوییە گونجاوەکان بۆ کشتوکاڵ کە بە گرێبەست بە جووتیاران دراون، باجەکەیان دەیەکی کرێیەکەیە. گرێبەستەکان لە تۆمارێکی گشتیدا تۆمار دەکرێن کە لای فەرمانبەری داهاتی هەر پارێزگەیەک یان ناوچەیەک دەپارێزرێ. کاتێک کە خاوەن مولک زەوییەکانی خۆی کشتوکاڵ دەکا، بەپێی مەزەندەکردنێکی دادوەرانە دەخەملێنرێ و، ڕێگەی پێ دەدرێ پێنجیەکێکی باجەکە دابڕێ، بەشێوەیەک کە بۆ ئەو جۆرە زەوییە تەنیا لەسەدا هەشتی کرێ پێشبینیکراوەکە بدا نەوەکو لەسەدا دە.

باجێکی لەم شێوەیەی سەر زەوی، بێگومان زۆر دادوەرانەترە لە باجی زەویی ئینگلتەرە. لەوانەیە ئەو باجە تەواو ورد نەبێ و، لەوانەیە خەمڵاندنی باجەکە زۆر جاران ببێتە مایەی کێشەی زۆر بۆ خاوەن مولکەکە. هەروەها لەوانەیە لە کاتی کۆکردنەوەیدا خەرجیی زیاتر بێ.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ئەم جۆرە سیستەمەی بەڕێوەبردن بۆ ئەوە دارێژرابێ کە تا ئەوپەڕی ڕێگە لە ناڕوونی بگرێ و ئەم خەرجییە گونجاوتر بکا.

بۆ نموونە، لەوانەیە خاوەن مولک و کرێچی بەهاوبەشی ناچار بکرێن گرێبەستەکەیان لە تۆمارێکی گشتیدا تۆمار بکەن. سزای گونجاو بڕیار بدرێ بەرامبەر بە شاردنەوە یان شێواندنی هەر مەرجێک و، ئەگەر بەشێکی ئەو سزایانە بدرێ بە یەکێک لە دوو لایەنەکە کە هەواڵی لە دژی ئەوەی تر داوە یان سەرکۆنەی ئەو جۆرە شاردنەوەیە یان شێواندنەی کردووە، ئەوە دەبێتە ڕێگر لەوەی یەک بگرن بۆ فێڵکردن لە داهاتی گشتی. هەموو مەرجەکانی گرێبەستەکە دەکرێ وەکو پێویست لەو جۆرە تۆمارەوە بزانرێن.

هەندێ خاوەن مولک لەجیاتی بەرزکردنەوەی کرێ، باجێک لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکە وەردەگرن. ئەم کردەوەیە لە زۆربەی دۆخەکاندا ئامرازێکە بۆ زێدەڕۆیی لە خەرجکردن، کە بەرامبەر بڕە پارەیەکی حازر داهاتێکی زۆر بەهادارتری داهاتوو دەفرۆشن. بۆیە ئەمە لە زۆربەی دۆخەکاندا زیانبەخشە بۆ کرێچییەکە و، بەردەوام زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێ. ئەمە زۆر جاران بەشێکی زۆری سەرمایەکەی کرێچیی لێ دەستێنێ و، بەمەش بەڕادەیەکی زۆر توانای کشتوکاڵکردنی زەوییەکەی لێ کەم دەکاتەوە، کە وای لێ دەکا کرێیەکی کەمی پێ سەختتر بێ لەوەی بەبێ ئەم کردەوەیە کرێیەکی زۆر بدا. هەر

شتێک توانای ئەو بۆ کشتوکاڵکردن کەم بکاتەوە، وەک پێویستییەک گرینگترین بەشی داهاتی کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە. لەڕێی سەپاندنی باجی زۆر بەسەر ئەو باجەی خاوەن موڵکەکە بەم شێوەیە وەری دەگرێ، دەکرێ ڕێگری لەم کردەوە زیانبەخشە بکرێ کە سوودی کەمیشی نییە بۆ هیچ لایەنێک، نە بۆ خاوەن موڵک نە بۆ کرێچی، نە بۆ سەروەر و، نە بۆ تەواوی کۆمەڵگە.

هەندێ گرێبەست شێوازێکی دیاریکراوی کشتوکاڵکردن بەسەر کرێچیدا دەسەپێنن لەگەڵ شێوازێکی دیاریکراوی ڕیزبەندیی چاندنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە ماوەی گرێبەستەکەدا. ئەم مەرجە، کە بەگشتی ئەنجامی خۆهەڵکێشانی خاوەن موڵکە بە باڵادەستیی خۆی لەڕووی زانیارییەوە (خۆهەڵکێشانێک کە لە زۆربەی دۆخەکاندا بنەمای زۆر لاوازی هەیە)، ئەمە دەبێ بەردەوام بە کرێی سەربار دابنرێ، کرێیەک بە خزمەتگوزاری نەک بە پارە. بۆ سستکردنی ئەم کردەوەیە، کە بە گشتی کردەوەیەکی گەمژەیە، دەبێ ئەم جۆرە کرێیە زۆر بەرزتر بنرخێنرێ و، لەئاکامدا باجی زۆرتر لە باجی سەر کرێی بەپارەی لێ وەرگیرێ.

هەندێ خاوەن موڵک لەجیاتی کرێی بەپارە داوای کرێ بە جۆر دەکەن، بە گەنم، ماڵات، پەلەوەر، شەراب، ڕۆن، هتد، ئەمەش جارێکی تر کرێیەکە بە خزمەتگوزاری. ئەم کرێیانە بەردەوام بەزیانترن بۆ کرێچی زیاتر لەوەی بەسوود بن بۆ خاوەن موڵک. ئەمانە یان لە گیرفانی جووتیار لەوە زیاتر دەردێنن، یان زیاتر لە دەرەوەی گیرفانی دەهێڵن، زیاتر لەوەی کە دەیخەنە گیرفانی خاوەن موڵکەوە. لە هەموو ئەو وڵاتانەی ئەمەی تێدا پەیڕەو دەکرێ جووتیارەکانیان، بەگوێرەی ئاستی ئەو پەیڕەوکردنە، هەژار و نەبوونەن. بەهەمان شێوە، لەڕێی بەرزتر نرخاندنی ئەم جۆرە کرێیە و، لە ئاکامدا سەپاندنی باجی زیاتر بەسەریاندا، زیاتر لەوەی بەگشتی بەسەر کرێی بەپارەدا دەسەپێنرێ، ڕێگری لەم کردەوەیە دەکرێ کە زیانبەخشە بۆ هەموو کۆمەڵگە.

کاتێک کە خاوەن موڵک بڕیار دەدا خۆی بەشێکی زەوییەکانی خۆی بەدەستەوە بگرێ، دەکرێ کرێیەکە لەڕێی بڕیارێکی دادوەرانەی جووتیاران و خاوەن موڵکەکانی دەوروبەرەوە بخەملێنرێ و، ئاستێکی گونجاوی باجی بۆ دیاری بکرێ، بەهەمان شێوەی زەوییەکانی ڤینیسیا، بەو مەرجەی کرێی ئەو زەوییانەی بەکاریان دێنێ لە برە پارەیەکی دیاریکراو زیاتر نەبێ. گرینگە خاوەن موڵک هان بدرێ بۆ ئەوەی کشتوکاڵی بەشێکی زەوییەکانی خۆی بکا. سەرمایەی ئەو بەگشتی زۆرترە لە سەرمایەی کرێچییەکانی و، بەهۆیەوە دەتوانێ لەگەڵ شارەزاییەکی کەمدا بەرهەمێکی زۆرتری هەبێ. خاوەن موڵک دەتوانێ تاقیکردنەوە بکا و، بەگشتی ئەوە دەکا. تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووەکانی تەنیا دەبنە مایەی زیانێکی مامناوەندی بۆ خۆی. تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانیشی لە

پێشخستنی کشتوکاڵێکی باشتری تەواوی وڵاتەکەدا بەشداری دەکەن. لەوانەیە گرینگ بێ کە دیاریکردنی باج هانی بدا تەنیا تا ئاستێکی دیاریکراو کشتوکاڵ بکا. چونکە کاتێک کە خاوەن موڵکەکان، زۆربەیان، هان بدرێن بۆ کشتوکاڵکردنی تەواوی زەوییەکانیان، وڵات (لەجیاتی کرێچیی جێگیر و پیشەدار، کە پابەندی بەرژەوەندی خۆیانن لە کشتوکاڵدا، هەروەها وابەستەی سەرمایە و تواناکانی خۆیانن) ڕوو لە تەمبەڵی و دەستبڵاوی دەکەن، ئەمەش ئاستی کشتوکاڵ نزم دەکا و بەرهەمی ساڵانەی زەوی کەم دەکاتەوە و، تەنیا داهاتی سەردارەکانیان کەم ناکاتەوە بەڵکو داهاتی سەرجەم کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە.

سیستمێکی لەم جۆرە لەوانەیە باج لە هەموو جۆرە ناڕوونییەک ڕزگار بکا کە لەوانەیە ببنە ستەم یان نادادی بەرامبەر بە بەشداربووەکە و، لەوانەیە لەهەمان کاتدا ئەم سیستمە ببێتە مایەی داهێنانی پلانێک یان سیاسەتێکی ئیدارەدانی زەوی کە بەشداریی زۆر لە پێشکەوتنی گشتی و کشتوکاڵی باش لە وڵاتدا بکەن.

تێچووی کۆکردنەوەی باجی زەوی کە لەگەڵ هەموو جیاوازییەک لە کرێدا جیاوازی بەخۆیەوە ببینێ، لەوانەیە زۆرتر بێ لە خەرجیی ئەوەی کە بەپێی خەمڵاندنێکی چەسپاو جێگیر کراوە. هەندێ خەرجیی سەربار وەک پێویستییەک دێنە کایەوە بەهۆی ئەو نووسینگەی تۆمارکردنانەی کە دەبێ لە پارێزگە جیاجیاکانی وڵاتدا دابمەزرێن و، بەهۆی نرخاندنە جۆراوجۆرەکانەوە کە جاروبار بۆ ئەو زەوی و موڵکانە دەکرێن کە خاوەنەکەیان بڕیار دەدا خۆی بیانگرێتە دەستەوە. بەڵام ڕەنگە خەرجیی هەموو ئەمانە مامناوەندی بێ و، زۆر کەمتر بێ لە خەرجیی سەپاندنی گەلێ باجی تر کە داهاتی زۆر کەمتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە بە ئاسانی لە باجی لەم جۆرەوە بەدەست دێ.

ئەو سستکردنەوەیەی کە باجێکی گۆڕاوی لەم جۆرەی زەوی بۆ چاککردنی زەویی دێنێتە کایەوە لەوە دەچێ گرینگترین ڕەخنە بێ کە لێی بگیرێ. بێگومان خاوەن موڵک کەمتر ڕووی لە چاکسازیی زەوی دەبێ کاتێک سەروەر، کە هیچ بەشدارییەک لە خەرجییەکەدا ناکا، لە قازانجی چاککردنەکەدا بەشداریی بکا. تەنانەت لەوانەیە ئەم ڕەخنەیە دوور بخرێتەوە بەوەی ڕێگە بە خاوەن موڵک بدرێ، پێش ئەوەی دەست بە چاکسازیی زەوی بکا و، بەهاوئاهەنگیی فەرمانبەرانی داهات، لە بەهای دیاریکراوی زەوییەکانی دڵنیا بکرێتەوە، بەپێی خەمڵاندنی دادوەرانەی ژمارەیەکی دیاریکراوی خاوەن موڵک و جووتیارانی دەوروبەری، کە لەلایەن هەردوو لاوە دەستنیشان کراین و بەپێی ئەو خەمڵاندنە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو کە بەباشی بەشی قەرەبووی خەرجییەکانی بکەن، بەو ڕێژە خەمڵێنراوە باج بدا. سەرنجراکێشانی سەروەر بۆ چاکسازیی زەوی، لە گۆشەنیگای زیادبوونی داهاتی خۆیەوە، یەکێکە لەو سوودە سەرەکییانەی ئەم جۆرە باجەی زەوی. لەبەر ئەوە نابێ ماوەی ڕێگەپێدراو بۆ قەرەبووکردنەوەی خاوەن موڵک

زۆر درێژتر بێ لەوەی بۆ ئەو مەبەستە پێویستە، نەوەکو دوورەدەستیی بەرژەوەندی ئەو سەرنجراکێشانە دوور بخاتەوە. هەرچەندە کە ئەگەر کەمێک درێژتر بێ باشترە لەوەی زۆر کورت بێ. هیچ سەرنجراکێشانێکی سەروەر ناتوانێ کەمترین سستکردنەوەی خاوەن موڵک قەرەبوو بکاتەوە. گرێنگیپێدان لەلایەن سەروەرەوە لە باشترین دۆخەکانیدا تەنیا ڕۆڵێکی زۆر گشتی و تەماویی هەیە لەوەی کە لەوانەیە بەشداری لە کشتوکاڵکردنی باشتری بەشی زۆری ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیدا بکا. گرینگیپێدانی خاوەن موڵک بەشێوەیەکی دیاریکراو و ورد ئەوە دیاری دەکا کە ڕەنگە بەسوودترین بەکارهێنانی هەموو ئینچێکی زەویی موڵکەکەیەتی. گرینگیپێدانی سەرەکیی سەروەر دەبێ هاندان بێ، بە هەموو ئەو ئامرازانەی لەبەر دەستیدان، بۆ گرینگیپێدانی خاوەن موڵک و جووتیاریش، بەوەی ڕێگە بە هەردووکیان بدرێ بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێ و خۆیان بڕیاری لێ دەدەن بەرژەوەندیی خۆیان بەدەست بێنن، بە دابینکردنی تەواوی دڵنیاییە بۆ هەردووکیان کە بەتەواوی سوود لە تەواوی پاداشتی پیشەکەیان وەرگرن و، بە دابینکردنی فرەوانترین بازاڕە بۆ هەموو بەشێکی بەرهەمەکانیان، لەئاکامیشدا دامەزراندنی ئاسانترین و ئارامترین ڕێگەی وشکانی و ئاوی لە سەرتاسەری ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی، شانبەشانی ئازادیی بێ سنووری هەناردەکردن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی میرانی تر.

ئەگەر لەڕێی سیستمێکی ئیدارەدانی لەم جۆرەوە باجی لەم شێوەیە بەشێوەیەک ڕێک بخرێ کە نەک تەنیا هیچ ئاستەنگێک نەخاتە سەر ڕێ، بەڵکو هەندێ هانی چاکسازیی زەوی بدا، لەوە دەچێ ئەگەری هیچ زیانێک بۆ خاوەن موڵک نەمێنێ، مەگەر ئەوە نەبێ کە هەر دەبێ باج بدا.

لە هەموو دۆخە جیاکانی کۆمەڵگەدا، لە کاتی پێشکەوتن یان تێکچوونی کشتوکاڵدا، لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکان لە نرخی زیو و، بەهای هەموو ستاندارەکانی دراودا، باجێکی لەم جۆرە هەر لە خۆیەوە و بەبێ ئەوەی دەستی حکوومەتی تێدا هەبێ، خۆی لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی شتەکاندا دەگونجێنێ و، لە سایەی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا تەواو دادوەرانە دەبێ. بەم شێوەیە زۆر لە هەموو باجێک کە بەردەوام بەگوێرەی خەمڵاندنێکی دیاریکراوەوە کۆ دەکرێتەوە، گونجاوترە وەک یاسایەکی هەمیشەیی و نەگۆڕ دابمەزرێ، یان وەک ئەوەی پێی دەگوترێ یاسایەکی بنەڕەتیی کۆمۆنوێڵت دابمەزرێ.

هەندێ وڵات لەجیاتی ڕێگەی ئاسان و ڕوونی تۆمارکردنی گرێبەست، ڕوویان لە ڕێگەی قورس و بەخەرجیی ڕووپێو و خەمڵاندنی کردەنیی هەموو زەوییەکانی وڵاتەکە کردووە. لەوانەیە ئەوان گومانیان بردبێ کە کرێچی و بەکرێدەر بۆ ئەوەی فێڵ لە داهاتی گشتی بکەن، لەوانەیە بەیەکەوە بۆ شاردنەوەی مەرجە ڕاستەقینەکانی گرێبەستەکە دەست

تێکەڵاو بکەن. لەوە دەچێ کتێبی دۆمسدەی (Domesday-Book) بەرهەمی ڕووپێوێکی زۆر وردی لەو جۆرە بێ.

لە دەسەڵاتدارییە کۆنەکانی شای پرووسیا، باجی زەوی، ماوەی جارێک پێداچوونەوەی بۆ دەکرا و گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات. بەگوێرەی ئەو خەمڵاندنە خاوەن مولّکە نائاینییەکان بیست تا بیست و پێنج لەسەدی داهاتەکەیان دەدا. بۆ موڵکەکانی سەر بەکڵێسا چل تا چل و پێنج لەسەدیان دەدا. ڕووپێو و خەمڵاندن لە سیلیسیا بە فەرمانی شای ئێستا ئەنجام دەدران، وەک دەڵێن زۆر بەوردی ئەنجام دەدرا. بەگوێرەی ئەو خەمڵاندنە، باجی سەر زەوییەکانی سەر بە ئوسقوفی بریسلاڤ لەسەدا بیست و پێنجی کرێیەکەیانە. داهاتەکانی تری سەر بە کڵێسای هەردوو ئاین، باجەکەیان لەسەدا پەنجایە. فەرمانداریيەکانی تیوتۆن و، ماڵتا باجەکەیان لەسەدا چلە. ئەو زەوییانەی بەدەستی خانەدانێکەوەن باجەکانیان لەسەدا سی و هەشت و سێیەکێکە. ئەو زەوییانەی بەدەستی خەڵکی ئاساییەوەن باجەکەیان لەسەدا سی و پێنج و سێیەکێکە.

دەڵێن کە ڕووپێو و خەمڵاندنی بۆهیمیا ئیشی سەد ساڵی ویستووە. ئەو ئیشە تا دوای ئاشتییەکەی ساڵی ١٧٤٨ و بە فەرمانی شاژنە ئیمپراتۆرەکەی ئێستا تەواو نەبووە. ڕووپێوی دۆقنشینی میلان، کە لە سەردەمی چارلزی شەشەمدا دەستی پێ کردووە، تا دوای ساڵی ١٧٦٠ تەواو نەکرا. ئەم ڕووپێوە بە یەکێک لە ڕووپێوە هەرە وردەکان لە مێژوودا دێتە ژماردن. ڕووپێوی ساڤۆی و پیدمۆت بە فەرمانی شای ساردینیا ئەنجام درا.

لە ناوچەکانی دەسەڵاتی پاشای پرووسیادا داهاتی کڵێسا باجەکەی زۆر بەرزتر بوو لە باجی موڵکدارە نائاینییەکان. داهاتی کڵێسا، بەشە زۆرەکەی، بارێکە بەسەر کرێی زەوییەوە. ئەو بەدەگمەن بەهیچ شێوەیەک لە زیادکردنی داهاتی خەڵکدا بەشداری دەکا. بۆیە لەوە دەچێ خاوەن شکۆی پرووسیایی بەگونجاوی زانیبێ کە بەڕادەیەکی باش لە سووککردنەوەی خەرجیی دەوڵەتدا بەشدارییان پێ بکا. لە هەندێ وڵاتدا زەوییەکانی کڵێسا بە تەواوی لە هەموو جۆرە باجێک هەڵاوێرد کراون. لە وڵاتانی تردا باجی زۆر کەمتر لەوانەی زەوییەکانی تر دەدەن. لە دۆقنشینی میلان، ئەو زەوییانەی بەدەستی کڵێساوە بوون پێش ساڵی ١٥٧٥ باجی سەریان تەنیا سێیەکی بەهاکەیان بوو.

لە سیلیسیا، باجی سەر ئەو زەوییانەی لەبەر دەستی خانەدانەکانن بەڕێژەی لەسەدا سێ بەرزترە لەوەی سەر ئەو زەوییانەی بەدەستی خەڵکە ئاساییەکەوەن. ڕەنگە خاوەن شکۆی پرووسیایی پێی وا بووبێ کە شکۆ و ئیمتیازە جۆراوجۆرەکانی ئەوانەی یەکەم بایی ئەوەندە هەن کە قەرەبووی ئەو برە کەمە باجە زیادەیەیان بۆ بکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا ئاستی نزم و بێبایەخی ئەوانەی دوایی تا ڕادەیەک لەڕێی باجی سووکترەوە دەشێ ڕاست بکرێتەوە. لە وڵاتانی تردا، سیستمی باجگری، لەجیاتی کەمکردنەوە، بەم

نایەکسانییە زیاتر دەکرێ. لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شای ساردینیا و، ئەو پارێزگانەی فرانسە کە لە سایەی ئەوەدا کە پێی دەگوترێ تایێی ڕاستەقینە یان تایێی موڵک، باجەکە هەمووی دەکەوێتە سەر ئەو زەوییانەی کە بەدەستی خەڵکە سادەکەوەن. ئەو زەوییانەی بەدەستی خانەدانەکانەوەن لە باج بەخشراون.

باجێکی سەر زەوی کە بەپێی ڕووپێو و خەمڵاندنێکی گشتی دانراوە، لە سەرەتادا چەند دادوەرانە بێ، بە تێپەڕینی ماوەیەکی گونجاون، نادادوەر دەبێ. ڕێگری لەمە پێویستی بە چاودێریی بەردەوام و بەزەحمەتی حکوومەتە بۆ هەموو گۆڕانکارییەکان لە دۆخ و بەرهەمی هەموو کێڵگەیەک لە وڵاتدا. حکوومەتەکانی پرووسیا، بۆهیمیا، ساردینیا و، دۆقنشینی میلان، بەم جۆرە ڕەفتار دەکەن، ئەم چاودێریکردنە زۆر نەگونجاوە لەگەڵ سروشتی حکوومەتدا لەبەر ئەوەی ناکرێ زۆر درێژە بکێشێ و ئەگەر بەردەوام بێ، لەوانەیە لە مەودای دووردا ببێتە مایەی کێشە و ناڕەحەتی زیاتر لەوەی کە ببێتە مایەی حەسانەوە بۆ بەشداربووان.

لە ساڵی ١٦٦٦دا، مۆنتۆبان تایێی ڕاستەقینە یان تایێی موڵکی بەسەردا سەپێنرابوو، بەگوێرەی ڕووپێو و خەمڵاندنێکی زۆر ورد. بە هاتنی ساڵی ١٧٢٧، ئەو خەمڵاندنە تەواو نادادوەرانە بووبوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم نارێکییە، حکوومەت ڕێگەیەکی باشتری لە سەپاندنی باجێکی ١٢٠ هەزار لیرەیی بەسەر تەواوی مۆنتۆباندا نەدۆزییەوە. ئەم باجە سەربارە سەپێنرا بەسەر هەموو ئەو پارێزگە جۆراوجۆرانەدا کە بەگوێرەی خەمڵاندنە کۆنەکە تایێیان بەسەردا سەپێنراوە. بەڵکو تەنیا لەوانە دەسێنرێ کە لە دۆخێکی دیاریکراودا بەهۆی ئەو خەمڵاندنەوە باجی کەمتریان لەسەر بووە و، بۆ سووککردنەوەی ئەوانەی کە بەهەمان ئەو خەمڵاندنە باجی زۆرتریان لەسەر بووە. بۆ نموونە، دوو کەرت کە یەکێکیان دۆخی ڕاستەقینە وا دەخوازێ کە ٩٠٠ لیرە باج بدا، ئەوەی تر ١١٠٠ بدا، بە خەمڵاندنە کۆنەکە هەر یەکێکیان هەزار لیرەی دەدا. باجی سەر هەردوو ئەم کەرتە بەهۆی باجە سەربارەکە بووە ١١٠٠ بۆ هەر یەکێکیان. بەڵام ئەم باجە سەربارە تەنیا دەکەوێتە سەر ئەو کەرتەی کە باجی کەمتری دەدا و، بۆ ئەوەیە کە باری ئەوە سووک بکا باجی زۆر دەدا، کە لەئاکامدا تەنیا ٩٠٠ لیرە دەدا. حکوومەت لەو باجە سەربارەی بۆ ڕاستکردنەوەی ناداوەرییەکانی خەمڵاندنی کۆن سەپێنراوە، نە قازانج دەکا و نە زیانمەند دەبێ. جێبەجێکردن تا ڕادەیەکی زۆر بە دەسەڵاتی خەمڵێنەری حاکمی ئەو ناوچەیە سپێرراوە و لەبەر ئەوە وەک پێویستییەک تا ڕادەیەکی زۆر هەڕەمەکی دەبێ.

ئەو باجانەی هاورێژەن لەگەڵ بەرهەمی زەوی، نەك لەگەڵ کرێیەکەیدا

باجەکانی سەر بەرهەمی زەوی لەڕاستیدا باجی سەر کرێن. هەرچەندە کە لەبنەڕەتدا لەلایەن جووتیارەوە دەدرێن، بەڵام لە کۆتاییدا لەلایەن خاوەن زەوییەکەوە دەدرێن. کاتێک کە بەشێکی دیاریکراوی بەرهەم وەک باج دەدرێ، جووتیار ئەوەندەی پێی بکرێ بەهای ئەو بەشە لێک دەداتەوە و، دەزانێ ساڵ لەدوای ساڵ چەند دەبێ و، ئەو ڕێژەیە لەو کرێیە دەردەکا کە لەگەڵ خاوەن زەویدا لەسەری ڕێک کەوتووە. هیچ جووتیارێک نییە پێشوەخت لەیەکی نەدابێتەوە دەیەکی کڵێسا، کە باجێکی لەم جۆرە باجانەی زەوییە، ساڵانە چەند دەکا.

ئەو دەیەکە و، باجە هاوشێوەکانی سەر زەوی، لەژێر پەردەی پیشاندانی یەکسانیی تەواودا، باجی تەواو نایەکسانن. لە دۆخی جۆراوجۆردا بەشێکی دیاریکراوی بەرهەم، کە لە دۆخی جۆراوجۆردا، یەکسانە بە بەشێکی جیاوازی کرێیەکە. لە هەندێ زەویی زۆر دەوڵەمەنددا بەرهەمەکە ئەوەندە زۆرە کە نیوەی بەتەواوی بەشی ئەوە دەکا سەرمایەی بەگەڕخراوی جووتیارەکە لە کشتوکاڵدا پڕ بکاتەوە، لەگەڵ قازانجی ئاسایی ماڵی کشتوکاڵکردن لەو دەوروبەرەدا. نیوەکەی تر، یان بەهای ئەو نیوەیەی تر، دەتوانێ وەکو کرێ بە خاوەن موڵکەکەی بدا، ئەگەر دەیەک نەبێ. بەڵام ئەگەر دەیەکی بەرهەمەکەی بەشێوەی دەیەک لێ بسێنرێ، پێویستی بە دابڕینی پێنجیەکی کرێیەکەی دەبێ، ئەگەر نا ئەوە ناتوانێ سەرمایەکەی بە قازانجی ئاساییەوە بگەڕێنێتەوە. لەم دۆخەدا کرێی خاوەن موڵک، لەجیاتی ئەوەی نیوەی یان پێنج دەیەکی تەواوی بەرهەمەکە بێ، تەنیا چوار دەیەکی دەبێ. لە زەویی هەژارتردا، بەپێچەوانەوە، بەرهەمەکە هەندێ جار زۆر کەمە و، خەرجیی کشتوکاڵکردن گەلێ زۆرە، واتە پێویستی بە چوار پێنجیەکی هەموو بەرهەمەکە دەبێ بۆ ئەوەی جووتیارەکە ئەو سەرمایەیە بە قازانجی ئاساییەوە پڕ بکاتەوە. لەم دۆخەدا، ئەگەر دەیەکیش نەبێ، کرێی خاوەن موڵک لەوانەیە لە پێنجیەکێکی هەموو بەرهەمەکە زیاتر نەبێ. بەڵام ئەگەر جووتیارەکە دەیەکێکی بەرهەمەکە وەک باجی دەیەک بدا، ئەوە پێویستی بە دابڕینێکی یەکسان لە کرێی خاوەن موڵک دەبێ، کە لەم دۆخەدا بۆ تەنیا دەیەکێکی هەموو بەرهەمەکە کەم بکرێتەوە. لەوانەیە باجی دەیەک لە کرێی زەویی دەوڵەمەنددا هەندێ جار زیاتر نەبێ لە پێنجیەک، یان چوار شیلین لە پاوەنێک، لە کاتێکدا لەسەر زەویی هەژارتر لەوانەیە هەندێ جار باجێک بێ نیوەی ببا، یان لە هەر پاوەنێک دە شیلین ببا. باجی دەیەک، کە زۆربەی جاران باجێکی زۆر نادادوەرە لەسەر کرێ، سستکەرەوەیەکی چاککردنی زەوییە لەلایەن خاوەن موڵکەوە و سستکەرەوەی کشتوکاڵی جووتیارە.

یەکێکیـان نـاتوانێ سەرکێشـیی ئەنجامـدانی گرینگتـرین چاککردنەکـان بکـا، کە بەگشـتی گرانبایتریینیان، ئەوەی تریش ناتوانێ بەهادارترینیان بەرهەم بێنێ، کە ئەویش بەگشتی گرانبایترینی بەرهەمەکانە، کاتێک کە کڵێسا، لەگەڵ ئەوەی هیچ بەشێکی خەرجییەکە ناخاتە بەر دەسـتەوە، بەشـێکی زۆری قـازانجەکە دەبـا. چانـدنی مـادەر (ڕووەکـێکە ڕەگەکەی لە ڕەنگکردنی کوتاڵدا بەکار دێ) ماوەیەکی زۆر لەڕێی باجی دەیەکی کڵێساوە لە پارێزگە یەکگرتووەکاندا قەتیس کرابوو، کە لەبەر ئەوەی وڵاتانی خاوەن کڵێسـای پیران بوون، لەم بـاجە ڕووخێنەرە هەڵاوێرد کرابـوون و، جـۆرە قۆرخکارییەکیـان بەسـەر ئەم دەرمـانەی خمچێتیدا دژ بە بەشـەکانی تری ئەورووپا سـەپاندبوو. هەوڵە درەنگەکانی هێنـان و چاندنی ئەم ڕووەکە بـۆ ئینگلـتەرە تەنیـا لەئاکـامی ئەو یاسـایە بـوو کە، لەجیـاتی هەمـوو جـۆرە دەیەکێکی کڵێسا، بۆ چاندنی مادەر تەنیا پێنج شیلینی بەسەر هەر ئەیکەرێکدا سەپاند.

وەک چۆن لە بەشـی هەرە زۆری ئەورووپادا کڵێسـا، هەروەهـا لە وڵاتـانی جۆراوجـۆری ئاسیادا دەوڵەت، بەشـێوەیەکی سـەرەکی بە بـاجی زەوی پشـتیوانی دەکرێ، کە هـاوڕێژەی کرێ نییە بەڵکو هاوڕێژەی بەرهەمی زەوییە. لە چین، داهاتی سـەرەکیی سـەرووەر پێک دێ لە دەیەکێکـی بەرهەمـی هەمـوو زەویـی ئیمپراتۆریـاکە. بەڵام ئەم یەک بەش لە دەیە، بەشێوەیەکی زۆر میانڕۆ خەملێنراوە کە لە گەلێ پارێزگەدا، وەک دەڵێن لە یەک لە سیی بەرهەمـی ئاسـایی زیـاتر نیـیە. بـاجی زەوی، یـان مولکـانەی زەوی، کە بە حکـوومەتی محەمەدیی بەنگـال دەدرا، پێش ئەوەی ئەو وڵاتە بکەوێتە بەر دەسـتی کۆمپانیـای هینـدی ڕۆژهەڵاتـی ئینگلیـزی، دەڵـێن نـزیکەی پێنجیەکـی بەرهەمەکە بـووە. بـاجی زەویـی میسـری کۆنیش، وەک دەڵێن هەر پێنجیەک بووە.

لە ئاسـیا، وەک دەڵـێن، ئەم جـۆرە بـاجەی زەوی بـۆ سەرنجڕاکێشـانی سـەرووەر بـووە بەرەو چـاککردن و کشـتوکاڵکردنی زەوی. سـەرووەرانی چـین، ئەوانەی بەنگـال لەو کـاتەی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی محەمەدیەکان بوو و، ئەوانەی میسری کۆن، بەم پێیە گرینگیی زۆریـان داوە بە دروسـتکردن و پاراسـتنی ڕێگەوبـانی بـاش و کەنـاڵی دەریـاوانی، تـاوەکو ئەوەندەی بکرێ بڕ و بەهای هەموو بەشـێکی بەرهەمـی زەوی زیـاتر بکەن، بە دابینکردنـی فرەوانتـرین بـازاڕی وڵاتەکەیـان بـۆ هەمـوو بەشـێکی ئەو بەرهەمە. دەیەکـی کڵێسـا دابەش دەکرانە سەر بەشگەلی ئەوەندە بچووک کە هیچ یەکێک لەوانەی دەبنە خاوەنی ئەو بەشانە گرینگـی بەو جـۆرە ئیشـانە نادەن. قەشـەیەکی ئەبرەشـیە هەرگیـز بە بەرژەوەنـدی خـۆی نـازانێ ڕێـگەیەک یـان کەنـاڵێکی ئـاوی بەرەو بەشـێکی دووری وڵات بکـاتەوە بـۆ ئەوەی بازاڕی بەرهەمی ئەبرەشیەکەی خۆی فرەوان بکا. ئەم جۆرە باجانە کاتێک کە بۆ ژیاندنی

دەوڵەت تەرخان دەکرێن، هەندێ سوودیان دەبێ کە لەگەڵ زیانەکانیاندا هاوسەنگ دەبن. کاتێک کە بۆ ژیاندنی کڵێسا تەرخان دەکرێن، لە زیان بەولاوە هیچیان لێ ناکەوێتەوە.

باجەکانی سەر زەوی دەکرێ یان بە جۆر کۆ بکرێنەوە، یان، بەپێی نرخاندنی دیاریکراوەوە، بە پارە کۆ دەکرێنەوە.

قەشەی ئەبرەشیە، یان ڕێزدارێکی خاوەن سامانێکی کەم کە بژێویی لەسەر مولکەکەیەتی، لەوانەیە هەندێ جار یەکێکیان پێی باش بێ دەیەکەکەی و، یەکێکیان کرێیەکەی، بە جۆر وەرگرێ. ئەو بڕەی کۆ دەکرێتەوە و، ئەو کەرتەی کە دەبێ تیایدا کۆ بکرێتەوە، بچووکتر بن لەوەی هەردووکیان بتوانن بە چاوی خۆیان چاودێریی کۆکردنەوە و خەرجکردنی هەمو بەشێک کە دەکەوێتە سەریان بکەن. ڕێزدارێکی خاوەن سامانی زۆر کە لە پایتەختدا ژیاوە، مەترسیی زۆری پشتگوێخستن و، فێڵی زۆرتری لەلایەن وەکیل و سەرکارەکانیەوە لەسەرە، ئەگەر کرێی موڵکێکی دوور پێویست بێ بەم شێوەیە پێی بدرێ. زیانی سەروەر بەهۆی خراپەکاری و دزیکردنی باجگرەکانیەوە، بەم شێوەیە زۆر زۆرتر دەبێ. خزمەتکارانی کەسێک کە گوێ بە هیچ نەدا، لەوانەیە زیاتر لەوانەی میرێک کە گوێ بە هیچ نەدا، زیاتر لەبەر چاو بن و، ئەو داهاتە گشتییەی کە بە جۆر دەدرا بەهۆی بەڕێوەبردنی خراپی باجگرانەوە وای لێ دێ کە بەشێکی زۆر کەمی ئەوەی لە خەڵک کۆ دەکرێتەوە بگاتە گەنجینەی میر. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن کە هەندێ بەشی داهاتی گشتیی چین بەم شێوەیە دەدرێ. بێگومان ماندەرینەکان و باجگرانی تر بۆیان دەردەکەوێ کە بەردەوامیی ئەم شێوەی باجدانە، بواری دزی و فێڵکردن تیایدا گەلێ زۆرترە لەوەی لە باجدان بە پارەدا هەیە.

باجێکی بە پارە لەسەر بەرهەمی زەوی دەکرێ بەگوێرەی نرخاندنێک بێ کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی نرخ لە بازاڕدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێ، یان بەگوێرەی نرخاندنێکی جێگیرکراوەوە بێ، بۆ نموونە، یەک بوشڵ گەنم بەردەوام یەک نرخ و هەمان نرخی بە پارەی بۆ دەستنیشان بکرێ، بەبێ گوێدان بە دۆخی بازاڕ. بەرهەمی ئەو باجەی بە شێوەکەی یەکەم کۆ دەکرێتەوە تەنیا لەگەڵ گۆڕانی بەرهەمی ڕاستەقینەی زەوییەوە، بەگوێرەی پێشکەوتن یان پاشەکشەی کشتوکاڵەوە، گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ. بەرهەمی ئەو باجەشی بە شێوەی دووەم کۆ دەکرێتەوە، تەنیا لەگەڵ گۆڕانی بەرهەمی زەویدا ناگۆڕێ، بەڵکو بەگوێرەی بەهای کانزا گرانبایەکان و بڕی ئەو کانزایانە کە، لە ماوەی جیاجیادا، لە هەمان هێمای دراودا هەیە، دەگۆڕێ. بەرهەمی ئەوەی یەکەم بەردەوام هاوڕێژەی بەهای بەرهەمی ڕاستەقینەی زەوییە. بەرهەمی ئەوەی دوایی لەوانەیە، لە ماوەگەلی جیاوازدا، ڕێژەی بەرامبەر بەو بەهایە گۆڕانکاریی بەسەردا بێ.

کاتێـک کە لەجیـاتی ڕێژەیەکـی دیـاریکراوی بەرهەمـی زەوی، یـان نرخـی ڕێژەیەکـی دیاریکراو، بڕێک پارە بۆ قەرەبووی هەموو باجەکان یان دەیەکەکان بدرێ، باجەکە لەم دۆخەدا تەواو هەمان سروشتی باجی زەویی ئینگلتەرەی دەبێ. لەگەڵ کرێی زەویدا، بەرز نابێتەوە و نزمیش نابێتەوە. هانی چاکسازیی زەوی نادا و، سستیشی ناکا. باجی دەیەکی کڵێسـا، لە زۆربەی ئەو ئەبرەشیانەی لەجیاتی هەموو دەیەکەکان دەیدەن، پێی دەگوترێ مۆدس .(Modus) باجێکی لەم شێوەیەیە، لە سەردەمی حکوومەتی محەمەدیی بەنگالدا، دەڵـێن لەجیـاتی ئەوەی پێنجـیەک بە جـۆر بـدرێ، مۆدسـێکی مامناوەنـدی لە زۆربەی بەشـەکانی کەرتەکـان یـان زەمینداریيەکانی (zemindaries) وڵاتـدا دەدرا. هەنـدێ لە کارمەنـدانی کۆمپانیـای هینـدی ڕۆژهەڵات، بەنـاوی گێڕانەوەی داهـاتی گشـتی بـۆ بەهـای گونجاوی خۆیەوە، مۆدسـەکەیان بە باجدان بەجۆر گۆڕییەوە. لەسـایەی ئیدارەی ئەواندا ئەگەر هەیە ئەم گۆڕانکـارییە ببێـتە هـۆی سسـتکردنی کشـتوکاڵ و دابینکردنـی هەلـی خراپەکاری لە کاتی کۆکردنەوەی ئەو داهـاتە گشـتییەی کە زۆر دابەزییە خوارەوەی ئەو ئاستەی کە دەڵێن پێش ئەوەی کۆمپانیاکە ئیدارەی ئەو شوێنانە وەرگرێ هەبووە. لەوانەیە کارمەنـدانی کۆمپانیـاکە لەم گۆڕانکـارییە سـوودمەند بـووبن، بەڵام ئەوە لەسـەر حیسـابی خەرجیی سەردارانیان و وڵاتەکە بووە.

باجی کرێی خانوو

دەکرێ کرێی خانوو بۆ دوو بەش جیا بکرێتەوە، کە زۆر گونجاوە بە یەکێکیان بگوترێ کرێی باڵەخانە (Building-rent) و ئەوەی تریش بەگشتی پێی دەگوترێ موڵکانەی زەوی (Ground-rent).

کرێـی باڵەخـانە سـوود یـان قـازانجی ئەو سـەرمایەیە کە بـۆ دروسـتکردنی خـانووەکە خەرج کـراوە. بـۆ ئەوەی بازرگـانیی ئەو کەسـەی باڵەخـانەیەکی دروسـت کـردووە بخـرێتە ئاستی بازرگانییەکانی تر، پێویستە ئەم کرێیە بەش بکا بۆ، یەکەم، هەمان ئەو سوودەی پێ بـدا کە لە سـەرمایەکەی بەدەسـتی دەهێنـا ئەگەر بە دڵنیـاییەکی باشـەوە بەقەرزی بـدایە و، دووەم، بەردەوام خـانووەکەی پـێ چـاک بکـاتەوە، یـان کە هەمـان شـتە، لەمـاوەی چەنـد سـاڵێکی دیـاریکراودا، ئەو سـەرمایەیەی بـۆ پـڕ بکـاتەوە کە لە دروسـتکردنی خـانووەکەدا خەرجی کردووە. کەواتە کرێی باڵەخانە، یان قازانجی ئاسایی باڵەخانە، لە هەموو شوێنێکدا لەڕێی سوودی ئاسایی پارەوە ڕێک دەخرێ. ئەگەر ئاستی سوود لە بازاڕدا لەسەدا چوار بـێ، کرێـی خـانوویەک، سـەرباری دانـی موڵکـانەی زەوی، لە بەرامبەر تەواوی خەرجیـی باڵەخـانەکە لەسـەدا شـەش یـان شـەش و نیـو بـێ، لەوانەیە قـازانجێکی گونجـاو بـۆ دروستکەری خانووەکە دەستەبەر بکا. ئەگەر سـوود لە بـازاڕ لەسـەدا پێنج بێ، لەوانەیە

پێویست بێ کرێی خانووەکە لەسەدا حەوت یان حەوت و نیو بێ. ئەگەر، هاوڕێژە لەگەڵ سوودی پارە، بازرگانیی دروستکەری باڵەخانە لە هیچ کاتێکدا قازانجێکی زۆر لەمە زیاتری بۆ دابین بکا، ئەوە زۆر نابا سەرمایەیەکی زۆر لە بازرگانیی ترەوە بەدەست دێنێ بەشێوەیەک کە قازانجەکە بۆ ئاستی گونجاوی خۆی دابەزێنێ. ئەگەر لە هیچ کاتێکدا زۆر لەمە کەمتر دەستەبەر بکا، زۆری پێ ناچێ بازرگانییەکانی تر سەرمایەیەکی ئەوەندە زۆری لێ دەستەبەر دەکەن کە دووبارە ئەو قازانجە بەرز بکەنەوە.

هەر بەشێکی تەواوی کرێی خانوویەک، کە زیاتر بێ لەوەی بەشی دابینکردنی ئەم قازانجە گونجاوە بکا، بە سروشت دەبێتە موڵکانەی زەوی و، کە خاوەنی زەوی و خاوەنی باڵەخانەکە دوو کەسی جیا بن، لە زۆربەی دۆخەکاندا، بە تەواوی بەوەی یەکەم دەدرێ. ئەم کرێ زیادەیە ئەو نرخەیە کە دانیشتووانی خانووەکە بەرامبەر بەسوودوەرگتنێکی ڕاستەقینە یان پێشبینیکراوی شوێنەکە دەیدەن. لەو خانووانەی لادێ کە ماوەیەک لە هەموو شارۆکەیەکی گەورەوە دوورن و، زەویی زۆر هەیە بۆ ئەوەی لێی هەڵبژێررێ، بەدەگمەن کرێیی زەوی هەیە، یان زیاتر نییە لەوەی کە زەویی خانووەکە لە کاتی بەگەڕخستنی لە کشتوکاڵدا پەیدای دەکا. لە ڤێلاکانی لادێی دەوروبەری شارۆکەیەکی گەورە، هەندێ جار ئەو کرێیە بەرزترە و، لەوێ کرێی باش بە گونجاوی و جوانیی ناوازەی شوێنەکە دەدرێ. بەگشتی بەرزترین کرێیەکانی زەوی لە پایتەختدان و، لەو بەشە دیاریکراوانەیدان کە زۆرترین خواست لەسەر خانوو بەخۆیانەوە دەبینن، هۆکاری ئەو خواستە هەرچییەک بێ، بۆ بازرگانی و پیشەوەری، بۆ خۆشی و کۆمەڵایەتی، یان تەنیا بۆ پێشاندانی دەوڵەمەندی و پایەداری بێ.

باجی سەر کرێی خانوو، کە کرێچی دەیدا و هاوڕێژەی هەموو کرێی هەر خانوویەک بێ، ناکرێ بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، کار بکاتە سەر کرێی باڵەخانەکە. ئەگەر دروستکەری خانووەکە نەتوانێ قازانجی گونجاوی خۆی بەدەست بێنێ، ناچار دەبێ دەستبەرداری ئەو بازرگانییە ببێ، کە بەهۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر دروستکردنی خانوو، لە ماوەیەکی کورتدا قازانجەکەی دەگەیەنێتە ئاستی گونجاوی خۆی لەگەڵ بازرگانییەکانی تردا. ئەو جۆرە باجە بەتەواوی ناکەوێتە سەر موڵکانەی زەوی، بەڵکو بەشێوەیەک خۆی دابەش دەکا کە بەشێکی بکەوێتە سەر دانیشتووانی خانووەکە و، بەشێکی بکەوێتە سەر خاوەنی زەوییەکە.

بۆ نموونە، با وای دابنێین کەسێکی دیاریکراو، پێی وا دەبێ کە لە توانایدایە هەیە ساڵانە ٦٠ پاوەن بۆ کرێی خانوو بدا، با واشی دابنێین کە باج لەسەر هەر پاوەنێک چوار شیلینە، یان پێنجیەکە، کە لەلایەن دانیشتووی خانووەکەوە دەدرێ، دەچێتە سەر کرێی

خانووەکە. لەو دۆخەدا ئەو خانووەی کرێیەکەی ٦٠ پاوەنە، لەسەر ئەو، ساڵانە ٧٢ پاوەن دەوەستێ، کە بە ١٢ پاوەن زیاترە لەوەی ئەو پێی وا بوو دەتوانێ بیدا. لەبەر ئەمە، خۆی بە خانوویەکی خراپتر، یان خانوویەک کە کرێکەی ٥٠ پاوەن بێ، قایل دەکا، کە کرێکەی لەگەڵ باجەکە بەیەکەوە دەکەنە ئەو ٦٠ پاوەنەی ئەو دەتوانێ ساڵانە بیاندا، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێ باجەکە بدا دەستبەرداری هەندێ لەو خۆشیيانە دەبێ کە لە خانوویەک بەدییان دەکا، کە کرێکەی دە پاوەن بەرزترە. بۆیە دەڵێم دەستبەرداری بەشێکیان دەبێ، چونکە هەرگیز ناچار ناکرێ دەستبەرداری هەموویان ببێ، بەڵام بەهۆی باجەوە بە ٥٠ پاوەن خانوویەکی باشتری دەست دەکەوێ، لەوەی بەو پارەیە لە کاتی نەبوونی باجدا دەستی دەکەوێ. چونکە کە باج ئەم کێبەرکێکەرە دوور دەخاتەوە، پێویستە کێبەرکێی لەسەر ئەو خانووانەی کرێیان ٦٠ پاوەنە کەم بکاتەوە، بۆیە دەبێ بەهەمان شێوە کێبەرکێکەران لەسەر خانووی ٥٠ پاوەنیش کەم بکاتەوە و، بەهەمان شێوە بۆ هەموو کرێیەکانی تر دەبێ، جگە لە نزمترین کرێیەکان، چونکە لە هەندێ کاتدا کێبەرکێی سەریان زاتر دەکا. بەڵام کرێی هەموو پۆلە خانوویەک کە کێبەرکێ لەسەریان کەم بووتەوە وەک پێویستییەک کەم یان زۆر، کەم دەبنەوە. بەڵام کە هیچ بەشێکی ئەم کەمبوونەوانە، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، نەتوانێ کار بکاتە سەر کرێی باڵەخانە، دەبێ هەمووی لەمەودای دووردا، وەک پێویستییەک، بکەوێتە سەر موڵکانەی زەوی. لەبەر ئەوە، لە کۆتاییدا بەشێکی ئەم باجە دەکەوێتە سەر دانیشتووەکە، ئەویش بۆ ئەوەی بەشەکەی خۆی بدا ناچارە دەستبەرداری بەشێک لە خۆشییەکانی ببێ و، بەشەکەی تری دەکەوێتە سەر خاوەنی زەوییەکە، ئەویش بۆ ئەوەی ئەو بەشەی خۆی بدا ناچار دەبێ دەستبەرداری بەشێک لە داهاتەکەی خۆی ببێ. بەڵام کارێکی ئاسان نییە چۆنیەتیی دابەشبوونی باجەکە بەسەر ئەم دووانەدا دەستنیشان بکرێ. لەوانەیە ئەو دابەشبوونە لەسایەی هەلومەرجی جیاوازدا جیاوازیی هەبێ و، کاریگەریی باجێکی لەم جۆرە لە دۆخە جیاوازەکاندا بەشێوەی نایەکسان کار دەکاتە سەر هەریەک لە نیشتەجێی خانووەکە و خاوەنی زەوییەکە.

نایەکسانیی ئەم باجە بۆ خاوەنە جیاکانی موڵکانەی زەوی، هەمووی بەهۆی نایەکسانیی کاتەکیی ئەم دابەشکردنەوەیە. بەڵام ئەو نایەکسانییەی بۆ نیشتەجێیانی خانووی جۆراوجۆرە تەنیا لەبەر ئەم هۆیە نییە، بەڵکو هۆکاری تری هەیە. ڕێژەی خەرجیی کرێ لەبەرامبەر تەواوی خەرجییەکانی تری ژیان بەگوێرەی پلەی جیاوازی دەوڵەمەندییەوە جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێ. لەوانەیە لە بەرزترین پلەدا بەرزترین بێ و،

وردورده لەنێو پلە نزمەکاندا کەم ببێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە نزمترینی نزمترین پلە. پێویستییەکانی ژیان لای هەژاران زۆرترین خەرجییان هەیە. ئەوان بەلایانەوە سەختە نان بەدەست بێنن و، زۆرترین بەشی داهاتە کەمەکەیان بۆ خۆراک خەرج دەکەن. لای دەوڵەمەندان، شتە زیادەکان و جوانکاریی ژیان بابەتی سەرەکیی خەرجین و، خانوویەکی نایاب کە ئەوپەڕی جوانکاریی بۆ بکرێ دەبێتە پێگەی هەموو خۆشییەکانی کە هەیانە. لەبەر ئەوە، باجێکی سەر کرێی خانوو بەگشتی لەسەر دەوڵەمەندەکە قورستر دەبێ و، لەم جۆرە نایەکسانییەدا ڕەنگە هیچ شتێکی نەگونجاو نەبێ. نەگونجاو نییە ئەگەر دەوڵەمەند بەشداری لە خەرجیی گشتیدا بکا، نەک تەنیا هاوڕێژە لەگەڵ داهاتەکەیدا، بەڵکو هەندێ جار بەشدارییەکەی لەو ڕێژەیەش زیاتر بێ.

ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە کرێی خانوو هاوشێوەی کرێی زەوییە، لە یەک ڕوویەکەوە جیاوازیی بنەڕەتییان لەنێواندا هەیە. موڵکانەی زەوی بەرامبەر بە بەکارهێنانی بابەتێکی بەرهەمهێن دەدرێ. ئەو زەوییەی کرێیەکەی دەدرێ، بەرهەمی دێنێ. کرێی خانوو بەرامبەر بە بەکارهێنانی بابەتێکی بەرهەمنەهێن دەدرێ. نە خانوو و نە ئەو زەوییەی خانووەکەی لەسەر کراوە، هیچ شتێک بەرهەم ناهێنن. بۆیە ئەو کەسەی کرێیەکە دەدا، دەبێ لە سەرچاوەیەکی تری جیاواز لەم بابەتەوە بەدەستی بێنێ. باجی سەر کرێی خانوو کە دەکەوێتە سەر نیشتەجێی خانووەکە، دەبێ بەهەمان شێوەی کرێیەکە لە سەرچاوەیەکی ترەوە بەدەست بهێنرێ و، دەبێ لە داهاتی نیشتەجێوە بدرێ، جا ئەو داهاتە هەقدەستی کار بێ، قازانجی ماڵ بێ، یان موڵکانەی زەوی. ئەوەندەی کە بکەونە سەر نیشتەجێیەکان، دەبێتە یەکێک لەو باجانەی کە بەبێ جیاوازی دەکەونە سەر هەرسێ سەرچاوەکەی داهات و، لە هەموو ڕوویەکەوە هەمان سروشتی هەر باجێکی تری سەر کالاکانی بەکاربردنی دەبێ. بەگشتی لەوانەیە هیچ بابەتێکی خەرجی یان بەکاربردن نەبێ وەکو کرێی خانووەکەی پیشاندەری بەفرەوانی یان بەرتەسکیی خەرجییەکانی کەسێک بێ. باجێکی هاوڕێژەی سەر ئەم بابەتە دیاریکراوە لەوانەیە بەرهەمهێنی داهاتێک بێ زۆرتر لە هەر داهاتێک کە تا ئێستا لە هەر بەشێکی ئەورووپادا بەدەست هێنراوە. ئەگەر بەڕاستی باجەکە زۆر بەرز بێ، زۆرترین بەشی خەڵک هەوڵ دەدەن تا پێیان دەکرێ خۆیانی لێ بدزنەوە، ئەویش بە قایلبوون بە خانووی بچووکتر و تەرخانکردنی بەشی زۆری خەرجییەکانیان بۆ کەناڵی تری خەرجی.

دەکرێ بەئاسانی و بەوردییەکی باش لەڕێی سیاسەتێکی هاوشێوەی ئەوەی پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی کرێی ئاسایی زەوی، کرێی خانوو دەستنیشان بکرێ. ئەو خانووانەی چۆڵن نابێ هیچ باجێک بدەن. باجی سەر ئەو جۆرە خانووە بەتەواوی دەکەوێتە سەر

خاوەنەکەی، ئەویش لەو کاتەدا باجی شتێک دەدا کە نە خۆشحاڵی و نە داهاتی بۆ دابین ناکا. ئەو خانووانەی خاوەنەکانیان تیایاندا نیشتەجێن دەبێ باج بدەن، نەک بەگوێرەی ئەو خەرجییەی لە دروستکردنی باڵەخانەکەدا خەرجیان کردووە، بەڵکو بەگوێرەی کرێیەک، کە ئەگەر دادوەرێکی داپەروەر هەبێ، بۆ کرێی کرێچی دیاریی دەکا. ئەگەر بەگوێرەی خەرجیی باڵەخانەکە باجی بخرێتە سەر، باجێکی سێ یان چوار شیلین بۆ هەر پاوەنێک، هاوشانی باجەکانی تر، ماڵی نزیکەی هەموو خێزانێکی دەوڵەمەند یان گەورە دەڕمێنێ، لەم وڵاتە و بەڕای من لە هەموو وڵاتێکی تری شارستانیشدا. هەر کەسێک بەوردی تێبینیی خانووی شارۆکە و لادێکانی هەندێ لە دەوڵەمەندترین و گەورەترین خێزانەکانی ئەم وڵاتەی کردبێ، بۆی دەردەکەوێ کە، باجێکی لەسەدا شەش و نیو یان حەوت لەسەر خەرجیی بنەڕەتیی باڵەخانەکانیان، خانووەکانیان – نزیکەی یەکسان دەبێ بە کرێی پوختی موڵکەکانیان. لەڕاستیدا ئەوە خەرجیی کەڵەکەبووی چەندان نەوەی دوابەدوای یەکە بۆ جوانی و مەزنییان خەرج کراوە، بەڵام هاوڕێژە لەگەڵ تێچووەکانیان، بەهایەکی زۆر کەمی نەگۆڕیان هەیە.

کرێی زەویی خانوو هێشتا بابەتێکە لە کرێی خانوو بۆ باجگری گونجاوترە. باجێکی سەر موڵکانەی زەوی، کرێی خانوو بەرز ناکاتەوە. ئەو باجە هەمووی دەکەوێتە سەر خاوەنی کرێی زەوییەکە، کە بەردەوام وەکو قۆرخکارێک هەڵسوکەوت دەکا و، بەهۆی پێگەکەیەوە بەرزترین کرێ وەردەگرێ کە بەکارهێنانی زەوییەکەی دەستەبەری دەکا. ئەو کرێیە بەگوێرەی دەوڵەمەندتربوون یان هەژارتربوونی کێبەرکێکارانی زیاد و کەم دەکا، یان بەگوێرەی توانای ڕازیکردنی لووتبەرزییان بە پارچە زەوییەکی دیاریکراو یان بە خەرجییەکی زۆرتر یان کەمتر. لە هەموو وڵاتێکدا زۆرترین کێبەرکێکەری دەوڵەمەند لە پایتەختن و، لەبەر ئەوەیە کە بەرزترین موڵکانەی زەوی لەوێ هەیە. لەبەر ئەوەی سامانی ئەو کێبەرکێکەرانە لە هیچ ڕوویەکەوە بە باجی سەر موڵکانەی زەوی زیاد نابێ، بۆیە لەوە ناچێ مەیلی ئەوەیان هەبێ بۆ بەکارهێنانی زەوی زیاتر بدەن. گرینگ نییە کە ئەو باجە لەلایەن نیشتەجێ یان لەلایەن خاوەنی زەوییەکەوە دەدرێ. چونکە چەند نیشتەجێیەکە ناچار بێ باجی زۆرتر بدا، ئەوەندە کەمتر بە زەوییەکە دەدا، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا باجدانەکە بەتەواوی بکەوێتە سەر خاوەنی کرێی زەوییەکە. کرێی زەویی خانووی چۆڵ نابێ باجی لەسەر هەبێ.

هەردوو کرێی زەویی خانوو و زەویی ئاسایی، جۆرە داهاتێکن کە خاوەن، لە گەلێ دۆخدا، بەبێ ئەرک و ماندووبوونی خۆی دەستی دەکەوێ. ئەگەرچی بەشێکی ئەم داهاتەی لێ دەسێنرێ بۆ خەرجیی دەوڵەت، بەڵام هیچ نابێتە مایەی سستی بۆ هیچ جۆرە پیشەسازییەک. لەوانەیە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە، سامان و داهاتی

ڕاستەقینەی خەڵک، دوای ئەم جۆرە باجە هەمان ئەوەی پێشوو بێ. لەبەر ئەوە، کرێی زەویی خانوو و کرێی زەویی ئاسایی ڕەنگە ئەو جۆرە داهاتانە بن کە بە باشترین شێوە بتوانن باجێکی ناوازەیان بخرێتە سەر.

لەم ڕووەوە، کرێی زەویی خانوو گونجاوترینە بۆ باجگرییەکی ناوازە، تەنانەت لە کرێی زەویی ئاساییش زیاتر. کرێی زەویی ئاسایی لە گەلێ دۆخدا، بەلای کەمەوە بەشێکی بۆ چاولێبوون و بەڕێوەبردنی باشی خاوەن موڵک دەگەڕێتەوە. باجێکی قورس لەوانەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم چاولێبوون و بەڕێوەبردنە باشە سست بکا. کرێی زەویی خانوو، ئەوەندەی لە کرێی زەویی ئاسایی زۆرتر بێ، بۆ حوکمڕانیی باشی سەروەر دەگەڕێتەوە، کە بە پاراستنی پیشەسازیی هەموو خەڵک، یان دانیشتووانی هەندێ شوێنی دیاریکراو، وا دەکا بتوانن لە بەهای ئەو زەوییەی خانووەکانیانی لەسەر دروست دەکەن زیاتر بدەن، یان زۆر لەوە زیاتر بە خاوەنەکەی بدەن کە قەرەبووی زیانەکانی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زەوییەکەی بۆ بکەنەوە. هیچ شتێک گونجاوتر نابێ لەوەی کە سندووقێکی پارەدارکردن کە بوونی پەیوەستە بە حوکمڕانیی باشی دەوڵەتەوە باجی ناوازەی بخرێتە سەر، یان زیاتر لە زۆربەی سندووقەکانی تر لە پشتیوانیی ئەو حکوومەتەدا بەشداریی پێ بکرێ. هەرچەندە کە لە گەلێ وڵاتی جیای ئەورووپا باج بەسەر کرێی خانوودا سەپێنراوە، نەمزانیوە کە هیچ یەکێکیان کرێی زەویی خانووی بە بابەتێکی جیاوازی باجگری ژماردبێ. لەوانەیە بەلای دانەرانی باجەوە کەمێک سەخت بووبێ ئەو بەشەی کرێکە دەستنیشان بکەن کە دەبێ بە کرێی ئەم زەوییانە بزانرێ و، لەو بەشەی جیا بکەنەوە کە کرێی بەباڵەخانەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ جیاکردنەوەی ئەم دوو بەشە زۆر سەخت دەرکەوێ.

لە بریتانیای مەزندا کرێی خانوو لەوە دەچێ بەهەمان ڕێژەی موڵکانەی زەوی لەلایەن ئەوەوە کە پێی دەڵێن باجی ساڵانەی زەوی باجی لێ بگیرێ. ئەو نرخاندنەی کە بەهۆیەوە هەر ئەبرەشییەیەک یان کەرتێکی جیاواز دەخرێتە ژێر ئەم باجەوە، بەردەوام هەمان نرخاندنە. لە بنەڕەتدا زۆر نایەکسان بوو و، تا ئێستاش ئەوە بەردەوامە. لە بەشی زۆری شانشینەکەدا ئەم باجە لەسەر خانوو زۆر سووکترە لەوەی سەر زەوی. تەنیا لە چەند کەرتێکی کەمدا، کە لە بنەڕەتدا بەرز دانراوە و، کرێی خانوو تیایاندا زۆر نزم بووەتەوە، دەڵێن کە باجی سێ یان چوار شیلین بۆ پاوەنێک لەسەر زەوی ڕێژەیەکی یەکسانی هەیە لەگەڵ کرێی ڕاستەقینەی کرێی خانوو. خانووە چۆڵەکان، ئەگەرچی بە یاسا باجیان لەسەرە، لە زۆربەی کەرتەکاندا لەلایەن نرخێنەرانەوە هەڵاوێرد کراون و، هەندێ جار ئەم هەڵاوێردکردنە دەبێتە مایەی جیاوازییەکی کەم لە نرخی هەندێ خانووی دیاریکراو، ئەگەرچی بەردەوام ئەوانەی یەک کەرت هاوشێوەن. بەرزبوونەوەی کرێ بەهۆی

باڵەخانەی نوێوە، چاککردنەوەی باڵەخانە کۆنەکان، هتد، دەبنە مایەی لێخۆشبوون لەلایەن پارێزگەکەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازیی زیاتر لە باجی سەر هەندێ خانووی دیاریکراودا.

لە پارێزگەی هۆڵاند باجی سەر هەر خانوویەک لەسەدا دوو و نیوی بەهاکەیەتی، بەبێ گوێدان بەو کرێیەی بە کردەنی دەیدا، یان بەبێ گوێدان بەوەی بەکرێ دراوە یان نا. لەوە دەچێ سەخت بێ کە خاوەنی خانووەکە ناچار بکرێ باجی خانوویەکی بەکرێ نەدراو بدا، کە هیچ داهاتێکی بۆ ناهێنێ، بەتایبەتیش کە باجەکە ئەوەندە قورس بێ. لە هۆڵاند کە ئاستی سوود لە بازاڕدا لە لەسەدا سێ زیاتر نییە، دەبێ لەسەدا دوو و نیوی تەواوی بەهای خانووەکە، لە زۆربەی دۆخەکاندا، زیاتر بێ لە سێیەکی کرێی باڵەخانەکە، لەوانەشە زیاتر بێ لە سێیەکی هەموو کرێیەکە. لەڕاستیدا ئەو خەمڵاندنەی بۆ ئەم خانووانە دەکرێ، ئەگەرچی زۆر نادادوەرانەیە، بەڵام دەڵێن زۆر لە بەهای ڕاستەقینەیان نزمترە. کاتێک کە خانوویەک بنیات دەنرێتەوە، چاک دەکرێتەوە، یان گەورە دەکرێ، نرخاندنێکی تازەی بۆ دەکرێ و، باجەکە بەپێی ئەم نرخاندنە دەبێ.

دانەرانی گەلێ باج لە ئینگلتەرە، کە لە ماوەی جیاجیادا بەسەر خانوودا سەپێنراون، لەوە دەچێ پێیان وا بووبێ کە زۆر سەختە بە وردییەکی پێویست کرێی ڕاستەقینەی هەر خانوویەک دەستنیشان بکەن. لەبەر ئەوە باجەکانی خۆیان بەگوێرەی هەندێ هەلومەرجی ڕوونتر ڕێک خستووە، بەو شێوەیەی کە لە زۆربەی دۆخەکاندا پێیان وا بووە کە هاوڕێژەی کرێیەکانن.

یەکەمین باجی لەم جۆرە هارت مەنی (باجی وەجاخ (hearth- money-بوو، یان باجی دوو شیلین لەسەر هەر وەجاخێک بوو. بۆ دڵنیابوون لەوەی چەند وەجاخ لە خانوویەکدا هەیە، پێویست بوو باجگرەکە بچێتە ناو هەموو ژوورێکی خانووەکەوە. ئەم سەردانە نەخوازراوە وای کرد باجەکە بێزراو بێ. دوای شۆڕش بە ماوەیەکی کورت وەک هێمایەکی کۆیلایەتی هەڵوەشێنرایەوە.

باجی دووەمی لەم جۆرە، دوو شیلین بوو بۆ هەر دانیشتوویەکی خانووەکە. هەر خانوویەک لە دە پەنجەرە زیاتری هەبووایە چوار شیلینی سەرباری دەدا. هەر خانوویەکیش لە ٢٠ پەنجەرە و بەسەرەوەی هەبووایە هەشت شیلینی سەرباری دەدا. ئەم باجە دواتر گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ئەو خانووەی ٢٠ پەنجەرە و کەمتر لە ٣٠ پەنجەرەی هەبوو دە شیلینی دەدا و، ئەوەی ٣٠ و بەرەو سەرەوەی هەبوو ١٢ شیلینی دەدا. لە زۆربەی دۆخەکاندا دەکرێ ژمارەی پەنجەرەکان لە دەرەوەی خانووەکەوە بژمێررێ و، لە هەموو دۆخەکاندا پێویستی بەوە نییە بچێتە ناو ژوورەکانەوە. بۆیە سەردانی باجگر، لەم باجەدا، کەمتر لەوەی باجی هارت مەنی وەڕسکەر بوو.

ئەم بـاجە دواتـر هەڵوەشـایەوە و لەجێـی ئەودا بـاجی پەنـجەرە دامەزرا، کە گەلـێ گۆڕانکاری و زیادکردنی بەخۆوە بینی. باجی پەنجەرە (window-tax) بەو شێوەیەی ئێستای (کانوونی دووەمی ١٧٧٥) سەرباری باجی سێ شیلینی سەر هەموو خانوویەک لە ئینگلتەرە و، یەک شیلینی سەر هەموو خانوویەک لە سکۆتلاند، باجێک دەخاتە سەر هەموو پەنـجەرەیەک، کە لە ئینگلـتەرە وردەوردە لە ٢٠ پێنسـەوە کە کەمترین ئاسـتیەتی، بۆ ئەو خانووەی لە حەوت پەنجەرە زیاتری نییە، زیاد بوو تا گەیشتە دوو شیلین، کە بەرزترین ئاستە بۆ ئەو خانووانەی ٢٥ پەنجەرە و بەرەو سەرەوەیان هەیە.

ڕەخنەی سەرەکی لە هەموو ئەو باجانە لە نایەکسانیی خراپیان بوو، نایەکسانییەک لە خراپترین جۆر، کە زۆربەی جاران دەبوو قورستر بن لەسـەر هەژارران نەوەکو لەسـەر دەوڵەمەنـدان. خـانوویەک لە شـارۆکەیەکدا کە کـرێیەکەی دە پـاوەنە، هەنـدێ جـاران پەنجەرەی زۆرتر بوو لە خانوویەک لە لەندەن کە کرێیەکەی ٥٠٠ پاوەن بوو و، هەرچەندە ئەگەری زۆر هەیە کە نیشـتەجێی ئەوەی یەکەمیـان زۆر لە نیشـتەجێی ئەوەی دووەمیـان هەژارتر بێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشداربوونەکەی لەڕێی باجی پەنجەرەوە ڕێک خراوە، دەبێ بەشداربوونی لە پشتیوانیی حکوومەتدا زۆرتر بێ. لەبەر ئەوە، ئەم جۆرە باجانە ڕاستەوخۆ دژی یەکەمی ئەو چوار هەلومەرجەن کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆیان کرد. لەوە ناچێ زۆر دژی هیچ یەکێک لە سێیەکەی تر بن.

مەیلـی سروشـتیی بـاجی پەنـجەرە و، هەمـوو باجەکـانی تـری سـەر خـانوو، بەلای کەمکردنەوەی کرێدایە. ئاشکرایە کە پیاو چەند باجی زیاتر بدا، ئەوەندە کەمتر دەتوانێ کرێ بدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتی سەپاندنی باجی پەنجەرەوە، ئەوەندەی من لێی ئاگەدار بم، کرێی خانوو بەگشتی لە هەموو شارۆکە و گوندێکی بریتانیای مەزندا بەرز بووەتەوە. لە نـزیکەی هەمـوو شـوێنێکدا، خواسـت لەسـەر خـانوو بەجۆرێـک بـووە کە کرێـی بەرز کـردووەتەوە بەشـێوەیەکی زیـاتر لەوەی بـاجی پەنـجەرە بتـوانێ نزمـی بکـاتەوە، ئەمەش یەکێکە لە نیشـانەکانی گەشـەی زۆری وڵاتەکە و، زیـادبوونی داهـاتی دانیشـتووان. ئەگەر بەهۆی باجیشەوە نەدەبوو، لەوانە بوو کرێ هێشتا بەرزتر ببنەوە.

بابەتی دووەم: باجی قازانج، یان باجی داهاتی ماڵ

ئەو داهـاتە یـان قـازانجەی لە مـاڵەوە دێ، بەشـێوەیەکی سروشـتی خـۆی بەسـەر دوو بەشدا دابەش دەکا: ئەو بەشەی سـوودەکە دەدا، و هـی خـاوەنی مـاڵەکەیە و، ئەو زیـادیەی کە لە سـەرووی ئەو بەشەوەیە کە بۆ دانی سوودەکە پێویستە.

ئاشکرایە کە ئەم بەشەی دوایی بـابەتێکە شـیاوی بـاجگریی ڕاسـتەوخۆ نییە. ئەو بەشـە قەرەبوو و، لە زۆربەی جارەکاندا زیاتر نییە لە قەرەبوویەکی مامناوەندی، بۆ مەترسـی و

زەحمەتکێشانی بەگەڕخستنی ماڵەکە. پێویستە بەگەڕخەر ئەم قەرەبووە بکرێتەوە، ئەگەر نا ناتوانێ، لەو بەگەڕخستنە، بە سوودی خۆیەوە، بەردەوام بێ. کەواتە، ئەگەر ڕاستەوخۆ باجی لەسەر تەواوی قازانجەکە لێ وەرگیرێ، ناچار دەبێ یان ئاستی قازانجەکەی بەرز بکاتەوە، یان باجەکە لە سوودی پارەکە دەرکا، واتە، سوودی کەمتر بدا. ئەگەر ئاستی قازانجەکەی هاوڕێژە لەگەڵ باجەکە بەرز کردەوە، تەواوی باجەکە هەرچەندە خۆی دەیدا، لە کۆتاییدا باجەکە لەلایەن یەکێک لە دوو پۆل خەڵکەوە دەدرێ، بەگوێرەی ئەو شێوازەی کە ئەو ماڵەکەی بەردەستی پێ بەگەڕ دەخا. ئەگەر وەک ماڵێکی کشتوکاڵی لە کشتوکاڵدا بەگەڕی بخا، تەنیا لەڕێی گلدانەوەی بەشێکی زۆرترەوە، یان کە هەمان شتە، گلدانەوەی نرخی بەشێکی زۆرتری بەرهەمی زەوییەوە دەتوانێ ئاستی قازانجەکەی بەرز بکاتەوە و، کە ئەمەش تەنیا لەڕێی کەمکردنەوەی کرێوە دەبێ، ئەوەی لە کۆتاییدا باجەکە دەدا خاوەن موڵکەکە دەبێ. ئەگەر وەک ماڵێکی بازرگانی یان پیشەسازی بەگەڕی بخا، تەنیا لەڕێی بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکانیەوە، کە تەواوی باجدانی کۆتاییان دەکەوێتە سەر بەکاربەری ئەو کاڵانەوە، ئاستی قازانجی خۆی بەرز دەکاتەوە. ئەگەر ئاستی قازانجی خۆی بەرز نەکردەوە، ناچار دەبێ هەموو باجەکە لەو بەشە بدا کە بۆ سوودی پارەکە تەرخان کراوە. ئەو دەتوانێ سوودی کەمتر بۆ ئەو ماڵە بدا کە بە قەرز هێناویەتی و، تەواوی قورسایی باجەکە لەکۆتاییدا دەکەوێتە سەر سوودی پارەکە. ئەوەندەی ئەو نەتوانێ بە ڕێگەیەک خۆی لە باج ڕزگار بکا، ناچار دەبێ بە ڕێگەکەی تر خۆی دەرباز بکا.

سەرەتا وا دێتە بەر چاو کە سوودی پارە بابەتێکە دەتوانرێ هاوشێوەی موڵکانەی زەوی ڕاستەوخۆ باجی لێ بدرێ. ئەو وەکو موڵکانەی زەوی، ئەو بەرهەمە پوختەیە کە دوای قەرەبووی تەواوی هەموو مەترسی و زەحمەتکێشانی بەگەڕخستنی ماڵەکە دەمێنێتەوە. کە باجی سەر موڵکانەی زەوی ناتوانێ کرێ بەرز بکاتەوە، چونکە ئەو بەرهەمە پوختەی دوای پڕکردنەوەی ماڵی جووتیارەکە لەگەڵ قازانجێکی گونجاودا دەمێنێتەوە، ناتوانێ دوای باجەکە زۆرتر بێ لەوەی پێش باجەکە، بۆیە لەبەر هەمان هۆ، باجێکی سەر سوودی پارە ناتوانێ ئاستی سوود بەرز بکاتەوە، ئەو برە ماڵە یان پارەیەی لە وڵاتدایە، هاوشێوەی بڕی زەوی، پێشبینی دەکرێ کە پاش باجەکە وەکو پێش باجەکە بمێنێتەوە. لە کتێبی یەکەمدا پیشان دراوە کە ئاستی ئاسایی قازانج لە هەموو شوێنێکدا لەلایەن بڕی ئەو ماڵەوە ڕێک دەخرێ کە بەگەڕ خراوە بە بەراورد لەگەڵ بڕی بەگەڕخستنەکە، یان ئەو بازرگانییەی کە دەبێ بەهۆیەوە ئەنجام بدرێ. بەڵام بڕی بەگەڕخستن یان ئەو بازرگانییەی کە دەبێ بەو ماڵە بکرێ، ناکرێ بەهۆی هیچ باجێکی سەر سوودی پارە زیاد بکرێ یان کەم بکرێتەوە. بۆیە، ئەگەر بڕی ئەو ماڵەی کە دەبێ

بەگەڕ بخــرێ بەهــۆیەوە نە زیــاد بکــرێ و نە کەم، ئاســتی ئاســایی قــازانجیش وەک پێویستییەک وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەو بەشـەی ئەم قازانجە کە پێویستە بۆ قەرەبووی مەترسـی و زەحمەتکێشـانی بەگەڕخەرەکە بەهەمـان شـێوە وەکـو خـۆی دەمێنێتەوە، کە مەترسی و زەحمەتکێشانەکە بەهیچ شێوەیەک نەگۆڕرێن. لەبەر ئەوە زیادەیە، ئەو بەشـەی کە هی خاوەنی ماڵەکەیە، کە سوودی پارەکە دەدا، ئەویش وەکو پێویستییەک وەکو خۆی دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە لە یەکەم ڕوانیندا لەوە دەچێ سوودی پارەکە وا بێتە بەرچاو کە هاوشێوەی موڵکانەی زەوی شیاوی ئەوە بێ ڕاستەوخۆ باجی لێ بگیرێ.

دوو هەلـومەرجی جیـاواز وا دەکەن سـوودی پـارە کەمتـر لە موڵکـانەی زەوی بـۆ باجگیریی ڕاستەوخۆ گونجاو بێ.

یەکەم، بڕ و بەهـای ئەو زەوییەی بەدەسـتی پیـاوەوەیە هەرگیـز نـاکرێ نهێنـی بـن و، بەردەوام بەوردی دەستنیشـان دەکـرێن. بەڵام تەواوی بـڕی مـاڵی سـەرمایەکەی نـزیکەی زۆربەی جـاران نهێنـیە و، بەدەگـمەن دەکـرێ بەوردییەکـی گونجـاو دەستنیشـان بکـرێ. هەروەهـا بەشـێوەیەکی نـزیکە بەردەوام شـیاوی گۆڕانە. کەم جـاران سـاڵێک تێپەڕ دەبـێ، زۆربەی جاران مانگێک تێپەڕ نـابێ، هەندێ جـار بەدەگمەن ڕۆژێک هەیە، کە تیایانـدا زۆر یـان کەم بەرزبـوونەوە یـان نزمبـوونەوە بەخـۆیەوە نەبینـێ. لـووتژەنینە نـاو هەلـومەرجی تـایبەتی هەمـوو کەسـێک و، پشـکنین بـۆ ڕێکخسـتنی بـاجی سـەریان و، چـاودێریی هەمـوو گۆڕانکارییەکـانی سـامانەکانیان، دەبـنە سـەرچاوەی تـووڕەییەکی بەردەوام و بێکۆتـایی کە هیچ گەلێک ناتوانێ لەگەڵی هەڵ بکا.

دووەم، زەوی شتێکە کە ناکرێ لاببرێ، بەڵام ئەمە بۆ مـاڵ ئاسـانە. خـاوەنی زەوییـەک، وەک پێویسـتییەک هـاووڵاتیی وڵاتێکـی دیـاریکراوە کە مـوڵکەکەی ئەوی تێـدایە. خـاوەنی ماڵێک گونجاوترە هاوڵاتیی جیهان بێ و، پێویست نییە وابەستەی وڵاتێکی دیاریکراو بێ. ئەو دەسـتبەرداری ئەو وڵاتە دەبـێ کە تیایـدا دەکەوێـتە بەر پشـکنینی بێـزارکەرەوە بـۆ دەستنیشانکردنی باجێک کە باری گران دەکا و، مـاڵەکەی بـۆ وڵاتێکی تر دەگوازێتەوە کە تیایدا دەتوانێ بازرگانییەکەی ئەنجام بدا، یان بەئاسانی چێژ لە سامانەکەی خۆی ببینێ. بە گواسـتنەوەی مـاڵەکەی کۆتـایی بەو پیشەسـازییە دێنـێ کە لەو وڵاتەی بەجێـی هێشـتووە بەڕێوەی دەبرد. ماڵ زەوی کشتوکاڵ دەکا، ماڵ کـار بەگەڕ دەخـا. ئەو بـاجەی مـاڵ لە هەر وڵاتێکی دیاریکراو دوور دەخـاتەوە، مەیلی وشککردنەوەی هەمـوو سەرچاوەکانی داهـاتی سـەروەر و کـۆمەڵگەش دەکـا. نەک بەتەنیـا قازانجەکـانی مـاڵ، بەڵکـو موڵکـانەی زەوی و هەقدەسـتی کـاریش، وەکـو پێویسـتییەک لەگەڵ گواسـتنەوەی ماڵـدا کەم یـان زۆر کەم دەبنەوە.

بەم پێیە، ئەو وڵاتانەی کە هەوڵیان داوە باج بخەنە سەر ئەو داهاتەی لە ماڵەوە سەرچاوە دەگرێ، لەجیاتی پشکنینی توندی لەم جۆرە، دەبێ بەناچاری خۆیان بە پشکنینی سەرپێیی قایل بکەن و، بەوەش بە نرخاندنی هەڕەمەکیی زۆر یان کەم قایل ببن. نایەکسانی و نەبوونی وردی لە باجێکدا کە بەم شێوەیە دەسەپێنرێ، تەنیا لەڕێی گونجاویی زۆرەوە قەرەبوو دەکرێنەوە، کە لە ئاکامدا هەموو کەسێک بۆی دەردەکەوێ باجەکەی سەری زۆر کەمترە لەو داهاتە ڕاستەقینەیەی هەیەتی، ئەمەش نیگەرانییەکی کەمی لا دروست دەکا تەنانەت ئەگەر دراوسێکەی باجی لەو کەمتریشی خرابێتە سەر.

مەبەست لەوەی کە لە ئینگلتەرە پێی دەگوترێ باجی زەوی ئەوە بوو کە ماڵیش بە هەمان ڕێژەی زەوی باجی بخرێتە سەر. کاتێک کە باجی سەر زەوی بۆ هەر پاوەنێک چوار شیلین بوو، یان پێنجیەکی کرێی پێشبینیکراو بوو، ئارەزووی ئەوە هەبوو کە باجی سەر ماڵ پێنجیەکی سوودی پێشبینیکراو بێ. لە سەرەتای سەپاندنی باجی ساڵانەی ئێستای زەویدا، ئاستی یاسایی سوود لەسەدا شەش بوو. بەو پێیە، هەموو ١٠٠ پاوەنێک ماڵ، پێشبینی دەکرا ٢٤ شیلین، کە پێنجیەکی شەش پاوەنە، باجی بخرێتە سەر. لەو کاتەوەی ئاستی یاسایی سوود بۆ لەسەدا پێنج کەم کراوەتەوە، پێشبینی دەکرێ هەر ١٠٠ پاوەنێک ماڵ تەنیا ٢٠ شیلین باجی بێتە سەر. ئەو بڕە پارەیەی دەبێ بەهۆی باجی زەوییەوە پەیدا بکرێ دابەش بووە بەسەر لادێ و شارۆکە سەرەکییەکاندا. بەشە زۆرەکەی کەوتووەتە سەر لادێ و، ئەوەشی کەوتووەتە سەر شارۆکەکان، بەشە زۆرەکەی کەوتووەتە سەر خانوو. ئەوەی مابووەوە و دەبوو بخرێتە سەر ماڵ یان بازرگانیی شارۆکەکان (مەبەست نەبوو باج بخرێتە سەر ئەو ماڵەی لە زەویدا خەرج دەکرا) زۆر کەمتر بوو لە بەهای ڕاستەقینەی ئەو ماڵە یان ئەو بازرگانییە. بۆیە هەر نایەکسانییەک لە خەمڵاندنی یەکەمدا هەبووبێ بووەتە مایەی ناخۆشییەکی کەم. هەموو ئەبرەشیە و کەرتێک هێشتا بەردەوام لەسەر بنەمای خەمڵاندنی یەکەم باج دەخرێتە سەر زەوییەکانیان، خانووەکانیان و، ماڵەکانیان و، گەشەکردنی نزیکە گشتیی وڵات، کە لە زۆربەی شوێناندا بەهای هەموو ئەمانەی زۆر بەرز کردووەتەوە، وای کردووە ئەم نایەکسانییانە ئێستا کەمبایەختریش بن. هەروەها باجی سەر هەموو کەرتێک نزیکەی بەهەمان شێوە بەردەوامە، نەبوونی وردی لەم باجەدا ئەوەندەی بەسەر ماڵی هەر تاکێکدا بسەپێنرێ، تا ڕادەیەکی زۆر کەمیانی کردووەتەوە، بەهەمان شێوەش وای کردووە کاریگەریی کەمتری هەبێ. ئەگەر بەشی زۆری زەوییەکانی ئینگلتەرە ئەو باجەی زەوی کە لەسەریانە نیوەی بەها ڕاستەقینەکەیان نەبێ، بەشی زۆری ماڵی ئینگلتەرە باجەکەی سەریان کەمترە لە یەک لە پازدەی بەها ڕاستەقینەکەیان. لە هەندێ شارۆکەدا هەموو

باجی زەوی لەسەر خانووەکانیان وەرگیراوە، وەکو ئەوەی ویستمنستەر، چونکە ماڵ و بازرگانییان باجیان لەسەر نییە. لە لەندەن پێچەوانەی ئەمەیە.

لە هەموو وڵاتاندا بە وریاییەوە خۆ دوورخستنەوەیەک هەیە لە پشکنینی توندی هەلومەرجی خەڵک.

لە هامبۆرگ، هەموو نیشتەجێیەک ناچار کراوە لەسەدا چارەکێکی هەموو ئەوەی هەیەتی بە دەوڵەت بدا و، کە سامانی خەڵکی هامبۆرگ بەشێوەیەکی سەرەکی لە ماڵ پێک دێ، دەکرێ ئەم باجە بە باجی سەر ماڵ دابنرێ. هەموو کەسێک خۆی ماڵەکەی خۆی دەخەملێنێ و هەموو ساڵێک بە ئامادەبوونی دادوەر ئەو برە پارەیەی کە سوێند دەخوا لەسەدا چارەکێکی ماڵەکەیەتی، بەبێ ئەوەی بڵێ چەندی هەیە، یان ئەگەری ئەوە هەبێ لەسەر ئەو بابەتە لێکۆڵینەوە بکرێ، برە پارەکە دەخاتە قاسەی گشتییەوە. بەگشتی پێشبینی دەکرێ ئەم باجە بەوردییەکی زۆرەوە بدرێ. لە کۆمارێکی بچووکدا، کە تەواوی خەڵک متمانەیان بە دادوەرانیان هەیە، بڕوایان وایە کە ئەو باجە پێویستە بۆ پشتیوانیی دەوڵەت و، بڕوایان وایە دڵسۆزانە بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێ، ئەم بڕوا و باجدانە خۆبەخشانەیان لێ چاوەڕوان دەکرێ. ئەمەش لە خەڵکی هامبۆرگدا نامۆ نییە.

کانتۆنی ئوندەروڵدی سویسرا زۆر جاران بەهۆی زریان و لافاوەوە تووشی وێرانکاری دەبێ و، لەبەر ئەوە پێویستی بە خەرجیی سەرووئاسایی دەبێ. لە کاتی ئەو جۆرە ڕووداوانەدا خەڵک کۆ دەبنەوە و، وەک دەڵێن هەموو کەسێک بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە ڕای دەگەیەنێ چەندی هەیە بۆ ئەوەی بەو پێیە باجی لێ وەرگیرێ. لە زوریخ، یاسا فەرمان دەدا کە لە دۆخە پێویستەکاندا، دەبێ هەموو کەسێک هاوڕێژە لەگەڵ داهاتەکەیدا، کە دەبێ بە سوێندەوە ئاشکرای بکا، باجی لێ وەرگیرێ. دەڵێن ئەوان هیچ گومان ناکەن لەوەی یەکێک لە هاووڵاتییانیان فێڵیان لێ بکا. لە بال، داهاتی سەرەکیی دەوڵەت لە باجی کەمی گومرکی سەر کاڵا هەناردەکراوەکانەوەیە. هەموو هاووڵاتییان سوێند دەخۆن کە سێ مانگ جارێک هەموو ئەو باجەی بەپێی یاسا لەسەریانە بیدەن. هەموو بازرگانان و تەنانەت هەموو مەیخانەچیەکانیش متمانەیان پێ دەکرێ کە خۆیان ئەو کاڵایانە تۆمار بکەن کە لە ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێمەکەدا دەیانفرۆشن. لە کۆتایی هەموو سێ مانگێکدا ئەو تۆمارانە، لەگەڵ بڕی باجەکە کە لە خوارەوەی تۆمارەکەدا ژمێرراوە، بۆ خەزنەدار دەنێرن. هیچ مەترسییەکیش نییە کە داهات بەهۆی ئەم متمانەیەوە کەم بکا.

پابەندکردنی هەموو هاووڵاتییەک بەوەی بە سوێندەوە ڕایگەیەنێ سامانەکەی چەندە، لەوە ناچێ لەو کانتۆنانەی سویسرا کارێکی سەخت بێ. لە هامبۆرگ بە مەزنترین دەزانرێ. بازرگانان بۆ پاراستنی بازرگانییەکانیان دەترسن لەوەی کە ناچار بن دۆخی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەوان پێشبینی دەکەن ئەمە ببێتە مایەی ڕووخاندنی

متمانەیان و لەباربردنی پرۆژەکانیان. خەڵکێکی چەسپاو و دەستگیراوە کە بە هەموو ئەو جۆرە پرۆژانە نامۆن، هەست ناکەن کە بواری ئەو جۆرە شاردنەوەیەیان هەبێ.

لە هۆڵاند، دوای ئاهەنگگێران بە بەرزکردنەوەی پایەی میری کۆچکردووی ئۆرانژ بۆ پلەی حاکمیتی بە ماوەیەکی کورت، باجێکی لەسەدا دوو، یان ئەوەی ناوی لێ نرا یەک لە پەنجا، بەسەر تەواوی موڵک و ماڵی هەموو هاووڵاتییەکدا سەپێنرا. هەموو هاووڵاتییەک باجی سەر خۆی دیاری دەکرد و بەهەمان شێوەی کە لە هامبۆرگ هەبوو باجەکەی خۆی دەدا و، بەگشتی پێشبینی دەکرا کە بەوپەڕی وردییەوە ئەو باجە بدا. لەو سەردەمەدا خەڵک خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ حکوومەتەکەیان هەبوو، کە تازە لەڕێی یاخیبوونێکی گشتییەوە دایانمەزراندبوو. ئەو باجە تەنیا یەک جار دەدرا، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستییەکی زۆردا یارمەتیی دەوڵەتی پێ بدرێ. لەڕاستیدا باجەکە لەوە قورستر بوو کە بکرێتە هەمیشەیی. لە وڵاتێکدا کە بەدەگمەن ئاستی بازاڕیی سوود لە لەسەدا سێ زیاتر بێ، باجێکی لەسەدا دوو لەسەر زۆرترین داهاتی پوخت کە بەگشتی لە ماڵ دەست دەکەوێ، دەکاتە ١٣ شیلین و چوار پێنس لە پاوەنێک. ئەمە باجێکە کەم کەس دەتوانێ بەبێ ئەوەی زۆر یان کەم کار بکاتە سەر سەرمایەکانیان بیدەن. لە کاتی پێویستییەکی دیاریکراودا لەوانەیە خەڵک بەهۆی جۆش و خرۆشێکی گشتیی گەورەوە هەوڵێکی زۆر بدەن و تەنانەت بەشێکی سامانی خۆیان بۆ فریاکەوتنی دەوڵەت بدەن. بەڵام مەحاڵە ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەمە بەردەوام بن و، ئەگەر وا بکەن، باجەکە بەشێوەیەکی وا کاریان تێ دەکا کە نەتوانن پشتیوانیی دەوڵەتەکەیان بکەن.

ئەو باجەی سەر ماڵ کە بە یاسای باجی زەوی لە ئینگلتەرە سەپێنرا، ئەگەرچی هاوڕێژەی سەرمایەیە، ڕووی لە کەمکردنەوە یان دابڕینی هیچ بەشێکی سەرمایەکە نییە. مەبەستەکەی تەنیا سەندنی باجێکە لەسەر سوودی پارە کە هاوڕێژەی باجی موڵکانەی زەوی بێ، بۆیە کاتێک باجی سەر ئەمەی دوایی چوار شیلین بێ لەسەر هەر پاوەنێک، ئەوەی پێشووش بۆ هەر پاوەنێک چوار شیلین باج دەدا. باج لە هامبۆرگ و باجە گونجاوترەکەی ئونتەرڤالد و زوریخ، بەهەمان شێوە، مەبەستیانە باجی سەر سوود یان پوختەی داهاتی ماڵ بن نەوەکو باجی سەر سەرمایە بن. ئەوەی هۆڵاند مەبەستیەتی باجی سەر سەرمایە بێ.

باجی قازانجی بەگەڕخستنی دیاریکراو

لە هەندێ وڵاتدا باجی سەرووئاسایی بەسەر قازانجی ماڵدا دەسەپێنرێ، هەندێ جار لەسەر بەگەڕخستنی ئەو ماڵە لە هەندێ لقی دیاریکراوی بازرگانیدا دەسەپێنرێ و، هەندێ جاریش کاتێک کە لە کشتوکاڵدا بەگەڕ دەخرێ.

باجی سەر دەسگێڕ یان فرۆشیارە گەڕۆکەکانە، باجی سەر عارەبانە و عارەبانەی سەرگیراوی هاکنی و، ئەوەی خاوەنی مەیخانەکان بەرامبەر مۆڵەتی تاکفرۆشیی بیرە و خواردنەوە کهولیەکان، لەو باجانەی جۆری یەکەمن کە لە ئینگلتەرە دەدرێن. لە کاتی شەڕەکەی دواییدا، باجێکی تر لە هەمان جۆر خرایە سەر دوکانەکان. دەڵێن کاتێک کە شەڕ بەرپا بوو، بۆ بەرگری لە بازرگانیی وڵات، بازرگانەکان کە لێی سوودمەند بوون، دەبوو بەشداری لە پشتیوانیکردنی بکەن.

هەرچەندە کە باجێکی سەر قازانجی ئەو ماڵەی لە لقێکی دیاریکراوی بازرگانیدا بەگەڕ خراوە هەرگیز ناکرێ لە کۆتاییدا بکەوێتە سەر مامەڵەکاران (ئەوانەی پێویستە لە هەموو دۆخێکی ئاساییدا قازانجی گونجاوی خۆیان هەبێ و، ئەگەر کێبەرکێ ئازاد بێ بەدەگمەن دەتوانن لەو قازانجە زیاتریان دەست بکەوێ)، بەڵام بەردەوام دەکەوێتە سەر بەکاربەران، کە دەبێ بەناچاری لەنێو نرخی کاڵاکاندا ئەو باجە بدەن کە مامەڵەکارەکە داویەتی و، بەگشتی بە زیادەوە دەیدەن.

باجێکی لەم جۆرە کە هاوڕێژە دەکرێ لەگەڵ بازرگانیی مامەڵەکەرەکەدا لە کۆتاییدا لەلایەن بەکاربەرەوە دەدرێ و، نابێتە مایەی ستەم لە مامەڵەکارەکە. کاتێکیش بەم شێوە ڕێژەییە نابێ، بەڵکو بەسەر هەموو مامەڵەکاراندا دەسەپێنرێ، هەرچەندە کە لەم دۆخەشدا دواجار لەلایەن بەکاربەرەوە دەدرێ، دەبێتە مایەی سوود بۆ بازرگانە گەورەکە و ستەمێکی کەم بەرامبەر مامەڵەکارە بچووکەکە. باجی هەفتانەی پێنج شیلین لەسەر هەموو عارەبانەیەکی هاکنی و، دە شیلین ساڵانە لەسەر هەر عارەبانەی سەرپۆشراوی هاکنی، ئەوەندەی کە لەلایەن خاوەنە جیاجیاکانی ئەو جۆرە عارەبانانە و عارەبانە سەرپۆشراوانە دەدرێ، وەک پێویست هاوڕێژەیە لەگەڵ فرەوانیی مامەڵەپێکردنیان. ئەمە نە لە بەرژەوەندی مامەڵەکارە گەورەکانە و نە ستەمە لە مامەڵەکارە بچووکەکان. باجی بیست شیلین ساڵانە بۆ مۆڵەتێکی فرۆشتنی بیرە، یەکێکی چل شیلینی بۆ فرۆشتنی خواردنەوە کهولیەکان و، یەکێکی چل شیلینی بۆ فرۆشتنی شەراب، کە بۆ هەموو تاکفرۆشەکان وەکو یەکن، وەکو پێویستییەک ئیمتیاز بە فرۆشیارە گەورەکان دەدا و تا ڕادەیەک ستەمە لە مامەڵەکارە بچووکەکان. بەدەستهێنانەوەی ئەو باجە لەڕێی نرخی کاڵانیانەوە بۆ ئەوانەی پێشوو لەوانەی دوایی ئاسانتر دەبێ. باجی مامناوەندی ئەگەرچی گرینگیی ئەم جیاوازییە کەم دەکاتەوە و، لەوانەیە خەڵکێکی زۆر بە نەگونجاوی نەزانن هەندێ ڕێگری لەبەردەم زۆربوونی مەیخانە بچووکەکان دابنرێن. مەبەست بوو باجی سەر دوکانەکان بۆ هەموو دوکانێک هەمان شت بێ. کە ناکرێ وا نەبێ. مەحاڵ بوو لە وڵاتێکی ئازاددا بەوردییەکی

گونجاو باج لەسەر دوکانێک بەگوێرەی فرەوانیی بازرگانییەکەی بێ، بەبێ ئەوەی پشکنینی نەخوازراو ئەنجام بدرێ. ئەگەر باجەکە زۆر بێ ئەوە ستەمە لە بچووکەکان و نزیکەی هەموو بازرگانیی تاکفرۆشی دەکەوێتە لای گەورەکانەوە. کە کێبەرکێی ئەوانەی یەکەم دوور بخرێتەوە، ئەوانەی دوایی بازرگانییەکە قۆرخ دەکەن و، وەکو هەموو قۆرخکارێک زوو گرد دەبنەوە لەپێناو بەرزکردنەوەی قازانجەکانیان بۆ ئاستێکی زۆر بەرزتر لەوەی کە بۆ باجدان پێویستە. باجدانی کۆتایی، لەجیاتی ئەوەی بکەوێتە سەر شانی دوکاندارەکان، دەکەوێتە سەر بەکاربەران، بە بارێکی زیاتری قازانجی دوکاندارەکانیشەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە پرۆژەیەکی باج لەسەر دوکانەکان بەلاوە نرا و، جێی بە پشتیوانییەکەی ساڵی ١٧٥٩ پڕ کرایەوە.

ئەوەی لە فرانسە پێی دەگوترێ تایێ کەسی، لەوانەیە گرینگترین باج بێ، لە هەر بەشێکی ئەوروپادا لەسەر قازانجی ماڵی بەگەڕخراو لە کشتوکاڵ دانرابێ.

لە دۆخی ناجێگیری ئەوروپای ماوەی باڵادەستیی حکوومەتی فیوداڵ، سەروەر ناچار بوو خۆی پابەند بکا بە باجگرتن لەوانەی زۆر لەوە لاوازترن کە باجدان ڕەت بکەنەوە. لۆردە گەورەکان، ئەگەرچی ئامادە بوون لە هەندێ دۆخی لەناکاوی دیاریکراودا یارمەتیی بدەن، ڕەتیان دەکردەوە ببنە ئامانجی هیچ باجێکی جێگیر و، ئەویش ئەوەندە بەهێز نەبوو کە ناچاریان بکا. ئەوانەی لە سەرتاسەری ئەوروپا زەوییان بەدەستەوە بوو، بەشی زۆریان، لە بنەڕەتدا کۆیلە بوون. لە بەشی هەرە زۆری ئەوروپادا وردەوردە ئازاد بوون. هەندێکیان خاوەندارێتی موڵکی بەزەوییان بەدەست هێنا کە خاوەنەکانیان کەسانی ئاست نزم و ناخانەدان بوون، هەندێ جار لە سایەی شا و هەندێکیان لەسایەی لۆردی تری مەزن، وەکو ئەوانەی لە ئینگلتەرە لەڕێی لەبەرگرتنەوەوە زەوییان بەدەستەوەیە. هەندێکی تریان بەبێ ئەوەی موڵکیان هەبێ، گرێبەستی چەندان ساڵەیان لەسەر ئەو زەوییانە هەبوو کە هی لۆردەکان بوون و، بەمەش کەمتر پشتبەستوو بوون بەوان. لەوە دەچێ لۆردە گەورەکان بە چاوی ڕق و تووڕەییەوە لەم گەشە و سەربەخۆیی ئەو توێژە نزمەی خەڵکیان دەڕوانی و، بەخۆشحاڵییەوە قایل بوون بەوەی سەروەر باجیان بەسەردا بسەپێنێ. ئەم باجە لە هەندێ وڵاتدا تایبەت بوو بەو زەوییانەی خاوەنەکانیان خانەدان نەبوون و، لەم دۆخەدا وەک دەڵێن تایێکە ڕاستەقینە بوو. ئەو باجەی لەلایەن شای کۆچکردووی ساردینیاوە دامەزرا و، ئەو تایییەی لە پارێزگەکانی لۆنگدۆک، پرۆڤێنس، دۆفین و، بریتنی، لە مۆنتوبا و لە هەڵبژاردنەکانی ئاژون و کۆمدۆم و، لە چەند پارێزگەیەکی تری فرانسە، باجی سەر ئەو زەوییانەن کە خاوەنەکانیان خانەدان نین. لە

ولآتانی تردا باج خرایە سەر قازانجی پێشبینیکراوی هەموو ئەوانەی کە زەویی خەڵکی تریان بەدەستەوە چ وەک جووتیار یان بە گرێبەست، جا خاوەنەکانیان هەر چییەک بن و، لەم دۆخەدا بەو جۆرە تایبە دەگوترا کەسی. لە زۆرترین بەشی ئەو پارێگانەی فرانسەدا کە پێیان دەگوترا لادێکانی هەڵبژاردن تایێ لەم جۆرە بوو. تایبی ڕاستەقینە، کە تەنیا بەسەر بەشێکی زەویی ولآتدا دەسەپێنرا، ناداپەروەرانە بوو، بەلآم بەردەوام هەڕەمەکی نەبوو، ئەگەرچی هەندێ جار وا بوو. تایبی کەسی، کە مەبەست بوو هاورێژەی قازانجەکانی پۆلێکی دیاریکراوی خەڵک بێ، وەک پێویستییەک هەڕەمەکی و ناداپەروەر بوو.

تایبی کەسی لە فرانسەدا ئێستا (ساڵی ١٧٧٥) ساڵانە بەسەر بیست ناوچەدا سەپێنراوە کە پێیان دەگوترێ لادێکانی هەڵبژاردن ٤٠١٠٧٢٣٩ لیرە و ١٦ سۆوە. ئەو ڕێژەیەی ئەم برە پارەیەی پێ دیاری کراوە لە پارێزگە جیاجیاکاندا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک گۆڕانکاریی بەسەردا دێ، بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بۆ ئەنجومەنی پاشا لەبارەی باشی یان خراپیی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و، ئەو هەلومەرجانەی تر کە لەوانەیە توانای باجدان کەمتر یان زۆرتر بکەن، بەرز دەکرێنەوە. هەر یەکێک لەو کۆمەڵانە دابەش دەکرێتە سەر ژمارەیەکی دیاریکراوی ناوچەی هەڵبژاردن و، ڕێژەی ئەو برەی بەسەر تەواوی کۆمەڵەکەدا سەپێنراوە و بەسەر ئەو هەڵبژاردنانەدا دابەش دەکرێ لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی بۆ ئەنجومەن بەرز دەکرێنەوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێ. لەوە دەچێ مەحاڵ بێ ئەنجومەن، بەوپەڕی وریاییشەوە، بتوانێ ڕێژەی ورد و گونجاو لەگەڵ توانای ڕاستەقینەی ئەو پارێزگە و کەرتانە بۆ ئەو دوو خەملآندنە دەستنیشان بکا. نەزانی و زانیاریی ناتەواو دەبێ بەردەوام، زۆر یان کەم، سەرڕاسترین ئەنجومەن بەلاڕێدا ببەن. ئەو ڕێژەیەی کە دەبێ هەر ئەبرەشیەیەک پشتیوانیی ئەوەی پێ بکا کە بەسەر تەواوی هەڵبژاردنەکەدا سەپێنراوە و، ئەوەی کە دەبێ هەر تاکێک پشتیوانیی ئەوەی پێ بکا کە بەسەر ئەبرەشیەکەیدا سەپێنراوە، هەردووکیان بەهەمان شێوە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازی بەخۆیانەوە دەبینن، بەگوێرەی ئەو هەلومەرجانەی پێشبینی دەکرێ بیانخوازن. لە دۆخێکیاندا ئەو هەلومەرجانە لەلایەن کارمەندانی هەڵبژاردنەکەوە بڕیاریان لێ دەدرێ و، لەوەی تردا لەلایەن کارمەندانی ئەبرەشیەوە بڕیاریان لێ دەدرێ و، هەردووکیان زۆر یان کەم، لەژێر ڕێنوێنی و دەسەلآتی حاکمدان. نەک تەنیا نەزانی و زانیاریی خراپ، بەڵکو دۆستایەتی، ڕکابەریی لایەنەکان و، ناکۆکیی کەسیش، وەک دەڵێن، زۆر جار ئەم جۆرە خەملێنەرانەیان بەلاڕێدا بردووە. ئاشکرایە کە هیچ کەسێک کە ئەم باجانەی لەسەرن، ناتوانێ پێش ئەوەی باجەکە بسەپێنرێ، بزانێ چەندی لەسەرە بۆ ئەوەی بیدا. تەنانەت دوای خەملآندنیشیان ناتوانێ لەوە دڵنیا بێ. ئەگەر کەسێک باجێکی وای خرایە سەر و

شایانی لێخۆشبوون بوو، یان ئەگەر کەسێک باجێکی لێ وەرگیرا کە زیاترە لە ڕێژەکەی خۆی، ئەگەرچی کە پێویستە هەردووکیان لە هەمان کاتدا باج بدەن، بەڵام ئەگەر سکاڵا بکەن و گازاندەکانیان باش بن، ئەوە بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە، لە ساڵی دواتردا تەواوی ئەبرەشیەکە باجی دووبارەیان بەسەردا دەسەپێنرێ. ئەگەر یەکێک لە بەشداربووان مایەپووچ بوو یان تووشی دەستکورتی هات، باجگرەکە ناچارە باجەکەی بۆ بدا و، بۆ قەرەبووکردنەوەی باجگرەکە، لە ساڵی دواتردا تەواوی ئەبرەشیەکە باجی دووبارەیان بەسەردا دەسەپێنرێ. ئەگەر باجگرەکە خۆی مایەپووچ بوو، ئەوە دەبێ ئەو ئەبرەشیەیە کە ئەوی هەڵبژاردووە وەڵامی وەرگری گشتیی هەڵبژاردنەکە بداتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی سەختە وەرگری گشتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو ڕەعیەتی ئەبرەشیەکە بکا، پێنج یان شەش لە دەوڵەمەندەکانیان هەڵدەبژێرێ بۆ پڕکردنەوەی ئەوەی بەهۆی دەستکورتیی باجگرەکەوە لەدەست چووە. دوای ئەوە ئەبرەشیەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو پێنج شەش کەسە باجەکە دەسەپێنێتەوە. ئەم سەپاندنەوانە بەردەوام سەربای تایبەکەی ئەو ساڵەن کە تیایدا سەپێنراون.

کاتێک کە باج بەسەر قازانجەکانی ماڵی لقێکی دیاریکراوی بازرگانیدا دەسەپێنرێ، بازرگانەکان هەموویان ئاگەداری ئەوە دەبن کە کاڵای تر نەهێن بۆ بازاڕ زیاتر لەوانەی کە دەتوانن بە نرخێک بیفرۆشن بەشی قەرەبووی ئەو باجە بکا کە داویانە. هەندێکیان بەشێکی ماڵەکەیان لە بازرگانییەکە دەکێشنەوە و، بازاڕ لە جاران کەمتر پڕ دەکرێ. نرخی کاڵاکان بەرز دەبێ و، باجدان لە کۆتاییدا دەکەوێتە سەر بەکاربەرەوە. بەڵام کاتێک کە باج دەخرێتە سەر قازانجی ئەو ماڵەی لە کشتوکاڵدا بەگەڕ خراوە، لە بەرژەوەندی جووتیار نییە هیچ بەشێکی ماڵەکەی لەو بەگەڕخستنە بکێشێتەوە. هەر جووتیارێک بڕێکی دیاریکراو زەویی بەدەستەوە، کە کرێیەکەی دەدا. بۆ چاندنی گونجاوی ئەو زەوییە بڕێکی دیاریکراوی ماڵ پێویستە و، بە کێشانەوەی بەشێکی ئەو بڕە پێویستە، لەوانەیە جووتیار نەتوانێ کرێیەکە یان باجەکە بدا. بۆ ئەوەی باجەکە بدا، هەرگیز لە بەرژەوەندی ئەودا نییە بڕی بەرهەمەکەی کەم بکاتەوە، یان لە ئاکامدا کەمتر لە جاران بخاتە بازاڕ. لەبەر ئەوە، باجەکە هەرگیز یارمەتیی نادا نرخی بەرهەمەکەی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی لەڕێی هەواڵەکردنی باجدانەکە بۆ سەر بەکاربەرەوە قەرەبووی خۆی بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ جووتیار وەک هەر مامەڵەکارێکی تر قازانجی گونجاوی خۆی هەبێ، ئەگەر نا، دەبێ واز لەو بازرگانییە بهێنێ. دوای سەپاندنی باجێکی لەم جۆرە، ئەو تەنیا بەدانی کرێیەکی کەمتر بە خاوەن موڵک، دەتوانێ ئەم قازانجە گونجاوە بەدەست بێنێ. چەند ناچار بێ باجی زۆرتر بدا، ئەوەندە دەتوانێ کرێی کەمتر بدا. باجێکی لەم جۆرە کە لە ماوەی گرێبەستێکدا

سەپێنرابێ، بێگومان، ڕەنگە داماوی و ماڵوێرانیی جووتیارەکەی بەدواوە بێ. لەبری نوێکردنەوەی گرێبەستەکە دەبێ باجەکە بەردەوام بکەوێتە سەر خاوەن موڵک.

لەو وڵاتانەی تایبێ کەسییان تێدا سەپێنراوە، جووتیار بەگشتی هاوڕێژە لەگەڵ ئەو ماڵەی وا دەردەکەوێ لە کشتوکاڵدا بەگەڕی بخا باجی بەسەردا دەسەپێنرێ. بەم پێیە، ئەو زۆربەی جاران دەترسێ لەوەی تیمێکی باشی ئەسپ یان گای هەبێ، بەڵام هەوڵ دەدا بە سادەترین و خراپترین ئامرازەکانی کشتوکاڵی بەردەست کشتوکاڵ بکا. نەبوونی متمانە بە دادوەریی خەمڵێنەران وای لێ دەکا هەژاری بنوێنێ و، هیوا بخوازێ کە بەدەگمەن وا دەرکەوێ کە توانای هەیە هیچ بدا، نەبادا ناچار بکرێ زۆر بدا. ئەو بەم سیاسەتە خراپە لەوانەیە نەتوانێ بەردەوام بەباشترین شێوە وریای بەرژەوەندی خۆی بێ و، لەوانەیە بە کەمکردنەوەی بەرهەمەکەی زۆر لەوە زیاتر لەدەست بدا کە بە باجەکە بۆی دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی لەئاکامی ئەم سیاسەتە خراپەی کشتوکاڵ، بێگومان بازاڕ تا ڕادەیەک کەمتر تێر دەکرێ، بەڵام ئەو بەرزبوونەوە کەمەی نرخ کە دێتە کایەوە و، لەوە ناچێ قەرەبووی کەمبوونەوەی بەرهەم بۆ جووتیارەکە بکاتەوە، هێشتا لەوانەیە وای لێ بکا کرێی زیاتر بە خاوەن موڵک بدا. کۆمەڵگە، جووتیار، خاوەن زەوی، هەموویان زۆر یان کەم بەم کەمکردنەوەیەی کشتوکاڵکردنە زەرەرمەند دەبن. من پێشتر لە کتێبی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە تایبێ کەسی بە گەلێ ڕێگەی جۆراوجۆر کشتوکاڵ سست دەکا و، لەئاکامدا سەرچاوەی سەرەکیی سامانی هەموو وڵاتێکی مەزن وشک دەکا.

ئەوەی لە پارێزگەکانی باشووری ئەمەریکا باکور بە باجی دەنگدان (جۆرە سەرانەیەکە بەسەر هەموو کەسێکی پێگەیشتوودا دەسەپێنرێ) ناسراوە و، باجە ساڵانەکانی دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا کە بەسەر هەموو ڕەشپێستێکدا سەپێنراون، باجی گونجاوی سەر قازانجی جۆرێکی دیاریکراوی ماڵن کە لە کششتوکاڵ بەگەڕ خراوە. کە چێنەرەکان، بەشی زۆریان، خۆیان جووتیار و خاوەن موڵکن، لە کۆتاییدا باجەکە دەکەوێتە سەریان بەو پێیەی کە خاوەن موڵکن بەبێ هیچ سزایەک.

باجەکانی سەر ژمارەی کۆیلەکانی کە لە کشتوکاڵدا بەگەڕ خراون لەوە دەچێ لە کۆنەوە لە هەموو ئەوروپادا باو بووبن. ئێستا باجێکی لەو جۆرە لە ئیمپراتۆریای ڕووسیا بەردەوامیی هەیە. لەوانەیە بەم پێیە بێ کە هەموو جۆرەکانی باجی دەنگدان زۆربەی کات وەک هێمای کۆیلایەتی ببینرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو باجێک، بۆ ئەو کەسەی بەسەریدا سەپێنراوە هێمایەک نییە بۆ کۆیلایەتی بەڵکو هێمایە بۆ ئازادی. لەڕاستیدا، ئەو باجە پێشانی دەدا کە ئەو کەسە لە ڕەعیەتی حکوومەتە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ موڵکی هەیە نابێ خۆی ببێتە موڵکی سەردارێک. باجی دەنگدان لەسەر کۆیلەکان بەتەواوی جیایە لە

باجێکی دەنگدان لەسەر کەسانی ئازاد. ئەمەی دوایی لەلایەن ئەو کەسانەوە دەدرێ کە بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەوەی پێشوو لەلایەن کەسانی تری جیاوازەوە دەدرێ. ئەوەی دوایی یان بەتەواوی هەڕەمەکییە یان بەتەواوی نایەکسان و، لە زۆربەی دۆخەکاندا هەردوو ئەم سیفەتەی هەیە، ئەوەی پێشوو، ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە نایەکسانە، بەوەی کۆیلە جیاوازەکان بەهای جیاوازیان هەیە، بەهیچ جۆرێک هەڕەمەکی نییە. هەموو سەردارێک کە ژمارەی کۆیلەکانی خۆی دەزانێ بەوردی دەزانێ دەبێ چەند بدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو باجە جۆراوجۆرانە، کە هەمان ناویان هەیە، وا دەبینرێن کە خاوەنی هەمان سروشتن.

ئەو باجانەی لە هۆڵاند بەسەر خزمەتکارانی پیاو و ژندا دەسەپێنرێن، باجی ماڵ نین، بەڵکو باجی خەرجین و، تا ڕادەیەکی زۆر لە باجی سەر کاڵای بەکاربردن دەچن. باجی یەک گینی بۆ هەر سەرێک کە بەم دواییە لە بریتانیای مەزندا سەپێنرا لەم جۆرە باجانەیە. ئەم باجە بۆ توێژی مامناوەندی قورسترە. پیاوێک کە ساڵانەی ٢٠٠ بێ لەوانەیە یەک خزمەتکاری نێرینەی هەبێ. ئەوەی ساڵانەی دە هەزارە پەنجا خزمەتکار ڕاناگرێ. بەڵام ئەو باجە کار ناکاتە سەر هەژاران.

باجەکانی سەر قازانجی ماڵ لە بەگەڕخستنێکی دیاریکراودا هەرگیز کار ناکەنە سەر سوودی پارە. کەس پارەی خۆی بە قەرز بەوانە نادا کە ئەو باجەیان لەسەرە بە سوودێکی کەمتر لەوەی بە قەرز بە خاوەنی ئەو بەگەڕخستنانەی دەدا کە باجیان لەسەر نییە. باجی سەر داهاتی ماڵ لە هەموو بەگەڕخستنەکان، کە حکوومەت هەوڵ دەدا بە هەر پلەیەکی وردی کۆیان بکاتەوە، لە گەلێ دۆخدا دەکەونە سەر سوودی پارە. ڤینتیێم یان بیستیەک، لە فرانسە باجێکە لە هەمان شێوەی ئەوەی لە ئینگلتەرە پێی دەڵێن باجی زەوی و، بەهەمان شێوە دەخەملێنرێ، لەسەر داهاتی زەوی، خانوو و، ماڵ. ئەوەندەی بکەوێتە سەر ماڵ، ئەگەرچی زۆر ورد نییە، بەڵام وردترە لەو بەشەی باجی زەویی ئینگلتەرە کە دەکەوێتە سەر هەمان سندووقی پارەدارکردن. لە گەلێ دۆخدا، هەموو ئەم باجە دەکەوێتە سەر سوودی پارە. لە فرانسە زۆربەی جاران پارە بەهۆی ئەوەوە کە پێی دەگوترێ گرێبەستی کرێ دادەبەزێ، واتە، ساڵانەی بەردەوامی شیاوی وەرگرتنەوە لە هەموو کاتێکدا لەلایەن قەرزارەوە لەبەرامبەر دانەوەی ئەو برە پارەیەی لە بنەڕەتدا دراوە، بەڵام ئەم وەرگرتنەوەیە لەلایەن قەرزدەرەوە تەنیا لە هەندێ دۆخی دیاریکراودا دەبێ. لەوە ناچێ کە ڤینتیێم ئاستی ئەم ساڵانانەی بەرز کردبێتەوە ئەگەرچی بەوردی بەسەر هەموویاندا دەسەپێنرێ.

پاشکۆی بابەتەکانی یەکەم و دووەم

باجەکانی سەر بەهای سەرمایەی زەوی، خانوو و، ماڵ

کاتێک کە موڵک بەدەستی هەمان کەسەوە دەمێنێتەوە، ئەو باجە بەردەوامانەی بەسەریدا سەپاون، هەرگیز مەبەستیان کەمکردنەوەی هیچ بەشێکی بەهای سەرمایەیی نییە، بەڵکو کەمێک لەو داهاتەی لێیەوە دێ کەم دەکاتەوە. بەڵام کە موڵک دەستاودەستی پێ دەکرێ، کە خاوەنداری دەگوازرێتەوە، لە مردووەوە بۆ زیندوو، یان لە زیندووەوە بۆ زیندوو، ئەو جۆرە باجانە زۆربەی کات بۆ ئەوە دەسەپێنرێن کە بەشێک لە بەهای سەرمایەییان ببەن.

گواستنەوەی خاوەنداریی هەموو جۆرە موڵکێک لە مردووەوە بۆ کەسانی زیندوو و، موڵکی نەگوازراوە، زەوی و خانوو، لە زیندووەوە بۆ زیندوو، مامەڵەگەلێکن کە بەسروشت ڕاگەیەنراو و ئاشکران، یان جۆرێکن کە ناشێ ماوەیەکی زۆر بە شاراوەیی بمێننەوە. لەبەر ئەوە، لەوانەیە ئەم جۆرە مامەڵانە ڕاستەوخۆ باجەکانیان وەرگیرێ. گواستنەوەی ماڵ یان سامانی گواستراوە، لە زیندوویەکەوە بۆ زیندوویەک، بەقەرزدانی پارە، زۆر جاران مامەڵەیەکی نهێنییە و، دەشێ بەردەوام بەو شێوەیە بهێڵرێتەوە. بۆیە ناکرێ بە ئاسانی ڕاستەوخۆ باجی لەسەر وەرگیرێ. ئەمەیان بە دوو ڕێگەی جیاواز بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باجی لێ دەگیرێ، یەکەم، بەو مەرجەی کردارەکە پێویستی بەوە بێ پابەندبوون بە دانەوەی لەسەر کاغەزێک بنووسرێ کە ڕەسمێکی دیاریکراوی پوولی درابێ؛ ئەگەر نا ئەو پابەندییە نابێ، دووەم، بەو مەرجەی کە پێویست بێ لە تۆمارێکی گشتی یان نهێنیدا تۆمار بکرێ و، ڕەسمێکی دیاریکراو لەسەر ئەو تۆمارکردنە هەبێ، ئەگەر نا مامەڵەکە بەتاڵ بێ. ڕەسمی پوول و ڕەسمی تۆمارکردن، زۆربەی جاران بەسەر گواستنەوەی هەموو جۆرە موڵکایەتییەک لە مردووەوە بۆ زیندوو دەسەپێنرێ و، بەسەر گواستنەوەی موڵکایەتیی موڵکی نەگوازراوەدا لە زیندووەوە بۆ زیندوو دەسەپێنرێ، کە مامەڵەگەلێکن دەکرێ بەئاسانی ڕاستەوخۆ باجیان لەسەر وەرگیرێ.

ویکێسیما هێریدیتاتوم (باجی میراتگری(Vicesima Hereditatum- ئەو یەک لە بیستەی میراتی کە لەلایەن ئۆگۆستەسەوە بەسەر ڕۆمانی کۆندا سەپێنرا، باجێک بوو لەسەر گواستنەوەی موڵکداری لە مردووەوە بۆ زیندوو. دیۆن کاسیۆس، ئەو نووسەرەی بە کەمترین ناڕوونییەوە لەسەر ئەمەی نووسیوە، دەڵێ کە ئەم باجە بەسەر هەموو میراتگری، وەسیەت و، بەخشیشێک لە دۆخی مردندا دەسەپێنرا، ئەوانە نەبن کە بۆ نزیکترین خزمان و هەژاران بوون.

باجی هۆڵاندەیی سەر میراتگریش لە هەمان ئەم جۆرەیە. میراتگرەکان بەپێی پلەی خزمایەتی باجیان لێ دەسێنرێ، باجەکەش لەنێوان لەسەدا پێنج و لەسەدا ٣٠ی تەواوی

بەهای میراتییەکەیە. بەخشین بەپێی وەسیەتنامە، یان وەسیەتکردن بۆ میراتگرانیش باجی هاوشێوەیان لەسەرە. ئەوەی لە مێردەوە بۆ ژنە، یان لە ژنەوە بۆ مێردە باجەکەی یەک لە پەنجایە. لوکتۆزا هیریدیتەس (میراتیی خەمبار (Luctuosa Hereditas-لە باپیرانەوە بۆ نەوەکانیان، تەنیا یەک لە بیستی لەسەر بوو. میراتگریی ڕاستەوخۆ، لە باوانەوە بۆ منداڵەکانی خۆیان باجی لەسەر نەبوو. مردنی باوکێک کە منداڵەکانی لە هەمان خانوودا لەگەڵی دەژین، بەدەگمەن هیچ زیادبوونێکی داهاتی تێدایە و، زۆربەی جاران مایەی کەمبوونەوەیەکی زۆری داهاتە، بە لەدەستدانی پیشەسازییەکەی، پۆستەکەی، یان ئەو موڵکەی بەدرێژایی ژیان کرێکەی بۆ ئەو بوو، کە لەوانەیە بەدەستیەوە بووبێ. باجەکە لەو کاتەدا دڵڕەقانە و ستەمکارانە دەبێ و زیانەکەیان بە سەندنی بەشێک لە میراتییەکەیان زیاتر دەبێ. بەڵام لەوانەیە هەندێ جار وا نەبێ لەگەڵ ئەو منداڵانەی بە زمانی یاسای ڕۆمان پێیان دەڵێن ئازادکراو، لە یاسای سکۆتلاند پێیان دەڵێن لە خێزان جیاکراوەکان، واتە ئەوانەی بەشی خۆیان وەرگرتووە و خاوەن خێزانن و، سەرچاوەی بژێویی جیا و سەربەخۆ لەوەی باوکیان هەیە. هەر بەشێکی میراتی بەو جۆرە منداڵانە بدرێ، دەبێتە زیادەیەک کە دەچێتە سەر سامانەکانیان، بۆیە نەگونجاو نییە هەندێ باج بکەوێتە سەریان.

زیانەکانی یاسای فیوداڵ باج بوون لەسەر گواستنەوەی موڵکداریی زەوی، لە مردووەوە بۆ زیندوو و، لە زیندووەوە بۆ زیندوو. لە سەردەمانی کۆندا لە هەموو بەشێکی ئەورووپادا یەکێک بوون لە لقە سەرەکییەکانی داهاتی تاج.

میراتگری هەر جووتیارێکی ڕاستەوخۆی تاج باجێکی دیاریکراوی دەدا، بە گشتی کرێی یەک ساڵ بوو، بەرامبەر بە وەرگرتنی ماف لەو موڵکەدا. ئەگەر میراتگرەکە منداڵ بوو، تەواوی کرێی ئەو زەوییە بەدرێژایی ماوەی منداڵییەکەی دەگوازرایەوە بۆ سەرپەرشتیارەکەی بەبێ لێدەرکردنی هیچ خەرجییەک جگە لە بژێویی منداڵەکە و، بەشی بێوەژنەکە لە میراتییەکە ئەگەر هات و زەوییەکەی بەدەستەوە گرت. کاتێک کە منداڵەکە دەگاتە تەمەنی گونجاو، باجێکی تر، پێی دەگوترێ چاکبوونەوە(Relief) ، دەکەوتە سەر سەرپەرشتیارەکە، کە بەگشتی ئەویش کرێیساڵێک بوو. منداڵییەکی درێژخایان، لەم سەردەمەدا زۆر جاران میراتیی زۆر لە هەموو بارگرانییەک ڕزگار دەکا و خێزانەکە بۆ دۆخی کۆنی خۆشگوزەرانی دەگەڕێنێتەوە، لەوانەیە لەو کاتانەدا ئەو کاریگەرییەی نەبێ. کاریگەریی گشتیی منداڵیی درێخایان بریتی بوو لە بەفیڕۆدان، نەک بارگراننەکردن.

بەپێی یاسای فیوداڵ جووتیار توانای نەبوو بەبێ پەسەندکردنی سەرپەرشتیارەکی میراتیی هەبێ، سەرپەرشتیارەکەش بەگشتی لەبەرامبەردا جۆرە باجێکی بۆ خۆی وەردەگرت. ئەو باجە، کە سەرەتا هەڕەمەکی بوو، لە گەلێ وڵاتدا ڕێک خرا و ڕێژەیەکی دیاریکراوی نرخی زەوییەکەی بۆ دەستنیشان کرا. لە هەندێ وڵاتدا کە زۆربەی نەریتەکانی

تـری فیـودالّیتی نەمـاون، ئەم بـاجی میراتخسـتنەوەیە هێشـتا لقێکـی بەرچـاوی داهـاتی سەروەرە. لە کانتۆنی بێرن، ئەو باجە شەشیەکی نرخی هەموو ئەوەی خانەدانەکەیە و، دەیەکی هەموو ئەوەی ناخانەدانەکەیە. لە کانتۆنی لوسێرن باجی سەر فرۆشتنی زەوی باو نییە و، تەنیا لە هەندێ کەرتی دیاریکراودا وەردەگیرێ. بەڵام ئەگەر کەسێک زەویی خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی ناوچەکە بەجێ بهێڵێ، لەسەدا دەی هەموو نرخی فرۆشتنەکە دەدا. باجی هاوشێوەی سـەر فرۆشـتنی هەمـوو زەوییەکـان، یـان ئەو زەوییـانەی لە سـایەی خاوەندارییەکی دیاریکراون، لە گەلێ وڵاتی تردا هەیە و، زۆر یان کەم لقێک لە داهـاتی سەروەر پێک دێنن.

لەوانەیە ئەم جۆرە دەستەوارانە ناڕاستەوخۆ باجیان بخرێتە سەر، یان لەڕێی ڕەسمی پوولەوە، یان لەڕێی باجەکانی سەر تۆمارکردنیان و، ئەم باجانە یان هاوڕێژەی بەهای ئەو شتە دەبن کە مامەڵەی پێوە دەکرێ یان هاوڕێژەی نابن.

ڕەسمی پوول لە بریتانیای مەزندا زۆر بەگوێرەی بەهای ئەو موڵکە، کە مامەڵەی پێوە دەکرێ، بەرزتر یان نزمتر نابن، (ڕەسمێکی پوول بە ١٨ پێنس یان نیو کراون لەسەر گرێبەستێک بە گەورەترین بڕە پارە بەسە) ئەوەندەی بە سروشتی ئەم کارەوە پەیوەندیی هەبێ. بەرزترین ڕەسم بۆ یەک لاپەڕەی کاغەز یان چەرم لە شەش پاوەن زیاتر نابێ و، ئەم باجە زۆرانە بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەونە سەر تاج و، بەپێی ئیجرائاتی دیاریکراوی یاسـایی بەبێ گوێـدان بە بەهـای بـابەتەکە. لە بریتانیـای مەزنـدا هـیچ باجێـک لەسـەر تۆمارکردنی کردەوە و نووسین نییە، جگە لە کرێی ئەو فەرمانبەرەی تۆمارەکەی لایە و، ئەمەش بەدەگمەن زیاترە لە قەرەبوویەکی گونجاو بۆ کارەکەیان. تاجیش هیچ داهـاتێکی لێیان دەست ناکەوێ.

لە هۆلاند ڕەسمی پوول و باجی تۆمارکردنیش هەن، کە لە هەندێ دۆخدا هـاوڕێژەن لەگەڵ بەهای ئەو موڵکەی خاوەندارییەکەی دەگوازرێتەوە و هەندێ جار هـاوڕێژەی نین. دەبێ گشت پەیمانەکان لەسەر کاغەزی مۆرکراو بنووسرێن کە نرخیان هاوڕێژەی ئەو موڵکەن کە بۆی خەرج دەکرێن، بۆیە پوول هەیە بایی سێ پێنسە، یان سێ ستراڤەر بۆ هەر لاپەڕەیەک، تا دەگاتە ٣٠٠ فلۆرین، کە یەکسانە بە نزیکەی ٢٧ پاوەن و ١٠ شیلین پارەی ئێمە. ئەگەر ئەو کەسەی پەیمانەکە تۆمار دەکا پوولی نرخی کەمتری بەکار هێنا، کاتێک کە لەپاشی بەجێ دەمێنێ دەستی بەسەردا دەگیرێ. ئەمە سەرباری هەموو باجەکانی ترە کە لەسەر میراتین. جگە لە کۆمپیالە و هەندێ لیستی تری بازرگانی، هەموو کردەوە، گرێبەست و، بەڵێنەکان ڕەسمی پوولیان لەسەرە. بەڵام ڕەسمەکە هاوڕێژە لەگەڵ بەهای بابەتەکە بەرز نابێتەوە. هەموو فرۆشتنێکی زەوی و خانوو و، بەبارمتەگرتنەکانیان، دەبێ تۆمار بکرێن و لە بری تۆمارکردنەکە باجێکی لەسەدا دوو و نیوی نرخی بارمتەکە

به دەوڵەت دەدرێ. ئەم بــاجە فــرەوان کــرا و بــاڵی کێشــا بەســەر فرۆشــتنی هەمــوو کەشتییەکاندا و ئەو بەلەمانەی زیاتر لە دوو تۆن بار هەڵدەگرن. لەوە دەچێ کە ئەمانە بە جۆرێک خانووی سەر ئاو هاتبنە ژماردن. فرۆشتنی شتی گواستراوە، کە دادگە فەرمانی پێ دەدا، باجێکی هاوشێوەی لەسەدا دوو و نیوی لەسەرە.

لە فرانسە ڕەسمی پوول و باجی تۆمارکردن هەن. ئەوەی یەکەم بە لقێکی یارمەتی یان ڕەسم دەژمێررێ و، لەو پارێزگانەی ئەم باجانەیان هەیە لەلایەن فەرمانبەرانی ڕەسمەوە وەردەگیرێ. ئەمەی دوایی وەک لقێکی بواری تاج دەژمێررێ و کۆمەڵە فەرمانبەرێکی تر کۆی دەکەنەوە.

ئەم شێوازانەی باجگری، بە ڕەسمی پوول و بە باجی سەر تۆمارکردن، داهێنانی زۆر تازەن. لە ماوەی کەمێک زیاتر لە یەک سەدە، ڕەسمی پوول بووە نزیکە گشتی لە هەموو ئەوروپادا و، باجی تۆمارکردن بووە شتێکی زۆر باو. هیچ هونەرێک نییە هێندەی کێشانەوەی پارە لە گیرفانی خەڵکەوە، کە حکوومەتێک وا بەخێرایی لە حکوومەتێکی ترەوە فێری ببێ.

باجی سەر گواستنەوەی خاوەنداری لە مردووەوە بۆ زیندوو لە کۆتاییدا و بەشێوەیەکی ڕاستوخۆ دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی خاوەندارییەکەی بۆ دەگوازرێتەوە. باجی سەر فرۆشتنی زەوی دەکەوێتە سەر فرۆشیار. فرۆشیار نزیکەی بەردەوام لەژێر فشاری پێویستیی فرۆشتندایە و، لەبەر ئەوە دەبێ، نرخێک وەرگرێ کە دەتوانێ وەری بگرێ. کڕیاریش بەدەگمەن لە ژێر فشاری پێویستیی کڕینە و، لەبەر ئەوە، تەنیا ئەو نرخە دەدا کە خۆی پێی خۆشە. ئەو ئەوە لەبەر چاو دەگرێ کە زەوییەکە بە باج و بەنرخەوە بەیەکەوە چەند لەسەری دەکەوێ. ئەو چەند پێویست بکا باجی زیاتر بدا، ئەوەندە کەمتری دەبێ بە نرخی بدا. لەبەر ئەمە، ئەم جۆرە باجانە، نزیکەی هەموو جارێک دەکەونە سەر خاوەنی پێویستییەکە و، بەمەش زۆربەی جار زۆر دڵڕەقانە و ستەمکارانەن. باجی سەر فرۆشتنی خانووی تازە دروستکراو، کاتێک کە باڵەخانەکە بەبێ زەوییەکەی دەفرۆشرێ، دەکەوێتە سەر کڕیار، چونکە بەگشتی دەبێ دروستکەری باڵەخانەکە قازانجی خۆی بکا، ئەگەر نا دەبێ دەستبەرداری بازرگانییەکە ببێ. بۆیە ئەگەر ئەو باجەکە بدا، بەگشتی دەبێ کڕیارەکە پێی بداتەوە. باجی سەر خانووی کۆن، بەگشتی لەبەر هەمان هۆکارەکانی کاتی فرۆشتنی زەوی باجەکە دەکەوێتە سەر فرۆشیار، کە لە زۆربەی دۆخەکاندا دەستکەوت یان پێویستی ناچاری دەکەن کە بفرۆشێ. ژمارەی ئەو خانووە تازە دروستکراوانەی ساڵانە دەخرێنە بازاڕەوە، زۆر یان کەم، لەڕێی خواستەوە ڕێک دەخرێ. هەتا خواست بەو شێوەیە بێ کە دروستکەری خانوو، دوای ئەوەی هەموو خەرجییەکانی پڕ دەکاتەوە، قازانج بکا، ئەوە لە دروستکردنی خانووی زیاتر بەردەوام دەبێ. ژمارەی ئەو خانووە

کۆنانە کە لەوانەیە بخرێنە بازاڕەوە، لەڕێی هەندێ هەڵکەوتەوە ڕێک دەخرێ کە بەشی هەرە زۆریان پەیوەندییان بە خواستەوە نییە. دوو یان سێ مایەپووچی لە شارێکی بازرگانیدا چەند خانوویەک دەخەنە بازاڕەوە بۆ ئەوەی هەر چەندیان کرد بفرۆشرێن. باجی سەر فرۆشتنی کرێی زەویی خانوو هەمووی دەکەوێتە سەر فرۆشیارەوە، لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی کە وا دەکەن لە کاتی فرۆشتنی زەویدا بکەوێتە سەری. ڕەسمی پوول و، باجی سەر تۆمارکردنی گرێبەست و بەڵێننامە بۆ پارەی قەرزکراو، هەموویان دەکەونە سەر قەرزار و، لە ڕاستیدا، بەردەوام ئەو دەیاندا. باجی لە هەمان جۆر لەسەر ئیجرائاتی یاسایی دەکەونە سەر داواکاران. ئەمانە بۆ هەردوو لا بەهای سەرمایەی ئەو بابەتە کەم دەکەنەوە کە کێشەی لەسەرە. بەدەستهێنانی موڵکێک چەند زیاتری تێ بچێ، ئەوەندە بەهای پوختی لە کاتی بەدەستهێنانیدا کەمتر دەبێ.

گشت باجەکانی سەر گواستنەوەی هەموو جۆرە خاوەندارییەک، ئەوەندەی بەهای سەرمایەی موڵکەکە کەم بکەنەوە، ڕوویان لە کەمکردنەوەی ئەو پارەیە دەبێ کە بۆ بژێویی کاری بەرهەمهێن تەرخان کراوە. هەموویان، زۆر یان کەم، باجی دەستکراوەن بۆ زیادکردنی داهاتی سەروەر، کە دەگمەنە لە کارگەرانی بەرهەمنەهێن بەولاوە کەس بژێنێ، لەسەر ئەرکی سەرمایەی خەڵک، کە لە کارگەری بەرهەمهێن بەولاوە کەس ناژێنێ.

ئەم جۆرە سەرمایانە، تەنانەت لەو کاتەدا کە هاورێژەی بەهای ئەو موڵکە بن کە خاوەنداریی دەگوازرێتەوە، هێشتا نادادوەرانەن، لەبەر ئەوەی بەردەوام چەندبارەبوونەوەی گواستنەوە لە موڵکی خاوەن بەهای یەکساندا یەکسان نییە. کاتێک هاورێژەی ئەو بەهایە نین، کە ئەمە دۆخی بەشی زۆری ڕەسمەکانی پوول و باجەکانی تۆمارکردنە، ئەوە زیاتر بەم شێوەیەن. ئەوان بەهیچ جۆرێک هەڕەمەکی نین، بەڵام لە زۆربەی دۆخەکاندا تەواو ڕوون و دیارن، یان لەوانەیە وا بن. ئەگەرچی هەندێ جار دەکەونە سەر ئەو کەسەی زۆر توانای نییە بیاندا، لە زۆربەی دۆخەکاندا کاتی دانەکەیان بۆی گونجاوە. کە کاتی دانیان دێ، ئەو لە زۆربەی دۆخەکاندا دەبێ پارەی هەبێ بۆ ئەوەی بیدا. ئەوان بە خەرجییەکی زۆر کەم کۆ دەکرێنەوە و، بەگشتی بەشداربووەکە تووشی ناڕەحەتیی تر ناکەن باجدانەکە نەبێ.

لە فرانسە گلەیی زۆر لە ڕەسمی پوول نییە. ئەوانەی تۆمارکردن، کە ئەوان پێیان دەڵێن کۆنترۆل، گلەییان لەسەرە. وا دەردەکەوێ کە ئەوان بواری سەوداکردن بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەریی جووتیاران، ئەوانەی باج کۆ دەکەنەوە، دەستەبەر بکەن، بەوەی کە باجەکان زۆربەی کات هەڕەمەکی و نادیارن. لە بەشی زۆری ئەو ناوزڕاندنانەی لەبارەی سیستمی دارایی ئێستای فرانسە نووسراون، پێشێلکارییەکانی ئەم کۆنترۆلە بابەتی سەرەکین. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە ناچێ ناڕوونی وەک پێویستییەک هاوشانی سروشتی ئەم جۆرە باجانە بێ.

ئەگەر گازانـدە میللییەکـان بەباشـی بنیـات نـرابن، پێشـێلکاری ئەوەنـدە بەهـۆی سروشـتی بـاجەوە نیـیە، ئەوەنـدەی بەهـۆی نەبـوونی وردی و یەکلاکەرەوەیـیە، لەو وشـانەی ئەو مەرسوم و یاسایانەیان پێ داڕێژراون کە باج دەسەپێنن.

تۆمارکردنی موڵکە بارمتەکراوەکان و، بەگشتی هەموو مافەکانی سـەر موڵکی جێگیر، کە ئـارامییەکی زۆر بە قەرزدەر و کڕیارەکـان دەدا، زۆر بـۆ گشـت بەسـوودە. ئەوانەی بەشـی زۆری کردەوەکـانی لە جـۆری تـرن زۆربەی جـاران زیـانبەخش و تەنـانەت مەترسیداریشـن بۆ تاکەکان، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکیان بۆ گشت هەبێ. هەمـوو ئەو تۆمارانەی وا باوە کە پێویست بێ نهێنی بن، بێگومان بوونیان نابێ. هەرگیز نـابێ متمـانەی تاکەکان پشتبەسـتوو بێ بە ئارامییەکی لاوازی وەکو ڕاستگۆیی و ئاینداریی فەرمـانبەری ئاست نزمی داهات. بەڵام کە ڕەسمەکانی تۆمارکردن سـەرچاوەیەکن بۆ داهـاتی سـەروەر، فەرمانگەکـانی تۆمـارکردن بەگشـتی ژمارەیـان بەشـێوەیەکی بێکۆتـایی زیـاد کـراوە، چ بۆ تۆمارکردنی ئەو کردەوانەی کە دەبێ تۆمار بکرێن، چ بۆ تۆمـارکردنی ئەوانەشی کە نـابێ تۆمـار بکـرێن. لە فڕانسـە چەنـدان جـۆر تۆمـاری نهێنـی هەن. ئەم پێشـێلکارییە، ئەگەرچـی پێویست نییە، دەبێ بزانرێ کە دەرهاویشتەیەکی زۆر سروشتیی ئەو جۆرە باجانەیە.

ئەو جۆرە ڕەسمی پوولانەی هاوشـێوەی ئەوانەی لە ئینگلتـەرە لەسـەر کـارت و زارن، لەسەر ڕۆژنامە و بەڵاڤۆکە وەرزییەکانن، هتد باجی گونجاوی سەر بەکاربردنن، ئەوەی لە کۆتاییدا دەیاندا ئەو کەسانەن کە ئەو جۆرە کاڵایانە بەکار دێنن یان بەکاریان دەبەن. ئەو جـۆرە ڕەسـمی پـوولانەی لەسـەر مـۆڵەتی تاکفرۆشـیی بیـرە و شـەراب و خـواردنەوە کهولیەکـانن، ئەگەرچـی لەوانەیە مەبەسـت ئەوە بێ بخـرێنە سـەر قـازانجی تاکفرۆشـەکە، بەهەمـان شـێوە لەکۆتاییـدا لەلایەن بەکـاربەری ئەو خـواردنەوانەوە دەدرێـن. ئەو جـۆرە باجانە، ئەگەرچی هەمان ناویان لێ نراوە و، لەلایەن هەمان فەرمـانبەرانەوە کۆ دەکرێنەوە و بەهەمـان شـێوەی ئەو ڕەسـمی پـوولانەی لەسـەرەوە ئاماژەیـان بـۆ کـراوە و لەسـەر گواستنەوەی خاوەنداری وەردەگیرێن، سروشتێکی تەواو جیاوازیان هەیە و، دەکەونە سەر سندووقی پارەدارکردنی تەواو جیاوازەوە.

بابەتی سێیەم: باجی هەقدەستی کار

لە کتێبی یەکەمدا هەوڵم داوە پێشانی بدەم کە، هەقدەستی پۆلە نزمەکانی کارگەران لە هەمـوو شـوێنێکدا وەک پێویسـتییەک لەڕێـی دوو هەلـومەرجی جیـاوازەوە ڕێـک دەخـرێن. خواسـت لەسـەر کـار و، نرخـی ئاسـایی یـان تێکڕای ئـازووخە. خواسـت لەسـەر کـار لە زیادبوون، چەقبەستوو، یان لە پاشەکشەدا دەبێ، یان پێویسـتی بە زیـادبوون، جێگیربـوون، یـان کەمبوونەوەی دانیشـتووانە بـۆ ڕێکخسـتنی بژێویی کـارگەرەکە و، ئاسـتەکەی دیـاری

دەكا بە باش، مامناوەندی، یان لاواز. نرخی ئاسایی یان تێكڕای ئازووخە ئەو بڕە پارەیە دیاری دەكا كە دەبێ بە كارگەرێك بدرێ بۆ ئەوەی بتوانێ، لە ساڵێكەوە بۆ ساڵێك، ئەو بژێوییە باش، مامناوەند، یان خراپەی پێ بكرێ. بۆیە لە كاتێكدا كە خواست لەسەر كار و نرخی ئازووخە وەكو خۆیان بمێننەوە، باجی سەر هەقدەستی كار هیچ كاریگەرییەكی تری نابێ جگە لە بەرزكردنەوەیان، بەكەمێك لەو باجە زیاتر. با بۆ نموونە وای دابنێین كە، لە شوێنێكی دیاریكراودا، خواست لەسەر كار و نرخی ئازووخە بەجۆرێك بوون كە دە شیلین هەفتانە هەقدەستی ئاسایی كار بێ و، باجێكی پێنجیەكی، یان چوار شیلین بۆ هەر پاوەنێك، بەسەر هەقدەستدا سەپێنرابوو. ئەگەر خواست لەسەر كار و نرخی ئازووخە وەك خۆیان بمێننەوە، ئەوە هەر پێویست دەبێ كارگەرەكە لەو شوێنەدا بژێوییەكی وەهای دەست بكەوێ كە هەفتانە بە دە شیلین هەقدەست، كە بەتەواوی بۆی دەمێنێتەوە، بكرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو دە شیلینەی بەتەواوی بۆ بمێنێتەوە، دوای ئەوەی باجەكەی دەدا، دەبێ نرخی كار لەو شوێنەدا، زوو، بەرز ببێتەوە نەك بۆ ١٢ شیلین لە هەفتەیەكدا، بەڵكو بۆ ١٢ شیلین و شەش پێنس. واتە، بۆ ئەوەی بتوانێ باجێكی پێنجیەكی بدا، پێویستە زوو هەقدەستەكەی بەرز ببێتەوە، نەك تەنیا بەرێژەی پێنجیەك بەڵكو بەرێژەی چواریەكێك. رێژەی باج هەر چەندێك بێ، پێویستە لە هەموو دۆخەكاندا هەقدەستی كار بەرێژەیەكی لەوە زیاتر، نەك بە هەمان رێژە، بەرز ببێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر باجەكە یەك لە دە بوو، پێویستە زوو هەقدەست بەرێژەی یەك لە هەشت، نەك یەك لە دە، بەرز ببێتەوە.

لەبەر ئەوە، باجێكی ڕاستەوخۆ لەسەر هەقدەستی كار، هەرچەندە لەوانەیە كارگەرەكە بە دەستی خۆی بیدا، ناكرێ بگوترێ كە لەلایەن ئەوەوە دەدرێ، بەلای كەمەوە ئەگەر خواستی بنەڕەتی لەسەر كار و نرخی تێكڕای ئازووخە، دوای سەپاندنی باجەكە وەكو خۆیان مانەوە. لە هەموو ئەم جۆرە دۆخانەدا، نەك تەنیا باجەكە بەڵكو شتێكی سەرووی باجەكەش، لەڕاستیدا لەلایەن ئەو كەسەوە دەدرێ كە ڕاستەوخۆ كارگەرەكەی بەگەڕ خستووە. لە كۆتاییشدا و لە هەلی جیاجیادا، باجدانەكە دەكەوێتە سەر كەسانی جیاجیا. ئەو بەرزبوونەوەی هەقدەستی كاری پیشەساز كە بەهۆی ئەم باجەوە دێتە كایەوە، لەلایەن خاوەنی پیشەسازییەكەوە دەدرێ، كە داوای لێ دەكرێ و ناچار دەكرێ بەقازانجێكەوە بیخاتە سەر نرخی كاڵاكانی. كەواتە، ئەوەی لە كۆتاییدا زیادەی هەقدەستەكە و قازانجە زیادكراوەكە دەدا، بەكاربەرە. ئەو بەرزبوونەوەی هەقدەستی كاری لادێ كە بەهۆی باجەوەیە لەلایەن جووتیارەوە دەدرێ، كە بۆ ژیاندنی هەمان ژمارەی كارگەرانی پێش باجەكە، ناچار دەبێ سەرمایەیەكی زیاتر بخاتە گەڕ. بۆ ئەوەی ئەو سەرمایە زۆرترە بگەڕێنێتەوە، لەگەڵ قازانجە ئاساییەكانی ماڵ، پێویستە ڕێژەیەكی زۆرتری بەرهەمی زەوی گل بداتەوە، یان كە هەمان شتە، نرخی ڕێژەیەكی زۆرتری ئەو بەرهەمە گل بداتەوە و،

لەئاکامدا دەبێ کرێیەکی کەمتر بە خاوەن موڵک بدا. بۆیە، ئەوەی لە کۆتاییدا ئەو زیادەی هەقدەستە و قازانجی سەرباری جووتیارەکە دەدا، لەم دۆخەدا، خاوەن موڵکە. لە هەموو دۆخەکاندا، باجی ڕاستەوخۆی سەر هەقدەستی کار دەبێ، لە مەودای دووردا، ببێتە هۆی کەمکردنەوەی زیاتری موڵکانەی زەوی و، بەرزبوونەوەیەکی زیاتری نرخی کاڵای پیشەسازی، زیاتر لەوەی لەڕێی مەزەندەکردنی گونجاوی بڕێک کە یەکسانە بە بەرهەمی باجەکە لەسەر موڵکانەی زەوی و، سەر کاڵاکانی بەکاربردن، بەرهەم دێ.

ئەگەر باجە ڕاستەوخۆکانی سەر هەقدەستی کار بەردەوام نەبوونە مایەی بەرزبوونەوەیەکی هاوڕێژە لەم هەقدەستانەدا، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە بەگشتی دەبنە مایەی نزمبوونەوەیەکی زۆر لە خواستی سەر کار. داتەپینی پیشەسازی، کەمبوونەوەی بەگەڕخستنی خەڵکی هەژار، کەمکردنی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات، بەگشتی دەبنە ئاکامی ئەو جۆرە باجانە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ لە ئاکامی ئەمانەدا نرخی کار بەردەوام بەرزتر بێ لەوەی کە بەبێ ئەمانە لە دۆخی ڕاستەقینەی خواستدا هەبوو و، ئەم بەرزکردنەوەی نرخە لەگەڵ بەرزبوونەوەی قازانجی ئەوانەی دەیدەن، دەبێ بەردەوام لەلایەن خاوەن موڵک و بەکاربەرانەوە بدرێن.

باجێک لەسەر هەقدەستی کاری لادێ، هاوڕێژە لەگەڵ ئەو باجەدا نرخی بەرهەمی خاوی زەوی بەرز ناکاتەوە، لەبەر هەمان ئەو هۆکارەی کە وا دەکا باجی سەر قازانجی جووتیار ئەو نرخە بەو ڕێژەیە بەرز نەبێتەوە.

بەڵام هەرچەندە ئەم باجانە بێواتە و ڕووخێنەرن، کەچی لە زۆر وڵاتدا هەن. لە فرانسە، ئەو بەشەی تایێ کە دەخرێتە سەر پیشەسازیی پیشەوەرێک و کارگەرێکی ڕۆژانەی گوندانی لادێ بە دروستی لەم جۆرە باجەیە. هەقدەستی ئەوان بەگوێرەی ئاستی باوی ئەو ناوچەیەی تیایدا نیشتەجێن دەستنیشان دەکرێ و، تا بکرێ کەمترین زێدەڕۆییان پێ بکرێ، مەزەندە دەکرێ دەستکەوتی ساڵانەیان لەوەی ٢٠٠ ڕۆژ ئیشکردن زیاتر نەبێ. بەهۆی هەلومەرجی جۆراوجۆرەوە، کە ئەو باجگرە یان سپێرراوەی حاکم بۆ یارمەتیدانی خۆی دەستنیشانی کردووە بڕیاریان لەسەر دەدا، باجی سەر هەر تاکێک لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ. لە بۆهیمیا بەهۆی گۆڕانکارییەک لە سیستمی دارایی کە لە ساڵی ١٧٤٨دا دەستی پێ کرد، باجێکی زۆر قورس خرایە سەر پیشەوەرانی پیشەسازییەوە. ئەو پیشەوەرانە کرانە چوار پۆل. بەرزترین پۆلیان ساڵانە ١٠٠ فلۆرینی دەدا، کە ئەگەر یەک فلۆرین ٢٢ پێنس و نیو بێ، دەکاتە نۆ پاوەن و حەوت شیلین و شەش پێنس. باجی سەر پۆلی دووەم ٧٠ فلۆرین بوو، ئەوەی سێیەم ٥٠ و، ئەوەی چوارەم کە پیشەوەری لادێیە و نزمترینی ئەو پۆلانەی شارە، ٢٥ فلۆرین بوو.

پاداشتی هونەرمەندی لێهاتوو و کەسانی خاوەن پیشەی ئازاد، وەک لە کتێبی یەکەمدا هەوڵی ڕوونکردنەوەیم دا، وەک پێویستییەک لە ڕێژەیەکدان بەرامبەر بە کرێی پیشە بێبایەخەکاندا. لەبەر ئەوە، باجێکی سەر ئەم پاداشتانە لەوانەیە هیچ کاریگەرییەکی نەبێ جگە لە کەمێک بەرزکردنەوەی، بەشێوەیەکی هاوڕێژە لەگەڵ باجەکەدا.. ئەگەر بەم شێوەیە بەرز نەبووەوە، ئەوە بەهۆی نەمانیانە لە ئاستێکی بەرامبەر پیشەکانی تر، خەڵک لە هونەری بەرز و پیشەی ئازاد دوور دەکەون و زۆری پێ ناچێ دەگەڕێنەوە ئەو ئاستە.

مووچەی فەرمانگەکان، هاوشێوەی ئەوانەی بازرگانی و پیشەوەری نین، کە بە کێبەرکێی ئازادی نێو بازاڕ ڕێک بخرێن، لەبەر ئەوە بەردەوام دادوەرانە هاوڕێژەی داخوازیی سروشتی بەگەرخستنەکەیان نین. لەوانەیە لە زۆربەی وڵاتاندا، لەوە بەرزتر بن کە دەیخوازێ. ئەو کەسانەی ئیدارەی حکوومەتیان بەدەستەوەیە، بەگشتی زیاد لە پێویست پاداشتی خۆیان و ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانیانن دەکەن. کەواتە، مووچەی فەرمانگەکان دەشێ لە زۆربەی دۆخەکاندا بەرگەی باجدان بگرێ. سەرباری ئەوە، ئەو کەسانەی پۆستی گشتییان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی دەستکەوتیان زۆرە، لە هەموو وڵاتاندا مایەی ئیرەیی گشتین و، باجێک لەسەر مووچەکانیان، تەنانەت ئەگەر تا ڕادەیەک بەرزتر بێ لە جۆرەکانی تری داهات، بەردەوام باجێکی زۆر باوە. بۆ نموونە، لە ئینگلتەرە کاتێک کە پێشبینی دەکرا بەهۆی باجی زەوییەوە هەموو جۆرە داهاتەکانی تر باجەکەیان ببێتە چوار شیلین بۆ هەر پاوەنێک، زۆر باو بوو کە باجی پێنج یان شەش شیلین بۆ هەر پاوەنێک بخرێتە سەر ئەو فەرمانبەرانەی مووچەی ساڵانەیان لە ١٠٠ پاوەن زیاترە، مووچەی لقە گەنجترەکانی بنەماڵەی شاهانە، مووچەی ئەفسەرانی سوپا و دەریاوانی و، هەندێ خەڵک کە کەمتر ئیرەییان پێ دەبرێ. جگە لەمانە لە ئینگلتەرە باجی ڕاستەوخۆ لەسەر هەقدەستی هیچ کارێک نییە.

بابەتی چوارەم
ئەو باجانەی کە دەبێ بێ جیاوازی بەسەر هەموو داهاتە جۆراوجۆرەکاندا بسەپێنرێن

ئەو باجانەی، بۆ ئەوە دانراون کە، بەبێ جیاوازی لەسەر هەموو جۆرە داهاتێک وەرگیرێن، بریتین لە، باجی سەرانە و، باجی سەر کاڵاکانی بەکاربردن. ئەم باجانە دەبێ بەبێ جیاوازی لەلایەن هەموو پشکدارێکەوە بدرێن، جا داهاتەکەی هەر چەندێک بێ، لە کرێی زەوییەکانیانەوە، لە قازانجی ماڵەکەیانەوە، یان لە هەقدەستی کارەکەیانەوە بێ.

باجی سەرانە

سەرانە، ئەگەر هەوڵ بدریٚ هاوڕێژە بکریٚ لەگەڵ سامان یان داهاتی هەر بەشداربوویەک، بە یەکجاری دەبێتە شتێکی ستەمکەرانە. دۆخی سامانی کەسێک لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێک گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینیٚ و، بەبیٚ هەبوونی پشکنەرێک کە بێزارکەرترە لە هەموو باجێک و، بەلای کەمەوە ساڵانە دووبارە دەکرێتەوە، تەنیا دەشیٚ خەمڵاندن بۆ ئەو سامانە بکریٚ. بۆیە، خەمڵاندنەکە دەبیٚ لە زۆربەی دۆخەکاندا پشت بە میزاجی باش یان خراپی خەمڵێنەرەکان ببەستیٚ، بۆیە دەبیٚ بەتەواوی ستەمکارانە بیٚ و ورد نەبیٚ.

باجی سەرانە، ئەگەر هاوڕێژە نەبیٚ لەگەڵ سامانی پێشبینیکراودا، بەڵکو هاوڕێژەی پلە و پایەی توێژی هەر بەشداربوویەک بیٚ، ئەوە بەتەواوی نایەکسان دەبیٚ، چونکە زۆربەی جاران خەڵک لە هەمان توێژدا سامانەکانیان یەکسان نین.

بۆیە، ئەم جۆرە باجانە، ئەگەر هەوڵ بدریٚ یەکسان بکرێن، ئەوە هەموویان ستەمکارانە و دوور لە وردی دەبن و، ئەگەر هەوڵ بدریٚ ورد بن و ستەمکارانە نەبن، هەموویان نایەکسان دەبن. باج سووک بیٚ یان قورس، نەبوونی وردی تیایاندا بەردەوام ستەمێکی گەورەیە. لە باجێکی سووکدا، لەوانەیە پشتیوانی لە ئاستێکی زۆری نایەکسانی بکریٚ، باجێکی قورسیش بەتەواوی قابیلی قبووڵ نییە.

لە سەرانە جۆراوجۆرەکانی کە لە ئینگلتەرە لە سەردەمی ویلیەمی سێیەمدا جێگیر بوون، بەشداربووان، بەشی زۆریان، بەگوێرەی توێژەکانیان، وەک دۆق، مارکیز، ئێرل، ڤیکۆنت، بارۆن، ئیسکوایەر، ڕێزدار، کوڕە گەورە و بچووکەکانی پیێرەکان و هتد، مەزەندەیان بۆ دەکرا. هەموو دوکانداران و بازرگانان زیاتر لە ٣٠٠ پاوەنیان بۆ دانرابوو، واتە، باشترینەکانیان هەمان ئەو سەرانەیەیان لیٚ دەسێنرا، بەبیٚ گوێدان بە جیاوازیی سامانەکانیان. گەلیٚ لەوانەی لە سەرەتای سەرانەدا بەگوێرەی سامانی خەمڵێنراویان پۆلێن کران دواتر بەگوێرەی توێژەکانیان پۆلێن کران. جەللادەکان، پارێزەرەکان و، سەرپەرشتیارانی یاسا، کە لە یەکەمین سەپاندنی سەرانەدا بۆ هەر پاوەنێکی داهاتی چاوەڕوانکراویان سیٚ شیلینیان بەسەردا سەپێنرا، دواتر وەک توێژی ڕێزداران ئەژمار کران. لە کاتی مەزەندەکردنی باجێک کە زۆر قورس نەبوو، نایەکسانییەکی زۆر دەرکەوت کە کەمتر لە هەر نادیارییەک بەرگەگیراو بوو.

ئەو سەرانەیەی کە لە فڕانسە لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بەبیٚ دابڕان کۆ کراوەتەوە، تاریفەیەکی جێگیر بەسەر بەرزترین توێژەکانی خەڵکدا، هەر کەسە و بەپێی ئاستی توێژەکەی دەسەپێنریٚ و، سەبارەت نزمترین توێژەکانی خەڵک، بەگوێرەی سامانە مەزەندەکراوەکانیان، کە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێک دەگۆڕرێن، دەسەپێنریٚ. فەرمانبەرانی بارەگەی شا، دادوەران و فەرمانبەرانی دادگە باڵاکانی تر، ئەفسەران، هتد، بە شێوەی

یەکەم پۆلێن دەکرێن. خەڵکی ئاستەکانی خوارتر بە شێوەی دووەم پۆلێن دەکرێن. لە فڕانسە، نایەکسانییەکی زۆر لە باجێکدا هەیە، کە زۆر قورس نییە، بەڵام بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە لەلایەن حاکمەوە دەسەپێنرێ. لەو وڵاتەدا، خەڵکی ئاستەکانی خوارەوە زۆر دەناڵن بەهۆی ئەوەوە کە خەڵکی سەرووی خۆیان بەگونجاوی دەزانن بیاندەنێ.

لە ئینگلتەرە، سەرانە جۆراوجۆرەکان هەرگیز ئەو برە پارەیەیان بەدەست نەهێناوە کە لێیان چاوەڕوان دەکرا، یان ئەوەی پێشبینی دەکرا ئەو باجانە بەرهەمیان بێنن، ئەگەر بەوردی کۆ بکرێنەوە. لە فڕانسە، سەرانە بەردەوام ئەو بڕەی بەرهەم هێناوە کە لێی چاوەڕوان کراوە. حکوومەتی دەستشلی ئینگلتەرە، کاتێک کە باجی سەرانەی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی دیاری کردووە، بەوەندە خۆی قایل کردووە کە ئەو خەمڵاندنە بەرهەمی دێنێ و، پێویستی بە هیچ قەرەبوویەک بۆ ئەو زیانە نەبووە کە لەوانەیە بکەوێتە سەر دەوڵەت بەهۆی ئەوانەوە کە ناتوانن بیدەن، یان ئەوانەی نایدەن (کە زۆر لەمانە هەبوون) و، کە بەهۆی دەستشلی لە جێبەجێکردنی یاساکە، ناچار نەدەکران بیدەن. حکوومەتی توندتری فڕانسە بڕێکی دیاریکراوی بەسەر هەر کەرتێکی گشتیدا سەپاندبوو، کە دەبێ حاکم بەدەستی بێنێ. ئەگەر پارێزگەیەک گازاندەی بکردایە لەوەی خەمڵاندنەکە زۆرە، لەوانە بوو لە خەمڵاندنی ساڵی دواتردا لە خەمڵاندنەکە شتێکی هاوڕێژە لەگەڵ زیادەی ساڵی پێشوو کەم بکرایەتەوە. بەڵام ئەوەی ساڵی یەکەم هەر دەبوو بدرێ. حاکم بۆ ئەوەی ئەو برە کۆ بکاتەوە کە بۆ ناوچەکەی دەستنیشان کراوە، کاری بۆ ئەوە دەکرد زیاتر وەرگرێ بۆ ئەوەی شکست و کورتهێنان لە وەرگرتنی بەشێکی بە زیادەی ئەوەی تر پڕ بکاتەوە و، تا ساڵی ١٧٦٥ چەسپاندنی ئەم زیادەیە هەمووی بۆ مەزەندەی ئەو بەجێ مابوو. لەو ساڵەدا، ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتەی بۆ خۆی گل دایەوە. نووسەری شارەزای "یادەوەری لەبارەی داواکردنەکان لە فڕانسەدا" تێبینیی کردووە کە لە سەرانەکانی پارێزگەکاندا، ئەو ڕێژەیەی دەکەوتە سەر خانەدانی و، ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەوانەی ئیمتیازەکانیان لە تایی بەخشیوبانی، کەمترینە. زۆرترینەکە دەکەوێتە سەر ئەوانەی تایی دەدەن، کە دەبێ سەرانەیەکی زیاتر سەرباری باجەکانی تر بدەن.

سەرانە، ئەوەندەی لە توێژە نزمەکانی خەڵک دەسێنرێ، باجێکی ڕاستەوخۆی سەر هەقدەستی کارە و، لەگەڵ هەموو ناجۆرییەکانی ئەو جۆرە باجانەدا دەسەپێنرێ.

تێچووی کۆکردنەوەی سەرانە کەمە و، لەو شوێنانەی بەوردی ئەنجام دەدرێ، داهاتێکی دیاریکراوی بۆ دەوڵەت هەیە. بەم پێیەش، لەو وڵاتانەی کە خۆشبژێوی و خۆشگوزەرانی و ئارامیی توێژە نزمەکانی خەڵک دابینن، باجی سەرانە زۆر باون. ئەو باجانە بەگشتی، بەشێکی کەمن لە داهاتی گشتی کە، لە ئیمپراتۆریایەکی گەورەدا، کۆ دەکرێنەوە و، دەرکەوتووە کە زۆرترین بڕ کە لە ڕێگەی ترەوە لەم باجانە بەدەست دێن بۆ خەڵک زۆر گونجاون.

باجی سەر کاڵاکانی بەکاربردن

مەحاڵبوونی وەرگرتنی باج لە خەڵک، بەشێوەیەکی هاوڕێژە لەگەڵ داهاتیاندا، لەڕێی هەر جۆرە سەرانەیەکەوە، لەوە دەچێ بووبێتە هۆکار بۆ داهێنانی باجێک لەسەر کاڵاکانی بەکاربردن. دەوڵەت کە ڕێگەیەکی بەدەستەوە نەبێ بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و هاوڕێژە باج لەسەر داهاتی هاووڵاتییانی وەرگرێ، هەوڵ دەدا ناڕاستەوخۆ ئەو باجە وەرگرێ، لەڕێی باج وەرگرتن لەسەر خەرجیی هاووڵاتییان، کە پێشبینی دەکرێ لە زۆربەی دۆخەکاندا لەگەڵ داهاتەکانیاندا هاوڕێژە بێ. باج لەسەر خەرجییەکانیان، لەڕێی باج وەرگرتن لەو کاڵایانەی بەکاربردنەوە وەردەگیرێ کە ئەوان داهاتی خۆیانی بۆ خەرج دەکەن.

کاڵاکانی بەکاربردن یان پێویستین یان بۆ خۆشژیانن.

پێم وایە کە مەبەست لە پێویستەکان تەنیا ئەو کاڵایانە نییە ژیان بەبێ ئەوان بەڕێوە ناچێ، بەڵکو هەموو ئەوانەشن کە نەریتی وڵاتەکە وای کردووە بۆ خەڵکی بەڕێز و تەنانەت خەڵکی ئاستە نزمەکان گونجاو نەبێ ئەو شتانەیان نەبێ. بۆ نموونە کراسێکی کەتان، ئەگەر ورد بین لە قسەکردندا، پێویستییەکی ژیان نییە. من وای بۆ دەچم کە گریک و ڕۆمانەکان خۆش ژیاون، سەرباری ئەوەی کەتانیان نەبووە. بەڵام لەم سەردەمانەی ئێستادا، لە بەشی زۆری ئەورووپا، کارگەرێکی بەڕۆژانەی گونجاو پێی شەرمە لەناو خەڵک بەبێ کراسێکی کەتان دەرکەوێ، کە نەبوونی ئەو کراسە پێشبینیی ئەوەی لێ دەکرێ ئاماژە بێ بۆ ئاستێکی شەرمەزارکەری هەژاری کە کەس بەبێ هەڵسوکەوتی زۆر خراپەوە تێی ناکەوێ. نەریت بەهەمان شێوە وای کردووە پێڵاوی چەرم ببێتە پێویستییەکی ژیان لە ئینگلتەرە. هەژارترین کەسی ئاسایی لە هەردوو ڕەگەز هەست بە شەرمەزاری دەکا ئەگەر بەبێ ئەو جۆرە پێڵاوە بچێتە ناو خەڵکەوە. لە سکۆتلاند، نەریت وای کردووە ئەو جۆرە پێڵاوە پێویستییەکی ژیانی نزمترین ئاستی پیاوان بێ، بەڵام بۆ هەمان ئاستی ژنان وا نییە و ژنان بەبێ هیچ شەرمێکەوە دەتوانن بەپێی پەتی بچنە دەرەوە. لە فڕانسە پێویستیی ژیان نییە نە بۆ پیاو و نە بۆ ژن، خەڵکی ئاستەکانی خوارەوە لە هەردوو ڕەگەز بەبێ ئەو پێڵاوانە بەبێ شەرم دەچنە ناو خەڵکەوە، هەندێ جار پێڵاوی دارین و هەندێ جار بە پێی پەتییەوە دەردەکەون. بۆیە من وای تێ دەگەم کە نەک تەنیا سروشت، بەڵکو یاساکانی ئاکار ئەو شتانەی کردووە بە پێویستیی ژیانی نزمترین ئاستەکانی خەڵک. هەموو شتەکانی تر من پێیان دەڵێم کەرەستەی خۆشژیان، بەبێ ئەوەی بەم ناونانە مەبەستم هەبێ کەمترین لۆمەی بەکارهێنانی گونجاویان بکەم. بۆ نموونە، بیرە لە بریتانیای مەزن و، شەراب تەنانەت لە وڵاتانی شەرابیشدا، کەرەستەی خۆشژیانن. پیاوێک لە هەر ئاستێکدا بێ، بەبێ ئەوەی لۆمە بکرێ، لەوانەیە خۆی لە تامکردنی مەی بەدوور بگرێ. سروشت

ئەمـانەی نەکـردووە بە پێویسـتی بـۆ پشـتیوانیی ژیـان و، نەریـت لە هـیچ شـوێنێک وای نەکردووە ژیان بەبێ ئەوان شەرمەزاری بێ.

کە هەقدەستی کار لە هەموو شوێنێکدا بەشێکی لەڕێی خواست لەسەری و، بەشێکی لەڕێی تێکڕای نرخی بابەتە پێویستەکانی بژێوی ڕێک دەخرێن، هەر شتێک ئەم نرخە تێکڕایە بەرز بکاتەوە دەبێ وەک پێویستییەک هەقدەست بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی کارگەر بتوانێ ئەو بڕەی پێداویستییەکان بکڕێ کە دۆخی خواست لەسەر کار، چ لە زیادبوون یان چەقبەستوو یان لە پاشەکشەدا بێ، داوا دەکا هەبێ. باجێک لەسەر ئەو پێداویستییانە وەک پێویستییەک نرخەکە تا ڕادەیەک لە بڕی ئەو باجە زیاتر بەرز دەکاتەوە، چونکە مامەڵەکەر، کە ئەو باجە دەدا، دەبێ بەگشتی بەقازانجێکەوە بەدەستی بهێنێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو جۆرە باجە هەقدەستی کار هاوڕێژە لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخ بەرز بکاتەوە.

بەم شـێوەیە، باجێـک لەسـەر پێداویسـتییەکانی ژیـان بەهەمـان شـێوەی بـاجێکی ڕاستەوخۆی سەر هەقدەستی کار ئیشی خۆی دەکا. کارگەریش، ئەگەر چی لەوانەیە خۆی ئەو باجە بدا، ناشێ، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، بگوترێ کە خۆی دەیدا. بەردەوام، لە مەودای دووردا، دەبێ لەلایەن بەگەڕخەری ڕاستەوخۆیەوە لە ئاستی هەقدەستەکەی بدرێ. بەگەڕخەرەکەی، ئەگەر پیشەساز بێ، ئەم زیادەیەی هەقدەست، لەگەڵ قازانجێکدا، دەخاتە سەر نرخی کالاکانی. بەمەش ئەوەی لە کۆتاییدا ئەو باجە و ئەو زیادەیە دەدا، بەکاربەرە. ئەگەر بەگەڕخەرەکەی جووتیار بێ، ئەوە باجەکە و زیادەکە لە کرێی خاوەن موڵک دەدرێن.

لەو باجانەی سەر ئەوانەی من پێیان دەڵێم کەرەستەی خۆشگوزەرانی، بەپێچەوانەوە دەکەونە سەر هەژارەکان. بەرزبوونەوە نرخی ئەو کالایانەی باجیان لێ دەسێنرێ مەرج نییە ببێتە مایەی بەرزبوونەوەی هەقدەستی کارگەر. بۆ نموونە، باجی سەر تووتن، ئەگەرچی بۆ هەژار و بۆ دەوڵەمەند کەرەستەیەکی خۆشگوزەرانییە، نابێتە مایەی بەرزبوونەوەی هەقدەست. ئەگەرچی باجەکەی لە ئینگلتەرە سێ هێندەی نرخەکەیەتی و لە فرانسە پازدە هێندەی نرخە بنەڕەتییەکەیەتی، لەوە ناچێ ئەو باجانە کار بکەنە سەر هەقدەستی کارگەر. دەکرێ هەمان شت لەسەر نرخی چایە و شەکریش بگوترێ، کە لە ئینگلتەرە و هۆلاند بوونەتە کەرەستەی خۆشگوزەرانی بۆ نزمترین ئاستەکانی خەڵک، هەروەها ئەوانەی سەر چۆکلێت، کە دەڵێن لە ئیسپانیا بووەتە کەرەستەی خۆشگوزەرانی. ئەو باجە جۆراوجۆرانەی لە بریتانیای مەزن لەماوەی ئەم سەدەیەدا بەسەر خواردنەوە کهولییەکاندا سەپێنراون، چاوەڕوان ناکرێ کاریگەرییان لەسەر هەقدەستی کار هەبێ. بەرزبوونەوەی نرخی بیرەی ڕەش، بەهۆی باجێکی زیادەی سێ شیلینی بۆ هەر بەرمیلێک

بیرەی قورس، نەبووە مایەی بەرزبوونەوەی هەقدەستی کاری ئاسایی لە لەندەن. ئەو هەقدەستە ڕۆژێک پێش سەپاندنی ئەو باجە ١٨ تا ٢٠ پێنس بوو، ئێستاش لەوە زیاتر نییە.

نرخی بەرزی ئەم جۆرە کاڵایانە نابێتە هۆکارێکی حەتمی بۆ کەمکردنەوەی توانای خەڵکی توێژەکانی خوارەوە بۆ بەخێوکردنی خێزانەکانیان. بۆ خەڵکی ئاسایی و پیشەوەری هەژار، باجی سەر ئەم جۆرە کاڵایانە وەک یاساکانی دەستگرتنەوەن و، بە کەمکردنەوەی مامناوەندی یان یەکجارەکیی شتی زیادە دەیدەن. توانای بەخێوکردنی خێزان، لە ئاکامی ئەم کردارە توندەوە، لەجیاتی ئەوەی کەم ببێتەوە، زۆربەی جاران بەهۆی ئەم باجەوە زیاتر دەبێ. خەڵکی ئاسایی و پیشەوەری هەژار بەگشتی خێزانی گەورە بەخێو دەکەن و، سەرچاوەی سەرەکیی تێرکردنی خواست لەسەر کاری بەسوودن. لەڕاستیدا، هەموو هەژاران ئاسایی و پیشەوەر نین و، لەوانەیە خراپەکاری و ناڕێکی ڕوویان لە بەکارهێنانی ئەم کاڵایانە بکەن، دوای بەرزبوونەوەی نرخیان، بەهەمان شێوەی پێشوو بەبێ گوێدان بەو تەنگانەیەی ئەم زێدەڕۆییە بۆ خێزانەکانیانی دروست دەکا. بەدەگمەن ئەو جۆرە خەڵکە ناڕێکە خێزانی گەورەیان هەیە، منداڵەکانیان بەگشتی بەهۆی پشتگوێخستن، خراپیی بەڕێوەبردنەوە و، کەمی و ناتەندروستیی خۆراکیانەوە لەناو دەچن. ئەگەر خۆیان بەهۆی بەهێزیی لەشیانەوە لەم سەختییانەی هەڵسوکەوتی ناڕێکی باوانیان دروستیان کردووە دەرباز ببن، ئاسەواری ئەو هەڵسوکەوتە خراپە لەسەر ئاکاریان هەر دەمێنن، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بە پیشەکانیان بۆ کۆمەڵگە بەسوود بن، بە خراپەکاری و ناڕێکییان دەبنە مایەی بشێوی لە کۆمەڵگەدا. ئەگەرچی نرخی بەرزی کەرەستەی خۆشگوزەرانیی هەژاران، لەوانەیە ناخۆشیی ئەم خێزانە ناڕێکانە زیاتر بکا، بەڵام نابێتە مایەی ڕێگری لە بەخێوکردنی منداڵەکانیان و، ژمارەی خەڵکی بەسوود بۆ وڵات زۆر کەم ناکاتەوە.

هەموو بەزربوونەوەیەکی نرخی پێویستییەکان، ئەگەر بە بەرزکردنەوەیەکی هاوڕێژەی هەقدەستی کار قەرەبوو نەکرێتەوە، پێویستە زۆر یان کەم توانای خەڵکی هەژار لە بەخێوکردنی خێزانی گەورە کەم بکاتەوە و، لەئاکامدا، بەردەستخستنی کاری بەسوود کەم دەبێتەوە سەرباری دۆخی خواست لەسەر کاری بەسوود چ ڕوو لە زیادبوون بێ یان جێگیر یان لە پاشەکشەدا بێ، یان بەبێ گوێدانە ئەوەی کە دەخوازێ دانیشتووان زیاد بکەن، یان وەک خۆیان بمێننەوە، یان کەم ببنەوە.

باجەکانی سەر کاڵای خۆشگوزەرانی ڕوویان لەوە نییە نرخی هیچ کاڵایەکی تر بەرز بکەنەوە ئەوانە نەبێ کە باجیان خراوەتە سەر. باجەکانی سەر پێویستییەکان، بە بەرزکردنەوەی هەقدەستی کار، وەک پێویستییەک ڕوویان لە بەرزکردنەوەی نرخی هەموو بەرهەمە پیشەسازییەکانە و، لەئاکامدا ئاستی فرۆشتن و بەکاربردنیان کەم دەکەنەوە. باجەکانی سەر کاڵای خۆشگوزەرانی لە کۆتاییدا بەبێ ئەوەی کە سزا بن، لەلایەن

بەکاربەرانی ئەو کاڵایانەوە دەدرێن کە باجەکانیان لەسەرە. ئەوان بەبێ جیاوازی دەکەونە سەر هەموو جۆرە داهاتێک، هەقدەستی کار، قازانجی ماڵ و، موڵکانەی زەوی. باجەکانی سەر پێداویستییەکان، هەرچەندە کار دەکەنە سەر کارگەرانی هەژار، لە کۆتاییدا بەشێکیان لەلایەن خاوەن موڵکەوە دەدرێ، بە کەمبوونەوەی کرێی زەوییەکانیان و، بەشەکەی تری لەلایەن بەکاربەرە دەوڵەمەندەکانەوە دەدرێ، چ خاوەن موڵک بن یان کەسانی تر بن، لەرێی نرخی بەرزی کاڵا پیشەسازییەکانەوە و، بەردەوام نرخێکی بەرزی بەرامبەر دەدەن. نرخی بەرزی ئەو جۆرە بەرهەمە پیشەسازییانە کە پێویستیی ڕاستەقینەی ژیانن و، بۆ بەکاربردنی هەژاران تەرخانن، وەک نرخی بەرهەمی خوری، بۆ نموونە، پێویستە لەرێی بەرزکردنەوەی زیاتری هەقدەستەکانیانەوە بۆیان قەرەبوو بکرێتەوە. توێژە مامناوەندی و دەوڵەمەندەکانی خەڵک، ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆیان تێ بگەن، دەبێ بەردەوام دژی ئەو باجانە بن کە لەسەر پێویستییەکانی ژیانن، بەهەمان شێوە دەبێ دژی ئەو باجانە بوەستنەوە کە ڕاستەوخۆ دەکەونە سەر هەقدەستی کار. ئەوەی لە کۆتاییدا هەردوو ئەو جۆرە باجانە دەدا ئەوانن و، بەردەوام بە زیادەیەکی زۆرەوە دەیاندەن. ئەو باجانە زیاتر دەکەونە سەر خاوەن موڵکەکان، کە بەردەوام بە دووقات دەیاندەن، وەک خاوەن موڵک لەرێی کەمبوونەوەی کرێوە و، وەک بەکاربەری دەوڵەمەندیش کە خەرجییان زیاد دەبێ. ئەو تێبینییەی سێر ماتیو دیکەر، کە دەڵێ ئەو باجە دیاریکراوانە، لە نرخی کاڵای دیاریکراودا، هەندێ جار چوار یان پێنج جاران دووبارە دەبنەوە و کەڵەکە دەبن، تەواو ڕاستە سەبارەت بەو باجانەی سەر پێویستییەکانی ژیان. لە نرخی پێستەدا، بۆ نموونە، تۆ تەنیا باجی سەر پێستەی پێڵاوەکەی خۆت نادەی، بەڵکو بەشێک لە باجەکانی سەر پێڵاودرووەکە و پێستەچییەکەش دەدەی. هەروەها دەبێ باجی سەر خوێ، سابوون و، مۆمەکانیش بدەی کە کرێکارەکان لەو کاتەی ئەو ئیشە بۆ تۆ دەکەن، بەکاریان دەبەن و، باجی سەر ئەو پێستەیەش دەدەی کە دروستکەری خوێ، سابونچی و، دروستکەری مۆم لەو کاتەی ئیش بۆ ئەوان دەکەن بەکاری دەبەن.

لە بریتانیای مەزندا، باجە بنەڕەتییەکانی سەر پێویستییەکانی ژیان ئەوانەن کە لەسەر ئەو چوار کاڵایەن کە ئێستا ئاماژەیان بۆ کرا: خوێ، پێستە، سابوون و، مۆم.

خوێ بابەتێکی دێرین و جیهانیی باجدەرە. خوێ لە کاتی ڕۆمانەکاندا باجی لەسەر بوو و، لەو بڕوایەدام کە ئێستاش لە هەموو بەشێکی ئەورووپا هەر وایە. ئەو بڕە خوێیەی ساڵانە هەر تاکێک بەکاری دەبا زۆر کەمە و، دەکرێ وردەوردە بیکڕێ، بەشێوەیەک وا بیر کراوەتەوە کە تەنانەت ئەگەر باجێکی زۆر قورسیشی لەسەر بێ کەس هەستی پێ ناکا. لە ئینگلتەرە باجی سەر یەک بوشڵ خوێ سێ شیلین و چوار پێنسە- نزیکەی سێ هێندەی نرخی بنەڕەتیی کاڵاکە. لە هەندێ وڵاتی تردا باجەکە لەمەش زۆرترە. پێستە پێویستییەکی

ڕاستەقینەی ژیانە. بەکارهێنانی کەتانیش وا لە سابوون دەکا. لەو وڵاتانەدا کە شەوی زستانیان درێژە، مۆم ئامرازێکی پێویستی بازرگانییە. باجی سەر پێستە و سابوون لە بریتانیای مەزندا سێ نیو پێنسییە بۆ هەر پاوەنێک، ئەوەی سەر مۆم یەک پێنسە، ئەو باجانەی سەر نرخی بنەڕەتیی پێستە، لەوانەیە بگەنە لەسەدا هەشت یان لەسەدا دە، ئەوەی سەر سابوون لەسەدا بیست یان بیست و پێنجە و، ئەوەی سەر مۆم لەسەدا چواردە یان پازدەیە، ئەم باجانە ئەگەرچی لەچاو ئەوەی سەر خوێ سووکن، هێشتا زۆر قورسن. کە هەر چوار کاڵاکە پێویستیی ڕاستەقینەی ژیانن، ئەم باجە قورسانە لەسەریان دەبێ تا ڕادەیەک خەرجیی هەژاران زیاتر بکا و، لەئاکامدا پێویستە هەقدەستی کاریان، زۆر یان کەم، زیاد بکا.

لە وڵاتێکدا کە زستانی زۆر سارد بێ، وەک بریتانیای مەزن، سووتەنی لەو وەرزەدا، پڕ بەواتەی وشەکە پێویستییەکی ژیانە، نەک تەنیا بەمەبەستی داکەندنی جلوبەرگ، بەڵکو بۆ پارووی ئاسانی گەلێ جۆری جیاوازی ئەو کارگەرانەی لە ناوماڵدا ئیش دەکەن و، خەڵووز هەرزانترین سووتەنییە. نرخی سووتەنی کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر نرخی ئەو کارە نییە کە لە سەرتاسەری بریتانیای مەزن پیشەسازان بەشێوەیەکی سەرەکی خۆیان وابەستەی وڵاتانی خەڵووز کردووە، بەشەکانی تری وڵات، لەبەر نرخی بەرزی ئەم بابەتە گرینگە، ناتوانن ئیش بەو هەرزانییە بکەن. هەروەها، لە هەندێ پیشەسازیدا خەڵووز کەرەستەیەکی پێویستی بازرگانییەکەیانە، وەک پیشەسازیی شووشە، ئاسن و، هەموو کانزاکانی تر. ئەگەر بەخشیشی حکوومەت لە هیچ دۆخێکدا گونجاو بێ بدرێ، ئەوە دەبێ بەرامبەر بە گواستنەوەی خەڵووز لەو بەشانەی وڵاتەوە کە تیایاندا زۆرە بۆ ئەو بەشانەی تیایاندا کەمە، بدرێ. بەڵام یاسادانەر، لەجیاتی بەخشیش، باجێکی سێ شیلین و سێ پێنسی لەسەر هەر تۆنێک خەڵووز داناوە کە لەڕێی کەناراوەکانەوە دەگوازرێتەوە، کە لە زۆربەی جۆرەکانی خەڵووزدا زیاترە لە لەسەدا شەستی نرخی بنەڕەتیی لە چاڵە خەڵووزەکاندا. ئەو خەڵووزەی لەڕێی وشکانییەوە، یان لەڕێی کەشتیوانیی ناوخۆییەوە دەگوازرێتەوە هیچ باجێک نادا. بەمەش لەو شوێنانەدا کە بەسروشت تیایاندا هەرزانە بەبێ باج بەکار دەبرێ و، لەو شوێنانەشدا کە تیایاندا بەسروشت گرانە باجێکی قورسی لەسەر دانراوە.

ئەم جۆرە باجانە، ئەگەرچی نرخی بژێوی بەرز دەکەنەوە و، لە ئاکامدا هەقدەستی کار زیاد دەکەن، بەڵام داهاتێکی باش بۆ حکوومەت دەستەبەر دەکەن کە ئاسان نییە لە هیچ ڕێیەکی ترەوە دەست بکەوێ. لەبەر ئەوە، لەوانەیە هۆکاری باش هەبن بۆ ئەوەی بەردەوامییان پێ بدرێ. بەخشیشی سەر هەناردەکردنی گەنمەشامی، ئەوەندەی لە دۆخی کردەنیی کشتوکاڵدا مەبەستیەتی نرخی ئەو بابەتە پێویستە بەرز بکاتەوە، هەموو ئاکامە خراپە هاوشێوەکانی لێ دەکەوێتەوە و، لەجیاتی دەستەبەرکردنی هیچ داهاتێک، زۆر جاران

دەبێتە هۆی خەرجییەکی زۆر بۆ حکوومەت. باجی زۆری سەر هاوردەکردنی گەنمەشامیی بیـانی، کە لە سـاڵانی هـاتی مامناوەندیـدا بەرز دەبێـتەوە بـۆ ئاسـتی قەدەخەکـردن و، قەدەخەکردنی ڕەهای هاوردەکردنی مـاڵاتی زیندوو یـان گۆشـتی سـوێرکراو، کە لە دۆخی ئاسایی یاسادا هەیە و، کە بەهۆی کەمیی ئێستایەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵپەسێرراوە بـۆ ئایرلانـد و کـێڵگە بریتانیاییەکـان، هەمـوو کـاریگەرییە خراپەکـانی بـاجی سـەر پێویسـتییەکانی ژیـانی هەیە و، هـیچ داهاتێـک بـۆ حکـوومەت پەیـدا ناکـا. هـیچ شـتێک بـۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاسایانە پێویست نییە جگە لە قایلکردنی خەڵک بە بێهوودەیی ئەو سیستمەی ئەوانی بەرهەم هێناوە.

باجەکـانی سـەر پێویسـتییەکانی ژیـان لە گەلـێ وڵاتـدا زۆر لەوانەی بریتانیـای مەزن بەرزترن. باجەکانی سەر ئارد و دانەوێڵەی هاڕراو کە لە ئاسیاودا دەهـاڕرێن، لەسـەر نـان لەو کاتەی لە تەنووردا دەبرژێ، لە زۆر وڵاتدا بوونیان هەیە. لە هۆڵاند نرخی بەپارەی ئەو نانەی لە شارۆکەکاندا بەکار دەبرێ، پێشبینی دەکرێ بەهـۆی ئەم جـۆرە بـاجەوە بـووبێتە دوو هێنـدە. ئەو خەڵـکەی لە لادێـدا دەژیـن، لەجیـاتی بەشـێکیان، سـاڵانە پێشـوەخت و بەگوێرەی ئەو جۆرە نانەی پێشبینی دەکرێ بەکاری ببەن بـاج دەدەن. ئەوانەی نـانی گەنـم بەکـار دەبەن سـێ گیڵـدەر و ١٥ سـتایڤەر دەدەن کە دەکـاتە نـزیکەی شـەش شـیلین و نـۆ پێنس و نیو. دەڵێن کە ئەمانە و هەندێ باجی تـری لە هەمـان جـۆر، لەڕێـی بەرزکـردنەوەی نرخـی کـارەوە، زۆرتـرین بەشـی پیشەسـازیی هۆڵانـدیان تێکشـکاندووە. بـاجی هاوشـێوە، ئەگەرچی ئەوەنـدە قـوڕس نـین، لە مـیلان و ویلایەتەکانی جەنەوا، لە دۆقنشـینی مۆدینـا، لە دۆقنشـینەکانی پارمـا، پلاسـێنتیا و، کەشـتاله و، لە دەوڵەتە کڵێسـاییەکاندا، بوونیـان هەیە. نووسەرێکی فڕانسەیی هەندێ تێبینی، پێشنیازی چاکسازیی دارایی لە وڵاتەکەیدا کـردووە، لەڕێـی گـۆڕانکاری لە بـواری بەشـی زۆری باجەکـانی تـری کە ڕووخێنەرتریـنی باجەکـانن. شیشـرۆن دەڵـێ، هـیچ لەوە بێـواتەتر نیـیە کە جارێـک لە جـاران لەلایەن فەیلەسـوفانەوە جەختی لەسەر نەکراوە.

باجی سەر گۆشت هێشتا باوترە لەوەی سەر نان. لەڕاستیدا جێی گومانە کە گۆشـت لە هیچ شوێنێکدا پێویستییەکی ژیان بێ. دانەوێڵە و سەوزییەکانی تر، بەیارمەتیی شـیر، پەنیر و، کەرە، یان ڕۆن کاتێک کە کەرە دەسـت نـاکەوێ، بە ئەزمـوون دەرکەوتـووە کە دەتـوانن بەبێ گۆشت زۆرترین، تەندروستیترین، چالاککەرترین و، وزەبەخشترین سیستمی خواردن پێک بهێنن. ئەوە دەرکەوتنـی گونجاوە وا دەکـا هـەر کەسـێک گۆشـت بخـوا، وەک چـۆن کە دەبێ کراسی کەتان لەبەر بکا و پێڵاوی چەرم لەپێ بکا.

کاڵاکـانی بەکـاربردن، چ پێویسـتەکان یـان ئەوانەی بـۆ خۆشـگوزەرانین، دەشـێ بە دوو شێوە باجیان لێ بسێنرێ. بەکاربەر دەتوانێ سـاڵانە بـڕە پـارەیەک لەبری بەکارهێنـان یـان

بەکاربردنی جۆرێکی دیاریکراوی کالا بدا، یان دەکرێ کالاکان کاتێک کە بە دەستی مامەڵەکەرەوەن و، پێش ئەوەی بدرێن بە بەکاربەر، باجیان لەسەر وەرگیرێ. ئەو کالایانەی بەکاربردن کە ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە پێش ئەوەی بەتەواوی بەکار ببرێن، گونجاوترە بە یەکێک لەم دوو شێوەیە باجیان لێ بگیرێ و، ئەوانەشی بەکاربردنیان ڕاستەوخۆیە یان خێرایە بە ڕێیەکەی تر. بۆ نموونە باجی عارەبانە و باجی پلێت بەشێوەی یەکەم بن، زۆربەی باج و ڕەسمەکانی تریش بەشێوەی دووەم بن.

عارەبانەیەک، ئەگەر بەباشی چاودێری بکرێ، لەوانەیە دە یان دوانزە ساڵ بمێنێتەوە. دەکرێ بە یەک جار پێش ئەوەی لە دەستی دروستکەری عارەبانە بێتە دەرەوە، باجەکەی بسێنرێ. بەڵام بێگومان شیاوترە بۆ کڕیارەکەی لەبری ئیمتیازی خاوەندارییی عارەبانەیەک ساڵانە چوار پاوەن بدا، نەوەکو بە یەک جار، سەرباری نرخەکە، ٤٠ یان ٤٨ پاوەن، یان ئەو بڕەی یەکسانە بەو باجەی لەوانەیە لە ماوەی بەکارهێنانی ئەو عارەبانەیەدا بیدا، بە دروستکەری عارەبانەکە بدا. پلێتیش بەهەمان شێوە، لەوانەیە زیاتر لە سەدەیەک بمێنێ. بێگومان بۆ بەکاربەرەکەی ئاسانترە، هەموو ساڵێک لەبری هەر ١٠٠ ئۆنسێک لە کێشی پلێتەکە پێنج شیلین بدا، کە نزیکەی لەسەدا یەکی بەهاکەیەتی، نەوەکو ئەو ساڵانە درێژخایانە بە ساڵانەی ٢٥ یان ٣٠ ساڵ بکڕێتەوە، کە بەلای کەمەوە نرخەکە بە ڕێژەی لەسەدا ٢٥ یان ٣٠ بەرز دەکاتەوە. باجە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە خانووەوە، ڕەحەتترە بە ساڵانەیەکی گونجاو بدرێن نەوەکو بە باجێکی قورسی هاوبەها لە کاتی دروستکردن یان فرۆشتنی خانووەکەدا.

پێشنیازە بەناوبانگەکەی بەڕێز ماتیو دیکەر ئەوە بوو کە باجی هەموو کالایەک، تەنانەت باجی ئەوانەی بەکاربردنیان ڕاستەوخۆیە یا زۆر خێرایە، دەبێ بەم شێوەیە بدرێ، مامەڵەکار هیچ نەدا، بەڵام بەکاربەر ساڵانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدا بەرامبەر بە مۆڵەتی بەکاربردنی هەندێ کالای دیاریکراو. ئامانجی پلانەکەی ئەوە بوو هەموو لقە جۆراوجۆرەکانی بازرگانیی دەرەکی بەهێزتر بکا، بەتایبەتی بازرگانیی باربەری، بە هەڵگرتنی هەموو باجەکانی سەر هاوردەکردن و هەناردەکردن و، بەوەش یارمەتیی بازرگان دەدا بتوانێ تەواوی سەرمایە و قەرزەکەی لە کڕینی کالا و باری کەشتییەکاندا بەگەڕ بخا، بەبێ ئەوەی هیچ بەشێکیان بۆ باجدان بێ. بەڵام بەم شێوەیە پرۆژەی باج وەرگرتن لەسەر کالاکانی بەکاربردنی ڕاستەوخۆ یان خێرا، لەوە دەچێ ڕووبەڕووی ئەم چوار ڕەخنەیە ببێتەوە. یەکەم، باجەکە زۆر نایەکسان دەبێ، یان بەباشی هاوڕێژەی خەرجی و بەکاربردنی بەشداربووە جۆراوجۆرەکان نابێ بەو شێوەیەی بە گشتی سەپێنراون. باجی سەر بیرە، شەراب و، خواردنەوە کهولیەکان کە لەلایەن مامەڵەکارانەوە دەدرێ، لە کۆتاییدا لەلایەن بەکاربەرە جۆراوجۆرەکانەوە بەتەواوی هاوڕێژە لەگەڵ

بەکاربردنەکەیـان دەدرێ. بەڵام ئەگەر بـاجەکە لەڕێـی کڕینـی مـۆڵەتی خـواردنەوەی ئەو خواردنەوانەوە بدرێ، ئەو کەسـەی کەم دەخـواتەوە زۆر لە بەکاربەرە مەیخۆرەکە زیـاتر دەدا. خێزانێـک کە بەمیـوانن بـاجی کەمتـر دەدەن لەوەی میوانیـان کەم دێـن. دووەم، ئەم شێوازەی باجگری، بە پارەدان بەرامبەر بە مۆڵەتی سـاڵانە، نیو سـاڵی، یـان چارەکە سـاڵی بـۆ بەکـاربردنی کـاڵای دیـاریکراو، بەڕادەیەکـی زۆر یەکێـک لە سـوودەکانی بـاجی سـەر کاڵاکانی بەکاربردنی خێرا، کە وردەوردە دەدرێ، کەم دەکاتەوە. لە نرخی سێ پێنس، ئەو نیو پێنسەی کە ئێستا بە بوتڵێک پۆرتەر (جۆرێکە لە مەی) دەدرێ، باجە جۆراوجۆرەکانی سەر مۆڵت، هۆپ و، بیرە، لەگەڵ قازانجە سەرووئاساییەکانی کارگەی بیرە، لەوانەیە بگاتە سێ نیو پێنسی. ئەگەر کرێکارێک بتوانێ ئەم سێ نیو پێنسە کۆ بکاتەوە، بوتڵێک پۆرتەر دەکڕێ، ئەگەر نەتوانێ ئەمە بکا، خۆی بە نیو قـاپ قایل دەکا و، کە پێنسێک گل بداتەوە پێنسێکی دەست دەکەوێ، بەو دەستگرتنەوەیە فارتینگێکی دەسـت دەکەوێ. ئەو ئەوەنـدەی پێـی بکـرێ وردەوردە بـاجەکە دەدا و، لەو کـاتەدا کە دەتـوانێ بیـدا و، هەمـوو باجـدانێکی کارێکی خۆبەخشانە دەبێ و، هەر کاتێک پێی خۆش بێ دەتوانێ نەیدا. سێیەم، ئەم جۆرە باجانە کەمتر وەکو یاسـای جوانکاری هەڵسوکەوت دەکەن. کاتێک کە مۆڵەتێک دەکڕدرێ، کڕیارەکە زۆر بخواتەوە یان کەم، باجەکەی هەمـان بـاج دەبێ. چوارەم، ئەگەر کارگەرێک، بەشێوەی ساڵانە یان نیو ساڵانە یان چارەکە ساڵانە، بە یەک جار هەموو ئەو باجە بدا کە یەکسانە بەوەی ئێستا، لەگەڵ نـارەحەتییەکی کەم یـان بەبێ نـاڕەحەتی، لەسـەر قـاپ و نیو قـاپە جیاجیاکـانی پۆرتەر کە لە هەر مـاوەیەکی لەو جـۆرەدا دەیـانخواتەوە دەیـدا، لەوانەیە زۆربەی جاران ئەو برە پارەیە زۆر سەخڵەتی بکا. لەبەر ئەوە، ئاشکرایە کە ئەم شێوەیەی باجگری هەرگیز بەبێ سـەرکوتینەوەیەکی زۆر داهاتێک بەرهەم نـاهێنێ کە نزیکە یەکسـان بێ بەوەی لە شێوازی ئێستادا بەبێ هیچ سـەرکوتینەوەیەک بەدەسـت دێ. لەگەڵ ئەوەشـدا، لە گەلێ وڵاتدا، ئەو کاڵایانەی ڕاستەوخۆ یـان زۆر بە خێرایی بەکـار دەبرێن، بەم شـێوەیە باجیـان لـێ دەگیـرێ. لە هۆڵانـد، هەر کەسـێک برێکـی زۆر لە بەرامبەر خـواردنەوەی چایە دەدا. من پێشتر ئاماژەم بۆ باجێک کردووە لەسەر نان، کە ئەوەندەی لە خانووەکانی کێڵگە و گوندەکانی لادێدا بەکار ببرێ بەم شێوەیە باجی لێ دەسێنرێ.

باجی ڕەسمەکان بۆ مـاوەگەلی کورت دەخـرێنە سـەر ئەو کاڵایـانەی لە مـاڵەوە بەرهەم دێن و بۆ بەکاربردنی ماڵین. ئەمانە بەسـەر ژمارەیەکی کەمی جۆرەکانی کاڵادا دەسەپێنرێن کە بەکارهێنانیـان زۆر گشـتییە. نـابێ هـیچ گومانێـک لەو کاڵایـانە هەبـێ کە ئەم باجانەیـان دەخرێتە سەر، یان لەو باجە دیاریکراوانەی کە دەخرێنە سەر هەر جۆرە کاڵایەک. نزیکەی هەموویان دەکەونە سەر ئەوەی من پێی دەڵێم بابەتی خۆشـحاڵی، جگە لەو چوار بـاجەی

که له سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، لەسەر خوێ، سابوون، پێستە، مۆم و، لەوانەیە لەسەر شووشەی سەوزیش.

باجەکانی گومرک زۆر لەم ڕەسمانە کۆنترن. لەوە دەچێ دانی ئەم باجانە لە کاتێکی بەبیرنەهاتووەوە بووبێتە نەریت. وا دیارە کە ئەم باجانە لە بنەڕەتدا وەک باجی سەر قازانجی بازرگانان دانرابن. لە سەردەمی کێوییەتی بێسەروبەری سیاسیی فیوداڵدا، بازرگانان وەک هەموو دانیشتووانی شارۆکەکان کەمێک لە کۆیلە ئازادکراوەکان باشتر دەبینران، کە بە چاوی سووک تەماشا دەکران و، دەستکەوتەکانیان چاویان لەسەر بوو. خانەدانانی گەورە کە قایل دەبوون پاشا تایێ بخاتە سەر قازانجی کرێچییەکانیان، پێیان ناخۆش نەبوو کە بەهەمان شێوە تایێ بخاتە سەر ئەو توێژەی کەمتر لە بەرژەوەندی ئەوان بوو پارێزگارییان لێ بکەن. لەو سەردەمی نەفامییەدا لەوە تێنەگەیشترابوو کە قازانجی بازرگانان بابەتێک نین ڕاستەوخۆ باجیان لەسەر بێ، یان کە ئەو باجدانە دەبێ لە کۆتاییدا، بە زیادەیەکی زۆرەوە بکەوێتە سەر بەکاربەران.

بە چاوێکی ناحەزانەتر لەوەی سەیری دەستکەوتەکانی بازرگانانی ئینگلتەرەی پێ دەکرا، تەماشای دەستکەوتەکانی بازرگانە بێگانەکان دەکرا. لەبەر ئەوە سروشتی بوو کە دەستکەوتی ئەمانەی دوایی باجی قورستر لەوەی سەر دەستکەوتی ئەوانەی پێشوویان بخرێتە سەر. ئەم جیاکارییە لەنێوان باجی سەر بێگانەکان و ئەوانەی سەر بازرگانە ئینگلیزەکان، کە لە نەفامییەوە سەری هەڵدا، بەهۆی گیانی قۆرخکارانەوە بەردەوامیی بوو، یان بۆ ئەوە بەردەوامیی پێ درا کە بازرگانانمان لە بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوە ئیمتیازێکیان هەبێ.

بەم جیاکارییەوە باجی گومرک بە یەکسانی بەسەر هەموو جۆرە کاڵایەکی، پێویست و ناپێویست، هاوردەکراو و هەناردەکراودا سەپێنران. لەوانەیە وا بیر کرابێتەوە کە بۆ دەبێ مامەڵەکاران بە جۆرە کاڵایەک پەسەندتر بن لەوانەی بە کاڵایەکی ترەوە مامەڵە دەکەن؟ یان، بۆ دەبێ بازرگانی هەناردەکار پەسەندتر بێ لە بازرگانی هاوردەکار؟

باجی کۆنی گومرک بەسەر سێ لقدا دابەش بوو. یەکەم، کە لەوانەیە کۆنترینی ئەو باجانە بێ، باجی سەر خوری و پێستە بوو. کە ڕەنگە بەشێوەیەکی سەرەکی هەموو باجی هەناردەکردن بووبێ. لە سەروبەندی دامەزراندنی پیشەسازیی خوری لە ئینگلتەرە، بۆ ئەوەی پاشا هیچ بەشێکی باجی گومرکی خۆی لەدەست نەچێ، کە لە ڕێی هەناردەکردنی کوتاڵی خورییەوە بوو، باجێکی هاوشێوە بەسەریاندا سەپێنرا. دوو لقەکەی تر بریتی بوون لە، یەکەم، باجێک لەسەر شەراب کە باجێکی زۆر بوو لەسەر هەر تونێک، پێی دەگوترا تۆنانە (tonnage) و، دووەم، باجێک بوو لەسەر هەموو جۆرە کاڵایەک، کە بڕێک بوو لەسەر هەر پاوەنێک بەهای پێشبینیکراوی ئەو کاڵایانە، پێی دەگوترا پاوەنانە

(poundage).له ساڵی ٤٧ـەمینی ئێدواردی سێیەمدا باجێکی شەش پێنسی بۆ هەر پاوەنێک بەسەر هەموو ئەو کاڵایانەدا سەپێنرا کە هەنارده و هاورده دەکران، جگە لە خوری، پێستەی بەخوری، پێستە و، شەراب، کە باجی تایبەتییان لەسەر بوو. لە چواردەیەمینی ریچاردی دووەمدا ئەم باجە زیاد کرا بۆ یەک شیلین بۆ هەر پاوەنێک، بەڵام دوای ئەوە بە سێ ساڵ دووبارە کەم کرایەوە بۆ شەش پێنس. لە ساڵی دووەمی هنریی چوارەمدا، بەرز کرایەوە بۆ ١٨ پێنس و، لە ساڵی چوارەمی هەمان ئەو میرەدا کرایەوە بە یەک شیلین. لەو کاتەوە تا ساڵی نۆیەمی ویلیەمی سێیەم ئەم باجە وەکو خۆی مایەوە، یەک شیلین بۆ هەر پاوەنێک. باجەکانی تۆنانە و پاوەنانە بەگشتی بە یەک بڕیاری پەرلەمان و بە هەمان ئەو بڕیارە بە پاشا دەدران و، پێیان دەگوترا پشتیوانیی تۆنانە و پاوەنانە. پشتیوانیی پاوەنانە تا ماوەیەکی زۆر لەسەر یەک شیلین بۆ هەر پاوەنێک، یان لەسەدا پێنج، بەردەوامیی هەبوو، پشتیوانی لە زمانی گومرکدا بەواتەی باجێکی گشتیی لەسەدا پێنجی دەهات. ئەم پشتیوانییە، کە ئێستا بە پشتیوانیی کۆن دەناسرێ، ئێستاش بەگوێرەی کتێبی نرخەکان، کە لە دوازدەیەمی چالزی دووەمدا دامەزراوە، کۆ دەکرێتەوە. شێوازی خەملاندنی بەهای کاڵاکانی کە باجیان لەسەر، بە کتێبی نرخەکان، وەک دەڵێن بۆ پێش سەردەمی جەیمسی یەکەم دەگەڕێتەوە. پشتیوانیی نوێ لە نۆیەم و دەیەمی ویلیەمی سێیەمدا سەپێنرا و، لەسەدا پێنجێکی سەرباری خستە سەر زۆرترین بەشی کاڵاکان. پشتیوانیی سێیەکێک و دوو سێیەک، لەنێوان ئەو دووەدا لەسەدا پێنجێکی تری داهێنا. پشتیوانییەکەی ساڵی ١٧٤٧، لەسەدا پێنجێکی چوارەمی خستە سەر بەشی هەرە زۆری کاڵاکان و، ئەوەی ساڵی ١٧٥٩ لەسەدا پێنجێکی پێنجەمی خستە سەر هەندێ جۆری دیاریکراوی کاڵاکان. جگە لەم پێنج پشتیوانییە، چەندان جۆری تری باج جاروبار دەخرانە سەر هەندێ جۆری دیاریکراوی کاڵا، بۆ ئەوەی هەندێ جار خەرجییەکانی دەوڵەت سووک بکەنەوە و، هەندێ جار بازرگانیی وڵات بەپێی بنەماکانی سیستمی بازرگانی ڕێک بخەن.

ئەو سیستمە وردەوردە هاتە مەیدانەوە. پشتیوانیی کۆن بەبێ جیاوازی بەسەر هەناردەکردن و هاوردەکردندا سەپێنرابوو. چوار پشتیوانییە یەک لەدوای یەکەکانی تر، کە جاربەجار بەسەر جۆری دیاریکراوی کاڵادا دەسەپێنران، لەگەڵ هەندێ هەڵاوێردکردندا، هەموویان بەسەر هاوردەکردندا سەپێنرابوون. زۆرترین بەشی باجە کۆنەکان، کە بەسەر هەناردەکردنی کاڵای بەرهەمی خۆماڵی و بەرهەمی پیشەسازیدا سەپێنرابوون، یان سووک کرانەوە یانیش بەتەواوی هەڵگیران. لە زۆربەی دۆخەکانیشدا هەڵگیران. تەنانەت لە بەرامبەر هەناردەکردنی هەندێکیاندا بەخشیشی حکوومەتیش دەدرا. گێڕانەوەی باجیش، هەندێ جار هەمووی و، زۆربەی جاران بەشێک لەو باجانەی لە بەرامبەر هاوردەکردنی کاڵای بیانیدا درابوون، لە کاتی هەناردەکردنیان وەردەگێرانەوە. تەنیا نیوەی ئەو باجانەی

بەپێی پشتیوانیی کۆن بەسەر هاوردەکردندا سەپێنرابوون، لە کاتی هەناردەکردندا دەدرانەوە، بەڵام هەموو ئەوەی بە پشتیوانییەکانی دواتر بەسەر زۆربەی کاڵاکاندا سەپێنرابوون، بەهەمان شێوە دەدرانەوە. ئەم پەسەندکردنە ڕوو لە زیادبوونە بۆ هەناردەکردن و، سستکردنی هاوردەکردن، تەنیا چەند هەڵاوێردکردنێکی کەمیان هەبوو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی کەرەستەکانی هەندێ پیشەسازییان دەگرتەوە. ئەمانە ئەوانەن کە بازرگان و پیشەسازانمان پێیان خۆش بوو تا بکرێ بە هەرزان بکەونە دەستیان و، تا بکرێ بە گران بکەوێتە دەستی ململانێکەران و کێبەرکێکەرانیان لە وڵاتانی تردا. بەم پێیە، هەندێ جار ڕێگە دەدرا کەرەستەی بیانی بەبێ باج هاوردە بکرێن، بۆ نموونە، خوری، کەتان، ڕێسی خاوی کەتانی ئیسپانیا لەو کەرەستانە بوون. هەناردەکردنی کەرەستەکانی بەرهەمی خۆماڵی و، ئەوانەی بەرهەمی تایبەتی کۆلۆنییەکانمانن، هەندێ جار قەدەخە دەکرا و، هەندێ جار بەرزترین باجی بەسەردا دەسەپێنرا. هەناردەکردنی خوریی ئینگلیزی قەدەخە بوو. هەناردەکردنی پێستەی بیڤەر، خوریی بیڤەر و، بنێشتی سینیگا بەرزترین باجی لەسەر بوو. بریتانیای مەزن لەڕێی داگیرکردنی کەنەدا و سەنیگالەوە، نزیکەی قۆرخکاریی ئەم کاڵایانەی بەدەست هێنابوو.

من لە کتێبی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵم داوە پێشانی بدەم کە سیستمی بازرگانی زۆر بۆ داهاتی زۆرینەی خەڵک گونجاو نەبوو، بۆ بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات. لەوەش ناچێ کە زۆر بۆ داهاتی سەروەریش گونجاو بووبێ، بەلای کەمەوە لەبەر ئەوەی ئەم داهاتە پشتی بە باجەکانی گومرک بەستووە.

لەئاکامی ئەم سیستمە، هاوردەکردنی چەندان جۆر کاڵا بەتەواوی قەدەخە کرا. ئەم قەدەخەکردنە لە هەندێ دۆخدا بەتەواوی ڕێگر بوو و، لە هەندێ دۆخی تردا بەڕادەیەکی زۆر هاوردەکردنی ئەو کاڵایانەی کەم کردەوە بەوەی هاوردەکارانی ناچاری قاچاخچییەتی کرد. ئەو سیستمە بەتەواوی ڕێگەی هاوردەکردنی بەرهەمەکانی خوریی گرت و، بەڕادەیەکی زۆر هاوردەکردنی بەرهەمی ئاوریشم و مەخمەڵی بیانیی کەم کردەوە. لە هەردوو دۆخدا داهاتی گومرکی سەر ئەو جۆرە کاڵایانەی لەناو برد.

ئەو باجە قورسانەی کە بەسەر هاوردەکردنی گەلێ کاڵای جۆراوجۆردا سەپێنراون، بۆ سستکردنی بەکاربردنیان لە بریتانیای مەزندا، لە گەلێ دۆخدا تەنیا هانی بەقاچاخبردنیان داوە و، لە هەموو دۆخەکاندا داهاتی گومرکیان کەم کردووەتەوە بۆ خوارووی ئەوەی باجە مامناوەندییەکان دەستەبەریان دەکەن. گوتەکەی دکتۆر سویفت، کە دەڵێ لە بیرکاریی گومرکدا دوو کۆ دوو لەجیاتی ئەوەی بکاتە چوار، هەندێ جاران تەنیا دەکاتە یەک، تەواو دروستە بۆ ئەو جۆرە باجە قورسانە کە هەرگیز ناکرێ بسەپێنرێن بەبێ ئەوەی سیستمی

بازرگانی پێمانی بڵێ، کە باجگری لە گەلێ دۆخدا وەک ئامرازێک بەکار بێنین، بۆ داهات نا، بەڵکو بۆ قۆرخکاری.

ئەو بەخشیشانەی هەندێ جار لە بەرامبەر هەناردەکردنی بەرهەم و پیشەسازیی خۆماڵیدا دەدرێن و، ئەو گێڕانەوەی باجەی لە بەرامبەر هەناردەکردنەوەی زۆربەی کاڵا بیانییەکان هەیە، بواریان بۆ گەلێ فێڵکاری سازاندووە و، بۆ جۆرێک بەقاچاخبردن کە لە هەموو شتێک ڕووخێنەرترە بۆ داهاتی گشتی. ئاشکرایە کە بۆ بەدەستهێنانی بەخشیش یان وەرگرتنەوەی باج، هەندێ جار کاڵاکان لە کەشتی بار کراون و ڕەوانەی دەریا کراون، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت ئەو کەشتییانە بەدزییەوە لە بەشێکی تری وڵاتدا لەنگەریان گرتووەتەوە. دزیکردن لە داهاتی گومرک، لەڕێی بەخشیش و گێڕانەوەی باجەکانەوە، کە بەشێکی زۆریان بە فێڵ دەست دەکەون، گەلێ زۆرە. کۆی بەرهەمی گومرک لەو ساڵەی لە پێنجی کانوونی دووەمی ١٧٥٥دا کۆتایی هات، گەیشتە ٥٠٦٨٠٠٠ پاوەن. ئەو بەخشیشانەی لەم داهاتە دراون، کە لەو ساڵەدا بەخشیش بۆ گەنمەشامی نەدراوە گەیشتە ١٦٧٨٠٠ پاوەن. گێڕانەوەی باج لەبری سەنەد و گەواهینامە، گەیشتە ٢١٥٦٨٠٠ پاوەن. بەخشیش و گێڕانەوەی باج بەیەکەوە، ٢٣٢٤٦٠٠ پاوەن بوو. لە ئاکامی ئەم لێدەرکردنانە داهاتی گومرک بووە تەنیا ٢٧٤٣٤٠٠ پاوەن، لەمەش ٢٨٧٩٠٠ پاوەن بۆ خەرجیی کارگێڕی لە مووچە و شتی تر دەرکرا و، داهاتی پوختی گومرک بۆ ئەو ساڵە بووە نزیکەی ٢٤٥٥٥٠٠ پاوەن. بەم شێوەیە خەرجیی کارگێڕی دەگاتە نێوان لەسەدا پێنج و شەشی تەواوی داهاتی گومرک و، بەوەوە کە بۆ بەخشیش و گەڕاندنەوەی باج لێی دەرکراوە دەگاتە لەسەدا دە.

لەبەر ئەوەی باجی قورس لەسەر نزیکەی هەموو کاڵا هاوردەکاندا هەیە، بازرگانە هاوردەکارەکانمان ئەوەندەی پێیان دەکرا زیاتر بەقاچاخ کاڵایان دەهێنا و کەمتر لەڕێگەی ئاساییەوە کاڵایان هاوردە دەکرد. بازرگانە هاوردەکارەکانمان بەپێچەوانەوە، کاڵای زیاتریان دەهێنایە ژوورەوە، زیاتر لەوەی کە هەناردەیان دەکرد، هەندێ جار ئەمەیان بێباکانە و، بۆ ئەوەی کاڵا بەبێ باج بۆ مامەڵەکارە گەورەکان ڕەت بکەن و، هەندێ جاریش بۆ بەدەستهێنانی بەخشیش یان گێڕانەوەی باج ئەمانەیان دەکرد. لە ئاکامدا هەناردەکانمان بەهۆی ئەم فێڵانەوە، بەگوێرەی تۆماری خانەی گومرک، لەوە دەچوو زۆر باڵانسەکە بەرامبەر بە هاوردەکانمان لاسەنگ بکەن، کە ئەمەش مایەی خۆشحاڵیی لەڕادەبەدەری ئەو سیاسییانە بوو کە گەشەی نیشتمان بەوە دەپێون کە پێی دەڵێن باڵانسی بازرگانی.

هەموو کاڵا هاوردەکراوەکان، مەگەر ئەوانەی بەتایبەت هەڵاوێرد کراون و، ئەو جۆرە هەڵاوێردکردنانەش زۆر نین، باجی گومرکیان لەسەرە. ئەگەر کاڵایەک کە لە کتێبی نرخەکاندا ناوی نەبێ، هاوردە بکرێ، ئەوە لەسەر هەر ٢٠ شیلینێکی بەهاکەی، کە بە سوێندخواردنی هاوردەکارەکە دیاری دەکرێ، نزیکەی چوار شیلین و نیو باجی دەخرێتە

سەر، واتە نزیک لە پێنج پشتیوانی، یان پێنج باجی پاوەنانە. کتێبی نرخەکان زۆر گشتگیرە و، بابەتی گەلێ زۆری تێدا ڕیزبەند کراون، کە هەندێکیان بە کەمی بەکار دێن و لەبەر ئەوە زۆر ناسراو نین. بەم پێیەش دیار نییە بابەتێک لەوانە بە دیاریکراوی لەگەڵ کام پۆلدا دەبێ پۆلێن بکرێ و، لەئاکامدا دیار نابێ کام باج دەکەوێتە سەری. هەندێ جار هەڵە لەم ڕووەوە بۆ فەرمانبەری خانەی گومرک ڕووخێنەر دەبێ و، زۆر جار دەبێتە هۆی گرفت، خەرجی و، گرتنی هاوردەکارەکە. لەبەر ئەوە، لەڕووی ڕوونی، وردی و، جیاکردنەوەوە باجەکانی گومرک لە خوارووی هەموو ڕەسمەکانەوەن.

بۆ ئەوەی بەشی زۆری ئەندامانی هەر کۆمەڵگەیەک بەشداری لە داهاتی گشتیدا بکەن، هاوڕێژە لەگەڵ خەرجییەکانی خۆیان، لەوە ناچێ پێویست بێ هەموو بابەتێکی ئەو خەرجییە باجی لێ بگیرێ. ئەو داهاتەی کە لەڕێی باجی ڕەسمەکانەوە کۆ دەکرێتەوە، پێشبینی دەکرێ هاوشێوەی ئەوەی لە باجی گومرک کۆ دەکرێتەوە، بەشێوەیەکی یەکسان بکەوێتە سەر بەشداربووان و، باجەکانی ڕەسم خراونەتە سەر بابەتگەلێکی کەم کە بەکارهێنان و بەکاربردنیان گشتین. خەڵکێکی زۆر پێیان وا بوو کە، لەڕێی بەڕێوەبردنی گونجاوەوە، لەوانەیە شیاو بێ باجەکانی گومرک بەهەمان شێوە و بەبێ هیچ لەدەستدانێکی داهاتی گشتی و، لەگەڵ سوودی زۆری بازرگانیی دەرەکی تەنیا لە ژمارەیەکی کەمی بابەتەکاندا قەتیس بکرێ.

ئەو بابەتە بیانییانەی بەکارهێنان و بەکاربردنیان لە بریتانیای مەزندا گشتیترینن، لەوە دەچێ ئێستا بەشێوەیەکی سەرەکی بریتی بن لە شەراب و براندیی بیانی، لە هەندێ بەرهەمی ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا – شەکر، ڕەم، تووتن، گوێزی هیندی، هتد و، هەندێ لەوانەی هیندی ڕۆژهەڵات – چا، قاوە، قاپوقاجاخی چینی، بەهاراتی جۆراوجۆر، چەندان جۆر کوتاڵ، هتد. ئێستا لەوانەیە ئەم بابەتە جۆراوجۆرانە بەشی زۆری ئەو داهاتە پێک بێنن کە لە باجی گومرکەوەیە. ئەو باجانەی ئێستا هەن لەسەر پیشەسازیی بیانی، ئەگەر ئەوانەی لێ دەرکەی کە لە سەر ئەو ژمارە کەمەی لە ڕیزبەندییەکەی پێشوودا هەن، کە بەشی زۆریان بۆ بەدەستهێنانی داهات نەسەپێنراون، بەڵکو بۆ سەپاندنی قۆرخکارین، یان بۆ ئەوەن کە بازرگانانی خۆمان لە بازاڕی ناوخۆدا ئیمتیازیان هەبێ. بە هەڵگرتنی هەموو قەدەخەکردنەکان و، دانانی باجی مامناوەندی لەسەر هەموو پیشەسازییە بیانییەکان، وەک بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە لە هەر بابەتێک زۆرترین داهات بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر دەکەن، هێشتاش ڕەنگە پیشەوەرانمان لە بازاڕی خۆماڵیدا ئیمتیازیان هەبێ و، گەلێ کاڵا کە ئێستا هەندێکیان هیچ داهاتێک بۆ حکوومەت دەستەبەر ناکەن و، هەندێکیان داهاتیان زۆر کەمە، لەوانەیە داهاتی زۆر گەورەیان بێ.

باجی زۆر، هەندێ جار بە کەمکردنەوەی بەکاربردنی ئەو کالآیانەی باجیان لێ دەگیرێ و، هەندێ جار بە هاندانی قاچاخچییەتی، زۆربەی جاران داهاتیان بۆ حکوومەت کەمترە لەوەی کە دەکرێ لە رێی باجی مامناوەندییەوە بێ.

کاتێک کە کەمبوونەوەی داهات بەهۆی کەمبوونەوەی بەکاربردنەوە دەبێ، تەنیا یەک چارەسەر هەیە و، ئەویش کەمکردنەوەی باجە.

کاتێکیش کە کەمبوونەوەی داهات بەهۆی هاندانی بەقاچاخبردنەوەیە، دەکرێ بە دوو رێگە چارەسەر بکرێ، یان بە کەمکردنەوەی هاندەرەکانی بەقاچاخبردن، یان بە سەختترکردنی قاچاخچییەتی. هاندانی قاچاخچییەتی تەنیا بە کەمکردنەوەی باج کەم دەبێتەوە و، سەختکردنی قاچاخچییەتی تەنیا بە دامەزراندنی ئەو سیستمە کارگێرییە دەبێ کە گونجاوترینە بۆ رێگریکردن لێی.

بەبڕوای من، ئەزموون وای دەر دەخا کە یاساکانی رەسم، زیاتر لە یاساکانی گومرک، رێگر و شێوێنەری ئۆپەراسیۆنەکانی قاچاخچییەتین. لەرێی داهێنانی سیستمێکی کارگێڕیی گومرکی هاوشێوەی سیستمی رەسمەکان ئەوەندەی سروشتی شتەکان هەڵی دەگرێ، دەکرێ سەختیی قاچاخچییەتی زۆر زیاد بکرێ. ئەم گۆڕانکارییە، وەک ئەوەی زۆر کەس پێشبینییان کردووە، دەکرێ زۆر بە ئاسانی بێتە کایەوە.

دەڵێن، لەوانەیە رێگە بە هاوردەکار بدرێ کالآکانی خۆی، کە هەر باجێکی گومرکیان لەسەر هەبێ، یان بباتە کۆگەی تایبەتی خۆی، یان بیانخاتە کۆگەیەکەوە چ لەسەر ئەرکی خۆی یان ئەرکی گشتی، بەڵام بەو مەرجەی کلیل بەدەستی فەرمانبەری خانەی گومرکەوە بێ و، هەرگیز کۆگەکە بەبێ ئامادەبوونی ئەو نەکرێتەوە. ئەگەر بازرگانەکە کالآکان بۆ کۆگەی خۆی ببا، باجەکان راستەوخۆ بدا و، هەگیز دواتر بۆ نەگێڕرێنەوە و، کۆگەکە بەردەوام شیاوی سەردان و پشکنینی فەرمانبەری خانەی گومرک بێ، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو بڕەی لە کۆگەکەدایە هاوشێوەی ئەوەیە کە باجی بۆ دراوە. ئەگەر کالآکانی بباتە کۆگەیەکی گشتی، هیچ باجێک نادرێ پێش ئەو کاتەی کالآکان بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی دەردەکرێن. ئەگەر بۆ هەناردەکردنیش دەرکرێن، بۆ ئەوەی گومرکیان لەسەر هەڵگیرێ، بەردەوام دڵنیایی گونجاو دەدرێ کە بەو شێوەیە هەنارده بکرێن. مامەڵەکاری بە تاک و بە کۆی ئەم کالآ دیاریکراوانە، دەبێ لە هەموو کاتێک ئەگەری ئەوە هەبێ کە لەلایەن فەرمانبەری خانەی گومرکەوە سەردان و پشکنینی بکرێ و، دەبێ ناچار بکرێ لەرێی پشتگیریی گونجاوەوە دانی ئەو باجەی سەر تەواوی ئەو بڕەی لە دوکانەکانیان یان لە کۆگەکانیان پشتڕاست بکاتەوە. ئەوەی پێی دەگوترێ رەسمی سەر رەمی هاوردەکراو، ئێستا بەم شێوەیە سەپێنراوە و، هەمان ئەم سیستەمەی بەڕێوەبردن دەشێ فرەوان بکرێتەوە بۆ هەموو باجەکانی سەر کالآ هاوردەکراوەکان، ئەو مەرجەی ئەو باجانە

بەردەوام، هاوشـێوەی ڕەسـمەکان، هەنـدێ کـاڵای کەم بگـرنەوە کە بەکارهێنـان و بەکاربردنیان گشتین. ئەگەر فرەوان کران بۆ ئەوەی، وەکو ئێستا، هەموو جۆرە کاڵایەک بگرنەوە، ئەوە بە ئاسانی کۆگەی گشتی بە فرەوانییەکی گونجاو بەئاسانی بەردەست نابێ و، کـاڵای خـاوەن سروشـتی زۆر هەسـتیار یـان ئەوانەی هەڵگرتنیـان وردی و ئـاگەداریی زۆری دەوێ، ناشـێ بەبێ تـرس لەلایەن بازرگانەوە بە هـیچ کۆگەیەک بسـپێررێ کۆگەی تایبەتی خۆی نەبێ.

ئەگەر بکـرێ بە سیسـتمێکی کـارگێڕیی لەم شـێوەیە، تەنـانەت لە سـایەی بـاجی زۆریشـەوە، تـا ڕادەیەکی بـاش ڕێگری لە قاچاخچییەتی بگیـرێ و، ئەگەر هەمـوو باجێک جاروبار بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان بەرز یان نزم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین داهـات بۆ دەوڵەت دەسـتەبەر بکەن، بـاجگرتنیش بەردەوام وەک ئامرازێک بێ بـۆ داهـات و هەرگیـز ئامرازێـک نەبـێ بـۆ قۆرخکـاری، لەوە نـاچێ ئەگەر نەبـێ بـۆ داهاتێـک کە بەلای کەمەوە یەکسـان بێ بە داهـاتی پوختی ئێسـتای گومرک، لە باجەکـانی سـەر هـاوردەکردنی چەنـد جۆرێکی کەم کاڵای بەکارهێنان و بەکاربردنی گشتییەوە بەدەست بێ و، دەکرێ ئەو کـاتە باجەکانی گومرک بگەیەنرێنە هەمان ئاستی سادەیی، مسۆگەری و، وردیی ئەو ڕەسمانە. ئەوەی ئێستا داهات لەدەستی دەدا، لەڕێی گێڕانەوەی باج بەرامبەر هەناردەکردنەوەی ئەو کـاڵا بیانییـانەی دواتـر دەهێنـرێنەوە وڵات و تیایـدا بەکـار دەبـرێن، دەشـێ لەسـایەی ئەم سیسـتمەدا بەتەواوی بهێڵـرێنەوە. ئەو هێشـتنەوەیە کە خـۆی بەتەنیـا زۆرە، هەمـوو بەخشیشەکانی هەناردەکردنی کاڵای خۆماڵی، کە لەڕاستیدا گێڕانەوەی هەندێ باجی ڕەسم نین کە پێشـتر درابـن، بخرێتە سـەر ئەوە مـایەی گومـان نییە کە ڕەنگە داهـاتی پـوختی گومرک، دوای ئەم جۆرە گۆڕانکارییە، بگاتە ئاستێک کە هەرگیز پێشتر پێی نەگەیشتووە.

ئەگەر بەهۆی ئەم گۆڕانکارییە لە سیستمدا، داهاتی گشتی زیانی بەر نەکەوت، بێگومـان بازرگانی و پیشەسازیی وڵات سوودێکی زۆر بەدەست دێنن. بازرگانی بەو کاڵایـانەوە کە باجیان لەسـەر نەبێ، تـا ڕادەیەکی زۆر تەواو ئازاد دەبێ و، لەوانەیە بۆ هەمـوو بەشـێکی دنیا و لە هەمـوو بەشـێکیەوە بە هەر سـوودێکی ئەگەرداراوە ئەنجام بدرێ. لەوانەیە ئەمە گشت ئەو کاڵایانە کە پێویسـتیی ژیـانن لەگەڵ گشـت کەرەسـتەکانی پیشەسـازی بگرێتەوە. ئەوەندەی هاوردەکردنی ئەم پێویسـتییانەی ژیـان نرخـی تێکڕایـان لە بـازاڕی نـاوخۆدا نـزم بکاتەوە، ئەوەندە نرخی بەپارەی کار نـزم دەکاتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی بە هـیچ شـێوەیەک پاداشـتی ڕاسـتەقینەی کـار کەم ببێـتەوە. بەهـای پـارە هـاوڕێژەیە لەگەڵ بـڕی ئەو پێویستییانەی ژیان کە دەیانکڕێ. بەهای پێویسـتییەکانی ژیـان تەواو سەربەخۆیە لە بڕی ئەو پـارەیەی بەرامبەریـان بەردەسـت دەخـرێ. کەمبـوونەوەی نرخـی بەپـارەی کـار وەک پێویسـتییەک هاوشـان دەبـێ لەگەڵ کەمبـوونەوەیەکی هـاوڕێژە لە نرخـی بەپـارەی هەمـوو

بەرهەمە پیشەسازییە خۆماڵییەکاندا، کە لە ئاکامدا هەندێ دەستکەوتیان لە هەموو بازاڕە بیانییەکاندا دەبێ. نرخی هەندێ بەرهەمی پیشەسازی هێشتا بەرێژەیەکی زۆر زیاتر لەڕێی هاوردەکردنی کەرەستەی خاوەوە نزم دەبێتەوە. ئەگەر بکرێ ئاوریشمی خاو بەبێ باج لە چین و هیندستانەوە هاوردە بکرێ، بەرهەمی پیشەسازیی ئاوریشم لە ئینگلتەرە زۆر هەرزانتر دەبێ لەوانەی فرانسە و ئیتالیا. ئەو کاتە پێویست نابێ هاوردەکردنی ئاوریشم و مەخمەلی بیانی قەدەخە بکرێ. هەرزانیی کالاکانی پیشەوەرانی خۆمان ئەوەیان بۆ مسۆگەر دەکا دەست بەسەر بازاڕی خۆماڵیدا بگرن و، بگرە لە بەشێکی زۆری بازاڕی بیانیشدا بالادەست بن. تەنانەت بازرگانیکردن بەو کالایانەشی کە باجیان لەسەرە، لەوەی ئێستا بەسوودتر دەبێ. ئەگەر ئەو کالایانە لە کاتی دەرچوونیان لە کۆگەی گشتی بە مەبەستی هەناردەکردن، لە هەموو باجێک هەلاوێرد بکرێن، بازرگانی پێیانەوە تەواو ئازاد دەبێ. بازرگانیکردن بە هەموو جۆرە کالایەکەوە، لە سایەی ئەم سیستەمەدا هەموو جۆرە سوودێک بەدەست دێنێ. ئەگەر ئەم کالایانە بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی لە کۆگە دەرچن، هاوردەکاریش ناچار نەبێ باج بدا، تا ئەو کاتەی کالاکانی بە مامەڵەکەر یان بە بەکاربەر دەفرۆشێ، ئەوە بەردەوام دەتوانێ بە هەرزانتر بیانفرۆشێ لەوەی ئەگەر ناچار بێ لەگەڵ هاوردەکردندا باج بدا. بە هەمان ئەو باجانە، بازرگانیی دەرەکیی بەکاربردن تەنانەت بەو کالایانەشی کە باج دەدەن، لەوانەیە بەم شێوەیە بەسوودتر بێ لەوەی ئێستا هەیە.

ئامانجی پلانی ڕەسمی بەناوبانگی سێر رۆبەرت والپۆل، ئەوە بوو کە بۆ شەراب و تووتن سیستمێک دابمەزرێ کە زۆر لەمەی لێرە پێشنیاز کرا جیا نییە. بەلام هەرچەندە ئەو پرۆژەیاسایەی ئەو کاتە خرایە بەردەم پەرلەمانەوە تایبەت بەم دوو کالایە بوو، تەنیا بەگشتی پێشبینی دەکرا کە پێشەکییەک بێ بۆ پلانێکی فرەوانتری هاوشێوە، بەلام باڵبالێن شانبەشانی بەرژەوەندی بازرگانە قاچاخچییەکان، تەوژمێکی توندوتیژ و نادادوەرانەیان دژ بە پرۆژەیاساکە هەڵگیرساند و، وای لێ هات وەزیرەکە دەستی لە پرۆژەکە بەردا و، لە ترسی ئەو جۆرە هێرشە کەس لە جێگرەوەکانیشی نەیوێرا دەست بداتەوە پرۆژەکە.

باجەکانی سەر کالای جوانکاریی هاوردەکراو بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی، ئەگەرچی هەندێ جار دەکەونە سەر هەژاران، بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەونە سەر خەڵکی خاوەن سامانی مامناوەندی و بەسەرەوە. لەمانە، ئەو باجانەن لەسەر شەرابی بیانی، قاوە، چۆکلێت، چا، شەکر، هتد.

باجەکانی سەر جوانکاریی هەرزانتری دروستکراوی ناوخۆیی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی بەگوێرەی خەرجییەکانیان بەیەکسانی دەکەونە سەر هەموو خەڵک. خەڵکە هەژارەکە باجی مۆڵت، هۆپ و، بیرە بەگوێرەی بەکاربردنیان دەدەن، دەوڵەمەندەکان باجی بەکاربردنیان لەلایەن خۆیان و خزمەتکارەکانیانەوە دەدەن.

دەبێ ئەو لەبەر چاو بگیرێ کە تەواوی بەکاربردنی خەڵکی ئاستە نزمەکان، یان ئەوانەی لە خوارەوەی ئاستەکانی ناوەڕاستن، لە هەموو وڵاتێکدا زۆرترە، نەک تەنیا بە بڕ، بەڵکو بە بەهاش، لەوەی ئاستە ناوەڕاستەکان و سەرووی ناوەڕاستەکان. تەواوی خەرجیی ئاستە نزمەکان گەلێ زۆرترە لەوەی ئاستە بەرزەکان. بەپلەی یەکەم، نزیکەی هەموو سەرمایەی هەموو وڵاتێک ساڵانە بەسەر خەڵکی ئاستە نزمەکاندا دابەش دەبێ، وەک هەقدەستی کاری بەرهەمهێنیان، دووەم، بەشێکی زۆری داهاتی موڵکانەی زەوی و قازانجی ماڵ ساڵانە لەشێوەی هەقدەست و بژێویی خزمەتکاری ئاسایی و کارگەری بەرهەمنەهێندا بەسەریاندا دابەش دەبێ. سێیەم، هەندێ بەشی قازانجی ماڵ بۆ هەمان توێژ دەگەڕێتەوە، وەک داهاتی بەگەڕخستنی سەرمایە بچووکەکانیان. بڕی قازانجە ساڵانەکانی دووکاندار، بازرگان و، هەموو جۆرە تاکفرۆشە بچووکەکان لە هەموو شوێنێکدا گەلێ زۆرە و، بەشێکی زۆری بەرهەمی ساڵانەیە. چوارەم و کۆتایی، هەندێ بەشی موڵکانەی زەوی هی هەمان توێژە، بەشێکی زۆری ئەوانەی تا ڕادەیەک لە خوارووی توێژی ناوەڕاستن و، بەشێکی کەمی ئەوانەی توێژی خوارەوە، کارگەرانی ئاسایی، هەندێ جار موڵکی یەک یان دوو ئەیکەریان هەیە. لەبەر ئەوە، هەرچەندە کە خەرجیی ئەو توێژە نزمانە، ئەگەر بەتەنیا وەریان بگرین، زۆر کەمە، بەڵام هەمووی بەیەکەوە، ئەگەر وەکو یەک پارچە وەریان بگرین، بەردەوام زۆرترین بەشی تەواوی خەرجیی کۆمەڵگە پێک دێنن، ئەوەی لە بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری کۆمەڵگە بۆ بەکاربردنی توێژە باڵاکان دەمێنێتەوە بەردەوام زۆر کەمترە، نەک تەنیا لەڕووی بڕەوە، بگرە لەڕووی بەهاشەوە. کەواتە، باجەکانی سەر خەرجی، کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەونە سەر توێژە باڵاکانی خەڵک، دەکەونە سەر بچووکترین بەشی بەرهەمی ساڵانە، لەوە دەچێ زۆر کەمبەرهەمتر بن لەوانەی بەبێ جیاوازی دەکەونە سەر خەرجیی هەموو توێژەکان، یان تەنانەت ئەوانەشی کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەونە سەر خەرجیی توێژەکانی خوارەوە، زیاتر لەوانەی بەبێ جیاوازی دەکەونە سەر تەواوی بەرهەمی ساڵانە، یان ئەوانەی بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەونە سەر بەشی زۆرتری. بەم پێیە، ڕەسمی سەر کەرەستە و پیشەسازیی مەی و خواردنەوە کهولیەکانی ناوخۆیی، لەنێو هەموو باجە جۆراوجۆرەکانی سەر خەرجی، بەرهەمهێنتریانن. ئەم لقەی ڕەسمەکان بەڕادەیەکی زۆر، لەوانەیە سەرەکی، دەکەوێتە سەر خەرجیی خەڵکی ئاسایی. لەو ساڵەی لە پێنجی تەمموزی ١٧٧٥دا تەواو بوو، بڕی هەموو بەرهەمی ئەم لقەی ڕەسم گەیشتە ٣٣٤١٨٣٧ پاوەن و نۆ شیلین و نۆ پێنس.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بەردەوام لەبیرمان بێ کە ئەوە خەرجییە جوانکارییەکانن، نەوەکو خەرجییە پێویستەکانی توێژە نزمەکانی خەڵک کە پێویستە باجیان بخرێتە سەر. لە کۆتاییدا هەموو باجێکی سەر خەرجییە پێویستەکانیان بەتەواوی دەکەوێتە سەر ئاستە بەرزەکانی خەڵک، سەر بچووکترین بەشی بەرهەمی ساڵانە نەوەکو زۆرترین بەشی. باجێکی لەم جۆرە دەبێ لە هەموو دۆخەکاندا هەقدەستی کار بەرز بکاتەوە، یان خواستی لەسەر کەم بکاتەوە. ئەم جۆرە باجە ناتوانێ هەقدەستی کار بەرز بکاتەوە بەبێ ئەوەی دوایین باجدان بخاتە سەر ملی توێژە باڵاکانی خەڵکەوە. ناشتوانێ خواست لەسەر کار کەم بکاتەوە بەبێ ئەوەی بەرهەمی ساڵانەی زەوی و کاری وڵات کەم بکاتەوە، ئەو سندووقەی پارەدارکردن کە دەبێ هەموو باجەکانی لێ بدرێ. ئەو دۆخەی ئەم باجەی لەم جۆرە کە خواست لەسەر کار کەم دەکاتەوە هەرچییەک بێ، دەبێ بەردەوام هەقدەست لەوە بەرزتر بکاتەوە کە لەو دۆخەدا هەیە و، وا بکا ئەم بەرزبوونەوەیەی هەقدەست لە هەموو دۆخەکاندا لەلایەن توێژی باڵای خەڵکەوە بدرێ.

ئەو خواردنەوە کهولی و ترشێنراوانەی بۆ فرۆشتن نین، بەڵکو بۆ بەکارهێنانی تایبەت دروست دەکرێن، لە بریتانیای مەزندا هیچ باجێکیان لەسەر نییە. ئەم هەڵاوێردکردنە بۆ ڕزگارکردنی خێزانەکانە لە سەردانی ناجۆر و پشکنینی باجگران، وا دەکا ئەو باجانە زۆربەی جاران سووکتر بکەونە سەر شانی دەوڵەمەندەکان نەک هەژارەکان. لەڕاستیدا، زۆر باو نییە دڵۆپاندنی خواردنەوەی کهولی بۆ بەکارهێنانی تایبەت ئەنجام بدرێ، ئەگەرچی ئەمە هەندێ جار دەکرێ. بەڵام نزیکەی هەموو خێزانە دەوڵەمەند و گەورەکان بیرەی خۆیان دروست دەکەن. واتە، بیرەی بەهێزی ئەوان، بۆ هەر بەرمیلێک هەشت شیلین هەرزانتر لەوەی دروستکەری بیرە دەوەستێ، کە قازانجی خۆی و خەرجییەکانی تری خۆی دەخاتە سەر باجەکەوە. ئەو جۆرە خێزانانە، دەبێ بیرەکەیان بەلای کەمەوە نۆ یان دە شیلین بۆ هەر بەرمیلێک، هەرزانتر بخۆنەوە، لەوەی خەڵکی ئاسایی، کە لە هەموو شوێنێکدا پێیان باشترە بیرەکەیان کەم کەم لە کارگەی بیرە یان لە مەیخانە بکڕن. بەهەمان شێوە ئەو مۆڵەتەی بۆ بەکارهێنانی خێزانییە ڕووبەڕووی سەردان و پشکنینی باجگر نابێتەوە، بەڵام لەم دۆخەدا دەبێ خێزانەکە بۆ هەر تاکێکی حەوت شیلین و شەش پێنس باج بدا. حەوت شیلین و شەش پێنس یەکسانە بە باجی سەر دە بوشڵ مۆڵت - کە بڕێکی یەکسانە بە تێکڕای بەکاربردنی ئەندامانی هەر خێزانێکی ئاسایی بە پیاو و ژن و منداڵەوە. بەڵام بۆ خێزانێکی دەوڵەمەند و گەورە کە میوانداریی زۆریان هەیە، ئەو خوارنەوانەی لە مۆڵت دروست دەکرێن و لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەوە بەکار دەبرێن تەنیا بەشێکی کەمن لەوەی لەماڵەکەیاندا بەکار دەبرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، چ بەپێی ئەم بەکاردنە بێ یان لەبەر

هەر هۆکارێکی تر بێ، دروستکردنی مۆڵت وەک ترشاندنی بۆ بەکارهێنانی تایبەتی ماڵەوە باو نییە. سەختە هۆکارێکی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ پاکانە بۆ بەخشینی ئەوان، کە بۆ بەکارهێنانی تایبەت خواردنەوە دەترشێنن یان دەدڵۆپێنن، لە هەمان جۆر باجی بەکاربردن.

زۆر جار گوتراوە کە دەکرێ داهاتێکی زۆرتر لەوەی ئێستا لە باجە قورسەکانی سەر مۆڵت و جۆرەکانی بیرە بەدەست بێ، لەڕێی باجی سووکتر لەسەر مۆڵت، چونکە هەلی ڕێگری لە فێڵ لە کارگەیەکی بیرە زۆرترە لەوەی لە کارگەیەکی مۆڵت هەیە و، کە ئەوانەی بیرە بۆ بەکارهێنانی خۆیان دروست دەکەن لە هەموو باجەکان یان پێکهێنەرەکانی باج هەڵاوێرد دەکرێن، لە کاتێکدا ئەوانەی مۆڵت بۆ بەکارهێنانی تایبەت دروست دەکەن هەڵاوێرد ناکرێن.

لە کارگەیەکی ترشاندنی پۆرتەر لە لەندەن، چارەکێک مۆڵت دەکرێتە زیاتر لە دوو بەرمیل و نیو، هەندێ جاریش دەکرێتە سێ بەرمیل پۆرتەر. باجە جۆراوجۆرەکانی سەر مۆڵت دەگەنە شەش شیلین بۆ هەر چارەکێک، ئەوانەی سەر بیرەی قورس و بیرە دەگەنە هەشت شیلین بۆ هەر بەرمیلێک. لەبەر ئەوە، لە کارگەی پۆرتەردا، باجە جۆراوجۆرەکانی سەر مۆڵت، بیرە و، بیرەی سووک لەنێوان ٢٦ و ٣٠ شیلینن بۆ بەرهەمی یەک چارەک مۆڵت. لە کارگەیەکی بیرەی لادێدا کە بەرهەمەکەی بۆ فرۆشتنە لە لادێدا، یەک چارەک مۆڵت بەدەگمەن کەمتر لە دوو بەرمیل بیرەی قورس و یەک بەرمیل بیرەی سووکی لێ دروست دەکرێ، زۆربەی جارانیش دوو بەرمیل و نیو بیرەی قورسی لێ دروست دەکرێ. باجە جۆراوجۆرەکانی سەر یەک بەرمیل بیرەی سووک دەگەنە یەک شیلین و چوار پێنس. لەبەر ئەوە، لە کارگەیەکی بیرەی لادێدا، باجە جۆراوجۆرەکانی سەر مۆڵت و بیرە جۆراوجۆرەکان بەدەگمەن کەمتر دەبن لە ٢٣ شیلین و چوار پێنس، زۆربەی جارانیش ٢٦ شیلین بۆ بەرهەمی یەک چارەک مۆڵت. بۆیە ئەگەر تێکڕای هەموو شانشینەکە وەرگرین، تەواوی بڕی باجەکانی سەر مۆڵت و بیرە و بیرەی سووک ناشێ بە کەمتر لە ٢٤ یان ٢٥ شیلین بۆ بەرهەمی هەر چارەکێک مۆڵت مەزەندە بکەین. بەڵام ئەگەر باجی سەر بیرە جۆراوجۆرەکانی لێ دەرکەین و، باجی سەر مۆڵت سێ ئەوەندە لێ بکەین، یان لە شەش شیلین بۆ هەر چارەکێک مۆڵتەوە بۆ ١٨ شیلین بەرزی بکەینەوە، دەڵێن کە دەکرێ داهاتێکی زۆر لەم باجە تەنیایە بەدەست بێ کە زیاتر بێ لەوەی ئێستا لە هەموو ئەو باجە قورسترانە بەدەست دێ.

لەڕاستیدا، باجی کۆنی مۆڵت، باجێکی چوار شیلینیی لەسەر بەرمیلی سایدەری لەخۆ دەگرت و، باجێکی دە شیلینیی سەر بەرمیلی بیرەی مەمی لەخۆ دەگرت. لە ساڵی ١٧٧٤دا، باجی سەر سایدەر تەنیا ٣٠٨٣ پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس داهاتی هەبوو. لەوانەیە هەندێک لە بڕی ئاسایی کەمتر بووبێ، داهاتی هەموو باجە جۆراوجۆرەکانی تری

سەر سایدەر لەو ساڵەدا کەمتر بوون لە ساڵانی ئاسایی. باجی سەر بیرەی مەم، ئەگەرچی زۆرترە، بەرهەمی هێشتا کەمترە، بەهۆی بەکاربردنی کەمی ئەو خواردنەوەیەوە. بەڵام بۆ هاوسەنگکردنی بڕی ئەو دوو باجە، جا هەر چەند بێ، ئەمانە خزێنراونەتە نێو باجی وڵاتەوە، یەکەم، باجی کۆنی شەش شیلین و هەشت پێنس لەسەر بەرمیلی گەورەی سایدەر، دووەم، باجێکی هاوشێوەی شەش شیلین و هەشت پێنس لەسەر بەرمیلی گەورەی ڤرجیوس و، سێیەم، باجێکی تری هەشت شیلین و نۆ پێنس لەسەر بەرمیلی گەورەی سرکە و، لە کۆتاییدا، باجێکی چوارەمی ١١ پێنس لەسەر هەر گالۆنێکی مید یان جینی میتی. بەرهەمی ئەم باجە جۆراوجۆرانە لەوانەیە زۆر زیاتر بێ لەوەی کە بالانسی ئەو باجانە ڕاست بکاتەوە کە بەوەی پێی دەڵێن باجی ساڵانەی مۆڵت لەسەر سایدەر و مەم سەپێنرابوو.

پاوەن شیلین پێنس

ساڵی ١٧٧٢ بەرهەمی باجی کۆنی مۆڵت

سەربارەکە ٧٢٢٠٢٣

١١ ٣٥٦٧٧٦

١١ ٧

٩.٧٥

ساڵی ١٧٧٣ بەرهەمی باجە کۆنەکە

سەربارەکە ٥٦١٦٢٧

٣ ٢٧٨٦٥٠

٧.٥ ١٥

٣.٧٥

ساڵی ١٧٧٤ بەرهەمی باجە کۆنەکە

سەربارەکە ٦٢٤٦١٤

١٧ ٣١٠٧٤٥

٥.٧٥ ٢

٨.٥

ساڵی ١٧٧٥ بەرهەمی باجە کۆنەکە

سەربارەکە ٦٥٧٣٥٧

٠ ٣٢٣٧٨٥

٨.٢٥ ١٢

٦.٢٥

٣٨٥٥٥٨٠ ١٢ ٠.٧٥

تێکڕای ئەم چوار ساڵە ٣ ٩٥٨٨٩٥ ٠،١٨٧

ساڵی ١٧٧٢ بەرهەمی باجی وڵات

کارگەی بیرەی لەندەن ١٢٤٣١٢٨

٥ ٤٠٨٢٦٠

٧ ٣

٢.٧٥

ساڵی ١٧٧٣ بەرهەمی باجی وڵات

کارگەی بیرەی لەندەن ١٢٤٥٨٠٨

٣ ٤٠٥٤٠٦

١٧ ٣

١٠.٥٠

ساڵی ١٧٧٤ بەرهەمی باجی وڵات

کارگەی بیرەی لەندەن ١٢٤٦٣٧٣

١٤ ٣٢٠٦٠١

١٨ ٥.٥٠

٠.٢٥

ساڵی ١٧٧٥ بەرهەمی باجی وڵات

کارگەی بیرەی لەندەن ١٢١٤٥٨٣

٦ ٤٦٣٦٧٠

٧ ١

٠.٢٥

٦٥٤٧٨٣٢ ١٩ ٢.٢٥

تێکڕای ئەم چوار ساڵە ١٦٣٦٩٥٨ ٤ ٩.٥٠

ئەگەر تێکڕای باجی مۆڵتی بخەینە سەر، یان ٣ ٩٥٨٨٩٥ ٠.١٨٧

تەواوی ئەم باجە جۆراوجۆرانە دەکاتە: ٢٥٩٥٨٥٣ ٧ ٩.٥٧٩

ئەگەر باجی مۆڵت بکەینە سێ هێندە، یان باجی سەر چارەکی مۆڵت لە شەشەوە بکەینە هەژدە شیلن، بەرهەمی ئەو باجە بەتەنیا دەکا: ٢٨٧٦٦٨٥ ٩ ٠.٥٦

ئەم بڕە زیاترە لەوەی پێشوو بە: ١٢٨٠٨٣٢ ٢.٨٧٥

مۆڵت تەنیا لە کارگەکانی دروستکردنی بیرەدا بەکار نابرێ، بەڵکو لە دروستکردنی شەراب و خواردنەوە کهولییەکانیشدا بەکار دەبرێ. ئەگەر باجی سەر مۆڵت بۆ ١٨ شیلین بۆ هەر چارەکێک بەرز بکرێتەوە، لەوانەیە پێویست بێ هەندێ کەمکردنەوە لە باجە جۆراوجۆرەکانی سەر ئەو شەراب و خواردنەوە کهولییانە بکرێ کە مۆڵت بەشێکە لە

کەرەستەی دروستکردنیان. مۆڵت سێیەکی کەرەستەی ئەو خواردنەوانەی پێیان دەگوترێ خواردنەوەی کهولیی مۆڵت پێک دێنێ، دوو سێیەکەکەی تر یان جۆی خاوە، یان سێیەکێکیان جۆیە و سێیەکەکەی تر گەنمە. لە کارگەی دڵۆپاندنی خواردنەوە کهولییەکانی مۆڵتدا، هەل و دنەدەری بەقاچاخبردن زۆر زیاترە لەوەی لە کارگەی دروستکردنی بیرە یان لە خانەی مۆڵتدا هەن، هەلەکە بەهۆی بڕی کەم و بەهای زۆری کاڵاکەوەیە و، هاندەرەکە باجی زۆر بەرزی سەریانە کە بۆ هەر گالۆنێک لەو خواردنەوەیە سێ شیلین و دە پێنس و دوو لەسەر سێی پێنسێکە. بە زیادکردنی باجی سەر مۆڵت و، کەمکردنەوەی باجی سەر دڵۆپێنراوەکان، هەل و دنەدەری بەقاچاخبردن کەم دەبنەوە، لەوانەیە ببێتە مایەی زیادبوونی داهاتیش.

لە ماوەیەکی ڕابردوودا، سیاسەتی بریتانیای مەزن مەبەستی بوو بەکاربردنی خواردنەوە کهولییەکان کەم بکاتەوە، بەو پێیەی ئەو خوارنەوانە مەیلی ڕووخاندنی تەندروستی و شێواندنی ئاکاری خەڵکی ئاسایی دەکەن. بەپێی ئەم سیاسەتە، داشکاندنی باجەکانی سەر کارگەکانی دڵۆپاندن نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک ئەوەندە زۆر بن کە نرخی ئەو خواردنەوانە کەم بکەنەوە. دەبێ خواردنەوە کهولیەکان تا دەکرێ بەرز بمێننەوە، لە هەمان کاتدا بەڕادەیەکی زۆر نرخی خواردنەوەی تەندروستی و بووژێنەرەوەی جۆرەکانی بیرە کەم ببێتەوە. بەم شێوەیە لەلایەکەوە خەڵکەکە بارێکی گرانیان لە کۆڵ دەبێتەوە کە گلەیی زۆریان لێی هەبوو و، لەهەمان کاتدا داهاتەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەبێ.

بەرهەڵستیی دکتۆر داڤینانت بۆ ئەم گۆڕینە لە سیستمی ئێستای ڕەسمەکانی باج لەوە دەچێ بێبنەما بێ. ئەو بەرهەڵستییانە بریتین لەوەی کە باجەکە لەجیاتی ئەوەی وەکو ئێستا بە یەکسانی خۆی بەسەر قازانجی دروستکەرانی مۆڵت، لەسەر کارگەی بیرە و، لەسەر تاکفرۆش دابەش بکا، ئەوەندەی کاریگەریی لەسەر قازانج دەبێ، هەمووی دەکەوێتە سەر قازانجی دروستکەری مۆڵت، قازانجی ئەویش ناتوانێ بەئاسانی بڕی ئەو باجە لە نرخی فرۆشتنی مۆڵتەکەی بەدەست بێنێتەوە وەک ئەوەی کارگەی بیرە و فرۆشیارەکە لە نرخی خواردنەوەکەوە بۆیان دەگەڕێتەوە و، ئەو باجە قورسەی سەر مۆڵت لەوانەیە کرێ و قازانجی زەویی جۆ کەم بکاتەوە.

هەرگیز هیچ باجێک، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر ئاستی قازانجی هیچ بازرگانییەک کەم بکاتەوە، چونکە دەبێ ئەو قازانجە بەردەوام لە ئاستێکی دیاریکراودا بێ بەرامبەر بازرگانییەکانی تری دەوروبەری. ئەو باجانەی ئێستای سەر مۆڵت، بیرە جۆراوجۆرەکان کاریگەرییان بەسەر قازانجی مامەڵەکاران بەو کاڵایانەوە نییە، کە هەموویان باجەکەیان بە قازانجەوە لەڕێی بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکانیان بەدەست دێننەوە. لەڕاستیدا، لەوانەیە باجێک بتوانێ ئەو کاڵایانەی بەسەریاندا سەپێنراوە ئەوەندە گران بکا کە بەکاربردنیان کەم

ببێتەوە. بەڵام بەکاربردنی مۆڵت لەڕێی ئەو خواردنەوانەوە دەبێ کە تیایاندا بەکار دێ و، باجی ١٨ شیلین لەسەر چارەکێک مۆڵت ناتوانێ وا بکا ئەو خواردنەوانە گرانتر بن لەوەی باجەکانی ئێستا، کە ٢٤ یان ٢٥ شیلینن، گرانیان کردوون. بەپێچەوانەوە، ئەو خواردنەوانە لەوانەیە هەرزانتر بن و، ئەگەری زۆر هەیە کە بەکاربردنیان زیاتر بێ نەوەکو کەمتر ببێ.

زۆر ئاسان نییە کە تێ بگەین بۆچی دەبێ بەلای دروستکەرێکی مۆڵتەوە کە ئەو ١٨ شیلینەی لەنێو نرخی مۆڵتەکەدا داویەتی بگەڕێنێتەوە، زیاتر لەوەی دروستکەرێکی بیرە ئێستا دەتوانێ ٢٤ یان ٢٥، هەندێ جاریش ٣٠ شیلین لەڕێی نرخی خواردنەوەکەیەوە دەگەڕێنێتەوە. لەڕاستیدا دروستکەری مۆڵت لەجیاتی باجێکی شەش شیلینی ناچار دەبێ باجێکی ١٨ شیلین لەسەر هەموو چارەکێک مۆڵت بدا. بەڵام دروستکەری بیرە، ئێستا، ناچارە باجێکی ٢٤ یان ٢٥ و هەندێ جار ٣٠ شیلین بۆ هەر چارەکێک مۆڵت کە دروستی دەکا، بدا. بۆ دروستکەری مۆڵت سەختتر نابێ باجێکی کەمتر بدا لەوەی کە ئێستا دروستکەری بیرە دەیدا و لەوە زۆرترە. دروستکەری مۆڵت بەردەوام ئەوەندە لە ئەمبارەکانیدا بڕێک مۆڵت گل ناداتەوە کە پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەبێ تاوەکو لەکۆڵیان بکاتەوە، وەکو ئەوەی کە زۆربەی جاران دروستکەری بیرە ناچار دەبێ ئەو خواردنەوانەی دروستیان دەکا لە کۆگەکانیدا بهێڵێتەوە. لەبەر ئەوە، ئەوەی یەکەم زووتر لەوەی دووەم پارەی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە. بەڵام چەند بۆ دروستکەری مۆڵت سەخت بێ کە ناچار بێ باجێکی زۆر بدا، ئەوەندەش ئاسانترە قەرزێکی دەست بکەوێ بۆ ماوەیەکی درێژتر لەوەی بەگشتی بە دروستکەری بیرە دەدرێ.

هیچ شتێک ناتوانێ کرێ و قازانجی زەوییەکی جۆ کەم بکاتەوە، وەک ئەوەی کەمبوونەوەی خواست لەسەر جۆ دەیکا. بەڵام گۆڕانکارییەک لەو سیستەمەی کە باجی سەر چارەکێک مۆڵتی کراو بە بیرەی جۆراوجۆر لە ٢٤ و ٢٥ شیلینەوە بۆ ١٨ شیلین کەم بکاتەوە، ئەگەری زۆرە ئەو خواستە زیاتر بکا نەوەکو کەمتری بکا. سەرباری ئەوە، کرێ و قازانجی زەویی جۆ، دەبێ بەردەوام نزیک بن لەوانەی ئەو زەوییانەی کە لەڕووی پیت و باش چاندنەوە یەکسانن. ئەگەر کەمتر بن، ئەوە بەشێکی زەویی جۆ زووبەزوو بۆ مەبەستی تر بەکار دێ و، ئەگەر بەرزتر بن ئەوە زووبەزوو زەویی تر بۆ چاندنی جۆ تەرخان دەکرێن. کاتێک کە نرخی هەر بەرهەمێکی دیاریکراوی زەوی لەو ئاستە بێ کە پێی دەگوترێ نرخی قۆرخکاری، وەک پێویستییەک باجی سەر کرێ و قازانجی ئەو زەوییە کەم دەکاتەوە کە جۆ بەرهەم دێنێ. باجی سەر بەرهەمی ئەو ڕەزە نایابانەی ترێ کە شەرابەکەیان زۆر کەمترە لەوەی خواست لەسەریان پڕ بکاتەوە و نرخیان بەردەوام لە سەرووی نرخی بەرهەمی ئەو ڕەزانەیە کە لەڕووی پیت و باش چاندنەوە یەکسانن، وەک پێویستییەک کرێ و قازانجی ئەو ڕەزە ترێیانە کەم دەکاتەوە. نرخی شەراب کە بەردەوام

بەرزترینی ئەوەیە کە بۆ ئەو برەی بەگشتی دەخریتە بازاڕەوە، ناکرێ بەبێ کەمکرنەوەی ئەو برە بەرزتر بکرێ و، برەکەش ناکرێ کەم بکریتەوە بەبێ زیانێکی زۆر، چونکە ئەو زەوییانە ناکرێ بۆ بەرهەمێکی تر بەکار بهێنرێن کە هەمان بەهای بەرزیان هەبێ. لەبەر ئەوە تەواوی قورسایی باجەکە دەکەوێتە سەر کرێ و قازانج – گونجاوتریشە بکەوێتە سەر کرێی ڕەزی ترێکە. کاتێک کە پێشنیاز کرا باجێکی نوێ بخریتە سەر شەکر، چێنەرانی شەکرمان گازاندەی زۆریان لەوە کرد کە تەواوی قورسایی ئەو باجە دەکەوێتە سەر ئەوان، نەدەکەوتە سەر بەکاربەر، بەڵکو دەکەوتە سەر بەرهەمهێن، کە هەرگیز ناتوانن نرخی شەکرەکەیان لە جاران بەرزتر بکەن. لەوە دەچێ کە نرخەکانی پێش باجەکە نرخی قۆرخکارانە بووبن و، ئەو بەڵگەیە هێنرایەوە بۆ پێشاندانی ئەوەی کە شەکر بابەتێکی نەگونجاوە بۆ ئەوەی باجی بخریتە سەر، پێشانی دا کە بابەتێکە بۆ ئەوە گونجاوە، دەستکەوتی قۆرخکارەکان هەموو کاتێک هەموویان گونجاوترینن بۆ ئەوە. بەڵام هەرگیز نرخی ئاسایی جۆ نرخی قۆرخکارانە نەبووە و، کرێ و قازانجی زەویی جۆ هەرگیز لە سەرووی ڕێژەی ئاساییان بەرامبەر بە کرێ و قازانجی زەویی هاوشێوە لەڕووی پیت و باش کشتوکاڵکردنەوە نەبووە. ئەو باجە جۆراوجۆرانەی خراونەتە سەر مۆڵت و بیرەی جۆراوجۆر، کە هەرگیز نرخی جۆیان نزم نەکردووەتەوە، هەرگیز کرێ و قازانجی زەویی جۆیان کەم نەکردووەتەوە. نرخی مۆڵت بۆ کارگەی بیرە بەردەوام هاوڕێژە لەگەڵ باجەکانی سەری بەرز بووەتەوە و، ئەو باجانە لەگەڵ باجەکانی تری سەر جۆرەکانی بیرە، بەردەوام یان نرخەکەیان بەرز کردووەتەوە، یان کە هەمان شتە، جۆرایەتیی ئەو کاڵایانەیان نزم کردووەتەوە. بەردەوام لە کۆتاییدا ئەو باجانە کەوتوونەتە سەر بەکاربەر، نەک بەرهەمهێنەر.

تەنیا خەڵکێک کە ئەگەر هەیە بەهۆی ئەم گۆڕینەی لێرەدا بۆ سیستم پێشنیاز کراوە تووشی تەنگانە دەبن، ئەوانەن کە بیرە بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان بەرهەم دێنن. بەڵام ئەو هەڵاوێردکرنەی ئێستای ئەم توێژە باڵایەی خەڵک لە هەموو باجێکی قورس کە کارگەرانی هەژار و پیشەوەران دەیدەن، بێگومان نادادپەروەرانە و نایەکسانییە و، پێویستە هەڵوەشێنرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم گۆڕانکارییەش ئەنجام نەدرێ. هەرچەندە، لەوانەیە بەرژەوەندی ئەم توێژە باڵایەی خەڵک ڕێگریی لەم گۆڕینی سیستمە کردبێ کە دەتوانێ داهات زیاتر بکا و خەڵک بیووژێنێتەوە.

هەروەها سەرباری باجەکانی گومرک و ئەو ڕەسمانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، ژمارەیەکی تر هەن کە بەشێوەیەکی نایەکسانتر و ناڕاستەوخۆتر کار دەکەنە سەر نرخی کاڵاکان. لەوانە، ئەو باجانەی لە فرانسە پێیان دەگوترێ پیاژ، کە لە سەردەمی ساکسۆنە کۆنەکاندا پێی دەگوترا باجی تێپەڕبوون و، لەوە دەچێ لە بنەڕەتدا بۆ هەمان

مەبەستی ڕەسمی بازگەی لای خۆمان، یان ڕەسمەکانی سەر کەناڵ و ڕووبارەکانی کەشتیوانیمان دامەزرابێ، بەمەبەستی بەردەوامیدان بە ڕێگەوبان و کەشتیوانی. ئەو باجانە، کاتێک بۆ ئەو جۆرە مەبەستە جێبەجێ دەکرێن، بە گونجاوترین شێوە بەگوێرەی قەبارە یان کێشی کاڵاکان دەسەپێنرێن. ئەمانە کە لە بنەڕەتدا خۆجێی و ناوچەیی بوون، بۆ مەبەستی خۆجێی و ناوچەیی گونجاو بوون، بەڕێوەبردنیان لە زۆربەی دۆخەکاندا بە شارۆکەیەک، ئەبرەشیەیەک، یان لۆردنشینێکی دیاریکراو سپێرران کە تیایدا کۆ دەکرایەوە، ئەو کۆمەڵگانە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێشبینی دەکرا لە سەپاندنیان بەرپرس بن. سەروەر، کە بە تەواوی بەرپرسیار نییە، لە گەلێ وڵاتدا بەڕێوەبردنی هەموو ئەم باجانە بۆ خۆی گل دەداتەوە و، ئەگەرچی لە زۆربەی دۆخەکاندا باجەکەی زۆر بەرز دەکردەوە، لە گەلێ دۆخدا بەتەواوی سەپاندنەکەی پشتگوێ دەخست. ئەگەر ڕەسمەکانی بازگەی بریتانیای مەزن هەرگیز ببنە یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی حکوومەت، دەبێ لە ئەزموونی گەلانی تر فێر ببین کە ئەنجامەکەی چۆن دەبێ. بێگومان ئەم جۆرە ڕەسمانە لە کۆتاییدا لەلایەن بەکاربەرەوە دەدرێن، بەڵام بەکاربەر کاتێک کە بەپێی بەها نا، بەڵکو بەپێی قەبارە و کێشی ئەوەی بەکاری دەبا باج دەدا، باجەکەی هاوڕێژەی خەرجییەکەی نابێ. کە ئەم باجانە بەپێی بەهای خەمڵێنراوی کاڵاکان، نەک بەپێی قەبارە یان کێش، دەسەپێنرێن، دەبنە جۆرێک لە گومرکی ناوخۆیی یان ڕەسمگەلێک کە زۆر ڕێگر بن لە گرینگترینی هەموو لقەکانی بازرگانی، کە بازرگانیی ناوخۆیی وڵاتەکەیە.

لە هەندێ وڵاتی بچووکدا باجگەلی هاوشێوەی ئەم باجی تێپەڕبوونانە بەسەر ئەو کاڵایانەدا سەپێنراون کە کاتێک لە وڵاتێکی بیانییەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگوازرێنەوە کە، چ بە وشکانیدا یان بە ئاودا، بەناو وڵاتەکەدا تێپەڕ دەبن. ئەمانە لە هەندێ وڵاتدا بە باجی ترانزێت ناسراون. هەندێک لە دەوڵەتە بچووکەکانی ئیتالیا کە لەسەر ڕووباری پۆ و ئەو ڕووبارانەی ترن کە دەڕژێنە ناوی، هەندێ داهات لە باجی لەم جۆرە بەدەست دێنن کە هەموویان لەلایەن بێگانانەوە دەدرێن و، لەوانەیە تەنیا باج بن کە وڵاتێک بتوانێ بەسەر ڕەعیەتی وڵاتێکی تردا بیسەپێنێ بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک ڕێگری لە پیشەسازی یان بازرگانییەکەی خۆی بکا. گرینگترین باجی ترانزێت لە دنیادا ئەوەیە کە پاشای دانمارک بەسەر هەموو ئەو کەشتییە بازرگانییانەدا سەپاندوویەتی کە بە ساونددا تێپەڕ دەبن.

ئەم جۆرە باجانە لەسەر جوانکارییەکان وەکو زۆرترین بەشی باجەکانی گومرک و ڕەسمەکانی، ئەگەرچی هەموویان بەبێ جیاوازی دەکەونە سەر هەموو جۆرە داهاتێکەوە و، لە کۆتاییدا یان بەبێ هیچ بەرامبەرێک، لەلایەن هەر کەسێکەوە کە ئەو کاڵایانە بەکار دەبا، کە بەسەریاندا سەپێنراون، دەدرێ، بەڵام هێشتا بەردەوام بە یەکسانی یان هاوڕێژە ناکەونە سەر هەموو تاکێک. کە حەزی هەموو کەسێک ئاستی بەکاربردنەکەی ڕێک دەخا،

هەموو کەسێک زیاتر بەپێی حەزی خۆی نەک هـاوڕێژە لەگەڵ داهاتەکەیدا بەشدار دەبێ، کەسـی دەسـتبڵاو زیـاتر و، کەسـی دەسـتگیراوە کەمتـر، لەوەی هـاوڕێژەی داهاتەکانیـانە بەشدار دەبن. لە سەردەمی منداڵیی کەسێکی خاوەن سامانی زۆردا، ئەو بەگشتی زۆر کەم بەشدار دەبێ لە پشتیوانیی ئەو دەوڵەتەی کە لەسایەی پشتیوانییدا داهاتێکی زۆری دەست دەکەوێ. ئەوانەی لە وڵاتێکی تردا دەژین هیچ بەشدارییەک لەڕێی بەکاربردنەوە ناکەن لە پشـتیوانیی حکـوومەتی ئەو وڵاتەدا کە سـەرچاوەی داهاتەکەیـانی لێیە. ئەگەر لەم وڵاتەی دوایـیدا بـاجی زەوی نەبـێ و، بـاجێکی زۆر لەسـەر گواسـتنەوەی خاوەنـداریی مـوڵکی نەگـوازراوە نەبـێ، وەک لە ئایرلانـد هەیە، نەبـوونی ئەمـانە لەوانەیە داهـاتێکی زۆریـان لە پارێزگـاریی حکـوومەت بۆ ئەو پشـتیوانییەی بە یەک شـیلینیش بەشـداریی تێدا نـاکەن، بۆ بەدەست بێنێ. ئەم نایەکسانییە، ئەگەری هەیە زۆرتر بێ لە وڵاتێکدا کە حکوومەتەکەی لە هەنـدێ ڕووەوە پشتبەسـتوو بێ بە هەنـدێکی تـر. ئەو خەڵکانەی گرانبایيترین موڵکیـان لە وڵاتە پشتبەســــتووەکەدا هەیە، لەم دۆخەدا وردەوردە ئەوە هەڵـــدەبژێرن کە لە وڵاتە حـوکمڕانەکەدا بـژین. ئایرلانـد بە تەواوی لەم دۆخەدایە و، لەبەر ئەوە، ئـێمە نـاتوانین بەلامانەوە سەیر بێ کە پێشنیازی سـەپاندنی باجێک بەسـەر ئەوانەدا کە دوورەوڵاتن لەو وڵاتەدا مـایەی پێشـوازییەکی زۆر بـێ. ڕەنـگە کەم سـەخت بـێ، جـۆری یـان ئاسـتی ئەو دوورەوڵاتییە دەستنیشان بکرێ کە وا دەکا مرۆڤ وەک دوورەوڵاتێک باج بخرێتە سەری، یان لە چ کاتێکی دیاریکراودا دەست بەوە بکرێ یان کۆتایی پێ بێ. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەگەر ئەم هەڵە جیـاوازەی لـێ دەربکەی، هەر نایەکسـانییەک لە بەشـداریی تاکەکانـدا کە لەوانەیە لەم جـۆرە باجـانەوە سـەر هەڵـدا زۆر لەوە زیـاتر دەبـێ کە بە هەمـان ئەو هەلـومەرجە چارەسـەر بکرێ کە بـووەتە هـۆی دروسـتبوونی نایەکسـانییەکە – ئەو هەلـومەرجەی کە هەموو کەسـێک خۆبەخشـانە بەشدار ببێ، بە تەواوی ئازاد بێ لەوەی ئەو کـالایەی بـاجی لەسەر بەکار ببا یان بەکاری نەبا. لەبەر ئەوە، کاتێک کە ئەو باجـانە بەشـێوەیەکی گونجـاو دەسەپێنرێن و، بەسەر کالای گونجاودا دەسەپێنرێن، بە ناقـابلییەکی کەمتر لە هەر بـاجێکی تـر دەدرێن. کاتێک کە لەلایەن بازرگـان یـان پیشەسـازەوە دەدرێن، ئەوەنـدەی پـێ نـاچێ تـاوەکو بەکـاربەر، کە لە کۆتاییـدا ئەو بـاجەکە دەدا، بـاجەکە و نرخـی کـالاکەی لـێ تـێکەڵ دەبێ و، لەوانەیە لە بیریشی بچێ کە باج دەدا.

ئەم باجــانە بەتەواوی دیــارن، یــان لەوانەیە بەتەواوی دیــار بــن، یــان بەجۆرێــک دەخەملێنرێن کە هیچ گومانێک نەهێڵنەوە لەبارەی ئەوەوە کە دەبێ چەند بدرێ یان کەی بدرێ، لەبارەی بڕ یان کاتی باجدانەکەوە. هەر ناڕوونییەک کە جارێک لە جاران دەرکەوێ، چ لە باجەکانی گومرکی بریتانیای مەزندا، یان لە باجەکانی تری هاوشێوە لە وڵاتـانی تـردا،

ئەو ناڕوونییە ناکرێ لە سروشتی باجەکەوە سەرچاوە بگرێ، بەڵکو لە شێوازی ناڕێک و ناشارەزایانەی دەربڕینەکانی ئەو یاسایانەوە سەرچاوە دەگرێ کە سەپاندوویانن.

بەگشتی باجەکانی سەر کاڵای خۆشگوزەرانی وردەوردە دەدرێن، یان بەردەوام دەکرێ بەو شێوەیە بدرێن، یان هاوڕێژە لەگەڵ کڕینی ئەو کاڵایانەی ئەم باجانەیان لەسەرە لەلایەن بەکاربەرەوە، بدرێن. هەموو باجەکان لە گونجاوترین کات و بەگونجاوترین شێوە دەدرێ، یان دەکرێ بدرێن. بەگشتی ئەم جۆرە باجانە زیاتر لە هەر باجێک گونجاون، یان لەوانەیە گونجاو بن، لەگەڵ سێ یەکەمینی ئەو چوار هەلومەرجەی پەیوەستن بە باجگرییەوە. بە هەموو جۆرێکیش لەگەڵ هەلومەرجی چوارەمدا ناکۆکە.

ئەم باجانە، هاوڕێژە لەگەڵ ئەوەی بۆ گەنجینەی گشتیی دەوڵەتی دێنن، بەردەوام زیاتر لە هەر باجێکی تر لە گیرفانی خەڵک دەردێنن، یان لە دەرەوەی گیرفانیانی دەهێڵنەوە. لەوە دەچێ ئەمە بە هەر ئەو چوار ڕێگە جیاوازەی ئەمەیان پێ ئەنجام دەدرێ، ئەنجامی بدەن.

یەکەم، سەپاندنی ئەم جۆرە باجانە، تەنانەت کە بە داناترین شێوە دەسەپێنرێن، پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر خانەی گومرک و فەرمانبەری باج هەیە، کە مووچە و پێویستییەکانیان باجێکی ڕاستەقینەن لەسەر خەڵک و، هیچ بۆ گەنجینەی دەوڵەت ناهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانرێ کە ئەم خەرجییە، لە بریتانیای مەزندا سووکترە لەوەی لە زۆربەی وڵاتانی تردا هەیە. لەو ساڵەدا کە لە پێنجی تەمووزی ١٧٧٥دا تەواو بوو، هەموو بەرهەمی باجە جۆراوجۆرەکان، لەسایەی ئیدارەی سپێرراوانی ڕەسم لە ئینگلتەرەدا ٥٥٠٧٣٠٨ پاوەن و ١٨ شیلین و هەشت پێنس و چارەکە پێنسێک بوو، کە خەرجیی کۆکردنەوەکەی کەمێک لە لەسەدا پێنج و نیو زیاتر بوو. بەڵام دەبوو ئەم بەرهەمە ئەوەی لێ دەرکرێ کە لەڕێی بەخشیش و گێڕانەوەی باجەوە بۆ هەناردەکردنی ئەو کاڵایانە دراوە کە ڕەسمیان لەسەر بووە، ئەمەش بەرهەمە پوختەکە بۆ کەمتر لە پێنج ملیۆن کەم دەکاتەوە. کۆکردنەوەی باجی خوێ، کە یەکێکە لە ڕەسمەکان، بەڵام لەسایەی بەڕێوەبەریی جۆراوجۆردا، زۆر بەخەرجیترە. داهاتی پوختی گومرکەکان ناگاتە دوو ملیۆن و نیو، کە بە خەرجییەکی زیاتر لە لەسەدا دە کۆ کراوەتەوە، کە مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی تر پێک دێنێ. بەڵام لە هەموو شوێنێکدا سەرمووچەی فەرمانبەرانی خانەی گومرک لە مووچەکانیان زۆرترە، لە هەندێ بەندەردا زیاترە لە دوو هێندە یان سێ هێندەی ئەو مووچانە. لەبەر ئەوە، ئەگەر مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی تر لە لەسەدا دەی پوختەی داهاتی گومرک بێ، ئەوە تەواوی خەرجیی کۆکردنەوەی ئەو داهاتە لەوانەیە بە مووچە و سەرمووچەکانەوە ببێتە زیاتر لە لەسەدا بیست یان سی. فەرمانبەرانی ڕەسم یان سەرمووچەیان نییە یان زۆر کەمیان هەیە و، گەندەڵی لە کارگێڕیی ئەم لقەی داهات، کە زۆر درەنگ دامەزراوە، بەگشتی کەمترە لەوەی گومرک، کە تەمەنی درێژی بووەتە

مـایەی دەرکەوتنـی گەلـێ پێشـێلکاری. ئەگەر هەمـوو ئەو داهـاتەی ئێسـتا لەڕێـی بـاجە جۆراوجۆرەکـانی سـەر مۆڵـت و ئەو خـواردنەوانەی لە مۆڵـت دروسـت دەکـرێن، بەتەنیـا بخـرێنە سـەر مۆڵـت، پێشـبینی دەکـرێ سـاڵانە زیـاتر لە ٥٠ هەزار پـاوەن لە خەرجیـی کۆکردنەوەی ئەو باجانە گل بدرێتەوە. بە قەتیسکردنی باجەکانی گومرک لە چەند جۆرێکی کەمـی کـاڵادا و، کۆکردنەوەیـان بەپێـی یاسـاکانی ڕەسـم، ئەگەری ئەوە هەیە سـاڵانە خەرجییەکی زۆری گومرک گل بدرێتەوە.

دووەم، ئەم جۆرە باجانە، وەکو پێویستییەک، دەبنە مایەی دەرکەوتنی هەندێ کۆسپ و ڕێگر بۆ هەندێ لقی دیاریکراوی پیشەسازی. ئەمانە کە بەردەوام نرخی ئەو کاڵایە بەرز دەکەنەوە کە بـاجی لەسـەرە، دەبـنە مـایەی سسـتکردنی بەکاربردنیـان و، لە ئاکامیشـدا بەرهەمهێنانیان سست دەکەن. ئەگەر کاڵاکە لە نیشتماندا بچێنرێ یان دروست بکرێ، ئەوە کـارێکی کەمتر بۆ چانـدن و بەرهەمهێنـانی بەگەڕ دەخـرێ. ئەگەر کـاڵایەکی بیـانی بێ، کە باجەکە نرخی بەرز دەکاتەوە، ئەو کاڵا خۆماڵییانەی لە هەمان جۆرن، بێگومـان، ئیمتیازێک بەسەر ئەواندا لە بازاڕی ناوخۆدا بەدەست دێنن و، بڕێکی زیـاتر لە پیشەسـازیی نـاوخۆیی ڕوو لە ئامادەکردنیـان دەکەن. بەڵام هەرچەنـدە ئەم بەرزبـوونەوەیە لە نرخـی کـاڵایەکی بیـانی، هـانی پیشەسـازیی نـاوخۆیی لە لقێکـی دیـاریکراودا دەدا، ئەوە وەکـو پێویسـتییەک پیشەسازیی ناوخۆیی لە نزیکەی هەموو لقەکانی تردا سست دەکا. پیشەسازی بێرمینگهام، چەند بە گرانتر شەرابە بیانییەکەی بکڕێ، ئەوەندە بە هەرزانتر ئەو بەشەی بەرهەمی خۆی دەفرۆشـێ، یـان کە هەمـان شـتە، نرخـی کـاڵاکەی خـۆی کەمتـر دەبـێ. کەواتە ئەو بەشـەی کـاڵاکەی خـۆی بەهـای کەمتـر دەبـێ و هانـدەری ئیشـەکەی سسـت دەبـێ. بەکـاربەران لە لادێیەکدا چەنـد بە گرانتـر بەرهەمـی زیـادی یەکێکـی تـر بکـڕن، ئەوەنـدە بەرهەمـی زیـادی خۆیان بە هەرزانتر دەفرۆشن. ئەو بەشەی بەرهەمی زیادیان بەهای کەمتر دەبێ و، کەمتر هان دەدرێن بۆ ئەوەی بڕەکەی زیاد بکەن. لەبەر ئەوە، هەموو باجەکانی سـەر کاڵاکانی بەکاربردن، ڕوویان لەوەیە بڕی کاری بەرهەمهێن کەمتر بکەن لەوەی بەبێ ئەوان هەیە، چ لە ئامـادەکردنی ئەو کاڵایـانەی باجیـان لەسـەرە، ئەگەر کـاڵای خۆمـاڵی بـن، یـان لە ئامـادەکردنی ئەوانەی کـڕراون، ئەگەر کـاڵای بیـانی بـن. هەروەهـا ئەم جـۆرە باجـانە، بەردەوام، زۆر یـان کەم، ئاراسـتەی سروشـتیی پیشەسـازیی نیشـتمانی دەگـۆڕن و، بەرەو کەنـاڵێکی دەبەن کە بەردەوام جیـاوازە و، بەگشـتی کەمسـوودترە لەوەی خـۆی هەڵـی دەبژێرێ.

سێیەم، هیوای ڕزگاربوون لەو جۆرە باجانە هەلی زۆر بۆ دەستبەسەرداگرتن و سزای تـر دەڕەخسـێنن، کە بەتەواوی مـایەی مـاڵوێرانین بـۆ قاچـاخچی، ئەو کەسـەی هەرچەنـدە مایەی ئەوپەڕی سەرکۆنەیە لەسەر پێشێلکردنی یاساکانی وڵاتەکەی، بەڵام زۆربەی جاران

نـاتوانێ ئەوانە پێشـێل بکـا کە بەسروشـت دادوەرانەن و، لە هەمـوو ڕوویەکەوە دەبـوونە هاووڵاتیی باش ئەگەر یاسـاکانی وڵاتەکەیـان ئەو کارەیان نەکردایەتە تاوانێک کە هەرگیز مەبەسـتی سروشـت نەبـووە وایـان لـێ بکـا. لەو حکـوومەتە گەنـدەڵانەدا کە بەلای کەمەوە گومانێکی گشتی لەسـەر زۆربەی خەرجییە ناپێویستەکانی و، خەرجکردنی خراپی داهـاتی گشـتی لەلایەن ئەوەوە هەیە، ئەو یاسـایانەی پارێزگـاریی لـێ دەکەن بە کەمـی ڕێزیـان لـێ دەگیرێ. ئەو خەڵکانەی بەبێ سڵەمینەوە قاچاخچییەتی دەکەن زۆر نین، کاتێک کە بتوانن بەبێ گزیکردن هەلی ئاسان و ئارام بۆ ئەنجامدانی بەدەست بێنن. پێشاندانی سڵکردنەوە لە کڕینی کاڵای قاچـاخ، سەرباری هەبوونی هاندەر بۆ پێشـێلکردنی یاسـاکانی داهـات و، ئەو لادەرییەی نـزیکەی بەردەوام هاوشـانیەتی، لە زۆربەی وڵاتانـدا وا دەکـا وەکـو یەکێـک لە بەشەکانی دووڕوویی بێ، کە لەجیاتی بەدەستهێنانی متمانەی هەر کەسێک، ببێتە مـایەی ئابڕووبردنی ئەو کەسـەی کە ئەنجامدانیان بیکاتە بەرگومـانی بوون بە فێڵبازێک زیاتر لە زۆربەی دراوسێکانی. بەم دەستشلکردنەی کۆمەڵگە، قاچاخچی زۆر جاران هان دەدرێ بۆ ئەوەی لە بازرگانییەکـدا بەردەوام ببـێ کە بەم شـێوەیە فێـر دەکـرێ بە شـێوەیەک لە شێوەکان بە بێتـاوانیی بزانـێ و، کە سزای قورسـی یاسـاکانی داهـاتی دەکەونە سـەر، زۆر جـاران بەتونـدی بەرگـری لەوە دەکـا کە ڕاهـاتووە بە مـوڵکی خـۆی بزانـێ. ئەوەی ئەو لە سەرەتادا بە لێزانیی دەزانـێ نەوەکو بە تـاوان، لە کۆتاییدا زۆر جار دەیکاتە بوێرترین و مکوڕترین پێشێلکارانی یاساکانی کۆمەڵگە. بە ڕووخاندنی قاچـاخچییەکیش، سـەرمایەکەی، کە پێشـتر کـاری بەرهەمهێنـی دەژیانـد، یـان دەچێتە سـەر داهـاتی دەوڵەتەوە، یـان دەبێتە داهـات بـۆ فەرمـابنەری داهـات و، لە ژیانـدنی کـاری بەرهەمنەهێنـدا بەگەڕ دەخـرێ و، سەرمایەی گشتیی کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە و، ئەو پیشەسازییە بەسـوودە کەم دەبێتەوە کە بەبێ ئەوە لەوانە بوو بەردەوامیی پێ بدا.

چوارەم، ئەم جۆرە باجانە، بەوەی کە بەلای کەمەوە مامەڵەکاران بەو کاڵایانەی باجیان لەسەرە دەکەنە ئامـانجی سـەردانی زۆر و پشـکنینی بێزارکەر لەلایەن بـاجگرانەوە، هەنـدێ جار بێگومان تووشی هەندێ سەرکوتکارییان دەکەن و، هەموو جارێکیش تووشی کێشە و بێزارییـان دەکەن و، ئەگەرچـی وەکـو ئەوەی پێشـتر گوتوومـانە، ئەگەر ڕاسـتگۆ بـین، خەرجیی نییە، ئەوە بێگومان هاوتای خەرجییەکە کە هەموو کەسێک پێی خۆشە خـۆی لـێ دەربـاز بکـا. یاسـاکانی وەرگرتنـی ڕەسـمەکان، ئەگەرچـی کـاریگەرترن بـۆ ئەو مەبەسـتەی لەپێنـاوی دامەزراون، زۆر بێزارکەرتـرن لە یاسـاکانی گـومرک. کاتێـک کە بازرگانێـک ئەو کاڵایانە هاوردە دەکا کە باجی دیاریکراوی گومرکیان لەسـەرە، کە ئەو باجـانە دەدا و، ئەو کاڵایانە دەخاتە کۆگەی خۆیەوە، لە زۆربەی دۆخەکاندا تووشی کێشە یـان بێزارکردنـی تر نـابێ لەلایەن فەرمـانەری خـانەی گـومرکەوە. دۆخەکە لەگەڵ ئەو کاڵایـانەی ڕەسـمیان

لەســەرە پـێچەوانەیە. مامەڵەکـاران ڕزگاریـان نـابێ لە ســەردان و پشـکنینی بەردەوامـی فەرمانبەرانی باج. بەم پێیە باجەکان نـامۆترن لەوانەی گومرک و، ئەو فەرمانبەرانەشـی کە کۆیان دەکەنەوە بەهەمان شێوەن. ئەو فەرمانبەرانە ئەگەرچی بەگشتی وا دیارە کە ئەرکی خۆیان وەکو فەرمانبەرانی گومرک بەتەواوی ئەنجام دەدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکە ناچاریـان دەکا زۆربەی جاران بێزارکەرتر بن بۆ هەنـدێ لە دراوسـێیەکانیان، وابەسـتەی کەسایەتییەکی ڕەق دەبن کە زۆربەی جاران لای ئەوانی تر بەدی نـاکرێ. لەگەڵ ئەوەشـدا لەوانەیە ئەم تێبینییە تەنیا تێبینیی ئەو مامەڵەکارە فێڵبازانە بێ کە ئیشـی قاچاخیـان بەهـۆی پابەندیی ئەو فەرمانبەرانەوە ڕێگەی لێ دەگیرێ.

لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەو ناڕەحەتییـانەی کە ڕەنـگە تـا ڕادەیەک لە باجەکـانی ســەر کـاڵای بەکاربردن جیا نەکرێنەوە، لەسەر خەڵکی بریتانیای مەزن زۆر سووکتر بن وەک لە خەڵکی هەر وڵاتێکی تر کە حکوومەتەکەی لە گرانیدا لەوەوە نزیکە. دەوڵەتی ئێمە بێ کەموکوڕی نییە و، لەوانەیە بشـێ ڕاسـت بکرێتەوە، بەڵام ئەوەنـدەی حکوومەتەکانی دراوسـێیەکانمان باشە یان لەوانیش باشترە.

لە ئاکامی ئەو بیرۆکەیەی پێی وایە کە باجەکانی سەر کاڵاکانی بەکاربردن بـاجی سـەر قـازانجی بازرگانـانن، ئەو باجـانە لە هەنـدێ وڵاتـدا لەسـەر هەمـوو فرۆشـتنێکی دوابەدوای یەکی کاڵاکان دووبارە دەبنەوە. ئەگەر قازانجەکانی بازرگانێکی هاوردەکار یان بازرگانێکی پیشەسـاز باجیـان خـرایە سـەر، یەکسـانی خـۆی وا پیشـان دەدا کە پێویسـتە قازانجەکـانی هەموو کڕیارانی ناوەڕاست کە دەکەونە نێوان هەر یەکێکیان و بەکاربەران، بەهەمان شێوە باجیان بخرێتە سـەر. لەوە دەچـێ ئەلکاڤالا(alcavala) ی بەناوبـانگی ئیسـپانیا لەسـەر ئەم بنەمایە دامەزرابێ. سەرەتا باجێکی لەسەدا دەیی بوو، دواتر بووە لەسەدا چواردە و، ئێستا لەسـەدا شەشە لەسـەر فرۆشتنی هـەر جـۆرە موڵکێک چ گواسـتراوە بێ یان نەگوازراوە و، هـەر جـارێکیش ئەو مـوڵکە بفرۆشـرێ ئەو بـاجە وەردەگیـرێ. کـۆکردنەوەی ئەم بـاجە پێویسـتی بە ژمـارەیەکی زۆر فەرمـانبەری داهـات هەیە کە بەشـی چاودێریی گواسـتنەوەی کاڵاکان بکەن، نەک لە پارێزگەیەکەوە بۆ پارێزگەیەک، بەڵکو لە دوکانێکیشەوە بۆ دوکانێکی تر. ئامانجەکانی ئەم باجە تەنیا مامەڵەکارانی هەندێ جۆری کـاڵا نین، بەڵکو مامەڵەکارانی هەموو کاڵاکانن، هەموو جووتیارانن، هەموو پیشەسازانن، هەموو بازرگان و دوکاندارانن، کە دەکەونە بەر ســەردان و پشـکنینی بەردەوامـی بـاجگرانەوە. لە بەشــی هەرە زۆری وڵاتێکدا کە باجێکی لەم جۆرەی تێدا دامەزراوە، نـاکرێ هـیچ شـتێک بـۆ فرۆشـتن لە دوور بەرهەم بهێنـرێ. دەبـێ بەرهەمــی هەمــوو بەشـێکی وڵاتەکە هــاوڕێژەی بەکــاربردنی دەوروبەرەکەی بـێ. بەم پێـیە، ئوسـتاریتز داڕمــانی پیشەســازیی ئیسـپانیا دەداتە پـاڵ

ئەلکاڤالاوە. ئەو دەتوانێ پاشەکشەی کشتوکاڵیش بداتە پاڵ ئەلکاڤالاوە، چونکە تەنیا بەسەر پیشەسازیدا نەسەپێنراوە، بەڵکو بەسەر بەرهەمی خاوی زەویشدا سەپێنراوە.

لە شانشینی ناپۆلی، باجێکی هاوشێوە هەیە، کە لەسەدا سێی هەموو بەڵێننامەیەکە و، لە ئاکامدا لەسەر هەموو گرێبەستێکی فرۆشتنە. ئەمەیان سووکترە لە باجە ئیسپانیاییەکە و، بەشی زۆری شارۆکە و ئەبرەشیەکان ڕێگەیان پێ دراوە قەرەبوویەکی لەجیاتی بدەن. ئەو قەرەبووە بەو شێوەیە کۆ دەکەنەوە کە پێیان باش بێ، بەگشتی بەشێوەیەک کە نەبێتە ڕێگر لە بازرگانیی ناوخۆیی ئەو شوێنە. لەبەر ئەوە باجە ناپۆلییەکە وەکو ئیسپانیاییەکە ڕووخێنەر نییە.

ئەو سیستەمە یەکانگیرەی باجگری کە هەندێ هەڵاوێردکاریی تێدایە، کە کاریگەریی زۆریان نییە، لە هەموو بەشە جیاجیاکانی شانشینی یەکگرتوو و بریتانیای مەزندا پەیڕەو دەکرێ، بازرگانیی ناوخۆیی وڵات، لە وشکانی و کەناراوەکاندا، نزیکەی تەواو ئازاد دەکا. بازرگانی لە وشکانیدا نزیکەی بەتەواوی ئازادە و، دەکرێ بەشی زۆری کاڵاکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری شانشینەکە بگوازرێنەوە بەبێ ئەوەی پێویست بە هیچ ڕێگەپێدانێک بکا، بەبێ ئەوەی پرسیاریان لێ بکرێ، یان تووشی سەردان یان پشکنینی فەرمانبەرانی داهات ببن. چەند هەڵاوێردکردنێکی کەم هەن، بەڵام ئەمانە بەجۆرێکن کە نەبنە ڕێگر لە هیچ لقێکی گرینگی بازرگانیی سەر وشکانی لە وڵاتەکەدا. لەڕاستیدا، ئەو کاڵایانەی لەڕێی کەناراوەکانەوە دەگوازرێنەوە، پێویستیان بە گەواهینامە یان ڕێگەپێدانی کەناراوەکان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر خەڵووزی لێ دەرکەی، نزیکەی هەموو ئەوانەی تر باجیان لەسەر نییە. ئەم ئازادییەی بازرگانیی ناوخۆیی، کە لەئاکامی یەکانگیریی سیستمی باجگرییە، لەوانەیە یەکێک بێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەی بریتانیای مەزن، لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتێکی گەورە وەک پێویستییەک باشترین و فرەوانترین بازاڕە بۆ زۆرترین بەشی بەرهەمە پیشەسازییەکانی خۆی. ئەگەر هەمان ئەو ئازادییە، لەئاکامی هەمان ئەو یەکانگیرییە، فرەوان ببێ و ئایرلاند و کێڵگەکان بگرێتەوە، مەزنایەتیی دەوڵەت و گەشەی هەموو بەشێکی ئیمپراتۆریاکە لەوانەیە لەوانەی ئێستاش زیاتر بن.

لە فرانسە، یاسا جۆراوجۆرەکانی داهات لە پارێزگە جیاجیاکاندا، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری داهاتیان پێویستە، نەک تەنیا بۆ دەورەدانی سنوورەکانی شانشینەکە، بەڵکو بۆ دەورەدانی سنووری نزیکەی هەموو پارێزگەکانیشی، بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاوردەکردنی هەندێ کاڵای دیاریکراو بکەن یان هەندێ باجدانی دیاریکراو بەسەر ئەو کاڵایانەدا بسەپێنن، ئەمەش دەبێتە ڕێگرێکی بەرچاو لە بازرگانیی ناوخۆیی. هەندێ پارێزگە ڕێگەی گردبوونەوەیان پێ دراوە لەپێناو گابێل یان باجی خوێدا. هەندێکی تر تەواو لەم باجانە بەخشراون. هەندێ پارێزگە لە دەرەوەی ئیمتیازی فرۆشتنی تووتن، کە بەڕێوەبەرایەتیی

گشـتیی جووتیـاران له زۆربەی پارێزگەکـانی شانشـینەکەدا هەیەتـی. ئەو پارمەتییـانەی هاوشـێوەی ڕەسـمەکانی ئینگلـتەرەن، له پـارێزگە جیاجیاکانـدا جیـاوازیی زۆریـان تێدایە. هەنـدێ پـارێزگە لەسـەریان هەڵگیـراوە و، قەرەبـوویەکی یەکسـان بەو بـاجە دەدەن. لەو پارێزگـانەی کە دەیـدەن، له کێڵگەدا، گەلـێ بـاجی خۆجێی هەن کە لەوانەی شـارۆکە یـان پـارێزگەیەکی دیـاریکراو زیـاتر نـین. تغەتـێ (traité) کە هاوشـێوەی گومرکەکانمـانە، شانشینەکەیان دابەش کردووەتە سەر سێ بەشی گەورە، یەکەم، ئەو پارێزگانەی تـاریفەی ١٦٦٤یـان لەسـەرە کە پێیـان دەگـوترێ پارێزگەکـانی پێنج کـێڵگە مەزنەکە و، پیکـاردی و نۆرمانـدی و بەشـی زۆری پارێزگەکـانی نـاوەوەی شانشـینەکە لەخۆ دەگرن، دووەم، ئەو پارێزگـانەی تـاریفەی ١٦٦٧یـان لەسـەرە کە بە پارێزگـا بەبیـانی دانراوەکـان ناسـراون و، بەشـی زۆری پـارێزگە سـنوورییەکانن و، سـێیەم، ئەو پارێزگـانەی دەڵـێن وەکـو بیـانی مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـرێ، یـان کە لەبەر ئەوەی ڕێگەیـان پـێ دراوە ئـازادانە بازرگـانیی دەرەکـی بـکەن، له بازرگـانی لەگەڵ پارێزگەکـانی تـری فرانسـەدا هەمـان باجەکـانی سـەر وڵاتـانی تـری بیانییـان دەخـرێتە سـەر. ئەمـانە بـریتین له ئالسـاس، سـێ مەڵبەنـدەکەی ئوسـقوفانی مێـتس، تـوول و، ڤێـردان و، سـێ شـاری دەنکێـغـک، بەیـۆن و، مارسـیل. له پارێزگەکـانی پێنج کـێڵگە مەزنەکە (ئەم ناوەیـان لـێ نـراوە بەهـۆی دابەشـکردنێکی کـۆنی باجەکانی گومرک بۆ پێنج لق، ئەگەرچی ئێسـتا هەموویان له یەک لقدا یەکیان گرتووە) و، لەوانەی کە دەڵـێن بە بیـانی دەژمێـررێن، گەلـێ بـاجی خۆجێی هەن کە تەنیـا له سـنووری شارۆکەیەک یان ناوچەیەکی دیاریکراودان. هەندێکی لەم جۆرە تەنـانەت لەو پارێزگانەشـدا هەن کە دەگـوترێ وەک بیـانی مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـرێ، بەتـایبەتی له شـاری مارسـیل. پێویسـت نییە تێبینی بکرێ چەند زۆرن ئەو کۆت و بەنـدانەی سـەر بازرگـانیی نـاوخۆیی وڵات و، چەند پێویستە ژمـارەی فەرمـانبەرانی داهـات، کە بۆ چـاودێریی سـنوورەکانی ئەم پارێزگە و نـاوچە جیاجیـایانەی سیسـتمی جۆراوجۆری باجیـان تێدا پەیڕەو دەکـرێ، زیـاد بکرێ.

سەرباری کۆت و بەندە گشتییەکانی ئەم سیستمە ئاڵۆزەی یاساکانی داهات، بازرگـانیی شـەراب، کە ڕەنـگە دوای گەنمەشـامی گرینگتـرین بەرهەمـی فرانسـە بـێ، له زۆربەی پارێزگەکان کۆت و بەندی تایبەتی لەسەرە، کە له گرینگیدان بە ڕەزەکانی ترێ له هەندێ پـارێزگەوە سـەریان هەڵـداوە، کە سـەرباری کـۆت و بەنـدەکانی تـرن. مـن پـێم وایە کە بەناوبانگترین پارێزگەکان بەهـۆی شـەرابەکەیانەوە ئەوانە بن کە کەمترین کۆت و بەندی لەم جۆرەیـان خسـتووەتە سـەر ئەو بـابەتە. بـازاڕی فرەوانـی ئەو جۆرە پارێزگـانە، هـانی بەڕێوەبردنی باشی کشتوکاڵی ڕەزەکانی ترێ و ئامادەکردنی شەرابەکەیان دەدا.

له فرانسـەدا ئەم یاسـا جۆراوجـۆر و ئـاڵۆزانەی داهـات نـامۆ نـین. دۆقنشـینی بچـووکی میلان دابەش کراوەتە سەر شەش پارێزگە، هەر یەکێکیـان سیسـتمێکی جیـاوازی بـاجگریی هەیە بۆ چەنـدان جـۆر کـاڵای جیاجیـای بەکـاربردن. هەرێمە بچـووکترەکەی دۆقـی پارمـا دابەش کراوەتە سـەر سێ یان چوار پارێزگە، کە بەهەمـان شـێوە هەر یەکێکیـان سیسـتمی بـاجگریی تـایبەت بەخـۆی هەیە. لەسـایەی ئەم کـارگێڕییە پـووچەدا، هـیچ شـتێک جگە لە بەپیتیـی زۆری خـاک و کەش و هەوای بـاش، نـاتوانێ ئەو وڵاتـانە لە هەڵـدێران بەرەو نزمترین ئاستی هەژاری و پاشاگەردانی بپارێزێ.

باجەکانی سەر کاڵاکانی بەکاربردن یان لەڕێی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە کۆ دەکرێنەوە کە فەرمـانبەرانی لەلایەن حکـوومەتەوە دامەزراون و ڕاسـتەوخۆ بەرامـبەر بە حکـوومەت بەرپرسیارن، داهاتەکانیش بەم پێیە لە ساڵێکەوە بۆ سـاڵێک بەهـۆی جیـاوازیی بەرهەمـی باجەکان گۆڕانکاری بەخۆیانەوە دەبینن، یان لێیان دەگەڕێن لە کێڵگەدا بە کرێیەکەی دیـار بدرێن و، ڕێگە بە کێڵگەدارەکە دەدرێ فەرمانبەرانی خۆی دامەزرێنێ، ئەوانیش هەرچەنـدە ناچـارن بـاج بەو شـێوەیە کـۆ بـکەنەوە کە یاسـا دیـاری کـردووە، دەکەونە ژێـر پشـکنینی ڕاستەوخۆی کێڵگەدارەکە و ڕاستەوخۆ لە بەردەم کێڵگەدارەکەدا بەرپرسیارن. باشـترین و هەرزانتـرین ڕێـگە بـۆ کـۆکردنەوەی بـاج هەرگیـز لەڕێـی بەکێڵگەکـردنەوە نـابێ. چـونکە سەرباری ئەوەی کە پێویستە کرێی دیاریکراو بدا، کێڵگەدارەکە مووچەی فەرمانبەرەکـان و تەواوی خەرجیـی بەڕێـوەبردنەکە دەدا و، بە بەردەوامـی دەبـێ لە بەرهەمـی بـاجەکە قـازانجێکی دیـاریکراوی دەسـت بـکەوێ کە بەلای کەمەوە هـاوڕێژە بـێ لەگەڵ ئەوەی کە داویەتی و، ئەو مەترسییەی کە تێوەی گلاوە، ئەو کێشەیەی تێی کەوتووە و، ئەو زانـین و شـارەزاییەی کە پێویسـتن بـۆ بەڕێوەبردنی کارێکی لەم شـێوەیە. حکـوومەت کە، بەهەمـان شێوەی ئەوەی کێڵگەدارەکە، کـارگێڕییەک دادەمەزرێنـێ و لەژێر چـاودێریی ڕاسـتەوخۆی خـۆی دەبـێ بەلای کەمەوە ئەو قـازانجەی کـێڵگەدارەکەی بـۆ دەگەڕێـتەوە، کە بەردەوام زۆرە. بەکێڵگەکردنی هەموو لقێکی گەورەی داهاتی گشتی پێویستی بە سـەرمایەیەکی زۆر، یان متمانەیەکی زۆر، هەیە، ئەمانەش هەلومەرجێکی ڕێگرن لە کێبەرکێ لەسـەر ئەم جـۆرە ئیشـە و تەنیـا لە چەنـد کەسـێکی کەمـدا سـنووورداری دەکەن. لەو خەڵـکە کەمەشـی ئەو سـەرمایەیە یـان ئەو متمانەیەیـان هەیە، ژمـارەیەکی کەمتریـان زانیـاری و شـارەزایی پێویستیان لەم بوارەدا هەیە، ئەمەش هەلومەرجێکی تری ڕێگرە لە کێبەرکێ. ئەو ژمـارە زۆر کەمەی دەتوانن ببنە کێبەرکێکەر، بۆیان دەردەکەوێ کە بەرژەوەندیان وا دەخوازێ بەیەکەوە گرد ببنەوە، بۆ ئەوەی ببنە هاوبەش لەجیاتی ئەوەی ببنە کێبەرکێکەر و، کاتێک کە کێڵگە دەخرێتە مەزاتەوە، تەنیا ئەو کرێیەی پێ دەدەن کە زۆر لە بەهـای ڕاسـتەقینەی خۆی کەمترە. لەو وڵاتانەی تیایاندا داهاتی گشتی بە کێڵگە دراوە، کێڵگەدارەکان بەگشتی

دەوڵەمەندترین خەڵکن. تەنیا سامانی ئەوان سەرنجی تووڕەیی خەڵک بەکێش دەکا و، ئەو لــووتبەرزییەی کە نــزیکەی بەردەوام هاوشـــانی ئەو جـــۆرە ســـامانە زۆرانەیە، ئەو خۆدەرخستنە گەمژانەیەی بەگشتی دەوڵەمەندیی پێ دەردەبڕن، زیاتر خەڵک تووڕە دەکەن.

کێڵگەداری خاوەن داهاتی گشتی، هەرگیز ئەو سزایانەی بەلاوە قورس نییە کە یاسا بۆ هەمـوو خـۆدزینەوەیەک لە باجـدان دایناون. ئەوان دڵیـان بـۆ بەشـداربووەکان لـێ نـادا کە رەعیەتی خۆیان نین و، مایەپووچبوونیان، ئەگەر ڕۆژی دوای کۆتایی وادەی بەکێڵگەدانەکە ڕوو بـدا، ئەوەنــدە کــار لە بەرژەوەنــدییان ناکــا. لەبــارەی گەورەتــرین خەرجییەکــانی دەوڵەتەوە، کاتێک کە سەوەر پەرۆشی داهاتی خۆی بێ زۆرترین دەبێ، ئەوان بەدەگمەن بـێ گلەیـی نـابن لە نەبوونی یاسـای تونـدتر لەوەی کە هەیە و گلەیـی دەکەن لەوەی بەبـێ ئەوە مەحـاڵە بتـوانن کرێـی ئاسـایی کـێڵگە بـدەن. لە کـاتی ئەو تەنگـانە گشـتییانەدا ئەوان دەست لە داخوازییەکانیان بەر نادەن. لەبەر ئەوە یاساکانی داهات وردەوردە توندتر دەبن. توندترینیشـــیان لەو وڵاتـــانەدا دەبینـــرێن کە بەشــــی زۆری داهـــات بە کـــێڵگە دراوە، سووکترینیشـیان لەو وڵاتـانەدان کە لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سـەروەردا داهـات کۆ دەکرێتەوە. تەنـانەت سـەروەرێکی خـراپیش دڵـی بـۆ مـیللەتەکەی دەسـووتێ، زیـاتر لەوەی کێڵگەدار دڵـی بە داهـاتەکەی دەسـووتێ. ئەو دەزانـێ کە گەورەیـی بەردەوامـی بنەمـاڵەکەی پشــت بە گەشــەی مـیللەتەکەی دەبەســتێ و، هەرگیــز بە ئەنقەســت ئەو گەشــەدارییە بــۆ بەرژەوەنـدیەکی کـاتیی خـۆی تێک نـادا. بـۆ کـێڵگەدارەکە ئەمە بەشـێوەیەکی تـرە، زۆریـی داهـــاتەکەی لەوانەیە زۆربەی جـــاران لە ئەنجـــامی دارمـــانی خەڵـــکەکە بـــێ نەوەکـــو گەشەکردنیان.

هەنـدێ جـار باجێک بەکێڵگە نـادرێ بەرامـبەر کرێیەکـی دیـاریکراو، بەڵکو کێڵگەدارەکە سەرباری ئەوە ئەو کاڵایانەش قۆرخ دەکا کە باجیـان لەسـەرە. لە فڕانسـە، باجەکـانی سـەر تـووتن و خـوێ بەم شـێوەیە کـۆ دەکرێنەوە. لەم دۆخـانەدا کـێڵگەدارەکە، لەجیـاتی ئەوەی یەکێک، دوو قازانجی زۆر لە خەڵک دەسێنێ، قازانجی کێڵگەداری و، قـازانجە زۆرتـرەکەش کە قــازانجی قۆرخکــارییە. لەبەر ئەوەی کە تــووتن کــاڵایەکی خۆشــگوزەرانییە، هەمــوو کەسـێک بە ئـارەزووی خـۆی دەیکـڕێ یـان نـایکڕێ. بەڵام خـوێ، کە پێویسـتییەکە، هەمـوو کەسێک ناچـار دەکـرێ بڕێکـی دیـاریکراو لە کـێڵگەدارەکە بکـڕێ، چـونکە ئەگەر ئەو بـڕە لە کێڵگەدارەکە نەکڕێ، پێشبینی دەکرێ کە لە قاچاخچییەکی کڕیبێ. باجەکـانی سـەر هەردوو کاڵاکە گەلێ زۆرن. دنەدەری قاچاخچییەتی پێیانەوە بۆ زۆر کەس بەرگەنەگیراوە، لەهەمان کاتیشـدا تونـدیی یاسـا و چـاوکراوەیی فەرمـانبەرانی کـێڵگەدار وا دەکەن کە ملدان بـۆ ئەو دنەدەرە وێـرانکەر بـێ. قاچـاخچییەتیکردن بە خـوێ و تـووتنەوە، سـاڵانە سـەدان کەس ڕەوانەی کاری بێگاری سەر کەشتییەکان دەکا، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆریش هەواڵەی

سێداره دەکا. ئەو باجانەی بەم شێوەیە کۆ دەکرێنەوە داهاتێکی یەکجار زۆریان بۆ حکوومەت هەیە. لە ساڵی ۱۷٦۷دا، کێڵگەی تووتن بە ۲۲٥٤۱۲۷۸ لیرە ساڵانە بەکرێ درا. کێڵگەی خوێ بە ۳٦٤۹٤٤۰٤ لیرە درا. هەردوو بەکرێدانەکە لە ساڵی ۱۷٦۸دا دەستیان پێ دەکرد و ماوەی شەش ساڵ بەردەوامییان دەبوو. ئەوانەی خوێنی خەڵکیان بەلاوە هیچ نەبوو بە بەراورد لەگەڵ داهاتی میر، ئەم شێوازەی کۆکردنەوەی باجیان بەلاوە پەسەند بوو. باج و قۆرخکاریی هاوشێوەی خوێ و تووتن لە گەلێ وڵاتی تردا پەیڕەو کران، بەتایبەتی لە ناوچەکانی سەر بە نەمسا و پرووسیا و، لە بەشی زۆری دەوڵەتەکانی ئیتالیا.

لە فرانسە، بەشی زۆری داهاتی کردەنیی تاج لە هەشت سەرچاوەوە دەهاتن، تایێ، سەرانە، دوو ڤەنگتییەمەکە، گابێل، یارمەتی، تغیتی، دومێن و، کێڵگەی تووتن. ئەم پێنجەی دوایی، لە زۆربەی پارێزگەکاندا بەشێوەی کێڵگە بوون. ئەو سێیەی یەکەم لە هەموو شوێنێکدا لەلایەن کارگێڕییەکەوە کۆ دەکرانەوە کە لەژێر پشکنین و ئاراستەکردنی ڕاستەوخۆی حکوومەتدا بوو و، بە ئاشکرا ڕادەگەیەنرا کە هاوڕێژە لەگەڵ ئەوەی لە گیرفانی خەڵکی دەردەکەن دەچنە ناو گەنجینەی میرەوە، زیاتر لەوەی پێنجەکەی تر، کە خەرجی و لەدەستدانی زۆری هەبوو.

وا دەردەکەوێ کە کاروباری دارایی فرانسە لە دۆخی ئێستایاندا سێ چاکسازیی ئاشکرایان گرتبێتە بەر. یەکەم، بە هەڵوەشاندنەوەی تایێ و سەرانە و، بە زیادکردنی ژمارەی ڤەنگتییەمەکان، بۆ ئەوەی داهاتێکی زیاتر بەرهەم بێنن کە یەکسان بێ بە بڕی ئەو باجانەی تر، دەکرێ داهاتی تاج بپارێزرێ، خەرجیی کۆکردنەوەی داهاتەکەش کەم بکرێتەوە، تەواو ڕێگە لە تووڕەیی توێژە نزمەکانی خەڵک کە تایێ و سەرانەیان لەسەرە، و، توێژە باڵاکانیش لە ئێستا زیاتر بارگران نابن. من پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە ڤەنگتییم باجێکە زۆر نزیک لەوەی لە ئینگلتەرە بە باجی زەوی ناسراوە. ئاشکرایە کە تایێ، لە کۆتاییدا دەکەوێتە سەر خاوەنی زەوی و، زۆربەی سەرانەکانیش دەکەونە سەر ئەوانەی کە ئامانجن بۆ تایێ کە بڕێکە بەرامبەر هەر پاوەنێک لە باجەکەی تر، لە کۆتاییشدا دەبێ هەمان توێژی خەڵک بیدەن. لەبەر ئەوە، ئەگەرچی ژمارەی ڤەنگتییەمەکان زیاد بکرێ بۆ ئەوەی هەمان بەرهەمی ئەو دوو باجەیان هەبێ، توێژی باڵای خەڵک زیاتر لە ئێستایان ناکەوێتە سەر. لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە کەسان، بەهۆی نایەکسانیی زۆر لە سەپاندنی تایێ بەسەر موڵک و کرێچییەکانی تاکە جیاوازەکانەوە، ناقایل بن. بەرژەوەندی و ناقایلیی ئەو تاکە پەسەندانە لەوانەیە ئەو کۆسپانە بن کە ڕێگری لەم چاکسازییە یان هەر چاکسازییەکی تری هاوشێوە بکەن. دووەم، بە گۆڕینی گابێل و یارمەتی و تغیتێکان بە باجی سەر تووتن، هەموو باج و ڕەسمەکان لە سەرتاسەری شانشینەکەدا یەکدەخرێن، ئەم باجانە بەم شێوەیە بە تێچووی کەمتر کۆ دەکرێنەوە و، بازرگانیی ناوخۆی شانشینەکە

وەکو ئەوەی ئینگلتەرە ئازاد دەبێ. سێیەم و کۆتایی، بەوەی کە هەموو ئەم باجانە بخرێنە بەر دەستی یەک بەڕێوەبەرێتییەوە کە ڕاستەوخۆ حکوومەت چاودێری و ئاراستەی بکا، دەشێ قازانجی زۆری کێڵگەدارەکان بخرێتە سەر داهاتی دەوڵەت. ئەو ناقابیلییەی لە بەرژەوەندی تایبەتی تاکەکانەوە سەر هەڵدەدا لەوانەیە بۆ ڕێگری لەم دوو چاکسازییەی دووەم هەر هێندەی ئەو پلانی چاکسازییەی یەکەم جار ئاماژەمان بۆی کرد کاریگەر بێ.

لەوە دەچێ سیستمی باجی فەڕانسەیی، لە هەموو ڕوویەکەوە لە خوارووی ئەوەی بریتانیاوە بێ. لە بریتانیای مەزندا، ساڵانە دە ملیۆن ئیستەرلینی لە کەمتر لە هەشت ملیۆن کەس کۆ دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی بتوانرێ بگوترێ کە هیچ توێژێکی خەڵک ستەمی لێ کراوە. لە کۆکراوەکانی ئەبێ ئێکسپیلی و، تێبینییەکانی نووسەری "وتار لەسەر یاسا و بازرگانیی گەنمەشامی"، دەردەکەوێ کە لەوانەیە فەڕانسە، بە ناوچەکانی لوغێن و باغ، نزیکەی ٢٣ یان ٢٤ ملیۆن کەس لەخۆ بگرێ، کە ڕەنگە سێ هێندەی خەڵکی بریتانیای مەزن بن. خاک و کەشوهەوای فەڕانسە باشترن لەوانەی بریتانیای مەزن. لادێکانی ماوەیەکی درێژترە چاککراو و کشتوکاڵکراون و، بەم پێیە، ماڵی زیاتری هەیە لە هەموو ئەو شتانەی ماوەی زۆریان بۆ پێگەیشتن و کەڵەکەکردن دەوێ، وەک شاری گەورە و خانووی خۆش و تۆکمە لە شار و لە لادێدا. بەم ئیمتیازانەوە لەوانەیە پێشبینی بکرێ کە، بە کەمێ نارێکیی هاوشێوەی ئەوەی لە بریتانیای مەزندا دە ملیۆنی پێ کۆ کرایەوە، دەکرێ لە فەڕانسە بۆ پشتیوانیی دەوڵەت ٣٠ ملیۆن کۆ بکرێنەوە. لە ساڵانی ١٧٦٥ و ١٧٦٦دا، تەواوی ئەو داهاتەی بە گەنجینەی فەڕانسە دراوە، بەپێی باشترین تۆمارەکانی کە دەستم پێیان گەیشت و زۆر بە ناتەواویان دەزانم، لەنێوان ٣٠٨ و ٣٢٥ ملیۆن لیرە بووە، واتە نەیکردووە ١٥ ملیۆن ئیستەرلینی، کە نیوەی ئەوەیە کە لە بەشدارییەکی خەڵکەوە هاوشێوەی ئەوەی بریتانیای مەزن بەدەست دێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەگشتی وا باوە کە ئەو ستەمەی لەڕێی باجەوە لە خەڵکی فەڕانسە دەکرێ زیاترە لەوەی لە خەڵکی بریتانیای مەزن دەکرێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە فەڕانسە، دوای بریتانیای مەزن، ئەو ئیمپراتۆریا مەزنەیە کە خاوەنی نیانترین و لێبوردەترین حکوومەتە.

لە هۆڵاند باجی زۆری سەر پێویستییەکانی ژیان، وەک دەڵێن، پیشەسازییە سەرەکییەکانیانی ڕووخاند و، لەوە دەچێ وردەوردە ببێتە مایەی هاننەدانی ماسیگەکانیان و بازرگانیی دروستکردنی کەشتی لای ئەوان. باجەکانی سەر پێویستییەکانی ژیان لە بریتانیای مەزندا زۆرن و، تا ئێستا هیچ پیشەسازییەکیان نەڕووخاندووە. باجەکانی بریتانیا کە باری زۆر گرانن بەسەر پیشەسازانەوە ئەوانەن کە لەسەر هاوردەکردنی کەرەستەی خاون، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر هاوردەکردنی ئاوریشمی خاون. لەگەڵ ئەوەشدا، داهاتە گشتییەکانی دەوڵەتان و شارە جۆراوجۆرەکان، وەک دەڵێن، زیاترن لە

پێنج ملیۆن و ٢٥٠ هەزار پاوەنی ئیستەرلینی و، کە دانیشتووانی پارێزگە یەکگرتووەکان نەتوانن زیاتر نەبن لە سێیەکی دانیشتووانی بریتانیای مەزن، دەبێ هاوڕێژە لەگەڵ ژمارەکەیاندا، باجی زیاتریان بخرێتە سەر.

دوای ئەوەی گشت ئەو بابەتانەی بۆ سەپاندنی باج بەسەریاندا گونجاون لەبن هاتن و، دۆخەکە بەردەوام بوو لەوەی باجی نوێ بخوازێ، دەبێ باج بەسەر بابەتی نەگەنجاودا بسەپێنرێ. باجەکانی سەر پێویستییەکان، ئەو کاتە لەوانەیە نەبنە لەنگی بۆ ئاوەزی ئەو کۆمارە کە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی سەربەخۆیی، سەرباری دەستگرتنەوەی زۆر لە خەرجییەکاندا، کەوتە ناو ئەو جۆرە شەڕە پڕ خەرجییانەی ناچاری وەرگرتنی قەرزی گەورە دەکەن. وڵاتانی تەنیای وەک هۆڵاند و زیلاند، سەرباری ئەوەی پێویستیان بە خەرجیی زۆر هەیە تەنانەت بۆ پاراستنی بوونی خۆیان، یان بۆ ڕێگری لەوەی دەریا قووتیان بدا، کە بەشداریی زیادبوونی زۆری بارگرانیی باجیان لەم دوو هەرێمەدا کردووە. لەوە دەچێ شێوازی کۆماریی حکوومەت پشتیوانی سەرەکیی مەزنیی ئێستای هۆڵاند بێ. خاوەن سەرمایە گەورەکان، بنەماڵە بازرگانییە گەورەکان، بەگشتی کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بەسەر بەڕێوەبردنی ئەو حکوومەتەوە هەیە. لەپێناو ئەو ڕێز و دەسەڵاتەی لەم دۆخەوە بەدەستیان هێناوە، ئەوان ژیانیان لە وڵاتێکدا کە تیایدا سامانەکەیان، ئەگەر خۆیان بەگەڕی بخەن، قازانجی کەمتریان بۆ بەدەست دێنێ و، ئەگەر بە قەرز بە کەسی تری بدەن، سوودی کەمتری دەبێ و، کە تیایدا ئەو داهاتە مامناوەندیەی لەو سەرمایەیە بەدەستی دێنن پێویستی و خۆشگوزەرانیی کەمتریان بۆ دەکڕێ، پێ خۆشترە لە هەر بەشێکی تری ئەورووپا. جێنشینبوونی ئەو جۆرە خەڵکە دەوڵەمەندە، سەرباری هەموو زیانەکان، ئاستێکی دیاریکراوی پیشەسازی لە وڵاتەکەدا دەژێنێ. هەر کارەساتێکی گشتی کە شێوازی کۆماریی حکوومەت برووخێنێ، تەواوی ئیدارەی وڵات بخاتە دەستی خانەدانان و سەربازانەوە، تەواوی گرینگیی ئەم بازرگانە دەوڵەمەندانە لەناو ببا، هەر زوو وا دەکا پێیان خۆش نەبێ لە وڵاتێکدا بژین کە چی تر ڕێزیان لێ نەگرێ. ئەوان نشینگە و سەرمایەکانی خۆیان بۆ وڵاتێکی تر دەگوازنەوە و، پیشەسازی و بازرگانیی هۆڵاند زووبەزوو دەکەونە دوای ئەو ئەو سەرمایانەی کە پشتیوانییان لێ دەکەن.

بەشی سێیەم
قەرزی گشتی

لە دۆخی سەرەتایی کۆمەڵگەدا، پێش فرەوانبوونی بازرگانی و پێشکەوتنی پیشەسازی، پێش ئەوەی ئەو کەرەستانەی خۆشگوزەرانیی گرانبایی کە تەنیا بازرگانی و پیشەسازی بەرهەمیان دێنن بوونیان هەبێ، ئەو کەسە داهاتێکی زۆری دەست دەکەوت، وەک هەوڵم داوە لە کتێبی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پیشانی بدەم، ئەو کەسەی ئەو داهاتەی دەبوو هیچ رێگەیەکی تری لەپێش نەبوو بۆ خەرجکردن یان سوودوەرگرتن لێی جگە لەوە تا پێی دەکرێ خەڵکی پێ بژێنێ. لەوانەیە بگوترێ کە داهاتێکی زۆر لە گشت کاتەکاندا پێک دێ لە بەردەستخستنی بڕێکی زۆری پێداویستییەکانی ژیان. لە دۆخە سەرەتایی و سادەکاندا بەگشتی بڕێکی زۆری بۆ ئەو پێویستییانە، لە کەرەستەکانی خۆراکی ئاسایی و پۆشاکی سادە، لە گەنمەشامی و مالات، لە خوری و پێستەی خاودا، خەرج دەکرێ. کاتێک کە نە بازرگانی و نە پیشەسازی هیچ ناخەنە ڕوو کە خاوەنی ئەو داهاتە زۆرە بتوانێ زۆرترین بەشی ئەو کەرەستانەی کە زیادن لە بەکاربردنی خۆییان پێ بگۆڕێتەوە، ئەو بەو زیادەیە هیچی پێ ناکرێ جگە لە ناندان و پۆشتەکردنی ئەوەندە خەڵکەی دەتوانی نانیان بدا و پۆشتەیان بکا. لەم جۆرە دۆخەدا، میوانداریيەک کە هیچ زێدەڕۆیی و خۆهەڵکێشانی پێوە دیار نەبێ خەرجیی بنەڕەتیی دەوڵەمەندەکانە. بەڵام ئەم جۆرە خەرجییانە، کە بەهەمان شێوە و لە هەمان کتێبدا هەوڵم داوە بیخەمە ڕوو، ئەو جۆرە خەرجییە نین کە مرۆڤ خۆیانی پێ برووخێنن و مایەپووچ ببن. لەوانەیە هیچ چێژوەرگرتنێکی پووچی خۆپەرستانە نەبێ کە هەندێ جاران کەسەکەیان ماڵوێران نەکردبێ. خولیای شەڕەکەڵەشێر ماڵی زۆر کەسی وێران کردووە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەو دۆخانەی کە تیایاندا میوانداری یان خەرجیی زۆری لەو بابەتە کە ماڵی خەڵکیان وێران کردووە ئەوەندە زۆر نین وەک ئەوەی میوانداریی زێدڕۆیانەی خۆشگوزەرانی کردوویانە. لەنێو پێشینانی فیوداڵی ئێمەدا، ئەو ماوە دوور و درێژانەی تیایاندا هەمان خێزان لەناو یەک موڵکدا ژیاوە نیشانەی ئەوەن کە خەڵک بەگشتی ڕووی لەوە بووە لە سنووری داهاتی خۆی دەرنەچێ. ئەگەرچی میوانداریی لادێیانە کە بەردەوام لەلایەن خاوەن زەویی زۆرەوە ئەنجام دراون، لەوانە نییە وەک ئەوەی لە سەردەمی ئێستاماندا هەیە، پەیوەست بووبێ بەو دیدەی ئێمەوە کە پێمان وایە لە ئابووریی باش جیا ناکرێتەوە، دەبێ وایان تێ بگەین کە بەو شێوەیە نەبوونە هەموو داهاتی ئەو کەسانەیان تێدا خەرج کراوە. ئەوان بەگشتی بەشێکیان لە خوری و پێستەی خاویان بەپارە فرۆشتووە. لەوانەیە بەشێکیان لەو پارەیە بۆ کڕینی هەندێ

کەلپەلی جوانکاری و خۆشحاڵی خەرج کردبێ کە لەو کاتانەدا هەلی کڕینیان هەبووە. بەڵام لەوە دەچێ بەگشتی بەشێکیان کۆ کردبێتەوە. لەڕاستیدا لەوانەیە ئەوان جگە لە کۆکردنەوەی ئەو پارەیەی لێیان زیاد بووە هیچی تر نەبووە بەو پارەیە بیکەن. بازرگانیکردن بۆ ڕێزدارێک شەرم بووە و، پارەدان بە سوود، ئەو کاتە بەسووخۆری دانراوە و یاسا قەدەخەی کردووە و، زیاتر مایەی شەرمەزاری بووە. هەروەها لە سەردەمانی توندوتیژی و بشێویدا، مایەی خۆشحاڵی بووە مرۆڤ بڕێک پارەی کۆکراوەی بەدەستەوە هەبووبێ، بۆ ئەوەی ئەگەر ناچار کرا ماڵ و حاڵی خۆی بەجێ بێڵێ، شتێکی هەبێ خاوەن بەهایەکی دیار بێ و لەگەڵ خۆیدا بۆ شوێنێکی ئارامی ببا. هەمان ئەو توندوتیژییەی وای کرد خەڵک پارە کۆ بکاتەوە، وای کرد ئەو پارە کۆکراوەیە بشارنەوە. زۆریی گەنجینەی نێژراو، یان ئەو گەنجینانەی خاوەنیان نەزانراوە، بەباشی ئاستی کۆکردنەوە و شاردنەوەی پارە لەو سەردەمەدا پیشان دەدا. لەو سەردەمانەدا، گەنجینەی نێژراو بە لقێکی گرینگی داهاتی سەروەر دەهاتە ژماردن. ئێستا هەموو گەنجینەی نێژراوی شانشین لەوانەیە بەدەگمەن لقێکی گرینگی داهاتی ڕێزدارێکی موڵکێکی باش بێ.

هەمان هەڵسوکەوتی کۆکردنەوە و شاردنەوەی هاوشێوەی خەڵکی ئاسایی باڵی بەسەر سەروەردا کێشا؛ لەنێو ئەو گەلانەی بازرگانی و پیشەسازی بەلایانەوە بەکەمی ناسراون، وەک پێشتر لە کتێبی چوارەمدا ئاماژەی بۆ کراوە، سەروەر لە پێگەیەکدایە کە بەشێوەیەکی سروشتی دەبێ دەستگیراوە بێ و خەریکی کۆکردنەوە بێ. لەو دۆخەدا تەنانەت خەرجیی سەروەریش نابێ بەو لووتبەرزییە ئاراستەکراو بێ کە زێدەڕۆیی تێدا هەبێ. نەزانیی ئەو سەردەمانە تەنیا ڕێگەی بە خشڵێکی کەم داوە. سوپای نیزامی لەو سەردەمانەدا پێویست نەبوون، بۆیە تەنانەت خەرجیی سەروەرێکیش، وەک ئەوەی هەر لۆردێکی تری گەورە، بەدەگمەن بۆ شتی تر دەبوو جگە لە خەڵات بۆ کرێچییەکانی و میوانداریی ئەوانەی پێیەوە پەیوەستن. بەڵام خەڵات و میوانداری زۆر بەکەمی دەبنە هۆی زێدەڕۆیی لە خەرجی، ئەگەرچی لووتبەرزی و خۆهەڵکێشان ئەمە دەکەن. بەو پێیە هەموو سەروەرانی کۆنی ئەورووپا، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، گەنجینەیان هەبووە. دەشڵێن لەم ڕۆژگارەدا هەموو سەرخێڵێکی تاتار گەنجینەیەکی هەیە.

لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی پڕ لە هەموو جۆرە هۆکارێکی خۆشگوزەرانیدا، سەروەر، بەهەمان شێوەی نزیکەی هەموو خاوەن موڵکە گەورەکانی وڵاتەکەی، بە سروشتی بەشێکی زۆری داهاتەکەی لە کڕینی ئەم کەلپەلانەی جوانکاری و خۆشگوزەرانیدا خەرج دەکا. وڵاتەکەی خۆی و وڵاتانی دراوسێی هەموو ئەو خشڵ و جوانکارییە گرانباییانە دەخەنە بەر دەستی جوانییەکی سەرنجڕاکێش، بەڵام تێروتەسەل نا، بۆ بارەگاکەی. لەپێناو جوانکارییەکی کەمتری لەهەمان شێوە، خانەدانەکانی دەست لە خزمەتکارانیان بەر دەدەن

و، کرێچییەکانیـــان ســـەربەخۆ دەکەن و، وردەوردە خۆیـــان کەم دەکەنەوە وەک زۆربەی بۆرجـوازە دەوڵەمەنـدەکانی وڵاتەکەی. هەمـــان ئەو حەزە پووچـانەی کـار دەکەنە ســـەر هەڵسوکەوتی ئەوان، هەڵسوکەوتی ئەویش دەبزوێنن. چۆن پێشبینی دەکرێ کە ئەو تەنیا کەسێکی دەوڵەمەند بێ لەنێو گەلی وڵاتەکەیدا کە گوێ بەو جۆرە خۆشییانە نەدا؟ ئەگەر ئەو، کە زۆر لەوە دەچێ وا بکا، بەشێکی زۆری داهاتەکەی بۆ ئەو خۆشییانە خەرج نەکا و هێزی بەرگری لە وڵاتەکەی بایی ئەوە لاواز نەکا، ئەوە نـاکرێ پێشـبینیی ئەوە بکرێ کە هەمـوو ئەو بەشـەیان بـۆ خەرج بکـا کە پێویسـتە بـۆ پشـتیوانیی ئەو هێـزە بەرگریکـارە. خەرجیی ئاسایی ئەو یەکسان دەبێ بە داهاتە ئاسـاییەکەی و، ئەمە باشـترە لەوەی کە لە داهاتەکە زیاتر بێ. بەو شێوەیە چی تر پێشبینیی کەڵەکەکردنی گەنجینە ناکرێ و، کاتێک کە پێداویستیی نائاسایی پێویستی بە خەرجیی نائاسایی دەبێ، پێویست دەبێ ئەو ڕوو لە هاووڵاتییانی بکا و داوای یارمەتیی نائاسـاییان لێ بکا. لە کاتی مردنی هنریی چوارەمی فرانسـەوە لە ١٦١٠دا، پاشـای ئێسـتای پرووسـیا و ئەوەی پـێش ئەویـش تەنیـا میرانێکی مەزنـــی ئەوروپـــان، کە پێشـــبینی دەکـــرێ گەنجینەیەکـــی زۆریـــان کەڵەکە کردبـــێ. ئەو دەسـتگرتنەوەیەی دەبێـتە مـایەی کەڵەکەکـردن، لە کۆمارەکانیشـدا نـزیکەی وەک ئەوە لە پاشـایەتییەکاندا هەیە کەم بـووەتەوە. کۆمارەکـانی ئیتالیـا، کەرتە یەکگرتووەکـانی هۆڵانـد، هەموویان قەرزارن. کانتۆنی بێرن تەنیا کۆمارە لە ئەوروپا کە گەنجینەیەکی باشی کەڵەکە کردووە. کۆمارەکانی تری سویسـرا ئەمەیـان نەکردووە. تـاموبۆی جۆرێک لە خۆبـادان بە باڵەخـانەی نایابەوە و، بەلای کەمەوە، بە هەندێ جوانکاریی گشتییەوە، کە زۆر جـاران بە بـارەگەی ئەنجـومەنی پیرانـی کۆمـارێکی بچـووکەوە دیـارە هاوشـێوەی ئەوانەی بارەگـای مەزنترین پاشاکانن.

پێویستیی دەستگرتنەوە لە کاتی ئاشتیدا پێویستی بـۆ گرێبەسـتی قەرز لە کـاتی شـەڕدا دەسەپێنێ. کاتێک کە شـەڕ دێتە پێشـەوە، هیـچ پـارەیەک لە گەنجینەکانـدا نییە جگە لەوەی بەشی خەرجیی ئاسایی ئاشتی دەکا. لە کاتی شەڕدا پێویستە سێ یان چوار هێندە خەرجی بۆ بەرگری لە وڵات دابین بکرێ و، وەک ئاکامیش پێویستە داهات سێ یـان چـوار هێنـدەی سـەردەمی ئاشـتیی لـێ بکرێ. ئەگەر وای دابنێین کە سـەروەر ڕێگەی ڕاسـتەوخۆی هەیە، هەرچەندە بەدەگمەن لە هیچ کاتێکدا هەیبووە، بۆ ئەوەی داهـاتەکەی خـۆی هـاوڕێژە لەگەڵ زیادبوونی خەرجییەکانی زیاد بکا، بەڵام هێشـتا بەرهەمـی باجەکـان، کە دەبـێ سـەرچاوەی ئەو زیـادەیە بـێ، پـێش تێپەڕبـوونی دە دوانـزە مـانگێک بەسـەر سـەپاندنیاندا نـاگەنە نـاو گەنجینەوە. بەڵام لەو سـاتەوە کە شـەڕ دەسـت پـێ دەکـا، یـان ڕاسـتتر لەو سـاتەوە کە ئاماژەکانی دەستپێکردنی شەڕ دەردەکەون، دەبێ سوپا زیاد بکرێ، دەبێ گەلەکەشتی ساز بـدرێ، دەبـێ ئەو شـارانەی بـنکەی سـەربازییان تێـدایە بـکەونە دۆخـی بەرگرییەوە. ئەو

سوپایە، ئەو گەلەکەشتییە، ئەو شارە خاوەن بنکە سەربازییانە دەبێ پڕچەک و تەقەمەنی و ئازووخە بکرێن. دەبێ لە ساتی مەترسیی نزیکدا خەرجییەکی زۆر و حازربەدەست بکرێ و، ئەمە بەرگەی چاوەڕێکردنی داهاتی وردەوردە و لەسەرخۆی باجی نوێ ناگرێ. لەم دۆخە بەپەلەیەدا حکوومەت جگە لە قەرزکردن هیچ سەرچاوەیکی تری بەدەستەوە نییە.

هەمان دۆخی بازرگانیی کۆمەڵگە کە، کە لەبەر هۆگەلی ئەخلاقی، حکوومەت ناچاری قەرزکردن دەکا، توانا و حەزی قەرزدان لەلای هاوولاتییان دروست دەکا. ئەگەر ئەو دۆخە بەگشتی پێویستیی قەرزکردنی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەوە بەهەمان شێوە لەگەڵ خۆیدا توانای ئەنجامدانی ئەمە لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

وڵاتێکی پڕ لە بازرگان و پیشەسازان وەک پێویستییەک پڕە لەو خەڵکانەی کە نەک تەنیا سەرمایەی خۆیان، بەڵکو سەرمایەی ئەوانەی بەقەرز پارەیان دەدەنێ یان کاڵایان بە متمانە پێ دەدەن دێتە دەستیان، ئەوەندەی داهاتی کەسێک، یان زیاتر لەوە، کە بەبێ بازرگانی یان پیشە، بە داهاتی خۆی دەژی، دێتە دەستی. داهاتی ئەو جۆرە کەسە لەوانەیە ساڵی جارێک بگاتە دەستی. بەڵام تەواوی سەرمایە و قەرزی بازرگانێک، کە داهاتی بازرگانییەکەی خێرایە، لەوانەیە دوو یان سێ یان چوار جار لە ساڵێکدا بێتەوە دەستی. لەبەر ئەوە، وڵاتێک کە بازرگانی و پیشەسازیی زۆر بن، وەک پێویست لەو خەڵکانەی زۆر هەیە کە لە هەموو کاتێکدا، ئەگەر ئارەزوو بکەن، دەتوانن برە پارەیەکی زۆر بە قەرز بە حکوومەت بدەن. توانای هاوولاتییانی دەوڵەتێکی بازرگانی بۆ قەرزدان لەمەوەیە.

بەدەگمەن بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن ماوەیەکی زۆر لە دۆخێکدا گەشە بکەن کە کارگێڕییەکی دادوەریی ڕێکخراوی نەبێ و، تیایدا خەڵک هەست بە ئارامیی خاوەندارێتیی موڵکەکانیان نەکەن و، تیایدا چارەنووسی گرێبەستەکان لەلایەن یاساوە پشتگیریی لێ نەکرێ و، تیایدا دەسەڵاتی دەوڵەت پێشبینیی ئەوەی لێ نەکرێ کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو خەریکی سەپاندنی گەڕاندنەوەی قەرزەکان بێ لە هەموو ئەوانەی توانای دانەوەیان هەیە. بەکورتی، بازرگانی و پیشەسازی بەدەگمەن لە وڵاتێکدا گەشە دەکەن کە تیایدا متمانەیەکی دیاریکراو بە دادوەریی حکوومەتەکەی نەچەسپابێ. هەمان ئەو متمانەیەی وا لە بازرگان و پیشەسازە گەورەکان دەکا، لە هەلی ئاساییدا، متمانەیان بەوە هەبێ کە موڵکەکانیان لەلایەن حکوومەتێکی دیاریکراوەوە پارێزراون، وایان لێ دەکا لە هەلی نائاساییدا متمانە بەو حکوومەتە بکەن و موڵکی خۆیان بخەنە بەر دەستی بۆ ئەوەی بەکاریان بێنێ. ئەوان بە قەرزدان بە حکوومەت، تەنانەت بۆ یەک ساتیش توانای خۆیان لە ئەنجامدانی بازرگانی و پیشەسازی کەم ناکەنەوە. بەپێچەوانەوە، ئەوان بەگشتی زیادیان دەکەن. پێویستییەکانی دۆخەکە لەزۆربەی جارەکاندا وا لە حکوومەت دەکەن بەمەرجگەلێک قایل بێ کە زۆر لە بەرژەوەندی قەرزدەرەکان بێ. ئەو دڵنیاییەی بە قەرزدەری بنەڕەتیی دەدا بۆ هەموو

قەرزدەرێکی تر دەگوازرێتەوە و، بەهۆی متمانەی باوی دادوەریی دەوڵەتەکەوە، ئەو بەگشتی لە بازاڕ زۆر بە زیاتر لەوەی دراوە دەیفرۆشێ. بازرگانەکە یان کەسە داراکە لەڕێی پارەدان بە حکوومەتەوە پارەی دەست دەکەوێ و، لەجیاتی ئەوەی سەرمایەی بازرگانیی ئەو کەم ببێتەوە زیاد دەکا. بۆیە کاتێک کە حکوومەت لە یەکەمین نووسینی قەرزێکی نوێدا دان بە بەشێکدا بۆ ئەو دەنێ، ئەو بەگشتی بە چاکەیەکی دادەنێ. حەز و ئارەزووی خەڵکی وڵاتێکی بازرگانی لە قەرزدان لەمەوە سەرچاوە دەگرێ.

حکوومەتی ئەو جۆرە دەوڵەتە زۆر پشتئەستووره بەم توانا و ئارەزووەی هاووڵاتییانی بۆ ئەوەی لە هەلی نائاساییدا پارەی خۆیانی بەقەرز بدەنێ. ئەو پێشبینیی ئاسانیی قەرزکردن دەکا و، لەبەر ئەوە خۆی بە کۆکردنەوەی پارەوە سەرقاڵ ناکا.

لە دۆخی سەرەتایی کۆمەڵگەدا سەرمایەی بازرگانی یان پیشەسازیی گەورە بوونیان نییە. ئەو تاکانەی ئەوەندەی پێیان کراوە پارەیان کۆ کردووەتەوە و، ئەو پارە کۆکراوەیەیان شاردووەتەوە، لەبەر ئەوە ئەم کارە دەکەن کە متمانەیان بە دادوەریی حکوومەت نییە و، لەوە دەترسن ئەگەر بەوە بزانرێ کە پارەی کۆکراوەیان هەیە و، دەکرێ بدۆزرێتەوە، ئەوە زۆر زوو پارەکەیان بەتاڵان دەبرێ. لەو جۆرە دۆخەدا، کەمن ئەو کەسانەی بتوانن و، هیچ کەسێک ئامادە نییە، لە کاتی پێویستیی خێرا و نائاساییدا، پارەی خۆیان بەقەرز بە حکوومەت بدەن. سەروەر هەست دەکا کە دەبێ دەستگرتنەوە و کۆکردنەوە پارە بۆ ئەو جۆرە پێویستییانە بەدەست بێنێ، چونکە ئەو پێشبینی دەکا کە قەرزکردن مەحاڵێکی ڕووتە. ئەم پێشبینییە زیاتر ئاراستەی سروشتیی بەرەو کۆکردنەوە بەهێزتر دەکا.

پێشڤەچوونی ئەو قەرزە لەژماردننەهاتووانی ئێستا بارن بەسەر هەموو وڵاتانی گەورەی ئەورووپاوە و، لە مەودای دووردا لەوانەیە بیانڕووخێنن بووەتە شتێکی یەکانگیر. وڵاتانیش وەک تاکە کەسەکان، بەگشتی دەستیان کردووە بەوەی قەرز بکەن بەو شێوازەی پێی دەگوترێ قەرزی کەسی، بەبێ دەسنیشانکردن یان بارمتەکردنی هیچ بڕێکی دیاریکراوی پارە بۆ دانەوەی قەرزەکە، کاتێکیش ئەم سەرچاوەیە بەکەڵکیان نەهات، چوونە سەر قەرزکردن بەرامبەر بە دیاریکردنی یان بارمتەکردنی پارەی دیاریکراو.

ئەوەی پێی دەگوترێ قەرزی پارەدارنەکراو لە بریتانیای مەزندا بە یەکەمی ئەم دوو شێوازە گرێبەستی لەسەر دەکرێ. بەشێکی لە قەرزێک پێک دێ کە سوودی لەسەر نەبێ، یان وای دادەنێن کە لەسەری نییە و، هاوشێوەی گرێبەستی قەرزی کەسێکی ئاساییە بە پشتبەستن بە حیسابێک و، بەشەکەی تری قەرزێکە سوودی لەسەرە و، هاوشێوەی قەرزی کەسی ئاساییە بە پشتبەستن بە لیست یان کۆمپیالە. ئەو قەرزانەی یان بۆ خزمەتگوزاریی نائاسایی یان بۆ خزمەتگوزاریگەلێک کە بۆیان وەرنەگیراون یان لەو کاتەی

بۆیان دیاری کراوە نەدراونەتەوە، ئەوانەی بەشێکن لە ئەرکە تایبەتەکانی سوپا، دەریاوانی و، تەقەمەنی و، کۆنە قەرزی پارمەتییەکانی میرانی بیانی، ئەوانەی هەقدەستی دەریاوانان، هتد، لە جۆری یەکەمی ئەم قەرزانەن، هەندێ جار لە دانەوەی بەشێکی ئەو کۆمپیالانەی دەریاوانی و گەنجینە، کە هەندێ جار بۆ دانەوەی بەشێک لەم قەرزانە دەرچوونە و هەندێ جاریش لەبەر هۆکاری تر، ئەمانە قەرزن لە جۆری دووەم- کۆمپیالەکانی گەنجینە لەو ڕۆژەوەی دەردەچن سوودیان لەسەرە و، ئەوانەی دەریاوانی لە شەشەمین مانگی دوای دەرچوونیانەوە سوودیان لەسەر دەبێ. بانکی ئینگلتەرە، یان لەخۆیەوە ئەو کۆمپیالانەی بە بەهای خۆیان خەرج دەکا، یان بەگوێرەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکوومەتدا بۆ سووڕاندنی کۆمپیالەکانی گەنجینە، واتە بەنرخی خۆیان وەریان بگرێ و سوودەکەی کەوتووەتە سەریان بدا، بەمەش بەهایان بەرز ڕادەگرێ و سووڕانیان ئاسان دەکا و، زۆربەی جار وا دەکا حکوومەت بتوانێ قەرزی گەورەی لەم جۆرە بکا. لە فرانسەدا، کە بانکی نییە، بلیتەکانی دەوڵەت هەندێ جار بە لەسەدا شەست و هەفتای نرخی خۆیان دەفرۆشرێن. لە سەردەمی لەسکەدانەوە، لە کاتی شا ویلیەمدا، کاتێک کە بانکی ئینگلتەرە بیری لە ڕاوەستاندنی مامەڵە باوەکانی کردەوە، باسی ئەوە دەکرێ کە کۆمپیالەکانی گەنجینە و بلیتی حیسابەکان بە کەمکردنەوەی لەسەدا بیست و پێنج تا شەست فرۆشراون، هۆکاری ئەمەش لە بەشێکدا، بێگومان ترسی ناجێگیریی ئەو حکوومەتە بووە کە تازە دوای شۆڕش دامەزرابوو و، بەشێکیشی بۆ پێویستیی پاڵپشتیی بانکی ئینگلتەرە گەڕاوەتەوە.

کاتێک کە ئەم سەرچاوەیە وشکی کرد و، بۆ پەیداکردنی پارە پێویستی کرد بۆ دانەوەی قەرزەکە دەستبەرداری هەندێ لقی داهاتی گشتی ببێ یان بەبارمتەیان بدا، حکوومەت لە هەلی جیاجیادا ئەمەی بە دوو ڕێگە کردووە. هەندێ جار ئەو دەستبەردارییە یان بارمتەکردنەی تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت کردووە، بۆ نموونە بۆ یەک ساڵ یان چەند ساڵێکی کەم. هەندێ جاریش ئەو دەستبەرداری یان بارمتەکردنە هەتاهەتایی بوونە. لە دۆخێکدا پارەکە چاوەڕوان کراوە بەشی دانی پارە قەرزکراوەکە و سوودەکەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا کراوە. لە دۆخەکەی تردا، پێشبینی کراوە کە تەنیا سوودەکە، یان ساڵانەیەکی هەتاهەتایی یەکسان بەسوودەکە بتوانرێ بدرێ، حکوومەتیش ئازاد بێ لەوەی لە بەرامبەر دانەوەی قەرزەکە ئەم ساڵانەیە ببڕێ. کە پارە بە یەکێک لە شێوازەکان پەیدا دەکرێ، پێی دەڵێن بە مەزەندەکردن پەیدای کردووە و، کە بەڕێیەکەی تر پەیدای دەکا دەڵێن بە پارەدارکردنی هەتاهەتایی، یان بەکورتی بەپارەدارکردن دەیکا.

لە بریتانیای مەزندا باجەکانی زەوی و مۆڵت ساڵانە مەزەندە دەکرێن، بەهۆی هەبوونی بەردەوامی بەندی قەرزکردن لەو یاسایانەی ئەم باجانە دەسەپێنن. بانکی ئینگلتەرە بەگشتی پێشوەخت پارەی ئەو باجانە بە سوودێک دەدا، کە لە سەردەمی شۆڕشەکەوە

لەنێوان هەشت تا سێ لەسەدە و، وردەوردە لەگەڵ پێگەیشتنی بەرهەمەکانیان وەریان دەگریتەوە. ئەگەر کورتهێنان هەبوو، کە بەردەوام هەیە، ئەوە لە داهاتی ساڵی دواتر پڕ دەکرێتەوە. تەنیا لقێکی بەرچاوی داهاتی گشتی کە تا ئێستا بە بارمتەنەکراوی ماوەتەوە ئەوەیە کە بەپێی هاتنی خەرج دەکرێ. دەوڵەتیش کە بەردەوام قەرز لە بریکار و وەکیلەکانی خۆی بکا و سوود لەسەر بەکارهێنانی پارەی خۆی بدا، هاوشێوەی کەسێکی دەستبلاوە کە پاڵەپەستۆکانی سەری ڕێگەی نادەن چاوەڕێی داهاتەکانی لە کاتی ئاسایی خۆیاندا بکا.

لە سەردەمی شا ویلیەمدا و، لە بەشێکی زۆری سەردەمی شاژن ئاندا، پێش ئەوەی زۆر ئاشنای پارەدارکردنی هەتاهەتایی ببین، وەک ئەوەی ئێستا ئاشناین، زۆرترین بەشی باجەکان تەنیا بۆ ماوەی کورت دەسەپێنران (تەنیا چوار، پێنج، شەش، یان حەوت ساڵ) و، بەشی زۆری ئەو بەخششانەی هەموو ساڵێک پێک دەهاتن لە قەرز لەسەر بەرهەمی پێشبینیکراوی ئەو باجانە. ئەو بەرهەمە زۆربەی جاران بەشی دانەوەی پارە قەرزکراوەکە و سوودەکە، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، نەدەکرد و، کورتهێنان دەبوو و، پێویست دەبوو ماوەکە درێژ بکرێتەوە.

لە ساڵی ١٦٩٧دا، بەهاتنی هەشتەمی ویلیەمی سێیەم، ئۆباڵی کورتهێنانەکانی گەلێ لە باجەکان خرایە ئەستۆی ئەوەی ئەو کاتە پێی دەگوترا یەکەم بارمتەکردن یان سندووقی گشتی، کە پێک هات لە درێژکردنەوەیەک تا یەکی ئابی ١٧٠٦ بۆ گەلێ باجی جۆراوجۆر کە لە ماوەیەکی کورتتردا ماوەیان بەسەر دەچوو و، کە داهاتەکەیان دەخرایە یەک سندووقی گشتییەوە. ئەو کورتهێنانانەی بەهۆی ئەم دواخستنەوە کۆ بوونەوە گەیشتنە ٥١٦٠٤٥٩ پاوەن و ١٤ شیلین و ٩ پێنس و چارەکە پێنسێک.

لە ساڵی ١٧٠١دا، لەبەر هەمان هۆکار، ئەو باجانە هێشتا زیاتر تا یەکی ئابی ١٧١٠ درێژەیان پێ درا و، پێیان دەگوترا بارمتە یان پارەدارکردنی گشتیی دووەم. ئەو کورتهێنانانەی بەو باجانە پڕ کرانەوە گەیشتنە ٢٠٥٥٩٩٩ پاوەن و ٧ شیلین و یانزە پێنس و نیو پێنس.

لە ساڵی ١٧٠٧دا، هەموو ئەو باجانە زیاتر ماوەیان درێژ کرایەوە، وەک پارەدارکردنێکی قەرزگەلی نوێ، تا یەکی ئابی ١٧١٢ درێژ کرانەوە و، ئەمەیان پێی دەگوترا بارمتە یان پارەدارکردنی گشتیی سێیەم. ئەو پارەیەی بەم پێیە قەرز کرا ٩٨٣٢٥٤ پاوەن و ١١ شیلین و ٩ پێنس و چارەکە پێنسێک بوو.

لە ١٧٠٨دا، هەموو ئەم باجانە (جگە لە پاڵپشتیی کۆنی باربەری و کێشانە، کە تەنیا یەک بەشێکی بچووکی چووە ناو ئەم سندووقی پارەدارکردنەوە و، باجێک کە خرایە سەر هاوردەکردنی کەتانی سکۆتلاندەیی، کە بەپێی بەندەکانی یەکگرتن هەڵگیرا) تا یەکی ئابی

١٧١٤ بەردەوامییان پێ درا، کە پێیان دەگوترا بارمتە یان پارەدارکردنی گشتیی چوارەم، وەک پارەدارکردنێک بۆ قەرزی نوێ. ئەو پارەیەی بەمە قەرز کرا ٩٢٥١٧٦ پاوەن و ٩ شیلین و دوو پێنس و چارەکێک بوو.

لە ساڵی ١٧٠٩دا، هەموو ئەو باجانە (جگە لە پاڵپشتیی کۆنی باربەری و کێشانە، کە ئێستا بەتەواوی لەو سندووقی پارەدارکردنە دەرهێنراوە) تا یەکی ئابی ١٧١٦ درێژ کرانەوە و، پێیان دەگوترا بارمتە یان پارەدارکردنی گشتیی پێنجەم. ئەو پارەیەی بەهۆیەوە قەرز کرا ٩٢٢٠٢٩ پاوەن و ٦ شیلین بوو.

لە ١٧١٠دا، هەموو ئەو باجانە جارێکی تر تا یەکی ئابی ١٧٢٠ درێژ کرانەوە و، پێیان دەگوترا بارمتە یان پارەدارکردنی گشتیی شەشەم. ئەو پارەیەی بەهۆیەوە قەرز کرا ١٢٩٦٥٥٢ پاوەن و ٩ شیلین و ١١ پێنس و سێ چارەکە پێنسێک بوو.

لە ١٧١١دا، هەمان ئەو باجانە (کە ئەو کاتە چوار پێشبینیی جۆراوجۆر دەیگرتنەوە) لەگەڵ چەندانی تردا بەشێوەی هەتاهەتایی بەردەوامییان پێ درا و، کرانە سندووقێکی پارەدارکردن بۆ دانەوەی سوودی سەرمایەی کۆمپانیای دەریای باشوور، کە لەو ساڵەدا، بۆ دانەوەی قەرز و کورتهێنانی باش، ٩١٧٧٩٦٧ پاوەن و ١٥ شیلین و چوار پێنسی بەحکوومەت دا، کە گەورەترین قەرز بوو تا ئەو کاتە.

پێش ئەو ماوەیە، ئەوەندەی من تێبینیم کردووە، باجی بنەڕەتی، ئەو باجانەی بەشێوەیەکی هەتاهەتایی سەپێنران تەنیا بەمەبەستی دابینکردنی سوودی قەرزێک، ئەوانە بوون کە سوودی ئەو پارەیەیان دەدایەوە کە بانکی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیند بەحکوومەتی دابوو و، ئەوانەی چاوەڕوان دەکرا بیدا، بەڵام هەرگیز نەیدا، لەڕێی پرۆژەیەکی بانکی زەوییەوە. پارەی بانکەکە لەو کاتەدا بە ٣٣٧٥٠٢٧ پاوەن و ١٧ شیلین و ١٠ پێنس و نیو دادەنرا، کە ساڵانەیەک یان سوودێکی پێ دەدرا بریتی بوو لە ٢٠٦٥٠١ پاوەن و ١٣ شیلین و پێنج پێنس. پارەی هیندی ڕۆژهەڵات سێ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار پاوەن بوو، کە ساڵانە یان سوودەکەی ١٦٠ هەزار پاوەن بوو- کە سوودی پارەی بانکەکە لەسەدا شەش بوو، سوودی پارەکەی هیندی ڕۆژهەڵاتیش لەسەدا پێنج بوو.

لە ساڵی ١٧١٥دا، بە یەکەمینی جۆرجی یەکەم، باجە جۆراوجۆرەکان بۆ دابینکردنی ساڵانەی بانکەکە بارمتە کران، ئەوان و چەندانی تر لەڕێی ئەو یاسایەوە کرانە هەتاهەتایی و، لە سندووقێکی پارەدارکردندا کۆ کرانەوە کە پێی دەگوترا سندووقی کەڵەکەکردن، کە تەنیا بەرپرس نەبوو لە دانی ساڵانەی بانک، بەڵکو لەگەڵ چەندان ساڵانە و ئەرکی تری جۆراوجۆردا. ئەم سندووقە دواتر لەڕێی سێیەمی جۆرجی یەکەمەوە زیاد کرا و چەندان باجی تر کە کرانە هەتاهەتایی خرانە سەری.

له ساڵی ١٧١٧دا، لەڕێی سێیەمی جۆرجی یەکەمەوە، چەندان باجی تر کرانە هەتاهەتایی و، لە سندووقێکی تری گشتیدا کەڵەکە کران کە ناوی سندووقی گشتی بوو، بۆ دانەوەی هەندێ ساڵانەی دیاریکراو، کە هەموویان ٧٢٤٨٤٩ پاوەن و شەش شیلین و ١٠ پێنس و نیو بوون.

لە ئاکامی ئەم یاسا جۆراوجۆرانە، زۆرترین بەشی باجەکانی پێشتر بەشێوەیەکی کاتی سەپێنرابوون بۆ ماوەیەکی کورتی چەند ساڵی بوونە هەتاهەتایی وەک سندووقێکی دانەوەی، سەرمایەکە نا، بەڵکو تەنیا سوودەکەی ئەو پارەیەی جار لەدوای جار قەرز کرابوون.

کە پارە هەرگیز زیاد نەبوو بە پێشبینی نەبێ، چەند ساڵێکی کەم داهاتی گشتیی ڕزگار کرد بەبێ هیچ ئاگەدارییەکی حکوومەت جگە لە بارگرانەکردنی سندووقی پارەدارکردن بە قەرزی زیاتر لەوەی دەتوانێ لە ماوەیەکی سنووورداردا بیداتەوە و، پێشبینینەکردنی ماوەیەکی تر پێش کۆتاهاتنی پێشبینیی یەکەم پێشبینی. بەڵام زۆرترین بەشی حکوومەتەکانی ئەورووپا توانای ئەو وریاییەیان نەبوو. زۆربەی جاران باری سندووقەکەیان بەپێی یەکەم پێشبینی گران دەکرد و، کە ئەوە پرسەکە نەدەبوو، بەگشتی خەریکی بارکردنی دەبوون بە پێشبینیی ماوەی دووەم و سێیەم، پێش تەواوبوونی پێشبینیی یەکەم. سندووقەکە کە بەمە وای لێ دەهات تەنیا بەشی دانەوەی قەرزە بنەڕەتییەکە و سوودی پارە قەرزکراوەکە بکا، بۆیە پێویست بوو تەنیا بۆ سوودەکە تەرخان بکرێ، یان بە ساڵانەیەکی هەتاهەتایی یەکسان بە سوودەکە و، ئەم جۆرە پێشبینییە کورتبینانە بوونە مایەی سەرهەڵدانی پارەدارکردنی ڕووخێنەری هەتاهەتایی. بەڵام هەرچەندە ئەمە وەک پێویستییەک ڕزگاربوونی داهاتی گشتی لە ماوەیەکی دەستنیشانکراوی دواخست بۆ ماوەیەکی دیارنەکراو کە لەوە ناچێ هەرگیز بێتە پێشەوە، بەڵام کە دەکرێ لە گشت دۆخەکاندا بەم کردەوە نوێیە بڕە پارەیەکی زۆرتر لەوەی پێشبینییە کۆنەکە بەدەست بێ، ئەوەی یەکەم هەر کە خەڵک ئاشنای بوون، لەنێو پێویستییەکانی دەوڵەتدا لەوەی دوایی پەسەندتر بوو. چاککردنی پێویستییەکانی ئێستا بە بەردەوامی ئەو بابەتە بووە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی جێی بایەخی ئەو کەسانە بووە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتییەوە بووە. ڕزگارکردنی داهاتی گشتیشیان لە داهاتوودا بە نەوەکانی داهاتوو سپاردووە.

لە سەردەمی شاژن ئان، ڕێژەی قازانج لە بازاڕدا لە شەشەوە بۆ پێنج لەسەد دابەزی و، لە ساڵی دوازدەیەمی حوکمڕانیی ئەودا، ڕاگەیەنرا کە لەسەدا پێنج دەبێ بەرزترین ڕێژە بێ کە بەیاسایی لەسەر پارەی قەرزکراو بە پاڵپشتیی تەناهیی تایبەت بدرێ. دوای ماوەیەکی کورت زۆرترینی باجە کاتییەکان لە بریتانیای مەزندا کرانە هەتاهەتایی و،

دابەش کران لەنێوان سندووقەکانی کەڵەکەکردن، دەریای باشوور و، گشتیدا، قەرزدەرانی گشتی، هاوشێوەی کەسانی ئاسایی، ناچار کران بە سوودی لەسەدا پێنج لەسەر پارەکانیان قایل ببن، ئەمەش بووە مایەی گلدانەوەی لەسەدا یەکی ئەو سەرمایەیەی بەشی زۆری قەرزەکانی بەشێوەی هەتاهەتایی پارەدار دەکران، یان شەشیەکی زۆرترین بەشی ئەو ساڵانەیەی لەو سێ سندووقە گەورەیەی سەرەوە دەدرا. ئەم گلدانەوەیە زیادەیەکی بەرچاوی هێشتەوە لە بەرهەمی باجە جۆراوجۆرەکانی لەو سندووقانە قایم دەکران، زیاتر لەوەی بۆ دانی ئەو ساڵانانە پێویست بوو بیاندەن و، خرانە ئەو دامەزراوەیەی لەو کاتەوە پێی دەگوترێ سندووقی دابەزاندن. لە ساڵی ١٧١٧دا، ئەو پارەیە ٣٢٣٤٣٤ پاوەن و ٧ شیلین و ٧.٥ پێنس بوو، سوودی زۆربەی قەرزە گشتییەکان کەم کرایەوە بۆ لەسەدا چوار، لە ساڵانی ١٧٥٣ و ١٧٥٧دا، بۆ لەسەدا سێ و نیو دابەزێنران و، ئەم کەمکردنەوانە پارەی سندووقی دابەزاندنیان زیاتر کرد.

هەرچەندە سندووقی دابەزاندن بۆ دانەوەی قەرزە کۆنەکان دانرا، ئاسانکاریی بۆ گرێبەستی قەرزە نوێیەکانیش پێشکەش دەکرد. ئەو سندووقە سندووقێکی ژیاندنە کە بەردەوام لەبەر دەستە بۆ ئەوەی بارمتە بکرێ وەک یارمەتی بۆ هەر سندووقێکی تر کە گومانی لەسەرە و حکوومەت لەبەر پێویستی مەبەستیەتی پارەی بەهۆوە زیاد بکا. وردەوردە دەردەکەوێ کە سندووقی دابەزاندنی بریتانیای مەزن بۆ کام لەم دوو مەبەستە زیاتر بەکار هێنراوە.

جگە لەم دوو ڕێگەیەی قەرزکردن، بەهۆی پێشبینییەوە و، بەهۆی پارەدارکردنی هەتاهەتاییەوە، دوو ڕێگەی تر هەن کە شوێنێکیان لە نیوەی ڕێی نێوانیاندا بۆ خۆیان گرتووە. ئەمانەش بریتین لە، ڕێگەی قەرزکردن لەسەر ساڵانەکان بۆ ماوەی چەند ساڵێک و، ڕێگەی قەرزکردن لەسەر ساڵانەکان بەدرێژایی تەمەن.

لە سەردەمانی شا ویلیەم و شاژن ئاندا، زۆربەی جاران پرە پارەی زۆر قەرز دەکران لەسەر بنەمای ساڵانە بۆ چەند ساڵێک کە، هەندێ جاران ماوەکە درێژ بوو و هەندێ جاریش کورت بوو. لە ساڵی ١٦٩٣دا، یاسایەک دەرچوو بۆ قەرزکردنی یەک ملیۆن لەسەر بنەمای ساڵانەی لەسەدا چواردە، یان ١٤٠ هەزار ساڵانە بۆ ماوەی شازدە ساڵ. لە ساڵی ١٦٩١دا، یاسایەک دەرکرا بۆ قەرزکردنی یەک ملیۆن لەسەر بنەمای ساڵانە بەدرێژایی تەمەن، کە بەگوێرەی هەلومەرجی ئێستا زۆر بەسوود دەردەکەوێ. بەڵام جێبەجێ نەکرا. لە ساڵی دوای ئەوەدا، کورتهێنانەکە چاک کرایەوە بە قەرزکردن لەسەر بنەمای ساڵانەی بەدرێژایی تەمەن بەڕێژەی لەسەدا چواردە، یان بە کڕینێکی کەمێک زیاتر لە هی حەوت ساڵ. لە ساڵی ١٦٩٥دا، ئەو کەسانەی ئەو ساڵانانەیان کڕیبوو ڕێگەیان پێ درا ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن بە قەرزی تری نەوەت و شەش ساڵی بەرامبەر بەوەی بۆ هەر سەد پاوەنێک

شەست و سێ پاوەن بە گەنجینەی دەوڵەت بدەن، واتە، جیاوازیی نێوان لەسەدا چوارده بەدرێژایی تەمەن و، لەسەدا چوارده بۆ نەوەت و شەش ساڵ بە شەست و سێ پاوەن فرۆشرا، یان بە کڕینی چوار ساڵ و نیو. ناجێگریی چاوەڕوانکراوی حکوومەت بەشێوەیەک بوو کە تەنانەت ئەم مەرجانەش ژمارەیەکی کەم کڕیاریان بەکێش کرد. لە سەردەمی شاژن ئاندا، پارە لە دۆخی جیاجیادا بەهەردوو ڕێگەی قەرز لەسەر بنەمای ساڵانە بەدرێژایی تەمەن و، لەسەر بنەمای ۳۲، ۸۹، ۹۸ و ۹۹ ساڵ دەکران. لە ساڵی ۱۷۱۹دا، خاوەنی قەرزە سی و دوو ساڵییەکان هان دران بۆ وەرگرتنی پشک لە دەریای باشوور بەبڕی کڕینی یازده ساڵ و نیوی ساڵانەکانیان، لەگەڵ بڕێکی سەرباری پشک کە یەکسان بوو بەو دواکەوتووانەی کە لەو کاتەدا کاتی دانەوەیان بوو. لە ساڵی ۱۷۲۰دا، زۆرترین بەشی ساڵانەکانی تر چ ئەوانەی بۆ ماوەی درێژ بوون و چ ئەوانەی بۆ ماوەی کورت بوون بەشدارییان لە هەمان ئەو سندووقی پارەدارکردنە پێ کرا. ساڵانە ماوە درێژەکان لەو کاتەدا ساڵانە ٦٦٦٨٢١ پاوەن و هەشت شیلین و سێ پێنس و نیو بوون. لە پێنجی کانوونی دووەمی ۱۷۷٥دا، ئەوەی لێیان مابووەوە، یان ئەوەی لەو کاتەدا بەشدار نەبووبوو تەنیا ۱۳٦٤٥۳ پاوەن و ۱۲ شیلین و هەشت پێنس بوو.

لەماوەی هەردوو شەڕەکەی لە ۱۷۳۹ و ۱۷٥٥دا دەستیان پێکرد، پارەیەکی کەم قەرز کرا چ بە ساڵانە بۆ ماوەی چەند ساڵێک و، چ بەدرێژایی تەمەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ساڵانەیەکی ۹۸ یان ۹۹ ساڵی یەکسانە بە نزیکەی پارەی هەتاهەتایی و، لەبەر ئەوە مرۆڤ دەبێ وا بیر بکاتەوە کە ئەوە سندووقێکە بۆ نزیکەی زۆرترین قەرز. بەڵام ئەوانەی، بەمەبەستی جێنشینکردنی خێزان و، دەستەبەرکردنی سوودێکی درێژخایان، پشکی گشتی دەکڕن، گوێ بە کڕینی یەکێک نادەن کە بەهاکەی تا دەڕوا کەم دەبێتەوە و، ئەو جۆرە خەڵکە بەشێکی زۆر پێک دێنن لە خاوەن و لە کڕیارانی پشک. لەبەر ئەوە ساڵانەیەک بۆ چەندان ساڵی زۆر، ئەگەرچی لەوانەیە بەهای ڕاستەقینەی زۆر نزیک بێ لەوەی ساڵانەیەکی هەتاهەتایی، ژمارەی کڕیارانی لە ژمارەی کڕیارانی ئەو نزیک نییە. بەشداران لە قەرزێکی نوێدا، کە بەگشتی مەبەستیانە بەشدارییەکانیان بەزووترین کات بفرۆشن، زیاتر ساڵانەیەکی هەتاهەتاییان بەلاوە پەسەندترە لەوەی چەند ساڵانێکی زۆر تەنانەت ئەگەر برەکانیشیان یەکسان بن. بەهای ئەوەی یەکەمیان لەوانەیە پێشبینی بکرێ کە هەر وەک خۆی بمێنێتەوە، یان نزیک لە بەهاکەی خۆی بمێنێتەوە و، بۆیە زیاتر لەوەی دووەم دەبێتەماڵێکی گونجاوتر بۆ گواستنەوە.

لە ماوەی ئەو دوو شەڕەی کە دوایی ئاماژەیان بۆ کرا، ساڵانەکان، چ بۆ ماوەی چەند ساڵێک یان بەدرێژایی تەمەن، بەدەگمەن دەدران، مەگەر وەک زیادەیەکی سەربار بۆ بەشداربووان لە قەرزی نوێی زیاتر لە ساڵانە یان لە سوودی گونجاو بۆ دانەوە لەسەر

ئەو دڵنیاییەی پێشبینی دەکرا قەرزەکەی لەسەر بکرێ. ئەوان وەک سندووقی گونجاو کە پارەی لەڕێوە قەرز دەکرا، نەدەدران، بەڵکو وەک هاندانی سەربار بە قەرزدەرەکە دەدران.

ساڵانەکانی بەدرێژایی تەمەن بە دوو ڕێگەی جیا دەدران، یان لەسەر ژیانی جیا لەیەک، یان لەسەر چەند ژیانێک، کە بە فرانسەیی پێی دەگوترا تەنتین، بەناوی داهێنەرەکەیانەوە. کاتێک کە ساڵانەکان لەسەر بنەمای ژیانی جیا لەیەک دەدران، مەرگی هەر تاکێکی خاون ساڵانە بارێکی گرانی لەسەر پشتی داهاتی گشتی لادەبرد، بەقەد ئەو ساڵانەیەی باری گران کردبوو. کاتێک کە ساڵانەکان بە شێوەی تەنتین دەدرێن، داهاتی گشتی کاتێک لەو بارە گرانە ڕزگاری دەبێ کە هەموو وەرگرانی ساڵانەی بەشدار لەو قەرزەدا دەمرن، ئەمەش هەندێ جاران بیست یان سی کەس دەگرێتەوە، کە ئەوانەی لە ژیاندا دەمێنن ساڵانەی هەموو ئەوانە وەردەگرن کە پێش خۆیان دەمرن. بە هەمان داهات بەردەوام لەڕێی تەنتینەوە پارەی زیاتر دەست دەکەوێ لەوەی لەڕێی ساڵانە لەسەر ژیانی جیاجیاوە دەست دەکەوێ. ساڵانەیەک، بە مافێکی ژیانەوە بەڕاستی شایانی زیاترە لە ساڵانەیەکی یەکسان بۆ ژیانێکی جیا و، بەهۆی ئەو متمانەیەوە کە هەموو کەسێک بە بەختی باشی خۆی هەیەتی، ئەو بنەمایەی کە سەرکەوتنی هەموو تیروپشکێکی لەسەر بنیات نراوە، ئەو جۆرە ساڵانەیە بەزیاتر لە بەهای خۆیان دەفرۆشرێن. لەو وڵاتانەدا کە باوە حکوومەت بە دانی ساڵانە پارە زیاد بکەن، تەنتینەکان بەم پێیە بەگشتی ساڵانەکانی ژیانی جیا پەسەندترن. نزیکەی هەموو جارێک پەسەندتر بوو ئەو ڕێگەیەی زۆرترین پارە پەیدا دەکا ئەوە بێ کە لەوە دەچێ بەخێراترین شێوە داهاتی گشتی لە بارگرانی ڕزگار بکا.

لە فرانسە بەشێکی زۆرتری قەرزە گشتییەکان، زیاتر لە ئینگلتەرە، لە ساڵانە لەسەر بنەمای ژیان پێک دێ. بەگوێرەی وەبیرهێنەوەیەک کە پەرلەمانی بۆردۆ لە ساڵی ١٧٦٤دا بۆ پاشای بەرز کردووەتەوە، تەواوی قەرزی گشتیی فرانسە بە ٢٤٠٠ ملیۆن لیرە خەمڵێنراوە، کە ٣٠٠ ملیۆنی، واتە هەشتیەکی تەواوی قەرزی گشتی، لە ساڵانەی بەدرێژایی تەمەن پێک هاتووە. ئەو ساڵانانە حسێب کراوە کە هەر ساڵێک ٣٠ ملیۆن، واتە چارەکێکی ئەو ١٢٠ ملیۆنەی سوودی پێشبینیکراوی تەواوی قەرزەکە. من باش دەزانم کە ئەم خەمڵاندنانە ورد نین، بەڵام کە لەلایەن قەوارەیەکی وا ڕێزدارەوە وەک نزیک لە ڕاستی پێشکەش دەکرێن، بە ڕاستیان وەردەگرم. ئەوە پلەی جیاوازی ڕژدیی هەردوو حکوومەتی فرانسە و ئینگلتەرە نییە بۆ ڕزگارکردنی داهاتی گشتی کە بووەتە مایەی جیاوازی لە شێوازەکانی قەرزکردن، بەڵکو ئەوە هەمووی بەهۆی دید و بەرژەوەندی جیاوازی قەرزدەرەکانەوەیە.

لە ئینگلتەرە، کە مەڵبەندی حکوومەت لە مەزنترین شاری بازرگانیی جیهانە، بەگشتی بازرگانەکان ئەو کەسانەن کە قەرز بە حکوومەت دەدەن. ئەوان بەو قەرزدانە

سەرمایەکانیان کەم نابێتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە، زیاتر دەبن و، ئەگەر پێشبینیی ئەوە نەکەن کە دەتوانن بە هەندێ قازانجەوە پشکداریی خۆیان لە قەرزێکی نوێدا بفرۆشن، هەرگیز تیایدا بەشداری ناکەن. بەڵام ئەگەر پارەی خۆیان بە قەرز بدەن و، لەجیاتی سالآنەی هەتاهەتایی، تەنیا سالآنەی بەدرێژایی تەمەنی پێ بکڕن، چ هی خۆیان بێ یان هی کەسانی تر، لەوە ناچێ بەردەوام ئەگەری فرۆشتنەوەیان بەقازانجەوە هەبێ. سالآنە بۆ ماوەی ژیانی خۆیان بەردەوام بە زەرەر دەفرۆشرێ، چونکە کەس سالآنەیەک ناکڕێ کە بەند بێ بە ژیانی کەسێکی ترەوە، کە تەمەن و تەندروستیی هاوشێوەی ئەوانەی خۆی بن، ئەو دەتوانێ بە هەمان نرخ بۆ ماوەی ژیانی خۆی بیکڕێ. سالآنەیەکیش بۆ تەمەنی کەسێکی سێیەم بۆ کڕیار و فرۆشیارەکەشی هەمان بەهای دەبێ، بەڵام هەر کە دەستی پێکرد بەهای ڕاستەقینەی ڕوو لە کەمبوونەوە دەکا و، ئەو کەمبوونەوەیە لەگەڵ تەمەنی ئەودا بەردەوامیی دەبێ. بۆیە هەرگیز نابێتەماڵێکی گوازراوەی گونجاوی هاوشێوەی سالآنەی هەتاهەتایی، کە پێشبینی دەکرێ بەهای بە بەردەوامی وەک خۆی بمێنێتەوە، یان زۆر نزیک لە خۆی بمێنێتەوە.

لە فڕانسە، مەڵبەندی حکوومەت لە شارێکی بازرگانیی مەزندا نییە، بازرگانان بەشێکی زۆر لەو خەڵکە پێک ناهێنن کە پارە بەقەرز بەحکوومەت دەدەن. ئەو خەڵکەی پەیوەندییان بە کاروباری داراییەوە هەیە، زۆرترینی ئەو کەسانەن کە پارەی خۆیان بۆ کاروباری گشتی بە قەرز دەدەن. ئەو جۆرە خەڵکە بەگشتی بە لەدایکبوون لە پلەکانی خوارەوەن، بەڵام سامانی زۆریان هەیە و، زۆربەی جاران پایەدارن. هەروەها خۆیان لەوە بە گەورەتر دەزانن کە ژنی لە ئاستی خۆیان بێنن و، ژنانی بنەماڵەکان خۆیان لەوە بە گەورەتر دەزانن کە شوویان پێ بکەن. بۆیە زۆربەی جاران دەگەنە ئەو ئاکامەی بە ڕەبەنی بمێننەوە و، نە خێزانیان دەبێ و نە زۆر گوێ بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و، بەردەوام حەزیان لە دەربڕینی ئەمەیان هەیە، ئەوان تەنیا حەزیان لێیە ژیانێکی تێروتەسەل و پڕ خۆشی بژین و، گوێ بەوە نادەن ئەگەر سامانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەیەکەوە کۆتاییان پێ بێ. هەروەها، ژمارەی ئەو دەوڵەمەندانەی حەز لە هاوژینگیری ناکەن، یان هەلومەرجی ژیانیان خێزانداری دەکاتە شتێکی نەگونجاو یان دژوار، لە فڕانسەدا زۆرترە لەوانەی لە ئینگلتەرە هەن. بۆ ئەم جۆرە کەسانە کە کەم گوێ بەوانە دەدەن کە لە دوای خۆیانەوە دێن یان هەر گوێیان پێ نادەن، هیچ لەوە گونجاوتر نییە کە سەرمایەی خۆیان بە داهاتێک بگۆڕنەوە کە ئەوەندە بەردەوامیی هەبێ کە خۆیان مەبەستیانە و لەوە زیاتر بەردەوامیی نەبێ.

خەرجیی ئاسایی بەشی زۆری حکوومەتە هاوسەردەمەکان لە کاتی ئاشتیدا یەکسانە یان نزیکە لە داهاتی ئاساییانەوە، کە شەڕیش دەقەومێ ئارەزوو ناکەن و ناشتوانن داهاتەکەیان هاوڕێژە لەگەڵ زیادبوونی خەرجییەکان زیاد بکەن. ئەوان ئامادە نین ئەوە

بکەن نەبادا بەهۆی زیادکردنی زۆر و لەناکاوی باجەکانەوە خەڵکەکە وەڕس بکەن و وایان لێ بکەن خێرا بێز لە شەڕ بکەنەوە، ناشتوانن لەبەر ئەوەی دڵنیا نین لەوەی ئەو باجانە بتوانن داهاتی پێویست بەرهەم بێنن. قەرزکردن لەو شڵەژانە ڕزگاریان دەکا کە بەهۆی ئەو ترس و ناتوانایییەوە تووشی دەبن. لەڕێی قەرزەوە، شانبەشانی زیادکردنێکی گونجاوی باج، دەتوانن ساڵ لەدوای ساڵ، پارەی پێویست بۆ شەڕ بەدەست بێنن، هەروەها بەهۆی پارەدارکردنی هەتاهەتاییەوە، شانبەشانی کەمترین زیادکردنی شیاوی باج، دەتوانن ساڵانە زۆرترین پارە کۆ بکەنەوە. لە ئیمپراتۆریا مەزنەکاندا، ئەو خەڵکەی لە پایتەختدا دەژین و ئەوانەشی لە پارێزگە دوورەدەستەکاندا دەژین، زۆربەیان بەدەگمەن هەست بە هیچ نارەحەتییەک بەرامبەر بە شەڕ دەکەن، بەڵکو بە سنگفرەوانییەوە چێژ لە خوێندنەوەی سەروەرییەکانی گەلەکەشتی و سوپاکانیان، لە ڕۆژنامەکاندا، وەردەگرن. بۆ ئەوان ئەو چێژوەرگرتنە قەرەبووی ئەو جیاوازییە دەکاتەوە لەنێوان ئەو باجەی بەهۆی شەڕەکەوە دەیدەن و ئەوەی ڕاهاتوون لە کاتی ئاشتیدا بیدەن. ئەوان بەگشتی دڵخۆش نین بە گەڕانەوەی ئاشتی لەبەر ئەوەی ئەو چێژەیان لێ دەسێنێتەوە و، کۆتای بە هەزار هیوای داگیرکارانە و شانازیی نیشتمانی دێنێ کە لە شەڕی درێژخایانتر چاوەڕوانی دەبن.

لەڕاستیدا، کەم جاران گەڕانەوەی ئاشتی لە بەشی زۆری ئەو باجانە ڕزگاریان دەکا کە لەماوەی شەڕ بەسەریاندا سەپێنرابوون. ئەو باجانە بارمتەن بۆ سوودی ئەو قەرزەی بۆ ئەنجامدانی شەڕ گرێبەستیان لەسەر کرابوو. ئەگەر سەرباری سوودی ئەم قەرزە و خەرجییە ئاساییەکانی حکوومەت، داهاتی جاران شانبەشانی باجە نوێیەکان بوونە مایەی داهاتێکی زیاد، ئەوە لەوانەیە بکرێ بە سندووقێکی دابەزاندن بۆ ئەوەی قەرزەکەی پێ بدرێتەوە. بەڵام ئەم سندووقی دابەزاندنە، بەپلەی یەکەم، ئەگەرچی چاوەڕوان ناکرێ هیچ ئامانجی تری هەبێ، بەگشتی بەشی دانەوەی تەواوی ئەو قەرزەی لە کاتی شەڕدا وەرگیراوە ناکا، لە ماوەیەکدا کە چاوەڕوان دەکرێ ئاشتیی تێدا بەرقەرار بێ و، بەپلەی دووەم، ئەم سندووقە نزیکەی هەموو جارێک بۆ مەبەستی تر بەکار دێ.

باجە نوێیەکان تەنیا بۆ دانەوەی سوودی ئەو پارەیەن کە بەهۆیانەوە قەرز کراوە. ئەگەر بەرهەمی زیاتریان بوو، کە بەگشتی شتێکە نە مەبەستە و نە چاوەڕوانکراویشە، بۆیە ئەگەر هەبێ بەدەگمەن زۆر دەبێ. سندووقەکانی دابەزاندن بەگشتی لە زیادەی باجەکانەوە، کە زیاترن لەوەی پێویستە بۆ ئەوەی سوود یان ساڵانەکانی کە بەهۆیانەوە وەردەگیرێن بدەنەوە، نایەنە کایەوە ئەوەندەی لە کەمبوونەوەی ئەو سوودانەوە دێنە کایەوە. ئەوەی هۆڵاند لە ساڵی ١٦٥٥دا و، ئەوەی دەوڵەتی کڵێسا لە ١٦٨٥دا، هەردووکیان بەم شێوەیە دروست بوون. نەگونجاویی ئەم جۆرە سندووقانەش لەوێوە سەر هەڵدەدەن.

لە ماوەی جێگیرترین ئاشتیدا ڕووداوی جۆراوجۆر سەر هەڵدەدەن کە پێویستیان بە خەرجیی نائاسایی دەبێ و، حکوومەت بەردەوام بەگونجاوتری دەزانێ ئەو خەرجییانە لەڕێی بەکارهێنانی سندووقی دابەزاندن بۆ مەبەستی جیا لەوەی بۆی دامەزراوە، نەک لەڕێی سەپاندنی باجی نوێوە، پڕ بکاتەوە. هەموو باجێکی نوێ کەم و زۆر کاریگەریی لەسەر خەڵک دەبێ. ئەوە بەردەوام دەبێتە مایەی هەندێ بۆڵەبۆڵ و ڕووبەڕووی هەندێ بەرهەڵستی دەبێتەوە. چەند باجەکان زۆرتر زیاد بکرێن، ئەوەندە زیاتر هەموو بابەتە جۆراوجۆرەکان دەگرنەوە، دەنگی ناڕەزایی خەڵکیش زیاتر بەرز دەبێتەوە بۆ دەربڕینی گازاندە لە هەموو باجێکی نوێ، هەروەها سەختتر دەبێ بابەتی تازە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی باجی بەسەردا بسەپێنرێ، یان باجەکەی سەری بەرزتر بکرێ. بەڵام هەڵپەساردنێکی کاتەکیی دانەوەی قەرز ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەستی پێ ناکرێ و نابێتە مایەی بۆڵەبۆڵ و گلەیی. قەرزکردن لە سندووقی دابەزاندن بەردەوام ڕێگەیەکی ڕوون و ئاسانە بۆ ڕزگاربوون لە تەنگژەی ئەو ساتە. قەرزی گشتی چەند زیاتر کەڵەکە ببن، ئەوەندە پێویستیی لێکۆڵینەوە بۆ کەمکردنەوەیان زیاتر دەبێ، ئەوەندەش بەکارهێنانی بەشێک لە سندووقی دابەزاندن بۆ مەبەستی تر مەترسیدار و ڕووخێنەر دەبێ. ئەوەندەی ئەگەری کەمکردنەوەی قەرزی گشتی کەم ببێتەوە، ئەوەندە ئەگەری خراپ بەکارهێنانی سندووقی دابەزاندن، بۆ دابینکردنی هەموو خەرجییە نائاساییەکانی سەردەمی ئاشتی، زیاتر دەبێ. کاتێک کە گەلێک لەژێر باری گرانی باجدا دەناڵێ، هیچ شتێک نییە هانی خەڵک بدا بۆ ئەوەی بە سنگی فرەوانەوە بە سەپاندنی باجی نوێ قایل بن، جگە لە پێداویستییەکانی شەڕێکی نوێ یان، ڕق لەپێناو تۆڵەی نەتەوەیی، یان ترس لە شڵەژانی ئاسایشی نەتەوەیی. خراپ بەکارهێنانی سندووقی دابەزاندنیش لێرەوە سەر هەڵدەدا.

لە بریتانیای مەزندا، لەو کاتەوەی بۆ یەکەم جار پەنامان بردە بەر ڕێگەی ڕووخێنەری پارەدارکردنی هەتاهەتایی، هەرگیز کەمکردنەوەی قەرزی گشتی لە کاتی ئاشتیدا بەهیچ ڕێژەیەک باری گرانی کەڵەکەبوونی ئەو قەرزەی لە کاتی شەڕدا نەگرتە ئەستۆ. لەو شەڕەی لە ١٦٨٨دا دەستی پێ کرد و بە پەیمانی ریسویک (Treaty of Ryswick) لە ساڵی ١٦٩٧دا کۆتایی پێ هات، بناخەی قەرزی بێشوماری بریتانیای مەزن بۆ یەکەمین جار دانرا.

لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٦٩٧دا قەرزی گشتیی بریتانیای مەزن، بە پارەدارکراو و پارەدارنەکراوەوە، ٢١٥١٥٧٤٢ پاوەن و ١٣ شیلین و هەشت پێنس و نیو بوو. بەشێکی زۆری ئەم قەرزانە بۆ ماوەی کورت بوون و، هەندێکیان بەرامبەر ساڵانەی بەدرێژایی تەمەن بوون، بۆیە پێش ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٧٠١، لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵ، بەشێکی کە ٥١٢١٠٤١ پاوەن و ١٢ شیلین و سێ چارەکە پێنس بوو درابووەوە و بەشێکی

گەڕێنرابووەوە بۆ جەماوەر، ئەمەش گەورەترین کەمکردنەوەی قەرز بووە لە ماوەیەکی وەها کورتدا. بۆیە ئەوەی لە قەرزەکە مابووەوە تەنیا ١٦٣٩٤٧٠١ پاوەن و یەک شیلین و حەوت پێنس و چارەکێک بوو.

لەو شەڕەی لە ١٧٠٩دا دەستی پێ کرد و بە پەیمانی ئوتریش (Treaty of Utrecht) تەواو بوو، قەرزی گشتی ئەوەندەی تر کەڵەکە بوو. لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٧١٤دا، گەیشتە ٥٣٦٨١٠٧٦ پاوەن و پێنج شیلین و شەش پێنس و نیو. پشکداریی ساڵانەی کورتخایان و درێژخایان لە سندووقی دەریای باشوور سەرمایەی قەرزی گشتیی زیاد کرد و، بەو شێوەیە لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٧٢٢دا، بووە ٥٥٢٨٢٩٧٨ پاوەن و یەک شیلین و نزیکەی چوار پێنس. کەمبوونەوەی قەرزی گشتی لە ساڵی ١٧٢٣دا دەستی پێ کرد و زۆر بە سستی بەڕێوە چوو، لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٧٣٩دا، لەماوەی نزیکەی ١٧ ساڵ ئاشتیی چەسپاودا، تەواوی ئەو پارەیەی درابووەوە لە ٨٣٢٨٣٥٤ پاوەن و ١٧ شیلین و یازدە پێنس و چارەکێک زیاتر نەبوو. سەرمایەی قەرزی گشتی لەو کاتەدا ٤٦٩٥٤٦٢٤ پاوەن و سێ شیلین و چوار پێنس و نیو بوو.

شەڕی ئیسپانیا کە لە ١٧٣٩دا دەستی پێ کرد و، شەڕی فرانسە کە دوابەدوای ئەودا هات، بوونە مایەی زیادبوونی زیاتری قەرزەکە، کە لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٧٤٨دا، دوای تەواوبوونی شەڕ بەپێی پەیمانی ئێکس لا شوپێل-(Treaty of Aix- la Chapelle)، ٧٨٢٩٣٣١٣ پاوەن و یەک شیلین و دە پێنس و سێ چارەک بوو. جێگیرترین ئاشتی کە ١٧ ساڵ درێژەی کێشا ٨٣٢٨٣٥٤ پاوەن و ١٧ شیلین و یازدە پێنس و چارەکێک زیاتری لێ کەم نەکردەوە. شەڕێک کە نۆ ساڵ بەردەوامیی هەبوو ٣١٣٣٨٦٨٩ پاوەن و ١٨ شیلین و شەش پێنسی بۆ زیاد کرد.

لە سەردەمی کارگێڕیی بەڕێز پێلهام، سوودی قەرزی گشتی کەم کرایەوە، یان بەلای کەمەوە بەرەو کەمبوونەوە برا، لە لەسەدا چوارەوە بۆ لەسەدا سێ. سندووقی دابەزاندن زیاد کرا و، هەندێ بەشی قەرزی گشتی درانەوە. لە ساڵی ١٧٥٥دا، پێش سەرهەڵدانی دوایین شەڕ، قەرزی پارەدارکراوی بریتانیای مەزن ٧٢٢٨٩٦٧٣ پاوەن بوو. لە پێنجی کانوونی دووەمی ١٧٦٣، کە ئاشتی بەرپا بوو، قەرزی پارەدارکراو ١٢٢٦٠٣٣٣٦ پاوەن و هەشت شیلین و دوو پێنس و چارەکێک بوو. قەرزی پارەدارنەکراویش ١٣٩٢٧٥٨٩ پاوەن و دوو شیلین و دوو پێنس بوو. بەڵام ئەو خەرجییەی بەهۆی شەڕەوە هاتە کایەوە لەگەڵ ئاشتیدا کۆتایی نەهات، بۆیە لە پێنجی کانوونی دووەمی ١٧٦٤دا قەرزی پارەدارکراو (بەشێکی بەهۆی قەرزێکی نوێوە و، بەشێکی بەهۆی پارەدارکردنی بەشێک لە قەرزی پارەدارنەکراوەوە) بۆ ١٢٩٥٨٦٧٨٩ پاوەن و دە شیلین و یەک پێنس و سێ چارەک زیاد بوو، (بەقسەی نووسەری ئاگەداری "تێبینی لەسەر بازرگانی و دارایی بریتانیای مەزن")

هێشتا قەرزێکی پارەدارنەکراو مابوو کە لەو ساڵە و ساڵی پاشتر خرایە بەر چاو و ٩٩٧٥٠١٧ پاوەن و ١٢ شیلین و دوو پێنس و چارەکێک بوو. بۆیە لە ساڵی ١٧٦٤دا، قەرزی گشتیی بریتانیای مەزن، بە پارەدارکراو و پارەدارنەکراوەوە، بەقسەی ئەو نووسەرە، ١٣٩٥١٦٨٠٧ پاوەن و دوو شیلین و چوار پێنس بوو. ساڵانەکانی بەدرێژایی تەمەنیش کە وەک بەخششێک بە بەشدارانی قەرزە نوێیەکان لە ساڵی ١٧٥٧دا درابوون، کە بە کڕینی چواردە ساڵان مەزەندە دەکران، بە ٤٧٢٥٠٠ پاوەن دەخەمڵێنران و،ساڵانە درێژخایانەکانی کە بەهەمان شێوە وەک بەخشش درابوون لە ساڵانی ١٧٦١ و ١٧٦٢دا بە کڕینی ٢٧ ساڵ و نیو مەزەندە دەکران و بە ٦٨٢٦٨٧٥ پاوەن دەخەمڵێنران. لە ماوەی حەوت ساڵ ئاشتیی بەردەوامدا، کارگێڕیی دانا و بەڕاستی نیشتمانییانەی بەڕێز پێلهام نەیتوانی قەرزە کۆنە شەش ملیۆنییەکە بداتەوە. لە ماوەی شەڕدا کە نزیکەی هەمان ماوەی هەبوو، قەرزێکی نوێ بە زیاتر لە ٧٥ ملیۆن کرا.

لە پێنجیی کانوونی دووەمیی ١٧٧٥دا، قەرزی پارەدارکراوی بریتانیای مەزن ١٢٤٩٩٦٠٨٦ پاوەن و یەک شیلین و شەش پێنس و چارەکێک بوو. قەرزی پارەدارنەکراو، کە تایبەت بوو بە لیستێکی گەورەی مەدەنییەوە، ٤١٥٠٢٦٣ پاوەن و سێ شیلین و نزیکەی ١٢ پێنس بوو. هەردووکیان بەیەکەوە ١٢٩١٤٦٣٢٢ پاوەن و پێنج شیلین و شەش پێنس بوون. بەم پێیە، تەواوی ئەو قەرزەی لە ماوەی ١١ ساڵ ئاشتیی جێگیردا درایەوە تەنیا ١٠٤١٥٤٧٤ پاوەن و ١٦ شیلین و نزیکەی دە پێنس بوو. تەنانەت ئەم کەمکردنەوە کەمەی قەرزیش، هەمووی لە داهاتی ئاسایی دەوڵەتەوە نەبوو. چەندان بڕە پارەی نائاسایی، کە بەتەواوی پەیوەندییان بە داهاتی ئاساییەوە نەبوو، لەمەدا بەشدار بوون. لەنێو ئەمانەدا زیادکردنی یەک شیلین بۆ هەر پاوەنێک باجی زەوی بۆ ماوەی سێ ساڵ، وەرگرتنی دوو ملیۆن لە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لەبری دەستکەوتە هەرێمییەکانی و، وەرگرتنی ١١٠ هەزار پاوەن لە بانک لەبری نوێکردنەوەی پەیمانەکەی. جگە لەمانە چەندان بڕە پارەی تر هەبوون کە لەبەر ئەوەی لە شەڕی دواییەوە سەریان هەڵدا کە پێویستە وەک کەمکردنەوە لە خەرجییەکانی سەیر بکرێن. کە سەرەکیترینیان ئەمانەن:

پاوەن شیلین پێنس

بەری دەستکەوتە فڕانسەییەکان١٨٦٩٠٤٤٩ ٩

پارەی بەردانی گیراوە فڕانسەییەکان ٠٦٧٠٠٠٠ ٠

داهاتی فرۆشتنی دوورگەکانی سیداد ٠ ٩٥٥٠٠ ٠

ئەگەر بالآنسی ئێرلی شاتام (Earl of Chatham) و حیسابەکانی بەڕێز کارلکرافت و، کۆکردنەوەی هاوشێوەی تری سوپا، لەگەڵ ئەوەی لە بانک، کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلآت وەرگیرا و، یەک شیلینی زیادە بۆ سەر هەر پاوەنێکی باجی زەوی، تەواوی ئەمانە دەبێ بە ڕادەیەکی باش لە پێنج ملیۆن زیاتر بن. بۆیە، قەرزەکە کە لە کاتی ئاشتییەوە لەوەوە دەدرێ کە لە داهاتی ئاسایی دەولەت گل دەدرێتەوە، نەوەکو ساڵ بەساڵ، نەگەیشتووەتە نیو ملیۆن لە ساڵێکدا. بێگومان سندووقی دابەزاندن لە کاتی ئاشتییەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەهۆی ئەو قەرزەوە کە دراوەتەوە، بە کەمکردنەوەی لەسەدا چواری شیاوی گەڕاندنەوەکە بۆ لەسەدا سێ و، بەو ساڵانەی بەدرێژایی تەمەن کە کۆتاییان پێ هات، و، ئەگەر ئاشتی بەردەوام بووایە، لەوانە بوو ئێستا ساڵانە یەک ملیۆن گل بدرایەتەوە و قەرزی شەڕی پێ بدرایەتەوە. هەر بەو شێوەیە پار یەک ملیۆنی تر درایەوە، بەلآم لە هەمان کاتدا، لیستێکی قەرزی نوێی مەدەنی مایەوە و نەدرایەوە و، ئێمە ئێستا کەوتووینەتە شەڕێکی نوێوە کە لەوانەیە تێچووی لە تێچووی گشت شەڕێکی ترمان زیاتر بێ. ئەو قەرزە نوێیەی لەوانەیە پێش کۆتایی هەڵمەتی داهاتوو وەرگیرێ ڕەنگە یەکسان بێ بەو قەرزە کۆنەی لەڕێی گلدانەوە لە داهاتی ئاسایی دەوڵەتەوە دراوەتەوە. لەبەر ئەوە، شتێکی تەواو خەیاڵی دەبێ ئەگەر چاوەڕوان بین قەرزی گشتی هەرگیز بە هیچ جۆرە گلدانەوەیەک لە داهاتی ئاسایی، ئەگەر لەم دۆخەی ئێستایدا بمێنێتەوە، دەکرێ بدرێتەوە.

سندووقە گشتییەکانی پارەدارکردن گەلانی قەرزاری ئەوروپا، بەتایبەتی ئەوانەی ئینگلتەرە، لەلایەن نووسەرێکەوە وا پێشان دراون کە سەرمایەیەکی زۆر دەخەنە سەر سەرمایەکانی تری وڵاتەوە، چونکە بەهۆیانەوە بازرگانی بەرفرەوان دەبێ، پیشەسازی زیاتر دەبێ و، زەوی زیاتر کشتوکاڵ دەکرێ و چاک دەکرێ، زۆر زیاتر لەوەی کە لەڕێی سەرمایەکەی ترەوە بەتەنیا دەکرێ. ئەو ئەوەی لەبەر چاو نەگرتووە کە ئەو سەرمایەیەی یەکەمین قەرزدەرانی گشتی بەحکوومەتیان داوە، لەو کاتەوە کە داویانە، بەشێکی دیاریکراوی بەرهەمی ساڵانە لەجیاتی ئەوەی ببێ بە سەرمایە وەک داهات کاری پێ دەکرێ، لەجیاتی ئەوەی کارگەرانی بەرهەمهێن بژێنێ، کارگەرانی بەرهەمنەهێن دەژێنێ و، بەگشتی لە ماوەی ساڵەکەدا خەرج دەکرێن و بەبا دەچن، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ بەرهەمهێنانەوەیەکیان لە داهاتوودا بکرێ. ئەوان لە بەرامبەر ئەو قەرزەی داویانە ساڵانەیەک لە سندووقەکانی پارەدارکردنی گشتی وەردەگرن کە زۆربەی جاران بەهاکەی لەوە زیاترە. بێگومان ئەو ساڵانەیە، سەرمایەکەی خۆیان بۆ پڕ دەکاتەوە و، یارمەتییان

دەدا بۆ ئەوەی بتوانن پیشە و بازرگانیی خۆیان بەهەمان ئاستی جاران و بگرە زیاتریش بخەنە گەڕ. واتە، ئەوانە توانایان پەیدا کرد لە خەڵکی تر سەرمایەیەکی نوێ بە پشتیوانیی ئەو ساڵانەیە قەرز بکەن، یان ساڵانەکە بفرۆشن بۆ ئەوەی سەرمایەی نوێ بۆ خۆیان لە خەڵکی تر بەدەست بێنن کە یەکسان بێ یان زیاتر بێ لەوەی بەقەرز بەحکوومەتیان داوە. بەڵام ئەو سەرمایەیەی کە بەم شێوەیە لە خەڵکی تری دەکڕن یان قەرزی دەکەن، دەبێ پێشتر لە وڵاتدا بوونی هەبووبێ و، دەبێ، هاوشێوەی گشت سەرمایەکانی تر، لە ژیاندنی کاری بەرهەمهێندا، بەگەڕ خرابێ. کاتێکیش کە دەکەوێتە دەستی ئەوانەی پارەی خۆیان بە قەرز بەحکوومەت داوە، ئەگەرچی بەشێوەیەک لە شێوەکان سەرمایەی نوێن بۆ ئەوان، بەڵام بۆ وڵات سەرمایەی نوێ نین، بگرە تەنیا سەرمایەیەکن کە لە بەکارهێنانێکی دیاریکراوەوە بەکێش کراون بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تر بەکار بهێنرێن. بۆیە ئەگەرچی بۆ ئەوان جێی ئەوەی پڕ کردەوە کە بەقەرز بەحکوومەتیان داوە، بەڵام بۆ وڵات ئەو جێیەیان پڕ نەکردەوە. ئەگەر ئەوان ئەو سەرمایەیان بەقەرز بەحکوومەت نەدایە، ئەو کاتە لەجیاتی یەکێک دوو سەرمایە لە وڵاتدا، دوو بەش لە بەرهەمی ساڵانە، بوونیان دەبوو و، کاری بەرهەمهێنیان دەژیاند.

کاتێک کە بۆ دەستەبەرکردنی خەرجیی حکوومەت داهاتێک لەڕێی باجی ئازاد یان بارمتەنەکراوەوە، لە ماوەی ساڵێکدا، دەستەبەر دەبێ، تەنیا بەشێکی دیاریکراوی داهاتی خەڵکی ئاسایی بۆ ژیاندنی یەک جۆر کاری بەرهەمنەهێن، لەجیاتی جۆرێکی تری ئەو کارە، دەچێ. بێگومان لەوانەیە بەشێک لەوەی لەڕێی ئەو باجەوە دەیدەن وەک سەرمایە کەڵەکە کرابێ و، لەئاکامدا بۆ ژیاندنی کاری بەرهەمهێن بەکار بێ، بەڵام بەشە زۆرەکەی خەرج دەکرێ و بۆ ژیاندنی کاری بەرهەمنەهێن بەکار دێ. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک کە خەرجیی گشتی بەم شێوەیە دابین دەکرێ، ئەوە بێگومان، زۆر یان کەم، ڕێگری لە کەڵەکەبوونی زیاتری سەرمایەیەکی نوێ دەکا. بەڵام مەرج نییە ببێتە مایەی لەناوچوونی هیچ سەرمایەیەک کە بوونی هەبێ.

کاتێک کە خەرجیی گشتی لەڕێی سندووقی پارەدارکردنەوە دابین دەکرێ، ئەوە بە لەناوبردنی ساڵانەی هەندێ سەرمایە دابین دەکرێ کە پێشتر لە وڵاتدا هەبوون. لەڕێی بەلاڕێدا بردنی بەشێکی بەرهەمی ساڵانەوە کە پێشتر بۆ ژیاندنی کاری بەرهەمهێن بوو، بەرەو ژیاندنی کاری بەرهەمنەهێن. لەگەڵ ئەوەشدا، کە لەم دۆخەدا باجەکان سووکترن لەو باجانەی داهاتێکیان هەیە بەشی دەستەبەرکردنی هەندێ خەرجیی حکوومەت لە ساڵەکەدا دەکەن، داهاتی تاکەکان کەمتر باری گران دەکرێ و، لە ئاکامدا توانای گلدانەوە و

کەڵەکەکردنی بەشێک لەو داهاتە بۆ ئەوەی ببێ بە سەرمایە کەمتر لاواز دەبێ. ئەگەر شێوازی پارەدارکردن سەرمایەی کۆنی زیاتر لەناو ببا، ئەوە لەهەمان کاتدا کەمتر لە دابینکردنی خەرجیی گشتی لەڕێی داهاتی ساڵەوە، رێ لە کەڵەکەبوون یان بەردەستبوونی سەرمایەی نوێ دەگرێ. لە سایەی سیستمی پارەدارکردندا، دەستگرتنەوە و پیشەسازیی خەڵکی ئاسایی ئاسانتر دەتوانن ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە کە دەستبلاوی و زێدەڕۆیی حکوومەت دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی لە سەرمایەی گشتیدا دروست ببن.

ئەوە تەنیا لە کاتی شەڕدایە کە ئەم سیستمی پارەدارکردنە لە سیستمەکانی تر باشتر دەبێ. کاتێک کە خەرجیی شەڕ بەردەوام بە داهاتێک دەستەبەر بکرێ کە لە میانی ساڵێکدا پەیدا دەکرێ، ئەو باجانەی لەو داهاتە نائاساییەوە دەست دەکەون تەمەنیان لە تەمەنی شەڕەکە درێژتر نابێ. توانای خەڵکی ئاسایی لە کەڵەکەکردن ئەگەرچی لە کاتی شەڕدا کەمتر دەبێ، لە کاتی ئاشتیدا لەسایەی سیستمی پارەدارکردنەوە زیاتر دەبێ. ئەگەر شەڕ وەک پێویستییەک نەبێتە مایەی لەناوچوونی سەرمایە کۆنەکان و، ئاشتی ببێتە مایەی دروستبوونی سەرمایەی نوێی زیاتر. شەڕەکان بەگشتی خێراتر تەواو دەبن و، بە ئارەزوویەکی کەمترەوە بەرپا دەکرێن. خەڵک لە کاتی بەردەوامیی شەڕدا زیاتر هەست بە بارگرانی بکەن، زووبەزوو لێی وەڕس دەبن و، حکوومەت بۆ ئەوەی هێوریان بکاتەوە، بۆ ماوەی درێژتر لە پێویست بەردەوامییان پێ نادا. بەرچاوڕوونی لەبارەی باری گرانی شەڕەوە، رێگر دەبێ لەوەی خەڵک بەگوڕ داوای شەڕ بکەن لەو کاتانەدا کە بەرژەوەندیەکی ڕاستەقینە یان پتەو نەبێ بۆ ئەوەی شەڕی لەپێناودا بکرێ. ئەو وەرزانەی تیایاندا توانای خەڵکی ئاسایی بۆ کەڵەکەکردنی سامان کەم دەبێتەوە کەمتر دێنە کایەوە و، کەمتر بەردەوامییان دەبێ. بەپێچەوانەشەوە، ئەوانەی تیایاندا ئەو توانایە لەوپەڕی بەهێزیدا دەبێ درێژتر دەبن لەوەی کە لە سایەی سیستمی پارەدارکردندا بن.

هەروەها، کە پارەدارکردن پێشڤەچوونێکی بەرچاو دروست دەکا، زیادکردنی باج کە هەندێ جاران لەگەڵ خۆیدا کەمبوونەوەی توانای کەڵەکەکردن لای خەڵکی ئاسایی دێنێ، تەنانەت لە کاتی ئاشتیدا وەک ئەوەی سیستمەکانی تر لە کاتی شەڕدا دەیهێنن. ئێستا داهاتی بریتانیای مەزن لە کاتی ئاشتیدا ساڵانە لە دە ملیۆن زیاترە. ئەگەر ئەو داهاتە ئازاد بێ و بەبارمتە نەگیرابێ، لەوانەیە لەگەڵ بەڕێوەبردنێکی گونجاو بەبێ هیچ قەرزێکی نوێ، بەشی توندترین شەڕ بکا. داهاتی تایبەتی دانیشتووانی بریتانیای مەزن ئێستا ئەوەندەی لە کاتی ئاشتیدا کۆسپی لەپێش بوو، توانای کەڵەکەکردنیان ئەوەندەی سەردەمی بەخەرجیترین شەڕ سست دەکا ئەگەر سیستمی خراپی پارەدارکردن بەرپا نەکرایە.

دەڵێن لە دانەوەی سوودی قەرزی گشتیدا، ئەوە دەستی ڕاستە پارە بە دەستی چەپ دەدا. پارە ناچێتە دەرەوەی وڵاتەوە. تەنیا بەشێک لە داهاتی دەستەیەک لە دانیشتووان دەگوازرێتەوە بۆ دەستەیەکی تر و، گەل بایی پوولێک هەژار نابێ. تەواوی ئەم بیانووهێنانەوەیە، لەسەر بیانووەکانی سیستمی بازرگانی هەڵچنراوە و، دوای لێکدانەوەی دوور و درێژم بۆ ئەم سیستمە، لەوانەیە پێویست نەبێ هیچی زیاتری لەسەر بڵێم. سەرباری ئەمەش، گریمانە دەکا کە تەواوی قەرزی گشتی لە دانیشتووانی وڵاتەوە وەرگیراون، کە ئەمە ڕاست نییە. هۆڵاندەییەکان، هەروەها چەندان گەلی تری بیانی، بەشێکی زۆریان هەیە لە سندووقەکانی پارەدارکردنمان. بەڵام ئەگەر تەواوی قەرزەکانیش هی دانیشتووانی وڵات بن، ئەوە هاوڵاتیبوونی قەرزدەرانە زیانی قەرزەکان کەم ناکاتەوە.

زەوی و ماڵی سەرمایە دوو سەرچاوە بنەڕەتییەکەی گشت داهاتە تایبەت و گشتییەکانن. ماڵی سەرمایە هەقدەستی کاری بەرهەمهێن دەدا، چ لە کشتوکاڵدا کار بکا یان لە پیشەسازی یان لە بازرگانیدا. بەڕێوەبردنی ئەم دوو سەرچاوە بنەڕەتییەی داهات، لەلایەن دوو دەستە خەڵکەوەیە، خاوەن زەوییەکان و، خاوەن و بەگەڕخەرانی ماڵی سەرمایە.

خاوەنی زەوی لەبەر داهاتی خۆی گرینگی بەوە دەدا کە تا پێی بکرێ موڵکەکەی لە دۆخێکی باشدا ڕاگرێ، بە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی خانووی کرێچییەکان، کردنەوە و پاراستنی جۆگە و پەرژینی پێویست و، هەموو ئەو چاکسازییە گرانبایانەی کە دەبێ خاوەن موڵک بیانکا و بیانپارێزێ. بەڵام لەوانەیە داهاتی خاوەن موڵک لەڕێی باجی زەوییەوە زۆر کەم بکاتەوە و، بەهۆی باجی جۆراوجۆری سەر پێویستی و خۆشکەرەکانی ژیان کە داهات کەم دەکەنەوە، بەها ڕاستەقینەکەی زۆر کەم بکەنەوە و، وای لێ بکەن نەتوانێ ئەو چاکسازییە گرانبایانە بکا و بیانپارێزێ. بەڵام کە خاوەن موڵک پەکی بکەوێ و نەتوانی بەردەوامی بەو ئەرکە بدا کە لەسەر شانیەتی، ئەوە بۆ کرێچییەکە بەتەواوی مەحاڵ دەبێ ئەرکەکەی خۆی ئەنجام بدا. چەند تەنگانەی خاوەن موڵک زیاتر ببێ، وەک پێویستییەک کشتوکاڵی وڵات دەبێ بپووکێتەوە.

کاتێک بەهۆی باجی جۆراوجۆری سەر پێویستییەکانی ژیان و کەرەستەکانی خۆشگوزەرانی، خاوەن و بەگەڕخەرانی ماڵی سەرمایە بۆیان دەردەکەوێ کە داهاتەکانیان هەرچەند بێ، لە وڵاتێکی دیاریکراودا، ناتوانن هەمان بڕی پێویستییەکانی ژیان و کەرەستەکانی خۆشگوزەرانی بکڕن کە داهاتێکی یەکسان بەوە لە نزیکەی هەموو وڵاتانی تردا دەیانکڕێ، ناچار دەبن ڕوو لە وڵاتێکی تر بکەن. کاتێکیش بۆ زیادکردنی ئەو باجانە،

هەمـوو یـان زۆربەی بازرگـان و پیشەسـازان، واتە هەمـوو یـان زۆربەی بەگەڕخەرانـی سەرمایەی زۆر، بەردەوام ڕووبەڕووی سـەردانی شـەرمهێن و ڕقـاویی بـاجگران ببنەوە، مەیلی ڕۆیشتنیان زۆری پێناچێ دەبێتە ڕۆیشتنی ڕاستەقینە. بەمەش بێگومـان پیشەسـازیی وڵات دووچـاری ڕۆیشـتنی ئەو سـەرمایانە دەبـێ کە پشـتیوانییان دەکـرد و، دارمـانی بازرگانی و پیشەسازی دوابەدوای دوورکەوتنەوە لە کشتوکاڵ دێن.

گـۆڕینی خاوەنـانی ئەم دوو سـەرچاوە مەزنەی داهـات، زەوی و مـاڵی سـەرمایە، لەو کەسـانەوە کە ڕاسـتەوخۆ پەرۆشـی دۆخـی باشـی هەمـوو بەشـێکی زەویـن و، پەرۆشـی بەڕێـوەبردنی باشـی هەمـوو بەشـێکی مـاڵی سـەرمایەن، بـۆ کەسـانێک (قەرزدەران بە حکوومەت، ئەوانەی ئەو جۆرە پەرۆشییانەیان نییە)، زۆرترین بەشی ئەو داهاتەی لە هەر یەکێکیـانەوە دەهـات دەبـێ، لە مەودای دووردا، ببێـتە مـایەی پشتگوێخسـتنی زەوی و لەدەستچوون یان ڕۆیشتنی ماڵی سەرمایە. کەسێک کە قەرزی بەحکوومەت داوە، بێگومان بەرژەوەندییەکی گشتیی هەیە لە گەشەی کشتوکاڵ، پیشەسازی و، بازرگانیی وڵاتدا و، لە ئاکامدا لە دۆخی باشی زەوییەکانی وڵات و لە بەڕێوەبردنی باشی ماڵی سەرمایەیدا. ئەگەر هەر شکسـتێک یـان لادانێـک لە هەر یەکێـک لەم شـتانە ڕوو بـدا، بەرهەمـی بـاجە جۆراوجۆرەکـان لەوانەیە چـی تـر بەشـی ئەوە نەکـا سـاڵانەکەی یـان ئەو سـوودەی دەبـێ وەریگـرێ، پێـی بـدرێ. بەڵام ئەو قەرزدەرە کە بەئاسـتەم بەو شـێوەیە شـتەکان لێـک دەداتەوە، گوێ بە دۆخی باشی هیچ بەشێکی دیاریکراوی زەوی، یان بەڕێوەبردنی باشـە هـیچ بەشێکی مـاڵی سـەرمایە نـادا. ئەو قەرزدەرە هـیچ زانیـارییەکی لەسـەر هـیچ بەشێکی دیاریکراوی ئەمانە نییە. بۆیە بەدوایاندا ناچێ. بۆیە هیچ بایەخێکیـان پێ نـادا. دارمانیشـیان لە هەندێ ڕووەوە، ڕەنگە لای ئەو نادیار بێ و ڕاستەوخۆ کاری تێ نەکا.

پـارەدارکردن وردەوردە هەمـوو ئەو دەوڵەتـانەی لاواز کـرد کە پیادەیـان کـرد. لەوە دەچـێ کۆمارەکـانی ئیتالیـا دەسـتیان پـێ کردبـێ. تەنیـا جەنەوا و ڤینیسـیا مـاون کە وایـان پێشان دەدا بوونێکی سەربەخۆیان هەیە، بەو هۆیەوە لاواز بوون. لەوە دەچـێ ئیسـپانیا لە کۆمارەکانی ئیتالیاوە فێری ئەم ڕێوشـوێنە بـووبێ و، (باجەکانیـان کە لەوە دەچـێ لەوانەی ئەوان نادانـاتر بن)، بە بەراورد لەگەڵ بەهێزیـی سروشـتیی خۆیدا، هێشـتا لاوازتـر بـووبێ. قەرزەکـانی ئیسـپانیا زۆر درێژەیـان کێشـا. ئەو وڵاتە پـێش کۆتـایی سـەدەی شـازدە، سـەد سـاڵ پـێش ئەوەی ئینگلـتەرە یەک شـیلین قەرزار بـێ، لە قەرزدا ڕۆچووبـوو. فڕانسـە سەرباری هەموو سەرچاوە سروشتییەکانی، لەژێر بارێکی گرانی لە هەمان شێوە خەریکە چۆک دادەدا. کۆماری پارێزگە یەکگرتووەکان بەهۆی قەرزەکانیەوە هاوشێوەی جەنەوا و

ڤینیسیا لاواز بووە. ئایا دەبێ کارێک کە مایەی لاوازی و ماڵوێرانیی هەموو وڵاتێکی تر، تەنیا لە بریتانیای مەزندا تەواو ئەستۆپاک دەرچێ؟

دەکرێ بگوترێ کە سیستمی باج لەو وڵاتە جۆراوجۆرانەدا ئاستی لە خوار ئەوەی ئینگلتەرەوەیە. من لەو بڕوایەدام کە وا بێ. بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێ کە، کاتێک داناترین حکوومەت هیچ بابەتێکی شیاوی باجی بەدەستەوە نەما، پێویستە، لە کاتی پێویستیی لەناکاودا، ڕوو لە بابەتە نەگونجاوەکان بکا. کۆماری دانای هۆڵاند لە هەندێ دۆخدا ناچار بوو پەنا بباتە بەر باجگەلێک کە هاوشێوەی ئەوانەی ئیسپانیا نەگونجاو بوون. پێش ڕزگارکردنێکی بەرچاوی داهاتی گشتی، ئەگەر شەڕێکی نوێ سەری هەڵدا و خەرجییەکانی لەگەڵ بەردەوامبوونیدا ئەوەندەی شەڕی پێشوو زیاد بوون، لەوانەیە وا لە بریتانیای مەزن بکا، بەهۆی پێویستیی بەرگەنەگیراوەوە، سیستمێکی باجی سەرکوتکەرانەی هاوشێوەی ئەوەی هۆڵاند، یان تەنانەت وەک ئەوەی ئیسپانیا، بگرێتە بەر. لەڕاستیدا، ڕێزگرتن لە سیستمی ئێستای باجمان، پیشەسازیمانی تووشی شڵەژانێکی کەم کرد، تەنانەت لە کاتی بەخەرجیترین شەڕدا، دەستگرتنەوە و هەڵسوکەوتی باشی تاکەکان، لەوە دەچێ توانیبێتی، لەڕێی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنەوە، هەموو درزەکان پڕ بکاتەوە کە بەفیڕۆدان و دەستبڵاویی حکوومەت لە سەرمایەی گشتیی کۆمەڵگەدا دروستیان کردبوون. لە کۆتایی دوایین شەڕدا، کە پڕخەرجیترین شەڕی بریتانیای مەزن بوو، گەشەی کشتوکاڵەکەی، زۆریی پیشەسازییەکانی وەکو ئەوە بوون کە بەتەواوی بەگەڕ خرابن و، بازرگانییەکەی وەکو سەردەمانی پێشوو بەرفرەوانە. کەواتە ئەو سەرمایەیەی پشتیوانیی هەموو ئەم لقە جۆراوجۆرانەی پیشەسازییەکەی کردووە یەکسان بووە بەوەی کە پێشتر هەبووە. لەوەتی ئاشتی هاتووەتە کایەوە، کشتوکاڵ زیاتر پێش کەوتووە، کرێی خانوو لە گشت شار و گوندەکاندا بەرز بووەتەوە – کە بەڵگەیە لەسەر زیادبوونی سامان و داهاتی خەڵک. هەروەها بڕی ساڵانەی زۆربەی باجە کۆنەکان، ئەوانەی لقە سەرەکییەکانی باج و گومرک بەتایبەتی، بە بەردەوامی زیادیان کردووە- کە ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر زیادبوونی بەکاربردن و، لەئاکامدا زیادبوونی بەرهەم کە تەنیا ئەو دەتوانێ پشتیوانیی ئەو بەکاربردنە بکا. لەوە دەچێ بریتانیای مەزن بەئاسانی پشتیوانیی بارگرانییەک بکا کە، نیو سەدە پێش ئێستا، کەس بڕوای نەدەکرد بتوانێ پشتیوانیی بکا. بەڵام با بەپێی ئەم حیسابە پەلە لەوە نەکەین کە بگەینە ئەو ئاکامەی بڵێین ئەو دەتوانێ پشتیوانیی هەر بارگرانییەک بکا، هەروەها زۆر دڵنیا نەبین کە، بەبێ هیچ شڵەژانێکی زۆر، ئەوەی لەگەڵ بارێکی کەمێک گرانتر لەوەی کەوتووەتە سەری، پێ دەکرێ.

کاتێک کە قەرزە نیشتمانییەکان لەپڕدا تا ئاستێکی دیاریکراو کەڵەکە بوون، من پێم وایە کە بەدەگمەن هەلێک هەبێ بۆ ئەوەی بە ئاسانی و تەواوی بدرێنەوە. ڕزگارکردنی داهاتی گشتی، ئەگەر هیچ کاتێک لەڕێی مایەپووچییەوە ئەنجام درابێ، هەندێ جار لەڕێی یەکێکی ڕاگەیەنراوەوە، بەڵام بەردەوام لەڕێی یەکێکی ڕاستەقینەوە، ئەگەرچی زۆربەی جاران لەڕێی پارەدانێکەوە وا پیشان دەدرێ.

بەرزکردنەوەی بەناوی دراو باوترین شێوازی دەمامکدارکردنی مایەپووچیی گشتیی ڕاستەقینەیە کە لەژێر دیمەنی پارەدانێکی ڕووکەشیدا دەشاررێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر شەش پێنسییەک، بەیاسایەکی پەرلەمان یان ڕاگەیەنراوێکی شاهانە، بەناو کرا بە یەک شیلین و، بیست دانە لەو شەش پێنسییە بوونە یەک پاوەنی ئیستەرلینی ئەو کەسەی بە پارە کۆنەکە بیست شیلینی قەرز کردووە، یان نزیکەی چوار ئۆنس زیو، بەم شێوازە نوێیە شەش پێنسی وەردەگرێتەوە، یان شتێک لە دوو ئۆنس زیو کەمتر دەداتەوە. قەرزێکی نیشتمانی بە ١٢٨ ملیۆن، کە نزیکە لە سەرمایەی قەرزی پارەدارکراو و پارەدارنەکراوی بریتانیای مەزن، لەوانەیە بەم شێوەیە نزیکەی ٦٤ ملیۆن بدرێتەوە، بەو پارەیەی ئێستامان. ئەو پارەدانەوەیە تەنیا ڕووکەشییە و، قەرزدەرەکان بەحکوومەت لەڕاستیدا فێڵیان لێ کراوە و لە هەر پاوەنێک کە لای حکوومەت هەیانبوو دە شیلینیان خوراوە. ئەو کارەساتە زۆر لەوە گەورەترە و لە قەرزدەرەکانەوە باڵ بەرەو جەماوەر دەکێشێ و، هەموو تاکێکی ئاسایی زیانێکی هاوڕێژەی بەر دەکەوێ. ئەمەش هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو لە زۆربەی دۆخەکاندا زیانی زۆرتری لێ دەکەوێتەوە بۆ ئەوانەی قەرزیان بەحکوومەت داوە. لەڕاستیدا ئەگەر ئەو قەرزدەرانە قەرزاری خەڵکی تر بن، لەوانەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان قەرەبووی زیانەکانیان بکەنەوە، بەوەی بەهەمان دراو کە لە حکوومەتیان وەرگرتووە قەرزی قەرزدەرەکانیان بدەنەوە. بەڵام لە زۆربەی وڵاتاندا قەرزدەران بە حکوومەت، زۆربەیان، خەڵکی داران، کە پەیوەندییان لەگەڵ هاووڵاتییانیاندا وەک قەرزدەرە نەک قەرزار. بۆیە قەرزدانەوەیەکی بەناوی لەم جۆرە، لەجیاتی ئەوەی زیانی قەرزدەران بەحکوومەت سووک بکاتەوە، لە زۆربەی دۆخەکاندا زیاتری دەکا و، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی بۆ جەماوەر هەبێ، وا دەکا کارەساتەکە ژمارەیەکی زۆرتر خەڵکی تری بێتاوان بگرێتەوە. دەبێتە مایەی تێکدانێکی گشتی و پڕ زیانی سامانی خەڵکی ئاسایی، لە زۆربەی دۆخەکاندا قەرزارە تەمبەڵەکانی کە کەوتوونەتە ژێر قەرزی زۆرەوە لەسەر حیسابی قەرزدەرە زەحمەتکێش و دەستگرتووەکان و، بەشێکی زۆری سەرمایەی نیشتمانی لەو دەستانەوە کە زیادی دەکەن و پێشی دەخەن بۆ ئەو دەستانە دەچێ کە بەفیڕۆی دەدەن و

لەناوی دەبەن. کاتێک کە پێویست دەبێ دەوڵەت مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیەنێ، بەهەمان شێوەی کە کەسێکی ئاسایی ناچاری ئەوە دەبێ، مایەپووچییەکی دادوەرانە و ئاشکرا و ڕاگەیەنراو بەردەوام ئەو ئامرازەیە کە کەمتر ئابڕووبەرە بۆ قەرزارەکە و کەمتر ئازاردەرە بۆ قەرزدەرەکە. ئابڕووی دەوڵەت بەدڵنیاییەوە زۆر بەخراپی لەکەدار دەبێ کاتێک کە بۆ داپۆشینی شەرمەزاریی مایەپووچییەکی ڕاستەقینە پەنا دەباتە بەر فێڵی لەم جۆرە، کە بەئاسانی ئاشکرا دەبێ و لە هەمان کاتدا زۆر خراپەکارانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، نزیکەی هەموو دەوڵەتەکان، کۆن و نوێیەکانیان، کاتێک کە تووشی ئەم دۆخە بوون، هەندێ جار ئەم فێڵەیان کردووە. ڕۆمانەکان لە کۆتایی یەکەمین شەڕی پونی (دژ بە قرتاجەییەکان)، پەنایان بردە بەر کەمکردنەوەی ئاس، ئەو دراوە یان ئەو جۆرە دراوەی بەهۆیەوە بەهای هەموو دراوەکانی تریان دەستنیشان دەکرد، بۆ ئەوەی لەجیاتی ١٢ ئۆنس مس لەخۆ بگرێ تەنیا دوو ئۆنسی تێدا هەبێ. بەمە دوو ئۆنس مسیان بەرز کردەوە بۆ ئەو پلەیەی پێشتر بریتی بوو لە ناوێک بۆ بەهای ١٢ ئۆنس. کۆمارەکە بەم شێوەیە توانیی قەرزە گەورەکانی، لەڕێی شەشیەکی بەها ڕاستەقینەکانیانەوە بداتەوە. دەبێ لەم کاتەدا چاوەڕوانی مایەپووچبوونێکی زۆر لەناکاو و زۆر گەورە بکەین، کە دەبێتە مایەی بێزارییەکی زۆر توندی جەماوەری. بەڵام لەوە ناچێ بووبێ. ئەو یاسایەی بڕیاری لەسەری دا، وەک یاساکانی تری پەیوەست بە دراوەوە، لە کۆبوونەوەیەکی خەڵکدا خرایە ڕوو و، لەوانەیە یاسایەکی جەماوەری بووبێ. لە ڕۆما، وەک لە هەموو کۆمارە کۆنەکاندا، خەڵکی هەژار بەردەوام قەرزاری دەوڵەمەند و گەورەکان بوون، کە بۆ مسۆگەرکردنی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنە ساڵانەکاندا، پارەیان بەقەرز پێیان دەدا بەرامبەر بە سوودی زۆر، کە هەرگیز نەدەدرا، هەر زووش کەڵەکە دەبوون و دەبوونە بڕە پارەیەکی ئەوەندە زۆر کە نەقەرزارەکە توانای دانەوەی هەبوو نە کەس بۆی دەدایەوە. قەرزارەکە لە ترسی سزای توند، ناچار دەبوو بەبێ هیچ پاداشتێک دەنگ بەو کاندیدە بدا کە قەرزدەرەکە دەیەوێ. سەرباری هەموو یاساکانی دژ بە بەرتیل و گەندەڵی، بەخشیشی کاندیدەکان و دابەشکردنی جاربەجاری گەنمەشامی بە بڕیاری ئەنجومەنی پیران، سندووقی پارەدارکردنی بنەڕەتی بوون، لە سەردەمانی دوایی کۆماری ڕۆماندا، بۆ ئەوەی هەژاران بتوانن بژێویی خۆیان دەستەبەر بکەن. بۆ ڕزگاربوون لەم ملکەچییە بۆ قەرزدەرانیان، هەژارترین خەڵک بەردەوام داوایان دەکرد یان قەرزەکان بەتەواوی هەڵوەشێنرێنەوە، یان ئەوە بکرێ کە پێیان دەگوت خشتەی نوێ، واتە، یاسایەک کە یارمەتییان بدا بۆ ئەوەی بگەنە پاکانەیەکی تەواو بەرامبەر دانەوەی بەشێکی دیاریکراوی قەرزە کەڵەکەبووەکانیان.

ئەو یاسایەی هەموو دراوەکانی بۆ شەشیەکی بەها کۆنەکانیان دابەزاند، کە پارمەتییانی دا بۆ ئەوەی بتوانن بە شەشیەکی قەرزە ڕاستەقینەکان قەرزەکانیان بدەنەوە، بۆ ئەوان یەکسان بوو بە بەسوودترین خشتەی نوێ. بۆ قایلکردنی خەڵکەکە، دەوڵەمەندەکان و گەورەکان، گەلێ جاران، ناچار بوون بەو یاسایانە قایل بن کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەرزارەکان و، خستنەڕووی خشتەی نوێ بوون. هەروەها لەوانەیە بەشێکی قایلبوونیان بەم یاسایە بۆ هەمان هۆ بگەڕێتەوە و، بەشێکی، لەڕێی ڕزگارکردنی داهاتی گشتی، لەوانەیە بتوانن هێز بۆ ئەو حکوومەتە بگەڕێننەوە کە لە بنەڕەتدا مەبەستیانە. ئۆپەراسیۆنێکی لەم جۆرە ڕاستەوخۆ قەرزێکی ١٢٨ ملیۆنی بۆ ٢١ ملیۆن بۆ ٣٣٣ هەزار و ٣٣٣ پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس کەم دەکاتەوە. لەماوەی شەڕی دووەمی پونیدا ئاس زیاتر کەم کرایەوە، جاری یەکەم لە دوو ئۆنس مسەوە بۆ یەک ئۆنس و، دوای ئەوە لە یەکەوە بۆ نیو ئۆنس، واتە، بۆ یەک بەش لە ٢٤ بەشی بەها بنەڕەتییەکەی خۆی. بە کۆکردنەوەی سێ ئۆپەراسیۆنەکەی ڕۆمان لە یەکێکدا، قەرزێکی ١٢٨ ملیۆنی بەپارەی ئێستامان بەم شێوەیە هەمووی بە ڕاستەوخۆ دەبێتە پێنج ملیۆن و ٣٣٣ هەزار و ٣٣٣ پاوەن و شەش شیلین و هەشت پێنس. تەنانەت قەرزە لەژمارنەهاتووەکانی بریتانیای مەزن بەم شێوەیە زوو دەدرێنەوە.

من بڕوام وایە کە لەڕێی ئەم ئامرازانەوە دراوی هەموو وڵاتەکان وردەوردە زیاتر دادەبەزنە خوار بەهای بنەڕەتییان و، هەمان بڕە پارە بەناو وای لێ هات بڕی زۆر کەمتر زیوی تێدا هەبێ.

هەندێ جار وڵاتان بۆ هەمان مەبەست، فێڵ لە ستانداری دراوەکەیان دەکەن، واتە، بڕی زۆرتر ئاوێتەی تێکەڵ دەکەن. ئەگەر کێشی یەک پاوەن لە دراوی زیوی ئێمە، بۆ نموونە، لەجیاتی کێشی ١٨ پێنس زیوی تێدا هەبێ، کە ستانداری ئێستایە، هەشت ئۆنس ئاوێتەی تێکەڵ بکرێ، یەک پاوەنی ئیستەرلینی یان بیست شیلین لەو جۆرە دراوە، بەهاکەی کەمێک لە شەش شیلین و هەشت پێنس پارەی ئێستا زیاتر دەبێ. بڕی ئەو زیوەی لە شەش شیلین و هەشت پێنس پارەی ئێستاماندا هەیە، بەو شێوەیە بەناو بۆ نزیکەی یەک پاوەنی ئیستەرلینی بەرز دەبێتەوە. فێڵکردن لە ستاندار تەواو هەمان کاریگەریی ئەوەی دەبێ کە فرانسەییەکان پێی دەڵێن زیادکردن یان بەرزکردنەوەی ڕاستەوخۆی ئاستی دراو.

زیادکردن یان بەرزکردنەوەی ڕاستەوخۆی دراو، دەبێ بەردەوام و بەسروشتی خۆی ئۆپەراسیۆنێکی ئاشکرا و ڕاگەیەنراو بێ. بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە ئەو پارچە دراوانە کە کێش و قەبارەیان کەمترە هەمان ناوی ئەو پارچانەیان لێ دەنرێ کە پێشتر کێش و

قەبارەی زۆریان هەبوو. فیلکردن لە ستاندار، بەپێچەوانەوە، بەگشتی ئۆپەراسیۆنێکی ژێربەژێرە. بەهۆی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە ئەو پارچە دراوانەی لە مینت دەردەچن هەمان ناویان هەیە و، ئەوەندەی بکرێ هەمان کێش و قەبارە و دیمەنی ئەو پارچانەیان هەیە کە پێشتر دراوی زۆر بەهادارتر بوون. کاتێک کە شا جۆنی فرانسە، بۆ دانەوەی قەرزەکانی، فێلی لە دراوەکەی خۆی کرد، هەموو فەرمانبەرانی مینتەکەی سوێند دران بۆ ئەوەی نهێنییەکە بپارێزن. هەردوو ئەو ئۆپەراسیۆنانەش نادادوەرانە بوون. بەلام زیادکردنێکی سادە نادادییەکی ئازاردەری ئاشکرایە، کە تیایدا فێلەکە نادادییەکی ستەمکارانەیە. لەبەر ئەوە ئەم پرۆسەیەی دوایی هەر کە ئاشکرا بوو، کە هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر بەنهێنی نامێنێتەوە، بەردەوام تووڕەییەکی زیاتر لەوەی یەکەمی خستووەتەوە. دراو لەدوای زیادکردنێکی زۆر، بەدەگمەن گەڕاوەتەوە بۆ کێشەکەی جارانی، بەلام لەدوای فێلی زۆرتریش نزیکەی بەردەوام بۆ دۆخی جارانی گەڕێنراوەتەوە. بەدەگمەن ڕووی داوە کە تووڕەیی و بێزاریی خەلک بەهیچ شتێکی تر هێور بووبێتەوە.

لەکۆتایی سەردەمی هێنریی هەشتەمدا و سەرەتای سەردەمی ئێدواردی شەشەم، دراوی ئینگلیزی نەک تەنیا بەناو بەرز کرایەوە، بەلکو فێل لە ستانداردەکەشی کرا. هەمان ئەو فێلانەش لە سکۆتلاند لە سەردەمی منداڵیی جەیمسی شەشەمدا کران. جاربەجاریش لە زۆربەی ولاتانی تردا ئەنجام دران.

هەرگیز ناکرێ داهاتی گشتیی بریتانیای مەزن بەتەواوی ڕزگار بکرێ، یان هەرگیز ناکرێ پێشڤەچوونێکی بەرچاو بەرەو ئەو ڕزگارکردنە بێتە دی، لە کاتێکدا کە زیادەی ئەو داهاتە، یان ئەوەی زیاترە لە دابینکردنی خەرجیی سالانەی دامەزراندنی ئاشتی، زۆر کەمە و، تەنانەت پێشبینیی هەمووی بێهوودەیە. ئاشکرایە کە ئەو ڕزگارکردنە هەرگیز بەبێ هەندێ زیادکردنی زۆری داهاتی گشتی، یان کەمکردنەوەی زۆری خەرجیی گشتی، نایەتە دی.

باجێکی زەویی دادوەرانەتر، باجێکی دادوەرانەتر لەسەر کرێی خانوو و، ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە لە سیستمی ئێستای گومرک و باجدا کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کرا، لەوانەیە بەبێ زیادکردنی بارگرانیی بەشی زۆری خەلک، بەلکو تەنیا بە دابەشکردنی کێشی ئەو بارە بەسەر هەمووواندا، دەبنە مایەی زیادکردنێکی بەرچاوی داهات. لەگەل ئەوەشدا، گەشبینترین خاوەن پرۆژە بەدەگمەن دەتوانێ بە زیادکردنێکی لەم جۆرە هیوایەکی زۆر بەخۆی بدا بۆ ڕزگارکردنی تەواوی داهاتی گشتی، یان تەنانەت بەدیهێنانی پێشڤەچوونێکی وەها بەرەو ئەو ڕزگارکردنە لە سەردەمی ئاشتیدا، بەقەد ڕێگری یان قەرەبووکردنەوەی کەلەکەکردنی زیاتری قەرزی گشتی لە شەڕی داهاتوودا.

لەڕێـی بەرفرەوانکردنـی سیسـتمی بـاجی بریتانیـاوە بـۆ ئەوەی هەمـوو پارچەکـانی ئیمپراتۆریـاکە کە دانیشـتووانیان بەڕەگەز بریتانیـایین یـان ئەوروپـایین، چـاوەڕوانی زیـادکردنێکی زۆرتـری لـێ دەکـرێ. بەڵام لەوانەیە ئەمە بەدەگـمەن شـیاوی کـردن بـێ، بەشـێوەیەکی گونجـاو لەگەڵ دەسـتووری بریتانیـایی، بەبـێ ئەوەی لە پەرلەمـانی بریتانیـا پەسـەند بکرێ، یـان لەلایەن دەسـتەی گشـتیی ئیمپراتۆریـای بریتانیـاوە پەسـەند بکرێ، کە نـوێنەرایەتیی دادوەرانە و یەکسـانانەی هەمـوو ئەو پارچـانە دەکـا، بەوەی هەر پـارچەیەکی هەمـان ڕێـژە لە بەرهەمـی باجەکـانی لەئەسـتۆ بگـرێ، هاوشـێوەی ئەوەی نـوێنەرایەتیی بریتانیای مەزن لەئەستۆی دەگرێ بۆ بەرهەمهێنانی ئەو باجانەی بەسەر بریتانیـای مەزنـدا سـەپێنراون. بەرژەوەنـدی تـایبەتی گەلـێ کەسـانی دەسـەڵاتدار، بڕیـاری پێشـوەختەی چەسپاوی گردبوونەوە گەورەکانی خەڵک، لەوانەیە زاڵبوون بەسەر هەموویاندا مەحاڵ بێ. بەڵام بەبێ پیشـاندانی ئەوەی کە ئایا ئەم یەکێتییە کردەنییە یان لەکردننەهاتووە، لەوانەیە نەگونجـاو نەبێ، لە کـارێکی مەزەندەکراوی لەم شـێوەیەدا، ئەوە لەبەر چـاو بگیـرێ کە تـا چەند سیستمی باجی بریتانیا شیاوی جێبەجێکردنە لە هەموو پارێزگەکانی ئیمپراتۆریاکەدا، ئەو داهـاتە چیـیە لە کـاتی جێبەجێکردنـی لێـی چـاوەڕوان دەکـرێ و، بە چ شـێوەیەک یەکێتییەکی لەم جۆرە کار دەکاتە سەر خۆشحاڵی و گەشەکردنی پارێزگە جیاجیاکانی. ئەو جۆرە مەزەندەیە لە خراپترین دۆخدا دەکرێ وەک یوتۆپیایەکی نوێ سـەیر بکرێ، بەڵام بێگومان کەمتر سەرنجڕاکێش، بەڵام بێکەڵکتر و خەیاڵیتر نییە لە کۆنەکە.

باجی زەوی، ڕەسمی پوول و، گومرک و بـاجە جۆراوجۆرەکانی، چوار لقی سـەرەکیی باجە بریتانیاییەکانن.

بێگومـان ئایرلانـد دەتـوانێ بـاجی زەوی بـدا و، کۆلۆنییەکانمـان لە ئەمەریکـا و هینـدی ڕۆژئـاوا لەو ڕووەوە لە بریتانیـای مەزن بەتوانـاترن. لەو شـوێنەی کە خـاوەن موڵـک نە دەیەکی لێ دەسێنرێ و نە باجی هەژارانە، پێویستە توانـای هەبێ تـاوەکو ئەو جۆرە بـاجە بدا زیاتر لە توانای ئەوەی کە هەردوو ئەو بارگرانییەی کەوتوونەتە سەر شـان. دەیەک، لە شوێنێکدا کە مۆدەس نەبێ و، بەپێی جۆر سەپێنرابێ، لەو باجی زەوییە زیاتر کرێی خاوەن مـوڵکەکە کەم دەکـاتەوە، کە لە هەر پاوەنێکدا پێنج شـیلینە. ئەو جـۆرە دەیەکە لە زۆربەی دۆخەکانـدا دەگـاتە زیـاتر لە چـارەکێکی کرێـی ڕاسـتەقینەی زەوییـەکە، یـان ئەوەی دوای پڕکردنەوەی تەواوی سـەرمایەی جووتیـار و قـازانجی گونجـاوی خـۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر گشت مۆدەسەکان و بەتایبەتکردنەکان نەمێنن، تەواوی دەیەکی کڵێسـا لە بریتانیـای مەزنـدا بە کەمتر لە شەش یان حەوت ملیۆن ناخەملێنرێ. ئەگەر دەیەک نە لە بریتانیای مەزن و نە

له ئایرلاند نەبێ، خاوەن موڵکەکان دەتوانن شەش یان حەوت ملیۆنی تر باجی زەوی بدەن بەبێ ئەوەی ئەو بارگرانییەیان بکەوێتە سەر کە ئێستا هەندێکیان پێیەوە دەناڵن. ئەمەریکا دەیەک نادا و، لەبەر ئەوە دەتوانێ باجی زەوی بدا. لەڕاستیدا زەوییەکانی ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا بەگشتی نە کرێچییان تێدایە و نە بەکرێ بە جووتیار دراون. لەبەر ئەوە ناکرێ بەپێی تۆماری موڵکی بەکرێدراو هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ. بەڵام زەوییەکانی بریتانیای مەزن، لە چوارەمی ویلیەم و ماری، بەگوێرەی تۆماری کرێ نەخەملێنراون، بەڵکو بە مەزەندەیەکی بێ سەروبەر و نەگونجاو خەملێنراون. زەوی لە ئەمەریکا یان بەهەمان شێوە دەخەملێنرێن یان بەپێی نرخاندنێکی دادوەرانە لەڕێی ڕووپێوێکی وردەوە وەک ئەوەی بەم دواییە لە میلانۆ و زەوییەکانی نەمسا، پرووسیا و، ساردینیادا ئەنجام درا.

ئاشکرایە کە ڕەسمی پوول دەکرێ بەبێ جیاوازی لە هەموو ئەو وڵاتانەدا وەرگیرێ کە شێوازەکانی پرۆسەی یاسایی و، کردەوەکانی گواستنەوەی موڵکایەتیی ڕاستەقینە یان کەسی تیایاندا لەیەکەوە نزیکن.

باڵکێشانی خانەی گومرکی بریتانیای مەزن بەرەو ئایرلاند و کۆلۆنییەکان، بەو مەرجەی، کە دادوەری دەیخوازێ، شانبەشانی فرەوانکردنی ئازادکردنی بازرگانی بێ، بە بەرزترین ئاست سوودی بۆ هەردوو لا دەبێ. هەموو ئەو کۆت و بەندانەی سەر بازرگانیی ئایرلاند، جیاکاریی نێوان کاڵای ڕیزبەندکراو و ڕیزبەندنەکراوی ئەمەریکا، بەتەواوی کۆتاییان دێ. وڵاتەکانی باکوری کەیپ فینیستری کراوە دەبن بۆ گشت بەشێکی بەرهەمەکانی ئەمەریکا هاوشێوەی ئەوانەی باشوری ئەو کەیپە کە ئێستا بە ڕووی هەندێ بەشی ئەو بەرهەمانەدا کراوەن. بازرگانیی نێوان بەشە جیاجیاکانی ئیمپراتۆریای بریتانیا، لە ئەنجامی ئەم یەکخستنەی یاساکانی خانەی گومرکدا، هاوشێوەی بازرگانیی کەناراوی ئێستای بریتانیای مەزن ئازاد دەبن. بەمەش ئیمپراتۆریای بریتانیا لە ناو خۆیدا بازاڕێکی گەورە دەستەبەر دەکا بۆ هەموو بەشێکی بەرهەمی پارێزگە جیاجیاکانی خۆی. ئەو فرەوانبوونە زۆرەی بازاڕ لە ماوەیەکی کورتدا قەرەبووی باری گرانی زیادبوونی باجی گومرک بۆ ئایرلاند و کۆلۆنییەکان دەکاتەوە.

ڕەسمەکان تەنیا بەشی سیستمی باجی بریتانیان کە دەخوازێ لە پارێزگە جیاجیاکانی ئیمپراتۆریاکەدا جیاوازیی هەبێ. ڕەسمەکان دەکرێ لە ئایرلاند بەبێ جیاوازی پیادە بکرێن، لەبەر ئەوەی بەرهەم و بەکاربردن لەو شانشینەدا تەواو هاوشێوەی ئەوانەی بریتانیای مەزنن. لە کاتی پیادەکردنی لە ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوادا، کە بەرهەم و بەکاربردن

تیایاندا تەواو جیاوازن لەوانەی بریتانیای مەزن، لەوانەیە پێویست بێ هەندێ دەستکاری بکرێن بەهەمان شێوەی دەستکاریکردنیان لە کەرتەکانی سایدەر و بیرەی ئینگلتەرەدا.

بۆ نموونە، خواردنەوەیەکی بەمەیکراو، کە پێی دەڵێن بیرە، کە لە دۆشاوی شەکر دروست دەکرێ زۆر کەم بە بیرەی خۆمان دەچێ، بەشێکی زۆری خواردنەوەی باوی خەڵکی ئەمەریکا پێک دێنێ. ئەم خواردنەوەیە کە تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم دەکرێ بمێنێتەوە، ناکرێ هاوشێوەی بیرەی خۆمان ئامادە بکرێ و کۆگە بکرێ بۆ ئەوەی لە شوێنی بیرەفرۆشیی گەورەدا بفرۆشرێ، بەڵکو دەبێ هەر خێزانێک تەنیا بۆ بەکارهێنانی خۆیان، هاوشێوەی چێشتلێنان، ئامادەی بکەن. بۆیە ئەگەر سەردانە ناحەزەکان و پشکنینەکانی باجگران هەموو ماڵێک بگرنەوە، هاوشێوەی بیرەفرۆشان و کۆگە گشتییەکانی بیرە، ئەوە دەبێتە پرۆسەیەکی نەگونجاو لەگەڵ ئازادی. ئەگەر بەپێویست زانرا ئەم خواردنەوەیە باجی لەسەر هەبێ، ئەوە دەکرێ باجەکە بخرێتە سەر ئەو کەرەستەیەی پێی دروست دەکرێ، چ لە شوێنی دروستکردنی بێ یان ئەگەر هەلومەرجی بازرگانی ئەمەی نەگونجاو کرد، لە کاتی هاوردەکردنی بۆ ئەو کۆلۆنییەی تیایدا بەکار دەبرێ باجی لێ وەرگیرێ. سەرباری باجە یەک پێنسییەکەی سەر هەر گالۆنێک کە پەرلەمانی بریتانیا بەسەر هاوردەکردنی دۆشاودا بۆ ئەمەریکای سەپاندووە، باجێکی ناوخۆیی لەو جۆرە هەیە بەسەر هاوردەکردنیدا بۆ کەنداوی ماساشوسیتس، بە کەشتیی کۆلۆنییەکانی تر، سەپێنراوە کە هەشت پێنسە بۆ هەر هۆگسهێدێک (بەرمیلی گەورەی ٥٤ گالۆنی ئینگلیزی) و، یەکێکی تر سەپێنراوە بەسەر هاوردەکردنیدا لە کۆلۆنییەکانی باکورەوە بۆ کارۆلاینای باشوور، کە پێنج پێنسە بۆ هەر گالۆنێک. ئەگەر هیچ یەکێکیش لەم ئامرازانە بە گونجاو نەزانرا، دەکرێ هەر خێزانێک باج بدا لەسەر ئەو بڕەی بەکاری دەبا لەم خواردنەوەیە، چ بەپێی ژمارەی خێزان، وەک ئەوەی لە ئینگلتەرە سەبارەت مۆڵت دەکرێ، یان بەپێی تەمەن و ڕەگەزی جیاوازی ئەو کەسانە، هاوشێوەی باجە جۆراوجۆرەکانی لە هۆڵاند سەپێنراون. یان نزیک لەوەی سێر ماتیو دیکەر پێشنیازی کردووە کە هەموو باجەکانی سەر کالاکانی بەکاربردن لە ئینگلتەرەوە بسەپێنرێن. ئەم شێوازەی باجسەندنە، وەک پێشتر تێبینی کراوە، زۆر گونجاو نییە کاتێک بەسەر بابەتی خێرا بەکاربراودا دەسەپێنرێ. بەلام دەکرێ لەو دۆخانەدا پیادە بکرێ کە هیچ ڕێگەیەکی باشتر نەبێ.

شەکر، ڕەم و، تووتن کالاگەلێکن بۆ ژیان پێویست نین بەلام بوونەتە بابەتی بەکاربردن لە نزیکەی هەموو دنیادا و، لەبەر ئەوە بابەتی زۆر گونجاون بۆ سەپاندنی باج بەسەریاندا. ئەگەر یەکێتییەک لەگەڵ کۆلۆنییەکاندا بێتە کایەوە، دەکرێ باج لەو کالایانە وەرگیرێ، یان

پێش ئەوەی لە دەستی پیشەساز یان چێنەرانیان دەرچن، یان ئەگەر ئەمەیان بۆ ئەو کەسانە گونجاو نەبوو، دەکرێ بخرێنە کۆگەی گشتی لە شوێنی بەرهەمهێنانیان و بەندەرە جیاجیاکانی ئیمپراتۆریاکە کە لەوانەیە دواتر بۆیان بگوازرێنەوە، بۆ ئەوەی لەوێ لەژێر چاودێریی هاوبەشی خاوەنەکەیان و فەرمانبەری داهاتدا بن، تا ئەو کاتەی ڕادەستی بەکاربەر، بازرگانی تاکفرۆش دەکرێن بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی، یان ڕادەستی بازرگانی هەناردەکەر دەکرێ و، باجەکە نادرێ تا ئەو ڕادەستکردنە ئەنجام نەدرێ. کاتێک کە بۆ هەناردەکردن ڕادەست دەکرێ، باج نادا لەبەرامبەر دڵنیاییەکی گونجاودا بۆ ئەوەی بەڕاستی هەناردەی دەرەوەی ئیمپراتۆریاکە بکرێ. ئەمانە ئەو کالا سەرەکییانەن کە بەهۆیانەوە یەکگرتن لەگەڵ کۆلۆنییەکاندا، ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاریی گەورە لە سیستمی ئێستای باجی بریتانیا بخوازێ.

بێگومان وەک پێویستییەک، مەحاڵە بەوردییەکی پەسەندکراوەوە بڕی ئەو داهاتەی کە ئەم سیستمی باجە دەیگەیەنێتە پارێزگە جیاکانی ئیمپراتۆریاکە، دەستنیشان بکرێ. لەڕێی ئەم سیستمەوە ساڵانە لە بریتانیای مەزندا، لە کەمتر لە هەشت ملیۆن کەس، زیاتر لە دە ملیۆن داهات کۆ دەکرێتەوە. ئایرلاند زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لەخۆ دەگرێ و، بەپێی ئەو تۆمارانەی خراونەتە بەردەم کۆنگرێسەوە، ئەو دوانزە پارێزگەیەی ئەمەریکا کە بەیەکەوە گرێ دراون زیاتر لە سێ ملیۆن کەس لەخۆ دەگرن. بەڵام لەوانەیە ئەم تۆمارانە زێدەڕۆییان تێدا کرابێ، ڕەنگە بۆ ورەبەرزکردنەوەی خەڵکی خۆیان، یان بۆ ترساندنی خەڵکی ئەم وڵاتە و، لەبەر ئەوە ئێمە مەزەندە دەکەین کە ئەگەر کۆلۆنییەکانی باکوری ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوامان هەموو بەیەکەوە وەرگرین، ئەوە دانیشتووانیان لە سێ ملیۆن زیاتر نابن، یان هەموو ئیمپراتۆریای بریتانیا، لە ئەوروپا و لە ئەمەریکا، زیاتر لە سێزدە ملیۆن لە دانیشتووانی تێدا نییە. ئەگەر ئەم سیستمی باجە لە کەمتر لە هەشت ملیۆن لە دانیشتووان، زیاتر لە دە ملیۆن ئیستەرلینی بسێنێ، ئەوە دەبێ لە سیانزە ملیۆن لە دانیشتووان داهاتەکەی بگاتە ١٦ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار پاوەنی ئیستەرلینی. ئەگەر وامان دانا کە سیستمەکە دەتوانێ ئەم داهاتەی هەبێ، ئەوە پێویستە ئەو داهاتەی لێ دەرکرێ کە لە ئایرلاند و کێڵگەکانی دابینکردنی خەرجیی حکوومەتە مەدەنییەکانی لێ کەم بکرێتەوە. خەرجیی دامەزراوەی مەدەنی و سەربازیی ئایرلاند، لەگەڵ سوودی قەرزی گشتی، تێکڕاکەیان لەو دوو ساڵەی لە مانگی ئاداری ١٧٧٥دا تەواو دەبن، شتێکی کەمی لە ٧٥٠ هەزار پاوەن ساڵانە کەمترە. تۆمارێکی زۆر وردی داهاتی کۆلۆنییە سەرەکییەکانی ئەمەریکا و هیندی ڕۆژئاوا، پیشانی دەدا کە پێش ئەم بشێوییانەی ئێستا، ١٤١٨٠٠ پاوەن

بووە. بەڵام ئەم تۆمارە داهاتی مێریلاند، کارۆلاینای باکور و، ئەو شوێنانەی بەم دواییانە لە پارزەوینەکە و لە دوورگەکاندا دەستمان بەسەریاندا گرت، لێ لابراون، کە لەوانەیە جیاوازییەک دروست بکا بە نزیکەی سی یان چل هەزار پاوەن. بۆ ئەوەی ژمارەکان ڕێک بن، با وای دابنێین کە داهاتی پێویست بۆ پشتیوانیی حکوومەتی مەدەنیی ئایرلاند و کێڵگەکان یەک ملیۆن دەبێ. ئەوە ۱۵ ملیۆن و ۲۵۰ هەزار پاوەن دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی خەرجیی گشتیی ئیمپراتۆریاکەی پێ دابین بکرێ و، قەرزی گشتیی پێ بدرێتەوە. بەڵام ئەگەر بتوانرێ، لە سەردەمی ئاشتیدا، لە داهاتی ئێستای بریتانیای مەزن یەک ملیۆن بۆ دانەوەی قەرزی گشتی گل بدرێتەوە، ئەوە بەئاسانی دەکرێ شەش ملیۆن و ۲۵۰ هەزار پاوەن لەم داهاتە گل بدرێتەوە. ئەم سندووقی دابەزاندنەش دەکرێ ساڵانە لەڕێی سوودی قەرزەکەی کە پار پووچەڵ کرایەوە زیاد بکرێ و، دەکرێ بەم شێوەیە زۆر بەخێرایی زیاد بکرێ تاوەکو لە چەند ساڵێکی کەمدا تەواوی قەرزەکە بدرێتەوە و، بەوەش ئیمپراتۆریا دۆخی تەندروستی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە و لەم شەکەتییە دەردەچێ. لەو ماوەیەشدا دەکرێ خەڵک ڕزگاریان ببێ لە هەندێ قورسترین باجەکان، ئەوانەی یان بەسەر پێویستییەکانی ژیاندا سەپێنراون یان بەسەر کەرەستەکانی پیشەسازیدا. بەوەش هەژاری زەحمەتکێش دەتوانێ باشتر بژی، ئیشی خۆی بەتێچووی کەمتر بکا و، کاڵا بە هەرزانتر ڕەوانەی بازاڕ بکا. هەرزانیی کاڵای ئەوانیش خواستیان لەسەر زیاتر دەکا و، بەوەش خواست لەسەر کاری ئەوانەی بەرهەمیان دێنن زیاد دەبێ. ئەو زیادبوونی خواستە لەسەر کار، ژمارەی زەحمەتکێشە هەژارەکان زیاتر دەکا و هەلومەرجیان باشتر دەکا. بەکاربردن زیاتر دەبێ و، لەگەڵ ئەویشدا داهاتی هەموو ئەو بابەتانە زیاد دەبێ کە ئەوان بەکاری دەبەن و، کە دەکرێ باجیان لەسەر بمێنێ.

لەگەڵ ئەوەی ئەو داهاتانەی لەم سیستمی باجەوە دەست دەکەون، لەوانەیە نەتوانن یەکسەر هاوڕێژە لەگەڵ ژمارەی ئەو خەڵکەی بەری دەکەون زیاتر بکەن. هەتا ماوەیەک نەرمینواندنێکی زۆر دەبێ بەرامبەر بەو پارێزگانەی ئیمپراتۆریاکە، کە بەم سیستمە باریان گران دەکرێ و پێشتر لەگەڵی ڕانەهاتوون و، تەنانەت ئەگەر ئەو باجانە لە هەموو شوێنێکدا ئەوەندەی دەکرێ دەقاودەق وەک خۆیان کۆ بکرێنەوە، ئەوە لە هەموو شوێنێکدا هاوڕێژەی ژمارەی خەڵکەکە داهات بەرهەم ناهێنن. لە ناوچەیەکی هەژاردا بەکاربردنی ئەو کاڵایانەی ئامانجی سەرەکین بۆ گومرک و باج زۆر کەمە و، لە ناوچەیەکدا کە دانیشتووانی کەم بن ئەگەری بەقاچاخبردنیان گەلێ زۆرە. بەکاربردنی ئەو خواردنەوانەی لە مۆڵت دروست دەکرێن لەنێو توێژەکانی خوارەوەی خەڵکی سکۆتلاند زۆر کەمە و، باجەکانی

سەر مۆڵت و بیرە لەوەی ئینگلتەرە کەمترە، بەبەراورد لەنێوان ژمارەی خەڵکەکە و ئاستی باجەکـان، کە بەپێـی جـۆری بیـرەکە جیاوازییـان هەیە. مـن وا تێـدەگەم کە لەم لـقە دیاریکراوانەدا، بەقاچاخبردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازیی زۆری نییە. باجی سـەر خـواردنەوە دڵۆپێنراوەکـان و، بەشـی زۆری بـاجی گومرکەکـان، بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەک، لە سکۆتلاند بەرهەمیان لەوەی ئینگلتەرە کەمترە، ئەمە تەنیا لەبەر کەمتر بەکـاربردنی کـالای باجـدەر نـیـیە، بەڵکو لەبەر ئاسـانیی زیـاتری بەقاچاخبردنە. لە ئایرلاند، خەڵکی ئاستەکانی خوارەوە هێشتا لەوانەی سکۆتلاند هەژارترن و، گەلێ بەشـی ولاتەکەش دانیشـتووانیان زۆر کەمە. لەبەر ئەوە بەکاربردنی کالای بەباج لەوانەیە، بەبەراورد لەگەڵ ژمـارەی خەڵـکەکە هێشـتا لەوەی سـکۆتلاند کەمتـر بـێ و، بەقاچـاخبردنیش بە نـزیکەی هەمـان ئاسـانییە. لە ئەمەریکـا و هینـدی ڕۆژئـاوا خەڵـکە سپییێستەکە تەنانەت ئەگەر لە نزمترین توێژیش بن لە هەلومەرجێکدا دەژین زۆر باشتر لەوە هاوئاستەکانیان لە ئینگلتەرە و، بەکاربردنی هەمـوو جۆرە کالایەکی خۆشگوزەرانی لەلایەن ئەوانەوە لەوانە گەلـێ زۆرتـر بـێ. ڕەشپێسـتەکان کە زۆریـنەی دانیشـتووانی کۆلۆنییەکـانی باشـووری پـارزەوینەکە و دوورگەکـانی هینـدی ڕۆژئـاوان، کە کـۆیلەن، بێگومـان لە هەلـومەرجی خراپتـر لەوەی هەژارتـرین خەڵکـی سـکۆتلاند و ئایرلانـدی تێـدا دەژین. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ وا بزانین کە لەڕووی خۆراکەوە خراپترن، یان بەکاربردنیان بۆ ئەو کالایانەی باجی ئاساییان لەسەرە کەمترە لەوەی ئاستە نزمەکانی خەڵکی ئینگلتەرە. بۆ ئەوەی ئەوان باش کـار بکەن، بەرژەوەنـدی سـەردارەکانیان وا دەخوازێ کە بـاش نـان بدرێن و لەشسـاخ بـن وەک چـۆن بەرژەوەنـدی ئیشـەکەی دەخـوازێ مـالاتە کـارگەرەکەی سـاخ و تێـر بـن. بەم پێـیە ڕەشپێسـتەکان نـزیکەی لە هەمـوو شـوێنێکدا هاوشـێوەی خزمەتکارە سپییەکان ڕەم و دۆشاو یان بیرەیان دەدرێتێ و، لێیان ناگیرێتەوە هەرچەندە ئەم بابەتـانە بـاجی ئاسـاییان لەسـەرە. بەم شـێوەیە، بەکـاربردنی کالاگەلێـک کە باجیـان لەسـەرە، بەبەراورد لەگەڵ ژمـارەی دانیشـتووان، لە ئەمەریکـا و هینـدی ڕۆژئـاوا زیـاترە لەوەی هەر بەشـێکی بریتانیـای مەزن. لەڕاسـتیدا هەلـی بەقاچـاخبردن گەلـێ زۆرتـرە، ئەمەریکا بە لەبەرچاوگرتنی فرەوانییەکەی دانیشتووانی زۆر کەمترن لە سکۆتلاند یـان لە ئایرلانـد. بەلام ئەگەر ئەو داهـاتەی ئێسـتا لە بـاجە جۆراوجۆرەکـانی سـەر مۆڵـت و ئەو خواردنەوانەی لە مۆڵت دروست دەکرێن لە یەک باجێکی سـەر مۆڵت چڕ بکرێنەوە، ئەوە هەلـی بەقاچـاخبردن لە گرینگتـرین لقـی بـاج نـزیکەی بەتەواوی نـامێنێ، هەروەهـا ئەگەر گومرک، لەجیاتی بەسـەر نزیکەی هەموو بابەتەکانی هاوردەکردندا بسەپێنرێ، تەنیا ئەو

بابەتانە بگرێتەوە کە بەکارهێنان و بەکاربردنیان گشتین و، ئەگەر کۆکردنەوەی ئەو باجانە خرانە ناو سنووری یاساکانی ڕەسمەکانەوە، ئەوە هەڵی بەقاچاخبردنیان ئەگەرچی بەتەواوی بنبڕ نەدەبوو، بەڵام زۆر کەمی دەکرد. ئاشکرایە کە لە ئاکامی ئەم دوو گۆڕانکارییە سادە و ئاسانە، لەوانەیە باج و گومرک بتوانن داهاتێک بەرهەم بێنن کە لە زۆریدا هاوڕێژەی بەکاربردن بێ لەو شوێنانەی دانیشتووانیان کەمن وەک چۆن ئێستا هاوڕێژەیە لەگەڵ ئەوەی ئەو ناچانەی دانیشتووانیان زۆرن.

لەڕاستیدا دەڵێن ئەمەریکاییەکان پارەی زێڕ و زیویان نییە، بازرگانیی ناوخۆییان بە پارەیەکی کاغەز بەڕێوە دەچێ و، ئەو زێڕ و زیوەی جاروبار دێنە دەستیان هەمووی ڕەوانەی بریتانیای مەزن دەکرێ لەبری ئەو کالایانەی لەوێوە بۆیان دێن. بەڵام بەبێ زێڕ و زیو باجدان لەکردننەهاتوو دەبێ. ئێمە هەموو ئەو زێڕ و زیوەمان لێیان سەندووە کە هەیانە. باشە چۆن دەکرێ شتێکیان لێ بسێنین کە پێیان نییە؟

کەمیی ئێستای زێڕ و زیو لە ئەمەریکا ئەنجامی هەژاریی ئەو وڵاتە نییە، یان بێتوانایی خەڵکی ئەوێ نییە بۆ کڕینی ئەو کانزایانە. لە وڵاتێکدا کە هەقدەستی کار زۆر بەرزتر و نرخی ئازووخە زۆر نزمتر بێ لەوانەی ئینگلتەرە، بێگومان خەڵکەکەی دەتوانن بڕی زۆرتریان لێ بکڕن ئەگەر پێویست بێ و گونجاو بێ بیکڕن. بۆیە کەمیی ئەو کانزایانە دەبێ ئاکامی ویست بێ نەک پێویست.

پارەی زێڕ و زیو بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانیی ناوخۆیی یان دەرەکی پێویست دەبێ یان گونجاو دەبێ.

لە کتێبی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشان دراوە کە بازرگانیی ناوخۆیی هەر وڵاتێک، بەلای کەمەوە لە سەردەمی ئاشتیدا، لەڕێی دراوی کاغەزەوە، بەنزیکەی هەمان ئاستی بەڕێوەچوونی بە پارەی زێڕ و زیو، بەڕێوە ببرێ. بۆ ئەمەریکاییەکان وا باشە، لەو کاتەدا کە بەردەوام بەقازانجەوە ماڵێکی زیاتر لەوەی بتوانن بەئاسانی بەدەستی بێنن، لە چاککردنی زەوییەکانیاندا بەگەڕ دەخەن، کە تا پێیان دەکرێ خەرجیی ئامرازێکی گرانبایی بازرگانیی وەک زێڕ و زیو کەم بکەنەوە و، ئەو بەشە زیادەی بەرهەمیان کە وەک پێویستییەک بۆ کڕینی ئەم کانزایانە تەرخانی دەکەن، لە کڕینی ئامێر بۆ ئیشەکەیان، کەرەستەی پۆشاک، چەند پارچەیەک کەلوپەلی ناوماڵ و، ئاسنی پێویست بۆ بیناسازی و فرەوانکردنی نشینگە و کێڵگەکانیان، لە کڕینی ماڵی زیندوو و بەرهەمهێن نەک لە کڕینی ماڵی مردوودا بەگەڕ بخەن. حکوومەتانی کۆلۆنییەکان بۆیان دەرکەوت کە بەرژەوەندیان لەوەیە بڕێک پارەی کاغەز بخەنە بەر دەستی خەڵکەکە کە بەتەواوی بەشی بەڕێوەبردنی

بازرگانیی ناوخۆیی بکا و بەگشتی بەشی زیاتریش بکا. هەندێ لەو حکوومەتانە، ئەوەی پێنسلڤانیا بەدەستنیشانکراوی، داهاتی لە بەقەرزدانی ئەم پارە کاغەزەی بە هاوولاتییانی بەرامبەر بە سوودێکی چەند لەسەدی، دەست دەکەوت. هەندێکی تر، وەک ئەوەی کەنداوی ماساشوسیتس، لە دۆخی لەناکاوی نائاساییدا پارەیەکی کاغەزیان بۆ دانی خەرجیی گشتی بەکار هێنا و، دواتر، کە پێویستییەکانی کۆلۆنییەکەی دابین کرد، بەو بەهایە دەیگۆڕییەوە کە وردەوردە بۆی دابەزیوە. لە ساڵی ١٧٤٧دا، کۆلۆنییەکە بەم شێوازە زۆرترین بەشی قەرزە گشتییەکانی بە دەیەکی ئەو پارەیەی کە کۆمپیالەی لەبەرامبەردا درابوو، دایەوە. بۆ چێنەرەکان گونجاوە کە تێچووی بەگەڕخستنی زێڕ و زیو لە مامەڵە ناوخۆییەکانیان گل بدەنەوە و، بۆ حکوومەتی کۆلۆنیش گونجاوە هۆکارێکیان بخاتە بەر دەست، کە هەرچەندە کەموکورتیی هەیە، بەڵام ئەو خەرجییەیان بۆ دەگەڕێنێتەوە. هاموشۆی پارەی کاغەز وەک پێویستییەک زێڕ و زیو لە مامەڵەکانی بازاڕی ناوخۆ دوور دەخاتەوە، لەبەر هەمان ئەو هۆکارەی بەهۆیەوە توانیی ئەم کانزایانە لە زۆرترین بەشی مامەڵەکانی بازرگانیی ناوخۆی سکۆتلاند دوور بخاتەوە و، لە هەردوو وڵاتدا ئەوە هەژاری نییە بگرە ئەوە گیانی دەسپێشخەرانە و پێشبینیکەرانەی خەڵکە، حەزیانە لە بەگەڕخستنی هەموو ئەو ماڵەیە کە دەستیان دەکەوێ وەک ماڵێکی چالاک و بەرهەمهێن، کە بوونە مایەی ئاڵوێر بە پارەی کاغەز. لەو بازرگانییە دەرەکییەدا کە کۆلۆنییە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ بریتانیای مەزن ئەنجامی دەدەن، زێڕ و زیو زۆر کەمتر بەکار دێن، مەگەر تەواو بەشێوەیەکی هاوڕێژە لەگەڵ پێویستیی کەم یان زۆر بۆ بەکارهێنانیان. لە هەر شوێنێکدا کە پێویست نەبێ، ئەم کانزایانە بەدەگمەن دەردەکەون. لە هەر شوێنێکیش پێویست بن ئەوە بەگشتی دەردەکەون.

لە بازرگانیی نێوان بریتانیای مەزن و کۆلۆنییەکانی تووتندا کالاکانی بریتانیا بەگشتی بە قەرزی تەواو درێژخایان بە کۆلۆنیستەکان دەدرێن و، دواتر بە تووتن دەدرێنەوە، کە نرخێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان کراوە. بۆ کۆلۆنیستەکان گونجاوترە کە بە تووتن قەرزەکان بدەنەوە نەک بە زێڕ و زیو. بۆ هەر بازرگانێک گونجاوترە کە پارەی ئەو کالایانەی کڕیویانی بە جۆرە کالاگەلێکی تر بدا کە خۆی مامەڵەیان پێوە دەکا نەک بەپارە. ئەو جۆرە بازرگانە هیچ بەشێکی ماڵەکەی لای خۆی بەبێ بەگەڕخستن نامێنێتەوە و، ئەو ماڵە لە شێوەی پارە لای دەمێنێتەوە، بۆ بەدەنگەوەچوونی هەر خواستێکی لەناکاو. ئەو لە هەموو کاتێکدا دەتوانێ بڕێکی زۆرتر کالای لە دوکانەکەی یان لە کۆگەکەی دەبێ و، دەتوانێ بەڕادەیەکی زۆرتر مامەڵەیان پێوە بکا. بەڵام بەدەگمەن گونجاو دەبێ بۆ هەموو هاوتاکانی کە لەبەرامبەر ئەو کالایانەیان کە پێی دەفرۆشن جۆرە کالایەکی تر وەرگرن کە

ئەو مامەڵەی پێوە دەکا. ئەو بازرگانە بریتانیاییانەی بازرگانی لەگەڵ ڤیرجینیا و مێریلاند دەکەن دەستەیەک هاوتان، کە گونجاوترە بۆیان لەبەرامبەر ئەو کالاّیانەیان کە بەو کۆلۆنییانەیان دەفرۆشن تووتن وەرگرن نەک زێڕ و زیو. ئەوان چاوەڕوانی قازانج لە فرۆشتنی تووتنەکە دەکەن. بەلاّم بەو زێڕ و زیوە ئەو قازانجە ناکەن. لەبەر ئەوە، لەوە دەچێ کە زێڕ و زیو بەدەگمەن لە بازرگانیی نێوان بریتانیای مەزن و کۆلۆنییەکانی تووتندا بوونیان هەبێ. مێریلاند و ڤیرجینیا هەلی بەدەستهێنانی ئەو کانزایانەیان زۆر کەمە لە هەردوو بازرگانیی دەرەکی و ناوخۆییاندا. بۆیە دەڵێن، کە ئەمانە لە هەموو کۆلۆنییەکانی ئەمەریکا کەمتر پارەی زێڕ و زیویان هەیە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا وەکو دراوسێیەکانیان بە گەشەکردوو و لە ئاکامدا بە دەوڵەمەند لەقەڵەم دەدرێن.

کۆلۆنییەکانی باکور، پێنسلڤانیا، نیویۆرک، نیوجێرسی، هەر چوار حکوومەتی نیوئینگلاند، هتد، بەهای ئەو بەرهەمانەی خۆیان کە هەناردەی بریتانیای مەزنیان دەکەن یەکسان نییە بەو بەرهەمە پیشەسازییانەی بۆ بەکارهێنانی خۆیان و، هەندێ کۆلۆنیی تر کە باریان بۆ دەبەن، هاوردەی دەکەن. لەبەر ئەوە، دەبێ بالاّنسێک بە ولاّتی دایک بە زێڕ و زیو بدەن و، بەگشتی ئەو بالاّنسەیان دەست دەکەوێ.

لە کۆلۆنییەکانی شەکر، بەهای بەرهەمی سالاّنەی هەناردەکراو بۆ بریتانیای مەزن زۆر زۆرترە لە تەواوی ئەو کالاّیانەی لەوێوە هاوردە دەکرێن. ئەگەر ئەو شەکر و ڕەمەی سالاّنە بۆ ولاّتی دایک ڕەوانە دەکرێن لەم کۆلۆنییانە پارەیان بدرایە، ئەوە بریتانیای مەزن ناچار دەبوو سالاّنە بالاّنسێکی زۆر پارەیان بۆ ڕەوانە بکا و، بازرگانی بۆ هیندی ڕۆژئاوا، لەلایەن جۆرێکی دیاریکراوی سیاسییانەوە، بە بازرگانییەکی زۆر بێسوود دادەنرا. بەلاّم وا ڕێککەوتووە کە خاوەنە سەرەکییەکانی کێڵگەکانی شەکر لە بریتانیای مەزندا نیشتەجێن. کرێیەکانیان لەشێوەی شەکر و ڕەم بۆیان ڕەوانە دەکرێن کە بەرهەمی موڵکەکانیانن. ئەو شەکر و ڕەمەی بازرگانانی هیندی ڕۆژئاوا لەو کۆلۆنییانەدا دەیانکڕن لە حسێبی خۆیان یەکسان نین بە بەهای ئەو کالاّیانەی سالاّنە لەوێدا دەیانفرۆشن. کەواتە بالاّنسێک، وەک پێویستییەک دەبێ بە زێڕ و زیو بیاندرێتێ و، ئەم بالاّنسەش بەگشتی کەوتووەتە بەر دەست.

سەختی و ناڕێکیی پارەدان لە کۆلۆنییە جۆراوجۆرەکانی بریتانیای مەزن هەرگیز هاوڕێژەی گەورەیی و بچووکیی ئەو بالاّنسانە نەبوون کە هۆکار بوون بۆیان. پارەدان بەگشتی لە کۆلۆنییەکانی باکور ڕێکتر بوو لەوەی کۆلۆنییەکانی تووتن، هەرچەندە ئەوانەی یەکەم بەگشتی بالاّنسێکی زیاتریان بەپارە دەدا، لەکاتێکدا ئەمانەی دوایی هیچ بالاّنسێک یان بالاّنسێکی زۆر کەمتریان دەدا. سەختیی بەدەستهێنانی پارەدان لە کۆلۆنییە

جۆراوجۆرەكـانی شـەكرمان زۆر یـان كەم هـاوڕێژەبوون، نەک بەڕادەیەكـی زۆر لەگەڵ ئاستی ئەو باڵانسانەی لێیان داوا كراوە، بەڵكو لەگەڵ بڕی ئەو زەوییە كشتوكاڵنەكراوانەی هەیـانبوو. واتە، لەگەڵ دنەدانـی زۆر یـان كەم كە چێنەران كەوتبوونە ژێر كـاریگەرییەوە بەهۆی بازرگانیی زیادەوە یان نیشتەجێبوون و چاندنی بڕی زیاتری زەوییە بۆڕەكـان، كە زیـــاتربوون لەوەی ســـەرمایەكانیان دەرەقەتیـــان بـــێن. ئەوەی لە دوورگەی گەورەی جامایكاوە دەهـات، كە هێشـتا زەوییەكـی زۆری كشـتوكاڵنەكراوی هەیە، بەم پێیە، بەگشـتی نارێک و مایەی متمانە نییە وەک ئەوانەی لە دوورگە بچووكەكانەوە دێن وەک باربـادۆس، ئەنتیگوا و، سـانت كریسـتۆفەرز، كە چەنـدان سـاڵە بەتەواوی كشـتوكاڵ كراون و، بەو پێیە بـواری كەمتریـان هێشـتووەتەوە بۆ مامەڵەكـاریی چێنەران. دەستبەسـەرداگرتنە نوێیەكـانی گرینـادا، تۆبـاگۆ، سـانت ڤنسـنت و، دۆمینیكـا بـوارێكی نوێیـان كـردەوە بەڕووی ئەم جـۆرە مامەڵەكارییـانەدا و، داهـاتی هـاتوو لەم دوورگـانەوە بەم دواییە، لە نـارێكی و ناجێگیریـدا وەک ئەوەی لێ هات كە لە دوورگەی گەورەی جامایكاوە دێ.

كەواتە ئەوە هەژاریـی كۆڵۆنییەكـان نییە لە زۆرتـرین بەشـەكانیاندا بـووەتە مـایەی ئەو قاتییەی ئێستای پارەی زێڕ و زیو. خواستی زۆریان لەسـەر مـاڵی چـالاک و بەرهەمهێن وا دەكا كە بۆ ئەوان گونجاوتر بێ، ئەوەندەی لەتوانـادایە، كەمترین مـاڵی مردوویـان هەبێ و، بەم پێیە وایان لێ دەكا خۆیان لەگەڵ ئەوەدا بگونجێنن كە بۆ بازرگانی لەجیاتی زێڕ و زیو ئـامرازێكی هەرزانتـر بەكـار بێنن. بەو شـێوەیەش، ئەوان توانییـان بەهـای ئەو زێڕ و زیـوە بگۆڕن بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازی بازرگـانی، كەرەسـتەی پۆشـاک، كەلوپەلـی ناومـاڵ و، ئێشـی ئاسنی پێویست بۆ بیناسازی و فرەوانكردنی نشینگە و كارگەكانیان. لەو لقانەی بازرگانیش كە بەبـێ پـارەی زێڕ و زیـو بەڕێـوە نـاچن، لەوە دەچـێ كە بەردەوام بـڕی پێویسـتیان لەم كانزایانە بۆ ئەو مەبەستە دەست بكەوێ و، ئەگەر زۆر جاران نەیـانتوانی بەدەسـتی بـخەن، ئەو شكسـتە بەگشـتی كـاریگەریی هەژارییـان نییە، بەڵكو كـاریگەریی پـرۆژە ناپێویسـت و زەبەلاحەكانیـانە. لەبەر هەژاری نیـیە كە پارەدانەكانیـان نارێـک و نـاجێگیرن، بەڵكـو لەبەر ئەوەیە كە ئەوان زۆر پەرۆشن بۆ ئەوەی لەڕادە بەدەر دەوڵەمەند ببن. هەرچەنـدە هەمـوو بەشـــەكانی باجەكـانی كۆڵـۆنییەكە زۆر زیـاترن لەوەی كە پێویسـتە بـۆ ئەوەی تێچـووی دامەزراوە ســـەربازی و مەدەنییەكانیـــان بە زێـــڕ و زیـــو بە بریتانیـــای مەزن بـــدەنەوە، كۆڵۆنییەكـان لەتوانایانـدا هەیە بـڕی پێویسـت لەو كانزایـانە بكـڕن. لەڕاسـتیدا، ئەوان لەو دۆخەدا ناچـار دەبـن بەشـێک لە بەرهەمـی زیـادەی خۆیـان، كە ئێسـتا مـاڵی چـالاک و بەرهەمهێنـی پێ دەكـرن، بە مـاڵێكی مـردوو بگـۆڕنەوە. ئەوان لە بەڕێوەبردنی بازرگـانیی ناوخۆییاندا ناچار دەبن لەجیاتی ئامرازێكی هەرزانی بازرگـانی، ئـامرازێكی گرانبـایی بەكـار

بێنن و، تێچـووی کڕینـی ئەو ئـامرازە گرانبـاییە لەوانەیە تـا ڕادەیەک گـوڕوتینی پـرۆژە فرەوانەکانی چاککردنی زەوییـان سست بکا. لەگەڵ ئەوەشـدا، لەوانەیە پێویست نەبێ هیچ بەشێکی داهاتی ئەمەریکا بکرێتە زێڕ و زیو. دەکرێ ئەو داهـاتە بۆ کۆمپیـاڵە بگۆڕڕێن، کە بازرگـان و کۆمپانیـاگەلی دیـاریکراو لە بریتانیـای مەزنـدا، کە بەشـێکی بەرهەمـی زیـادی ئەمەریکایـان پێ سپێرراوە، متمانەیـان پێ بکەن و پەسـەندیان بکەن و، داهـاتی بەپارە بە گەنجینەی ئەمەریکا بدەن، دوای ئەوەی کە خۆیـان بەهاکەیـان لەشێوەی کاڵا وەرگرتـووە. هەروەها لەوانەیە تەواوی بازرگانییەکە زۆربەی جاران بەبێ هـاوردەکردنی یەک ئۆنسـێک زێڕ یان زیو لە ئەمەریکاوە، بەڕێوە بچێ.

نـادادوەری نییە ئەگەر ئایرلانـد و ئەمەریکـا، هەردووکیـان، لە دانەوەی قەرزی گشـتیی بریتانیای مەزندا بەشدارییان هەبێ. ئەو قەرزە بۆ پشتیوانیی ئەو حکوومەتە وەرگیراوە کە لەلایەن شۆڕشەوە دامەزراوە، حکوومەتێک کە پرۆتستانتەکانی ئایرلاند نەکە تەنیا لەڕووی ئەو دەسـەڵاتەوە قەرزارێـن کە ئێسـتا لە وڵاتـی خۆیانـدا هەیـانە، بگرە لەڕووی ئاسایشـی ئازادی و موڵکداری و ئاینەکەشیانەوە قەرزاری ئەو حکوومەتەن. حکوومەتێک کە چەندان کۆلـۆنیی ئەمەریکـا لەڕووی پەیمانەکـانی ئێسـتایانەوە و، لە ئاکامـدا لەڕووی دەسـتووری ئێسـتایانەوە قەرزار بەون و، هەمـوو کۆلۆنییەکـانی ئەمەریکـا لەڕووی ئەو ئـازادی و ئاسـایش و موڵکـدارییەوەی هەیـانە قەرزاری ئەون. ئەو قەرزە کە بەمەبەسـتی بەرگـری وەرگیـراوە، بۆ بەرگری لە بریتانیـای مەزن بەتەنیـا نەبووە، بەڵکو بۆ بەرگری لە هەموو بەشـەکانی ئیمپراتۆریـاکە بـووە. بەتـایبەتی ئەو قەرزە زۆرەی شـەڕەکەی ئەم دواییـە و، بەشێکی زۆر لەوەی لە شەڕی پێش ئەمەدا وەرگیراوە، هەردووکیان لەڕاستیدا بۆ بەرگری لە ئەمەریکا وەرگیراون.

لەڕێی یەککگرتن لەگەڵ بریتانیای مەزن، ئایرلاند لەپاڵ ئازادیی بازرگانی، سـوودی زۆر گرینگتـری پێ دەبـڕێ و، بە زیـادەیەکی زۆرەوە قەرەبـووی ئەو باجـانە دەکـاتەوە کە ئەو یەککگرتنە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێ. لەڕێی یەککگرتن لەگەڵ ئینگلتـەرە تـوێژی مامناوەنـدی و خوارووەکـانی خەڵکـی سـکۆتلاند ئەوەیـان دەس کەوت کە بەتەواوی لە دەسـەڵاتێکی ئەریستۆکرات ڕزگاریان بـوو کە پێشتر بەردەوام سـەریانی دەکوتییەوە. بەهـۆی یەککگرتن لەگەڵ بریتانیای مەزن زۆرترین بەشـی هەمـوو توێژەکانی خەڵکی ئایرلاند، بەیەکسـانی لە ئەرستۆکراسـییەکی زۆر سـەرکوتکارتر ڕزگـار دەبـن، ئەریستۆکراسـییەک کە بنـاخەکەی زادەی جیـاوازیی سروشـتی و ڕێزلێگراوی زێد و سـامان نییە، وەک ئەوەی لە سکۆتلاند هەبوو، بەڵکو زادەی خراپترین جیاوازییەکانە، کە جیاوازیی ئاینی و سیاسین. جیـاوازییەکە

زیاتر له هەر جیاوازییەکی تر لاسایی ڕووداریی ستەمکاران و ڕق و تووڕەیی ستەملێکراوانی دەکردەوە و، بەگشتی وای کردووە خەڵکی یەک وڵات، زیاتر لە خەڵکی وڵاتانی جیاجیا، دوژمنی یەکتر بن. بەبێ یەکگرتن لەگەڵ بریتانیای مەزن، دانیشتووانی ئایرلاند لەوە ناچێ تا چەندان سەردەمی تر بتوانن خۆیان بە یەک گەل بزانن.

هەرگیز ئەریستۆکراسیەکی سەرکوتکار بەسەر کۆڵۆنییەکاندا زاڵ نەبووە. ئەگەرچی کۆڵۆنییەکان لەڕووی خۆشحاڵی و ئارامییەوە، سوودی زۆر لە یەکگرتنێک لەگەڵ بریتانیای مەزندا وەردەگرن. ئەو یەکگرتنە بەلای کەمەوە دووریان دەخاتەوە لەو گرووپە ڕقاوی و خراپەکارانەی لە دیموکراسییە بچووکەکان جیا نابنەوە و، زۆربەی جاران خووی خۆیان بەسەر گەلەکانیاندا بەش کردووە و، ئارامیی حکوومەتەکانیان شێواندووە، بەو شێوەیەی کە زۆر لە دیموکراسییەوە نزیکە. لە کاتی جیابوونەوەی تەواو لە بریتانیای مەزن، کە ئەگەر بە یەکگرتنێکی لەم جۆرە ڕێی لێ نەگیرێ، لەوە دەچێ بێتە دی، ئەو گرووپانە دە هێندەی هەر کاتێکی تر دڕ دەبن.

پێش دەسپێکی ئەو بشێوییانەی ئێستا، دەسەڵاتی سەرکوتکاری وڵاتی دایک بەردەوام توانیویەتی ئەو کۆمەڵانە کۆت بکا لەوەی بەرەو هیچ شتێکی خراپتر لە وەحشیگەری و سووکایەتیپێکردن دەرچن. ئەگەر ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکارە بەتەواوی لاچوو، لەوانەیە ئەوان زوو ڕوو لە توندوتیژی و خوێنڕشتنی بێسنوور بکەن. لە گشت وڵاتانی گەورەدا کە لە سایەی یەک حکوومەتدا یەکیان گرتووە، بەگشتی گیانی لایەنداری لە هەرێمە دوورەکاندا کەمتر لە چەقی ئیمپراتۆریاکە زاڵە. دووریی ئەو ناوچانە لە پایتەخت، لە مەڵبەندی سەرەکیی ئەو کۆبوونەوە مەزنەی گرووپ و ویستەکان، وایان لێ دەکا کەمتر بچنە ناو بۆچوونی هەر یەکێک لە لایەنە ڕکابەرەکانەوە و، وایان لێ دەکا زیاتر بێلایەن و سەیرکەری بێخەمی هەڵسوکەوتی هەموویان بن. گیانی لایەنداری لە سکۆتلاند کەمترە لەوەی ئینگلتەرە. لە دۆخی یەکگرتندا لەوانەیە لە ئایرلاند کەمتر بێ لەوەی لە سکۆتلاند هەیە و، کۆڵۆنییەکان لەوانەیە زوو جۆرێک لە گونجان و هاودەنگییان بێ کە ئێستا لە هیچ بەشێکی ئیمپراتۆریای بریتانیادا بوونیان نییە. لەڕاستیدا، ئایرلاند و کۆڵۆنییەکان، دەبنە ئامانجی باجی قورستر لەوەی کە هەر یەکێکیان ئێستا دەیدا. بەڵام لە ئاکامی بەکارهێنانی بێوچان و دڵسۆزانەی داهاتی گشتی لەپێناو ڕزگاربوون لە قەرزی نیشتمانی، لەوانەیە زۆربەی ئەو باجانە بەردەوامییان نەبێ و، داهاتی گشتیی بریتانیای مەزن لەوانەیە زوو کەم ببێتەوە، بۆ ئەوەی کە پێویست بوو بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتییەکی گونجاوی دامەزراو.

فرەوانخـوازیی کۆمپانیـای هینـدی ڕۆژهەڵات، مـافی بـێ یەکـودووی تـاجە، واتە مـافی دەوڵەت و خەڵکی بریتانیای مەزنە، لەوانەیە ببێتە سەرچاوەیەکی تری داهاتی زۆر، ڕەنگە زۆر لەوانەی تر کە ئاماژەیان بۆ کرا زیاتر بێ. ئەو وڵاتـانە وا پێشـان دراون کە بەپێتـرن، فرەوانتــرن و، هــاوڕێژە لەگەڵ فرەوانییەکەیــان زۆر دەوڵەمەنــدتر و بەدانیشــتووانترن لە بریتانیـای مەزن. بـۆ بەدەسـتهێنانی داهـاتێکی زۆر لێیـان، لەوانەیە پێویسـت نەبـێ هـیچ سیستمێکی نوێی باجیان بۆ دابنرێ، چونکە زۆر بەباشی و زیاتر لە گونجاو باجیان لێ وەردەگیرێ. بەڵکو لەوانەیە گونجاوتر بێ ئەو باجانە سووک بکرێن بۆ ئەوەی بـاری ئەو وڵاتە داماوانە گرانتر نەکرێ و، لەڕێی بـاجی نوێوە داهاتیـان لێ بەدەسـت نەهێنرێ بەڵکو بەرێگرتن لە دزیـن و خـراپ بەکارهێنـانی ئەوەی لێیـان دەسـێنرێ ئەو داهـاتە دەسـتەبەر بکرێ.

ئەگەر دەرکەوت کە بۆ بریتانیای مەزن لەکردنەهاتووە زیادەیەکی بەرچاوی داهـات لە هیچ یەکێک لەو سەرچاوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا بەدەست بێنێ، ئەوە تەنیا یەک سەرچاوەی لەبەر دەست دەمێنێ ئەویش کەمکردنەوەی خەرجییە. لە شێوازی کۆکردنەوە و لە شـێوازی خەرجکردنـی داهـاتی گشـتیدا، ئەگەرچـی لەوانەیە هێشـتا لە هەردووکیانـدا بوارێک بۆ چاکسازی مابێ، وا دەردەکەوێ کە بریتانیـای مەزن هاوشـێوەی هەر یەکێک لە دراوسێکانی ئابوورییانەیە. دامەزراوەی سـەربازی کە بۆ بەرگری لە خۆی ڕایگرتـووە لە کاتی ئاشتیدا زۆر گونجاوترە لەوەی هەر دەوڵەتێکی تـری ئەورووپـایی کە خۆی وا پێشـان بدا ڕکابەریەتی لە سامان یان لە هێزدا. بۆیە هـیچ یەکێک لەو بابەتـانە، لەوە نـاچێ بـواری کەمکردنەوەیەکـی بەرچـاوی خەرجییــان تێـدا هەبـێ. خەرجیـی جێگیرکردنـی ئاشــتی لە کۆلۆنییەکانـدا، پـێش دەسـتپێکردنی بشـێوییەکانی ئێسـتا، گەلـێ زۆرن و، خەرجیـیەکن کە لەوانەیە و، ئەگەر هیچ داهاتێکیان نەبێ دەبێ وەکو خۆیان بمێننەوە. ئەم خەرجییە جێگیرە لە کاتی ئاشتیدا، ئەگەرچی گەلێ زۆرە، کاتێک کە بەراورد بکرێ بە خەرجیی بەرگری لەو کۆلۆنییــانە لە کــاتی شــەڕدا زۆر کەمــن. ئەم شــەڕەی دوایــی کە بەتەواوی لەپێنــاو کۆلۆنییەکان بەڕێوە چوو، وەک پێشتر تێبینی کرا، زیاتر لە نەوەت ملیۆن لەسەر بریتانیـای مەزن کەوتووە. شەڕەکەی ئیسپانیا لە ١٧٣٩دا لە بنەڕەتدا لەسەر ئەوان بوو، لەو شـەڕە و لە شەڕی فرانسـەییەکاندا کە دەرهاویشـتەی ئەو بوو، بریتانیـا زیـاتر لە چل ملیۆنی خەرج کـرد، کە بەشـێکی زۆری بە کۆلۆنییەکـان دەدرێ. لەو دوو شـەڕەدا کۆلۆنییەکـان زیـاتر لە دوو هێندەی پارەی قەرزی نیشتمانیی پێش یەکەمیان، بە بریتانیای مەزن دانا. ئەگەر لەبەر ئەو دوو شـەڕە نەبووایە ڕەنگ بوو قەرزەکە تـا ئێسـتا هەمـووی بـدرایەتەوە. ئەگەر لەبەر

کۆلۆنییەکانیش نەبووایە، لەوانە بوو یەکەمی ئەو دوو شـەڕە بەرپا نەبووایە و، بێگومـان ئەوەی دووەمیشـــیان نەدەبـــوو. لەبەر ئەوەی پێشـــبینی دەکـــرا ئەو کۆلۆنییـــانە ببـــنە ناوچەگەلێکی ئیمپراتۆریای بریتانیایی، ئەو خەرجییە زۆرەیان لەپێناودا کرا. بەڵام وڵاتانێک کە نە بەداهـات و نە بە هێزی سـەربازی لە پشـتیوانیی ئیمپراتۆریـاکە بەشـدارییان نەبێ، ناکرێ بە هەرێمی سەر بەو ئیمپراتۆریایە بژمێررێن. لەوانەیە بشێ وەک کلک تەماشـایان بکرێ، یان وەک درێژبوونەوەیەک بۆ خۆپیشاندان و خۆهەڵکێشانی ئیمپراتۆریاکە بن. بەڵام ئەگەر ئیمپراتۆریا نەتوانێ چی تر خەرجیی ئەم کلکانە بکا، بێگومـان دەبێ دەستبەرداریان بێ. هەروەها ئەگەر نەتوانێ هاورێژەی ئەو خەرجییە داهاتەکانی زیـاد بکا، پێویسـتە بەلای کەمەوە خەرجییەکـــان لەگەڵ داهاتەکانیانـــدا بگـــونجێنێ. ئەگەر کۆلۆنییەکـــان، ســـەرباری ڕەتکـردنەوەی باجەکانی بریتانیـا، هێشـتا بە هەرێمـی سـەر بە بریتانیـای مەزن بژمێـررێن، ئەوە بەرگریکردن لێیان لە هەر شەڕێکی داهـاتوودا لەوانەیە خەرجییەکی زۆر بخـاتە سـەر بریتانیای مەزن زیاتر لە هەر شەڕێکی پێشوو. لە مـاوەی زیـاتر لە سـەدەیەکی ڕابـردوودا، حوکمڕانـانی بریتانیـای مەزن خەڵکیـان بە خەیـاڵی دروسـتکردنی ئیمپراتۆریـایەکی مەزن لە دیوی ڕۆژئاوای ئۆقیانووسی ئەتلانتە سەرسام کردبوو. بەڵام ئەو ئیمپراتۆریـایە تـا ئێسـتا بە خەیـاڵ بـوونی هەیە. هەروەهـا تـاکو ئێسـتا تەنیـا پـرۆژەی ئیمپراتۆریـایەک بـوو، نەک ئیمپراتۆریـایەک. کـانی زێـڕ نەبـوو بەڵکـو پـرۆژەی کـانی زێـڕ بـوو. پـرۆژەیەک خەرجیی هەبـووە و بەردەوام هەیەتـی و، ئەگەر لەسـەر هەمـان ڕێـڕەو بەردەوام بـێ کە تـا ئێسـتا لەسـەری ڕۆیشـتووە ئەگەری ئەوە هەیە خەرجییەکی زۆری هەبێ و هـیچ ئەگەریـش نییە قازانجی لێ بکەوێتەوە. ئەوەش دەرکەوتووە کە قۆرخکردنی بازرگانیی کۆلۆنییەکـان، وەک پێشـان دراوە، بۆ زۆرینەی خەڵـک زیـانێکی ڕووتە نەک قـازانج. بەدڵنیـاییەوە ئێسـتا کـاتی ئەوەیە حوکمڕانـانی ئێمە یـان ئەو خەونە زێـڕینەی خۆیـان پێوە خافڵانـدووە، وەک ئەوەی خەڵکیـان پێوە سـەرقاڵ کـردووە، بـکەن بە ڕاسـتی، یـان لەو خەوە ڕاپەڕن و هەوڵ بـدەن خەڵـکەکەش بێـدار بـکەنەوە. ئەگەر لەتوانـــادا نیـــیە پـــرۆژەکە تەواو بکـــرێ، پێویســـتە دەستبەرداری بن. ئەگەر لەتوانادا نەبێ هیچ یەکێک لە هەرێمەکانی ئیمپراتۆریـای بریتانیـا وا لێ بکرێ لە پاڵپشتیکردنی تەواوی ئیمپراتۆریـاکەدا بەشـداری بکـا، ئەوە بەڕاسـتی کـاتی ئەوە هاتووە بریتانیـای مەزن خـۆی ڕزگـار بکـا لە خەرجیی بەرگریکردن لەو هەرێمـانە لە کـاتی شـەڕدا و، لە پشـتیوانیی هـیچ بەشـێکی دامەزراوە مەدەنـی یـان سـەربازییەکانیان لە کـاتی ئاشـتیدا و، هەوڵ بـدا دیـدی داهـاتوو و پلانەکـانی خـۆی لەگەڵ دۆخـی ڕاسـتەقینەی نالەباری خۆیدا بگونجێنێ.

پاشکۆ

ئەم دوو تۆمارەی دادێن کرانە پاشکۆ بۆ پێشاندان و جەختکردن لەوەی لە بەشی پێنجەمی کتێبی چوارەمدا گوترا، سەبارەت بەخشیشی تۆنانەی کۆگەی ماسی هیرینگی سپی. من لەو بڕوایەدام کە خوێنەر دەتوانێ پشت بە وردیی ئەم دوو تۆمارە ببەستێ.

*تۆماری زانیاریی یازدە ساڵی بەلەمی ڕاو لە سکۆتلاند دەخاتە ڕوو، بە ژمارەی ئەو بەرمیلە بەتاڵانەی چوونەتە دەرەوە و، ژمارەی بەرمیلەکانی هیرینگی ڕاوکراو، هەروەها تێکڕای ئەو بەخشیشەی دراوە بۆ هەر بەرمیلێک ستیکی دەریایی و هەر بەرمیلێک کە بەتەواوی پڕ دەکرێ.

بەخشیشی بەلەمەکان			بەرمیلە هیرینگە گیراوەکان	بەرمیلە بەتاڵە دەرچووەکان	ژمارەی بەلەمەکان	ساڵەکان
پێنس	شیلین	پاوەن				
٠	٠	٢٨٨٥	٢٨٣٢	٥٩٤٨	٢٩	١٧٧١
٦	٧	١١٠٥٥	٢٢٢٣٧	٤١٣١٦	١٦٨	١٧٧٢
٦	٨	١٢٥١٠	٤٢٠٥٥	٤٢٣٣٣	١٩٠	١٧٧٣
٦	٢	٢٦٩٣٢	٥٦٣٦٥	٥٩٣٠٣	٢٤٠	١٧٧٤
٠	١٥	١٩٣١٥	٥٢٨٧٩	٦٩١٤٤	٢٧٥	١٧٧٥
٦	٧	٢١٢٩٠	٥١٨٦٣	٧٦٣٢٩	٢٩٤	١٧٧٦
٦	٢	١٧٥٩٢	٤٣٣١٣	٦٢٦٧٩	٢٤٠	١٧٧٧
٦	٢	١٦٣١٦	٤٠٩٥٨	٥٦٣٩٠	٢٢٠	١٧٧٨
٠	٠	١٥٢٨٧	٢٩٣٦٧	٥٥١٩٤	٢٠٦	١٧٧٩
٦	١٢	١٣٤٤٥	١٩٨٨٥	٤٨٣١٥	١٨١	١٧٨٠
٦	١٢	٩٦١٣	١٦٥٩٣	٣٣٩٩٢	١٣٥	١٧٨١
٠	١٤	١٦٥٤٦٣	٣٧٨٣٤٧	٥٥٠٩٤٣	٢١٨٦	کۆی گشتی

ستیکی دەریا ٣٧٨٣٤٧ بەرمیل

تێکڕای بەخشیش بۆ هەر بەرمیلێک ستیکی دەریا ٨ شیلین و ٢.٢٥ پێنس

بەلام کە یەک بەرمیل ستیکی دەریا دوو سێیەکی بەتەواوی پڕە، سێیەکێکی لێ دەرکراوە

سێیەکە دەرکراوەکە ١٢٦١١٥.٦٧ بەرمیلە

بەمەش بەخشیشەکە دەکاتە ١٢ شیلین ٣.٥ پێنس

بەرمیلە تەواو پڕەکان ٢٥٢٢٣١.٣٣ بەرمیل

ئەگەر هیرینگەکان هەناردە بکرێن، لە سەرووی ئەمەوە زیادەیەک دەبێ کە بریتییە لە ٢ شیلین و ٨ پێنس

کەواتە ئەو بەخشیشەی بە پارە بەرامبەر هەر بەرمیلێک لەلایەن حکوومەتەوە دەدرێ بریتییە لە ١٤ شیلین و ١١.٧٥ پێنس

ئەگەر باجی ئەو خوێیەی بۆ خۆشەکردنی هەر بەرمیلێک بەکار دێ، بخرێتە سەر ئەمە، کە بە ئاسایی بیانییە، ئەو خوێیە یەک بوشل و چارەکێکە و، بۆ هەر بوشلێک ١٠ شیلین زیاد ببێ، دەکاتە ١٢ شیلین و ٦ پێنس

بەخشیشی هەر بەرمیلێک دەبێتە یەک پاوەن و ٧ شیلین و ٥.٧٥ پێنس

ئەگەر هیرینگەکە بە خوێی بریتانیا خۆشە بکرێ، بەم شێوەیە دەبێ، واتە:

بەخشیشی پێشوو ١٤ شیلین و ١١.٧٥ پێنس

بەلام ئەگەر ئەم بەخشیشە باجی دوو بوشل خوێی سکۆتلاندی بخەینە سەر کە یەک شیلین و شەش پێنسە بۆ یەک بوشل، پێشبینی دەکرێ تێکڕای ئەو بڕەی بۆ خۆشەکردنی هەر بەرمیلێکە بخرێتە سەری، کە سێ شیلینە.

بەخشیشی هەر بەرمیلێک دەبێ بە ١٧ شیلین و ١١.٧٥ پێنس

هەروەها،

کاتێک هیرینگ دێتە ناو ولاتەوە بۆ بەکاربردن لە سکۆتلاند و، باجە یەک شیلینیەکە بۆ هەر بەرمیلێک بدا، بەم شێوەیە بەخشیشەکە، وەکو پێشوو، دەبێتە ١٢ شیلین و ٣.٧٥ پێنس

ئەگەر بۆ هەر بەرمیلێک یەک شیلینی لێ دەرکەین، دەبێتە ١١ شیلین و ٣.٧٥ پێنس

بەلام دەبێ دیسان باجی خوێیە بیانییەکەی لە خۆشەکردنی هەر بەرمیلێکی هیرینگی بخەینە سەر، واتە ١٢ شیلین و ٦ پێنس

بەمەش ئەو زیادەیەی بۆ هەر بەرمیلێک هیرینگ کە بۆ بەکاربردن هاتووەتە ولاتەوە دەبێتە یەک پاوەن و ٣ شیلین و ٩.٧٥ پێنس

ئەگەر هیرینگەکە بە خوێی بریتانیا خۆشە کرابێ، وەک ئەوەی داهاتوو دەبێ، واتە:

بەخشیشی هەر بەرمیلێک کە دەرچووە وەک سەرەوە ١٢ شیلین و ٣.٧٥ پێنس

ئەمەش کاتێ بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی دێتە ناوەوە، لە هەر بەرمیلێک یەک شیلین دەردەکرێ و دەبێتە ١١ شیلین و ٣.٧٥ پێنس

بەڵام ئەگەر بۆ بەخشیش باجی سەر دوو بوشل خوێی سکۆتلاند بە نرخی یەک شیلین و شەش پێنس بۆ هەر بەرمیلێک زیاد بکرێ، کە پێشبینی دەکرێ وەک تێکرا بۆ خۆشەکردنی هەر بەرمیلێک بەکار بێ، کە ٣ شیلینە، زیادەی سەر هەر بەرمیلێک کە بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی هاتووە، دەبێتە یەک پاوەن و ١٤ شیلین و ٣.٧٥ پێنس

هەرچەندە لەوانەیە زیانی باجی سەر هیرینگی هەناردەکراو نەکرێ بەشێوەیەکی گونجاو بە بەخشیش دابنرێ، ئەوەی سەر هیرینگی بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی لەوانەیە بە بەخشیش دابنرێ.

*تۆمارێک بۆ بڕی خوێی بیانیی هاوردەکراو لە سکۆتلاند و، خوێی سکۆتلاندی کە بەبێ باج لە ئیشی ئەوێوە بە کۆگەکانی ماسی دەدرێ، لە پێنجی نیسانی ١٧٧١وە تا پێنجی نیسانی ١٧٨٢، لەگەڵ تێکڕای هەردووکیان بۆ یەک ساڵ.

خوێی سکۆتلاندی لە ئیشەوە دراو/ بە بوشل	**خوێی بیانی هاوردەکراو بە بوشل**	**ماوەکە**
١٦٨٢٤٦	**٩٣٦٩٧٤**	**لە پێنجی نیسانی ١٧٧١ تا پێنجی نیسانی ١٧٨٢**
١٥٢٩٣.٢٧	**٨٥١٥٩.٥**	**تێکڕای یەک ساڵ**

دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێ کە کێشی بوشلی خوێی بیانی ٨٤ پاوەنە و، کێشی بوشلی خوێی بریتانیایی تەنیا ٥٦ پاوەنە.

ئادەم سمیث (1723-1790) یەکێک لە گەشترین ئەستێرەکانی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەیەمی سکۆتلاند بوو. "لێکۆڵینەوەیەک بۆ سروشت و پرسەکانی سامانی نەتەوەکان" گرینگترین کتێبی ئەو بوو. ئەم کتێبە جاری یەکەم لە ئاداری 1776دا لە لەندەن چاپ کرا و هاوسەردەمانی سمیث بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرچوونی بوون. هەر کە بڵاو کرایەوە، "سامانی نەتەوەکان" بووە پڕفرۆشترین کتێب. چاپی یەکەم زۆر بەخێرایی فرۆشرا و چاپەکانی تر بەدوایدا هاتن. لە ماوەی ژیانی سمیثدا، ئەم کتێبە پێنج چاپی ڕێگەپێدراوی هەبوو، چاپێکی شەشەمیش لە 1791دا بڵاو کرایەوە، واتە ساڵێک دوای مردنی سمیث. لە ماوەی ژیانی خۆیدا، سامانی نەتەوەکان وەرگێڕدرا بۆ زمانەکانی دانمارکی، هۆڵاندی، فەرانسەیی، ئەڵمانی، ئیتالی و ئیسپانیایی و کورتکراوەیەکیشی بە زمانی سویدی دەرچوو

ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی
لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپکراوە
2018